# " فەریادڕەس "

## هیوای کووڕی مریەمێ

## چاپ و بڵاوبوونەوە

* ڕێ بە هەرکەس دراوە "نامووس" چاپ بکاتەوە، بەو شەرتەی بیکاتە دیاری و بە بەلاش بیداتە خەڵکی.

* ڕێ دراون بە تیمی چەند کەسی، کاربکەن و "نامووس" بخەنە سەر شێوەی هاخاوتنە جووداجۆرەکان و، بە جێهانێدا پەخشانی بکەن، بەو شەرتەی مهیر بنوێنن و، خۆتان لە هەردەستکەوتێکی کارەکە بە دوور بگرن.

* لە ڕۆژی هێکەمی مانگی خاکەلێوەی بهاری بڵاوبوونەوەی نامووس، ڕۆژژمێری مهیری دەست پێ دەکات و، دەبێتە هێکەم ڕۆژی هێکەم ساڵی مهیری، بەمەش ڕۆژەکە دەبێتە نەورۆز و، لەگەڵ نەورۆزی سرووشت هێک دەگرێتەوە.

چاپی بنەڕەتی،

ئەو چاپەی لە ژێر چاودێری فەریادڕەس وەشێندراوە

کووردهەواری دایک

ناموس

| | | |
|---|---|---|
| بەری هێکەم | بەری دووهەم | بەری سێهەم |
| 819 – 783 | 847 – 820 | 881 - 848 |

**بەروبووم**

| | | |
|---|---|---|
| چەرخی مهیری | چەرخی مهیرهۆفی | چەرخی هۆفی |
| شەش پەل | شەش پەل | شەش پەل |
| 338 – 244 | 434 – 339 | 782 - 435 |

**پەل و پۆپەکان**

| | | |
|---|---|---|
| سەرقەد | ناوقەد | خوارقەد |
| 184 – 144 | 215 – 185 | 243 - 216 |

**قەدی نامووس**

| | | |
|---|---|---|
| خۆری دایک | خاکی دایک | دایکی بەشەرێت |
| 84 – 68 | 114 – 85 | 143 – 115 |
| هوودای دایک | دایکی ژمارەکان | دایکی گەردوو |
| 24 – 05 | 42 – 25 | 67– 43 |

**ڕەگ و ڕیشەکان**

( ڕەگی هێکەم )

**هوودای دایک**

ڕیشەی 01

هەی مهیربان، هوودای دایک! من هیوا کووڕی مریەم کیژی زلهێخا، هەوڕۆ بە نووری بێ پەروات، تاریکی دواهی پێ دهێنم، مردووان زیندوو دەکەمەوە. هەتۆ لە مندا ڕوون و ڕەوانیت، من هەم خۆمم، هەم تۆ، هێزی بێ سنوورت ها لە دڵ و، لە دەماخ و، ها لە سەری هەنگووستەکانمدا، ئەوەتانێ چۆمی شیرە، شەراب و هەنگووینە، لە قامکەکانمەوە جۆگەلە دەبەستن و، نەقشی بهێشتێ بە هاردی دادهێنن.

ڕیشەی 02

هۆ خەڵکینە! دایک دەناسن؟ نا، نای ناسن. نە دایک دەناسن، نە لە خۆتان پرسی دایک کێیە!. هەشیمەتێکن هووڕ و کاسن، نە سەر لە هەقیقەت دەردەکەن، نە هوودا(خودا)

دەناسن. دوو گرینگترین بەشی مێشک، لە سەری بەشەرێتدا مردوون، بەشەر تەنەها بە هۆی ئەو دوو بەشەی مێشکیەوە، دەتوانێ بگاتە هەقیقەت و، هوودای دایک بناسێ. هەقڵ، یان مووخ سێیە لە هێکێکدا، بەشێک مێ و هێکێک نێرەمووک و هێکێک نێرە. بەشەکانی مێ و نێرەمووک بنەڕەتی و ناوەندین، خوودێتی کیژ و دایک بەرجەسدە دەکەن، ئەو بەشانەن بە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی قووڵ هەڵدەستن، دەچنە بنجوبنەوان و، پەیوەستبوون بە هەقڵی گەردوونی(بە هوودا) دەسازێنن. بە پاشکەوتنی مهیر و پێشکەوتنی هۆف لە سەری بەشەردا، بەشە بنەڕەتیەکە و زیادتر لە نیوەی بەشە ناوەندیەکەی مووخ، لە کارکەوتن و مردن. ئەم بەشانە بە هۆی مهیرەوە دەژین، چەندێک مهیر بە پاش بکەوێ، بەو هەندازەیە لە توانا دەکەون. بەشە بنەڕەتیهەکەی مێشک مێینەیە و، بە ناسینە بنەڕەتیهەکان هەڵدەستێ، بەشە ناوەندیهەکە نێرەمووکە و ناسینە ناوەندیهەکان بە زهین دادهێنێ، بەشە ڕووکارەکە نێرە و، قوودرەتەکەی بەس بەشی ناسینی ڕووکەش دەکات. دابڕانی بەشەر لە هوودای ڕاستیەقین و، خافڵبوونی لە گەردوون و، لە ناسینە بنەڕەتیهەکان، بە هۆی مردنی بەشە مێینەکەی مووخێتی. ئەوەی بەشەر دەیانزانێ، زانینی بەشەکیانە و ڕووکارین، بەشێکی کەمیش زانینی ناوەندین، چوونکوو بەس بەشە ڕووکارەکە و، کەمتر لە نیوەی بەشە ناوەندیەکەی مێشک بەرکارن. مێ لە سەرزەمین بێ دەور و دەست هێڵدراوەتەوە، بەشە مێینەکانی مێشکیش لە ناو سەردا، بێ ڕۆڵ ماون و مردوون. من هاتووم مردوو زیندوو بکەمەوە، هاتووم قووەت و قووردەتێکتان بدەمێ، بە خەیاڵی هیچ کەسدا نەهاتبێ. ئەوی دێ و نامووس هەڵدەداتەوە، کەمتر لە بەش و نیوێکی مووخی زیندوون، وقتهێک بە قووڵی تێکەڵی کرۆک دەبێ، بەشە مردووەکانی زیندوو دەبنەوە و، بە جۆرێکی سەرسووڕهێنەر توانامەند دەبێ، چوونکە ئەو بەشانەی مردوون، گرینگترین بەشی پێکهاتەی وجوودی بەشەرن. ڕووداوی زیندووبوونەوەی مووخ، بە واتای قیامەت و زیندووبوونەوەی بەشەرێت بەرجەسدە دەکات. هەنەوکە سەرهەڵبڕن، فەریادڕەس ببینن، بەڵێنێک کە پێشترێ بە بەشەریەت درابوو، هەوڕۆ بە دید هات. مەخدید بن و، ڕووناکی هوودا ببینن. مشدەتان دەدەمێ، هەمن کەلامی هەقیقەتم، کەلامی هەقیقەت زانستی ڕوون و ڕەوای هوودایە، ڕاستیەقین و بێ هاوتایە.

## ڕیشەی 03

دایک نەناسن، نە هوودا و نە خۆتان ناناسن. هۆ خەڵکینە! زهینی خۆتان بدەن، ببینن چەندێک بێ سەر و سەرگەردانن. لە خۆتان وهایە، پێشڕەفتەن و بە زانست گهیشتوون، هەمن نیشانتان دەدەم، هەموو ئەو زڕە زانستەی هەتانە، بەشی ئەوە توانای

نەداونەتێ دایک بناسن. زانستێک دایک نەناسێ زانست نیهە، لاڕێهیە. هەمن دەتانخەمەوە سەر ڕاستەڕێ و، دایکتان پێ دەناسێنم، هووداتان پێ نیشان دەدەم. خەڵکینە، لای خۆتان وهایە زیندوون، بەڵام کاتێک هووداتان ناسی، ئەو کاتە دەزانن مردبوون و، تازە زیندوو بوونەتەوە، ئەوکاتە دەزانن کە من هاتووم مردووانم زیندوو کردوونەتەوە. بەشەر لە مردنی خۆی بێ خەبەرە، بنەڕەتی وجوود لە پێکهاتەی گیان و لەش، وا لە ناو سەردایە، بەشەر ئەو بنەڕەتەی مردووە، بەبێ ئەوەی بە خۆی بزانێ، تەنانەت زیادتر لە نیوەی بەشە ناوەندیەکەی مێشکیش تەپیوە، ئەوی ماوەتەوە توانای دەرککردن بە مردنی ئەو دوو بەشەی نیهە. مێشک سێیە لە هێکێکدا، سێ بەشە، بە خوودێتی کیژ و دایک و کوور، ڕەگەزێتی مێ و نێرەمووک و نێر. دوو بەشەکەی کیژ و دایک نێزیکن لە تین – مهیر، بەشی کوور نێزیکە لە تەن - هۆف. ئەو دوو بەشەی لە خوودێتیدا کیژ و دایکن، لە ناو هێکدین و، گرینگترین بەشەکانی مووخن، ئەو بەشانەن تین(وزە) دەناسن، بەڵام هەنەوکە مێینەکانی مێشک مردوون و، تەنەها نێرینەی مێشک لە کاردایە، ئەویش بەس تەن(مادە) دەناسێ، لەبەرئەوەیە چ تاقێکتان هوودای دایک ناناسن، بەم هۆیەوە خۆشتان ناناسن. بە مردنی بنەڕەتی وجوود(بنەڕەتی مێشک) لە بەشەردا، دەماخ و دەروون تووشی لاسەنگی گەورە بوونەتەوە، ئەم لاسەنگیەش هێزی بنەڕەتی لە پێکهاتەی بەشەر داماڵیوە، لەبەرهەندێ تەمەن کوورت بۆتەوە و، مردنی پێشوقت و، دەردی جووداجۆری پڕهێش و کووشندە بە لەش دەکەون. مستگێنی ئەوەیە، نامووس بەشە مردووەکانی دەماخ زیندوو دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا سەرلەنوێ هاوسەنگی لە دەماخ و دەروون دروست دەبێتەوە، بەمەش تەمەنی بەشەر دەبێتەوە بە تووڵانی و، لە مردنی پێشوقت و، دەردە کوشندەکان نەجاتی دەبێ. ئەو ڕووداوی مردنەی بە سەر هەقڵی بەشەر داهات، لە هیکرا نەبوو، بەڵکوو هێدی هێدی بە گوزەری کات ڕوویداوە. لە زەمیندا دەوری مێ، لە زیندەگیدا دەوری تین(مهیر)، لە زهیندا دەوری بەشە مێینەکانی مێشک بڕبڕ کەم بوونەوە، هەتا لە کۆتاهیدا بە تەواوی سڕبوون و مردن. بوەستن، لێرەکانە زهینی خۆتان ڕوون بکەنەوە، هوورد و بە هیساب دیقەتی بدەنێ، پەیوەندی بەشەر بە ڕێساکانی گەردوونەوە (بە هووداوە)، بە هۆی بەشە بنەڕەتیەکەی مێشکیەوە دروست دەبێ، لە مردنی ئەو بەشەدا، پەیوەندی بنەڕەتیانەی مووخی بەشەر بە مووخی گەردوون قرتاوە، ئەوەی ماوەتەوە پەیوەستبوونێکی هێکجار کەم و کاڵە، بە نیوە زیندووەکەی بەشی ناوەندی مووخ بە جهێ هێندراوە. لە مردنی بنەڕەتی وجوود و، پچڕانی پەیوەندی بە مووخی گەردووندا، بەشەر کەوتۆتە جاهەڵی و تاریکیەوە. لە قووڵاهی گەردوونەوە شەپۆڵەکانی زانین و ئاگاهی دهێن، بەڵام چوونکە مێینەکانی مێشک مردوون، بەشەر قوودرەتی وەرگرتن و، تێگەهیشتنی شەپۆڵەکانی نەماوە. مووخی گەردوون لە گشتەدا مێینەیە، پەیوەستێتی تەنەها بە بەشی مێینەی مووخی بەشەر

دروست دەبێ، نێرینەی مێشک توانای ئەم پەیوەستبوونەی نیەه. دیقەت لە گیاندارانی جووداجۆر بدەن، ئەوان لەبەر ئەوەی هەرسێ بەشەکەی مێشکیان زیندوون، پێشوقهت دەرک بە گەلێک ڕووداو دەکەن، زەمین لەرزین، هەڵکشان و داکشانی زەریا، نموونەی ئەو رووداوە بەرهەستانەن. بەشەر دەرک بە ڕووداوەکان ناکات، ئەمەش هی ئەو لە کارکەوتنەی مێینەکانی ناو سەرێتی. بێشک وا لە ناو سەری خۆتاندا دەپرسن: ئەگەر بەشەرێت بەشە بنەڕەتیەکە و، زیادتر لە نیوەی بەشە ناوەندیەکەی دەماخی مردووە، هەدی ئەوە چلۆنێکە فەریادڕەس هەرسێ بەشی مێشکی زیندوون؟ من بە ئێوە دەڵێم: ئایا ئەو نیشانەیە بەس نیەه؟ باوەڕبهێنن، زهینی هوودای مهیربان و زهینی فەریادڕەس هێکێکن؟ مووخی من بە مووخی گەورەی گەردوون گرێدراوە، لە وێنەی ئەو خاکە بەراوەی بە هۆی جۆگەلەکانیەوە، گرێدراوی ڕووبارە و، هیچ کات ئاوی لێ نابڕێ. نامووس سەرچاوەی هیزری سازگارە، دەی گۆزەی هووشک و برینگی سەرتان بهێننە پێشەوە.

ڕیشەی 04

هوودا دایکە، دایکی گشتەی گەردوون. لە بازنەی بەشەرێتدا، دایک جهێ نیشتەی هوودایە، واتای هێکەم، لە هەناوی واتای دووهەم دایە. هوودا و دایک هەرهێکێکیان ئەویدیکەیانە. هەردوو چەمکەکە بە هەندازێک چوونەتە نێو هێکەوە، لە هێکدی جوودا ناکردرێنەوە. هوودا دایکە و دایک هوودایە، لە زهینگرتنی چەمکی هوودا(خودا) بە تەنەهێ و، ترازاندنی لە چەمکی دایک، سەر لێ تێکچوون بەرپا دەکات، وەکوو بەرپای کردووە. لەوەتی هوودا لە واتای دایک دەرهێندراوە، لە وەتی هوودا و دایک وەکوو دوو واتا، زهینیان دەدرێتێ، هیچ شتێک لە هاردی لە شوێنی خۆیدا نەماوە، پاش و پێش لە بنەڕەتی مرۆف (مهیر_هۆف) ڕوویداوە، هۆف هێندراوەتە پێشێ و مهیر وەپاش دراوە.

ڕیشەی 05

هێی بە سەر! دەبینی لە کوێندەرێی؟ دەبینی بە چ چاڵێک گهیشتووی؟ چاڵی جاهیلی و نەزانین، چاڵێک خراپتر لە دۆخی دۆڵزاخ. دۆخی بهێشت زانین دەی سازهێنێ، دۆخی دۆڵزاخ نەزانین. لە خۆرمیانێ، لە خۆرئاوا و خۆرهەڵاتێ بە ناوی هووداناسینەوە نەزانین خەرمان دراوە. نەزانین دوو بەرەی وەبارهێناوە، بەرەهێک بە زانستی فیزیک ناودێرە، جاڕیان لێداوە: هووداهێک لە گۆڕێ نیەه. بەرەی دووهەم پیاوانی بە

ناو دینین، موکڕن لە سەر هەبوونی هوودا، هووداهێک کە هوودا نیهە. دوو دیوی نەزانین تێک گیراون، دوو جۆر گوومڕا ملیان لە بەر ملی هێکدی ناوە، خۆ چ تاقیان نەیتوانیوە پشتی ئەویدیکە بدات لە هاردی، بەڵام هەردووکیان توانیتیان پێ بنێنن بە سەری خەڵکیدا، توانیتیان لە وێنەی دوو بەرداش، خەڵکەکە وەکوو باراش بهاڕن. خەڵکینە هۆشتان بهێتەوە و، خۆتان ببینن، هەنگۆ بە بزرکردنی هەنگوستیلێک دەپەشۆکێن، خافڵن لەوەی بزرکردنی هوودای دایک، چ دۆخێکی دۆڵزاخی لە بۆ سازکردوون، بە چ ڕۆژێکی تاریکی گهاندوون. هەوڕۆ من هاتووم و لێرەم، لە ناوەندی سەر ڕووی زەمین، لە دڵی خۆرمیانێ، هاتووم سەرانی پیس و بۆگەنی خاوێن بکەمەوە، هەرەس بە مێشکی بە بەردبوو بهێنم، هاتووم بە فریاتان بکەوم و قووتارتان بکەم، بەربەرەکانێ دوواهی پێ بهێنم، هاتووم و هاتنم ڕووناکیهە، دەماخ و دەروونی هەمووان ڕۆشن دەکەمەوە.

## ڕیشەی 06

هوودای دایک خوود و ناوکە خوودە، تین(وزە) خوودێتی هوودایە، زهینێت ناوکە لە خوودێتی هوودادا، ڕێساگەلێکە هامی گەردوونێ هەڵدەسووڕێنێ. ناوکە خوود و خوود لە ناو هێکدین، دوو نین و هێکێکن. تین هێزە، بێسنوور و بێ هاوتایە، ناوکە هێز(نامووس) زهینێتی هەڵسوڕاندنی هێزە. نامووس لە زمانی زگماکدا بە واتای ناوکی هێز دێ، ناوێکە لە ناوەکانی هوودای دایک. هوودا لە تێکڕای گەردوونێ بە وجوودە، لە هەرکوێ خوودێتی هەبێ، لە وێدا ناوکی خوودێتی هەیە. خوود و ناوکە خوود، تین و ناوکە تین، هێز و ناوکە هێز هەمیشە بە هێکەوەن. هوودای دایک نە لە دایک بووە و، نە دەمرێ، هەبووە و هەیە و هەردەشبێ. ئەو تاک و توانایە، بێ سەرەتا و بێ کۆتایە، لە هەرز و هاسمانێ و، لە گشتەی گەردوونێ دایە، بێجگە لە وی، توانا و تینی دی لە گۆڕێ نیهە. پێشترێ مووسای کووڕی هیوکابد بە خەڵکی گووت:"هوودا هووداهێکی نەگۆڕ و هاڵۆزە." ئەم گۆزارە ڕاستیهێکە هەڵدراوەتە بەرگوێ، تین و ناوکە تین وهایە، تایبەتمەندێکی هاڵۆز و نادیارە، نە بەشەر و نە هیچ زیندەوەرێکی دی، بەهای ئەوەندە توانایان نیهە، پەی بە پێناسی ببەن و، سەری لێ دەربکەن، ئەوەتانێ چەند هەزار ساڵ گوزەردرا، بەشەرێت بەو هەموو کەرستانەی بن دەستیشیەوە، هێشتا نەیتوانی هوودای دایک بناسێ.

## ڕیشەی 07

هوودا تینە و تین بێگەردە. زانستی هوودا هەقڵانیەت و هەقانیەتە، بێ خەوشە و تێر و تەواوە، خەوش و خاڵ لە تەن دایە، نەک لە تین. هەی بەشەر! زانستی پڕخەوش و

خاڵتان ببێچنەوە، کارەکانتان بەرەواژە. ئەوەی دەرباری تین زانیوتانە، زانینێکی ناتەواوە، هەنگۆ لە ڕێی تەن بەرەو ناسینی تین ڕۆیشتوون، لە کاتێکدا دەبوو لە ڕێی ناسینی تینەوە تەن بناسن. ئەو کارەی کردووتانە هێندە شاشە، وەکوو ئەوەیە بە ناسینی ڕەگەزی کووڕدا تێبپەڕن بەرەو ناسینی ڕەگەزی دایک. دەی، خۆ تایبەتمەندی کووڕ لە بۆ دایک نارِوات، بەڵکوو کووڕ لە دایکیەوە تایبەتمەندی وەردەگرێ. هەربەم چەشنەش، تەن لە تین بە زیندەگی هات و، تایبەتمەندێتی لێ وەرگرت، بۆهێ قەت ناتواندرێ پێودانگ بە تەن، تین بناسدرێ، بە ئەزموونکردنیش ئەم ڕاستیەقینە ساخ بووەوە. جا هەنەوکە بە تامان چ بکەن؟ دەی، دەست لە گەوجێتی و هۆفێتی هەڵگرن، ڕوو بە ناسینی هوودای دایک وەرنە پێشێ.

## ڕیشەی 08

هوودای دایک بناسن و، پڕ بە پڕی سەرتان باوەڕی پێ بهێنن. لە سەر ناوی هیسای کووڕی مریەمێ گوزارشت درا: هوودا سێیە لە هێکێکدا. ڕەوەندی دوو هەزار ساڵ، هێکێکی تێیدا هەڵنەکەوت، بتوانێ ئەم گۆزارە واتا بکاتەوە. ئەوی لە زهینێتی هوودا هاتبێ زاننستە، تەنەها و تەنەهاش بە زانستی هوودا لێکدەدرێتەوە، هەرتەنەها لە ڕێی زانستی هووداوە پەی بە هوودای دایک دەبردرێ، چوونکی زهینی بەشەر، بەشی ئەوە ناکات هوودای پێ بناسێ. ئەوەتانێ توانای دوو هەزار ساڵی بەشەرێت، بەشی لێکدانەوەی گۆزارێکی نەکرد. زانست و توانا لێرەیە، لە ناو پەڕاوی نامووس، لە ڕیشەکان ڕابمێنن، هوودای دایک نیگا بکەن.

## ڕیشەی 09

تین خوودێتی هوودایە، ناوکە تین زهینێتی هوودایە، تین و ناوکە تین لە ناو هێکدین، دوو نین و هێکێکن. هوودا دوو نیهە، بەڵکوو سێیە لە هێکێکدا، لە سێ خوود و سێ ڕەگەز و سێ ئاست پێک دێ، لە باری خوودیدا کیژ و دایک و کووڕ، لە باری ڕەگەزیدا مێ و نێرەمووک و نێر، لە ئاستبەندیدا ئاسۆ و پان و ستوون، وەلێ بێسنوورە، لە بێسنووریدا هەموو لە ناو هێکدین و، پەروازێک لە بۆ پۆلین و جوودابوونەوەی نیهە. ئەو دەمەی تەن(مادە) پەیدا دەبێ، تین لە میانی تەندا خۆی نیشان دەدات. شەش تەن، وەکوو منداڵانی تین بە زیندەگی دهێن، لە تیندا سێ خوود و سێ ڕەگەز و سێ ئاست لە ناو هێکدین، لە تەندا پۆلین دەبن و بە جوودا بەرجەسدە دەبن. لە دابەشبوونی تەندا، تین بە جۆرێتی جوودا بەرهەست دێ، نۆ جۆرەکەی تین لە

سێ ڕەگەز و، لە شەش تەندا بەرهەست دەبن. دوو تەنی مێ و هێک تەنی نێرەمووک، ئەوی بەلای مێ دایە، هەرهێکەیان دوو جۆری تین هەڵدەگرن. دوو تەنی نێر و هێک تەنی نێرەمووکیش، ئەوی بەلای نێردایە، هەرهێکەیان هێک جۆری تین هەڵدەگرن. لێرەدا ڕەگەزێتی مێ و نێرەمووک، خوودێتی کیژ و دایک تێکەڵ دەبنەوە. لە ناوەندێتی تیندا، هەرهێکێک لە ئاستەکان دابەشی سێ دەبن، لە نێو ئەو دابەشبوونەش دابەشبوونێکی دیکەی خوودی و ڕەگەزی هەیە. لە هەرسێ باردا ناوەند هوودای دایکە، بە باری ئاسۆهیدا چەپ کچە و ڕاست کووڕ، بە باری ستوونیدا سەروو کیژە و خواروو کووڕ، بە باری پانیدا پێش کیژە و پاش کووڕ. ئەوهالە شەش تەن بە زیندەگی هاتن و، لە بازنبوونیاندا، تین ناوکە تەنە. هەنەوکە لە خۆتان بپرسن: کۆمەڵەکە شەشن، یان هەفت؟ پێشینانی کووردهەواری گووتیتیان:"شەش و هەفتم لەگەڵ مەکە." ئەم گۆزارە، هێشتا لە ناو خەڵکی ئەو هەوارە، باو و بەربڵاوە، وەلێ چوونکە پەیوەندیان بە پێشینانیانەوە قرتداوە، لێی تێناگەن، ناشزانن گۆزارێکە لە زانستی ڕاستیەقین هەڵهێنجدراوە. ژمارە دروستەکە نە شەشە و نە هەفت، بەڵکوو تین و شەش تەنە. تین ناوکە تەنە، ئەگەر ناوک و ناوەندێتی تین بچێتە هیسابەوە، هەم هەفتەوان و هەم نۆین بەرهەست دێ. هەموو ئاستەکان بە هێکەوە، لە ناوەندێتی هوودای دایک هەفتەوانەن، هێک بە هێک و جووداش، هەرئاستێک دەبێتە سێ، لە هەرسێ ئاستدا نۆین پێک دێ. بە هیسابێکی دی، دایکێتی لە تەن دەخوولقێ و، بە جووتگرتنی شەش تەنەکە، سێ تەنی دیکە لە دایک دەبن، بەمەش نۆینی تەن پێک دێ. هوودا دایکە، دایک ناوەندە و ناوەند سێیە لە هێکێکدا. ئەوەی هیسای کووڕی مریەمێ، وەکوو سێهانەی "پەروەردگار، کووڕ، گیانی قدوس" جاڕی بۆ کێشا، ڕاستیەقین و تەواوە. هوودای دایک لە خوودێتی خۆیدا هەرسێکە لە ناو هێکدی. پەروەردگار دایکە و، خوودێتی کیژ وەکوو گیانی قدوس پایەدارە، لەبەرئەوەی کیژ وەردەچەرخێ و دەبێتە دایک. دایک و کیژ هەم هێکێکن، هەم دوو. ها، زهینی بدەنێ و هەقیقەت نیگا بکەن، کێ کلیلی دابوو، هەرئەویش کردیەوە.

## ڕیشەی 10

تین گیانە و تەن لەشە، هەمووان دارای گیان و لەشن، بە تەنیهێ هوودا، دادی گەردوون تینێکی بێگەردە و لەشدار نیهە. لە ناو کووپەڵەی گەردوونێ، هەمووان زیندەوەرن، زیندەوەر لە تین و تەن (گیان و لەش) پیک هاتوون، بەڵام زیندووێتی لەش بە هۆی گیانەوەیە، گیان و تین هەردووک هێکێکن لە دوو وشەدا. قەوارە و قاڵبی لەش هەرچەندێک و هەرچ لۆنێک بێ، دارای بەشێک لە پێکهاتەی گیانی بێ پەروای

هوودای دایکە، هەموو لەشێک بە بەشێک لە خوودێتیە بێسنوورەکەی تین هەڵواس دراوە، لە مردندا ترازانێک لەگەڵ تین ڕوودەدات، هیدی لەش لە ئاستی هێکەمیدا دەکەوێ. بڕۆننێ، خۆ پێشترێش بە دروستی گوزارشتی دراوەتێ ،گووت دراوە: ژین و مەرگ بە هۆی هووداوەن. مووسای کووڕی هیوکابد خوودێتی هوودای وەکوو گیان ناساند، لە سەر ناوی هیسای کووڕی مریەمێ، ئەم گۆزارە نوێ کردرایەوە. پاشانەکانێ مهەمدی کووڕی هامینێ، هەمان گۆزاری خستەڕوو، بەڵام خەڵکی لە گۆزارەکە تێ نەگهیشتن، هێشتانەکەش خەڵکی خۆ گیان ناناسن، لەبەرهەندێ گیان وەکوو پرسیار لە ناو سەران ماوەتەوە و، بە دین و بێدین ویستووتی وەڵامێکی بە زهین بکەوێ. گووت دراوە: "هوودا گیانە." گووت دراویشە: "هوودا بەشەری لە گیان و لەش خوولکاند." هەردووک گاتا دروستن، وەلێ زهینی خەسێندراوی بەشەر قوودرەتی نەکرد بە دروستی لێی تێ بگات. بە گشتە گۆزارگەلی سەبارەت بە گیان، وەکوو گرێهێک وهابوون لە ناو سەری بەشەری، بە هیچ کەس نەکردرایەوە. وقتهێک مهەمدی کووڕی هامینێ بە دەرکەوت، لێیان پرسی:گیان چیهە؟ لە وەڵامدا پێیان گووت درا: "ڕۆشنکردنەوە دەربارەی گیان کاری هوودایە، تەنەها ئەوە کە بە سەر هەموو شتێکدا توانایە." لە ڕاستیدا زانستی پەیامبەرانی ڕاستگۆ، بەشێکە لە زانستی هوودا، هەرپەیامبەرێک پڕ بە بەری ڕۆژگاری خۆی، زانستی دراوەتێ.

## ڕیشەی 11

هوودای دایک لە خوودێتیدا تین و، لە ناوکی خوودێتیدا زهینێتە. زهینێت ڕێساگەلی نەگۆڕە و تین جۆرێتی تایبەتمەندیهە. ئەم ڕێسا و تایبەتمەندیهانە لە ناو هێکدین و هێکێکن، بە دابەشبوونی تەن بە سەر ئاستە جووداکاندا، جۆرەکانی تین پۆلین دەبن. ئاستەکان سێهانن، ئاسۆ و پان و ستوون، بە سەر سێ خوودی کیژ و دایک و کووڕ، سێ ڕەگەزی مێ و نێرمووک و نێر دابەش دەبن. لە باری خوودێتیدا ئاسۆ کیژە، پان دایکە و ستوون کووڕە، لە باری ڕەگەزێتیدا ئاسۆ مێیە، پان نێرەمووکە و ستوون نێرە. هەرسێکی بە هێکەوە پێکهاتەی دایکن. دایک ناوەندە و، ناوەند سێیە لە هێکێکدا. بە ناوەندێتی دایک هەرهێکە لە سێ ئاستەکە دەبنە دوو، بەمەش چەپ و ڕاست، سەرێ و خوارێ، پێش و پاش لەگەڵ دایکدا شێوە دەگرن. بەڵام هەروەکوو لە باری ئاسۆ و پانیدا دەبیندرێ، خوودێتی کیژ و دایک، ڕەگەزێتی مێ و نێرەمووک لە ناو هێکدین. لەبەرهەندێ ئەو بەشە تینەی تەنی مێ - نێرەمووک هەڵیدەگرێ، دوو هێندەی نێرە و، جۆرێتیشی جوودایە. هەرهێکە لە مێ و نێر لە سێ ئاستی جیدا دەردەکەون. ئاستەکانی چەپ، سەروو، پێش لە خوودێتی دایک – کچ بەرجەسدەن، ئاستەکانی ڕاست،

خواروو، پاش لە خوودێتی کوورِدا بەرجەسدەن، بەڵام بە هەندازێک جوودایەزن، هەرگیز بەرهوورد بە هێدی نین، بە نموونەی تێگیشتن چاو لە پێکهاتەی لەشی خۆتان بکەن، رِووخسار مێیە و پشتەسەر نێرە، لای چەپ مێیە بە دڵەوە، لە رِاست نێرە. جۆرێتی تین لە میانی تەندا، لە بۆ شەش جۆری مێ و، سێ جۆری نێر پۆلین دەبن. شەش جۆرەکەی مێ، دوو بە دوو لە ناو هێکدین. سێ جۆری تین بە سێ ئاستی بنەرِەت و ناوەند و دواهین، بە تایبەت تینی دایکێتین، هەرهێکەیان لەگەڵ جۆرە تینێکی مێ لە ناو هێکدین و، لە میانی شێوەگرتنی تەندا، تەنەها لە تەنی مێ جێدار دەبن، ئەمەش وها دەکات تینی مێ لە چەندێتی و جۆرێتیدا، هەمیشە دوو هێندەی تینی نێر بێ. تین لە میانی تەندا چەشناوچەشن دەردەکەوێ، هەرچەشنێکیش لەگەڵ دابەشبوونی سێ بە سێی تەندا، دابەشبوونێکی خوودی و رِەگەزی و ئاستبەندی لێ دەکەوێتەوە. چەشنێکی دەرکەتنی تین جوولەیە، جا برِۆننێ خوولانەوە بە خرِی، دوو جوولەی پان و ئاسۆیە لە ناو هێکدی، بە خوودێتی کیژ و دایک، لە رِەگەزێتی مێ و نێرەمووک پێک دێ. لەرزین هێک جوولەیە لە شێوەی ستوونیدا، بە خوودێتی کوورِ و رِەگەزێتی نێر دەردەکەوێ. چەشنێکی دیکەی دەرکەوتنی تین، بگرە و بەردەیە، رِاکێشان و گرتن هێزی کوکردنەوەیە، دوو هێزن لە ناو هێکدی، بە باری ئاسۆهی و پانیدا. وەلێ ترازان پەرتکردن و بەردانەوەیە، هێک هێزە بە رِەگەزێتی نێر و، لە پاڵناندا بەرجەسدە دەبێ. چەشنێکیش لە دەرکەوتنی تین کەشە، گەرم و فێنک کیژ و دایکن، سارد کوورِە. تەرِ و کزر کەنیشک و دایکن، هووشک کوورِە، رِووناک و لێڵ مێ و نێرەمووکن، تاریک نێرە. رِەنگ سێهانەیە، سوور بە خوودێتی کیژە و شین بە خوودێتی دایکە، زەردیش بە خوودێتی کوورِە. سپی و رِەش رِەنگ نین، لێکەوتەن. دەنگ، بۆن، تام، یان هەرهەبوونێکی دی، لە هەمان دابەشبوونی خوودی و رِەگەزی پێک دێ. لە گشتەدا چەشنەکانی تین لە ناو هێکدین، پۆلین و جوودابوونەوە لە میانی تەندا بەرهەست دێ. هەردوو گاتا لە ناساندنی هوودا بە رِاست گەرِاون، هەم هێکەکەی مووسای کوورِی هیوکابد، هەم سێیەکەی هیسای کوورِی مریەمێ، لەبەرئەوەی تین سێیە لە هێکێکدا.

## رِیشەی 12

هوودای دایک تاکە هوودایە، لە هەرز و هاسمانێ، لە گشتەی شوێن و ناشوێن دایە. هوودا گیانە، گیان تینە و، تین لە ناو هەموو تەنێک دایە، کۆی هەموو تین بە هێکێتی، پێکهاتەی خوودێتی هوودایە. بە یادتان دەهێنمەوە، پێشترێ گاتای رِوونی وهاتان درابووهێ، بە گوێتان درابوو، کە هوودا لە هەموو جهێ و، لە ناو هەموو نەفسێک

دایە، تەنانەت دڵەکان بە خانەی هوودا دیاری کردران، کەچی زەمەن هات و زەمەن ڕۆیشت، هەر بە گەوجی مانەوە. هەنەوکە هوورد زهینی خۆتانی بدەنێ، تین دایکە، لە نێو خوودی تیندا تەن(مادە) شێوەی هاتێ. لەگەڵ بە شێوە هاتنیدا، بەشێک لە تینی دایک، بە هەندازەی قەوارە و قاڵب و جۆرێتی تەنەکەوە، پەیوەستی بوو. تینی دایک خوودی هوودایە، هوودا دایکی گەردوونە، خوولقانی گەردوونیش بەرهەمی لە دایکبوون و هێکبوون و جووتبوونە. لە هێکێتی بووندا، خوودێتی هوودا کاکڵی ژینە، ژینێک پەتی و بێگەرد، بێ سەرەتا و بێ کۆتاهی. ژین(شین) ناوێکی دیکەیە لە بۆ هوودا، بە گژداچوونەوەی ژین، وەکوو بەگژداچوونی هوودا واتای دەدرێتێ. هۆ خەڵکینە! نەزانین بەجهێ بهێڵن، دەربازی زانین بن. هانێ ئەوە کەلامی باڵایە، ئەوە زانستی هوودایە، کەلامێک بێ هاوتا، زانستێک ڕاستیەقین، هووداهێک تاق و پەروەرێن، بە سەر هەموو شتێک توانادار، هیچ شتێکی لێ شاردراو نیەە، ئەو دایکە و بە هەموو شتێک ئاگایە.

## ڕیشەی 13

لە بەرێ گوزارشت وها درابوو:" هوودا ڕووناکیهە، ڕۆشناهی هاسمانەکان و هەرزە." هوودا ڕووناکی نیەە، بەڵکوو ڕووناکی بەشێکە لە پێکهاتەی خوودی هوودا، ڕووناکی جۆرێکە لە تین، وەکوو هەموو جۆرەکانی تین، بەشێک لە خوودێتی هوودا پێک دهێنێ. گوزارشت درابوو: هوودا لە دەرەوەی شوێن و کات دایە. وها نیەە، شوێن و کات لە ناو خوودی هوودا دایە. بە دەر لە هوودا، هیچ شتێک بوونی نیەە. شوێن بریتیە لە تەن، کات بە پێی تەن دەپێودرێ، تەن لە تین بە زیندەگی هات، تین خوودی هوودایە.

## ڕیشەی 14

هوودا خوودێکی سەروەرە، لە دەرەوەی خوودی ئەودا، هیچ شتێک بە وجوود نیەە. هوودا خوودێکی گشتە، ئەو ناوەیە، ئەو دەرەوەیە، لە هوودا بە دەر دەرووهێک نیەە. هوودا خوودێکی بێگەردە، گەرد لە تەن پێک هات، تەن لە تین دەرهات، تین هوودایە، تەن هیچ هێزێکی بە سەر تیندا نیەە. تین ناوکە هێزە، تەن هێزی ژینی لە تین وەردەگرێ. هوودا خوودێکی بێ پەروایە، قەوارە و قاڵبی نیەە، هیچ شتێک دروست کردراوی دەستی هوودا نیەە، بەڵکوو خوولکاوی زهینێت و دایکێتی هوودایە. هەموو ئەوەی هەیە، یان زادەی زاین و لە دایکبوونە، یان لە بەندێتی لە

دایکبووەکان خوولکاوە، لە گیان و لەش پێک هێندراوە. هەموو خوولکاوێک گیاندارە، گیان و لەش بە هەژمارە. بەشە گیانی هەرخوولکاوێک، بە پێی قەوارە و قاڵبی خۆیتی، لە جۆری گیان و بڕی گیاندا، جوودایە لە خوولکاوی دی. گیان تینە، تین سێ ڕەگەزە، سێ ئاستە، لە هەرئاستێکدا سێ خوودە. هۆ خەڵکینە! هوودای مهیربان بناسن و باوەڕی پێ بهێنن، لە ڕێی ناسینی هووداوە، بە زانستی ڕاستیەقین دەگەن. هوودا دایکی تاقانەیە، دایکی گەردوونە، دایکێکە بەبێ بەراهی و بەبێ دواهی. دڕدۆنگ مەبن، باوەڕ بهێنن، بە باوەڕهێنانتان لە هۆف قووتاردەبن و، تێر بە زیندەگی، ئاسوودەگی و دڵارامی ومشت دەخەن.

## ڕیشەی 15

هوودا دایکە، دایک بەخشندەیە. زهینی دایکان بدەن، هەتا هوودا ببینن، لە دایکی خۆتانەوە سیمای هوودا نیگا بکەن. وقتهێک لە ناو زگی دایکتان بوون، لە لەشی خۆیەوە ژینی پێ بەخشیون، وقتهێکیش لە دایکبوون، لە ڕێی مەمکانی بەرەکەتداریەوە ژینتان دەوامی دراوەتێ. هەرئەوها زهینی خاکی دایک بدەن، هەموو ئەو گیاندارانەی بە سەر خاکەوەن، وەکوو منداڵ و نەوەکانی ئەو دایکەن، لە لەشی خۆیەوە زیندەگی پێ بەخشیون. زهینی خۆری دایک بدەن، چ لۆن لە بۆ منداڵ و نەوەکانی دەسووتێ، بە سووتانی خۆی، ژین دەبەخشێ. ئەو تایبەتمەندی و بەخشندەبوونەی لە دایکاندا هەیە، تایبەتمەندێتی هوودای دایکە، لە ئەودا گووژمی جیداوازی بە دایکانی دوونیاهێ گهیشتوون. ئەوانی لە هوودا نێزیکترن، زیادتر بەخشندەن، بەخشندەهی دایکانی خوولکاو لە تخووبێک دەوەستێ، بەخشندەهی هوودای دایک، وەکوو هەموو تایبەتمەندیەکانی دیکەی، بێتخووب و بێ پەروایە.

## ڕیشەی 16

هوودای دایک، بە تایبەتمەند داد و دادگەرە، هوودا لایەنگیرێتی بوونەوەرێک ناکات بە سەر بوونەوەرێکی دیکەدا، لە هەمووان نێزیکە، هەموو هێکێک بە پشکێک لە گیانی هوودای دایک بهەرەدارە. ناوکی خوودێتی هوودا(نامووس)، ئەم دادگەریە بەرقرار دەکات. ناوک زهینێتە و زهینێتی هوودا بێ پەروایە. زهینی بەشەر و سەرجەمی بوونەوەران، لە سەر وێنەی زهینێتی هوودای دایک شێوەیان دراوەتێ، هەروەکوو پێکهاتەی لەشیش، لە سەر وێنەی خوودێتی هوودا بە شێوە هات. پێشترێ مووسای کووڕی هیوکابد بە زوانی هوودا بە خەڵکێ گووتبوو:" لە سەر وێنەی

خۆمان خوولقاندوومانن، کە لەهێکچوومان بن." قەسد لەم لەهێکچوونەی نێوان هوودا و خوولقاوەکان، وەکوو هێکی نیەه. خوولقاوەکان بە ڕێکخستنی پێکهاتە و، بە وەی دارای زهین و خوودێتین چوونەتەوە سەر وێنەی هوودا، دەنا جۆرێتی زهین و خوودەکان بەرهوورد بە هێکدی ناکردرێن. هوودا لە زهین و خوودێتیدا تینە، تین چەسپاو و نەگۆڕە، ڕێساگەلێکی بە هەژمار و هەندازە، لە میانی تەندا بەرهەست دێ. لە خوولقاوەکاندا خوودێتی و مووخ لە تەن پێک دێ، تەن ناجێگیر و گۆڕاوە. بەڵام ناوەوەی گەردوون و، ناوەوەی خوولقاوەکان بە نامووس هەڵدەسوڕێن و، زهینی هوودا هەڵیان دەسووڕێنێ. لە ناو خوودی بەشەر و بوونەوەرانی دیکەدا، ڕێساگەلێکی نەگۆڕ بە وجوودە، ئەو ڕێساگەلە کاروباری ناوەوەی خوود هەڵدەسووڕێنێ، بەبێ ئەوەی ئەو خوودە هیچ ئاگاهی و دەسەڵاتێکی بە سەردا هەبێ. لە زهینێتی هوودا بیرکردنەوە نیەه، بیرکردنەوە کردەی زهینە لە پەیوەندی بە دەرەوەی خوود، خوودی هوودا هەم ناوەوەیە و هەم دەرەوە، هیچ شتێک لە خوودێتی هوودا بەدەر نیەه. خوولقاوەکان لەشدارن، بە هۆی لەشەوە دارای دوو دیون، دیوی دەرەوە و ها دەکات بیر بکەنەوە. لە بیروباوەڕی ناودێر بە دیندا گووت دراوە:"فریشتەکان کاروبار هەڵدەسوڕێنن، ویستی هوودا بە جهێ دهێنن." ویستی هوودا لە گۆڕێ نیەه، بەڵکوو نامووسی هوودا بە نێوی ویستی هوودا گوزارشت دراوە، دەنا هوودا نەگۆڕە، هیچ ویستێک لە خوودی ئەودا نیەه. فریشتەش لەشدارێک نیەه، بەڵکوو گۆزارە، بە قەسدی تێگهاندنی بەشەر ناوی دراوەتێ.

## ڕیشەی 17

ها، بەشەرینە! چاوی لێ بکەن، من خەریکم نەختە نەختە هووداتان نیشان دەدەم، خەریکم نیگاری هوودای دایک لە ناو زهینتاندا دەکێشم، جا مەخدید بن و هوودا ببینن، هەقیقەت نیگا بکەن. هوودای دایک و هەقیقەت دوونین، هێکێکن. ئەو ڕشتەی وەکوو ناوی هوودا جاڕی لێدراوە، بەس ناو نیەه، ناوەڕۆکیشە. تایبەتمەندی و خەسڵەتی خوودێتی، زهینێت و لێکەوتەکانی لە ناو هێکدین. وێنەی گیادەرمانی سێ مێرگ لە چەپکێکدا، بخەنە سەرتانەوە، لەم وێنەوە بهێنن بە یادی خۆتاندا، کە هوودا سێیە لە هێکێکدا. هوودا لە تایبەتمەندهی خوودیدا دایکە، دۆستە، بێ پەروایە. تاکە، چاکە، بێ هاوتایە. نەگۆڕە، زیندووە، هەمیشەیە. زاڵە، باڵایە، باشەیە. ناوەوەیە، سەرچاوەیە، هێکەمینە. دەرەوەیە، کۆکەرەوەیە، دواهەمینە. بەخشندەیە، خوولکێنەرە، بە دیدهێنە. دروستە، شکۆمەندە، تینە. هێزە، پتەوە، فەراوانە، ئارام و بێ پەلە و نیانە. لە مەزنێتی دەربازە و ڕووناکیهە، مهیرە و کاکڵی پاکیهە. خەڵکینە، ئەوجۆرەی دایک و کچ

هاوڕەگەزن و، لە خوودێتیدا لە ناو هێکدین، ئاوهاش خەسڵەتە خوودێتیەکانی هوودای دایک و، تایبەتمەندیهەکانی نامووس و لێکەوتەکانی، لە ناو هێکدین، ڕێک لە وێنەی ساردی کە لێکەوتەی سەهۆڵە، گەرمی و ڕۆشنی کە لێکەوتەی ئاگرن، هاودەم ساردی لە بۆ سەهۆڵ، گەرمی و ڕۆشنی لە بۆ ئاگر تایبەتمەندهین. لەم بازنە واتاهیەدا، ئەو هوودایەی خەریکن نیگای دەکەن، هەم زاننستە و هەم زانایە، نیگارکێشە و هێڵی نیگارگەلی ئەم گەردوونەی ڕاناوە. لە دەشت و کێوان بنۆڕن، لە ستران و سەمای مەلەکان و، سیما دڵبەرەکان ڕابمێنن، هەموو بە تێکڕا بەرهەمی ئەو هوونەرمەندەن، لێکەوتەی زهینێتی دایکی تاقانەن. دایک بێ نیازە بەرامبەر بە بەندەکانی، بە سۆزە و هەمووان لە هامێزی ئەون، بە هەموو شتێکیش ئاگایە، چاودێر و تۆمارکەرە، وەرگر و وەڵام دەرە، خوولقێن و زیندووکەرە، خۆشیهێن و پشتیوانە، جوانکار و پارێزوانە، ئەو سەروەرە، هەرخۆی دادوەرە، هەقی کەس بە سەر کەسەوە ناهێڵێ، هێزبەخش و سەرخەرە، هەق سەردەخات بە سەر ناهەق. والاکەرە، داوابکەن هەتا لێتان بکردرێتەوە. ڕسقدەر و بەخشەرە، داوابکەن هەتا پێتان بدرێ. لێبووردەیە، داوا بکەن هەتا ببەخشدرێن. ئەو ڕزگارکەرە، ڕێشنا و ڕێنیشاندەرە، شارەزا و ژمێریارە، لێپرس و بە هەژمارە. هوودای دایک نە کەس زەلیل دەکات، نە کەس لاواز، بەڵام هەرکەس لێی دووربێ، ئەو دووری و دێرە مایەی لاوازی و زەلیلبوونێتی. نە بەزەبرە، نە بە سزا، وەلێ هەرکەس بەبێ نامووسی ڕەفتار بکات، ئەو ڕەفتارە دەبێتەوە بە زەبر و بەر خۆی دەکەوێ. هوودای مهیربان بەبێ گوێ دەبیستێ و نزاکان وەردەگرێ، بەبێ چاو دەبینێ و کردەوەکان دەپێوێ. ئەو دەمەی پەنای لە بۆ دەبردرێ، داڵدەیە، ئەو دەمەی تۆبە لە خراپە دەکردرێ، لێبووردەیە. ئەو دەمەی خراپەکار بە خراپەکانیەوە دەمرێ، ئەو خراپیانە لە پێکهاتەیدا بوونەتە تایبەتمەندی، هیدی ئەو تایبەتمەندیهانە بەرەو دۆخی دۆڵزاخ ڕاپێچی دەکەن.

## ڕیشەی 18

خاڵی خراپ لە هوودا نیهە، بەس چاکەیە. خراپە سەرچاوەکەی هۆفە، هۆف لە تەن دایە، هوودا تەنەها تینە. هەموو چاکیهەک لە هووداوەیە، هەموو خراپیهەک لە خۆتانەوە، بەوەدا بیزانن، چوونکی هوودا بە تەنەها مهیرە، ئێوە مهیر و هۆفن، تین و تەنن. تایبەتمەندێتی هوودای دایک نەگۆڕە، نە زەمان و نە زەمین نامووس(ناوکی هێز) ناگۆڕن. ئەو ڕێ و بانەی نامووس بە گەردوونێی داهێناون، مایەی هاوسەنگین، ئەوانی لێی دەربچن لاسەنگن. هوودا مایەی ڕووناکیهە، ئەوانی لێی دەربچن خۆیان دەخەنە تاریکیەوە. هوودا مایەی فەرهانی و ئاسوودەگیهە، ئەوانی لێی دەربچن دڵتەنگ

و خەمگین دەبن. خەڵکینە تێبگەن، لاسەنگی، تاریکی، خەمگینی، یان هەرچەشنێکی دی لە خراپی، هوودا بە سەر کەسیدا ناهێنێ، بەڵکوو بە دوورکەوتنەوە لە هوودا، هێز لە دەست دەدەن و، تووشتان دەبێ بە تووشی خراپییەکانەوە. تەن لە ناو تین دایە، بەشەرێت و گشتەی گەردوون لە ناو خوودێتی هوودان. ویستی هوودا لە گۆڕێ نیهە، ویست شتێکە لە پەیوەندی بە دەرەوەی لەش بە زهین دەکەوێ، وەلێ هوودا نە لەشدارە و نە دەرەوەی هەیە، لەبەرهەندێ ویستی نیهە، بەڵکوو پابەندێتی زیندەوەر بە نامووس، وەکوو ویستی هوودا واتای دراوەتێ. هوودا زهینێتی باڵایە بەبێ بیرکردنەوە، ڕێساگەلێکە نەگۆڕ و هەردەمە، بیرکردنەوە شتێکە لە بوونەوەری لەشداردا بە شێوە دێ. هوودا هەر بە تایبەتمەندی هێزە، نەک بە کردە، لە هیچ زەمان و زەمینێک هەڵکشان و داکشان لە هێزی هوودای دایک ڕوونادات. هوودا تەواوی هەبوون پێک دهێنێ، هیچ شتێک نیهە لە دەوەری هوودا بە وجوود بێ، یان لە هێزی هوودا بە دەر بێ، هوودا بە سەر هەموو شتێکدا تواناداره.

## ڕیشەی 19

بوەستن، نەکەن بە پێوانەی زهین و توانا و کردەوەی خۆتان، بکەونە بیرکردنەوە لە هوودا و، دەبەنگانە و لینگەوقووچ پێناسەی هوودا بخەنە سەرتانەوە. ڕێ ڕاستەکە ئەوەیە: پێوانە بە هوودا خۆتان و گەردوون بناسن، نەک پێوانە بە خۆتان بیر لە هوودا بکەنەوە. ئەم دوو ڕێیە لە هێکدی جوودان، هێکێکیان ڕوو بە خێر و، ئەویدی ڕوو بە شەڕە. ڕوو بە خێربن، بە ناسینی تین ڕوو بە ناسینی تەن بڕۆن، ئەوجا لەو ناسینەوە پێناسی خۆتان وەربگرنەوە. گەوجینە! ئێوە ئەم کارەتان بەرەواژ کردۆتەوە، لەبەرهەندێ تووشی گێژەن و، سەرلێشێوان هاتوون. دەی وا تەنافم داونەتێ، دەستی پێوە بگرن و، لە گێژەن وەرنە دەرێ، لە سەر کرۆکی گاتاکان بمێننەوە و، قووڵاهی زهینی خۆتانێ بدەنێ، بە شکوو ئەمجارە لە جەوهەری کەلامدا سەرلێشێوان دەرباز بکەن و، بە دروستی هوودا بناسن. گۆزە بە قلْپکردنەوە ترپاتی تەڕی تێیدا نامێنێ، هەنگۆش وها لەگەڵ سەری خۆتاندا بکەن، هاوبەند بە هوودا و بە خۆتان، سەرتان لە ناهەقلانی و پۆخڵەواتی گەوجێتی خاوێن بکەنەوە. زیندەوەران لەشدارن، جوولەی زهین و زار و کردار لە بوونەوەردا، کردەی ئەندامین، وەلێ هوودا لەشی نیهە، بۆهێ زهین و زار و کرداری هوودا نائەندامین. لەم بازنەیەدا هەموو ئەوەی وەکوو کردە و ڕەفتاری هوودا ناسێندراون، بە گوزارشت هێندراونەتە ڕوو، بەو هوومێدەی بەشەرێت لێی تێ بگات، دەنا هوودا کردەی ئەندامی نیهە، نە کردەی بیر، نە زار و نە ڕەوتار. سەرجەمی گەردوون بە نامووس هەڵدەسووڕێ، نامووس ڕێساگەلێکە لە میانی

تەنەکاندا بەرهەست دێ. پەیامبەرانی هەقگۆ، لە واتاهێکدا پەیامبەرانی هوودان، چوونکە بە چاوگ لە نامووس و، هاوسەنگ بەو زەمان و زەمینەی تیایدا وەمەیدانێ کەوتوون، گوزارشتیان بە خەڵکی داوە. ئەوان کەسانێکن هەربە پەیامبەری لە دایکبوون، ئەو ڕێساگەلەی زهینێتی هوودایە و، گەردوون هەڵدەسووڕێنێ، کردوونی بەوەی لە پاشانەکانێ ببنە پەیامبەری هوودا و، بتوانن لە سەر ناوی هووداوە، پەیامێک بگرنە بەر و، بە خەڵکی بگەهێنن. هوودا کەلامی نیهە، کەلام کردەی زارە، وەلێ لەبەرئەوەی زهینێتی پەیامبەرەکە بە زهینێتی هوودا گرێدراوە و، بە سەرچاوە لە نامووس گاتای بە خەڵکی داوە، لە بەرهەندێ کەلامی هوودا و، ئەو کەلامەی پەیامبەرەکە داوێتی، لە واتاهێکدا هێکێکن.

## ڕیشەی 20

مەخدید بن و هوودای دایک ببینن، لە پڕشەنگی خۆرهەتاو، لە تریفەی مانگە شەوێ، لە ڕەوتی ڕووبار و ڕەهێڵەی بارانێ، لە سەوزێتی خاک، لە شنەی شەماڵێ، لە جریوە و چریکەی مەلان ببینن و بیناسن. لە خەندە و پاکێتی منداڵان، لە مهیر و بەخشندەهی دایکان، لە نەزاکەت و قریوەی کیژان، لە ڕاستگۆهی و دادگەریدا، لە گوێڕایەڵی کووڕ لە بۆ دایک، لە پشتیوانی برا لە خووشک، لە مانە و لە هەموو چاکیهەکدا دەرک بە هەبوونی هوودا بکەن، زهینی بدەنێ و، لە مووخی خۆتاندا درەوشانەوەی ببینن. وقتهێک لە تەک دایکتانەوەن، هەست بە نێزیکێتی زیادتری هوودا بکەن، چوونکی دایکان جهێ نیشتەی هوودان لە دوونیاهێ. لە ڕەگەزی دایک بڕوانن و، هەست بکەن هوودا نیگا دەکەن. ئەو دەمەی ژنان لە بازنەی مهیرن، هوودا لە سیمایاندا دەدرەوشێتەوە و لێوڕێژن لە مەیلی خۆشەویستی و، دەست لە ناو دەستی. خەسڵەتی دۆستی و خۆشی ویستنی ئەوانیدی، تایبەتمەندێتی نەگۆڕ و بێ پەروای هوودای دایکن، لەبەرهەندێ بە پڕاوپڕی لە ڕەگەزی دایکدا بە جهی دەبن. ڕەگەزی دایک هەرلە خوودی خۆیدا، دۆستە بە تایبەتمەندیهەکانی هوودای دایک، ئەمەش وهای لێ دەکات لەگەڵ ڕەچەڵەکی خۆی و، لەگەڵ ڕەچەڵەکە جووداجۆرەکانی زیندەگیدا، لە دۆستی دابێ. هۆف دەتوانێ تەنابی دۆستی لە نێوان ڕەگەزی دایک و زیندەگیدا بقرتێنێ، وەلێ هیچ کارتێکەرێک نیهە دۆستی لە هوودای دایک نەهێڵێ، یان گۆڕانێک لە چ تاقی تایبەتمەندیهەکانی بە دید بهێنێ، هوودا نەگۆڕە، خۆیشی ناتوانێ گۆڕان لە خۆیدا بخوولقێنێ.

## ڕیشەی 21

خەڵکینە! باوەڕدار و بێباوەڕ هەمووان بەندەی هوودان، هەمووان بە هوودای دایکەوە بەندن، بە هیچ کێ دەرفەتی هەڵبژاردنی دیکە نەدراوە، بەندەهی لە ناو زگی دایکدا بە جهێ هێندراوە. ها دەی، هەروەکوو بەندەی هوودای دایکن، بە زانستی هووداوە بەندبن. بە تەنەهێ ئەمەیە ڕاستیەقین. هوودای دایک لە ناو سەردا نەبێ، ئەو سەرە وەکوو گۆزەی شکاو وهایە، هیچ ڕاستیێک بە خۆیەوە ناگرێ، چوونکە کاکڵی ڕاستی، هوودای دایکە. ئەوانی وەکوو "ستیفن کووڕی هیزۆبێڵ" لە زهینیاندا هوودا لە ڕاستی دەرهێندراوە، دەست لە ڕاستی بدەن دەیشێوێنن. هوودا لە هەرشتێک دەربهێندرێ، ئەو شتە شت نامێنێ. گەرمی لە ئاگر، ساردی لە سەهۆڵ دەربهێنن، ئاگر و سەهۆڵ نامێنن. گەرمی و ساردی تینن، ئاگر و سەهۆڵ تەنن، تەن بەبێ تین ناتوانێ هەبێ. تین خوودی هوودایە، بێ سەرەتا و بێ کۆتایە.

## ڕیشەی 22

هوودای دایک و هەقیقەتی ڕەها هێکێکن، ئەوانی بێهوودە وێڵی دۆستینەوەی هەقیقەت بوون، هەرگیزاوهەرگیز نەهات بە زهینیاندا بە دووی چەمکی دایکێتیدا بکەون، بە دووی کەوتبان بێشک شتێکیان لە هەقیقەت بە مێشک دەکەوت. لە ڕاستیدا ڕێی هەقیقەت لە هامێزی دایکاندا دەست پێ دەکات، گەردوونی پانوپۆڕیش لە هامێزی هوودای دایک دایە، ڕێی ڕاست و ڕووناک هەرئەمەیە. هیسای کووڕی مریەمێ ملی دایە بەر ئەم ڕێیە و، خۆی وەکوو کووڕی هوودا ناساند، بەڵام نە هەینێ و نە هەنەوکە، هیچ کەس لەم گۆزارە تێ نەگهیشت، هەوڵیش درا گۆزارەکە وەکوو وەپاڵدراو پێناس بکەن. هۆ خەڵکینە! مێشکتان بکەنەوە و بە دروستی تێبگەن، چەمکی کووڕی هوودا هاوتایە بە چەمکی کووڕی دایک، کووڕەکەی مریەمێ دەیزانی هوودا دایکە و، لەم زانینەوە خۆی وەکوو کووڕی هوودا بە خەڵک ناساند، هەنەوکەش کووڕی مریەمێ پێتان دەڵێ: من کووڕی هوودام، ئەو گاتایەی لێمی وەردەگرن، کالامی خاوێنی هوودایە.

## ڕیشەی 23

زانین سەرچاوە لە هەقیقەت دەگرێ، هەقیقەتی ڕەهاش هوودای دایکە. هەموو ئەو زانیاریهانەی لە دەرەوەی بازنەی زانستی هوودای دایکن، پووچەڵ و ناهەقیقین. خۆ

قووتارکردن لە پووچی، لە بەڵاوەنانی زانیاریەکانی پێشوو دەست پێ دەکات. ئەو شتانەی لەوەوپێش زانیوتانن، مایەی تاریکین و، کۆسپی سەرەڕێن. بێباوەڕێک و باوەڕدارێکی پێشتریێ، هەردووکیان دوورە هەقیقەتن. باوەڕنەبوون بە هەبوونی هوودا، یان باوەڕداری بە هووداهێک کە هوودا نیەه، دوو ڕێی هەڵەن، چ تاقی ئەو ڕێیانە ڕێبوار بە جهێی مەقسەد ناگهێنێ. هۆ خەڵکینە! لە هەرهێکێک لەو دوو بەرەیە خۆتان دەیتۆتەوە، هیچ جوودانین، جووداهی ئەو دەمە دەردەکەوێ، بوێربن و بە گژ ناوناخی خۆتاندا بڕۆن، ددان بەوە دابنێن هیچ نازانن، چوونکە هەرچی زانیوتانە سەرابی زانین بووە، نەک زانین خۆی. دەی ئێستانەکانێ سەیرێکی خۆتان بکەن، بزانن ئەو سەرابەی زانین گهاندوونی بە چی؟ وهای کرد گوزەراندنێکی ڕسک و ڕەسەن بە ئامانج بگرن، یان لە ڕسک و ڕەسەنێتی دووری خستنەوە؟ لە ڕاستیدا زۆر بە خراپی تێی کەوتوون و پێی نازانن. هەڵستنەوە، بنیادی پێشترێتان هەڵتەکێنن و ببنەوە بە منداڵ، هەینێ لە نامووس دەست پێ بکەنەوە، نامووس بە چاوگ بگرن و، سەر لە نوێ خوودێتیتان لە باری زهینیدا بنیاد بنێنەوە، ئەوها نەکەن ڕووناکی ناهێتە ناوتەوە. ڕێ چەوت و چەوێڵەکان وەبەرگیران و، کەس نەگهیشتە ئاسوودەگی، هیدی ڕۆژێتی، ڕێێ ڕاستیەقین، ڕێی هوودای دایک بگرنەبەر و، بەرەو خۆشگوزەرانی وەرن. گەڕان بە شوێن هەقیقەت لە دەرەوەی چەمکی دایک، هەرپووچی دانێ، من بە ناو چەمکی دایکدا دەتانبەم و، هەقیقەتی پاک و پەتیتان نیشان دەدەم. ئەوەتانێ وا ڕێم لە بۆ کردوونەتەوە، کۆسپەکانم لابردوون و، نان و ئاوی ڕێگەم داونەتێ، ئەگەر هەنگۆ بە هەق ڕێبواری ڕێی هەقیقەت بن، درەنگی لێ ناکەن، لە خوودی خۆتان یاخی دەبن و، بە دووی هەقیقەتی دایک دەکەون. بەمەش سەرباز و سەروەرن.

## ڕیشەی 24

هوودای دایک هێکە و، زمانی زگماکیش لە کۆمەڵی بەشەرێتدا هەرهێکە. سەرەڕای ئەو شێوانە زۆرەی زمانی زگماک تووشی هاتووە، هێشتا واتای وشەکان کۆمەکتان پێ دەکەن، بەشکوو بتوانن باشتر هوودا (خودا) بناسن. هەرشەش وشەی "هەدا، هادا، هێدا، هۆدا، هیدا، هوودا" واتایە لەو خوودەی دەبەخشێ و دەدات. وشەکانی "خودا، خەدا، خودێ" لە هاخاوتنی کۆمەڵی کووردهەواریدا، هەمان ئەو وشانەن و، گۆڕدراون. هاودەم لە سەر زاری خەڵکی ئەو هەوارە، وشەی "هۆدا" بە ڕێک و ڕەوانی وەکوو جێناوی دایک بە کاردێ. لە لاهێکی دی، لە هاخاوتنی کۆمەڵی هارەبی، وشەکانی "هوودا، هیدایەت، هەدایە" هەربە واتای بەخشین بە کاردهێن و، گرێشدراونەتەوە بە چەمکی هوودا لە ئاستی گەردوونی. وشەی "دین" هاوتایە بە

وشەی "تین" و، ناوێکی دیکەیە لە بۆ هوودا، وشەکە لە ناو کۆمەڵانی خۆرمیانێ جێناوە لە بۆ ئەو بیروباوەڕانەی بە هوودا گرێدراونەتەوە. تین هوودایە و، هوودا و دایک دوو چەمکن لە ناو هێکدا، جا لەبەرئەوەی تین گشتەیە و لە شوێن و ناشوێن هەیە، وشەی "هەموو، هەمی، هەمووی" دەبێتە جێناوێکی دی لە بۆ هوودا، لە چەمکیشدا هوودا و دایک دەبنەوە بە هێک، لەبەرهەندێ وشەکە بە شێوەی " ئوم، ئومی" لە زاری هارەب و خەڵکانی دیکە وەکوو جێناوی دایک پایەی گرتووە. دایک مێیە و "زان" تایبەتمەندی مێیە، لەبەرئەوەیە مێ و زین (ژین) دەبنەوە بە هێک. هاوکات واتای زین و زیندووێتی دەبنەوە بە جێناو لە بۆ هوودا، چوونکە تین هەمیشە و بێ سنوورە. وشەکانی "ژین، ژیان" لە هاخاوتنی کۆمەڵی کووردهەواری، وشەی"هەیات" لە هاخاوتنی کۆمەڵی هارەبی، بە واتای تەواوی زیندووێتی دهێن، لە ناو هەردوو کۆمەڵەکەش وشەکان وەکوو ناوی مێ بەرکارن. هاودەم وشەی ژن، زن جێناوە لە بۆ ڕەگەزی دایک، هاوواتاشە بە وشەی ژین و زیندەگی. جا بڕۆننێ، چەمکەکانی هوودا، دایک، مێ، سێهانن لە هێکێکدا، هەرهێکەیان بە ئەویدیکەیان گرێدراون، ئەگەر بەجووداش ببیندرێن، لە شیکردنەوەدا تێکەڵ دەبنەوە.

## ڕیشەی 25

هەنگۆن هوودای دایک ناناسن، هەنگۆن خلێسکاون و، لە چاڵی نەزانیندا گیرساونەتەوە، بەبێ ئەوەی هەبەرێکتان لە خۆتان هەبێ. قووڕ بەو هەقڵەتان کە هەتانە، لە خۆتان وهایە زانا و پێشکەوتوون و، پێشینانتان نەزان و پاشکەوتوو بوون؟ ئەم جۆری بیرکردنەوەیە وەکوو سەرەونخوونکردنی گۆزە وهایە، گۆزەش بە قلێکردنەوە ترپاتی تەڕی تێیدا نامێنێ. ئەگەر ترپاتێک زانینی ڕاستیەقین لە کاسەی سەرتان بمابا، دەبوو هێکێکتان تێیدا هەڵبکەوێ گۆزەکە ڕاست بکاتەوە و پێتان بڵێ: بوەستن، ڕەنگە بە پێچەوانەوە بێ، ڕەنگە پێشکەوتن بە پاشکەوتن گۆڕدرابێ. بەڵام نا، قەت هەڵنەکەوت دەنگێکی دی بە زاری کەسێک دابهێتن، چوونکی هەمووان بنەما لە سەر تەن واتایان بە زانا و نەزان و، پێشکەوتن و پاشکەوتن داوە. ئەمەش وهای کرد تین نەناسن و، هاوبەند بە چەمکی هوودای دایک بە نەزانی بمێننەوە. ئێوە بە شێوەی بەشەکیانە تەن دەناسن، پێشینانتان بە شێوەی تێروتەواو ئاشنا بە تین بوون، جا دەست نیشانی بکەن و، بزانن کێهە چەرخ ڕووناکی و، کێهە تاریکیهە؟.دەست نیشانی بکەن کامە کۆمەڵی بەشەرێت زانان و کامەی نەزان؟ بێگوومان نەزان هیچ کات بە نەزانی خۆی نازانێ، ئەوکاتە نەبێ کە زانا دێ و، لە نەزانی دەری دهێنێ، هەنگێ دەزانێ کە پێشتری چ نەزانێک بووە.

## ڕیشەی 26

من هوودام نیشان داون، هەقیقەتم هێناوەتە بەرنیگای هەمووان، ها ئەمەیە هەقیقەت، وا سەرتاپای گەردوونی تەنیوە. لە خۆتان بێ هەبەر، هەی بەشەرینە، لەو ڕۆوە سەرتان سووک و هەساوەیە، کەس لە ناو سەری خۆی، بە دووی هەقیقەتدا ناگەڕێ. پەڕاوی ناموس بە پڕاوپڕی وەڵامی بە پرسیارگەلی هەزاران ساڵەی بەشەرێت داوەتەوە، بە جۆێک هیچ کەلێن و کەلەبەرێک بە جهێ نەهێڵدراوە. هیدی کەس ناتوانێ خۆی بە سەر خەڵکی سادە و دڵنەرمدا بکاتە زانا، بکاتە بیرمەند، چوونکە ئەو سەرابی زانینەی خەڵکانێک خۆیان پێوە بادەدا، چیدی بە هیچ ناخوات. ئەو سەرابی زانینە لە وێنەی سەرابی بیابانێ وهایە، کاتێک لە دوورڕا بە ئاوی تێ دەگەن، گۆزە هەڵدەگرن و بەرەو ئەوێ دەڕۆن، پاشانەکانێ کە لێی نێزیک دەبنەوە، لێتان دەبێتە هیچ! لەمەوپاش هەمووان بەرەو هەقیقەت دێن، پۆڵ پۆڵ پشت دەکەنە سەراب و، بە گۆزەی دڵ و گۆزەی دەماختانەوە بەرەو کانیاوی زانستی ڕاستیەقین دێن. لە گرتنەبەری ڕێی هوودای دایک، لە هاتن بەرەو هەقیەت، کەس ڕێوان نیەه، کاروان دەڕوا و، پەڕاوی ناموس ڕێوانی لە بۆ هەمووان دەکات. ئەگەر هێکێک بکەنە ڕێوان، دیاریکردنی مەودای نێزیکی و دووریتان لە هوودا، لە دەستی ئەودا دەبێ، جا دەلوێ هۆف بچێتە بن کلێشەی و، خۆی بە نێزیکتر لە هوودا بناسێنێ، لەم هێڵەوە هەقی شتانێک بە خۆی بدات، بە ئەوانی دی نەدات. لەبەرهەندێ ڕێم نەداونەتێ کەس بە ڕێوانی دەربکەوێ. هوودای دایک لە کن هەموو هێکێکتانە، کێهانتان لە ناو خۆیدا پتر مهیری بڵند کرد و، لە سەرزەمین چاکەی زیادترکرد، ئەو نێزیکترە لە هوودای دایک. ئەم نێزیکیە پایەی بیروباوەڕی خۆێتی، هیچ کات وەکوو پایەی کۆمەڵاتی جهێ ناگرێ.

## ڕیشەی 27

دایک لە سەرانسەری گەردوونێ، جهێ نیشینی هوودای دایکە. سەرێک دایک نەناسێ، سەرێک لە بۆ دایک نەچەمێ، سەرێک لە ڕێی دایک نەچێ، سەر نیەه. دڵێک بەندی دایک نەبێ، دڵێک لە بۆ دایک لێ نەدات، دڵێک لە بۆ دایک نەوەستێ، دڵ نیەه. گوێهێک لە بۆ دایک ڕادێرنەبێ گووێ نیەه، چاوێک لە بۆ دایک هەڵنەهێ چاو نیەه، دەستهێک دەستەوای دایک نەبێ دەست نیەه. ئەو دایکەی قووڵ گرێدراوی ناموس بێ، مهیری لێ دەبارێ، نووری هوودا لە چاوەکانی، دەنگی هوودا لە زوانی دهێتە دەرێ. دایک هێکەمینە، لە سەرتانە جهێی لە بۆ بکەنەوە، هەتا بچێتەوە پایەی هێکەمینی خۆی. لە مێژووی بەشەرێتدا، هێکەم ئازارچێژ، هێکەم ڕەنجدەر، هێکەم دووکتۆر و دەرمانساز، هێکەم دەم بە گۆرانی و ئاهەنگ، هێکەم سەماکەر، هێکەم

پاسدار، هێکەم خۆبەخش، هێکەم بەڕێوەبەر، هێکەم بەرهەمهێن، هێکەم فێرکار و ڕێنوێنیدەر، کوورت و کۆبەند هەموو هێکەمینێک دایکە، چوونکە دایک وێنەی هوودای دایکە لە سەر ڕووی زەوی.

## ڕیشەی 28

هوودا لەگەڵ هەموو کەس دایە، ئەگەر بیهەوێ هوودا لەگەڵی بێ. تایبەتمەندی و خەسڵەتی هوودا لە دایکتاندا ببینن و، لە خۆتاندا بەرجەسدەی بکەن. نیگای دایک بکەن، وەکوو ئەوەی ڕوو لە هوودای دایک بن. لە پێگرتن هەتا بە گۆڕدا چوون، لە بەردەم دایکتاندا بچووکی بنوێن، چوونکی هەربەڕاستی بچووکن و، تەنەها دایک گەورەیە. دایک پارووی دەمی خۆی دەداتە منداڵەکەی و دەڵێ: من برسیم نیهە، بە دیار منداڵەکەیەوە بێدار دادەنیشێ و دەڵێ: خەوم ناهێ، ڕەنج دەکێشێ و بە منداڵەکەی دەڵێ: ماندوونیم، زامی هەتا سەر هێسک ڕۆدەچێ و، بە منداڵەکەی دەڵێ: هێشی نیهە، دایک دووها دەکات هەربەڵاهێک بە سەر خۆیدا بێ، بەس منداڵەکانی سەلامەت دەرچن. خەڵکینە! ئەگەر تەختی زەوی بن و، دایکتان بە سەر پشتتاندا ڕێ بکات، یانەکینێ وەکوو هەسپ بنوشتێن و بێتە کۆڵتانەوە، هێشتا نەتانتوانیوە کارێک بکەن شایستەی دایک بێ. پابەندی دایک بن و ئەوجۆرەی داواتان لێ دەکات، وها بجوولێنەوە، پەروەردەی لێ وەربگرن، لێی فێری بەخشین بن، لێی فێری سۆزداری و، لێی فێری خۆشەویستیکردن بن، دایک تاقێکی خۆشناوێ، هەمووی خۆشدەوێن. بە نیشانەی خۆشەویستی و پێزانین، دەستی دایکان ماچ بکەن، دایکی خۆتان و هەردایکێکی دی.

## ڕیشەی 29

هەرکێ بە هەبوونی هوودا و زانستەکەی پێکەنیوە، هەرکەس بە ناوی هوودا و زانستەکەی، دەمچەفتی خۆی لە گوێی خەڵکی هاخنیوە، ڕۆژتان تەواو بوو، پێ بنێنن بە نەزانی خۆتاندا، باوەڕ بە هوودای دایک و، زانستە بێ هاوتاکەی بهێنن. لەو ڕۆوە ڕێی هەڵهاتن لە هوودا و نکۆڵی لێ کردنی، لە هەرکەس بەست دراوە. کێ زاتی ئەوە دەکات ددان بە هەبوونی هوودا دانەنێ؟ بە خووندنەوەی نامووس، نەزان دەبێتە زانا، کوێر دەبینێ و کەڕ دەبیستێ، پەککەوت هەڵدەستێ و، ڕێی ڕاستیەقین وەبەر دەگرێ. پێشترێ هەرکەس دەیتوانی زاری بکاتەوە و بڵێ هوودا نیهە! دەیتوانی بڵێ زەندەق هەر ئەمەیە و، بە مردنت هەموو شتێک دواهی پێ دێ. ئەمانە گۆزارگەلی چەرخی تاریکین، چەرخێک هیدی دواهی هات. ئەوڕۆ چەرخی ڕووناکی دەستی پێکرد.

لەمەولا هەموو هێکێک ڕۆشن دەبێتەوە، دروست و ساختەی هەموو شتێک ڕوون و ڕەوان ساخ دەبێتەوە. ئەوی گرێیە دەکردرێتەوە، ئەوی دەقدراوە هەڵدەدرێتەوە، شاردراوێک نامێنێ وەبەرچاو نەخڕدرێ، داپۆشدراوێک هەڵنەماڵدرێ. لەو ڕۆوە پەڕاوی نامووس بە وێنەی خۆرهەتاو لە بڵندیدا دەخوولێتەوە و، ڕووناکی بەڵاودەکاتەوە. لەمڕۆوە نامووس بە وێنەی کانیاوی سازگاری زیندەگی، جۆگەلە دەبەستێ و، پۆڵ بە پۆڵ لێی دەخۆنەوە، خڵت و خاڵی پێشوو تف دەکەنەوە.

## ڕیشەی 30

ئەمە هەرپەڕاوێک نیهە، مێرگی کەلامی باڵایە، کەلامی باڵاش تەنەها زانستی هوودایە، بێخەوش و ڕاستیەقینە، مهیریجەمی هێکەمین و دواهەمینە. هامێزی دایکە بە ڕووی بەشەردا هاوەڵایە، لە وێنەی دەواری هەڵدراوە، نامووسە و زهینێتی هوودایە. منداڵدانە، هەرکەس پێیدا تێدەپەڕێ، سەرلەنوێ لە دایک دەبێ. مەمکی شیردەرە، هەرکەس لێی دەخواتەوە پێی گەورە دەبێ. ئەم کۆکەلامە پەیمانی کۆنە بەجهێ هێندراوە، مشتەدەی ڕزگاریدەرە بە بەشەر دراوە. لێرە بە دوا، سەرجەمی کالامی دینەکان هەڵوەشاون، ئەوانی لە بەندی نامووس نەبن، هۆفین و ئاومالْکی دەوئاون. هوودا تاقانەیە، پەڕاوی تاقانەش لاپەڕەکانی نامووسن. هوودا هێکە، هێک ڕێ لە بەردەم بەشەرێتدا ماوەتەوە: مان و هەرمان لە بۆ خاک بە هیشکاتی و تەڕاتی، لە بۆ سەوزەلان بە دار و دەوەنی، لە بۆ باڵدار بە فڕیو و نەفڕیوی، لە بۆ پادار بە چهار و دووهی، هەرهەمووی بە نامووس گرێدراوە.

(ڕەگی دووهەم)

**دایکی ژمارەکان**

ڕیشەی 01

ژمارە و ناوکە ژمارە، هەروەکوو منداڵ و دایک، هەردووک بە هێکەوەن و هێکدی واتادار دەکەن. دایکێتی لەگەڵ لە دایکبوونی منداڵدا دەست پێ دەکات، منداڵ بە ژین نەهێ، دایک نیەه. ناوکە ژمارە زهینێتی هوودای دایکە، ژمارەکانیش لە هێک هەتا نۆ، لە خوودێتی هوودای دایک لە ناو هێکدین و بە هێکەوەن. نە زهینێت (ناموس) بەبێ خوود، نە خوود بەبێ زهینێت نابن، هەردووک بە هێکەوە هەمیشەهین. هوودا لە پێکهاتەی خوودێتیدا تینە، تین سێیە لە هێکێکدا، لە گشتەدا هێکە، لە پێکهاتەدا سێ خوود و سێ ڕەگەز و سێ ئاستە. ئەم سێ سێیە نۆینی خوودێتی هوودا(خودا) پێک دهێنن. خوودێتی هوودا تینە و تین هێزە، ناوکی هێز(ناموس)، ناوکی خوودێتیەکەیە، بەرهەست ناهێ، ئەوەی بەرهەست دێ هێزەکانن، ئەو هێزانەش زهینێتی هوودای

دایک(ناموس) نیشان دەدەن. بە سەرچاوە لە ناموس، گەردوون لە سەر وێنەی ناوک و نۆینی خوودێتی هوودای دایک بە هەژمار کەوت.

## ڕیشەی 02

لە وێنەی بەرهەستبووی ناوکە ژمارە و ژمارەکاندا، ناوک و نۆینی خوودێتی هوودا نیشان دراوە. ناوک ناوەندە، ناوەند دایکە. بە سەرچاوە لە ناوەند، سێ جووت ئاستی دابەشبوون پێک دێ، بەبێ ناوەند هیچ ئاستێک لە گۆڕێ نیەیە. ئاستەکانی سەر و خوار، چەپ و ڕاست، پێش و پاش لەگەڵ دەرکەوتنی ناوەندا بە دید دەهێن. تۆپەڵێک قووڕ لە ناو لەپی دەست دابنێن، تۆپەڵ وێنەی بەرجەسدەبووی ناوەندە، هەموو ئاستەکان لە تۆپەڵەکەدا لە ناو هێکدین و، چ تاقێکیان دیاری کردراونین، گۆشەنیگای دەرەوەی تۆپەڵ ئاستەکان نیشان دەکات. ئەم جوودانەبوونەی ئاستەکان، جوودانەبوونی خوودێتی و ڕەگەزێتی ناوەند نیشان دەدات.

## ڕیشەی 03

لە ڕێی ژمارەوە نیشان دراوە، سێ ڕەگەز و سێ خوود و سێ ئاست نۆینی خوودێتی هوودا پێک دەهێنن، ناوکە ژمارەش ناوەندێتی دەکات و ناوکی خوودێتی هوودا نیشان دەدات. لە نۆینی خوودێتیدا جیداوازی دەردەکەوێ، لە ناوکی خوودێتیدا جیداوازی نامێنێ. ناوک دایکە، لە دایکێتیدا هەموو منداڵەکان هێکێکن. ناوکە ژمارە دایکی ژمارەکانە، ژمارەکان بە دەوری خۆیدا بازن دەکات. لە بازندا خوار و سەر، چەپ و ڕاست، پێش و پاش لە هێکدی جوودا ناکردرێنەوە، ئەوەی جوودا دەیان بینێ، گۆشەنیگای دەرەوەی بازنەکەیە، لە بازن خۆیدا هەموو ئاستەکان لە نێو هێکدین، هەرهێکێکیان ئەوی دیکەیانە، بە جۆرێک هیچ ئاستێک لە گۆری نیەیە، بە تەنەها باری بازنەهی لە گۆڕێ دایە.


## ڕیشەی 04

ناوکە ژمارە و ژمارەکان، خۆبەخۆ وەکوو دایک و منداڵ واتا دەدەنەوە. ناوک خۆبەخۆ ژمارە نیەیە، دایکی ژمارەکانە. خوود نیەیە، دایکی خوودەکانە. ڕەگەز نیەیە، دایکی ڕەگەزەکانە. ئاست نیەیە، دایکێتی ئاستەکان دەکات. بەبێ ناوک نە ژمارە و نە

هیچ شتێک ناتوانن هەبن، هەروەکوو بەبێ ژمارەش ناوک نییە. هێزی بێ پەروا لە هێکێتی ژمارە و ناوک دایە، بە سەرچاوە لە ناوکە ژمارە، ژمارەکان دەتوانن بێ سنوور و نەسرەوتانە بهێنە دوونیاهێ.

## ڕیشەی 05

ژمارەکان ڕێز نابەستن، بەڵکوو بە دەوری ناوکە ژمارەدا بازن دەبن. ناوک دایکە، دایک ناوەندێتی دەگرێ و، ژمارەکان بە دەوریدا کۆمەڵ پێک دهێنن. ژمارەکان بەشێکن لە خوودێتی هوودای دایک، بەشێکیشن لەو گەردوونەی لە خوودێتی هوودای دایک بە زیندەگی هات. ئەو دەمەی ژمارەکان لە گۆشە نیگای بەشەردا، بەشێکن لە گەردوون، هەنگینێ لە ئاستی ستوونیدا لە سەرەوە بۆ خوارەوە ، لە ئاستی ئاسۆهیدا لە چەپ بۆ ڕاست، لە ئاستی پانیدا، لە پیشێ بۆ پاشێ ڕێ دەگرن. ئەم ئاستانە لە پەیوەندی نێوان ناوک و ژمارەدا لە دایک دەبن، ناوک نەبێ ناوەندێتی پێک بهێنێ، هیچ ئاستێک بە دید ناهێ.



## ڕیشەی 06

نۆ ژمارەکە نە بە کۆمەڵ بەرجەسدەبوون، نە هێک بە دووی هێکدا. لە ژمارە هێک هەتا ژمارە شەش، بە دووانە لە دایک دەبن و، لە ئاستی جوودا بە دەوری ناوکە ژمارەدا بازن دەبن. ژمارە هێک و دوو دووانەن، لە لای چەپ جێ دەگرن، هێک لە سەرەوە و دوو لە خوارەوە. سێ و چهار دووانەن، لە لای ڕاست جێدار دەبن، سێ لە خوارێ و چهار لە سەرێ. ژمارە پێنج و شەش دووانەن، پێنج لە پێشێ و شەش لە پاشێ بە جهێ دەبن. ئەو دەمەی ئەم ژمارانە بە دەوری ناوکە ژمارەدا بازنن، سێ ژمارەی دیکە بە بنەڕەت دهێن. ژمارەکانی هەفت و هەشت و نۆ پێش ئەوەی لە دایک ببن، هەروەکوو منداڵی ناو زگی دایک، لە نێو هەناوی ئەم بازنبوونەی ژمارەکاندا بە وجوود دێن، بەبێ ئەوەی بە ڕووکاری ژمارە دەربکەون. لە کۆبوونەوەی نێوان ناوکە ژمارە و شەش ژمارەکەدا، ژمارە هەفت بە بنەڕەت هاتووە. لە بە هەندازگرتنی هەرچهار لای مەودای نێوان ناوکە ژمارە و شەش ژمارەکەش هەشت سێگۆش بەرنیگا دەکەون و، بە بنەڕەت هاتنی ژمارە هەشت نیشان دەدەن. لە نیگای ڕوو بە ڕووش سێ سێگۆش بەرجەسدەن، لە تیرەکان و گۆشەکانیانەوە بنەڕەتی ژمارە نۆ دەردەخەن. پاشان لە سێ جووتەدا ئەم سێ ژمارەیە لە دایک دەبن. ژمارە هەفت بە جووتگرتنی ژمارە پێنج و دوو، ژمارە نۆ بە جووتگرتنی ژمارە شەش و سێ لە دایک دەبن. ژمارە هەشت لە جووتگرتنی ژمارە هێک و چهار لە دایک دەبێ. هێزی ژمارە هێک هێندەی هەشت ژمارەی دوای خۆێتی، نیوەی ئەو هێزە لە بۆ ژمارە چهار ڕۆیشتووە، ئەو دەمەی لەگەڵ ژمارە چهار جووت دەگرێ، دوو هێزی چهار تێکەڵ دەبن و ئەوەی لە دایک دەبێ، بە ژمارە هەشت بەرجەسدەیە.

## ڕیشەی 07

تەن بە هەژمار بە ژین دهێن و، ژمارەکان لەگەڵ بە شێوە هاتنی تەنەکاندا بەرجەسدە دەبن. لەم بازنەیەدا تین وەکوو ناوکە تەن دایکێتی دەکات، لە سێ زگدا شەش تەن بە زیندەگی دێن، بەمەش ژمارەکان لە هێک هەتا شەش بەرجەسدە دەبن. پاشانەکە لە جووتگرتنی سێ جووتەی ئەو شەش تەنەدا، سێ تەنی دیکە لە دایک دەبن، لەگەڵیشیاندا ژمارەکانی هەفت، هەشت و نۆ دەربازی بەرجەسدەبوونن. پاش نۆ ژمارەکە، ناوکە ژمارە بچێتە پاڵ هەرهێکێک لە ژمارەکان، ژمارەهێکی نوێ بە هێزێکی زیادتر لە دایک دەبێ، ئەو هێزەی خۆیشی لە ناوک وەردەگرێ. لە دووای ژمارە نۆش، ئەو ژمارانەی پەیدا دەبن، هەرهێکێکیان دەچنەوە سەر هێکیک لە نۆ ژمارەکە. ئەم ڕاستیەقینە لە کۆکردنەوەی ژمارەکاندا دەردەکەوێ. هوودای دایک

نەگۆڕە، نۆ ژمارەکە لە بەرجەسدەبووندا لێکەوتەی نۆینی خوودێتی هوودان، بۆهێ بە نە گۆڕی هەڵدەسوڕێن، بەبێ ئەوەی هیچ جارێک ئەنجام بگۆڕێ. ڕێسای ژمارەکان مشتومڕ هەڵناگرێ، لە هەموو زەمان و زەمینێکدا هێک ئەنجامی نەگۆڕ بە دەستەوە دەدەن، جا لەبەرئەوەی ڕێسای زیندەگیکردنیش هەمان ڕێسای ژمارەکانە، دەرفەتی مشتومڕ و دەمەتەقێ نادات، هەرکەس لە سەرێتی پابەندی هەموو ئەوەبێ، وا پەڕاوی نامووس دەیخاتەڕوو.

نۆینی بنەڕەت لە ژمارەکاندا

لە دوای ژمارە نۆ، هەموو ژمارەکانی دی لە کۆکردنەوەدا دەبنەوە بە ژمارەکانی نۆینی بنەڕەت

| | | | |
|---|---|---|---|
| 10. | 1+0 = 01 | 19. | 1+9 = 10 |
| 11. | 1+1 = 02 | 20. | 2+0 = 02 |
| 12. | 1+2 = 03 | 21. | 2+1 = 03 |
| 13. | 1+3 = 04 | 22. | 2+2 = 04 |
| 14. | 1+4 = 05 | 23. | 2+3 = 05 |
| 15. | 1+5 = 06 | 24. | 2+4 = 06 |
| 16. | 1+6 = 07 | 25. | 2+5 = 07 |
| 17. | 1+7 = 08 | 26. | 2+6 = 08 |
| 18. | 1+8 = 09 | 27. | 2+7 = 09 |

## ڕیشەی 08

هەموو هێکێک لە ژمارەکان، دارای قاڵب و قەوارە و ئاستی تایبەت بە خۆیانن، هەرئەوهاش لە خوودێتی و ڕەگەزێتی لە هێکدی جوودان. لە باری خوودیدا کێژ و

دایک و کوورن، لە باری ڕەگەزیدا مێ و نێرەمووک و نێرن. نۆ ژمارەکە لە ئاستی گشتەدا، سێ بە سێ ڕاگیردراون، لە هەردوو باری خوودی و ڕەگەزیدا هاوسەنگن. بە دیوی خوودیدا، سێ کیژ و سێ دایک و سێ کوورن، بە دیوی ڕەگەزیدا سێ مێ و سێ نێرەمووک و سێ نێرن. لە گشتەدا ژمارەکانی سێ، شەش، نۆ، لە باری خوودیدا کچن و لە باری ڕەگەزیدا مێ. ژمارەکانی هێک، پێنج، هەفت لە باری خوودیدا دایکن و لە باری ڕەگەزیدا نێرەمووک. ژمارەکانی دوو، چهار، هەشت بە ڕەگەز نێرن و لە خوودێتیدا کوورن. نێرێتی و کووڕێتی لەم ژمارانەدا نەگۆڕە، لە هەرشوێنێک دەربکەون بە نێر_کوور دەردەکەون. بەڵام ژمارەکانی دیکە لە ناو پێکهاتەدا بە پێی شوێن دەگۆڕێن و، لە هێکدی جوودا ناکردرێنەوە. ئەوەی لە شوێنێک کیژە، لە شوێنێکی دی دایکە، ئەوەی لە شوێنێک دایکە لە شوێنێکی دی کیژە. کیژ و دایک لە باری خوودیدا لە ناو هێکدین، تەنەها بە پێی شوێن دایکێتی و کچێتی ژمارەکان دەردەکەون. هەرئەوهاش لە باری ڕەگەزیدا مێ و نێرەمووک لە نێو هێکدین، ئەو ژمارانەی لە شوێنێک نێرەمووکن، لە شوێنێکی دیکە مێن. لە بەر ئەوە، لە ناو پێکهاتەدا هەرشەش ژمارەکە هەم کیژن و هەم دایکن، هەم مێن و هەم نێرەمووکن، لەبەرهەندێ قووەت و قوودرەتی مێ، لە هەردوو باری چەندێتی و جۆرێتیدا دوو هێندەی نێرە.


## ڕیشەی 09

ئەو دەمەی ژمارەکان بە دووانە لە دایک دەبن و، بە دەوری ناوکە ژمارەدا بازن دەبن، لەگەڵیاندا سێگۆش لە دایک دەبێ. بە لە دایکبوونی دووانەی هێک و دوو، سێگۆشێک لە لای چەپی ناوکە ژمارە دروست دەبێ. بە لە دایکبوونی ژمارە سێ و چهار سێگۆشێکی دیکە لە لای ڕاست پەیدا دەبێ. وقتهێکیش دووانەی پێنج و شەش بە ژین دهێن، سێ سێگۆش بەرەو ڕوو دەردەکەوێ. هاوکات بەبێ پەیوەستی بە ناوکە ژمارەوە، لە نێوان شەش ژمارەکە خۆیاندا، دوو سێگۆش بە دید دهێن. سێگۆشێکی گچکە لە لای چەپ و، سێگۆشێکی گەورە لە لای ڕاست. گەورێتی و گچکێتی قەوارەی سێگۆشان لێکەوتەی قەوارەی جوودای ژمارەکانن. لە بازنبووندا هەرهێکێک لە ژمارەکان بە هەندازەی قەوارەی خۆی، مەودای لەگەڵ ناوکە ژمارەدا هەیە، ئەو مەودایە بناخی پێکهاتنی قەوارەی سێگۆشەیە. شەش ژمارەکە سێ جووتەن، لە هەرخووتێکدا تاکێک لەگەڵ تاکی جووتێکی دیکە جووت دەبێ، لەم جووتبوونانەدا سێ ژمارە لە دایک دەبن و، سێگۆشێکی گەورە پێک دهێنن. ئەو سێگۆشەیەی پێک دێ هەموو ژمارەکان لە هێکێکدا کۆمەڵ دەکات. سێگۆش بە تەنەهێ هێکێک بێ، دایکە.

دوو سێگۆش بن، مێ و نێرن. سێ سێگۆش بن، لە پێکهاتەدا مێ و نێرەمووکن و نێرن، وەلێ هەرسێ سێگۆشەکە دەبنەوە بە هێکێک، ئەو وقهتە هێک دایکە.

## ڕیشەی 10

ناوکە ژمارە دایکی ژمارەکانە، ژمارەش لە گشتەدا دایکە. لە هەموو گشتبوونێکدا خوودێتی دایک بەرجەسدە دەبێ. ئەو دەمەی تەنەکان لە تین لە دایک بوون و، بەرجەسدەبوونی ژمارەکانیان لێ کەوتەوە، لە پێشدا ژمارە هێک بە نێرەمووک و دوو بە نێر لە دایک بوون، چوونکە تین مێ و تەن نێرە، لەبەرهەندێ هێکەم لە دایکبوو نێرەمووک و دووهەم نێر بوو، ئەمجا بە دوویدا ژمارە سێ بە مێ و چهار بە نێر، پاشانیش ژمارە پێنج بە نێرەمووک و ژمارە شەش بە مێ لە دایک بوون. ئەو جۆرەی کچ و دایک لە باری خوودیدا لە ناو هێکدین، ئەوهاش ژمارەکانی نێرەمووک و مێ لە باری ڕەگەزیدا لە ناو هێکدین، نێرەمووک لە باری ڕەگەزیدا وەردەچەرخێ و، لەگەڵ دوو ژمارەی مێدا دەبنە دایک، ئەوجا لە سێ جووتگریدا ژمارەکانی هەفت و هەشت و نۆ لە دایک دەبن. ژمارە هەفت نێرەمووک و هەشت نێر و نۆ مێیە. لە دایکبوونی ژمارە نۆ لە جووتگرتنی ژمارە سێ و شەش ڕوودەدات، لە کاتێکدا هەردوو ژمارەکە مێن. ڕاستیەڤین ئەوەیە، مێ لە ڕەچەڵەکی بەشەریشدا قوودرەت دەکات بەبێ جووتگرتن لەگەڵ نێر وەچە بخاتەوە. هەرکەس لەم ڕاستیەڤینە بەدگوومانە، با پەنا لە بۆ زانستی پزیشکی ببات، پزیشکێک ئەگەر بەڕاستی زانا بێ، ئەم ڕاستیەڤینە دەرک پێ دەکات.



## ڕیشەی 11

ژمارە لە گەردووندا دایکێتی دەکات، گەردوون بە هەژمار خوولکاوە و، بە هەژمار هەڵدەسوڕێ. لە پێکهاتەی نۆینی هوودای دایکدا، ژمارەکان تایبەتمەندی خوودێتین، ژمارە و هەموو شتێک لە ناو خوودی هوودا دایە، لە دەرەوەی خوودی هوودا، تەنەها ناوکی خوودێتی هوودا هەیە، هەرئەوهاش لە دەرەوەی ژمارەکاندا، تەنەها ناوکە ژمارە هەیە. ناوکە ژمارە و ژمارە نۆ، لە واتاهێکدا وەکوو هێکدین، چوونکە زۆرینەی خەسڵەتی ناوکە، ژمارە لە ژمارە نۆدا بەرهەست دێ. لە هەموو شتێکدا ئەم هاوکێشەیە هەیە، هەموو شتێک بە جۆرێک لە جۆران، لە هەردوو سەریدا وەکوو هێکدیبوونی تێیدا بەرجەسدە دەبێ. بڕۆننێ، ئەوی هیچ نازانێ سادەیە، ئەوی هەموو شتێکیش بزانێ سادە دەبێتەوە. ئەوی لە ناو جەنجاڵی دایە و ئەوی لە هەمووان دوورە، هەردووکیان تەنەهان، چوونکی قەرەباڵخی لە ئەوپەڕیدا تەنەهاهی بەرهەم دهێنێتەوە. ئەوی بێ ئاوە لە تینووبووندا دەخنکێ، ئەوی بکەوێتە قوولاهی ئاویش دیسان دەخنکێ. ئەمجۆرە هێکسانبوونەوەیە، مایەی هاوسەنگ ڕاگرتنی گەردوونە لە هەموو ئاستەکانیدا، بەوەدا بزانن تەنەها ناوەندێتی خێر دەداتەوە، ئەمەش بە چەمکی دایک نەبێ، بە هیچ چەمکێکی دی بە دید ناهێ.

## ڕیشەی 12

سێ ژمارەی مێ شێوەیان بە گەردوون داوە، ژمارەکانی "سێ و شەش و نۆ" ئەو سێ ژمارەیەن. گەردوون لە ژمارە سێ بە بنەڕەت هات، لە ژمارە شەش بە ناوەند گهیشت، لە ژمارە نۆ شێوەگرتنی پێکهاتەکەی دواهی هات. لەشی هەموو بوونەوەرێک لە گەردووندا، بەم سێ ژمارەیە پێک دێ. هێزی ئەم سێ ژمارەیە، لەو تایبەتمەندیەهە دایە، کە لە هێک کاتدا خوودێتی کیژ و دایک، ڕەگەزێتی مێ و نێرەمووک بەرجەسدە دەکەن. مێ بە خوودێتی دایک هاوسەنگی لە نێوان خوودی کچ و کووڕ ڕادەگرێ، هاوکات بە ڕەگەزێتی نێرەمووک، لە نێوان هەردوو ڕەگەزی مێ و نێردا ناوەندگیری دەکات.

## ڕیشەی 13

لە گەردووندا، شێوەی سێگۆش و بازن لە هەموو پێکهاتێکدا بەرجەسدەن. هەردوو ژمارەی مێ، "سێ و شەش" هەیکەلی سێگۆش و بازن وەباردهێنن، سێگۆش بە ژمارە سێ، بازن بە ژمارە شەش پێک دێ. شێوەی دی لەم دوو شێوەیە پێک هاتوون.

چوارگۆش لە دوو سێگۆش پێک دێ، لاکێش لە چوارسێگۆش. ئەو ژمارانەی سێگۆش و بازن وەبارهێنن ئەوە نیشان دەدەن، کە گەردوون لە سەر شێوەی مێ نەقشێندراوە. هەموو پێکهاتێک وەکوو هێک ڕەچاوە، بەڵام لە هەموو هێکێکدا ژمارە سێ بنەڕەت، ژمارە شەش ناوەند، ژمارە نۆ دواهی بە شێوەگرتنی پێکهاتەی هێکەکە دهێنێ. بازن، نیوبازن، چارێکی بازن، نیوچارێکی بازن، سێگۆش، چوارگۆش، پێنج گۆش، شەش گۆش، هەرچەندە شێوەی جوودا دەنوێنن، لە کۆتاهیدا هەموویان لە کۆکردنەوەی ژمارەی پلەکانی پێکهاتەیاندا، دەبنەوە بە ناوک و نۆ.





| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 06 = 12 | 1+2 = 03 | 18 | 1+8 = | 09 | |
| 12 = 24 | 2+4 = 06 | 36 | 3+6 = | 09 | |
| 24 = 48 | 8+4 = 12. 1+2 = 03 | 72 | 7+2 = | 09 | |
| 48 = 96 | 9+6 = 15. 5+1 = 06 | 144 | 1+4+4 = | 09 | |
| 96 = 192 | 1+9+2 = 12. 1+2 = 03 | 288 | 2+8+8 = | 18 | 1+8 = 09 |
| 192 = 384 | 3+8+4 = 15. 1+5 = 06 | 567 | 5+6+7 = | 18 | 1+8 = 09 |

ڕیشەی 14

ئەو سێ ژمارەی لە ئاستی گشتەدا بە ڕەگەز مێن، هەڵسوڕێنەری ژمارەکانی دیکەن، بە ژمارە نیشان دراوە، مێ لە گەردووندا دەستی هەڵسووڕاندنی دراوەتێ. ژمارە سێ دوو هێندەی خۆی لێ بکەن، ژمارە شەش دەست دەکەوێ، لە دەوامی کردەی دوو هێندکردن و پاشان کۆکردنەوەی ژمارەی وەمشت هاتوو، ئەنجام نەگۆڕە، جارێک ژمارە سێ، جارێکیش ژمارە شەش دەست دەکەوێ. ژمارەکە و ئەنجامەکەش کۆبکردرێنەوە، هەمیشە ژمارە نۆ وەدەست دێ. هاوکێشەکە وهایە، ژمارەی نێرەمووک بە تایبەتمەند دەچێتەوە ناو ژمارەی مێ، ژمارەی نێریش دەستەمۆی ژمارەی مێ دەبێ. لەم نێوانەدا ژمارەکانی هێک و پێنج و هەفت دەچێنەوە ناو ژمارە

سێ و شەش. ژمارەکانی دوو، چوار، هەشت لەلایەن ژمارە سێ و شەش دەستەمۆ دەکردرێن. لە کۆتاهیدا ژمارە نۆ هەردوو ژمارەی سێ و شەش بە خۆیەوە دەگرێ. بە ژمارە نیشان دراوە مێ لە گەردووندا سەروەرە، نێر دەستەمۆی مێیە، تەنەها ژمارە نۆ دەستی بە سەر ژمارە سێ و شەشدا دەڕوات، سێ و شەش و نۆ، هەرسێ ژمارەکە مێینەن. مێ تەنەها خۆی دەستی بە سەرخۆیدا دەڕوات.




## ڕیشەی 15

ئەو ڕۆڵەی بە ژمارە نۆ دراوە لە نێوان ژمارەکان، ڕۆڵێکە بە ڕەگەزی مێ دراوە لە گشتەی گەردووندا. ژمارە نۆ ژمارەی مێیە، لە خوار دایکی ژمارەکان و، لە سەر هەموو ژمارەکان دێ. لە جاران و دابەشکردندا، کاتێک ژمارەی وەمشت کەوتوو

کۆدەکردرێتەوە، نۆ هەردەبێتەوە بە ژمارە نۆ. ڕەگەزێتی مێ دابەشی سەر مێ و نێرەمووک بکردرێ، هەردەبێتەوە بە ڕەگەزی مێ، یان خوودێتی دایک و کچ جاران بکردرێن، دیسان دەبێتەوە بە خوودی مێ. ئەمە لە بەرئەوەیە مێ دووە لە هێکێکدا، ئەو ڕۆڵ و پایەی مێ، نامووسی گەردوون پێی داوە. مێ لە هێک کاتدا هەم دایکە و هەم کچ، هەم مێیە و هەم نێرەمووک، هەم پانی و هەم ئاسۆهی بەرجەسدە دەکات.

## ڕیشەی 16

پێکهاتەی هەموو گەردوون بە هەموو بوونەوەرانیەوە، بناخ لە سەر ناوک و ژمارەکانی سێ و شەش و نۆ دامستدراوە. لە ژمارە سێ بە بنەڕەت دێ، لە ژمارە شەش ناوەندێتی دەردەکەوێ، لە ژمارە نۆ شێوەگرتنی پێکهاتەکە دواهی دێ. لە ژمارە هێکەوە، ژمارەکان هێک بە دووی هێک جارانی ژمارە سێ بکەن، پاشان ئەنجامەکەی کۆبکەنەوە، ئەوەی بە دەست دێ، ژمارەکانی سێ و شەش و نۆن. لە جهێی ژمارە سێ، کردارەکە لە سەر ژمارە شەش جهێ بەجهێ بکەن، ئەوەی دەست دەکەوێ، دیسان هێک بە دووی هێک ژمارەکانی شەش و سێ و نۆن. وقتهێکیش ژمارەکان لەگەڵ ژمارە نۆ جاران بکردرێن، ئەنجامەکە لە کۆکردنەوەدا هەمیشە ژمارە نۆیە، چوونکە ژمارە نۆ دەستی بە سەر هەموو ژمارەکاندا دەڕوات.

| کۆکردنەوە | جارانکردن | دابەشکردن | کۆکردنەوە | |
|---|---|---|---|---|
| 09 = 9 + 0 | 09 | 09 | 0+9 = 09 | |
| 09 = 1 + 8 | 18 | 4.5 | 4+5 = 09 | |
| 09 = 3 + 6 | 36 | 2.25 | 2+2+5 = 09 | |
| 09 = 7 + 2 | 72 | 1.125 | 1+1+2+5 = 09 | |
| 09 = 1 + 4 + 4 | 144 | 0.5625 | 0+5+6+2+5 = 18 | 1+8 = 09 |
| 09 = 2 + 8 + 8 | 288 | 0.28125 | 0+2+8+1+2+5 = 18 | 1+8 = 09 |
| 09 = 5 + 7 + 6 | 576 | 0.140625 | 0+1+4+0+62+5 = 18 | 1+8 = 09 |


# ڕیشەی 17

هەموو پێکهاتێک لە گەردووندا، دەربازی سێ ئاست دەبێ، هەرسێ ئاستەکە بە سێ ژمارە مێیەکە پێک دهێن. بە ژمارە سێ ئاستی بنەڕەت، بە ژمارە شەش ئاستی ناوەند، بە ژمارە نۆ ئاستی دواهی پێک دێ. بەڵام هیچ پێکهاتێک بە ڕووکاری ڕەگەزی مێ دەرناکەوێ، ئەو دەمەی پێکهاتە شێوە دەگرێ، هەرسێ ژمارەکە وەردەچەرخێن لە بۆ ناوک و، لە خوودێتی دایکدا دەردەکەون. ناوک دایکە، بە سەرەتاهاتن و کۆکەرەوەیە، کۆمەڵێتی لە ژمارە نۆ پێک دێ و وەکوو ناوک بەرجەسدە دەبێ. کۆمەڵانی جووداچەشن لە گەردووندا، لە ناوک بە سەرەتا هاتوون، لە نۆ پێکهاتوون، پاشانەکە لە بۆ ئەوەی ببنە کۆمەڵ، ژمارە نۆ وەردەچەرخێ لە بۆ ناوک، هەموو پێکهاتێک لە کۆتاهیدا وەکوو ناوک بەرجەسدەیە. هوودای دایک ناوک و نۆینە، لە لێکەوتەدا هەموو پەیدابووێک لە وێنەی "نۆ لە هێکێکدا" بە شێوە هاتوون. لە دوای ژمارە نۆ، دیسان ناوکە. ئەوەی وەکوو ژمارە "دە" ناوی دراوەتێ، ناوک و ژمارە هێکە. سەرەتا و کۆتاهی هەموو خوولکاوێک ناوکە، دایکە. دایک خوودێکی ناوەندە لە نێوان هەردوو خوودی کێژ و کووڕدا، لە دایکێتیدا ناوەندێتی خوودی پێک دێ و، ئەو خوودە ڕەگەزی خوودەکان دەرباز دەکات.

| 3 | 6 | | 9 | |
|---|---|---|---|---|
| 1x3 = 03 | 1x6 = | 06 | 1x9 = | 09 |
| 2x3 = 06 | 2x6 = | 12. 1+2 =03 | 2x9 = | 18. 1+8 =09 |
| 3x3 = 09 | 3x6 = | 18. 1+8 =09 | 3x9 = | 27. 2+7 =09 |
| 4x3 = 12. 1+2 =03 | 4x6 = | 24. 2+4 =06 | 4x9 = | 36. 3+6 =09 |
| 5x3 = 15. 1+5 =06 | 5x6 = | 30. 3+0 =03 | 5x9 = | 45. 4+5 =09 |
| 6x3 = 18. 1+8 =09 | 6x6 = | 36. 3+6 =09 | 6x9 = | 54. 5+4 =09 |
| 7x3 = 21. 2+1 =03 | 7x6 = | 42. 4+2 =06 | 7x9 = | 63. 6+3 =09 |
| 8x3 = 24. 2+4 =06 | 8x6 = | 48. 4+8 =12. 1+2 =03 | 8x9 = | 72. 7+2 =09 |
| 9x3 = 27. 2+7 =09 | 9x6 = | 54. 5+4 =09 | 9x9 = | 81. 8+1 =09 |

ڕیشەی 18

ناوک و نۆ ژمارەکە خێزانێکن، خێزانی ڕاستیەقین لە ناوک و نۆین بە شێوە دێ. لە خێزانی ڕاستیەقیندا، دایک و منداڵ و نەوە بە هێکەوە بازن دەبن و، هێز لە هێکدی وەردەگرن، نامووس ئەوها شێوەی بە خێزان داوە، پەرتی و ترازان وەکوو بێ نامووسی واتا دەدات. خێزان(هێزان) لە وشەکەیدا واتاکەی داونەتێ، کۆی هێز لە بە هێکەوە بازنبوون بەرجەسدە دەبێ. خێزان لە دوو کەس و چەند کەس دروست نابێ، لە دایک و منداڵەکانی بازن دەبێ، پاشان لە بە زیندەگی هاتنی کچەزا و وەرچەرخانی دایک لە بۆ دایە گەورە، شێوەی تەواو وەردەگرێ.




ڕیشەی 19

ژمارە وێنەی زهینکردە لە زانستی هوودای دایکدا، هەژمار و هەندازی پێوان و پۆلێن، بە گشتی هەموو هەڵسووڕانێک لە گەردووندا، بە ژمارەیە. ژمارە بە ڕێی جوودا بەرهەست دێ. لە ڕێی دەنگەوە ژمارە دەبیستدرێ، لە زواندا لە بۆ هەرهێکێک لە ژمارەکان وشەهێک تەرخانە، چەندێتیەکەی دیاری دەکات، بە تەپە و تەقە و خشکە و دەنگەکانی دیکەش، ژمارە بەرگوێ دەخردرێ، لە ڕێی چاوەوە ژمارە دەبیندرێ، لە

نوسیندا لە بۆ هەرژمارەهێک هێمایێک وێنەی دەدرێتێ، بە دەر لە نوسین، دەلوێ بە شێوەپێدانی قەوارە و قاڵبی جوودا، ژمارە وێنەی بکێشدرێ، یان بە سوور و شین و زەرد و ڕەنگەکانی دیکە، ژمارە نیشان بدرێ. لە ڕێی زمانەوە ژمارە تام دەکردرێ، هەرژمارەهێک لە سەر تامێک دەناسێندرێ. شیرین، ترش، تاڵ و تامەکانی دیکە، هیدی بە تامکردن هەست بە ژمارە دەکردرێ. لە ڕێی لووتەوە ژمارە بۆن دەکردرێ، چوونکە بۆنەکان بە پێی ژمارەکان پۆلین دەبن. لە ڕێی لەشەوە ژمارە پەی پێ دەبردرێ، ئەگەر لە بۆ هەرژمارەهێک شێوەی جووداهەنداز بە تەن بدرێ، ئەوکاتە بە دەست لێدانی، ژمارەکە دەناسدرێ. دەلوێ بە شلی و ڕەقی و نەرمی، بە تەرێ و کزری و هووشکی، واتا بە دۆخی جوودای مادەش ژمارە بەرهەست بێ.

## ڕیشەی 20

لەش بە هیساب و هەژمارە، لەشی بەشەر و هەموو چەشنە بوونەوەرێک لە گەردووندا، بە ڕێسای نامووس پێک دهێن. ڕێژەی تین و تەن، قەوارە و قاڵب، کێش و پێکهاتە، لە بوونەوەرێک لە بۆ بوونەوەرێکی دی بە ژمارەی جوودایە، بەڵام ڕێکخستنی پێکهاتەی لەش هێک جۆرە. لەشی هەستێرێک و مێروولەهێک بە هێک شێواز بە ڕێکخستن دەبن، ناوک و هەرسێ ژمارەی مێ، "سێ و شەش و نۆ" لە بە ڕێکخستنکردنی لەشە جوودایەزەکاندا ئەرکدارن. لەش سێیە لە هێکێکدا، لە سێ باری ئاسۆهی و پانی و ستوونی دایە، هەرهێک لەم ئاستانەش دەبنەوە بە سێ، بەمەش لە ژمارە سێدا بە سەرەتا دێ و، لە ژمارە نۆدا تەواو دەبێ. بە باری ئاسۆهیدا لای چەپی لەش، ناوەندی لەش، لای ڕاستی لەش پێک دێ. بە باری ستوونیدا سەرێ، ناوەند، خوارێ، بە باری پانیشدا پێش و ناوەند و پاش پێک دهێن. هەرهێکێک لەم بەشە سەرەکیانەش، لە هەرسێ ئاستی ئاسۆهی و پانی و ستوونیدا، سێ بەشی بچووکترن و، لە ژمارە نۆ بەرجەستەن. ژمارەی دابەش سێیە، بە سێهانەی کیژ و دایک و کووڕ. هەرچەندجار بەشەکان لە سەر بەشی بچووکتر لە خۆیان دابەش بکردرێن، ژمارەی کۆتا هەرنۆیە. لە دابەشبوونی خوودێتیدا ناوەندی لەش لە هەرسێ ئاستەکەدا دایکە، لە ئاستی ئاسۆهیدا لای چەپی لەش کچ و، لای ڕاستی لەش کووڕە. لە ئاستی پانیدا، پێش کیژ و پاش کووڕە. لە ئاستی ستوونیدا سەرک کچە و لە کەمەر بەرەو خوار کووڕە. ئەم بەشانەش بە سێهانەی کچ و دایک و کووڕ لە هەرسێ ئاستەکەدا دابەش دەبنەوە، دابەشبوون هەتا دواهین نۆینی بنەڕەتی لەش، بەم نامووسە دەوامی دەبێ، لە ژمارە سێ بە سەرەتا دێ، لە ژمارە نۆدا پێکهاتەکە تەواو دەبێ. لە بازنەی ڕۆشنکردنەوەدا، بەشی چەپ لە گشتەدا مێیە، لە پێکهاتەدا سێیە لە هێکدا، هەنگڵی چەپ مێیە و شان

هەتا کەمەر نێرەمووکە و، لینگی چەپ نێرە. هەرهێکە لەم بەشانەش دەبنەوە بە سێ، لە هەنگڵدا قۆڵ و باسک و دەست، لە لینگدا ڕان و پووز و پا، سێهانەی ڕەگەزی و خوودی پێک دهێنن.

## ڕیشەی 21

لەش بە دیوی دەرەوەیدا هێکە لە کۆمەڵدا، بە دیوی ناوەوەیدا کۆمەڵە لە هێکدا. ژمارە هێک سەرەتا و ژمارە نۆ کۆتایە، نۆش وەک هێک بەرجەسدە دەبێتەوە. هیچ هێکێک نیەیە بە ناوک هێک بێ، هەموو پێکهاتێک لە شێوەگرتندا سێ و، دوو سێ و، سێ سێیە. بە ژمارە سێ بنەڕەت پێک دێ، بە ژمارە شەش ناوەند و، بە ژمارە نۆ دواهی دێ. هەموو لەشێک، هەم لەشی بوونەوەر، هەم لەشی کۆمەڵانی بوونەوەر، بناخ لە سەر نامووسی هووداى دایک، لە بەندی ڕێکخستنێکی وها دایە. کیژ و دایک و کووڕ ئەو سێ خوودەن خێزان (هێزان) پێک دهێنن، خێزان بنەڕەتی کۆمەڵ پێک دهێنێ. دایک، کچ و کچەزا سێهانەن، لە کچدا پەرەستەندن بە ئاسۆهی و، لە کچەزا پەرەستەندن بە پانی دەبێ. ئەم سێ دایکە لە بەندی هێکدین، بەمەش خانەوادە پێک دێ. خانەوادەکان ناواخنی کۆمەڵن. نامووس هەموو خانەوادەکان بە هێکەوە دەبەستێ، لە تێکڕادا کۆمەڵ لە ژمارە هێکدا پێک دێ. خێزان بە تەنەهێ لە شێوەی سێگۆشە، کەم هێز و ناتەواوە، ئەو وقهتەی خانەوادەن، لە شێوەی بزانەن و هێزدارن. بەڵام هێزی تەواو تەنەها ئەو کاتە بەرجەسدە دەبێ، کە بازنەکان لە ناو هێکدی بن و. بە هێکەوە کۆمەڵ پێک بهێنن.

## ڕیشەی 22

لەش سێیە لە هێکێکدا، لە سێ ئاستی ئاسۆهی و پانی و ستوونی پێک دێ، هەرهێکە لەم ئاستانەش لە سێ پێک دهێن، بەمەش ژمارەکە نۆیە. دابەشکردنەکە هەرچەندێک هوورد بێ، ئەمجام نەگۆڕە، لە کۆکردنەوەی کۆتاهیدا ژمارە نۆ وەمشت دەکەوێ، جار و چەند جاری دابەشکردنەکە قەتوقەت ئەنجام ناگۆڕێ، لە هێکجار دابەشکردندا ژمارە نۆیە، کردەی دابەشکردنەکە بیست و هەفت جاربێ، ئەنجامەکەی سێزدە ژمارەیە، وقتهێک ژمارەکان کۆدەکردرێنەوە، هەرژمارە نۆ وەدەست دێ، چەندێک زیادتریش بێ، هەر ژمارە نۆ دهێتەوە گۆڕێ. زیادکردنی ژمارەکان بە واتای زیادبوونە لە باری چەنداتیدا، چەنداتی ڕێسای پێکهاتن ناگۆڕێ، ڕێسا واتایە لە جۆراتی و هەمیشە نەگۆڕە.

دابەشکردنی لەش بە سەر سێ

9 - 1

10 - 18

18 - 27

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 3 | 10 | 59049 | 19 | 1162261467 |
| 2 | 9 | 11 | 177147 | 20 | 3486748401 |
| 3 | 27 | 12 | 531441 | 21 | 10460353203 |
| 4 | 81 | 13 | 1594323 | 22 | 31381059609 |
| 5 | 243 | 14 | 4782969 | 23 | 94143178827 |
| 6 | 729 | 15 | 14348907 | 24 | 282429536481 |
| 7 | 2187 | 16 | 43046721 | 25 | 847288609443 |
| 8 | 6561 | 17 | 129140163 | 26 | 2541865828329 |
| 9 | 19683 | 18 | 387420489 | 27 | 7625597484987 |

## ڕیشەی 23

هوورد و درشت، هەموو بوونەوەرێک لە گیان و لەش پێک هاتوون، گیان لە هەرهێکێکدا هاوسەنگی لەشەکە خۆێتی. لەشی هیچ هێکێک وەکوو هێکێکی دیکە نیهە، هەرئەوهاش لە پێکهاتەی گیاندا، وەکووهێکی لە گۆڕێ نیهە، هەموو لەشێک هەژماری تایبەت بە خۆی هەیە، گیانی ئەو لەشە لە سەر ئەو هەژمارەیە. هەربەشێک لە لەش، لە بەشیش هەرپێکهاتێک، لە پێکهاتیش بەرەو خوار هەتا نۆینی بنەڕەت، هەرهێکەش لەو هووردە بوونەوەرانەی نۆینەکان پێک دهێنن، دارای بەشە گیانی خۆیانن، هەمووش بە هێکەوە پێکهاتەی گیانی ئەو لەشەن. ئەو لەشە و گیانەکەی، ژمارەهێکی تایبەتن، نە لە پێش و نە لە پاش هاوتایان نیهە. بناخ لە سەر ژمارەکان بوونەوەران کۆمەڵی ڕەچەڵێکین، ئەوانەی لە لەش و گیاندا چەندان ژمارەی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە، کۆمەڵێکی ڕەچەڵەکین، هەتا ژمارە هاوبەشەکان کەم ببنەوە، ڕەچەڵەکەکان لە هێکدی دوور دەکەونەوە. زهینی بدەنێ و لێی تێبگەن، لە هێک هەتا نۆ، هاوبەشێتی لە نێوانیاندا ئەوەیە ژمارەی تاقانەن. لە دە هەتا نۆزدە، بەوە هاوبەشن دوو ژمارەن و، بە ژمارە هێک دەست پێ دەکەن. لە دە هەتا نۆهەد و نۆش دوو ژمارەن. لە سەد هەتا نۆسەد و نەوەد و نۆ، هاوبەشێتی نێوانیان ئەوەیە سێ ژمارەن. بەڵام لە سەد هەتا سەد و نۆهەد و نۆ، هەم سێ ژمارەن، هەم بە ژمارە هێک دەست

پێ دەکەن. بە ژمارە نیشاندراوە، هەرکۆمەڵێک سەربەخۆ کۆمەڵێکە، بە شێکیشە لە کۆمەڵێکی دی.

## ڕیشەی 24

تێگەیشتنی قووڵ لە ناوکە ژمارە و ژمارەکان، زهین ڕۆشن دەکاتەوە لە بۆ ناسینی باشتری تین و تەن، هاوکات لە بۆ تێگەیشتن لە مەودای نێزیکاتی و دووراتی ڕەچەڵەکی لە نێوان زیندەوەراندا، دەوری ڕەگەزی مێینەش لە پێکهاتەی گەردووندا ڕوون دەکاتەوە. هەرکەس هەقڵ بە بنەما بگرێ، بێگوومان هێکسەرە باوەڕ بە ناموس دهێنێ و، دەگاتە پلەی یەقین لەوەی، کە فەریادڕەس هاتووە بەشەرێت لە نەزانین و جاهەڵی قووتار بکات. ئەوی هەنجەتی پووچ بگرێ و، لە دەرەوەی ناموس بمێنێتەوە، کاڵفام و دەبەنگێکە، هیچ بە هیچ ناکات، تەنەها ژینی هەتاهەتای خۆی تەنگ و تاریک دەکات.

(ڕەگی سێهەم)

## دایکی گەردوون

### ڕیشەی 01

لە وێنەی گشتەدا، گەردوون شێوەی دڵ، دڵیش شێوەی نێزیکە کووپەڵ دەنوێنێ، کووپەڵێک بە پلەبەندێتی پەیدابوون، لە میانی کردەی لە دایکبوون و هێکبوون خوولقاوە. هەموو ئەوانی وا لە پێکهاتەی گەردوونێ جهێدارن زیندەوەرن، هەموو زیندەوەرێک خوول دەدات و، خوولان زیندوویێتی و زیندەگی بەرهەست دەکات. سەرچاوەی خوولان تینە، تین خوودێتی هوودایە، هوودا دایکە و دایکێتی گەردوونێ دەکات. "ناوکە تین" و "تین" و "تەن" گەردوون پێک دهێنن، لە واتای خوودێتیدا ناوکە تین بە کیژ و تین بە دایک و تەن بە کووڕ دێ. هەردوو خوودێتی کیژ و دایک لە ناو هێکدین و، لە هێک جوودا ناکردرێنەوە، تەنەها خوودێتی کووڕ جوودایە. ئەوهاش ناوکە تین کە زهینێتی هوودا و، تین کە خوودێتی هوودای دایکە، لە ناو

هێکدین و پۆلین نابن، تەنەها تەن جوودایە، تەنیش لە تین بە زیندەگی کەوت. کیژ بە خۆڕسک بووە دایک و، کووڕ لە دایک بە دوونیاهێ داهات. بناخ لە سەر نامووس(زهینێتی هوودا)، لە سێ زاینی خوودکرد لە خوودێتی تینی دایک، سێ دووانەی تەن لە دایک بوون، هەرسێکیان بە هێکەوە سێ خوود و سێ ڕەگەز و سێ ئاست بەرجەسدە دەکەن بە ژمارەکانی هێک هەتا شەش. پاشان لە سێ زاینی جووتکردی منداڵانی دایک، سێ تەنی دی، بە ژمارەکانی هەفت و هەشت و نۆ بە ژین هاتن. هەفت نێرەمووکە، هەشت نێرە و نۆ مێ. پێش ئەوەی تەن لە دایک بێ، نۆ ژمارەکە بە شێوەی نابەرجەسدە لە زهینێت و خوودێتی هوودای دایکدا هەبوون. تین لە جۆرێتیدا نۆیە، لەم بازنەیەدا ژمارە نۆ ژمارەی هوودای دایکە. نۆ و ناوکە ژمارە دەبنەوە بە هێک، زهینێت و خوودێتی دەبنەوە بە هێک، چ تاقیان بەبێ ئەویدی ناتوانن هەبن. لە شێوەگرتنی تەندا، شەش منداڵ و سێ نەوە، بە هێکەوە ژمارە نۆ بەرجەسدە دەکەن. هاوکات نەوەی سێهەم بەوەی هاخیر ئەندامی نۆینەکەیە، ژمارە نۆیە، بەمەش ژمارە نۆ لە هوودای دایکەوە لە بۆ مێی تەن دەگوێستدرێتەوە و، مێ دەبێتە جێگرەوەی هوودای دایک. ژمارە نۆ هەردوو ژمارەی شەش و سێی لە کۆنترۆڵ دایە، ژمارەکانی دیکەش لە کۆنترۆڵی ئەو دوو ژمارەیەن. هێک و پێنج و هەفت بەوەی ژمارەی نێرەمووکن و، وەردەچەرخێن لە بۆ خوودێتی دایک، لەگەڵ ژمارە مێیەکاندا تێکەڵ دەبن، ژمارەکانی دوو، چهار، هەشتیش کە ژمارەی نێرن، دەستەمۆی ژمارە سێ و شەش دەبن. ئەمەیە وێنەی بە سەرەتاهاتنی گەردوون. لەم وێنەیەدا ڕوون و ڕەوان نیشاندراوە منداڵ لە سەرێتی پێ لە بەندی دایکدا بێ، دایک و منداڵیش لە سەریانە پێ لە بەندی هوودای دایک دابن. ئەوەش نیشانداوە دایک هەم منداڵ و هەم نەوە بە خۆیەوە دەگرێ، لە سەر ئەم بنەمایەش لە هێکترازان بەبێ ناموسی دادەندرێ. هەی بەشەر! لە خۆتان وهایە لە زانست پێشڕەفتەن، لە خۆتان وهایە فیزیک و فەلەک دەناسن؟ ئەوەی تێی کەوتوون زانست نیهە، زەڵکاوە. هانێ تەنافی زهین و هیزرین، دەستی پێوە هەڵبواسن و، لەو زەڵکاوە وەرنە دەرێ. ئەوەی دەیبیستن کەلامی باڵایە، کەلامی باڵا زانستی هوودایە، ڕاستیەقین و بێ هاوتایە.

## ڕیشەی 02

لە لێکەوتەی شێوەگرتنی تەن لە قاڵبی هێکەمین بوونەوەرەکاندا، زەمان و زەمین پەیدابوون. زەمان دەوران و خوولانەوەیە، ڕابردوو، هەنەوکە و داهاتوو سێهانەی کات و زەمەنن، سووڕی تەمەنی تەن دەپێون، ئەوە دیاری دەکەن چەندێکی گوزەرداوە و، چەندێکی بە بەرەوەماوە. تەن هەرقەوارە و قاڵبێکی هەبێ، هێکسەرە

لەگەڵ لە دایکبوونیدا، بە دەوری خۆیدا دەوران دەکات، ئەم دەورانکردنە کاتی ڕاستیەقینی تەنەکەیە. لە پێکهاتەی ناو تەنەکەش، دیسان کات خوولانەوەیە و، بە دەورانی تەنۆچکەکانی تەنەکەوە گرێدراوە. خاڵی دەسست پێک و کۆتاهی هێکێکە، زەندەق بازنگ و خوولانەوەیە، هەموو لە ناو هێکێکدا، هێکتی و بوون بەرجەسدە دەکەن. هەموو شتێک لە هێکێتیدا دەردەکەوێ، هیچ شتێک نیهە ڕاوەستاوبێ و، بە خوول نەجوولێ، ئەو جوولەیە کاتە. بنۆڕنێ، ئەو دەمانەی هەست بە خۆشی دەکەن، کات خێرا دەڕوات و، ئەو وقهتانەی دڵتەنگن، کات خاو دەگوزەرێ. کەس نەیزانی ئەمە چیهە، لە هەمووان وهابوو کات هەرکاتە، وەکوو خۆی بە سەر دەچێ، ئەم خاوی و خێرایهە تەنەها هەستی کەسەکانە! بەڵام نا، هەستی دڵخۆشی خوولانەوەی هوورد تەنی ناو خانەکانی لەش خێرا دەکات و، هەستی دڵتەنگی خوولانەوەیان خاو دەکاتەوە، بەمەش کات لە لەشی ئەو کەسەدا دەگۆڕێ. هەربەڕاستی وهایە، کات هاوبەند بە دۆخی کەسەکە لە گۆڕان دایە، کاتەکە خێرا، یان خاو دەڕوات. ئەو خێرا و خاوی کاتە، کاریگەری لە سەر تەمەنی تەنۆچکەکان و، لە سەر تەمەنی لەشی ئەو کەسەش دادەنێ، بە هەردوو باری خێر و شەڕدا، ئەو خوولانەوەیە دارا و بە دەورە. تەن بەبێ خوولان بە هەبوون ناکەوێ، لە ڕاستیدا تەنی وەستاو لە گەردوونێ نیهە، هەموو تەنێک دەخوولێ. ئەو تەنەی لە ئاستی گشتەدا نەخوولێ، لە ئاستی پێکهاتەدا لە خوولانەوە دایە، ئەم خوولانەوەیە کات و تەمەنی تەنەکەیە. بەردەکان و تەنە جووداجۆرەکان بەشێکن لە پێکهاتەی لەشی خاک، ئەو تەنانەی بەشێکن لە لەشی بوونەوەرێکی دی، لە ئاستی گشتەدا لەگەڵ خوولانەوەی ئەو بوونەوەرەدا دەخوولێنەوە، لە ئاستی پێکهاتەش لە ناو خوودی خۆیاندا لە خوولانەوەن. بەردەکان دیاردەی زیندوون، لە بوونەوەری بچووک و خوولاو پێک هاتوون. هەرئەوهاش شوێن خوودی تەن خۆێتی. ناوەند، سەروو، خواروو، سێهانەی شوێنن بە ستوونی. ناوەند، چەپ، ڕاست سێهانەی شوێنن بە ئاسۆهی. ناوەند، پێش و پاش سێهانەی شوێنن لە باری پانیدا. هەرسێ ئاستەکەی شوێن لە سەر لەشی تەن خۆیدا بە دید دەهێن. مەودا و میانەش لە سەرێ و خوارێ، چەپ و ڕاست، پێشێ و پاشێ لە لەشی تەن دروست دەبن. تەن لە ناو تین دایە، ئەوەی وەکوو بۆشاهی ناوی دراوەتێ، بۆشاهی نیهە، تینە. تین بێ سنوور و بێ کۆتایە.

## ڕیشەی 03

هوودای دایک، دادی گەردوونە، هوودای تاقانە و بێ هاوتایە. خوودێتی هوودای دایک لە تین بەرهەست دێ، ناوکی خوودێتی هووداش نامووسە، نامووس زهینێتی

هوودایه. شەش تەنی گازیلە وەکوو منداڵانی هوودای دایک و، سێی دیکەش وەکوو نەوەکانی، بە ژین هاتن، لەگەڵ هاتنیاندا پشکێک لە تین بە هەرهێکێک لەو تەنانە هەڵواسدراوە. قەوارە و قاڵبی هەرتەنێک جوودایە، بناخ لە سەر ئەم جووداهیەش، چەندێتی و جۆرێتی پشکە تینی هەڵواسدراو پێیانەوە جوودایە. دایکێتی لە دوو شێوەدا لە تین بۆ تەن گوێستدراوەتەوە، شێوەی هێکەم دایکێتی جووتکردە، کە لە سەرئەنجامی مهیرگان(جووتبوونی مهیری) بە دید دێ، شێوەی دووهەمیش دایکێتی خوودکردە، دایکێتیەکە هەروەکوو دایکێتی هوودای دایک وهایە. لەم دایکێتیەدا تەنی مێ بەبێ جووتگرتن لەگەڵ تەنی دیکە، بە جووتبوونی جۆرەکانی بەشە تینی هەڵواسدراو پێیەوە، گۆڕان لە ناو منداڵدانیدا دروست دەبێ، بەم هۆیەوە زگپڕ دەبێ و بە خۆڕسک دەبێتە دایک. لێرەدایە خەسڵەتی هوودا لە ڕەگەزی دایک بەرجەسدە بۆتەوە.

## ڕیشەی 04

گشتەی گەردوونی گەورە، بە سەرچاوە لە نامووس و بناخ لە سەر زاین خوولکاوە. ئەو شەش تەنەی لە تین خوولکان، لەگەڵ خوولکانیاندا گەردوون بە سەرەتا هات. وقتهێک لە سێ جووتەی ئەو شەش تەنەدا، بە هۆی مهیرگانەوە سێ تەنی دیکە لە دایک بوون، هێکەم نۆینی بنەڕەت پێک هات. نۆین نۆ تەنە و، تین بە شێوەی ناوکە نۆین دایکێتی دەکات. لە نۆیندا سێ تەنەکەی دواهین، مێ و نێرەمووک و نێرن. هەردوو تەنی مێ و نێرەمووک لە باری ڕەگەزی لە بۆ باری خوودی وەردەچەرخێن و دەبنە دایکی خوودکرد(ناوکە نۆین)، لە دایکێتی ئەم دووانەوە، دوو نۆینی دیکەی تەن پەیدا دەبن، هەرهێکەیان تایبەتمەندی خۆیان هەیە، پەرەستەندنی تەن ئەوها وەگۆڕێ دەکەوێ.

## ڕیشەی 05

هۆ خەڵکینە! زهینی کەلام بدەن و ڕاستیەقین ببینن. مێی بوونەوەر لە هوودا دەچێ، هوودای دایک بە پێکهاتەی تین، مێی بوونەوەر بە پێکهاتەی تەن. لە هێکەم نۆینی بنەڕەتدا، تین کە هوودای دایکە، بە شێوەی ناوکە نۆین دایکێتی دەکات، لەوە بە دوا، هوودا جهێی خۆی بە مێی بوونەوەر دەدات. مێ  لە باری ڕەگەزی وەردەچەرخێ لە بۆ باری خوودی و، لە وێنەی ناوکە نۆین جهێی هوودای دایک دەگرێتەوە. ئەم جێگرتنەوەیە ڕەگەز تێدەپەڕێنێ و، لە بازنەی خوودێتی دایکدا ڕوودەدات. تین (وزە) خوودێکی نەگۆڕە، سێ ئاست و نۆ جۆرە، بە جووتگرتنی جۆرەکانی تین، تەن(مادە)


بە شێوە هات. تەن سێ ڕەگەز و سێ خوودێتی هەیە، بە ڕەگەزی مێ و بە خوودێتی دایک پێشڕەفتی دراوەتێ. سەرەتای گەردوون ئەوها دەستی پێکرد، لە پێش سەرەتاوە گەردوونێک لە گۆڕێ نەبوو، بە تەنەهێ تین هەبوو. هەی بە سەر! سەری دەقدراو هەڵبڕن، ڕۆژی کردنەوە هات، ڕۆژی قووتاری و هەڵستانەوە هات. وقتهێتی پەردەی سەر ڕووی داپۆشدراو هەڵبماڵدرێ و، هەقیقەت بە دەربکەوێ. من هاتووم داپۆشدراو هەڵبدەمەوە، قلّپ کردراو سەرەوڕوو بخەمەوە. نەزان بە ناوی زانا خاس و خراویان جهێ گۆڕکێ پێ کردوون، نەزانین بە ناوی زانین لە کاسەی سەر ترنجێن دراوە. لە ڕاستیدا هامی خەڵکی سەرزەمینێ، سەر و دڵێکیان بە بەرەوە نەماوە، هەمن هاتووم سەر لە بۆ بێ سەران و، دڵ لە بۆ بێ دڵان بگێڕمەوە. خەڵکینە بە قیامەتی بزانن، من هاتووم هەمووان زیندوو بکەمەوە، ئەوانی پێڕەوتی لە من دەکەن، سەروەر و دڵاوەر لە دایک دەبنەوە، بەمەش دەگەنە دۆخی بهێشتێ و، هەتا هەتاهێ لە خێروخۆشیدا دەمێننەوە.

## ڕیشەی 06

تین نەناسن، تەن ناناسن. نەتانتوانی تین بناسن، نەتانزانی تین هوودایە و هوودا دایکە، ئەم نەزانینە ڕێی ناسینی تەن و، بەری زانین و زهینی لێ هەڵبەستن. گووت دراوە و دەیڵێنەوە، هەموو بوونەوەرێک دارای گیان و لەشن، بەڵام وا ئێوەی بەشەرێت نووقمی جاهەڵین، نە گیان دەناسن، نە لەش. زهینی بدەنێ، ناوک و نۆین نەناسن، ناتوانن هوودا بناسن، بەبێ ناسینی هووداش نە سەر لە گەردوونێ دەردەکەن، نە خۆتان دەناسن. تەن لە نۆینی بنەڕەتدا، لە دۆخی گازیدایە، ئەو تەنانەی لەم ئاستەی بوونەوەرێتین، بوونەوەری گازیلەن و نەبیندراون، بنەڕەتن لە بۆ بە زیندەگی خستنی زیندەوەری شلیلە، شلیلەکانیش بنەڕەتن لە بۆ بە ژینداهاتنی ڕەقیلە. ئەوەی لە نیمچە زانینتاندا بە خانەکانی لەش ناوتان داونەتێ، لە هەرسێ باری تەن پێک دهێن. گازیلەکان زیندەوەرانی نەبیندراون، بە شێوەی سەرسووڕهێنەر هووردن و، گچکەترین تەنی گەردوونن. ئەوەش بزانن هەرئاستێک لە سێ ئاستەکەی تەن، پلەی جووادیان هەیە، تایبەتمەندی پلەکانیش لە هێکدی جوودانە، قوودرەتی بەشەری بە هەموو ئامێرەکانیشیەوە، تەنەها بڕێک لە تەنەکانی دەرک پێ کردوون، هەندێک لە پلەکانی تەنی گازیلە و شلیلە هەرگیز لەم سووڕەی زیندەگیدا بەرهەستی بەشەری ناهێن. زیندەگی سێ سووڕە، ئەم سووڕە و، سووڕی مردن و، سووڕی پاش مردن، لە هەرسووڕێکدا دەرک و زانینی بەشەری، بە هەندازێکە، ئەو شتانەی لەم سووڕەدا دەرکیان پێ دەکات، قلّ و قیچێکە لە چاو ئەوانەی لە دوو سووڕەکەی دی پێیان دەگات.

## ڕیشەی 07


زیندەوەر لە تەن(لەش) بە شێوە دێ، لەگەڵیدا هەژمارێک لە تین(گیان) پێوەی پەیوەست دەبێ. ئەو سێ جووتە تەنەی لە تین لە دایک بوون، بە شێوەی دووانەی بە هێکەوە لکاو بە زیندەگی هاتن. لە هێکەم جووتەدا، دوو لە هێک جوودا بووەوە و سەروەر بوو. هێک لە باری ڕەگەزیدا نێرەمووکە، پاشان لە بۆ خوودێتی دایک وەردەچەرخێ. دوو نێرە و خوودێتی کووڕی هوودای دایک بەرجەسدە دەکات. دووهەم جووتەی تەن، سێهەم و چوارەم منداڵی تینن، سێ کیژە و چوار کووڕە، چوار لە سێ (واتە نێر لە مێ) جوودا دەبێتەوە. سێهەم جووتەی تەن، پێنجەهەم و شەشهەم منداڵی تینن، پێنچ نێرەمووکە و شەش مێ، پێنج لە شەش جوودا دەبێتەوە. هوودای دایک لە خوودێتیدا دارای سێ ئاستی دایکێتیە، ئەم سێ جووتەی لە دایکبوون، لێکەوتەی ئەم سێ ئاستەی دایکێتین. گەردوون لە دایک، (لە هێک) بە سەرەتا هات، پاشانەکە دوو لە هێک جوودا بووەوە، کووڕ لە دایک، نێر لە مێ بە زیندەگی کەوت.




## ڕیشەی 08

زاینی تین و لە دایکبوونی تەن، بەرهەست هاتنی هێکەمین دایکێتین لە گەردووندا. زهینێتی هوودا(നاموس)، هێکەم ئەزموونی دایکێتی لە خوودێتی هوودادا بە دید


هێناوە، پاشانەکانێ لە خوولکاوەکاندا. لە بازنەی دایکێتیدا ڕیزبەستن نیهە، خڕبوونەوە هەیە، جووتەی ئەو سێ زاینەی وەکوو شێوەگرتنی سەرەتای گەردوون بە ژین هاتن، لە مەودای جوودا بە دەوری ناوەندی خوودێتی هوودای دایک بازن دەبن. تین خوودێتی هوودایە و بێسنوورە، لەم بێسنووریەدا هەموو وجوودی تین ناوەندە. تین ناوکە، لە ناو هەموو شتێکدا هەیە و، دەوری هەموو شتێکیشی داوە، ئەو ناوەندە چەسپاو و نەگۆڕەیە، کە چەرخی گەردوون بە دەوری ئەودا دەسووڕێتەوە و، بە هۆیەوە جوولە و زیندوویێتی بە دید دێ. ئەو شەش تەنەی لە تین لە دایکبوون، تاک لە زگێک لەگەڵ تاک لە زگێکی دی جووت دەگرن، لەم جووتگرتنانەدا سێ بوونەوەری نوێ لە دایک دەبن و، نۆینی بنەڕەت پێک دێ، تین ناوکی نۆینەکەیە. لە ناوک و نۆیندا، سێ چەشنە دایکێتی بەرهەست دەهێن. دایکێتی هێکەم لە دایکی گەردوون(لە هوودای دایک) بەرهەست دێ، دایکێتی دووهەم لە دایکانی جووتکرد و، دایکێتی سێهەم لە دایکانی خوودکرد، لەو دایکانەی دەبنە ناوک و، نۆینەکانی پاشە خۆیان بە زیندەگی دەخەن.




ڕیشەی 09

لە نۆینی بنەڕەتدا، سێ بە سێ هاوسەنگی ڕەگەزی و، هاوسەنگی خوودی و ئاستبەندی ڕاگیردراوە. لە نۆ بوونەوەرە گازیلەکەدا، سێ کیژ و سێ دایک و سێ کووڕن، سێ مێ، سێ نێرەمووک و سێ نێرن. ئەم هاوسەنگیە سەرچاوەی لەو تایبەتمەندیەوە دێ، کە خوودێتی کیژ و دایک، ڕەگەزێتی نێرەمووک و مێ لە ناو هێکدین، هەروەکوو کچ وەردەچەرخێ و، دەبێتە دایک، ئەوهاش نێرەمووک

وەردەچەرخێ و دەبێتە مێ. جووتەی ئەو سێ زگەی لە دایکی گەردوون بە ژین هاتن، مێ و نێرەمووک و نێر بوون، لە هێکەم زایندا دووانەی  نێرەمووک و نێر، لە دووهەم زایندا دووانەی مێ و نێر، لە زاینی سێهەمیش دووانەی نێرەمووک و مێ لە دایک بوون. پاشان هەردوو نێرەمووکەکە وەردەچەرخێن لە بۆ مێ و، سێ جووتگرتن ڕوودەدات. لە جووتگرتنی بوونەوەرانی هێکەم و چهارەم بوونەوەرێکی نێر لە دایک دەبێ. لە جووتگرتنی بوونەوەرانی دووهەم و پێنجەم، بوونەوەرێکی نێرەمووک بە ژین دێ. لە جووتگرتنی بوونەوەرانی سێهەم و شەشەم، بوونەوەرێکی مێ لە دایک دەبێ. هەردووک بوونەوەری سێهەم و شەشەم مێن، بەڵام تایبەتمەندی مێ وهایە، دەتوانێ بەبێ جووتگرتن لەگەڵ تەنی نێر، خۆبەخۆ لە خوودی خۆیدا بە جووتبوونی بەشە تینەکانی پەیوەست پێیەوە زگپڕبێ. ئەم تایبەتمەندیهە لە دایکی گەردوونەوە لە بۆ بوونەوەری مێ گوێستدراوەتەوە.





ڕیشەی 10

لە نۆیندا ژمارەکانی سێ و شەش و نۆ بەرجەسدەن، شەش تەن لە ناوک لە دایک دەبن، پاشان سێ تەنی دی لەو شەش تەنە بە ژین دهێن. لە پێکهاتەی نۆیندا، تەنەکان تاک بە تاک بوونەوەرن، هەمووش بە هێکەوە لە بازنەی نۆین بوونەوەرێکن. سێ هووردە بوونەوەرەکەی دواهی، لە دوورمەودا بازن دەبن. دوو لەو سێیانە گازیلەی

هەفتەم و نۆهەمن، هەردووک هەڵگری تایبەتمەندی خۆڕسکانەی بوون بە دایکن. ئەم تایبەتمەندیهە بە شێوەی بۆ ماوەهی لە ناوکەوە(لە دایە گەورەوە) دەیانگاتێ. هەردووک دەبنە ناوکە نۆین و، دوو دانەی دیکە لە نۆینی بنەڕەت بە ژین دەهێن. دواهین گازیلەکانی هەردوو نۆینەکە سێ جووتەن، جووت دەگرن و، سێ گازیلەی نوێ لە دایک دەبن. ئەوانی لە دایکبوون بە شێوەی سیگۆشێکی گەورە لە سەر ئاستی هەرسێ نۆینی بنەڕەت پایەداردەبن، لە ئاکامدا هێکەم "گازبەند" پێک دێ. پێکهاتەی گازبەند لە سێ ناوک و سێ نۆین و لە هێک لە سەر سێی نۆینێک پێک دێ. ناوک و نۆینەکان سەربەخۆ بوونەوەرن، هەمووش بە هێکەوە لە گازبەندی شێوە کووپەڵەدا بوونەوەرێکن. ناوکەکان لە پێکهاتەی نۆینەکاندا دایکێتی دەکەن، لە ناو پێکهاتەی گازبەندیش هەرهێکەیان دایکێتی بەشێک لە سێ بەشەکەی گازبەند دەکات، لە سەر ئاستی گشتەش، ناوک و نۆینی هێکەم دەبنە ناوک(دایک)ی گازبەندەکە، دوو نۆینەکەی دیکەش ئەوەی بە سەرچاوە لە مێ خوولکاوە، دەبێتە لای چەپی گازبەندەکە لە خوودێتی کچ، ئەوی بە سەرچاوە لە نێرەمووک خوولکاوە، دەبێتە لای ڕاستی گازبەندەکە لە خوودێتی کوورڕدا. ئەوهاڵە سێهانەی ڕەگەزی و خوودی لە پێکهاتەکەدا بە شێوە دێ.


وێنەی گوزارشت لە شێوە و پێکهاتەی گازبەند



# ڕیشەی 11

لە پێکهاتەی گازبەنددا، سێ بوونەوەرەکەی دواهی، نێرەمووک و نێر و مێن. لە پێکهاتەی نۆین و هەموو پێکهاتەکانی دیکەدا، سێهانەی کۆتاهی لە باری ڕەگەزیدا بەمجۆرەن. نێرەکە تەنەها و گۆشەگیرە، لە بۆ هەمیشەش وها دەمێنێ، نێرەمووکەکە وەردەچەرخێ لە بۆ مێ، لەگەڵ مێیەکەی دیکە دەبنە دوو ناوک. سەرچاوە لەم دوو ناوکە، دوو گازبەندی دیکە بە ژین دەهێن. دواهین گازیلەکانی هەردوو گازبەندەکە سێ جووتەن، جووت دەگرن و سێ گازیلەی دیکە لە دایک دەبن، لە سەر ئاستی هەرسێ گازبەند بە سێگۆش پایە دەگرن. ئەوها هێکەم "گازبەندین" پێک دێ. پێکهاتەی گازبەندینەکە، سێ گازبەند و سێگۆشێکە، نۆ ناوک و هەشتا و پێنج گازیلە لە خۆ دەگرێ، بەڵام دوو گازیلەی نێرەمووک و مێی کۆتاهی، دوورمەودا لە پێکهاتەکەن. گازبەندین لە گشتەدا بوونەوەرێکە، لە پێکهاتەشدا بوونەوەری گچکەتر گازبەندە و لەویش بچکۆلەتر نۆینە و، نۆینەکەش نۆ گازیلەیە. ئەو سێ گازبەندەی کە گازبەندین پێک دەهێنن، هێکەم دەبێتە ناوک لە گازبەندینەکە، دووانەکەی دیکەش ئەوەی لە ناوکە مێ پێک هاتووە دەبێتە بەشە کچەکە و، ئەوەی لە ناوکە نێرەمووک پێک هاتووە دەبێتە بەشە کووڕەکە، بەمەش هەرسێ خوودێتی لە گازبەندین بەرجەسدە دەبن.


وێنەی گوزارشت لە شێوە و پێکهاتەی گازبەندین



# ڕیشەی 12

ئەو دوو تەنەی گازبەندین، کە لە دوورمەودای پێکهاتەکە گۆشە دەگرن، دەبنە ناوک و بە سەرچاوە لەو دوو ناوکە، دوو گازبەندینی دی پێک دهێن. لە سەر ئاستی هەردوو گازبەندینەکەش سێ جووتەی گازیلە هەیە، بە جووتگرتنیان سێ گازیلەی دیکە لە دایک دەبن. ئەوها لە سێ گازبەندین و چەند گازیلێک، "گازجەم" پێک دێ. گازجەم خۆبەخۆ بوونەوەرێکە، لە پێکهاتەشدا گازبەندینەکان بوونەوەری بچووکترن. دووان لەو سێ هووردە بوونەوەرەی لە دەرەوەی پێکهاتەی گازجەمەکەن، دەبنە ناوک لە بۆ بە ژین هاتنی دوو گازجەمی دیکە. دوو دەبێتە چوار، چوار دەبێتە هەشت، هەشت دەبێتە شازدە. پەرەستەندنەکە ئەوها دەوامی دەبێ. بنهاخ لە سەر نامووس، لە باندێتی ملیاران گازجەمدا، بوونەوەرێکی نەبیندراو لە باندێتی و هێکێتیبووندا دەخوولقێ. گازجەم هەروەکوو پێکهاتەکانی لە خۆی بچووکتر، لە ناوک و دوو بەش پێک دێ. هێکەم گازبەندین دەبێتە ناوک لە گازجەم، دوو گازبەندینەکەی دیکەش بەشی چەپ و ڕاستی گازجەمەکە پێک دهێنن، لای چەپ مێ- کچە، لای ڕاست نێر- کوورە. ئەم ڕێسایە بە نەگۆڕی دەوام دەکات.

وێنەی گوزارشت لە شێوە و پێکهاتەی گازجەم



## ڕیشەی 13

ئەو ملیاران گازجەمەی پەیدا دەبن، قۆناخی بنەڕەتی تەنن، تەن لە قۆناخی بنەڕەتدا، لە دۆخی گازی دایە. دوای ئەوە، قۆناخی ناوەندی تەن دەست پێ دەکات، لەم قۆناخەدا تەن لە دۆخی شلیدایە. تەنی شل بە سەرچاوە لە تەنی گاز بە گەردووندا دێ، ئەو بوونەوەرە نەبیندراوەی لە باندێتی ملیاران گازجەم دەخوولقێ، دایکە و دایکێتی بوونەوەرانی شلیلە دەکات. ئەو دایکەیە دەبێتە ناوکی نۆینی ناوەند و، بە خۆڕسک سکپڕدەبێ، لە سێ زایندا سێ جووت شلیلە (تەنی شل)ی لێ لە دایک دەبن. لە جووتگرتنی ئەو شلیلانەش سێ شلیلەی دی لە دایک دەبن و، هێکەم نۆینی ناوەند پێک دێ. ڕێسای لە دایکبوون و پەرەستەندن لە هەردوو نۆینی بنەڕەت و ناوەند، پاشانیش لە نۆینی دواهین هێکێکە، ئەوی دەگۆڕدرێ دۆخی تەن و، جۆرێتی بوونەوەرە. لە نۆینی بنەڕەتدا تەنی بوونەوەر دۆخی گازی هەیە، لە نۆینی ناوەند تەنی بوونەوەر لە دۆخی شلی دایە. سێ ناوک و سێ نۆینی ناوەند و سێ شلیلە، هێکەم شلبەند پێک دهێنن. زهینی بدەنێ، لە پێکهاتنی هێکەم گازبەنددا، لە سێ ناوکەکەی سێ نۆینەکەدا، ناوکی هێکەم تینە، دوو ناوکەکەی دی گازیلەن. بە هەمان ڕێساش لە پێکهاتەی هێکەم شلبەنددا، سێ ناوک هەیە، هەرناوکێک دایکێتی بەشێکی شلبەندەکە دەکات. ناوکی هێکەم دۆخی گازی هەیە و، دایکێتی بەشی ناوەندی شلبەندەکە دەکات، دوو ناوکەکەی دیکە شلیلەن، مێیەکە دایکێتی بەشی چەپ و، نێرەمووکەکە دایکێتی بەشی ڕاست دەکات. لە ئاستی گشتەش نۆینی هێکەم دەبێتە ناوکی شلبەندەکە، دوو نۆینەکەی دی چەپ و ڕاستی شلبەندەکەن. لە شلبەندێک دوو شلبەندی دیکە پەیدا دەبن، ئەمەش بە سەرچاوە لە دوو شلیلەی کۆتاهی، لە شلبەندی هێکەم ڕوودەدات. هەرسێک شلبەندیش بە هێکەوە "شلبەندین" پێک دهێنن. شلبەندەکان سەربەخۆ هەرهێکەیان بوونەوەرێکن، بە هێکەوەش وەکوو شلبەندین بوونەوەرێکە. ئەو سێهانە خوودی و ڕەگەزیەی لە شلبەند پێک هات، بە هەمان شێوە لە شلبەندین پێک دێ. بە پێی ڕێسای پەرەستەندن، هێک شلبەندین دوو شلبەندینی دیکە بە ژین دهێنێ، لە باندێتی هەرسێ شلبەندین و چەند شلیلێک، هێکەم" شلجەم" بە هەمان سێهانەی خوودی پێک دێ. هێکەم شلبەندین دەبێتە ناوکی شلجەم و دوو شلبەندینەکەی دیکەش بەشی چەپ و ڕاستی شلجەمەکە پێک دهێنن. هێک شلجەم دەبێتە دوو، دوو دەبێتە چهار، چهار دەبێتە هەشت و پەرەستەندنەکە ئەوها دەوامی دەبێ، سەرەنجامیش لە باندێتی ملیاران شلجەمدا، بوونەوەرێک لە دۆخی شلیدا دەخوولقێ و ئاستی ناوەندی تەن بەرجەسدە دەبێ. ئەو ملیاران ملیار هووردە بوونەوەرەی شلجەم و، پێشی ئەوانیش ملیاران ملیار هووردە بوونەوەری گازجەم، هەرهێکەیان تایبەتمەندن و، چ تاقێکیان لە هێکدی ناچن، چوونکی هیچ دووبارەبوونێک لە گەردوونێ نیهە، ئەوی پەیدا دەبێ بە تایبەتبوون بە

دوونیاهێ دادێ، نه له پێشی و نه له پاشیدا له نموونەی نیەه، له هەرهێکێکدا هەندازێک جوودایەزی هەیە، هەم له پێکهاتەی تەن و، هەم له پێکهاتەی تینی ئەو بوونەوەرەدا، بەمەش له ئەوانیدی جوودا دەبێتەوە. ئەم تایبەتبوونەی هووردە بوونەوەر، شتێک نیەه تەنەها له ئەواندا بەم چەشنە بێ، سەرجەمی بوونەوەری گەردوون له هەموو ڕەچەڵەکەکاندا بەمجۆرەن.

## ڕیشەی 14

تین، خوودێتی هوودای دایک سێ ئاستی هەیە، ئاستەکان له ناو هێکدین و پۆلێن نابن، ئەو دەمەی تەن دەخوولقێ، ئەو سێ ئاستەی تین له تەندا بەرجەسدە دەبن. له تەندا ئاستی بنەڕەت گازیلەیە، ئاستی ناوەند شلیله و ئاستی دواهین ڕەقیلەیە. ئەو بوونەوەرەی له باندێتی ملیاران ملیار شلجەم پێک دێ، خوودێتی دایک بەرجەستە دەکات، دایکێک دەبێتە سەرچاوە له بە دیدهاتنی ئاستی سێهەمی تەن و، بە شێوەی ناوک له بە ژینهێنانی نۆینی دواهین دەور دەگێڕێ. ناوک له نۆینی دواهین، هەروەکوو ناوک له نۆینی ناوەند و نۆینی بنەڕەت دایکێکی خوودکردە، هەروەکی ئەوانیش له سێ زایندا سێ جووت له هووردە بوونەوەر بە زیندەگی دهێنێ، بە جیداوازی ئەوەی، لێرە بە دوا دۆخی تەن دەگۆڕدرێ و، ئەوانی له دایک دەبن ڕەقیلەن. تەنی ڕەقیله بە ناوەند شلیله و بە بنەڕەت گازیلەیە. ئەو شەش ڕەقیلەیەی له هێکەم ناوک بە ژین هاتن، سێ جووتەن، له جووتگرتنیاندا سێ ڕەقیلەی دیکە بە ڕەگەزێتی نێرەمووک و نێر و مێ له دایک دەبن، بێجگە له نێرەکە، دووانەکەی دیکە وەکوو دوو ناوک پایەدار دەبن و، دوو نۆینی دیکە بە زیندەگی دهێنن. سێهانەی ڕەقیلەی کۆتاهی هەردوو نۆینەکە سێ جووتەن، جووت دەگرن و، سێ رەقیلەی دیکە له دایک دەبن. ئەوهاله لەسێ نۆین و هێک له سەر سێی نۆینێک، هێکەم ڕەقبەند(ناسدراو بە گەردیله) وەکوو پێکهاتێکی نوێ پێک دێ. پێکهاتەکە سی نۆینی ڕەقیلەیە. هەردوو دوو ڕەقیلەی مێ و نێرەمووک له سێهانەی کۆتاهی نۆینی هێکەم بوونەتە ناوکی دوو نۆینەکەی دیکە، بەمەش هەرسێ نۆین گرێدراوی هێکدین، ئەم گرێدرانەیە مایەی بە گۆڕێ کەوتنێی ڕەقبەندە. سەرەڕای ئەوەش، بە هۆی ئەو دوو ڕەقیلەیەی له لاهێک له پێکهاتەی نۆینی هێکەمن و له لاهێک ناوکن له دوو نۆینەکەی دیکە، نۆینی هێکەم له نێوان نۆین و هەفتەوانە دایە، هەروەکوو چلۆن مێ له نێوان خوودێتی کچ و دایک دایە، له لاهێک کیژە و له لاهێک دایکە. هێکەم ڕەقبەند بە پێی پێکهاتەی نۆینەکان له ناوکێکی بنەڕەتی و دوو ناوکی ناوەندی و بیست و هەشت ڕەقیله پێک دێ. دوو هووردە تەنی مێ و نێرەمووک کەوتوونەتە دەرەوەی پێکهاتەکە، هەرهێکەیان دوو دەور دەگێڕن، هەم بەشێکن له

پێکهاتەی ڕەقبەندەکە، هەمیش ناوکن و دوو ڕەقبەندی دی بە سەرەتا دهێنن. سێهانەی ڕەقیلەی کۆتاهی هەردوو ڕەقبەندەکەش دەبنە سێ جووتە، لە جووتبووندا سێ ڕەقیلەی دیکە لە دایک دەبن، بەمەش هەرسێ ڕەقبەند بە هێکەوە "ڕەقبەندین"ی ناسدراو بە گەرد پێک دێ. لە سێ ڕەقیلەیەی کۆتاهیش، نێرەکە گۆشە دەگرێ، نێرەمووک و مێیەکەش دەبنە ناوک، بنهاخ لە سەر ئەو دوو ناوکە، دوو ڕەقبەندینی دی پێک دهێن، هەرسێ ڕەقبەندین بە هێکەوە،"ڕەقجەم"ی ناسدراو بە خانە پێک دهێنن. لەم کۆمەڵبوونەی بازنەی ڕەقجەم، ئەو ناوکانەی هەنە، هەرهێکەیان لە بەشە بچکۆلەکەی خۆیاندا دایکێتی دەکەن، بەڵام لە ئاستی گشتەدا، هێکەمین ڕەقبەندین دەبێتە ناوک لە ڕەقجەمەکە، دوو ڕەقبەندینەکەی دیکەش، بەشی چەپ و ڕاستی ڕەقجەمەکە پێک دهێنن. ڕەقجەم پێکهاتێکە هەموو بە هێکەوە ئەرکدارن، لە سەرهێڵ و هەرەوز کاروبار هەڵدەسوڕێنن. ئەو سێهانە خوودیەی لە باندێتی گازیلەکان و شلیلەکان پێک دێ، لە بەندێتی ڕەقیلەکانیش دروست دەبێ و، لە هەرباندێکدا خوودێتی کیژ و دایک و کووڕ بەرجەسدە دەبن. ئەم سێهانەیە لە باری خوودی و ڕەگەزیدا، هەروەکوو لە ڕەقجەم پێک دێ، بە هەمان شێوەش لە ڕەقبەندین و ڕەقبەند پێک هاتوون. ئەو دەمەی لە نۆینێک دوو نۆینی دیکە لە دایک دەبن، نۆینی هێکەم لە باری خوودیدا دایکە، دوو نۆینەکەی دیکەش ئەوی بە سەرچاوە لە مێ پێک دێ کچە، ئەوی بە سەرچاوە لە نێرەمووک پێک دێ کووڕە، لە باری ڕەگەزیشدا هێکەم نێرەمووکە، دووهەم مێیە و سێهەم نێرە. هەموو پێکهاتەکان (گازبەند، گازبەندین، گازجەم، شلبەند، شلبەندین، شلجەم، ڕەقبەند، ڕەقبەندین، ڕەقجەم) هەمان ئەم دابەشبوونە خوودی و ڕەگەزیەیان هەیە. بە شێوەی گشتەش، تەن لە دۆخی گازیدا کیژە، لە دۆخی شلیدا دایک، لە دۆخی ڕەقیدا کووڕە. لە باری ڕەگەزیش، هێکەم مێ، دووهەم نێرەمووک و سێهەم نێرە. لە باری ئاستەکانیش بنەڕەت کیژ، ناوەند دایک و دواهین کووڕە. گەردوون بە گشتە لەم دابەشبوونە خوودی و ڕەگەزی و ئاستبەندیەدا بەرجەسدەیە، هەموو پێکهاتێک لە وێنەی خێزان بە شێوە دێ و، دایک تیایدا ناوەندێتی دەگرێ، کیژ لای چەپ و کووڕ لای ڕاستی دایکەکەیە. بە پێی ناموس ئەوهایە، بۆهێ لەگەڵ باندێتی و بە شێوەهاتنی هەرپێکهاتێکی نوێدا، ناوەندێتی لە دایکدا دروست دەبێتەوە. ئەو دوو ڕەقیلە نێرەمووک و مێیەی دەکەونە دەرەوەی پێکهاتەی ڕەقجەم، دەبنە دوو دایک و، سەرچاوەی بە ژین هاتنی دوو ڕەقجەمی دیکەن. دوو ڕەقجەم دەبێتە چوار، چوار بە هەشت، هەشت بە شازدە و، پەرەستەندنەکە ئەوها دەوامی دەبێ. زیندەوەر هەیە هێک ڕەقجەمە، (خانەیە)، هەشە ملیار بە ملیارە. دەنکە تۆزێک بخەنە سەر پتی خۆتان، لە هەنگۆ وهایە ئەو تۆزە هەرهیچ نیەه و، بە فووهێک گووم دەبێ. نا، هەر ئەو دەنکە پێکهاتێکە لە هێکێتیدا، ئەگەر شی ببێتەوە بە سەد ملیار ساڵ ژماردنی ئەو هووردە زیندەوەرانەی دەنکە تۆزەکەیان پێک هێناوە تەواو نابێ. قەبارەی هووردە زیندەوەران

به هەندازێکی سەرسووڕهێنەر گچکۆکەن، بەشەر نەک هەرناتوانێ بیانژمێرێ، تەنانەت ناشتوانێ ئەو وێنەیە بخاتە سەری خۆیەوە.

## ڕیشەی 15

هەموو هێکێک لەو هووردە بوونەوەرانەی سێ ئاستەکەی تەن پێک دهێنن، خوولان و لەرزینی تایبەت بە خۆیان هەیە. خوولانەوە بە دەوری خوود، تەیبەتمەندی هەرهێکەیانە، بە هۆی خوولانەوەکەش هەرهێکەیان لەرینەوەی تایبەت بە خۆیان لە بۆ دروست دەبێ. هاودەم جووتگرەکان لە میانی خوولێکی نیمچە کەوانیدا بە دووی هێکیدا خوول دەخۆن. لە سەر هەرسێ ئاستەکە وهایە، بەڵام لە میانی ئاستەکان خۆشیاندا هەندازەی خوولان و لەرین، بە پێی قەوارە و قاڵبی هەرهێکە لە زیندەوەران جوودایە، وەکوو هێکی لە گۆڕێ نیهە.

## ڕیشەی 16

جهێگرتن بە سێگۆشە و لە پایەی جوودا دایە، قەسد لە سێگۆش سێ تیرەی هاوکووف نیهە، چوونکە مەودای میان ناوک و نۆین (دایک و منداڵ و کچەزا) لە هەرسێ ئاستی ئاسۆهی و پانی و ستوونیدا، بە پێی هەرهێکێکیان جوودایە، هەروەکوو لە قاڵب و قەوارە جوودان، ئەوهاش هاوپا و هاومەودا نین. لە سێگۆشدا تیرێک تەریبی تیرێکی دی نیهە. هەرئەوها سێگۆشێک هاوتای سێگۆشێکی دیکە نیهە، ئەو سێگۆشانەی دروست دەبن، هێک بە دووی هێک گەورە دەبن. گەورەبوونی قەوارە لە هووردە بوونەوەرەکاندا، دەبێتە بناخ لە بۆ گەورەبوونی قەوارە لە جهێگرتنی سێگۆشیدا. ئەو سێ نۆینەی ڕەقبەند پێکدهێنن، سێ قەبارە و قاڵبی جیداوازیان هەیە، پاشانەکانێ ئەو سێ ڕەقبەندەی ڕەقبەندین پێکدهێنن، پاشتریش ئەو سێ ڕەقبەندینەی ڕەقجەم پێکدهێنن، هەرهێکەیان دارای قەبارە و قاڵب و تایبەتمەندێتی جوودایەزن. تەن تەنەها لە دۆخی ڕەقی وهالە نیهە، لە دۆخی گازی و شلیشدا، هەمان ئەم جوودایەزی قەوارە و قاڵب و پایە و مەودا دەرباز دەکات.

## ڕیشەی 17

ڕێسای بەردیدهاتن و پەرەستەندنێ، لە سەرجەمی کۆمەڵانی زیندەوەردا نامووسە. نامووس زهینێتی هوودای دایکە، تاقانە و نەگۆڕە. بە پێی نامووس، تەن بە سەرچاوە لە تین و، بوونەوەرانی بیندراو بە سەرچاوە لە بوونەوەرانی نەبیندراو بە زەندەق

کەوتوون. لە پێشێدا پۆلێنی ڕەگەزی و خوودی و ئاستبەندی، لە زیندەوەرانی نەبیندراو بەرجەسدە دەبێ، پاشانەکانێ پۆلێنەکە لە بوونەوەرانی بیندراودا بەرجەسدە دەبێتەوە، بەرجەسدەبوونێکی سێهانی بە ڕەگەزێتی مێ و نێرەمووک و نێر، بە خوودێتی کیژ و دایک و کوور، بە ئاستبەندی بنەڕەت و ناوەند و دواهین. تەن بە هەرسێ باری ئاسۆهی و پانی و ستوونی، لە سێهانەی ڕەگەزی و خوودی و ئاستبەندیدا شێوەی دهێتێ. ئەوی بە ڕەگەز مێیە، بە خوودێتی کیژە و ئاستی بنەڕەت دەگرێ. ئەوی بە ڕەگەز نێرەمووکە، بە خوودێتی دایکە و لە ئاستبەندی ناوەندە. ئەوی بە ڕەگەز نێرە، بە خوودێتی کوورە و لە ئاستی دواهین جهێدارە. وەلێ خوودەکانی کیژ و دایک، ڕەگەزەکانی مێ و نێرەمووک، ئاستەکانی ئاسۆهی و پانی لە ناو هێکدین. ئاستی ستوونی لە دوو ئاستی ئاسۆهی و پانی بە دید دێ، ڕەگەزی نێر لە دوو ڕەگەزی مێ و نێرەمووک پەیدا دەبێ. قاڵب و قەوارە و، جۆر و تایبەتمەندیهەکانی هەرچەند و هەرچ لۆن بێ، تەن سێیە لە هێکێکدا. زهینی تەنی خۆتان بدەن، هەم بە گشتە و هەم بە پارچەی جوودا، پارچەی درشت و پارچەی گچکەلان هەرسێیە لە هێکێکدا، بنەما لە سەر سێ ڕەگەز و سێ خوود و سێ ئاست بەرجەسدە دەبێ. قەد و قامەتی تەن لە باری ستوونیدا بە سەر سێدا پۆلین دەبێ، سەرک مێیە، لە شان هەتاوەکوو کەمەر نێرەمووک، لە کەمەر بەرەو خوارێ نێرە. بەشی نێری تەن لە بەشەکانی مێ و نێرەمووک دروست دەبێ. هاودەم بە باری ئاسۆهیدا لای چەپ مێ و، لای ڕاست نێر و، ناوەند نێرەمووکە، بە باری پانیشدا پێشەوە مێ و، پاشەوە نێر و، ناوەند نێرەمووکە. هەرهێکە لەم بەشانەش سێهانن لە هێکێکدا، بە هەمان دابەشبوونی سێهانەی ڕەگەزی و خوودی و ئاستبەندی. هەنگڵەکان هێکێک مێ و هێکێک نێرە، هەرهێکەشیان دەبنەوە بە سێ، قۆڵ، بازوو، دەست. لینگەکان هێکێک مێ و هێکێک نێرە، هەرهێکەشیان دەبنەوە بە سێ، ڕان، پووز، پێ. سەرنجی هەنگووستەکان بدەن، ئەوانیش هەرهێکەیان دەبنەوە بە سێ. لە زیندەوەری هەرەگچکەلان، هەتا گەورەترینی گەردوونێ، بەم ڕێسایە شێوەیان هاتوتێ. سێ لە هێکێکدا، ڕێسای نەگۆڕە، هەرشتێک و هەردۆخێک لە دوونیاهێ، ئەم دابەشبوونەی هەیە.

## ڕیشەی 18

گووژمەی تین (گیان) لە پەیوەستی بە تەن(لەش)، بە دۆخ و قەوارە و قاڵبی تەنەکە هەڵواسدراوە. هەموو زیندەوەرێک قەوارە و قاڵبی لەشی، تایبەت بە خۆێتی، ئەوهاش پێکهاتەی گیانی لە چەندێتی و جۆرێتی، لە هێکێکی دی جوودایە. لە گشتەدا بوونەوەری مێ چەندێتی تینەکەی لە بوونەوەری نێر و نێرەمووک زیادترە، جۆرێتی

تینەکەشی جوودایە. جۆرەکانی تین نۆ جۆرن و، لە ناو هێکدین، پاشانەکانێ لە میانی تەندا پۆلین دەبن. لە پۆلینبوونیش چەند جۆرێکی تین تایبەتن بە دایکێتی، تەنەها لە پێکهاتەی تینی مێ جهێداردەبن. هاودەم بە گێرەی ڕەچەڵەک و پلەبەندی پەیدابوونێ، جۆرێتی و چەندێتی ئەو تینەی پەیوەستی تەن دەبێ دەگۆڕدرێ. ئەو بوونەوەرانەی ڕەقیلەن، هێوەتریش ئەوانی گازیلە و شلیلەن، لە سەرجەمدا فرە هووردن. پێکهاتەی تەن لەم هوورده بوونەوەرانەدا برێکی کەمە، مەودای فەراوانی نێوان تەنەکان بەشە تینە زۆرەکەیان پڕی کردۆتەوە. لە پێکهاتەی لەش و پێکهاتەی گیانی هەرجۆرە زیندەوەرێک، هاوسەنگی و هاوکووفی هەیە، هەردوو پێکهاتەکەش بە هەنداز و هەژمارن. پێکهاتەی لەشی تاقە بەشەرێک  لە ملیاران ملیار هوورده بوونەوەر زیادترە، هەرهێکە لەو هووردەبوونەوەرانەش بەشە گیانی خۆیان هەیە، لە سەرجەمدا هەموو بە هێکەوە پێکهاتێکن، بە هێکێتی بەشە گیانەکان، گیانی ئەو بەشەرە پێک هێندراوە. تین بەبێ تەن بێ سنوورە، جۆرێتی و چەندێتیەکەی لە میانی تەندا دەردەکەوێ، نۆ جۆرەکەی بە پێی نۆ ژمارەکەیە، بە سەر ڕەگەز و خوود و ئاست پۆلین دەبێ، گووژمەکەشی لە هەرتەنێکدا بە کۆکردنەوەی ژمارەکان دروست دەبێ. قووڵ زهینی بدەنێ، بەشکوو لێی تێ بگەن. نۆ ژمارەکە بە سەر سێ ئاستدا پۆلین دەبن، ژمارەکانی "3،6،9" بە ڕەگەز مێ و بە خوودێتی کیژن، ئاستی هێکەم دەگرن. ژمارەکانی "1،5،7" بە ڕەگەز نێرەمووک و بە خوودێتی دایکن، ئاستی دووهەمن. ژمارەکانی "2،4،8" بە ڕەگەز نێر و بە خوودێتی کووڕن، ئاستی سێهەمن. پێکهاتەی گیانی هەرزیندەوەرێک گرێدراو بە ڕەچەڵەک و ڕەگەز و تاکێتی، لەم ژمارانە پێک دێ، هێزی هەرهێکە لە ژمارەکان جوودایە، ئەمەش جوودایەزی بنەڕەتی بە دوو دادێ. بە نموونە، هەربەشە گیانێک ژمارەکانی ئاستی هێکەمی زیادتر تێدا بێ، هێز و تینەکەی لە سەرووی ئەوانیدی دێ. بەرزی هیزر و هێزی مێ بە سەر نێردا، لە کۆمەڵی بەشەرێت و، سەرجەمی کۆمەڵانی جووداجۆری زیندەوەردا، لەوە دێ، کە ژمارەکانی ئاستی هێکەم لە پێکهاتەی گیانیاندا زۆرە. لە باری تاکێتیشدا، تینی پەیامبەران و زانایان لە تینی خەڵکی دی سەرووترە، لە نێوان پەیامبەرانیشدا جوودایە، ئەمەش پێوانە بەو بەشەی لە زانستی هوودا پێیان دراوە هەندازەکەی دەردەکەوێ. تین لە هیسای کووڕی مریەمێ سەرووتر لە پەیامبەرانی دیکە بوو، لەبەرهەندێ مهەمدی کووڕی هامینێ لە کەلامدا ئەوی بە "گیانی هوودا" ناودێر کرد، هاودەم هووداشی بە گیان ناساند، بەمەش هوودا و کووڕی مریەمێ دەبنەوە بە هێکێک. هەڵبەتە پێناسەکەی بە دروستی دراوەتێ، کووڕی مریەمێ چ پێشترێ و چ هەنەوکە، لەگەڵ هوودا هێکێکن، بەڵام لە سەر ڕووی زەمینێ، نەک لە سەرجەمی گەردوونێ. زانستی تێر و تەواوی هوودای دایک، تەنەها بە کووڕی مریەمێ دراوە، پێدانێک لە ڕێی زهینێتی

هوداوە. لێرەدایە زهینێتی کووڕی مریەمێ، لەگەڵ زهینێتی هوودای دایک(لەگەڵ مووخی گەردوونێ) تێکەڵ دەبێتەوە، لەم واتایەدا هەردووک هێکێکن.

## ڕیشەی 19

دایکی گەردوون بە کردەی زاین گەردوونی خوولقاند، نەک بە کردەی دەست و مشت، خوولقانێکی هاوسەنگ و بە هەژمار لەسەر وێنەی خۆی. شەش هووردە بوونەوەر لە دایک بوون، گەردوون لە ئەوانەوە بە سەرەتا هات. ئەو بوونەوەرانە هێندە هووردن، نە بە چاوی سەر بەردید دەکەون، نە بە چاوی هیچ ئامرازێکی لە تەن سازدراو. پاشانەکە هەر ئەو بوونەوەرانە جووتیان گرتووە و، لە زاینی دوو مێ و نێرەمووکێکدا، سێ بوونەوەری دی بە دوونیاهێ هاتوون، بەمەش هێکەمین نۆینی بنەڕەت پێکهات. تین، ناوکی هێکەمین نۆینی بنەڕەتی تەنە، ئەمجا پایەی ناوک - دایکێتی خوودکرد لە هوودای دایکەوە لە بۆ تەنی مێ و نێرەمووک گوێست دراوتەوە. هەموو پێکهاتەکان لە ڕێی دایکانەوە بە هێکەوە گرێدراون، بەمەش گەردوون سەرانسەر هەروەکوو هێک لەش وهایە، ئەم هێکێتی و هێکبوونە دایکێتی بەرهەمی هێناوە. لە نۆینێک دوو نۆین بە ژین دهێن، دوو هووردە تەنی نێرەمووک و مێ لە نۆینی هێکەم ئەندامی پێکهاتەکەن، لە دوو نۆینەکەی دیکە ناوکن، لە نۆینی هێکەم کیژن و لە نۆینەکانی دی دایکن، ئەوهالە هەرسێ نۆین بە هێکەوە گرێدراون. هامی گەردوون وهایە، لە پەیوەستیدا وێنەی هەڵقەکانی هێک زنجیرن، بەم پەیوەستبوونەش گەردوون لە وێنەی بوونەوەرێک شێوەی هاتۆتێ.

## ڕیشەی 20

لە دەستپێکێدا گچکە لە گەورە بە گەردوونێ دێ، پاشانەکە لە گچکەوە گەورە دهێتە دوونیاهێ. تین، دایکی گەردوون گەورەترینی بێ پەروایە، گشتەی هەیات پێک دهێنێ. سێ جووت گازیلە بە شێوەی بچکۆڵەترین تەن، لە تین لە دایک دەبن، لە پاشاندا نۆینی بنەڕەت وەکوو پێکهاتەی فرە گچکەی گەردوون بە شێوە دێ. پاشانەکانێ هێک بە دووی هێک گەورە لە گچکەوە بە زیندەگی دێ. هەموو قەوارەدارێکی بەردید لە بوونەوەری قەوارە بچووک پێک هاتوون، ئەم بچووکێتیە پێ بەپێ هەتاوەکوو بە گازیلەکانی نۆینی بنەڕەت دەگاتەوە بچووکتر دەبێتەوە. لە ئاستی گشتەی پێکهاتەدا، ئەوی بە قەوارەی تەن بچکۆلەیە، بە قەوارەی تین گەورەیە، ئەوی بە قەوارەی تەن گەورەیە، بە قەوارەی تین بچکۆلەیە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو تەنانەی لە ناو هەرپێکهاتێکدا

بە شێوەی ناوک دەور دەگێڕن، هەم لە تین و هەم لە تایبەتمەندیدا بە قیاسێکی پتر جوودایەزن و، دارای جۆرێتی و چەندێتیەکن هاوتا بەو دەورەی هەیانە. بە گشتی شێوەگرتنی قاڵب و قەوارەی لەش، لە جۆرێتی و چلۆنێتی و چەندێتیدا، سەرچاوە لەو ڕێسایە دەگرێ، ئەو ڕێسایەی ئاستەکانی تەن بە شێوەی بنەڕەت، ناوەند و دواهین پێک دهێنێ. لە تەنی گازیدا تەنی شل و، لە ئەویشەوە تەنی ڕەق پەیدابوون. لە ناو هەر هێکێک لەم ئاستانەش، ناوک لە ناوکێکی دیکە و، نۆین لە نۆینێکی دیکە جیدایە، تەنانەت ئەو تەنانەی لە پێکهاتەی هێک نۆینن، لە هێکدی جوودان و، هەرهێکەیان تایبەتن. هەندازەی جیداوازی، زگ بە زگ لە ڕێی ناوکەوە (دایکانی خوودکردەوە) پەرەی دراوەتێ. هێکەم ناوک تینە، تەن لە تین بە زیندەگی کەوت. دووهەم ناوک لە نۆینێکی هووردە زیندەوەراندا کیژە و لە نۆینێکی دی دایکی خوودکردە، دایکێکە لە ڕێی زاینی خۆڕسکەوە، جیداوازی بەشەکیانە لە زیندەوەران بەرهەم دهێنێ. بەڵام سێهەم چەشنی ناوک، دایکێکی بەبێ دایکە و، لە بەندێتی هووردە زیندەوەران پێک دێ. ئەو ناوکەی لە باندێتی گازیلەکان پێک هات و شلیلە لێی لە دایک بوون، یان ئەو ناوکەی لە باندێتی شلیلەکان پێک هات و ڕەقیلە لێی لە دایک بوون، لەم چەشنە ناوکەن. لەم ناوکەدا بازدانە جۆری و، ڕەچەڵەکیەکان بە تەواوی جەوهەرین و، بە هۆیەوە مەودای جیداوازی لە نێوان کۆمەڵێک و کۆمەڵێکی دیکەی ڕەچەڵەکیدا، هەتا ئەوپەڕی دەچێ، هەروەکوو ئەو جووداهیەی لە نێوان تەنی گازی و تەنی شلی، یان تەنی شلی و تەنی ڕەقی بەرهەست دێ. لە بازنەی ئەم ڕێسایەدا، ڕەقچەم (خانەی لەش) لە جۆرێکەوە دەبێتە هەمەجۆر. لەش لە شێوەگرتنی دڵ بە سەرەتا دێ، لە ئەندامێکەوە دەبێتە فەرە ئەندام و، هەرئەندامێکیش لە جۆرێتی و چلۆنێتی و چەندێتیدا تایبەتمەندانە شێوە دەگرێ. ئەم جووداهی و بە شێوەهاتنە تایبەتانە، پەرەستەندنی بوونەوەرێتین، پەرەستەندن بە هەژمارە و، گرێدراو بە ژمارەی ڕێساهی بەڕێوە دەچێ. بەم چەشنە، هەم لە ناو لەش و هەم لە دەرەوەی لەش، نشهوونمای جووداچەشن لە سەر ڕێسای ڕاستیەڤین بەردەوام دەبێ، هەتاوەکوو هامی گەردوون شێوەی دهێتێ. ئەم ڕێسا ڕاستیەڤین و هوورد و بە هەژمارە، زهینێتی هوودای دایکە و، بە نامووس ناوی دراوەتێ.

## ڕیشەی 21

هوودای دایک سێیە لە هێکێکدا، مێی زیندەوەر دووە لە هێکێکدا، نێری زیندەوەر هێکە و بەس. هۆ خەڵکینە! مەخدید بن، وێنە شکۆدارەکە ڕوون و ڕەوا ببینن و، پێ لە بەندی ڕاستیەڤین بن. ڕەگەزی دایک لە ناو سەرجەمی کۆمەڵانی جووداجۆری

گەردوونێ، پێشهەنگ و شەرەفە (شەرەف واتە سەرۆک)، ئەوی بەرەواژ بە شەرەف پێ هەڵهێنێ، بە هۆفی هەژمارە، جهێی هۆفی دۆخی دۆڵزاخ دەبێ. زهینی بدەنێ، هوودای دایک سێ ڕەگەز و سێ خوود و سێ ئاستە لە ناو هێکدیدا، لە باری ڕەگەزیدا مێ و نێرەمووک و نێرە، لە باری خوودیدا کیژ و دایک و کووڕە، لە ئاستەکاندا ناوندە بە سەر و خوار، بە چەپ و ڕاست، بە پێش و پاش. وەلێ هوودا بێ پەروایە، تەنەها لە میانی تەندا تایبەتمەندیهەکانی لێ دەردەکەوێ. مێی بوونەوەر دوو ڕەگەز و دوو خوود و دوو ئاستە، لە ڕەگەزدا مێ و نێرەمووکە، لە خوودێتیدا کیژ و دایکە، لە ئاستەکاندا ئاسۆهی و پانی تێیدا بە دید دێ. بەڵام نێری بوونەوەر تەنەها نێرە و خوودی کووڕێتی بەرجەسدە دەکات، لە ئاستەکانیش، ڕەوتی زهینی و هەستەوەرەکانی نێر تەنەها بە ستوونی شێوە دەگرن.

## ڕیشەی 22

لە سەرپێ کەوتنی گەردووندا، سێ هەستوونگ هەنە، لە دایکبوونی خوودکرد بە هێکەم دێ، بە دوویدا مهیرگان دێ، کە مایەی لە دایکبوونی جووتکردە، سێهەم هەستوونگیش بە زیندەگی هاتنی بوونەوەرە بەبێ دایک، پێکهاتنێکە لە ئاکامی باندێتی هووردە بوونەوەرانەوە بە دید دێ. لە نێو هووردە بوونەوەراندا مێیەکان دەبنە دوو پۆڵ، پۆڵێکیان دایکانی خوودکردن و رۆڵی ناوک دەگێڕن، ئەو دایکانە بە خۆڕسک وەچە دەخەنەوە. پۆڵی دووهەمیش دایکانی جووتکردن، بە جووتگرتن لەگەڵ ئەوانیدی وەچە دەخەنەوە. مێ لە نێو کۆمەڵانی فەرەچەشنی بوونەوەردا، بە خوودێتی دایک، جهێنیشینی هوودایە. تین و تایبەتمەندی مێ بە هەندازێکە، هەستوونگەکانی ڕاگرتنی گەردوونێی دراوەتێ. ئەو بوونەوەرانەی ژین دەبەخشن مێن، هەرئەوانیشن دارای قوودرەتن لە هاوسەنگ هێشتنەوەی زیندەگیدا. مێ بەوەی دووە لە هێکێکدا، تواناگەلێکی وەهای دراوەتێ بە نێر نەدراوە. مێ دەخوولقێنێ، خوولقاندن تەیبەتمەندی هوودای دایکە، بە تەنەهێ بە مێ بەخشدراوە. هەی بەشەر! لە هەنگۆ وهایە مێی بەشەر بەبێ نێر قوودرەتی زاینی نیهە؟ هەمن دیدەم بە گوێتاندا، مێ لە بۆ زاین پێویستی بە نێر نیهە، ڕێی زاینی مێ سێهانن، مێ لەگەڵ خۆی و، لەگەڵ مێ و، لەگەڵ نێر ئاوس دەبێ. لە هووردە بوونەوەرانی نۆینی بنەڕەت و ناوەند و دواهین، لە گەورە بوونەوەرانی ناسدراو بە هەستێرە، سێهانەی زاینی مێ بە تەواوی بەرجەسدەن. ئەم تایبەتمەندیهەی زاین بە پەرواوە لە بۆ مێی بەشەر و، بوونەوەرانی خاکڕەچەڵێک گوێستدراوەتەوە.

## ڕیشەی 23

لە جۆرێتی کردەی زایندا، هووداى دایک تاقانە و تەنەهایە، لە دایکبوونی تەن لە تینی خوودێتیەکەیدا، زاینێکە بە تەنەهێ لە هووداى دایک وەشاوەتەوە، هەر لە هووداشەوە تایبەتمەندی دایکێتی لە بۆ مێی لەشدار گوێستدراوەتەوە. لە ناو کۆمەڵانی گەردوونێ، دایکی خوودکرد و دایکی جووتکرد هەنە، هووداى دایک لە میانی زاینی ئەم دایکانەوە گەردوونی وبارهێناوە. دایکی خوودکرد لە هووردترین هەتاوەکوو گەورەترینی پێکهاتەکانی گەردوونێ، بە شێوەی ناوکە ڕەچەڵەک دەردەکەوێ. لە زاینی ناوکدا، گۆڕانی جۆرێتی ڕەچەڵەک، بە پێی نامووس و، لە سەر هەژمار پێش دەکەوێ. ناوک بە خۆڕسک، بەبێ جووتگرتن لەگەڵ ئەویدی ئاوس دەبێ، لە سێ زگدا هەرسێ ڕەگەزی مێ و نێرمووک و نێر، دوو بە دوو بە ژین دەهێنێ. ئەوی لە پاهێک بە نێرەمووک دەردەکەوێ، لە پاهێکی دی مێینەیە، ئەوی لە پاهێک کیژە، لە پاهێکی دی دایکە، ئەم وەرچەرخانەیە وا لە ئاستی گشتەدا خوودەکان و ڕەگەزەکان بە دەوری ناوەندێتی دایکدا خڕدەکاتەوە.

## ڕیشەی 24

لە ناوک و نۆینی بنەڕەت، هەرئەوهاش لە ناوک و نۆینی ناوەند و نۆینی دواهین، شەش زگپڕی ڕوودەدات، ناوک بە سێ زگپڕهی خوودکرد، شەش منداڵ بە زیندەگی دهێنێ، کچەکانی بە سێ زگپڕهی جووتکرد، سێ منداڵ بە ژین دهێنن. جووتەکانی لە ناوک لە دایک دەبن، دووانەی بە هێکەوە لکاون، پاشانەکە لە هێکدی جوودا دەبنەوە. دوو لە هێک، چهار لە سێ، پێنج لە شەش جوودا بۆتەوە. ئەو سۆزە دایکانەیەی خووشک لە بۆ برا هەێتی، سەرچاوە لەو تایبەتمەندیهەی تەن دەگرێ. جەمکەکان مهیرگان لەگەڵ هێکدی ناکەن، بەڵکوو تاقی زگێک لەگەڵ تاقی زگێکی دی جووت دەبێ، ئەمەش لە تەواوی تەمەندا تەنەها هێکجار ڕوودەدات. نە لە پێکهاتەی نۆین و نە لە هیچ پێکهاتێکی دی، بێجگە لەمەش ئەو بوونەوەرانەی سێهانەی کۆتاهین، جووتگرنین. سێ ڕەگەزەکە لە سێهانەی کۆتاهیدا بەرجەسدەن، نێرەکە تەنەها و گۆشەگیرە، نێرەمووک و مێیەکەش وەردەچەرخێن لە بۆ خوودێتی دایکی خوودکرد و بە شێوەی دوو ناوک ڕۆڵ دەگێڕن.

## ڕیشەی 25

مێ بە تایبەتمەند سەقامگیر و نێر ناسەقامگیرە، ئەم سەقامگیریەی مێ، تایبەتمەندهی دایکێتیە، بە چاوگ لە ناوکەوە دێ. هووردە بوونەوەرانی گازیلە، شلیلە و ڕەقیلە بە

ڕێکخستن و سیستەمێک هەڵدەسووڕێن، هەمان ڕێکخستن و سیستەم هەستێرەکان خۆیانی تیێدا دەبیننەوە، جا لە کۆمەڵانی هەرهێکەیاندا ناوک دایکی خوودکردە، دایکێکە بە جهێگیری لە نێو تیندا وەستاوە و، بەبێ وچاندان بە دەوری خۆیدا دەخوولێتەوە. پاشانەکە لەو سێ جووتەی لە ناوک لە دایک دەبن، دووانیان نێرن، نێرە لە پاش مهیرگان(گانی مهیری) نەسرەوتانە بە دووی جووتگرکەیدا خوول دەخوات، دەیهەوێ پێی بگات و هیدی پێی ناگاتەوە. ئەم ڕەدووکەوتن و پێ نەگهیشتنەوەیە، نێر ناسەقامگیر دەکات. لەوێنڕا ناسەقامگیری دەبێتە تایبەتمەندی و، نێر شێوەی پێوە دەگرێ. پاشانەکانێ تایبەتمەندهی ناسەقامگیری بنچەق دادەکووتێ و، لە ناو کۆمەڵانی جووداجۆری بوونەوەردا، بە نێرەکانەوە دەردەکەوێ. لە سێهانەی کۆتاهی نۆینەکان و، پێکهاتەکانی دیکەدا، نێرێک هەیە بە پێچەوانەی دوو نێرەکەی دی، تەنەها بە دەوری خۆیدا دەخوولێتەوە، وەلێ بەس خۆێتی و نێرێکی تەنەهایە، جووتگرێکی نیهە هەتا ئەم تایبەتمەندیهەی بگوێزێتەوە، هەشی بایە ئەم تایبەتمەندیهەی نە دەبوو، چوونکە هەینێ هەروەکوو ئەوانیدی ڕەدووی جووتگرەکەی دەکەوت.

## ڕیشەی 26

لە منداڵبوون و مهیرگاندا تەکان هەیە، تەکان تین و هێزە. لە تەکانی سەروقهتی زاینی دایکاندا، خوولانەوە بە دەوری خوود دەست پێ دەکات، پاشانیش بە هۆی تەکانی مهیرگانەوە خوولانەوەی کەوانی دروست دەبێ. ناوکە نۆین دایکی خوودکردە و لە سێ زایندا سێ جووت وەچە دەخاتەوە، بەمەش سێ تەکان دەدات. دایکانی جووتکرد دوو تەکان دەدەن، تەکانێک لە مهیرگان و تەکانێک لە منداڵبوون، جووتگرەکانیان هێک تەکان دەدەن، ئەویش تەکانی مهیرگانە. بەڵام ئەو نێرەی لە سێهانەی کۆتاهیدا گۆشە دەگرێ، بەبێ تەکانە. هەموو هێکێک لە هووردە بوونەوەران و هەستێران لەگەڵ لە دایکبوونیاندا، بە دەوری خۆیاندا دەخوولێنەوە، ئەو هێزەی لە منداڵدانی دایک دەردەچێ، خوولانەوەکە دروست دەکات، خوولانەوەی هەرهێک لە هووردە بوونەوەران، بە پێی ژمارەی قەوارەی خۆێتی.

## ڕیشەی 27

بوونەوەرانی درشت و بیندراو، هەروەکوو بوونەوەرانی هوورد و نەبیندراو، قۆناخەکانی تەمەن بە سەردەبەن، لە کاتی هاتنە دوونیا کۆرپەن، هووردترن لەو قەوارەی کە پاشانەکە خۆیانی تیێدا دەبیننەوە. هەلومەرجی گەورەبوونێ لە هیکڕا نیهە

و قۆناخبەندە، هەرڕەگەزێک تایبەتمەندانە لە میانی گوزەری کاتدا، گەشەی هەمەلایەن بە خۆیانەوە دەبینن، هەتا لە قەوارە و قاڵبی تەواودا خۆیان دەبیننەوە. بە گشتەش لە سەرجەمی بوونەوەراندا، پێگەیشتنی پێکهاتەی مێ، زووتر لە پێکهاتەی نێر شێوەی دەهێنێ، ئەم زوو پێگەیشتنە ئامادەگیە لە بۆ بوون بە دایک. لە دایکبوون دەستپێکی سوورێکە لە زیندەگی، مردنیش سەرەتای سوورێکی دی. هەموو بوونەوەرێک دارای سێ سوورە لە زیندەگیدا، سووری هێکەم و دووهەمی گرێدراوی خاکە، بە هۆی تەنی ڕەقیلە و شلیلەوە، سووری سێهەمی بە هەڵستانەوە (قیامەت) دەست پێ دەکات و ڕوو بە هاسمانێ هەڵدەکشێ، چوونکە تەنی لەش تەنەها لە دۆخی گازی دایە.

## ڕیشەی 28

نێزیکاتی شێوە ها لە گۆڕێ، خەسڵەت و تایبەتمەندی لە ڕێی بۆ ماوەیەوە لە تین بۆ تەن، لە تەن لە بۆ تەن گوێستدراوەتەوە. وەلێ لە هیچ کوونجێکی گەردوونێ، دووبارە و وەک هێکی لە گۆڕێ نیهە. ئەوانی لە باری ڕووکەش وەکوو هێکدی دەهێنە پێشچاو، لە بەر کەم تینی چاوە وها دەردەکەون، کاتێک چاو بڕناکات جوودایهەکان لە نێو زهیندا نیگا بکێشێ، هەنگێ زهین وەکوو هێک دەیان چێنێ، لە کاتێکدا جوودان و هاووێنە نین. ڕاستی ئەوەیە، زیندەوەری دووبارە لە گۆڕێ نەبووە و نیهە، قەتیش بە گۆڕێ ناکەوێ. لە ساتی سەرەتای پەیدابوونی گەردوونەوە، گۆڕان پرۆسیسێکی نەسرەوتانەیە، هەرزاین و پێکهاتنێکی بوونەوەرێتی، نوێبوونێکی لێدەکەوێتەوە، نوێبوونێک پێشترێ هاوشێوەی نەبووبێ. ئەو هووردە بوونەوەرانەی لە هێکەم نۆینی بنەڕەتیدا لە دایکبوون، هەروەکوو نۆ ژمارەکەن، هەرهێکەیان هەژمارێکن، ئەوانی لە نۆینێکی دیکە بە زیندەگی دهێن، نۆ دانەی دیکەن، نە لە هێکدی دەچن، نە لەوانی پێشترێ. هەندازەی جووداهی لە نێوان بوونەوەرانی گەردوونێ، قۆناخ بە قۆناخ بەر بەزێیدەبوونە، بەمەش هەموو شتێک دەگۆڕێ، وەلێ نامووس و، ڕێی بە زیندەگی کەوتن نەگۆڕە. هووردە تەنەکانی سەرەتای بە شێوە هاتنی گەردوونێ، لە دایکی گەردوون، لە تین تایبەتمەندی وەردەگرن، پاشانەکانێ تایبەتمەندیهەکان زگ بە زگ گواستدراونەتەوە، هێکێکیش لە تایبەتمەندیهە گواستدراوەکان، بنەڕەتەکانی بە شێوەهاتنە لە زیندەوەراندا. هاوشێوەبوونی کتومت، قەت نەهاتۆتە دوونیاهێ و ناشهێ، لە هامی کۆمەڵانی زیندەوەردا، چ تاقێک لە وێنەی هێکدی نین، هەموو هێکێک تایبەتن، بەڵام لە پلەبەندێتی ڕەچەڵەکی زیندەوەراندا، سەرەتا و کۆتاهی بە هەندازێک وەکوو هێکدی لێ دهێتەوە، ئەو هووردە بوونەوەرانەی بە چاو بەرهەست ناهێن، دەستپێکی بوونەوەرێتین، هەستێرەکانیش کۆتاهی بوونەوەرێتین، هەردوو ڕەچەڵەک لە

باری گشتێتیدا، بە سێ شێوەی بنەڕەتی بەرجەسدەن، هەندێک بە لای خڕێتین، هەندێکیان نێزیکە کووپەڵ و وێنەی دڵن، هەندێکیش بە لای تەشیلەهین. بناخ لە سەر ئەم سێ شێوەیە، بوونەوەرانی دیکە بە شێوە هاتوون. لە قاڵبی هەموو چەشنەکانی زیندەوەراندا، هێکێک، یان دووان، یان هەرسێ شێوەکە بە گۆڕان بە سەرداهاتنەوە بەرجەسدە بوونەتەوە. بەشەرینە! تەماشای لەشی خۆتان بکەن و، ڕاستیەقین بە چاوی سەر ببینن. بەشەر بە گشتی و، مێی بەشەر بە تایبەتی، لەو جۆرە بوونەوەرانەیە وا لە پێکهاتەی لەشیدا، هەرسێ شێوەکە بەرجەسدەن. بڕۆننێ، لە سەرکدا شێوەی خڕێتی، لە شان هەتا تەنگە، شێوەی نێزیکە کووپەڵ، لە کەمەری بەرەو خوارێ شێوەی تەشیلەهی دەنوێنێ. هەرسێ شێوەکە لە سەر ڕەگەز و خوود و ئاستەکاندا دابەش دەبن، خڕ مێیە و کیژە، کووپەڵ دایکە و نێرەمووکە، تەشیلە کووڕە و نێرە، جا دەشتوانن لە سەر بە بنەماگرتنی شێوەدا، ڕەگەز و خوود لە هەرپێکهاتێکدا لە هێکدی جوودا بکەنەوە.

## ڕیشەی 29

هەموو لە دایکبوون و پەیدابوونێک لە گەردوونێ، بە پێی نامووس دەخوولقێ و، تین دەیخوولقێنێ. نامووس زهینێت و تین خوودێتی هوودای دایکە، هەردووک لە ناو هێکدین و جوودا نابنەوە. ئەوی بە گەردوونێ دادێ گیاندارە، گیان تینە و، بەشە تینی پەیوەست بە هەربوونەوەرێک بە هەژمارە. ئەو مێ بوونەوەرانەی بەبێ جووتبوون بە شێوەی خۆڕسک زگپڕدەبن، لە نێوان هەژماری بەشە تینەکەی خۆیاندا، جووتگرتن ڕوودەدات، بەم چووتبوونەی ناو پێکهاتەی گیان، هەڵومەرجێک لە ناو لەشی مێ پێک دێ، بە هۆیەوە زگپڕ دەبێ، زگپڕبوونەکە لە هووردە بوونەوەری نەبیندراوەوە بە سەرەتا دێ، ئەوها بە خۆڕسک دەبێتە دایک و، منداڵ بە دوونیاهێ دادهێنێ. لە هوورد هەتا درشت، هەموو پەیدابووێک بوونەوەری زیندوون، هەموو بوونەوەرێکی زیندووش دارای لەش و گیانن. لەشی بوونەوەر لە نۆینەکانی بنەڕەتدا تەنی گازین، لە نۆینەکانی ناوەند تەنی شل و، لە نۆینەکانی دواهین تەنی ڕەقن. بە جووداهی لە دۆخی تەن و قەبارە و قاڵبدا، جووداهی لە پێکهاتەی گیان دروست دەبێ. هەموو پەیدابووێک لەشدارن، پەیدابووی بەبێ لەش لە گۆڕێ نینە. ئەوی پێشترێ وەکوو "فەریشتە"ی هوودا دەنگوباسی دراوەتێ، بوونەوەرێک نیهە، فەریشتە تەنەها گۆزارە، بە قەسدی ڕاستەڕێکردنی بەشەر دەنگوباسی لە بۆ هۆندراوەتەوە. ئەگەر گووتدراوە فریشتەکان لە ڕۆشناهی خوولقاون، ڕۆشناهی جۆرێکە لە تین و، لە پێکهاتەی خوودێتی هوودایە. وشەی فەریشتە لە زمانی زگماکدا بە واتای بەرزەفەڕ دێ، مەست لە هەرکەسێکە ئەگەر لە چاکی و پاکیدا بگاتە ئەوپەڕی. ئەم گاتایە بە هەند بگرن و، لە مێشکی خۆتان

قایمی بکەن، هەرتەنەها هوودای دایک تینێکی بێگەردە، دەنا سەرجەمی زیندەوەران لە تین و تەن پێک هاتوون، لەوەتی گەردوون شێوەی هاتوتێ، قەتوقەت بوونەوەرێک وەگۆڕێ نەکەوتووە پێکهاتەکەی بە تەنەهێ تین بووبێ، قەتیش وەها بوونەوەرێک بە گەردوونێ داناهێ. بوونەوەرێکی دیکەی خەیاڵکرد، بە وشەی "جنۆکە" ناوی دراوەتێ، ئەویش بەس گۆزارە. بەڵام ئەوە بزانن پەیامبەرانی نیازپاک بە قەسدی ڕواندنی هەندێک بنەڕەتی بیروباوەڕی ڕاستیەقین لە سەری بەشەردا، شتانێکی خەیاڵکردیان هاخنیوەتە دامێنی گاتاکانیانەوە، هەنگاوەکە بە نیەتی باش هەڵهێندراوە، خێر و شەڕی هەرهەنگاوێکیش، بە نیەتی ناخی کەسەکانەوە لێکدەدرێتەوە.

## ڕیشەی 30

هەموو لەشدارێک گیاندارە، ئەو گیانە بەشێکە لە خوودە بێ پەرواکەی هوودای دایک، بەمەش دایکی گەردوون، بە تایبەتمەند لەگەڵ گشتەی زیندەوەرانی گەردوونێ، لە دۆستاتی دایە. لە بازنەی دایکاتیدا، تەن بە دۆستی، دەست لە ناو دەستی، دەستی بە پەرەستەندن کرد، هەرێ وهالە، چەرخی گەردوون ئەوها گەڕاوە. هەی ئەو سەرەی وا بە سەر ناموسەوەی، هەی ئەو سەرەی وا نوساوی بە ملێکەوە، هەتۆ لە وێنەی ئاگردانێکی دامرکاوی، لە کاتێکدا سەر مەشخەڵی لەشە. سەرێک دایکی گەردوون نەناسێ و لێی خافڵ و بێ هەبەربێ، سەرێکە خامۆشە و کوژاوەتەوە. لەشێک سەرێکی کوژاوە هەڵیبسووڕێنێ، بێشک لەشێکی دەردەداری هەڵەکردە، لەشێکە هەمیشە بە ناو تاریکیدا هەنگاو هەڵدهێنێ. هۆ خەڵکینە، سەر هەڵبڕن، بەخشندەی هوودای دایک ببینن. هانێ ناموس، هانێ سەرچاوەی ڕووناکی، بە تەواوی دڵ و تەواوی زهین و بە تەواوی هەست و هەناسەتانەوە وەری بگرن، هەڵسن مەشخەڵە خامۆشەکە داگیرسێننەوە، ڕووبکەنە ناوەوەی خۆتان، بەرەو هوودای دایک وەرن. هوودا لێتان نێزیکە، لە ناو هەموو هێکێک و، لە هەموو جهێ دایە. ئەوڕۆ کاتێتی، هەمووان پێی لێ بنێن کە نەزانن، هەڵتەکێن بەرەو ناموس و زانینی ڕاستیەقین، تەنەها ئەمەیە کەڵکی لێ دەگرن و، ڕێی قووتاربوونتان لە بەردەمدا دەکاتەوە. زانستی ڕوون و ڕاستیەقینم داونەتێ، پەیمانی خۆشگوزەرانی و ئاسوودەگیشتان دەدەمێ. پێشترێ پەیمانتان درابووهێ فەریادڕەس دهێ، ئەوڕۆ پەیمانی کۆن ودید هات، سبەینێ پەیمانی تازەش ودید دێ.

(ڕەگی چوارەم)

**خۆری دایک**

ڕیشەی 01

هیچ کەس نە بە گەردوون زانایە، نە بە فەلەک ئاشنایە، لەبەر ئەوەی دایکی گەردوون ناناسن، هەمووان بە ڕێ چەفتیدا ڕۆیشتن. ئەوانەی لە سەری ڕێوە هەڵەی هەڵبژاردن دەکەن، پێ بە پێ ڕەوتە هەڵەتەکە درێژە پێ دەدەن، با هەر ڕێ ببڕن، قەت وقتهێک ناهێ بە جهێی نیاز بگەن. خەڵکی بە گشتە، بە شوێن پێی ڕێوانی هەڵەکرد و هەڵخەڵەتێنەردا ڕۆیشتوون، لە ڕەوەندی ڕابردوودا ئەو ڕێوانانە وەکوو زانا و ڕێشنا خۆیان بە خەڵکی ناساند، خەڵک متمانەی دانێ و، بڕوای بە گووتدراوەکان کرد. وەلێ خۆڵ کردراوەتە چاوان، درۆ لە گوێهان هاخێندراوە، بە ناوی زانست و زانینەوە،

دەمچەفتی وەگۆڕیٚ خڕدراوە. خەڵکینە لە منی ببیستن، منی فەریادڕەس، من هاتووم قڕبخەمە درۆ و دەمچەفتی، هاتووم وێنە ڕاستەکەی گەردوونتان نیشان بدەم و، دەماخ و دەروونی دەستەمۆ بە درۆ، قووتار بکەم.

## ڕیشەی 02

وقتهێتی، ڕاستیەقین بەجهیٚ دەبیٚ لە ناو سەران، سەرسووڕماو دەبن لەو هەموو درۆ و دەمچەفتیەی ترنجێندراونەتە سەرتانەوە. नاموس نیشانتان دەدات، نە تەقینەوەی گەورە لە گەردوون ڕوویداوە، نە زەوی ئەوها خڕە و، نە بە دەوری خۆردا دەخوولێتەوە، نیشانتان دەدات زەوی گچکەترە لە مانگ، چوونە سەرمانگیش ڕووی نەداوە. ئەو دەستگەلەی بە ناوی هەستێرەناسی لە گۆڕێن، دەستانێک نین بە هەستێران گهیشتبن، ئەو دەستگەلە دەستی دروستکردنی درۆن، دەستی زاڵمانی خۆرهەڵات و خۆرئاوان، درۆی پفدان لە بۆ زاڵمان دەهووننەوە، هەتاوەکک زل دەربکەون و، دەماخ و دەروونی خەڵکی دەستەمۆ بکەن. هەی داد، هەی داد! لەمڕۆوە زانستی هوودای مهیربان وەکوو تینی خۆرهەتاو هەموو جێهێک دەتەنیٚ، هیدی ئەو درۆگەلەی هووندراونەتەوە، هەرەسی بەفری کێوان بە خۆیانەوە دەبینن.

## ڕیشەی 03

سەرەتای قاڵبگرتنی گەردوون، بە لە دایکبوونی هووردترین تەنەکان دەستی پیٚ کرد، بە باندێتی تەنە هووردەکان گەورەترین تەن لە گەردوون پێک هات. گەورەترین تەن ناوکە هەستێرەیە، ناوکە هەستێرە لە وێنەی هوودای دایک، دایکێکی بەبیٚ دایکە، لە دایک نابیٚ، بەڵکوو لە باندێتی هووردە بوونەوەران پێک دیٚ. ناوکە هەستێرە بە خۆڕسک دایکە و سێیە لە هێکێکدا. هەرسیٚ خوودی کەنیشک و دایک و کووڕ، هەرسیٚ ڕەگەزی میٚ و نێرمووک و نێر لە پێکهاتەکەیدا بەرجەسدەن. ئەمە هیزرینی سەرەتا و کۆتایە، ڕاستیەقین تەنەها زانستی بیٚ خەوشی هوودایە.

## ڕیشەی 04

لە گەردووندا، گەورەترینەکان لە گچکەترینەکان پێک هاتوون، بچووکترینی بە قەوارە ئەو هووردە بوونەوەرانەن، ئەوانەی نۆینی بنەڕەت پیکدهێنن، گەورەترینی بە قەوارە

هەستێرەکانن. لە هەردوو باردا، nامووس هێکێکە، ئەوجۆرەی دایک، خێزان، کۆمەڵ لە هووردە بوونەوەران پێک دهێن، ئەوهاش لە هەستێراندا شێوە دەگرن. گەردوون لە گشتەدا، هەروەکوو هێک بوونەوەر وهایە، ناوەند و چەپ و ڕاست، ناوەند و سەرێ و خوارێ، ناوەند و پێش و پاش، سێهانەی گەردوونن، لە سێ باردا. گەردوون لە شێوەدا، وێنەی دڵ خۆی دەنوێنێ.

## ڕیشەی 05

هەستێرەکان بوونەوەرانی زیندووی هاسمانەکانن، بە گەردوون دهێن، دەژین و دەمرن. جۆرێتی پەیدابوون و مەرگ و ژینی هەستێران، هەروەکوو پەیدابوون و ژین و مەرگی هووردە بوونەوەران وهایە. لە نیگای بە شەردا گەردوون بێ پەروایە، هەتا چاو بڕبکات هەستێرە ڕژاوە، ئەم بێ پەرواهی و لە نۆڕین بە دەریەی هەستێران، لە دایکێتی ناوکە هەستێرەوە بە سەرەتا هات. ناوکە هەستێرە (خۆری دایک) لە هەموو ئەو هووردە بوونەوەرانە پێکهات، ئەوانەی بە سەرچاوە لە دایکی گەردوون(لە ناوکی هێکەم نۆینی بنەڕەت) بە زیندەگی هاتوون.

## ڕیشەی 06

ناوکە هەستێرە خۆرهەتاوە، خۆر ناوە ڕاستەکەی "هۆر"ە، بە واتای فەراوانی دێ، لە ناوەندی گەردوون دایە و، بە دەوری خۆیدا دەخوولێتەوە. هەموو ژمارەکان لە نۆ ژمارە پەیدا بوون و، نۆ ژمارەکەش لە ناوکە ژمارە، هەرئەوهاش هەموو هەستێرەکان لە نۆ هەستێرە سەرچاوە دەگرن و، نۆ هەستێرەکەش لە ناوکە هەستێرە. خۆرهەتاو ئەو ناوکەیە، دایکی گەورەی هەموو هەستێرەکانە. ئەو دەمەی خۆرهەتاو لە باندێتی هووردە بوونەوەران پێکهات، بە تەنەهێ بوو، هەروەکوو هوودای دایک تاک و تەنەها بوو، هیچ تەن و هیچ بوونەوەرێک لە گۆڕێ نەبوون، پاشانەکە خۆر بە خۆڕسک زگپڕدەبێ، لە جووتگرتنی بەشە تینەکانی پێوەی پەیوەستن، لە ناو خۆیدا دەڕسکێ و، دەکەوێتە قۆناخی زگپڕبوونی خوودکردەوە. خۆر سێجار زگی پڕ بووە و، لە هەرزاینێکدا دوو هەستێرە بە دوونیاهێ هاتوون. ئەوانەی لە دایک بوون، هەستێرەی زگێک لەگەڵ هەستێرەی زگێکی دی جووت دەگرن، سەرەنجام لە سێ جووتگرتندا، سێ هەستێرەی دی بە زیندەگی دەکەون. هێکەم نۆینی هەستێران، ئەوها بە سێ زاینی خوودکرد و، سێ زاینی جووتکرد بە دید هات.

## ڕیشەی 07

لە ناوکە هەستێرە و نۆینی هەستێراندا، خوودێتی دایک و منداڵ و نەوە بەرجەسدەن، هەموو بە هێکەوە خێزانێکن. لە باری ڕەگەزیدا، ئەو دووانەی لە زاینی هێکەمدا بە ژین هاتن، هەستێرێک نێرەمووک و هەستێرێک نێرە. ئەو دووانەی لە زاینی دووهەمدا لە دایک بوون، هەستێرێک مێ و هەستێرێک نێرە. ئەو دووانەی لە زاینی سێهەمدا پەیدا بوون، هەستێرێک نێرەمووک و هەستێرێک مێیە. منداڵەکانی دایک شەش هەستێرەن، دوو مێ، دوو نێرەمووک و دوو نێر. نەوەکانی دایک سێهانن، هەرهێکەیان ڕەگەزێکن. لە ڕێزبەندی ژمارەدا، هەستێرەکانی هێک، پێنج، هەفت لە باری ڕەگەزیدا نێرەمووک و لە باری خوودیدا دایکن، هەستێرەکانی دوو، چهار، هەشت لە باری ڕەگەزی نێر و لە باری خوودیدا کووڕن، هەستێرەکانی سێ، شەش، نۆ لە باری ڕەگەزیدا مێ و لە باری خوودیدا کیژن.

## ڕیشەی 08

هێک ناموس شێوەی بە گەردوون داوە، ڕێسای بە هاسمانێدانی هەستێران، هەمان ڕێسای بە زیندەگیهاتنی هوورده بوونەوەرانە. هەستێرانی نێرەمووک وەردەچەرخێن و دەبنە مێ، مێ کیژە و وەردەچەرخێ لە بۆ دایک، هەروەکوو کیژ و دایک لە خوودێتیدا لە ناو هێکدین، ئەوهاش نێرەمووک و مێ لە ڕەگەزێتیدا لە ناو هێکین، ئەوی لە کات و شوێنێک نێرەمووکە، لە کات و شوێنێکی دیکە مێیە، ئەو مێیەی لە کات و شوێنێک کیژە، لە کات و شوێنێکی دی دایکە.

## ڕیشەی 09

بناخ لە سەر وەرچەرخانی ڕەگەزی، هەردوو هەستێرەی نێرەمووک بە ژمارە هێک و پێنج، دەبنە مێ و، لەگەڵ هەردوو هەستێرەی نێر بە ژمارەکانی دوو، چهار جووت دەگرن، هێک لەگەڵ چهار و پێنج لەگەڵ دوو، سەرەنجام هەردوو هەستێرەی مێ زگپڕدەبن، پاشانەکە لە زاینی هەستێرەی پێنجەمدا، هەستێرەی هەفت وەکوو نێرەمووک لە دایک دەبێ، لە زاینی هەستێرەی هێکەمدا هەستێرەی هەشت بە نێر دهێتە دوونیاهێ، لە جووتگرتنی هەردوو هەستێرەی سێ و شەشیش، هەستێرەی نۆهەم بە هەستێرەی مێ لە دایک دەبێ. سێهەم جووتگرتن لە نێوان دوو هەستێرەی مێ دایە، هەرئەمەشە هێزێکی دەداتێ بە هێندەی هێزی هەموو ئەوانیدی. لە هوورده

بوونەوەران و لە هەستێراندا، سێ جۆر زگپڕبوونی مێ هەیە، مێ بە تەنەهێ و بەبێ ئەویدی، مێ لەگەڵ نێر، مێ لەگەڵ مێ. ئەو جووداهیەی زگپڕی و زاین، بەرهەمی جوودایەز دەخاتەوە. چاو لە ژمارەکان بکەن، هەنگێ باشتر لە جۆرێتی زگپڕی و زاینەکان تێدەگەن. بە جەمبوونی ژمارە سێ و شەش، ژمارە نۆ پەیدا دەبێ، هەرسێ ژمارەکە مێینەن، لە بەرزەفتکردندا سێ و شەش بە سەر هەموو ژمارەکاندا زاڵن، تەنەها بە سەر ژمارە نۆدا نەبێ، تەنەها نۆش قوودرەتی زاڵبوونی بە سەر سێ و شەشدا هەیە.

## ڕیشەی 10

خۆرهەتاو ناوکە هەستێرەیە و دایکێکی خوودکردە، سێ لە کچەکانی دەبنە دایکی جووتکرد، لە ئاکامی جووتگرتن لەگەڵ ئەویدی، ئاوس دەبن و، ئەوانی بە ژیان دێن منداڵی دایک و نەوەی دایە گەورەن. پێکهاتنی نۆینی هەستێران هەروەکوو نۆینی بنەڕەت سێ قۆناخ دەرباز دەکات و لە هەرسێ قۆناخ، هاوسەنگی ڕەگەزی و خوودی و ئاستەکان ڕاگیردراوە. لە قۆناخی هێکەمدا، ئەو دەمەی دایک (ناوکە هەستێرە) بە تەنەها خۆێتی، هەرسێ خوود و هەرسێ ڕەگەز و هەرسێ ئاست لە ناو هێکدین، وقتهتێکیش لە قۆناخی دووهەمدا بە سێ زاین شەش منداڵ لە دایک دبن، لە باری ڕەگەزیدا دوو مێ و دوو نێرەمووک و دوو نێرن. نێرەمووک وەردەچەرخێ لە بۆ مێ، مێ ڕەگەز تێدەپەڕێنێ و، لە خوودێتیدا وەکوو دایک خۆی بەرجەسدە دەکاتەوە. ئەو وقهتە لە باری خوودیدا، هەرسێ خوودی کیژ و دایک و کووڕ لە شەش هەستێرەکەدا بە دید دهێن. هەستێرەکانی هێک و پێنج، دایکن، چهار و دوو کووڕن، سێ و شەش کچن. قۆناخی سێهەم بە لە دایکبوونی سێ نەوەکە پێک دێ، ژمارە هەفت دایکە و هەشت کووڕە و نۆ کچە، لە باری ڕەگەزیشدا، نێرەمووک و نێر و مێن، ئەوها قۆناخەکان بە هاوسەنگی پێکهاتوون.

## ڕیشەی 11

جێداربوونی نۆینی هەستێران لە دەوری خۆرهەتاودا، لە پایە و مەودای جوودا دایە، هیچ هەستێرێک هاوپا و هاومەودای هەستێرێکی دیکە نیهە. بە پێی مەودا، لە هێک هەتا نۆ، هەستێرانی نۆین بە نۆ مەودای جوودا بە دەوری خۆرەوەن. بناخ لە سەر جووداهی مەودا، هەستێرەکان ژمارەدارن، هەستێرەی هێکەم و دووهەم وەک دووانە لە دایک بوون، هێک لە سەرێ و دوو لە خوارێ جهێداربوون. هەستێرەی سێهەم و

چوارەم وەک دووانە بە زیندەگی هاتن، لە لای چەپ و ڕاستی خۆر جێدابوون، سێ لە چەپ و چوار لە ڕاست. هەستێرەی پێنج و شەش وەکوو دووانە بە گەردوون هاتن، شەش لە پێشێ و پێنج لە پاشێ جهێیان گرت. پاشانەکانێ سێ هەستێرەی دواهین، لە سەر ئاستی گشتەدا، بە شێوەی سێگۆشێکی گەورە لە دەوری خۆرهەتاودا بە جهێ دەبن. ئەو جێداریەی جوودامەودا، گرێدراو بە قەوارەی هەستێرەکان هاوسەنگی پێک دهێنێ.

## ڕیشەی 12

ئەو دەمەی هەستێرەکان جهێ دەگرن، سێگۆش پێک دهێنن، بەوەی لە پایە و مەودای جوودا جێداردەبن، شێوەی لار بە سێگۆشەی جێگرتنێ دەدەن. هەستێرەی هێکەم و دووهەم لە سەرێ و خوارێ، هەستێرەی سێهەم و چوارەم لە لای چەپ و ڕاست، هەرجووتێکیان لەگەڵ خۆرهەتاوی دایکدا، سێگۆشەی شێوە جوودا پێک دهێنن، پاشانیش بە لە دایکبوونی هەستێرەکانی پێنجەم و شەشەم، شێوەی دیکەی سێگۆش لە نێوان هەستێرەکان خۆیاندا پێک دهێن. پاشتریش ئەو وقهتەی سێ هەستێرەی کۆتاهی نۆین لە دایک دەبن، سێ سێگۆشەی دی دروست دەبن. لە چ تاقی سێگۆشەکاندا، نە لە باری ئاسۆهی و نە لە باری پانی و، نە لە باری ستوونیدا، هاوتیرە و تەریبی وەگۆڕێ ناکەوێ، هەرسێگۆشێک شێوەکەی تایبەتمەندە و دووبارەی نیهە.

## ڕیشەی 13

خۆرهەتاو دایکێکی تاقانەیە، هیج دایکێک لە نێوان هەستێراندا خۆی لە وێنەی کتومتی خۆرهەتاودا نابینێتەوە. خۆر دارای شەش منداڵ و سێ نەوەیە، منداڵ و نەوەکان نە لە خۆری دایک دەچن، نە لە هێکدی. بناخ لە سەر ناموس(ناوکی خوودێتی هوودای دایک)، چ کات دووبارە و وەک هێکی بە ژین داناهێ. لەو وقهتەوەی بە سەرچاوە لە دایکی گەردوونێ، هێکەمین نۆینی بنەڕەت خوولکاوە، قەتوقەت ڕووی نەداوە بوونەوەرێک لە دایک بووبێ، هاوجۆرێکی لەوەوپێشی هەبووبێ، لە داهاتووش هەرگیز وێنەی لێ دووبارە نابێتەوە. ڕێسا وهایە هەموو هێکێک لە بوونەوەران تایبەت و بێ وێنەن.

## ڕیشەی 14

ئەو نۆ هەستێرەی بە دەوری خۆرەوەن، هەرهێکەیان دارای قەوارە و قاڵبی تایبەت بە خۆێتی، نە تین و نە تەنی هیچ هێکێک وەکوو هێکێکی دیکە نیهە. ڕێسای بە ژین

هاتن و هایە، لە گەورەوە گچکە، پاشان لە گچکەوە گەورە لە دایک دەبێ. خۆر دایکە، ڕۆڵی ناوکی لە هێکەم نۆینی هەستێراندا گێڕداوە. ناوک بە قەوارەی تین و تەن گەورەیە، ئەوانەی لە دایکێتی ناوکەوە بە ژین دهێن، لە هێک هەتا شەش، پێ بە پێ لە گچکاتی تەن لە بۆ گەوراتی تەن هەڵدەچن، هاودەم لە قەوارەی تین لە گەورێتی لە بۆ گچکێتی دادەچن. ئەو سێ هەستێرەی وەکوو نەوەی خۆر لە دایک دەبن، تایبەتمەندن و وەکوو ئەوانیدی نین، لە تین و تەن گەورەن. دووان لەم سێهانە، لە پاشاندا دەبنە دایکی خوودکرد و، بناخ لە سەر ئەو دایکێتیە، دوو نۆینی دیکەی هەستێران بە زیندەگی دهێنن. لە هەستێران و گشتەی بوونەوەراندا، پێکهاتەی بەشە تینی پەیوەست بە بوونەوەرەکە، بە باری ڕەگەزی و خوودی و، بە هەژماری نامووس هەڵواسدراوە، لە چەندێتیدا گووژمەی بەشە تینی مێ لە ڕەگەزی دیکە فەرەترە، ئەم فەرەبوونەی چەندێتی لە مێدا، گرێدراوی ئەوەیە لە جۆرێتیدا مێ لە پێشەوەیە، چەند جۆرێکی تین تایبەتن بە دایکێتی و، تەنەها لە پێکهاتەی تینی مێدا جێدار دەبن.

## ڕیشەی 15

ناوکە هەستێرە و هەستێرەکان، وەکوو هەموو بوونەوەرانی لەشدار، قۆناخەکانی تەمەن بە خۆیانەوە دەبینن، ئەو وقهتەی بە ژین دهێن ساوان، بە گوزەری کات گەشە دەکەن و گەورە دەبن، هێک بە دووی هێک قۆناخەکانی تەمەن دەرباز دەکەن. هیچ تەن و، هیچ هەستێرێک بە قەوارەی جێگیر لە دایک نابێ، لە قەوارەی بچووکەوە هێواش هێواش گەورە دەبن، پاشان جێگیر دەبن، لە کۆتاهی تەمەنیانیشدا برێکی کەم لە قەوارەیان گچکە دەبێتەوە. گەشەی قەوارە لە تافی منداڵیانەوە، هەتا تافی لاوی دەوام دەکات، ئەو دەمە گەشەی گەورەبوونی قەوارە دەوەستێ، جوولە و بزاوتیش پێ بە پێ لەگەڵ قەوارەکەدا دەگۆڕێ. وەلێ هووردەی پێکهاتەی لەشی هەستێران، لە ڕۆژی بە زیندەگی کەوتن، هەتا ڕۆژی مردن، دەوام دەکات. ئەو کاتەی لە نوێبوونەوەی لەشدا دەگوزەرێ، هەمیشە لە گۆڕان دایە، لە پێشدا نوێبوونەوە خێرایە، پێ بە پێی بە سەرچوونی تەمەن خاو دەبێتەوە. هەتاو (خۆری دایک) هەتا ئەو ڕۆژەی دەمرێ، هەمیشە دەسووتێ، بە سووتانی توێژی سەرەوە، لە ژێرەوە توێژێکی دی بەرهەم دهێتەوە. نە قەوارەی خۆرهەتاو، نە قەوارەی هیچ هەستێرێکی گڕدار، بە هۆی سووتانیەوە لە کەمی نادات و بچووک نابێتەوە، چوونکی بەردەوام لەشی خۆیان بەرهەم دهێننەوە. لە ڕاستیدا توێژەکانی لەشی هەموو بوونەوەران، لە بەرهەم هاتنەوەی بەردەوام دان. سەرنج لە مووی لەشی خۆتان، یان سەرنج لە نینۆکەکانتان بدەن، هەرچەند دەیقرتێنن، دیسان بە دید دهێتەوە، پێستی لەشیش ئەوهایە، تەنانەت

بەشەکانی ناوەوەی لەشیش لە نوێبوونەوەی نەسرەوتانەن. ڕێک ئەوهاش لە بە دیدهاتنەوەی تووێژاڵی خۆرهەتاو بڕوانن، بەشکوو باشتر لێی تێبگەن. نوێبوونەوە پرۆسیسێکی نەسرەوتانەیە لە پێکهاتەی هەموو بوونەوەرێکدا، جا قەبارە و قاڵبی بوونەوەرەکە هەرچ لۆنێک بێ.

## ڕیشەی 16

هەموو هێکێک لە هەستێران ژمارەدارن، ژمارەی دووبارەش لە گەردوودنێ نیهە. قەوارە، قاڵب، پایە، مەودا، جوولە و هەموو شتێک بە ژمارەن، هەر ژمارهێک لە هەستێرێکدا بەرجەسدە بێ، لە هەستێرێکی دی ئەو ژمارەیە دووبارە نابێتەوە، چوونکی نە لە هەستێران و، نە لە هیچ چەشنێکی بوونەوەراندا وەک هێکی نیهە، ئەوانی لە گۆڕێن، هەم لە جەوهەر و هەم لە ڕووکەش جوودان، بەرچاوکەوتنی وەک هێکی لە ڕووکەشدا، لێکەوتەی کەم تینی چاوە، دەنا هەرگیز وەکی هێکدی نین. جووداهی لە قەوارە و قاڵبدا لە تخووبی تەن ناوەستێ، بەشە تینی تایبەت بە تەنەکە لە چەندێتی و جۆرێتیدا، بە هەنداز و شێوازی تەن هەڵواس دراوە. لە باری شێوە و قاڵبدا، چ تاقی هەستێران لە شێوەی تۆپەڵ نین، شێوە و قاڵبی خۆرهەتاو خڕنیهە، بەڵکوو خڕ بەرچاو دەکەوێ. خۆرهەتاو نە هێندە گەورەیە و، نە هێندەش خڕە، لە ڕاستیدا بە شەرارەی ئاگرەکەی، گەورەتر حۆی دەنوێنێ، لە خڕ دەرکەوتنیشیدا هەم بڵێسەی گڕەکەی بە دەورە، هەم ئەوەی کە کووپەڵەی زەوی کەوتۆتە خوار خۆری دایکیەوە، لە کاتێکدا خۆی شێوەی نێزیک لە کووپەڵەی هەیە. خڕێتی و شێوەی تۆپەڵ بە هاوتابوونی باری ئاسۆهی و پانی و ستوونی بە دید دێ، ئەمەش شتێکە قەت پێک ناهێ، لەبەر ئەوەی وەک هێکی لە قەبارە و مەودای بەینی هووردەبوونەوەرانی پێکهاتەی ناوکە هەستێرە و هەستێراندا نیهە، هەروەکوو ژمارەکان لە هێکەوە هەتا نۆ پێ بە پێ قەبارەیان جوودایە، ئەوهاش قەبارەی پێکهاتەکان جوودایە، لە گچکەوە بەرەو گەورەبوون دەڕۆن و، بە سێگۆش مەودادەردەبن، بەمەش لە ئاستی پانی نێزکە خڕێتی و، لە ئاستی ئاسۆهی و ستوونیدا نێزیکە تەشیلە و کووپەڵە شێوە دەگرن.

## ڕیشەی 17

ناوکە هەستێرە و نۆینی هەستێران، لە پێکهاتندا سێ دایکێتی دەرباز دەکەن، هەرهێکەیان تایبەتمەندن. تاق بە تاق هەستێرەکان بوونەوەرن، هەمووش بە هێکەوە وەکوو پێکهاتەی نۆین بوونەوەرێکن. هەردوو هەستێرەی هەفتەم و نۆهەمی نۆین لە

ڕێی زگماکییەوە، تایبەتمەندی خۆڕسکانەی بوون بە دایک، لە خۆری دایە گەورەیانەوە وەردەگرن، ئەو دوو هەستێرەیە لە کاتی لە دایکبووندا، دوورمەودا جهێ دەگرن، وقتهێک گەشەی تەمەن دەکەن و پێ دەگەن، دەبنە ناوک، دەبنە دایکی خوودکرد، ئەمجا بە سەرچاوە لەم دوو ناوکە، دوو دانەی دیکە لە نۆینی هەستێران بە زیندەگی دهێن. دواهین هەستێرەکانی هەردوو نۆینەکە سێ جووتەن، جووت دەگرن و سێ هەستێرەی نوێ لە دایک دەبن، ئەوانی لە دایکبوون بە شێوەی سیگۆشێکی گەورە لە سەر ئاستی هەرسێ نۆینی هەستێران جێداردەبن. لە گشتەدا ئەوەی پێک دهێت هێکەم پۆڵە هەستێرەیە. پۆڵە هەستێرە لە سێ ناوک و سێ نۆینی هەستێران و سێگۆشێکی هەستێرە پێک دێ. ناوک و نۆینەکان سەربەخۆ بوونەوەرن، هەمووش بە هێکەوە لە بازنەی پۆڵە هەستێرەدا بوونەوەرێکن.

## ڕیشەی 18

لە پێکهاتەی پۆڵە هەستێرەدا، هەروەکوو پێکهاتەی نۆینی هەستێران، سێ هەستێرەی دواهین، مێ و نێرەمووک و نێرن، هەستێرە نێرەمووکەکە لە میانی گەشەکردندا وەردەچەرخێ و دەبێتە مێ، لەگەڵ مێیەکەی دی دەبنە دوو ناوک، ئەوجا سەرچاوە لەم دوو ناوکە، دوو پۆڵە هەستێرەی دیکە لە دایک دەبن. دواهین هەستێرانی هەردوو پۆڵەکە سێ جووتەن، جووت دەگرن و سێ هەستێرەی دیکە بە ژین دهێن، لە سەر ئاستی هەرسێ پۆڵە هەستێرەکە بە سێگۆش جێدار دەبن. ئەوها هێکەم گەلەهەستێرە پێک دێ. پێکهاتەی هێکەم گەلەهەستێرە سێ پۆڵە هەستێرە و سێگۆشێکە، نۆ ناوک و هەشتا و سێ هەستێرە لە خۆ دەگرێ. دوو هەستێرەش لە دەرەوەی گەلە هەستێرەکە بە جهێ دەبن، دایکێتی دەکەن و دوو گەلە هەستێرەی دیکە بە زیندەگی دهێنن. پۆڵە هەستێرەکان سەربەخۆ بوونەوەرن، وقتهێکیش هەرسێ پۆڵ بە هێکەوە وەکوو گەلەهەستێرە شێوە دەگرن، بوونەوەرێکی گەورەترن.


## ڕیشەی 19

هێکەم گەلەهەستێرە لە پێکهاتندا، بە سێگۆشێکی هەستێران دواهی دێ. لە سێ هەستێرەی سێگۆشەکە، دووانیان دەبنە ناوک و، بناخ لە سەر ئەو دوو ناوکە، دوو گەلەهەستێرەی دی لە دایک دەبن. لە نێوان سێهانەی کۆتاهی هەردوو گەلەهەستێرەش، سێ جووتە دروست دەبن، لە جووتگرتنی نێوانیاندا سێ هەستێرە لە دایک دەبن، هەستێرە لە دایکبووەکان لە سەر ئاستی هەرسێ گەلەهەستێرەدا بە سێگۆشێکی گەورە

مەودا دەگرن. ئەوەی پێک دێ فەلەکە. پێکهاتەی فەلەکی هەستێران سێ گەلەهەستێرە و چەند هەستێرێکە. دووان لەو سێ هەستێرانەی لە کۆتاهیدا لە دایک دەبن، دەبنە ناوک لە بۆ بە زیندەگی خستنی دوو فەلەکی دیکە. ڕێسای بە ژین هاتن و پەرەسەندن لە هووردە بوونەوەران و، لە هەستێراندا هێکێکە، پۆلەهەستێرە و گەلەهەستێرە و فەلەک هەروەکوو گەردیلە و گەرد و خانەن، تەنانەت ڕێی پەرەستەندنی فەلەکەکان لە وێنەی ڕێی پەرەستەندنی خانەکان دایە. لە هێکدا دوو، لە دوودا چوار، لە چواردا هەشت، لە هەشتدا شازدە بەرهەم دهێن، هەر ئەوها پەرەستەندن دەوامی دەبێ و بە ملیاران ملیار هەستێرە بە هاسمانێ دەکەون.

## ڕیشەی 20

هەموو هەستێرانی گەردوون لە ڕێی دایکانی خوودکردەوە گرێدراوی هێکدین، لە نۆینی هەستێراندا، دایکی خوودکرد لە نۆینێک کیژە و لە نۆینێکی دیکە دایکە، ئەمەش نۆینەکانی بە هێکدی پەیوەست کردوون، لە پێکهاتنی پۆلەهەستێرەکان و گەلەهەستێرەکان و فەلەکەکانیشدا، دایکانی خوودکرد هەمان ڕۆلیان گێڕداوە، لەم ڕۆلگێردانەدا هەموو گەردوون بە هێکەوە گرێدراوە. دایکانی خوودکرد لە هەستێراندا ئەو دایکانەن، ئەوانەی ڕۆلی ناوکە هەستێرە دەبینن و، بە خۆڕسک وبەبێ جوودبوون لەگەڵ ئەوانیدی، لە سێ زایندا سێ جووت هەستێرە بە زیندەگی دەخەن، لە کاتێکدا دایکانی جووتگر بە جووتگرتن لەگەڵ ئەوی دیکەدا، هێک هەستێرە بە ژین دهێنن.



## ڕیشەی 21

ئەو نۆینەی وەکوو کۆمەڵەی خۆرهەتاو ناوی دراوەتێ، گەلێک درۆ و دەمچەفتی بە ناویەوە هەڵبەست دراوە، نیوەی ئەو هەستێرانەی بە پێکهاتەی کۆمەڵەکە نیشان کردراون، لە منداڵ و کچەزاکانی خۆرهەتاو نین، کۆمەڵەی دیکەن و نەوەی نەوەکانی خۆرهەتاون. بە سەرچاوە لە هەستێرەی هەفتەم و نۆهەمی نۆینی کۆمەڵەی خۆرهەتاو، کە بوونەتە دایکی خوودکرد، دوو نۆینی دیکەی هەستێران بە ژین هاتوون و، نێزیک لە نۆینی خۆرن، لە مەوداگرتندا دوو هەستێرە لەوانەی دوو نۆینەکە لە کەرخی خۆر جێداربوون، وقتهێکیش پۆڵەهەستێرەکە دەبێتە سێ پۆڵ، چەند هەستێرێکی دیکە لە هێروە و هێوەی خۆرهەتاودا مەودا دەگرن، بەمەش تێک هاوڵاوی وەگۆڕێ کەوت. لەم تێک هاڵاویەدا چاو هەڵدەخەڵەتێ و، بەشەر قوودرەت ناکات منداڵەکانی خۆر لە نەوەی نەوەکانی جوودا بکاتەوە.

## ڕیشەی 22

پۆڵەهەستێرە لە سێ نۆین و سێگۆشێکی هەستێران پێک دێ، بە ژمارەی تاکێتی، سێ ناوکە هەستێرە و بیست و هەشت هەستێرە لە خۆ دەگرێ، دوو لەو هەستێرانە لە دەرەوەی پۆڵەکەن، دەبنە ناوک و دوو پۆڵەهەستێرەی دیکە بە ژین دهێنن. پۆڵی دووهەم و سێهەم هەرهێکەیان بە ناوکەوە سی و هێک هەستێرەن، سێهانەی کۆتاهی هەردوو پۆڵەکەش دوو بە دوو جووت دەگرن و سێ هەستێرەی دیکە پەیدا دەبن. هەرسێ پۆڵەهەستێرە بە هۆی دوو دایکە خوودکردەکەوە گرێدراوی هێکدین، لەم گرێدراویەدا گەلەهەستێرە پێک دێ. پێکهاتەی هێکەم گەلەهەستێرە نۆ ناوکە هەستێرە و هەشت و پێنج هەستێرەن، دوو لە هەستێرەکان لە جێداریدا بە دەرن لە گەلەهەستێرەکە، ئەو دووانە دەبنە ناوک و بناخ لە سەر دایکێتی خۆڕسکانەی ئەوان، دوو گەلەهەستێرەی دی لە دایک دەبن. گەلەهەستێرەی دووهەم و سێهەم، هەرهێکەیان نۆ ناوک و هەشتا و پێنج هەستێرەن. لە جووتگرتنی سێهانەی کۆتاهی هەردوو گەلەهەستێرەش، سێ هەستێرەی دیکە لە دایک دەبن. هەرسێ گەلەهەستێرەکە لە ڕێی دایکەکانەوە بە هێکەوە هەڵواس دراون، لەم بە هێک هەڵواسبوونەش فەلەک بە دید دێ. فەلەک لە بیست و هەفت ناوکە هەستێرە و دوو سەد و پەنجا و دوو هەستێرە پێک دێ، دوو هەستێرەی دیکەش لەو فەلەکە لە دایک دەبن و لە دەرەوەی پێکهاتەکە مەوداردەبن، پاشانەکە بناخ لە سەر ئەم دوو هەستێرەیە، کە لە دواهیدا دەبنە دایکی خوودکرد(ناوکە هەستێرە)، دوو فەلەکی دیکەی هەستێران بە گەردوونێ دادهێن. پلەبەندێتی پەیدابوون ئەوها دەوام دەکات، هەتا بەشە جیداکانی گەردوون پێک دهێن،

هەربەشێکیش لە گەردوون تایبەتمەندە و، لە سەرجەمی بەشەکانیشدا هێکێتی تایبەتمەندێتی قاڵب دەگرێ، ئەو جۆرەی لە هێکێتی بەشەکانی پێکهاتەی بەشەریدا، کۆبوونێک هەیە و، بە هێکدیەوە تایبەتمەندن، بێجگە لە تایبەتمەندی بەشەکیانەی گیان و لەش لە بەشەکانی پێکهاتەکەدا.

## ڕیشەی 23

هامی گەردوون، وەکوو بوونەوەرێکی زیندوو وهایە، لە پێکهاتەشدا بچووکترینی گەردوون، هەتا گەورەترینی، بە شێوەی جوودا و تایبەتمەند دەخوولێنەوە. ناوکە هەستێرە و هەستێرەکان، هەموو لەگەڵ لە دایکبوون و بە زیندەگی کەوتندا، بە دەوری خۆیاندا خوول دەخۆن، خوولانەوە بە پلەیە، پلەی خوولانەوەی هیچ هەستێرێک وەکوو هەستێرێکی دیکە نیهە. قەوارەی تەن و پلەی خوولانەوە هاوسەنگ ڕاگیردراون، هەرهێکەیان بە هەندازەی قەوارەی لەشی خۆی دەخوولێتەوە، گەورە هێواش و گچکە خێرایە، چەندێک قەوارەکە گەورەتربێ، خوولانەوە خاوترە، چەندێکیش گچکەتربێ، خوولانەوە خێراترە، بەمەش جیداوازی بەینی قەوارەکان بە جیداوازی هەندازەی خوولانەوەکان هاوسەنگ دەبێتەوە. خۆرهەتاو و هەستێرەکان، لە وێنەی تەشیلەی بادراون، دارای دوو سووڕی خوولانن، جاری هێکەم لە چەپ بەرەو ڕاست بە دەوری خۆیاندا دەخوولێنەوە، لە تەواوبوونی سووڕەکەدا ساتێک دەوەستن، ئەمجا هەڵدەگەڕێنەوە و، لە ڕاست بەرەو چەپ دەخوولێنەوە، بە تەواوکردنی سووڕی دووهەم دەوەستن و دەربازی مەرگ دەبن. سووڕی هێکەم مێیە، وەستانی ناوەند نێرەمووکە، سووڕی دووهەمیش نێرە. لە خوولاندا زیندوویێتی بەرهەست دێ، تەکان دەوامی زیندوویێتی دەدات، منداڵبوون و مهیرگان دوو ڕێی تەکانن، بەڵکوو دوو ڕێی زیندەگین. ئەو دەمەی هەستێرە لە جوولە دەکەوێ، دەمرێ و قۆناخی هێکەمی زیندوویێتی تەواو دەبێ.

## ڕیشەی 24

ڕاستی ئەوەیە هەستێرەکان بە دەوری خۆری دایکدا ناخوولێنەوە، بەڵکوو لە دەوری خڕبوونەتەوە. لە هیچ نۆینێکدا هەستێرە بە دەوری ناوکە هەستێرەدا خوول ناخۆن. ناوک دایکی خوودکردە، دایک لە ناشوێنی خۆیدا قرار دەگرێ و، بە دەوری خۆیدا دەخوولێتەوە. بەڵام ئەو هەستێرانەی دایکی جووتکردن، لە پاش مهیرگاندا بە شێوەی نیمچە کەوان دەخوولێن و، جووتگرەکانیان بە دوویاندا دەخوولێنەوە. هەستێرەی

چهارەم بە دووی هێکەم، هەستێرەی دووهەم بە دووی پێنچەم، هەستێرەی شەشەم بە دووی سێهەمدا دەخووڵێتەوە، لەم جۆرە خوولانەوەیەدا، شێوەی نیمچە کەوانی خوولان دروست دەبێ و، وها دهێتە پێشچاو بە دووی هێکدیدا بخووڵێنەوە، ئەوهاش نیهە. هەستێرانی هەفت و هەشت و نۆ تەنەها بە دەوری خۆیاندا خوول دەخۆن، هەستێرەی هەشتەم لە هەرنۆینێکدا نێرێکی تەنەهایە، بەس بە دەوری خۆیدا خوول دەخوات و، خوولانی کەوانی بە خۆیەوە نابینێ، هەرئەوهاش هەردوو هەستێرەی هەفتەم و نۆهەم دایکانی خوودکردن و، لە وێنەی خۆر هەتاودا تەنەها بە دەوری خۆیاندا دەخووڵێنەوە. خوولانەوە گوزەری کاتە، بە سەرداچوونە، لە بەراهیدا قۆناخی گەشەیە، لە دواهیدا تەواوبوون و تیێدا چوونە. ژینی ناوکە هەستێرە و هامی هەستێران، وەکوو هەرزیندەوەرێکی دی سێ سوورە. لە سووری هێکەمدا، تەنی هەستێرە لە ڕەقی و شلی و گازیدایە، بەم پێکهاتەوە لە چەپ لە بۆ ڕاست بە دەوری خۆیاندا دەخووڵێتەوە، هەتا لە کۆتاهی سوورەکەدا هاوشێوەی تەشی بادراو هەڵدەگەڕێتەوە، ئەوجارە لە ڕاست لە بۆ چەپ بە دەوری خۆیاندا سوور دەخۆن، لە کۆتاهیدا لە خوولان دەستن، ئەم وەستانە مردنی هەستێرەیە. مردن سووری دووهەمە لە ژیندا، لەو سوورەدا ڕەقێتی تەن هەڵدەوەشێ و لە ناو دەچێ، پێکهاتەی تەنی هەستێرە لە شلی و گازیدا شێوە دەگرێ. پاش تەواوبوونی سووری دووهەم، تەنی شل بە هێوری لە ناودەچێ و، هەستێرە دەربازی سووری سێهەمی زیندەگی دەبێ. لەم دواهین سوورەدا، تەن تەنەها گازە. لە هەرسێ سوورەکەدا خوولان بە پێی هەرهێکە لە سوورەکان تایبەتمەندە، لە سووری سێهەمدا هەربوونەوەرێک تەمەنێکی تووڵکێشی وەکوو بێکۆتا بە سەر دەبات، بەڵام لە دواجاردا ئەویش کۆتاهی پێ دێ، چوونکە ئەوی لە دایکبووبێ دەشمرێ، تەنەها تین هوودای دایک، بێکۆتا و هەمیشەیە.

## ڕیشەی 25

هەرهەستێرێک لە بازنەی خۆیدا دەخووڵێتەوە، ڕووی نەداوە و ڕووشنادات هەستێرێک خۆی بە هێکێکی دیکەدا بکێشێ. هەرئەوهاش بەرد بە سەر هیچ هەستێرێکدا نەکەوتووە، هیچ وقتهێکیش بە سەر هیچ هەستێرێکدا ناکەوێ. تاقە بەرکەوتنێک لە هاسمانەکاندا، بەرهێککەوتنی هەستێرانی جووتگرە لە مهیرگاندا، پاش بەرهێک کەوتنەکە دەست بە خوولانەوەی نیمچە کەوانی دەکەن. هەستێرەکانی هاسمانێ، لە وێنەی تێکڕای خوولکاوانی دیکە، بوونەوەرانی زیندوون و، دارای گیان و لەشن، سێ سوور دەژین و، بە تەواوبوونی هەرسوورێک، ئاستێک لە تەنی هەستێران هەڵدەوەشێ، هاودەم بەشە گیانی ئەو ئاستەی هەڵوەشاوەتەوە، تێکەڵ بە

خوودێتیە گیانیەکەی هوودای دایک دەبێتەوە. لە پاش سووڕی هێکەمی زیندەگیدا، هەستێرە دەمرێ و، بە گوزەری کاتی پەیوەند بە خۆیان، پێکهاتەکەیان شی دەبێتەوە، بەبێ ئەوەی شیبوونەوەکە لێکەوتەی لە سەر هەستێرەی دیکە هەبێ، چوونکە میان و مەودای هەستێرێک لەگەڵ هەستێرێکی دی بە هەندازێکە لێکەوتەی هەڵوەشانەکە هەندازەکە دەرباز ناکات، تەنانەت تاقە گەردێک ناگاتە هەستێرەی دی. هەڵوەشانەوەی هەرئاستێکی تەن لە کۆتاهی سووڕەکاندا، هەڵوەشانێکە هەروەکوو ئەوەی ئەو ئاستە لە تەنی بوونەوەرەکەدا نەبووبێ.

## ڕیشەی 26

بۆشاهی بە واتای تەن(بە واتای مادە) هەیە، وەلێ بە واتای تین(بە واتای وزە) بۆشاهی لە گۆڕێ نیهە، ئەوەی بۆشاهی نێوان تەنەکانە، تین تەنیوێتی. تین پێودانگ و بنەمایە، جا بە واتای تین هیچ بۆشاهیێک لە گەردوونێ نیهە، لە هەرجهێ تەن نەبێ، لەوێ تین هەیە، ئەوەی ناوی لێندراوە بۆشاهی، تینە، ئەوەی بە بۆشاهی هاسمانێ ناودێرە، یان تینە، یان بوونەوەرانێکن لە دۆخی گازیدا. تین و تەن لە گۆڕێن، تین هەموو گەردوونی تەنیوە و، تەن لە ناو تیندا جێدارە. هەستێرەکان لە ناو تین لە دایک دەبن و جهێ دەگرن، لە ناو تیندا بە هۆی خوولانیانەوە هێزی خۆڕاگرتن و وەستان پەیدا دەکەن، لە هەمان ناشوێنی بە ژین هاتن، سووڕەکانی ژیان دەگوزەرێنن، هەرکاتیش خوولانەوە نەمێنێ، تەن کۆتاهیان دێ، پاشانەکەش هەڵدەوەشێن، هەڵوەشانێک وەکوو ئەوەی هەرنەبووبن. شوێن قەسدێکە لە تەن، ناشوێن قەسدێکە لە تین. قوودرەتی بەشەر مەرزێکە، بە گوێرەی تەن نەبێ ناتوانێ قامکی دیاریکردن هەڵبشەقێنێ، قەتیش وەدید ناهێ نە پێکهاتەی گچکەلانی بوونەوەران، نە هەیکەلی گەورەی گەردوون نیگا بکات. بەڵام بەشەر هەلی دراوەتێ لە ناو سەری خۆیدا، بە سەرانسەری گەردوونێدا بگەڕێ، هەلی ئەوەشی هەیە لە میانی مەخدیدبووندا، بە نۆڕینی زهینی، بچێتە دیداری هوودای مهیربانەوە.

## ڕیشەی 27

گەردوون لە تێکڕایدا بە وێنەی دڵ، یان کەرخە کووپەڵ شێوەی هاتووتێ، یان لە شێوەی گەردەن وهایە، هەردوو وشەکەش"گەردوون و گەردەن" لە زمانی زگماکدا هاوواتان. گەردوون بە باری پانیدا نێزیک لە شێوەی گۆزە و، بە باری ستوونیدا نێزیک لە شێوەی کووپەڵە دەنوێنێ، ئەمەش لێکەوتووی ئەوەیە سێگۆشێکی گچکەلان

و سێگۆشێکی گەورە شێوەی بنەڕەتەکەی دروست دەکەن. هێکەمین تەنەکان، کەنیشک و کووڕەکانی هوودای دایک لە وێنەی هووردە دڵ بە شێوە هاتن، بە هەندازێکی هێندە هووردیشن، قەت بەردید ناهێن، لە کۆتاهیشدا گەردوون بە وێنەی دڵێکی گەورە شێوەی گرت، بە هەندازێکی ئەوها گەورە، قەت چاو بڕنەکات نیگای بکات. لێرەدایە جۆرێک لە هێکسانبوونەوە بە گۆڕێ دەکەوێ، نە زیێدە گچک و نە زیێدە گەورە، چ تاقێکیان نابیندرێن. لە مابەینی هەردوو شێوە دڵەکەدا، بناخ لە سەر سێ وێنەی بە شێوەهاتن، چەشناوچەشنی وەگۆڕێ کەوتووە، وێنەی نێزیکە دڵ بە لای خڕێتی و، بە لای تەشیلەهی و، بە لای دڵ خۆیدا، ئەو سێ وێنەیەن سەرچاوەی هەموو وێنەکانی شێوەگرتنی بوونەوەران پێک دهێنن، بە جووداپەزی لە قاڵب و قەوارەیانەوە. لەشی بوونەوەر هەرهێکێک لە وێنەکانی تیێدا بە شێوە هاتبێ، لای چەپی ئەو لەشە گچکەلتر و نازکترە لە لای ڕاستی، چوونکە چەپ مێیە و ڕاست نێر، سەرێ مێ و خوارێ نێرە، پێش مێ و پاش نێرە، لە گشتەشدا مێ لە قەوارەی تەندا تەنک و نازدارە، نێر زبر و قەبەیە. ئەم جیدابوونەی مێ و نێر لە پێکهاتەی خۆر و هەستێراندا، وهای کردووە هەرهێکەیان لە خوولانەوە بە دەوری خۆیاندا مەیلان بکەن و لاربوونەوەیان لە بۆ دروست بێ. هەرسێ شێوەکە و، تایبەتمەندی مێهێتی سەرێ و نێرێتی خوارێ وا لە پێکهاتەکەی بەشەردا بەرجەسدەن. بوونەوەرێتی لە گەردووندا، لە سێ ئاستی بەرجەسدەبوون دەردەکەوێ، هەرهێکێک لەو ئاستانەش بە سەر سێ دابەش دەبنەوە و نۆین پێک دهێنن. نۆینی بنەڕەت هووردترین و، نۆینی هەستێران گەورەترین بەرجەسدەبوونی بوونەوەرن لە گەردووندا. زهینی بدەنێ و لێی تێبگەن، بەشەر لە سەر ڕووی هێکێک لە گەورە بوونەوەری نۆینی هەستێران خوولقاوە، پێکهاتەی لەشی بەشەریش لە نۆینی هووردە بوونەوەران پێک دێ. گازیلەکان بوونەوەرانی نۆینی بنەڕەتن، بە هەندازێک هووردن، چاوی سەر بڕ ناکات لێیان بنۆڕێ. ئەم هووردیهە لە شلیلەکانیشدا دەگاتە ئەو ئاستەی ئامرازی هووردبین نەتوانێ بەرهەستیان بکات. هەستێرەکانیش لە قوودرەتی چاو و ئامرازی دووربین بە دەرن، ئەوانی بەرنیگا دەکەون، لە چاو ئەوانی نەبیندراون، وەکوو ئەوە وهایە کەسی کوێر لە کەناری دەریادا، هەست بە هەبوونی چەند دەنکە زیخێک بکات لە سەر پتی پەنجەی پێیەکانیدا. خەڵکینە! مەخدید بن، بە چاوی زانستی هوودا ببینن و بیربکەنەوە، لە ناو سەری خۆتاندا وێنەی کەرخە کوپەڵەی گەردوون بکێشن، ئەو وێنەیەی سەر دەتوانێ بیکێشێ، بە دەست ناکێشدرێ.

## ڕیشەی 28

هووردە بوونەوەران و هەستێرەکان تەواوی تەمەن خۆبادەدەن و، بە دەوری خۆیاندا خوول دەخۆن. خۆبادان سەمایە، نەقشێکە هوودای دایک بە بوونەوەرانی داوە، لە

ئاستی تێکڕای پێکهاتەش، گەردوون بە دەوری خۆیدا خوول دەخوات و، لە سەمای مێهێتی دایە. لە سەمادا ژین و زیندووێتی بەرجەستە دەبێ، ئەو دەمەی سەما دەوەستێ، مەرگ پێش دێ و، جهێی ئەم سووڕەی زیندەگی دەگرێ. گەردوون لە واتاهێکدا، سەکۆی شاهی و سەمایە، دەنگی هەرا و هۆریا تەنیوێتی. بەشەرێت، بە تایبەتی مێی بەشەرێت، بە سەما و خۆبادان نەقشی هوودای دایک بە دید دهێنێ، ئەوانی لە ڕێی هوودا سەما دەکەن و دڵان شاد دەکەن، لە چاکەکارانن.

## ڕیشەی 29

هەموو کردە و بزێوی و لەلێک لە گەردووندا، دەچنە خڕیلەی تۆمارەوە، لە پێشەوەش هەموو خەسڵەت و تایبەتمەندیهەک هی شلیلە و ڕەقیلەی لەش لەو خڕیلەیە تۆماردەبن. گازیلەکان خڕیلەی تۆمارن، گازیلەکان ئاستی بنەڕەتی تەنن، سێ سووڕی ژین تووڵ دەکێشن و، پتر لە ملیاران ملیار ساڵ تەمەن دەکەن، لە پێکهاتەی هەر گەردیلێکیش بە ملیاران دانەن، هەرهێکەیان بە پێی جۆرێتیان ئەرکدارن لە تۆمارکردنەکاندا. تۆمار بە شێوەی هێمایە، نەک وشەی نوسدراو. هەڵبەتە ئەم خڕیلەی تۆمارانە لە پێکهاتەی هەموو بوونەوەرێکی هوورد و درشتدا جهێدار و کاران، بەم چەشنە هەموو زیندەوەرێک بە کردەی زهینی و، زاری و ڕەوتاری، لە سووڕی هێکەمی زیندەگیدا، تابلۆی دوو سووڕەکەی دیکەی ژینی خۆی دەکێشێ. لە بیروباوەڕانی پێشوودا دەنگوباس وهابوو، فەریشتەکانی هوودا خێر و شەڕی هەرکەس تۆمار دەکەن، فەریشتەکانی تۆمارکردنێ ئەو گازیلانەن، وان لە پێکهاتەی هەرزیندەوەرێکدا.

## ڕیشەی 30

ڕۆژانی دوونیا خراپبوون نێزیک بوونەتەوە، خۆر لە خوولانەوەی بە دەوری خۆیدا هێواش بووەتەوە و، ڕۆژ بە ڕۆژ خوولانەوەکە خاوتر دەبێ، لە سەرەنجامی ئەمەش ژینی زیندەوەرانی سەر ڕووی زەمین بە هێوری دواهی پێ دێ. نیشانەکان بە ئاشکرا دەرکەوتوون، بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما و تێکچوونی کەشی وەرزەکان، لێکەوتەی ئەم هێوربوونەوەیەی خوولانەوەی خۆرن. خوولانەوەکە پێ بە پێی تێپەڕبوونی کات هێورتر دەبێتەوە، بەو هەندازەیەش گەرمای خۆرهەتاو لە سەر زەوی، پتر سووتێنەر و خنکێنەر دەبێ. لە لێکەوتەی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرمادا، زەوی لە ناوەوەڕا لە هێک دەکشێ، لە ئەنجامی ئەم لە هێک کشانەدا، زمینلەرزەی زۆر و کاولکەر ڕوودەدەن. هاوکات هەر بە هۆی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرماوە

ڕووبەری بیابان هەڵدەکشێ و، سەوزەلان لە کەمی دەدات، ئاگرکەوتنەوە لە دارستانەکان و لە ناو جەنجاڵیەکانی بەشەریەتدا، بە شێوەی تۆقێنەر و ڕاچڵەکێن پەرەدەستێنن، وەها گەورە و بەربڵاودەبن بەرزەفت نابن. گڕکانەکان چالاک دەبن، سەهۆڵبەندەکان دەتوێنەوە، بە بڵندبوونی ئاستی ئاو لە زەریا و ڕووبارەکاندا، لافاوی وێرانکەر هەڵدەستن. هاودەم زەریاکان هێدی هێدی بە هەڵم دەبن، بەرزبوونەوەی ڕادەی هەڵم لە هەوادا، وەها دەکات پۆڵ پۆڵی بەشەرێت و گیاندارگەلی جووداجۆری سەر ڕووی زەمین، لە هەناسە تەنگیدا بخنکێن. ئەم دۆخە ساڵ بە ساڵ دژوارتر و مەرگاویتر دەبێ، لەگەڵیشیدا جێهانی زیندەگی لە سەر زەوی، بە هێواشی کاول دەبێ. بەشەریەت و زیندەوەرانی خاک نیشین، بە دار و دەوەنەوە، زووتر لەو ڕۆژەی کە خۆر تیایدا دەوەستێ و دەتەقێتەوە، لە ناو دەچن. خۆر دوو سووڕی خوولانی هەیە، سووڕی هێکەمی لە چەپ بەرەو ڕاست بە دەوری خۆیدا خوول دەخوات، ئێستانەکانێ لەم سووڕەی خوولانەوە دایە، پاشانەکانێ لە خوولانەوەیدا، تەواو هێواش دەبێتەوە و ساتێک دەوەستێ، ئەوجا هەڵدەگەڕێتەوە و، لە ڕاست بەرەو چەپ دەست بە خوولانەوە دەکات. زەمینلەرزە و ئاگرکەوتنەوە و تۆفانەکان قۆناخی هێکەمی کاولبوونی دوونیای بەشەرێت و زیندەوەرانی خاکڕەچەڵەکن، هەموو ئەو ڕووداوانە لە قۆناخی کۆتاهی سووڕی هێکەمی خوولانەوەی خۆردا ڕوودەدەن، پاشانەکە لە دوای هەڵگەڕانەوەی خۆر و، لە میانی سووڕی دووهەمی خوولانەوەیدا، بە هۆی ئەو هەڵمە چڕەی لە زەریاکانەوە پەیدا دەبێ، هەمووان لە بەین دەچن، ئەوکاتە زەوی هێدی هێدی هەروەکوو سەرەتاکانی لە دایکبوونی لێدهێتەوە، هەموو سەوزاییەکان کۆتاهیان پێدێ، سەهۆڵبەندەکان بە تەواوی دەتوێنەوە و دەبنە ئاو، ئاو و زەریاکان دەبنە هەڵمێکی چڕ و، بە دەوری کووپەڵەی زەویدا خڕدەبنەوە. هاوزەمان خۆر لە سووڕی دووهەمی خوولانەوەیدا سات بە سات هێواش دەبێتەوە، هەتا ڕۆژێک دێ لە خوولان دەوەستێ و دەتەقێتەوە. ئەوهاڵە خۆری دایک دەمرێ، دواجاریش تێکڕای گەردوون لە ناو دەچێ و هیچ زیندەوەرێک نامێنێ، مانەوە و هەرمان بەس لە بۆ هووودای دایکە.

ناموس

(ڕەگی پێنجەم)

**خاکی دایک**

ڕیشەی 01

زەوی هەستێرێکە لەو نۆینەی بە دەوری خۆرهەتاوی دایکەوەن. زەوی کچی خۆرە و خووشکی مانگ و، خووشکی چهار هەستێرەی دیکەیە. ئەو دەمەی خۆرهەتاوی دایک لە سێ زگدا سێ دووانەی لە هەستێران بە زیندەگی هێنان، زەوی و هەستێرێکی نێر لە زگی دووهەم، مانگ و هەستێرێکی نێرەمووک لە زگی سێهەم لە دایک بوون. بەمجۆرە هوودای دایک لە خوودێتی خۆرهەتاودا زەوی خوولقاند. پێودانگ بە مەودای بەینی هەستێرەکان و خۆرهەتاو، زەوی سێهەم و مانگ شەشەم هەستێرەی نۆینەکەیە. هەر نۆ هەستێرەکە بە مەودای جوودا لە دەوری خۆرهەتاوی دایک خڕبوونەتەوە، وەلێ هیچ هەستێرێک لە دەوری خۆرهەتاو ناخوولێتەوە. زەوی و

مانگ دوو هەستێرەی مێینەن و جووتگری هێکدین، زەوی بە شێوەی نیمچە کەوان خوول دەخوات و مانگ بە دوویدا دەخوولێتەوە.

## ڕیشەی 02

زەوی و مانگ و خۆرهەتاو، بە گشتە ناوکە هەستێرە و هەموو هەستێرەکان، لەو ساتەوەی بە ژین هاتوون، بە دەوری خۆیاندا خوول دەخۆن. هەستێرەکان هەروەکوو هامی بوونەوەرانی گەردوونێ، دارای سێ سووڕی زیندەگین، سووڕی هێکەم بە پێکهاتەی هەرسێ ئاستی تەن، "گازیلە، شلیلە، ڕەقیلە" دەگوزەرێن و، لە چەپ بەرەو ڕاست بە دەوری خۆیاندا دەخوولێنەوە، پاشانەکە لە وێنەی تەشیلەی بادراو هەڵدەگەڕێنەوە، ئەوجار لە ڕاست بەرەو چەپ سووڕ دەخۆن. خوولانەوەی ناوکە هەستێرە و هەستێران بەردەوام خاودەبێتەوە، هەتا سەرەنجام بە تەواوکردنی دەورانی دووهەمیان، تاق بە تاقیان لە خوولان دەوەستن. ئەو وەستانە مردنی هەستێرەیە، مردنیش سووڕی دووهەمی زیندەگی پێک دهێنێ. لەو سووڕدا ڕەقیلەی تەنی هەستێران هەڵدەوەشێتەوە، ئەمجا لە شێوەگرتنی نوێدا، بە پێکهاتەی دوو ئاستی تەن "شلیلە، گازیلە" زیندەگی دەکەن. پاشان لە تەواوبوونی سووڕی دووهەمدا، دیسان وەستانێک ڕوودەدات، شلیلەی تەن لە ناو دەچێ و، سووڕی سێهەمی ژین بە پێکهاتەی هێک ئاستی تەن، کە گازیلەیە دەست پێ دەکات. سووڕی زیندەگی لە گازیلەدا، توولانیترین سووڕە، لەبەرهەندێ ژینی پاش مەرگ بە ژیانی هەتاهەتا وەسفی دراوەتێ، دەنا ئەویش لە هاخیردا بە وەستانێک کۆتاهی دێ، هەنگینێ پێکهاتەی گازیلە هەڵدەوەشێتەوە، هەڵوەشانێک وەکوو ئەوەی هەرنەبووبێ. مانەوەی هەتاهەتا و بێ کۆتاهی، تەنەها لە بۆ تینە، تین هوودای دایکە، هەرهەبووە و هەردەشبێ.

## ڕیشەی 03

قەوارەی مانگ گەورەترە لە زەوی، زەوی لە دووهەمین و، مانگ لە سێهەمین زاینی خۆرهەتاوی دایک بە ژین هات. بە ژین هاتن و جۆرێتی شێوەگرتن، لە تەواوی کۆمەڵانی بوونەوەردا، بە زهینێتی هوودای دایک هەڵدەسووڕێ. ئەوانەی لە نۆین لە دایک دەبن، پێ بە پێ بە قەوارەی گەورەتری تەن دهێنە ژینەوە. لە هێک هەتا نۆ، هەروەکوو ژمارەکان گەورە دەبن، ئەوهاش بوونەوەرانی نۆین گەورەبوونی قەوارەی تەن و، جیدابوون لە شێوەی قاڵب بە خۆیانەوە دەبینن، هاودەم پێ بە پێ هەندازەی بەشە تینی هەستێرانی نۆین لە کەمی دەدات، وەلێ هەردوو هەستێرەی هەفت و نۆ

بەوەی دەبنە ناوک و لە بە زیندەگی خستنی نۆینی نوێدا بە دەور دەگێڕن، لەبەرهەندێ لە هەردوو باری تین و تەندا تایبەتمەندن. ناوکە نۆین لە هەستێران و هووردە بوونەوەراندا دایکی خوودکردە، ناوک بە تایبەتمەند لە قەوارەی تین و تەن لە بوونەوەرانی نۆینەکە گەورەترە.

## ڕیشەی 04

کووپەڵەی خاک خۆبەخۆ بوونەوەرێکی زیندووە، لەش و گیانی هەیە، وەکوو هەربوونەوەرێکی دیکە، قۆناخەکانی تەمەن دەگوزەرهێنێ، لە دایک بووە و دەشمرێ. زەوی لە وێنەی هەرچەشنە بوونەوەرێک، دارای هۆش و هەست و، پێکهاتێکی تێر و تەواوە. بەڵام خەڵکینە خۆ مەخەنە هەڵەتەوە، ئەم تایبەتمەندیهانەی خاک لە تایبەتمەندیهەکانی خۆتان مەچووهێنن، هەرگیاندارێک بە گێرەی خۆی تایبەتمەندە، نەک لە وێنەی گیانداری دی. ئەوەش بزانن شێوەی زەوی خڕنیهە، ئەوانی بانگەشەی خڕێتی زەوی دەکەن، دەست و دەمی هۆفێتین، خەریکن بە درۆ و دەمچەفتی، خەڵکی هەڵدەخەڵەتێنن. زەوی لە هەردوو باری ئاسۆهی و ستوونیدا، بە نزیک لە وێنەی کووپەڵ، یان نێزیک لە وێنەی هێڵکە شێوەی هاتۆتێ، هێڵکهێک لە سووچێکیەوە باریک و لە سووچێک ئەستوورە، لە باری ستوونیدا، بەشە بچووک و باریکبووەکەی زەوی، وەکوو کووپەڵە لە خوارەوەیە، ڕۆڵی پای زەوی دەگێڕێ، یان وەکوو سێگۆشێک بیهێننە پێشچاو، کە لووتکەکەی لە خوارەوە بێ، لە باری ئاسۆهی و پانیشدا، بەشە باریک و هووردەکە لای چەپ، بەشە ئەستوور و درشتەکە لای ڕاستی زەوی پێک دهێنن. ڕووی زەوی بەرەو هاسمانێ هەڵبڕاوە. شێوەی ڕووی بەشەرێک بهێنن بە زهینی خۆتاندا، بەشەرێک کە بە تەواوی سەری بەرەو هاسمانێ هەڵبڕیبێ، ڕووی زەوی هەرەنێزیکە لەم شێوەیە. لە پۆڵێندا بەشی قەوارە گچکە لە ڕووی زەویدا بە ڕەگەز مێیە، بەشی قەوارە گەورە نێرە، ناوەندی هەردوو بەشەکە نێرەمووکە، هەمیشە مێ خوودێتی کیژ و، نێرەمووک خوودێتی دایک و، نێر خوودێتی کووڕ بەرجسدە دەکەن. لە هەڵکەوتەدا ڕووی زەوی لارە، لای ڕاستی ڕووی زەمین لەلای چەپی بڵندترە و، بەشە چەپەکە هەم بچووکە و هەم نزمە خاکە، وەلێ ناوەندی ڕووی زەمین نە بە شێوەی لای ڕاست بەرزە، نە شێوەی لای چەپ نزمە، ناوەندبوونێکە لە واتای هاوسەنگبووندا. دەشتوانن ئەوهای بهێننە پێشچاوتان، کە بەشە خاکە نزمەکە، لای دەم و چەنەگەیە، بەشە بڵندەکە تەختی نێوچەوانە، ناوەند شوێنی لووتە. جا زهینی بدەنێ و ببینن، نە خڕێتی لە گۆڕێیە، نە تەختاهی. لە ڕاستیدا سەرتاپای گەردوونێ تەی بکەن، تاقە هەستێرێک نیهە شێوەی بە تەواوتی خڕبێ، ئەگەر خۆر و مانگ، بە

خڕوپڕی بەرچاوان دەکەون، هۆی بنەڕەتی ئەوەیە خۆرهەتاو گڕداره و بڵێسەدانەکەی وهای نیشان دەدات، هەر ئەو تیشکانەش وا لە خۆرهەتاوەوە دەردەچن، بەرمانگ دەکەون و، لە شەوقداندانەوەدا مانگ خڕ دەردەکەوێ. دەرکەوتنەکە لە وێنەی ئەوە دایە چرادانێکی پێنجگۆش، یان شەشگۆش، ئەو دەمەی لە دوورڕا لێی بنۆڕن، هەرشێوەی خڕ دەنوێنێ، لە کاتێکدا هەرگیز خڕ نیەه. ئێستاکێ دەتوانن لەوە دڵنیابن، هەردوو بانگەشەی زەوی خڕه و زەوی تەختە، قسەی پووچ و بێ بنەمان، زەوی چ تاقێکیان نیەه. زەوی تایبەتبوونێکی تاقانەیە، لە شێوە و لە تەواوی هەلومەرجی خۆیدا، لە گەردوونی پانوپۆڕدا، تاقە هەستێرێک نیەه وەکوو زەوی بێ.

## ڕیشەی 05

ئەوانی بە زەویناس ناویان دراوەتێ، زەوی ناناسن، زانابوون و زانست بەرگێکە بە بەری گەڵێک قسەی هەڵیت و پەڵیت کردراوە. هێزی کێشکردنی زەوی لە گۆڕێ نیەه، تینی تەن ئەوە دیاری دەکات تەنەکە بەرەو خوارەوە بچێ، یان بەرەو سەرێ. تین لە دۆخی ماتیدا تەنەکان لە بۆ خوارێ دەبات، لە دۆخی بزێویدا لە بۆ سەرێ بەرزیان دەکاتەوە، هەمیشەش جوولە زاڵە بە سەر ماتدا. سەرنجی بدەنێ، باڵۆن بە هۆی تینی ئاگر و دروستبوونی هەڵمەوە بەرزدەبێتەوە، لە نەمانیدا دادەبەزێتەوە. تەن لە دۆخی ڕەقی و شلیدا بەرەو خوارێ، لە دۆخی هەڵمی و گازیدا بەرەو سەرێ دەچێ. زهینی ئاو بدەن، ئاو سێیە لە هێکێکدا، لە دۆخی ڕەقیدا بەستەڵەکە، لە شلیدا ئاوە، لە گازیدا هەڵمە، ئەمە شتێکە پەیوەندی بە تینی تەنەکانەوە هەیە. دەنگوباسێکی دیکە ئەوەیە، نەزانگەلێک بە ناوی زەویناس لایان وهایە توێژگەلی خاک لە ئاکامی کردەی وەکوو داشۆران بە با، ڕێ و ڕەوتی ئاو، سەهۆڵبەند و زەمینلەرزە پەیدابووبن!. ئەمە چ سەر لێ تێکچوونێکە؟ ئەو دەمەی هەستێرەی زەوی وەکوو دایک و، وەکوو بوونەوەرێکی زیندووی دارای گیان ناناسن، بێگومان ناشتوانن ڕێشنای ناسینی بن. خەڵکینە، ئەوەی وا بە سەریەوەن ڕووی بوونەوەرێکە، توێژەکانی خاک چینەکانی ڕووی ئەو بوونەوەرەن. باش وهایە لە بۆ ناسینی جەسدەی زەوی، زهینی جەسدەی خۆتان بدەن، بەشەر و گیانلەبەرانی زەوی نیشین بە هەشداد خاکڕەچەڵەکن، مادەکانی جەسدەی بەشەر بە هەندازێک گۆڕدراون، بەڵام ڕێسای بە شێوەهاتن هێکێکە. ئەو جۆرەی هووردە تەنەکان چینەکانی لەشی بەشەر پێک دهێنن، ئەوهاش توێژەکانی لەشی زەوی بە هۆی هووردە تەنەکان پێکهاتوون. سەرپێیانە سەرنجی بدەنێ و ببینن، گووڵ و گیا و سەوزەڵانی سەرزەوی، وەکوو مووەکانی سەر جەسدەی خۆتان چاو لێ بکەن، ئەم گشتە سەوزەلانە بەشێکی زیندووی لەشی زەوین. پاشان قووڵ زهین بدەنە پێکهاتەی


خۆتان و پێکهاتەی خاک، بیرێک لەوە بکەنەوە و لە خۆتان بپرسن: لەبەرچی بنەڕەتەکانی پێکهاتەی لەشی بەشەر و گیاندارانی زەوی نیشین، هەروەکوو بنەڕەتەکانی پێکهاتەی خاک وهایە؟ ئێستاکێ لە خۆتان بپرسن، ساتێکی دی وەڵامەکە بە ڕاست و ڕوونی وەردەگرنەوە. ئەوەش بزانن زەوی و بەشەر وەکوو هێکدی، ئاو بەشی زۆری لەشیان پێکدهێنێ، بەشەر لە شێوە و پێکهاتەیدا چۆتەوە سەر خاکی دایک، هیچ گوومانێکتان لێی نەبێ، ئەم نێزیکاتیهە لە هەشدادەوە سەرچاوە دەگرێ، هەرچەندە ئێوەی بەشەر کەوتوونەتە جاهەلی و، هەشدادی خۆتان ناناسن. نامووس لە جاهەلی دەرتان دەکێشێ و، دەتانباتە سەر لووتکەی زانست، دەتانباتە ئەو شوێنەی پێشترێ لەوی بوون و، لێی کەوتنە خوارێ.

## ڕیشەی 06

لەوەتی زەوی لە دایک بووە، ڕۆژ و شەو لە سەر ڕوویدا بە هاردی دادێ، کاتەکان هێکسەرە لەگەڵ لە دایکبوونیدا پەیدا بوون. زەوی وەکوو ناوکە هەستێرە و، وەکوو هەرهەستێرێک، لە ساتی بە زیندەگی هاتنیەوە، بەبێ وچاندان بە دەوری خۆیدا خوول دەخوات و، لە خوولاندا مەیلان دەکات، دروستبوونی ڕۆژ و شەو لێکەوتەی ئەم مەیلانەیە. نە زەوی و، نە چ تاقی هەستێران لە قەوارەی خۆیاندا هاوسەنگ نین، بەشی چەپی هەیکەلی زەوی، لە بەشی ڕاستی بچووکترە، هەرئەوهاش ڕووی زەوی لە بەشێکیدا گچکەلە و نەوی، لە بەشێکیش بەرز و بەرینە، لە بەر ئەوەیە لە خوولانەوەی بە دەوری خۆیدا لار دەبێتەوە. لەم لاربوونەوەیەدا نێزیکەی نیوێک لە ڕووی خاک بەر خۆرهەتاو دەکەوێ، نێزیکەی نیوێکی دیکە، بە سێبەری سەری خۆیەوە تاریک دەبێ. پاشان نیوە تاریکەکە ڕووناک دەبێ و، لە نیوەکەی دیکە تاریکاهی دادێ. برێک جهێش هەنە خۆری تێیدا ئاوا نابێ، تەنەها نەوی و کەم تین دەردەکەوێ. ئەوەی ڕۆژ و شەو لە سەر ڕووی خاک بە هاردی دادهێنێ خوولانەوەکە نیهە، بەڵکوو لاربوونەوەیە بە دەم خوولانەوەدا. کات بە پێی شوێن دەگۆڕێ، کاتی سەر ڕووی زەمین بە پێی پلەی خوولان و، هەندازەی لاربوونێتی لە خوولانەوەدا، هاودەم بەرزی و نزمی بەشە خاکەکان و، گشتەی هەڵکەوتەی ڕووی زەمین، دارا و بە دەورن لە هەڵاتن و ئاوابوونی خۆرهەتاودا. ئەگەر زەوی شێوەی خڕ بایە، چەپ و ڕاست و، سەرێ و خوارێی هاوسەنگ دەبوون، ئەو دەمی لە سەر ڕووی زەویدا شەو دانەدەهات و، بەردەوام ڕۆژ دەبوو، ئەمەش وهای دەکرد هەلی زیندەگی گیاندارانی خاکرەچەڵەک بە زەوی دانەهێ. ڕۆژ و شەوی چ تاقی هەستێران وەکوو هێکدی نین، لە هەرهەستێرێکدا کات تایبەتمەندێتی هەستێرەکەی هەیە، بێجگە لەمەش کات بە

بەردەوامی لە گۆڕان دایە، بەبێ ئەوەی دەرکی پێ بکەن. زەوی لە خوولانەوەی بە دەوری خۆی و، لە خوولانەوەی نیمچە کەوانیدا، هێدی هێدی هێواش دەبێتەوە، بەمەش هەم کاتی شەو و ڕۆژ، هەم کاتی وەرزەکان توولانی دەبن، لەگەڵ ئەم گۆڕانەش تەمەنی گیاندارانی خاکڕەچەڵەک دەگۆڕێ و، گۆڕانێکی گشتەگیریش لە سەر ڕووی زەوی دروست دەکات. هەستنەکردن بەم گۆڕانەی کات، پەیوەندی بەوە هەیە هەردوو خوولانەوەکە لە گۆڕاندان.

وێنەی گوزارشت لە خوولانەوەی زەویدا




## ڕیشەی 07


هەستێرەی زەوی وەکوو هێڵکەیەکی گەرم، لە ناو تۆپەڵێک هەڵمی چڕدا لە دایک بوو، لە لای چەپ و لە خوار خۆرهەتاوی دایک جهێی گرت. لەم جهێگرتنەدا، بە تەنەها ڕووی زەوی تیشکی هەتاوی بەردەکەوێ، بەشەکانی دیکەی لەشی، لە ڕۆشنی و بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ بە تیشکەکانی خۆرهەتاو بێ بەهرەن. هەڵمە چڕەکە بە هۆی گەرمای خۆرهەتاو، هێواش هێواش دۆخی وەرچەرخا، ئەوەی لە کەلەی سەری زەوی هالابوو، بەشێکی بووە بارانی بە لێزمەی بێ وچان، بەشێکیش بووە بەفر و بەستەلەک، هاوکات سەهۆڵبەندان چەنەی زەوی و لاجانگەکانی و، تەواوی بەشەکانی لەشی تەنی. زەوی نە لە باری ستوونی و نە لە باری ئاسۆهیدا، قەوارەی لەشی هاوتا نیهە، بەم هۆیەوە لە خوولانەوەی بە دەوری خۆیدا، نیمچە لاربوونێک ڕوودەدات، لەم

لاربوونەدا بەشە گەورە و بڵندەکەی ڕووی خاک دەبێتەوە بە سێبەر بە سەر بەشە بچووک و نەویەکەی ڕووی خۆیدا، لە ئاکامدا چەنەگەی زەوی بە کەمی بەرتیشکی خۆرهەتاو دەکەوێ و، ناوچەکە سەهۆڵاوی دەبێ. لاجانگەکانیش نەوین و، کەمتر هەتاویان بەردەکەوێ، لەبەرهەندێ ئەو ناوچانەی ڕووی زەوی بە سەهۆڵبەندان ماونەتەوە. ئەو وەرچەرخانەی هەلمی لە دایکبوونەکەی زەوی و، گۆڕانی بە بەفر و باران و بەستەڵەک، ڕووداوێکی هێور و توولانی بووە، بە ملیۆنان ساڵی هەنەوکەی خایاندووە.

## ڕیشەی 08

زەوی لەگەڵ لە دایکبوونیدا، هێدی هێدی چاوی بە بهار هەڵهێنا، ئەو هەڵمە چڕەی لە کاتی لە دایکبوونیدا دەوری زەوی دابوو، بە گەرمای خۆرهەتاو دۆخی گۆڕدرا، هەڵمەکە لە سەر ڕووی زەوی بە شێوەی باران، لە سەر چەنەگە و لاجانگەکان و، لە سەر کەلەسەر و، لە سەر بەشەکانی دیکەی لەشی زەوی، بە شێوەی بەفر داباری. ئەو وقهتە لە بەشی گەورەی ڕووی زەویدا، بهاری شەستەباران دەست پێ دەکات، ڕووبارەکان ڕێ وەبەردەگرن و، زەریاکان شێوەیان دەهێتێ. خاک هەتاوەکوو تەمەنی منداڵی دەرباز دەکات، هەر لە وهاری تووش و تەڕدادا دەمێنێتەوە و، بە هەندازەی تەمەنی منداڵیەکەی، بە جێگیری لە خوار خورهەتاوی دایکیەوە دەبێ، لەو ماوەیەدا تەنەها بە دەوری خۆیدا خوول دەخوات، بەبێ ئەوەی لە جهێ ببزێوێ. ئەو هەستێرەی بە مانگ ناسدراوە، جووتگری زەویە، لە هەرەتی جووتگرتندا دێ لەگەڵ زەوی جووت دەگرێ، لەم جووتبوونەدا خاک لە جهێ دەبزێوێ و، بە شێوەی نیمچە کەوان دەست بە خوولان دەکات، لە جهێی خۆیەوە بەرەو جهێی مانگ، لە وێشەوە لە بۆ جهێی خۆی دەگەڕێتەوە، مانگیش بە بەردەوامی بە دووی زەویدا خوول دەخوات. لەم خوولانەوەیەدا، زەوی لە چەپ بەرەو ڕاست ڕێ وەبەردەگرێ، لە پێشدا لە خۆر دوور دەکەوێتەوە، پاشان لە گەڕانەوەدا لێی نزیک دەبێتەوە. ساڵ و وەرزەکانی، لەم خوولانەوەی کەوانیدا دروست دەبن، لە پاش بهارێ، ئەوجا هاوین، پاهیز، زمستان هێک بە دووی هێک پەیدا دەبن. زەوی لە خوولانەوەی بە دەوری خۆی و، لە خوولانەوەی نیمچە کەوانیدا، بەردەوام لە خاو بوونەوە دایە، بەم هۆیەوە ساڵ بەردەوام درێژ دەبێ، بەڵام لەبەرئەوەی لە هەمان کاتدا ڕۆژ و شەویش درێژ دەبن، بۆهێ زیندەوەرانی خاکنیشین هەستی پێ ناکەن.

وێنەی گوزارشت لە دروستبوونی ساڵ و وەرزەکاندا




## ڕیشەی 09

زەوی لە میانی خوولانەوەی شێوە کەوانیدا، ماوەی زگپڕی دەگوزەرهێنێ، لە هێکێک لەو جارانەی پێ لە دەفەری مانگ دەخات، زاین ڕوودەدات و، هەستێرەی نۆهەم لە دایک دەبێ، ئەو هەستێرەیە لە مەودای دوور لە خۆرهەتاو جهی دەگرێ. خاک و سەرجەمی مێ هەستێرانی جووتگر، هێکجار مهیرگان دەکەن و، هێک وەچە دەەنەوە. وەلێ خوولانەوەی نیمچە کەوانی و خوولانەوە بە دەوری خۆیاندا، بە دوو ڕەوت دەوام دەکات، ئەو وقهتەی زەوی لە خوولانەوەی بە دەوری خۆیدا هەڵدەگەڕێتەوە، لە خوولانەوەی نیمچە کەوانیشدا هەڵگەڕانەوە دروست دەبێ و، لە ڕاستەوە بەرەو چەپ ڕەوت دەگرێ. ئێستاکێ هەستێرەی زەوی لە چەپ بەرەو ڕاست ڕەوتی گرتووە و، بەبێ وچاندان ڕێ نیمچە کەوانیەکە دەبڕێ، مانگ نێزیکێتی و دوو بە دوویدا ڕێ تەی دەکات. ڕۆژ بە ڕۆژ خوولانەوەی زەوی و مانگ بە دەوری خۆیاندا هێواش دەبێتەوە، بەم هۆیەوە خوولانەوە نیمچە کەوانیەکەش خاو دەبێتەوە، ڕۆژێ دێ ساتێک دەوەستن و هەڵدەگەڕێنەوە، ئەوجار لە خوولانەوە بە دەوری خۆیاندا، لە ڕاست بەرەو چەپ دەخوولێنەوە، ئەمە ئەو کاتەیە کە خۆر لە خۆرئاواوە هەڵدێ، هاوکات لە خوولانەوەی نیمچە کەوانیشدا هەڵگەڕانەوە دروست دەبێ و، ڕیزبەندی وەرزەکان دەگۆڕێ، لە پاش وهار، زمستان دێ، پاشان پاهیز و پاشتر هاوین. هەردوو هەستێرەی زەوی و مانگ بە هێوری بەردەوامی بە خوولان دەدەن، هەتا ئەو ڕۆژەی زەوی لە ناشوێنی لە دایکبوونەکەی و، مانگیش لە ناشوێنی بە زیندەگی هاتنەکەی، لە خوولانەوەی نیمچە کەوانیدا دەوەستن، تەنەها بە دەوری خۆیاندا هێور هێور سووڕ دەخۆن، لە کۆتاهیدا

لەو سووڕخواردەش دەوەستن و، هەرهێکەیان بە تەواوبوونی تەمەنیان دەمرن. ئەوەش بزانن بە هام هەستێرە جووتگرەکان لەگەڵ جووتەکەیاندا لە خوولانەوەی نیمچە کەوانین، ڕووداوەکانی ناودێر بە خۆرگیران و مانگگیران، لێکەوتەی خوولانەوەی نیمچە کەوانین، هەستێرێک لە خوولانەوەی خۆیدا بەر بە خۆرهەتاو دەگرێ و، هەستێرێکی دی بەر بە مانگ دەگرێ. خوولانەوەی نیمچە کەوانی لە هەستێراندا بە ناموسی گەردوون گەرێدراوە، بێجگە لە بەرهێککەوتنی مهیرگان، هیچ بەرهێککەوتنێکی دی لە دەرەوەی زەوی ڕوونادات. لە ڕاستیدا بێ ناموسی بەس لە سەر ڕووی زەمین هەیە و، لە بەشەری خۆڕی دەوەشێتەوە.

## ڕیشەی 10

ئەو تەمەنەی لە سەر ناوی زانست لە بۆ خاک خەملێندراوە، وەکوو ژماردنی گوێز وهایە لە باری نەزاندا. خەملاندنەکە لە بنەڕەتەوە، لێکەوتەی هەرزە هیزری و دەمچەفتی کەسانێکە، کە لە ناو سیستەمی هۆفێتیدا جێدارن. بەشەری هۆفی، بە گێرەی بنەمای تەمەنی خۆی، بنەمای لە بۆ تەمەنی زەوی داناوە، بەو پێوەرەی تەمەنی خۆی دەپێوێ، کاتی پێوداوە و ژمارەی ساڵی داوەتە پاڵ تەمەنی خاک، لە کاتێکدا ساڵی بەشەر لە ساڵی زەوی جوودایە، سەرەڕای ئەوەش بە هۆی ئەو گۆڕانەی لە خوولانەوەکاندا هەیە، سات و ساڵ لە گۆڕانی نەسرەوتانەن، هیچ ساتێک وەکوو ساتی پێش خۆی نیهە. خێڵ و خوارتر لەوەش، هەژمارکردنی تەمەنی زەوی، بە پێوانەی تەمەنی کۆنترین بەرد، لێکدانەوەی تەمەنی بەردەکە وەکوو تەمەنی خاک، کارێکە لە بازنەی هەرزە زهینی، ڕێک وەکوو ئەوە وهایە پتێک لە پێستی بەشەرێک هەڵبگیردرێ و، لە شیکردنەوەدا تەمەنی پتە پێستەکە بە تەمەنی بەشەرەکە هەژمار بکەن، جا بیربکەنەوە و دەرک بە فەرقەکە بکەن، تەمەنی خانەی پێستی بەشەر چەندێکە و، تەمەنی بەشەر چەندێک ؟. بەرد هێکێکە لە مادەکانی لەشی زەوی، لەگەڵ ئاسن، مس، نەفت و زێڕ و زێو و چەندان جۆرە مادەی دیکە، کە لەشی خاک پێک دهێنن. هەرهێکێک لەم جۆرانەی مادە، خۆبەخۆ کۆمەڵێکی هووردە بوونەوەرن، هەربوونەوەرێکیش هاوتا بە جۆری مادەکەی، تەمەن دەکات و، سێ سووڕی لە زیندەگی هەیە، پاشانەکە بە شێوەهێک لە ناو دەچن، وەکوو هەرنەبووبن. پرۆسەی لە دایکبوون و لە ناوچوونی ڕەقیلەی مادەکانی لەشی زەوی، هەتا ئەو کاتەی هەستێرەی زەوی سووڕی هێکەمی زیندەگی تەواو دەکات، بەردەوام دەبن. هەمان ڕێسا لە پێکهاتەی تەنی رەقیلەی بەشەردا بەرکارە، لە دایکبوون و مردنی خانەکان بەردەوام دەبن، هەتا ئەو ڕۆژەی بەشەر دەربازی مەرگ دەبێ، بە جیداوازی ئەوەی کە تەمەنی

خانەکان جێگیر نین، بە هۆی دۆخی دەروونی و تەندروستی دەگۆڕێن، لە هەڵکشانی تەمەنی گشتەی پێکهاتەی بەشەریشدا، گۆڕان بە سەر تەمەنی خانەکانی لەشدا دێن.

## ڕیشەی 11

نە زەوی و نە هیچ جۆرە بوونەوەرێک، ئەو وقهتەی لە دایک دەبن، لە قەوارەی تەواوی خۆیاندا نین، قەوارە پێ بە پێی تەمەن پێک دێ. لە کۆرپەلەوە هەتا سەرەتای لاوی، تەمەن و جەسدە بەهێکەوە گەورە دەبن، پاشی ئەوە، گەورەبوونی قەوارەی جەسدە دەوەستێ. بەڵام نوێبوونەوەی تەنەکانی لەش و، گۆڕان لە قەوارە و پێکهاتەی گیان و لەش، وەکوو کارکردێکی نەوەستاو دەوام دەکات. ئەم نوێبوونەوەیە هەتا کۆتاهی لاوی خێرایە، لەوە بە دوا، پڕۆسەکە سست و هێورە، چەندێک تەمەن هەڵبکشێ هێورتر دەبێ. لە گشتەدا بە چهار قۆناخ دەرباز دەبێ، لە منداڵیدا زۆر خێرا و لە لاویدا خێرایە، بەرلە پیری هێور و لە پیریدا زۆر هێورە. نە نموونەی تێگهیشتن، دیقەت لە لەشی بەشەر بدەن، کاتێک لە گەنجیدا برین دەکەوێتە لەشی، زوو چاک دەبێتەوە، بەڵام هەمان برین لە تەمەنی پیریدا، بە درەنگ چاک دەبێتەوە. زەوی و هەستێرەکان، وەکوو هەموو بوونەوەرانی دی، لە سووڕی هێکەمی زیندەگیدا دارای ئەم چهار قۆناخەکەن، ئەو جۆرەی لە لەشی بەشەردا نوێبوونەوەی رەقیلەی تەن هەتاوەکوو کۆتاهی تەمەن دەوام دەکات، لە لەشی زەوی وهەستێرانیش نوێبوونەوە هەرئەوهایە، هەندازەی نوێبوونەوەکە بە گێرەی ئاستەکانی تەمەنی بوونەوەرەکە دەگۆڕێ.

## ڕیشەی 12

هەنەوکە کووپەڵەی خاک، لە هێکەم ڕەوتی سووڕی هێکەمی زیندەگی خۆی دایە، هاودەم خۆر هەتاوی دایک لە خوولانەوەی هێکەمی بە دەوری خۆیدا، بەرەو کۆتاهی و ساتی هەڵگەڕانەوە دەچێ. خوولانەوەکە بە تەواوی هێواش بۆتەوە، پێ بە پێی کات هێواشتر و، ڕادەی گەرمیەکەشی لە سەر زەوی زیادتر دەبێ، لەبەرهەندێ جێهانی سەر ڕووی زەمین، لە هاخیرەتی بەڵێندراو نێزیک بووەتەوە. دەرکەوتنی فەریادڕەس نیشانەی ئاشکرایە لە نێزیکبوونەوەی ڕۆژانی دوونیا خراپبوونی سەرزەوی. ئەوتانێ ئەو زیێدەبوونەی لە پلەکانی گەرما و هەڵمی ئاو، ئەو گۆڕانەی لە کەش و هەوا ڕوویداوە، بڕێکی لێکەوتەی پەنگخواردنەوەی ڕادەبەدەری گەرمایە، لە ئەنجامی ئەو هەموو ئاسن و کانزایانەی هێندراونەتە سەر ڕووی زەوی و، ئەو گازانەش کە مایەی

گڵدانەوەی گەرمین، لە هەمان کاتیشدا بڕێکی گەرماکە و لێکەوتەکانی، ئاکامی هێوربوونەوەی خوولانەوەی خۆرن. چاوهەڵخەن و پەرەستەندنی ئاگرکەوتنەوەکان ببینن، گوێڕادێرن و هوڕهوڕەی هەڵکشانی بیابان ببیستن. هیچ هاوسەنگیەک لە سەر ڕووی ئەم هەستێریەدا نەماوە، بارینی باران چۆتە دۆخێکی شلۆقەوە، ساڵانێک هووشکن و ساڵانێک تۆفان. ئەو سەهۆڵبەندەی نووکی چەنەی زەوی تەنیوە، ساڵانێکی دی خۆی ڕاناگرێ، هەنوکە لە چاو نیو سەدە پێشێ، زۆر گۆڕاوە، دەتوێتەوە و ئاستی ئاو بڵند دەبێ، بەمەش تۆفان و زریان زیاد دەکەن، زوو بە زووش هەڵچوونەکانی زەریا هێمنێتی لە جهێ بە ئاو دەوردراوەکان تێک دەدەن. لە ماوەکانی داهاتووش خۆرهەتاو لە خوولانەوەی بە دەوری خۆیدا خاوتر دەبێتەوە و، پلەکانی گەرما پتر هەڵدەکشێن، لە لێکەوتەی ئەو گەرمایەدا، زەوی لە ناخەوە لە هێک دەکشێ و زەمینلەرزەی کاولکەری بە دوو دادێ، ئاگرکەوتنەوەکان زۆر و بەربڵاودەبن، تۆفانی گەورە بەرپا دەبن، هاودەم لە بەرزبوونەوەی ڕادەی شێ و بە هەڵمبوونی ئاودا، بەشەر و گیانلەبەرانی جووداجۆر لە هەناسە تەنگیدا تووشی خنکانی بە کۆمەڵ دەبنەوە. ئەوهالە هێواش هێواش زیندەگی لە سەر ڕووی زەوی دواهی پێ دێ. پاشماوەی گشتەی گیاندارانی خاکڕەچەڵیکیش بە تەواوبوونی ڕەوتی هێکەمی خوولانەوە و، هەڵگەڕانەوەی زەوی، دەمرن و دەچنەوە بە ناخی زەویدا. ڕووداوی سەر پێکهاتەی خۆرهەتاوی دایک، لێکەوتەی هەیە و، ڕووداو لە سەر زەوی و، بە تایبەتی لە سەر ڕووی زەوی بەرپا دەکات. خاوبوونەوەی زیادتری خوولانەوەی خۆر بە دەوری خۆیدا، هێدی هێدی تەڕاتی لە زەوی بە هووشکاتی دەگۆڕێ، زەریا و ئاوەکان دەبنە هەڵم و. سەرەنجام بە شێوەی تۆپەڵێکی چڕ لە دەوری زەوی خڕدەبنەوە، دواجار زەوی دەکەوێتەوە دۆخێک لە جۆری ئەو دۆخەی سەرەتای لە دایکبوون تێی دابوو. دەستپێک و دواهی لە هەموو بوونەوەرێکدا، نێزیکاتی و لە هێکچوونی دۆخ هەیە. زهین بدەنە خۆتانی بەشەر، چلۆن لە نێوان قۆناخی ساواهی و پیریدا لە هێکچوونی دۆخ هەیە، ئەوهاش دۆخی تەمەنی زەوی لە سەرەتا و کۆتاهیدا لە هێکچوونی تێیدایە. هێک ڕێسا گەردوون هەڵدەسووڕێنێ، ئەو ڕێسایە زهینێتی هوودای دایکە، گرێدراو بەم ڕێسایە ڕەوتی هێکەمی خوولانەوە مێ و، ڕەوتی دووهەمی نێرە. وقتهێک زەوی پێ لە ڕەوتی دووهەمی خوولانەوە دەخات، بار و زوورفی دەرێ بە تەواوی گۆڕدراوە، پێشوقهت خۆرهەتاو لە خوولانەوەی بە دەوری خۆیدا چۆتە ڕەوتی دووهەمیەوە، سەر ڕووی خاکیش لە بۆ زیندەگی نوێ لواوە، بەمجۆرە پاش هەڵگەڕانەوە، لە میانی ڕەوتی دووهەمی خوولانەوەی زەویدا، بوونەوەرانی نوێ بە زیندەگی دەکەون. هەستێرەی زەوی لە ناو تۆپەڵێک هەڵمی چڕدا، خاڵی لە بەشەر و لەو گیاندارانەی ئێستانەکانێ، تەمەن دەقەتێنێ و، بەبێ وچاندان خوول دەخوات، لە

هاخیریدا ڕەوتی دووهەمیشی تەواو دەکات، لە خوولان ڕادەوەستێ و دەمرێ، بە مردن دەربازی سووڕی دووهەمی زیندەگی دەبێ.

## ڕیشەی 13

زەوی لە خوولانەوەی بە دەوری خۆیدا، هەروەکوو تەشیلەی بادراو هەڵدەگەڕێتەوە، ئەوجار لە ڕەوتی دووهەمیدا خوولانەوەی بەرەواژ دەست پێ دەکات و، لە ڕاست بەرەو چەپ خوول دەخوات، بەم هۆیەشەوە کاتەکانی ڕۆژ و شەو دەگۆڕێن و، خۆرهەتاو لە بەری خۆرئاواوە هەڵدێ. هاودەم لە خوولانەوەی کەوانیدا هەڵگەڕانەوە دروست دەبێ و، لە ئەنجامی ئەمەش ڕێزبەندی وەرزەکانی ساڵ دەگۆڕێ. لە ساتی هەڵگەڕانەوەدا، سەرجەمی پاشماوەی بوونەوەرانی جووداجۆری خاکڕەچەڵەک لە بەین دەچن و، بوونەوەرانی دیکە بە زیندەگی دەهێن. پێشترێ "مەهەمدی کووڕی هامینێ" وهای جاڕلێداوە ئەو ڕۆژە ڕۆژی هیساب و هەڵستانەوەیە، ڕۆژێکە قیامەت تیایدا بەرپا دەبێ. کووڕەکەی هامینێ، هەرهێندەی لێ دەزانی، چوونکوو دایکی گەردوون هاوسەنگ بە ڕۆژگاری خۆی زانیاری دابووهێ، دەنا ئەو ڕۆژە هیچ قیامێک لە مردووانی پێشوو بە هاردی داناهێ، بەڵکوو لە ناو هەلومەرجی نوێدا، بوونەوەرانی جووداجۆری نوێ بە زیندەگی دەهێن. لە ڕاستیدا هەموو ئەوەی پێشترێ لە پەیوەندی بە ڕۆژی قیامەت و، لە سەر وێنەی بهێشت و دۆڵزاخ گووتدراون، گوونجاو بە مووخی خەسێندراوی خەڵکانی ناو دۆخی هۆفێتی واتایان دراوەتێ، سەرەڕای ئەوەش گاتاکانی کووڕەکەی هامینێ، لە پاش مەرگیدا نوسدراونەتەوە، لە دەمی بە کتێوبووندا هەڵیت و پەڵیتیان وەبان داوە. لە ناوچەکانی مهیرپەرستی، لە ناوەندی شارستانێتی دایک لە کووردهەوار و، لە شوێنانی دیکەی دوورە دەستی هۆفی، چ کات پێویستی نەکرد پەیامبەرێک لە نێویاندا دەربکەوێ، ڕاستیەڤین بە خەڵکەکە بگهێنێ، چوونکی مهیرپەرستان لە بەرەبەیانی زەمانەوە، دارای تێگهیشتنی ڕاستیەڤین بوون، خەڵکانێک بوون خێر و شەڕیان دەناسی بە هووردی لە هێک جوودا دەکردەوە، باشتر لە هەرقۆمەتێکی بەشەری لە جێهانێ، پێ لە بەندی زانستی ڕاستیەڤین هەڵسوکەوتیان دەکرد.

## ڕیشەی 14

هەستێرەی زەوی، لە پێشدا خۆرهەتاوی دایکی دەمرێ، پاشانەکە خووشکێک و براهێکی دەمرن، ئەوجا کاتی مردنی خۆی دێ. خۆر کاتێک لە ڕەوتی دووهەمی

خوولانەوەی بە دەوری خۆیدا تەواو دەبێ، هیدی دەوەستێ، لەم وەستانەدا تەقینەوەی گەورە لە ناو خۆردا ڕوودەدات، ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی پێک دێ و، لە بارهێک هەڵدەوەشێ، هەڵوەشانێک نێزیک لە وێنەی ئەو هەڵومەرجەی سەرەتا بە ژین هات، پاشان لە دوو ئاستی تەن سەرلەنوێ شێوەی دهێتێ. پێکهاتەی خۆرهەتاو لە مردن و زیندووبوونەوەدا، بە تەواوی وەردەچەرخێ، لەم وەرچەرخانەدا جۆرێتی قەوارە و قاڵب و، ڕۆشناهی و گەرمیەکەی دەگۆڕێن. بە مردنی خۆرهەتاوی دایک، دۆخی منداڵ و نەوەکانی دەگۆڕێ، وەلێ ژینی هەرهێکەیان دەوام دەکات. هەردوو هەستێرەی زەوی و مانگ لە دوای هەڵگەڕانەوە لە خوولانەوەیان بە دەوری خۆیاندا، هاوکات لە خوولانەوەی نیمچە کەوانیشدا هەڵدەگەڕێنەوە. هەرهەستێرێک لە جووتگرەکان گرێدراو بە کاتی دیاریکردراو، دۆخی هەڵگەڕانەوەی نیمچە کەوانی بە خۆیەوە دەبینێ. لە هەردوو باردا، چ لە خوولانەوەی دەوری خۆیان، چ لە خوولانەوەی نیمچە کەوانیدا، ڕەوتی دووهەمی خوولانەوە زۆر خاوترە لە چاو ڕەوتی هێکەم، بە بەردەوامیش خاوبوونەوەکە زیاد دەکات، هەتا ئەو ڕۆژەی دەگەنەوە ناشوێنی دەستپێکردنەکە، لەوێندەرێ خوولانەوەی نیمچە کەوانی کۆتاهی پێ دێ و، تەنەها لە خوولانەوە بە دەوری خۆیاندا بەردەوام دەبن، لەمەش ڕۆژ بە ڕۆژ هێواش دەبنەوە، لە کۆتاهیدا بە دواهین پێچ دەگەن، بەم چەشنە ئەم سووڕەی ژین تەواو دەکەن و ڕادەوەستن. لەم ڕاوەستانەدا زەوی کاول دەبێ، سەرجەمی پێکهاتەکەی هەڵدەوەشێ و، هەموو جهێ دەستێک دەسڕدرێتەوە. هەڵتەکان و هەڵوەشان لە پێکهاتەی لەشی زەویدا، قۆناخی مردنێتی و، مردن سووڕی دووهەمی ژینێتی، لە مردندا ڕەقیلەکانی تەن کۆتاهیان پێ دێ، ئەوجا هەستێرەی زەوی بە پێکهاتەی گازیلە و شلیلەکان سەرلەنوێ بە هێوری بە شێوە دێ، شێوەهاتنێک لە هەڵومەرجی نوێ و گۆڕدراودا، تیایدا سووڕی دووهەمی زیندەگی دەست پێ دەکات.

## ڕیشەی 15

ئەو بەڵێنەی پێشتری دراوە بە جهێ دێ، بهێشت لە بۆ چاکەکاران و، دۆڵزاخ لە بۆ خراپەکاران دەسازێ، بەشەرێت و زیندەوەرانی خاکڕەچەڵەک لە پێکهاتەی گازیلەدا سووڕی سێهەمی زیندەگی دەست پێ دەکەن، ئەوانی مهیری بووبن لە دۆخی بهێشتی و، ئەوانی هۆفی بووبن لە دۆخی دۆڵزاخی جهێ دەگرن. پێشترێ لە سەر زوانی پەیامبەرانەوە بهێشت و دۆڵزاخ شێوەیان دراوەتێ، شێوەپێدانێک کە ڕاستیەقین دەرباز دەکات و، وێنەی خەیاڵکرد نیشان دەدات. ئەو وێنەیە بە قەسدی باوەڕچەسپاندن هێڵی دراوەتێ، دەنا لە ڕاستیەقیندا بهێشت و دۆڵزاخ لە دوو باردا بە شێوە دهێن، چ تاقیشیان بەوجۆرە وەسفەی پێشترێ نین. ڕاستی ئەوەیە، بە شێوەهاتنێکی بهێشت و دۆڵزاخ لە ناو خوودی بەشەر خۆیدایە، بە شێوەهاتنێکیش لە دەرەوەی خوودێتی و، لە پێکهاتەی

زەمیندا قاڵب دەگرێ. هێشتانەکانێ بهێشت و دۆڵزاخێک لە باری زەمینیدا لە گۆڕێ دانین، وقتهێک وهاردی دادهێن، کە کووپەڵەی زەوی هەڵدەتەکێ و، دیسان بە شێوە دێ. ئەوەش بزانن بهێشت و دۆڵزاخ دوو چەمکی گوزارشتین و، وێنەی دوو دۆخ دەخەنەڕوو، وەلێ وێناکردنیان پێودانگ بەم سووڕەی زیندەگی، بە تەواوی لە ڕاستی دوورە. وێنەی بهێشت لە شێوەی باخاتی دڵنیشین، وێنەی دۆڵزاخ لە شێوەی چاڵە زاخی ئاگرین، وێنەی ڕاستیەقین نین، بەڵکوو گوزارشتی هەڵهێنجدراون لەوەی ئەمڕۆ لە سەر زەوی هەیە. زهینتان ڕوون بکەنەوە و باش لێی تێبگەن، سووڕی سێهەمی ژینی بەشەر، لە میانی سووڕی دووهەمی ژینی زەویدا بەرجەسدە دەبێ. ئەو دەمەی زەوی لە تەنی گازیلە و شلیلەدا شێوەی نوێ بە خۆیەوە دەگرێ، ئەو شێوەگرتنە لە بەشێکیدا بهێشتی و لە بەشێکیدا دۆڵزاخە لە بۆ ئەو بوونەوەرانەی تێی دەکەون. وەلێ پێشی بهێشت و دۆڵزاخی زەمین، بهێشت و دۆڵزاخی ناو خوود هێکسەرە لە پاش مردن دەست پێ دەکەن، هەموو هێکێک لەگەڵ مردنیدا دەکەوێتە دۆخی بهێشتێ، یان دەچێتە دۆڵزاخەوە. لە مردندا بەشەر دەرک بە ڕاستیەقینی ڕەها دەکات، جا ئەگەر مهیری بووبێ، هەست و دەرککردنەکانی لە ناو خۆیدا بهێشتی لە بۆ ساز دەکەن، ئەگەریش هۆفی بووبێ، هیدی لە ناو خوودی خۆیدا دەسووتێ و، ناشتوانێ لێی دەربچێ. لەوێندەرێ چاکەکاران لە هەستی شادی و کەیف خۆشیدان، چوونکی دڵنیان ڕوو بە بهێشتی زەمینی بەڕێوەن، ئەم هەستە لە ناخەوە دەیانخاتە بهێشتەوە. هاودەم خراپەکاران لە خەمگینی و پەشیمانیدا نووقمن، لەبەرئەوەی دڵنیان بەرەو دۆڵزاخی زەمینی دەچن، ئەمەش لە ناخەوە دەیان سووتێنێ. لێرەکانەش لەم هێکەم سووڕەی زیندەگیدا، جۆرێک لە بهێشت و دۆڵزاخی ناو خوودێتی هەیە، ئاسوودەگی لە دڵ و دەروون‌دا، بهێشتێکە، دڵتەنگی و ئاگری دەروون دۆزەخێکە. ئەوانی هۆفی و بەدکارن، ڕق هەڵگر و دڵڕەق و بەرچاوتەنگن، خۆویست و گشت نەویستن، بە دووی هێشاندنی ئەوانی دیکەوەن، ئەوانە گیرۆدەی دەروونپەستی و دڵ گووشدراوین، هەرلەم جێهانەش ئەشکەنجە دەکێشن و دەسووتێن، پاشانەکەش لە هەردوو سووڕی دیکەی زیندەگیدا، لە دۆڵزاخی ناو خوودێتی و، لە دۆڵزاخی دەرەوەی خوودێتیدا خۆیان دەبیننەوە. هەش بە هەقڵت هەی ئەو کەسەی لە گەوجێتی و نەزانیدا قەتیس دەبی و، دەست بە ناموسەوە ناگری. ئەم دەرفەتە بەخشینێکە لە هوودای مهیربانەوە، گەوج کەسێکە لارەملی بکات و لە دەستی بچێ.

## ڕیشەی 16

ئەو دەمەی بەشەر دەمرێ و، دەچێتە سووڕی دووهەمی زیندەگی خۆیەوە، پێکهاتەی لەشی دوو ئاستی تەنی تێیدا بەرجەسدەیە، لە کاتێکدا لەشی زەوی لە هەرسێ ئاستی تەن پێک دێ، پاشانەکە کە زەوی دەمرێ و، دەچێتە سووڕی دووهەمی زیندەگیەوە،

پێکهاتەکەی دەبێتە دوو ئاستی تەن، هەینێ بەشەر و بوونەوەرانی خاکرەچەڵەک، دەربازی سووڕی سێهەمی زیندەگی دەبن، پێکهاتەی لەشیشیان هێک ئاستی تەنی دەبێ و، تەنەها گازیلەیە. ئەمە ئەوەیە کە پێشترێ وەکوو زیندەگی و زیندووبوونەوەی پاش مەرگ، بەلێنی بەهەقی لە سەر دراوە. لە پاش مردندا، شێوەگرتنەوەی نوێی زەوی بە تەواوی جوودایە لە شێوەی هەنەوکەی، ئەمیان لە دوو ئاستی تەندا بە دید دێ و، ئەوەیان سێ ئاستی تەنی تێیدا بە دید هاتووە. ئەوەی بە ڕۆژی هەڵستانەوە و هیساب ناوی دراوەتێ، پەڕینەوەی بەشەرە لە سووڕی دووهەمی زیندەگی لە بۆ سووڕی سێهەمی، ئەمەش هاوکات لەگەڵ شێوەگرتنەوەی زەویدا ڕوودەدات. لەو ڕۆژەدا مردووان بە تێکڕا، بە قاڵب و قەوارەی نوێ لە پێکهاتەی گازیدا هەڵدەستنەوە و، پێ لە سووڕی سێهەمی زیندەگی دەخەن. لە هەڵستانەوەدا کەس لە بیری کەسدا نابێ، گووژمێک شاد و گووژمێک خەمین، هەرکەس بە پێی تۆماری بنەڕەتەکەی، گوورج بە هەژماری خۆی دەکەوێ. هێزگەلێک لە ڕاکێشان و پەرتککردن، ئەم دابەشەی هیساب بەجهی دهێنێ، ئەوانی مهیرین دەچنە بهێشتێ و، ئەوانی هۆفین ڕاپێچی دۆڵزاخ دەبن. لە ناو خوودێتیدا بهێشت و دۆڵزاخ دەوام دەکەن، لە دەرەوەی خوویێتهیش لە زەمیندا ئەوی کردەچاک بووبێ، لە بازنەی مهیرە، هاوسەنگ بە هەندازەی چاکەکردنەکانیشی، لە هێکێک لە پلەکانی بهێشتێ بە جهێی دەبێ. ئەوی کردەخراپ بووبێ، لە بازنەی هۆفە و، هاوتا بە هەندازەی خراپەکردنەکانیشی، لە هێکێک لە پلەکانی دۆڵزاخ جهێ دەگرێ. لەوێدا تەمەنی بەشەر وەکوو بێکۆتا وهایە، تەمەنێک بە ڕادەی ملیاران ساڵی ئێستا توول دەکێشێ، ئەم توولکێشیەی تەمەن لە بهێشت و دۆڵزاخ، هەم بە پێکهاتەی لەشی بەشەر گرێدراوە، کە لەش تەنەها گازیلەیە، هەمیش پەیوەستە بە گۆڕانی کاتەوە، چوونکە ئەو گۆڕانەی لە پێکهاتەی زەویدا ڕوودەدات، گۆڕانی کات بە دووی خۆیدا دهێنێ. لەو دەمیدا پێکهاتەی خۆرهەتاوی دایک و، پێکهاتەی خاکی دایک بە تەواوی گۆڕدراون، هاوکات خوولانەوەی نیمچە کەوانی زەوی و مانگ، کە مایەی بە زەوی داهاتنی ساڵ و وەرزەکانن نامێنن، لەبەرهەندێ بهێشت و دۆڵزاخی زەمینی هەروەکوو بهێشت و دۆڵزاخی ناو خوود، نە ساڵی تێیدایە و نە وەرزەکان، نە ئەو ڕۆژ و شەوەی هەنەوکەش، کە بە هۆی لاربوونەوەی زەوی بە دەم خوولانەوەی بە دەوری خۆیدا دروست دەبن.

## ڕیشەی 17

هەی باوەڕداران! دوو ڕووداو لە هێکدی جوودا بکەنەوە، دوونیا خراپبوون بە سەر بەشەرێت و بوونەوەرانی خاکرەچەڵەک ڕووداوێکە، لە ناوچوونی زەوی ڕووداوێکی

دی. کۆتاهی هاتنی ژینی سەر ڕووی زەمین، لە لێکەوتەی خاوبوونەوەی خوولانەوەی خۆر بە دەوری خۆیدا، هێواش هێواش دەست پێ دەکات، پاشانەکە زەوی لە خوولانەوەی دەوری خۆی و، خوولانەوەی نیمچە کەوانیدا هەڵدەگەڕێتەوە، بە هێکڕا ئەم زیندەگیەی سەر ڕووی زەمین دواهی پێ دێ. وەلێ زەوی لە قەوارە و قاڵبی خۆیدا دەمێنێتەوە و، ئەم سووڕەی ژینی بەردەوام دەکات. هەڵوەشانەوەی پێکهاتەی خاک ڕووداوێکە درەنگ وقهت ڕوودەدات، ئەو ڕووداوە مردن و تەواوبوونی تەمەنی هەستیرەکەیە. ئێستانەکانێ خاک لە ڕەوتی هێکەمی خوولانەوە دایە، ئەم ڕەوتەی خوولانەوەی بە دەوری خۆی و، لە خوولانەوەی نیمچە کەوانیدا، لە چەپ بەرەو ڕاستە، ڕەوتی مێینەیە، کاتێک دەگاتە هاخیر پێچ، ساتێک دەوەستێ، ئەم وەستانە بە واتای نێرەمووک دێ، ئەوجا لە هەردوو باردا ڕەوتی دووهەم، کە ڕەوتی نێرینەیە لە ڕاست بەرەو چەپ دەست پێ دەکات. وقتهێک زەوی دەکەوێتە قۆناخی پیری، چیدی خوولانەوە نیمچە کەوانیەکەی بەردەوام ناکات، لە بازنەی لە دایکبوونەکەیدا هەروەکوو ماوەی منداڵیەکەی، تەنەها بە دەوری خۆیدا خوول دەخوات. بە کۆتاهاتنی خوولانەوەی نیمچە کەوانی، ساڵ و وەرزەکان کۆتاهیان دێ، تەنەها ڕۆژ و شەو دەوام دەکەن، وەلێ لە لێکەوتەی خاوبوونەوەی خوولانەوەدا لاربوونەوەش زۆر هێور دەبێتەوە، لەبەر هەندێ ڕۆژ و شەو تووڵانی دەبن، هەتاوەکوو ئەو ڕۆژەی کە زەوی لە خوولان دەوەستێ.

## ڕیشەی 18

بەشەر و گیاندارانی دیکەی خاکڕەچەڵەک، لە سەر ڕووی زەوی دەژین، نەک لە سەر هەموو لەشی زەوی. لەشی زەوی بە گشتە سەهۆڵبەندان و تاریکە، زۆر بە کەمی ڕوودەدات، هەندێک بەشی لەشی زەوی، لە مەودای دوورەوە، ئەویش تەنەها لە دەستپێکی وەرزی پاهیزدا، ڕۆشناهی خۆرهەتاوی بگاتێ. لە سەر ڕووی زەمینیش، هەندازەی گەرمی و ڕۆشناهی لە جێهێک لە بۆ جێهێکی دی جوودایە. هەڵکەوتەی ڕووی خاک بەشێکی بڵند و پان، بەشێکی نەوی و بەرتەنگە، بەشێکیش هەردوو شێوەی گرتوتەخۆی. دوورکەوتنەوەی زەوی لە خۆرهەتاو، لە وەرزەکانی پاهیز و زمستاندا، وها دەکات شەو لە بەشە نەویەکەی سەر ڕووی خاک بە هەندازێک تووڵانی بێ، کاتێکی ئەوتۆ بە بەر ڕۆژەوە نەمێنێ. بێجگە لەوەش، ڕووی زەمین بەشێکی هووشک و فەرەبەشی ئاوە، بەڵام هووشکە زەمین ئەو نەقش و نیگارە نیهە، وا هێڵیان داوەتێ و نیشانیان داوە. ڕووی زەوی و، ڕووی هەرهەستێرێک بەشێکە لە کەلەی سەری ئەو هەستێرەیە، ڕووی سەرجەمی هەستێران، بە ئاراستەی سەرەوە هەڵکەوتوون و، لە وێنەی ڕووی کووپەڵەیە. گۆڕانەکانی پێکهاتەی لەش و، سەروکەلە و ڕوو، لە بوونەوەرانی خاکڕەچەڵەکدا، پلە بە پلە، لە میانی کارکردی پلەبەندێتی

پەیدابوون خوولقاون. دیقەتی بدەنێ، لە بوونەوەرانی ئاویدا ماسی ڕووی بەرەو سەرەوەیە، لەشی بە شێوەی ئاسۆهی ڕێ دەکات، لە بوونەوەرانی هووشکانیشدا مار بەوجۆرەیە، وەلێ بەشەر ڕووی بەرەو ئاسۆیە و، لەشی بە شێوەی ستوونی دەڕواتە ڕێ. ڕووی بەشەر بە گۆڕانەوە، لە سەر وێنەی ڕووی خاک شێوەی هاتوتێ، لەوپەڕی پاناهی سەرچاوانیەوە، هەتا چەنەگەی، لە لاجانگی ڕاستیەوە، هەتا لاجانگی چەپی دەگرێتەوە. بەشی سەرچاوان تەخت و گەورەیە، بەشی چەنەگە خڕکەلان و گچکەلەیە، ئەوهاش ڕووی خاک هەردوو شێوەی تێیدا بەرجەسدەن، چەنەی زەوی، نەوی و بەستەڵەکە، بە کەمی تیشکی هەتاوی بەردەکەوێ، بە پێچەوانەوە نێوچاوان و پاناهی سەرچاوەکانی، تەخت و بڵندن و، گەرمترین بەشەکانی خاکن. ئەو سەرزەمینەی بە "هەفریق" ناودێرە، تەختی سەرچاوانی زەوین و، دارستانە چڕەکانی، مووی پەرچەمی خاکی دایکن. بوەستن و سەرنجتان لە سەری کۆکەنەوە، بە مەبەستی هاسانکردنی تێگەیشتن، وێنەکە پێچەوانە دەکەمەوە. ڕووی زەوی وەکوو ڕووی بەشەرێک وهایە، نۆهەد پلە سەری بەلای چەپدا سووڕاندبێ و، بەری وەهاسمانێ دابێ. ئەوەی لە سەری بەشەردا لاجانگەکانی ڕاست و چەپن، لە سەری زەویدا باکوور و باشوورن، ئەوەی لە سەری بەشەردا تەختی نێوچاوان و چەنەیە، لە سەری زەویش بەوجۆرەیە، بەڵام بە هۆی هەڵکەوتەی وەرچەرخانەوە، نێوچاوان لە لای ڕاست و چەنە لە لای چەپێتی، ئەمیان گەرمیان و، ئەویان زۆزانی ڕووی زەوی پێک دهێنێ. لە لاجانگێکدا بەشێک لە سپی پێستەکان، ئەوانی بە ڕووس ناسدراون هەن، لە لاجانگەکەی دی، سوورکەلەکان و خەڵکانێکی ڕەشتاڵە ژیاون، پاشانەکە سپی پێستی مووزەرد ناوچەکەی داگیر کردن. دارستانە چڕوپڕەکانی هەردوولا، بەشێک لە مووی پرچەکانی ئەملا و ئەولای خاکی دایکن، زەریا گەورەکان لە چاڵی چاوەکانی زەوی دروست بوون. هەردوو ڕەوتە گووتاری زەوی تەختە و زەوی خڕە، پووچ و بێ بنەمان، ڕووی زەوی لە باری پانی و ئاسوهیدا، نە تەختە و نەخڕە، هەروەکوو ڕووخساری بەشەرێک، بهێنن بە بیری خۆتاندا، کە هیچ هێکێک لەم دوو شێوەی نیهە، لە گشتەدا بەشێک بەرزە خاک و، بەشێک نزمە خاکە، بەڵام هاوئاستی لە گۆڕی نیهە، لە هەرهێکێک لەو بەشانەش هەوراز و نشێوی هەیە، بەرزە جهێ نێزیکترە لە هەتاو و، گەرمترە لە نزمە جهێ. کەشوهەوای جوودا لە جێهانی سەر ڕووی خاکدا، لێکەوتەی بەرزی و نزمی و، هەڵکەوتە جووداکانی بەشەکانی ڕووی زەوین.

## ڕیشەی 19

گشتەی جێهانی بەشەرێت تەنەها لەو بەشە خاکەن، ئەو بەشەی ڕووی زەوی پێک دهێنێ. هێڵی نەقشەکانی لە بۆ جێهانێ ڕاکێشدراون فریودەرانەن، نە جێهان ئەوهایە، نەڕووبەڕەکانی جوودایان کردوونەتەوە، بە هێندەی ئەو هەندازەیەن. سەرزەمینی

ئەفریقا، بەشی هەرەبەربەرینی خاکە لە هووشکاتی جیهانێ، کەچی لە نەقشەدا بە نیو هێندەی خۆی ڕووبەری دراوەتێ، لەبەرامبەردا ئەو بەشە خاکانەی سەردەستەی هۆفێتی تیایدا بە دەسەهەڵاتن، گەورە نیشاندراون، ئەمەش بە قەسدی زالێتی بە سەر دەروونی خەڵکی جیهانێ. لە ڕاستیدا فرتوفێڵی گەورە دەرهەقی بەشەرێت هەیە، ئەو جەمسەرانەی بە ناوی باکوور و باشووری زەویەوە خستووتیانە نەقشەوە، درۆینەن. بەستەڵەک هەموو لاهەکانی ڕووی زەوی داپۆشیون، ڕووی خاک وەکوو ئەوە وهایە بە دیوار دەورە درابێ، تەنەها دەتوانن لە ناو تخووبی ڕووی زەویدا بە جەم وجۆل بن، بەشەکانی دیکەی لەشی خاک، تاریک و سەهۆڵبەندن، توانای پێدا گوزەران بە هیچ کەس نەدراوە. ئەم ڕاستیەقینە لە خەڵک شاردراوەتەوە. سیستەمی هۆفێتی، وێنەی ساختە و زانیاری درۆین، لە بارەی زەوی و هەستێرانەوە پەخش دەکەن، خەڵکی بەو بەو شتانە خەڵەتاون. من دڵنیاهیتان دەدەمێ، سەردەستەی جەمسەرەکانی هۆفێتی، لە هەردوو بەری خۆرئاوا و خۆرهەڵاتێ، پەیمانی پەنهان لە نێوانیاندا هەیە، بە هێکەوە درۆ دەهوونەوە و، بە ناوی زانست پۆشتەی دەکەن، ئەوجا لە گوێی خەڵکی دەهاخنن. لەوەتی هۆفێتی لە پێکهاتەی سیستەمدا شێوەی هاتوتێ، هەستوونگی بە پێوە مانەوە و دەوامکردنی، هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی بووە، لە ڕێی هوونینەوەی درۆ و دەلەسەوە، بە پێی سەردەمەکانیش جۆری درۆهەکان ڕەوتیان دراوەتێ، وەلێ ئەمڕۆ نامووس ئەو هەستوونگە سەرەکیەی سیستەمەکە دەڕووخێنێ، ئەوکاتەش هاقیبەتی سیستەمەکەی ستەم، وەکوو ڕەشماڵێک وایە، کە بە لادانی هەستوونگەکەی بە ناوخۆیدا دەکەوێ.

## ڕیشەی 20

ڕووی زەمین چ بە باری ئاسۆهی و چ بە باری پانیدا، بنەما لە سەر ڕەگەز و خوودێتی، لە دابەشبوونی سێهانی دایە. بە هەردووباردا خۆرمیان (ناسدراو بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) ناوەندی ڕووی زەمین پێک دهێنێ. ئەو ناوچەیە دایکە، دایکی جێهانی سەر ڕووی خاک و، ژێر ڕووی خاکە. دایکێتی ئەم بەشە خاکە، لە هەڵکەوتە و پێکهاتەکەی دایە، ئەو بەشانەی ڕووی زەوی کە نەویترن لە بەشەکانی دی، بەرەگەز مێ و بە خوودێتی کیژن، بەرزە خاکەکان بە ڕەگەز نێر و بە خوودێتی کووڕن، خۆرمیان لە بەینی هەردوو هەڵکەوتەی جوودایەز خۆی دەبینێتەوە، بە ڕەگەز نێرەمووک و بە خوودێتی دایکە. بەشەکانی ڕووی زەوی، ئەوانەی بڵندترن لە بەشەکانی دیکە، زیێدەتر بەرگەرمی خۆرهەتاو دەکەون، لە لێکەوتەی ئەوەش دانیشتوان ڕەش پێست و ڕەنگ قهوە و ئەسمەرن. وەلێ لە نزمە خاکەکاندا خەڵک کەمتر هەتاویان بەردەکەوێ، بۆهێ سپی پێستن، لە پلەی جوودایەزی سپێتیدا. هەندێ

شوێنی دی، دۆخەکەی جوودایە، ڕەنگی پێست زەردە، لە هەندێکی دی سووڕباوە. لە خۆرمیانێ خەڵکی پێتر گەنم ڕەنگ و موو کاڵن، ئەوانی بەلای نزمە خاکەوەن، لە سپی نێزیک دەبنەوە و، ئەوانی بەلای بەرزە خاکەوەن، لە ڕەشی نێزیک دەبنەوە. کاکڵ و ناوەندی خۆرمیانێ کووردهەوارە، لەم هەوارەدا وەرزەکانی ساڵ بە تەواوی بەرجەسدە دەبن، ماوەی ڕۆژ و شەو لە ڕۆژی هێکەمی بهار و، ڕۆژی هێکەمی پاهیزدا، بە هەندازی زۆر هاوتا دەبن. هەردوو دەستپێک جێژنی مهیرین، "نەورۆز"ی بهارێ و "مهیرگیان"ی پاهیزێ، ڕۆژانی بەرەکەتداری هوودای دایکن. ڕۆژان لە جێهاندا، بە ڕۆژانی خۆرمیانێ گرێدراون، ئەو ڕۆژەی ڕەوتی هۆفێتی چنگی لە خۆرمیانێ گیرکرد و، دەوری دایکێتی پەک خست، بە دوویدا هەموو جێهان پەکی کەوت. هاوکێشەکە وهالەیە، بە هەڵستانەوەی مهیر لە خۆرمیانێ، هیدی لە هەموو جێهانێ هۆفێتی دەکەوێ. خۆرمیان تایبەتمەندە، لە خوودێتیدا دایک و ناوەندە، پەیوەندی خۆرمیان بە خۆرهەتاوەوە ناوەندیانەیە، ئەم ناوەندێتی و دایکێتیە دۆخێکی تایبەتی لەو بەشە خاکە و، لە ئاوەکانی دەوریدا پێک هێناوە. ئاو و هووشکانیەکانی ئەم نێوانە، لەوانی دیکەی جێهانێ جوودان. بوونەوەرانی خاکڕەچەڵەک، لە ناو ئاوەکانی خۆرمیانێ لە دایک بوون، پاشانەکە بە ئاوەکانی جێهانێدا پەخشان بوون. زیندەوەران لە ئاوی خۆرمیانێ لە بۆ هووشکانەکەی گوێستدرانەوە، لەوێشڕا بەرەو هووشکانەکانی جێهانێ بڵاوەیان کرد.

## ڕیشەی 21

خاک دایکە، شەرمەزاری ئەوەیە بەشەر دایکی خۆی ناناسێ. گشتەی گیانداری زەمین نیشین، خاکڕەچەڵەکن و لە میانی پلەبەندێتی پەیدابوونێ، لە خاکەوە بە زیندەگی هاتوون. هەی بەشەر! ئەوەی بە سەریەوەن، ڕووی خاکی دایکە، لە سەرتانە وەکوو ڕووی دایکی خۆتان ببینن و بپارێزن. خاک لە پەیکەری گشتەدا، سێیە لە هێکێکدا، لای چەپی کێژە و لای ڕاستی کووڕە، ناوەندی لەش دایکە. ئەم سێهانەی خوودێتی لە کەلەسەر و ڕووش بەرجەسدەن. خوودی سەرک سێیە لە هێکێکدا، ناوەندی سەرک خۆرمیانە و دایکە، لای چەپی زۆزانە و کێژە، لای ڕاستی گەرمیانە و کووڕە. لەوەتی دوونیا دوونیایە، دڵی خۆرمیانێ کووردهەوارە. کووردەوار گووم ناوە، لە سەر زار و لە سەر نەقشەکانی کێشدراو نەهێڵدراوە. بەشەر لەو چەقەدا لە دایک بوو، لەو بەشە خاکەدا هوودای دایکی ناسی، بەم ناسینە شارستانێتی دایکی خستە سەرپێ. ئەمڕۆش فەریادڕەس ڕێک لە ناو دڵی دایک، لە کووردەواری گووم ناودا هاتۆتە دەرێ.

مەگەڕێن، کووردهەوارێک لە هیچ نەقشێکی جێهانێدا ناوی نییە، گۆزار وهایە فەریادڕەس لە هاسمانەکانەوە هاتۆتە خوارێ.

## ڕیشەی 22

هەستێرەی زەوی لە ناو تۆپەڵێک هەڵمی چڕدا بە زیندەگی هات، زەریا و ئاوەکانی سەر ڕووی زەوی، لەو بارانە تووڵکێشەی لە هەڵمە چڕەکە کەوتەوە، دروست بوون. پاشانەکە لە ناو ئاوی سپی لە خۆرمیانێ، هێکەم ناوکە زیندەوەر بە ژین کەوت. ڕێسای پەیدابوونێ وهایە، هەموو هووردە بوونەوەران لە هێک ناوک، هەموو هەستێرەکان لە هێک نەوکە هەستێرە بە سەرەتا هاتن، پاشان زۆر و جۆراوجۆر بوون، ئەوهاش ئەو ناوکە زیندەوەرەی لە ئاوی خۆرمیانێیە دوونیا هات، جووداجۆری و زۆری زیندەوەرانی بە زەریادا هێناوە. چەشناوچەشنی بوونەوەران وهالەیە، لە هێک دایکەوە دەست پێ دەکات، هەروەکوو هوودا هێکێکە و دایکە. لەو هێکەم دایکەی زەریاوە ئەو هووردە زیندەوەرانەی لە دایک دەبن، بچووکتر لە دنکە لمێکن و، بە شێوەی ڕووەک دهێنە بەرچاوان، ئەوان لە نێوانیاندا تووخمی بزێو و نەبزێو دەبیندرێن، نەبزێو دەنوسێ بە خاکەوە و، بزێو بە کۆمەک لە دۆخی ئاو، دەخوولێ و جهێ دەگۆڕێ. لە دەوامی پلەبەندێتی پەیدابووندا، لە دایکبوونی جووداجۆر پەرەدەستێنێ و، زیندەوەری دیکەی فەرە جیداواز وەگۆڕێ دەکەون. تابلۆی ئەو ژینەی لە هووردە زیندەوەرانی شێوە ڕووەک لە زەریاکاندا بەرجەسدەن، وهێکچوو لە تابلۆی هەمەچەشنی هەستێران هێڵکێشدراوە. هوورد زهینی بدەنێ، جێهانێکی سەرسوڕهێن لە جوانیدا، ها لە بەرپێتان، جێهانێکی دیکە ها بە سەر سەرتان، ئەگەر بە چاوی سەر قوودرەتی نیگاکردن ناکەن، خۆ دەکارن مەخدید بن و لە جێهانی خۆتانەوە بیر لە ئەوانیدی بکەنەوە.

## ڕیشەی 23

زیندەگی بەو وشەیەی واتای دراوەتێ، لە ژێر ڕووی خاکەوە لە بۆ سەر ڕووی خاک، لە ناو ئاوەوە لە بۆ هووشکانی گوێستدراوەتەوە. ئەم گواستنەوەیە لە میانی دایکێتیدا بە پڵەبەندێتی پەیدابوون گوزەر دراوە و، لە کاروانی گواستنەوەدا بوونەوەرانی هەمەجۆر بەشدارن. پاشانەکانێ لە هووشکاتیدا بناخ لە سەر ناوکە زیندەوەرەکان، گەڵێک بوونەوەری لە قاڵب و قەوارەی جوودا خوولکاون. ناوک (دایکی خوودکرد) بازدانی ڕەچەڵەکی بە هاردی دادهێنێ، ئەگەرچی وەک هێکی لە هیچ ئاستێکی بوونەوەرێتی لە

گۆڕێ نییە، وەلێ لە ڕێی ناوکەوە مەودای جوودایەکان فەرە دەبن. ناوک بە ژمارەیە، لە هەر قۆناخێکی ژمارەهیدا ئاستی جوودابوون هەڵکشاوترە. بنواڕن، لە ژمارە سەد لە بۆ هەزار، چەند چەشنە ناوک بەرجەسدەن؟ لە گشتەدا ناوکی دەهی، سەدی، هەزاری بەرهەستن. لە نێوانیاندا تەنەها ناوکە هەزاریەکە هێکێکە، دەنا نۆ جۆرە ناوکی سەدی، لە هەر ناوکێکی سەدیشدا نۆ ناوکی دەهی هەیە. بە نموونە ئەو بوونەوەرەی لە ناوکی ژمارە سەد و بیست لە دایک بووبێ، لەگەڵ بوونەوەرێکی دیکە لە ناوکی سەد و هەشتا بە ژیان هاتبێ، بێگوومان لە هێکدی فرە دوورنین، چوونکی هەردووکیان لە ناوکی سەدیدا هاوبەشن، لە کاتێکدا ئەو بوونەوەرەی لە ناوکی هەزاریدا لە دایک بووبێ، لەگەڵ ئەو دووانەی دیکە فەرە جوودایە.

## ڕیشەی 24

لە سەر زاری پەیامبەرانی پێشینان گووت دراوە: بەشەر لە تۆزی خاک، یان لە قووڕ خوولقاوە. ئەم گۆزارە تێگهیشتنی هەڵەی بە دوو داهات، هاخر کەس ڕۆنەچوو بە قووڵاهیدا و، هەرکەس خۆی بە ڕووکەشی واتاکە هەڵواسی. خەڵکانێک لە زهینی خۆیاندا وهایان وێنە داوەتێ: قووڕ شێل دراوە و هەیکەلی بەشەری لێ هەڵچەندراوە، وەکوو ئەوەی گڵکارێک دەیکات. تێگهیشتنەکە سەرلەبەری هەڵەیە. وشەی خوولکان(خوولقان) مەبەست لە خووڵانەوەیە، زیندەوەرانی بە قەوارە هوورد، پێکهێنەری پێکهاتەی لەشی زیندەوەرانی بە قەوارە درشتن، ئەو هووردە زیندەوەرانە نەسرەوتانە بە دەوری خۆیاندا خوول دەخۆن، خووڵانەوەکە هێکسەرە لەگەڵ لە دایکبوونیاندا دەست پێ دەکات، لەبەر هەندێ لە دایکبوون بە خوولکان واتای دراوەتێ. بڕۆننێ، نە بەشەر و نە هیچ هێک لە گیاندارانی زەوی نیشین، خۆبەخۆ لە قووڕ نەخوولکاون، بەڵکوو بەرەچەڵەک خاکین، ئەوی ڕاستەوخۆ چاوگی لە پێکهاتەی خاک گرتبێ، بە تەنەهێ ناوکە زیندەوەر بووە، ئەو ناوکەی لە ناو ئاوی زەریادا بە زیندەگی هات. لە پلەبەندی پەیدابوونێ، بەشەر و گشتەی گیانداری سەر ڕووی زەمین، بە هەشداد لە بۆ ئەو هیکەم دایکە دەگەڕێنەوە، لەم واتا قووڵەوە گۆزاری بەشەر لە قووڕ خوولکاوە هاتۆتە گۆڕێ. بە هام ئەو زیندەوەرانەی خاکڕەچەڵەکن، هەر لە بۆ خاکیش دەگەڕێنەوە، لەشەکان دەڕزن، دەبنە گڵ و تێکەڵ بە هەشداد (خاکی دایک) دەبنەوە.

## ڕیشەی 25

وشەکە واتای پڕاوپڕی نەداوەتێ، زیندووێتی و زیندەگی فەراوانتر و تووڵکێشترە لەوەی تێی گهیشتوون. پێشترێ مهەمد کووڕی هامینێ، وهای دابوو بە گوێی خەڵکیدا،

که هەموو شتێکی زیندوو لە ئاو خوولکاوە. بەڵام من دەیدەم بە گوێتاندا: هەموو شتێک بوونەوەرە، هەموو بوونەوەرێک زیندوون. لەتەبەرد و تۆزی بەرپێ و، شەونمی سەر گاڵا، تەنانەت گاڵای هەڵوەریو و، پەلی شکاوی درەختەکان بە هووشکیش بوونەوەری زیندوون. هەموو لەشدارێک تەنە و، تەن لە تین بە ژین هات، هەتا ئەو وقهتەی دەبێتەوە بە تین، ژینی تەن بەردەوام دەکات، ماوەی دەوام کردنەکە بە جۆرێتی تەنەکە هەڵواسدراوە. ئەو دەمەی لقی درەختێک دەشکێ، ژینی ئەو لقە لە پەیوەست بەو درەختە کۆتاهی دێ، وەلێ لقەکە بە تەنەهاش ماوەهێک بەردەوامی بە ژینی تەڕێتی دەدات، پاشانەکە دەست بە ژینی هیشکی دەکات. هەمیشە لە بیرتان بێ، ئەوی لە گشتەدا وەکوو بوونەوەرێک بەردید دەکەوێ، لە پێکهاتەدا جەمێکی فەرەیە لە هووردە بوونەوەر و، لە بازنەکانی بوونەوەرێتی پێک هێندراوە. ئەو دەمەی گیان لە بازنەی گشتەی لەش دەترازێ، لەش لە ئاستی گشتەدا لە جوولە دەکەوێ و، لە دایکبوونی نوێ لە پێکهاتەی ئەو لەشەدا دەوەستێ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هووردە بوونەوەرانەی پێکهێنەری لەشەکەن، بە پێی جۆرێتی تەنی خۆیان دەوام دەکەن. تەنی خوون، گۆشت، موو، هێسک و ئەوانیدی، پێکهاتەی لەشی بەشەرن بە جۆرێتی جوودا، هەرهێکەشیان زەندقی خۆیان هەیە. ئەوهاش تەنی درەخت، بەرد، گڵ، هاسن و نەفت و ئەوانیدی پێکهاتەی لەشی خاکن، هەرهێکەیان تەمەنێکی جوودا دەژین. بەشەر و بوونەوەرانی خاکرەچەڵەک، لە پاش مردندا ڕەقیلەی لەشیان دەڕزێ و، بە تێپەڕبوونی کات دەبێتەوە بە خاک. خاکیش ئەو دەمەی سووڕی هێکەمی زەندەق تەواو دەکات، ڕەقیلەی لەشی هەڵدەوەشێ، بە تەواوکردنی سووڕی دووهەم شلیلەی تەنی خاک و، بە تەواوکردنی سووڕی سێهەمیش گازیلەی تەنی خاک لە ناو دەچێ و، دەبێتەوە بە تین، وەکوو ئەوەی هەرنەبووبێ. خەڵکینە نەمری بەس لە بۆ تینە، تەنەها هوودای دایک هەتاهەتایە. لە سەرەتادا تەن لە تین بە ژین هات، لە کۆتاهیدا تەن دەبێتەوە بە تین و، هەموو ئەو گەردوونەی بەردیدە، دواهی پێ دێ. تین خوودێتی هوودای دایکە، سەرجەمی بوونەوەران لە ناو دەچن، بە تەنەهێ تین دەمێنێتەوە.

## ڕیشەی 26

کووپەڵەی زەوی لە جۆری لە جۆری خۆیدا تاقانەیە لە گەردوونێ، بەشەر و گیانلەبەرانی دیکەی خاکرەچەڵکیش، لە جۆرێتی خۆیاندا تاقانەن. لێگەڕین و بیرکردنەوە لە خاکێکی دی، خاکێک وەکوو ئەم خاکەی بەسەریەوەن، هێوەچوونە لە نەزانی و گەیشتنە بە گەوجی. هۆ گەوجینە، هێروە وەرنەوە، وەرنەوە هۆش و، خەیاڵی بڵاوتان کۆکەنەوە، لە هیچ کوونجێکی گەردوونێ، زەوی هاوجۆری نیەە. زەوی دایکە، هەم دایکی هەنگۆیە،

هەم دایکی نۆهەم هەستێرەی نۆینی دەوری خۆرهەتاوە. بەشەرێت و هەموو ئەو زیندەوەرانەی وا بە سەر ڕووی خاکەوەن، بە ڕەچەڵەک لە بۆ ئەو ناوکە زیندەوەرە دەگەڕێنەوە، ئەوەی لە خاک بە ژین هات. لە واتای ڕەچەڵەکیدا خاک دایکی بەشەرێت و، دایکی سەرجەمی زیندەوەرانی خاکنیشینە. لە سەر لەشی خاک زیندەوەر هەنە، لە سەر لەشی ئەو زیندەوەرانەش زیندەوەری دیکەی هووردۆک دژین(وەکوو بەکتریاکان)، ئەوە لە هێکچوونێکە، هەلی باشترتان دەداتێ لە بۆ تێگەهیشتن. هیدی زهینتان ڕوونکەنەوە و باش تێبگەن، بە هۆی تێگەهیشتنەوە بە پڕاوپڕی باوەڕ بە هوودای دایک پتەو بکەن.

## ڕیشەی 27

هەی لێلێ، هەی لۆلۆ، چ جاهەلی و نەزانێنێکە، وا ئەو بەشەرە قیت و قەنجە، بە هەگبە بە تاڵەکەی خۆی دەنازێ، لە خۆی وهایە هەگبەی پڕە و، هەزار هەندەی پێشینانی شت دەزانێ. بنووشتێوە هەی نەزان، بنووشتێوە و مشتێک لە خاکی بەرپێت هەڵگرە و ماچی بکە، ئەوە لەشی دایکتە، هەتۆ کە دایکت ناناسێ، چلۆنێک دەتوانی خۆت بناسی. سەردەمێک پیاوێک بە نێوی"چارلز کووڕی سۆزانە" هاتە مەیدانێ و، لە بەشوێنگەڕانی بنەچەی جۆری زیندەوەرانی خاکنیشیندا، ساڵانێک ڕەنجی بە با دا، وەلێ لە چاڵی چەفتی کەوت و، سەر لێتێکچوونێک تووشی هات، سەری زۆرانی بە لاڕێدا برد. کووڕەکەی سۆزانە لە خۆی وهابوو، بنەچەی ڕەچەڵەکی دیتۆتەوە، جاڕی کێشدا ئەوەی: گوایە جۆراوجۆری زیندەوەران و، گۆڕانی پێکهاتوو لە نێویاندا، پڕۆسەی پەرەستەندنێکە زۆر بە هێوری، لە میانی گۆڕانی ئاو و هەوا، پێ بە پێی گوزەری کات ڕوویداوە. وهای بیر لێ کردەوە کەشوهەوا بنەڕەت و قاڵب دەگۆڕێ و، لە پێکهاتەدا کەمی و زیادی بە سەر ئەندامی بوونەوەردا دهێنێ، سەرەنجام هێدی و بە هەنگاو چوار قاچێک دەکات بە شەش قاچ، بێ کلکێک بە کەڵک. ها بڕۆننێ، خۆ دەبینن ئەوی دایک نەناسێ، چلۆن سەری لێ دەشێوێ و، کلک لە خۆی دەڕوێنێ. لە ڕاستیدا بە دەر لە زانستی هوودای دایک، زانستێک لە گۆڕێ نیهە، ئەگەر هەشبێ پووچ و پاتاڵە و، زەرەر و زیانی گەورەی هەیە. پووچی و پاتاڵی توور هەڵدەن، کەسی هاقڵ گوێزی پووچ ناخاتە هەگبەی کاروانەوە، چوونکی ئەگەر ئەوها بکات لە ڕێهێ بە برسێێتی دەمێنێتەوە. ئەوەتانێ، هەلیت و پەلیتی کووڕەکەی سۆزانە و ئەوانی وا بە دووی وی کەوتوون، چ کات نانێک نەبوو زگی ڕێبواری ڕێ تێر بکات. دەبوو ئەو کابرایانە لە خۆیان بپرسی بایە: ئەگەر گیانلەبەرانی خاکڕەچەڵەک بە کاریگەری ئاو و هەوا خوولقابن، هەدی زەوی لە بنی کامە کاریگەریەوە دەرهات؟ خۆر و مانگ

و، ئەو گشتە جۆربەجۆرەی ها بە هاسمانەوەن، کێهان ئاو و هەوا ئەمانەی بە گەردوون هێناون؟ هیدی ئەوهایە، کاتێک هوودای مهیربان ناناسن و لێی دوورن، تووشی سەرگەردانی دهێن، خێر و شەڕتان لێ تێکەڵ دەبێ و، ناتوانن بە دروستی بیر لە زیندەگی بکەنەوە. ڕاستی ئەوەیە گشت گەردوون لە بەراهی هەتاوەکوو دواهی، لە بازنەی هێک نامووس دایە و، بە هێک ڕێسای دایکێتی هەڵدەسووڕێ، وەلێ بەبێ ناسینی دایک، قەت ڕاستی بە زهین داناهێ، چوونکوو دایک بنەڕەتی هەرشتێکە، زانستی ڕاستیەقین بە سەرچاوە لە دایکەوە دێ. ئەمڕۆ ڕۆژێتی، بە پڕاوپڕی باوەڕ بە هوودای دایک بهێنن و، لە پابەندیتان بە دایکی خۆتانەوە پابەندی بە هوودای دایک بەرهەست بخەن.

## ڕیشەی 28

گۆڕانی زەمینی و گۆڕانی زەمەنی لە هاردی دایە، خاک بوونەوەرێکە وەکوو هەموو بوونەوەرانی دی، بەشەکانی ڕووی و قاڵب و قەوارەی لە هێکدی جوودان. سەرنج لە پێستی ڕووی بەشەر بدەن و، بە وێنەی تێگهیشتن لێی هووردبنەوە، پێڵو، نێوچاوان، بەرچاو، لووت، لێو، کوڵم و هەرجهێ بە جۆرێکە. بە پێی زەمەنیش لە ساواهی هەتا پیری، گۆڕان بە سەر ڕەنگ و ڕووی بەشەر دادێ. ڕووی زەوی لە گۆڕاندا هەروەکوو ڕووی بەشەر وهایە، خاک و ئاو، هەوا و هەتاو، هەم بە پێی شوێن و هەم بە پێی کات دەگۆڕێن. ئەم جووداهی و گۆڕانە لە جۆرێتی و چەندێتی تیندا ڕوودەدات، ئەوجا بە هۆیەوە تەن دەگۆڕێ. خاک و ئاو، هەوا و هەتاو لە بەشە زەمینێک بۆ بەشێکی دیکە جوودایە، لە زەمەنێک بۆ زەمەنێکی دیکەش دەگۆڕێ، ئەوهاش ڕوەک و خواردنەکان لە جێهێک بۆ جێهێکی دیکە جوودان و، لە ڕۆژگارێک بۆ ڕۆژگارێکی دیکەش دەگۆڕێن. ئەم جووداهی و گۆڕانەی بە پێێ زەمین و زەمەن ڕوودەدەن، لێکەوتەیان هەیە و، لە ئاکامدا گۆڕانی بەشەکی و ڕووکەش بە سەر زیندەوەرانی خاکڕەچەڵەکدا دهێنن. لە ڕەوەندی مێژووی زەوی، لە نێو کۆمەڵانی هەمەچەشنی خاکڕەچەڵەکدا، دوو جۆری بە دیدهاتن، بەدیدهاتنی ڕووکەشیانەی هێور و، بەدیدهاتنی جەوهەریانەی لە هیکڕا ڕوویانداوە. کووڕە سەرگەردانەکەی سۆزانە ئەوەی نەدەزانی، لەبەرهەندێ هەردوو بە دیدهاتنەکەی وەکوو هێکێک لێکداوەتەوە. گۆڕانی ڕووکەشی و بەشەکیانەی شێوەگرتن، کە هێدی و ناڕاستەوخۆ لە میانی گۆڕانی زەمینی و زەمەنی پێکهاتوون، جوودایە لەو گۆڕانە جەوهەریانەی لە میانی پلەبەندێتی پەیدابوون، لە زاینی دایکانی ناوەندی کەوتوونەتەوە. لە گۆڕانە ڕووکەشیهەکەی کەریگەری خاک و ئاو، هەوا و هەتاو، پێ بە پێی گوزەری کات ڕەنگاوڕەنگی لە

ڕووکەش پێکهات، وەکوو ئەوەی لە سەرپێکەوتنی هێک جۆرە دارمێو، هەزار جۆری ترێ بە جێهانێ هاتوون، هێک شێوەی باڵندەی کۆتر بە ژین هات، پاشان لە ئەودا سەرووی سێ سەد جووداشێوە پەیدابوون. بەشەر لە هێک شێوە و ڕەنگ بە سەرەتا هات، ئەوەتانێ لە کۆتاهیدا کۆمەڵانێکی فەرە شێوە و جوودا ڕەنگن. لە نموونەی ڕەچەڵەکدا، نە ترێ تووە، نە کۆتر کەوە، نە مرۆ مەیمونە. ترێ هەر بە ترێ، کۆتر هەر بە کۆتری، مرۆ هەر بە مرۆهی لە دایک بوون. کەشوهەوا تووی نەکردووە بە ترێ، بەڵکوو جۆری ترێی زۆر کردوون. کەوی نەکردووە بە کۆتر، بەڵکوو کۆترەکانی جۆربەجۆر کردوون. مەیموونی نەکردووە بە مرۆ، بەلکوو مرۆی فەرە شێوە و ڕەنگ کردوون. ئەم جووتانە نە هاودایکن و، نە بە هێوری هاتوونەتە جێهانێ، هەرهێکەیان لە هیکرا لە زاینی دایکانی خوودکرد بە زیندەگی کەوتوون. هەموو بازدانێک لە ڕەچەڵەکدا، لە دایکبوونێکە لە ڕێی دایکانی خوودکرد، بنەما لە سەر نامووسی گەردوون بە هەژمار پێکهاتوون.

## ڕیشەی 29

ئەو بەشە خاکەی بە خۆرمیان ناوی دراوەتێ، بە تایبەتمەند دایکێتی ڕووی زەمین دەکات. جووداهی خۆرمیان لەگەڵ جێهان، بە هەندازەی جووداهی خوودێتی دایکە لەگەڵ خوودێتی کووڕدا. دایک ناوەندە، بەرهووردکردنی دایک و کووڕ بە هێکدی، شتێکە لە گەمەی مندالانیش جهێی نابێتەوە. بە سەرچاوە لەو دایکێتی و، لەو هاوسەنگیەی وا لە جۆرێتی خاک و ئاو، هەوا و هەتاوی خۆرمیانێ بەرجەسدەن، هەموو شتێک لەو ناوە، گرێدراوی سرووشت بە هاوسەنگی دەرکەوتوون، هیچ شتێکی خۆرمیانێ، وەکوو ئەوانی ناوچەکانی دیکەی جێهانێ نین، چوونکی هەرشت لەوێوە پەرت بووە بە جیهانێدا، بەم پەرتبوونە و، بە گۆڕانی بەشە زەمین، گۆڕانیان بە سەرداهات، لەپاڵ ئەمەش گۆڕان بە سەرداهاتن بە هۆی گۆڕانی زەمەن ڕوویداوە. بەڵام لە بازنەی خۆرمیانێ شتەکان تەنەها بە ناو گۆڕانی زەمەنی دەربازبوونە، بەمەش لەوانی دی جوودا دەبنەوە. بە نموونە دارهەنار و دارمێوەکانی خۆرمیانێ، خۆڕسک هی ناوچەکەن و، لە هیچ جهێ بەرەو ئەوێ نەهاتوون، لە کاتێکدا ئەوانی لە ناوچەکانی دیکەی جێهانێن، گۆڕان بە سەرداهاتووی ئەوانی خۆرمیانێن. واق هووڕماو مەبن، جۆرێتی و چەندێتی تین لە گووڵ و گیا و، لە زیندەوەرانی جهێگۆڕکێ نەکردووی خۆرمیانێ، جوودایە لەوانی تووشی جهێگۆڕێ بوونە، بچۆن لێیان بکۆڵنەوە، لە هەنار و هەنجیر و هەرمێ بکۆڵنەوە، لە هەنگووین و هێڵکە و شیر

بکۆڵنەوە، هەنگینێ تێدەگەن دایکاتی خۆرمیانێ چ بڕێکی زۆر لە تینی بێ پەروای هوودای دایکی لە خۆیدا هەڵگرتووە.

## ڕیشەی 30

هوودای دایک ڕسق دەدات، هوودای دایک لە میانی خوودێتی دایکی بوونەوەراندا، دەخوولقێنێ و، ڕسقی خوولقاو دەدات. پێشتریێ گووت دراوە: هوودایە دەخوولقێنێ، هەرهووداشە رسق دەدات. زهینی بدەنێ، خاک لە دایکیەوە خۆراک وەردەگرێ، ڕۆشناهی و پڕشنگی خۆرهەتاو خۆراکی هەستێرەی زەوین. خۆرهەتاوی دایک زەوی خوولقاند، ڕسقیشی دەداتێ. لە پلەبەندێتی پەیدابوونێ، بەشەر و گیانلەبەرانی سەر زەوی، لە خاک خوولقاون، ڕسقیش لە خاک دەستەبەر دەکەن و، گشتیان خۆراک لە لەشی خاکی دایک بە دەم دهێنن. ساوا هەتا لە ناو سکی دایکێتی، ڕسقی لە سەر لەشی دایکە، وقتهێکیش بە جێهانێ دێ، لە شیری مەمکەکانی دایکی دەخوات. دایک شیر بە هەموو منداڵەکانی دەدات و فەرقیان پێ ناکات. ئەوهاش خاک دایکە، پێخۆر بە هەمووان دەدات بەبێ جیداوازی، هەق بە هیچ کەس نیەهە خاک جیدابکاتەوە و وەکوو مووڵکی تایبەت بە خۆی هەڵسوکەوت لەگەڵ خاکدا بکات. خاک دایکە، دایک نە دەبێتە موولکی تایبەتی و نە دەچێتە بنباری هیچ پاساوێکەوە، یان دۆخێکی ئەوهاوە سەروەری لێ بستێنێ. دایک لە هەرجهێ بێ، دەوری ناوەندێتی لە ڕێکخستنی ئەوێدا بە دایکە، دایک جهێنشینی هوودای دایکە لە نێو کۆمەڵانی بوونەوەردا، هوودا و دایک لە ناو هێکدین، هوودا لە کەسێتی دایکدا خۆی نیشان دەدات، ئەوی ڕووی لە دایک بێ، ڕووی لە هوودایە.

## ڕیشەی 31

نەزانین بەڵا و دەردە لە بۆ بەشەری، بەشەرێت خاک و خاکڕەچەڵەکیشی بە خۆیەوە دەردەدار کردوون، ئەوەتانێ لەوەتی لە دایک دابڕاون، دەردی نەزانی هاڵاوەتە سەری هەمووتانەوە. لە ڕاستیدا چ تاقتان خاکی دایک ناناسن، ئەوانی بە زەویناس ناویان دراوەتێ، تەنەها لە واتای ڕووکەش و بەشەکیدا خاک دەناسن، ناسینێک وەکوو دەمەڕم بە کەلەسەری زەویدا داچەقێندراوە. بڕۆننێ، ئەوەی هۆفیگەل وا چنگی هاسنینی تێگیر دەکەن، ئەوەی هەڵدڕهەڵدڕ کردراوە، سەروچاوی دایکتانە، بەڵام نایناسن. باش وهایە بە ڕەچاوکردنی ڕووی خۆتان، وێنای رووی زەوی بکەن، خۆتان وەکوو بابەتێک لە هاووێنەی خاک ببینن. هۆش بهێننەوە ناو سەرتان، هێندە گەوج مەبن، لە هەنگۆ وها

نەبێ زەوی ڕەقە خاکێکە، خاکێک هەرچلۆن مەیل بکەن، هەقتان هەبێ هەڵیبدڕن و، ناوهەناوی دەربهێنن. ئەو گشتە کوون و شەقارەی کردووتانەتە ڕووی خاکی دایک، وەکوو ئەوەن مێخەک داکووتدرابێ بە دەموچاوی بەشەرێکدا. سەدان ساڵە بە قووڵی خاک شەق شەق دەکەن، بەبێ پەروا هاسن و مەفرەق، زێڕ و زێو، نەفت و گازی لێ دەردهێنن. گەوجینە، خاکنەناسینە، مەگەر لە ئێوەی بەشەر وهایە ئەو تەنە جووداجۆرانە لە بن هاخ چ دەکەن؟ لەوێ داندراون هەتا هەنگۆ بچن دەریان بهێنن؟ هەی داد، هەی داد! گەوجگەلێک بە ناوی زاناوە هاتن و گووتیان: ئەو نەفتەی ها لە قووڵاهی خاکدا، بە کرداری کارلێک و، بە گوزەری کات، لە شیبوونەوەی لەشی بەشەر و گیانداران و دارودەوەن پەیدا بووە! قووڕ بە هەقڵتان، ئەوە چلۆن شەرم لە ڕادە بە دەری گەوجێتی خۆتان ناکەنەوە؟ چلۆن توانیتان هەتا ئەو هەندازەیە گەوج بن؟ دەبوو لە پێکهاتەی لەشی خۆتانەوە زهینی بدەنێ، بەشکوو بڕێک پێی هاقڵ بن و خاک بناسن. لە پێکهاتەی لەشی بەشەردا نەفت و هاسن و زێڕ و هەموو تووخمە جۆربەجۆرەکان هەنە، لە خۆتان پرسیبا: ئەمانە بە چی چوونەتە ناو لەشی بەشەرەوە؟ لە شیبوونەوەی لەشی کێهە گیاندار و کامە دارودەوەن، وا بڕێک نەوت و هاسن و کانزا کەوتوتە پێکهاتەی لەشی بەشەری؟ ڕاستی ئەوەیە، بەشەر لە بنەڕەتدا خاکڕەچەڵەکە، لەبەرئەوەیە بڕێک لە تووخمەکانی خاک لە پێکهاتەکەیدا هەیە. ئەو کانزاگەلەی لە ناخی زەوی دەری دەکێشن، هەمان کاری کانزاکانی ناو جەسدەی بەشەر، لە ناو جەسدەی کووپەڵەی زەوی بەجێ دهێنن. هۆ خەڵکینە! ئەو هەڵسوکەوتە هۆفیانەی دەرهەق بە خاکی دایک دەیکەن، وەکوو ئەوە وهایە هەمووتان لە ناوەندی پردێکەوە ڕاوەستابن و، کەسانێک لە ژێرەوە خەریکبن هەستوونگی پردەکەی بەرپێتان بڕوخێنن. دۆش دامەمێنن، هەڵستنە سەرپێ، پەل و پۆی ئەو هۆفیانە ببەستن، مەهێڵن پردەکەی بن پێتان بڕووخێ.

## ڕیشەی 32

هەوساری جێهانێ، ها بە دەست مشتێک خەڵکی هۆفی و نادانەوە، خەڵکانێک نە خۆیان دەناسن، نە خاکی دایک. ئەم مشتە نادانە وەکوو گەلەگورگ لە ڕانەمەڕ بووبێ، ئەوها بەربوونەتە خاک و خەڵک، هەرهێکەیان بە نۆرەی خۆیان قەپ دەگرن و، پەلاماری بن هاخ و سەرهاخ دەدەن. ڕووی زەوی جهێی تێیدا نەما پڕی نەدەنێ، بەس بەستەڵەکەکان ماونەتەوە، هۆفی وا چاویان لە توانەوەی ئەو بەستەڵەکانەش چڕکردووەتەوە، بە تەمان بچن لە بنیڕا هەڵیبدڕن و، دەرهێنانی تێیدا بکەن. لە هەنەوکەشەوە زلەکەشتی بەستەڵەک کرۆژ ڕەوانەی سەهۆڵبەندەکانی چەنەی زەوی

کردراون. ئەو زلەکەشتیانە پشت ئەستوور بە وزەی ئەتۆم و، توانادار بە ئامرازی براوەبەر کاردەکەن، بە جۆرێک دەتوانن چینە ئەستوررەکانی بەستەڵەک بکرۆژن و، لە بە شوێنگەڕاندا ئامانج بپێکن. ئەو چنگە هاسنینانەی لە سەری زەوی گیرکردراون، ئەو هەڵدڕین و دەرهێنانە قووڵانەی هەنە، ئەو پەڕی هۆفێتین. بەشەر وەکوو نەیاری سرووشت دەستی داوەتێ و، دەست لە هیچ ناپارێزێ، هەڵپاچین و داپاچینی خاک بەربڵاوە، دانەوێڵە و میوە و سەوزەکان هێندە هۆفیانە دەستکاری کردراون، بڕی زۆری بەهای خۆراک و تینی خۆیان لە دەستداوە. ئەو هەرمێ و هەنجیر و هەنارەی ئەمڕۆ دەیخۆن، بە هەندازەی نیو هێندەی ئەوانی نیو سەدە پێشێ، بەهای خۆراکیهان بە بەرەوە نیهە. باش وهایە بزانن، ئەگەر دەوامی سیستەمی سەرمایەداری لەوەی کە هەیە پتر توول بکێشێ، خۆراک وەکوو پلاستیکی لێدێ. ئەمڕۆ هیچ شتێک نەماوە بەرزەبری خواستی سەرمایە نەکەوتبێ، دەیانهەوێ هەموو شتێک لە بەین ببەن. دارستانە ڕەسەنەکانی ڕووی زەوی، وها هەڵپاچ دراون بە نیوە بوون، قڕانی درەختەکان و کوشتاری بە لێشاوی ناو زەریا و هووشکانی گهیشتۆتە ترۆپک، دڵنیابن بەم لە بەینچوونەی زیندەوەران، بەشەرێت خۆیشی لە بەین دەچێ، چوونکوو هەرکۆمەڵێکی جۆری، هەستوونگێکن لە هاوسەنگڕاگرتنی ژینی سەر ڕووی زەوی. بەشەری ئەمڕۆ پیسترین و بێ ناموسترینە، قەت هیچ زیندەوەرێک وەکوو ئەم بە ڕواڵەت بەشەرە، هۆف و دڕندە نیهە، تەنانەت گیاندارە دڕندەکانیش لەبەری هەڵدێن. ئەگەر گیانداران دەستی خراپە و شەڕی بەشەریان نەگاتێ، گرێدراو بە ناموسی گەردوون دەوامی زیندەگی خۆیان دەدەن و، قەت لە ڕێلادانی گەورە لە زیندەوەران ناوەشێتەوە. هووردە بوونەوەران و هەستێرەکان دوو ڕەچەڵەکی بنەڕەتین، هەردووکیان پابەند بە هوودای دایک هەڵدەسووڕێن و، خۆبەخۆ هیچ لە ڕێلادانێک ناکەن. هاوکات هەموو ئەو بوونەوەرانەی بە سەر ڕووی خاکەوەن، هوودای دایک دەناسن و، بە پابەندێتی دەجوولێنەوە، بە کەمی ڕوودەدات زیندەوەرانی خاکڕەچەڵەک کردەی هۆفیانەیان لێ بوەشێتەوە، ئەویش زیادتر لێکەوتەی شەپۆڵە بەدەکانی بەشەرە کە بەریان دەکەوێ. بە هامی گیانلەبەران دەتوانن بەبێ هەبوونی بەشەرێت باشتر بژین، وەلێ بەشەرێت بەبێ ئەوان هەلی ژینی بە دەستەوە نامێنێ و لە ناو دەچێ. لە ناو کۆمەڵانی بوونەوەردا تەنەها بەشەری دووپێ بێ ناموس بووە، لە مهیر دوور کەوتۆتەوە و بۆتە هۆفی، لەبەرهەندێ هەموو هەڵسوکەوتێکی بە زەرەری خۆی و، بە زیانی خاک و خاکڕەچەڵەکەکان دەکەوێتەوە. ئەو نەفت و گاز و، ئەو کانزاگەلەی لە ژێر خاک دەردهێندرێن، هەم مایەی لە باربردنی هەلومەرجی ژینی سەر ڕووی زەوین، هەم زەرەری گەورە بە خاکی دایک دەگهێنن. وهای لێک بدەنەوە هەروەکوو چلۆن مەفتەنی خوون ناو دەمارەکانی لەشی بەشەرە، ئەوهاش جهێی نەفت ناو دەمارەکانی لەشی خاکە. دەرهێنان و سووتاندنی نەوت و گازەکان لە سەر ڕووی

زەمین، لێکەوتەکانی لە سەر بەشەر و، لە سەر گیانلەبەرانی جووداجۆری خاکڕەچەڵەک، هێکجار کووشندەن. لە ڕاستیدا ئەو دووکەڵەی لە سووتاندنی تەنە دەرهێندراوەکانی خاک هەڵدەستێ، بڵاوبوونەوەی زەهرە بە ناو هەوادا. زەهرەکان لە تووخمی گازین و، ئەو وقهتەی لە بڕی خۆیان دان، پایەی هاوسەنگین لە ناو هەوادا، بەڵام وقتهتێک بە کردەی هۆفیانەی بەشەر زیێدە دەبن و هەنداز دەرباز دەکەن، ئافات بە زەوی دادهێنن. ئەو تەنانەی هی ژێر خاکن و هێندراونەتە سەرخاک، بە گەلێک شێوە لێکەوتەی خراپیان لە سەر بەشەرێت و، گیاندارانی دیکەی خاکڕەچەڵەک هەیە. بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ بە تەنەکانی دەرهێندراو، بە نەوت و گاز و کانزا جووداجۆرەکان، زەرەری زۆر و زەوەند دەداتەوە، تەنانەت بەبێ بەرکەوتن و هەرتەنەها بە هەبوونیان لە سەر ڕووی زەوی، مایەی دەرد و خەستەبوونی بەشەرێت و، سەرجەمی زیندەوەرانی خاکنیشینن، چوونکی هەموو تەنێک شەپۆڵدارە و شەپۆڵی ئەو جۆرە تەنانەی ناو خاک، کاتێک لە دەرەوەی خاکن، زیانی زۆر و زەبەند دەگهێنن. هۆ خەڵکینە! خۆ هەنەوکە تێدەگەن و دەبینن زێد و زیندەگی بە دەست مشتێک نادانەوە ڕوو لە چ کاولبوونێکە؟ زەهرەکان بە هەوادا بڵاوبوونەتەوە، زەهرمژەش دەوەن و دارە و، وا قڕیان تێدەخەن. ئەو خواردنانەی دەیان خۆن و ئەو هەناسەیەی هەڵیدەمژن، لەگەڵیاندا بڕێک زەهر ڕەوانەی ناخی خۆتان دەکەن. دەردەدار و کوورت تەمەنن، ناپرسن ئەو دەردانە لە کووێرا هاتن؟ ناپرسن ئەو تەمەنە بە چ هۆکارێک کوورت بۆتەوە؟ چاوتان هەیە و نابینن، دەی ئێستاکێ زهینی بدەنێ، ببینن هۆفێتی لە بە سیستەمبووندا هەموو شتێکی کاول کرد، ببینن ئەو سیستەمە هاوسەنگی زیندەگی لە سەر ڕووی خاک نەهێشت. خەڵکینە لە خەفڵەت هەڵستن، وا زیندەگی لە جێهانێ دواهی پێدێ، هەڵستن و بێرن بەرەو نامووس، تاقە تەنافی قووتاربوون نامووسە، دەستی پێوە هەڵبواسن و باوەڕ بە هوودای دایک بهێنن.

## ڕیشەی 33

هۆ خاکی من، خاکی دایک، دایکی شیرین، هەقتە بتۆرێی، هەقتە بلەرزی و، ماڵ خەراب بکەی بە سەریاندا، هەقتە هەتاوت بیانسووتێنێ، بارانت ببێتە لافاو و بیانخنکێنێ، هەقتە ڕەشەبات لوولیان بدات، ئەم گەوجگەلە نە مهیرین و نە مهیرهۆف، هۆفگەلێکن لە ترۆپکی پیسی و چەپەڵیدا. هۆ گەوجگەل! بە کردەی هۆفێتی، زەوی لە خوولان ناوەستێ، بەڵکوو لە لێکەوتەی هۆفێتیدا بەشەرێت و کۆمەڵانی جووداجۆری سەر ڕووی خاک، بەرەو قڕ تێکەوتن دەڕۆن. چەندێک کات بگوزەرێ، هێندە پتر دەردەدار دەبن، دەرد و پەتا خانە بە خانە بە دووتاندا دهێن. لە پێکهاتەی لەشی

بەشەردا هێزی بەرهەڵستی دەرد و نەخۆشی هەیە، ئەوهاش لەشی زەوی دارای هێزێکە بەرگری لە خۆی دەکات. ئەو جێهانەی هەیە، هەمووی بە هێکەوە پێکهاتەی ڕووی هەستێرێکن، لە خۆرئاوا هەتا خۆرهەڵاتێ، لە ژوروو هەتا ژێروو، هەرجێهێک لە خاک هەزێت بکەن، هەزێت بە هەموو خاکی دایک گهێندراوە. با لێتان یەقین بێ، ئەو هەلومەرجەی هۆفێتی لەگەڵ خۆیدا هێناوێتی، وهای کردووە جێهان لە وێرانبوونی سەرتاپاگیر نزیک بۆتەوە. کردەوە بەدەکانی بەشەرێت بە سەر خۆیدا هەڵدەگەڕێتەوە، خاک بەرامبەر بەوەی دەرهەقی دەیکەن کاردانەوە نیشان دەدات، لەمەوپێشیش نیشانی داوە. بەشەر لە سەرێتی مهیریی بێ، لە سەرێتی دارای هاخلاقی گرێدراو بە نامووس بێ و، لە هەڵسوکەوتی لەگەڵ خاک و، کۆمەڵانی جووداجۆری بوونەوەردا مهیر بنوێنێ، لە سەرێتی بەرهەڵستی هۆفێتی بکا و، لە دەوری دایک و دۆستی، لە دەوری سەربەستی بازن بێ. لەمڕۆوە ڕێی راستیەقین، ڕێی ڕزگاری و هەڵستانەوە، گەڕانەوەیە بەرەو هوودای دایک. هانێ پەڕاوی نامووس هامێزی دایکێتی هوودایە بە ڕووتاندا کردراوەتەوە. دڵ لە دڵدانی ناوێ، پەنای پێ بگرن و، بە هێکڕا خۆتان قووتار بکەن. بەختەوەو ئەوانەن باوەڕ دهێنن و، لەم سووڕە و لە دوو سووڕی دیکەی زیندەگیدا، بە دۆخی بهێشتی پەیوەست دەبن. دڵنیاشبن، ئەوی هۆفێتی نەتەکێنێ، خۆی لە دۆخی دۆڵزاخ دهاوێ و، هەتا هەتاهێ تیایدا دەمێنێتەوە.

(ڕەگی شەشەم)

**دایکی بەشەرێت**

ڕیشەی 01

دایکی بەشەرێت لە بەشەری دایک جوودایە، دایکی بەشەرێت ئەو دایکەیە کە لە میانی پلەبەندێتی پەیدابوونێ، لە مندالْدانی خۆیەوە، بەشەری وەکوو بوونەوەرێکی جیدا لە خۆی بە جێهانێ هانی. بەڵام بەشەری دایک ئەو ژنەیە، ئەوەی وەچەی جوودارەگەزی هاوشێوەی خۆی بە دوونیاهێ دهێنێ. دایکی بەشەرێت، لە خوودی خۆیدا بەشەر نەبوو، بەشەر لە خوودێکی دی، خوودێکی جوودا لە بەشەر لە دایک بووە. ئەم ڕاستیەقینە لە کەلامی کووڕانی هیوکابد، مریەم و هامینێ بە شێوەی داپۆشدراو جهێی دراوەتێ. هیسای کووڕی مریەمێ گووتیە خەڵکی: شاردراوێک نیهە وەدەرنەکەوێ، داپۆشدراوێک نەکەوێتە پێشچاوان. ئەوەی گووت درابوو، وا بە دید هات، ئەمرۆ وقتهێتی، ڕووی داپۆشدراوی هەموو شتێکی پەنهان هەڵدەماڵدرێ و،

شاردراو وەبەرچاوان دەکەوێ. ئەمڕۆ ڕۆژی کۆتاهی هاتنی تاریکی و، دەرکەوتنی ڕووناکیهە.

ڕیشەی 02

لە کۆمەڵانی جووداجۆری زیندەوەردا، هەموو بازدانێکی ڕەچەڵەکی، لە ڕێی ناوکەوە ڕوویداوە، ڕووداوێک بە هەژمار و، بە زهینێتی هوودای دایک هەڵسوڕێندراوە. ناوک دایکی خوودکردە و سێ چەشنی هەیە، لە هێکەم چەشنیدا تینی هوودای دایکە و، تەن بە زیندەگی دەخات. دوو چەشنەکەی دیکە، هێکێکیان لە باندێتی هووردە بوونەوەران پەیدا دەبێ و، خۆرهەتاو لەو دایکانەیە، ئەویدیکەش لە ناو ڕەچەڵەکێک بە ژین دێ و، سەرچاوەیە لە بۆ پەیدابوونی ڕەچەڵەکێکی نوێ. دایکی خوودکرد وەکوو هەڵقەی پەیوەستی، دوو ڕەچەڵەک بە هێکەوە گرێ دەدات، وەلێ لە زاتی خۆیدا هاوشێوەی چ تاقی بوونەوەرانی دوو ڕەچەڵەکەکە نیهە. دایکی بەشەرێت لەو دایکە خوودکردانەیە، خوودێکە لە نێوان دوو ڕەچەڵەک و، ڕەچەڵەکی بەشەرێت لە بۆ ئەو خوودە دەگەڕێتەوە، نەک لە بۆ هیچ ڕەچەڵەکێک. پلەبەندێتی پەیدابوون ئەوهایە، ڕەچەڵەکەکان سەرچاوە لە هێکدی ناگرن، بەڵکوو سەرچاوە لە ناوکە ڕەچەڵەک (دایکی خوودکرد) دەگرن. دایکی بەشەرێت بەبێ جووتگرتن لەگەڵ نێر، لە سێ سکپڕبوونی خۆڕسکدا، سێ دووانەی بەشەر بە زیندەگی دەهێنێ. لە زاینی هێکەمیدا دووانەی نێرەمووک و نێر، لە زاینی دووهەم دووانەی مێ و نێر، لە زاینی سێهەمیش دووانەی نێرەمووک و مێ لە دایک دەبن. بەم چەشنە هاوسەنگی لە ڕەگەزی بەشەرێت بە هاردی دادێ. ئەو دایکە و شەش منداڵەکەی، پێکهاتەی دەستپێکی خێزانی بەشەرن و، لە خوودێتی خێزاندا ژمارە هەفت بەرجەستە دەکەن. ئەوهاڵە سەرچاوە لە هێک دایکی خوودکرد خێزانێک پێکهات، بە سەرچاوە لە سێ دایکی جووتگری ئەو خێزانەش ڕەچەڵەکی بەشەرێت پەرەی دراوەتێ. پێشترێ مهەمدی کووڕی هامینێ بە خەڵکی گووتبوو: هوودا لە نەفسێک(خوودێک) خووڵقاندوونی. پێش ئەویش مووسای کووڕی هیوکابد گۆزارێکی وهای دابوو بە گوێی خەڵکیدا. ئەوان هەردووکیان هاوتا بە ڕۆژگاری خۆیان زانستیان درابووهێ، زانستێک کەمتر لە بنچ و بنەوان و، بەبێ ڕۆچوون بە قووڵاهیدا. لە ڕاستیدا هەموو شتێک لە هەموو کاتێکدا ناگووتدرێن، وەکوو ئەوەی هەندێک گاتا و نیشانە لە سووچە تاریکەکانی کەلامی پەیامبەراندا بەجهێ هێڵدراون، ئەمڕۆش کە ڕووی ڕۆشنی ڕزگاریدەر پڕشنگ دەدات، ئەو تاریکیهە ڕاو دەنێ و، جەوهەری گاتا و نیشانەکان بە دەردەکەون. هەی ئەوانەی لە خۆتان وهایە پێ لە بەندی کەلامی مهەمدن، یان هی هیسا، یان هی مووسا، لە سەرتانە

پێشڕەفتی بکەن و، پێش خەڵکانی دی پێ لە بەندی نامووس بن. خۆ پەیامبەرانی هەقگۆ هەرهێکەیان ڕێنوێنی ئەم ڕۆژەیان دابوونێ، پێیان گووتبوون لە هاخیری زەماندا من دێم و قووتارتان دەکەم. باوەڕهێنان بە من، باوەڕهێنانە بە هەموو ئەو هەقگۆیانەی پێشتریێ هاتوون، لارەملی و قوونە قوونکردیش هەڵگەڕانەوەیە. ڕوون و ڕەوان پێتان دەڵێم: ئەمڕۆ کەلامی پێشوو دواهی هات، ئەوی باوەڕ بە نامووس نەهێنێ، لە ڕیزی هۆفیان هەژمارە، جا شکتان نەبێ جهێی هۆفیانیش دۆخی دۆڵزاخ دەبێ.

## ڕیشەی 03

لە پەیدابوونی هەستێراندا، ناوکە هەستێرە سەرچاوەیە، لە پەیدابوونی بەشەرێتدا دایکی بەشەرێت ئەو ناوکەیە. هێک نامووس(ناوکە هێز) بوونەوەرانی جووداجۆری گەردوونێی بە زیندەگی خستوون، بە دیدهێنی بەشەر و، سەرجەمی ئەوانی ها بە سەر ڕووی خاکەوەن نامووسە، هەر ئەو نامووسەش قاڵب و قەوارە و، ژمارەی داونەتێ و، خوولکاندوونی، جا قەوارە بە هەرهەندازێک و، قاڵب بە هەرشێوازێک بێ. نامووسی گەردوون زهینێتی هوودای دایکە و، گشتەی گەردوون هەڵدەسووڕهێنێ. لەوەتی هوودای دایک لە زهین دەرهێندراوە تێهیزرین و بیرکردنەوە، زۆر کوورت دەکات. مهەمدی کووڕی هامینێ وقتهێک بە خەڵکی گووت بەشەر لە قووڕ خوولقاوە، ویستی بەم گۆزارە واتا دوورمەوداکە بگەهێنێ، کەچی بە واتای کوورت مەودا لێی وەردەگرن و، وها لێکیدەدەنەوە هەیکەل لە قووڕ سازێندراوە، پاشانەکە گیان بە بەر هەیکەلەکەدا کردراوە. خەڵکینە مەخدید بن و قووڵ زهینی بدەنێ، ژینی سەر ڕووی زەوی، تووڵ کێشی ژینی ژێر زەوی و ناو ئاوە، بەشەر و هەموو گیانداران لە میانی پلەبەندی پەیدابووندا، بە هۆی دایکەوە خوولقاون. هێکەم ناوکە زیندەوەر(دایکی خوودکرد) هێکسەرە لە خاک، لە باندێتی هووردە بوونەوەرانی پێکهاتەی زەوی بە زەندەق کەوت، لەم ناوکەوە سێ جووت زیندەوەر لە دایکبوون و کۆمەڵانی خاکڕەچەڵەک بە سەرتا هات. بناخ لە سەر واتای ئەم پلەبەندیهە، بەشەر وەکوو لە قووڕ خوولکاو ناوی دراوەتێ.

## ڕیشەی 04

ڕەچەڵەکی بەشەرێت و هەموو جۆرە ڕەچەڵەکێک، لە منداڵدانی دایکانی خوودکرد سەریان دەرهێناوە و، بە جێهانێ هاتوون. لە پلەبەندی پەیدابوونێ، دایکی خوودکرد ناوکە ڕەچەڵەکە، هوودای دایک لە زاتی ناوکە ڕەچەڵەکەکانەوە، ڕەچەڵەک بە

زیندەگی دهێنێ. بەشەرێت و هەرکۆمەڵێکی زیندەوەران، لە زاینی دایکێکی خوودکردی دارا بە دەوری ناوک، بە قاڵب و قەوارەی جوودا شێوەیان هاتۆتێ، شێوەهاتنێک لە سەروەرێتی و جیدا لە شێوەی دایک و، لەو ڕەچەڵەکەی دایکەکە لێی بە دوونیا هاتووە. لە زاینی ئەو دایکانەوە هەمەچەشنی ڕەچەڵەک کەوتۆتە گۆڕێ و، هێڵی بازنەکانی گەردوون پێکهاتوون، پێکهاتنێکی پلەدار لە هەڵچوون و داچووندا. پێشترێ بە زوانی پەیامبەرێتی وها گاتا دراوە: بەشەر پلە بە پلە خوولقاوە. پەیدابوونی بەشەر بە شێوەی پلەبەندێتی، واتای گۆڕانی پلە بە پلەی بوونەوەرێک نیهە بە بوونەوەرێکی دی. بەشەر هێکسەرە وەکوو بەشەر بە ژین هات و، لەگەڵ لە دایکبوونیدا جوودابوونەوەی ڕەچەڵەکیانە ڕوویداوە. ڕووداوەکە لە ناو منداڵدانی دایکە خوودکردەکە بە سەرەتا هاتووە، پاشانەکە لە میانی لە دایکبووندا بەر دید دێ. ئەوهالە لە نەفسێکەوە، لە جۆرە بوونەوەرێکی تاقانەوە، جۆرە ڕەچەڵەکێکی گیانەوەر بە جێهانێ دێ، بەبێ ئەوەی شێوەی ناوکە ڕەچەڵەک بکات. زهینی ڕوەک و میوەکان بدەن، هەنگێ ڕوونتر لێی تێدەگەن، قسپ و ناوکە قسپ بهێننە پێشچاو، یان ناوکەکە و داری خوورماکە، خۆ دیتوتانە بە هەندازێک جوودان، لە گەمەی منداڵانیش بەرهوورد بە هێکدی نین، جا لە هەموو زاینێکی ڕەچەڵەک خوولقێندا، ناوک و ئەوی لە ناوک بە دوونیاهێ دێ، بەو هەندازەیە لە هێکدی جوودان. بەشەر و سەرجەمی گیانلەبەران بە پلەبەندێتی خوولقاون، تێکڕای پلەبەنەدێتی خوولقانیش لە میانی دایکێتیدا هەڵسووڕێندراوە، دایکێتیش لە هوودای دایکەوە لە بۆ بوونەوەران گوێستدراوەتەوە. هەستێرەی زەوی، لەوەتی تۆپەڵە هەڵمەکەی دەوری نەماوە، پلپلەی زۆری لە پلەبەندێتی پەیدابوونێ دەربازداوە، هەموو بە هەشداد لە خاک پەیدابوون، وەلێ هیچ پەیدابووێک بە فەرەهەنداز شێوەی ناچێتەوە سەر خاکی دایک، چوونکی پا بە پا هەمەچەشنی هاتۆتە هاردی و، زگ بە زگ قەوارە و قاڵب لە هێکدی دوورتر کەوتوونەتەوە. سەرەڕای ئەوەش لە جەوهەری پێکهاتەدا، هەندێک لە تایبەتمەندیهە بنەڕەتیهەکان هێڵێکی نەگۆڕن، بە نێو گشتەی زیندەوەرانی سەر ڕووی خاک و ژێر ڕووی خاکدا تێدەپەڕن، هەتا بە خاکی دایک دەگەنەوە.

## ڕیشەی 05

هەرسێ ڕەگەز، مێ و نێرەمووک و نێری بەشەر لە نەفسێک خوولقاون، نەفسێکی مێ، وەلێ مێ بە تایبەتمەند ئەوهایە، لە بازنەی جۆرێتی ڕەگەزی دەرناکەوێ، بەڵکوو وەردەچەرخێ لە بۆ بازنەی خوودێتی و، بە چەمکی دایک ناوەندێتی دەگرێ. لە دەورانی کووڕانی هیوکابد، مریەم و هامینە وها گات دراوە: مێ و نێر لە نەفسێک

خوولقاون. بەڵام پاشانەکە گاتاکانیان ئاوەژوور کردراون، نێر لە جهێی مێ داندراوە و، درۆی خووڵقانی ژن لە پەراسووی پیاو داوی دراوەتێ. هوودا لە خوودێتیدا دایکە، لە ناوکی خوودێتیدا زهینێتە، بە سەرچاوە لە زهینێتی هوودا، هەموو هێکێک لەو ناوکانەی بە هۆیانەوە ڕەچەڵەکەکانی زیندەوەران بە گەردوون هاتوون، بە مێ، یان بە نێرەمووک بە زیندەگی هاتن و، لە خوودێتی دایکدا دەرکەوتن. لە هێکەمین نۆینی بە سەرەتاهاتنی گەردوونێ، تین ڕۆڵی دایکێتی لە بۆ تەن گێڕداوە و، بە دەوری ناوکی نۆینەکە هەڵستاوە، پاشان ڕۆڵی ناوک لە خوودێتی دایکدا بە مێ و نێرەمووکی بوونەوەر دراوە. ناوکە هەستێرە لە باندێتی هووردە تەنەکان پێکهات، ئەمجا هەستێرەکان لەم ناوکەوە بە گەردوون هاتن. زەوی هێکێکە لەو هەستێرانەی لە زاینی ناوکە هەستێرەدا لە دایکبوون، پاشانەکانێ هێکەم ناوکە زیندەوەری خاکڕەچەڵەک لە خوودی خاک بەدید هات. بنۆڕنێ، تین هووداى دایکە، هێکەم ناوکە لە هێکەم نۆینی تەندا، پاشانیش هەرتینە لە خوودێتی ناوکە هەستێرەدا هەستێران دەخوولقێنێ و، لە خوودێتی خاکدا ناوکە زیندەوەری خاکڕەچەڵەک بە هاردی دادهێنێ، هاودەم هەرهووداى مهیربانە کە لە هەموو ئاستەکانی زیندەوەرێتی، لە میانی زاینی دایکاندا دەوام بە زیندەگی دەدات.

## ڕیشەی 06

ئەو دەمەی مووسای کووڕی هیوکابد بە خەڵکی گووت:"هوودا لە سەر وێنەی خۆی، بەشەری خوولکاند،" نە خەڵکی ئەو وقهتی و نە هی سەردەمانی پاشترێ، سەریان لەو گۆزارە دەرنەکرد. ئەوەی پەیامبەرێک گووتبێتی، تەنەها پەیامبەرێکی دیکە سەر لە جەوهەرەکەی دەردەکات. پەیامبەران لە سەر هێک هێڵن، هیسای کووڕی مریەمێ، هێکسەرە لەگەڵ دەرکەوتیندا، گۆزاری خۆی وەکوو تووڵکێشی گۆزاری کووڕەکەی هیوکابد بە خەڵکی ناساند. پاشانەکەش مهەمدی کووڕی هامینێ دەرکەوت و مقامی هەردوو پەیامبەرەکەی پەسەند کرد. لە پێش و پاش و هاوسەردەم لەگەڵ ئەوانیش، گەڵێک جاری پەیامبەرێتی کێشدراوە، بەبێ ئەوەی جارکێش پەیامبەری ڕاستیەقین بووبێ. پەیامبەرێتی خۆکرد نیەه، هەموو پەیامبەرانی ڕاستیەقین لە ناو منداڵدانی دایکیاندا، بە پەیامبەرێتی لە دایکبوون. لە پاشاندا هەرهێکەیان هاوتای ڕۆژگاری خۆیان زانستیان دراوەتێ و، هەندێک هێڵی وێنەی هووداى دایک لە زهینیاندا کێشدراوە. قەسد لە وێنەی هوودا، گۆزارێکە لە بۆ وێنەی بنەڕەت، دەنا هوودا قەوارە و قاڵبێکی نیەه، هەتا شێوەی لێ بەرهەست بێ. خوولکانی بەشەر لە وێنەی هووداى دایک، مەبەست لە وێنەی ئەو تایبەتمەندیهانەن، وا لە هووداى دایک و لە مێی

بەشەردا بنەڕەت پێک دهێنن. دایکێتی، تایبەتمەندی هوودایە و، مێ دەچێتەوە سەر وێنەی هوودا. دایکێتی هوودا لە تین، دایکێتی مێ لە تەن بەرهەست دەبێ. بێجگە لەوەش هەموو بەشەرێک سێیە لە هێکێکدا، لە پۆلێنی پێکهاتەدا بە سەر سێ ڕەگەزی مێ و نێرەمووک و نێر، سێ خوودێتی کەنیشک و دایک و کوور، سێ ئاستی ئاسۆهی و پانی و ستوونی دابەش دەبێ، ئەمەش وێنەی هوودایە. لێرەڕا هەنجەتی بەرچاو لێڵی لە هەرکەس دەبڕێ، ئەم ڕۆشنکردنەوەیە کۆمەک بە هەمووان دەکات، بتوانن بەبێ دڕدۆنگی ڕێێ نامووس بگرن و باوەڕ بە هوودای دایک پتەو بکەن.

## ڕیشەی 07

لە خوودێتی هوودای دایک، لە تین، سێ ئاستی دایکێتی لە ناو هێکدین، بەبێ ئەوەی لە هێکدی جوودا بکردرێنەوە. لە کۆمەڵانی بوونەوەر لە گەردووندا، هەرسێ ئاستی دایکێتی بەرجەسدە بوونەتەوە. بوونەوەر لە تین و تەن پێک دهێن، بنەما لە سەر تەن، ئەو ئاستانەی دایکێتی لە بوونەوەراندا نیشان دەکردرێن. ئاستەکانی دایکێتی لە بنەڕەت و ناوند و دواهین پێکهاتوون. تین ناوکە نۆینە لە هێکەمین نۆینی تەندا، تەن لە سێ ئاستی گازی و شلی و ڕەقی بەرجەسدە دەبێ. ئاستی بنەڕەتی دایکێتی هوودای دایکە و ناوکی تەنە، پاشانەکە لە باندێتی گازیلەکان ناوکە شلیلە و، لە بەندێتی شلیلەکان ناوکە ڕەقیلە پێک دێ. هەرسێ ئاست لە دایکێتی و، لە جۆرێتی تەن لە ناو هێکدین، لە بەندێتی هەرسێکیاندا ناوکە هەستێرە پێک دێ. هێکەم ناوکە هەستێرە لە کۆمەڵی هەستێران، پێکهاتوو لە باندێتی هووردە بوونەوەران، دایکێتی دەکات و، هەستێران بە زیندەگی دەخات. زەوی هەستێرێکە، لە پێکهاتەی ڕوویدا، ناوکە زیندەوەر بە هاردی داهات و، لەم ناوکەوە زیندەوەرانی خاکڕەچەڵەک بە زیندەگی کەوتوون. لە سەر لەشی ئەو زیندەوەرانەش، هێکەم ناوکە هووردۆک(ناوکە بەکتریا) بە لەش دادێ، هووردۆکی جووداجۆریشی لێ پەیدا دەبن. مەخدید بن و قووڵ زهینی بدەنێ، ناوکە هەستێرە و، ناوکە زیندەوەری خاکڕەچەڵەک و، ناوکە هووردۆک لە پلەبەندێتی پەیدابوونی گەردوونێ دایکانی بنەڕەتین، هەرهێکەشیان تاقانەن و، لە هێڵی خۆیاندا بە هێکەم بوونەوەر پایە دەگرن، هەرهێکەشیان سەرچاوەی بە ژین هاتنی کۆمەڵانێکی بنەڕەتین لە بوونەوەراندا، کۆمەڵانێک فەرە جوودا و دوور مەودا لە هێکدی، وەکوو جووداهی هەستێرە لە کاوڕی ناو مەڕان. خۆ هەردوو بوونەوەرەکە(هەستێرە و کاوڕەکە) دارای لەش و گیانن، بەڵام هەرهێکەیان لە کۆمەڵانێکی بنەڕەتین. ئەوە بزانن، کۆمەڵانی خاکڕەچەڵەک، گشتەی هەمەچەشنەی گیانداری ژێر ڕووی خاک و سەر ڕووی خاک، بە سەرچاوە لە زاینی هێک دایکی بنەڕەتی بە سەرەتا هاتوون، لە

پاش ئەو سەرەتایە، بە پێی نامووس و، بناخ لە سەر پلەبەندێتی پەیدابوون، دایکانی ناوەند لە پەرەستەندنی ستوونیدا هێک بە دووی هێک پەیدابوون و، پلە بە پلە جۆرێتی ڕەچەڵەکیان لە بوونەوەران بە زیاد کرد، بەمەش لە پلەبەندێتی پەیدابوونی گەردووندا، ڕۆڵی ناوەندیهان گێڕدا. ئەو کۆمەڵە ڕەچەڵەکیانەی بە زیندەگی هاتوون، کۆمەڵانی ناوەندین و، لە زاینی دایکانی ناوەند بە سەرەتا کەوتوون. لە نێو هەرکۆمەڵێکی بنەڕەتیدا، بە سەرەتاکەوتنی هەموو هێکێک لە کۆمەڵە ناوەندیهەکان (کۆمەڵە ڕەچەڵەکیەکان) لە زاینی خۆڕسکانەی دایکێکی ناوەندی دەستی پێکردووە. کۆمەڵی بەشەرێت هێکێکە لە کۆمەڵە ناوەندیهەکان، دایکی بەشەرێت لە ناو کۆمەڵانی خاکڕەچەڵەکدا، هێکێکە لە دایکانی ناوەند، هەر ئەوهاش هەموو هێکێک لە ڕەچەڵەکە خاکیهەکان لە دایکێکی ناوەند پەیدابوون. لە ناو کۆمەڵە ناوەندیهەکاندا، ئاستی سێهەمی دایکێتی لە خوودێتی دایکانی دواهین پێک دێ. دایکانی دواهین، ئەوانەن ڕەچەڵەک گەشە پێدەدەن و، بە هۆیانەوە پەرەستەندنی ئاسۆهی وەگۆڕێ دەکەوێ. لە ناو ڕەچەڵەکی بەشەرێتدا، ژنان و، لە ناو هەر ڕەچەڵەکێکی دیکەشدا، مێیەکان دایکانی دواهین و، گەشەی چەندێتی دەخەنە ڕەچەڵەکەوە.

## ڕیشەی 08

های لەو سەیروسۆبەتە! خەڵکانێک بڕوایان وهایە بەشەرێت بە ڕێکەوت پەیدابووبێ، پەیدابوونێک لە سەر بۆش و، بەبێ ئەوەی زهینێک هەبووبێ شێوەی پێ بدات. بنۆڕن، پەیکەری گڵین، یان بەردین، یان هەرچەشنە پەیکەرێک، ئەگەر زهینێکی هوونەرمەندی و نەقاشی لە سازکردنیدا بەرکارنەبووبێ، قەتوقەت وهاردی داناهێ، هەدی بەشەر، یان هەرزیندەوەرێکی دی، بەو پەیکەرە هاڵۆز و، بەو زهین و گیانەوە، چلۆن بە ڕێکەوت و بەبێ زهینێتی هوونەرمەندانە بە ژین دێ؟ هەندێک لە خەڵکی بە دەمچەفتیەکانی چارلزی کووڕی سوزانە تێکەوتوون، لەوان وهایە هەمەچەشنی لە زیندەوەرانی سەر ڕووی زەمین، بە کاریگەری ئاو و هەوا ڕوویداوە، لەوان وهایە لە هەمەچەشنیدا بە ڕێکەوت بوونەوەران شێوەیان هاتۆتێ. قەد نەدەبوو هەڵیت و پەڵیتی گەوجێک، هێندە خەڵکی بگەوجێنێ، دەبوو هەرکەس بیر لەوە بکاتەوە ئەگەر پەیدابوون بە ڕێکەوت بایە، هەبوون و نەبوونی ڕەچەڵەکێک هیچ کاریگەری بە سەر ڕەچەڵەکی دیکەی زیندەوەرانەوە نەدەبوو، هەدی ئەو کاریگەریهە قوورس و قووڵانەی ڕەچەڵەکەکان بە سەرهێکدیدا هەیانە، لە کوێندەرێ هاتوون؟ لە سەر ئەم بڕوای بە ڕێکەوت پەیدابوونە، لۆمەی خۆتان بکەن، بە خۆتان نەزانی و، بە قووڵاهی گەمژەهیدا ڕۆچوون. لە شەش سەدەی بەرێ، لە هێوەی سەرزەمینی گریک لە ناو

سپی پێستەکاندا، گێلە پیاوێکی دەمڕۆیشتووی کریستیان، بە هەنجەتی شوومی و هەبوونی گیانی نەگریس لە پشیلەی تووک ڕەش، هانی خەڵکیدا پشیلەکان بکوژن. ئەو وقهتەی قڕ لە پشیلەکان کەوت، جوورج بە شێوەی هەندازبەدەر پەرەی ستەند، لەگەڵیشیدا پەتای کۆلێرای ڕەش بڵاوبۆوە، سەرەنجام ملیۆنان لە خەڵکی مردن. لە ناوەندی سەدەی ڕابردووش لە سەرزەمینی زاینا(چین)، ئەو پاشا هۆفیەی بە ناوی "ماو کووڕی وین" دەسەڵاتداری بە سەر خەڵکیدا دەکرد، بە هەنجەتی ئەوەی باڵندەکان دانەوێڵە دەخۆن و، بەری کشتوکاڵ لە کەمی دەدات، فەرمانی بە دانیشتووانی بندەستی کرد قڕ لە باڵندە ڕەنگ قهوەیەکان بخەن. ئەوکاتە خەڵکی بەبێ هیزرین بە دووی گووتاری هۆفێتی کەوتن و، لە هەمووڵا کووشتاری باڵندانیان وەگۆڕێ خست، ئەوانی باڵندەی زۆرتریان دەکووشت، پاداشتی پتریان وەردەگرت، تەنانەت ئەوێ ڕۆژێ وەکوو پاڵەوان ناویان دراوەتێ. بەڵام هەی داد، هەی داد! ئەو خەڵکانەی باڵندەکانیان قڕکرد، سەرەنجام هۆی قڕتێکەوتنی خۆیان هێنایە گۆڕێ. لە نەمانی باڵندەکاندا، زاوزێی جوورجەکان خێرا تەشەنەی ستاند و، بە هەموو ناوچەکەدا بڵاوبوونەوە، بە جۆرێک زۆرینەی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان لە ناوچوون، بەم هۆیەوە برسێتی و نەخۆشی هێقەی بە هەموو دانیشتوان گرت. لە ئەنجامدا، پاش سێ ساڵ لە کووشتاری باڵندەکان، نێزیک بە سی ملیۆن بەشەر لە برسان، یان بە نەخۆشی مردن. ئەم بەسەرهاتانە هەلی ئەوەتان دەداتێ لە ڕاستیەڤین تێبگەن و، بە ڕۆشنی ببینن، کە لە هاوسەنگێتی زیندەگیدا، زیندەوەران بە تێکڕا پایەدارن، بە قڕتێکەوتنی هەرهێکێک لەوان، هێکێک لە پایەکانی هاوسەنگیەکە دەکەوێ.

## ڕیشەی 09

ئەوانی بە دێریںناس ناویان دراوەتێ، پەلبەستوو بە هەندێک هێسک و پرووسکی دۆستدراوە، وهایان چاڕلێداوە: لە مەیموونەوە بوونەوەری مەیمونئاسا بە جێهانێ هاتبن، پاشانەکە لە مەیمونئاساوە بوونەوەری بەشەراسا، پاشتر لە بوونەوەری بەشەرئاساوە بەشەر پەیدابووبن. ئەم وێنە چەوێڵە لە پەنای نێوی زانستەوە کێشدراوە، بەبێ ئەوەی زانستێک لە هاردی داهەبێ. وێنەکە بە تێڕامان لە هێسکی ڕووت بنەڕەتی دراوەتێ، هێسکێک شێوەگرتنەکەی تاقە بنەمایە لە پێوانەی ئەو دێرین نەناسانەدا. شوێنکەوتنی شێوە و، بە بناخ وەرگرتنی قەوارە و قاڵب لە بۆ دۆستینەوەی پێشینەی بەشەر، کارێکە ناتوانێ بە هیچ قەدەرێک بازنەی ڕووکەشگەراهی تێپەڕێنێ. ئەم تێڕامانە ڕووکەشیهە لە هەناوی خۆیدا تەپیوە، هەروەکوو ئەو هەقایەتە وهایە، ئەوەی کەسانی ناودێر بە بەشەرناس لە بۆ مەیموون-یان هوونیوەتەوە. لە هەقایەتی

خەیاڵکردی هاوبەند بە مەیموون، کەسانی زەین بەد و دەمچەفتان وەها داویان داوەتێ، گوایە پەرەستەندنی بەستەلەک لە هێکێک لە سەردەمەکان، ئەو ئاکامەی لێکەوتبێتەوە سەرمای سەرانسەر و تووڵکێش زەوی تەنیبێ و، هەندازەی شێ و تەڕاتی لە کەمی دابێ، لە هووشکان گەرمی دابەزیبێ و، لە ئاو ساردی بە زێیدە بووبێ. هیدی لە ناو ئەو هەلومەرجەدا، ڕوەک و سەوزەلانەکان، لەوانەش دارستانەکانی سەرزەمینی ئەفریق، بەرەبەرە لە کەمی دابێ و، نیشتمانی مەیموونەکان تووشی نەهامەت بووبێ، بە جۆرێک خۆراک و سەرلقەکان بەشی هەمووانی نەکردبێ، هیدی مەیموونەکان لەگەڵ هێکدی بە مرخێش و ململانێ کەوتبن، لە کۆتاهیدا لاوازەکان لە پەڕاوێزی دارستاندا خۆیان بینیبێتەوە. ئەو پەرەستەندنی بەستەڵەکەی، هەقایەتە خەیاڵکردەکە گرتووتیە خۆی، بە قەسدی بردنە دەرەوەی هەندێک مەیموون لە دارستان ئەگەری دراوەتێ، چوونکی لەوان وەهایە کەشوهەوای دەرەوەی دارستان، مەیموون وەردەچەرخێنێ، بە ڕادەی ئەوەی بوونەوەرێکی نوێی لێ بە شێوە بێ. ڕاستیهەکە ئەوەیە بەبێ بەستەڵەک، جێگۆڕکێ لە ناو کۆمەڵی مەیموونان ڕوویداوە، چوونکە مەیموونەکان بزێون، ئەوانیش وەکوو زۆرێک لە زیندەوەرانی جووداجۆری دی، لە چەرخی ژینی ڕەچەڵەکیاندا کەوتوونەتە جێگۆڕکێ و، چوونەتە ناو هەلومەرجی نوێوە. جا بێشک زیندەگی لە ژێر تینی هەتاوی دەشتەکان، وەکوو ئەوەی ژێر سێبەری درەختەکان نیهە. ئەو مەیموونگەلەی جهێنیشینی دارستانن، جیداوازن لە مەیموونانی دەشتەکی. هەڵکەوتەی خاک و هەوا، ئاو و خۆڕاک گۆڕدراون، هەرهێکێک لەمانەش لە گۆڕینی بەشەکیانەی زیندەوەردا جێدەستی خۆی دادەنێ. ئەو مەیموونگەلەی لە هەواری تازە گیرسابێتنەوە، بەرە بەرە، بە هێوری لە نێو ژینە نوێیەکەیاندا ئاڵوگۆڕی بەشەکی بە خۆیانەوە دەبینن. هەلومەرجی ژین لە دەشت جوودایە، گوزەر لە لقێکەوە لە بۆ لقێکی دیکە نەماوە، دەست و بازوو وەکوو نەوەکانی پێشوو قوورساهی لەش هەڵناگرن، لەبەرهەندێ دەستە درێژەکان بە هێواشی کوورت دەبنەوە، ددانەکان لەگەڵ خۆراکی تازەدا شێوە دەگرن، پێست و مووی لەش بە بەرکەوتنی زیادەی گەرمی هەتاو دەگۆڕدرێن، لە ئاکامدا بوونەوەرێکی نوێ بە دید ناهێ، بەڵکوو مەیموونێکی نوێ، هەر ئەوجۆرەی بەشەر لە بە شوێنگەڕانی هەشکەفت و، پاشانیش لە برسێتی و گەڕان بە شوێن خۆراکدا، جێگۆڕکێی کرد، لە ئاو و هەوا و خاکێکەوە، پێی نایە نێو ئاو و هەوای جوودا، خواردنەکانی گۆڕدران، لە ئەنجامدا گۆڕانی بەشەکی لە ڕەنگ و قەوارە و قاڵبی دروست بوون، دواجار بەشەری هەرجهێ ڕووکەشی تەیبەت بە خۆیان هەڵگرت. قۆمەتانی جووداجۆری شێوە و ڕەنگ و پەیکەری لەش، بەرهەم هاتووی ئەو گۆڕانەی خاک و ئاو و هەوان، بەڵام گۆڕانەکە ڕووکەشیانە و بەشەکیانەیە، نەک بنەڕەتی.

## ڕیشەی 10

نێزیکاتی شێوە و، هەندێک بنەڕەت لە نێوان بەشەر و مەیموون، خزماتی نێزیک نیشان نادات، بەشەر لە بڕێکی بنەڕەتەکاندا، تەنانەت لەگەڵ ڕوەک و میوەش بە هێک دەچن، لەبەرهەندێیە پێویستی بە خواردنیانە، بەڵام چ تاقی ئەو لە هێکچوونانە نیشانەی نێزیکاتی ڕەچەڵەکی نین. لە ژمارەکان ڕابمێنن، هەنگێ باش لەم بابەتی لە هێکچوونەی گیانلەبەران تێدەگەن. هەردوو ژمارەی "369" و "3691" بە نموونەی لێ تێگهیشتن وەربگرن، خۆ هەردووکیان لە سێ ژمارەی بنەڕەتیدا هاوبەشن، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لە هێکدی جوودا و دوورن، چوونکە جووداهی شوێنگرتنی ژمارەکان لە ڕیزبەندیدا، هێزی ژمارەکان دەگۆڕێ، سەرەڕای ئەوەش ئەو تاقە ژمارەی لە هێکێکیان هەیە و لە ئەویدی نیهە، مەودای نێوان دوو ژمارەکەی بە تەواوی فەرەوان و دێر کردووە. دروست وهایە لە پەیوەندی بە خزماتی نێوان بەشەر و گیانلەبەرانی دی، ئەم لێکدانەوەیە بە زهین بگرن. پێشتریش ڕووناکیم داوەتێ، هەرڕەچەڵەکێک کە لە ناوکێکەوە بە دوونیاهێ دێ، نە لە دایکی و نە لە خزمانی دایکی ناچێ، ئەگەر دوو جۆر لە ڕەچەڵەکی زیندەوەر لە باری بنەڕەتەوە، هەندێک لە هێکدی نێزیک بن، ئەم نێزیکیهە بە نیشانەی هاودایکی و خزماتی ناهێ، بنەڕەتەکان زگ بە زگ لە ڕێی دایکانەوە بە ڕێژەی جوودا گوێستدراونەتەوە، هەمووشی سەرچاوە لە خاکی دایک دەگرن. بەڵام هەرهێکە لە ڕەچەڵەکەکان لە دایکێکی ناوەند بە سەرەتا هاتوون، دایکێک بە ڕۆڵ گێڕدان لە شێوەی ناوکدا، جووداجۆری لە ڕەچەڵەک بە ژین هێناوە. لە هێکچوونی بەشەکیانەی دوو ڕەچەڵەک لە زیندەوەراندا، گرێدراوی هەژماری پڵەبەندێتی پەیدابوونە، هەروەکوو پێکهاتەی ژمارەکان لە دەهان و سەدان و هەزاراندا، ئەو ژمارانەی لە پێکهاتەی سەدانن، لە نێوان خۆیاندا لە هێکچوونیان زیادترە، وەکوو لەوەی ژمارەی سەدان بەرهوورد بە ژمارەی هەزاران بکردرێ.

## ڕیشەی 11

لە هەردوو ئاستی کۆمەڵانی بنەڕەتی و ناوەندیدا، تایبەتمەندێتی زگپڕبوون و زاینی خۆڕسک ماکی دایکێتین. ئەو دایکانەی بە شێوەی ناوکە زیندەوەر پایە دەگرن و، ڕەچەڵەک بە زیندەگی دهێنن، خوودکردن و، بەبێ جووتبوون لەگەڵ ئەویدی، بە جووتگرتنی جۆرەکانی تینی پەیوەست بە تەنیانەوە زگپڕدەبن. ئەم تایبەتمەندیهە لە دایکانی دواهیدا کاڵ دەبێتەوە و، بەرەو دواهی پێهاتن دەڕوات. دایکانی دواهین، مێی کۆمەڵە ڕەچەڵەکیەکانن. لە کۆمەڵی بەشەریدا، هەموو مێهێک هەڵگری بڕێک لە تایبەتمەندی دایکێتی خوودکردە، بەڵام بڕی تایبەتمەندیهەکە چۆنهێک نیهە، ئەو

مێیانەی بە هەندازەی تێروتەواو تایبەتمەندیهەکەیان گەیشتووتێ، بە ژمارە زۆر کەمن، تەنەها ئەوانە دەتوانن بەبێ جووتگرتن لەگەڵ نێر، لە خوودی خۆیانەوە بە خۆڕسک زگپڕبن، لە ئەوانی دیکەدا تایبەتمەندیهەکە تێری زگپڕێتی ناکات، لەوکاتەدا پێویست بە یارمەتی پزیشکی زانا دەبێ، هەتا زگپڕبوونی خۆڕسک بە خۆیانەوە ببینن. بناخ لە سەر تایبەتمەندی خۆڕسکانەی زگپڕێتی، ئەگەر هیچ نێرێک لە زەوی دانەمێن، دیسان مێ دەتوانێ لە خوودی خۆیەوە نێر بە ژین بهێنێتەوە، هەروەکوو لە سەرەتادا بە ژینی هێناوە. وەلێ ئەم ڕووداوە وەکوو ڕووداوی زاینی دایکانی بنەڕەت و ناوەند نیهە، دایکانی دواهین ئەو دەمەی بە خۆڕسک زگپڕدەبن، لە زایندا ڕەچەڵەکی نوێ، یان بوونەوەری جوودا بە ژین ناهێنن، ئەوەی لە کۆمەڵە ڕەچەڵەکیەکاندا بە خۆڕسک لە دایک دەبن، وەکوو هەموو ئەوانەن کە بە جووتکرد بە زیندەگی دهێن. بە هووردی زهینی خۆتانی بدەنێ، بەشکوو بە ڕوونی بچێتە سەرتانەوە، لە کۆمەڵانی هووردە زیندەوەران و، لە کۆمەڵانی گەورە زیندەوەرانی ناسدراو بە هەستێرەدا، مێینەکان دەبنە سێ پۆڵ، پۆڵێکیان بە خوودکرد و، پۆڵێک بە جووتکرد زگپڕدەبن، پۆڵێکیش زگپڕی بە خۆیانەوە نابینن و وەچە ناخەنەوە، لە نێویانیش جووتگرەکان زۆرینەن، دووانەکەی دی کەمینەن. جا بەڕاستی هەرسێ تایبەتمەندی لە هووردەبوونەوەرانەوە لە بۆ مێی هەموو ڕەچەڵەکە جووداجۆرەکان گواستدراونەتەوە. لە ڕەچەڵەکی بەشەریدا زۆرینەی مێینەکان بە جووتگرتن لەگەڵ نێردا منداڵ بە دوونیاهێ دهێنن، بڕێکی کەمیشیان بە زگماک ئەوهان کە ناتوانن منداڵ بخەنەوە، بڕێکی دیکەی کەمیش توانامەندی زگپڕین، بەبێ بەرکەوتنی دەرەکی و، ئاوێزانبوون لەگەڵ نێرینەکاندا. زگپڕی و زاینەکە زگماکیهە، بە هەلومەرجێکی تایبەت لە ناو منداڵدانی مێینەکە و، بە هۆی تینی بەشە نێرینەی ناوخۆیەوە، بنەڕەتی دووگیانبوونی تێیدا دەخوولقێ. خەڵکینە، هەنگۆ مێ ناناسن، لەبەرهەندێ واق هووڕماون لەوەی ژن بتوانێ بەبێ جووتگرتن لەگەڵ پیاودا، منداڵ بە دوونیاهێ بهێنێ. هەقە دەقتۆری زانا ئەم دەنگوباسە بە توندی بگرێتە مشتی و لێی بکۆڵێتەوە، هەنگێ ئەم کاکڵە بە جۆرێک بە دید دێ، زاری پووچبێژان و لارەملان بە تەواوی دەبەستێ. لەم بازنەیەدا بە سەرهاتێکی نۆهەد ساڵی بەرێ لە وڵاتی ناودێر بە پیرۆ، ئەم تایبەتمەندی و توانایەی مێ ڕۆشن دەخاتەڕوو. کیژۆڵەی پێنج ساڵان "لینا مەدینا" تووشی زگ ئاوسان دێ، وقتهێک دەقتۆرەکان دەیپشکنن تووشی هەپەسان دەبن، چوونکوو دەردەکەوێ کچۆڵەکە بە کۆرپەهێک سکپڕە، بەبێ ئەوەی هیچ نێرێک لەگەڵیدا جووتی گرتبێ. پاشانەکانێ بە سەلامەتی و تەندروستی باشەوە کووڕێک لە دایک بوو، چل ساڵ ژیا و لە هاخیریدا بە نەخۆشی مرد. ئەم بەسەرهاتە بە مایەی تێگەیشتن لە توانامەندی و تایبەتمەندی مێ بزانن. ژن بە شێوەی سەرسووڕهێنەرانە توانامەندە، بەڵام وهایان لێی کرد توانای خۆی نەناسێ، نێرینەش هەرنایناسێ. مێ لەگەڵ هەرمنداڵبوونێکدا، خۆیشی لە ناو پێکهاتەکەیدا لە دایک

دەبێتەوە، واتە لە بۆ هەرزگێک، یان هەرمنداڵێک دایکێکە. باش وهایە بە بیری خۆتانی بهێننەوە، هوودای مهیربان سێیە لە هێکێکدا، مێی گیانلەبەر دووە لە هێکێکدا، لەبەرئەوەیە تایبەتمەندی هوودای دایک لە مێی بەشەر و، لە مێی بوونەوەرانی جووداجۆردا بەرهەست دێ.

| مهیر<br>ڕەگەز: مێ. خوود: کیژ<br>ئاست: ئاسۆهی | مهیر هۆف<br>ڕەگەز: نێرەمووک، خوود: دایک<br>ئاست: پانی | هۆف<br>ڕەگەز: نێر. خوود: کوور<br>ئاست: ستوونی |
|---|---|---|
| ڕووناک | لێڵ | تاریک |
| گەرما | فێنک | سەرما |
| گەرم | شلەتێن | سارد |
| تەڕ | کزر | هووشک |
| شیرین | مێخۆش | ترش |
| ڕۆژ | تاریک و ڕوون | شەو |

ڕیشەی 12

ڕووداوی سکپڕبوونی مێ، بەبێ جووتگرتنی لەگەڵ نێر، ڕووداوێکی باو و بەربڵاو نیهە، بەڵام بەبێ ئەم ڕووداوە، هیچ سەردەمێک زیندەگی گوزەرنەدراوە. بە سەرهاتی لە دایکبوونی هیسای کووڕی مریەمێ، لە دایکبوونی منداڵێک لە کەنیشکێکی تازە پێگەیشتوو، بەبێ ئەوەی کەنیشکەکە لەگەڵ نێرێک جووتی گرتبێ، هێکێک لەو ڕووداوانەیە. لەوێ ڕۆژێدا هیچ کەس لە واتای ئەم بە سەرهاتە تێ نەگەیشت، هەمووان سەرسام و بەدگومان بوون لێی، لەوان وهابوو بەبێ بەرکەوتن بە نێر، قەتوقەت ڕوونادات مێ لە خۆیەوە سکپڕبێ. بەڵام مریەم هەڵگری تایبەتمەندی دایکێتی خوودکرد بوو، ئەو تایبەتمەندیهەی هەمووان لێێ خافڵن. سکپڕێتی مێ بەبێ نێر، لە وێنەی سکپڕبوونەکەی مریەمێ، تاقانە نیهە، ڕوویداوە و ڕووشدەدات، بەڵام بەبێ ئەوەی درکی پێ بکەن، چوونکی لە جووتگرتنی مێ و نێردا سکپڕیە خوودکردەکان گووم دەبن، خەڵکی وهای لێکدەدەنەوە سکپڕبوونەکە بەرهەمی گاندانێ بووبێ. ها بەشەرینە! وقتهێتی تێبگەن، وقتهێتی باوەڕ بە هوودای دایک بهێنن. دایک ڕەگ و ڕیشەیە، قەد و لق، گۆپکە و گەڵا و هێشوو هەمووی لە ڕەگەوە هاتوون. هەموو پەیدابووێک سێیە لە هێکێکدا، هەرهێکە لەو سێهانەش دەبنەوە بە سێ. ئەو

دەمەی کۆرپە لە منداڵدانی دایکیدا شێوەی دهێتێ، چ مێ بێ، چ نێرەمووک و چ نێر، سەرەتا بەشە مێینەکەی قاڵب دەگرێ، پاشان بەشە نێرەمووکەکەی، پاشتر بەشە نێرەکەی دروست دەبێ. ئەمە ڕێسای نەگۆڕە، لە هامی بوونەوەرێتیدا، بنەڕەت مێیە، کیژ دەبێتە دایک و، دایک کووڕ بە دوونیاهێ دهێنێ. پۆڵینی سێهانی ڕێسایە و نەگۆڕە، هەموو شتێک ئەم دابەشبوونەی هەیە. زیندەوەران لە باری لەشداریدا، بە زیندەوەری هوورد پێک هاتوون، لە پێکهاتنیاندا سێهانەی ڕەگەزی مێ و نێرەمووک و نێر، یان سێهانەی خوودێتی کیژ و دایک و کووڕن. تەن لە تین پەیدا بوو، نێر لە مێ بە دوونیا هات. تین واتایە لە مێ و، تەن واتایە لە نێر، لە هەموو ئاستەکانی گەردوونیدا وهایە.

## ڕیشەی 13

هەرتاقە بەشەرێک دارای تین و تەنی خۆێتی، تین گیان و تەن لەشێتی. هەرهێکێک لەم دووانە پێکهاتێکن، لە هەرخوودێکدا پێکهاتەی گیان بە هەندازەی پێکهاتەی لەش، هەمەچەشن و بە هەژمارە. بچووکترینەکانی تەن لە پێکهاتەی لەشدا، تەنەکانی گازیلەن، گچکەتر لە شلیلە و ڕەقیلەیەن. هەموو هێکێک لە تەنەکان، بەشە تینی خۆیان هەیە، لە هەرپێکهاتێکدا هەروەکوو چلۆن هێکێتی تەن دروست دەبێ، ئەوهاش هێکێتی تین لە پێکهاتەکەدا بازن دەبێ. سەرچەمی بەشەکانی تەن بە هێکەوە و لە هێکێتیدا لەشی بوونەوەرێک پێک دهێنن، هاوکات بەشەکانی تین بە هێکەوە و لە هێکێتیدا گیانی ئەو لەشەن. گیان لە ناو لەش و لە دەوری لەشە، لە وقهتی مردندا هێکێتی پێکهاتەی گیان هەڵدەوەشێتەوە، بەمەش لەش پەکی دەکەوێ و لە کار دەوەستێ. گیانگوزەری لە پاش مەرگ، لە کەسێکەوە لە بۆ کەسێکی دی، تێگهیشتنێکی هەڵیت و پەڵیتە، گیانی کەس بە شێوەی هێکێتی ناچێ لە بۆ کەس. گیانگوزەری شتێکی دیکەیە، ئەوە نیهە کە لێی تێگهیشتوون. لە بنەڕەتدا باوەڕی گیانگوزەری بە واتای گوێستدرانەوەی گیانی کەسێک نیهە لە بۆ کەسێکی دیکە، وەکوو هەنەوکە وهای لێک دەدەنەوە، بەڵکوو گوێستدرانەوەی گیانی بێ پەروای هوودایە لە بۆ دایە گەورە و دایکان، لە ئەوانیشەوە لە بۆ منداڵەکانیان، ئەمەش بە واتای بەرجەسدەبوونی هوودایە. گیان لە ڕەگەزی دایکدا، لە هەردوو باری جۆرێتی و چەندێتیدا دوو هێندەی بەشە گیانی ڕەگەزی کووڕە، نەک تەنەها لە ڕەچەڵەکی بەشەری، لە سەرجەمی ڕەچەڵەکی جووداجۆری گیاندارانداا بەم چەشنەیە. گیان خوودێتی هوودایە و بێ سنوورە، بەشەر هەر لە دەستپێکیەوە هوودا بە گیان دەناسێ، پاشماوەی هەنگینێە وا هێشتانەکانێ لە هاخاوتنی کۆمەڵی کووردەواریدا هوودا بە گیان ناو دهێنن. لە بیروباوەڕی پەیامبەرانی

نیازپاکدا، بناخ له سەر ڕاستیەقین وها گات دراوه:"هوودا بەشێک له گیانی خۆی خستۆته لەشی بەشەرەوه." لەشی بەشەر و لەشی هەموو زیندەوەرێک، به بەشێک له گیانی بێ پەروای هوودای دایک دارایه، چوونکی گیان له گشتەدا خوودێتی هوودایه. هەبوونی گیان و هەبوونی هوودا له لەش، هێکێکن. خوودێتی هوودا سەقامگیر و بێسنووره، بەوەی بەشێک له گیان دەچێته لەشەکانەوه له کەمی نادات. گیان له جۆرێتیدا سێیه له هێکێکدا، هەرهێکه لەو سێهانەش دەبنەوه به سێ، سێ ئاسته و هەرهێکه لەو ئاستانەش دەبنەوه به سێ، سێ ڕەگەزه و هەرهێکه لەو ڕەگەزانەش دەبنەوه به سێ، بەمەش هەروەکوو ژماره بنەڕەتیەکان نۆن. وەلێ له ناو هێکدین و تەنەها له میانی تەندا بەرهەست دەبن. ئەو دەمەی له بازنەی ناموسدا، گیان به هەندازەی قەواره و قاڵبی لەشەکه پەیوەست دەبێ، له پەیوەستبووندا جۆرێتی و بڕی گیانەکه له سێ ئاستدایه، به پێی ڕەچەڵەکی زیندەوەر و، ڕەگەزەکانی کۆمەڵه ڕەچەڵەکیەکه و، کەسێتی ناو ڕەگەزەکه دەگۆڕێ.

## ڕیشەی 14

کۆمەڵی بەشەرێت، کۆمەڵێکی ڕەچەڵەکیەه له نێو کۆمەڵانی جووداجۆری خاکڕەچەڵەکدا، له هەرسێ ڕەگەزی مێ و نێرەمووک و نێر پێک دێ. بەڵام هەروەکوو له خوودێتیدا کیژ و دایک له نێو هێکدین، ئەوهاش له ڕەگەزێتیدا مێ و نێرەمووک له ناو هێکدین. کچ وەردەچەرخێ له بۆ خوودێتی دایک و، نێرەمووک وەردەچەرخێ له بۆ رەگەزی مێ. لەم وەرچەرخانەدا، سێهانەی ڕەگەزی دەپێچدرێتەوه و ئاسته ڕەگەزیەکان به مێ و نێر دەردەکەون. ئەم دوو ڕەگەزه وەکوو له پێکهاتەی لەش جیداوازن، ئەوهاش له پێکهاتەی گیان جوودان. مێ به تایبەتمەند دایکه، هەبوونی منداڵدان و مەمکی شیردەر له مێدا، بنەڕەتی دایکێتی پێک دەهێنن. جۆرێتی و چەندێتی گیان له لەشی مێ، وەکوو ڕەگەزی نێر نیهه، هەم بڕەکەی زیادتره، هەم جۆرەکەی جیداوازتره. له نۆ جۆرەکەی تین، چەند جۆرێک تەنەها له دایکدا بەرقرار دەبن، ئەوه له کاتێکدا جۆر و بڕی تین هەندازەی قوودرەتن. هوودا دایکه، قوودرەت و قامەت له خوودێتی هوودای دایکەوه له بۆ دایکان گوێستدراوەتەوه. جوودایەزی جۆرێتی و چەندێتی گیان هەروەکوو له ڕەگەز هەیه، ئەوهاش له ڕەچەڵەکی بوونەوەر هەیه، ئەمەش وهای کردووه له هەردوو ئاستی هەرەگچکه و هەرەگەورەی بوونەوەریدا، مهیر له زالێتی هەمیشەهی دابێ، زالبوونێک هۆفێتی قەت دەرەقەت ناهێ مل به ملی لەگەڵدا بکات، یان پایەی پێشهەنگێتی لێ وەربگرێ. هوورده بوونەوەرانی گازیله، شلیله و ڕەقیله له پێکهێنانی لەشی بوونەوەری گەورەتر ئەرکدارن، هاوکات ئەو

گەورە بوونەوەرانەی بە هەستێرە ناسدراون، بە زگماک مهیرین و پێ لە بەندی ناموسن، ئەم گیانلەبەرانە ئەرک گەلێک بە جهێ دهێنن پێشوقهتە لە ناموسی هوودای دایک لە بۆیان دیاری کردراوە، بەمەش هاوسەنگی هاتۆتە گۆڕێ، ئەگەرنا خۆڕی(خۆڕێ) دەبوون و، ئەرکی خۆیان بە جهێ نەدەکرد، ئەوکاتیش گەردوون شێوەی دەشێوا و دەبووە مەیدانێ بە هێکدادانێ. هیچ بێ ناموسیهێک لە هووردە بوونەوەران و لە هەستێران ناوەشێتەوە، بێ ناموسی تەنەها لە نێو ئەو بوونەوەرانە ڕوودەدات، ئەوانی بە بنەڕەت خاکڕەچەڵەکن، لە نێو ئەوانیشدا زۆر بە کەمی، بەڵام کۆمەڵی ناسدراو بە بەشەرێت دەستی داوەتە ئەوپەڕی بێ ناموسی، بە جۆرێک قەت هیچ زیندەوەرێک خۆڕێتی وهای لێ نەبیندراوە. بەشەر لە پلەبەندێتی پەیدابوونێ، لە پلەکانی دواوە دێ و، بەرهوورد بە ئەوانیدی لە هوودای دایک دوورترە، لەگەڵ ئەوەشدا توانا و دەسهەڵاتی نیزیکبوونەوەی دراوەتێ، لە سەرێتی ڕوو لە مهیر و پشت لە هۆف بێ و، پێ لە بەندی ناموس هەڵبسووڕێ. ئەگەر لامل و بێ ناموس بێ، خەتای خۆێتی.

## ڕیشەی 15

گیانی هیچ بەشەرێک وەکوو بەشەرێکی دی نیهە، جۆرێتی و چەندێتی گیان بە تایبەتمەندێتی لەش هەڵواس دراوە. هەموو هێکێک لە هووردێتی پێکهاتەی لەش تایبەت و بێ هاوتایە، ئەمەش وها دەکات لە گیانداریدا تایبەتبوون بەرهەست بێ. دەلوێ دوو دانە لەش لە ئاستی گشتەدا، بە هەندازێک هاوشێوە دەربکەون و، چاو نەتوانێ لە هێکدی جوودایان بکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، وەکی هێک نین و، لە هووردێتی پێکهاتەدا جوودان. ئەوی ئەمڕۆ هەیە نە لە ڕابردوو وەکی ئەوی هەبووە، نە لە داهاتوو وەکوو ئەوی پەیدا دەبێ. هەموو خوودێک پلە بە پلە لەشی پێک دێ، ئەوهاش پلە بە پلە و بە ژمارە، پێکهاتەی گیان لەو لەشەدا بەرقراردەبێ. ژمارەی پێکهاتەی گیان لە بۆ هەرخوودێک لە سەرجەمی ژمارەی پەیوەست پێک دێ. جۆرێتی و چەندێتی ژمارەکان لە پێکهاتەی گیانی ئەو خوودە، قوودرەت و قووەتی خوودەکە دیاری دەکەن. ژمارە هێک هەتا نۆ، لە پێکهاتەدا چەند ژمارە و چەند دانە لەو ژمارانەی تێێدا جهێدار دەبن، بە نموونە چەند هێک، چەند سێ، یان چەند هەفت لە پێکهاتەی گیانی ئەو خوودە بەرقراربن، جهێگرتنی ژمارەکانیش لە ڕیزبەندیدا، لە کۆتاهیدا ژمارەی تایبەت بەو خوودە پێک دێ و، لە هیج خوودێکی دیکە دووبارە نابێتەوە. نەک تەنەها لە نێوان بەشەردا، تەنانەت لە نێوان خانەکانی لەشی بەشەر و، لە نێوان تەنۆچکەی گیانداری ناو خانەکانیشدا وەک هێکی و هاوشێوەبوون نیهە.

## ڕیشەی 16

گیان لە گشتەدا پێکهاتەی خوودی هوودای دایکە، پێکهاتێک بە سێ ئاستی بنەڕەت و، ناوەند و دواهین، بەبێ ئەوەی سنوور لە میانی ئاستەکاندا هەبێ. سێ ئاستەکە ئاستەکانی قوودرەتن، هەرهێکەیان سێ جۆری خوودێتی کیژ و دایک و کووڕن، بە هێکڕا نۆ جۆرن، نۆ جۆرەکە جۆرەکانی قوودرەتن. لە هەژماردا سێ، شەش، نۆ ژمارەکانی کیژن. هێک، پێنج، هەفت ژمارەکانی دایکن. دوو، چهار، هەشت ژمارەکانی کووڕن. دایک و کچ لە خوودێتیدا لە ناو هێکدین، هەرئەوهاش لە گیانداریدا ژمارەکانی دایک لە پێکهاتەی مێدا بەرقرار دەبن، بەمەش مێ خاوەندارێتی شەش جۆری قوودرەت دەکات، بەڵام قوودرەتەکانی نێر سێ جۆرن، سەرەڕای ئەوەش شەش ئاستی قوودرەت کە بنەڕەتی و ناوەندین، لە کن ڕەگەزی مێینەن، لەبەر ئەمەیە هەمەجۆرێتی هیزر و هێز لە مێدا هەیە و لە نێردا نیەه. مێ لە کۆمەڵی بەشەرێتدا گوزارشتە لە ژین، نێر گوزارشتە لە مەرگ. چەندێتی و جۆرێتی تین لە پێکهاتەی مێ زیادترە، مێ وەپاڵ تین و نێر وەپاڵ تەن کەوتوون. تین (گیان) بە وەی هەمیشە و بێ کۆتایەە، واتای ژین بەرهەست دەهێنێ، بە پێچەوانەوە تەن (لەش) دەمدەمی و بە تخووبە. هەرهێکێک لە مێ و نێری بەشەر، دارای گیان و لەشن، وەلێ وەکی هێکدی نین، هەم لە باری لەش و هەم لە باری گیان، لە بنەڕەتەوە جیداوازن. مێ بەوەی جۆرێتی تین لە پێکهاتەیدا زیادترە، تایبەتمەندیهە زیندەگیەکان تیایدا زیادترن، هەندێک لەو تایبەتمەندیهانە هی دایکێتین و لە نێردا نین.

## ڕیشەی 17

تەنی بەشەر و هەربوونەوەرێک سێیە لە هێکێکدا، هەرهێکە لەو بەشانەش سێهانن لە ناو هێکێکدا. بەم چەشنە پێکهاتەی لەش لە ئاستی گشتەدا نۆینە، ئەمەش بە ڕێسای ژمارەکان گرێدراوە. ڕێسای ژمارەکان و، سەرچەمی ڕێسای گەردوونێ، زهینێتی هوودای دایکن. پێکهاتەی لەش لە باری ئاسۆهیدا بریتیهە لە چەپ و ناوەند و ڕاست، لە باری ستوونیدا سەرێ و ناوەند و خوارێ، لە باری پانیدا پێشێ و ناوەند و پاشێ. بەم جۆرە هەرهێکە لە سێ ئاستەکە سێ بەش و بە هێکەوە نۆ بەشن. بنۆڕنە لەشی خۆتان و ڕێسای "سێ لە هێکێکدا" لە هەرپێکهاتێکدا بە دید بکەن. هەنگڵ سێیە لە هێکێکدا، قۆڵ و دەست و بازوو. لینگ سێیە لە هێکێکدا، ڕان و پووز و پێ. هەنگووست سێیە لە هێکێکدا، سەرپت و ناوبەند و پشتە پەنجە. لە پێکهاتەی هەرە بچکۆلانەشدا، هەمان دابەشبوونی سێهانی هەیە، چوونکە دابەشبوونێکە لە سەر بنەمای ڕەگەزی و خوودی و ئاستبەندی، ئەم دابەشبوونەیە هاوسەنگی پێک دەهێنێ. لە هەموو

بوونەوەرێکدا سەرەتا ناوک(دڵ) پێک دێ، ئەوجا هەرسێ ئاستەکە و، هەرنۆ بەشەکە لە دەوری ناوک شێوە دەگرن. ناوک دایکێتی دەکات و شێوە بە قاڵب و قەوارەی لەش دەدات. بەشەکانی سەرێ و لای چەپ و پێشەوە، لە باری ڕەگەزیدا مێ و لە باری خوودیدا کیژن. بەشەکانی خوارێ و لای ڕاست و پاشەوە، لە باری ڕەگەزیدا نێر و لە باری خوودیدا کووڕن. ناوەند لە هەرسێ ئاستەکەدا لە باری ڕەگەزیدا نێرەمووک و لە باری خوودیدا دایکە. بە گشتە بەشی مێ نازک و گچکەترە بە قەوارە، وەلێ گەورەترە لە تین و توانادا. بڕواننە قەدوقامەتی لەش لە سێ بەش پێک دێ، سەر و مل مێیە، لە مل هەتا تەنگە نێرەمووکە، لە تەنگە بەرەو خوارێ نێرە. هەرهێکە لەم بەشانەش دەبنەوە بە سێ بەش. پێشەوەی سەر کە ڕووخسارە مێیە، ناوەندی سەر نێرەمووکە و پشتە سەر نێرە. سەرنجی بدەنێ، سەر نازک و گچکەلانە لە چاو خوارووی تەنگەوە، ڕووخساریش نازکترە لە پشتەسەر، وەلێ توانا و کاریگەری بەشە مێینەکان بە هەندازێک بڵندن، لە هیچ بارێکدا بەرهووردی مێ و نێر بە هێکدی ناگوونجێن، تەنانەت بەرهووردی بەشەکانی نێرەمووک و نێریش گوونجاونین، چوونکی نێرەمووک و مێ لە ناو هێکدین، نێرەمووک لە خوودێتیدا دایکە، کیژ و دایکیش لە ناو هێکدین. ئەم پێودانگە بە زهین بگرن، هەنگێ مەودای جوودایەزی تین و توانای ژن و پیاو دیاری بکەن.

## ڕیشەی 18

لە سەرجەمی گەردوونێ، قەوارە و قاڵبی زیندەوەران هەرچەند و هەرچ لۆنێک بن، بنەڕەتی پەیدابوون و هەڵسووڕاندنێ، بە هێک نامووس و ڕێسایە، ئەو نامووسەش زهینێتی هوودایە. ڕەوەندی خوولکان هێک جۆرەیە، سەرچاوەی خوولکان و هێز و زیندووێتی، خوولانەوەیە، خوولانەوەش لە تین پەیدا دەبێ، تینیش خوودێتی هوودایە. زهینێت و خوودێتیێ هوودای دایک، لە ناو هێکدین و جوودا نابنەوە، ڕێسا و ڕێکخستنی بنەڕەتی نەگۆڕن، ئەوانی دەگۆڕێن قاڵب و قەوارە و خۆرێتی تەنن، ئەمەش گۆڕانی خەسڵەت و تایبەتمەندێتی بە دووی خۆیدا دهێنێ. لە هووردە بوونەوەران و هەستێران و لە پێکهاتەی لەشی بەشەریشدا، بنەڕەت ناوک و نۆینە، پاشانەکە سێ نۆین و سێهانێک پێکهاتێک دروست دەکەن. پێکهات لە هەرچەشنە زیندەوەرێک چ گچکە و چ گەورە، وهالەیە. هەموو هێکێک گەردوونێکی گچکەلانەیە لە ناو گەردوونێکی گەورەدا. قووڵ زهینی بەشەکانی لەشی بەشەری بدەن، هەرهێکە لە بەشەکان بە هەمان ڕێکخستن و هەمان ژمارە پێک دهێن. دوو هەنگڵەکە و دوو لینگەکە، هەرهێکەیان بە سی و دوو جوومگەی نەرم و، سی و دوو جوومگەی ڕەق

دەردەکەون. ددانەکانی ناو دەم و، کڕکڕاگەکانی قوورگ و، بڕبڕەکانی پشت بە سی و دوو هەژمارن، وەلێ ژمارەی دروست لە هەرپێکهاتێکدا سی دانەیە، دووان لە ئەندامی پێکهاتەکە هەرهێکەیان وەکوو دوو دەردەکەون و، بە دوو دەور هەڵدەستن، لەبەر ئەمەیە لە ژمارەدا بە سی و دوو دەهێن. هاوکات شەش دانە ئەندامی پێکهاتەکە، ئەوانی بەر لە سێهانەی کۆتاهین، تەنەها لە بەدیدهێنانی سێهانەی کۆتاهی و هاوسەنگراگرتنی گشتەی پێکهاتەکەدا بە دەورن، دەنا ئەو ڕۆڵەیان نیهە، کە ئەوانی دی هەیانە. لەبەرهەندێ ژماری بەرکار بیست و چهارە. بە پێی ڕێسای ژمارەکان بیست و چهار دوو ژمارەیە، لە کۆکردنەوەدا دەبێتە شەش. ژمارە سی(30) لە ناوکە ژمارە و ژمارە سێ پێکهاتووە، لە کۆکردنەوەشدا دەبێتە سێ. ڕێسای دەنگەکانی زمان و هووردەبوونەوەران چاو لێ بکەن، هەمان ڕێسایە، لە ژمارەی پێکهاتەش وەکی هێکدین. هەموو پێکهاتێک چ گەورە و چ گچکەلان، سەرچاوە لە ناوکە پێکهات دەگرێ، ناوک لە باری خوودیدا دایکە. هەرهێکە لە بەشەکانی لەش پێکهاتێکن، بە هێکەوە و لە هێکێتیشدا پێکهاتێکی گەورەترن. لە گشتەی پێکهاتەی جەسدەدا، دڵ ناوکە و دایکێتی لە بۆ تەواوی پێکهاتەکە دەکات، هەروەکوو خۆرهەتاو کە دایکێتی لە بۆ هەستێران دەکات. دڵ لە واتاهێکدا خۆرهەتاوی ناو لەشی بەشەرە، هێکەم ئەندامە پێک دێ و، هەموو ئەوانی دی بە سەرچاوە لە دڵ پەیدا دەبن. دڵ نە فەرمان لە دەرەوەی خۆی وەردەگرێ و، نە فەرمان دەسەپێنێ، بەڵکوو نەسرەوتانە دەبەخشێ. تایبەتمەندی دڵ و تایبەتمەندی دایک، هەمان شتن. هیچ کات و لە هیچ شوێنی گەردووندا، نالوێ منداڵ فەرمان بە سەر دایکدا بکات، یان ڕێی لە بۆ دیاری بکات، کاری ئەوها لە نامووس بە دەرە، هەرکەس ئەوەی لێ بوەشێتەوە و بەرەواژ بە دایکێتی ڕەوتار بنوێنێ، بە کافر و هۆفی هیسێبە، جهێ و مەکانی پاشەڕۆژی دۆخی دۆڵزاخ دەبێ.

## ڕیشەی 19

تەمەن لە ناو منداڵدان دیاری دەدات، بە پێی ئەو ناوکەی بە دروستکردنی منداڵەکە هەڵدەستێ، هاودەم بە پێی ئەو هەلومەرجەی کە دایکەکە لە ماوەی سکپڕیەکەیدا پێیدا تێدەپەڕێ. لە شێوەگرتنی ناوکەکەش هەم هۆکاری بۆ ماوە لە پێشینانەوە، هەم دۆخی دایکەکە لە پێش دروستبوونی ناوکەکە، هەمیش تایبەتمەندی ئەو پیاوەی لەگەڵی جووت دەگرێ، هەرهێکەیان بە نۆرەی خۆیان کاریگەر و بە دەورن. پاشانەکەش کە منداڵ بە دوونیاهێ داهات، ئەگەر لە باری زهین و دەروون و، لە باری پێکهاتەی لەش ژینێکی تەندروست نەگوزەرێنێ، یان تووشی زەبری قوورس بێ، هەنگێ تەمەنەکەی کوورت دەبێتەوە و، پێش کاتی خۆی دەمرێ. جۆرێتی زهین کاریگەری لە دەروون دەکات،

دەروونیش لێکەوتەی لە سەر لەش دەبێ، بە هەڵگەڕاوەش لەش کار لە دەروون دەکات، دەروونیش لێکەوتەی لە سەر زهین هەیە، لەبەرهەندێ کوورتهێنان و توولکێشانی تەمەن بەستدراوەتەوە بە تێکڕای بار و زوورفی کەسەکانەوە. زەمەن بە زەمەن، پەرستەندنی هۆفێتی، چ لە ناو سەر و دروونی بەشەری، چ لە زیندەگیهە کۆمەڵاتیەکەیدا، وهای کرد تەمەنی بەشەری لە کوورتی بدات. بنۆڕنێ، ئەو کۆمەڵە بچووکانەی بەشەرێت، ئەوانی لە دێهاتی دووره دەستن و، نەچوونەتە ناو هەلومەرجی تێر و توندی هۆفێتی، هێشتانەکانێ دوو هێندەی خەڵکانی دی تەمەن دەکەن. بیروباوەڕی مهیری و، ئەو هەلومەرجە کۆمەڵاتیەی نامووس بە دووی خۆیدا دهێنێ، توول بە تەمەنی بەشەری دەداتەوە، هیدی بنەڕەتەکانی لەش بە هێواشی دەگۆڕێن و، نەوە بە نەوەی بەشەرێت تەمەنێکی توولکێشتریان دەبێ. ئەو هۆکارانەی لە کوورتهێنان و توولکێشانی تەمەندا بە دەورن، لە گشتەی پێکهاتەش، چ لە باری زهین و دەروون، چ لە باری لەش، بە کاریگەرن. خەسڵەت و تایبەتمەندی زهینی و دەروونی، چ باش و چ خراپ، هەروەکوو خەسڵەت و تایبەتمەندی لەش لە ڕێی زاینەوە دەگواست درێنەوە، هەم ڕاستەوخۆ لە دایک و کەسی جووتگرەوە، هەمیش لە پێشینانیانەوە پێیان گهیشتبێ و، لە ئەوانەوە لە بۆ منداڵەکە بڕوات، لەبەرهەندێ ژنی مهیری لە سەرێتی لە پیاوی هۆفی بە دووربێ و گانی نەداتێ، چوونکی لە سکپڕبووندا، خەسڵەت و تایبەتمەندی هۆفێتی لە شێوەگرتنی کۆرپەی ناو سک بە جهێ دەبێ، ئەگەر سکپڕبوونیش ڕوونەدات، دیسان لەم تێکەڵاوبوونە قووڵەدا، لێکەوتەکانی هۆفێتی بە شێوەی شەپۆڵ شوێنەوار لە سەر ژنەکە بە جهێ دهێڵێ. باری زهینی و دەروونی و، باری لەشی دایکەکە و جووتگرەکە، چ لە پێشترێ و چ لە سەروقهتی جووتگرتندا، لێکەوتەیان لە سەر دروستکردنی ناوکە منداڵ هەیە، پاشانەکەش هەلومەرجی دایکەکە و دەوروبەرەکەی، لە هەموو بوارەکاندا دەستی دەبێ لە شێوەپێدانی منداڵەکە. دەنگەکان و ڕەنگەکان و بۆنەکان و تامەکان و، هەموو ئەو تەنانەی لە دەوری دایکەکەن، هاودەم جۆری خەیاڵ و بیرکردنەوەکانی دایکەکە و، جۆری ئەو هەستانەی لە ماوەی دووگیانیەکەیدا پێیدا تێدەپەڕێ، هەمووی دارا و بە دەورن لە شێوەگرتنی ئەو کورپەیەی پاشان لە دایک دەبێ.

## ڕیشەی 20

هەموو قۆمەتانی جێهانێ لێی خاڵین، بە تەنەهێ لە هاخاوتنی کووردهەواریدا وشەی "مرۆف" ماوەتەوە. وشەکە لە پێکهاتەدا واتا بە هەرسێ ڕەگەز دەدات. مرۆف، وشە ڕاستەکەی "مهیر_هۆفە،" مهیر مێ و هۆف نێرە، بە هەردوو وشەکە مهیرهۆف پێک

دێ و، لە باری ڕەگەزیدا واتای نێرەمووک دەخاتەڕێ. واتاهێکی دیکەی وشەکە پێکهاتەی بوونەوەرەکە نیشان دەدات و، واتای گیان و لەشتان بە هێکەوە دەداتێ، مهیر گیانە(تینە) و هۆف لەشە(تەنە)، بوونەوەر دارای هەردووکیێتی و مهیرهۆفە. واتای سێهەمی وشەکە بیروباوەڕە، مهیر ناوێکە لە بۆ هوودای دایک و، سەرچاوەی ڕووناکی و خێرە، هۆف سەرچاوەی تاریکی و شەڕە، مهیرهۆف دەبێتە گوزارشت لەو بوونەوەرەی هەڵبژاردنی ڕووناکی و تاریکی، یان خێر و شەڕ وا لە کەسەی سەری خۆێتی، کێهەی بوێ، بەلای ئەودا دەخزێ. ئەو بوونەوەرە دوو پێیەی بە مرۆف، یان بەشەر، یان هیسان (ئینسان) ناوی دێ، خاوەنی ناوێکی تایبەتی نیهە، ئەم ناوانەی دراونەتە پاڵی، دەلوێ بدرێنە پاڵ گیانلەبەری دیکەش. هەربوونەوەرێک هەڵبژاردنی خێر و شەڕی هەبێ، دەشێ ناوی "مرۆف"ی بدرێتێ، لە هەمان کاتدا "بەشەر" وشەی بەسەرە، هەموو زیندەوەرێکیش سەری هەیە. وشەی "هیسان" بە واتای بەرزەباڵا، ئەویش گەلێک گیانلەبەری جووداجۆر دەگرێتەوە. تێکەڵبوونەوەی ئەم بوونەوەرە بە بوونەوەرانی دی لە باری ناولێناندا، نیشاندەری تێکهاڵاوی بنەڕەتی ڕەچەڵەکیشە. بە گشتە زیندەوەران لە تین و تەن پێکهاتوون، لە تین مهیر و لە تەن هۆف بەرهەم دێ. لە بنەڕەتیشدا مهیر پێشڕەفتە، چوونکە مهیر لێکەوتەی تینە و تین لە پێش تەن دێ. تەن لە تین لە دایک بوو، بەشە تینی مرۆف پشکێکە لە گشتەی تین. تین لە گشتەدا خوودێتی هوودایە، ئەگەر هۆف نەدەبوو، مهیرهۆیش پەیدانەدبوو، لەبەرئەوەی مهیرهۆف لە هەردووکیان پێک دێ، بە لادانی بەشە هۆفەکە، مهیر بە تەنیهێ دەمێنێتەوە و، مهیریش ناوێکی دیکەی هوودایە. بە ڕاستی گەوجانەیە زار بکەنەوە و بپرسن: لەبەرچی هۆف هەیە، بۆچی زیندەگی تەنەها مهیر نەدەبوو؟ دەی، لە پێشێ هەرئەوها بووە، تەنەها مهیر هەبوو، پاشانەکانێش هەرئەوهای لێ دێ و، ژین بە تەنەها مهیر دەبێ، هەموو لە ناو دەچن و، بەس هوودای دایک دەمێنێتەوە. لێرەدا مەبەست لە هۆف تەنە، هەموو گیانلەبەرێک لەشدارە، لەش بەر هەرسێ ئاستی تەن، دەنا هەبوونێک بە ناوی گیانلەبەر نیهە، چوونکە گیان بەبێ لەش، واتایە لە هوودای مهیربان.

## ڕیشەی 21

هەموو پەیدابووێک لە دووانەی تین و تەن، مهیر و هۆف بەرهەستن. وشەی مهیرهۆف بە ڕەوانی ئەم ڕاستیەڤینە بە زهین دادهێنێ. لە باری بیروباوەڕدا، پێکهاتەی هەموو خوودێک هەم مهیرە و هەم هۆفی تێیدایە، هەردووک دوو بژاردەن بە زهینی ئەو بوونەوەرەدا دهێن. لە کۆمەڵانی زیندەوەردا، مێ نمایندەی بەشە

مهیرەکەیە و نێر نوێنەرێتی هۆفەکە دەکات. لە پێکهاتەی هەرهێکەش لە مێ و نێردا، مهیر و هۆف هەنە، هەرکەس زالکردە، بیهەوێ دەتوانێ لە کرۆکیدا مهیر بە سەر هۆفدا سەربخات. بەشەرینە! هەنگۆ دارای گیان و لەشن، لێکەوتەی گیان مهیرە و لێکەوتەی لەش هۆف، ئەوجۆرەی ساردی لێکەوتەی سەهۆڵ و گەرمی لێکەوتەی ئاگرە. لە هەوەڵدا نامووس لە بری مهیرهۆف بژاردە دروستەکە هەڵدەبژێرێ و، لەم بازنەیەدا مهیر لە منداڵ پێشڕەوتی دەگرێ، وقتهتێکیش بەشەر منداڵێتی دەرباز دەکات و، توانای زهینی دەگاتە ئەوەی مهیر و هۆف لە هێکدی جوودا بکاتەوە، ئەو دەمە هەڵبژاردن دەدرهێتەوە دەستی خۆی، هەرهێکێک بیهەوێ لە خوودی خۆیدا مهیر بەرز و هۆف نەوی بکات، لە ویستی خۆێتی. دایکان لەسەریانە منداڵان پێڕست بە مهیر پەروەردە بکەن، خووشکان لە سەریانە ڕەوتی مهیر بە براکانیان بدەن، ژنان لە سەریانە پیاو مهیری نەبێ، هامێزی نەدەنێ. هەنەوکە هەمووان بە ئاگا هێندراون و، زانستی تێروتەواوتان دراوەتێ، دروست وهایە ڕوو لە مهیر و پشت لە هۆف بن، ئەوی هۆفی بێ، لەقە لە بەختی خۆی دەدات و، بێشک لە بهێشتی توولانیدا جهێ و مەکانێکی وەگیر ناهێ تیایدا وهەسێ و لەزەتی خۆشی بکات.

## ڕیشەی 22

هەموو پێکهاتێکی لەش چەندەش هووردبێ، بە گێرەی خۆی زهینێتی هەیە. هێکە بە هێکەی خانەکانەکانی لەش، لە ناو خانەکانیش ئەو پێکهاتانەی دواهەنداز هووردن، هەرهێکەیان سەربەخۆ زهیندارن، بە هێکەوەش لە هەرپێکهاتێکدا دارای زهینێکی باڵاترن، هەرئەو جۆرەی لە پێکهاتەی گشتەی لەش مووخ هەیە و، پێشەنگاتی لەش دەکات، بەڵام هاوچەشنی مووخ لە بەینی پێکهاتەکانی لەشدا نیهە، هەرپێکهاتێک گەورە و گچکەلان بە تایبەتمەندی خۆیانەوە مووخدارن. بە نموونە دڵ ناوکە لەشە و پێکهاتێکی سەروەرە، بە گێرەی تایبەتمەندی ناوکێتی مووخدارە، ئەو مووخەی دڵ هەیتی، وەکوو مووخی ناو سەر نیهە، ناشگوونجێ بەرهوورد بە هێکدیان بکەن. مووخی تایبەتمەند بە پێکهاتەکان هەیە، لە هەرسێ ئاستی تەنی گازیلە و شلیلە و ڕەقیلەدا، مووخی ڕەقیلەکان تەنەها لە سووڕی هێکەمی زیندەگیدا هەنە، مووخی شلیلەکان لە سووڕی هێکەم و دووهەم، مووخی گازیلەکان لە هەرسێ سووڕەکەی زیندەگیدا دەوام دەکەن. هەموو هەڵسوکەوتێک لە ئاستی زهین و زار و ڕەوتاردا، چ چاک بن و چ خراپ دەچنە مووخی ناوەندی لە ناو سەر و، لە وێشەوە دەگواستدرێنەوە و لە سەرجەمی مووخی پێکهاتەکانی لەش تۆمار دەبن، پاشانەکە دۆخی هەرکەس لە سووڕەکانی دووهەم و سێهەمی زیندەگیدا، لە مردن و لە هەڵستانەوەی پاش مەرگدا،

بنەما لە سەر ئەوەی چۆتە تۆمارەوە بە شێوە دێ. لێرەدایە ئەم تۆمارە دۆخی بهێشت، یان دۆڵزاخ لە کرۆکی بەشەردا بە گۆڕێ دەخات.

## ڕیشەی 23

تەن لە هەموو بارێکدا شەپۆڵدارە، لەتە هاسنێک، مەفرەقێک، دارێک، یان هەرتەنێکی دی، بە چاوی سەر وها دەبیندرێ بێ گیان و جوولەیە، وەلێ ئەوها نیهە. هەرتەنێک لە ناو پێکهاتەکەیدا خوولانەوەی هەیە، بەم هۆیەوە شەپۆڵ دروست دەکات و، شەپۆڵەکان بەسەر خۆی و دەرەوەیدا بڵاودەکاتەوە، لە دەرەوەش شەپۆڵی تەنانی دیکەی لە بۆ دەڕوات. کەرستەی جووداجۆر دەوری بەشەریان داوە، هەرهێکە لە تەنی ئەو کەرستانە جۆرە شەپۆڵی تایبەت بە خۆیان هەیە. ئەو تەنانەی لە کرۆکی خاک دەرهێندراون، شەپۆڵدانەوەیان لەسەر بەشەر و گیاندارانی خاکڕەچەڵەک زۆر بە زەڕە، هەندازەی ئەو زەڕە بە هەندازەی بەرکارکردنیان زیاد دەکات. خەیاڵکردن و بیرکردنەوە و هەرهەستێک، لە جوولەی خانەکانی مووخ و، لە ناوەوەی لەش دروست دەبن، ئەو جوولەیە شەپۆڵ دروست دەکات، ئەو شەپۆلانەش هەرچ لۆنێک بن، لە ناوەوە و دەرەوەی لەش کاریگەری دادەنێن. لەش بە هێک پێکهاتە شەپۆڵدارە، جوولەی بەشەکانی لەشیش بە جوودا شەپۆڵیان هەیە. نیگاکردنێک، زەردەخەنەک شەپۆڵ دەداتەوە، وشەکان شەپۆڵدارن، بیردکردنەوەکان شەپۆڵیان هەیە، هەناسەکان دارای شەپۆڵی تووندی هاوردە و هەناردەن. دڵ ناوکە لەشە، شەپۆڵەکانی دڵ لە هەناردن و هێناندا، زۆر کاریگەرن. بە گشتە شەپۆڵەکان سێ بەشن، بەشێکی مهیرین و بەشێکی هۆفی، بەشێکیش مهیرهۆفین، هەرهێکەیان بە پێی جۆرێتیان کاریگەری لە سەر خوولانەوەی تەنەکانی لەشی بەشەر و، هەرگیاندارێک دروست دەکەن، بەمەش ئەو گیاندارە ڕوو بە مهیر، یان هۆف، یان ڕوو بە مهیرهۆفی ڕەوت دەگرێ. بڵاوبوونەوەی شەپۆڵ بەشێکی بە ویست و بەشێکی بێ ویست، بەشێکیش تێکەڵەی هەردوو بەشەکەیە. هەناردنی خۆویستانەی شەپۆڵ لە ڕێی دڵ و دەم و چاو مەیسەر دەبێ، هاودەم بەبێ ویست لە هەرسێ ئەم کەناڵانەوە شەپۆڵ دەڕوات و دێ. وەلێ ناویستانە ئەوەیە شەپۆڵی گشتەی لەش خۆبەخۆ بڵاودەبێتەوە، شەپۆڵی خەیاڵ و بیرکردنەوەکان خۆڕسک بڵاودەبنەوە. لەم بازنەیەدا زهینی ئامێرەکانی کەناڵی پەیوەندی لە دەنگ و ڕەنگ بدەن، لە ڕێی لەرەلەر و شەپۆڵەکانەوە بەرهەست هێندراون. ئەو شەپۆڵانەی لەو ئامێرانەوە دەردەچن، لێکەوتەی خراپیان لە سەر تێکڕا و تەواوی زیندەگیدا هەیە، ئەو ئامێرانە بە شێوەی بەشەکیانە سوودیان هەیە، وەلێ بە شێوەی گشتەگیر زۆر بە زەڕن.

## ڕیشەی 24

هەموو خوودێک شەیتانی لە خۆیتی. ئەوەی پێشتریێ بە شەیتان ناوی دراوەتێ، شتێکی دیکە نیهە بێجگە لە هۆف. گۆزار بە پێی چەرخی زەمان بە بەشەر دراوە. مهیرییەت و هۆفیەت (چاکیهەکان و خراپیهەکان)هەردووک لە ناو سەرکی بەشەردا سەرچاوە وەردەگرن. سەرک لە پێکهاتەدا سێیە لە هێکێکدا، لە خوودێتیدا ناوەندی سەرک دایکە، لای چەپی کچ و لای ڕاستی کووڕە. بە واتاهێک لە لای چەپ مهیر و لە لای ڕاست هۆف بەرهەم دێ. ناوەندی سەرک بێلایەن و هێکلاکەرە، هیزرین وەپاڵ هەرلاهێک بکەوێ، ئەو خوودە وها ڕەوت دەگرێ. ئەوانی پشت لە مهیر و ڕوو لە هۆفن، ناوەندێتی لە ناو سەرکیاندا کەوتووە بە لای هۆفدا. کەسانی هۆفی خۆیانن بە ڕێچەفتیدا کەوتوون، هیچ شەیتانێک ئەم کارەی پێ نەکردوون. ئەو دەمەی لە ناو سەری خۆتاندا زهین بە لای هۆفدا دەخەن، ئەو سەرە دەبێتە سەری هۆف و، لە خوودی خۆتاندا شەیتانێک بەرهەم دهێنن. پێشتریێ بەشەرێت ئەمەی چاک دەزانی، ئەوەتانێ گاتای بەجێماو لە پێشینانی کووردهەوار وهایە، گووت دراوە: شەیتانی هینسان هەرهینسانە. هەموو کەس لە سەرێتی بەرپەرسیارێتی سێهانەی زهین و زار و ڕەفتاری خۆی هەڵبگرێ. هوودا و شەیتان هەردووک لە کرۆکی خۆتان دان، چ بە پێی هوودای مهیربان بجوولێنەوە، چ بە پێی شەیتان، ئەوە خۆتانن هەنگاوەکەتان ناوە.

## ڕیشەی 25

جۆرێتی و چەندێتی تین (گیان)، لە ڕەچەڵەکێک لە بۆ ڕەچەڵەکێکی دیکەی زیندەوەران جوودایە، هەرهێکە لە ڕەچەڵەکەکان لە پلەبەندێتی پەیدابوونێ، ژمارەی ڕەچەڵەکاتی خۆیان هەیە و، بەشە تین بە پێی ژمارەکەیە. لە ناو ڕەچەڵەکی بەشەر و گشتەی گیاندارانیشدا، جۆرێتی و چەندێتی تین لە مێدا زیادترە، ئەو زیادەیە جۆرەکانی تینی دایکێتین و، بە هۆیەوە مێ خۆڕسکانە بە لای مهیرە. بەڵام نێر بێ بەهەرەیە لەو جۆرانەی تین، لە بەرهەندێ بەرهوورد بە مێ بە لای هۆفەوەیە. لەم بازنەیەدا ئەو دەمەی مێ و نێر هەردووک پێرەوتی مهیرن، هەمیشە مێ لە پێش نێرە، ئەم پێشڕەفتیهە سەرچاوە لە چەندێتی و جۆرێتی تینی مێینە دەگرێ. وەلێ ئەو نێرەی لە ناو بازنەی مهیرە، لە پێش مێی دەرەوەی بازنەکەیە. هەل بە نێران دراوە لە نێوان خۆیاندا کێبڕکێی پێشڕەوتی بکەن، با هەرنێرێک لە خۆیدا جوانمێرێک بەرهەم بهێنێ، جوانمێر مێرێکە بە گێرەی ناموس هەڵدەسووڕێ. نێرێک مهیری بێ، قەت کێبڕکێی مێی مهیری ناکات و وپێشی ناکەوێ، چوونکی دەزانێ بە ناموسی هوودای دایک، ناوەندێتی بە مێ دراوە. هاودەم مێ لە سەرێتی لە باری ڕەگەزیەوە لە بۆ باری

خوودی وەربچەرخێ و، لە خوودێتی دایکدا دەربکەوێ. بێجگە لە جۆرێتی و چەندێتی تین، کە بە پێی ڕەچەڵەک و ڕەگەز دەگۆڕێ، هاودەم سێ جۆری پەیوەستبوونی تین بە تەن (گیان بە لەش)هەیە. گیان، یان لە پێشەوە پەیوەستی لەش دەبێ، یان لە ناوەند، یان لە پاشەوە. جۆری پەیوەستبوونەکانیش بە جۆری ڕەچەڵەک و ڕەگەز گرێدراوە. زهینی ڕێسای دەنگەکانی زمان بدەن، لەوێڕا باشتر لە جۆرەکانی پەیوەستێتی گیان بە لەش تێدەگەن. ناوکە دەنگ لە ڕۆڵی گیان(تین)دایە، دەنگ لە ڕۆڵی لەش(تەن) دایە، ناوکە دەنگ سێ جۆرە پەیوەستبوونی لەگەڵ دەنگ هەیە، لە کۆمەڵی هێکەمی دەنگەکاندا کە دەنگی مێینەن، ناوکە دەنگ لە پێش دەنگ دێ و، شێوەی لێ دەردەکەوێ، لە کۆمەڵی دووهەمی دەنگەکان کە پۆلی هێکەمی دەنگی نێرەمووکە، ناوکە دەنگ لە ناو دەنگەکان بەرهەست دێ، هاخیر کۆمەڵەش دووهەم پۆلی دەنگی نێرەمووکە و، ناوکە دەنگ لە پشت دەنگەکانەوە شێوەی لێ دەردەکەوێ. بەشەرێت لە جۆرێتی ڕەچەڵەکیدا، هەروەکوو هاخیر کۆمەڵەی دەنگەکان وهایە، مهیرهۆفە و نێوەندگیرە، هەلی دراوەتێ بیهەوێ چ مهیری بێ، یان چ هۆفی، لە هەردووباردا هەڵبژاردنی هەیە و، بەرپرسیارێتی بە خۆێتی. ئەگەر دەپرسن: لەبەرچی بەشەر ڕاڕاهی بە زهین دەکەوێ و، دەلوێ بەرەو خراپە بڕوات؟ ئەمە لێکەوتەی ئەوەیە لە گشتەی پێکهاتەی بەشەردا، تەن لە پێش تین دێ، گیان لە پاشەوە پەیوەستە پێی و، بەم هۆیەوە مەیلی بە لای تەندا دەڕوات، وەلێ ئەو هووردە زیندەوەرانەی لەش پێک دەهێنن، مهیرین و گیان لە پێشەوە پەیوەستە پێیانەوە، لە نێویشیاندا سێهانەی تەنی هووردە زیندەوەران، گازیلە و شلیلە و ڕەقیلە هەرهێکەیان پەیوەستبوونی بە بەشە تین جوودایە، هێکەم لە پێشەوە، دووهەم لە ناوەند و سێهەم لە پاشەوە دێ، لەبەرهەندێ هووردە زیندەوەران بە تەواوی پەیوەستی نامووسن و، هیچ لادانێکی خۆکرد ناکەن، مەگەر ئەو لەشە بە هۆفێتی هەڵسوکەوت بکات، یان پاشماوەی هۆفێتی بە سەریەوە هەبێ، بەمەش تێکچوونی پابەندێتی پێکهاتەی لەش بە نامووس دروست دەبێ. ئەگەر دەپرسن: لەبەرچی مهیرهۆف لە سەرێتی ڕوو لە چاکە و، پشت لە خراپە بێ؟ لەبەرئەوەیە چوونکی لە گشتەی گەردوونێ، چاکە لە پێشەوە دێ. چاکە تینە و تین هوودایە، هووداش ها لە پێشی هەموو شتێکدا. ڕێسای نەگۆڕە، تین لە پێش تەن، مهیر لە پێش هۆف، مێ لە پێش نێر، دایک لە پێش منداڵ دێ. لە باری ڕەچەڵەکیدا، تین لە پشتەوە پەیوەستی تەنی بەشەر دەبێ، لە ناو کۆمەڵی بەشەریشدا دابەشبوونێکی سێهانی هەیە و، بە پێی ڕەگەز دەگۆڕێ، تینی مێ لە پێشەوەیە و، هی نێر لە پشتەوە، لەبەرهەندێ نەزاکەت و درەوشانەوە لە ڕەگەزی دایکدا دەردەکەوێ. سەرنج لە ڕووی خاندان و شیرینی مێ بدەن، گوێ لە هاخاوتن و دەنگی نەرمی مێ ڕادێرن، نەرمونۆڵی لەشی مێ دەست لێ بدەن، لە هەموو پێکهاتە و دەرهاوێشتەکانی مێینەدا، نیشانەکانی پێشرەوتی تین هەیە.

## ڕیشەی 26

تایبەتمەندی و خەسڵەتی گوێستدراوە، بە هێما و نیشان لە گازیلەکانی لەش تۆمارن، ئەو تایبەتمەندیهانە بە شێک لە نەقشەی بە شێوەهاتنی جەسدەن. هەموو هێکێک لە بەشەکانی جەسدە، بە لە دایکبوونی گازیلەکان بە سەرەتا دهێن. هاودەم لەگەڵ ئەم بە سەرەتاهاتنەدا، ئەو هێماگەلەی نەقشەی بە شێوەهاتنی جەسدەن، لە ڕێی دایکانی گازیلەوە لە بۆ هەموو لەش دەگوێستدرێتەوە. گازیلەکان ئەو تەنانەن وا لە باری گازی دان و، بنەڕەتی لەش پێک دهێنن. تەنی لەش لە گازیلە، شلیلە و ڕەقیلە پێک دێ. ئاستە بنەڕەتیەکە لە باری گازی دایە، ئاستی ناوەند لە باری شلی و، ئاستی دواهین لە باری ڕەقی دایە. لە پاش مردندا، ڕەقیلەی تەنی لەش دەپوکێ و لە ناودەچێ، لەناوچوونێک وەکوو ئەوەی هەرنەبوو‌بێتن. بەڵام شلیلە و لەویش پتر گازیلە پتر لە ملیاران ساڵ تەمەن دەکەن. ئەو جۆرەی تایبەتمەندیهە ماوەیهەکان تۆمارن، ئەوهاش کردەکان تۆمار دەبن، بزێوی لە زهین و زار، هەتا ڕەفتار دەبنە هێما و دەچنە تۆماری گازیلەکانی لەشەوە. ئەم ڕاستیەقینە لە گاتاکانی پەیامبەرانی هەقگۆدا ڕووناکی دراوەتێ، گفت بە هەمووان دراوە بە هەندازەی تۆزقاڵێک نە چاکە و نە خراپە بە بادا ناچن، هەمووی تۆماردەبن و، هەرکەس لە ڕۆژی هەڵستانەوەدا پاداشتی کردەوەکانی خۆی وەردەگرێ. بێگوومان بەوجۆرەیە، ئەو پەیمانەی دراوە بە دید دێ.

## ڕیشەی 27

هوودای دایک، هیچ منداڵێک بە کەمی و کوورتی ناخوولقێنێ، کەم ئەندامی و کوورتهێنان لە لەشی منداڵاندا، بە هۆی هۆفەوە ڕوودەدات. ئەو کاتەی کۆرپە لە سکی دایکێتی، لە سێ مانگی هێکەمیدا، گۆجی و کوێری و کەڕولالی، یان هەرگرفتێکی دیکەی لەش، لە ئاکامی نەخۆشی و ناهەمواری دۆخی دایکەکەوە پێش دێ، یان بە شێوەی ماوەهی لە پێشینانیەوە گهیشتۆتێ، پێشینانیشی لە تووشبوونیاندا هۆف هۆکارێتی. زەمەن بە زەمەن بە هەندازەی پەرەستێندنی هۆفێتی، دەرد و نەخۆشی و گرفتاریەکانی لەش بە زێدە بوونە. هۆف سەرچاوەیە لە پەیدابوونی گشتەی خراپی و خێچیەکاندا، منداڵان لە ناو زگی دایکانێک دروست دەبن، ئەو دایکانە هەم لە ناو لەش، هەم لە دەرەوەی لەش قەتیسی هەلومەرجی هۆفێتین. شەرم، ترس، دڵەڕاوکێ، تووڕەهی، ڕق، خەم، چاوچنۆکی و خەسڵەتەکانی دیکەی هۆفێتی، وا ناخی دایکانی تەنیوە، لەگەڵێشیدا دەنگی هۆفی و، بۆنی هۆفی و، ڕەنگی هۆفی دەوری داون، بە جۆرێک لە شێوازی زیندەگیدا بە تەواوی لە سرووشتیبوون دوور کەوتوونەتەوە، نە خواردنەکان بە سرووشتی ماون، نە ئەو کەستە و ئامرازانەی بەرکارن، نە ئەو

هەناسەیەی هەڵیدەمژن. سەرەڕای هەموو ئەوانەش، ئەو تەنانەی هی ژێر خاکن و هێندراونەتە سەرخاک، هەرچهار لایان لێ گرتوون و، هەمووش شەپۆڵی بە زەڕ دەدەنەوە، هەم تەنەکان و هەم خەسڵەتەکان، لێکەوتەی هەموو ئەمانەیە منداڵان بە دەردەداری و گرفتاری بە دوونیاهێ دهێن، یان لە میانی گوزەری تەمەندا خەستە و دەردەدار دەکەون، یان تووشی مردنی پێشوقهت دەبنەوە. هیدی هۆشتان هەبێ و تێبگەن، هوودای دایک پاک و بێگەردە، چ تاقێک هەزێت ناکات، ئەو خواری و خێچیانەی تووش دهێن، لە خوودی خۆتانەوە دەردێن.

## ڕیشەی 28

بەشەر دەمرێ، هەموو بوونەوەرانی لەشدار دەمرن. لە میانی مردندا پێکهاتەی ڕەقیلەی لەش هەڵدەوەشێ و تێکەڵ بە خاک دەبێ، بە تەنەها بنەڕەت و ناوەندی تەنی لەش دەمێنن. بنەڕەت و ناوەندی تەن لە لەشی هەموو بوونەوەرێکدا، گازیلە و شلیلەکانن، بە هەندازێک هووردن نە بەر نیگای چاوی شەر دەکەون، نە چاوی لە ئامێر سازدراو. مردن هێقە بە ڕەقیلەی تەن دەگرێ و لە بەینی دەبات، مردن سووڕی دووهەمی زیندەگیە، لە میانیدا بنەڕەت و ناوەندی تەن زینددوون و دەوامی تەمەن دەکەن، لەگەڵیشیدا تەمەنی پێکهاتەی گیان تووڵ دەکێشێ. لەو دەمیدا بەشەر هەبەرداره لە ناشتنی تەرمی لەشی خۆی و زیارەتی سەر گۆڕەکەی، بە ئاگایە لە جێهانی سەر ڕووی زەوی، بەبێ ئەوەی بتوانێ کاردانەوەی بە سەر ئەو جێهانەدا هەبێ. مردووان هەمووشیان لە هێکدی هەبەردارن، ئەوانی لەم سووڕەی زیندەگیدا هەزیز و هاوەڵی هێک بووبن، لەو سووڕیشدا هێک دەگرنەوە. لە مردندا تەنی ڕەقیلە لە تەنی شلیلە دەترازێن، لەبەرئەوە ئەگەر تەرمەکە لە دۆخی بەستەڵەک، یان لە هەردۆخیکی دی بهێڵدرێتەوە، هیچ لە مردنەکە ناگۆڕێ، مردوو بە شلیلە و گازیلەکان دەوامی سووڕی دووهەمی زیندەگی خۆی دەدات. لە سووڕی دووهەمدا (لە مردندا) زانین و توانامەندی دەرک و پەی بێبردن لە بەشەردا، زۆر زیادتر لەوەی ئێستایە، دەبینێ بەبێ هەبوونی چاوی ئێستای، دەبیستێ بەبێ هەبوونی گوێچکەی ئێستای، قسان دەکات بەبێ زار و زمانی ئێستای، چوونکوو لە وێ بە پێکهاتێکی دیکەیە، بە تەواوی جوودا لەوەی ئێستای.ئەو ڕۆژەی زەوی دەمرێ و، پێ دهاوێتە ناو سووری دووهەمی زیندەگیەوە، ئەو ڕۆژە دەبێتە ڕۆژی قیامەتی بەشەرێت و گیانلەبەرانی خاکڕەچەڵەک. لەو دەمیدا تەنی شلیلەی بەشەری لە تەنی گازیلەی دەترازێ، هیدی لە سەر بنەڕەتی گازیلە، لەش لە وێنەی تازەدا شێوەی لێ دەردەکەوێ. بەشەر و بوونەوەرانی خاکنیشین بە قەوارە و قاڵبی نوێ، جوودا لە هی سووڕی هێکەم، دەچنە سووڕی سێهەمی ژینەوە. زهینی

بدەنێ، پێشترێ ناویان لێ ناوە "ڕۆژی قیامەت،" چوونکی هەربە ڕاستی ڕۆژی هەڵستانەوە و بەرزبوونەوەیە، هاخر گازیلە بە تایبەتمەند ئەوهایە، جۆرە تەنێکە بەرز دەبێتەوە. لە هەڵستانەوەدا هەموو هێکێک بناخ لە سەر تۆماری ئەو کردەوانەی لە سووڕی هێکەمی زیندەگیدا هەیبوون، لە ئاستە جووداکانی دۆخی بهێشت، یان دۆڵزاخ بەجهێ دەبێ و پێودانگ بە هەنەوکە، پتر ملیاران ملیار ساڵ تیایدا دەمێنێتەوە لە دووهەم و سێهەم سووڕەدا مهیر زال و باڵا دەست دەبێ، هۆفێتی دادەتەپێ و، لە هیچ هێکێکدا دەستی ناڕوات، ئەمەش پەیوەندیدارە بە جۆرێتی تەن و، بەوەی گیان لە چەندێتی و جۆرێتیدا، بەرهوورد بە لەش فەرەهەندازە، پێشڕەفتی دەکات و دەستی زالێتی بە مهیر دەدات.

## ڕیشەی 29

ئەوی مهیریانە بمرێ لە بهێشتێ و، ئەوی هۆفیانە بمرێ لە دۆڵزەخێ، بە دیدەنی خۆی و ئەوانیدی دەگاتەوە. هەنەوکە بهێشت و دۆڵزاخێک لە زەوی دانین. ئەوانی پێشترێ مردوون، یان ئەوانی لەمەولا دەمرن، بە پێکهاتەی گیان و، بە پێکهاتەی ناوەند و بنەڕەتی لەش، لە لە کرۆکی خاکدا تەمەن دەکێشن، مردوون لە هەستی خۆیانەوە دۆخی باخاتی بهێشتی، یان دۆخی ئاگری دۆڵزاخی دەقەتینن، هەتا ڕۆژی هەڵستانەوە. ڕەنگە خەڵکانێک خەیاڵ بکەن و، لە مێشکی خۆیاندا بپرسن: هەدی ئەو کەسانەی هەنجن هەنجن بووبن، ئەو کەسانەی هەرلەتێکی لەشیان پەرتی ئەمسەر و ئەوسەری جێهانێ بووبێتن، چی؟ فەرقی نیهە، لەش چ هێک پارچە بێ و چ هەزار، هەروەکوو هێک وهایە، چوونکی تۆمار لە سەرجەمی بنەڕەتی خانەکانی لەش پێک دێ، لەتەکانی لەش هەرچەندێک هەپروون و هووردبووبن، هەڵگری ئەو تۆمارەن و، ئەو نەفسە بە هەمان دۆخ دەگهێنن.

## ڕیشەی 30

بەشەر بە بنەڕەتی لەش شێوەی دهێتێ، لەگەڵ بە شێوەهاتنیدا گیان بە بەر ئەو بنەڕەتەدا دەچێ. زیندەوەران ئەوهان، بە شێوەی تەن پەیدا دەبن و، هەنداز بە قەوارە و قاڵبی تەنەکە، تینی پێوە پەیوەست دەبێ. بەشەر و گشتەی گیانداران دارای سێ سووڕی زیندەگین، لە سووڕی هێکەمدا بە هەرسێ باری تەن لەشدارن، لە سووڕی دووهەمدا بە دوو باری تەن و، لە سووڕی سێهەمدا بە هێک باری تەن. بارە جیداوازەکانی تەن گازیلە و شلیلە و ڕەقیلەن، وەلێ گرێدراو بە ڕەچەڵەک، هەمان

باری تەن تایبەتمەندێتی و جوودایەزی هەیە، بە نموونە ڕەقیلەی ڕەچەڵەکێک وەکوو ڕەچەڵەکێکی دیکە نیهە، چەندێکیش ڕەچەڵەکەکان لە پلەبەندی پەیدابوونێ لە هێکدی دووربن، هێندە مەودای جیداوازیەکە فەرەترە. سووڕی دووهەمی زیندەگی وا بە مردن ناوی دراوەتێ، وەلێ ئەویش هەرژینە. لە ڕاستیدا مردنێک بەوجۆرەی لێی تێ گهیشتوون لە گۆڕێ نیهە، هەموو ئەوەی هەیە زیندەگیە، تەنەها لە جۆرێتیدا دەگۆڕێ، هەروەکوو گۆڕانی دۆخی تەن. لە ڕۆژی مردنی بەشەرەوە، هەتا ئەو ڕۆژەی زەوی دەمرێ، ماوەی تەمەنە لە سووڕی دووهەمی زیندەگیدا، بە پێی ماوەی ساڵی سەر ڕووی زەمین، پتر لە ملیاران ساڵە، پاشانەکانێ لە سووڕی سێهەمی زیندەگیدا، ئەو سووڕەی بە زیندووبوونەوەی پاش مەرگ وەسفی دراوەتێ، لەش بە تەنەهێ گازیلەیە و، ماوەی تەمەن تیایدا هەتا ئەوپەڕی توولانی دەبێ، وەکوو هەتاهەتا وهایە، لەبەرهەندێ دۆخی بهێشت و دۆخی دۆڵزاخ بە ناکۆتا واتای دراوەتێ، دەنا ناکۆتانین. ئەوی دەستپێکی هەبووبێ، دواهینیشی هەیە، هەموو جۆرە تەنێک بە کۆتا دێ و، ئەم سووڕی سێهەمەش نیهاتی هەیە. لە هاخیریەکەیدا گازیلەی بنەڕەتی لەش لە ناو دەچێ و پێکهاتەی گیان تێکەڵ بە گشتەی گیان دەبێتەوە، گیانیش لە گشتەدا خوودێتی هوودایە. لە ڕۆژگاری خۆیدا مهەمدی کووڕی هامینێ بە خەڵکی گووت:" ئێمە لە هووداین و هەر لە بۆ ئەویش دەگەڕێینەوە." لە هەینێوە هەتا هەنەوکە، واتای ئەم گاتایە بە نەهێنی هووداهی هێڵدرایەوە، خەڵکی لەوە تێنەگهیشتن گەڕانەوە لە بۆ هوودا، گەڕانەوەی تەنە لە بۆ تین، چوونکوو هیچ کەس نەیدەزانی تین خوودێتی هوودایە. ئەو دەمەی زەوی لە سووڕی دووهەمی زیندەگی خۆیدا تێدەپەڕێ، هەنگێ بهێشت و دۆڵزاخ بە کۆتادهێن، بەشەرێت و گشتەی گیانداری خاکڕەچەڵەک دواهی بە سووڕی سێهەمی زیندەگیکردنیان دێ. خاک سووڕی سێهەمی ژینی لە دۆخی گازیدا بە سەر دەبات، لە کۆتاهیدا پێکهاتە گازیەکەشی شی دەبێتەوە، بە جۆرێک وەکوو هەرنەبووبێتن، بەشە گیانیشی لە بۆ گشتەی گیان دەگەڕێتەوە. هەستێران هەموو، هەرهێکەیان بە وادەی خۆیان، لە ناو دەچن، لە دواجاردا گەردوونێک لە گۆڕێ نامێنێ، تەن بە گشتە هوورد و درشتی لە بەین دەچن، دۆخ وەکوو سەرەتای لێ دهێتەوە، بێجگە لە تین خۆی، هیچ تەنێک لە زیندەگیدا نابێ. ئەو جۆرەی لە هەوەڵدا بە تەنەهێ هوودای دایک هەبوو، لە کۆتاهیشدا تەنەها هوودای دایک دەمێنێ. هۆ خەڵکینە! مێشکتان بکەنەوە، ئەم زانستە ڕاستیەقین و بێ خەوشە، هەلی باوەڕی تێروتۆختان دەداتێ، چیدی خۆتان خەسار مەکەن، وەرن با ڕووناک ببنەوە، ئەوجۆرەی لە دەوری ئاگردانێ خڕدەبوونەوە، لە دەوری پەڕاوی نامووس جەم بن. ئەوی بە هێز و هەستەوە بەرنامووس بکەوێ، بەر ژینی نوێ کەوتووە، پاشی ئەوە کەسێکی زیندووی ڕسک و ڕەسەنە، هیدی ناتوانێ کەسی پێشوو بێ، کاتێک ئاوڕدەداتەوە دەبینێ وا داتەپیوێک لە پشتەوە بە جهێ ماوە و، زیندووهێک جهێی گرتۆتەوە.

**سەرقەدی نامووس**

توێژی 01

ناسینی هوودای دایک، بنەڕەتی هەموو ناسینەکانی دیکە پێک دهێنێ. تەقەلای ناسینی تەن، تەنەها لە میانی ناسینی تین هاکامی دروست بە دەستەوە دەدات. هوودای دایک لە خوودێتیدا بێسنوورە، پۆڵین نابێ و بەرنیگا ناهێ، نیگاکردن گرێدراوی سنوورە. دایکی گەردوون لە بێسنووریدا ناوەوە و دەرەوەی هێکێکە، بە جۆرێک هەموو پێکهاتەی گەردوون لە ناو خوودێتی هوودای دایک بەرجەسدەن. بەشەر و هامی زیندەوەرانی خوولکاو دارای دوو دیون، هەم ناوەوە و هەم دەرەوە، ئەمەش پەیوەندی بە لەشداریەوە هەیە. هەردوو دیوی بەشەرێت بە هۆی درەوشانەوەی خوودێتی هوودای دایک ڕووناک دەبنەوە. لە دیوی دەرێ، تیشکەکان مایەی ڕۆشناهین، تیشکەکان تینن، تین خوودێتی هوودایە. لە ناوەوەش مهیر لە درەوشانەوەدا ناخ ڕووناک دەکاتەوە. مهیر ناوێکی دیکەی تینە و، تینیش خوودێتی هوودایە. هوودای دایک بە تایبەتمەند وهایە، بیناسن، یان نەیناسن، دیوی دەرەوەتان ڕۆشن دەکاتەوە،

بەڵام ڕۆشنبوونەوەی دیوی ناوەوەتان لێکەوتەی ناسینێتی، ئەگەر نەیناسن ناتوانن لەو تاریکیەی وا تیایدا نووقمن خۆتان قووتار بکەن. ڕێسا ئەوهایە، ئەوی لە ناوەوەڕا ڕۆشناهی هوودای نەگاتێ، بە نەداری دەمێنێتەوە و هەلی ژینێکی ڕووناکی نابێ، دارا کەسێکە دەروونێکی ڕۆشنی هەبێ و، لە ناوەوەیدا هەست بە درەوشانەوەی هەقیقەت بکات، لە بەرامبەردا هەموو کەسێکی دەروون تاریک هەژار و نەدارن. لەم بازنەیەدا کێ پتر ڕۆشنبووبێتەوە، ئەو کەسە زەنگینترە، کێش لە ڕۆشناکان پتر ڕووناکی بە هەژاران ببەخشێ، زیادتر خێری دەگاتێ. ساماندارانی لە پلەی هەرەنزمی هەژارانن، بە هەندازێک چوونەتە بنی هۆفێتیەوە، بە تەواوی لە تاریکیدا نووقمن. ئەگەر دەست لە کەڵەکەکردنی سەرمایە و هێڵی هۆفێتی هەڵنەگرن، ئەو تاریکیەی لەم سووڕەی زیندەگیدا درێژ دەبێتەوە لە بۆ دوو سووڕەکەی دی و، لە دۆخی دۆڵزاخ خۆیان دەبیننەوە.

## توێژی 02

ناوەندێتی لە بەشەر و سەرجەمی زیندەوەراندا، دڵە. دڵ دایکە، هێکەم ئەندامی لەشە لە خوولقان و شێوەگرتندا، بە سەرچاوە لە دڵ، بەشە جووداکانی لەش پێک دهێن. ئەو دەمەی دڵ بە ترپە دەکەوێ، هێشتا هیچ ئەندامێک بە زیندەگی نەهاتوون، تەنانەت خوونبەر و خوونهێنەرەکان لە سەرەتای شێوەگرتندان. خەڵکانێک بە هەڵە هیزر دەکەن و، دەماخ بە ناوەندێتی لەش دەناسن، لە کاتێکدا دەماخ وەکوو هەرئەندامێکی دی، بە سەرچاوە لە دڵ بە ژین دێ. دڵ لە ناو لەشدا، هەروەکوو خۆرهەتاو وهایە لە هاسمانێ، بە تەواوی خۆبەڕێوەبەر و سەروەرە، نە فەرمان وەردەگرێ و نە فەرمان دەسەپێنێ، دایکێتی دەکات و، زیندوویێتی بە هەمووان دەبەخشێ. دەماخ منداڵی دڵە، لە دایکیەوە ڕێنوێنی لە بۆ دەچێ و، بەشێکی زانیاریەکانی لە دڵەوە پێی دەگەن. دڵ لە ڕێی شەپۆڵەوە زانیاری پێدا دێ، شەپۆڵ دەنێرێ و ئەو شەپۆلانەن لە دوورترین مەوداوە، زانیاری لە بۆ دهێننەوە، پاشانەکانێ لە سەر بناخی زانیاریە شەپۆڵیەکان، دڵ هەبەری مێشک دەدات و ڕێنوێنی دەداتێ. هاودەم دەماخ لە ڕێی خۆیەوە بە کەناڵەکانی بینین، بیستن، تامکردن، بۆنکردن، بەرکەوتن، زانیاری وەردەگرێ. ئەمانە هەستە ناسدراوەکانن، ئەم هەستانە هەتا سنوورێک بڕ دەکەن و، دەوری دیوی دەرەوەی ئەوانی دیکە دەدەن، وەلێ شەپۆڵەکانی لە دڵ دەردەچن، هەم بێسنوورن، هەم دەچنە دیوی ناوەوەی ئەوانیدی، لەبەرهەندێ ئەوی دڵ دەیڵێ، هەمیشە ڕاستە، لەگەڵ ئەوەش دڵ فەرمان ناکات بە سەر دەماخدا، بەڵکوو ڕێنوێنی و زانیاریەکانی دەداتێ و لێی دەگەڕێ. دەماخ سەرپشکە لەوەی گرێدراو بە ڕێنوێنی دڵ، یان بنەما لە سەر

زانیاریەکانی خۆی بڕیاربدات. دۆخی ناسدراو بە دوو دڵی، ئەو دۆخەیە، بەشەر لە نێوان ڕێنوێنی دڵ و ڕێنوێنی دەماخدا گیردەخوات. ئەمە دۆخێکە پتر نێرەکان تێی دەکەون. دڵی مێ، بە تایبەت دڵی دایکان شەپۆڵەکانی گەلێک بە هێزترن لە شەپۆڵی دڵی نێران، ئەو زانیاریانەی لە ڕێی دڵی دایکانەوە لە بۆ خوود دهێندرێن، بە هێزن و دەتوانن مووخ بخەنە ژێر کاریگەری خۆیانەوە، لەبەرئەوەیە دۆخی دوو دڵی لە مێدا بە کەمی ڕوودەدات. زهینی مێ لە ئاستی گشتەدا، پتر بە ڕێنوێنی دڵ گرێدراوە، بەڵام لە خوودێتی نێردا، دڵ شەپۆڵەکانی لاوازن، ئەمەش وها دەکات ڕێنوێنیەکانیشی لاوازبن، بۆیە دەماخی نێر بە کەمی گوێ لە دڵ دەگرێ. دەماخ هەمیشە زیاد لە هێک بژاردەی تێدەترنجێ، کارکردەی بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندن، تایبەتمەندی دەماخن لە بۆ هێکلابوونەوە لە نێوان بژاردەکاندا. بە پێچەوانەی دەماخ، دڵ زانیاریەکانی خۆی بە ڕاستیەقین دەناسێ و بیریان لێ ناکاتەوە. دڵ هەڵە ناکات، باش وەکوو باش و، خراپ وەکوو خراپ بە زهین دەگەهێنێ، پاشانەکە بەرپرسیارێتی پەسەندکردنی باشە و ڕەتکردنەوەی خراپە لە سەر زهین دەکەوێ. زهینی مێ زۆربەی کات ڕاستیەقینەکانی دڵ پەسەند دەکات، بەمەش بەشێک لە خەسڵەتەکانی مهیر لە خوودێتی مێدا چەسپاون، لە کاتێکدا ئەو خەسڵەتانە لە نێردا، بە هۆی گوێنەدان بە دڵی خۆیانەوە، چەسپاونین. گوێگرتنی مێ لە دڵی خۆی، هاوسەنگی لە ناوهاخنیدا وەبار هێناوە، ئەم هاوسەنگی و گوێگرتنە لە دڵ، وها دەکات مێ چەند هێندەی نێر دارای دڵخۆشی بێ و، ڕووی خەندە هامێزی لێ دەربکەوێ. دڵتەنگی و خەمگینی لە نێردا، هی گوێ نەگرتنێتی لە دڵی خۆی، بەبێ ئەوەی پێی بزانێ. ئەو کەسانەی دڵ تەنەها بە ترومپای خوون دەبینن، بە چاو بیریان لە دڵ کردووەتەوە، لە کاتێکدا ڕاستیەقین بە چاو نابیندرێ، چاو بەس ڕەنگ نیگا دەکات و، ناتوانێ بچێتە بازنەی بێ ڕەنگەکانەوە. شەپۆڵەکان بەبێ ڕەنگ، بەبێ دەنگ، بەبێ بۆن، بەبێ تام و، بەبێ ئەوەی لە بەرکەوتنی جەسدەدا بەرهەست بهێن، جەم وجۆل دەکەن. هەستە ناسدراوەکان ناتوانن بە تەواوی دەربازی بازنەی ڕاستیەقین بن، پەی بردن بە هەقیقەت و گهیشتن بە یەقین، لە ڕێی شەپۆڵەکانی دڵ و قووڵبوونەوەی زانین بەرهەست دێ.

## توێژی 03

بنەما لە سەر نامووس (زهینێتی هوودای دایک)، هەموو خوولکاوێک لەم گەردوونەدا لەشدارە، هەموو لەشدارێک لە ئاستی گشتەی لەش، یان لە پێکهاتەی لەشەکەدا خوولانەوەی هەیە، لە خوولانەوەدا لەرزین دروست دەبێ و، لەرزین و خوولانەوەش شەپۆڵ دروست دەکەن. ئەمە ڕێسای چەسپاو و نەگۆڕە، ڕێساهێکە گشتەگیرە و هەموو

خوولکاوێک دەگرێتەوە، نە دەستکاری دەکردرێ، نە کەس دەتوانێ خۆی لە ژێر باریدا دەربهێنێ. هامی زیندەوەران بە دار و بەردەوە، بە هەموو ئەو کانزا و تەنانەی لە خاک دەرهێندراون، شەپۆڵدارن. شەپۆڵەکان لێکەوتەی بەشە تینی خوولکاوەکانن. گەردوون پڕاوپڕە لە شەپۆڵی جیدا، بەشەریش وەکوو هەرزیندەوەرێکی گەردوونی، شەپۆڵدارە. ئەو هووردە زیندەوەرانەی لە باندێتیدا لەشی بەشەریان پێک هێناوە، خوول دەخۆن و دەلەرزن، لەو خوولان و لەرزینەوە شەپۆڵەکان پەیدا دەبن. هەم دڵ و هەم دەماخ، گشتەی پێکهاتەی لەشیش بە هێکەوە، شەپۆڵ لە بۆ ناوەوە و دەرەوە دەنێرن، لە ناوەوە و دەرەوەش شەپۆڵ وەردەگرن. دڵ شەپۆڵ لە بۆ مێشک دەنێرێ، مێشک لە بۆ بەشەکانی لەش و، لەشیش بە گشتە شەپۆڵ لە بۆ دەرەوەی خۆی دەنێرێ، لە دەرەوەش شەپۆڵی لە بۆ دێ. ئەمە بێجگە لەو شەپۆلانەی لە جۆرێتی تەنەکانی لەش خۆیاندا دەردەچن. شەپۆڵەکان جوودایەزن، بە پێی جوودایەزی ئەو تەنانەی شەپۆڵ دەنێرن. لە ناو پێکهاتەی بەشەردا، ئەو شەپۆلانەی لە ترپەکانی دڵ دروست دەبن و، ئەو شەپۆلانەی دەماخ دروستیان دەکات، هەرهێکەیان تایبەتمەندن، تەنانەت لە ناو دەماخیشدا شەپۆڵەکانی خەیاڵ، باوەڕ، بیر و هەستەکان، بەهاکان و وشەکان هەرهێکەیان لە چەندێتی و جۆرێتیدا دەگۆڕێن، بێجگە لەوەی لە دابەشبوونی سێهانەی ڕەگەزی و خوودی و ئاستبەندیدا قاڵب دەگرن. شەپۆڵ بەرز و مامناوەند و نزمی هەیە، شەپۆڵە بەرزەکان بە سەرچاوە لە مهیریبوونەوە دهێن و مایەی خێرن، شەپۆڵە نزمەکان هۆفین و مایەی شەڕن، شەپۆڵە مامناوەندەکان ناوەندی خێر و شەڕ دەگرن. بەرزبوون و خێرابوونی ڕادەبەدەری شەپۆڵ، هەروەکوو نەویبوون و نزمبوونەوەی ڕادەبەدەری شەپۆڵ، زەرەر و زیانی گەورەی هەیە، شەپۆڵی بەرزی بەربەخێر و خۆشی ئەو شەپۆلانەن، کە لە ڕادەی بەرزێتیدا هەنداز تێناپەڕێنن. بە شەپۆڵەکاندا بیزانن، هەموو هێکێک لە نێوان خێر و شەڕ و، نەشەڕ و نەخێردا هەڵبژاردنی دراوەتێ، لەبەرهەندێ بەرپرسیارێتی هەرکەس بە کۆڵی خۆێتی. زهینی بدەنێ و لێی تێبگەن، ئەگەر گراناهی سەرنج بخەنە سەر هەرشتێک، چ بەچاک و چ بە خراپ، بەم کارەتان ڕێ خۆش دەکەن ئەو شتانە ڕووبەڕووتان ببنەوە. شەپۆڵی باری سەرنج و بیرکردنەوەکانتان ئەو شتانە بەرەو خۆتان دهێنن، یان دووریان دەخەنەوە. کاتێک زهین و بیر و باوەڕتان بە چاک دەگەڕێن، دەرووی خێرتان بە ڕوودا دەکردرێتەوە، خۆ ئەگەریش بە خراپ لە گەڕدابن، خراپتان بە سەردا دێ. لە کووردهەواریدا گووتدراوە:" خێر بڵێ، هەتا خێر بهێتە ڕێ." قەتوقەت نەکەن بە شێوەی خراپ بیر لە خۆتان بکەنەوە و، خۆتان بە بەبێ بەخت و کڵۆڵ ببینن، چوونکی شەپۆڵەکانی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە ڕێتان لێ دەبەستن و، ناهێڵێن خۆشی ڕووتان تێ بکات. نەکەن بە لاواز و شکستخواردوو لە خۆتان بنوارن، چوونکە ئەم نۆڕین و، ئەم جۆرە بیر لە خۆکردنەوەیە کاولتان دەکات. هەست و هیزرینی بەد لە ڕەگەزەکانی هۆفین و،

هەمیشە مایەی شەڕ و زەرەرن. باش وهایە لە بازنەی مهیریدا بیر لە خۆتان و ئەوانیدی بکەنەوە، لەم بازنەیەدا شەپۆڵەکان بە ئاستی بڵندی ئەرێنی دەگەن، بەمەش دەگەڕێنەوە ناو بازنەی گەورەی مهیری گەردوونێ و، بە هەندازی تێر و تەواو لە هوودای مهیربان نێزیک دەبنەوە، ئەویش دروستیتان دەداتێ و، بە هۆیەوە ئەم سووڕەی زیندەگیتان بە خۆشی لێ دەگوزەرێ، لە دووی سووڕەکەی دیکەشدا هەرلە خۆشگوزەرانیدا دەبن.

## توێژی 04

هەی بەشەر! لەش نا‌ناسی و، بە خراپ هەڵسوکەتی لەگەڵدا دەکەی، بەمەش لەشت نەخۆش دەخەی. ئەگەر لەش بناسی، بێشک دەتوانی ببیتە دەکتۆری خۆت، دەتوانی هەم ڕێ لە نەخۆشبوونت بگری، هەم لە وقهتی نەخۆشکەوتندا چارەی خۆت بکەی، بەبێ ئەوەی پێویستت بە پەنابردنە بەر دەرمان هەبێ، تەنانەت دەتوانی ڕێ لە مردنی ناوقهت ببەستی. لەش تەنە و تەن لە سێ ئاست پێک دێ، لە ئاستی بنەڕەت گازیلەیە، لە ناوەند شلیلە و، لە دواهین ڕەقیلەیە. ئاستی دواهین لە تەنی لەشی بەشەردا، بە ملیاران ملیارە، ئەو ڕەقیلانەن تووشی نەخۆشی و پەک کەوتن دەبێن. شلیلە و گازیلەکان نەخۆش نابن، پاش مردنیش دەمێنن و، ساخ و پەتی تەمەن دەکەن، تەمەنێک بە ملیاران هێندەی ساڵی سەر ڕووی زەوی. نەخۆشکەوتن، تێکچوونی باری خوولکان و لەرینەوەی رەقیلەکانە لە بەشێکی لەشدا، جاریش هەیە داڕزین و لە ناوچوونیانە، ئەمەش خراپترین ئاستە لە نەخۆشیدا. پێکهاتێک کە بە خانەکانی لەش ناوی دراوەتێ، لە باندێتی هوورده زیندەوەر پێک دێ، هەرهێکە لەو هوورده زیندەوەرانە، هەم بە پێی ئەو ئاستەی لە تەن گرتووتی، هەم بە پێی قەوارە و قاڵب و، جۆری تاکێتیەکەی، خوول دەخوات و دەلەرزێ، ئەم خوولانەوەیە لە دۆخی مهیریدا هاوسەنگە و، هۆکارە لە بۆ تەن دروستی، وەلێ لە دۆخی هۆفیدا باری خوولانەوە لاسەنگ دەبێ و، دروستی لە تەن تێک دەچێ، چ هێواش بوونەوە و چ بە هەڵپەکەوتنی تەنۆچکەکان، تێکچوونی ڕەوتە، ئەمەش کەسەکە تووشی نەخۆشی و پەککەوتنی لەش، تەنانەت تووشی مەرگی پێش وقهتی دەکات.

## توێژی 05

دەماخ شەپۆڵدارە و، شەپۆڵەکانی بە سەر ناوەوەی لەش و دەرەوەی کاریگەرن. شەپۆڵەکان بە هۆی چاو و زارەوە بڵاوەی دەرێ دەبن و، چ بە خێر و چ بە شەڕ

کاریگەری لەسەر ئەوانیدی دادەنێن، لە ناوەوەش چ بە چاک و چ بە خراپ، کار لە تەواوی پێکهاتەی لەش دەکەن. ئەو هووردە زیندەوەرانەی دەماخی ناو سەر پێک دهێنن، لە جۆرێتیانەوە شەپۆڵەکانیان گەلێک لە ئەوانیدی بە هێزترن، لەبەرهەندێ دەتوانن لە باری خێردا ئەوانیدی زیندوو بکەنەوە، لە باری شەڕیشدا لە ناویان ببەن. خەیاڵ، بیر و باوەڕ و هەستەکان، هەرهێکەیان بە پێی جۆرێتی، دارای لەرە و شەپۆڵی خۆیانن، لەرەلەری هەستەکان بە هەردوو باری باشی و خراپیدا، لێکەوتەی سەرسوڕهێنەریان هەیە، بە جۆرێک دەتوانن دەستبەجهێ لەشێکی کەنفت سەرپێ بخەنەوە، یان لەشێکی ساخ لە پەلوپۆ بخەن، تەنانەت دەتوانن مردنی ناوقهت بە هاردی دابهێنن. بە هام بیروباوەڕ و هیزر و هەستەکان سێ ڕەوتن، ڕەوتی مهیری، ڕەوتی مهیرهۆفی و ڕەوتی هۆفی. هەرسێ ڕەوتەکە گوزارشتن لە خوودێتی کیژ و دایک و کووڕ، ڕەگەزێتی مێ و نێرەمووک و نێر، هەرهێکەشیان دوو لێکەوتەیان هەیە، لێکەوتنێک بە ناوەوە و لێکەوتنێک بە دەرەوەی لەشی ئەو کەسەی هەڵگری خەیاڵ و بیر و هەستەکەیە. لێکەوتە دەرکیهەکە دوو جۆرە، جۆرێکی لە ڕەوتاری کەسەکە بەرامبەر بە ئەوانیدی ڕەنگدەداتەوە، جۆرێکیشی ئەو شەپۆلانەن بە هۆی چاو و زارەوە کار لە ئەوانیدی دەکەن، نیگا و هەناسەی کەسەکە شەپۆڵەکان دەنێرن. لێکەوتە ناوەکیهەکەش کاردەکاتە سەر هەندازەی خوولکان و لەرزینی هووردە زیندەوەرانی خانەکانی لەش. خەیاڵ و هیزر و هەستەکان لە پۆڵیندا دابەشی سەر سێ دەبن، پۆڵێک مهیری، پۆڵێک مهیرهۆفی، پۆڵێکیش هۆفی، شەپۆڵی هەرهێکە لەم پۆلانە جوودایە، لە ناو پۆڵەکان خۆشیاندا هەرجۆرە هیزر و هەستێک تایبەتمەندێتی هەیە و، شەپۆڵەکەی تایبەت بە خۆێتی. هیزر و هەستی مهیری، مایەی هاوسەنگین و، خوولانەوەی تەنۆچکەکان لە ئاستی بڵندی ئەرێنیدا دهێڵنەوە، ئەوانی مهیرهۆفین بە هەندازێک لە مهیری نێزیکن، وەلێ هیزر و هەستی هۆفی، باری هاوسەنگی لە تەنۆچکەکان تێک دەدەن، خوولانەوەیان زۆر هێواش دەکەنەوە، یان زۆر خێرا، لە هەردوو باریشدا لێکەوتەکە هەتا ئەوپەڕی زەرەر دەداتەوە. لەم بازنەیەدا چەندێک بە لای هیزر و هەستە مهیریەکانەوە بن، بەو هەندازەیە تەندروست و لەش ساخ دەبن، وەلێ هیزر و هەستە هۆفیەکان مایەی نەخۆشی و، تەنانەت هۆی مردنی پێش وەقهتەن. هەستی ترس لەو هەستە هۆفیانەیە، کە بێجگە لە نەخۆش خستن، دەلوێ کووشندە بێ و، مردن بە هاردی دابهێنێ، چوونکی ترس لەرەی لەش بە ڕادەی نێزیکبوونەوە لە هەرەئاستی خوارەوە کەم دەکاتەوە، بەم هۆیەوە شەپۆڵەکانی هۆف زاڵ دەبن. ترس لە مردن دەبێتە هۆی مردن، ئەو کەسەی نەخۆشە و ترس دایدەگرێ، نێزیکە و دوورنیهە لەوەی ترسانی لە نەخۆشیهەکە ببێتە هۆی مردنی. لە سەرانسەری جێهانێ، ترس هێکێکە لە هۆکارەکانی مردن و، هەندێک لە مەرگە پێشوقهتەکان بە دید دهێنێ. هاوکێشەکە وهالەیە ئەوانی لە مردن ناترسێن، زیادتر دەژین، ئەوی لە کووشتدران بترسێ، بە

ڕادەی پانزدە جار ئەگەری کووشتدرانی زیادترە لەو کەسەی ناترسێ. بە پێودانگ وەری بگرن، لە هەرشتێک بترسێن، لە تووشبوون بە شتەکە نێزیک دەبنەوە و، دوور نیهە بە سەرتان دابێ، ترس سەرتان لێ تێک دەدات، هەرئەمەش دەشێ تووشی بەڵاتان بکات. باش وهایە ترس لە دڵتاندا نەبێ و، خۆتان دڵنیا بکەن لەوەی هێزی هوودای دایک لە ناو سەر و لە ناو دەست و دەمارەکانتان دایە. ترس سەرچاوە لە هۆف و، نەترسان سەرچاوە لە مهیر دەگرێ، بەڵام هاقڵ و بە تەگبیربن، پاشان ئازا و چاونەترس.هەردەم بە بیری خۆتانی بخەنەوە هەستە هۆفیهەکان کارتێکەری ڕاستەوخۆن لە دەروون و لەش، خوولان و لەرەلەری تەنۆچکەکان، یان زۆر دادەبەزێنن، یان زۆر بەرز دەکەنەوە، لە هەردوو باریشدا لەش گرفتبار دەکەن، جاریش هەیە کووشندە دەبن، بە تایبەتی ئەگەر ماوەی مانەوەی ئەو هیزر و هەستە توول بکێشێ. دەردەکانی دڵ، شەکرە و شێرپەنجە و گەلێک دەردی دی، بە سەرچاوە لە هەستەکانی هۆفێتی بە لەش دەکەون. ئەمڕۆ شێرپەنجە لەو دەردانەیە نەناسیوتانە و نە دەتوانن چارەی بکەن، هاخر کە لەش نەناسن، دەرد و دەرمانیشی ناناسن. شێرپەنجە دوو جۆری هەیە، هێکێکیان بە گرێبوون و ئەویدی داڕزینە، جا قووڵ زهینی بدەنێ و، بزانن بە چ هۆکارێکەوە ئەم دەردانە بە لەش دەکەون. ئەو پێکهاتە گچکەلانەی بە "خانە"ی لەش ناسدراوە، کۆمەڵێک تەنۆچکەی هووردن و، هەموو ئەو تەنۆچکانە خوولان و لەرینی بە هەژماری خۆیان هەیە، ماوەی خوولانەوەکە ماوەی زیندەگی و تەمەنی تەنۆچکەکەیە. کاتێک بە هۆی هەستە هۆفیهەکانەوە، خوولانەوەی تەنۆچکەکان زۆر هێواش دەبنەوە و، هێواشبوونەکەش توول دەکێشێ، هەنگێ ڕێسا و ڕێکخستنی خانەکە لە ناو خۆیدا تێک دەچێ، پاشانەکە دەبێتە مایەی تێکچوونی خانەکانی دیکەش. لە خاوبوونەوەی ڕادەبەدەری خوولانەوەدا، مردنی تەنۆچکەکانی خانە درەنگ دەکەوێ، لە هەمانکاتیشدا تەنۆچکەی نوێ لە دایک دەبن، بەم هۆیەوە تەنۆچکەکان هەندازبەدەر زیاد دەکەن و تووشی جێقەتی دەبنەوە، سەرەنجام هێک بە سەر هێکدا دەکەون و، گرێی شێرپەنجە دروست دەبێ. بە تێکچوونی ڕێسا و ڕێکخستنی خانهێک، خانەکانی دەوروبەریشی تێک دەچن، بەم چەشنە لە میانی گوزەری کاتدا، گرێی شێرپەنجە گەورە دەبێ و تەشەنە دەستێنێ. جۆری دووهەم لە شێرپەنجەدا داڕزینە. بڕۆننێ، هێکیان لە ئەنجامی خاوبوونەوەی ڕادەبەدەری تەنۆچکەکان پەیدا دەبێ و، هێکیان لە ئەنجامی خێرابوونی ڕادەبەدەری خوولانەوەی تەنۆچکەکان. کاتێک خوولانەوەی تەنۆچکەکان زۆر خێرا دەبێ و، خێرابوونەکەش توولدەکێشێ، ئەو دەمە تەنۆچکەکان زوو تەمەنیان تەواو دەبێ و لە بەین دەچن، هیدی بە مردنی خێرا و ناوقهتی تەنۆچکەکان لەش دادەڕزێ، چوونکە ئەوان زوو مردوون و هووردە زیندەوەری دیکە نە خوولقاون، هەتا جهێی ئەوان بگرنەوە، بەم هۆیەوە بۆشاهی پەیدا دەبێ و، هێکێتی پێکهاتەکە هەڵدەوەشێ، پاشانەکە هێواش هێواش و بە

گوزەری کات، ڕێسا و ڕێکخستنی خانەکانی دیکەش تێک دەچێ و، داڕزینەکە بڵاودەبێتەوە. هەموو جۆرە دەردێک، بە واتای تێکچوونی هەندازەی هاوسەنگی خوولانەوەی تەنۆچکەکانی خانەیە، چارەکردنیشی هاوسەنگکردنەوەی خوولانەوەیە. پەڕاوی نامووس بە خۆڕسک هەموو دەردەکان دەرمان دەکات، ئەوی بە ناو گاتاکانی نامووسدا تێدەپەڕێ، بە ناو پرۆسەی چارەسەریدا دەگوزەرێ، ڕادەی چارەسەربوونەکە بە هەندازەی تێگەیشتن و باوەڕبوونەوە گرێدراوە، ئەوی باوەڕی بە نامووس تێروتەواوە، بێشک هەرجۆرە دەردێکی هەبێ، تێیدەپەڕێنێ. دڵ و دەماخ و لەش، چ بە چاک و چ بە خراپ، کار لە هێکدی دەکەن، وەلێ بە شێوەی جوودایەز و هەڵواسدراو بە تایبەتمەندێتی خۆیانەوە. ئەو دەمەی دەماخ ڕێنوێنی دڵ بە لاوە دەنێ و بە بنەمای ناگرێ، ئەم بەڵاداخستنە دڵ دەگووشێ و دەیهێشێنێ، کاتێکیش شەپۆڵەکانی دڵ زانیاری جوودایەز بە دەماخ دەگەێنن، سەر دەبێتە گێژەن و بە هێش دەکەوێ. دڵ هەبەر دەدات، هەواڵ و زانیاریەکانیشی هەمیشە دروستن، کاتێک هەست بە فەرهانی و دڵخۆشی، یان جێقەتی و دڵتەنگی دەکەن و، هۆکارەکەی نازانن، هی ئەوەیە شەپۆڵەکانی دڵ دۆخەکەی هێناوەتە گۆڕێ. هەبەر چ خێربێ و چ شەڕ، دڵ بە دروستی هەردووکیان دەگواسێتەوە، هەرهێکەشیان کار لە دڵ و دەماخ دەکەن، دڵ و دەماخیش کاردانەوەیان لە سەر لەش دەبێ. دڵ لە پێکهاتەی لەشدا ناوەندێتی دەکات، ئەگەر دڵ لە ترپە بکەوێ و ناوەند لە کار بوەستێ، سەرجەمی پێکهاتەکەی لەش لە کار دەکەون، لەبەرهەندێ ڕێسا وهایە هەم دەماخ و هەم لەش، بە جۆرێک ڕەوت بگرن، سەلامەتی دڵ زامن بکەن، چوونکی چ تاقیان بەبێ دڵ هیچ نین و، ناتوانن دەوام بە خۆیان بدەن. لە پێکهاتەی گشتەدا دەماخ ڕێبەرێتی دراوەتێ، بۆهێ بەرپرسیارە لەوەی سەلامەتی دڵ و سەلامەتی سەر و، سەلامەتی لەش دابین بکات، ئەمەش بەوە دەستەبەر دەبێ، سەر بە مهیر گرێ بدرێ و، نەهێڵدرێ هیزر و هەستی هۆفی تێبترنجێ. کارتێکردنی لەش لە هیزر و هەستەکان، لە دڵ و دەماخ، هەلومەرجێکی دیکەی کارلێککردنە لە ناو پێکهاتەی لەش، ئەگەر دەماخ لە دابینکردنی سەلامەتی لەش سەرکەوتوو نەبێ، بە زەرەر بە سەر خۆیدا دەکەوێتەوە، چوونکە دۆخی لەش هەرچ لۆنێک بێ، هێکسەرە کار لە دڵ و دەماخ دەکات و، بەو لۆنە ڕەوت دەداتە هەستەکان، هەستەکانیش بە توونڍی کار لە دڵ دەکەن، لەبەرهەندێ سەلامەتی دڵ و دەماخ و لەش بە هێکدیەوە پەیوەستن، زەمینەی ئەو سەلامەتیەش لە ناو سەردا چەسپاندنی هیزر و هەستی مهیرە، دەبێ لە دەرەوەش مهیر شێوە بە زیندەگی بدات. مهیربوون لە ناوەوەی بەشەر و، مهیریبوون لە دەرەوە، بە هێکەوە هاوسەنگی دروست دەکەن، بەبێ بەرپاکردنی هەلومەرجی مهیری لە دەرەوە، مهیریبوونی ناوەوە بە تەنەها ناتوانێ سەلامەتی زامن بکات، لەبەرئەوە دەبێ مهیریبوون لە تاکیانە دەربچێ و گشتەگیربوونی مهیری بە کۆمەڵ دابێ، هەلومەرجەکە بە پێی مهیر شێوەی پێ بدرێتەوە.

هیزر و هەستە مهیریەکان، باشیهەکانی دەرەوە لە بۆ لەش دهێنن، هیزر و هەستە هۆفیەکان خراپیهەکان ڕادەکێشن. دەماخ شەپۆڵ دەنێرێ و شەپۆڵ وەردەگرێتەوە، ئەو شەپۆلانەن بە تووند و تۆخی کار لە پێکهاتەکان دەکەن. هیزر و هەست گۆڕان بە سەر لەرەلەر و خوولانی تەنۆچکەکان دادهێنن، بەمەش دۆخی شەپۆڵەکان دەگۆڕێ. لە هیزر و هەستی هۆفیدا، ئەو دەمەی خوولان و لەرینەوەی تەنۆچکەکان لە هەژمارەی خۆیان دادەبەزن، لەش لە ناوەوەڕا هەلومەرجی نەخۆشکەوتنی تیێدا دەسازێ، هاودەم ڕێ واڵا دەبێ هۆکارەکانی نەخۆشبوون لە دەرەوەڕا دەربازی ناوەوەی لەش بن. هووردۆکەکان(بەکتریا و فایرۆس) دارای شەپۆڵی پلە نزمن، وقتهێک نزمبوونەوە لە شەپۆڵەکانی لەش ڕوودەدات، بەرەو ئەو لەشە دەڕۆن، دەچنە ناوی و ئەو بەشەی لەش ناچالاک دەکەن، ئەو بەشەش بە سەر هەموو پێکهاتەی لەش لێکەوتەی دەبێ. هەستێرەکان بە پێچەوانەی هووردۆکەکان، دارای شەپۆڵی پلە بەرزن، ئەو دەمەی بەرزبوونەوەی ڕادەبەدەر لە شەپۆڵەکانی لەش ڕوودەدا، بەم هۆیەوە شەپۆڵی هەستێرەکان بە خراپ لە سەر لەشی بەشەر کاریگەری دادەنێن. لە هەردووباردا کاتێک ئاستی شەپۆڵەکان لە هێکدی نزیک دەبنەوە، نزیکێتی لە نێوان سەرچاوەی شەپۆڵەکان دروست دەبێ و هێکدی ڕادەکێشن، لە باری پێچەوانەش لە هێکدی دوور دەکەونەوە، لەبەرهەندێ بەشەر تەنەها لە هاوسەنگبووندا، دەتوانێ بە سەر شەپۆڵە زەرەرمەندەکانی دەرەوەدا زاڵ بێ. خوولانەوەکان شەپۆڵەکان دروست دەکەن، شەپۆڵەکان خێر و شەڕ دهێنن، بەشەر نە هەست بە ناردن و نە بە هاتنی شەپۆڵەکان ناکات، چ بیهەوێ، چ نەیهەوێ ئەو شەپۆلانە ڕەوت دەگرن، بەڵام شتێک کە لە دەستی خۆێتی ئەوەیە، دەتوانێ ڕوو لە خێر بێ و شەڕ لە خۆی دوور بخاتەوە، ناමووس ئەو توانا و بەرزە زانینەی دەداتێ. ئەوی لە بیروباوەڕانی پێشوودا بە "جنۆکە" ناوی دراوەتێ و باسیکردراوە، لە واتاهێکدا هەر ئەو شەپۆلانەن، مهیریەکان جنۆکەی خێرن، هۆفیەکان جنۆکەی شەڕن. شەپۆڵی تەنەکانی دەرەوە بە گەلێک شێوە کار لە لەش دەکەن، بە نموونە سەرمای زێیدە هەنداز دەتوانێ هەمان کاری بە زەڕ بکات، کە هەستی هۆفی دەیکات، لەبەرئەوەی ئەو سەرمایە لە ڕادەی خوولان و لەرینی هووردە تەنەکان کەم دەکاتەوە، ئەمەش وها دەکات هووردۆکەکان بڕۆنە ناو ئەو بەشەی لەش و، ماوەی چەند ڕۆژ بەشەکە لە چالاکی بخەن. لە دۆخی توولکێشانی سەرمای هەندازبەدەردا، ئەگەری ڕەق هەڵاتن و مردنی پێشوقهت دهێتە پێشێ، چوونکی لە توولکێشاندا تەنۆچکەکان لە خوولان دەوەستن. لەمڕۆوە ناමووس شیفایە و دەرد و بەڵا ناهێڵێ، ناමووس بە دروستی ڕەوت بە بیروباوەڕتان دەدات، لەم دروستیەوە دەروونی دروست بە جهێ دەبێ، ئەوەش بە شێوەی گشتی تەندروستی بە دوو دادێ.

هەموو هێکێک هەڵبژاردنی دراوەتێ، چ بەلای مهیر(خێر)دا بکەوێ، چ بەلای هۆف(شەڕ)دا، یان ناوەندی خێر و شەڕ(مهیرهۆف) بگرێ. ڕێی دروست و ڕاستیەقین ڕێی هوودایە، ڕێی هووداش ڕێی مهیرە. هیزر و هەستەکان بە پێی جۆرێتیانەوە دەرهاوێشتەیان هەیە، نێزیکبوونەوە، یان دوورکەوتنەوە لە هوودای مهیربان بە هۆی هیزر و هەستەکانەوە دروست دەبن، لەبەرهەندێ ناسین و لە هێکدی جووداکردنەوەی جۆرێتی هیز ر هەستەکان دەبێتە پێویستی، بەشکوو خۆتان لەوانی هۆفی خاڵی بکەنەوە و، جهێ بە وانی مهیری بدەن. ئاشتی و هێمناتی، دۆستاتی بەبێ نیاز، خۆشەویستی بەبێ خاوەندارێتی، بەخشین بەبێ چاوەڕوانی، چاکە بەبێ وەرگرتنەوە، لێبوردەگی، خۆشی، ڕاستگۆهی، سەروەری و سەرفیرازی، بڕوابەخۆبوون، چاوتێری، نیانی، دەمارخاوی، خاکێتی، سوپاسگوزاری، دڵارامی، هەموو ئەمانە نموونەگەلی هەستانی مهیرین. هەرهەست و هیزرێک بەرەواژ بە وانی مهیری بکەونەوە، لە ڕەگەزی هۆفین، لەوانە ترس، شەرمینی، شەرمەزاری، تاوان، تۆڵەستێنی، تووڕەهی، گرژی، خەمگینی، دڵەڕاوکێ، چاوچنۆکی، بەخیلی، ڕق، دەم بە سکاڵا و خۆنزمبینی، خۆبەزلزانی، گڕناگەلێدان، تامەزرۆهی، خۆسەپێنی، ئەمانەش سەرجەمیان دەکەونە هێڵی هۆفێتی و، زەرەری قەبە و قووڵیان بە سەر هەڵگری هەستەکە و، بە سەر کەسانی دیکەشەوە هەیە. هاوکات لە بەینی مهیری و هۆفیدا، هەندێک هیز و هەست هەن مهیرهۆفین، وەکوو ئازایەتی، بێلایەنی، وەڵامدانەوەی چاکە بە چاکە و خراپە بە خراپە، ئەمانە هیزر و هەستانێکن ناوەند دەگرن و، دەوری پەڕژین دەگێڕن. ئەو دەمەی ڕەوتی مهیری دەیهەوێ هۆفی لە خۆی پاس بکات، لە ناچاریدا دەڕواتە سەر پەڕژینەکە، لەوێندەرێ ئازایەتی نیشاندەدات و سەرکێشی دەکات، وقتهیش هەیە هۆفی لە سەر پەڕژینەکەیە و، دەیهەوێ مڕخێش مڕخێش بوەستێنێ. بەشەر بە مهیری لە دایک دەبێ و پێ دەگرێ، پاشانەکانێ بە هۆی دەوروبەریەوە، هۆفێتی لە ناویدا نشهوونما دەکات. لە ڕەوتگرتنی چلۆنێتی هەستەکاندا، جۆرێتی بیروباوەڕ و دوونیابینی بە پێشین دێ، لە سەر ئەم بنەمایە بەشەر لە سەرێتی نەسرەوتانە تێبکۆشێ هاستی مهیریبوونی خۆی بباتە سەرێ. پەرەستەندنی مهیر لە بەشەردا، مایەی زیادبوون و هاوسەنگبوونی لەرەلەرە تیایدا، نەهێشتنی دەرد و درێژکردنی تەمەن و، مانەوە بە قەنج و قشتی لەم هاوسەنگیەوە سەرچاوە دەگرن. پێڕستکردنی گچکە و گەورە بە بیروباوەڕی مهیر، دەبێتە مایەی خێرات و، زامنی خۆشگوزەرانی دەکات. خەڵکینە لە سەر هەست بن، چ خۆبەخۆ هۆفێتی لە خۆتاندا بچێنن، چ کەسانی دی لە سەرتاندا بیڕوێنن، زەرەرمەندی گەورەن، چوونکوو ئاسوودەگیتان لەم سووڕەی زەیندەگی و، لە هەردوو سووڕەکەی دیکەش، بە مهیر

گرێدراوە، ئەوی هۆفی بێ، ئەوە خۆێتی کە خۆی لە دۆخی دۆلزاخ دەهاخنێ. هاقڵ بن و، ڕوو بە مهیر وەرنە پێشێ، بە مهیریبوون دەگەنە ئاسوودەگی، پاشانەکەش لە دۆخی بهێشتێ خۆتان دەبیننەوە.

## توێژی 08

هیزر و هەستەکان بە تەنەها نین، هەموو ئەو شتانەی بە چاو و گوێ، بە لووت و دەم، یان بە هەربەشێکی دیکەی لەشدا دهێنە ناوتانەوە، لە ساخی و ناساخلەمی دڵ و دەماخ و، پێکهاتەکانی لەش دەور دەگێڕن. دەورگێڕانەکە لەوێدا زیاد دەبێ، کە هاوردەکانی لەش تەن نین و، لێکەوتەی تەنن، وەکوو ئەو دیمەنانەی دەچن بە چاودا و، ئەو دەنگانەی دەچن بە گوێ و، ئەو بۆنانەی دەچن بە لووت و، ئەو هەناسەیەی هەڵیدەکێشن. هاوکات ئەو شەپۆلانەی لە تەنەکانی دەوروبەر دەردەچن و بەر لەش دەکەون، ئەوانیش کاریگەری لە سەر لەش دادەنێن، لە لەشیشەوە کاریگەری لە بۆ دڵ و دەماخ دەگوێستدرێنەوە. لە ئاستی گشتەدا، بە چ هەندازێک لە سرووشت نێزیک بن، بەو هەندازەیە شەپۆڵەکان مهیرین و بە سوودی ئێوەن، چ هەندێکیش لە سرووشت دووربن، شەپۆڵەکان هۆفین و بە زەڕن. کاتێک لە ناو جەنجاڵیێک بە ناوی شار بە گیرهاتوون، ئاسۆی بینین سنووردارە، نیگاکان قەتیسن و، ناتوانن مەودای ڕۆینی پێویست ببڕن، بە تایبەتی ئەو دەمانەی بە تەنەکانی قیر، کۆنکرێت، هاسن، فافۆن، پلاستیک و لاستیک دەور دراون، لە ڕاستیدا نەیار گەمارۆی داون و، لە هەموولاوە پەلاماردەدرێن، بەبێ ئەوەی پێی بزانن. دەنگە ناسرووشتیهەکان، ئەو دانگانانەی لە ماتۆڕە جووداجۆرەکانەوە دەردەچن و، لێکەوتەی کانزاکانی لە خاک دەرهێندراون، ئەو بۆنانەی لە سووتاندنی نەوت و کانزاکان و تەنی لە خاک دەرهێندراو دروست دەبن، دیمەنە ناسرووشتیهەکان، دیمەنی قەبەی هاسن و قیر و کۆنکرێت، دیمەنی کووشتن و لێدان و زۆرداری، هاوکات ڕووناکیهە دەستکردەکان(ئەلیتریکیەکان)یش، هەمووی دژمن بە بەشەر و زیندەوەرانی دیکەی خاکڕەچەڵەکن، هەرهێکەیان بە جۆرێک و بە هەندازێک، لە تینی دڵ و دەماخ و، لە تینی پێکهاتەی لەش کەم دەکەنەوە، سەرەنجام هاوسەنگی لە پێکهاتەکان تێک دەدەن. هەموو هێکێک لەم تەنانە شەپۆڵدارن و، بە خراپی شوێنەوار دادەنێن، ئەو شەپۆلانە بەر پێکهاتەی لەش دەکەون و، بە هێواشی کاولی دەکەن. جلوجۆڕ و پێخەف و بەڕەش، ئەو وقهتەی پەمۆ و خۆری و مووی سرووشتی نین، بەڵکوو لە ڕەگەزە نایلۆنیەکان سازیان کردوون، بە توندی دژاتی لەش دەکەن. لە ڕاستیدا بەشەر خۆی خستۆتە مەیدانێکەوە لە چوارلاوە دەوری بە دژمن گیراوە، لە ناو خوودی خۆیشی دژمن بە خۆێتی. ئاواز و سترانی

خەمگینی، گریان و مانەوە لە کۆڕی واوەیلا، کەڕەنای جەنگ و هەناسەی گرژ، هاڕەی ئامێر و هوڕهوڕەکان، تەقە و شرقەی هاسن و، زرمە و زرینگەی کانزاکانی دی، تەپەی ئەو دەف و دەهۆڵە ئەلتریکیانەی پلەی دەنگەکەیان بەرزکردوونەتەوە، هەموو وەکوو لەشکری هۆفێتین و، لە کەناڵی گوێوە پەلاماری سەر و دڵ دەدەن و، کاس و کاولی دەکەن. هۆ خەڵکینە! لەو وێرانەیە وەرنە دەرێ و، ڕێی ڕاستیەقین هەڵبژێرن، هەڕوون ماڵ ببەنەوە کێو و دەشتە شینەکان و، لەگەڵ خاک و خۆڵ ئاشت بنەوە، هەوڵیش بدەن تووخنی ئەو تەنانە نەکەون، کە لە خاک دەرهێندراون، یان زۆر بە کەمی بەرکاریان بکەن، چوونکی ئەو تەنانە شوێنیان ژێر خاکە، نەیاری سەرسەختی بەشەر و هەموو گیاندارێکی سەر ڕووی زەوین.

## توێژی 09

لەش لە ناوەوە شەپۆلی هیزر و هەستەکانی لە بۆ دەچێ، لە دەرەوەش بەرشەپۆلی تەنەکانی دەوروبەر دەکەوێ. تەن بە جوولاو و وەستاوەوە شەپۆڵدارە. خاک، ڕوەک، هەیوان و، داروبەردی بەرپێ، گشتیان شەپۆڵدارن و، شەپۆڵ بڵاو دەکەنەوە. پارچەێک سەهۆڵ لە نێزیکتانەوە دانێن، ساردی سەهۆڵەکەتان لە بۆ دێ. لە نێزیک ئاگرێکەوە هەڵکورمێن، هەم گەرمی ئاگرەکەتان لە بۆ دێ، هەم ڕووناکیهەکەی. هەموو تەنەکانی دیش ئەوها بە شێوەی شەپۆڵ دارای لێکەوتەن، لە بڕێکیان دەستبەجهێ و خێرا هەست بە لێکەوتەکە دەکەن، لە بڕێکیشیان هەستپێکردنەکە ڕوونادات و، بەبێ ئەوەی پێی بزانین شەپۆڵەکان کارتێکەرن. شەپۆڵەکان لە چاوگێکەوە دەردەچن، پاش نەمانی چاوگەکەش، تەمەنێک دەوام دەکەن. بڕۆننێ، ئاگردانی هۆدەی ماڵێ خامۆش دەبێ، پاشانیش گەرمی ئاگرەکە لە هۆدەکە دەوام دەکات، گەرمیەکە تینە و، لە میانی شەپۆڵەکانی ناو هەوای هۆدەکە ماوەتەوە. بەردەوامێتی و شوێنەواری شەپۆڵ، چ بە چاک و چ بە خراپ، لە سەر پێکهاتەی بەشەر کاریگەری دادەنێ. ئەو خەڵکانەی نیوەی تەمەن لە دەشت و کێو، نێزیک لە سرووشت گوزەراون، وقتهێتێک باروبنەی زیندەگی بەرەو جەنجاڵی دەگواستنەوە، لە وێدا بەرشەپۆلاتی دژ دەکەون، وەلێ لێکەوتەی شەپۆڵە مهیریەکانی نیوەی تەمەن دەوام دەکات، بەمەش لەش پتر بەرگە دەگرێ و، لە بەرامبەر شەپۆڵە هۆفیەکاندا بەرەنگاری دەنوێنێ. سەرنجی بدەنێ، پاڵێک بندرێ بە جۆلانەوە، جۆلانەکە دەمێک دەجوولێتەوە، پاشانەکە بە گوزەری کات هێواش دەبێتەوە و، کاریگەری پاڵپێوەنانەکە هێدی هێدی لە کەمی دەدات. ئاگرەکە دامرکاوە و گەرمیەکەی لە هۆدەکە ماوەتەوە، یان چێشتەکە خواردراوە و بۆنەکەی لە ناندینەکە بەجهێ ماوە، هێواش هێواشیش گەرمیەکە و

بۆنەکە کەم دەبنەوە. لەم نموونانە هووردبنەوە و بە باشی تێبگەن، ئەوکات ڕوونتر لە کاریگەری شەپۆڵەکان تێ دەگەن، ئەم تێگەیشتنەش کۆمەکتان دەکات بە دروستی هەڵسوکەوت لەگەڵ خۆتان و دەوروبەرتاندا بکەن.

## توێژی 10

شەپۆڵ لە تین(وزە) پەیدا دەبێ، سەرچاوەی گەورەی تین لە دوونیاهێ، خۆرهەتاوە. خاک لە خۆرهەتاوی دایکیەوە تین وەردەگرێ، زیندەوەرانی خاکڕەچەڵەک لە خاکی دایک و لە خۆرهەتاوی دایە گەورەیانەوە دەستەبەری تین دەکەن. خەڵکانێک وها بیر لە تین دەکەنەوە شێوەی بگۆڕێ. بیرکردنەوەکە هەڵەیە، تین شێوەی ناگۆڕێ، بەڵکوو جۆر و ڕەگەزی جوودایەزی تین لە لەگەڵ گۆڕانی تەندا دەردەکەون. خەڵکانێکیش تین بە سەر "هەرێنی" و "نەرێنی" پۆلێن دەکەن، پۆلێنکردنەکە لە نەزانی خۆیانەوە دێ، دەنا تینی نەرێنی لە گۆڕێ نیهە، بەڵکوو کوورتهێنانی تین لە هەنداز و هەژماری تەندا، بە نەرێنی دەکەوێتەوە. شەپۆڵەکان سێ پۆلن، پۆلێک هەرێنی(مهیری)، پۆلێک نەرێنی(هۆفی)، پۆلێکیش ناوەندگیرن (مهیرهۆفین). لە بەشەر و لە هەرزیندەوەرێکدا، وزە وەرگرتن و وزە لێ ڕۆیشتن هەیە، ئەمەش کردارێکە لە هاوسەنگیدا بە هەرێنی و، لە لاسەنگیدا بە نەرێنی دەکەوێتەوە. ئەوانی وها دەزانن سەرچاوەی سەرەکی وەرگرتنی وزە بەس نان و ئاوە، بە خراپی تێ کەوتوون. لە ڕاستیدا هیزر و هەستەکان لە بازنەی مهیریدا، وزەی پتر لە خۆراک بە لەشدا دهێنن. بە برێک نانی کەم و دڵێکی خۆشەوە برۆ بەرێدا، نەک بە نانێکی زۆر و دڵێکی تەنگ. خەفەت و دڵگرانی و، هەموو ئەو هەستانەی لە ڕەگەزی هۆفین، وزەت لێ دەبەن و وهاشت لێ دەکەن نەتوانی لە خواردنی ناو هەگبەکەشت وزەی پێویست وەربگری. لە کۆڵانێ کەسێک بە ڕووی خەندانەوە بە تەنیشتتەوە ڕاگوزار بێ، وزەی لێ وەردەگری، هەمان کەس بە ڕووی گرژەوە نیگایت تێ بگرێ، وزەت لێ دەڕوات. گوێ لە دەنگبێژێک بگری بە شادی لاواندنەوە بکات، وزە وەردەگری، هەمان دەنگبێژ بە خەمگینی بلاووێنێ، وزەت لێ دەڕوات. هەبەرێکی خۆشت بگاتێ، پڕ دەبی لە وزە، هەبەرێکی ناخۆش وزەت لێ بە تاڵ دەکات و چۆکت دەشکێنێ. توولکێشان و کوورتهێنان لە تەمەندا، بە هۆی هەندازەی تین و، جۆرێتی شەپۆڵەکانەوە ڕوودەدەن، لەبەرهەندێ هەرکەس لۆمەی لە سەر خۆێتی، کاتێک لە ناو دۆخێکن شەپۆڵەکان نەرێنین و، تین لە کەمی دەدات، بێگوومان ناساخ دەبن و زوو دەمرن. هەمووتان هەڵبژاردنتان دراوەتێ، دەتوانن لە دۆخی سرووشتیدا، دەستەبەری ساخلەمی و تەمەنی توولانی بکەن، لەبەرچ نایکەن؟.

شەپۆلە دەرەکییەکان لە چاو شەپۆلە ناوەکییەکان، کەمتر لە سەر لەش کاریگەرن، لەش هەرەزۆر لە بنباری شەپۆلی سەری خۆی دایە. بیروباوەڕ و ئەو شتانەی باو و بەربلاون لە ناو سەردا، پتر لە هەرشتێکی دی، بە بەردەوامی شەپۆل لە بۆ بەشەکانی لەش دەنێرن، بەمەش ئەو شتانەی مێشک هەمباری کردوون، دەبنە هۆکاری بنەڕەتی لە ساخی و ناساخلەمی پێکهاتەی لەشی بەشەردا. شتەکان چ باشن و چ خراپ، بە شەش ڕێ دەچنە ناو سەر و مێشکەوە. هێکەم ڕایەڵە دڵە، دڵ بە هەناردن و وەرگرتنەوەی شەپۆل لە بۆ دەرەوەی لەش، زانیاری جەوهەری خڕدەکاتەوە و دەیداتە مێشک، لە هەمان کاتدا هەرهێکە لە ڕایەڵەکانی دیتن، بیستن، بۆنکردن، تامکردن و بەرکەوتن، کە پێنج ڕێ ناسدراوەکەن، نەسرەوتانە زانیاری هەناردەی مێشک دەکەن. بێجگە لەمانەش، ئەوی لەش دەیکات و، ئەوی بە سەر لەش دادێ و بەرهەستن، چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوە، هەموو دەبنە زانیاری و، دەچنە بەشی وەرگری مێشک و تیایدا خڕدەبنەوە. لێرەدا هەرکەس مووخەیەرە بیهەوێ کێهان زانیاری بە پێویست و پەسەند بزانێ، کێهانیش ڕەد بکاتەوە، چوونکە تاوتوێ و لە بێژنگدان و پۆلێنی زانیارییەکان بە ویستی خۆێتی، پاشانەکەش هەناردنی زانیارییەکان بەرەو بەشی هەمبارکردنێ و، پلەبەندێتی زانیاری بە هەندازەی گرینگییەکەی، هەر لە تایبەتمەندێتی بەشی وەرگرن، بەڵام ئەم بەشە خۆبەخۆ هەڵسەنگاندن ناکات، بەڵکوو بە سەرچاوە لە بەشی هەمبارکردنێ هەڵدەسەنگێنێ و، ئەو زانیارییانەی پێشترێ هەمباری کردوون، دەبنەوە بە بنەمای بڕیاردان لە بارەی زانیاریە تازەکانەوە. لە هەرکەسدا ڕێسا و ڕێکخستنی جۆرێتی هەست و هەڵسوکەوتکردنێ، بە سەرچاوە لەو هەمبارەی مێشک بە شێوە هاتوون. بیروباوەڕ و هیزر و هەستەکان، نەریت و بەها و باوەکان، بە گشتی هەموو ئەو کەس و شتانەی گرینگن بە لای ئەو سەرەوە، هەرهێکەیان بە پێی پلەی گرینگییەکەی، لە بەشی هەمبارکردنێ جهێیان دراوەتێ. بەشی وەرگرتن بەبێ گەڕانەوە لە بۆ بەشی هەمبارکردنێ و پشت پێ بەستی، قەت چ کارێکی لە بەر ناڕوات، چ بڕیارێکیشی لە بۆ نادرێ. هەمباری مێشک سەرچاوەیە، بەشەر بە تەواوەتی لە میانی پێ بەندی بەم بەشەی مێشکیەوە، چوارچێوە بە زیندەگیەکەی دراوە. هێکێک لە تایبەتمەندیەکانی هەمبارەکە ئەوەیە، ڕاستەوخۆ لەلایەن خۆشیەوە هەموو ئەو شتانە هەمبار دەکات، ئەوانی بە ڕادەی زۆر بەر ڕایەڵەی هەستەکان دەکەون و چەند پات دەبنەوە، یان لە ناو مێشکدا زۆر بیریان لێ دەکردرێتەوە و، چەند پاتبوونەوە بە خۆیانەوە دەبینن. هەرشتێک چەندە پتر دووبارەی ببێتەوە و، وێنەی زیادتری لێ بچێتە هەمباری مێشکەوە، کاریگەری ئەو شتە زیاد دەکات و پایەی بڵند دەبێ، بەو هەندازەش دارا و بە دەور دەبێ لە ڕەوتی ڕۆژانەی ئەو کەسەدا. هوورد زهینی

بدەنێ، هەڵسەنگاندن و پەسەندی و ڕەد کردنەوە لە ناو هەرسەرێکدا، بە سەرچاوە لە هەمباری دەماخ ڕەوت دەگرێ، لێرەدا پەروەردە و ڕەوتپێدانی هاخلاقی منداڵان دەبێتە بەرپرسیارێتی گەورە لە ئەستۆی دایکان و، ئەو دەوروبەرەی منداڵان تیایدا گەورە دەبن. منداڵ چ لە دایکی و چ لە ئەوانیدی ببینێ و ببیستێ، ئەو شتانە دەچنە هەمباری مێشیکی و، دەقیان پێوە دەگرێ، پاشانەکەش ئەو شتانەی هەمباری کردوون، دەبنە بنەڕەتێک لە دوونیابینی ئەو منداڵە و، هێواش هێواش لەگەڵ شتەکانی ناو سەریدا، گەورە دەبێ. ئەو شتانە چەندێک زیادتر لە ناو سەردا تەمەن تووڵانی بن، هێندە کاریگەری و دەرهاوێشتەیان لە سەر شێوەگرتنی زیندەگیەکەی زیادترە. ڕاستی ئەوەیە، خێر و شەڕی هەرکەسێک دەبێتە دوو بەش، بەشێک لە بۆ دایک و لە بۆ ئەو کەسانەی پەروەردەیان کردووە، بەشێکیش لە بۆ خۆی، چوونکە هەموو هێکێک هەقڵی پێدراوە و دەسەهەڵاتی دراوەتێ، چ لە مێشکیدا هەمبار دەکات و چەندێکی لێ هەمبار دەکات، دەسەهەڵات و توانامەندی ئەوەشی پێدراوە، ئەو شتانەی پێشترێ لە مێشکیدا هەمباریان کردوون، لە سەریدا بیانکاتە دەرێ. لەم بازنەیەدا هەرکەس بگاتە فامکردنێ، هۆباڵی خێر و شەڕی لە سەر خۆێتی. خەڵکینە لە تاریکی وەرنە دەرێ و، سەرتان لەو پیسی و پۆخڵەواتانەی پێشترێ خاوێن بکەوە، وەرنە پێشێ و ڕێی مهی، ڕێی ڕووناکی و پاکی بگرنە بەرێ. ئەوەتانێ نامووس وا لە نێوان دەستەکانتاندا، هێزێکی سەرسووڕهێنەری ئەوهاتان دەداتێ، لە تەپین هەڵتان دەستێنێ. نامووس نوورێکە لە هوودای مهیربانەوە، تاریکاهی زەمەن کۆتاهی پێ دهێنێ، ئەوی دەست بە نامووسەوە بگرێ، شکی تێیدا نیهە سەرلەنوێ لە دایک دەبێتەوە. هەرهەندە مێشکتان کرۆکەکە وەربگرێ، هیدی ئەو گووفەکەی لە مێشکتان هەمبارتان کردووە، هەڵدەتەکێ و، سەرتان لە شێوەگرتنی مهیریبوون بە سەرەتا دێ. نامووس دێ و لە هۆفێتی قووتارتان دەکات، هەرکێ بە سێجار خووندنەوەی، سەری لە پۆخڵەواتەکان پاک نەبووەوە، نیشانەی ئەوەیە هۆفێتی بە قووڵی تێیدا ڕۆچووە، سەرەڕای ئەوەش دیسان هەردەتوانێ بە سەر هۆفی ناو سەریدا زاڵ بێ. هەی ئەو کەسەی بە دەستی هۆفەوە دیلی و، لە خۆت وهایە ناتوانی لێی قووتارت بێ، هەڵستە کڕنووش ببە لە بۆ هوودای مهیربان و، دووها بکە هێزی هۆف بەزاندنت بداتێ، ئەوجا وەرەوە توولبدە خووندنەوەی نامووس، لە خووندنەوەدا سەرەتا گاتاکان دەچنە بەشی وەرگرتنێ، جا کە بتهەوێ بیانبەیتە هەمبارکردنێ، دوو ڕێت لە پێشە، ڕێی هێکەم چەند پاتکردنەوەیە، جار لە دوو جار نامووس بخوونەوە و، مهیریات و هەندێک لە گوزارشتە ڕیشەیهەکان بنوسەوە، بە دەنگیش لە بەرخۆتەوە بیلێ، بەم چەشنە هەرسێ هەستی بینین و بیستن و جوولەی پەنجەکان، ئەو وشانە لە سێ شوێنی مێشکت تۆمار و چەسپاو دەکەن. ڕێی دووهەمیش بیرکردنەوەی قووڵە، بیرکردنەوە لەو گاتایانەی کرۆک دەخەنەڕوو، هەنگێ هۆف دەبەزێ و ڕووناک دەبیتەوە. ڕوو لە خێربن، خێر ڕووتان تێ دەکات.

تەمەنی بەشەر بە هۆی هۆفیبوون و شەپۆڵەکانی هۆفێتیەوە، بە ڕادەی پڕتر لە نیوە، لە کوورتی داوە، ئەو تەمەنەی هەنوکە هەتانە، گەلێک کەمترە لە تەمەنی ڕاستینەی بە شەر خۆی. سەرەڕای ئەوەش، تەمەنی قۆمەکانی بەشەری لە جهێ لەگەڵ جهێ جوودایە، هی هەندێکیان کوورتریش بۆتەوە. کوورتبوونەوەکە لە هیکڕا نەبووە، هێواش و بڕبڕ ڕوویداوە، بەبێ ئەوەی بەشەر پێی بزانێ. لە ئاستی گشتەی بەشەرێت و، لە ئاستی بەشەکیدا، لێکەوتە ماوەیەکان لە بازنەی گشتەگیردا هۆکارێکن، خراپێتی لە هەلومەرجەکانی زیندەگیکردنی تێکڕاهیش، هۆکارێکی دیکەیە. سەرنجی بدەنێ و شوێنەوارەکانی کوورتبوونەوەی تەمەن و، هۆکارە هۆفیەکانی کوورتبوونەوەکە، بە ڕاستی و ڕوونی ببینن، ئەوەتانێ ئەو خەڵکانەی تێکەڵی جەنجاڵی و ئامێر و کانزاکان نین و، لە گوندی سرووشتیدا دەژین، نێزیک بە سەدوپەنجا ساڵ تەمەن دەکەن. نموونەی تاک و تەرای ئەو گووندانە، هێشتانەکانێ لە شوێنانی دوورە دەستدا ماون. لە هەموو جێهانێش ئەو خەڵکانەی لە جەنجاڵی بە دەرن، لە چاو ئەوانیدی تەندروستترن و پڕتر دەژین. کوورتبوونەوەی تەمەن لە ئاستی تاکێتیشدا زەق بۆتەوە، زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی بە مردنی پێشوقهت دەمرن، بەبێ ئەوەی پێی بزانن. بە نموونەی لێ تێگەهیشتن، دەلوێ تەمەنی زگماک لە هێکیکدا سەد و بیست ساڵ بێ و، لە هەشتا ساڵیدا بمرێ، لە خەڵکەکەش وهایە ئەو کەسە وقهتی مردنی بووە، لە کاتێکدا مردنەکەی بە ڕادەی چل ساڵ هاتووەتە پێشێ. مردن بە ڕووداو، یان بە نەخۆشی، یان بە جۆرێتی خراپی خوارن، هەمووی مردنی پێشوقهتن. مردنی لەسەروقهت مردنێکە بە دووی پیرێتی لەش دابێ، دەنا هیچ مردنێک مردنی هووداکرد و سەروقهت نیهە. لە ئاستی گشتەی بەشەریەتدا، ژنان بە هۆی نێزیکاتیانەوە لە مهیر، پڕتر لە پیاوان تەمەن دەکەن و، درەنگتر دەمردن، چوونکە لە پێڕستی مهیردا، تەواوی هەلومەرج دەگۆڕێ و، لە گەلێک باری جوودا، ڕێ لە مردنی ناوقهت دەبەستدرێ. کوورتبوونەوەی تەمەن و، پەڕینەوەی کوورتبوونەوەکە بە شێوەی زگماکی لە بۆ منداڵ و نەوەکان، وهای کردووە زەمەن بە زەمەن بڕێک لە تەمەنی گشتەی بەشەرێت لە کوورتی بدات. کوورتبوونەوەی تەمەن لە بەشەردا، چەندان هۆکاری جوودای لە پشتەوە هەیە، ژنێک لە ژێر شەپۆڵەکانی هۆفێتی دابێ، دۆخی هێڵکەدان و هێڵکۆکەکان و منداڵدانی خراپ دەبن و، دەبنە مایەی کوورتبوونەوەی تەمەنی منداڵ. هێڵکۆکە بە جووتگرتن لەگەڵ پیاوی هۆفیدا بپییتێ، لەوکاتیشدا ئەگەری زۆرە، تەمەنی ئەو منداڵەی لە دایک دەبێ، یان نەوەکانی پاشەوی لە کوورتی بدات. نەخۆشیهەکان لە ڕێی زگ و زاینەوە دەگوێستدرێنەوە، هەندازەی تەمەنیش وهایە. ئەو دەمەی هەلومەرجی هۆفێتی تێکڕای دانیشتوانی جێهێک دادەگرێ، لەوێدا کوورتی تەمەن بە شێوەی زگماکی و زاینەوە،

زۆربەی نەوەکانی پاشتریێ دەگرێتەوە. خۆ ئەگەر نەوەکەش لە دۆخی هۆفێتیدا بگوزەرێ، هێندەی دی لە کوورتیدانی تەمەن، سەبارەت زۆرینەی خەڵکەکە، ئەگەرێکی بە هێزە. خەڵکینە! باش بیخەنە سەرتانەوە، ئەوی تەمەن کوورت دەکاتەوە و مردنی ناوقەت بە زەویدا دەهێنێ، هوودای مهیربان نیەه، بەڵکوو هەلومەرجی هۆفێتیە. ژین ناوێکی دیکەی هوودای دایکە، هوودا ژین دەبەخشێ، ژینێک لە سێ سووڕی توولکێشی پڕتر لە ملیاران ساڵ، ژینێک هەروەکوو بێ کۆتا وهایە. لە دووڕ ناممووس بمێننەوە، ڕەنگ و بۆنی زیندەگی هەڵگرن، لە دووڕ ناممووس بمێننەوە و لەزەتی لێ ببەن. های چ قشت و قەنجە ئەو کەسەی لە دووڕ ناممووس دایە، ناممووسیشی خستۆتە دووڕ دڵ و دەروون و دەماخی خۆیەوە.

## توێژی 13

لەشپارێزبن، بە دروستی هەڵسوکەوت لەگەڵ تەنی خۆتاندا بکەن، زوو بە زوو خۆتان بە دەشت و دەم ئاو و، بە خەرەند و کێواندا بیگێڕن، زیندەگیتان ببەنەوە ناو دۆخی سرووشتی، بەشکووم خۆشگوزەرانی دەستەبەر بکەن. سەرتاپای لەش بەرکەوتنی نەسرەوتانەی بە سرووشت دەوێ. بە گەڕانەوە بەرەو سرووشتیبوون، شەپۆڵەکانی ناوەوە و دەرەوەی لەش دەگۆڕێن و، هەندازەی بە لەشداهاتنی تین و لێ ڕۆیشتنی، هاوسەنگ دەبنەوە، بەمەش سەرێکی هەساوە و، دڵێکی ئارام و، لەشێکی ساخ و بێ دەردتان دەبێ. ئێستاکێ لە هەلومەرجێکی بەدگیرن، لە ناو هاسن و قیر و کۆنکرێت وەرنە دەرێ، ڕوو لە خاک و خۆڵ بن، باوەش بکەن بە سرووشتدا، هەروەکوو باوەشکردنی کۆرپە بە سینگی دایکیدا. باش بزانن، هەموو هێکێکتان ئەرکدارن و، فەرزە پێداویستیەکانی لەشتان دابین بکەن، بەرپرسیارن لەو دەنگانەی دەڕژێنە گوێتانەوە، لەو بۆنانەی دەچن بە لووتتان و، لەو نیگایانەی چاوتانی پێ تێر دەکەن. خەڵکینە، دەنگی سرووشتتان دەگاتێ، یان نا؟ خووڕەی چۆمی بهارێ، گیزەی مێشوولە و قیڕەی بۆقی گۆماوەکان لە هاوینێ، هاشە و گفەی بای پاهیزێ، لرفەی بەفری زمستانێ، سیرەی هەلۆ و قرتە و قریشکەی قەلان لە هاسمانێ، هووڵ هووڵەی هەلەشیشان، باڕینی بەرخان، جریوەی مەلیچک و چریکەی باڵندان، قووقەی کەلەشێران لە تاریک و ڕوونی بەری بەیانێ، زەڕینی کەران، هیل هیلەی هەسپان و خرمەی ناڵیان لەگەڵ گزنگی هەتاوێ، کوکوی کوکوختی لە پاش نیوڕانێ، وەڕینی سەگ و قرووسکەی تانجی و لوورەی گورگان لە نیوە شەوانێ، جیکەی چۆلەکان، ورتەی هەوێردان، گمەی کۆتران و قاسپەی کەوان لە کێوستانێ، قاڕینی مراوی لە دەو جۆگەلان، میاواندنی پشۆکە و گاڕەگاڕی مریشکان لە بن هەیوانێ، مڕەی بەران و

کووڕەی بزن و بێڵەی گیسک و باهەی مەڕان لە هەساریێ، قۆڕینی مانگا و هۆقەی کەڵان لە گاڕانێ، فیشکەی مار و جیکەی مشکان لە گەوەڕان، ویڕەی چیلکە و فیتەی شیوانێ، جیڕەی دەرکی دارین، زرینگەی قاپلەمەی مسین، نێڵە و گرفەی تەندوور و گیزەی کتری لە ناو ئاگردانێ، گرمەی دهۆڵ و تەپەی تەپڵ و تووڕەی زۆڕنا، خڕینگەی خڕخاڵ و خڕمەی بازنگی نازداران لە شاهی و دیلانێ، دەی هەست ڕادێرن، بزانن چ دەنگێکتان دەگاتێ و چتان ناگاتێ، داخۆ چەندێک لە دەنگەکانی سرووشت نێزیکن؟ هەدی بۆنی سرووشتتان دەگاتێ، یان نا؟ بۆنی خاک؟ هی گژ و گیا لە بهاران، هی تۆز و خۆڵ لە هاوینان، بۆنی پەرێز لە پاهیزان، ڕێک ئەو دەمەی هێکەم نەرمە بارانی بەردەکەوێ، بۆنی باران هەرخۆی لە زمستانێ، کاتێک بە خووڕ خۆی لە زەوی دادەکوتێ، دەی بزانن بە چ قەد و قەدەرێک لە بۆنی سرووشت نێزیکن؟ هەدی چاوتان تابلۆکانی سرووشت بڕ دەکات، یان نا؟ وای چ بێ سنوور و پڕ ڕەنگە، ئەو دەمەی زرمە لە ترۆپک دهێنی و بەری خۆت دەدەیتە دەشت و دەری بێ پەرواى بهارێ، یان شەوانی هاوین لە سەربان ڕادەکشێی و، ڕوو دەدەیتە چراخانەکەی هاسمانێ. وای لەو هەموو نەقش و نیگارە، هەرەسی بەفری شاخان، کەروێشکەکردنی دەخلۆدانی بێ پەرواز و، گووپکردنی گووڵە گەنمەکان، قەتارەبەستنی مەلان، ڕێ و ڕەوتی بێچووە مراوی بە دووی دایکیانەوە، تەراتێنی کارمامزان لە بناران، یان مێرووولە ئەو دەمانەی بە دەنکە گەنمێکەوە بەرەو مێرووستان بەڕێوەن، یان کەلەشێر وقتهتێک بە سەر مریشکان دادەفسێت، یان کەری چەمووش ئەو کاتەی دەخەزرێ و لووشکە دەهاوێ، ئێستاکێ لە خۆتانن بپرسن، بزانن لە ناو هەزار بە هەزار تابلۆی زیندووەی سرووشت، چەندێکی لێ نیگا دەکەن؟ خەڵکینە، نەک تەنەها چاو و لووت و گوێ، بەڵکوو هەنگڵ و لینگ و تەنگە و، هێک بە هێکی پێکهاتە و ئەندامانی لەشتان هەقیان بە سەرتانەوە هەیە. چەق مەبەستن، لەش پێویستێتی ببزێوێ، تەڕببێ، هەتاوی بەربکەوێ، پێویستێتی هارەق بکات و بە ئاوی فێنک بشۆردرێ، پێویستێتی هەلاکەت بکێشێ و، پاشانەکانێ بهەسێتەوە. ئەو بگرەوبەردانەی بە وەرزش ناوتان داونەتێ، هی تەماشاکردنێ نینە، هی ئەوەن خۆتان بیکەن و بجوولێن. وەرزش مەکەن، بەڵکوو باش وهایە شێوەی وەرزشکردن بدەنە زیندەگیکردنێ، بە پێ بڕۆن و سڵ لە شەکەتی مەکەنەوە، کاربکەن و بجوولێن، جوولە لە دەقتۆر چاکترە. ڕووت و قووت بنون، بهێڵن با لەش هەوای بەربکەوێ و، هەمیشەش کەلەی سەرتان بە فێنکی بمێنێتەوە. بهێڵن هەندێک کات کەم جل و ڕووت بن، ڕووتی خێرە، لە ڕووتیدا متمانە بەخۆبوون بەرز دەبێتەوە و، پلەی گەرمی لەش دادەبەزێ، لە ئەنجامدا هێمناتی لە دەماخ و دەروون و، لە گشتەی بەدەن بەرقەرار دەکات. خەوی شیرین و سەبای دڵنیشین لەو هێمناتیەی شەودا بەرهەم دێن. زووو بنون و لە تاریک و ڕوونی بەیانیدا خۆتان هەبەر بکەنەوە. لەش و مێشک و دەروون

پێویستیانە شەش هۆقە خەوی قووڵ بنون، پاشان هەڵبستنەوە و، لە ڕۆژێکی نوێدا تێ هەڵبچنەوە. زیێدە ڕەوی لە خۆشووشتندا مەکەن، چوونکی لە خۆشۆردندا سەری خانەکانی لەش هاواڵا دەبن، خۆ شووشتن بە ئاوی گەرمیش، هەمان سەرەنجامی هەیە و بە زەری خۆتان تەواو دەبێ. بە ئاوی شلەتێن و تەزی شکاو خۆتان بشۆن، بە هۆیەوە جوان و جەهێڵ دەمێننەوە. ئاو زۆر بخۆنەوە، تەنانەت ئەگەر تینووش نەبوون، چوونکی ئاو لە دەرمان باشترە. زۆرخۆر و پیسخۆرمەبن، بەس بەشی دامرکاندنەوەی برسیێتی بخۆن، زۆرخۆری دەردە و بەڵاتان بە سەردا دهێنێ، ئەوی زۆر بخوات زۆر ناژی. لە هاوینێ سەوزە و میوان بە تازەکی بخۆن، هیشکیشیان بکەنەوە لە بۆ زمستانێ. سەوزە و میوە شێوەی لە هەرئەندامێکی لەش بکات، ئەو ئەندامە پتر لە ئەوانیدی کەڵکی لێ دەگرێ. بە نموونەی لێ تێگهیشتن، هەموو ڕیشاڵەکان لە بۆ ڕیخۆڵە و کۆلۆن بە کەڵکن، گوێز و گازۆش لە سەر مێشک کەڵک بە جهێ دهێڵێن. هۆ خانمینە! ئەوی دەیخۆن، هەرئەویش بدەن لە پێست و، لە هەرناسرووشتییوونێک خۆتان بە دوور بگرن. دەرمانی جووداجۆری خۆڕازاندنەوە و ڕوو جوانکردنێ بەرکارن، وەلێ چ تاقیان سرووشتی نین، هەمووی بە تێکدانی سرووشت سازیان کردوون و، کەرستەی زۆر بە زەڕن. هەنگۆ دەتوانن خۆبەخۆ لە ماڵێ دەرمانی جوانکردنێ لە گژوگیا و میوەکان سازبکەن و، زۆریش پێی نازک و نازدارتر دەبن. لە سەرووی هەموو شتێکەوە، مهیربیوون و پابەندی بە ناموس، دەتانباتە پلەی بڵندی جوانی و شیرینی، هاخر لە پابەندبوونی دەماخ و دەروون بەم کاکڵەوە، خوولانەوەی تەنۆچکەکانی خانەکان دەگۆڕێ و، هەندازی هاوسەنگی وەردەگرێ، بەمەش شێوەی خانەکانی چاو و پێست و پێکهاتەکان قشت و قەنج دەبن.

## توێژی 14

هۆ دوو پێ، هەڵپەڕە و سەما بکە، وا هاسمانی پانوپڕ هەڵدەپەڕێ، نەرمە لمی بیابان بە دەم باوە خۆی بادەدات. بنواڕە کەمەرلەرزەی شەپۆلی زەریاکان و، شان هەڵتەکانی داربەڕووی شاخان، بنواڕە ئەو دووکەڵەی لە لوولەی ناندینی ماڵان بەرز دەبێتەوە، جهێ دەستی ژنە بە هاسمانەوە، ببینە چلۆن نەختە نەختە گەرم دەبێ، مەمکۆڵەکانی ڕادەتەکێنێ و قەنگ بادەدات. سەما و هەڵپەڕکێ بکەن، پێی تەندروست و جوان دەبن. هەستێرەکان و هووردە زیندەوەران بەبێ وچاندن خۆبادان و سەما دەکەن، خوولانەوە بە دەوری خوود و لەرزینی ئەو بوونەوەرانە، سەمایە و واتای زیندەگی دەبەخشێ. لە کۆمەڵی بەشەرێتدا، دایکان سەمایان داهێناوە، سەمای ناودێر بە ڕۆژهەڵاتی، بە تەواوی گوزارشت لە ڕەنجەکانی دایک دەکات. ئەو جەم و جۆلەی لەو جۆری

سەمایەدا بەرجەسدەن، خڕبوونەوەی بزاوتی لەشی مێینەن لە ڕۆژانی دایکێتیدا. ئەو دەمانەی ساوا خەوێندراوە، یان لە برسێتی و نەخۆشیدا گریاوە، دایک لە بۆ کڕکردنەوەی، گرتووتیە هامێزی و، بە خۆبادان گێڕاوێتی، یان بە دانیشتن لینگی وەکوو لانک لێ ڕاکێشاون، کۆرپەکەی خستۆتە سەری و هەژاندووتی. پێشتری بە منداڵەوە، پاشتری بەبێ منداڵ، هەر ئەو ژنە هەڵدەسووڕێ و خۆی بادەدات، لەرزەکەمەر دانەوێڵەی دابێژیوە، لە کردەی دابێژاندا مەمکەکانی و سمتی نەرم نەرم لەراندوونەتەوە، لە گەسکدانی ناو هۆدە و بەرهەیوانێ چەماوەتەوە، بە شێوەی چەماوە نەختە نەختە خۆی باداوە. خۆبادان و لارولەنجەی ڕێکردنیش، لێکەوتەی تایبەتمەندی لەش و، هەڵگرتنی گۆزەن بە سەر لاشانیەوە، وقتهێک لە ئاوهێنانێ، لە سەر کانی و ڕووبارێ بەرەو ماڵێ هاتۆتەوە، لەنجەولاری بە دید هێناوە، چوونکوو بە هۆی گۆزەی سەرشانیەوە بڕێک هاوسەنگیەکەی لەشی لە دەست داوە. ئەم خۆبادان و خۆڕاهەژاندنەی ڕەگەزی دایک، هوونەرێک بە سەرتا دهێنێ، پاشانەکانێ ئەو هوونەرە گەشەی پێدراوە و، بە سەما ناوی دراوەتێ. سەمای ناودێر بە خۆرهەڵاتی، لە خۆرمیانێ داهێندراوە، لە جۆرێتیدا بە تەواوی ژنانەیە و، مێهێتی بەرجەسەدە دەکات. ئەم سەمایە هێکێکە لەو داهێندراوانەی پیاوان قەت نەیانتوانی لە ژنی بدزن و بیکەن بە ناوی خۆیانەوە، هاخر تەنەها جەسدەی ژن دەرقەتی ئەو سەمایە دێ. زهینی بدەنێ، لە میانی سەماکردندا مەمکەکانی ژن وها دەلەرزن دڵ دەڕفێنن، قەت هیچ هەنارێکی جێماو بە لقەکانەوە، ناتوانێ بە دەم بای پاهیزێ ئەوهالە بلەرێتەوە. کەمەری ژن وها لوول دەخوات، قەت هیچ مارێک لە گۆپکەکردنێ لوولپێچەکەی بهای هێندە جوان نیهە، لانێکەکانی ژن هێندە دڵگیر چەپ و ڕاست دەکەن، قەت هیچ ماسی و بەتریقێک قوودرەت ناکات دیمەنێکی هێندە لەزەتبەخش بنوێنێ. هەموو ئەندامانی جەسدەی ژن لە سەمادا قسان دەکەن، شان و ملی ڕووتی، نەرمەی ڕانەکانی، پێچی لاتەنگە و پووزی لووسی، خەندەی لێو و ناو گلێنەی چاوانی، تاڵ بە تاڵ پرچەکانی، هەم قسە دەکەن و هەم گۆرانی دەڵێن، لەوکاتیدا ژنان بە زمان هیچ ناڵێن، بەڵکوو بە خەندەی لێو و تریسکەی چاوان، بە خۆبادان بە ئەوانیدی دەڵێن: ئێمەین کرۆکی زیندەگی، لە هەبوونماندا لەزەت و جوانی و خۆشی بێ پەروایە. لەم بازنەیەدا مێ بە تەواوی مهیرە، بەبێ بەرامبەر جێژ و جوانی بە هەمووان دەبەخشێ. هەڵپەڕکێ و شاهی و شان بە شانی بە کۆمەڵ، جۆرێکی دیکەی لەرەلەری زیندەگین و، لە کاری بە هێکەوەبوون و هەرەوزیدا شێوەیان هاتۆتێ، پاشانەکانێ بەبێ کاریش، وەکوو شێوازی شادی و خۆشیکردنێ دەوامی دراوەتێ. لە هامی شێوەکانیدا، سەما و هەڵپەڕکێ و لەنجەکردن لە چالاکیهەکانی لەشن، مەهێڵن لە کاری ڕۆژانەتان جیدا ببنەوە، دروست وهایە کار و ئاهەنگ تێکەڵ بە هێکدی بکەن، بەمجۆرە خێریشتان دەگاتێ. خەڵکینە**!** باوەڕ بە هوودای مهیربان بهێنن، مهیربوون شادی بە دووی خۆیدا دهێنێ.

دووها (نزا) هێزە، لە هەمان کاتدا هێز بەرهەم دهێنێ. دووهاکرد هەلی دراوەتێ لە ڕێی دووهاوە، هێزی نوێ پەیدا بکات، هێزانێک پێشترێ نەیبووبن. دووها شەپۆڵ دەخوولقێنێ، شەپۆڵەکان هێزن بەرەو جهێی مەقسەد ڕێ دەگرن. وقتهێک نەخۆشن، دووهای چاکبوونەوە بکەن، شەپۆڵەکانی ئەو دووهایە هەندازەی خوولانەوەی تەنۆچکەکانی لەش ڕێک دەخەنەوە، بەمەش نەخۆش چاک دەبێتەوە، تەنانەت دەتوانن هەر بە دووها، بەر بە مەرگی پێشوقهت بگرن. ئەو دەمانەی ڕێبوارن دووهای پارێزی بکەن، ئەو دووهایە شەپۆڵ دەدات و، بازنەی پاراستن بە دەوری لەش دروست دەکات. دووهای باوەڕهێنان بکەن، شەپۆڵەکان کار لە سەر و دڵی ئەوانیدی دەکەن و، بەرەو مهیریان دهێنن. لە بەرهەم هێناندا دووهای بەرەکەت و، لە هووشکەساڵیشدا مهیرجەم بن و دووهای بارین بکەن، دووها بە شەپۆڵەکانی، هەڵومەرجی بارینی باران دەسازهێنێ. لە گوونهەباریدا دووهای لێخۆشبوون بکەن، تۆمارەکان شەپۆڵی دووهایان دەگاتێ و، کردەی خراپی ناو تۆمار کاڵ دەبنەوە، یان بە تەواوی دەسڕدرێنەوە. دووها لە بۆ زیندووە و لە بۆ مردووشە، لە پێوەند بە مردوو، تەنەها دووهای لێخۆشبوون دەڕوات. دووها هەم مایەی خێرە، هەم مایەی شەڕە، بەڵام هەرکەس دووهای خراپ بە دڵ و دەماخ و دەمیدا بێ، خراپە دەخاتە تۆماری خۆیەوە. خەڵکینە! ڕێتان نەدراوەتێ دووهای شەڕ لە هیچ کەس بکەن، تەنانەت لەوانی کە هۆفیشن، بەڵکوو لە سەرتانە دووها بکەن خۆیان لە هۆفێتی بکێشنەوە و، ڕوو بە مهیر بێن. ئەوەش بزانن دووها لە بازنەی مهیر چاکەیە لە بۆ دووهاکار، بە دووهای شەڕیش خراپەی لە سەر دەکەوێ. دووها لە بۆ خۆتان و لە بۆ هێکدی بکەن، ئەوی دووهای خێر لە بۆ ئەوانیدی بکات، لە تۆماری خۆیدا چاکە پاشەکەوت دەکات. وشەی دووها بە واتای دووجار "ها"یە، داواکردن و خواستێکە بە قووڵی هەناسەتانەوە، چەندێک بە دڵ و گیان دووها بکەن، بەو هەندازەیە گیرابوونی دووهاکە زامن دەبێ. لە هەناسە هەڵکێشاندا "هە"، لە دانەوەی هەناسەدا "ها"دروست دەبێ، ئەم دوو"ها"یە لە هێکەمین دەنگی زبانی زگماکن، ناوکە دەنگ لە پێکهاتەیاندا سەنگینە و لە پێش دەنگ دێ، بەمەش شەپۆڵەکانی فەرە کاریگەرن، وەلێ ئەو کاریگەریهانە تەنەها کاتێک بەرجەسدە دەبن، کە بەبێ دوودڵی، دڵ و دەم و دەست بە دووهابن، باوەڕتان هەبێ بەوەی دووهاکانتان دەگەنە جهێ. دووهای دوودڵان و سەری زمان وەرناگیردرێن، بە تەواوی دڵ و تەواوی دەماخ و، بە دەمی لێوڕێژ لە "ها"، بە دەستی هاواڵا، ڕوو لە هاسمانێ بکەن و، لە هوودای مهیربان بپاڕێنەوە. بە تێروپڕی خۆتانی بدەنێ، لە دوونیا ڕاپسکێن و، بەس خۆتان و هوودای خۆتان بن، بە شێوازی دایکان، بە هاوهەناسەی قووڵەوە دووها بکەن. لە ڕاستیدا دووهای دایکان زوو وەڵام

وەردەگرێ، چوونکی ئەو شەپۆلانەی لە دڵ و دەمی دایکانەوە دەردەچن، تۆکمە و بە هێزترن. هەق وهایە لە هەموو بار و زوورفێکدا، بە گووتنی "هەی مهیرەبان، هوودای دایک" پەنا ببەنە بەری، ئەو هێزتان دەداتێ. بەرەبەیانان ڕۆژە نوێهەکەتان بە دووهای خێر و بەرەکەت دەست پێ بکەن، هێواران بە دەم شووکرانەوە هەڕوونەوە هامێزی شەو و ڕووناکی بکەنەوە. هوودا پێویستی بە شووکرانە و، بە هیچ شتێکی بەشەری نیهە، ئەوی دەیکەن بە خێر لە بۆ خۆتان دەگەڕێتەوە. ئەگەر دووها دەکەن، کڕنووش دەبەن، ڕۆژوو دەگرن، یان بە هەرچەشنێکی دی، یادی هوودای مهیربان دەکەنەوە، بە خێر و چاکە دەکەوێتەوە لە بۆ خۆتان، دەنا هوودا نەگۆڕە، لە هیچ بارێکدا تاڵبی چ تاقیان نیهە.

## توێژی 16

ڕەنگەکان دەرکەوتەی چەشنەکانی تینن، لە ناوکە ڕەنگ لە دایک دەبن، ناوکە ڕەنگ و ناوکە تینیش هێکێکن. ڕەنگ بە سێ ئاستی جوودا، سێیە لە هێکێکدا. ڕەنگەکانی ئاستی ناوەند سێهانن، لە سوور و شین و زەرد پێکهاتوون، بە کۆکرنەوە و لێکدان ڕەنگی نوێ بە دید دهێن. دوو ئاستی ڕەنگ لە توانای چاوی بەشەر بە دەرن و نابیندرێن، هەروەکوو چلۆن دوو ئاستی دەنگ لە توانای بیستنی، دوو ئاستی بۆن لە توانای بۆنکردنی، دوو ئاستی تام لە توانای تامکردنی بە دەرن و بەرهەست ناهێن. بە نموونەی تێگهیشتن، ئاو، یان هەوا، هەرهێکەیان ڕەنگ و بۆن و تامی خۆیان هەیە، وەلێ بەشەر بەشی ئەوەندە توانامەند نیهە دەرکیان پێ بکات. سپی و ڕەش لە بەرچاوان وەکوو ڕەنگ دەردەکەون، وەلێ ڕەنگ نین و دۆخن. سپی لێکەوتەی ڕووناکیهە و، ڕەش لێکەوتەی تاریکی، هێکەم لە تین و دووهەم لە تەن پەیدا دەبێ. ڕەنگ لە گشتەدا بە خوودێتی دایکە، لە پێکهاتەدا شین دایکە، سوور کەنیشک و زەرد کووڕە. ئەو شەپۆلانەی لە شین و سوور دەردەچن، لێکەوتەی زۆر بەخێریان هەیە، هەمیشە هەندازی تین بەرز دەکەنەوە. هاوکات ڕەنگی زەردیش لە میانی شین و سووردا دەتوانێ لێکەوتەی باشی هەبێ، وەلێ بە تاقی تەنەها زەرد، یان زەقکردنەوەی بە سەر ڕەنگەکانی دیکەدا، کاریگەری خراپ بە جهێ دهێڵێ. ڕەنگەکان هەندازە و جۆری شەپۆلەکانیان جوودایە، بە چاودا دەچنە ناو مووخ و، هەرهێکەیان بەو تایبەتیمەندیهانەی وا هەیانە، کار لە شەپۆلەکانی دەماخ دەکەن و، ڕەوت بە هەستەکان دەدەن. بەم چەشنە ڕەنگ کاریگەری لە سەر هیزر و هەستەکان دادەنێ، هیزر و هەستەکانیش گۆڕان بە سەر ڕەفتاردا دهێنن. دوو لە سێی ڕەنگ بە خۆڕسک لە مێدا جهێ بوونەتەوە، لە کۆمەڵی بەشەریدا، مێ بە تایبەتمەند ڕەنگینە، لە زهین و

دەروونیدا هەمەڕەنگە، ڕەنگێک بە سەر ڕەنگێکی دیکەدا زال ناکات، بەڵکوو بە پان و ئاسۆ هی، جهێ بە هەموو ڕەنگەکان دەدات. لە بەرئەوەیە جهێ دەستی ژن لە ڕەوتی زیندەگیدا شوێنەواری ڕەنگین دادەنێ. بەڵام نێر وها نیهە، هێک لە سێی ڕەنگەکان لە نێردا هەیە، لە ئاکامی ئەوەش زهین و دەروونی نێر لە وێنەی قووچەک شێوە دەگرێ، ڕەنگێک بە سەر ڕەنگەکان دادەخات و ڕەنگینی لە نێو دەبات، لەوەش بەدکارانەتر ئەوەیە، نێرێتی لە میانی خۆسەپاندن و شێوەپێدانی دەسهەڵاتیدا، "ڕەش"ی کردووە بە ڕەنگ، بەڵکوو بە شای ڕەنگان، بەمەش ڕەنگینی لە پایەی ناوەندێتیدا تێهەڵدراوەتە کەناران و ڕەش بۆتە ناوەند، ناوەندبوونێک بە دەر لە نامووس و زەرەرمەند بە زیندەگی. لە ڕاستیدا زالکردنی ڕەش بە سەر ڕەنگەکاندا، بە واتای سەرخستنی تەن بە سەر تین دێ، ئەم بەرەواژکردنە زەرەری زۆری لە بەشەرێت داوە، بەبێ ئەوەی پێی بزانن، چوونکە شەپۆڵی ڕەنگینی بە خێر و، شەپۆڵی ڕەشێتی بە شەڕ لە سەر بەشەرێت دەکەوێ. لێکەوتەکانی ڕەشێتی لە سەر دڵ و دەماخ و، لە سەر هەستەکاندا زۆر بەدفەڕن. بیر لەوە بکەنەوە لە تاریکی شەودا چ هەستێکتان هەیە و، لە سپێدەی بەیاندا چ هەستێک؟ زالکردنی ڕەش بە سەر ڕەنگینی و سپێتیدا، هەروەکوو ئەوە وهایە خۆتان بە تاریکی بسپێرن، هیدی دەست لە تاریکی هەڵگرن، وەرنە بەر ڕووناکی و ڕەنگینی، ڕێی ڕاستی زیندەگی، بەس ئەمەیە.

## توێژی 18

ئەم گاتایە لە دووڕ سەرتان بچەسپێنن، بیرتان دەخەمەوە، تین و تەنی مێ، لە جۆرێتی و چەندێتیدا جوودایە لە هی نێر، تینی مێ هەم برەکەی زیادترە، هەم لە جۆرێتیدا چەند جۆرێکی تین، تینی دایکێتین و، تەنەها لە مێدا جێدارن. جیداوازی تین و تەن وهای کردووە خوولکان و لەرزینی تەن و، ئەو شەپۆڵانەی لە لەرزینەکەوە پەیدا دەبن، بە پێی ڕەگەز بگۆڕێن، بە جۆرێک ئاستی لەرین و شەپۆڵەکان لە تەنی مێدا بەرزتربن، لە هی نێر، لەبەرهەندێ ئەو کاریگەریهانەی شەپۆڵە هۆفیەکان لە سەر تەنی نێر هەیانە، لە سەر تەنی مێ کەمترە. لە گشتەدا می نێزیکە مهیرە و نێر نێزیکە هۆفە، هۆف پتر دەستی بە سەر نێردا دەڕوات و، هاسانتر پێی دەوێرێ. شەپۆڵەکان بە پێی جۆرێتی تەن، دۆخی تەن، قەوارە و قاڵب، ڕەگەزێتی تەن و خوودێتیەکەی، بە پێی چەندێتی و جۆرێتی بەشە تینی تەنەکەش دەگۆڕێ. هەموو ئەمانە لە دیاریکردنی هەژمار و هەندازەی خوولانەوەدا ڕۆڵ دەگێڕن، لەرینەوەش کە شەپۆڵەکان دروست دەکات، لێکەوتەی خوولانەوەکەیە، بەمەش شەپۆڵە ڕێک و بەرز و هاوسەنگەکان لە مێ دەردەچن، وەلێ شەپۆڵەکانی نێر نارێک و ناهاوسەنگن، نزمتریشن لە شەپۆڵی

مێ. کاتێک مێ لە بازنەی مهیرە، لە ڕۆژدا دەرکەوتنی بە وێنەی خۆرهەتاوە، شەوێ لە وێنەی مانگی تابانە، هەمیشە شەپۆڵەکانی خێر و بەرەکەتن، بە دەرکەوتنی مێ، خێروبێر بە سەر هەمووواندا بڵاو دەبێتەوە.

## توێژی 19

پان و ئاسۆهی شێوازی مێن، ستوونی شێوازی نێرە، ئەمانە زگماکین و لێکەوتەی ڕەگەزێتی بوونەوەرن. مێ بەوەی دووە لە هێکێکدا، هەردوو شێوازی ئاسۆهی و پانی بە هێکەوە لە خوودێتیەکەیدا جهێ بوونەتەوە، ئەمە شتێکە بە تایبەتمەندی دایکاتیەوە گرێدراوە. لە ناوەندێتی دایکدا بازنبوون دروست دەبێ، بازنبوون شێوازی بنەڕەتە لە بە ڕێکخستنبوونی گەردووندا. گەردوون لە خڕبوونەوە بە دوری دایکدا بە سەرەتا هات، هەر بەم شێوازەش دەوامی دراوەتێ. بە پێی ناموس، دایک ئەرکێتی ئەم شێوازە بگشتێنێ، ئەرکێتی نێر وەها ڕابهێنێ پێی لە بەندی شێوازی دایکێتی نەبزێوێنێ. سەرنجی بدەنێ و، ڕەنگدانەوەی تۆخی تایبەتمەندی خڕێتی لە شێوەی لەش و هەڵسوکەوتی مێی مرۆڤدا ببینن، مەمکەکان خرێتیان بە پێشەوەی ژن و، هەوزی دایکێتی خڕێتی بە پاشەوەی ژن داوە. هاوکات لە هەڵسووڕاندا ژنان خڕێتی بەرجەسدە دەکەن، بە خڕی دادەنیشن و لە خڕبوونەوەدا وەکوو هێشووە ترێن، کەس لە نێویاندا بە ڕابەر و، بە تاکە بێژەر دەرناکەوێ. لە خڕبوونەوەی ژناندا هەمووان هاوتان، هەموو دەدوێن و هەمووش بە هیکەوە گرێدراون. دیوێکی دی لە ژنێتی، دایکاتیە، دایکان گشتەن و، منداڵان بە شێوەی هێشوو دەوری دایک دەدەن. دایکاتی دەرفەت بە ڕیزبەستن نادات، لە ڕیزدا پلەبەندی پێک دێ، هەندێک دەکەونە پێشی هەندێکەوە، ئەمەش لەگەڵ دڵ و دەماخی دایک دژ دەکەوێتەوە، چوونکی لە پێوانەی هیزر و هەستی دایکدا، منداڵەکان هەموو لە هێک پایەن. شێوازی دایکێتی- مێ، شێوازێکە وا گشت گەردوون هەڵدەسووڕێنێ، شێوازی کووڕێتی- نێر تەنەها لە ئاستی پێکهاتەکان، لە نێو بازنەی سنووارداری گشتەکەدا دەوری دراوەتێ. گەردوون لە گشت و، لە بەشەکیدا، بەرجەسدەبوونی شێوەکەی لە سەر بنەمای ئاسۆهی و پانی پێکهاتووە، ستوونیبوون لە میانی هێکێتی ئەم دوو ئاستەدا بە شێوە دێ. وێنەی گەردوون لە گچکاتیدا گازیلەیە، لە گەوراتیدا هەستێرەیە، هەرهێکەیان کاتێک شێوازی ناوک و نۆین دەرباز دەکەن و، پۆڵ پێک دهێنن، لە هەموو بارەکاندا سێهانەی ناوک و نێر و مێ پێک دێ، لە پێکهاتنیشدا ئاستەکانی ئاسۆهی و پانی شێوەی دەدەنێ، ئەوە شتێکە لە دەوری دایکێتی کەوتۆتەوە. لە هێکەم شێوەگرتنی تەندا مێ دەردەکەوێ، نێرێتی وێنەی دووهەمە لە شێوەگرتنی تەندا، هەرئەوهاش ڕێکخستنی پان – ئاسۆهی کە شێوازی

مێیە، لە هەموو شتێکدا بە پێشین دێ. بنەڕەت و فەراوانی لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵانی گەردووندا، سەرجەمی بە شێوازی مێن، ئاستە ستوونیەکان هێکجار سنووردارن، ستوونیبوون وەکوو شێوە، بە چین لە سەر چینی ئاستەکانی پانی و ئاسۆهی پێک دێ.

## توێژی 20

لە دایکەوە کوور بە زەندەق هات، هاتنێکی بنەڕەت جیداواز، هەروەکوو ئەوەی لە بەرکەوتنی ڕووناکی بە تەن، سێبەر و تاریکی بە دید دێ. مێ دایکە و نێر کوورە، دایک و کوور نە هێکسان دەکردرێن، نە بەرهوورد، ئەم دووانە بێجگە لەوەی لە باری ڕەگەزی و خوودێتی و کەسێتی جوودان، لە ئاستەکانی تایبەتمەندیدا بە تەواوەتی بەرەوازی هێکدین. لە هەموو گەردوونێ مێهێتی بە پان - ئاسۆهی و، نێرێتی بە ستوونی بەرجەسدەن، وێنەی ڕوونی ئەم بەرجەسدەبوونە لە شائەندامی ڕەگەزێتی هەرهێکەیان شێوەی هاتووتێ. "کووز" لە وێنەی پان - ئاسۆیە، "کێر" لە وێنەی ستوون. مێ و نێر هەرهێکەیان بناخ لە سەر تایبەتمەندێتی خۆیان، باری زهین و هەستەوەرەکانیان دامستدراون، بنچەقە هیزری و هەستیەکانی مێ بە پان - ئاسۆهی، هی نێر بە ستوونی پێکهاتوون، ئەمەش کردوونی بە دوو زیندەوەری بنەڕەت جوودا. دیدەن لە مێدا بە پان – ئاسۆهی، لە نێردا بە ستوونی ڕەوت دەگرێ، ژن بە فەراوانی دەبینێ، ئەو دەمانەی نیگای کەسێک، یان شتێک دەکات، بێجگە لە کەس و شتەکەی بەردەمی، دەوروبەرەکەش دەخاتە بەرنیگاوە، نیگاکردنێک ئەوانی دیکە هەست ناکەن ژنەکە سەرنجی بە شتێکی تایبەت داوە. بەڵام پیاو سەیر بکات نیگاکەی ئاشکرایە، ڕێک بە ستوونی تەماشای ئامانجەکەی دەکات، بەم هۆیەوە وها دەزانن پیاوان زیادتر لە ژنان سەیر دەکەن، لە کاتێکدا ئەوە تێگهیشتنێکی بەرەوازە، لە ڕاستیدا ئەوانی پتر چاو هەڵدەخەن و تەماشا دەکەن پیاوان نین، ژنانن. لە بیستن و گوێگرتنیش، شێوازی مێ پان - ئاسۆیهە، بۆهێ بە فەراوانی دەبیستێ. ئەم قوودرەتەی ژن بە هەندازێکە، دەتوانێ لە هێک کاتدا بە لێتێگهیشتنەوە، گوێ لە چەند دەنگی جوودا بگرێ. بە پێچەوانەی مێ، بیستن لە نێردا ستوونیهە، پیاو لە نێوان دەنگەکاندا، تەنەها لە هێک دەنگ تێدەگات، دەنگەکانی دی لە گوێیدا وەکوو ژاوەژاوی لێ دێ. مێ بە ئاسۆهی و پانی تام دەکات، دەتوانێ لە خواردندا تامی تووندی و سوێری و شیرینی، یان هەرتامێک لە خواردنەکەدا هەبێ، لە هێک جوودا بکاتەوە، دەشتوانێ بزانێ کێهەی زۆرە و کامەی کەم، لە کاتێکدا هەستی تام لە نێردا ستوونیهە، پیاو لە نێوان تامەکاندا، هێک تام وەکوو تامی زال هەست پێ دەکات. هەستی بۆن لە مێ پان - ئاسۆیهە، ئەم جۆری هەستکردنە توانای داوەتێ لە هێک کاتدا چەند بۆنی جیداواز لە هێکدی جوودا

بکاتەوە. دایکێک هەستەکانی لە بازنەی مهیردا پەروەردە کردبن، قوودرەتمەندە بە بۆنکردن منداڵەکانی بناسێتەوە. دۆخەکە لە بۆ مێ بەم چەشنەیە، دەنا لە نێردا ئەوها نیهە، پیاو بۆنەکانی لێ تێکەڵ دەبن و، هەستی بۆنکردنی بە شێوەی ستوونی، ڕوو لە سەرچاوەی هێک بۆن دەڕوات. لە بەرکەوتنی جەسدەش، وەکوو هەموو هەستەکانی دی، هەستکردنی مێ بەربەرین و هی نێر بەرتەسکە، ژن لە نووکی قامکە پێ، هەتا تاڵەکانی قژی هەستەوەرن، لە کاتێکدا هەستەوەری لە جەسدەی نێردا بەرتەنگ و سنوورداره.

## توێژی 21

چەرخی ڕۆشنبوونەوە دەستی پێکرد، ئەو تاریکیەی وا جێهانی داگیرکردووە، دوواهی پێدێ. هەموو ئەو شتانەی لە تاریکاهیدا بەجهێ مابوون، یان شێردرابوونەوە، دەربازی ڕووناکی دەبن. لەمڕۆوە زهینی تەپیو هەڵدەستێتەوە، هەڵستانێک وەکوو شاخ. دەروونی لە شکستدا چەقیو ڕادەچلەکێ، ڕاچلەکینێک وەکی کەڵە کێوی. ڕووخسار دەگەڕێتەوە بەر هەوا و هەتاو، ڕاز دەگەڕێتەوە بەرگوێ و چاو. ڕەگەزی دایک بە زهینی شکۆدارەوە، لە بن تەپ و تۆزی هەزاران ساڵەی سەرتەپەکردنێ دهێتە دەرێ، لەگەڵیشیدا لەشە ناسکەکەی لە ناو ئەو هەموو جلوجۆرەی کردراوە بە بەری و، ئەو هەموو دەستی مالکیەی دراوە بە سەریدا، هەڵدەفڕێ، دەچێتەوە بە هەوادا و دەگاتەوە بە پایەی بڵندی خۆی. کاتێک ڕەگەزی دایک لە پایەی بەرزیدا جهێ دەگرێ، هەروەکوو خۆرهەتاو پڕشنگدارە و ڕۆشناهی بە هەمووان دەبەخشێ. ئەو شەپۆلانەی لە زهین و زار و بەدەنی مێ بڵاودەبنەوە، مایەی خێرن، ئەوی بیهەوێ ڕێ لە دەرکەوتنی لەشی مێ ببەستێ، بەری بە بڵاوبوونەوەی خێر گرتووە، لەبەرهەندێ هۆفی و بەدکارە. ڕووتی و پۆشتەهی، هەرهێکەیان ئەگەر گرێدراو بە ڕسک و ڕەسەنێتی لە دۆخی سرووشتیدا بە دید بێن، دەتوانن بچنە بەردڵان و شەپۆڵی خێر بڵاوبکەنەوە. مەمکی ڕووتی دایک بە سەر دەمی کورپەلەوە، دیمەنی سرووشت و ڕەسەنێتی نمایش دەدات، دەلوێ ئەم دیمەنە وەکوو خێر و بەرەکەت لە هەموو کات و شوێنێکدا بە بەرچاوانەوە بێ و، جوانی دایکێتی لە ناو سەری هەمووواندا قووڵ بکاتەوە، دایکەکەش خێری دەگاتێ. هۆ خەڵکینە! وا لەزەت و شۆخ و شەنگهی زیندەگی، لە ژنێتیدا چڕبوونەتەوە، قەشنگیەکەی بە هەندازێکە، ژن خۆیشی کە لە خۆی ڕادەمێنێ، لەزەت دەبات و هێزی لێدەگرێ. بە ڕێسای هاوسەنگی سەیرکردنێ، تەماشای ژنان بکەن و، چێش و هێزیان لێ بە دەروون بخەن. بە پێی ڕێسای ڕێکخستنە گەردوونیهەکان، دەبێ ڕوانین لە سەرەوە بەرەو خوارەوە ڕەوت ببەستێ، نەک بە پێچەوانەوە، ئەوی لە خوارێڕا دەست

به تەماشاکردنێ بکات، بێ نامووسە و بەرنەفرین دەکەوێ. پیاو بیهەوێ تەماشای ژن بکات و سەرنجی بداتێ، فەرزە پابەند بە ڕێسای سەیرکردنێ، سەرەتا سەیری سەری بکات و پێش هەرشتێک هەقڵی باڵای ژن لە تریسکەی چاوەکانی و، لە ڕاتەکانی هەبرۆکانی و، لە بزەی لێوانی ببینێ. دەبێ ببینێ و بزانێ وا سەرۆک لە بەردەمێتی. هەرپیاوێک ئەم ڕەوتی نیگاکردنە قڵپ بکاتەوە و، هێکسەرە بە چاوەکانی پەلاماری مەمک و قەنگ و قاچی مێ بدات، ئەو پیاوە بە ڕێسای ڕاوچی و نێچیر جوولاوەتەوە، لەبەرهەندێ نەزەری هەرامی کردووە و پێی گوونهەبارە. ژنان بە خۆڕسک مەیل دەکەن ببیندرێن و نیگایان بکەن، وەلێ لە سەرێ بەرەو خوارێ، نیگای سۆز و نیگای شکۆ و شۆخ و شەنگی، لە هاخیریدا تیلە چاوی لەزەتبردنێ. ئەو دەمانەی لە "سەر" هەتا پای لەشولاری سەرنجی دەدرێتێ و، ئەوانیدی پێیدا هەڵدەڵێن، شەپۆڵەکانی ئەو پێداهەڵدانە دیدەنی و زارەکیهە، بە شێوەی سۆز لە چاویدا ڕەنگ و، لە گوێیدا دەنگ دەداتەوە و، دەروونی ژن بارگاو دەکات. بە دیوەکەی دیش، ئەو شەپۆلانەی لێکەوتەی لەشولاری ژنانن، مایەی هێمناتین لە بۆ پیاوان و، گرژی لە دەماخی نێرێتی خاو دەکەنەوە، بەمەش ڕێ لە هۆفێتی بەرتەنگ دەبێتەوە. لەم بازنەیەدا دڵتەڕی و جوانپۆشی و جواندەرکەوتنی ژن لە باری ڕووخسار و لەشولاردا، کارێکە پێڕست بە مهیرە و خێری دەگاتێ. مێ لە خوودێتی دایکدا، نوێنەری هوودای دایکە لە سەر ڕووی زەمین، لە سەرێتی بە دەرخستنی جوانیهەکانی، بەشێک لە جوانیهە بێ پەرواکەی هوودای دایک نیشان بدات. بڕۆننێ، چ نیگارگەلێکی قەشەنگ لە هەرز و هاسمانێ خوولکاوە، ئەوە جهێ زهینی هوودای دایکە، ڕێ ڕاستەکەی دایک بدەنە بەرێ و، جوانخواز و جوانسازبن، ناوەوەتان بە جوانی بنەقشێنن، لەوێڕا جوانی و پاکی و شیرینی بهێننە دەرێ، بیخەنە سەر ڕووخسار و لەشولار و، بیخەنە ماڵان و کۆلانێ، بە هیچ هەنجەتێک دەست لە ڕازاندنەوەی سرووشتیانە و هاوسەنگانەی خۆتان و جهێ بنلینگانتان بەرمەدەن، ئەوە خێرێکە خۆتانی لێ بێ بەش مەکەن.

## توێژی 22

بە سەرخستنی مهیر لە کرۆکتاندا، ڕەنگ و ڕووتان دەدرەوشێتەوە و، جوانی لە ڕووخسارتاندا شێوە دەگرێ. شەپۆڵی ئەو هێزر و هەستانەی لە مهیرەوە پەیدا دەبن، خووڵانەوەی هووردە زیندەوەرانی پێکهاتەی لەش هاوسەنگ دەکەن، ئەمەش جوانی بە ڕووخسارتان دەبەخشێ و، تەندروستیتان دەداتێ. هەی بەشەر! لەشی تۆ زەمبیلەی زیندەگی تۆیە، لە سەرتە بیپارێزی و، بە هیچ هەنجەتێک دژاتی لەگەڵدا نەکەی. کاتێک زەمبیلەکە ڕەد دەکەیتەوە، زیندەگیشت ڕەدکردۆتەوە، ڕەدکرنەوەی زیندەگهیش

به واتای ڕەدکردنەوەی هوودایە و، پێی هۆفی دەبن. سەردەمانێکە خەڵکی لە چاڵی دەمچەفتی مشتێک نەزان تێکەوتوون، ئەو نەزانانە نە ڕێشنای هوودان، نە خاوێن و پەتین لە هەمبەری زیندەگیدا، لەگەڵ ئەوەشدا هەم لە خۆرمیانێ، هەم لە خۆرئاوا و خۆرهەڵاتێ، لە پەنای ناوی هووداوە خەڵکی بهەنگ دەکەن و، هانیان دەدەن لە زیندەگی بترازێن و، بچن لە خانەکانی هۆفێتی، کە ناویان لێناون خانەی هوودا(ماڵی خودا)، بە ترس و لەرز و چاوی بە فرمێسکەوە، لە هووداهێک کە هوودا نیەه بکڕوزێنەوە، بەشکووم لە پای بێ نیازبوون لەم ژینەدا، ئەو هوودایە لە ژینی دواهیدا باخێک لە باخاتی بهێشتیان بداتێ. بنۆڕن بە چ دێر و دەرێک گهێندراون، چلۆن بە دوورخستنەوە لە زیندەگی، لە هوودای مهیربان دووریان خستوونەتەوە. زین و زیندەگی، ناوی دیکەی هوودای دایکن، دژاتی لەگەڵ زیندەگی، کە خۆشتان پتێکن تیایدا، بە واتای دژاتیکردنی هوودایە. هۆ خەڵکینە! دەست لە دژاتیکردنی زیندەگی هەڵگرن، پێڕست بە مهیر هەڵسووڕێن و زیندەگیتان خۆشبوێ، وەکوو خۆشویستنی دایکتان. ئەو دەمەی هەشکەنجەی خۆتان دەکەن، هەشکەنجەی ئەو بەشەی زیندەگیتان کردووە، ئەوەی لە هەنگۆدا بەرجەسدەیە. پەت بخەنە گەردەنی خۆتانەوە، خستووتانە ئەو بەشەی ژین، ئەوەی بە هەنگۆ سپێردراوە. لە بیرتان بێ، بە هیچ بەهانە و بیانووێک هەقتان نیەه بەدکارانە هەڵسوکەوت لەگەڵ خۆتاندا بکەن. هەموو هێکێک لە ئێوە کۆمەڵێکی ملیاراتین، هێک بە هێک بەشەکانی جەسدەتان هەقیان بە سەرتانەوە هەیە. ڕاستە سەرک لە لینگ و هەنگڵان بە بەهاترە، بەڵام کەس نیەه بتوانێ "سەر"ی بباتە بنەبانێ، بەڵام لینگەکانی، یان هەنگڵێکی لە بەردەرکی ماڵێ بە جهێ بهێڵێ، یان بەبێ پێڵاو بە ڕەوەزاندا هەڵبشاخێ و، گوێ نەدات بەوەی خوون لەبەر لاقی بڕوات، یان درک بچێ بە پێیدا. لەش لە هێکێتی دایە، هەرجێهەک بهێشێ، ئەو هێشە لە بۆ هەموو پێکهاتەی کەسەکەیە. ڕاستی ئەوەیە کەمی و کوورتی لە پێداویستی هەربەشێک، لە سەر هێکێتی لەش بە خراپ دەکەوێتەوە، لەبەرهەندێ ئەرکدارن دروست و ڕەسەن ئەو کۆمەڵەیە بەڕێوە ببەن.

## توێژی 23

منداڵ لە لەشی دایکی جوودا دەبێتەوە، وەکوو جوودابوونەوەی لەتێک لە سێوێک، لەگەڵ ئەوەشدا هەی دایکی مەزن، منداڵەکەت لە شێوەی تۆ ناکات، نەشتەهەوێ لە تۆ بکات، ئەوە شتێکە هەرگیزاوهەرگیز ڕووی نەداوە، ڕووشنادات. هەموو هێکێک تایبەت و بێ وێنەیە، ئەگەر چاوت هاوڕەنگی چاوێتی و، قژتان وەکوو هێکدی گڵوازە، یان خاوە، ئەگەر لووتی تۆ و منداڵەکەت قەلانگین، چ تاقیان نیشانەی هاوشێوەبوون

نین. تکایە لێی گەڕێ خۆی بێ، هیچ شتێک وهات لێ نەکات پێی بڵێی: لە شێوەی خۆم دەکەی. منداڵەکەت نە لە تۆ و نە لە هیچ کەس ناچێ، ئەو ڕێک خۆێتی، خۆی و بەس. هەتۆ بەرپەرسیاری لەوەی پێڕست بە مهیر لەگەڵیدا هەڵبسووڕێی و، وهای پەروەردە بکەی هەست بە تایبەتبوونی خۆی بکات. لەو کاتەوەی منداڵ لە کۆشی دایکێتی، هەتا ئەو دەمەی خاکی دایک لە هامێزی دەگرێ، پەروەردە و پەیوەستبوون بە دایک، هەم ئەرکن و هەم ماف. منداڵان تێبگەهێنن، گووتنی وشەی نەخێر لە هەمبەری هەمووان ڕێی دراوەتێ، بە تەنەها لە ڕووی دایکدا نەبێ. منداڵ لە هەرتەمەنێک دابێ، هەتا ئەو کاتەی بەڵێی دایک وەرنەگرێ، هەقی بزاوتی نیهە، دەستەبەری بەڵێی دایکیش لە ڕێی بڕواهێنانی دایکەوە دەبێ، نەک هیچ ڕێی دیکە، لەم بازنەیەدا هەرسەرچڵی و گوێ پێنەدانێک، وەکوو بێ ناموسی و خۆڕێتی واتای دەدرێتێ. هۆ دایە گیان! هەتۆ دەزانی ماوەی منداڵێتی قۆناخی بە بنەڕەتبوونە، ئەگەر هەندازیارانە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا نەکەن و چین بە چین بنیادی کسێتیەکەی نەنێن، نابێتە ماڵێک خێر بداتەوە. ڕێسای بنیادنان ئەوهایە، ئەگەر خشتەکانی بناخ ڕێک و هاوسەنگ هەڵنەچەندرێن، دیوار بە خواری هەڵدەچێ، ئەو وقتهیش خێڵی و خێچیەکانی ڕاست نابنەوە. بە نموونەی لێ تێگهیشتن، ئەو جووتیارەی شۆ و تۆ بە دروستی بکات، پاشانەکە بەبێ دوودڵی بە تامای دەروونەیە، خۆ ئەگەر لە جووتکردنێ گاسنی دانەخستبێ و تۆوەکە ڕۆنەچووبێ، بێشک گوڵەگەنمەکانی سیس و لاوازن، هەنگینێش ناتوانێ بچێ هەڵیان بکەنێ و دووبارە ڕۆیان بچووێنێ بە زەویدا. منداڵ وەکوو تۆو چاولێبکەن، پەروەردە و شێوەی بە خێوکردنێ، وەکوو کێڵگەی باش، ئەو تۆوەی لە کێڵگەی باشدا بڕوێندرێ، بێگومان بەروبومی باش دەداتەوە. دروست وهایە وقتهێک منداڵەکان خەریکن پێڕەوکە دەبن، لە ناو گڵ و گژوگیا دایان بنێنن، بهێڵن با بە ویستی خۆیان ڕەوتار بکەن و، لەگەڵ خاک و خۆڵ بکەونە گەمەکردنێ، بهێڵن دۆستاتی لەگەڵ خاک دابمستدرێنن، خاک دایکە، دایک کەس ناهێشێنێ. لێگەڕێن با هەرلەزووەوە ببنە هاوڕێی گوڵزار و، لەگەڵ جوانیدا دەست تێکەڵاو بکەن، چوونکی ئەو سەرسامیەی لە ناو جوانیهەکانی سرووشتدا لە بۆ منداڵ دروست دەبێ، سەرسامبوونێکە تیایدا دەمێنێتەوە و، لە ناخیدا بنچەق دادەکوتێ، پآشانەکانێ لەگەڵ گەورەبوونیدا سەرسامیەکەشی گەورە دەبێ، هەنگێ بە خۆشەویستیەوە چاودەبڕێتە زیندەگی، نەک بە ترس. ترس ڕق دروست دەکات، ئەو شتەی لێی بترسێن، ڕقتان لێی دەبێ. ترس و ڕق هەستانێکن بە سەرچاوە لە هۆف بە زهیندا دهێن. منداڵ بە ترسەوە ناهێتە دوونیاهێ، گرێدراو بە مهیر و، خاڵی لە ترس لە دایک دەبێ و پێ دەگرێ. دایکان لە سەریانە بەبێ ترس گەورەی بکەن و، بە هیچ پاساوێک ترسی تێێدا نەچێنن. منداڵ بکەوێ، باشترە وەک لەوەی لە کەوتن بترسێ. ڕێنوێنی و ڕای دروستیان بدەنێ، ئەوجا لێیانگەڕێن با منداڵەکان بە دار و دیواردا هەڵبگەڕێن و، بە کێوەکاندا هەڵبشاخێن، مل

بدەنە بەرپێدەشت و، سەرما و گەرما ئەزموون بکەن. وازبهێنن با بکەون و هەڵبستنەوە، بە کردار متمانە بچێنن تیایاندا و کاریان پێ بسپێرن، بهێڵن بەرد بکێشنەوە، قوور بشێلن، دار کۆبکەنەوە، با توانامەندی خۆیان تاقی بکەنەوە. بنیادنانی کەسێتی لە نازپێدانەوە ناهێ، بەڵکوو لە ڕێنوێنی پێدانەوە. هیچ وقتهتێک، بە تایبەتی لە نەخۆشکەوتندا، منداڵ بە ناز مەکەن، بەڵکوو بە ڕادەی پێویستی، چاودێربن و دەردیان دەرمان بکەن، بەڵام بە نیگای بەزەهی و دڵ پێ سووتان لێیان مەڕوانن، یان بە بایەخی پتر لەو بایەخەی پێشترێ پێتان داون، لێیان نێزک مەبنەوە. هاخر بە نازپێدانی زیادە، منداڵەکە نادروست دەکەن و، واهای لێ دێ هەمیشە چاوەڕێی بەزە و سۆزی ئەوانیدی بێ، کاتێکیش ئەوەی چنگ نەکەوێ، هەست بە کوورتی دەکات لە بەخت و بەشی خۆیدا، ئەمەش دەردێکە کەسێتیەکەی خاپوور دەکات. هەرزوو لە باری زهینیدا پێرست بە مهیر ڕەوتیان بدەنێ، فێریان بکەن نێر لە پشتی مێ ڕێ بکات، با بزانن هوودا دایکە و، ناوەندێتی و ڕێبەرێتی لەلایەن هووداوە بە مێ دراوە، با بزانن لە سەرانسەری گەردوونێ ڕێسا ئەوهایە. بهێڵن منداڵەکان پرسیار بکەن و وەڵامی دروستیان پێ بدەنەوە. ڕێ بکەنەوە لە بەردەمیاندا سەما و هەڵپەڕکێ، چڕینی ستران و ژەنینی مۆسیقا فێربن. ڕایان بهێنن بە دەستی خۆیان گەمەکانیان دروست بکەن و، هەر ئەو گەمانەش بە هێکدی ببەخشن. باش وهایە گەمەی کەنیشکانە و کووڕانەی کووردهەواری بە جێهانی بکەن و بە بنەمای بنیادنانی کەسێتی منداڵی بزانن. دیقەتیان بدەنێ، ئەو گەمانە لە سەر بنەمای نەزم و ڕێکخستنی گەردوونی، بە ژمارەکانی"1،3،6،9" و ژمارە "32"ی پێکهاتەی سێهانی قاڵبیان دراوەتێ، گەمەکانی کیژان پتریان بازنگی و خڕبوونەوەن، وەکوو "پێنجوکانێ، قاقانێ، مۆریانێ،" لە کاتێکدا گەمەکانی کووڕان پتریان هێڵکاری و ستوونین، وەکوو"سێڕسکانێ، نۆڕسکانێ، دامانێ." هەموو ئەو گەمانە بە هووردە بەرد دەکردرێن و، لە هەرجهێ بە دەست دهێن. گەمەی قاقانێ هێکجار هوورد و هێزبەخشە، بە جۆرێک توانامەندی کیژان بەباشی دەباتە سەرێ، تۆ قۆناخە بە قاڵبپێدانی جوولەی دەست و پێ و، بە نۆ هووردە بەرد دەیکەن. لەمەوپاش هەروەکوو پێشترێ دەستی منداڵان بگرن بەرەو کرۆکی زیندەگی، فێریان بکەن هەم هێکدیان خۆشبوێ، هەم دار و بەردی سرووشت. هەرکاتیش مەیلیان کرد لەگەڵتاندا هاونیشینی بکەن، بهێڵن با دابنیشن و لێتانەوە نێزیک بن، بە پاساوی تەمەن لە خۆتانیان دوور مەخەنەوە، سۆزیان بدەنێ و، وەکوو چەپکە گوڵی دانیشتنەکانتان جهێ بە منداڵان بدەن. منداڵان بە مهیری لە دایک دەبن، لە دڵ و دەماخیانەوە، دارای پاکی و چاکین، ئەوان بە هۆی مهیر و لە ڕێی دڵەوە شتانێک هەست پێ دەکەن، گەورەکان دەرکی پێ ناکەن. ئەو دەمەی منداڵ زەلامێک ڕەد دەکاتەوە، ئەو ڕەدکردنەوەیە لە هەستکردنیەوە دێ بە ئاستی بڵندی هۆڤێتی لە ناخی زەلامەکەدا. ڕاستی ئەوەیە، دڵ زووتر لە دەماخ بەرکار دەبێ و، بە شەپۆلەکانی

هەبەری دەداتێ. ئەو ژنانەی زگپڕن، بە هۆی منداڵی ناو زگیانەوە، شەپۆڵی هەستەکانیان بە هێزترن، هەست بە شتانێک دەکەن، ئەوانیدی هەستیان پێ ناکەن. هەق وهایە لە منداڵان فێربن، هەروەکوو ئەوان لە ئێوە فێردەبن، منداڵان بە خۆڕسک مهیرین و، کاکڵی ڕسک و ڕەسەنێتین. هەرکەس هەلی دراوەتێ بە گەڕانەوە لە بۆ دۆخی منداڵی، بگەڕێتەوە لە بۆ ڕسک و ڕەسەنی. هیسای کووڕی مریەمێ ڕاستی گووت، ئەگەر دەتانهەوێ بە مەلەکووتی هاسمانێ بگەن، پێویستە منداڵ ببنەوە. منداڵ پاک و پەتی، بە دایکیانەوە نەبێ بە هیچ کەس و کەسەرێکەوە نەبەستدراونەتەوە، نە هەڵپەی پاشەڕۆژێتی، نە گریەی ڕابردوو، لە هەنەوکەی دایە و، بە ناخی ڕاستگۆ و بەبێ خروور هەڵسوکەوت دەکات. هەی ئەوانەی چیدی منداڵ نین، یار و یاوەری منداڵان بکەن، بە هێندەی ئەوان ناخ بە دەر و ڕوون بن، دەم بە بزە و هەقگۆ زار بکەنەوە، ئەوجۆرەی منداڵ گرێدراوی دایکێتی، ئەوها گرێدراوی نامووس و هوودای دایک بن، لە پابەندی بە دایکتانەوە هوودایەرستی بەرجەسدە بکەن. ئەوەش بزانن سەرجەمی زیندەوەرانی جووداجۆر ئەوهالەن و، بەندی هوودای دایکن.

## توێژی 24

خڕبوونی مەمک و گەشەی منداڵدان، نیشانەکانی گەورەبوونن لە کیژاندا. کچان زووتر لە کووڕان پێ دەگەن و، دەتوانن ببنە دایک، لەو کاتەدا نە دایک و نە هیچ هێکێک ڕێی نەدراوەتێ بە کچەکە بڵێ هەتۆ منداڵی. شەپۆڵی ئەم گۆزارە هەم دەروون و دەماخی دەهێشێنێ، هەم ڕێ لە گەشەی دەبەستێ. هاخر چلۆن زاتی ئەوە دەکەن بە کیژێک بڵێن منداڵ، لە کاتێکدا ئەو لە هەڕەتی دایکێتی دایە و، دەتوانێ منداڵ بخاتەوە؟ منداڵ ئەوانەن لە خوار باڵقبوونەوەن. بە دەمچەفتی و هیزرینی هەڵەتانەوە، چیدی ڕێ لە نشهوونمای منداڵان مەگرن، بهێڵن لە کاتی خۆیاندا پێ بگەن. لە جهێ گەرمەکان، منداڵان زووتر گەشە دەکەن و، خێراتر مەیلیان تێیدا دەوروژێ، دایکان لە سەریانە ڕەچاوی بکەن و، پێش ئەوەی منداڵەکان باڵق بن، ڕێنوێنیان بدەنێ. شەرمی ساختە و زمانی گەوجێتی فڕێدەن، لێیان نێزیک بنەوە و، بە تەنەها بە جێیان مەهێڵن، ئەوان لە قۆناخی ڕاگوزەردا پتر پێویستیان پێتانە، فەرزە لە ساتەکانی ئەو گۆڕانە جەسەدی و دەروونیانەدا، بە هێندەی پێویست کۆمەکیان پێ بکەن. لە دواندندا زمانی بێ گرێ و گۆڵ بە کاربهێنن، هەرئەندامێک لە پێکهاتەی لەشدا ناوێکی هەیە، بە ناوی خۆیەوە هێمای بدەنێ. کەس بە چاو ناڵێ ئەندامی بینین، بە گوێ ناڵێ ئەندامی بیستن، بە لووت ناڵێ ئەندامی بۆنکردن، بەڕاستی ئەوپەڕی گەوجانەیە بە "کووز" بگووتدرێ ئەندامی مێین، بە "کێر" بگووتدرێ ئەندامی نێرین. نەزانی خاپووری کردوون، ئەوە خۆشتان

منداڵەکانتان کاول دەکەن. بە ڕاست و دروستی بدوێن و بجوولێن، کچ و کوورەکان لە هێکدی جوودا مەکەنەوە و، دژ بە مەیلە سرووشتیەکان مەوەستنەوە. هاوڕازبن لەگەڵیاندا، بهێڵن بەبێ ترس ناخی خۆیان دەربڕن. بێگوومان هەوەس سەرکێشە، تێکهاڵانی کچان و کووڕان هەرڕوودەدات، یان بە ئاشکرا، یان بە پەنهان، دروست وهایە لە جیاتی ڕێ لێ بەستن، هەموو شتێک لە ژێر چاودێری و ڕینوێنی دایکان هەڵبسوڕێ. بهێڵن کیژان لە سەر وقهتی خۆیان دەربازی دایکێتی بن، مەڵێن هێشتا منداڵان، باش وهایە ببنە دایک و، بنەما لە سەر گۆزاری "کەم و پووخت، نەک زۆر و بۆر،" وەچە بخەنەوە، پاشانەکانێ با خۆیان و منداڵەکانیان بە هێکەوە گەورەبن و تامی زیندەگی بکەن. ئەگەر کیژان لە بوون بە دایک وەپاش بکەون، تووشی گەڵێک گرفتی دەماخ و دەروون و، گرفتی پیکهاتەی لەش دەبنەوە. هەڕوون دوو بەرخە مێ بخەنە بەر زانستی ئەزموونکردنێ، بەشکووم بە باشی لێی تێبگەن. هێکێک لە بەرخە مێیەکان لە نێریەکان دووڕ ڕاگرن، ئەویدی بخەنە ناو نێریەکانەوە، با هێکەمیان هەر بە زگوورتی بمێنێ و، دووهەم ببێتە مەڕ و وەچە بخاتەوە. پاشانەکە لە هەردووکیان بکۆڵنەوە، هەنگێ دەبینن ئەوی هێکەم گۆشتەکەشی خراپ بووە، نەک تەنەها دەروون و دەماخی. درەنگ خستنی دایکاتی لە کچاندا، چەندان دەرهاوێشتەی بەدی هەیە، هێکێکی دیکەی ئەوەیە، خڕبوونەوە بە دەوری دایە گەورەوە درەنگ دەکەوێ و، زۆریش لە کەمی دەدات، بەمەش بەشێک لە زانستی ئەزموونی و هوونەری زارەکی دەفەوتێ و، دایە گەورە سەروسەلیقەی گێڕانەوەی کەم دەبێتەوە، سەرەنجامیش بەم درەنگ کەوتنەی دایکاتی، ڕەوتی زیندەگیکردنی بەشەری بە خراپی دەڕواتە پێشێ، ئەمەش دەبێتە گوونهەباری بە ئەستۆی ئەو کەسانەی هۆی درەنگ خستنەکەن.

## توێژی 25

لە سەر بنەمای نامووس، هاوبەندی لە نێوان تین و تەن (گیان و لەش)، دەبێتە مایەی خۆشگوزەرانی لە زیندەگیدا، ئەو وقهتەی هاوبەندیەکە هەڵدەوەشیتەوە، تەن لە ناو دەچێ. تەن بەبێ تین، نە دەتوانێ هەبێ، نە دەتوانێ هاوبەندی تەنی دیکە بێ. بەشەر لەگەڵ هێکدی و لەگەڵ زیندەوەرانی دی، بە هۆی تین و، لە ڕێی گرێدانی دڵ و دەروون و دەماخەوە هاوبەند دەبێ، لەشبەندی قۆناخی پاشترە، دوو بە دووی هاوبەندی دەروونی و زهینی دێ، لەو دەمیدا ئەو لەشبەندیە لە ئاستی گشتەدا دەبێتە دۆستاتی و، دەستباری و هەرەوزی بە دووی خۆیدا دهێنێ، لە ئاستی تاکێتیشدا دەبێتە ماچ و باوەش و مهیرگان. بەڵام لەشبەندی بە تەنەها، چ لە گشتە و چ لە تاکێتیدا نێزیکە شەڕە و خێر ناداتەوە. زهینی بدەنێ، لە بازنەی گشتەی گەردووندا، بە ژینهاتن سێ ڕێی هەیە، لە

پلەی هێکەمدا لە دایکبوونی خوودکرد، بە دوویدا مهیرگان وەکوو مایەی لە دایکبوونی جووتکرد، سێهەمیش بە دوونیاهاتنی بوونەوەرە بەبێ دایک، پێکهاتنێکە لە باندێتی و هێکێتی هووردە بوونەوەرانەوە. بڕوانن، لە سێ پایەی گەروونیدا، مهیرگان هێک پایەی هەیە، نە بە بنەڕەت دێ، نە بە زۆرین. بێجگە لەمەش، هەژمار و هەندازەی تین و تەن، زهین و دەروون، قاڵب و قەوارەی ڕەچەڵەکەکانی گیانلەبەران لە هێکدی جوودان، لەگەڵیشیاندا چەندێتی و جۆرێتی مەیل و مهیرگان دەگۆڕدرێ. بەڵام لە نێو تەواوی کۆمەڵانی جووداجۆری زیندەوەردا، ڕێسای نەگۆڕ ئەوەیە، مهیرگان بەرلەوەی کردەی "لەش" بێ، لە تووخن کەوتن و خۆ بە هێکەوەنووساندنێ، کردەی "گیان"و هەستەوەریانەی هەردوولایە لە ڕێی شەپۆڵەکانەوە. مهیرگان لە پلەبەندی پەیدابوونێ، پلە بە پلە پەرەی دراوەتێ، پەرەستەندنەکە لە ڕەچەڵەکی بەشەری و هەندێ زیندەوەری دی، گهیشتۆتە کەوشەنی هاخیری. هووردە زیندەوەرانی گازیلە، شلیلە و ڕەقیلە، ئەوانی جووت دەگرن، لە تووڵی تەمەنیاندا هێکجار مهیرگان دەکەن، دیسان لە نێو هەستێران و، ئەو زیندەوەرانەی وەکوو ڕەچەڵەکە هێکەمینەکانی زەوی بە دید هاتوون، مهیرگان تەنەها جارێکە و، جووتگرتنێکە بە قەسدی زاوزێ. بڕۆننێ، کاتێک پەلی درەختێک دەشکێ، یان لەشی زیندەوەرێک برینی تێدەکەوێ، هەژمارێک لەو هووردە زیندەوەرانەی لەشەکەیان پێک هێناوە، لە ناو دەچن، پاشانەکانێ بە هەمان ڕێسای پلەبەندی پەیدابوونێ، لە زاینی خۆکردی ناوکێکەوە هووردە زیندەوەر لە دایک دەبن و، پڕبوونەوەی برینەکە دەست پێ دەکات. ئەو تەنۆچکانەی لەش پێک دهێنن، لە هیچ بارێکدا ناتوانن پتر لە جارێک مهیرگان بکەن. هەلومەرجەکە لە نێو کۆمەڵانی درەنگ پەیدابوودا، بە جۆرێکی دیکەیە و، هەندازی مهیرگان هەڵدەکشێ، هەندێک ڕەچەڵەکی زیندەوەر هەنە ساڵانە هێکجار، هەندێکی دی هەنە ساڵی چەند جار جووت دەگرن، هەشیانە جووتگرتن لە نێویاندا کردەی ڕۆژانەیە. زیندەوەری ناسدراو بە مهیرهۆف(بەشەر) لە میانی بازنەی دواهین دایە، کۆمەڵی بەشەرێت سەبارەت بە گان، هەر بە تایبەتمەند فەرە مەیلن، مەبەست لێشی تەنەها زاوزێ نیهە، بەڵکوو کردەی لەزەتی و، هێز وەرگرتن و هێز بەخشینیشە. لە کردەی گاندا، تین خەرج دەبێ، هاوکات کردەکە تینی نوێ بە لەش و زهین و، بە دەروونیدا دهێنێ. جا لەبەر ئەو لەزەتەی هەیتی، گان لە ژینی ڕۆژانەی بەشەریدا، بایەخی ڕادەبەدەری دراوەتێ. ئەگەر بە هەقڵ و لۆگیک لێکبیدەنەوە، دەبینن پێویستیهەکانی ڕۆژانەی بەشەری، لە پلەبەندیدا بەسەر سێ پلەدا جیدا دەبنەوە، هەناسە و ئاو لە پلەی هێکەمن و ئاستی بنەڕەت دەگرن، نان و نوستن لە پلەی دووهەمن و ئاستی ناوەند دەگرن، پاشانەکە مەیلی گان دهێتە گۆڕێ. دروست وهایە ویستی گان لە ناو مێشک و دەروونیشدا بە پلەی سێهەم بێ. "کارڵ کووڕی هێنریتە" گووتبووی: ئەوی برسی بێ، نە دەتوانێ بە دروستی بیربکاتەوە، نە مەیلی گانی دەجووڵێ." ڕاستی ئەوەیە بەرهووردکردنی پایەی

نان بە پایەی گان، یان پایەی هەقڵ بە پایەی گان، لە بنەڕەتەوە هەڵەیە، هاوکات بەرهووردکردنی نان و هەقڵ دیسان نابەجێ و هەڵەیە. دابەشبوونی سێهانی هەقڵ و نان و گان لە سەر دابەشبوونی سێهانی لە هامی گەردوونێ، بە جێناوی کچ و دایک و کووڕ، یان بە جێناوی سەرێ و ناوەند و خوارێ، دابەشکردنە دروستەکەیە. زهینی بدەنێ، پێکهاتەی لەشی بەشەر، سێ بەشی سەرەکیهە، سەرومل بە رەگەز مێ و بە خوودێتی کیژە، لە شان هەتا تەنگە بە ڕەگەز نێرەمووک و بە خوودێتی دایکە، لە کەمەر هەتا خوارێ بە ڕەگەز نێر و بە خوودێتی کووڕە. ئەوجۆرەی می و نێرەمووک، کیژ و دایک لە ناو هێکدین، ئەوهاش سەرو دڵ، یان هەردوو بەشی ناوەند و سەرێ گرێدراوی هێکدین. بەشەر بەبێ بەشە مێینەکان، بەبێ دایک و کیژ کۆتاهی پێدێ، لە کاتێکدا بەبێ بەشی خوارێی لەشی، بەبێ گان و بەبێ ڕێکردن بە زەویدا، دەتوانێ بەردەوامی بە زیندەگی بدات. لەم وێنەیەوە بیبینن و لێی تێبگەن، نان و هەقڵ بە واتای زگ و سەر، یان بە واتای سەر و سینگ دێ، گەوجانەیە بە کەسێک بڵێن لە نێوان ئەم دووانەدا قلێکیان هەڵبژێرە، چوونکی چ تاقیان بەبێ ئەویدی ناژین، بەڵام هەردوو بەشەکەی ناوەند و سەرێ، دەتوانن بەبێ بەشی خوارەوە هەبن و، بەردەوامی بە هەبوونی خۆیان بدەن. کیژ و دایک لە خوودێتیدا دووان و لە ڕەگەزدا هێکێکن، سەرێ و ناوەندی لەشیش ئەوهایە. نە هەقڵ بەبێ نان و، نە نان بەبێ هەقڵ واتادارنین، هەردووکیان بە هێکەوەن، بێ نانی دەبێتە بێ هەقڵی و، بێ هەقڵی دەبێتە دڕندەهی و، ڕەوتی هۆفێتی بە دووی خۆیدا دهێنێ، هەردووبارەکە هێک سەرەنجامی هەیە. لە ڕەوەندی ڕابردوودا، گەلێک جاران ڕوویداوە خەڵکانێک کە برسیێتی هێقەی پێ گەتوون، هەقڵیان لە دەستداوە و، لە برسان گۆشتی مردووی خۆیان خواردووە، لە هەندێک جهێ لەوەش خراپتر قەوماوە و، دەستیان داوەتە خواردنی گۆشتی بەشەری زیندووش، بەمەش خێڵی زیێدە هەنداز دڕندەیان لێ پەیدا بوون. داوا ئەوە نیهە نان و هەقڵ بە هەند بگیردرێن و، بایەخ نەدرێتە گاندان و گانکردنێ، هەقڵ و نان و گان هەرسێکیان پێویستن، بەڵام گان بە پاشین دێ و، نابێ پێشڕەفتی بدرێتێ.

## توێژی 26

مێ بە زگماک بە لای تینەوەیە، نێر بە لای تەن، لە لێکەوتەدا مێ پتر دڵخوازی بەرکەوتن بە سۆزی نێرە، لە کاتێکدا نێر زیادتر خوازیاری بەرکەوتنە بە لەشی مێ، لەبەرهەندێ جووتگرتن لە بازنەی خواستی مێدا دەبێتە مهیرکرد، وەلێ لە بازنەی خواستی نێردا، وەکوو لەشبەندی بە شێوە دێ و، سەر لە بۆ هۆفێتی دەکێشێ. هاخر کاتێک گان لە بازنەی لەشبەندی پێک دێ و، لە دەروونەوە پاڵپشتی نیهە، بەرئەگەرە

بەوەی چێش بگۆڕێ بە هێش، سەرەڕای لێکەوتەی خراپی ئەو شەپۆلانەی لە سەر خۆیان و، لە سەرهێکدی بە جهێی دهێڵن. هاوبەندی لە نێوان لەش و دەروونداا، پێویستییێکە لە گانکردنێ، پێشینانی بەشەرێت بە باشی دەرکیان پێی کردبوو، ئەوەتانێ گۆزارێک لە پێشینانی کۆمەڵی کووردهەواریدا ماوەتەوە، بە ڕوون و ڕەوانی دەیخاتەڕوو. پێشینان گووتیتیان:"بە قووزە مەترسە و کێرە مەلەرزە نابێ." گووتنەکە بناخ لە سەر لۆگیکی هەقڵ، کردارەکەی ڕوون کردۆتەوە. مێ بترسێ ماسوولکە و خوونبەرەکانی قووزی گرژ دەبن، ئەمەش وها دەکات تێچوون لە گاندا بە توندی بێ و بیهێشێنێ، تەنانەت دەلوێ خوونبەربوونی لێ بکەوێتەوە. هاوکات لەرزینی کێر بە واتای پووچ بوونەوەیە، ئەوەش وها دەکات تێ چوون ڕوو نەدات، لە هەردوو باردا ئاستەنگ پێش دێ. شێوازی مێ لە پەیوەندیدا سۆز بەرهەم دهێنێ، ئەو سۆزە هەوێنی ئامادەگی دەروون و پەیوەستکردنێتی بەکردەی لەشبەندی، هەنگێ ویستی تێکهاڵان و ئاوێزان هەڵدەکشێ و، سووک وهاسان ترس و لەرزین تێدەپەڕێندرێ. نێر لە سەرێتی بچێتە بنباری ویستی مێ و، هاوبەند بە گانکردنێ پابەندی هەلومەرج بێ، چوونکە ڕێی دروستی لەزەتبردنێ تێپەڕینە بە شێوازی مێدا. چاک بزانن، لە جووتبووندا دەروون و دەماخ هاوبەشێتی نەکەن، تێروتەسەڵبوونی لەزەت قەت بە چەند بارەی جووتگرتنی لەشەکان پێک ناهێ، لەبەرئەوەی مەیلی گان لە مێشکدا دانامرکێ، بۆهێ هەستی تێربوون دروست نابێ. لە کۆمەڵی بەشەرێت و کۆمەڵانی جووداجۆری زیندەوەردا، نێر لە دەوری مێ دەگەڕێ، لاواندنەوەی مێ و پێدا هەڵگووتن بە لارولەنجە و جوانیهەکانی، هەستی بەرپرسیاری بەرامبەر بە مێ و قەدرگرتنی، ڕێی ڕاستیەقینی گەیشتنی نێرن بە ڕەزای مێ لە پێوەندی بە تێکهاڵان. نێر لە سەرێتی ڕەنج بکێشێ و بسووتێ و ببێتە خۆڵەمێش، هەینێ لایقە مێ ڕابمووسێ. مێ ئەرکێتی ڕێی دیکە ببەستێ و بە تەنەها ڕێی ڕاستیەقین لە بەردەم نێردا هاوەڵا بهێڵێتەوە، چوونکوو جووتبوون بەبێ دۆستی و دڵاوەری، بەبێ تێپەڕین بە سۆز و سووتاندا، قەت نابێتە مهیرگان، لەو کاتیشدا چ بۆ نێر و چ بۆ مێ کردەی هۆفانەیە. ئەو ژنەی بە سۆزەوە مهیرگان دەکات و، جووتگرەکەی شێت و سووتاوێتی، شەپۆلەکان زۆر بە خێرن لە سەری، بە جۆرێک باری خوولان لە دڵ و دەماخ و دەروونیدا هاوسەنگ دەبن، لە گشتەی پێکهاتەی لەشیش هاوسەنگی پێک دێ، لەبەرهەندێ بەرهەمی ئەم جوودبوونە بە خێر دەگەڕێ، ئەگەر زگپڕی ڕوویدات منداڵ بە لەشی ساخلەمتر و دەروون و دەماخی دروستتر بە دوونیاهێ دێ. وەلێ لە خوورتیگێ و گانی نابەدڵانەدا پێچەوانە دەبێتەوە، لەبەرئەوەی هیزر و هەستەکان خراپن و، شەپۆلی ناڕێک و ناهاوسەنگ و پلە نزم دروست دەکەن، بەم هۆیەوە هێلکۆکەکانی دایک و دۆخی منداڵدان تێک دەچن، ئەو منداڵەی لە بنباری ئەو دۆخەدا شێوە دەگرێ، کاریگەری دۆخەکەی لە سەر دەبێ، بەمەش ژنەکە و پیاوەکە هەردووکیان، پتریش دایکەکە

گوونەهبارە، مێ سەرۆکە، ئەو گووناهەی دەکەوێتە ئەستۆیەوە، بە هێندەی بەرپرسیارێتی سەرۆکبوونێتی، مێ ناوەندی هەقڵە، ئەو گووناهەی دەچێتە تۆماریەوە، بە هێندەی هەقڵانێتی خۆێتی.

## توێژی 27

تێک هاڵان و لەشبەندی لە نێوان مێ و نێر، یان لە نێوان هاراستەکانی دیکەی ڕێ پێدراو، بە سەر سێ جۆردا پۆلێن دەبێ، مهیرگان و گانی مهیرهۆفی و گانی هۆفکرد. گانی بە زۆرەملێ و خوورتی لێکردن، یان بە ترساندن و هەڵفریواندن، یان بە بێهۆشکردن، یان لە دەرەوەی سۆز و دۆستایدا، گانێکی هۆفکردە، ئەوی پێی هەڵبستێ قوورس گوونەهبارە. ئەگەر ئاوێزانبوون بنەما لە سەر سۆز و دۆستاتی، لە بازنەی ڕەزای دەماخ و دەروونی هەردوولادا پێک بێ، بە گانی مهیرهۆفی هیسێبە، گاندەر و گانکەرەکە چ تاقیان گوونەهباری کردارەکە نین، بەڵام هەتا هەردوولا مهیری نەبن، کردەکە ناچێتە بازنەی مهیرگانەوە. ئەوی مهیری بێ، تێک هاڵان لەگەڵ هۆفیدا ناکات، بیکات گوونەهبارە، چوونکی شەپۆڵەکانی کەسی هۆفی دەرهاوێشەی بە زەڕیان هەیە لە سەری، ئەویش لێکەوتەی بەدی بە سەر خەڵکیەوە دەبێ. هەوەسەکانی گان شەش هاراستەن، پێنجیان لە بازنەی ناموسن، هێکێکیش کەوتۆتە دەرەوەی بازنەکە و، بە تووخن کەوتنی هۆفی دەبن. هەموو هێکێک لە کۆمەڵی بەشەریدا، ڕێی دراوەتێ لە بازنەی ناموس، بە مەیلی خۆی هەوەسەکانی هاراستە بکات، هەرسێ ڕەگەزی مێ و نێرەمووک و نێر سەرپشکن لەوەی فەرە هاراستەبن، یان هێک هاراستە بگرن، لە هەردوو باردا، ئەگەر تێک هاڵان بە شێوەی مهیرگان پێک بێ، بە سرووشتی هەژمارە. هەوەسی گان لە نێوان مێ و مێ، مێ و نێر، مێ و نێرەمووک، نێرەمووک و نێر، نێرەمووک و نێرەمووک هاراستەی سرووشتین و ڕێ پێدراون. پانپانۆکێی لەزەت گۆڕینەوە لە نێوان مێ و مێ، بە تەواوی سرووشتی و بە خێرە، بەڵام هاراستەی شەشەم کە شەهووەتبازی نێر لەگەڵ نێرە، ئەوەیان لە هۆفێتی دێ و بە خۆڕێتی و بێ ناموسی واتای دەدرهێتێ. لە هەندێک جهێ لە جێهانێ، هەرهێکە لە مێ و نێری خێزان هەڵپەی گانێتی، وەلێ لە بەر شەرمینی و ترس لە هێکدی، هەوڵدەدەن ئەم هەڵپەیە لە هێک بشارنەوە. نە هەڵپە و نە ترس و شەرم پێویست نین. پێویست دەکات دۆست و دڵاوەربن لەگەڵ هێکدی و، لە بازنەی شکۆمەندێتی مهیردا لەزەت ببەخشن و وەربگرن، بەبێ چڵێسی و زیێدە ڕەفتی، یان خوورتی لە خۆکردن بۆ نەکردنی. ئەم دووانە هەردووکیان بە زەڕن و چ تاقیان خێریان بە دوو داناهێ. پێودانگ بە ئاو و نان لێکیبدەنەوە، لە ئاوی زۆردا لافاو هەڵدەستێ، لە بێ ئاویشدا

بیابان هەڵدەکشێ، لە هەردوو باردا گۆزە بێ واتایە و خنکان دەنگوباسە. بە واتایکی دی، ئەوی زۆرخۆری دەکات و ئەوی نانی نیهە بیخوات، هەردووکیان زگیان دەهێشێتن. دروست وهایە بە هاوسەنگی تووخنی گان بکەون، هەموو هێکێک هەقێتی بە هەندازەی سرووشتی خۆی، مەیلی مهیرگان بکات، وەلێ بە گانی کەمتر و مانەوەی برێکی مەیلەکە تیاتاندا، دەدرەوشێنەوە. ڕەچەڵەکی بەشەرێت تایبەتمەندە، چوواندنی ڕاستەوڕاستی بەشەر بە گیانداری دی، ڕاست نیهە، قەت بەم کارەش زانینی دروست هەڵناهێنجدرێ. ناگوونجێ جووتگرتنی بەشەر نە بەرهوورد بە مەڕ و بەران بکەن، نە بەرهوورد بە مرشیک و کەلەشێر، ڕەچەڵەکەکان جوودا و تایبەتن، لە ناو ڕەچەڵەکیش هەموو هێکێک تایبەت و دانسقەیە، کەس وەکوو کەس نیهە، هەرکەس هەقێتی بە چاوی تایبەتی لێی بڕوانن، هەقیشێتی بە مەرجی پێبەندی بە ناموس، دڵتەڕی خۆی بکات. ڕاستیهەکە ئەوەیە، هەندازەی هەوەس و مەیل و توانامەندی لە هێکێک لە بۆ هێکێکی دی جوودایە، برێک لە خەڵکی کەم مەیلن و، برێکی دیکەیان فەرە مەیلن، هەرهێکەیان هەقیانە بە هێندەی پێویست لەزەت ببەن، هەروەکوو چلۆن هەق بە هەرکەسە شەرواڵ بە هەندازەی لینگی خۆی لە پێ بکات، شەرواڵی قەڵەوێک بە بەری لاواز فشە و، شەرواڵی لاوازێکیش بە بەری قەڵەو تەنگە، چ تاقیان بە شەرواڵی ئەویدی ڕازی نین و، هەقیشیانە ناڕازی بن. دروست وهایە لەگەڵ دەروون و لەشی خۆتاندا مهیر بنوێنن، مێشکتان بکەنەوە و گانناس بن، گان لە ناو ڕەچەڵەکی بەشەریدا هەرتەنەها هۆی وەچە خستنەوە و پێداویستی لەش نیهە، کاتێک بە شێوەی مهیرگان بیکەن، زهین و دەروون پتر لە لەش کەڵکی لێ دەگرن. لە پاش تێکهاڵانی مهیرگاندا، هەموو پێکهاتەی بەشەر خەندان دەبێ، گەدە دەبێتەوە و باشتر بە کرداری هەرس هەڵدەستێ، مێشک وزەی پتری دەگاتێ و چاکتر ئیش دەکات، لەگەڵیشیدا ئارامی بە دەرووندا دەنیشێ. لەزەتی جووتبوون و، ئەو ڕۆڵەی لەزەتەکە لە شێوەگرتنی ژینی تاکێتیدا دەیگێڕێ، وهای لێ کردوون ببێتە خواستێکی دەستلێبەرنەدراو، جا کاتێک بە خوورتی لە خۆکردن دەستی لێ بەردەدەن، یان بە کەمی تووخنی دەکەون، لاسەنگی دەکەوێتە دەماخ و دەروون، لێکەوتە بەدەکانیشی بەسەر تەواوی پێکهاتەی لەشدا ڕەنگ دەداتەوە. بە نموونەی تێگەیشتن زهینی بدەنێ، هەیوانی چەارپێ، ئەوانی بە شێوەی وەرزی و سنووردار زاوزێ دەکەن، بە خەساندن دەکەونە دۆخێکی جوودایەزەوە، چوونکوو بەشێک لە سرووشتیبوونیان لێ ستاندراوەتەوە. بەرکەوتنی هەستەوەری و جووتگرنی هەوەس لە نێو ڕەچەڵەکی بەشەریدا، پێداویستیهێکە لە پلەی ڕۆژانە و هەفتانەدا، بێبەشبوون لێی، دەرهاوێشتەی بەدی هەیە. بەرکەوتنی نێر بە مێ لە ڕێی چاو و گوێ، پاشانەکەش بەرکەوتنی دەم و دەست بە هێکدی، هەندازی هۆفێتی لە نێردا دادەبەزێنێ و، هێمناتی تێیدا بەرپا دەکات، هاودەم لە مێینەشدا مهیر گەشە پێ دەدات. وقتهێک بە تۆبزی، مێ و نێر لە هێکدی دەترازێنن و، ڕێ لە بەرکەوتن

دەبەستن، کارێکی هۆفانە دەکەن، بەم کارەتان زەین و دەروون دەخەسێنن، پاش ئەوەش هێدی هێدی لەش وەکوو خەسێندراوی لێ دێ. لە ڕاستیدا ئەو مێ و نێرانەی لە بەرکەوتن بە هێکدی دوورن و، هەوەسی ناکام کەڵەکە دەکەن، بەبێ ئەوەی بە خۆیان بزانن شەڕهەنگێز و دەروون بە کینە و بووخز دەبن، چوونکی لەو کوون و کەڵێنانەوە هۆفێتی لە نێویاندا جەهێی خۆی دەکاتەوە.

## توێژی 28

دان و بەخشین بە تایبەتمەند خەسڵەتی مێینەن، لەبەرهەندێ مێ لە کردەی گاندا دەبێتە بدەر(گاندەر)، بەڵام نێر وەکوو بکەر(گانکەر) جەهێ دەگرێ. لە پێڕستی مەیردا ئەوی دەبەخشێ و دەدات، شکۆدار و پایە بڵندە، ئەوی پێی دەبەخشدرێ، لە سەرێتی پێزانین بنوێنێ و، بە بەهای بەرزی شکۆ وەڵام بە مەیر و مێهێتی بداتەوە. چرا بە تایبەتمەند ڕووناکیبەخشە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە لە شوێنی بڵند هەڵبواسدرێ و، نەیخەنە ژێر دەفرەوە. ژن وەکوو چرا وەهایە، کاتێک پایەی بڵندی خۆی دایە، هەموو دەروبەرەکەی ڕووناک دەکاتەوە. نێر ئەرکێتی پایەی ژن بڵند و بەهادار بناسێ، سەنای بەخشینەکەی و ستایشی مێهێتی بکات، بە زار دەرببڕێ و بە کردە نیشان بدات، هەنگینێ دۆخی تێک هاڵان بە بزوانی مەیل لە ژندا شێوە دەگرێ. ژن هەموو دەمێ توانامەندە و باری لەشی تەیارە لە بۆ گاندانێ، وەلێ لە پێکهاتەی ناوهاخنی ژناندا، مەیل بە پێشین دێ، سۆز و ستایش و قەدرگرانی، لە ڕەگەزە هێکەمینەکانی پێکهێنەری مەیلی مێینەن. بە پێچەوانەی ژن، لە پیاواندا هامادەگی لەش لە پێش مەیل دێ، ئەگەر لەشی بڕشتی تێ نەکەوێ و کێری ڕەپ نەبێ، قەت ناتوانێ گانان بکات. ئەم بەرەواژیانە لێکەوتەی ئەوەن هەردوو ڕەگەزەکە لە بنەڕەتی پێکهاتەیاندا جیداوازن. ئەو چەند و چەشنە تینەی لە مێدا هەیە، لە نێردا نیهە، لە گشتەی پێکهاتەشدا، مێ بە لای تین و نێر بە لای تەن دایە، ئەم بە لاداکەوتنەی تین، قوودرەتی داوەتێ دەستی بە سەر خۆیدا بڕوات و، هاسانتر بتوانێ لە نەفسی خۆیدا، مەیر بە سەر هۆفدا زاڵ بکات. بەڵام پیاو بەم بەلادا کەوتنەی تەن، نێزیکە هۆفە، پیاو ئەگەر لە بازنەی مەیرێتی مێدا ئۆقرە نەگرێ، هەرکات دەلوێ لە بازنەی بیروباوەڕی مەیر و مەیرهۆفێتی دەربچێ و، هۆفێتی دەستی بە سەردا زاڵ بکات. ئەمڕۆ هەقایەتی درۆینەی توانای پیاو، ئەو هەقایەتەی هۆفێتی هۆنیبوویەوە، کۆتاهی هات. ژنان چەند قاتی پیاوان هاقڵتر و بە هێزر و هەستتترن، چەند بە قەدەر پیاوان دڵتەڕتر و گاناویترن، ئەو مەیل و توانا زۆرەی لە گاندانێ هەیانە، بە کردەکی لە دەروون و لەشی ئەو ژنانەی بە پارە گاندەدەن نیشاندراوە، تەنانەت ژن دەتوانێ گەلەگان بکات و، لە هێک کاتدا چەند پیاو بە

لووتکەی هەوەس بگەیێنێ، توانامەندە لە شەو و ڕۆژێکدا پتر لە بیست جار گان بدات! کێهە پیاو بە هێزترینە لە دەستی ناهێ نیو هێندە تواناکانی لە گانکردنێ نیشان بدات، چوونکوو لە میانی گانکردندا وزەی زۆری لە بەر دەڕوات، خوون بە تەوژم ڕێ دەبڕێ و لە کێریدا کۆدەبێتەوە، دەمارەکانی ئەستوور و ڕەق، کرکڕاگەکانی توونددەبن، جوولە و تەکاندان و، لە کۆتاهیشدا دەردانی تۆواو، سەرەنجام لە هەرگانکردنێکدا وزەی نیو جەمە خۆراکی چەوری لێ دەبات، پێشی دەچێ هەتا گوونەکان تۆواو دروست دەکەن و، لە بۆ گانی دووهەم و سێهەم هازر دەبێتەوە. لە ژندا ئەوها نیهە، ژن سۆز و نازپێدانی هەبێ، هارەزووی گانی دوروژێ، هەروقتهێکیش بکەوێتە وروژان، هامادە و پڕ توانایە لە بۆ جووتبوونێ. گاندان وەکوو گانکردن نیهە، کەمتر توانا و پتر مەیلی دەوێ، ژن لە سەر مەیل و مرازی خۆی بێ، لە لەشی خۆشە چەند جار بە دووی هێکدا بیگێن، بەبێ ئەوەی هەست بە هیلاکەت بکات. گووت دراوە: پیاو سۆز دەبەخشێ هەتا ژن گانی بداتێ، ژن گان دەدات هەتا پیاو سۆزی پێ ببەخشێ. ئەم گۆزارە باو و بەربڵاوە، زهینکردی پیاوە، بەشی دووهەمی گۆزارەکە هیچ ڕاست نیهە، چوونکوو ژن قەتوقەت ئەم سەودایە بە لەشی خۆیەوە ناکات، ئەو بە تایبەتمەند وهایە، لاواندنەوە و سۆزپێبەخشین دەیوروژێنێ. بەشەرێت مێ ناناسێ، نە پیاو دەیناسێ و نە خۆی بە جەوهەری مێهێتی ئاشنایە. بەڵام وا جەوهەری ڕەگەزی دایک لە میانی ناموسدا دەدرەوشێتەوە، هیدی چ تاقیک لە خەفڵەت نامێنێ و، لەمەوپاش هەمووان مێ دەناسن.

## توێژی 29

دوو گووتاری سارد و ساختە لە گوڕێن، چ تاقیان هیچ نین، هیکێکیان مێ بە نزمتر لە نێر دەزانێ و، ئەویدی بە هێکسان دایان دەنێ. تەرسەقووڵ بە لەت بێ، نەهەرەت لە هەردوو لەتی. ڕێکخستنی دووانەهی، بنەماگرتوو لە بیرۆکەی ڕووناکی و تاریکی، یان مێ و نێر، لە بنچکەوە هەڵەیە و، زهینکردی پیاوانێکە سەر بە چەرخی تاریکین. ڕاستیهەکە ئەوەیە تەرەفێک ڕووناکی و ڕەنگە، تەرەفێک تاریکی، یان ئەملا کیژ و دایکە، ئەولا کووڕە. هاوسەنگی لە هێکسانکردنی مێ و نێر نەک هەربە دید ناهێ، بەڵکوو کۆریش دەبێتەوە. هێکسانکردنی دوو تایبەتمەندی جوودا، بە تەواوی بێ واتایە، ئەو چەمکی هێکسانیەی بە ناوی ژنانەوە خستووتیانە گۆڕێ، پووچی و پۆخڵەواتێکە، لە پێوانەی زانستی هوودای دایک، هیچ بەهایکی هەقڵانی نیهە. چەمکەکە مێ و نێری وەکوو تەن خستوونەتە پێودانگەوە، بێ هەبەر لەوەی نەزمێک لە گەردوونێ هەیە، پایە و پلەی ڕەگەزەکانی بە ڕوونی دیاری کردوون. بیرۆکەی

ناکۆک بە ناموس زهەرە، چەمکی هێکسانی ڕەگەزی، شان بە شانی چەمکی نێرناوەندی، خەسارەتی لە بەشەرێت داوە. گەردوون بە تێکڕا گرێدراوی هوودای مهیربان، بە نەزمی سێهانی هەڵدەسووڕێ، هەموو شتێک سێیە لە هێکێکدا، دایک ناوەندە و کیژ چەپە و کوور ڕاست، وەلێ کیژ و دایک لە باری ڕەگەزیدا لە ناو هێکدین و، پێشڕەوتی گەردوونین. فەرزە بەشەرێت وەکوو هەموو ڕەچەڵەکە جووداجۆرەکان، لە پابەندی بەم ڕێسا و ڕێکخستە، شێوە بە کۆمەڵاتیبوونی خۆی بدات. بەشەر و سەرجەمی خوولقاوەکانی گەردوونێ، دوو دیون، دیوێک ناوەوەی خۆیانە و دیوێکیش دەرەوەیان، هەم گیانن و هەم لەش، لە پۆڵینی تایبەتمەندیدا گیان - تین مێینەیە، لەش – تەن نێرینەیە، هاوسەنگی لە پێشڕەفتی گیان لە بۆ لەش، لە بە پێشینهاتنی ناوەوە لە بۆ دەرەوە، لە ناوەندێتی مێ بە خوودێتی دایک بە هاردی دادێ. ئەوی بە هەرپاساودانێک خواستی هێکسانی بخاتەڕوو، هۆفی و بێ ناموسە. مێ و نێر دوو تایبەتمەندی جوودان، لەم جوودابوونەدا مێ لە سەرووی نێر دێ، ڕێک ئەوجۆرەی تین لە سەرووی تەن دێ. تەن لە تین لە دایک بوو، دایک و لە دایکبوو دارای دوو پایەن لە دوو ئاستی جیدا، پایەی نزمی دووهەم بە هیچ پێوەرێک هاوتا نیهە و نابێ بە پایەی بەرزی هێکەم. دایک – مێ هەروەکوو تین پایەی هێکەم دەگرێ، کوور- نێر هەروەکوو تەن پایەی دووهەمی هەیە. نە سەرچاوە دەچێتە بەرهووردی جۆگەلەوە، نە دایک دەڕواتە بەرهووردی کووڕەوە، بەرهووردکردنێکی ئەوها، ئەوپەڕی گەوجێتی نیشان دەدات. قووڵ بیچەسپێن لە کرۆکی مووختاندا، نێر لە مێ، کووڕ لە دایک بە زیندەگی هات. دایک لە وێنەی درەختە و، کووڕ لقێکە لە درەختەکە. ڕەگەزی دایک لە هەرسێ باری خوودی و ڕەگەزی و ئاستبەندیدا، بە هێک پلە لە خوار هوودا و، بە هێک پلەش لە سەرووی نێرە. هوودای دایک سێیە لە هێکیکدا، سێ خوود و سێ ئاست و سێ ڕەگەزە. مێ دووە لە هیکیکدا، لە دوو خوودی دایک و کچ، دوو ڕەگەزی مێ و نێرەمووک، دوو ئاستی ئاسۆهی و پانی پێک دێ. بەڵام نێر هێکە لە هێکێکدا، لە خوودێتیدا کووڕە و لە ڕەگەزدا نێرە، لە ئاستەکانیشدا تەنەها بە ستوونی ڕەوت دەگرێ.

## تۆێژی 30

هەموو نەوسێک مەرگ دەچێژێ، مەرگ ژینێکی دیکەیە بە دووی ئەم ژینەدا دێ، مەترسن و لێی مەسڵەمێنەوە. لەوەوپێش نەتاندەزانی مردن چیهە، بەدبین بوون لێی و، وەکوو ئەوەی شتێکی ترسناک بێ، لێێ هەڵدەهاتن. لە مردن، لە مردوو، تەنانەت لە گۆڕستانەکان ترساون، ترسێک لە نەزانین و نەناسینیەوە. هەنەوکە ناموس بەرزە

زانین و ناسینی تیروتەواوی داونەتێ، دەزانن ژین و مەرگ لە جەوهەردا هەروەکوو هێکن، دەشزانن زیندەوەران دارای سێ سووڕی زیندەگین و، مردن سووڕی دووهەمێتی، لەبەرهەندێ هەق نیهە نە لێی بترسێن و، نە زاری و سینگکووتانی لە بۆ بکەن، چوونکوو گریان، یان لە خۆدان و ڕوودادڕین گوونەهە و، بەم کارەتان خراپە دهاخێننە تۆماری خۆتانەوە. هەڕوونەوە سەر ڕێی ڕاستی پێشینان و، واتای دروست بە "شین" بدەنەوە. شین ناوێکی دیکەیە هاوتای زیندەگی و، زیندووێتی نیشان دەدات. جاران لە ناو پێشینان گریانی بە هەنسک و ڕوودادڕین نەبوون، بە گووتنی سەردوولکان و، بە سەر لە قووڕنان شینیان گێڕداوە. مەکەونە تێگهیشتنی هەڵەتەوە، قووڕبەسەرکردن واتادارە، ئەوان بەم کارە نیشانیانداوە هەموو سەرێک بەرەو خاکی دایک دەگەڕێتەوە. لە کنەوان مردن گریانی نەدەویست، چوونکی دەیانزانی مردووی پێڕست بە مهیر ڕوو بە دۆخی بهێشتێ دەڕوات. هەنەوکەش وەکوو هەینێ، بە هەلهەلەلێدان دارەبازی گوڵڕێژی مردوو سەرشان بخەن و، بە قەدر و دۆستی، بە گووتنی" نەمری بەس لە بۆ هوودایە،" ڕوو بە سووڕێکی دیکەی زیندەگی بە ڕێی بکەن. بێژن "دایک نامرێ،" ئەوە گۆزارێکە پڕاوپڕە، چوونکە لە باری تەندا دایک ناوەندی لەشە، دەمێنێ و نامرێ. هاودەم لە باری تیندا دایک هوودایە، هەمیشە و نەمرە. خەڵکینە مردوو لە گۆڕدا بنێشن، نەک لە لاکێش. لە منداڵدانەوە بە دوونیاهێ هاتن، لە مردندا هەر لە بۆ وێنەی منداڵدان بگەڕێنەوە، ئەوجۆرەی منداڵ لە زگی دایکیدا گلۆڵ دەبێ، ئەوهالە مردوو لە گۆڕی خڕدا بینێژن. گۆڕ(قەبریش) لە وشەکەیدا شێوەی خڕێتی دەخاتەڕوو. لەوکاتەوەی زیندەگی لە بەشەرێت شێوێندراوە، هەڵسوکەوت لەگەڵ مردی و گۆڕەکەشی گۆڕدراوە. ئەو شێوە ستوونیەی لە هەڵکەندنی گۆڕدا دەستی دەدەنێ، شێوازێکە لە نێرێتی و، لە میانی دەسهەڵاتی هۆفیدا داهێندراوە، دەستی لێ بەردەن و گۆڕەکان بە گۆهی ساز بدەن، لە هەرگۆڕێکدا چین لە سەر چین دایک و دوو منداڵ، یان سێ منداڵی دایکێک هەسپاردەی خاکی دایک بکەن. هەردەم بە یادی خۆتانی بهێننەوە، هوودا سێیە لە هێکێکدا، بۆهێ هامی گەردوون بە سێهانی شێوەی هاتۆتێ. لە پاش هەسپاردەکردنی مردوودا، با هێکێک لە دایکانی پێڕست بە مهیر، لە سەر ناوی هوودای دایک، چەند کۆپڵە لە پەڕاوی نامووس بخوونێ، پاشانەکانێ مردووەکە لە سەر ناوی دایکی بناسێنێ، لە سەرجەمی شینگێڕەکانیش بخوازێ با گەردەنی ئازا بکەن و، بە تەواوی هیزر و هەستەکانیانەوە دووهای لێخۆشبوون لە بۆ مردووەکە بکەن. دووها بە شەپۆڵەکانیەوە ڕەوت دەگرێ و باری گوونەهی مردوو سووک دەکات. هەی باوەڕدانی مهیری، کاتێک هەزیزێکتان مرد، خۆتان لە ڕەشپۆشین بە دوور بگرن، ڕێی ڕاستی پێشینانتان بگرنەبەرێ و، جلی سپی لە بەر بکەن، سپی هێمایە لە بۆ ڕووناکی. باش وهایە هێک هەفتە لە ناوهێک بن و، کەسوکاری مردوو تەنەها مەهێڵن، بیانبەنەوەماڵی خۆتان، یان بڕۆن لە کنەوان

بمێننەوە، بەبێ ئەوەی ببنە بار بە سەریانەوە. لە هەموو کاتێکدا دەستباربن لە بۆ هێک، بە زیندووهی و بە مردووهی، باری هێکدی سووک بکەن. هەموو هێکێک دەمرێ و، لە مردندا پێوەندی ڕاستەوڕاستی لەگەڵ جێهانی سەر ڕووی زەمین دەپسێ، وەلێ هەرزیندووە و هەمیشە دووهای خێری خەڵکانی سەر ڕووی زەمینی دەگاتێ. لە مردنێ بەس ڕەقیلەی لەش لە کار دەکەوێ، بەس ئەو ئاستەی تەن دەپوکێ و تێکەڵ بە هەشداد (خاکی دایک) دەبێ، دەنا بنەڕەت و ناوەندێتی لەش، لەگەڵ پێکهاتەی بەشە گیانی ئەم دوو ئاستەی تەن، وەکوو خۆیان زیندوو دەمێننەوە. بنەڕەت لە گازیلەکان و ناوەندێتی لە شلیلەکان پێک دێ. بە هەڵەت و پەڵەت لە وشەی شلیلە تێ مەگەن و، لە زهینی خۆتاندا وێنەی ئاو و خوونی مەدەنێ، شلیلە ئاستێکە لە تەن بە چاو نابیندرێ، چاو بەس ئاستی هێکەمی تەن نیگا دەکات. بڕوانن، ئەو هەناسەیەی وا هەڵیدەکێشن، خۆ هێکەم ڕەگەزی زیندەگیتانە، بە چاویش نابیندرێ، لە وێنەی نەبیندراوی هەناسەی خۆتانەوە، بیر لە ژینی پاش مەرگ بکەنەوە. هەموو هێکێک لە نێو گۆڕ و لە تێکەڵبوونەوەی بە خاکدا، لە سەر زهینە و دەزانێ، ئەم زانینە شادی لە بۆ کەسی مهیری، ناشادی لە بۆ کەسی هۆفی دەسازهێنێ. ئەوی لە بازنەی مهیریدا هەڵسووڕابێ، دەزانێ ڕوو بە بهێشتێ کەوتۆتە ڕێ، بەڵام مردووی هۆفی، لەوکاتیدا هەلی گەڕانەوە و پەشیمانی بە دەستەوە نەماوە، دەشزانێ ڕوو بە دۆڵزاخ دەچێ. لێکەوتەی ئەو زانینەیە مهیری گۆڕەکەی لێ دەبێتە باخی بهێشتێ و، هۆفی لێی دەبێتە چاڵی گڕی دۆڵزاخ.




## ناوقەدی ناموس

### توێژی 01

مهیر، مهیرهۆف، هۆف سێ ئاستی بیر و باوەڕن، باوەڕ لە زهین بازن دەبێ و، زهین شێوە بە هەڵسوکەوت دەدات. مهیر و مهیرهۆف لە وێنەی خوودێتی کیژ و دایک، دوون لە هێکێکدا، هەردوو خوودێتی دایک و کیژ لە ڕەگەزی مێن، ئەوهاش مهیر و مهیرهۆف لە بازنەی ناموس جهێدارن، هۆف لە دەرەوەی بازنەکەیە و، دژ بە ناموس هەڵدەسووێ. مهیرپەرست کەسێکە تەرکی خراپە و خۆویستی کردبێ و، لە شەڕی خوودێتیدا بە سەر هۆفی ناو ناخیدا سەرکەوتبێ، هوودای دایک بە هوودای خۆی بناسێ و، پێڕەوتی ناموس بێ. بە پێچەوانەی ئەو، هۆفی خۆویستێکی هوودانەناس و بێ ناموس و بێباوەڕە، لە ناو ناخیدا هۆف پێشڕەوتی دراوەتێ، لەزەت دەگرێ لە خراپەکاری و، لێی دەوەشێتەوە بە قازانجێک بەڵا بە سەر هەمووان دابهێنێ. مهیرهۆف لە نێوان مهیر و هۆف دایە، مهیرهۆف هەرکەسێکە لە خوودێتیەکەیدا مهیر لە پێشەوە بێ و، مل بە ملی لەگەڵ هۆفی ناو ناخیدا بکات، ویزدانێک لە ئەودا لە

کاردابێ، دەست و دەمی لە ئاستی بڵندی هۆفێتی هەڵببەستێ. نیشانەی ئاشکراش لە جوداکردنەوەی مهیر و مهیرهۆف ئەوەیە، کەسی مهیری دەم لە گۆشت نادات و نایهەوێ خوونی هیچ گیانلەبەرێک بڕشێ، بەڵام مهیرهۆف کەسێکە بە شێوەی سنووردار لە گۆشتی هەیوانە گیاخۆرەکان دەخوات. لەم هاخیری زەمانەدا، هیچ کۆمەڵێکی مهیری، یان مهیرهۆفی لە هاردیدا نەماون، هەموو ئەوانی هەنە کۆمەڵی هۆفین. بەشەر وقتهێک بە مهیرهۆف (مرۆف) ناوی دەدرێتێ، ئەگەرلە خوودێتیەکەیدا مهیر پێشڕەوتی گرتبێ و، هۆف وەپاش درابێ. لە مێژە لە ناو بەشەرێتدا هەڵگەڕانەوە ڕوویداوە، هۆف پێشڕەوتی دراوەتێ و مهیر هەتا دواهەنداز وەپاش دراوە. ڕووداوەکە قڵپکردنەوەیە، وەکوو گۆزەی قڵپکردراو و، سەرەنجام ترپاتی تەڕی تێیدا نەماوە. ناوی بێ ناوەڕۆک بە هیچ دەردێک ناخوات، ئەو بوونەوەرەی پێشترێ مهیرهۆف بوو، هەنەوکە لە ناوەرک بە تاڵ بۆتەوە و، هۆفێکە دەست لە بۆ هەرشتێک ببات کاولی دەکات. هەموو هێکێک هەتا ئەو کاتەی ڕسک و ڕەسەن لە بازنەی سرووشتیبووندا دەگوزەرێ، بەشێکە لە زیندەگی، ترازان لە سرووشت، جوودابوونەوەیە لەو کرۆکەی زیندەگی پێک دهێنێ، دەرەوەی کرۆک هێش و واوەیلایە، توویکڵ و چهارچێوێکە بە ناوی زیندەگی، هەموو هێکێک دهێشێنێ. هێمای دروستی زیندەگیکردنێ، سەر و دڵە، نەک قاچ و دەستەکان، لینگ ڕاکێشان و دەست هەڵشەقاندن خۆ نیشانەی هەندێ نینە، کرۆکی زیندەگی لە هیزرکردن و دڵخۆشیدا بەرهەست دێ. بە گەڕانەوەی مهیر و ناوەندگرتنی لە ناو لەش و دەرەوەی لەشدا، هەموو شتێک دەگۆڕێ، ئەو بەشەرێتەی لە ژین دابڕێندراوە، سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە کرۆک و، هەنگینێ دەرک بەو مەودایەی نێوان کاکڵ و کرۆک دەکەن. من هاتووم ناوەڕۆک بە ناو ببەخشمەوە و، بتانکەمەوە بە مهیر، یان بە مهیرهۆف. لەمڕۆوە دووڕیانێک لە گۆڕی نیهە، ڕێی نامووس بە تاقە ڕێ لە بەردەمتاندا دهێڵدرێتەوە، ئەوی بە ڕێی نامووسدا بڕوات، دەستبەجهێ دەروونی وەکوو باخاتی بهێشتێ دەپشکوێ، لە میانی مەرگیشدا گۆڕی لێ دەبێتە باخ و، لە ڕۆژی هەڵستانەوەشدا دەگاتە بهێشتێ.

## توێژی 02

هەی بەشەر! دەست بە نامووسەوە بگرە، ئەمە تەنافی ڕزگاریتە، بەدبەختی و ناشادیت بە هۆی هۆفەکەی ناوناختە، نامووس هێزت دەداتێ هۆف ببەزێنی، هەینێ مهیر بە پڕاوپڕی تیاتدا بڵاودەبێتەوە و، زهین و دەروونت ڕۆشن دەبنەوە، بەمەش لە خۆتەوە کامەران دەبی و، بە بەردەوامی شادی ئەزموون دەکەی. ئەوی دەست بە تەنافی قووتاربوون دەگرێ و، لە زەڵکاوی هۆفێتی دهێتە دەرێ، ئەرکێتی تەنافەکە بە ئەوانی

دیکەش بدات و تەقلای هەبێ، بەشکووم ئەوانیش زوو نەجاتیان بێ. هەورەکان، درەختەکان، گوڵ و گیاکان هەموو دەم شادن، چوونکوو مهیر تیایاندا پێشڕەفتە. ئەوی بیهەوێ ڕەدووی من بکەوێ، لە سەرێتی پێش هەموو شتێک لەگەڵ خوودی خۆی بجەنگێ، بجەنگێ و هۆفەکەی ناو خۆی ببەزێنێ. بە کەوتنی هۆف لە ناو خوودی خۆتاندا، کەوتنی هۆفیان لە سەرزەمین وەگۆڕێ بخەن. لە بیروباوەڕدا قووڵ مهیری بن، وقتهتێک بە تیر و تەواوی مهیرین، دەسەڵاتی هۆفیتی لە بەرپاتان وەکوو پووش وهایە. مهیری سەر بە تینە و، هۆفی سەر بە تەن، ئەگەر بە پڕاوپڕی مهیری بوون، هیچ دژەهێزێک تواناکانی بەشی ئەوە ناکات تێکتان بشکێنێ. لێکەوتەی چاکەی مهیر گشتەگیرە، کاتێک مهیر لە ناختان جهێ دەگرێ و چاک دەچەسپێ، ئەو دەمە نەک تەنەها لە ناختانەوە جوان دەبن، بەڵکوو ڕووی دەرەوەشتان لە جوانیدا دەدرەوشێتەوە، هاخر ناخ ڕەنگدەداتەوە و لە ڕووی دەرەوەدا بەرجەسدە دەبێتەوە. ئەگەر بە ڕووخسار شیرین نین و ناکەونە بەردڵان، هی ئەوەیە هۆف لە ناختاندا بە دەسهەڵاتە و، دێ لە سەر ڕووتان دەردەکەوێ. هەمیشە لە بیرتان بێ، مهیر لێکەوتەی تینە و تین هوودایە، هەموو گەردوون لە پێرستی مهیر دایە. مهیر چاکەیە و لێکەوتەی تینە، هۆف خراپەیە و لێکەوتەی تەنە. بەشەر لە تین و تەن پێک دێ، لە لێکەوتەی پێکهاتەکەیدا بە شێوەی مهیر- هۆف (مهیرهۆف) شێوە دەگرێ، لەگەڵ ئەوەش هەڵبژاردنی دراوەتێ، بیهەوێ بە لای مهیردا بکەوێ، یان بە لای هۆفدا، لە هەردوو باردا خۆی بەرپرسیارە، هەرخۆێتی پاداشت، یان سزا لە بۆ خۆی دیاری دەکات. کۆمەڵی بەشەرێت لە سەرەتاوە، ئەو دەمەی هێکەمین خێزانی لێ خوولکاوە، ڕێنوێنی دراوەتێ ڕوو لە مهیر و پشت لە هۆف بێ، ئەگەر دەبینن بەرەواژ چەرخاوە، ئەگەر دەبینن ملهووڕی و خۆڕێتی لێ وەشاوەتەوە، لۆمەی لە سەر خۆی دەکەوێ. نەشهەی زیندەگی لە مهیرە، کۆست و کەسەر لە هۆف پەیدا دەبن. مهیر دەستتان دەداتێ بە سەرخۆتاندا زال بن، هۆف لێتانی دەستێنێ. ئەوی مهیریی بێ لە ژێر کاریگەری ناوەوەی دایە، هۆفی لە ژێر کاریگەری دەرەوەیدا هەڵدەسووڕێ. زهینی بدەنێ، لەبەرئەوەی مهیر لە منداڵاندا زاڵە، هەمیشە شیرین و لەبەردڵانن، ئەگەر لە گەورەبووندا وها نامێنن، هی ئەوەیە هۆف تیایاندا هەڵدەکشێ. ڕای دروست ئەوەیە، مهیر بە ڕێوان بگرن، ڕووی بچووێنن بە قووڵاهیتاندا، بەمەش هەم دەچنە بەردڵان و، هەم مەینەتی و ئازارە هۆفکردەکان لە خۆتان دەتەکێنن. بەڵام وها بیر مەکەنەوە درک بە هەنگووستی هیچ هێکێکدا نەچێ، یان بەرد بەرپێی هیچ کێ نەکەوێ. لە بیرتان بێ، هەندێک لە ئازار و خەفەتەکان پێویستن لە ژیندا، ئەو ئازارانەن خۆشیەکان واتادار دەکەن، ئەو خەمانەن هەلی ئەوەتان دەدەنێ لە شادیەکانی پاشترێتاندا بە پڕاوپڕی لەزەت ببەن. پەتی و دروست بن لە ژینکردنێ، لە ساتی نەهاتی و ناهەمواربوونی ڕێ، پتەوبن و خۆتان بە دەستەوە مەدەن، کاتێکیش فەرەهانی ڕووی تێکردن، لەگەڵ هێکدی بەشی بکەن و، خروور

نەتانگرێ. هۆ خەڵکینە! گوێتانم بدەنێ، هەمن ڕێنوێنی ڕاستیەقینم، چاوتانم لێ بکەن، هەمن ڕۆشناهی تینم، بهێڵن بێمە ناوتانەوە، هەمن هاتووم ڕووناکتان بکەمەوە و لە تاریکی ڕزگارتان بکەم.

## تویژی 03

تووشی چاکە دەبن لە هووداوەیە، خراپەتان تووش دەبێ، لە نەوسی خۆتانەوەیە. نەوس پێکهاتەی تەنی بەشەرە، هوودا بەشە تینی بەرقرارە لە نەوسدا، مهیر لە تین و، هۆف لە تەن دەردەکەوێ. مێشک لە پێکهاتەدا سێیە لە هێکێکدا، خێزانێکە لە سێ خوودێتی پێک دێ،، لای چەپی مێشک لە خوودێتیدا کچە و لاگیری مهیرە، لای ڕاستی کووڕە و لاگیری هۆفە، ناوەندی مێشک دایکە، دایک لاگیرێتی ناکات. بەوەدا بزانن دەستهەڵاتی ناوەندی مێشک بە بەشەر خۆی دراوە، ئەوی پێی لە بەندی مهیر بێ، یان پێی لە بەندی هۆف، هەردووکی هەڵبژاردنی خۆێتی. ڕێی هەڵەت هەڵمەبژێرن، هەتا نەکەونە گرفتەوە. ئەگەر خۆتان ڕێ بە هۆف نەدەن، هۆف ناتوانێ تیاتاندا باڵا بکات و، دەست بە سەر سەرتاندا بگرێ. ئەو هەڵەت و پەڵەتەی لێتان وەشایەوە، مەیخەنە ملی کەسی دیکەوە، خۆتان بەرپرسیارێتی بیرکردنەوە و کردەوەکانتان هەڵگرن. چاکە لە مهیر دێ، مهیر لە تین، تین هەمیشە و بێ کۆتایە، لەبەر هەندێ کردەی چاک لە بۆ هەمیشە لە گازیلەکانی لەش تۆمار دەبێ و، هیچ وقتهێک ناسڕدرهێتەوە. بە پێچەوانەوە، خراپە لە هۆف دێ و، هۆف لە تەن، تەن-یش کاتی و بە تخووبە، ئەمەش وها دەکات ئەو گوونهەبارەی خراپەی خستۆتە تۆماری خۆی، هەلی سڕینەوەی بە دەستەوە بمێنێ. قەیناکە ئەگەر لە نەزانیدا هەڵەتێکتان لە دەست بقەومێ، هەڵەتی بێ قەسد و کردە پەشیمان، بە خراپە ناچێتە تۆمارتانەوە. هەرهێکێکیش هەتا زانستی هوودای نەگاتێ، چاکە و خراپەی بە پێودانگی هەقڵی خۆێتی، نەک بە پێودانگی ناموس. وەلێ هەرکە ناموسی پێگهیشت، باوەڕ بهێنێ، یان نا، چاکە و خراپەی پێودانگ بە ناموس دەچێتە تۆمارەوە. هەها بڕۆننێ، زهینێتی هوودای دایک کە ناموسە، چەندێک مهیربان و لێبووردەیە. هۆ خەتاکاران، خەنی لە خۆتان هەلی تۆبەکردنیان دراوەتێ، تۆبەکردنێک بە بنبڕی. هەرکەس بەدکار و، تەنانەت دڕندەش بووبێ، کاتێک تەرکی خراپەی کرد و بە دووهای لێخۆشبوونەوە ڕووی لە هوودای دایک کرد، گووناهەکانی سەری لادەچن، وەلێ تەرککردن بە تەواوی زهین و تەواوی دەروون تەناف نەبووبێ، کەڵکێ هیچی نیهە، تۆبەکاری بە زار، وەکوو تۆبە نەکرد وهایە. واوەیلا بەو کەسەی هۆفیانە دەمرێ، چوونکوو لەوێدا هەقیقەت دەبینێ، هەنگێ بەم دیتنە کردگەلی بەدی خۆی، لێی ڕاست دەبنەوە و تێی دهاڵێن، بەمەش گۆڕەکەی

لێ دەبێتە دۆخی دۆڵزاخ، پاشانیش لە ڕۆژی قیامەتدا دەستهاتی هۆفێتی وەردەگرێ و، لە دۆڵزاخ بە جهێ دەبێ. نامووس دادوەرە، بە هێندەی ناوکێکی هەنجیر، نە خێر و نە شەڕی هیچ کەسێک لە پێوانەی نامووس بە دەرنابن، هەموو هێکێک بە پێی هەندازی خێر و شەڕی کردەوەکانی، جهێ دەگرێ، مهیری لە پلەکانی دۆخی بهێشتێ، هۆفی لە پلەکانی دۆخی چاڵە زاخی گڕگرتوودا بە جهێ دەبێ. مانەوەی هۆفی لە دۆخی دۆڵزاخدا، بە هێندەی گووناهەکانێتی، کەنگێ پاک بووەوە، ئەوجا هێواش هێواش بە ڕاکێشانێک لە شێوەی مووگناتیس، جهێ گۆڕکێ دەکات و، لە پلەهێکی بهێشتیدا جهێ دەگرێتەوە.

## توێژی 04

کەس بە ناو لە خۆنانێ نابێتە مهیری، مەودای نێوان مهیری و هۆفی بە وشە نیشان نادرێ، بەڵکوو بە ڕەوتار و هاخلاقی هەڵسوکەوتکردنێ دەناسدرێنەوە. ڕێوان ڕێنوێنی داونەتێ، بە ڕێی ڕاست و بێ کەند و جۆم ڕوو بە نامووس بێن، بێن و سەرتان بهێنن تێڕامان بکەن. ئەوەتانێ ڕەنگی سووری زیندەگی، ڕووناکی و شیناتی هاسمانێ، زەردی ئاسۆ، نەرماهی خاک، ڕەوەزی شاخ، تەڕاتی باخ، هەمووی پێکهاتەی ئەم کرۆکەن. وەرن، نامووس بە دڵ و دەماخ بگرن و، لە ناوەوەڕا خۆتان لە پیسی و پۆخڵەوات خاوێن بکەنەوە. دیوی دەرەوەی لەش بە ئاو پاک دەبێتەوە، دیوی ناوەوە لە درەوشانەوەی مهیردا. دەی بێرن، خۆتان لە ڕووناکی هەڵکێشن، ڕابردوو تێپەڕێنن و سەرتان لە تڕۆهات خاڵی بکەنەوە. دروست وهایە، هەموو شتێکتان لە خۆتان وەدەرنابێ، هاخر نالوێ لە هێک کاتدا دیلیش بن و سەربەستیش بن، دیلی شتێکە و سەربەستی شتێکی دی. ئەگەر هێخسیری ڕابردوون و، هێشتانەکانێ خۆتان بە هەندێک لە پووچیهەکان بەستۆتەوە، قەت بە بنەڕەت مهیری نین و، بشتانەوێ ناتوانن واتا بە زیندەگیتان بدەنەوە، چوونکی زیندەگی بە خۆڕاپسکان لەو پوچیانەی ڕابردوو دەست پێ دەکات. باش بیخەنە گوێتانەوە، هەتا ئەو وقهتەی بە پێودانگی ڕابردوو دەپێون، هەتا دانیشتن و هەڵستانتان شێوەپێدراوی گۆزارگەلی پێشترێن، هەردیلن و هەردیل دەبن. سەرتان سەر نیهە، گووفەکە و هەزار بە هەزار پیسی و پووچی تێێدا کۆبۆتەوە. سەرتان بۆگەنی کردووە، کە زار دەکەنەوە زهەری لێ دەڕشێ. ڕابردوو لە ناوەوەڕا بە توووندی گەمارۆی داون، بەڵام مانەوە لە ناو ڕابردوودا مانەوەیە لە ناو هۆفێتی و پاساو نادرێ، گامرۆکە بشکێنن، وەکوو شکاندنی دیواری زیندانێکی هەزاران ساڵە و، وەرەنە ناو ئەمڕۆتانەوە. ئەمڕۆ ڕۆژی سەروەری و مهیرە، سەر و دڵتان بە نووری نامووس ڕووناک بکەنەوە و، هازربن بەرەو فڕین و چوونە

هاسمانیٚ، فڕین باڵی ناویٚ، دەتوانن بە دڵ و دەماخ بفڕن. مهیریبوون لە وێنەی باخ بخەنە زهینی خۆتانەوە، باخ و باخەوان هەرخۆتانن، باخداری نەکەن و ئاگاتان لە خۆتان نەبیٚ، باخ نامێنن و دەبنە پووشەلان، لەبەرهەندیٚ ئەوجۆرەی باخەوان دەستی لە ناو باخەکەیتی، هەمیشە دەستتان لە ناو سەری خۆتان دابیٚ و باخداری تیێدا بکەن. مهیریەت بەخشینە، هەموو هەبوونتان بە هێکدی ببەخشن و، هێکێتی بەرپا بکەن. خۆشی و خەمەکان، هێمنی و هەستەکان، لەزەت و خواردنەکان لەگەڵ هێک بەش بکەن، هیچ لە خۆتاندا مەهێڵنەوە بەشی هێکدیتان لێی نەدابیٚ. هاوسێکەت برسی بیٚ و خۆت تێر و پڕ، هاوسێکەت سەرما بیبات و خۆت گەرم و گوور، هاوسێکەت بیٚ بەرگ بیٚ و خۆت پۆشتە و خڕ، هاوسێکەت هیلاک بیٚ و خۆت هەساوە، لە مهیریبوونت بەدگوومان بە، چوونکوو هاوسیٚ کەسی تۆیە، ئەوی لە کەسی خۆی بیٚ هەبەربیٚ، لە بیروباوەڕی خۆی بای داوەتەوە و وەرگەڕاوە. هەی باوەڕدار! لە سەرتە هەڵسوکەوتت لەگەڵ هاوسێکەت، وەکوو قەرزدارێک بیٚ، کە قەرزەکەی دەداتەوە. بە چاکەکردن لە خۆتان نەگۆڕێن، هەرفیز و لووتبەرزیکردنێک کردەی هۆفانەیە. خاکی بن، وەکوو خاک ببەخشن و سادە و نەوی بن. بە هیچ هەنجەتێک ڕیٚ نەدەنە خۆتان لووت بڵندی بکەن بە سەر خەڵکیدا، ئەگەر خوازیاری گهیشتن بە فەزیلەتن، چاوان لە خۆرهەتاویٚ بکەن، ئەوەتانیٚ خۆرهەتاو لە بۆ هەمووان دەدرەوشێتەوە. لە مهیریبووندا پلەی بەرزی فەزیڵەت درەوشانەوەیە لە بۆ ئەوانیدی، سووتانە لە بۆ ڕۆشنبوونەوەی کەسانی دیکە، کەسانێک کە نازانن کێن و لە کوێن!.چاکە کردن سەودا و گۆڕینەوە نیهە، هەرکەس باشە باشبوونەکەی لە بۆ خۆێتی و، باشیکردنەکانی نابنە قەرز لە سەر هیچ کەس. چاکەی ڕاست و دروست ئەوەیە، بیکەی بەبیٚ چاوەڕوانی. لە زاری پێشینانی کۆمەڵی کووردهەواریدا گووت دراوە: چاکە بکە و بیدە بە دەم ئاودا. ئەم گاتایە ڕوونی دەکاتەوە، پێشینانی ئەو هەوارە بە پلەی فەزیلەت ژیاون. هەنەوکەش وەکوو هەینیٚ، کۆمەڵی کووردهەواری وەکوو دایکی جێهانیٚ، بە پێشهەنگ دەردەکەویٚ و، لە کەسێتی خۆیدا پلەی فەزیلەت بە دید دهێنیٚ.

## توێژی 05

میٚ شێوەگرتنی مهیرە، هەرشتێک دژ بە شێوازی دایکێتی جهیٚ و ڕیٚ لە ناو مێدا پەیدا بکات، وەکوو کەوتنی مهیر بەرامبەر بە هۆفێتی واتای دەدرهێتیٚ. ئەگەر میٚ ڕک و کینەی بەرامبەر بە میٚ هەبوو، یان بە هەرهەنجەتێک چاوی بە میٚ هەڵنەهات، با لە مهیریبوونی خۆی بەدگوومان و، لە نەقسی گەورەی مێهێتی خۆی دڵنیابیٚ. لە کۆمەڵی بەشەرێتدا، میٚ بەشی مهیر و، نێر بەشی هۆفی کۆمەڵەکەن. میٚ ئەرکێتی، هامی

مێهێتی خۆشبوێ، ناخی خاوێن ڕابگرێ و، وەها بکات ڕووناکی هوودای دایک لە ڕوویدا دەربکەوێ، بەشکووم ئەو ڕووە ڕووناکەی ببێتە هوودا لە بۆ نێران و، لە تاریکی دەریان بهێنێ. بانگەشەی مێبوون بە نیشاندانی ڕووکەشی مێهێتی، بە ڕاست ناگەڕێ، جەوهەری مێ ڕسکانی مهیرە، لە بزاوتی قامکی پێ، هەتا تاڵەکانی پرچ. کاتێک مهیر بە پڕاوپڕی لە مێدا ڕسکا، ئەو دەم مێ هەقێتی خۆی بە جهێنیشینی هوودای دایک بزانێ، بەڵام هەقی نیهە بە شێوەی تاکێتی، وەها خۆی بە ئەوانیدی بناسێنێ، چوونکی مەیلی گەورێتی بە سەر خەڵکیدا، ویستێکی هۆفیانەیە. لە ڕاستیدا نە ژن و نە پیاوی بە کاکڵ ئەوە نینە وا لە سەر زەوین، ئەو ژن و پیاوانەی هەنە شێوەپێدراوی هۆفین. باش بزانن چ تاقتان سەرڕاست نین، هەنگۆ خۆ ڕەدووی هەق و ناهەقی نەکەوتوون، بەڵکوو بە دووی شتانێک کەوتوون، کە وەکوو ڕاست و ناڕاست خستووتیانە سەرتانەوە، کەسیشتان پێوەری ناسینەوەی ڕاستی و هەقتان لە سەردا نیهە، لەبەر هەندێ بوونەتە دەرد و بەڵا بە سەر سەری هێکدیەوە، دەقەزارن و لە بەر هێک هەڵدێن. لەمەوپاش پێودانگ بە نامووس بجوولێنەوە، مێ باخ و نێر باخەوانە، هەردووکیان لەسەریانە ئەم جەوهەرە بە بنەما بگرن و، ئەوها هەڵسوکەوت بکەن. ژن هەقێتی لە وێنەی باخ خۆی ببینێ، باخ هەرچەند ئاو بدرێ و خزمەت بکردرێ، لە خۆی ناگۆڕێ، بەڵکوو پتر جوانی و گوڵاو بڵاودەکاتەوە. پیاو ئەرکێتی ڕێک ئەوجۆرەی باخەوان بیر لە باخ دەکاتەوە، ئەوها بیر لە ژن بکاتەوە، هیچ باخەوانێک گوڵ ناپروێنێ و پێ نانێ بە سەریدا، بەڵکوو دڕک و داڵی لێ بژارد دەکات و ئاوی دەداتێ، هەموو هەوڵێکی لە پێناوی ئەوەیە باخەکە لە گەشەکردنێ بڕواتە پێشێ و، ڕۆژ لە ڕۆژ جوانتر دەربکەوێ. ئەو ڕووەی جوان دهێتە بەرچاوان و، بە دوویدا زوانی جوان و ڕەوتاری جوان ناهێ، وەکوو ئەو جامە ئاوە وهایە، وقتهێک دەیخەنە سەرلێوتان دەبینن پڕ لە خڵتە، لای دەدەن و نایخۆنەوە. جوانی دوو دیوە، دیوی ناوەوە و دیوی دەرەوە، ئەو ژنەی لە ڕووخسار و لەشولاریدا جوان و نازدارە، هەروەکوو تابلۆی سەردیوار وهایە، بەڵام کەسێتی ژنی ناخجوان و مهیربان لە وێنەی گوڵزار و باخ خۆی دەنوێنێ. جوانی لە ناوەوەڕا دهێتە دەرێ، لە زهین و دەروونەوە سەردەکات و، لە گڵێنەی چاوان و، نەرمەی لێوان و، لە زمانی قسان لۆنی خۆی دادەنێ. دڵخۆشی و پێکەنین جوانی دهێنێ و دەی نەقشێنێ، لە خۆتان بنۆڕن و ببینن چلۆن ئەو دەمانەی زەردەخەنە ڕووی تەنیون، هەمووتان دەچنە بەردڵان و، دارای ڕووخساری جوانن. دڵخۆشی بخوولقێنن و بیپارێزن، لە دەوامی دڵخۆشیدا بە لاوی و تەندروستی دەمێننەوە، پێستی ڕووتان بە ڕەونەق و، پرچەکانتان بریسکەدار دەبن، هاخر لە هەستی دڵخۆشیدا لەرەلەری شەپۆڵەکان هاوسەنگی بە لەشدا دهێنن و، خانەکان زوو تازە دەبنەوە، ئەمەش جوانی و لاوێتی دەپارێزێ. ئەوە زانستێکە، بەشەرێت لە دەمی پەیدابوونی، پێی زانیوە و بە هەند گرتیتی. لە پێشینانی کووردەهەواریدا گووت دراوە: قژ ئاو لە دڵ

دەخواتەوە. ئەم گاتایە نیشانتان دەدات پێشینان دەیانزانی کە لە دڵخۆشیدا قژ بە باشی گەشە دەکات و، جوانی و ڕەونەقی تێیدا بە دید دێت، لە خەمگینی و بێتاقەتیشدا گەشەکردنی لە کوورتی دەدات و کزۆڵ دەبێ. قژ پێکهاتێکە و بە وێنەی لێ فێربوون گوزارشتەکە دراوە، ئەگەرنا لێکەوتەکە چ خێربێ و چ شەڕ گشتەگیرە لە سەر هەموو پێکهاتەی بەشەردا. توڕەهی و بێزاری و دڵتەنگی لە بیری هۆفەوە دێن، نیانی و خەندە و دڵشادی لە مهیریەوەن. ئەو دەمەی هۆف دەیهەوێ وەڕستان بکات و دڵتان دەگووشێ، دامەنیشن و خۆتانی مەدەنە دەستی، هەڕوون لەگەڵ دۆستان هاونیشینی بکەن و دەستدەنە دەمەتەقێ، وها بکەن قاقای تێ بکەوێ. پێکەنین هێزە، بە خەندان ڕووبەڕووی دەرد و نەخۆشیهەکان بوەستنەوە و لە ناویان بەرن. لە شیرینگفتاریدا لێوەکانتان سەرنجڕادەکێشن، لە ڕووخۆشیدا چاوەکانتان دڵ دەڕفێنن، ئەو دەمەی منداڵێکتان لە هامێزە و بە پەنجە هووردەکانی گەمە بە پرچەکانتان دەکات، ئەو دەمە پرچەکانتان دەبریسکێنەوە، چوونکە منداڵ بە پڕاوپڕی مهیرە، شەپۆڵەکانی لێی دەردەچن خێر و بەرەکەت بە سەر سەرو قژتاندا بڵاودەکاتەوە. جوانڕێژبن، هیچ قوورس نیهە، دەتوانن وها بکەن جوانی لە شوێن پێیەکانتاندا بە جهێ بمێنێ، هەروەکوو بە جهێ مانی بۆنی گوڵاو، پاش ئەوەی گوڵاوگێڕ دەڕوات.

## توێژی 06

دەبوو ڕەگەزی دایک بناسن و کرۆکەکەی بخەنەڕوو، پاشانەکە بنەما لە سەر ئەو ناسینە، ڕەگەزی کوور بناسن. بە گێرەی هاوسەنگیە گەردوونیهەکان، پیاو لەودیوی ژن جهێی دراوەتێ، دەبوو بە پێناسەی ژندا تێبپەڕن لە بۆ دەستبەرکردنی پێناسەی پیاو، بەڵام قەت ئەو کارە چاکەتان لێ نەوەشایەوە. ناسینی ژن هاڵۆز و سەخت نیهە، شیفرەی هەیە، لە خۆتان بپرسن: لەبەرچی چ تاقتان ئەوەتان نەزانی و، شیفرەی هەقیقەت نەکەوتە بنەبانی سەرتانەوە؟ بڕۆننێ، بەم هەموو کەرستە و ئامرازە جووداجۆرانەی سازتان کردوون، هێشتاش خۆتان نەناسی و، هەر لە جاهیلیدا مانەوە، هیدی لافی چ زانین و زانستێک لێ دەدەن؟ هەنەوکە وا خەریکن لە تێپەڕین بە ناموسدا پێ بە پێ مێ دەناسن، جا لێکیبدەنەوە چ شەرم و هابڕووچوونێکە نە ناسینی ڕەگەزی دایک. شەرم بتانگرێ، ئەو سەرە هۆفە کەچ بکەن ها بە ملتانەوە. ڕۆژی ڕوو قایمیتان دواهی هات، هەقە ڕووی خۆتان ڕەش بکەن و، بچن لە بەرپێی دایکاندا تەختی زەوی بن. هەرکەس ڕەگەزی دایک نەناسێ، هیچ نەناسێ و هیچ نازانێ، دەی خۆ هەنەوکە هەقڵتان پێی دەشکێ و دەزانن لە نەزانێک زیادتر نەبوون! دوو هەزار و هێندە ساڵ پێش دەرکەوتنی من، پیاوێک لە سەرزەمینی یۆنانێ گووتبووی: "هەمن

هێک شت باش دەزانم و، خەڵکانی دی نایزانن، هەمن دەزانم کە بە ڕاستی هیچ شتێک نازانم." قەسەم بەو ئاوەی زیندی و مردی پێ دەشۆردرێ، ئەگەر ددان نەنێن بە نەزانی خۆتاندا، قەت سەرتان بە زانین هاوس نابێ. نامووس زانینی ڕاستیەقینی داونەتێ، پاتەوپات لە زهینی خۆتان دایبچێنن و دەقی پێوە بگرن. گۆزە بە هێندەی قەبارەی خۆی ئاو هەڵدەگرێ، تینی هەربوونەوەرێک و هەرڕەگەزێکیش بە هەندازەی جۆرێتی قاڵب و قەبارەی خۆێتی، تەماشای لەشی مێ بکەن، زەق زەق جوودایەزی قاڵب و قەوارەی، ها بە بەرچاوانەوە، ئەگەر هۆشتان هەبێ، ئەمە نیشانەی ئاشکرایە، هەر ئەو نیشانەیە جوودایەزی جۆرێتی و چەندێتی ئەو برە تینە نیشاندەدات، ئەوەی ڕەگەزی دایک هەڵیدەگرێ. تین و توانامەندی پیاو چ لە دڵاوەری، چ لە هاقڵمەندی و هەستەوەری، تەنانەت لە باری جەسدەش بەرهوورد بە هی ژن برێکی کەمە، سەرەڕای ئەوەش لە دابەشبوونی ستوونی دایە و، زیێدەتر لە ماسووڵکەکانیدا چڕ بۆتەوە، لە کاتێکدا تین و توانای ژن بە شێوەی ئاسۆهی و پانی بە سەر هەموو پێکهاتەی لەشیدا بەرقرارە، لەبەرهەندێیە ژن هاوسەنگ و پیاو لاسەنگە. ڕەگەزی نێر لە سەرجەمی پێکهاتەیدا نەقسی هەیە و تەواو نیەە، درۆی دێرینەی ناساندنی پیاو بە هاقڵ و، ناساندنی ژن بە ناقس، نەقسەکەی پیاوی قووڵتر کرد. هەرێ وهالە، پیاو لە هەردوو باری جۆرێتی و چەندێتیدا، نەقسی هەیە لە تین، تەنەها و تەنەهاش ژن دەتوانێ ئەو نەقسەی پیاو پڕ بکاتەوە. تینی مێ زۆر و زیێدە جۆرە، ئەو دەمەی مێ پێ دەنێتە ناو قۆناخی دایکاتی و، منداڵ بە دوونیاهێ دهێنێ، تواناکانی پتر دەڕژنە سەرێ. بەوەدا هەندازەی تینی ڕەگەزی دایک بناسن، ئەوان منداڵ دەخوولقێنن. لە هێکەمدا هوودای دایک تەنێ خوولقاند و، بە دووشیدا توانای خوولقاندنی بە دایکان دا. توانامەندی دایک لە باری جەسدەش دەگاتە ئەوەی بەرگەی جار لە دوو جاری ئازاری زاین بگرێ، ئازارێک بە ڕادەی شکانی هەفت هێسکان. خۆ دایک پێشوەقهت دەزانێ منداڵبوون بە قووڵی دەیهێشێنێ، سەرباری ئەوەش بێباکە لە هێشان و، هەڵقەی زیندەگی دەبەستێ، پاشانیش بە هۆی شەپۆڵەکانی دڵ و دەماخیەوە، نەسرەوتانە لە سۆراخی منداڵەکانێتی و، ڕۆژ هەتا هێوارێ هێک بە هێکیان بە سەر دەکاتەوە. دایک دڵی هەبەر دەدات و دەتوانێ لە دوورترین مەودا بە دۆخی ڕۆڵەکانی هاگاداربێ. هاودەم لە هیزرکردندا هووردەکاری زیندەگیکردنی تاق بە تاقیان دهاخنێتە هیساباتی خۆیەوە، بەبێ ئەوەی چ تاقیان بپەڕێنێ. لە ڕاستیدا مێ بەر لەوەی بە خوولقاندنی منداڵ دایکێتی خۆی بەرجەسدە بکات، بە تایبەتمەند دایکە. شێوازی دایکێتی، شێوازی مێیە. دڵی مێ لە بۆ هەمووان بە خورپە دەکەوێ، تەنانەت لە بۆ مار و مێرووش. ڕێی لێ نەبەستن، مێ نایهەوێ پێ بنێ بە بنچکی گیادا، هەق ناداتە خۆی قەد و قامەتی هیچ گوڵ و گیاهێک بشکێنێ. مێ بە دروستی هیزرین دەکات، هیزرکردنی لە بازنەی مهیرە، بە ئاسۆهی و پانی شێوەی دهێتێ و گشتەگیرە. مێ هەمووانی خۆش دەوێن، چەمکی

"هەمووان" لە زهینی ڕەگەزی دایکدا، تەنەها لە تخووبی کۆمەڵی بەشەریدا چەق نابەستێ، کۆمەڵانی زیندەوەر هەمووێتی. خاک و ئاو، گژوگیا، مار و مێروو، باڵدار و بەبێ باڵ، هەموو وەکوو هێکێتی لە ناو سەری مێینەدا واتایان دراوەتێ.

## توێژی 07

مێ کرداره و نێر کاردانەوه. مێ دایکه، ژین به هاردی دادهێنێ، نێر له هەمبەری کاردانەوه نیشان دەدات و، مەرگ پێش دەخات. لەبەرهەندێ به زانستی هوودای دایک، نێران له ڕێکخستنی پێکهاتەی گەردوونێ وەپاش دراون و، ڕەگەزی دایک به ڕێوان هاتوون. هەنەوکه له سەر هەرزی، ڕێکخستنەکه تێک دراوه، به هاتنه پێشەوەی نێر و خۆسەپاندنی به سەر ناوەندێتی دایکدا، زیندەگی له بەشەرێت هەڵگێڕاوەتەوه، ئەمه شتێکه هەردەبوو ڕووبدات، چوونکی بەشەرێت خۆڕی بوون و پێ له بەندی نامووس دەرچوون. نامووس زهینی هوودایه، ئەو زهین و زانستەیه شێوەی به ڕێکخستنی کۆمەڵانی گەردوونێ داوه. له هەمان بازنگدا، پێڕستی خەڵک به مهیر کرداره، کاردانەوه نیهه، کاردانەوه له هۆفێتی بەرجەسده دەبێ، وەلێ هیچ وقهت ناتوانێ جەوهەری کردار ببەزێنێ. له مهیریاتدا خۆشەویستی و، له هۆفیاتدا ڕق بەرهەم دێ، هێکەم خێر و دووهەم شەڕه. له هەردوو باری گشتێتی و تاکێتیدا وهالەیه، هۆفی پەلامار دەدات، مهیری له دۆخی بەرخۆداندا دەمێنێتەوه. خۆ پەلامار بەس کرداری پێلاقه و دەست وەشاندن نیهه، پەلامار هەیه زەرەکی، هەیه به نیگای چاوان. هۆفی دێ و دەیهەوێ هەتۆی مهیری وەکوو خۆی لێ بکات، به گژت دادێ، به جوێن و سووکایەتیپێکردنت هەراسانت دەکات، هەنگینێ هەتۆ به ددان به خۆداگردنت دەیبەیتەوه، هێمنێتیت زاڵێتی تۆیه، هەڵپه و هەڵچوونت بردنەوه و زاڵێتی هۆفه به سەر تۆدا. هێمن و خاودەمار به، ئەو دەمەی ئاشووب بەرۆکت پێ دەگرێ، مەپەشۆکێ و خۆت مەده دەست گرژی، به جۆری هەڵسوکەوتکردنت نیشانییده زاڵتر و به دەست تریت، هەر بەڕاستهیش ئەوهایه، مهیر تینه و هۆف تەنه، تین هەمیشه له سەرووی تەن دێ.

## توێژی 08

دوونیا به خەمەوه مەگرن، هەروەکوو منداڵ به خەم نایگرێ. کات هەموو شتێک دەگۆڕێ، نەمام دەکات به درەخت و درەختیش به خەڵووز. هەموو زیندەوەرێک دارایه به کات، کاتیش سێیه له هێکێکدا، دوونێ و ئەوڕۆ و سبەینێیه. دوونێ

ڕۆیشتووە و سبەینێ نەهاتووە، هەمووان لە ناو ئەوڕۆکەن. بە چ لۆنێک ئەوڕۆکەتان بنەقشێنن، پاشەڕۆژتان بە لۆن و نەقشەکەی خۆتان شێوەی دهێتێ. مشدەم داونەتێ زیندەگی هێکێک نیهە، بەڵکوو سێیە لە هێکێکدا، هاخر هوودای دایک سێیە لە هێکێکدا، بۆهێ هەموو شتێک لە دوونیاهێ بە ڕێکخستنی سێهانی هەڵدەسووڕێ. هەموو شتێک چ هوورد و چ درشت، بە سێهاتەی ڕەگەزی لە مێ و نێرەمووک و نێر، بە سێهانەی خوودێتی لە کیژ و دایک و کووڕ، بە سێهانەی ئاستبەندی لە ئاسۆهی و پانی و ستوونی بەرجەسدە دەبێ. گەرمی مێیە، فێنکی نێرەمووک و ساردی نێرە، تەڕی مێیە، کزری نێرەمووک و هیشکی نێرە. ڕووناکی مێیە، لێڵی نێرەمووک و تاریکی نێرە. خەڵکینە! هەڵتەکێن بەرەو ڕووناکی و ڕەنگینی ، وەرن لەبەر ڕووناکیدا هەموو شتێک بە شێوە و ڕەنگە دروستەکەی ببینن و، هێکێتی پێک بهێنن. ئەوەی بە ناوی دین و فەلسەفە و زانست هێندراونەتە گۆڕێ، خۆ بزرکردنە لە ناو مقۆمقۆی چیناتیدا، ئەوەتانێ لە ناموس ڕابمێنن و ببینن، وا دین و زانست و فەلسەفە لە ناو هێکدین. لە چەرخی تاریکیدا هێکێتی هەڵوەشایەوە و سێهانەی کرۆک لە هیچ شتێکدا نەهێڵدرا، لەو سەروبەندەی ئەو دەمیشدا، ئەم سێهانە لە هێکدی ترازێندراون، هەرئەم ترازانەش وهای کرد چ تاقیان بە تەنەهێ قوودرەتی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی بەشەرێتی نەبێ. هەنەوکە هەرسێکیان لە هێکێتی دان، وەڵامیش بە هەموو پرسیارەکان دراونەتەوە. خەڵکینە خەنی لە خۆتان بارتان سووک بوو، سەرتان هەسایەوە، هیدی لە هیچ شتێک دۆشدانامێنن، ناموس هێزی ئەوەتان دەداتێ، لەمەوپاش هەرپرسیارێک کەوتە سەرتانەوە، خۆتان بتوانن هاسان وەڵامەکەی چنگ بخەن و، بە جۆشەوە زیندەگی بقەتێنن. دروست وهایە لە وێنەی ڕووبار زیندەگی بناسن و لێی تێبگەن، ڕووبار نەوەستاو و بێ دووبارەیە، هەرئەوهاش زیندەگی دەڕوات و، ڕۆژان چ تاقیان لە هێکدی ناچن. نە ئەوڕۆ وەکی دوونێکەیە، نە سبەینێ وەکوو ئەوڕۆ دەبێ. هەموو ڕۆژ ڕۆژێکی نوێیە، ئەگەر لێی دەقەزارن و هەست بە دووبارەبوونەوەی دەکەن، هی ئەوەیە کرۆکی زیندەگیتان لە دەست چووە و، بە تەنەها قاوخەکەیتان بە دەستەوە ماوە. ئێستانەکانێ ئەو قاوخە دەتانگووشێ و، هیچ ناهەق نین کە دەتانهەوێ لێی هەڵبێن. لەزەت و خۆشنودی لە دووڕ کرۆکەکەیە، قاوخ بە تەنەها واتایە لە تەنی ڕەقی زیندەگی، تەنێک هەروەکوو توێکڵە گوێز، لە کاتێکدا وزە و تامەکە لە کرۆکی گوێزەکەیە، توێکڵ لە چاو کرۆک هەرهیچ نیهە. ئەوڕۆ من لێرەم، لە سەر ڕووی زەمین، زیندووتان دەکەمەوە و دەتانگێڕمەوە کرۆکی زیندەگی. شووکرانەی دەوێ، شووکری هوودا بکەن، وا هات و لە تاریکی و تەنگەبەری دەری هێنان و، ڕوو بە ڕووناکی ڕێی داونەتێ. لەوڕۆوە نەکەس تەنەهایە و نە کەس بێ هێزە، من لەگەڵتانم، بیر لە جەسدەم مەکەنەوە، لە هەرزەمان و زەمینێکدا، بە تەک خۆتانەوە هەست بە

هەبوونم بکەن و، هێزم لێ وەربگرن. من لە هەموو کات و لە هەموو جهێ ڕووناکتان دەکەمەوە، هەروەک ئەوەی هەتاوی هاسمانێ هەمووان ڕووناک دەکاتەوە.

## توێژی 09

هەی باوەڕدار! ئەگەر مهیریت و چاوانت نادرەوشێنەوە، لێوانت بە زەردەخە لە هێک جوودا نابنەوە، ئەگەر سەما و هەڵپەڕکێ ناکەی و، زمان لە بۆ ستران نابزێوی، کەواتە لە مهیریبوونت بەدگومان بە، سەرزەنشتی خۆت بکە سەبارەت بەوەی نەچوویتەوە سەر دایکت و، نەکسێکی بنەڕەتی تیاتدا جهێی بۆتەوە. دایک خۆڕسک و ڕەسەن ئەو باشیهانەی تێیدا بەرجەسدەن. بە بیرتی دهێنمەوە، هەتۆ ساوابووی و، چاو و گوێت بە هوونەری دایکاتی کردرانەوە، دایکت لە هامێزی گرتووی و، بە دەم سەماوە ڕایژەنیوی، لایلایەی لە بۆ گووتووی، ڕووی بە خەندە تەندراوی نیشان داوی، چاوەکانی وەکوو خۆرهەتاو بە سەر سەرتەوە درەوشاونەتەوە. هەتۆ لە ناو ئەم کەشە دڵنیشینەدا زمانت گرت و سەرپێ کەوتی، هیدی چلۆن ڕێ بە خۆت دەدەی لەگەڵ گەورەبوونتدا لە هوونەر بە تاڵ ببیتەوە؟ چلۆن دەتوانی دەست و دڵت لەگەڵ ژین و دین ڕەق بکەی؟ ئەوی لە هوونەر بە دووربێ، لە جوانیهەکانی هوودا دوورە. هوونەرەکان بە هووداتان دەگهێنن، گهیشتن بە هووداش سەنگینی و شکۆداری دەبەخشێتە بەشەری. ساویلکانەیە ئەگەر هێکێک وها بیربکاتەوە، ئەو کاتە سەنگینە کە پێ نەکەنێ و هەڵنەپەڕێ، یان سروود و ستران نەهێ بە زاریدا. هۆپێک لە خۆتان بکەن و، سەرتان لە پووچی و پۆخڵەوات خاوێن بکەنەوە، دروست وهایە هوونەر بخەنەوە کرۆکی زیندەگیتانەوە، بخەنەوە ناو کاروباری ڕۆژانە و، چیدی لە خۆتانی جوودا نەکەنەوە، ڕێک وەکوو ئەو دایکەی قەت کۆرپەی تازە بە دوونیاهاتووی لە خۆی دێر ناگرێ. ژن هەقێتی لاواندنەوە بکات، هەقێتی بە سەر دایک و، بە سەر مێ و منداڵ و، بە سەر جوانی و نازداری سرووشتدا گۆڕانی بخووینێ، وەلێ ڕێی نەدراوەتێ بە سەر باڵای نێردا هەڵبڵێ، تەنەها ئەوکاتە نەبێ، کە پێداهەڵدانەکە لە ستایشی جوانمێری و مهیرپارێزیدا بگووتدرێ. پیاو لە سەرێتی بە سەر دایک و، بە سەر مێ و مهیربانیدا هەڵبڵێ، نازداری و قەشەنگێتی سرووشت بە مێ گرێ بداتەوە و، هەزار بە هەزار ئاوازی دڵرفێنی لە ڕێدا بهۆنێتەوە. بەم چەشنە مێ و نێر هەردووک، ئەرکدارن کار و زیندەگی و زەماوەند وەکوو سێ لە هێکێکدا ببینن و، نەهێڵن کار و ئاهەنگ لە هێکدی جوودا ببنەوە. دەی خەڵکینە دەستتان لەگەڵ زیندەگی نەرم بکەن، لە هەناوی هەموو کاروبارێکدا ئاهەنگ بهێنە دەرێ، بیانوو بگرن لە بۆ خۆشیکردنێ، هێکدی بهەنگ بکەن و لە ماڵان ئاهەنگنیشین بن. دەربڕینی خۆشی و

هوونەرڕفتتاری، نە کات و، نە شوێن و نە تەمەنی نیهە، چ منداڵان، چ لاوان و چ پیران لە هەرزەمان و زەمینێک پەلی هێکدی ڕاکێشن لە بۆ سەما و شاهی، هانی هێک بدەن لە بۆ دەنگبێژی، هوونەر کۆرپەلەی ژینە، بیخەنەوە هامێزی دایکیەوە. بە بیرتان دهێنمەوە، چاکەی هوونەر فەرە چاکەیە، هەم لە بۆ خۆتان و هەم لە بۆ ئەوانیدی، ئەوکاتەی سەرگەرمی هوونەرن، شەپۆڵەکانی مهیر بە ناوەوە و بە دەرەوەتاندا بڵاو دەبنەوە، هاوسەنگی بە پێکهاتەتان دادهێنێ و پێی ئاسوودە دەبن، سەرباری ئەوەی کە هەرهێکێک بە خۆتانەوە دڵخۆش بکەن، خێرتان دەگاتێ و چاکەیە دەچێتە تۆمارتانەوە. ئەمڕۆ بڕوێنن، سبەینێ لە بەرهەمەکەی بخۆن.

## توێژی 10

هەموو کارێک نازی دەوێ و بیدەنێ، زاری ئاوازی لە بۆ بکەنەوە، هەنگڵی لە بۆ هەڵشەقێنن و خۆتانی لە بۆ بابدەن. لە بیرتان بێ کارە قوورسەکان لە بۆ باوەڕدار سووک و، کارە سووکەکان لە بۆ بێباوەڕ قوورسن. ئەو دەمانەی باوەڕ بە کارێکەوە دەتانبەستێتەوە و، کارەکەتان خۆشدەوێ، چیدی پێی شەکەت نابن، بەڵکوو لەزەتی لێ دەبەن. کار بەبێ مەیل و لەزەت لێبردن ناڕواتە پێشێ، سادەکاریش بێ لێتان دەبێتە کوونکردنی کێو بە قووڵێنگان و، تاقەت دەپڕووکێنێ. هەق وهایە باوەڕ و سۆز تێکەڵ بە کارەکانتان بکەن، بە چێش لێبردنەوە بیانکەن و بە ئەوینداری دەستیان لە بۆ ببەن، وەکوو دەستبردن لە بۆ گەردەنی یاران. کەرستەی کارەکەشتان هەروەکوو کارەکە خۆشبوێ و نازی بدەنێ، هەینێ هاسان خۆی دەدات بە دەستتانەوە. لهۆنەیە هەموو کەس بتوانێ شیو لێبنێ، بەڵام هەموو کەس کابان نیهە. کابان کەسێکە ناز بە چێشتەکەی دەدات و لەگەڵیدا دەدوێ، پێی دەڵێ بە تام و چێش بە، ئەویش بە قسەی دەکات. هیسای کووڕی مریەمێ ڕاستی گووت، ئەو دەمەی باوەڕت پتەوە و بە خۆشەویستیەوە بە بەرد دەڵێی بجولێ، بەردەکە بە قسەت دەکات و لە جهێی خۆی هەڵدەستێ. لە ڕاستیدا لاواندنەوە و قسەی خۆش بەرد نەرم دەکات، بەرد زیندەوەرێکی هەستەوەرە. ئەو وەستایەی دیوار هەڵدەچەنێ، ئەگەر لەگەڵ خشتەکاندا دۆست و دڵدار نەبێ و خۆشەویستیهان نەداتێ، دیوارەکان بەبێ نەقش و بە بێزاری بڵند دەبن. لە کۆمەڵی بەشەرێتدا، هەموو هێکێک تایبەتە، کاری هەرکەسێکیش تایبەت و دانسقە دەبێ، ئەوکاتەی کەسەکە بڕوای بە تایبەتبوون و توانای خۆی هەیە، ئەگەر لە ترسی لۆمە، یان بە هوومێدی ستایش کارەکەی نەکات، بەڵکوو بیکات لە بەر ناو ناخی خۆی و، لەبەر ئەوەی کارەکەی خۆشدەوێ و لەزەتی لێوەردەگرێ، لەزەتێک لە ناوەوە و باڵاتر لەوانی باو و سوواو، هەنگێ دەستی شاکاری لێ دەردەچێ. یەقین وەری بگرن،

به هەشق و نازپێدانەوە دەست لە هەرشتێک بدەن، ئەو شتە دەبێتە شتێکی باشتر لەوی پێشتریː. بە پێچەوانەشەوە دەستی بێزاری و بێتاقەتی لە بۆ هەرکارێک ببردریː، ئەو کارە هاسان خۆی نادات بە دەستەوە و، قوورسە داهێنانی تێیدا بە دید بیː. هەموو پەیوەندی بە شەپۆڵەکانەوە هەیە، ئەوە خۆتانن لە دڵ و دەماخ و دەروونتانەوە شەپۆڵیان لە بۆ دەنێرن، ئەو شەپۆلانەن جوانیان دەکەن، یان نەگریس، خاسیان دەکەن، یان خراپ، لەبەرهەندیː هەرکەس لۆمەی لە سەر خۆیتی.

## توێژی 11

ڕۆژێک بەڕیː دەکەن و ڕۆژێکی دیکەی لیː گریː دەدەنەوە، لە گوزەری هەرڕۆژێکدا بە یادی خۆتانی بهێننەوە، دارای سیː سووڕی زیندەگین، هەرسێکیان بە هێکەوە گریː دراون. ئەگەر ئەمەی هێکەمتان ڕسک و ڕەسەن لە بازنەی نامووس گوزەراند، دوو سووڕەکەی دی وەکوو گوڵالەی سوورەی بهاریː، بە نازداری دەپشکفتن. چاوەنۆڕبن یان نا، ئەو سووڕانەی زیندەگی لە وێنەی پایەی پلیکانە، هێک بە دووی هێکەوەن، هەروەکوو چلۆن ئەرڕۆ بە دووی دوونیː داهات، سبەینیː بە دووی ئەوڕۆ دادیː. خەڵکینە! گاتاکانی نامووس بە زهین بگرن و، باوەڕ بە هوودای دایک بهێنن، هاخیر هەلی ڕزگاربوونتانە، ڕێتان لە بۆ ڕووناک بۆتەوە، هیدی ڕزگاریتان لە مشتی خۆتان دایە. ئەم سووڕەی زیندەگی کوورت و کەم تەمەنە، لە وێنەی کاروانسەرا و هایە بەرەو دوو سووڕەکەی دی. لەم ژینەدا هەموو هێکێک بناخ لە بۆ شیرینی و تاڵی ژینی ناودێر بە مەرگ و، ژینی پاش قیامەت دادەنیː. لە باری لەشدا، ژینێک بە پێکهاتەی سێهانەی تەنی "گازیلە، شلیلە، ڕەقیلە" بەسەردەبەن، ئێستا لەو ژینەدان. لە ژینی دووهەمدا ڕەقیلەی پێکهاتەی لەش دەپوکیː و لە ناو دەچیː، لە پێکهاتەی "گازیلە و شلیلە"دا شێوە دەگرن و زیندەگی دەقەتێنن، ئەمەش ئەوەیانە کە ناوی مردنی دراوەتیː، لە ژینی سێهەمدا شلیلەش لە ناو دەچیː و، پێکهاتەی لەش بەس "گازیلە" دەبیː. زیندەگی وەکوو هەرشتێک، لە دابەشبوونی سێهانەی ڕەگەزی و خوودی دایە، ئەم سووڕەی ئێساکیː بە ڕەگەز نێر و بە خوودێتی کووڕە، سووڕی مەرگ بە ڕەگەز نێرەمووک و بە خوودێتی دایکە، سووڕی پاش قیامەت بە ڕەگەز میː و بە خوودێتیێ کیژە. هەردوو سووڕی مەرگ و زیندووبوونەوە هەڵگری خوودێتی کیژ و دایکن و لە ناوهێکین، پڕتر لە ملیاران جار لەم ژینەی ئەوڕۆ توولکێشترن. جا هۆشتان هەبیː، ڕوو لە مهیر و پشت لە هۆف بکەن، ئەوی بە هۆفی بمێنێتەوە و ڕەدووی خراپە بکەویː، گازندە و لۆمەی لە سەر خۆیتی، چوونکی بە دەستی خۆی پاشەڕۆژی خۆی ڕەش دەکات. هەڵسوکەوتی ئەوڕۆکەتان بە پێوەر بگرن، ئینجا بە خۆتان بڵێن دەچنە

کوێندەرێ وا ملتان داوەتە بەر ڕێ؟ ڕوو بە فەرهانی و درەوشانەوەن، یان تاری و تەنگەبەری؟ هەموو هێکێک لەم سووڕەی زیندەگیدا نیگارکێشە، نیگاری پاشەڕۆژی خۆی دەکێشێ.

## توێژی 12

ڕووناک و ڕەنگین بن، بە چاوی مێ تەماشای دوونیاهێ بکەن. مامەڵەی نێر لەگەڵ زیندەگی دروست نیهە، دەیکاتە ڕەش و سپی و، بە ستوونی ڕەوتی دەداتێ. بەڵام مێ بە هەردوو باری ئاسۆهی و پانی بیر دەکاتەوە و، بە فەرەوانی دوونیا دەبینێ، لەبەرهەندی ڕووناکی و ڕەنگی تیێدا کۆدەبێتەوە، مێ هەرخۆیشی بە تایبەتمەند ڕووناک و ڕەنگینە. زهینی بدەنێ، هێشتانەکانێ لە کۆمەڵی کووردهەواریدا ئەم دوو وشەیە بە تەنەها ناوی مێن، ناولێنانەکە تایبەتمەندی ڕەگەزی دایک ڕوون دەکاتەوە. سەرنجی کەرستەکانی پێشان بدەن، بەڕە و فەرش، هەسیر و جاجم، پشتی و بالیف، جۆڕک و توورەگە و زەنبیل، جاران بەرهەمی دەماخ و دەستی ژنان هەمووی هەرڕەنگین بوون. پێودانەکە وهایە چەندێک پتر ژن بناسن، هێندە زیادتر بە زیندەگی ئاشنا دەبن و خۆشتری دەگوزەرێنن. مێ لە دایکاتیەوە خەندە و خەندانە، هەردوو وشەکەش ناوی تاکێتی ڕەگەزی دایکن. دایک بە ڕووی کۆرپەکەیدا خەندە لە سەر لێوەکانی دەنەقشێنێ، کە پێرست بە مهیریش بوو، هەموو لەشی پێ دەکەنێ. هەی باوەڕداران خوو بە پێکەنینەوە بگرن، بهێڵن خەندە لە وێنەی خەرمانەی مانگ ڕووتان بتەنێ. مێ لە دایکاتیەوە نەرمین و شیرینە، هەردوو وشەکەش تەنەها ناوی مێن. هەی باوەڕداران ڕووشیرینی و نەرمڕەفتاری لە خۆتان بە دید بهێنن، ئەمانە خەسڵەتی مهیرین. مێ لە دایکاتیەوە کۆمەڵاتی و خڕە، منداڵان لە دەوری خۆی خڕ دەکاتەوە. هەی باوەڕداران خڕبنەوە و، بجەمێن و هێکێتی بەرپا بکەن. مێ لە دایکاتیەوە هاوالایە و، باوەش و ڕووی بە کۆرپەکەیدا کردۆتەوە. هەی باوەڕداران بە ڕووی هێکیدا ببنەوە و هامێز بکەن. مێ لە دایکاتیەوە بەخشندەیە، بە هەموو هەبوونیەوە خۆی بە منداڵەکانی دەبەخشێ. هەی باوەڕداران بەخشندە بن، نەسرەوتانە سۆز و چێش و هێز ببەخشن، خۆشی ببەخشن و هێکدی لە بۆ نان خواردنێ بهەنگ بکەن. مێ لە دایکاتیەوە هێک دڵ و هێک مالە لەگەڵ منداڵەکانیدا. هەی باوەڕداران هاودڵ و هاومال و هێک ڕووبن لە هەمبەری هێکدی، هەم ڕووتان و هەم دەرووتان بە ڕووی هێکدا هاوالا بهێڵنەوە. دایک لە دڵخۆشکردنی منداڵەکەی، دڵخۆشی خۆی دەستەبەر دەکات. کارە ڕاستەکە ڕێک ئەوەیە، هەمووان بە هەمان ڕێدا بڕۆن، لە دڵخۆشکردنی کەسانی دی، دڵخۆشی خۆتان بە مشتخەن، بەم کارەتان خێرتان دەگاتێ و، چاکە

بەرامبەر بە خۆتان و بەرامبەر بە هێكدی دەكەن. هەزاران ڕێی چاكەكردنێ وا لەبەردەمتان، درێخی تییێدا مەكەن، جاكە بكەن و دەستبەجێ ئاسوودەبن، لە پاشەڕۆژیشدا بڕۆنە باخاتی بهێشتێ.

## توێژی 13

وەهای نیشان مەدەن خێر و شەڕ ناناسن، ڕەنگین و ڕەش بە تەواوی جوودایەزن. دەی هانێ ئەوە پێودانگ، هەموو مهیربوونێک لە کرداردا دروستی و خێرە، هەموو هۆفیبوونێک خراپە و شەڕە. هەرشت بە نیازپاکی بیکەن چاكەیە و، بە بەدنیازی بیکەن گووناهە وهەستۆتانەوە. کردە هیزرە، چاوە، زارە، پاشانەکە هەرەكەتی لەش و لارە. چ بەد بیربن، چ خۆش بیر، نیگای خێر بگرنە هێكدی، یان هی شەڕ، بە باش زارتان بکەنەوە، یان بە خراپ، هەرهەموو ئەم کردانە شەپۆڵدارن، ئەو شەپۆلانەن لە سەر خۆتان و ئەوانیدی لۆن دادەنێن، لەبەرهەندێ بە مهیری بیر بکەنەوە و ببینن، بە مهیری هەناسە بدەن و زاری قسان هەڵبهێنن. کاتێک لە بازنەی مهیردا بیردەکەنەوە، لەش خۆبەخۆ لە بازنەی چاكەكاریدا ڕەوت دەگرێ. خاک و خاکڕەچەڵەک، بەر زەبری توندی بیر و زاری هۆفی کەوتوون، زمان بە هۆی ڕەشکاوی زهینەوە بە خراپ گەڕاوە. جام هەرجامە، خەتای نیهە، هیزری مهیری شیری تێدەکات و دەتانداتێ، بیری هۆفی دەیكاتە جامە زهەری کووشندە و هەیاتتان لێ دەبڕێ. وشەی گووتدراو، یان نوسدراو لە وێنەی جامەكەیە، مهیری دەیكاتە جامی ئاوی هەیات، هۆفی دەیكاتە جامی زهەری بنبڕی و نەهات. لە سەر هۆش و هەست بن، هوورد و بە هیساب لە وشەكان نێزیک بنەوە، چ ئەوانی لە دەم دەردەچن، چ ئەوانی دەچنە چاو و گوێتانەوە. کەم بخەن بە دەمدا، کەم دەرخەن لە دەم، لە زۆر خۆریدا زەرەر بە تۆیە، زۆربلێی بەدگۆ زەرەری بە کۆیە. وێنەكە ئەوهایە، ئەگەر پیسی بچێتە دەمتانەوە، تەنەها خۆتان زەرەرمەندن، لە دەمتان بهێتە دەرێ، کۆمەڵێک زەرەر دەكات. بە پارێزەوە تووخنی کتێبیان بکەون و، لە خەمی چاو و گوێتان دابن، چوونکی وشە وەکوو ئاگر وایە، هەیانە ڕووناکتان دەکەنەوە، هەشیانە دەتان سووتێنن و لە ناوتان دەبەن. ڕێ بە چ کەس مەدەن ئاگر لە دەمی بهێتە دەرێ و، ماڵی خەڵکی بسووتێنێ، زاری پێ ببەستن. هەردەم بە بیری خۆتانی بهێننەوە، هۆفێتی نەختە نەختە بە چاو و گوێدا چووە ناو سەری بەشەری و کاولی کرد. قەت بە خراپەی بچووک مەڵێن هیچ نیهە، بە خراپەکار بڵێن هوودا چاکت بکات و ڕێت ڕووناک بکاتەوە، سەرکۆنەشی بکەن لە سەر خراپەكەی، بەشکووم ببێتە پەندی لێ فێربوونێ و، خەڵکانی دی چاوی لێ نەکەنەوە. بە بەهانەی نەرمونیانبوون چاویان لێ مەپۆشن و مەهێڵن هیچ کەس بەبێ

نامووسی زاری بکاتەوە. لە ڕاستیدا هێندەی وشەکان بەشەریان لە ناو برد، فیشەگ لە ناوی نەبردن، تەنانەت فیشەگەکانیش لە هەموو زەمان و زەمینێکدا، بە کاریگەری وشەکان تەقێندراون. هیدی هۆپێک لە خۆتان بکەن و تێهەڵچنەوە، لە وشەی مهیر و ڕووناکی دەست پێ بکەنەوە. چیدی هەلی ئەوەتان نیهە بهێن و بڵێن: هەرکەس بیرکردنەوە و ڕای خۆی هەیە، ڕاڕاهی و ڕاهی زهینکردی بەشەر دواهی هات. هەقڵ ناوەندە، هەقڵ سەنگی مەهەکە، سەرچاوەی هەقڵیش نامووسە، لەوڕۆکەوە کەس هەقی نیهە لە دەرەوەی نامووس خۆ ببزێوێ، فەرزە هەموو هێکێک پێ بە نەزانی خۆیدا دابنێ و، تەرکی بەدکاری بکات. لە گوومڕاهی دەرچن و وەرنە سەر ڕێی ڕاستیەقین، ئەمە ڕێی خێر و چاکەیە، بە چاکەکردنێ هەم ئەم ژینەتان ڕووناک دەکەنەوە، هەم ژینی پاش مەرگ، لە قیامەتیشدا بەشتان هەرڕووناکی دەبێ.

## تۆیژی 14

لە مهیریبووندا بیروباوەڕی ڕاستیەقین لە ناو سەردا دەچەسپێ و، لە گفتار و ڕەفتاردا لۆن دادەنێ. ئەوی مهیری بێ، دەم نابات لە بۆ مەی، لە تێک هاڵان بە شۆخی و شەفەقی مێدا مەستوورە و، هاودەمی یارە، هەڵناکێشێ ئەو تام و بۆنەی هۆشی لێ ببات، پێڕست بە نامووس هەردەم هۆشیارە. ئەوی مهیری بێ، نانەکەی دەکاتە دوو لەت، لەتێکی لێ دەخوات و لەتێکی دەداتە برسی، جامە ئاوەکەی دەکاتە دوو نیو، نیوەی لێ دەخواتەوە و نیوەی دەداتە تینو، دوو کراسی هەبێ، هێکێکیان لە بەر دەکات و ئەویدی دەداتە بێ بەرگێک. ئەوی مهیری بێ، هێک خان و خوانە لەگەڵ هاوسێیدا، بە دڵی دایکانەوە هەفالێتی دەکات و، لە هۆدە و هەیوانەکەیدا جهێ لە بۆ بێ هەیوان و، لە گوێی ئاگردانەکەیدا جهێ لە بۆ سەرمابردەلان دەکاتەوە. هەی باوەڕداران! جهێ کردنەوەی بێلان و مێوان، بە کردنەوەی دەرووی خێر و بەرەکەت بزانن، ئەوها ڕەوتار بکەن مێوان هەست بکات دایکی دەرکەی ماڵیی لێ کردۆتەوە. مێوانداری لە ئەرکەکانی بیروباوەڕە، بە چوونە مێوانی و بە مێوانداریکردنێ، خێرتان دەگاتێ. هەق وهایە هێک ماڵ بن لەگەڵ هێک و، بە هێکدی بێگانە نەبن، ئەو خواردنەی دەیخۆن، هەرئەویش بدەنە مێوانان، بێشک بەرەکەت دەکەوێتە نانتانەوە. قرچۆکی و دەست نووقاوی مەکەن، کەسێ مهیری دڵ و دەستی واڵایە، بەڵام نایگەهێنێتە خەسارکردنێ، چوونکی دەزانێ خەسارکردنی ئاو، ئاگر، خاک و خواردن، یان هەرشتێکی دی، کردەی هۆفیانەیە. ئەگەر ئاو بە فیڕۆ بدەن، یان زاد فڕێ بدەن، وەکوو ئەوەیە دایکی خۆتان فڕێ دابێ، لە کاتێکدا بە گێرەی مهیر دایک لە ناو دڵان و، لە سەر سەران دادەندرێ. ئەگەر هەوا پیس بکەن، یان خاک و ئاو، بە واتای ئەوەیە پیساهیتان

ڕشاندۆته ماڵی هەمووان. ئەو کاره بەده مەکەن و خۆشیانتان بوێن، خاک به دایک و، ئاو و هەوا به خووشکی خۆتان بزانن. له سەرتانه پاک و خاوێن بن، هەم له دیوی ناوەوه، هەم له دیوی دەرەوه، هەم له ماڵێ و هەم له دەرێ. له سەرتانه دڵاوەربن، ئەوجۆرەی دایک ناز و گرینگی دەداته ڕۆڵەکانی، بیدەن به هێکدی، ئەو جۆرەی دایک به دڵ و گیان سۆراخی منداڵەکانی دەکات، ئەوها له هێکدی بپرسنەوه و چاوتان له هێک بێ. له بەڵێنی درۆ وگفتاری بێ رەوتار خۆتان به دوور بگرن، متمانەی بەینی خۆتان پتەو بکەن و، بەهای بڵند بدەنه هێکدی، هەرهێکەتان نیشانی ئەویدیکەی بدەن هەستوونگێکه له ژینی کەسیتاندا و دڵتانی پێ قایم دەکەن. کەس به کەس مەگۆڕنەوه و، کەس به کەس بەرهوورد مەکەن، هەموو هێکێک تایبەته و هەقێتی به تایبەت بیبینن. هەق وهایه تووندوتۆڵ دەست به هێکدیەوه بگرن و، قەت پەرتبوونتان نەوێ، قەتیش ئەو هەسته له بۆ هێک دروست مەکەن، که دەتوانن به هاسانی دەستبەرداربن. ئەوی مهیری بێ، لەسەرێتی دۆستی هەتا سەر و، دۆستی گیانی به گیانی بێ، له بەرئەوەی مهیر له تین دێ و، تین هەمیشه و بێ کۆتایه.

## توێژی 15

له کۆمەڵانی جووداجۆری زیندەوەردا، خێزان (که وشه ڕاستەکەی هێزانه و به واتای کۆی هێز دێ)، به سێهانەی خوودێتی دایک، کەنیشک و کوور به شێوه دێ. سێهانەی خوودێتی سێگۆشێکه، سێهانەی ڕەگەزی سێگۆشێکی دی، هەردوو سێگۆش له بنکەکانیەوه له ناو هێکدین، ئەمەش هەڵکەوتەی نێزیک له خڕێتی به شێوه دێنێ. به سەر جەمی دایک و داپیر(نەنک) له باری تووخن و تێک هاڵاویدا، دیسان وێنەکه پێک دێ. دایک ناوەنده و منداڵەکان وەکوو هێشووه ترێ به دەوری دایکەوەن، دایک ناموسه، ناوکی هێزه، هێزان له ناوکی هێز چاوگ دەگرێ و سەرپێ دەکەوێ. منداڵان گرێدراو به دایک دامستدراو دەبن و، له سەر ناوی دایک دەناسدرێن. ئەو هۆیەی منداڵان له بازنەی هێزان دهێڵێتەوه و، وها دەکات پێ له بەندی دایک نەبزێون، ترس و تۆبزی نین، بەڵکوو مهیرپێرستی و خەسڵەتەکانی دایکێتین. دایک به تایبەتمەند مهیربان و خۆنەویسته، له دڵ و دەماخی دایکدا منداڵەکان له وێنەی پەنجەکانن، گچکه و گەوره هەرهێکێکیان جهێی خۆیان هەیه، هەرهێکەشیان هێش و خەمی خۆی. دایک ئازاردەر نیهه، بەڵکوو ئازارشکێن و ئازار هەڵگره. ئەوی لەگەڵ منداڵدا به دڵڕەقی و زەبروەشاندن بجوولێتەوه، له سەر هێڵی هۆفه و، له چەمکی دایکێتیدا جهێی نابێتەوه. دایک سیفەت بن، چ ژن و چ پیاو چاو له دایکانی ڕسک و ڕەسەن بکەن و، سیفەتەکانی دایکێتی له کەسێتی خۆتاندا بەرهەست بهێنن. ئەوجۆرەی دایک لەگەڵ

منداڵەکانی هەڵسوکەوت دەکات، ئەوهالە لەگەڵ هێکدی بجوولێنەوە، چوونکی هەموو کۆکبوونێک لەگەڵ خەسڵەتەکانی دایکێتیدا بە واتای مهیری دێ.

## توێژی 16

قاڵبگرتنی خێزان بە شێوازی دایکێتی، بناخی شێوەگرتنی کۆمەڵ لە ڕێکخستنی ئاسۆهیدا پێک دهێنێ، زانستی هووداى دایک (نامووس) شێوازەکەی بە قاڵبی کۆمەڵاتی داوە، شێوازی دایکیش شێوازی مهیرە. لە تێکڕای کۆمەڵانی جووداجۆری بوونەوەردا، هەڵسووڕان بە پێی شێوازی دایک بەرقرار دراوە، ناوک و نۆین لە پێکهاتەی هووردە بوونەوەران و هەستێراندا، ڕێکخستنێکە بە نەزمی ئاسۆهی و، بە ناوەندێتی دایک پێکهاتوون. ناوک دایکە، ئەوانی لە دەوری خڕبوونەتەوە، کووڕ و کچ و کچەزاکانین. دایک لە خوودێتیدا هاوسەنگە، ویستی سالارێتی و دەسەڵاتخوازی لە سەریدا نیهە، لە ناوەندێتی دایکدا بە قووچەک هەڵکەوتن و داکەوتنی دەسهەڵات جهێی نادرێتی، بەڵکوو بازنبوونێک بەرهەم دێ، تیایدا دایک دەسەڵات لە خۆی دادەتەکێنێ و دەیدات بە کچزاکانی، پاشانەکانێ ئەوانیش هەرهەمان ئەم شێوازی پایەگرتن و نەزمی بە بازنبوونە وەباردهێننەوە و، دەوام بە شێوازەکەی دایکی گەورە دەدەن. شێوازی بە بازنبوون ئەوهای جهێ داونەتێ، هەمووان لە ناویدا هەرەوز و هاوپایەن، سەرنج لە خانەکانی پێکهاتەی لەش بدەن، خانەکان هەم سەروەرن، هەم گرێدراوی هێکدین، بەبێ ئەوەی نە سەروەرێتی هۆی ترازان بێ، نە خۆ بە هێکەوە گرێدان سەروەری لە بارببات. لەم هەلومەرجەدا ئەوەی بە دید دێ دایکسالاری نیهە بە واتای ڕووت، بەڵکوو سالارێتی نەزمی دایکە، وەکوو نەزمی ڕاستیەقینی گەردوونی، لە جەوهەریشدا سالارێتی مهیرە. لە نەزمی دایکاتیدا کۆمەڵێکی بێ چین و چەوساندەوە، لە ناو دۆخی دۆستی و سەربەستی وەهاردی دادێ، کۆمەڵێک هەمووان لە ناویدا بە ئاسوودەگی و شکۆمەندی زیندەقی خۆیان بقەتێنن. سەلارێتی نەزمی دایکاتی لەگەڵ دایکسالاری جوودایە، لە هیچ سەردەمێکی ڕابردووی بەشەرێتدا قۆناخێک بە شێوەی دایکسالاری نەبووە، لە داهاتووش بە زەوی داناهێ، چوونکە چەمکی دەسەڵاتخوازی و سالارێتی، ناکۆک و دژە بە تایبەتمەندی دایکاتی. لە قسەوقسەلۆکان گەڕێن، گەجەل و گووجەلی دایکنەناس لە بەدزهینی و دەمچەفتی خۆیانەوە، بە سەر دایکدا ڕەشاونەتەوە، دەنا چەمکی دایکسالاری چ بنوبۆتکەی نیهە، ئەو گووجەلانە لە سەر شێوەی باوکسالاری و پیاوسالاری قاڵبیان داوەتێ. لە بازنەی مهیردا دەسهەڵات لە پیاوەوە ناگوێستدرێتەوە لە بۆ ژن، بەڵکوو خواستی بە دەسهەڵاتبوون کۆتاهی پێ دهێندرێ. دایک دەسهەڵاتی ناوێ، ئەو بە تایبەتمەند دارای

دەسەڵاتی بەخشین و مهیرە، هەقیش وهایە هەموو کەسێک دەسەڵاتی مهیرنواندن لە خۆیدا بەرهەست بهێنێ، کارە خێرەکە ئەوەیە. لە پێڕستی مهیردا، دایک قەت زادەی زگی خۆی، بە سەر زگی ژنانی دی سەرناخات، ژنەکان بە خووشکی خۆی و منداڵەکانیان بە منداڵی خۆی دەبینێ. دایک دادوەرە، هەق بە هەرکێ بێ، لاگیری هەق دەکات. نەزمی دایک نەزمی هەقە، نەزمێکە بە ئاسۆهی قاڵب دەگرێ و، ناهەقی و دەسەڵاتخوازی ناهێڵێ، ئەوە لە کاتێکدا نەزمی نێر نەزمی ستوونی و پلەبەندکردنە، نەزمێکە دەسەڵاتخوازی دهێنێتە گۆڕێ و، هەندێک بە سەر هەندێکی دی باڵادەست دەکات. نەزمی مێ سەر بە مهیرە و نەزمی نێر سەر بە هۆف، لەبەرهەندێ کۆمەڵی مهیری لە سەرێتی بە نەزمی مێ خۆی بەڕێوەببات. لێرا مشتومڕی ئەم و ئەوم بڕیوەتەوە، تاقە درز و کوون و کەلێنێک نەماوە هەڵپەرست خۆی تێ بپەستێ، هەقیقەت هاتۆتە گۆڕێ و، هەموو هێکێک لە سەرێتی بە دروستی هەقیقەت بناسێ و، پێ لە بەندی هەڵبسووڕێ.

## توێژی 17

لە دایک - مێدا گشتێتی، لە کوور- نێردا تایبەتێتی بە زەوی دادێ. گشتێتی لێکەوتەی مهیرە، تایبەتێتی لێکەوتەی هۆف. کوور لە سەرێتی پابەندی دایک بێ، لە سەرێتی تایبەتێتی لە گشتێتیدا بتوێنێتەوە و، مهیر بە سەر هۆفدا سەربخات. لە بازنەی زانستی هوودای دایک، نامووس نەگۆڕە، جهێی دایک و کوور ناگۆڕێن. پایەگرتن لە کۆمەڵی بەشەرێت و سەرجەمی کۆمەڵانی زیندەوەردا، ڕێکخستنێکە بە پێی نامووس، هەربەرەواژکردنێک بە واتای ئەوپەڕی بێ نامووسی و خێرێتی دێ. کۆمەڵی بەشەرێت وەرگەڕاوە، نە مهیر ماوە و نە مهیرهۆف، دایک پێ لەبەندی کوورە و، چەمکێ گشت لە چەمکی تایبەتدا خووساوەتەوە، ئەمەش نیشانەی ئاشکرای زاڵێتی هۆفە بە سەر مهیردا. ئەم باڵادەستبوونەی هۆف هەموو شتێکی خراپ کرد، کۆمەڵی بەشەرێتی لە بنچەقەوە هەڵتەکاند و، هەنجن هەنجنی کرد. ئێستاکێ گۆزەکە قڵپ بۆتەوە، ژینی شێوەگرتوو لە وێنەی بهێشت، بە دۆخی دۆڵزاخ گۆڕاوە. هاوکێشەکە ئەوهایە، کاتێک دایک ناوەندە، بهێشت بە هاردی دادێ، لە بەلاوەنانی دایکدا بهێشت لادەکەوێ و دۆڵزاخ بەرپا دەبێ. مهەمدی کووڕی هامینێ زوو پێتانی گووت: بهێشت لە بەرپێی دایکان دایە، بەڵام چ تاقتان هەقڵتان پێی نەشکا، چوونکی لە مێژە ئەو سەرەی ها بە ملتانەوە، هەروەکوو گۆزەی شکاوە، مشتێک ئاوی سازگاری تێیدا ناوەستێ. خەڵکینە! وەرنەوە هۆش و پێڕست بە مهیر هەڵسووڕێن، چەمکی دۆستاتی بگشتێنن، لەگەڵ خۆتان و لەگەڵ هێکدی و، لەگەڵ گیاندارە جووداجۆرەکانیشدا

دۆستانە بجوولێنەوە و، نەتانهەوێ چ تاقێکتان بهێشێن، دایکانە هەڵسوکەوت بکەن و، گشتێتی و هاوبەشێتی بە هاردی دابهێننەوە، ئەوجۆرەی دایک خۆشی منداڵەکانی دەوێ، خۆشی هێکدیتان بوێ، لە تەک هێکدا بە دروستی دۆستاتی بکەن و، من و تۆ هی مەخەنە نێوانتانەوە،"هەتۆ وهات لە بۆ کردووم، هەمنیش وهات لە بۆ دەکەم،" ئەم زهین و زارە سەوداسەری و مامەڵەیە، ڕێک لە شێوەی کڕین و فرۆشتنی بازاڕێ. دۆستی، واتا دەست لە ناو دەستی. دروستی وایە دەست لە ناو دەست و دراوسێ بن لە بۆ هێکدی، چلۆن بە دوو دەستان کاری تاکێتی خۆتان ڕێک دەخەن، ئەوها دەستی دەستبابرن لەگەڵ هێکدیدا. دەستێک بە تاقی تەنەهێ تواناکەی کەمە و کوورت دهێنێ، دوو دەستی دروست بە هێکەوە دەرەەقەتی هەرکارێک دهێن. هەق وهایە لە توولی تەمەندا، دۆستان بە دەوری خۆتاندا خڕکەنەوە، سامانی گەورە دۆستی باش و بە دڵە، کێ دۆستی باشتر و زیادتری هەبێ، ئەو لە هەمووان زەنگین ترە. هێکێک لە ستایشی شکۆی دۆستاتیدا گووتبووی: باشترە لەگەڵ دۆستێکدا بە تاریکیدا بڕۆم، نەک بە تەنەهێ ڕێی ڕووناکی بگرمە بەرێ. نەوهالە مەچوونە هیچ ڕێ و جهێ، دۆستی سەرڕاست و دروست هەرخۆی ڕووناکیهە.

## تۆیژی 18

منداڵ لە ناو لەشی دایکیدا دەخوولقێ، بە دەم خواردنی لەشی دایکیەوە شێوەی دهێتێ، وقتهێکیش لە لەشی دایکی جوودا دەبێتەوە و، بە لەشێکی سەروەرەوە بە جێهانێ دێ، دیسان دەم بە مەمکی دایکیەوە تەمەن دەکات و گەورە دەبێ. لەگەڵ هەموو ئەمانەش، دایک مالکیەت بە سەر گیان و لەشی منداڵەکەیەوە ناکات. لە پێڕستی مهیردا نە دایک و نە هیچ هێکێک، ڕێی نە دراوەتێ مالکیەت بە سەر هێکێکی دیکەوە بکات. دایک و منداڵ، خووشک و برا، خاڵ و پوور، گشتەی خەڵک هەرهێکەیان بەرامبەر بە گیان و لەشی خۆیان بەرپرسیارن. خەڵکینە بیخەنە سەری خۆتانەوە، هیچ هەلومەرج و ناوزەدکردنێک کەسێک ناکاتە مالک بە سەر کەسێکی دیکەوە. هەموو هێکێک لە ناو شەروالی خۆیدا سەروەرە و، بەندەخوونەکەی لە مشتی خۆێتی، کەس ڕێی نەدراوەتێ خاوەنداری تایبەتی بە سەر شەروالی کەسەوە بکات. هەموو هێکێک سەربەست و هەڵبژدێرە، لەشی هیچ هێکێک موولکی هێکێکی دیکە نیهە، نە دڵداری و نە هیچ پەیمانێکی کۆمەڵاتی، موولکیەتی لەش پاساو نادات. موولکدارێتی لە هۆفێتی دێ، ئەوی لەشی هێکێک بە موولکی خۆی، یان لەشی خۆی بە موولکی هێکێک ببینێ، یان هەرچەشنە مالکیەتێک بەرپا بکات، با دڵنیابێ و هیچ شکی لە هۆفیبوونی خۆی نەبێ. لە شێواز و تایبەتمەندی دایکێتیدا، موولک لە گۆڕێ نیهە، موولکداری لە

خۆویستیەوە سەرپێ دەکەوێ، بەڵام کەسێتی دایک خۆنەویستی بەرهەست دەهێنێ. لە زهینی دایکدا منداڵ موولک نیهە، دایکێتی جۆرە هەڵوێست و هەڵسوکەوتێکە، موولکیەت تێدەپەڕێنێ. ئەگەر دەپرسن موولک چیهە؟ موولک هەرشتێکە لە خزمەتی موولکدار وەمەیدانێی دهاوێن و، مالک بە مەیلی خۆی کەیفی پێوە دەکات. بە هەکسی مالیک، دایک لە پێناو خۆشگوزەرانکردنی منداڵەکانی، خۆی دەچێتە مەیدانێ و، هەموو دەرد و ڕەنجێک دەکێشێ. دایک و مالک دژە کەسێتین، دایک لە مهیر و مالک لە هۆف سەرچاوە دەگرێ. خاوەندارێتی دایک سەبارەت بە منداڵ، لە مالکیەت بە دەرە، خۆ بە خاوەنکردنێکە لە ئەوویستیدا، دایک خاوەنداری لە برسیێتی منداڵەکەی دەکات بە قەسدی تێرکردنی، خاوەنداری لە ڕووتی منداڵەکەی دەکات بە قەسدی بەرگکردنی، خاوەنداری لە برینی منداڵەکەی دەکات بە قەسدی تیمارکردنی، خاوەنداری لە خەمگینی منداڵەکەی دەکات بە قەسدی خەمڕەوێنی. ئەم بە خاوەن دەرکەوتنەی دایک لە منداڵ، تەنەها لە بازنەی خێزان چەق نابەستێ، پاشانەکانێ لە ناوەندێتی دایکدا دەبێتە داب و، دەربازی ناو کۆمەڵ دەبێ، ئەودەمی هەمووان هەڵگری شێوازی دایکێتین، هەمووان خاوەنداری لە هێکدی دەکەن، بەڵام لە واتای گشتێتیدا، نەک تایبەتێتی. لە ناوەندێتی دایکدا کۆمەڵ لە وێنەی هەنار شێوە دەگرێ، کۆمەڵەکە وەکوو هێک خێزان و هێک ماڵی لێ دێ.

## توێژی 19

کۆمەڵ لە خێزانەکان پێک دێ، لەگەڵیدا تایبەتمەندیهەکانی دایکێتی لە خێزانەوە لە بۆ دەرەوەی خێزان دەگوێستدرێنەوە و، لە هەموو هاستەکاندا هێکێتی کۆمەڵاتی بە هاردی دادێ. پێڕست بە مهیر و بناخ لە سەر نامووس، لە ناو خێزاندا ناوەندێتی بە دایک دراوە، بەڵام لە ماڵ و منداڵدا خەسڵەتی مالکیەتی نەدراوەتێ. دایک مالکی ماڵ نیهە، بەڵکوو خانەخوێیە، دەزانێ خاک دایکە و دایک هەنجن هەنجن ناکردرێ، لەبەرهەندێ هیچ گەزە خاکێک نابێتە موولکی هیچ کەس. لە بازنەی مهیردا دایک ماڵەکەی بە هی هەمووان دادەنێ و، هەموو دەمێک دەرکەی لە بۆ مێوانان هاوالایە، بەمەش واتای موولکاتی لە سەر ماڵ پووچ دەبێتەوە. لە ناو کۆمەڵی خێزانەکانیشدا، سەرجەمی پاساوەکانی موولکاتی پووچ دەبنەوە و، لە هیچ بارێکدا جهێ بە مالیک نادرێ. خاکی دایک هامێزی لە بۆ هەمووان گرتۆتەوە، ڕێ نەدراون زەوی دابڕدابڕکەن و، موولکاتی تایبەتی دابمستدرێنن. مووڵکایەتی تایبەتی، هیزر و هەزی هۆفیانەیە، لە خۆتانی دابماڵن و، ناخی خۆتان لە خواستی موولکداری و دەسهەڵاتخازی خاڵی بکەنەوە. ئەو دەمەی هەستتان کرد خەریکن هەڵوەدای سامان و دەسهەڵات دەبن،

هەینێ هێکسەرە خۆتان سەرکووت بکەن و، سەرتانی لێ خاوێن بکەنەوە. هەردەم بە یادی خۆتانی بخەنەوە، ئەگەر تۆوی هۆفێتی لە سەری کەسێکدا چەکەرەی نەکردبێ، ئەم هەڵوەدابوونەی تێیدا بە هاراستە ناهێ. سامان و دەسهەڵات دوو کەڵبەی دڕندەن لە زیندەگی بەشەریدا، لە پێشدا ناوەوەی ئەو کەسە هەڵدەدڕن و وێرانی دەکەن، پاشانەکانێ وێرانکاریەکە دەگواستدرێتەوە دەرێ. ویستی سامانداری و خڕکردنەوەی سەرمایە، ویستێکی هۆفیانەیە، ئەم ویستە بەشەر لە بەها ڕاستیەقینەکانی ڕووت دەکاتەوە و دەیکاتە کاڵا، کاڵاهێک بە نرخێکی کەمەوە، بەمەش لە بەینی کاڵا گرانبەهاکاندا خۆی لێ دەبێتە هیچ، ئەودەم هەوڵان دەدات لە ڕێی خاوەندارێتیکردنی کاڵاکانی دیکەوە، نرخ پەیدا بکات. بە کاڵابوون لە بۆ بەشەری، واتای کاولبوونێتی. هاوکێشەکە ئەوهایە، کەسێک لە ناوەوەیدا کاول بووبێ، هەموو هەنگاوێکی لە دەرەوەی خۆیدا کاولکاری لێ دەکەوێتەوە، بە پێچەوانەشەوە ئاوەدانکردنەوەی ناخی هەربەشەرێک، خۆبەخۆ ئاوەدانی بە هاردی دادهێنێ، چوونکی کە تاریکی لە ناخی هێکێک دواهی دێ، هێکسەرە ئەو کەسە ڕووناک دەبێتەوە و، لە هەمان کاتیشدا دەبێتە مەشخەڵ و، دەرەوەی خۆی ڕووناک دەکاتەوە. جاران منداڵەکان لە تاریکی ترساون، ئەوڕۆ گەورەکان لە ڕووناکی دەترسێن. شک لەوە دانیەهە، ئەو خەڵکەی لە ناو قوولاهی تاریکیدا نووقمن، کاتێک کە لە هیکڕا بەر ڕووناکی دەکەون، سەرەتا بەرگەی ڕووناکیەهەکە ناگرن و، چاو دەنووقێنن، یان دەست بە چاویانەوە دەگرن، بەڵام پاشانەکانێ چاو و دڵیان دەکەنەوە و ڕوو بە ڕووناکی و فەرهانی دهێن.

## تویژی 20

لە دایکێتیەوە کۆمەڵبوونی توونی و توولانی سەرپێ دەکەوێ، کۆمەڵبوونێک هەروەکوو دەنکەکانی هەنار لە ناو توێکڵێکدا. دایک، خۆنەویستی و خۆشی ویستنی ئەوانیدی، لە مهیری دایکاتیەوە وەردەگرێ و، لە کەسێتی منداڵەکانیدا دەیچێنێ، بەمەش هاوسەنگی بە زەوی دادێ و، هەمووان لە ناو هەلومەرجەکەدا خۆنەویست و هێکدی ویست دەبن، هەرئەم هاوسەنگیەشە قاڵب بە کۆمەڵبوونێکی تۆکمە و توول دەدات. دایکێتی خۆ هێک زاراوەی ڕووت نیەهە، تایبەتمەندی و خەسڵەتگەلێکە تەنەها و تەنەها لە بازنەی مهیردا بەرهەست دێ. دایک پارووی مەمکەکانی دەدات بە منداڵەکەی خۆی و، بە منداڵی ئەو دایکەی شیری نیەهە، یان منداڵەکە برسیێتی و دایکی لە کنی نیەهە. وقتهێکیش منداڵەکان پێ دەگرن، دیسان لە هەردایکێکەوە سۆز وەردەگرن، ئەو دەمانەی دایک لەتێک نان دەداتە منداڵەکەی، هاودەم دەیدات بەو منداڵانەش، ئەوانی لەگەڵ منداڵەکەی ئەون. دایک هەموو منداڵێک وەکوو منداڵی خۆی دەبینێ، ئەم بینین و هیزرینەی دایک بازنە

خێزانیەکان تێکهەڵکێش دەکات و، هەمووان بە هێکەوە هەڵدەبەستێ. لەم تێکهەڵکێشیەدا کۆمەڵێکی هاودەست و هەرەوز وەبار دێ. ئەوی دایک دەیکات بەرجەسدەکردنی مهیرە لە هەڵسوکەوتدا، جا هەموو هێکێک ئەرکێتی چاو لە دایک بکات. دایک سۆز و شیری خۆی، گیان و لەشی خۆی دەبەخشێ، لە دایکانەوە فێری بەخشین بن، دەستە نوقاوەکان بکەنەوە و، ژینی خۆتان لەگەڵ دۆستان و هاوسێکانتان بەش بکەن. کاتێک لە دەوری خوان خڕدەبنەوە و هاوسێکەتان برسییێتی، یان هەنیشک دەخەنە سەر بالیف و هاوسێکەتان ها لە ماندوویێتی، یان سەر دەبەنە سەر سەرین و هاوسێکەتان دەیهێشێ و ناڵینێتی، ئەوکاتە خواردن و خەو و پشووەکەتان گوونەهە و دەیخەنە هەستۆی خۆتانەوە. هەی باوەڕداران! بیخەنە سەرتان، هاوسێکەتان برسی بێ، فەرزە بیهێننە سەرخوانەکەتان، بە ئازاربێ، فەرزە بە دەمیەوە بچن، سەرگەرمی کاربێ، فەرزە دەستباری بن و بارەکەی سووک بکەن. وریابن، لە بە جهێ هێنانی فەرزەکاندا، نە بە زار و نە بەنیگا منەت بە سەر کەسەوە نەکەن، چوونکوو هەرجۆرە منەتکردنێک بە سەر هێکدی، گوونەهە و دەچێتە هیسابتانەوە. هەق وهایە لە هەموو زەمان و زەمینێکدا، یاری هێکدی بکەن، چاوتان لە هێک بێ و، هێز و هیوابن لە بۆ هێک. فەزیلەت ئەوەیە لە سە ڕێی حۆرهەتاوبن، بسووتێن لە بۆ ڕۆشنکردنەوەی هێکدی، ببەخشن و چاوەڕێی وەرگرتنەوە نەکەن. مادەم مهیرین ئەرکدارن چ بەرامبەر بە ناسیاو و چ بەرامبەر بە نەناس، لە ڕەوتارتاندا دۆساتی نیشان بدەن، بەبێ ڕەچاوکردنی جۆرێتی ڕەوتاری ئەویدی. دۆستاتی لە خۆشەویستیەوە دێ، بابەتی هەڵسوکەوتێکە ناوەندێتیەکەی خۆتانن. ئەگەر هەڵسوکەوتی دۆستانەتان بناخ لە سەر ڕەوتاری دۆستانەی ئەوانیدیکە ڕێک بخەن، ئەوەی دەیکەن مامەڵەی گۆڕینەوەیە، وەکوو هەموو ئەو مامەڵانەی لە بازاڕان دەچنە ڕێوە. دۆستاتی سەودا و گۆڕینەوە نیهە، لێکەوتەی خۆشەویستیە، خۆشەویستهیش دۆخە، پەیوەندی نیهە. لەبەرئەمەیە دۆستگرتن شتی دووهەمە، هێکەمەکە ئەوەیە دۆستانە بجوولێنەوە. ڕەوتاری دۆستانە هەلومەرجێک بە هاردی دادهێنێ، هەمووان تیایدا بە دۆست دەبن، ئەم بە دۆستبوونەش تەنەهاهی دەڕەوێنێتەوە و، بەشەرێت دەگێڕێتەوە سەر کۆمەڵایەتیبوون، لەگەڵیشیدا ڕێ لە شەڕ و ئاشووبگێڕی دەبەستێ و، هەمووان ڕێک و تەبا دەکات. چەسپاندنی دۆستاتی لە ناو کۆمەڵی بەشەریدا، نیوەی ئەرکەکەیە، نیوەکەی دی ئەوەیە، لەگەڵ خاک و هەموو ئەوانی ها بە سەریەوەن، هەمان هەڵسوکەتی دۆستانەتان هەبێ. هەرلەشدارێک گیاندارە و، هەرگیاندارێک بە گێرەی خۆی، هۆش و هەستی هەیە. درەختێکی سەوز وقتهێک مشاری تێ دەخڕێنن، یان تەوری تێ دەسرەوێنن، ناتوانێ دەستی بکاتەوە و بەرگری لە خۆی بکات، بەڵام دڵنیابن هەست بەو هۆفێتی و دژمنایەتیەتان دەکات، کە دەرهەقی دەیکەن، تەنانەت هووردە بەرد و ئاو و هەواش، هەرهێکەیان بە گێرەی خۆیان هەستەوەرن و، ڕەوتاری مهیری لە هۆفی جوودا

دەکەنەوە. ئەوان بە هۆی شەپۆڵەکانەوە، هەرزوو دەرک بە نیاز و نیەتی ئەو کەسانە دەکەن، کە لێیان نێزیک دەبنەوە. بەشەر کەوتۆتە بێ هەقڵی و، لە خۆی وهایە لە هەموو گیاندارێک هاقڵترە، بەڵام لە ڕاستیدا هەموو گیاندارەکان لە بەشەر هاقڵترن، بە تایبەتی ئەو بەشەرەی ئێستا، کە نێزیکەی دوو لە سەرسێی هەقڵی لە دەستداوە.

## توێژی 21

دۆستی و دڵۆفانی لە ڕەگەزەکانی مهیرن و لێکەوتەی سۆزی دایکێتین. دایک بە دڵ و دەست تێکهاڵاوی رۆڵەکانێتی، لەگەڵ ئەوانیدیش هەروەکوو ئەوەی لەگەڵ ڕۆڵەکانێتی، ئەوها بە سۆزە و دۆستاتی دادمستدرێنێ. دایک سۆز دەبەخشێ، ئەوی سۆز نەبەخشێ، تەماسی دڵ و دەماخی قرتاوە و، مهیر تێیدا بەزیوە. منداڵان لە دایکانەوە خەسڵەتی دۆستی و دڵاوەری وەردەگرن و، بە هۆی ئەو خەسڵەتەوە لە بازنەی گەورەی دەرەوەی خێزاندا بە هێکدی پەیوەست دەبنەوە، بەمەش گشتەگیربوونی خۆشیویستنی هێکدی بە زەمین دادێ. لە زهینی دایکدا تایبەتێتی لە خۆشیویستندا نیهە، خۆشەویستی گشتەیە و، بە هەردوو باری ئاسۆهی و پانیدا بڵاودەبێتەوە. دایک منداڵەکانی وەکوو هێک خۆشدەوێن، منداڵی دایکانی دیشی وەکوو منداڵانی خۆی خۆشدەوێن. تایبەتمەندی دایکێتی، تایبەتمەندی هەرمێهێکە، چوونکی مێ بە زگماک دایکە، لەبەرهەندێیە سۆزی مێ بێ پەروایە و، بە پان و پۆڕی بازن دەبێ، قەتوقەت خۆشەویستی لە کن مێدا بە شێوەی ستوون ڕوو بە هێک کەس قاڵب ناگرێ، ئەگەر قاڵبی گرت نیشانەی ئەوەیە لە مێهێی هەڵگەڕاوەتەوە و، چۆتە سەر هێڵی نێراتی، لەبەرئەوەی تایبەتکردنی خۆشەویستی و شێوەگرتنی بە ستوونی، لە مێ بەدەرە و دەرکەوتەی نێرە. قووڵ زهینی بدەنێ، مێ دوڵبەرە و نێر دڵدارە، مێ بەتایبەتمەند شێوازەکانی ئاسۆهی و پانی لە پێکهاتەی دایە و، لە هێک کاتدا دڵی چەندان دەبات، وەلێ نێر بە تایبەتمەند شێوازی ستوونی لە پێکهاتێتی و، دڵی پتر دەچێتە سەر هێک مێ، سەرەنجامی ئەمەیە مێ لە پەیوەندی سۆزداریدا بە نەرمی جهێ دەگرێ، بەڵام نێر بە توونـد و ڕەقی، تەنانەت دیگهێنێتە دێوانەبوونێ و بە کێوان دەکەوێ."دێوانە"ش لە زمان و زەمیندا بە تەنەها نێرە. لە خۆشەویستی کردنێ، دروستی وهایە نێر دەستبەرداری شێوازی خۆی بێ و، بچێتە سەر شێوازی مێ. لە کن مێدا سۆز لە وێنەی نمە نمی بارانێ، خۆش خۆش بە سەر هەمووان دادەبارێ، بەبێ ئەوەی تۆفان هەڵبستێنێ و، کەس لە بەری هەڵبێ. بە ناوەندێتی دایک لە کۆمەڵدا، خۆشەویستی دەگشتێ و، پەیوەندیەکانی کۆمەڵاتی، توونـد و توولکێش ڕەوت دەگرن. ئەم هەلومەرجە هێکدڵ و، هێکدەستی بە دوو دادهێ و، هێمناتی دەروونی و کۆمەڵاتی لێ دەکەوێتەوە. خۆشەویستی لە واتای مهیریدا، تەنەها

وقتهێک دەتوانێ هەبێ و دەوام بکات، ئەگەر نەبێتە بابەتی مامەڵە و پەیوەندی تایبەتی، نەبێتە گۆڕینەوە و سەوداسەری، بەڵکوو بە شێوەی دۆخ لە ناو کەسەکان خۆیاندا ناوەندێتی بگرێ. هەتۆ یان لە خۆشەویستی دای، یان نیت، هەروەکوو ئەوەی یان بە ڕێوە دەڕۆی، یان وەستاوی. خۆشەویستی دۆخە و دۆخ جۆرێتیە، نەک چەندێتی. دروستی لە خۆشەویستیکردنێ ئەوەیە، بە سۆزیت و هەمووانت خۆشت دەوێن و، ناتهەوێ هیچ کەس بهێشێنی، هیچ کەسێکت لە بەر هیچ شتێک خۆشناوێ، خۆشتدەوێن لە بەرئەوەی خۆشەویستی لێکەوتەی مهیرە و، هەتۆش مهیریت. لە کانیاو ڕابمێنن، کانی بە خاتری هیچ باڵندە و گیانلەبەرێکی دەشت و کێوان ناتەقێ و لە بەری ناڕوات، لە خۆیەوە دەتەقێ و هەمووان لەبەری دەخۆنەوە. لەبەرڕۆیشتن هەم تایبەتمەندی کانیاوە، هەم هی خۆشویستن. لە بازنەی مهیردا، لە سەرتانە خۆشەویستی هێکدی بن، تەنانەت دژمنەکانتان خۆشبوێن و دووهایان لە بۆ بکەن، بەشکووم دەست لە گوومڕاهی هەڵبگرن و مهیری بن. ڕق و قین لە سەر یار و نەیار هەڵگرن، هۆخەی مەکەن لە پەیوەندی بە دەرد و مەرگی هیچ دژمنێک، بە فرمێسکی هیچ کەس پێ مەکەنن، بەڵکوو دووهای خێریان لە بۆ بکەن. هەرکەس دووهای خێر لە بۆ کەسانی دیکە بکات، خێری دەگاتێ و پاداشتی چاکەکەی وەردەگرێتەوە. چاکەکردن بەڵا ناهێڵێ، دووهاکردن چاکەکردنێکە لە دڵ و دەم و لە دەستی هەمووان دێ، قەت درێخی تێیدا مەکەن و، هەردەم دووها لە بۆ خۆتان و لە بۆ هێکدی بکەن. خەڵکینە! وەرنەوە هۆش و چاکەکردن بگشتێنن، خۆشویستن بگشتێنن، بهێڵن سۆز وەکوو کانیاو هەڵبقوولێ و هەمووان لێی بهەرەمەندبن. هەموو هێکێک پێویستێتی هەناسە هەڵبکێشێ و بیداتەوە، ئەوهاش پێویستێتی سۆز ببەخشێ و پێی ببەخشنەوە. لە کوورتهێنانی سۆزدا، کەڵێن و شەبەقی گەورە دەکەونە دەماخ و دەروونی خەڵکیەوە، ئەمەش هەلی چوونە ژوورەوە دەداتە هۆف و، سەرەنجامیش پێی کاول دەبن. چارەی کورتهێنانی سۆز و بەربڵاوبوونی، تەنەها لە ناوەندێتی دایکدا بە دید دێ، لەوەدا بەرهەست دێ هەموو هێکێک لە خوودی خۆیدا، ناوەندێتی سۆز پێک بهێنێ، بە گشت بدات و لە گشت وەربگرێ. لەم گەردوونەدا، هەمووان دەبەخشن و هەمووان پێیان دەبەخشدرێ. دەریاکان لە هەورەکان پەیدابوون، دیسانیش لە دەریاکانەوە هەورەکان پەیدا دەبنەوە. بەخشندە و پێ بەخشدراو لە ناو هێکدین، لەم هێکێتیەدا هاوسەنگی پێک دێ. خۆشەویستی لەوێدا دروست و پاراوە، کە بە گشت گرێدراوە، بە هام خۆشتان بوێن، لە خۆشەویستیدا بڕۆن بە قووڵاهیدا و، تەواوی زیندەگیتان خۆشبوێ. خۆرهەتاو نەسرەوتانە گەرمی و ڕووناکیەکەی بە سەر هەمووان‌دا پەخش دەکات، بەبێ ئەوەی هیچ شتێک لە هیچ هەستێرێک وەربگرێتەوە. لە خۆرهەتاوی دایک فێری بەخشین و گشتەگیری بن، ببەخشن و مامەڵەی وەرگرتنەوە مەکەن. هاشق بە زیندەگی بن و، لە پەیوەندی هاشقانەدا تخووب تێمەپەڕێنن، کاتێک بە توووندی دڵبەندی هێکێکن و دەی

گهێننە شێت و شەیدابوونێ، لە خۆتان وها نەبێ خەریکن بە دروستی هاشقاتی دەکەن، نەوهالە، قەت وها نیهە! لە دڵبەندی دووسەرەدا موولکیەت بەرپایە، لە دڵبەندی هێک لایەنەش دەبنە ئەوی، دەبنە دەردەدار و، بە دەردی دڵ و دەروونتانەوە دەناڵێنن. ئەم دەردەداربوونە تایبەتکردن وەگۆڕێی دەخات، تایبەتکردنیش لە مهیر بە دەرە. لەوەش بەد و بەدناوتر، توێکڵێکە بە ناوی خۆشەویستی، کرۆکەکەی لە خۆویستی زیادتر نیهە. باش لێی تێبگەن و بیخەنە مێشکی خۆتانەوە، لە خۆنەویستیدا مهیرین و، لە خۆویستیدا هۆفی. خۆشەویستی ڕاستیەقین و دروست لێ ستاندن نیهە، بەخشینە، بەخشینیش لە خۆشەویستیەوە دێ. ڕێک لە وێنەی باران و ئاوی سەرزەوی، هەرهێکەیان ئەویدیکەیانە. ئەوکاتەی لە پەنای وشەی خۆشەویستیەوە، مالکیەت بە سەر کەسی بەرامبەرتانەوە دەکەن، خەریکی خۆویستین، خۆشی خۆتان دەوێ و، ڕێ لە خۆشی و لەزەتبردنی ئەویدی دەبەستن، بەمەش دەبنە هۆفی، هەقتان نیهە بە خۆتان بڵێن مهیری. مهیریبوون لە پەیوەستبوون بە شێوازی دایکێتی بەرهەست دێ، لە خۆویستیدا خۆتان تایبەت دەکەن و دەڕۆنە پێش ئەوانی دیکەوە، ئەم خۆتایبەتکردنە دەکەوێتە سەرهێڵی هۆفێتی، پاشانەکە بەرەو ئەوەتان دەبات لە مهیریبوون وەربگەڕێن و، خۆشیویستنی ئەوانیدیتان تێیدا بمرێ. لە بازنەی مهیردا هەمووان خۆشدەویستدرێن، کەس بەبێ خۆشەویستی جێناهێڵدرێ، چوونکی لە باتی خۆ خۆشویستن، هێکدی خۆشویستن هەیە، لە لێکەوتەش هەمووان خۆشویستدراون. بەڵام ئەگەر خۆشەویستی لە دۆخ دەرهێندرا و کردرایە پەیوەندی دانوستاندنی کەسی، کاکڵەکەی لە دەست دەدات و، دەبێتە شمەکی سەودا و مامەڵەی بازاڕان، هەنگێ دەبێتە کاڵا، کاڵاش دەرچوون و بەسەرچوونی هەیە، هەرکاتێک کاڵای نوێ و دانسقە هات، کاڵای کۆن بەلادا دەندرێ و، نرخ و هەڕمێنەکەی لە دەست دەدات. خۆشەویستی لە کرۆکی خۆیدا بەخشینی سۆزێکی بێ بەند و داوە، لە بەخشینیشیدا کێهێتی پێ بەخشدراو جهێی بیر لێ کردنەوە نیهە. لێرەدایە گشتەگیری خۆشەویستی، بازنەی ڕەچەڵەکی بەشەری دەرباز دەکات و، دەبێتە خۆشەویستی لە بۆ زیندەگی، بە سەرجەمی پێکهاتەکانیەوە، بە خاک و خۆڵ، بە ئاو و هەوا، بە دار و دەوەن و، بە هامی زیندەوەرانەوە، زنیدەگهیش لە گشتبوونیدا تینە، تینیش هوودای دایکە، لەبەرهەندێ سۆزداری لە واتای جەوهەریدا دەبێتە ئەویندار ی بە هوودا، جا لەبەرئەوەی لە کۆمەڵی بەشەریدا، مێ نوێنەرێتی هوودا دەکات، ئەوینداری بە مێ و ئەوینداری بە هوودای دایک، دەبێتەوە بە هێک ئەوین، بەو شەرتەی ئەو ئەوینە ئاراستەی گشتەی ڕەگەزی مێ بکەن، نەک تاکێتی مێ. ئەوین بە دەستهێنان نیهە، لە دەستدانە، لە ئەویندار یدا ئەو نابێتە موولکی تۆ، بەڵکوو تۆ دەبیتە ئەوی و خۆتی پێ دەبەخشی. لەم بازنەیەدا مێ لە سەرێتی ئەوینداری مێهێتی بێ و، نێر لە سەرێتی ئەوینداری ڕەگەزی مێ بێ. ئەو شتانەی لە ناوەوە دەردەچن، هەر لە ناوەوەش پاداشتی دەستبەجێ وەردەگرن. ئەوی سۆز دەبەخشێ، دەمودەست دڵارامی

دەست دەکەوێ و هەستی هێزین تیایدا سەرهەڵدەدات، شەپۆڵەکانی ئەو هەستەش هاوسەنگی بە لەش و گیانیدا دهێنن. ئەمە پاداشتی هێکەمی ئەو بەخشینەیە وەری دەگرنەوە، پاداشتی دووهەم لە سووڕی دووهەمی زیندەگی و، پاداشتی سێهەمیش لە سووڕی سێهەمیدا وەردەگیردرێتەوە. بە یادی بگرن و لە سەری خۆتاندا بیهێڵنەوە، خۆشەویستی بە وشەکەی ناناسدرێتەوە، بەڵکوو بە کرۆکەکەی، لە دۆخی مهیریدا کرۆکی خۆشەویستی و، لە دۆخی هۆفیدا توێکڵی خۆشەویستی دهێتە مەیدانێ. جا گوێزی پووچەڵ بە کەڵکی چ دێ، تووڕ هەڵیدەنە ناو ئاگردانێ.

## توێژی 22

دایک بە تایبەتمەند بەخشندەیە، بە هەردوو واتای بەخشین، چاکە دەکات و وەرناگرێتەوە، خراپەی لەگەڵ دەکەن و تۆڵە ناکاتەوە. دایک بێسنوور چاکە لەگەڵ ڕۆڵەکانی دەکات و، بێ هەندازیش لێبوردەیە لە هاستی ئەو خراپانەی دەرهەقی دەیکەن. دایک نەک تەنەها لە کردەی بەدی منداڵەکانی، لە شەڕی ئەوانیدیکەش خۆش دەبێ و هەواڵەی هوودایان دەکات. خووشک سەدجار خراپەی براکەی لە بیری خۆی دەباتەوە و، هامێزی سۆزی لە بۆ دەگرێتەوە. لە هەموو زەمان و زەمینێکدا ڕەگەزی دایک نێزیکە خێر و دووره شەڕ بوون، ئەوەتانێ ئەوڕۆ لە ترۆپکی چەرخی تاریکیدا، مێ هێشتانەکانێ تریسکەی ڕووناکی تێیدا ماوە و دەبەخشێ. هاخر بەخشین لە پڕێتی دێ، پڕێتی لە تین و توانا، لە سۆز و خۆشەویستی، لە لەزەت و جوانی. ڕەگەزی دایک بە هۆی نێزیکاتیان لە هووداوە، پڕپڕن لە خێر و، توووند گرێدراون بە زیندەگیەوە. ئەوی نەبەخشێ، بێشک بە تاڵ و دووره مهیرە. دەی، خۆ گوزەی شکاو دڵۆپێک ئاوی تێیدا نیهە ناوخۆی پێ تەڕبێ، نالوێ چاوتان لەوە بێ لێی بخۆنەوە. وەرن بەرەو ڕووناکی، پڕبن و ببەخشن، لە هەرشتێکدا خۆتان لەگەڵ هێکدی بەش بکەن، هێک ڕەنج و هێک گەنج بن، قەت مەکەونە مڕخێش کێ نەختێک پتر، یان کەمتر ڕەنجیداوە، ڕنجی زیادترت دابێ بەخشینێک بووە بەوەی کەمتر ڕەنجی داوە. لە بیرتان بێ کێ پتر ببەخشێ، ئەو لە هوودای دایک نێزیکترە. لە هێکدی خۆش بن، هەروەکوو دەتانهەوێ هوودا لێتان خۆش بێ. بیخەنە سەری خۆتانەوە، کەسی بەهێز لێبوردەیە، ئەوە لاوازەکانن تۆڵە دەستێنن. پەرت مەبن و ڕق لە دڵ مەگرن، ڕق لە هۆفێتی دێ و خۆتان پێی کاول دەبن. دروست وهایە، ئەو چەشنەی دایک لەگەڵ ڕۆڵەکانیدا هەڵسوکەوت دەکات، وها هەڵسوکەوت لەگەڵ هێکدی بکەن، هەڵە و دەمچەفتی، تەنانەت خراپەی بە قەسدیش لە بیر بکەن و، هامێزی دۆستاتی هاوەڵا بهێڵنەوە. بە خۆتان بڵێن: دەی ئەگەر هەڵەت و خراپەکردنێک نەبێ، لێبوردنێکیش

نابێ. کاتێک بە کردەی خراپ دڵێک دەێشێنن، یان بە هەرجۆر ئازارێک دگەهێنن، زوو هەڕوون داوای لێبوردن بکەن، مل بدەن و دڵنزمی بنوێنن، هەینێ ئازاردیدە بەرپرسیارە ببەخشێ. ئەوی دەبەخشێ مهیر لە خۆیدا پەرەپێ دەدات و، چاکە لەگەڵ خۆی و ئەوانیدی دەکات. بە ناوەندێتی دایک لە کۆمەڵدا، تایبەتمەندی بەخشندەهی دەبێتە تایبەتمەندی گشتەی کۆمەڵەکە، بەمەش لاسەنگیەکان لادەکەون و، کۆمەڵێکی هاوسەنگ سەرپێ دەکەوێ. دایک بە تایبەتمەند دادوەرە، منداڵەکان لە چاوی ئەودا هێکێکن و فەرقیان پێ ناکات، ئەم فەرق پێ نەکردن و وەکیەهێک بینینە، بنەڕەتی دادوەری پێک دەهێنێ. داد و دادوەری، وشە و واتاکەی لە دادە وەرگیردراوە. دادە ناوێکی دیکەی دایکە، خووشکی گەورەش کە جهێنیشینی دایکە، لە هاخاوتنی کووردهەواریدا ئەو ناوەی دراوەتێ. بە ناوەندێتی دایک لە خێزان و کۆمەڵدا، دادوەری و هێمناتی بەرقرار دەبێ. دایک مهیرە و مهیر تەباهی بە هاردی دادهێنێ. ئەوی خراپەی دەرهەق کردراوە لە سەرێتی بیر لە تۆڵە نەکاتەوە و، لە خراپەکارەکە خۆش بێ، ئەمەش خراپەکارەکە ڕوو بە چاکە پاڵ پێوە دەنێ و، ئاشتەواهی دهێنێتە گۆڕێ، لێخۆشبوونەکەش چاکەی گەورەیە دەچێتە تۆماری بەخشندەکەوە.

## تویژی 23

دایک بێ قوونەبان نیهە و تەمبەڵێتی ناناسێ، نەسرەوتانە ڕەنج دەکێشێ و شەونخوونی دەکات، بەبێ ئەوەی سکاڵا و گازندەی لە بەشی دایکانەی خۆی هەبێ. دایک بە دەم ڕەنجدانەوە، ڕوو بە زیندەگی پێ دەکەنێ. بە ناوەندێتی دایک کۆمەڵێکی ڕەنجدەر و ماندوونەناس پێ دەگرێ، کۆمەڵێک پتەو وەکوو داربەڕوو، هەڵچوو وەکوو هەسپیندار، کۆمەڵێک لە ڕەنجی هاوبەشیانەوە هێز و لەزەت دەگرن. خەڵکینە لە ڕەنج مەسلەمێنەوە، ڕەنجدەری مهیرە، ئارامی و ئۆقرەهی بە دڵ و دەماخ و، هێز بە لەشدا دهێنێ. خانەدانی و چەقبەستن دەرد و بەڵایە، دەست دەنێتە بینتانەوە و دەقەزارتان دەکات. زهینی بدەنێ، بە هەناسە و خواردن و خواردنەوە، وزە بە لەش دەکەوێ، کەمێکیش وزە خەرج دەبێ. بە هیزر و هەست و، بە هەربزاوتێکی لەش و ناولەش، لە تەوقی سەر، هەتا پەنجەی پێ، چ لە پێکهاتەی ناوەوە و چ لە جوولەی دەرێ، هەم وزە دێ و هەم وزە سەرف دەبێ. جۆرێتی هیزر و هەستەکان، جۆرێتی خواردن و خواردنەوەکان، جۆرێتی جوولە و جۆرێتی پێکهاتەکان، هەندازەی هاتن و ڕۆیشتنی وزە دیاری دەکەن. بەشەر هەقلی دراوەتێ، هەقڵ بنەما لە سەر لۆگیک و زانستی ئەزموونکردنێ، هەندازەی هاتن و چوونی وزە هاوسەنگ ڕادەگرێ، بەمەش دەستەبەری تەندروستی و دڵخۆشی دەکات. تین، تەن بەرهەم دهێنێ، ڕۆژانە تین

دەچێتە لەشەوە، ئەگەر بە شێوەی هاوسەنگ لە ڕەنجی ڕۆژانەدا سەرفی نەکەن، لەو لەشەدا کەڵەکە دەبێ و، زیاد لە پێویست تەن بەرهەم دێ، ئەوەش باری لەش و دەروون و، باری زهین قوورس دەکات، سەرەنجام لێی دەبێتە دەرد. لە تاک و گشتدا، ڕەنجدەری ڕەواندنەوەی نەخۆشی و دەردە، ئەو کۆمەڵەی ڕەنج بکێشێ کۆمەڵێکی تەن دروست و دەروون دروستە، هاودەم کۆمەڵێکی بەرهەمدارە و، برسیێتی لە دەستی ناهێ تەنگی پێ هەڵبچەنێ. وقتهێک کۆمەڵ تەنبەڵ نیەه و بە ڕەنجبەری دەرواتەپێش، کۆمەڵێکی لە سەر پێ و پتەوە، کۆمەڵێکە لە باری زهین و دەروون و، لە باری لەشدا، هێکێک لە ڕەگەزەکانی دروستی و سەقامگیری تێیدا بە دید هێندراوە. هەرکەس مهیری بێ، تەوەزلی و بێ قوونەبانی ناکات، ئەوی لاقی هەیە و گۆشە دەگرێ، دەستی هەیە و کار ناکات، پشتی هەیە و هەڵناستێتەوە بچێتە کاری هەرەوزی، با بزانێ لە سەر هێڵی هۆفی وەستاوە. هەرهێکێک لە تەمبەڵیان کار نەکات، یان خۆی لە ڕەنجدەری وەپاش بدات، شایستەی تێربوون نیەه. هەموو کەس لە سەرێتی دڵ بە ئاهەنگ ڕەنج بکێشێ و لە هەرەوزیدا خۆی ببینێتەوە، هەرەوزی نێزیکبوونەوەیە لە هێکدی و لە هوودا، هەسانەوەی ماندووێتی و دابەشکردنی شادی و خۆشیەە لەگەڵ هێکدا. دروست وهایە لە هێک نێزیک بن، ئەوی لە خەڵک نێزیک بێ، لە هوودای دایک نێزیکە، هەرەوزی و هاریکاری لە هووداتان نێزیک دەکاتەوە.

## توێژی 24

دایک ئازار دەناسێ و بێباکە لێی، مل بە ملی لەگەڵدا دەکات و بە سەریدا سەردەکەوێ. ئازاری شکستی هەفت هێسکان بە هێکەوە، ناگات بەو هێشانەی دایک لە میانی منداڵبووندا دەیچێژێ، پاشانیش ئەو دایکە بە بەهای زەندەقچوونی خۆی، پاسداری لە ساخی و سەلامەتی منداڵەکانی دەکات. ئەوی بە توندی هێشابێ، دەستی ناچێتە هێشاندنی ئەوانیدی. دایک لە دایکاتیەوە قووڵ هێشاوە، نایهەوێ کەس بیهێشێ، بەڵام نە لە هێشان دەترسێ، نە سڵ لە مردن دەکاتەوە، ئەو بە خاتری بەردەوامی زیندەگی، بە پێی خۆی بەرەو ڕووی مەرگ دەچێ. دایک لە سەرێتی بە گێرەی بوێری و بێباکی خۆی، کە بەرامبەر بە مەرگ و ئازارهەێتی، ئەوها ڕۆڵەکانی وەباربهێنێ. بهێڵن منداڵان لە کەوتندا بە دەست و پشتی خۆیان هەڵبستنەوە، بە دیتنی خوون و برین نەپەشۆکێن و، لە هێشاندا ددان بە خۆیاندا بگرن، منداڵانێک نەکرۆزێنەوە و بە زەلیلی ڕازی نەبن، نە ئازار بدەن و نە بهێڵن ئازار بدرێن، شەڕ نەکەن و، شەڕی سەپێندراو لە خۆیان پاس بکەن. هۆفی شەڕ دەسەپێنێ، مهیری ئەرکێتی پاسداربێ و شەڕ لە خۆی پاس بکات، ئەرکێتی خاک و نامووس بپارێزێ، ئەرکێتی خۆی بدات بە دەمی

مەرگ و نەیداتە دەستی هۆفیانەوە. لە بیرتان بێ، مردن سوورێکی دیکەیە لە زیندەگی، ئەگەر لەم سوورەی زیندەگیدا ناچار بە سەرشۆڕی بوون، لە سەرتانە ڕەتی بکەنەوە و بە جهێی سەرشۆڕکردنێ، مەرگ پەسەند دەکەن. لە کۆشی دایکدا، سەرێکی باز و کردراوە پێ دەگات، سەرێک بێجگە لە سەری دایک، هیچ سەرێکی بە سەرەوە نیهە. سەری دایک سەری سەربەستی و بڵندکردنی سەری ڕۆڵەکانێتی، شەرتە پاشانیش ئەو سەرە هەر بە بەرزی بهێڵدرێتەوە. ساوای بەرمەمکان بە هۆی کەمی تواناوە، سەری دەچەمێ، دایکی لە پشت ملیەوە، دەستی خۆی لە بۆ دەکاتە هەستوونگی سەری و، لە سەر سەربەرزی و سەروەری ڕایدەهێنێ. بەم چەشنە لە میانی پەروەردەی دایکانی مهیریدا، کۆمەڵێکی سەربەست و شکۆدار پێک دێ. لەو کۆمەڵەدا هیچ سەرێک بە سەر سەرێکی دیکەوە نیهە، هیچ هێکێک گەورەی هێکێکی دی نیهە، دۆخی دۆستی بەرپایە و هەمووان هاوبەند و هەرەوزانە هەڵدەسووڕێن. کۆمەڵانی جووداجۆری گەردوونێ، بە تێکڕا لە هاوبەندی دانە، بەبێ ئەوەی هاوبەندبوونەکە سەروەری لە چ تاقیان بستێنێ، بەڵکوو لە میانیدا هێز بە هێکدی دەبەخشن و تواناکان پەرە پێ دەدەن. سەروەری و سەربڵندی بە ئامانج بگرن و، کۆمەڵێکی بەربەخێر سەرپێ بخەن. خەڵکینە هیدی سەری کەچ کردووتان بڵند بکەن و، بەرەو نامووس وەرن، وا ڕۆژگاری سەربەرزی دەستی پێکرد.

## خوارقەدی ناමووس

### تویژی 01

لەوەتی بەشەرێت دەستی لە هوودای دایک بەرداوە، هیچ شتێک لە شوێنی خۆیدا نەماوە. دەستبەردان لە هوودای دایک، بە واتای نەمان و لاچوونی بنەڕەتە، بەمەش داڕووخان ڕوویداوە، داڕووخانێکی گشتەگیری سەرهەتا پا، بە جۆرێک هیچ پتێکی ساخلەمی تیێدا نەماوەتەوە. ئەو داڕمان و تێکچوونەی هەیە، لە "سەرک" دەستی پێکرد، بەشی سەرەوە ڕما و بە سەر بەشی خوارەوە داکەوت. بەشی سەرەوە زهینێتە، لە زهینێتی بەشەریدا، هوودای دایک بە بنەڕەت دێ، بە لاچوونی بنەڕەت لە ناو سەری بەشەردا، زهین ڕووخاوە، ڕووخانێک لە وێنەی ڕووخانی منارە، ئەو دەمەی بەشێک لە چینە بنەڕەتەکەی لادەبردرێ. ئێستاکێ بزانن زهینی خاڵی لە هوودا، خاڵیهە لە هەقیقەت، زهینێکی کەلاوەیە. هەڵسوکەوتی بەشێکی گەورە لە بەشەرێت، چەند هەزار ساڵ لەم کالاوە زهینیەدا ئاراستەی دراوەتێ، ئاراستەدانێکی خێڵ و خواری گریدراو بە هۆفێتی. هەڵبەتە داڕووخانە زهینیەکە بە هێکجار ڕووی نەداوە، هێدی و

ڕۆژگار بە ڕۆژگار دەستی دراوەتێ، لە فەراوانبوونیدا کات و شوێن بە ڕۆڵ و کاریگەر بوون. لە زەمەن و زەمینێکدا هووودای دایک لە سەرک دەکەنە دەرێ، پاشانەکە ودەرنانەکە جهێ بە جهێی جێهانێ دەگرێتەوە، بەڵام شوێنەواری فەرهەنگی دایکێتی لە زهیندا توول دەکێشێ، لە هەرجهێ و لە ناو هەرسەرێکدا، شوێنەواری هووودای دایک شوێنی پتری گرتبێ و، زیادتر بەردەوام بووبێ، لە وێدا داڕووخانە زهینیەکە خاوتر بووە و، ڕووبەرێکی کەمتری لە ناو سەردا گرتۆتەوە. وەلێ لە کۆتاهیدا کاولبوونە زهینیەکە بە جێهانی بووە و هەمووانی تێکەوتوون. لە بێ هووداهیدا، بەشەر بەبێ سەر ماوەتەوە، لە بێ سەریشدا هەموو شتێکی لە ناوەوە و دەرەوەی خۆیدا شێواند، لە هەرشتێکیش زیدتر زمان شێواوە، هەم دەنگەکانی زمان و هەم شێوازی هاخاوتن بە گرانی تووشی کەوتن هاتوون. ئێستا هاخاوتن لە سەر هێڵی هۆفێتی شێوەیان هاتۆتێ، مهیر لە زماندا هەتا ئاستی سەرسوڕمان لە کەمی داوە. بنەڕەتی زمان دەنگە، بنەڕەتی دەنگیش ناوکە دەنگە، ئەو دەنگی هاخاوتنەی لە زار دهێتە دەرێ، بە کارهێنانی بەربڵاوی ڕۆژانەی هەیە، هەرئەمەش وهای کرد لە جەنجاڵێتی ژیندا ناوکە مهیرەکەی زمان لە دەست بدرێ.

## توێژی 02

بەبێ تین، هیچ جۆرە دەنگێک لە گەردووندا پەیدا نابێ. تین دایکی دەنگانە و، دەنگەکان بە هۆی تینەوە لە تەنەکان دەخوولقێن. دەنگ لە گەردووندا سێ ئاستی هەیە، نزم و ناوەند و بەرز، هەرهێکێک لەم سێ ئاستەش پلەبەندن. بەشەر بەس پلەکانی ئاستی ناوەندی دەنگ دەبیستێ، خەنی لە خۆی کە قوودرەتی گوێ لێبوونی دەنگەکانی دی نیهە و، شەپۆڵی دەنگە نزم و بەرزەکانی ناگاتێ و، ناچن بە گوێیدا، ئەگەر بچووبانایە هیچ کەس هەلی ئاسایش و هێمناتی نەدەبوو. خەڵکینە! زهینی خۆتانی بدەنێ، پێکهاتەی لەش بە چەشنێکە، وەکوو ئەوە وهایە بە ملیاران ملیار مەکینەی گچکە و گەورە بە هێکەوە لە گەڕدابن. ئەو تەنۆچکانەی لەش پێک دهێنن، هەموویان خۆبادەدەن، جووتگرەکانیان جووت دەبن و، پاشان بە دووی هێکدیدا خوول دەخۆن. دایکەکان لە زایندا شەق دەبن، دوو لە سێی براکان لە وقهتی لە دایکبووندا، دووانەی بە هێکەوە نوساون لەگەڵ خووشکەکانیان و لێیان دەترازێن. هەموو ئەم ڕووداوانە دەنگدارن، بەڵام دەنگی نزمن و بەر گوێ ناکەون. خۆتان خەندان، وەکوو قۆڕەی زگ و پێچی ڕیخۆڵە دەبیستن، دەنگەکانی گورچک و ترپەی دڵ و خووڕەی خوون و گفەی هەناسەی ناو سیهەکان نابیستن. ئەگەر ئەو دەنگە دەنگەی ناو پێکهاتەی لەشی خۆتان و، لەشی زیندەوەرانی دەوروبەرتان بگەیشتنایەتە بەرگوێ، وها بێ هەواس دەمان،

دەبوو هارەزووی کەڕێتی بکەن. هەرهەندەش نا، ئەو خاکەی بە سەریەوەن و، ئەو هەستێرانەی بە هاسمانەوەن، بەردەوام بە دەوری خۆیاندا خوول دەخۆن و هاڕەیان دێ، وهای بهێنن بە زهینی خۆتاندا بە ملیاران ملیار بەردەئاش خەریکن باراش دەهاڕن. گوێ شلکەن و خەیاڵکرد بیدەن بە گوێتاندا: قریشکەی دایکانی هەستێرە لە زایندا، تەکەی تەکان لە مهیرگان، هاڕەی خۆبادان و هاژەی بە دوو هێکدا خوولان. دەبیستن چ ژاوەژاوێک هاسمانەکانی تەنیوە؟ نا، بێشک گوێتان لە هیچ هێکێک لەم دەنگانە نیهە، چوونکە دەنگە دەنگی هەستێران لە پلەکانی ئاستی بەرزی دەنگن، شەپۆڵەکانی ئەو دەنگانە بە هەندازێک گەورەن، لە سەرووی قوودرەتی گوێی بەشەرەوەن. دەنگ لە ڕێی گوێوە دەگوێستدرێتەوە لە بۆ دەماخ، هەرگوویێک سێیە لە هێکێکدا، گیوێی دەرەوە و گوێی ناوەند و گوێی ناوەوە، هەرهێک لەمانەش دەبنە سێ. لە گشتەدا هەرگوویێک بە دابەشبوونی سێهانەی ڕەگەزی مێ و نێرەمووک و نێر، سێهانەی خوودێتی کیژ و دایک و کوور، دابەشبوونی سێهانەی ئاستبەندی، لە نۆ بەشی سەرەکی پێک دێ، نۆینی گوێ هەموو بە هێکەوە، بە هاوردەکردنی دەنگ لە بۆ ناو سەر ئەرکدارن. گوێ لێ نەبوون لە دەنگە نزم و بەرزەکان، هەلی ژین و دینە، هوودای دایک بە بەشەری دراوە.

## توێژی 03

دەنگ لێکەوتەی لەرینەوەی تەنەکانە، جا چ لە ناو دەم و قوورگ و گەروو بهێتە دەرێ، یان لە تەنی دیکەی دەرەوە بەرز بێتەوە. دەنگی ڕوون بن، یان هاڵۆز، ڕێک بن، یان ناڕێک، کوورت بن، یان توولانی، هەموو ئەو دەنگانە بە هۆی تین و، لە میانی لەرینەوەی تەندا پەیدا دەبن. ئەو هەوایەی لە نێزیکی دەم و لووتەوەیە هەڵدەکێشدرێ لە بۆ ناوەوە، بە گەرووا دەچێتە قوورگ و، لە وێوە بۆ ناو سیهەکان دەڕوات. هەناسەدانەوەش دەرچوونی هەوایە لە سیهەکانەوە لە بۆ قوورگ و گەروو، لە وێشەوە بە هەمان ئەو دوو ڕێیەی پێیدا هاتووە، لە لەش دەچێتە دەرێ. هەوا تەنی گازە، لە هاتن و چووندا شێوەی شەپۆڵی هەیە، بە جوولەی جوودای ئەو شەپۆلانە و، بە جۆرێتی و چەندێتی تەنانەکانی بەرکەوتوو بە هەوای هاتوو، یان ڕۆشتوو، دەنگەکان دەخوولقێنن. دەنگەکان وقتهێک لە دەم دەردەچن بە هامێزی شەپۆڵەکانەوە مەودا دەبڕن، مەودابڕینێک بە هەندازەی ئەو تینەی لە شەپۆڵەکاندا هەیە، لە میانی ئەم مەودابڕینەش، ئەو گوێچکانەی لە ناو تخووبی شەپۆڵەکانن، دەنگەکە وەردەگرن. ئاستی دەنگی لە دەم دەرچوو، لە بڕینی مەودا و باری بڵندی و نزمیەوە، بە تینی شەپۆڵەکانەوە گرێدراوە، هەموو دەنگێکیش لەگەڵ دەرچوونیدا، هێواش هێواش کەم

دەبێتەوە و، لە کۆتاهیدا دادەمرکێ. دەنگ لە نێوان دەم و خاڵەکانی دامرکانەوەدا، بە هەرسێ ئاستی پانی و ئاسۆهی و ستوونیدا بڵاودەبێتەوە، بەڵام ئاستە ستوونیەکەی وەکوو دوو ئاستەکەی دیکە مەودابڕ نیەە. پانی و ئاسۆهی لە خوودێتیدا دایک و کیژن، ستوونی لە خوودێتیدا کوورە. تینی مێهێتی لە دەنگ و لە هەموو شتێکدا، هەمیشە لە تینی نێرێتی زیادتر و کاریگەرترە.

## توێژی 04

ئەو دەنگانەی بە دەرچوونی هەوا لە دەم و لووتی بەشەر دەهێنە دەرێ، بە سەر سێ بەش جیدا دەبنەوە. دەنگەکانی هاخاوتن، بەشی سەرەکی پێک دەهێنن، دوو بەشەکەی دیکە ناسەرەکین و دەنگی لێکەوتە و دەنگی هێماژن. ئەو دوو بەشە دەنگە بە شێوەی دیکە واتا دەبەخشن، نەک ئەو واتابەخشینەی لە دەنگەکانی هاخاوتندا هەیە. لە هاخاوتندا هێک دەنگ بە تەنەهێ، یان دوو دەنگ و چەند دەنگ، واتای جوودا دەگەهێنن. بەڵام ئەو دەنگانەی لە دەرەوەی دەنگەکانی هاخاوتنن، پۆلێن نابن و لە پارچەکردنی دەنگەکاندا هیچ واتا بە دەست ناهێ، چوونکی تەنەها لە گشتەی پێکهاتەدا هەڵگری واتان. دەنگی "پرخە" لە کاتی خەودا، نموونەی ئەو دەنگانەیە، پرخەپرخ بە واتای خەوتنی ئەو کەسەیە کە دەنگەکەی لێ دەردەچێ، لەوە بترازێ واتای دیکە لە دەنگە هاڵۆزەکەدا دەرناهێ، لەبەرئەوەی دەنگێکی نەزمدار و زمانی نیەە. بنەمای جوودابوونەوەش لە نێوان دەنگەکانی هاخاوتن و، دوو بەشە دەنگەکەی دیکە هەرئەمەیە. دەنگەکانی بەشە سەرەکیەکە، "دەنگی نەزمداری زمانی"ن، هی ئەم دوو بەشە، "دەنگی بێ نەزمی نازمانی"ن. جووداکردنەوەی ئەم دوو بەشەش لە هێکدی، لە سەر بنەمای ئەوەیە، دەنگە لێکەوتەکان وەکوو لێکەوتەی دۆخی جوودا پەیدا دەبن، بەڵام دەنگە هێماژەکان لێکەوتەی دۆخ نین، زار و زهینکردن، بە قەسدی هێماژ و نیشاندانی واتاوە دەخوولقێندرێن. هەرهێکە لە دەنگە لێکەوتە و هێماژەکان بە پێی خەسڵەتمەندی، بە سەر دوو پۆڵ جوودا دەبنەوە. پۆلێکی دەنگە لێکەوتەکان لە دەرەوەی ویستی بەشەری پەیدا دەبن. "کۆخە، پشمین، فنەفن، نرکە، قرپە، مرچە، پرخە، مرخە، فیشکە، فیرە، چیڕەی ددان، بەرچیچکە(نزگرە)، هانەهان،" لەو دەنگانەن، وەلێ پۆڵی دووهەم مەرج نیەە لە ویست بە دەربن، دەنگەکانی وەکوو "قاقای پێکەنین، پرمەی گریان، هەنسک،ناڵین، قیژاندن، هاوار، زیڕە،" هەرچەندە لە سرووشتی خۆیاندا لێکەوتەی هەڵچوونی دەروونین لە باری جوودا، لەگەڵ ئەوەشدا دەلوێ دەربڕی دەنگەکە بە قەسدی هێماژ و ڕاکێشانی سەرنجی دەوروبەرەکەی، دەم لە بۆ ئەو دەنگانە بکاتەوە. لەم بازنەیەدا ئەم بەشە لە دەنگە لێکەوتەکان، لەگەڵ دەنگە

هێماژەکان تێک هاڵاو دەبن. دەنگە هێماژەکان مەبەستدارن، ئەو دەنگە لێکەوتانەش وقتهێک بە قەسدی هێماژ و سەرنجڕاکێشان دەربڕدرێن، مەبەست هەڵدەگرن، بەمەش هاوبەش دەبن لە نێوان هەردوو بەشی دەنگەکاندا. لە دەنگە هێماژەکان "هەلهەلە، فیکەکێشان و لێوژەنین،" وەکوو پۆلی هێکەمی ئەو جۆرە دەنگە جێدارن. دەنگی فیکە دەتوانێ چەند هێماژی جوودا هەڵبگرێ، هەرهێکە لەو هێماژانەش واتاهێک بە بیسەر بگەهێنێ. لێوژەنین شێوازێکە لە فیکەکێشانەوە پەرەی دراوەتێ و، ئاواز و دەنگی دڵگیر بە دەمدا دهێنێ، بە تایبەتی ئەو وقهتەی لوولەی قەبارە جوودا، یان کوندار بە لێو دەنوسێندرێ و لە دەمەوە فووی پێدا دەکردرێ. پۆلی دووهەمی دەنگە هێماژەکان جۆرێکی دیکەن، ئەو دەربڕینانەن کە بەشەر لە بۆ بانگکردن و بە ڕێکردنی گیاندارانی جووداجۆر بە زاریدا دهێنێ. سەگ بە کوچ کوچ، مەڕ بە گدی گدی، باڵندە بە تی تی، پشیلە بە پش پش بانگ دەکردرێ. لە باری پێچەوانەش سەگ بە چەخ چەخ، مەڕ بە یخ یخ، باڵندە بە کش کش، پشیلە بە خت خت وەدەر دەندرێ. هاودەم کەر بە هەچە هەچە دەیهاژۆن و، بە هۆش هۆش دەیوەستێنن. ئەمانە کۆمەڵە دەنگێکن لە نێوان دەنگی زمانی و نازمانیدا، باڵێکیان لەملا و باڵێکیان لەولایە، لە ناو گۆزار و زمانی هاخاوتندا جێ دەگرن، بەڵام دۆخی ڕێزمانی دەرباز ناکەن. لە نموونەدا دەنگی هەچە بە واتای هەڕە - بڕۆ بە کار دێ. بڕۆ لە کاری ڕابردوودا دەبێتە ڕۆشت، لە کاری داهاتوودا دەبێتە دەڕوات. وەلێ نە دەنگی هەچە، نە چ تاقی ئەو دەنگانەی دی ناکەونە ناو ڕێزمان و هەروەکوو خۆیان دەمێننەوە.

## توێژی 05

گەڵاڵەی بەدزهینی و دەمچەفتی، وەکوو زانستی زمان ناوی دراوەتێ، لە ڕاستیشدا زانستێک لە گۆڕێ نیهە، ئەوەی لە گۆڕێ دایە، شاڵاوی شێواندن و کاولکردنی تەواوەتی زهین و زارە. زمانی زگماک بە پێی کات و شوێن تووشی هەلا هەلابوون بۆتەوە، سەرەڕای ئەوەش لە دواهیدا بە ناوی زانستی زمان بە قوورسی لێی دراوە و، هێندەی دیکە لە پەلوپۆ کەوتووە. بە سەرهاتەکە بە تەواوی دڵهەژێن و وەڕسکەرە، زمان بە زەبری زار و زهینی کەسانێک شڕ و شەپلێوە، ئەو کەسانە بە ناوی زانا و کەسوکاری زمان (زمانناس) لە زمان چوونەتە پێشێ و، خەڵکی گوێی پێداون. بەمەش توانیویانە بەدهیزری و لە ڕێ لادانەکان بگشتێنن و، چەند پێ زیادتر خەڵکی لە زمانی زگماک دوور بخەنەوە. بنەڕەتی زمان دەنگە، ئەوان زهین کۆرن و دایکی دەنگان ناناسن، هەرنازانن دەنگ دایکی هەیە، بەبێ شک ناشزانن کەینێ و لە کوێندەرێ دەنگەکانی هاخاوتن لە دایک دەبن. ڕاستی ئەوەیە، بەبێ زانستی هوودای دایک،

ئەنجامی دروست لە هیچ کارێک دەرناهێ. لێکۆڵین لە دەنگ و شێوەکانی دروستبوونی و، لەو ئەندامانەی بەشدارن لە هاخاوتندا، بە کەڵک ناهێن ئەگەر لە دەرەوەی زانستی دایکدا هەڵبسوڕێن. ئەوەتانێ لە سەرتا پای جێهانێدا، ئەوانی سەدان ساڵ لە پەنای ناوی زانست و زانکۆوە سەرگەرم بوون، هەرئاسنی ساردیان کووتی، لەمەولاش بێجگە لە پێچانەوەی باروبنەی کارە پووچ و بەدەکەیان، هەڵبژاردنی دیکە لە بەردەمیاندا نەماوەتەوە.

## توێژی 06

زمان زگماکیەیه، وقتهێک کۆرپە لە ناو زگی دایکێتی، دەنگەکان دەخوولقێن. کۆرپە لە مانگی شەشەمی تەمەنی لە ناو زگی دایکیدا، دەست بە هەڵکێشان و دانەوەی هەناسە دەکات، لەگەڵ هەناسەکاندا دەنگەکان بە سەرەتا دهێن. دەنگ بوونەوەرێکە، ئەو وقهتەی کۆرپە لە ناو زگی دایکێتی، ئەم بوونەوەرەش لە وێدا ساوایە، پاشان بە گوزەری کات لەگەڵ پێگەیشتنی کۆرپەدا، دەنگ پێ دەگات. زمان لە دەنگ و ناوکە دەنگ پێک دێ. ناوکە دەنگ تینە و دایکی دەنگانە، لە زماندا بە شێوەی "هـ" دەردەکەوێ. تین نەبێ، دەنگ لە دایک نابێ، تین سیهەکان دەجوولێنێ، ئەم جوولەیە هەوا لە بۆ ناوەوە دهێنێ، پاشانیش هەوا لە بۆ دەرەوە دەنێرێ. هەوا تەنە، بە شێوەی شەپۆڵ دەجوولێ. ئەو شەپۆلانەی هەوا، لە ڕێی هاتنە ناوەوە و چوونە دەرەوەدا، بەر تەن دەکەون و، بە لەرینەوەی تەنەکان دەنگ دەخوولقێ. سووورێنچک، سیهەکان، قوورگ، گەروو، لە سەرەوە لووت و لە خوارەوە دەم، دارا و بە دەورن لە پەیدابوونی دەنگەکانی هاخاوتندا. دەم بە هەموو پێکهاتەکەیەوە، زمان، ژێرزمان، ددان، پووک، لێوەکان، مەلاشوو بە ڕەق و نەرمیەوە، گەروو لە زمانۆچکە و ڕەگی زمانەوە لە سەرێ بەرەو ڕێڕەوی لووت، لە خوارێ هەتا لێواری قوورگ، قوورگیش بە دوو دەستە ماسولکەی نەرم و ناوەندگیرێکەوە، کە ژێیەکانی دەنگ لە خۆ دەگرن، هەموو بە هێکەوە بەشدارن لە سازان و قەوارە و قاڵب پێدانی دەنگەکانی زماندا. ڕێسای خووڵقانی دەنگ لە ناوەوەی بەشەردا، هەمان ڕێسای لە دایکبوونی تەنە لە گەردووندا. دایکی گەردوون هێکێکە، نەزم و ڕێسای خووڵقاندیش لە هەموو کات و هەموو شوێنێکدا هەرهێک نەزم و ڕێسایە، چوونکە ئەم ڕێسایەی گەردوون زهینێتی خوودی هوودایە، هاوکات ناسینی وەکوو مووخی گەردوونیش واتادارە. هوودا هەموو شتێکە و هیچ شتێکیش نیهە، هەموو شتێکە بە واتای تین و، هیچ شتێکیش نیهە بە واتای تەن. بەبێ هەبوونی تین نالوێ تەن بەرجەسدە بێ، بەبێ تەنیش نالوێ تین بەرهەست بێ، لەبەرهەندێ هەموو وشەکان لە واتاهێکدا دەبنەوە بە ناوی هوودای دایک. بە واتای

دی، خوودی زمان دەبێتە دایک و، ناساندنیشی بە زمانی دایک، لەم گوزارشتەوە دێ. تێگەیشتن و ناسینی زمانی زگماک، تەنەها پەیوەندی بە زمانەوە نیەە، بەڵکوو زانستی ڕاستیەقین ڕوونتر دەکاتەوە.

## توێژی 07

واتای دەستەواژەی "زمانی دایک،" بە بەدزهینی و نەزانینەوە زاروزاری پێ کردراوە، ئەو دەنگانەی لە هاخاوتنی دایکێکەوە دەردەچن و گۆزار دروست دەکەن، زمانی دایک نین، زوان لە خوودی خۆیدا دایکە. دەم سێیە لە هێکێکدا، لە گشتەدا خێزانێکە، لە پێکهاتەدا سێ بەشە، ناوەندی دەم زمانە و زمان دایکە. هەڵکەوتەی ئێستای سەری بەشەری، ڕوو لە ئاسۆیە، وەلێ هەڵکەوتە بنەڕەتیەەکەی ئەوها نیەە، ئەگەر نۆهەد پلە بەلای چەپدا وەربچەرخێ و ڕوو بە هاسمانێ هەڵببڕدرێ، هەنگێ شێوەی هەڵکەوتە بنەڕەتیەەکەی وەردەگرێ. لە بەرچاوگرتنی وێنەی هەڵکەوتە بنەڕەتهەکە، بنەمایە لە بۆ تێگەیشتن و ناسینی بەشەکانی ناودەم، چوونکی بە هەڵکەوتەی هەنوکە، پۆڵینکردنەکە بە ڕاست ناگەرێ. دەم لە سێ دابەشبوونی سێهانی دایە، لە هەرسێکیدا ئاستی ناوەند بە خوودێتی دایک و بە ڕەگەز نێرەمووکە، سەرەوە مێ و خوارەوە نێرە، پێشەوە مێ و پاشەوە نێرە، چەپ مێ و ڕاست نێرە، وەلێ ئاستەکانی سەرێ و خوارێ، چەپ و ڕاست، پێش و پاش، بە پێی وێنەی هەڵکەوتە بنەڕەتیەەکە دەست نیشان دەکردرێن، نەک هەڵکەوتەی هەنوکە. ئەوەی هەنوکە بە بەشی خوارەوەی ناودەم، یان بە مەلاشووی خوارێ ناودێر، لەهەڵکەوتە بنەڕەتیەەکەدا لای چەپی ناو دەمە، بە خوودێتی کچ و بە ڕەگەز مێیە. ئەوەی هەنوکە بە بەشی سەرەوەی ناودەم، یان بە مەلاشووی سەرێ ناسدراوە، لە هەڵکەوتە بنەڕەتیەەکەدا لای ڕاستی ناودەمە، لە پۆڵینکردندا بە ڕەگەز نێر و بە خوودێتی کوورە، ئەوەی هەنوکە بە باری ڕوو لە ئاسۆدا پێشەوەی دەمە، لە هەڵکەوتە بنەڕەتیەەکەدا سەرەوەی دەمە، ئەوەی هەنوکەش پاشەوەی دەمە، لە هەڵکەوتە بنەڕەتیەەکەدا خوارەوەی دەمە، لە هەموو بارەکاندا و لە هەردوو هەڵکەوتەکەدا، زمان ناوەندە و ناوەندیش دایکە. لە بەشەر و تەواوی زیندەوەراندا، دایک و کیژ لە باری خوودێتی، مێ و نێرەمووک لە باری ڕەگەزیدا لە ناو هێکدین، ئەوهاش لە پێکهاتەی دەمدا، زمان و بەشی مێینە تێک هاڵاون و جوودا نابنەوە. گشتەی دەم لە خوودێتیدا دایکە، دایکیش لە سێ باری جووادادا، سێیە لە هێکێکدا، ناو دەم کیژە، گەروو دایکە و قوورگ کوورە، تێکەڵبوونەوەی ناودەم و گەرووش، دیسان لەبەر ئەوەیە دایک و کیژن. هەروەکوو دەم سێیە لە هێکێکدا، هەرهێکە لە قوورگ و گەرووش لە سێهانەی خوودێتی و ڕەگەزی

و ئاستبەندی پێک هاتوون، لە پێکهاتەی هەرهێکە لە وانیشدا دایک و کچ لە ناو هێکدین. هەرسێک بە هێکەوە نۆین پێک دهێنن و، دارا و بە دەورن لە خوولّقاندنی دەنگەکانی زمانی هاخاوتندا. بە دیوی دەرەوە و گرێدراو بە دۆخی کۆمەڵاتیدا، دیسان زمان زمانی دایکە، منداڵ بە کۆمەک لە دایکیەوە گڕوگاڵ تێدەپەڕێنێ و فێری هاخاوتن دەبێ، دایکان بە زمان و بە چاو و، بە لێو و بە جوولەی ڕووخساریانەوە لەگەڵ کۆرپەی بەستەزماندا قسان دەکەن. لە ڕاستیدا قسەکردنی بێ سرەوتن، هێکێکە لە تایبەتمەندیهەکانی مێ و، لێکەوتەی هەندازەی تینی مێینەیە. بڕوانن، ژنان بە شێوەی هێشووە ترێ کۆڕی قسان دادەبەستن، دوو دوو، سێ سێ، چهار چهار لەگەڵ هێک دەکەونە دەمەتەقێ، وەلێ پیاوان لە شێوەی دەنکی ملوانکە دادەنیشن و، کە هێکێک قسەی کرد، ئەوانیدی پێدەنگ دەبن. بە تایبەتمەند پیاوان کەمتر لە ژنان زمانی هاخاوتن دەجوولێنن، ئەم تایبەتمەندیهە لە جۆری کارکردنێ تۆختر بۆتەوە. نێچیرفانی،، شیوانی، جۆتیاری لە نموونەی کاری پیاوانن و، ئەم بابەبتی زمانە ڕوونتر دەکەنەوە. لە نێچیروانیدا دۆخەکە بە جۆرێکە پێویست دەکات هاخاوتن بوەستێ و هێما بەرکاربێ. ڕاوکردن بە ئامرازی سادەی ڕۆژگارانی زوو، پیاوانی ناچار کردوون بە مەودای هەرەزۆرر لە نێچیر نزیک ببنەوە، لەو کاتیشدا گووتنی دەنگدار دەبێتە هەبەربوونەوەی نێچیرەکە، لەبەرهەندێ پێویست بووە بە هێما یەکتر بدوێنن و، کەمتر زمانی هاخاوتن بەرکاربهێنن. پاشانەکەش نە جۆتیار لەگەڵ گاجووت، نە شیوان لەگەڵ مەڕومالات، هێندە پێویستیان بە گووتنی زارەکی نیهە، ئەگەر پێویست بە دەنگیش هەبێ، دەنگی بێ نەزمی نازمانین.

## توێژی 08

بەشەر هەروەکوو لە ناو دەمدا هێک زمانی هەیە، لە هاخاوتنیش هێک زمانی زگماکی هەبوو، زمانێک بە سەرچاوە لە ناوەوەی بەشەر خۆی. ئەگەر ئەوڕۆ کۆمەڵی بەشەرێت دابڕدابڕە و، کەس لە کەس تێ ناگات، هی ئەوەیە ئەو زمانە زگماکیهە نەهێڵدراوە. چەشناوچەشنی هاخافتنەکانی ئەمڕۆی جێهانێ، کە وەکوو زمان ناویان دراوەتێ، چ تاقیان زمان نین، بەڵکوو شێوەی شێواوی ئەو زمانە زگماکیهەن. ڕووداوەکە  لە هیکرا نە قەوماوە، لە میانی گوزەری هەزاران ساڵدا، قیچ قیچۆکە زمانی زگماک لە دەست دراوە و، ئەو شێوەگەلە شێواوە جهێی گرتۆتەوە. دوو هۆی بنەڕەتی لە پشت شێواندنی زمانی زگماکەوەن، هۆی هێکەم جەنجاڵبوونی زیندەگی و کاروبارە، لە ناو ئەو دۆخەدا خێراکردنی هاخاوتن دبێتە پێویستی، چەندێکیش کاروباری زیندەگی چڕتر و بەربلاوتر بووبێ، بەو هەندازەیە بەشەر هەوڵیداوە

خێراتر بدوێ، ئەمەش تەنەها لە ڕێی بەلاوەنانی ناوکە دەنگ و، کورتکردنەوەی دەنگی بڕگە و وشەکانەوە بە جهێ هێندراوە. دووهەم هۆی شێواندنی زمانی زگماک، جێگۆرکێ و بڵاوبوونەوەی بەشەرە بە کەشوهەوای جوودای جێهانێدا. کۆمەڵی بەشەری لە نێوان ئاوەکانی خۆرمیانێ، بە دیاریکردراوی لە کێوستانی زاگرۆسەکەی کووردهەواری گوومناودا، لە دایک بوون و بە جێهانێدا بڵاوبوونەوە. ئەم بڵاوبوونەوەیە بە بەشی خۆی، زمانە زگماکەکەی لێیان شێواند، شێوانێک بەبێ ئەوەی خەڵکە کۆچەرەکە هەستی پێ بکەن. جیداهی لە خاک، ئاو و هەوا، هەروەکوو چڵۆن ڕەنگی پێست و بە هەندازێکیش قەوارە و قاڵبی گۆڕیون، ئەم گۆڕانەی لەش لە ناو دەم و قوورگ و گەرووش ڕوویداوە. ئەوەش وهای کرد کۆچەرەکان بەشێک لە دەنگە ڕسەنە زگماکیەهکان لە دەست بدەن، لە نێوان خۆشیاندا هەندێک لە هەندێکی دیکە شێواوتر هاخافتن بکەن. ئەوانی لە بۆ جهێی زیێدە گەرم، یان جێی زیێدە سارد و سەهۆڵ ڕۆیشتوون، دەنگی زڕ وەکوو جێگرەوەی دەنگە ڕسک و ڕەسەنەکان کەوتوونەتە زاریانەوە. ئەوهالە بە هەردووک هۆ، ڕۆژگار بە ڕۆژگار زمانی زگماک شێوێندراوە و بە جهێی وی، شێوە هاخاوتنی شڕوشلێو کەوتوونەتە زارانەوە. سەرەڕای ئەوەش، هێشتانەکانێ شوێنەواری زەقی زمانی زگماک، لە ناو هەموو شێوە شێواوەکاندا ماوەتەوە.

## توێژی 09

بە سەرهاتی زمانی زگماک، بە سەرهاتێکە نە کەس پێی دەزانێ، نە کەس دەرک بە زەرەر و زیانە توول و توندەکەی دەکات. خەڵکینە ئێوە هیچ نازانن! لەوەتی لە هوودای دایک دابڕاون، هەموو دەرکەکانی زانین پێوە دراون، دەرکێک نەبووە قەپات نەبێ. هاوکێشەکە وهالەیە، یان هەمووی واڵان، یان هەمووی قەپات، یان هەموو شتێک دەزانن، یان هیچ شتێک، چوونکە هەموو زانینەکان بە ناسینی هوودای دایک دەست پێ دەکەن، کاتێک هوودا ناناسن، هیچ شتێک نازانن. هوودای دایک سێیە لە هێکێکدا، ئەم سێهانەیە لە باری ڕەگەزی و خوودی و ئاستبەندی، وێنەی بە شێوەهاتنە لە هەموو بوونەوەرێکدا. زمان بوونەوەرێکە وەکوو هەموو بوونەوەرەکانی دی، دایکە و دایک سێیە لە هێکێکدا، بوونەوەرێکە لەشدار و گیانداره،. زمان لە دەنگ و ناوەکە دەنگ پێک دێ، دەنگ "لەشە" و ناوکە دەنگ "گیانە". گیان لە زماندا بە سێ ئاستی جوودا، بە شێوەی "هـ" دەردەکەوێ، هەموو دەنگێک خۆی پێ هەڵدەواسێ. ناوکە دەنگ سەرچاوەی مهیرە لە دەنگەکانی زماندا، وقتهێک لە زمانی ئاخافتن بەلاوە دەندرێ، هیدی زمان هێزی مهیرێتی لە دەست دەدات و، وەکوو لەشی بێ گیانی لێ

دێ، یان لەشێکی پەک کەوتوو، لەشێک بە هاستەم گیانی بە بەرەوە مابێ، ئەو دەمە شەپۆڵەکانی دەنگ لە هێڵی هۆفێتی شێوە دەگرن و، لەگەڵ دەماخ و دەروونی بەشەر دژهێتی دەکەن. زمان لە ئاستبەندیدا بە سەر بنەڕەت و ناوەند و دواهین پۆلین دەبێ، بنەڕەت "دەنگە" و ناوەند "بڕگە"یە و دواهین "وشە"یە، شەپۆلی هەرهێکەیان لە قەبارە و قاڵب و قوودرەتدا، جوودایە، کاتێک دەنگێک ناهێڵدرێ، یان دەنگێکی زڕ بە زار دادێ، یان قرتاندنی بڕگە و وشە ڕوودەدات، ئەو کاتە قەبارە و قاڵب و قوودرەتی شەپۆڵەکە دەگۆرێ و تێک دەچێ. خراپترین نارێکی و تێکچوون، کە بە سەر شەپۆڵەکانی هاخاوتندا هاتبێ، لە ئەنجامی بە سەرهاتی ناوکە دەنگ "هـ" ڕوویداوە، ناوکە دەنگ لە هەندێک جۆرە هاخاوتنی ئێستاکێ، لەوانی بە زمان ناسدراون، بە تەواوی لادراوە، لە هەندێکی دی پایەکەی نەوی بووە و، بە کەمی دەور دەبینێ، یان شوێنی لە ناو بڕگە و وشەکاندا گۆڕدراوە، لە هەموو ئەو ڕووداوانەدا شەپۆڵەکانی هاخاوتن تووشی شکان و نارێکی هاتوون، ئەمەش زەرەر و زیانی بە سەر هەربیسەرێکەوە هەیە.

## توێژی 10

ئەورۆ قۆمەتانی بەشەرێت لە جێهانێ، لە جهێی زمانی زگماک، بە شێوەی شێواوی زمان دهاخفن، هەزاران شێوەی شێواو لە گۆڕێن، وەلێ زمانی زگماک لە گۆڕێ نیهە. لە ناو هەندێک لەو بە ڕووالەت زمانانە، ناوکە دەنگ"هـ" تووشی جهێقەتی بۆتەوە و، لە زمان هەڵدراوەتە دەرێ، ڕێک ئەو تێهەڵدانەی ڕەگەزی دایک لە ناو ڕەچەڵەکی بەشەریدا، تووشی هاتوون. لە ناو هەندێکی دی لە بە ڕووالەت زمانەکاندا، ناوکە دەنگ وەکوو دەنگێکی نەبزێو، لە پەراوێزی زمان دایە و جهێی بەرتەنگی دراوەتێ. بە هام شێوەکانی ئەمڕۆی هاخاوتن، پڕ گرێ و گۆڵن، دەردەدارن و لە باری ڕێزمانی و دەنگسازیشدا بە سەختی گرفتارن. کوورت و کۆبەند دەنگی بەشەری وقهتە لە مهیر خاڵی بهێتەوە، هەرکێ زاری دەکاتەوە، شەپۆڵی شێواو و شکاو، بە ناوخۆی و بە سەر دەوروبەرەکەیدا بڵاو دەکاتەوە. ئەو شەپۆلانە لە دەرێ دەچنە ناو گوێ و شوێنەواری بەد و بەدفەڕ لە سەر دەماخ و دەروون، تەنانەت لە سەر لەش بەجێ دهێڵن. لە ناو تەواوی شێوە زمانەکانی ئەمڕۆی جێهانێ، هاخاوتنەکانی کۆمەڵی کووردهەواری، لە هەمووان خاوێنترن، نێزیکترین شێوەشن لە زمانی زگماکی بەشەری. لە ناو کووردهەواریشدا خەڵکە لادێنیشینەکان، ئەوانی کەمتر بەر خووندن و نوسین کەوتوون، زمانەکەیان لە خەڵکەکەی دی پاکژتر و زەنگینترە. لە ڕاستیدا خووندن و نوسین دەردی داوەتە زمانی زگماک، لە سەد ساڵی ڕابردوودا، خووندەواری بە

تووندی زەبری لە زمان داوە، هەرووَن گویَ لە پیرە ژن و پیاوە پیرەکانی کووردهەواری ڕادیَرن، هەنگیَ تیَدەگەن لەو دوادوایانەدا زمان تووشی چ دەریَک بۆتەوە، چلۆن تین و تاقەتی لە بەر بڕدراوە. ئەمڕۆ لە خانەکانی خوونندیَ، بە پایە و پلان و، بە ناوی زانستەوە، منداڵان لە سەر شیَوە شکاو و شیَواوەکانی زمان ڕادهیَنن، لە کاتیَکدا زمانی قسەکردنەکانیَ کۆلانیَ، کۆلَیَک لە زمانی خانەکانی خوونندیَ پاک و پاراوترە. لە نامە و نەزمی خووندنیَ، ناوکە دەنگ لە ڕیزی دەنگە نەبزیَوەکان داندراوە، لە هەندیَک بڕگە و وشەدا نەیانهیَشتووە، لە هەندیَکیش بە دەنگی بیژۆک جهیَیان پڕکردۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هیَشتانەکانیَ ئەو هاخاوتنانەی کووردهەواری، بڕیکی باش پاکن و، مهیر و شیرینی دەڕیَشن، هەر ئەوانەشن دەبنەوە بە بنەڕەتی شیَوەپیَدانەوەی سەرلەنویَی ئەو هیَکەم زمانە دایکیەی، کە بەشەریَت لە دەستی داوە. شیَوەپیَدانەوەکە بە واتای گەڕانەوەی وەکوو جارنی نیهە، چوونکوو پیَکهاتەی دەم و قوورگ و گەروو بە خراپی گۆڕدراون و، تازە ناگەڕیَنەوە باری پیَشوو، بەو پیَکهاتەی هەنەوکەشیانەوە، دەرک و دەربڕینی بە شیَک لە وشە زەگماکیەکان لە میانەی ڕستەی هاخاوتندا، هاسان نیهە و توناکەیان بڕی ناکات. بە نموونەی لیَ تیَگهیشتن، وشەی "هووردن"ی زمانی زگماک، لە هاخاوتنی کووردیدا بە "خواردن"، وشەی "هەبەر" بە "خەبەر"، وشەی "هۆشی" بە "خۆشی" گۆڕدراوە، کاتیَک سەرجەمی وشەکان ببردریَنەوە سەر بنەڕەتی خۆیان و، شیَوە زگماکیەکەیان پیَ بدریَتەوە، هاخاوتن پیَکردنی ڕادەبەدەرسەختە، لەبەرهەندیَ پیَویستە بە قۆناخبەندی و نەوە بە نەوە زمانی زگماک بگیَڕنەوە، هەتا بڕبڕ پیَکهاتەکانی بەشدار لە دەربڕین و گۆکردنی وشەکاندا، توانای پیَویست پەیدا دەکەنەوە.

## تویَژی 11

گاتاکانی پەڕاوی ناموس بە شیَوەی نیَزیک لە زمانی زگماک هۆندراونەتەوە، ئەم شیَوە هۆنینەوەیە هەڵگری هەندیَک لە سیما و بنەڕەتەکانی ئەو هیَکەم زمانە زگماکەیەن، کە هیَکەمین کۆمەڵی بەشەر پیَی دواون. بە ڕیَککردنەوەی شیَواوی و، چاککردنەوەی شکاوی و، پڕکردنەوەی درز و شەقاری هاخاوتنەکانی کووردهەواری، سەرلەنوی زمانی زگماک بە زاردا دهیَتەوە. قاڵبگرتنەوەی زمانی زگماک، کاتی پیَ دەچیَ. زیندووبوونەوەی بەشە تەپیوەکانی مووخ و، بە مهیریبوونەوەی بیروباوەڕ لە بەشەردا، هەلومەرجی گەڕانەوەی زمانی بەشەریَت بە دەم و زاردا دهیَنن، چوونکی دەم و لووت و قوورگ و گەروو، بە هەموو پیَکهاتەکانیانەوە، پیَ بە پیَی بە هۆفیبوون تیَکچوون و شیَوان، لەمەوپاش هاوکات لەگەڵ بە مهیریبووندا هیَواش هیَواش بەرەو

سرووشتی خۆیان دەگەڕێنەوە، بەبێ سرووشتیبوونەوەی پێکهاتەکان دەربڕین و بە زارداهاتنی وشەکانی زمانی زگماک، هاسان نیهە. گەڕاندنەوەی زمانی زگماک کارێکە بە دووی کاری هێکەم دادێ، لە هیکڕا و بە هێک باز نابێ، هێدی و قۆناخ بە قۆناخ دهێتەوە. لە ڕێی نامووس هەمووان بهەنگ دەکردرێن لە بۆ ناسینی زمان و تێگەیشتن لەوەی بە سەریدا هات، هاوکات ڕێنوێنی دەدەمە قومەتانی بەشەری، پەنا بە کۆمەڵی کووردهەواری بگرن و، خۆتان فێری ئەو شێوە زمانەی نوسدراوی نامووس بکەن، یان هێکێک لە شێوە هاخاوتنەکانی دی، ئەگەر ئەوها بکەن کاری داهاتووتان لە پەیوەندی بە فێربوونی زمانی زگماک هاسان دەبێ. ئەمڕۆ "نامووس" و سبەێ "ڕامووس" و دووسبەی "قامووس"تان دەدەمێ، هەڵستانەوە و سەرپێ خستنەوەی زمانی زگماک، لە ڕێی پەڕاوی قامووس(قامووس واتە هەستانەوەی هێز) بەرهەست دێ. ئەوی دەیهەوێ کاری سبەینێی هاسان بکات، یان منداڵەکانی بخاتە کارهاسانی، باش وهایە پەیوەستی هاخاوتنی کووردی بێ و، شوێن زاری دێهاتی کێوستانی هەڵبگرێ. خۆ زۆرینەی کووردەکەش لە شیرینی و زەنگینی و زرینگی زمانەکە، تاڵ و بە تاڵ و پاتاڵ بوون، ئەو هاندانەی ڕووکردنە دێهاتی کێوستانێ، ئەوانیش دەگرێتەوە.

## توێژی 12

زمان وەکوو هەربوونەوەرێکی دی، لە تین و تەن پێک دێ، لەشی زمان دەنگە، گیانی زمان ئەو ناوکە دەنگەیە، وا بە شێوەی "هـ" لەگەڵ دەنگاندا دەردەکەوێ، یان بەرهەست دێ. لەشی هیچ دەنگێک وەکوو دەنگێکی دیکە نیهە، هەردەنگێک دارای قەوارە و قاڵبی خۆێتی، چەندێتی گیانیش بە پێی تایبەتمەندێتی بە دەنگەکانەوە هەڵواس دراوە. بەڵام لە گشتەدا دەنگەکانی زمان لە باری جۆریدا سێ پۆلن، بە سەر مێ و نێرەمووک و نێر، یان کچ و دایک و کووڕ پۆلین دەبن. گیان لە هەرهێک لە پۆلە دەنگانی زماندا، بە گووژمەی جوودا هەیە، پۆلە دەنگەکانیش لە ناوخۆیاندا، هەمان سێهانەی دابەشبوون بە خۆیانەوە دەبینن، لەو کاتیشدا هەبوونی گیان بە پێی بەشەکانی پۆلەکان، بە پێی تاک بە تاکی دەنگەکانیش دەگۆڕێ. پۆلی هێکەمی دەنگەکان بە ڕەگەز مێیە و لە خوودێتیدا کیژە، پۆلی دووهەم بە ڕەگەز نێرەمووکە و لە خوودێتیدا دایکە، پۆلی سێهەم بە ڕەگەز نێرە و لە خوودێتیدا کووڕە. دەلوێ پۆلینکردنەکە لە سەر بنەمای "مهیر" و "مهیرهۆف" و"هۆف"یش، بە پڕاوپڕی واتاداربێ، لە بەرئەوەی گیان مهیرە و، بڕی گیان لە پۆلە دەنگەکاندا بنەمای جیداکردنەوەیە. تێگەیشتن لەم دابەشکردنە، تێگەیشتنە لە دابەشبوونی گەردوونیدا.

## توێژی 13


سێ پۆڵە دەنگەکەی زمان لە چەندێتی و جۆرێتیدا جیداوازن و، لە مابێنیان مەودا هەیە. دەنگە مهیریەکان مێینەن و لە ناو دەمدا دەخوولقێن، دەنگە مهیرهۆفیەکان نێرەمووکن و لە ناو گەرووداا لە دایک دەبن، دەنگە هۆفیەکان نێرینەن و لە ناو قوورگدا بە زیندەگی دهێن. لە هێکەم پۆڵی دەنگەکان، کە دەنگە مێینەکانن، گیان(ناوکە دەنگ) لە پێش لەش دێ و، بە شێوەی "هـ" زاڵێتی خۆی بە سەر دەنگدا نیشان دەدات. پۆڵەکە شەش دەنگن و لە "هە، ها، هێ، هۆ، هی، هوو" پێکهاتوون. دووهەم پۆڵە دەنگ، دەنگە نێرەمووکەکانن، ئەوانیش شەش دەنگن، بە سەر دوو پۆلۆچکەدا دابەشن، لە پۆلۆچکەی هێکەمدا، گیان دۆخی بەرهەستبوونی هەیە و لە هی دووهەمدا دۆخی بەرجەسدەبوون. هێکەم بەلای دەنگە مێینەکان دایە و، لە بەشی پێشەوەی گەروو لە دایک دەبن، دووهەم بەلای دەنگە نێرینەکان دایە و، لە بەشی پاشەوەی گەروو دەخوولقین. پۆلۆچکەی هێکەم سێ دەنگن، لە "ڕ، م، ن" پێکهاتوون، لەو دەنگانەدا ناوکە دەنگ (گیان) لە ناوەندی دەنگە (لە ناو لەشە)، بەبێ شێوە لێ دەرکەوتن بەرهەست دێ. ئەم پۆلۆچکەیە لە نێوان پۆڵی دەنگە مێینەکان و، پۆڵی دەنگە نێرینەکان دایە. پۆلۆچکەی دووهەم لە دەنگەکانی" کهـ، گهـ، قهـ" پێکهاتووە، ئەم دەنگانە کۆتا دەنگەکانی زمانن و، لە پاش پۆڵی دەنگە نێرینەکان لە دایک دەبن. لەم پۆلۆچکەیەدا ناوکە دەنگ "هـ" لە کۆتاهی دەنگەکاندا بەرجەسدە دەبێ. بەڵام لە پۆڵی لە دەنگە نێرینەکاندا لەش- هۆف زالێتی خۆی بە سەر گیان- مهیردا دەخاتەڕوو، لەو دەنگانەدا ناوکە دەنگ" هـ " نە بەرهەست دێ و نە بەرجەسدە دەبێ. لێرەدا دەلوێ سووڕی ڕۆژ و شەو، یان سووڕی وەرزەکانی ساڵ بهێننە بەرچاو، هەنگینێ ئەم دابەشبوونەی پۆڵی دەنگان ڕوونتر بە زهین دەکەوێ. سەرنجی بدەنێ، لە نێوان ڕۆژ و شەودا، "زەردەپەڕ" هەیە، لە نێوان شەو و ڕۆژیشدا "بەرەبەیان،" هەردووکیان دوو کاتی کوورت ماوەن، نە ڕۆژن و نە شەون، هەم لە هێکچوونیان هەیە و هەم جیداوازن. وەرزەکانی ساڵیش هەمان دابەشبوونیان هەیە، زمستان مێ و هاوین نێرە، بهار و پاهیز نێرەمووکن، بهار بە لای زمستانێ و پاهیز بە لای هاوینێ دایە، بەمەش هاوسەنگی کەوتۆتە گۆڕێ، دابەشبوونی دەنگە نێرەمووکەکان، یان دایکانەکان لە دوو پۆلۆچکەدا، هەمان هاوسەنگی خستۆتە زمانی زگماکەوە.

## توێژی 14

لە سێ هەناسەی هێکەمی بەشەردا، ئەو دەمەی مەلۆتکەیە و لە ناو زگی دایکێتی، شەش دەنگ لە ناو دەمدا دەخوولقێن، لە باری ڕەگەزیدا دوو مێ، دوو نێرەمووک،


دوو نێرن. دەنگەکان بە هێکەوە پۆڵە دەنگی مێینەن و سێ جووتەن، لەگەڵ هەرهەناسەهێکدا جەمکێک دەنگ لە دایک دەبن. لە هەڵکێشانی هەناسەی هێکەمدا دەنگی"هە" لە دایک دەبێ، لە دانەوەی هەناسەکەدا دەنگی"ها" لە "هە" جوودا دەبێتەوە. هەردوو دەنگەکە دووانەن و خووشک و بران، برا لە لەشی خووشکی جوودا دەبێتەوە، لە هەمان ئەو هەناسەیە دەخوولقێ، کە خووشکەکەی لێی خوولقاوە. لە هەڵکێشانی هەناسەی دووهەمدا، دەنگی "هێ" دەخوولقێ، لە هەناسەدانەوەش دەنگی "هۆ" لە "هێ" جوودا دەبێتەوە. لە هەڵکێشانی هەناسەی سێهەم دەنگی "هی" لە دایک دەبێ، لە هەناسەدانەوەش دەنگی"هوو" لە"هی" جوودا دەبێتەوە. ئەم دوو جووتەش جەمکن و، هی دووهەم لە هی هێکەم جوودا دەبێتەوە. لە پۆلێنی ڕەگەزی ئەم پۆڵە شەش دەنگەدا، دەنگەکانی "هێ، هۆ" نێرەمووکن، دەنگەکانی "ها، هوو" نێرن، دەنگەکانی "هە، هی" مێن. لە جووتەی نێرەمووکدا "هێ" بەلای مێ و "هۆ" بە لای نێردایە. دەنگەکان گۆ بکەن و بە هووردی هەستیان لێ ڕابگرن، ناوکە دەنگ " هـ " بە هەندازەی جوودا لەگەڵ دەنگەکان دایە، لە دوو دەنگە مێینەکە بە هەندازێکی بڵندە، لە دوو دەنگە نێرەمووکەکە بە هەندازی ناوەندە، لە دوو دەنگە نێرەکە کەمترە. بەڵام لە هەرشەش دەنگەکەدا گیان بە زەلالی دەردەکەوێ، چوونکە هەرشەش دەنگ بە هێکەوە پۆڵە دەنگی مێینەن. ناوکە دەنگ "هـ" لە هەردەنگێکدا گیانە، هەتا قەوارەی دەنگەکە گچکەتربێ، بەشە گیانەکەی پترە. دەنگی "هە" هێکەم دەنگە لە زماندا، دارای گچکەترین قەوارەی لەش و گەورەترین گیانە لە ناو پۆڵە دەنگە مێینەکان و، لە ناو تەواوی دەنگەکانی زماندا. لەم پۆڵەدا لەشی دەنگەکان بە تەنەهێ و بەبێ گیان بریتین لە "ە، ا، ێ، ۆ، ی، وو." هەموو لەشێک(تەنێک) بە گیانەوە(بە تینەوە) لە دایک دەبێ، لەشی دەنگ، ناوکە دەنگ گیانێتی.

دابەشبوونی دەنگەکانی زمانی زگماک لە پۆلێنی شێوە وەرزیدا



## توێژی 15

شەش دەنگی مێینە دەنگە بزێو و بنەڕەتیەکانی زمانی هاخاوتنن، ناوکە دەنگ دایکێتی ئەم پۆڵە دەنگە دەکات، ئەم پۆڵە دەنگەش دایکێتی زمان دەکات. لەم بازنە واتاهیەدا، زمان زمانی دایکە. دەنگە مێینەکان لە میانی سێ هەناسەدا لە دایک دەبن، هەناسە دوو دیوی هەیە، هەڵکێشان و دانەوە. سێ دەنگ، کە بریتین لە دوو دەنگی مێهین و نێرەمووکێک (هە، هی، هێ) دەنگی پێشرەفتن و، لە هەڵکێشانی هەناسەدا دەخوولقێن، سێ دەنگی دیکەش، کە دوو نێرین و نێرەمووکێکن(ها، هوو، هۆ) دەنگی پشتیوانن، ئەمانە لە دانەوەی هەناسەدا لە دایک دەبن. ئەو شەش دەنگە دەنگی خێر و بەرەکەتن، هەموو ئەو شەپۆلانەی لەم دەنگانەدا بڵاودەبنەوە، شەپۆلی مهیرین و بە خێر دەگەڕێن. بە نموونەی لێ تێگهیشتن، دەنگی پێکەنین لێوڕێژە لە دەنگی "هە هە"ی مهیری و، پڕ خێر و بەرەکترین دەنگە لە نێوان هەموو ئەو دەنگانەی لە دەم دەردهێن. لە گشتەدا خەندانێتی بەشەر، مایەی نێزیک بوونەوەیە لە هوودای دایک، پێچەوانە بە خەندەش، گریان دوورەکەوتنەوەیە لێی و، هەنگاوە ڕوو بە هۆفێتی. لە گریاندا دەنگی بیژۆک بە شێوەی "ئێ" لە دواوەی قوورگ پەیدا دەبێ، پەیدابوونێک وەکوو هاوبەش پەیدابوون لە بۆ ناوکە دەنگ "هـ"، بەمەش شەپۆڵەکانی دەنگی گریان شەپۆلی دژە مهیر و بە زەڕن، هەم لە سەر ئەو کەسەی دەگری، ئەم لە سەر ئەو کەسانەی دەنگی گریانە دەبیستن، لێکەوتەی خراپیان هەیە. شەپۆڵەکانی دەنگی گریان، شەپۆلی شێواو و شکاون، خوولانەوەی تەنۆچکەکانی خانەکانی دەماخ و دەروون تێک دەدەن و، سەرەنجام لێکەوتەی خراپیان لە سەر پێکهاتەی سەرتاپای لەش هەیە.



## توێژی 16

تایبەتمەندی دەنگە مێینەکان وهایە، لەگەڵ لە دایکبوونیاندا دەم دەکردرێتەوە. مێهێتی لە واتای گشتەدا کردنەوەیە، کردنەوەی دڵ، کردنەوەی زهین، کردنەوەی زار، تەنانەت کردنەوەی لەش، لە زایندا داوێنی دایک شەق دەبات و دەکردرێتەوە. دەم هەمان تایبەتمەندی زاینی دایکانەی هەیە، دەکردرێتەوە و دەنگەکانی تێیدا بە ژین دەهێن. هەندازەی دەم کردنەوە، بە پێی ڕەگەزی دەنگ و، هێندەی قەوارەی لەشی دەنگەکانە، دەنگەکان دارای قەوارەی جوودان، دەمیش بە شەش ئاست و شێوەی جوودا هاواڵا دەبێ. لە دەنگە مێینەکانی "هە، هی،" لە دەنگی نێرەمووکی "هێ"ش کە بەلای مێ دایە، لێوەکان بەرەو چەپ و ڕاست بە ئاسۆهی دەکشێن، دەم شیوەی پێکەنین دەگرێ. وەلێ لە دەنگە نێرینەکانی "ها، هوو،" لە دەنگی نێرەمووکی "هۆ"ش کە بە لای نێر دایە، لێوەکان بەرەو پێشەوە هەڵدەفڕن، دەم شێوەی لوول دەبێ و بە ستوونی دەبێتەوە. لە دوو دەنگە نێرەمووکەکەدا دەم لە هەردوو شێوەی ئاسۆهی و ستوونی بە تێک هاڵاوی بەرجەسدە دەبێ، هەندازەی کردنەوەشی لە هی مێ کەمتر و لە هی نێر زیادترە. بە گشتە هەرشەش دەنگ پۆڵێکن و دەنگە بزێوەکانی مێینەن، هەرسێ ئاستی ئاسۆهی، پانی و ستوونی لە ناو دەمدا بە گۆڕێ دەخەن. زمان لەگەڵ لە دایکبوونی دەنگەکاندا، بە شەش جوولەی جوودا دەبزێوێ و، لەگەڵ هەرهێکێکیاندا بزوانێکی تایبەتی هەیە. بە شەش جوولەی زمان سەرێ و خوارێ، ڕاست و چەپ، پێش و پاش لە ناو دەمدا بەرهەست دەبن. بەمەش بازنەی دایکێتی پێک دێ.

## توێژی 17

هەردەنگێک لەو دەنگە بزێوانەی دەخوولقێن، لە کۆمەڵێک شەپۆڵ پێک دەهێن، شەپۆڵەکان هەموو لە دەم دەرناچن، هەندێکی لە بۆ دواوە دەگەڕێنەوە و لە گەرووڈا قەتیس دەبن، پاشانەکە لە جووتگرتنی نێوان شەپۆڵە جوودا و بەجێماوەکانی ئەو دەنگانەدا، سێ دەنگی نوێ بە شێوەی " م، ڕ، ن" لە بەشی پێشەوەی ناو گەرووڈا لە دایک دەبن. لە باری خوودیدا کچ و دایک و کوورن، لە باری ڕەگەزیدا مێ و نێرەمووک و نێرن. بەڵام لە سەر ئاستی زمانی هاخاوتندا، هەرسێک دەنگەکە بە هێکەوە لە باری خوودیدا هێکەم پۆڵۆچکەی پۆڵە دەنگی دایکانەن، لە باری ڕەگەزیشدا هێکەم پۆڵۆچکەی پۆڵە دەنگی نێرەمووکن. لەم پۆڵۆچکە دەنگەدا، ناوکە دەنگ "هـ" لە ناوەندی دەنگەکانە، هەستی پێ دەکردرێ، بەبێ ئەوەی شێوەی لێ دەربکەوێ. بە واتاهێکی دی، دەنگەکان دەنگی نێرەمووکن و، گووژمەی گیان لە لەشیاندا کەمترە، لە بەرئەوەیە بە شێوەی "هـ" دەرناکەوێ. گیان(ناوکە دەنگ) گووژمەکەی لە هەرهێکە

لەم سێ دەنگەدا جوودایە، هی "م" لە "ڕ" پترە، هی "ن" لە "ڕ" کەمترە. چوونکە لە باری ڕەگەزدا هێکەم مێ و دووهەم نێرەمووک و سێهەم نێرە.

## توێژی 18

دەم و گەروو بە ڕۆڵی منداڵدان هەڵدەستن، ئەمیان لە پۆڵێکدا شەش دەنگی مێ، ئەویان لە دوو پۆڵپۆچکەدا شەش دەنگی نێرەمووکی تێیدا لە دایک دەبێ. دەرووی دەم لە دەنگە مێینەکاندا هاوالایە، لە دەنگە نێرەمووکەکاندا پێوە دراوە و دەکردرێتەوە. سێ دەنگەکەی هێکەم پۆلۆچکەی پۆڵە دەنگی نێرەمووک، لە جووتگرتنی شەپۆلی شەش دەنگەکەی پۆڵە دەنگی مێهینە لە دایک دەبن. دەنگی"م" مێیە، دەنگی"ڕ" نێرەمووکە، دەنگی "ن" نێرە. لە پاش سێ هەناسەی هێکەمدا، هەوا لە لووتەوە هەڵدەمژدرێ، لەو وقهتیدا هووردە شەپۆڵە بە جێماوەکانی گەروو، جووت دەبن و، هەرسێ دەنگەکە هێک بە دووی هێک لە دایک دەبن. دەنگی مێ لە شەپۆڵەکانی پێشەوە و، دەنگی نێرەمووک لە شەپۆڵەکانی ناوەند و، دەنگی نێر لە شەپۆڵەکانی پشتەوەی گەروو پەیدا دەبێ. پاشانەکە بە مەبەستی چوونە دەرێ، دەنگی "ڕ" فیشار بەرەو لێوەکان و، دەنگەکانی "م" و"ن" فیشار بەرەو لووت و لێوەکان دەبەن، لێوەکانیش بە هەندازەی قەبارە و قوودرەتی دەنگەکان هێکدی بەردەدەن. شەپۆڵەکان دەبنە دوو بەش، بەشێکیان بە کەپوودا دەچنە دەرێ، بەشێکیش لێوە بە هێکەوە نووساوەکان لە هێکدی جیدا دەکەنەوە. دەنگەکان هەرهێکەیان لە ناو دەم و گەروودا هەلومەرجی تایبەت بە خۆیان هەیە، دەنگی منگی "ن،" دواهین دەنگە لە پۆڵە دەنگی نێرەمووکدا، لە وقهتی لە دایکبوونیدا، بەشی پێشەوەی زمان بە بەشی پێشەوەی مەلاشوو دەنووسێ، دەرکی دەم پێوە دراوە، بەڵام هێشتا لێوەکان بە تەواوی جووت نین، درزێک ماوەتەوە و لە میانی ئەو درزەوە بڕێکی کەم هەوا لە دەم دەردەچێ، ئەوی دیکە بە ڕێی لووتدا دەچێتە دەرێ.

## توێژی 19

دەنگە نێرەمووکەکان دوو پۆلۆچکەن، هەرهێکەیان سێ دەنگن، پۆلۆچکەی هێکەم لە دووی پۆڵی دەنگە مێهینەکان دێ، پۆلۆچکەی دووهەمیش لە پاش پۆڵی دەنگە نێرینەکان دێ. هەردوو پۆلۆچکەکە دەنگی مهیرهۆفین، هەرچەند لەشدارێتی دەنگەکان پەرەی دراوەتێ و، لە قەپێلکیاندا هەندازێک لە هۆف(تەن) خۆی نیشاندەدات، وەلێ هێشتا مهیر(تین) زەلالە تیایاندا، بە جۆرێک لە کاکڵی دەنگەکاندا مهیر(ناوکە دەنگ)

بەبێ شێوە لێ دەرکەوتن، ڕوون و ڕۆشن بەرهەست دێ، ئەمەش دەرکەوتەی هەندازەی بەرزی گیانە لە لەشی دەنگەکاندا. هێکەم پۆلۆچکەی دەنگە نێرەمووکەکان، منداڵی دەنگە مێینەکانن، لە نۆینی دەنگاندا دەبنەوە بە بەشێک لە پێکهاتەی بازنەی دەنگە مێینەکان. ڕێسا نەگۆڕە، لێرەش خوودێتی کچ و دایک، ڕەگەزێتی مێ و نێرەمووک لە ناو هێکدین. ڕاستیەقین ئەوەیە، لە هەرسێ باری خوودی و ڕەگەزی و ئاستبەندیدا، مێ دووە لە هێکێکدا، ئەم ڕاستیەقینە نەگۆڕە و، هەمیشە دهێتەوە گۆرێ و، خۆی چەند پات دەکاتەوە.

## تویژی 20

لە سێ دەنگەکەی پۆلۆچکەی هێکەمی پۆلە دەنگی نێرەمووکدا، هەردوو دەنگی "م" و "ڕ" لە باری ڕەگەزیدا مێ و نێرەمووکن، نێرەمووکەکە وەردەچەرخێ و، هەردووک بە شێوەی خۆڕسک دەبنە دایک، دایکانێک کە بە یارمەتی "هـ"ی دایە گەورەیانەوە، لە سەر وێنەی ناوکە دەنگ شێوە دەگرن. دیقەتی بدەنێ، نەقش و نیگارەکەی هوودای دایک لە زمانی زگماکدا، وهالەیە: لە پێشدا تین بە شێوەی "هـ" وەکوو هێکەمین دایکی خۆڕسک دەرکەوت، شەش دەنگی بزێو هێکەمین پۆلە دەنگن و، لەو ناوکە دەنگەوە پەیدابوون، پاشانەکە سێ لەو دەنگانە بوونە دایکی جووتگر و، لە زاینیاندا هێکەم پۆلۆچکەی دەنگە نێرەمووکەکانن، لە دایک بوون. لێرەش بە دوا، هەردوو دەنگی "م" و "ڕ" وەکوو ناوکە دەنگی دەرباز بە ڕۆڵی دایکێتی هەڵدەستن، ئەوجارە سێهەمین پۆلە دەنگی زمانی زگماک، کە دەنگە نێرینەکانن، دهێنە شیانەوە.

## تویژی 21

سێهەمین پۆلە دەنگ لە زمانی زگماکدا، دەنگی نێرینەن، ئەم پۆلە دەنگە لە هەشدە دەنگ پێک دێ و، دەنگەکان بە سەر سێ پۆلۆچکەی شەش دەنگیدا دابەش دەبن، لە باری ڕەگەزیدا پۆلۆچکەکان مێ و نێرەمووک و نێرن. لە دابەشکاریدا دەبنە دوو بەرەدایک، یان دوو باڵی نۆین، باڵێک سەر بە دایکی خۆڕسک "م" و، باڵێک سەر بە دایکی خۆڕسک"ڕ"هە، هەرهێکە لەو نۆینانەش، دوو شێوە پۆلێنکردنیان هەیە، بە بارێکدا پۆلۆچکەکە لەتێکی شەش دەنگ و لەتێکی سێ دەنگە، بە بارێکی دیکەدا دەبێتە سێ لەت، هەرلەتێکیان سێ دەنگن، هەم لەتەکان و هەم دەنگەکان بە سەر سێهانەی ڕەگەزی و خوودیدا دابەشن. لە ئاستی گشتەی دەنگەکانی زماندا، سێهانەی دەنگی نێرەمووک لەگەڵ شەشینەی دەنگی مێ، بازنەی نۆین پێک دهێنن، لێرەش لە

ناو پۆڵی دەنگە نێرینەکاندا، هەمان دابەشێتی و هەمان تێک هاڵاوی بەرجەستە دەبێ، لە دوو بەرە دایکەکدا دوو نۆین پێک دێ. دوو دایکە خۆڕسکەکە، هەرهێکەیان شەش دەنگ بە زیندەگی دەخەن، ئەوجا لە ناو هەرهێکە لەم پۆڵە شەش دەنگیانەدا سێهانیان دەبنە دایکی جووتگر و لە هەردایکێکەوە دەنگێکی دی پەیدا دەبێ. بەم چەشنە لە هەردوو باڵدا پۆڵی سێ دەنگی بە دووی پۆڵی شەش دەنگیدا دهێن.

## توێژی 22

دەنگە نێرینەکان لە قوورگ لە دایک دەبن، لە باری چەندێتیدا پۆڵی هەرەفەراوانی زمانی زگماک پێک دهێنن، لە هەمان کاتیشدا کەم هێزترین پۆڵە دەنگن لە زماندا، بە جۆرێک ئەگەر خۆیان بە دەنگە مێینەکان و دەنگە نێرەمووکەکاندا هەڵنەواسن، دەرچوونیان لە زاردا زۆر قوورس دەبێ. ئەم پۆڵە دەنگە بە دیوێکدا فەراوانێتی "تەن" و، چەشناوچەشنی قاڵب و قەوارە دەخەنەڕوو، بە دیوێکیش لە کەمیدان و کوورتهێنانی گووژمەی "تین" بە سەر لەشەکاندا دێ. دەنگە مێینەکان دەنگی مهیرین، دەنگە نێرەمووکەکان دەنگی مهیرهۆفین، دەنگە نێرەکان دەنگی هۆفین. هەموو دەنگەکانی هەرسێ پۆڵە دەنگی زمانی زگماک، بە سەرچاوە لە "هـ"ی ناوکە دەنگی بنەڕەتەوە دەخوولقێن، لەگەڵیشیاندا هەندازەی ناوکە دەنگ لە لەشی هەردەنگێکدا هێکسانە بە هێزی ئەو دەنگە. مهیر لە میانی زمانی زگماکدا، بریتیهە لە ناوکی بنەڕەتی دەنگ، ئەو ناوکە لە پۆڵی دەنگە مێینەکاندا، بە هەندازێکە شێوەی لێ دەردەکەوێ و، لەپێش دەنگ دێ، لە هێکەم پۆڵۆچکەی دەنگی نێرەمووکیشدا هەندازەکە کەمترە، بۆهێ بە شێوە ناهێ، بەڵکوو بەرهەست دێ. بەڵام لە پۆڵی دەنگە نێرینەکاندا، بە هەندازێک لە کەمی داوە، نە شێوەی لێ دەردەکەوێ و، نە هەستی پێ دەکردرێ. لەو پۆڵە دەنگەدا تەن بە سەر تیندا زاڵە، لەبەرهەندێشە بە دەنگی هۆفی هەژمارن. ئەم هۆفیبوونەی پۆڵە دەنگێک لە ناو دەنگەکانی زمان، لە پایەی خۆیدا، مایەی هاوسەنگڕاگرتنی زمانە، گرفتاری لەوێدا دەست پێ دەکات، کە ناوکە دەنگ و دەنگە مێینەکان پایەی خۆیان لە دەست دەدەن و، دەوری دەنگە نێرینەکان لە هاخاوتندا هەندازبەدەر زیاد دەبێ. لێرەدا زهینتان ڕوون بکەنەوە و، ببینن چ کاولبوونێکی گشتەگیر و هەمەلایەن ڕوویداوە، لە هەرسێ باری زهین و زمان و زەمیندا، هوودای دایک و ڕەگەزی مێ، لە ناوەندێتی و پێشرەوتی بە دەرنراون و، ڕەگەزی نێر هاتۆتە پێشێ. لە ناو دەماخدا هەردوو بەشی بنەڕەت و ناوەند، کە بەشی مێینەن، داتەپیون و تەنەها بەشە نێرینەکە بەرکارە، هوودای دایکیش لە بیرچۆتەوە. لە زەمیندا ڕەگەزی دایک پایەی بنەڕەت و ناوەندی لێ ستاندراوەتەوە و، ڕەگەزی نێر چۆتە ناوەندێتی، لە زمانیشدا ناوکە دەنگ کە دایکی

دەنگانە، بە تەواوی بەلادا نراوە، یان ڕۆڵ و پایەی ناوەندێتی لێ ستاندراوە و، وەکوو دەنگی نەبزێو هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکەن. ئەم ڕووداوە بە هەندازەی ڕووداوەکەی مێشک گەورە و بە کاریگەرە، چوونکە شەپۆلەکانی دەنگەکانی زمان، زۆر بە خراپی تووشی شکان و شێوان هاتوون، لێکەوتەکانیشی زۆر بە زەڕن بە سەر بەشەرێتەوە، بەبێ ئەوەی دەرکی پێ بکەن.

## توێژی 23

لە پۆلۆچکەی هێکەمی پۆلە دەنگی نێرەمووکدا، "م - مێ" و " ڕ - ڕێ"، هەم دەنگن و هەم ناوەکە دەنگ، چوونکە دایکی خۆڕسکن و، چوونەتەوە سەر وێنەی " هـ "ی ناوکی بنەڕەتی دەنگ، هەرهێکەیان بە خوودکرد و بەبێ جووتگرتن لەگەڵ دەنگی دیکەدا، شەش دەنگ بە شێوەی سێ جووت بە زیندەگی دەخەن. منداڵانی دایکە "م - مێ"، بریتین لە "ب، و، ف، ش، س، ز"، هاوکات منداڵانی دایکە "ڕ - ڕێ" لە " ر، ل، د، ت، ج، خ" پێک هاتوون. ئەم دوو کۆمەڵەیە لە ناوخۆیاندا بە سەر سێهانەی خوودی و ڕەگەزی جوودا دەبنەوە، دوو دەنگ مێ و دوو دەنگ نێرەمووک و دوو دەنگ نێرن. لە نێوان منداڵانی دایکە "م - مێ"دا، سێهانیان دەبنە دایکی جووتگر، دووم مێ و نێرەمووکێک، هەرهێکە لەو دایکانەش دەنگێک بە زیندەگی دەهێنن، بریتین لە دەنگەکانی "پ، ڤ، ژ،" بە هەمان شێوەش لە منداڵانی دایکە"ڕ- ڕێ"دا، سێ دەنگ دەبنە دایکی جووتگر و، لە زاینی هەرهێکێکیاندا دەنگێک لە دایک دەبێ، ئەوانیش لە " ڵ، چ، غ" پێک هاتوون. ئەم هەشدە دەنگە بە هێکەوە پۆلە دەنگی نێرینەن، وەلێ لە پۆلێنی خوودی و ڕەگەزیدا سێ کۆمەڵەن، کۆمەڵەی هێکەم مێ و کۆمەڵەی دووهەم نێرەمووک و کۆمەڵەی سێهەم نێرە. لە ناو هامی دەنگە نێرینەکاندا، ئەو کۆمەڵەی لە "م – مێ" پەیدا دەبن، کۆمەڵەی مێن، ئەو کۆمەڵەی لە "ڕ – ڕێ" لە دایک دەبن، کۆمەڵەی نێرەمووکن، پاشان ئەو دەنگانەی بە کۆمەڵەی نێر هیسێین، دوو پۆلی سێ دەنگین، پۆلێک سەر بە کۆمەڵەی مێ و، پۆلێک سەر بە کۆمەڵەی نێرەمووکە. بەم جۆرە هاوسەنگی ڕاگیردراوە.

## توێژی 24

پۆلۆچکەی دووهەمی پۆلی دەنگە نێرەمووکەکان، هاخیرین پۆلە دەنگن لە سەرجەمی دەنگەکانی زمانی زگماکدا، پۆلۆچکەی هێکەمی لە پاش دەنگە مێهینەکان هات، پۆلۆچکەی دووهەمی لە دووی پۆلی دەنگە نێرینەکان پەیدا دەبێ. ئەم پۆلۆچکەش

هەروەکوو پۆڵۆچکەی هێکەم سێ دەنگە و، دەنگەکانی" کھـ، گھـ، قھـ" پێک دهێن. بە جووتگرتنی دوو لەتە سێهانیەکەی پۆڵی دەنگە نێرینەکان، "پ، ڤ، ژ" لەگەڵ " ڵ، چ، غ"دا، ئەم سێ دەنگە نێرەمووکەی کۆتاهی لە دایک دەبن و، دەبنە سەرقاپی زمانی زگماک. لە پۆڵۆچکەی هێکەمدا دەنگەکان بریتین لە "م، ڕ، ن"، ناوکە دەنگ " هـ " لە ناو خوودی دەنگەکان بەرهەست دێ، وەلێ لەم پۆڵۆچکەیەدا، ناوکە دەنگ لە کۆتاهی دەنگەکاندا شێوەی لێ دەردەکەوێ و بەرجەسدە دەبێ. دەنگەکانی ئەم پۆڵۆچکەیە لە دابەشبوونی ناوخۆیاندا، هەرهێکەیان ڕەگەزێک و خوودێکن و، دارای بڕێکی جوودایەزی تینن. دەنگی " کھـ " لە باری ڕەگەزیدا مێ و لە باری خوودیدا کیژە، ناوکە دەنگ لە پاڵیدا بە ئاستی بڵند دەردەکەوێ. پاشەوی دەنگی " گھـ " بە ڕەگەز نێرەمووک و بە خوودێتی دایکە، ناوکە دەنگ بە ئاستی ناوەند لەگەڵیدا دەردەکەوێ. لە کۆتاهیشدا دەنگی " قھـ " بە ڕەگەز نێر و بە خوودێتی کووڕە، ئاستی دەرکەوتنی ناوکە دەنگ لە بۆ خوارێ دادەبەزێ و کەمترە. لە سەر بنەمای ئەم جیداوازیانە، لە ناو پێکهاتەی پۆڵۆچکەکەدا، دەنگی هێکەم مهیر و دووهەم مهیرهۆف و سێهەم هۆفە، بەڵام پۆڵۆچکەکە بە هێکەوە دەنگی مهیرهۆفە، ئەمەش بەشێکی دیکەی هاوسەنگیەکانی زمانی زگماک پێک دهێنێ.

## توێژی 25

لە پێکهاتەی هەشدە دەنگەکەی پۆڵە دەنگی نێرینەدا، هەروەکوو پێشترێ هێماژی دراوەتێ، دابەشبوونێکی دیکەی سێهانەی ڕەگەزی و خوودی هەیە، شەش دەنگ مێ، شەش دەنگ نێرەمووک، شەش دەنگ نێرن. کۆمەڵەی دەنگە نێرەکان دوو پۆڵی سێ دەنگین و لە "پ، ڤ، ژ" ، "ڵ، چ، غ" پێک هاتوون، وەلێ چهاران لەو دەنگانە لە زمانی هاخاوتندا، ناکاران، تەنەها هەردوو دەنگی "پ، چ" کارابوونێکی کەم و سنوورداریان هەیە. زهینی بدەنێ، ئەم شەش دەنگە لە پێکهاتەیاندا هەرەنێزیکن لە دەنگەکانی پێش خۆیانەوە، دەوری گرینگاتی ئەمان لە هاخاوتندا نیهە، بەڵکوو لەوەدایە هەردوو پۆڵەکە بە شێوەی جووت پەیوەستی هێکدی دەبن و سێهانیان دەبنە دایک، ئەوجا لە زاینی ئەو دایکانەدا سێ دەنگەکەی کۆتاهی لە زمانی زگماک " کھـ، گھـ، قھـ" لە دایک دەبن. هاوکات لەم سێ دەنگەدا هەردوو دەنگی " کھـ، گھـ، " ئەو دەمەی دەنگە بزێوەکانی "هی، هێ" بە دوویان دادێ، دوو دەنگی دیکەیان لێ جوودا دەبێتەوە، دەنگێک لە نێوان " ک " و " چ"دا، دەنگێکیش لە نێوان " گ " و " ج "دا، وەلێ چ تاقیان لە نوسین بە شێوەی "پیت" جێداریان نەکردوون. بەم چەشنە لە ئاستی گشتەی زمانی زگماکدا، هاوسەنگی دەنگ دروست دەبێ. لێرەدا بە هووردی زهینی بدەنێ،


بەشکووم باش لێی تێبگەن، لە لەتی نێرینەی پۆڵە دەنگی نێرینەدا، هەردوو دەنگی "پ، چ" کارابوونێکی کەم و سنووردارییان لە هاخاوتندا هەیە، لە ناو پۆلۆچکەی دووهەمی دەنگە نێرەمووکەکانیشدا، ئەو دوو دەنگەی لە دەنگەکانی " کهـ، گهـ،"جوودا دەبنەوە، بە شێوەی سنووردار بە دەورن و، بەرامبەرن بەو کارابوونە کەمەی دەنگەکانی "پ، چ،" هەیانە، هاوکات دەنگەکانی دیکەش هاوتا و هاوسەنگن. بڕۆننێ، دەنگەکانی مێ و نێرەمووک دووانزدە دەنگن، لە باری خوودیدا کێژ و دایکن، کیژ و دایک هێکێکن، بە هەمان هەندازەش دەنگەکانی نێر، ئەوانی کاران لە هاخاوتندا، دووانزدە دەنگن. لە سەرجەمدا هەموو دەنگەکانی زمانی زگماک، سی و دوو دەنگن، ئەم ژمارەیەش هاوتایە لەگەڵ ژمارەی پێکهاتەی سێ نۆین و هاوبەشەکانیەوە. وێنەی زەقی پێکهاتەی سی و دوو لە ددانەکانی ناو دەم، بڕبڕەکانی پشت، جوومگەکانی هەنگڵدا چاو لێ بکەن. لە سی و دوو دەنگەکەی زماندا، بیست و چهار دەنگ بە تەواوی کاران، چهار دەنگ نیمچە کاران، چهار دەنگیش کارانین. هەرئەوهاش ددانەکانی ناو دەمی بەشەری، سی و دوو ددانن، چهار لە ددانەکان بێ ڕۆڵن و بیست و هەشتیان کاران. ئەم ڕێسایە نەگۆڕە، هەموو لەش و بە گشتی گەردوون پێکهاتەکەی ئەوهایە. دەنگ لەشە و ناوکە دەنگ گیانە، واتە دەنگ تەنە و ناوکە دەنگ تینە. لێرەدا هاوبەند بە چەمکی هاوسەنگی، سەرتان لێ تێک نەچێ، ئەو هاوسەنگیەی بە دید دێ، لە ئاستی تەن پێک دێ، دەنا لە ئاستی تیندا ڕەگەزەکانی مێ و نێرەمووک و نێر سێ ئاستی جوودایەزن، بە هۆی ئەمەوەش لە زمان و لە هەربوارێکدا، هەمیشە "مێ" بە پێشهەنگ دێ.

## توێژی 26

لە خانەی خووندنێ، دەربڕین و خووندنەوەی دەنگەکان بە ناوکە دەنگ " هـ " دەست پێ بکەن، ئەوجا لە سەر بنەمای پۆڵبەندی ڕەگەزی و خوودی، لێو لە بۆ دەرکاندنی دەنگە مێینەکان لە هێکدی جوودا بکەنەوە و، شەش دەنگەکە بە سێ جووت دەربڕن، ئەوهالە: "هە ها، هێ هۆ، هی هوو." پاشەوان دەنگەکانی پۆلۆچکەی هێکەمی نێرەمووک بە شێوەی" مم، ڕڕ، نن" بە دووی هێکدا دەخووندرێنەوە، بە جۆرێک کە لە دەربڕیندا، ناوکە دەنگ بەرهەست بێ. لە نۆرەی دەنگە نێرینەکاندا پێرەوتی لە تاکێتی بکەن و، بە شێوەی تاق بە تاق دەریان ببرن، بەرەدایکی هێکەم:" ب، و، ف، ش، س، ز"، بەرەدایکی دووهەم" ر، ل، د، ت، ج، خ." لە پۆڵی دەنگە نێرینەکاندا دوو لەتی دی هەیە، هەرهێکەیان سێ دەنگن، لەتێک نەوەکانی بەرەدایکی هێکەمن، لەتێکیش نەوەکانی بەرەدایکی دووهەم، لە خووندنەوەدا هەرسێ دەنگ بە دووی هێکدا

دەردەبڕدرێن، بەم جۆرە:" پ، ڤ، ژ"، پاشان " چ، ڵ، غ." لە کۆتاهیشدا هاخیرین دەنگەکان سێ دەنگە سەرقاپەکەن،" کهـ، گهـ، قهـ،" دروست وهایە تاق دەریان ببڕن و، لە دەربڕیندا لە سەر ناوکە دەنگ " هـ " بوەستن، بە جۆرێک کە ناوکە دەنگ بە زەلالی دەربکەوێ.

بەرجەستەبوونی ناوکە دەنگ لە سەرەتا و کۆتاهیدا




## توێژی 27

ڕێسای ژمارەکان و ڕێسای زمانی زگماک، هاوکرۆکن. ئەو سێ ژمارەی لە ئاستی گشتەدا بە ڕەگەز مێن، هەڵسوڕێنەری ژمارەکانی دیکەن. ژمارە سێ، دوو هێندەی خۆی لێ بکەن، ژمارە شەش دەست دەکەوێ، لە دەوامی کردەی دوو هێندکردن و پاشان کۆکردنەوەی ژمارەی وەمشت هاتوو، ئەنجام نەگۆڕە، جارێک ژمارە سێ، جارێکیش ژمارە شەش دەست دەکەوێ. ژمارەکە و ئەنجامەکەش کۆبکەنەوە، هەمیشە ژمارە نۆ دەستەبەردەبێ. زمانی زگماک، لە دەستپێکیەوە هەتا کۆتاهی، بە پێی کرۆکی هەمان ڕێسا هەڵدەسووڕێ. پۆڵی هێکەم دەنگە مێینەکانن، شەش دەنگن، پۆڵۆچکەی

پاشەوی لە سێ دەنگ پێک دێ و دەنگی نێرەمووکن، پاشانەکە لە بازنەی دەنگە نێرینەکاندا دوو کۆمەڵی شەش دەنگی هەیە، ئەوجا هەرهێکە لە دوو کۆمەڵەکە پۆلۆچکەی سێ دەنگی بە دوو دادێ، پاشتریش هەردوو پۆلۆچکە سێ دەنگیهەکە بە هێکەوە، کۆمەڵێکی شەش دەنگی دی دروست دەکەن، لە کۆتاهیشدا بە پۆلۆچکەی سێ دەنگی نێرەمووک سەرقاپ دەبێ. لە کۆکردنەوەی دەنگەکانیشدا سەرەنجام هەروەکوو ژمارەکان، هەرژمارە نۆ بە دەست دێ. کۆکرنەوەی دەنگە مێینەکان و پۆلۆچکەی هێکەمی دەنگی نێرەمووک، نۆ دەنگن. لە بازنەی دەنگە نێرینەکانیشدا، کۆکردنەوەی هەرهێکە لە کۆمەڵەی دەنگی مێ و کۆمەڵەی دەنگی نێرەمووک، لەگەڵ ئەو پۆلۆچکە سێ دەنگیهەی بە دوویاندا دێ، دیسان نۆ دەنگن. کۆکردنەوەی ئەو دوو پۆلە سێ دەنگیەش لەگەڵ دوواهین پۆلۆچکە دەنگ، کە سێ دەنگی نێرەمووکن، بە هەمان شێوە لە نۆ دەنگ پێک دهێن. لە هیساباتدا ئەو ژمارانەی بە ڕەگەز مێن، ژمارەی بزێون و هەڵسووڕێنەری ژمارەکانی دیکەن، لە زمانیشدا دەنگە بزێوەکان مێینەن و، هەڵسووڕێنەری دەنگەکانی دیکەی زمانی زگماکن.

## توێژی 28

نیگاکان بە چاودا دەچنە ژووری و، بە زهین دەبینین. دەنگەکان لە زهیندا دەخوولقێن و بە زاردا دەچنە دەرێ. لە هەردوو باری دیتن و دواندندا، زهین دەوری ناوەندێتی دەگێڕێ. لە زهینەوە فەرمان دادەبەزێ و، ئەو ئەندامانەی دارا و بە دەورن لە پەیدابوونی دەنگەکانی هاخاوتندا، فەرمانەکە بە جهێ دگهێنن. بە واتاهێکی زەلاڵ و سازگارتر، مێشک بە شەپۆلی ناوەکی وێنەی دەنگەکان دەنێرێتە خوارێ، لەوێدا ئەو وێنانەی زهین ناردوونی، بە شەپۆلی دەرەکی ڕەوانەی دەرێ دەکردرێن. هاوکات دەلوێ ئەو وێنە دەنگیانەی لە زهینەوە دابەزیون، بە هەنگووستەکان، هێما و نیشانیان بدرێتێ و، بە شێوەی نوسین دەربڕدرێن. شەپۆلەکانی زهین کهرباهین، شەپۆلەکانی زار هەواهین، ئەوانی دووهەم بە فەرمانی ئەوانی هێکەم دەجوولێن. چلۆناتی جوولە و کاری هەرهێکە لە ئەندامانی بەشدار لە دەربڕین، بە پێی دەنگەکان تایبەتمەندن. دەم، گەروو، قوورگ، لووت، سیهەکان، سوورێنچک، هەرهێکەیان بە هەموو پێکهاتەکەیانەوە، ئەرکدارن لە دروستکردنی شەپۆلە هەوایەکانی دەنگەکانی زمان، بە تایبەتمەندێتی قەوارە و قاڵب و قوودرەت، لە بزێو و منگ و نەبزێو، ئاسۆ و پان و ستوون، کپ و ناوەند و گڕ، کوورت و ناوەند و درێژ، بە سێهانەی باری ڕەگەزی و خوودیەوە، ئەوە لە کاتێکدا مێ مهیرە و نێرەمووک مهیرهۆفە و نێر هۆفە. دەنگ بە شەپۆڵ دەڕوات و خوول دەخوات، بە پێی خەسڵەت و تایبەتمەندی دەنگەکان

شەپۆڵەکان جوودایەزن، جوودایەزبوونەکەش لە قەبارەی شەپۆڵ و، لە مەودابڕین و، لە ڕادەی کاریگەریدا بەرجەسدە دەبێ. جۆرێتی شەپۆڵ و خوول خواردن، لە پۆڵە دەنگێک لە بۆ پۆڵە دەنگێک جوودایە، لە ناو هێک پۆڵیشدا پۆڵۆچکەکان لە هێکدی جوودان، لە ناو پۆڵۆچکەکانیش شەپۆلی دەنگێک لەگەڵ شەپۆلی دەنگێکی دی فەرق دەکات. پۆلی دەنگە مێهینەکان دەنگی بزێون، بە ڕێک و بە هێکڕا دەخوولێنەوە، وەلێ شەپۆلی دەنگە نێرینەکان ناڕێکن و، هێک بە دووی هێکەوە نین. لە زمان و لە گشتەی گەردووندا، مێینە ڕێک و نێرینە ناڕێکە، ئەوە لێکەوتەی ئەوەیە تینی مێ لە سەرووی تینی نێرە. دەرکردن و کەم پایەکردنی ناوکە دەنگ و دەنگە مێینەکان لە زماندا، بە قوولی کاری کردۆتە سەر شەپۆڵەکانی دەنگ، لادانی ناوکە دەنگ و، هاتنی دەنگی زڕ و، تێکچوونی دەنگ و بڕگە و وشەکان، بە واتای تێکچوونی شەپۆڵەکان دێ، بەم تێکچوونەش شەپۆڵەکان لە سەر دڵ و دەماخ و دەروون، تەنانەت لەسەر جەسدەش بەدفەڕ بوون.

## تویژی 29

بە دەر لە بازنەی دەنگە ڕسک و ڕەسەنەکانی زمانی دایک، کۆمەڵێک دەنگی زڕ و بیژۆک هێندراونەتە ناو زمانەوە، ئەو دەنگانە چ تاقیان زگماکی نین. نەناسینی زمان و پاشانیش نوسینەوەی دەنگ بە شێوەی پیت، وهای کرد ئەم لە ڕێ لانەی زمان، پایە و پلانی بدرێتێ، پاشانەکانێ کە خووندەواری لە واتای نوسین و کتێودا، بڵاوەی کرد بە ناو خەڵکیدا، لاتی و لادانەکەش گشتەگیر و هەمەلایەن بوون. زهینی بدەنێ، ڕێنوس و شێوەپێدانی پیتەکان، بەبێ ناسینی ناوکە دەنگ و، بەبێ زانینی نەزمی لە دایکبوونی دەنگان، بە دید هێندراوە، بۆ هێ ناوکە دەنگ لە پایەی دایکێتی کەوت و، لە هەندێک شێوەی ڕێنوس و هاخاوتندا بە تەواوی سڕدرایەوە، لە هەندێکی دیش هەڵدرایە ناو پۆلی دەنگە نێرینەکان و، بە هەندەی دەنگێکی نێر دەوریان داهێ، جهێی "دایکی دەنگان"یش بە دەنگە بیژۆکەکان پڕکردرایەوە، سەرەنجام زمانی زگماک لە جێهانێ تەفروتونا بوو. لە دۆخی خۆڕسکیدا، زمانی زگماک بڕگە و وشەی هاوواتا و نێزیکە واتای تێیدا لە دایک دەبێ، بە هۆی ئەو وشانەوە زەنگینی و ڕەنگینی زەنبیل دەبن و، قسەکەر دڵی لە خۆی دانامێنێ و ناچار نابێ لە هێک رستە و کوورتە گۆزاردا، وشە دووبارە بکاتەوە، ئەمەش بە دووی خۆیدا شێوەگرتنی سنووردار ی شەش شێوەزار بە سەرەتا دهێنێ، بەبێ ئەوەی گرفتی لە هێک تێگهیشتن لە نێوان شێوە زارەکاندا بکەوێتەوە. زهینی بدەنێ، وقتهێک دواهین پۆڵۆچکەی دەنگی زمان (کە سێ دەنگی نێرەمووکن)، بە ناوەندێتی دەنگە بزێوەکان(کە شەش دەنگێ مێن) لەگەڵ هێکەمین

پۆلۆچکەی دەنگە نەبزێوەکان (دەنگە نێرینەکان) هێک دەگرن، هەینێ بە پێی جیداوازی دەنگە نێرینەکانی ناو وشەکان، سەد و هەشت وشەی هاووتا پەیدا دەبن و، لە شەش کۆمەڵەدا خڕدەبنەوە، لە ناو ئەو کۆمەڵانەشدا بە پێی دەنگە نێرەمووکەکان دەبنە سێ هێڵ و، هەرهێڵێک شەش وشەیە، وەلێ ئەو وشانەی لە سەرهێڵێکن، بە تەواوی لە هێک نێزیکن، چوونکە جووداییەزی نێوانیان تەنەها دەنگە مێهینەکانە. سەرەڕای ئەوەش نێزیکاتی نێوان هێڵەکان بە هەندازێکە، هاخێوەر سەر بە هەرهێکە لەو کۆمەڵانە بن، هاسان و بەبێ گرێ و گۆڵ لە هێکدی تێدەگەن، لەبەرئەوەی جووداییەزی نێوان هێڵێک و هێڵێکی دی، سێ دەنگە نێرەمووکەکەن. لە ڕاستیدا دووری و مەودا تەنەها لە نێوان شەش کۆمەڵەکەدا هەیە، ئەویش دەنگە نێرینەکان دروستیان دەکەن. ڕاستیەکە ئەوەیە، ئەوانی ئەمڕۆ لە جێهانێ بە زمان ناسدراون، چ تاقیان زمان نین، بەڵکوو شێوەی شێواوی زمانی دایکن. لە ناو هەموو شێوە هاخاوتنەکانی جێهانێ، ئەوانی کۆمەڵی کووردەهەواری خاوێنترین و نێزیکترین شێوەن لە زمانی زگماک، هەرچەندە تووشی داچەمین و پشێوی بوونەتەوە. لە هاخاوتنەکانی خەڵکانی ئەم هەوارە، بە تایبەتی لە ناو خەڵکی خووندەواردا، دەنگی بیژۆکی " ئـ، ئا، ح، ع"، هاوکات دەنگی نێرینەی"خ"، لە گەلێک وشەدا جهێی ناوکە دەنگ "هـ"یان گرتۆتەوە، لە زۆر وشەی دیکەش ناوکە دەنگیان فت کردووە و گۆی ناکەن، هاودەم هەرچهار دەنگی " ڤ، ژ، ڵ، غ " لە ناو زماندا کارایان کردوون، لە کاتێکدا ئەم کاراکردنە بەرەواژە و هاوسەنگی لە زمان تێک دەدات. قرتاندنی دەنگیش لە پێکهاتەی وشەدا، گرفتێکی دیکەیە، سەرەڕای هەموو ئەمانەش، خەسڵەت و سیمای ڕسک و ڕەسەنێتی لە هاخاوتنەکانی کۆمەڵی کووردەواریدا بڵندە، ئەوەتانێ نامووس بە هێکێک لە شێوە هاخاوتنەکانی ئەم هەوارە نوسدراوەتەوە. هەڵبەتە نوسدراو لە پیت پێک دێ و، پیت وێنەی دەستکردی بەشەرە لە بۆ دەنگان کێش دراوە. هاخاوتنی گووتدراو بە گوێ وەردەگیردرێ و، هاخاوتنی نوسدراو بە چاو. ئەو دەمەی لە زهینەوە فەرمان لە بۆ پەنجەکان دەچێ، هەتا وێنەکانی دەنگ لە سەر پارچەی تەن بنوسن، هەینێ نوسین لە باتی جوولەی دەم و دوانی زارەکی، بە کاری دەربڕین هەڵدەستێ. ئەوڕۆ ڕێنوسی جووداجۆر هەنە لە جێهانێ و، هەرهێکەیان لە قۆناخێکی ڕابردوودا بە دید هێندراون. هێکەمجار نوسین و ڕێنوس دایکانی کووردەهەوار دایانهێنا و، لەشی خۆیان کرد بە هێکەمین تەختەی نیشانە و هێما، بە قەسدی بەرزراگرتنی بیروباوەڕی مهیرپەرستی، پاشانەکە لە نێوان دوو چۆمەکەی خوارووی کووردەهەوار، لە کۆمەڵی تازە پێکەوتووی چیناتیدا، هێما و نیشانەکان گەشەیان دراوەتێ و، لە سەر تاتە قووڕین نوسدراون، لە دەورانی زەمانیشدا ڕێنوسی جووداجۆر لە جێهانێ پەیدابوون. شێوە و قاڵبی هەرشتێک دەرهاوێشتەی خێر و شەڕی هەیە، ڕێنوس هێکێک لەو شتانەیە، ئەو ڕێنوسەی شێوەی بازن و خڕێتی تیایدا زۆر بێ، خێر دەداتەوە، ئەوی شێوەی ستوونی

تیێدا زاڵ بووبێ، لێکەوتەکانی بەزەڕن. ئەو ڕێنوسەی"نامووس"ی پێ نوسدراوەتەوە، لە چاو ڕێنوسەکانی دی گوونجاوترە، چوونکی شێوە و سیمای خڕێتی بە پیتەکانەوە زەق بۆتەوە و وێنەی ئاسۆهی دەخاتە مووخەوە، لە کاتێکدا شێوەی ستوونی بە سەر ڕێنوسەکانی دی زاڵە، لەبەر هەندێ باشترە ئەم ڕێنوسە بە هەند بگرن، دەشتوانن لە هەندێک باردا ناوکە دەنگ بە جوودا بخەنە سەر پیتەکانەوە، بەمەش قەشەنگی بە سیمای پیتەکەوە دەردەکەوێ.

| |
|---|
| خشتەی شەش کۆمەڵە وشە، بنەما لەسەر کۆمەڵی هێکەمی دەنگە نێرینەکان |
| جوودابوونەوەی سێ هێڵ، بنەما لە سەر سێ دەنگی نێرەمووک |
| شەش وشەی هەرهێڵێک، بنەما لە سەر دەنگە مێهینەکان |

| | هه | ها | هێ | هۆ | هی | هوو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دەنگی " ب " | کهبه | کهبا | کهبێ | کهبۆ | کهبی | کهبوو |
| | گهبه | گهبا | گهبێ | گهبۆ | گهبی | گهبوو |
| | قهبه | قهبا | قهبێ | قهبۆ | قهبی | قهبوو |
| | | | | | | |
| دەنگی " و " | کهوه | کهوا | کهوێ | کهوۆ | کهوی | کهوو |
| | گهوه | گهوا | گهوێ | گهوۆ | گهوی | گهوو |
| | قهوه | قهوا | قهوێ | قهوۆ | قهوی | قهوو |

| | هه | ها | هێ | هۆ | هی | هوو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دەنگی " ف " | کهفه | کهفا | کهفێ | کهفۆ | کهفی | کهفوو |
| | گهفه | گهفا | گهێ | گهفۆ | گهفی | گهفوو |
| | قهفه | قهفا | قهفێ | قهفۆ | قهفی | قهفوو |
| دەنگی " ش " | کهشه | کهشا | کهشێ | کهشۆ | کهشی | کهشوو |
| | گهشه | گهشا | گهشێ | گهشۆ | گهشی | گشوو |
| | قهشه | قهشا | قهشێ | قهشۆ | قهشی | قهشوو |

| | هه | ها | هێ | هۆ | هی | هوو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دەنگی " س " | کهسه | کهسا | کهسێ | کهسۆ | کهسی | کهسوو |
| | گهسه | گهسا | گهسێ | گهسۆ | گهسی | گهسوو |
| | قهسه | قهسا | قهسێ | قهسۆ | قهسی | قهسوو |
| | | | | | | |
| دەنگی " ز " | کهزه | کهزا | کهزێ | کهزۆ | کهزی | کهزوو |
| | گهزه | گهزا | گهزێ | گهزۆ | گهزی | گهزوو |
| | قهزه | قهزا | قهزێ | قهزۆ | قهزی | قهزوو |

## تویژی 30

زمانی زگماک بە ناوکە دەنگ "هـ" دەست پێ دەکات، بە ناوکە دەنگیش کۆتاهی دێ. گوزارشت وهایە سەرەتا و کۆتا هەرهوودایە، هوودا دایکە و لە ناو زمانیشدا بە ناوی دایک، دارا و بە دەورە. پاشانەکە دەوری دایکاتی و هوودابوون، بە دەنگە مێینەکان و دەنگە نێرەمووکەکان دەدات. بڕۆننە شێوەگرتنی دەنگەکان، لە هێکەم پۆڵە دەنگ کە دەنگە مێهینەکانن، ناوکە دەنگ دەستپێکی دەنگە، هاخیرین پۆڵۆچکەی دەنگیش سێ دەنگی نێرەمووکن و، ناوکە دەنگ لە کۆتاهی دەنگەکان دێ. ناوکە دەنگ تینە، تین هوودای دایکە. هەموو دەنگەکان لە تین پەیدا دەبن، دەستپێک تین و کۆتاهی تینە، ئەمە ڕێسای نەگۆڕە. نیگا بخەنە سەر ڕێسای ژمارەکان، دەستپێک ناوکە ژمارەیە، پاش نۆ ژمارە، دیسان ناوکە ژمارە دێ. ئەم ڕێسا نەگۆڕە، زهینێتی هوودای مهیربانە و تەواوی گەردوون هەڵدەسووڕێنێ. تێگهیشتن لەم ڕێسا و قاڵبەی هەبوون، زهین ڕۆشنتر دەکات. دەستپێک لە گەردووندا تینە، کۆتاهی گەردوونیش هەرتینە، هوودای دایک هێکەمین و دواهەمینە. پێشتریێ مهەمدی کووڕی هامینێ ئەم زانینەی بە بەشەرێت دابوو، وەلێ هیچ کەس دەرکی بە کرۆکی گۆزارەکە نەکرد. بێشک لەمڕۆوە لێی تێدەگەن و بە تەواوی دڵ و دەماختانەوە باوەڕ بە هوودای مهیربان دهێنن.

## چەرخی مهیری

### پەلی هێکەم

### پۆپەی 01

هێکەم خێزان لە کۆمەڵی بەشەریدا، بە سەرچاوە لە دایکێک پەیدا دەبێ و، بنەڕەتی کۆمەڵەکە پێک دهێنێ. دایک دڵە و دڵ دایکە، لە واتادا هەردووک هێکێکن. لەش کۆمەڵێکە، بە سەرچاوە لە دڵ پێک دێ، دایکیش دڵە کۆمەڵێک بە هاردی دادهێنێ. ڕێسای پێکهاتنی لەش و، ڕێسای پێکهاتنی کۆمەڵی بەشەرێت، یان هەرکۆمەڵێکی دی، هێک ڕێسایە. لە تەواوی کۆمەڵانی جووداجۆری زیندەوەردا، پەیدابوونی هێکەم خێزان و سەرپێ کەوتنی، سەرچاوەکەی دایکێکە. ڕەچەڵەکی بەشەرێت وەکوو هەرڕەچەڵەکێکی دی، لە ناوکە ڕەچەڵەک بە زیندەگی هات. ناوکە ڕەچەڵەک دایکێکی خوولقێنەری خوودکردە، لە ناو ڕەچەڵەکێک لە دایک دەبێ، پاشانەکە بە زاینی خۆڕسکانەی ئەو دایکە، ڕەچەڵەکێکی نوێ بە سەرەتا دێ. لە گەردووندا هێکەمین

خوولقان هەتاوەکوو دواهین، لە سای ئەم ڕێسایە هەڵدەسوڕێ. ئەم ڕێسایە واتایە لە زهینێتی هوودای دایک، نەگۆڕ و چەسپاوە.

## پۆپەی 02

دایکی بەشەرێت لە کێوستانی کووردهەواریدا، سێ جار بە شێوەی خۆڕسک، بەبێ جووتگرن لەگەڵ هیچ نێرێک زگپڕ دەبێ، لە سێ زایندا سێ جووت منداڵ، چهار مێ و دوو نێر بە زیندەگی دهێنێ. لە پلەبەندی پەیدابوونێ، دایکی خوود بە تایبەتمەند وهایە، شەش وەچە دەخاتەوە. ئەو وەچانەی لە دایکی بەشەرێت بە زیندەگی هاتوون، لە باری پێکهاتەیاندا کتومت وەکوو ئەو بەشەرەی هەنەوکە بوون، بەڵام لە شێوەدا ڕێک و شیکتر و جوانتر بە دید هاتوون. بەشەرێت لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بە جێهانێدا، ڕۆژگار بە رۆژگار هەندازێک لە ڕەنگ و ڕووی گۆڕدراوە، بڕێک تەندروستیشی لە دەست داوە. خاک و، ئاو و هەوای جوودا، بەرکەوتنی جوودا بە خۆرهەتاو، جۆرێتی جوودای خۆراک، هەم ڕەنگی پێست دەگۆڕن، هەم بڕێک گۆڕان بە سەر قاڵب و قەوارەیدا دهێنن، پاشانەکەش پێشڕەفتی هۆف لە زهین و دەروونیدا، لە هەردوو باری شێوە و دروستیدا، تەنی بەشەری پتر شێواند. زگپڕبوونی مێ بە جووتگرتنی لەگەڵ نێری هۆفیدا، هێڵکە تروکان و پێگهیشتنی کۆرپەلە لە ناو منداڵدانێک، کە هۆفێتی بە سەر دەروون و زهینی دایکەکەدا زاڵە، وها دەکات تەن بە دروستی پێک نەهێ و شێوەش بشێوێ. بەشەر لە ڕۆژگاری پەیدابوونیدا دۆخێکی دیکەی هەبوو، لە هێک کەشوهەوا، لە ناو چهار وەرزی ساڵدا چاوی هەڵهێناوە، ڕوەک و میوە کێویەکانی دەخوارد، دڵ و دەماخ و دەروونی بە تێر و تەواوی مهیری بوون، هەموو ئەمانەش هۆکارن لە دروستی تەن و، ڕێکوپێکی شێوەگرتنەکەی. نێزیکترین شێوە لە بەشەرێتی سەردەمی پەیدابوونێ، شێوەی مێ و نێری ئەمڕۆی کێوستانی کووردهەوارن، ئەوانی لەگەڵ خەڵکانی دەرێ کەمتر بە زگ و زاین کەوتوون و، پتر لە سەر بنەڕەتەکانی خۆیان ماونەتەوە، هەرچەندە ڕەشاتی دوونیاهێ، بە هەندازێک جهێ دەستی لە سەر ئەوانیش داناوە.

## پۆپەی 03

دایکی بەشەری وەکوو هەموو دایکێکی خوودکرد، دارا بە زهینێتی هوودای دایک، چاندن لە مێشکی بەشەرێت بەجێ دهێنێ. باوەڕ بە ناماووس، بە مهیریات، ناسینی هوودای دایک، دەرک کردن بە گەردوون، جوولە و جەم وجۆڵ لە سەر ڕێی

ڕاستیەقین، شتانێکن لە ناو سەری دایکی بەشەرێتدا، لە بۆ سەری بەشەرێت گوێستدراونەتەوە. لە هێکەم خێزانەوە بە شەرێت خوودێتی هوودا بە " گیان " دەناسن، ناسینێکی دروست و پەتی، بنچەقی هەموو ناسینیکی هاوبەند بە زیندەگی و گەردوون پێک دهێنێ. لەو وقهتیدا بەشەر بە دروستی هوودای دەناسی و دەیزانی هوودا گیانە، دەشیزانی زیندووێتی بە هۆی گیانەوە بەرهەست دێ و، هەموو شتێک و هەموو زیندەوەرێک بە هەندازی جوودا گیاندارن. هاودەم بەشەر دەیزانی لە نێو هەموو کۆمەڵێکی جووداجۆری زیندەوەردا، ڕەگەزی دایک – مێ، لە چەندێتی و جۆرێتی گیاندا، بە چەند هێند لە سەرووی نێر دێ. ئەم زانین و بیروباوەڕە، لەگەڵیشدا ئەو وشەی گیانەی سەرزاری هێکەمین خێزانی بەشەرێت، هێشتان بە تۆخی شوێنەواریان لە ناو هاخاوتنەکانی کووردهەواریدا ماوەتەوە. لە هەموو جێهانێ، تەنەها خەڵکی کووردهەواری، بە گیان ناوی هوودا دهێنن، هەرچەندە ئێستاکێ وەکوو پێشان لە واتای بنەڕەتی وشەکە تێناگەن و، نازانن هوودا لە خوودێتیدا سەرجەمی گیان پێک دێنێ. خەڵکەکە هەروەکوو هوودا بە گیان ناودهێنن، ئەوهاش هەزیزان و ئەو کەسانەی خۆشیاندەوێن بە گیان ناو دەبەن. ئەم هاوبەشێتیەی بە زارداهاتنی وشەی گیان لە بۆ هوودا و هەزیزان، هی ئەوەیە هوودا – دایک هێکەمین دوڵبەر و خۆشەویستی بەشەرە، ناوهێنانی ئەوانی دیکە بە گیان، نیشانیان دەدات لە بازنەی دوڵبەری گەورە جێگەیان دراوەتێ. لەمەش سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە، کۆمەڵی ئەمڕۆی کووردهەواری بەبێ ئەوەی پێی بزانن، هەروەکوو پێشینانی خۆیان، پەنا دەبەنە بەر هوودای دایک، بە دەم نزا و پاڕانەوە سەر بەرەو هاسمانێ هەڵدەبڕن و هاوار دەکەن:" خوودایە گیان! هاوارکردنەکە لە بۆ دایکە، وشەکە "هۆدایە گیان"ە، تەنەها ناوکە دەنگ "هـ"، بە دەنگی "خ" گۆڕدراوە، ئەمەش گۆڕانێکە لە دەنگی"هۆ، هوو" کەوتۆتەوە. زمانی زگماک شێوێندراوە و لە زۆر وشەدا دەنگی "خ"، چۆتە جهێی ناوکە دەنگ "هـ"ەوە، بە نموونە وشەکانی" هۆر، هوورده، هۆش" بە "خۆر، خوورده، خۆش" گۆڕدراون، گۆڕانی وشەی"هوودا" و "هۆدا"ش بە "خودا،" نموونەی دیکەی ئەو گۆڕانەن. گۆڕانی دەنگ لە ناو زماندا بەربڵاوە، تێگهیشتن لێیان، ڕووناکی بە زهین دادهێنێ. دەستەواژەی هۆدایە گیان، واتە "هەی بەخشندەی گیان،" یان "هەی گیانی بەخشندە،" لە هەردوو باردا واتاکە دروست و تەواوە. لە زمانی زگماکدا "هۆ" دەنگی بانگکردن و بەڵێ کردنە، ئەمڕۆش لە هاخاوتنی کووردهەواریدا وهایە، لە گازکردنی دایک و وەڵام پێدانەوەیدا "هۆ دایە" دەگووتدرێ. "دایە، دایێ، دایۆ" وشەی هاوواتایە بە وشەی دایک و، بە ڕوونی مانای دان و بەخشین دەگهێنێ. هاوکات مهیربان و بەخشندە و دڵۆفان ناسدراوترین و بەربڵاوترین ناسین و ناوبردنی هوودایە لە سەر زاری خەڵکی هەوارەکە. شوێنەوارەکان زۆرن و، لە واتاهێکدا پارچەکانی وێنەی شکاوی

شارستانێکی پڕ شکۆن، شارستانێک کە لەگەڵ پەیدابوونی بەشەرێتدا، لە هەشکەفتەکانی کێوستانی زاگرۆزدا بە زەوی داهات، پاشانەکە پەرتی بە جێهانێ بوو.

## پۆپەی 04

بەشەر لەگەڵ پەیدابوونیدا، هەم مهیر دەناسێ، هەم هۆف، هەر ئەم وشەی مهیر و، وشەی هۆفەش وەک پێناس دەوریان دراوەتێ و، ڕاست و ڕەوان بە زهین و زار داهاتوون. بەشەرێت هەقیقەت ناس بوون، هەموو هێکێک زانیوێتی مهیر تین و هۆف تەنە، زانیوێتی تین گیانە و گیان هوودایە، زانیوێتی هوودا دایکە و، تەن لە تین لە دایک دەبێ. ئەم بەرزە زانینە، بازنەی کۆبیری ئەودەمی بەشەرێتی پێکهێناوە، باوەڕی تێر و تەواویش، ڕێی ڕاستیەقینی هەڵسوکەوتکردنێی لە بەردەم بەشەردا کردۆتەوە. لە بازنەی ئەم بیروباوەڕەدا، هوودا بە چەندان ناو ناسدراوە، "مهیربان" هێکێکە لە ناوە سەرەکیەکانی. هەر ئەم ناوی مهیربانەش هەتاوەکوو ڕۆژی ئەمڕۆ، بەربڵاوترین ناوی هوودایە لە ناو کۆمەڵی کووردەهواریدا، هەمان ئەو ناوەش لە وەسفی کەسی بە سۆز و بەخشندەدا بە کاردهێنن. بەکارهێنانی هاوبەشانەی وشەکە، گرێدراوی چەمکی دایکە، دایک بەخشندەیە و سەرچاوەی سۆزە، هەم بەشەرە و هەم لە خوودێتیەکەیدا هوودای دایک دەردەکەوێ.

## پۆپەی 05

ئەو ناسینەی کە بەشەرێت لە چەرخی مهیریدا، هاوبەند بە هوودای دایک هەێتی، وهای لێ دەکات لە هەموو کات و هەموو شوێنێکدا، هەست بە هەبوونی هوودا بکات، ئەم هەست پیکردنەش بەسە لە بۆ ئەوەی لە هەر جەم وجۆلێکی هۆفیانە خۆی بە دوور بگرێ. لەو دەمیدا پێودانگی هەڵسوکەوتی بەشەری، چ لەگەڵ خۆی و چ لەگەڵ دەوروبەریدا، مهیرە وەک چاکە و، هۆفە وەک خراپە، لە بەرئەوەیە بەشەر لەو زەمانیدا پڕ ناداتە شتان و، ئەو دەمەی شتێک وەک پێداویستی خۆی دەسەپێنێ، بە هێندەی پێویست لێی هەڵدەگرێ، بەبێ زیادە مەسرەفی و خەسارکردن، چوونکی دەزانێ ئەم دووانەیە کاری هۆفیانەن، نابێ مهیرپەرست لێی بوەشێتەوە. بەشەرێت هەموو شتێکی لە ڕێی هووداوە زانیوە، هوودای مهیربان لە دایکی بەشەرێتدا بە جەسدە دەبێ، بەشەر دەخوولقێنێ و، هەموو زانستێکی دەداتێ. ئەمەیە ڕاستیەقین، هەر ئەمەشە پاشانەکە شێوێندراوە و، بە جۆرێکی دی لە بیروباوەڕی بەشەرکرد واتای دراوەتێ.

## پۆپەی 06

ئەندامەکانی لەش گرێدراوی دڵن، ئەندامەکانی خێزان گرێدراوی دایکن. دڵ هێکێکە، دایکیش هێکە، هووداش هەرهێکە و نابێ بە دوو. ڕاستیەقین بەس ئەمەیە، هوودای دایک ئەوها شێوەی بە سرووشت داوە، هەرشێواز و نەزمێکی دیکە، لە سرووشت بە دەرە و، دژ بە ڕێسای هوودایە. بەشەرێت لە دەستپێکی پەیدابوونیدا، بە ڕوون و ڕەوانی ئەو ڕێسایەی دەناسی و، پێ لە بەندی دایک هەڵسوکەوتی دەکرد. لە هەوەڵەوە، لە ساتی پەیدابوونی هێکەم خێزانی بەشەریدا، بە زهینێتی هوودای دایک ڕێنوێنی بە بەشەر دراوە، زهینی دایکی بەشەرێت بە زهینێتی هوودای دایک پەیوەست بوو، هوودا لە ناو سەری دایکی بەشەردا، ڕەوتی زیندەگیکردنی بە بەشەرێت دا. منداڵێتی بەشەر و منداڵێتی کۆمەڵی بەشەرێت، دەستپێکی چەرخی مهیرین. بەشەرێت لە واتای شێوەگرتنی بە کۆمەڵدا، بە دڵاوەری هەڵدەستێتە سەرپێ و، هەموو هەڵسوکەوتێکی لە بازنەی مهیردا بەڕێوەدەچێ. لە ناو لەش دڵ و لە دەرەوەی لەش دایک پێشڕەوتی دراوەتێ، دایکی لەش دڵە و، دڵی کۆمەڵ دایکە. خوولان لە بازنەی ئەم واتایەدا ناوی دڵاوەرێتی هەڵدەگرێ. دڵ شەپۆڵ دەنێرێ، پاشان شەپۆڵەکان وەردەگرێتەوە، ئەم شەپۆڵانە زانیاری دروست دەهێننە ناو دڵ، لە دڵیشەوە هەواڵەی دەماخ دەبن. ئەو دەمەی دەماخ بە پێی دڵ شێوە دەگرێ، لەم شێوەگرتنەدا مهیر بە سەر هۆفدا زال دەبێ. لێرەدایە دڵاوەربوون و مهیربوون دەبنەوە بە هێکێک. سەرپێکەوتنی کۆمەڵی بەشەرێت بە کۆمەڵێکی مهیری، لە خۆهەڵواسین بە دایک – دڵ بەرجەستە دەبێ. دایک هێکەمینە، هێکەم "بوون"ە، وشەی ناوەکەشی ئەم هێکەمبوونەی ڕوون دەکاتەوە. هوودا و دایک لە ناو هێکدین، لەبەرهەندێ لە میانی وشەکەدا دایکێتی تین و دایکێتی تەن تێکەڵ دەبنەوە. تین هێکەم "بوون"ە، پاشانەکە تەن پەیدادەبێ و، هێکەم "بوون"ی تەن مێیە. وشەی دایک بە هەندازێکی کەم گۆڕدراوە، وشە ڕاستەکە لە گەلێک شێوەدا دەردەکەوێ و، هێک واتای تێیدا بەرهەست دێ، "دهیک، دهێک، دهەک، دهاک، دهۆک، دهووک" شەش شێوەی ڕاستی وشەکەن. هاوکات بە گۆڕینی دەنگی "ک" لە بۆ دەنگەکانی "گ، ق،" یان گۆڕینی دەنگی "د" بە "ت،" کۆمەڵێک وشەی دی پەیدا دەبن، هاوڕیشەن لەگەڵ وشەی دایک. بڕۆننێ، لە پێشینانەوە ناوی دهۆک، (واتە دایک) لە سەر بەشە زەمینێکی کووردهەواری داندراوە، هەتاوەکوو ئەوڕۆش هەربەو ناوە ماوەتەوە، بەبێ ئەوەی کەس لە واتای وشەکە تێگهیشتبێ.

## پۆپەی 07

هێکەم بازنەی شارستانێت لە دەوری دایک پێک دێ، خڕبوونەوە بە دەوری دایک، واتای لەش تێدەپەڕێنێ، خڕبوونەوەیە بە دوری دڵی دایک و، زهینی دایک و، زاری

دایکدا. ئەم ناوەندێتیەی دایک شێوە بە ڕێکخستنێک دەدات، هەمووان بە مەیلەوە دڵبەند و پی لە بەندی ئەو ڕێکخستنە کۆمەڵایەتیەن، ڕێکخستنێکە بە واتای "شار" دێ. شار کۆمەڵێکی هەرەوزی ڕاخێندراوە لە سەر بنەمای مەیل، جا ئەو کۆمەڵەیە کۆمەڵی بەشەرێت بێ، یان هی ڕەچەڵەکی دی. بەشەرێت لە دڵی خۆرمیانێ، لە "زاگرۆس"ی سەرزەمینی کووردهەواریدا خوولقاوە، هەرلەوێندەرێش کۆمەڵەکەی بە شێوەی شار پێکهات. وشەی شار واتای تەن و، شێوەی شاری هەنەوکە ناگهێنێ. لە هاخاوتنەکانی کووردهەواریدا، بە دروستی واتا بە وشەی شار دراوە. لەو هەوارەدا کوونە مێروولە بە "شارە مێروولە،" کوونە زەردەواڵە بە "شارە زەردەواڵە" ناویان دراوەتێ. ناولێنانەکە لە بۆ کوونەکە نیەە، بەڵکوو لە بۆ کۆمەڵەی ناو کوونەکەیە، گرێدراوی ئەوەیە هەرهێکە لە کۆمەڵەی ئەم زیندەوەرانە، لە میانی ڕێکخستنێکی تۆکمەی هەرەوزیدا دەژین. بیابانیشینەکان کۆمەڵە وشەی بە ڕێسا هۆندراوی بە هێکەوە گرێدراو، بە "شهەر" ناو دهێنن، شهەر ناوێکی دیکەی شارە.(شعر وشەی هەڵەیە). هەر لە کووردهەواریدا وشەی شار پاشگری "ستان"ی دراوەتێ، هەردوو وشەکە بە هێکەوە، گوزارشت لە"کۆمەڵێکی پێشکەوتووی گرێدراو بە ڕێسای سرووشتی"دەکەن، لە باری زمانیش، "ستان" بە واتای بەرزایەکان و، "شارستان" بە واتای کۆمەڵی بە هێکەوە گرێدراو و هەرەوزی بەرزایەکان دێ. لە رۆژگاری هەنگینێ، بەشەرێت لە هەشکەفتان ژیاون و، ستاندەکانی(کێوەکانی) کووردهەوار مەفتەنی بوون، وشەی شارستانێت لە واتادا، هاوسەنگ بە هەلومەرجی زەمانی خۆێتی.

پۆپەی 08

لە هۆشمەندیدا ناسینی دایک ترۆپکە و، نە ناسینی بە واتای بنارە. بە پێوانەی دایکناسی، بەشەرێت لە دەستپێکی چەرخی مهیریدا، ئاستی هۆشمەندیەکەی لە ترۆپکە دایە، لە کۆتاهی چەرخی هۆفیدا(لەم ڕۆژگارە)هۆشمەندیەکەی هەتاوەکوو ئاستی بنار دابەزیوە. دوو ئاستی بەرەواژ بە هێکدی، هەتا ئەو پەڕی کەوشەن، هێکێک لە تێر و پڕی، هێکێک لە بۆش و بەتاڵی. خەڵکی لە خۆی وهایە، بەشەرێت پێ بە پێی دەورانی زەمان، نشهوونمای کردووە و چۆتە سەرێ، لە کاتێکدا گۆزارەکە لە وێنەی گۆزەی سەرەونخوونە. ڕاستی ئەوەیە، هیچ چوونە سەرێک ڕووی نەداوە، بەشەرێت لە لووتکەوە هێواش هێواش هاتۆتە خوارێ. قەدەر و قیاس بە "تین" دەگیردرێ، نەک بە "تەن،" کەس نیەە هەسپێکی بە قەد و قیافەی بێ تین و تەپیو، بە سەر "جوانی"ێکی هووردیلەی بە تین و تاودا هەڵبژێرێ. ئەو دەمەی هۆشمەندی لە ترۆپکە، زهین سەرگەرمی تینە، وقتهێکیش هۆشمەندی لە بنارە، زهین بە تەن جەنجاڵە. دوو وێنە بە

شێوە هاتوون، وێنەی سەرەتا بهێشت و، وێنەی کۆتا دۆڵزاخ نیشان دەدات. بەشەرێت لە دۆخی بهێشتیدا دادەبەزێتە دۆخی دۆڵزاخی، لە ترۆپکەوە بەرەو بنار هەڵدەخلیسکێ. باس و خواسی پەرەستەندی هۆشمەندی و، هەڵکشان ڕوو لە ترۆپک، گۆزارگەلی خەڵکانی گەوج و مێشک پووچن. ئەوەی ڕوویداوە داکشان بووە، نەک هەڵکشان، گلۆربوونەوە و هاتنە خوارێ بووە، نەک پێداهەڵگەڕان و چوونە سەرێ. بەشەرێت ڕۆژگار بە ڕۆژگار، برێکی پتر هۆش و هێزی خۆی لە دەستداوە. هەنوکە بە پێچەوانەی سەرەتای دەستپێکردنێ، بەشەر بە کەلەسەرێکی لە هۆش خاڵی و، پڕ لە پۆخڵەوات، لە هێروەی بناری هەقیقەت، گیرۆدەی جاهەلی و نەزانینە، هەرچەندە لە خۆی وهایە دەستی گەیشتۆتە لووتکەی زانستان، لە خۆی وهایە فڕیوەتە هەوای و گەیشتۆتە تاقی هاسمانێ، بەڵام ڕۆناکی نامووس ڕایدەچڵەکێنێ، هیدی ئەو ڕەشاتی و ڕەشکاوەی بۆتە تانەی سەر گلێنە و، بەرچاو و بەرزهینی تاریک کردووە، لە سەر چاو و لە سەر زهینی لادەچێ، هەنگینێ هەقیقەت دەبینێ، هوودا دەبینێ، خۆی دەبینێ، هەنگینێ پێ بە نەزانی و بە نزمی خۆیدا دەنێ. لە ڕێسای زمانی زگماک ڕابمێنن، تایبەتمەندێتی سەرەتا و کۆتا چەندێک لە هێک دەچن، لە هێکەمین پۆڵە دەنگدا، ناوکە دەنگ(تین) لە سەرەتای دەنگەکاندا دەردەکەوێ، لە هاخیرین پۆلۆچکەی دەنگەکانیشدا، ناوکە دەنگ لە کۆتاهی دەنگەکان بە دیار دەکەوێتەوە. لە ناوکەوە لە بۆ ناوک، لە تۆمەوە لە بۆ تۆم، درەختێک، یان ڕووەکێک چاو لێ بکەن، بە تۆوێک دەست پێ دەکات و، لە کۆتاهیدا تۆو بەرهەم دهێنێتەوە. سەرەتا و کۆتاهی هەرتینە، هەرهوودایە، هەرهەقیقەتە. لە سەرەتای چەرخی پەیدابوونی بەشەرێتدا، هەقیقەت لە کووردەهەواری دایک بە دەرکەوت، پاشان بەشەرێت هەقیقەتی بزرکرد، لە کۆتاهیدا دیسانیش هەقیقەت وا لە ناو دڵی کووردەهەواریدا بە دەرکەوتەوە.

## پۆپەی 09

ئەو دەمەی چەرخی مهیری بە سەرەتا هات، لەگەڵیدا هوونەر بە گڕوگاڵ کەوت. هوونەر لە زهین و زار و لە بزاوتی دایکانەوە، بە هاردی دادێ. دایک بە تایبەتمەند هوونەرمەندە، سەما و ستران هوونەری دایکاتین. ئێستاش لە کووردەهەواریدا تەنەها کچان بە وشەکانی" سەما و شاهی و شادی" بە ناو دەکەن. لە هامێزگرتنی کۆرپە و لەش ڕاهەژاندنی دایک، چ بە قەسدی خەواندنی، یان کڕکردنەوەی لە گریان، شێوەی سەرەتای هەڵپەڕکێ و سەمایە. هاودەم لایلایەی دایکان لە بۆ ساوای بەرمەمکان، تاتی تاتی لە پێگرتنی منداڵدا، سەردوولکەی دایک لە وقهتی مەرگی هەزیزانیدا، هێکەمین دەنگبێژی و سترانەکانی ڕەوەندی بەشەرێتن. لە پشتی هەرهێکە لە لایلایە و

سەردوولکەدا، هێزێکی پاڵنەر هەیە، ئەو هێزە سۆز و کووڵی دایکێتی دەگەیێنێتە دەم و قورگ و گەروو، بە هۆی ئەو سۆز و کووڵەوە، لەرینەوەی دەنگ و شەپۆڵەکانی دەگۆڕێن و، بە نەزمێکی هوونەری و دڵنیشین لە دەم دەردەچن. نۆتەی لایلایە هێمن و خاوە، نۆتەی تاتی تاتی، شاد و خێرایە، هی سەردوولکە هێور و بڵندە. ئەم سێهانە بناخی هەموو ئەو ستران و دەنگبێژیانەیان پێکهێناوە، کە لە پاشاندا سەریان هەڵداوە. مهیریات و هوونەر هەردووکیان بە سەرچاوە لە هێک نامووس و، بە هێکڕا لە دایک بوون. هوونەر لەتێکە لە مهیریات و هووداپەرستی، ئەوی لە هوونەر دووربێ، لە هووداى مهیربان doورە.

## پۆپەی 10

زیندەگی و هوونەر و دایکناسین، لە ڕەوتی بەشەرێتدا لە ناو هێکدین. تێگەیشتن لە چەمکی دایک و ناسینی خوودێتی هوودا، هەرزوو ڕێی هوونەری لە بەردەمدا کردوونەتەوە. لەو دەمیدا ئامێری ئاهەنگ خوولقێن لە گۆڕێ نیهە، بەڵام ئاهەنگ لە گۆڕێ دایە، بەشەر لە دەست و دەمی خۆی ئاوازی دەرهێناوە. چەپڵە و چەقەنە لەگەڵ تاتی پێکردنی منداڵدا دەرکەوتوون و، لە بازنەی هێکەمین ئاهەنگ و ئاوازەکانی بەشەرێتدا جهێ دەگرن، چەپڵە بە تەنەها لە بازنەی هاندانی منداڵ ڕاناوەستێ، ئەو ئاهەنگەی لە بۆ سەرپێ کەوتنی منداڵ دەیگێڕن، هاودەم دەبێتە ئاهەنگی گەورەکانیش، پاشانەکە بەبێ بۆنەی لە گاگۆڵە دەرچوونی منداڵ، سەما و ستران بە دەم چەپڵەلێدانەوە، وەکوو بە شێک لە زیندوویێتی و زیندەگی، دەچنە ناو ڕۆژان و شەوانی بەشەرێتەوە. لە ڕاستیدا چەپڵە بە هەندازێک هەڵپەڕکێن و شادی خوولقێنە، کە هیدی بەشەر هەوجەی بە ئامێری ئاهەنگ نەبێ. "دەم "و "دەست"ەکان لە هەرکات و لە هەرشوێندا، بە بەشەرەوەن، کەنگێ بیانهەوێ دەلوێ مۆسیقا بخەنە گۆڕێ و، گۆڕانی بڵێن. لە دەورانێکی دیکەی زەماندا، فیتفیتە لێدان و فیکەکێشان لە دەمی پیاوانی شیوانکارەوە داهێندراوە، ئەوە شێوازێکی قسە و گاسکردنێ بووە لەگەڵ هەیوانان، پاشانەکانێ لە نێوان خۆشیاندا بە شێوەی هێما بەکاریان بردووە. بەمجۆرە هوورنەرێک لە پیاوانەوە دەچێتە پاڵ هوونەرەکانی دایکانەوە و، بازنەی خۆشی و شادی فەرەوان دەکەن.

## پۆپەی 11

ئەوەی لەو وقهتیدا بەشەرێت خڕدەکاتەوە پاڵ هێکدی، هەشکەفت نیهە، نامووس و بیروباوەڕە. هەشکەفت هۆدە و هەیوانێکە لە واتای تەن و، هەبوونێکە دەتوانێ لەش

پەنا بدات، بەڵام وقەتێک لە هیزریندا گیان لە پێش لەش دێ و، مهیر لە بەشەردا پێشڕەفتە، هەینێ سەرنج و سەنگی هیزرین تەن دەرباز دەکات، لە وێدا نە هەشکەفت و نە هیچ قاڵب و قەوارەی تەنێک، ناتوانن مایەی خڕبوونەوەبن. بەشەرێت لەگەڵ پەیدابوونیدا خاوەنی بیر و باوەڕە، دایک بە ناموس دەناسێ و پێ لە بەندێتی، هەرئەویش ناوەندێتی پێکهێناوە و، بە شێوەی شارستانی خڕی کردوونەتەوە. لە ڕاستیدا ناموس بە هێکدی گرێی داون، نەک کوونە شاخ، هەروەکوو لە دواتردا کوونی شاخان بە جهێ دهێڵن و، خۆیان هۆدە و هەیوان سازدەکەن. هەشکەفت بەرتەنگ و سنووردارە، نەیتوانیوە وەڵام بە پەرەستەندنی چەندێتی بەشەر بداتەوە. شارستانێتی بەشەرێت لە سەروقەتی پەیدابوونیدا، تووشی پەرتبوون و بڵاوبوونەوە هات، بەشەر لە جێقەتی و بەرتەنگی هەشکەفت، هەنگاوەی بڵاوبوونەوەی هاوێشت و، پەرتی دەوروبەر بوون.

## پۆپەی 12

چەرخی مهیری بە سەرهەڵدانی شارستانێتی دایک دەست پێ دەکات، لە سەرەتا و لە تووڵی تەمەنی شارستانێتی دایکدا، بەشەر بە خاک گرێدراوە و خۆشیدەوێ. خاک دایکێتی لە بۆ بەشەر و زیندەوەرانی جووداجۆر دەکات، لە هامێز گرتوونی و، لە لەشی خۆیەوە ڕسقیان دەداتێ. خۆشویستنی خاک و خۆشویستنی دایک لە ناو هێکدین. خاک دایکە، دایکیش هوودایە. هوودای دایک هەبوونێکە لە تین، لە خوودێتی خاک و لە خوودێتی ڕەگەزی دایکدا دەردەکەوێ. لە بازنەی ئەم واتایەدا، ئەویندار‌بوون بە هوودا وەردەچەرخێ لە بۆ ئەویندار‌بوون بە دایک و خاک، بەندێتی لە بۆ هوودا لە ڕێی بەندێتی دایک و بەندێتی خاکەوە بەجهێ دهێندرێ. لە هێکەم خێزاندا، بەشەر لە زاری دایکیەوە ئەم ڕاستیەقینەی تێێدا دەچێندرێ، پاشان زهین بە زهین و، زگ بە زگ لە بۆ نەوەکانی پاشترێ گوێستدراوەتەوە. قەسد لە خاک،(هەرد، هەرز، هارد، هاخ، زەوی، زەمین) قانێکی تایبەتی و نیشانکردراوی لە نموونەی هەشکەفت و جهێی هەسانەوە نیهە، خاک لە گشتەدا خۆشدەویستدرێ. ئەم خۆشویستنەی خاک و ناوبردنی بە دایک، لە ئاخاوتنەکانی کووردهەواردا شوێنەواری زەقی هەیە. لە کۆمەڵی کووردهەواریدا خەک، نیشتمان بە دایک ناو دهێنن، بەبێ تێگهیشتن لە واتای بنەڕەتیانەی دایکێتی خاک و، بەبێ ئاگاداری لەو پێشینە هیزری و باوەڕی و، لەو واتا ڕاستیەقینەی لە دەستەواژەی خاکی دایکدا بەرجەسدەیە. هاودەم وشەکانی"هۆخ، هاخ" ناوی هوودایە لە کەسێتی خاکدا، هێشتاش خەڵکی هەوارەکە پەنای لە بۆ دەبەن، لە خۆشیدا "هۆخەی" دەکەن و، ناخۆشیدا "هاخ" دەردەبڕن.

## پۆپەی 13

لە شارستانێتیدا هەمووان دایکناسن و، دەزانن دایک ڕەسەن و ڕیشەیە، دەزانن دایک دەخوولقێنێ، هەردایکیش ڕسق دەدات و دەشهینێ. بەشەر لە ناو زگی دایکیدا، ڕسقی لە سەر دایکێتی، پاشانیش کە بە جێهانێ دێ، هەتا ئەو دەمەی پێ دەگرێ، هەر ڕسقی لە سەر لەشی دایکە و، لە مەمکی دایکیەوە شیر دەخوات. پاشەوەش ڕسقی دەکەوێتە سەر لەشی خاکی دایک. خاک لە وێنەی ئەو دایکەی ساوا لە باوەش دەگرێ و، لە مەمکەکانیەوە شیری دەداتێ، ئەوها ئەم گیانلەبەرە نازدار و ناو لێندراو بە بەشەرە دەگرێتە خۆی و، لەگەڵ سەرجەمی گیانلەبەرانی خاکڕەچەڵەک، لە سەر لەشی خۆی دەیان شیەێنێ. هوودای بەخشندە هەروەکوو لە دایکدا دەردەکەوێ، ئەوهاش لە خاکدا دەردەکەوێ و ڕسق دەدات. ئەم بیروباوەڕە ڕاستیەقینێکە، بە تێروتۆخی چۆتە پێکهاتەی زهینی شارستانێتی دایکەوە. هەنەوکەش وەکوو هەینێ هەقیقەت لە وێنەی خۆرهەتاوە، هەمووان ڕووناک دەکاتەوە، چ کوون و قووشبنێکی تاریک نەماوە، گەرای گوومان و دڕدۆنگی تییدا بترووکێ.

## پۆپەی 14

ئەوینی پاک و پەتی، هێکێکە لەو تایبەتمەندی و هەستوونگانەی، شارستانێتی دایک لە سەری ڕاگیردراوە. ژن کاتێک کە دایکە، لە باری ڕەگەزی وەرچەرخاوە و چۆتە باری خوودی، خوودێتیش دەرباز دەکات و، خوودی خۆی لە خوودی منداڵەکانیدا واتا پێدەداتەوە. دایک ئەویندارە، دایک "ئەوی"ە، "خۆی"نیەە. دایک تاقە دڵدارێکە دەتوانێ لەگەڵ دوڵبەرەکانیدا کە منداڵەکانێتی، بە تۆخی و بەبێ نیاز ئەوین بکات. لە زمان و هاخاوتنی کووردهەواریدا،"ئەوین، ئەفین، فیان" ناوانێکن بە تەنەها لە مێ دەندرێن، ئەوهاش ئەوینی بێ گرێ و گۆڵ، بە تاقی تەنەهێ ئەوینی دایکە. ئەوینی دایک گشتەیە، دایک دڵدار و ئەوینداری هەموو منداڵەکانێتی و، منداڵەکان هەموو دوڵبەری ئەون. هاوکات وێنەی لەبەرگیردراوی ئەم ئەوینە، لە منداڵەکانەوە ڕوو بە دایک ڕەوت دەگرێ، منداڵەکان هەموو دڵداری دایکن، دایک لە بۆ هێکە بە هێکەیان دوڵبەرە. لە بازنەی دایک و منداڵدا ئەوین تۆخە، هەمان ئەوین بە بڕێک کاڵبوونەوە، بە هەمان تایبەتمەندیەکانی ئەوینی دایکێتیەوە، لە نێو شارستانێتی دایکدا ڕەنگ دەداتەوە. ئەوینی دایک بە تایبەتمەند خۆشی ویستنی ئەوی دیکەیە، نەک خۆشی خۆی، مهیر دەنوێنێ و دەبەخشێ، چاوەڕێش نیەە وەربگرێتەوە. لە گشتەدا مێ سەرچاوەی سۆزە، هەر لەبەر ئەوەشە ناوەکانی "سۆز، بەسۆز، سۆزان" لە زماندا تایبەت بە مێینەن. هۆ خەڵکینە! زهین بدەنە گاتاکان و لە کەلام تێبگەن، ئەوینی تایبەتی لە بەینی

مێ و نێردا، شێوەی شێوێندراوی ئەوینی دایکە، هەڵگەڕانەوەیە و، هێڵێکە لە هۆفێتی، هۆشداریتان دەدەمێ لە سەر ئەو هێڵە دەوام نەکەن و، لە ئەوینی تایبەتی بسڵەمێنەوە. ژنان دایکن، هەروەکوو لە دایکێتیدا ئەوین تایبەتی نیەهە، ئەوهاش لە دەرێی دایکێتیدا تایبەتبوون هۆفیانەیە، ئەگەر ژن دڵداری تایبەتی پیاوێک بوو، با بزانێ ڕوو بە هۆفێتی هەنگاوی ناوە. ژن دوڵبەرە و پیاو دڵدارە، لە زمانیشدا هەرهێکەیان بەوجۆرە بە ناو دەکردرێن. "هاشق" نێرە و "ماشووق" مێیە. ئەم ناولێنانە پێشینەی دوور و قووڵی هەیە، ڕوونی دەکاتەوە پیاو دڵداری ڕەگەزی مێیە، هەندێک کاتیش دڵداری تاقە مێهێک، چوونکوو کووڕ ئەویینداری دایکێتی، بەڵام ژن ڕێی نەدراوەتێ لە وێنەی پیاو دڵداری بکات و، هێکێک بکاتە تاقانەی دڵ و دوونیای. دایک دڵدار و دوڵبەری هەموو منداڵەکانێتی، پێویستە دوڵبەری بە هەمان بەربەرینی، لە دەرێی دایکێتیدا دەوام بکات. ڕێنوێنی ڕوون و ڕەوانم داونەتێ، بگەڕێنەوە سەر ڕێی ڕاستیەقین و ئەوین گشتەگیر بکەن و، هەمووان هێکدیتان خۆشبوێ. لە بەرەبەیانی ڕۆژگاری بەشەرێتدا، شارستانێت لە ناو گەش و کەشی ئەویندارانەی گشتەگیردا، هەستوونگی داکووتی و بە شێوە هات، هووکمە لەمەولاش ئەو دۆخ و دەورە ئەویندارانەیە بە زەوی دابهێتەوە، هووکمە دایک ناوەندێتی بگرێتەوە.

## پۆپەی 15

لە بازنەی شارستانێتدا، بەشەرێت پتر زهینی هێکدی دەدەن، وەک لەوەی تەماشای هێک بکەن. لە تەماشادا سەرنج لە سەر تەن خڕدەبێتەوە و، چاو توێکڵ نیگا دەکات، بەڵام لە زهینداندا، تەن تەنەها بەردەبازێکە بەرەو کاکڵ و، دیتنی ئەودیوی تەنەکە مەقسەدە. شارستانێتی دایک کە سووڕی هیکەمی لەگەڵ چەرخی مهیریدا ڕەوت پێدراوە، شارستانیکە تین تیایدا لە پێش تەن دێ، لەم بازنەیەدا تەماشاکردن وەکوو هەنگاوێکی زووتێپەڕ بەرەو زهیندان دەوری دراوەتێ، هەرکەسێک و هەرشتیک بە زهین پێودانگ دراوە، نەک بە چاو. بەم پێودانگەش هەمووان دارای ڕەنگ و ڕووی زیێدە جوان و قەشەنگن. دڵ و دەماخ و دەروون، ئەو دەمانەی بە پێی مهیر ڕەوت دەگرن، بەشەر شیرین دەکەن و دەیبەنە بەردڵان، ئەم شیرینی و بە دڵداچوونە، کرۆکی جوانی پێک دهێنێ، هەر ئەو شۆخی و شیرینیەی کرۆکیش، لە ڕووخسار و زار و، لە چاو و، لە هەموو بزاوتێکی بەشەردا ڕەنگ دەداتەوە. کاتێک مهیر بەرپایە، چەمکی شیرینی و خوون شیرینی، واتای ئەوتۆی لە بۆ جوانی تەن نەهێشتۆتەوە و، چ کەس هێندە هەوجە بە هاووێنە نیەهە، چوونکی لە هەلومەرجی مهیریدا خۆدیتن لەوە قووڵترە بە هاووێنەی دەستکرد بە دید بێ، لهۆنەیە کانیاوێکی بەرمانگەشەو، زیندووتر

لەوی وێنەکە بداتەوە، بەڵام چ کانیاوێک بە هێندەی زهینێکی پاک و پەتی، بە هێندەی زهینی مهیری ناتوانێ شۆخی و شیرینی هی مێ، نیشانی مێ بداتەوە، لەبەرهەندێ پێویستیانە لە زهینی مهیریانەی هێکدیەوە خۆیان نیگا بکەن و، ببینن چ شەنگ و شیرینێکن. جوانی لە واتای تەندا، ئەوکاتە بە زهین دەکەوێ، کە هۆف لە ناو سەری بەشەریدا، پایە لە مهیر دەستێنێ و، شیرینی ڕەواجی لە کوورتی دەدات. لەو پایە کەوتنەی مهیردا، ئاوێنە دەبێتە پێویستی و، مێینەکان لە خۆدیتندا مەجبوورن پەنای ببەنە بەرێ، چوونکی لە هەلومەرجی هۆفیدا، چیدی ئەو چاوە ڕوون و ڕاستگۆیانە نەماون، کە پێشترێ بە دروستی و ڕوونی خۆیانیان نیشان دەدانەوە. لە ناو هەلومەرجی هۆفێتیدا، مێ دۆستاتی تووند و تووڵانی لەگەڵ هاووێنە شووشەکان دادەنێ، کەنگێ بیهەوێ دەڕواتە بەردەمیان و، لە چاوەکانیەوە ڕازەکانی خۆی بە سەر شووشە پاک و ڕوونەکەدا دەپرشێنێ. لە ئاستی گشتەدا، هەم شیرینی و هەم جوانی، لە ڕەگەزی مێینەدا کۆبوونەتەوە، شارستانێتی دایک ئەم ڕاستیەی بە فەرەوانی لە فەرهەنگەکەیدا جهێ کردۆتەوە، لەبەر هەندێ هەموو ئەو وشانەی واتای شرینی و جوانی دەگهێنن، وەکوو "قەشنگ، شۆخ، شۆخان، شاجوان" بە هەردوو وشەی"شیرین و جوان "یشەوە، لە بۆ ناولێنانی مێ بە کار هێندراونەتەوە.

## پۆپەی 16

ئەوانی شارستانێتی بەشەرێت دەخەنە سەرپێ، واڵان و ناوەوەیان بە دەرەوەیە، دڵ و دەماخ و دەم، هەمان شتگەل نیشان دەدەنەوە. ئەو شتانەی لە زهین داچێندراون، پەلوپۆپەیان ها بە سەر زارانەوە، بەرەکەشی لە هەڵسوکەوتکردنێ دەکەوێتە گەرووی ژینی بێ بەندوباویانەوە. هیچ کەس هیچ شتێک لە هێکدی ناشێرێتەوە، هەمووان وەکوو ئاوی سازگار ڕوون و ڕووتن، هەمووان هی هێکدین. دایکەکان سەرجەمی منداڵەکان بە کچ و کووڕی خۆیان دەزانن، منداڵەکانیش ژنەکان وەکوو دایکی خۆیان دەبینن و، ئەوهاش ناو دهێندرێن. ژنەکان هێکدی بە خووشک و، پیاوەکان بە برا ناودهێنن، پیاوەکان هێکدی بە برا و، ژنەکان بە خووشک ناودەبەن. ئەم ناوبردنە بە تەنەها گۆزار نیهە، جەوهەرێکە لە بیروباوەڕیاندا، هەم لە زهین و هەم لە زەمین، خۆ بە هی هێکدی زانین، ڕاستیەڤینێکی بەرجەسدەیە لە میانی شارستانێتی دایکدا، ڕەگ و ڕیشەکەی بە هوودناسین و دایکناسینەوە گرێدراوە. هوودا گشتەیە و، هی هەموو گیانلەبەرێکە، دایک گشتەیە و، هی هەموو منداڵ و نەوەکانێتی، لەم چەمکی گشتبوونەوە، خۆ بە هی هێکدی زانین، فەرزێکە لە بیروباوەڕی مهیرپەرستیدا. ئەوەتانێ ڕەوتی ناوهێنانەکە، وەکوو شوێنەوارێکە، هێشتانەکانێ لە هاخاوتنەکانی

کووردەهەواریدا زیندوو ماوەتەوە. هەنەوکەش وەکوو هەنگینێ، ژنان هەموو کیژ و کوورانی هاوتەمەنی منداڵەکانی خۆیان، بە کچ و کووڕی خۆیان ناودەبەن، کچ و کووڕەکانیش ژنانی هاوتەمەنی دایکیان و بە تەمەنتر، بە ناوی دایکە و دادە دەدوێنن. هاودەم ژنان هێکدی بە خووشک و، پیاوان بە برا، پیاوان هێکدی بە برا و، ژنان بە خووشک ناو دەبەن. لە هەندێک جهێ لە دەرێی کووردەهەواریش ئەم شێوە ناوهێنانە دەوامی تەمەن دەکات، بەڵام تەنەها ناوە و، لە ناوەڕۆکە بە پیت و پێزەکەی دێرزەمانێ بە تاڵ بۆتەوە. ناوەڕۆک لە وشەکانی خووشک و برا و دایک، تەنەها لە دۆخی مهیریدا خێزان دەرباز دەکات و، لە گشتبووندا بەرهەست دهێتەوە، لە دۆخی هۆفیدا گۆزەکە قلْپ دەبێتەوە، ئەو وشە بە پێزانە، تەنانەت لە ناو بازنەی خێزانیشدا ناوەڕۆکەکەیان لە دەست دەدەن.

## پۆپەی 17

شارستانێت لە سووڕی دەستپێکیدا، هەروەکوو ساوای بەرمەمکان، بە پاکی و هێک ڕووهی شێوەی دهێتێ، نە کەس تیایدا درۆ دەزانێ، نە لە بیری دزی و فزی دایە، نە چڵێس و چاوچنۆکە، نە بە ڕق و بووخزە، هامی خەڵکەکە مهیرین و، هیچ چەشنێک لە خراپەی بەشەرکرد لە گۆڕێ نیهە. لەو سووڕەدا بژێوی بەشەرێت ڕوەک و میوەیە، بەبێ ئەوەی خوونی هەیوان بڕێشن و، لە بیری خواردنی گۆشتەکەی دابن. بەشەر دەیزانێ خۆی و دەوروبەرەکەی منداڵی خاکن، هەروەکوو لە ناو خۆیاندا خووشک و برا بوون، ئەوهاش دار و دەوەن، کەژ و کانی و ڕووبارەکانیشان، بە خووشک و برا و، بە کەسی خۆیان زانیون، بە مهیربانی و خۆنەویستی لەگەڵ گیانلەبەرانی جووداجۆردا جوولاونەتەوە. ئەمرۆ لە ناو خەڵکی کووردەهەواریدا، قیچێک هاخلاقی هەڵسوکەوتکردنێ، لە سەر ئەو مهیرەی هەنگینێ ماوەتەوە، دایکە پیرەکانیان کە برێک ڕەگ و ڕیشەی پێشوویان تێیدا زیندووە، بە گووناهی دەزانن پێی هەوەس بندرێ بە سەر بنچکە گیادا، یان مارێک بکووژن، کە خەریکە دەڕوات و لێیان دوور دەکەوێتەوە. بە ڕاستی ئەو پیرانەی هەوارەکە، بە ڕاست و دروستی هیزر دەکەن، ئەم هیزرکردن و بە هەڵوێستهاتنە، بنەمایە لە مهیرپەرستیدا، چاکەیە دەچێتە تۆمارەوە.

## پۆپەی 18

باوەڕ بە دایک، باوەڕ بە خاک، باوەڕ بە خۆر سێیە لە هێکێکدا. هەرسێک باوەڕ بە هێکدیەوە گرێدراون و، بازنەی باوەڕی بەشەرێت لە شارستانێتی دایک پێک دهێنن.

خاک دایکە و خۆر دایکی گەورەیە. هوودا لە خوودێتی دایکدا خۆی نیشان دەدات، بەمەش لە کەسێتی خاکدا، هوودا بە هەندازێک و، لە کەسێتی خۆردا هوودا بە هەندازی گەورە دەردەکەوێ. هوودا هێکێکە، ئەوی لە مێی بەشەری و، ئەوی لە خاک و، ئەوی لە خۆرهەتاودا دەردەکەوێ، هێک هوودای تاقانەیە، بەڵام هەندازەی دەرکەوتنەکەی لە خۆردا گەورەیە، بە جۆرێک کە هیچ شتێک لە گەردووندا نیەه بەردیدی بەشەربێ و، بە هێندەی خۆرهەتاو تین تیایدا دەربکەوێ. ئەم بیر و باوەڕە ڕاستیەقینێکی تێر و تەواوە. بەشەرێت لە سەرەتا و لە توولی تەمەنی شارستانێتی دایکدا، دارای ئەم بیر و باوەڕە بوون، ئاشنابوون بە خوودێتی هوودا، دەیانزانی هوودا لە خوودێتیدا تینە و، تینیش لە هەموو شتێکدا هەیە، دەشیانزانی جۆرێتی و چەندێتی تین، لە مێی بەشەر و مێی هەموو زیندەوەرێکدا، چەند هێندەی نێرە. بەم پێودانگە دڵنیابوون لە وەی خۆر، مانگ، خاک، باران و باد، ڕووبار و کانی، سەوزەلان و شیناهی هەموو مێینەن و، هوودا لە هەموویاندا بە هەندازەی جوودا دەردەکەوێ، لە هەموانیش پتر، هوودا لە خۆرهەتاودا دەردەکەوێ.

## پۆپەی 19

بیروباوەڕی هاوبەند بە هوودا و هەتاو، بیرۆکەی بەشەری نیەه و، لە کەشوهەوای سارد و سەهۆڵینی سەرزەمینی شارستانێت نەکەوتۆتەوە. دەرکەوتنی گەورێتی هوودا لە خۆرهەتاودا، ڕاستیەقینێکە لەگەڵ ناسینی هەقیقەت بە زهین دادێ. لە هەوەڵەوە زهینێتی هوودای دایک لە ناو سەری دایکی بەشەردا، هەقیقەتی بە بەشەرێت ڕاگەهاند، هەروەکوو ئێستاکێ، وا هوودای مهیربان لە ناو سەری کووڕی مریەمێ، پەیامی قیامەت و زیندووبوونەوەتان دەداتێ. لە زەمانی خۆیدا، هەقیقەت ڕەوتی داوەتە هۆش و بیری بەشەری، هەلومەرجی ئاووهەوا لە قاڵبگرتنی ئەو زهین و زانستەدا، چ دەورێکی نەبووە، بەڵکوو لە تۆخکردنەوەی باوەڕ(متمانە) بەم زانستە خاس و بێ خەوشەدا، پێ بە پێی دەورانی زەمان دەوری گێڕداوە. ناوەندی شارستانێتی دایک کێوستانی دڵی کووردهەوارە، کێوستانێک لە زمستانان وها سارد و سەهۆڵبەندە، بە سەختی ڕۆژی تێیدا ئاوا کردراوە، هەندێک جار بەفر بە جۆرێک ڕێی لێ بەستوون، چەند ڕۆژ بە برسیێتی و کەم خۆراکی لە هەشکەفتان ماونەتەوە. لێکەوتەی ئەمەیە وا لە کووردهەواریدا، هێکەم مانگی وەرزی سەرماوسەهۆڵە بە "بەفرانبار"، دووهەمی بە "ڕێبەندان" ناوی دراوەتێ. لە ساردی و سەختیەکانی کێوستانێ، هوودا لە کەسێتی خۆرهەتاوی دایکدا، دەبێتە ڕزگارکەر و، هەموو ساڵێ بە دەم هاواری بەشەر دادەچێ، گەرمی دەبەخشێ و، بەفرەکان دەتوێنێتەوە و، ڕێ دەقدراوەکان دەکاتەوە، بەمەش

سەرلەنوێ و بە پڕاوپڕی زیندەگی بە بەشەرێت دەبەخشێتەوە. ڕاوەستن، خۆ مەخەنە هەڵەتەوە، "نەورۆز" شوێنەواری هەنگینێ نیهە، دروستە کە هێکەم ڕۆژە لە بهارێ و، مشدەی ڕزگاری لە سەختیەکانی زمستانێ بە ناوەندی شارستانێتی دایک دەدات، وەلێ تەنەها جێژنی بەشەری نیهە، نەورۆز جێژنێکە سەرجەمی گیانلەبەرانی خاکڕەچەڵەک دەیگێڕن و پێی دڵشادن، چوونکە لەو ڕۆژەدا زەوی کەوتە خوولانەوەی نیمچە کەوانی و، سووڕی وەرزەکانی ساڵ بە سەرەتا هات.

## پۆپەی 20

لە بازنەی شارستانێتی دایک، ئاگر لە زهین و زەمیندا، جهێی بڵندی دراوەتێ، نەک تەنەها لەبەرئەوەی ڕووناکی و گەرمی دەبەخشێ و، ئەوان پێویستیانە، پتر لەبەرئەوەیە ئاگر سەر بە ڕەگەزی خۆرە، هوودا هەروەکوو لە خۆردا دەردەکەوێ، ئەوهاش لە ئاگردا دەردەکەوێ. خۆر دایکی گەورە — هوودای گەورەیە، ئەو بایەخ و بەهایەی خۆر هەیتی، لە ئاستێکی نەوی و نەرمتریش بە ئاگر دەدرێ، بەها پێدانەکە دوو سەرەیە، هەم لە ناسینی ڕاستینەی هوودای مهیربانەوە دێ، هەم ئاگرەکە بە دەورە و، خان و خانەوادە گەرم و ڕۆشن دەکاتەوە. لە شەواندا کە کێوستان تاریک دادێ، لە پاهیزێ و زمستانێ، ئەو دەمانەی هاسمان هەورە و بەری خۆرهەتاوێ دەگرێ، ئاگر دەتوانێ نوێنەراتی دایکی گەورە بکات و، سەبووری بە دڵان ببەخشێ. لە ڕاستیدا نێزیکی لە ئاگر، بە واتای نێزیکی لە هوودا دێ، لەبەرهەندێ خەڵکە کێوستان نیشینەکە ئاگر دەکەنەوە و بە دەوری کۆدەبنەوە، بە نێزیکبوونەوە لە هوودا - ئاگر هەستی شادی دایان دەگرێ، هەڵدەپەڕن، سەما و سترانبێژی دەکەن. خۆر، مانگ، ئاگر، تەنەها چەند سەمبوولێکن لە بۆ هوودای نادیار و بێ هاوتا، نە پەرستنی خۆر، نە مانگ و نە ئاگر لە گۆڕێ نیهە. ئەوان لەودەمیدا شارستانێکن لە ترۆپکی هۆشمەندیدا، ئەو هوودا ڕاستیەقین و تاقانەیە دەناسن و دەپەرستن، وا لە میانی خۆر و ئاگر و خاک و، لە میانی باد و باران و، لە میانی هەرشتێکدا دەردەکەوێ. لەم بازنەیەدا پەیوەندی لەگەڵ ئاگر، بە واتای پەیوەندی دێ لەگەڵ ڕەگەزێک لە خۆر و، خۆریش هەبوونێکە تینی هوودا بە گەورە و فەرهانی تیایدا دەردەکەوێ. کۆمەڵی کووردهەواری لە توولی تەمەنی دەهان هەزار ساڵیدا، ئەم پەیمانەی لەگەڵ ئاگر دەوام پێداوە. بڕێک لە خەڵکانی هوودانەناس و هیچ نەزان، بە ئاگرپەرست ناویان داونەتێ، سەرەڕای ئەوەش هێشتانەکە ئاگر لە زهینی ئەو کۆمەڵەیە دەگەشێ و بڵێسەی هەیە، لە زەمینی کۆمەڵەکەش هەروەکوو پێشان ئاگر سێبوری و ئارامی بە دڵان دەبەخشێ، بەبێ هۆکاری کەشوهەواش ئاگر هەمووان بە دەوری خۆیدا خڕدەکاتەوە.

## پۆپەی 21

لە شارستانێتی دایکدا، هەقڵ بڵندە و، هەمووان زانان بە تین، زانان بە خوودێتی هوودای دایک، لەم زانابوونەوە، هەموو هێکێک هەوڵیداوە، تین بە هەندازی هاوسەنگ، تیایدا پەرە بستێنێ. خۆدانە بەرخۆرهەتاو، خڕبوونەوە لە دەوری ئاگر، جوولە و جەم و جۆڵ، تێکڕا بە قەسدی ئەو پەرەستەندنە ڕەوتیان دراوەتێ. ڕەچەڵەکی بەشەری بە تایبەتمەند گەرۆکن، مێی بەشەری پتر لە نێرەکە، بە بڕست و بزێون، دایکان بە مندالّی ناو زگ و مندالّی کۆڵیانەوە، قەت نەسرەوتوون و، جهێ بە جهێ گەڕاون. بزێوی و بەرزەفڕی لە مێ، تایبەتمەندی و بنەمایە، هەندازەی بەرزی تین وهای لێکردوون جەم و جۆڵی بکەن و، پتری نێران هەجوول بن. لە جوولەکردنێ تین دێ و تین دەڕوات، ئەمەش هاوسەنگی بە لەشدا هێناون. خۆدانە بەرخۆر بە واتای ڕووکردنە هوودا دێ، لەگەڵیشیدا تین لە ناو لەش پەرە دەستێنێ و، چەوری لە کەمی دەدات. لە مانگەکانی هێکەم و دووهەمی زمستانێ، هەوروهێڵ بەری خۆر دەگرن و، هەتاو بە کەمی دەردەکەوێ، لە دەرکەوتینیش کەم تین و کزە، چوونکە زەوی لە خۆر دوور کەوتۆتەوە، بەڵام لە کۆتا مانگی ساڵدا، هەم زەوی بە هێوری بەرەو خۆر دەگەڕێتەوە، هەمیش هەورەکان تەنک و پەرتن، هیدی تینی هەتاو بە زیێدە دەبێ. ئەو مانگە لە کووردهەواردا بە "ڕەشەمێ" ناوی دراوەتێ. لەو مانگەدا خەڵکی هەلی ئەوەی لە بۆ گەڕاوەتەوە، بتوانن بڕێک خۆیان بدەنە بەرخۆرهەتاوێ، جا لەبەر ئەوەی مێینەکان پێستی ڕوویان لە نێرینەکان ناسکترە، تینی خۆرهەتاو شوێنەواری لە سەر ڕوو جهێ هێشتوون و، لە چاو سپی و سۆڵی پێشترێیان ڕەش داگەڕاون.

## پۆپەی 22

هوودای دایک، تینە و تین گشتەیە، گشتێتی مهیرە و تایبەتێتی هۆف. بەشەر ئەم کرۆکەی هەقیقەت لە زاری دایکی و، لە زهینێتی هوودای دایک پێ دەگات. هاودەم لە ناو ئەو دەوروبەرەی چاوی تێدا هەڵهێناوە، بە ڕوون و ڕەوانی ڕەنگدانەوەی هەقیقەت بە دید دەکات. خۆر، خاک، مانگ، باران و باد، ڕووبار و چیا، گوڵ و گیا، هەمووی گشتەن و، تایبەتبوونێک لە گۆڕێ نیهە. خۆرهەتاو گەرمی و ڕۆناکی بە گشت دەبەخشێ، خاک گشت گیانلەبەرانی بەخۆوە گرتوون، مانگ لە شەوان بە سەر گشتدا شەوق دەدات، باران لە بۆ گشت دەبارێ و، سروە و شەماڵ لە بۆ گشت هەڵ دەکەن، ڕووبار بە بەردەمی گشتدا دەڕوا، چیا لە بەردەمی گشتدا ڕاوەستاوە، گوڵ و گیا خۆیان بە دەست گشتەی گیانلەبەرانەوە دەدەن. هەموو شتێک لە دەوروبەری بەشەردا، هێک هەقیقەت دوو پات دەکەنەوە و، هێک زانست نیشان دەدەن. هەقیقەت خوودی هوودای

دایکە، زانست لەم هەقیقەتەوە دەردەچێ و گشتبوون دەخاتەڕوو. پیسی و پۆخڵەواتێک لە هیزرین، بە سەرچاوە لە هۆفێتی و خۆویستبوونەوە، هاتوونەتە هیمدادی چەمکی تایبەتی و تایبەتکردن، لەو بازنەیەدا موولکاتی هێندراوەتە گۆڕێ. بەشەر و هەرگیانلەبەرێک لە خوودی خۆیاندا، تایبەتی و دانسقەن، بەڵام لە دەرەوەی خوود، گشتەبوون ڕێسایە، هەرکەس بەرەواژ هەڵبسووڕێ، هۆفی و بەدکارە.

## پۆپەی 23

شارستانێتی دایک لە سەر چەمکی گشتێتی بە شێوە دێ، ناوەندێتی لە شارستانێتدا دایکە و، دایک هەروەکوو خۆر و خاک و مانگ گشتەیە. دایک تایبەت نیهە بە منداڵێکەوە، دایک هی هەموو منداڵەکانێتی، تەنانەت هی نەوەکانیشێتی. منداڵ ناتوانێ بیر لە زەفتکردنی دایکی بکاتەوە و، بیهەوێ بە تاقی تەنەهێ دایکی ئەو بێ و، دایکی خووشک و براکانی نەبێ، لەو زەمانیدا وها بیرێک هەرنەهاتووە بە زهینی هیچ کەسێکدا، چوونکە زهین بە سەرچاوە لە هەقیقەت پێک هاتووە، هەقیقەتیش لە خوودی خۆیدا گشتەیە. بەم بیروباوەڕەوە، پەیوەندی و هەڵسوکەوتی شارستانی شێوەیان دراوەتێ، شێوەپێدانێک هەڵواسدراو بە تایبەمەندی دایکێتی و، لەگەڵیدا هەموو بوارەکانی زیندەگیکردنێ، گشتێتی تیێدا هاتۆتە گۆڕێ، بە جۆرێک تایبەتبوون لە هیچ بوارێکی زیندەگیدا جهێی نەبۆتەوە. دایک هامێزی بە ڕووی هەمووواندا کردۆتەوە، منداڵەکانی ڕاهێناون، ئەوانیش هاوبەشێتی بکەن و، دڵ بە هێکدی ببەستن. ئەم هاوبەشێتی و گشتبوونەی بەشەری، بنەمایە لە بیروباوەڕی مهیرپەرستی و، لە هێکەم خێزانەوە بنچەقی زهینی دادەکوتێ، پاشانەکە لەگەڵ گەشەی چەندێتی لە بەشەرێتدا، پێ بەپێی گەشەکردنەکە دەوام دەکات، بەبێ ئەوەی لە جێگۆڕکێ و کاتگوزەریدا، تووشی شلۆقی بێ و هەڵبتەکێ.

## پۆپەی 24

ئەو گشتە زانست و زانینە بێگەردە، بەشەری پووت و تەپیوی ئەم هاخیری زەمانە نایزانێ، هی قەدیمی زەمان بە چاکی زانیووتی. لە شارستانێتی دایکدا هیچ نامۆبوون و نەزانینێک لە گۆڕێ نەبووە، خەڵکە شارستانەکە لە ترۆپکی زانین و زهین ڕوونیدا، خۆیان لە نێو گەروونێ دیتۆتەوە، زهینی هوودای دایک پەردەی هەموو نهێنیەکانی لە بۆ بەشەرێت لادابوون. ئێستاکێش هەرزهینی ئەو دایکەیە، وا هاتۆتە ناو سەری منەوە و، پەردە لادانەکەی گەردوونێ، لە بۆ بەشەری هاڕدراو و زهین خەسێندراو، دوو

پات دەکاتەوە. لەو وقهتیدا خەڵکی بە ڕاستی گەردووناس بوون، هوورد هوورد سەریان لە جوولەی خۆر، زەوی، مانگ و هەستێران دەردەکرد، دەیانزانی خۆیان و زیندەوەرانی دیکەی خاکڕەچەڵەک، هان لە سەر ڕووی زەوی و، بەشەکانی دیکەی خاکی دایک، دەستی چ تاقیانی ناگاتێ، دەیانزانی زەوی لە خوولانەوەی بە دەوری خۆیدا لاردەبێتەوە، ئەم لاربوونەیە تاریکاهی دادهێنێ و، ڕۆژ و شەوی لێ دەکەوێتەوە. دەشیانزانی ساڵ و وەرزەکان لێکەوتەی خوولێکی نیمچە کەوانین، زەوی لە سەر هێڵێکی دیاریکردراو لە خۆرهەتاو دوور دەکەوێتەوە، پاشانەکە دەگەڕێتەوە، جا لە میانی ئەو سووڕەدا، بە هۆی نێزیککەوتن و دوورکەوتنەوەی زەوی لە خۆرهەتاوەوە، وەرزەکانی بهار، هاوین، پاهیز، زمستان هێک بە دووی هێک دروست دەبن، تەواوکردنی هەرخوولێکیش ساڵێک پڕ دەکات. لە زماندا بهار ناوی مێ و پاهیز(بایز) ناوی نێرە، ئەم ناولێنانە پاشماوەی زانستی ڕاستیەقینی هەنگینییە، ئەوان ڕەگەز و خەسڵەتی وەرزەکانیان بە باشی ناسیون. لە پۆلینی ڕەگەزیدا هەردوو ئەم وەرزانەی ساڵ نێرەمووکن، بەڵام بهار بەڵای مێ و، پاهیز بەلای نێر دایە.

## پۆپەی 25

ناسینی تین و ناسینی تەن (گیان و لەش) بە هێکەوەن، بناخ لە سەر ئەم ناسینە، تەن لە شارستانێتی دایکدا بایەخی زێدەی نەدراوەتێ. ناوەندێتی لە زهین و زەمیندا، تین گرتووتی، تەن بە هەموو چەشنەکانیەوە، بە تەنی لەشی خۆشیانەوە، لە پاراوێزی زیندەگیدا جهێیان کردۆتەوە، لەو پەراوێزەش دەوری پەرەپێدانی تینی دراوەتێ. جوولە و جەم و جۆڵی نەسرەوتانە، لە تایبەتمەندیهەکانی شارستانێتن، بەبێ ئەوەی قەسدی هەڵدەفاندنی ماسوولکە و، جوانکردنی لەشولار لە پشتی جەم و جۆلەوە هەبووبێ، بەڵکوو خۆبەخۆ ئەمەی لێ دەکەوێتەوە. لە زیندەگیکردنێ هاوکێشەی تین وەرگرتن و تین بەخشین بە بنەما گیردراوە، قەتیش نەهێڵدراوە تەن خۆبەخۆ دەورێکی لە زیندەگیدا هەبێ، هەموو دەورێکی تەن بە تین هەڵواسدراوە. مێ نوێنەراتی تین و، نێر نوێنەراتی تەن دەکات، لەبەرهەندی ڕەگەزی نێر ڕێی نەدراوەتێ سەربەخۆ و بە دوور لە مێ، دارا و بە دەور بێ، کووڕ لە هەربارێکدا گرێدراو بە دایک بە دەوری خۆی هەڵستاوە. ئەوە ڕێسای هوودای دایکە، هەموو پێکهاتێک لە گەرووندا، ئەوها بە شێوە هاتوون و ئەوهاش هەڵدەسووڕێن، چوونکوو هاوسەنگی و بەرقەراربوونی خۆشگوزەرانی، لەم شێوە پێکهاتن و، لەم هەڵسووڕانەدا بەرهەست دێن. هوودای مهیربان لە هەبوونی خۆیدا هاوسەنگە، هەرئەوەیش ڕێی هاوسەنگبوونی نیشانی بەشەرێت داوە، ئەمەش ڕێی ڕاستیەقینە لە بۆ گهیشتن بە خۆشگوزەرانی ئەمڕۆ و، بهێشتی سبەینێ.

## پۆپەی 26

ناسینی هوودای دایک، ناسینی گەردوون، ناسینی زەندەق و زیندووێتی، هیک ناسین و هێک زانستن. بەشەرێت لە بەرەبەیانی شارستانێتی دایکدا، بە تێر و تەواوی دارای ئەو زانستەن. هوودا سێیە لە هێکێکدا، هەر لەبەر ئەوەیە ژمارە سێ لە ڕێسای بە شێوەهاتنی گەردوون و، هەموو گیانلەبەرانی جووداجۆردا بنەڕەت پێک دەهێنێ. سێ خوود: کچ و دایک و کووڕ، سێ ڕەگەز: مێ و نێرەمووک و نێر، سێ ئاست: ئاسۆهی و پانی و ستوونی. لەم سێ سێیەهەش، ژمارە نۆ لە ناو ڕێساکە دایە و، تێر و تەواوبوون بە گۆڕێ دەخات. ناوک و سێ جووتە ژمارە هەفتە، ژمارەی دایک و منداڵەکانێتی لە هەموو پێکهاتەکانی گەردوونێ. پاش نێزیکەی نۆهەد هەزار ساڵ، هێشتاش دیوە ڕووکەشەکەی ئەم زانستە، لە نێو هەندێک لە خەڵکی کووردهەواریدا ماوە، ئەو خەڵکانە دەڵێن: هوودا لە سەرەتای خوولقاندنی گەردووندا، لە شەش بوونەوەردا خۆی نواند و، بە خوودی خۆیەوە هەفتن. بێجگە لەمەش، باو و بەربڵاوی ژمارەکانی" سێ و هەفت و نۆ" لە سەر زاری خەڵکیدا، پاشماوەی هەنگینێیە، وا هەتا ئەمرۆ زیندوون. بەڵام بەشەری ئەم زەمانە، هیچ دەربارەی ئەم ژمارانە نازانن، لەوان وهایە ئەم ژمارانە لە خوورافات و زهین پووچێتی دەرهاتوون، لە بارێکدا ئەوە خۆیانن لە زانستی ڕاستیەڤین خافڵن و، بە دیار درۆهۆنینەوەی ئەم زەمانەوە، دەمیان بەش کردۆتەوە و، هێڕوهووڕ بوونەتەوە. خوورافاتی دینی درۆین زۆرن، خوورافاتی زانستی درۆین و، خوورافاتی دەکتۆری و، زۆر خوورافەی دیکەش هاڵاونەتە شەری بەشەرێتەوە، کەلەی بەشەر پڕاوپڕە لە پیسی و پۆخڵەوات، کاتێک دەم دەکەنەوە، بۆنی کەڵاکی تۆپیو لە دەمیانەوە دەردەچێ.

## پۆپەی 27

بەشەرێت لە دەستپێکدا مێی ناسیوە، هەنەوکە لەم هاخیری زەمانەدا نایناسێ. ناسینی مێ ناسینی دایکە، ئەم ناسینە سەروەری و سەربڵندی بە هاردی داهێناوە، ئێستاکێ لە نەناسینیەوە، بێ سەربوون و، دۆخی ملکەچی و ملهووری دەڤەتێنن. مێ لە بۆ بەشەری سەرە، دڵە، هەناسەیە، لە گشتەدا مێ زیندەگیهە. هوودای دایک ئەوهای دەور داونەتی. لە ڤۆمەتی بەشەری و، تەواوی ڤۆمەتانی جووداجۆری گەردوونێ، مێ دەوری هەڤڵ و، نێر دەوری لەش دەگێڕێ. مێ دووە لە هێکێکدا، هەردوو ئاستی پانی و ئاسۆهی لە گشتەی پێکهاتەی مێینەدا بەرجەسدەن، لە کاتێکدا نێر تەنەها ئاستی ستوونی تێیدا بەرجەسدەیە. بەشەر لە پەیدابوونیدا ئەم ڕاستیەڤینەی دەرک دەکرد و، پێ لە بەندی دایک - مێ هەڵسووڕاوە. سەرنجی بدەنێ، بڕێکی باشی پاشماوەی ڕاستیەڤین

وا لە هاخاوتنەکانی کووردهەواریدا زیندوون. لەم هەوارەدا بەپێی زمانی زگماکی بەشەرێت، "ئافرەت" ناوێکی دیکەی ڕەگەزی مێیە، وشەکە بە شێوە دروستەکەی "هافرنت، هافرند"ە، دەنگی "ها" دەنگی ئەرێکردنە،"فرند"یش هاوتایە بە "بڵند،" لەگەڵ ئەوەشدا بە مێی نیان و سەنگین دەڵێن:" هافرنتوون،" بەمەش واتاکە دەبێتە "بڵندی هەمووان". هاوکات ناوێکی دیکەی ڕەگەزی دایک لە کووردهەواریدا، "ژەن"ە، وشەکە هاوتایە بە وشەی "ژین"، ئەم وشەیە و وشەکانی" ژینە، ژینۆ، هەژین" بە تەنەها ناوی مێینەن، "هەناسە"ش هەر ناوی مێیە و، وشەکانی "باران، کانی، ڕووبار، دەریا، شەونم، ئاونگ"یش، کە ڕەگەزی بنەڕەتی زیندەگی پێک دهێنن، بەس مێی پێ بە ناو دەکەن. بێجگە لەمانەش، هەموو جۆرە گشتبوون و هێکێتیبوونێک مێیە و دایکە. "گەردوون، دوونیا، جێهان" مێیە، ژین مێیە، هەناسە مێیە و ئاو مێیە، لە بەر مێبوونیانەوە هەرمێ بە ناویانەوە کردراونەتەوە. مێناسی لە بازنەی زهینێتی شارستانێتی دایکدا، زانستێکە لە ترۆپکدا، هەرئەم زانستەش لە زهینێتی هوودای دایکەوە هاتۆتە دەرێ و، زڕە زانستەکانی چەرخی هۆفی پووچەڵ دەکاتەوە.

## پۆپەی 28

خۆشی، ئاهەنگ، سەما و شاهی لە سەر زەمینی شارستانێتدا، سەرچاوە لە ژن دەگرن، لە زمانیشدا هەرهێکە لەم وشانە و، گەڵێک وشەی دیکەی وەکوو "ئاواز، سەیران، شادی،" بە تەنەها ناوی مێن و، تایبەتمەندێتی مێ نیشان دەدەن. هاودەم وشەی "چێژن" کە جێناوی بۆنەی خۆش و بە خوولە، واتایە لە بۆ جهێی ژن، هاخر هەرجێهێک ژنان تێی بخزێن، خۆشی تێێدا بەرپادەبێ. لە دێری شارستانێتی دایکەوە، ژنێتی هەروەکوو ئەو ڕاستیەقینەی لە زمانی کووردهەواریدا، پاشماوەی لێ ماوەتەوە، ئەوها لە زەمیندا بە تێر و تۆخی واتای بە زیندەگی داوە. ژنێتی خۆشی و خەندەیە."خۆشی و خەندە و خەندان،" بەس ناوی مێینەن. ئەو دەمانەی ژن دڵی خۆشە، چاوەکانی، لێوەکانی، کۆڵمەکانی و سەرتاپای خەندان دەبن. نێر لە بۆ پێکەنین پێوستی بە هۆیە لە دەرەوەی خۆیدا، بەڵام مێ وەها نیەە، خەندانبوون لە مێدا، زۆر جاران هۆکارەکەی لە ناو خۆێتی، جۆرێتی و چەندێتی تین لە مێ، مایەی خۆشی و خەندەی ئەون. دیسان "دڵخۆش، دڵگەش، دڵارام" بە تەنەها ناوی مێیەن و، پەیوەندی تێر و تەسەڵی ژن بە چەمکی خۆشی ڕوون دەکەنەوە. ئەوەی من دەتاندەمێ، هێک گۆزەیە لەو ئاوی سازگارەی وا کانیاوەکە لە بەری دەڕوات، گۆزەی کەلەسەری خۆتان هەڵگرن و، برۆن زیادتری لێ بهێنن و، پتری لێ بخۆنەوە. لە ڕاستیدا چوونە سەر کاکڵی کووردهەواری، وەکوو چوونە سەر کانی وهایە، گەڕان بە ناو هاخاوتنی ئەو

هەوارەدا، وەکوو گەڕانە بە ناو باخات و گوڵزاری ڕەنگین، پڕاوپڕە لە زانست و، لەو شەنگ و شیرینیانەی لە هیچ جهێ لە جێهانێ نموونەیان نیەه. خەڵکی جێهانێ پێویستیانە بەرەو کووردهەوار بێن، خەڵکی ئەم هەوارەش پێویستە بەرەو ناوەوەی خۆیان بچن.

## پۆپەی 29

بێگەردی ڕەگەزی مێ، لە زمانی شارستانێتدا بە تۆخی ڕەنگی داوەتەوە. هوودای دایک تینە و، تین پاک و بێگەردە. تینی مێ هەم لە جۆرێتی و هەم لە چەندێتیدا، چەند هێندەی نێرە، بەمەش مێ خەسڵەتی هوودا هەڵدەگرێ. ئەم زهین و زانینە لە زماندا بەرجەسدە دەبێتەوە. وشەکانی "بێخاڵ، بێگەرد، دڵپاک، ڕووپاک،" لەگەڵیشیاندا "فەریشتە و پەری" بە تەنەها مێی پێ بە ناوە، هەر ئەم بەناوکردنانەش پاکێتی ناوەوە و دەرەوەی مێ پێناس دەکەن."ڕۆناک و ڕۆشنا"ش، کە تایبەتمەندی هوودای دایکن، دیسانەوە بوونەتەوە ناوی تاکێتی لە ڕەگەزی مێینەدا. زمان گرێدراوی زهینە و، زهین گرێدراو بە ناموس هەڵسووڕێندراوە. ئەوانی لە زماندا دەدیت درێنەوە، شوێنەواری پایە و پلەی مێن لە شارستانێتی دایکدا. شوێنەوارە زمانیەکان لە کووردهەواریدا تۆخ و، لە دەرێی ئەو هەوارەدا کاڵ و کەم ڕەنگن، ئەمەش دوو هۆ لە پشتیەوەن، هێکەم کۆمەڵی کووردهەواری، خەڵکی ناوەندی شارستانێتن و، جێگۆڕکێیان نەکردووە. دووهەمەکەش ئەوەیە، شێوە هاخاوتنەکانی ئەو کۆمەڵەیە نێزیکترین شێوەن لە زمانی زگماکی بەشەری و، لە کووردهەواردا زمان کەمتر شێوێندراوە.

## پۆپەی 30

زانست و زانین، ئەو پەڕی شادی و خۆشگوزەرانی بە شارستانێتی دایک داوە. ناسینی هوودای دایک، ناسینی دایک - مێ لە گشتەی گەردووندا، سەرچاوە لە زانست دەگرن، زانستێکی پاک و پەتی، زانستێک کە لە زهینی هوودای دایکەوە، بە بەشەرێت دراوە. بەڵام زانست شتێک نیەه تایبەت بێ بە ڕەچەڵەکی بەشەری، کۆمەڵانی جووداجۆری گەروونێ، سەرجەمیان دارای زانستن، هەرڕەچەڵەکەو بە گێرەی خۆی، هوودای دایک دەناسێ و، لەم کرۆکە بهەرەدارە. های، بەشەری خۆبەزلزانی هیچ لەبارنەبوو، ئەوە چ نەنگی و ئابڕووچوونێکە، ئەوە چ لۆنێکە ڕووت دێ بەو سەرە پووتەتەوە، سەرت بڵند بکەی و، ڕووبکەیتە هاسمانێ، لە کاتێکدا هەتۆ تاقە زیندەوەری هوودانەناسی لەم گەردوونە پانوپۆڕەدا، تەنانەت مێروولە و مارێک

دەیناسن، هەتۆ نایناسی! هەموو گیانلەبەران، بە داروبەردیشەوە، هوودای دایک دەناسن و بەندەی دایکن، بەشەریش لە چەرخی مهیریدا، دایکی دەناسی، ناسینێکی دروست و ڕوون، لەبەر هەندێ لە زهین و زار و لە زەمیندا، بە دایکەوە گرێدرابوون، ئەم ناسینەش کردبوونی بە مهیری و، وهای کردبوو بەشەر هەم تەنی دروست بێ، هەم دەماخ و دڵ و دەروونی، سەرەڕای ئەوەش، مهیربوون باخاتی بهێشتی دوو سووڕی دیکەی زیندەگی لە بۆ زامن کردوون. زەندەق سێ سووڕە و، مهیرپەرستانی زەمانی خۆی، هەرسێ سووڕەکەیان بە باشی ناسیون، بە باوەڕی پەتی و پتەوەوە، سووڕێکیان قەتاندووە و، چوونە بە پیری سووڕی دووهەمەوە، لەم بازنەیەدا مردوو وەکوو زیندوو هوورمەتی دراوەتێ. بەشەر پێش ئەوەی بهێتە دوونیاهێ، لە ناو منداڵدانی دایکیدا گلۆڵەیە، لە بەرئەوەیە کە مردوویان هەسپاردەی خاکی دایک کردووە، کردوویانەتە گۆڕە چاڵێکەوە لە شێوەی منداڵدان، ئەوجا بە گووڵ و گیا دایانپۆشیوە، پاشانەکە خۆڵیان کردووە بە سەریدا. لەو دەمیدا، گەورە و گچکە بە هێکڕا بەشدارن، بە سۆز و دووهاوە مردووەکە بەرەو ژینێکی دی بەڕێ دەکەن. دایکان و خووشکان لاواندنەوە دەکەن و، دەم دەدەنە خووندنی سەردوولکە و گۆرانی ماڵاواهی، زیندوویێتی نیشان دەدەن و شین دەگێڕن. شین لە زماندا ناوێکی دیکەیە لە بۆ زیندەگی و، لە جوولەشدا سەمای تایبەت بە مەرگە. لەگەڵ ئەمانەش ژنان خۆڵی گۆڕەکە بە سەر سەری خۆیاندا دەکەن، یان سەر و ڕووخساریان بە قووڕ سواخ دەدەن. چ تاقی ئەم کردەوانە هێمای ناشووکریکردن نین، پێشوازین لە مەرگ و، گەڕانەوەن بەرەو خاکی دایک. پاشماوێک لەم نەریت و بیروباوەڕە، هێشتان لە کۆمەڵی کووردەوارییدا زیندوون، هەرچەندە تێکەڵیان کردوون بە کردەی هۆفیانەی ڕوودادڕین و، گریان و ناڕەزاتی بەرامبەر بە مردن، ئەمەش لەبەرئەوەی خەڵکی ئەم زەمانە مردن ناناسن. خەڵکینە هوودا بناسن و، بە دروستی هەڵسوکەوت لەگەڵ ژین و مەرگدا بکەن، مەرگ سووڕی دووهەمە لە زیندەگی، کەنگێ هات پێشوازبن لێی. ئەوی بە مردن لە بەین دەچێ، تەنەها تەنی لەشە لە جۆری ڕەقیدا، پاش ئەوەش پتر لە ملیاران ملیار ساڵ تەمەن دەکەن و زیندوویێتی توول دەکێشێ، لە کۆتاهیشدا بەرەو هوودا دەگەڕێنەوە. هاوسەنگی ئەوهایە، هەموو لە هوودای دایک بە زیندەگی هاتوون، بەرەو هوودای دایکیش دەگەڕێنەوە.

## پەلی دووهەم

پۆپەی 01

لە پاش هەناسە و ئاو، هێکەم پێویستیهێک لە بۆ بەشەری، بژێوە. بە دەستی ناسک و هەنگووستە باریک و ددانە هووردەکانیدا دیارە، ئەو بوونەوەرە نازک و نازدارە، هیچ وقهت هی ئەوە نەبووە بە چڕنووک هەڵبدڕێ و، بە دەم و ددان قەپ بگرێ، تەنانەت ئەو دەم و ددانانەی بە هاژەڵانی گیاخۆری وەکوو مانگا و مەڕ و بزنەوەن، بە بەشەرەوە نین. بەشەر دەست و پێ سپیانە لە دامێنی کێوان هاتۆتە جێهانەوە، گوڵ و گیا و میوەی درەختان، بەبێ هیچ بەرگریهێک خۆیان بە دەستیەوە داوە. لە وێدا دەستی دایکان لە چەنینی ڕوەکەکانی شیاو بە خواردن نەوی دەبێ، هەردەستی دایکانیشە لە بۆ داوەراندنی میوەی لقەکان هەڵدەبڕدرێ و بڵند دەبێ. هەموو دەستپێکێک لە بازنەی گەورەی گەردوون و، لە بازنەی گچکەی بەشەرێتدا، مێ پێکی دهێنێ. لە زماندا ئەم ڕاستیهە بە زەقی نیشان دراوە. "بەیان" دەستپێکی ڕۆژە و، ناوی تایبەت بە تاکی ڕەگەزی مێینەیە. " کازێوە و سروە و شنە "ش بای بەیانین و، بە تەنەها ناوی مێینەن. بەڵام "شەماڵ"ناوی نێرە، شەماڵ بای هێوارەیە و لە دەمەوکۆتاهاتنی ڕۆژدا هەڵدەکات. جیداوازی نێوان بایەکان و وقهتی هەڵکردنیان، دەوری مێ و نێر ڕوون دەکاتەوە. بەشەرێت لە چەرخی مهیریدا، دەرک بە هوورد و درشتی ئەم جیداهی و تایبەتمەندیهانەی ڕەگەزی مێ دەکات و، مەودای نێوانی لەگەڵ نێردا بە ڕوونی دەبینێ، بنەما لە سەر ئەم زانینە بێخەوش و خاڵە، هەرهێکە لە مێ و نێر بە دڵی شادەوە دەوری خۆیان بە جهێ هێناوە.

پۆپەی 02

ڕوەک و میوەکان لە ئاستی گشتەدا، بە ڕەگەز مێینەن، لە نێو پێکهاتەکەشدا دابەشێکی سێهانەی ڕەگەزی هەیە. لە شارستانێتی دایکدا، خەڵکی ڕوەکناس بوون، ڕەگەز و

تایبەتمەندی دار و دەوەن و ڕوەک و، هەموو شتێکی دەوروبەریان بە باشی ناسیون. ئەم ناسین و زانینە، وا لە زماندا شوێنەواری تێروتۆخی لێ بەجێماوە. زهینی هاخاوتنەکانی کووردهەواری بدەن، کە نێزیکترین شێوەی زمانی زگماکی بەشەرن، لە هاخاوتنانەکانی خەڵکەی هەوارەکەدا، تەنەها کیژان بە ناوی ڕوەک و میوەکان ناو دەندرێن. تاقە پیاوێک نادۆستدرێتەوە بە هێکێک لەم ناوانەوە بە ناو کردرابێ. ئەم شوێنەواره زارەکیهە دیوێک لە شارستانێتی بە شکۆی دایک ڕۆشن دەکاتەوە. ناوی میوەکانی "هەنار، هەرمێ، ترێ، خۆخێ، سێوێ، گێلاس،" هاوکات ناوی گوڵەکانی "شیلان،، شلێر، شکۆفە، ژاڵە، نەسرین، هێرۆ، هەڵاڵە، ئەرخەوان، بنەوشە،" هەموو ناوی تایبەت بە ڕەگەزی مێن. "خونچە و باخچە و چیمەن و چنار و دەوەن"و، هەرناوێکی دیکەش لە بازنەی گوڵ و گیادا، وەکوو" گوڵاڵە، گۆڵیزار، گوڵان، گوڵێ، گوڵستان، سەرگوڵ، گوڵبهار، گوڵچین، گوڵەباخ، باخان" دیسان هەرناوی مێینەن. لەم نێوانەدا کووڕان تەنەها ناوی "باخەوان"یان دراوەتێ. هەرئەمەش ڕوونی کردۆتەوە، کە لە سەرزەمینی شارستانێتدا مێ وەکوو باخ و باخان بیندراوە و، نێر بە دەوری باخەوان هەڵستاوە.

## پۆپەی 03

دایک هەم بە تواناکانی مێهێتی، هەم بە سۆزی دایکێتی، هوونەری دۆستینەوە پەیدا دەکات و، ڕوەکەکانی شیاو بە خواردن، لە ڕوەکە نەشیاوەکان جیدا دەکاتەوە. دڵی دایکان لە دیتنەوەکاندا ڕۆڵێکی گرینگ دەبینێ، شەپۆڵەکانی دڵن ئەو زانیاریهانە بە دایکان دەدەن و، لە سەر ئەم بناخەیە دەست لە بۆ ڕوەکەکان بردراوە. لە هێکەم خێزاندا دایکی بەشەری، هەنگاوە هێکەمەکە هەڵدەنێ و، بژێو لە بۆ منداڵەکانی دابین دەکات، پاشانیش هەر لەلایەن دڵ و دەماخ و دەستی دایکانەوە، پەرە دراوەتە جۆرێتی بژێوی و، ڕوەکی چەشناوچەشنی شیاو بە خواردن دۆست دراونەتەوە. هەردەم بە زهینی خۆتانی بخەنەوە، لە بەشەرێت و لەوانی دیکەشدا، مێ بە تایبەتمەند دووە لە هێکێکدا، لە خوودێتیدا دایک و کچ، لە ڕەگەزێتیدا نێرەمووک و مێ، لە ئاستبەندیدا پان و ئاسۆ لە ناو هێکدین، بەمەش دارای تواناگەلێکی تایبەتن، هوورد و بە سەلیقەن، پڕ هۆش و هەستن، بە سەرچاوە لەم تواناگەلە تایبەتەوە، دایکانی بەرەبەیانی چەرخی مهیری، دەرەقەتی جووداجۆری سەوزەی گژوگیاکان هاتوون، ڕوەکەکانیان پۆلین کردوون و، ئەوانەیان لێ ناسیون و دیتونەتەوە، کە لە بۆ دەم و ددان و گەدە و ڕیخۆڵەی بەشەری دەشێن. ئەم دیتنەوە و دەستنیشانکردنە، ناوەندێتی پەیداکردنی بژێو پێک دهێنێ، تەنەها و تەنەهاش بە توانای مێ وەڵام دراوەتەوە. مێ بە دوو ئاستی

جوودا دەبینێ و، بە دوو ئاستی جوودا تام و، بە دوو ئاستی جوودا بۆن دەکات، قوودرەتی دراوەتێ پەی بە تێکهاڵاوەکان ببات و، بە نووکە زمانێک تامەکان، بە هەڵمژینێک بۆنەکان، بە نیگاهێک هووردەی شێوە و ڕەنگەکان لە هێکدی جوودا بکاتەوە، دیسان هەر ئەو دایکانەشن منداڵەکانیان لە سەر شێوازی دابینکردنی بژێو ڕاهێناون. لەم بازنەیەدا دایک بە هێکەم بیرکەرەوە، هێکەم دۆستدەرەوە، هێکەم فێرکار لە ڕەوەندی ڕۆژگاری بەشەرێتدا جێ دەگرێ.

## پۆپەی 04

دایکان دارای دینتنەوە و دەست نیشانکردنی ڕوەک و میوە و درەختەکان بوون، بە سەر و سەلیقەوە ناو لە دۆستدراوەکان دەنێنن، پاشانیش بە زهین و زیرەکیەوە لە میانی ناولێنانی کیژان بە ناوی سەوزە و میوەکان و، تایبەتکردنی ناوەکان بە مێ، هەوڵیانداوە پایەی مێهێتی لە زهینی بەشەرێتدا، بە چەسپاوی بهێڵنەوە. پێشینەی پەیوەندی دایکان بە ڕوەکەکانەوە، هێشتا دەوام دەکات. لە دێرەوە هەتاوەکوو ئەوڕۆ، دایکانی کووردەواری بە کردەی چەنینی ڕوەکە کێوی و خۆڕسکەکان گرێدراون. لە وقهتی پێگهیشتنی ڕوەکە وەرزیەکان، بە تایبەتی لە بهاراندا، دایکان و گشتەی ژنان لە لادێ و دەرەوەی لادێ، بە دەشت و کێوان دەکەون، گوڵ و ڕوەکە خۆراکیهەکان دەستکەنە دەکەن. ئەم کردەوانە پاشماوەی بەجێماوی ئەو شارستانێتەن، شارستانێک کە لە داوێنی زێ و زهینی دایکانی نۆبەرەی بەشەرێت، لە زاگرۆزی دڵی خۆرمیانێ لە دایک بوو، هەرلەوێندەرێش مەمکی دراوەتێ و گەورەیان کردووە.

## پۆپەی 05

کێوستانی بە پەیت و فەڕی کووردەهواری، وەڵامی پڕاوپڕی بە پێویستی بەشەرێت داوەتەوە، هەرهێکە لە وەرزەکان هەندێک جۆری میوە پێ دەگهێنن و، پێ بە پێی گوزەری ساڵ، ڕسقی بەشەرێت دابین دەکەن. گوێز، بەڕوو، مازوو، قەزوان، تین و تاقەتی باشیان بە بەشەر داوە، چوونکە دەتواندرێ ماوەی زۆر بهڵدرێنەوە و هەڵبگیردرێن، بەبێ ئەوەی تێک بچن. لە بەرەبەیانی چەرخی زەمەندا، بەشەرێت زیادتر میوە و کەمتر ڕوەکەکانی خواردوون، چوونکوو لە هیکڕا دەستی پێڕانەگهیشتوون، دەوران بە دەوران چەشناوچەشنی ڕەگ و ڕوەکەکانی ناسیون و، دەستەبەری کردوون، بەڵام خەڵکانی دڵ و دەروون باش بوون، هەرکات بەو ڕسقەی هاتۆتە چنگیانەوە قنیات کردووە و، قەت ناشکوور نەبوون. ئەم جۆرە لە دڵ و

دەروون، بڕی باش وزەی داونەتێ. لە ئاو و هەوا و هەتاو و، لە خۆراکەکان وزە بە لەشدا دێ، لە هەمان کاتدا بەشەر دەتوانێ خۆبەخۆ لە ناو خوودی خۆیدا وزە بەرهەم بهێنێتەوە. بەشەر بە هەفت کەناڵ وزە وەر دەگرێ و وزە سەرف دەکات، دڵ، دەماخ، بینین، بیستن، بۆنکردن، تامکردن، بەرکەوتنی لەش، ئەو هەفت کەناڵەن. هەوا بە هەناسەهەڵکێشان لە کەناڵی دەم و لووتەوە، ئاو و نان لە کەناڵی دەمەوە، هەتاو بە هۆی بەرکەوتن بە لەشەوە وزەیان بە لەش دەگات، وەلێ ئەو وزەیەی بە چاو و گوێ و لووت دەگەنە لەش، یان بە بینین و بیستن و بۆنکردن مەسرەف دەکردرێن، هیچ نەبوونەتە مایەی دەنگوباس و، خەڵکی خەیاڵ ناکەن، داخۆ لەم کەناڵانەوە چ داهات و چ مەسرەفێکیان هەیە، هەرناشزانن کە دەتوانن لە ناو خوودی خۆیاندا، بە دڵ و دەماخ وزە بەرهەم بهێننەوە. بە بینینی هەردیمەنێکی سرووشتی و مهیری، وزە بە لەش دادێ، لە کاتێکدا بە دیتنی هەرشتێکی ناسرووشتی و هۆفی، وزە لە لەش دەردەچێ. بە بیستنی هەردەنگێکی سرووشتی و مهیری، وزە دهێتە لەشەوە، لە لەشیش دەڕوات ئەوکاتەی گوێتان لە هەردەنگێکی ناسرووشتی و هۆفی دەبێ. بە بۆنکردنی سرووشت و خاک و خۆڵ، گووڵ و گیا و بۆنە سرووشتی و مهیریەکان وزە وەردەگرن، بە پێچەوانەشەوە بۆنە ناسرووشتیهەکان، بۆنی نەوت و گاز، کانزا و پلاستیک، بۆنی خوون و پیسی و گەنیبوون و، هەموو بۆنێکی هۆفی، مایەی مەسرەفکردنی وزەن. سەرەڕای ئەمانەش، دڵ و دەماخ هەرهێکەیان دەتوانن خۆبەخۆ وزەی زۆر بەرهەم بهێنن، یان وزەی زۆر خەرچ بکەن. جۆری هیزر و هەستەکان و، ئەو شەپۆلانەی لە دڵ و دەماخەوە دەردەچن و، بە ناو لەشدا بڵاو دەبنەوە، مایەی داهات و مەسرەفکردنی وزەن. لە هەموو هیزر و هەستێکی مهیریدا، بڕێکی زۆرباش وزە بەرهەم دێ، لە باری پێچەوانەشدا، بڕێکی زۆری وزە لە لەش دەڕوات، بێجگە لەوەش، بە شێوەی ڕاستەوڕاست، کۆئەندامی هەرس لە بنباری دەرهاوێشتەکانی دەماخ و دەروون دایە، ئەو دەمانەی هیزر و هەستەکان مهیرین، ئەو ئەندامانە چاک و چالاکن، هەرسکردنی خۆراک و هەڵمژینی وزە بە باشی دەچێتەڕێ، وقتهێکیش هیزر و هەستەکان هۆفین، کۆئەندامی هەرس و هەڵمژین گرفتارن و، ناتوانن بە باشی کاری خۆیان بکەن، لەبەرهەندێ بڕێکی کەمی وزە لە خواردنەکانەوە بە لەش دەکەوێ. ئێستا دەبێ لەوە تێگهیشتبن هەلومەرجی بەشەری و، داهات و مەسرەفی وزە، لە سەرەتای چەرخی مهیری و، لە کۆتاهی چەرخی هۆفیدا، چەندێک لە هێک جوودان. لە زەمانی خۆیدا، بەشەر دارای دڵ و دەماخ و دەروونی دروست بوون، باوەڕداری بە هوودای دایک و، خوولانەوە لە بازنەی مهیر و، تێروتەسەڵی لە سۆز و هێکدی ویستی، زیندەگیکردن لە میانی شارستانێتی هەروزی و، لە ناو باخاتی ئاودار و دڵگیردا، بە تێکڕا مایەی خێر و داهاتی وزەن. ڕاستی ئەوەیە، پێڕستبوون بە مهیر(مهیرپەرستی) هەلومەرجێکی لە ناوەوە و دەرەوەی بەشەردا پێکهێناوە، بە هۆیەوە سەرجەمی هیزرکردنەکان،

هەستەکان، بینینەکان، بیستنەکان، بۆنکردنەکان، تامکردنەکان، بەرکەوتنەکان تین و تاقەتی بە لەشدا هێناون و، بەشەر هێندە هەوجە بە بڕی زۆری خۆراک نەبووە، کەمی لێ خواردوون، بەڵام ئەو میوە و ڕوەکانەی خواردوونی، سرووشتی و پڕ بەهای خۆراکی بوون، کۆئەندامی هەرس و، هەموو ئەندامانی لەشیش بە باشی بزواون و، بە تێری وزەیان لێ بردوون. هەنوکە گۆزەکە قلْپ بۆتەوە و، هەلومەرجەکە تەواو بەرەواژە، خۆراک زۆر و لە سەر جۆر دەخووردرێ و، وزەی کەم وەگیردێ. لەم ڕۆژگارەدا چ تاقیان سرووشتی نین، نە بەشەر خۆی و، نە ئەوەی دەیخوات و، نە ئەو هەلومەرجەی دەیقەتێنێ

پۆپەی 06

نشهوونمای شارستانی لە کێوستانی زاگرۆس، هاوشێوەی گەشەی کۆرپەیە، کۆرپە کە دهێتە دوونیاهێ، پکهاتەی هەقڵ و هەموو ئەندامانی لەشی پێوەیە، وەلێ بە گوزەری کات، قیچ قیچ گەشە دەکات. شارستانێتی دایک ڕەوتێکی ئەوهای گەشەکردنی بڕیوە، قەت چ شتێک لە پڕێک ڕووی نەداوە. لە پێشدا ڕەگەزەکانی خۆراک میوە و سەوزەن، گژوگیا و ڕوەکەکانی شیاو بە خواردنێ، کەمیان لێ بە دەست هاتوون، پاشان دایکانی زاگرۆس هێواش هێواش پەرەیان پێداون و، پتریان لێ دیتونەتەوە. پەرەپێدانەکە لە بازنەی برسیێتی و، بە پاڵنەری سۆزی دایکێتی ڕوویداوە. برسیبوونی منداڵ وەکوو برسیێتی گەورەکان نیهە، هەرهێکە لە ژن و پیاو تاقەت دەکەن چەند ڕۆژ و شەو بەبێ خۆراک بە سەرببەن و، ددان بە خۆیاندا بگرن، چوونکی کۆمەک لە دەماخ و دەروونی خۆیان بە دەست دهێنن و، خۆبەخۆ لە ناو خۆیاندا وزە بەرهەم دهێننەوە. دۆخی منداڵ جۆرێکی دیکەیە، منداڵ نە دەتوانێ ددان بە خۆیدا بگرێ، نە یارمەتی لە زهین و دەروونیەوە بە دەست بهێنێ، لەبەرهەندێ دەگریێ و چاوی لەوەیە دایکی بە فریای بکەوێ. دایک بە شێوەی هەتاهەتا بە منداڵەکانیەوە گرێدراوە، هەم دڵی پێوە بەستوون، هەم دەروون و دەماخی. کاتێک منداڵەکان برسین و، لە برسان زاری دەکەن و، پەڵدەکوتن بە زەویدا، یان ئەو دەمەی ساوای بەرمەمکان برسیێتی و، ئەویش مەمکەکانی هیشک و برینگن و، ناتوانێ پاروویێک شیر بداتە کۆرپەکەی، ئەو وقهتە دایک سەبری لێ دەبڕێ و، دەکەوێتە ڕەوشی هاوارتەوە. دایکان ناچارن هەڵبستن بە دەرودەشتان بکەون و، لە نێو ڕوەکە تاقی نەکردراوەکاندا، بە شوێن بژێوی نوێدا بگەڕێن، بە هوومێدی ئەوەی پاروو هێک گیای شیاو بە خواردنێ لە بۆ منداڵەکانیان دەسکەنە بکەن. ئەو ژنەی قۆڕە لە سکی هەڵدەستا و، دەیتوانێ سەبری هەبێ، وا لە هەمبەری برسیێتی ئەوی دیکە، کە منداڵەکانێتی، خۆی لە بۆ ناگیردرێ و

هاوسەنگی لە دەست دەدات. سۆزی دایکێتی ئەمەیە، ئەم ئەوینە مەزنەیە. ئەم ئەوینەی دایک دەرفەتی گەشەکردنی هەمەلایەن بە کێوستانی زاگرۆزدا دەهێنێ، ئەوینی دایک نەبایە، هیچ گەشەکردنێک ڕووی نەدەدا.

## پۆپەی 07

خۆڕسکانە ڕوەک و میوە لەبەر خۆرهەتاوێ هووشک بوونەتەوە، لەمەوە زهینی دایکان وروژاوە و، فێربوونە لە هاوینان سەوزە و میوەی جۆراوجۆر بە گەرمی ڕۆژ هیشک بکەنەوە. ترێ، قەیسی، هەنجیر، تەماتە، کولەکە، باینجان و، زۆر سەوزە و میوەی دی، هەم بە تازەکی خواردوویانن، هەم هووشکیان کردوونەتەوە، بەمەش لە زەمانی زووەوە، بەشێک لە زەخیرەی پاهیزێ و زمستانێ هاتۆتە دەستان و، بێخەم لێی پاڵ کەوتوون. لەو جووت وەرزەدا، هەم چوونە دەرێ و گەڕانی دەشت و کێوان سەخت و دژوارە، هەم بەرهەمە خۆراکیەکانیش کەمتر وەمشت هاتوون، لەبەرهەندێ هووشکردنەوەکە هەنگاوێکی هێکجار کاریگەرە، هەستوونگێکە لە دابینکردنی ئاسایشی خۆراک و، هەتا ئەوڕۆش توولی داوەتە خۆی، سەرەڕای ئەمەش ئەو بەرهەمە هووشکانە وزەی هەتاوی وەرزێک دەگواستنەوە وەرزێکی دی و، تەندروستی بەشەری دەپارێزن. دروستی لەوە دایە، هەنەوکەش وەکوو هەینێ، میوە و سەوزەکانی هاوینێ بە هەند بگرن و، لەبەرهەتاوێ هووشکیان بکەنەوە، پاشانەکە لە پاهیز و زمستانێ بیانخۆن، بەم چەشنە هاوسەنگی بە لەشی خۆتاندا دەهێنن، چوونکوو لە دوو وەرزە سارد و سەهۆڵبەندانەکە، کەمتر تیشکی هەتاوتان دەگاتێ، ئەو خۆراکە هووشکانەش تیشکی هەتاویان لە ناو خۆیاندا هەڵگرتووە و، کوورتهێنانەکەتان پڕ دەکەنەوە، دەنا بە کێشەی تەندروستیتانەوە گرفتاردەبن. لەمڕۆشەوە هاقڵ بن و، چیدی دەستکاری ڕەوتی سرووشتی مەکەن، بهێڵن هەرشتێک لە کات و وەرزی خۆیدا پێ بگات. ئەو سەوزە و میوانەی بە پاڵەپۆستۆی گەرمای دەستکرد پێ دەگەن، سرووشتی نین، تێکەڵکردن و مووتربەی بە خوورتی و دەستکردانەش کاری هۆفانەن، خۆتانیان لێ بە دوور بگرن. بە زانستی ئەزموونکردنێ ساخ بۆتەوە، هەموو دەستکاریکردنێکی ناسرووشتی زەرەر دەداتەوە، خۆ چاوتان هەیە، لەبەرچی ئەو کاولبوونە گشتەگیرە نابینن؟ لە قەدیمی زەماندا، ئەزموونکردن زانستێک بە زهینی دایکانی زاگرۆسێ دادهێنێ و، کەم کەم ئەو زانستە پێشدەکەوێ. لە سەرەتاوە دیتنەوە و پەرستەندنی ڕسق، بەرهەمی ئەزموون و ئەوینی دایکان بوون، دایکان لە دۆخی داماوی و بێچاربووندا، کەوتوونەتە سەر زهین و دەستیان لە بۆ بردوون، لێرەوە لەم دەست لە بۆ بردنەدا، زانستی ئەزموونی بە سەرەتا دێ. دایک دڵداری منداڵەکانێتی، ئەم دڵداری و

دڵاوەربوونەیە دۆخی زهین و دەروونی دەگۆڕێ، بە تایبەتی ئەو دەمانەی دوڵبەرەکانی بە دەست برسییێتییەوە دەناڵن، وهای لێ دێ لە گەڕان بە شوێن ڕوەکەکانی شیاو بە خواردندا، زهینی ڕوونتر و، هەستەوەرەکانی بۆن و تامی قووڵ ببنەوە و، هێزی نوێ پەیدا بکات. ئەویندارێتی، هێزی دایک بە چەند قات دەباتە سەرووی هێزی ئەوانی دیکەوە، دایک هەم دڵ و دەماخی دەگەڕێ، هەم چاو و دەستەکانی، ڕوەکەکان دەستەچنە دەکات و قڵ قڵ دەیانخاتە دەمی خۆیەوە، وەکوو خانەی تاقیکردنەوە خۆی بە کاردهێنێ، هەتا بزانێ کێهە ڕوەک بە کەڵکی خواردنێ دێ، ئەگەر تفت و ئەگەر تووند، ئەوانەشی کە زهەرن، هەمووی بە گەرووی دایکاندا چوونەتە خوارێ. دایک چاوگە، بەبێ خۆنەویستی و ئەوینی دایک، نە زیندەگی دەچووە ڕەوت و نە ڕەوتێک بە زەوی دادەهات، هەروەکوو ئەو تووەی بەبێ ئاو نابێتە نەمام و، ئەو نەمامەی بەبێ ئاو نابێتە درەخت. چەرخی پەیدابوون لە نووکەوە چەرخی ئەوینی دایکە، دایک وچان و سرەوتی نیهە، ڕەنج دەکێشێ و بە شوێن پارووەدا دەگەڕێ، پارووهێک کە بشێ تیکەهێک لە دەمی خۆی بترنجێنێ، بەشکووم مەمکەکانی شیریان تێبگەڕێ لە بۆ ساواکەی، تیکەهێکیش زگی بە نێو هێکداکەوتووی منداڵە برسی و دەم بە هاوارەکانی پێ تێربکات.

## پۆپەی 08

شارستانێتی دایک لە هەشکەفتەکانی کێوستانی کووردەهەوار، لە دڵی خۆرمیانێ لە دایک بوو، کێوستانێک زیێدە سارد و سەهۆڵبەندان. هەوارەکە وهایە، وەرزەکانی پاهیز و زمستانێ بە شێوەی سەرماوەرز، بەفرانبار و ڕێبەندان دەگوزەرهێنێ، جاریش هەیە لە هیکڕا سووڕێکی سەرمای سەخت تێی دەهاڵێ و، ساڵانێک لەگەڵیدا دەمێنێتەوە. بەم چەرخان و سووڕی سەرمایە، هەوای کەژ و کێوان هێندەی دیکە دژوار دەبێ. لەوێندەرێ بەشەرێت لە بۆ مانەوەی، بە سەختی تێکۆشاوە و، بەرەنگاری بەرامبەر بە کەشوهەوا نیشان داوە، لە بەرەنگاریشدا دایکان بە هۆی منداڵەکانیانەوە پێشهەنگن. منداڵان بەرگەی هەوای سارد و سەهۆڵاوی ناگرن، دەرد و نەخۆشی بە تووندی لە منداڵان، بە تایبەتی لە کۆرپەکان دهاڵێ. هوودای منداڵ دایکێتی، هوودا لە خوودێتی دایکدا بە هانای منداڵان و گەورەکان دەچێ. منداڵی بەشەر درەنگ پێ دەگرێ و پێ دەگات، ساڵانی زۆری دەوێ هەتا دایک لە خەمی دەردەچێ، یان هەردەرناچێ. لە توولی ئەو ساڵانەدا، دڵی دایک و زهینی دایک و لەشی دایک، پتر چالاکن و، هەستەکانی و شەپۆلەکانی گەلێک کاریگەرن. بە زاینی بەردەوام و، لە دایکبوونی منداڵ بە دووی منداڵدا، چوستی و چالاکێتی دایک چەند هێندە زیاد دەبێ.

دایک بە هۆی دایکێتیەوە بەردەوام خۆی نوێ دەکاتەوە، لەگەڵ لە دایکبوونی هەرمنداڵێکدا، دایکیش سەر لە نوێ لە دایک دەبێتەوە، دڵ و دەماخ و بەدەنی، بەو لە دایکبوونانە نوێ دەبنەوە. زگ و زاین و بە خێوکردنی منداڵ، ئەگەر باری قوورسیشن، بەڵام ناتوانن جوولەی دایک سنووردار بکەن. دایک بە زگی نۆ مانگی و ساوای کۆڵیەوە، لە هەشکەفتی قەدکێوانەوە، بە نشێواندا چووەتە خوارێ و، بە هەورازاندا هەڵگەڕاوە. شوێنەواری زیندوو ماون لێهاتوویێتی دایک لە چەرخی پەیدابوونی بەشەرێت ساخ دەکەنەوە. ئەوەتانێ هێشتاش لە گەلێک جهێ لە جێهانێ، ژنان لە سەر کێڵگە و لە ناو بێستانەکاندا منداڵیان دەبێ، پاشانیش ساوا دەخەنە چارۆگ و زەمبیلی کۆڵیانەوە و، لە سبەینێ هەتا هێوارێ کار دەکەن.

## پۆپەی 09

بەشەرێت لە سووڕی هێکەمی شارستانێتدا، بە تێکڕا مهیرین، لە مهیریبوونێ هەم بە تەن دروستن، هەم بە دڵ و دەماخ. لە وێندەرێ هەموو شتێک بە پێی مهیر ڕسکاوە، بە کەمی ڕوویداوە هۆف بتوانێ زەفەر بە بەشەر ببات و، نەخۆش و دەردەداری بکات، تووشیش بووبن، دەرد زوو تێپەڕ بووە. خاک، ئاو و هەوا، زیندەگی لە ناو کاکڵی سازگاری سرووشتدا، بە بیروباوەڕی گرێدراو بە هوودای دایک، لە ناو هەلومەرجی ئەوین و، هێکدی ویستیدا، لە گەڵیشیدا ڕوەکخۆری و بزێوی، هەموو بە هێکەوە، مایەی دروستین لە دەروون و دەماخ و تەنی بەشەردا، لە گشتەدا مهیریبوون خۆشگوزەرانی هێناوە. بەڵام دایک بە تایبەتمەند برینی دایکێتی هەیە، خوون و هێشی مانگانەی منداڵدان، برینێکە لە مێ نابێتەوە، بە هێندەی لاوێتیەکەی توول دەکێشێ، لەگەڵیشیدا خوون و هێشانی زاین لە وقهتی منداڵبوونیدا، بەشێکن لە برینی دایکێتی. ئەو دەمەی زاین ڕوویداوە، قرتاندنی ناوکە پەتک، کە منداڵەکەی بە منداڵدانەوە گرێداوە، وەکوو هێکەم کاری دەکتۆری هاتۆتە پێشێ، ئەمەش کارێکە دایک هەرخۆی بە لەتەبەرد نەشتەرەکەی ئەنجامداوە. دایک لە سەرووی برینی خۆیەوە، خاوەنداریێتی لە ئازار و برینی منداڵەکانی دەکات. ڕێ و ڕەوت بە پێ خواسی، مایەی برینە، بە تایبەتی پێستی تەنک و ناسکی پێی منداڵ، هاسانتر و زۆرتر دڕک و نووکە بەردی تێدەچێ و دەوڕوشێ. دایک دڕکی پێی منداڵەکەی دەردەکێشێ و، برینەکەی بە پەڵکەدار دەپێچێتەوە. منداڵ لە هەموو دەرد و برینێکیدا، هەر پەنا لە بۆ دایکی دەبات، پەنا بردن لە بۆ دایک، لە واتاهێکدا پەنابردنە لە بۆ هوودا، چوونکی هوودا لە خوودێتی دایکدا دەردەکەوێ. برین پەیدا دەبێ و تیماری دەوێ، دەرد بە لەش دەکەوێ و دەرمانی دەوێ. هەڵکەوتەی هەوراز و نشێو لە قەدکێوانەوە، هۆی کەوتن و

هەڵدێرانن. برینی هەژنۆ، هەنیشک، ناولەپ، کووڵمەکانی نێک و، برینی سەر و ڕووخسار لێکەوتەی ئەو ڕووداوانەن. هەندێک کات باران و کزەی سەرماش نەخۆشی لەگەڵ خۆیاندا دهێنن. ئەو گشتە دەرد و زامانە، دایکان بەرەو دەکتۆری دەبەن و، ئەوجارە زانستی ئەزموونی لە بواری چارەسەرکردنێ بە سەرەتا دێ. برینەکان بە گەڵا و گیا دەپێچنەوە و، لە نێو گژ و گیاکانیشدا نەسرەوتانە بە شوێن دۆستینەوەی دەرمانەوەن، هەروەکوو چلۆن لە نێوانیاندا ئەو ڕوەکانەیان لێ دیتونەتەوە کە بۆ خواردن دەشێن. دەکتۆری و دەرمانسازی، لەم برین پێچی و دەرمانکردنەی دایکانی زاگرۆسەوە، چوونەتە سەر ڕەوت و، پەرەیان دراوەتێ. چارەسەری سرووشتی و پەنابردنە بەر گیادەرمان، پاشماوەی هەنگینێە، وا لە کۆمەڵی ئەمڕۆی کووردهەواریدا برەوی زۆری هەیە. دایک وەکوو هێکەم دەقتۆر و هێکەم دەرمانگرەوە پێی هاوێشتووە، هەموو پێگەیشتنەکانی دەکتۆری، لە بۆ ئەو پێنگاوەی دایک دەگەڕێنەوە. پێشتریێ لە خوودێتی دایک و خاکدا، هوودای خوولقێنەر و ڕسقدەر بیندراوە، دیسان هەرلە خوودێتی دایک و خاکدا هوودا دەبیندرێ، ئەمجارە هوودا شیفای نەخۆش و دەردەدار دەدات.

## پۆپەی 10

سەرمای زیێدە هەنداز و، سەهۆڵبەندانی سەخت و، خۆپارێزی لە گیاندارانی دڕندە و هۆف، پێویستی هەڵبەستنی دەرکی هەشکەفت دهێنێتە پێشێ. ئەو درەختانەی ڕەشەبا خستوونی، هێندراونەتەوە و لە بەردەرکی ماڵێ بە تەنیشت هێک دایان کووتیون بە زەویدا، ئەوجا بە لکۆچکەی گەڵادارە نەرمەکان چەنیویانن. هەڵبەتە بە لەتەبەرد لکەداراکانیان نووک تیژ کردوون، هەتا ڕۆبچن بە خاکدا و، پەرژینەکە توند و تۆکمە ڕابوەستێ، قووڕکاری و سوواخدانیش، کارێکە لەگەڵ داکووتینی دار بە زەویدا هاتۆتە گۆرێ. لکەدارەکان داکووتدراون، دەوری لکەکان و چیلکەکانی بەشی خوارێ، بە قەسدی پتەوکردن و، بە مەبەستی ڕێ بەستن لەو زیندەوەرە هووردانەی لە سەرمادا پەنا لە بۆ شوێنی گەرم دەبەن، خۆڵیان بە سەردا قۆمەت کردوون، بەڵام شکی تێیدا نیەە، لەگەڵ با و بارانی بە خووڕدا خۆڵەکە بۆتە قووڕ و بڵاوبۆتەوە، لەوکاتیدا سەرلەنوێ کارەکە بە قووڕ ئەنجامدراوەتەوە، ئەمجارە بەشەکانی سەرەوەش بە قووڕ سواخ دراون. ئەمەش بیرۆکەی ئەوەی داونەتێ، کەڵک لە سواخ و قووڕکاری وەربگرن. ئەم کارەی بەشەرێت، هەروەکوو دروستکردنی هێلانە لەلایەن باڵندەکانەوە وهایە، کارەکە سەرەنجامی کەڵەکەبوونی ئەزموون نیەە، شتانێک هەن گیانداران بە زگماک دەیزانن و هاسان دەستیان لێی ڕادێ. دیقەتی باڵندەکان بدەن، ئەوان بە دەنووک

قەسەڵ و قووڕ دەبەن و، بە شێوەی خڕ و هاوسەنگ هێلانەی خۆیان ساز دەکەن. لە قەدیمیدا، هەرسێ بەشەکەی مێشکی بەشەری، کارابوون و بزاوتیان تێگەڕاوە، توانیویێتی پتر لە گیانداری دی کاری خۆی بخاتە سەر ڕاستەڕێ.

## پۆپەی 11

پەیداکردنی ئاگر لە میانی لە هێک خشاندا، هێکێکی دیکەیە لە دەست پێڕاگەیشتنەکانی سەرەتای شارستانێتی دایک و، مەبەست لێی، خۆ گەرم کردنەوە بووە، لە کەشە سارد و سەهۆبەندانەی کێوستانێ. ئەو دەمەی ویستدراوە هەندێک گژوگیای هیشک بپلیشێنن، یان بە بەردان بیکووتن، هەڵکڕاندن و لە هێک خشاندن ئەنجامدراوە، ئەوەش بە هەڵکەوت ئاگری لێ کەوتۆتەوە. پاشان لە تواندنەوەی بەفر بە هۆی ئاگرەوە، لە نێزیکەوە ئاو بە دەست دهێنن، بە دووشیدا فێری کوڵاندنی ڕەگ و ڕوەکە ڕقەکان و پاقلەمەنیەکان بوون، هاوکات بە برژاندن شێوازێکی دیکەی خواردن وەچنگ دەکەوێ. کێوستانی کووردەهوار بە داربەڕوو تەندراوە، وەرزەکانی پاهیز و زمستانێ، کە خۆراک لە کەمی دەدات، برژاندنی بەڕوو دەبێتە هێکەم خواردنی برژاوی بەشەرێت لە کێوستانێ و، بیرۆکەی ئەوەیان دەداتێ پەرە بە کاری برژاندنێ بدەن. لێرەدا بایەخی ئاگر لە کن زاگرۆس نیشینەکان، لەوەی کە هەبوو، پتر دەچێتە سەرێ. ئاگر ڕەگەزێکە لە خۆرهەتاوی دایک و، هوودا لە میانی ئاگردا دەردەکەوێ، پێشترێ هەم گەرمی دەکردنەوە و هەم لە شەواندا ڕووناکی دەدانێ، لەمەوپاش ئاگر کۆمەکی زیادتریان پێ دەکات، خۆراکە ڕەقەکانیان نەرم و لە بار دەکات لە بۆ خواردنێ، بەفری ناو قاپی قووڕینەش دەتوێنێتەوە و ئاویان دەداتێ. خەڵکەکە لە ئاگردا هوودای مهیربانیان دیتوە، ئەگەر لە ئاگرەوە کاریان لە بۆ هاسان دەبێ، ئەوە ئاگرەکە نیهە، بەڵکوو هوودایە لە میانی ئاگردا ئەو کارانەی لە بەرهاسان کردوون و، دەرفەتێکی باشتری زیندەگیکردنێی داونەتێ.

## پۆپەی 12

چەرخی پەیدابوونی بەشەرێت، چەرخی بەردین نیهە، شارستانێتی دایک لەگەڵ دەستپێکردنیدا، ئامراز و کەرستەکانی سێ چەشنن، بەردین، دارین و گڵینن. لە وقهتی زایندا، بە لەتەبەردی شکیندراو، ناوکە پەتک بڕدراوە، پاشانەکە هەر ئەو لەتەبەردانە ڕوەکی پێ دەبڕن و، لە هەڵبەستنی دەرکی هەشکەفتانیش لکەداری پێ نووک دەکەن. لەتەبەرد هەمیشە وەکوو تەور و چەقۆ دەستی دراوەتێ، بەردی گەورەی ناوەند چاڵیش

به شێوەی جۆنی (هاونگ) سوودی لێ وەرگیردراوە، ڕوەک لە سەر ئەو بەردە داندراوە و، بە بەردی دەسکەکووت پلیشێندراوەتەوە. بێشک کارەکە دایکان دەستیان داوەتێ، دایک دەزانێ ڕەگ و ڕووەکە قاسک ڕەقەکان بە منداڵ ناجووێندرێن و، هەرسکردنیشی هاسان نیهە، لەبەرهەندێ ئەو کەرستانەیان دەست داونەتێ و، ڕوەکەکانیان پلیشاندوونەتەوە. سەرەتا بەردەکان بەبێ دەستکاری، هەروەک هەبوون ئەوها بە کارهێندراون، یان بە کەمی نووک تیژیان کردوون، یان ناوچاڵیان کردوون. دایکان لە نێوان بەردەکاندا ئەوانەیان لێ دیتونەتەوە، کە بە هەندازی پێویست هازرن و، لواون بە شێوەی چەقۆ، کێرد و دەسکەکووت بەکاربهێندرێن. خەڵکینە، لە بەڵگەی شوێنەواری گەڕێن، هەقڵتان بەرکارکەن و، خۆبەخۆ بیری لێ بکەنەوە، لە خۆتان بپرسن: بەشەر لە دەستپێکی پەیدابوونێ، بە پێی جۆری خۆراک و، ڕێی پەیداکردنی و شێوازی خواردنی، کێهان شێوە ئامرازی لە بۆ زەرووره و، کوو وەچنگی هێناوە؟ دەمەقڕەی ناوێ، ئەوە ساخ بۆتەوە لە بەراهیدا ڕوەکخۆربوون و، ڕسقەکەیان لە چەنینی سەوزە و میوەکان دابینکردوون. میوەکان مادەم بەبێ هیچ بەرگریهێک خۆیان بە دەستەوە دەدەن و، هێکسەرەش دەخووردرێن، هەوجە بە ئامرازنین، تەنەها کەرستەی گواستنەوە، سەبەتە و زەنبیل پێویستن. بەڵام سەوزەوات جۆر بە جۆرن، هەندێکیان ڕەگ و ڕیشیان بە قووڵی چووە بە زەویدا، جا لە بۆ هەندێ ئامرازی هەڵکەندنێ دەبێتە پێویستی، بێشک ئەو ئامرازەش لقەدار و بەردی نووک تیژ بوونە و، بەبێ هیچ داتراشین و سازکردنێک کەڵکیان لێوەرگیراوە. ئەم دەستبردنەی بەشەری لە بۆ لەتەبەردێک، هەرگیزاوهەرگیز بە واتای قۆناخی ئامراز و چاخی بەرد ناهێ، چوونکوو لە هەمان کاتدا دەست لە بۆ دار و لە بۆ قووڕکاریش بردراوە.

## پۆپەی 13

لە شارستانێتی دایکدا، کەرستە دارینەکان بەشێکی سەرەکین، وەلێ شتانێک نین شوێنەواری زەمەنی بەجهێ بهێڵن، هاخر جۆرێتی تەنی دار وهایە، بە هاسانی لە ناودەچێ. ئەو دەمەی شارستانێتی دایک بە زەوی دادێ، دایکان لەگەڵ دەستپێکێدا کەرستە دارینەکانیان دروست کردوون. ڕوەک و میوەکان ئەگەر سەرەتا لە هەمان جهێ خووردراون، یان بە دەستکەنە و باوەش لە بۆ هەشکەفتێیان بردوونەتەوە، بەڵام زۆری پێ ناچێ دایکان لە وێنەی هۆنینەوەی پرچ، دەست دەدەنە چەنینێ و، لە داری بڕەسۆڵە و چیڵکە نەرمەکان، زەمبیل و سەبەتە و قەرتاڵە دهۆننەوە. گواستنەوە و هەڵگرتن کەرستەی دەوێ، هەرهەندەش نا، هاوکات منداڵی ساواشیان هاخنیوەتە زەنبیلان و بە کۆڵ هەڵیان گرتوون. شوێنەواری زیندوو ماون، هێشتا لە هەندێک جهێ

لە جیهانێ، دایکان کۆرپەکانیان دەخەنە زەمبیل و لە کۆڵی خۆیانی دەنێن. بەشێکی دی لە کەرستە دارینەکانێ هەینێ، ئەوانەن کە بە هەڵکڕاندن سازیان کردوون. کار و کەرستەکان هەڵقە هەڵقە بە هێکدی بەستدراون، تێک هاڵاون و هێکدی ڕادەکێشن، ڕوەک دەکوڵێنن و بە چیلکە تێکی وەردەدەن، پاشانەکە کەوچکی دارین هاتوتە گۆڕێ، بە لەتەبەرد کۆتەڵەدار هەڵدەکڕێنن و قاپی خواردنی لێ سازدەکەن، پاشان هەر ئەم هەڵکڕاندنە، فێری دروستکردنی کۆتک و جامی ئاو و کەرستەی دیکەی کردوون. لە گشتەی ئەم کارانەدا هەردوو پیشەسازی چەنین و دارتراشین، بە شێوەی سرووشتی و لە تەنی سرووشتیدا، بە سەرەتا هاتوون.

پۆپەی 14

قوورکاری و گڵسازی، هاودەم لەگەڵ سواخدانی پەڕژینی هەشکەفتان و، سواخدانی زەنبیلان، بە گۆڕێ کەوتوون. وقهتێک بەفر لە زەنبیلی گڵین دەکەن و، لە کن ئاگر دایدەنێن هەتا ببێتەوە بە ئاو، گڵی زەنبیلەکە ڕەق هەڵدەگەڕێ و پتەو دەبێ، ئەمەش بیرۆکەی داونەتێ گڵسازی پەرە پێ بدەن و، کەرستەی لە جۆری گۆزە و دەفر بە قاڵب و قەوارەی جوودا لە قووڕ دروست بکەن، پاشان بە ئاگر گەرمی بکەن. ئەم کارانەی گڵسازی، هەتا هەندازێک بەشێک لە پێداویستیەکانی کەرستەسازی پڕ کردوونەتەوە. بەڵام لەو وقهتیدا گڵینەکان لە پلەی بەرزی گەرمیدا سوور نەکردراونەتەوە، لەبەرهەندی کەم تین بوون و هاسان شکاون، پاشانیش تێکەڵ بە خاک و خۆڵ بوونەتەوە، لەبەر ئەوەیە کەرستەی گڵینی سەرەتاکانی شارستانێتی دایک، هیچ شوێنەوارێکیان لێ بەجهێ نەماوە.

پۆپەی 15

داهێنان و دیتنەوەکان هەڵقە هەڵقە لە ناو هیکدین، هەرهەڵقەک هەڵقەی دی بە دوو دادێ. لە سواخدانی داروچیلکەی پەڕژینی بەردەرکی هەشکەفتێ، فێری ئەوە بوون زەنبیلان بە قووڕ سواخ بدەن و ئاوی تێیدا بهێنن، یان لە کن ئاگری دابنێنن و بەفری تێیدا بتوێننەوە. لە کێوستانێ بەفر و سەهۆڵبەندان توول دەکێشن و، هاتوچۆکردن دژوار دەبن، مەودای نێوان هەشکەفت و ڕووبار، یان هەشکەفت و کانیاو، بە هەندازێک دوورە، ڕۆژێ چەند جاران چوونە سەر ڕووبارێ، بێگومان ڕێ و ڕەوتێکی هاسان نیهە، لە تاریکی شەویشدا کە مەترسی ئاژەڵانی هۆف بە گۆڕێ دەکەوێ، کارەکە هێندەی دی قوورس دەبێ. لەم هەلومەرجەدا تواندنەوەی بەفر، یان

ئاوهێنان لە بۆ هەشکەفتێ و هێشتنەوەی لە دەفەردا، پێویستیهێکە خۆی دەسەپێنێ. پێشترێ زەنبیل لە بۆ گواستنەوەی سەوزە و میوە چەندراوە، پاشترێ ئەو زەنبیلانەیان بە قوور سواخ داون و بەفریان تیێدا تواندوونەتەوە، ئاویان پێ هێناون و ئاویان تێدا هەڵگرتوون. دانانی زەنبیلەی گڵینی بەفرتێکردراو لە کن ئاگر، دوو لێکەوتەی هەبووە، هێکەمیان ڕەقبوونی گڵەکەی لێ کەوتۆتەوە، لەمەوەش فێردەبن بەبێ چەنینی بڕەسۆڵەش (جۆرێکە لە دار لە بۆ چەنین بە کاردێ)، کەرستە لە قوور ساز بکەن و، لە ناو ئاگر سووری بکەنەوە، دووهەم لێکەوتەش ئەوەیە، لە بەفرتواندنەدا فێری ڕوەک کووڵاندن بوون، مەبەستێک لە کووڵاندن نەرمکردنەوەی ڕەگ و ڕوەکە ڕەقەکانە، کە جووین و هەرسکردنیان هاسان نیهە، مەبەستێکیش دەستڕاگهیشتنە بە خواردنی گەرم لە ناو کەشێکی سارددا. ها ئەوهالە هوودا لە میانی ئاگردا یارمەتی بەشەرێت دەدات و کاری لە بەرهاسان دەکات، ئەو بوونەوەرەش ئاگر بە جهێ دەرکەوتەی هوودای مهیربان دەناسێ و، بە شکۆوە لێی دەڕوانێ.

## پۆپەی 16

لە شارستانێتی زاگرۆسدا، پووش هەرزوو دەستی لە بۆ بردراوە، چوونکی هەوای کێوستانێ زیێدە ساردە و، دایک خەمی بووە جێخەوی گەرم و نەرم لە بۆ بەچکەکانی دابین بکات، لەم خەم هەڵگرتنەوە کەوتۆتە سەر زهین و، جێخەوی لە پووش بۆ ساز کردوون. بێشک کارەکە زوو بە زوو دەستی دراوەتێ و، بەشەرێت لە دەستپێکی چەرخی زەمانەوە، لە ناو پووش نوستوون، سەرەتا لە بۆ گەرمی و، پاشان لە بەر نەرمی. بڕۆننێ خۆ باڵندەکان و هەندێک لە گیانلەبەرانی دیکەش هەن، لانەی هەسانەوەیان هەرلەپووش سازدەکەن. پێشینان لە کۆمەڵی کووردهەواریدا گووتیتیان: "بزن لە بۆ شەوێک جهێی خۆی خۆش دەکات." خۆشکردنی جێخەو شتێکە بەشەرێت لە بەرەبەیانی پەیدابوونێ، دەستی داوەتێ. هەرێ وهالە، دایکان بە کارەکە هەڵستاون، منداڵانیان لە پووش هاخنیون و، فێرشبوونە پووش بە باوەشان بهێنن و بیکەنە پێخەفی هەمووان، جا چ لە هەشکەفتێ بووبن، یان پاشانەکە لە هێڵینێ(ماڵی دارین)، پووش لە هەردوو جهێ بە شێوەی پێخەو دەوری پێدراوە و، ویستی خەڵکەکەی بە دید هێناوە. پووش لە ئاگرکردنەوەش یارمەتی داون، ئاگر بە لە هێک خشاندن پەیدای دەکەن، ئەوەی لە پێشدا گڕدەگرێ پووشە، پاشانەکە بە هۆی پووش و چیلکەوە کۆڵکەدار دەسووتێ و ئاگرەکە خۆش دەکات. کێوستان سەهۆڵ و سارد، بەشەریش ڕووت و بێ بەرگ، دارای لەشێکی هێندەش موودارنین، بتوانن بە مووەکانیان گەرمیان بێنەوە. زگ و پشت پتر لە هەربەشێکی دیکەی لەش، بەرکاریگەری سەرما دەکەن و، بەشەر

نەخۆش دەخەن. لە وەرزە ساردەکانی کێوستانێدا، منداڵان سەرمابردەلەن، زووتر و زۆرتر سەرما کاری تێکردوون و، زوو زوو تووشی زگ هێشان و دەرد هاتوون، وەکوو پێشینەی ڕێچارەش، دایکان گەڵا و گیایان پێچاوەتە کەمەریانەوە. لەوێدا داپۆشینی لەش بە گەڵا و گیا، سەرەتای دەستبرنی بەشەرە لە بۆ پۆشاکان، دەستبردنێک لێکەوتەی ساردی هەوایە و، هەوڵێکە لە بۆ گەرم بوونەوە. زهینی بدەنێ، ڕوەک و گژوگیا و درەخت، چەندێک پتر کەڵکیان لێ وەردەگیردرێ، هێندە زیادتر بەخشندەی و دایکێتی خاک دەردەکەوێ، ئەمەش بیروباوەڕی بەشەر سەبارەت بە خاکی دایک توووند و تۆڵتر دەکات.

## پۆپەی 17

پێی پەتی لە کێو و هەردی بە دڕک و داڵ و، بە نووکەبەرد تەندراو، بێگوومان سەلامەت دەرناچێ و، هەمیشە برینی پێوە بووە، ئەمەش وها لە بەشەرێت دەکات هەرزوو بیر لە پێڵاو و، بەلەک پێچ بکەنەوە. هێرانەیە وها بزاندرێ بەشەرێت هەزاران ساڵ بە پێی ڕووت سووڕاونەتەوە، وها بزاندرێ هەموو ڕۆژ دڕک و بەرد برینی تێکردوون و هێشاندوونی، ئەوان بە دیار برینی پێی خۆیانەوە، دەست لە هەژنۆ دانیشتوون و ناڵاندووتیان. نە وهالە، ئەو دەمانەی بە دڕک و بەرد خوون لە پێی منداڵان هاتبێ، دایکان گەڵا و گیایان تێی پێچاون، هەرهەنگینێش بیریان لە دروستکردنی چووستەک (پێڵاو) کردۆتەوە. بەشەری زۆرزانی ئەو دەمی، قەت چ جاران لە ئاستی گرفتەکانیان، دۆش دانەماون، هەرکات برینی خۆیان تیمار و، دەردی خۆیان دەرمان کردوون. چارەکردنەکە زهەمەت نەبووە، گیانلەبەری مرداربوو، یان خووردراوی دەمی هەیوانی هۆف، بێستەکەی بە مووەوە لێ بە جهێ ماوە، ئەو پێستانە هەڵدەگرنەوە، بە تیخە بەرد دەیدڕن و، بە مووەکانەوە لە پێهانی دەپێچنەوە. چەرمەکانی بە دەستیان خستوون، زۆر نەبوونە، پتر وەکوو پێپێچ بە کاریان هێناون و، بە درەنگتر پۆشاکسازی لە پێستی هاژەڵان دەستی دراوەتێ، ئەوەش کارێکە لە سووڕی دووهەمی شارستانێتی دایک پێک هێندراوە. لەتە پێستەکان وەکوو پێڵاو لە پێ دەپێچرێن و، بە مووی خۆیانەوە ڕاست و چەپ بە هێکەوە گرێ دەدرێن. دەستپێکەکە ئەوهایە، وەلێ خۆ کارەکە لەو دەستپێکەدا گیرناخوات، دایکان بە سەروسەلیقەن، هەرزوو گەشەی دەدەنێ و دەیبەنە پێشێ.، ئەو مووانە بە دەست و پەنجە شی دەکەنەوە و، داوەبەند لە بۆ پێپێچەکە بادەدەنەوە. کاری ڕەستن وهالە لەم دەستپێکەوە دەردەکەوێ، بەڵام ڕەستنەکە لە وێنەی گۆماوێک لە هەندازێکدا ڕادەوەستێ، تەنەها داوەبەندی پێڵاو، یان پارچەی برین پێچ بە دەستەوە دێ، لەوە ناترازێ، ڕەوت ناگرێ، چوونکی گووژمی گەورەی

خووری و پێست بە دەستەوە نەبوونە. کاری ڕەستن، پەرەستەندنەکەی بە خووری و موو گرێدراوە، لەو وقەتیشدا بەشەرێت دەستی لە هاژەڵان نەدوەشاند، ئەو پێست و مووە کەمەی لە هاژەڵانی خوورداو، یان مردار وەچنگ دهات، بە هاستەم بەشی ئەو پێداویستیەی کردوون، هێندە نەبووە بتوانن پەرە بە ڕەستن بدەن.

## پۆپەی 18

بەشەر لە چاو هەیوانانی دی، گیانلەبەرێکی ناسک و نازدارە، لەبەر ئەو نازکیەی خۆی، هەرکە بە دوونیاهێ دێ، هەندێک گرفت و گێچەڵی تووش دێن، جا چ لە وەچنگ هێنانی خۆراک بێ، چ لە باری هێمناتی و خۆپارێزی. کێوستان خۆ هەرتەنەها مەفتەنی بەشەری نیهە، گەڵێک گیانلەبەری جووداجۆری تێیدا دەژین و بەشەریش هێکێکە لەوان، هەشیانە هۆف و دڕندەن، لەبەرهەندێ بەشەر نەیتوانیوە بێخەم لێی هەڵقوونجێ، یان بێ باک بە کێوان بکەوێ، دەبوو تەگبیری لە زهین دابێ و، کەرستەی بەرگری بە دەستەوە بگرێ، تەگبیرەکەی لە ناو خۆی و، کەرستەکەی لە دەوروبەری وەمشت خستوون. ئەگەر هەرسادە و سەرپێیهانەش لێی بنۆڕن، دەبینن پێکهاتەی لەشی بەشەری بە جۆرێکە، بەهای ئەوەی نیهە بەبێ ئامراز زۆرانبازی لەگەڵ دڕندان بکات. بەشەر نە چڕنووکی وەکوو شەهێن، نە چەپۆکی وەکوو پڵنگ، نە قۆچی وەکوو کەڵەکێوی، نە کەڵبەی وەکوو گورگ، نە پێستی وەکوو هوورچ، نە ڕاکردنی وەکوو مامزی نیهە. لە واتای گوزارشتیدا، بەشەر بوونەوەرێکی دەست و پێ سپیە، چ تاقێک لەو تایبەتمەندیهانەی نین، لەبەرهەندێ زوو بیری لە کەرستەی خۆپارێزی کردۆتەوە، بەشکووم بتوانێ خۆی لە پەلاماری دڕندان بپارێزێ. لەوێدا بەشەرێت قۆناخی بەرخۆدانی هێناوەتە گۆڕێ، نەک پەڵاماردان، چوونکوو لەو زەمانیدا بەشەرێت پێڕستی مهیربوون و، مهیریش هەقی پەلاماردانێی نەداونەتێ، بەس هەقیان هەیە خۆبپارێن، کاتێک هۆف پشتیان تێ بکات و ڕێی ڕۆیشتن بگرێ، ڕێ نەدراون بکەونە دووی و لە پشتیەوە بپێکن. ئەم پابەندی و ڕێسایەی هەنگینێ، هێشتانەکانێ لە ناو دایکانی کووردهەواریدا پاشماوەی زهینی هەیە، دایکە پیرەکان ئێژن: ئەو مارەی لێت دوورکەوتەوە، مەچۆ بە دوویدا و پێیدا مەکێشە. ئەو دایکانە ڕاست دەڵێن، لەمەولاش ڕێسای دروست لە پەیوەندی بە دژمن هەر ئەمەیە.

## پۆپەی 19

لە بازنەی شارستانێتدا، لکەدار و لەتەبەرد وەکوو کەرستەی پاسداری بە دەستەوە گیردراون، دار و بەردەکان هەم چەکی بەرگری بوون، هەم مایەی دڵقایمی و هێمناتی

دەروونی. لە ڕێسای دایکێتیدا، ڕێدراوەتە بەشەر بەرەنگاری بنوێنێ و، هۆف لە خۆی پاس بکات. دایک هەرخۆی هێکەم بەرگریکارە، بەڵام بەبێ ئەوەی بەرخۆدان بگۆڕێ بە هێرش و، کووشتنی تێیدا بە هاردی دابێ. ئەم ڕێسای بەرخۆدانە بەشێکە لە مهیریات، نە زەمان و نە زەمین نایگۆڕێ. خەسڵەت و خووی مهیری لە هەڵسوکەوتکردنێ، شتێکە نیو سەدە لەوەوپێشیش، بە تۆخی لە کۆمەڵی کووردهەواریدا بیندراوە. ئەگەر هێکێک لە هێرشبەریدا دەستی وەشاندبێ و، گیاندارێکی وەکوو مار، گوورگ، هوورچ، یان هەرگیاندارێکی هۆفی کووشتبێ، بە ناڕەوا و ناپەسەند زهینی دراوەتێ، گووت دراوە: تەنەها لە خۆتانیان دوور بخەنەوە، مەیانکوژن. هاخر کووشتن لەگەڵ مهیریبوون ناکۆکە، چوونکە مهیر ژین دەبەخشێ، ژین ناوەستێنێ. لە قەدیمیدا، لکەدار هەرتەنەها ئامرازێک نیهە لە بۆ پاسکردنی هاژەلانی هۆف، گۆچانێکیشە دەستی پێوە دەگرن و، لە سەرکەوتن بە هەورازی قەدکێواندا، کۆمەکیان پێ دەکات. ئەو لقەدارە هەرچەندە لەو وقهتیدا وەکوو گۆپاڵ شێوەی نەدراوەتێ و سەری نەچەمێندراوە، بەڵام لە ڕۆین و سەرکەوتن بە هەورازاندا، هەلاکەتی پیرەکانی کەم کردووەتەوە و، یارمەتی داون لەوەی نەکەون. لە کاتی باران و بەفر و بەستەڵەکیش، کە خاک خلیسکاوی دەبێ، بە دەستەوەگرتنی دار وەکوو پێداویستی نەخلیسکانێ، هێندەی دی لە کن خەڵکی کێوستانێ دەچێتە بازنەی گرینگی پێدانەوە.

## پۆپەی 20

خاکەناز هێکێکە لە ئامرازەکانی سەرەتای پەیدابوونی بەشەری و، لەو دەمیدا لکەداری شکاوی نووک تیژ، یان نووک تیژکردراو، ئەو ئامرازەیە وەکوو خاکەناز لە خاک هەڵدڕیندا دەستی دراوەتێ. هەڵکەندنی گۆڕی مردوو، هێکەمین هەڵدڕینی خاکە کە بەشەر دەستی دابێتێ، بێگوومان بە نووکە دار هەڵکۆڵین کردراوە و بە مشت خۆڵەکە دەردراوەتەوە. گۆڕ لە وشەکەی و لە زەمیندا خڕە و، وێنەی منداڵدانی پێ دراوە. ئەو گۆڕە خڕانەی دەهان هەزار ساڵی بەرێ، هێشتا لە هەشکەفتەکانی کووردەهەواریدا ماون، کەچی ئەو هێڕ و هووڕیەی بە ناوی زانستی شوێنەوار هاتۆتە مەیدانێ، قەت چ جاران نەیتوانی هەڵێنجانێکی دروست لە سەر شێوەی خڕێتی گۆڕەکان بکات. ڕاستیهەکە ئەوەیە، هەر بە زگماک لە ناو زهینی بەشەریدا، شێوەی خڕێتی زاڵ و جهێدارە. ئەگەر لە پاش قۆناخی هەشکەفتێ، خانە و هێڵین شێوەی خڕیان دراوەتێ، ئەوە هیچ چاولێکردنەوە نیهە لە شێوەی هەشکەفتان، بەڵکوو وێنەی خڕێتی ناوی سەری بەشەر خۆێتی، هەنەوکەش چ منداڵ و چ گەورە، کاتێک خاک هەڵبکۆڵن قۆرتی دەکەن، قۆرت خڕە و لێکەوتەی ئەو بنەڕەتە زهینیەیە، وشەکەش بە واتای خڕ

دێ و، لەگەڵ وشەی گۆڕ هاوتایە. لە گشتەدا شێوەکانی نێزیک لە خڕێتی، سیمای گەردوون پێک دهێنن، لە شارستانێتی دایکیشدا خڕێتی شێوەی زهین و بیروباوەڕە. خڕبوونەوە بە دەوری زهین و زاری دایک، کرۆکە لە شارستانێتیدا. بە یادتان دهێنمەوە، لە ڕەچەڵەکی بەشەری و سەرجەمی ڕەچەڵەکە جووداجۆرەکانی گەردوونێ، دایک دووە لە هێکێکدا، هەردوو باری پانی و ئاسۆهی، ڕەگەزێتی نێرەمووک و مێ، خوودێتی دایک و کەنیشک لە ناو هێکدین، بەمەش لە زهینی دایکدا خڕێتی و لە دەروی دایکدا خڕێتی بەرهەم دێ.

## پۆپەی 21

ئەو دەمەی دایکان گڵسازی دەکەن و، کەرستەی قووڕین دروست دەکەن، منداڵەکان وەکوو هەمیشە دەور و خوولی دایکان دەدەن، داناکەسێن و دەست دەخەنە کاریانەوە. ئەمەش وەها لە دایکان دەکات قووڕی شێڵدراو بدەنە دەست منداڵەکان و، هانیان بدەن چاو لەوان بکەن و، بە قووڕەکە شت دروست بکەن. منداڵ دەیهەوێ لاساهی دایکی بکاتەوە، بەڵام ئەو کەرستانەی دایکان سازیان دەکەن، لە ناو مێشکی ئەواندا بێ پێشینەن، شتانێک نین وێنەیان لە زهینیاندا بەجهێ هێشتبێ، لەبەرهەندێ منداڵ لە لاساهیکردنەوەی کەرستەکان وەڕس دەبێ و، دەست لە بۆ لاساهیکردنەوەی وێنەکانی ناو سەری خۆی دەبات. لە مێشکی منداڵدا، دایک لە هەرکەس و، لە هەرشت زیادتر وێنەدارە، لە لێکەوتەی ئەو وینانەی ناو سەری خۆێتی، هەوڵدەدات لە قووڕەکە پەیکەر لە شێوەی دایکی دروست بکات. دەستەکان بچکۆلانەن و، پەیکەرەکانیش گچە و نارێکن، کەسانی پێگەیشتوو دەیانهەوێ منداڵەکان دڵخۆش بکەن، یارمەتیهان دەدەن و، شێوەی پەیکەرەکان ڕێک و شیاوتر دەکەن. ئەو پەیکەرانە هەندێک کات لەگەڵ کەرستەکان لە ناو ئاگردا سوورکرداونەتەوە، بەڵام سوورکردنەوەی کەرستەگەلی گڵینی ئەو دەمی، لە پلەی نزمی گەرمیدا بەجهێ هێندراوە، بۆهێ هاسان لە ناو چوون و، هیچ شوێنەوارێکیان لێ بەجهێ نەماوە، ڕێک وەکوو لە بەین چوونی کەرستە و ئامرازە دارینەکان. پەیکەرسازکردن هوونەرە و، سەلیقە و لێزانینی هووردی دەوێ، ئەو هوونەرەش هەروەکوو هوونەرەکانی سەما و ستران، لە بازنەی دایک و منداڵ بە سەرەتا هات.

## پۆپەی 22

لە سێ جۆر تەنی کەرستە و کەلوپەلەکانی سووری هێکەمی شارستانێتی دایک، دوو جۆریان کە دارین و قووڕینن، بە تەواوی لە بەین چوون و، هەر لە سەردەمی خۆیاندا

تێکەڵ بە خاک و خۆڵ بوونەتەوە، بەبێ ئەوەی شوێنەوارێک لە پاش خۆیان بەجێ بهێڵن. لە شوینەواری تەنی ئەو زەمانی، تەنەها ئامرازە بەردینەکان خۆیان بە دەست سەردەمانی دواتر داوە، گەوجگەلی ناودێر بە شوێنەوارناس، هاتوون ئەو بەردانەیان خستوونەتە مێشکی خۆیانەوە و، هیچ بیرێکان لە کەرستە دارین و قووڕینانەکان نەکردۆتەوە کە فرەتاون. سەرەڕای ئەوەش، سەبارەت بە کەرستە بەردینەکان، تووشی سەرلێ تێکچوون و، دەمچەفتی گەورە هاتوون، بەردگەلێکیان بە ئامراز ناسیون، هەرگیز ئامراز نین، ئەوان لە خەفڵەتی خۆیانەوە، ناسنامەی بەشەریان لە هێقەی بەردەکان داوە و، مێژووی بە کارهێنانیان لە بۆ سەدان هەزار ساڵی بەرێ گێڕاوەتەوە، بە تایبەتی ئەو بەردۆچکانەی لە سەرزەمینی قووڵەڕەشەکان خڕیان کردوونەتەوە، ئەوانەیان لێ بوونەتە جهێ دەستی بوونەوەرێکی خەیاڵکرد بە ناوی مەیموونزادەوە، لە خۆیان وهایە بەڵگەیان دیتۆتەوە. خەڵکینە، خۆ دەبینن "چارلز کووڕی سۆزانە" چەند خراپ سەری لێ تێکداون، ئەو کابرایە ڕەچەڵەکی بەشەری گەڕاندەوە سەر مەیموون، ئەو گەوجانەش بە دووی قسەی کابرای کەوتوون و، چوونە لە نیشتمانی مەیموونەکان بەرد کۆ دەکەنەوە. های بە گوونتانەوە، گەورە دەڕەشێنێ و گچکە پێی لێ دەخشێنێ. کاکێ نەوهالە! ئەو بەردانە نە ئامرازن و نە هی بەشەرن، ڕاستیەهکە ئەوەیە بەردی دەو ئاوان و لێواری کانیاون، تەوشمی ئاو و دەورانی زەمان، قیچۆکەک شێوە و ڕەنگی لێ گۆڕیون، پاشانەکە کانیاوەکە هیشکی کردووە و، ئەو بەردانە لەوێندرێ ماونەتەوە، یان تۆفان هەندێکیانی لە جێهێک بردۆتە جێهێکی دی. ئەو بەردانە ئەگەر وەکوو کارد و چەقۆش بهێنە بەرچاو، هەرگیز دەستکردی بەشەری نین، بەشەرێت لە هەشکەفتی کێوستانی زاگرۆس، لە دڵی خۆرمیانێڕا بە جێهانێ هاتوون، هیجرەتی بەشەری ڕووەو ئەفریق پاشترێ ڕوویداوە، ئەوکاتەی زاگرۆس نیشینەکان لە پەرەستەندنی چەندێتیدا، هەشکەفت وەڵامی پێ نەدانەوە و تووشی جێقەتی هاتن، هەنگێ شەپۆڵ شەپۆڵ پەرتی جێهانێ بوون.

## پۆپەی 23

لە شارستانێتدا کەرستەکان هی هەموویان بوون، هیچ کەرستە و کەلوپەلێک موولکی کەسێک، یان کەسانێکی دیاریکردراو نەبوونە، هەم سازکردن و هەم بەکارهێنانیان بە هەرەوزی دەستیان دراوەتێ. لە شارستانێتی دایکدا خاوەندارێتی تایبەتی لە گۆڕێ نیهە، هەمووان منداڵی هێک دایکن، هەروەکوو دایک دایکی هەمووانە، ئەوهاش کەرستە و شتەکان هی هەمووانن. منداڵەکان لە زووەوە، ڕێک ئەو دەمەی زمان دەگرن و سەرپێ دەکەون، وها ڕادهێندرێن هەمووان لە هەموو شتێکدا بەشدارن،

دایکان فێریان دەکەن بەینیان لەگەڵ هێک خۆش بێ و، پارووە گیای دەستیان لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن، پەیکەرە قووڕینەکان بە نۆرە لە هێکدی وەربگرن و پێکەوە یاریهان پێ بکەن. ئەم ڕاهێنان و فێرکردنەی سەرەتای تەمەن، شێوەی دروستی هەڵسوکەوتکردنە لەگەڵ منداڵدا، چوونکە بنەڕەتی کەسێتی لە بەشەردا، ڕاستەوخۆ لە پاش گڕوگاڵ دەست بە پێکهاتن دەکات. ئەو وێنە نیگاهی و وێنە دەنگیانەی لەو قۆناخەدا لە مێشکی منداڵ دهاخێندرێن، لەگەڵ تەمەنیدا توول دەکێشن، بۆهێ ئەو چەند ساڵەی تەمەن کاریگەرترین قۆناخی تەمەن پێک دهێنن.

## پۆپەی 24

لە هەشکەفتەکانی کووردهەواری، لەو زنجیرە شاخانەی بە زاگرۆس، یان زاگرۆز(پێچی ڕۆژ) ناسدراون، بڕێک کەرستەی بەردین، گۆڕ و هەندێک کەلەسەری بەشەری دیت دراونەتەوە، دەنگوباس وهایە، هێسک و پرووسکی پێش هەفتا هەزار ساڵن، بەڵکوو دێرتریش، بەڵام نە تەمەنی بەشەرێت بەو هێسکانە و، نەشارستانێتەکەی بەو کەرستانە ناپێودرێن. هۆ گەوجینە دەست هەڵگرن، چیدی پێویست بە دیتنەوە ناکات، لەمڕۆڕا نامووس تاقە پێودانگی هەموو شتێکە. ئاوڕێک بدەنەوە، بزانن لە ڕبردووی توولانیدا، چتان بە چ کرد؟ سەدان ساڵ بە ناوی زانستی شوێنەوار بە دەشت و کێوان کەوتن، بن پێی هەشکەفتان و، جهێ و بنلینگانی کاولە گوندان هەڵدرانەوە، بەبێ ئەوەی شتانێکی بە ڕێ و جهێ لە ڕابردووی بزری دایک ببیننەوە. ئەو قەوچە قەوچە ببڕنەوە، شوێنەوارناسین قەت ئەوها نیهە، گەڕان لە سەر بنەمای ڕەهای تەن، چی داونەتێ؟ تەن تەنەها قەپێڵکە، ئەوی بە دووی قەپێڵک بکەوێ، قەت کرۆکی بە چنگ ناکەوێ. هۆش بهێننەوە سەرتان، لەمەوپێش هیچتان لە چاوگێڕان و دەست لە بۆ بردن، هەڵهێنج درا، هەتاوەکوو لەمەوپاش لێی هەڵهێنجن؟ خۆ دیتتان، تەنی دیتدراوە بە دەستەوە گیردران و، لە هێما و نەقشی سەر تەنەکان کۆڵدرانەوە، پاشانەکەش تاتە قووڕی نوسدراو خووندرانەوە، لە کۆتاهیدا چی؟ مشتێک گۆزاری پووچ لە پەنا ناوی زانستەوە، ترێنجێن درایە سەری خەڵکیەوە، ئەوە هەمووی بوو، ئاو بهێنن و دەستان بشۆن! لە ڕاستیدا شوێنەوار وەکوو هەرشتێکی دی، لەش و گیانی هەیە، ئەگەر جێماوی مادی وەکوو شوینەواری لەشی، جێماوی زارەکی و زیندووش وەکوو شوێنەواری گیانی، بە هێکەوە لە زهیندا بازن دەبوون، دەلوا بڕێک لە مێژووی بزر بە دەست بهێننەوە، بەڵام نەتانتوانی ئەو چاکەیە لەگەڵ خۆتاندا بکەن. ئەو شتەی بە ناوی زانستی مێژووش بە هاردی داهێندراوە، ئەویش هەرهیچە، هاخر زڕە زانستی مێژووی دێرین، لە پووچێتی زڕە زانستی شوێنەوارەوە یارمەتی وەردەگرێ و، ڕەگی

لە کرۆکی ڕاستیدا نیهە. ئەو زڕە زانستەی شوێنەوار، لەشە مردووەکەی شوێنەوارە، شێوەگرتنێکە بە تەواوی نێرانەیە، وێڵە بە دووی ئەو شتانەی بەرچاو و بەردەست دەکەون، لە کاتێکدا چاو بەس دیوی ڕووکەش و دەرێ بە نیگا دەگرێ، ئەمەش وھا دەکات ھاسان لێی تێک بچێ و ھەڵبخەڵەتێ. شوێنەوارە زیندووەکان بەشە مێھینەکەی شوێنەوارن، ھا لە زمان و، ھا لە سەرزەمینی کووردەھەواریدا ھێشتا دەوام دەکەن. زھینتان ڕوون بکەنەوە، ئەوکات دەتوانن ببینن.

**پەلی سێهەم**

پۆپەی 01

ھاوبەند بە ئەوینی دایک و ڕێسای دایکێتی، پەیوەندیەکانی ناو شارستانێت تۆکمە و تێرن، ئەوین ھێزی ڕاکێشانە و ھەمووان دھێنێتە پاڵ ھێکدی، بەڵام لە وقھتی پەرەستەندنی چەندێتیدا، بەرتەنگی ھەشکەفت دەبێتە ھێزی پەرتکردنێ و، دابڕان بە ھاردی دادھێنێ، پەرتبوونێک لە پێشدا بازنەکانی ناو خۆرمیانێ و، لە پاشاندا بازنەکانی دەرێ دەگرێتەوە. ئەم ھۆکارە کۆمەڵی سەرەتای بەشەری، لە باری زەمینیدا بەش بەش دەکات، بەبێ ئەوەی ڕەنگدانەوەی بە سەر ناوەندێتی دایک و، بە سەر بنەڕەتەکانی بیروباوەڕی مھیری و، بە سەر ڕێسای کۆمەڵبوونیانەوە ھەبێ. ھەرپۆڵە خەڵکێکی کۆچبەر لە ھەرجھێ و لە ھەرھەشکەفێک باروبنەیان خستبێ، بە ھەمان فەرھەنگی شارستانی کەوتۆتەوە سەرپێ.

پۆپەی 02

سەرچاوەی ھێکەمی کۆچ و ئاوەدانی، کووردەھەوارە. کووردەھەوار بە پڕاوپڕی واتا، دووڕ دڵی جێھانێ ھە، نەسرەوتانە خەڵک و شارستانێتی ھەناردۆتە دەرێ و، لە بەرھەمھێنانی بەشەریدا، تەنەھا کەمێکی داوەتە خۆی، زۆرەکەی بە جێھانێ داوە،

ڕێک ئەوجۆرەی دڵ لە ناو پێکهاتەی لەشدا، بێوچاندان خوون بە بەشەکانی لەش دەدات، بە مەلوولەی گچکەلان دەیداتە خۆی و، بە شاخوونبەرەکان دەینێرێتە دەرێ. ئەم هەناردن و پەرتبوونەیە، نەیهێشتووە چڕبوونەوەی دانیشتوان لەو هەوارە بە هاردی دابێ. بەشەرێت و شارستانێتەکەی لە هەشکەفتێ لە دایک بوون، هەر لە هەشکەفێش دەوامیان دراوەتێ، هەربەرتەنگی هەشکەفتیشە، کە ڕێ لە فەراوانێتی دەبەستێ و، بە دەوری پەرتکردنێ هەڵدەستێ. ڕاستی ئەوەیە، لە توولی سووڕی هێکەمی شارستانێتی دایک لە زاگرۆس، پاش هەرپەرەستەندنێکی چەندێتی لە دانیشتوانی ئەوێ، کۆچ ڕوویداوە و، بە شەپۆڵ شەپۆڵ بڵاوبوونەوەی بەشەری ڕەوتی دراوەتێ.

## پۆپەی 03

بەشەرێت لە زاگرۆزەوە پەرتی جێهانێ بوون، هەروەکوو چلۆن خوون لە دڵەوە بە ناو لەشدا بڵاو دەبێتەوە، دڵ لە ناو بەشەر و زاگرۆز لە ناو بەشەرێتدا، بە دەوری ناوەندێتی و دایکێتی هەڵدەستن. ڕووداوی پەرتبوونەکە بە هەردوو باردا واتادارە، دڵ بە تەنەها ناتوانێ دڵ بێ و، دڵبوونەکە وەستاوەتە سەر هەبوونی لەش، خوونی دڵ پەرت دەبێ و، زیندووێتی بە هەموو لەش دەدات. بە هام گیانلەبەرانی خاکڕەچەڵەک لە خۆرمیانێرا بە جێهانێدا بڵاو بوونەتەوە، بەشەرێتیش هێکێکە لەو ڕەچەڵەکانە، پێ بە پێی گوزەری کات و، بە شێوەی شەپۆڵ پەرتی سەر ڕووی زەوی بوون، لە زاگرۆزەوە بە ناوەوەی خۆرمیانێ، لەوێشەوە بە دەرێدا بڵاو بوونەتەوە و، هێدی هێدی جێهانیان بە مهیری بەشەری ئاوەدان کردۆتەوە. لە پشتی کۆچکردنەکەوە دوو هۆکار هەیە، پەرتبوونی هێکەم لەبەر جێقەتی ڕوو دەدات و، دەگەڕێن هەشکەفت ببیننەوە، پەرتبوونی دووهەم گەڕانە بە دووی سەرچاوەی خۆراکدا، چوونکوو لە بڵاوبوونەوەدا پێ دهاوێنە ناو کەشوهەوای فەرە جوودا، ئەو زەنگینیەی خۆرمیان لە داری میوە و ڕوەک و کانی و ئاوی شیرین، لە دەرێ وەمشت ناهێ. گەڕان لە بەشە خاکی زەنگین بە سەرچاوەی خۆراک و هەوڵی دیتنەوەی، دەهان هەزار ساڵ هوومری کێشاوە، بەمەش کۆچ و بڵاوبوونەوەی بەشەرێت دەوامی دراوەتێ.

## پۆپەی 04

ئەوەی ڕوویداوە پەرتبوونی زەمینی بووە، نەک پەرتبوونی زهینی، شارستانێتی بەشەری، هەروەکوو شارستانێتی مێرووڵە، یان هەنگ، یان هەرشارستانێکی دیکە، بە

نامووس سەرپێ کەوتوون و چوونەتەڕێ. دایک - مێ لە ناو ھامی کۆمەڵانی جووداجۆری زیندەوەردا، نامووسە و، شارستانێتەکەش بە نامووس قاڵب دەگرێ. کۆمەڵی مێروولە، یان ھەنگ بە نموونەی لێ تێگەیشتن وەرگرن، ئەوان لە ھەربەشە زەمینێکی جێھانێ بگیرسێنەوە، لەوێندەرێ بە ھەمان نەزمی پێشترێ دادمستدرێن، سەرزەمینی جوودا نەزمی زیندەگی نە لە ھەنگ و مێروو، نە لە ھیچ زیندەوەرێک ناگۆڕێ. بەشەرێت کە لە باری چەندێتیدا گەشەی کرد، لە ھەشکەفتان جھێیان نەبووەوە و، ناچار ھەندێک لە ھەندێک جوودا بوونەوە، ھیدی خەڵکانێک لە جھێی سارد و، خەڵکانێکی دی لە جھێی گەرم گیرسانەوە. بێگوومان خاک و ئاو و ھەوا، دەتوانن ڕەنگ و ڕوو، بە ھەندازێکیش قاوارە و قاڵی بەشەر بگۆڕن، تەنانەت ھێواش ھێواش زمانی زگماکی ھاخاوتنیش خراپ دەکەن، بەڵام نامووس نەگۆڕە و، لە ھەموو واتاکانیدا وەکوو خۆێتی، نامووس لە واتای زھینێتی هوودای مهیربان، لە ھەموو جھێ ھەرنامووسە و، نامووس لە واتای دایکدا لە ھەموو جھێ ھەردایکە، لەبەرھەندێ بنەڕەتەکانی بەشەری لە زاگرۆزێ، کاتێک دەچێتە ھەرجھێ لە جێھانێ، وەکوو خۆی دەوام دەکات.

## پۆپەی 05

خەڵکە کۆچبەرەکە ھەشکەفتێک بەجھێ دھێڵن و، بە ھیوای دیتنەوەی ھەشکەفتی دی، مل دەدەنە بەر ڕێی ھات و نەھات، کاتێک لە گەڕاندا دەگەنە بیابانی سەروبن نادیار، یان چڕە دارستانی ھاڵۆز، یان کەناری دەریای پان و بەرین، ھەنگێ ھوومێد بە دیتنەوەی ھەشکەفت لە دەست دەدەن، لەوکاتیدا لە ناو زھینی خۆیاندا، بە دووی جێگرەوەی ھەشکەفتێ دادەگەڕێن. پێشترێ دەرکی ھەشکەفتان بە دارھەڵچەندراون و، وێنەکەی لە ناو مێشکدا ماوەتەوە، ئەو وێنەیە بیرۆکەی دروستکردنی ھێلین (ھێلانە)ی داونەتێ، ھیدی بە شێوەی خڕ و گۆھی لە دار و قامیش ھێڵین سازدەکەن. شێوەپێدانەکە بە سەرچاوە لە زھینی دایکان پێک دێ و، تایبەتمەندی خڕێتی مێ ڕەنگیداوەتەوە. باڵندەکان و زیندەوەرانی دیکەش، ھێلانەی خڕ دروست دەکەن، خڕێتیەکە لە ناو ھەرڕەچەڵەکێکدا، لێکەوتەی ناوەندێتی و تایبەتمەندێتی مێیە، ئەگەر لە ھەندێک کۆمەڵی ڕەچەڵەکیدا بڕێک جووداھی ھەیە، ھی ئەوەیە دابەشبوونی سێھانەی ڕەگەزی ھەمووی گرتوونەتەوە، ئەو کۆمەڵانەی لە دابەشبوونەکەدا تایبەتمەندێتی ڕەگەزی نێر وەردەگرن، بە ھەندازێک لە ئەوانیدی جوودا دەبنەوە. ئەو کۆمەڵە ڕەچەڵەکیانەی ھێلانەی خڕ دروست دەکەن، لە پۆلێنی سێھانیدا، سەر بە مێ و نێرەمووکن. بەشەر لە سەرەتادا ھێلانەی خۆی لە شەقڵی کەپر و سابات پێک ھێناون، ئەو ساباتانەش دەبنە

هێکەم ماڵی بەشەری، کە خۆی لە بۆ خۆی دروستی کردبن. ماڵ مێیە، "هێڵین" و"لانە" و "سابات"یش لە هاخاوتنی کووردەوەاریدا، بە تەنەها ناوی مێینەن.

## پۆپەی 06

هەشکەفت بەوەی هێک خانەیە، هەمووان خڕدەکاتەوە و، کۆمەڵبوون تیایدا لە شێوەی خانەوادەی گەورە دەردەکەوێ، بەڵام هەڵکەوتەی هێڵین، یان ماڵە دارین بە جۆرێکی دیکەیە، ماڵی بچکۆڵەنەی دانە دانەن، لە تەنیشت و، لە پشت و پێشی هێکدی و، نێزیک لە هێک دروستیان کردوون، سەرەتا وەکوو کەپر و سابات شێوەیان داونەتێ، پاشانەکە تۆکمە و توونديان کردوون. ئەمڕۆش لە هەندێک جهێ لە جێهانێ، ماڵی دارین و قامیشەلان هەنە و، لە وێنە قەدیمیەکەی خۆیاندا توولیان دراوەتێ. لە دروستکردنی هێڵینەکاندا، خێزان لە دایک و منداڵەکانیدا شێوەی سەرەتای لێ دەرکەوتووە، ئەمەش لە بەرئەوەی بن هەرهێڵینێک جهێی چەند کەس پتر نیهە، بەڵام ئەو شێوە دەرکەوتنەی خێزان، هەر بە ڕووکەش دەمێنێتەوە و، دیوارە دارینەکان هەرگیز ناتوانن پەرتەوازەیان بکەن، هەموو گرێدراوی هێکدین و ناموس تووندوتۆڵی کردوون، هەرەوز کاردەکەن و هاوبەش دەژین، لە سەر بنەڕەتەکانی زاگرۆز بە ردەوامی بە شارستانێتی دایک دەدەن.

## پۆپەی 07

هەشکەفت لە هاوینێ فێنک و، لە زمستانێ گەرم و گووڕە، هیچ ڕەشەبا و زریانێکیش ناتوانێ زەفەری پێ ببات. هێڵین، یان ماڵە دارین، ئەگەرچی چ تاقیان ئەم خەسڵەتانەیان نیهە و، لە جۆرێتیدا ناتوانن جێگرەوەی هەشکەفت بن، لەگەڵ ئەوەشدا ماڵە دەستکردەکان گۆڕانێکی گەورەن لە ڕەوتی شارستانێتی بەشەریدا، چوونکە هەلی مانەوە بە تەنیشت هێکەوە بە هەمووان دەدەن، بەمەش لە کۆمەڵدا خێڵ و لە زەمیندا کۆبەند بە شێوە دێ، سەرەنجامیش لە زۆنگاوان و، لە دارستانەکانی دەرێی کووردەوەاریدا، هێدی هێدی دانیشتوان لە چەندێتیدا چڕدەبێتەوە. کۆبەندی دێهات گۆڕانێکە لە دەرەوەی کێوستانان بە هاردی دادێ. ئەو کۆبەندە دێهاتیانە، کە هێکەمین شوێنی نیشتەجێی دەستکردی بەشەرن، مایەی بە هێکەوە مانەوەن. ئەگەر لە ناوەندی شارستانێتدا، بەرتەنگی هەشکەفت هێزی پەرتکردنی بەشەرێت بوو، هیدی لە دەرەوەی ناوەند ئەم پەرتبوونەیان لە هێقە بۆتەوە. کۆبەندی دێهات لە هەموو جهێ دەتوانێ، وەڵام بە پەرەستەندنی چەندێتی بەشەرێت بداتەوە، ژمارەی هەشیمەت بە

زیێده دەبێ و، ئەوانیش ژمارەی ماڵه دەستکردەکان پتر دەکەن، ئەوه هێکێکه له هۆکاره بنەڕەتیەکانی چڕبوونەوەی خەڵک له هەندێک ناوچەدا. ئەو کۆبەندانەی له نێزیکی دارستانەکان پێک هێندراون، خەڵکەکه هاسان دەستیان گەیشتۆته زۆری و زەبەندی داران و، تواندراوه ماڵه دارینی تۆکمه و توونـد سازبکەن، وەلێ له زۆنگاوان دەست هەر به قامیش و، له گەرمەسێرێ دەست هەر به لقەگەڵای دارخورما ڕادەگات، جا به قامیش و لقەگەڵاش هەرکەپر و سابات به هاردی دادێ، نەک ماڵێکی تێروتەسەڵ، لەگەڵ ئەوەشدا پێی قنیات دەکەن و، خۆشیان لێ دەگوزەرێ، چوونکه له پێڕستی مهیردا، تین به پێشڕەفت و سەرچاوەی خێر و خۆشی دێ، نەک تەن. ماڵانی قامیشەلان له باری ڕووڵەتدا، ساده و گچکۆکەن، بەڵام له باری ناوەڕۆکدا لێوڕێژبوون و له مهیر و خۆشی و، له هێکدی ویستی.

پۆپەی 08

خانەواده له هەشکەفت و، خێڵ له هێڵین، هەرچەنده له قەواره و قاڵبی خانەی نیشتەجەبوون و، چەندێتی دانیشتوان جیداوازن، بەڵام گرێدراوی بنەڕەتەکانی هێک نامووسن، هەرهێکەیان له شوێنی خۆیاندا ئەندامەکانیان له هەموو شتێکدا هاوبەشن، مهیرگان له نێوانیاندا بەبێ بەند و باوه، تایبەتبوون و خاوەندارێتی تایبەتی له گۆڕێ نیهه، هەموو هی هێکدین و، له ئاستی گشتەدا خاوەنداری له هێکدی دەکەن. منداڵ له له دامێنی دایکیەوه به دوونیا دێ و، له بەرمەمکانی دایکی پێ دەگات، باس و بیر لێکردنەوه ئەوه نیهه، داخۆ زگپڕبوونی دایکەکه به جووتگرتن لەگەڵ کێهان نێرینی خانەواده، یان خێڵ ڕوویداوه، ئەم بیرکردنەوەیه له پێڕستی مهیردا جهێی نه دراوەتێ، نیشانەی ناسینەوەی جووتگرەکەش به دەستەوه ناهێ. دایک ناوەنده و هەمووان پابەندی ناوەندێتی دایکن، منداڵان به دایکیانەوه دەناسدرێنەوه، هاوکات دایکەکان هەموو منداڵەکان وەکوو منداڵی خۆیان دەبینن، منداڵانیش به چاوی دایک له ژنەکان دەڕوانن و خۆشیاندەوێن.

پۆپەی 09

شارستانێتی دایک له ئاستی زەمینیدا پەرت دەبێ و، له ئاستی زهینیدا هێکێکه، سووڕی هێکەمی شارستانێتەکه، ماوەی دەهان هەزار ساڵ، له گەڵێک جهێی جوودای جێهانێ، له سەر بنەڕەتەکانی خۆی دەوام دەکات. به شەرێت له هەرجێهەک گیرسابنەوه، له وێندەرێ قۆمەتبوون به ناوەندێتی دایک، له سەر وێنەی بازنه تێک

هەڵکێشدراوەکانی خانەوادە شێوەی دراوەتێ و، پەرەستەندن بە هەردوو ئاستی ئاسۆهی و پانی چۆتە پێشێ. بە دیوی ئاسۆهیدا، مێ بە ناوی دایک دایکێتی لە بۆ منداڵەکانی خۆی و، بە ناوی دایکی گەورە، یان نەنە دایکێتی لە بۆ منداڵی کچەکانی و، منداڵی نەوەکانیشی دەکات. هاوکات بە دیوی پانیدا، مێ بە ناوی پوور دایکێتی لە بۆ منداڵەکانی خووشک و، بە ناوی پووری گەورەش دایکێتی لە بۆ کچەزاکانی خووشک و، نەوەکانی خووشک دەکات. دایک و کچ و کچەزا، سێ خوود لە هێکێکدا، ڕێسا نەگۆڕە و پەرەستەندن هەڵواسدراو بەم ڕێسایە بەردەوامی پێدراوە.

## پۆپەی 10

لە هەشکەوتان خانەوادە هەنە و، لە باری چەندێتیدا، تیرەی خزمخوونی سنووردارن، چوونکە ڕووبەری هەشکەوت گەشەی چەندێتی تیرەی خانەوادەگی سنووردار دەکات. بەڵام بە پێچەوانەی هەشکەوت، ماڵەدارین ڕێ لە بەردەم پەرەستەندنێکی بێ سنوور دەکاتەوە. کاتێک بەشەرێت پێ لە بازنەکانی دەرێی خۆرمیانێ دهاوێ و، بە جهێی هەشکەوت هێڵین هەڵدەچەنێ، لە وێندەرێ خێڵ و هۆز قاڵب دەگرن و، چڕبوونەوەی خەڵک بە هاردی دادێ. خێڵ پێکهاتێکی گەورەترە لە تیرەی خانەوادەگی و، لە سێ تیرە پێک دێ. هێکەم دایکە تیرەیە، دووهەم و سێهەم لەگەڵ هێک خووشکە تیرەن و، بە سەرچاوە لە تیرەی دایک پەیدا دەبن. بنەڕەتی ئەم پەرەستەندنە مێ پێکی دهێنێ، لەبەر هەندێ هەرخێزانێک کچی تێیدا نەبێ، وەکوو بازنەی دەقدراو وهایە. ئەو دایکەی زۆرینەی منداڵەکانی کیژبووبن، بە دایکی کیژان ناسدراوە و، بنەڕەتی تیرەی مێی پێک هێناوە، لە بەرمبەردا ئەو دایکەی زۆرینەی منداڵەکانی کووڕ بووبن، بە دایکی کووڕان ناوی هێندراوە و، بنەڕەتی تیرەی نێری شێوە داوەتێ. ئەگەر دایکێکیش تەنەها کووڕی هەبووبێ، یان کیژێکی تاقانەی هەبووبێ، نەبۆتە سەرچاوەی دروستبوونی تیرە و، گرێدراو بە بازنەی دایە گەورە ماونەتەوە، بازنەی دایە گەورەش بە دایکە تیرە ناوی ڕۆیشتووە. دایکە تیرە لە چەندێتیدا گچکەترە لەو دووانەی خووشکە تیرەن، لە ئاستی گشتەدا، هەرسێک تیرە بە هێکەوە گرێدراون و، دایکە خێڵ پێک دهێنن.

## پۆپەی 11

هەمووان گەرم و بە گووڕ وابەستەی هێکدین، بەڵام کچەکان لە نێوان خۆیاندا لەگەڵ هێکدی و، کووڕەکانیش لەگەڵ هێکدی گەرمترن. ئەمەش لە شێوەگرتنی تیرە و خێڵدا

دەوری تێکەڵکردنی هەیە. ئەو دایکانەی خووشکن و زۆرتر کیژیان هەیە، بە هێوری تیکەڵ بە هێک دەبن و، لە ئەوانەوە بە گوزەری کات خێڵی مێ بە شێوە دێ. هاودەم لەو خووشکانەش کە زۆرتر کووڕیان هەیە، خێڵی نێر شێوە دەگرێ. لەم بازنەیەدا هی هێکەم بە خێڵی مێ و، هی دووهەم بە خێڵی نێر ناوی دراوەتێ، بنەڕەتەکەش وەک دایکە خێڵ ماوەتەوە. ئەم ڕێکخستنەی خێڵاتی، هێشتا لە کووردهەواریدا شوێنەواری لێ ماوەتەوە، بەبێ ئەوەی خەڵکەکە دەرک بە بنەڕەتەکەی بکەن. هەندێک هۆز هەنە لە ناوخۆیاندا دوو شەقڵن، شەقڵێک بە مێ و شەقڵێک بە نێر دەناسدرێن. هۆزی گەورەی لەک هێکێکە لەو هۆزانە، شەقڵێکی بە "لەکە مێ" و، شەقڵێکی بە "لەکە نێر" ناودێرن. بەڵام لە ناوەندی شارستانێتی دایکدا، مێژووی دروستبوونی خێڵ لە چاو شوێنانی دیکە تازەیە، لەبەرئەوەی قاڵبگرتنی خێڵ سەرچاوە لە کۆبەندی ماڵە دارین دەگرێ و، ئەو کۆبەندانەش لە دەرێ پێکهاتوون، لە کووردهەواریدا دروستبوونی خێڵ کەوتۆتە سەرەتای سووڕی دووهەمی شارستانێتەکەوە.

## پۆپەی 12

هۆز لە دایکە خێڵ و، دوو کیژە خێڵ پێک دێ و، هێک ناو هەڵدەگرن. دوو خێڵەکە لەگەڵ هێکدی خووشکە خێڵن، هەر ئەوهاشیان بە ناو کردوون. دەستەواژەی دایک و خووشک لە ناو تیرە و خێڵە گەنمڕەنگەکانی کووردهەواری و، سوورپێستەکانی دێرهەوار(ئەوەی بە ئەمریکا ناوی دەبەن) و کاڵ پێستەکانی هیند و، لە شوێنانی دیکەش، هەتا هاخیرین سەدەکانی تاریکی، بە سەر زارانەوە زەق بۆتەوە، ئەوڕۆش بڕێک شوێنەواری زارەکی و زەمینی لێ ماوە. خێڵ و هۆز بە قەبارەی جوودا شێوەیان هاتۆتێ، ژمارەی دایکان لە گەشەی چەندێتی پێکهاتەی خێڵ و هۆزدا، دەوری بنەڕەتی گێڕداوە. کیژان بەرەکەتن، هەتا کیژی پتر لە دایک بووبن، خێڵ و هۆز پتر لە هێک کشاون و، قەبارەی پێکهاتەکەیان گەورەتر بووە. بەرەکەتی مێ هەمەلایەنەیە، لە پێشینانی کووردهەواریدا گووت دراوە: ئەو دایکەی نۆبەرەی کیژبێ، ماڵی پڕ خێر و بەرەکەت دەبێ. لە سووڕی هێکەمی چەرخی مهیریدا، بەرەکەتی مێینەبوون و، بەرەکەتی هوودای مهیربان، تێکەڵی هێک بوونەتەوە، بە واتاهێکی دی، هوودای مهیربان بەرەکەتی خۆی خستۆتە مێی بەشەرەوە، هەرجهێ مێی پتر لێ بووبێ، ئەو جهێ زیدتر زەنگینی و ڕەنگینی تێ گەڕاوە. سەرنج لە سەر کچۆڵەکان چڕبکەنەوە، لە تایبەتمەندی لەوانەوە باشتر ڕەگەزی مێ بناسن. بە تایبەتمەند منداڵی کچ چەند قاتی منداڵی کووڕ بە گووڕ و تین و، بە گەپ و گەمەیە، بە تریسکەی چاوان و، بە خەندەی لێوان و، بە ناز و نووکی کچانەوە، ماڵ پڕ دەکەن لە خۆشی و، دەچنە بەردڵانەوە.

## پۆپەی 13

شێوەی ڕێکخستن و نەزمی هەڵسووڕان، ئەوجۆرەی لە تیرەی خانەوادە پێک دێ، ئەوهاش لە خێڵدا شێوەی هاتۆتێ، چوونکە نەزم و ڕێکخستن نەگۆڕە و، پەرەستەندنی چەندێتی بە هیچ قەدەرێک ڕەنگدانەوەی بە سەر بنەڕەتەکانەوە نیەهە. خێڵ - هێڵ هەڵگری کرۆکی وشەکەیە، هەمووان لە سەر هێک هێڵن و، لە گشتەدا دایکناوەندی هەروەکوو خۆی دەوام دەکات. بازنەکان و هێڵەکان بناخ لە سەر ناوەندێتی دایک پێک دهێن و، هەردایکانیشن هەڵیان دەسووڕێنن. هاوکات لە میانی تیرەدا، دایکە تیرۆچکە، لە میانەی خێڵیشدا دایکە خێڵ، هەلیان داوەتە نێرینەکان ڕاسپاردەکانی دایە گەورە بەجەهێ بهێنن و، هەندێک بەرپرسیارێتی وەهەستۆ بگرن. بە هامیش لە سەر ئاستی هەموو پێکهاتەکاندا، دایکپارێزی و پاراستنی منداڵەکان لە پەلاماری گیانلەبەرانی هۆف، لەو بەرپرسیارێتی و ئەرکانەن، کە بە نێرەکان سپێردراون. بەم چەشنە، هەر لەگەڵ دەستپێکی پەیدابوونێ، نێر پاسەوانی لە مێ و منداڵ دەکات و، ئەرکی سەرشانی بە جهێ دەگهێنێ.

## پۆپەی 14

لە میانی شارستانێتی دایکدا، هەزاران کەس لە بازنەی خێڵدا، بە نەزمی دایکناوەندی هەڵسووڕاون، هەڵسووڕانێکی دادوەرانەی تۆکمە و تەواوی بێ کەموکوورتی، بێ ئەوەی دامستدراوێکی بەرجەسدە، یان پەیمانێکی نوسدراو، ئەو هەشیمەتەی خڕکردبنەوە و ئاراستەی پێ دابن. لە نوسدراو لە پێشتر زهین و زارە، کاتێک زهین پێڕست بە مهیر هەڵچەندراوە و، زاری بە دوودا گەڕاوە، بیشک ئەو وشەیەی لە دەم دەردەچێ، دەبێتە سەنەد و سەنگینی، ئەودەمی بە بەرپرسیارێتیەوە بە گوێدا دەدرێ. پاشماوەی هەنگینێیە لە کووردهەواریدا گووت دراوە:"سەرت بچێ و گفتت نەچێ." گفت لە زار دەردەچێ و، زهین بەرهەست دهێنێ. "زهین" لە باری ڕەگەزیدا مێ و لە باری خوودیدا کیژە، "زار" لە باری ڕەگەزیدا نێرەمووک و لە باری خوودیدا دایکە، "نوسدراو" لە باری ڕەگەزیدا نێر و لە باری خوودیدا کووڕە. زهین و زار وەکوو کیژ و دایک لە ناو هێکدین، تەنەها نوسدراو جوودا دەبێتەوە. نوسدراو شتە گرینگەکە نیەهە، نوسدراو لە زار و زهین پەیدا دەبێ، وەکوو چلۆن کووڕ لە دایک بە دوونیا دێ. نوسدراو بەبێ زهین و زار هیچ بوونێکی نیەهە، بەڵام زهین و زار هەوجە بە نوسدراونین، لەگەڵ دوونیا پەیدابوونێ پەیدابوون. شارستانێتی دایک بە زهین و زار بەڕێوە بردراوە، زهینی شارستانێت کۆبیری ڕاستیەقینە و زانستی هودایە. کاتی خۆی ئەم زانستە، لە ناو سەری هەموو هێکێکدا، پایەی شەرەفی درابووهێ، بە باوەڕی

تۆکمە و توول مەوداش هەستوونگ درابوو. ئەم زانست و بیروباوەڕە، بە نامووس ناودێرە، نامووس جەهێ ناوێکە لە بۆ هوودا و لە بۆ مێ، لە بۆ ئەو زانستە ڕاستیەقینەش کە شێوەی بە ڕێکخستنی شارستانێتی دایک داوە و، بنەڕەتی هەموو هەڵسوکەوتێکی بەشەری پێکهێناوە.

## پۆپەی 15

جەهێ بە جەهێ لە جێهانێ، هەڵکەوتەی خاک و ئاو و هەوا جوودایە، ئەم جوودابوونە هەروەکوو چلۆن بە گوزەری ڕۆژگار ڕەنگ و ڕوو، هەندازێکیش قاڵب و قەبارەی بەشەری گۆڕیوە، ئەوهاش هەندێک گۆڕانی بەشەکی لە شارستانێتی دایک بە هاردی دادهێنێ، بەبێ ئەوەی گۆڕانەکە کار لە بنەڕەتەکانی نامووس بکات. لە ناوەندی شارستانێت لە کێوستانی خۆرمیانێ، هوودای دایک لە کەسێتی خۆرهەتاودا، بە گەورە خۆی دەنوێنێ، پاشانەکە دەرکەوتنی هوودا لە خاک، مانگ، هەستێرە، ئاگر، هەندازەکەی کەم دەبێتەوە. کێوستانەکە سارد و سەهۆڵبەندانە، بەفری زمستانێ بە تووندی تووشی ڕێبەندانی کردوون، هوودا لە کەسێتی ئاگردا گەرمی کردوونەتەوە، لە کەسێتی خۆرهەتاودا بەفرەکەی تواندۆتەوە، لە کەسێتی خاکیشدا رسقی داونەتێ، لەبەرهەندێ خۆر و خاک و ئاگر لە زهینی خەڵکەکەدا پانتاهی فەرەوان دادەگرن. لە بیابانێ هەلومەرج جوودایە، ئەو خەڵکانەی لەوێندەرێ دەگیرسێنەوە، لە باری زەمینیدا لە خۆر و ئاگر دووردەکەونەوە. هوودای دایک لە کەسێتی مانگدا وەکوو هوودای ڕۆشناهی و ڕێ، بەرامبەر بە تاریکی دەوەستێ و، کۆمەک بە خەڵکی بیابانێ دەکات. ڕۆژانی بیابانێ زیێدە گەرمن و شەوانی فێنکن، ئەو فێنکیەی شەوان وهای لە کۆچبەرەکان کرد تیایدا جەهێ نیشین بن، گەرماش وهای لێکردوون بە ڕۆژ لە سێبەری سابات و هێڵینەکانیان بمێننەوە و، پتری کاروبارەکان بخەنە پاش خۆرئاوابوونێ. بیابان پڕ ڕەشەبایە، نەسرەوتانە هێقەیان دەگرێ و، ناهێڵێ مەشخەڵ بە دەست خەڵکیەوە بگەشێ، لەبەرهەندێ خەڵکی بیابانانێ هوومێد بە مانگەشەو دەبەستن و، چاویان لەوەیە هوودا لە کەسێتی مانگدا بە فەریادیان بچێ و، تاریکاهی شەو ڕابدات. شەوانی مانگەشەو، کە مانگی تابان لە هاسمانێ دەردەکەوێ، هەمووان بەرچاویان ڕۆشنە و، ڕێی هاتوچۆیان لە بەردەمدا دەبێتەوە، هیدی تاریکی ناتوانێ ڕێگری لە کەس بکات. لێرەڕا بەخشندەهی هوودا لە دەوری مانگدا دەردەکەوێ، بیابان نیشینەکانیش لە کەسێتی مانگدا ڕوو لە هوودای دایک دەکەن و، مانگ لە بیابانێ، پایەی هێکەم دەگرێ و، بە جۆرێک لە جۆران پێشی خۆرهەتاو دەکەوێ، هاودەم لە زهینی خەڵکەکەش پایەی خۆرهەتاو لە کوورتی دەدات و، هێدی هێدی کاڵ دەبێتەوە، لە کۆتاهیشدا خەڵکەکە بە

تەنەها گرێدراوی مانگ دەمێنن. ئەم جێگۆڕکێ و، ئەو پێشڕەوتیەی مانگ لە هەمبەری خۆرهەتاودا، بە ڕووکەش وەکوو ڕووداوێکی گەورە دەچێتە مێشکی خەڵکی ئەو زەمانەوە، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ گەورە نیهە، چوونکوو هیچ گۆڕانێکی بە زەڕ لە بیروباوەڕی خەڵکەکە پێک ناهێنێ، هەم هەتاو و هەم مانگ مێینەن، لە هەردووکیاندا هووداى دایک دەردەکەوێ و، یارمەتی بەشەرێت دەدات.

## پۆپەی 16

شارستانێتی دایک لە خۆرمیانێرا، بە شێوەی خۆرهەتاو پەرتی هەرچهار لای خۆی دەبێ، ئەو گۆڕانە بەشەکیەی لە پەیوەندی بە خۆر و مانگ، بە زهین و زەمین دادێ، تەنەها لە بەری ڕۆژئاوایە، لە ناوچەی گەرمەسێر و بیابانیدا، دەنا لە بەری ڕۆژهەڵاتێ، خۆر هەروەکوو خۆی سەنبوولێکە لە بۆ هووداى مهیربان و، لە پایەی هێکەم دایە. ئەوەتانێ هەتاوەکوو ئەوڕۆش لە ناو کووردەکان و هیندەکان و، لە ناو هەندێک قۆمی دیکەش، خۆر بە سەنبوولی ماوەتەوە، تەنانەت لە ناو هیندەکان سروودی نیشتمانی، سروودی دایکە. هاوکات "نەورۆز"ی هێکەم ڕۆژی بهار و ساڵی نوێ، هێشانەکە لە کن کووردەکان، تێروتۆخ بە شێوەی جێژن و خرۆشان دەوام دەکات، خەڵکانی دیش یادی دەکەنەوە. بەڵام لەبەری خۆرئاوادا، هەرهێکە لە خۆرهەتاو و نەورۆز، ڕۆژگار بە ڕۆژگار بایەخیان لە کوورتی داوە، هەتا دواجار لە زهینی خەڵکی دەرچوونەتە دەرێ و، لە بیریان کردوون. لە ڕۆخی ئاوەکانی هیوەی بیابانی هارەبیدا، سەنبوولێتی خۆر پاشماوەی لێ بە جهێ ماوە، خەڵکی لەوێندەرێ، چەندان ڕۆژگاری دوور و درێژ، بایەخی وەکووهێکیان بە سەنبوولێتی خۆر و مانگ داوە. ڕاستە لێکەوتەی خۆرهەتاو لە جهێ لە بۆ جهێ جوودایە، هێندەی لە کێوستانێ هەیتی، لە گەرمەسێرێ نیتی، بەڵام خۆ دەرکەوتنی هوودا لە کەسێتی خۆر و مانگدا، بنەما لە سەر لێکەوتەکانیان هەڵنەچەندراوە، هوودا تینە و، تین لە کەسێتی خۆرهەتاودا دەرکەوتنی گەورە و پلەی هێکەمی هەیە، ئەگەر ڕادەی کاریگەریهەکەی لە ژینی ڕۆژانەی بەشەریدا، پلە و هەندازەی بە بایەخی خۆر داوە، ئەوە هێکەم لادانە لە بیری ڕاستیەقین ڕوویداوە، چوونکە خۆر گەورە چاوگێکە تین تیایدا دەردەکەوێ، هیدی لە هەندێک جهێ لە جێهانێ، سەرما و بەستەڵەک چ هەبن و چ نەبن، ئەم ڕاستیەقینە نەگۆڕە و لە پایەی خۆێتی. بیروباوەڕ لە بنەڕەتدا، هێک بیروباوەڕە، لە ناوەندی شارستانێتی دایک لە زاگرۆزێ بڵاو بۆتەوە، پاشانەکانێ لە درەنگ وقهتێ زەمانێ، برێک لە قۆمەتانی بەشەری، هاتوون شێواندیتیان و، شێوەی دیکەیان پێی داوەتەوە. سەرەتا شێواندنەکان بەشەکی و ڕووکەشین، پاشان دەیگهێننە قرتاندنی ڕەگەکان.

## پۆپەی 17

لە چەرخی مهیریدا، شارستانێتی دایک خۆی لە ناوەند و دەرێ دیتۆتەوە، هەشکەفت لە کێوستانێ و، هێڵین لە دەشت و بیابانێ ماڵی بەشەرن، لە هەشکەفتان تیرەی خانەوادەگی و، لە هێڵینان خێڵ شێوە دەگرن. بەڵام بنەڕەتەکانی شارستانێت نەگۆڕاون، لە هەموو جێهانێدا کۆمەڵ بە ناوەندێتی دایک پێکهاتوون و هەڵسووڕاون. هەرچەندە هیڵین وەکوو هەشکەفت نیهە و، وەڵام بە پەرەستەندنی چەندێتی بەشەر دەداتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پەرتبوون و کۆچ لە کۆبەندانی دێهاتی بەردەوام دەکات. لە کێوستانێ جێقەتی و بەرتەنگی هەشکەفت مایەی کۆچن، بەڵام لە نێو خەڵکە هێڵین نیشینەکاندا، کە لە قاڵبی کۆبەندی دێهاتی گیرساونەتەوە، برسیێتی و کوورتهێنانی سەرچاوەی خۆراک، هۆی جهێگۆڕکێ و، کۆچ و بڵاوبوونەوەن. جهێ گۆڕکێی وەرزانە لە پەیوەندی بە ڕنینی ڕوەک و میوەکان، ڕووداوێکە لە بازنەی سنووردار‌دا، وەلێ هیجرەتی بێ گەڕانەوە شتێکی دیکەیە، لە هیجرەتدا بە هێکجاری شوێنێک بەجهێ دهێڵن و، ڕوو لە شوێنی دی دەکەن، بەو مەبەستەی هەندازێکی پتر خۆراکی تێیدا وچنگ بخەن.

## پۆپەی 18

خاک لە هەرجهێ بە جۆرێکە، نە هی کێوستانێ وەکی هی بیابانێیە، نە هی ڕۆخی زەریایان وەکوو هی ناو دارانە. ئەم چەشناوچەشنیەی خاک، هاڵوگۆڕی لە پێداویستی بەشەری هێناوەتە گۆڕێ. کێوستانی کووردهەواری خاکێکە بە دڕک و نووکە بەردان تەندراوە، لەبەرهەندێ چووستەک(پێڵاو)دەبێتە پێداویستی و خۆی دەسەپێنێ، وەلێ لە بیابانێ و لە لێواری دەریاکاندا، خاک لمێکی نەرمە و برین ناکاتە پێ، هیچ هۆی دیکەش نیهە، وها لە خەڵکی ئەوێندەرێ بکات خەمی پێپێچ و چووستەکان بخۆن. لە بیابانێ ڕۆژان زێێدە گەرمن و، لمی خاکەکە گەرم دادێ، گەرمداهاتنێک پێی پەتی داخ دەکات و، بەشەر لێی وەڕس دەبێ، بەڵام خۆ بیابان نیشینەکان پتری کاروباریان خستۆتە دەمەوهێوارێ، یان شەوانەوە، لە وقهتی وهاشدا خاکی بیابان گەرمی هەڵدەمژێ و، فێنکاتی دەردەدات، بۆهێ کەس پێی ناسووتێ و، کەس ناکەوێتە بیری چەنینی پێڵاوان. پاراستی سەر لە سەرما و گەرما، دەموچاو لە تۆز و خۆڵ، تەنگە لە ساردی، پێ لە برین، بیرکردنەوە لە پۆشاک، لە کڵاوەوە هەتاوەکوو پێڵاو، هەمووی بە کەشوهەوای شوێنانەوە بە ستراوەتەوە. دەستەبەرکردنیشان پتری دەکەوێتە سووڕی دووهەمی شارستانێتەوە. لە سووڕی هێکەمدا، هەموو شتێک، تەنانەت پۆشتەبوون و جلوجۆڕیش، هێجکار کەم و سنووردارن.

## پۆپەی 19

لە میانی پەرتبوونی شارستانێتدا، تەنی کەلوپەل گۆڕدراون و، قۆمەتانی بەشەرێت لە هەرچهێ  پێداویستیەکانیان هاوتا بە هەلومەرج و، خاک و ئاو و هەوای ئەوێ، ڕێک خستۆتەوە، لەم بازنەیەدا کەرستەسازی جهێ بە جهێ گۆڕدراوە. لە بیابانێ خاک بە لم داپۆشدراوە و، خەڵکی بە بڕێکی کەمتر دەستیان گەیشتۆتە خۆڵەسۆر، لەبەرهەندێ گڵکاری بایەخی ئەوتۆی نەدراوەتێ. بە گشتی لە ناوچەی گەرمەسێردا، لقەگەڵای دارخورما و چەند دارێکی دی، کۆمەکی گەورەیان بە خەڵکەکە کردووە، هەڵبەستنی کەپر و هێڵین، چەنینی هەسیر و سەبەتە، زەمبیل، بە کەڵک وەرگرتن لەو گەڵایانە بەجهێ هێندراون. لە زۆنگاوان پتر قامیش دەستی لە بۆ بردراوە، لە دۆڵ و شاخانیش داربڕەسۆڵە و قووڕکاری دەستیان دراوەتێ. هەشکەفت پەنایە و ڕەشەبا نایگرێتەوە، ئەوانی لە هەشکەفتان ئاگردان دادمستدرێنن، لە هەڵکردنی ڕەشەبا گرفتارنین، بەڵام لە بازنەکانی دەرێی کێوستانێ، خەڵکی لە هێڵینان دەژین و، گرفتاری دەستی ڕەشەبان، لەبەرئەوە لە چاڵان ئاگریان کردۆتەوە، هەرئەمەشە پاشانەکە دروستکردنی کوورە و تەندووری بە دووی خۆیدا هێناوە. لە ناو تەندووردا گەرمی پەنگ دەخواتەوە، مانەوەی کەرستە گڵینەکان لە ناو پەنگی گڕ و گەرمیدا، هۆی پتەوبوونی زیادترن، لێرەڕا کەرستە گڵینەکانی کە لە دەرەوەی ناوەندی شارستانێت سازیان دەکەن، بە هەنگاوێک پێش کەرستە گڵینەکانی ناوەندی شارستانێت دەکەون.

## پۆپەی 20

هاوسەردەم لەگەڵ دروستکردنی کەرستە گڵینەکاندا، سازکردنی پەیکەری گڵینی شێوەگرتوو لە وێنەی دایک، لە کووردهەواری ناوەندی شارستانێتی دایکدا، هاتۆتە گۆڕێ. کارەکە هەوەڵجار منداڵان دەستیان داوەتێ، پاشان هەر لە بازنەی خواستی منداڵاندا، کەسانی گەورە بە شێوەی ڕێک و شیاو، هەربە قەبارەی گچکۆکە پەیکەرەکانیان دروست کردوون. گچکێتی قەبارە و کەم کێشی پەیکەرەکان، پەیوەندی بە کەم تینی و دەستی هووردیلەی منداڵەوە هەیە، هەتا لە گەمەکردنێ، پێی وەڕس و ماندوو نەبن. لەگەڵ ئەمەش، ئەو پەیکەرە گڵینانە، هەرگیزاوهەرگیز وەکوو لەتە قووڕێکی هووشک و کەم بایەخ زهینیان نەدراوەتێ. پەیکەرەکان وێنە لێ هەڵگیردراوی شێوەی دایکن، دایکیش وێنەی هوودایە لە سەر زەوی. لەم بازنە واتاهیەدا پەیکەرەکانی دایک دەبنە پەیکەری هوودای دایک و، بە شێوەی تایبەتی بەهادار دەبن. بێگوومان ئەو پەیکەرانەی کووردهەواری، هیچ شوێنەواریان لێ بەجهێ نەماوە، بەڵام لە هەندێ جهێی جوودا، لە بازنەکانی دەرێی خۆرمیانێ، پەیکەری

گچکەلانەی شێوە لێ هەڵگیردراو لە مێ، بە قەبارەی هێندەی هەنگووستێک دیتدراونەتەوە. شکی تێیدا نیهە ئەو پەیکەرانە بەردەوامێتی پەیکەرەکانی ناوەندی شارستانێتن. شارستانێتی دایک بە تەواوی فەرهەنگەکەیەوە، لە کووردهەوارێرا پەرتی دەرێ دەبێ، لەو پەرتبوونە زەمینیەدا، هەموو شتێکی شارستانێتەکە بە جێهانێدا بڵاودەبێتەوە و، پەیکەرسازکردنیش هێکێک لەو شتانەیە. دەگووتدرێ ئەو پەیکەرانەی دۆستدراونەتەوە، هی سی هەزار ساڵی بەرێن. لە ڕاستیدا ساڵ و چەند ساڵ بابەتێکی بنەڕەتی نیهە، تێگەیشتن لە ناوەند و بازنەکانی دەرێ (ناوک و دەوری ناوک) بنەڕەت پێک دهێ. ڕەنگە بڵێن: چما چیهە، بۆچی پەیکەرەکانی دایک لە جێهێک لە ناو چوون و، لە جهێکی دی ماون؟ لە پشت مان و نەمانی پەیکەرەکانەوە، چەند هۆکارێک هەنە، جۆری گڵەکە و پلەی گەرمی سوورکردنەوەکە، لەمانەش کاریگەرتر کەشوهەواکەیە، وا پەیکەرە دێرینەکانی ناوەندی شارستانێتی لە نێوبردوون، لە هەمان کاتیشدا هەندێک لەوانی دەرێی هێشتوونەتەوە. لە ڕۆژگاری توولکێشی شارستانێتی دایکدا، هەزاران لەو پەیکەرە گچکانە سازکردراون، کە بێجگە لە چەند دانە، هەموو لە ناوچوون، بە تەنەهێ پەیکەرەکانیش نا، سەرجەمی کەرستەی گڵینی ڕۆژگاری هەنگینێ، هیچ شوێنەوارێکیان لێ نەماوە. بە گشتی نە لە کووردهەوار و، نە لە هیچ جهێ لە جێهانێ، شوێنەوارێکی تەنی ئەوتۆ لە سووڕی هێکەمی شارستانێتی دایک بەجهێ نەماوە. کەرستە گڵینەکان، کەرستە دارینەکان، ماڵە دارین، هەم لە سەرزەمین سڕدراونەتەوە، هەم لە زهین. کەلوپەلەکان لە ناوچوون، هاوکات هێسکە پەیکەری بەشەری ئەو زەمانی، خڕ لە بەین چوون، تەنەها تاک و تەرایان لێ دیتدراونەتەوە، ئەوانیش لە بنی خاک و خۆڵی هەشکەفتان وچنگ کەوتوون. لەو زەمانیدا خەڵکی کێوستانێ جێقەتی بوون و، بە کەمی ڕوویداوە تەرمی مردوو لە هەشکەفتان بنێشدرێن، گۆڕەکان لە دەرێ هەڵکەندراون، دەرێش گەلێک پتر لە ژێر کاریگەری باران و کەشوهەوا دایە، هەرئەمەشە وهای کرد ئەوانی دەرێ پاشماوە بە جهێ نەهێڵن و، ئەوانی هەشکەفتان توول بکێشن.

## پۆپەی 21

ئەو هێڕ و گێژانەی لە دەوری ناوی زانستی شوێنەوار و مێژوو خڕبوونەتەوە، تەنەها لەتەبەردە دیتدراوەکانیان بە پێودانگ گرتوون و، بە مێشکێکی بەردین بیریان لە دێرزەمان کردۆتەوە. لە وان وهایە بەشەرێت لەو ڕۆژگاردا کەرستەکانی بەردی بوون و، نووکەڕم و ختورمە داریشی دەست داونەتێ لە بۆ ڕاوکردنێ. لە سەر بنەمای ئەو بیرۆکە پووچەڵەش، سەردەمەکانیان بە ناوی چاخی بەردینی کۆن و ناوەند و نوێ

پۆلّین کردوون، بەوەندەش نەوەستاون، هاتووشن "چەرخی مهیری" وەکوو چاخی دڕنداتی بەشەری ناو دەبەن و، "چەرخی هۆفی"ش وەکوو چاخی شارستانی دەناسێنن. بڕۆننێ، لێرەش گۆزەی پڕ لە ئاوی سازگاریان قلّپ کردۆتەوە و، ترپاتی تەڕیان تیایدا نەهێشتووە. هەی بێهابڕوو دێریننناس! ئەو هەموو پیسی و پۆخلّەواتەتان لەو سەرە بچووکەتان کەڵەکە کردوون و، ناویشتان لێ ناون زانست؟ زانستێک بە ناوی شوێنەوار و، هێکێکیش بە ناوی مێژووو!. جامی زهەری مار بە دوو نیو بێ، نەفرەت لە هەردوو نیوی. خەڵکینە هۆش بهێننەوە سەرتان، زانستێک لە گۆڕێ نیهە، گوفەکێک لە بەدزهینی و دەمچەفتی ناوی زانستی دراوەتێ، هیدی هەرکەس تووخنی بکەوێ، ئابرووی پێ دەتکێ.

**پەلی چوارەم**

پۆپەی 01

مێ کیژە و دەبێتە دایک، درەنگ و زووهی وەرچەرخانەکە، شەقلی باری کۆمەڵاتی دیاری دەکات. کاتێک مێ لە سەروقهتی خۆیدا دەبێتە دایک، بارە زەمینیەکە لەگەڵ بارە زهینیەکە هاوسەنگ ڕادەوستێ و، دەبێتە هێکێک لە بنەڕەتەکانی ناوەندێتی دایک لە پێکهێنانی شاراستانێتدا. کیژان بە تایبەتمەند لە پێش کووڕانەوەن، چەند ساڵ زووتر تافی منداڵی دەرباز دەکەن و بالق دەبن، مەمک دەکەن و لە بۆ دایکێتی دەڕسکێن. ڕسکانی مێ لە جهێ گەرمەکان پێش دەکەوێ و، لە جهێ ساردەکان پاش دەکەوێ. لە کووردهەواری ناوەندی شارستانێتی دایکدا، کیژان لە چاردە ساڵانەوە ڕوو بە قۆناخی دایکێتین، تەنانەت زووتر لەوەش پێ گهیشتوون، لە دەستپێکی پەیدابوونێ و، لە توولی تەمەنی شارستانێتی دایکدا، کیژان لەم دەوروبەری تەمەنەدا دەربازی دایکێتی دەبوون، وەکوو شتێک ئەم بابەتی تەمەنە، هێشتاش هەوارەکە پاشماوەی زارەکی و زیندووی لێ

ماوەتەوە. هەمیشە بەربەخێرە مێ لە سەروقەتی خۆیدا ببێتە دایک، چوونکی لە هەرسێ باری تەندروستی و دەروونی و کۆمەڵاتیدا، لێکەوتەکانی ڕیشەهین. دایک لە تەمەنی سی ساڵاندا، کیژەزاکەی دیتوە، لە شەست ساڵانیدا کیژەزاکەی بۆتە نەنک، لە نۆهەد ساڵانیدا نەوەی شەشەمی بە دەوری خۆیەوە دیتون. ئەم هەلومەرجەی زاین، لێکەوتەی گەورەی کۆمەڵاتی هەیە و، بنەڕەتێکی لە شێوەگرتنی شارستانێتی دایک پێک هێناوە، لە ناو ئەو هەلومەرجەدا، خڕبوونەوەی دەوری دایک و دایە گەورە فەرەوان دەبێ و، ناوەندێتی دایک لە باری زەمینیدا چەسپاو دەکەن.

## پۆپەی 02

لە شارستانێتی دایکدا، هەرپۆلێک لە منداڵان دایکی خۆیان هەیە، لە هەمان کاتیشدا چەند دایکی دیکەیان لە ڕێی دایکیانەوە هەیە. لێرەڕا دەستەواژەی دایکی گەورە - هوودای گەورە لە زمانی هاخافتندا جهێی خۆی دەکاتەوە. ئەو دایکەی بە تەمەنترینە و دایکی دایکەکانە، بە "دایە گەورە"، بە "نەنە" جێناوی دراوەتێ. لە زماندا وشەکانی "نەنە، نانە، نەنک" بە واتای گەورە دێن، هاوکات وشەکانی "مەمە، مامە، مەمک"یش واتای گەورە دەگەهێنن. وشەی "مامە" ئەمڕۆش لە هەندێک شێوە هاخاوتنی کۆمەڵانی پەرش و بڵاوی بەشەریدا، جێناوێکە لە بۆ دایک و، بەم وشەیە ناوی دایک دهێنن. هاوکات وشەی "نەنە"ش جێناوی دایکی دایکە، لە کن کووردان و، لە ناو هەندێک کۆمەڵی دی، هێشتا وشەکە زیندووە و ها بە سەر زارانەوە. دایە گەورە دایکی دایکەکان و، دایکی هەموو منداڵەکانیانە بەبێ جوودایەزی، لە واتاهێکدا دایە گەورە کانیاوێکە جۆگەلە و لقە جۆگەلەی لێ بۆتەوە. زهینی بدەنێ و بە ڕوونی ببینن، وا لە هەردوو باری زهینی و زەمینیدا، هاوسەنگی ڕاگیردراوە، لە باری زەمینیدا پەرەستەندن و خڕبوونەوە بە دەوری دایک، لە ناو هەلومەرجی مهیری دایکێتیدا شێوەی هاتۆتێ، لە باری زهینیشدا، هەموو هێکێک بەندەی هوودای دایکە و، سەری خۆی داوەتێ. دایک هەرتەنەها کەسێک نیهە، بەڵکوو وێنەی هوودای دایکە لە سەر ڕووی زەمین، ئەمەش شکۆمەندێتی دایک و، بە تایبەتی شکۆی دایکی گەورە بێسنوور دەکات، بە جۆرێک دایک و هوودای دایک، دایە گەورە و هوودای گەورە لە دڵ و دەماخ و، لە دیتنی بەشەریدا تێکەڵ دەبنەوە، هەندێک وقەتیش وەکوو هێک زهینیان دراوەتێ. بە هوودابینینی دایک لە ناو بازنەی خێزانی و، ڕەگەزی دایک لە ناوی بازنەی مهیریدا، لادانێک نیهە لە ڕاستەڕێی بیروباوەڕیدا، بەڵکوو ئاوێتەبوون و ڕۆچوونە بە قووڵاهیدا، چوونکە هوودای مهیربان، هەروەکوو لە خۆر و خاکدا دەردەکەوێ، ئەوهاش لە ڕەگەزی دایکدا دەردەکەوێ.

## پۆپەی 03

لە شارستانێتی دایکدا، خێزان لە واتای دایک و منداڵ، بەرهەست دێ، بەبێ ئەوەی شێوەی تەنی لێ دەربکەوێ. ئەوەی بە شێوە دێ و دەردەکەوێ، تیرەی خانەوادەیە. خێزان لە دایک و منداڵ، ناوک و دەوری ناوک پێک دێ. لە باری خوودی و ڕەگەزیدا، خێزان سێ جۆری لێ پەیدا دەبێ، لە دایکی کچان، خێزانی دایک و کچ، لە دایکی کچان و کووڕان خێزانی دایک و کچ و کووڕ، لە دایکی کووڕان خێزانی دایک و کووڕ پێک دێ. جۆری هێکەم پێناسی"کچ - مهیر - مێ"، جۆری دووهەم پێناسی "دایک - مهیرهۆف - نێرەمووک"،جۆری سێهەم پێناسی کووڕ - هۆف - نێر هەڵدەگرێ. لە هەرسێ جۆریدا، خێزان هەرهێک بازنەیە. لە جۆری هێکەم و دووهەمیدا، خێزان بنەڕەتی پێکهاتنی تیرەی خانەوادەیە لە دوو شیوە و قەوارەی جوودا، بەڵام جۆری سێهەم نابێتە بنەڕەت و تیرەی لێ پێک ناهێ. پەرەستەندن بە سەرچاوە لە مێ ڕەوت دەگرێ، مێ نامووس و ناوکە، لە جۆری سێهەمدا منداڵانی دایک تەنەها کووڕن، ناوکێک لە بۆ پەرەستەندن لە گۆڕێ نیەه. خاڵە گرینگەکە ئەوەیە، جێدارنەبوون و شێوە لێ دەرنەکەوتنی خێزان، ڕێ لە سەرهەڵدانی جۆری هۆف و نێرانەی خێزان دەبەستێ و، هاوسەنگی بە هاردی دادهێنێ. ئەوەی بە شێوە دێ تیرەی خانەوادەیە، تیرە لە ناوەڕۆکدا دوو جۆرە و جۆری هۆفی نیەه. دایکی کچان بنەڕەتی تیرەی مهیرە و، دایکی کچان و کووڕان بنەڕەتی تیرەی مهیرهۆف پێک دهێنێ. ئەو خێزانانەی تەنەها کووڕن، ڕەوتی پەرەستەندن ناگرن، بەڵکوو هێکسەرە تێکەڵی خێزانی خووشکانی دایکیان دەبنەوە.

## پۆپەی 04

تیرەی خانەوادە لە هێک کشانێکە بە هەردوو باری ئاسۆهی و پانیدا، بنەڕەتەکەی لە سێ جۆر بازنەی خێزانی پێک دێ. بازنەی دایک، بازنەی کچ و بازنەی کچەزا، بازنەی دایک ناوکە، بازنەکانی کچان باری ئاسۆ فەرەوان دەکەن، بازنەکانی کچەزاکان باری پانی پێک دهێنن. ئەو سێ جۆرە بازنەیە لە ناو هێکدین و، توووند و توولانی بە هێکەوە گرێدراون. تیرەی خانەوادەگی لە دەستپێکێدا دانیشتووی هێک خانەن و، لە هێک هەشکەفتدا خڕبوونەتەوە. تیرەی خانەوادە لە میانی پەرستەندنی زایندا، نەسرەوتانە لە گەشەستەندن دایە و، قەبارەی جووداجۆری لێ دەردەکەوێ، هەتا لە خێزانەکان ژمارەی کیژان پتربن، قەبارەی خانەوادە گەورەترە، پاشانەکە لە بەر جێقەتی، بەرەدایکێک لە تیرەکە جوودا دەبنەوە و، دەبنە بنەڕەتی بە شێوەهاتنی تیرەی خانەوادەی نوێ. هەشکەوت ماڵە، ماڵێکی پارێزدراو لە بۆ خەوی شەوان و، لە

بۆ خۆپەنادان لە با و باران و، لە بەفر و سەرمای پاهیز و زمستانێ، کاتێک لە پەرەستەنددنی چەندێتیدا جێقەت دەبن، ناچارن هەندێکیان لەوانی دی بترازێن و بە دووی هەشکەوتی دیکەدا بگەڕێن.

## پۆپەی 05

پەرتبوون لە هەشکەفتێکەوە لە بۆ هەشکەفتان، دەرهاوێشتەی نشهوونمای ژمارەی خانەوادەیە. خانەوادە خڕبوونەوەی خزمخوونە لە هێک خانەدا، جا چ دایکێک، یان زیادتر بنەڕەتەکەی پێک بهێنێ. دایک چەند کیژی هەبێ، هەرهێکێک لەو کیژانە دەبنەوە بە بازنەی پەرەستەندی تیرەی خانەوادەگی، بێجگە لەو کیژانەی وقهتێک دەبنە دایک، تەنەها کووڕیان دەبێ. دایکی کووڕان بازنەی دەقدراوە و بازنەی دیکەی لێ ناکەوێتەوە. لە دەستپێکێدا دایکی بەشەرێت لە سێ دووانەدا چهار مێ و دوو نێری بە ژین هێناون، نە ئەو زەمانی و نە هیچ زەمانێک ژمارەی نێر لە پەرەستەندندا دەوری نیهە، دایک ناوەندە و پەرەستەندن لە ناوەندەوە بە دید دێ.

## پۆپەی 06

گەورە و گچکێتی هەشکەفت قەبارە بە بازنەی خانەوادە دەدات، تیرەی گەورەی خانەوادە و، تیرەی گچکەی خانەوادە، هەردووکیان گرێدراو بە ڕووبەر و قەوارەی هەشکەفتان بە شێوە هاتوون. قەوارەی هەشکەفتەکان جووداجۆرن، هەرئەمەش جیداوازی لە قەبارەی ئەودەمی خانەوادەکان نیشان دەدات. لێرەدا جووداهی لە چەندێتی، ڕووداوێکە لە ئاستی ڕووکەشدا، هەرگیز بە نێو تخووبی جۆرێتی ناکەوێ، جۆرێتی لە تین و، چەندێتی لە تەن کەوتۆتەوە، لەبەرهەندێ قەت گەورە و گچکێتی تیرە، کاریگەری لە سەر نامووس و، لە سەر شێوەی شارستانێتی دایک دانەناوە. ناوەندی شارستانێت کووردەهوارە، جهێی هەشکەفتان جوودان و، قەوارەی خانەوادەش جوودایە، بەڵام شارستانێت لە هەموو تایبەتمەندی و بنەڕەتەکانیدا هەرهێکێکە. بە هەمان شێوەش لە دەرەوەی ناوەند خێڵی گەورە و خێڵی گچکە پێک هاتوون، بەبێ ئەوەی جوودایەزی قەوارەیان لێکەوتەی لە سەر ناوەڕۆکی خێڵان هەبێ. لە بیرتان بێ، مادەم بنەڕەتی مهیرپەرستی و، بنەڕەتی هەموو شتێک تینە و، تین بێ قەوارە و بێ سنوورە، چ کات لە مهیرپەرستیدا، قەوارەی تەن نابێتە بنەمای گەوراتی بە سەر گچکاتیدا، چەندێتی واتایە لە قەوارەی تەن، جۆرێتی واتایە لە تین، لەبەرئەوە لە هەموو هەنگێکدا، جۆرێتی بە پێشهەنگ و بە سەرهەنگ دێ.

## پۆپەی 07

لە ناو خێزان - خانەوادەدا، دایک ناوەندە لە دایکاتیکردنیّ، هاوکات لە باری پانیدا کیژی گەورەی دایک بە ناوی"دادە"، لە باری ئاسۆهی پێکهاتەکەشدا خووشکی دایک بە ناوی"پوور" دایکێتی لە بۆ منداڵەکان دەکەن، سەرەڕای ئەوەش، بە هام دایکان لە بەرامبەر سەرجەم منداڵانی تیرەی خانەوادە، بەرپرسیارێتی دایکێتی بە جهیّ دهێنن. لە مردنی دایک، یان نەخۆشکەوتنیدا، پوور بە کردەوە جهێی دایک لە بۆ منداڵانی خووشکەکەی دەگرێتەوە، خووشکی گەورەش لە هەموو بار و زوورفێکدا دایکێتی لە بۆ خووشک و براکانی دەکات. ئەو دەمەی دایک بە هەزوور بووبیّ، خووشکی گەورە هاودەست و هاوباوەش لەگەڵ دایکیدا، خووشک و براکانی بە خێو کردوون و، گراناهی لە سەر شانی دایکی کەم کردۆتەوە، کاتێکیش دایک مردبیّ، خووشکی گەورە لەگەڵ پووریدا دایکێتی لە بۆ کردوون، لەبەرهەندیّ خووشکی گەورە وەکوو دایکی دووهەم بیندراوە و، خووشک و برا پیّ لە بەندی بوون. لە کۆمەڵی کووردهەواریدا هێشتا خووشکی گەورە بە "دادە" ناودەبردریّ. دادە ناوێکی دیکەی دایکە و، وقتهێک دەبێتە جێناو لە بۆ خووشکی گەورە، پایەی بە شکۆی ئەو لە ناو خێزان - خانەوادە ڕوون دەکاتەوە. پووری گەورە، وەکوو جێگرەوەی دایەگەورە پایەدارە و، بە شکۆوە زهینی دراوەتیّ. کیژە نۆبەرەی دایک لە نێو خووشک و براکانیدا، بە ناوی خووشکی گەورە، لە نێو منداڵانی خووشکەکانیشیدا بە ناوی پووری گەورە دایکێتی دەکات. منداڵەکان بە جهیّ پێی دایکیاندا دەڕۆن، ئەو دەمەی دایکەکانیان بە چاوی جێگرەوەی دایک لە خۆوشکی گەورەیان دەڕوانن، ئەوانیش بە چاوی جێگرەوەی دایە گەورە زهینی پووری گەورەیان دەدەن. پوور (پلک) لە پاش مردنی دایکدا، سێبوری و ئارامی بە دڵان دەبەخشیّ، منداڵان بە پووریانەوە بۆنی دایکیان دەکەن.

## پۆپەی 08

تیرەی خانەوادە لە هەردوو ئاستی ئاسۆهی و پانیدا، پیّ بە پێی پەرەستەندنە نەسرەوتانەکەی، بە شێوەی خۆڕسک بە ڕێکخستن دەبیّ. کرۆک لە ڕێکخستندا بە بازنبوونە، بازن لە دایک و منداڵ پێک دیّ. لە ڕێی خووشکاتیەوە بازنەکانی ئاسۆهی و، لە ڕێی دایکاتیەوە بازنەکانی پانی بە هێکەوە بەستدراون، چەند بازن بازنێکی گەورەتر پێک دهێنن و، ڕێکخستن لە سەر هەمان بنەمای دایکاتی بەردەوام دەکات. لە هەربازنێکدا دایکێک ڕێزان و ڕێنوێنیدەرە لە بۆ ئەوانی بە دەوریدا خڕبوونەتەوە و، ئەو دایکە بازنەکە هەڵدەسووڕێنیّ، بەڵام دەسهەڵاتی ستوونی لە گۆڕیّ نیهە، لە ئاستی

ئاسۆهیدا پوور و، لە ئاستی پانیدا نۆبەرەکیژ(خووشکی گەورە)، لە ئاستی بنەڕەتیشدا نەنە(دایە گەورە)هاوبەشێتی هەڵسووڕاندنەکە دەکەن. هیچ کاتێک جهێی دایک چۆڵ نابێ، ئەو دەمەی دایک بێ هەزوورە، نەنە، یان خووشکی گەورە، یان پوور جهێی وی پڕ دەکاتەوە و، بە دەوری دایکێتی هەڵدەستێ، بەمەش هەم کەموکوورتی نەهێڵدراوە، هەم چوونەتە ئەوپەڕی باشی لە هەڵسووڕاندنێ.

## پۆپەی 09

شارستانێتی دایک چ لە پێکهاتەی تیرەی خانەوادە، چ لە پێکهاتەکانی پاشتردا، کە بە شێوەی خێڵ و هۆز پێکهاتوون، بە فەرە بازنی و فەرە دایکی هەڵسووڕدراون. بازنەکانی شارستانێت هەمووی بە هێکەوە بەستدراون و، لە ناو هێکدین، ئەوی لە بازنێکدا دایکە، لە بازنێکی دی کچە، ئەوی لە بازنێک گوێی دراوەتێ، لە بازنێکی دی گوێی هەڵخستووە، بەمەش سەرجەمی بازنە خێزانیەکان هێکدی تەواو دەکەن و، هێز لە هێک بە دەست دهێنن. دایکی گەورە بە ئەزموون و تەمەنەکەی، لە پێش هەمووان دێ، ئەوەیە کردووتیە ساهێب تەگبیر و، ڕاوێژکاری گەورە لە ناو تیرەی خانەوادەگیدا، هەمووان پرس و ڕاوێژی لەگەڵدا دەکەن و، لە سامانی ئەزموونەکانی بەشی وەکوو هێک وەردەگرن.

## پۆپەی 10

تیرەی خانەوادە سێیە لە هێکێکدا، لە سێ تیرۆچکە پێک دێ، هێکێک لە دایکی کیژان بە بنەڕەت دێ، هێکێکیش لە دایکی کیژان و کوڕان. بەڵام دایکی کووڕان، یان ئەو دایکەی تاقانە کچی هەیە، تیرەی لێ پەیدا نابێ و، لە دەوری دایە گەورەیان دەمێننەوە، بەم چەشنە تیرۆچکەی سێهەم لە دەوری دایە گەورە شێوەی دهێتێ. لە قەوارە و چەندێتیدا تیرۆچکەکان جیداوازن، هێکەم تیرۆچکەی مێ، دووهەم تیرۆچکەی نێرە، سێهەم تیرۆچکەی دایکە و، لە دەوری ناوک دایە. تایبەتمەندی ناوک لە هی تیرۆچکەکانی مێ و نێر جوودایە، زاستی ڕاستیەقین و، زانستی ئەزموونکردنێ لە تیرۆچکەی دایک چربوونەتەوە، هاوکات بە پێی نامووس، ئەو تیرۆچکەیە چاوگەی شکۆمەندێتی پێک دهێنێ. بەڵام خۆ لە هێک جووداکردنەوە و، گەوراتیکردن بە سەر هێکدیدا نیهە، هەموو بە توووند و تۆڵی بە هێکەوە گرێدراون، هەرسێک تیرۆچکە هێک تیرە پێک دهێنن.

## پۆپەی 10

گەورە و گچکاتی لە پایەی کۆمەڵاتیدا نیهە و، جهێێ نادرهێتێ. دارستان پڕە لە دار و، شان بە شانی هێکدی دەژین، بەبێ ئەوەی درەختێکی بە قەدوقامەت، گەورێتی بکات بە سەر درەختێکی کەم باڵادا. لە شارستانێتی دایکدا، هەمووان لە واتاهێکدا هاوکووفن، هەمووان گرێدراو بە نامووس دەڕۆنە ڕێ، کەس فەرمانڕەوا نیهە بە سەر کەسەوە. گەورێتی دایک لە واتای گەورێتی ڕەنج و، زهەمەتیەکانی وەهەستۆێتی. دایک هەروەکوو خۆر، هەروەکوو خاک بە تایبەتمەند گەورەیە، قەتوقەت دایکێتیکردن هاوتا بە چەمکی دەسهەڵاتدارێتی نیهە. ئەو دەسهەڵاتەی ئەمڕۆ هەیە، لە سەر هێڵی هۆفێتی شێوەی هاتۆتێ، دایکاتی شتێکی دیکەیە، زهین و دەروونی دایک لە بنەڕەتەوە پاک و پەتین، بە تەواوی لە دەسهەڵاتخوازی خاڵین، چوونکوو دایک بێ مەرامە و، نایهەوێ سەرەکان بخاتە بندەستی خۆیەوە. دایک دەبەخشێ، چەمکی دایکاتی بەخشینە، بەڵام دەسهەڵات دەستێنێ، چەمکی دەسهەڵاتدارێتی ستاندنە. لە ڕاستیدا سەرتەپەکردن و، بە سەرداسەپاندن و، بە گشتە زەبروزەنگی دەروونی و بەدەنی، کردگەلی دەسهەڵاتخوازین، لە شێوازی دایکاتی بە دەرن. دایک چاوگە، سەروەری و دڵاوەری کە سەروەتی ڕاستیەقینی هەرکەسێکن، لە لایەن دایکانەوە دەبەخشدرێن.

## پۆپەی 12

هەموو هێکێک لە ناو خانەوادەدا، سەربەست و سەروەرە، کەس بە سەر کەسدا سالار نیهە. پایەی دایک و دادە و پوور، شێوەگرتنێکن لە بازنەی نامووس و، دەستهەڵات نین، ئەم سێهانە هەرهێکەیان لە ئاستێکدا دایکێتی دەکەن و، دایکێتیش تایبەتمەندیهەکە لە دەرەوەی دەستهەڵات، بەڵکوو لەگەڵ خۆیدا دەستهەڵات و دەستهەڵاتخوازی خەلاس دەکات. کچ و کووڕ لە بازنەی پرس و ڕاوێژ بە دایک هەڵسوکەوت دەکەن، وقتهێکیش دایک بێ هەزووربێ، ڕاوێژ لە بۆ لای دادە، یان لە بۆ لای پوور دەبەن. ڕاوێژ و ڕێنوێنی و پابەندێتی بە سێهانەی دایک، دادە، پوور بە واتای ناولێنان و سەپاندن نیهە، خۆبەخۆ لە ناو دۆخی هێکدی ویستیدا ڕەوت دەگرن و، مایەی فەرەوانی هەقڵ و، کەمکردنەوەی هەڵەن، بەمەش ئەوی پرس دەکات و، ئەوی پرسیان پێ کردووە، هەردووکیان خێریان دەگاتێ و، چاکەیان بەرامبەر بە خۆیان و بەرامبەر بە هێکدی کردووە، چوونکە بە پێی پێڕستی مهیر جوولاونەتەوە. فەرزە هەرکەس لە هوورد و درشتی هەڵسوکەوتکردنێ، گرێدراوی نامووس بێ، ئەوی وها نەکات و لە نامووس لارەمل بێ، خەتا و خراپەی گەورە دەخاتە تۆماری خۆیەوە، بەمەش پتر لە ملیاران ملیار ساڵ، خۆی دەخەنە دۆخی دۆڵزاخەوە.

## پۆپەی 13

مێ لە ناو خانەوادەدا بە هەرسێ کەسایەتی" دایک، دادە، پوور،" لە هەرسێ باری زهینی و زاری و زەمینیدا، ڕەنجکێشە. لە توولی تەمەنی شارستانێتی دایکدا، ئەرک و ماف لە ناو هێکدین، مێ بەبێ بیرکردنەوە لەوەی چ ئەرکە و چ ماف ڕەنج دەکێشێ، هەرئەم ڕەنچ و گەنجەی مێ بوو، بهێشتی شارستانێتی دەپاراست، ئەو بهێشتەی هوودای دایک لە کێوستانێ نەقشاندی و، بە جێهانێدا بڵاوی کردەوە. هەزار و هێندە ساڵ پێش دەرکەوتنی من، مهەمدی کووڕی هامینێ لە بیابانان بە خەڵکی گووت:"بهێشت لەبەرپێی دایکانە." لە هەموو ئەو ماوەیەدا، هێکێک هەڵنەکەوت بە کۆمەک لەو گۆزارە، هەنگاوێک بەرەو ناسینی دایک بهاوێ و، سەرەداوێک لەو ڕابردووە بزرە بدۆستێتەوە. هەرێ، ڕاستیەقین ئەوەیە، بهێشتێک لەگەڵ پەیدابوونی بەشەری لە ژێر پێی دایکاندا بە هاردی داهات، بهێشتیکیش لە سێهەم سووڕی زیندەگیدا، لە قیامەتی پاش مەرگدا بە گۆڕێ دەکەوێ. ئەو بهێشتەی ڕابردوو لە سەرزەمینی کووردهەواریدا شێوەی هاتێ، هەنەوکەش خەڵکەکەی ئەوێ هەوارەکەیان بە بهێشتی سەرڕووی زەمین ناو دەبەن، لە کاتێکدا خافڵن لە پێشین و، لەوان وهایە ناودێرکردنەکە گوزارشتدانێکە لە نازداری و دڵرفێنی ئەو ڕەنگینی و زەنگینەی، وا لە سرووشتی کووردهەواریدا بەرپایە. خەڵکی گوێ دەگرن، بەڵام تێ ناگەن، تەماشا دەکەن، بەڵام نابینن. پێشترێ کەسانێک هاتن و کرۆکێک لە پەیامی هەقیان هانی، ڕوونیان کردەوە بەشەر لە بهێشتێ چاوی بە زیندەگی هەڵهێناوە، پاشانەکە بە خراپەی خۆی ئەو بهێشتەی لە دەست داوە.

## پۆپەی 14

لە شارستانێتی پاک و پەتیدا، پەیمانی مێ لەگەڵ مێ و، پەیمانی مێ لەگەڵ نێر، پەیمانی تێر و تەواون. مێینەکان لە نێوان خۆیاندا هەروەکوو تێک هاڵاوی جۆرەکانی گیان، تێک هاڵاوی هێکدین، هاوکات لەگەڵ نێرینەکان بە وێنەی گیان و لەش بە هێکدیەوە پەیوەستن. خووشک سۆزێکی دایکانەی لە بۆ برای هەیە، سۆزێکی ڕەسەن و بە بنەما، هاودەم لە ئاستی گشتەدا مێ بەرامبەری نێر پڕ سۆزە، ڕوو بە مهیر هەڵیدەکێشێ و ناهێڵێ بەرەو هۆف دابکشێ. زهینی زمان بدەن، وشەکانی "سۆز، بەسۆز، سۆزان" بە تەنەها ناوی مێینەن. سۆزداری لە مێ هەرخۆی تایبەتمەندیهەکە زگماکیهە. لە هووردیلان و هەستێراندا، نێر هێکسەرە لە بەشی ڕاستی لەشی خووشکیەوە، بە شێوە دێ و جوودا دەبێتەوە. لە دایکانی ناوەندیشدا، کە دایکی بەشەری هێکێک لەو دایکانەیە، برا لە لەشی خووشکیەوە جوودا بۆتەوە. ڕاستیەکە

ئەوەیە، لە ناومنداڵدانی دایکی بەشەریدا، سەرەتا مێی بەشەر خوولقاوە، پاشانەکە نێر لە بنەڕەتە مێینەکە ترازاوە، لە کۆتاهیدا بە دووانەی خووشک و برا لە دایک بوون. سۆزی گەرمی خووشک لە بۆ برا و، مێ لە بۆ نێر، لەم بنەڕەتەوە هاتۆتە گۆڕێ و، بە شێوەی زگ بە زگ گواستدراوەتەوە.

## پۆپەی 15

لە هێکەمین خێزانی بەشەریدا، هەم بە قەسدی لەزەت وەرگرتنێ، هەم لە بۆ زگپڕی و منداڵبوونێ، مێ لەگەڵ نێر لە میانی پەیمانی هاوالاّ دایە. بەند و باوێک لە گۆڕێ نیەهە، هەمووان بە شێوەی مهیرگان جووت دەگرن و، کەس خاوەنداریێتی بە سەر لەشی کەسەوە ناکات. لەو زەمانی، هەمووان پاکن و، هەمووان مهیرین، هەموو هەبوونێک لە واتای گشتێتی دایە و، هەمووان بە تەواوی دڵ و دەروون و بە تەواوی دەماخیانەوە، پێی ڕازین، هووداى دایک هی گشتە، گشتیش هی هێکدین. خێزان بە نشهوونمای زاین دەبێتە خانەوادە، پاشان کە خانەوادەش پێکهاتەی فەراوانتری لێ دەکەوێتەوە، دیسان پەیمان و جووتگری بە نەزمی دەستپێکێ دەوامی دراوەتێ. ئەو هەلومەرجەی هەنگینێ لە هاخاوتنی کووردهەواریدا، شوێنەواری لێ ماوەتەوە، خەڵکی ئەو هەوارە هەتا هەنەوکەش کەسانی نەناس بە "بێگانە" ناودەبەن. وشەکە واتایە لە بێ "گان"ی و، لە زەمانی خۆیدا، بێگانە ئەوانەبوون کە لە دەرەوەی کۆبەندی دێهاتی دهاتن و، هاوبەش نەبوون لە گانکردنێ، بەڵام لە بازنەی ناوەوەی کۆبەندەکەدا، گان و هەموو شتێک بە هاوبەشێتی بوون. گۆزارێکی دیکەی باو و بەربڵاوی هەوارەکە ئەوەیە، لە وەسفی شۆخ و شەنگێتی ژندا گووت دراوە:" هێندە جوانە، برای خۆی هاشقی دەبێ." گۆزارەکە پەیمانی دێر لە نێوان خووشک و برا ڕوون دەکاتەوە، وەلێ تازەکی، هەتا هێک سەدە پێش دەرکەوتنی من، لە گەلێک جهێ لە جێهانێ، پەیمانی جووتگرتن و چێشگۆڕینەوەی خووشک و برا بەردەوامی دراوەتێ. لە جووت دورگەکەی "کوکوس" لە زەریای هیندی، لە دوورگەی "کادیال"ی نێزیک هالاسکا، لە نێو "کارایب و کارین" لە نیمچە دوورگەی هیند، لە ناو هەندێک لە خێڵانی سوورپێست لە ناوەندی دێرهەوار و، لە دوورگەکانی "هاوای" لە زەریای هێمن، لە چ تاقی ئەو شوێنانەدا، جووتگرتنی خووشک و برا هەتا دەورانی دواهی دەستی لێ بەرنەدرابوو، بەڵام لە شوێنانی دی لە جێهانێ، ئەم جۆرەی ئاوێزانبوونێ بە ڕێ نەدراو زاندراوە و، ڕەتیان کردۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پابەندبوون سنووردار بووە، هەمیشە خەڵکانێک بە دزیەوە چوونەتەوە سەر ڕێی پێشان و، ویستدراوە توولی بدەنێ. لە کۆتاهیدا ئەوانیش وەکوو باقی مهیرپەرستان لە بەین چوون، بەڵام پاکێتیانەوە بەرەو دۆخی بهێشتێ ڕۆیشتوون.

## پۆپەی 16

ڕاوەستن، بەو سەرە پیس و بۆگەنەی ڕۆژگاری تاریکیتان، هەڵسوکەوتی خەڵکە دڵ و دەروون پاک و، دەماخ دروستەکەی ڕۆژگاری ڕووناکی مەپێون. دەستی ڕەش بگاتە کووتاڵی سپی، بێشک ڕەش و پیسی دەکات. زەمانی خۆی، خەڵکی لە دڵپاکی و، خۆنەویستی و هێکدی ویستیدا، خۆیان و هەموو شتێکیان لەگەڵ هێک بەش دەکرد. کەس مێشکی بۆگەن نەبوو، کەس بە ویستی زووتێپەڕی شەهووەتبازانەوە، تووخنی کەس نەدەکەوت، کەس خوورتی لە کەس نەدەکرد و، کەس خۆی بە سەر کەسدا نەدەسەپاند. خەڵکینە، جوان سەرنجی بدەنێ، بهێڵن با ئەم گاتایانە زهینتان ڕوون بکەنەوە و، تێگهیشتنتان بدەنێ. هەنگۆ چ گەوجگەلێکن، ڕووناکی بە تاریکی بەرهوورد نیهە، تین بە تەن، مهیر بە هۆف، مێ بە نێر، دایک بە کووڕ، چ تاقیان ناچنە بەرهووردی ئەویدیکەوە. باشیش وهایە ڕەچەڵەکی خۆتان بە ڕەچەڵەکی دی بەرهوورد نەکەن، لە ناو کۆمەڵانی جووداجۆری گیانلەبەراندا، تایبەتمەندی ڕەچەڵەکی هەیە، بەشەر و هیچ جۆرێکی گیانلەبەران نە لە جووتگرتنێ و نە لە هیچ بارێکی دی، بە هێکدی مەچووێنن، هەرهێکە لە ڕەچەڵەکەکان تایبەتمەندن، ئەوی نەگۆڕە تەنەها ڕێسایە و زهینی هوودایە. بنۆڕنێ، پەرەستەندنی زاینی لە باڵنداندا، بە پێی پێداویستی مێینەیە لە کڕکەوتن و هێڵکەهەڵێناندا، لەبەرهەندێ مێ ماوەی کڕکەوتنەکە لەگەڵ نێرێکدا دەمێنێتەوە. لە نێو کۆمەڵی پەلەوەریدا، هەلومەرج جۆرێکی دیکەیە، بە نموونەی تێگهیشتن مریشک هێندە پیویستی بە کەلەشێر نیهە، لەبەرئەوە چەند مریشک بە هێک کەلەشێر دەیقەتێنن. بە هەمان شێوە گیانلەبەرانی شیردەر لە نموونەی بزن و مەڕ و مانگا، هێندە پێویستیان بە تەگە و بەران و کەڵ نیهە، مانگا وقتهێک بە کەڵ دێ، لەگەڵ بەهێزترین گاکاندا جووت دەبێ، پاشانەکە کاری بە گاگەل نیهە. جا کەس نەهێ بە ویستی گەوجانەی خۆی، تایبەتمەندی هێکێک لە ڕەچەڵەکەکان بە بنەما بگرێ و، بەشەری پێ بخافلێنێ. بەشەر نەباڵندەیە و نە پەلەوەر، نە مەڕومەڵاتە و نەڕەشەوڵاخ، بەشەر خۆێتی، ئەوەی بەشەری لە بەشەربوون دوور خستۆتەوە، هۆفیبوونە، بەشەر لە مهیریبووندا دەبێتەوە بە بوونەوەرێکی شکۆمەند و نازدار، بوونەوەرێک لە شۆخی و شیرینیدا بدرەوشێتەوە.

## پۆپەی 17

لە ناو خانەوادەدا مێ بە هەقڵ و، نێر بە لەش، دارا و بە دەورن، هەردووکیان بە هێکەوە هاوسەنگی پێک دهێنن، لە گشتەشدا شارستانێتی بەشەرێت ئەوها شێوەی هاتۆتێ. ئەم بە شێوەهاتنە هەڵقەکە لە هەڵقەکانی گەروودنێ و، لە سەرجەمی کۆمەڵانی

جووداجۆری ڕەچەڵەکیدا، مێ هەقڵە و نێر بەو هەقڵەوە گرێدراوە، مێ ناوکە و نێر لەو ناوکەوە خوولقاوە، هەرهێکەشیان لە جۆرێتی و چەندێتی تین و، لە دڵ و دەماخ و، لە پێکهاتەی قاڵب و قەوارەیانەوە، تایبەتمەندی ئەو ڕۆڵەن، کە فەرزە پێی هەڵبستن. ڕۆڵ دابەشکردنەکە بەشەرکرد نیهە، زهینی هووداى مهیربان کردووتی، ئەوی لە دژی ڕابوەستێ، خۆی لە دۆخی دۆڵزاخ دهاوێ. بهێشتی دەستپێکێ لەم ڕۆڵ دابەشبوونەوە بە زەوی داهات، بە گۆڕینی ئەم ڕۆڵ و ڕێسایەش لە پاشتردا، بەشەرێت خۆی لە دۆخی دۆڵزاخ هاوێشت.

## پۆپەی 18

لە بازنەی شارستانێتدا، هەمووان بە سەرچاوە لە هێک نامووس، لە هێک ڕێساگەلی گەردوونی، کە زهینێتی هووداى دایکە و، لە سەری دایکی بەشەری هاتبووە خوارێ، هەڵسوکەوتیان دەکرد، ڕێزانی و ڕێنوێنی بە سەرچاوە لەم زانستە ڕاستیەقینە و، بە کۆمەک لە زانستی ئەزموونی، ڕەوتیان درابووهێ، نە لە تاک و نە لە کۆمەڵ، ڕاڕاهی و خۆڕێتی لە گۆڕێ نەبوون، چوونکە بنەڕەتی شارستانێتی دایک لە سەر هێکێتی زهین و زار پێک هێندراوە. هەنەوکە و هەینێ نامووس نەگۆڕە، نامووس زانستی ڕاستیەقینی هوودایە و، هەلی دەمەقڕێ و مشتومڕی نەهێشتۆتەوە، پێش ئەوەی پرسیار لە ناو سەری بەشەریدا هەڵبۆقی و هەڵبتۆقێ، وەڵامی بنبڕ و پڕاوپڕ دراونەتەوە، بەمەش ڕێ لە هۆفێتی و لارەملی هەڵبەستدراوە. لەمڕۆوە هەروەکوو پێشترێ، فەرزە هەمووان بە تێکڕا، کۆک و تەبا پێ لە بەندی نامووس بقەتێن و، هیچ کارێکی بێ نامووسانەیان لێ نەوەشێتەوە.

## پۆپەی 19

شارستانێت لە هەشکەفتان لە دایک بوو، هەرلەوێندەرێش قەدوقیافەی پەیداکرد. هێکێک لە پایەکانی هوومری دەهان هەزار ساڵەی شارستانێتی دایک، پەروەردە و فێرکردن بوون بە نەزمی سرووشتی و، لە سەر بنەمای زانستی ڕاستیەقین و زانستی ئەزموونی، لە ناو کەشێکی ئەویندارانەی پەتی. خەڵکینە دوو شت لە هێکدی جوودا بکەنەوە، خووندنی زارەکی و خووندنی دەستەکی، هێکەمیان سەرچاوە لە نامووس دەگرێ و، زهینی هووداى دایک لەگەڵ پەیدابوونێ ڕەوتی داوەتێ، دووهەمەکە کرداری تازەی بەشەرکردە، نوسینی پیت و هێمایە لە سەر تەن و، پشت بە "دەست و خەت" دەبەستێ. خووندنی دەستەکی بە واتای نوسین لە سەر بەرد و تاتەی قووڕین،

خووندنی مادەگەرایە، شتێکە لە مێژووی بەشەریدا زۆر تازەیە، لە کاتێکدا خووندنی زارەکی هاوکاتی لە دایکبوونی بەشەرێت گوێچکەی دراوەتێ. هێکەمین گووتاوخانە(قووتابخانە) لە مێژووی بەشەرێتدا، ئەو هێکەمین هەشکەوتەی زاگرۆزە، ئەوەی لە کێوستانی کووردهەواریدا، دایکی بەشەری تێی خزاوە. جا بڕۆننێ، وشەی قووتابخانە لە زمانی زگماکدا، گوزارشتدانە لە خانەی گووتن، نەک نوسین. خڕبوونەوە بە دەوری ئاگردان و، قسەوباسی دایە گەورە لە بۆ گوویگرانی گەورە و گچک، شێوەگرتنی ڕسک و ڕەسەنی قووتابخانەیە. دایە نەنە لە میانی باس و خواس و هەقایەتەکانیەوە، ڕێنوێنی و ئەزموونی داونەتێ و، ڕوو بە ژینی بهێشتی ئاراستەی کردوون. نیو سەدە پێشی دەرکەوتنی من، هەقایەتی بەرئاگردان و خڕبوونەوە بە دەوری دایک، هێشتا نەریتێک بوو کۆمەڵی کووردهەواری توولی دابووهێ، لە ڕاستیدا دایکانی ئەو هەوارە، قەت دەستبەرداری سیمای شارستانی خۆیان نەبوون، لە هاخیرین دەورانی زەمانەش، گەلێک سەرەداویان لە مشتی خۆیاندا هێشتبوونەوە. دایکان لەو هەوڵەیان ئەگەر ناکامیش بوون، هەرخێریان گەیشتۆتێ. یەقین بن نیەتی باش هەمیشە فایدەی هەیە، چاکەهێکە دەچێتە تۆمارتانەوە.

## پۆپەی 20

شارستانێتی دایک شارستانێتی مهیرە، کیژۆڵەهێک ڕەچاوکەن و، لە ئەودا خەسڵەت و سیمای شارستانێتەکە ببینن، سادە و ڕووناک، شۆخ و شیرین، خاوێن و پەتی، هەجوول و سەرنجڕاکێش، خێرا دەچێتە بەردڵان و هەموویان خۆشیان دەوێ. شارستانێتی دایک لە واتای قووڵدا، بە جەسدەبوونی هوودایە لە مێ و منداڵدا، بەبێ ئەوەی هیچ نێرێک گازندەی لە بەشی خۆی هەبێ، چوونکە ئەو نێرەی پێڕست بە مهیرە، لە ناوەوە ڕووناک بۆتەوە و، دەروون پاک و بە دەماخە، نێرێکە مێرخاس و جوانمێرە، قەت چ خەسڵەتێکی لەو نێرە تاریکەی هاخیری زەماندا نابیندرێ. لە زەمانی خۆی، مێ مهیربوون و، نێرەکان خۆیان دابوو بە دەستی مهیرەوە. هەقڵ و ئەزموون بنەما بوون، ئەوانی بە تەمەنترن بە ئەزموونترن و، ڕێنوێنی دەدەنە ئەوانیدی، ئەوانی هاقڵترن بە تەگبیرترن و بەرچاوی ئەوانیدی ڕۆشن دەکەنەوە، بەبێ ئەوەی چ کەس بە هەقڵەکەی بنازێ، یان بە ئەزموونەکەی، خۆی بە سەر ئەوانیدی بابدات و منەت بکات. لە هێک بازندا، هەمووان هەستوونگی پشت قایمی و، هێزی دڵ و دەروونی هێکدی بوون و، بهێشتی سەرزەمین لە هامێزی گرتبوون. گرینگە تێبگەن، هەروەکوو پێشینان تێگەیشتبوون، گرینگە سەری دەقدراوتان بکەنەوە، تین کردنەوەیە، مێ کردنەوەیە، زیندەگی کردنەوەیە.

## پۆپەی 21

لە بازنەی شارستانێتدا، هەموو شتێک لە سەر هێڵی سرووشتی خۆێتی و، بە ناموس هەڵدەسووڕێ، زانستی ڕاستیەقین شێوەی بە زهین داوە و، باوەڕی پتەو هەستونگێتی، ئەمەش وها دەکات، کەس لە هیچی کەم نەبێ، چوونکە ژینی بێ کەم و کوورتی لە زەمیندا، بەرهەمی زهینی بێ کەم و کووڕە لە ناو سەردا. لەو وقهتیدا، ڕێسای هوودا و ڕێکخستنی دایکێتی، هەلومەرجێکی شارستانی وهای بە زەوی داهێناوە، کەس تیایدا دەقەزار و وەڕس نیهە، هەرکەس بە پڕاوپڕی ڕووناکە، شاد و خۆشگوزەران ڕۆژ و شەوی دەقەتێنێ. لە هاخیرین سەدەکانی تاریکیدا، گەلێک ڕەوتی گەوجێتی بە ناوی خوورافاتی زانستەوە هاتوونەتە مەیدانێ، هەرهێکەیان لە خۆیان وهایە زانستێکن و، خەریکن لە بەشەر و دەوروبەرەکەی دەکۆڵنەوە، هێک بە ناوی کۆمەڵناسی، هێکی دی بە ناوی دەروونناسی و، پەلوپۆشیان لێ جوودا کردوونەتەوە. هاخر گەوجینە، هەنگۆ خۆ نازانن کۆمەڵ لە شێوە ڕاستیەقینەکەدا چ قاڵبێکی هەیە، خۆ نازانن ڕەوتی دەروون لە بەشەردا، سەرچاوە لە چ دەگرێ و بە چ تێک دەچێ، ئێوە هەرنازانن زانست و ناسین چیهە، بەڕاستی ئێوە هەرهیچ نازانن. واز لە هەلەق و بەلەقی بهێنن، ڕۆژی ڕووناکبوونەوەیە، وەرن ببینن قۆمەتانی بەشەری، پێشان بە چ لۆنێک و بە چ نەزمێک شیاون، ببینن چ دەروون و دەماخێکیان هەبوو، هەنگێ دەرک بەبێ دەماخی و دەروون تاریکی خۆتان دەکەن.

## پۆپەی 22

لە شارستانێتی دایکدا، هەمووان کەسوکاری هێکدین، هەموو هێکێک لە پاڵ دایکی خۆیدا، کۆمەڵێک دایکی دی و، لە پاڵ خووشکەکانی خۆیدا کۆمەڵێک خووشکی دی و، لە پاڵ براکانی خۆیدا کۆمەڵێک برای دیکەی هەنە. ئەوی لە دایکی خۆیدا خووشک، یان برای نەبێ، لە دایکەکانی دیکەیدا هەێتی. کەسوکارێتی لە قووڵاهیدا، هەلومەرجێکە هەم هێزی هەقڵی داونەتێ، هەم دەروون و دڵەکانی دامستدراو کردوون و، زەبری مردنیی بە هەندازێکی زۆر لە سەر کەم کردوونەتەوە، لەبەرهەندێ مردنی دایک، خووشک، یان برا هەستی بێکەسی بە دەروونیدا ناهێنێ، خەمێکە بە کۆمەک لە مهیر و، لەو هەموو کەسەی بە دەورەوەن، هاسان تێدەپەڕێندرێ. گووت دراوە: کەس جهێی دایک ناگرێتەوە. گووتنەکە ڕاست و بە جهێ هە، وەلێ نەکەونە هەڵەتەوە، دایک بەس ئەو ژنە نیهە، وا بە دوونیای هێناون، پێشەوی و پێش مێینەی هەرڕەچەڵەکێک، هوودا دایکە، تاقە دایکی هەردەمی و نەمرە. ئەوە هوودایە لە ڕەگەزی دایکدا بە جەستە دەبێ و، سۆز و ڕهەمی هەیە، هەقڵ و هەقوومەتی هەیە.

باش دایک بناسن، هەروەکوو پێشینان ناسیویانە، بەم ناسینە ڕێی زیندەگیتان ڕووناک دەبێتەوە، بەم ناسینە دەرووی باخاتی بهێشتتان بە ڕوودا دەبێتەوە، هوودا بناسن و پێ لە بەندی دایکاتی هەڵسووڕێن.

## پۆپەی 23

لە شارستانێتدا بە هێکەوەن و هەرەوزن، لە مردنیش جوودا نابنەوە و، چەند کەسی خێزانێک بە هێکڕا لە گۆڕێکدا دەنێشتدرێن. گۆڕ هەرمشتێک خاک و خۆڵ نیهە، دەرکێکیشە پێیدا دەچنە سووڕێکی دیکەی زیندەگی و، بە تەمانە لەوێندەرێش دۆست و دڵاوەری هێک بن. شکی تێێدا نیهە، ئەوانەی ڕۆژێکیان بە هێکەوە خۆش لێ قەتابێ، مەیل دەکەن ڕۆژانی دیش بە هێکەوە بقەتێنن. بە هێکەوەبوونی چەند کەسی خێزانێک لە ناو گۆڕێکدا، هەڵکەندنی گۆڕی خزمان لە تەک هێکدا، نیشانەی ئەوەن لەم سووڕەی زیندەگیدا، بە دڵ و دەماخ لەگەڵ هێکدی بوون و، لە بە هێکەوەبووندا خۆشیان لێ گوزەراوە. مردووان هەست بە هێک و، هەست بەوانەش دەکەن کە هێشتا نەمردوون، بەڵام هەندازەی هەستکردنەکە بە هەندازەی نێزیکبوونیان لە هێک دەگۆڕێ. ئەو مردووانەی لە گۆڕێکدان، یان گۆڕەکانیان بە تەک هێکەوەن، لە پلەی هەرەبەرزی هەستکردن بە هێکدیدان، چەندێکیش گۆڕەکان لە هێک دووربن، هەست بە هێککردنەکە دوور دەکەوێتەوە. هەستکردنی مردوو بەوانەی لە سەر زەویشن، بە ڕادەی مەودای نێوان مردوو لەگەڵ زیندوو دەگۆڕێ، لەبەرئەوەیە توولاوتوولی دەورانی زەمان، خەڵکی چوونەتە سەرقەبران و، سەردانی مردووەکانیان کردوون. لەم سەردانەدا هەم سێبووری بە دڵ و دەروونی زیندوودا دێ، هەمیش مردوو بەوەی لە نێزیکەوە دەیبینێ، هەستی خۆشیکردنێی پێ دەکەوێ. پێشینان ئەوەیان باش دەزانی، لەبەر هەندێ مردووەکانیان لە هێک گۆڕستاندا ناشتوون و، چەند کەسی خێزانێکیش لە هێک گۆڕ بە هێکەوە نێشدراون. ئەوەتانێ شوێنەواری دێرینی چەند دانەی ئەو گۆڕانە، لە هەشکەفتەکانی کووردهەواریدا دیت دراونەتەوە، تازەکیانەش ئەو گۆڕە خێزانیانە لە سەر زەمینی فەرەنگی و لە شوێنی دیش هەنە، تەنانەت هەتا سەدەکانی دواهیش، نەریتی ناشتنی چەند کەسی خێزانێک لە گۆڕێکدا، هەردەوامی دراوەتێ. ئێستاکێش دایک و منداڵ و خزمانی خوون لە گۆڕی جوودا، وەلێ لە کەناری هێک دەنێشتدرێن، خێڵ و خزمانیش دارای گۆڕستانی تایبەت بە خۆیانن. بە هووردی زهینیان بدەنێ، ئەو گۆڕە خڕ و خێزانیانە، واتای قووڵ دەدەنەوە، هێمان لە ڕەتکردنەوەی تەنەها و تاکێتی لە بازنەی شارستانیدا، هێماشن لە بە هێکەوەبوون و دەست لە هێک بەرنەدان. خۆ دەبینن ئەو کاتی کوو بووە و هەنوکە کووە! ئەو دەمەی

لە سەر ڕووی خاک ترازان و دوورکەوتنەوە ڕوودەدات و، لە هێک دادەبڕدرێن، لە ژێر ڕووی خاکیش لە هێکدی جوودایان کردوونەتەوە، هەرهێکە بە جوودا دەیانخەنە گۆڕێکی لاکێشی تایبەتەوە. گۆڕانی شێوەی خڕ بە لاکێش و، گشت بە تایبەت لە خەسڵەت و خووی شارستانێتی دایک بە دەرن، دروست وهایە گۆڕ خڕبن و چەند کەسی خێزانێک لە قەبرێکدا بنێشن.

## پۆپەی 24

ژینی پاش مەرگ بەشێکە لە بیری ڕاستیەقین و، خەڵکی لە شارستانێتی دایکدا، باوەڕیان پێی پتەو بوو، هاخر ئەوان هووداناس بوون. ناسینی تین، خوودێتی هوودای دایک، بناخی ناسینی مەرگ و، هەموو زانینێک پێک دهێنێ. زانستی ڕاستیەقین و، لە میانیدا ناسینی مردن، بە تێروپڕی خێر و خۆشی لە بۆ بەشەری هێناوە و، بهێشتێکی لە سەر زەمین داونەتێ، هاوکات بناخەی بهێشتی پاشەڕۆژیانی پێکهێناوە. بەشەری ئەودەمی زانابوون، بە دروستی زانینیان زیندەگی سێ سووڕە، سووڕی هێکەم ئەم ژینەیە و تەنەها قیچێکە، بەڕاستهیش هەرهەندەی چاوتروکانێکە لە چاو دوو سووڕەکەی دی، چوونکە ژینی تێر و توولکێش سووڕی دووهەم و سێهەم پێکی دهێنن، ئەمەی ئێستاکێ وەکوو دڵۆپێک وهایە لە شەستە بارانێ. هەنەوکەش وەکوو هەنگێ تەنەها هووداناسین بە کەڵکی بەشەری دێ و، خێری دەداتێ. کاتێک هوودا نەناسن، هەربەرماڵ داخەن و سەر لە سووجدە بەرز مەکەنەوە، فایدەی ناوکە هەنجیرێکی نیهە. هەرشتێک لێکەوتێکی هەیە، ساردی لێکەوتەی سەهۆڵە، نەشیاوە گازندە لە سەهۆڵ بکەن لە سەر تینە ساردەکەی. گەرمی لێکەوتەی ئاگرە، نەشیاوە گازندەتان لە ئاگر هەبێ، کە بۆچی گەرمە. ئەگەر دڵ بە سکالای ئەوەن لەبەرچی لەوەوپێش ئەم ڕاستیانەتان نەزانیون، لۆمەی خۆتان بکەن، چوونکە هوودای مهیربان هەمیشە لێتان نێزیک بووە، بە دوورکەوتنەوە لە هوودا کەوتوونەتە جاهەلی و نەزانینەوە، ئەوە لێکەوتەیە. هوودای دایک لە دەستپێکی پەیدابوونێ، زانست و زانینی ڕوون و بێخەوشی دابوونێ، بەشەر خۆی لارەملی و بێ ناموسی کرد، پاشەوەش هوودا لە سیمای هەرشتدا، ڕێنوێنی داونەتێ ڕوو لە خێر و پشت لە شەڕبن، ڕێنوێنی داونەتێ مهیر بنوینن و، باشی و خۆشی بە زەویدا بڵاوبکەنەوە، پاش هەموو ئەوانەش وا ئەم هاخیرین جارە، کاکڵێکی بێ کەم و کەسەری داونەتێ، هیدی هاقڵ بن و پابەندی بکەن، وها بزانن لە بیابانێ کانیاو هەڵقووڵاوە، لە ڕەوەزان گوڵە گەنمی گووپن ڕواوە، وها بزانن ساڵی دوو بهارە، بەخت هێناوتی و باشترینتان پێ بڕاوە.

## پەلی پێنجەم

پۆپەی 01

جێهانی شارستانێتی دایک لە خۆرمیانێ بە شێوە هات، پاشانەکە جێهان فەراوان دەبێ و، هەرچهار لای ڕووی زەمین دادەگرێ. بەشەرێت لە پەیدابوونیەوە هەتا ئەوڕۆکە، سێ چەرخی گوزەرداوە. بە چەرخی مهیری دەستی داوەتێ، پاشان پێی داناوەتە ناو چەرخی مهیرهۆفی، دواجاریش چەرخی هۆفی هاتۆتە گۆڕێ و، وا ئەمڕۆش هاخیری زەمانە و، ئەو چەرخەش کۆتاهی پێ دێ. چەرخی مهیری بە دەهان هەزار ساڵ توولی کێشداوە، چەرخێکە بەشی هەرەزۆری مێژووی بەشەرێت پێک دهێنێ. لەو چەرخەدا، قۆمەتانی بەشەری لە هەرجهێی جێهانێ بوون، بە پڕاوپڕی مهیری بوون، بوونەوەرانێک بوون هێمن و پاکژ، لەگەڵ خۆیان و لەگەڵ ئەوانیدی، سادە و سازگار جووڵاونەتەوە. لە کەلامی پەیامبەرانی هەقگۆدا، ئەو قۆناخەی بەشەرێت بە بهێشت ناوی دراوەتێ. ناولێنانەکە دروستە، ئەوەتانێ وا ناموس لە هەردوو باری زهینی و زەمینیدا، بهێشتەکە ساخ دەکاتەوە.

پۆپەی 02

لە چەرخی مهیریدا، بەشەرێت نیازپاک بوون بەرامبەر بە هاژەڵان، هاژەلانیش هێندە زەفەریان بە بەشەری نەدەبرد، هەردوولا لە هێک نێزیک دەبوونەوە و، تین و سۆزیان بە هێکدی دەدا. هەردوولا دروست ڕەفتار بوون و، لە بازنەی ناموس دەجووڵانەوە، بە نیگا هێکدیان دەدواند و، بە دیدەنی هێک دڵخۆش دەبوون. هاژەڵانی هەنەوکە و ئەوانی هەینێ، وەکوو هێکدی نین، لێکەوتەی کردگەلی هۆفیانەی بە

شەرێت لە سەر گیانلەبەراندا، کرۆکی هاژەڵانی خراو کرد. گیاندارانی گەورە و گچکە لە بەشەرێت دەترسێن و لەبەری هەڵدێن، بە دڕندەی دەبینن و، دەزانن پیسترین هۆف لە دوونیاهێ چۆتە بەشەرەوە. ئەوان بە هۆش و هەستن، نەوە بە نەوە لە زگ و زاری دایکانیانەوە، ڕێنوێنیان دراوەتێ تووخنی بەشەری نەکەون و، لە هەرجهێ دەرکەوت لێی هەڵبێن و، خۆیانی لە دەست دەرباز بکەن، چوونکە بەشەر چیدی بوونەوەرە مهیرەکەی ڕۆژگاری ڕووناکی نیهە، هۆفیکە لەوپەڕی دزێوی و دڕندەبووندا، دەکووشێ و دەبڕێ و، دەست لە هیچ ناپارێزێ. سەرەڕای ئەوەش شەپۆڵەکانی زهینی بەد و، چاوی بەد و، زاری بەد و، ڕەوتاری بە دی بەشەری، گەلێک بە خراپی کاریگەری لە سەر گیاندارانی دیکە داناوە. هاوکات لێکەوتەی شەپۆڵەکانی ئەو تەن و تووخمانەی لە زەوی دەرهێندراون، هەندەی دی پێکهاتەی گیانلەبەرانی جووداجۆری کاول کردوون. گیانداران ناهەق نین لە بەشەر دەترسێن، ئەو بەشەرەی ئەمڕۆ تاریکە، ئەوی جاران ڕووناک بوو، هێندە ڕووناک و ڕەنگین، تەنانەت کە گیانداری هۆفیش هێرشی لە بۆ هێناون، تەنەها هەوڵیانداوە پاسیان بکەن و، لە خۆیان دووریان بخەنەوە، بەبێ ئەوەی بیانهەوێ بیانکووشن. ئەوە نەریتێکە، لە بیری ڕاستیەقین هاتۆتە دەرێ، نیو سەدە لەمەوپێش ئەو نەریتە لە کن زۆربەی دایکان کووردهەواری، پابەندی دروست دەکرد، کووشتی مار و مشکیش ئەگەر ناچار نەبووبن، بە پەسەند نەزاندراوە. لە لاهێکی دی، لە ناو پێست سوورەکانی دێرهەوار، گۆشت بە کەمی دەمی لە بۆ بردراوە، هەتاوەکوو ناچارنەبووبن هاژەڵانیان نەکوشتوون. ڕاستیەهکە ئەوەیە، بەشەر بە درەنگ وقهت و، لە هەلومەرجێکی ناچاریدا دەستی بە هاژەڵ کووشتن و خواردنی گۆشتەکەی کرد، بەمەش سووڕی هێکەمی شارستانێتی دایک پێچ درایەوە و، سووڕی دووهەمی دەستی پێکرد.

## پۆپەی 03

دایکە زەوی لە ڕەوەندی خۆیدا، گەلێک هاتونەهاتی ئاو و هەوای بە خۆوە دیوە، سەرزەمینی ئەم جێهانە بە چەندان سەردەمی سەرمای سەخت و سەهۆڵیندا تێپەڕی، لە هەرهێکە لەو سەردەمانە، بە هۆی گۆڕانی پێکهاتوو لە کەشوهەوا، هەلومەرجی نوێ هاتۆتە گۆڕێ. بەڵام تەنەها هێکێک لە سووڕەکانی سەهۆڵین کەوتۆتە پاش پەیدابوونی بەشەرێتەوە، هەرئەویش وەرچەرخانێکی بنەڕەتی لە پێکهاتەی بەشەری و، ژینی بەشەرێتدا پێکهێناوە. وێنەکە وهالەیە، سووڕێکی سەختی سەهۆڵین دەستی پێکرد و، قاتی و قڕی هاتە گۆڕێ، داری میوەکان بەرگەیان نەگرت و، زۆریان لە بەین چوون، ڕوەکەکان چیدی نەیاندەتوانی بە هاسانی لە ژێر خاک سەر دەربهێنن، ڕسقی بەشەرێت

به تەواوی لە کوورتی دا، بە جۆرێک ڕەگەزە خۆراکیەکەی بەشی نەدەکرد، بە تایبەتی لە وەرزەکانی پاهیز و زمستانێ، خراپ بێ هاڵ بوو، ئەوەش وهای لێکرد بە ناچاری داروبەردی چنگی لە هاژەڵان بوەشێنێ، وەشاندنێک بە قەسدی کووشتن و، پەیداکردنی پێخۆرێکی جێگرەوە. تێپەڕاندنی پاهیز و زمستانی ساڵانێکی هووشک و سارد، هەروا هاسان نەبوو، ئەوان بە دەستپێکردنی ڕاو و، خواردنی گۆشتی هاژەڵان، خۆیان قووتار کردووە و، توانیتیان لە قڕتێکەوتن دەرباز بن و، بگەنەوە بە وەرزەکانی بهار و هاوینێ. شارستانێتی دایک سێ سووڕە، سووڕی هێکەمی بە دەهان هەزار ساڵ توولی کێشداوە و، بەشەرێت لە چەنینی سەوزەمەنی و، ڕنینی میوەکانەوە ڕسقی خۆی بە دەست هێناوە، بەبێ ئەوەی دەمی لە بۆ خواردنی گۆشتی زیندەوەرانی جوولاو بردبێ. بە هام لە نێو بەشەرێتدا، گۆشتخۆری ڕووداوێکە بە درەنگ دەستی دراوەتێ و، ڕابردووی دووری نیەه، ڕاوچێتی و ڕامکردنی هاژەڵان، هێک بە دووی هێکەوەن و، دەرهاوێشتەی هێک قۆناخی مێژوون.

## پۆپەی 04

درەنگ و زوو لە زەمەندا، بنەڕەتی واتا دەگۆڕێ، بە زهین کۆری و دەمچەفتی گووتدراوە: بەشەر لە هەوەڵەوە، بە تەک خواردنی میوە و سەوزەکانەوە، گۆشتی خواردووە و، لە ڕێی ڕاوکردنێ، سەرچاوەی خۆراکی خۆی پێکهێناوە. لە ڕاستیدا گەوجگەلێکی خۆ بە زاناناس، چەرخەکانیان قاڵپ کردوونەتەوە، دیسان قلّپبوونەوەی گۆزەیە و ترپاتی تەڕی تێیدا نەماوە. ئەو هێڕوهووڕانە نە زانست دەناسن و، نە دێری بەشەرێت، هاتوونە بە زهینی کۆریانەوە لە پارچەبەرد و، لە هێسک و پرووسکی دیتدراوەی ناو هەشکەفتان هالاون و، لە خۆیان وهایە هێسکەکانی ئەو هاژەڵانەی لە جهێ و بنلینگانی هەشکەفتان دیتویانەتەوە، شوێنەواری پاشماوەی خۆراکی بەشەرن، لەتەبەردەکانیش ئامرازی ئەو کارەن. گەوجگەل بە ویستی واتالێکدانەوە و وێنەکێشانێک لە قەدیمی زمان، هاتوون هێسک و پریسک و لەتەبەردیان بە پێوان گرتوون، ئەوجا ڕوو قایمانە ئەوهایان جاڕیان لێداوە، گوایە بەشەر هەر لە پەیدابوونیەوە دەستی داوەتە هاژەڵکووشتنێ. لە ڕاستیدا هیچ ژنێکی دەشتەکی، سەرگینی تەڕ لە پاشۆڵان ناکات، لێ دەگەڕێ کزربێ، پاشانەکە دەی هاخنێتە بەرانپیلێ و، دەیباتەوە ناندینی ماڵێ، کەچی ئەو مشتە گەوجەی لە پەنای ناوی زانستی شوێنەوار و مێژووەوە گرمۆڵەن، پووچی و پۆخڵەواتە تەڕ و تووشەکانیان، کە بەهای سەرگینێکی نیەه، وەکوو ئەنجامی پاک و پەتی هاخنیوەتە سەرانەوە، خەڵکەکەش هێندە کاڵفام و سادەن، سەرگین داپەستن بە گەوویاندا، دەڵێن: ئەو بۆنە ناخۆشە چیەه دێ.

## پۆپەی 05

هەیرانی دەوێ، های هوو، های هوو لەو زانست و زانا گەلە! هاخر کەینێ بەشەر لە پەیدابوونیەوە گۆشتخۆربوون؟ بە هەزاران سەروکۆتەڵ دەرەقەتی واتالێکدانەوەی مشتێک هێسک و پرووسک و، چەند لەتەبەردێک ناهێن، کەچی بە ناوی زانستەوە دهێنە مەیدانێ و، خۆیانی پێ بادەدەن. هێ، خۆ دەبوو پێشەوەی تۆمەتێکی ئەوها هابڕووبەرانە وەهەستۆی پێشینان بخەن، زهینێکتان لە گیانلەبەرانی دی بدابا: پشیلە لە جهێی نوستنەکەی پاشەڕۆ بەجهێ ناهێڵێ و، لە ناو هێسک و پرووسکیش ناخەوێ، باڵندەکان هێلانە بە خاوێنی و پتەوی ڕادەگرن، مێرووولەکان لە خاکی پاک کوون هەڵدەکەنن و، ناهێڵن پۆخڵەواتی تێ بچێ، هاخر مەگەر دەگونجێ بەشەر هێندە هووڕ و بەدهۆش بووبێ، بێ لە جهێ و بنلینگانی خۆی و، لە ناو هەشکەوتێ، کە ماڵی مانەوە و جهێی نووستنێتی، پاشماوەی هاژەڵی خووردراو فڕێ بدات؟ ئەوە لەولا بوەستێ، کە بەشەر هەینێ هەر گۆشتخۆر نەبوون، زۆر درەنگتر دەمیان لە گۆشت داوە، سەرەڕای ئەوەش واتالێکدانەوەکە بە تەواوی بێ سەروبەرە، هی ئەوەیە پێی پێبکەنن و، قەشمەریتان پێی بێ.

.

## پۆپەی 06

نە هێسک و پرووسکە دۆستدراوەکان پەشماوەی خواردنی بەشەرن، نە لەتەبەردە بە ڕوواڵەت داتراشدراوەکان ئامرازی ڕاو و، کەرستەی هووردکردنی گۆشتن. گەمەی دێریینناسی لە تام دەرچووە، کەڕووکیفی هەڵهێناوە. لە هێک سەدەی ڕابردوودا، دەهان سەبەتە لەتەبەردی شێوە چەشناوچەشنیان لە ناوچەی جوودا جوودای جێهانێ، بە تاییەتی لە مەفتەنی قووڵەڕەشەکان کۆکردۆتەوە، پاشان بە ناوی تەور، تەورداس، کێرد، درێشە، چەقۆ و ئامرازی دی پۆلێنیان کردوون و، مێژووی بەشێکیشیان دەگێڕنەوە لە بۆ پێش هێک ملیۆن ساڵ! دەک قووڕ بەو هەقڵەتان کە هەتانە! سەرلەبەری کارەکە و واتالێکدانەوەکە، پووچ و هەڵەیە. نە مێژووی بەشەر هێندە دێرە، نە ئەو بەردانەی دیتویانەتەوە ئامرازن. بەردتراشین و ئامرازسازی لەگەڵ سووڕی سەهۆڵین و گۆشتخۆریدا پەرەی دراوەتێ، پێشترێ بەشەر هەندە پێداویستی پێ نەبوون، هەتا ملی بداتە بەرێ و، سەین و بەینیان بکات. ئەگەر دێرینگەڕ قیچێک هاقڵ بان، بە هیساب و هەقڵ دەجوولانەوە، نەک بە گێرەی دیتنێ. هەقڵ ڕووناکی بە هاردی دادهێنێ و دەمەقڕێ ناهێڵێ، کێهە کەس هێندە گەوجە بێ و بڵێ: کێوولاپاڵ، چ بە هۆی بەفر و بارانێ، چ بە هۆی زەمینلەرزینەوە هەرەسی نەهێناوە و، قەت چ جاران گاشەبەرد خلۆر نەبوونەتەوە؟ پاشەوەش کێهە کەس دەتوانێ هینکار بێ لەوەی

بەرد لە خلۆبوونەوەدا بەرهێک دەکەون و لەتیان لێ دەبێتەوە؟ ڕاستی ئەوەیە، لافاو بەشێک لەم لەتە بەردانەی لەگەڵ خۆیدا ڕامالێیون و، بە شوێنانی جوودای بڵاوی کردوونەتەوە. هەرئەو بەردانەن پاشانەکە بە گوزەری کات و، لە ژێر کاریگەری گەرما و شێداری خاک و، لە ژێر کاریگەری کانزاکانی ئەو خاکەی بەردەکان تیایدا ماونەتەوە، بە ئەندازێک گۆڕاون، ئەنەوکەش جەمهاتی گەمەی دیریںناسینێ، هاتوون دەڵێن: ئەو بەردانە وەکوو ئەوانی هەشکەفتان بە سەروشێوەن و، پاشماوەی کەرستەگەلی دێرینی بەشەرن. هەر ئەو جەمهاتەی گەمەی شوێنەوار و مێژووشن، ڕابردووی بەشەریان بە گێرەی بەرد پۆلین داوە، لە کاتێکدا پۆلینی چەرخی زەمان لە سەر بنەمای تەن، پۆلێنێکی ڕووکەش و بێ کاکڵە، جووداکردنەوەی چەرخەکان لە سەر بنەمای تەن و، ناونانیان بە بەردینی کۆن و ناوەند و نوێ، بێجگە لەوەی لە بنەڕەتەوە پووچ و هەڵەیە، هاودەم ڕوونی دەکاتەوە تێهیزرین و تێگەیشتنی بەشەرێت لەم ڕۆژگارەدا، بە گرانی پشت بە دیتن دەبەستێ و، لە هیچ بوارێکدا نەیتوانیوە ڕووکەشی تەن دەرباز بکات. ئەگەر هەوەسە، هیدی بەسە! ئەگەر خلێسکانە، یان خۆتێخستنی گەمانە، هیدی تەواو، هەگبەکەتان بپێچنەوە. لەوڕۆکەوە نامووس هەم سەرەتا و هەم کۆتایە، ئەوەی قەدیمی زەمانی ڕۆشەن کردبووەوە، ئەمڕۆ و ئانیدەش ڕووناک دەکاتەوە. ئەمڕۆ گۆزارگەلی پووچ و پێچەوان بە ڕستیەقین زۆرن، هەزاران ساڵە وا زبڵ و خاشاک خڕدەبنەوە و، بە سەر هێکدا کەڵەکە بوون، بەڵام گوێ مەدەنێ، هەرگۆزارێک لەگەڵ نامووس ناتەبا کەوتەوە، لە گووفەکی بهاوێن. لە دەورانی زەماندا، گەلێک نەزان بە ناوی زانا وەمەیدانێ کەوتوون و، پیسی و پووچێتی ناو سەری خۆیان بە ناوی زانستەوە ترنجاندۆتە سەری خەڵکیەوە. لەمەوپاش خەڵکی ئەرکێتی پێودانگ بە نامووس تێهەڵچێتەوە و، سەری لە پۆخڵەوات خاوێن بکاتەوە. خەڵکینە، بەو سەرە قوورس و پڕ زەبڵە ناگەنە هیچ کوێ، ئەوەیە سەری شۆڕکردوون، سەرتان لە پیسی و پۆخڵەوات پاک کەنەوە، وەرن بە دوومدا بەرەو خۆشگوزەرانی، پاشانیش بەرەو بهێشتی توولانی.

## پۆپەی 07

سەرهەڵبڕن ڕاستیەقین ببینن، چەرخی مهیری هێکەم سووڕی شارستانێتی دایکە، چەرخێکە قەت خوونی تێیدا نەڕشێن دراوە و، بەشەر دەمی لە گۆشت نەداوە، لەو چەرخەدا دەهان هەزار ساڵ خاکی دایک ڕسقی تێر و تەواوی داونەتێ، بەبێ ئەوەی دەست لە گیانداری دی بوەشێنێن. بەڵام کە سووڕی ساردی و سەهۆڵین هات و، لە جێهانێ هالا، هەموو شتێک گۆڕدرا، لە ماوەی ئەو سووڕەدا، بڕی زۆری ئەو ڕوەک

و داری مێوانەی، کە بەشەر وەکوو سەرچاوەی ڕسق پشتی پێ بەستبوون، بە تینی ساردی و شەختە سووتاون و، لە دەستی داون. ئەو ڕووداوە بە تووندی تووشی قەیران و بەدخۆراکی کردوون، پاهیز و زمستان لە بەشەری، بوونەتە وەرزی برسیێتی و مەرگ، هیدی هەم لە سەرمان و هەم لە برسان، بەشێکی بەشەرێت لە نێوچوون. لەو کاتیدا کردەی بەرەنگاری و پاسکردنی مەرگ هاتە پێشێ و، بەشەر لە ناچاریدا دەستی لە بۆ هاژەڵان درێژ کرد، کووشتنی و لە گۆشتەکەیانی خوارد. گۆشت بێجگە لەوەی هێزی لە پەلوپۆ نەکەوتنی داونەتێ، هەندازەی چەوری لە لەشیاندا بەرز کردوونەتەوە، بەمەش بەرگەگرتن بەرامبەر بە سەرما بەرز بۆتەوە.

## پۆپەی 08

بەسەرهاتێکی دڵتەزێنە، مووچڕک بە لەشدا دهێنێ، بوونەوەرە هێمن و پاکەکە، ئەوی لە شەنگی و شیرینیدا دەدرەوشایەوە، ڕێچارەی لە بەردەمدا نەماوە، بێجگە لەوەی خوون بڕێشێ. مەرامەکە چۆتە سەریانەوە، ئەوان پێش ئەوەی بە کێوان بکەون و، هیچ گیاندارێک بکووشن، بەشێک لە مهیری ناو ناخی خۆیان کوشتووە، دەشزانن بەو هەنگاوەی بەرەو خوون ڕێشتن دەیهاوێن، لە بهێشت دەچنە دەرێ و، بە هێشاندنی ئەوانیدی، برین دەخەنە خۆیانەوە و، تووند پێی دهێشێن. پاش دەهان هەزار ساڵ، ئەوە هێکەمجارە بیری خوون ڕەشتن و گۆشتخواردنێ، بە سەری نێرینەی بەشەری دەکەوێ. سەرما و سەهۆڵ میوە و ڕوەکەکانی قڕ تێخستوون، دەترسێن ئەوانیش قڕیان تێبکەوێ. لە سەرمان و لە برسان هەڵدەلەرزن، هەزیزان بە بەرچاوی هێکدیەوە لە برسان دەمرن و، پاروەهێک گیا و، قاشێک میوەیان لە ماڵێ نیهە بیدەنە منداڵان و لە هاواری برسیێتی کڕیان بکەنەوە، کۆرپەی ساواش ڕەقهەڵاتوون و، مەمکی دایکان چۆڕاوێک شیری پێدا ناهێتە خوارێ. هەموو وەڕسن، برسیێتی خۆیان و، ئەو هەزیزانەی بە دەوریانەوەن، نێرینەکانی هار کردوون. پێشترێ دیویانە هاژەڵانی هۆف پەلاماری هاژەڵانی مهیری دەدەن و، لە گۆشتەکەیان دەخۆن، کەلاشی خووردراویش بەرچاو کەوتوون، کە مەلەکان تێی دەهاڵێن و، لە پاشماوەکە دەخۆن. ئەم دیمەنانە بەردەوام دووبارە دەبنەوە و، لە ناو زهینی بەشەردا جهێ دەگرن، لە وقهتی قاتوقڕیەکەدا، ئەو دیمەنانەن بیری ڕاوچێتی و گۆشتخۆری دەخەنە سەری پیاوانەوە. هیچ چارەی دی نیهە، دەبێ دەست لە گیانلەبەرانی جۆربەجۆر بوەشێنن و گۆشتەکەیان بخۆن. بەسەرهاتنی دڵتەزێنی گۆشتخواردنێ، ئەوها دەستی پێکرد. بەڵام دەستپێک واتا نیهە لە گشتەگیری زەمانی کووشتن و گۆشتخۆری، وەرن هەموو پاڕچەکانی وێنەکە ببینن، هەنگێ دەزانن بەشەر لە کوێدا بێ خەتایە و، لە کوێ خەتابارە.

## پۆپەی 09

ئەو زەبرەی سوورِی سەهۆڵین لە بەشەری دا، لە هەرجهێ بە هەندازێک تووند بوو، هەربەشە خاکێک کەمتر ڕوەک و، کەمتر داری میوەکانی لێ بوون، لەوێ دەرهاوێشتەکان توونتر بوون. هەرچەندە کووشتنی هاژەڵان و خواردنی گۆشتەکەیان، ڕووداوێکی گشتەگیر بوو، هەموو کۆمەڵانی بەشەرێتی گرتەوە، بەڵام ڕادەی ئەو کووشتارە لە ناو هەرکۆمەڵێکدا بە ڕادەی کوورتهێنانی بژێوی کۆمەڵەکە پەرەی دراوەتێ، لە هەندێک جهێ بە کەمی و سنووورداری، لە هەندێک جهێش بە بەربڵاوی. فەرقەکە تەنەها چەندێتیش نەبووە، لە جۆرێتیشدا، شوێن بە شوێن گۆڕدراوە. لە ناوەندی شارستانێتی دایک لە کووردهەوار، بەس ئەو هەیوانانەیان ڕاوکردوون، کە لە پۆڵی هەیوانی مهیرین، بە کەمی ڕوویداوە لە پۆڵی هەیوانی مهیرهۆفی بخۆن، وەلێ لە گەڵێک جهێ فەرقیان پێ نەکردوون و، گوێ بە جۆرێتی هەیوانان نەدراوە، چ مهیری بووبن، چ مهیرهۆفی، یان هۆفی، خەڵکەکە چوونە خۆیانیان گهاندوونەتێ و، دایان پاچیون، هەیوانی جووداجۆریان کوشتوون و لە گۆشتەکەیان خواردوون، ئەوە لە کاتێکدا جۆرێتی گۆشت و چەندێتی خواردنی، ڕادەی لێکەوتەی هۆفی لە سەر دڵ و دەماخ و، لە سەر گشتەی پێکهاتەی لەش دیاری دەکات. پێشترێ جوودایەزی خاک و ئاو هەوا و هەتاو، برِێک جوودایەزی بەشەکی و ڕووکەشی لە کۆمەڵانی پەرتبووی بەشەری بە دید هێنابوو، بەڵام لەم قۆناخەدا جۆرێتی گۆشت و چەندێتی خواردنەکەی، جوودایەزی دەخاتە کرۆکیانەوە. بەم چەشنە کۆمەڵانی بەشەری بەرەو هێکەم جوودا بووەنەوەی بنەڕەتی دەڕۆن.

## پۆپەی 10

لە ناوەندی شارستانێت لە کووردهەواری دایک، بەشەر زۆر بە کەمی و سنووورداری، تەنەها وەکوو بەردەبازی قووتاربوون لە قاتوقڕی، دەستی لە هاژەڵان وەشاندوون و، گۆشتەکەی خواردوون، تەنەهاش ئەو هاژەڵانەی پێکاون، ئەوانی دەکەونە پۆڵی مهیریبوون، زۆر بە کەمی لە پۆڵی هاژەڵانی مهیرهۆفی خواردوون، لە خواردنیشیان بە هیساب و لێزانی جوولاونەتەوە. هاژەڵان سێ پۆڵی سەرەکین و، هەرهێکە لەو پۆڵانەش دەبنەوە بە سێ پۆڵۆچکە، بزن و مەڕ و مانگا لە پۆڵی مهیرین، چەقەڵ و بەراز و ڕێوی لە پۆڵی مهیرهۆفین، سەگ و گوورگ و پشیلە لە پۆڵی هۆفین. خەڵکی کووردهەواری لە هیچ بارێکلدا تووخنی پۆڵی سێهەم نەکەوتوون، هی پۆڵی دووهەمیش بە کەمی و هیسابەوە. ئەوەتانێ قسەی پێشیان ماوەتەوە، کە گووتدراوە: کەمتیار نیوەی دەخووردرێ و نیوەی ناخووردرێ. ئەم گۆزارە بە دوو دیودا واتادارە،

واتاهێک ئەوەیە کەمتیار لە پۆلی دووهەم دایە و، نیوەی هۆف و نیوەی مهیرە، واتای دووهەمیش ئەوەیە، ئەگەر لە ناچاریدا خواردبێتیان، تەنەها بەشی چەپی کەلەشەکەیان خواردووە، لە بەرئەوەی لە پۆلینی پێکهاتەدا، لای چەپ مهیرە. لە پابەندی بە کەمخۆری و جۆرخۆریدا، کۆمەڵی کووردەهواری لە پەیوەندی بە خواردنی گۆشتتی هاژەڵان، هەنگاوێکی گەورەی پێرست بە مهیر هەڵهێناوە، بەمەش خەڵکەکە لە چاو کۆمەڵانی دیکەی جێهانێ، بە مهیری ماونەتەوە و، کەمتر هۆف کاریگەری کردۆتە سەر کرۆکیانەوە. کووردەهوار، دایک و دڵی جێهانی سەر ڕووی زەمینە، بەشە خاکێکی بەرەکەتداری وهایە، قەت ڕسقی لێ نابڕێ، کێوستان و دەشتەکانی لە هەرچهار وەرزدا، بە سەوزەوات و میوەی چەشناوچەشن دەڕازێنەوە. دارەکانی گووێز، زەیتون و بەڕوو، کە بە چاکی بەرگەی ساردی و سەهۆڵ دەگرن، لە وێنەی پرچی دایک بە سەر شان و ملی شاخەکانی ئەو هەوارەدا بڵاوبوونەتەوە. قەدیمی زەمان ئەو خاکە ڕووتەڵە و هووشک هەڵاتووەی ئێشتاکێ نەبوو، کووردەهوار هێک پارچە باخات و کانیاو بوو، ئەو باخاتەش هەستوونگێک بوو، لە قاتوقڕیەکەدا خەڵکەکەی لە سەرپێ هێشتنەوە. لە راستیدا کۆمەڵی هەنگینێی کووردەهواری، کۆبەندی گچکەلان بوون و، جارێ هەرلە هەشکەفتان دەژیان، لە کاتێکدا لە شوێنانی دی، گەشەی چەندێتی و چڕبوونەوەی دانیشتوان، وهای کردبوو قەیرانی سەهۆڵبەندانەکە چەند قات گەورەتر بێتەوە.

## پۆپەی 11

پاش ئەوەی شارستانێتی دایک بازنەکانی خۆرمیانێ دەرباز دەکات و، پەرتی دەرێ دەبێ، خەڵکەکە برێکیان لە بەشە خاکی بە پیت و فەڕ دەگیرسێنەوە، برێکیشیان ئەو شوێنەی دەیکەنە مەفتەن، پاشانەکانێ لە سووڕە سەهۆڵینەکەدا، خواردنی تیێدا قاتی دەبێ و، دانیشتووی مەفتەن بەدخۆراک دەبن. هاخر پەرەستەندنی چەندێتی و چڕبوونەوەی خەڵکی، لە هەندێ جهێ بە هەندازێک چۆتە سەرێ، داری میوە و ڕوەکەکان دەرەقەت نەهاتوون وەڵامی پێویست بە هەشیمەت بدەنەوە، ئەمەش لە ماوەی ساڵانی سووڕی سەهۆڵیندا، برسیێتی کووشندەی لێ کەوتۆتەوە. ئەو خێڵانەی لە شوێنی کەم بەرهەم بوون، بە بەربڵاوی دەستیان بە کووشتاری هاژەڵان کرد، لە جۆرێتیشدا تخووبیان بەزاند و، دەمیان لە خواردندنی گۆشتی گیاندارانی هەرەهۆفی ژەنی. بەڵام لە هەندێک جهێی دی خێڵەکان بە کەمی و سنوورداری دەستیان بە گۆشت خواردنێ کرد. سوورپێست و هەندێک ڕەشتالەکانی دێرهەوار پاشماوەی ئەو خێلانەن، ئەوان زۆر بە کەمی گۆشتخۆربوون، تەنەهاش گۆشتی جوانەگایان دەخوارد. ئەو

کۆمەڵە سوورپێستانە، هەتاوەکوو ئەو سەردەمەی سپی پێستانی هۆفی چوونە سەریان و، کۆمەڵە و هەوارەکەیان تەفروتونا کردن، گۆشتخۆری لە نێویاندا تەنەها لە وقهتی ناچاریدا دەستی دەدراهێ، ئەگەرنا هەمیشە بە هەزاران گا و مانگا بە دەوریانەوە بوون، بەبێ ئەوەی دەستیان لێ بوەشێنن. زهینی بدەنێ، لە دەرەوەی خۆرمیانێ دوو ئاراستە لە ناو کۆمەڵانی بەشەرێت بە سەرەتا هاتوون، ئاراستەی سوورپێستەکان نێزیکە مهیرە و ئاراستەکەی دی نێزیکە هۆف.

## پۆپەی 12

لە هەرجێهێک برسێتی تەنگی پێ هەڵچەنیون، خەڵکەکە گەڕیان لە زیندەوەرانی ئەوێندەرێ داوە و، هەرگیانلەبەرێک هاسان بە دەستەوە هاتبێ، نێچیریان کردووە. بەشەر لە جێهانێ پەلاماری هەیوانی جووداجۆری داون و، دەستی لە چ تاقیان نەپاراستوون. لە کێوستانی کووردهەواردا، بزن و مەڕ و مانگا، مامز و کەروێشک و پەلەوەریان نێچیر کردوون. لە دەو ڕووبار و کەرخی دەریاکان، هێرشی سەر جێهانی ئاوەکان دەستی پێکرد و، ڕاوەماسی و قرژاڵ و، کووشتنی گیاندارانی ئاوی دەستی دراوەتێ. لە دەشتی گەرمەسێر و بیابانێ، هووشتر و هەسپ و کەر، لە جهێی دیکەش هوورچ و بەراز و سەگ پەلاماردراون و، لە گۆشتەکەیان خواردوون. لە هەندێک جهێش کە هاژەڵ وچنگ نەهاتبێ، هیدی دەست دراوەتە پیسخۆری و، مار و مشک و دووپشکی تێیدا خووردراوە. هاوکات پەلەوەر و باڵندەکانیش بە نێچیرگیردراون، باڵندەکان بە دووی هێسک و پرووسکدا هاتوونەتە خوارێ و، بە هاسانی نیشتوونەتە بەردەستی بەشەری، بەڵام نێچیرێکی باش نین و تێری ناکەن. خەڵکینە، چاک دیقەتی بدەنێ، ئێستا ڕووداوی جوودابوونەوەی کۆمەڵانی بەشەرێت، وێنەکەی ڕوون و بێ تەلخ دەرکەوت، دەتوانن درز و کەلێن و شەقاری جوودابوونەوەکان، بە پێی جۆرێتی ئەو گیانلەبەرانەی دەخووردرێن، بە باشی دەرک پێ دەکەن. لەو سەردەمدا ڕەگەزە خۆراکیهەکان دوو جۆرن: ڕوەک و میوەکان لە ڕەگەزی مهیرین، گۆشتەکان لە ڕەگەزی هۆفین، بەڵام دابەشبوونێکی سێهانی لە گۆشتی گیانلەبەران هەیە و، لە نێویشیدا ڕادەی هۆفیبوونەکە پلەبەندێکی هووردتری هەیە. هاژەڵانی گیاخۆری لە نموونەی بزن و مەڕ و مانگا، مهیرین لە پلەی بەرزدا، هووشتر و کەر و هەسپ لە پلەی نزمیدا. هاژەڵانی لە نموونەی هوورچ و ڕێوی و فیل مهیرهۆفین لە پلەی بەرزدا، بەراز و توتڕک و کەنخر لە پلەی نزمیدا. هاژەڵانی لە نموونەی سەگ و گورگ و پڵینگ هۆفین لە پلەی بەرزدا، پشیلە و مشک و دووپشک دەبێتە پلەی پیسخۆری لە هۆفیبووندا. بەم پێودانگە لێکی بدەنەوە و، فەرقەکان ڕەچاو بکەن، بە

نموونەی تێگەیشتن مەودای جیاوازی خواردنی گۆشتی مەڕ و خواردنی مشک بهێنە بەرچاو، هەندازەی ئەو مەودایە هەندازەی لە هێک دوورکەوتنەوەی کۆمەڵانی خەڵک نیشان دەدات، چوونکە لێکەوتەی هەرهێکەیان لە سەر دڵ و دەروون و، لە سەر دەماخ بە پلەی جوودایە، هاوتا بە پلەی هۆفیبوونی ئەو هاژەڵ و گیانلەبەرەی گۆشتەکەی دەخۆن.

## پۆپەی 13

ئەو قەیرانەی لەگەڵ ساردی و سەهۆڵ بە زەوی داهات، بەشەری ڕوو بە هۆف وەرچەرخاند. بیری کووشتن و هەڵدڕینی گیانلەبەرانی جووداجۆر، بە زهین و زەمین کەوتن، کردەی ڕاو و نێچیروانی، کە کرداری تووندوتیژانەی هێرش و پەلامارن، ڕەوتیان گرت، گۆشتی گیانلەبەران بووە خۆراکی بەشەری و، چووە پاڵ ڕوەک و میوەکان. پێشتریێ بە شەر مهیری بوو، بوونەوەرێکی نەرمونیانی بێ زەبر و زەڕ بوو، تەنەها پاسداری دەکرد و هاژەڵانی هۆفی لە خۆی پاس دەکرد، بەڵام لە میانی سووڕە سەهۆڵینەکەدا، هیزر و هەستەکانی و، ڕەوتارەکانی و، تەنانەت ڕەگەزی خواردنەکانیشی گۆڕدران. بەم چەشنە کۆمەڵێک خەسڵەت و خووی هۆفی، چوونە پاڵ مهیریاتی بەشەری، بەمەش لپێی نایە ناو گۆڕانێکی بنەڕەتی و، لە "مهیر"ەوە گۆڕدرا بە"مهیرهۆف". بە دەستپێکردنی کووشتاری هاژەڵان و گۆشتخواردنێ، چەرخی مهیری دواهی پێ هات، وەلێ شارستانێتی دایک بەردەوامی بە خۆی دەدات و، سووڕی دووهەمی دەست پێ دەکات. بنەمای جوودابوونەوەی سووڕەکانی شارستانێتەکە، ئەو گۆڕانە بنەڕەتیانەن کە ڕوویانداوە. لە سووڕی هێکەم ڕسق لە ڕەگەزی مهیرە و، بە بیر و بازووی دایکان دابین دەکردرێ و، نێر لە بنباڵی مێدا هاودەستی دەکات. لە سووڕی دووهەم دۆخ جوودایەزە، ڕەگەزی هۆف کەوتۆتە ناو بژێوی و، ئەو بەشەی بژێو بە بیر و بازووی نێرینەکان دەستەبەر دەبێ. ئەمەش گۆڕانێکە لە ڕیشەکانی شارستانێتی دایک و، پیاوان پێی هەڵستاون.

## پۆپەی 14

نێر لە ناو شارستانێتی دایکدا، ڕۆڵی پتر پەیدا دەکات، هاژەڵ کووشتن کارێکە لە بازنەی خەسڵەتی هۆفی و، نێرینەکان پێی هەڵستاون. نێر بە تایبەتمەند بەڵای هۆف دایە، پێکهاتەی نێر هەم لە باری لەش و، هەم لە باری زهین و دەرووندا، بە مەودای زۆر پێش پێکهاتەی مێ دەکەوێ، لە وەڵامدانەوە بە کووشتن و خوون ڕەشتنێ. پێش

دەستپێکردنی سووڕە سەهۆڵینەکە، نێرینەکان لە بنباڵی دایکاندا بەشداریان لە ڕنینی میوە و، چەنینی ڕوەکەکان دەکرد، کاری سەربەخۆش کە نێر کردبێتی، پاراستنی مێ و منداڵ بووە لە پەلاماری گیانلەبەرانی دڕندە و هۆف. بەڵام لێرەڕا نێرینەکان تەنەها پاسدار نین، هاودەم پەلاماردەریشن، لە ژێر ناوی ڕاوچی، نێچیروان و ماسیگر دەچنە دەرێ و، بە شێوەی سەربەخۆ و جوودا لە دایک، دەکەونە کاری بژێو پەیداکردنێ.

## پۆپەی 15

پەیدابوونی ڕاو و نێچیروانی، هێکەم جیدابوونەوەی کارە لە سەر بنەمای جووداهی ڕەگەز، کارێکە لە دەستی نێر دێ و، بە مێ ناکردرێ. مێ دایکە و نێزیکە مهیرە، نە دڵ و دەروون و نە دەماخی، ڕێی خوون ڕەشتنێی نادەنێ، تەنانەت ماسوولکەکانی لەشیشی دەرەقەتی ئەو کارانە ناهێن، لەبەرهەندێ چ شکتان لەوە نەبێ، ڕاوچییێتی کارێکە بە تەواوی نێرانەیە، مێینەکان تووخنی نەکەوتوون و خۆیانیان تێیدا نەدیتۆتەوە، هەروقتهێکیش توانیبێتیان لە ڕوەک و میوەکان بژێو دابین بکەن، هیدی بەرهەڵست بە نێچیرگرتنێ ڕاوەستاون. ئەو کارەی نێرینەکان هەرچەندە لە بازنەی خەسڵەتی هۆفیدا هەڵدەسووڕێ، وەلێ لەو زەمانیدا، کە قەیرانی سووڕی سەهۆڵین بە گیری هێنابوون، دەبوو پێ بە سەر دڵی خۆیاندا بنێن و، دەستی بدەنێ. نێرینەکان لە کاری نێچیروانیدا، پارووی خۆیان و مێ و منداڵیان بردۆتەوە ماڵێ، دەست و مشتی خۆیان دیتوە و، هەستی شانازی بە خۆکردنیان تێیدا هەڵبۆقاوە، هەستیانکردووە هێکەمجارە دەتوانن کارێک بکەن، مێینەکان ناتوانن بکەن. لە هەرجهێ و، بە تایبەتی لە ناو ئەو خێڵانەی ڕاوکردن بە بەربڵاوی دەستی دراوەتێ، هەلومەرجێکی ئەوها هاتۆتە گۆڕێ و، نێر ویستووتی خراپ تێبپەڕێنێ، وەلێ دایکان وەبیری کووڕەکانیان هێناوەتەوە، کارەکە زیێدە بەدە و، لە ناچاریدا نەبێ، نامووس ڕێی نەداونەتێ.

## پۆپەی 16

کووشتنی گیانلەبەران و، خواردنی گۆشتەکەیان، جا جۆری گۆشتەکە هی پادار بووبێ، یان باڵدار، یان خشۆک و ماسی، هەرگیز نەبۆتە جێگرەوەی ڕوەک و میوەکان، ئەم دووانەیە هەمیشە بە سەرچاوەی سەرەکی ڕسقی بەشەرێت دەمێننەوە. لە قەیرانی سووڕی سەهۆڵیندا، بەشەر دەستی خۆی وەشاند و، گۆشتی خستە لیستی خواردنەکانیەوە، بەڵام تەنەها ئەو دەمانەی ڕوەک و میوەکان قاتی بووبن، گۆشت هاتۆتە پێشێ، ئەگەرنا لە سەرانسەری ساڵدا، بژێوی سەرەکی لە سەوزەوات و

میوەکانەوە بە دەستەوە هاتوون. ئەگەر لەو کاتیدا بەشەر ویستی ئەوەشی لە سەردا هەبووبێ، کە گۆشت لە لیستی بژێودا بخاتە سەرووی ڕوەک و میوەکانەوە، بەڵام دەستکەوتی نێچیروان هیچ وقتهێک لەو ئاستەدا نەبووە، بتوانێ وەڵام بە وها ویستێک بداتەوە. هەلومەرجی ڕاوکردنێ بە چەشنێکە، زۆر بە کەمی بەرهەم دەداتەوە، هەرچەندێکیش هەوڵەکان پتر بکەن، ئەوەی دهێتە چنگیانەوە هێکجار سنووردارە، تەنەها کۆمەکی کردوون لە برسان نەمرن و، بە وەرزی پێگهیشتنی میوە و ڕوەکان بگەنەوە. لە هیچ بارێکدا ڕوەک و گۆشت بەرهووردی هێکدی نین، مهیر و هۆف، ڕووناکی و تاریکی، مێ و نێر قەتوقەت بەرهوورد بە هێکدی مەکەن، کارەکە لە بنەڕەتەوە هەڵەیە. بەشەرێت لە توولی تەمەنیدا، دەهان هەزار ساڵی بەبێ گۆشت خواردن گوزەرداوە، هەموو هێکێکیش دەتوانێ بەبێ گۆشت باشتر بژیێ، لە کاتێکدا زیندەگیکردن بەبێ سەوزەکان لە بۆ هیچ کەس بە دروستی ناچێتە سەرێ.

## پۆپەی 17

لە زەمانی خۆی، کەرستەکانی ڕاو و نێچیروانی، زیێدە سادە بوون، لە دار و بەرد بەولا، هیچ ئامرازی دیکە بە دەستیانەوە نەبووە نێچیری پێ بگرن، یان بیتەپێنن بە هاردیدا. تیر و تەور شتانێکن درەنگتر پەیدا بوون، تا ئەوکاتەش وەچنگ هێنانی نێچیر بە کەڵک بینین لە دار و بەرد، کارێکە فەرە سەخت و تاقەت پڕووکێن، زۆر بە گرانی چووەتەپێشێ. ئەو دەمەی کردەی پاسداری بە کردەی پەلامار دەگۆڕێ و، کووشتنی گیانداران دەبێتە مەرام، ئامرازەکانی پێشوو لەتەبەرد و ختوورمەدار بەس نین و، وەڵام بەو مەرامە نادەنەوە. دەلوێ بە ڕاوەشاندنی بەردان، هەیوانێک ناچار بکەن لێیان دوور بکەوێتەوە، بەڵام کووشتنی بە بەرد هاسان نیهە، بە تایبەتی ئەگەر هاژەڵەکە بزێو بێ. شکی تێێدا نیهە هاژەڵانی نەرم ڕەفتاری لە نموونەی مەڕ و بزن و مانگا، پەلەوەرانی لە نموونەی مریشک و قاز و مراوی، هاسانتر لە گیانلەبەرانی دی هاتوونەتە دەست و، بەشەر توانیتی بەبێ گرفت خۆی بە سەریاندا بسەپێنێ. وەلێ ئەو کاتەی بە ئامرازی ساکار لەگەڵ هاژەڵانی بزێو و کێوی دەستەوهێقەن، ئاژەڵانێک کە هاسان خۆیان نادەن بە دەستەوە، تەنەنەت هەندێکیان دڕندە و مەترسیدارن، وەکوو هوورچ و بەراز، یان سەگ و گوورگ، لواوە کردەی نێچیرکردنەکە بە سەر نێچیرفاندا هەڵبگەڕێتەوە و، هاژەڵەکان بەشەر بە نێچیر بگرن. خەڵکینە هۆبێک بکەن و هوورد زهینی بدەنێ، گۆشتی نێچیرەکان جوودایە، ئەمە لێکەوتەی جوودای لە سەر کۆمەڵانی بەشەری هەیە، هاوکات کردەی نێچیرکردنەکە جوودایە، ئەوەش کاریگەری جیداوازی لە سەر زهین و دەروون و، لە سەر ڕەوتاری کۆمەڵانی خەڵک داناوە. ئەو

خەڵکانەی هەیوانی دڕندە و هۆفی ڕاودەکەن، هەم بە هۆی کردەی ڕاوکردنەکە، هەم لە لێکەوتەی خواردنی گۆشتەکە، توندوتیژی لە بیر و گفتار و، لە ڕەفتاریاندا هەڵدەکشێ، لە کاتێکدا ئەوانی نێچیرەکانیان نەرم و مهیرین، لە هەردوو باری ڕاوکردن و خوارندا دۆخەکەیان جۆرێکی دیکەیە، لەبەرهەندێیە مهیر لە ناوەندی شارستانێتی دایک لە کووردهەوار بە بەرزی ماوەتەوە، لە کاتێکدا لە شوێنانی دی هۆف هەڵکشاوە.

## پۆپەی 18

چ لە ناوەند و چ لە دەرێ، پەرەپێدانی ئامرازەکان، هاوزەمانە لەگەڵ ڕاوکردنێ. پیاوان بەرد بە شێوەی کێرد و چەقۆ، دار بە شێوەی نوکەڕم دادەتراشن و، چەکی بەرگری و پاسداری، بە چەکی هێرش و هەڵدڕین دەگۆڕن. بەڵام هێشتاش ئەم دار تێڵا و بەردە داتراشدراوانە، بەرهوورد بە گرانی کاری ڕاوکردنێ، چەک و کەرستەی هێندە کاریگەرنین. تیروکەوان گەشەکردنێکە لە ڕمبازی و درەنگتر هاتۆتە مەیدانێ. لە دارتراشین و کەڵەکەی ئەزموون، پیاوان بیر لە جۆرە ئامرازێک دەکەنەوە، بڕێک لە قوورساهی کارەکەیان کەم بکاتەوە. تیروکەوان ئامرازێکە بەرهەمی ئەزموون و بیرکردنەوەیە، ئەمەش هێندەی دی ڕوونی دەکاتەوە، کە گۆشتخواردن لە شارستانێتی بەشەردا ڕابردووی نێزیکە و دێر نیهە. ڕاو، جا ڕاوی هاژەڵان، یان باڵندان، یان ماسی و هەرجۆرە گیانداری دی بووبێ، قوورس هەڵسووڕاوە. کارەکە هەم پشت بە ئامراز و هێزی ماسوولکە دەبەستێ، هەم هێزی دەروونی و زهینی، ئەوە لە کاتێکدا بوونەوەرە نازدارەکە برسی و لاوازە، نە ئامرازی بە بڕشت و پڕتاوی هەیە، نە ماسوولکەی تۆکمە و توونی، چوونکە لە ناو قاتوقڕیدا تووشی بەدخۆراکی و زەبوونی بۆتەوە، سەرەڕای ئەوەش، لە باری زهینی و دەروونیدا، مەیلی بە لای مهیرە و، نابەدڵانە دەستی داوەتە ڕاوکردنێ، لەبەرهەندێ ڕاوکردن بە گرانی ڕادەپەڕێ و، پیاوان بە هۆیەوە هەلاکەت دەکێشن.

## پۆپەی 19

بڕێک لە گیانەوەران جۆرە پێکهاتە و هەیکەلێکیان هەیە، دەتوانن بە چەپەلۆکێک، یان بە قەپگرتنێک نێچیر بتەپێنن. تاقە گورگێک ڕانەمەڕێک کەل و کلۆم دەکات. بەشەر ئەو کارەی لە دەست ناهێ، بەڵام هێک تایبەتمەندی، هێزی داوەتێ و وەهای لێکرد دەستی بە سەر هاژەڵاندا بڕوات. لە نێو گشتەی گیانداراندا، تایبەتمەندی هێکانگیری لە

نێوان بیر - بازوو - ئامراز، بە تەنەها لە بەشەر بە دید دێ. بەشەر پێکهاتە و شێوەگرتنێ جەسدەی، بە تایبەتی پەلوپۆی، بە جۆرێکن دەتوانێ لە هەرشتێک وەکوو ئامراز کەڵک وەربگرێ، یان لە شتەکاندا ئامراز ساز بکات، لەگەڵ ئەوەش توانایە لە بیرکردنەوە و دارِشتنی پلاندا، ئەمەش کردی بە زلهێزی سەرزەوی، بەڵکوو بە زلهۆفی سەرزەوی.

## پۆپەی 20

کارە هۆفیەکەی پیاوان، وەکوو هەموو کارە مهیریەکانی دایکان، کۆمکارە و بە هەرەوزی هەڵدەسوورِێ. شارستانێتی دایک لە سەر بناخەی گشتێتی دامستدراوە و، بیروباوەرِی راستیەقین، رێ لە هەرکارێکی تایبەتی دەبەستێ، لەبەرهەندێ خۆرِسک نێچیروانی بە شێوەی هەرەوزی رِەوت دەگرێ. سەرەرِای ئەوەش، کارەکە لە هەلومەرجی ئەو دەمیدا، لە توانا و تاقەتی پیاوێک و دووان بە دەرە، قەت چ جاران بە شێوەی تاکیانە نەچۆتە پێشێ، هاخر ئامرازەکانی رِاوکردنێ، بەس دار و بەردن، نێچیرکردن قوورسە و، پلان و بۆسەدانانەوەی دەستەجەمی دەوێ. کارەکە ئەوهایە، لە پەلامارێکی هەمەلایەندا، هەڵدەکووتنە سەر گیاندارێک و، کرداری دارتێبرِین و بەرد پێداکێشان ئەنجام دەدرێن، پاشانەکەش راکردنی هاژەڵەکە بە زامداری و، بەرپێگرتنی و، چەند جارەی پەڵاماردانەوە، کاتێک هەموو ئەو دیمەنانە وەکوو هەڵقەی تێک هەڵکێشدراو لە بەرچاو رِابگیردرێن، هەنگینێ دەزانن چ کات ئەو کارە بە هێز و گوورِی کەسێک و دووان هەڵنەسوورِاوە، لەم لەبەرچاوگرتنەدا، دەرکیش بەوە دەکەن نێچیر بە کەمی چنگ کەوتوون و، قەت بەرهەمی رِاوکردنێ نەگەیشتۆتە ئەو هەندازەی دەستی زالێتی بە نێرینەکان بدات.

## پۆپەی 21

جوودابوونەوەی کوورِ لە دایک و، نێر لە مێ، ئەگەر تەنەها و تەنەهاش لە دانی بەیانیان، یان دانی هێواران بووبێ و، پاشان گەرِابنەوە ماڵێ، بەڵام رِووداوێکی گەورە و گۆرِانێکی بنەرِەتی لە شارستانێتی دایک پێک دهێنێ. پاش دەهان هەزار ساڵ، وا هێکەمین جارە پیاوەکان لە دەرەوەی بازنەی دایک، خۆبەخۆ کارێک دەکەن، بیرۆکەی کارەکە و، پلانی جێبەجێکردنەکەشی لەلایەن پیاوان خۆیانەوە دارِێشت دراوە. پێشترێ هەموو کارێک لە بنباڵی دایکان هەڵسوورِدراوە، هەردایکانیش سەرپەرشتیاربوون، هەتا ئەو دەمەی سوورِی سەهۆڵین هەڵیکرد و، لەگەڵ خۆیدا هەلومەرجی نوێی بە

هاردی هێنا، ئەوەتانێ نێچیروانی کە کارێکی لە دایک بە دەرە، لە سای هەلومەرجە نوێیەکە پەیدا بوو، بە شێوەی بەشەکیانەش لە باری زەمینیدا، دایک و کوور و، مێ و نێری لە هێکدی ترازاندن.

پەلی شەشەم

پۆپەی 01

لە چەرخی مهیریدا، بەشەر لە وێنەی ساوای بەرمەمکان ڕووی لە دایکێتی و، هەموو شتێک بە گێرەی دایک دەناسێ، دەروون پاک و ڕەوتار چاکە، ڕووناکە و، بە ڕووی زیندەگی پێ دەکەنێ. لەهێکچوونەکە سەرنجڕاکێشە، بەشەرێت لە سەرەتای پەیدابوونێ، کتومت شێوەی ساوای بەرمەمکان دەکات، بێ زەبر و زەڕە، کاتێک دەبزێوێ مهیر دەنوێنێ، هەندەی بەسە کە خاکی دایک رسقی دەداتێ و، دەیلاوێنێتەوە. چەرخەکە بە دەهان هەزار ساڵ داوی تەمەنی دراوەتێ، لە هەموو ئەو ماوەیەدا هەڵسوکەوتەکانی بەشەرێت لە بازنەی دڵاوەری پێکهاتوون. ئەو شەپۆڵانەی دڵ دەیدات بە دەماخ، ڕەها و ڕاستیەڤین جهێ دەگرن و، بەشەر لە پەیوەند بە تەن، بە کەمی کەڵک لە زهینی وەردەگرێ، زهین زیادتر لە دەوری تین دەخوولێتەوە، لە ئاستی گشتەش زهین لە دایکاندا پتر لە زهینی کەسانی دی بە کارهێندراوە. دۆخی دایک بەرهوورد بە دۆخی منداڵ نیهە، پێداویستی منداڵ وها لە دایک دەکەن، دەماخی زیادتر بزاوتی تێبگەڕێ و پتر لە سەر هۆش و هەست بێ. دایکان ڕوەکەکانی شیاو بە خواردنیان دیتۆتەوە و، پاشانیش پەرەیان بە جۆرێتی بژێو داوە، هەرئەوانیشن توانیتیان بە گەڵا و گیا برین بپێچن و، لە نێوان گژوگیاکاندا گیای دەرمان پەیدا بکەن. دایک دڵداری منداڵەکانێتی، هەرگرفتێک لە بۆ شارستانێت پێش دێ، لە پێشدا هێقە بە دوڵبەرەکانی دایک دەگرێ، ئەمەش وها لە دڵ و دەماخی دایکان دەکات، بەردەوام بزاوتیان تێبگەڕێ و ڕێچارە دیاری بکەن.

## پۆپەی 02

پاش و پێش کردنی زەمەن لە گێڕانەوەدا، وەکوو قڵپکردنەوەی گۆزە وهایە، ئاوی ڕوونی تێیدا ناهێڵێ. زهینی بدەنێ و ببینن چ ئاوەژووورکردنێک ڕوویداوە، چ پیسی و پۆخڵەواتێک بە ناوی زانستەوە هاخێندراونەتە سەرومێشکی خەڵکیەوە. گێڕانەوەی مێژووی ڕاوچێتی لە بۆ سەرەتای پەیدابوونێ، ڕێ لە بەردەم ئەوەدا دەکاتەوە، دڕندێتی لە بەشەردا بە سرووشتی بناسێندرێ و، مۆری کووشتن و خوون ڕەشتنێ بندرێ بە تەوێڵیەوە. ئەوەتانێ گەوجگەلێک بە ناوی زانا، کە سیستەمی هۆفێتی وەباری هێناون، هاتوون سووک و هاسان جاڕدەکێشن و تەپڵی ئەوە لێدەدەن گوایە بەشەر لە دەمەو پەیدابوونیەوە، گیانلەبەرانی ڕاوکردوون و، گۆشتەکەی خواردوون. ئەم گۆزارە بێجگە لەوەی پووچ و بێ کاکڵە، بە گوورگکردنی بەشەرە و خەتەرناکیشە، چوونکوو ناساندن و لە قەڵەمدانی بە شەر بە دڕندە و خوونخۆر، بە تفەنگچی و هێرشبەری چاوچنۆک، تەنەها ناساندنێک نیەە سەبارەت بە ڕابردوو، لە هەمان کاتدا ڕەوتپێدانی دەروون و دەماخی خەڵکی ڕۆژگارە ڕوو بە دڕندێتی. نە وهالە، ڕابردووی بەشەری قەت ئەوها نیەە، بەشەری قەدیمی، پاک و چاک و ڕووناک بوون، دەهان هەزار ساڵ بە مهیری شیاون، پاشانەکانێ بەبێ ئەوەی بیانهەوێ کەوتنە ناو سووڕی سەختی سەهۆڵین و، لە مهیرەوە بوونە مهیرهۆف.

## پۆپەی 03

گەردی گوومان بڕەوێننەوە، ئەگەر بەشەر لە پەیدابوونیەوە گۆشتخۆر با، پێکهاتەی لەشی بە جۆرێکی دی دەبوو، ئەوکاتە نە پێویستی بە کەرستەی ڕاوکردنێ بوو، نە ئامرازی گۆشت هووردکرنێ، هەرخۆی بە تایبەتمەند، وەکوو داڵ و قووش چڕنووکی بە گووڕ دەبوو، یان وەکوو شێر و پڵینگان کەڵبەدار دەبوو، دەیتوانێ پڕبداتە نێچیران و، لە ناو دەمیدا گۆشتەکە هەندجن هەندجن بکات و بە کاڵی بیخوات، گەدە و ڕیخۆڵەکانیشی هێزی هەرسکردنی ئەو خواردنەیان دەبوو. ها دەی، لە خۆتان بپرسن: لەبەرچ وهالە نین؟ لەبەرچ هێمای گۆشتخۆری لە پێکهاتەی بەشەردا بەرجەسدە نین؟ لە سەر گۆشتخوارنێ، گازندە لە سەگ و گورک و چەقەڵ، هوورچ و شێر و پڵینگان نیەە، هاژەڵانێک بە سرووشت هۆفین و، لە پێکهاتەیاندا ئەوها خوولقاون کە گۆشتی بخۆن، لەبەرهەندێ کەڵبەدارن، ددانەکانیان درێژ و تیژ و بە میانەن، گەدوویان هێزدارە لە هەرسکردنێ و، ڕیخۆڵەکانیشیان کوورتن، چوونکوو گۆشت پێویستی بەوە نیەە ماوەی تووڵانی لە ناو ڕیخۆڵەدا بمێنێتەوە، ئەگەر مانەوەی تووڵ بکێشێ، دەبێتە زەهر و زۆریش کووشندەیە. پێکهاتەی گیانەوەرانی ڕوەکخۆر، لە نێویشیاندا بەشەر،

پێچەوانەی گۆشتخۆرەکانە، ددانەکانیان کوورت و کوول و لە هێک نێزیکن، ئەوە لە بەر جووینی ڕوەکانە، ڕیخۆڵەکانیان تووڵانین، ئەوەش لە بەرمانەوەی سەوزە و وزە هەڵمژینێیە، گەدووشیان هێندە بە هێز نیهە لە هەرسکردنێ، چوونکە هەرسکردنی سەوزە و میوە هێزێکی کەمی دەوێ. ئەو فەرقانە بنەڕەتین و پەیوەندی بە جوودایەزی جۆرێتی خواردنەکانیانەوە هەیە. بەشەر لە چەرخی مهیریدا، خۆی و گیاندارانی جووداجۆری بە دروستی ناسیون، هەموو زانیتیان لە پۆڵی گیاندارانی ڕوەکخۆرن، دەهان هەزار ساڵیش تەنەها بە خواردنی ڕوەک و میوەکان خۆشگوزەران ژیاون. هۆ خەڵکینە! زهینی کەلام بدەن و، تیایدا لە خۆتان بنوارن، ببینن لە کۆتاهیدا چ دڕندەهێکتان لە خۆتاندا بە دید هێناوە.

## پۆپەی 04

پەڕینەوە لە چەرخی مهیری بەرەو چەرخی مهیرهۆفی، ڕووداوێکە بە دەر لە ویست و دەسهەڵاتی بەشەری، لێکەوتەی قەیرانێکە لە سووڕێکی سەرما و سەهۆڵینی سەختی جێهانگیر کەوتۆتەوە. دەستپێکی چەرخەکە، دەستپێکی سووڕی دووهەمی شارستانێتی دایکە. هەڵبەتە هەردوو سووڕی شارستانێتەکە، بە هێک نامووس هەڵسووڕێن دراون، بەڵام سووڕی دووهەم سێ هەنگاوی هۆفێتی تێیدا هەڵهێندراوە، هێکەم: نێرینەکان دەستیان داوەتە ڕاوکردنێ و هاژەڵان هەڵدەدڕن. دووهەم: ڕاوکردن کاری مێ و نێری لە هێکدی جوودا کردۆتەوە. سێهەم: ڕەگەزی هۆفی خۆراک کە گۆشتە، چۆتە پاڵ ڕەگەزی مهیری خۆراک و، لەگەڵ سەوزە و میوەکان جهێی دراوەتێ. بەم چەشنە پیاوان کە خۆیان بە تایبەتمەند نێزیکە هۆفن، دوو هەنگاو لە هۆف چوونەتە پێشێ و، ژنان هێک هەنگاو. پیاوان دەچنە ڕاوکردنێ و هەڵدەدڕن، پیاوان بە دوورکەوتنەوە لە ژنان لە مهیر دوور کەوتوونەتەوە، پاشان پیاوان و ژنان هەردووکیان گۆشتی گیاندارە کووشتدراوەکان دەخۆن. سەرەڕای ئەوەش، ڕادەی مهیر لە مێینەکاندا، چەند قاتی مهیری پیاوان دەوامی دراوەتێ، چوونکە هەربەتایبەتمەند چەندێتی و جۆرێتی تین - مهیر لە مێدا، سەرووی نێرە و، ئاستی بڵندی هەیە، لەبەرهەندێ کاریگەری هۆفیبوونەکە لە سەر مێ کەمترە، لە کاتێکدا بڕێکیش لە هۆفیبوونی نێرینەکان بە هۆی گانکردنێ، دەربازی پێکهاتەی مێ دەبێ. وەلێ لەو وەرچەرخانەدا بەشەر لۆمەی گەورەی لە سەر نیهە، چوونکە گۆڕانی بەشەر لە مهیرەوە لە بۆ مهیرهۆف (وشەکە لە گۆکردندا بۆتە مرۆف)، ڕووداوێکە لە دەرەوەی دەسهەڵات و ویستی بەشەری، بەڵام ڕەچاونەکردنی جۆرێتی گۆشتەکان و، پیسخۆری و زۆرخۆری لە گۆشتخواردنێ، خەتا و خراپەکەی لە هەستۆی بەشەر خۆێتی، دەبوو بە بڕێکی کەم قنیات بکەن و، چڵێسی تێیدا دەکەن.

## پۆپەی 05

ئەو خوونەی لە کردەی نێچیرکردنێ دەڕەشێ، خوونی مەرگە، مێ مەیلی تێوەرنەداوە. لە نێر وەھایە خوون ھەرخوونە، بە ھەرھۆێک و لە ھەروقتەھێکدا ڕەشا، ھیدی خوونە و ڕەشاوە. بەڵام مێینەکان واتای جوودا لە خوون ڕەشانێ دەرک پێ دەکەن و، کاردانەوەی جووداش نیشان دەدەن. مێ دوو نیگا و دوو پێناسەی لە بۆ خوون ھەیە، خوونێک بە خوونی ژین و، ئەوی دی بە خوونی مەرگ دەناسێ. لە ھەردوو باردا ئەو خوونەی لە جەسدە دەردەچێ، شلەی ڕەنگ سوورە، بە پێی دڵ و دەماخی ژن دۆخی دەرچوونەکەیە واتای جوودا بە خوونەکە دەدات. ژنان مانگانە خۆیان بە خوونەوە دەبینن، برین و خوون لەبەر ڕۆیشتنی زاین و منداڵبوونیشیان ھەیە، بەڵام لە زھین و دەروونی ژندا ئامانە خوونێکن دەوامی ژین دەدەن، جوودان لەو خوونەی وەکوو نیشانەی مردن دەردەکەوێ. مێ لە سەر ھەقە، مێ بە دروستی خوون دەناسێ، نێر لە سەرێتی بە چاوی مێ لە خوون بڕوانێ و، ڕێی ھەق بگرێ.

## پۆپەی 06

مێ نەیویستووە خوونی چ تاقی ھەیوانان بڕەشێ، تەنانەت ھی مار و مێرووش. نێچیرفانی کە پشت بە خوون ڕەشتنێ دەبەسێ، مێ بەبێ مەیلێ و، لە ناچاریدا سەری ڕەزای لێ لەقاند و، ڕێی دانێ با لە شارستانێتی دایک جھێ بگرێ. مێ دایکە، دایکانە لە خاک و خۆڵ و، لە گیا و گیانداران دەڕوانێ، تەنانەت بە مھیرەوە دەست لە بۆ ھەڵکەندنی ڕوەک و، لێکردنەوەی میوەی دارەکان دەبات، بە جۆرێکی وھا ڕووەکەکە ئارەزوو بکات لە خاک بترازێ و بچێتە دەسکەنەکەی، میوەکە پێی خۆش بێ لە لقەکەی بەربێتەوە و، لەگەڵ وی بڕوات و، بیخۆن. بڕۆننێ، ھەزاران ساڵ تێپەڕی، ئێستاکێش مێینەکانی کووردەھەواری، نایانھەوێ ھیچ مراوی و مریشکێک سەرببڕن، کارەکە لە کۆڵ خۆیان دەکەنەوە و، بە کاری پیاوانی دەزانن، داواش دەکەن ھیچ گیاندارێک بە بەرچاوی گیانداری دیکەوە سەر نەبڕدرێ. دەرکەوتن و دیتنی خوونی مەرگ، کاردانەوەی قووڵ لە دڵ و دەروون و لە دەماخی ژندا دروست دەکات. ژن خاوەنداری لە پێناسەی زیندەگی دەکات، مەرگ و ھێماژەکان لە ناوچوون، بە واتای دژە پێناسەن لە کنەوی، ئەو ھەقێتی وا تووند دەستی گرتووە بە پێناسەی زیندەگیەوە و، بەرھەڵستی مەرگ دەکات. بە گشتی، وەستانەوە و بێ مەیلی لەگەڵ شەڕ و ئاشووبگێڕی و، دژاتی لەگەڵ خوون ڕەشتنێ، ھێمای بڵندی ژیندۆستین، ھەقە نێریش وەکوو مێ، ئەوھا ھاقڵ بێ و، بە دروستی بیر بکاتەوە. لە چەرخی ھۆفێتی و دلڕەقیدا، زۆر ھەوڵدرا کاردانەوەکانی دژەمەرگ، وەکوو لاوازی ژن واتای بدرێتێ و، پلەی

مێهێتی پێ بهێندرێته خوارێ، بەڵام بە تەواوەتی بەرەواژە، کاردانەوەی ژن بە واتای هێزە، دەرخەری تووندوتۆڵی ڕایەڵەکانی دەماخ و دەروونێتی بە زیندەگیەوە. قووەت و قیمەت لە ڕماندندا نیهە، بەڵکوو لە بنیادنان، لە وەستاندن نیهە، بەڵکوو لە خوولاندن، لە نێردا نیهە، بەڵکوو لە مێ، هاخر مێ دایکە و دایکیش هوودایە.

## پۆپەی 07

بێشک خەڵکانێک دهێن و دەپرسن: ئەگەر بەشەرێت لە چەرخی مهیریدا دارابووبن بە زانستی ڕاستیەقین و، زانیبێتیان مردن سوورڕێکی دیکەیە لە زیندەگی، هەدی لەبەرچ ڕازی نەبوون لە برسان بمرن و، چوون دەستیان دایە خوون ڕەشتن و گۆشت خواردنێ؟ ئەگەر نێرینەکان نێزیکە هۆفن، خۆ مێینەکان نێزیکە مهیرن، لە بەرچ دایکان ڕێیان بە کووڕەکانیان دا بچنە ڕاوکردنێ؟ خەڵکینە، لە هیزرین و هەڵڕەشتندا، هوورد و بە هیساب بن، هاخر کێ لە ئێوە هێکێک لە چاوەکانی لە زەبر ناپارێزێ، لە بەرئەوەی دوو چاوی پێوەیە؟ یان کێتان لێ دەگەڕێن، گاشەبەرد بکەوێتە سەر هەنگووستێکی پێی، لە بەر ئەوەی نۆ دانە قامکی دی بە پێیەکانیەوەن؟ با ڕوون بێ لاتان، هەنەوکەش وەکوو هەنگینێ، لە هەمبەری هەموو چرکەساتێکی هوومرتاندا بەرپرسیارن، هەق بە کەس نیهە ئەم سووڕەی زیندەگی کەم بایەخ بگرێ، لەبەرئەوەی دوو سووڕی دیکەی بە دوو دادێ. کێهە دایک لە مەرگی ناوقهتی مەلۆتکەکەی بێ باک دەبێ، لەبەرئەوەی زگپڕە بە منداڵێکی دی؟ یان کامە خانەخوێ گوێ بە داڕمانی هەیوانەکەی نادات، لە بەرئەوەی دوو هۆدەی هەیە؟ لە قاتوقڕەکەی زەمانی خۆی، مێ نادڵ و ناچار، کاری نێچیرگرتن و گۆشت خواردنێی پەسەند کرد، ئەگەر دایک دەمی لە بۆ بەرهەمی ڕاوکردنێ نەبردبا و گۆشتخۆری ڕەت کردباوە، نە شیری بە مەمکان دەکەوت لە بۆ ساواکەی، نە هێزی بە لەشدا دەگەڕا لە بۆ کۆرپەکەی زگی، بەمەش خەتا و خراپەی لە هەستۆ دەکەوت و، دایکەکە دەبووە دەستەکووشتەی منداڵەکانی، چوونکی دەیتوانی بە خواردنی گۆشت لە مەرگ دەربازیان بکات و نەیکردوون. دایک ئەو کارەی کرد کە دەبوو بیکات، ڕەچەڵەکی بەشەری قووتارکرد و، پاشانەکەش هاوسەنگی بە زەویدا هێناوەتەوە. هەموو شتێک پێوان و پێوەری هەیە بەشەرێت لە شارستانێتی دایکدا، گرێدراو بە نامووس جوولاوەتەوە، نامووس ڕێی داونەتێ دەست بدەنە ڕاوکردنێ، خۆ کارەکە لە چڵێسی و تێرنەخۆری دەستی نەدراوەتێ، بەرخۆدان بووە لە بەرامبەری مردنێ. ڕێساش وەهایە لە نێوان هینسانێک و هاژەڵێک، هاژەڵەکە ببێتە قوربانی، لە نێوان هاژەڵێک و بنچە گیاهێک، بنچە گیاهەکە ببێتە قوربانی.

## پۆپەی 08

نێر دەستی داوەتێ و، مێ مەرجی داناوە، ئەو دەمانەی دەستیان بە ڕوەک و میوەکان ڕاگەیشتبێ، دایکان کووڕەکانیان لە نێچیرکردنێ گێڕاوەتەوە، ئەم گێڕانەوەیە دانانی سنوورە لە بەردەم پەرەستەندنی هۆفێتی لە ناو کۆمەڵی بەشەریدا. نێر لە بن باڵی مێ، کووڕ لە بن باڵی دایک بڕواتە دەرێ، سەرەڕۆ و هۆفی دەبێ. لە شارستانێتی دایکدا، پابەندی بە دایک، بە واتای پابەندی بە ناموس دێ، لە هەردوو باری ناوەوە و دەرەوە ناموسپارێزی هەیە، کەس هەقی نیەە ڕێی بێ ناموسی بە خۆی بدات، کەسیش هەق بە کەس نادات کاری بێ ناموسی بکات. ئەوکات و ئێستاش بێدەنگیکردن لە کاری بێ ناموسانە، دەبێتە گوناهێک و دەچێتە تۆماری ئەو کەسەی بێدەنگی لێ دەکات. ڕێسای ناموس وەهایە: لەو دومیدا ڕاوکردن ڕێی دراوەتێ، زیێدەڕۆکردن لە ڕاو، ڕێ پێدراو نیەە. دایک دادوەرە و ڕاوچیەەکان لە سەرەڕۆکردنێ ڕادەوەستێنێ. دایک بە خاتری دەوامی ژینی بەشەرێت، مەرگی سنووڕداری ئەوانیدی پەسەند کرد، ئەگەرنا بەرەواژ بە تایبەتمەندی خۆێتی و، ژن بە سرووشتی دایکێتی، بەوەی خوولقێنەرە و وەچە دەخاتەوە، نە دەتوانێ کووشندە بێ، نە لە پشت کووشتن و کردەی مەرگهێن ڕابوەستێ. دایک تەنەها ژنی منداڵدار نیەە، هەموو ژنێک بە تایبەتمەند دایکە، وەها خوولقاوە ببێتە دایک، بۆهێ بەبێ منداڵبوونیش تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی دایکاتی تێیدا بەرجەسدەن و، بە شێوەی قووڵ و، لە هەندازی هەرەبڵندی واتاهیدا نوێنەراتی زەندەق(ژیان) دەکات.

## پۆپەی 09

خواردنی گۆشت وەکوو خواردنی ڕوەک نیەە، ئەو وقەتەی بەشەری مەیری دەستی بە گۆشت خواردنێ کرد، هێکسەرە گۆڕدرا و، بوو بە مەیرهۆف، هێدی هێدیش بە خواردنی گۆشت و، بە بیر و کرداری کووشتنێ، گۆڕانی بنەڕەتی بە سەر هەموو پێکهاتەکەیدا هات، لە کۆتاهیشدا کاولی کرد. تازە هەرگیزاوهەرگیز پێکهاتەی بەشەری ناگەڕێتەوە دۆخی جارانی خۆی. بڕۆننێ، ئەو باخەی هووشک بووە و دارەکانی هەڵکەندراون، سەرلەنوێ هەمان خاک دەبێتەوە بە باخ، بەڵام باخەکەی پێشوو نیەە. من باخ لە جهێی باخ دروست دەکەمەوە، لە سەر هەمان خاکیش، وەلێ تازە باخی پێشترێ ناگەڕێتەوە. پێکهاتەی بەشەری گۆڕاوە و، بە هەزارجار لە پێکهاتەی پێشترێی جوودایە، لە وێنەی پووشەلانێکە پێشترێ باخ بووبێ و، کردبێتیان بە وێرانەی پاش جەنگ. هۆفیبوون ئەوەی بە سەر بەشەردا هێنا و، ئەوهای کاول کرد، گۆشتیش هێکێکە لەو ڕەگەزە هۆفیانەی دەستی بە هێزی لەم کاولکردنەدا

هەبووە. هاخر ڕوەک و گۆشت دوو جۆرە بژێوی جوودان و، لێکەوتەیان لە سەر دڵ و دەماخ و، لە سەر گشتەی پێکهاتەی لەش جوودایە، لێکەوتەکانی ڕوەک مهیرین و، هی گۆشت هۆفین. بە گۆشت خواردن و بەردەوامی پێدانی، بەشەر پێ بە پێی گوزەری کات، پێکهاتەی دروستی خۆی لە دەست دا. بە هام خواردنی هەرجۆرە گۆشتێک خەسڵەتی هۆفی و دڕندەبوون بە لەشدا دهێنێ، بەڵام جۆری گۆشتەکە لێکەوتەی جوودای هەیە و، جۆرێتی و چەندێتی هۆفیبوونەکە دیاری دەکات. گۆشتەکان سەبارەت بە بەشەری، تێکڕایان ڕەگەزی هۆفین لە خۆراکدا، لەگەڵ ئەوەشدا بە سەر سێ جۆری سەرەکیدا پۆلێن دەبن، مهیری و مهیرهۆفی و هۆفی، هەرهێکە لەم سێ جۆرەش لە دابەشبوونێکی دیکەی سێهانیدان، سێهانەکەش دیسانەوە دەبێتەوە بە سێ، پاشان دابەشبوونەکە لەمەش هووردتر دەبێتەوە. خواردنی گۆشتی گیاندارانی هۆف لە لایەن بەشەرەوە، زۆر بە خراپی کاریگەری لە سەر دڵ و دەروون و دەماخ و، بە گشتە لەسەر لەش جی دهێڵێ، جۆری ئەو هۆفیبوونەی بە هۆی خواردنی گۆشتەکەیانەوە لە بەشەردا پەیدا دەبێ، چەپەڵترین جۆرە لە هۆفێتیدا. خواردنی گۆشتی گیاندارانی مهیرهۆفی، زەڕی کەمترە، هی گیاندارانی مهیری لە ئەویش کەمتر بە زەڕە. سەرەڕای ئەوەش بە هۆی خواردنی گۆشتەوە، دەرد و نەخۆشی لە گیاندارانەوە لە بۆ بەشەری دەگواستدرێنەوە، هاوکات بەشێک لە خەسڵەت و تایبەتمەندیەکانیش دەچنە پێکهاتەی بەشەرەوە، لەبەر ئەوەیە گۆشتی گیاندارانی هۆف بە چەند قاتی ئەوانیدی خراپە و، هۆفێتی لە پێکهاتەی بەشەریدا بەرپا دەکات. ئەو گۆشتانەی لە ناوەندی شارستانێتی دایک لە کووردەهەواردا خواردراون، هی گیانلەبەرانێک بوون دەکەونە بازنەی گیانلەبەرانی مهیریەوە، خەڵکی هەوارەکە هێشتاش لە جۆرێتیدا، هەر لەسەر ڕێی پێشینان ماون، بەڵام لە چەندێتیدا گەوجانە دەمیان داوەتە بەرێ و، هەندازبەدەر گۆشتخۆرن. هێک سەدە لەمەپێش، خەڵکی ئەو هەوارە زۆر بە کەمی گۆشتیان دەخوارد، لە کاتێکدا گاڕان و ڕانەمەری زۆریشیان هەبوون، وەلێ خەڵکانێکی هاقڵ بوون، بە شوێن پێی پێشینانی خۆیاندا دەڕۆیشتن و، دەیانزانی ئەوی زۆری لێ بخوات، زۆر بەزەڕە لە سەری و، زۆر ناژی.

## پۆپەی 10

ئەو دەمەی بەشەر دەمی لە بۆ گۆشت خواردنێ بردۆتە پێشێ، جۆری گۆشتەکانی بە دروستی ناسیون و، زانیوتی گیانداران دەکەونە پلەبەندکردنێ، هەندێکیان زێدە هۆفن و، لە هیچ بارێکدا ناشێ بخوورد درێن، بەڵام قۆمەتانێکی بەشەری لە دەرەوەی ناوەندی شارستانێتدا، گوێی نادەنێ و، لارەملی دەکەن، ئەمەش هێکێکە لەو هۆ

بنەڕەتیانەی، کە جۆرە هەرە چەپەڵەکەی هۆفێتی، بە دووی خۆیدا هێناوەتە ناو دەروون و دەماخیانەوە. گیاندارکووشتن و گۆشتخواردن، لە وقتهێکدا کە برسیێتی تەنگی پێ هەڵچەنی بوون، کارێک بوو بەشەر لە ناچاریدا دەستی دابووهێ و، بەبێ ناموسی ناچێتە هیساباتەوە، هەنگاوە بەدەکە ئەوەیە، لە هەندێک جهێ لە جێهانێ، چڵێسی و چاوچنۆکی وهای کرد تخووب ببەزێنن و، بیگهێننە پیسخۆری. بەشەرێت لەو قەیرانەی تێی کەوت، ناچار بوو دەستبداتە ڕاوکردنێ، وەلێ ئەم ناچاربوونە وهای لێ نەکردوون هەموو جۆرە گۆشتێک بخۆن، بەشەر دەیتوانی چڵێسی نەکات و، لە سەر کەمخۆری، ددان بە خۆیدا بگرێ و، تووخنی گۆشتی گیاندارانی هۆفی نەکەوێ. سوور پێستەکانی دێرهەوار، نموونەی قۆمەتی خۆپارێز و ددان بە خۆداگربوون، ئەوان لەوپەری خۆرئاوا، پابەند بە کرۆکی ناموس مانەوە و، قەت چ جاران تووخنی پیسخۆری نەکەوتن، هەتاوەکوو زۆریش ناچار نەبان، دەستیان لە جوانەگاش نەدەوەشاند. بەڵام قۆمەتانێک لەوپەڕی خۆرهەڵاتێ، لە تامیان بردە دەرێ و، لە ناموس وەرگەڕان، سپی پێستانی مووڕەش، نەک بەس گۆشتی هۆفی، تەنانەت دەستیان دایە مشک و مار خواردنێ، پاشانەکەش بە هەوەس و مەیلی چڵێسانەوە بەردەوامبوون لە سەری. لە پاش تەواوبوونی سووڕی سەهۆڵبەندانەکە، هێواش هێواش ڕووی زەوی گەرم داهات و، سرووشت شیاوە، ڕوەک و میوەکان لە هەموو جهێ لە جێهانێ زۆربوونەوە، چیدیکەش بەهانەی گۆشت خواردنێ بە دەستی بەشەرەوە نەمابوو، چوونکە خاکی دایک ڕسقی پێویستی دەدانێ. لەوکاتیدا مرۆفاتی لە بەردەم دوو هەڵبژاردن دابوون، یان دەست لە هەیوان کوشتنێ هەڵگرن و، ڕوو بە مهیر بگەڕێنەوە، یان بە شێوەی مرۆف بەردەوامی بە زیندەگی بدەن. بەشەرێت لە ئاستی گشتەدا دەستی لە بۆ هەڵبژاردەی دووهەم برد، لە پشت هەڵبژاردنەکەشیەوە دوو هۆکار هەبوون، هێکێکیان ئەو گۆڕانە بوو، ئەوەی لە ئەنجامی کووشتنی گیانداران و خواردنی گۆشتدا بە سەر دەماخ و دەروونی داهاتبوو، هۆکارەکەی دیکەش چڵێسی و چاوچنۆکی کردنی خۆی بوو. لێرەڕا هاخلاقی بەشەر پاکژێتی لە دەست دا و، ڕوو بە گەندەبوون شۆڕ بووەوە. وشەی " هاخ لاق" لە زمانی زگماک بە واتای شێوەی هەڵسوکەوت، بە واتای هەنگاو و لاق هەڵهێنانی سەر خاک دێ. بەشەرێت شێوەی هەڵسوکەوتی گۆڕدرا و نەگەڕایەوە سەر هاخلاقی پێشترێ.

## پۆپەی 11

هەنوکەش وەکوو هەینێ، هایندەش وەکوو هەنەوکە، خواردنی گۆشت ڕەگەزێکە لە خۆراک، بەڵام ڕەگەزێکی هۆفی. ئەوی بە بیروباوەڕ مهیری بێ، خۆی لە خواردنی

بە دوور دەگرێ، یان زۆر کەمی لێ دەخوات، تەنەها و تەنەهاش گۆشتی ئەو گیانلەبەرە نێرینانەی لە بازنەی مهیرین و، ماڵیکردراون. خەڵکینە، ئەو گوونەهەی هەندێک خەڵکی پێشان کردیان، هەنگۆ نەیکەن و توولی نەدەنێ. ئەگەر لە بەینی ژین و مردن مانەوە، ئەگەر خواردنی گۆشتی گیاندارانی هۆفی، بەردەبازی پەڕینەوەتان بوو لە مەرگ، مەپەڕنەوە، گۆشتەکە مەخۆن و مردن هەڵبژێرن. مردن بە هەزارجار ڕوو بە خێرە لە چاو زیندەگیکردنێک، کە بە خواردنی مشک و مار و دووپشک، سیسرکە و قاڵۆنچە و کرم، یان بە خواردنی سەگ و پشیلە و چەقەڵ دەوامی بدرێتێ. لە ناچاریدا نەبوون گۆشتی هوورچ و ڕێوی و بەرازیش نەخۆن. بێجگە لەمەش، هەقتان نیهە هیچ مەل و مەلیچکێکی هاسمانێ نە بخۆن و نە بخەنە قەفەسەوە، چڕنووکدار و بێ چڕنووک، جا لە هەرڕەگەز و ڕەچەڵەکێک بن. هەنجەتی جووداکردنەوەیان مەگرن، هانێ پێودانگ، گیانلەبەرانی گۆشتخۆر هۆفین، ئەوانی گۆشت و گیا دەخوون مهیرهۆفین، ئەوانی بە تەنەها گیاخۆرن مهیرین. لە گیاندارانی مهیریشدا، هەتا ناچارنەبن مێینەکان سەرنەبڕن، بەڵکوو گیسکە نێر و بەرخە نێر و جوانەگا، تەگە و بەران و گا، یان پەلەوەرانی وەکوو مریشک و قاز و مراوی، یان ماسی بخۆن. دروست وهایە هەتا دواهەنداز پاشەکشە بە هۆفیتی بکەن، لە نێو ڕەگەزە خۆراکیەکانیشدا، ڕەگەزی هۆفی بەرەو ئەوپەڕی کەمبوونەوە و نەمان ببەن.

## پۆپەی 12

پێش ئەوەی سووڕی سەهۆڵین هەڵبکات، بەشەرێت بە جهێی جوودای جێهانێدا پەرتەیان کردبوو، لە هەرجێهەک کۆمەڵێکیان هەڵقوونجابوون و، زگی خۆیان بە میوە و ڕووەکەکان ڕازی دەکرد، بێ ئەوەی هیچ پێکهاتیکی لەش گازندە بکات. پەرتبوونەکە تەنەها لە باری زەمینیدا بوو، لە دوونیابینی و باری زهینیدا، هەمووان وەکوو هێکدی بوون، هەمووان بنەما لە سەر زانستی ڕاستیەڤین(نامووس) و زانستی ئەزموونکردنێ، هەڵسوکەوتیان دەکرد. بەڵام کە لە دۆستاتی گیانداران هەڵگەڕانەوە و، ناچاربوون دەستبدەنە خوون ڕەشتنێ، هەموو شتێک گۆڕدرا، هێکێتی بەشەرێت هەڵوەشایەوە و کۆم (قۆم)ی جوودا جوودا بە سەرەتا هاتن. وێنەی وەرچەرخانەکە ئەوهایە: هەندازەی جوودای ترازان لە نامووس، جۆری جوودای ئەو گیانلەبەرانەی نێچیریان کردوون، چەندێتی جوودای گۆشتخواردنێ، ئەمانەن زهین و هەڵسوکەوتکردنی هەرکۆمێک و هەرتاکێک بە جۆرێک ڕەوت دەدەنێ و، دەبنە بناخی پەیدابوونی جۆراوجۆرێتی لە کۆمەڵانی بەشەرێتدا، هێواش هێواشیش جوودابوونەوەکە لە ڕێی زگ و زانەوە دەگواستدرێتەوە. بەم چەشنە بنەڕەتەکانی جیداوازی لە نێوان خێڵ و هۆزەکانی جێهانێ

پێک دێ و، هەربەشە زەمینێک دەبێتە بنەمای تایبەتبوونی قۆمێکی بەشەری، بە دەورانی زەمانەش، ئەو قۆمەتانە پتر لە هێک دوور دەکەونەوە، بە تایبەتی لە چەرخی پاشترێ، کە وەکوو چەرخی هۆفی شێوەی هاتۆتێ، جوودابوونەوە و پەرتبوونی هیزری لە ناو بەشەرێتدا، بە تەواوی دوور و قوولّ دەبێ، بە هەندازێکی وها ناکۆکی و شەڕهەنگێزی بە دووی خۆیدا هێناوە.

## پۆپەی 13

بەشەر لە چەرخی مهیریدا، تەندروستی و تەمەنی تێر بوو، بەلّام بە گۆشت خواردنێ و، بە گۆڕانی دەماخ و دەروونی، زۆری لە کوورتی دا، کوورتبوونەکەش دەبێتە تایبەتمەندی و، زگ بە زگ لە بۆ نەوەکان دەگوێستدرێتەوە، هاوکات بە هەمان ڕێ و، بە زارەوزاریش گۆڕانە زهینیەکە، کەلّەکەی هۆف لە پێکهاتەی هەرکەس بە زیێدە دەکات. ڕاستی ئەوەیە، هیزر و هەستەکان بە هەردوو باری مهیری و هۆفیدا، کاریگەری لە سەر لەش دادەنێن، لە هەمان کاتیشدا ئەوەی بە شێوەی خواردن، یان بە شێوەی دی بە لەش دادێ، کاریگەری لە سەر دەروون و دەماخ دادەنێ. هاوکێشەکە ئەوهایە، چەندێک هۆف هەلّبکشێ، مهیر دادەکشێ، ئەوە لە کاتێکدا کوورتهێنانی مهیر لە سەر گشتەی پێکهاتەی لەش، زۆر بە خراپی جهێ دەستی بەجهێ دهێلّێ، لە بەری هوومر دەبڕێ و، هۆی مردنی ناوقهتە، ڕێ لە بۆ تووشبوون بە دەرد و بەلّای جووداجۆریش دەکاتەوە. لە پێشدا بەشەر بە گۆشت خواردنێ، بەشێک لە توانای هەقلّی و هێزە بەرگریهەکەی لەشی فەوتا، لە بەردەوامبوونیشدا، کەم هەقلّی و کەم تواناهی بەشەری قالّبی گرت و، هیدی توانامەندی پێشانی لە بۆ نەگەڕایەوە، بەلّکوو چەندێک کات دەرباز بوو، هێندە زیادتر هەقلّ و تونا و، هێزی بەرگری لە لەشیدا کەمی کرد، بەرگەنەگرتن و زوو نەخۆشکەوتنەکانی ئەم ڕۆژانەی، پەیوەندی قوولّی بە لێکەوتەکانی ئەم پێشینە دێرینەی ڕەچەلّەکی خۆیەوە هەیە. لە ڕاستیدا دەبوو لە پاش قەیرانەکەی سووڕی سەهۆلّین، قۆمەتانی بەشەرێت دەست و دەمیان لە گۆشتخۆری بکێشێتەوە، یان هەتا ئەوپەڕی خواردنی گۆشت کەم بکەنەوە، بەلّام بێجگە لە قۆمی کووردهەواری و، قۆمی سوورپێستانی دێرهەوار و، چەند قۆمێکی دی، چ تاقی قۆمەکانی دیکە، ئەم فەرزەیان بە جهێ نەهێنا، بەمجۆرە زۆرینەی بەشەرێت لە سەر خواردنی ڕادەبەدەری گۆشت مایەوە و، تووند مەیلی خۆیان پێدا هەلّواسی، وەکوو خۆهەلّواسین بە دار و پەتی خنکاندنێ. ئەمڕۆ وا هەزاران سالّە، خەلّکی بە هۆی ئەم هەلّەتەوە، بە دەرد و نالّین کەوتوون، کەچی درێژەی دەدەنێ و، خافلّن لەوەی خۆیان تووشی چ ڕۆژێکی ڕەش و، چ پاشەڕۆژێکی تاریک کردۆتەوە. زیێدەڕەوتی و

کوورتهێنان لە هەرشتدا، زەبر و زەڕی دوو سەرەی هەیە، هەم لە سەر ئەم سووڕە و، هەم لە سەر دوو سووڕەکەی دیکەی زیندەگی دەکەوێ.

## پۆپەی 14

ڕێکی و تەواوی، شۆخی و شیرینی، لە مهیر وەبار دێن، لە پشت هەرناڕێکی و ناتەواوی و، لە پشت هەرناشیرینییێک، هۆف وەستاوە. قەدیمی زەمان بەشەر پێرستی مهیربوون، لە قاڵب و قەوارەی ڕێک و شۆخین وەبار دهاتن، قاڵبی هیچ کەس بە زگماک کەم و کەسەری تێ نەدەکەوت و، بە نەکسەوە شێوەی نەدەهاتێ. بەڵام کە مهیر بوو بە مهیرهۆف و، گووژمێک لە هۆفێتی بە کاکڵی بەشەری کەوت، هەنگێ وهای لێهات لەشی بە کەم و کووڕ بکەوێ، وهای لێهات هەندێک جار نووقسان بهێتە دوونیاهێ. لە بیرتان بێ، هوودای تین و توانا مهیرە، مهیر هیچ منداڵێک بە نەکسەوە ناخوولقێنێ، کاتێک کوورتهێنانێک بە زیندەگی دێ، بە هۆی هۆفەوەیە. هۆ دایکان! ئەگەر کۆرپە ناتەواو و، کەم و کووڕ لە دایک بوو، گازندەتان لە پێشینان و لۆمەتان لە سەر خۆتان، چوونکوو کەموکووڕی بە دوو ڕێدا دێن، یان زگ بە زگ لە پێشینانەوە، یان هێکسەرە لە دایکانەوە. دایک لەگەڵ کێ جووتی گرتبێ و، زگی لێ پڕبووبێ، خێر و شەڕی ئەو کەسە قووڵ قووڵ کاریگەری لە سەر دایکەکە و، پێکهاتەی کۆرپەکە دادەنێ. هاوکات هەلومەرجی دایکەکە، شێوە بە هەلومەرجی ناو منداڵدان دەدات و، لێکەوتەکانی مایەی زگماکین. لە تروکانی هێڵکۆکە و، لە ماوەی زگپڕیدا، دایکەکە لە ناوەوە و دەرەوەیدا، چلۆنێکی لێ گوزەرابێ، دۆخی تەن و، دۆخی دەروون و دەماخی بە هەربارێکدا بووبێ، چ جۆرە خۆراکێکی خواردبێ، گوێی لە چ دەنگێک گرتبێ، چ بۆنێکی کردبێ و چی ڕەنگ و ڕووێکی نیگا کردبێ، هەمووی بە سەر پێکهاتەی ئاوەلەمە و کۆرپەی ناو زگیەوە، جهێ دەستیان دادەنێن. سێ مانگی هێکەمی ماوەی زگپڕی، بنەڕەتی بە شێوە هاتنی کۆرپەن، دروست هەڵسووڕێن و منداڵی دروست بهێننە دوونیاهێ.

## پۆپەی 15

لۆمەی پێشینان مەکەن لە سەر گۆشت خواردنێ، ئەو چڵێسی و مەیلەی خۆتان دامرکێنن، کە تیاتاندا کووڵاوە. لە خۆتان وهایە زانان و، بەو هەموو دەکتۆر و داوودەسگایانەش وا هەتانە، هێشتانەکێ وەکوو مەڕەهێڕە ملتان داوەتە بەرێ. هووڕ، هووڕ، هێروە وەرنەوە، زۆر بە خراپی لاتان داوە، بەرەو هۆش بگەڕێنەوە. زەبر و

زەڕی گۆشت، بەس چەوری نیهە، خواردنی گۆشت هێکێکە لە هۆ بنەڕەتیەکان و، لە پشت هەموو دەردە کووشندە و لە پەلوپۆخەرەکاندا وەستاوە. بەشەر دەستپێکەکەی لە گۆشت خواردنێ، ناچاری بوو، بەڵام توول پێدانەکەی و، زۆر لێ خواردنەکەی، لاملی بوون، ئەم لاملیکردنە پێکهاتەی هەقڵ و جەسدەی تێک دا، سەرتاپا تین و تاقەتی لاواز کرد و، بردیە بارێکی نارێک و ناتەندروستەوە، دەردەکانی دڵ و دەماخ، جەرگ، گەدوو، گورچیلە، ڕیخۆڵە، کۆڵۆن، گرێ و دارزین(شێرپەنجە)، زۆر دەردی دیش لە خواردنی گۆشتەوە هاتوون و، دەلوێ بە زگماک و، زگ بە زگ بگواستدرێنەوە، هاوکات دەلوێ بە سێ ڕێی سەرەکی، بە گوێ و چاو و، بە زاریشدا بهێنە ناو پێکهاتەی لەشەوە، لەبەر هەندێ گرینگی بدەن بەوەی چ دەخۆن و، چ دەبینن و، چ دەبیستن. ئەوەی دەیخۆن کاریگەری لە سەر لەش دادەنێ و، لەشیش لە سەر دڵ و دەروون و دەماخ، بە پێچەوانەش ئەوەی دەیبینن و دەیبیستن ڕەوت بە هەستەکانتان دەدەن، هەستەکانیش بە قووڵی کاریگەری لە سەر سەرجەمی پێکهاتەی لەش دادەنێن.
لە دەورانی زەماندا، پێکهاتەی بەشەری بە خراپی گۆڕدراوە، گۆڕانەکەش سەرجەمی پێکهاتەکەی گرتۆتەوە. لە دەستپێکی پەیدابونێ، دایکی بەشەری بە سێ زاین، شەش بەچەی خستۆتەوە، شەش جۆرە شەنگی و شینرینی، جوودایەزی بەینی بەچەکان لە پێکهاتە و تایبەتمەندیدا، بنەڕەتیکە لە جوودایەزی شێوەی قاڵب و قەوارەی کۆمەڵانی پاشترێی بەشەرێتدا، هەرهێکەش لە هۆکاری هاخ و هەوا و هەتاو، هاوکات خواردەمەنی، پاشانەکەش جۆرێتی هیزر و هەستەکان، دەوریان دیتوە لە گۆڕانەکانی بە سەر تین و تەنی بەشەردا هاتوون. دیمەنی ڕووناک و ڕەنگینی ڕوەک و میوەکان، قەتوقەت بەرهوورد بە دیمەنی تاریکی گۆشتی کاڵ و کوڵاو و برژاو نیهە، بەو هەندازەیەش لێکەوتەکانی مهیری و هۆفی لە سەر بەشەری جیداوازن. کەشوهەوای فێنک و، بەرکەوتنی هەتاو بە هاوسەنگی، هیزر و هەستی مهیری، خۆراک لە ڕەگەزی مهیری، هەموو بە هێکەوە جوانی و پاکژی لە ناوەوە و لە دەرەوەی لەش پێک دەهێنن. لە باری پێچەوانەش ئەنجامەکان بەرەواژ دەبنەوە، گەرما و سەرمای زیێدە هەنداز، هیزر و هەستی هۆفی، خۆراک لە ڕەگەزی هۆفی، هاوسەنگی تین و تەن تێک دەدەن و، قەوارە و قاڵب و پێکهاتەکەی دەگۆرێ، لەم گۆڕانەدا شۆخی و شیرینیەکەی بە ڕادەی هەرەزۆر لە بەین دەچێ.

ناموس

چەرخی مهیرهۆفی

## پەلی هیکەم

پۆپەی 01

لە ئاستی گشتەدا، چەرخی مهیری گوزارشتە لە کچ - مێ، چەرخی مهیرهۆفی گوزارشتە لە دایک - نێرەمووک، دایک و کیژ هەردووک هێک ڕەگەزن و، هاوتایبەتمەندین، مێ و نێرەمووکیش لە ناو هێکدین. وێنەکە هەمان وێنەیە، بنەڕەتەکانی شارستانێتی دایک لە چەرخی مهیرهۆفیدا، هەمان ئەو بنەڕەتانەن، وا لە چەرخی مهیریدا شارستانێتی لە سەر دامستدراوە و، بەردەوامی دراوەتێ. شارستانێتی دایک سێ سووڕە، سووڕی هێکەمی لە چەرخی مهیریدا شێوەی هاتۆتێ، سووڕی دووهەم و سێهەمی لە چەرخی مهیرهۆفی ڕەوت دەگرێ. سووڕەکان بنەما لە سەر جۆرێتی ڕەگەزەکانی خۆراک لە هێکدی جوودا بوونەتەوە. لە سووڕی هێکەمدا خۆراکەکانی بەشەرێت لە بازنەی مهیرین و، تەنەها لە ڕوەک و میوەکان پێکهاتوون.

سووڕی دووهەم لە هەردوو بازنەی مهیری و هۆفین، چوونکە گۆشت چۆتە پاڵ میوە و ڕووەکەکانەوە. لە سووڕی سێهەمدا ڕەگەزەکانی خۆراک سێ ڕەگەزن، لە هەرسێ بازنەی مهیری و مهیرهۆفی و هۆفین. لە دەستپێکی ئەو سووڕەدا، شیر و هێڵکە لە میانیماڵیکردنی هاژەڵان و پەلەوەرەکاندا، چوونەتە لیستی خواردنەکانەوە و، ڕەگەزێکی دیکەیان لە خۆراک پێکهێناوە. خەڵکینە، لە سەر هۆش و هەست بن، جیاوازی ڕەگەزە خۆراکیەکان، لە ڕووکەش و تەنی خۆراکەکان بە دید ناگیردرێن، بەڵکوو لەو گۆڕانەی بە هۆی خۆراکەکانەوە، بە سەر هیزر و هەستەکان و، بە سەر پێکهاتەی لەش و، بە سەر شێوەی هەڵسوکەوتکردنێ دادهێن، ئەمەش جەوهەری جوودابوونەوەی سووڕەکانی شارستانێتی دایک پێک دهێنێ.

## پۆپەی 02

لە هەردوو چەرخی مهیری و مهیرهۆفیدا، شارستانێت بە پڕاوپڕی شارستانێتی دایکە، هەردوو چەرخەکە سێ سووڕن، سووڕی هێکەم لە چەرخی مهیری دایە و، پتر لە هەفتا هەزار ساڵ توولی کێش داوە، سووڕی دووهەم و سێهەم لە ناو چەرخی مهیرهۆفین. ماوە و مەودای ئەو دوو سووڕە، لە ناوەند و دەرەوەی ناوەندی شارستانێت دەگۆڕێن. ناوەند کووردهەوارە، لەگەڵ تەواوبوونی شەپۆلی سەهۆڵبەندان، سووڕی دووهەمی شارستانێتی دایک تێدەپەڕێنێ و، لە ڕێی ماڵیکردنی هاژەڵان و دەستکردن بە چاندنێ، دەربازی سووڕی سێهەمی شارستانێت دەبێ. بەڵام لە ناو قۆمەکانی دیکەی بەشەریدا، ئەم ئاڵوگۆڕە بە درەنگ وقهت پێک دێ، هەرهێکەیان لە دەورانێکدا فەرهەنگی سووڕی سێهەمی شارستانێتەکەتان بە زهین دەکەوێ. لە پێشدا قۆمەکانی دەوربەری کووردهەواری دایک، فەرهەنگەکە لە دایکەوە وەردەگرن، قۆمەکانی دەوروپشتیشیان لە ئەوانی وەردەگرنەوە، بەم چەشنە شەپۆڵ شەپۆڵ فەرهەنگەکەی دایکانی زاگرۆز بە جیهانێدا بڵاودەبێتەوە. بەڵام هەندێک لە خێڵانی دێرهەوار و، جهێ دوورە دەستانی دوونیاهێ، هەتا هاخیرین دەورانی زەمان، هەر لە سووڕی دووهەمی شارستانێتی دایک مابوونەوە و، فەرهەنگەکە تازەکەی دایکانیان نەگهیشتبووهێ. چەرخی مهیرهۆفی، لە بەینی هەردوو چەرخی مهیری و، چەرخی هۆفی دایە، لە واتای خوودیدا چەرخی مهیری کیژە و، چەرخی هۆفی کووڕە، لە واتای ڕەگەزیدا مهیر مێیە و هۆف نێرە، لە نێوان هەردووکیاندا، چەرخی مهیرهۆفی جێدارە، ئەمەش بە تەواوی واتادارە، چوونکوو کیژ وەردەچەرخێ و دەبێتە دایک، هەینێ کووڕ لە دایکیەوە پەیدا دەبێ. چەرخی هۆفی لە چەرخی مهیری پەیدا نابێ، بەڵکوو مهیری وەردەچەرخێ و دەبێتە مهیرهۆفی، پاشانەکە چەرخی هۆفی لێ پەیدا

دەبێ. ئەمڕۆش لەگەڵ هاتنی مندا، هاخیرین وەرچەرخان بە زەوی دادێ و، چەرخێکی دیکەی مهیرهۆفی بە تایبەتمەندی خۆیەوە، ڕەوت دەگرێ. کاتەکانی "ڕۆژ" و "زەردەپەڕ" ، "شەو" و "بەرەبەیان" لە بەرچاو ڕاگرن، تێگەیشتننتان سەبارەت بە چەرخەکانی زەمان ڕاست و ڕوونتر دەکات، هێکەم هاوتایە بە چەرخی مهیری، دووهەم بە چەرخی مهیرهۆفی، سێهەم بە چەرخی هۆفی، چهارەم چەرخی لەمەولایە، لەمڕۆوە دەست پێ دەکات و ڕوو بە درەوشانەوەی خۆرهەتاوە.

## پۆپەی 03

خوون ڕەشتنی گیانداران، سیمای چەرخی مهیرهۆفی پێکهێناوە، هەرچەندە هەلومەرج گۆڕدرا و، بژاردەی وازهێنان لە کووشتدار بە هاردی داهات، وەلێ نێرینەکان وازیان لە ڕاوکردنێ نەهێنا، دایکانیش لەگەڵ کووڕەکانیان، خووشکانیش لەگەڵ براکانیان مانەوە و، چەرخی مهیرهۆفیهان بەردەوامی پێ دا. بەشەرێت ساڵانی زۆری بە گۆشت خواردنێ بە سەربرد و لە سەری ڕاهاتن، تازە هاسان نەبوو دایکان بتوانن ڕەوابوونی ڕاوکردنێ، بە تاڵ بکەنەوە. بێجگە لەمەش نێرینەکان لەزەتیان لە کارەکە دەبرد و، بە هەندازێکیش لە دەستی دایکان دەرچووبوون، ڕێک لە وێنەی ئەو ساوایەی کاتێک کە پێ دەگرێ، خۆی ڕادەپسکێنێ و، چیدی نایهەوێ لە باوەشان بیگووشن. قۆناخی ڕاوکردنێ لە بۆ نێرینەکان، قۆناخی پێگرتنە، نێر پێی گرت و، تازە ناگەڕێتەوە پاشەوە. نێرینەکان لە مێینەکان ترازاون، تیمی خاڵی لە مێ پێک دهێنن و، لە سبەینێ هەتا هێوارێ دەچنە ڕاوکردنێ. ئەم ترازانە خەتەرناکە، چاوی دایکان لە کووڕەکان دیار نیهە، کووڕەکان بە تایبەتمەند نێزیکە هۆفن، ڕەنگە هەتا هێوارێ خۆڕی بن و، پێ لە بەندی ناموس ببزێون، بەڵام کاتێک دەگەڕێنەوە ماڵێ، لە ماڵێ دایک هەیە و، بێشک پابەند بە ناموس دەبنەوە. هێشتا لە کۆمەڵی کووردهەواریدا گوزارشتی "خۆڕی، هەتا هێوارێ خۆڕی،" باو و بەربڵاوە. وشەی "خۆڕی" واتایە لە خۆبەخۆ ڕێکردنێک بە دەر لە ڕێی گشت و، شەرمەزاربوون دروست دەکات. لە ناوەندی شارستانێتی دایک لە کووردهەوار، ناموس ڕێی هامی خەڵکی بوو، ئەوی لە هەڵسوکەوتکردندا بێ ناموسی کردبا، بە خۆڕی ناویان دەبرد. هەمان ئەم وشانە (خۆڕی و بێ ناموس)، لەم هاخیری زەمانەش بە مەبەستی سەرزەنشت و سەرتەپەکردنێ بە کاردێن، بەبێ تێگەیشتن لە واتاکەیان و، لەو پێشینە دوور و قووڵەی هەیانە. لەمەوپاش وەکوو پێشترێ، ئەم کرۆکە، (ناموس) ڕێی گشتە، ئەوی ناکۆک بە ناموس بمێنێتەوە، بە خۆڕی و بێ ناموس ناوی بهێنن، ناوهێنانەکە بە تەواوی واتادارە، ئەوی ناموسی نەبێ، وەکوو ئەوە وهایە هیچی نەبێ.

## پۆپەی 04

ڕێکخستنی کۆمەڵاتی، چ لە ناوەندی شارستانێت لە خۆرمیانێ، چ لە بازنەکانی دەرێ، بە سەرچاوە لە نامووس دەوام دەکات. هەروەکوو لە چەرخی مهیریدا، کۆمەڵ بە ناوەندێتی دایک شێوەی هاتۆتێ، هەر بە ناوەندێتی دایکیش درێژەی دراوەتێ، بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانێک لە بنەڕەتەکانی شارستانێتەکە ڕوو‌بدات. ڕێکخستن وهایە: خێزان لە دۆخی سرووشتی خۆیدا، بە سێهانەی خوودێتی دایک و کیژ و کووڕ پێک دێ، ئەو سێ خوودێتیەش هێکەمین بازنەی کۆمەڵاتیبوونی مرۆف پێک دهێنن. لە باری زمانیدا، وشەکە لە هێزان گۆڕدراوە بە خێزان، واتای کۆی هێز دەگهێنێ. وشەی هاخێز لە " هاخ " و " هێز " پێک دێ، واتایە لە هێزی هەڵستانەوە لە زەوی، کاتێک دەگووتدرێ خێزەی لێکرد، واتا کەسێک لە قەسدی گەف لێکردنێ، بە ڕووی گرژەوە نیگای گرتۆتە کەسێکی دی و، هێزی خۆی نیشان داوە. خێزان هەم لە زمان، هەمیش لە زەمیندا گوزارشتە لە هێکێتی هێز و، بنەڕەتی ئەو هێزەس ڕەگەزی دایکە. لە پەرەستەندنی چەندێتیدا، هەردوو ئاستی پانی و ئاسۆهی بە شێوەی بازنەی تێک هەڵکێشدراو ڕەوت دەگرن، بازنەی دایک و کیژ، بازنەی خووشک و خووشک بە هێکەوە گرێدراون، لەم خۆ بە هێکدی گرێدانەی ڕەگەزی دایکەوە، کۆمەڵێکی بەهێز پێک دێ و، شێوەی هێک بازنەی گەورە خۆی دەنوێنێ.

## پۆپەی 05

لە چەرخی مهیریدا، شارستانێتی دایک پشتی بە هێک سەرچاوەی ڕسق دەبەست، ئەویش ڕوەک و میوەکان بوون، ڕنین و ڕەتاندنی ڕسقەکە لەلایەن دایکانەوە سەرپەرشتی کردراوە، کووڕەکانیش لە بنباڵ و ڕێنوێنی دایکاندا، دەچوونە بژێو پەیداکردنێ. بەڵام لە سووڕی هێکەمی چەرخی مهیرهۆفیدا، کە دەکاتە سووڕی دووهەمی شارستانێتی دایک، دوو سەرچاوەی بژێو هەنە، هێکێک مهیری و ئەویدی هۆفی، ئەوی هێکەم زیادتر مێ و منداڵ پێی هەڵدەستن و درێژەی دەدەنێ، چوونکی نێرینەکان جوودا بوونەتەوە و، سەرگەرمی کاری نێچیروانین. جوودابوونەوەکە هەرچەندە گشتەگیر نیهە و، لە هێک بواردایە، لەگەڵ ئەوەشدا جۆرێک لە پایەی بە پیاوان داوە. پیاوان کارێک دەکەن، بە بیر و بازووی خۆیان بەڕێوەی دەبەن و، قسەی دایک ناچێتە ناو کارەکەیانەوە، چوونەتە ڕاوکردنێ و بە دەستی پڕیش هاتوونەتەوە، وەلێ دەستە پڕەکان لە خووندا سوور داگەڕاون و، بۆنی مردنیان پێوە بووە، لە کاتێکدا دەستی مێینەکان ڕەنگی گوڵ و میوەی گرتووە و، بۆنی ژینی لێ هاتووە. هەڵبەتە هاتنە پێشەوەی چنگە بە خوونەکانی پیاو، هێزی ئەوەی نیهە دەستە گوڵاویەکانی ژن

بشکێنێتەوە، شارستانێتەکە بە زانستی هوودای مهیربان هەڵواسدراوە، هەڵقەکە لە هەڵقەکانی گەردوونی، لەبەرهەندێ هەردایکێتی ناوەندە و، هاسان نهیە پیاوان بتوانن بە بەرهەمی ڕاوکردنێ، خۆیان بخاتە بەرهووردی مێینەکانەوە. پایەی مێینەکان بناخ لە سەر پەیداکردنی بژێو دیاری نەکردراوە، هەتا نێرینەکان بە دابینکردنی ڕەگەزێکی بژێو، کە ڕەگەزی هۆیانەیە، بەرز ببنەوە. مێ دایکە و دایک تایبەتمەندی هوودای هەیە، وەچە دەخاتەوە و دەخوولقێنێ، منداڵ هێکسەرە لە لەشی دایک دهێتە دەرێ، پاشانیش رسقی لە سەر مەمکی دایکێتی، هەرئەم تایبەتمەندیهە بە تەنەها بەسە و، هاتنە پێشەوەی بنەما هۆفیانەی پیاو بەربەست دەکات. هۆ خەڵکینە! فەرزە لە زهینی خۆتاندا بیچەسپێنن و، بیهێنن بە زارتاندا: مێ لە هەبوونی خۆیدا پایەدارە، لە پێکهاتەی گیان و لەشیدا خاوەن پایە و شکۆی مهیرە، ئەمەش بە چەندێتی و جۆرێتی تینی مێ گرێدراوە. لە بازنەی نامووسدا، هیچ وقهت و بە هیچ هۆیێک، پیاو هەقی هاوپایەبوونی نیهە لەگەڵ ژندا، ناشبێ نێرێتی بەرهوورد بە مێهێتی بکەن، مێ دایکە و دایک ناوەندە. هەرهیزرین و، هەرگفتار و ڕەفتارێک بەرەواژ بەم ڕێسایە بێ، دەبێتە بێ نامووسی. لە پێشینانەوە گووت دراوە:" ژن ژنە و، پیاو پیاوە." ئەم گاتایە کە هێشتا لە کۆمەڵی کووردەهواریدا، زارەوزار دەکات، نیشانتان دەدات پێشینان پەبەندبوون بەوەی ڕەگەزی دایک لە سەرووی ڕەگەزی کووڕ دێ، قەتیش نالوێ دایک و کووڕ، مێ و نێر، وەکوو هێک ببیندرێن. ئەگەر پاشان نێر بە سەر مێدا بەرز بۆتەوە، ئەوە شتێکە لە دەرەوەی نامووس و، بە خۆڕێتی ئەنجامدراوە. ئەو زەمانە ڕابرد، ئەمڕۆ وا هاخیری زامانە، هوودای مهیربان هاتۆتە خوارێ و دایک دەباتەوە ناوەندێتی، بەمەش هەمووان لە تاریکی دەرباز دەکات و، ڕووناکی و ڕەنگینی بە زەویدا دهێنێتەوە.

## پایەی 06

لە هەرسێ سووڕی شارستانێتی دایکدا، مێناسینێکی ڕاست و ڕەوان لە گۆڕێیە، بێ گەردی گوومان و، بێ دڵ لە دڵدان، هەمووان پێ لە بەندی ئەو ناسینەن. چەرخ گۆڕدراوە، سووڕەکانی شارستانێتیش هێک بە دووی هێک دەگۆڕێن، بەڵام نامووس نەگۆڕە، نامووس زانستی ڕاستیەقینە، نە زەمان و نە زەمین نایگۆڕێ. نێچیرفانی و گۆشتخۆری، هەرچەندە هەندازێک لە هۆفیبوونیان بە دەروون و دەماخ و، بە نەفسی بەشەریدا هێناوە، لەگەڵ ئەوەش شارستانێتەکە هەروەکوو جاران، کانیاوێکی ڕوونە و، ڕەگەزی دایک لە وێنەی مانگی چواردە تیایدا دەدرەوشێتەوە. لە ڕاستیدا دایک لە هەرز و دایک لە هاسمانێ، لە هێکدیدا دەبیندرێن، گۆرانەکان وەکوو پەلە هەوری تەنکی بهارێ، بە هاستەم بەری خۆرهەتاوێ دەگرن، بەبێ ئەوەی بتوانن بیشێرنەوە.

لەو زەمانە ڕووناک و ڕەنگینەی هەنگینێدا، شارستانێتی دایک لە هەناوی خۆیدا، هەمووانی بە ناو زانکۆی هوودا هیدا تێدەپەڕاند و، سەرجەمیان زانستپەروەر بوون، بە زانستی ڕوون و بێخەوشی هوودا پەیوەست بوون، لەبەرهەندێ کەس نەبوو ملبداتە بێ هەقلی و، زاتی ئەوە بکات لە زانست هەڵبگەڕێتەوە. درەنگ وقەت لە دەرەوەی ناوەند هەڵگەڕانەوە ڕوویداوە، لەوکاتیدا تاریکاهی داهات و، هەموو ئەو ناسین و زانینە ڕوون و ڕەوایانەی هەبوون، لە ناو تاریکیدا نووقم بوون و بزر بوون، بەمەش بەشەرێت هێواش هێواش هەردوو بەشە بنەڕەتی و ناوەندیەکەی مێشکی داتەپین و، خۆی بزرکرد. ئەمڕۆ لە دەرەوەی نامووس، نە کەس خۆی دەناسێ، نە دەرک بە هیچ شتێکی بنەڕەتی و ناوەندی دەکات لە دوونیاهێ، تەنانەت دەرکێکیان سەبارەت بەو بە سەرهاتەی خۆشیان نیهە، چوونکوو ئەو بەشەی ئێستاکێ لە دەماخی بەشەردا کارایە، تواناکەی تەنەها لە دەرکی ڕووکەشیدا دەمێنێتەوە و، بەشی دەربازبوون بەرەو ئاستی ناوەندی و بنەڕەتی ناکات، لەبەر ئەوەیە ئەم بەشەی مێشک بە داتەپینی دوو بەشەکەی دیکەی مێشک نازانێ. هوودا و هەبوون و گەردوون بریتین لە سێ ئاستی بنەڕەتی و ناوەندی و دواهین، دەماخی بەشەر و گیاندارانی دیکەش، لەم پۆلێنە سێهانەیە دایە، بەشە بنەڕەتیەکەی دەماخ دەرک بە بەشە بنەڕەتیەکەی گەردوونێ دەکات، بەشە ناوەندیەکەی دەماخ، دەرک بە بەشە ناوەندیەکەی گەردوونێ دەکات، بەشە دواهینەکەی دەماخ توانامەندە بە دەرک پێکردنی دواهین بەشی گەردوون، ئەویش خۆی لە ڕووکەش و "تەن"دا، دەبینێتەوە. هەردوو بەشی بنەڕەتی و ناوەندی، چ لە گەردوون و، چ لە مووخی بەشەردا، لە خوودێتیدا کیژ و دایکن و، لە ناوهێکدین، بەشەکەی دی لە خوودێتی کووڕدایە و، بەشە ناوەندیەکە خوولقاندووتی، لەبەرهەندێ نە لە توانامەندی و نە لە هیچ شتێکدا، بەرهوورد بە دوو بەشەکەی دی نیهە، ئەوە لە کاتێکدا لە مێژە ئەو دوو بەشەی دەماخ لە ناو سەری هەموواندا دەقدراون و تەپیون، بەڵام نامووس هەردوو بەشەکە زیندوو دەکاتەوە، هەنگینێ دەرک و دەزانن بەرز دەبنەوە و، بەشەرێت لە ناو قووڵاهی تاریکی و، مەینەتی دۆخی دۆڵزاخ دهێتە دەرێ. لە ڕەوەندی ڕابردوودا، گەلێک کەس بە ڕێبوار دەرکەوتن و، خۆیان وەکوو گەڕیدەی هەقیەت بە خەڵکی ناساند، ئەوان هەرهێکەیان لە خۆیان وها بوو، بە ڕێ ڕاستەکەدا دەڕۆن، هاتن و گووتیان دیتومانەتەوە، هاتن قسەی هەڵەق و بەلەقیان خستە گۆڕێ و، گووتیان هەقیقەتی بەشەرمان دیتۆتەوە، بەڵام قسەی چ تاقیان بە کەڵکی کەس نەهات، بەشەر هەرگووم و نەناسدراو، لە بن تەپ و تۆزی کەوتنەکەی خۆیدا مایەوە. زانینی چاک و، پاک و پەتی، ئەوەتانێ وا لە نامووس پەنگاو دەدات، نامووس بە زهین بگرن، خۆتان و هوودا و هەموو شتێکی بزربووتان دیتۆتەوە. لێگەڕینی نەسرەوتانەی بەشەرێت بە شوێن دۆستینەوەی ڕابردووی خۆیدا، کە چەرخی مهیرهۆفی بەشێکی پڕبایەخی ئەو ڕابردووە پێک دهێنێ، لێگەڕینێکی بۆش و بە تاڵ بوو، چەندێک گەڕاون، لە کۆتاهیدا

هەربەدەستی خاڵی گەڕانەوە. ئەمڕۆ بە دەرکەوتنی نامووس، لێگەڕین سەرقاپ دەبێ و، چیدی نادیارێک نامێنێ بتانهەوێ بە دیاری بخەن. هەرکێ بە دووی هەقیقەتدا وێڵ و هەیران بوو، ئەوەتانێ هەقیقەت بە تێروتەواوی هاتۆتەوە، سەر هەڵبڕن و بە چاوی سەر هەقیقەت ببینن.

## پۆپەی 07

بەشەر لە مهیر گۆڕدرا و، بە تایبەتمەندی مرۆف (مهیر-هۆف) خۆی دیتەوە، گۆڕانێک لە ئەنجامی نێچیروانی و خواردنی نێچیرەوە. ئەو هۆفیبوونەی لە قاڵبی هەڵسوکەوتی نێرینەی بەشەریدا جهێ دەگرێ، بە تەنەها لە ڕەفتاری گیاندارکووشتنێ ڕاناوەستێ، چوونکە ئەو گۆشتەی دەیخۆن، دەبێتە مایەی جهێگرتنی هۆفێتی لە دڵ و دەماخ و، لە هەموو پێکهاتەی لەشی بەشەردا، بە تایبەتی ئەو کۆمەڵانەی پیسخۆرن و، گۆشتی گیاندارانی هۆفی دەخۆن، پتر لە قۆمەکانی دی، هۆف لە نێویاندا هەڵدەکشێ. هەڵکشانی ئاستی هۆفێتی لە تاکدا، هێکسانە بە هەڵکشانی هۆفێتی لە دۆخی کۆمەڵاتی ئەو کۆمەڵەی، کە تاکەکان پێکیان هێناوە. نێرینەکان بە تایبەتمەند نێزیکە هۆفن، ئەو توندوتیژیەش کە لە ڕاوچێتی دەستیان داوەتێ، گۆشتی ئەو گیانلەبەرە هۆفیانەش کە خواردیتیان، وهای لێکردوون چەند قاتی پێشترێ، هۆفێتی لە هیزر و هەستیاندا بڕواتە سەرێ و، تاریکاهی بکەوێتە کەلەی سەریانەوە. نێچیروانەکان هەرکە دەستومشتی خۆیان بە بڕی دەبینن، قیچ قیچە لە گوێ و هەمدی دایکان دەردەچن و، ڕوو دەدەنە خۆڕیهاتی. لێرەڕا هێڵی ناوەندی شارستانێتی دایک و، هێڵەکانی دەرەوەی ناوەند، بە هۆی جوودایەزی جۆرێتی گۆشتەکان و، چەندێتی خواردنەکەی، لە هێک جوودا دەبنەوە. قۆمەکانی دەرەوەی ناوەند، ئەوانی پیسخۆر و هۆفخۆرن، بەشە مهیرەکەیان بڕبڕە لە کوورتی دەدات و، لە بەرامبەردا بەشە هۆفەکەیان گەورە دەبێ. وەلێ لە ناوەندی شارستانێتی دایک لە کووردهەواریدا، ئەو هەیوانانەی دەیانخوارد، لە جۆری مهیری بوون، چەندێتی خواردنەکەش سنووردار بووە و هێندە هەڵنەکشاوە، چوونکە هەوارەکە زەنگین و ڕەنگینە بە میوە و ڕووەکەکان، ئەوەش وهای کرد ئەو زەبرەی شەپۆڵی سەهۆڵین لە بەشەرێتی دا، دەرهاوێشە و لێکەوتەکانی لە سەر دانیشتوانی زگرۆزێ، کەمتر بێ، لەبەر هەندێ هەڵکشانی هۆفی لە ناو قۆمەکانی دی، بە چەندان پلە لە پێش ئەوان بوو، پاشانەکەش کە دایکانی زاگرۆزێ ڕاسان بەرپا دەکەن و، ماڵیکردنی هاژەڵان و چاندن بە هاردی دادهێنن، سەرلەنوێ مهیر بەرامبەر بە هۆف بڵند دەبێتەوە. ئەم ڕاسانەی دایکانی کووردهەواری، وەرچەرخانە لە ڕەوتی بەشەری و، ڕێی سێهەم بە زەوی دادهێنێ، لەوێدا سەرلەنوێ مهیر کەوتەوە پێش و،

سووڕی سێهەمی شارستانێتی دایک دەستی پێکرد. لە هاخاوتنی بەشێک لە خەڵکی هەوارەکەدا، هەتا ڕۆژی ئەوڕۆش وشەی "مرۆ - مهیرۆ" جهێناوێکە لە بۆ بەشەر و، لە توولکێشانی مهیرپەرستیاندا ماوەتەوە. لەپاڵ ئەوەش وشەی "مهیرۆف" باو و بەربڵاوترین وشەی جهێناوە لە بۆ بەشەری.

## پۆپەی 08

کووڕیشکەکە لە قۆناخی گاگۆڵکێ کردنێ نەماوە، پێی گرتووە و، دایکی دەستی دەگرێ، لە هەندێک جهێش خۆی لە دەستی دایکی ڕادەپسکێنێ. هەقایەتی نێرینەکان لە دووهەمین چەرخی زەمانەدا وهالەیە، لە هەرجهێ لە جهێانێ کەوتوونەتە سەرپێ و ڕێ دەکەن، لە ناوەندی شارستانێتدا کووڕی هاقڵ و گوێدێری دایکن، لە هەندێک جهێش لاسارن و، دایکیان بە دەستیانەوە هەلاکەت دەکێشن. ئەو سەرپێ کەوتنەی ڕەگەزی کووڕ و، دەورگێڕآنیان لە پەیداکردنێ بژێودا، دەبێتە وێنەی زهینی و، لە پەیکەرسازکردنەکانی چەرخی مهیرهۆفیدا بە شێوە هاتوون. پێشترێ لە چەرخی مهیریدا، پەیکەرە گڵینەکان بە تەنەها پەیکەری دایک بوون، بەڵام کە چەرخ دەگۆڕێ، لەگەڵیدا بابەتەکانی پەیکەرسازکردنیش گۆڕدراون، بە تەنیشت پەیکەرەکانی دایکدا پەیکەری پیاو و، پەیکەری هاژەڵان و پەلەوەرانیش بە گۆڕێ کەوتوون. سەدان لەو پەیکەرانە، کە هەرهێندەی هەنگووستێکن، لە گەلێک کاولە گووندی کووردهەواریدا دیتدراونەتەوە. تێگهیشتنە باوەکان چەوت و چەوێڵن، چ تاقێکی ئەو پەیکەرانە هەڵگری بیروباوەڕی خەڵکی نین، بەڵکوو لەبەرگرتنەوەی وێنەی ناو سەری منداڵانن. لە چەرخی مهیریدا مێشکی منداڵان بە وێنەکانی دایک تەندراوە، وقتهێک منداڵان دەست لە بۆ قووڕ دەبەن و، دەیهانەوێ شتێک لە قووڕەکە ساز بکەن، هەوڵدەدەن لە سەر وێنەکانی ناو سەری خۆیان شێوە بە قووڕەکە بدەن. لە چەرخی مهیرهۆفیدا وێنەی پیاوی ڕاوچی و، ئەو هاژەڵانەی ڕاویان دەکەن، دەبنە وێنەی زهینی و لە پاڵ وێنەکانی دایک، لە یادەوەریدا جهێ دەگرن. هەردوو چەرخەکە منداڵان لە سەر وێنەکانی ناو مێشکی خۆیان شێوەیان بە قووڕ داوە، هاوکات کەسانی پێگهیشتوو، لە شیاوکردنی پەیکەرە قووڕینەکاندا کۆمەکیان کردوون.

## پۆپەی 09

بیروباوەڕی ڕاستیەقین لە جهێی خۆێتی و، هیچ لە پێکهاتەکەی نەگۆڕدراوە، چلۆن لە چەرخی مهیریدا هەبوو، ئەوها لە چەرخی مهیرهۆفیدا دەوام دەکات. هوودای دایک لە

ناو دڵ و دەماخ جهێداره و، مایەی ناسینی دایک و، ناسینی خاک و، مایەی ناسینی هەرشتێکە وا لە گەردووندا هەیە. ئەو ڕووداو و دەرکەوتنانەی ڕۆژانە لە دەوروبەریاندا بە گۆڕێ دەکەون، باوەڕ بە بیری ڕاستیەقین نوێ دەکەنەوە. توانا سەرسوڕهێنەرەکان هەم لە خاکدا بەرجەسدەن، هەم لە دایک، هەرهێکەیان بە جوودا تایبەتمەندی خووڵقاندنیان هەیە و، ڕسقیان دەدەنێ، ئەمەش وەکوو شتێک باوەڕی خەڵکەکە بە تۆکمە و تووندی دهێڵێتەوە. ڕاستیهەکە ئەوەیە، هوودای مهیربان لە خاکی دایک و لە ڕەگەزی دایک دەردەکەوێ، مهیر دەنوێنێ و ڕسق دەدات، خێروخۆشی بە هەمووان دەبەخشێ. ڕێسا نەگۆڕە، بەخشین و خێروبەرەکەت لە ڕێی دایکانەوە دەگەنە بەشەری، لە ناو هەموو گیانداران هەر لە ڕێی دایکانەوەیە، لەبەرهەندێ بەلاداخستنی ڕەگەزی دایک، دەبێتە مایەی بەلاکەوتنی خێروخۆشی و، سەرزەمین بەرەکەتی تێیدا هەڵدەگیردرێتەوە.

## پۆپەی 10

گەوجگەلی چەرخی تاریکی، ئەوانی بە زانا ناویان دراوەتێ، زانستە ڕاستیەقینەکەی پێشان بە خوورافات دەناسن و، هەڵەق و بەلەقی ئەوڕۆ بە زانست ناودێر دەکەن. لەوان وهایە پێشینان خافڵ و بێ هەبەربوون لە ڕاستی و، بە بیروباوەڕی فەرەهوودا، بە پەرستنی تووخمەکانی ناوسرووشت، ڕۆژگاری خۆیان گوزەرداوە. هەیلێ هەیلێ، نەزان و بێ زانست ئێوەن، هەی لە خۆتان بێ هەبەر، هەی خۆنەناسینە! پێشینان لە سەر زهین و لە سەر هەست بوون، بە دروستی خوودێتی هوودایان دەناسی و، دەیانزانی هوودا گیانە و، گیانیش بە هەندازی جوودا، لە تووخمەکانی گەردوونێ و، لە پێکهاتەکانی سرووشتدا دەردەکەوێ. پێشینان هوودایان بە گیان ناسیوە و، لە هەرشوێن و لە هەرکاتدا، لە دیداری هوودا دابوون. پاشماوەی هەینێیە، وا هێشتا سەرجەمی کۆمەڵی کووردەهەواری، هوودا بە گیان ناو دەبەن. قەدیمیان زانست پەروەربوون، چاک دەیانزانی هوودا دایکە و، لە خوودێتی دایکاندا دەردەکەوێ، جا ئەو دایکە خۆرە، خاکە، یان هەرتووخمێکی دیکەی سرووشت، یان ڕەگەزی دایکە لە ڕەچەڵەکی بەشەری و، لە ڕەچەڵەکەکانی دی. بڕۆننێ چ تاریکیەکتان بە سەر خۆتاندا هێناوە، لەوەتی هوودای دایک ناناسن، هێروهووڕ بوونەتەوە، دەست لە هەرشتێک بدەن قڵپی دەکەنەوە. پێشترێ گۆزەی پڕ لە ئاوی ڕوون و سازگارتان قڵپ کردەوە، پاشان لە تاو تیوێتیدا، کەوتنە خواردنەوەی چڵپاو و خڵتاوی زەمانە. ئەگەر نەخۆش و دەردەدارن، ئەگەر دڵ بە کوول و مەینەتبارن، ئەگەر وێڵ و سەرگەردان دەسووڕێنەوە و، کوونجێکی هوومێد شک نابەن، هەمووی لێکەوتێکە لە گەوجێتی خۆتانەوە.

ئەو بەشە خاکەی لە دێرزەمانەوە، بە زاگرۆز ناودێرە، لە سێهەم سووڕی شارستانێتی دایکدا، بە خۆی و دەوروبەرەکەی، ناوی کووردهەواریان دراوەتێ. هەردوو ناوەکە مووبارەکن، ناوی خاکێکن کە خاکی بهێشتە و، دایکی جێهانێیە، لەبەرئەوەیە بەرەکەتدارترین بەشە خاکە لە سەر ڕووی زەوی، خۆل و گڵەکەی لە خۆڵ و گڵی هیچ جهێی جێهانێ ناچێ، هەوا و هەتاوەکەشی هاوسەنگن، ئەم هاوسەنگیەش هەندەی دی، پیت و فەڕی بە خاکەکە داوە، لەبەرهەندێ ڕوەک و گوڵ و گیاکانی، ئاو و کانیاوەکانی، هێکجار تایبەتمەند و سەرسووڕهێنەرن. گیانلەبەرانی هەوارەکەش، بەوەی ئاو و گژوگیای ئەو خاکە دەخۆن، لە هی دوونیاهێ جوودان، هێڵکەی مریشک و، شیری بزن و مەڕ و مانگاشی لە هی هەموو جێهانێ پڕ وزە ترن و، تامێکی زێێدە تایبەتیان هەیە. لە ڕاستیدا لەزەت و بۆن و بەرامێک لە چێشتی کووردهەواریدا هەیە، لە جێهانێ نموونەی نیهە، ئاوەکە و ڕوەکەکە و، گۆشتی ئەو ماڵاتەی چێشتەکانی لێ سازدەکەن، ئەو تام و بۆنەی داونەتێ. کاتێک دووهەم چەرخی زەمان گەڕا، کووردهەوار پانوپۆڕ بوو، ڕۆژئاواکەی زەریای سپی و ڕۆژهەڵاتەکەی نیشتمانی هیند بوو. لەو دەمیدا دایکان لە بنارەکانی زاگرۆزێ، لە ناو دڵی کوورهەواریدا، تەکانێکی جۆری بە شێوەی زیندەگیکردنێ دەدەن، بە ماڵیکردنی هاژەڵان و دەستکردن بە چاندنێ، ڕەگەزی سێهەمی بژێو دهێننە گۆڕێ و، دوو ڕەگەزەکەی دیکەش لە خۆراک دەوڵەمەند دەکەن. ڕوەک و میوەکان ڕەگەزی مهیرین، گۆشت ڕەگەزی هۆفە، بە ماڵیکردنی پەلەوەر و هاژەڵان، ڕەگەزە مهیرهۆفیەکەی خۆراک"هێڵکە و شیر"هاتنە ناو لیستی خۆراکەکانەوە، بەمەش جهێ بە ڕەگەزە هۆفیەکەی خۆراک تەنگ دەکەن. لێرەدا هۆپێک بکەن و، تێگهیشتنتان سەبارەت بە ڕێسای نەگۆڕی گەردوون تۆخ بکەنەوە، مێ دووە لە هێکێکدا و، نێر هێکە لە هێکدا، مێ و نێرەمووک، کەنیشک و دایک لە ناو هێکدین، نێر تەنەها کووڕە. ئەوەتانێ هەمان ئەم ڕێسایە لە ڕەگەزەکانی خۆراکدا ببینن، هەردوو ڕەگەزە مهیری و مهیرهۆفیەکەی خۆراک، هەرهێکەیان دووە لە هێکێکدا، ئەمیان سەوزە و میوەیە، ئەویان شیر و هێڵکەیە، لە کاتێکدا ڕەگەزە هۆفیەکە تەنەها گۆشتە، هێکە لە هێکدا. تەکانەکەی دایکانی زاگرۆزی، شۆڕەشێکی تێروتەواوە، بەم تەکاندانە لە هەردوو باری زهین و زەمیندا، ڕەش و تاریکیهان هێناوەتە خوارێ و، ڕووناکی و ڕەنگیان سەر خستۆتەوە. بڕوانن چ تەکانێکی گەورە و، چ گۆڕانێکی بنەڕەتی و ڕوو بە خێر و خۆشی ڕوویداوە، چاندن هەم ڕەگەزە مهیریەکەی خۆراک پەرەپێدەدات و، دەوری ڕەگەزە هۆفیەکە کەم دەکاتەوە، هەمیش نێرینەکان لە نێچیروانی دەگێڕێتەوە و، لە تەک مێینەکاندا سەرگەرمیان دەکات بە چاندنێ. هاوکات ماڵیکردنی پەلەوەر و هاژەڵان، هەم شیر و هێڵکەیان دەداتێ، هەمیش

کاری نێچیروانی بە کاری شیوانی و گاوانی دەگۆڕێ. لە هەردوو کاری ماڵیکردن و چاندندا، پتر پیت و بەرەکەتی خاکی کووردەهواری بەرجەسدە دەبێ و، دەشبنە مایەی سەقامگیرکردنی ئاسایشی خۆراک، بە جۆرێک خەڵکەکە دەگاتە پلەی دڵنیابوون و، چیدی لە پەیوەندی بە سەرهەڵدانەوەی قاتوقڕی، ترس و بیمی بە دەروون ناکەوێ. لە چەرخی تاریکیدا، هەرپەیامبەرێک هاتبێ و، هوودا و هاردی بە دروستی ناسیبێ، ئەو بەشەی لە زەوی، بە خاکی بەرەکەت و شکۆ ناوهێناوە، چوونکی زانیتی ئەو بەشە خاکە دایکێتی جێهانێ دەکات، شکۆدارە و هوودای میهربان پایەی شکۆی داوەتێ. ئەگەر تاقە بەشەرێک لە ڕابردوودا نەبووبێ، یان لەمەوپاش نەبێ ددانی خێر بەو بەشە خاکەدا بنێ، هیچ لە شکۆمەندێتی کووردەهوار کەم نابێتەوە، بەڵکوو ئەو خەڵکانەی ددانی پێدا نانێن، خۆیان پێی کافر و هۆف دەبن.

## پۆپەی 12

لە لەشی هەربوونەوەرێکدا، سەر و دڵ، یان بەشی سەرەوە و ناوەند گرینگترینن، هەموو بەشەکانی دیکەی لەش، گرێدراوی ئەو دوو بەشەن، ئەو دوو بەشەش لە خوودێتیدا کیژ و دایکن. کووردەهوار لە هەمان وێنەدا بهێننە بەرچاوان، هەنگێ ڕۆڵی هەربەشێکی باشتر ڕوون دەبێتەوە. دەشتەکانی خوارووی دیجلێ و فریتێ لاباڵی ڕاستی کووردەهوارن، سەرزەمینەکانی سەرێ، ئەوانی هێڵی قەزوین لاباڵی چەپن، دەشتەکانی هێران و هاریان(ئەفگان) بەشی خوارەوەی کووردەهوارن. ماڵیکردنی گیانداران و شیوانی و کشتوکاڵکردن، لە ناو دڵی کووردەهواریدا بە هاردی داهاتن، ئەوجا فەرهەنگەکە گەهیشتە بەشەکانی و، پاشترێ بە هەموو جێهانێدا بڵاوەی کرد. هەڕوون ببینن، وا دێرینترین شوێنەواری هاژەڵداری و چاندنێ، لە ناو دڵی هەوارەکەدا ماون. چاندن و ماڵیکردنی هاژەڵان چەرخ ناگۆڕن، چەرخ هەرچەرخی میهرهۆفە، بەڵام شارستانێتی دایک پێ دەنێتە سووڕی سێهەمی و، کوورەهوار جارێکی دی، دایکاتی لە بۆ لە دایکبوونەوەی بەشەرێت دەکات. لە لێکەوتەی هەلومەرجی خاک، ئاو و هەوا و هەتاو، هاوکات بە هۆی ئەو شۆڕەشەی دایکانی کووردەهوار بەرپایان کرد، "مرۆف" لە ناوەندی شارستانێتدا، بە نەرمی قاڵبی گرتووە، لە کاتێکدا لە دەرێی ناوەندەکە، بە ڕەقی شێوەی هاتۆتێ. نەرمی لە میهر و مێهێتی، ڕەقی لە هۆف و نێرێتی دێ. ناوەند بە تایبەتمەند مێیە، لە هەرگۆڕانێکی گشتەی بەشەرێتدا، خەسڵەتی مێهێتی لە ناوەند دەردەکەوێ، ئەمەش هێکێکی دیکەیە لەو تایبەتمەندیهانەی کە ناوەندی شارستانێتی دایک، لە بەشەکانی دەرێ جوودا دەکاتەوە. هەنگاوهەڵهێنانەکەی دایکانی کووردەهواری تەواو واتادارە، بە پڕاوپڕی

شۆڕەش ڕوویداوە. وشەی شۆڕەش لە شێوە دروستەکەیدا "شۆڕڕەش"ە، بە واتای هێنانەخوارێ و شۆڕکردنی ڕەش دێ. ڕەش و تاریک ناوێکی دیکەن لە بۆ هۆف، هەروەکوو سپی و ڕووناکی ناوی دیکەی مهیرن. ئەو ڕاسانەی لە سەر دەستی دایکان ڕوویدا، "شۆڕڕەش" بوو، ڕەش لەو ئاستەی بە هۆی ڕاوچێتیەوە پێی گەیشتبوو، هێندرایە خوارێ و، سەرلەنوێ ڕووناکی باڵی هەڵکشا و، ڕەنگە جوانەکانی زیندەگی بە پڕاوپڕی خۆیانەوە دەرکەوتنەوە. بەم چەشنە و بەو شۆڕەشەی دایکان، سووڕی سێهەمی شارستانێتی دایک دەستی پێکرد.

## پۆپەی 13

سێ چەرخی زەمان بە دووی هێکدی داهاتوون، سێ سووڕی شارستانێتی دایک، وەکوو سێ هەڵقە بە هێکدی گرێدراون، نە چەرخەکان و نە سووڕەکان، چ تاقیان بەبێ ئەویدی واتا نادەنەوە و ناناسدرێن. هەرئەوهاش ناسینی جێهان بە ناسینی کووردەهەواری دایک و، ناسینی کووردەهەواریش بە ناسینی خاکی دایک بەندە، بەبێ ناسینی هوودای دایکیش، هەلی ناسینی خاکی دایک بە زهین ناکەوێ. بەمجۆرە ئەگەر ناسین - زانین ئاستی ڕووکەش و لابەلا دەرباز نەکات و، نەگاتە سەر زیندە، پووچ و پەرپووتی دەچێتە مێشک و، سەر لە بەشەر دەشێوێنێ. ئەو سەرلێشێوانەی بەشەرێت تووشی هاتوون و، ئەو مەینەتەی لەو سەرلێشێوانەوە کەوتۆتەوە، هی ئەوەیە بەشەر لە پاش لە دەستدانیدا، جارێکی دی دەستی بە زانستی ڕاستیەقین ڕانەگەیشتەوە، خۆبەخۆش نەیتوانی ڕابردووی ڕەچەڵەک و، هەشدادی خۆی بناسێ. لە بزربوونی کووردەهەواردا، شارستانێتی دایک و، دایکی شارستانێت ون بوون. بە واتاهێکی دی، هەقایەتی کووردەهەوار هەقایەتی دایکێکی گووم ناوە و، لە بیر چۆتەوە، هەقایەتی جێهان هەقایەتی منداڵێکی هەتیوی بێ دایکە، منداڵێک سەرگەردان و سەرەڕۆ دەخوولێتەوە و، خەریکە لە بێ سۆزیدا ڕەق هەڵدێ، لە بێ کەسیدا بە هاسمانێدا هەڵدەگەڕێ، لە بێ ڕێوانیدا ملی هەزار ڕێ دەگرێ و، هەزار کەڕەت ناهوومێد دەبێ و، جارێک چیهە ناگاتەوە بە ماڵ و مەنزەڵی خۆی. چەمکی دایک لە جەوهەردا، هەقیقەتی ڕەها بەرجەسدە دەکات، لە دەرەوەی بازنەی هەقیقەت، هیچ شتێک واتادار نیهە. کووردەهەوار دایکە، هەروەکوو چلۆن بەبێ دایک منداڵبوونێک نیهە، ئەوهاش جێهان بەبێ کووردەهەواری نیهە. بەشەرێت لە دامێنی ئەم هەوارە هاتۆتە دوونیاهێ، بەبێ دایکیش ناسینێکی دروستی لە خۆی نەبوو، لەبەرهەندێ هەرکۆمەڵێک پێناسێکی درۆینی هۆنیەوە و کردی بە هێقەی خۆیەوە. ئێستاکێ ئەوە دایکە گەڕاوەتەوە و، پێناسەی دروستی بێ مشتوماڵ بە هەمووان دەبەخشێتەوە.

## پۆپەی 14

هەرێ وهالە، جێهان خەلەفاوە و دایکی خۆی ناناسێتەوە، هێما و نیشانێکیشی لە سەرو سیمای دایکی پێ نیەهە، لەوەش گەوجانەتر، باوەڕی بە دایکاتی نیەهە و، وها نازانێ دایکێک هەبێ و بە دوونیاهێی داهێنابێ. ئەم خۆنەناسینەی ئەوڕۆی بەشەرێت، بە هۆی نەناسینی ڕابردووە. ئەوڕۆ چەرخی تاریکیەهە، ئەوی ڕووناکی نەدید بێ و، لە تاریکیدا لە دایک بووبێ، قەت ڕووناکی ناهێ بە خەیاڵیدا، قەتیش دەرک بەو تاریکیەی خۆی ناکات و، وەکوو تاریکی نایناسێ. ناسینی دایک بە ناسینی ڕووناکیەوە گرێدراوە، مادەم جێهان چەرخی ڕووناکی ناناسێ، دایکیش ناناسێ. کووردەهەوار دایکە، لەبەرهەندێیە بزر و گوومناوە لە جێهانێ، لەبەرهەندێیە جێهان هیچ سەرزەمینێک بەم ناوەوە ناناسێ. خەڵکی هەوارەکەش پاش لە دەستدانی شارستانێتی دایک، نووقمی تاریکی بوون و، لە هەنگیەوە هیچ ناسینێک و گوزارشتێکیان لە خۆیان نیەهە، خەریکن ناوی دێر و دروستی هەوارەکەش کە کووردەهەوارە، لە بیر دەکەن. بەم چەشنە، بەشمەینەتی بەشەرێت لە کەسێتی خاک و خەڵکی کووردەهەواریدا، دەگاتە ترۆپک، بەمەش هەرقۆمێکی بەشەری و، هەرمەفتەنێک واتای ڕەگ و ڕیشەی لە بەین دەڕوا. کاتێک کەسێتی دایک تێک دەشکێندرێ، هیدی کەسێتیەک لە بۆ منداڵەکانی نامێنێتەوە، چوونکوو منداڵان لە کەسێتی دایکیانەوە، خاوەندارێتی لە کەسێتی خۆیان دەکەن. ئەمڕۆ کەسێتی کۆمەڵانی خەڵکی جێهانێ، هەمان کەسێتی ئەو منداڵە بێ ناموس و خۆڕی و خارانەیە، کە سەرەڕای ئەوەی هاشا لە دایکی خۆیان دەکەن، ماڵەکەیان بە سەر دایکیاندا کاول کردووە. قووڕ بە هەقڵی ئەوانەی دەستێکیان لە هێشاندنی دایکدا هەبووە، یان دڵیان بە هێشانی دایکان خۆش کرد، یان لەمەوپاش دەستیان لێ بڵند بکەن و، دڵ بە هێشانیان خۆش بکەن، ئەوی دایک بهێشێنێ، قەت دۆخی بهێشتێ بە چاوی خۆی نابینێ، ئەوی دایک بهێشێنێ شیاوی دۆخی دۆڵزاخە، تێی دەخزێ و، هەتا هەتاهێ تیایدا دەمێنێتەوە.

## پۆپەی 15

پێشترێ دوو زاین لە کووردەهەواری دایک ڕوویانداوە، هەنەوکە وا زاینی سێهەم ڕوودەدات. لە زاینی هێکەمدا، بەشەر لە باخاتی بهێشتی زاگرۆزێ لە دایک بوون، دووهێ هێور هێور بە جێهانێدا بڵاو بوونەوە. زاینی دووهەم پاش دەهان هەزار ساڵ لە زاینی هێکەم دێ، لە کاتێکدا ڕوویدا بەشەر لە "مهیر"ەوە بووبوونە "مهیرهۆف" و، توونی توونی دەستیان دابووە گیاندارکووشتن و گۆشتخواردنێ، تەنانەت لە بیابانەکانی هێوەی زاگرۆزێ و، لە گەلێک جهێی دیش، خەریکبوون بە قوونەخشکە، ڕوو بە

هۆفێتی دەچوونە پێشێ، چوونکە نە گۆشت و نە میوە و ڕوەکە خۆڕسکەکان نەیاندەتوانی وەڵام بە پەرەستەندنی نەسرەوتانەی چەندێتی بەشەرێت بدەنەوە. مردن لە برسان، یان بە هێکدی کووشتن، دوو ڕێ بوون لە بەردەم کۆمەڵانی بەشەرێتدا. ڕێک لەو دەمیدا کووردهەواری دایک بە زاین کەوت و، لە دامێنی کێوستانی زاگرۆزەوە، ماڵیکردنی هاژەڵان و کشتوکاڵکردن بە زەوی داهاتن. ئەگەر ئەو زاینەی کووردهەوار ڕووی نەدەبا، قۆمەکانی بەشەری، هەرزوو بەزوو هارومار دەبوون و، قڕیان لە ڕەچەڵەکی خۆیان و گیاندارانی دیکە دەخست. بەڵام پێش ئەوەی قڕبوونی گشتەگیر ڕووبدات، هوودای مهیربان لە کەسێتی کووردهەواری دایکدا، خۆی نواند و قووتاری کردن. مستگێنی ئەوەیە هەنەوکەش وەکوو هەینێ، وا دیسان لە بنارەکانی زاگرۆزێ، خۆری ڕزگاری هەڵهات و، ڕووناکیەکەی بە هەموو جێهانێدا بڵاودەبێتەوە.

## پەلی دووهەم

### پۆپەی 01

زاینی کووردهەوار ڕووداوێکی سەیر نیهە، هەوارەکە لە سرووشتی خۆیدا دایکە، دایکیش بە تایبەتمەند ئەوهایە، دەزێ و دەوامی زیندەگی دەدات. لە ڕووکەشدا کووردهەوار وەکوو خاک و، کۆمەڵی کووردهەواری وەکوو خەڵک، دایکێتی لە بۆ خاک و خەڵکی جێهانێ دەکەن، لە جەوهەریشدا ئەوە هوودایە، کە لە کەسێتی خاک و خەڵکی کووردهەواریدا، خۆی دەنوێنێ و دایکێتی دەکات. بەشەرێت لەو هەوارە بە زیندەگی هاتن، لەوێڕا پەرتی جێهانێ بوون. هەڵبەتە بە تاقی تەنەهێ بەشەر نا، ڕوەکە هەمەچەشن و گیاندارە جووداجۆرەکانیش، لەو بەشە خاکە و لە ناو ئاوەکانیدا، لە دایکبوون، پاشانەکە پەرت و بڵاوی جێهانێ بوون. هەڕوون ببینن، خۆ لە گاتاکانی مووسای کووڕی هیوکابد، پێشی ئەویش لە نوسینی سەرتەختە گڵینەکان، پاشانەکەش لە

گۆزاری مەهەمدی کوورِی هامینێ، بە ڕاست و ڕەوانی، لە میانی هۆنینەوەی بەسەرهاتێکی ئەودیوگوزارشتیدا، دایکێتی کووردهەوار نیشاندراوە. لە هەقایەتەکەدا بەسەرهاتی بەشەرێت لە چەرخێکی زەمەندا، بە شێوەی ئەودیو گوزارشت گێڕدراوەتەوە. دایکێک لە دەستی کوورِە سەرەڕۆ و بێ ناموسەکەی، داد و هاواری بوو، دەیگووت:" قەسەم بە هوودا، وا دووکەڵی ڕەش لە هەناوم دهێتە دەرێ." بڕوانن، شێوەی ئەودیوگوزارشت ئەوهایە، دایکەکە مەبەستێتی وێنەی سووتان و هێشانێکی قووڵ، بخاتە بەرچاوی بەرامبەرەکەی، مەبەستێتی ئەوپەڕی هاوار و دەقەزاری بە هێکەوە نیشانبدات، ئاگر بە هەناو کەوتن و هاتنەدەرەوەی دووکەڵی ڕەش، ڕێک ئەو وێنەیە دەکێشن، دەنا خۆ لە ڕاستیدا، چ دووکەڵی ڕەش و سپی لە هەناوی کەس نەهاتۆتە دەرێ. بەسەرهاتی تۆفان، هەروەکوو ئاگر بە هەناوکەوتنی دایکەکەیە. زێ و زەریاکان لە دەستی خراپەی بەشەرێت هاروهاج بوون، تۆفانێک هەڵستا و ڕووی زەوی داپۆشی، بڕێکی زۆر کەمی بەشەر و، ئەو باڵندە و هاژەڵ و زیندەوەرە جۆربەجۆرانەی، وا لەگەڵ ئەواندا هاونیشینی بەلەمێکی گەورەی دارین بوون، قووتاریان بوو، باقی سەرجەمی گیانداران لە بەین چوون. ئەو چاکەخوازەی ڕێوانی دەکرد، کەوتە دووها کردن و لە هوودا پەڕایەوە، بەشکووم بیانباتە سەرزەمینێکی بەرەکەتداری بە پیت و فەڕ، هوودا لە وەڵام بە دووهای وی، خاکە مووبارەکەکەی دیاری کرد، ئەوجا کە تۆفانەکە نیشتەوە، بەلەمەکە لە کێوستانی زاگرۆز لەنگەری گرت و، دووبارە زیندەگی شیاوە، پاشانەکە بەشەرێت و سەرجەمی زیندەوەرانی خاکرەچەڵەک، لەو هەوارەڕا پەخشی جێهانێ بوون. لە دەوران دەورانی زەماندا، هەمووان لینگەوقووچ لە بەسەرهاتەکە تێگەیشتوون. پێشترێ لە خوارووی دوو چۆمەکەی کووردهەواری، بڕێک لافاوی بچووک بچووک ڕوویانداوە، بەڵام بە سەرهاتی تۆفان گوزارشت لە ڕووداوی وەرچەرخانی زەمان دەکات، نەک هەڵستان و بەرزبوونەوەی ئاوی سەرزەوی. ئەوی هەڵستاوە خوونە و، ئەوی بەرزبۆتەوە ئاستی هۆفیبوونی بەشەرە. لە چەرخی مهیرهۆفیدا، قۆمەکانی بەشەری کەوتنە چڵێسی و لە تامیان بردە دەرێ، کووشتنی زێیدە هەندازی هاژەڵان و، ڕادەبەدەری لە خواردنی گۆشت و، گهاندنی بە پیسخۆری، هەموو شتێکی بەرەو خراپی برد، مهیریبوونی لە پێکهاتەی بەشەریدا بە نیوە کرد و، هۆفیبوونی هەڵکشاند، ئەگەر هەلومەرجەکە ئەوها دەوامی کردبایە، زوو بە زوو قڕانێکی گشتەگیر سەرزەمینی دەگرتەوە. لەو کاتیدا کە بەشەرێت و گیانداران بەرەو قڕانی گشتەگیر بەڕێوە بوون، دایکانی زاگرۆزی شۆڕەشیان بەرپاکرد و، کاروانەکەیان لە ڕێی نەهات گێڕایەوە. دایکان بە ماڵیکردن و چاندنێ، بەو فەرهەنگەی پێشیان خست، هەم ڕەچەڵەکی بەشەری و، هەم هاژەڵانیان لەو تۆفانی خوونە ڕزگار کرد، سەرلە نوێ لە زاگرۆزەوە فەرهەنگی زیندەگی بە جێهانێدا بڵاو بووەوە.

پۆپەی 02

بەشەر لە مهیرەوە بووە مهیرهۆف(مرۆف)، ئەمە وەرچەرخانێکە، گیاندارکووشتن و گۆشتخۆری بنەڕەتەکەی پێکهێناوە و، زۆریش لە مێژ نیەه، بشتانەوێ دەتوانن لە دەستەمۆبوونی سەگەوە، کاتەکەی نیشان بکەن و، بزانن ڕێک و ڕاست لە کەنگینێوە قۆمی زاگرۆزی و، قۆمەکانی دیکەی بەشەری، دەستیان داوەتە کووشتنی گیانداران و گۆشت خواردنێ. سەگ ئەو وقهتە دەستەمۆی دەبێ، کە مرۆف هێسک و پرووسکی دەداتێ، هەرئەمەش نیشانی دەدات، بەشەرێت لە پێش دەستەمۆبوونی سەگ ڕوەکخۆربوون و، هێسک و پرووسکێک لە هێروەی جهێ و بنلینگانی بەشەریدا نەبوون، سەگ بەدووی بۆنەکەیدا بچێ و بیخوات. ڕاستیەهکە ئەوەیە، گۆشتخۆری بەشەر و دۆستاتی سەگ لەگەڵ بەشەری، هاوزەمەنی هێکدین. سەگەکان لە بۆندا دارای هەستەوەری بەهێزن، لە مەودای زۆر دوورەوە بۆنان دەکەن و، بە دووی بۆنەکەدا دەچن. ئەو دەمەی بەشەر دەستی داوەتە گۆشتخواردنێ، سەگ بە دووی بۆنی خوون و هێسقانەکاندا، بەرەو بەردەرکی هەشکەفتێ ڕۆیشتوون، لەوێندەرێ پارووی چەوریان وچنگ هێناوە. خەسڵەتی سەگ وهایە، ئەگەر لە جێهێک پارووی دەستکەوت، پاشانیش دەچێتەوە ئەو جێهە و، بە تێپەڕبوونی کات هۆگری ئەو کەسانە دەبێ، کە نانیان داوەتێ و، لە دۆستاتیشدا سەرڕاست و دڵاوەرە، تەنانەت هازریشە بە پێی فەرمانەکانیان بجوولێتەوە. هەرکەس هەڵسوکەوتی لەگەڵ سەگی سەربەستدا هەبووبێ، باشتر لەم دەستەمۆبوونە خۆڕسکانەیەی سەگ تێ دەگات. سەگ بە خۆویست دەستەمۆی مرۆف بووە، کەس دەستەمۆی نەکردووە، پاشانیش لە ناوەندی شارستانێتی دایک لە کووردهەوار، مرۆفەکان دۆستانە لەگەڵ سەگەگاندا جوولاونەتەوە و، بە کەسوکاری خۆیانیان زانیون. هۆ خەڵکینە، لێی وەرنە دەرێ و، چیدی بە فەرهەنگی هۆفیانەی دەورانی هاخیری هەڵمەخەڵەتێن، ئەو فەرهەنگی دژاتیکردنەی هاژەڵان پەیوەندی بە زاگرۆزەوە نیەه. ناهەقیتان کرد بە منداڵەکانتان گووت: سەگ پیس و گڵاوە، کەر بێ هەقڵ و گەمژەەیە، ڕەشەوڵاخ تەپ و تەنبەڵە. گووتتان: ڕێوی فێڵبازە، کووندەبەبۆ شوومە، نەگبەتی بە دووی خۆیدا دهێنی. بە منداڵەکانتان گووت: پشیلەی ڕەش هۆف چۆتە گیانی، قەڵەڕەش بچێتە هەرجهێ، کاولی دەکات. بەوەندەش نەوەستان، هەرکاتێکیش ویستبێتتان هێکدی بشکێنن، هاتوون بە ناوی گیاندارانەوە ناوی هێکتان بردووە، لە کاتێکدا گیانداران لە دۆخی سرووشتیانەی خۆیاندا بە دروستی دەژین، ئەوی بێ هەقڵانە جوولاوەتەوە و، لە سرووشت لایداوە، تەنەها ئێوەی بەشەرن. لە خۆتان بڕوانن، هەموو ئەوەی سەبارەت بە گیانداران گووتتان، وا بە زیادەوە لە خۆتان بە دید هاتوون. تاهێرە و بەس، ڕۆژێتی ببنەوە بە زاگرۆزی و، ڕووەو بهێشت بهێنە پێشێ.

## پۆپەی 03

زاگرۆزیەکان لە هیچ شت ڕەمەک نەبوون و، هیساب بە نامووس جوولاونەتەوە، لە نێو ئەواندا، نێچیروانی بە پۆڵینی جۆرێتی و، جووداکردنەوەی گیانداری جۆری مهیری لە جۆرەکانی دی، دەستی دراوەتێ. سەگ و گورگ و توورک لە پۆلی هاژەڵانی هۆفین، لەبەرئەوەیە زاگرۆزیەکان قەت گۆشتیان نەخواردوون، لە کاتێکدا زۆربەی قۆمەکانی دی، ئەم پۆلینەیان نەدەکرد، سەگ و گوورگ و، هەموو جۆرە گیانلەبەرێکیان دەکووشت و دەخوارد، قۆم هەیە توولیان داوەتێ و، ئێستاکێش فەرقی پێ ناکەن، هێندە چڵێسن گۆشتی هەموو جۆرە گیانلەبەرێک دەخۆن. هەلومەرجی ئەو دەمەی زاگرۆز و بازنەکانی دەرێ جوودا بوون، ئەمەش وەهای کرد لەو کێوستانەدا دۆستاتی لە نێوان مرۆف و سەگدا بە هاردی دابێ، چوونکە هاژەڵان بە هۆی شەپۆڵەکانەوە، دەرک بە دەماخ و دەروونی مرۆف دەکەن و، دۆست و دژمن لە هێک جوودا دەکەنەوە. سەگەکان زاگرۆزیەکانیان ناسیون، لەبەرهەندێ بەبێ ترس و سڵەمینەوە، بە دووی هێسک و پرووسکدا چوونەتە بەردەرکی هەشکەفتان، نە کەس کوشتوونی، نە هەشیمەت ترساندوونی، لەوێ تەنەها تیرۆچکە هەبوون، خێڵ جارێ قاڵبی نەگرتبوو، سەگ سڵی لێ بکەنەوە. جهێی دی لە دەرەوەی خۆرمیانێ، یان سەگی لێ نەبووە، یان هەلومەرجەکەی بە جۆرێک بووە، سەگ لێی ڕەوینەتەوە. سەگ هێکەمین گیاندارە بۆتە دۆست و دەستەمۆی مرۆف، ئەوە ڕووداوێکە هێکەمین جار لە ناوەندی شارستانێتی دایک، لە قەدپاڵی کێوستانی زاگرۆز ڕوویداوە، شوێنەواریش ماوە لەوەی ئەم کێوستانە هێکەم هەوارێکە هاژەڵانی تێیداماڵیکردراوە، لە نێویشیاندا سەگ بە هێکەمین دێ.

## پۆپەی 04

بە هاتنی سەگ بۆ بەردەرکی هەشکەفت و مانەوەی لەوێ، مرۆف پاسدارێکی خۆڕسکی دەستکەوت. زۆرێک لە هاژەڵان وەفادارن لە دۆستاتیدا، ئەم وەفایە لە سەگدا، دەگاتە ئاستی گیانبازی و، خۆ بە قوربانیکردن لە پێناو پاراستی دۆستەکانی. پێشترێ پیاوان هەشکەفتیان دەپاراست و، گیاندارە هۆفەکانیان لە خۆیان و، لە مێ و منداڵ پاس دەکرد، لەمەوپاش سەگەکان توونددوتۆڵ ئەم ئەرکەکە ڕادەپەڕێنن و، باری سەرشانی پیاوان سووک دەکەن. هاوماڵی و هاوڕێتی لە نێوان سەگ و مرۆف، خێرا ڕەوتی گرت و هەڵچوو. دێڵەکان زاوزێیان کرد و، دۆستاتی و دەستەمۆبوونی سەگ بە مرۆف چووە قۆناخێکی دی، چوونکە توتکەکان لەگەڵ لە دایکبووندا، تێکەڵ و نێزیک لە مرۆف گەورە بوون، بەمەش پتر لە دایکیان دۆستاتیان لەگەڵ مرۆف گەرم

کرد، لە کاتی ڕاو و، رنینی میوە و دەستکەنەی سەوزەدا، بە دووی دۆستەکانیان داڕۆیشتوون و، هەوڵی پاراستنیان داون. هەرێ ئەوهالە، سەگ وەکوو تووخمێکی نوێ لە شارستانێتی دایک جهێی گرت و، لە وەفاداریشدا هەرزوو گرەوی لە مهیرهۆف بردەوە. هەنەوکە "مهیرهۆف" نەماوە و، بۆتە "هۆف،" سگ لێی دەترسێ و لەبەری هەڵدێ، لە کاتێدا لە گوورگ ناترسێ و ڕوو بە ڕووی دەبێتەوە. ئەو سەگەی هێکەمجار لە کێوستانی زاگرۆزێ پەیمانی دۆستاتی لەگەڵ مرۆف دانا، هێشتاش هەرلە سەر پەیمانی خۆی ماوە، ئەوی گۆڕاوە و پەیمان شکێنە، ئەوی لە خۆی دەرچووە و ناناسدرێتەوە بەشەرە. ئەم بەشەرە بێ ئەمەک و بەدنمەکە، تەنانەت دەیهەوێ لەو کێوستانی زاگرۆزەش جهێ بە سەگان نەهێڵێ و، قڕیان تێ بخات. ئەو بەشەرە هۆفەی ئەمڕۆی زاگرۆزێ، لە سەگ و کەر و هێستر و، لە هەرگیاندارێک کە ڕۆژانێک بە کەڵکی هاتوون، هەڵگەڕاوەتەوە و، بەبێ سووچ و خەتا دەستیان لێ دەوەشێنێ. بەڵام هیدی وا هاخیری زەمانە، ئەو دەستە ڕەشە، یان دەقرتێ و دەبڕێتەوە، یان دەبێتە دەستی خێروخۆشی. چەند ساڵ پێش دەرکەوتنی من، دێڵە سەگێک لەو کێوستانە دەرکەوت و، بە دایکاتیکردنی لە بۆ بەرخێکی ساوای بێ دایک، مشدەی هاتنی منی بە هاژەڵان ڕاگهاند، ئەو دێڵەیە هەموو ڕۆژێ مهیری دەنواند، پێش ئەوەی مەمک بداتە تووتکەکانی، شیری دەدایە بەرخە دایک مردووەکە، پاشان دەیدا بە مندالانی خۆی.

## پۆپەی 05

دوو بە دووی دەستەمۆبوونی سەگ، ئەوجا بزن و مەڕ و، پاشانیش مانگا، هێکەمین جار لە ناوەندی شارستانێتی دایک، لە بەردەستی دایکانی کووردهەواری ماڵی بوون. شک لە چ تاقیان دانیهە، ڕاوکردنی هاژەڵان داهێندراوی پیاوە و، ماڵیکردنیان دایکان پێی هەڵستاون. بەڵام ماڵیکردنەکە بناخ لە سەر بیرکردنەوەی پێشوقهت نەبووە، بەو واتایە نیهە دایکان دانیشتبن بیریان لێکردبێتەوە، پاشانەکە بە کووڕەکانیان گووتبێ بچن هەیوانی زیندوو بهێننەوە. نا وهالە، ماڵیکردن لە چنگ کەوتنی کار و بەرخی ساواوە ڕەوت دەگرێ، جا چ لە نێچیرکردنی بزن و مەڕی ئاوس، یان هی تازە زا بە دەستەوە هاتبن. ئەگەر پیاوان لە میانی نێچیروانیدا بزن و مەڕ و مانگایان کوشتوون، بەڵام بێگوومان گیسک و بەرخی ساوایان بە ساخی و زیندووهی بردوونەتەوە ماڵێ(هەشکەفتێ)، بەو مەبەستەی ڕۆژانی دی سەریان ببڕن و، گۆشتەکەیان بۆگەن نەکات. دایکان فەرخەی ئەو هاژەڵانەیان لە تەک مندالەکانی خۆیان لە ناو هەشکەفتێ ڕاگرتوون، مندالەکان هەرزوو هۆگری بەرخ و کاریلەکان بوون، لەبەرهەندێ دایکان

بیری سەربڕینی بەرخ و کاریلەکانیان لە مێشکی پیاوەکان کردۆتەوە دەرێ، بیریان لەوە کردۆتەوە، باش وهایە ئەو بەچکانە گەورە بکەن و، گۆشتێکی زیادتریان لێیان چنگ بکەوێ، دیتوشیانە وا سەگەکان ماڵین و، بێشک ئەو هاژەڵانەش ماڵی دەبن. سەرەڕای ئەوەش لە پشت بیرۆکەی ماڵیکردنەکەوە، مهیر و سۆزی دایکانە هەیە، دایکان دڵیان بەراهی نەداوە، ئەو هاژەڵە ساوایانە سەربڕدرێن. ماڵیکردنی گیانداران ئەوهالە بە سەرەتا هات، ئەنجامەکەشی پڕاوپڕ بە سوودی بەشەرێت گەڕاوە. هاژەڵە ڕاگیردراوەکان گەورە دەبن و، بڕێکی زۆر زیادتر گۆشتیان دەبێ، خۆراکێکی هەڵگیردراویشن، کەینێ بیانهەوێ دەتوانن لە گۆشتەکەیان بخۆن. دایکان خۆیان شیردەرن و، سەرچاوەی تازەی خۆراک لە شیری بزن و مەڕ و مانگا بە دەست دەخەن، ناشهێڵن شیر خەساربێ و، بەرهەمی جوودای شیرەمەنی لێ سازدەکەن. توولاوتوولی زەمان، ناوەندێتی لە کاری ڕاگرتنی هاژەڵ و بەخێوکردنی و بە بەرهەمکردنی، تێروتەواو لە دەستی دایکاندا بە دید هاتوون، ڕەوەڵاندن و شیوانیکردنەکە کاری پیاوان بوون.

## پۆپەی 06

ماڵیکردنی هاژەڵانی شیردەر، لە نموونەی بزن و مەڕ و مانگا، ڕووداوێکی گەورە و گرینگە، هەم لە پەیوەندی بە ناوەندی شارستانێتی دایک، هەمیش لە پەیوەندی بە سەرجەمی کۆمەڵانی بەشەرێت. ڕووداوەکە وەرچەرخانێکە، گەلێک ڕووداوی دی بە دووی خۆیدا دهێنێ، هەموو ئەو ڕووداوانەش بە شێوەی هەڵقە هەڵقە بە هێکدی گرێدراون. ڕاگرتنی ماڵات و خاوەندارێتی گشتی لە ڕانەمەڕ و گاڕان، بازێکی گەورەیە ڕوو بە دابینکردنی ئاسایشی خۆراک، لە میانیدا شیر دەبێتە سەرچاوەی نوێی خۆرکی بەشەری، لە جۆرێتی خۆراکیشدا، پێویستهی بەشەرێت بە ڕەگەزی هۆفیانەی خۆراک کەم دەبێتەوە. هاوکات گۆڕانی ڕەفتاری و هاخلاقی بە زەوی دادێ، چوونکە کاری شیفانی جهێ بە نێچیرفانی چۆڵ دەکات، بەمەش ئەو ترازانەی بە هۆی جوودابوونەوەی کارەوە کەوتبووە نێوان مێ و نێرەوە، بە ڕادەی هەرەزۆر کەم دەبێتەوە و، سەرلەنوێ تێکەڵبوونەوە دروست دەبێتەوە. لێکەوتەکانی ماڵیکردنی هاژەڵان زۆرن و، تێکڕایان مایەی خێروخۆشین، لەبەرئەوەی لە هەرسێ باری زهینی و زاری و زەمینیدا، مهیر بەرز دەبێتەوە. لەبەرئەوە ڕووداوی ماڵیکردنەکە ڕووداوی بەرزبوونەوەی مهیرە، ڕووداوێکە گۆڕانی گەورەی زهینی بە دووی خۆیدا دهێنێ و، جارێکی دی بەرەو هوودا و بەرەو دایکاتی دەگەڕێنەوە، بە واتای قووڵیش خێروبێرێکی نەبڕاوەیە، هووداى مهیربان لە ڕێی دایکانەوە بە بەشەری دەبەخشێ.

## پۆپەی 07

لە میانی پەرەستەندنی کرداریماڵیکردندا، پەلەوەری لە جۆری قاز و قەڵ، مریشک و مراوی لە بازنەی گیاندارە ماڵیکردراوەکاندا خۆیان دەبیننەوە. ئەم ماڵیکردنە بە قۆناخێک درەنگتر دەستی پێکردووە و، گرینگیەکەی لە دوو خاڵی بنەڕەتی دایە، هێکەم: گۆشتی سپی هەندازی هۆفیبوونەکەی بە ڕادەی زۆر لە گۆشتی سوور کەمترە، دووهەم: لە ماڵیکردنی پەلەوەراندا سەرچاوەی نوێی خۆراک زیاد دەکات و، هێڵکە دەبێتە خۆراکێکی دیکە لە بۆ مرۆف. گۆشتی سپی و هێڵکە هەردووکیان بە هێکەوە مایەی دەوڵەمەندێتی خۆراکەکانی بەشەرن، هەرهێکەشیان بە نۆرەی خۆیان کۆمەکی گەورە بە بەشەرێت دەکەن، بەمەش ناوەندی شارستانێتی دایک، جوودا لە هەموو جێهانێ، هەنگاوێکی دی لە دابینکردنی ئاسایشی خۆراک چۆەتە پێشێ. بە خێوکردنی هاژەڵان بەرهەمی زۆری داونەتێ، گۆشتی سوور، شیر، ڕۆن، ماست و پەنیر و چەندان بەرهەمی دیکەی شیرەمەنی. لە پەلەوەرانیش گۆشتی سپی و هێڵکە وچنگ هاتوون. لە لێکەوتەی ماڵیکردنی هاژەڵان و، پاشانیش دەستکردن بە چاندنێ، گووند لە بنارەکانی زاگرۆزێ دروست بوون و، دانیشتوانی ئەوێ زیادی کرد، بەبێ ئەوەی ئەم زیادبوونەی دانیشتوان بە خراپ بکەوێتەوە، چوونکە هاوکات سەرچاوە خۆراکیەکان لە ڕووی چەندێتی و جۆرێتیەوە، چوونەتە ئاستێکی ئەوهاوە، وەڵامی پێویست بە گەشەی چەندێتی دانیشتوان دەدەنەوە. بەمجۆرە زاگرۆز بە شێوەی هاوسەنگ پێی ناوەتە ناو قۆناخێکی وەهای گەشەکردنەوە، کە لەوەوپێش هیچ قۆمێکی بەشەری گەشەکردنێکی ئەوها هاوسەنگی بە خۆیەوە نەدیتبوو.

## پۆپەی 08

سێ سەرچاوەکەی خۆراک، سێ بنەڕەت و سی جۆر لێکەوتەی جوودایان هەیە. میوە و سەوزە مهیرین، گۆشت بە سپی و سووریەوە هۆفین، شیر و هێڵکە مهیرهۆفین. جۆری لێکەوتەی هەرهێکەیان لە سەر دڵ و دەماخ و، لە سەر تەواوی پێکهاتەی بەشەری جوودایە، هەرهێکێکیان لە باری خێر و شەڕدا، بە پێی تایبەتمەندێتی خۆیان کاریگەری دادەنێنن، کاریگەریەکانیش دەبن بە دوو بەشەوە، بەشێکیان خێران و زوو دەردەکەون، بەشێکیش بە کاوەخۆ و تووڵانین، ئەوە بە نەوەش دەگواستدرێنەوە. ڕوەک و میوەکان مایەی هەڵکشانی مهیرن، لە بەرامبەردا گۆشت دەبێتە پەرەپێدانی هۆف، شیر و هێڵکەش مهیرهۆفین و، بە هەردوو باری جوودا کاریگەرن، بەڵام پتر بە لای مهیرەوەن. لە پاش شۆڕەشی دایکانی کووردهەواری، ئەو گۆڕانە بنەڕەتیەی لە جۆرێتی و چەندێتی ڕەگەزەکانی خۆراک ڕوویدا، تایبەتمەندیەکانی خەڵکی ئەو

هەوارەی تۆخ کردنەوە. هەوارەکە بە خاک و خەڵکەوە لە دەوری "ناوک" دایە و، قۆمەکانی دیکەی بەشەری سەرچاوەی لێ دەگرن، پەیوەندی ناوک بە ئەوانەوە، پەیوەندی دایکە بە منداڵەکانیەوە، لە شیری مەمکەکانی دەخۆن و، پێی گەورە دەبن و، لێی فێردەبن، پاشانەکەش ڕێنوێنی ڕێی ڕاستیان دەداتێ، بەبێ ئەوەی لەبەرامبەردا هیچ لەوان وەربگرێتەوە.

## پۆپەی 09

بەشەر بە شێوەی مهیر لە بهێشتی زاگرۆز، لە ناو دڵی کووردهەواری خوولقا، هەرلەوێش شارستانێتی دایک وەکوو خۆرهەتاو بڵاو بووەوە، پاشانەکە بە شەپۆڵی توولکێشی سەهۆڵین، بەشەرێت تووشی کەوتن هات، لە مهیر دابەزی و، بوو بە مهیرهۆف. ئەگەر برینی کەوتنەکە دەوامی کردبا، هەرزوو مهیرهۆف دەگۆڕدرا بە هۆف، ئەوکاتە خۆی و هەمووانی قڕ تێ دەخست، بەڵام زاگرۆز هاخێزی کرد، ئەو جۆرەی دایکێک منداڵەکەی لە سووتان قووتار دەکات، ئەوها ڕەچەڵەکی بەشەری و، ئەوانی دیشی ڕزگار کرد. ماڵیکردن و چاندن دوو بازی گەورەی گەڕانەوەن ڕوو بە مهیر و، دایکان ئەو بازانەیان هاوێشتوون. دایکان بە تایبەتمەند سەرچاوەی مهیرن، هەرهەنگاوێک ئەوان دەیهاوێن، هەنگاوی خێرن و، شەڕ لە مرۆف دوور دەخەنەوە. جۆرێتی و چەندێتی خۆراک لێکەوتەکانیان جەوهەرین، هەم لە سەر هیزر و هەستەکان و پێکهاتەی لەش، هەم لە سەر جۆرێتی ڕەفتار و شێوەگرتنی دۆخی کۆمەڵاتی و کاردا. ئەوەی دایکانی کووردهەواری کردیان، گۆڕانێکی بنەڕەتی بوو لە چەندێتی و جۆرێتی سەرچاوەکانی خۆراکدا، بەمەش هەموو شتێکیان گۆڕی و، مرۆفیان خستە سەر ڕاستەرێ.

## پۆپەی 10

پیاو ویستووتی دەوام بە نێچیروانی بدات و، بنەما لە سەر بەرهەمەکانی ڕاوکردنێ، پایە و دەوری نێراتی لە شارستانێتی دایک بهێڵێتەوە، بەبێ گوێدانە ئەوەی، ئەم دەوامکردنە بە واتای دەوامی هۆفێتی دێ. لە نێچیرفانیدا، پیاوان لە ماڵ و مێ و، لە منداڵ دوور دەکەونەوە، سەرگەرمی کارێکن بیر و بازووی خۆیانی تێیدا وەگەڕ دەخەن. لەم کارە و لە هەرکارێکی دیش، پیاو کە دەست و مشتی خۆی دیت و، هەستی بە هێز کرد، لەزەتی لێ دەبات و نێراتی تێیدا دەورووژێ، ئەمەش سەر لە بۆ خروور دەکێشێ، لەبەرهەندێ ڕاوچێتی تەنەها دەستەبەری نێچیر نیهە، دەرکەوتنی نێراتی و

دەستەبەری هەستی خۆشیکردنیشە سەبارەت بە ڕاوچی. لە کن پیاوان دیوێکی دیکەی خۆشیکردنێ، چوونە دەرەوەیە لە ماڵێ، چوونکە ماڵ منداڵی لێیە، منداڵیش ئەو کاتەی ساوایە، گریان و زاری دەکات، کە بڕێک هەراشیش بوو، هەرەپاسە و، بە هاروهاجیکردن سەرودڵی پیاو دەگرێ. پیاو ئەگەر بێزاری لە گرینۆکی و زیقنی منداڵان نیشانبدات، ناهەق نیهە، پیاو سەر بە ڕەگەزی کووڕە و، بەو دەماخ و دەروونەی هەێتی، درەقەتی ئەو هەلومەرجەی منداڵ ناهێ، ئەوە هەلومەرجێکە تەنەها بە ڕەگەزی دایک وەڵام دەدرێتەوە. مێینەکان لە تایبەتمەندی دایکاتیەوە، مهیر دەنوێنن و بەرگەی هەموو جۆرە دۆخێکی منداڵان دەگرن، گریان بە خەندە و، هەرەپاسی بە هێمناتی دەگۆڕن. پیاوان بە تایبەتمەند کەم هەوسەڵەن، کاتێک دەکەونە دۆخی وهاوە، ناتوانن دۆخەکە وەربچەرخێنن، بەڵکوو خۆیانی لێ دەبەنە دەرێ و لێی هەڵدێن، ڕاوچێتی لە واتاهێدا پیاوی لەو بێزاری و هەڵهاتنە قووتارکرد بوو، تازە نەیدەتوانی بگەرێتەوە پاشەوە. شۆڕەشەکەی دایکان هەلومەرجێکی هاوسەنگی بەرپاکرد، نێچیروانی، پیاوانی بەرەو هۆف بردبوو، شیوانی و جووتیاری بەرەو مێ و مهیر ڕایکێشانەوە.

## پۆپەی 11

شۆڕەش و لە دایکبوونەوە هێکێکن، ئەوەی لە شاخ و داخی زاگرۆز ڕوویداوە، بە پڕاوپڕی واتای سەرلەنوێ لە دایکبوونەوەی بەشەرە، لەمرۆکەشەوە جارێکی دی بەشەرێت لە بناری زاگرۆزەوە، دەربازی قۆناخی لە دایکبوونەوە دەبێ. شۆڕەش، یان لە دایکبوونەوە، گوزارشتە لە گۆڕانی بنەڕەتی شێوەی زیندەگیکردنێ، ئەو دەمەی دایکانی کووردهەواری، ماڵیکردنی هاژەڵ و پەلەوەریان بە گۆڕێ خست و، دەستیان دایە چاندنێ، کارێکیان کرد لەوەوپێش ڕووی نەدابوو، هێکەم جارە لە ناوەندی شارستانێتی دایک و لە تەواوی جێهانێ، هاژەڵداری و بەخێوکردنی پەلەوەر، دەبێتە سامانێک و دەکەوێتە دەستی مرۆف، لێکەوتەکانی کارەکە قووڵ و بنەڕەتین، هەم لە سەر هێزر و هەستەکان و، شێوەی ڕەفتارکردنێ، هەم لە سەر دۆخی کۆمەڵاتی و جۆرێتی کارکردنێ، بەمەش شارستانێتەکە وەردەچەرخێ و، دەچێتە سوورێکی نوێوە. هاژەڵداری قاڵبی زیندەگیکردنێ لە بنەڕەتەوە دەگۆڕێ، دروستبوونی گووند و دەستکردن بە چاندنێ، سەرچاوە لە ماڵیکردنی هاژەڵانەوە دەگرن. لە سەرجەمدا وەرچەرخانێک ڕوویداوە، بریتیهە لە سەرکەوتنی ڕووناکی بە سەر تاریکیدا، لەبەرهەندێ ناوی شۆڕەش پڕ بە بەرێتی. شۆڕەشەکە تێر و تەواو دایکانەیە، دڵی دایک و زهینی دایک و کرداری دایک، بنەڕەتەکانی پێک دهێنن. لە نێوان ئەو

مهیریبوونەی لە دەستدراوە و، ئەو هۆفیبوونەی دەستی دراوەتێ، دایکانی زاگرۆزی هاوسەنگی و هێڵی سێهەم بە زەوی دادهێنن و، چەمکی مهیرهۆف بە شێوە نەرمەکەی بەرقرار دەکەن. جا لەبەرئەوەی مهیرهۆف لە شێوەی نەرمیدا بە لای مهیردایە و، پێشتریش زاگرۆزیەکان بنەڕەتەکانیان پاراستبوون و، لە گۆشت خواردنێ پابەندی جۆرێتی بوون، دەلوێ ئەو قۆناخەی پاش شۆڕەشی دایکان بە مهیری نوێ بناسن. فەرهەنگی شۆڕەشەکە فەرهەنگی نوێبوونەوەی مهیرە و، شەپۆڵ شەپۆڵ بە جێهانێدا بڵاو دەبێتەوە، ئەوانی فەرهەنگەکە وەردەگرن، دەربازی وەرچەرخان دەبن و، ڕوو بە مهیر دەگەڕێنەوە، وەلێ بەم گەڕانەوەیە نابنە هاوپایەی و هاوئاستی مهیریبوونەکەی کووردهەوار، چوونکە کووردهەوار بە تایبەتمەند دایکە، دایک تاقانەیە و لە هیچ بارێکدا دووبارەی نیەە.

## پۆپەی 12

ماڵیکردنی هاژەڵان لە بەردەرکی هەشکەفتان بە سەرەتا دێ، بەڵام هەرزوو دەچێتە خوارێ و، بەرەو بناری کێوان دەگوێستدرێتەوە. هەشکەفت شوێنێک نیەە ڕاگرتنی هاژەڵانی تێیدا جهێ بێتەوە، نەسرەوتنی کۆچ و پەرتبوونی بەشەرێت، بە هۆی بەرتەنگی هەشکەفتان ڕوویداوە، هەشکەفت ماڵێکی سرووشتکردی سنووردارە، قەت هیچ وقەت نەیتوانیوە وەڵام بە پەرەستەندنی چەندێتی بەشەر بداتەوە. ئەو بەرخۆڵە و کاریلانەی بە زیندووهی هێندراونەتەوە، لەبەردەرکی هەشکەفتێ ڕایانگرتوون. پێشترێ بە مەبەستی خۆپارێزی لە هاژەڵانی هۆف و خۆ پەنادان لە ساردی و سەرما، دەرکی هەشکەفتێ بە پەڕژین هەڵچندراوە و، بە قووڕ سواخ دراوە، هەمان ئەو پەڕژینە پەرەی پێدراوە و، جهێی هەیوانەکانیان تێیدا کردۆتەوە. هاژەڵانی ماڵیکردراو ڕۆژانە ئاو و ئاڵیکیان دەوێ، هەڵشاخان و هاتنەخوارێ لە بۆ ئاودان و لەوەڕاندنێ، ئاسان نیەە و ئەستەمە، هەندێک جار مەڕ و بزن تووشی هەڵدێران دەبنەوە. بێجگە لەمەش زاوزێ دەکەن و، کە ساڵ دەسووڕێتەوە، گەشەی چەندێتێ ڕوودەدات و، هەیوانەکان جهێقەتی دەبن. لەم هەلومەرجەدا دابەزین لە قەدی کێوانەوە بەرەو بناران، دەبێتە پێویستیێک و خۆی دەسەپێنێ. لە مێژبوو ماڵە دارین لە جێهانێ بە شێوە هاتبوون، ئەو خەڵکانەی لە کۆچ و بڵاوبوونەوەدا هەشکەفتیان دەست نەکەوت، فێربوون وەکوو باڵندەکان هێلانە دروست بکەن، لە هەندێک جهێ بە دار و، لە هەندێک جهێش بە قووڕ و قامیش. بەڵام کێوستانی زاگرۆز قۆناخی ماڵە دارینەی بە خۆوە نە دیتبوو، لە ماڵیکردنی مەڕ و بزنەوە، لە کەشکەفتێ دابەزیون و، سەرەتا لە بناران کەپر و ساباتی بە دەرک و هەساریان تەنەها لە بۆ مەڕومەڵات پێکەوەناوە.

ئەوە دەستپێککە لە ماڵ گواستنەوە، ئەم دەستپێکە وەکوو هەنگاوی هێکەمی دروستکردنی گووندی کشتوکاڵی جهێ دەگرێ و، زوو بە زوو هەنگاوی دیکەی بە دوو دادێ.

.

### پۆپەی 13

پێشترێ مرۆف تەنەها ئاسایشی خۆی دابین دەکرد، بەڵام لە پاش ماڵیکردنی هاژەڵاندا، ئاسایشی ماڵاتەکەش دەبێتە بابەتێکی جێی بایەخ و، زەروورەتی پاسداریکردنێ دهێنێتە گۆرێ. سەرەتا بزن و مەڕیان ماڵیکردوون، پاشانەکە مانگا، هەرسێکیان هاژەڵانی گیاخۆرن و، بێتوانان لەوەی خۆبەخۆ بەرامبەر بە گیاندارانی هۆف و دڕندە بوەستن و خۆپارێزی بکەن، گورگێک دەتوانێ سەد سەر مەڕ هەڵبدڕێ و، ڕەنجی چەند ساڵەی مرۆفەکان بکاتە هیچ، لەبەرهەندێ پارێزگاریکردنی ماڵات دەبێتە پێویستی و، بە واتای پاراستنی ڕەنج و بژێوە. تۆکمە و توندکردنی دار و دیواری گەوەڕان، نۆبەتداری شەوان، پەرەپێدانی چەکی دەستان، لەو کارانەن بە قەسدی دابینکردنی ئاسایش بەجهێ هێندراون. دوو هۆکار هەن وهای لێکردوون هەرزوو کەپر و سابات تێپەڕێنن و، دیواری هەسار و گەوەڕان لە بەرد و خشتی کاڵ هەڵبەستن، هێکەمەکەی ئەوەیە، بەڕادەی پێویست، شەقڵە و کاریتەیان بە دەست نەکەوتوون، بیروباوەڕەکەشیان ڕێی نەداونەتێ داری سەوز و ئاودار ببڕنەوە. دووهەمیش ئەو دارانەی لە کوێستانی زاگرۆزێ هەن، بە زۆری داربەڕوون، نە زۆر باڵا دەکەن و، نە تەنگەستوون، هەساری پتەو و پارێزدراو لەو دارانە هەڵناچەندرێن. لەبەر ئەوەیە دیواریان لە بەرد و قووڕ، پاشان لە خشتی کاڵ هەڵبەستوون و، کارە ڕاستەکەیان بە جهێ هێناوە. لە پاش ئەوەشدا، دابینکردنی زیادتری ئاسایش و، سەینوبەینی کاروبارەکان، وهای لێکردوون ماڵاتەکە بە جهێ نەهێڵن و، بە تەنیشت مۆڵی ماڵاتەوە، هۆدە و هەیوان لە بۆ مانەوەی خۆشیان بنیاد بنێنن، ئەوجا لە بازنەی تاقمی چەند کەسیدا بە شێوەی خوول کاروبارەکە هەڵسووڕێنن. بەم شێوەیە زاگرۆزیەکان ڕوو بە گۆڕان و وەرچەرخانێکی بنەڕەتی، هەنگاوی گەورەی زەمینی دهاوێن، لەم هەنگاوەدا دەستبەرداربوون لە هەشکەوت و، دروستکردنی گووند سەرەتای دراوەتێ. گووند کۆبەندی ماڵانە، ماڵ لە واتای قووڵدا، منداڵدانە و بەشێکە لە دایک، جا چ ماڵە دارین بێ، یان بەردین و قووڕین. دایکان لە ماڵ و منداڵدان، هەربە خۆڕسک خانەخوێن و، ئەرک و بەرپرسیارێتی ماڵەکە و ماڵداریکردنێ هەڵدەگرن. ڕێسای مێ و ماڵ و منداڵ، تووڵاوتوولی سووڕەکانی شارستانێتی دایک بە نەگۆڕی مایەوە، تەنانەت لە دەورانی دواهین، ئەو خێڵانەی لە سەر هەندێک بنەڕەتی نامووس مابوون، بە چاوی خانەخوێ لە دایکانیان دەڕوانێ و،

لە نێویاندا ماڵ و منداڵ هەر بە هی مێ دیتدراون. چەمکی مێ و هوودا، لە قووڵاهیدا تێکەڵ دەبنەوە، جا لەبەرئەوەی هوودا هەمووە، واتای گشت دەچێتە سەر مێ و ماڵ. وشەی "هان" لە زمانی زگماکا، واتایە لە "کۆ"، لە هاخاوتنەکانی کووردهەواریشدا، وشەکە بە شێوەی "ان"، هەمان واتای هەیە. وشەکانی" خان" و"خانم"یش وەکوو پاشگری شکۆمەندێتی لە بۆ ناوی مێی مرۆف بەرکارن و، هەر ئەو وشەیەن. هاوکات لە واتای هاوتا بە وشەی ماڵ، وشەکانی "خانە" و "خانی" و "خانوو" هەنە، هەرسێکیان گۆڕان بە سەرداهاتووی وشە زگماکیەکەن و واتای "گشت"یان هەیە، ئەم واتایە لە وشەکانی "قووتابخانە، خەستەخانە، کارخانە" ڕۆشنتر دەردەکەوێ.

## پۆپەی 14

سەگ، دۆستە بە وەفاکەی مرۆف دهێتە پێشێ و، کارە تازەکەی شارستانێتی دایک هاسان دەکات. ئەو دەمەی مەڕومالاَت لە بۆ لەوەڕاندنێ بردراونەتە دەرێ، پاشانەکەش کە هێندراونەتەوە و، لە هەسارێ دایان کردوون، لە هەردوو باردا سەگەکان هاوکار و یارمەتیدەرن، ڕەوتیان بە مەڵات داوە و، لە ڕۆژ و شەودا چاودێر و پاسدراری بێ درێخ بوون. بهار هات و بهار ڕۆی، دووازدە هەزاری لێ تێپەڕی، سەگەکان هەروەک تووتکەکانی هێکەم بهاری دەستەمۆبوونێ، بەو پەڕی گوێڕایەڵی و دڵسۆزیەوە، دۆستاتی مرۆف دەکەن، بە هەق دۆستی سەرڕاست و دڵاوەرن. چەرخی زەمەن گەڕا و، مرۆف هات و نەهاتی گەورەی بە چاوی خۆی بینی، لە هیچ دەورانێکدا پاسەوانی لە سەگ چاکتری دەست نەکەوت و دەستیشی ناکەوێ. خەڵکینە، سەگ هەرچەندە هەیوانێکە لە پۆلی گیانلەبەرانی هۆفی، کاتێک ببنە دۆستی، شەڕەملەی هەموو گیاندارێکی هۆفی دەکات و، لە پێناوی پاراستنتان خۆی بە کووشت دەدات. لە سەگ فێری سەرڕاستی و وەفابن، وا سەرەڕۆهی فەوتاندوونی. سەگ و پشیلە و باڵندەکان لە ڕەچەڵەکی خۆیان دوور مەخەنەوە، مەیانکەنە دیلی ناو قەفەس و قووشبنی ماڵێ، ئەو کارە زۆر هۆفانەیە. دۆستاتی لە دیلی بەرهەم ناهێ، بەڵکوو لە سەربەستی، ناچاری مانەوەیان مەکەن، ڕێیان بدەنێ بڕۆن و بە مەیلی خۆیان بگەڕێنەوە. بەسەرهاتی ئەو سەگەتان بە یاد دهێنمەوە، ئەوی نێزیکەی نۆهەد ساڵ لەمەوپێش، لە بەشە زەمینێکی دووری خۆرهەڵاتێ، ماوەی نۆ ساڵان لە بەردەرکی ماڵبەندی قەتاران لە چاوەڕوانیدا مایەوە. پیاوێک مهیری نواند و نانی بە تووتکە سەگ دا، سەگ بوو بە دۆستی و، لەگەڵ گەورەبوونیدا دۆستاتیەکەشی گەورە بوو. کابرا هەموو ڕۆژێ لە وقهتی چوونە ئیشێ، سەگەکەی لەگەڵ خۆی دەبردە ماڵبەندی قەتارەکەی، هیدی هەتا دەهاتەوە، سەگ لەوێندەرێ لە بەردەکی ماڵبەندەکە چاوەڕێی

دەکرد. ڕۆژێک پیاوەکە ڕۆیشت و هیدی نەگەڕایەوە، ئەو ڕۆژە شەپڵە لێی داو و هەیاتی لێ بڕی.، بەڵام سەگەکە ڕۆژ و چەند ڕۆژ و، ساڵ و چەند ساڵ، قەت مەیدانەکەی بە جهێ نەهێشت، کە دووریشیان دەخستەوە، دیسان دەهاتەوە ئەوێ، سەگەکە چاوی بە فرمێسکی لەوە بوو، پیاوەکە بهێتەوە و وەکوو جاران باوەشی بە سۆزی پێدا بکات. هاخیرەکەی سەگەکە هەرلەوێندەرێ مرد، لە پاش خۆیدا هەقایەتی مهیر و وەفای بە جێهێشت.

## پۆپەی 15

هاژەڵداری چەند کارێکە لە ناو هێک کاردا، زۆربەی ئەو کارانەش لە سەردەستی ڕەگەزی دایک هەڵسووڕراون. لەوەڕاندن و ئاودانی هاژەڵان، کاری شیوانی و گاوانی بە هاردی داهێنا، هەردوو کارەکە لە بازنەی مهیرین و، جەسدە و دەروونی مێ هەروەکوو نێر وەڵام بە کارەکە دەداتەوە، بەڵام لە کاری شیوانیدا ئەگەری هاتنی گیانداری هۆف هەیە، پاسداری و ڕوو بە ڕووبوونەوەش کارێکە بە پیاوان سپێردراوە. بێجگە لەوەش، ئەو کارانەی بە کۆڵی مێینەکانەوەن زۆرن، دایکێتی، کابانی، ماڵداری، بێریوانی و دۆشینی ماڵات، سەینوبەینی شیرمەنی، کۆکردنەوەی پاشەڕۆی هاژەڵان و گەڵێک کاری دی، لەوکاتیەوە هەتاوەکوو ئەوڕۆ هەرمێینەکان ڕایان پەڕاندوون. مێ هەمیشە چەند هێندەی نێر ڕەنجیان داوە و، بە شەوق و سەلیقەوە کارەکانیان ڕاپەڕاندوون. شارستانێتی دایک ناولێنان نیهە، بەرجەسدەی کرداره لە مەیدانی ژینی ڕۆژانەدا، جا بە ڕاستی لە هەردوو باری زهینی و زەمینیدا، ڕەگەزی دایک ناوەندێتی ڕەنج و تێکۆشان دەکات، ناولێنانەکە لەم ناوەندبوونەوە بە تەواوی واتادارە.

## پۆپەی 16

پاش ئەوەی ماڵیکردنی هاژەڵان چەسپا و، ڕانەمەڕ و گاڕان بە مەیدانێ کەوتن، خەڵکی کووردهەواری، پاشەکشەیان لە کاری نێچیرفانی کرد، لەگەڵ هاژەڵانی دەستەمۆش، بە هەندێک بنەمای مهیری دەجوولانەوە، دەستیان لە هاژەڵانی مێ دەپاراست و، بزن و مەڕ و مانگایان سەر نەدەبڕی، بەڵکوو لە شیر و خوری و مووەکەیان کەڵکیان دەبینی. خەڵکەکە بە کەمی گۆشتیان دەخوارد، گۆشتەکەش لە گیسکە نێر و بەرخە نێر و گۆڵکی نێر بووە. لە زاری پێشینانەوە گووتدراوە:"بەرخی نێر لە بۆ سەربڕینە." ئەو گۆزارە وا ئەمڕۆش باو و بەربڵاوە لە ناو خەڵکی

هەوارەکە، بێجگە لە واتا ڕوونەکەی، گوزاشتدانێکیشە لەوەی پیاو لە جوانمێری و قهرەمانێتیدا، خۆی بە کووشت بدات و، سڵ نەکاتەوە. هەڵبەتە لە چەمکی بەرخۆداندا، دەنا کووشتن و خۆ بە کووشتدان چ تاقیان ڕێیان نەدراوەتێ، تەنانەت کووشتنی گیاندار و پانکردنەوەی بنچەگیاش هەق نیهە، ئەگەر لە دۆخی ناچاریدا نەبووبن. زاگرۆزیەکان ئەوەیان دەزانێ، هەبەرداریش بوون لە لێکەوتەی بە زەڕی گۆشت خواردنێ، لەبەرهەندێ پاش ماڵیکردنی هاژەڵان، بە تایبەتی پاش دەستکردن بە چاندنێ، هەرچەندە زەگین بوون و، مەڕومالاتی زۆر و زەبەندیان هەبوو، لەگەڵ ئەوەش بە کەمی تووخنی گۆشت دەکەوتن. بەرزبوونەوەی هیزر و فەرهەنگی مهیری لە لاهێک، گەشەی سامانی هاژەلی و کشتووکاڵی لە لاهەکەی دی، هەردووکیان بە هێکەوە وهایان لە خەڵکەکە کرد، بایەخی جاران نەدەنە گۆشت خواردنێ. ماڵیکردنی هاژەلان و شیوانکاری، لە سێ لاوە کووشتنی هاژەڵان کەم دەکەنەوە، هێکەم بایەخێک لە بۆ نێچیرفانی ناهێڵێ و، کووشتنی گیاندارانی کێوی هەتا ئەوپەڕی لە کەمی دەدات. دووهەم بە هۆی سوودمەندی شیرەکەیانەوە، بزن و مەڕ و مانگا سەرنابڕن و دەستیان لێ دەپارێزن. سێهەمیش خۆدوورگرتنی تەواوەتی لە خواردنی گۆشتی هەسپ و ماین، کەر و ماکەر، چوونکە بێجگە لەوەی لە پلەبەندی مهیریبوونێ، نزمترن لە ڕەچەلەکەکانی بزن و مەڕ و مانگاوە، لە کاری شیوانی و، لە گواستنەوەی پووش و پەلاشی مێگەڵ و گاڕانەکان کەڵکیان لێ دیتون. هاوکات ڕەشەوڵاخ و گا، بوونەتە گاجووت و لە جووتکرنێ بەرکاریان کردوون. هەموو ئەمانەش مایەی داکشانی هۆف و هەڵکشانەوەی مهیرن لە ناوەندی شارستانێتی دایک، بەشێکیشن لەو فەرهەنگەی زاگرۆزێ، کە پاشان بە جێهانێدا بڵاو دەبێتەوە.

## پۆپەی 17

ئەوەی مرۆف لە هاژەڵانەوە چنگی دەکەوێ، تەنەها شیر و گۆشت نین، چەرم و مووش دەستکەوتی گرینگن. پێشترێ لە چەرخی مهیریدا سەرما و گەرما بە توندی بەشەری دهێشاند، گژوگیا و پۆش لە خۆداپۆشینی شەوێ، کەمێک گەرمی کردوونەتەوە، بەڵام لە گەڕۆکیدا بە ڕووت و قووتی سووڕاونەتەوە و، بای سارد تەزاندوونی. لە چەرخی مهیرهۆفیدا، وەرچەرخان ڕوویداوە، چ لە ڕاوکردنێ و چ لە ماڵیکردنێ، خووری و پێست کۆمەکی گەورە بە بەشەرێت دەکەن، هەم پۆشاک و پێڵاوی لێ سازدەکەن، هەم بەڕە و پێخەو و پێداویستی دی. ڕێستنی خووری و چەنینی، کارێکە پلە بە پلە پێی گەیشتوون. چەنین لە هۆنینەوەی قژ و کردنی بە کەزی، دەستی دراوەتێ، ئەوجا زەنبیلە و سەبەتە و قەرتاڵە لە دار چەندراون،

پاشانەکانێ ئەم چنینە دەبێتە بنەمای بیرۆکەی چەنینی موو. سەرەتا پێستەی هاژەڵان بە مووەکانیەوە بڕدراوە و لە تەنگەیان بەستوون، بەشێکیش وەکوو پەستەک کردوویانە بە بەریاندا، چوونکوو لە پێشدا میزلدان و گوورچکەکان و کۆڵنجەکان بەر زەبری سەرما دەکەون. لە پۆشاک سازیدا، پێستەبڕین قۆناخی هێکەمە، ڕەستن و چەنینی خووری، قۆناخی دووهەم، پاشانیش لەگەڵ نشهوونمای ئەو قۆناخەدا، بڕبڕە نەقشاندن و جوانکاری پەرەی پێدراوە، مووەکان بە سەلیقە و، واتای گرێدراو بە بیروباوەڕ چەندراون. هەڕوون برۆننێ، واق هووڕ دەمێنێ لە هووردی و هەندازی ئەو نەقش و نیگارانەی وان لە فەرشی کووردەهواریدا. فەرشەکان ڕەنگینن، وەلێ ڕەنگی بنەڕەت هەمیشە سوورە، لەبەرئەوەی ڕەنگی سووڕ بە ڕەگەز مێیە و ڕەنگی شارستانێتی دایکە، تایبەتمەندی ڕەنگەکەش وهایە، شەپۆڵەکانی بەربەخێرن و، خۆشی بە دڵ و دەماخی بەشەردا دهێنن.

## پۆپەی 18

پێشترێ لە هەردوو سووڕی هێکەم و دووهەمی شارستانێتی دایک، لەبەر بەرتەنگی هەشکەفتان، زاگرۆزیەکان جهێیان بە خۆ نەدەگرت و، لە گەشەی چەندێتیدا تووشی پەرتبوون دەهاتن. بەڵام هاژەڵداری دۆخەکەی لە بنەڕەتەوە گۆڕی و، کۆتاهی بە پەرتبوون هێنا. کاروباری ڕانەمەڕ و گاڕانەکان هەتا دهات زۆر دەبوون، دەبوو خەڵکەکە لە نێزیکیانەوە بمێننەوە، لەبەرهەندێ لە کێوان دهێنە خوارێ و لە دەشت و دەر خانوو دروست دەکەن. ئەم هەنگاوە قۆناخێکی دیکەیە لەو شۆڕەشەی کە دایکانی کووردەهواری بەماڵیکردنی هاژەڵان دەستیان پێکرد. دروستکردنی هۆدە و هەیوان بە شێوەی کەپری سواخ دراو، پاشان بە دار و بەرد و، بەو خشتە کاڵانەی کە لە بەر هەتاوێ هیشکیان کردوونەتەوە، پشت بە ئەزموونی هەزاران ساڵەی قووڕکاری دەبەستێ. کارەکە ڕێک و بە هەنداز ڕاپەرێندراوە، هەرزوو لەوە تێگهیشتوون تەڕە کەڵەک سەرناگرێ، هیشکە کەڵەک دەستی دراوەتێ و، بە قۆناخبەند دیوار هەڵچەندراوە. هێکەمین گووندە بە خشت هەڵچەندراوەکان، ئەوانی لەو هەوارە سەرپێ دەکەون، لە وێنەی کۆبەند شێوەیان هاتۆتێ. وا خشت و خاشاکی بناخە و بندیواری بڕێک خانووی ئەو کاولەگووندانە، پاشماویان لێ ماوەتەوە. هێکەمینی ئەو گووندانە ڕێک لە ناوەندی کووردەهوارن و، سەرەتا خانووەکانیان بە شێوەی خڕ سازکردوون، پاشان شێوەی لاکێش و چهارگۆش بە خانوو دراون. خڕێتی خانوو لە بەرگرتنەوەی شێوەی هەشکەفت نیهە، بەڵکوو گرێدراوی بیروباوەڕە. زاگرۆزیەکانی هەنگینێ

زانیاربوون بە وێنەکانی گەردوونێ و، بە گرینگاتی دەوری خڕێتی لە ڕیکخستن و بە شێوەهاتندا، ئەمەیە وهای لێکردوون شێوەی بازن بە خانوو بدەن.

## پۆپەی 19

سووڕی سێهەمی شارستانێتی دایک، لە ناوەندی خۆیدا لە کێوستانی زاگرۆزێ، قۆناخی بنیادنانی گووندە و، هێکەمین گووندەکان دەکەونە ئەو قۆناخەوە. گووند لە وشەکەیەوە واتای خڕێتی دەدات، هەروەکوو خانووەکان بە خڕی دروستکردراون، کۆبەندی خانووەکانیش بە شێوەی بازنگ قاڵبیان دراوەتێ. بە بازنبوون شێوەپێدانێک نیهە لە ئاستی ڕووکەش، جەوهەرێکە بە بیروباوەڕی مهیرپەرستیەوە گرێدراوە. هەموو پێکهات و هەڵسوکەوتێک لە میانی شارستانێتی دایکدا، بە خوول و شێوەی بازنگی ڕادەپەڕێ، هەمووان لە ناو بازنێکدا خڕبوونەتەوە و، پێ لە بەندی ناوەندێتی دایک هەڵدەسووڕێن، ویستدراوە دیوی "تەن"ی شارستانێتەکەش، دروستکردنی خانی و گووند، شێوەی خڕی بدرێتی، وەلێ لە زانستی ئەزموونکردنێ ڕوون بۆتەوە "تەن"ی ڕەق وەڵامی تێر و تەواو بەو خواستە نەداتەوە، لەبەرئەوە دەست لە خڕێتی خانوو بەردراوە. دروستکردنی خانوو بە خشت و دار و بەردە، هەرسێ کەرستەی بنیادنانەکە لە بازنەی مهیرین و، تەواوی کارەکەش زەمینەی گەڕانەوە بەرەو مهیر خۆش دەکات. قاڵبی خشت، قاندرمە، کاریتە، شەقڵەی هەیوان و سەرهۆدەکان، هەستوونگ، دەرکە و پەنجەرەی ماڵان هەمووی دارن. ژێرخان و سەرخان و، و هەساری ئاژەڵانیش لە خشتی کاڵ و هووشک هەڵچەندرابن، یان لە بەرد، هەردووکیان کەرستەی سرووشتین. لە کۆی گشتیدا گووند بە هەموو پێکهاتەکەیەوە، پەیوەندی مرۆڤ و خاک زیندوو ڕادەگرێ. چەرخ گۆڕاوە، بەڵام دایکێتی خاک لە بۆ بەشەرێت دەوام دەکات و، وەڵام بە پێویستیهەکانی دەداتەوە.

## پۆپری 20

هەشکەفت ماڵێک بوو هەمووانی گرتبوونە خۆی، کاتێک خەڵکەکە دادەبەزن و کۆبەندی گووند پێک دهێنن، خانووە قووڕەکان قەد و باڵا دەکەن، بەڵام ماڵەکان و دیواری خانووەکان، تەنەها جوودابوونەوەی ڕووکەشهین، ئەگەرنا هەموو لەگەڵ هێکدی هێک ماڵ و هێک زیندەگین. گۆزار وهایە خانەخوێ بە مێوان دەڵێ "ماڵی خۆتانە،" لە میانی ئەم گۆزارەدا ماڵەکان تێکەڵی هێک دەبنەوە و، هەموو ماڵەکان دەبنە هێک ماڵ، ڕیشەکەی ها لە زهین و کردارەکەی ها لە زەمین. گووند بە ناوەندێتی

دایک شێوەی هاتوتێ، لە ناو ماڵەکانی گووندیش، دایک ناوەندە و ماڵ بە ماڵی دایکان دەناسدرێن، بەڵام خاوەندارێتی تایبەتی لە گۆڕێ نیهە و، دایکان خۆیان بە ماڵکی ماڵ نازانن. بە شێوەی سەرجەم و گشتەگیر، لە بازنەی شارستانێتدا، هاوبەشێتی و خاوەندارێتی گشتی هەیە، ماڵکیەتی تایبەتی بە لێکەوتەی هۆفێتی واتای دراوەتێ و، کەس نەیوێراوە بە زهین و زاری دابێ، ڕەتکردنەوەی کردەکیانەی خاوەندارێتی خانووش، بە بڵندکردنی پایەی مێوان بە دید هێندراوە. مێوان بە بەرەکەتی هوودا واتای دراوەتە پاڵ و، هەمیشە دەرکی ماڵان واڵا هێڵدراوەتەوە لە بەردەمیدا، هەرکێ دەرکەی کووتیبێ، بە گووتنی:"فەرموو ماڵی خۆتانە،" چوونەتە پێشوازی، بەمەش سەلمێندراوە هەمووان هاوماڵی هێکدین. ئەمڕۆش نەریتی مێوانداری لە کۆمەڵی کووردهەواریدا تۆخ و تێرە، لە دەرەوەش لە ناو سوورپێستان و خێڵانی دیکەی دوورە دەستدا، تەنانەت لە ناو هەندێک لە خێڵە هۆفیەکانیش، ئەم نەریتەی مهیرپەرستان، دەوران دەورانی زمان توولیان داوەتێ و، لەگەڵیدا ژیاون. ئەوی مێوان ڕادەگرێ و، ئەوی دەچێتە مێوانی، هەردووکیان خێریان دەگاتێ، چوونکوو گەرم و گووڕی لە میوانداریدا، بنەمایە لە مهیریات و، خێروخۆشی بە دوو دادێ.

## پۆپەی 21

شێوەگرتنی کۆبەندی گووندان، واتای بە شێوەهاتنی خێڵ و هۆزە. پێشترێ لە ناوچەی جوودای بازنەکانی دەرێی خۆرمیانێ، خێڵ و هۆز لە نێو کۆبەندی هێڵین و خانووی دارین پێکهاتبوون، تەنانەت لە هەندێک جهێ، دەرهاوێشتەی چڕبوونەوەی دانیشتوان ناهاوسەنگی لە پەیوەندی بە سەرچاوەی خۆراک بە هاردی داهێنابوو. بەڵام کێوستانی کووردهەواری، وا هێکەمجارە لە پەرەستەندنی چەندێتیدا، خێڵ و هۆزی تێیدا بە قاڵب دێن و، سەردەمێکی نوێ دەست پێ دەکات. ناوەندی شارستانێتی دایک، دوو سووڕی شارستانێتەکەی لە هەشکەفتان گوزەردراوە، ڕووبەری بەرتەنگی هەشکەفت پێشی پێ گرتوون و، هەلی نەداونەتێ لە قاڵبی کۆمەڵاتیدا پێکهاتەی تیرۆچکە تێبپەڕێنن. پێش دروستبوونی گووند، تەنەها تیرەی خانەوادەگی هەبوون لە کێوستانێ، ئەویش بریتی بووە لە کۆمەڵێکی گچکەلانەی هێکگرتوو لە هێک خانەدا، چەندێتی و قەوارەکەشی بە پێی پانتا و ڕووبەری هەشکەفتەکان گۆڕدراوە. بنیادنانی گووند، هەلومەرجەکەی لە بنەڕەتەوە گۆڕی، زەمینەی خۆشکرد گەشەی دانیشتوان لە بازنەی هەوارەکەدا بمێنێتەوە و، چیدی کۆچ و پەرتبوون ڕوو نەدات.

## پەلی سێهەم

پۆپەی 01

شۆڕەشی دایکانی کووردەهەوار، بە ماڵیکردنی هاژەڵان دەستی پێکرد و، بە کشتوکاڵ و چاندنێ گهیشتە کەوشەن، هەردوو قۆناخی شۆڕەشەکە، هەلومەرجێک بە هاردی دادهێنن، ڕاوچێتی و زەروورەتی نێچیرگرتنێ بەرەو بنبەست دەبەن. ماڵێکردنەکە هەم بنیادنانی کۆبەندی لادێ و، هەم چاندن و کشتوکاڵی بە دووی خۆیدا هێناوە، سەرچاوەکانی خۆراکی بە هەندازێک تیروتەسەڵ کردوون، ڕاوکردن بەهانەی نەماوە. لەو دەمیدا بەشەرێت، چ لە باری هیزر و هەستەکانی، چ لە باری ڕەفتار و هەڵسوکەوتی، پێناسی مهیرهۆفی بە هێقەوە لکاوە، بەڵام وا زاگرۆزیەکان بەشە هۆفەکەی مهیرهۆف بەرەو خوارێ ڕادەدەن و، لە ئاستێکدا پەروازی دەکەن، بە جۆرێک کە بەشە مهیرەکەی مهیرهۆف قوودرەتی درەوشانەوە پەیدا بکاتەوە.

پۆپەی 02

کار و بەرهەمی چاندنێ، هەردووکی بە واتای ڕەگەزی مهیرن، کار و بەرهەمی ماڵیکردنێ، هەردووکی ڕەگەزی مهیرهۆفین، کار و بەرهەمی ڕاوکردنێ هەردووکی ڕەگەزی هۆفین. بە دەستپێکردنی کارەکانی شیوانی و جووتیاری، پیاوان لە کاری نێچیروانی گەڕانەوە، بەمەش ڕەگەزی هۆفیانەی کار لە ناوەندی شارستانێتی دایک کۆتاهی پێ هات. لە هەمان کات ڕەگەزی هۆفیانەی خۆراکیش، نەک بەس دەور و دەمی جارانی نەما، بەلکوو لە پلەبەندی خۆراکیدا بەرەو خواری خوارەوە شۆڕبۆتەوە چوونکوو بەرهەمەکانی چاندنێ، چەندێتی سەوزەوات دەبەنە ئاستێکی بڵند، لە هەمان کات ڕەگەزە ناوەندیەکەی خۆراک، شیر و هێلکەش هاتوونەتە سەرێ، ئەوجا گۆشتی سپی، ئەویش بە نۆرەی خۆی دەور دەبینێ لە نزمکردنەوەی ئاستی ڕەگەزی هۆفی لە

ناو جەمی خۆرکەکانی ڕۆژانەدا. ئەگەر ئەمڕۆ لە ناو خەڵکانی کووردهەواریدا، گۆشت خواردن لە هەنداز چۆتە دەرێ و، گهیشتۆتە پلەی بێ لەزەتی، ئەوە خووگرتنێکی تازەکیهە و، پەیوەندی بە پێشینانەوە نیهە. کۆمەڵی کووردهەواری لە توولاوتوولی زەمان، بە کەمی گۆشتی تیێدا خواردراوە. لەو کاتەوەی دایکان دەستیان بە کشتوکاڵ ڕاگهیشت، سەوزە و میوە و شیر و هێلە پێکهاتەی جەمە خۆراکەکانی ڕۆژانە بوون، گۆشتی سوور بە مانگەومانگ، یان چەند مانگ جارێ دەمی لە بۆ بردراوە، لە کاتی دی ئەگەر گۆشت خواردرابێ، گۆشتی پەلەوەران بوون، ئەویش لە چاو گۆشتی سوور ئاستی هۆفیبوونەکەی گەلێک کەمترە. ئەم ڕووناکبوونەوەیە لە پەیوەندی بە ڕەگەزە خۆراکیهەکان، بەهانەی چ کەس ناهێلێ، هیدی هەموو هێکێک بەرچاوەی ڕوونە و، دەبێ لە ڕەمەک دەرچێ و، هەڵسوکەوتی سەبارەت بە ڕەگەزەکانی خۆراک ڕێک بخاتەوە.

پۆپەی 03

ئەو دەمانەی شارستانێت لە هەشکەفتێ دەگوزەرا، هەلومەرجی چاندنێ بە هاردی دانەدهات. ڕوەک لە بۆ خواردنێ و، پووش لە بۆ جێخەوان دەبردرانەوە ماڵێ، لەو هەڵخستن و داخستنەش تۆوی جووداجۆر بە خاکدا پڕشاون، بەڵام قەت شین نەبوون، چوونکە تۆو لە خاکی داپەستدراوی بەرپێیان پڕشاوە و، بارانیش نەچۆتە ئاودانی. مرۆف درەنگ وقهت دەستی داوەتە چاندنێ، دایکان لە کاتێکدا چاندنیان دیتۆتەوە، کە سەرگەرمی هاژەڵداری بوون. دیتن و ڕامانی مێینەکان وەکوو هی نێرینەکان نیهە، بە تایبەتمەند دوو ئاست تەی دەکەن، بە هەردوو باری ئاسۆهی و پانی دەبینن و دەچنە هیزرین، لەبەرهەندێ دەتوانن تیبینی شینبوونی خۆڕسکانەی دانەوێڵە بکەن و، لێی فێری چاندنێ بن. کاتێک خەڵکە هەشکەفتنیشینەکە بە خاتروخۆتری مێگەل و گاڕانێ، دادەبەزنە بناری کێوان و، لە دەشتان هەسار و خانووان بنیاد دەنێنن، لە وێندەرێ هەلومەرج بە تەواوی جوودایە، هاژەڵداری وهای کردووە سەرلەبەری شێوەی زیندەگیکردنێ بگۆڕێ. مەڕومالاَت ڕۆژانە لەوەڕی دەوێ، لە پاهیزێ با و باران، لە زمستانێ بەفر و تۆفان کاریان هاستەنگ دەکەن، بە جۆرێک گووندنیشینان ناچارن لە ڕۆژانی قووڕ و باراندا، یان ئەو ڕۆژانەی بەفر دەکەوێ و ڕێبەندان دەبێ، هەیوانەکان دەرنەکەن و، لەو پووش و کایەی پێشترێ دایان کردوون، ئالیکیان بدەنێ. کارەکە مێینەکان دەیکەن، مێینەکان هاژەڵەکان دەدۆشن، هاوکات ئالیکیان دەدەنێ و، بنلینگانیشیان خاوێن دەکەنەوە، پشقڵ و ڕیخەکەش لە ئاگردانێ دهاوێن. هەرێ وهالە، گوڵەگەنم و گوڵەجۆ بە قەسەڵەکانیانەوە لە کادینێ دەرهێندراون و، هیدی لەو

سەروبەرکردنەدا، دەنکە گەنم و جۆ لە سەر خاکە ڕەباس و پاراوەکە کەوتوون، وەرزەکەش وەرزی ڕوان و شین بوونێتی، سەرەنجام بنچە گیای زراف زراف لە بندیواری هەساریَ شین دەبن و، ڕۆژ بە ڕۆژ باڵا دەکەن، هەر ئەو گیا سەوز و زرافانەش سەرنجی مێینەکان ڕادەکێشن، بە تایبەتی کاتێک دەگە گوولگرتنیَ. پێشتریَ لە ڕوەک چەنینیَ، گوڵەگەنم و گوڵەجۆی سەوزیان دیتوون، ئەو گوڵ و گیای بندیوارانەش، هەمان ئەو گیا سەوزەیە. بەم چەشنە مێینەکان چاندنی خۆڕسک بە دید دەکەن و، بیرۆکەی داونەتیَ گوڵەگەنم و گوڵەجۆ داوەرێنن و، تۆو وەشاندن و چاندن بکەن. هەقایەتی دەستکردن بە چاندن ئەوها بە سەرەتا هات.

## پۆپەی 04

لە دەستپێکیَ چاندن بە تەنەها چاندنی دانەوێڵەیە، کارەکەش لە سەر دەستی مێینەکان ڕەوتی دراوەتیَ، پاشانەکە نێرینەکان دەچن یاری ئەوان دەکەن و، کارەکە و بەرهەم هێنانەکە بڕبڕە باشتر دەبیَ و، چاکتری لیَ ڕادێن. داوەراندنی دانەوێڵەکان، کێڵانی خاک بە خاکەنازی دارین، تۆو وەشاندن، لە کۆتاهیشدا دەسکەنەکردنی دەخڵ و دانەکە بە شێوەی هەڵپاچین، گشتەی کارەکە بە چاوساخی و لە خۆبردنی دایکان ڕاپەڕێندراوە. ئەوان هەرزوو فێردەبن قەسەڵ و دانەکە لە هێکدی جوودا بکەنەوە، قەسەڵەکە بە هاژەڵان بدەن و دانەکە لە بۆ چاندنیَ هەڵبگرن. ئەم جیاکردنەوەیە گەشەی خێرا بە کرداری چاندنیَ دەدات و، ساڵ بە ساڵ بەرهەمەکە پەرە دەستێنیَ. چاندنی دانەوێڵەکان بە پێشین ڕۆیشتوون، پاشانەکانیَ پاقڵەمەنی و گندۆرە و کولەکە چوونەتە ڕیَ و، جۆراوجۆری لە بەرهەم هێنانی ئەنجامدراوە. هەرجۆرە ڕوەکێک تۆوەکەی هاسان ومست هاتبیَ، چاندووتیان و، بەرهەمی باشی بە دەستیانەوە داوە. چاندن و شیناهی لە کەمەوە بەرەو زۆر گەشەی دراوەتیَ، دەنکێک گەنم خۆ بهای تێربوونی مەلیچکێکی هاسمانێی نیهە، بەڵام هەر ئەو دەنکۆڵەیە لە هەلومەرجی خۆیدا تا ئاستی خەرمان بە زیاد دەکات.

## پۆپەی 05

چاندنی گەنم و جۆ، سەرەتا بە مەبەستی دابینکردنی ئالیکی هاژەڵان دەستی دراوەتیَ، لە دەروونەکردندا دانەکەی لیَ گیراوە و، بەس قەسەڵەکەیان بە هاژەڵان داون، پاشانەکانیَ بە زیادبوونێک لە گەنم و جۆی داوەرێندراو بە دید دیَ، ئەوە وها دەکات بەشێک لە بۆ چاندنیَ گلبدەنەوە، بەشە زیادەکەش بە مەڕوماڵات بدەن. ڕووداوی

هەرەگرینگ جهێ گرتنی دانەوێڵەیە لە ناو لیستی خۆراکی بەشەریدا. دانەوێڵە دەنکی ڕەق و هووردە، هەم بیر لە کووڵاندنی دەکەنەوە، هەم هاڕینی، چوونکوو لە هەردوو بوارەکە خاوەنی ئەزموونی پێشوقهت بوون. پێشتریێ ڕەگ و ڕوەکە ڕەقەکان بە کووتین، یان کووڵاندن نەرم و شیاویان کردوون لە بۆ خواردنێ، لێرە بە دواش هەمان هەڵسوکەوت لەگەڵ بەرهەمە تازەکەیان دەکەن، بەمەش گەنم و جۆ، بە تایبەتی گەنم دەبێتە ڕەگەزێکی هێکجار گرینگ لە بژێوی بەشەرێتدا، ڕسقێکە زۆری لێ ومشت دێ و، دەشتواندرێ لە چاڵانی بکەن و هەڵی بگرن، ئەم دوو خەسڵەتە بایەخی گەنم لە شارستانێتی دایک دەباتە سەرێ. لە دەستڕاگهیشتن بە ئارد و نان، قۆناخی بەرەکەت دەست پێ دەکات، بەرەکەتێک هەمووان لە بەری دەهەسێنەوە. لە پێشینانەوە بە هەموو ڕسقێک، زیادتریش بە نان گووتدراوە "زاد،" ئەوڕۆش لە کووردهەوار هەر ئەوهای ناودێر دەکەن. لە هەوەڵ و هاخیریدا، بە چاوی شکۆ و بەرەکەتی هوودا لە زاد دەڕوانن و، پلە و پایەی لە بیروباوەڕی مهیرپەرستیدا هێندە بەرز بوو، قەت نەدەبوو لەتە نان لە سەر زەوی فڕێ بدرێ. دایکانی کووردهەواری، هەتا سی ساڵ لەمەوپێشیش منداڵانیان وها پەروەردە دەکرد، هەرکە لەتە نانێکیان لە سەر هاردی دیت، خێرا هەڵیبگرنەوە و، نانەکە ماچ بکەن، فووی لێ بکەن و بیخۆن، یان لە جهێی بڵند دای بنێنن. نان بەرهەمێکە هەتا هەنەوکەش هەندێک لە خەڵکی هەوارەکە سووێندی پێ دەخۆن. دوو بنەمای هەقڵانی و گرێدراو بە بیروباوەڕی ڕاستیەقین، ئەو ڕێز و پایە بڵندیەی بە زاد داوە، هێکەم زاد ڕسقێکە خاکی دایک دەیدات، دووهەم ڕەنجێکی گەورە لە بەرهەم هێنانیدا دراوە، ئەو ڕەنجە بە ڕێز و پایەپێدانی بەرهەمەکە نرخێندراوە.

## پۆپەی 06

دیتنەوەی گەنم و جۆ وەکوو ڕەگەزی نوێی خۆراک، پێشکەوتنێکی ئەوتۆیە، سەرەتا لە بناری زاگرۆزێ چاندراوە و، بەرهەمی زۆر و زەبەندی بە دەستەوە داون، پاشانەکە دەوران دەوری زەمان، سەرجەمی بەشەرێت بەو پێشکەوتنەی دایکانی کووردهەوار پەیوەست بوون. دایکاتی زاگرۆزێ لە بۆ جێهانێ، هەمەلایەن و گشتەگیرە، ئەوەی بڵاودەبێتەوە تەنەها بیرۆکەی هاژەڵداری و چاندنێ نیهە، هاژەڵ و دانەوێڵەکانیشن. خۆرهەڵات و خۆرئاوا لە دوو هەلومەرجی تەواو جوودا دان، خۆرهەڵات لە ڕووی زەمینیەوە بە خۆرمیانەوە گرێدراوە، تخووبی سەرزەمینی هیند بە کووردهەوار بەستدراوەتەوە و، هەروەکوو دایک و کیژ لە ناو هێکدین. بەڵام هەلومەرج لەگەڵ خۆرئاوا بە جۆرێکی دیکەیە، لەلاهێک ئاو و لەلاهێک بیابان جوودای کردوونەتەوە،

جوودابوونێک بە ڕادەی جوودایەزی دایک و کوور، لەبەرهەندێ ئەوەی لە ناوەندی شارستانێتی دایک داهێندراوە، درەنگتر گەیشتۆتە خۆرئاوا و، زووتر چۆتە خۆرهەڵاتێ. بزن و مەڕ و مانگا، لەو هاژەڵانەن شیردەرن و، هاسن ڕام دەبن، گەنم و جۆ و برنج لەو دانەوێڵانەن هاسان بە دەستەوە دهێن، ئەمانە هەمووی لە خۆمیانێ بڵاوبوونەتەوە، بەڵام بە درەنگ وقەت گەیشتوونەتە خۆرئاوا. لە کووردەهواردا مەڕ و بزن ماڵیکردراوە، پاشان مانگا، گەنم و جۆ چاندراوە، پاشان برنج، هەرئەمەش بەرەو بیری ئەوەی بردوون جۆرێتی چاندن پەرە پێ بدەن و، بە شێوەی فەراوان دەست بە دێمەکاری بکەن. گندۆرە و کوڵەکە و، هەرسەوزە و بەرهەمێک دێمی بووبێ، دەست دراوەتە تۆوەکەی و وەشێندراوە. چنگ بە چنگی گوزەری کات، کشتوکاڵ هەم لە جۆرێتی بەرهەم و، هەم لە چلۆنێتی هەڵسووڕاندنیەوە، پەرەی دراوەتێ. دەستڕاگەیشتن بە سەقامگیری بژێو و، ڕسقی جێگیر و بنەماگرتوو لە هاژەڵداری و کشتوکاڵ، سەرلەنوێ شێوە بە بهێشتی کووردەهوار دەداتەوە. تا ئەوکاتە نێچیروانی بە واتای کەوتنی لاباڵێکی شارستانێتی دایک دهات، لەوکاتیدا ڕەگەزی دایک بە ماڵیکردنی هاژەڵان و بنیادنانی گووند و هوونەری چاندنێ، باڵی کەوتووی شارستانێتەکە ڕاست دەکەنەوە، بنەما لە سەر هەرسێ پایە پتەوەکەی، ڕەوتی ڕوو لە هۆفێتی بە بەشەر دەگۆرێ و، دەیخاتە سەر ڕێی مهیرۆفبوونێک، کە دیوە مهیرەکەی بە مەودای زۆر لە پێش دیوە هۆفیەکەی بی. ڕاستیەهکە ئەوەیە، بهێشتی سەر ڕووی زەمین بە تایبەتمەندی و دیتنەوە و داهێنانەکانی ڕەگەزی دایک گرێدراوە، بهێشتی پاشەڕۆژیش بە ناسین و بەندێتی بە هوودای دایک بە دەست دێ . مەهەمدی کووڕی هامینێ، لە کاتی بازرگانیکردنێ، سەری لە کووردەهوار دابوو، بە سەرچاوە لەو دیمەنانەی دیتبوونی، وێنەی بە بهێشت دا، دیتبووشی ئەو زیندەگیە هاوسەنگەی وا لە هەوارەکە خەملاوە، بە ناوەندێتی دایک کەوتۆتە سەرپێ، لەبەرهەندێ گووتی: بهێشت لەبەرپێی دایکان دایە. گوزارشتدانەکەی ڕاست و ڕوون داوە، خێڵی و خێچی لە زهینی خەڵک بوو، کە نەیانتوانی لێی تێبگەن.

## پۆپەی 07

چاندن، بێجگە لەوەی ڕەگەزی مهیری لە بژێودا پەرە پێدەدات، کاری کێڵانی زەوی و گواستنەوەی بەرهەمەکەش، هەندازێکی دی پاشەکشە بە هۆفێتی دەکەن. مانگا لەبەرئەوەی کەڵک لە شیرەکەی وەرگیردراوە، دەستی لێ نەوەشیندراوە، بەس گۆلکی نێریان سەربڕیون. بەڵام لەگەڵ پەیدابوونی کشتوکاڵدا، دەست لە کوشتنی نێرینەی گێرکەش دەکێشنەوە و دهێڵن ببنە گا، چوونکە گای چووتکردنێ بۆتە پێویستی. کێڵانی

ڕووبەرێکی فەراوانی خاک، کارێکە پڕلەشەکەتی و، لە دەست و بازووی مرۆڤ ناهێ، بیر لەوە دەکەنەوە گای بە تین و تاقەت ببەنە سەرزەوی و کارە قوورسەکەی بدەن بە ملدا. لەبەرهەندێ دەست لە سەربڕینی گا هەڵدەگرن، بەمەش هێندەی دی کردەی هۆفی لە هەوارەکە کەم بۆتەوە.

## پۆپەی 08

هاوسەردەمی پەیدابوونی کشتوکاڵ، ئامێری نوێ بە گۆڕێ دەکەون، لە بەراهیدا ئامێری دارینی ساکارن، پاشانەکە خەڵکەکە بەخۆکەوتوون و، بەشی ئەوەندە ئامێرەکانیان پێشخستوون، کە کارەکانیان هاسانتر لە بەردەست بڕوات. لەم بازنەیەدا ئامێری هەرەگرینگ و پێویست لە بۆ کێڵانی زەوی، بە ناوی "هەوجاڕ" شێوەی دراوەتێ. هەوجار ئامێرێکی دارینە، لە چەند بەش پێک دێ و، بە جووتێک گا ڕای دەکێشن، لەبەرئەوەیە ناوێکی دیکەی کێڵان جووتکردنە، ئەوانی لەگەڵ جووتە گاهەکەش هەوجاڕەکە بە کاردەخەن، بە جووتیار(جۆتیار) ناو دێرن. لە هەمان بواردا ئامێرێکی سادەی دیکە بە ناوی"چان" لە دار و دڕکی کەبەر چاک کردراوە، ئامێرەکە بە جووتێک گا، یان کەر بە سەر گوڵەگەنم و گوڵەجۆی دەروێنەکردراو ڕاکێشدراوە، بەو مەرامەی دانەکە لە قەسەڵەکە جوودا بێتەوە. پاشترێش لە کەڵەکەبوونی ئەزموونداء ئامێری براوەبەری "جەنجەڕ" بە هاردی داهێندراوە و، توانیتیان بە هۆیەوە باشتر و خێراتر دان و قەسەڵ لە هێکدی جوودا بکەنەوە. گەشەکردنەکەی ناوەندی شارستانێتی دایک هەمەلایەن و گشتەگیرە، هێکەمجارە لە ڕەوەندی خۆیدا، چڕبوونەوەی خەڵکی تێیدا ڕوودەدات، کۆبەندی گووندان بە هاردی داهاتوون و، سەرجەمی کۆبەندەکان وەکوو هەڵقەی هێک زنجیرە بە هێکدی پەیوەستن. هاژەڵداری و چاندن و، کاروباری شێوەی نوێی زیندەگی، جەم و جۆڵێکی وا هێناوەتە گۆڕێ، هاڕەی خۆشگوزەرانی سەرانسەری هەوارەکەی تەنیوە.

## پۆپەی 09

هەوجاڕ و جەنجەڕ و دەستهار(بەرداش)، لە هێکەمین ئامێری بەشەکیانەی دەستکردی مرۆفن، هێکەمجار لە ناوەندی شارستانێتی دایک لە کووردهەوار بە هاردی داهاتوون، هەتاوەکوو ئەمڕۆش ئەو ئامێرانە وا لە هەندێک گووندی کێوستانێ زاگرۆزێ بەرکارن، هەرئەم داهێندراوانەشن پاشانەکە دەبنە هەوێنی دروستکردنی ئامێری دیکە. ئەو کاتەی لە زاگرۆزەوە فەرهەنگیماڵیکردن و چاندنێ، بە جێهانێدا

بڵاوبۆتەوە، لەگەڵیدا بیرۆکەی دروستکردنی ئەو ئامێر و کەرستانەش ڕۆیشتوون و، لە هەرجەهێ بەجۆرێک پەرەیان دراوەتێ. پێشترێ کەرستە و ئامرازگەلی زیندەگیکردنێ، هێک پارچەبوون، لە قۆناخی دەستکردن بە چاندنێ، تواندراوە بە چەند پارچەی جوودا هێک ئامێر دروست بکەن. هەلومەرج هاوسەنگ چۆتە پێشێ، ئەو پێشکەوتنەی لە ئامێرسازیدا ڕوویداوە، هاودەم لەگەڵ گەشەی چەندێتی دانیشتوان، وەڵام بە پێداویستی ئاسایشی خۆراک دەداتەوە. دانەویڵە دەبێتە هێکێک لە ڕەگەزەکانی پێکهاتەی بژێوی بەشەری، لەگەڵیدا دەستهاڕ(بەردئاش) وەکوو ئامێری هاڕین بە هاردی دادهێ. بە گشتی کەرستەسازی و داهێنانی ئامراز، گرێدراوی شێوەی بەرهەم هێنان و جۆرێتی کاروبار و ڕەگەزەکانی بژێون. گۆڕانکاری لە هەرهێکێک لەم بوارانەدا، پێویستی داهێنانی ئامێری نوێ و پەرەپێدانی ئامێری کۆن دهێنێتە پێشێ. لە سووڕی سێهەمی شارستانێتی دایکدا، کاروباری زیندەگی هەمەچەشن و، کەرستەکانیشی هەمەجۆرن. بەردتراشی، گڵکاری، دارتراشی، تەون و هۆنینەوەی خووری، چەنینی دارین، دەباخی و پێستەخۆشکردن، هەرهێکەیان چوونەتە قۆناخی گەشەکردنەوە. هەڵقەکانی گەشەستەندن و نشهوونماکردن گرێدراوی هێکدین، لەماڵیکردنی هەسپ و مایندا، جۆرێک لە "زین" و، لە ماڵیکردنی کەرو ماکەردا جۆرێک لە "کورتان" و "تێرکە" هاتوونەتە گۆڕێ، هاودەم ڕکێب و پشتبەست، چ شێوەی کەژی بووبێ، چ گوریس، لە کاری ڕێستن و چەنینێ بە دەستەوە هاتوون. بە هام کەرستەکان سرووشتین، لە ڕەگەزی دار و بەرد و گڵ، خووری و چەرم و هێسکن. جووتکردن و دەروێنەکردن بە ئامراز هەڵدەسووڕێن، گاسن لە کۆتەرەدارە، لەتەبەردی شێوە کێردیش، بۆتە داسووک. ئەو دەمەی ئەم کەرستانەیان سازدەکرد، هێشتا شەڕ دەرکی پێ نەگرتبوون، هەڵمەتەکانی خێڵانی هۆفی بەرەو ناوەندی شارستانێتی دایک، پاش تێپەڕبوونی نێزیکەی شەش هەزار ساڵ بە سەر شۆڕەشی دایکانی کووردهەوار، دەستیان پێکرد، لەبەرهەندێ جارێ ئامرازەکانی شەڕ و بەرخۆدان، دەنگوباسێکیان نیهە. لەم هەوارەدا، هەرشت بە هیسابە و، هیچ شت ڕەمەک نیهە، دروستکردنی ئامێر و پێشخستنی، بە هەنداز و هێندەی پێویست دەستی دراوەتێ، قەت نەویستدراوە کارەکە بازنەی مهیر دەرباز بکات. پاش تێپەرینی هەزاران ساڵ بە سەر ئەم هەنگاوەش، کارەکە هەروەکوو خۆی بەردەوامی پێدراوە. گرینگیدانی ناپێویست بە ئامێرسازی و خۆ دوورخستنەوە لە ڕەنج، بە واتای نێزیکبوونەوەیە لە تەن و دوورکەوتنەوە لە تین، ئەمەش شتێکە خۆشگوزەرانی لە مرۆف دەستێنێ. کۆمەڵی کووردهەواری، تووڵاوتوولی زەمان، کۆمەڵی پێشهەنگی جێهانێ بوون، خەڵکانی زانابوون بە شێوەی دروستی هەڵسوکەوتکردنێ، دەیانزانی لە هیزرینی پەرەپێدانی ناپێویستی تەن(مادە) بەرەو هۆفێتی دەخلیسکێن، بۆهێ هیزر تەنەها لە پەیوەند بە تین گووڕی درابووهێ، بەمەش توانیبوویان بنەڕەتەکانی مهیربوون و خۆشبەختی بپارێزن.

لە سووڕی دووهەمی شارستانێتی دایکدا، نێچیروانی وها دەکات جوودابوونەوەی کاری مێ و نێر، دابڕانی ڕەگەزی و پەرتبوونی کۆمەڵاتی بە هاردی دابهێن، بەڵام لە سووڕی سێهەمی شارستانێتدا، بە هۆی هاژەڵداری و کشتوکاڵکردنەوە، هێکێتی کۆمەڵاتی و کار، ئاوێزانبوونەوەی ڕەگەزی بە شێوەی توونودتۆڵ بە گووندان کەوتوون. هەربەتایبەتمەند وهایە، تەن هۆی دابەشبوون و، تین هۆی خڕبوونەوەیە. تەنی پیاو پترە لە تینی و، تینی ژن پترە لە تەنی، لێکەوتەی ئەمەیە هەنگاوی نێرینەکان پەرتبوون و، هەنگاوی مێینەکان خڕبوونەوە بە هاردی دادهێنێ. ڕاوچێتی کە نموونەی کاری پیاوە و، کشتوکاڵ کە نموونەی کاری ڕەگەزی دایکە، ڕێک و ڕەوان تایبەتمەندی هەرهێکەیان ڕۆشن دەکەنەوە، هاوکات ئەوەش دەردەکەوێتەڕوو ئەگەر گرێدراو بە تایبەتمەندی نێرێتی پێ بهاوێن، ڕوو بە هۆفێتی دەڕۆن، بە پێچەوانەوە لە چەسپاندنی تایبەتمەندی مێینەدا، مهیریبوون و خۆشگوزەرانی دەچەسپێن. دایکان بەماڵیکردنی هاژەڵان شۆڕەشیان دەستپێکرد و، بە کشتوکاڵکردنێ شۆڕەشەکەیان تێروتەواو کرد. کاری هەردوو بوارەکە هێکێتی و هاوبەشێتی بە زەوی داهێناوە. هاژەڵداری بە دیوێکدا شیفانی و، بە دیوەکەی دی بێریفانی و دۆشینە. ئەم تایبەتبوونەی دوو دیوی کارەکە لە سەر بنەمای ڕەگەزی، بە دروستی لە زماندا واتای دراوەتێ. لە کووردهەواریدا ناوەکانی نێچیرفان و شیوان و گاوان ناوی نێرن، بێری و بێریوان ناوی مێینەن. کشتوکاڵ هەردوو ڕەگەزەکە لە کۆمەڵێکی گەورەدا، تێکەڵی هێکدی دەکاتەوە، هەروەکوو لە چەرخی مهیریشدا بە هێکەوە لە چەنینی ڕوەک و ڕنینی میوە خۆڕسکەکان بەشدار دەبوون. کاروبارەکانی چاندنێ، دوو بە دوو بە جهێ هێندراون. هەوجاڕگەری و جۆتیاری، گەڕاندنی جەنجەڕ و شەنەباکردن، لەوکارانەن کە بە لەشی ماسوولکەدار و شانوباڵی نێرینەکان وەڵام دراوەتەوە. لە بەرامبەردا گێژەن و بێژەنی دانەوێڵەکان، هاڕینی و کردنی بە هەویر و نان، مێینەکان پێی هەڵستاون. لە گشتەدا کشتوکاڵ بوارێکی فەرەکارە و، کارەکان بە هاوبەشێتی ڕاپەڕێندراون. پێشترێ نێرینەکان لە ڕێی نێچیرفانیەوە، هەنگاویان لە بۆ دابڕان هاوێشت و، جوودابوونەوەی کاری مێ و نێریان بە سەرەتا هێنا، بەڵام مێینەکان لە ڕێی هاژەڵداری و چاندنەوە، نێرینەکانیان ڕاکێشایەوە بە لای خۆیاندا، نەیانهێشت دابڕانی ڕەگەزی لە سەر بنەمای جۆرێتی کار توولانی بێ. هێکێتی و بە هێکەوەبوون واتایە لە مهیر، دابڕان و جوودابوونەوە واتایە لە هۆفێتی. چوون بەرەو ڕاوچێتی، چوونە بەرەو هۆفێتی، ڕاکێشان ڕووەو کشتوکاڵ ڕاکێشانە ڕوو بە مهیر، لەبەر ئەمەیە شۆڕەشی دایکانی کووردهەوار بە پڕاوپڕی واتادارە. تێگهیشتن لە هەلومەرجی ئەوێ ڕۆژێ، بەرچاوڕوونیتان دەداتێ لە ڕێکخستن و ڕەوتپێدانی هەلومەرجی لەمەوپاشتان،

کاروبارەکان بە جۆریک شێوە پێبدەنەوە بە هەموو بارێکدا خێر بداتەوە. لە بیرتان بێ، دین و دوونیا لە ناو هیکدین، کاتێک زیندەگیتان پێرست بە نامووس ڕێک دەخەن، ڕێی چوونە بهێشتێ لە بەردەم خۆتان دەکەنەوە.

## پۆپەی 11

دەستکردن بە چاندنێ، هەرگیز بە واتای کەمبوونەوەی بایەخی میوە و ڕوەکە خۆڕسکەکان ناهێ، لە هێک کاتدا هەرهێکە لە سەرچاوەکانی ڕسق بایەخی تایبەت بە خۆیان دراوەتێ و، بژێویان دەوڵەمەند کردوون. ئەم چەشناوچەشنیەی ڕەگەزەکانی خۆراک، بە دیوی مهیریدا کاریگەری لە سەر دڵ و دەماخ و، لە سەر دەروون و، لە سەر گشتەی پێکهاتەی لەش داناوە. ڕوەکە خۆڕسکەکان بەشێکیان دەرمان بوون، بەشێکیش ڕێگربوون لە دەرد و، وهایان کردووە خەڵکی هەوارەکە ساخلەم و سەرهاڵ بمێنن. "کنگر، کاردی، کووزەڵە، تۆڵەکە، توورۆکە، کوارگ، دۆمبەڵان، قەڵۆخان، قاوخ، قەزوان، قرقۆزە، مازوو، ڕێواس، تالووکە، ترشۆکە، خڕنووک" و چەندانی دی، نموونەی ئەو ڕوەکە خۆڕسکانەن، هێشتانەکەش لە کۆمەڵی کووردهەواریدا بایەخی زۆریان هەیە. بنوارن، مەل و باڵندەی هاسمانێ، بە دوو باڵ دەفڕن، خەڵکی ئەم هەوارەش بە دوو زانست فڕیون، هێکەمیان زانستی ڕاستیەقین، ئەو زانستەی وا لە نامووس بە دید هێندراوە و، زانستی هوودای دایکە. دووهەمیش زانستی ئەزموونکردنێ. هەردوو زانستەکە ساخیان کردۆتەوە، هەموو هێکێک تایبەت و بێ وێنەیە، هیچ بوونێک جهێی بوونێکی دی ناگرێتەوە. مانەوە لەگەڵ ڕوەکە خۆڕسک و کێویەکان، لە سەر ئەم بنەمایە بەردەوامی پێدراوە.

## پۆپەی 12

لە چەرخی مهیریدا، هوونەر لە سەر زار و لەبەر پێی دایکان لە دایک دەبێ و، لە دەوری ئاگردانی هەشکەفتێ، قامەتی هەڵدەچێ. بەڵام قۆناخی هێکەمی چەرخی مهیرهۆفی، هوونەری بە دەمەوە نیهە، قۆناخێکە گەشەی هوونەر تیایدا ڕادەوەستێ، هەتا ئەو وقهتەی دایکانی کووردهەواری ڕاسان بەرپا دەکەن و، قۆناخی دووهەمی چەرخەکە و، سووڕی سێهەمی شارستانێتی دایک دەست پێ دەکات. قۆناخی هێکەمی چەرخی مهیرهۆفی، پشت بە نێچیرفانی دەبەستێ، نێچیرفانی کارێک نیهە نە لە زار و زەمیندا، نە لە دەرووندا هەلی هوونەری بڕەخسێنێ، بەڵکوو هەلی لێ دەستێنێ. لە هەلومەرجی کووشتن و پەل پەل کردنێ، دڵ و دەروون و دەماخ ناهەموارن،

ناهەمواری دۆخێکە لە هۆفەوە دێ و، دەست و دەمی هوونەر بە بەشەرەوە ناهێڵێ. ئەو کاتەی بەشەرێت لەوە دابوو دەست و دەمیان بە بەرەوە نەمێنێ، دایکان شۆڕشیان بەرپاکرد، ناهەمواریەکانیان ڕەواندەوە و، هۆفێتیان بەرەو دوور ڕادا، بەمەش هوونەر شیاوە و، بازی گەورەشی نا. شیوانی، گاوانی، کارەکانی جۆتیاری، سەینوبەینکردنی دانەوێڵە و بەرهەمەکانی چاندنێ، زەمینەی پانوپۆڕی هوونەرن. لە وێندەرێ هوونەر و کار بە تێک هەڵکێشدراوی هەڵدەسووڕێن. هەڵپەڕکێ، شانبەشان و پێ بە پێ، بەستە و بەندبێژی بە بەرزەفڕی و نزمەڕێ، لە هەناوی کاری هەرەوزی هاتوونەتە دەرێ. هەرسووچێکی زیندەگی، دایکی هوونەرێکە، مەڕوان شمشالەکەی بەرتەنگەی دهێنێتە دەرێ و، لە دیمەنی دڵڕفێنی بهێشتی کوورهەواریدا، مێینەبوون نیگا دەکات، فوو دەکاتە شمشاڵەکەی و دیمەنەکە دەلاوێنێتەوە. هەیران (هەی ڕان) دەنگی دڵدارانەی هوونەرە، بانگکردنێکە لە ڕان (لە کۆمەڵ)، دڵدار پڕ بە گەروو دەنگ هەڵدەبڕێ و، بە سەر مەمک و گەردەن و قەد و قامەتی یار هەڵدەڵێ. هامی هوونەر، لە هەردۆخ و دەورێکدا شێوەی هاتبێتێ، پاشانەکە گرێدراو بە بیروباوەڕی مهیرپەرستی، هاتوونەتەوە گۆڕەپانێ و، بە مەبەستی خۆشی دەربڕینێ برەویان داونەتێ. هوونەر بە هۆی ڕاوچێتی دەکەوێ و، لە ڕاسانی دایکان هەڵدەستێتەوە، لەوێدا دەچێتە قۆناخی نشهوونماکردنێکی بە گووڕ و تینەوە. ئەو هوونەرەی هەنگینێ، ئێستاش زیندووە و کەس نایناسێ، هەڕوون بیبینن، وا بە کزۆڵی لە کێوستانێ گۆرانێ دەڵێ. هوونەر جوولەیە لە بازنەی مهیردا، جوولەکردنێک خۆشی بە دڵ و بە لەشدا دهێنێ، لەبەرئەوەیە هوونەر لە پێڕستی مهیرە و، خێر و چاکەیە لە بۆ هەرکەس، کە پێی هەڵدەستێ. نێزیکبوون لە هوونەر نێزیکبوونە لە هوودا، کووردان هەموو ئەمەیان دەزانێ و پێ لە بەندی بوون، لەبەرهەندێ هەردەم سەرگەرمی هەڵپەڕکێ و سرووود و ستران بوون.

## پۆپەی 13

هۆنینەوەی وشە، بە جۆرێک کە ئاواز و مۆزیک بە ڕستە بدات، کاکڵی هوونەری زارە. هەڕوون لە نێزیکەوە گوێی بدەنێ، هەنەوکەش هاخاوتنی کێوستانێنیشینەکانی کووردهەوار، تێکەڵەی گەپکردن و پەند و ئامۆژگارین، لەگەڵیشیاندا هۆنینەوەی وشە و دەربڕینی، بە شێوەی دڵنیشین ئاوازدارن. پێشترێ هەقڵ و هوونەر لە هێکدی نەتارابوون، زۆر زیادتر لەوەی کێوستانێنیشینەکان، زمانی قسەکردنێ ئاوازئامێز بوو، خەڵکی خۆشگفت و شیرینکلام بوون، ئەدەب هەبوو لە دواندن، ئەرزش هەبوو لە دەربڕین. هوونەری زاروزمان، هاوزەمان لەگەڵ پەیدابوونێ، بە گۆڕێ کەوت و،

ژین و دینی درەوشاندەوە. هوونەر درەختێکی سەوز و ئاودارە، هوودای مهیربان بە هەمووانی بەخشیوە، لە بەری بهەسێنەوە و لە بەرەکەی بخۆن. ئەو درەختە لە چەرخی مهیریدا نەمامێک بوو، لە قۆناخی دووهەمی چەرخی مهیرهۆفیدا، قەد و باڵای کرد، کەوتە چرۆکردنێ و، بەرێکی بە تامی دانێ. دەنگبێژیەکانی دایکان لە بۆ منداڵ و مردوو، نەوەی هێکەمی هوونەرن، لایلایە لە خەواندنێ، تاتی تای لە پێگرتنێ، سەردوولکە لە مردنێ، هێکەمین چهارچێوەی وشە چەندراوەکان و، دەنگە ئاوازدارەکان پێک دهێنن. گرێدراو بەو بنەڕەتەی دایکان دایان ناوە، دەربڕینی بە مۆزیک و ڕستەی ئاوازدار، سیما و کاکڵی بە هاخاوتنی بەشەرێت داوە. لە زەمانی پاشتریش، شهەریەتی زمان و، ڕستەی ئاوازداری هاخاوتن، بوونەتە بناخەی هوونەرە جوانەکانی ئەو دەمی. لە ڕاستیدا لاوک و هۆڕە و مقامات شێوەی گەشەستەندووی لایلایە و سەردوولکەی دایکانن. کاتێک پەلامارەکانی خێڵانی هۆفی دەستیان پێکرد، کووڕانی کووردهەواری بەرخۆدانێکیان نیشاندا و، گهاندیانە ئاستی ترۆپک، لە هەمان کاتدا هوونەری بەخۆدان لە زهین و زاری دایکانی کووردهەوار ڕەوتی گرت و، هۆنینەوەی وشە و دەنگبێژی، لووتکەبوونی بە خۆوە بینی. لاوک و مقامات بە شێوەی هاندان و پێداهەڵگووتن بە جوانمێران، لە زاری دایکانەوە بڵاوبوونەتەوە، پاشانەکە لە دەورانی هاخیریدا، پیاوان لە دەمی ژنانەوە فێربوون بیلێنەوە. هەواری دایک لە هیچ زوورفێکدا هوونەری لێ نەتاراوە، هێمناتی بەرقەرار بووبێ، یان شەڕوشۆڕ بەرپابووبێ، ساوا سەرپێ کەوتبێ، یان هەزیزێک فەوتی کردبێ، دیسان هوونەر هاتۆتەوە پێشێ و، هاوسەنگ بەو دۆخەی تێی کەوتوون، کۆمەکی کردوون و، هێز و تینی داونەتێ.

## پۆپەی 14

هوونەر و شیرینگفتاری، هی هەموو تەمەنێکە، نەک تەمەنێکی تایبەتی. زهینی بدەنێ، ساوای بەرمەمکان لە گەرمەی گریان و زاریدا، بە لایلایەی دایک کڕ دەبێتەوە. نەخۆش بە بیستنی بەستە و بەزمی هێمن، هێزی تێ دەگەڕێ. بە وەدا بزانن هوونەر لە بازنە گەورەکەدا، هی هەموو تەمەنێک و هەموو وقتهێکە. لە ساوا هەتا پیر، لە کار هەتا پشوو، لە ساخ هەتا نەخۆش، لە هاتن و ڕۆیشتن، لە زاین و مردن، چ بە زار و چ بە کردار هوونەر نیشاندراوە. دۆخ بە هەرجۆرێک بووبێ، هوونەر نەتاراوە، بەڵکوو هاوسەنگ و هاوتای دۆخەکە شێوەی هاتۆتێ. خۆ کووردهەوار هەوەنتە نیهە، ناوەندی شارستانێتی دایکە، لە بەرهەندێ بە هیچ هەنجەتێک هوونەری لە ژین دانەبڕیوە، لە هەوەڵ و هاخیری، هوونەر تیایدا بە پڕاوپڕی شەفەق دەدات. کاتێک

گووندان دروست دەکەن، لە ڕاستیدا کۆبەندانی هوونەری بە هاردی دادهێنن، چوونکوو لە کنەوان هوونەر گشتەگیرە، لەگەڵ هەموو تەمەنێک و هەموو کاروبارێک بە هەزوورە. لە پاش شەش ڕۆژی کارکردنێ، ڕۆژی هەفتەم "جەم هە" دێ، ڕۆژێکە هەمووان تیایدا دەست لە کارکردنێ هەڵدەگرن و جەم دەبن، بە هوونەری زارەکی و کردارەکی، تێروپڕ خۆشی دەکەن، و لەگەڵ هێک و لەگەڵ هوودا ئاوێزان دەبنەوە. لە هێکەم ڕۆژی بهارێ "نەررۆز" دەکەن، لە هێکەم ڕۆژی پاهیزێ "مهیرگیان" سازدەکەن. دەستپێکی پاهیز ڕۆژێکە تیایدا جەمبوونی مهیر نوێ دەکەنەوە. لە هەردوو بۆنەی بهارێ و پاهیزێ، هوونەر سەرانسەری کووردهەواری دادەگرێ و، لە هەردوو ئاستی زار و زەمیندا، تێروتۆخ دەبێتەوە. پاشماوەی پێشان زۆری لێ ماوەتەوە، ئەمڕۆ لای "هێزدی" بە ناوی "جەما"، لای "کاکەهی" بە ناوی "جەم خانە"، لای "هەلەوی" بە ناوی "جەم دانی"، هەروەکوو پێشترێ کۆبوونەوەی ساڵانە هەیە، ژنان و پیاوان بە هێکەوە، لە ناو کەشێکی هوونەریدا کۆدەبنەوە و، پەیمانی خۆیان لەگەڵ هوودا تازە دەکەنەوە.

## پۆپەی 15

شارستانێتی دایک لە پێکهاتە و قاڵبە گشتەکەیدا ڕووخاوە، بەڵام ئەوەتانێ داروپەردووەکە هێشتا بە ناو کووردهەواریدا پەرت و بڵاوە. گەمەی منداڵانی کووردهەواری چاو لێ بکەن، هەموو لە جوولەی هوونەری و، زهینی هوونەری پێک هاتوون، لە نێو زۆرێک لە گەمەکاندا، کە منداڵانی تەمەن چهار ساڵان و گەورەتر بە شێوەی کۆمەڵ دەیکەن، بەستە و ئاواز هەنە. منداڵ لە قۆناخی بەرمەمکان گوێدێری هوونەرە و، هەست لە لایلایەی دایکی ڕادەگرێ، پاشان لە وقهتی گڕوگاڵدا، دایکی بە دەربڕین و دەنگی ئاوازهامێزەوە دەیدوێنێ، پاشاتریش بە مۆسیقای تاتی تاتی، پێ دەگرێ. قۆناخی پاش ئەوە، منداڵان تێکەڵی هێک دەبن و، لە میانی گەمەکردنە بە کۆمەڵەکاندا، دەست بە دەنگبێژی و جوولەی هوونەری دەکەن. بەمجۆرە هوونەر لە زەمین و زماندا، پێ بە پێی تەمەن دەڕواتە سەرێ. سەرەتا ڕستەی مۆسیقی و هاوکێشی و هاوسەروابوون، لە دەربڕینەکانی دایکان، لە شێوازی لایلایە و، شێوازی دایکانەی دواندنی کۆرپەدا بە سەرەتا دێ، پاشان بە هەقایەت گێڕانەوە هیزری منداڵان فەراوان دەکەن، ئاواز و بەستەش لە گەمانی منداڵان، هەڵقەی دیکەی هوونەرین و، بە هەڵقەکانی دایکانەوە پەیوەستن. گەمەکان منداڵان دەیانکەن، دایکان دایانڕەشتوون، گەمەکان وانەی گەشەپێدانی هیزر و هەستەکان و، لە هەمان کاتیشدا سەرگەرمکردنی منداڵانن. پاش ئەوەش، هەڵقەی گچکە بە هەڵقەی گەورەتر گرێدراوە،

پەند و وانەکان بە ڕێ و ریتمی مۆسیقی دەگووتدرێنەوە، ستران و گۆرانی لە شێوەی جووداجۆردا ڕەوەندەکە بەردەوامی پێ دەدەن. بڕوانن، وشەی "مۆزیقا- مۆزیک" واتا دەنگ و زیقەی مێ(زیکەی مێ). هەرئەو وشەیە بە تەنەها بەسە، ئەو وشەیە نیشانیداون هوونەر و مۆزیک تایبەتمەندێتی مێینەن، نیشانیداون ژنێتی لە خوودی خۆیدا هوونەرێکی هەمەڕەنگ و شیرینە. مێ بە تایبەتمەند نێزیکە مهیرە، نێزیکە هوونەرە، هوونەری بەشەرێت لەلایەن مێینەوە دایکێتی دەکردرێ، نێرینەکانیش تەواوکەری مێینەن، وەکوو ئەو دەسکەی تەواوکەری کەمانچەیە.

## پەلی چوارەم

### پۆپەی 01

لە مهیرپەرستیدا، جەوهەری پەیوەندی خەڵک بە هوودا، لە دڵ و دەماخەوە گرێدراوە، نەک لە زار و شێوازەکانی خۆنواندنێ. پەیوەندی لە باری زارەکیدا، تەنەها ڕووکەشێکی لێ بەرهەست دێ، جەوهەر لە دڵ و دەماخ دایە، هەندازەی جەوهەرەکەش پێودانگ بە کردەوەکان دەردەکەوێ و بەردید دێ، نەک بەوەی بە زاردا دێ. دڵ بە تایبەتمەند دایکە و دەماخ کیژە، پەیوەستی دڵ و دەماخ بە هوودای دایک، لە کردەوەی بەشەردا لۆنی خۆی دادەنێ. هوودا هەقیقەتە، هەقیقەت لە لۆنی کردەوەکان خۆی نیشان دەدات، پەیوەندی لەگەڵ هوودا، پەیوەندیهە لەگەڵ هەقیقەت، لەبەرهەندێ دەبێ لۆنەکەی ببیندرێ و لە کردەوەدا ڕەنگ بداتەوە. بیروباوەڕی ڕاستیەقین لە توولی دەهان هەزار ساڵەی تەمەنکردندا، وهالە قاڵبی داوەتە پەیوەندی خەڵک بە هووداوە. کاتێک هەمووان هوودا دەناسن و دڵبەندن پێوەی، چ تاقیان لە هوودپەرستیدا هەوجە بە دەربڕینی زارەکی نین، چوونکە بە کردەوە نیشان دراوە. نمایشی زارەکیانەی هوودپەرستی، شتێکی تازەکیهە، دینی درۆین هێناوێتی. بەڵام شێوەی دروستی پەیوەستێتی بە هوودا، لە ڕێی دڵ و دەماخەوە بە جهێ دێ، نەک دەم.

کاتێک هوودا پانتاهی دڵ و دەماخی داگرتبێ، لە هێزر و هەستەکاندا دەبیندرێ و، پڕ بە پڕی نەفس ڕووناکی و ڕەنگی هەیە. لە کاتێکدا هوودای سەر زار زووتێپەڕە، تەنەها لە وشەدا بەرجەستەیە، هاسان دەڕوات و گووم دەبێ. لە شارستانێتی دایکدا، ئیمان(باوەڕ) هوودا دەباتە ناو دڵ و دەماخ و، ڕۆی دەچووێنێ بە کردەوەکاندا، ئیمان و دینی ڕاستیەقین کاری بە دڵە، نەک زمان، وەلێ ئیمان و دینی درۆین مامەڵەی لەگەڵ زمانە، نەک دڵ. هێکەمیان ڕوو لە ناوەوەی بەشەرە و، بە شێوەی جەوهەر جهێ دەگرێ، دووهەمیان ڕووی لە دەرەوەی بەشەرە و لە ڕووکەشدا شێوەی دهێتێ.

## پۆپەی 02

لە شارستانێتی دایکدا، تەن بە ئامانج نەگیردراوە، بەڵکوو بە هێندەی پێویست دەستی دراوەتێ. زانین و ناسینی تین، وەکوو خوودێتی هوودا - مهیر، هاوکات ناسینی تەن وەکوو ناهوودا - هۆف، بناخەی جۆری هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ تین و تەن پێک دهێنێ. بیروباوەڕی ڕاستیەقین وهایە، کەس ڕێی بە خۆی نەداوە لە تێفکرینی سەبارەت بە تەن، گووڕی تێ بکەوێ و، تخووبی پێویستی دەرباز بکات، چوونکە هەموو زانیتیان کاری وها لە هۆفێتی نێزیکیان دەکاتەوە. کۆمەڵی کووردهەواری، لە هەوەڵەوە هەتا دەورانی هاخیری، لە بازنەی ئەم بیروباوەڕە جوولاوەتەوە، خەڵکەکە گرێدراوی گیان بوون، نەک لەش، ماڵ و ماڵداری وەکوو تەن بیندراون و، بایەخی زۆریان نەدراوەتێ، بەڵکوو بایەخ بە شێوەی زیندەگی و، شێوازی هەڵسوکەوتکردنێ دراوە. خان و خانزادی سادە و سازگاربوون، جەوهەر و جوانمێری ویقار بوون. دیقەتی بدەنێ، پۆشاک و ماڵ و کەرستەکان دەکەونە بازنەی تەنەوە، نەقشاندن و ڕێکخستنیان لە سەروسەلیقەوە دێ و، دەکەونە بازنەی تینەوە، لەبەرهەندێ جۆرێتی تەنەکە گرینگ نەبووە، بەڵکوو ڕێکخستنەکەی، شێوەی ڕووخسار و لەشی کەسە گرنگ نەبووە، بەڵکوو تایبەتمەندی و خەسڵەتەکەی، ئەمەش وهای کردبوو دڵاوەری و سەروەری و سەرفیرازی، قیام و قیمەت بن لە شارستانێتدا و، پێی بدرەوشێنەوە.

## پۆپەی 03

ناسینی هوودا و نێزیکی لێی، هەمووانی خۆشگوزەران کردبوون، هەموو هووداناس بوون و، دەیانزانی هوودا تینە و تین لە مێ - دایکدا دەدرەوشێتەوە. درەوشانەوەی مێ، درەوشانەوەی هوودایە. جوانی و لەزەتی مێ، جوانی و لەزەتی هوودایە، خەسڵەتی مێ، خەسڵەتی هوودایە. زهینی بدەنێ و، ڕاست و ڕەوان ببینن، هوودا و دایک

هاوخەسڵەتن، ئەمەش هی ئەوەیە هوودا لە دایکدا بەرهەست دێ. هوودا لە ڕێی دایکەوە دەخوولقێنێ، لە ڕێی دایکەوە ڕسق دەدات، لە ڕێی دایکەوە دۆستاتی نیشاندەدات و سۆز دەبەخشێ. لە بازنەی گچکەدا دایک وەکوو ژن و، لە بازنەی ناوەندیدا دایک وەکوو خاک و، لە بازنەی گەورەدا دایک وەکوو خۆرهەتاو، سێ دەرکەوتنی هوودان. لەم زانینەوە پایە بە دایک و گشتەی مێ دراوە. کۆمەڵی کووردهەواری، ئەم کاکڵەی تێیدا تۆخ بوو، تەنانەت لە هاخیرین سەدەی تاریکیدا پاشماوەی لێ بیندراوە و، دەست بەرزکردنەوەی نێر لە مێ، بە خێرێتی و بێ نامووسی واتای دراوەتێ، چوونکە دەست وەشاندن لە مێ، بە واتای دەست وەشاندنە لە دەرکەوتنی هوودا، ئەمەش گووناهێکی هێندە گەورەیە کەس نەوێراوە بیری لێ بکاتەوە. شکۆمەندێتی هوودا و شکۆمەندێتی مێ، لە ناو هێکدین و جوودا نابنەوە. دەهان هەزار ساڵ خەڵکی کووردهەوار لە سەر بنەمای بەرزڕاگرتنی ئەم شکۆیە هەڵسووڕاوە. گۆزارێک هەنوکەش لە ناو خەڵکی هەوارەکە باو و بەربڵاوە، ژن بە پیاوی دڵخوازی دەڵێ" دەمهەوێ سێبەرت بە سەرمەوە بێ." ئەم گۆزارە پاشماوەی شارستانێتی دایکە، خەڵکەکە بەبێ ئەوەی لە قووڵاهیەکەی تێبگەن، دەیڵێنەوە. ڕاستیەکە ئەوەیە، هوودا لە کەسێتی ژندا بیندراوە، کاتێک ژن لەبەر هەتاوێ دانیشت با، پیاوی جوانمێر بە سەریەوە دەوەستا و، بە لەشی خۆی سێبەری لە بۆ دروست دەکرد. پێشان ئەم کردارە باوی بووە، وا ئەمڕۆ بە گۆزار ماوەتەوە.

## پۆپەی 04

تێکهاڵاوی هوودا و مێ، تێکهاڵانێکی ڕاستیەقین و بەرهەستە لە تەواوی گەردووندا، ئەم تێکهاڵاویە بە جۆرێکە، قەت نەتواندراوە بە تەواوی لەهێکیان جوودا بکەنەوە، گەلەک جاریش لە دەربڕینەکانی زماندا، وشەی دایک و وشەی هوودا، وشەی مێ و وشەی هوودا بوونەتەوە بە هێک وشە، لە زمانی زگماکیشدا وشەی "هوودا" ناوێکە بەس مێینەی پێ بە ناو دەکەن. مهیربانی هوودا لە مهیربانی دایکدا بیندراوە، لە شۆخ و شەنگیەکەی مێینەش، دیسان هوودا بە دید هاتووە، تەنانەت ڕاست و ڕەوان جێناوی هوودیان پێی داوە. هوودا تینە، قەتوقەت ڕک و ڕەهیبی لە هوودا بە دید ناهێ، ناشبێ مێی مرۆف ڕق هەڵگر و ڕەهیب بێ، یان دڵان بهێشێنێ. لە هاخاوتنی کۆمەڵی کووردهەواریدا، هوودا "گەورە" و "مهیربان" و "بەخشندە"یە، "پاک" و" دلۆفان" و "بێ هاوتا"یە، لە هەمان کاتیشدا خەسڵەتی ڕەگەزی دایکن. هوودا دایکە، لە دایکێتیدا مهیربانی باڵایە. هوودای مهیربان و دایکی مهیربان، هەرهێکەیان ئەویدیکەیانە. هەڕوون گیرفانی ڕابردوو بڕۆنن، وا لە پەیوەندی بە مهیر و دایکاتی هوودا،

پاشماوەی زۆر و زەبەند لە کن خەڵکی ئەو هەوارەن. وشەی "مهیراب"ی سەکۆی گووتاردانی دینداری، ئەویش مهیریاتێکە لە پێشینانەوە ماوەتەوە. کاتێک هێکێک ناهەقی و ستەمێک بکات، یان گیاندارێک بهێشینێ، خەڵکی بە گووتنی: "هەی بێ دین، هەی بێ ویژدان" سەرزەنشتی دەکەن. لە هەردوو دەربڕیندا، هوودای مهیربان بە هەزوورە، ئەو هوودا ڕاستیەقینەی ڕێ لە هێشاندن و ناهەقی دەبەستێ. هەڵبەتە شکی تێیدا نیهە، سەرزەنشتکردن لە سەر بێ دینی و بێ ویژدانی، بە واتای پێداگرتنە لە سەر زەرورەتی هەبوونی دین و ویژدان لە ناخی هەرهێکێکدا. ئەم پێداگیریە لە گەلێک باری جوودا دهێتەوە پێشێ، وشە و چەمکی"بە ویژدانەوە،"یان"ویژدانت هەبێ،"دەربڕینی هەرەبەربڵاوی کووردهەوارین. وشەی "دین" جهێ ناوی هوودای دایکە، ئەمڕۆ وشەی ناساندنی هەربیروباوەڕێکیشە لە پەیوەست بە چەمکی هووداوە. وشەی "ویزدان، ویژدان، ویشدان" واتە "ئەوی ویش دەگرێ"، یان ئەوی رێ لە هێشاندن دەگرێ. وشەی "ویز، ویش، ویژ،" گوزارشتدانێکە لە هیش و کوول. وشەکە لە فۆڕمدا، هاوشێوەیە بە وشەکانی:"زیندان، ئەوی زین(ژین) دەگرێ،" یان "خانەدان، ئەوی خانە دەگرێ،" یان "شەکهردان، ئەوی شەکهر دەگرێ." هەق نیهە کەس بکەوێتە وێزەی کەس، هەرکەس لە هێشاندا، "ویش" و "وەی" دەکات. "ویش" و "هێش"ی هەرکەس لە هۆفەوە دێ، لەبەرهەندێ بە زمانی سەرزەنشت و ڕێنوێنی دانێ، گووتدراوە و دەگووتدرێ:"بێ ویشدان مەبە، ویشدانت هەبێ." واتە ئەوت هەبێ، ئەوی ڕێ لە خراپبوونت دەبەستێ. بەم چەشنە وشەی ویشدان لە قووڵاهیدا دەبێتەوە بە ناوی هوودا و، گوزارشتدانێکە لە مهیر نواندن. لە هەرهێشانێکدا، هاوارکردن و پەنابردن لە بۆ هوودا، پەناگرتنە بە هوودای دایک، هەروەکوو لە هاواری فەریادخوازی" هەی داد، هەی داد" هێکێتی دایک و هوودا، دهێتە زمان. لە کەلامی کۆن و تازەی کووردهەواریدا، تێکهاوڵاوی لە چەمکەکانی هوودا و ڕەگەزی دایک، توولکێشانی بیروباوەڕی دەهان هەزار ساڵەیە. هوودا مێیە و مێ هوودایە، هوودا یارە و یار مێیە. ئەوی دڵی پیاو دەبات دوڵبەرە، دوڵبەریش مێیە و مێینەش هوودایە، لە بەر ئەوەیە دوڵبەر دەبێتە هوودای پیاو و، لە هۆنینەوە و بەستەکاندا، یاری بێ هاوتایە. زهینی بدەنێ، دڵدار بەبێ دوودڵی دوڵبەر دەباتە پایەی هوودا، فەرهەنگی پێشینەی هەوارەکە ئەوهایە، هوودای دایک و ڕەگەزی دایک لە ناو هێکدین. لە چهارچێوەی دینی درۆیندا، گەوجگەلێک بە ناوی "هارف" و "سۆفی" هەنە، ئەوانیش برێکجار هوودا دەبەنەوە سەر ناوی مێ و، لە دەربڕیندا چەمکەکە تێکەڵ بە ڕەگەزی دایک دەکەنەوە، لە کاتێکدا هیچ هەبەرێکیان لە هوودای دایک نیهە. لە ڕاستیدا کارەکە هەرهێکێکە بە دوو ڕێدا، چ مێ بە هوودا بناسن، چ هوودا بە مێ بناسن، هەردووک دروستن. پلەی بەرزی بە جەسدەبوونی هوودا لە ڕەگەزی مێ، وهای کردووە سۆز و دۆستی لە مێینەدا ئاستێکی بڵندی هەبێ، ڕەنگدانەوەی ئەوەیە پەیوەندی خەڵکی کووردهەوار بە

هوودا، پەیوەندی سۆز و دۆستانەیە، هەمان جۆری ئەو پەیوەستبوونەیە کە دڵدار گری دەدات بە دوڵبەرەوە. بە دۆستبینینی هوودا، لە گەلێک گوزارشتی جوودا بەرجەسدە بۆتەوە، ئەوە مهیریاتێکە لە شارستانێتی دایک ماوەتەوە. خەڵکەکە لە بەینی خۆیاندا، دۆستان و ئەو کەسانەی خۆشیان دەوێن، بە گیان و خۆشەویست ناو دەبەن، هاوکات هەرئەم وشانەش دەخەنە پشت وشەی هوودا و بە شێوەی "هوودایە گیان" و "هوودای خۆشەویست" ناودار و نازداری دەکەن، ڕێک و ڕاست هەمان ئەو نازدارکردنەی لە بۆ یاران هەیە. بێجگە لەمەش لە دەربڕینی دۆستانەدا، خۆیان بە قووربانی هێکدی دەکەن، خۆیان بە قووربانی هووداش دەکەن، بە هەمان وشە و هەمان دەربڕین، بنەڕەتەکەشی تێک هاڵاوی مێ و هوودایە.

## پۆپەی 05

لە شارستانێتی دایکدا، دڵ و هەقڵ بە شێوەی دوو پەروانەی هاوسەنگ خوولاونەتەوە، بەبێ ئەوەی چ تاقیان لەگەڵ ئەویدی بە کێشە بکەوێ. هاوسەنگیەکە هەقیقەت هێنایتی، هەقیقەت هوودایە و، لە دڵ و دەماخی هەرئەندامێکی شارستان دایە. هەربزاوتێک هۆش تێی گەڕابێ، گەڕانێک بووە لە ناو بازنەی هەقیقەت و، لێی نەترازاوە، هاوکات شەپۆڵەکانی دڵ و دەماخ کۆک بوون، بەبێ بەرهەڵستی هەڵکشاون و، هێزیان بە بەشەرێت داوە. دەوری دیاری وشەکانی دڵ و هەقڵ لە هاخاوتنی پاشینانی کۆمەڵی کووردهەواریدا، مهیریاتێکە پایەی هەردووکیان نیشان دەدات. زەمانی خۆی، بەشەر بە پێوانەی هەقڵ کەوتوونەتە هەڵسوکەوتکردنێ، ئەم زەمانە تەنەها وشەکە ماوەتەوە. دەستەواژەی "زهینی بدەنێ" گاسکردنە ڕووەو بینینێک بە چاوی هەقڵ، تێپەڕاندنی ڕووکەش و ڕۆچوونە بە جەوهەری دینتدا. ئەو دوو چاوەی هەن دیوی دەرەوەی شتەکان دەبینن، بەڵام زهین دەڕواتە دیوی ناوەوەی شتەکان و، تەن دەرباز دەکات. هاندانەکە ئەوەیە مەخدید بن و بە چاوی هەقڵ ببینن. مەخدید واتە دیدی مووخ. بێجگە لەوەش، دەستەواژەی "بە هەقڵم وەابێ،" ڕوونی دەکاتەوە هەقڵ بە ڕێزانی ڕستەکان داندراوە. لەوێندەرێ هەقڵ نەک هەردژاتی لەگەڵ هوودا دروست ناکات، بەڵکوو لە واتاهێکدا هوودا هەرخۆی هەقڵە، ئەو هەقڵە گەورەی وا گەردوونی بە وجوود هێناوە و، بەڕێوەی دەبات، لەبەرهەندێ وشەی هەقڵ دەبێتە جهێ ناوێکی ناساندن هاوبەند بە هوودای دایک. کاتێکیش لە بازنەی گچکەلانی بەشەردا وشەی هەقڵ واتادار دەبێ، هەرلەبەر ئەوەیە کە هەقڵ بەشەکانی لەش بەڕێوە دەبات. وێنەکە ڕاست و ڕوون ئەوهایە: هەموو هێکێک گەردوونێکی گچکۆکەیە و بە هەقڵی ناو سەر هەڵدەسووڕێ، گەردوونی گەورەی سەروبن نادیاریش، هەقڵی هوودای دایک ڕایدەپەڕێنێ. هوودا و

هەقڵ دوونین، بەڵکوو هێکێکن. لە شارستانێتی دایکدا، هوودا بە خوودێتی ڕاستیەقینیەوە لە کن هەمووان ناسدرابوو، هیچ لێڵی و تاریکیەک سەبارەت بە هوودا لە زهینی بەشەردا نەبوو، سەر ڕووناک و زەندەق ڕووناک، هەموو شتێکدا لە ناسینی هوودادا دەدرەوشایەوە. بە پێوانەی هەقڵ لێکی بدەنەوە، هوودا کە هەرخۆی هێکێک لە تایبەتمەندیەکانی ڕووناکیەە، چلۆن دەلوێ ناسینی هوودا لێڵ و نادیاربێ.

## پۆپەی 06

بە هۆی هوودناسینەوە، بەشەرێت لە شارستانێتی دایکدا، بە دروستی بیریان لە خۆیان و دەوروبەریان کردۆتەوە، چاک زانیتیان چ کارێک هوودا هەڵێدەسووڕێنێ، چ کارێکیش خۆیان دەیکەن. لە کووردەواریدا گووتدراوە:"هوودا دارتاش نیەە، دار ڕێکخەرە." ئەمە دابەشکردنی کارە لە نێوان هوودا و بەشەردا، دابەشکردنێکە گرێدراو بە هەقڵ و هۆشمەندی. هوودا لە خوودێتی خاکی دایکدا، دار و درەخت بە شێوە دهێنێ، پاشان بەشەر دەست دەبات لە بۆ دارەکە و، ئەوجۆرەی پێویستێتی، ئەوها دەیتراشێ و شێوەی پێ دەدات. بە دیوێکی دیکەدا گووت دراوە:"هوودا هەتا سەر بدات، ڕسقیش دەدات." یان گووت دراوە:"هوودا کە سەری دا، کڵاویش دەدات." ئەم گۆزارانە لە زەمەن و زەمینی خۆیاندا، بە تەواوی واتادارن، بەڵام لە پاشاندا کە زەمەن دەگۆڕێ و هووداى دایک لە زهین دەردهێندرێ، هیدی لە واتا بە تاڵ دەبنەوە. لە ڕۆژگاراندا هوودانەناسان هەوڵیانداوە واتای دی بدەنە پاڵ گۆزارەکانەوە، جوودا لە واتای دروستیانەوە. زهینی بدەنێ، هوودا لە خوودێتی دایکدا "سەر" بە جێهانێ دهێنێ، هەرلە خوودێتی دایکیشدا ڕسق و کڵاوی دەداتێ. دایک هەم ژنە و هەم خاکە. بەڵام وقتهێک دایکێتی لە پێناسی هوودا دەردهێندرێ و، خوودێتیەکەی لە تینەوە بە "کەسنەناس" دەگۆڕدرێ، ئەوکاتە ڕسقدانی هوودا دەبێتە خورافی و، هەقڵ ڕەتی دەکاتەوە، هەقیشێتی ڕەتی بکاتەوە.

## پۆپەی 07

فەرهەنگەکەی زاگرۆز نەگۆڕە، لە هەرسێ سووڕەکەی شارستانێتدا، هووداى دایک بە بەخشندە بیندراوە، بەخشندەبوونەکەی بە بەرچاوانەوەیە، لە خۆر و خاک و لە دایکدا دەرکەوتۆتەڕوو. هوودا لە خۆردا دەردەکەوێ ڕووناکی و گەرمی دەبەخشێ، لە خاکدا دەردەکەوێ ڕسقی ڕۆژانەی بەشەر و گیانلەبەرانی خاکڕەچەڵەک دەدات، لە مێی مرۆڤدا دەردەکەوێ هەزار ڕەنگی بەخشندەهی نیشان دەدات. سێ واتای وشەی

"خووددان - هوودان" لە زمانی زگماکدا، دەبێتەوە بە سێ ناوی هوودا، هەرهێکەیان تایبەتمەندیەک بە زهین دادەهێنێ. "خووددان" لە واتاهێکدا دەبێتە خوودی بەخشندە، ئەو خوودەی دەدات و دەبەخشێ. لە واتاهێکی دی، "خوودهان" دەبێتە کۆی خوودەکان و سەرجەمی هەبوون، لە واتای سێهەمیشدا "خودان" ئەو ساهێب و خاوەنەیە، ئەوی وا ساهێبەتی گەردوونێ دەکات. لە سووڕی هێکەمی شارستانێتدا، ڕسقی بەشەر لە ڕوەک و میوەکان پێک دهات و بەشەرێت بە تووندی پێ لە بەندی خاکی دایک بوون. بەڵام لە سووڕی سێهەمدا چەند قات زیادتر پابەندی بە دایکێتی خاک نیشاندراوە. پاش شۆڕەشی دایکانی کووردهەوار، پەیوەندی خەڵک و خاک دەچێتە قۆناخێکی دی، هیدی پەیوەستی بە دایک و، پەیوەستی بە خاک و، پەیوەستی بە هوودا بە هێکەوە بازنگن. هوودا لە خوودێتی خاکی دایکدا، بە شێوەی بەرفەراوان بە بەشەر دەبەخشێ، ڕوەک و میوە خۆرسکەکان لە سەر ڕووی خاک دەستەبەرن، هاژەڵە ماڵیکردراوەکان لە سەر لەشی خاکی دایک دەلەوەڕن، گووندەکان لە سەر خاک فەرش دەبن، خان و خانووەکان بە خۆڵی خاکی دایک بنیاد دەندرێن، چاندن لە خاکی دایک بە بەرهەم دێ. بەم چەشنە کۆمەڵی ناوەندی شارستانێتی دایک، کە کۆمەڵی کووردهەوارە، بەها و بایەخە بێ پەرواکەی دایکێتی خاک بە دڵ و دەماخ هەڵدەگرێ و، توووند و توولکێش، دڵی خۆی بە خاکی دایک گرێ دەدات.

## پۆپەی 08

خڕێتی و بازنبوون تایبەتمەندی مێهێتین و، بنەڕەتی شێوەگرتنی گەردوون پێک دهێنن، هەرئەم شێوەگرتنەش لە شارستانێتی دایکدا، بۆتە بنەڕەت و سیمای زاڵ. زهینی خۆتانی بدەنێ، وشەکانی"خڕبوونەوە، کۆبوونەوە، گردبوونەوە، جەمبوون، جەماوەر، جەمهات" سەرجەمیان گوزارشتن لە بازنبوون، بازنبوونیش لە ئاستەکانی ئاسۆهی و پانی پێک دێ، هەردوو ئاستەکەش تایبەتمەندی مێینەن. هەرەوزی لە ڕەنج و، هەوبەشێتی لە گەنج، کاکڵی شارستانێتی دایکن، هەرەوزی لە خڕبوونەوە و تێکهاڵاوی بە دید دێ، هەلومەرجێکە جوودایەزی و پلەبەندێتی کۆمەڵاتی، یان بژێوی تێێدا جهێ نابێتەوە. بوەستن! کەس وها نەزانێ زیندەگیکردنێکی بەم قەد و قیافەیە، بیرۆکەی تازەیە، نا هەرگیز، هەر ئەم کۆمەڵی کووردهەوارە، ئەو کۆمەڵەی کە ئەمڕۆ بە کۆمەڵ نەماوە و، کردوویانە بە هەزار لەتکەی ناکۆک و ناشیرینەوە، لە سێهەم سووڕی شارستانێتی دایکدا، دووازدە هەزار ساڵی گوڵگوڵی بە نەزمی هەرەوزی و هاوبەشێتی قەتاند. خڕێتی لە شێوەگرتنی پێکهاتەی کۆمەڵاتی و، لە هەڵسووڕاندنی کاروباردا، خۆ بەشەرکرد نیهە، سەرچاوە لە بە شێوەهاتنەکانی گەردوون دەگرێ و،

هەقڵی هوودا ڕەوتی داوەتێ. لە قەدیمیدا، کەس ڕێی نەداوەتە خۆی و نەشیداوەتە هێکدی، بهێن و بەرەواژ بە ڕاستیەقین هیزر بکەن. دیقەتی بدەنێ، تایبەتمەندی خڕبوونەوە و ڕیزبوون، بە تەواوی لە هێکدی جوودان، هێکەم مێ و دووهەم نێرە. ڕیزبوون و، بە ڕیز دانیشتن و، بە ڕیز ڕاوەستان، شێوازی ستوونی و تایبەتمەندی نێرێتین، بە کەمی جهێیان دراوەتێ، ئەویش لە درەنگانی زەمانەدا، کاتێک شارستانێتی دایک دەکەوێ. بنۆڕنە شێوەی گووندان، گووندەکان ڕیزبەستنی خانوونین، بەڵکوو خڕبوونەوەی خانوون، هاوشێوەی هێشووە ترێ، یان هاوشێوەی کۆبوونەوەی مێینەکان. خانووی گووندان لە وێنەی دەنکە ترێ لە هێکدی دەچن، لە ڕووبەر و قەوارەش بە زۆری هاوهەندازن. بەڵام لە جەنجاڵیەکانی وا بە ناوی شار ناسدراون، هەلومەرج بەرەواژە، خانووەکان ڕیزدەبەستن، لە قەبارەو ڕووبەر و، لە شێوەپێدانیشدا بە تەواوی جوودایەزن، ڕووخسارێکی ناشیرین و بەدفەڕیان هەیە، خەراباتێکە لە جوودایەزی چیناتی و کۆمەڵاتی کەوتۆتەوە، لێی بڕۆنە دەرێ، هەنگێ دەتوانن چڕوچاوە دمۆرەکە بە هووردی ببینن و بیناسنەوە.

## پۆپەی 09

لە شارستانێتی دایکدا، پیاو جهێ و بنلینگانی شایستەی دراوەتێ، بەبێ ئەوەی بهێڵدرێ تایبەتمەندی نێرێتی لە قاڵبپێدانی پێکهاتەی کۆمەڵاتی و، هەڵسوکەوتی بەڕێوەبردنێ جهێ بگرێ، چوونکوو تایبەتمەندی نێر خێر ناداتەوە و، شێوەی ستوونی بە هاردی دادهێنێ، ئەم شێوەگرتنەش دەروو لە خۆشگوزەرانی دەبەستێ و، ڕێ لە بەردەم بە گووڕبوونی ڕەوتی هۆفێتی دەکاتەوە. کاتێک ڕەگەزی دایک شێوەگرتنی ستوونی بەربەست دەکەن، مهیرپەرستی(پێڕستی مهیر) دەکەن و، ڕەگەزی دایک و ڕەگەزی کووڕ لە خۆشبەختیدا دهێڵنەوە. سەرنج بدەنە گەمەی منداڵانی کووردهەواری و، هەردوو شێوازی ئاسۆهی و ستوونی لە گەمەکاندا ببینن. لە نێو منداڵانی ئەو هەوارەدا، کیژان گەمەی "پێنجوکانێ" و "قاقانێ،" کووڕان "پەلیکانێ" و "کەللایانێ"(هەڵماتێن) دەکەن. گەمەکانی کیژان، کە هێکەم بە پێنج هوورده بەرد و، دووهەم بە نۆ هوورده بەرد هەڵدەسووڕێ، گەمەی ئاسۆهی و خڕکردنەوەن، لە کاتێکدا ئەوانی کووڕان گەمەکردنێکن بە ستوونی، سەرەڕای ئەمەش، لە گەمەی کووڕاندا بەرد تاکە و تایبەتێتی هەیە، هەرهێکێک خاوەنداری لە هەڵماتێک دەکات، بەڵام لە گەمەی کیژاندا بەرد کۆیە و گشتێتی هەیە، بەردەکان بە خوول هەرجارەو لە مشتی هێکێکیان خڕدەبێتەوە. لە کۆمەڵی کووردهەواریدا، هەرکات کووڕگەل دەچوونە ناو کیژۆڵان، لە یاریکردنێ پێ لە بەندی تایبەتمەندی مێهێتی بوون. ئەم هەلومەرجە

هەتا هاخیرین سەدەی تاریکی، ئەوها مایەوە، ئەوجا لە شاری تازە پێگرتووی چیناتیدا، کچانیان فێرکردن بە گووتنی"کوور لە ناو کیژان باب قالۆنچە،" کووڕان لە خۆیان دوور بخەنەوە و، لە یاریەکان ودەریان بنێن. لە ڕاستیدا بەشداری کووڕان گەمە ئاسۆهیەکان، لە پێنجوکانێ و قاقانێ، لە کاتێکدا هەرگیز کێژان خۆیان لە گۆڕەپانی پەلیکانێ و کەللایانی نەدیتۆتەوە، بە تەواوی واتادارە. لە بازنە گەورەکەش لە شارستانێتی دایکدا، کاروبار هەرئەوها هەڵسوڕێن دراوە، نێرینەکان لە نێو شێوازە ئاسۆهیەکاندا جهێیان دراوەتێ، وەلێ مێینەکان نەچوونەتە نێو شێوازی ستوونیەوە. دروستی لە هەڵسوکەوتکردنێ هەرئەمەیە، هەموو گەردوون ئەوهاڵە بەڕێوە دەڕوا، نێرینەکان تێکهاڵاوی تایبەتمەندی مێینەکان دەبن، بەمەش هاوسەنگی پێک دێ. ئەوی هەنەوکە لە جێهانێ هەیە، قاڵپکردنەوەی گۆزەکەیە، لەوپەڕی خۆرئاوا هەتا ئەوپەڕی خۆرهەڵاتێ، هەموو کاروباری زیندەگیکردنێ بە سیستەمی ستوونی بەڕێوەدەبردرێن، لە هەمووشی خراپتر ئەوەیە، مێینەکان چوونەتە ناو تایبەتمەندی نێرینەوە، بەمەش هەنگاوی بێ نامووسی لە بەشەرێتدا گهیشتە ترۆپک. ئێستاکێ بەشەرێت هۆفگەلێکن ناکۆک و دژمن بە ڕێسای گەردوونی هەڵسوکەوت دەکەن، ئەمەیە ژیانی لێ ڕەش و تاریک کردوون.

## پۆپەی 10

قۆمەکانی جێهان نە لە ڕابردوو وەکوو قۆمی کووردهەوار بوون، نە لە داهاتوو وەکوو ئەویان لێ دێ، قەت دایک و منداڵ نابن بە هێک. لەوەتی دوونیا دوونیایە کوورهەوار دایکە، هەر بە دایکاتیش ماوەتەوە، بەڵام جێهان مشتک منداڵی خۆڕی و بێ نامووس بوون، بە تووندی دایکی خۆیان هێشاند. ئەو منداڵانە لەمەوپاش هاقڵ دەبن، دهێنەوە دەستی دایکیان ماچ دەکەن و، پەشیمانی دەردەبڕن. دایک لە خەراپەی منداڵەکانی خۆش دەبێ و، بە ڕێنوێنی ڕاست و دروست، ڕێیان لە بەردەم ڕووناک دەکاتەوە. بەڵام پێویستە هەمووان چاکە و خراپەی خۆیان لە بیر بمێنێ، لە بیرمانێک بە واتای وانە و لێ فێربوونەوە. لەمەوپێش کووردهەواری دایک هەوەڵین شۆڕەشی بەشەری بەرپاکرد، لەمەوپاشیش هاخیرین شۆڕشی بەشەری دەست پێ دەکات. لە هێکەم شۆڕەشی دایکاندا، هەموو شتێکی ئەو وقهتی، دەربازی گۆڕانی بنەڕەتی بوون، ڕەگەزەکانی بژێو، جۆرێتی کاروبار، ڕێکخستنی کۆمەڵاتی و هەڵسواڕاندن، ئاستەکانی مهیری و هۆفێتی، هەمووی چوونە قۆناخی نوێوە. لەو کاتێدا جیداوازیەکانی ناوەندی شارستانێت و دەرەوەی ناوەند بە هەندازێک قووڵبۆتەوە، هێکەم لە مهیر و دووهەم لە هۆف نێزیکە. ئەو کارانەی هاژەڵداری و چاندنێ، کە لە ناوەند دەستیان

دراوەتێ، بنەڕەتی بوارەکانیان گۆڕیوە، هوورد و درشتی قاڵبپێدانەوەی شارستانێت دایکانەن، ڕێک و ڕاست بە تایبەتمەندێتی مێینەوە شێوە بە زیندەگی دراوەتەوە. لەمەوپاشیش، سۆڕەشێک دەست پێ دەکات، نە پێشتریَ ڕوویداوە و نە پاشتریَ ڕوودەدات، جۆرە شۆڕەشێکە بەشەرێت هێکجار بە خۆوەی دەبینێ.

## پۆپەی 11

لە لێکەوتەی ئەو ڕاسانەی دایکانی کووردهەوار دەستیان پێکرد، هۆفێتی لە خۆرمیانێ کەوتە داکشان، لە کاتێکدا جێهان ڕوو بە هەڵکشانی هۆفێتی ڕەوتی گرتبوو. نێچیرفانی لە سێ بواردا هۆفێتی بە سەرەتا هێنابوو، پەلاماردان، گۆشت خواردن، جوودابوونەوەی کار لە بەینی نێر و مێیەکان، ئەمەش وهای دەکرد بە گوزەری کات شارستانێتی دایک کاڵ بهێتەوە و، سەرەنجام هۆف پێشی مهیر بکەوێ. کۆمەڵی کووردهەواری، زوو دەستی لە نێچیروانی بەردا، هێکسەرە هەرکە دایکان شۆڕەشیان بەرپا کرد، هاژەڵداری و کشتوکاڵ جهێی بە نێچیرفانی چۆڵکرد. بەڵام کاتی زۆری پێچوو هەتا فەرهەنگی ماڵیکردن و چاندنێ بە جێهانێدا بڵاو بووەوە، بە نموونە پاش شەش هەزار ساڵ فەرهەنگەکە گهیشتۆتە یۆنانێ. ڕاستی ئەوەیە، کاری نێچیروانی لە جێهانێ توولی کێشاوە، هەرکۆمەڵێکی بەشەری، هەتا ئەو دەمەی فەرهەنگی چاندن و ماڵیکردنێی پێ نەگهیشتبێ، بەردەوامی بە ڕاوکردنێ داوە، جا چ ڕاوەماسی بووبێ، چ کووشتنی باڵندان، یان گیانلەبەرانی جۆراوجۆری دی. هێکەم دابەشبوونی بنەڕەتی و جوودابوونەوەی بەشەری، هاوسەردەم لەگەڵ شۆڕەشی دایکانی کووردهەواری ڕوویداوە، بەشەرێت بووە بە سێ بەشەوە، ناوەندی شارستانێت کە کووردهەوارە، دەوری ناوک دەبینێ و، هەلومەرجەکەی بە تەواوی جوودایە، بەرهەمەکانی شیر و هێلکە و، ڕوەکە چاندراو و ڕوەکە خۆڕسکەکان، بایەخی گۆشتخواردنیان هێکجار کەم کردۆتەوە، بێجگە لەمەش، کارەکانی هاژەڵداری و کشتوکاڵ، مێ و نێری تێکەڵی هێک کردوونەتەوە، بەمەش هۆفێتی لە پیاواندا داکشاوە و، مهیر چۆتەوە سەرێ. مێ سەرچاوەی مهیرە، نێر لە مێ نێزیک بێ لە مهیر نێزیکە، بە دوورکەوتنەوە لێی، هەڵکشانی هۆفێتی لە خوودێتی نێردا بە گۆڕێ دەکەوێ. لە دەرەوەی ناوەندی شارستانێت، کۆمەڵانی بەشەرێت لە جێهانێ بە دوو ڕەوت دەچوونە پێشێ، ڕەوتێکیان ئەو خێڵانە بوون، ئەوانی دوور ڕۆیشتبوون و، دەیانتوانی لە سەوزە و میوەکان بژێوێکی کەم پەیدا بکەن و، قنیاتی پێ بکەن، ئەوانە ڕەوتێکی نێزیکە مهیر بوون، لە ناچاریدا نەبا، هیچ گیاندارێکیان نەدەکووشت. ڕەوتەکەی دی کۆمەڵانێکی نێزیکە هۆف بوون، ئەو کۆمەڵانە لە هەردوو باری جۆرێتی و چەندێتیەوە، بە خراپی تێکەڵی

گۆشتخواردنێ بووبوون، تەنانەت گۆشتی هاژەڵە دڕندەکان و، مشک و ماریشیان دەخوارد، قۆمەکانی خۆرهەڵاتی دوور، لەوانەن، وا ئێستاش وەکوو پێشترێ لە سەر پیسخۆری بەردەوامن.

## پۆپەی 12

سێ هۆی بنەڕەتی، مایەی هەڵکشانی هۆفێتین لە پێکهاتەی بەشەردا، هێکەم دوورکەوتنەوە لە مێ لە ئاکامی نێچیرفانیەوە. دووهەم نێچیرفانی وەکوو کردەی کووشتن و توونددڕەوتی. سێهەم خواردنی گۆشت، بە تایبەتی گۆشتی گیاندارانی هۆف. هەرهێکە لەم سێ هۆیە بە هەردوو باری چەندێتی و جۆرێتی، لە سەر خێڵ و هۆزانی ناوچە جووداکان کاریگەربوون، کاریگەری و لێکەوتەکانیش لە سەر پێکهاتەی بەشەری، چ چاک بن و چ خراپ، دەبنە دوو بەش، بەشێکیان خێران و بە زەقی دەردەکەون، بەشێکیش هێدی و لە سەرخۆن، بە جۆرێک لە هیچ شیکارکردنێکی پزیشکیدا نیشانەیان لێ بە دیار ناکەوێ، لەگەڵ ئەمەش کاریگەریەکان لە ڕێی زگ و زانەوە، نەوە بە نەوە گوێستدراونەتەوە، سەرەنجام هۆفێتی هێڵی کشاوە و، لە پێکهاتەی بەشەردا قات بە قات بەرز بۆتەوە، بەبێ ئەوەی کەس پێی بزانێ. هەرکەس بە بڕێکی جوودای جۆرێتی و چەندێتیەوە، لە هی پێشینانیەوە وەر دەگرێ، ئەوجا بە هۆی گۆشت خواردنی خۆیەوە، بڕێکی دیکەش هۆفیبوونەکەی دەچێتە سەرێ. لە تاق و قۆمدا، هۆفێتی ئەوها هێڵی کشاوە، هێڵ کشانەکەش بڕەکەی و جۆرەکەی، هەم لە نێوان تاقەکان جوودایە، هەم لە نێوان قۆمەکان. ئەگەر قووڵ لێیان بنوارن، دەلوێ پێشینەی کۆمەڵانی بەشەری، بە سەرنجدان لە هیزرین و هاخڵاقی ئەمڕۆی قۆمەکانەوە بناسدرێتەوە، جا چ بە باری مهیریدا بووبێ، چ بە باری هۆفیدا. سوورپێستانی دێرهەوار، نموونەی قۆمی مهیرین، مهیریات لە هیزر و زمان و هاخلاقیاندا لۆنی داناوە. لەم بازنەیەدا کەلامێک لە ڕێبەری سوورپێستەکان بە یاد دهێنمەوە، کاتێک لە وەڵام بە سەردەستەی سپی پێستانی هۆفی، پەیوەندی خۆیان بە خاک و ئاو و هەوا و، بە گیاندارانی جووداجۆر ڕوون دەکاتەوە. سەردەستەی چەتەکان داوای لێیان کردبوو خاکەکەیان لێ بکڕێ، کابرای سوورە بە واق هوورماوی کەلام دەنێرێ و دەڵێ: هەنگۆ چ جۆرە بەشەرێکن، چلۆن دەتوانن کڕین و فرۆشتن بە شیناتی هاسمانێ و گەرماتی هاردی بکەن؟ ئەم هیزرینە گەلەک سەیرە، ئێمە هەرناتوانین لێی تێبگەین. ئێمە خۆ هەقمان نیهە خۆمان لە کازیوەی بەیانی و شەماڵی هێواران بە ساهێب بکەین، خۆ هەقمان نیهە مالکی مراوی و مار و مێرووبین، ئێمە هاین لەم خاکە، هەروەکوو ئەوەی لە هامێزی دایکمان بین، مەگەر دایک کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکردرێ؟

هەموو بستێک لەو خاکە بەرەکەتێکە، هەرلەتە نانێک تیشکێکە، هەرکەنارێکی لماوی کە ڕاکشاوە، هەرتەم و مژێک کە لە ناو چڕێتی درەختەکان خۆی مەلاس داوە، هەرمێرووەهێک چەندیش کەم بایەخ بهێتە بەرچاوان، لە ئەزموونی زیندەگیکردنی ئێمەدا بەهادارە و نیشتۆتە یادەوەریمانەوە. ئێمە ئەویندارى ئەو زەویانەین، وەکوو ئەو ساوایەی ئەویندارى دایکێتی و، گوێ لە دەنگی دڵی دەگرێ. ئێمە دەزانین خاک لە کن پیاوی بە ڕووکەش سپی، پلەی دایکی نیەه، بەڵکوو بە دژمن لێی دەڕوانێ. پیاوی سپی پێست شارگەلێکی هەن زیندەگی تیایاندا مردووە، ئێمە قەت هیوایان پێ ناخوازین، بگرە بە دیمەنەکەش بەرچاومان لێڵ دەبێ. ئەو شارانە زۆرڕەق و تەقن، هیچ هێمناتی و جێژێکیان تیایدا نیەه. نە ورشەی داران، نە باڵەفڕکێی مێروولان، نە خووڕەی ڕووباران، هاخر لەم بێ ڕەنگی و، لەو بێدەنگیە ترسناکەی شاردا، زیندەگی چلۆن ڕادەبرێ؟ جوانی و نازداری لە چی دایە، کاتێک نەتوانین هێواران گوێ لە ناڵەی مەلی شەوان، یان قیڕەی بۆقی گۆماوەکان بگرین؟ ئێمە و ئێوە وەکوو هێک نین، ئێمە لە نازکردن و نازڕاگرتنی هەموو شتێکی ئەم خاک و خۆڵە لەزەت دەبەین، ئەو کاتەی هەناسەی شەماڵێک لە ڕووی ئاو دەدات و سەر کوڵمانی ماچ دەکات، ئێمەش لە کن خۆمان هەست بە تەڕاتی ماچەکە دەکەین. ئێمە بە هەموویانەوە گرێ دراوین. لە ڕاستیدا بوونەوەرانی گەردوون سەرجەمیان بە هێکدیەوە بەندن، ئەوانی سەر ڕووی زەوی، هاوهەناسەی هێکدین، بەڵام وها دەردەکەوێ لە مێژە پیاوی سپی پێست لە بیری خۆی بردۆتەوە و، هەست بەو هەناسە هاوبەشە ناکات. هەنگۆ خراپتان لێ قەوماوە، خەڵکانێکی قەلەندەرن لە خۆتان بێ هەبەرن، گیرۆدەی بۆگەنبوونێکن کاتێک دەرکی پێ دەکەن، ڕەنگە ئەو کات هەموو شتێکتان لە دەست دابێ. هەنەوکە هاتوون خاکمان لێ بکڕن، لە کاتێکدا خاک نافرۆشدرێ، بەڵام ئەگەر ڕازی بووین و پێتانمان فرۆشت، پیاوی سپی پێست لە سەرێتی پابەندی پەیمان بێ و، هەڵسوکەتی لەگەڵ خاک وەکوو هەڵسوکەوتی منداڵێک بێ لەگەڵ دایکیدا. لە سەر ئێوەیە ئەو خاکەتان خۆش بوێ و بیپارێزن، هەرئەو جۆرەی ئێمە خۆشەویستیمان لەگەڵ کردووە و پاراستیتمان. لە سەر ئێوەیە هەموو پتێک لە دیمەنی سرووشت بپارێزن، بە هەموو تواناتان کار بکەن و، نەوەکانتان وها ڕەوت بدەنێ، پارێزگاری لە زەوی بکەن و خۆشیان بوێ. فەرزە بە سەرتانەوە، ڕەوتارتان لەگەڵ هاژەڵان، وەکوو هەڵسوکەوتکردنتان بێ لەگەڵ براکانتان. بە ڕاستی دیمەنی لاشەی بۆگەنکردووی جوانەگاکان دڵمان دهێشێنێ، ئەو جوانەگایانەی کە پیاوی سپی پێست لە دەلاقەی شەمەندۆفێرەوە تەقەی لێکردوون و، هەر بە هەوەس کوشتوونی. هاخر چلۆن دەگونجێ هەسپی هاسنین و ئاگرین لە گامێش گرینگتربێ؟ ئێمە دڕندەین! لەگەڵ ئەوەش قەت پەنا نابەینە بەر کووشتنی گیانلەبەران، تەنەها ئەو کاتانە نەبێ، قاتی بەڕۆکی گرتبین و، ڕادەبەدەر پێویستمان بە خۆراک بێ. ئەمڕۆ هەموو گاکان دەکوژن و، هەموو هەسپە کێویەکان دەستەمۆ دەکەن، ئێوە قەت لە

خۆتان پرسیوە ئەو دەمەی هاژەڵان قڕیان تێ دەکەوێ، داهاتووی بەشەرێت بە چ دەگات؟ بێشک هەینێ بەشەرێت بە دەردی گیانی خۆیەوە لە ناو دەچێ. ئێوە خراپ دەستتان داوەتێ، گرد و تەپۆڵکەکان دەشێوێنن، درەختە تەڕ و ئاودارەکان خاشەبڕ دەکەن، پیسی و پۆخڵەواتەکان دەگەێننە هێمنترین کوون و قووشبنی دارستانەکان، لە کۆتاهیدا هەموو لە ناو دەچن، ئەو زیندەوەرانەش، ئەوانی وا لە مابەینی دارەکان دەژین. پیاوی سپی پێست بەردەوامە لە کاروانەکەی، بێگوومان ڕۆژێک دێ لە ناو پاشەڕۆکانتاندا دەخنکێن و قڕتان تێ دەکەوێ. شتێک هەیە ئێمە دەیزانین و قووڵ باوەڕمان پێیەتی، لهۆنەیە ڕۆژێک بێ ئێوەش بیزانن، ئەویش ئەمەیە: هوودامان هێک هوودایە لەم گەردوونەدا، هەنەوکە دەتوانن لە خۆتان وەها بێ هوودا لە پاڵ ئێوەیە، ئەوەتانێ هاتن خۆتان کرد بە سەر زەویەکانمان و بوونە موولکی ئێوە، بەڵام ئێرە کۆتاهی نیهە، ڕەنگە لە کۆتاهیدا هوودا پشتی ئێمە بگرێ، چوونکوو هوودا لە ناو لەشی هەرهێک لە ئێمە دایە، ئەم خاکەی خۆشدەوێ و نایهەوێ زەوی بەم دەرد و برینانەوە بچێ.

## پۆپەی 13

لە چەرخی مهیریدا، بەشەر لە خۆرمیانێڕا پەرتی جێهانێ بوون، خاک و ئاو و هەوای جهێ لەگەڵ جهێ جوودایە، بە هەندازەی جوودابوونەکە، کۆمەڵانی بەشەرێت لە باری ڕووکەش و بەشەکیدا لە هێکدی جوودا بوونەوە. ئەو دەمەی ڕوەکخۆرن، لە هەرجێهێک دەم لە بۆ هەندێک ڕوەکی جوودا دەبەن، بەڵام ئەو فەرقەی لە جۆرێتی ڕوەک و میوەکاندا هەیە، نابێتە مایەی پێکهاتنی جیداوازی بنەڕەتی لە پێکهاتەی بەشەردا. جوودابوونەوە بنەڕەتیهەکە ئەو وقهتە پێک هات، کە جۆرێتی ڕەگەزی بژێو گۆڕدرا و، گۆشت و شیر و هێڵکەی تێکەوت. جۆرێتی گۆشتەکان و چەندێتی خواردنیان، دارا و بە دەورن لە شێوەپێدانەوەی سەرتاپاگیردا. هاودەم ڕاوچێتی وەکوو ڕەوتاری تووندوتیژی، پاشانیش هەمان ڕەوتار بەرامبەر بە هێکدی، کار لە دڵ و دەروون و، لە دەماخ دەکەن، سەرەنجام لە سەر بنەڕەتەکانی بەشەردا، ڕەنگ بەجهێ دهێڵن، لەبەرهەندێ دەستپێکی چەرخی مهیرهۆفی، دەبێتە دەستپێکی گۆڕانی گینەکان و، لە هێکدی جوودابوونەوەی بنەڕەتیانەی کۆمەڵانی بەشەرێت. لە ڕابردوودا دوو جۆرە پەرتبوونی بەشەری ڕوویانداوە، هێکێک زەمینی و ئەویدی زهینی. پەرتبوونی زهینی لە چەرخی مهیرهۆفی ڕەوتی دراوەتێ، بەڵام پەرتبوونی زەمینی لە هەرسێ چەرخەکە بەردەوامی پێدراوە. گەڕان بە دووی خۆراک و، بە دووی شوێنی نیشتەجهێ بوون، پاشانەکەش شەڕوشۆڕی چەرخی هۆفی، وهایان لە بەشەرێت کرد

به بەرفەرەوانی پەرت بوون و، هەرەتەی هەرچهار لای جێهانێ بوون، وەلێ پەرتبوونی زهینی بە هەزاران جار زیاتر، لەت و پەتی کردن، تەنانەت کردنی بە نایاری هێکدی و، ماڵی بە سەردا وێران کردن.

## پۆپەی 14

بیروباوەڕی ڕاستیەقین، ناوەندێتی بە دایکان داوە و، منداڵان بە دەوری دایکیاندا کۆبوونەتەوە، ڕەچەڵەک بە دایکان نیشان کردراوە و، منداڵ بە دایک ناسدراونەتەوە، بەڵام جۆرێتی کار و بەرهەم هێنان، دەوری هەیە لە گۆڕینی شێوەی ڕێکخستنی کۆمەڵاتیدا. لە کووردهەواردا هەرزوو کارەکانی هاژەڵداری و چاندنێ، مێ و نێری خڕکردوونەتەوە پاڵ هێکدی، ئەمەش هۆکار بووە لەوەی ڕێکخستنی کۆمەڵاتی بە ناوەندێتی دایک دەوام بکات، لە کاتێکدا هەلومەرجی دەرێ جوودا بوو، نێچیرفانی مێ و نێری لە هێکدی دابڕیون و، دابڕانەکەش توولانی بووە، ئەمەش کاریگەری لە سەر هیزر و هەستەکان داناوە و، بەرەو هۆفیبوونی بردوون. هەلومەرجەکانی ڕابردوو بە هەردوو باری مهیری و هۆفیدا، پاشماوەی زەقیان لێ گهیشتوونەتە دەورانی دواهی. ناسین و ناووبانگی پیاوانی کووردهەواری، پاشگر بە ناوی دایکیانەوە، مهیریاتیکە وا ئەمڕۆش پاشماوەی هەیە. هاوکات لە نێو ژنانی کووردهەواردا، منداڵان لە سەر ناوی دایک ناسدراون و بانگ کردراون. بەرەواژ بەوەش ناساندنی منداڵ بە ناوی باوک، لە گەلێک شوێنیش ناسینی مێینە بە ناوی هەزبەندەکەی، (مێردەکەی) هۆفیاتێکن لە دێر زەمانەوە هاتوون.

## پۆپەی 15

لە کووردهەواری ناوندی شارستانێتی دایک، نەزمی ئاسۆهی بنچەق دادەکووتێ، لە دەرەوەی کووردهەواردا، نەزمی ستوونی بە سەرەتا دێ. ئاسۆهی، نەزمی مێیە و، دەرفەت دەداتە ژن و پیاو، هەرهێکەیان بە شێوەی تایبەتمەند تیایدا جهێ بگرن، بەڵام لە نەزمی ستوونیدا کە نەزمی نێرە، ڕێ لە بەردەم زالێتی پیاودا دەبێتەوە و، ژن لە پەڕاوێزدا بەجهێ دهێڵدرێ. لە کووردهەواردا بە هۆی جۆرێتی کاری هاژەڵداری و چاندنێ، مێ و نێر بە هێکەوە لە دەرەوەی ماڵێ، کاروبارەکانیان ڕاپەڕاندوون، لە کاتێکدا لەو جێهانەی نێچیرفانی و ڕاوەماسی کاری ڕۆژانەی خەڵکی بوون، مێینەکان لە ماڵێ بە جهێ هێڵدراون، کاتێکیش لە بۆ چنینی ڕوەک و داوەرانی داری میوەکان چووبنە دەرێ، بەس خۆیان بوونە و پیاوەکان ڕەگەڵیان نەکەوتوون. مانەوەی ژن لە

ماڵ و بە تەنەها کارکردنی، سەرەتای دەستهەڵات پەیداکردنی پیاوە لە نێو کۆمەڵانی بەشەرێت لە جێهانێ. کوورەکان خۆبەخۆ، بەبێ پرسکردن بە دایکیان، بڕیاردەدەن کەینێ لە ماڵێ دەربچن و کەنگینێ بگەڕێنەوە، ئامرازەکانی نێچیرڤانی و پلانەکانی ڕاو، خۆیانن سازی دەکەن و بەڕێوەی دەبەن. بێگوومان ئەم هەلومەرجە لە پایەی ڕەگەزی دایک دهێنێتە خوارێ و، جۆرێک لە دەسهەڵادارێتی پیاو بە هاردی دادهێنێ. ئەگەر هەر بە سەرپێوە ئاورێک لە ڕابردوو بندەوە، بە ڕێک و ڕەوانی سێ ڕەوتی بەشەرێت ڕەچاو دەکەن، ڕەوتی هێکەم: ڕەوتی کووردهەوارە، ڕەوتی دووهەم: ئەو کۆمەڵانەن بە فەرهەنگی کووردهەواری زیندەگی دەکەن، ڕەوتی سێهەم: ڕەوتی دژە کووردهەوارە و کۆمەڵانێکی هۆفێن. ڕەوتی کووردهەوار ڕەوتی مهیرە، لە بازنەی ئەو ڕەوتەدا ڕەگەزی دایک شکۆمەند و پایەدارە، تەنانەت هەتا دواهین سەدەش، مێینەکانی ئەو هەوارە بە شکۆوە لە سەرپێن، ماڵ و منداڵ هی دایکن، دایک کاروباری ماڵێ ڕاپەڕێنێ و، پتری پیاو دەستی زالە لە ماڵکەیدا، سامانی ماڵەکەش بە سامانی کۆمەڵێک ماڵی دیکەوە بەندە، بە هەرەوزی ڕەنج دەدەن و، بە هاوبەشێتی لە گەنجەکە دەخۆن. هەڵچەنینی هۆدە و هەیوان، سواخدانی پاهیزان، چوونە داران، چوونە سەر کانی و کوڵکردنیش، هەربە هەرەوزی چووەتە پێشێ. لە سەرجەمدا هیچ کارێک نەبووە بە تاکێتی، ڕاپەڕێندرێ. هەمووان لە هەموو شتێک هاوبەش بوون، دیواری خانووەکان شتێک نەبوون جووداهی دروست بکەن، خێزانەکان لەگەڵ هێکیدا هێک ماڵ و هێک دەست و هێک دەم بوون، پەیوەندی کۆمەڵاتی لە وێنەی ڕەگ و ڕیشەی داربەڕووەکانی کێوستانی زاگرۆزێ، هێدە چروپڕ چووبوون بە ناو هێکدیدا، وەها دەزاندرا هەموو خووشک و بران و منداڵی دایکێکن. لە سەدەی دووهەمی پێش دەرکەوتنی مندا، کۆبەندی خێڵە دوورە دەستەکان لە چەندان جهێ لە جێهانێ، هەروەکوو کۆمەڵی کووردهەواری، بە سیستەمی ساماندارێتی گشتی هەڵدەسووڕان، هەرماڵێک بە هێندەی ژمارەی منداڵەکانی، بەشی خۆی دراوەتێ، ئازووقەی ماڵ و بەڕێوەبردنی ماڵانیش لە مشتی دایکان بوون، قەتیش ڕێ نەدراوە پیاو تەوەزەڵ بێ و، ساخ و پەتی لە ماڵی دابنیشێ تەنگەی ئەستوور بکات، دەبوو هەموو ئەندامێکی کۆبەندەکە، بە چووست و زرینگی دەستی هەبێ لە دروستکردنی سامانە گشتیەکەدا. زهینی بدەنێ، لە بەش بەشبوونی ساماندا، دەستی پیاوان درێژ و دەستی دایکان کوورت دەبێتەوە، پیاو هەرخۆی و گوونێتی، ڕەگەزی دایک کاروباری ماڵ و منداڵی بە کۆڵەوەیە، لەبەرهەندێ پێڕاناگات بە ڕادەی نێرینەکان بە دووی ساماندارى بکەوێ، ئەمەش وەها دەکات سامانی ماڵ بکەوێتە دەستی پیاوان و، بەو هۆیەوە دەسهەڵات بە سەر ژندا پەیدا بکەن. لە هەرجهێ نەزمی هەرەوزی و هاوبەشێتی هەڵوەشابێتەوە، لەوێدا دەسهەڵاتی بەرهەم هێنان و دەسهەڵاتی ماڵان کەوتۆتە دەستی پیاوانەوە، ئەوەش وەهای کردووە ڕەگەزی دایک بکەوێ و، ناوەندێتی لە دەست بدات.

پۆپەی 16

پیاوی نێچیرفان هەرگیز وەکوو پیاوانی شیوانکار و جۆتیار نیهە، نێچیرفان لە بەرەبەیانەوە هەتا هێواریێ چەکدارە، دەروون و دەماخی توندن و، دەستەکانی بە خوون سوورن، لە نیگای چاوەکانیدا وێنەی کووشندە و هۆف دەبریسکێنەوە. هەلومەرجەکە لە هیچ بارێکدا باش نیهە، ئەو خێڵانەی بنەڕەتی بژێوەکەیان بە نێچیرکردن پێکهێنابێ، کۆبەندی نیشتەجێبوونەکەیان لە وێنەی قەسابخانە شێوەی هاتۆتێ. نێچیرەکان هەرکە هێندراونەتەوە، بە هەستوونگی هێڵینەکاندا هەڵیان واسیون، ئەوجا پارەپارەیان کردوون و، فیشقەی خوون بە هەمووﻻدا پڕشاوە. منداڵ لە ناو ئەم دەوروبەرە خووناویەدا هاتۆتە دوونیاهێ و، بە دیار قەسابخانەکەوە تەمەنی هەڵکشاوە. مێینەکان باوەشیان داوەتە پیاوی خووناوی و، بۆنی مەرگ و خوونیان لێ وەرگرتوون. دۆخێکی ڕەش و بەدە، ترس و بیم دەخاتە دڵ و دەروون و دەماخی مێ و منداڵەوە، بەمەش هەرهێکە لە مێ و منداڵ لە ناو ناخی خۆیاندا، بە هێوری سڵ لە پیاو دەکەنەوە. نێچیروان چیدی بوونەوەرە مهیربانەکەی پێشترێ نیهە، کە لە بنباڵی دایکاندا خۆی گرمۆلە دەکرد، وەرچەرخاوە و، بوونەوەرێکی دڵڕەق و کووشندەیە، بوونەوەرێکە ئەگەر پەیوەندی بە بیروباوەڕی ڕاستیەقین تووندتۆڵ ڕانەگرێ، دەلوێ دەست لە مێ و منداڵیش بوەشێنێ. هەلومەرج لە ناوەندی شارستانێتی دایک، هاوکات لە ناو ئەو کۆمەڵانەی تەنەها لە کاتی ناچاریدا هەژەڵانیان کووشتوون، بە جۆرێکی دی گوزەراوە. لە کووردەهەواردا دژمناتی لەگەڵ هاژەڵان گۆڕدراوە بە دۆستاتی. شیفان بە لێوی ئاهەنگەوە، ماڵاتەکەی دەخاتە ڕێ و، لە دەشت و بناران شمشاڵیان لە بۆ دەژەنێ، پیاوە جۆتیارەکەش دۆست و دەم بە ئاوازە لەگەڵ گاجووت و هێسترەکانی، بە شیرین کەلامی بردوونی و، هانی گاجووتەکەی داوە لاملی نەکەن و، بە چووستی هەوجاڕەکە ڕابکێشن. لە تۆو وەشاندن و دەروونەش، پاڵە و سەرپاڵە بە گووتنی بەند و بەستەوە، بە هەرەوزی لەگەڵ هەرهێکە لە هەسپ و ماین و، کەر و ماکەر و گیانداری دی، کاروبارەکانیان ڕاپەڕاندوون. لە ناو ئەم هەلومەرجەدا، دۆستاتی و هاودەمی قووڵ بۆتەوە، چەندان گیانداری دڵاوەر بە مرۆف، بوونەتە ئەندامی شارستانێتی دایک، مرۆف لەگەڵ هەموویاندا خۆشەویستی گۆڕیوەتەوە. سەرەڕای ئەوەش مێ و نێر، گچکە و گەورە، هەموو بە هێکەوە لە سەرکارن، کار و هوونەریش لە ناو هێکدین، هەلومەرجەکە بەرهەستبوونێکە لە مهریبوون، ئەمەش بە تەواوی کۆک و هاوهەنگە لەگەڵ تایبەتمەندی مێ و منداڵ، خێر و خۆشی بە دووی خۆیدا هێناوە. هۆ خەڵکینە، ئەم گاتایانە لە ناو سەری خۆتان بکەن بە وێنە و، هەوڵبدەن دوونیای ئەو دەمی کووردەهەواری ببینن، ڕووە گەش و خەندانەکەی کووردەهەواری دایک بهێننە بەرچاوتان و، بە دڵ بە ماچی بکەن.

هوورد بڕۆننێ، هەینێ دەگەنە زانینی ڕاست و ڕەوان، ئەوەتانێ هەزار کەڕەت بە ناوی زانستی مێژوو، باس و خواسی ڕاوکردنێ هێندرایە گۆڕێ، قەت کەڕەتێک لێی هوورد نەبوونەوە، قەت جارێک لە سەر لێکەوتە کۆمەڵاتی و هیزری و هەستیەکانی ڕاوکردنێ، هۆپێکتان لە خۆ نەکرد. لە خۆتان وهایە زانان و، دارا و دەوڵەمەند بە زانکۆن؟ وەی لێ، وەی لێ! کێهان زانکۆتان هەندەی خڕبوونەوەی بەرئاگردانێ، ڕەوتی ڕاست و دروستی بە بەشەرێت داوە، ها؟ کێهان لە هەنگۆ هات و گووتی: ڕاوەستن، ئەوها نیهە، ڕاوەستن ڕێمان هەڵەت کردووە؟ چ تاقتان! هەرکەس هات بە کوێروەری ملی دایە بەرێ. ئێوە دەزانن لە ڕاوچێتیدا دابڕانی مێ و نێر بە هاردی دادێ؟ دابڕان لە نیگای مێ و دەنگی مێ، دووکەوتنەوە لە هەناسەی هێکدی، لێکەوتەی زۆر بە زەڕی لە سەر دڵ و دەماخ و، لە سەر دەروونی بەشەر هەیە. "ئەوی لە بەرچاوانە، لە بەر دڵانە،" ئەم گۆزارەی کووردەهواری، گرینگی بە هێکەوەبوون ڕۆشن دەکاتەوە، هانی تێکهاڵاوی و چوونە دیداری هێکدی دەدات. کابرای ڕاوچی لە سبەینێ هەتا هێوارێ لە مێ دوورە، ئەوی لە مێ دوورە لە ڕووناکی دوورە، هێدی هێدی لە تاریکیدا نووقم دەبێ و خۆی لێ بزر دەبێ. های چەند خەتەرناکە دووربوون لە مێ، تەنانەت مێ لە مێ دووربێ، مێبوونەکەی لە کوورتی دەدات. مێ سەرچاوەی مهیرە، ئەو شەپۆلانەی لە نیگای مێ و، دەنگی مێ و، هەناسەی مێ و، زەردەخەنەی مێ و، ڕووخساری مێ و، لەنجەی مێ دەردەچن، شەپۆلی خێر و خۆشین، هەم لە بۆ مێینەکان و، هەم لە بۆ نێرینەکان. نێچیروانان دەچوونە ڕاوکردنێ و، دانێک و دووان لەو خێروبەرەکەتەی مێ بێ بەش دەبوون، لەبەرهەندێیە کۆمەڵانی پشت بەستوو بە نێچیروانی، هێواش هێواش مهیریبوونەکەیان لە کەمی دەدات و، ڕوو بە هۆفێبوونێ هەڵدەخلیسکێن. لە کاتێکدا لە ناوەندی شارستانێت لە کووردەهوار هەڵکشان بەرەو مهیر ڕەوتی دراوەتێ. کۆمەڵی پشت بەستوو بە کاروباری چاندنێ، کۆمەڵێکی تێکهاڵاوە، خەڵکەکە هاوهەناسەن و، بە تێر و تۆخی دەچنە بەرچاو و بەر دڵی هێکدی. کشتوکاڵ تەنەها کاری جووتکردنەکەی کەوتووە بە شان و پیلی پیاواندا، دەنا لە سەرجەمدا مێ و نێر لە میانی کۆمەڵی گەورەی هەروەزیدا، بە هاوپشتی و هاودەستی کارەکانیان ڕاپەڕاندوون، هەرئەمەیە پەیوەندیەکانی تووندتۆڵ کردوون و، پەرەی بە دۆستی داوە، لە دۆستاتیشدا مهیریاتی هیزر و هەست و سۆز تۆخ بۆتەوە. هاوکێشەکە وهالەیە، لە نێزیکیدا مهیر و لە دووریدا هۆف دهێتە پێشەوە، بە هۆی ڕاوکردنێ، یان بە هەرهۆیێک مێ و نێر داببڕێن و، لەهێک دووری ڕوودەدات، ئەو دووریهە بە قووڵی کاریگەری لە سەر نێر بە جهێ دهێڵێ، دڵی دەگووشێ و، دەماخ و دەروونی بەرەو تووند و تیژی دەبات. مێینە بەبێ

نێرینە دەتوانێ، نێرینە بەبێ مێینە ناتوانێ. ئەمە بە تایبەتمەند وهایە، چوونکە نێر لە مێ بە زیندەگی هاتووە و، لە لەشی مێینەوە هاتۆتە دەرێ، لەبەرهەندێ هەمیشە پێویستی بە سەرچاوەکەی خۆێتی. ژن سەرچاوەیە و دەتوانێ بەرگەی بێ پیاوی بگرێ. لە پشت ئەم بەرگەگرتنەیدا، چەندێتی و جۆرێتی تینی مێ هۆکاری بنەڕەتین، مێینە گەلێک بە هێزترە لە نێرینە، ئەو هێزەیە بەرەو مهیر بردوویێتی و، هۆف نەیتوانیوە دەستی توندی لێ بوەشێنێ. لە ناو ئەو کۆمەڵانەی پشتیان بە نێچیرفانی دەبەست، هۆف بە تۆخی لە سەر پیاو و، بە کاڵی لە سەر ژن کاریگەری داناوە. پاشانەکەش لە هەموو دەور و زەمانێکدا، ڕەگەزی دایک بە هەندازی کەمتر کەوتوونەتە ژێر کاریگەری هۆفەوە، هەمیشە مهیر لە مێینەکاندا بە چاندان قات لە سەرووی نێرینەکان بووە.

## پۆپەی 18

شکۆمەندی و پایەی بڵندی مێ، لە بازنەی بیروباوەڕی ڕاستیەقین دایە، هەرهێکە لە مێ و نێری مهیرپەرست، گرێدراو بەم بیروباوەڕە هەڵسووڕاون، بەبێ ئەوەی نە ژن هەست بە خروور بکات، نە پیاو هەست بە کەمی، هەرهێکەیان هەنداز بە توانا و تایبەتمەندێتی خۆیان جوولاونەتەوە و، هەرکات بیری خۆیان هێناوەتەوە، مێ و نێر بەرهووردی هێکدی نین، لە سەریانە هەرهێکەیان پلە و پایەی خۆیان بگرن، نە مێ بهێتە خوارێ و نە نێر بچێتە سەرێ. پێشڕەفتی مێ بە واتای پێشڕەفتی مهیرە، بە پاشخستنی نێر بە واتای پاشخستنی هۆفە، هەرئەوەش وها دەکات خۆشگوزەرانی بە هاردی دابێ، دەنا ناهێ. لەوەتی ئەم هاوکێشەیە قڵپ بۆتەوە، لەوەتی نێر - هۆف هاتۆتە پێشێ، بەشەرێت خۆشگوزەرانی و دڵارامی لێ هەڵگیردراوە و، سەرزەمین بۆتە مەیدانی نەهامەتی و ناڕەهتی. لە دەستپێکی چەرخی مهیرهۆفیدا، شۆڕەشی دایکانی کووردهەوار ئەو هاوسەنگیەی نێوان ڕەگەزەکانی پاراست و، نەیهێشت دایک لە ناوەندێتی بکەوێ، پاشانیش ئەو ڕووناکیەی بیری دایکان بە جێهانێدا بڵاو بووەوە. شۆڕەشەکەی دایکانی کووردهەوار نەبا، بەشەرێت زوو بە زوو لە بەین دەچوو، ڕۆژگاری وها ڕەش و تاریک ددەبوو، قەت ڕووناکی بە چاوی خۆی نە دەدیتەوە. هەست لە دەنگبێژی و هەقایەتە کۆنەکانی ئەو هەوارە ڕاگرن، لە هەموویدا دایک ناوەندە، بە دەستهێنانی کچان و نێزیکبوونەوە لێی، بە ڕەزای دایک گرێدراوە، گووت دراوە: ئەگەر دایکت ڕازی بێ، دەست لە مەمکانت دەدەم، ماچی لێو و سەرکوڵمانت دەکەم. ناوەندێتی دایک لە کووردهەوار و، لە ناو خێڵانی مهیریدا، هەتا هاخیرین سەدەکان تووڵی دراوەتێ، نێرینەکان پێ لە بەندی ناموس هەڵسووڕاون، ڕێیان بە

خۆیان نە داوە بەبێ ناموسی بجوولێنەوە، چوونکە هەمووان دەیانزانی پێرستبوون بە مهیر، پێرستبوونە بە نەزمی گەردوونی، ئەوی لێی دەربچێ، پاشەڕۆژی خۆی تەنگ و تاریک دەکات.

## پۆپەی 19

بیروباوەڕی ڕاستیەقین، زانستی هوودای دایکە، چ خەوش و خڵت و خاڵێکی تێیدا نیەه. شارستانێتی دایک بناخ لە سەر ئەم بیروباوەڕە شێوەی هاتۆتێ، لەبەرهەندێ پاکێتی و چاکێتی بە بنەڕەت هاتوون و، کاکڵی شارستانێتەکەیان پێک هێناوە. دەمێکە گۆزە شکاوە و لەتەکانی وا لەو گۆڕەی کەوتوون. ئەوی گۆزەسازبێ، یان گۆزەی دیتبێ، دەیانناسێتەوە، دەزانێ ئەو لەتانەی سەر هەرزەکە، پارچەکانی هێک گۆزەن. تێروتەسەلێک لە پاشماوەی شارستانێتەکە، هان لە کووردهەواری دایک. لەوڕۆوە ناکەس بەچەی ناودێر بە زانا، ناتوانێ لارەملی بکات، ساخکردنەوەکان هێندە ڕوون و بێ گرێ و گۆڵن، بەردی شاخیش هەڵدەقەنێ. برۆننێ، نەزمی ناولێنان لە هەواری کووردان، هەمان نەزمی جارانی خەڵکی هەوارەکەیە، ئەمەش گەلێک لای شارستانێتەکە ڕووناک دەکاتەوە. شارستانێت بەرهەم هاتووی زانستی هوودایە، ئەو زانستە لە میانی ناولێناندا، بە ڕاست و ڕەوانی بەرهەست بۆتەوە. ناوەکانی ڕووناک و ڕەنگین بە تەنەها ناوی مێن، لە ڕاستیشدا ڕووناکی و ڕەنگ بە هێکەوەن، ڕەنگ بە هۆی ڕووناکیەوە بە دیار دەکەوێ، ڕووناکی دابکشێ، تاریکاهی دادێ و، ڕەنگ لە گۆڕێ نامێنێ. ڕووناکی دەرکەوتنێکە لە هوودای دایک، لە باری ڕەگەزیدا ڕووناکی مێیە و تاریکی نێرە، بەمجۆرە مێی بەشەر و هوودای دایک لە ناو هێکدین، لەبەرئەوەیە ناوەکانی " ڕێشنا، ڕۆشنا، ڕۆشەن" هاوتا بە ناوی ڕووناک ناوی مێینەن. بە ناولێنان نیشاندراوە ڕەگەزی دایک ڕووناکیهە لە زیندەگیدا. هاوکات "خەندە و خەندان و خۆشی، شاهی و ئاهەنگ و ئاواز" بە تەنەها ناوی مێن، ئەمەش ئەو ڕاستیەقینە دەهێنێتە ئاستی زهین و زمان، کە مێ سەرچاوەیە لە بە هاردی داهاتنی کەیف و خۆشیدا. هەرهەندەش نا، بەڵکوو ژن و ژیان بە تەواوی هێکێکن، ناوەکانی "ژین" و "ژیان" بە تەنەها ناوی مێن و، سەلمێنەری ئەو هێکێتیەن. هوورد زهینی بدەنێ، لە ژینی هەرکەسێکدا هەناسە بە هێکەمین دێ، "هەناسە"ش ناوی مێیە. ئاو بە دووهەمین دێ، هەموو وشەکانی واتادار بە ئاویش لە نموونەی "کانی، ڕووبار، بارین، دەریا، زەریا، تنۆک، شەونم، ئەسرین، فرمێسک" ناوی مێینەن. خۆراک لە زیندەگیدا بە سێهەمین دێ، ڕەگەزی مهیری خۆراکیش مێینەیە و، ناوی میوەکان دەبنەوە بە ناوی مێی مرۆف. "ترێ، سێوێ، گێلاس، لیمۆ، هەنار، هەرمێ" لەو

ناوانەن. هەرمێ لە وشەکەیدا بە واتای مێهێتیەکی زۆر دێ، لەزەتی میوەکە و لەزەتی مێ، شێوەی میوەکە و شێوەی "کووز" و "مەمک"ی مێ، هۆکارێکی دیکەی ناولێنانەکەن. لە ناو گێرمەنەکان هەرمێ ناوێکە لە بۆ "کووز،" هاوکات لە ناو بەشێک لە ئەسمەرڕەنگەکانی ئەفریقاش، وشەی "هەرمیا" ناوێکە لە بۆ ناساندنی ڕەگەزی مێ. لە دەقە کۆنەکانی هاخاوتنی کۆمەڵی کوورهەواریدا، وشەی هەرمێ گوزارشتدانە لە مەمکی جوان، وشەکانی سێو و پرتەقاڵ و لیمۆ و هەناریش، بە هەمان واتا بە بەربڵاوی بە زاردا هاتوون. لە ژینی ڕۆژانەی خەڵکی هەوارەکەش، هەنار لە نێوان میوەکاندا، پایەی ڕێوانی دراوەتێ، ئەمەش لە واتای قووڵی شێوەی میوەکە و، پەیوەستی واتاکە بە شارستانێتی دایکەوە دێ. هەنار کۆمەڵێکی پڕ لە دەنکی سوور و ڕووناکە لە هێکێتی بووندا، ئەمەش بە تەواوی گوزارشت لە وێنەی شارستانێتی دایک دەکات. سوور ڕەنگی بنەڕەتی مێینەیە، ڕووناکی دەرکەوتنێکە لە هوودای دایک، سەرەڕای ئەوەش هێکێتی و بە هێکەوەبوونێکی وەکوو دەنکەکانی هەنار، خەڵکەکەی ناوەندی شارستانێتی بە هێکەوە گرێداون، لەبەرئەوەیە هەنار دەبێتە سەمبووڵێک و لە ناوەندی شارستانێت جهێ دەگرێ. بە قووڵبوونەوە لە هاخاوتن و زمانی کووردهەواری، بەرچاوتان ڕوونتر و تێگەیشتنتان فەرەوانتر دەبێ، دیقەتی بدەنێ، وشەکانی" چیا و هەردی و هەردەوان، هەڵمەت و هەڵۆ و شاخەوان" نموونەی ناوی نێرن. ئەم ناولێنانە ڕوونی دەکەنەوە، پیاو لە سەرێتی پتەوی و پارێزبەندی بێ لە بازنەی شارستانێتی دایک و، لە وێنەی شاخ دەربکەوێ. ئەو کاتەی ناوەندی شارستانێت بەر پەلاماری خێڵانی هۆفی کەوتووە، ئەم جۆرە ناولێنانەی نێرینەکان تێر و تۆختر دەستی دراوەتێ.

## پۆپەی 20

پێکهاتنی شارستانێتی دایک لە بازنەی تایبەتمەندێتی مێ، بە واتای شارستانێکی هاواڵا و بەربەفەرهانی دێ، شارستانێک لە میانیدا سەربەستی بەشەرێت هاتوتە گۆڕێ و، هەموو هێکێک لە تخووبی زانستی ڕاستیەقین و، زانستی ئەزموونکردنێ، بەبێ کۆتوبەند خوولاوەتەوە. ناسینی قووڵی شارستانێتی دایک، لە ناسینی هووردی ڕەگەزی دایک بەزهین دەکەوێ، چوونکوو تایبەتمەندیەکانی شارستانێتەکە، هەمان تایبەتمەندیەکانی ڕەگەزی مێینەن. مێ لە سرووشتی خۆیدا "هاواڵا"یە، لە کاتێکدا نێر "قەپات" و دەقدراوە، ئەمە لێکەوتەی ئەوەیە مێ نێزیکە لە تین و، نێر نێزیکە لە تەن، تین بێ پەروایە و، تەن بە پەروازە. ئاسۆهی و پانی تایبەتمەندی مێینەن، ستوونی تایبەتمەندی نێرە، ئەمەش مێی کردۆتەوە و نێری دەقستووە، هەندازەی شەپۆلەکانی

مێینەشی لە چەندێتی و جۆرێتیدا بردۆتە سەرووی نێرینەوە. بڕوانن و بە هووردی ببینن، سەرباری ئەو کاولبوونە گشتەگیرەی، کە کەسێتی مێی مرۆڤ تووشی بۆتەوە، سەرەڕای ئەوەی ئەم چەرخە چەرخی تاریکیهە و، پەیوەندیهەکان تیایدا بە شێوەی موولکاتی تایبەت لە قالب دراون، بەڵام هێشتاش تایبەتمەندی "کرانەوە" لە مێینەکاندا توولی هەیە و، لەگەلێک بواری جووداجۆردا دەردەکەوێ. مێینەکان لەگەڵ هێکدیدا بێ پەردەن، هەم لە باری لەش و هەم لە باری دەروونیدا، بە بەرچاوی هێکەوە ڕووت و قووت دەبنەوە، شەوێ لەگەڵ هەزبەند ئاوێزان دەبن، بە ڕۆژ هوورد و درشتی هەڵسوکەوتی گانکردنێ لە بۆ هێکدی باس دەکەن، ڕوون و ڕەواش باس و خواسی گەڵ و گوون و، شێوەی گانکردنی هەزبەندەکانیان لەگەڵ هێک بەش دەکەن. ئەو کارەی ژنان دەیکەن، زهین و زمانی مهیرە، ڕەگی گشتیبوونێکە هێشتا چەند تیلەی لێ ماوە و نەقرتاوە. ڕاستی ئەوەیە دەقدرانی زهینی و دەروونی، یان کۆمەڵاتی لە هەرکۆمەڵێکی بەشەریدا، بە هۆی لە کوورتیدانی تایبەتمەندی مێ لە کۆمەڵەکە ڕوویداوە. کاتێک مێبوون پاشەکشە بکات، لەگەڵیدا هوومێد دادەکشێ و، نەکسەی دەروونی و زهینی دروست دەبێ، پاشانەکە دۆخەکە لە ناوەوەی تاک دەردەچێ و، لە سەر زەمیندا دەبێتە نەکسەی کۆمەڵاتی. لە شارستانێتی دایکدا، ناسینی هوودای دایک و بیروباوەڕی ڕاستیەقین، هیوای لە بن نەهاتووی داونەتێ، هەموو هێکێک لە پەنای هەلومەرجی دایکاتیدا دڵ بە هیوا ژیاوە، کاتێکیش کەوتبنە نالەباری، قەت هوومێدی دەربازی لە دەست نەدراوە. ئەوەتانێ جێماوی هەنگینێ لە گەلێک گاتای کووردهەواریدا ماون. گووتدراوە:"هوودا دەرکێک بگرێ، دەرکێکی دی دەکاتەوە." یان:" هوودا دەرد بدات، دەرمانیش دەدات." ئەم جۆرە گۆزارە ڕۆشنی دەکاتەوە، هیچ وقتهێک خەڵکی هەوارەکە خۆیان نەداوەتە دەستی ناهوومێدی، بەڵکوو هەمیشە هوومێدەواربوون و، پانتای هیوادارێتی لە زهینی خەڵکیدا بێ پەروا بووە. هەلومەرجە زەمینیەکەش لە سووڕی سێهەمی شارستانێتدا، وەڵامی تێروتەواوی پێ داونەتەوە. هوودا لە خوودێتی خاکی دایک دەردەکەوێ و ڕسقی پێویست بە بەشەر دەدات، بە دیاریکردراویش لەوتی دەستیان داوەتە چاندنێ، هوودا بەندەکانی ناهوومێد نەکردوون، بەندەکانی هووداش بە دروستی جوولاونەتەوە و، چ کات چاوچنۆک نەبوون، بە هەندازی پێویست دەستیان داوەتە چاندنێ، بەبێ ئەوەی زیێدە ویستی بە زهین بکەوێ، چوونکە هەم کارەکە تاقەتپڕوکێنە، هەم بیروباوەڕەکە هەنگاو وەستێنە. لە زاری جۆتیار گووت دراوە:" هوودا بیدات، لە خەتێک دەیدات." خەتی ناو گووتەکە مەبەست لە خەتەکانی کێڵگەیە، ئەو دەمەی لە خەتێک بەروبوومی باش و ڕسکاو بە دەستەوە هاتووە، وهایان گوزارشت داوەتێ خاکی دایک لە ڕێی ئەو خەتەوە ڕسقی داون و، وەڵامی دووها و نزاکانی داونەتەوە. هاوکات جەوهەری گووتەش شوکرانەی لێ دەخووندرێتەوە. جا بەڕاستی هەق وهایە، هەنەوکەش وەکو هەنگێ چاوتێر و

شوکرانەبژێر بن، بەم جۆرە خێروخۆشیتان دەگاتێ. چاوچنۆکی و چڵێسی کردەوەی هۆفیانەن، خراپەن و دەچنە تۆمارتانەوە.

## پۆپەی 21

ناکەس بەچەی ناودێر بە زانا، قەت نەهاتن دوو قسەی خێری تێیدا بکەن و، گوزارشتێکی ڕاست و دروست لە بارەی کۆنە دوونیاهێ، بە گوێی خەڵکیدا بدەن، هاتن و گووتیان ڕەنگە سەردەمێک لە مێژووی بەشەرێت بە شێوەی دایکسالاری هەبووبێ. لە کووردەهواریدا گووت دراوە:" دژمنت زانا بێ، نەک دۆستت نەزان." هاخر کەسێک بەهەق زانابێ، لە خۆیەوە زار ناکاتەوە و پێ هەڵناهێنێ، هەنگاوی هوورد و درشتی دەخاتە هیساباتەوە. ناکەس بەچەکان خۆ ڕەگەزی دایک نەناسن، هەرنەشهاتوون بە دوویدا بگەڕێن، بەبێ ئەو ناسینەش قسەی هەرکەس لە هەڵیت و پەڵیتێک پتر نیهە. زنجیرەی ناسینەکە ئەوهایە، نێر لە هێوەی مێیە، مێ لە دووی هوودا دێ. ناسینی ڕەگەزی دایک بە نێو ناسینی هوودای دایک تێدەپەڕێ، ناسینی ڕەگەزی کووڕیش بە نێو ناسینی ڕەگەزی دایکدا. ناکەس بەچەی ناودێر بە زانا، بە گەلێک گوزارشتی نزمکردنەوە، هەڵیانکووتاوەتە سەر کەسێتی ڕەگەزی دایک، هەوڵیانداوە بە توندی لێی بدەن و، پارچەکانی هەپروون بکەن. لەو سێ هەزار ساڵەی ڕابرد، هەزاران پیاو بە ناوی زانا و فەیلەسوف و بیرمەند دەرکەوتن، بەبێ ئەوەی هێکێکیان تێیدا هەڵبکەوێ ناسینێکی دروستی لە سەر ڕەگەزی دایک هەبێ، بەڵام هەڵنەکەوتنەکە هیچ سەیر نیهە، چوونکە هۆش و هیزری پیاو بڕێکی کەمە و، بەشی ناسینی ژن ناکات. کاتێک پیاوان نەیانتوانی ژن بناسن، هاتن و گووتیان:"ژنان خۆشیان خۆیان ناناسن." ئەم گۆزارە لە ڕاستی نێزیکە، ئەوەتانێ بەشەرێت هەزاران ساڵی بە نەزانی گوزەراند، نە پیاو ژنی ناسی، نە ژن توانی خۆی بناسێ. وقتهێک ژن ناسدراو نیهە، پیاویش ناناسدرێ، پیاو لەو دیوی ژنەوەیە، لە تیپەڕین بە ناو پێناسەی ژندا بە پێناسەی پیاو دەگەن. بەبێ ئەم دوو پێناسەیەش نە دەرەقەتی چەمکی مەرگ دێن، نە دەتوانن شێوەی دروستی زیندەگیکردنێ دیاری بکەن، چوونکوو پێناسەکەی ژن دەبێتە ناوونیشانی تێگەهیشتن لە ژین و، پێناسەکەی پیاویش هەمان ئەو ڕۆڵە دەبینێ سەبارەت بە مەرگ. گەلێک جار پیاوان هاتوون و، لە هێڵی بانگەشەدا، جاڕی ناسینی ژنیان کێشداوە، ژنیش هەر گووم و نەناسدراو لە ژێر تەپ و تۆزی کەوتنەکەی خۆیدا ماوەتەوە. لە هاخیر سەدەی تاریکیدا، پیاوێک بە نێوی"هاپۆی کووڕی هایشێ" لە باکووری کووردەهواری بە مەیدانێ کەوت و، گووتی:" هەمن ژن دەناسم!" وەلێ هرگیز ژنی نەناسی، بەڵکوو ڕۆڵی دۆستێکی نەزانی بینی سەبارەت بە ڕەگەزی

دایک، هات و کراسی ژنێکی و ڕەنگی ژنێتی لێ داماڵین، پێڕ پێڕ ژنی کردنە لەشکر و ڕەوانەی خۆ بە کوشتدانێی کردن. ژن لەشکر نیهە، ناوکە لەشکرە. بە لەشکردنی ژن، هێنانە خوارەوەی ژنە لە پایەی ناوک و کردنێتی بە هاوتای پیاو، ئەمەش کارێکی بێ ناموسانەیە. ژن و پیاو هاوتانین و ناشبن، ژن دایکە، دایک سەرۆک و سەروەرە، پیاو کوورە، کوور لە دایکیەوە سەروەری بە دەست دەهێنێ.

## پەلی پێنجەم

پۆپەی 01

خێڵ و هۆز دوو پێکهاتی گەورەی کۆمەڵاتین، نێزیکەی دووازدە هەزار ساڵ لەمەوپێش، لەگەڵ دروستبوونی گووندەکانی بناری زاگرۆز، لە ناوەندی شارستانێتی دایک، بەم بەشەی زەویدا هاتوون. ناوچەکانی دیکەی جێهانێ، لە مێژبوو دەربازی قۆناخی خێڵاتی بووبوون، لە هەرجهێ کۆبەندی ماڵەدارین پێکهاتبوو، لەوێ بە شێوەی خۆڕسک، لەگەڵ پەرەستەندنی چەندێتیدا، خێڵ و هۆز قاڵبیان گرتبوو. لە ڕێکخستنی کۆمەڵاتیدا، هەرهۆزێک لە سێ خێڵ پێک دێ، هێکەم دایکە خێڵە، دووهەم و سێهەم هاوبەند بە خێڵی هێکەم کیژەخێڵن، خووشکە خێڵیشن لە پەیوەندی بە هێکدی. لەم بازنەیەدا ئەو خێڵەی بە سەرچاوە لە دایکی کیژان (زۆرینە کیژ) پێک دێ، دەبێتە خێڵە مێ و، ئەو خێڵەی بە سەرچاوە لە دایکی کووڕان (زۆرینە کووڕ) پێک دێ، دەبێتە خێڵە نێر، هەر ئەوهاش ناویان دراوەتێ. هاوکات ئەوانی لە دەوری دایە گەورەن، بە دایکە خێڵ ناسدراون. پاشماوەی ئەم ڕێکخستنە کۆمەڵاتیهە لە گەلێک جهێ لە جێهانێ، زیندوو ماوە. چەند سەدە لەمەوپێش، ئەم دابەشبوونەی خێڵاتی و ناولێنان، بە هەمان پێکهاتەی خێڵ و سیستەمی خزماتی، لە ناو گەنمڕەنگەکانی کووردهەوار و، لە کن هۆزە سوورپێستەکانی دێرهەوار و، لەلای هۆزە زەردپێستەکانی خۆرهەڵاتێ و، لە

جهێ دیکەش بەرکاربوون لە ناو هەندێک لە ئەسمەرڕەنگەکانی ئەفریق و، خێلانی دوورگە دووره دەستەکان، بە هەندێک گۆڕانی بەشەکیەوە، دەوامی دەکرد. بەڵام ئەوڕۆ چ تاقی خێڵە سرووشتیەکان نەماون، هەموویان لە هاخیرین سەدەکانی تاریکیدا لە بەین چوون، ئەو خێڵانەی ئەوڕۆ هەن، خێڵی هۆفیتین و، پەیوەندیهان بە پێششینانەوە نیهە.

پۆپەی 02

هۆز لە وشەکەیدا بە واتای هێز دێ، لە زمانی زگماکدا هەردوو وشەی هۆز و هێز هاوواتای هێکدین، لە زەمینیشدا هۆز پێکهاتێکی هێزە، دارا و بە دەوره لە ڕاپەڕاندنی هەرەوزیانەی کاروباری زیندەگیکردنێ، هاوکات لە خۆپارێزی و وەستانەوە بەرامبەر بە گەلە گوورگ و گیانلەبەرانی درندە و هۆف، دەوری خۆی گێڕداوە. کاتێک ڕەوە هۆف پەلاماری کۆبەندی دابێ، هێکێتی هۆز پاراستوونی. سەرەڕای ئەوەش، بە هێکەوەبوونەکە هێزی دەروونی و، هەستی فەرهانی بە لەشیاندا هێناوە. ئەو دەمانەی بەشەرێت پەرتی سەر ڕووی زەمین بوون، کۆبەندی هێڵین لە ناوچەی جوودای جێهانێ پێک هاتوون، لەگەڵیاندا خێڵ و هۆز شێوەیان هاتۆتێ، بە درەنگ وقتهیش لە کووردهەوار بە شێوه هاتوون. نەزمی خێلاتی و قاڵبگرتنی پێکهاتەی خێڵ و هۆز، سەرچاوە لە ناموس دەگرێ و، نامووس-یش نەگۆڕە، لەبەرهەندێ ئەو فەرقەی زەمەن و زەمین، جووداهی لە شێوەی پێکهاتەکان بە هاردی داناهێنێ. شێوەی خێڵ و هۆز هێک جۆره، ڕسک و ڕەسەن بە ناوەندێتی دایک پێک دێ، شێوەهاتنێکە بە هەڵقەی پێکهاتەکانی گەردوون گرێدراوە. لە سەرەتادا هۆزەکان هەموو مهیرین، پاشان وەرچەرخان و بوونە مهیرهۆفی، لە درەنگ وقهتی زەمانەش، هەندێکیان وەردەگەڕێن و دەبنە هۆفی، لەوێدا بە هۆی هۆفیبوونەوە پایەی بڵندی دایک دەکەوێ، چوونکە پایەی دایک پێڕست بە مهیره. "دایە گەوره" لە ناو هەموو هۆزێکدا هەربە خۆڕسک پیرهۆز بووه و، بە شکۆمەند بیندراوە. بە پێی بیروباوەڕی ڕاستیەڤین، دایک شکۆداره، چوونکە هوودای مهیربان لە کەسێتی دایکدا بە جەسده دەبێ، هەروەکوو لە خۆر و خاکدا بەجەسدەبوون و دەرکەوتنی هوودا هەیە. ڕەگەزی دایک شکۆمەندە، لە نێویشیاندا دایکی گەوره سەری گەورەی هۆزە، لە شکۆداریدا دەگاتە ئەو پەڕی. وشەی "پیرۆز" هەنەوکەش لە هاخاوتنەکانی کووردهەواریدا، بە واتای دواپلەی شکۆداری دێ، وشەکە هەمان وشەی پیرهۆزە و بەردەوامی پێدراوە. هاوکات"پیرۆز" ناوێکیشە تەنەها ڕەگەزی مێینەی پێ بە ناو دەکەن. ئەم تایبەتبوونەی ناوەکە، پەیوەندی بە پێشینانەوە هەیە، لەوەوە دێ پایەی پیرهۆز، پایەی تایبەت بە مێ بووه، نێر

نەیتوانیوە تووخنی بکەوێ، لەبەرئەوەی بەشەرکرد نیهە، هەقێکە زانستی هوودای دایک تەنەها بە دایکانی داوە، لەبەرهەندێ ناولێنانەکە لە بازنەی ڕەگەزی دایکدا ماوەتەوە. وشەکانی "پیر" و "پیرۆز" لە دێرەوە هاتوون و، گرێدراوی بیروباوەڕی دیندارین لە کووردهەواریدا، هەردووکیان پێشینەی هەزاران ساڵەیان هەیە، پاشانەکە لە شێوە شێواوەکانی بیروباوەڕدا، هەمان ئەم وشانە بە کارهێندراونەتەوە. لە بنەڕەتدا "پیران"ی هۆز لە ڕەگەزی مێ پێکهاتوون، پایەی "پیرهۆز"یش پایەی دایکی گەورەی هۆزەکە بووە، پایەکە ڕێکخەری و ڕاوێژکارە، نەک سەپاندنی دەسهەڵات لە واتای زەبر و تۆبزیدا. تایبەتمەندێتی دایە گەورە دەچێتەوە سەر تایبەتمەندێتی هوودای گەورە. هوودای مهیربان نە خوورتی لە کەس دەکا، نە تۆبز دەوەشێنێ، ڕێنوێنی بەرەو ڕێی ڕاستیەقین بە هەمووان دەدات، ئەوی لارەمل بێ و ڕێ وبەرنەگرێ، ئەوە خۆێتی کە خۆی تووشی دەرد و بەڵا دەکات. هوودا هادڵ و دادوەرە، جهێنیشینەکەشی کە دایکە، دادوەرە و هادڵ دەجوولێتەوە. هێکەم دادوەر لە ڕەوەندی بەشەرێتدا دایکە، دایک لە نێوان منداڵەکانی دادوەری دەکات، لە ناو بنەماڵە و پێکهاتەی خێڵیشدا بە کاری دادوەریکردنێ هەڵستاوە. لە هاخاوتنە کووردیەکاندا وشەکانی "داد و خانەی داد، دادوەر و دادوەری، دادگەر و دادگەری، دادپەروەر و دادپەروەری،" هەم وەکوو چەمک و هەم وەکوو زاراوە، لە دادە و دایک وەرگیردراون. لێرەدا داد لە واتادا دەبێتە پیرۆز و، پیرهۆزیش دادێکە(دایکێکە) دادگەری بە هاردی داهێناوە. دایکان ناوەند و ناموسن، کێشەکانی لە نێوان کووڕەکاندا بە هاردیدا دهێن، دەبردرێنەوە بەردەم دایکان و دادەمرکێندرێن. دایکان بەربەئاشتی و لێخۆشبوونن، هەم ئاستی مهیر لە مێدا بڵندە و هەم تووندوتۆڵ بە بیروباوەڕ گرێدراون، ئەمەش وها دەکات داد و دادوەری لە کن دایکاندا پشت لە تۆڵەستاندن و ڕوو لە گەڕاندنەوەی دۆستی و براتی بێ. دایکەکان هەموو منداڵەکان بە ڕۆڵەی خۆیان دەزانن، هەربەو وشەیەش ناویان هێناون. کاتێک نێرینەکان لەگەڵ هێک تووشی کێشە و گێچەڵ هاتوون، بە واتای ئەوەیە برا لەگەڵ هێک بە شەڕهاتوون، ئەمەش ڕووداوێکە لە دەرەوەی ناموس و، هەموو دایکەکان ڕەتی دەکەنەوە، هاوکات ڕێنوێنی کووڕەکان دەکەن براتی بپارێزن، بە دڵاوەری یار و یاوەری بکەن و، ڕێ لە بەرپابوونی نەیاری ببەستن، چوونکە ڕێ ڕاستەکەی خێروخۆشی ئەمەیە و، بە شەڕکردن لەگەڵ هێک گووناهیان دەگاتێ.

## پۆپەی 03

لە چەرخی مهیریدا، کاروباری زیندەگی زۆر سنووردار بوو، قۆمەتانی بەشەرێت ژیانێکی ساکاریان دەگوزەراند و، بژێوی ڕۆژانەیان لە کۆکردنەوەی میوە و ڕوەکی

خۆڕسک دابین دەکرد. هەرڕۆژ خەڵکەکە کۆمەڵ کۆمەڵ بە دەشت و دۆڵ و، بە کێوان کەوتوون، بە شێوەی هەرەوزە ڕوەکەکانیان چەنیون، یان میوەکانیان ڕنیون، پاشانەکە بردووتیانەوە و، بە هێکەوە ڕسقەکەیان خواردووە. ئەگەر وێنەی کارەکە لە بەرچاو ڕابگرن و، کەمێک سەرنجی بدەنێ، تێدەگەن کە لە چەرخی مهیریدا دەستە و سەردەستەی کاروبار بە هاردی دانەهاتوون، هەرکۆمەڵێکی گچکەلان بە ڕێنوێنی و ڕێوانی دایکیان، یان خووشکی دایکیان، یان بە سەرپەرشتی دادەکەیان (خووشکی گەورەیان) هەڵسووڕاون، بەبێ ئەوەی پێویست بە دابەشکاری دیکەی بەڕێوەبردن هەبووبێ. بەڕێوەچوون چ لە تیرەی خانەوادەگی لە هەشکەفتێ، چ لە خێڵانی کۆبەندی هێڵینێ، لە وێنەی هێشوو ڕەوتی دراوەتێ، هەرکۆمەڵێکی بچووک بە دەوری دایکی خۆیاندا کۆبوونەتەوە و، هەموو دایکەکانیش بە هێکدیەوە گرێدراون. لە چەرخی مهیرهۆفیدا هەلومەرج گۆڕدراوە، نێچیرفانی وەکوو کارێکی نوێ بە گۆڕێ کەوتووە و، بە شێوەی خۆڕسک زەقبوونەوەی خانەوادەی لە ناو خێڵەکاندا بە سەرەتا هێناوە.
کارەکە بە تاقم و پێڕی پیاوان ڕەوتی دراوەتێ، براکان و کوڕە پوورەکان و خاڵ(برای دایک)، بە پێی خوون و زاینی دایک نێزیکترن لە هێکدی، هەرئەم نێزیکیەش لە وقهتی ڕاوچێتیدا شێوەی تاقمی پێداون، هەموو تاقمەکانیش بەم شێوەیە پێک هاتوون. بەڵام بە تاقمبوونەکە هەرگیز بە واتای جوودابوونەوەی بژێوی خانەوادەکان نیهە، بەڵکوو لە بازنەی فەرەوانی بەرەدایکدا، خۆرکی خۆیان دابین کردووە، چوونکە لە بازنەی بیروباوەڕدا تایبەتێتی نە لە بژێو و نە لە هیچ شتێکدا ڕێی نەدراوەتێ، ئەو نێچیرانەی تاقمەکان ڕاویان کردوون، هەموو بە هێکەوە سامانی گشتی بەرەدایکەکانی خێڵەکەیان پێک هێناوە، سامانەکەشیان بە سەر هەموو ماڵە دایکەکاندا دابەشکردوون پێودانگ بەوەی چەند سەر خێزانن.

## پۆپەی 04

هێکەم دابەشکاری لە بواری کارگێڕی و بەڕێوەبردنێ، هێکەم شێوەگرتنی دەسهەڵاتی پیاوان، لە کاری ڕاوکردنێ بە دید دێ. پیاوەکان بە پێی خزماتی خوون - بەرەدایک دەبنە پێڕ پێڕ، هەرپێڕێک بە شێوەی خۆرسک لەلایەن پیری بەرەدایکەکەوە سەرپەرشتی دەکردرێ. پیری بەرەدایک لە پەیوەندی خوونی و ڕەچەڵەکیەوە، دوو جهێناو هەڵدەگرێ، براکانی بە کاکە(براگەورە)، خووشکەزاکانی بە خاڵە ناوی دهێنن. زانستی هوودا و شێوازی دایکاتی، هەلی خۆسەپاندنی نەداونەتێ، لەبەرهەندێ سەرپەرشتیکردنەکە بە شێوەی ڕاوێژ و پێدانی ڕێنوێنی بەرجەسدە دەبێ، ئەمەش بە سەرەتاهاتنی جۆرێکە لە دەسهەڵات و، هێکەم دەسهەڵاتکردنی پیاوە بە سەر پیاودا،

بەڵام تەنەها لە میانی کاری ڕاوکردنێ، کاتێک دەگەڕێنەوە ماڵێ، دایک ناوەندێتی دەکات. کارەکە و دەسهەڵاتەکە لە قەیرانی سووڕی سەهۆڵیندا، بە ڕاست و ڕەوا بیندراون، پاشی هەندێ، هیچ پاڵوپشتێکی لە بیروباوەڕی ڕاستیەقین بە دەستەوە نەماوە، بەڵکوو بەردەوامبوون لە سەری، واتای خۆڕێتی و بێ ناموسی دراوەتێ. هەنەوکەش لە کۆمەڵی کووردەهواریدا، کاتێک کووڕی لەمل و لادەر سەرکۆنە دەکەن، پێی دەڵێن:"خۆڕی، خێڕی." پێشینەی ئەم گۆزارە دێرە، هی سەردەمێکە دایکان سەرزەنشتی کووڕەکانیان کردووە لە سەر بەردەوامیدان بە ڕاوکردنێ، پاشانەکە لە هەرلادانێکی ناموسیدا، بە هەمان وشە کووڕانیان سەرتەپە کردوون. ئەو دەمەی چەرخی مهیرهۆفی دەستی پێکرد، لە هەرجهێی جێهانێ، ئەم دۆخی بە دەسهەڵاتبوونەی پیاو لە میانی ڕاوکردنێ هاتۆتە گۆڕێ، بە جوودایەزی کەمی و زۆری لە هەندازی دەسهەڵاتەکە، ئەویش بە دوو هۆکار گرێدراوە، هێکەم: بە چ هەندازێک گۆشت لە پێکهاتەی بژێودا ڕەگەزی سەرەکی پێکهێناوە. دووهەم: کاری نێچیروانی لە ناو کۆمەڵەکەدا چەندێک توولی کێش داوە. کۆمەڵانی بەشەری، ئەوانی ئەم دوو هۆکارەیان تێیدا بە دید هاتبێ، بە گوزەری کات پیاوان لە نێویاندا بە دەسهەڵات کەوتوون و، ئەو دەسهەڵاتەی لە ڕاوکردنێ پێی گهیشتوون، پاشانەکە گواستووتیانەوە ناو خێڵ و، بە هێواشی خۆیان خستۆتە پایەی بە هەقی ڕەگەزی دایکانەوە. بەڵام لە کووردەهواردا وها نەبووە، هەم زوو دەست لە ڕاوچێتی بەردراوە، هەم سەرچاوە خۆراکیەهکان بە هۆی ماڵیکردنی هاژەڵان و پەلەوەران و، بە هۆی دەستکردن بە چاندنێ، زۆر و زەبەند بوون، لەبەر هەندێ پێویستیان بەوە نەبووە توول بدەنە کاری ڕاوکردنێ، نێرینەکانیش نەیانتوانیوە دەسهەڵات بە سەر ڕەگەزی دایکدا پەیدا بکەن.

## پۆپەی 05

کاتێک لە سووڕی سەهۆڵبەندان، قەیرانی خۆراک نێرینەکانی بەرەو ڕاوکردنێ برد، کاری خوون ڕەشتنەکە ئەگەری ئەوەی هێنایە گۆڕێ، نێرینەکان پشت لە مهیر و ڕوو لە هۆف بچنە پێشێ و، پێ لە بەندی ناموس بترازێنن. ڕووداوەکە خەتەرناکە و، ئەگەری وەرچەرخانەکە بە هێزە، دایکان دڵیان بە خووریە کەوت، ترسیان لێ نیشت، ڕەنگە شارستانێتی دایک بڕووخێ، چ بکەن و بە چ تەگبیرێک پێش بە ڕووخان و کەوتن بگرن؟ هەر لە دەستپێکی چەرخەکەوە، دایکانی کووردەهوار بە خۆکەوتن و، لە بازنەی مهیرپارێزیدا هەنگاوێکی گەورەیان هاوێشت، جۆرە هەنگاوێک نیشانەی ڕوون و ئاشکرایە، هێزری قووڵ و قامەتی ڕەگەزی دایک لە بەرچاوی هەرکەس

وێنە دەکێشێ، بێشک ئەوی بە هووردی بیری لێ بکاتەوە، سەری سوورِ دەخوات و واقی لێ هوورِ دەمێنێ، ناهەقیش نیەە، چوونکە دایکانی کووردەهەوار قوودرەتێکیان نیشانداوە، لە هیچ ڕەچەڵەکێک نەبیندراوە، دایکان شێوازێک لە "نوسین"یان داهێنا، ویستیان بەم کارەیان پەرەستەندنی هۆفێتی بەربەست بکەن و زانستی هوودای مهیربان بپارێزن، بەمەش شارستانێتی دایک لە کەوتن ڕزگار بکەن. ئەم کارەی دایکان لە داهێنانێک زیادتر بوو، هەنگاوێک بوو لەو دیو خەیاڵەوە. ئەوان پێش ئەوەی بە ماڵیکردنی هاژەڵان و دەستکردن بە چاندنێ، شۆڕەش بەرپا بکەن، دەستیان دایە "نوسین" و پەیامی شۆڕەشەکەیان ڕاگهاند. نوسین چیە؟ لە پووختەی پێناسەدا، نوسین هێما و نیشانەگەلێکە گوزارشت دەخاتەڕوو. لە بازنەی ئەو پێناسەیەدا، هێکەمین نەقشاندنی هێماگەلی گوزارشتی، لە ناوەندی شارستانێتی دایک لە کووردەهەوار دەستی دراوەتێ. مێینەکانی ئەو هەوارە تووندوتۆڵ گرێدراوی زانستی هوودا بوون، دەیانزانی لەشی نازک و نەرمینیان، پتر لە هەرشتێکی دی نیگای نێرینەکان دەبات بە لای خۆیدا، لەبەرهەندێ ڕێک و ڕاست لەشیان دەکەن بە تەختەی خاڵ کووتینی هێماکانی مهیرپەرستی، وێنەی خۆرهەتاو، مانگ هەستێرە، درەخت، گووڵ، باڵندە، هاژەڵی وەکوو شێر و ئاسک، هێمای بازن، سێ گۆشە، شەش چوکل و، گەلێک هێمای گرێدراو بە بیروباوەڕی ڕاستیەقین لە سەر ڕووخسار و، سەرتاپای لەشیان دەنەقشێنن. وێنەی خۆر سەنبووڵی گەورەی هوودایە، سێگۆشە هێمای سێهانەی دایکە، شەش چووکڵ هێمای دروستبوونی گەردوونە، بازن بە پڕاوپڕی گوزارشتە لە نەزمی دەورانی گەردوونی، درەخت گوزارشتە لە هەمیشە سەوزی و تەڕێتی، ئەوها هەرهێکەیان گوزارشتێک دەخەنەڕوو. لە هەوەڵ و هاخیری، دایکانی پیری پاکدەروون، بە کارەکە هەڵدەستان و، نوسین و نەقشی خاڵکووتانەکەیان لە بۆ ئەوانیدی دەکرد. خاڵکووتینەکە بە گوزارشت لە بوونی ناکۆتای هوودای مهیربان، بە شێوەی هەتاهەتایە و ناسڕدرێتەوە، ئەویش بە بەکارهێنانی چیڵکەی دەرزیلەهەی و، گیراوەی شیری دایک و تەنی، دووکەڵی نیشتووی ئاگر لە سەر بەرد، خاڵەکانیان کووتیون، دەشبوو شیرەکە هی دایکی کچ بێ، نەک کوورِ، چوونکە کچ نێزیکە مهیرە و کوورِ نێزیکە هۆف. هێماکان مایەی هێزن، هەم لە بۆ ئەوانەی لە سەر لەش کووتویانە، هەم ئەوانەی بەرچاویان کەوتووە و دیویانە، تەنانەت شەپۆڵە خراپەکانی هۆفێتی دادەمرکێنن، تەندروستی و تەمەن دەبەخشن. لەبەرهەندێ نوسین و نەقشاندنەکان هەموو پانتاهی سیما و، سەرجەمی بەشەکانی جەسدەی گرتوونەتەوە، نەوچەوان، سەرلووت، لێو، کولمەکان، گەردەن، لامل، سینگ و مەمک، دەست و بازوو، هەتا دەگاتە گۆزینگ و هەنگووستەکانی پێ. "دایە مریەم" لەو دایکانەی کووردەهەوارە، ئەوانی لە سەر ڕێبازی پێشینان، وا سەرتاپایان بە خاڵکووتین و نیشانەکانی مهیرپەرستی ڕازاندۆتەوە (تاتۆکردوون). بێشک کووتینەکە توووند هێشاندوونی، بەڵام

کەسانی بە بیروباوەڕ، بێباکانە لە پێناو باوەڕەکەیاندا بە سەختیدا تێدەپەڕن و، هەست بە هێشان ناکەن. زەمانی خۆی، دایکانی زاگرۆزی بەو نوسین و نەقشاندنە، بەم بەرچاوخستنەی هێماکان، بیروباوەڕەکەیان لە زهینی پیاوان تۆخ کردۆتەوە، ئەمەش بۆتە نەریتێکی دینی و، پاشان لەگەڵ بەڵاوبوونەوەی شۆڕەشی ماڵیکردن و چاندنێ، بە شوێنانی جوودای جێهانێ بڵاو بووەوە. ئەو نەقشاندنانەی سەر لەش، هەتا ئەوڕۆکەش لە ناو پاشماوەی خێڵانی دێرین نەریتێکە و دەوام دەکات. بەم چەشنە، کووتینی سەر لەشی مێ (تاتۆ)، هێکەمین شێوازی نوسینی بەشەرکردە، تەمەنێکی توولانی، بە ڕادەی زیاد لە دووانزدە هەزار ساڵی هەیە. ئەوەی لەمەوپێش بە زەمان و زەمینی داهێنانی نوسین دانراوە، لە بنەڕەتەوە هەڵەیە، ڕاستی ئەوەیە نوسین لە دەستپێکی چەرخی مهیرهۆفی، لە ناوەندی شارستانێتی دایک لە کووردهەوار دەستی دراوەتێ. هەزاران ساڵ پاشترێ، لە درەنگ وقهتی زەمانێ، هەمان ئەو شێوازەی نوسینی وێنە و هێما، کە دایکانی کووردهەوار دایان هێنا، پاشانەکە لە ناو کۆمەڵانی چیناتی لە دەشتەکانی خوارووی دیجلێ و فریتۆ، هاوزەمان لە دەشتی نیلێ بە کاریان هێناوەتەوە و، خستووتیانە سەر بەرد و تاتەی قووڕین، لە زەمەنێکی درەنگتریش هێماکان دەگۆڕن و، لە سەر دەنگەکانی زمان شێوە بە پیت دەدەن. قۆناخی شێوەپێدانی پیتەکان لە سەر بەرد و تاتەی گڵین، دەبێتە قۆناخی گەشەکردنی نوسین، بەڵام مێژووی نوسین لە سەر جەسدەی نازک و نازداری ڕەگەزی دایک دەستی پێکرد. پێکهاتەی سێگۆش و شەشگۆش زانستی بە سەرەهاتنی گەردوون و بەردەوامبوونێتی، لەبەر هەندێیە لە نێوان ژمارەکاندا، هەردوو ژمارەی سێ و شەش کە ژمارەی مێینەن، دەوری ڕێوان دەگێڕن. بەشەرێت کاتێک بە دوونیاهێ هات، هوورد و درشتی ئەو زانستەی لە دایکیەوە وەرگرت، پاشانیش کە دایکان دەست و خەتیان پەیدا کرد، بە سەرچاوە لەم زانستە ڕاستیەقینە شێوەیان بە خۆرهەتاو داوە، ئەوهاش شێوەیان داوەتە هەستێرەی شەشگۆش، بەمەش بنەڕەتی زاستی هوودای مهیربانیان لە زهینی نێرینەکان تۆخ کردۆتەوە. هەستێرەی شەشگۆش لە گەلێک جهێی لە جێهانێ، شوێنەواری لە سەر بەرد هەڵکەندراوی لێ ماوتەوە، بەبێ ئەوەی خەڵکی هاڕدراو و مووخ خەسێندراوی ئەمڕۆکە، دەرک بە واتا و کرۆکەکەی بکەن. وێنەی هەستێرە شەشگۆشەکە لە گەلێک جهێ دیتدراوەتەوە، بەبێ ئەوەی بتوانن شتێکی دروست لە واتاکەی هەڵکڕێنن. لە خۆرمیانێ: لە دەشتەکانی بەینی دیجلێ و فریتۆ و دەشتی هێرانێ. لەبەری خۆرهەڵاتێ: لە خاک و خۆڵی هیند و جاپانێ. لە بەری خۆرئاواهێ: لە مەفتەنی ڕۆمیان و دەشتی نیلێ و کەنهانێ. لە سەرێ: لە پتکە خاکێکی جهێ و بنلینگانی قەزوینێ، لە خوارێ: لە بەشە خاکی ئەسیوبیانێ، وێنەی بەردین و گڵینی ئەو هەستێرە شەش چووکڵەیان دیتۆتەوە، بەڵام چوونکە چ تاقیان وێنەکێشەکە نین، سەریان لێی دەرنەکرد. سەرەتا دایکانی کووردهەوار لە سەر جەسدەی خۆیان نەقشاندیان، پاش هەزاران ساڵ، هەمان

هێما بە هەمان واتای خۆی، لە سەر بەرد هەڵکەندراوە، یان لە سەر تاتەی قوورین شێوەی دراوەتێ. لە کۆتاهیشدا گوزارشتەکە دیسان لە کووردهەواری دایکەوە بڵاوە دەبێتەوە.

## پۆپەی 06

بە گوزەری کات، دانیشتوان پەرەستەندنی زیادتر بە خۆوە دەبینێ و، بەرهەمی ڕاوچێتی و، میوە و ڕوەکە خۆڕسکەکان ناتوانن بە هێندەی ئەو گەشەکردنە، وەڵام بە ویستی قۆمەتانی بەشەری بدەنەوە. ئەم ناهاوسەنگیە تەنەها بە فەرهەنگی زاگرۆز هاوسەنگ دەبێتەوە، تەنەها ماڵیکردن و چاندن دەتوان ڕێ لەو قەیرانەی خۆراک ببەستن، بەڵام بڵاوبوونەوەی فەرهەنگەکە کاتی پێ دەچێ و، بە فەریای پێش پێ گرتنی قەیرانەکە ناکەوێ. لە هەرجهێ ناهاوسەنگی لە سەرچاوەی خۆراک و چەندێتی دانیشتوان بە هاردی داهاتبێ، لەوێ قاتوقڕی پەیدا بووە و، خەڵکەکە خۆبەخۆ بە کێشە هاتوون و، کەوتوونەتە کێشمەکێشەوە. قەیران لە هیکڕا ڕووی نەداوە، هەم قەیران و هەم کێشمەکێش، هێواش هێواش پەیدابوون. لە کاتی چوونە ڕاوێ، نێرینەکان بوونەتە پێڕی جوودا و، لە گەڕانەوەدا توانای هەرپێڕێک بە نێچیرەکان هەڵسەنگێندراوە، کێهانیان پتری گیاندار کووشتبێ و زیادتری خوون ڕەشتبێ، ئەویان بە بڕشت و بەلەنگازە. کێبڕکێی مابەینی نێرینەکان لە سەر خوون ڕەشتن و بڵندکردنی ئاستی ڕەفتاری هۆفێتی، سیمای سەرەتای چەرخی مهیرهۆفی پێک هێناوە، بە تایبەتی ئەوکاتەی کوورتهێنانی سەرچاوەکانی خۆراک بە سەرەتا دێ و، بەرەدایکەکانی خێڵ بەرەو لە هێک ترازان دەچن. کووڕەکان لە بن باڵی ڕەگەزی دایک چوونەتە دەرێ و، دوور لە چاو و لە زهینی دایکان، کارێک هەڵدەسووڕێنن، کە جگە لە کووشتن و خوون ڕەشتن شتێکی دی نیهە. نێرینەکان هەرخۆیان بە تایبەتمەند نێزیکە هۆفن، لە تەک ئەوەش ڕەوتاری توونددوتیژانەی نێچیرکردنێ، خواردنی گۆشت، دابڕان لە مێ، سێ هۆکاری نەسرەوتانەی هەڵکشانی هۆفێتین لە نێرینەکاندا، چەندە کات دەگوزەرێ، لێکەوتەکانی زیاترن. نێرینەکان لە میانی کار و ڕەفتاری ڕاوکردنێ، جۆرە دەسەهەڵاتێکی خۆ بە خۆ پەیدا دەکەن، ئەو دەسەهەڵاتە سەرەتا لە دەروون و دەماخی پیاوان چەکەرە دەکات، پاشان دهێتە ئاستی زمان، پاشتریش بە هێوری لە زمیندا دەردەکەوێ. لێرەدایە نێرینەکان بە خشکە خشکە بێ نامووسی دەکەن و، لە قسەی دایک دەردەچن. ئەو دەمەی پێڕێک لە پێڕێکی دی چالاکتر دەرکەوتبن و، نێچیری زۆرتریان وچنگ خستبێ، هەقیان بە خۆیان داوە بە زرینگ و لێهاتوو لە خۆیان بنۆڕن، هاوکات تاقمی دی بە ناچالاک و بێ چنگ بناسن و، سەرکۆنەیان بکەن. ئەم

قسەزلکردنە بە سەر هێکدیدا، دەستپێکێکە لە شەڕهەنگێزی و، نێرینەکان دەخاتە مڕە و مڕخێشی هێکەوە، کاتێکیش قەیرانی خۆراک بەرەو سەختبوون دەچێ، پێڕی کووڕانی هەر بەرەدایکێک، دەستهاتی کارەکەی لە بازنەی بەرەدایکەکەیدا قەتیس دەکات و هیچی نادات بەوانیدی، ئەوە دەبێتە هێکەم جوودابوونەوەی بژێوی و ساماندارى، بەرەدایکەکانیش لەگەڵ هێک دەخاتە کێشەوە. پاشانەکەش هەم لە نێوان بەرەدایکەکانی خێڵ و، هەم لە نێوان خێڵەکاندا، شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە لە سەر قۆرخکردنی ڕەزی میوەکان و، ناوچەی ڕاوکردنێ دروست دەبێ، بەمەش لە هەندێک جهێ خێڵانی هۆفی بە سەرەتا دهێن.

## پۆپەی 07

لە چەرخی مهیریدا، بەشێوەی خۆڕسک و بنەما لە سەر نەزمی دایکاتی، خێڵ خۆی بەڕێوە دەبات. دایک نامووس و ناوەندە، لە بەرهەندێ ڕەچەڵەکی منداڵان بە دایک ناسدراوەتەوە و، دابەشبوونیش لە پێکهاتەی خێڵ، بە سەر چەند بەرەدایکێکە، خۆڕسک وهایە دایە پیرەی هەرهێکە لە بەرەدایکەکان، پیری گەورەی ئەو بەرەدایکەیە، لە سەرجەمی پیری بەرەدایکەکانیش، بە شێوەی کاکڵ "ئەنجوومەنی پیران"ی خێڵ - هۆز پێکهاتووە، دایە گەورەی هۆزەکەش بە خۆڕسک پایەی پیرهۆزی هەیە. لە دۆخێ سرووشتیدا، پیراتی بە هەڵبژاردن نیهە، لە هەربەرەدایکێکدا پیرترین کەس دایە پیرەیە و ڕووخسار و شکۆی بنەماڵەکەیە، هەروەکوو چلۆن لە ئاستی هۆزدا، دایە گەورە ڕووخساری هۆزەکەیە، شکۆمەندە و پیرهۆزە. لە وقهتی بە ساڵاچوون و پەککەوتن، یان لە مردنی دایە گەورەدا، خووشکەکەی، یان کچی نۆبەرەی بە خۆڕسک جێنیشینێتی. هوودای مهیربان لە ڕەگەزی دایکدا بە جەسدە دەبێ و بەرهەست دێ، دایە گەورە بەو هەموو خوولقاندن و وەچەیەی خستووتیەوە، بە هەندازی بەرز دەرکەوتنی هوودا لە کەسێتیەکەیدا بە دید هاتووە، بەمەش پلەی شکۆمەندی دایە گەورە چۆتە سەرووی هەموو هۆزەکەوە. دەرکەوتنێکی دیکەی هوودا، لە هەندازەی بەرزی هاقڵیدا بیندراوە، هەقڵ تینە و تین هوودایە، ئەوی توانای دەماخ و هەقڵانیبوونی بڵند بووبێ، بە چاوی بەرز و شکۆمەندی بیندراوە، لە کاروباردا پرس و ڕایان بە کەسە هاقڵەکان بووە، ئەوانیش تەگبیریان لە بۆ کردوون، سەرەنجام پیران و مووخان(هاقڵەکان) بە هێکەوە کاروباری خێڵەکەیان ڕێکخستووە، پیران کاروباری "دین" و مووخان کاروباری "دوونیا"یان ڕەوت داوەتێ. هێکەم لە سەر بنەمای دایکاتی و، دووهەم لە سەر بنەمای هاقڵاتی، هەردووکیان بە هێکەوە،. بە سەرچاوە لە هەردوو زانستی ڕاستیەقین و زانستی ئەزموونکردنێ، ساهێبەتی

خێڵەکەیان کردووە. لە چەرخی مهیرهۆفیدا، وەرچەرخانێکی گەورە ڕوودەدات، کاروباری سەرەکی لە قۆناخی هێکەمی ئەو چەرخەدا، خۆی لە ڕاوچێتیدا دیتۆتەوە و، نێرینەکان لە میانی نێچیروانی و دابینکردنی ڕەگەزێکی بژێودا هاتوونەتە پێشێ، بەڵام هاتنە پێشەوەی نێرینەکان لە کن زاگرۆزیەکان لە ناوەندی شارستانێتی دایک سنووردارە، چوونکە تیرەی خانەوادەگین و، کۆمەڵانی بچووکن، لە کاتێکدا قۆمەکانی بەشەری لە بازنەکانی دەرێ هەشیمەتی گەورەن و، کێشەکانیش بە هۆی ڕاوچێتی و قەیرانەوە زۆرن، لەبەرئەوەیە بە هاتنە پێشەوەی نێرینەکان، گۆڕانێکی بنەڕەتی پێک دێ و، هۆفێتی بە سەرەتا دهێنێ. تاقمەکانی ڕاوچێتی، بە شێوەی خۆڕسک لە سەر بنەمای بەرەدایک پێکهاتوون، وەلێ دایکان لە کاری ڕاوچێتی دوورن و لێی نازانن، کاتێکیش ئەو تاقمانە لەگەڵ هێک بە شەڕو کێشە دێن، دیسان دایکان ناتوانن قسەی تیێدا بکەن و، تەگبیری لێ بکەن، لەبەرهەندێ هەربەرەدایکێک "پیر"ێکی ڕیش سپی وەکوو ڕووخساری بەرەدایکەکە دهێنێتە پێشەوە و، ئەو پیرانە دەچنە پێکهاتن و تەگبیرکردنێ. پیرە پیاوەکان جێگرەوەی دایە پیرە نین، بەڵکوو نوێنەراتی دایە پیرەی بەرەدایکەکان دەکەن. لە سەر ئەم دەسهەڵات و نوێنەراتیکردنەش، پیاوانی بنەماڵەی دایە پیرەی بەرەدایکەکان، بە کێشە دێن. کێهە پیاو لە ناو بنەماڵەکە نوێنەراتی دایە پیرە بکات؟ بە دیوی ئاسۆهیدا برا هەیە و، بە دیوی پانیدا کووڕ، ئەویان خاڵ و ئەمیان خوارزایە. پیاوان بە تایبەتمەند نێزیکە هۆفن و دەسهەڵاتخوازن، لەبەرئەوە ویستی نوێنەراتیکردنەکە خاڵ و خووشکەزا دەخاتە کێشەوە، هەردووکیشیان سەبارەت دایک، دوو لەتی گیان و لەشی ئەون، نایهەوێ و ناتوانێ چ تاقیان بە سەر ئەویدی پایەدار بکات، لێرەدا بە شێوەی خۆڕسک سەرخێزانەکانی دی لە بازنەی بەرەدایکەکەدا دهێنە پێشێ و، قسەی تیێدا دەکەن، هەمووان دەپرسن: کێهانیان باشترن نوێنەراتی بکەن، کووڕ، یان برا؟ بێگوومان "باش"ەکە لە سەر بنەمای هەندازەی هەقڵێتی دیاری دەکەن، چوونکە هەقڵ دەرکەوتنێکە لە هوودا. دیاریکردنەکە وهایە، لە هەرخێزانێکدا "ڕا"ی خۆیان دەردەبڕن و، بە "ڕای زۆرینە" دەست نیشانی هێکێک لە پیاوانی بنەماڵەی دایە پیرە دەکەن. دیاریکردنی نوێنەری دایە گەورەی هۆزەکەش" پیرهۆز،" بە هەمان شێوە لە نێو هێکیک لە پیاوانی بنەماڵەی دایە گەورەیە و، بەرەدایکەکان هەڵیدەبژێرن. پیرەکان پیری دینداری و بیروباوەڕن، پیری دادوەرین و، کێشەکان چارەسەر دەکەن و، ڕاو ڕێنوێنی دەدەنە ئەوانیدی، بەڵام کاروباری دوونیا "هەقڵ"ی بەرزی دەوێ هەڵبیسووڕێنێ و، ئەوەی پیرەکان دەیکەن، گۆزەکە پڕ ناکات، ئەوان تەنەها نوێنەری دایە پیرەن، دایە پیرەش هیچ دەربارەی ڕاوچێتی و کێشەکانی نازانێ، توانای نوێنەرەکەشی ئەگەر بەشی کاروباری"دین"بکات، بەشی کاروباری "دوونیا"هێ ناکات، لەبەرهەندێ دەوری کەسانی هاقڵ و ماقووڵ دێ. پیرەکان لە ناو بنەماڵەی دایەپیرە هەڵدەبژێردرێن، بەڵام کەسی ماقووڵ بنەماڵەکەی دیاریکردراو نیهە، کێهە

کەس لە هەمووان هاقڵتر و ماقووڵتر دەربکەوێ، بەرەدایکەکە ئەو کەسە هەڵدەبژێرن و، دەیکەنە سیمای هەقڵ و شکۆی خۆیان و، دەیبەنە سەرێ. لە ناو ئەم ئەنجوومەنەش، هەلومەرجەکێک کە ڕاوچێتی و پەرەستەندنی چەندێتی بە دووی خۆیدا هێناوێتی، وەها دەکات ئەنجوومەنەکە ببێتە هی پیاوان و، بە دەگمەن ژن تیایدا جهێ بگرێ. بەم چەشنە، دوو دەستەبەندی هەڵبژێردراو شێوە دەگرن، هێکەم "ئەنجوومەنی پیران" و دووهەم "ئەنجوومەنی نوێنەران." هەڵبژاردنی ئەم ئەنجوومەنانەی خێڵ، دەبێتە هێکەمین هەڵبژاردنی فەرمانڕانی لە مێژووی بەشەرێتدا، هاوکات دەشبێتە سەرەتای فۆڕمگرتنی دەسهەڵاتی نێراتی لە ناو کۆمەڵانی بەشەریدا. لە قۆناخی هێکەمدا، ڕووکەشی دەسهەڵاتەکە نێرە و ناوەڕۆکەکەی مێیە، نێرینەکانی ئەنجوومەنی پیران، نوێنەرانی دایە پیرەن و، هێز لەوانەوە وەردەگرن، لە قۆناخەکانی پاشتردا، کاتێک هۆفێتی هەڵدەکشێ، پرس و ڕاکردن بە دایە پیرە، لە کوورتی دەدات و وەهای لێ دێ پیاوانی هەڵبژێردراوی ئەو بەرە دایکانە، بەبێ گەڕانەوە لە بۆ دایک، قسان دەکەن و خۆیان بە دەمڕاست دەزانن. کاتێک ئەم گۆڕانە لە جێهانێ پێکهات، زاگرۆزیەکان لە قۆناخی تیرەی خانەوادەگیدا بوون، جارێ لە کنەوان نە خێڵ و نە ئەنجوومەنەکانی خێڵ بە شێوە نە هاتبوون.

## پۆپەی 08

کاکڵەکە لە زاگرۆز پێک هات، لە دەرێ توێکڵەکەی بە خۆوە گرت. ئەو دەمەی چەرخی مهیرهۆفی دەستی پێکرد، کۆمەڵانی بەشەرێت لە دوو شێوە پێکهاتەی کۆمەڵاتیدا خۆیان دەدیتەوە، لە زاگرۆزدا، تیرەی خانەوادەگی لە بازنەی کۆمەڵی بچووکۆلانەی هەشکەفتنیشین هەبوون، کاروباری زیندەگی لە گچکاتی پێکهاتە کۆمەڵاتیەکەوە، هاسان و بێ گرێوگۆڵ هەڵسووڕاوە، بێئەوەی کاکڵی ئەنجوومەنەکانی دین و دوونیا توێکڵ بگرن و شێوەیان لێ دەربکەوێ. بەڵام قۆمەکانی جێهانێ لە مێژبوو دەربازی پێکهاتەی خێڵ بووبوون، کاتێکیش سووڕی سەهۆڵین هەلیکرد و دەستیان دایە ڕاوچێتی، هێکسەرە ئەنجوومەنەکانی ڕاپەڕاندنی خێڵ قاڵبیان گرت و، شێوەیان لێ دەرکەوت، چوونکە بە هۆی هەشیمەتی دانیشتوان و، برسیێتی و کەم خۆراکیەوە، تووشی هاڵۆزی و کێشمەکێش هاتبوون، کاروباری دین و دوونیا بەرەو ڕووی هەلومەرجێکی نوێ و هالۆز بوو، سەرچاوە سرووشتیەکەی خۆراک، میوە و ڕووەک بە زۆری لە ناوچووبوون، ناچار دەستیان دابووە ڕاوکردن و گۆشت خواردنێ، ئەمەش لە باری دینداری و بیروباوەڕدا، تووشی گرفتی کردبوون و، ترسی ئەوەی خستبوونە دڵەوە، پاشەکشەی مهیر و پێشڕەفتی هۆف، هەنداز تێپەڕێنێ و، بە

خاتری دوونیا لارەمل بن و، دین بدۆرێنن، لەبەرهەندێ وهای پێویست کرد، شێوە بدەنە هەردوو ئەنجوومەنەکە و، بە توونودتۆڵیەوە بهێنە مەیدانێ. لە کووردەهەوار چەرخی مهیرهۆفی دوو قۆناخە، شەقڵگرتنی ئەنجوومەنەکانی پیران و مووخان کەوتوونەتە قۆناخی دووهەمەوە. قۆناخی هێکەمی چەرخەکە، سووڕی دووهەمی شارستانێتی دایکە، لەو قۆناخەدا دەستیان داوەتە کاری نێچیرفانی، بەڵام لەبەر دوو هۆ، ئەنجوومەنەکانی ڕاپەڕاندن جارێ شێوەیان نەهاتوتێ، هۆی هێکەم ئەوەیە: کۆمەڵی گچکەلانەی هەشکەفتنیشین بوون و، بەبێ زهەمەتی کاروباریان هەڵسووڕاوە، دووهەمەکەش ئەوەیە: لە قەیرانی سووڕی سەهۆڵیندا، نەکەوتوونەتە کێشەی قووڵ و کێشمەکێشەوە، چوونکوو هەوارەکە ڕەنگین و زەنگینە بە ڕوەک و میوە و، بەو هاژەلانەی ڕاویان کردوون. لە کێوستانی زاگرۆزدا، پێکهاتنی هەردوو ئەنجوومەنی پیریان و مووخان(ماقوولان)، لەگەڵ ماڵیکردن و چاندن، قاڵبگرتنی گووند و خێڵ، هاوزەمەنی هێکدین. دایکان بە بەرپاکردنی شۆڕەش، ڕوو بە مهیر هەنگاویان هاوێشت و، پاشەکشەیان بە نێچیرفانی کرد. لەوێرا ماڵیکردنی هاژەلان و دەستکردن بە چاندنێ، دروستکردنی گووند و پێکهاتنی خێڵ، بەم بەشەی زەویدا هاتن و، کاروبارەکانی زیندەگی، زۆر و جۆربەجۆربوون، بەرزەفتکردنی ئەم هەلومەرجە نوێ و فەرەڕەهەندە، شێوەگرتنی هەردوو ئەنجوومەنەکەی کردە پێویستی. لە گشتەدا نشهوونماکردنەکە هاوسەنگ ڕەوتی دراوەتێ، بەبێ ئەوەی بەڕێوەبردنی کاروبارەکان و پەرەستەندنی دانیشتوان، هاڵۆزی تێبکەوێ. هەردوو ئەنجوومەنی "پیران" و "ماقووڵان" تەواوکەری هێکدین، بە هەمان شێوەش هەردوو ڕەگەزی مێ و نێر تەواوکەرن، بەبێ ئەوەی مل بە ملی ڕەگەزی، یان کەسی بە هاردی دابێ، چوونکی ئەنجوومەنەکان بە ڕەوتی سرووشتی لە سەر بنەمای دایکاتی و هاقڵاتی شێوەیان هاتوتێ. هەلومەرجی کووردەهەوار جۆرێکە و، هەلومەرجی جێهانێ جۆرێکی دی. لە هەرجهێ لە جێهانێ، پێکهاتنی ئەنجوومەنەکان لێکەوتەی دۆخی قاتوقڕین و، بە مەبەستی پێش پێگرتنی هیزر و ڕەفتاری هۆفێتی و، چارەسەرکردنی کێشە و ململانێی نێرینەکان(نێچیروانەکان) بە مەیدانێ کەوتوون. لە کووردەهەوار تەواو پێچەوانەیە، مێینەکان بەرهەم و کاروبارەکانیان زۆر و جۆربەجۆر کردوون و، بە مەبەستی بەرزەفتکردنیان شێوەیان بە ئەنجوومەنەکان داوە. لە هەر بەرەدایکێکدا، دایە پیرەکان خۆیان ڕاستەوخۆ سیمای بنەماڵەکەن، هەلومەرجەکە بەوجۆرە نیهە پێویست بێ پیاوێک نوێنەراتی وی بکات، وەک لە جێهانێ بە هۆی نێجیرفانیەوە وهای پێویست کرد. لە دەرێ ئەنجوومەنی پیران لە پیاوانی پیر پێک هاتن، لە ناوەوەی کووردەهەوار دایکان پێکیان هێناوە و، ئەنجوومەنی دایکانەن. هاوکات ئەنجوومەنێک بە ناوی ماقوولان، یان مووخان شێوەی دراوەتێ و، بە واتای ئەنجوومەنی دانایان و هاقڵان دێ. هوودای مهیربان، بێجگە لەوەی لە ڕەگەزی دایک بە جەسدە دەبێ، لە هەمان

کاتدا له هەقڵ بەرهەست دێ، لەبەرئەوەیە بایەخ و شکۆ بە کەسانی هاقڵ دراوە. له هەربەرەدایکێک کەسێکی هاقڵ و ماقووڵ چ مێ بووبێ، چ نێر، بەبێ له بەرچاوگرتنی تەمەن و ڕەگەز، له سەر بنەمای داناهی و هاقڵێتی، به دەنگدان و ڕەزای سەرجەمی بەرەدایکەکە هەڵبژێردراوە. پێشینانی کووردهەواری گووتیتیان "هەقڵ به گەورە و گچکاتی نیەه." ئەم گۆزارە و چەندانی دیش، سەلمێنەری ئەوەن که له هەڵبژاردنی کەسی ماقووڵدا، تەمەن نەبۆته پێوەر و جهێی ڕەچاوکردنێ، هەربەرەدایکێک به خوولی سێ، یان شەش ساڵ، کەسێکی ماقووڵی هەناردۆته پێشەوە، هیدی هەموو ماقووڵانی خێڵەکە (هۆزەکە) به هێکەوە ئەنجوومەنێکی ڕاپەڕاندنیان پێکهێناوە. هاقڵترین کەسەکان دیسان به زۆری هەرمێینەن، به دەگمەن پیاوی بەرزە هەقڵ هەڵدەکەوێ، لەبەرهەندێ ئەنجوومەنی ماقووڵان-یش به زۆری له ڕەگەزی مێینەن، تەنانەت وشەی ماقووڵ له زەمانی زگماکدا به واتای "بەرزە مێ" دێ، واتای دیکەشی "هەقڵ"ە، لەبەرئەوەی "سەر" له پۆلێنی پێکهاتەی لەشدا مێینەیە.
سەرنجی بدەنێ، ئەوەی دەستی پێکردووە، سووڕی سێهەمی شارستانێتی دایک و، قۆناخی دووهەمی چەرخەکەیە، ئەنجوومەنی پیران له کووردهەوار ئەنجوومەنی دایکانە، له جێهانێ هی پیرە پیاوانە. ئەنجوومەنی ماقووڵان له کووردهەوار به دەگمەن پیاوی تێیدایە، له جێهانێ به دەگمەن ژنی تێیدا جهێ بۆتەوە. ڕاستی ئەوەیە کووردهەوار دایکە و له هەموو شتێکیدا جوودایە. ئەم هەلومەرجەی کۆمەڵی کووردهەواری، نێزیکەی شەش هەزار ساڵ ئەوها گوزەراوە، پاشان قۆناخی بەرخۆدان بەرامبەر به هەڵمەتەکانی خێڵانی هۆفی دەستی پێکرد و، لەو قۆناخەدا شتگەلێک گۆڕدرا. هەلومەرجە زەمینیەکە وهایە، ئەمجارە نێرینەکان پتر له مێینەکان بهێنە پێشەوە، چوونکوو پێویست دەکات ئەنجوومەنەکان به گێرەی دۆخی جەنگ هەڵبسووڕێن. له بنەماڵەی دایە پیرەی هەربەرەدایکێکدا، ئەگەر دایە پیرەکە نەتوانێ، یان نەیهەوێ له ئەنجوومەنی پیران جهێ بگرێ، پیاوێکی "پیر" به هەڵبژاردنی بەرەدایکەکە دەبێتە ڕووخسار و نوێنەری بنەماڵەکە، هاوکات دایە گەورەی هۆزەکەش، که به پیرهۆزە، ئەگەر بیهەوێ سەرۆکاتیکردنەکە به پیاوێک ببەخشێ، ئەوکاتە بەرەدایکەکان هێکێک له پیاوانی ئەو بنەماڵەیە هەڵدەبژێرن. له دۆخی سرووشتیدا، پایەی دایکاتی جێگیرە، له دۆخی ناسرووشتیدا پایەی جێگرەوە به هەڵبژاردن و خوول بەڕێوە بردراوە، هەرپیاوێک ماوەی سێ، یان شەش ساڵ بەرپرسیارێتی دراوەتێ، پاشان کەسێکی دیکە له بنەماڵەکە هەڵبژێردراوە. هاوکات ئەنجوومەنی ماقووڵان وەکوو پێشترێ به شێوەی خوول کەسانی ماقووڵی خستوونەتە ئەنجوومەنەوە، بەڵام لێرەش هەر به هۆی دۆخی جەنگەوە، دیسان پیاوان هاتوونەتە پێشێ و، به کەمی ڕوویداوە ژنان له ئەنجوومەن جهێ بگرن. وەلێ قەت له هیچ ئاستێکدا، ململانێی ڕەگەزی و کێبڕکێی دەستهەڵات له گۆڕێ نەبووە. کێبڕکێ و مل به

ملی لە وقتهێکدا بە هاردی دادێ، کە دوو لایەنی دەستهەڵاتخواز بەرامبەر بە هێکدی بوەستنەوە. ژنان دەستهەڵاتخواز نین، ژن بە تایبەتمەند نێزیکە مهیرە و، لە خواستی دەستهەڵات و خۆسەپاندن بە دوورە. لەو دەمیدا پیاوانیش لە بازنەی ناموسپارێزی و گرێدراو بە مهیرپەرستی هەڵسووڕاون، لەبەرئەوە ئەو ئالوگۆڕەی ئەنجوومەن ململانێی ڕەگەزی بە دووی خۆیدا نەهێناوە. دەستەواژەی"ڕیش سپی و پیاو ماقووڵان"ی هۆز، یان گووند، هەتاوەکوو ئەوڕۆکەش لە کۆمەڵی کووردهەواریدا باو و بەربڵاوە، "ریش سپی" گوزارشتە لە ئەنجوومەنی پیران،"پیاو ماقووڵان" گوزارشتە لە ئەنجوومەنی ماقووڵان. لە توولاوتوولی دەورانی زەماندا، خێڵ - هۆز لە نێو بەڕێوەچوونێکی ئەوهای دەستەبەندیدا خۆیان دیتۆتەوە، و، کاروباریان لەلایەن ئەو دوو ئەنجوومەنەوە بە هاوبەشی هەڵسووڕێندراوە، تەنانەت هەتا سەدەکانی هاخیری، پێش ئەوەی شاڵاوی هۆفیانەی سپی پێستە مووزەردەکانیان بگاتێ، ئەو شێوە هەڵسووڕاندنەی خێڵ و هۆز، لە ناو کۆمەڵی کووردهەواری و، لە هەندێک جهێ لە جێهانێ دەوامی دەکرد.

پۆپەی 09

دروستکردنی گووند و کاری چاندنێ، بە تێر و تەواوی بە خاک گرێی داون، بەمەش سووڕی سێهەمی شارستانێتی دایک لە کووردهەوار، بە شێوەی شارستانێتی هاردی (هاری- ئاری) قاڵبی گرت، لە کاتێکدا شارستانێت لە بازنەکانی دەرێ هاردی نیهە و، ڕاوچێتی بێ هاردی کردوون، هەرڕۆژە و ئەم هەرد و ئەو هەرد ڕۆیشتوون. کۆمەڵی کووردهەواری، هێکەم کۆمەڵی بەشەری بوو، هاوزەمان لەگەڵ ماڵیکردنی هاژەڵان و بنیادنانی گووندان و کاری چاندنێ، بەرەو خاکێتی و بە هاردیبوون چوون. لە سووڕی هێکەم و دووهەمی شارستانێتی دایکدا، خەڵکەکە هۆری(خۆری) بوون و، توونددتۆڵ بە هۆر(خۆر)ەوە پەیوەستبوون، پاشانەکە لە سووڕی سێهەمدا پابەندی بە خاک تێروتۆخ دەبێ و، سێهانەی پەیوەستی بە "خۆر - خاک - دایک" لە زهینی هەرهێکێکدا بنچەق دادەکووتێ. لەو کاتیەوە کۆمەڵی کووردهەواری، هەم بە هۆری و هەم بە هاری ناویان دەڕوات. لە بازنەی بیروباوەڕ و زانستی ڕاستیەقیندا، خۆر و خاک هەردووکیان دایکن، هوودای دایک لە خۆردا دەردەکەوێ و، ڕووناکی و گەرمی بە هاردی دادهێنێ، لە هارد(خاک)یش دەردەکەوێ و ڕسقی گیانلەبەران دەدات. لەم قووڵاهیەوە، خاکێتی و هاردی بوون گوزارشتە لە پابەندێتی بە هوودای دایک. دەستەواژەکانی خاکی دایک و نیشتمانی دایک، کە هەتا ئەورۆکەش بە سەر زارانەوەن، مهیریاتی زارەکیانەی هەنگینێیە، ڕۆژگار بە ڕۆژگار دەوامی دراوەتێ.

بەشەرێت لە پەیدابوونیەوە، خاک بە دایک دەناسێ، پاشان لە ئاکامی ئەو شۆڕەشەی دایکانی کووردهەوار بەرپای دەکەن، بە دایک بینینی خاک، تۆ دەبێ و، هاردی بوون لە زهین و زار و، لە ڕەوتاری خەڵکی هەوارەکە زەق زەق بە دید دێ.

## پۆپەی 10

لە بنیادنانی گووندان و دەستکردن بە چاندنێ، خاکێتی و پەیوەستێتی بە خاک، لە ناوەندی شارستانێتی دایک قامەتی هەڵدەچێ، هەر ئەوکاتەش وشەی "کوورد" وەکوو ناوی خەڵکەکە، وشەی "هەوارد" وەکوو ناوی خاکەکە بە سەر زاران دەکەون. ناولێنانەکە تایبەتمەندە بە شارستانێتی دایک و، پڕاوپڕ هەلومەرجی هەنگینێ ڕۆشەن دەکاتەوە. وشەکانی "کوورد، کۆرد، کارد، کەرد، کێرد، کیرد" لە بازنەی کار و کردە واتا دەدەنەوە، ئەمەش بەرجەسدەبوونەوەی دۆخی سەرزەمینە لە سەرزاردا. لەو وقهتیدا خەڵکە نیشتەجهێکەی ناوەندی شارستانێتی دایک، هەموو بە تێکڕا ڕۆژانی کردەکیان دەگوزەراند، کارەکانی هاژەڵداری و چاندنێ، کاروباری کۆبەندێ زۆر و زەبەند بوون، لەسەرجەمدا مێ و نێر، گەورە و گچکە، لاو و پیر، هەموو سەرگەرمی کردە و کار بوون. وشەکانی کوورد، کارد، کەرد، یان وشە هاوواتاکانی دی، ئەو دۆخەی جەم و جۆڵی سەرزەمین دهێننە زمان، پێشینانی هەوارەکە گووتیتیان:" کردن هەتا مردن." ئەم گۆزارە نیشانیدەدات "کووردبوون" بە واتای "کردنی نەسرەوتانە"یە.
ناولێنانی خاکەکەش بە "هەوارد،" کە پاشان بە "هەوار، وار" گۆڕدراوە، ناولێنانێکە لە بۆ شوێنی شارستانێتی. لە باری واتاهیدا، شوێن لەگەڵ شوێنی شارستانێتی جوودایە، هێکەم وشەیە و دووهەم چەمکە. چەمکی هەوارد بە پێکهاتەی دوو وشەی "هەو" و "هارد،" واتای "هاوخاک" دەگهێنێ، گوزارشتدانێکە لە دیوێکی دیکەی شارستانێتی دایک، چوونکە کار و هەیات بناخ لە سەر هەرەوزی و هاوبەشێتی بەڕێوەبردراون، هەرسێ چەمکەکەش "هەوارد، هاوبەشێتی، هەرەوزی،" لە هەناوی باوەڕ و زانستی ڕاستیەقیندا هاتوونەتە دەرێ، لەو چەمکانەن هەلومەرج هاوسەنگ ڕادەگرن."کاردۆخ – کاردهۆخ" چەمک و ناوێکی دیکەیە لە بۆ خاک و خەڵکەکەی ناوەندی شارستانێتی دایک بەرکار بووە. کاردهۆخ بە دیوێکدا دەبێتە خاکی کارد، یان خاکی کوورد، بە دیوێکیش واتایە لە "کاری خاک"، جا لە بەر ئەوەی هوودای دایک لە خوودێتی خاکدا دەردەکەوێ، کاری خاک واتاکەی دەبێتە کاری هوودا، چوونکە وشەکانی "هۆخ، هاخ" هاوواتای وشەی خاکن، هەم ناوی خاک و هەم ناوی هوودا گوزارشت دەکەن. هەنەوکەش جێماوی ئەم ناوانە لە کۆمەڵی کووردهەواریدا زیندوون، خەڵکەکە لە باری شادیدا "هۆخەی" دەکەن و، لە ئازار و خەفەتباریدا "هاخ" دەردەبڕن.

لە کۆمەڵی کووردهەواریدا، مێ هەموو خووشک بوون، پەیوەندی گەرم و بە گوور کردبوونی بە دەستەخووشک، بەڵکوو بە چەپکە گوڵ. ئەم خووشکاتیەی مابەینی مێینەکان، کە بڵندی ئاستی مهیریات لە ڕەگەزی مێ بناخەکەی پێکهێناوە، لە گۆڕەپانی کار و زیندەگیکردنێ، بە کردە نیشان دراوە. هەموو لە هەموو کارێکدا هێک دڵ و هێک دەست بوون، تەنانەت دایکاتیان لە بۆ منداڵەکانی هێکدی دەکرد، هەردایکێک لە مەمکی خۆیەوە شیری بە منداڵی دایکانی دی داوە و، منداڵی ئەوانیدی وەکوو کیژ و کووڕی خۆی دیتون، بەو ناوانەش بانگی کردوون. ئەم نێوان گەرمی و، ئەم تین و تاوەی پەیوەندی مێینەکانی کووردهەوار، هەرلە پەیدابوونی بەشەرێتەوە، هەتاوەکوو سەدەکانی هاخیری، بەردەوامی درابووهێ، جێهێشتنی ساوای بەرمەمکان لە کن ماڵە هاوسێ، هێکێک لە نەریتە باو و بەربڵاوەکان بوو، ئێستاکێش دایکانی ئەو هەوارە هەموو کچێک بە "کچم و کچەکەم،" هەموو کووڕێک بە "کووڕم و کووڕەکەم" ناو دەبەن، ئەوە مهیریاتێکە پاشماوەی پێشینانە. پێشان دایکەکان هەموو کچ و کووڕێکیان بە کچ و کووڕی خۆیان زانیوە، منداڵەکانیشیان فێرکردوون هێکدی بە خووشک و برای خۆیان بزانن، شوێنەواری هەینێیە وا هەنەوکەش کووردەکان بە تێر و تۆخی لە زمانی ڕۆژانەدا، وشەکانی خووشک و برا لە ناوهێنانی هێک بە کاردەبەن. لە شارستانێتی دایکدا، هەروەکوو مێینەکان لەگەڵ هێک گەرم و تێروتەسەڵ بوون، گەرمی لە پەیوەندی نێوان نێرەکانیشدا بە دید هێندراوە. وشەکانی برا و برادەر لە هاخاوتنەکانی کووردهەواریدا، دیوێک لە پەیوەندیەکانی ناوەندی شارستانێتی دایک ڕۆشەن دەکاتەوە. نێرینەکان هەموو برای هێکدی بوون، بەشێکیان برای ماڵێ و، بەشێکیش برادەر، زۆرجار پاشگری "دەر"یش وەلانراوە و، بە برا هێکدیان ناسیوە. بەڵام براتی نە لە زەمین و نە لەزهیندا، ناتوانێ بە هێندەی خووشکاتی گوور و تینی هەبێ، چوونکە نێر بە تایبەتمەند نێزیکە هۆفە و، تین تیایدا بە هەندازی مێ نیهە. لە ناو زۆربەی قۆمەکانی جێهانێ، هەرزوو خووشکاتی و براتی، هێور هێور بەربەکاڵی و کزی خزاوە و، گەرم و گووری لە دەستداوە، ئەمەش لێکەوتەی دۆخێکی ناهەموارە، لە پێشێ ڕاوچێتی و، پاشان هۆفێتی هێنایە گۆڕێ. خەڵکینە، ئەگەر سەبارەت بە مهیریاتی شارستانێتی دایک، نیازمەندی دەستڕاگهیشتن بە زانیاری پترن، ناموس بە پێودانگ بگرنە دەست و، هەڕوون هاخاوتن و پەند و سەربوردە و هەقایەتەکانی کووردهەواری لە بۆ بگەڕێن، چ ئەوانی پێشینان، چ ئەوانی پاشینان، شکتان نەبێ لەو گوزەرەی دەیکەن بە دەستی پڕ دەگەڕێنەوە، چوونکوو هاوبەند بە شارستانێتی دایک و ڕەوەندی دێری بەشەرێت، فەرهەنگی کووردهەواری، بێجگە لەوەی تاقە خەزنەیە، زۆریش زەنگین و ڕەنگینە.

لە زەمانی خۆیدا، دوو جۆرە گەشەی چەندێتی، هێقەیان بە بەشەرێت گرت و گرفتاری کرد.ن لە کوورهەواریدا پەرەستەندنی چەندێتی هاژەڵانی ماڵیکردراو، گرفتی کەمی ئالیک دهێنێتە پێشێ، لە دەرەوەی کووردهەواریش گەشەی چەندێتی دانیشتوان، کێشەی کوورتهێنانی بژێو تووشی خێڵان دەکات. کووردهەوار بە هەقڵ و تەگبیر دەردی خۆی دەرمان کرد،"دەرد هەبێ، دەرمانیش هەیە،" ئەم گۆزارە لە پێشینانەوە ماوەتەوە و، نیشانی دەدات خەڵکی هەوارەکە لە بەردەم هیچ گرفتێکدا داماو و دەستەوەستان نەماون، لە کاتێکدا کۆمەڵانی بەشەرێت لە گەلێک جهێ لە جێهانێ، بێ چارەبوون بەرامبەر بەو ناهاوسەنگیەی تووشی هاتن. دانیشتوانی جێهان بە گوزەری کات زیادی دەکرد، لەگەڵیشیدا کێشەی کوورتهێنانی بژێو قووڵ دەبووەوە، ئەم کێشەیە گەلێک کێشەی گەورەی بە دووی خۆیدا هێنا، ئەو کێشانەش ئەگەر بەردەوامیان بکردبایە، لە دوورمەودا قڕیان لە بەشەرێت دەخست، بەڵام هووداى مهیربان لە کەسێتی کووردهەواری دایک بە فەریای بەشەرێت کەوت، لەوکاتیدا فەرهەنگی هاردی (ماڵیکردن و چاندن) دەبێتە فەرهەنگی ڕزگاری و، لە زاگرۆزێرا ڕوو بە هەرچهار لای جێهانێ پەخش دەبێ. ئەو دەمەی دایکانی کووردهەوار دەستیان داوەتە ماڵیکردنێ، زۆری نەبردووە گەشەی چەندێتی ڕوویداوە، ئەو بزن و مەڕ و مانگایانەی دەستەمۆیان کردبوون، زۆر بە زیاد بوون، چوونکوو خەڵکەکە پێڕست بە مهیر جوولانەتەوە و دەستیان لە سەربڕینی هاژەڵانی مێ پاراستووە، گۆلک و گاش لەبەر جووتکردنێ سەرنەبڕدراون، سەرەڕای ئەوانەش بە کەمی دەم لە بۆ خواردنی گۆشت بردراوە، هەرسی هۆکارەکە وهای کردووە، مێگەڵ و گاڕانەکان بە شێوەی خێرا زیاد بکەن و، لە وەرزەکانی پاهیز و زمستانێ گرفتی لەوەڕاندنی ماڵات هێقە بە شیفان و گاوانان بگرێ. خەڵکەکە لە ڕێی چاندنی دانەوێڵەوە بەشێک لە بژێوی خۆیان و، بەشێکیش لە ئالیکی ئاژەڵانیان دابین کردووە، بەڵام ئەو برە قەسەڵ و کایەی هاتۆتە دەست بارتەقای چەندێتی ئاژەڵەکان نەبووە. گاجووت و هەسپ و ماین، بزن و مەڕ و مانگاکان ساڵ بە ساڵ زیادیان کردووە، لەگەڵ ئەم زیادبوونەش، زیادبوونی ئالیک بۆتە پێویستی، لە کاتێکدا قەسەڵ و کا و جۆ کوورتی هێناوە و، وەڵامی پێداویستی نەداونەتێ، لەبەرهەندێ ڕێچارەی گرفتەکە لە کۆچ و لەتبووندا دیتدراوەتەوە. هۆزەکان لەت دەبن، خێڵێک کشتوکاڵ دەکات و خێڵێک هاژەڵداری، بەمەش هاوسەنگی بە هاردی دادهێنن. لێرەڕا خێڵی نیشتەجهێ و خێڵی ڕەوەند پەیدا بوون. ڕەوەندەکان کێوستان و گەرمیان دەکەن، لە دەستپێکی پاهیزێ ڕوو دەکەنە گەرمیانێ و، لەوێندەرێ لەوەڕی مێگەلەکەیان دابین دەکەن، پاشان لە دەستپێکی بهارێ، هەرکە خاکە لێوە دەستی پێکرد، ئەوانیش بەرەو هەوای کێوستانێ دهێنەوە. ئەم ڕێچارەیە گرفتی کەمی

ئاڵیک بە هێکجاری بنبڕ دەکات. ئەو دەمەی کووردەهەوار لە وێنەی بهێشتی بەختەوەری دەڕسکا، کۆمەڵانی بەشەرێت لە دەرێ بەرەو دۆخی دۆلزاخ دەخلیسکان، ئەمەش بە هۆی کوورتهێنانی ئەو ڕسقەی دەستیان دەکەوت. پۆلە خەڵکێک ڕۆیشتوون و لە جێهێک گیرساونەتەوە، لەوێ هێکسەرە تووشی گرفتاری کەمی بژێو نەهاتوون، بەڵکوو بە گوزەری کات لەگەڵ پەرەستەندنی گەورەی چەندێتیدا، لەم کێشەیە هاڵاون. گەشەی چەندێتی لە ناو خێڵ و هۆزەکاندا، نەسرەوتانە چۆتە پێشێ، بەبێ ئەوەی گەشەی ڕسق و بژێو ڕوودات. هەرچەندە نێچیروانی بە تێروتەواوی درێژەی دراوەتێ، بەڵام نە نێچیرەکان و نە میوە و ڕوەکە خۆڕسکەکانی چنگیان کەوتوون، وەڵامی پێویست و پڕ بە هەندازی نەداونەتەوە، بە تایبەتی لەبەرئەوەی هەڵکشانی هۆفێتی لە دەماخ و دەرووندا، چاوچنۆکی و تێرنەخۆری تێیدا دروست کردوون، ئەمەش هێندەی دی ڕێ لە بەردەم هۆفێتی دەکاتەوە. لەو کاتەدا لە ناوخۆی هۆز کێشەی دابەشکردنی بژێو و، لە مابەینی هۆزەکانیشدا کێشە لە سەر ناوچەی ڕاو و، ناوچەی ڕنینی میوە و ڕوەکەکان بە هاردی دادێ. لە ڕاستیدا کاتی پێ چووە هەتا فەرهەنگی ماڵیکردن و چاندنێ، بە جێهانێدا بڵاوبۆتەوە، لەبەرهەندێ هەندێک لە خێڵ و هۆزەکان لە مهیرهۆفی دەرچوون و بوونە هۆفی.

## پۆپەی 13

هاوزەمان لەگەڵ پەیدابوونی خێڵە کۆچەرەکاندا، شارستانێتی دایک دەبێتە سێ شەقڵ، هەرشەقڵێک سەرگەرمی کارێکن و، تایبەتمەندێتی خۆیان هەیە. دوو شەقڵی شارستانێتەکە لە کووردەهەوارن، هێکێک گووندنیشینە و دەخڵ دەچێنێ و شیناهی دەکات، ئەوی دی ڕەوەندە و، لە سەر مەڕداری بەڕێوە دەچی، شەقڵێکیش لە دەرەوەی کووردەهەوارە و، پشت بە ڕاوچێتی و ڕوەکە خۆڕسکەکان دەبەستێ. لە شەقڵی هێکەم جووتیاری، لە هی دووهەم شیوانکاری، لە هی سێهەم نێچیروانی، کاری سەرەکی شەقڵەکەیە. لە واتای ڕەگەزیدا، دوو شەقڵەکەی ناوەندی شارستانێت گوزارشتن لە مێ و نێرەمووک، لە باری خوودیدا وەکوو کیژ و دایک لە ناو هێکدین، بەڵام شەقڵی سێهەم گوزارشت لە ڕەگەزی نێرە و، لە خوودێتی کووڕدا خۆی دەنوێنێ. لەو دەمیدا خێڵانی ڕاوچی دوو پۆڵ بوون، پۆڵێکیان پێڕست بە بنچینەکانی مهیر دەجوولانەوە و، تەنەها لە کاتی بێ خۆرکیدا هەندێک لە گیاندارانیان ڕاودەکرد، سووڕپێستەکان نموونەی ئەو خێڵانەبوون. بەڵام پۆڵێکی دی پیسخۆربوون و، هەموو جۆرە زیندەوەرێکیان لووش دەدا، بەمەش ڕوو بە هۆفێتی چووبوونە پێشێ. ئەو خێڵانەن پاشان وەکوو هێکەمین جەنجاڵیەکانی هۆفێتی و چیناتی شێوە دەگرن.

## پۆپەیٔ 14

ئەو گۆڕانەی بە سەر پێکهاتەی کۆمەڵاتی و، رێکخستنی کووردهەواریدا هات، گۆڕانێکی بەربەخێر بوو، دوو شەقبوونەکە زەڕی نەبووە و، هیچ زیانێکی لە کرۆکی شارستانێت نەداوە، بەڵکوو مهیربوونەکەی قووڵ کردۆتەوە. خێڵە جووتیار و خێڵە شیوانکارەکان، بە خوودێتی دایک و کیژ لە ناو هێکدین و، هێز لە هێک وەردەگرن، دابڕانە زەمینیەکە و، ئەو بڕە گۆڕانەی لە شێوەی زیندەگی ڕوویداوە، هەرگیز لە هێکدی نەیترازاندوون، هەردووک خێڵە خووشکن و هاوخوونی هێکن، لەوەش سەوزتر ئەوەیە، "هەرز" و "ناമووس"ی هەردووکیان هێکێکە، هەردوو شەقڵەکە توووند توووند بە هێکدی و، بە هێک خاک و، بە هێک بیروباوەڕی ڕاستیەقینەوە گرێدراون، لەبەرهەندێ هەموو هۆز و خێڵەکانی کووردهەوار لە هێکگرتن و هێکێتیدا خۆیان دیتۆتەوە، بەم چەشنەش کۆمەڵێکیان پێک هێناوە بە کۆمەڵی کووردهەوار ناویان داوەتێ. ئەو جۆرەی تاکەکانی خێڵ لەگەڵ هێکدیدا خووشک و برا بوون، ئەوهاش پەیوەندی خووشکاتی بەینی خێڵەکان بە گەرم و گووڕی هێڵدراوەتەوە، بەبێ ڕەچاوکردنی چووداپەزی ئەو شەقڵەی خێڵەکە لە سەری دەڕوات. گۆڕینەوەی شتومەک لە نێوان خێڵانی ڕەوەند و خێڵانی نیشتەجهێ، گۆڕینەوەی دانەوێڵە و بەرهەمەکانی چاندنێ بەرامبەر بە بەرخ و گیسک، یان بە خووری و ڕۆن و چەرم، سەودای دروست و بەرەکەتدارە لە نێوان دوو هێزی بەرهەم هێناندا، بەمەش بوونەتە مایەی هێز و پشتیوان لە بۆ هێکدی، سەوداکردنەکەش هاوسەنگی لە کۆمەڵی کووردهەواریدا بە هاردی داهێناوە. ئەم گۆڕینەوەیە هێکەمین هەنگاوی بە سەرەتاهاتنی مامەلە و سەودایە لە کۆمەڵانی بەشەرێتدا، مامەلەکردنێکی خاوێن و پێڕست بە مهیرە، دوو جەمسەری ڕەنج بەرهەمی ڕەنجیان دەگۆڕنەوە و پێویستی هێکدی پڕ دەکەنەوە، بەبێ قرچۆکی و قاچاندنەوە.

## پۆپەی 15

مەودای نێوان کۆمەڵی کوورهەواری و کۆمەڵانی جێهانێ، بە هەندازەی تایبەتمەندێتی دایک و کووڕ دێرە، قەت ناچنە بەرهووردی هێکدیەوە. سەرزەمینی کووردان بە شێوەی هووداکرد بەشە زەمینێکی دایکانەیە، لە هەموو بارێکدا لە هی جێهانێ جوودایە، هەم ناوەندی لە دایکبوونی بەشەرە، هەم ناوەندی شارستانێتی دایک، هەم خاك و خۆڵ و ئاو و هەواکەی دایکانەیە، هەم خەڵک و فەرهەنگەکەی. کووردهەوار دەوری دڵ دەگێڕێ لە جێهانێ، ئەوجۆرەی لە دڵەوە خوون لە بۆ بەشەکانی لەش دەچێ، ئەوها لە کووردهەوارەوە فەرهەنگی شارستانێتی هاردی لە بۆ بەشەکانی

جێهانێ چووە. ئەمڕۆش وەکوو دوونێ کووردهەوار دەبێتەوە بە دڵی جێهان و بەشەرێت زیندوو دەکاتەوە. لە دێرزەماندا، ئەو دەمەی کۆمەڵی کووردهەواری لە پێکهاتەی خێڵی نیشتەجەێ و خێڵی کۆچەریدا، خۆی بە مێهێتی دیتۆتەوە، پێڕست بە مهیر شێوەی بە ژیان داوەتەوە، لە کاتێکدا کۆمەڵانی بەشەرێت لە جێهانێ، لە پێکهاتەی خێڵە ڕاوچیەکاندا خوودێتی کووڕیان بەرجەسدە دەکرد و، ڕوو بە هۆفێتی دەچوونە پێشێ، هەندێکیان ڕۆژگار بە ڕۆژگار مهیر تیایاندا لە کوورتی داوە، لە ناو خۆیان و لەگەڵ خێڵانی دیکەش، لە شەڕ و ڕقەبەرێتی دابوون. بە واتاهێکی دی، کۆمەڵانی بەشەرێت لەو زەمانیدا، بە سەر سێ ڕەوت جوودا بووبوونەوە، ڕەوتی هێکەم، کۆمەڵی کووردهەواری بوو، ئەم کۆمەڵەیە لە ڕێی شۆڕەشی دایکانەوە، گەڕابووەوە سەر ڕێی ڕاستیەقین و، کۆمەڵی مهیری بوو، دوو ڕەوتەکەی دی لە دەرەوەی کووردهەواربوون، کۆمەڵانێک لە بەشەرێت لە ڕەوتی مهیرهۆفی بوون، کۆمەڵانێکیش هۆفی بوون.

**پەلی شەشەم**

پۆپەی 01

لە نێوان ناوەندی شارستانێتی دایک و، شارستانێت لە بازنەکانی دەرێ، جیداوازی جۆرێتی هەیە. ناوەند بە تایبەتمەند دایکە، شتگەلێک کە لە ناوەند داهێندراون، پاشانەکە بە شێوەی هیزری و ڕووناکبیرێتی چوونەتە بازنەکانی دەرێ و، بە هەموو جێهانێدا بڵاوبوونەتەوە. کووردهەوار ناوەندە، دەبەخشێ بەبێ ئەوەی وەربگرێ، ڕێک لە وێنەی خۆری دایک، خۆر ناوەندە، بە هەمووان دەبەخشێ، بەبێ ئەوەی پێویستی بە وەرگرتنەوە هەبێ. زهینی بدەنێ، سەرباری جوودایەزی جۆرێتی، هاوزەمان جیداوازی زەقی چەندێتی بە هاردی داهاتووە، کۆمەڵێکی گچکەلانی بەشەرێت لە

ناوەند و، کۆمەڵە گەورەکان لە بازنەکانی دەرێ پێکهاتوون، چوونکە لە تووڵی چەرخی مهیریدا، خەڵک لە ناوەندی شارستانێتی دایک، نەسرەوتانە پەرتی جێهانێ بوون، پاشترێ بە هۆی ماڵیکردنی هاژەڵانەوە، کۆبەندی گووندان بە هاردی داهاتن، ئەوجا هەنگێ گرفتی جێقەتی و بەرتەنگی هەشکەفتانیان لە کۆڵ بووە و، چیدی ناچار نەبوون پەرتەی لێ بکەن. ئەو فەرقەی لە باری چەندێتی هاتۆتە گۆڕێ، لە هەلومەرجی نیشتەجێبوونێ کەوتۆتەوە، لە هەرجهێ کۆبەندی هێڵین و ماڵە دارین پێکهاتبێ، لەوێندەرێ چڕبوونەوەی خەڵک ڕوویداوە. کۆمەڵی کووردهەواری هەتا دەستیان بە ماڵیکردنی هاژەڵان نەکردبوو، هەرلە هەشکەفتان دەژیان، ماڵیکردن ئەوانی بەرەو دروستکردنی خانووی قووڕین و پێکهێنانی گووند برد، هاوکات لە میانی ماڵیکردنی هاژەڵان و، ئەو کاری کشتوکاڵەی دەستیان داهێ، ڕوو بە مهیر گەڕانەوە، بەڵام لە دەرەوەی خۆرمیانێ، بەشێک لە کۆمەڵانی بەشەری بەرەو هۆفێتی ڕۆیشتن. لە چەرخی مهیرهۆفیدا، دوو گۆڕانی گەورە ڕوویانداوە، هەڵکشان ڕوو بە مهیر و، داکشان بەرەو هۆف ئەو دوو ڕووداوەن، هێکەم لە خۆرمیانێ و دووهەم لە جێهانێ. لە پاش سووڕی سەهۆڵین، میوە و ڕوەکە جۆراوجۆرە خۆڕسکەکان بە تەواوی شیابوونەوە، خواردنی گۆشتیش لە ڕێی کاری نێچیرکردنی ئاژەڵانەوە، بەشێک لە بژێوەکەی پێک دهێنان، لەگەڵ ئەوەش گرفتی دابینکردنی بژێو بە هۆی پەرەستەندی ژمارەی دانیشتوان، لە هێقەی بەشەرێت نەبووەوە، لە هەرجهێ چڕبوونەوەی خەڵک هەبووبێ، لەوێندەرێ ڕسق بەشی نەکردوون، یان لە چڵێسی و چاوچنۆکیدا نەیانتوانیوە قنیات بکەن، ئەمەش وهای کرد لەو جێهانەی کۆبەندی هێڵین لە هێکدی نێزیکن، خێڵە ڕاوچیەکانی چەند هۆزی جوودا، لە سەر پێدەشتی سەوزەوات و ڕەزی میوان و ناوچەی ڕاوکردنێ، بە شەڕبێن و ئاشووب بەرپا بکەن، بەم هەنگاوەش چەرخی هۆفی بە سەرەتا هات.

پۆپەی 02

بەشەرێت سێ چەرخی زەمانی گوزەرداوە، هەنەوکە هاخیری زەمانە و، لە کۆتاهی چەرخی سێهەمێتی. تووڵانیترین چەرخ چەرخی مهیری بوو، پاشانەکە بە ڕەشتنی خوونی هاژەڵان، چەرخی مهیرهۆفی دەستی پێکرد، پاشترێش بە ڕەشتنی خوونی مهیرهۆف، لە هەندێک جهێ لە جێهانێ، چەرخی هۆفی بە سەرەتا هات. بەشەر گەلەک خراپی لێ قەوماوە، بە گیاندارکووشتن و گۆشتخۆاردنێ، لە مهیرەوە بەرەو مهیرهۆف وەرچەرخا، کاتێکیش کەوتنە هێکدی کووشتنێ، لە مهیرهۆفەوە بوونە هۆف. هەلبەتە هۆفیبوونەکە بە هێکڕا و گشتەگیر ڕووینەداوە، شەپۆڵ شەپۆڵ

قۆمەکانی جێهانیی گرتۆتەوە، لە هاخیریدا تاریکاهی گەیشتە کێوستانەکانی زاگرۆزیٚ و، ئەو گۆزەی کە قڵپیان کردبووەوە، هیشک هەلات و ترپاتی تەڕی تێیدا نەما. لە قۆناخی دووهەمی چەرخی مهیرهۆفیدا، قۆمەکانی جێهانیٚ بە سەر سیٚ هێڵدا جوودا بوونەوە، قۆمی کوورد، لە سەر هێڵی مهیری بوون و، دهار دهار دەوروبەری زاگرۆزیان ڕووناک دەکردەوە، قۆمەکانی دی بەشێکیان مهیرهۆفی بوون و، بەشێکیش خەریکبوون دەبوونە هۆفی، چوونکیٚ لە مێژبوو پیسخۆربوون و، لە چڵێسی خۆیانەوە گۆشتی گیانلەبەرانی هۆفیان دەخوارد. لە ڕۆژی ئەمڕۆش خەڵکانی پیسخۆر زۆرن و، بێجگە لە چڵێسی، هیچ هەلومەرجێک ناچار بە خواردنی مار و مشک و دووپشکی نەکردوون. گۆشت بە هام بەشە هۆفیەکەی بژیوە، بەڵام لە پۆلێندا گۆشتی زیندەوەرانی هۆف، خراپترین ئاستی هۆفێتی پێک دهێنیٚ. لە ڕاستیدا خواردنی گۆشتی گیانلەبەرە هۆفیەکان، ئاستی هۆفێتی لە دەماخ و دەروونی هەندێک لە قۆمەکان بڵند کرد، ئەم هۆکارە بە هاوبەشی لەگەڵ دەرهاوێشتەکانی ئەو قەیرانی خۆراکەی لە پەرەستەندنی چەندێتی دانیشتوان دروست بووبوو، وهای کرد بەینی هەندێک لە خێڵان ئاشووبی تیٚ بکەویٚ و، بەشەر بێن. دەستپێکەکەی ئەوها بوو، ئەوجا هۆفێتی تەشەنەی ستەند و، پیٚ بە پیٚ لە قاڵبی شەڕدا، لەم جهیٚ لە بۆ ئەو جهیٚ پەڕیەوە. جێهان پێی لە ناو تاریکی دابوو، هووردە هووردە بە گوزەری کات، پەرەستەندنی نەسرەوتانەی چەندێتی دانیشتوان و، کوورتهێنانی سەرچاوەکانی خۆراک، ڕێی لە بەردەم هۆفیبوونی سەرانسەری دەکردەوە. لەو ڕۆژگارە ڕەش و تاریکەی هەنگینێدا، تەنەها کۆمەڵی کووردهەواری، لە ناو ڕووناکەی بیری دایکانی خۆیدا دەدرەوشایەوە، لە هاخیری هەر ئەو ڕووناکیەش بوو، چووە هانای خەڵکی جێهانیٚ و هەلی مانەوەی دانیٚ.

پۆپەی 03

ماڵیکردنی هاژەڵان، بنیادنانی گووند، چاندنی دانەوێڵە و سەوزەوات، لێکەوتەی زهینی ڕوونی دایکانی کووردهەوارن. ئەم ڕووناکی و ڕوونیەی زهین، بەشێکە لە زانست و زهینی هوودای دایک، هوودا لە میانی سەری دایکاندا، بە فەریای بەشەرێت دەکەویٚ. پاش شۆڕەشەکەی دایکان، کۆمەڵی هەوارەکە لە دوو شەقڵی گووندنیشین و کۆچەریدا شێوەی هاتبووهیٚ، کۆچەرەکان بە شێوەی خۆڕسک پەیامبەرێتیان دەکرد، فەرهەنگ و ڕووناکبیرێتی دایکانی کووردهەواریان لە بۆ هەرێمە تخووبیەکان دەگواستەوە، ئەوانیش لە بۆ ئەوانی هێوەتریان دەهەناردە دەریٚ. لە هەوەڵیدا هیزری ماڵیکردن و چاندنیٚ لە دڵی کووردهەوار هاتۆتە دەریٚ، پاشانەکانیٚ هەموو پانتای هەوارەکەی گرتۆتەوە. ئەوەتانیٚ بەرد و بناخی کاولە گووندان، وا لە دەشتەکانی شارەزوور و

کەرکوک و هەولێرێ دیتدراونەتەوە، ئەوانە لە پۆلی هێکەمین گووندەکانی کشتوکاڵین. دڵی کووردهەواری، ڕێک ئەو بەشە خاکەیە، دایکان لە دووڕ ئەو خاکە دەستیان دایە شۆڕەش و، ڕووناکی و ڕەنگیان بە دوونیاهێ دا بڵاوکردەوە، دیسانیش شۆڕەشی بەشەرێت، ڕێک لە ناو ئەم بازنەیە و، بە پێش هەنگاتی دایکان دەست پێ دەکات. بنچەق نەگۆڕە، هەینێ و هەنەوکەش ڕەوتی خێر بەرامبەر بە ڕەوتی شەڕ، ڕووناکی و ڕەنگ بەرامبەر بە ڕەش و تاریکی، مهیر بەرامبەر بە هۆف لە ناو دڵی کووردهەوارە، ئەوجا بە شێوەی شەپۆڵ شەپۆڵ بە جێهانێدا بڵاو دەبێتەوە. لە زەمانی خۆی، بڵاوبوونەوەکە هێور و تووڵکێش بوو، هیزری چاندنێ، لە کووردهەوارێڕا هەتاوەکوو گهیشتۆتە سەرزەمینی هیند، گریک و ئەفریک بە ڕادەی هەزاران ساڵ کاتی پێچووە. ڕووناکیهەکە لە پێشدا بە تێروتەسەڵی سەرزەمینی هیندی ڕووناک کردۆتەوە. ئەم بڵابوونەوەیە لەوێندەرێ بە بڵاوبوونەوەی هاری(ئاری) ناوی دراوەتێ. هاری، یان هاردی وشەی هاوتایە بە خاکی. ناولێنانەکە هاوسەنگە، جووتیاران لە هەردان ماونەتەوە و، چاندن بە شێوەی تووندوتۆڵ پەیوەست بە هارد(خاک)ی کردوون، لەبەرهەندێ ئەوهایان ناو داونەتێ. ئەو هێکەمین خێڵانەی لەوێندەرێ دەستیان بە چاندنێ کرد، لە کن ئەوانی دی بە هاری ناودێر بوون، پاشان ناوەکە لە گۆکردندا بە ئاری گۆڕدراوە. شوێنەوارەکان بە زەقی لە زماندا ماونەتەوە، لە کووردهەواریدا بە کەسی بێ ئۆقرە و دانەسەکناو دەڵێن: بێ هار، واتە بێ خاک، واتە هەردەمەو لە جێهێکە و بە هاردەوە نانوسێ. هێشتاش لەو هەوارە "هەردی" و "ئاری" ناوی بەربڵاوی نێرینەن. هاردی خێرە و بێهارد شەڕە، ئەمەش چەمکی هاردی، یان بەندەی خاک ڕۆشنتر دەکاتەوە.

## پۆپەی 04

هیزری ماڵیکردن و چاندنێ، بەتەنها هیزری کارکردنێ نیهە، فەرهەنگێکە لە ڕووناکی و مهیریات، لە زانستی ڕاستیەقین و زانستی ئەزموونکردنێ، بنەما لە سەر ئەو فەرهەنگە شێوە بە شارستانێت دراوەتەوە، ئەوەی بڵاویش بۆتەوە فەرهەنگەکەی کووردهەوار بووە، نەک بەس تەنەها کاری ماڵیکردن و چاندنێ. خێڵە ڕەوەندەکانی کووردهەوار، هێکەمین پەیامبەرانی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی هاردی بوون. خێڵە کۆچەرەکان لە بۆ لەوەڕاندنی ماڵاتەکانیان، کێوستان و گەرمیانیان دەکرد، لە هیچ تخووبێکدا نەدەسرەوتن، ئەمەش وهای کرد فەرهەنگەکە زاروزار بکات و بە زهینی خێڵان بکەوێ. بڵاوبوونەوەکە زوو دەگاتە خۆرهەڵاتێ، وەلێ درەنگ وقهت بە خۆرئاوا و بە سەرزەمینی خوارووا دەگات، چوونکە نە خۆرئاوای سارد و سەهۆڵاوی،

نە خوارووی گەرمەسێر و زیخۆک، بە کەشوهەوای گونجاو و مەرهەی لەوەڕاندنێ دەوڵەمەند نەبوون، هەتاوەکوو شیوانکاران ڕووی خۆیانی بدەنێ. سەرباری ئەوەش لە سەرێ زەریای ڕەش، لە خۆرئاواهێ زەریای سپی، لە خوارێ قاقڕێکی بیابان تخووبی داناوە، بە گشتە هەلکەوتەکە وهایە، کە کووردهەوار ڕووی بەرەو خۆرهەڵاتێ وەربسووڕهێنێ. لە ڕاستیدا پەیوەندی کووردهەوار بە خۆرهەڵاتی خۆیەوە، بە سەرزەمینی هیند، هەروەکوو پەیوەندی دایک و کچ شێوەی هاتۆتێ، دایک داوێتی بە کچ و کچیش داوێتی بە ئەوانیدی، هەمووان هەڵقە بە هەڵقە بە هێکدی گرێدراون.

## پۆپەی 05

لە واتای شارستانی و لە واتای گشتیدا، بڵاوبوونەوەی فەرهەنگی ڕووناکبیرێتی کووردهەوار، بە واتای دانانی هەستوونگ و پشتبەستە لە بۆ نەکەوتنی دایک. خاک دایکە، پەنابردن لە بۆ خاک و دەستکردن بە دروستکردنی گووند و کاری چاندنێ، گەڕانەوەیە لە بۆ چەمکی دایک، هەرلەوێشڕا بیروباوەڕی مهیرپەرستی تۆخ دەبێتەوە. هوودای دایک لە میانی خاکدا ڕسقی زۆری داونەتێ، کارەکەش دایکان دیتویانەتەوە، بە هەردوو باردا چەمکی دایک لە دەروون و دەماخی مهیرهۆفدا هاتۆتەوە پێشێ. لە کاتێکدا پێشترێ چەمکی دایک بە هۆی کاری نێچیروانیەوە پاشکەوتبوو، چوونکێ لە کاری ڕاوکردنێ، دایک بە هەموو واتا و دەرکەوتنێک بێ هەزوورە، بەمەش پەیوەندی دەروونی و زهینی نێچیروان بە هوودای دایک، بەرەو کاڵ و کزی دەخزێ، هاوکات لە سەر زەمیندا پەیوەستی کووڕ بە دایک و، نێر بە مێ، ناهەموار دەبێ، سەرەنجامیش شارستانێتی دایک دەکەوێتە شلۆقی. لەوکاتیداماڵیکردنی هاژەڵان و، دروستکردنی گووند و، دەستکردن بە چاندنێ، دۆخێکی وهای بە هاردی داهێنا، هاخلاق شێوەی گرت و، هەموو هەڵسوکەوتکردنێکی نالەبارانەی بە لادا خست. بنۆڕنێ، بنیادنانی گووند و هەڵچەنینی خانوو، چ بە بەرد بووبێ، چ بە خشتی کاڵ، بەندێتی بە هاخ(خاک) دروست دەکات. سەرەڕای ئەوەش، ئەو خەڵکانەی نیشتەجهێن جووتیارن، جووتیار توووندوتۆڵ بە خاک گرێدراوە، هوودای دایکیش لە خاک دەردەکەوێ و ڕسقیان دەداتێ، لەبەرهەندێ پەیوەستی بە خاک، دەبێتە پەیوەستی بە هوودای دایک، ئەمەش وها دەکات دڵ و دەروون و دەماخی جووتیار وەکوو هەرشی هوودا قاڵب بگرێ. هەمان هەلومەرج لە بۆ مەڕوان و گاوان لە هاردی دایە، ئەو ڕانەی شیوان دەیلەوەڕێنێ، خاکی دایک ڕسقی دەداتێ، بۆهێ شیوانکار بە هۆی ڕانەکەیەوە بە هەندازی جووتیار بە خاک بەندە، ئەمەش دەبێتەوە بە بەندەبوون لە بۆ

هوودای دایک. بەم چەشنە ڕووناکبیرێتی و بیروباوەڕی هەردوو شەقڵی کۆمەڵی کووردهەواری، هەرهێکێکە، هەردووک دەبنە دوو هەستوونگی نەکەوتنی شارستانێتی دایک و، بە تووندی بنچەق دادەکووتن.

## پۆپەی 06

فەرهەنگی هاردی لە ناوەندی شارستانێتەوە، پەرتی جێهانێ دەبێ، لە کاتێکدا جێهان ڕوو بە هۆفێتی و تاریکی ملی داوەتە ڕێ. دوو ڕەوتی دژ و بنەڕەت جوودا، هاردی هێزی خێرە و هۆفی هێزی شەڕە، هەلومەرجەکەش وهایە، هێکەم خاو و دووهەم خێرا بڵاو دەبێتەوە. هەرجهێ لە جێهانێ، هەرکە فەرهەنگی بیری دایکانی کووردهەواری دەگاتێ، ڕووناک دەبێتەوە و، زیندەگی تیایدا دەژیێتەوە. هاردیبوون بە شێوەی ڕاستەوخۆ گەڕاندنەوەیە ڕوو بە خاک، جا لە بەرئەوەی هوودا لە خوودێتی خاکدا دەردەکەوێ، بە واتای گەڕاندنەوەیە ڕوو لە هوودای دایک و مایەی بە زەوی داهاتنی ڕووناکیهە، ڕووناکهیش بە خۆڕسک ڕێ لە تاریکهی هۆف دەبەستێ. ئەو خەڵکانەی فێریماڵیکردن و چاندنێ دەبن، خۆ لە کاری نێچیروانی دەکێشنەوە و دەست دەدەنە شیوانکاری و جووتیاری، ئەمەش وهایان لێ دەکات خۆیان لە هاردی بکووتن و سەقامگیربن. لەم بە هاردیبوون و سەقامگرتنەی خێڵانی بە پێشینە نێچیروانی تازە شیوانکار و جووتیار، گۆڕانی گشتەگیر بە سەر خێڵەکاندا هات، هێکێک لە گۆڕانەکان ئەوەیە، گۆشت لە پێکهاتەی بژێودا شوێنی بەرتەنگ دەبێتەوە و، شیر و بەرهەمە چاندراوەکان دێنە پێشێ، بە جۆرێک بەشی سەرەکی بژێویان لێ دابین دەکەن. لە خۆرهەڵاتێ لە دۆڵی سیند، لە خۆرئاواهێ لە دۆڵی نیل، مانگا پتر لە هاژەڵانی دیکەی شیردەر بە دەستەوە هاتوون، ئەمەش وهای کردووە شیری مانگا لە کن خێڵانی هەردوو دۆڵەکە ببێتە ڕەگەزێکی بنەڕەتی لە بژێو، لەبەرهەندێ بە چاوی بایەخ و شوکرانەوە لە مانگایان دەڕوانی، بەڵام پاشانەکە لاڕێهی ڕوویداوە، قۆمەکانی سیند و نیلێ، لە نەزانی خۆیانەوە پایەی جهێنیشینی هوودایان بە مانگا داوە. زهینتان ڕوون بکەنەوە، بەشکووم باش تێبگەن لاڕێبوون لەبەرچ ڕوویداوە؟ بە پێڕستی مهیر و زانستی ڕاستیەقین، ڕسق هوودا دەیدات، هوودا لە کەسێتی خاکدا دەردەکەوێ و ڕسقی بەشەری دەدات. خەڵکەکە لە سەر ئەم هێڵی بیروباوەڕە هاتوون و، کاتێک گهیشتوونەتە "مانگا،" لە هێڵەکە لایانداوە و لاڕێبوون، لەوان وهابووە مادەم ڕسق کەوتۆتە گوانەکانی مانگاوە و، بژێوەکەیان لە شیری ئەو گیانلەبەرە دەستەبەردەکەن، واتای ئەوەیە هوودای دایک لە خوودی مانگادا دەردەکەوێ، هەتا ڕسقی بەشەرێت بدات. ئەوها لە هەڵەتێکی تێهیزرینەوە، ڕەوتێکی شێواوی دینداری لە ڕەوتی

ڕاستیەقینی دینداری جوودا بۆتەوە. بنوارِن خەڵکینە، ڕەگەزە خۆراکیەهەکان سێهانن، هێکەم: میوە و سەوزەوات، دووهەم: هێڵکە و شیر، سێهەم: گۆشت. لە پۆلێنی بیروباوەڕی ڕاستیەقیندا، هێکەم بە مهیری، دووهەم بە مهیرهۆفی، سێهەم بە هۆفی ناسدراوە. هوودای دایک لە خاک دەردەکەوێ و ڕسقی زیندەوەرانی خاکڕەچەڵەک دەدات، ئەوە شتێکی جێگیر و نەگۆڕە، بەڵام هەرگیزاوهەرگیز هوودا لە مانگا و مەڕ و بزن دەرناکەوێ هەتا شیر بە مهیرهۆف بدات، ئەو شیرە ڕسقی گۆلک و بەرخ و کاریلەیە. هوودا لە گیانلەبەری خاکڕەچەڵەک دەرناکەوێ بە قەسدی پێدانی ڕسق بە جۆرە گیاندارێکی دی. هوودای دایک لە ژندا دەردەکەوێ و لە ڕێی شیری مەمکەکانیەوە، ڕسقی منداڵەکەی دەدات. لە مانگادا دەردەکەوێ و لە ڕێی شیری گووانەکانیەوە، ڕسقی گێرەکە دەدات. لە هەرجۆرە گیاندارێکدا هوودا لە ڕەگەزی دایک دەردەکەوێ و، لە ڕێی دایکەوە ڕسقی بەچکەکان دەدات. هەروەکوو گووت دراوە: هوودا سەر بدات، ڕسقیش دەدات. ئەو سەرەی بە جێهانێ دێ، لە دایکێکەوە دەردێ، هەر لە دایکەکەشەوە ڕسقی پێ دەدرێ. خەڵکی سیند و نیلێ، سەبارەت بە مانگا خراپ تێکەوتن، دەبوو بزانن دەستبردن لە بۆ بۆ گووانی هاژەڵان و دادۆشینی شیرەکەیان، هەر ئەوهاش دەم بردن لە بۆ خواردنی هێڵکەی پەلەوەران، کاری مهیرهۆفانەن، هەم لە کارەکە و هەم لە ڕەگەزە خۆراکیەهەکە، بڕێک لە هۆفێتی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا خواردنی هێڵکە و شیر، گەلێک لە گۆشتخواردنێ باشترە، چوونکی گۆشت هەم لە ڕەگەزە خۆراکیەهەکە و، هەم لە کووشتن و سەربڕینیەوە، بە تەواوی هۆفیانەیە.

## پۆپەی 07

لە ناوەندی شارستانێتی دایک لە کووردهەوار، دینداری بە دروستی ڕەوتی درابووهێ، بەبێ ئەوەی هیچ لە ڕێ لادانێک، یان هەڵەتێک لە بیروباوەڕی ڕاستیەقین ڕووبدات. کاتێک بەشەرێت لە بهێشتی زاگرۆس خوولقا، بە چاوی بایەخ و شوکرانەوە ڕوویان لە خۆر(هۆر)کرد، لە ڕووناکی خۆرهەتاوەوە نووری هوودای دایکیان دەدیت، چوونکوو ڕاست و ڕەوان هوودایان دەناسی، دەیانزانی هوودا تینە(دینە) و، دەرکەوتنی گەورەی تین لە خۆر بە دید دێ. زەمەن هات و زەمەن ڕۆی، کووردهەوار هەر بە ناوەندی زانست و هەقڵانیەت مایەوە، لەبەرئەوەی دینداریەکەی لە کرۆکی زانست هاتبووە دەرێ و، پیران و مووخان بە قیاسی هەقڵ دەیان پاراست. بەڵام قۆمەتانی بەشەری لە جێهانێ، هێدی هێدی ڕێ ڕاستیەقینەکەیان گووم دەکرد و، بە شێوەی شێواو قاڵبیان بە دینداری دەدایەوە. لە ڕاستیدا شێوان و لاڕێبوونەکانی

دینداری، هێکسەرە لەگەڵ دەستپێکی چەرخی مهیرهۆفی دەستیان پێکرد، کاتێک زۆربەی بەشەرێت لە شەڕی نەفسی خۆیان دۆڕان و، نەیانزانی هەڵسوکەوتی دروست لەگەڵ هەلومەرجە نوێهەکەدا بکەن. بەشەر لە دوو کاتدا دەکەوێتە تاقیکردنەوەی نەفس، کاتێک لە تەنگانەیە و کاتێکیش لە فەرهانی، لە هەردوو باردا، ئەگەر بەشەر هاقڵ نەبێ، دوور نیهە ڕکێبی نەفسی خۆی لە دەست دەربچێ و، دین و دوونیای بدۆڕێنێ. ئەو سەردەمەی بەشەرێت تووشی قاتوقڕی هات، سەردەمی تاقیکردنەوە بوو لە باری تەنگانەدا. لەو وقهتیدا بەشەر بە تێروتەسەڵی هەموو شتێکی دەزانی و، زۆر چاک دین و دوونیای دەناسی، دەبوو ئەو زانین و ناسینە واهای لێ بکات، توو‌ند جڵەوی نەفسی بگرێ بە دەستیەوە و، هێواش هێواش ئەو تەنگانەیە تێپەڕێنێ. بەشەر ڕێی درابووهێ، کەینێ میوە و سەوزەی دەست نەکەوت، هەینێ بە هێندەی ڕەواندنەوەی برسیێتی، لە گۆشتی گیانلبەرانی مهیری بخوات، ئەگەر زۆریش ناچار و برسی بوو، بە ڕادەی بەردەباز دەم لە گۆشتی هەژەڵانی مهیرهۆفی بدات، بەڵام لە هیچ بارێکدا خواردنی گۆشتی گیاندارانی هۆف ڕێی پێ نەدراوە. بەشەرێت ئەوەشیان دەزانی، ئەمجا زۆرێکیان لە جۆرخۆری و لە زۆرخۆریدا، تووشی گوومڕابوون هاتن. پاش ئەوەش هوودای مهیربان ڕهەمی پێ کردن و، لە میانی شۆڕەشی دایکانی کووردهەواریدا، هیدایەتیدان. شۆڕەش هەلومەرجەکەی لە بنەڕەتەوە گۆڕی، مهیرپەرستی سەرلەنوێ قاڵبی گرت و، هەلی سەرڕاستی و دڵاوەری دانێ. لەوکاتیدا بە هەق خەڵکی هەوارەکە، بەندی خۆر و خاک بوون، لەبەرهەندێ بڕێکیان بە خۆری(هۆری)، بڕێکیش بە ئاری(هاری) ناویان ڕۆی. هەردوو ناولێنانەکە دروستن، ئەوانی بە خۆر بەند بوون و ئەوانی بەندی خاک بوون، هەرهێک کۆمەڵە خەڵک بوون و، بە هاقڵی و تێروتەواوی هوودایان دەناسی. لە قووڵاهی ئەو ناسینەدا، هوودای دایک لە کەسێتی خۆر و خاک و، لە کەسێتی مێینەی مهیرۆفدا بینددراوە. ئەوە فەرە هوودا نیهە، بەڵکوو دەرکەوتنی جووداجۆری هێک هوودایە. هوودای دایک تاقانەیە و، لە تایبەتمەندیهەکانی مێی بوونەوەردا دەردەکەوێ، جا ئەو بوونەوەرە لە پلەبەندێتی پەیدابووندا، بە هەرچەشنێک ڕسکابێ. دەرکەوتنی جووداجۆر لە هوودای دایک، گرێدراوی تایبەتمەندی دایکێتی هوودایە. دەرکەوتنەکان زۆرن و، ناوەکان جۆربەجۆرن، بە پێی جووداجۆری دەرکەوتنەکان، ناوەکان بە زهین و زاردا هاتوون. "هاخ" هەم ناوە لە بۆ خاک و هەمیش لە بۆ هوودا لە میانی دەرکەوتنی لە کەسێتی خاکی دایکدا. وشەکانی "هاخ" و "هۆف" لە هاخاوتنی درەنگ وقهتی کووردهەواریدا، بە ئاخ و ئۆف گۆڕدراون، لە وشەی هێکەمدا گوزارشت خێرە و، لە هی دووهەم شەڕە. ناوی هوودا لە سەر زاری مووسای کووڕی هیوکابد بە "ئیلۆهیم - هیلۆهیم" هێندراوە، وشەکە لە زمانی زگماکدا بە واتای "جوولەی گشت،" یان "هەموو جوولەکان" دێ، ناوێکی دروستە لە بۆ ناساندنی هوودای دایک، چوونکی هەموو

جوولەکان بە هۆی تینەوە دروست دەبن. هیسای کووڕی مریەمێ ناوی "ڕەب"ی داوەتێ، وشەی ڕەب بە واتای ڕەو و ڕۆیشتن دێ. پاشترێ مهەمدی کووڕی هامینێ بە وشەی "ئەڵڵا" هوودای ناساند، وشەکە لە شێوەی دروستیدا "هەڵا"یە و، وتای جەم و جۆل دەدات. هەرسێ ناوهێنانەکە واتادارن و، ناساندنێکی دروست دەچرپێنن. لە کووردهەواریدا وا دەهان هەزار ساڵە، هەموو ساتە وقتهێک وشەکانی"هەڵا هەڵا" و "یاهەلا" و"یاڕەبی" بە سەر زارانەوەن، هاوکات وشەکانی "دین، هوودا، مهیربان، بەخشندە، گیان، دڵۆفان"، ناو و ناساندنی ئەو دایکەن. هوودا هێک هوودایە، بەس ناوەکان جوودان، خەڵکی کووردهەوار هەرلەپەیدابوونی بەشەرێتەوە هەتا ئەوڕۆکە، تەنەها و تەنەها ئەو هوودا تاقانەیە دەناسن و پێوەی بەندن. بینینی خۆر و خاک و دایک، ئاگر و ئاو و هەوا بە شووکر و شکۆوە، لێکەوتەی کەڵک گرتن نیهە، بەڵکوو لە ناسینی خوودێتی هوودا دێ. هوودا تینە، دەرکەوتنی گەورەی تین لە خۆر، ڕاستیەڤینێکی بەرچاوە، هاوکات دەرکەوتنی لە خاک و لە ژنیش شکی تێیدا نیهە، لە باران و با و دەریاش دەرکەوتنێکی دایکێتی ڕاستیەڤین و ڕەوا هەیە. ناڕاستی و ناڕەوا ئەوەیە، پاشانەکە لە دەرەوەی ناوندی شارستانێتی دایک، گوومڕابوون ڕوویداوە، هەرهێکێک لە دەرکەوتنەکان بە جوودا و تایبەت، وەکوو هووداهێک بیری لێ کردراوەتەوە و ڕووی دراوەتێ، سەرەڕای ئەوەش شێوەی جووداجۆر لە بۆ هوودا داتراشدراوە. ئەوەتانێ لە هێوەی خۆرئاوای کووردهەواردا، هەستێتەی"مانگ"، لە خۆر هەڵاتیشدا "مانگا" بە جوودا و تایبەت، وەکوو هوودا بیندراون. قەینا ئەویان مانگ لە شەوان ڕووناکی ڕێی داونەتێ، ئەمیان مانگا شێری پێداون، بەڵام نابێ ئەم کەڵک لێوەرگرتنە وهایان لێ بکات لە زانستی ڕاستیەڤین لابدەن و گوومڕابن، لە ناو هەموو سەرێک بڕێک هەقڵ هەیە، دەبوو ئەو هەقڵە بەرکاربێ و، بە دروستی هووداپەرستی بکەن. بە ڕاستی بەشەرێت خراپی بە سەر خۆیدا هێنا، لە نێو هەندێک لە خێڵانی مهیرهۆفی و، لە ناو سەرجەمی خێڵانی هۆفیدا، شێواندن و شێوەگرتنەوەی دینداری، ڕۆژگار بە ڕۆژگار فەرەوانتر دەستی دراوەتێ، لە هەندێک جهێ هەرخێڵێک تایبەت بە خۆی شێوەی بە هوودا داوە. هوودا هێک هوودایە، زەمان و زەمین هوودا ناگۆڕێ، ئەوی گۆڕدراوە هیزر و هەستەکانی بەشەرە، لە مهیر لایداوە و گرێدراو بە هۆف ڕەوتی دراوەتێ.

## پۆپەی 08

هیچ داڕووخانێک لە هیکڕا ڕووی نەداوە، شارستانێتی دایک لە ناوچەی ئەو خێڵ و هۆزانەی هۆفی بوون، ڤیچ ڤیچ لێی کەم بۆتەوە، چوونکە هۆفیبوون بە واتای خاڵی

بوونەوە لە مهیر نیهە، بەڵکوو هۆف پێشی مهیر دەکەوێ، دەنا هەم لە ئاستی خێڵ و، هەم لە ئاستی تاکێتی، هەندێک تایبەتمەندی مهیری درێژەیان دراوەتێ، لەگەڵ ئەوەشدا هەرهەنگاوێکی هۆفێتی، ڕێی کردۆتەوە لە بۆ هەنگاوی دی، بەمەش پێ بە پێ شارستانێتی دایک لە کوورتی داوە، بەم هۆیەشەوە دایک بە هێواشی پایەی خۆی لە دەست دەدات. لە ناو ئەو خێڵانەی هۆف پێشی مهیر کەوتووە، هاوشان لە باری ڕەگەزیدا نێرینەکان پێشی مێینەکان، لە باری خوودیدا کووڕان پێشی دایکان کەوتوون. نێرینەکان بە هۆی نێچیروانیەوە لە بن باڵی دایکان هاتبوونە دەرێ و، کارەکە هەلی ئەوەی دابوونێ بتوانن خۆڕیاتی بکەن، سەرەڕای ئەوەش پێشینەی توولکێشیان لەگەڵ نێچیروانیدا، ئەوانی لە سەر توندڕەوی ڕاهێنابوون، وهای لێ کردبوون براتی و برادەری دەرباز بکەن و، هێقە بە هێک بگرن، هەروەکوو دەست لە گیانداران دەوەشێنن، ئەوهاش دەست لە هێکدی بوەشێنن. لە سەر ئەم هێڵە، بە هێکدا هەڵپڕژانی ناوخۆی هۆز و، شەڕی نێوان هۆزەکان بە گۆڕێ کەوتوون. ڕەگەزی دایک نە پێشینەی هیچ جۆرە شەڕ و خوونڕێشتنێکیان هەیە، نە دەتوانن لە باری زهینی و دەروونیەوە لەگەڵی ڕابهێن، بۆهێ شەڕ بە قووڵی کاریگەری لە سەر مێینەکان بەجێ دهێڵێ. شەڕ بە تەنەها پەلاماردانی لەش نیهە، پەلاماریشە بۆ سەر دڵ و دەروون و دەماخ. شەڕ بێجگە لە کووشتن و هەڵدڕین، بە توندی دەروون ناهەموار دەکات، هێمناتی لە بار دەبات و، ترس و دڵەڕاوکێ بە دەروون دادهێنێ. ئەو جێهەی شەڕی تێیدا بەرپایە، مەرگ لە پێشترە وەک لە ژین. ئەمەش لەگەڵ ڕەگەزی دایک دژاتی قووڵی هەیە، چوونکە ژن نوێنەراتی ژین دەکات، لە ڕووی واتاشەوە هەردوو وشەی ژن و ژین هەرهێکێکن، هەردوو وشەی ژیان و ژین-یش، تەنەها ناوی مێینەن.

## بۆپەی 09

ژنان سەرچاوەی خێر و، پیاوان سەرچاوەی شەڕن. لە ناو هەموو پێکهاتێکی کۆمەڵاتیانەی بەشەریدا، مێ نوێنەرێتی مهیر و، نێر نوێنەرێتی هۆف دەکات. کاتێک لە باری زهینیدا هۆف پێشی مهیر بکەوێ، لە باری زەمینیدا هێزی مێ کوورت دەکات و، هێزی نێر لە پشتبەستن بە هۆفێتی، خۆی دەسەپێنێ. لە پشت هەموو کاولکاری و ئاشووبێک، زهینی نێر و زاری نێر و بزاوتی نێر هەن. نێرەکان بە تایبەتمەند نێزیکە هۆفن، ئەگەر لە سایەی مێهێتی دەربچن و خۆبەخۆ هەڵبسووڕێن، ئافات بە هاردی دادهێنن. بە پێچەوانەوە مێینەکان بە تایبەتمەند نێزیکە مهیرن، ئەمەش وهای لێ کردوون لە ناو هەربازنێک و، لە سەر هەرهێڵێک بن، بەربە خێروخۆشی بچنە پێشێ. نێرینەکان شەڕ بەرپا دەکەن و شەڕ کەشی هۆفێتی دەسازهێنێ، بە هۆی شەڕەوە پایەی

نێر و بایەخی نێر لە هەموو ئاستەکاندا بەرز دەبێتەوە و، هی مێ دادەبەزێ. لە بیروباوەڕی ڕاستیەقیندا، پایەی ڕەگەزی مێ، گرێدراو بە هەڵقەکانی گەردوون جهێی دراوەتێ، لەبەرهەندێ هەرگۆڕینێک لە پایەی ڕەگەزەکان، کارێکی بەرەواژە، بەڵام کە هۆف پێشی مهیر بکەوێ، گۆزەکە قلْپ دەبێتەوە و، چاوڕاوێکی تێێدا نامێنی لێوێکی هووشکی پێ تەڕ بکەن. لە بەرپابوونی هێکەمین شەڕەکانی بەینی خێڵان، ئەو شەڕانەی بوونە دەستپێکی چەرخی هۆفی، ڕەگەزی دایک لە هەردوو بەرەی شەڕدا، مهیر دەنوێنن و، ویستی ئاشتی و هێمانتی دەخەنەڕوو. هاوکات بڕێک لە کووڕانیش دەچنە پاڵ دەنگی دایکیانەوە و، هۆفیبوون ڕەت دەکەنەوە. ئەم ڕەتکردنەوەیە هێکەمین لە هێک ترازانی بەربەخێرە لە ناو خێڵ و هۆزەکاندا و، پشتی  بە ناموس بەستووە، شەڕەکانیش هێکەمین کاری گەورەی بێ ناموسین. بڕۆننێ، مێ سەما و سترانی داهێنا و نێر شەڕوشۆڕ، لە کاتێکدا سەما و ستران چێش دەبەخشن و، شەڕوشۆڕ نەهامەتی.

## پۆپەی 10

نە خێڵ و هۆزەکان بە هێکڕا دەبنە هۆفی، نە هۆفیبوون هێک شێوە و شەقڵی هەیە.  لە هەردوو چەرخی مهیری و مهیرهۆفیدا، کۆمەڵانی بەشەرێت لە جێهانێ، هەموو بە هێک ناموس و، بەهێک بیروباوەڕ هەڵسووڕاون، جوودایەزی کۆمەڵێک لەگەڵ کۆمەڵێکی دی، تەنەها لە ڕووکەش و لق و پۆپی هەڵسوکەوتکردنێ شێوەی هاتۆتێ، نەک لە باری جەوهەریدا. بەڵام لە هۆفیبوونی خێڵاندا، بنەڕەت و جەرهەر دەگۆڕێ. هۆفێتی هێک ڕێسای نیەه، لە هەرشوێنێک و لە ناو هەرخێڵێکی هۆفیدا، بە شێوە و جۆرێک ڕێساکانی خێڵ داڕێشتدراونەتەوە، ئەمەش دارا و بە دەور دەبێ، لە پێدانی شێوەی جوودا بەو دەسهەڵاتە هۆفیانەی، کە پاشان لە سەر بنەمای تواندنەوەی خێڵەکان و، پێکهێنانی کۆمەڵی چیناتی بنیادنراون. سەرەتا چیناتی لە نێو خێڵ و هۆزە هۆفیەکاندا شێوەی هاتۆتێ، ئەوانی لە بەرەی شەڕدان، وەکوو چینی زاڵم و، ئەوانی لە دەرەوەی شەڕدا ماونەتەوە، وەکوو چینی مەزلووم قاڵب دەگرن. دایکان هانی هێمناتی دەدەن و شەڕیان ناوێ، وەلێ کووڕە شەڕانیەکان گووێ نادەنە قسەی دایکان، هەروەکوو لە نێچیروانیدا خۆبەخۆ بڕیاریان داوە، لەمەوپاشیش بەبێ گەڕانەوە لە بۆ دایک بڕیاری شەڕەکان دەدەن. لێرەدا بەڵادەستی نێرینەکان بە سەر خێڵدا دەسەپێ و، کووڕ دەچێتە ئەو ناوەندەی پایەی دایکە و، دایکیش کارێکی لە دەست ناهێ. کووڕە شەڕهەنگێزەکان هەروەکوو دەست لە خێڵانی دی دەوەشێنن، لە زەبر و زۆری بەرامبەر بە چینی پەراوێزی خێڵەکەی خۆشیان سڵناکەنەوە. لەو دەمیدا ئەو چینە دوو

هەڵبژاردەی لە پێش ماوەتەوە، یان تێکەڵ بە چینە شەڕکەرەکە بێتەوە، یان سەر هەڵبگرێ و لە سەر زەمینێکی دی بگیرسێتەوە، بێشک هەردوو هەڵبژاردەکە دەستی لە بۆ بردراوە، بەمەش هەرزوو چینە پەڕاوێزەکە نەماوە. بەڵام لە بازنەی خێڵە هۆفیەکاندا چینی زاڵ و چینی پەڕاوێز لە سەر بنەمای ڕەگەزی شێوەی دراوەتێ.

## پۆپەی 11

شەڕی نێوان خێڵەکان شەڕی دەست و هێقەیە، شەڕی تێڵا و دار و بەردە، شەڕێکە لە کرداردا پشت بە هێزی ماسوولکە دەبەستێ، هەروەکوو لە باری زهینی و دەروونیدا نێرانەیە، لە باری جەسدەش بە لەشی قەبە و زبری نێرینەکان وەڵام دراوتەوە، نەک نەزاکەتی مێینەکان. بەم پێودانگە، ئەو خێڵانەی بە ژمارەی زۆرتر پیاویان تێیدا بووە، شەڕوانیان زۆرتر بووە و، شەڕەکان بە قازانجیان هێکلابوونەتەوە. لە ناو ئەم هەلومەرجەدا، چ لە باری هێرش و چ لە باری بەرخۆداندا، نێراتی بایەخ پەیدا دەکات. لە چەرخی مهیریدا دایکی کیژان لە پێش دایکی کووڕان دهات، نەک بەس لە بەر ئەوەی کیژ دەبنە ناموس و مایەی پەرەستەندنن، بەڵکوو لەبەرئەوەی مێ مهیرە، بۆهێ بە هەبوونی کیژان لە نێزیک خۆیانەوە، پتر هەستیان بە هەبوونی هوودای دایک دەکرد. لە چەرخی مهیرهۆفیدا لێکەوتەی هەلومەرجی نوێی زەمین، بە هەندازێک کاریگەری لە سەر زهین دادەنێ، کووڕان لە ڕێی کاری نێچیروانیەوە، بەشێک لە بژێو دابین دەکەن، بەمەش دایکی کووڕان هەست بە بایەخداربوون دەکەن و، کووڕەکانیان بە مایەی خێر دەبینن. لەو چەرخەدا هەرهێکە لە دایکی کیژان و دایکی کووڕان بە دوو شێوە هەست بە دڵخۆشی دەکەن، هێکێک بە سەرچاوە لە مهیر، و ئەویدی بە سەرچاوە لە هۆف. بەڵام لە چەرخی هۆفیدا هەلومەرجەکە بە تەواوی بە سەر مێدا قڵپ دەبێتەوە و، لە میانی بە هاردی داهاتنی شەڕەوە، ڕەگەزی مێ پایەی ڕەوای خۆی لە دەست دەدات، بایەخی دایک بە کووڕ و، هی خووشک بە برا گرێ دەدرێ، لە نێوان ژنەکانیشدا دایکی کووڕان بە سەر ئەوانی دیکەدا پایەداردەبن.

## پۆپەی 12

بە ڕقەبەرێتی و شەڕ و کووشتاری ناوخۆی خێڵ و، نێوان خێڵە ڕاوچیەکان، چەرخی هۆفی بە سەرەتا هات. لە شەڕەکاندا نێرینەکان کووشت دراون و، مێ و منداڵ بە تووندی ڕووبەڕووی چەوساندنەوە و، خوورتیگێ هاتوون. ستەمکردنی گەورە و گران لە ڕەگەزی دایک، لێرەڕا دەستی پێکرد. بەڵام لە باری ساماندارێدا، خوولانەوە

لە بازنێکی دیاریکردراو دایە. شەڕ بەرگری بووبێ، یان پەلاماری دەست بەسەرداگرتنی باخاتی میوە و ڕووبەری سەوزەوات، یان دەریاچەی ماسی و، ناوچەی گیاندارانی کێوی، شتێکی وها بە دەستەوە نادات هاوکێشەی بنەڕەتی بگۆڕێ، ئەو شتانەی بە دەست دهێن، هەمان ئەوانەن کە پێشتریش بە دەستیانەوە بوون. ئەوەی لە باری ساماندارێدا وەرچەرخانی بنەڕەتی بە هاردی دادهێنێ، پەلاماری خێڵە ڕاوچیەکانە لە بۆ سەر خێڵانی هاردی، چوونکە لەو پەلامارانەدا هۆفێتی باڵا دەکات، باڵابوونەکە بە هۆی دەستکەوتەکانی شەڕ بە دید دێ. ئەو دەمەی خێڵێکی ڕاوچی بە سەر خێڵێکی دیکەی ڕاوچیدا زاڵ دەبێ، دەستکەوتەکەی لە باری بژێودا سنووردارە، بەڵام لە پەلاماردانی هۆزە هاردیەکان، دەستکەوتەکان بە هەندازێک زۆر و زەبەندن، هاوکێشەکان دەگۆڕن. خێڵە شیوانکارەکان دارای هەزاران سەر مەڕومالاتن، خێڵە جووتیارەکان خاوەنی سەدان گاجووت و ماین و هەسپن، بێجگە لە دانەوێڵەی لە چاڵ هەڵگیردراو. ئەوەی خێڵە هۆفیەکان لە چەندان مانگی نێچیروانیدا دەستیان ناکەوێ، ڕەنگە بە پەلامارێکی لە هیکڕا چنگی بخەن، چوونکە هۆزە هاردیەکان سەرگەرمی کارن و لە بیری شەڕدانین، خۆ تەیاردان بە قەسدی بەرخۆدان و وەستانەوە لە هەمبەری هۆفێتی، پاش پەلامارە هێکەمینەکان دەستی دراوەتێ.

## چەرخی هۆفی

پەلی هێکەم

### پۆپەی 01

ڕەوتی هۆفێتی بە دوو جۆر شێوەی هاتۆتێ، جۆرێکی ڕەق لە ناو هەلومەرجی برسییێتی لە کەسێتی خێڵە ڕاوچیەکاندا، جۆرێکی نەرم لە ناو هەلومەرجی تێرو پڕی لە کەسێتی خێڵە هاردیەکاندا، هەرهێکەشیان مێژووی خۆیان هەیە و، لە ڕەوشی جیداواز سەریان هەڵداوە، بەبێ ئەوەی پەیوەندیان بە هێکدیەوە هەبێ. جۆرە ڕەقەکەی هۆفێتی بە هێک شوێنی دیاریکردراو نەبەستدراوەتەوە، فەرە بنکەیە و لە جهێی جوودای جێهانێ قاڵبی گرتووە. لە هەرشوێنێک چڕبوونەوەی خەڵک ڕوویدابێ و، سەرچاوە خۆڕسکەکانی بژێو نەیتوانیبێ وەڵام بە پەرەسەندنی چەندێتی بداتەوە، زەمینەی کێشمەکێش ڕەخساوە، جا ئەو خێڵانەی بە هۆی پیسخۆریەوە، هۆفێتی لە دەروون و دەماخیاندا هەڵکشابێ، کێشمەکێشەکان بەرەو شەڕی دەستوهێقە دەبەن. کاتێک خێڵێک

ویستووتی ناوچەی ڕاو، یان باخی میوە و ڕووبەری ڕوەکە خۆڕسکەکان لە بۆ خۆی قۆرخ بکات، ئەم ویستی قۆرخکردنە کردووتی بە گژ خێڵی دیکەوە، سەرەنجام ئەمەش کردوونی بە بەرەی ڕقەبەر و، بەرەو شەڕی بردوون. چەرخی هۆفی لە دەرەوەی خۆرمیانێ ئەوها دەستی پێکرد، وەلێ هۆفێتی لە ناوخۆی خۆرمیانێ بە ڕادەی چەندان هەزار ساڵ درەنگتر بە شێوە هات، شێوەهاتنێک لە جۆری نەرم و، لە سەر بنەمای زیێدە بەرهەم، تەواو جیداواز لەوەی لە کەسێتی خێڵە ڕاوچیەکان شێوەی هاتۆتێ. دەسهەڵاتی هۆفێتی لە هەردوو جۆری ڕەق و نەرمیدا، پشت بەستوو بە پەلاماردان سەرپێ کەوتووە، لە جۆرە رەقەکەیدا پەلامار لە سەر جەسدەیە، زەبری ڕەق دەوەشێندرێ و جەسدە هەڵەتە، یان هێخسیر، یان پاکتاو دەکردرێ، مەرامیش لە کارەکە هێنانە ژێرباری پەلاماردراو و دامردکاندنی بیروباوەڕە. لە بازنەی بیروباوەڕی ڕاستیەقیندا خاک دایکە، دایکیش هامێزی لە بۆ هەمووان هاوالایە، بەڵام ئەوانی هۆفین، بە پێچەوانەی نامووس هەڵسوکەوت دەکەن، لە قۆناخی هێکەم خوازیاری قۆرخکردنی باخی میوە و ڕووبەری ڕوەک، یان ناوچەی ڕاون، لە قۆناخی دووهەم چاودەبڕنە بەری ڕەنجی خێڵانی هاردی و، دەیانهەوێ بە تۆبزی و بە کووشتاربەڕێخستن لە دەستیان دەربهێنن. هۆفێتی لە جۆرە نەرمەکەیدا، ڕەوتێکی دیکەی هەیە، پاکتاوی لەش ئامانجی نیهە، بەڵکوو زهین و دەروون پەلامار دەدات و، لە ڕێی دەست بەسەرداگرتنیانەوە، جوولەی لەش دەخاتە خزمەتی دەسهەڵاتی خۆیەوە. لە گشتەدا بە دوو شێوازی جوودا، هەردووکیان هێک ئامانج دەپێکن، لە هێکێکیاندا بە زەبر و خوورتیلێکردن، بە بەکارهێنانی ئامرازی ڕەق هەوڵی ملکەچ پێکردن دراوە، لە ئەوی دیکەدا هێور و رۆژگار بە ڕۆژگار بیروباوەڕی ڕاستیەقین گۆڕدراوە و، لە ڕێی درۆ و هەڵخەڵەتاندنەوە، مل بە خەڵک کەچ کردراوە. بەمەش سەروەری و سەربەستیهێک، کە بەشەرێت لە میانی شارستانێتی دایک هەیبوو، لە سێبەری دەستهەڵاتی هۆفێتی - چیناتی لە دەست دراوە.

## پۆپەی 02

لە هەڵکووتانە سەر خێڵە ڕاوچیەکان، دەستکەوتی نەگوێستدراوە و، لە پەلاماری سەر خێڵە هاردیەکان، دەستکەوتی گوێستدراوە وچنگان دەکەون. جا ئەوەی گۆڕانی بنەڕەتی لە باری ساماناداری و، لە پێکهاتەی خێڵاتی و، لە شێوەی ژیانکردنی خێڵە هۆفیەکان بە هاردی دادهێنێ، دەستکەوتی گوێستدراوەیە. دەستکەوتی نەگوێستدراو لە نموونەی باخی میوە، ڕووبەری ڕوەک و ناوچەی ڕاوێ، هەرتەنەها بەشی بژێوە، هەلی هیچ وەرچەرخانێکی بنەڕەتی لە پێکهاتەی خێڵەکان ناهێنێتە گۆڕێ، بەڵام

دەستکەوتی گوێستدراوە، دەستڕاگەیشتن بە گاران و مێگەڵ و، بە ڕەوە هووشتری خێڵە شیوانکارەکانی خۆرمیانێ، یان گاگەلی جووت و هەسپ و ماینی خێڵە جووتیارەکانی ئەوێندەرێ، بە واتای بەرهەمی زیادەیە، ئەمەش بنچینەی گۆڕانی گەورە پێک دهێنێ، هێکێک لەو گۆڕانە بنەڕەتیانەش سەرهەڵدانی هەلومەرجی چیناتی ناو خێڵ و هۆزە هۆفیەکانە لە باکووری ئەفریق و، بیابانەکانی نێزیکی کووردهەوار.
پێشترێ لە ڕاوچێتیدا، نێرینەکانی هەر بەرەدایکێک تاقمێکیان پێکهێناوە و، ئەو تاقمانە بوونەتە بنەمای لەهێک جوودابوونەوەی سەرەتاهی بەرەدایکەکان لە باری بژێویدا.
پاشان ئەو تاقمانەی نێچیرفانی، بە هاوبەشی وەکوو هێک خێڵ هەڵدەکووتنە سەر خێڵی دی. تاقمە شەڕهەنگێزەکان گەورە و گچکەن، هەر بەرەدایکێک نێرینەی پتربێ، تاقمەکەی گەورەترە، ئەمەش وەها دەکات دەستکەوتەکانی شەڕیشی پتربن. بەم شێوەیە چیداوازی ژمارەی ئەندامانی بەرەدایکەکان و، دەستکەوتی تاقمە پەلاماردەرەکان، لاسەنگی بە گۆڕێ دەخات، هەندێک بەرەدایک لە ناو خێڵەکەدا دەستکەوتیان کەم و مەسرەفیان زۆرە، هەندێکی دی بە پێچەوانەوە، ئەمەش جیداوازی چیناتی بە دید دهێنێ، بەمجۆرە چینی دارا و چینی نەدار، لە نێو خێڵە هۆفیەکانی بەری خۆرئاوای خۆرمیانێ بە سەرەتا هاتوون، پاشان پێ بەپێی پەرەستەندنی پەلامارەکان، سامانی بە تاڵانهێندراو کەڵەکە دەبێ، بەمەش چیناتی ناو خێڵ بنچەق دادەکووتێتن. دەستکەوتی نەگوێستدراوە سامانێکی گشتەیە لە بۆ هەموو بەرەدایکەکانی خێڵ، لە نموونەدا ڕەزی میوە دابەشکردنی نیهە و، پیاوانی بەرەدایکەکان بیر لە بڕبڕکردنی ناکەنەوە، بەڵام دەستکەوتی گوێستدراوە moolkاتی تایبەت لە ئاستی بەرەدایک و، تاکە کەسێتی بە هاردی دادهێنێ. ئەو پیاوانەی لە کۆمەڵەی بەرەدایکەکاندا ڕێبەرێتی دەکەن، هەسپ و ماینە چەڵەنگەکان لە بۆ خۆیان هەڵدەگرن، بەمەش هێکەمین خاوەندارێتی تایبەت لە ئاستی تاکە کەسی شێوە دەگرێ. لە ئاستی بەرەدایکیش، خاوەندارێتی تایبەت لە سامانداریدا، هاوزەمان بە هێرشی سەر خێڵە هاردیەکان دەستی پێ کردووە.

پۆپەی 03

لە دەستپێکدا شەڕ و کووشتاری نێوان خێڵە ڕاوچیەکان، بە مەرامی قۆرخکردنی باخی میوە و ڕووبەری ڕوەک، یان ناوچەی نێچیر و ڕاوییە، خێڵێک هەوڵیداوە خێڵێکی دیکە هەڵەتە بکاتن، بەبێ ئەوەی بیانهەوێ ئەندامانی هێکدی هێخسیر بکەن. هێخسیر(دیل) دەبێتە بارگرانی بەسەریانەوە، داهاتی نیهە و خەرجی هەیە، پێویستی بە نان و بژێوە، لە کاتێکدا شەڕی ئەوان لە سەر سەرچاوەی بژێوە و، چڵێسی و قەیرانی کەم خۆراکی تووشی شەڕی کردوون. قۆناخی هێکەمی هۆفێتی ئەوها چۆتە پێشێ و،

لە قۆناخەکەدا بە دیلکردن بە هاردی داناهێ. بەڵام قۆناخی دووهەم کە بە هێرشی خێڵە هۆفیەکان لە بۆ سەر خێڵە هاردیەکان دەست پێ دەکات، قۆناخێکە هێخسیرکردن و کۆیلایەتی تێیدا بە دید دێ. پیاوەکان دەکووشت درێن و، مێ و منداڵ بە دیل دەبردرێن. ئەم هێخسیرکەوتنەی مێ و منداڵ، قۆناخی بە سەرەتاهاتنی کۆیلاتی لە ڕەوەندی بەشەرێت پێک دهێنێ. دایکان لە پلەی هێکەم و، منداڵان لە پلەی دووهەمدا، بە تووندی چەوسێندراونەتەوە، تووشی خوورتیگێ کردن و، بە زۆرکارپێکردن و، تووشی برسیکردن بوونەتەوە. خێڵە هاردیەکان دارای سامانی زۆر و زەبەندن، ئەو سامانە وقتهێک چنگی هۆفیان دەکەوێ، هاوکێشەکان دەگۆڕێ. لێرەڕا بە دیلگرتنی ژنان هەم لە بۆ کاری هاژەڵداری و چاندنێ، هەم لە بۆ چێژ لێ بینینێ، دەبێتە ئامانجێک لە پلانی پەلامارەکاندا. ژنان دایکن و، بە هۆیانەوە منداڵەکانیش بە دیل دەبردرێن، پیاوەکانیش دەکووشدرێن، یان هێخسیر دەکردرێن و، بەشێوەی کۆیلە لە خزمەت خۆیاندا بە کاریان دهێنن. شەڕ و پەلامارەکان پێکهاتەکانی کۆمەڵاتی دەگۆڕن و، شێوەی نوێ دەدەنە دامستدراوەی خێڵان. پێشترێ بنەمای خوون و ڕەچەڵەکی دایکان، لە سەر هێڵێک کۆی کردبوونەوە، بەڵام پاش هەڵکووتانە سەر خێڵە هاردیەکان و، بە هێخسیرگرتنی ژن و منداڵ و، هەندێک لە پیاوان، پێکهاتەی خێڵاتی لە نێو هۆفیەکان وەردەچەرخێ. دەستگرتن بە سەر سامانی گوێستدراوەی خێڵانی هاردی، چیناتی بە دید هێناوە، بەشێک لە بەرەدایکانی خێڵە هۆفیەکانی هاوسێی خۆرمیانێ، وەکوو دارا و بەشێکیشیان وەکوو نەدار ڕەوتیان گرت. هاودەم لە هێخسیرکردنی خەڵکانی خێڵە هاردیەکان، کۆیلاتی بە هاردی داهات، پاشانەکە لە هێخسیرکردنی خەڵکانی دی لە خێڵانی ڕاوچیدا، کۆیلاتی پەرەی دراوەتێ، چوونکوو فێری هاژەڵداری و چاندنێ بوون و، لەو کارانەدا کۆیلەکان بە کار دهێنن. بە گشتە هێخسیرەکان کۆیلەی بە کارهێندراون و، بە پلە نزم سەیریان کردوون. بەمجۆرە زاڵم و مەزلووم، دارا و نەدار، کۆیلەدار و کۆیلە، پلەبەرز و پلەنزم واتای دراوەتێ. بێجگە لەمەش، هەندازەی تاڵانیەکان و هێخسیرەکان هەندێک لە بەرەدایکەکان بە سەر خێڵە هۆفیەکاندا دەستڕۆیشتوو دەکەن، لە نێویشیاندا ئەوانی لە هەمووان بە سەر و سامانترن، وەکوو سەرانی گەورەی خێڵ دەردەکەون.

## پۆپەی 04

شەڕ چ بە شێوەی پەلامار لە نێو خێڵە هۆفیەکان، چ بە شێوەی بەرگری و بەرخۆدان لە نێو خێڵە هاردیەکان، پایەی پیاوان بڵند دەکات. پێشترێ منداڵەکان بە کچ و کووڕەوە لە دەوری دایک خڕدەبوونەوە و، گوێیان لە بۆ قسەی دایکیان ڕادەگرت، بەڵام بە

هۆی شەڕەوە، مەودا دەکەوێتە نێوان دایک و منداڵە کوورەکان، خاڵۆ و کاکە (برای گەورە) کووڕەکان لە بۆ لای خۆیان بانگ دەکەن و، لە سەر شێوازەکانی شەڕ ڕایان دەهێنن، لەم بازنەیەدا دایکان ناچارن کووڕەکان هانبدەن گوێدێری خاڵ و کاکە بن، هەتا بە شێوەی جەنگاوەر وەباربهێن و، بتوانن بەرگری بکەن لە کۆبەندێ. سەرکەوتنی خێڵە هۆفیەکان بە سەر خێڵە هاردیەکان لە قۆناخەکانی بەراهیێ، لەوە دەهات کە هاردیەکان سەرگەرمی کاربوون، خافڵبوون لە هۆفێتی و، لە سەر شێوازەکانی بەرگری ڕانەهاتبوون. پاش دەستپێکردنی پەلامارەکان، شەڕی بەرگری لە سەر بنەڕتی مهیری، خۆی دەسەپێنێ و دەبێتە فەرزی مانەوە. هیدی گوێدێری لە بۆ پیاوەکان تەنەها لە کووڕان سنووردار نامێنێ، کچان و ژنانیش ناچارن سەبارەت بە هەلومەرجی شەڕ و شێوازەکانی بەرگری، گوێ بە ڕێنوێنی پیاوەکان بدەن. بەمجۆرە هەم لە نێو هاردیەکان و، هەم لە نێو هۆفیەکان، گوێگرتن لە بۆ پیاوان دەبێتە پێویستی و، دایکان هانی منداڵەکانیان دەدەن لە قسەی پیاوە گەورەکان دەرنەچن. سەرەڕای ئەوەش، چەندین هۆی دیکە دەسەهەڵاتی پیاو لە نێو هۆفیەکان هەڵدەکشێنن و، خێڵی هۆفی بەرەو نێرناوەندی دەبەن. چینی کۆیلە و چینی نەداری ناو خێڵ، سەرلەقێنی چینی سەردەستەن، لە نێو چینی سەردەستەش، پیاوەکان لە ژنەکان بە دەسەهەڵاتترن. دەوامی دۆخی شەڕ، بە واتای توولکێشانی زاڵێتی پیاوە، هەم لە ئاستی گشتەی خێڵ و هەم لە ئاستی بەرەدایکەکان، پاشان ئەو دەسەهەڵاتە قاڵب دەگرێ و، لە دۆخی هێمناتی و سەقامگیربوونیش، پایەی پیاو هەر بە بڵندی دەمێنێتەوە.

## پۆپەی 05

خاوەنداریێتی تایبەتی، هەروەکوو لە سەر سامانی بە تاڵانهێندراو بە دید دێ، ئەوهاش لە سەر هێخسیرەکان بەجهێ دهێندرێ. لەم بازنەیەدا ئەو ژنانەی کۆیلەیان کردوون، دەبنە موولکی پیاوانی هۆفی و، هەمان مامەڵەی هاژەڵەکان لەگەڵ ژنەکان و، تێکڕای هێخسیرەکان دەکەن. دەتوانن لە بۆ هەوەس بەکاریان بهێنن، دەتوانن بیانگۆڕنەوە، یان بە دیاری بیاندەن بە هێکدی، لە وقهتی بەرهەڵستی و گوێ نەگرتنیش، دەتوانن تەمبێیان بکەن، یان بیانکوژن، بەبێ ئەوەی بنەما و ڕێساهێک هەبێ، بەر بەو ڕەوتارانەیان بگرێ، بەڵکوو هەر ئەم جۆرە ڕەفتارکردنە، هێور هێور لە شێوەی ڕێسای نوێی خێڵی هۆفی قاڵب دەگرن. پێشترێ لە ناو خێڵان جووتگرتنی مێ و نێر، بە دڵویستی و ڕەزای ژن بە جهێ هێندراوە، دەبوو پیاو بسووتێ و ببرژێ، هەتا دڵی ژن ڕازی بکات، وەلێ بە هێخسیرکردنی ئەو ژنانەی سەر بە خێڵانی دیکەن، پیاوان چیدی مەجبوری ژنانی هاوخوون نین، هەروقتهێک هەوەس بکەن، دەتوانن پەلاماری ژنە

هێخسیرەکان بدەن و، مەیلی جووتبوون لە ئەواندا خاڵی بکەنەوە. پیاوانی دارا و بە دەوری هۆفی، بە کۆمەڵ ژنانی ڕفێندراویان هەبوو، ئەو ژنانە لە بەرئەوەی هاوخوونی خێڵ نەبوون، بە پلەنزم لێیان ڕوانیون، پیاو چلۆنێک مەیلی لێ بووبێ، گەوزاندوونی و، توانیووتی بە ئارەزووی خۆی لە تەکیاندا هەڵسوکەوت بکات. بەمجۆرە جێگرەوەی هەوەس پەیدا دەبێ، پایە و بایەخ و، ئەوەی دەسەڵاتی ژنانی خێڵە، بە هەندازی ئەوتۆ لە کەمی دەدات، هیدی خێڵی هۆفی هەنگاوێکی گەورە بەرەو نێرناوەندی دەنێ. لێکەوتەی دۆخەکە ئەوهایە، بە خاوەنداریێتی لە کۆمەڵی ژنانی هێخسیر، شێوەگرتنی فەرەژنی بە سەرەتا دێ، بە زاڵێتی پیاو بە سەر ئەو ژنانەدا، هەستوونگی زاڵێتی پیاو بە سەر ژنانی خێڵ دادەکووتدرێ. پیاوی دارا و بە دەور، بە ناوودەنگە لە نێو خێڵەکەیدا، بەمەش سەرنجی ژنانی خێڵەکەش ڕادەکێشن و هەلومەرجی پێشترێ بەرەواژ دەکەنەوە. پێشترێ پیاو لە هەوڵی ڕازیکردنی ژن و نێزیکبوونەوە بوون لێی، پاشانەکە وهای لێدێ ژن هەوڵی نێزیکبوونەوە دەدات لە پیاو، بەو هیوایەی پارووی ژیانی دەست بکەوێ، بە تایبەتی ئەو ژنانەی کە لە نێو بەرەدایکەکەیان، ژمارەی پیاوان کەمە، یان پیاوەکانیان لە شەڕدا کووشدراون و، ئەو بژێوەی دەستیان دەکەوێ بەشی بەرەدایکەکە ناکات. لەو کاتەدا هەم لەشفرۆشی و، هەم هەزبەندی بە سەرەتا هاتوون، پیاوەکە، یان بە پێدانی کەمێک بژێو، جاربەجار ژنەکەی گاوە، یان کە زۆر مەیلی لێی بووبێ، کردووتی بە ژنی تایبەت بە خۆی، لەم تایبەتکردنەوە سەرەتای خێزانی نێرناوەندی بە زەوی داهات. پیاوی هۆفی لە سەر خاوەنداریێتی تایبەت ڕاهاتبوون، خاوەنداریێتیان لە هێخسیرەکان و، سامانە تاڵانیەکە دەکرد، ئەوجارە ویستی خاوەنداریکردن بە سەر ژنی ناو خێڵەکەشیدا دەسەپێنێ، خوورتی لێ دەکات بە تەنەهێ لەگەڵ ئەو جووت بگرێ و، تووخنی پیاوی دی نەکەوێ. ڕازیبوونی ژن بەوەی لە مافی فەرەپەیوەندی دەست هەڵبگرێ و، ژنی تایبەتی پیاوێک بێ، لە کاتێکدا ئەو پیاوە چەندان ژنی دیکەی هەبوون، گرێدراوی دۆخی بژێوە، ژنەکە ویستووتی لە ڕێی پەیوەستبوون بە پیاوێکەوە، کە ماڵ و سامانێکی زۆری بە تاڵان کۆکردۆتەوە، بژێوی خۆی و منداڵەکانی لە ناو قاتی و قڕی ئەو دەمیدا دەستەبەر بکات. هەزبەندی(هاوسەرێتی) لە نێو خێڵە هۆفیەکاندا، ئەوها بە سەرەتا هات، لەگەڵ ئەوەشدا ژن گۆڕینەوە لە نێوان پیاواندا دەوامی دراوەتێ. خێڵانی بیابانێ، هەتا ئەو سەردەمەی مهەمدی کووڕی هامینێ-یان لە نێو دەرکەوت، ژنگۆڕینەوەیان دەکرد، بەبێ ئەوەی گوێ بە ویستی ژنەکان بدەن. لەوێندەرێ لەگەڵ ئەو تایبەتبوونەی ژندا، "دیاردەی باوک"یش بە هاردی دادێ. پیاو هەروەکوو ژنەکە بە موولکی خۆی دەزانێ، منداڵەکانی ژنەکەش بە هی خۆی دادەنێ، خەڵکەکەش ڕێک وەکوو ئەوەی هێخسیرەکان و، ماڵاتە بە تاڵانهێندراوەکە بە موولک و ماڵی پیاوەکە دەناسن، ژن و منداڵەکەش بە هی ئەو ناو دەبەن. بەڵام موولک لە دوو پلەی جوودا،

چوونکە ژنی خزمخوون لە پلەی بەرزی موولک دایە، بەرهوورد بە ژنی هێخسیر، ئەوی دووهەم کەنیزەکە و، سەرەڕای بە جهێ هێنانی ویستی پیاوەکە، بە خزمەتکردنی ئەوی هێکەم ئەرکدارە.

## پۆپەی 06

شەڕ بنچەقەکان هەڵدەتەکێنێ و، جامی زەندەق قلْپ دەکاتەوە، هەروەکوو هەندێک لە خێڵە ڕاوچیەکانی بە تەواوی کردوون بە هۆفی، برێکیش گۆڕانی بنەڕەتی لە ژینی خێڵە هاردیەکان بە زەوی دادهێنێ. ڕووناکی و تاریکی ڕووبەڕوو بوونەتەوە، خێڵانی هۆفی بە هەموو قوورساهی خۆیانەوە، پڕ دەدەنە خێڵانی هاردی لە کەرخی خۆرمیانێ، لە کاتێکدا هاردیەکان سەرگەرمی شیوانی و جووتیاری بوون. ئەو دەمانەی هەڵمەتەکانی هۆفێتی دەستیان پێکرد، فەرهەنگی هاردی لە باکووری گهیشتبووە مەفتەنی گریک و ڕۆم، لە خۆرئاوا هەتا دۆڵی نیلێ ڕۆیشتبوو. هەڵکەوتەی زەمین لەو بەشە خاکانەی سەرێ، هەلی بەرخۆدانی توولانی بە هاردیەکانی ئەوێندەرێ داوە، چوونکە پتر لە نیوەی خاکەکە پتک پتکی بە ئاو دەورە دراوە، ئەمەش پەرژینی داڵدەدانی خۆڕسکی داونەتێ، بەڵام لە دۆڵی نیلێ و دەشتی شامێ، خێڵانی هاردی کەوتوونەتە دۆخێکی دژوارەوە، دەشتێکی ڕووتەڵە و پان، بێگوومان پاراستی لە هەشیمەتی هۆفی هاسان نیهە، لەبەرهەندێ بەرخۆدانی هاردی لەبەری خۆرئاوای کووردهەوار توولناکێشێ و زوو دەکەوێ، ڕەوتی هۆفێتی پێشڕەوی دەکەن و ڕوو بە ناوەندی شارستانێتی دایک دەڕۆنە پێشێ. ناوەند دۆخی بهێشتی دەگوزەراند، لەوتی شۆڕەشی دایکان شیوانکاری و جووتیاری بە زەوی داهێنابوو، بهێشتی زاگرۆس شیابووەوە و، پیاوانی کووردهەوار دەستیان لە ڕمی ڕاوکردنێ بەردابوو، وەلێ هەلومەرجە نوێهەکە، فەرزی ڕم هەڵگرتنێ دهێنێتەوە گۆڕێ. هەڵمەتی هۆفێتی، ڕووداوێکی خەتەرناکە، هەبەرەکە بە پەلەپروزێ لە بەینی خێڵانی هاردی دەماودەم دەکات و، زوو دەگاتەوە کووردهەواری دایک. هاوکێشەکە ئەوهایە، ناوەند بکەوێ مهیر دەکەوێ و دایک دەکەوێ، بەرخۆدان لە کووردهەوار بە تەنەها بەرگری نیهە لە بەشە خاکێک، بەڵکوو پاراستنی مهیریات و، بڵند هێشتنەوەی هوودای دایک و، ڕەگەزی دایک و، شارستانێتی دایکە، لەبەرهەندێ مێرخاسانی کووردهەوار بەرلەوەی تیر و ڕمی هۆفیانیان بگاتێ، زوو بە خۆ دەکەون و، هیمەتی بەرپێگرتنێ ڕەوت پێ دەدەن، ئەوکاتەی دەست بە گۆچانی شیوانی و، دەسەدوی هەوجاڕێ دەگرن، هاوکات تەورداسی بەرخۆدانێ دەخەنە بەرپشتیانەوە. مێرخاسانی ئەو هەوارە ڕووناک و ڕەنگینە، بەرخۆدانێک دەخەنە ڕێ، پێڕست بە مهیر قاڵبی پێدراوە، چوونکە فەرزە

هەموو دەمێ تەیاربن و، هەرز و نامووس بپارێزن. ئەوان لە هێک کاتدا دین و دوونیا دەپارێزن، ئەو بەرخۆدانەی دەیکەن بە هەردووباردا واتادارە.

پۆپەی 07

شەڕهەنگێزی و ڕقەبەرێتی بە هەرهەنجەتێک بووبێ، خێڵە هاردیەکان ڕەتیان کردۆتەوە و، هەموو هەوڵێکیان داوە شەڕ لە خۆیان دوور بخەنەوە، چوونکە شەڕ لە بازنەی هەقڵ و مهیریات بە دەرە. شارستانێتی دایک پشت بە هەقڵ دەبەستێ، کاکڵی هەقڵیش مهیر پێکیدهێنێ. لە سەر ئەم بنەمایە، تەنەها شەڕێک کە بەشێوەی سنووردار ڕەوتی درابێتێ، شەڕی بەرگری بووە بەرامبەر بە شەڕی سەپێندراو، دەنا لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵاتیدا هەقڵ بە پێشین داندراوە. پاشماوەی هەنگینێ، ها لە هاخاوتنی ئەوڕۆی کووردهەواری، شەپۆلان دەدات. هەقڵ چ وەکوو واتا، چ وەکوو وشە لە زاری خەڵکی هەوارەکە جهێی فەراوانی هەیە. لە وەسفی منداڵی دوورە شەڕ و هێمندا دەگووتدرێ: منداڵێکی هاقڵە، بە هی شەڕانی و سەر بە گێچەڵیش ڕێنوێنی دەدەن و دەڵێن: هاقڵ بە. لە واتادا هەقڵ هێک ئاست نیهە و ڕێژەی جوودای هەیە، ڕێژەی هەقڵ بە ڕادەی هێمناتی گرێدراوە، منداڵی زۆر هاقڵ، واتا زۆر هێمن، هەر بەم وشەیەش وەسفی دراوەتێ. تێک هاڵاوی هاقڵێتی و هێمناتی لە واتادا، بێجگە لەوەی پایەی بڵندی هەقڵ لە شارستانێتی دایک نیشان دەدات، ڕوونیشی دەکاتەوە ئاشتەواهی و خۆپارێزی سەرچاوە لە هەقڵ دەگرن. ئەم هیزرین و جۆرە گۆزارە، سەر بە مهیرە و، زەمینەی شەڕهەنگێزی بەرتەنگ دەکاتەوە. خێڵانی هاردی بەم پێودانگەی هەقڵ، خۆیان لە شەڕ و توونڕەوتی دوور خستۆتەوە، لە هەقی بەرخۆدان و بەرپێگرتنێ بترازێ، قەت نەیانویستووە تووخنی شەڕ بکەون. لەم بازنەیەدا بەرزی ڕێژەی ڕێژەی هەقڵ لە مێینەکان و، نزمی ڕێژەی هەقڵ لە نێرینەکان ڕۆشەن بۆتەوە. هۆفیەکان بە نێرناوەندی بەڕێوەدەچن و شەڕهەنگێزن، هاردیەکان بە ناوەندێتی دایک هەڵدەسووڕێن و بەربەئاشتین. پیاوان شەڕان هەڵدەگیرسێنن و ژنان دایدەمرکێنن، ئەم ڕووداوانە چاکتر ساخیان کردۆتەوە هەقڵ لە کێهانیان بەرزە و لە کێهانیان نزم. کۆمەڵانی هاردی چ لە کووردهەوار و چ لە دەرێ، لە باری ناوخۆیاندا بە تەواوی تەبا و تفاق بوون، هەزاران ساڵ بە دۆستی و هاوبەندی چوونە پێشێ، ئەمەش لێکەوتەی جهێ هەقڵ و جهێ دەستی ڕەگەزی دایک بووە. بنواڕن، گاتای لە جۆری " هەمن کردم، هەتۆ مەیکە،" یان "ملی من و شەقی تۆ،"مهیریاتێکن لە پێشینانەوە، نیشانیدەدەن مهیرپەرستان لە ناو خۆیاندا بەربەئاشتی و پێکهاتن جوولاونەتەوە، بەمەش هێندەی دی بە پلەکانی پتەوی گهیشتوون لە وەستانەوە بەرامبەر بە پەڵامارەکانی خێڵانی هۆفی، ئەو پەلامارانە بە ڕادەی شەش هەزار ساڵ

دەوامیان دراوەتێ، لەگەڵ ئەوەشدا خێڵانی کووردهەواری، پڕاوپڕی ئەو ماوەیە لە پێناو مانەوەدا جەنگاون نەشیانهێشت لێکەوتەکانی شەڕکردنێ، کاریگەری قووڵ جهێ بهێڵێن و، شەڕهەنگێزی لە ناوخۆی کۆمەڵانی هاردیدا ڕەوت بگرێ. لە مێژ نا، هێک سەدە بەر لە دەرکەوتنی من، هەم لە کۆمەڵی کووردهەواری، هەم لە ناو خێڵانی هاردی لە جێهانێ، بنەماکانی براتی دەوامی دەکرد، ئەگەریش جاروبار بە هۆی پیاوانێکی کەم هەقڵ و سەر بە گێچەڵ، بێ ناموسی ڕوویدابێ و ئاژاوە کەوتبێتە ناو خێڵێک، یان نێوان دوو خێڵ، هەموو هەوڵێک لە بۆ ڕێک کەوتن و بە هێکهاتن دراوە، تۆڵەسەندنەوە هەمیشە دوا ڕێچارە بووە، ئەویش بە کەمی ڕوویداوە. وقتهێک ئەندامی خێڵێک کەسێکی لە خێڵێکی دیکە کوشتبێ، خێڵی بەدکارەکە دەستوبردیان کردووە لەوەی ئاو بکەن بە ئاگرەکەدا، بە پەلەپروزێ چوونەتە کن خێڵی کووشتدراوەکە و، داوایان کردووە ڕێ لە ڕەشانی خوونی زیادتر ببەستن، تۆڵە نەستێنن و بە ئاشتی پێک بهێن، دیاری گەورەش پێشکەش کردراوە. زۆربەی جاران ڕێک کەوتوون و ئاژاوەکە بڕدراوەتەوە، ئەگەر هەوڵەکەش سەری نەگرتبا، هەوڵدەدرا دەست لە کەسە کووشندەکە بوەشێنن، نەک کەسی دی، بەم کووشتنەش خوون بەرامبەر بە خوون دەکەوت، هیدی دەبوو کێشەکە بنبڕبێ. لە سەردەمانی دواهیدا، ژنانی کووردهەوار دەستپێشخەربوون لە دامرکاندنەوەی ئاشووب و، بەریان بە شەڕی ناو خێڵ و نێوان خێڵەکان دەگرت. وقتهێک برا، یان کەسێکی خێزانەکەیان تاوانێکی کووشتنی لە دەست بقەومابا، ژنێک هەڵدەستا لە بری خوونی کووشتدراوەکە، خۆی پێشکەش بە برای کووشتدراو، یان بە پیاوێک لە خێزانەکەی دەکرد، بەمەش هیڵی مێ توانیووتی شەڕی بەینی نێرینەکان دابمرکینێ و، بە جهێی دژمناتی، خزماتی بە هاردی دابهێنێ.

## پۆپەی 08

شەڕ هەر شەڕ نیهە، ئەوەی جەنگاوەرانی ڕووناکی دەیکەن، شەڕی مانەوەیە، شەڕێکە لە سنووری بەرخۆداندا، لە کاتێکدا ئەوەی شەڕهەنگێزانی تاریکی دەیکەن، شەڕی لە ناوبردن و نەهێشتنی ڕووناکیهە. ڕێسای شەڕکردنێ لە کن هاردیەکان پێڕست بە مهیر قاڵبی دراوەتێ و، جەنگ لە بازنەی خۆپارێزی چۆتە پێشێ، بەبێ ئەوەی خواستی هێرش و هەڵکوتانە سەر بهێتە گۆڕێ، ئەگەر هێرش ڕوویدابێ مەبەست لێی دوورخستنەوەی هۆفی بووە، نەک تاڵان و بڕۆ، یان بە دیلگرتن و داگیرکاری. جەنگاوەرانی ڕووناکی لە هەرزەمین و زەمانێکدا، پێڕست بە مهیر جەنگاون، هەمیشە لە هەڵسوکەوتیاندا مهیریات ڕەنگی داناوە، ماڵ بە تاڵان نەبردراوە، دیل نەکووشتدراوە و هەشکەنجە نەدراوە، منداڵ نەڕفێندراوە، مێ هەتک نەکردراوە،

چوونکە لە هیچ بارێکدا بەدکاری لە جوانمێر ناوەشێتەوە. جوانمێر نێرێکە گرێدراوی مهیرە و، جوانی دەپارێزێ. کاتێک هۆفیەکان بە هێخسیری کەوتبنە دەستی جوانمێرانەوە، کۆیلەیان نەکردوون، بەڵکوو هەلی ڕووناکی و شیانەوەیان داونەتێ، داوایان لێ کردوون لە تاریکی بهێنە دەرێ و، وەکوو بەشێک لەوان لە ناو هۆزدا جهێ بگرن، ئەگەر پەسەندیان نەکردبێ، هەنگینێ دەریان کردوون و دووریان خستوونەتەوە، بەڵام قەت بە کۆیلە و بە دیلی نەیانهێشتوونەتەوە، لەبەرئەوەی دیلی و دەستبەسەری بەرەواژ بە بیروباوەڕی مهیر دەکەوێتەوە، مهیر سەربەستی دەداتە بەشەری. پیاوانی مهیری، جوانمێرانی جێهانێ بوون، نیازمەند بە لە خۆ پاسکردنی شەڕ، چوونەتە شەڕەوە، لە کاتێکدا پیاوانی هۆفی بە مەرامی تاڵانی و بە کۆیلەکردن هەڵیاندەکووتایە سەر خێڵان. هۆفیەکان دەستیان لە پەلی هەرکەس گیربا، دەیانبرد و دەیانکردە کۆیلە. کۆیلە لە وێنەی کاڵا وهابوو، کۆیلەدار چ لۆنێک بیویست با، ئەوهای پێ دەکرد. جەنگاوەرانی ڕووناکی بەو شەڕی بەرخۆدانەی دەیانکرد، هەم خۆیان لە کۆیلەبوون دەپاراست، هەم شارستانێتی دایکیان لە سەر پێ دهێشتەوە. مانەوەی شارستانێت بە ڕاوەستاوی، مانەوەی دایک بوو لە ناوەندێتی، مانەوەی مهیر و، مانەوەی هەقڵ و زانست بوو لە پایە بڵندی، لەبەرهەندێ دەبوو بجەنگن، دینداری دەیخستە سەریانەوە، جەنگ لە پێناوی مانەوە، مەرگ لە پێناو ژین، ڕێی ڕاستیەقینی هوودایە.

## پۆپەی 09

لە هیچ بارێکدا، بیروباوەڕی ڕاستیەقین ڕێ نادات مهیر بەرامبەر بە هۆف ملکەچی بنوێنێ، کاتێک شەڕ دەسەپێندرێ، بەرخۆدان تاقە هەڵبژاردەیە، هەموو هێکێک لە سەرێتی قهرەمانی نیشانبدات(قهرەمانی، کهرەمانی، واتە کاری مانەوە)، لە سەرێتی وەکوو ئەرکێکی قەڵەملێدراو لەلایەن هوودەوە، بیر لە شەڕی بەرگریکردن بکاتەوە. یان مردن، یان مانەوە بە سەروەری، لەوە بترازێ ڕێچارەی دی نیهە. خۆ بەدەستەوە دان، بە واتای ڕاستکردنی مهیرە بە هۆف، ئەمەش کارێکە، تەنانەت بیر لێکردنەوەشی بێ ناموسانەیە. ئەوی بە ڕاستی مهیری بێ، قەت وێنەی خۆبەدەستەوەدان ناهێ بە خەیاڵیدا. چ هەینێ و چ هەنەوکە، ئەم ڕێسایە نەگۆڕە، ژین بە مهیری و مەرگ بە مهیری. هەرکەس لە بەرخۆدان و لە پێناوی مهیردا بکووشتدرێ، لە پێناوی هوودادا مردووە، مردن لە ڕێی هوودای دایک، گهیشتنە بە پلەی شاناز، بەمەش لە ژینی توولکێشی پاش مەرگدا، بهێشتی خۆشگوزەرانی دەستەبەر دەکەن. ئەمەیە بیروباوەڕی ڕاستیەقین، ئەمەیە ئەو هێزی خروشانەی بە ناو

دەماری ژن و پیاوی هاردیدا گەڕاوە و جۆشی داونەتێ. ئەو هێزە ناوەکیهە وهای لێ کردوون، سڵ لە مردن نەکەنەوە و، لە باری بەرگریدا شەڕی مان و نەمان بکەن. پیاوانی هاردی بە شێوەی جەنگاوەری نەبەز و بە بنەما وبارهاتوون، گەنمڕەنگەکانی کووردهەوار، سوورپێستەکانی دێرهەوار، بەشێک لە ڕەش پێستەکانی ئەفریق، نموونەی ئەو جەنگاوەرە نەبەزانە بوون. لە باری جۆری و بیروباوەڕدا، هاردی و هۆفی مەودای نێوانیان بێ سنوور زۆرە. هۆفی تاقمی چەتە و چڵێسن، بە خواستی تاڵانی و، بە مەرامی کۆیلەکردنی ئەوانیدی شەڕ دەکەن، لە هیچ تەرزێکی دڕنداتی سڵناکەنەوە. سڵنەکردنەوە هێکێک بوو لەو سێ هۆیەی وهای لە خێڵە هۆفیەکان کرد، لە دەستپێکی چەرخەکەیاندا پێشڕەفتی بکەن، لە هەندێک ناوچەش باڵادەست بن بە سەر خێڵانی هاردیدا. دوو هۆیەکەی دی، چەندێتی ژمارە و هەڵکەوتەی بەشە خاک بوون. ناوچەی خێڵانی هۆفی، هەم لە ناو سپی پێستەکان(لە ئەوروپا)، هەم لە ناو ڕەش پێستەکان(لە ئەفریقا)، هەزاران ساڵ بوو چڕبوونەوەی دانیشتووانی بە خۆوە دەدیت، ئەم چڕبوونەوەیە هەرخۆی هێکێک لە هۆیەکانی هۆفیبوون بوو، پاشانەکە بەرەواژ دەبێتەوە و بەرامبەر بە هاردیەکان هێزیان دەداتێ، چوونکە هەندێک کات لە شەڕی دەستوهێقەدا، چەندێتی شەڕوان دەتوانێ دەوری هەبێ لە هەڵگێڕانەوەی هاوکێشەی شەڕکردنێ، بە تایبەتی ئەوکاتەی هەڵکەوتەی زەمینەکە دەشت و سارایە، هەینێ چەندێتی لە ژمارەی شەڕکەردا، دەبێتە هێکێک لە خاڵەکانی هێکلابوونەوە. لە نیلێ و پاشان لە شامێ، هەرسێ هۆکارەکە بە دژی هاردیەکان لە گۆڕێ بوون، لەبەرهەندێ نەیانتوانی بەرگە بگرن، یان کووشتدران، یان بە کۆیلەیان کردن. لە گریک و ڕۆماهێ هەڵکەوتەی زەمینەکە بە فەریایان کەوت و، چەند هەزار ساڵ بە بەرخۆدان مانەوە. هەڵکەوتەی زەمین لە ناوەندی شارستانێت لە کووردهەوار، پشت قایمی و هێزی نەبەزینی بە کووردەکان دا، کێوەکان هێزێک بوون لە بۆ خەڵکی هەوارەکە، لە هیچ زەمانێکدا چ تاقی ڕەوتە هۆفیەکان نایانتوانی بە سەریاندا سەربکەون. بیرکردنەوە لە گۆڕینی ڕێ و جهێ، تۆکمەکردنی بنلینگان و، چەک و چۆڵی بەرخۆدان، شتانێکن لەو دەمیدا دەستیان دراوەتێ. تیروکەوان چەکێکە هەنگینێ بە مەبەستی بەرگری گەشەی پێدراوە. هاوکات کۆبەندی گووندان لە دەشتەکان گواستدراونەتەوە و، لە قەدی چیاکان هەڵیان چەنیون. بنۆڕنێ، هێکەمین گووندەکان لە دەشتێ، نێزیک بە زێ و سەرچاوەکانی ئاو بنیادنراون، ئەوەتانێ شوێنەواری زەق و مشتومڕبڕی خاک و خشتی ئەو کاولە گووندانە، ها لە کووردهەواری دایک. پاشانەکانێ بە دەستپێکردنی پەلامارەکانی خێڵانی هۆفی، کۆبەندی گووندان بەرەو شاخان هەڵکشاون و، ماڵەکان پاڵ بە پاڵی هێکدی لە قەدی کێو هەڵچەندراون، دیوارەکان ئەستوور و بەردین، سەربانەکان تۆکمە و توووند دروست کردراون، چوونکوو پێ داکووتینی جەنگاوەرانی ڕووناکی بە سەر هەورەبانەکانەوە، پێویستی

پتەوکردنی هۆدە و هەیوانەکانی هێناوەتە پێشێ. پشت بەستن بە چیاکان و، ئەو ڕێ و جهێ گۆڕینەی کردوویانە، سەرەنجامی تەگبیرێکە هێزی داونەتێ، ئەم هێزە و هێزی شەپۆلەکانی هوودای مهیربان بوون، پەلامارە هێک بە دووی هێکەکانیان شکست پێ دەدا، کە خێلانی هۆفی دەیانکردە سەر ناوەندی شارستانێتی دایک. هەڕوون بڕۆننێ، هەم لە کووردهەوار و هەم لە گریک و ڕۆماهێ، هەندێک لە گووندە هەڵواسدراوەکان هێشتانەکە بە ئاوەدانی ماونەتەوە. لەهەرجهێ گووندی هەڵواسدراوتان دیت، یان شوێنەوارتان لێی دیتەوە، بزانن ئەو جێهە مەفتەنی ڕووناکی بووە، پاشانەکانی تاریکی بە سەردا هێندراوە.

## پۆپەی 10

دایک سەروەرە، سەروەربوونەکەی تایبەتمەندیەکە لە سەروەرێتی هوودای دایک چاوگ دەگرێ. بەشەرێت لە دایکێکی سەروەر و بێ هاوبەش بە دوونیا هات، بەمەش ناوەندێتی دایک بنچەقی داکووتی و، کۆمەڵ لە دەوری دایک پێکهات. لە پەیدابوونی بەشەرەوە، هەتا ئەو دەمەی شەڕ بە هاردی دانەهاتبوو، ژن سەروەرانە دەشیا و، موولکی هیچ پیاوێک نەبوو، دایک ناوەندێتی دەکرد و، بەبێ هاوبەش دەوامی بە ڕەچەڵەکی بەشەرێت دەدا، منداڵ بە گێرەی دایک دەناسدرایەوە و، هەمووان لە بازنەی شارستانێتدا پێڕەوتی هاوبەشێتی گشتی بوون، بەبێ ئەوەی کەس خواستی موولکاتی تایبەتی بە زهین بکەوێ. دەهان هەزار ساڵ، بەشەرێت ئەوها شیاوە، ڕەگەزی دایک سەروەر بووە و، ڕەگەزی کووڕ لە ناوەندێتی دایکەوە سەروەرێتی پێ دراوە. بەڵام هۆفێتی هات و گۆزەی ئاوە سازگارەکەی قڵپ کردەوە. هۆفێتی لە زهین و زەمین بە دەسهەڵات گهیشت و، لە هەموو ئاستەکانی زیندەگیدا، بەرامبەر بە موولکاتی گشتی، موولکاتی تایبەتی هێنایە گۆڕێ، بەمەش ڕەگەزی دایک سەروەری لە دەست دا و، ئەو ناوەندەی سەروەری بە ڕەگەزی کووڕ دەدا، هەڵوەشایەوە. وقتهێک ڕێکخستنی کۆمەڵاتی بە گێرەی دایک قاڵبی گرتووە، قاڵبگرتنەکە سرووشتی و مهیرکردە، بۆ هێ هەمووان تیایدا سەروەرن و، خۆیان بە هی هێکدی دەزانن. ئەوەی وهای کرد ژن ببێتە موولکی پیاوێک و، لە هەمبەری دایکدا، دیاردەی باوک قووت ببێتەوە، لێکەوتەکانی شەڕبوون. سامانی بە تاڵانهێندراو بە هۆی شەڕەکانەوە چنگ کەوت، ئەو سامانە دەستی هەندێک پیاوی درێژ کرد و، دەسهەڵاتی دانێ بە سەر ژنانی خێڵدا زاڵ بن، تەنانەت بشتوانن سەروەرێتی لە ڕەگەزی دایک بستێنن و، خاونداریێتیکردنی مێ و منداڵ بە زەوی دابهێنن. پێش ئەوەش ژنانی خێلانی دیکەیان لە میانی شەڕەکاندا هێخسیر کردبوون و، بە شێوەی کۆیلە و موولکی تایبەتی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ

دەکردن. بەم چەشنە ژنی کۆیلە و ژنی بە موولک بوو، لە ناو جەنجاڵی چیناتیدا پەیدا بوون، هێکەمیان دەستکەوتی شەڕن و، دووهەم بە هۆی ساماندارییەوە بە دەست هاتوون، ژمارەشیان سنوورێکی نەبووە، پیاو بە ویستی خۆی زیادی کردوون. لێکەوتەی شەڕەکان لە سەر خێڵانی هاردی، بە جۆرێکی دیکەیە، لە کۆمەڵی کووردهەواریدا دیاردەی "مێرد" پەیدا دەبێ، هەمان دیاردە لە ناو خێڵانی هاردی لە گریک و ڕۆماهێ بە "مارد" ناوی دراوەتێ. وشەکانی "مەرد، مارد، مێرد" واتای مێپارێزیان هەیە. هاردیەکان پابەندی زانستی هوودای دایک بوون، بە پێی زانستی هووداش، مێ ناموس و شەڕەفە، ( وشەی هێکەم بە واتای ناوکی هێز و دووهەم بە واتای سەرۆک دێ)، لەبەرهەندی پاراستی مێ لە پەلاماری خێڵانی هۆفی، کارێکە لە بازنەی دینداریدا. کۆمەڵانی هاردی دارا و دەوڵەمەندبوون بە هاژەڵانی ماڵی و بەرهەمی چاندنێ، ئەمەش وهای دەکرد بە بەردەوامی لەلایەن خێڵانی هۆفیەوە پەلاماربدرێن. ئەو پەلامارانە هۆکاربوون لەوەی، خۆپاراستن لە کن کووردەکاندا، ببێتە کاری لە پێشینەی هەموو ڕۆژ و شەوێک. شەڕ دەستوهێقە دەرگەی پێ دەگرتن، هۆفی لە پڕ هەڵیاندەکوتایە سەر ماڵان و پۆرتیان (دەرگەیان) دەشکاندن، لەبەرهەندێ پێویستی دەکرد ماڵەکان وەکوو مەتەرێزی پاسداریکردنێ تۆکمە بکەن و، هەموو ماڵێک پیاوی تێیدا هەبێ و ناموسپارێزی بکات، ئەوە لە کاتێکدا هەندێک ماڵ تەنەها مێ و منداڵ، یان دایک و کیژ، لە هەندێکیش دایک و چەند کووڕی زەلام هەبوون. لەو کاتەدا تێکەڵاوبوونی خۆڕسکانەی ماڵەکان لە میانی توندوتۆڵکردنی هێڵەکانی پاسداری و بەرخۆدان، دەبێتە پێویستی، چوونکێ دەبوو هەم بە مەبەستی وەڵامدانەوەی پەلامارە لە هیکڕاکان، هەم لە بۆ دڵقایمی مێ و منداڵان، هێڵی پاسداریکردنێ هاوسەنگ بکەن. دوو ڕێ لە هاوسەنگکردنەکەدا گیردراونەتە بەر، هێکەم: کچە لاوەکانیان بە سەر مەڵانی بە زەلام دابەش کردوون. دووهەم: مێردەکان (مێپارێزەکان) دابەش دەبن بە سەر ئەو ماڵانەی کە دایکەکان منداڵی بچووکیان هەیە. مەترسیەکان بەردەوامن و مانەوەش بەردەوام دەبێ، لە هەردوو باری دین و دوونیا ئەرکە بە سەر مێردەکەوە، ئەو ژنە و کچەکانی بە ناموس و شەرەفی خۆی ببینێ و بیانپارێزێ، هەروەکوو چلۆن دایک و خووشکنیشی ناموس و شەرەفێتی. بەمجۆرە ژن و مێرداتی لە ناو هاردیەکاندا دەبێتە نەریتی دین و دوونیا و، پابەندی دروست دەکات. پێشترێ بەس دایک و منداڵەکانی پێکهاتەی خێزان بوون، پاشانەکە لە ناو هەلومەرجی بەرخۆداندا، پیاوێک بە ناوی مێرد دەچێتە چهارچێوەی خێزانەوە. مێرد نێرێکە خوونی خۆی لە رێی پاراستی مێدا دەڕەشێنێ، لەبەرهەندێ پێزانینی دراوەتێ. خەنەبەندان و دەست سوورکردنی مێینەکان لە سەروبەندی مێردکردنێ، کە هەتا ئەوڕۆکەش نەریتێکە لە کۆمەڵی کوورهەواریدا، زەمانی خۆی نیشانەی پێزانین بووە، هاوبەند بەو خوونەی کە بڕیاربوو لە پێناوی پاراستی ئەو مێیەدا بڕەشێت. مانەوەی مێرد لە ماڵی

ژن، یان ژن لە ماڵی دایکی مێردەکەیدا، ژن و مێراتی هێناوەتە کۆمەڵەوە. لە ماوەی مانەوەدا هۆگربوون بە هێکدی دروست دەبێ، لە لاهێک لە نێوان ژنە و پیاوەکە، لە لاهێکیش لە نێوان پیاوەکە و منداڵانی ژنەکە، لە لێکەوتەی ئەمەش، ژنەکە لەگەڵ پیاوانی دی و، پیاوەکە لەگەڵ ژنانی دی جووتگرتنی بە تەواوی لە کەمی دەدات و، شێوەگرتنی هاوژینێتی هێک ژن و هێک پیاو بە سەرەتا دێ. ئەوەی لە پەیوەندیەکەدا هاتۆتە گۆڕێ، شێوەی بە هێکەوەبوون بووە، هێک ژن و هێک پیاو لە تەک هێکدا ژیاون، بەبێ ئەوەی هێکدی بە موولک بزانن و خاوەندارێتی بە سەر هێکدا بکەن، چوونکە بیروباوەڕی مهیر ڕێ بە خاوندارێتی تایبەت نادات. چاوی لێ بکەن، ماڵ لە بازنەی شارستانێتەکە تایبەت نیهە، بە هۆی مێوانەوە تایبەتبوونێتی ماڵ پووچەڵ کردراوتەوە. ماڵ - خانە بە هەندازێک هی دایکە و، بە هەندازێکیش هی مێوانان، هاوالاکردنی دەرکی مالان بە ڕووی مێوان و پایە بڵندکردنی مێوان لە ناو ماڵێ، هەڵسوکەوتێکە گرێدراو بە بیروباوەڕی ڕاستیەقین ڕەوتی دراوەتێ. لابردنی مۆرکی تایبەتبوونێتی لە سەر ماڵ و کردنی بە گشتی، بە هۆی مێوانەوە بە دید هێندراوە. تایبەتکردن لە هیچ جۆرە شتێک ڕێپێدراو نیهە، بە تاڵکردنەوەی خاوەنداری لە هاوژینێتی ژن و پیاو، بە دوو شێواز بە جهێ هێندراوە، شێوازی هێکەم دۆستگرتنی ژن بە سەر مێردەوە و، دۆستگرتنی مێرد بە سەر ژنەوە. شێوازی دووهەم بریتی بووە لە شەوە زەماوەندێک، هەموو ساڵێک لە درێژترین شەوی زمستانێ، ژنان و پیاوانی کۆبەندی گووند لە خانەی دینداری، یان لە ماڵی دایە گەورەی کۆبەندەکە کۆبوونەتەوە، چرا و مەشخەڵەکانیان خامۆش کردوون و، چوونەتە ئاوێزانبوونێ. بەو شەوە گووتدراوە "شەوە ڕەشە." لە هاخیرین سەدەی تاریکیشدا، ئەو شەوەگۆبەندە بە هەمان ناو و بە هەمان شێوە، بەلام بە نهێنی، لە ناو هەندێک لە "کاکەهی"ەکانی کووردهەواریدا توولی دراوەتێ. هەرژنێک لەو شەوە ئاهەنگەدا زگپڕبووبێ، منداڵەکەی بە بەرەکەت و شکۆی هوودا زاندراوە. ئەو هۆزەی هەوارەکە لە میانی ئەم نەریتەدا، ڕۆژگاری شارستانێتی دایک بە یاد دادهێننەوە، ئەو ڕۆژگارەی مێ و نێر لە کۆبەندی گووندێ هەموو هی هێکدی بوون، بەبێ ئەوەی خاوندارێتی تایبەتی لە گۆڕێ هەبێ. قالبگرتن و شێوە لێ دەرکەوتنی خێزانی جووتەکی، یان خێزانێک مێرد تیایدا زاڵ و بە دەسهەلات بێ، لە ماوەی هاخیرین دوو سەدەی تاریکدا، کەوتۆتە کۆمەڵی کووردهەواری، دەنا لە توولی تەمەنی نۆهەد هەزار ساڵەی خەڵکی هەوارەکەدا، هەمیشە دایک ناوەند بووە لە خێزاندا، ماڵ و منداڵ لە سەر ناوی دایک دەناسدران و، دایک بەڕێوەی دەبردن، پاشانەکەش کاتێک هەلومەرجی بەرگری و بەرخۆدان مێردی بردە پاڵ ژن، مێرد هەرگیز جەمسەرێک نەبوو بەرامبەر بە ژن، بەڵکوو ژنەکەی بە "هێزان"ی خۆی دەزانی.

بە دەستپێکردنی چەرخی هۆفی، شێوەی زیندەگی و، پەیوەندی مێ و نێر لە جێهانێ، بە سەر سێ ڕەوتدا جوودا بوونەوە. ڕەوتێک خێڵە مهیرهۆفیەکان بوون، ئەو خێڵانەی لە هەردوو بەری خۆرئاوا و خۆرهەڵاتێ، دووره دەستی خێڵانی هۆفی، لە هێمناتی و ئاسوودەگیدا دەژیان. ئەو خێڵانە هیچ کات خاوەنداریێتی تایبەتی و، چهارچێوەی ژن و مێرداتیان بە خۆیانەوە نەدیت، هەروەکوو هەبوون ئەوها لە سەر هێڵی دایکاتی مانەوە و، بەردەوامیان بە هاوبەشێتی دا. ڕەوتی دووهەم بە کۆیلەبوون و بە موولکبوونی ژن بوو، ئەوەی لە ناو خێڵانی هۆفی بە دید هات. ڕەوتی سێهەم پەیدابوونی ژن و مێرداتی بوو لە ناوەندی شارستانێتی دایک لە کووردهەوار، هاوکات لە ناو ئەو خێڵە هاردیانەی ڕووبەڕووی پەلاماری خێڵانی هۆفی دەبوونەوە. هەردوو ڕەوتی هاردی و مهیرهۆفی، لە وێنەی دایک و کیژ هاوکووف و هاوڕەگەزی هێکدی بوون، لە ناو چ تاقیاندا ژنان موولکی تایبەتی نەبوون، جیداوازیەکەیان بەس ئەوەبوو، لە هی هێکەمدا هاوبەشێتی ژن و پیاو سنووردار و، لە هی دووهەمدا فەرەوان بوو. هەردوو ڕەوتەکە شوێنەواری زەقیان لە زەمین و زماندا لێ ماوەتەوە. لە بەری خۆرئاوا سوورپێستەکانی دێرهەوار و، ئەوانی لە دوورگە دووره دەستەکان دەژیان، نموونەی ئەو خێڵانە بوون. پێشی چەند سەد ساڵێک، ئەو کاتەی سپی پێستانی هۆفی پەلاماریان دان، هەموو خێڵەکانی ئەوێندرێ، بێجگە لە چەند خێڵێکی کەم، بناخ لە سەر ناوەندێتی دایک هەڵدەسووڕان، لەولاش لە بەری خۆرهەڵاتێ، هەندیک لە خێڵانی "بۆتان، نیپاڵ، تیبت" و باکووری سند، وا ئەوڕۆکەش پەیڕەوی لە هاوبەشێتی دەکەن و، ژنان لە هێک کاتدا هاوژینی لەگەڵ چەند پیاوێک پێک دهێنن، دەلوێ هەموو پیاوەکانیش برابن، هەمان هەق بە پیاوەکانیش دراوە بتوانن هاوبەشێتی لەگەڵ چەند ژنی دیکەدا بکەن. ڕاستیهەکە ئەوەیە، لە ڕۆژگارانی هەرە دواهیش، خاوەنداریێتی تایبەتی لە ناو خێڵە بە بنەڕەت مهیریەکان، بە هاستەم جهێی دراوەتێ، چوونکە تایبەتبوونی ژنێک لە بۆ هێک پیاو، سەرپێچی ئاشکرایە لە مهیریات. گرفتەکە بە ڕووکەش ئەوەیە، لەو تایبەتبوونەدا مافی پیاوانی دیکە لە هاوبەشبوون لەو ژنەدا دەفەوتێ، ئەو ژنەش لە مافی تێکهاڵان لەگەڵ ئەوانیدی بێ بەش دەبێ. بەڵام نا، جەوهەرەکە مافی کەسی دەرباز دەکات، گرێدراوی ئەوەیە هووداى دایک لە خوودێتیدا گشتە، لەبەرهەندێ نابێ تایبەتێتی بە سەر گشتێتی زاڵ بێ. لە کۆمەڵی کووردهەواریدا، ماڵ بە هەبوونی مێوان و، ژن بە هەبوونی دۆست، لە تایبەتبوونی کەسی دەرهێندراون. ئەگەر لە هەڵومەرجی بەرخۆداندا ژن و مێرداتی بە شێوەی هاوژینی دەوامی دراوەتێ، لەگەڵیشی ڕێ بە ژنەکە دراوە تایبەتبوون نەهێڵێ و کەنگێ مەیلی لێ بێ، بە دەر لە مێردەکەی دۆستی هەبێ. لە سەدەکانی ڕابردوودا، دوڵبەری کردنی ژن و دۆستگرتن بە سەر مێردەوە،

باو و بەربڵاو بوو لە ناو خەڵکی هەوارەکە، بەبێ ئەوەی بە سووک لێی بنۆڕن، بەڵکوو شکۆی دراوەتێ. هەقایەتی ئەویندارانەی "شیرین و فەرهاد" لە ناو کووردان، هەقایەتی ژنێکی مێردداره لەگەڵ دۆستەکەیدا، هەنەوکەش ها بە شکۆوە بە سەر زاری گەورە و گچکەیانەوە. لە ڕاستیدا دڵ لە هێک پیسکردنی ژن و مێرد و چاودێریکردنی هێکدی، دیاردەی تازەن و لە فەرهەنگی کووردەواری بە دەرن، درەنگ وقهت لەگەڵ بە هۆفیبوونی چهارچێوەی ژن و مێرداتی پەیدابوون.

## پۆپەی 12

مەودا زۆره لە بەینی ئەو چهارچێوه خێزانیەی لە ناو خێڵانی هۆفی و، ئەوی لە ناو خێڵانی هاردی پێک دێ. لە کن خێڵانی هاردی، ماڵ هی ڕەگەزی دایکە، جا چ مێرد بچێتە سەر ماڵی ژن، یان ژن بڕاواتە کن مێرد و لە ماڵی دایکی مێردەکەیدا بژیێت، لە کاتێکدا لە کن خێڵانی هۆفی، هەلومەرجەکە بەرەواژبۆتەوه و، ماڵ بۆتە هی نێرینەکان. پیاوی هۆفی بناخ لە سەر ماڵاتی بە تاڵانهێندراو، سامانداره و خاوندارێتی لە ڕێ و جهێی تایبەت بە خۆی دەکات. ژن بە مەرامی دەستڕاگهیشتن بە بژێو، خوازیاره ئەو پیاوه سامانداره وەکوو ژنی خۆی پەسەندی بکات، وقتهێکیش پەسەند بکردرێ، دەبێتە موولکی تایبەتی پیاوەکە، هەروەکوو چلۆن ماڵاتە بە تاڵانهێندراوەکە و، ئەو ژن و پیاوانەی دیلی شەڕن، موولکی ئەون. ئەم سامانداری و دەسهەڵات پەیداکردنەی پیاو، وها دەکات خێزان لە نێو هۆفیەکاندا بە قاڵبی نێرناوەندی شێوەی پێ بدرێتەوه. بەڵام سامان لە ناو کۆمەڵانی هاردیدا، سامانی گشتیهە، هێرش و تاڵانکردنێکیش لە گۆڕێ نیهە دەستکەوتی تایبەتی بە هاردی دابهێنێ، پیاوی هاردی جوانمێرێکە بەرخۆدان دەکات و، هەرز و ناموس دەپارێزێ، لە مێرداتیکردنیشدا پێشوقهت خستووتیە سەری خۆیەوه، ژنەکە موولکی ئەو نیهە، بەڵکوو ئەو لە سەرێتی ژنەکە و منداڵەکانی لە پەلاماری هۆفێتی داڵدە بدات، کەنگێش پێویستی کرد خوونی خۆی لە ڕێی پاراستنیاندا بڕێشێ. ئەم هیزرینەی جوانمێران گرێدراوی دینداری و باوەڕە، بە چاوگ لە زانستی هووداى دایک دێ، لەبەرهەندێ هاوژینێتی مێ و مێرد تەنەها ڕووکەشێکی تازەیە، دەنا لە جەوهەردا خێزان هەروەکوو پێشترێ بە ناوەندێتی دایک ڕادەپەڕێ. ئەم دوو دەستپێکە جوودایەی چهارچێوەگرتنی خێزانی هۆفی و هاردی، پاش گوزەری هەزاران ساڵیش، لێکەوتەکانی تووڵدەکێشن، خێزانێک ژن تیایدا پەراوێزە، خێزانێک ژن هەستوونگێتی. پێشینانی کووردهەواری بە ڕوونی گووتوویانە:" ژن هەستوونگی ماڵە." لە هەموو سەردەمەکاندا، ژنانی ئەم هەوارە بە سەر پێوه بوون و، شکۆمەند بیندراون. لە هاخیرین سێ سەدەی تاریکیدا، بە سەدان

گەڕۆک بە کوردەواردا گەڕاون، لەو کتێوانەی نوسیتیان، ڕاست و ڕوون پایەداری و شکۆمەندی ژنانی کوردەواریان خستۆتەڕوو، لە کاتێکدا لە نێو تورکەکان و هارەبەکاندا، ژنانیان بەبێ پایە و بەرچەپۆک دیتون. ئەم گاتایەی گەڕۆکەکان بە دروستی قەڵەمی لێدراوە، چوونکی کۆمەڵانی تورک و هارەب بە پێشینە هۆفین، وەلێ کوردەکان مهیرین. هەڕوون هەلومەرجی سەدساڵ لەمەوپێش بڕۆنن، دەبینن دایک لە ناو ماڵەکەیدا ناوەندی دەگرت و، مێرد بە هیچ هەنجەتێک نەیدەتوانی ژن بخاتە بندەستی خۆیەوە، هەندێک کات ژن لە ناو خانەوادە و خێڵیش پایەی کەسی هێکەمی دەگرت و، هەشیمەتێکی هەزاران کەسی هەڵدەسووڕاند.

## پۆپەی 13

دایک مەوجوودێکی سرووشتی و، بە ڕەگ و ڕیشەیە، لە کاتێکدا باوک - مێرد دیاردەی درەنگ دەرکەوتووی کۆمەڵاتین، هەلومەرجی شەڕوشۆڕ و، باری سامانداری بە هاردی داهێناون، هیچ بنەڕەتێکیان لە سرووشت و، لە ڕێساکانی گەردوونێدا نیهە. تەمەنی بەشەرێت نۆهەد هەزار ساڵ تێدەپەڕێنێ، دیاردەی باوک نۆ هەزار ساڵ نابێ، دیاردەکە لە ناو خێڵانی هۆفی بە زەقی و زوو، لە ناو خێڵانی هاردی بە درز و درەنگ جهێی خۆی کردۆتەوە. سەرەتا لە هیوەی کوردەوار، لە هەردوو کیشوەری ڕەش و سپیدا شیوەی هاتۆتێ، پاشانەکە لە دووری خۆرهەڵاتێ، لە ناوچەی بەرینی ناودێر بە زاینا(چین) و دوروبەری شێوەی لێ دەردەکەوێ. بنۆڕنێ، لە باکووری ئەفریق و هەندێک جهێی دی، دیاردەی باوک بە ترۆپک گهێندراوە، بە جۆرێک پیاو لە جیاتی ناوی خۆی، بە وشەی باوک و ناوی هێکێک لە منداڵانی ژنەکەی، دەناسدرێ. ئەمەش بڕیاری بنبڕە لە دیاردەی باوک و، بنچەق داکوتینێتی لە زهین و زەمینی کۆمەڵاتیدا. ڕەوشەکە لە ناوەندی شارستانێتی دایک لە کوردەوار، تەواو جوودایەزە، منداڵانی ئەو هەوارە هەتا ئەم دوایەهەش، پتر بە ناوی دایکیان ناسدراون، وەک لە ناوی باوک. هەنەوکەش ژنانی کوردەوار لە دەمەتەقێی بەینی خۆیاندا، منداڵەکان بە ناوی دایکیانەوە بانگ دەکەن، هەندێک وقهت پیاوەکانیش لە سەر ناوی دایک ناوی منداڵان دهێنن. هەرهەندەش نا، ئەو پیاوانەی لە سەدەکانی دواهیدا ناووبانگیان لە جوانمێرییدا بڵاوبۆتەوە، زیادتر لە سەر ناوی دایکیان، یان پاشگر بە ناوی خێڵەکەیانەوە ناسدراون، ئەمە وەکوو شتێک هێشتانەکە پاشماوەی زیندووی هەیە و، ئێستاکێش پیاوانێک هەن لەو هەوارە، ناوی دایکیان پاشگرە بە ناویانەوە. باوک چ وەکوو چەمک و چ وەکوو دیاردە، لەبەرئەوەی ڕەسەن و بە ڕەگ نیهە، بۆ هێ لە ناو خێڵە هۆفیەکان خۆشیاندا قەت نەیتوانی بنچەق دابکووتێ، ئەوەتانێ

هەزاران ساڵ پاش پەیدابوونی دیاردەکە، پەیوەندی خاڵ و خووشکەزا(خوارزا)، لە پەیوەندی باوک و کوور پتەوتر و لە پێشتر چاوی دراوەتێ. خێڵە گێرمەنەکان نموونەی ئەو باسەن، ئەوان لە بارمەتەگرتنی سەودا و مامەڵەکردنێ، خووشکەزایان بە زامنێکی چاکتر و لە پێشتر لە کووڕی پیاوەکە دیتوە، چوونکە باوک دەیتوانی خۆی لە ژن و منداڵەکانی بێ بەری بکات، بەڵام لەگەڵ خووشک و خووشکەزاکانیدا، پەیوەندی خوون و دایکاتی بە هێکی بەستوونەتەوە، خۆ لێ بێبەریکردنیان واتاهێکی نیەە. لە ناوەندی شارستانێتی دایک لە کووردەوار، چەمکی باوک بە ڕادەی هەزاران ساڵ، کاتی پێچووە، ئەوجا بۆتە دیاردە و، باو و بەربڵاوبۆتەوە. وشەکە لە هاخاوتنەکانی کووردەواریدا بە شێوەی "باب، باوە، باوک" دەردەبڕدرێ و، بە واتای "گەورە"ی تەمەن دێ، وشەی "کاکە"ش هاوتا بە وشەی باوک بەرکارە، لە هەمان کاتدا برای گەورەش بە کاکە ناوی دبردێ، ئەم وشەیەش واتای "تەمەنی گەورە"ە هەیە. زهینی خۆتانی بدەنێ، لە کووردەواریدا ژنان هێکدی بە خووشک و پیاوان بە برا ناو دهێنن، پیاوان هێکدی بە برا و ژنان بە خووشک ناو دەبەن، هەردووکیشیان خانمانی بە تەمەن بە وشەی دایکە - دایە دەدوێنن، ئەوانیش بە "ڕۆڵە" و "کچم" و "کووڕم" وەڵامیان دەدەنەوە، بەڵام قەت ڕوونادات نە کیژ و نە کوور، بێجگە لەو پیاوەی هاوژینی دایکێتی، بە هیچ پیاوێک بڵێ باوکە و، بەوجۆرە ناوی بهێنێ، ئەمەش لەوەوە دێ ناوبردنەکان مهیریاتی شارستانێتی دایکن، چەمکی باوک لە مهیریات بە دەرە، لە چەرخی هۆفیدا کەوتۆتە زهین و سەر زارانەوە. پێشینانی کووردەواری گووتیتیان:" خاڵ خوارزایان مەزن کرد، مام برازایان بزرکرد." ئەمە زەختکردنەوەیە لە سەر پەیوەندی پتەوی خاڵ و خوشکەزا، وەکوو پاشماوەی شارستانێتی دایک، هاوکات کرچ و کاڵی پەیوەندی منداڵ بە بەرەباب نیشان دەدات. دیاردەی مام، (برای باب) بە گەشەکردنی دیاردەی باوک، لە سەدەکانی دواهیدا هاتۆتە پێشێ. وشەی مام بە واتای مەزن و گەورە دێ، لە هاخاوتنی گەلێک لە قۆمەکانی بەشەرێتدا، جێناوێکە لە بۆ دایک بە کاردێ. هەمان وشە بە هەمان واتا، لە هاخاوتنە کووردیەکاندا، وشەی ناساندن و دواندنی برای باوکە، هاودەم لە جهێی ناوهێنان، یان بە پێشگری ناو لە بۆ هەرپیاوێکی گەورەتەمەن بە کار دێ. کاتێک دیاردەی باوک و مام پەرە دەستهێنن، لەگەڵیاندا ناوەکانی برازا و ئامۆزا پەیدا بوون، جا بڕۆننێ، دیاردەکە چوونکوو ناڕەسەن و بێ ریشەیە، لە زمانیشدا وشەی هاوکووف و گونجاوی نیەە. وشەکانی برازا و ئامۆزا پێکەنیناوی و گەپ هامێزن، هاخر "زا"ین کە تایبەتمەندی مێینەیە، دراوەتە پاڵ نێرینەوە. بەڵام لە هاخاوتنێکی دیکەی کووردەواریدا هاوبەند بە منداڵانی ناسدراو بە منداڵی مام، هاوسەنگیەک بە شێوەی واتادار بە زماندا هێندراوە، "دۆتمام" لە بۆ کچ و "پستمام" لە بۆ کووڕ بەرکارن، هێکەم بە مانای دڵی مام دێ و، خۆشەویستی نیشاندەدات، دووهەم بە واتای پشتی مام دێ و نیشانەی هێزە.

بناخ لە سەر بیروباوەڕی ڕاستیەقین، مێ ناموس و ناوکی هێزە، هەردوو وشەکە هەڵگری واتاهێکن. چەمکی ناموس هاوبەند بە گشتەی گەردوونێ، واتایە لە زهین و خوودێتی هوودای دایک، لە پەیوەندی بە کۆمەڵی بەشەرێت، مانای مێینە دەگهێنێ. مێینە لەگەڵ هوودای دایک هاوبەشێتی هەیە، لەبەرهەندێیە درەوشاوە و شکۆدارە. وەلێ نێر لە خوودی خۆیدا بێ شکۆیە، شکۆمەندێتی خۆی لە ناموس - مێ وەردەگرێ. نێر لە سەرێتی ناموس بپارێزێ، ناموس چ بە واتای مێ و، چ بە واتای ئەو ڕێسا و بیروباوەڕەی لە زهین و زانستی هوودای دایک گهیشتۆتە بەشەری، کاری پاراستنەکە دەبێتە سەرچاوەی شکۆ و سەربڵندی خۆی. لە کۆمەڵی کووردهەواریدا، وشەی "بێ ناموس" تووندترین قسەپێگووتنی سەرزەنشتکرنێ بووە، نێر پێی شکاوە، هاخر ئەوی ناموسی نەبێ، نە خۆی و نە هیچ شتێکی نیهە، بە "نەبوو" کەلامی لە سەر دەدرێ. کاتێک خێڵانی هۆفی هەڵیانکووتاوەتە سەر کووردهەوار، ناموس لە سێ بازن گوزارشتی دراوەتێ، بازنەی هێکەم و گەورە "هەرز"ی کووردهەوارە، خاک دایکە، پارێزگاریکردن لە خاکەکە، بە هێندەی پاراستنی خەڵکەکە واتادارە، تەنانەت ئەگەر ئەو بەشە خاکە هیچ کۆبەندێکی خەڵکی تێیدا نەبووبێ، لە سەریان بوو بە ناموس بیبینن و، نەهێڵن هۆفی پێی تێ بخزێنێ. بنەما لە سەر ئەم هیزرینە، پاراستی "هەرز" و "ناموس" بە تەک هێکەوە بە زمانداهاتوون. خێڵانی کووردهەوار لە سەروو بووبن، یان لە خواروو، لە ڕۆژئاوا بووبن، یان ڕۆژهەڵاتێ، هەموو دەوروزەمانێک بە پێک هێنانی هێکێتی لە نێوان هۆزەکاندا، ئەو هەرزەیان دەپاراست. بازنەی دووهەمی ناموس، لە کۆبەندی گووندێ تخووبی دەبەست، هەموو ئەو نێرینانەی جهێنیشینی کۆبەندێ بوون، سەرجەمی مێینەی کۆبەندەکەیان بە ناموسی خۆیان دەدیت و، خستبوویانە سەریانەوە فەرزە بە خوون بیانپارێزن. بازنەی سێهەم و گچکەلان ماڵەکان بوون، هەرپیاوێک لە هەرماڵێک بووبێ، مێینەکانی ماڵەکە ناموسی ئەو بوون، فەرز بوو بە بەهای گیان پارێزگاریهان لێ بکات. لەم بازانەیەدا دایک دەبێتە ناموسی کووڕ و، خووشک دەبێتە ناموسی برا و، خووشکەزا دەبێتە ناموسی خاڵ، پوور و کچە پووەکانیش ناموسی ئەون، ئەو ژنەش ناموسیێتی، کە ئەم مێرداتی لە بۆ دەکات، کیژانی ئەو ژنەش ناموسی ئەون. وێنەکە لە دەستپێکدا ئەوهایە، پاشانەکانێ لە درەنگ وقهتی زەمانێ، کە دیاردەی باوک و مام دەچەسپێ، مامۆژن و خاڵۆژن و کچە مام و کیژە خاڵ دەکەونە بازنەی ناموسی نێرینەوە. سێ بازنەکەی ناموس، سێ ئاستی بەرپرسیارێتی سەبارەت بە ناموس دەخەنە ڕوو، بازنە گچکەکە کە ناموسی ماڵە بە هێزترینە، ئەوجا لە دووی وی، ناموسی گووند دێ، پاشانەکەش ناموسی کووردەواری.

نێر جەنگاوەرە و، مێ ناوکی جەنگاوەرە. ئەو جەنگاوەرە نەبەزەی دەچێتە مەیدانێ و پێرست بە مهیر بەرخۆدان دەکات، ناوکە جەنگاوەر خوولقاندووتی، خوولقاندن تەنەها لە واتای بە دوونیاهێنانی منداڵ نا، لە واتای پێگهاندنی ئەو دەروون و دەماخەی سەرچاوەی هێزی جەنگاوەرن. لە بازنەی مهیردا، مێ پایەی "شەرەف"ی هەیە، شەرەف لە زمانی زگماک مانای سەرۆک دەدات. دەلوێ لە ویستی بەرگریدا، مێ بڕواتە مەیدانێ و سەرۆکاتی جەنگاوەران بکات، دەلوێ لە کاری هاندان و پەروەردەکردنێ، لە چێشتلێنان و تیمارکردنێ جهێ بگرێ و، هێندەی دیکە دەست و دەوری هەبێ، لە خوولقاندن و شیاندنی جەنگاوەرانی ڕووناکیدا، بەڵام ڕێپێدراو نیهە ببێتە جەنگاوەڕێک شەڕی دەستوهێقە بکات، چوونکە بەم هەنگاوە لە پایەی خۆی دهێتە خوارێ و، دەبێتە هاوپایەی نێر، ئەمەش لەگەڵ ناموس ناکۆک و دژە. لە دەستپێکێ هەرکە کووردهەوار ڕادەپەڕێ و، بەرامبەر بە ڕووی ڕەشی هۆفێتی ڕادەوەستێ، خەڵکی هەوارەکە پێ لە بەندی ئەم ڕێسایە جەنگاوەرێتی دەکەن. بەرخۆدان هەزاران ساڵ تووڵی دراوەتێ و، ڕێساکە هەر بە نەگۆڕی ماوەتەوە. بنواڕن، داستانی "هەمەی گۆزەنێ" لە دواهین سەدەکانی تاریکی لە کووردهەوار ڕوویداوە، لە میانی ئەو داستانەدا کەسێتی هەرهێکە لە جەنگاوەر و ناوکە جەنگاوەر ڕێک و ڕەوان لە مەیدانێ دەردەکەوێ. "هەمێ" جەنگاوەرە و، "گۆزەن"ی دایکی ناوکە جەنگاوەرە. لە کەسێتی دایکە گۆزەندا، کەسێتی ڕاستیەقینی دایکانی کووردهەوار دەردەکەوێ. دایکەکە بە لاواندنەوە و لاوک، بە سەر کووڕەکەیدا هەڵدەڵێ، هانی دەدات بجەنگێ و خۆی بە دەستەوە نەدات، ئەوە لە کاتێکدا کووڕەکە تاقە جەنگاوەرێکە و دژمن چەند تابوورێکە. بەڵام دایکە گۆزەن بە پێڕستی مهیر بیردەکاتەوە، لە مهیریشدا خەیاڵی خۆبەدەستەوەدان لە هیچ بارێکدا بە سەردا ناهێ، تاک لە سەرێتی بەبێ دووڵی شەڕی تابوورێک بکات. دایکەکە هێز بە دەروون و دەماخی کووڕەکەی دەدات، ئەوجا خۆی و مێینەکانی دی مەیدانەکە بە جهێ دهێڵن. لەوکاتیدا "هەمێ" ئەو کارە دەکات، کە هەموو جەنگاوەڕێکی ڕووناکی کردووتی، خۆی و تفەنگ و سندووقی فیشەگەکانی، بە سەربانی کۆشکەکەیان دادەکووتێ و ڕوو بە ڕووی دژمن دەجەنگێ، پێشوقهتەش قاچەکانی بە پەت دەبەستێتەوە، هەتا بیرۆکەی هەڵهاتن نەچێتە سەریەوە. لێرەدا لە کەسێتی هەرهێکە لە کووڕ و دایکدا، جەنگاوەر و ناوکە جەنگاوەری ڕاستیەقین نیشاندراوە. جەنگاوەرێتی هەرلەسەرەتاوە لە ناوەندی شارستانێتی دایک، ئەوها شێوەی هاتۆتێ، نێرینەکان ئازا و جوانمێربوون، بەو پەڕی دڵێری و نەبەزی چوونەتە بەرگریکردنێ، لەبەرئەوەیە وشەکانی "جەنگی، جەنگاوەر، ئازا، دڵێر، نەبەز، بەرخۆدان" ناوی تاکێتین لە ڕەگەزی نێردا، وشەی دیکەش زۆر

هەن لە بازنەی ئەم واتایانەن، ئەوانیش هەر نێرینەکانی پێ ناودێر دەکەن، ئەمەش نیشانیدەدات بەرگریکردنی کردەکی، ئەرکێکە بە ئەستۆی نێرینەکانەوە. جوانمێرانی کووردەهەوار، ئەم ئەرکەی خۆیان چاک دەناسی و، چاکیشیان بە جهێ دەکرد، بەبێ سلکردنەوە لە چەندێتی ژمارەی ئەو چەتە هۆفیانەی پەلاماریان داون. بیروباوەڕی ڕاستیەقین هێزی گەورەی بە دەمارەکانیاندا گێڕداوە، پاراستنی نامووس و شکۆش لە خوودێتی مێینەدا، هەتا ئەوپەڕی نەبەزی کردوون، چوونکوو هێخسیرکەوتنی ژن و "بە گان چوون"ی ژن، خراپترین شتێک بوو، نەدەبوو بهێڵن ڕوودات. ئەمە لەبەر ئەوە نیهە گانیان بە بەدکاری بینیبێ، گان لە بازنەی مهیریدا بەرەکەت و لەزەت و خۆشی بەرهەم هێناوە، بەدبینینەکە لە پەیوەندی بە گانێکەوە نیشاندراوە، نێری هۆفی لە سەر مێی مهیری بیکات. زهینی بدەنێ، لە هەنگینێوە هەتا ئەوڕۆکە، گۆزاری"بە گان چوون،" لە میانی هاخاوتنی ڕۆژانەی کۆمەڵی کووردەهەواریدا، گوزارشت لە ئەو پەڕی خراپبوون و کەوتن دەکات، جا خراپبوونەکە لە سەر هەرشتێک و هەرکەسێک بە دید بێ، ئەگەر بشیانهەوێ پڕاوپڕتر وێنەی خراپبوون و کەوتنەکە نیشان بدەن، وشەی دایک، یان خووشک، یان هەردوو وشەکە بە هێکەوە دەخەنە پێش دەستەواژەی بە گان چوونەکە و دەڵێن:" دایک و خووشکی بە گان چووە." ئێستاکێ ئەم ڕستەیە بە هیچ لۆنێک گوزارشت نیهە لە گان خۆی، بەڵکوو وێنەی واتایە لە کەوتن و کاولبوون. لە زەمانی زوودا، گووتنەکە ڕێک و ڕەوان واتای بە گانچوونی دەگهاند، بە گانچوونێک هۆفی بهێ و بتوانێ مێینەی مهیری خوورتیگێ بکات. ڕووداوی ئەوها قەت نەدەبوو ڕوودات، ڕووی بدابا، واتای دۆڕان و بەزینی نێرینە مهیریەکانی بەرجەسدە دەکرد. مێ شەرەف بوو، ئەگەر هۆفی بیتوانیبا بچێتە زگ شەرەف (سەرۆک)، شەڕی بەرخۆدان بە تاڵ دەبووەوە. وێنەکە وهالەیە، کووردەهەوار لە گووندان پێک دێ، پاڕاستن و پاسداریکردنی هەرگۆوندێک ئەرکە بە کۆڵی پیاوەکانیەوە، لە ناو گووندەکەش کووڕ لە پاراستنی دایکی و، برا لە پاراستی خووشکی و، مێرد لە پاراستنی ئەو ژنەی پێی سپێردراوە بەرپرسیارە، دەبوو قهرەمانی بنوێنێ و نەهێڵێ چەتەی هۆفی بتوانێ بچێتە زگیان، ئەگەر ئەوە ڕووی دابێ، شکۆی پیاوەکە لە چاوی خەڵکی گووندی شکاوە، لەبەرهەندێ پیاوان بە مەرداتی و خۆنەویستی ڕۆیشتوونەتە پێشێ و، بەریان بە دژمن گرتوون. دەستەواژەی "پۆرت شکاندن"یش کە هەتا ئەوڕۆ لە کۆمەڵی کووردەهەواریدا بە کاردهێندرێ، ئەوەش دەکەوێتە نێو هەمان بازانەی واتاوە. وشەی پۆرت واتای سنوور دەگهێنێ، جا لە بەر ئەوەی سنووری ماڵێ دەرکەیە، وشەکە بۆتە هاوواتای وشەی دەرکە و، شکاندنی پۆرت، شکاندنی سنوور و دەرکەی ماڵە، ئەمەش ئابڕووچوونە سەبارەت بە پیاو، چوونکە لە پشت دەرکە و لە ناو ماڵەکەدا ژن هەیە، ژنیش نامووس و ناوکە، نابێ دەستی هۆفی بە سەری ڕابگات. ناوکە جەنگاوەر(مێینە) بە دوو ڕێ جەنگاوەڕی وبارهێناوە، لە دەستپێکێ منداڵ بە

دوونیا دهێنێ و، پێڕست بە مهیر پەروەردەی دەکات، پاشانەکانێ لە پشتەوەی مەیدانی شەڕکردنێ، بە دەوری ڕێبەری هاندانێ هەڵستاون، ئەم هاندانەی مێینەکان شەپۆڵی هێزن و دەمودەست چوونەتە ناو دەمار و دەروون و، ناو دەماخی جوانمێرانەوە. سەرباری ئەوەش، مێینەکان بە چاو و زار شەپۆڵ دەنێرن، ئەوکاتەی ڕوو بە جوانمێران دەدەن و، سەرسامی نیشاندەدەن بەو مەرداتیەی هەیانە، هاوکات پشت دەکەنە پیاوانی ترسنۆک و لەبارنەبوو، تەنانەت ڕوو بە ڕوو سەرکۆنەیان دەکەن و، بە ناپیاو دەیانناسن. مێینەکان پیاوانی جوانمێری هۆفبەزێن بە مێرد و دۆستی خۆیان دیاری دەکەن، سۆزی دڵ و لەزەتی لەش و، خەندەی لێو و نیگای چاویان بە جوانمێران دەدەن، ئەو پیاوەی پتر جوانمێرە، زیادتر دەنگوباس و ناوی بە سەر زاری مێینەکانەوەیە، ئەوان بە باسکردنیشی هەست بە دڵارامی و ئاسایشی دەروونی دەکەن. ئەم هەڵسوکەوتەی مێینەکان بە تێروتۆخی کاریگەری لە سەر نێرینەکان داناوە، وهای لێکردوون هەموو هێکێکیان هەوڵبدات مێرخاسێکی لێ دەربچێ، بەمەش دڵ و ڕەزای مێینەکان بە دەست بهێنێ.

## پۆپەی 16

ئەوی هێرش دهێنێ و ئەوی هێرش بەرپەرچ دەداتەوە، هەردووکی هێزی ماسووڵکەن، ماسووڵکەش پتر ها بە پیاوانەوە، بێجگە لەمەش مێینەکان بە هۆی تایبەتمەدی نێزیکاتیان لە مهیرەوە، لە هیچ بارێکدا دەستیان ناچێتە کووشتنێ، لە بەرهەندێ، چ لە ناو هاردیەکان و، چ لە ناو هۆفیەکان، بایەخی لە دایکبوونی کووڕ دەچێتە سەرێ. بەڵام ئەو بایەخ هەڵکشانەی نێرینە و لێکەوتەکانی، لە قۆمی هاردی بە جۆرێکە و، لە قۆمی هۆفی بە جۆرێکی دی. لە کۆمەڵی هاردیدا ئەو دایکەی کووڕی زیادتر و، ئەو خووشکەی برای زیادتری هەیە، پاسەوانی پتریان هەیە، ئەمەش سەرباری شەڕی دەستوهێقەی ساتەکانی پاسداریکردنێ، لە هەموو ساتەکانی دیکەشدا ئاسایشی دەروونی بە خێزانەکە دەبەخشێ. هاوکات لە سەر ئاستی خێڵ و گووند، بە زیادبوونی نێرینەکان، جەنگاوەران زیاد دەکەن و، هێڵی بەرخۆدان و بەرگریکردنێ پتەوتر دەبێ. لە ناو ئەم هەلومەرجەی بەرگریکردنێ، بایەخی کووڕان و کیژان بە هێکەوە چۆتە سەرێ، چوونکوو خەڵکەکە گرێدراو بە زانستی ڕاستیەقینی هیزریون، چاک لەوە تێگەیشتوون جەنگاوەر بەبێ ناوکە جەنگاوەر بە دوونیاهێ ناهێ. لە بەرئەوەیە هیچ خێڵێک نەیویستوە ناوکە جەنگاوەر(مێینە) لە بازنەی خێڵەکەدا بچێتە دەرێ، لە بازنەی بەرەدایکیش ڕێ نەدراوە ژن بە بەرەدایکی دی بدرێ و، لە هێڵی خۆیان بە مێرد دراون، پاشانەکە کە بەرەبابیش زەق دەبێتەوە، پێڕەوتی لەم ڕێسایە

دەکەن. نەریتی ژن بە ژن، گەورە بە گچکەی کیژان، نیشانکردنی سەربێشکە، هەرسێکیان لێکەوتەی ئەو ڕێسایەن و، لە گەورەێتی بایەخی مێینەوە هاتوون، بەوەی ناوکە جەنگاوەرە و، هێزی بنەماڵەکان و خێڵان بەرهەم دهێنێ. لە کن هۆفیەکان ڕەوش بە جۆرێکی دیکەیە، بە هەڵکشانی پایەی کووڕان، داکشان لە پایەی کیژان ڕوودەدات، ئەو بنەماڵەی کووڕی زیادتریان هەبێ، چەتەی پتریان هەیە و، دەتوانن لە پەلامارەکاندا دەستکەوتی زێیدەتر ببەنەوە، لە کاتێکدا کچەکان وەکوو بارگرانی بیندراون بە سەر بنەماڵەوە، چوونکی سەرەڕای ئەوەی ناتوانن هاوشانی کووڕان بچنە مەیدانێ و تاڵانی بهێننەوە، خواردن دەخۆن و مایەی کەمبوونەوەی ئازووقەن. لەبەر هەندێ ئەو دایکانەی منداڵی کووڕ بە زیندەگی دهێنن، نرخ پەیدا دەکەن، ئەوانی کچ دەخەنەوە، خۆیان و کچەکەیان بەرنەفرینی پیاوانی بنەماڵەکە دەکەون. ئەمەش بە واتای ئەوەیە دایک لە خوودێتی کووڕدا هێز وەردەگرێ و، لە خوودێتی کیژدا هێز لە دەست دەدات. ڕەوش لە ناوچەکانی خێڵانی هۆفی، بە تایبەتی لە نێو بیابانیشین و دەشتەکیەکانی هێوەی کووردەوار، پێ بە پێ بەد و بەدتر ملی نا، هەتا هۆفێتی بە ترۆپک گەهیشت. کووشتنی کۆرپەی کچی تازە لە دایک بوو لە لایەن باوکەوە، وەکوو دیاردەی زەق و دژە زەندەق، هەزاران ساڵ تووڵی دراوەتێ. ئەم دیاردەی کچ کووشتنە، ڕووی بێ پەردەی کەوتنی مێ و، ڕەهابوونی نێرناوەندی لە ناو خێڵە هۆفیەکانی ئەوێندەرێ نیشان دەدات. بیابانی هارەبان، دۆڵی نیل و دەشتی کەنهان، ناوچەی هەرە ڕەش و تاریکی جێهانێ بوون، هۆفێتی هەرزوو لە کن خەڵکانی پیسخۆری ئەو ناوە، بە ئاستی ترۆپک گەهیشت. سەرهەڵدانی هێک بە دووی هێکی پەیامبەران و پیاوچاکان لەو ناوچەیە، دەرهاوێشتەی ئەم بڵندبوونە ڕادەبەدەرەی دڕنداتی و هۆفێتی دەشتەکیەکانی گەرمەسێرە. دەکتۆر دەچێتە ناو نەخۆشەکان و، دەرمانیان دەداتێ، بەشکووم چاک ببنەوە. پەیامبەرانی هەقگۆ، هەرهێکەیان دەکتۆرێک بوون، هەرهێکەیان لە زەمەن و زەمینی خۆیدا، ڕەوتی خێر بووە بەرامبەر بە ڕەوتی شەڕ هاتۆتە مەیدانێ، ویستووتی برێک لە هیزر و هەڵسوکەوتی هۆفێتی بهێنێتە خوارێ، ئەگەر نەخۆش گوێ بە قسەی دەکتۆری زانا نەدات، لە زانابوونی دەکتۆرەکە کەم ناکاتەوە، بەڵکوو گەوجێتی نەخۆشەکە نیشان دەدات.

## پۆپەی 17

هۆفێتی لەگەڵ قاڵبگرتنیدا، ڕێکخستنی کۆمەڵاتی بەرەواژ دەکاتەوە، دەرکەوتنی دیاردەی باوک لە سەر بنەمای پەیداکردنی ڕسق و، هێنانی سامانی بە تاڵانهێندراو، دەستپێکی قلْپکردنەوەی ڕێکخستنەکەیە. لە دەستپێکدا ناو و چەمکی باوک قووت

دەبێتەوە، پاشانەکە ناو و چەمکی "باپیر"و"باپیرە گەورە"ی بە دوو دادێ. بەمجۆرە لە هەرسێ پێکهاتەی خێزان، خانەوادە و خێڵی هۆفیدا، نێرناوەندی بنچەق دادەکووتێ. باپیرە گەورە کەسی هێکەمی خێڵە و، بەها و بایەخی بێ پەرواى دراوەتێ، لە کاتێکدا ناو و ناوەڕۆکەکانی باپیر و باپیرە گەورە، قۆپیەی ناو و ناوەڕۆکەکانی داپیر و دایە گەورەن. هێڵی مێ، هێڵی ڕاستیەقینی مهیرە لە شێوەگرتنی ڕێکخستنی کۆمەڵاتی و، پێکهاتنی خێزان و خانەوادە و خێڵدا، هێڵی نێر وەکوو هێڵی هۆفێتی هاتە گۆڕێ، لە سەر ئەو هێڵە بەرەباب پێکدێ و زالێتی دەکات، لەگەڵیشیدا بەرەدایک لە کێشمەکێشی مانەوە دایە، لق و پۆپەکانی شکێندراون و، لە ناوقەدڕا خەشەبڕیان کردووە، وەلێ دەیهەوێ ڕیشە و ڕەگی هەڵنەکێشدرێ. هۆفێتی لە خۆ بە ڕێکخستنکردنێ، پشت بە شێوەی هەمان دامستدراوی خێڵ و، هەمان پێکهاتەکانی شارستانێتی دایک دەبەستێ، تەنەها ناوەندێتیەکەی لە دایکەوە لە بۆ باوک، لە کچەوە لە بۆ کوور دەگۆڕێ. مانەوەی پایەی سەرۆکاتی خێزان و خانەوادە و خێڵ لە باوکەوە لە بۆ کوور، هەڵتۆقینێکە لە ناو خێڵانی هۆفی بە شێوە هاتوون. ئەو پیاوەی بنەما لە سەر دیلی شەڕ و تاڵانیەکان بناخەی خێڵی تازەی دامستدراند، پاشانەکە دەبێتە باپیرە گەورەی خێڵ، لە پاش خۆشی، گەورە کووڕی ئەو ژنەی کردووتی بە ژنی هێکەمی خۆی، جهێی دەگرێتەوە. هەرێ وهالە، جهێ و پایە لە دایک دەستێندرێ و ڕێکخستنەکەی زەفت دەکەن، هیدی نێرناوەندی باوک - کوور بەردەوام دەکات و، گواستنەوەی دەسهەڵاتەکە ناوی پشتاوپشتی لێ دەندرێ. لێرەدا هۆپێک بکەن و لە دەستەواژەکە ڕابمێنن، "پشتاوپشت" واتای نێراتی دەخاتەڕوو، "زگ بە زگ" واتای مێهاتی نیشان دەدات. هەرخۆی وهایە، لە پۆلێنی پێکهاتەی لەشدا، پێشەوە(زگ) مێیە، پشتەوە(پشت) نێرە. لە وشەکانی "دۆتمام" و "پستمام"دا، جوودابوونەکە ڕاست و ڕەوان بە زهین دەکەوێ، هێکەم لە بۆ کچ و دووهەم لە بۆ کوور بە کاردێ، "دۆت" بە وتای دڵ و، "پست" بە واتای پشت دێ. لە کن خێڵانی هاردی لە کووردهەوار، دەرکەوتنی دیاردەی مێرد - باوک، پاشان دیاردەی باپیر و باپیرە گەورە، دەرکەوتنێکە لە بنەڕەتەوە جوودایەزە، چوونکە لە ناو خێڵە هۆفیەکان "سەرمایە" و لە ناو هاردیەکان "ئاسایش" بناخەی پەیدابوونێتی. هاتنەپێشەوەی پیاو بناخ لە سەر خاوەندارێتیکردنی سەرچاوەی بژێو، دەستی درێژ دەکات لە بۆ دەستهەڵاتکردن بە سەر ژن و منداڵانی ئەو ژنەی بژێوی لێ وەردەگرن، هەرئەوەشە زالێتی زهین و زاری پیاو بە زەمین دادێنێ. لە کاتێکدا لە ناو هاردیەکان مێرداتی و دابینکردنی ئاسایش، ئەرکێکە لە بیروباوەڕەوە، هەلمەرجێک نیەە بتوانێ باوک بە سەر دایکدا بڵند بکات، بۆهێ خێزان هەر بە ناوەندێتی دایک هەڵدەسووڕێ. بێجگە لەمەش، ڕسق و بژێو لە ناو هەردوو شەقڵی هاردیەکان، چ شیوانکارە و چ جووتیار، بە هاوبەشێتی و هەرەوزی دابین کردراوە، ساماندارى گشتی بووە، یان بە ناوی بەرەدایک، یان بە ناوی خێڵ، هیچ و دەو ر وزەمانێک ڕێ نەدراوە خاوەندارێتی

تایبەت لە پەیوەند بە سامان بهێتە گۆڕێ. لە هەندێک جهێ لە جێهانێ، خێڵانێکی مهیرهۆفی هەبوون، دووره پەلاماربوون، ئەو خێڵانە بە درەنگ وقهت فەرهەنگی ماڵیکردن و چاندنێیان دەگاتێ. لە ناو ئەو خێڵانەدا، دیاردەی مێرد - باوک هەتا هاخیرین سەدەکانی تاریکیش شێوەی لێ دەرنەکەوت، چوونکە "سەرمایە" و "ئاسایش" دوو هۆی پەیدابوونی دیاردەکەن، لە نێویاندا چ تاقی ئەم هۆکارانە بە هاردی دانەهاتوون.

## پۆپەی 18

هەردوو هێڵی هاردی و مهیرهۆفی، لە ناو پێکهاتی کۆمەڵاتیانەی سرووشتیدا خۆیان دیتۆتەوە، ئەمەش بە بەرەکەتی هوودا زاندراوە، ئەو پابەندبوونە سەختگیرەی لە هیزر و هەست و هەنگاویاندا، بە خێڵ و خانەوادەوە بە ستبوونی، هی ئەو سرووشتیبوونەی پێکهاتەکان بوو. خێڵی هۆفی شێوەی ناسرووشتیانەی خێڵە، لەگەڵ ئەوەشدا هەروەکوو خێڵە سرووشتیەکان بە چەمکی بەرەکەتی هوودا گرێ دراوەتەوە، ئەوها بە درۆ هۆنینەوە و بە هەڵخەڵەتاندنی خەڵک، پێکهاتەی هۆفێتی توولی دراوەتێ. درۆ لە سەر زاری سەردارانی خێڵی هۆفی پەیدابوو، دزی لە سەر دەستی خەڵکی ڕەشۆکی خێڵەکە، سەردارەکان درۆی جۆراوجۆریان لە بۆ خەڵکە ڕەشوڕووتەکە دەهۆنیەوە، ڕەشوڕووتەکەش هەروقتهێک لە بۆیان هەل بکەوتبایە، "دزی"یان لە سامانی کەڵەکەکردووی دۆزنەکاندا دەکرد، هەرهێکەیان ئەو کارەیان دەکرد کە پێویستیان بوو. هەشیمەتێکی هەزاران کەسی، کە پێشترێ بە هاوبەشێتی و هەرەوزی، لە میانی خێڵێکی سرووشتیدا گوزەراون، بە هاسانی لە پێکهاتەی ناسرووشتیانەی خێڵی هۆفیدا جهێ ناگرن، تۆبزی و زۆرلێکردنیش، هەرهەندازێک بڕ دەکات و کوورت دهێنێ، لەبەرهەندێ ڕێ کاریگەرەکەیان گرتۆتە بەرێ، بە مەرامی فریودانی خەڵکی ڕەشۆک و کۆیلەکان، هەردەم درۆی زلکردنێ لە بۆ شان و شکۆدارکردنی سەردارانی هۆفی هۆندراونەتەوە، تەنانەت ئەو سەردارانەیان بە نوێنەری هوودا نیشانداون، هووداهێک کە لە چەمکی دایک داڕندراوە و، پێناسی نێراتی دراوەتێ. بەم لۆن و لاوەندنەوەیە، توانیتیان خەڵکە ڕەشۆکەکە پابەند بکەن و، گرێدراو بە سەردارانی خێڵ بیانهێڵنەوە. لە ناو هەرخێڵێکدا درۆ هۆندراوەکان بە جۆرێک بوون، لەم جۆراوجۆریەوە هوودای جووداجۆر بە زهین داهێندراون و، هەموو هێکێک لە خێڵانی هۆفی، دینداری و ببیروباوەڕێکی تایبەت بە خۆیان ڕەوت داوتێ. باپیرە گەورەی خێڵەکان، بە زیدووهی و بە مردووهی، هەر گەورەبوون بە سەر خەڵکیەوە، هەندێکیشیان لە ڕێزی هوودا درۆینەکان جهێیان درابووهێ، پەیکەری گڵین و بەردینیشیان لە بۆ سازکردبوون.

قۆمەکانی گەرمەسێری هێوەی خۆرمیانێ، پێشەنگی هۆفێتی بوون لە جێهانێ، لە خانۆچکەی ناودێر بە "کعبە" لە بیابانێ، بە سەدان لەو پەیکەرانە داندرابوون، هەرهێکەیان گوزارشتیان لە هووداهێکی درۆینی خێڵ و تیرەکان دەکرد. بەڵام لە ناو کۆمەڵانی هاردی و مهیرهۆفی، نە درۆ و نە دزی بە گۆڕێ نەکەوتن، چوونکە ئەو کۆمەڵانە پێڕست بە بنەڕەتەکانی مهیر دەژیان، هەلومەرجێک لە هاردیدا نەبوو وها لە خەڵکەکە بکات دەم لە بۆ درۆ بکەنەوە، یان دەست لە بۆ دزی ببەن، هەمووان هاوکووف بوون و، خۆیان لە هێک بارودۆخی گوزەراندا دەدیتەوە، چینی دارا و نەداریان تێ نەکەوتبوو، هەتا دارا پێویستی بە درۆکردن و، نەدار پێویستی بە دزیکردن بێ، پێکهاتە کۆمەڵاتیەکان بە قەد و قیافەی سرووشتی خۆیانەوە هەبوون، گۆڕانە ڕووکەشی و بەشەکیەکان لە چ تاقیاندا، کاریگەری لە هێکێتی و هەرەوزی و هاوبەشێتی نەدەکرد.

پۆپەی 19

کاتێک بنەڕەتەکانی بەڕێوەبردنێ مهیرین، بەڕێوەبردنەکە لە تایبەتمەندیدا مێینەیە و، بە شێوازی ئاسۆهی و پانی بەرجەسدە دەبێ. ئەو کاتەی بنەڕەتەکانی بەڕێوەبردنێ هۆفین، بەڕێوەبردنەکە لە تایبەتمەندیدا نێرینەیە و، بە شێوازی ستوونی شێوە دەگرێ. لە هی هێکەمدا نێرینەکان، کە بە تایبەتمەند نێزیکە هۆفن، بەرەو مهیر دەچن، لە هی دووهەمدا مێینەکان، کە بە تایبەتمەند نێزیکە مهیرن، بەرەو هۆف دەڕون. لە کۆمەڵی کووردهەواریدا، بەڕێوەبردن چ لە پێکهاتەی خێڵ، چ لە کۆبەندی گووند، پێڕست بە مهیر شێوەی هاتۆتێ، لە دەرەوەی کوورهەواریشدا، هەرکۆمەڵێکی هاردی و مهیرهۆفی، بە هەندێک جوودایەزی بەشەکیەوە، لە سەر هەمان بنەڕەتەکانی مهیر هەڵسووڕاون. لە ڕاستیدا مێهێتی و نێرێتی ئەو کەسانەی لە بەڕێوەبردندا جهێ دەگرن، بابەتێکی بەشەکیانەیە، جۆری بیروباوەڕ و نەزمی بەڕێوەبردنێ، بنەڕەت پێک دهێنن و، ڕەوت بە زیندەگی دەدەن. لە ناو هەموو خێڵە بە بنەڕەت مهیریەکاندا، ڕەگەزی دایک بە کەمی چوونەتە ناو دەستەبەندی بەڕێوەبردنێ، چوونکی دۆخی جەنگ و، سەرگەرمی بە ماڵ و منداڵ، هەلی ئەوەی نەداونەتێ. لە کووردهەواردا هەرزوو هەلومەرجی نەسرەوتانەی جەنگ، بارەکەی قوورستر کرد، هیدی مێینەکان لە دەستەکانی بەڕێوەبردنێ کشانەوە و، کارەکەیان بە نێرینەکان سپارد، بەبێ ئەوەی لە کشانەوەکە دوودڵی بکەن، ئەوان چاک دەیانزانی دەست بە بنەڕەتەکانی شارستانێتی دایکەوە بگرن، هەروەکوو گرتبوویان، ئەوی دەمایەوە شتانێکی ڕووکەشی و بەشەکی بوون. ناوەندی شارستانێتی دایک بە کووردهەوار ناوی دراوەتێ، هێکەکانی ناوەندەکە

کۆبەندی خێڵان بوون و، بە شێوەی هەڵقە هەڵقە بە هێکدی گرێدرابوون. لە هیچ کاتدا هیچ پێکهاتێکی کۆمەڵاتی لە کووردهەواردا، بە دەسهەڵاتی تایبەتی و کەسی هەڵنەسووڕاوە، چوونکە نە بیروباوەڕی مهیرپەرستی ڕێ بە دەسهەڵاتی کەسی دەدات، نە لە زەمین هەلی هەڵتۆقینی هەیە. پێشتریش ئەنجوومەنەکانی پیران و مووخان بە دەست دایکانەوە بوون، نەزمی دایکاتیش سرووشتی و نەگۆڕە، لەبەرهەندێ پیرانی ئەنجوومەن و پیرهۆز، بەبێ هەڵبژاردن دەچوونە ئەنجوومەنەوە، بەڵام تایبەتمەندی ڕەگەزی دایک وهایە دەسهەڵاتخواز نیەه و، دایک دەسهەڵاتەکان پەرت دەکات بە سەر هەمووواندا، لەبەرئەوەیە دەسهەڵات لە کن دایکان نابێتە فۆڕمی مادی و، دەسهەڵاتی کەسی و تایبەتی ڕەوت ناگرێ. پاشانەکەش کاتێک دۆخی جەنگ و بەرخۆدان، وها دەکات ڕەگەزی کووڕ ئەنجوومەنەکان بەڕێوەبەرن، دیسان دەسهەڵاتی کەسی و تایبەتی دەرفەتی شێوەگرتنی نەدراوەتێ. ئەو پیاوانەی چوونەتە ئەنجوومەنەکانەوە، بە شێوەی خوول تیایاندا ماونەتەوە، پاشان بە هەڵبژاردن کەسانی دی چوونەتە شوێنیانەوە، سەرۆکاتیکردنی خێڵیش کە بە پێی زانستی هوودا، هەقێکە بە دایە گەورەی خێڵەکە دراوە، تەنەها لە باری ڕووکەش سپێدراوەتە دەستی هێکێک لە پیاوانی بنەماڵەکە، دەنا دەسهەڵاتی تەواوەتی لە دەستی دوو ئەنجوومەنەکە بووە، نەک ئەو سەرۆک خێڵە، بێجگە لەمەش، کەنگێ لاڕێبوون و سەرپێچیکردنێکی لێ وەشابێتەوە، یان گرفتێک پێش هاتبێ، ئەویان لاداوە و، بە هەڵبژاردن و دەنگدان پیاوێکی دیکەی بنەماڵەکەیان خستووتە پایەکەوە. بڕۆننێ، قەت لە ناو پێکهاتەی خێڵانی بە بنەڕەت مهیریدا، بنەمای باوک و کووڕ لە سەرۆکاتیکردنی خێڵ و هۆزدا، جهێی نەدراوەتێ، چوونکە پێکهاتەکە سەرچاوە لە بەرەدایک دەگرێ، دیاریکردنی پیاوێک لە بنەماڵەکە، لەبەرئەوەیە ئەو پیاوە لە خوونی دایە گەورەیە، بە مەبەستی پارێزگاریکردنیش لە ڕەگی خوون و ڕەچەڵەک، دەبوو بازنەی ژن و مێرداتی لە بنەماڵەی دایە گەورەدا قووفڵ بێ، نە ژنی لێ بچێتە دەرێ، نە ژنی بهێنە ناوێ، مەگەر لەگەڵ بنەماڵەی دایە گەورەی خێڵێکی دی، لەبەرئەوەی بە پێی نەزمی بەرەدایکاتی، بنەماڵەی دایە گەورەی خێڵەکان، لە بنەڕەتی خوون و ڕەچەڵەکەوە هێک دەگرنەوە، بەڵام خێڵەکان لە پێکهاتەدا بەوجۆرە نین، لە دەورانی زەماندا خەڵکی لێقەوماو و دەربەدەر هانا دهێنن و بە خۆوە دەگیردرێن. بنەماڵەی دایە گەورەکانی کووردهەوار بە ناوەکانی "خان" و "بەگ" و "هاخا" ناودێرن، هێکەم بە واتای "هەموو" دێ و، جێناوی شکۆیە لە بۆ مێینە، دووهەم بە واتای گەورە دێ و، مەبەست لێی دایە گەورەیە، سێهەم گوزارشتە لە خاکی و هەشداد(خاکی دایک)، چوونکە "هاخ" وشەی هاوواتایە بە خاک. ئەندامانی ئەو بنەماڵانە بە بەگزادە و هاخازادە و نەجیبزادە ناسدراون و، بە هۆی خوونی دایکاتیەوە خەڵک بە چاوی ڕێزەوە لێی ڕوانیون. لە توولی هەزاران ساڵدا، خێڵانی کووردهەواری بەم ئەنجوومەنانەی بەڕێوەبردنێ

چوونەتە ڕێ، بەو قووفڵکردنەی بازنەی بنەماڵەش، ڕەچەڵەک و خوونی دایکاتی پارێزدراوە. هاودەم لە دەرەوەی خۆرمیانێ، لە ناو خێڵانی دیکەی هاردیدا، پێڕەوت بە هەمان ڕێسا جوولاونەتەوە، هەم لێقەوماوان پەنادراون و، لە ناو پێکهاتەی خێڵ جهێیان دراوەتێ، هەم ڕەچەڵەکی بەرەدایکاتی بنەما لەسەر خوون و خزماتی هێڵدراوەتەوە. هەردوو کارەکە پێڕست بە مهیرن، بە هۆیانەوە هاوسەنگی بە دید هێندراوە. زەختی توونت لە "پەردەی کچێنی" و، هێنانەوەی پەڕۆی بە خوون سووڕ لە شەوی مێردکردنێ، چ لە کووردهەوار و چ لە ناو خێلانی دی، نەریتیکە لە پەیوەندی بە پاراستی بەرەدایکاتی. زەخت لە خوونی کچێنی، زەختە لە خوونی بەرەدایکاتی، لەبەرهەندێ بەگزادە و هاخازادەکان توونت پەیوەستی بوون و، قەت دەستیان لێی هەڵنەگرت. بەڵام مەبەستەکە تەنەها پاراستنی ئەو بەشەی لەش بووە، کە پەیوەندی بە زاوزێکردنەوە هەیە، ئەگەرنا ئاوێزانبوونی مێ و نێری کووردان، لە هەموو دەوروزەمانێک باو و بەربڵاوبووە. پێشینانی کووردهەوار گووتیتیان:" دار نیهە نەهەژابێ، کچ نیهە نە گەوزابێ." ئەم گۆزارە ڕاست و ڕەوان وێنەی گەورەی ئاوێزان لە زهین دەکێشێ. لە کاتی خۆیدا نەریتی پەردەی کچێنی، لە پەیوەندی بە بنەماڵەی بەگزادە و هاخازادەکان بە ڕاست دەگەڕا، بەڵام لە سەدەکانی دواهیدا بە ناو زۆربەی خەڵکیدا بڵاوبۆتەوە، بەمەش هەم ڕێ لە سەربەستی مێ بەستدراوە، هەم نەریتەکە جۆرێک لە دەسهەڵاتی بە نێرینەکان داوە. پەردەکە زۆرجار بە خۆڕسک نیشە، خاوەنداریکردنکەی لە کیژەکە دەسێندرێ و، دەدرێتە ئەو پیاوەی لە داهاتوودا ئەو کیژە دەکاتە ژنی خۆی. ئەوها کیژان لەگەڵ لە دایکبوونیاندا، لەتێکی لەشیان لێ ستێندراوە و دراوە بە کووڕان. کاتێک نەریتەکە لە بازنەی هێک بنەماڵەی خێڵە و، مەبەست لێی پارێزگاریکردنە لە خوونی بەرەدایکاتی، نەریتێکی سرووشتی و واتادارە، بەدبوون و ناسرووشتیبوونەکەی لە گشتەگیربوونێتی، ئەویش لە دەورانی داهیدا ڕوویداوە، کاتێک خەڵکی بە چاوی بەستدراوەوە چاو لە بنەماڵەی بەگزادەکان دەکەن. سەرەتا لە شارستانێتی دایکدا، هەموو شتێک بە ڕێڕەوی سرووشتی خۆیدا چۆتە پێشێ، دامستدراوەکانی شارستانێت دامستدراوەی سرووشتین، بەرهەستن و بەرجەسدە نین، هەروەکوو تین، کە لە هەموو شوێنێک هەیە و ناتواندرێ بهێندرێتە بەرچاوان، ئەو دامستدراوانەش لە هەموو شوێنێکن و، لە چاوانیش گوومن. شارستانێتەکە بە سەرچاوە لە تین شێوەی هاتۆتێ، کاکڵ بە هەند وەرگیردراوە، نەک توێکڵ، لەبەرهەندێ دامستدراوەکان لە قاڵبی تەن شێوە ناگرن. هۆدە و هەیوانێکی هەڵچەندراو بە ناوی خانەی داد، مۆڵی جەنگاوەران، یان بە ناوی گەنجینەی گشتی نیهە، هەتا هەنگووست هەڵشەقێندرێ و بگووتدرێ: ئەوەتانێهێ، بەڵام داد هەیە و جەنگاوەر هەیە و سامانی گشتی هەیە. توولاوتوولی زەمان، ئەوەی هاوبەند بە کۆبەندی خێڵ لە فۆڕمی مادیدا شێوەی درابێتێ، تەنەها دوو هۆدەن، (هوودە، دیو،

ژوور)، هێکەمیان بە نێوی "خان - هان" ناسدراوە، "دیوخان – دیوهان"، ئەویدی بە نێوی "هووجره". هەموو خێڵێک دیوخانێکی هەبوو، "خان" دیوێکی گشتی بووە و، ناوەکەشی ئەو واتایەی هەیە، هەردوو ئەنجوومەنی ڕیش سپیان و پیاو ماقووڵان ڕۆژانە و شەوانە لەو دیوەدا کۆبوونەتەوە، خەڵکەکەی دیکەش بەردەوام سەردانیان کردوون و، خانەکە جمەی هاتووە لە هەشیرەت. دابەشکردنی سامانی گشتی و، دادوەریکردن و، تەگبیری بەرخۆدان و ڕێوشوێنی جەنگاوەران، هەمووی لەو دیوەدا هەڵسووڕاون. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆی کووردەهواری، گۆزارێکی باو و بەربڵاوە، وا خەڵکی لە نێوان خۆیاندا بە واتای جیداواز بە هێکدی دەڵێن:" خۆ خان نیهە، خانە هەموو ڕۆژێ؟" ئەو خانەی ناو گۆزارەکە، هەمان خانی سەرزەمینی پێشترێیە، وەلێ خەڵکی لە پێشینە قووڵەکەی بێ هەبەرن. لە سەدەی ڕابردووش، لە ناو شاران شوێنی ڕاگرتنی ڕێبواران(هۆتێل) کرانەوە و ناویان ناون خان، دیسان هەمان واتایە و لە خانی پێشوو وەرگیردراوە. ئێستاکێش تاک و تەرا هەردووکیان، دیوخان و هووجره لە باری زارەکی و زەمینیدا ماون، وەلێ ڕەگ و ڕیشەکانیان لە باری زهینیدا قرتاوە. پێشترێ دیوخان لە پێکهات و بنیادی مادیدا، تاقە دیوێک بوو بە ناوی خێڵەوە، هووجره ئەوها نەبوو، ژوورێک بوو لە بازنەی ماڵێکدا و، ئەو ماڵە ژوورەکەی لە بۆ بە خۆوەگرتنی لێقەوماوان و کۆچبەران تەرخان داوە. ژمارەی هووجرەکان لە گووندان بە پێی دەورانی زەمان گۆڕاوە، بەڵام لە هەموو دەورانێکدا، هەرگووندێک بە لانیکەمەوە هێک هووجرەی تێیدا بووە، ئەوە بە جهێ هێنانی فەرزێک بووە لە مهیریاتەوە، چوونکوو دەبوو شوێنی شایستەی هازر بەو کەسانەیان هەبێ، وا بە هەرهۆکارێک تووشی هیجرەت دهاتن و، ڕێیان دەکەوتە ئەو گووندەوە.

## پۆپەی 20

نەریتی بە بەخۆگرتنی لێقەوماوان، هێکێک لە نەریتە دینیەکان بوو، سەرجەم کۆمەڵانی پێڕست بە مهیر، تووند و تووڵانی پێڕەوتی بوون. ئەو کۆمەڵانە لە هەرجهێ بوون لە جێهانێ، بەربەدۆستی و ئاشتی دەخووڵاونەوە و، لە هەرجۆرە بارو زوورفێکدا، هەلێکی شیانیان لەگەڵ ئەوانیدی دهێشتەوە، ئەوی دەستی دۆستاتی ببردبا پێشێ، بەبێ دوودڵی، دەستیان دەنایە ناو دەستی. جێهانی ڕابردوو بەم نەریتەی مهیرپەرستان دەدرەوشایەوە، ئەم نەریتە باوەشی دایکانەی هوودا بوو، هەرکات بە ڕووی لێقەوماوانی دەستی هۆفێتی و برسیێتی هاواڵا بوو. لێقەوماو بیتوانیبایە بگاتە تخووبی مهیرپەرستان، هیدی ناهوومێد نەدەما، چوونکوو لەو دیو تخووبەوە، درەوشانەوەی هوودا هەبوو، خەڵکانێک هەبوون بە هەق هوودای مهیربانیان دەناسی

و، بەرامبەر بە لایدە مهیریان دەنواند، لایان لێ دەکردەوە و بە خۆیانەوە دەگرت. لە پێشێ ئەنجوومەنەکانی خێڵ بڕیاریان لە وەرگرتنیان دەدا، ئەوجاکێ پەنا دەدران و، دایکان وەکوو کچ و کوورِی خۆیان، ژنان و پیاوان وەکوو خووشک و برای خۆیان پەسەندیان دەکردن، هاوکووفی ئەندامانی خێڵەکەش، هەمان مافەکان و ئەرکەکانیان وەئەستۆ دەدرا. بازنەی دیکەی مهیرنواندن، پێدانی دەرفەتی گەڕانەوە بووە بەرەو هووداى مهیربان. ئەو هۆفیانەی لە شکستی پەلامارەکانیاندا بە دیل گیردراون. جەنگاوەرانی ڕووناکی، هەرگیز کۆیلەیان نەکردوون، یان نەیانکوشتوون و ئەشکەنجەشیان نەداون، بەڵکوو بە شەرتی گەڕانەوە بەرەو لای هوودا و، پابەندبوون بە مهیریات، لەگەڵ خۆیاندا هێشتوونیانەتەوە، یان لە پاش شەڕەکاندا دووریان خستوونەتەوە و بەرەڵایان کردوون. جەوهەری هەڵسوکەوتکردنەکە، لە بیروباوەڕی ڕاستیەقین هەڵهێنجدراوە، لێخۆشبوون و هامێزکردنەوە خەسڵەتی دایکانەیە، لەبەرهەندێ کۆمەڵانی مهیرپەرست لە خراپەکاران خۆش دەبوون و، باوەشیان دەکرد بە لێقەوماواندا، لە ناو خۆشیاندا جهێیان دەدانێ. مهیرنواندن لەبەرامبەر لێقەوماودا، هێکێکە لە بنەڕەتەکانی شارستانێتی دایک، قەت چ تاقێک نەیویستووە خۆی لێ بە دووربگرێ. بەڵام هەرئەم نەریتە باشە، هەندێک لێکەوتەی خراپیشی لە سەر شارستانێتەکە داناوە، بەد و بەدفەڕترینی ئەوەیە، ڕەوتی هۆفێتی فەرسەت لە نەریتەکە دەقۆزنەوە و، بە ڕووکاری لێقەوماو دەسیسەی خۆیانیان تێدەخزێنن، بەمەش نەخشەی ڕێ و بان و، هوورد و درشتی زانیاری لە بارەی پاسدارانی هەوارەوە، دەڕواتە دەرێ و دەچێتە مشتی نەیاران. پێشینانی کووردهەواری، بە گوزارشتی" ناپاکی نمەک بە هەرام" وێنەی ئەو جۆرە کەسانەیان کێشاوە. گووتیتیان:"نان و نمەکی کەسێکت کرد، لێی ناپاک مەبە. لە کانیاوێک ئاوت خواردەوە، بەردی تێ مەهاوێ." قۆمی ئەو هەوارە، زیادتر لە هەرقۆمێکی دی، بە هۆی دەرهاوێشتەکانی نەریتی بە خۆگرتنی لێقەوماوانەوە، هێشاون و زەرەری گەورەیان لە خۆیان داوە، لەگەڵ ئەوەشدا، قەت نەکەوتنە بیری دەست لێبەردانی. زەرەر و زیان زۆربوون، زانیاری دەچوونە دەرێ و نەشیاوی دهاتنە ناوەوە. ئەو زانیاریانەی دەردەچوون، هۆفی بە بنەمای دەگرتن و، دەیکردنە بەردەبازی پەلاماردانێ، ئەوەی دەشهاتنە ناوەوە، هەرتەنەها هەنگاوەکانی شەڕهەنگێزی نەبوون، بڕێکیش خووی بەد و شێوەی هەڵسەوکەوکردنێ لە خەڵکانی لایدە و بە پێشینە هۆفیەوە هاتوون و، بە ناو مهیرپەرستاندا بڵاوبوونەتەوە. بڕۆننێ، لە هاخیرین سێ سەدەی تاریکیدا، هاتنی نەریتی دڕندانەی "خەتەنەکردنی مێینە"و، جهێگرتنی لە هەندێک کەڵێن و کوونجی ئەم هەوارە، لێکەوتێکە لە بە خۆگرتنی جوولەکەکانەوە. نەریتە دڕندانەکە لە کیشوەری ڕەش سەری هەڵداوە و، لە بنەڕەتدا لە ناو هەلومەرجی چیناتی هاتۆتە دەرێ. لەوێندەرێ هۆفێتی هەرزوو دەستی پەیداکرد و زۆربەی کۆمەڵەکانی کردبوون بە چیناتی، چینێکی باڵای ساماندار و چینێکی نزمی

کۆیله و ڕەشۆک، چینە ساماندارەکە بەردەوام مەودای نێوان خۆی و چینە ڕەشۆکەکەی دێر دەکرد، بەڵام گەلێک جار مێینە لاوەکانی چینی ساماندار گوێیان نە دەداهێ و، لەگەڵ نێرینەکانی چینە نزمەکە ئاوێزان دەبوون، بەمەش ئەو شان و شکۆ ساختەیەی چینە باڵاکە لە بۆ خۆی دروستی کردبوو، دەشکا و هەردوو چینەکە هاوتا دەبوونەوە، بە تایبەتی ئەگەر ئاوێزانبوونەکە زگپڕبوونی مێینەکەی لێ بکەوتایەتەوە. کیشوەرەکە گەرمەسێرە، لەوێندەرێ مەیلی مێ لە بۆ جووتبوونێ بەرزە، قیتکەی مێینەش بە هۆی گەرماوە سەرزل و پەلەستوورە، ئەمەش وەها دەکات لە لێکخشانی بە ئەملا و ئەولای ڕانەکانیدا، زوو زوو مەیلی گاندانێی بوروژێ. بیرکردنەوە لە کەمکردنەوەی مەیلی مێ، بە بڕینی بەشە هەڵبۆقاوەکەی قیتکەی سەرزێ، هەنگاوێکە بە قەسدی پاراستی مەودای چیناتی، لە سەر کیژۆڵەی منداڵ بە جهێ هێندراوە. کارە دڕندانەکە لە سەر داوای دایکان، بە هیزر و بە دەستی پیرە ژنانێکی سەر بە چینی باڵادەست ڕەوتی دراوەتێ، بەو مەبەستەی بەربگرن لە کیژۆڵەکانیان و، لە وقهتی باڵقبووندا دەست نەدەنە گاندانێ، چوونکە بەو کارە ڕووبەڕووی کووشتن بوونەتەوە. نەریتەکە لە دەستپێکێدا، بەس تەنەها لە ناو چینە ساماندارەکە ڕەوتی پێدراوە، پاشانەکە چینە ڕەشۆکەکەشی گرتۆتەوە، پاشتریش بۆتە نەریتێکی باو و، بە هەموو کیشوەرە ڕەشەکە و، بە بیابان و دەشتە قاقڕەکانی هێروەی خۆرمیانێدا بڵاوبۆتەوە. نێزیکەی دوو سەد ساڵ پێش دەرکەوتنی من، هەزاران ژن و پیاوی جوولەکە، بە ڕووکاری لێقەوماوی کاسبکار بە کووردهەواردا بڵاوبوونەوە، نەریتی قرتاندنی قیتکەی مێ، ژنانی جوو هێنایانە ئەم هەوارە و، بە نێو بڕێک لە خەڵکی بڵاویان کردەوە. لە ڕاستیدا خەڵکانی پێشان ئەوها نەبوون، ئەوەتانێ سەبارەت مەکر و فیزی درەنگ وقهتی لاسەنگ بە تەمەن، گووتیتیان:"مەکەری بە دارە مێوێ، قیتکەی خەرمان دەپێوێ." ئەم گۆزارە ڕوونی دەکاتەوە، پێشترێ قۆمی کووردهەوار قیتکەی مێینەکانیان نەبڕیوە، نە پایەی مێ، نە باری چیناتی، نە ئاووهەوای هەوارەکە ئەو هەلومەرجەی نەداونەتێ، بەڵام ژنە جوولەکەکان بە زمان لووسی و بە ناوی هووداوە، خشکە خشک چوونەتە بن باڵی دایکانی دەروونپاکی هەوارەکە و، نەریتە دڕندانەکەیان خستۆتە سەریانەوە. هاخر نەریتەکە بە دین و بە ویستی هوودا گرێدراوەتەوە، خەڵکەکەش بە دڵ و دەماخ گرێدراوی دینی خۆیان بوون. دەشتوانن بەوەدا بزانن تازەکییە، کە تەنەها لە هەندێک ناوچە بنچی داناوە، ئەگەر دێر با، هەموو هەوارەکەی دەتەنی.

## پۆپەی 21

لە دەورانی زەماندا، دوو بڵاوبوونەوە بە گۆڕێ کەوتوون، هێکێکیان هاردی و ئەویدی هۆفی، هاردی زیادتر بە شێوەی تین و، هۆفی پتر بە شێوەی تەن پەخشان بوون. بڵاوبوونەوەی هاردی، بە تەنەها بڵاوبوونەوەی شێوازی کاری ماڵیکردن و چاندنێ

نیهە، بەڵکوو فەرهەنگێکە لە هیزر و زانستی ڕاستیەقین، لەگەڵ خۆیدا دوونیا ڕووناک دەکاتەوە. جێهان ڕوو بە تاریکی ملی دەنا و، لە هەندێک جهێش تاریکاهی بە سەر زهینی خەڵکی داهاتبوو، ڕێک لەو کاتەدا، زاگرۆز هەروەکوو خۆری هاسمانێ، دەبێتە سەرچاوەی نوور و، بڕبەبڕ تاریکی ڕادەدات و، ڕووناکی بە سەر زەمیندا پەخش دەکات. ڕووناکیهەکە خۆبەخۆ لە زهینی دایکان هاتۆتە دەرێ و، لە سەرجەمدا کاکڵی شێوەپێدانەوەی زیندەگی پێک هێناوە. قۆمەکانی دەوروبەری خۆرمیانێ، ئەوانی مهیرهۆفی بوون و، نەبووبوونە هۆفی، کاتێک ڕووناکیهەکەیان گهیشتێ، شاگەشکە بوون و، سەرلەنوێ تێهەڵچوونەوە، بەڵام ئەوانی هۆفی، تەنەها بارە مادیەکەیان وەرگرت و، فێریماڵیکردن و چاندنێ بوون، هەر ئەم فێربوونەش بە نۆرەی خۆی، پاشەڕۆژیانی گۆڕێ. لە پێشدا ڕاوچێتی، پاشانەکە مل بە ملی و هێکدی کووشتنی نێوان خێڵان،"ناموس"ی تووشی شێوان و داکەوتن کردبوو، ناموس لە واتای ڕەگەزی دایک و، لە واتای ڕێسای زیندەگیکردنێ. بەڵام لە شۆڕەشەکەی دایکان، ناموس نوێ بۆتەوە، هەروەکوو چلۆن لەگەڵ هەرلەدایکبوونێکدا، پێکهاتەی دایکەکەش نوێ دەبێتەوە. دایک بە تایبەتمەند خۆنەویستە، هەندازەی خۆنەویستیەکەی، تەنانەت دەگاتە ئەوەی، پاروو لە دەمی خۆی دەردەکات و دەیداتە بەچکەکانی. زگرۆز وەکوو هەردایکێک خۆنەویستی کرد و، هەرچیەکی هەبوو، دای بە جێهانێ. جێهان بەبێ زاگرۆز هەتیوێکی سەرەڕۆ بوو، خەریک بوو سەری خۆی و، سەری هەموو گیاندارانی دەخوارد. لەوکاتیدا شێوەی تازەی شارستانێتی دایک، بە هەموو بنچەقەکانیەوە، لە "نوسینی وێنەهی و هێماگەری" سەر جەسدەی ناسک و نازداری مێینەکانەوە، هەتا هاخلاقی هەڵسوکەوتکرنێ، لە پەیکەرسازی وێنەی دایکانەوە، هەتا نەزمی بەڕێوەبردنێ، لە ناسینی هەستێرانەوە، هەتا لاواندنەوەی خاک بە هەوجاڕ ڕاکێشانێ، لە دەستڕەنگینی ڕەستن و چەنینەوە، هەتا هەڵپەڕکێ و مۆزیق لێدانێ، هەمووی لە کووردهەوارێرا بڵاوەی جێهانێ بوون. وێنکە ئەوهایە، با هەڵدەکات، هەڵاڵەی گوڵان هەڵدەگرێ و، جهێ بە جهێ دەیگرێ، ڕەوەز دڵڕەق و، ڕێ لالووت و، سارا بێ مەیل و، دەریا نوستوو، تەنەها مێرگ و لاپاڵە نەرمینەکان پێشوازی لە با دەکەن و، دیاریەکەی بە هەند دەگرن. بەوە نیهە فەرهەنگەکەی دایکانی کووردهەواری هەڵاڵەیە و گوڵاڵەیە، ئەو قۆمانەی وەکوو ڕەوەزە بەرد ڕەق و تەق، یان وەکوو سارا هیشک و برینگ بووبوون، تازە نەیاندەتوانی کولیک بناسن و نەیپریوێنن، خاک بناسن و تفی لێ نەکەن. دایکان لە شێوەپێدانەوەی شارستانێتدا، سەرلەوێ بهێشتێکیان بە زەویدا هێنا، هەمووان لە ناویدا سەروەر و سەربەست، خۆشیان لێ دەگوزەرا، گوزەرانێک دوور لە چیناتی و چەوسانەوەی ڕەگەزی، لە پایەی کۆمەڵاتی و کەسیدا بەبێ جوودایەزی، بەبێ دارا و نەدار، گەورە و گچکە، سەردەست و بندەست. لە وێدا هێکێتی کۆمەڵاتی بەرپایە، دۆستاتی و هاوبەندی هی

خوون، بنچینەکانی کۆمەڵاتیبوون و، کۆبەندی خیلانی پێکهێناوە، خێڵیش دامستدراوەی سرووشتین و، لە میانی نەزمی دایکاتی و، خۆبەڕێوەبردنێکی شکۆدارانەدا، هەستی شکۆمەندێتی بەخشیوەتە هێکە هێکەی خەڵکی لادێ، چوونکی هەمووان هاوکووف و هەرەوزە بوون. ڕێسا گشتیەکان بە سەرچاوە لە کاکڵی زانستی هوودا و زانستی ئەزموونکردنێ، هەڵیان هێنجابوون و، سەرجەمی بە نامووس ناودێر بوون. نامووس نەگۆڕە و، لە دەماخ و دەروونی هەموو هێکێکدا چەسپاوە، بەبێ ئەوەی لە سەر داروبەرد، یان تاتەی قووڕین بیخەنە چوارچێوەی نوسدراوەوە. زانستی هوودا لە زهینەوە دادەبەزێتە سەرزاران و، بە شێوەی گفت و کەلام دەگواستدرێتەوە. لە پێودانگی مهیردا، گفت (کەلام) لە نوسین بەهادارترە، گفت بەلای تین و، نوسین بەلای تەن دادەکەوێ. لەبەرهەندێ بایەخی تەواوەتی دراوەتە کەلام، وەک لە نوسین. بێجگە لە نوسینی سەر جەسدەی مێینەکان، کە پرماناترین و بە شکۆترین نوسینی ڕابردووی بەشەرە، گرینگی بە نوسینی سەر هیچ جۆرێکی تەن نەدراوە، ئەو نوسینەی ڕەگەزی دایکیش، واتای نێزیکاتی تەن تێدەپەڕێنێ، چوونکوو لە سەر لەشی مێینەکان نەقشێندراوە، مێینەش بە تایبەتمەند نێزیکە مهیرە، لە پێکهاتەشدا پتری تین و کەمتری تەنە، ئەگەر ئەوها نەبا، ئەو نوسینەش لە کن مهیرپەرستانی ئەودەمی، جهێی نەدەبووەوە. زاگرۆزی مهیربان، هێکسەرە لە پاش شۆڕەش، بهێشتی خۆی بەربەرین کرد و، شەپۆڵ شەپۆڵ فەرهەنگەکەی هەنارده دەرێ، لە دەرەوەش دۆڵزاخێک بە شێوە هاتبوو، لە هەفت دەرگەوە ئاگرەکەی کڵپەی دەدا، چەندە کات ڕای دەبرد، هێندە زێدەتر قۆمەکانی جێهانێ دەچوونە دۆڵزاخەوە و دەسووتان. هۆفی بە تەواوی بەرەواژ بە مهیرە و، پشت بە تەن دەبەستێ. مهیر بنیاد دەنێ و هۆف کاولی دەکات، بنیادنان هەقڵ و هێز و کات و کاری زۆری دەوێ، بەڵام کاولکردن چ تاقی ناوێ. هەرکەس دەتوانێ بە شەق تێهەڵدانێک گۆزە بشکێنێ و، ئاوە سازگارەکەی ناوی بڕەشێنێ، دەتوانێ دەستبداتە پاچێک و، بە ناو باخان بکەوێ، هەرچی نازنازە لەتوپەت بکا و، سەری هەرچی هێرۆیە بپەڕێنێ، دەتوانێ لە دەمەوگزنگ کووتەک هەڵبگرێ و، سەر لە هێواری وقتهێک دەگەڕێتەوە، هیچ مەڵێکی لادێ ئاگردانی بە ساخی نەمابێ. بەڵام بیهێنن بە زهینی خۆتاندا، گۆزەسازی و باخەوانی و کابانی چ سەروسەلیقە و، چ تین و تاقەت و، چ کات و کارێکی دەوێ. لە ڕاستیدا گەوجانە تێدەفکرێ ئەوی وەها بزانێ پێشرەفتی هۆفی لە پەیوەندی بە تەن و، لە باری زامینیدا، زانست و هێزە. ئەو کەسەی ماڵی هێکێک خراپ دەکات، هێندە لاوازە، هەموو هێزەکەی بەشی ئەوەی نەکردووە بە سەر نەفسی خۆدا زاڵ بێ، هێندەش بێ هەقڵە، تەنانەت نەیزانیوە منداڵێکی تازە پێکەوتووش کاتێک چاوی دایکی لێ دیار نیەهە، دەتوانێ پەلێکی بە ئاگری ناو ئاگردان ڕابکێشێتە دەرێ و، ماڵەکەیان بسووتێنێ. هۆف هەمیشە لە فەرسەت دێ، لە کوون و کەلێنەوە دهێتە ناوەوە، نەک لە دەرکی پێشەوە. بنوارن، ئەو دەمانەی خێلانی هۆفی

هەڵدەکوتنە سەر خێڵانی دی و، لەم جهێ لە بۆ ئەو جهێ دەڕۆن، هەم ڕۆیشتنەکە بڵاوبوونەوەی بەرجەسدەیە، هەم پەلامارەکە تەشەنەکردنی هۆفێتی بە دووی خۆیدا دهێنێ. وێنەکە ئەوهایە، خێڵێک چۆتە پەلاماردانێ و، گاڕان و مێگەلی بە تاڵان هێناون، ئەمە وها دەکات خێڵی دیکەش لە چڵێسیدا چاوی لێ بکات و، دەستبداتە پەلاماردانێ. چەندێکیش کات دەگوزەرێ، قۆمەکان فەرەوانتر و خۆراک کەمتر، ئەمەش هێواش هێواش خێڵانی مهیرهۆفی بەرەو بە هۆفیبوون دەخزێنێ. لەو کاتیدا، بیری هاژەڵداری و چاندنێ، ڕهەمەتی هوودای مهیربان بوو، لە زهینی دایکانی کووردهەواری بە دەرکەوت و، هەلی ئەوەی دانێ بەرەکەت بکەوێتە ڕسقیان و، پەرەستەندنی بێ پەروای دانیشتوان، چیدفی نەبێتە مایەی هەڵتۆقینی قەیرانی گەورەی خۆراک. ئەوها نەبا، هۆفێتی هەرزوو قڕی لە بەشەرێت دەخست، هەرزوو گۆزەکەی قلْپ دەکردەوە و ترپاتی تەڕی تێیدا نەدەما.

**پەلی دووهەم**

پۆپەی 01

لە خواررووی خۆرئاواوە، خێڵانی بیابانێ ڕوو بە تخووبەکانی جهێ و بنلینگانی کووردهەواری دایک هەڵدەکشان، خاکەکە زەنگین و بە بەرەکەند بوو، لە ئاوەکانی ماسی هەبوون، هیشکاتیشی بە دارەکانی خورما ڕەش دەچۆوە. ئەو دەمە خێڵە جووتیارەکان، پتر لە بنەوبناری زاگرۆزێ جهێنیشین بوون، بەڵام دەشتەکانی خوارێ، ئەوانی مابەینی دوو چۆمی دیجلێ و فەریتۆ، ناوچەی گەرمیێنی خێڵانی شیوانکارەی هاردی بوون، ئەو خێڵانە سەرێکیان لە کێوستانێ بوو، سەرێکیش لە گەرمیانێ، بە جێگۆڕکێی وەرزی، مەڕومالاتەکانیان دەشیاند. لە دەشت و بنارەکانی زاگرۆزێ، هەرکە پووش و پەلاشی هاوینێ دواهی پێ دەهات، لەوەڕی مالاتی زۆر و زەبەند قاتی دەبوو، سەرباری ئەوەش، لیزمە بارانی پاهیزێ و، بەفری نەسرەوتانەی

زمستانێ، کاری هاژەڵدارانی لە کێوستانێ بە هاستەنگ دەخست، لەبەرهەندێ خێڵانی شیوانکارە، ڕانەکانیان لە بۆ لەوەڕاندنێ دەبردە گەرمیانی بێ بەفر و کەم بارانێ. ئەو خێڵانە پاهیز و زمستان لەوێ دەبوون، پاشانەکە لەگەڵ دەستپێکی بهارێ، دەگەڕانەوە کێوستانێ. پێشترێ خێڵانی شیوانکارەی هاردی ئەوها دەگوزەران، وەلێ ئەو دەمەی خێڵانی هۆفی چاویان بڕیە گەرمەسێرەکەی خۆرمیانێ و، خەریکبوون پەلیان دەهاوێشت، هەنگینێ هاردی لە بناری زاگرۆزێڕا هاتن و، بە مەرامی پاسداریکردنێ، لە کووردهەواری خوارێ جهێنیشین بوون، کۆبەندیان تێیدا دامستدراند و، بە هێکجاری لە دەشتە لیتەکانی ئەوێ مانەوە، بەمەش چەمی فەریتۆ دەبێتە تخووبی هاردی و هۆفی. لە مێژبوو ئەو دەشتانەی خوارێ، جهێ لەوەڕی مانگا و مەڕومالاتی خێڵانی شیوانکارەی بناری زاگرۆزێ بوون، لە چهار وەرزی ساڵ، دوو وەرزان تیایدا بە جهێ دەبوون، جهێ و بنلینگانیان خۆش دەکرد و هەستوونگی خێوەتانیان دادەکووتی بە زەویدا. هەموو شتێک خۆش دەگوزەرا، برا دەڕۆیشت، پاشان دەگەڕایەوە کن خووشکی و هێکدیان لە هامێز دەگرت. خێڵی شیوانکارە لە کەسێتی نێر و، خێڵی جووتیار لە کەسێتی مێدا خۆی دەنواند، بەم دوو شەقڵەی خێڵان، هاوسەنگی بەرپا بوو. بەڵام هاتوهەوی پەلهاوێشتنی خێڵانی هۆفی، هەلومەرجەکەی وەرچەرخاند و، پێویستی ئەوەی هێنایە بەرێ، هەندێک لە خێڵانی هاردی بە هێکجاری لە دەشتە لیتەکان بمێننەوە و، کۆبەندی ماڵان دابمستدرێنن. لەمەوپێش خێڵانی شیوانکارە بە گۆڕینەوە لەگەڵ خێڵە جووتیارەکان، دانەوێڵەیان دەست دەخست، کاتێکیش جهێنیشین بوون، خۆیان دەستیان دایە چاندنێ. هەر لە بەراهیێ کە تازە بە جهێ بووبوون، هیچ شتێک وەکوو خۆی شێوەی نەهاتێ. لەوێندەرێ هەنداز بە پێویستی چاندنێ، باران نە دەباری، ئەو دانەوێڵەی دەیانچاند بێ بڕیاربوو، وەڵامی بە خواستی ئەوان نەدەدایەوە، لەبەرهەندێ بیر لە چاندنی بەرئاو دەکەنەوە، جۆگەلان هەڵدەکەنن و، لە چۆمەکانی دیجلێ و فەریتۆ ئاو ڕادەکێشنە سەر زەوی، بەمەش گرفتی کوورتهێنانی باران چارە دەکەن. ڕووداوەکە سەرنجڕاکێش و واتادارە، پێشترێ ڕوویان دەکردە هاسمانێ و، دەم بە دووها بوون، بەشکووم باران بباری، لێرەڕا ڕووکردنە هاسمان لە کەمی دەدات و، سەر بەرەو خوارێ دەچەمێ. بە زەوی داهاتنی کشتوکاڵی ئاودێری، ڕووداوێکە رەوتێکی نوێ دەداتە بەشەرێت، ئەوی لە دایکبووە شەقڵێکی جوودایە لە دوو شەقڵەکەی خێڵانی هاردی. وێنە گەورەکە وهالەیە، کاتێک سووڕی سەهۆڵین دەستی پێکرد، سەرجەمی خێڵان لە جێهانێ، لە مهیر وەرگەڕان و بوونە مهیرهۆفی، پاشان لە ناوەندی شارستانێتی دایک لە کووردهەوار، دایکان شۆڕەشیان بەرپاکرد و خێڵانی ناوەند ڕوو بە مهیر گەڕانەوە، ئەوانی دەرێش بڕێکیان هەر بە شێوەی مهیرهۆفی مانەوە، بڕێکیش بوونە هۆفی. بەڵام بە نیشتەجهێ بوونی خێڵانی شیوانکارە لە گەرمەسێری خوارێ و، دەستکردنیان بە کشتوکاڵی ئاودێری،

شەقڵێکی نوێ لە ناو خێڵانی کووردەوار لە دایک دەبێ، بەمەش هاردیەکان دەبنە سێ بەش، بەشێکیان خێڵانی شیوانکارەن، دوو بەشیش خێڵانی جووتیارن، بەشێک لە سەرێ چاندنی بەربارانێ دەکەن، بەشێکیش لە خوارێ بە چاندنی بەرئاو و، بە بەخێوکردنی هاژەڵان سەرگەرم دەبن. ئەم سێ شەقڵەی هاردیەکانی زاگرۆس، بە پڕاوپڕی گوزارشت لە سێهانەی دایک و کیژ و کووڕ دەکات. شەقڵی سێهەم بە هەموو پێکهاتەکەوە لە کەسێتی کووڕدا خۆی دەنوێنێ، کووڕ چەندێک جوود ا و دوورە لە دایک و خووشک، ئەو شەقڵەش هێندە لە دوو شەقڵەکەی دی جوودایە، لە باری زەمینیشدا لە دایک و خووشکی دوور کەوتۆتەوە.

## پۆپەی 02

نیشتەجێ بوون لە گەرمەسێرێ، بە هێک کەڕەتی و، لە هیکڕا ڕووی نەداوە، لە بەراهیێ چەند خێڵێکی شیوانکارە چوونەتە ئەوێ، پاشانەکە خێڵی دیکە ڕوویان کردۆتێ. تەنانەت هەندێک لەو خێڵە جووتیارانەی خەریکی چاندنی بەربارانێ بوون، ئەوانیش لە زاری خێڵانی شیوانکارەوە، هەواڵی دەستهاتی زۆر و زەبەندی چاندنی بەرئاوێیان لە خوارێ گەیشتۆتێ، ئەمەش هانیداون دەشتەکانی زاگرۆسێ بەجێ بهێڵن و، بەرەو دەشتە لیتەی نێوان دوو چۆمەکە کۆچ بکەن. لێرەڕا بەو کۆچکردنانە، کۆمەڵی جوودا جوودای نیشتەجێ بوونێ، پێک هاتوون، ئەو کۆمەڵانەی پاشان ناوی شاریان دراوەتێ. چاندنی بەرئاوێ، وەکوو چاندنی بەربارانێ نیهە، بە گوزەری کات بەربوومی زۆر و زیادە بە دەستەوە دەدات. جۆری خاکەکە، شێوەی کێڵانەکە و تۆو وەشاندنەکە، پاشان جارەکانی ئاودان و کاتەکانی ئاودانێ، هەرهێکەیان دارا و بە دەورن لە ڕادەی ئەو بەرهەمەی بە دەستیانەوە دێ. لەو سەروبەندەی نیشتەجێ بوون و پێ داکووتیندا، بڕبڕە شەڕی بەرگریکردنێ ڕوویداوە، دۆخی بەرخۆدان و دۆخی چاندنی بەرئاوێ، چەند پێ پیاوانیان هێناونەتە پێشێ و، چیدی ئەنجوومەنەکانی کار ڕاپەڕاندنێ، بە تەنەها دایکان نین، کووڕ و براکانیش لە باتی دایە پیرەی هەندێک لە بەرەدایکەکان چوونەتە ئەنجوومەنەوە. لە بەشەکانی ناوەند و ژووررووی کووردەوار، ئەوەی پیاوانی بروونەتە پێشێ و، پایەکانی ئەنجوومەنی پیران و مووخانی داونەتێ، تەنەها دۆخی جەنگ و هەلومەرجی بەرخۆدانە، بەڵام لەو بەشە خاکەی خوارێ، هەلومەرجی بەرهەم هێنانیش دەستودەوری بە پیاوان داوە. پیرە پیاوانی بەرەدایکەکان، ڕێنوێنی کاروباری چاندنێ بە ئەوانیدی دەدەن و، بە سەرپەرشتیکردنێ هەڵدەستن، هەم پایەی دایە پیرە و، هەم زانستی ئەزموونکردنێ، ئەو هەلەی داونەتێ، ئەوان بە هۆی تەمەنەوە، ئەزموونیان کۆکردۆتەوە، هوورد و بە هەژمارن لە کشتوکاڵی ئاودێری و،

چەندێک بەرهەمی زیادتر بە دەستەوە دێ، ئەزموونە کەسیەکەیان پێزانینی پتر دەخاتە دەماخ و دەروونی ئەوانیدی، بە دیوەکەی دیکەش وهای لێکدەدەنەوە ئەو زۆربوونەی بەرهەمەکان بەرەکەتی هوودایە و، بە هۆی پاکێتی پیاوانی بنەماڵەی دایە پیرەوە، ڕژاندووتی بە سەر خەڵکەکەدا، بەمەش پایەی پیرە پیاوانی بەرەدایکەکان لە هەرسێ باری زهینی و زاری و زەمینیدا، بەرەو سەرێ هەڵدەچێ. هەلومەرجی زهین و زار لە بارە، هەلومەرجە زەمینیەکەش، هێواش هێواش ڕوو بە سەرەتای وەرچەرخانێک دەسازێ. لێرەوپاش، لەگەڵ ئەو بەرهەمە زیادەی کەڵەکە دەبێ، خشکە خشکە گۆڕانە بنەڕەتی و گەورەکە بە سەرەتا دێ. پێشترێ دایە پیرە سەروکاری بەرهەمەکانی دەکرد و، لەمەوپاش پیاوانی بنەماڵەکە ئەو کارە دەکەن، پێشترێ بە چاندنی بەربارانێ، سەروبەر لێی چوونەتە دەرێ، ئێستاکێ لە چاندنی بەرئاوێ بەروبوومەکە بە هەندازێک بە زیادی کردووە، لەبەریان ماوەتەوە. کادێن و چاڵەگەنم و هۆدە و هەساری هەڵگرتنێ، لە زیادە بەرهەمەکەوە پەیدا بوون. پیران بە خۆڕسک دەبنە نیگاوان و سەروکاری زیادە بەرهەمەکە، ئەوانی لە بۆ دانەوێلە دهێن، لە پیرانی خانەوادەی وەردەگرن و، ئەو پیرانە کووڕە لاوەکانی خانەوادە ڕادەسپێرن کارەکە بەجهێ بگەهێنن. بە گوزەری کات دانیشتوان زیاد دەکات و، ڕووکردنەماڵی دایە گەوران زیادتر دەبێ. کاروباری ڕاوێژ و ڕێنوێنی و سەرپەرشتیکردنێ، چ لە چاندن و هاژەڵداری، چ لە نەزمی بەڕێوەبردنێ، چ لە باری دینداریدا بە ئەستۆی خانەوادەی دایە گەورەوەن، لەبەرهەندێ نەک تەنەها پیرەکان، بەڵکوو سەرجەمی نێر و مێی ئەو خانەوادانە، بە بەهانەی سەرقاڵبوونیان بەو کارانەوە، خۆیان لە مەیدانی کارکردنێ دەکێشنەوە و، خانەدان دەبن، هیدی لە ماڵێرا کارەکانی دەرێ هەڵدەسووڕێنن، بەبێ ئەوەی هیچ کەس لە سەر ئەم کارنەکردنەیان لۆمەیان بکات. بنەماڵەی دایە گەورەکان لە باری کۆمەڵاتیدا بنچینەی بەرەدایکەکەن، لە باری دینداریدا بە هۆی دایە گەورەوە نێزکن لە هوودای دایکەوە، لە پاڵ ئەمانەش لە باری زارەکیدا سەرگەمن بە دینداری و، بە ڕێنوێنی و ڕێنیشاندانێ، لەبەرهەندی کەس ڕێ بە خۆی نادات، سەبارەت بەو خانەوادانە بەدگفتاری بکات، بەڵکوو پەیتا پەیتا سۆزی پتریان دەگاتێ و، پلە و پایەیان لە زهینی خەڵکیدا بەرز دەبێتەوە، چوونکوو بیرکردنەوە وهایە ئەو بەرەکەتەی کەوتۆتە بەرهەم هێنانەوە، بە هۆی ئەوانەوە ڕوویداوە، هوودای دایک بە دووها و دینداری ئەو سەرانەی بەرەدایکەکان، رسقی زۆر و زەبەندی داونەتێ. گۆڕانە بنەڕەتیەکە بە هێوری جهێ دەگرێ و، چینی "بەرسێبەرێ" و چینی "بەرهەتاوێ" بە هاردی دادێن. هەلومەرجەکە کاریگەرە، دۆخی دەروونی هەردوولا بە جۆری جوودا ڕەوت دەگرن، ئەم دۆخەش هەلی گۆڕانی بەشەکی لە بیروباوەڕ بە زهین دادهێنێ. هەردوو چینەکە هاوبیروباوەڕن، دەزانن هوودا تینە و تین لە خاکی دایک بەرهەست دێ و رسقیان دەداتێ، دەشزانن بە دووهاکردن و ڕووکردنە هوودای دایک، ڕسق

بەرەکەتی تێ دەکەوێ، لەم بازنەیەدا ئەو زیادە بەرهەمەی بە دەست دێ، بە لێکەوتەی نێزیکاتی دایە پیرە و پیاوانی پیری بەرەدایکەکە بە هووداوە واتادار دەکەن، خۆیان خافڵ دەکەن لەوەی جۆرێتی بەشە خاکەکە و، شێوەی کێڵان و، تۆو وەشاندن و، هەندازی ئاودانەکە و کاتەکانی ئاودانێ، هۆکاری ئەو پەرستەندنەی بەروبوومی دانەوێڵەن. دەرهاوێشتەی جۆرێتی چاندنەکە وهایە، بەرەدایکەکان بە جوودا دەستیان داوەتە چاندنێ، بەمەش جوودایەزی بەرهەم هێنان بە سەرەتا دێ. کێڵانی زەوی، ڕاکێشانی جۆگەلان و کاری ئاودانێ، بە شان و پیلی نێرینەکان وەڵام دراوەتەوە، نەک دایکانی سەرقاڵ بە ماڵ و منداڵ، لەبەرهەندێ ئەو بەرەدایکانەی کووڕی پتریان هەبووە، باشتر کارەکانیان لە بەر ڕۆیشتووە و داهاتی پتریان لە کارەکەیاندا بە دەست هێناوە. بەڵام جوودایەزی ئەو دەستهاتەی لە چاندنێ بە دید دێ، وها لێک دەدرێتەوە جوودایەزی ڕسقە و، خاکی دایک بە هەندێکیان پتر دەدات و بە هەندێکیش کەمتر، جا ئەو بەرەدایکەی پتری بەرهەم هێنابێ، پیرانی خانەوادەی دایە گەورەکەی بە نێزیکتر لە هوودا زاندراون. کاتێک بگووترێ" هوودا بە هەندێک ڕسقی زۆر و بە هەندێک ڕسقی کەم دەدات،" دەشتوانن بێن و بڵێن" کێ لە هوودا نێزیکتربێ، هوودا ڕسقی پتری دەداتێ." ئەوها سەرەتاهێکی خراپ بە زهین کەوت، گرێدانی جوودایەزی ڕسق بە ویستی هوودای دایک، بە دیوێکدا ڕێ لە بۆ شێواندنی بیروباوەڕی ڕاستیەڤین دەکاتەوە، بە دیوێکیش بنەماڵەکان دەخاتە ڕقەبەری و مل بە ملیکردنێ. لە هەمان کاتدا لە ناو هەرهێکە لە بەرەدایکەکەنیشدا، خۆ لە خەڵک جووداکردنەوەی خانەدانەکان قووڵتر دەبێتەوە و، بە تێر و تۆخی، سیمای دینداری دەدەنێ. چینی "نێزیکە هوودا" خۆیان و کەسوکاریانن، چینی "دوورە هوودا" گشتەی خەڵکەکەن. شێوەپێدانەکەی چیناتی بەبێ تەگەرە دەچێتە پێشەوە، چوونکە پیرانی بەرەدایکەکان بە خۆڕسک دارای ئەنجوومەنێکن، ئەو ڕەوتەی بە کۆمەڵیشی دەدەن، بە هۆی ئەنجوومەنەکەوە گشتەگیرە و، هاسانتر جهێ دەگرێ. بەم چەشنە هێکەمین خێزانە خانەدانەکان پەیدا بوون. لە دەستپێکێ تەنەها چەند خێزانێکن، پاشان لەگەڵ گوزەری کاتدا بە وەچە خستنەوە زیاد دەکەن و دەبنە چینی بەرسێبەرێ، گشتەی خەڵکەکەش وەکوو چینی ڕەش و ڕووتی بەرهەتاوێ دەمێننەوە.

## پۆپەی 03

گۆڕانی زهینی و زەمینی، هاوتا بە هێکدی و بە هێواشی چوونەتە ڕێ، هیچ گۆڕانێک لە هیکڕا نەبووە، لە سەرجەمدا هێدی و ڕۆژگار بە ڕۆژگار، بە دەستوەردانە بیروباوەڕی ڕاستەڤین و، گرێدانەوەی بە چەمکی هوودا، ڕێڕەویان کردۆتەوە. چاندنی

بەرئاوێ کارێکە پتری چاندنی بەربارانێ، پیاوان پێی هەڵستاون و ڕەنجیان تێیدا کێشاوە، چوونکوو لە هەڵکەندنی جۆگەڵان و دەردانەوە و کاری ئاودانێ، لە جووتکردن و زەوی کێلانێ، لە دەروونە و لە کاروانێ، پێویست دەکات مەسوولکەی پتەو و پەیکەری پڕشان و پیل، دەستی زل و قامکی ئەستوور، پشتی پان و تەنگەی قایم، لاقی درێژی بە تین و تاو، دەروونی ناپەیوەست بە منداڵ و، پێستی بە پێزی بەرهەتاو بهێنە پێشەوە، ئەوانیش چوونە پێشێ، سەرکاری و سەروبەرکردنی بەرهەمەکەشیان بە دەستەوە گرت. پیاو بە تایبەتمەند لە پێکهاتەیدا، زیاتر تەن و کەمتر تینە، لە هەمان کات جۆرێتی تین لە ڕەگەزی نێردا ڕوو بە دەرەوەیە و بە لای تەندا دەکەوێ، ئەمەش خواستی بەرجەستەبوون و شێوەگرتنی دەسهەڵاتی تێیدا دەورووژێنێ، لە کاتێدا هەلومەرجی ڕەگەزی دایک تەواو پێچەوانەیە، مێ لە پێکهاتەیدا زیاتر تین و کەمتر تەنە، جۆرێتی تین و ئاراستەگرتنیشی ڕوو بە ناوەوەیە، لە بەرهەندێ خواستی دەسهەڵات لە کن مێ پەرت دەبێ و، مەیل ناکات بیخاتە قاڵبی بەرجەستەبوونەوە. پیاوان بە تایبەتمەند دەسهەڵاتخوازن، کاتێکیش بەرهەمە زیاد و زەبەندەکەی چاندنی بەرئاوێ وەچنگ دێ، لەبەر ئەو ڕۆڵە سەرەکیەی لە کارەکەدا گێڕاویانە، هێندەی دی ویستی دەسەڵاتخوازی و، خۆ بە شت زانین دەچێتە سەریانەوە. پەیدابوونی جوودایەزی چیناتی و خزانی ڕەگەزی، لە بە زهینکەوتنی هۆف و، بە زەمینکەوتنی بەرهەمی زیادەی چاندنی بەرئاوێ بە سەرەتا دێ. هوورد زهینی بدەنێ و لێی تێنگەن، لە دەرەوەی خۆرمیانێ، کوورتهێنانی بەرهەم و دروستبوونی قاتوقڕی، مایەی بە زهین خستنی هۆف و، بە زەوی داهاتنی چیناتی و چەوسانەوەی ڕەگەزی دایک بوو، پاشانەکە لە ناوەوەی خۆرمیانێ، زیادکردنی بەرهەم و پەیدابوونی تێروپڕی، هۆف دەباتە ناو زهین و، لە زەمینیشدا جیداوازی چیناتی و، بە لاداخستنی ڕەگەزی دایک بە دووی خۆیدا دهێنێ، بەو فەرقەی لە هی هێکەمدا کەوتنێکی ڕەق و، لە هی دووهەمدا کەوتنێکی نەرم ڕوودەدات. ڕێسا نەگۆڕە، کەمی و زۆری، یان کوورتهێنان و زیادکردن لە هەرشتێکدا بە زەڕە و، سەرەنجامەکەی جۆرێک لە هێکسانبوونەوەیە. دیقەتی بدەنێ، لە باری تەندروستیدا، کاتێک خوولانەوەی تەنۆچکەی ناو خانەکان خاو دەبێتەوە، گرێ دروست دەبێ، کاتێکیش خێرا دەبێ، داڕزین پەیدا دەبێ. لە قۆناخی تەمەندا، ساوابوون و بە ساڵاچوون، هەردووکیان کەم تین و توانان. لە پێکهاتەی لەشدا، لاوازی و قەڵەوی بە دووباردا بێ هێزی و نەخۆشین. لە باری کۆمەڵاتیدا، ئەوی بەس خۆێتی و ئەوی لە ناو جەنجاڵی دایە، هەردووکیان تەنەهان. لە ڕاستیدا، بەس هاوسەنگی مایەی خێرە، دەنا لاسەنگی بە هەردوو باریدا، مایەی شەڕە. لە هەلومەرجی چیناتیشدا ڕێک بەوجۆرەیە، چ تاقی دوو چینەکەی سەرێ و خوارێ ئاسوودە نین، چەندە بێ سەرمایە پێویستی بە قووتارکردنە لەو دۆخەی تیایدایە، هێندەش سەرمایەدارەکە پێویستێتی لێی دەربێ. لە دەرهاوێشتەی

کەمی و زۆری بەرهەم، هۆف بە سەری بەشەر دەکەوێ، بەمەش ئەم سووڕە و سووڕەکانی دیکەی ژیانی لێ ڕەش و تاریک دەبێ. کاتێک بەرهەم هێنان لە بازنەی پێداویستی بە کاربردن، بنەما لە سەر هەرەوزی و هاوبەشێتی هەڵبسووڕێ، شێوەی بەرهەم هێنانی سرووشتی و بەربەخێرە. بەرهەم هێنان لە کاتێکدا زەرەر دەداتەوە، ئەگەر کەڵەکەکردنی سامان بە دووی خۆیدا بهێنێ و، ڕەوت بە دەسهەڵاتخوازی بدات، وەک ئەوەی لە چاندنی بەرئاوێ لە دەشتە لیتەکانی خوارووی دیجلێ و فەریتۆ ڕوویداوە. چین لە سەر چینی و، کەڵەکەی بەرهەم لە گۆڕێ نەبن، مل بە ملی و شەڕ و ئاژاوەش بە مەیدانێ ناکەون. کاتێک کردگەلی دەستەبەرکردنی ژیانێکی سرووشتی، لە بازنەی هەرەوزی دایە و بەرهەمەکەی بە ڕادەی پێویستیەکانی ڕۆژانەی هەرهێکە لە هەرەوزکارەکان دابەش دەکردرێ، هەنگێ هاوسەنگی دروست دەبێ و، هەمووان لە ناو بازنەکەدا خۆشیان لێدێ و خۆشیان لە دەقەتێ. زانستی ئەزموونی لە دوور و نێزیک ساخی کردۆتەوە، خێروخۆشی لە پابەندی بە چەمکی هاوسەنگی بە دید دێ، نەک لە چەمکی هێکسانی. بە نموونەی تێگهیشتن، دوو ژن هەرهێکەیان ڕۆژانە شەش هۆقەی کات لە کارخانەی ڕەستن و چەنینی خۆبەڕێوەبەری گووندەکەیان کار دەکەن، هێکەمیان ژنێکی سەڵتە و ئەویدی دایکی دوو منداڵی ساوایە، هێکسانی ئەوەیە بە هێندەی هێک هەقدەستیان هەبێ، بەڵام هاوسەنگی ئەوەیە دایکەکە لە پاڵ هەقدەستەکەیدا، خەرجیەکانی دوو منداڵەکەش بە تێروتەواوی وەربگرێ. لە ڕاستیدا جۆرێتی بەرهەم و، ڕادەی بەرهەم هێنان و، شێوەی بەرهەم هێنان و، شێوازی دابەشکردنی، ئەگەر بە پێی میهربن ئاسوودەگی بە دووی خۆیاندا دهێنن، ئەگەر بە پێی هۆف بن، نەگبەتی و مەینەتی لێ دەکەوێتەوە. ئەم هاوکێشەیە نەگۆڕە، لە هەموو زەمانێک و هەموو زەمینێک هەرئەوهایە، بەشەرێت پێش ئەوەی سەدەکانی قووڵبوونەوەی تاریکی بەخۆوە ببینێ، لە کووردەهەوار و لەگەڵێک جهێی دی، بە کۆبەندی خێڵانی فەرهەنگ میهری، ژیانێکی ئەوهای بێ چین و چەوسانەوەیان دەگوزەراند، لە دەرەوەی بازنەی مهیریش، وا چەند هەزار ساڵە چیناتی هەیە و خۆشگوزەرانی نیهە. هەڵبۆقینی هەرهێکە لە ڕەوتی ڕەق و نەرمی چەوساندنەوەی چیناتی و ڕەگەزی، خشت بە خشت پێک هاتوون و، هەڵقەبەندی کردوونی بەو زنجیرەی، وا ژیانی پێ کۆتوبەند بکەن. سەرەتا لە هەڵقەی زهینەوە دابەزیونەتە هەڵقەی زمان، لە زمانیشەوە هاتوونەتە سەرزەمین، ئەوجا لە باندێتی هەڵقەکانی سەر زەمیندا، پێ بە پێ زالێتی زیاد دەکات. بڕۆننێ، لە خوارووی دیجلێ و فەریتۆدا، بەرهەمی دانەوێڵە زیادی کرد و، لەگەڵیشیدا، پەرێز و کا زیاد بوون، بەمەش ئالیکی زمستانێی هاژەڵان لە خەم چۆتە دەرێ، ئەم زیادبوونەش بەخێوکردنی هاژەڵەماڵیەکان پەرە پێدەدات و، بە دوویدا گاڕان و مێگەڵەکان فەرەوان و، بەرهەمەکانیشیان زیاد دەکەن. لە هەمان کاتدا پاشەڕۆی هاژەڵان دەبنەوە مایەی بە پێزکردنی کێڵگەکان و،

هەنگێ ئەو بەشە خاکانە بەرهەمی زۆر و زەبەندتر بە دەستەوە دەدەن. لە هەردوو بوارەکەدا، چەندێک بەرهەم زیاد بێ، بە هێندەش ژمارەی ئەو کەسانەی بەرهەمەکە هەڵدەسووڕێنن، زیاد دەکات. ئەمەش بە واتای فەرەوانبوون و هەڵکشانە لەو دەسەڵاتەی وا بنەماڵەکان و پیاوانی پیری بنەماڵە هەیانبوو، چوونکوو هاژەڵداری و ئابوری لە ژێر دەستی پیاوان هەڵسووڕاون. وشەی ئابوری واتە ڕێی ئاو(ئاب و ری، یان ئاو و ڕێ، لە وێنەی وشەی ئابڕوو، یان ئاوڕوو بە واتای ئاو بە ڕوودا چوون و ئارەقەی شەرمەزاری). ئەم هەلومەرجە نوێهەی بەرهەم هێنان، هێکەمجار لە دەشتەکانی خوارووی نێوان دوو چۆمەکەی کووردهەوار دەستی پێکرد. خاکە بەرئاوەکان دەکێڵدرێن، جۆگەیان لە بۆ ڕادەکێشدرێن و، ڕێ لە بۆ ئاو دەکەنەوە. ئەم ڕێ کردنەوەیە لە بۆ ئاو، بە ئابوری ناوی دراوەتێ. هاودەم لەگەڵ پەیدابوونی ئابوریدا، پیاوانی پیری ماڵی دایە گەورەی بەرەدایکەکان، وەکوو سەرکار هاتوونەتە پێشەوە، بەڵام لە سەرەتادا دۆخی زهینی بە دۆخی زەمینی هاوسەنگ نین، چوونکە بیروباوەڕی مهیری هەلی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆ بە پیاوی بنەماڵەی دایە گەورەکان نادات، ئەو پیاوانە تەنەها هەقیان هەیە لە هەندێک هەلومەرجدا، نوێنەراتی دایە گەورە بکەن. بە پێی زانستی ڕاستیەقین، دوو بەرهەستهاتنی هوودا لە ڕەچەڵەکی بەشەریدا هەیە، هێکێکیان لە ڕەگەزی دایک و، ئەویدی لە کەسانی بەرزە هەقڵدا، هەردوو ئەنجوومەنەکەی خێڵان"پیران و مووخان،"هەرهێکەیان هێکێک لەو دوو بەرهەستانانە بەرجەسدە دەکەن. پیاوانی جێگرتوو لە ئەنجوومەنی پیران، لە بەر دوو هۆ، سەنگ و دەسەڵاتیان لە هی ئەنجوومەنی مووخان کەمترە، هۆی هێکەم، ئەو ئەنجوومەنە زیادتر بە کاروباری "دین" ئەرکدارە، کاروباری "دوونیا"، پتر لە بەرپرسیارێتی مووخان دایە. هۆی دووهەمیش، هوودا لەو پیاوانە بەرهەست نەهاتووە، بەڵکوو لە دایکیانەوە، ئەوان لەبەر دۆخی جەنگ بە نوێنەراتی دایە گەورەکانەوە چوونەتە ئەنجوومەنەوە. بەڵام پیران هۆکارێکی هێز و بە کاریگەریشیان هەیە، مووخان نیانە، ئەویش ئەوەیە، هەرهێکە لە پیران سەرافەتیکردنی بەرهەم هێنان و سامانە گشتیهەکەی بەرەدایکێکیان لە دەست دایە. لێرەدا بە سەرچاوە لەم هۆکارە، پیرە پیاوەکان چەواشەکردنێک سەبارەت بە پێناسەی هوودای دایک دەکەن، ئەوجا لە میانی ئەو چەواشەکردنەدا خەڵکی هەڵدەخەڵەتێنن. پێناسە دروستەکە ئەوەیە، هوودا تینە و تین بە ڕێژە و جۆرێتی جوودا لە هەموو زیندەوەرێکدا هەیە، ئەوی تین تیایدا بەرز بێ، بەرهەمی باش دەدات. چەواشەکردنەکە لەوەدا دەکەن، کێ بەرهەمی پتر وەچنگ دهێنێ، وها واتای لێک دەدەنەوە هوودای دایک پتر بە ئەو دەبەخشێ، ئەم بەخشینەش پەیوەست دەکەن بە چاکی و پاکی ئەوانی بەرهەمەکەیان هێناوە. لەم بازنەیەدا بەرهەمی باش و زیێدەی ئابوری، واتای تایبەت بە ماڵی دایە گەوران و بە پیاوی پیری ناو ماڵەکانی دراوەتێ. جیداکردنەوەکە بنەما لە سەر ڕەگەز نیهە، بەڵکوو خێزان

و کەسێتی لە هێکدی جوودا دەکەنەوە. ئابوری بە هێزی زهین و هێزی شان و پیلی پیاوان هەڵسووڕدراوە، پیاوی پیری ئەزموونداز ڕێنونی داوە، هاوکات ڕوو دەکەن هوودای دایک و دووهای بەرەکەت دەکەن، هەرئەمەش بەسە لە بۆ ئەوەی بەرهەمی زیاد و زەبەندەی بە مشت کەوتوو، وەکوو بە دیدهاتنی دووهای ئەو پیرانە واتای بدرێتێ، بێشک ئەمەش پایەی ڕەگەزی نێر بەرز دەکاتەوە. کاکڵی ڕووداوەکە ئەوەیە، لە هەربەرەدایکێکدا خێزانێک بە سەر خێزانەکانی دی پایەدار دەبن، لە ناو ئەو خێزانەش کووڕ بەرامبەر بە دایک، برا بەرامبەر بە خووشک، مێرد بەرامبەر بە ژن پایەی بەرز دەبێتەوە، بەرزبوونێکی هۆفێتی و ناسرووشتی. پیرە پیاوەکان وهایان لێک داوەتەوە هەروەکوو چ لۆن هوودا لە دایە گەورەدا دەردەکەوێ، ئەوهاش لە پیاوانی ماڵی دایە گەورەدا دەردەکەوێ و، ڕسق دەدات. بەمەش هەقیقەت دەشێوێنن و، وەک کە خۆیان دەیانهەوێ، ئەوهای ڕەوت دەدەنێ. هەقیقەت هوودایە و هوودا سێیە لە هێکێکدا، لە باری ڕەگەزیدا مێ و نێرەمووک و نێرە، بەبێ ئەوەی پێکهاتەکە بچێتە پۆلێنەوە، پۆلێنبوونی تین تەنەها لە میانی تەندا بەرهەست دێ، ئەوکاتەش هوودا بە گشتەگیر لە کەسێتی ڕەگەزی دایکدا بەرهەست دێ. لە تێکڕای تەمەنی ڕەچەڵەکی بەشەرێتدا، هوودا تەنەها دوو جار بە تێروتەواوی لە کەسێتی کووڕی مەریەمێ بە جەسدە دەبێ، جەرێک لە پاش چەرخی مهیری، جارێکیش لە هاخیری زەمان. دەی ئێستا زهینتان ڕوون بکەنەوە و هەقیقەت ببینن.

## پۆپەی 04

ئەو دوو چینەی لە دەشتەکانی خوارووی دیجلێ و فەریتۆ بە هاردی داهاتوون، لە واتاهێکدا چینێکیان "ڕەنجدەری بیر"ە و، چینەکەی دی"ڕەنجدەری بازوو."چینی هێکەم لە مەیدانی کارکردنێ کشاوەتەوە، لەبەر سێبەرێ لێی دادەنیشن و، تێر و پڕ لە بەرهەمەکانی ڕەنجدەرانی بازوو دەخۆن و دەخۆنەوە و دەپۆشن، بەبێ ئەوەی تنۆکێک هارەقەی ڕەنجبەری بە ناوچاویاندا بهێتە خوارێ. بانگەشە وهایە، چینی نێزیکە هووداں، چینێکن سەرگەرمن بە هوودایەرستی و، ڕوو دەکەنە هاسمانێ دووها دەکەن، هەتا بەرەکەت بکەوێتە بەرهەمەکان و، خەڵک لە خۆشگوزەرانیدا بژین، ئەوە لە کاتێکدا وا خۆیان لە سەر زەمین جۆرێک لەو خۆشگوزەرانیەیان، لە هیسابی ڕەنجی چینەکەی دی، بە دەست هێناوە. بیرکردنەوە و قسەکردن ئەو دوو کارەن "پیران"ی خانەدانەکان دەیکەن، ئەوان بیر لە هوودای دایک ناکەنەوە، بەڵکوو بیر دەکەنەوە چ لۆن پێناسەی دروستی هوودای دایک بگۆڕن و، لە پەنای ئەو گۆڕانەدا شان و شکۆی خۆیان بەرز بکەنەوە. ئەوان قسان ناکەن، کە خەڵکی لە قسەکانیان هێز بگرن، بەڵکوو

قسەگەلێک دەکەن لە هێزی خەڵکەکە کەم بکاتەوە. مێی هێکەمی ئەو خانەوادانە بە ڕەچەڵەکی خوون و دایکاتی، "ژنانی دینی"بوون، پاشانەکە لەو چەشەوکردنەی ڕوویداوە، هەموو مێینەکانی خانەوادەکە بە"ژنانی دینی،" ناودێر دەکەن، هاوکات نێرینەکانیشیان بە "پیاوانی دینی" ناسێندراون، خانەوادەکەشیان بە "خانەدانی پیرۆز" ناساند. وشەی خانەدان بە واتای دانیشتنە لە خانە و ماڵ، وشەی پیرۆز، هەر پیرهۆزە، مەبەست لەو پیرەیە وا لە ناو هۆزدا پایەی هێکەمی هەبووە، پایەی پیرهۆز لە بنەڕەتدا پایەی سرووشتکردی دایە گەورەیە، بەڵام هەروەک لە بەرەدایکەکاندا پیاوان بە هۆی دۆخی جەنگ و ئابوری، بە ناوی نوێنەراتی دایە پیرەکان چوونەتە ئەنجوومەنەوە، لە ئاستی هۆزیشدا، پیاو بە نوێنەراتی دایە گەورەوە لە پایەی پیرهۆز دایە. ئەو پیرە لە پایە بڵندکردنی پاشتریدا، ئەوی لە زاری هاتۆتە دەرێ، وەکوو کەلامی هوودا واتای دراوەتێ، ئەوە لە کاتێکدا تەنەها دایە گەورە خۆی، لەم پلەی مەقام و شکۆداریدا خۆی دەدیتەوە. پێڕست بە بیروباوەڕی ڕاستیەقین، بیروباوەڕی هەنگینێی خێڵانی هاردی و مهیرهۆفی، هوودا لە خوودێتیدا گیانە، هەموو هێکێک لە زیندەوەران بەشێک لە گیانی هوودای تیێدایە، لە نێو زیندەوەرانیشدا هەندازەی هەبوونی هوودا لە مێینەکان پترە، لە ناو مێینەکانیشدا هەندازەی هوودا لە دایە گەورە زیادترە. ناساندنەکە هەتا ئێرە بە دروستی گوزارشتی دراوەتێ، شێواندن و نادروستی لێرەپاش دەست پێ دەکات، کاتێک سەرجەمی مێ و نێری "خانەوادەی پیرهۆز"یان بە سەر خەڵکیدا پایەدار کردوون و، بە شکۆمەندیان دیتون، ڕوویان داونەتێ و گوێیان لە بۆ ڕادێراون، لەوان وها بووە بەرەکەت بە دەم و دەستیانەوە دێ. لە ڕاستیشدا خانەدانی و خۆ دوورگرتن لە ڕەنج، لارەملی و لادانە لە پێڕستی مهیر و، هەنگاوە ڕوو بە هۆفێتی، چوونکی ئەوی لە هوودا نێزیک بێ ڕەنج دەدات و، ڕەنجی ئەوانیدی ناخوات، دەبەخشێ و ناستێنێ. خانەدانەکان لە دڵ و دەماخ و، لە گفتار و کردارياندا پێ بە پێ لە هوودای مهیربان دوور دەکەوتنەوە، بەڵام لە سەر دەم و، لە ناو دەروون و دەماخی خەڵکەکەدا، پێ بە پێ لە هوودا نێزیکتر دەبوونەوە. خەڵکەکە بە قسەی ئەوان و کەسانی دەرباریان فریویان خواردبوو، ئەو پیاوانە خۆیان بە نوێنەری هوودا دەناساند و، بە دژی ڕەگەزی دایک ڕێنوێنی و ڕێسایان دەردەچوواند، هەتا لە کۆتاهیدا هەندێک لەو پیاوانەی لە پایەی پیرهۆزدا بوون، وهایان خۆ بە خەڵکی دەناساند، هوودا لە ئەواندا بە جەسدەیە. ها، ئەوها، گۆزەکە قلْپ دەبێتەوە و، هەرشت لە ڕەوتی سرووشتی خۆی دەچێتە دەرێ. پایە و پلەی بە ڕووکەش شکۆدار و، بە کاکڵ تاریکی "پیرهۆز" و "پیران"ی خانەدان، بە چ قەدەرێک بڵند بووبن، هی هەموو ئەندامانی خانەدانەکەش بەرز بۆتەوە. خانەدانەکان بەبێ ڕەنجدان لە بەرهەمەکان هەڵدەگرن، پاشانەکە کەسانێکیش دەبنە خزمەتکاریان و لە بەر دەستیان دێن و دەچن، بە گوزەری کاتیش دارودەستەیان فەرەوانتر دەبێ، چوونکە گەنجی بێ ڕەنج کەوتبووە مشتیانەوە و، لە

هەردوو باری زهینی و زەمینیدا، هەلومەرج بە ویستی ئەوان گەڕاوە. پێشتریّ نەزمی بەڕێوەبردنیّ لە دوو ئەنجوومەن خۆی بەرجەسدە دەکرد، ئەنجوومەنی "پیران" و ئەنجوومەنی "ماقوولان،" هی هێکەم لە نوێنەرانی بەرەدایکەکان پێک دهات، هی دووهەم لە کەسانی ماقووڵ و هاقڵمەندی خێڵ، ئەویش بە دەنگدانی خەڵک و، بە شێوەی خوول هەڵدەبژێردران. هەردوو ئەنجوومەنەکە وەکوو دوو باڵی هاوسەنگ کۆبەندی خێڵیان بەڕێوە دەبرد، لە ناو کۆمەڵانی چیناتی لە مابەینی دوو چۆمەکەش بەردەوام دەکەن، بەڵام هاوسەنگیەکەی جاران نامێنێ و، هێواش هێواش دەسهەڵاتی بیرکردنەوە و بڕیارەکانی هاوبەند بە دین و دوونیا لە دەستی پیران کۆ دەبنەوە، لە کۆتاهیشدا ئەنجوومەنی ماقووڵان لە دەوری پاشکۆ بە ئەنجوومەنی پیران دەوامی دراوەتێ و، هەموو دەسهەڵاتەکان بە خانەدانەکانەوە بوون. ئەم بێ دەسهەڵاتبوونەی ئەنجوومەنی ماقووڵان(مووخان)، بە واتای کەوتنی هەقڵ و بەرکەناربوونێتی. لەو شوێنەی هەقڵ نەما، لەوێ نە دادوەری و نە خۆشگوزەرانی نامێنن، هوودای مهیربان لە هەقڵدا بەرهەست دێ و، دادگەری و خێروخۆشی بە هەمووان دەبەخشێ، بە دوورکەوتنەوە لە هوودا - هەقڵ، لە خێر دووردەکەونەوە. بەو وەرچەرخانەی لە دەشتە لیتەکان ڕوویدا، هەلومەرجی سەرێ و خوارێ لە بنەڕەتەوە لە هێکدی جوودا دەبنەوە، لە سەرێ "تین" بە پێشین دێ، لەبەرهەندێ شارستانێتی دایک، خۆی لە دامستدراوەی قەبە و بەرچاودا نابینێتەوە، تەنانەت مهیرجەم لە ناو دڵ و زهیندا، بە پێشین دێ، وەک لە سەر زەمین. لە خوارێ "تەن" بە پێش دەخەن، لەبەر ئەوەیە دامستدراوەکان لە واتای مادیدا هاتوونەتە گۆرێ. بە واتاهێکی قووڵتر، لە سەرێ "بەرهەستبوون" و، لە خوارێ "بەرجەسدەبوون" ڕەوتی دراوەتێ، ئەمە شتێکە واتای تەواو دەبەخشێ، چوونکە ئەوی پێک هات شارستانێتی دایکە لە خوودێتی کووڕدا، یان کووڕێکە لە داوێنی کووردهەواری دایک بە دوونیا هات، بێشک تایبەتمەندێتی کووڕ بەرهووردی دایک نیهە و تەواو جوودایە.

پۆپەی 05

وێنەکە ئەوهایە، پیاوانی دینی لە کۆمەڵانی خوارووی دیجلێ و فەریتۆ، پیاوانی سەرکارن، هەم لە ناو زهینی خەڵک بە دەسهەڵاتن، هەم لە سەر زەمین، هەم ئابوری و بەرهەمی زیێدەی هەمبارەکان لە ژێر دەستی ئەوان دایە، هەم بیروباوەڕی خەڵکی، ئەمەش هەلی دەسهەڵاتی تەواوی داونەتێ، بە جۆرێک ڕۆژاگار بە ڕۆژگار پلە و پایەیان لە هەردوو باری زهینی و زەمینیدا پتر هەڵکشاوە. ئەو هەلومەرجەی هاتۆتە پێشێ، لێکەوتەی زیادە بەرهەمی چاندنی بەرئاوە، پێشتریّ لە چاندنی بەربارانێ، زیادە

بەرهەمێک چنگ نەدهات هەمبارکردن و سەرافەتیکردنی بوێ، هەر لە کاتی دەروونەکردندا دەخڵەکەیان بەشێوەی جۆخین(خەرمان) خڕدەکردەوە و، خانەوادەی دایە گەورە بە ڕەچاوکردنی هاوسەنگی سەرخێزانەکان، بەرهەمەکەیان بە سەر هەمووان دابەش دەکرد. کۆبەندی گووند بە هێک بازن بووبێ، یان بە چەند بازنەی بەرەدایک، نەزمی بەڕێوەبردنێ بنەما لە سەر هەرەوزێتی کارکردن و هاوبەشێتی بەرهەم هەڵسووڕدراوە. بەڵام لە دەشتەکانی خوارێ، زێیدە بەرهەم هەلومەرجەکەی وەرچەرخاند. لە کاتی دەروونەی داخڵ و دان، هەرخێزانێک بەشی بژێوی خۆی لە بەرهەمەکە هەڵگرتووە، ئەوی ماوەتەوە هەمباریان کردووە و، سەرپەرشتیکردنەکەی بە خۆڕسک کەوتۆتە دەستی پیاوانی بنەماڵەی دایە گەورە. ئەم سەرپەرشتیکردنەی بەرهەمی کەڵەکەکردوو، دەسەهەڵاتی زەمینی پێداون، هەرئەوەشە کردوونی بە خانەدان و لە ڕەنجی کارکردنێ سەربەستی کردوون. لە قۆناخی هێکەمی قاڵبگرتنی کۆمەڵی چیناتیدا، هەربەرەدایکێک، بە جوودا سەرافەتی بەرهەم هێنان و بەرهەمەکانی کردوون، تەنانەت مل بە ملی و کێشمەکێش لە نێوان خانەدانەکان سەری هەڵداوە، ئەوە شتێکە بە قازانجی چ تاقیان نەکەوتۆتەوە، لەبەرهەندێ پاشانەکە "گەنجینەی گشتی" پێک هێندراوە و، بەرهەمی زیادەی هەموو بەرەدایکەکان بە هێکەوە هەمبار کردراون، لەگەڵیشیدا دەسەهەڵاتی هەڵسوکەوت پێکردنێ بە "پیران"ی بەرەدایکەکان دراوە، ئەو پیرانەی لە ئەنجوومەنێکدا خڕبوونەتەوە و، بە هاوبەشی بیردەکەنەوە و بڕیارەکان دەردەکەن. بەمجۆرە قاڵبگرتنی دوو چینەکە، چینی بەرسێبەرێ و چینی بەرهەتاوێ، لە بەرجەسدەبوونێکی تۆکمە و توولانیدا خۆیان دیتۆتەوە. زهینی بدەنێ، قاڵبگرتنی کۆمەڵی چیناتی بنەما لە سەر خێڵانی هاردی، بە شێوەی "نەرم" و "هێور" پێک دێ، لە کاتێکدا لە دەرەوەی خۆرمیانێ، جەنجاڵی چیناتی بنەما لە سەر خێڵانی هۆفی، بە شێوەی "ڕەق" و " خێرا" پێک هاتوون. هەرهێکەیان بە ڕێهێکدا ڕۆیشتوون بەرەو چیناتی، لە ناوەوەی خۆرمیانێ، زەبر بەر زهین دەکەوێ، لە دەرێ توبز لە سەر لەشە و، جەنجاڵی چیناتی بە خوورتی ڕەوتی دراوەتێ. لە دەوری رووبارەکانی دیجلێ و فەریتۆدا، هیچ توبزی و خوورتیکردنێک بناخەی چیناتی دانەناوە، ئەو خانەوادانەی بوونە خانەدان و، دەسەهەڵاتیان بە سەر خەڵکیدا پەیدا کرد، بە خوورتی و خۆسەپاندن کارەکەیان نەکرد، بەڵکوو هێمن هێمن هەروەکوو ئاوی دوو چۆمەکە، چلۆن بە ناو جۆگەلەکاندا دهاتە خوارێ و دەچووە سەر زەویە کێڵدراوەکان، ئەوانیش ئەوها بە هێمنی چوونە سەرێ، هەڵخەڵەتاندن و، دەستەبەرکردنی خۆشەویستی و سۆزی خەڵک، ئەم دەسەهەڵاتەی دانێ. نێزیکاتی لە هوودا لە میانی ڕەچەڵەکی دایکاتیەوە، خانەوادەکانی لە دڵ و دەماخی خەڵکیدا خۆشەویست کردبوون، پاشانەکەش بە گفتارشیرینی و ڕووی خەندانەوە، هەندی دی چوونەتە بەردڵان، لە سەرپەرشتیکردنی هەمبارەکانی دانەوێڵەش، بەوەی فەرق و جوودایەزی بە

خێزانەکانی چینی بەرهەتاوێ ناکەن و، بە هێک چاو سەیریان دەکەن، زیێدەتر خۆشیان دەوێن. خۆشەویستبوون بە واتای بە دەسهەڵاتبوونە، تاقە بە دەسهەڵاتبوونێکە بنەمای ڕێک و ڕەوای هەبێ، ئەگەر ئەو دەسهەڵاتە لە پێناو ڕاستەڕێکردنی خەڵکیدا بە کاربێ و، خۆشویستدراو بە قازانجی تێروتەسەڵکردنی خۆی نەیقۆزێتەوە. دایک لە خۆشەویستبوونیەوە بە دەسهەڵات دەبێ، بەبێ ئەوەی دەسهەڵاتەکە بە قازانجی خۆی بە کاربهێنێ، ئەو دەبەخشێ، بەبێ ئەوەی بستێنێ. هەڵسوکەوتی ڕاست و دروست لە بارەی تاک و کۆمەڵ هەرئەوەیە، کاتێک خۆشویستدراو بوون، جهێ پێی دایک هەڵگرن و، کەڵکی تاکێتی لە بە دەسهەڵاتبوونەکە دەستەبەرنەکەن، چوونکە پێی هۆفی دەبن. بە خانەدانبوونی خانەوادەکان، بە پاساوی سەرقاڵی بە سەرپەرشتیکردن و ڕێنوێنیدانێ، لادان و لارەملی بوو لە پێرستی مهیری، لە بنەڕەتەوە فێڵبازیکردنێک بوو لە خەڵکە دەروونپاکەکە. نێزیکاتی لە هوودا هیچ کەس ناکاتە خانەدان، بەڵکوو دەیباتە پێشەوەی مەیدانی کارکردنێ و، هارەقەی تێکەڵ بە هارەقەی ئەوانیدی دەکات. بەڵام ئەو بە ڕووالّەت پاک و، پیاوانەی نێزک لە هوودا بوون، هەموو ئەو بنچینانەی بیروباوەڕیان بەلادا خستن و، دەسهەڵاتێکی هۆفیانەیان شێوە پێدا، دەسهەڵاتێک کە لە پەنایدا ویستی تاکێتی و خێزانێتی خۆیان بە دید بهێنن. ئەمە بەشێکە لە وێنەی ئەو هەلومەرجە چیناتیەی لە دەشتە لیتەکانی خوارێ پێک هات. هەنەوکە کەم کەم دەتانبەمەوە سەرێ و، وێنەی ڕوونی هەلومەرجی کۆمەڵی بێ چینی دەشتەکانی زاگرۆزێتان نیشان دەدەم، پاشان جارێکی دی دەتانخزێنمەوە خوارێ، هەنگێ دەتوانن بە باشی زهین بدەنە پارچەکانی هەردوو وێنەکە و، بە ڕوونی وەرچەرخانەکە ببینن. لە ناوەندی کووردهەواری دایک، لە دەشتەکانی زاگرۆزێ، هەموو شتێک بە ڕێڕەوی سرووشتی خۆیدا دەڕۆیشت، ڕێکخستن و پێکهاتی کۆمەڵاتی لە سەر قەدی خۆیان بوون، نەزمی بەڕێوەبردنێ لە سەر بنەمای هەرەوزی و هاوبەشی و هاوسەنگی دەوامی دەکرد، فەرهەنگی مهیری و پەیوەستی بە هوودای مهیربان، هەروەکوو ئەو ڕۆژانەی دایکان شۆڕەشیان کرد، ئەوها دەدرەوشایەوە. ئەو خێڵانەی خوارەوەش، کاتێک لە دەشتە لیتەکان دەستیان بە چاندنی بەرئاوێ کرد، هەر بەو فەرهەنگ و نەزم و پێکهاتانەوە دامستدران. لە سەرێ لە ناو کۆبەندی ماڵان، ماڵێک هەبوو بە ناوی "دیوهان،" بە واتای دیوی هەمووان، یان ژووری هەمووان، دوو ئەنجوومەنەکەی پیران و ماقووڵان تیایدا خڕدەبوونەوە و، لەوێ کاروبارەکانیان ڕادەپەڕاند. گەڕێک خاکیشیان لە پاڵ دیوهانەکە بە ناوی "مستگەفت" خۆش دەکرد، وشەکە بە واتای"کەوتنی مست"ە، گوزارشتدانێکە لە کڕنووش و چەمانەوە بە ڕووی خاک. خەڵکەکە لە کۆتا ڕۆژی هەفتەدا، کە بە ڕۆژی "جەم هە"ناسدراوە، لەو گەڕە خاکە جەم دەبوون و، بە قەسدی شوکرانەکردنی هوودای دایک، سەریان لە بۆ خۆرهەتاو بڵند دەکرد و، پاشان سەریان لە بۆ خاکی دایک دادەنواند، دووهایان دەکرد هوودای

مهیربان دەوامی ڕسقیان بدات و، لە دەرد و بەڵا بیانپارێزێ. نۆژ و چەمانەوە لە بۆ خاک و ماچکردنی، لە قۆناخی هاردیبوون لەگەڵ دەستکردن بە چاندنێ دەستی پێکرد. هاوسەردەم لەگەڵ پەیدابوونی نۆژ، ڕۆژووگرتن پەیدابوو، مەبەست لە ڕۆژووگرتن خۆبرسیکردنە لەبەرەبەیان پێش گزنگ دانێ، هەتاوەکوو زەردەپەڕی هێوارێ. لەم خۆبرسیکردنەدا بەرزەفتکردنی نەفس و، پەروەردەی دەروون و، ڕاهاتن لە سەر ددان بە خۆداگرتن بە جهێ هێندراوە، برسیبوون و ئارامی بە هێکەوە، برسیبوون و پابەندی بە مهیریات بە هێکەوە، بەو مەبەستەی ئەگەر بە هەر هۆکارێکەوە تووشی قاتوقڕی هاتن، وەک ئەوەی پێیدا تێپەڕیبوون، وهایان لێ نەهێ لە مهیریبوون لابدەن، سەبر بکەن و ددان بە خۆیاندا بگرن. هاوکات لە ڕۆژووگرتندا، بەها و پێزانینیان بەرامبەر بەو ڕسقە تازە کردۆتەوە، کە هوودای مهیربان لە پاش سووڕی تووند و توولکێشی سەهۆڵبەندان، لە میانی ماڵیکردن و چاندنێ پێی دابوون. ڕۆژووگرتن چەندێتی ڕۆژەکانی دیاریکردراو نەبوون، هەرکەس چەندی پێ گیرابێ، لە هاخیرین مانگی هاویندا هەندەی لێ گرتوون، کۆتا ڕۆژیش کە کەوتۆتە سەر هێکەم ڕۆژی پاهیزێ، بۆتە جێژنی "مهیرگیان"، ئەو هێوارەیە بە کۆمەڵ ڕۆژوو دەشکێنن و گۆبەندی خێروخۆشی ڕێک دەخەن. نۆژ و ڕۆژووگرتن فەرز نەبوون، بەڵکوو خێربوون، هەرکەس چەندی کردبێ، کردووتی، بەڵام پیران ڕۆژانە سێ جاران نۆژیان دەکرد، تەواوی کۆتا مانگی هاوینێش بە ڕۆژوو دەبوون، چوونکوو پیرانی بەرەدایکەکان بیروباوەڕیان لە ناو کۆمەڵدا بەرز ڕادەگرت. هەنەوکەش وەکوو هەینێ، ئەگەر توانیتان ڕۆژانە سێ جاران نۆژ بکەن و، لە کۆتا مانگی هاوینێش چەندێکتان پێ گیرا، ڕۆژوو بگرن، بەم کارەتان خێرتان دەگاتێ. لە هەمان کاتدا، پێزانین بەرامبەر بە زاد نیشان بدەن و بە مووفەڕەکی بزانن. پێشان دایکانی کووردهەوار بە ڕاست و دروستی ئەم کارانەیان دەکرد، ئەوانی دیکەشیان ئەوها ڕاهێنان. کاتێک خاک "نان"ی دانێ و لە ڕاکەڕاکی دڕنداتی ڕزگاری کردن، دەرووی خێروبەرەکەت کردرایەوە، پاش دەستکەوتنی نان، ئاسۆی کووردهەوار ڕووناک بووەوە، لە کەسێتی کوورهەواریشدا بەشەرێت ڕوو بە ڕووناکبوونەوە هەنگاوی هاوێشت. بەشەر لە برسیێتیدا هەرچی بهێتە دەست، دەیبات لە بۆ دەمی، کاتێکیش هەرهیچیان دەستگیرنەبێ، بە ناو هێک دەکەون و هێکدی دەخۆن. هوودا لە کەسێتی خاکی دایکدا، ترسی برسیێتی لە سەر هەڵگرتن و، ڕسقێکی وهای دانێ، هیدی لە خەم دەرچن. لە خوارووی کووردهەوار، ئەو دەمەی دەستیان دایە چاندنی بەرئاوێ، ڕسقەکە رادەبەدەر بە زیادی دەکرد، لەگەڵیشی شوکرانەی خەڵک لە بۆ خاک زیاد بوو، تەنانەت شوکرانەبژێری ئەو خانەوادانەش بوون، ئەوانی وا بە نێزیک لە هوودای دایک ناسدرابوون. لە کووردهەواری سەرێ، مستگەفت گەڕە خاکێکە، یان هۆدە و هەیوانێکی خنجیلانەیە و دوو گوومەز بە گوزارشت لە دوو مەمکی دایک وا بە سەریەوەن. لە خوارێ، لە ناو

هەلومەرجە نوێیهەکەدا، مستگەفت قەبارە پەیدا دەکات و، کۆشکی بە شکۆی لە بۆ هەڵچەندراوە. دیوهان و مستگەوت هەردووکیان لە کن کۆمەڵانی چیناتی لە خواروی دیجلێ و فەریتۆ، گەشەیان پێدراوە، گەشەپێدانەکە هەم لێکەوتەی چەندێتی دانیشتوان و گەورەبوونی کۆمەڵی خەڵکەکەیە بە هەردوو چینەکەوە، هەم خواستی خۆ زلکردنی پیرانی لە پشتە. لە گووندێکی نۆهەد ماڵیدا، ئەگەر دیوهانێک هەبووبێ، جهێی سی کەسی تێیدا بووبێتەوە، بێشک لە شارێکی هەزاران ماڵیدا، ئەو دیوهانە چەند قات گەورەتر هەڵیدەبەستن. سەبارەت بە پەرستگەش، هەمان لێکدانەوە لە سەر گەورەبوونی قەبارە بە دروست دەگەڕێ، سەرباری کاریگەری پەرەستەندنی خۆڕسکانەی ڕووکردنە خاک و شوکرانەکردنی هوودا، بە هۆی گەشەی بەرهەم هێنانەوە. لەو گەشەکردنەی بەرهەم هێنان و کەڵەکەی بەرهەمی زیادەدا، جۆخین و کادین و هەمبارەکانی دانەوێڵەش پەرەیان پێدراوە. سێ گرینگترین دامستدراوەی هەکوومەتکردنێ، توونە و تووڵانی لە سەر زەمینێ بنچەق دادەکووتن، هەرسێکیان لە بندەستی پیرانی خانەدانن، بۆهێ لەمەوپاش چینی کەمینەی بەرسێیەرێ، تۆکمەتر فەرمانڕانی بە سەر چینی زۆرینەی بەرهەتاوێ دادەکەن. لە کۆشکی دیوهان نەزمی بەڕێوەبردنی خەڵک، لە مستگەفتێ بیروباوەڕی خەڵک، لە هەمباری دانەوێڵەدا ئابووری خەڵک بە دەست ئەنجوومەنی پیرانەوە بوون. پەلاماری لە هیکڕای خێڵانی بیابانێ، هەم هۆکارە و هەم پاساوە لە دانانی کەسانێکی چەکدار بە دەوری هەمبارەکانی دانەوێڵە و گەوەڕەکانی هاژەڵان، چەکدارانێک، کە ڕاستەوخۆ فەرمان لە ئەنجوومەنی پیران وەردەگرن. پێشترێ ئەو ئەنجوونە پتر کاروباری دینداری هەڵدەسوڕاند، ڕێنوێنی دەدایە خەڵکی لە سەر ڕێی ڕاست بڕۆن و لارەملی نەکەن، لەمەوپاش هێواش هێواش نەزمی بەڕێوەبردن و ئابوری و ئاسایشی خەڵکەکەش دەکەوێتە مشتیانەوە، لە کاتێکدا ئەوانە کاروباری دوونیان و، لەمەوپێش ئەنجوومەنی ماقووڵان بە جهێی هێناون، ئەو ئەنجوومەنەی لە دانایان و هاقڵمەندان پێک دهات و چەند ساڵ جارێک لە ناو خەڵک هەڵبژێردراونەتەوە. دیقەتیان بدەنێ و فەرقیان پێ بکەن، دوو دەستەبەندەکە چەندێک لە هێکدی جوودان، بەو هەندازەش کۆبوونەوەی دەسهەڵات لە دەستی هەرهێکەیاندا هەلومەرجی جوودایەز بە هاردی دادهێنێ. پیران ڕەوابوونی درۆزنانەی خۆیان لە هاسمانێ وەرگرتووە، ماقووڵان لە زەوی وەری دەگرن. پیران ئەو پیاوانەن وەکوو نوێنەری دایە پیرەی بەرەدایکەوە چوونەتە ئەنجوومەنەوە، بەڵام ماقووڵان (مووخان) کەسانی هاقڵ و بە توانان، خەڵک هەڵیبژاردوون، تەنەهاش هەقی هێک خوول مانەوەیان لە ئەنجوومەندا هەبووە، ئەگەر هەرماقووڵێکیش کارێکی ناماقووڵانەی کردبێ و، سەرپێچیکردنێکی لێ وەشابێتەوە، پێش ئەوەی ماوەی خوولەکە تەواوبووبێ، دەستەبەندەکە دووری خستۆتەوە. پیراتی لە بازنەی بنەماڵەی دایە پیرە دایە و، دۆخێکی دیکەی هەیە، خەڵکەکە بژاردەی زۆریان

له بەردەستدا نیهە، ناچارن له نێوان پیاوانی ئەو بنەماڵەدا، پیاوێکیان بە پیر هەڵبژێرن، نە خەڵک هیچ دەسهەڵاتێکی بە سەریانەوە هەبووە، نە ئەوان لە کاروباردا لە بۆ خەڵک گەڕاونەتەوە، ئەگەر لاڕێبوونێکیش هەبووبێ، تەنەها تواندراوە ئەو لابدرێ و، کەسێکی دی لە هەمان بنەماڵەدا جهێی بگرێتەوە. ئەو دەمەی کۆمەڵی چیناتی لە دەشتە لیتەکان قاڵبی گرت، ئەنجوومەنی پیران بە خەڵکیان گووتووە: هوودا ئەوانی بە سەر خەڵکیدا هەڵبژاردووە و، ڕێی داونەتێ گەورێتی بکەن لە سەر زەوی، خەڵکەکەش بانگەشەکەیان بە ڕاست و ڕەوا زانیون. بەم چەشنە ئەنجوومەنی پیران بۆتە دەسهەڵاتی باڵا و، لە ڕووکەشێکی خەڵەتێنەرانەدا، بە ویستی هوودا بەستدراوەتەوە، خەڵک نەوێراون بە جۆرێکی دژ بیریان لێ بکەنەوە، یان زاریان لە بۆ هەڵبهێنن، چوونکی لەوان وهایە بەراستی هەڵبژاردەی هوودان و، ئەنجوومەن هەموو دارای پایەی نێزیکاتین لە هوودا، وەلێ گەورەی ئەنجوومەنەکە سەر بە بنەماڵەی دایە گەورەی هۆزە و، لە هەمووان پایەدارترە. بە گوزەری کات، پێ بە پێ لەگەڵ گەشەی کۆمەڵی چینتایدا، پایەی پیران و پیرهۆز زیادتر هەڵکشاوە. پیرهۆزەکە لە نێزیکە هووداوە دەبێتە نوێنەری هوودا، پاشان وەکوو نیوبەشەر - نیو هوودا ناووبانگی دراوەتێ، لە کۆتاهیشدا زهینی هۆفێتی هێوەتر دەڕوات و، وها ڕادگهێنن پاشا لە خوودێتیدا دوو بەشی هوودایە و هێک بەشی بەشەرە، بەمەش هوودا و پاشا دەبنە هێکێک و، ئەوی لە زاری پاشا دەرچووبێ، بە کەلامی هوودا داندراوە، خەڵکەکەشیان کردوون بە بەندەی ڕەنجبەر و ڕەش و ڕووتی ئەو پاشا – هوودایانە و، لە پەنای ناوی هووداوە بە قووڵی چەوسێندراونەتەوە. دەبوو خەڵکی قەتوقەت ئەو هاوکێشەیە لە بیرنەکەن، هەبوونی هوودا - گیان لە خوودێتی هەرهێکێکدا، هەتا ئاستەکەی بڵدتربێ، پتر مهیربان و بەخشندە و ڕووناک دەبێ، زیادتریش گشتێتی تیێدا بە دید دێ. لە کاتێکدا تایبەتێتی و، چیناتی و خۆ گەورەکردن بە سەر خەڵکیدا، نیشانەی هۆفێتین، دەرک پێ نەکردن و لە بیرکردنی بنەڕەتەکان، وهای لە خەڵکی کرد هەڵبخەڵەتێن و، بێ ئەوەی ئاگایان لە خۆیان بێ، هۆفێتی بە خشکە خشکە دەستیان بە سەردا بگرێ. لە شێواندن و شێوەپێدانەوەی بیروباوەڕی ڕاستیەقین، بڵندکردنی پایەی ڕەگەزی نێر بە ئامانج نە گیردراوە، ئەمانجەکە پایەدارکردنی ڕادەبەدەری هەندێک خێزانە بە سەر خەڵکیدا، لە ناو ئەو خێزانانەش سەروەرکردنی پیاوە بە سەر ڕەگەزی دایکدا، هەرچەندە بە پێی مهیر، نالوێ هێکسان و هاوتاش ببیندرێن. پیاوانی خانەدان لە میانی ئەو هەلومەرجەی بە زهین و زەمینیان داهێنا، بە شێوەی تاکیانە خۆیان بە سەر کۆمەڵدا پایەدار کرد، بەبێ ئەوەی بنەمای نێرێتی ڕەگەز زەق بکەنەوە. لە قۆناخەکانی بەراهیێ، بە هیچ جۆرێک لێ ستاندنی پایە لە ڕەگەزی دایک جهێ باس نیهە، ماوەی چەند هەزار ساڵی بەرێ، لە کۆمەلانی چیناتی لە خوارووی دیجلێ و فەریتۆ، مێ و نێری خانەدان بە تەنیشت هێکەوە پایەداربوون. خەڵکەکە لە خێلانی هاردی بوون،

چینی بەرسێبەری لە سەر مەیریاتی شارستانێتی دایک خۆیان بە ڕێکخستن کردبوو، لەبەر هەندێ نەدەشیا بە مێینەکان بڵێن لاکەون و، هێکسەرە خۆیان بە تەنەهێ جلەوی گۆڕەپانەکە لە مشت بگرن. وەرچەرخانی دۆخە ڕەگەزیەکە، زۆر بە هێواشی ڕوویداوە، قیچ قیچ پایە و پلەی ڕەگەزی دایک هێندراوەتە خوارێ و، پلەی ڕەگەزی کووڕیان بردۆتە سەرێ. دەرکەوتنی هوودا چ لە خۆر و چ لە خاکدا، دەرکەوتنی دایکانەیە، خۆر و زەوی هەردووکیان مێینەن، بەڵام ئەوان هەقیقەت دەشێوێنن و، دابەشکردنێکی ڕەگەزی لە دەرکەوتنەکانی هوودا واتادار دەکەن، خۆر بە مێ و خاک بە نێر دەناسێنن، ئەم بە نێرناساندنەش بەو ڕۆڵەی نێرینەکان دەبەستنەوە، کە لە چاندنی بەرئاو و لاواندنەوەی خاک دەیگێڕن. هاودەم هەموو دەرکەوتنەکانی دیکەی هوودای دایک، لە مانگ، هەستێرە، با، باران، ڕسق، ڕووبار، زاوزێ، ژین، مەرگ بە سەر نێر و مێ دابەشیان کردوون، پەیکەریان لە بۆ سازکردوون و ناویان داونەتێ. وەلێ هێدی هێدی ژمارەی "هوودای مێ"یان کەم کردوونەتەوە، هاوکات ڕۆڵی مێ لە سەرزەمینی ئەوێ و، لە ناو خانەدانی دەسهەڵات کەم بۆتەوە. گۆڕانی زهینی و زەمینی، هەمیشە هاوتای هێکدی چوونەتە ڕێ. لە بیروباوەڕی ڕاستیەقیندا هوودای دایک سێیە لە هێکێکدا، هەرسێ خوودێتی کیژ و دایک و کووڕ خوودێتی هوودا بەرهەست دهێنن، بەبێ ئەوەی پۆلێن بکردرێن. لەو دەمیدا ئەم زانستە ڕاستیەقینە شێوێندراوە، هوودا لە خوودێتی کووڕ - نێردا هێندراوەتە پێشێ و، بە شێوەی تەواوەتێ دەرکەوتنی نێرانەی هۆفێتی بە هوودای دایک دراوە. هوودایان جووداجۆر کرد، هەندێک لەو جۆرانەش بە تەواوی کردوویانن بە نێرە هوودا، لە نێوانیاندا پاشاکان کە پیاوبوون، کردراون بە هوودا و، بە تەنیشت هوودایەکانی دی پەیکەریان لە بۆ سازداون، ئەوە لە کاتێکدا هوودای دایک هێکێکە و تەنەها شوێنی دەرکەوتنەکانی جوودایە. هوودا تینە، ئەوی لە خۆر و مانگ و لە خاک و ئاو و ئاگردا دەردەکەوێ، هەر تینە و تین گوازرشتە لە مێهێتی، هەروەکوو تەن گوزارشتە لە نێرێتی. جۆرێکی دیکەی شێواندنەکە ئەوەیە، ئەم فەرە دەرکەوتنە گۆڕدراوە بە فەرە هوودا، هەرهێکێک لەو دەرکەوتنانە وەکوو هووداهێک دیتدراوە و ناوێکیان دراوەتێ، بناخ لە سەر هەلومەرجە زەمینیەکەش، بە شێوەی مێ و نێر دابەشیان کردوون. لە بازنەی گشتەدا، ڕەوش بە جۆرێکە هەم ژن تیایدا کەوتووە، هەم پیاو، چوونکە مهیر وەپاش دراوە و هۆف پێشڕەوتی دراوەتێ. ئەو ژنانەی لەو دەمیدا بە ناوی هوودای مێ لە میانی خانەدانی دەسهەڵاتدا، بە دەم و دەست بوون، نە نیشانەی سەرپێ وەستانی ژنانی کۆمەڵ بوون، نە لە ڕکابەرێتی هوودا نێرەکاندا، نوێنەراتی ئەوانیان دەکرد، بەڵکوو بەشێک بوون لە دەسهەڵاتی هەڵتۆقیوی هۆفێتی. ژنان و پیاوان لە بەندێتی ئەو هوودامێ و هوودانێرە دۆرینانەی بە هەرز و هاسمانێیان داهێنابوون، بە قووڵی دەچەوسێندرانەوە. پاش چەند هەزار ساڵ، دەرکەوتنەکانی مێهێتی هوودا کەوتن، یان

لە خەسڵەتی مێهێتی داماڵدران و بوونە شەڕهەنگێز، بە تەنەها هوودای گان و جوانی وەکوو هوودای مێ بە پێوە مایەوە. ئەمەش ئەو وقهتە ڕوویدا کە هەندێک لە خێڵانی هۆفی لە خۆرئاواوە هێرشیان برد و، دەشتەکانی نێوان دیجلێ و فەریتۆیان خستنە چنگی خۆیانەوە. لە کن ئەو خێڵانە لە مێژبوو ژن هەموو شتێکی لە دەست چوو بوو، تەنەها هێزێک کە بە دەستیەوە مابوو، جەسدە و جوانیەکەی بوو، ئەویش شتێک بوو پیاو نەیدەتوانی خۆی لێ ببوێرێ. بەم چەشنە، لە خواروی دوو چۆمەکەی کووردهەوار، هێڵی ڕەقی هۆفێتی لەگەڵ هێڵی نەرمی هۆفێتی تیکهاڵاو بوون و، دەسهەڵاتی هۆفێتی بە ناو و ڕێسای نوێ درێژەی دراهێ.

## پۆپەی 06

ئەو خێڵانەی لە دەشتەکانی زاگرۆسێ شۆڕبوونەوە خوارێ و، لە بەینی دیجلێ و فەریتۆ باروبنەیان خستە گۆڕێ، ئەو بەشە خاکەی ئەوێیان هەروەکوو بەشەکانی دیکەی کووردهەوار، بە خاکی بەرەکەتدار ناو دەبرد. خاکەکە بەرکەند و بەرئاو بوو، ئەو زەویانەی دەیان کێڵان و، ئەو تووەی تێیان دەوەشاند، هێک بە هەفتا بەرهەمی بە دەستەوە دەدا. دەستڕاگەیشتن بە زێێدە بەرهەم و کەڵەکەی خەرمان، سەر ڕەشەکانی تووشی سەرلێشێوان کرد. ئەو خەڵکانە کە خۆیان بە "سەرڕەش" ناودەبرد، وهایان دەزانی بە دەستپێکردنی چاندنێ بەرئاوێ، خەریکن ڕوو لە بهێشتی باڵا پێ هەڵدەنێن، خافڵبوون لەوەی بە دابەزین لە دەشتەکانی زاگرۆسێ، لە باخاتی بهێشت دابەزین و، کەوتنە سەرزەمینێکی پڕ لە هێش و ڕەنجی بێ گەنج. خواردنی سێوەی قەدەخەکردراو، گوزارشتدانێکە لە بەرهەمی زیادە، هەقایەتی دەرچوونی بەشەر لە بهێشت و دابەزین لە بۆ سەرزەوی، ئەو وەرچەرخانە دەخاتەڕوو، کە بە هۆی بەرهەمی زیادەوە روویداوە. هەقایەتەکە هەرلە زاری سەرڕەشەکان خۆیانەوە بڵاوبۆتەوە، پاشانەکانێ هەقگۆیان گووتوویانەتەوە. زهینی بدەنێ، لە گۆزاری هەقگۆیانەوە دوو بهێشت هێندراونەتە بەرباس، وەلێ گشتەی خەڵک بە هێکێک تێگەیشتوون. ڕاستی ئەوەیە بهێشتێک لە پێشێ هەبوو، بهێشتێک لە پاشێ هەیە. دەرکردنی بەشەر لە باخی بهێشت و، دابەزینیان لە بۆ سەرزەوی، وەکوو سزای خواردنی میوەی قەدەخەکردراو، ئەوەیان گوزارشتی ڕاست و قووڵە لەو بهێشتەی کووردهەواری سەرێ و، لەو ئازار و مەینەتەی بە هۆی زێێدە بەرهەمەوە بە سەر سەرڕەشەکانی خوارێ داهات. دیسان بە بیرتانی دهێنمەوە، مهەمدی کووڕی هامینێ لە زەمانی خۆیدا بە خەڵکی گووت: بهێشت لە ژێر پێی دایکان دایە. زەمەن دەوران دەورانی کرد و، کەس لەو گۆزارە تێنەگەیشت، بەڵام خۆ ئێستا لێی تێدەگەن.

بە هۆی شۆڕەشی دایکانەوە، خێڵانی هاردی لە کووردهەوار، زۆر بە گەرم و گووڕی گەڕابوونەوە بە لای مهیردا، پاش ئەوەش ئەو خێڵانەی لە چاندنی بەرئاوێ رسقێکی ڕادەبەدەر زۆر و زەبەندیان بە مشت کەوت، ئەو رسقەیان بە بەرەکەتی هوودای دایک دەزانی و، هێندەی دی پێیان لە بەندی بیروباوەڕی ڕاستیەڤین توونەوتۆڵ کرد، وها توونە، دەلوا بە هەڵەتیک بخلیسکێن و بکەون. ئەو کەوتنەی لە دەشتە لیتەکانی دیجلێ و فەریتۆ ڕوویدا، هێکێک لە هۆکارەکانی، پابەندی توونەیان بوو بە بیروباوەڕیەوە، ئەو توونەگرتنە وهای لێکردن، بەبێ هیچ گوومانکردنێک گوێ لە کەلامی پیرانی خانەدان بگرن، جا کاتێک پیران لاڕێ بوون، هەمووان لاڕێ بوون، کەس نەبوو لەو خەفڵەتەی تێی کەوتبوون هەبەریان بکاتەوە. لە سەرێ، لە بنارەکانی زاگرۆس، بە هاژەڵداری و چاندنی بەربارانێ، جارێکی دی بهێشتی لە دەستچوو لە ژێر پێی دایکاندا شیابووەوە، لە هەندێکیان وهابوو ئەو چاندنی بەرئاوەش، کە لە خوارێ دەستی دراوەتێ، خێر و بەرەکەتێکی دیکەی هوودای دایکە بەسەر بەشەریدا ڕژاوە، هیدی خێڵ بە دووی خێڵ دادەچوون و، تێکەڵی هەلومەرجە نووهەکە دەبوون، بەمەش خێرا چڕبوونەوەی دانیشتوان بە هاردی داهات و، ئەو کۆمەڵانەی خەریکبوون بەرەو چیناتی دەچوون، خێرا فەرەوان بوون. لە پشت ئەو کۆچ و سەرهەڵگرتنانەوە، دوو هۆکاری بنەڕەتی هەبوون، هێکێکیان ئەوەبوو کشتوکاڵی ئاودێری بەرهەمی ڕادەبەدەر زۆری بە دەستەوە دەدان، دووهەمیش کۆمەڵبوونی گەورەی خەڵکی لە هێک کۆبەند، هەستی ئاسایش و دڵنیاهی دەدانێ، لەوان وهابوو چیدی خێڵانی هۆفی ناتوانن هەڵبکووتنە سەریان و زەفەریان پێ ببەن، چوونکە خێڵانی هاردی پێڕست بە مهیریبوونیانەوە، دەیانویست دووره شەڕبن و، لە ئاشتی و ئاسایشدا زیندەگی بکەن. کۆبەندی گووندان کۆمەڵی گچەلانەی چەند سەد کەسی بوون، وەستانەوەیان بە ڕووی شاڵاوی فەرەوانی چەتەی بیابانێ، هاسان نەچۆتە سەرێ، لەبەرهەندێ وهایان بیرکردۆتەوە بە تێکەڵبوون لەگەڵ کۆمەڵانی خوارووی دیجلێ و فەریتۆ پارێزدراو دەبن. سەرەڕای ئەوەش، هەلومەرجە نووهەکەی ئەوێندەرێ سەرنجی ڕاکێشاون، چوونکە لە قۆناخەکانی هەوەڵیدا، هاوبیروباوەڕبوون و، ڕێساکانی زیندەگیکردنێ هەرئەوانی خێڵانی هاردی بوون، تەنەها شتێک کە ئەو کۆمەڵانەی دیجلێ و فەریتۆی لە کۆمەڵانی زاگرۆسێ جوودا دەکردەوە، پەیدابوونی خانەدانەکان بوون، ئەوانیش خەڵکی خۆشیانویستوون و، بە نێزیکتر لە هوودا لێیان ڕوانیون. بناخ لە سەر بیروباوەڕی ڕاستیەڤین، ڕێ بە هەموو خێڵانی هاردی دەدرا بچن و، بەبێ جوودایەزی نیشتەجهێ بن، ئەوجا لەوێندەرێ خانەوادەی دایە گەورەکان نوێنەریان لە ئەنجوومەنی پیران جهێی دەگرت، خەڵکەکەی دیکەش تێکەڵ بە

کۆمەڵەکە دەبوون. لەگەڵ ئەوەش پێکهاتەی خێڵ هێواش هێواش هەڵدەوەشایەوە، خانەوادەی دایە گەورەکان لە ناو چینی بەرسێیەرێ جهێیان دەگرت، بەشی گەورەی خێڵەکەش لە ناو چینی بەرهەتاوێ خۆیان دەدیتەوە. پاش ئەوە دەسهەڵاتداران لە سەر بنەمای تاک و خێزان مامەڵەیان لەگەڵ کردوون، مامەڵەکردنێکی وەکوو هێک و، بەبێ جوودایەزی، چوونکوو بیروباوەڕ وهایە بەشەر هەر بەشەرە، نە بەشەری لاواز و گچکە و پایەنزم هەیە، نە هی بە هێز و گەورە و پایەبەرز. بەڵام ئەم ڕێسای بیروباوەڕە پاشا و پیر و خانەدانەکان ناگرێتەوە، ئەوان خستبووە دەستەی هووداکانەوە.

## پۆپەی 08

گوێ پێدان بە خانەدانەکان و، بە هەند گرتنی ئەو وشانەی لە زاریان هاتوونەتە دەرێ، دەستپێکێکە، پاشانەکەش کە ئەنجوومەنی پیران خۆی کۆشکدار دەکات و، پیری گەورە دەبێتە پاشا، ئەو دەم قۆناخێکی دی دەست پێ دەکات، گۆزاری پاشا و پیران دەبنە ڕێسای نەنوسدراو و، خەڵکەکە پێ لە بەندی گفتاری ئەو کەسگەلە دەجوولێنەوە. پێشترێ زانستی هوودا بە ناوی نامووس، دەستووری هەڵسوکەوتکردن و، نەزمی بەڕێوەبردنێ بوو، لەگەڵیدا زانستی ئەزموونکردنێ هاوسەنگی پێک دهێنا و، خێڵان لە سەر بنەمای ئەو دوو زانستە هەڵدەسووڕان، بەڵام لە ناو کۆمەڵانی چیناتی لە دەشتەکانی دیجلێ و فەریتۆ، هێدی هێدی هەردوو زانستەکە لە کوورتی دەدەن و، قسەی پاشا و پیران، جهێ بە زانست چۆڵ دەکەن. پاشا و پیر دەسهەڵاتی چینی بەرسێیەرێن، دەسهەڵاتێکن هاسان و بەبێ تەگەرە لە بۆیان چۆتە سەرێ زانستی هوودا بخەنە بن پێ و، ڕێسای نوێ دیاری بکەن، بەبێ ئەوەی لەگەڵ گلەوگازندەی خەڵکەکە بەرەو ڕوو بهێن، چوونکە لە قۆناخی پاشتردا پاشا بەشێکە لە هوودا، یان هەر خوودی هوودایە، پیرانی ئەنجوومەنیش داروودەستەی هوودان، لەبەرهەندێ کەس لە ناو زهین و دەروونی خۆیدا نەیوێراوە قسە لە قسەی پاشادا بکات، یان سکاڵا دەرببڕێ. ئەمە ئەو قۆناخەیە تیایدا دەسهەڵات و خەڵک بە تەواوی جوودا بوونەتەوە، دەسهەڵات کۆیلەدارە و، خەڵکەکە بەندە و کۆیلەی ڕەش و ڕووتن، بەبێ بەرگ لە بەرهەتاوێ کاران دەکەن و، لە گەرمەسێری خوارێ ڕەش داگەڕاون. ماڵێک بە ناوی ماڵی هوودا، ماڵێک کە دەستی بە سەر هەموو ماڵەکاندا دەڕۆیشت، بناخی هەڵتۆقینی ئەو دەسهەڵاتە زاڵمەی پێک هێنا، دەسهەڵاتێک ڕۆژ بە ڕۆژ باڵای کرد و، چەشنی داری ترێ پەلوپەی بڵاوکردەوە. ئەو پیاوانەی لەو ماڵە درۆینەی هوودا بوون، خەڵک بە گەورەی خۆیان دەدیتن و، بە هوومێدی ئەوەبوون ڕووهێکیان بدەنێ، چوونکی ئەو ڕووپێدانە وها لێک دەدرایەوە هوودا ڕووی داونەتێ. ئەنجوومەنی ماقووڵان تەنەها لە واتای ڕووکەش

بەردەوامی بە هەبوونی خۆی داوە، پاشکۆهێک بووە پاشا و پیران بە دووی خۆیاندا ڕایانکێشاوە. ئەو ئەنجوومەنە هەر لە سەرەتاوە هێز و دەسهەڵاتی خۆی لە خەڵک وەر دەگرت، کاتێکیش خەڵک سەروەری لە دەست دەدات و، هەموو دەبنە بەندە و کۆیلەی هەقەمشتی پاشا و پیران، ئەنجوومەنەکەش هەروەکوو نەبوو وهایە.

## پۆپەی 09

ئەوەی لە دەشتەکانی خوارێ لە نێوان دوو چۆمەکە بە دید دێ، کووڕی شارستانێتی دایکە، هەموو بنەڕەتەکانی خۆی لە دایک وەرگرتوون، لەگەڵ ئەوەشدا بە هەندازەی جوودایەزی نێوان دایک و کوور لە باری ڕەگەزی و خوودی، لە هێکدی جوودایەزن. لە هەموو گەردوونێ نەزمی سرووشتی وهایە، نێرینە لە مێینەوە پەیدا دەبێ، کووڕ لە دایک بە دوونیاهێ دێ. بە هەمان شێوەش کۆمەڵانی چیناتی دیجلێ و فەریتۆ لە داوێنی ناوەندی شارشتانێتی دایک لە کوورهەوار کەوتوونەتە خوارێ. چەمکی شار و شارستان لە سەر دانیشتوانی خوارووی دیجلێ و فەریتۆ بە ڕاست ناگەڕێن. شار کۆمەڵبوونێکە بە شێوەی سرووشتی و، بە ناوەندێتی دایک پێک دێ، دەستەواژەی "شارستانێت"یش گوزارشتە لە کۆمەڵانی دایک ناوەندی لە بەرزایەکان. ئەمە ڕۆشنی دەکاتەوە، ئەو کۆمەڵە چیناتیانەی لە نێوان دیجلێ و فەریتۆ شێوەیان هاتوتێ، شارستانێتی نین، بەڵکوو شاری ناسرووشتین. شاری ناسرووشتی هەمان ڕووکەشی شاری سرووشتی هەیە، بەوەی کۆمەڵبوونێکە گرێدراو بە ڕێسا هەڵدەسووڕێ، وەلێ ڕێساکان ناسرووشتین و، چین و توێژی ناسرووشتی ڕێک دەخەن. شاری سرووشتی نە چینی جوودا و، نە ئاستی جوودا لە پلە و پایەی کۆمەڵاتی و، نە بژێوی جوودای تێیدا بە گۆڕێ ناکەوێ، هەموو بە هێکەوە بە هەرەوزی کاردەکەن و، بە هاوبەشێتی و هاوسەنگی لە بەرهەمەکەی دەخۆن، بەبێ ئەوەی کەسی گچکە و کەسی گەورە، یان کەسی دارا و کەسی نەدار لە نێویان هەڵبکەوێ. لە کاتێکدا شاری ناسرووشتی بە هەڵتۆقینی چینی خانەدان بە سەرەتا دێ، خانەدانەکان چینی ئیشنەکەری بەرسێبەرێن و، بناخی قووتبوونەوەی شارن بە شێوە ناسرووشتیەکەی، هەرئەوانیش پاشان دەبنە چینی باڵای شار و، ئەوانی دیکەش دەبنە چینی نزمی شارەکە. چین چینبوونیەکە بە هێواشی و، لە ڕێی فێڵ و هەڵخەڵەتاندنەوە بەجهێ هێندراوە. لە دەستپێکدا هێکەمین چینەکانی شاری ناسرووشتی، دوو چینن، هێکێکیان چینی بەرسێبەرێیە، بە ڕووکەش نێزیکە هوودا و، بە جەوهەر دووری هوودانە، ئەوی دیکە چینی بەرهەتاوێیە، بە ڕووکەش دووری هوودا و، بە جەوهەر نێزیکی هوودایە. بەڵام دەسهەڵات لە دەستی چینی بەرسێبەرێ دایە و، لە ڕێی بانگەشەکانی هەڵخەڵەتاندنەوە، ڕاستیەکانی بەرەواژ

کردۆتەوە، وهایان خستۆتە مێشکی خەڵکیەوە، خانەدانەکان نێزیکترین خەڵکانێکن لە هوودا، لەبەرهەندێ هووداکان پیرەکانیان لێ هەڵبژاردوون هەتا لە باتی ئەوان گەورێتی بکەن لە سەر زەوی. خەڵکە گشتەکە هێندە دڵپاک و باوەڕداربوون بە هوودا، هاسان کەوتوونەتە تەڵەی بانگەشە درۆینەکانەوە. خەڵکی لە میانی شارستانێتی دایکدا، کۆمەڵی بێ چین و هێک پارەن، هەموو هەمەکارن، کە کەسانێکیش لە ناویاندا هەڵدەکەون زهین ڕوونتر، یان دەستڕەنگینتر کارێک هەڵدەسووڕێنن، بە هۆی کارەکەوە لە خەڵکەکە جیدا نابنەوە و، نابنە توێژێکی تایبەتی، کارەکە هەرچی بووبێ، خۆبەخشانە کردیتیان، لەگەڵ گشتەش هاوبەش و هەرەوز هەڵسووڕاون. دانایان بەبێ قازانج لە بۆ خەڵک دواون، هەکیم و دەکتۆر بەبێ هەقدەست دەردەدارانیان دەرمان کردوون، لە ڕاستیدا کەس نەیوێراوە و نەیویستوە مامەڵە بە زانین و لێهاتووێتی خۆیەوە بکات، هەموو کەس زانیتی سەوداکردنێکی وها کاری بێ ناموسانەیە و، ئەوی لێی بوەشێتەوە، ڕووڕەشی دوونیا و قیامەت دەبێ. لە هەلومەرجی چیناتیدا، ئەو دۆخە بەرەواژ دەبێتەوە، هێدی و بە کاوەخۆ خەڵکەکە کەرت و پارچە دەبن، چەندێکیش کات دەگوزەرێ، کۆمەڵ پتر هوورد دەبێ و، چینەکان جووداجۆرتر دەبن. جوودابوونەوە لە سەر بنەمای پایەی دینی، پایەی کۆمەڵاتی، جۆرێتی کارکردنێ، خەڵکەکە دەکاتە دەهان پارچەی دی. بەم چەشنە شاری ناسرووشتی، وەکوو شاری چین و توێژە جوودایەزەکان، بە پلە و پایەی جیداوازی کۆمەڵاتی شێوە دەگرێ.

## پۆپەی 10

لە سەرەتادا چینی بەرسێبەرێ چینێکی بچکۆلانەبوون، بە هۆی بچووکیانەوە نەدەبوونە بارگرانی و زەهمەتی بە سەر چینی بەرهەتاوێ. ئەو بەرهەمە زیادەی لە دانەوێڵەکان گڵدەدرایەوە، بەشی دەکردن، هاوکات بە گرتنەبەری هەندێک شێوازی فریودان، وهایان لە خەڵکی کرد لە بەری درەختەکانیان بدەنێ و، شیر و گۆشتی هاژەڵانیشیان لە بۆ ببەنە ماڵی درۆینەی هوودا. نەریتی قووربانیکردنی هاژەڵان لە بۆ هووداکان و، بانگەشەی ئەوەی هووداکان دەخۆن و دەخۆنەوە، بە پڕاوپڕی ئەو ئامانجەی بە دید هێناون. خۆ پێشکەشکردنی ژنانیش بە هووداکان، نەریتێکی دی بوو، پیرانی پەرستگە بە قەسدی شەهووەتبازی دایانهێنا. مێینەی جوانکیلە بە ناوی خزمەتکاری هوودا، لە پەرستگەکان دهێڵدرانەوە و، پیاوانی دینی بە ئاوێزانبوون لەگەڵیاندا، خۆیان لە لەزەتی لەشولاری مێ تێروتەسەڵ دەکرد. ئەو دەمەی گەمەی شەهوواتی لە ماڵی درۆینەی هوودا دەگوزەرا، لە کۆلانەکانی شاریشدا ژنانێک لە تاو نەبوونی و بێ نانی، دەستیان دابووە گاندانێ. لە هەردووک جهێ کارەکەی ژنان هەرهێک کار بوو، بەلام بە هۆی پایەی گانکەرەکانەوە پایەی گاندەرەکان دیاری دەکردرا، ئەو ژنانەی لەگەڵ چینەکانی

خوارێ ڕایاندەبوارد، بە گاندەری پیس و بێ ئابڕوو دەناسدران، لە کاتێکدا گاندەری پەرستگەکان پایەبەرز و بە شکۆبوون، شکۆی خۆیان لە شکۆی پیرانی پەرستگەوە وەردەگرت. لە گوزەری کاتدا، چینی بەرسێبەرێ بە دوو ئاراستەدا گەورە و فەرەوان بوون، هێکەم لە گەشەی خانەوادەگیدا چەندێتی چینەکە هەڵدەکشێ، دووهەم لە زیادبوونی دەست و پێوەندی دەسەهەڵاتدا. خزمەتکارانی کۆشک، پاسەوانان، ساقی و مووتریب و گاندەرەکان و، هەموو ئەو کەسانەی کاروباری دەسهەڵات ڕاهی دەکەن، دەکەونە ناو بازنەی چینی بەرسێبەرێ و، بژێویان لە سەو ئەو بەرهەمانە دابین دەکردن، کە بە ڕەنجی چینی بەرهەتاوێ بە دەست هاتوون. لەگەڵ ئەم فەرەوانی و گەورەبوونەی چینی بەرسێبەرێ، باری سەرشانی چینی بەرهەتاوێ، ڕۆژ بە ڕۆژ قوورستر دەبێ. ئەو زیێدە بەرهەمەی لە چینی بەرهەتاوێ وەری دەگرن، پێویستی چینە فەراوانبووەکە پڕ ناکاتەوە، بۆهێ ڕێسای نوێ دەردەکەن و، بە زۆرەملێ خەڵکی ناچار دەکەن لە دەمی خۆیان بگرنەوە و، بەشێکی بەروبەرهەمەکانیان، بەو هەندازەی فەرانبەرانی ڕاسپێردراو برەکەی دیاری دەکەن، بدەنە دەسهەڵات. لێرەڕا بە دەستپێکردنی تۆبزی و خوورتی لێکردن، ئاستی چەوساندنەوە بەرز دەبێتەوە. خەڵکەکە زیاد لە ڕادە کاردەکەن و هەڵاکەتی دەکێشن، زیاد لە ڕادەش بەرهەمەکەیان لە کەمی دەدات و، بەشە زۆرەکەی لە بۆ هوودا درۆینەکان دەبردرێ. لەمەوپاش چینی بەرهەتاوێ، وەکوو چینی برسی و، ڕش و ڕووت پێناس دەگرن و، بە تەواوی لە خۆشگوزەرانی دادەبڕێن. ئەو چینە کە چینە گەورەکەی شارگەلی ناسرووشتین، بە بەردەوامی لە بەر هەتاوێ کار دەکەن و ڕەش دادەگەڕێن، بەرهەمێکی زیادەش بە دەستەوە نیهە بیگۆڕنەوە بە خووری و، چەنینی پۆشاکێک بکەن، هیدی ڕووت و بێ بەرگ دەمێننەوە. لە هەمووشی خراپتر، هەمیشەش برسین، چوونکە بەری ئەو ڕەنجەی دەیدەن دەجێتە دەمی هوودا درۆینەکان و، دارودەستەی دەسهەڵاتەوە. بارەکە فەرەقوورس و ناهەموارە، لارەملی و سەرپێچیکردنیش ئاکامەکانی بەدن. ڕێسا هۆفکردەکان لە ئاستی زهینی و دەروونیدا، بە نیشاندانی تووڕەهی هوودا دۆرینەکان دەسەپێندرێن، لە ئاستی زەمینیشدا دامستدراوەکانی چەکداری و، بە ڕووالەت دادوەری کارەکە تەواو دەکەن و، بە هێنانە گۆڕێی ئەشکەنجە و مەرگ، خەڵکە ڕەشوڕووتەکە دەبەنە بنباری ڕەوتی زاڵمانەوە. ئەو قۆناخە قۆناخی گۆڕانی بنەڕەتی وێنەی هوودایە، پێشترێ هوودا ڕسقی خەڵکی داوە، پاشان خەڵکی ڕسقی هووداکان دەدەن. پێشترێ هوودا مهیرەبان بوو، پاشان هووداکان تووڕە و تووندن، گەف لە چینی ڕەنجبەر دەکەن و چاویان لێ سوور دەکەنەوە. لە ڕاستیدا دەرکردنی هوودا لە پێناسی دۆست و دڵۆفانی و، بە ڕەها و ڕەهیب نیشاندانی، قۆناخی کۆیلەبوونی بە کۆمەڵی بەشەرە، قۆناخێکە تیایدا سەرتەپەکردنی بەشەر بە ئامرازی ڕەق، لە سەرزەمینی دیجلێ و فەریتۆ دەست پێ دەکات.

چیناتی لە کۆمەڵی بەشەرێتدا، دوو بە شێوەهاتنی هەیە، شێوەهەک بنەما لە سەر کوورتهێنانی بەرهەم، شێوەهەک بنەما لە سەر زیادە بەرهەم. هاوکێشەکە ئەوهایە، کەمی و زۆری لە هەرشتێکدا لێکەوتەی خراپی هەیە، تەنەها لە هاوسەنگیدا لێکەوتەکان بەربەخێرن. لە کوورتهێنانی بەرهەم و برسییێتیدا، شەڕ بە هاردی دادێ، شەڕیش تالانی لێ دەکەوێتەوە، بەم هۆیەوە هەندێک دەبنە ساماندار و، هەندێکیش بەبێ سامان دەمێننەوە، ئەوی هەێتی، خۆی دەسەپێنێ بە سەر ئەوی نیێتی. لە دەرەوەی خۆرمیانێ، چیناتی ئەوها بە هۆی کوورتهێنانی بەرهەمەوە بە سەرەتا هات، بەڵام لە خۆرمیاندا زیادە بەرهەم چیناتی بە هەردی داهێناوە. زیادە بەرهەمی چاندنی بەرئاوێ، کەوتە مشتی خانەوادەکانی دایەپیرەی بەرەدایکانی خێڵ، ئەو خانەوادانە بوونە خانەدان و لە بەرسێبەرێ لێی دانیشتن، چینی بەرهەتاوێ ڕەنجی دەدا، ئەوان لە بەری ڕەنجی ئەو چینەیان دەخوارد. هەموو ئەو شارە گەورە و گچکانەی لە دەشتەکانی بەشی خوارەوەی دیجلێ و فەریتۆ قووت بوونەوە، خانەدانان بە ڕەنجی شان و ملی ڕەنجبەرەکان بنیادیان ناون. هەرشارێکی بە ڕووبەر و دانیشتوان گەورە، یان چەند شاری بچکۆلانەی هاوسێی هێکدی، بە شێوەی ڕاستەوخۆ لەلایەن خانەوادێکەوە پاشاهێتی کردراون، پاشاهێتیش بە پشتاوپشت گوێستدراوەتەوە. شارەکان لە نەزمی بەڕێوەبردنێ، لە ڕێسا و دامستدراوەکانی دەسهەڵات و، لە بنەڕەتەکانی بیروباوەڕی شێوەپێدراودا هاوکووف بوون، سەرجەمی هوودا درۆینەکانیشیان هاوشێوەبوون، بەڵام هەموو هێکێک لە شارەکان، لە ریزی هووداکاندا، هێک هوودای تایبەت بە خۆشیان هەبووە، هووداهێک کەسێتیەکەی لە کەسێتی ئەو پیرە پیاوەی بناخی شارەکەی داناوە، شێوەی دراوەتێ. شارستانێتی دایک گۆڕدراوە بە جەنجاڵێتی نێرناوەندی، کۆمەڵ گۆڕدراوە بە دانیشتوان. ئەم دوو چەمکە وەکوو هێک واتا نادەنەوە، خەڵکانی پەیوەست بە هێکدی، کۆمەڵن، لە کاتێکدا دانیشتوان گوزارشتە لە نیشتەجێ و مەرج نیهە گرێدراوی هێکدی بن.  لە دەشتەکانی زاگرۆزێ، لە بەشی سەرەوەی دیجلێ و فەریتۆ، خەڵکی بە هێک نامووس و، بە هێک نەزمی بەڕێوەبردنێ پەیوەستی هێکدی بوون، لەبەرهەندێ بە ناوی کۆمەڵی کووردهەواری گوزارشتیان لەو هێکێتی و هێکبوونەیان دەکرد. گوزارشتی گونجاو بە خەڵکانی خوارێ ئەوەیە، بە دانیشتوان بناسدرێن، چوونکی هەلومەرجی چیناتی لەت و پەتی کردبوون و، خراپ هاڕیبوونی. لەوێندەرێ قڵپکردنەوەی گشتەگیر ڕوویدابوو، هەموو شتێک ناسرووشتی و بە هۆفێتی ڕەوتی درابووهێ، ئەو کەسانەی بە ڕووڵەت نێزکە هوودابوون، لە جەوهەردا ڕادەبەدەر دووربوون لە هوودا، ئەو کەسانە لە خانەگەلی زاڵمانەی ناودێر بە ماڵی هوودا، بە شێوەی تووندوتوولانی دژاتی هوودایان دەکرد، چڵێسی لە دەسهەڵاتخوازیدا،

سەری دەسەڵاتدارانی تەنی بوو، بەم هۆیەوە شارەکان بەردەوام لە مل بە ملی هێکدی دابوون، هەندێک جاریش بە سەختی بە شەڕهاتوون و، کاولکاری گەورە ڕوویداوە. لە تەختە گڵینە بەجەێ ماوەکانیاندا، بڕێک لە شەڕ و ڕووداوەکان نوسدراونەتەوە. نوسدراوێک بە جەێماوە هێما بە هەڵتوقینی لە هیکڕای پاشاهێک دەکات، پاشاهێکی بە ڕەچەڵەک لە خێڵانی بیابانێ، هیبەت و هیمەتی وها نیشاندراوە توانیبێتی هەموو شارەکان بخاتە چنگی خۆیەوە. خستووتی یان نا، گرینگ نیهە، بەڵکوو گرینگ ئەوەیە بزانن پاشاهێتی لە خۆرمیانێ بە سەرچاوە لە درۆ و فریودانی خەڵکی بە هاردی داهات و دەوامی کرد. کاکڵی گەڵێک نوسدراوی سەر تەختەگڵینەکان سەبارەت بە شەڕ و سەرکەوتن، درۆی چەندراون و، مەبەست لێیان شان و باڵ بڵندکردنی پاشا بووە لە زهینی ئەو دانیشتوانەی دەسەڵاتی بە سەردا کردوون. لە هەنگینێ هەتا ئەوڕۆ، هەردەسەهەڵاتێک بەو زەمینەدا هاتبێ، هێکێک لە هەستوونگە سەرەکیەکانی، درۆکردن و هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی بووە، ئەگەر درۆ نەبایە نە دەیانتوانی ببنە دەسەهەڵات، نە دەشیانتوانی بەسەر پێوە ڕابوەستن و بمێننەوە.

## پۆپەی 12

شارەکانی ناسرووشتی دیجلێ و فەریتۆ، قۆناخی وەپاشدانی گیان و هێنانە پێشێی جەسدەن. پێشترێ تینی مێ لە پێشەوە دهات، هەموو شتێک دۆخی نێزیک لە تینی هەبوو، دەسەهەڵات بە پانی و ئاسۆهی بڵاودەبووەوە و، گشتێتی تیێدا بە دید دەهات. پاشترێ تەنی نێر لە پێشەوە دێ، هەموو شتێک دۆخی نێزیک لە تەنی هەیە، دەسەهەڵات تایبەتە و، بە ستوونی لە سەرەوە لە بۆ خوارێ شۆڕبۆتەوە. پێشترێ هێک هوودا هەبوو بە خوودێتی دایک، ئەو تاقە هوودایە لە هەموو ماڵەکان و، لە هەرشوێنێک بەرهەست دهات، پاشان هووداکان زۆرن و، لە هێک ماڵ بەرجەسدەن. پێشترێ نە لەشکر مۆڵی هەبوو، نە دادوەری خانە، پآشترێ خانەی داد هەیە و دادوەری نیهە. شاری ناسرووشتی جۆرە شارێکە، دامستدراوبوونی تایبەتی بە هاردی دادهێنێ، دامستدراوەی تایبەتی و، جووداکراوەش نیشانەیە لە وەپاشکەوتنی مهیر و پێشکەوتنی هۆف. سەرڕەشانی دیجلێ و فەریتۆ، ئەوانی لە زاری خێڵانی بیابانێ بە "سۆمەر" ناسدراون، هێکەمین کۆمەڵی بەشەرێتن، کە بە نەرمی و ڕێک و ڕەوانی لە شارستانێتی دایک جوودا دەبنەوە، لە هۆف - تەن پێش دەکەون و، لە مهیر - تین پاش دەکەون. ئەو کۆمەڵەیە هێواش هێواش هۆف دەخەنە جەێی مهیر و، پێشڕەوتی لە تین لە بۆ تەن دەگۆڕن، ڕووکەش لە باتی جەوهەر بەهادار دەکەن، سەرەنجامیش ئەو ژینەی هەمووان بە خۆشی دەیانگوزەراند، لێیان دەبێتە دەرد و مەینەتی، دەردێک

هەزاران ساڵ توولی کێشا و، هەتاوەکوو ئەوڕۆ بەبێ دەرمان مایەوە. جوودایەزی بنەڕەتی هەیە لە نێوان شێوازی نەرمی هۆفێتی و، شێوازی ڕەقی هۆفێتیدا، نەرمەکە لە تین لە بۆ تەن دەچێ، لە ڕێی دەست بەسەرداگرتنی زهینێتەوە لەش بەرزەفت دەکات، ڕەقەکە لە تەن لە بۆ تین دەچێ، بە هێخسیرکردنی لەش، دەیهەوێ دەست بەسەر زهینێتدا بگرێ. هۆفێتی پێش ئەوەی بە شێوازە نەرمەکەی لە نێوان دیجلێ و فەریتۆ بە هاردی دابهێ، هەزاران ساڵ زووتر بە شێوازە ڕەقەکەی لە ناو خێڵانی ڕاوچی و برسی دەرکەوتبوو، بەبێ ئەوەی دەرکەوتنەکەی ڕەوتی ڕەوەندی بەشەرێت بگۆڕێ. شێوازە ڕەقەکە بنچەقێکی پتەوی نەبوو، ڕەگ و ڕیشەی بە ناو بیروباوەڕی خەڵکیدا ڕۆنەچووبوو، بۆهێ دەلوا بە بڵاوبوونەوەی فەرهەنگی هاردی، لە کاڵ و کەمی بدات. مۆدێلی ئەو چیناتیەی بنەما لە سەر "کوورتهێنانی بەرهەم" شێوەی هاتبووهێ، لە بنەڕەتەوە جوودا بوو لەو چیناتیەی لە سەر بنەمای "زیادە بەرهەم" پێک هات، ئەوی هێکەم لە ناو خێڵانی هۆفی و، ئەوی دووهەم لە ناو خێڵانی هاردی سەری هەڵداوە. ئەو خێڵانەی خوارووی دیجلێ و فەریتۆ، سەرچاوەیان لە کوورهەوارەوە دهات و، هەڵگری فەرهەنگە دەوڵەمەندەکەی سووڕی سێهەمی شارستانێتی دایک بوون. ئەو مۆدێڵەی لەوێ بە دوونیاهێ هات، منداڵێکی کووڕە لە دامێنی کووردهەواری دایک کەوتۆتە خوارێ، هەر ئەو کووڕەش کاتێک هەراش دەبێ و، تێکەڵی کووڕە خراپەکەی بیابانێ دەبێ، خۆی لێ دەگۆڕێ و، بە گژ دایکی خۆیدا دەچێتەوە. خۆرمیان دایکە و ناوەندی جێهانە، مۆدێڵەکەی خوارووی دیجلێ و فەریتۆش بەشێکە لە دایک، لەبەرهەندێ باڵای کرد، توانی زهینی بەسەرێت بگۆڕێ و، بە گوزەری کات ببێتە مۆدێلی زاڵ لە جێهانێ. ڕاستی ئەوەیە، مۆدێڵەکەی کووڕی کووردهەواری دایک، بنچینەی ئەم جێهانە وێرانەی ئەوڕۆکەیە، هەرلە شێوەگرتنی شاری ناسرووشتی و، نەزمی بەڕێوەبردنێرا، هەتا ڕەوتی بیروباوەڕەکان، زۆرێکیش لە نەریت و ڕێسا و، لە بنەڕەتە دینی و کۆمەڵاتی و سیاسی و، زڕە زانستیەکانی ئەوڕۆ، هی هەنگینێن، زهین بە زهین بەم ڕۆژگارە گهیشتوون.

## پۆپەی 13

کووڕەکە هەموو بەرهەمی ڕەنجی دایکی دزیون و، لەگەڵ شڕوشیتاڵی خۆی تێکەڵی کردوون، پاشان مۆری خۆی لێ داون. هەرباشیەکی کووڕ لە دایکیەوە دێ، هەرخراپیەک هی خوودی خۆێتی. نیازمەند بە ناسینی دایک و کووڕ، ئەم پێودانگە بە دەستەوە بگرن، هەقایەتی کووردهەواری دایک و سەرڕەشەکەی کووڕی ئەمەیە. سەرڕەش هەموو باشیەکانی لە دایکیەوە وەرگرتوون، خراپیەکانی لە خوودی خۆیەوە

دەرهاتوون. نوسین دایکانی کووردهەوار دایانهێنا، بە وێنە و هێماژی جووداجۆر بنەڕەتەکانی زانستی هوودایان لە سەر لەشی خۆیان نەقشاند. مۆدێلی سەرڕەش لە خوارووی دیجلێ و فەریتۆ، هەمان ئەو نوسینەی سەر لەشی دایکان بە بنەما دەگرن و، دەیخەنە سەر تەختەی گڵین، پاشانەکانێ بە شێوە و هێمای دیکە دەنگەکانی زمان دیاری دەکەن. لە بەری خۆرئاوا لە دۆڵی نیلێ، ئەو شێوە نوسینەی لە سەر بەرد هەڵکەندراوە، لەبەری خۆرهەلاتێ لە دۆڵی زاینا(چین)، ئەو شێوە نوسینەی لە سەر تەختەدار هەڵکرێندراوە، ئەوانیش بە سەرچاوە لە نوسینی سەر جەسدەی دایکانی کووردهەوار پەیدابوون. نوسین و نەقشی دایکان لە سەر لەش، نەریتێکی دینداری بوو، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی فەرهەنگی هاردی، ئەو نەریتەش بە جێهانێدا بڵاو بۆتەوە. بڕۆننێ، ناوەندی شارستانێتی دایک نوسینی داهێنا و، لە سەر لەش داینا، بەڵام نوسینی لە سەر تەنی مێی بەشەر نەگواستەوە و، نەیبردە سەر هیچ تەنێکی دی. نوسین تەنەها لە کۆمەلانی چیناتیدا چۆتە سەر قووڕ و دار و بەرد، ئەوەش لە پێویستی دەسهەلاتی چیناتیەوە ڕەوتی دراوەتێ. کووردهەوار نەویستووتی دەست و قەڵەمی هەبێ و، شتان لە سەر تەن تۆمار بکات، نە تۆماری سەر تەن گرینگ بووە لە کنی. لە فەرهەنگی هاردیدا بایەخ بە گووتدراو دراوە، نەک نوسدراو، چوونکی گووتدراو نێزیکە تینە و نوسدراو نێزیکە تەن. شارستانێتی دایک لە هەموو هەنگاوێکیدا، پێودانگ بە تین هەڵسووڕاوە، تەن لە بازنەی شارستانێتەکەدا، ئەگەر لە باری ناچاریدا نەبووبێ جهێی نەدراوەتێ. لە مۆدێلی سەرڕەش بەرەواژ بۆتەوە و، تەن لە هەموو ئاستەکاندا برەوی پێدراوە. سەرڕەشی کووڕ گووتدراوەکانی کووردهەواری دایک بە ناوی خۆیەوە دەکاتە نەقش و نوسدراو، بەبێ ئەوەی ناوی دایکی بهێنێ. هەمان ددان پێدانەنانی کووڕ بە دایک، هەنوکە لە هەموو جێهانێ بەردیدە، دایک کەسێتی کووڕ دروست دەکات، پاشانەکە کووڕەکە شەرمی بە دەرکەوتنی دایکێتی و، دایک بزرە. بنواڕن، کووڕ چی کرد، هوودای دایکی لە تاقاتی دەرهێنا، بناخ لە سەر ڕەگەزاتی، هوودای درۆینەی زۆری بە گۆڕێ خستن. هونەر و مۆزیقا، سەما و هەڵپەڕکێ، هی هەمووان بوون، کووڕ لە دەستی گشتەی دەرکرد و، کردیە هی تاقمی تایبەتی، ئەو تاقمانەش لە ماڵی هوودا درۆینەکان دەستیان داهێ. ژنی سەربەست و شکۆمەندی گۆڕی بە ژنی خەوتن لەگەڵ پاشا و پێوەندەکانی. کۆمەڵی بێ چین و بێ جیداوازی، لەت و پەتکرد، کردی بە جەنجاڵی چیناتی. هەرەوزی و هاوبەشێتی لە خەڵک ستاند و، لە نەزمی بەڕێوەبردنێ ڕەنجی بێ گەنج و، گەنجی بێ ڕەنجی بە زەوی داهێنا. بەمەش ئەو بەشە خاکەی پڕ ڕەش و ڕووت کرد. هۆپێک بکەن و لە خەفڵەت وەرنە دەرێ، لەوە تێبگەن هەرباشیەێک کووڕە سەرڕەشە ناودێر بە سۆمەرەکە هەیبووبێ، هی کووردهەواری دایکێتی، هەرخراپیەک هی خوودی خۆێتی. لە مۆدێلی سەرڕەش، پایەی ژمارە تاکەکان "سێ، پێنج، هەفت" هەروەکوو پێشترێ ماونەتەوە، ژمارەی گەردوونین و، بە

هووداوە پەیوەستن. وقتهێک کۆشکی هوودا درۆینەکان هەڵدەچەنن، پێڕەوتی لەم سێ ژمارەیە دەکەن. بە تایبەتی ژمارە سێ بە ژمارەی هوودا ناو دەبەن، بەڵام خۆیان لە هەقیقەت لامل کرد و، پێناسەی هوودا سێیە لە هێکێکدا، لە زهینی خەڵکیان ڕەش کردەوە. پێشتری هەژمار و لێکدانەوە لە ناو خێڵە هاردیەکان سەری هەڵداوە، خێڵانی گوونذنیشین لەگەڵ خێڵانی ڕەوەند سەودا و گەوڕینەوەیان دەکرد، لەو کارەدا هیسابات بە زارەکی بوو، پێویستی نەدەکرد بە نوسین و هێما لە سەر پارچەی تەن بیخەنەڕوو، چوونکوو هەم قەبارەی مامەڵەکردنەکە بچووک بوو، هەم ئەوانی پێی هەڵستاون جهێ متمانەی خێڵ بوون. سەرڕەشەکان بە سەرچاوە لەو پێشینەی خۆیانەوە، کە خێڵانی هاردی بوون، پەرەیان بە هیسابات داوە و، لە سەر تەختەی قووڕین تۆماریان کردوون. تۆمارکردن هەم لە فەرەوانی کاری هیسابکردنێ، هەم لە کەمی متمانە بەو فەرمانبەرەی پێی هەڵستاوە، هاتۆتە گۆڕێ. لە کووردهەواردا دۆخەکە لە بنچینەکانیەوە جوودایەز بوو، پێڕست بە بیروباوەڕیانەوە گفت و کەلام لە هەموو کاروبارێکی خەڵکیدا سەنگی مەهەک بوون، هەربەم ڕستەیەش گوزارشتیان لێ داوە، قووڵاهی واتاکەش لەوە دایە دەستەواژەی "سەنگی مەهەک" هی زمانی زگماکە، "مەهەک" واتا هێکەم مێ، هێکەم مێینەش واتا هوودای دایک. وقتهێک گووتدراوە "گفت سەنگی مەهەکە، سەرت بدۆڕێنی، گفت نەدۆڕێنی،" لەم گۆزارەدا گراناهی و بەهای گفت بێ پەروایە، چوونکە بە هێکەم مێ گرێدراوەتەوە. لە ژوورووی دیجلێ و فەریتۆ، نامووس ناوونیشانێکە لە زانستی هوودا و ڕێساگەلی گەردوونی، بە ناو سەر و دڵی هەموو ئەندامانی کۆمەڵ بڵاوە، لە ژێروو رێسای بەشەرکرد نوسدراون، رێسای ناسرووشتین و لە زهینی خەڵکەکەدا بە جهێ نین، لەبەر هەندێ بە زۆرەملێ و تۆبزی، خەڵکەکە پابەند بە ڕێساکان کردراون. لە هەلومەرجی چیناتیدا، کێشە و هاڵۆزی لە نێو خەڵکیدا زۆر و زەبەند دەبن، مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کێشانەش لە سەر بنەمای ڕێسای بەشەرکردە، لەبەر هەندێ پێویستی کردووە خانەی داد بکەنەوە. لە کاتێکدا پێشترێ با، خانەوادەی هەردوو بەرەی کێشەکە، خۆبەخۆ بە پێی نامووس لە نێوان خۆیاندا کێشەکەیان چارە دەکرد، یان بەرەی "ناوبەش"ی دەهاتە مەیدانێ و بە هێکی دهێنانەوە. لە هەرشتدا، دایک سەرچاوەیە، کووڕ بەبێ دایک هیچ نیهە، مۆدێلی سەرڕەش لە خواروی دیجلێ و فەریتۆ، بەبێ شارستانێتی دایک لە سەرووی دیجلێ و فەریتۆ، هیچ و بێ مانایە، ڕێک و ڕەوان وەکوو چلۆن ئاوی دوو چۆمەکە لە کووردهەوارەوە هەڵدەقووڵێن و دەڕژێنە خوارێ، ئەوهاش هەموو زانین و زانستێک لە وێوە شۆڕبۆتەوە. هیسێبی ساڵ و مانگ و ڕۆژ هی دایکە، کووڕ بەس نوسیهێتی. لە دەسپێکردنی قۆناخی هاردیدا، کاری شیوانی و چاندنێ لە کووردهەواری دایک، هیساباتی وقهتی هێنایە گۆڕێ."نیوەڕۆ" و "نیوەشەو" دەستەواژەی دابەشکردنی کاتن، هەرهێکە لە ڕۆژ و شەو کردراون بە دوو نیوی هێکسانەوە. شەو دوو بەشە،

هەرهێکە لەو بەشانە شەش هۆقەن. (شەش کاتژمێرن)، نێوان هەردوو بەشەکەش بە نیوە شەو ناسدراوە. بەڵام دوو نیوەکەی ڕۆژ بە هۆی کاروباری ڕۆژانەوە، دابەشکردنێکی هووردی هەیە، کاتەکانی ڕۆژ بە ڕانێک، واتا کۆمەڵێک لێکدراونەتەوە و بە سەر دوو نیوە، بە ناوەکانی "دانی بەیانی" و "دانی هێواریێ" دابەشیان کردوون، هەرهێکەشیان شەش هۆقەن، "نیوڕان" بە واتای بە نیوەبوونی ڕانەکەیە، لەو دەمیدا نیوەی کۆمەڵەی کاتەکانی ڕۆژ تەواودەبن. هەرهێکە لە دوو دانەکەی ڕۆژ، لە شەش بەشە وقهت پێک هاتوون، هەربەشە وقتهێک ناوێکی دراوەتێ. شەش بەشە وقهتەکەی دانی بەیانی، بریتین لە:" تاریک و ڕوون، سەهەر، بەیان، ناشتە، چێشتان، نیوڕان." هەربەشە وقتهێک هێک هۆقەیە. وشەی هۆقە بە واتای "هێکەی کات" و "هێکەی کێش" واتادارە. دابەشکردنی ساڵ بە دووازدە مانگ، بە دووازدە ناوی واتاگرتوو لە کەشوهەوا و هەلومەرجی جوودای مانگەکان، دابەشکردنێکە لە کووردهەواری دایک سەری هەڵداوە، هەفتەکانی هەرمانگێکیش ناویان دراوەتێ. هێکەم ڕۆژی ساڵ بە "نەورۆز" ناوی هەیە و هێکەم ڕۆژی وەرزی بهارە. نە دیاریکردنەکە و نە ناولێنانەکە بەشەرکرد نین، زانستێکن لە ڕێسای گەردوونەوە هاتوون. بڕۆننێ، هەستێرەی زەوی، کە لە دایک بووبوو، تەنەها بە دەوری خۆیدا دەخوولایەوە، خوولانەوەی نیمچە کەوانی، ئەوەی ساڵ و وەرزەکانی لێ دروست دەبن، لە قۆناخی پاش باڵقبوونی زەوی دەستی پێکرد، لە پێش ئەو قۆناخە ئاو و هەوای سەر ڕووی زەوی جۆرێک لە زمستانی بوو، هێشتا وەرزەکانی دی پەیدا نەبوو بوون. زەوی مهیرەگانی کرد و کەوتە خوولانەوەی کەوانی، بەمەش نەورۆز و هێکەم ڕۆژی ساڵ دەستی پێکرد. لەوە بترازێ هەردیاریکردنێکی دیکەی دەستپێکی ساڵ، پووچ و بێ بنەمایە. ئەو ڕۆژە بەوەی هێکەم ڕۆژە لە ساڵی تازە و، لەو ڕۆژەدا ساڵ و وەرزەکان بە سەرەتا هاتوون، لەبەرهەندێ نەورۆزە و بە خۆڕسک ڕۆژێکی بەرەکەتدارە، ڕۆژێکە زانستی هوودا واتای داوەتێ. بەشەرێت لە چەرخی مهیریەوە لە دەستپێکی شارستانێتی دایکدا، جێژنی لە بۆ نەورۆز گێڕداوە، هەتا ئەوڕۆکەش نەورۆز جێژنی پڕ شەوق و بە گووڕ و تینی کووردهەوارە. "خاکەلێوە، گوڵان، جۆزەردان"مانگەکانی بهارێن. "پووشپەڕ، گەلاوێژ، خەرمانان" مانگەکانی هاوینێن."ڕەزبەر، گەڵاڕێزان، سەرماوەرز" مانگەکانی پاهیزێن. "بەفرانبار، ڕێبەندان، ڕەشەمێ" مانگەکانی زمستانێن. سەرەڕای ئەوەش، لە ناو هەرهێکە لە وەرزەکانی هاوین و زمستانێ، هیساباتی چلە هەیە، چلە مەبەست لە چل ڕۆژی هێکەمی وەرزەکەیە. لە دایکبوون و مردنیش، چلەی هەیە و چل ڕۆژە. لە پاش چل ساڵ تەمەنیش، بەشەر پێ دەنێتە قۆناخێکی نوێوە و، دەروون و دەماخ و تەنی بە گۆڕانێکی بنەڕەتیدا دەرباز دەبن. ئەمە هەڵقەکە لە هەڵقەکانی زانستی ڕاستیەقین و، هەموو بە هێکدیەوە گرێدراون. ناسینی خۆر بە هوودای دایک و ڕووتێکردنیشی

زانستە. خۆر(کە وشە ڕاستەکەی هۆرە) جهێ دەرکەوتەی گەورێتی هوودای دایکە، بێجگە لەوەی سەروقتهێک بە شێکی کۆمەڵی کووردهەواری بە "هۆری" ناودێر بوون، هەتا ئەوڕۆش خۆری پڕشنگدار هێمای کووردهەوارە. نان لە کۆمەڵی کووردهەواریدا بە" زاد " ناوی دراوەتێ، هەتا هەنەوکەش سووندی پێ دەخۆن، هەتا ئەم هاخیرەش نانی کەوتوو لە سەر زەوی هەڵدەگیردرایەوە و، ماچ دەکردرا. بابەتی چاو و زار هێکێکی دیکەیە لە نەریتەکانی گرێدراو بە بیروباوەڕی ڕاستیەقین، هەزاران ساڵ لە کۆمەڵی کووردهەواریدا بە هەند وەرگیردراوە، چوونکی زانیتیان چاو و زار شەپۆڵ دروست دەکەن، ئەگەر ئەو شەپۆڵانە بە خراپ بگەڕێن، زۆر بە زەرن، لەبەرهەندێ پەنایان بە هوودای دایک دەگرت و، خۆیان لە چاو و زاری خراپ دەپاراست، ئەوڕۆش وەکوو پێشترێ کۆمەڵی کووردهەواری خۆی لێ دەپارێزێ. هیچ سەیر نیهە کە ئەم بنەماگەلەی کۆمەڵی کۆنی کووردهەواری، وەکوو سەدان بەها و بنەمای دیکەی شارستانێتی دایک، چوونەتە خوارێ و، لە مۆدێڵی کووڕی سەرڕەش لە خوارووی دیجلێ و فەریتۆ دەوامی دراوەتێ، خۆ ئەو خەڵکانەی ئەوێ هەر خێڵانی دەشتی زاگرۆسێ بوون، بەڵام تێکەوتن و لە دایک دوورکەوتنەوە.

## پۆپەی 14

کوور لە منداڵدانی دایکی دهێتە دەرێ و، لە گیان و لەشی وی پەیدا دەبێ، لەبەرهەندێ هیچ وقهت پایەی کووڕ لە پایەی دایکی بڵندتر نیهە. دایک واتە شەرەف. وشەکە بە تەواوی واتادارە، هێشتانەکەش لە کۆمەڵی کووردهەواریدا، دایک و خووشک و، مێ بە گشتە، ئەوها دەناسێندرێن. جار و چەند جار بە بیرتان دهێنمەوە، وشەی شەرەف، واتا سەرۆک، واتا ئەوەی لە سەرەوە دێ. هەمان ئەم گوزارشتدانە سەبارەت بە کووردهەواری دایک و مۆدێڵی کووڕی سەرڕەش(سۆمەر)، بە پڕاوپڕی ڕاست و ڕەوایە، نەک لەبەر ئەوەی لە باری زەمینیدا بە ڕاست دەگەڕێ، ئەمیان لە سەرووی دیجلێ و فەریتۆ، ئەویان لە خوارووی دوو چۆمەکەیە، بەڵکوو لە باری زهینی و زانستی وهایە، هەربەڕاستی سەرێ مهیرە و خوارێ هۆفە. بنواڕن، مۆدێڵی کووڕی سەرڕەش شارستانێت نیهە، دژە شارستانێتە، دژبوونێکە هەم لە باری زهینی و، هەم لە باری کردەکیدا بەرجەسدە کەوتۆتەڕوو، هەوڵیشیداوە شارستانێتی دایک سەرتەپە بکات، لە وێنەی ئەو کووڕە بێ ناموسانەی بەرەو ڕووی دایکیان دەوەستنەوە و دەستی لێ دەوەشێنن. ئەو مۆدێڵەی بە "سۆمەر- ئەکەد" ناودێرە، قۆناخی خۆڕێتی کووڕە سەرڕەشەکەیە، لەو قۆناخەدا کڵکی لە کڵکی هەتیوەکەی بیابانێ گرێداوە و، جار لە دوو جار چووە بە گژ دایکی خۆیدا. کووردهەواری دایک، لە خەسڵەتی

مهیری دایکاتیەوە هەڵسووڕاوە، شەڕهەنگێزەکانی لە خۆی پاس کردوون، بەبێ ئەوەی سەریان لە دوو بنێ، بەڵام کە هەروازیان نەهێناوە، هەنگێ مێرخاسانی کووردهەوار بە خۆ کەوتوون و، هەتا ئەو شوێنەی دوو چۆمەکە تیایدا تێکەڵ دەبنەوە، ڕاویان ناون. ئەم ڕووداوە لە نوسدراوی سەر تەختە گڵینەکانی سۆمەر - ئەکەدی بە ڕوونی هێماژی دراوەتێ. هێکێتی خێڵانی هاردی، ئەوانی بە "گۆتی" ناودێرن، لە دڵی شارستانێتی دایک، لە نێوان هەرسێ لقە ئاوی ناسدراو بە زێی بادینان، زێی کەڵوێ، زێی سیروان هێمن هیمن زیندەگی خۆیان دەگوزەراند، بەڵام چەتەکانی دەسەڵاتی چیناتی هەراسانیان کردبوون، زوو زوو هەڵیاندەکووتایە سەریان، لەبەرهەندێ گۆتیەکان هیمەتێکیان کرد و شارەکانیان گرتن، پتر لە نۆهەد ساڵ هەموو ئەو خەڵک و خاکەی خوارێیان خستە بن باڵی خۆیانەوە. دەسەڵاتی دۆڕاو لە نوسینی سەر تەختە گڵینی سەردەمی پاشتریاندا، خۆیان ددانیان بەم شکستەیان داناوە.

## پۆپەی 15

تخووبی نێوان شارستانێتی دایک و جەنجاڵی چیناتی لە دەشتەکانی دیجلێ و فەریتۆ، لە وێدایە کە دوو چۆمەکە لە هێکدی نێزیک بوونەتەوە. شارستانێتی دایک نەیویستوە بچێتە خوارێ و، جەنجاڵی چیناتی نەیتوانیوە بڕواتە سەرێ. پێشترێ ئەو بەشە زەمینەی خوارێ و، ئەو خەڵکەی لێی بە جهێ بوون، بەشێک بوون لە شارستانێتی دایک، پاشان جوودا بوونەوە. قوودرەتی شارستانێتی دایک بەشی ئەوەی دەکرد هەڵبکووتێتە سەریان و، دەسەڵاتی هەڵتۆقیوی چیناتی ڕیشەبڕ بکات، وەکوو نیشاندراوە کەڕەتێکیش کارێکی وهای کرد، بەڵام لە تایبەتمەندیدا هێرش و هەڵکووتان لە دایک بە دەرن، دایک تەنەها لە بازنەی بەرخۆدان و خۆپارێزیدا هەقی شەڕکردنی بە خۆی داوە. دەسەڵاتی چیناتی وها نیهە، دەسەڵاتێکی چڵێس و تێرنەخۆرە، ویستووتی دایک نەهێڵێ و، پەل بە هەمووولاهێکدا بهاوێ، وەلێ نەیتوانیوە، هەرهەندەی لە بۆ چۆتە سەرێ کە کردووهێتی. ئەوان لە جەنگاوەرانی ڕووناکی، لە سوارچاکانی شارستانێتی دایک زۆر ترساون، تەنانەت بە "هەژدەهای چیاکان" وەسفیان داونەتێ، چوونکوو نەیانتوانیوە بە سەریاندا زاڵ بن. زهینی بدەنێ، دایک دەست و قەڵەمی نەبووە و، نەشیویستوە هەیبێ، گووتدراو هی شارستانێتی دایکە و، نوسدراو هی دەسەڵاتی چیناتی. نەشیاوە و ناشێ لە میانی چاولێکردنی نوسدراوی سەر تەختە گڵینەکان، کە زمانی بە درۆ دەوڵەمەندی دەسەڵاتی چیناتین، شارستانێتی دایک نیگا بکەن، هاخر هۆف قەتوقەت ددانی خێر بە مهیر دانانێ. لە ڕاستیدا هێڕوهووڕ کەسێکە بیهەوێ لە زمانی خاوەنی کارخانەوە هیلاکەتی کرێکار بناسێ،

ئەوهاش ناسینی خێڵانی کووردهەوار لە زمانی سۆمەری- ئەکەدی، ناسینێکی شاش و بێ سەروبەرە. لە سەرجەمدا بە کەمی نوسدراوەکانی سەبارەت بە ڕابردوو مایەی لێ تێگهیشتنن، ئەویش بە مەرجی ئەوەی لە پێودانگ بدرێن و، بە دروستی هەڵیان بسەنگێنن. نوسدراوی سەر چەند دانە لە تەختە گڵینەکان دەقەزاری تێیدایە سەبارەت بە خێڵانی ناودێر بە گۆتی، باس لەوە دەکەن ئەو خێڵانەی کووردهەوار لە چەند پەلامارێکدا شارەکانیان دەست بە سەردا گرتوون و، تەفروتونایان کردوون، پەیکەری هووداکانیان شکاندوون و، ماڵی هووداکانیان وێران کردوون. وێنەی ئەوها دیمەنی دڕەندێتی دهێنێته پێش چاو، ئەمەش ڕاست نیهە، چوونکه هیچ کات پەلاماری تەفروتوناکردنی شاران ڕووی نەداوە، بەڵکوو هێرشی بەرپەرچدانەوە، هێرشێک بە قەسدی نەهێشتنی ئەو دەسهەڵاتەی بەردەوام پەلاماری ناوەندی شارستانێتی دایک دەدات. لەو هیمەتەدا تەنەها دەسهەڵاتی شاران لادراون، تەنەها نەزمی بەڕێوەبردنێ گۆڕدراوە، بەبێ ئەوەی دانیشتوان بهێشێنن. ڕووخاندنی پەیکەری هوودایانی درۆین و وێرانکردنی ماڵی هووداکان، وێرانکاری نین، بەڵکوو چاکەکارین، بێشک ئەو چاکەیە لە جوانمێرانی کووردهەوار وەشاوەتەوە. ئەم ڕووداوە بە واتای ڕاماڵینی پۆخڵەوات و پاککردنەوە شارە، هەنگاوێکە پێڕست بە مهیر هەڵهێندراوە. لە ڕاستیدا بە پێودانگی زانستی ڕاستیەقین، ماوەی دەسهەڵاتی خێڵانی ناوەندی شارستانێتی دایک بە سەر وڵاتی سۆمەر - ئەکەد، وەکوو ماوەی ڕووناکی واتای دەدرهێتێ، لە کاتێکدا ئەو ماوەیە لە کن دەسهەڵاتە چیناتیەکەی ئەوێ، بە سەردەمی تاریکی ناوی دراوەتێ. ڕاستی ئەوەیە جەنگاوەرانی ڕووناکی ویستیان خەڵکەکە لە تاریکی دەربهێنن و، لەو چیناتیەی تێی کەوتوون ڕزگاریان بکەن. لەوێندەرێ نەزمی بەڕێوەبردنێ، وەکوو هی ناوەندی شارستانێتی دایک قاڵبی دراوەتێ، لیستی دۆستدراوەی ناوی پاشاکان ئەوەی ساخ کردۆتەوە، کە لە ماوەی نۆهەد و چەند ساڵەی فەرمانڕانی جەنگاوەرانی ڕووناکی بە سەر تاریکیەکانی خوارێدا، بیست و هێک پاشای سەر بە کووردهەوار ئەو شارانەیان بە هێک بازن بەڕێوەبردوون. ئەو پاشایانە بە شێوەی خوول و، بە هەڵبژاردن دیاریهان کردوون، ماوەی چەند ساڵی دیاریکردراو پاشاهێک دەسهەڵاتی پێدراوە، پاشانەکە بە هەڵبژاردن پاشاهێکی نوێ ئەرکی دراوەتێ. ماوەی دوو ساڵ، یان سێ، یان شەش ساڵ بەر هەرپاشاهێک دراوە، کوورتی و درێژەی ماوەکە بە هەڵکشان و داکشانی بارودۆخ، هاوکات بە لێهاتووێتی کەسەکە گرێدراوە. ڕووداوە گەورەکە ئەوەیە، ڕووی دەسهەڵاتەکە ڕووناک و مهیرهامێزە، پاشاهێک دێ و پاشاهێک دەڕوات، چ تاقیان خۆ بە هوودا و بە نیوە هوودا نازانن، بەڵکوو هەوڵیان داوە هوودایانی درۆین لە زهینی خەڵک دەربهێنن و، بەرەو ژینی هەرەوزی و هاوبەشێتی بیانگێڕنەوە. ڕووداوەکە سەرنجڕاکێشە، شێوەگرتنی دەسهەڵاتێکی بە ئەنجوومەن و هەڵبژاردن لە جەنجاڵی چیناتیدا، دەسهەڵاتێکی بە هەق لە سەر خەڵکانی

لە هەق دابڕدراو، ڕووداوێکی تاقانەیە لە مێژوودا. لێرەدا جوودایەزی بنەڕەتی لە نێوان دوو ڕووداودا بە دید بگرن، هێکەم هاتنی خێڵانی ناودێر بە ئەکەدی لە بۆ سەر شارانی سۆمەری، هاتنی خێڵانێکی هۆفین بە ڕێکخستنی شێوە ستوونی. دووهەم چوونی خێڵانی ناودێر بە گۆتی، چوونی خێڵانێکی هاردین بە ڕێکخستنی شێوە ئاسۆهی. ئەوی هێکەم لەگەڵ ڕێکخستنی سۆمەری کۆکن، ئەوی دووهەم ناکۆک، ئەمەش لە بەرئەوەیە لە ڕووداوی هێکەمدا هێکگرتنێک لە نێوان دوو جۆری هۆفێتیدا پێک دێ، بەڵام ڕووداوی دووهەم وەستانەوەی مهیرە بەرامبەر بە هۆفی.

## پۆپەی 16

مۆدێلی کووڕی سەرڕەش، قۆناخێکی چەند هەزار ساڵەیە، لە جەنجاڵی چیناتی و، شارگەلی ناسرووشتی و، دەسهەڵاتی نەرمی هۆفێتی لە دەشتە لیتەکانی خوارووی دیجلێ و فەریتۆ، پاشان هەمان شێوەی دەسهەڵات توندتر و بەزەبرتر، بە ناوی "ئەکەدی" و "بابلی" لەو بەشە زەمینەی خوارێ دەوامی دراوەتێ، ئەوەش پاش ئەوەی خێڵانی هۆفی لە دەرەوەی خۆرمیانێ شاڵاو دەهێنن و، دەست بە سەر شارانی ئەوێ دادەگرن. نەرمی لە سەرڕەشەکان و، ڕەقی لە ئەوانی دی، بە پێشینەی خۆیانەوە گرێدراوە. سەرڕەشەکان بە ڕەچەڵەک خێڵانی هاردی بوون و، هەشدادیان لە کێوستانێ بوو، وەلێ ئەوانی دی خێلانێکی هۆفی بوون، لە بیابانێ ڕا هاتبوون. پێشینەی هەرهێکەیان بە تەواوتی دارا و بە دەور بوو، لە ئاستپێدانی دەسهەڵاتی پاشا و ئەنجوومەنی پیرانەکەی و، لە نەزمی گوزەرانی دانیشتوانی ئەوێ. دیقەت لە قاڵبی هەزبەندی مێ و نێر بدەن، لە سێ بازنەی هەلومەرجی جیداوازدا، شێوەی هەزبەندبوونەکە گوزارشتێک لە دۆخە گشتیەکە دەخاتەڕوو. بازنەی هێکەم:"هێرە" ناوەندی شارستانێتی دایک، بازنەی دووهەم: "هێرێهێ" مۆدێلی کووڕی سەرڕەش لە خوارووی دیجلێ و فەریتۆ، بازنەی سێهەم: "هێرانێهێ" مۆدێلی خێڵانی هۆفی لە بیابانێ. لەهێرە لە کن خێڵانی هاردی، ژن و مێرداتی شێوەی هاتوتێ، بە وشەی "مێرد" نیشاندراوە پەیوەندیەکە بە هێکەوەبوونێکە، مەبەست لێی پاراستنی مێ و دوورگرتنی بووە لە پەلاماری هۆفێتی، لەبەرهەندێ قەت هەڵناگەڕێتەوە و نابێتە خاوەنداری، یان توندوتیژی لە سەر مێ. مێرد واتا مێپارێز، کاتێک ببێتە بەڵا بە سەر مێینەوە، مهیریەکەی بە تاڵ دەبێتەوە. لەهێرێهێ لە میانی مۆدێلی کووڕی سەرڕەش، خاوەندارێتی لە سەر ژن هەندێک توند کردراوە، بە هێکەوەبوونی ژن و پیاو بۆتە بەستنی گرێ و، لە سەر تەختەی گڵین نوسیویانەتەوە، بڕێکیش هەق دراوەتە ژنێ، چ لە بە هێکەوەبوونێ و چ لە وقهتی جوودابوونێ. وەلێ لەهێرانێهێ لە ناو خێڵانی هۆفی،

دۆخەکە لە بنەڕەتەوە شتێکی دیکەیە، بە هێکەوەبوون لە سەر بناخی مێپارێزی نیهە، بەڵکوو لە بۆ پیاو بە مەرامی چێژبینینە لە جوانی و جەسدەی مێ، لە بۆ ژنەکەش دەستڕاگهیشتن بە بژێوە و، سامان بە ئامانج گیردراوە. ئەو دەمەی خێڵانی هۆفی لە بیابانێ ڕا هاتن و هەڵیانکووتایە سەر مۆدێلی کووڕی سەرڕەش، هێکگرتنێک لە نێوان هۆفێتی ڕەقی بیابانێ و، هۆفێتی نەرمی خوارووی دیجلێ و فەریتۆ پێک هات، بەمەش تووندهاژۆی دەسهەڵاتکردن بە سەر دانیشتواندا، رەوتی دراوەتێ و، لە میانیدا چەمکەکانی گرێدراو بە نێراتی تێروتۆخ کردراون، رێساکانی پەیوەست بە هەزبەندی و خێزان، بە گێرەی نەریتەکانی بیابانێ داڕێشتدراون، چەمکەکانی باوک و جووتگری مێ، بە هەندازێک توونی و تووولانیان کردوون، هەزاران ساڵ وەکوو خۆیان ماونەتەوە. هێکێک لە پاشایانی بابلی کە بە "هامۆ ڕابی" ناوی داوەتە خۆی، رێساگەلێکی تەواو بێ ناموسانەی داناون، ڕێساگەلەکە لە زەمانی خۆیدا لە سەر بەرد هەڵکەندراوە و، لە ناوەندی مەیدانی شارەکە لە بەرچاوان ڕاگیردراوە، لە بەندێکیدا نوسدراوە:" ئەگەر کووڕ دەستی لە باوکی بەرزبکاتەوە و لێی بدات، دەستی دەبڕدرێتەوە." بەم چەشنە چەمکی باوک بنچەق دادەکووتێ و، پشتیوانی لە دایک دەبڕدرێ، بە دیوەکەی دیکەش ژن بە تەواوی دەکەوێتە بندەستی جووتگرەکەیەوە، چوونکە ئەو وقهتە زۆر جاران هەڵدەکەوت کووڕان لە میانی بەرگری لە دایکیاندا، بەرەو ڕووی باوک هەڵبستنەوە. بەڵام دوای ئەوە، دەستی پشتیوانی لە دایک ترسی بڕینی لە سەر دەبێ و، ناچارە سڵبکاتەوە، یان دایکەکە لە ترسی بە بڕینچوونی دەستی منداڵەکەی، بێدەنگی لە زووڵمی پیاوەکە دەکات. بە هام لەو قۆناخەدا، دەستی ستەم و چەوساندنەوەی سەر ڕەگەزی دایک تووولانی دەبێ، جار لە دووی جار، سەردەم بە سەردەم زەبری توونتر لە مێ دەدەن، هەتاوەکوو بە هێکجاری لە مەیدانێ ودەری دەنێنن. چاوساندنەوەی مێ و منداڵ، هاوزەمانی هێکدین، ئەو دەمەی مێ دەبێتە موولکی پیاوێک، منداڵەکانیشی موولکی ئەو پیاوەن، وەکوو چلۆن لەگەڵ ژنەکەدا بە زەبروزەنگە، لەگەڵ منداڵانی ژنەکەش توونی دەنوێنێ، هەندێک کات زەبری سەر منداڵەکانیش دەچێتە سەر دایکەکە، هەرکە باوک دەستی لە منداڵ وەشاندبێ، دایک بە لەش و گیان خۆی داوەتە بەرێ، ویستووتی بە سەر ئازارەکانی خۆیەوە، ئازاری منداڵەکەشی هەڵبگرێ. هەلومەرج لە ناو جەنجاڵی چیناتیدا بە جۆرێکە، مێینەکان لە نێوان خۆشیاندا دەبنە بەڵا بە سەر هێکدیدا، مێینەی چینی پۆشتەوپەرداخ، زاڵمێتی دەکەن بە سەر مێینەی چینە ڕەش و ڕووتەکەدا، دەیانکەنە خزمەتکاری ئازاردیدە و، بە سووک و بێ نرخ دەیان بینن، لە بەرامبەردا مێینە کۆیلە و خزمەتکارەکان بە ڕاکێشانی سەرنجی پیاوانی چینی سەرێ، لە بایەخی مێینەکانی ئەو چینە کەم دەکەنەوە. هەلومەرجی چیناتی و هۆفێتی بە تایبەتمەند وهایە، هەلومەرجی لهێک ترازان و ململانێ و ڕک و کینەیە، هەلومەرجی قلپبوونەوەی گۆزەی ئاوی سازگارە.

هەقایەتی گەڕان بە دووی نەمریدا، هێکێک هی مۆدێلی کووڕی سەرڕەش و، دووان هی شارستانێتی کووردهەواری دایک، بە شێوەی سەرنجڕاکێش هەلومەرجی هەزاران ساڵ لەمەوپێشی خۆرمیانێ ڕۆشەن دەکەنەوە. ئەو دەمەی لە کن سەرڕەشەکان دەسهەڵاتی زهینی و زەمینی دەکەوێتە دەستی پیاوانەوە، هەرهەنگینێ هەقایەتی گەڕان بە دووی نەمریدا، لە کەسێتی پاشاهێک دەست پێ دەکات، بەڵام ئەو گەڕانە بە تەنەها گوزارشت نیەه لە خواستی پیاوێک بە ناوی گەلگامێش، بەڵکوو گوزارشتیشە لە گەڕان بە دووی نەمرکردنی دەسهەڵاتی نێراتی لە زهین و زەمیندا، چوونکی زانیتیان نەمری و ناوەندێتی هی دایکە، نێر بە فێڵبازی و بە هۆی هۆفیبوونەوە، ناوەندێتی بە دەستهێناوە. لە کووردهەواری دایکدا، هەقایەتی ڕەدکردنەوەی نەمری هەیە، هەقایەتەکە بە سەرهاتی پیاوێک گوزارشت دەکات، ئەو پیاوە بە خواردنەوەی ئاوی هەیات(هەیات واتە کۆی هەبوون) پلەی نەمری بە دەستهێناوە، وەڵێ لە نەمربوونەکەی وەڕس و بێزارە، ئامۆژگاری بە ئەوانیدی دەدات ئاوی هەیات نەخۆنەوە، چوونکە هەروەکوو وی لە نەمری پەشیمان دەبنەوە. بنواڕن، لە خوارێ پیاو بە دووی نەمریدا دەگەڕێ، لە سەرێ پیاو نەمری ڕەد دەکاتەوە. لە واتادا ڕەدکردنەوەی نەمری، ڕەدکردنەوەی دەسهەڵات و لێکەوتەکانێتی. پیاوی ناو هەقایەتەکەی کووردهەوار، پیاوی زاڵ و بە دەسهەڵات گەهیشتووە، پیاوێکە لە سەر بناخی زانستی ئەزموونکردنێ، ئامۆژگاری خۆدوورگرتنێی لە دەسهەڵات بە ئەوانی دیکە داوە. دەسهەڵات گوزارشتە لە نێراتی، دەسهەڵات لە تایبەتمەندێتی ستوونیبوونەکەی بەرجەسدە دەبێ. لە کاتێکدا مێ بە تایبەتمەندێتی ئاسۆهی و پانی، دەسهەڵات پەرت دەکات و، بەرجەسدەبوونەکەی ناهێڵێ. لە هی هێکەم ستەم و بێدادی و چەوسانەوە، لە هی دووهەم هەق و هادڵی و هەسانەوە بە هاردی دادێ، لەبەر ئەوەیە پیاوە بە دەسهەڵات گەهیشتتووەکەی ناو هەقایەت، لە دەسهەڵاتەکەی وەڕس و دەقەزارە، پەشیمانی نیشان دەدات. نەمری بەس لە بۆ شارستانێتی دایکە، خەنی و خۆشی لە مێ و نێر، مەهەک هەلی ئەوەی داونەتێ تێبگەن و، نەمربوون بناسن. وێنەی ڕوونی ئەم ڕاستیەقینە، لە هەقایەتی دووهەمی کۆمەڵی کووردهەواریدا بەرزهین دراوە. لە هەقایەتەکەدا پاڵەوانی گەڕان بە دووی نەمری، پیاو نیەه، بەڵکوو پیرەژنێکە، ئەمەش ڕاست و ڕەوان بەرخۆدانی کۆمەڵی کووردهەواری دایک لە پێناوی مانەوە ڕوون دەکاتەوە. پیرەژن لە ڕاستیدا داپیر و دایە گەورەیە، لە واتاهێکدا کاکڵی شارستانێتی دایک پێک دەهێنێ، هەڵهاتنی پیرەژنەکە لە مردن و، گەڕانی نەسرەوتانەی بە دووی دۆستینەوەی شوێنێکی خاڵی لە مەرگ، بە دیوێکدا گوزارشتە لە هەوڵەکانی مانەوەی شارستانێتی کووردهەواری دایک، لە بەرامبەر ئەو هەوڵانەی بە مەبەستی لە ناوبردنی دراون، بە دیوێکیش کۆڵ نەدان و

مل نەدانی ڕەگەزی دایک نیشان دەدات. پیرەژنی لە مردن هەڵهاتوو، لەم قوژبن لە بۆ ئەو قوژبن، لەم کێو لە بۆ ئەو کێو دەڕوات، هەرڕۆژەی لە پەناهێک خۆی دەشارێتەوە و مردن نایگاتێ. لە ڕاستیدا نەمری و مانەوە هەم لە بۆ ژن و، هەم لە بۆ کۆمەڵی کووردەهەواری، بە ڕوونی لە کەسێتی ئەو پیرەژنەدا نیشاندراوە. مانەوەکە دژوارە، باوەڕی قایم و هێزی پتەوی دەوێ، گەڕانی بێوچانی پیرەژنەکە، ئەو هێز و باوەڕە لە بن نەهاتووە دەخاتەڕوو.

## پۆپەی 18

تین وەکوو خوودێتی هوودا، لە ژن - دایکدا وێنەی لێ دەردەکەوێ، هەروەکوو لە خۆر، خاک، مانگ، لە ئاو و هەواش بەرهەست دێ، وەلێ ئەم دەرکەوتنانە شێوەی لە پەیکەر بە دەست ناهێ، ئەمەیە وهای کردووە بەرجەسدەکردنی وێنەی هوودا لە پەیکەری ژندا، ببێتە پێشینەی پەیکەرسازی، نەقشاندنی وێنەی خۆر و مانگ لە سەر تەختەی گڵین، زۆر بە درەنگتر دەستی دراوەتێ. لە چەرخەکانی مهیری و مهیرهۆفی، پەیکەرەکانی دایکی مەزن بە قەبارە گچکۆکەن، چوونکوو لە بازنەی خواستی منداڵان سازهێندراون، پاشان لە قۆناخی هاردیبووندا پەیکەرەکانی مێ بە بیروباوەڕی مهیری گرێدراونەتەوە و، بۆنەتە بابەتی مانا و مەبەستی گەورەکان، لەگەڵێشیدا قەبارەی پەیکەرەکانیش گەورەن. ناوەندی شارستانێتی دایک لە کووردەهەوار، هیکەمین گۆڕەپانی ئەو پەیکەرانەیە. دەفەری دهۆکێ هێکێکە لەو جێهانەی کووردەهەواری، هەر لە زووەوە بە شارستانێتی دایک ئاوەدان بۆتەوە. وشە و ناوی دهۆک بە واتای دایک دێ. لە ئاقاری گووندی "ئەمرکێ،"لە دهۆکێ، لە دەشتی کرماشانێ، لە گووندی "چەرمۆ"ی هێروەی کەرکوکێ، لە گووندی "بێستان سوور"ی شارەزووریێ، لە "قالینچ"ی هەولێرێ، لە هەرێمی هەفرینێ، لە نێزیک ئامەدێ، لە گەلێک جهێ لەو هەوارە، پەیکەری گڵین و بەردینی دایکی مەزن دیتدراونەتەوە. پەیکەرەکان، ئەوانەی بێ دەموچاون هی قۆناخەکانی شارستانێتی دایکن، نەبوونی ڕووخسارێکی دیاری کردراو بە پەیکەرەکانەوە، نیشانەیە لە پایەداری هەموو ژنێک وەکوو دەرکەوتەی وێنەی هوودای دایک. دوو کەسی هەقڵ هەبایە، دەلوا لەو پەیکەرانەوە سەرەداوێکی تێگهیشتن بە دەست بخەن، دەلوا بزانن داوی زەمان لە کوێ قرتاوە، کەچی چ تاقی لەوانەی بە دێریںناس ناودێرن، بای ئەوەندە تێنەفکرین، بهێن لە خۆیان بپرسن داخۆ لەبەرچ پەیکەرەکانی ژن بێ قاچ و بێ دەست و سەرن؟ لەبەرچ ڕانیان هەیە و لاقیان نیهە، قۆڵیان هەیە و دەستیان نیهە، ملیان هەیە و سەریان نیهە؟ لەبەرچ نینانە؟ دەست واتای جولە و کارە، قاچ گوزارشتە لە ڕۆیشتن، سەر واتایە لە هێزی بیرکردنەوە،

بەڵام ئەمانە چ تاقێکیان سەنبووڵ و نیشانەی مێهێتی نین، مێ بە تەنەها خۆی، بە مێبوونە خەستوخۆڵەکەیەوە، هێزێکی سەربەخۆیە و، ناوکی هێزیشە. لە پەیکەرەکاندا هێزی دەست و پێ و سەریان خستوونەتە لاوە، بە تەنەها لامل، مەمک، سمت و ڕان وەکوو کاکڵی مێهێتی نیشاندراون، ئەمەش بە قووڵی واتادارە. پەیکەری ڕاستیەڤین و واتاداری مێ، ئەو بێ دەست و قاچ و سەرانەن، ئەو مێ پەیکەرانەی دەموچاویان دراوەتی، هی چاخی هۆفێتین، پاش بە هاردی داهاتنی چاندنی بەرئاوێ لە نێوان دیجلێ و فەریتۆ، پەیکەرەکانی بە دەموچاو پەیدابوون. کەسانێک خۆیان کرد بە هوودای خەڵک و، لە شێوەی ئەوان پەیکەر سازهێندراون، یان نیگار لە سەر تەختەی گڵین نەخشێندراوە. دەموچاودانان لە بۆ هوودا، لە میانی مۆدێڵی کووڕی سەرڕەش پەیدا دەبێ و، پاشانەکە بە جێهانێدا بڵاوبۆتەوە. لە کن ئەوان پەرە بە دەرخستنی هوودا دراوە لە شێوەی بەشەر و، بەرجەستەکردنەوەی لە پەیکەر و نەقش و وێنەدا، تەنانەت زۆر گۆشە و دیواری کۆشکانی داگرتوون. سەرڕەشەکان هووداکان زۆر دەکەن و، خوودێتی پیاو و ژنیان دەدەنێ، ئەمەش بە قەسدی هێنانە پێشەوەی هوودا لە شێوەی پیاو و، نیشاندانی هێزی نێراتی دەستی دراوەتێ، دەنا پێشترێ هوودای دایک تاقانە بوو، پەیکەریش لە پێرستی مهیردا، بە تەنەهێ لە بۆ هوودای دایک دەسازهێندران. نێرینەکان بە دیتنی مێ و بە بینینی پەیکەرەکانیشی، هێز و تینیان تێ گەڕاوە، بەڵام بە پەیدابوونی ئابوری لە خوارووی دوو ڕووبارەکە، نێر خۆی لێ دەگۆڕێ، خۆی وەکوو مێ دەبینێ، دەست وەردەداتە نامووس و، هەم لە زهین و هەم لە زەمیندا، پایەی خۆی بڵند دەکات و، پەیکەر لە بۆ خۆی دادەتراشێ، پاشان هێوەتریش دەڕوات، خۆی سەرووتر لە مێ دەبینێ، هێک بە دووی هێک پەیکەرەکانی مێ کەم دەکەنەوە، ئەمەش گوزارشتدانێکە لە کەمبوونەوەی پایەی مێ لە هەموو بوارەکانی زیندەگیدا، هاودەم زالێتی و زاڵمێتی نێر نیشاندەدات.

پۆپەی 19

کەس وها نەزانێ مێ دۆڕاوە، ئەوی دۆڕاندووتی و، لەگەڵ خۆیدا مێینەشی بە دۆڕاندن داوە، ڕەگەزی نێرە. هاوکێشەکە وهالەیە، ڕادەستبوون بە مهیر، بردنەوە و سەرکەوتنە، خۆدانە دەستی هۆف، دۆڕان و داکەوتنە. رەگەزی نێر ڕوو بە هۆف داکەوت و بە خراپی تێکەوت، ئەگەر لە خۆی وهایە بردووتیەوە، لە کەم هەقڵی خۆێتی، دەنا ئەوی بهێشتی لە دەست دەرچووبێ و، پێی خستبێتە دۆخی دۆڵزاخەوە، چی بردۆتەوە؟ تا کاتێک شارستانێتی دایک لە سەر ڕێڕەوەی سرووشتی خۆی دەڕۆیشتە ڕێ، دین و دوونیای بەشەرێت ڕوون و ڕەنگین بوو، مێ و نێر بە هێکەوە

لە بهێشتی بەرینی هوودای میهرەبان بە زەندەق بوون. بە دەرچوون لە شارستانێتی دایک، لە بهێشت دەرچوون و زەندەقیان چوو، بە گەڕانەوە لە بۆ شارستانێتی دایک، بەرەو بهێشتێ دەگەڕێنەوە، ئەم ڕێسایە نەگۆڕە، زەمان و زەمین نایگۆڕێ. چاوگی بهێشت دایکە، بەبێ گەورێتی و ناوەندێتی دایک، بهێشتێک بە هاردی داناهێ، بێجگە لەوەش، بەبێ پابەندی بە دایکناوەندی، لە پاشەڕۆژیش کەس بهێشت بە چاوی خۆی نابینێ. لە زمانی زگماکدا، وشەی "نانە، نەنە، نەنک" بە واتای گەورە دێ و، ناوێکە لە بۆ دایە گەورە. ئەم ناوە لە هاخاوتنی کۆمەڵی کووردەهەواریدا، هێشتانەکە هەروەکوو خۆی ماوەتەوە، خەڵکانی دەفەری ڕۆماهێ و شوێنی دیکەش، بە وشەی "نانە" ناوی داپیرە دهێنن. لە قۆناخی هاردیدا کاتێک دایکان دەست دەکەن بە چاندنی بەربارانێ، سەردەمی "نان" دەست پێ دەکات، گەنمی دەروونەکردراو دەهاڕن و دەیکەنە ئارد، ئاردەکە دەکەنە هەویر، ئەوجا هەویرەکە پان دەکەنەوە، پاشانەکانێ لەناو تەنوور، یان لە سەر ساجی گڵین دەیبرژێنن. کارەکە "نانە"کردووتی، یان ئەو برژاوەکەی بە سەر منداڵان دابەشکردووە، لەبەرهەندێ بەرهەمەکە بە ناوی "نان" ناسدراوە. پێش چەند هەزار ساڵ لە کن خێڵانی ناسدراو بە "لۆلۆ" لە کووردەهەوار، هوودای دایک بە "نی نی"، لە لای هەندێکی دی بە " نانا " ناوی دراوەتێ. لە تەختە گڵینەکانی جێماو لە سەرڕەشەکانەوە، مێ هووداهێک بە "نەن هوورساک" ناودێرە، ناوەکە واتای "دایە گەورەی شاخ" دەدات، ئەمەش پێشینەی خەڵکانی خوارێ بە کۆمەڵی سەرێ ڕوون دەکاتەوە. ناوەکانی "نی نی، نانا، نەن"، هەرسێکیان لە باری واتاهیدا هێکێکن و، شێوەی دیکەی وشەی "نانە"ن. نەنە وەکوو چەمکیش لە کەسێتی هوودایانی مێهین بەردەوامی دراوەتی. لە دەوروبەری هیلامێ، هوودای مێ بە ناوی "کیریشیا" ڕسقی بە دەستە، ئەمەش نیشانەی هێزی ژن و بەردەوامی کەسێتی نەنەیە لەوێدا. لەولاش لە مۆدێلی کووڕی سەرڕەش، "هەناهیتا" مێ هوودای پیت و فەڕە، هاوزەمان هوودای جوانی و گان و سۆز و شەڕیشە. لە قۆناخێکی درەنگ وقهتدا، بە هەمان ئەم سیفەتانەوە هوودای ناودێر بە "هەشتار" شێوەی دراوەتێ و، پەیکەریان لە بۆ بەرز کردۆتەوە. زهینی بدەنێ، ئەوەی لە دەسهەڵاتی هووداکەیە، هەرئەویش هەلومەرجی مێینەیە لە سەرزەمین. ڕەگەزی دایک چ لە ناو خێزان و کۆمەڵ، چ لە ناو کۆمەڵی هوودا درۆینەکاندا، هاسان ملی بە زاڵێتی ڕەگەزی نێر نەداوە، ملنەدانەکەش شەڕی لێکەوتۆتەوە، لە بەرهەندێ سیفەتی شەڕ دراوەتە پاڵ هوودای ژنەوە، لە کاتێکدا ژن نوێنەراتی نەرمونیانی دەکات. لە کۆمەڵی کووردەهەواریدا ئەو خانمەی لە سەروبەندی منداڵبوونێ دەچێتە یارمەتیدانی ژنی دووگیان، بە "مامان" ناوی دراوەتێ. بە سەرچاوە لە کەسێتی مامان و لە ناوەکەی، لە قۆناخێکی خۆرمیانێ، هوودای لە دایکبوون بە ناوی "مامی" دەردەکەوێ. وشەی "مام – مەم،" هەم بە واتای مێ، هەم بە واتای گەورە دێ. لە قۆناخی باڵقبوونیدا، کچ مەمک دەکات و سینگی

گەورە دەبێ، گەورەبوونەکەی بە "مەم – مەمک" ناوی دەدرهێتێ. هەر لە بەر گەورێتی دایک و، لە بەر مەمک و شیرپێدانی منداڵیشە، وا لە هاخاوتنی بەشێکی گەورە لە کۆمەڵانی بەشەرێتدا، دایک بە "مام – مامە، مامی" ناوی دهێندرێ.

## پۆپەی 20

چاندنی بەربارانێ بە کاوەخۆ هەڵدەسووڕێ، چاندنی بەرئاوێ پەلەپەلی تێدەکەوێ. ئەو دەسهەڵات و کۆمەڵانەی بنەما لە سەر کشتوکاڵی ئاودێری لە نێوان دیجلێ و فەریتۆ پێکهاتوون، وەکوو هێکەمین کۆمەڵانی بەشەری لە سەر هەردوو ئاستی هیشکاتی و تەڕاتی، بایەخی کردەکیهان بە پەلەپەلی و خێرابوون داوە. بەلەمی هەنداز هووردی بە پێوان و چارۆگەدار لەوێندەرێ دروست کردراون. چارۆگە لە بۆ بەلەم، قۆناخی خێراکردنێتی و، لە چاو سەوڵلێدان پێشکەوتنێکی ئەوتۆیە. چەرخی گاڵیسکەش (واتە تایە) ئەوان دروستیان کردوون. گاڵیسکەی چەرخدار بە پێشخستنی بیرۆکەی جەنجەڕ شێوەی دراوەتێ و، پێشینەکەی لە بۆ شارستانێتی دایک دەگەڕێتەوە. دەستڕاگهیشتن بە تووخمەکانی پێکهاتەی خاک، لە نموونەی مەفرەق و ئاسن، هێندەی دی خیرابوونی هەڵسوکەوت زیاد دەکەن، ئەمەش هۆفێتی دەباتە قۆناخێکی باڵاوە. دروستکردنی ئامرازی شەڕکردنێ، خەنجەر و شمشێر و ڕم و زرێ لە مس و ئاسن، مایەی فەراوانی شەڕ و پەرەگرتنی کووشتارن. لەمەوپاش بە هۆی ئامرازە تووخم جوودایەزەکانەوە، دەسهەڵاتی هۆفێتی بە سەر خەڵکیدا دژوارترە، دەسهەڵاتەکان لە نێوان خۆشیاندا پتر بە گژی هێکدی دادەچن. دەستڕاگهیشتن بەو تووخمانە، بە تایبەتی ئاسن، کاولکاری گەورە بە دووی خۆیدا دهێنێ. پاش ئەوەی ئاسن دهێتە مەیدانێ، چیناتی و درنداتی بنچەق دادەکووتێ و، دەرووی دۆڵزاخ بە ڕووی بەشەرێت دەکردرێتەوە. پێشترێ ئامرازەکانی شەڕکردنێ دار و بەرد بوون، لەمەوپاش شمشێر و ڕم و تەور و کێرد لە تووخمە تازە دەستکەوتووەکان ساز دەکەن، هیدی پەلامارەکانی هۆفێتی و خوون ڕێشتن بەربڵاو دەبن.

## پۆپەی 21

لە دید و دەستوقەڵەمی ئەو دەسهەڵاتگەلە چیناتیەی لە دەشتەکانی خوارووی دیجلێ و فەریتۆ دامستدران، جێهانی سەر ڕووی زەوی، بەس ئەو جێهانەی ژێردەستی خۆیان بوو، دەرێی دەسهەڵاتەکەیان بە جێهان نەناسیوە، نەک لەبەرئەوەی بێ هەبەربوون و نەیانزانی بێ، بەڵکوو خۆنەناسکردن و نەخووندنەوەی ئەوانیدی، لە خەروورەوە دێ.

مۆدێلی کووڕی سەرڕەش، مۆدێلی لە خۆدەرچوون و خەرووره. لە هەردوو بەری باکوور و خۆرهەڵاتێ، خێڵانی هاردی هەبوون، لە بەری خۆرئاواش خێڵانی هۆفی، بەڵام سەرڕەشەکان چ تاقیان بە دید نەگرتوون، ئەوان خۆ بە هەشداد زاگرۆزی بوون، کەچی لە هەشدادی خۆیان هەڵگەڕابوونەوە. پێشینانی کووردهەوار گووتیتیان:"ڕێوی لە کوونی خۆی هەڵبگەڕێتەوە، گەڕ دەبێ." جا بەڕاستی سەرڕەشەکان لە ناو لیتاوی هۆفێتی و چیناتیدا گەڕبووبوون. هەقایەتی لافاوە ناسدراوەکە، خۆنەناسکردنی سەرڕەشە گەڕەکان باشتر ڕوون دەکاتەوە. ڕوودانی تۆفانێک لە سەرانسەری جێهانێ، هەقایەتێکە ئەوان هۆنیویانەتەوە، بە گێرەی ئەوانیش جێهانی سەرزەوی، بەس ئەو دەشتانەی خواری بوون، نەک هیچ جهێی دی، لەبەرهەندێ وهایان لە قەڵەمداوە تۆفان لە هەموو جێهانێ هەڵستاوە. زاڵمانی زەمان وەستایانە درۆیان هۆنیوەتەوە و، لە ناو ئەم درۆی لافاوەدا مەرامێکیان شێردۆتەوە، ئەو درۆیە پڕبەپڕی دەور و زەمانی خۆی کۆمەکی پێکردوون. دەقی هەرەدێرین سەبارەت بە ڕووداوی تۆفان، ئەوانەن ها لە تەختە گڵینە نوسدراوەکانی مۆدێلی سەرڕەش و مۆدێلی بابڵ، دەقەکەی بابلیان ناوی پاڵەوانەکەیان گۆڕیوە، هەندۆکەکیش لاقرتێنیان تێیدا کردووە، دەنا هەر ئەوی سەرڕەشەکانە و دووبارە داویانەتەوە قەڵەم. برۆننێ دەقەکە دەلێ خەڵکی لە دین وەرگەڕابوون، گوایە بە هۆی خراپەی بەشەرەوە تۆفانێک لە سەرانسەری زەوی هەڵستاوە، هوودا ویستووتی بەم تۆفانە خراپەکاران قڕ تێبخات، قڕیشی تێخستوون، تەنەها ئەو کەسانەی بە دووی قسەی ڕزگارکەرەکە کەوتن، ئەوان قووتاریان بوو. لە ڕاستیدا هەمووی درۆیە، سەرگوزشتەکە بە مەرامی تۆقاندنی خەڵکی هۆندراوەتەوە، ویستیتیان بە ترس نیشاندان، بەندێتی خەڵک بە هوودا درۆینەکان توونت بکەنەوە. لەو زەمانیدا پاشا و پیرانی مەملەکەت بە ناوی هووداوە لە خەڵکیان دەقاچاندەوە، لێیان دەخواردن و، بە خوورتیلێکردنیش وهایان لێ کردبوون کە لە دەمی خۆیان و منداڵیان بگرنەوە و، بیدەن بەو زاڵمانەی بە ناوی هوودا درۆینەکانەوە هەکوومەتیان بە سەر خەڵکیدا دەکرد، لەبەرهەندێ خەڵکە ڕەشوڕووتەکە، لە هوودا درۆینەکان دەقەزار بووبوون، وەکوو پێشترێ پابەندی ئەو درۆ و داوایانە نەدەبوون، کە بە ناوی هووداوە لێیان دەکردن و، نەدەچوونە ژێرباری ویستی زاڵمانەوە. لە خۆرهەڵاتێ، لە هیند و زاینا (واتە چین)، هەتا ئەوپەڕی خۆرئاواهێ، سەرگوزشتەی تۆفان هەیە، لە بنەڕەتیشدا هەمووی قۆپیەی هەقایەتەکەی دیجلی و فەریتۆن. مووسای کووڕی هیوکابد بە سەرهاتی لافاوەکەی لە زاری پێشینانەوە گهیشتۆتێ، پاشان مهەمدی کووڕی هامینێ لە وی زانیوەتەوە. لە نوسدراوی سەر تەختە گڵینەکان، ڕزگارکەرەکە پاشاهێکە هووداکان ئاگاهیان داوەتێ، لە گێڕانەوەکەی کووڕانی هیوکابد و هامینێ، ڕزگارکەرەکە پەیامبەرێکە هوودای تاقانە ئاگاداری کردۆتەوە. پەیامبەرانی هەقگۆ لە دیوی درۆ و دەمچەفتی تۆفانەکە بێ هەبەر نەبوون، وەلێ ویستیان بە دووبارە هێنانەوە

گۆڕێی هەقایەتەکە، ترس نیشانی خەڵکی بدەن، هەتاوەکوو ڕوو لە خراپەکاری و هۆفێتی وەربگێڕن. هەوەڵ و هاخیری هەرترس و تۆقاندن، بەڵام فەرقە، لە هێکێکددا مەرام خێرە و لە ئەویدی شەڕە. لە هەوەڵیدا کە هەقایەتەکە هۆندراوەتەوە، ویستدراوە خەڵکە ڕەشوڕووتەکەی دەشتە لیتەکان پێ لە بەندی زەڵمانی زەلام نەبزێون، لە هاخیریشدا کاتێک پەیامبەرانی هەقگۆ هەمان هەقایەتی بێ کاکڵیان هێناوتەوە گۆڕێ، ویستوویان خەڵکی لە بەرەی زووڵم و خراپەکاریدا خۆیان نەبیننەوە. لە دەشتەکانی خوارێ، بە پێی دەورانی زەمان، زاڵم و زووڵم کردن گۆڕدراوە، لە دەورانێکدا شێوازی ڕەقی هۆفێتی لە کەسێتی خێڵانی بیابانێ و، شێوازی نەرمی هۆفێتی لە کەسێتی کۆمەڵانی بە پێشینە هاردی لە نێوان دیجلێ و فەریتۆ، تێکەڵی هێکدی بوون، سەرەنجام شێوازێک بە زەوی داهات، ڕەقتر لەوی پێشترێی سەرزەمینەکە، نەرمتریش لەوی بیابانێ. قۆناخی دەسهەڵاتەکانی ناودێر بە ئەکەدی، بابلی قۆناخی زاڵێتی ئەو شێوازە تێکەڵەیەن. پاشان لە ڕۆژگارێکی درەنگتر، بە هاتنی خێڵانی دیکەی هۆفی ناودێر بە ئاشووری، ئاستێکی بڵندتری دەسهەڵاتی هۆفێتی، لە بەشێکی سەرزەمینی دیجلێ و فەریتۆ بە زەوی داهات. دەسهەڵاتی هۆفێتی لە شارانی دیجلێ و فەریتۆ، بە دوو قۆناخی هەڵکووتانە سەر کووردهەواری دایکدا تێپەڕیون، قۆناخی پێش ئاسن و قۆناخی پاش ئاسن. لە قۆناخی هێکەمدا هەمیشە شکستەبوون، لە قۆناخی دووهەمدا کە هۆفێتی دەستی دەگاتە تەنی ڕەقی مس و ئاسن و، دروستکردنی چەک لەو تەنە ڕەقانە، هاوکێشەکانی هێز لە نێوان سەرێ و خوارێ گۆڕدراون، هەندێک جار هۆفی خۆیان گهاندۆتە سەرێ.

## پۆپەی 22

هەلومەرج لە خۆرمیانێ شلۆق بووبوو، شلۆقبوونێکی هەمەلایەن و گشتەگیر بە هۆی زاڵێتی خەسڵەت و خووی ڕەقی هۆفێتی بە سەر دەسهەڵاتی خوارووی دوو چۆمەکەدا، ئەویش پاش ئەوەی خێڵانی هۆفی لە بیابانێ ڕا هاتن و، لەگەڵ دەسهەڵاتەکە چیناتیەکەی ئەوێندەرێ تێکەڵبووبوون. دەسهەڵاتی هوودا درۆینەکان و، دەسهەڵاتی سەرزەمینەکە، هەرهێکێک بوون، هووداکان چ نێر و چ مێ، سەرجەمیان شەڕانی بووبوون، شەڕهەنگێزی لە کەسێتی دەسهەڵاتە چیناتیەکانیشدا، بە شێوەی زەبروزەنگ خۆی دەنواند، ڕەقی زاڵ بووبوو بە سەر نەرمیدا، چیدی دەسهەڵات سڵی لە توندوتیژی نەدەکردەوە، هەرکاتێک کاری لە بەر ڕاوەستابا، بە زەبری تۆبز دەیبردە پێشەوە. پۆخڵەواتی دەسهەڵات بە پڕاوپڕی شۆڕی خوارێ بووبووەوە، خەڵکەکەی گەندەو بەدخوو کردبوون، بنەما هاخلاقیەکانیشی داڕزاندبوون. هەر لەو سەروبەندەدا،

شەهووەتبازی لەگەڵ کووڕیژگان لە بیابانێڕا هاتە خۆرمیانێ و، لە خوارووی دیجلێ و فەریتۆدا بڵاوبووەوە. چیناتی ئەوهایە، لە هەموو زەمین و زەمانێکدا شکۆ و شان بە بەشەرەوە ناهێڵێ، چینێک پڕە و لێی دەڕژێ، چینێک بە تاڵە و هووشک بۆتەوە، هێکێکیان لە لێ زیادبوون سەرەڕۆ دەبێ، ئەویدی لە بەر کوورتهێنان لارەملی دەکات. لە ناو ئەو بار و زوورفەدا، پیاوێکی چاکەخواز و نێزیکە هوودا، کە خۆی بە "برای هەمووان" ناو دەبرد، لە سەرزەمینی بابلێ سەری بڵند کرد. وشەی ناوەکەی بە شێوەکانی "هەبراهام، هیبراهیم، براهیم" گووتدراوەتەوە، هەرسێکیشیان لە واتادا هەرهێکێکن و، بە واتای برای هەمووان دێ. بە ڕاستی ئەو برای هەمووان بوو، بە ناو خەڵکیدا دەگەڕا و پەیکەرەکانی ناو سەریانی دەشکاند، پێی دەگووتن:"هوودا لە زەوی نیهە، لە هاسمانێیە." ئەو ڕاسانەی براهیم کردی، وەکوو پەڕینەوە وها بوو بە ناو ئاگردا، بەبێ ئەوەی بسووتێ. بە ڕاستی ئەو لە زەمانی خۆیدا، قهرەمانێکی بێ وێنە بوو، لە وقتهێکدا سەری بەرزکردەوە، خەڵکە ڕەشوڕووتەکە بە تێکڕا چەمابوونەوە و، ڕۆژانە کڕنووشیان لە بۆ پاشا و هوودایانی درۆین دەبرد. براهیم هات و ویستی سەربەرزیان بکات، ویستی لەو دەردەسەری و مەینەتەی تێی کەوتوون، دەریان بهێنێ، بەڵام بێهوودە تێکۆشا، تەنانەت لەوە دابوو پێوە بێ و لە بەینی ببەن، بۆهێ شاری بابڵی بەجهێ هێشت و، بە خۆی و ست"سارا"وە بەریان دایە بیابانێ. لە وێندەرێ کەلاوەی گووندێکی چۆڵ و هۆڵی خێلانی هۆفی هەبوو، لەو کاولبووەدا گیرسانەوە، هۆدە و هەیوانێکی ڕووخاویش، پێشترێ سەرانی هۆفی تیایدا جەم دەبوون و قهوەیان لێ دەخواردەوە، ئەو کردی بە ماڵی سارا و لەگەڵ ئەو ژنە نەترس و قهرەمانەدا تیایدا مانەوە. سارا بەبێ ئەوەی پێی بزانێ، نوێنەراتی هوودای تاقانەی دەکرد، براهیم لە کەسێتی ست سارادا، هێزی لە هوودای دایک وەردەگرت.

## پۆپەی 23

لە سەرێ لە بۆ خوارێ کۆچکردنێک ڕوویدا، لەو کۆچکردنەدا خێلانی هاردی بە دەستکەوتنی بەرهەمی زیادەی کشتوکاڵی ئاودێری، دەربازی گۆڕانی بنەڕەتی بوون، لە کۆتاهیشدا بەرەو هۆفێتی نەرم هەڵخلیسکان. بەمەش هێکەمین هەڵوەشانەوەی ڕێکخستنی خێلاتی و، پێکهاتنی کۆمەڵی چیناتی، لە نێوان دوو ڕووباری دیجلێ و فەریتۆ سەری هەڵدا. هەڵبەتە بە ڕادەی هەزاران ساڵ زووتر، هۆفێتی ڕەق لە چەندان جهێ لە جێهانێ بە زەوی داهاتبوون، بێجگە لەمەش هۆفیانی بەری خۆرئاوای خۆرمیانێ، بناخ لە سەر دەستکەوتی شەڕکرنێ، دارا و نەدار لە نێویاندا بە گۆڕێ کەوتبوون، وەلێ ڕێکخستنی خێلاتی دەستی لێ بەرنەدرابوو، بەڵکوو پێکهاتەی خێزان

و خێڵ ناوەندێتیەکەی لە مێ - دایک ستێندرا و، لە بۆ نێر - باوک گوێسدرایەوە. ئەم شێوەگرتنەی هۆفێتی لە پێکهاتەی کۆمەڵاتی و، لە نەزمی کارگێڕی و، جۆرێتی بیروباوەڕەکەی، جوودایەز بوو لەو کۆمەڵە چیناتیانەی لە بەینی دوو چۆمەکە پێکهاتن. ئەو چیناتیەی لە لێکەوتەی دۆخی کوورتهێنانی بەرهەم ڕەوتی گرت، جۆرێتی و چەندێتی سەرمایەکەی، کۆسپ بوون لە بەردەمی، نەیدەتوانی لە قاڵبی کۆمەڵی گەورەی چیناتیدا، خۆی ڕێک بخاتەوە. دیقەتی بدەنێ، هەردوو دیوی وێنە گەورەکەی ئەو دەمی جێهانێ بە ڕاست و ڕەوانی ببینن، بە دیوێکدا، بەشێکی بەشەرێت لە میانی پێرستبوون بە مهیر، ڕۆژگارێکی ڕووناک و ڕەنگینیان دەگوزەراند، بەشەکەی دی لە ناو هەلومەرجی هۆفیبووندا، ڕۆژگارێکی ڕەش و تاریکیان تێدەپەڕاند. لە دیوە تاریکەکەدا، سێ شەقڵی هۆفێتی لە جێهانێ هەبوون، شەقڵی هێکەم خێڵانێک بوون گرێدراو بە خواستی قۆرخکردنی باخاتی میوە و ناوچەی ڕاو، لە شەڕی هێکدی دابوون. شەقڵی دووهەم خێڵانێک بوون، لە بەری خۆرئاوای خۆرمیانێ، ئەو خێڵانە بە هەڵکووتانە سەر خێڵانی هاردی و، دەستڕاگهیشتن بە هاژەڵانی بە تاڵانهێندراو و خەڵکانی هێخسیرکردراو، گۆڕانی بنەڕەتی لە پێکهاتەیاندا ڕوویدا بوو. شەقڵی سێهەم کۆمەڵە چیناتیەکانی خوارووی دیجلێ و فەریتۆ بوون، کە بە پێشینە خێڵانی هاردی بوون و، بە هۆی زیادە بەرهەمەوە بەرەو هۆفێتی چووبوون. لە دیوە ڕووناکەکەش، بە هەمان شێوە سێ شەقڵی مهیری لە جێهانێ هەبوون. شەقڵی هێکەم خێڵانی مهیرهۆفی بوون، ئەو خێڵانە لە گەڵێک جهێ لە جێهانێ بڵاوبوون. شەقڵی دووهەم و سێهەم خێڵانی هاردی بوون لە ناوەندی شارستانێتی دایک لە کووردهەوار، شەقڵێک شیوانکارە و شەقڵێک جووتیاربوون. لە هەردوو باری مهیری و هۆفیدا، گۆڕانی گەورە و بنەڕەتی لە سەر بنەمای زیادبوونی بەرهەم پێکهاتوون، جۆرێتی و چەندێتی بەرهەمەش، هەندازە و جۆرێتی گۆڕانەکەی ڕەوت داوەتێ. بنوارن، لە سەرێ لە دەشتەکانی زاگرۆزێ، بە ماڵیکردن و چاندنی بەربارانێ، بەرهەم بە شێوەی هاوسەنگ زیادی کردووە و، سەرەنجام زاگرۆزیەکان بەرەو مهیر گەڕاونەتەوە. لە خوارێش لە دەشتە لیتەکانی دیجلێ و فەریتۆ، بە چاندنی بەرئاوێ، بەرهەم بە شێوەی ڕادەبەدەر زیادی کردووە و، ڕووەو هۆف پاڵی پێوە ناون. لەولاشەوە لە ناو خیڵانی هۆفی لە بیابانێ، هەندێک بنەماڵە لە ڕێی بە تاڵانبردنی ماڵاتی خێڵانی هاردی، فێری شیوانکاری و هاژەڵداری بوون، پاشانەکانێ بە هۆی کارەکەوە، بڕێک بەرهەمی زیادەیان کەوتۆتە مشت، بەڵام جۆرێتی و چەندێتیەکەی، هێز و دەسهەڵاتی کەمی داونەتێ، چوونکە لە ئاستی زەمینیدا هەم خڕبوونەوەی خەڵک بە دەوری بەرهەمی زیادەی هاژەڵان، هەم گەشەکردنی بەرهەمەکە سنووردارە. لە ئاستی زهینیشدا ڕێکخستنێکی ئەوهای بیروباوەڕی لە گۆڕێ نەبووە، کە بتوانێ خەڵکەکە بە ساماندارەکانەوە پەیوەست بکات. لە دەشتە لیتەکانی نێوان دوو چۆمەکە، هەموو شتێک

بە جووداییز شێوەی هاتۆتێ. لە بیابانێ بەرهەمی زیادە هەژەڵ بوو، لە دەشتە لیتەکان دانەوێڵە بوو. لە بیابانێ خانەدانی ساماندار شتێک لە بەرهەمە زیادەکەی وەکوو بژێو دەدایە دەستوپێوەندەکەی، لە دەشتە لیتەکان خەڵکەکە شتێک لە زیادەی بەرهەمەکەیان دەدەنە خانەدانەکان. لەوی هێکەمدا بەرهەمی زیادەی خانەدانەکە لە کەمی دەدات، لەوی دووهەمدا زیێدە بەرهەمی خانەدانەکە زیاد دەکات. بە هام هەلومەرجەکە جوودایە، ئەمەش لێکەوتەی جووداى هەبووە، لە بیابانێ خێڵی بە قاڵب ناسرووشتی شێوەی هاتۆتێ و، جوودایەزی چیناتی و، وەلاوەنانی ڕەگەزی لە پێکهاتەی خێڵەکاندا جێدار بوون. بەڵام لە دەشتە لیتەکاندا پێکهاتەی خێڵاتی هەلوەشاوەتەوە و، کۆمەڵی چیناتی جهێی گرتۆتەوە، لە ناویشیدا ناوەندێتی لە ڕەگەزی دایک ستیندراوە و، نێراتی ناوەندێتی دەکات.

## پۆپەی 24

مۆدێڵی دیجلێ و فەریتۆ لە کۆمەڵی چیناتی و، نەزمی بەڕێوەبردنێ، بە هەمووڵادا بڵاوبووەوە، لە دیوی خۆرئاوا لە دەوری چۆمی نیلێ شێوەی لێ لەبەرگیردرایەوە، لە دیوی خۆرهەڵاتێ لە دەوری چۆمی سیند دەستی دراوەتێ. مۆدێڵەکە سەبارەت بە کووردهەواری ناوەندی شارستانێتی دایک، خوودێتی کووری بەرجەسدە کرد، بەڵام لە پەیوەندی بە دەرەوەی خۆرمیانێ، دەوری دایکی دیتوە. چوونکە کووڕی سەرڕەش بە شێکە لە خۆرمیانێ، لە کاتێکدا خۆرمیان دایکاتی جێهانێ دەکات. ئەوی لە دۆڵی نیلێ پێکهات، کووڕی ئەو دایکەیە، ئەوەی لە دۆڵی سیندێ پێک دێ، کیژێتی. جوودایەزی خوودێتی لە نێوان بەری خۆرئاوا و بەری خۆرهەڵاتێ، لێکەوتەی خوودایەزی خێڵانی ناوچەکەیە. ئەوانی باکووری ئەفریق، خێڵانی هۆفی بوون، بەڵام خێڵانی هیند لە هاردی و مهیرهۆفی پێک هاتبوون، لە بەر ئەمەیە لە سەر زەمینی هیند، شاری ناشرووشتی و کۆمەڵی چیناتی بە هاسانی جهێی نەدراوەتێ، بە درەنگ وقهت و، زۆر لە پاش دۆڵی نیلێ شێوەی هاتۆتێ، شێوەهاتنێک هەرگیز نەیتوانیوە زاڵێتی تەواو بە سەر بنەماکانی شارستانێتی دایکدا بسەپێنێ. لەوێندەرێ وا هێشتانەکەش شارستانێتی دایک، شوێنەواری زەق و زیندووی هەیە، لەوێ بە سەدان ملیۆن کەس لە بۆنەکاندا سرووده نیشتمانیەکەیان بە سەرناوی "کڕنووشت لە بۆ دەبەم دایە" دەڵێنەوە. کڕنووش بردن لە بۆ دایک، ئەگەر ئێستاکێ تەنەها لە ئاستی زمان و زارە، شوێنەواری کڕنووشێکە لە ئاستی زەمین و، لە کەسێتی دایکدا، لە بۆ هووداى دایک بردراوە. لەبەرهەندێ، شێوەگرتنی کۆمەڵی چیناتی و، پەڕاوێزخستنی ڕەگەزی دایک، بە قوورسی چۆتە بەرێ. خۆرمیان دایکە، فەرهەنگی هاردی کچە شیرین و نازدارەکەی

ئەو دایکەیە، مۆدێلی کۆمەڵی چیناتی، ئەوی بە سۆمەر ناسدراوە، کووڕە سەرەڕۆ و بێ ناموسەکەێتی، خاس و خراپ هەرچی وا لە جیهانێ بڵاوە، سەر بە هێکێک لەم دووانەیە. بڵاوبوونەوەی مۆدێلی کۆمەڵی چیناتی و، بەلاوەنانی مێ لە جیهانێ، قۆناخ بە قۆناخ ڕوویداوە، جهێ لە جهێ مۆدێلەکەی وەرگرتۆتەوە و، لەگەڵ هەلومەرجی هەرجێهەکیش بە شێوەی بەشەکیانە گۆڕدراوە. مۆدێلی چیناتیەکەی دیجلێ و فەریتۆ، کاتێک لە دەوری دایک - نێرمووک شێوەی هاتۆتێ، ئەوجا لە دایکەوە دوو وەچە بە دوونیاهێ هاتوون، ئەوی دۆڵی نیل کووڕ- نێرە، ئەوی دۆڵی سیند کیژ- مێیە، هەرهێکە لەمانەش دەبنەوە بنەڕەتی دوو وەچەی چیناتی. ئەوی بە سەرچاوە لە نیل پەیدا دەبێ، گریک و ڕۆمە، هێکەم مێ و دووهەم نێرە. ئەوی بە سەرچاوە لە سیند بە شێوە دێ، زاینا و جاپۆنە، هێکەم مێ و دووهەم نێرە. هەرجهێ نێربووبێ، لەو جێهە چەوساندنەوەی چیناتی و چەوساندنەوەی ڕەگەزی دایک توندتر ڕەوتی دراوەتێ.

## پۆپەی 25

ئەو کاتەی لە ناوەندی شارستانێتی دایک لە کووردهەوار، خەڵکی دەیانگووت" ئەو دایکەی نەوبەرەی کیژبێ، بە بەختە و بەرەکەت دەکەوێتە ماڵەکەی،" هەمان کات لە بیابانێ و لە باکووری ئەفریقێ، نەوبەرە و دوابەرە، ئەگەر کیژ با، دەبووە سەرەخۆرەی دایکی. لەوێندەرانێ باوک، کیژۆڵەی لە کۆشی دایکی دەردهێنا و، لە چاڵی مەرگی دهاوێشت. باوکان وەکوو بەڵا و بێ بەرەکەتی چاویان لە کیژان دەکرد. دیسان هەرباوک بوو کە لە سەرزەمینی بابلێ، کیژۆڵە و کووڕیژگەی خۆیان پەڵکێش دەکردن و، لەبەر پای پەیکەری هوودایانی درۆین، شمشێریان تێ دەسرەواندن و ملیان پەل دەدان. پێشترێ لە شارانی نێوان دیجلێ و فەریتۆ، قوربانیکردنی هاژەڵان لە بۆ هووداکان ئەرکێکی دینی بوو، پیاوانی ماڵی درۆینی هوودا لە ڕێی ئەم فێڵەوە، خۆیان لە خواردنی گۆشتی هاژەڵان تێروتەسەڵ دەکرد. پاشانەکە بە هاتنی خێڵانی هۆفی لە بیابانێ، چینی بەرسێبەرێ فەراوانتر و، چەوساندنەوە توندتر بوو، لە لێکەوتەی پەرەستەندنی توندویژیەکانیشەوە، باوەڕی خەڵکەکە بە هووداکان لە کەمی و کاڵی بوو، هیدی لە بەر هەردوو هۆکارەکە، قووربانیکردنی هاژەڵان لە کەمی دەدات و، وەڵام بە خواستی پیاوانی پەرستگە ناداتەوە، لەبەرهەندێ وها دەخەنە مێشکی خەڵکیەوە، هووداکان مەیلی خوون دەکەن، ئەوی نەیبێ هاژەڵ سەرببڕێ، لە سەرێتی هێکێک لە منداڵەکانی بکاتە قوربانی. زاڵمان ویستوویانە بەمجۆرە فیشارێکی گەورەی دەروونی لە سەر خەڵکی دروست بکەن و، وهایان لێ بێ هەموو هەوڵێک بدەن لە پێناو پەیداکردنی هاژەڵ و بە قووربانیکردنی. ئەمە ئەو کاتەیە کە هۆفێتی لە کەسێتی

پیاوانی بە ڕووالەت نێزیکە هوودا، بەرەو ترۆپک هەڵدەچێ و، قووربانیکردنی منداڵان وەکوو نەریتێکی دینی، لە بابلێ، پاشانیش لە ناو خێڵانی بیابانێ و باکووری ئەفریق بڵاو دەبێتەوە. کاتێک براهیمی چاکەخواز دەرکەوت، لە مێژبوو ناوچەکە ئەو شەلالی خوونەی تێیدابوو، خەڵکی بە جۆرێک لە جۆران دەقیان پێوەگرتبوو، وەلێ ئەو قهرمانی کرد، لە سەرە گەوجانەکەی هەمووان ڕاپەڕی و، زارەکیانە و کردەکیانە، بەرامبەریان هەڵستایە سەرپێ، دانانی شمشێر لە سەر گەردەنی "سماهیلی کووڕی سارا" وەکوو قوربانی، پاشان سەربڕینی مەڕێک لە جهێی وی، هەنگاوێکی بە کاریگەربوو، لەگەڵ ئەو هەنگاوەدا بە خەڵکەکەی ڕاگهاند: هوودا چیدی ڕازی نیهە منداڵان بە قووربانی بکەن.

## پۆپەی 26

شێوەگرتنی کۆمەڵی چیناتی لە دۆڵی نیلێ، بناخ لە سەر خێڵانی دڕندە و هۆفی، هەلومەرجەکەی بە چەند قات دژوارتر بوو لەوەی دیجلێ و فەریتۆ، چوونکە مۆدێلی کووڕی سەرڕەش بە سەرچاوە لە خێڵانی هاردی هەڵتۆقی بوو، لە هەناویدا بڕێک مهیریات دەوامی دەکرد، پاشانەکەش مۆدێلی ئەکەدی – بابلی لە سەر قاڵبی پێشوو، بە تێکەڵەی خێڵانی هۆفی و، سەرڕەشانی بە بنەڕەت هاردی شێوەیان هاتبووهێ، تێکەڵبوونێک بوو لە نێوان هۆفێتی ڕەق و هۆفێتی نەرم. لە دۆڵی نیلێ هەلومەرجەکە جیداواز بوو، خێڵانی ئەوێندەرێ بە گشتە هۆفی بوون، لە بەرهەندێ بە زەوی داهێنانی ئابوری و، دەستبردن لە بۆ چاندنی بەرئاوێ، رێ لە بەردەم خانەوادە بە دەسهەڵاتەکانی خێڵانی هۆفی دەکاتەوە، بتوانن بە هاسانی مۆدێلێکی زبری دەسهەڵات و کۆمەڵی چیناتی، بە دۆڵی نیلێ دابهێنن. بڕۆننێ، هاوبەند بە شوێنەواری دێرین، گەورێتی کۆشکە هەڵچەندراوەکان گەورێتی زەبر و چەوساندنەوە نیشان دەدەن، بەوەدا بزانن پاشایانی خۆ بە هوودازان و، چینی بەرسێیەرێ لە دۆڵی نیلێ، زاڵمی زەلام بوون، لە بەرامبەریشدا چینی بەرهەتاوێ، هەتا ئەوپەڕی ستەم دیدە بوون. ئەوەتانێهێ، دەلوێ لە نیگاکردنی هەرەماندا، مەزلووم و زاڵم بە چاوی سەری خۆتان ببینن، بشبینن وا لە هاخیریدا، هۆفی زاڵم بە خۆی و دەسهەڵاتەکەیەوە، لە تاقە تابوتێکدا کۆبۆتەوە.

## پۆپەی 27

لە سەرووی نیلێ، خەڵکی کەنهانێ هەبوون، ئەو خەڵکانە بە سەرچاوە لە ڕووناکی بیری دایکانی کووردهەواری، فێری ماڵیکردنی ئاژەڵان بووبوون، بەڵام مانگا بە

هۆی شیرەکەیەوە، بە هەندازێک بۆیان گرینگ بوو، بە هوودایان دەزانی، لەوان وهابوو هوودای دایک لە خوودێتی مانگادا دەردەکەوێ و رسقیان دەداتێ، چوونکە ڕسق هوودا دەیدات. ئەمەش لاڕێبوونێک بوو لە بیروباوەڕی ڕاستیەقین، هەروەکوو خەڵکی لە دۆڵی سیندێ، سەبارەت بە مانگا تووشی هاتبوون. دەشتی کەنهانێ هیشک و برینگ بوو، وەڵامی پێویستی بە خەڵکەکە نەدەدایەوە، لەبەرهەندێ پەرەستێندنی چاندنی بەرئاوێ لە نیلێ، وهای کرد هەندێک لە خێڵەکان بەرەو خوارێ شۆڕبنەوە. مووسا کووڕی هیوکابد لە ناو هێکێک لەو خێڵانە لە دایک بووە. وەلێ سەرگوزشتەی ئەو کۆرپەیەی لە نێو زەمبیلێکی دارین بە دەم ئاوی نیلێ فرێ دەدرێ و ژنی پاشا هەڵی دەگرێتەوە، نە ڕاستە و نە هی مووسایە. وێنەی هێکەمی ئەو سەرگوزشتە چەند هەزار ساڵ پێشترێ لە نێوان چۆمەکانی دیجلێ و فەریتۆ هۆندراوەتەوە، پاشان بە زاروزار گەیشتۆتە دۆڵی نیلێ. کووڕەکەی هیوکابد لە زگی دایکیەوە، بە پەیامبەری لە دایک بوو، هەروەکوو هیسای کووڕی مریەمێ و مهەمدی کووڕی هامینێ، ئەوانیش بە پەیامبەری بە جێهانێ هاتوون. مووسا لە منداڵیەوە دارای پلەی بڵندی هاقڵانیەت بوو، پێ بە پێی هەڵکشانی تەمەنیش، توانای چۆتە سەرێ، هەرئەمەش گەهاندووتی بە پێوەندانی فیرهوون و، لە کنەوان فێری نوسین بوو. وشەی "فیرهوون" لە زمانی زگماک بە واتای "گەورەی هەمووان" دێ، ئەو وشەیە جێناوێک بوو، وقهتی خۆی پاشایانی نیلێ لە سەر خۆیان بەرکار کرد، ئەوان زالمانێک بوون خۆیان بە هوودای خەڵک دەزانی و، بە تووندی قۆمەکانی ئەوێیان خووساندبوونەوە. مووسا زەنگین بوو بە زانستی هوودای ڕاستیەقین، دەیزانی نە فیرهوون بە جەسدەبووی هوودایە، نە هوودا لە بۆ ڕسقدانی بەشەرێت لە خوودێتی مانگادا دەردەکەوێ، دەشیزانی وەستانەوەی لە هیکڕا بە ڕووی فیرهوون، هەنگاوێکی پووچە، ئەگەر هەڵیبگرێ سەری تیێدا دەچێ، بەبێ ئەوەی ئەم تیێداچوونە ئەوانیدی لە پووچی قووتار بکات، بۆهێ هەڵەی وهای نەکرد، هەنگاوە ڕاستەکەی هاوێشت و، خۆی تەنەها بە پەیامبەری خێڵەکەی ناساند. ئەمەش هەنگاوێک بوو لەگەڵ خواستی فیرهوون کۆک بوو، چوونکی بە هوودازانینی مانگا و بەهوودازانینی فیرهوون بە تەنیشت هێکەوە، لە شان و شکۆی پاشای کەم دەکردەوە، لەبەرهەندێ فێرهوون پێی خۆش بوو، ئەگەر کووڕەکەی هیوکابد بتوانێ کارێک بکات خێڵەکەی واز لە مانگاپەرستی بهێنن. دوورکەوتنەوەی مووسا لە دەسهەڵاتی فیرهوون، کاتێک ڕوویدا کە لەگەڵ دەستوپێوەندانی پاشا بە کێشە هات، تەنانەت هێکێکیانی کوشت، بەمەش ناچاربوو لەگەڵ خێڵەکەی هەڵبێن و، لە کێوەکانی کەنهانێ بگیرسێنەوە. هەمن هەقایەت ناگێڕمەوە، بەڵکوو وانەتان پێ دەڵێمەوە. ڕووداوەکان بە وانەی لێ فێربوون بزانن و لێیان هوورد ببنەوە. لەمەوپاش هیچ شتێکی شاش مەخەنە سەرتانەوە، هەتاوەکوو لێی هوورد نەبنەوە، فێربوونی ڕاست و دروست هووردبوونەوەیە.

ڕەوتی هۆفی پشت بە تەن دەبەستێ، ئەگەر لە جۆرێتی و چەندێتیدا، سەنگی تەن بەلای ئەودا نەکەوێ، قەت ناتوانێ لە بەرامبەر ڕەوتی مهیریدا خۆی ڕابگرێ، ئەو کاتانەی ئامرازەکانی تەنی هەردوولا وەکوو هێک بووبن، هەمیشە هۆفی دۆڕاون. ئەم هاوکێشەیە لە مەیدانی شەڕکردنێ بە باشی ساخ بۆتەوە. لە ڕۆژگارانی درەنگ وقەتدا، خێڵانێکی هۆفی، گرێدراو بە هوودای درۆینی ناودێر بە " ئاشوور،" کە خۆشیان بە ناوی هووداکەیانەوە ناسدراوبوون، لە نێزیک دەشتەکانی کەنهانێ ڕا، ڕوو بە دەشتەکانی زاگرۆسێ دەستیان بە پەلاماردان کرد، سەرەنجام توانیان برێک دەشتی دیجلێ و فەریتۆ بخەنە چنگی خۆیانەوە، هیدی باروبنەیان خست و شڕە دەسهەڵاتێکیان پەیدا کرد. ئەوی ئەو دەسهەڵاتەی دانێ، نە هێزی بیروباوەڕ بوو، نە جەنگاوەرێتی، بەڵکوو جۆرێتی تەنی چەکەکانیان بوو، ئەوان لە ڕێێ بازرگانانی کەناری دەریاوە، شمشێر و ڕم و زرێ و قەڵخانی ئاسنینیان چنگ کەوتبوو، لە کاتێکدا خێڵانی هاردی بە چەکی دارین بەرخۆدانیان دەکرد، بێشک چەکی دارین دەرەقەتی چەکی ئاسنین ناهێ، سەرەنجام ئەم ناهاوسەنگیەی چەکەکان، بە قازانجی هۆف کەوتەوە. لە مێژبوو لە یۆنانێ ئاسنگەری سەری هەڵدابوو، ئاسنگەرەکان چەک و کەرستەی جووداجۆریان لە مەفرەق و ئاسن دروست دەکرد، پاشان بەلەمەکانی بازرگانیکردنێ دهاتنە دەو ئاوەکان و، سەودا و گۆڕینەوەیان بە کەرستەکانەوە دەکرد. گریکەکان هەرچەندە زوو فەرهەنگی دایکانی کووردهەواریان گهیشتبووهێ، وەلێ هەڵکەوتەی خاکەکەیان ئەوە نەبوو بە تێری وەلام بە هاژەڵداری و چاندنێ بداتەوە، لەبەرهەندێ برێک لە خەڵکەکەی ئەوێ کەڵکیان لە سەوداکردنێ دەگرت، ئەو کەرستانەی لە مەفرەق و ئاسن سازیان دەکرد، بە دانەوێڵە و خووری و چەرمی هاژەڵان دەیانگۆڕینەوە. کاتێک چەکە ئاسنینەکان کەوتنە دەستی ئاشوورپەرستەکان، سەنگ بەلای ڕەوتی هۆفیدا کەوت، بەڵام لە قۆناخی پاشترێ، هەمان تووخمی چەک دەستی جوانمێرانی ناوەندی شارستانێتی دایک کەوتوون، بەمەش سەنگی هێز بە لای بەرەی خێردا گەڕاوەتەوە. بڕۆننێ، لە نوسدراوی سەرتەختە قووڕینەکاندا، "ئەکەدی" و "بابلی" و "ئاشووری" سێ ناوی بە برەون، هەرهێکێکیان وەکوو زلهێزی سەردەمی خۆیان ناویان دراوەتێ، هەرسێ زلهێزەکەش لە سەردەستی خێڵانی هاردی، کە سوارچاکی کووردهەوار بوون، کۆتاهیان پێ هێندراوە. دەسهەڵاتی ناودێر بە ئەکەد و بابل لە تێکەڵەی خێڵانی هۆفی و، سەرڕەشانی بە بنەڕەت هاردی پێکهاتبوون. دەسهەڵاتی ناودار بە ئاشوور لە سەرجەمدا خێڵانی هۆفی بوون، لێکەوتەی ئەوە بوو، وا دڕندێتی لە کەسێتی ئاشوورپەرستان و، ئەو دەسهەڵاتەی پێکیان هێنا، گهیشتبووە ترۆپک، بەڵام بەم دڕنداتیەی خۆشیانەوە، زەندەقیان لە مێرخاسانی مهیرپەرستی هەوارەکە چوو بوو،

دروستکردنی قەڵاتی بەردین و، هەڵچەنینی دیواری بڵند بە دەوری خۆیاندا، لەو ترس و تۆقینەوە هات. ئاشووریپەرستان تەنەها لە دەشتی چۆڵ و هۆڵی هەندێک بەشە خاک باروبنکەیان دانا بوو، بەبێ ئەوەی دەسەهڵاتیان بە سەر خێڵە هاردیەکاندا بشکێ، ئەو خێڵانەش جار لە دووی جار هەڵیاندەکووتایە سەریان، بەشکووم دەریان بپەڕێنن، لە کۆتاهیشدا کاتێک تووخمی چەکەکانیان گۆڕدرا و، هاوسەنگی پێک هات، هاردی بە سەر هۆفیدا سەرکەوتن، خێڵانی میدۆس هیمەتێکیان کرد و ئاشووریپەرستەکانیان بە هێکجاری بنبڕکردن. ئەوەی ڕوویداوە تەنەها گۆڕینی دەسەهڵاتێک نیهە بە دەسەهڵاتێکی دی، بەڵکوو وەرچەرخانێکە، تیایدا مهیری بە سەر هۆفیدا زاڵ دەبێ.
نەزمی میدۆس، نەزمی هاردی - مهیری بوو، لە بنچینەوە جوودا بوو لە نەزمی مۆدیلی کووڕی سەرڕەش، یان لە نەزمی ئەکەد، بابل، ئاشوور، ئەم سێهانەی هاخیری، نەزمی ڕەقی هۆفێتی بوون و، لە دەرێرا هاتبوون. میدۆس لە ناوەوەڕا هەڵقووڵا و، لە هێکێتی هۆزانی کووردهەوار پێک هات. هێکێتیەکەی کووردهەوار دوو قۆناخی دەربازکرد، قۆناخێک بە میدۆس و قۆناخێک بە "هاخمین" ناسدراوە. وشەی هاخمین لە زمانی زگماکدا بە واتای "خاکی من" دێ، ناوێکە لە بۆ قۆناخی دووهەمی هەمان هێکێتی، ئەویش پاش لە سەر تەخت لادانی هەژدەهاکی دواهین پاشای میدۆس. لە کووردهەواردا خۆبەخۆ بنەما لە سەر نەزمی مهیری، دەسەهڵات بە دوو ئەنجوومەنی "مووخان" و "پیران" بەڕێوەبردراوە، پاشای مەفتەن لەلایەن هەردوو ئەنجوومەنەوە، لە سەر بنچینەی بەرەدایکاتی دێرینترینی خێڵ، لە ناو بنەماڵەی دایە گەورەی خێڵەکەدا هەڵبژێردراوە، بەڵام تەنەها چەند دەسەهڵاتێکی سنووورداری دراوەتێ، دەسەهڵاتەکانی دی بەشە زۆرەکەی لە دەستی ئەنجوومەنی "مووخان" و، بەشە کەمەکەی لە دەستی ئەنجوومەنی "پیران" بوون. هەرکاتێکیش پاشا لارەمل بووبێ لایانداوە و، کەسێکی دی لە هەمان بنەماڵە پایەی پاشاهێتی دراوەتێ. ئەم نەزمی بەڕێوەبردنە، هەمان نەزمی بەڕێوەبردنی هەموو هێکێک لە خێڵانی هاردی بوو، بەبێ کەم و زیاد، لە پێکهێنانی هێکێتیەکانی کووردهەواریشدا بە بنەما گیردراوەتەوە. مووخەکان کەسانی دانا و هەکیم بوون، بناخ لە سەر داناهی و لێهاتن لە ناو هۆزەکان هەڵیاندەبژاردن. پیرەکان هەرهێکەیان لە بنەماڵەی دایە گەورەی هۆزێکەوە هاتبوون و، نوێنەراتی ئەو هۆزەیان دەکرد. هەژدەهاک پیاوێک بوو لە ڕەچەڵەکی دێرینترین بەرەدایکان کووردهەواری، لەبەر ئەوە ئەنجوومەنەکان کردیانە پاشای مەفتەن، کەچی پاشانەکانێ لە نامووس لایدا و، لە نەزمی بەڕێوەبردنێ لارەملی کرد، ئەنجوومەنەکانی پەراوێزخستن و، خۆی وەکوو پاشاهێکی ڕەفتارهۆفی هەڵسوکەوتی دەکرد، بەم کارەشی کۆمەڵی کووردهەواری ڕوو بە لاوازی برد، لەبەر هەندێ پێوستی کرد لە دەسەهڵاتی بخەن و، پێڕست بە نامووس کەسێکی دی لە خوونی دایکاتی بنەماڵەکەی ئەو، بخەنە پایەی پاشاهێتی. لەم بازنەیەدا کچەزاکەی

هەژدەهاک بە ناوی "کوورش کووڕی مەندانە،" پاڵپشت بە خێڵانی کووردەهەواری، هاتە پێشەوە، ئەمجا هەموو بە هێکەوە هیمەتێکیان کرد و، پاشا زۆردارەکەیان لە سەر تەخت لابرد. ڕاستی ڕووداوەکە ئەوەیە، کووڕەکەی مەندانا، بە یارمەتی مووخان و پیران، سەرلەنوێ دادپەروەری لە نەزمی بەڕێوەبردنێ بە دید هێنا، پاشانەکە گرێدراو بە مهیریات، هیزری "هاخمین – خاکی من "ی بەگەڕ خست، ئەمەش هێزی دانێ و، توانیان خێڵانی هۆفی ڕاوبنێنن و، هەموو خاکی کووردهەوار لە تخووبی یۆنانێ، هەتا مەرزی هیند هێک بخەن. ئەودەم لە تەواوی پانتاهی ئەو خاکەدا، فەرمانڕانی خۆماڵی داندراوە، لە دەشتەکانی خواروری دیجلێ و فەریتۆش، دەسهەڵاتی هۆفێتی ناودێر بە بابلی، کووڕەکەی مەندانە ڕووخاندی، وەلێ مهیری نواند و، زەبر و زۆری لەو کۆمەڵە چیناتیە نەکرد، کە هەزاران ساڵ بوو لەوێ قاڵبی گرتبوو، ڕێی دانێ ئەوجۆرەی خۆیان مەیل دەکەن، ئەوها شێوە بە زیندەگی خۆیان بدەن، چوونکە ئەوێ چیدی بەشێک نەبوو لە کۆمەڵی کووردهەواری، مەرامیش لە رووخاندنی دەسهەڵاتە چیناتیەکە، دابینکردنی هێمناتی بوو لە تخووبی هەوارەکەدا. هێکێتی میدۆس - هاخمین دەرکەوتەی تازە نەبوون، لەوەتی خێڵانی هۆفی دەستیان بە پەلاماردان کردبوو، زوو زوو خێڵانی کوورهەواری دایک دەربازی هێکێتی دەبوون، ئەم هێکێتیبوونە هەمیشە هێزی تێکشکاندنی دژمنی دەدانێ." گۆتی، لولۆهی، هیلامی، هۆری، هیتی، میتانی، سۆباری" لە نموونەی ئەو هێکێتیانە بوون، پێشترێ لە بەشەکانی ناوەند و باکوور و خۆرئاوای کووردهەوار پێک هاتبوون، ئەمەش لەبەرئەوەی خێڵانی هۆفی لە بەری خۆرئاواوە هەڵیاندەکوتایە سەر ناوەندی شارستانێتی دایک. بەڵام لە بەری خۆرهەڵاتێ لە تخووبەکانی هیند، خێڵانی مهیرهۆفی و هاردی دەژیان، پەلامارێک لە گۆڕێ نەبوو پێکهێنانی هێکێتی بکاتە پێویستی. لە هەرجهێ و هەرکات پێویستی کردبێ، هێکسەرە هێکێتی هۆزان پێک هێندراوە و، دەسهەڵاتێک بە قاڵبی فەرمانڕانی، واتە گەل فەرمانی (ڕان واتە گەل) شێوەی دراوەتێ. لە رەوەندی ڕابردوودا، هەردەسهەڵاتێکی خۆماڵ بە کووردهەوار پێکهاتبێ، لە میانیدا کردەکیانە چەمکی فەرمانڕانی بەبەرجەسدە بووە، چوونکوو نەزمی دەسهەڵات گرێدراو بە بنەڕەتەکانی مهیری، هاوشێوە بە نەزمی بەڕێوەبردنی خێڵان - گووندان ڕەوتی پێدراوە، هەرگیز دەسهەڵات لە دەستی کەسێک، یان دەستەبەندێکی نەگۆڕ کۆنەبۆتەوە. لە ئاستی هێکێتیدا، دوو ئەنجوومەن و پاشاهێک بە شێوەی خوول کاروبارەکانیان بەڕێوەبردوون، هەرهێکەشیان چەند ساڵ جارێک گۆڕدراون و، کەسانی دی شوێنیان گرتوونەتەوە. ئەندامانی ئەنجوومەنی پیران لە نوێنەرانی ماڵی دایە گەورەی هۆزەکانەوە هاتوون، پیران و ماقووڵانی هەرهۆزێک، کەسێکی شیاویان لە خانەوادەی دایە گەورەیانەوە هەڵبژاردووە و، ناردووتیانە ئەنجوومەنی پیرانی فەرمانڕانیەوە، هەرکاتێکیش کەسەکە خواری و خێچی لێ بە دید هاتبێ، لە فەرمانڕانی لادراوە،

داواش لە هۆزەکەی کردراوە، کەسێکی دی دیاری بکەن و بینێرن. دووهەم ئەنجوومەنی فەرمانڕانی، "مووخان" بوون، مووخەکان کەسانی دانا و توانامەند بوون، هەرهۆزێک لە ناو ئەنجوومەنی "ماقوولان"ی خۆیدا، هێکێک لەو توانامەندانەی هەڵدەبژارد و، دەی هەنارده ئەنجوومەنی "مووخان"ی فەرمانڕانیەوە، ئەویش ئەگەر لە میانی ماوەی خوولەکەدا، لارێبوون و بەدگفتاری لێ بەدید بهاتبا، لە فەرمانڕانی لادەدرا، داواشیان لە هۆزەکەی دەکرد ماقوولێکی دی بنێرێن. هوورد زهینی بدەنێ، لە هەرهۆزێکدا دوو کەس نێردراون لە بۆ فەرمانڕانی، هێکێک لە پیران و ئەویدی لە مووخان، ئەو دوو کەسەش لەلایەن دوو ئەنجوومەنەکەی هۆزەوە هەڵدەبژێردران، دوو ئەنجوومەنەکەش هەڵبژاردە بوون لە خەڵکی هۆزەکەوە. هاوکات "پاشا" لە ناو دێرینترین بەرەدایکی مەفتەن، بە شێوەی خوول هەڵبژێردراوە، ئەویش لە ڕێی دەنگدانی ڕاستەوخۆی سەرجەمی ئەندامانی پیران و مووخانی فەرمانڕانیەوە. لە ماوەی ئەو خوولەش ئەنجوومەنەکانی فەرمانڕانی بە هێکەوە دەسهەڵاتی باڵا بوون، دەسهەڵاتەکانی پاشا سنووردداربوون و، لەلایەن ئەنجوومەنەکانەوە دیاری کردراون. لە بەڕێوەبردندا هیچ تەلار و تایبەتبوونێک بە پاشا نەدراوە، ئەویش وەکوو هەرکەسی دی لە پایەی کۆمەڵاتی و ئابوریدا، هاوسەنگ شیاوە، وقتهێک ماوەکەشی تەواو بووبێ، هاسان لادراوە و، ئەرکەکە بە دەنگدانی ئەنجوومەن بە کەسێکی دیکە سپێردراوە.
شێواز و پێکهاتەی دەسهەڵاتی میدۆس - هاخمین لە وێنەی نێزیک لە ئەوانی پێشوو شێوەی دراوەتێ، وەلێ ئەوەی گۆڕدراوە، پایەی پاشایە کە بۆتە جهێنیشینی، دەسهەڵاتیشی هەڵکشاوە و، کۆشکی گەورە بنیادنراوە، ئەمەش نیشانی دەدات بنەماکانی مهیریبوون کوورتی هێناوە، هەنگاوێکیش ڕوو لە هۆفیبوون چوونەتە پێشێ. بەڵام بنەڕەتی هەرەگرینگ و هاوبەش لە نێوان دەسهەڵاتی میدۆس - هاخمین و، فەرمانڕانیەکانی پێشوو ئەوەیە، دەسهەڵاتی خۆماڵ بە کووردهەوار بوون و، لە ناوەندی شارستانێتی دایک هەڵقوڵابوون، هەم نەیانویستووە و، هەم نەیانتوانیوە خەڵکەکە بخووسێنن، بەڵکوو هەوڵیانداوە هەوارەکە لە پەلامارەکانی هۆفێتی بپارێن.
هەژدەهاک تەنەها پاشاهێک نەبوو، ناوونیشانی دەستپێکێکیش بوو لە دەسهەڵاتخوازی و لارەملی، قۆناخەکەی وی بە خراپ ڕەنگیدایەوە لە سەر نەزمی بەڕێوەبردنێ. ئەو کە نەزمەکەی بەلادا خست، کچەزاکەی هات ئەوی خستەلاوە و، خۆی چووە پایەی پاشاهێتی. لادانی زۆرداریێک دەستکەوتێک بوو لە بۆ خەڵکی، سەرەڕای ئەوەش، کووڕەکەی مەندانا توانیبووی ئاستێکی بڵند لە دادوەری و هێمناتی لە سەرزەمینی بەربەرینی کووردهەواری بەرقرار بکات، ئەمەش ڕێی لە بۆ خۆشکرد کووڕەکەی بکاتە جهێنیشینی خۆی، لای خەڵکەکەش کووڕی پاشاهێکی دادوەر زامنێکی باشتری دادوەری بوو، وەک لە هاتنی کەسێکی دی، پاشان ئەو کەسە هەروەکوو هەژدەهاک زۆرداریێکی لێ دەربچێ، بێجگە لەوەش بە ڕێسای خوون و دایکاتی، دەبوو پاشا لە

ناو هەمان بنەماڵە هەڵبژێرن، ئەمەش وەهای کرد ئەنجوومەنەکان ڕەزابن لەوەی کووڕەکە جهێێ بگرێتەوە. بەڵام خراپ ئەوەیە پاش ئەویش دەسەهەڵاتی پشتاوپشت دەوامی دراوەتێ. لە پەیوەندی بە ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو بنەمای نەگۆڕ ئەوەیە، ئاستی دەسەهەڵاتخوازی هێکسانە بە ئاستی هۆفێتی لە بەشەردا. لە تایبەتمەندی ڕەگەزیدا، ژن کەم مەیلە لە بۆ دەسەهەڵات و، پیاو فەرە مەیلە، ئەمەش لێکەوتەی بەرزی مهیرە لە ژندا، لە بەرهەندێ تۆخی و توولانییوونی تایبەتمەندێتی مێ لە ناو هەرکۆمەڵێکدا، هێکسانە بە کۆمەڵێکی بێ چین و بێ چەوساندنەوە. کۆمەڵی کووردهەواری بەوەی کۆمەڵی ناوەندی شارستانێتی دایک بوو، تایبەتمەندی مێ تیایدا بەرز بوو، ئەوەش وەهای کرد هەزاران ساڵ ڕاپەڕاندنی هەوارەکە بە فەرمانڕانی ڕەوت بگرێ و، دەسەهەڵات بە شێوەی خوول دەستاودەست بکات، بەمەش ڕێ لە مەیلی دەسەهەڵاتخوازی و خۆسەپێنی گیردراوە، کۆمەڵەکەشی بە پتەوی و بە هێزی هێشتەوە. وەلێ ئەوکاتەی دەسەهەڵاتخوازی بە گۆڕێ کەوت، لەگەڵیدا لاوازبوونی کووردهەوار بە سەرەتا هات، تەنانەت لە قۆناخێکی درەنگی پاش کووڕەکەی مەندانا، مل بە ملی لە سەر دەسەهەڵات، شەڕی خووناوی لێ کەوتۆتەوە. دەنگ و باس وەهایە لە وقهتی مردنی "دەریۆش"ی پاشادا، کووڕەکانی لە سەر دەسەهەڵات کەوتنە شەڕ و خوون ڕەشتنێ. "هەردەشێر" لە سەر تەخت دانیشت و، برا گچکەکەی بە ناوی "کوڕۆش"ی بچووک، بە لەشکرێکی تێکەڵەی سێزدە هەزار شەڕوان هەڵیکووتایە سەری. بڕۆننێ، جاران کە ئەنجوومەنەکانی پیران و مووخان بنەما لە سەر ڕەچەڵەکی دایکاتی، کەسێکی شیاویان لە بۆ پاشاهێتی هەڵدەبژارد، چەند دەسەهەڵاتی کەمیان دەداهێ و، بڕیارە بنەڕەتیەکان ئەنجوومەن دەیدا، بەبێ ئەوەی هیچ گرفتێک پێش بێ. ئەو گۆڕانەی پاشان لە نەزمی بەڕێوەبردنێ ڕوویدا، زەمینەی لە بۆ هاڵۆزی و ئاشووب خۆشکرد. مانەوەی پایەی پاشاهێتی لە باوکەوە لە بۆ کووڕی گەورە، براکانی خستنە شەڕی هێکدی، بگرە بەرەو ناپاکیکردن لە نیشتمانی بردن. برا گچکەکەی هەردەشێر، لە هەقڵ و بیرکردنەوەش پیاوێکی نامەرد و گچکەڵان بوو، چوو لەشکری دەرێی هێنا، بەو هیوایەی بتوانێ براکەی خۆی تێک بشکێنێ. لە سێزدە هەزار شەڕکەرەکەدا، دە هەزاریان بە کرێگیراوی گریکی بوون، بە سەرلەشکرێتی "هێگزنەفۆن" لە یۆنانێ ڕا هاتبوون، وەلێ بە مەرام نەگهیشتن، لەشکر شکاوە و "کووڕش"ی بچووک کوشتدراوە، شەڕوانە گریکیەکانیش بە زەهمەت توانیتیان خۆیان قووتاربکەن. ئەوی ڕوویداوە بە هێکەم شەڕی براتی و، بە هێکەم ناپاکیکردنی نیشتمانی دەرهەق بە کووردهەوار، واتای دەدرهێتێ. دیقەتی بدەنێ و لێی فێربن، دۆڕان و شکست سەرەتا لە ناو سەر ڕوودەدا، پاشان دەبێتە دۆڕان و شکست لە باری زەمینیدا، بەرتەنگبوونەوە لە پانتاهی هیزرین، دەبێتە بەرتەنگبوونەوە لە ڕووبەری زەمین. دۆخی پێچەوانە بە کەوتن و داتەپین، هەڵستانەوە و زیندووبوونەوەیە، ئەویش

به زهین دەست پێ دەکات، پاشانەکە لە باری زەمینیدا بەرجەسدە دەبێ، بەبێ زیندووبوونەوەی پێشوقتەی زهین، هیچ کات هەنگاوێکی زەمینی سەرناگرێ و ئەنجام بە دەستەوە نادات، لە زانستی ئەزموونیشدا ئەوە بە تەواوی ساخ بۆتەوە.

## پۆپەی 29

لە کەسێتی "هێگزنەفۆن"ی گریکی و، ددان پێدانانی خۆیدا، پیناسێک لە خێڵانی هۆفی دەردەکەوێتەڕوو. ئەو نوسینێکی لە پاش بە جهێ ماوە، نوسینەکە سووچێک لە وێنەی گەورەی دڕندهێتی وی نیشانەدات. هۆفی بە تایبەتمەند ئەوهایە، خراپەی خۆی دەشارێتەوە، یان وەکوو چاکە نیشانی دەدات، بەڵام خۆ ئەو چنگەی کە بە خوون سوورە ناشاردرێتەوە، بەڵکوو هێمایە لەوەی خراپەی گەورەی لێ وەشاوەتەوە. بەسەرهاتەکە بە ڕادەی پتر لە دووهەزار و چهارسەد ساڵ پێش دەرکەوتنی من ڕوویداوە، کابرای هۆفی بە دە هەزار لەشکرەوە، لە یۆنانێ ڕا چۆتە هێوەی کێوی بێستوونێ، بەو مەبەستەی هاوبەند بە دوو برای ناکۆک، بە سوودی هێکێکیان کووشتدار بخاتە گۆڕێ، لە پای ئەوەش کرێ وەربگرێ. ڕێک و ڕاست بەوە دەگووتدرێ بازرگانی خوون. لە مێژبوو لە یۆنانێ بازرگانی لە دەوئاوان بەرەوی هەبوو، وەلێ لە مێژوودا "هێگزنەفۆن" بە هێکەمین بازرگانی خوون دێ، هەرچەندە مامەڵەکەی قازانجێکی بە دەستەوە نەداوە. ئەو پاش دۆڕانی لە مامەڵەکەی و، گەڕانەوەی بەرەو یۆنانێ، کتابێک بە ناوی "سەرکەوتن" دەنوسێ. کتابەکە ئەوەی تێیدا دەخووندرێتەو، بازرگانەکە لە دەستپێکی پاهیزێدا، بە خۆی و لەشکرەکەیەوە ڕوو بە قووڵاهی کووردهەوار ڕۆیشتوون، یان وەکوو ئەو بە کاردۆخ ناوی داوەتێ، پاش شکستەکەش بە چەرمەسەری گەڕاونەتەوە. لە هەردوو سەردا، چەتە یۆنانیەکان نانی ڕۆژانەیان لە تاڵانکردنی ماڵان بە دەست هێناوە، سەرەڕای ئەوەش خانووەکانیان سووتاندوون، هەوڵیشیانداوە جوانمێرەکان بکوژن و، مێ و منداڵان بڕفینن، وەلێ بۆیان نەچۆتە سەرێ، مێرخاسانی کووردهەوار هەزار و دووسەد چەتەیان لێ کووشتوون، بەڵکوو گەلێک زیێدەتری ئەوەش. لە سەربردەی هێکێک لە شەڕەکاندا، هێگزەنەفۆن دەگێڕێتەوە و دەڵێ:"ئەو دەمەی بەرەو ناو گووندەکەیان دەڕۆیشتین، لە پشتەوەڕا لێمان سووڕانەوە و، کەوتنە گیانی ئەو سەربازانەی لە دواوەی کاروانەکە بەجهێ مابوون، کۆمەڵێکیان لێ کووشتین، هەندێکیشیان بە گاشەبەرد و سەرە نێزان بریندار کردین. ئەوان لەگەڵ ئەوەی ژمارەیان زۆریش کەم بوو، دەستوبردانە هێرشیان کردە سەرمان، زۆر بە توونیدی دەسهەڵاتی خۆیان بە سەرماندا ڕادەخست، دەهاتن لە نیزیکەوە تیریان تێ دەگرتین و بەردیان ڕادەوەشاندینێ. ئەگەر هەموویان بە

جارێک خڕبووبوونایەوە پاڵ هێک، ڕەنگ بوو بەشێکی گەورەی لەشکرەکەمان سەریان تێیدا بچێ." کابرای دژمن، شێوەی شەڕکردنی کووردەکانی هێناوەتە زمان، باس لەوە دەکات جەنگاوەرانی ڕووناکی لە هیکڕا دێن و خۆیان دەخەنە ناو هێزەکانی دژمنەوە، هاوکات لە پێشەوەشڕا ڕێیان لێ دەبەستن، هەرزووش بەرزایەکان دەگرن، پێش ئەوەی دژمن دەستی بگاتێ. لە ڕاستیدا ئەو کات و هەموو کاتێک، ئەو چەکەی کووردەکانی بە سەر نەیارانیان سەرخستوون، ئامرازی شەرکردنێ نەبووە، بەڵکوو بیروباوەڕەکەیان بووە، کە لەلاهێک بە هووداى مهیربانی بەستوون و، لە لاهێکیش هێزی گەورەی خستۆتە دەماریانەوە. سەردەستەی چەتەکانی یۆنانێ هێمای داوەتێ، جەنگاوەرانی کووردهەوار لە تیروکەوان و بەردەقانیەکی توولانی بەولا، هیچی دیکەیان پێ نەبووە، بەڵام لە تیرهاوێژیدا هێکجار کارامە بوون، ئەو کەوانانەی تیریان پێ دەهاوێشت درێژیەکەی نێزیک بە سێ گەز دەبوو، تیرەکانیشیان زیادتر لە دووگەز درێژ بوون، بە جۆرێک زرێ و قەڵخانیشی کونبەدەر دەکرد. کابرای هۆفی، تەنەها بڕێک لەو بە سەرهاتانەی بەرباس خستوون، وا لە ڕێی گەڕانەوەدا تووشی هاتوون، دەنا هەروەکوو خۆی گووتەنی، هێک هەفتە بەبێ پسانەوە لە شەڕدابوون و، دەرد و ئازاری زۆریان بە دەست کاردۆخیەکانەوە دیتوە. ئەو وێنەکەی پارەپارە نیشانداوە، ئەگەر هەموو پارچەکان لە تەک هێک دابندرێن، هەنگێ دبینن بازرگانەکەی خوون چ دۆڕانێک دۆڕاوە. چەتەی گریکی و سوارچاکی کووردهەوار لە شەڕدان، هێکەم بە دەهەزار لەشکرەوە، دووهەم لە هەرشەڕێکدا چەند سەد پیاوێک زیادترنین، لەگەڵ ئەوەشدا چەتەکان وەها شکاون، بە هەڵاتن هەڵاتوون، جار هەبووە چەند گەورە فەرماندەیان لێ کووشتدراوە و نەیانتوانیوە تەرمەکانیشیان هەڵبگرنەوە و بیان نێژن، ئەوجا لە کاتی شکستە گەورەکاندا هەنگاویان ڕوو ئاگربەست هەڵهیناوە و، داواشیانکردووە لاشەی کووشدراوەکان وەربگرنەوە، لەوکاتیدا کاردۆخی بەو مەرجە تەرمەکانیان داونەتەوە، کە ئەوانیش دەست لە سووتاندنی خانووەکانیان هەڵبگرن. هۆفی هەرخەسڵەتی وەهایە، وقهتێک دەزانێ دەشکێ، پانا لە بۆ ئاشتی دەبات و دەکڕوزێتەوە، کاتێکیش بزانێ دەیباتەوە، کەسنەناس و دڕندەیە. کووردەکان چ ئەوکات و چ هەرکات پێڕست بە مهیر جوولاونەتەوە، نە لە شکستدا چۆکیان داداوە، نە لە سەرکەوتندا کەوتوونەتە خەروور و بێ باکی، بارودۆخ هەرچ لۆنێک بووبێ، ئەوان گرێدراو بە بنچینەکانی خۆیان ماونەتەوە و، هیچ هەلومەرجێک لە مهیریات دای نەبڕیون، لە ترۆپکی سەرکەوتن بە سەر دژمندا، هەنگاوی ئاشتی ڕوو بە دژمنی دۆڕاو دهاوێن، چوونکە لە بنەماوە شەڕخوازنین، بەڵکوو شەڕ لە خۆیان پاس دەکەن. لە کن هۆفی ئەوها نیەه، هۆفی دەرفەت دەقۆزێتەوە. ئەوەتانێ هەر لە هۆنینەوەکەی خۆیدا ببینن، ئەو بازرگانی خوونەی پێشترێ داوای ئاشتی کردبوو، باشترێ چ دڕندەهێک لە کەسێتیەکەیدا دەردەکەوێ." زۆرمان لێ کووشتن، ئارەزوومان دەکرد بە

هێخسیر بیانگرین، بەشکووم لە رێوانیدا بەکاریان بهێنین، چوونکی ڕێ و بانی مەفتەنی خۆیان باش دەناسن. بەڵام تەنەها دوو پیاومان لێیان بە دیل گرتبوون، جوودامان کردنەوە و داوامانکرد ڕێی دیمان نیشانبدەن، بێجگە لەو ڕێیەی خۆمان پێمان دەزانی. هێکێک لە دوو دیلەکە، سەرەڕای ئەوەی هەموو شێوازێکی تۆقاندمان لەگەڵی بەکارهێنا، هەردەیگووت رێی دیکە پێ نازانێ. جا لەبەرئەوەی هیچ شتێکی نەدەگووت کە بە کەڵکمان بێ، هاتین ئەو پیاوەمان لەبەر چاوی ئەویدی سەربڕی، ئەوجا ئەو دڵنیای کردین بە ڕێهێکی باش و بێ گرفتدا دەمان بات، ڕێهێک لە بۆ هێسترەکانیشمان باش بێ." ئەوانە قسەی بازرگانەکەن، سەرسامی خۆیشی نیشاندەدات بەوەی لە هەڵسوکەوتی کاردۆخیەکاندا دیوێتی، دەڵێ: تەرمی کووشتدراوەکانیان بە هێکدی سپاردەوە و، دووها و درووودیان لە بۆ مردووەکانیان خووند، چلۆن لە ژیندا ڕێز لە کەسی هێژا و نرخمەند دەگیردرێ، ئەوها یادی ئەو مردووانەیان کردەوە. قسەکانی کابرای هۆفی، چەندێکی ڕاست و چەندێکی درۆن، قرتاندن و پێوەنانەکانیشی لەولا بوەستن، پاش هەموو ئەوانەش، لە وێنە گەورەکەدا شکستی لەشکری هۆفی بە زەقی دەردەکەوێ. ئەو کاتەی چەند سەد پیاوێک شکست بە دە هەزار پیاو دەدەن، بێگوومان جۆرێتی شەپۆڵ و بیروباوەڕە ئەم هێزەی داونەتێ. کەسی باوەڕدار بە بیری ڕاستیەقین، سڵ لە مردن ناکاتەوە، چوونکە دەزانێ مردن سووڕێکی دیکەیە لە ژیان، باوەڕەکەی زیندوو دهێڵێ و، خۆی دەچێ بە پیری مەرگەوە.

## پۆپەی 30

شێوە تۆکمەکەی مۆدێلی دەسهەڵات و کۆمەڵی چیناتی، لە خوارووی دیجلێ و فەریتۆوە گەیشتبووە دۆڵی نیلێ، بە درەنگتریش گەیشتە یۆنانێ. هەزاران ساڵ پێش ئەوەش، فەرهەنگی دایکانی کووردەوار بەشێک لە خێڵە گریکیەکانی ڕۆشەن کردبوونەوە، ئەوان لە بەر ڕووناکی فەرهەنگەکەدا، بووبوونە هاردی و، دەستیان بە چاندن وماڵیکردنێ کردبوو، بەڵام هەڵکەوتەی خاکەکە بە ڕادەی ویستدراو وەڵامی بە هاردیبوون نەداوەتەوە، لەبەرهەندێ برێک لە خێڵانی ئەوێ هەربە مهیرهۆفی مانەوە، پاشانەکانێش ڕوو بە هۆفی ڕۆیشتن. بنوارن، نیوەی گریک بەشە زەمینی پتک پتکە لە ناو زریاهێ، نیوەی دیکەشی هاوتخووبی ئاوە، ئەم هەڵکەوتەیە بە هەردوو باری خێر و شەڕدا دەرهاوێشتەی هەبووە، لەلاهێک هاردیبوون لە یۆنانێ کوورتی هێناوە، لە لاهێکش هەڵکووتانە سەر هێکدی کەم بۆتەوە، چوونکوو هەڵکەوتەکە هەلی داونەتێ بەش بەش و سەربەخۆ هەڵبسووڕێن و، هاسان نەبێ لە گشتەگیردا زاڵێتی بە هاردی دابهێنن. لە دەستپێکی سووڕی سەهۆڵبەندانەوە، دانیشتوانی یۆنانێ فێری ڕاوە ماسی

بووبوون و، گۆشتی ئەو گیانداره ڕەگەزی سەرەکی بوو لە پێکهاتەی خۆراکی ڕۆژانەیاندا، پاشانەکە لە ڕێی هەڵقەی هەنادۆڵەوە، ڕووناکی بیری دایکانی کووردهەواریان گهیشتێ و، ڕووناکهیەکە ژیانی بەشێک لە خەڵکەکەی لە بنەڕەتەوە وەرچەرخاند. ئەم وەرچەرخانە تەنەها لە پێکهاتەی ڕەگەزی خۆراکیدا نەبوو، بەڵکوو سەرلەنوێ زهین و دەروون و، باری کۆمەڵاتی و، نەزمی بەڕێوەبردنێی پێڕست بە مهیر شێوەی پێداوەتەوە. ئەو قۆناخە لە یۆنانێ قۆناخێکی بزره، نە کەس لە سەری وەستاوە، نە کەس لێی کۆڵیوەتەوە، لە کاتێکدا بناخی قۆناخەکانی پاشترێی ئەو دەفەرەی پێکهێناوە، ئەو دەفەرەش لە مێژوودا ڕێوانی سەرجەم سپی پێستانی خۆرئاوایە. ڕاستی ئەوەیە، ئەگەر هاردیبوون و پەیوەستبوون بە کووردهەواری دایک ڕووی نەدابا، گریکەکان بە هەلومەرجێکی نێزیک لە هەلومەرجی هارەبەکانی بیابانێ دەرباز دەبوون، خراپ تێ دەکەوتن و، هەقڵ لە ناویاندا بە بن بەست دەگهیشت. ئەو ڕەوتی هەقڵانیەی لە یۆنانێ ڕەوتی پێدراوە، هەقڵی دایکانی کووردهەوارە، فەرهەنگێکە لە میانی زهین و زاری ئەو خێڵانەی بوونە هاردی، بە ناوچەکەدا بڵاو بووەوە. هاردیبوون لەوێ، چەند هەزار ساڵ توولی دراوەتێ، لەو ماوە توولانیەشدا هەمەچەشن ڕەنگی خۆی داناوە. ئەو  کاتەی دەسهەڵاتی چیناتی هەڵتۆقی و، شارەکانی "هەسینا" و "هەسپارتا" سەرپێ کەوتن، هاردیەکان هێشتا بەشێک بوون لە پێکهاتەی خەڵکی گریکی و، دوور لە جەنجاڵی چیناتی، لە سەر هێڵی ناوەندی شارستانێتی دایک، بە شێوەی هێک چین بەڕێوە دەچوون، هەرەوز و هاوبەش لە گووندەکانیان سەرگەرمی شیوانی و چاندنێ بوون. کۆمەڵی بێ چین، بەشە ڕووناکەکەی یۆنانێی پێک دهێنا، بەڵام دوو بەشی تاریکیش هەبوون، هێکێکیان جەنجاڵی چیناتی بوو، بە سەرچاوە لە ڕەوتە هۆفیەکانی ناوچەکە پێک هاتبوو، ئەویدی مۆدێلی کۆمەڵی چیناتی بوو، لە نیلێڕا گهیشتبووە یۆنانێ. بەم چەشنە سێ فەرهەنگ لەوێندەرێ بە ناوهێکدا چوون و، سەرەنجام ئەو مۆدێلە جیداوازەی لێ بەرهەم هات، کە لە پاش بە دەسهەڵاتبوونی شارەکاندا شێوەی لێ کەوتەڕوو. لەم قاڵبگرتنەی مۆدێلی گریکیدا، هەلومەرجە لاوەکیەکەش لە نۆرەی خۆیدا دارا و بە دەورە. دەستڕاگهیشتن بە مەفرەق و ئاسن، پیشەگەری جووداجۆری بە زەوی داهێنا بوو، ئاڵوگۆڕ و سەوداش وەکوو بازرگانی دەوئاوەکان شێوەی هاتبووهێ، هەڵکەوتە زەمینیەکەش بە هەندازێک پەرتی کردبوون، لە هەندێک جهێ چهارچێوەی خانەوادە لە بازنەی خێڵ زەقتر بووبووەوە، ئەمەش زەمینەی لە بۆ دروستبوونی جەنجاڵی چیناتی خۆشکرد. لێرەدا هۆپێک بکەن و فەرقە بنەڕەتیەکانی نیلێ و یۆنانێ ڕەچاو بکەن، ئەو ڕەچاوکردنە کۆمەکتان پێ دەکات مۆدێلەکەی گریک باشتر بناسن. هێکەم: فەرهەنگی هاردی لە کاتێکدا گهیشتبووە یۆنانێ، کە هێشتا خێڵەکان لە قۆناخی مهیرهۆفی بوون. وەلێ لە دۆڵی نیلێ خێڵەکان هۆفی بووبوون، ئەوجا فەرهەنگەکەیان گهیشتێ. دووهەم لە خۆرئاوای خۆرمیانێ و

له دۆڵی نیلیٚ، جەنجاڵی چیناتی بنەما لە سەر شەڕ و تاڵانی پیک هات. لە یۆنانیٚ هەلومەرج جۆرێکی دی بوو، پیشەگەری و بازرگانی هەندێک خانەوادەی بە سەر هەندێکی دیکەدا پایەدار کرد. لەویٚ پەرتبوونی خۆڕسکانە بە هۆی هەڵکەوتەی خاکەکەیانەوە، خانەوادەکانی هەندێک خێڵ لە هێکدی ترازابوون، هەرهێکەیان خۆبەخۆ دەژیان و، بە جیدا کاری خۆیان دەکرد، هیدی هێواش هێواش جوودایەزی سەرمایە بە دید هات و، ئەو خانەوادانەی نێرینەکانیان زۆرتر بوون، پێش ئەوانیدی کەوتنەوە، چوونکە مەفرەقسازی و ئاسنگەری، کاری سەودا و بازرگانیکردنەکان پیاوان پێی هەڵدەستان. ئەو دەمەی شارەکان بە سەرەتا دهاتن، دەستی زاڵی سەرزەمینی یۆنانیٚ، خانەدانەکان بوون، ئەوان هەمان ئەو خانەوادانە بوون، کە بە هۆی ساماندارییانەوە بووبوونە چینی سەروو، ئەوانی بیٚ سامانیش لە پاشماوەی خێڵانی هەڵوەشاوە، بووبوونە چینی خواروو. سەرنجی بدەنیٚ، جەنجاڵیە چیناتیەکەی یۆنانیٚ لەگەڵ جەنجاڵی چیناتی هی نیلیٚ، لە بنچینەوە جوودایە، بۆهیٚ لە گۆڕانی جەنجاڵی چیناتی بە کۆمەڵی چیناتی، جوودایەزی بە دید دیٚ. خانەدان لە نێوان دیجلیٚ و فەریتۆ بە سەرچاوە لە "هۆفێتی زهینی،" لە گریک و شوێنانی دیکە، بە سەرچاوە لە "هۆفێتی زەمینی" پەیدابوون. سامان پیاوەکان کۆیان دەکردەوە و خەنەدانی (دانیشتن لە ماڵ) هەرئەوان قاڵبیان پێدا، لەبەرهەندیٚ شێوەگرتنی خێزان و خانەوادەی نێرناوەندی بە گۆڕیٚ کەوت. لەو پتکە خاکانەی خانەدان پەیدا بوون، پێکهاتەی خێڵ بە تەواوی هەڵوەشانەوە، یان لە ناو هەناوی ئەو خێڵانەدا خانەوادە ساماندارەکان بە سەر خێزانە بیٚ سامانەکان پایەداربوون، گرووپی هێکەم دەبنە چینی چەوسێنەر و، هی دووهەم چینی چەوساوە. لە سەرەتادا چەوساوەکان بە خزمەتکاری و کرێکاری پارووی ڕۆژانەیان دابین دەکرد، پاشانەکە چەوساندنەوە قووڵ دەبێتەوە و کۆیلە پەیدا دەبیٚ. کۆیلە کەسێکە لەلایەن کەسێکی دیکەوە خاوەندارێتی دەکردریٚ، بڕیاری مەرگ و ژینی لە مشتی ئەو کەسەیە، کەسەکە دەشتوانیٚ بیفرۆشیٚ بە کەسی دی، ڕێک ئەوجۆرەی مامەڵەیان بە شتومەکەوە دەکرد. ئەو خێزانانەی کۆیلەدار و سامانداربووبن، چەندی کات گوزەردرابیٚ، پتر دەوڵەمەند بوونە، لە نێویشیاندا کێهە خانەدان سامانی زیادتر و کۆیلەی پتری هەبووبیٚ، پتریش دەستی ڕۆیشتووە بە سەر خەڵکیدا، توانیتی لە ناو خێڵی خۆشیدا لاوازەکان بکاتە کۆیلە و کارەکەری خۆی، بەبیٚ گوێدانە خوون و خزماتی. سەرەتا لە یۆنانیٚ خێزانە خانەدانەکان دوو شەقڵ بوون، شەقڵێک لە ناو خێڵ و شەقڵێک بەبیٚ خێڵ، کاتێک شارەکان بە ئەنجوومەن بوون و، کۆمەڵی چیناتی پێکهات، ئەو دوو شەقڵەی خانەدان نەما، کۆمەڵ لە بۆ دوو چینی بەرز و نەزم، چەوسێنەر و چەوساوە دابەش بوو. خانەدانەکان ڕادە بەدەر زل و بە هێز بووبوون، زۆرینەی خەڵکیش کە پاشماوەی خێڵە هەڵوەشاوەکان بوون، ڕادە بەدەر لاواز بووبوون و، بە توووندی دەخووسێندرانەوە. ئەو هەڵومەرجە وهای لە خەڵکە

برسی و بێ بەرگەکە کردبوو، لە شکۆ و سەروەری بە تاڵ ببنەوە و، دەستبدەنە هەرکارێک لەتێک نانیان بداتێ. هەشیمەتی خزمەتکار و کۆیلە و لەشفرۆش لەو خەڵکانە پەیدا بوون. بە گوزەری کات، خێڵانی هۆفی هێک بە دووی هێک هەڵدەوەشانەوە، کەمینەی خانەدانەکان دەبوونە بەشێک لە چینە چەوسێنەرەکەی شاران، ئەوانیدی دەکەوتنە خوارێ و، لە ناو چینی کۆیلە و کارەکەر و لەشفرۆشەکاندا خۆیان دەدیتەوە، بەمەش چینی خوارێ نەسرەوتانە لە فەرەوانبوون دابوو. ئەو جەنجاڵیە بێ سەروبەرەی چیناتی، بە سوودی خانەدانەکان نەبوو، لەبەرهەندێ شێوەپێدانی دەسەڵاتێک، کە کاروبارەکان بەرزەفت بکات و، هێمناتی بە شاردا بهێنێ، دەبێتە پێویستی لە بۆ چینی سەرمایەدار و مامەڵەکردن و بازاڕەکەی، لەم بازنەیەدا خانەدانە دەستڕۆیشتووەکان هێکێتی پێک دەهێنن و، قاڵب بە دەسەڵاتی چیناتی دەدەن. هەر ئەو دەسەڵاتەش ڕێسای ڕەوتپێدانی جەنجاڵیەکەی دیاری کردووە و، بەرەو بوون بە کۆمەڵی چیناتی پاڵی پێوە ناوە، ڕێساگەلێکی هەڵقوولاو لە ویستی هۆفێتی، کە خۆی لە چینی ساماندار‌دا دیتۆتەوە. خانەدانی گریکی بنەما لە سەر سامانی گوێستدراوە هەڵتۆقین، پاشان لە هیشکاتی و تەڕاتی بوونە دارای سامانی نەگوێستداوە. چۆمی ڕاوەماسی، باخاتی میوەکان، زەوی چاندنێ، هەرئەوهاش ئەو بەشە خاکانەی تەنی مەفرەق و ئاسنیان لێ دەردەهێنان و، ئەو دووکان و بازاڕانەی پیشەگەری تێیدا بەڕێوەدەچوو، سامانی نەگوێستدراوە بوون و، بڕ بڕ دەکەوتنە مشتی خانەدانەکانەوە. ئەو دۆخە چیناتیە لەگەڵ تەشەنە ستەندندا، هێدی هێدی خێڵە هاردیەکانیشی قووت دا، بە تایبەت پاش بە دەسەڵاتبوونی چیناتی لە شارەکاندا. پێشان زەوی هی هەموو خێڵ بوو، بەرەدایکەکان بە هەرەوزی دەیانچاند و، بە هاوبەشی لە بەرهەمەکانیان دەخوارد. پاشان خانەدانەکان بە فرتوفێڵی جۆربەجۆر دەچنە پێشێ و، خاک لە دەستی خەڵکە دەروونپاکەکە دەردەهێنن. کاتێک خاک دەبێتە موولکی تایبەتی خانەدانەکان، خەڵکەکە ماڵوێران و سەرگەردان دەبن، بەشێک دەبنە کۆیلە و کارەکەری بە نان و زگ لە لای ئەوان، بەشێکیش لە بێ بژێویدا، خۆیان لە شاردا دەبیننەوە. شار پیشەی جۆربەجۆری تێیدایە، گرینگیدان بە جۆراوجۆری و، بەرزکردنەوەی ئاستی هوونەری و، سەرنجڕاکێشی لە کارەکاندا، لە پێناو ئەوەیە نان بە دەست بهێندرێ، لە کاتێکدا" نان کەوتۆتە قوورگی چەقەڵەوە." هوونەرەکانی تەلارسازی، داتراشینی پەیکەر و نەقشاندنی کەرستەکان، چەنینکاری و کوتاڵ و ئاسنگەری، یان هەرکارێکی دی، هەتا دواهەنداز بایەخیان پێدراوە، بەڵکوو سەرنجی خانەدانەکان ڕابکێشن. بە گشتی ئەو پێشکەوتنەی یۆنانێ، کە لە بواری تەن بە دید هێندراوە، لە پێناو پارووی نان دەستی دراوەتێ. هەرجێهێک جەنجاڵی چیناتی بە زەوی داهاتبێ، لە وێندەرێ ڕووبەرێک بۆتە بازاڕ و مامەڵەی سەودا و گۆڕینەوەی تێیدا بە جهێ هێندراوە. لە یۆنانێ و ڕۆماهێ، پێش ئەوەی جەنجاڵی چیناتی لە بۆ کۆمەڵی چیناتی وەربچەرخێ، بازاڕی

سەودا و گۆڕینەوەی شمەک لە برەو دابوو، هەڵکەوتە و هەلومەرجەکەیان، هەلی ئەو بەرەو بە خۆ بینینەی دابوونێ. هەردوو مەفتەن وەکوو دەروازە وهابوون لە نێوان سێ لادا، سپی پێستە مووزەردەکانی کنە خۆیان، گەنمڕەنگەکانی کووردەهەواری و، ئەسمەرڕەنگەکانی باکووری ئەفریق و دەشتەکانی کەنهان و شامێ، لەم نێوانەدا بازرگانی و بازاڕگەری قازانجی دەدانێ، بێجگە لەمەش خێڵ و خانەوادانی هۆفی پەرت و بڵاو بوون، ئەو هێزەی هەیانبوو بەشی هەڵکووتانە سەر کووردەهەوار، یان باکووری ئەفریقاای نەدەکرد. لەو وقهتیدا هێزی گەورەی دەوئاوەکان، هی بازرگانەکەی خوون"هێگزنەفۆن" بوو، ئەویش جارێک ڕۆیشتە کووردەهەوار و، بە شکستێکی وها لێی گەڕایەوە، هیدی نەوێرێ سەری پێدابکاتەوە. ئەم دۆخ و دەورە، زەمینەی ڕەخساند بازاڕی ناوخۆ و بازرگانی لە کەناری زەریاهێ، لەوەی هەبوو پتریش گەشە بستێنێ، پاشانەکەش لە سەردەمی بە دەسەهەڵاتبوونی چیناتی لە شارەکاندا، گەشکردنەکە هێشتا زیێدەتر هەڵکشاوە، کۆیلەکان لە ژن و منداڵ و پیاو، کاڵای زۆر و زەبەندی بازاڕەکان بوون و، شێوەی جۆراوجۆر بە کار دهێندران. ئەو رێسایانەش کە دەسەهەڵاتی چیناتی لە شار دەری دەکردن، دەرفەتی بە خانەدانەکان دەدا دەستیان دەرێژتربێ لە قۆرخکردنێ، کۆیلەکانیش کارەکەری نیوە نان و زگ بوون، ئەمەش وهای کرد ڕەوتی ساماندداری بە خێراهی هەڵبچێ. بەرهەمەکانی ڕاوەماسی، هاژەڵداری و چاندنێ، چیدی وەکوو پێشان نەدەچوونە دەستی هەمووان، لە چەند دەستێک کۆدەبوونەوە، ئیجحا لە واتای کاڵادا دەبوونە بابەتی ئاڵوگۆڕ و بازرگانی پێوەکردنێ. جۆتیار لە بەرهەتاوێ ڕەنجی دەدا، بەڵام بەرهەمەکەی دەچووە کیسەی چینی بەرسێبەرێ. پیشەگەران دەبوو هەلاکەت بکێشن، هەتا برێک لە بەرهەمی ڕەنجی جۆتیارەکە، کە چووبووە گەنجینەی خانەدانەوە، بە دەست بهێنن. بەرهەم چیدی هی بەرهەمهێن نەبوو، ئەوانی ئاڵوگۆڕیان بە بەرهەمەکانەوە دەکرد، دەستانێکی هەساوە بوون و، بەرهەمەکەیان لە دەستانێکی ماندوو ستاندبوو. گۆڕینەوەی بەرهەم لە دۆخی سرووشتی، لە نێوان دوو لای بەرهەمهێندا، کارێکە هێکەمجار لە ناوەندی شارستانێتی دایک لە کووردەهەوار دەستی درابووهێ. خێڵە کۆچەرەکان شیوانکار بوون و، خێڵە نیشتەجێکانی لادێ پتر سەرگەرمی چاندنێ بوون، شیوانکاران خووری و پێستە و بەرخ و گیسکیان داونەتێ، لە بەرمبەردا گەنم و جۆ و پووش و پەلاشیان لە جۆتیاران وەرگرتۆتەوە. بەم گۆڕینەوەیە پێداویستی هەردوولایان پڕ بۆتەوە. ئەم جۆرە سەودایە هەتاوەکوو ئەوڕۆش لە کۆمەڵی کووردەهەواریدا توولی هەیە، لە پاشی دەروونەکردندا پەرێزەکە بە مەڕداران دەدرێ، لە باتی ئەوە گیسک و کاوڕ وەردەگیردرێن. زهینی بدەنێ، وقتهێک گۆڕینەوە لە نێوانی دوو کۆمەڵی بەرهەمهێندا بەڕێوەدەچێ، هاوسەنگی بە هاردی دادێ، وەلێ کە گۆڕینەوەکە دەبێتە بازرگانی و مامەڵەی قازانج، لە نێوان کەسانێکی نابەرهەمهێندا، ناهاوسەنگی دەکەوێتە گۆڕێ. ئەم

ناهاوسەنگیهە لە پاش قاڵبگرتنی دەسەڵاتی چیناتی لە یۆنانێ و رۆماهێ، بە دیاریکردراویش پاش پەیدابوونی پارە - دراو، دەگاتە ئەوپەڕی. پارە کاڵاهێکە هەموو کاڵاکان لە هەناوی خۆیدا هەڵدەگرێ. کاڵای پارە چ کانزا و چ قاقەز، شتێکی کەم و نێزیک لە هیچە، بڵندکردنی بە سەر کاڵاکانی دیکەدا، بە هۆی بە سەنبووڵکردنیەوە بە جهێ هێندراوە، ئەویش دەسەڵاتی چیناتی دایتیێ.

## پۆپەی 31

ئەو دەسەهەڵاتەی لە شاری گریکیدا هەڵبۆقاوە، "ئەنجوومەنی خانەدانان"ی شارە، هەر ئەو ئەنجوومەنەش دەرفەتی داوە ئەنجوومەنێکی دیکەی بێ دەسەهەڵات بە ناوی "ئەنجوومەنی نوێنەران"ی خەڵک بە تەنیشتیەوە جهێ بگرێ، بەمەش لە ئاستی ڕووکەشدا هاوسەنگی نیشاندراوە و، وەڵامێکی هەڵخەڵەتێنەرانە بە بیروباوەڕی خەڵکی دراوەتەوە. بڕۆننێ، هەردوو ئەنجوومەن شێوە لێ وەرگیردراوی نەزمی بەڕێوەبردنی شارستانێتی دایکن، هێکەم جێگرەوەی "پیران" و دووهەم جێگرەوەی "مووخان"ە، جا هەروەک ئەوەی لە ناو خێڵانی هاردیدا مووخەکان بە دەنگدانی ڕاستەوخۆی خەڵک هەڵبژێردراون، لە شاریشدا خەڵک لە مەیدانێ خڕبوونەتەوە و، نوێنەرەکانیان هەڵبژاردوون، بەڵام کارەکە لە بنەڕەتەوە فریودەرانە بووە، چوونکوو سەرجەمی دەسەهەڵاتی کردەکی لە سەرمایە و سەربازەوە، هەتا ڕێسا دارەشتن، لە مشتی خانەدانەکان بوون، سامانی گوێستدراوە و نەگوێستدراوە، لە چەند دەستێکی ستەمکاریدا جەم دەبوون، دەستی ئەوانیدی هەتا دەهات کورتتر دەبووەوە، ڕێساکانیشیان وها دارێشتبوون پێکهاتە تازە و ناسرووشتیهەکەی چیناتی، بە سرووشتی دەربکەوێ و هەمووان بهێندرێنە ژێر باریەوە. دەسەهەڵاتی چیناتی لە شارەکانی "هەسینا" و "هەسپارتا"ی یۆنانێ ئەوها قاڵبی گرت، لە دێهاتی دەرەوەی شاریش خێڵانی هاردی هەبوون بە شێوەی هەرەوزی دەژیان و، هێشتا نەچووبوونە بنباری دەسەهەڵاتی چیناتیەوە، دەسەهەڵات تەنەها توانیبووی باجیان لێ بستێنێ، وەلێ ئەم باج لێ ستاندن و خۆبەڕێوەبەریەی دێهاتەکان توول ناکێشێ، خانەدانانی چڵێس چنگی خۆیانیان دەگهێننێ و، بە گەلێک ڕێی جوودا دێهاتیەکان دەڕووتێننەوە. هەڕوون نوسدراوگەلی ڕۆژگارە ڕەش و تاریکەکەی هەنگینێ بڕۆنن، ببینن کاڵای دەرکەوتوو بە ناوی پارە - دراو چلۆن ئەو دێهاتیانەی لووش داون. کڕینەوەی زەوی، پێدانی قەرزی بەسوو، درەنگکەوتنی دانەوەی قەرز و دەستگرتن بە سەر زەوی، تەنانەت بە کۆیلەکردن لە باتی قەرزەکان، دێهاتیەکانی خستنە دۆخی دۆڵزاخەوە. جۆتیاری قەرزدار بە مامەڵەی شەش هێک، لە سەر هەمان بەشە زەوی کاری دەکرد، پێنج بەش لە بۆ خانەدانەکە و

هێک بەش لە بۆ جۆتیارەکە، ئەگەر نرخی زەویەکەش بە هێندەی قەرزەکە نەبا، دەبوو جۆتیارەکە ژن و منداڵەکانی وەکوو کۆیلە بفرۆشێ و قەرزەکەی پێ بداتەوە، یان خاوەنی قەرزەکە هەڵدەستا پشتەملی پیاوە قەرزدارەکە و، پەلی ژن و منداڵەکانی دەگرتن و دەیبردنە بازاڕ وەکوو کۆیلە دەیفرۆشتن. ئەم ڕەفتارە دڕندانەیە هێزی خۆی لە ڕێساکانی دەسەڵاتی چیناتی وەردەگرت، هەر ئەو ڕێسایانەش لە کۆتاهیدا سەرجەمی خەڵکەکەیان بەرەو بە کۆیلەبوون برد، بە جۆرێک ژمارەی کۆیلەکان سێ لە چواری دانیشتوانی ئەو وقهتی"هەسینا"یان پێک هێناوە، پۆلیس و پاسدار و فەرمانبەرێتی لە ئاستەکانی خوارەوە، سەرجەمیان لە کۆیلەکان پێک هێندرابوون. لە ڕاستیدا ئەمە بوو مۆدێلی شارە چیناتیەکانی یۆنانێ، هەر ئەو شارانەش هێکەمین بوون لە سەرزەمینی سپی پێستە مووزەردەکاندا، پاشانەکە شێوەگرتنی شاری چیناتی، لە "ڕۆما" پێ دەنێتە قۆناخێکی دی، لەوێ بنەما لە سەر پەڵهاوێشتن و فەرەوانخوازی، بە نەزمی ڕەق و ئەوپەڕی توونددوتیژی ڕەوتی دراوەتێ. مۆدێلی ڕۆماهێ جوودا بوو لە هی یۆنانێ، لە ڕاستیدا هەرجهێ بە جۆرێک دەسەڵات و کۆمەڵی چیناتی تێیدا هەڵبۆقاوە، چوونکە ڕێسا و بیروباوەڕی خانەوادە و خێڵانی هۆفی، بە هۆی ئەوەی بەشەرکردبوون چەشناوچەشن بوون، ئەگەرنا کۆمەڵی بێ چین لە هەرجهێ لە جێهانێ هاوشێوەبوون، قەت لە جیداوازی جهێدا، جووداهی بنەڕەتی لە نەزمێ بەڕێوەبردنێ، یان لە دۆخی گوزەران بە دید نەهاتوون، هەمووان بە مەیلەوە گرێدراوی هێکدی و گرێدراوی ڕێساکانی نامووس بوون، ئەمەش کۆمەڵ و گەلی لە شێوەی سرووشتی خۆیدا بەرجەسدە دەکرد. کۆمەڵی سرووشتی لە دۆخی چیناتیدا هەڵدەوەشێتەوە و، خەڵکی لە واتای دانیشتوانی شار چهارچێوە دەگرن، دانیشتوانی شار خەڵکانێکن لە شێوەی کۆمەڵێکی ناسرووشتی، بە ڕێسای بەشەرکرد بەڕێوەدەبردرێن، خانەی داد و تفەنگچی و زیندان ئامرازی زۆرەملێن لە ڕەوتپێدانی هاوشاریەکاندا، لەگەڵ ئەمەش هێواش هێواش مەیل لە بۆ شار(شوێن)، لە دەروون و دەماخی دانیشتووانەکەی بە جهێ دەبێ و، مەیل لە بۆ خێڵ (پەیوەندی خوون) لە کاڵی و کەمی دەدات. پێکهاتنی جەنجاڵی چیناتی و، پاشانیش کۆمەڵی چیناتی، پێ بەپێ لەگەڵ کرداری زەمینی، هەنگاوی زهینی لە بۆ هەڵگێردراوە، چوونکە بەبێ لابارکردنی دۆخی زهینی، نەدەتواندرا هەلومەرجی زەمینی قاڵبی بدرهێتێ. لە یۆنان و رۆماهێ، وەکوو هەرجهێ کە دەسەڵاتی چیناتی تێیدا سەری هەڵداوە، دۆخی زهین و زەمین بە هێکەوە گۆڕدراون، ئەو هەنگاوانەی لە باری زەمینیدا هەڵهێندراون، بە باری زهینی گرێ دراونەتەوە و، وهایان ناساندوون هەنگاوگەلێکن بە ویستی هووداکان هەڵدەگێردرێن. بەمجۆرە هووردە شێوە بە بیروباوەڕی خەڵک دراوەتەوە و، لەگەڵ هەلومەرجە چیناتیەکە ڕایان هێناون. هوودایانی درۆین بە شێواندنی پێناسەی هوودای ڕاستیەقین بە شێوە هێندراون، چەندەش کات گوزەری کردبێ، هێندە زیادتر هوودا

مێینە شێوەپێدراوەکان هەم ژمارەیان کەم بۆتەوە، هەم دەسەڵاتیان لە کوورتی داوە و، دەسەڵاتەکانیان لە بۆ هوودا نێرینەکان گواستدراونەتەوە، چوونکوو خواستی نێراتی لە پاڵ خواستی خانەدانی، لە میانی کەسێتی ئەو هوودایانەوە بە دید دهێندران، قەد و قامەتی نێرێتی و خانەدانی، بە سەرچاوە لەو شان و شکۆیە دهات کە درابووە پاڵ هووداکانەوە. لە هەرجهێ ئەوها بووە، پیرانی خانەدان بە ڕێی بیروباوەڕدا چوونەتە ناو سەری خەڵکی ڕەشۆکەوە، پێش ئەوەی لە زەمین بەرزەفتیان بکەن، لە زهینەوە خەڵکەکەیان ڕاو کردوون، ئەوها نەبایە قۆرخکردنی زەمین و بە کۆیلەکردن، دەستگرتن بە سەر موولکی گشتی و کردنی بە موولکی تایبەتی، بەربەستی گەورەی دەهاتە پێشێ و، لەگەڵ بەرهەڵستیکردنی تووند بەرەو ڕوو دەبووەوە، لە ناوخۆی چینی خانەدانان خۆشیاندا ململانێی ڕەگەزی لە نێوان مێ و نێردا، تووند و دژوار دەبوو، لەبەرئەوەی بەرزکردنەوەی نێر بە سەر مێ، یان هاوتاکردنی، ناکۆک و دژە لەگەڵ بیروباوەڕی ڕاستیەقیندا، لەبەرهەندێ بڵندکردنی پایەی خانەدان بە سەر خەڵکیدا، لە ناو چینی خانەدانەکانیشدا لێ ستاندنی پایەی سرووشتی لە مێ و، چەماندن و چەوساندنەوەی، ئەوجا بنچەق داکووتینی نێرناوەندی، پلە بە پلە ڕۆچووە بە زهین و زەمینی کۆمەڵاتیدا، ئەویش بە قیچ قیچ دەستکاریکردنی بیروباوەڕ بەجهێ هێندراوە، چ تاقیان ڕووداوێک نەبوون لە هیکڕا بە گۆڕێ کەوتبن. سەرەتا لە ناو جەنجاڵی چیناتی لە سەرزەمینی یۆنانێ، دایک پایەی سرووشتی خۆی بە تەواوی لە دەست نەدابوو، هێشتا دەنگی هەبوو، بە ڕەنگ و ڕووی خۆی دەردەکەوت، بەڵام کاتێک دەسەڵاتی چیناتی لە چوارچێوەی شاردا قاڵبی گرت، دایک و ڕەگەزی دایک بە خراپی تووشی کەوتن هاتن. دیقەتی بدەنێ، لە سێبەری دەسەڵاتی ئەو دەمەی گریکیدا، بە سەرهاتی خەیاڵکردی ناودێر بە"ئۆدیسە" نوسدراوەتەوە، لە بەسەرهاتەکەدا کەسێتی کووڕ بەرامبەر بە کەسێتی دایک بەرزکردراوەتەوە و "تیلماخۆش" لە مشتومڕدا قسە بە دایکی دەبڕێ و بێدەنگی دەکات. هەرئەم بێدەنگکرنە بە شێوەی ڕووداویش بێدەنگکردنی دایک و ڕەگەزی دایکە لە کۆمەڵی چیناتی لە یۆنانێ. پێشترێ لە ڕێسای بەرکاردا، کووشتنی دایک وەکوو گەورەترین تاوان هیسێب بووە، بە هیچ جۆرێک لێخۆشبوونی نەدراوەتێ. وەلێ لە شێوەگرتنی شاری ناسرووشتیدا، بنەڕەتی هەلومەرج گۆڕدراوە و، پارێزبەندی لە دایک ستێندراوەتەوە، پاش ئەوەش گورزی گورچکبڕی تێ سرەوێندراوە و کووشتدراوە. لە ئەفسانەی گریکیدا کووڕ دەست لە دایکی دەوەشێنێ و دەیکووشێ، بەوە پاساوی کووشتنەکە دەداتەوە، گوایە باوکی لەلایەن دایکیەوە کووشت دراوە. ئەفسانەکە دۆخی ناو کۆمەڵی چیناتی نیشان دەدات، کووشتنەکە بە دیوێکدا کوشتنی جەسدەیە، بە دیوێکیش گوزارشتە لە کووشتنی کەسێتی دایک و وەدەرنانیێتی لە ناوەندێتی، بە جێهی ئەویش دیاردەی باوک ناوەندێتی دەگرێت. لە یۆنانێ ژنان دوو پۆڵ بوون، پۆڵێکی کۆیلە و لەشفرۆش کە وەکوو کاڵا

بەکاردهێندران و، مامەڵەیان پێوە دەکردن، پۆلێکیش ژنانی خێزانە خانەدانەکان بوون. ئەو ژنانە هەرچەندە بە واتای رووکەش کەسانێکی ئازادبوون و، وها ناویان درابووهێ، وەلێ دەست و پێ و زمان و زهینیان لێ ستێندرابووەوە. دایک چیدی نە ماخۆی ماڵ بوو، نە هی منداڵ، هەموو شتێکیان لە دایک زەوت کرد و کردیان بە ناوی باوکەوە. ژنان لە پەڕاوێزدا خۆیان دەدیتەوە، لە ناو ماڵێ هۆدەی تەریک و پشتەوە، یان قاتی سەرێ شوێنی ژنان بوون. ئەو دەمانەی پیاوی بێگانە دەچووە مێوانی، دەبوو ژنەکان بە پەلەپروزێ بچنە هۆدەی پشتەوە و مێوان دەنگیانی نەگاتێ. هاودەم لە ڕێی بە کارهێنانی پیاوی کۆیلەی خەسێندراو و ژنی کۆیلەوە، هەموو هەڵسوکەوتێکی ئەو ژنە بە ڕووالّەت ئازادانە لە ژێر چاودێری توند دابوو، پیاوی خاوەن ماڵ کۆیلەکەی دەکرد بە چاودێر بە سەر ژنەکەی و، بە سەر کچەکانی ئەو ژنەوە، بەبێ ئەو چاودێرە بۆیان نەبوو لە ماڵ دەرچن، لە کاتێکدا پیاوەکە خۆی لە پاڵ ژنەکەیدا لەزەتی لەو ژنانەش دەبرد، کە وەکوو کەنیزەک ڕایگرتبوون. لە هەر زەمان و زەمینێکدا دەسەلاتی چیناتی بە هەربچمێک دەرکەوتبێ، نێری بردۆتە ناوەندێتی و مێی لە شوێنی خۆی وەدەرناوە، لەم پێناوەدا شێوەی بە جۆرە خێزانێک داوە دیاردەی باوک تیایدا سەربەندێتی بگرێ.

## پۆپەی 32

بە کۆیلەکردنی بەشەرێت لە یۆنانێ و ڕۆماهێ بە ترۆپک گەیشت، کەمینەی خانەدان لە پەنای ناوی هووداوە، قۆناخ بە قۆناخ هیشکاتی و تەڕاتی سەرزەمینەکەیان قۆرخ کرد، دۆخێکیان هێنایە گۆڕێ، خەڵکیان لە بنەمای سەروەری و سرووشتیبوون دابڕی، بە جۆرێک لە هەرچهار کەسدا سێهانیان کۆیلە بوون. پیاوانی کۆیلەدار وەک بیرکردنەوە لە مەڕوماڵات، بیریان لە کۆیلەکان دەکردەوە، ڕێیان دەدانێ لە نێوان خۆیاندا زاوزێ بکەن و زیاد بکەن، چوونکوو بە پێی ڕێساکانی چیناتی، ئەوانی لە دایک دەبوون بە کۆیلەهی دهاتنە دوونیاوە، کۆیلەدارەکە دەیتوانی لە بازاڕەکاندا بیانفرۆشێ، یان بە کاڵا بیانگۆڕێتەوە. لە ڕەوەندی ڕابردوودا، بە سێ شێوە بەرهەمی زیادە وەچنگی بەشەر کەوت و، هەلومەرجی چیناتی و کۆیلاتی بە دووی خۆیدا هێنا. شێوەی هێکەم لە ناو خێڵانی هۆفیدا بوو، هەندێک خانەوادە لە میانی شەڕوشۆڕدا دەستیان بە تاڵان ڕاگەیشت، لەم بازنەیەدا ئەو چەتانەی شەڕوانی دڕندەتربووبن، دەستکەوتیان پتر بووە، هیدی بە زیادەی دەستکەوت و کەڵەکەبوونی موولک و ماڵ، لە خەڵکانی دی جوودا بوونەتەوە و، لە هەردوو باری ساماندارى و پایەی کۆمەڵاتیدا چوونەتە سەرووی خەڵکەوە. ئەم شێوە چنگ کەوتنەی بەرهەمی زیادە، نموونەکەی لە

ناو هارەبەکانی بیابانێ و، نیشتمانی ڕەش پێستەکاندا بیندراوە. شێوەی دووهەمی دەستکەوتنی زیادە بەرهەم، لە ناو خێڵانی مهیری(هاردی)، لە خوارووی دیجلێ و فەریتۆ بە دید هات، ئەویش پاش ئەوەی دەستیان بە چاندنی بەرئاوێ کرد. لە قۆناخێکی درەنگتریش، بە هۆی کاری بازرگانییەوە، سێهەم شێوە لە بە دیدهاتنی بەرهەمی زیادە لە ناو خێڵانی مهیرهۆفی ڕوویداوە. بازرگانیکردن بەرهەمی زیادەی خستە چنگی هەندێک و، سەری خستن بە سەر ئەوانی دیکەدا، نموونەی ئەمەش لە یۆنانێ دەرکەوتەڕوو. هاوکات لە هەمان بەشە زەمیندا، خێڵانێکی هۆفی لە ڕێی شەڕ و پەلاماردان، هەم چنگیان لە زیادە بەرهەم گیربوو، هەم ڕەوتیان بە کۆیلاتی دا. ئەوانی لە شەڕان بە دیل گیراون، هێکسەرە پێ لە کۆت و زنجیر کردوویانەتنە کۆیلە، ئەمجا چ لۆنێک مەیلیان لێ بووبێ، ئەوها بەکاریان بردوون، پیاوەکانیان کووشتوون و مێ و منداڵ و ماڵاتیان دەست بە سەردا گرتوون. ئەو ژنانەی لە جەنگ هێخسیر دەکەوتن، دەمودەست دەبوونە موولکی چەتە شەڕهەنگێزەکان. وێنەی ئەم دۆخە لە هەقایەتە کۆنەکاندا کێشدراوەتەوە، لە هەقایەتی "ئەلیادە"ی گریکیدا کیژانی شۆخی بە دیلگیردراو دەستکەوتی شەڕن و، سەردەستەی چەتەکان لە نێوان خۆیاندا دابەشیان کردوون. لە ڕاستیدا مێژووی شەڕ مێژووی ماڵکیەتە بە سەر ژنانەوە، ژنی بە هێخسیر گیردراو دەبێتە موولکی تایبەتی و، ماڵک چ لۆنێک بیهەوێ ئەوها هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکات. لە ڕابردووی بەشەرێتدا، ئەو ژنانە هێکەمین پۆڵی ژنانی لە دەسهەڵات داماڵدراو بوون. بەڵام ژنان لە ناو هەلومەرجی چیناتیدا سێ پۆڵ بوون، پۆڵێک ژنانی خاندان، پۆڵێک ژنانی کۆیلە و خزمەتکار، پۆڵێکیش ژنانی لەشفرۆش. پۆڵی هێکەم بە ژنانی سەربەست ناودێربوون، لە ڕاستیشدا سەربەست نەبوون، هەرسێ پۆڵەکە لە سێ ئاستی جوودا موولک بوون و، نێرینەکان مالکیەتیان دەکرد بە سەریانەوە. پیاوە ساماندارەکان خووشک و کیژی خۆیان بە هێکدی دەدا، چوونکوو نەدەبوو مێینەی چینی سەرێ لەگەڵ نێرینەی چینی خوارێ جووتگری بکەن. مێینەی خانەدان بە هۆی پایەی سامانداری و، پلەی کۆمەڵاتی باوک و براوە، تەنەها لە چاو مێینەی دوو پۆڵەکەی دی پایەداربوون، دەنا لە ناو چینەکەی خۆیاندا بندەستی باوک و برا، پاشانیش بندەستی ئەو پیاوەبوون کە دەبووە باوکی منداڵەکانیان. دیاردەی باوک لە ناو چینی خانەدانەکاندا، بە ڕەقی و زەقی ڕەوتی گرت، هاودەم لەگەڵیشی شێوەی شێواوی خڕبوونەوە و خانەوادە بە قاڵبی نێرناوەندی دەرکەوتەڕوو. پیاوێک کە خۆی بە باوک ناسیوە، ژنێکی تایبەتی، یان چەند ژنی تایبەتی هەبوون بە منداڵەکانیانەوە، چەندان ژن و پیاوی کۆیلەشی لە بەردەست دابوون و، خاونداری لە هەموویان دەکرد. خاوەنداریێتی باوک بە سەر خانەوادەوە، بە شێوەی خاونداریکردن بووە بە سەر کاڵاوە، ئەو جۆرەی ژین و مەرگی ماڵات و کۆیلەکانی لە بندەست بوون، ئەوهاش دەسهەڵاتی بە سەر ژنە تایبەتەکەی و منداڵەکانیدا هەبوون، پاشی مردنی باوکیش، دایک و

خووشکەکان دەبوونە موولکی کووڕی گەورە. مێینەی خانەدان ئەگەر بیویستبایە ببێتە دایک، دەبوو بە ڕەزای باوک و برای، لەگەڵ پیاوێکی چینی سەرێ جووتگری بکات، دەشبوو ڕەزامەندی لە سەر بە موولکبوونی خۆی بدات، هەتا پاشان منداڵەکانی لە سامانی پیاوەکە هەڵبگرن. ئەم بابەتی میراتگرتنە، هێندەی دی دەستی پیاوی بە سەر ژندا درێژ کرد، وهای لێ هات ژنان توندتر کەوتنە ژێر چاودێریەوە، چوونکە پیاوەکە ویستووتی بە جووتگرتن لەگەڵ ئەودا، منداڵەکان بە زگی ژنەکە بکەون و پیاوی دی تخوونی نەکەوێ. بەم چەشنە فەرەژنی لە بۆ پیاو و، هێک پیاوی لە بۆ ژن دەبێتە نەریتێک و دەوامی دەدرهێنێ. پیاو لەگەڵ ژن هەروەکوو پێشترێ لە دۆخی فەرەپەیوەندیدا مایەوە، وەلێ ژن کردرایە موولکی تایبەتی و، ئەو هەقەی پێشترێیان لێ بە تاڵ کردەوە. ئەم نەریتە سەرەتا لە ناو چینی سەرێ سەری هەڵدا، پاشان بە ناو چینەکانی خوارێدا بڵاوبۆتەوە. خێزان چ لە دایک و منداڵەکانی پێک هاتبێ، چ لە دایک و باوک و منداڵەکان، ناچاربوون خۆبەخۆ بژێوی خۆیان دابین بکەن، لەبەرئەوەی لە هەلومەرجی چیناتیدا هەرەوزی و هاوبەشێتی هەڵدەوەشێتەوە، جا ئەو دایکانەی بێ کووڕ و، ئەو خووشکانەی بێ برابووبن، تووشی قەیرانی بژێو هاتوون. دابینکردنی بژێو لە نێو جەنجاڵی چیناتیدا، پتر بە هەبوونی نێرینەوە گرێدراوە، ئەو خێزانەی پیاوی شەڕکەری نەبووبێ، دەستکەوتیشی نەبووە، جا چ شەڕی تاڵانی بووبێ، چ شەڕی قۆرخکردنی زەوی و پاراستنی. دیسان ئەو خێزانەی پیاوی ئیشکەری تێیدا نەبووبێ، تووشی گرفتی گەورەی بژێو بوونەتەوە، چوونکوو لە دۆخی چیناتیدا زۆربەی کاروبارەکان بە شان و پیلی نێرینەکان هەڵسووڕدراون، لەبەرهەندێ ژنانی چینی خوارێ بێ کار و بێ بژێو ماون، ئەمەش دوو ڕێی لە بەردەمدا هێشتوونەتەوە، یان بە شێوەی خزمەتکاری نیمچە کۆیلە روو لە ماڵی خانەدانەکان بکەن، یان لە شەقامەکاندا خۆیان بە لەشفرۆش دیتۆتەوە. هێکەمین کۆیلەکان دیلەکانی شەڕبوون، پاشان بە زاوزێ کۆیلەکان پەرەدەستێنن و پێ بە پێی گوزەری کات ژمارەیان زیاد دەکات. ئەم زۆربوونەی کۆیلەکان، وها دەکات کاری خزمەتکارانەش دەستی هەموو ژنێک نەکەوێ، بەمجۆرە ڕێی هێکەم دەبەستدرێ و، ژنانی بێ بژێو هیچ کارێکیان لە دەست ناهێ، جگە لەوەی دەست بدەنە لەشفرۆشی، بەشکووم بەم کارە، پارووێک نان لە بۆ خۆیان و منداڵەکانیان دابین بکەن. لێرەڕا چینی ژنانی لەشفرۆش فەرەوان دەبێ، چەندێک کات دەگوزەرێ، ژنانی زیادتر دەکەونە سەرشەقامەکان، ئەمەش هێدەی دی شکۆی مێ دەشکێنێ. چیناتی ئەوهایە، هەرجێهێک لە جێهانێ جەنجاڵی چیناتی تێیدا بە گۆڕێ کەوتبێ، لەشفرۆشی ژنان و نێربازی پیاوان تیایدا بوونەتە دیاردەی زەق و زاڵ. لە بەری خۆرئاوای کووردەهەوار، لە بیابانی هارەبان و بەکووری ئەفریق، لە یۆنان و ڕۆماهێ، هەردوو دیاردەکە زەق بوونەتەوە. لە خوارووی دیجلێ و فەریتۆ کۆمەڵی چیناتی بە چاوگ لە خێڵانی هاردی شێوەی

هاتێ و، ناوچەکە جەنجاڵی چیناتی بە خۆوە نەدیت، لە بەرهەندێ هەم جۆریتی و هەم چەندێتی لێکەوتەکانی جوودایەز بوون. لەوێ بە ناوی خزمەتکردن بە هووداکان، ژنانی شۆخ و کیژانی جوانکیلە لە خانەی هوودا درۆینەکان هێڵدراونەتەوە و، پیاوانی بە ناو هووداپەرست لەزەتیان لێ وەرگرتوون. لە دەرەوەی پەرستگەکانیش، ژنانێک لە بەر کوورتهێنانی بژێو چوونەتە سەرشەقامەکان و، لە ڕێی پێشکەشکردنی لەشی خۆیانەوە، دەستیان داوەتە لەزەتفرۆشتن، یان گۆڕینەوەی لەزەت بە بژێو. کارەکە لێکەوتەیە، هەڵوەشاندنەوەی هاوبەشێتی گشتی و، هێنانەگۆڕێی تایبەتبوونی دەرامەتی بە ناوی خێزان و خانەوادە، لاسەنگی دروستکرد، چوونکە دەستی کار لە باری چەندێتی و جۆرێتیدا لە خێزانێک لە بۆ خێزانێکی دی جوودایەزە، ئەمەش وەای کرد بژێوی هەندێک لە خێزانەکان کوورت بهێنێ و، ژنەکان ناچاربن لە پێناو دابینکردنی پارووی زیندەگیدا، گان بدەنە ئەو کەسانەی برێک بژێویان دەدەنێ. پیاوانی پەرستگەکان بە سووک ناوی ئەو ژنە گاندەرانەیان بردوون، لە کاتێکدا سەنا و ستایشیان بە ژنانی پەرستگە داوە، چوونکە ژنانێک بوون هەواو هەوەسی خۆیانیان پێ تێر دەکردن. دیاردەی منداڵبازی و هەوەسکردن لەگەڵ کووڕیژگان، کارێکی دیکەی چەپەڵ بوو، خێڵانی هۆفی لە بیابانێ ڕا هاوردەی دەشتەکانی دیجلێ و فەریتۆیان کرد، وەلێ لە یۆنانێ سەرەڕای باوی و بەربڵاوی، نێربازی وەکوو نەریتی پیاو ماقووڵان ناوی درابووهێ. ئەو پیاوانەی منداڵانیان فێری نوسین و خووندن دەکرد، لە هەمان کاتدا دەشیان گان، بەبێ ئەوەی دەسەڵاتی چیناتی کۆسپێک لە ڕێی ئەو کارە دابنێ، بە پێچەوانەوە لە پشتی بە دیاردەبوونی هەرهەڵسوکەوتێکی قێزەوەن بوون، کە شکۆی بەشەری دەشکاند. لە "هەسینا"، لەشفرۆشەکان هەنداز بە دەر زۆر بووبوون، دەسەڵاتی شارەکە برەوی دەداهێ، چوونکی ئەم کارە هەم لێدان بوو لە کەسێتی ژن، هەم لێدان بوو لە پێکهاتەی ئەو خێڵە هاردیانەی لە دەرێی شاربوون و، هێشتا ژنان لە ناویاندا دارای پلە و پایە بوون. بڕوانن، شێوەپێدانی هوودایانی درۆین لە یۆنانێ، چ نیگارێکی سەرزەمین نیشان دەدات، لەوێندەرێ سێ هوودای مێ بە ناوەکانی "هەسینا، هێتا، هارتمیس" شێوە پێدراو بوون، هەرسێکیان لە خووێتیدا کیژن و هوودایانی کارو ڕەنجی ناومالن، هیکەم بە پیشەی ڕێستن و چەنین و درومان، دووهەم بە پیشەی کابانی و ئاگرەوانی ئاگردانی ناوماڵ، سێهەم بە پیشەی پاراستنی منداڵان. هاوکات لە ڕیزی هوودایانی گەورەش، هێک هوودای مێ بە ناوی "هافرۆدێت" جێدارە، ئەو هوودایە پایەی کچی هوودای پیاو "زیۆس"ی دراوەتێ. لە کەسێتی "هافرۆدێت"دا، دۆخی مێ لە سەرزەمینی یۆنانێ دەردەکەوێ، ئەو هوودای جوانی و هوودای گاندان و نوێنەری ژنانی لەشفرۆشی شارە. دیقەتی بدەنێ، دەور و دەسەڵاتی ئەو هوودا شێوەپێدراوانەی مێ، گوزارشتە لە دەور و دەسەڵاتی مێ لە مەفتەندا، وێنەکە هێندە ڕوونە هەوجە بە ڕوونکردنەوە ناکات.

گریکەکان هاوتخووبی کووردهەوار و، نێزیکی بابلێ و نیلێ بوون، بەمەش لە چەند لاوە دەنگوباسی جوودایەزی جێهانێ، دەچووە گوێیانەوە. بەلەمەکانی یۆنانێ لەگەڵ ئاڵوگۆڕی شمەکان، دەنگوباس و هوونەر و هەقایەت و بیروباوەڕ و، بە سەرهاتی کۆن و نوێیان لە بۆ خەڵکی خۆیان دەگواستەوە. لە ناوەوەش یۆنان دەکووڵا و، لە سەروبەندی وەرچەرخان دابوو، خەریک بوو قۆناخی جەنجاڵی چیناتی دەرباز دەکرد و، هەنگاوی شێوەپێدانی کۆمەڵی چیناتی دەهاوێشت. هەموو ئەمانە بە هێکەوە، هۆکاربوون لەوەی بزاوتی گوومان و لێگەڕین بە دووی هەقیقەت لە ناو زهینی بڕێک لە خەڵکی یۆنانێ سەرهەڵبدات. بە تاقی تەنەهێ بەس گریک ئەو هەلومەرجەی هەبوو، دەبوو وێڵی بە دووی هەقیقەت هەرلەوێندەرێ بە گۆڕێ بکەوێ. دەستەواژەی "فیلۆسۆفی" لە کنەوان سەری هەڵداوە، دەستەواژەکە واتای ڕێک و ڕاستی لە زمانی زگماکدا دەکاتە "وێڵی لێگەڕین." وشەی "فیلۆ" هێکسانە بە "وێڵی" و "سۆفی" هێکسانە بە "لێگەڕین." هەڵبەتە لێگەڕین بە دووی زانین و، دۆستینەوەی ڕاستیەقینی گووم بوو، هەرچەندە لە گەڕاندا هیچ سەرەداوێکیان سەبارەت بە هەقیقەت بە دەستەوە نەهات. پیاوێکی هۆشمەندی یۆنانێ تەمەنێکی بە لێگەڕین بردە سەرێ، لە کۆتاهیدا بە خەڵکی گووت"من تەنەها ئەوە دەزانم، کە هیچ شتێک نازانم."ڕاستی هەرئەوەیە، نە ئەو هیچ شتێکی بنەڕەتی زانی، نە ئەوانی پاشەوی هاتن. هەرکێ هاتبێ ویستبێتی هاوبەند بە دێرزەمان هەڵهێنجان بکات، پێی هەڵاوەتە داوی نەزانینی خۆی و، هەر لە هەوەڵەوە لاڕێ هەنگاوی هەڵهێناوە. نموونەی ئەم لاڕێبوونە پۆلێنکردنی زەمانە بنەما لە سەر چەمکەکانی دایک و باوک، ناولێنانی زەمانێک بە ناوی دایکسالاری و هێکێک بە باوکسالاری، هەڵەی وێرانکەرە. دایک چەمکێکی ڕەسەن و بە ڕیشەیە، واتایە لە مهیر، بەڵام چەمکی باوک هۆف هێناوێتی. چەقی هەڵەکەش ئەوەیە مێ و نێر وەکوو هێکدی بیندراون و وها نیشاندراوە مێژوو شانۆی ململانێی ڕەگەزەکان بووبێ لە سەر گرتنەدەستی دەسهەڵات، هیدی ڕۆژگارێک ژن و ڕۆژگارێکیش پیاو هەوسارەکەی بە دەست هێناوە. ئەم لێکدانەوە و هاوتاکردنە سەرلەبەری دوورە لە هەقیەت و هەڵەیە. هەقیقەت دایکە، زانستی بنەڕەتی و ڕاستیەقین لە چەمکی دایک بەرجەسدەیە، ئەوی لە گشتەی گەردووندا دەرک بە دایک نەکات، نە خۆی دەناسێ و، نە خۆی لە بۆ دەدۆستدرێتەوە. گریک لە خەفڵەتی دابوو، دەنا سەری بە شانی دایکیەوە بوو، دەبوو بیناسی و بزانێ کووردهەوار دایکە، ئەگەر بیناسی با، ناسینەکە هەلی ئەوەی دەدانێ لە شتانێکی بنچەقیدا تێگەیشتن پەیدا بکەن و، بەرەو ناسینی دایک لە ئاستی گەردوونیدا هەنگاو هەڵبهێنن، هەنگینێ پرسیاری: ئەمن کێم و چ لۆن بژیم، بەبێ وەڵام نەدەمایەوە. زهینی بدەنێ، چەمکی "فەرمانڕانی – گەل فەرمانی" لە

ناوەندی شارستانێتی دایک لە کووردهەوار گوێستدراوەتەوە یۆنانێ، لەوێندەرێ بە وشەی "دیمۆکراتیا" واتای دراوەتێ. لە کاتێکدا دە هەزار ساڵ پێشی یۆنانێ، ئەو دەمەی لە دەشتەکانی کووردهەوار کۆبەندی دێهات پێکهاتوون، هێکسەرە بە شێوەی "فەرمانڕانی" هەڵسووڕاون. لە هاخاوتنی کووردهەواریدا، هەتاوەکوو ئەوڕۆکەش دەستەواژەی "فەرمانڕانی" و "فەرمانڕەوهی" کە هەڵگری واتاهێکن، بە سەر زارانەوەن، وشەکانی "ڕان" و "ڕەوە" بە واتای گەل و کۆمەڵ دێ، وقتهێک لەگەڵ وشەی فەرمان، یان بڕیار لێک دەدرێ، دەبێتە بڕیاری کۆمەڵ، یان فەرمانی گەل، ئەمەش گوزارشتی لە هەلومەرجی گۆڕەپانێ دەکرد، چوونکە لەرهەرشوێن گەل خڕ دەبووەوە و، لە دەنگدانی ڕاستەوخۆدا بڕیاری دەدا، بە سەرچاوە لەو بڕیارە بە کۆمەڵە، ئەنجوومەنەکانی بەڕێوەبردنێ هەڵبژێردراون. لە یۆنانێ چەمکەکە چەواشەکردراوە، وەکوو بڵێی بە قەسدی سووککردنی، خستوویانەتە گۆڕەپانی گەپ و گاڵتە پێکردنێ. هوورد دیقەتی بدەنێ، گەل لە واتای سرووشتی خۆیدا لە نێوبردراوە و، کۆمەڵی چیناتی کە کۆمەڵێکە سێ لە چهاری کۆیلەن جێهی گرتۆتەوە، ئەوجا هاتوون چەمکی دەسهەڵاتی گەل دەخەنە گۆڕێ. ڕاستە لە یۆنانێ خەڵک لە مەیدانێ خڕبوونەتەوە و، ڕاستەوخۆ دەنگیان لە بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنێک بە ناوی نوێنەرانەوە داوە، بەڵام بە کەڵکی چی دێ، کاتێک ئەنجوومەنەکە لە سێبەری ئەنجوومەنی خانەدانان دابووبێ؟ چ هەینێ و چ هەنەوکە، چەمکەکانی هەڵبژاردن و فەرمانڕانی، یان دیموکراتیا بە دەربڕینی گریکی، لە ناو دۆخی چیناتی و نێرناوەندیدا، نەک هەرناتوانن بەرجەسدەبن، بەڵکوو دەبنە قەشمەری گۆڕەپانێ. لە قەدیمی زەمانەوە ئەم چەمکانە وەکوو ڕووبەندێک لە بۆ شاردنەوەی بچمی ناشیرینی سەرمایەداری بەکاریان دهێنن، لەبەرهەندێیە ڕێ دراوە هەبن و برەوشیان دراوەتێ. یۆنان و ڕۆما دەروازی نیشتمانی سپی پێستەکانن، وەرچەرخانی جەنجاڵی چیناتی لە بۆ کۆمەڵی چیناتی و، شێوەگرتنی دەستهەڵات لە لای خێلانی گێرمانی، فەڕەنگی، ئەنگڵی و ئەوانی دی، بە هەوێنی گریکی و ڕۆمی بە جهێ هێندراوە. لە هەرشێوەگرتنێکدا جوودایەزی بەشەکی بە ڕوونی بەردید دەکەوێ، ئەمە شتێکە بە سەرچاوە لە نەریت و بیروباوەڕی دەستکردی خێلانی هۆفی دێ، بەڵام لە باری بنەڕەتدا، هیچ بە دەسهەڵاتبوونێکی چیناتی نەیتوانیوە ئەوەی پێش خۆی تێپەڕێنێ. دوو ڕووداوی کووشتن بهینن بە زهینی خۆتاندا، لە هێکەمیاندا پیاوێکی کووشندە بە لێدانی شەش چەقۆ ژنێکی کووشتوە، لە ڕووداوی دووهەمدا پیاوێکی کووشندە بە وەشاندنی تەورداسێک، سەری ژنێکی لە جەسدەی جوودا کردۆتەوە، فەرق لە نێوان ئەم دوو ڕووداوە چەندێکە، فەرقی نێوان دەسهەڵاتە چیناتیەکان ئەوها ببینن، لە هەردووکیاندا کووشندەکە پیاوە و کووشتدراوەکە ژنە، فەرقەکە تەنەها ئامرازەکانی کووشتنەکە و جارەکانی دەست وەشاندنەکەیە.

## پەلی سێهەم

پۆپەی 01

ئەوی پێرست بە هۆف هەڵبسوورێ تێرنەخۆرە، نە لە سەرمایە و دەسهەڵات بە تێربوون دەگات، نە لە ناوبانگ و لەزەت، نە لە هیچ شتێکی دی. بە نموونەی تێگهیشتن، هۆفی هەرئاستێکی سەرمایەداری ببڕێ، بە مەرامی گهیشتن بە ئاستێکی بڵندتر دەجەنگێ، وەلێ هەوڵەکانی پووچ و بەتاڵن، چوونکە تێربوون گرێدراوی مهیرە، ئەوانەی لە بازنەی مهیر دەچنە دەرێ، بێهوودە وێڵی تێربوونن، پێودانگی تاک و کۆ هەرئەمەیە. قاڵبگرتنی هۆفێتی لە دەسهەڵاتدا، چ بە شێوەی نەرم، وەکوو ئەوەی لە نێوان دیجلێ و فریتۆ هەڵبۆقا، چ بە شێوەی ڕەق، وەکوو لە نموونەکانی دەرێی خۆرمیانێ دیتدراوە، هەر تێرنەخۆری و چڵێسی لێ هاتۆتە دید. شارانی بەینی دیجلێ و فریتۆ هەمیشە لە شەڕ و ڕقەبەری هێکدی دابوون، هەتا لە هیکرا زاڵمێکی زەلام پەیدابوو، هەمووانی خستنە بن باڵی خۆیەوە، ئەوجا دەستگرتن بە سەر دەرێ دەبێتە نیاز و، دەکەوێتە سەری. پاش چەند هەزار ساڵ، وێنەی ئەو دۆخ و دەورە لە یۆنانێ بە گۆڕێ کەوتەوە، لەوێ هەرشارێک دەسهەڵاتێکی سەربەخۆ بوو، هەرشارێک لەگەڵ ئەوانیدی لە شەڕ و مل بە ملی دابوو، هەتا لە هەرێمی "مەکەدۆن" پاشای شارێک سەری هەڵدهێنێ و، نیوە و ناتەواو هێزی خۆی بە سەر شاراندا زاڵ دەکات، کاتێکیش شارێک لەو شارانە لێی یاخی دەبێ و، لە بن باڵی دەڕواتە دەرێ، ئەو وقهتە زاڵمی زەلام"هەڵیکساندەر کووڕی هۆلمپیا" شارەکە بە هەموو دانیشتوانەوە کۆمەڵکوژ و کاول دەکات، بەمەش شارەکانی دیکە دەتۆقن و، بە پاشای خۆیان پەسەندی دەکەن. ئەمجا پاش گرتنی شارانی یۆنانێ، پەل دهاوێتە دەرێ. دەنگوباس وها بڵاوە، لەشکرەکەی کووڕی هۆلمپیا هێزەکانی فارس و بابلی تێک شکاندوون و، خۆی گهاندۆتە هیندستانێ. لە ڕاستیدا ئەویش و ئەوانی پێش و پاشیشی، بە خەیاڵی گرتنی هەرچهار لای جێهانێ، لە مەیدانێ هەڵسووڕاون، هەرهێکەشیان زوو بە زوو

هەنگاوی خۆ بە گەورە نیشاندانی هەڵگرتووە و، ناسناوی پاشای جیهانیی داوەتە خۆی. ئەم مەیلی بە گەورە دەرکەوتنە، لێکەوتەی هەستکردنە بە گچکاتی. هۆفی چ پاشا بێ، چ دەرگەوان، لە دەروونی خۆیدا بە قووڵی هەست بە کەموکوورتی و گچکاتی دەکات، ئەم هەستەش هەرگیز لێی ناتەکێ، چوونکە ئەو بەڕاستی گچکەیە و، لە کەموکووڕی گەورە دایە، بنەڕەتەکانی مووخ لە ناو سەری خۆیەوە، ئەم زانین و ئەو هەستەی دەدەنێ. نەزمی پێکهاتەی بەشەر ئەوهایە، بە کوورتهێنانی مهیر و پێشڕەفتی هۆف، بۆشاهی دەکەوێتە زهین و دەروونەوە، چەندێکیش زیادتر هۆف هەڵبکشێ، بۆشایەکە زیادتر دەبێ، ئەوکاتیش هەموو هەوڵێکی لە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشایەنەی ناخێتی، پێشی پڕنابێتەوە. هەرەمەکانی دۆڵی نیلێ، کۆشکە بە نەقش و نیگارەکانی خۆرئاوا و خۆرهەڵاتێ، ئەو هەموو ژنانەی لە خزمەتی هەوا و هەوەسی پاشایان بوون، ئەو هەموو پۆشاک و زێڕ و گەوهەرانەی بە قەد و باڵایانەوە بوون، ئەو هەموو خواردنە جوداجۆرانەی لە بۆیان سازدەکردن، ئەو شەڕوشۆڕە هێک بە دوو هێکانەی بە ویستی فەراوانخوازی بەرپایان کردوون، سەرجەمیان لێکەوتەن لە هەستی خۆبەکەم بینی و نەکسەی دەروونیانەی پاشایانی هۆفی و هاوەڵانیانەوە، بەبێ ئەوەی هیچ هێکێک لەو ڕەفتارە بەدانە دەردیان دەرمان بکات. ڕاستی ئەوەیە، لە پەیوەندی بەم هەستەوە، هەرچەندێک و هەرچ لۆنێکی تەن بهێندرێتە گۆڕێ، کەڵکی نیهە، چوونکی نەکسەی تین بە تەن جهێی پڕنابێتەوە.

## پۆپەی 02

فەرمانڕانی، یان گەل فەرمانی، چەمکێکە سەر بە مهیرە، لە کاتێکدا چەمکی دەسهەڵاتی چیناتی، گوزارشت لە زاڵێتی هۆف دەکات. هەردوو چەمکەکە بە ئەزموونی کردەکیدا تێپەڕیون، فەرمانڕانی لە کەسێتی خێڵانی هاردیدا، لە میانی کۆبەندی دێهات و کۆبەندی کۆچەری، هەزاران ساڵ تەمەنی کرد، لە سێبەریدا شکۆمەندی و سەروەری مرۆف پارێزدرا. هاردی لە پێناس و پۆلێندا، خێڵانی بە بنەڕەت مهیرین، خۆبەخۆ دامستدراوێکن پەیوەندی خوون و نامووس کۆی کردوونەتەوە و، لە ناو هەلومەرجی سرووشتیدا هاتوونەتە دەرێ، لەبەرهەندێ تووندوتۆڵ بە هێکدی گرێدرابوون و، بە هێک شێوەی سرووشتی هەڵدەسووڕان، هەڵسووڕدانێک لە بازنەی بیروباوەڕی ڕاستیەقین، ئەو بیروباوەڕەی لە سەری هەموو هێکێک لە ئەندامانی کۆبەندەکان جێی تەواوی درابووهێ. لەو دەمیدا بیروباوەڕی ڕاستیەقین بە وشەی نامووس گوزارشت دراوە، نامووس لە واتاهێک زهینێتی گشتی و ڕێساگەلی هەڵسوکەوتی گشتی بوو، هەموو سەرێک سەری بە نامووس بوون، بەمەش

سەری هەموو هێکێک سەری کۆبەندەکەی بووە، کۆبەندەکەش وها هاوسەنگ هەڵسووڕدراوە، پێویستی نەکردووە ئەرک و ماف لە ناو هیچ سەرێکدا ببنە جهێی باس و بە زاردا بهێن، چوونکە هەردووک هەرلە هەوەڵەوە، لە کن هەموو کەس بەجهێ هێندراون، هەموو هێکێک زانیهێتی چ ئەرک و چ مافهێتی، سەرچاوەی زانینەکەش تۆماری ناو سەرە. لە سەری هەرهێکێکدا، یادوەر بەشێکە لە دەماخ و، تایبەت بە کەسەکەیە، وەلێ شتانێکی هاوبەش لە یادوەری هەمووواندا هەن، بەم هاوبەشێتیە یادوەری گشتەی خەڵک لە وێنەی پەڕاوێکی گشتیدا شێوەی هاتۆتێ، پەڕاوێک کە لە ناو سەران داندراوە و، نەوە دوای نەوە لە هیکدیان وەرگرتۆتەوە. هەمووان بە سەرچاوە لەو تۆمارە، زانیتیان پەیوەندی خوون و هەشداد لە کوێوە گهیشتۆتە کوێ، دایکە خێڵ، کیژە خێڵ، هۆز و خزمە هۆز بە دروستی هێکدیان ناسیون، ئەم ناسینە هەمووانی بە هێکدی پەیوەست کردوون. پاشان لە لێکەوتەی دۆخی جەنگدا بڕێک گۆڕانی بەشەکیانە ڕوویداوە، بەڵام دەست لە بنەڕەتەکانی ڕووناکبیرێتی هاردی هەڵنەگیردراوە. هێکێک لە لێکەوتێکی دۆخی شەڕ لە سەر خێڵانی هاردی، کاڵبوونەوەی پێکهاتەی خێڵ و تۆخبوونی پێکهاتەی ناوچەیە. خێڵ وشە ڕاستەکەی هێڵە، مەبەست لە هێڵی دایکێتی و، ئەو پێکهاتە سرووشتی و خۆڕسکەیە، کە لە زاینی دایکێکەوە چاوگ دەگرێ. کۆبەندەکان لە قۆناخە هەوەڵیەکاندا بریتی بوون لە خێڵ، پاشانەکە بە هۆی شەڕ و پەلامارەکان، خێڵانی بچووکی هەرشوێن بە هەندازێک تێکەڵی هێکدی بوون و، خێڵ لەگەڵ خێڵ بە مەبەستی بە هێزبوون، لە بازنەی هێک ناوچەدا خڕبوونەتەوە، بەمەش ناوی ناوچە پێشی ناوی خێڵ و هۆز دەکەوێ، هەندێک جاریش بە تەواوی جهێی دەگرێتەوە. ئەم گۆڕانە کەمتر خێڵانی ڕەوەند و شیوانکارەی گرتۆتەوە، گۆڕانێکە زیادتر خێڵانی نیشتەجهێ بە خۆیانەوە دیت. لە ناوەندی شارستانێتی دایک لە کووردەوار، گۆڕانەکە زەق و پێش چاوە. پێشترێ هێڵی زاینی دایک بە هێکدی پەیوەستی کردبوون، پاشان خواستی خۆپارێزی و ناموس کۆی کردوونەتەوە. وێنەکە ئەوهایە، لە کۆبەندی شارستانیدا، هەمووان هێک چینی هەرەوز و هاوسەنگ بوون، لەشکر و سەرباز لە گۆڕی نەبوون، بەڵام ئەو دەمانەی پەلامار دەدران، هەمووان سەرباز بوون. پۆلیس و دادوەر لە گۆڕێ نەبوون، کاتێکیش هێکێک بێ ناموسی لێ دەوەشایەوە، هەمووان ناموسپارێزبوون، لێی دەبوونە پۆلیس و بەرەو ڕووی دەوەستانەوە. بڕیارەکە هی دادوەرێک نەبوو، ناموس دەست نیشانی کردبوو، کە بە چ شێوە و، بە چ لۆنێک هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕەفتاری بێ ناموسانەدا بکەن. هەرکەس بێ ناموسی کردبا، سزای گەورە کە دەدرا، ڕوو ڕەشکردن و بە سووک سەیرکردنی بوو، چوونکوو شکۆمەندێتی بەهای باڵابوو لە ناو هاردیەکاندا، هەرهێندە پیاوێک بەبێ ناموس و خۆڕی ناوی ڕۆیشت با، هیدی هەتا هەتاهێ پایەی کۆمەڵاتی لە دەست دەچوو. هەمووان پابەند و گرێدراوی بنەماکانی دادوەرێتی بوون،

هەرکەس دەیتوانی لە شوێنی خۆیدا، بە دروستی دادوەری بکات، ئەگەریش ڕووداوی گەورەی وەکوو کووشتن بقەومابا، هەنگێ خانەوادەی هەردوولا بە دووی دادەچوون و، جووت ئەنجوومەنەکەی کۆبەند، لە سەر بنەمای مهیریات تەگبیرێکیان لێ دەکرد، ئەگەریش ڕووداوەکە لە نێوان دوو کۆبەند، یان دوو خێڵ ڕووی بدابا، ئەنجوومەنەکانی هەردوولا دەکەوتنە تەگبیری مەسرەتی و پێک هاتن. بە هامیش خراپە و خەتاکردن، بە کەمی و تاک و تەرا ڕوویانداوە، کاتێکیش ڕوویدابێ، بەربەئاشتی و پێکهاتنەوە، تەگبیریان لێ کردوون. دیقەتی بدەنێ، تین لە هەموو جێهێک هەیە و، لە هیچ جێهەکیش بەردید ناهێ، پێرستبوون بە مهیر پێرستبوونە بە تین، لەبەر ئەوەیە لە مهیرپەرستیدا دامستدراوبوون لە دۆخی تیندا دەمێنێتەوە و، ناچێتە دۆخی تەن، تەنەها ئەو کاتە نەبێ، کە بەرجەسدەبوونەکە بگاتە پلەی زەرووربوون. لە پێرستی هۆفدا، گۆزەکە قڵپ دەبێتەوە، وێنەکە تەواو پێچەوانەی وێنەی هێکەمە، کۆمەڵ هەپررون و پارەپارە، پیاوانی دینی، سەرباز و پۆلیس، دادوەر و فەرمانبەرانی جۆربەجۆر، ژنانی لەشفرۆش، پیشەگەرانی جوودا، هەرهێکەیان بە شێوەی چین و توێژێک شەقڵ دەگرن و، هەرهێکەشیان جهێ و مەکانێکی لە واتای تەن (مادە) پێدراوە. دەسهەڵاتی چیناتی هەم بە زەبر و تۆبزی، هەم بە هەڵخەڵەتاندن، چینەکانی خستوونەتە بن دەستی خۆیەوە و، ویستووتی بەم دوو هۆکارە لاسەنگیەکان هاوسەنگ بکات. ئەو دەسهەڵاتە ناوی دەوڵەت، یان هەرناوێکی دیکەی لێندراوە، یان بە هەرماسک و بچمێکەوە دەرکەوتۆتەڕوو، بە گۆڕانی زەمان و زەمین بنەڕەتەکانی نەگۆڕدراون، بەڵکوو بە درێژاهی زەمان و، لە سەرانسەری زەمیندا، دامستدراوی ناسرووشتی و چیناتی بوون، زەمانێک بە ناوی هوودا، زەمانێکیش بە ناوی خەڵک بە زەوی داهاتوون، لەگەڵ ئەوەشدا، سەرجەمی ئەو ڕێساگەلەی دەسهەڵاتی چیناتی دای ڕێشتوون و، ئەو کارانەی کردوونی، مەبەست لێیان هێشتنەوەی شێوەی کۆمەڵی چیناتی و، پاراستنی خواستی چینەکانی سەرێ بووە. لە دەورانی زەماندا ناو و ڕووخساری دەسهەڵات نوێ بۆتەوە، تخووبی دەسهەڵات کێشدراوەتەوە، وەلێ ئەوەی هەرگیز نەگۆڕدرا، ناوەڕۆکە چیناتی و نێراتی و هۆفێتیەکەی دەسهەڵات بوو.

## پۆپەی 03

لە زەمان و زەمینی جوودا، بە ناوی هەرهێکە لە مووسای کووڕی هیوکابد، هیسای کووڕی مریەمێ و مەهەمدی کووڕی هامینێ، شێوە بە دەسهەڵاتی چیناتی دراوە، بەبێ ئەوەی هیچ هێکێک لەو دەسهەڵاتانە، هەڵگری کاکڵێک لە ویستی کووڕانی دایک بووبن، بەڵکوو بە گشتە سەروبچمی نوێ بوون، لە دەسهەڵاتی هۆفێتی و چیناتی.

کوورانی هیوکابد، مریەم و هامینە لە ناو هۆزانی هۆفی سەریان هەڵدا، هاوتا بەو زەمان و زەمینەی تیایدا لە دایک بوون، گۆزارگەلێک لە زهینیانەوە لە بۆ زاریان دابەزێندراوە و، ویستووتیان بە هەندازێک پاشەکشە بە ڕەوتی هۆفێتی بکەن، کەچی لە پاش مەرگیاندا، مەرامی مهیری لە گۆزاریان ئاوەژوور کردرایەوە، هەرکێ هات لە پانای ناوی ئەواندا، خەڵکی هەڵفریواند. پەیامبەران کتێبیان نەبوو، کەلامیان هەبوو، ئەو کەلامانە لە کاتی بە کتێبکردندا، زۆریان لێ شێوێندرا. لە خۆمی ببیستن، نە یەهوودیەت دینی کووڕەکەی هیوکابدە، نە کریستی دینی کووڕەکەی مریەمە، نە مووسلەمانێتی دینی کووڕەکەی هامینەیە، ئەوانەی هەن دینی زالمانێکن بە نای هاخام و قەشە و مەلا، زاڵمانێک کە ئاو لە ئاشی هۆفێتی دەکەن. کریستی بچمێکی دیکەیە لە هۆفی و، پەیوەندی بە کووڕی مریەمێ نیهە، هەرئەوهاش موسلمانێتی پەیوەندی بە کووڕی هامینێوە نیهە، لە ڕاستیدا هۆفێتی و چیناتی بە ناوی ئەوانەوە دەوامی دراوەتێ. کووڕی هامینێ لە مەفتەنی بیابانێ بە دژی خێڵانی هۆفی قیت بووەوە، وەلێ ڕەگەکانی هۆفێتی نەقرتێندرا، هەمان هۆفێتی بە ناوی مووسلەمانێتی و، بە مەرامی سەرمایە و دەسهەڵات درێژەی پێدراوە. شەڕکردن و خوونڕێشتنەکان، تاڵانکردنەکان، بە کەنیزەک کردنی ژنان، خەسڵەت و کرداری هۆفێتی بوون، پاشانەکە بە ناوی هوودای کووڕەکەی هامینێ پتر پەرەیان دراوەتێ. سەربردەی ئەو دەمی هەندێکیان لە نامە و نوسدراواندا ماونەتەوە، هەڕوون ببینن و بزانن بە ناوی مهەمدی کووڕی هامینێ، چ شەلالێکی خوون و، چ شەهووەتبازی و، چ هۆفێتیەک هێندراونەتە گۆڕێ. ئەو پیاوانەی کە خۆیان بە خەلیفە ناودێر کرد، هەرگیزاوهەرگیز جهێنیشینی کووڕەکەی هامینێ نەبوون، بەڵکوو هەندێکیان چەپەڵترینی سەردەمانی خۆیان بوون. مووسلەمانێتی توولاوتوولی زەمان، درۆهێک بووە لە بازنەی هەڵخەڵەتاندندا، ئەوی سیما ق ناوەڕۆکەکەی پێکهێناوە، کووشتن و تالانی و، بە کەنیزەککردنی ژنان بووە، هەرئەمانەش بردوونیە مەیدانەکانی شەڕکردنێ. لە شەڕەکاندا کە ژنەکانیان دەڕفاندن، ئەوانی زیێدە قەشەنگ و تازەلاو، لە بۆ خەڵیفەکان گل دەدرانەوە، ئەوانی دیکەش دەبردرانە بازاڕەکان و دەیانفرۆشتن، سەردەمانێک شەقامەکانی شامێ، هەزاران کیژ و ژنی کۆیلە و کەنیزەکیان لە بۆ فرۆشتنێ تێیدا ڕاگیردرابوو، نوسدراو لە خۆیانەوە ماوەنەتەوە، هەر ئەو نوسدراوانەش وێنەی ئەم دۆخە نەگریسە دەخەنەڕوو. کۆشەکانی سوڵتانانی دڕندەی مووسلەمان هەروەکوو دڕندەکانی کریستی، پڕبوون لە ژنانی کەنیزەک، هەندێک لە بۆ سەما و گۆرانی، هەندێک لە بۆ خزمەتی کۆشک، هەندێک لە بۆ گانێ. ئەم کارە قێزەوەنانە، بەشێکی گەورە لە کەلەپووری مووسلەمانێتی پێکهێناوە. لە ڕاستیدا ئەوەی ناوی لێندراوە دینی ئیسلام، سەبارەت بە خەڵکی بیابانێ وەرچەرخانێکە لە جەنجاڵی چیناتی لە بۆ کۆمەڵی چیناتی، تەنەها و تەنەهاش لە ئاستی بەشەکی و ڕووکەشیدا جوودایەزە لەوانی دی، دەنا لە ئاستی بنەڕەت و چهارچێوەی

گشتیدا، سەرجەمیان هەرهێکێکن، چەند بچمێکی ناوەڕۆک هاوبەشی چیناتین. دینی کرستیان جەنجاڵی چیناتی لە بۆ کۆمەڵی چیناتی نەگۆڕی، بەڵکوو خۆی چووە سەر لاشەی داتەپیوی کۆمەڵی چیناتی، لەو کاتەی خەریکبوو دەمرد، ئەوجا بە بچمێکی نوێ، کۆمەڵی چیناتی زیندوو کردەوە. دەسهەڵاتی هۆفێتی، هێک بە دووی هێک هاتن، پاشان لە بەین چوون. ڕۆژگارێک دەسهەڵاتێکی هۆفی بە ناوی یۆنانێ، بەربەرین پەلی هاوێشت، پاشانەکە "هەلیکساندەری کووڕی هۆلمپیا" مرد، هیدی سەردەستەی چەتەکان هەرهێکەیان لە شوێنی خۆیاندا پایە و ناوی پاشایان بە خۆیان دا. پاشترێ دەسهەڵاتی هۆفێتی لە ڕۆماهێ باڵای کرد، باڵاکردنێکی بەربڵاو و تخووب شکێن، تەنانەت بەشە زەمینی خێڵە گێرمەنەکانیشی خستە چنگی خۆیەوە، خەڵکی بە توندی دەچەوسێندرانەوە، جۆتیار و کۆیلەکان کە چینی بەربەرینی چەوساوەکانیان پێک دهێنا، هوومێدی خۆیان بە دەرێ هەڵواسی بوو، چاوەڕێ بوون لەو دیو سنوورەکانی ڕۆماوە ڕزگارکەرێک دەربکەوێ و، بچێ لەو مەینەتە قووڵە دەریان بهێنێ. دینی ناودێر بە کریستی، لەو کەڵێنە گەورەوە چووە ناو خەڵکی و، بە سەر لاشەی چەوساوەکاندا بەرەو دەسهەڵات سەرکەوت. پیاوانی بە ناو دینی لەگەڵ هەڵچەنینی دیوارەکانی کەنیسەدا، بنچەقی دەسهەڵاتی زاڵمانەی خۆیان داکووتی و، بوونە دامستدراوەی هەکوومەتکردن بە سەر خەڵکی چەوساوەدا. کەنیسە دەم و دەستی زووڵم و زۆرداری بوو، بەجۆرێک پەرستگەی سەرڕەشەکانی خوارووی دیجلێ و فەریتۆ، لە چاو کەنیسەی کریستی، بە هەفت ئاو شۆردرابووەوە. دەسهەڵاتەکانی پێشوو زەبری توونديان لە نەزمی خێڵاتی دا، دینی کریستی هات لە هەندێک جهێ ئەو کارەی ئەوانی بە کەوشەن گهاند. خڕبوونەوە بە دەوری کەنیسەدا، لە کۆیلەکان و کۆیلە ئازادەکان و جۆتیار و خەڵکە بێ نەوا و پەناکان دەستی پێکرد، پاشانەکە بنەما لە سەر ئەو هێزەی لە چەوساوەکانەوە دەستی کەوت، خۆی وەکوو ناوەند و دامستدراوەی نوێی هۆفێتی، دەسهەڵاتی بە سەر شاراندا پەیدا کرد، بەم چەشنە دڕندێتی لە کەسێتی پیاوانی کڵێسادا بە ڕووخسارێکی تازە بە دەسهەڵات گهیشت. دەسهەڵاتەکانی پێشترێ هەرگیز نەیانتوانی بوو هەموو شوێنەوارێک لە شارستانێتی دایک بسڕنەوە، ژنانێک لە ناو خەڵکیدا هێشتا ڕێزان بوون و، تواناکانیان کاریگەری کردبوون، خەڵکی گوێی دەدانێ و هێزیان لێ وەردەگرتن. دەنگ و باس وهایە، "فیلیدا" ناوی زیندووماوی هێکێک لە ژنانی ڕێزانی هەنگینییە، ئەم خانمە لە کەناری چۆمی لیب، لە سەرزەمینی سپی پێستە موو زەردەکاندا، کرۆکی ئەو ڕاسانەی پێک هێناوە، کە هۆزەکەی بە دژی دەسهەڵاتی ڕۆمی بەرپایان کرد. "فیلیدا" ناوکی هێز بووە لە ناو هۆزەکەیدا، هەموویان گوێیان بە ئامۆژگاریەکانی داوە و، هێزیان لە قسەکانی دەرهێناوە. سەردەمێک پاشتر، هەرکە پیاوانی کەنیسەکان بە دەسهەڵات گهیشتن، قڕانی ژنان دەستی پێکرد، چوونکوو سەرووەری و هێز لە ژندا، مایەی ڕق و بووخزی ئەو زەلامە چەپەڵانە بوون، ئەوان

خوازیاری شێوەگرتنی جۆرەژنێک بوون، سەری نەبێ و، بە سەری پیاو هەڵبسووڕێ.
لەم بازنەیەدا بە ناوی هیسای کووڕی مریەمێ درۆیان دەهۆنیەوە، وهایان دەدا بە گوێی خەڵکیدا، ئەو گووتبێتی:"پیاو سەری ژنە." ئەم درۆ قەڵپ و قەبەیە، هەوڵی لێ ستاندنی سەر و هەقڵ بوو لە ژن، هەوڵێکی ناکام و سەرنەگرتوو، لەبەرهەندێ بە دەهان هەزار لە ژنە کاریگەر و ڕێزانەکانیان گرتن و، بە تۆمەتی جادووگەری، سەریان لە لەشیان جووداکردنەوە، بەمەش هۆفێتی لە پیاوانی کڵەنیسەدا بە ترۆپک گەیشت. ڕاستیەکە ئەوەیە، پیاوانی دینی درۆین لە هەموو زەمان و زەمینێکدا، دژمنی سەرسەختی مێینەکان بوونە، ئەو دڵڕەشانە بە ناوی هووداوە هاتوونەتە پێشێ و، هەوڵیانداوە وەکوو داری دەست دارتراش، لە قووەت و قامەتی مێ دابڕنن. لە دینی درۆینی هەڵواسدراو بە ناوی مەهمەدی کووڕی هامینێ، ڕەشەولاخانی ناودێر بە زەلامی دینی، توونددتر کەوتوونەتە لێدان لە هەقڵ و جەسدەی مێ، ئەو بە ڕوواڵەت بەشەرانە، کە لە هاژەڵ هاژەڵترن، خوونی مانگانەی مێینەیان دەکردە هەنجەتێک و، بە دژی ژن بە کاریان دهێنایەوە، ئەوە لە کاتێکدا خوونی دامێنی مێ، ڕەنگی زیندەگی و زیندووێتی دەخاتەڕوو، ژنان بەو خوونەوە لە سبەینێ هەتا هێوارێ لە کێڵگە و ڕەزان کاریان دەکرد، تەنانەت لە کاتی کارکردنێ منداڵیان دەبوو، کۆرپەکەیان دەخستە ناو سەبەتەی سەر سەریانەوە و، بە پێی خۆیان دەگەڕانەوە ماڵێ. دژاتی مێ، دژاتیکردنی هووداى دایکە، قووڕ بە سەر ئەو کەسەی دژی مێ ڕادەوەستێ، یان بە سووک لێی دەڕوانێ، هەرکەس وهای کرد با یەقین بیزانێ چاوی بە بهێشت ناکەوێ و، لە دۆخی دۆڵزاخ خۆی دەبینێتەوە.

## پۆپەی 04

لە توولی هەزاران ساڵدا، دەسهەڵاتی چیناتی لە هیچ جهێ لە جێهانێ، نەیتوانی بوو شارستانێتی دایک لە بنوبۆتکەوە هەڵبتەکێنێ، توونددترین باڵکێشانی بە سەر دەرەوەی شارەکاندا، سەرانە ستاندن و، بە سەربازکردنی پیاوانی دەرباز نەدەکرد، بە سەربازکردنیشی بە کەمی لە بۆ چۆتە سەرێ، بەڵکوو پتر کۆیلەکانی شاری لە لەشکردا جهێ کردوونەتەوە. بەڵام ئەو مۆدێلە چیناتی و هۆفیانەی بە ناوی دینی کریستی و ئیسلامی دەرکەوتن، پەلاماری ناو سەری بەشەریان دا، بەمەش کاری ناتەواوی ئەوانی پێش خۆیان تێروتەسەڵ کرد. لە دەرهاوێشتەی ئەو دینە درۆینانەوە، خەڵکی زیادتر تیکە تیکە بوون و، لە نێوان خۆیاندا بوونە دژمنی هێک و، دژمنی مهیرەبانی. ئەو دینە درۆینانەی بە گۆڕی کەوتوون، هەرهێکەیان سەدان تاقم و دەستەی دژبەریان لێ هاتۆتە دەرێ، هەمووشیان خەریکن بە ناوی هووداوە، ڕق و

بووخز و، فتنه و فەساد لە سەر زەوی بڵاو دەکەنەوە. ئەو دینە درۆینانە، وها بە توندی هەڵیانکووتاوەتە ناو سەری بەشەرێت، مێشکیان پێوە نەهێشتوون، لەبەرئەوەیە هیچ قۆمێک هوودای دایک ناناسن و، بە مەودای فەرەوان لە مهیرەبانی دوور کەوتوونەتەوە. ئەمڕۆ مستگەوت و کلێسا و هەرچی پەرستگەی دینی هەیە، لە باری بژێودا ڕۆڵی ئاخوور دەگێڕن، جۆرە ڕەشەوڵاخێک بە ناوی زەلامی دینی، سەریان لە سەر ئەو ئاخوورانەیە و لێی دەخۆن. ئەو پەرستگە و خانانەی بە ناوی دینەوەن، بە سوودی هەمەلایەنەی ڕەشەوڵاخەکان دەگەڕێن و، هیچ پەیوەندیان نیهە بە هووداوە، بەڵکوو دژمنی هوودان. لە سەرانسەری زەوی، زەلامی دینی مشتێک زاڵم و نەزان و هوودانەناسن، ئەوان هاتن دین و دوونیایان لە بەرچاوی خەڵکی ڕەش کرد. ئەوی لە لە ماڵانی درۆینی هوودا، بە بەر هووداوە هێڵدراوەتەوە، تەنەها ناوە، ناوەڕۆکی هووداهی لە وشەکە دەرهێندراوە، ئەو هوودایەی دهێتە سەر زاری زەلامی دینی، هوودای ڕاستیەقین نیهە، بەڵکوو هووداهێکی بەشەرکردە، زاڵمانی زەمان بە زهین و زەمینیان داهێناوە. ئەو زەلامانەی لە پەنای ناوی هووداوە مەرامەکانیان شێردۆتەوە، لە هەردەور و زەمانێکدا، بە جۆرێک کەوتوونەتە تەفەرەدانی خەڵکی و، بە بەکارهێنانی چەمکەکانی بهێشت و دۆڵزاخ هەڵیان خەڵەتاندوون، تەنانەت هۆفێتی قەشە و مەلاکان گەهیشتە ئەوەی بهێشت بە باوەڕدارانیان بفرۆشن و، قەواڵە و کلیلی دەرکی بهێشتییان بدەنێ. تاهێرە و بەس، بەشەر لە سەرێتی خۆی لە زاڵمان و زەلامی دینی بە دوور بگرێ، لە سەرێتی ڕوو لە مهیر و پشت لە هۆف بێ، لە سەرێتی هوودای دایک بناسێ و پێ لە بەندی نامووس بێ.

## پۆپەی 05

خووساندنی چیناتی و ڕەگەزاتی بە هێکەوە سەریان هەڵداوە، بە هێکەوەش پەرەیان دراوەتێ، بنبڕکردنیشیان هەر بە هێکەوە دەبێ. لە کۆمەڵی چیناتی بە هەموو بچمەکانیەوە، ترسی گەورە لە ژنێتی هەیە، ئەو ترسە لە دینی کریستی گەهیشتۆتە لێ ستاندنی "سەر" لە ژن. پاش سەدان ساڵ، دینی ئیسلام وەکوو بچمێکی دیکەی دەسهەڵاتی چیناتی، لە بیابانێ قیت بووەوە، ئەویش بە نۆرەی خۆی هات و سەری لە ژن ستاند. لەو دینە درۆینەدا، مێ بە ناقس هەقڵ ناسێندراوە، لەبەرهەندێ پیاو سەری خێزان و، سەری کۆمەڵ و، سەری هەموو کاروبارێکە، ئەمە لە کاتێکدا مێ تێر و تەواوە و، ئەوی نەکسەی هەقڵی هەیە، نێرە. لە بنەڕەتەوە هەنگاوەکانی شێوەگرتنی هەلومەرجی چیناتی، چ لە زهین و زار، چ لە زەمیندا، هەنگاوی نێرێتی - هۆفێتی بوون، بنەما لەسەر بەلاوەنانی تایبەتمەندێتی مێ - مهیر هەڵهێندراون، پاشانیش لە

سەر هەمان بنەما، پێ بەپێ برەوی دراوەتێ. ترسی نێر لە مێ، ترسی هۆف لە مهیر، ترسی دەسهەڵاتی چیناتی لە ژنێتی، بە سەرچاوە لەم پێشینەیە دێ. چیناتی و نێراتی لە ژن دەترسن، لە سەری ژن و، لە لەشی ژن و، لە سێبەری ژنیش دەترسن. بە ڕێسای جووداجۆر جەسدەی ژن لە کۆتوبەند دایە، جلەکانی و، جوولەکردنەکانی و، لێکردنەوەی مووەکانیشی کەوتوونەتە دەست هەقڵی پووچی نێرێتی، لە لاهێک بە ناوی دین و، لە لاهێک بە ناوی دوونیاوە، هەردووکیان خەریکن ژن تەپەسەر دەکەن، خەریکن پارچە شکاوەکانی کەسێتی مێ هەپرون دەکەن. هوورد زهینی بدەنێ، پەیوەندی سەربەستانەی مێ و نێر، گۆڕدرا بە خاوەنداریێتی نێر بە سەر مێدا، هەقی سەربەستی بە تەنەها لە ژنان ستاندرایەوە، پیاوان لە هەنگینێوە هەتا ئەوڕۆ بە مەیلی خۆیان دەجوولێنەوە، کەچی ئەوی بەرنەفرەت دەدرێ و، بە سووک لێی دەڕواندرێ و، ناوی بێڕەوشتی لێ دەندرێ، ئەوی لە سەر زاری زەلامی دینی دەبێتە جهێ نەفرینی هووداى درۆین، هەر ژنە! هەک بە نەفرین بن زەلامی دینی، هەی ڕوو ڕەش و دڵ تاریکینە، هۆپێک بکەن و ئاوڕێک لە پشتە خۆتان بدەنەوە، ببینن لە شوێن پێیەکانتاندا چ گووفەکێک بە جهێ ماوە، چ خوونێک ڕەشتدراوە، چ دوونیا کاولبوونێک ڕوویداوە؟ ئێوەی نێرین چلۆن دەتوانن هێندە ڕوو قایم بن، چلۆن زاتی ئەوە دەکەن بە خراپ ناوی مێ بهێنن؟ ئێوەی نێرین لەوەتی هەن، هەر ڕەدووی هەوای خۆتان کەوتوون، ئەگەر دایکان جهێ و بنلینگانتان خاوێن نەکەنەوە و، ڕووناکی ڕێتان نەدەنێ، بۆگەن دەکەن و کرێم هەڵدێنن. لە دوونێ و ئەمڕۆدا، دوو لەتی کەمتیارێکن، پیس و تۆپیو، ئەمڕۆتان وا بە بەرچاوانەوە، دوونێکەش پیاوی خانەدان لە بیابانێ بە هەوەسی خۆی و، بە ناوی کەنیزەک ژنانی لە دەوری خۆی جەم دەکرد و لەزەتی لێ دەبردن، سەرەڕای ئەوەش بە زۆر و زەبر دایک و خووشک و پووری خۆی گاوە، کیژە خووشکی و، ژنی برای و، کیژی ژنەکانی خۆشی لە بۆ شەهووەتبازی داپاچیون، بەبێ گوێ پێدان بە خواست و مەیلی ژنەکان، یان گچکاتی تەمەنی کیژۆڵان، هاخر لە گشتەدا بە موولکی ئەو هیسێب بوون و، دەیتوانی بە مەیلی خۆی بیان خووسێنێ. وقتهێک مهەمدی کووڕی هامینێ پەیامی خۆی ڕاگهاند، هەموو تووخنکەوتنێکی هەوەسبازی لەگەڵ دایک و خووشک و، مێینەی دیکەی خێزان بە بەدڕەفتاری ناساند، بەمەش دەستی درێژی پیاوی لە سەر کوورت کردنەوە. دایک، خووشک، یان ژنەکەی و کیژەکەی، تۆمەتی گاندانێکی وپاڵ بدرابا، پیاوی بیابانێ بە هاسانی دەستی لێ دەوەشاند و دەیکووشت، کووڕی هامینێ ئەو دەستەشی شەتەک کرد، هات ڕای گهاند بەس لە هێک کاتدا دەتوانن ژن بە گاندانێ تۆمەتبار بکەن، ئەویش ئەو کاتەیە، کە چهار پیاو بە چاوی سەر بینیبیان، وا پیاوێک سواری ژنەکە بووە و، خستووتیە ناوی، خۆ ئەگەر سێ پیاو دیتیبیان و گەواهی بدەن، هەرسێکیان بە شەڵاقکردن سزادەدرێن و، ژنەکە سەربەست بەڕێ دەکردرێ. دەشبوو شاهێدەکان پیاو لە

بن، نەک ژن، نەوەک لە ناو دۆخی هۆفیانەی زەماندا، ژن لە خۆشی لە هێکدی نەهاتنێ، تۆمەت لە هێک بدەن. خۆ ئەگەر پیاویش بە چاوی سەری خۆی، ژنەکەی بە سەر گاندانەوە بگرتایە، دیسان هەقی نەبوو هیچ لە ژنەکەی بکات، ژنەکە بە سووندخواردنێک تۆمەتەکەی سەری بە تاڵ دەبووەوە. کوورەکەی هامینێ ڕێسا و ڕێنوێنی دروستی دانێ، ویستی چیدی ژنان لە سەر گاندانێ، دەستیان لێ نەوەشیندرێ، ویستی هەروەکوو ڕێ لە پێش پیاوان هاوالایە، درزێکیش لە بۆ ژنان هەبێ و، بتوانن لێی بچێتە دەرێ. کووڕی هامینێ ئەو کارەی کرد کە دەبوو بیکردبا. ئەوی بە سەرچاوە لە ناسینی هوودای دایک بە پلەی پەیامبەری گهیشتبێ، زانا بووە بەوەی خاوەندارێتی تایبەت بە سەر هێکدی، لێکەوتێکە لە هۆفێتی و، دژ بە سرووشتی مرۆڤ و مهیرە، بۆ هێ گاتای وهای داوە، بەشکووم لێکەوتەکە بە کاوەخۆ کرچ و کاڵ بهێتەوە. خەڵکینە! دینی ئیسلام و کووڕی هامینێ، دینی کریستی و کووڕی مریەمێ، دینی یەهوودی و کووڕی هیوکابد لە هێکدی جوودا بکەنەوە، ئەو کووڕانە پیاوچاکانی زەمان و زەمینی خۆیان بوون، پەیامبەرانی هوودای دایک بوون، هاتن هەوڵیان دا خووساندنی چیناتی و ڕەگەزاتی کەم بکەنەوە، ئەگەر لە پاش خۆیاندا گاتاکانیان چەواشە کردوون و پیسی و پۆخڵەواتی زۆریان هاوپێچ دراوە، خۆ خەتای ئەوانی تێیدا نیهە. ئەو سێ پیاوە کە هەرسێکیان لە بەری خۆرئاوای ناوەندی شارستانێتی دایک سەریان هەڵداوە، پەیامبەری سەرڕاست و هەقگۆ بوون، هەرهێکەیان بە هەندازێک هوودای ڕاستیەڤین و مهیرەبانیان دەناسی، مهەمد لە مووسا کەمتر و هیسا لە مووسا زیادتر هوودای دەناسی، لەبەرهەندێ کووڕەکەی هامینێ خۆی بە "ڕەسوولی هوودا" و کووڕی هیوکابدی بە "کەلامی هوودا" و کووڕی مریەمێی بە "گیانی هوودا" ناساند.
لەبەری خۆرهەلاتێ، گەلێک پیاو لە ڕۆژگارانی ڕابردوودا بە دەرکەوتن و، خۆیان بە پەیامبەری هوودا ناساند، بەڵام چ تاقیان پەیامبەری ڕاستیەڤین نەبوون، بەڵکوو هەرهێکەیان ویستووتی پایە پەیدا بکات لە ناو خەڵکیدا و، بە مەرامی خۆی بگات.
پەیامبەراتی ناو لە خۆنان نیهە، پەیامبەری ڕاستیەڤین لە زگی دایکیەوە بە پەیامبەری دەخوولقێ، وها دهێتە دوونیاهێ لە پاشاندا ببێتە پەیامبەری هوودای دایک، ئەوجا لە کاتی هاوسەنگیدا، زهینی پەیامبەرەکە بە زهینی هووداوە پەیوەست دەبێ، پلەی پەیوەستبوونەکەش لە پەیامبەرێکەوە لە بۆ هێکێکی دی جوودایە. ئەو بەرزە زانینەی پەیامبەرەکە پێی دەگات، لە میانی پەیوەستبوونە زهینیەکەدا بە جهێ دەبێ و، بە هۆی شەپۆڵەکانەوە دەیگاتێ، شەپۆڵەکان بوونەوەری زیندوون، لە بەرئەوە ئەگەر گووتدراوە فەریشتەی هوودا زانستەکە دەگهێنن، یان بگووتدرێ شەپۆڵی گەردوون، هەردووکیان دروستن و، فەرەقە تەنەها ناولێنانەکەیە. بە واتاهێکی دی، پەیامبەری ڕاستیەڤین کەسێکە، مووخی بە مووخی گەردوون پەیوەست دەبێ، لەم پەیوەستیەدا ئاشنای ڕێسای گەردوون و، پێکهاتەکانی دەبێ و، دەگاتە پلەی جوودای زانست، بە هێندەی پلەی

پەیوەستبوونەکەی. بە نموونەی تێگەیشتن، سێ پیاو سەبارەت بە ژنێک قسان دەکەن، پیاوێک لە دوورەوە دیوێتی، پیاوێک لەو دیو پەردەوە لەگەڵیدا دواوە، پیاوێکیش لە نێزیکەوە دیوێتی و دواندووتی. لەم وێنەوە لە پلەی پەیوەندی پەیامبەران بە هووداوە ڕوونتر تێبگەن.

پۆپەی 06

لە دۆڵی نیلێ، بە لەبەرگرتنەوەی مۆدێلی کووڕی سەرڕەش، جەنجاڵی چیناتی لە بۆ کۆمەڵی چیناتی گۆڕدرا، وەلێ لە ناو هۆزانی هۆفی لە بیابانێ، دینی ئیسلام ئەم وەچەرخانەی بە جهێ گهاند. ئیسلام خۆی لە دەسهەڵاتی چیناتیدا بە ڕێکخستن کرد و، خەڵکی بیابانیی لە قۆناخی جەنجاڵی چیناتی بەرەو قۆناخی کۆمەڵی چیناتی گواستەوە. لە بەری ڕۆژهەڵاتێ هەلومەرجی سەرزەمینی هیند بە جۆرێکی دی بوو، لە وێندەرێ خێڵانی هاردی و مهیرهۆفی نیشتەجهێ بوون، بۆهێ پێکهاتنی کۆمەڵی چیناتی بە قۆناخی جەنجاڵی چیناتی تێنەپەڕیوە، بەڵکوو هێکسەرە و بە کاوەخۆ کۆمەڵی بێ چین کاڵ بۆتەوە و، کۆمەڵی چیناتی شێوەی هاتوتێ، هەروەکوو چەند هەزار ساڵ زووتر لە دەشتەکانی بەشی خوارووی نێوان دوو چۆمەکەی کووردەوار، شێوەی هاتبووهێ. لە ڕاستیدا شێوەی دەسهەڵات و کۆمەڵی چیناتی لە ناو هیندەکاندا، هەمان ئەوەی دیجلێ و فەریتۆیە و، بە پێی بار و زوورفی هیندەکان قاڵبی پێدراوەتەوە. سەرزەمینی هیند بەشە خاکێکی بەربەرینی کەشوهەوا جوودایەزە و، لە زووەوە خەڵکی زۆری تێێدا چڕبۆتەوە، وقتهێکیش ڕوو بە پێکهێنانی کۆمەڵی چیناتی هەنگاو دهاوێن، هەنگاوەکان گشتەگیرنین، لە هەندێک جهێ شاری ناسرووشتی هەڵدەبۆقێن و، لە هەندێک جهێ کۆبەندی دێهات بەردەوامی پێدراوە. لە گشتەدا هەشیمەتی هیند بە سەر خۆیاندا نووشابوونەوە، دەسهەڵاتی چیناتی لە هەرشارێکی هەڵبۆقاودا بە جوودا هەڵدەسووڕان و، هەرهێکەشیان لە شەڕ و ڕکەبەرێتی هێکدی و، لە هەوڵی قووتدانی کۆبەندانی دێهاتی بوون، بەمەش هەوارەکە کەوتبووە پشێوی و، ڕۆژگارێکی هاڵۆزەوە. ئەو دەسهەڵاتانەی سەرپێ کەوتبوون، هەرهێکەیان لە شوێنی خۆیانەوە، بە ناوی هوودا سەروەری و شکۆیان لە خەڵکی دادەماڵی و، کۆمەڵی خەڵکەکەیان چین چین و، پلەبەند دەکرد. ئەگەر ئەوڕۆ لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی ئەوێدا، بیروباوەڕ و ڕووناکبیرێتی و شێوەی پەیوەندی جووداجۆرن، لێکەوتەی پێشینەی کۆمەڵی چیناتی و، بەسەرهاتەکانی پێشتر و پاشترن. گەلێک پاشماوەی جووداجۆر لە بیر و نەریتی سەردەمانی جوودایەز ماون، تێکچرژان و تێکترشانێکی گشتەگیر لە بیروباوەڕی کۆمەڵانی هیندی هەیە. بیروباوەڕی ڕاستیەقین لە دەستدراوە، پاشانەکە پاشماوەکانی بیروباوەڕی هۆفێتی و،

کەمێک مهیری، بە تێکەڵ لەگەڵ لێکەوتەی هەلومەرجی جوودایەز، لە شێوەی بیروباوەڕی جووداجۆر و سەربەخۆ قاڵبیان دراوەتێ. ئەو دەمەی ڕووناکبیرێتی هاردی گەیشتە کنەوان، هیندەکان لە بازنەی ئەو ڕووناکبوونەوەیەدا فێری کاری هاژەڵداری و چاندنێ بوون و، زۆر چاک لە شیر و بەرهەمەکانی مانگا کەڵکیان وەرگرت، بەڵام زۆر خراپ و لینگەقووچ واتایان لێکدایەوە، لەوان وهابوو هوودای دایک لە خوودی مانگادا دەردەکەوێ و ڕسقیان دەداتێ. ئەم لاڕێبوونە هەرهەنگینێ لە میانی بیروباوەڕدا جەێی دراوەتێ، هەتا ئەوڕۆکەش مانگا بە جوودا لە ئاژەڵانی دی، پلەی باڵای ڕێزگرتنی هەیە و، ڕووی شوکرانەی دەدەنێ. هاوکات لە ناو هیندەکان پاشماوە هەیە سەر بە بیروباوەڕی مهیرە، نە کووشتنی گیانلەبەران و نە خواردنی گۆشت، نەریتێکی باو و بەربڵاوە و، سەدان ملیۆن هیندی پێوەی پابەندن. ئەوان لەوەدا ڕاستن کە دەڵێن: هاژەڵان وەکوو بەشەر گیانلەبەرن و، هەقی زیندەگیکردنیان هەیە، لەبەرهەندێ کووشتن و هەموو جۆرێکی توندوتیژی بەرامبەر بە گیانداران ڕەت دەکەنەوە. بەڵام بیروباوەڕی بەشەرکردی گرێدراو بە هوودا لە سەرزەمینی هیند زۆرن، دێرینترینەکانیان لەگەڵ قاڵبگرتنی دەسهەڵاتی چیناتی لە دەو ڕووبارەکانی سەرێ، شێوەیان دراوەتێ، پاشانەکە بە بەشە زەمینەکانی دیکەدا بڵاو بوونەتەوە. ئەزموونێک لە چاندنی بەرئاو چەند هەزار ساڵ پێشترێ لە قەراخی ڕووبارەکانی دیجلێ و فریتۆ پێکهات، لە ڕۆخی ڕووباری سیندێ وێنەی لێ هەڵگیردرایەوە. دەستپێکی کۆمەڵی چیناتی لە ناو هیندەکان، بە سەرچاوە لە چاندنی بەرئاوێ، لە بەشی باکوور بە زەوی داهات، لەگەڵیشی پێ بە پێ دینی ناودێر بە "هیندۆس،" کە ناوەکەی لە ناوی خێڵانی دەوچۆمەکە وەرگیردراوەتەوە، چهارچێوەی پێدراوە. وشەی"هیندۆس" لێکدراوە و لە زمانی زگماکدا بە واتای "دەستی هێز" دێ. ئەم ناوە لە کاتێکدا بە خێڵەکاندا لکێندرا، کە دەستیان بە چاندنی بەرئاوێ کرد، چوونکوو کارەکە بە هێزی دەست هەڵسووڕدراوە. لە ناو هیندەکان و، لە هەرجهێ لە جێهانێ، هەموو هەنگاوێکی ڕوو بە چیناتی، گرێدراو بە چەمکی هوودا، لە ڕێی چەواشەکردنی بیروباوەڕی خەڵکیەوە، ئەنجامی بە دەستەوە داوە. بەبێ دەستبردن لە بۆ وشەی هوودا، بەبێ گۆڕینی ناسنامەکەی و شێوەپێدانەوەی، نە لەوێ و نە لە هیچ جێهێکی دی، نەدەتواندرا کۆمەڵی چیناتی پێک بهێندرێ. لە هەرجهێ بنەڕەتەکانی فەرهەنگی شارستانێتی دایک دزدراون، ئەمجا بە شێوەی شێوێندراو و، بە مەبەستی هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی بە کارهێندراونەتەوە. خۆر، خاک، هەستێرە، با و باران جهێ دەرکەوتەی هوودای دایکن، هۆفی کردوویانن بە هوودای جوودا جوودا، سەرەڕای ئەمانەش هوودایانی درۆینی جۆربەجۆریان ناو پێداون، بە نموونە "براهما" دروستکەر و "شیبا" وێرانکەر و " فیشنۆ " پارێزەرە. هەڵبەتە ئەو کەسانەی ناویان پێداون، بە ناویشیانەوە قسان دەکەن، چلۆنێک بخوازن ئەوها خەڵکەکە لە وێنەی ڕانەمەڕ هەڵدەسووڕێنن. وەلێ

ئەوە ڕووداوێک نەبووە لە هیکڕا قەومابێ، هەرشت بە کاوەخۆ چۆتە پێشێ. گۆڕینی بیروباوەڕ و پێکهاتنی شاری ناسرووشتی و، شێوەگرتنی کۆمەڵی چیناتی، هەرسێکیان بە هێکەوە هێدی هێدی چوونەتە قالْبەوە. هەموو هەنگاوێکی زەمینی، پێشوقەت لە باری زهینیدا هەلی دراوەتێ، ئەمەیە کارەکەی هاسان کردوون و، توانیتیان بە مەرام بگەن. لە زەمانی خۆی، خەڵکی شارە هیندیەکان بە سەر سێ چینی سەرەکی جوودا کردرابوونەوە: چینی سەرێ، بریتیبوون لە پیاوانی دینی و خانەدانەکان، هەرخۆشیان دەسهەڵاتداری شاربوون. دووهەم چین چینی داروەدست بوون، ئەوانە چەکدار و کاربەڕێکەری چینی سەرێ بوون. سێهەم چینیش چینی خوارێ بوو، بریتیبوون لە خزمەتکاران و، کۆیلەی چینی سەرێ بوون. بێجگە لەمانەش، لە دەرەوەی شاراندا جۆتیار و شیوانکار هەبوون، هەندێکیان سەرانەی سووک و، هەندێکیش سەرانەی قوورسیان بە دەسهەڵات دەدا. ئەم دابەشکردنەی چیناتی، لە هەناوی دینی"هیندۆس"ەوە هاتبووە دەرێ، وهایان هاخنیبووە مێشکی خەڵکیەوە، هوودای ناودار بە "براهما"، چینەکانی بەشەرێتی لە لەشی خۆی دروستکردوون، پیاوانی دینی لە سەری هوودا، سەرباز و دەست و پێوەندەکان لە دەستەکانی هوودا، جۆتیاران و گاوانەکان لە ڕان و، خزمەتکاران لە قاچەکانی هوودا خوولقاون. ئەم بیروباوەڕە هۆفیانەیە، پیاوانی دینی لە پلەی بڵندی خاوێنی و بەهاداری دانابوون، خەتا و خراپەشیان هەبایە، هیچ سزاهێک نەدەدران، چوونکە بیروباوەڕ وهایە، هوودا پێشوقەت لێخۆشبوونی داونەتێ، ئەوان لە سەر زەوین هەتاوەکوو نوێنەرێتی هووداکان بکەن، تەنەها ئەرکیان خووندن و نۆژە، ئەرکیشە بە کۆڵی چینەکانی دیکەوە، خزمەتی ئەو چینە بکەن و، بە گێرەی ڕێنوێنی و فرمانەکانیان بجوولێنەوە. لە پێڕستی ئەو بیروباوەڕە، چینی خوارێ کە کۆیلەکانن، کاریان تەنەها خزمەتی گەورەکانیانە، کردووشیانن بە خزمەتکارانێکی هێندە ناشیرین، تەنانەت هەلیان نەدراوەتێ هاونیشینی پیاوانی براهمی بن، یان لە خانەکانی پەرستن نۆژ بکەن. لەوانەش بە نزمتر بیندراو، ڕەشپێستەکانی ئەوێ بوون. ئەو ڕەشپێستانە لە وقەتی بە شێوەهاتنی دەسهەڵاتی چیناتی، نەچوونەتە ژێربار و یاخیبوونە لێی، لەبەرهەندێ بە چینی قێزەوەن ناویان بردوون. بە پێی بیروباوەڕی هیندۆس، هوودا(مەبەست لە هوودای درۆینی براهمایە) ئەو ڕەشپێستانەی دروست نەکردوون و، نازاندرێ کێ خوولقاندوونی، لە سەر بنەمای ئەم بیروباوەڕەش، بەبێ هیچ خەتا و خراپەکردنێک بەرنەفرین کەوتوون، دەربەدەریان کردوون و بە توونندی خووساندوونیانەتەوە. پێڕست بە براهما، هەلومەرجی چیناتی هەم زاڵە و هەم قووڵ، تەنانەت گەیشتۆتە دانانی هێما لە سەر ڕوو، بەو مەبەستەی چینەکان لە هێکدی جوودا ببنەوە، بە نموونە پیاوەکان هەندێک هێڵیان لە سەر تەختی ناوچاوان کێشداون، بەو هێڵانە چینەکەیان دیاری کردوون. دینی درۆینی ناودێر بە هیندۆس، ئەوڕۆکە هێک ملیارد هەشیمەتی خەڵک شوێنی کەوتوون، بە هۆی ئەوەی بیروباوەڕەکانی پاش خۆی

تێکەڵبوونە، بەرهوورد بە پێشتریّ برێک گۆڕدراوە، وەلێ لە بنەڕەتەکانی چیناتیدا وەکوو خۆی ماوەتەوە. درەنگ وقهتی زەمانێ، هەر لەو مەفتەنی، پیاوێک لە هەناوی دەسهەڵاتی پاشاهێتی هاتۆتە دەرێ، قسەوباس وها بڵاوە گوایە کەوتۆتە لێگەڕین و ویستووتی هەقیقەت ببینێتەوە. ئەو پیاوە "سیدهارتا کووڕی مایا "بوو، کە پاشان بە "بوودا" ناوی ڕۆی. درۆی بە دەور و دیمەنی لە بۆ نەقشێندراوە، فێڵبازێکی زلی دەسهەڵاتی چیناتی، وەکوو لێگەڕێکی گەورەی هەقیقەت ناوی دراوەتێ. ئەوکات و پاشتریش، هەقایەتی درۆینی هەمەلۆن لە بۆ ئەم پاشایە هۆندراونەتەوە، لە وێنەی ئەو هەقایەتانەی پاشایانی لیتە دەشتەکانی دیجلێ و فەریتۆ لە بۆ خۆیانیان هۆنیبوونەوە. ڕاستیەکە ئەوەیە، لە کن هەموو دەسهەڵاتە چیناتیەکانی ڕۆژگارە ڕەش و تاریکەکەی هەنگینێ، پاشا بە نوێنەری هوودا، هەندێک وقهتیش بە خوودی هوودا زاندراوە، لەبەرهەندێیە کووڕە هۆفەکەی مایا بە هوودا دەناسن و، پەیکەری لە بۆ ساز دەکەن. ئەو پاشایە بە کۆمەک لە پیاوانی براهمی و تەگبیرکەرانی کۆشکی پاشاهێتی، شێوەی بە بیروباوەڕێک داوە و، بە ناو هەشیمەتی خەڵکیدا بڵاویان کردۆتەوە، ویستووتی بە کاریگەریهەکانی ئەو بیروباوەڕە، دوو ئامانج بپێکێ، هێکێک ئابوری و، ئەویدی ئاسایش. ئەوەی ناوی "یۆگا"ی دراوەتێ، شێوازی سڕکردن و بە تاڵکردنەوەی بەشەرە لە وزەی زیندەگی، شێوازێکە وها داهێندراوە، کە خەڵکە برسی و دەم بە هاوارەکەی پێ کپ بکەنەوە. ئەو خەڵکانەی یۆگا دەکەن وزە کۆناکەنەوە، بەڵکوو لە خۆیانی دەردەکەن، بەمەش دەبنە هیمدادی بەردەوامبوونی ڕەوتی هۆفێتی. لە ڕاهێنانەکانی یۆگادا ساردکردنەوەی وزە و، بە تاڵ بوونەوە هەیە، یۆگابازەکان لە پڕێتی خواستی زیندەگیەوە بەرەو دابڕان لە کرۆکی زیندەگی دەڕۆن. یۆگا بێ باکبوون لە زیندەگی دروست دەکات، لە بنەڕەتیشدا بەم مەبەستە شێوەی پێدراوە، هەتا خەڵکەکە باکی بە ژیان نەبێ و، دەسهەڵاتداران بتوانن بە هاسانی هەکوومەت بکەن بە سەریاندا. لە بازنەی بیروباوەڕی ناودێر بە بوودا، ڕێنوێنی بە هەشیمەتی خەڵک دراوە:" لە کەیف و خۆشی دوورکەونەوە، درۆ و دزی نەکەن، کەمخۆربن و، هەندێک وقهتیش خۆیان بە برسیێتی بهێڵنەوە، گوێ بە دەرێ نەدەن، بە دروستی بیربکەنەوە و، بە دروستی بدوێن و ڕەفتاری دروست بنوێنن، ئەوجا بگەڕێنەوە بەرەو ناوناخ، بەشکووم بە پلەی پاکبوونەوە بگەن." بە تەک سەبەتەی ئەم گۆزارانەوە، چەپکێکیش جوولەی هاوبەند بە کرداری هەناسە و لەش و، جلەوکردنی دەروون قاڵبیان دراوەتێ. کرداری زهینی، کرداری زاری، کرداری جەسدهی، هەمووی بە هێکەوە ناوی لێندراوە بە ئاگاهاتنەوە و ڕۆشەن بوونەوە، لە کاتێکدا ڕۆچوونە بە خافڵەتی و تاریکیدا، نەک ڕۆشەن بوونەوە. بە ڕووکەش وەکوو مشتێک ڕێنوێنی جوان دەچنە بەردڵان، جا ئەوی بە ڕووکەشبینی بجوولێتەوە، پێی لێ دەهاڵێ و، خراپ تێی دەکەوێ. ئێستاکێ تێهاڵاوان بە بیروباوەڕی بووداهی، هەشیمەتێکی پێنج سەد ملیۆنین. بەوەدا بزانن هەمووان لە

جاهەلیدان، چوونکێ لە توولی دوو هەزار و پێنج سەد ساڵی ڕابردوودا، قەت ڕووی نەدا هێکێک هەڵبکەوێ بن بەڕەی ئەم بیروباوەڕە دەربهێنێ. هوورد زهینی بدەنێ، هەمن بەڕەکە هەڵدەدەمەوە و هەڵیشی دەتەکێنم، هەنگێ ببینن چ پیسی و پۆخڵەواتێکیان لێتان شاردبووەوە. کووڕەکەی مایا هاتووە بە خەڵکی دەڵێ:" لە کەیفوخۆشیکردنێ دوورکەونەوە." لە خۆتان بپرسن: ئەم داوایە لەبەرچی؟ لەبەرئەوەی دەسەهەڵاتی چیناتی هەلی کەیفوخۆشی لە بۆ خەڵکی نەهێشتۆتەوە، ئینجا هاتوون مەیل و ئارەزووکردنیشی لە دەروون و دەماخی خەڵکەکە دادەمرکێنن، هەتا خواستی بە خۆشی ڕابواردن، ناڕەزابوون بە دووی خۆیدا نەهێنێ. کووڕەکەی مایا هاتووە بە خەڵکی دەڵێ:"درۆ و دزی مەکەن." لە خۆتان بپرسن: دزی لە کێ دەکردرێ، ئەو پیاوە وا دەیهەوێ خەڵکی نەیکەن؟ زیێدەی بەرهەم و سەرمایە لە مشتی چینی سەرێ خڕبۆتەوە، ئەو هاتووە ڕێنوێنی دزی نەکردنێ بە چینی خوارێ دەدات، هەتاوەکوو ماڵ و سامانی خانەدانان پارێزدراوبن. کووڕەکەی مایا بە خەڵکی دەڵێ:" کەمخۆربن و، هەندێ کاتیش خۆتان بە برسییێتی بهێڵنەوە." لە خۆتان بپرسن: لەبەرچی؟ لەبەرئەوەی هەلومەرجی چیناتی، برسییێتی و هەژاری لێ کەوتۆتەوە، دۆخێکی وها ناهەمواری بە هاردی داهێناوە، ڕێی تێ دەڕوات خەڵکە برسیهەکە بە هیکڕا ڕابپەڕن، لەبەرئەوەیە خۆبرسیکردن دەکەنە نەریتێک و، لە ناو بیروباوەڕدا جهێی دەدەنێ. هەر ئەو پیاوە فێڵبازە بە خەڵکی دەڵێ:" گوێ بە دەرێ مەدەن و بەرەو ناخی خۆتان بگەڕێنەوە." بێگوومان ئەو ویستووتی خەڵکی لە دەرەوە داببڕێنێ و، لە ناو خۆیاندا گیربخۆن، ویستووتی دەرەوە بە پانوپۆڕی لە بەردەستی زاڵمانی زەلام دابێ و، چ کەس لێیان هەڵنەگەڕێتەوە. ویستووتی کەس قینی لە دەسەهەڵاتی چیناتی و، لە خانەدانە ساماندارەکان نەبێ و، بە خراپی بیریان لێ نەکەنەوە، ئەمەش ناوی لێندراوە بە دروستی بیرکردنەوە. ویستووتی کەس لە دژی ئەو دەسەهەڵاتەی ڕەنجی خەڵکەکە دەبات، زمانی بە خراپ نەگەڕێ، یان پەرچەکردارێک نیشان نەدات. ئەم دەم و دەست شەتەکدانەش، لە پەنا پەردەی بە دروستی هیزرین و، بە دروستی پەیفین و، بە دروستی ڕەوتارکردندا بە جهێ هێندراوە، لە ڕاستیشدا دانانی قەڵخانە، بە قەسدی پاراستنی دەسەهەڵاتی چیناتی و چینی بەرسێیەرێ. پوختەی ڕاستیهەکە ئەوەیە، "بوودا" ناوونیشانی بیروباوەڕێکی فریودەرە، نە بەئاگاهاتنەوەیە، نە ڕۆشەنبوونەوە، بەڵکوو سڕکردن و لە زهین خستنە، لە کۆتاهیدا خۆ بزرکردن و سەرنگوون بوونە لە ناو قووڵاهی تاریکیدا.

## پۆپەی 07

لە بەری خۆرهەڵاتێ، چاندنی ئاودێری بنەڕەتی قاڵبگرتنی کۆمەڵی چیناتی پێکهێناوە، ئەمجۆرە لە چاندن، هەوەڵبار لە دەوری هەردوو چۆمی دیجلێ و فەریتۆی خۆرمیانێ بە سەرەتا هات، پاشانەکێ جهێ بە جهێ وێنەی لێ لەبەرگیردراوەتەوە. ئەو کۆمەڵی

چیناتیەی بە سەرچاوە لە چاندنی بەرئاوێ، لە دەوری "ڕووباری سیند"ی مەفتەنی هیند پێکهات، لە دەوری "ڕووباری زەرد"ی زاینا(چین) شێوەی پێ دراوەتەوە، پاشتریّ لە قەراخەکانی ڕووباری زێڕین و، لقە زۆرەکانیەوە توولی پێدراوە. لەوێ هێکەمین کۆمەڵەکانی چیناتی لە ناوەند و خوارووی ڕووباری زەرد بە شێوە هاتوون، "شانگ" و"سیا" و "شۆو"، لەو دەسهەڵاتانەی چیناتین، کە هێک بە دووی هێک لە وێندەرێ بەدەرکەوتوون. نێزیکەی دوو هەزار ساڵ، هەموو هێکێک لە شارەکانی زاینا، لە وێنەی شارانی نێوان دیجلێ و فریتۆ، شانیشینی سەربەخۆبوون، پاشان خانەدانی ناودار بە "چین"، کە دەسهەڵاتداری هێکێک لە شانیشینەکان بوون، هەڵدەکووتنە سەر شانیشینانی دیکە و سەرجەمیان داگیردەکەن، لەوکاتیەوە ناوی ئەو خانەدانە دەبێتە سەرناوێک و، بە هێقەی ئەو خاکە بەربەرین و پڕ لە هەشیمەتەدا لکێندراوە. کەمینەی گچکەلان، زۆرینەی گەورەی جلەو کرد و، پاش ئەوەش بە مەیلی خۆی دەیهاژوات، ڕووداوەکە هیچ سەیر نیهە، چوونکوو بەربەرینی زەمین و، چڕی دانیشتوان، بنەمای جۆرێتی نین. هەڕوون ببینن، جهێ هەیە بە دارستانەکەیەوە ڕەش دەچێتەوە، بەبێ ئەوەی تاقە درەختێکی بەردار لە دارستانەکەدا هەبێ. زاینا لە واتاهێکدا نموونەی دارستانێکی بێ بەرە، هەزاران ساڵە لە مهیر خاڵی بۆتەوە و، بە سەری هۆفی دەڕواتە ڕێ. لە دەستپێکێ، وقتهێک سووڕی سەهۆڵین دەستی پێکرد، خێڵانی مهیری لە زاینا بوون، ئەو خێڵانە لە میانی سووڕی سەهۆڵیندا وەرچەرخان لە بۆ مهیرهۆفی، مهیرهۆفێک لە جۆری بەد، لەبەرئەوەی ئەو ڕەگەزی بژێوەی دەست و دەمیان لە بۆ برد، لە نموونەی مشک و مار و دووپشک، جۆری هەرەبەدی ڕەگەزی هۆفیبوون لە خۆراکدا، لێکەوتەشی بە سەریانەوە هێکجار بەد و بە زەڕ بوو، خەڵکەکە هەندێکیان وها چاوچنۆک و چەپەڵ بووبوون، تەنانەت دەکەوتنە شەڕکردنێ و لە هێکدیان دەکووشت، ئەم بار و زوورفەش لە هەندێک جهێ جەنجاڵی چیناتی بە دووی خۆیدا هێنابوو. کاتێک بە هۆی هیندەکانەوە، فەرهەنگی ڕووناکبیرێتی هاردی گهیشتە ئەوێ، خەڵکەکە بڕێک بەرچاویان ڕووناک بووەوە و، فێری هاژەڵداری و چاندنێ بوون. دەلوا لە بەر ڕووناکیەکەدا بچنەوە سەر ڕێی ڕاستی زیندەگی، دەلوا ڕەگەزەکانی مهیری و مهیرهۆفی لە خۆراکدا پەرە پێ بدەن و، لە هۆفێتی و پیسخۆری دوور بکەونەوە، کەچی لەبەر چڵێسی و تێرنەخۆری، وهایان نەکرد، بەمەش چەند زیاتر کات تێپەڕی، هێندە پتر هۆفێتی لە پێکهاتەیاندا تەشەنەی کرد. ئەو دەمەی لە دەو ڕووباری زەرد، کۆمەڵی چیناتی بنەما لە سەر چاندنی بەرئاوێ قاڵبی گرت، هەموو شتێک گۆڕدرا، جەنجاڵیەکانی چیناتی وەرچەرخان و، بوونە کۆمەڵی چیناتی. بە بیرتان دەخەمەوە، لە هەرجێهێک گۆڕانەکانی بە سەر کۆمەڵی بێ چین داهێندراون، بە سەرچاوە لە گۆڕانی بیروباوەڕ پێکهاتوون، قاڵبگرتنی دەسهەڵاتی چیناتی و بە شێوەهاتنی بیروباوەڕی هۆفی، وەکوو هەڵقە لە ناو هێکدین و، شان بە شانی هێکدی

چوونەتە پێشێ. چهارچێوەی دەسهەڵاتی چیناتی و، بنەڕەتی بیروباوەڕەکە، هەروەکوو لە دەوری دوو چۆمەکەی دیجلێ و فریتۆ شێوەی دراوەتێ، ئەوهاش لە قەراخی ڕووباری سیند و ڕووباری زەرد شێوەی پێدراوەتەوە، ئەوەی گۆڕدراوە ڕەگ و ڕیشە نیهە، تەنەها ناو و ڕووالەت و پەل و پۆیە.

## پۆپەی 08

لە ڕۆژگارێکدا کە بەشە زەمینی ناسدراو بە چین، لە لێکەوتەی پەڕگیربوونی هۆفێتی و، دەسهەڵاتی چیناتیدا، دۆخی قووڵبوونەوەی شەڕ و ئاشووبی ناوخۆی دەگوزەراند، دوو پیاو وەکوو دوو هەستوونگی دەسهەڵاتی چیناتی بە دەرکەوتن، ئەو دووانە "کۆنفۆشیۆس" و "لاوتسو" بوون. قەیناکە کە لە وقهتی خۆیدا خەڵکی بە قسەکانیان هەڵخەڵەتاون و، نەیانتوانیوە دەرک بە ئامانجی شاردراوەی ئەودیو گۆزاریانەوە بکەن، بەڵام وا دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ گوزەردراوە، هێشتانەکە هیچ کەس نەیناسیون و، هاوکێشەکانی ئەو دەمی بە دروستی لێک نەدراونەتەوە. لە خەڵکی وهایە ئەو دووانە دوو چاکەخواز و، دوو زانای سەردەمی خۆیان بوون، ئێستاکێ لە چینێ، سەدان ملیۆن کەس وەکوو بیرکردنەوە لە هوودا، بیریان لێ دەکەنەوە. خەڵکینە دە تەماشاکەن، نموونەی چ دارستانێکی بێ بەرە ئەو هەشیمەتەی ئەوێ. خۆ لە پێشینانی ئەو هەشیمەتە خۆیانەوە نوسدراو بە جهێ ماون، هەر ئەو نوسدراوانەش ڕوونی دەکەنەوە هەردوو پیاوەکە نانخۆر و کاسەلێسی دەسهەڵاتی چیناتی بوون، هەردووک پیاو لە شانیشینانی ئەو دەمیدا، پلەی وەزیر و دەستەڕاستی پاشایان دراوەتێ، ڕێیان لە پێش واڵا کردوون ئەو بیروباوەڕانەی دایانڕێشتوونەتەوە، بە بەربڵاوی بیانگهێنە خەڵکی. ها دەی، لە خۆتان بپرسن: وقتهێک زۆرینەی خەڵک کۆیلەن، ئەگەر ئاشووب لە ناوخۆی شانیشین، یان لە نێوان شانیشینان بەرپا بوو، کێ کەڵکی لێ دەگرێ و کێ زیان؟ کۆیلە زەندقی دەچێ، یان خانەدان؟ ئەگەر گاوان بگۆرێ، چ لە دۆخی گاڕان دەگۆڕێ؟ هیزر بکەن، ئەگەر گاڕان لە گاوان هەڵبگەڕێتەوە، بە زیانی گایە، یان گاوان؟ لەو وقهتیدا خەڵکی زاینا لە چهار چینی سەرەکیدا خۆیان دەدیتەوە، کۆیلەکان و جووتیاران زۆرینەی هەرەزۆری خەڵکەکەیان پێک دهێنا، زۆریش بە توندی لەلایەن خانەدانان و دەسهەڵاتدارانەوە دەخووسانەوە، سەرانەی قوورس لە جووتیاران دەستێندرا، تەنانەت لە بەروبوومەکانیاندا بەشی بژێوی خۆیان لە بۆ نەدەمایەوە، ئەمەش وهای کرد لە باری زهینیدا، باوەڕ بە هوودایانی درۆین لە کەمی و کاڵی بدات، هاوکات لە باری زەمینیدا هەڵگەڕانەوە بە ڕووی فەرمانبەرانی سەرانەستاندن بەربڵاو بووبوو، هەرلەوکاتیشدا شەڕی نێوان شانیشینەکانیان گڕوکڵپەی هەڵدەستا،

دۆخەکە لە بازنەی گشتیدا، بە سەرەتاهاتنی ڕاسانێک بوو بەرامبەر بە دەسەڵاتی چیناتی، بێشک ئەو دۆخە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا چینی کۆیلەکانیشی هەبەر دەکردەوە. ڕێک لە ناو ئەم دۆخەدا، پیاوانی ناودێر بە "کۆنفۆشیۆس" و "لاوتسو"، هەرهێکەیان لە شانیشینێک دەرکەوتوون، بەڵام هەردووکیان بە مەرامی هێورکردنەوەی زهین و دەروونی خەڵکی، دێ بە دێ و کۆڵان بە کۆڵانی شاران گەڕاون، هەر بەو نیەت و نیازەش، قووتابخانەی پەروەردە و پێگهاندنی کووڕە خانەدانەکانیان کردۆتەوە، پاشانەکە ڕایانسپاردوون بچن بە نوێنەراتی ئەوان لە ناو خەڵکە دڵ بە کوول و دەم بە هاوارەکەدا، هێمناتی بەرپا بکەن. دەی خەڵکینە، هۆپێک لە خۆتان بکەن و، ئەو پرسیارە بخەنە کاسەی سەرتانەوە، ئایا ئەوانەی زەمینەی ڕاسان لە باردەبەن، دەکەونە بەرەی کۆیلە و جووتیاران، یان خانەدانەکان؟ دەی بپرسن: لە بەرپانەبوونی ڕاساندا، چینی بەرهەتاوێ سوودمەندە، یان چینی بەرسێبەرێ؟ ڕاستی ئەوەیە دوو زانا نا، بەڵکوو دوو فێڵباز، لە پایەی دەسەڵاتی چیناتیدا چوونەتە خوارێ و، خەڵکە ڕەشۆکەکەیان جلەوگیر کردوون، دوو فێڵباز خۆیان وەکوو دوو ڕابەڕی چاکەخواز نیشانداوە، بەبێ ئەوەی دارای زهین و زانابوونێک بووبن، ئەگەر دوو قسەی خێریش لە دەمیان دەرچووبێ، یان قەڵەمی لێ درابێ، ئەو قسانە هی ئەوان نەبوون، بەڵکوو بیروباوەڕە کۆنەکان بوون و، ئەو دەمی لە ناو جووتیارەکاندا زیندوو مابوون. دوو فێڵبازەکە هەرهێکەیان بە جوودا، کەمێک مهیری و زۆرێک هۆفی، پاشماوەی بیروباوەڕە کۆنەکانیان تێکەڵ کردوون و، چهارچێوەیان داونەتێ. کەمێک مهیریات کە لە ناو گۆزاریاندا بە جهێ هێندراوە، وهای کرد بچنە بەردڵان و، بتوانن زهەری خۆیان بە ناو سەرومێشکی خەڵکیدا بڕەشێنن. کۆنفۆشیۆس، فێڵبازێکی بن باڵی زاڵمانی زەلام بوو، بە شێوازێکی خەڵەتێنەرانە، خەڵکی دەم بە هاواری کپ کردۆتەوە. ئەو گووتیتی:"ئەگەر ڕقت لە کەسێک بێ، واتای ئەوەیە بەو کەسە دۆڕاویت." ئەم گۆزارە هی ئەو نیهە، بەڵکوو ئەو لە پێشینانی پێڕست بە مهیر هێناووتی و، بە قەسدی کەمکردنەوەی ڕقی خەڵک بەرامبەر بە زوڵمی دەسەڵاتی چیناتی، بە کاری هێناوەتەوە، بە کارهێنانەوەکەش بە تەواوی فریودەرانەیە. کابرای فێڵباز جاڕی ئەوەی دەکێشا، بەشەرێت لە دێرزەمان، چاخی درەوشانەوەی گوزەرداوە، داوای لە خەڵکی دەکرد بەرەو پاش بگەڕێنەوە و، لە ناو ڕابردوودا بژین. لە ڕاستیدا ئەو دێرزەمانەی ئەو باسی دەکرد، شارستانێتی دایک نەبوو، هەمان کۆمەڵی چیناتی بوو، بە هەندێک خەسڵەتی مهیری. دڵسۆزی لە ڕەفیقاتی، هاومالّی لە هاوسێتی، خۆش ڕەوشتی، ڕێزگرتن لە کەسانی تەمەن گەورە، دەست و دەم پاکی، هێکێتی لە گفتار و کرداردا، ئەمانە لە پێڕستی مهیردا بنچینەی هەڵسوکەوتن. فێڵبازەکەی سەرزەمینی زاینا ئەم مهیریاتەی هێناوە و تێکەڵ بە هۆفیات چهارچێوەی پێداوە. سەردانواندنی ژن لە بۆ مێرد(هەزبەند)، ملکەچکردنی گەل لە بۆ دەسەڵات، لە ڕێنوێنی و هۆفیاتی ئەو پیاوە

چەپەڵە بوون، ئەو دەیگووت:"ئەرکی دەسەڵات نیەه گوزەرانی خەڵکی باش بکات، دەبێ خەڵک خۆبەخۆ گوزەرانیان بەرەو باشی ببەن و، لەگەڵ هێکدی چاک بن." پیاوە درۆزل و فێڵبازەکە هات و بیری چیناتی تۆخ کردەوە، وهای پۆڵین دەکرد خەڵکی بە خۆڕسک چهار چینن، هێکەمیان ئەوانەن لە هاسمانەوە ئیلهام و زانینیان دراوەتێ و، دارای بەرزترین پلەن. بەم چەشنە چینی خانەدان بە زاڵی و زاڵمی دهێڵێتەوە و، پلەی باڵایان دەداتێ، کە خۆی هێکێک بووە لە خانەدانەکان. ئەو چەپەڵە درۆی هەمەلۆنی لە بۆ خەڵکە ڕەشوڕووتەکە هۆنیوەتەوە، ئەوانیش سووک و سانا باوەڕیان پێی هێناوە. پێی گووتوون: هاسمان دەیناسێ و، هەرهاسمانیش پەیامێکی داوەتێ دەردەکانی خەڵکی چینێی پێ تیمار بکات، هیچ وقتهیش هاسمان بێ پشتی ناکات. بەم درۆ و دەلەسانەی، خەڵکەکە هەڵخەڵەتاون و پەرستووشیانە، تەنانەت هێشتاش خەڵکانێکی زۆر هەن دەیپەرستن، یان بە ڕێز و پایەی نێزیک لە هوودا لێی دەڕوانن. هەرێ وهالە، هۆفێکی فێڵباز خەڵکی زاینای لە خشتەبرد، ماوەی پتر لە دوو هەزار ساڵ، هەشیمەتی گەورەی ئەو بەشە زەمینەی بردە ژێربار و، سەقامگیری لە بۆ دەسەڵاتی چیناتی دابین کرد. سەدوپەنجا ساڵێک لەمەوپێش، کاتێک بیروباوەڕی کارڵ کووڕی هینریتە (ناسدراو بە مارکس) گهیشتە ئەوێ، هەلومەرج ڕەوتێکی دیکەی گرتەبەرێ، ئەو جارە لەوان وهابوو دەستیان لە ڕابردوو بەرداوە و، ڕوو لە داهاتوون. " کۆنفۆشیۆس" و "لاوتسو" لە دەربڕین و خستنەڕوودا جوودایەزبوون، وەلێ بە هێک ئامانج هاتن، هەرهێکەشیان بە نۆرەی خۆی پێکاوێتی. لەو وقهتیدا خەڵکە ڕەشۆکەکە بە ناوی هوودایانی درۆین دەخووسانەوە، چیدی چەمکی هوودا نەدەچووە بەردڵان و، لێی دەقەزاربوون. دوو پیاوە فێڵبازەکە ئەمەیان چاک دەزانی، بۆهێ لە بەکارهێنانی وشەی هوودا دوورەپەرێز وەستان، هێکێکیان وشەی "هاسمان" و، ئەوی دیکەیان وشەی "سرووشت"ی بە دەمەوە گرت. "لاوتسو" بە شێوازێکی جوودا لە هی "کۆنفۆشیۆس،" خەڵکی لە بەگژداچوونەوەی دەسەڵاتی چیناتی دوورخستنەوە، پەلی گرتن و فڕێی دانە ناو چاودێریکردنی دیاردەکانی سرووشت. "هانێ گەشەی ڕوەک، ڕەوتی ئاو، جوولەی با و سەمای باران، هانێ شێوەی ژینی گیانداران ببینن و، دەرک بە خۆڕسکاتی بکەن. وێنەی قوڵینگی کێوی لە خوارەوە لە ناو ئاوی ساردا دەرکەوت، قوڵینگ مەبەستی نەبوو وێنەی بخاتە ناو ئاوی دەریاچەکەوە، دەریاچەکەش نەیویستووە وێنەی قوڵینگ بگرێ." بەم ڕەنگە کابرای فێڵباز گۆزارەکانی هۆنینەوە و، بە هۆیانەوە سەرنجی خەڵکەکەی بەرەو لای خۆی برد. ئەو ویستووتی زوورفە هاڵۆز و شێواوەکە هێمن بهێتەوە، کڵپەی دەروونی مەزڵووم(مووزڵیم) دابمرکێ و، زاڵم دەوامی خۆی بکات. بە ڕاستی نیازخراپ و بەدمەرام لە چەمک و گوزارشتەکان کەڵکی وەرگرت، هەموو شتێکی بە خۆڕسکاتی سرووشتی بەستنەوە، کۆمەڵی بەشەرێتیشی بە دابەشبوونی چیناتیەوە، وەکوو درێژکردراوەی سرووشت دایە قەڵەم، دەسەهەڵاتیشی لە وێنەی هەقڵی

هەڵسووڕانی گەردوون ناساند، بەمەش ڕێی لە خەڵکە ڕەشوڕووتەکە بەست، هەتا لە بێ باوەڕبوون بە هووداکان، بیر لە کۆمەڵێکی بێ چین و بێ جوودایەزی نەکەنەوە. ئەو دەڵێ: خۆڕسکاتی خەسڵەتی هەموو کردارێکە لە ئاستی گەردوون و سرووشتدا، واتە ئەو کۆمەڵە چین چینەش بە خۆڕسک شێوەی هاتۆتێ، چوونکوو ڕێسای خۆڕسکانەی سرووشت بە سەر هەموو شتێکدا باڵایە. "لاوتسو"ی فێڵباز ئەمجۆرە گوزارشتەی هاخنیوەتە مێشکی خەڵکیەوە، گۆزارەکان بە جۆرێکن نیوەی لە دەم بهێتە دەرێ، نیوەکەی دی بە خۆڕسک لە زهینی خەڵکەکە پەیدا دەبێ. ئەو ناهێ بڵێ بە گژ دەسهەڵاتی چەوسێنەردا مەچۆنەوە، دێ و دەڵێ:"ئەگەر بتوانی ئارەزووەکانت جلەو بکەیت و ئۆقرە بگری، هیدی زەمین خۆبەخۆ هێمناتی تێیدا بەرپا دەبێ." بەڵام لە خۆتان بپرسن: بۆچی دەبێ زەمین هێمناتی تێیدا بەرپابێ، لە کاتێکدا چیناتی و چەوساندنەوەی تێیدا بەرپایە؟ ئەو ڕووی دەمی لە خەڵکی ڕەشۆکە، نەک خانەدان، ئەوانەی ئەو ڕێنوێنیان دەداتێ لە ئارەزووەکانیان ڕزگاربن، کۆیلەی دڵ بە کوول و جۆتیاری دەم بە هاوارن، ئارەزووی کۆیلە و جۆتیارەکان لە نان و ئازادی بەولاوە شتێکی دیکە نیەه. نەفرین لە خۆت و ناوت هەی پیاوی فێڵباز، های لە هەقڵی خەساوتان خەڵکی ڕەشۆک. لە خۆمی ببیستن، چ هەینێ و چ هەنەوکە، هەرکەس ئارەزووی ئازادی لە دەروون و دەماخیدا جلەو بکات، هەرکەس لە پێناو سەرەوەریدا نەجەنگێ، دەبەنگێکە دەچێتە دۆخێ دۆڵزاخەوە. ئەوی سەربەست نەبێ، لە هوودا دوورە، سەربەست بن، هەتا لە هوودای مهیربان نێزیک ببنەوە. "لاوتسو" ویستی مەزڵووم بێدەنگ و بێ گازندە بێ، هەتاوەکوو زاڵم بە هێمناتی ڕابوێرێ، ویستی دەسهەڵاتی چیناتی بە ڕاوەستاوی و دڵنیاهی دەوام بکات، گرێدراو بەم نیازە بەدە، ڕێنوێنی بە دەسهەڵاتداران داوە، بەشکووم لە ڕەفتاریان لەگەڵ خەڵکیدا نەرمی بنوێنن، گۆتیتی:"ئەوی بە زەبر و تۆبز دەسهەڵاتداری بکات، دەسهەڵاتەکەی لە دەست دەدات. بە ئارامی متمانە بە دەست بهێنە و، ڕاوەستاو دەسهەڵاتدار بە، هەنگینێ لە باتی سووکاتی و ڕق، سۆز و ستایش بە دەست دهێنی." بێشک گەوجەکان نرخ بەم گۆزارە دەدەنەوە، وهای لێکدەدەنەوە بە کەڵکی هەردوولا بێ، هەم خەڵک و هەم دەسهەڵات، بەڵام وها نیەه. زەبری توندی دەسهەڵات بە سوودی چەوساوەیە و، ڕاسان بە دووی خۆیدا دهێنێ، لە کاتێکدا چەوساندنەوەی نەرم توول دەکێشێ و، چەرخەکە بە سوودی زاڵم دەگەڕێ. ئەو بیروباوەڕەی "لاوتسو" بە ناوی "تاو" ناساندووتی، هێڵەکانی لە پاشماوەی بیروباوەڕی ڕاستیەقینی شارستانێتی دایک وەرگرتوون، بەدمەرامانە و، شڕ و شەپلیو گەڵاڵەی کردۆتەوە، لە گەڵاڵەکەیدا وشەی "تاو" بنچەقی هیزر دەگرێ و، بە سەرچاوەی هەموو شتێک دەناسێندرێ، لە ڕاستیشدا "تاو" و"تین" هەرهێکێکن، وشەکە گوزارشتدانە لە خوودێتی هوودای دایک، وەلێ ئەو بە دەمچەفتی باس لە "تاو" دەکات و، لە چەمکی هوودا و چەمکی دایکێتی بە تاڵی کردۆتەوە.

## پۆپەی 09

لە هەردوو بەری خۆرئاوا و خۆرهەڵاتیّ، کۆمەڵەکانی چیناتی گرێدراو بە دوو هەلومەرج شێوەیان هاتۆتیّ، هەندێک بە سەرچاوە لە چاندنی بەرئاویّ، هەندێکیش بە وەرچەرخانی جەنجاڵی چیناتی لە بۆ کۆمەڵی چیناتی، لەگەڵیشیاندا کۆبەندەکانی دێهاتی سەر بە شارستانێتی دایک، هێدی هێدی لوول دراون و، لە ناو کۆمەڵی چیناتیدا توێندراونەتەوە. لێرەدا بە دیقەت بن، هەرجێهێک کشتوکاڵ و شیوانکاری تێیدا هەبووبیّ، مەرج نیهە خەڵکی ئەو جێهە هاردی بووبن، هاردیبوون فەرهەنگێکە لە ڕووناکبیرێتی، چاندن و هاژەڵداری تەنەها بەشێکن لە فەرهەنگەکە. کاتێک شۆڕەشی دایکانی کووردهەواری دەستی پێکرد، فەرهەنگی هاردی لە ناوەندی شارستانێتی دایک، بنارەکانی زاگرۆزیّ شەقڵی گرت، هەر ئەم ڕووناکی و فەرهەنگەش پاشانەکە بە جێهانێدا بڵاودەبێتەوە و، خێڵانی مهیرهۆفی وەردەچەرخێنیّ و دەیانکاتە هاردی، بەڵام ئەو خێڵانەی پێشتریّ بووبن بە هۆفی، ئەم ڕووناکیەشیان بگاتیّ نابنە هاردی، بەڵکوو بە کەڵک وەرگرتن لە هاژەڵداری و چاندنیّ، ڕەوتی هۆفێتی پەرەپێدەدەن و، کارەکان بە کۆیلان و خەڵکە ڕەشوڕووتەکان هەڵدەسووڕێنن، بەمەش هێندەی دی مڵەستوور و قەوی دەبن. لە ناو سپی پێستە موو زەردەکان، لەو بەشە زەمینەی بە ناوەندی ئۆروپا ناسدراوە، پێش گەهیشتنی دەسهەڵاتی ڕۆمی و، پاش شکستیشی، خێڵەکان زیادتر هۆفی بوون و، لە دۆخی جەنجاڵی چیناتیدا دەگوزەران. دەنگوباس وەها بڵاوە، هەتا ئەو دەمە هەر لە خانووی دارین ژیاون، بژێویان لە گۆشت و شیر، میوەی خۆڕسک و ئاردی شۆفان پێک هێناوە، پۆشاکیان لە خووری و چەرمی گیانداران سازکردوون، وەلیّ چینی ساماندار کراسی کەتانیان لەبەر کردووە و، تیروتەسەڵتر دەرکەوتوون. لە مەیدانی سەودا و مامەڵەشدا، مەڕوماڵاتی لەڕ و لاواز، هێستری کوول و کەم تین، بە پارەی ڕۆمی مامەڵەی پێوە کردراوە، یان شت بە شت گۆڕدراوەتەوە، کەرستە و کەلوپەڵەکانیش زیادتر دارین و گڵین بوون، بە تاق و تۆق کەسانێک کانزاسازبوون. گەهیشتنی دەسهڵاتی رۆمی بە ناوەندی ئۆروپا، ڕووداوێکی وەرچەرخێنە، لەو ڕووداوەدا مۆدێلی کۆمەڵی چیناتی ڕەنگی تۆخی خۆی بە سەر جەنجاڵی چیناتیدا بە جهیّ دهێڵیّ، پاشانەکە کە دەسهەڵاتەکە شکست دهێنیّ، بە قۆپی لە وێنەی دەسهەڵاتی ڕۆمی و، بنەما لە سەر تایبەتمەندی جەنجاڵیە چیناتیەکانی لەویّ، ئەوانیش بەرەو قۆناخی دەسهەڵات و کۆمەڵی چیناتی پەڕیونەتەوە.

## پۆپەی 10

لە بازنەی شارستانێتی هاردی کە شارستانێتی دایکە، هیچ وقتهێک دارا و نەدار، یان زەنگین و هەژار بە خاکدا نەهاتوون. نە بیروباوەڕ و، نە شێوازی بەرهەم هێنانیّ، نە

نەزمی بەڕێوەبردنێ، درزی بە سەرەتاهاتنی چیناتی بە دەستەوە نەداون، چ لە کۆبەندی دێهاتێ، چ لە کۆبەندی کۆچەری، هەموو بە هەرەوزی هەڵسووڕاون و، ئەو بەرهەمانەی بە دەستەوە هاتوون، بە هاوبەشی و وەکوو هێکدی، پێودانگ بە چەنداتی ئەندامانی بەرەدایک و خێزان دابەشیان کردوون. لە زیندەگیکردنیشدا هەرهێکە لە مێ و نێر، بە گێرەی تایبەتمەندێتی خۆی، تێروپڕ ژیاون، بەبێ ئەوەی هیچ کەس گازندەی لە بەشی خۆی هەبێ. چاندن و شیفانکاری، دوو باڵی شارستانێتەکەن، چاندن زیادتر بە دێمەکاری بووە، بە کەمی دەست لە بۆ چاندنی بەرئاوێ بردراوە، لەبەرئەوەیە ئابوری نەبۆتە جهێی باس و، پتر گرێدراوی چەمکی ڕسق بوون. لە ناو هاردیەکاندا هەمیشە گووتدراوەتەوە: ڕسق هوودا دەیدات، هەرچەندێکی لێ وچنگ بێ، مایەی شوکرانەیە.
لە لێکەوتەی پەلاماری خێڵانی هۆفی و دۆخی جەنگ، دیاردەی مێرد - باوک لە ناو خێڵانی هاردی پەیدا بوون، ئەو دیاردەیە لە واتای مێپارێزدا بەرجەسدە بوو، بەڵام لە توولانیبووندا هەندێک ڕەنگدانەوەی خراپ بە سەر شارستانێتەوە بە جهێ دهێڵێ، چوونکێ نێر لە تایبەتمەندی خۆیدا، بە ستوونی ڕەوت دەگرێ و، ئاسۆهیبوون بەرتەنگ دەکات. لە دەورانی هاخیریدا، ئەم دیاردەیە تۆخ و توووند دەبێ، بەمەش سەربەستی مێ کەم دەبێتەوە. لە پێشدا کاروباری کۆبەندێ بە هێکەوە هەڵسووڕدراوە، پاشان هەندێک لە پیاوان ژن و کیژەکانیان لە هەروزی وەپاش داون، ئەمەش گلە و گازندەی لێ کەوتۆتەوە، لەبەرهەندێ درەنگ وقتی زەمانێ، ئابوری بنەماڵە لە ناو کۆبەندی دێهات شێوەی هاتۆتێ، هەربنەماڵهێک، یان بەرەدایکێک خۆبەخۆ بە کاری چاندنێ هەڵستاون، بەڵام بەبێ ئەوەی خاوەندارێتی لە زەوی بکەن. زەوی بە سەر هێکەوە هی هەموو بەرەدایکەکانی کۆبەندێ بووە و، خانەوادە پارچەی دیاریکردراوی نەدراوەتێ، هەربەشە زەمینێک بە شێوەی خوول بە بنەماڵەکان دراوە، بەبێ ئەوەی ساڵی پاشتر هەمان بەشە زەوی پێ بدرێتەوە. هەرلە بنەڕەتیشدا هیچ بەشە خاکێک دوو ساڵ بە سەر هێکەوە نە کێڵدراوە. هەرساڵ بەشە خاکێک بە بەیاری بە جهێ دهێڵن و، بەشە خاکێکی دیکە دەکێڵن. خاک دایکە، هەڵسوکەوتی دروست و مهیربان لەگەڵ دایکدا ئەرکە. ئەو بەشە خاکەی بە بەیاری بە جهێ دهێڵدرێ، پشوو دەدات و پیت و بەرەکەت دەداتەوە. لێرەدا لە پەیوەندی بە جوودابوونەوەی کاری چاندنێ لە نێوان بەرەدایکەکاندا، بە هەڵە تێهیزرین مەکەن، بەرتەنگبوونەوەی بازنەی هەرەوزی و، جوودابوونەوەی ڕسق و بژێو لە مابەینی بنەماڵەکان، دارا و نەداری بە هاردی داناهێنێ، چوونکە هەلومەرجی بەرهەم هێنان لە بۆ هەمووان وەکوو هێکە، هەربەرەدایکێک بە هەندازەی ڕەنجی خۆی، بەرهەمی بە دەست خستووە. ڕێکخستنی کاروباری چاندنێ بنەما لە سەر چەند بەرەدایک - بنەماڵە لە بازنەی کۆبەندی گووند، یان بنەما لە سەر هێک بازنی کۆبەندەکە، لە هەردوو باردا هەرەوزی و هاوبەشێتی هەیە و، جوودایەزی سامان و سەرمایە بە دید ناهێ.

ئەو بوونەوەرەی وا بە ناوی "بەشەر" ناسدراوە، هەتا ئەو دەمەی لە بازنەی شارستانێتی دایک دەژیا، سەروەر بوو، ناوەکەی کە بە مانای "بەسەر"دێ، لە خۆی دەوەشایەوە، چوونکوو بە ڕاستی خاوەنداریێتی لە هەقڵی ناو سەری خۆی دەکرد. وقتەهێک هۆفێتی زەبری لێ دەوەشێنێ و دەیهاوێتە ناو کۆمەڵی چیناتی، ئەو زەبرە پێش ئەوەی بەر هەربەشێکی لەشی بکەوێ، لە سەری دەدرێ و، بێ هەقڵی دەکەن. بە ڕووکەش تۆپەڵێک گۆشت و هێسقان لە سەر ملی ئەو بوونەوەرە دوو پێیە قووت بۆتەوە، دوو چاو و زارێک و دوو گوێچکەی پێوەیە، وەلێ ئەوەی هەێتی سەر نیهە، نە گوێی بیستن و نە چاوی دیتنی نیهە، ئەو زارەی هەشیتی لە دەمچەفتی و هەڵیت و پەڵیت بەولا، شتێکی دیکەی لێ ناهێتە دەرێ. هۆفێتی وهایە، سەرت لێ دەستێنێ، ئەوجا پەلوپۆت دەکات و، دەتکاتە بوونەوەرێک هیچ شتێکت لە خۆتی پێشترێ ناچێ، لەبەر هەندێیە کەمینە دەتوانێ وەکوو گاوان دەربکەوێ و، زۆرینە وەکوو گاڕان ببینێ و پێشە خۆی بدات. لە ڕەوەندی ڕابردوودا، هەرقۆمێکی بەشەری لە هەرزەمین و زەمانێکدا، گرێدراو بە مهیریات دەوامی بە خۆی دابێ و، دەستی لە هەستوونگەکانی شارستانێتی دایک بەرنەدابێ، ئەو قۆمە لە هەردوو باری تاکێتی و گشتێتی، سەروەر ماوەتەوە، لە هەمان کاتیشدا دین و دوونیایان بردۆتەوە، چوونکە لە پێرستی مهیردا دین و دوونیا لە ناو هێکدین و جوودا نابنەوە، ئەو سیفەتگەلەی مایەی ئاسوودەگین، هەرئەوانیش پەیوەستبوون بە هوودای مهیربان دروست دەکەن. هاقڵی، هەستی پاک، چاوتێری، دەست و دڵی والا، گەرم و گووڕ لە پەیوەندی، سەرڕاستی، خاوەن گفت و بەڵێنی، خۆش ڕەوشتی، چاونەترسی، درەوشانەوە و دەروونی فەراوان لە نموونەی ئەو سیفەتانەن، کە هەتاوەکوو هاخیرین سەدەکانی تاریکی، لە هەموو گەنمرەنگێکی کووردهەواری و، هەموو سوورپێستێکی دێرهەوار دیتدراون. چەند سەدە لەمەوپێش، وقتەهێک سپی پێستانی هۆفی هەڵیانکووتایە سەر سوورپێستان و، خاکەکەیان لێ زەفت کردن، سەریان سووڕما لەوەی خەڵکەکەیان بەو سیفەتە شیرینانەوە دیت، هاخر سپی پێستە مووزەدەکان لە مێژبوو لە مهیریات خاڵی بووبوونەوە و، بە تێروتۆخی هۆفی بووبوون. ئەو سپی پێستە بێ سیفەتانە، هەروەکوو لێیان دەوەشایەوە وهایان کرد، سوورپێستەکانیان قڕکردن، هەندێکیان کووشتن و ئەوانی دیکەیان لە ناو کۆمەڵی چیناتیدا تواندنەوە. پیاوی بە ڕواڵەت سپی و بە ناخ ڕەش، لە میانی دوو قۆناخدا دەستیان بە سەر دێرهەواردا گرت، لە قۆناخی هێکەمدا بەشەڕ و دڕنداتی خۆیان گهاندێ، قۆناخی دووهەم بە هەڵخەڵەتاندن قڕیان تێخستن. قۆناخی دووهەم سوورپێستەکان لە دووڕیاندا بوون، بە هەردوو ڕێ هەر لە بەین دەچوون و دەسڕدرانەوە، ڕێ ڕاستەکە ئەوە بوو بجەنگێن و، پاسداری لە خاک و خەسڵەتی دایک

بکەن، دەبوو هەتا هەموویان دەمردن، بەرەو ڕووی هۆف بوەستنەوە. لەو دەمیدا پیاوێکی ترسنۆک بە نێوی "سیاتڵ" ڕێبەری سوورپێستەکان بوو، ئەو پیاوە هەڵەی نامەرداتی کرد، کە مردنی شەرەفمەندانەی بەجێ نەگهاند و، خۆیان و دایکیان دا بە دەست سپی پێستانی هۆفیەوە. ترس لەوەی پیاوی سپی پێست بە ئاگری فیشەگ بەرەو ڕوویان دەوەستنەوە، ترسێکە بنەمای لە مهیریات نیهە. ڕادەستکردنی زهین و زەوی لە پێناوی پاراستنی لەش، کارێکە تەواو گەوجانەیە. ئەوان خۆ دەیانزانی هۆفی هاتوون شێوەی زیندەگی و زهین و زادیان لە ناو ببەن، دەیانزانی و دەیانبینی هەموو خراپیەکان بە سەرەتا هاتوون و، خەریکە پێیان لە ناو چڵپاوی هۆفیاندا دەخلیسکێ. دەیانزانی و دڵنیابوون پیاوانی بە ڕواڵەت سپی، ناخێکی ڕەشیان هەیە و، بە بیرکردنەوە و تێڕوانینی مهیریانەی ئەوان ڕازی نین. ئەو پیاوە بە ڕواڵەت سپیانە لە تاریکیدا نووقم بوو بوون، چیدی خاکیان بە دایک نەدەناسی، پارچەهێک زەوی لە هەرجهێ چنگیان کەوتبا، وەکوو ڕاوکردنی نێچیر بیریان لێ دەکردەوە و، هەنجن هەنجنیان دەکرد. سەرەڕای ئەم ئاگاهی و زانینەش، ڕێبەری سوورپێستەکان خۆی و خەڵکەکەی هەڵدەخەڵەتێنێ و، مەرجی پابەندبوون بە پەیمانی شەرەف لە سەر سپی پێستانی هۆفی دادەنێ، لەوەی بهێڵن وەکوو کۆمەڵێکی سەربەخۆ بەردەوام بن، لە سەر ئەم بنەمایەش پێشنیاری فرۆشتنی ئەو بەشە زەمینەی دەستیان بە سەردا دەڕۆیشت، پەسەند دەکات. پەیمان بەستن و پابەندبوون بە گفت، شتێکە لە کن کۆمەڵانی پێڕست بە مهیر بەهای باڵایە، نەک لە لای دەسهەڵاتی هۆفی. کابرای سوورپێست ئەمەی چاک دەزانی، تەنانەت دەشیزانی بەم هەنگاوە لە بەین دەچن، لە بەرهەندێ گووتیتی:"کاتێک ئێمەی سوورکەلە لە ناو دەچین، هەناسەکانمان وەکوو پەلەهەورێک بە سەر مێرگ و ڕووبار و دارستانەکاندا دەمێننەوە، ئێوەش داهاتووتان لە ئەمڕۆتان تاریکترە، ئێوە بەو چەپەڵکردنەی دەستان داوەتێ، لە کۆتاهیدا خۆشتان لە بەین دەبەن." لە ڕاستیدا هیچ هەلومەرجێک پاساوی خۆڕادەستکردن نادات، مهیری لە سەرێتی بمرێ و خۆی نەدات بە دەستی هۆفیەوە. دەنگگۆ وها بڵاوە سەدوپەنجا ساڵێک لەمەوبەر، ئەو دەمەی ئەنگلیزەکان شاڵاویان بردە سەر وڵاتانی ئەفریق، پیاوانی دوو هۆزی قوولەڕەش بە ناوەکانی"نۆبی بر" و "زوول کافێر،" نموونەی جەنگاوەرانی سەرسووڕهێنەربووبن. ئەو جەنگاوەرانە نە مەشق و پلانی سەربازی فێربووبوون، نە دەست بە چەکی ئاگرینی وەکوو هی هۆفیانی ئەنگلیزی بوون، لەگەڵ ئەوەشدا بە چەکی سادە، بە ڕم و قەمە و چەقۆ، بەرامبەر بە لەشکری چەکدار و تفەنگی ئاگرهاوێژی ئەنگلیزەکان وەستاونەنەوە، تەنانەت سپی پێستەکان خۆیان ددانیان پێداناوە ئەو قوولەڕەشانە چەندان جار تێکیان شکاندوون و هیلاکیان کردوون، چوونکی لە وێنەی هەسپی مەیدانێ بە تاو و، وەکوو پڵینگی کێوان بە گووڕ و چنگ وەشێن بوون. نیگارکێشێکی ئەودەمی ئەنگلیزی، لە نێزیکەوە دیونی و تابلۆی لێ کێشاون، ئەو دەڵێ: مەسوڵکەکانیان وەکوو

پۆڵا تووندن و دەمارەکانی لەشیان لە وێنەی گوریسی ڕێسدراو بڵند بۆتەوە. بەڵام نا، ئەو هێزەی بە ناو لەشی ئەواندا گەڕاوە، هی ماسوولکە و دەمارەکان نەبووە، هێزێک بووە لە بیروباوەڕەوە. لە ڕاستیدا بەرەنگاری و بەرخۆدان لە خێڵانی هاردی و مهیرهۆفیدا، هێزی خۆی لە نامووس وەردەگرت. لە هەرسێ سووڕی شارستانێتی دایک، مێ هێزی زهین و، نێر هێزی لەشی شارستانێتی پێکهێناوە، یان لە واتاهێکی هوورد و هاوسەنگتردا، نێرینەکان هێز و مێینەکان ناوکی هێز(واتە نامووس) بوون، نەدەبوو بهێڵن لە هیچ بارێکدا، هۆفی دەستی بە نامووس ڕابگات، ئەمەش وهای دەکرد هێزێکی سەرسووڕهێنەر بە ناوی دەمارەکانی پیاودا بگەڕێ و، لە بەرخۆداندا ئەوپەڕی سەرسەختی بنوێنێ.

## پۆپەی 12

بڕۆننێ، ئەو دەمانەی شارستانێتی دایک بەرپایە، فێربوون و پەروەردەی زهینی و دەروونی لە دەوری دایک بەڕێوە دەچێ. خڕبوونەوەی گوێ ئاگردان لە وەرزەکانی پاهیز و زمستانێ، گوێگرتن لە دایک و دایە گەورە، بە واتای گووتاوخانەیە. قەڵەم و قاقەز و تەختە لە گۆڕێ نەبوون، وەلێ منداڵان بە دروستی پەروەردەیان دیتوە و، دایکان بەرەو ڕێی ڕاستیەفینی دین و ژین ئاراستەیان کردوون. لەو گووتاوخانەیەدا هەقڵ هێندراوەتە پێشێ و، ناوەندێتی پەروەردە و فێرکردن بە هەقڵ گرێدراوەتەوە. هەردوو زانستی ڕاستیەفین و زانستی ئەزموونکردنێ، کە لەگەڵ هەقڵ هێک دەگرنەوە، بە بنەما وەرگیردراون، بەمەش هەموو هێکێک تین و تەنی بە دروستی ناسیون و، زانیتی مێ و نێر هەرهێکەیان بە تایبەتمەندی خۆیانەوە، هاوسەنگی دروست دەکەن. دایک کە مامۆستای گەورەیە، ئەزموونەکانی خۆی و ئەوانی دیکەی داوەتە منداڵەکانی و، لە سەر زانستی ئەزموونی ڕای هێناون، هاوکات بنەڕەتەکانی شارستانێتی تێیدا چاندوون و، لۆنی هەڵسوکەوتی داونەتێ. مهیریات، یان زانستی ڕاستیەفین، زهینێتی هوودای دیکە و، کاکڵی هەموو زانستێکە. لە توولی دەهان هەزار ساڵەی هوومری بەشەرێتدا، ئەو زانستە یەقینە لە زاری دایکان و، لە گوێ ئاگردانەوە گوێستدراوەتەوە. فێرکردن بە تەنەها زهینی و زارەکی نەبوون، هاودەم فێرکردنی کردەکی لە سەر دەستی دایکان هەڵسووڕدراوە. هەموو کیژێک هەتا گهیشتۆتە تەمەنی چهاردە ساڵان، وها وەبارهێندراوە بتوانێ ببێتە دایک و بەرپرسیارێتی هەڵبگرێ. دایک هێکەم مامۆستا و هێکەم گووتاوخانەیە، خەسڵەت و تایبەتمەندێتی لە دایکەوە لە بۆ منداڵ دەگوێستدرێتەوە. کاتێک دایک سەربەخۆ و سەروەرە، ئازاد و خاوەن بڕیارە، چاونەترس و ئازایە، باوەڕی بە خۆی پتەوە و، شەرم لە هیچ کەس و لە هیچ شت

ناکات، ئەوکات کیژ و کوورِەکەشی ئەوها وباردهێنێ. لەبەرهەندێ سەروەربوون و شکۆدارێتی ڕەگەزی دایک، بە واتای کۆمەڵێکی شکۆمەند و سەروەرە، چوونکە بەشەرێت هێز و شکۆی خۆی لە دایکەوە وەردەگرێ. بنوارِن، خێزان ناوێکی دیکەی دایک - ژنە، لە ئەویشەوە بۆتە ناوی بازنەی بە هێکەوەبوون لەگەڵ منداڵەکەنیدا، وقتهێکیش دیاردەی مێرد پەیدا دەبێ، پیاو ژنەکە بە "خێزانی خۆی" ناو دهێنێ. لە هەینێوە هەتا هەنەوکە ژنی مێرددار لە هاخاوتنی کووردهەواریدا بە خێزان ناوی هێندراوە. وشەکە لە بنەڕەتی خۆیدا "هێزان"ە، گوزارشتە لەوەی هێزەکان لە دایکدا کۆبوونەتەوە، لە سەر ئەم نمەمایە، ئەو ناوەی دراوەتێ. وەلێ لە کۆمەڵی چیناتیدا، بەرەواژبوونەوە ڕوودەدات، بە داماڵینی هێزی دایک و، هەپروونکردنی پێکهاتەی کەسێتیەکەی، گووتاوخانەکەشی ئاوەژوور دەبێتەوە. دایکێکی تێکشکێندراو، زەلیل و دەستەمۆ، نە بە زهینی دادێ، نە قوودرەتی بڕ دەکات، کە کەسێتیەکی پتەو و دامستدراو لە منداڵەکانیدا دروست بکات. ئەو منداڵانەی بە پەروەردەی دایکانی هاڕدراو و ڕووخاودا تێدەپەڕن، خۆبچووکبین و، کەم و کوورت و، ڕادەستبوو وەباردێن، نە دەتوانن لە سەروەری تێبگەن، نە دەتوانن بیری لێ بکەنەوە. بەم چەشنە ڕۆژگار بە ڕۆژگار لە ڕێی دایکانی دەستەمۆوە، زۆرینەی ڕاستبوو بە دەسهەڵاتی چیناتی بەرهەم هێندراونەتەوە. لەولاش لە خانەی هوودا درۆینەکاندا، فێربوون و خووندن تایبەت بوون بە چینی بەرسێبەرێ، لەم خانانەوە منداڵانی خانەدان و پیاوانی دینی و دەسهەڵات، خۆگەورەبین و زاڵ و، بە دەم و دەست وەبار هێندراون، بەمەش کەمینەی زاڵم لە قاڵبی گاوان و، زۆرینەی مەزلووم لە قاڵبی گاڕان دەوامی دراوەتێ. کۆمەڵی کووردهەواری و، ئەو کۆمەڵانەی گرێدراو بە شارستانێتی دایک دەچوونە ڕێ، هیچ کات بە واتای قەڵەم و قاقەز خووندەوار نەبوون، بەڵکوو زانستپەروەر بوون، زانستەکەش خۆی لە زانستی هوودای دایک و، زانستی ئەزموونکردنێدا دەدیتەوە. خووندەواری بە واتای نوسین لە سەر تەن، لە سەر دار و بەرد و تاتەی گڵین، پاشانیش نوسین لە سەر قاقەز، کارێکە نەزمی چیناتی دەستی داوەتێ، لەم ڕێگەوە خەڵک لە زانستپەروەری و، زانستی ڕاستیەقین دوور خردرانەوە. لە درەنگ وقهتی زەمانێ، دەسهەڵاتی چیناتی و سەرمایەداری، هەلی خووندن و فێربوونی گشتەگیر کرد، لە دەورانی دواهیش کردیە زۆرەملێ، بەمەش دوو ئامانجیان پێکاوە، هێکێکیان هەرەس پێ هێنانی پاشماوەکانی شارستانێتی دایکە، ئەوی دیکە پێگەهاندنی دەم و دەستی کاربەڕێکەرە لە خزمەتی سیستەمی سەرمایەداریدا. پێکهێنانی دامستدراوەی قەبە و هاڵۆزی فێرکردنێ، گوزەراندنی بیست ساڵ لە تەمەنی منداڵی و لاوی لە ناو ئەو دامستدراوانەدا، مەبەست لێی داتەپاندنی خۆڕسکاتی و، بەرهەم هێنانی دەستانێکی توونـد و، زەمانێکی درێژی چیناتین. لە خۆرمیانێ، لە خۆرئاوا و خۆرهەڵاتێ، بنەڕەتی دامستدراوەکانی فێرکردنێ هێکێکن، چ تاقیان لەگەڵ هێک

فەرقیان نیهە، فەرق هەشبێ تەنەها لە ئاستی بەشەکی و ڕووکەشیدا هەیە. لە ڕاستیدا ئەوی دەچێتە بەرخووندنێ فێری ناکەن، بەڵکوو ڕێی فێربوونێی لێ دەبەستن و، دەیخەنە قاڵبێکەوە کە نەتوانێ، گەشەکردنی سرووشتی بە خۆوە ببینێ. کارکردەکە پەردەی فێرکردن و پەروەردەکردنێی بە سەردا دراوە، وەلێ چ تاقیان نیهە، پرۆسەی شێوەپێدانێکە بە هیزر و دەروون و، بە جۆرێتی ڕەفتارکردن، بە پێی پێداویستی نەزمی ئەو دەسهەڵاتە سەرمایەدارەی، وا دەستی بە سەر بوارەکانی زیندەگیدا دەڕوات لە هەرجێ شۆڕەش دەستی پێکرد، دەستبەجێ هەڵیوەشێننەوە، خووندن بەو جۆرەی ئێستاکێ هەیە، دژ بە مهیرە و هۆفێتی بەرهەم دهێنێتەوە.

## پۆپەی 13

پێش پەرەستەندنی هۆفێتی، ژن لە شارستانێتی دایکدا، وەکوو خۆرهەتاو لە بەرزیدا دەدرەوشایەوە، لە سەرووی هەمووان جهێی دەگرت و، ڕووناکی بە هەمووان دەبەخشی. بنەمای دایکێتی لە ڕەچەڵەک و ناسینی منداڵ، پلە و پایەی بەرزی دایکان و، تەواوی ڕەگەزی مێی دەستەبەردەکرد. پاشترێ بە پێشڕەفتی هۆف و، شێوەگرتنی هەلومەرجی چیناتی، ژن تووشی داکەوتن هات. ئەم کەوتنە لە کۆمەڵانی چیناتیدا دەگاتە پلەی خواری خوارەوە، بە جۆرێک ژنان لە کەسێتی کۆیلە و لەشفرۆش خۆیان دیتۆتەوە. هاوکات لە دەرهاوێشتەی ئەو هەڵمەتانەی ڕەوتی هۆفێتی دەیکاتە سەر شارستانێتی دایک، دۆخێک بە هاردی دادێ، ژن لە میانی شارستانێتیشدا، پێ بە پێ هەندازێک لە پایەی خۆی لە دەست دەدات، لە بەرزی هاسمانێ دهێتە خوارێ و دەبێتە ڕۆشناهی ماڵێک، کە ماڵی خۆێتی. لە ناو هەلومەرجی چیناتیدا، ماڵ هی پیاوە و، ژن وەکوو چراهێک دەکەوێتە دەستی خاوەنی ماڵەکە، کەنگی بیهەوێ دایدەگیرسێنێ، یان فووی لێ دەکات. سەبارەت بە ژن و، سەبارەت بە تەواوی ڕەچەڵەکی بەشەرێت، سێ هەلومەرجی گوزەردراو جهێی هێنانە بەرباس و هێمایە، هەرهێکەش لەو هەلومەرجانە دوو قاشن. هێکەم کۆمەڵی بێ چین و جوودایەزی، دووهەم جەنجاڵی چیناتی، سێهەم کۆمەڵی چیناتی. کۆمەڵی هێکەم هەلومەرجێکی سرووشتی و گەردوونکردە، خۆی لە شارستانێتی دایکدا بینیوەتەوە، ناوەندی شارستانێت لە کووردهەوار قاشێکی هەلومەرجەکەی تێیدا گوزەردراوە، لە بەشەکانی دەرێ قاشێکی دی. ڕەگەزی دایک لە ناو هەردوو قاشی هەلومەرجەکەدا، هەمیشە ڕاوەستاو و درەوشاوە دەوامی بە خۆی داوە، لە هیچ دەور و زەمانێکدا نەکەوت، تەنانەت لە سەدەکانی دواهیش کە تاریکاهی جێهان دادەپۆشێ، ژن لە میانی شارستانێتی دایکدا لە سەر پێی خۆی وەستاوە و سەروەرە، نموونەکەشی لە ناو خێڵانی سوور پێست و، لە ناو خێڵانی دیکەی دوور لە دەسهەڵاتی هۆفێتی، بە زەقی دیت دراوە. دۆخەکە بە

هەندازێک لە ناوەندی شارستانێت گۆڕاوە، چوونکە شەڕ و پەلاماری نەسرەوتانەی هۆفێتی، لێکەوتە و جێدەستی خراپی بە سەر خێلانی ئەو ناوچەیەدا بەجێهێلاوە، بە هۆی ئەو لێکەوتانەوە ژن هێدی هێدی بڕێک لە پایە و بەها سرووشتکردەکانی لە دەست داون و، پایەی جارانی نەماوە. کووردهەواری دایک لە بەرخۆدانی بێ وچان، نێزیکەی هەفت هەزار ساڵ، بەرامبەر بە ڕەوتی هۆفێتی جەنگاوە، دۆخی جەنگ چەند پێ ژنانی وەپاش داون و پیاوانی هێناونەتە پێشەوە، بەڵام مهیریاتی بیروباوەڕ و، شێوازی بەرهەم هێنان و، نەزمی بەڕێوەچوونێ، ڕەگەزی مێی لە ئاستێکی بەرزیدا هێشتۆتەوە. لە هەرجهێ لە جێهانێ، ژنان چەندێک لە کاروبار دوورکەوتبن، بەو هەندازە لە پلە و پایەیان کەم بۆتەوە. لە کۆمەڵی کووردهەواری و کۆمەڵانی دیکەی هاردیدا، هاژەڵداری و چاندن دوو باڵی زیندەگیکردنێ بوون، لە هەردووکیاندا مێینەکان ڕەنجی زۆریان داوە، لەگەڵیشیدا خانمانێکی بە شکۆی تێروتەسەڵ بوون، سەربەست هەڵدەسووڕاون و، دارای بەها و بایەخی زۆربوون، لە کاتێکدا ئەو خانمانەی لە کۆمەڵی چیناتی ئەوڕۆدا ڕێزیان لێ دەندرێ، بابەتی ڕێزگرتنەکە ڕووکەش دەرباز ناکات، ئەو کۆمەڵی چیناتیەی ئەوڕۆ، توولکێشاوی ئەوانی پێشترێیە، بە هەندێک گۆڕان لە باری ڕووکەش و بەشەکیەوە. چیناتی بە نەزمی نێراتی دەچێتەڕێ و، نەزمێکە لە قالبی ستوونیدا شەقڵ دەگرێ، لەبەرئەوە هەرچەند سیما و بچمی خۆی بگۆرێ، لە کۆتاهیدا هەمان نەزمە و، بەشەرێت تیایدا بە هەردوو ڕەگەزی دایک و ڕەگەزی کووڕەوە، شکۆ و سەروەری خۆی لە دەست دەدات. جەنجاڵی چیناتی لە سەر زەمینی خێلانی هۆفی پێکهات، وەلێ کۆمەڵی چیناتی لە چاندنی بەرئاوێ بە شێوە هات و، خێلانی هاردی بنەڕەتەکەیان پێک هێناوە. ڕەگەزی دایک لە ناو هەرکێکە لەو دوو هەلومەرجەدا، بە دوو شێوە دەکەوێ، کەوتنێکی تووند لەگەڵ پیاو بە هێکەوە، ئەوکاتەی لە چوارچێوەی شێوەگرتنی چینی خوارێ خۆیان بە کۆیلە دیتۆتەوە، کەوتنێکیش بە هێواشی و قۆناخبەندی لە چوارچێوەی شێوەگرتنی چینی سەرێ و، پاشەکشەی ڕەگەزێتی. لە ئاستی گشتەش کەوتنی ڕەگەزی دایک لە ناو جەنجاڵی چیناتیدا توندە، وەلێ لە ناو کۆمەڵی چیناتی بە بنەڕەت هاردی، نەرم و بە کاوەخۆیە، سەرەنجام لە هەردووکیاندا مێ وەکوو کاڵا و کۆیلە خۆی دیتۆتەوە. پیاوان و ژنانی چینی سەرێ، وەکوو هەرکالاهێک مامەڵە بە ژنان و پیاوانی چینی خوارێ دەکەن، نرخیان لە سەر دادەنێن و دەیانکڕن و دەیانفرۆشن. هاودەم ژنانی چینی سەرێ بە دەستی پیاوانی چینەکەی خۆیانەوە، دەچەوسێنەوە و، لە دۆخی کۆیلاتی ڕەگەزیدا خۆیان دیتۆتەوە، تەنانەت لە هەندێک جهێ لە جێهانێ، قەفەسی ئاسنین دەکردرایە ناوگەڵی ژنان و قووفل دەدرا، کلیلەکەی بە دەست ئەو پیاوەوە بووە، کە خۆی بە خاوەنی زانیوە، دەبوو لە کاتی سەرئاوکردندا ژنەکە بپارێتەوە لێی تا ناوگەڵبەندەکەی لێ بکاتەوە. لە ناو سپی پێستە موو زەردەکان لە ئۆروپا، ژنان هەمیشە

تۆمەتباربوون بە زۆربلێی و بۆڵەبۆڵ (پۆرە پۆر)، پیاوانی ناخ تاریک دەیانگووت: ژنان زۆر قسان دەکەن و، قسەکانیشیان هیچ واتایان نیەه. هیدی بە کردەوە زمانی قسەکردنیان لە ڕەگەزی دایک ستاند و، بە پێی ئەو یاسا هۆفکردانەی دایانڕێشتبوو، لخاوی ئاسنینیان دەکردە دەمی ژنانەوە، بە جۆرێک ژنان نەک هەرنەیاندەتوانی بدوێن، نەشیاندەتوانی بخۆن و بخۆنەوە، هەتا پیاوەکە قووفڵی لخاوەکەی دەکردەوە. ئەم یاسا دڕندانەیە سەدان ساڵ بەرکاربوو، تەنانەت پەنجا و چەند ساڵێک لەوەوپێشیش، بەند و بنەما بوو لە یاسای تاوانی شانیشینی ئەنگلیزیدا(بەریتانیا). توولاوتوولی دەورانی زەمان، ژنانی چینی خواریٚ کۆیلەی ڕەشوڕووت بوون و، ژنانی چینی سەریٚ کۆیلەی پۆشتەوپەرداخ. لە ناو سپی پێستە موو زەردەکاندا، کۆیلەی پۆشتەوپەرداخ لەلایەن پیاوی کۆیلەی ڕەشوڕووتەوە بە توندی لە بن چاودێری دابوون، ئەو پیاوە کۆیلانەی خەسێندرابوون و، لە پیاوێتی کەوتبوون، چ لە ماڵیٚ و چ لە دەرەوەی ماڵیٚ، هاوەڵی ئەو ژنانەی چینی سەریٚ بوون. لە خۆرئاوای هەنادۆڵ، کاتێک تورکە هۆفیەکان دەسهەڵاتی چیناتی بە مۆدێلی مووسلمانێتی قووت دەکەنەوە، بە هۆی ئەوەی دایک و ژنی سوڵتانەکان لە سپی پێستانی هۆفی بوون، هەمان نەریتی خەساندن لە ئەنگلیز و فەرهەنگیەکانەوە گواستدرایەوە ناو تورکان، لە کۆشکەکانی سوڵتاندا پاسەوانەکانی ناو ماڵیان دەخەساندن، هەندێکیشیان کەڕولال دەکردن، بەو مەبەستەی ئەو پیاوە پاسەوانانە نەبتوانن دایک و خووشک و ژنانی سوڵتان بگێن، نە بتوانن قسەوباسی ناو کۆشک بگەهێننە دەریٚ.

## پۆپەی 14

هەرەس هێنانی ناوەندێتی دایک و، بنچەق داکووتینی نێرناوەندی، بە واتای پێشڕەوتی هۆف و، پاشکەوتنی مهیرە. ئەم قلْپ بوونەوەیە بە واتای بەزینی مهیرۆفە بەرامبەر بە هۆف، لە پاش ئەم بەزینەدا، هەموو چەشنێکی بەدکاری هاتە گۆڕیٚ و، شێواندنی شێوەی راستیەقینی ژیان دەستی پێکرد. منداڵ لە پێکهاتەی گیان و لەشی دایکی دهێتە دەریٚ، لێستاندنی منداڵ لە دایک و، ناساندنی وەکوو منداڵی پیاو - باوک، ڕیسواکردنی میٚ و نابودکردنێتی. دیسان بە بیرتان دهێنمەوە، میٚ بە تایبەتمەند پایەی شەرەفی هەیە، وشەی شەرەف لە زماندا بە واتای "سەریٚ" دیٚ. وقتهێک میٚ دهێندرێتە "خواریٚ" و، نێر دەچێتە جهێی وی، هیدی واتای وهایە گۆزەکە قلْپ بۆتەوە و، ترپاتی تەڕی تێیدا نەماوە. بە نەوی بوونی ڕەگەزی دایک، ئاستی ژین و ئاسوودەگی نەوی دەبیٚ، تەنانەت ڕوو لە کەوتن دەڕوات. نێرناوەندی لە لاهێک بە سەرچاوە لە هەلومەرجی چیناتی هەستوونگ دادەکووتیٚ، لە لاهێکیش بە سەرچاوە لەو هەلومەرجەی شەڕ بە

دووی خۆیدا دهێنێ. لەو شوێنانەی هەرەوزی و هاوبەشێتی نامێنن، سامان لە دەستی نێردا کۆدەبێتەوە، بەمەش خاوەندارێتی و چوونە سەرەوەی نێر ڕەوت دەگرێ. ئەو پیاوانەی لە ناو هەلومەرجی چیناتیدا دەبنە خانەدان و، بەرهەمی زیادە دەکەوێتە مشتیانەوە، هەروەکوو چلۆن خاوەندارێتی مەڕومالاّت دەکەن، ئەوهاش خاوەنداری لە ژن و منداڵانی ژنەکە دەکەن. لە سەرەتادا خەرجی کێشان و دابینکردنی بژێو، تاقە هۆکارێکە ئەم بە خاوەنکردنەی لێ کەوتۆتەوە، پاشانەکە بە چاولێکەری لە خانەدانان، خاوەنداریکردنی ژن لەلایەن پیاوەوە، لە ناو گشتەی خەڵکیدا دەبێتە باو و قاڵب دەگرێ، قاڵبگرتنێک هەتا دێ تووند و ڕەقتر دەبێ، لە کۆتاهیشدا دەیگەهێننە ئەوەی ژین و مەرگی ژن و منداڵەکان بکەوێتە مشتی پیاو، پیاو بتوانێ بە هۆ و بەبێ هۆ هەشکەنجەیان بکات، تەنانەت بیانکوژێ. ئەو ڕێسا دەستکردانەی لە دەسهەڵاتی نێرناوەندی دەهاتنە دەرێ، ڕێیان بە پیاو داوە بەبێ پەروا بە دووی هەوەسەکانی خۆی بکەوێ، دەستی ئەوەشیان داوەتێ بە گوومانکردنێک ژنەکەی بەر زەبر و تۆبز بدات، تەنانەت هەیاتی لێ ببڕێ. پیاو لە بۆ دڵنیابوون لە باوکێتی، هەقی درابووهێ ژنەکەی بە توووندی بخاتە ژێر چاودێری خۆیەوە و، نەهێڵێ تووخنی پیاوی دیکە بکەوێ، لەم بازنەیەدا کووشتدرانی ژن دەبێتە بەکارهێنانی ماف لەلایەن پیاوەوە. لەو وقتیەوە هەتاوەکوو ئەوڕۆ، هەموو جۆرەکانی کووشتن لە سەر ڕەگەزی دایک دەوام دەکات، کووشتنی دڵ و، کوشتی دەروون و، کوشتنی دەماخی مێ، ئەوجا کوشتن لە واتای پاکتاوی جەسدەدا. پاش هەموو ئەمانەش، ئەوەتانێ هوودای دایک لە زهینی فەریادڕەس دەردەکەوێ، رەگەزی مێ و سەرجەمی بەشەرێت زیندوو دەکاتەوە.

## پۆپەی 15

نەزمی چیناتی بچمەکەی هەرجۆرێک بێ، بە توووندی لە شان و شکۆی بەشەرێت دەدات و، سەروەری و ئاسوودەگی لێ دەستێنێ، ئەم لێدانە بە شێوەی قوورستر و بە چەند پات لە سەر ڕەگەزی دایکە، چوونکوو ئەو پیاوەی نەزمی چیناتی شکاندووتی، لە شوێنی خۆیەوە جارێکی دیکە مێینەکانی بندەستی دەشکێنێ. لێدان لە ڕەگەزی مێینە، لێدان بووە لە دەماخ و دەروونی مێ و، بە کەمگرتنی توانستە هەقڵانیەکانی، پاشانەکە لێدانی جەسدە بە هەردوو شێوەی زەبری زارەکی و زەبری کردەکی، بە زەقی بەردید دەکەوێ. مێ لە کۆمەڵی چیناتیدا، چیدی دەسهەڵاتی بە سەر لەشولاری خۆیەوە نامێنێ، لە قۆناخێک باوک و برا، لە قۆناخێکی دی ئەو پیاوەی جووتگرێتی، بڕیاردەدات لە سەر جلەکانی مێ و، شێوەی قژی و، بۆیەی نینۆکەکانی و، دەرمانی سوورکردنی لێوەکانی و، کلی ڕەشکردنی چاوەکانی، هەندێک جار مام و خاڵ و خەزوور، ئامۆزا

و خاڵۆزا و پوورزاش لە پەیوەندی بە لەشی مێ، هەقی تانەلێدان و ڕەتکردنەوەیان دراوەتێ. دیقەتی سەرەتای سەرەتاکان بدەن، لە هەردوو چەرخی مهیری و مهیرهۆفیدا، خۆپێچانەوە بە هەرجۆرە تەنێک، لە سەرداپۆشینەوە، هەتاوەکوو داپۆشینی لەش، بە هۆی سەرما و گەرماوە شێوەی هاتوتێ. هێکەمین پۆشاکی لە موو چێندراو، لە کۆمەڵی کووردهەواریدا نەقشێندراوە، دایکانی ئەو کۆمەڵەیە لەگەڵ ماڵیکردن و مەڕداریدا، گەشەیان بە کاری ڕەستن و چەنین داوە. هەرشوێن مەڕ و بزنی تێیدا ماڵی نەبووبێ، خووری تێیدا نەهاتۆتە دەست، لەبەرهەندێ خەڵکەکە بە هاڵاندنی پارچەی پێستە لە تەنگەیانەوە، ئەو بەشەی لەشیان لە ساردی و گەرمی پەنا داوە. لە سووڕی سێهەمی شارستانێتی دایک، هاوکات لە میانی قاڵبگرتنی جەنجاڵی چیناتی و کۆمەڵی چیناتیدا، تەرزی جوودایەز بە جلک و لۆنێتی پۆشین دراوە، بە جۆرێک کە بگوونجێ لەگەڵ هەلومەرجەکان، هەندێک کات هەلومەرجەکەش بە شێوەی خۆڕسک شێوەی داوەتە پۆشین. لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا، ئەو کۆمەڵانەی ژنانیان جلی نیوە ڕووت دەپۆشن، پێشترێ کۆمەڵانێک بوون بە قۆناخی کۆیلایەتیدا گوزەراون، کۆیلە و نیمچە کۆیلەکان نەیاندەتوانی قووماش دەست بخەن، پارچەی کەمی کووتاڵیان لە ناوقەدتیان دەهاڵاند. لە شوێنانی گەرمەسێردا بە چینی خوارێ گووت دراوە: "ڕەش و ڕووت،" لەبەرئەوەی بێ بەرگ بوون و، لەبەر خۆرهەتاوێ ڕەش داگەڕاون، لە کاتێکدا سەرمایەدار و کۆیلەدارەکان پەڕۆی زۆریان بە نیشانەی خانەدانی و سەرمایەداری لە خۆیان پێچاوە و، بە مەبەستی خۆدەرخستن هەبای پان و درێژیان داوە بە سەرشان و، هەباکە بە دوویاندا خشاوە. لە دەستپێکی چەرخی تاریکیەوە، هەتا دواهین سەدەی چەرخەکە، ڕووتی و بێ بەرگی سیمای چینی چەوساوە و بێ نەواکان بوو، هاوکات پۆشتەبوون و داپۆشدراوی سیمای چینی چەوسێنەرانی پێک هێناوە، واتا ئەو چینەی کە خۆیان بە خانەدان و شەرافەتمەند لە قەڵەم دەدا. لە زەمان و زەمینێکدا، کۆمەڵی جیناتی بە مۆدێڵی مووسلەمانێتی، قاڵبی گرت و، تیایدا وەرچەرخانێک سەبارەت بە پۆشاک ڕوویدا، لەو وەرچەرخانەدا هەقی دەرکەوتن بە شێوەی نیمچەڕووت لە مێینەکان زەوت کردرا، کارەکەشیان بە ویستی هوودا ناوزەدکرد. بەمجۆرە کۆمەڵانی چیناتی بوون بە دوو بەشەوە، بەشێکیان ژنەکانیان نیمچە ڕووت و، بەشێکیان ژنەکانیان تەواو داپۆشدراو بوون، هەتا هەنەوکەش هەردوو ڕەوتەکە دەوام دەکەن. ئەو گۆڕانەی شێوەی پۆشاکی مێینەکان لەگەڵ دەرکەوتنی مهەمدی کووڕی هامینێ و، مۆدێڵی مووسلەمانێتی، لە ناو هارەبەکانی بیابانێ دەستی پێکرد، پاشانەکە لە ناو هەموو ئەو کۆمەڵانەی ئەم مۆدێڵەیان دەگاتێ، جلەکانی مێ بە شێوەی مێینەکانی بیابانێ دەگۆڕێن. گۆڕانەکە لەو دەمیدا بنەمای هەقلانی هەیە، تەنانەت گرێدانەوەشی بە ویستی هوودا، دروست و هاقلانیە. کووڕەکەی هامینێ داوای لە مێینەکان کرد، بەشە ڕووتەکانی لەشیان

دابپۆشن، جلی کوورت و تەنک و تەسک لەبەر نەکەن، دەرکەوتنی درزی نێوان مەمکەکانیان بشێرنەوە و، چەفیەکانیان بدەن بە سەر ئەملا و ئەولای سینگیاندا، ڕای گهاند ئەوی وها نەکات گووناهی دەگاتێ. لەو زەمانیدا ژنانی بیابانیشین کەڵێنی مەمەکەکان و سەرەوەی سینگیان دەردەخست، ئەوانیش و پیاوانیش سەرپۆش بوون و، بە مەبەستی خۆپارێزی لە هەتاوی گەرم و تۆز و لمی بیابان، پارچەی پەڕۆیان داوە بە سەر سەریاندا، بەشێکی پارچەکەشیان بە سەر چاویاندا هێناوەتە خوارێ، لەبەرهەندێ پارچە پەڕۆیەکە چافیەی پێ گووتدراوە، ئەوڕۆش بە شێوەی نەریت چافیە ها بە سەر سەریانەوە. هەزار و چەند سەد ساڵ تێپەڕیوە، لە هەموو ئەو ماوەیەدا، ناکەس بەچەی ناودێر بە زانای مووسلەمان کەسێکیان تێیدا هەڵنکەوت، بهێتن ئەم گرێوگۆڵەی خۆداپۆشینی مێینەکان بکاتەوە و، جەوهەری قەسد لە باڵاپۆشینی ژناندا بخاتەڕوو. دیقەتی بدەنێ، ڕوون و ڕەوان وێنەکە وهایە: لە ڕۆژگاری هەنگینێدا، بیابانی هارەبان قۆناخی جەنجاڵی چیناتی دەگوزەراند، لە ناو ئەو هەلومەرجەدا هیچ شت لە شوێنی خۆی نەمابوو، ڕەگەزی دایک بە خراپی کەوتبوو، بەشێکی گەورەیان کۆیلە بوون و، وەکوو کاڵاکان بابەتی کڕین و فرۆشتنی بازاڕی هووکاز بوون، بەشێکیشیان لەشفرۆش بوون و، بەم کارە پارووی ڕۆژانەیان دابین دەکرد. لەوێندەرێ مێینەکان لە ڕیزی هاژەڵان هیساب بوون، ساماندار هەبوو، هەروەکوو ڕاگرتنی ڕانەمەڕ و گاڕان، "مێگەل"ی بەشەری ڕادەگرت و، کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکردن. لە کۆڵان و بازاڕەکاندا، خوورتیگێی ژنان باو و بەربڵاو بوو، ژنانی شۆخی قاچ و قۆڵ ڕووت، یان ئەوانی بەشێک لە مەمکەکانیان بە دەرەوە بوو، پتر پەلامار دەدران، هەندێک لەو ژنانەش لە چینی سەرێ بوون، بە هۆی پەلامار‌دانی ئەوانەوە شەڕ و ئاشووب لە نێوان خانەوادە و خێڵەکاندا دەکەوتەوە. مەهەمدی کووڕی هامینێ لە بازنەی هەقڵانیدا، بیری لە هیشککردنی سەرچاوەی شەڕەکان کردەوە، لە سەر ئەو بنەمایە داوای خۆداپۆشینی لە مێینەکان کرد، بەشکووم تووشی پەلامار نەهێن و، بە هۆیانەوە شەڕ و کووشتار لە نێوان خانەوادە و خێڵان بەرپا نەبێ. کووڕەکەی هامینێ بە دروستی هەنگاوەکەی هەڵهێنا، تەنانەت لە قەڵەمدانی ڕووتی بە گووناهی گەورە و، بەستنەوەی خۆداپۆشین بە ویستی هوودا، دروست و ڕەوایە، چوونکە هەرشتێک خراپەی لێ بکەوێتەوە گووناهێکە، ئەو دەرکەوتنەی جەسدەی مێینەکانیش لە زەمینی ئەوێ و زەمانی هەنگینێدا، هۆکار بوو لە ڕووداوی کووشتن و هاڵۆزی کۆمەڵاتیدا. ئێستاکێ گۆزەکە سەرڕاست دەبێتەوە، ئەوەی هەینێ شەڕ بوو، هەنەوکە خێرە، ڕووتی و جوانی لە مێینەکاندا سەر بە مهیرە، چاکە و خێرە لە بۆ خۆی و ئەوانیدی، چوونکوو هێمناتی و ئارامی بە دەروون و دەماخی خۆیان و نێرینەکاندا دهێنێ، ئەمەش لە هۆفێتی دووریان دەخاتەوە. جلی زۆر بە واتای دیلگرتنی جەسدە و خنکاندنێتی، دروست وهایە لەگەڵ تەنکپۆشی و کوورتپۆشیدا خۆتان ڕابهێنن، تەنانەت

له وەرزە ساردەکانیش، جەسدەتان مەخنکێنن و، بهێڵن هەناسە بدات. لە پاڵ ئەمانەش، مێینەکان لە جوانی و دەرکەوتنی لەشولاریان هێز وەردەگرن و، هەقی خۆشیانە، کەس هەقی نیهە بە هیچ بەهانەیەک لە مەیلی مێینەکان کەم بکاتەوە. لە سەردەمانی پێشوو کە قووماش کەم بوو، لێکەوتەکانی بە خێر دەکەوتەوە و، بڕێکی زیادتری لەش هەوا و هەتاوی بەردەکەوت. لە کۆمەڵی بێ چینی کووردەواریدا، جوودایەز لە کۆمەڵانی چیناتی، شێوە بە پۆشاک دراوە. خەڵکی هەوارەکە هەردەم هاوگوزەران بوون و، هیچ وقتهێک دەربازی هەلومەرجی چیناتی و کۆیلایەتی نەبوون، لەبەرئەوە ڕەشوڕووتیان تێیدا نەبوو، دەوڵەمەندبوون بە خووری و موو، دەستڕەنگین بوون لە کارەکانی ڕەستن و چەنین، ژنەکانیان گوونجاو بە کەشوهەوا و، هاوسەنگ بە هەوراز و نشێوی خاک، جلەکانیان چەنیون و شێوەیان پێداون، نە تەواو داپۆشدراو، نە نیمچەڕووت. ئەوڕۆش لە ناو کووردواندا، بنچینەی پۆشین وەکوو خۆێتی، مۆدیلەکانی چیناتی نەخۆداپۆشین و نەڕووتبوونەوە، چ تاقیان نەیانتوانی هێندە کاریگەربن بنچینەکە هەڵبوەشێننەوە. دایکانی کووردەوار خۆبەخۆ شێوە و لۆنیان بە پۆشاک دەدا، بەبێ ئەوەی نێرینەکان هەق بە خۆیان بدەن دەست بخەنە کاریانەوە. لە پێشینانەوە گووتیتیان: "ژن کراسی بەری پیاوە،" واتە ژن هەیب و هاری پیاو دەشێرێتەوە، بۆهێ پیاو قەت ئەو ناماقووڵیەی نەدەکرد سەبارەت بە کراسی ژن قسان بکات. دایکانی کووردەوار لە شانازیکردن بە مێهێتی و، بە هۆی کاروباریشەوە، باڵ و بەڵەکیان ڕووت دەکرد، بە هۆی دایکاتی و شیرپێدانی کورپەوە، هەمیشە هێقە واڵابوون و درزی مەمکەکانیان بە دەرەوە بوو، لاقەکانیان جووت دەکرد و دەیانکردە لانکی ساوا، پووزیان هەڵدەماڵی و، بە جووتکردنی پێیەکانیان بنکەی میز و گووکردنی منداڵەکەیان دادەنا. دایکان باوەڕ قایم بوون بە خۆیان و بە مێهێتی، بەبێ ئەوەی لە چاوی نێرینەکان سڵبکەنەوە، لە شیرپێدانی کۆرپەکانیان مەمکیان بە جووتە لە ژێر کراسەکانیان دەردهاورد. ئەو ڕووتیەی قاچ و قۆڵ و، ئەم دەرکەوتنەی مەمکی دایک، بە شانازی و شکۆ بیندراوە. مەمکەکان سەنبووڵی مێ و سەنبووڵی دایکێتی و، سەنبووڵی هوودای دایکن. مەمک لە سەر زمان و زاری گچکە و گەوران بوو، لە وشەدا دەهووندرایەوە و دەچووە ناو سترانەوە، پیاوی شێت و شەیدا دەکرد. هەڕوون خۆبەخۆ وشە و دەنگە قەدیمیەکانی کووردەوار بڕۆنن، پڕن لە مەمک و ماچی مەمک و، گرتن و گووشینی مەمک. لە ڕاستیدا مەمک وەکوو جوانترین بەش لە لەشولاری ژن، لە سەر سینگی خۆی و لە بەر چاوی هەمووان، لە سەر دەمی منداڵ و لە سەر زاری گەوران، لە ناو دەم و دەستی یاران، هاوکات لە ناو دەروون و دەماخی گشتەدا جهێی شایانی هەبوو. لە هەرجهێ لە جێهانێ، مەمکی مێ نێرینەکانی شەیدا دەکرد، لە ناو جەنجاڵی چیناتی لە بیابانێ، کاتێک پیاوانی هۆفی بە مەمک دەوروژان، پەلاماری ژنەکەیان دەدا. لە ناوەندی شارستانێتی دایک لە کووردەوار، مەمک پیاوانی مەست و هەیران دەکرد،

بەبێ ئەوەی بیری پەلاماردان بکەوێتە سەریانەوە، بەڵکوو بە هۆنینەوەی وشەی شیرین و دەنگی سۆزین مەمکەکانیان دەلاوەندنەوە. ئەوڕۆ لەوپەڕی ڕۆژئاوا، هەتا ئەوپەڕی ڕۆژهەڵاتێ، نەزمی چیناتی چڵپاوی خۆی ڕەشتووە، بە جۆرێک هیچ کۆمەڵێکی بەشەری نەماوە پیس و پۆخڵ نەبووبێ. مێینەکان خافڵ و بێ هەبەر کەوتوونەتە ناو پۆخڵەواتی سەرمایەداریەوە، یان دەرکی پێ دەکەن و نابەرپرسیار دەجوولێنەوە. لەو سەد ساڵەی ڕابردوودا، نەزمی سەرمایەداری بە پلانتر تێکۆشاوە، بەو مەبەستەی جوانی و جەسدەی مێ بێ شکۆ بکات، لەم پێناوەدا هەڵبژاردنی شای جوانانی داهێنا، تا ژنێک سەربخات بەسەر هەموو ژنان، پاشان ئەو ژنەش وەکوو کاڵا بخاتە بازەڕەوە و بیشکێنێ. لە ڕاستیدا ژنان بە شێوەی جۆربەجۆر و تایبەت جوانن، هەڵبژاردن و بەرهووردی جوانی لە نێوانیاندا، کارێکی هۆفانەیە، دەبوو ژنان خۆبەخۆ کارەکە ڕەت بکەنەوە، بەڵام هەقڵیان پێی نەشکاوە، لە بەرئەوەی لە زانستی ڕاستیەقین دوورکەوتوونەتەوە.

## پۆپەی 16

کۆمەڵی بێ چین و کۆمەڵی چیناتی، لە تەواوی بنەڕەتەکانی زیندەگیدا، لە هێکدی جوودایەزن. کۆمەڵی بێ چین دوو پەلە، ڕەگەزی دایک لە هەردوو پەلی کۆمەڵەکەدا شکۆدارە. پەلی هێکەم کۆبەندەکانی ناوەندی شارستانێتی دایکن لە کووردەهوار، هەوارەکە بهێشتێکە ڕەگەزی دایک لە نێویدا هاوشێوەی خۆرهەتاو درەوشاوەیە و، بە نامووس و شەرەف ناوی دراوەتێ، ئەم دوو وشەیە ڕوون و ڕەوان پایە و پلەی مێینەکان نیشان دەدەن، چوونکوو هێکەم بە واتای "ناوکی هێز" و دووهەم بە واتای "سەرۆک" یان "سەرێ" دێ. لە هەفت هەزار ساڵی ڕابردوودا، ڕەوتی هۆفێتی نەسرەوتانە هەڵیکووتاوەتە سەر کووردەهوار و، ویستووتی دەستبگرێ بە سەریدا. هەوارەکە لەو دەمیدا بهێشتیکی ڕاستیەقینە، لە هەرلا بۆن و بەرامەی مێرگ و گوڵزار، ورشەی درەختی میوەکان، خوڕەی ڕووبار و کانیاوی سازگار، گۆزەی شیر و شەراب و، هەنگوینی بن سابات و، سەر دەلاقەی ماڵان، ڕانەمەڕی ناوپەرێزێ، گوڵەگەنمی گووپنی دەشت و بناران، شۆخی و شەبەنگی دوڵبەران، هەمووی بە هێکەوە پێکهاتەی ئەو بهێشتەن و، مایەی چاوتێبڕینی خێڵانی هۆفین. هەک بە نەفرین بێ هۆف و هۆفێتی. لە کووردەهواری پێش دۆخی جەنگ و، لە هەرکۆمەڵێکی دیکەی بێ چین، بازنەی هاوبەشێتی لە هێکدی و، ئاوێزان و گەوزان، هەموو دانیشتوانی کۆبەندی لادێیی دەگرتەوە، بەس ئەوانی دەرەوەی کۆبەندەکە "بێ گان" بوون، هەربەم وشەیەش ناویان هێندراوە، هەنەوکەش وەکوو پێشترێ لە هاخاوتنی کووردەهواریدا بە

خەڵکانی نەناسدراو دەگووتدرێ "بێ گانە،" چوونکە لە بنەڕەتدا گان تەنەها لە نێوان ناسدراواندا ڕوویداوە. هەرگووندێک کۆبەندێک بووە، خەڵکەکە هەموو ناسدراو و دڵ و دەستی هێکدی بوونە، لە هەرشت بە هەرەوزی و هاوبەشی چوونەتەڕێ. لەم بارەوە بە هەڵە هیزرین مەکەن، لە ناو کۆبەندی گووند هەرژنێک هی هەموو پیاوەکان و، هەرپیاوێک هی هەموو ژنەکان نەبوون، بەڵکوو لە هەوەڵەوە دۆخەکە وها شێوەی هاتۆتێ، ژن و پیاو موولکی تایبەتی هێکدی نەبوون، جووتگرتن و ئاوێزان بە خواستی دڵی ژن چۆتەپێشێ، ژن هەرپیاوێکی کۆبەندەکەی پەسەند کردبێ، ڕێی داوەتێ لێی نێزیک بێتەوە و، لەگەڵیدا بە مهیرگان بگات. بە فۆلکلۆردا بیزانن مهیرگان لە کووردهەواری دێریندا، نەبۆتە موولکاتی و، لە بازنەی تەنگدا قەتیس نەکردراوە، پەندەکانی پێشینان دەرخەری ئەوەن، وشەکانی کێر و قووز و قوون، بەبێ هیچ سڵکردنەوە و شەرمێک، لە میانی پەند و قسەکانی سەرگەرمیدا، هەمیشە بە سەر زارانەوە بوون. لە سێ دەهەی لەمەوبەریش، ڕەنگی شارستانێتی دایک لە کووردهەواردا تینی مابوو، بە چاوگ لەو ڕەنگەوە، وشەی "گاندەر" لەگەڵێک دۆخی جوودا، جێناوێک بوو لە بۆ مێی بەشەر و، بە فەرەوانی دەهاتە سەرزاران، مێینەکان لە نێوان خۆیاندا، بەم چێناوە هێکدیان دەدواند و پێی دڵخۆشبوون، ئەم وشەیە لە واتا و چەمکدا بدەری و بەخشینی مێی دەخستەڕوو. هاوزەمان وشەی "دڵتەڕ" لە وەسفی مێ و نێری لێوڕێژ لە مەیل و مرازی ئاوێزان، باو و بەربڵاو بووە. بەڵام گهیشتن بە مێ و ئاوێزانبوونی، هاسان نەبوو، دەبوو لە پێشدا نێرینەکان بگەنە پلەی شایان و مایەی دڵپەسەندی مێ، دەبوو جوانمێر و مێرخاس بن، جۆرێک دەربکەون سەرسامی مێینەکان قازانج بکەن. دیاردەی ڕەدووکەوتن لەو سەرسامیەوە دێ، ژنانێکی بە مێرد دەست لە مێردەکەیان بەردەدەن و ڕادووی پیاوێکی دی دەکەون، ئەمە بە دیوێکدا سەرسامی بە پیاوی ئازا و جوانمێر نیشان دەدات، بە دیوێکیش ڕەتکردنەوە و یاخیبوون بووە بەرامبەر بە بازنەی قەتیسی خوون و خزماتی. ژنانی کووردهەواری، پابەند بە ڕێسای گەردوون جوولاونەتەوە، هاسان و بەبێ گرێ خۆیان نەداوەتە دەستی یاران، پیاویان بە سووتان و برژان داوە، ئەمجا ماچ و مەمکیان داوەتێ. هۆندراوە و گۆرانی و بەستەی دڵداری، لەم سرووشتی هەڵسوکەوتکردنەوە بەرهەم هاتوون. ئەم هەلومەرجە لەزەتبردنی هەرهێکەیانی دوو هێندە بەرز کردۆتەوە، پیاو ڕەنجی داوە، ماچ و مەمکی لە پای ڕەنجەکە دراوەتێ. ئەم شێوە هەڵسوکەوتکردنەی ژن لەگەڵ پیاودا، ڕەسەن و بە ڕیشەیە، بە ڕێسای گەردوونێ گرێدراوە. لە کن بوونەوەرانی جووداجۆریش هەڵسوکەتی مێ لەتەک نێر وهالەیە، مەلەکانی هاسمانێ چاو لێبکەن و هوورد سەرنجیان بدەنێ، یان تەماشای مانگا بکەن ئەو کاتەی بە کەڵ دێ. لە ناو بەشەرێت و لە ناو هەرڕەچەڵەکێک، نێر لەسەرێتی هیلاکەت بکێشێ و ڕەنج بدات، هەنگێ لە جوانی و جەسدەی مێ لەزەت ببات. لە کووردهەواری دایکدا، هیچ کات

مهیرگان کردارێکی سارد و بێ گیانی لە هیکرا و زووتێپەڕ نەبووە، ناشبێ وەها بێ، هەروەک لە ناو خەڵکی ئەو هەوارەدا، گەمەی دەستبازی وەپێش تێکەڵبوون دراوە و، ڕۆژانە دەستی دراوەتێ، هیدی چ لە نێوان مێ و مێ، چ لە نێوان مێ و نێر، ڕەفتارێکی خۆشی خوولقێن و خەندەهێن بووە، چەند دەهەی لەمەوپێشیش باو و بەربڵاو بەردەوامی پێدراوە. لە دەستبازیدا هەم دەروون و لەش جوولێندراون، هەم پەیوەندی کۆمەڵاتی و دۆستاتی بە تەڕی و سەوزی هێڵدراونەتەوە. با بیزانن، وشەی گان واتای نێزیک لە بنەڕەت بە زهین دادێ، هەمان وشە لە کن گێرمەنەکان بە "کان،" لە لای ئەنگڵیزەکان بە "گین،" لە ناو گریکەکان بە "گینۆس،" لە سەر زاری لاتینەکان بە "گینس،" بە کارهاتۆتەوە، هەرهێکە لەم وشانەش لە زمانی زگماکی بەشەریدا دروستن. بەڵام هارەبەکان شێواندووتیان و بە شێوەی "جنس" بە کاری دهێنن. گان لە زارەکی و لە کردەکیدا، کاتێک بە ڕێڕەوی سرووشتیبوونی خۆیدا دەڕوات، خۆشوقهتی و ئاسوودەگی بە زهین و زامیندا دهێنێ و، دەوامی زیندەگی دەدات، کاتێکیش ڕێڕەوەکەی دەبەستن و دەگۆڕن، جهێی بۆش لە دەروون و دەماخی بەشەردا دروست دەبێ، ئەو دەم شوومی و تاریکی ئەو جهێ بۆشەی ناخ پڕ دەکاتەوە. پەیوەندیهەکان چ تاقێکیان لە سەر بنەڕەت و قاڵبی سرووشتیدا نەماون، کاولبوونێکی گشتەگیر بە سەر دەروون و دەماخی بەشەردا هێندراوە، بە جۆرێک ئەو بونەوەرە هیچی لە بەشەر ناچێ. بەشەرێت لە توولی هوومریدا، پێڕست بە مهیر پاک و چاک ژیاوە، بەبێ بەندوباوی ناسرووشتی، تەنانەت ئەو دەمانەی جووتگرتنی مێ و نێر لە بازنەی مهیرگان و ڕەزای مێدا بەجهێ هێندراوە، ڕێدراوە خووشک و براش، هەروەکوو دەستپێکی چ لۆنێک بوون لەگەڵ هێکدی، ئەوها بجوولێنەوە و، تێک هاڵان بکەن. کاتێک هۆفێتی و نێرێتی و چیناتی بە هێکرا، وەکوو سێ لە هێکێکدا، جهێیان بە دایکناوەندی چۆڵ کرد، هیدی هۆفەگان جهێی مهیرگانی گرتەوە، لەبەرهەندێ پەیامبەرانی هەقگۆ هەنگاوێکی مێپارێزی دهاوێن، دهێن و هەوەسبازی لە نێوان خووشک و برا و، هەموو نێزیکەکان بە گوناهێکی گەورە دەناسێنن، ئەمەش بە قەسدی ئەوەی مێینەکان پارێزدراوبن و، چیدی نێرینە نێزیکەکان بە خوورتی نەیانگێن. لە کووردهەواری دایکدا، هەوەس و ئاوێزان لە نێوان خووشک و برا توولی کێشداوە، دەنگوباس وهایە لە سەردەمی فەرمانڕانی زازان(ساسان)، هێکێک لە پاشاکان خووشکی خۆی بە هاوسەر داناوە و، وەچەی لێ خستۆتەوە. لە ناو خێڵانی دوورە هۆفی، بە نموونە لە دوورگەکانی "هاوای" لە تخووبی دێرهەوار، پەیوەندی لەزەتی لە نێوان خووشک و برا، هەتا سەدەونیوێک لەمەوبەریش هەروەکوو دەستپێکێ بەربڵاو بووە، ئەمە بێجگە لەوەی لە گەلێک جهێ لە جێهانێ بە پەنهانی دەوامی دراوەتێ. لەمەوپاش گەڕانەوە ڕوونادات بەرەو پاشەوە، بەڵام پێویست دەکات لە پەیوەندی بە هەرشت بەرچاوتان ڕوون بێ و، خێر و شەڕ بناسن.

هێک کاڵای سەمبووڵی بە نێوی "پارە"، باڵادەستی بە سەر هەموو کاڵاکادا پەیدا کرد، ئەمەش ڕێی لە بەردەم گەشەی هەمەلایەنی دەسەهەڵات و، کۆمەڵی چیناتیدا کردەوە. دەنگگۆ وها بڵاوە، هێکەمجار شانیشینێک لەوپەڕی خۆرئاوای هەنادۆڵ، پارەی کانزای لە قاڵب داوە، پاشان گریکی و ڕۆمی لە وقهتی بنچەق داکووتینی دەسهەڵاتی چیناتیدا، چاوی لێ دەکەن و سکە لێ دەدەن. کاڵاکان هەرچەند و هەرچ جۆرێک بن، بە پارە دەکڕدرێن و بە هۆیەوە کەڵەکەکردنی سامان هاسان دەبێ. دەستەکانی نەزمی چیناتی بە بەرهەمی زیادە زاڵ بوون، بەڵام بە پارە درێژبوون. نرخی خەرمانێک گەنم، ڕانەمەڕێک، یان گاڕانێکی گەورە لە هێک گۆزەی گچکەلان هەڵدەگیردرێ، گواستنەوەشی لە شوێنێکەوە لە بۆ شوێنێکی دی، بە تەواوی هاسان و بێ کێشەیە، لە کاتێکدا پێشترێ لە مامەڵەی گۆڕینەوە و سەودای شت بە شتدا، دەبوو لە هەردوو سەرەوە بار بگواستدرابایەوە، ئەمەش کارەکەی قوورس دەکرد و، سستی دەخستە کارکردی سامانداری و قەڵەوبوونی بازرگانان. بە پەیدابوونی پارە، کڕین و فرۆشتن جهێی گۆڕینەوەی شت بە شت دەگرێتەوە. پارەدار کیسەی پارەکانی هەڵدەگرێ و، دەچێتە بازاڕ و مەیدانەکانی مامەڵەکردنێ، یان بارەکەی دەباتە مەیدانێ و بە کیسەی پڕ دەگەڕێتەوە. مامەڵەکردن بە پارە، کارێکە سەرەتا لە نێوان خانەدانەکان خۆیاندا، هاودەم لە نێوان خانەدان و پیشەگەراندا، وەلێ بە درەنگ وقهت جۆتیار و شیوانکار متمانەی پێ پەیدا دەکەن. لە ناوەندی شارستانێتی دایک لە کووردەهەوار، بە توندی شەق لە پارە هەڵدراوە و، نەویستدراوە مامەڵەی پێوە بکەن. پیاوانێکی گەڕۆک کە لە ماوەی چهار سەدەی لەمەوپێش، لە دەرێرا هاتوون و، بە ناو خەڵکی ئەو هەوارەدا گەڕاون، ئەوانیش باس لەوە دەکەن کووردەکان هازر نەبوون هیچ شتێک بە پارە بفرۆشن. لە ڕاستیدا پارە پەتێکە لە گەردەنی بەرهەمهێنەران دەبەستدرێ و، سەری پەتەکەش بە دەستی کەسانێکەوەیە، کە خۆیان بەرهەمهێن نین. ئەم کاڵا سەمبووڵیهە قیمەت و قووەتێکی وهای دراوەتێ، بەرهەمەکان و بەرهەمهێنەکان بە لای خۆیدا ڕابکێشێ. لە بەرهەمی زیادەوە، دەسهەڵاتی چیناتی بە شێوەی دامستدراو بە زەوی داهات، پارە دەسهەڵاتەکەی تۆکمەتر و بەرجەسدەتر کرد. لە هەرزەمان و زەمینیکی چیناتیدا، کێ پارەی لە دەستدا هەبووبێ، بە هێندەی پارەکەش دەسهەڵاتی هەبووە. هاخیرین سەدەکانی تاریکی، کاتێک کۆمەڵی کووردەهەواری بە خوورتی و لە ڕێی موولکاتی زەوی و زارەوە، هاخێندرایە ناو دۆخی چیناتی، کووردەکان بە گوزارشتێکی خەمگین، قووڵاهی جوودابوونەوەکە دەخەنەڕوو، ئەوان خەڵکانی خاوەن سەرمایە بە "هەبوو،" هی بێ سامان و پارەش بە "نەبوو،" ناودەبەن، چوونکی هەربەڕاستی لە هەلومەرجی چیناتیدا، خەڵکانی بێ پارە و سەرمایە نابیندرێن و،

نابیستدرێن. لە بەشە زەمینەکانی گریکی و ڕۆمی، هەرزوو هەندێک لە جۆتیاران کەوتنە ناو تەڵە و جادووی خانەدانەکانەوە، پارە بە قەرز دراوە و، بە زیادە وەرگیردراوەتەوە، ئەوی نەیبووبێ قەرزەکەی بداتەوە، دەست بەسەر زەویەکەی داگیردراوە، ئەگەر نرخی زەویەکەش بە هاوتای گووژمەی پارەکە نەبووبێ، خاوەن قەرز توانیهێتی وەکوو کۆیلە قەرزدارەکە هەڵبسووڕهێنێ، یان بە سەریدا سەپێندراوە ماڵ و منداڵەکەی بفرۆشێ و پارەی قەرزەکە بداتەوە.

## پۆپەی 18

کاتێک شت بە شت سەودا دەکەن و، هەردوو سەری مامەڵەکە بەرهەمهێنی شتەکانی خۆیانن، مامەڵەکە سرووشتی و بێ کێشەیە، ڕەنج بەرامبەر بە ڕەنجە، هەردوولا هەنگاوی دروست هەڵدەگرن و، پێداویستی هێکدی پڕدەکەنەوە. ژنێک و پیاوێک بەرهەمەکانیان دەگۆڕنەوە، هێکەمان لە موو بلوزی چەنیوە و، دووهەم لە چەرم پیڵاوی بارهێناوە. کێشە لەوێ دایە، بەرهەم لە دەستی بەرهەمهێنەکان دەربهێندرێن و، بکەونە دەستی کەسانێکەوە، کە ناوی "بازرگان"یان دراوەتێ. بازرگان کەسانێکن مامەڵە بە ڕەنجی ئەوانی دیکەوە دەکەن، بەبێ ئەوەی خۆیان لە ڕەنجدانەکە هاوبەش بووبن. پێشترێ ڕەنج دەگۆڕا و دەبووە بەرهەم، وەلێ بە پەیدابوونی دیاردەی بازرگان، ڕەنج دەبێتە کاڵا و دەخردرێتە بازاڕەکانەوە، کەسانێک بەهای لە بۆ دیاری دەکەن، کە خۆیان ڕەنجدەرەکە نین. ئەو دەمەی ڕەنج دەبێتە کاڵا، لە گەڵیدا ڕەنجدەرەکەش بەرەو بە کاڵابوون دەبردرێ، چوونکوو مامەڵەکردن بە ڕەنج، مامەڵەیە بە خوودی ڕەنجدەر خۆیەوە. وقتهێک پارە پەیدا دەبێ، چینی ناودێر بە بازرگان کارەکەی تەواو هاسان دەبێ و، خێرا گەشە دەستێنێ، لە بەرامبەردا ڕەنجی بەرهەمهێن زیاد دەکات و، دەستهاتیشی کەم دەبێتەوە. کاکڵی ڕووداوەکە ئەوەیە، بەرهەم لە دەستی بەرهەمهێن دەردەکێشن و، ئەو بەرهەمە دەستاودەست دەکات، هەرهێکێک لەو دەستانەش قازانجی خۆی دەخاتە سەرێ و، بەشێک لە بەهای بەرهەمەکە دەبات، لەبەرهەندێ بەرهەمهێن بەشێکی کەمی بەری ڕەنجی خۆی دەست دەکەوێ. بەرهەمهێن ناچارە بەرهەمەکەی بە نرخێکی کەم بفرۆشێ، بەکارهێنیش بە نرخێکی گران دەستی بکەوێ، هاخر لە نێوان ئەو دوو دەستەدا، چەندان دەستی بازاڕ بە ناوی بازرگان و فرۆشیار هەن، ئەو دەستانە بەبێ ئەوەی ڕەنجیان دابێ، بەشێکی بەهای بەرهەمەکە هەڵدەگرن. کاتێک بازرگان هەیە، بەرهەمهێن چیدی دەسهەڵاتی بە سەر بەرهەمەوە نیهە، بەرهەم بوونەتە کاڵا و کەوتوونەتە دەستی بازرگانان، لۆنی مامەڵە و دیاریکردنی بەهاش لە دەستی ئەواندا خڕبۆتەوە. بێجگە لەمەش، لە هەموو

ڕۆژگارێکدا ئەوانی دەسەڵاتداری شارن، هەرخۆشیان بازرگانی گەورەی ئەو دیو پەردەن، بازرگانان بریکاری دەسەڵاتدارانن، یان بەشێک لە دەستهاتەکەیان بە دەسەڵاتداران داوە، ئەوانیش ڕێیان لە بۆ کردوونەتەوە و، کاریان لە بۆ هاسان و ڕاستەڕێ کردوون. بازرگان، یان هەرناوونیشانێکی دیکەی سەرمایەدار، کەسانێکن ڕەنجی خەڵکانی دیکەیان لە مشتی خۆیان کۆکردۆتەوە، بەڵام کارێکە لە بیروباوەڕی ڕاستیەقینی خەڵکیدا جهێی نەبۆتەوە، لەبەرئەوە چەواشەکردنی زهینی ڕەوتی دراوەتێ، کۆبوونەوەی سەرمایە، بە چەمکی ڕسق بەستدراوەتەوە و، بە بەرەکەتی هوودا ناسێندراوە، تەنانەت سەرمایەداریان بە "خوداپێداو" ناودێر کردووە. لە ڕاستیدا ئەم چەواشەکردن و شێواندنەی بیروباوەڕ نەبایە، قەت سەرمایەدار نەیدەتوانی لە سەر پێ ڕابوەستێ. "ڕزق، ڕسق، ڕسک" هەرسێ وشەکە لە باری زمانیدا دروستن، مەبەست لێیان بەروبوومێکی باش ڕسکاوە. گووتدراوە ڕسق هوودا دەیدات، بێگوومان وهایە، هوودا لە خوودێتیدا تینە، تین ڕسق دەدات، بەڵام ئەوی درۆیە و پەیوەندی بە هووداوە نیهە، کۆبوونەوەی سەرمایە و زیادەی بەرهەمە لە دەستی ئەو خەڵکانەی بە "خوداپێداو" ناسدراون. سەرمایە لە هەردەستێکدا بە بیری هۆفی و کاری هۆفیانە کۆدەبێتەوە، بەستانەوەی بە ناوی هوودا، هەنگاوی فریودەرانەیە، هەرئەمەیە وهای لە خەڵکی کرد بەرامبەر بە هەڵبۆقانی گیرفانی کەسانێک سکاڵا نەکەن و بێدەنگی بنوێنن، چوونکی سکاڵاکردنەکە دەبێتە ناڕەزابوون لە کارێک، کە بە کاری هوودا ناسیندراوە.

## پۆپەی 19

ئەو جۆرە شارەی بە ناسرووشتی شێوەی دراوەتێ، چهارچێوەیە لە بۆ کۆمەڵی چیناتی. لە باری باوەڕیدا نێزیکە هوودا و دوورە هوودا، لە باری سامانداریدا دەوڵەمەند و هەژار، لە باری کۆمەڵاتیدا خانەدان و ڕەنجبەر لە قاڵبی شاری ناسرووشتیدا بە شێوە هاتوون. هاوکات لە ناو خێزان و لە ناو جەنجاڵی شارەکاندا، نێری بە دەست و دەور و، مێی دەست و دەور لێ ستەندراو دەبیندرێن. شاری سرووشتی، لە واتا و چەمکدا گووندە، ئەو گووندەی کۆبەندی هەرەوزی، بازنەی کۆمەڵی بێ چین و چەوسانەوەیە. درەنگ وقتهیش کە دەسەڵاتی چیناتی بە سەر جێهانێ باڵکێش دەبێ، هێشتا لادێ جوودایەز دەردەکەوێ و، ڕووخساری چیناتی ناتوانێ لە دێهاتدا زۆر زەق بچەسپێ. لادێ دایکە و شار کووڕی لادێیە، بەڵام بە تەواوی لە دایکی جوودا بووەتەوە، تەنانەت دژی دایکێتی و دەیهەوێ دایک لە ناو ببات، یان بێدەنگی بکات. لە هەموو زەمان و زەمینێکدا، شار زۆر خراپ بەرامبەر بە دێهات جوولاوەتەوە، ددانی بە لادێ

دانەناوە، بە پلە نزم و کەم هەقڵ و، تەنانەت بە بەدهاکار ناسیوێتی، لە کاتێکدا ئەم جۆرە هیزر و کردارە، قلْپکردنەوەی ڕاستینەی لادێ و شارە، لەگەڵ ئەوەش لادێ هیچ وقهت نەچۆتە ڕکەبەرێتی شاران و، گورزی زمان و زهینی تێ نەسرەواندوون، تەنەها هەولْیدا خۆی بپارێزێ. دۆخی چیناتی و چەوسانەوە لە ناو چهارچێوەی شاراندا خەست بۆتەوە، دژمناتی شاریش لەگەڵ لادێ، بنەڕەتێکی چیناتی هەیە. دەسهەڵاتی شار لە قۆناخە هێکەمینەکانی هەلْبۆقینیدا، هەڵدەکووتێتە سەر دێهات و دەیهەوێ بیان خووسێنێ، پاشانەکە دژمناتی شار بەرامبەر بە لادێ دەبێتە گشتەگیر و، وهای لێ دێ خەڵکی شار بە هیچ لۆنێک خۆشیهان لە لادێهی ناهێ، تەنانەت وشەکەشی وەکوو گوزارشتی سووکاتی دەلْێنەوە. ئەم شەڕپێ فرۆشتنەی شاری ناسرووشتی بە دێهات و، ئەو بەرخۆدانەی لادێ کردووتی، لە هاخیر سەدەی تاریکی لە کووردهەواری دایکی جێهانێ، بە تەواوی توووند بوو بوو، لە کۆتاهیدا ئەوی دووهەم لە وێنەی ماری بێ زهەر و زەڕ، سەری کێشایەوە دواوە و خۆی کۆپکە و سڕکرد. خەڵکینە، نامووس بە پێودانگ بگرن و زهینی بدەنێ، هەنگێ دەبینن وا هێشتاش دێهاتی لە چاو شاری، زهین و زمان و ڕەفتاریان پاکتر ماوەتەوە، هێشتاش مهیریات لە ناویاندا ئاستێکی هەیە. دەسهەڵاتی چیناتی کە شاری دەرباز کردبێ و گهیشتبێتە دێهات، بەس توانیهێتی سەرانەیان لێ بستێنێ، یان بە کەمی لە بۆی چۆتە سەرێ بە سەرباز بیانگرێ و بیانخاتە ڕێزی لەشکران. لە دەورانی زەماندا دێهات هەولْیانداوە دەست بە خۆیانەوە بگرن، هەمیشە بە جۆرێک لە بەرهەڵستی ماونەتەوە. لە واتاهێکدا لادێ دایکە و شار کووڕە، ئەو دۆخەی بە سەر ڕەگەزی دایکدا هات، بە سەر گووندیش داهات. پەرەستەندنی شار هەمان پەرەستەندنی کووڕی سەرەڕۆیە، دەڕوا و گوێ بە هیچ نادات، هەتا لە هاخیریدا سەری خۆی دەخوات.

## پۆپەی 20

ئەو دەمەی هۆفێتی لە زهیندا نشهوونما دەکات، لەگەڵیدا چیناتی لە زەمیندا بە سەرەتا دێ، هەردووکیان هێکدی بەرهەم دهێنن، زهینی هۆفێتی چیناتی بە هاردی دادهێنێ، چیناتهیش لە باری زەمینیدا، هیزری هۆفێتی بەرهەم دهێنێتەوە. ڕەوتگرتنی خواستی پەرەپێدانی تەن(مادە) لە ناو هەلومەرجی چیناتیدا، لێکەوتەی کوورتهێنانی مهیرە لە پێکهاتەی خوودێتی، چوونکوو مهیر و هۆف، تین و تەن پێچەوانەن، بە هەندازەی گەشەی هۆفێتی، مهیر لە ناو خوودێتیدا بە هەردوو باری چەندێتی و چلۆنێتی لە کوورتی دەدات، لەم کورتهێنانەدا بۆشاهی دەکەوێتە کاکڵی خوودێتی، هیدی لە ناو ئەو بۆشایەدا خواست لە بۆ تەن و پەرەپێدانی، سنووری پێداویستی دەرباز دەکات و، بێ

پەروا دەبێ. بفەرموون لە چۆلەکە و پەڕەسێلکە و، قەتێ و قووڵینگ و، لە مەلەکانی ئاسمانێ بنۆڕن، هەرهێکەیان لە سنووری پێویستیدا دەنووک لە بۆ تەن دەبەن و، لە چیلکە و پووش هێلین ساز دەکەن. وقتهێک بەشەر لە هەشکەفتان دەژیان، هەروەکوو باڵندەکان بە هەندازی پێداویستی و، هەتا سنوورێک داروبەردیان بە کەڵکی خۆیان بە کار دەبرد. هەرێ وهالە، بەبێ مەیلداربوون بە تەن، دەهان هەزار ساڵ گوزەردراوە، پاشانەکەش ئەو دەمەی لە ڕاسانی دایکانی کووردەواریدا، ڕووناکی بیری هاردی بە گۆڕێ دەکەوێ و، فێری شیوانکاری و چاندنێ دەبن، دیسانەکە لە سنووری پێداویستیدا هەڵسوکەوت لەگەڵ تەندا دەکەن. هەردوو قۆناخ لە ناوەندی شارستانێتی دایکدا، قۆناخی درەوشانەوەی مهیرن لە کاکڵی خوودێتی بەشەردا، لە هێکەمیاندا بەشەر مهیرە، لە دووهەمدا مهیرهۆف، لە بەرهەندێیە چاوی لە پەرەپێدانی تەن نیهە و، بە هێندەی پێویستی بە کاری دهێنێ. هاوکێشەکە وهایە، ئەو دەمانەی ناوەوەی بەشەر ڕووناک و درەوشاوەیە، دەرەوەشی لە جوانی و درەوشانەوەدا دهێتە بەرچاوی، لەبەرئەوە بە هەردوو باردا، هەست بە تێروتەسەڵی خۆی دەکات. وەلێ کە بەشەر دەبێتە هۆفی و مهیر تیایدا بە پاش دەکەوێ، تێروتەسەڵێتی ناخی لە دەست دەدات، تاریکی ناوەوەی دادەگرێ و، بۆشاهی تێیدا پەیدا دەبێ، بەمەش بەرچاوی تەڵخ و تاریک دەبێ، ناتوانێ ئەو شۆخی و شەنگیە بێ پەروایەی سرووشت نیگا بکات، کە لە دەرێ بەرپایە. هۆف هەوڵدەدات و دەیهەوێ بە پەرەپێدانی تەن، ئاسوودەگی دەروونی دابین بکات، کە دابین نابێ، دەیهەوێ جوانی ببینێ، کە نابیندرێ. ئەوی لە ناوخۆیدا تاریک بێ، دەرەوەش لە بەرچاوی، تەنگ و تارە. کاتێکیش چەرخ چەرخی تاریکیهە و، هۆفێتی و جاهەلی لە ترۆپک دان، هیدی هەمووان لە هێکدی گوومن و، کەس کەس نابینێ. خێر و شەڕ، خاس و خراو، پاک و پیس، جوانی و ناشیرینی لە ناو تاریکیدا لە هێکدی جوودا ناکردرێنەوە. چاوەکان با هەر پڕبن لە پڕشنگ، لێوەکان با هەربە خەندە و، کوڵمەکان با هەر گەش بچنەوە، کاتێک لە ڕۆژگاری ڕەش و تاریکیدا نۆوقمن، هەرگیز نابیندرێن. بەڵام مستگێنی ئەوەیە، لەمڕۆوە سەردەمی ڕووناکی و ڕەنگ، سەردەمی دایک دەست پێ دەکاتەوە، ئەوکات هەموو شتێک وەکوو خۆی دەبیندرێ. پیاوێکی خۆرمیانی لە وەسفی دایکیدا گووتبووی: سێ شۆخ و شەنگترین ژن لە ژیانی مندا، دایکم و سێبەرەکەی دایکم و، وێنەدانەوەی دایکمە. ڕاستی ئەوەیە ڕەگەزی دایک لە پێرست بە مهیردا، جوانترین بوونەوەرە لە دوونیاهێ، لەمەوپاشیش هەموو جوانی و خۆشیهەکانی گەردوونێ لە مێدا چڕدەبنەوە، لەو مێ مهیربان و دڵگەرمەی لە میانی تێپەڕبوون بە ناموسدا، سەرلەنوێ زیندوو دەبێتەوە و، بە ڕەوتی سرووشتی دەڕواتە ڕێ. مێ و نێری بەشەرێت، تەنەها لە پابەندی بە ناموس دەگەنەوە بە شان و شکۆی بەشەری، لە دەرەوەی ناموس هۆفێکی هێندە چەپەڵن، تەنانەت چەقەڵ و کەمتاریش مەیلی نێزیکبوونەوەی ناکەن و، لەبەری هەڵدێن.

لە کۆمەڵی بێ چین و بێ چەوسانەوەدا، هوونەر هی هەمووان بوو، چوونکێ لە بنەڕەتدا هیچ هوونەرێک تایبەت بە توێژێک، ڕەگەزێک، یان تەمەنێک نیەه. مێ و نێر لە منداڵیەوە فێری هەڵپەڕکێ دەبوون، هیدی دەستیان لێی هەڵنەدەگرت، هەتا ئەو ڕۆژەی دەچوونە ناو ساڵ و پاکیان دەکەوت. دەنگ و ئاوازیش ئەوها، ماڵ نیەه دەنگخۆشێکی تێیدا نەبێ، وقتهێکیش بە کۆڕ و دەستەبەند گۆرانی دەڵێن، کەسیان تێیدا نیەه دەنگی خۆش نەبێ. بە دەم چڕینی سروود و سترانەوە، کاروباری زیندەگی هەڵسووڕدراوە، بە جۆرێک هوونەر و کار وەکوو خووشک و برا دەست لە ملانێ بوون، لە هێک جوودا نەدەبوونەوە. دەمەتەقێ و هێکدی دواندن گرێدراوی پەند و ئامۆژگاری بوون، قسە بە کێش و سەروا و، بە شیرینی ئاوازەوە لە دەم دەهاتە دەرێ. کاتێک چیناتی بە گۆڕێ کەوت، هەمووی تێک و پێکدا، زمانی داتەپاند و، گیانی بە بەر هوونەرەوە نەهێشت، هوونەری تیکە تیکە کرد، لە مەیدانێی ستاند و، بردیە ناو کۆشکەکان و، کردی بە هی تاقم و تیپی تایبەتی. خەڵکەکە لە پێشێ سەر و سەلیقەیان لێ ستێندراوەتەوە، لەو شوێنەی سەلیقە نامێنێ، هوونەریش دادەمرکێ و گووم دەبێ. بڕۆننێ وا هێشتانەکە هوونەری کۆمەڵی بێ چین، لە گەلێک جهێی جوودا شوێنەواری لێ ماوەتەوە، هەڵپەڕکێ و گەمەی سەرگەرمی، لە ناو کۆمەڵی کووردهەواری و، لە ناو خێڵانی بە بنەڕەت مهیری لە جێهانێ، بەشێکی زیندووی زیندەگین و، لە هەموو بار و زوورفێکدا دەوامیان دراوەتێ. دیقەتی بدەنێ، لە کووردهەواریدا نەزمی هەرەوزی و هاوبەشێتی بە تێروتۆخی هوونەریشی گرتۆتەوە، لە ناو کووردان هەڵپەڕکێ و سەما هەمیشە بە شێوەی کۆمەڵن، مەگەر تەنەها سەرچۆپیکێش جاروبار بترازێ و بە تەنەها بلەنجێ، بەڵام لە دەرەوەی ئەو هەوارەدا، دەرهاوێشتەی ترازان و هەڵوەشانەوەی نەزمی هەرەوزی، وهای کرد سەمای تاکێتی ڕەوتی دراوەتێ، سەمای تاکێتی ژن، هەرچەندە بنەڕەتی دایکانەی هەیە، وەلێ لە کۆشکی زۆرداران پەرەی پێدراوە. لە کووردهەواری ناوەندی شارستانێتی دایکدا، ماوەی هەزاران ساڵ، بە دەور و زەمانی هاخیریشەوە، هوونەرە جوانەکان هوونەری هەموو مێینەکان بوون و، لە سەر ڕێی گوڵینی خۆیان دەهاتن و دەچوون. لە هوونەری نیگار و ڕەنگڕێژیدا، ئەوەتانێ فەرش و جاجم و لباد و کەرستەکان ببینن. لە هوونەری هۆنینەوەی وشەکان و دەنگبێژیدا، گوێ لە دایکان ڕادێرن، لایلایە و سەردوولکان ببیستن. ڕووداوی شەڕ و بەرخۆدانەکان و، خۆبەخشینی جوانمێران، لە سەر زاری دایکان و دوڵبەران، بە لاوک و لاوەندنەوە گواستدراونەتەوە. لەو هەوارەدا هەموو شتێک بە هوونەر بەستدرابووەوە، لە خۆشی و ناخۆشیدا گۆرانی گووتدراوە، مێ و نێر هەرهێکەیان گرێدراو بە تایبەتمەندی ڕەگەزیانەی خۆی، لە ئاوازێک خووندیتی. پیاوان لە داس و

دەروونەکردنیّ، ژنان لە هاڕینی گەنم و نانکردنیّ، هوونەر چۆتە هەموو قوژبنێتک، چۆتە هەموو ماڵێک و هەموو مەیدانێک. لە لاهێک بە ئاهەنگەوە بانگ لە گاڕان و قاز و قەڵ و مەڕوماڵات دەکەن، لەلاهێک کابرای شیفان شمشاڵ لە بۆ ڕانەکەی دەژەنیّ و، هەیران بە سەر مەمک و خەت و خاڵی دولبەر هەڵدەڵێ. لە مێژنا، هەردوونێکە بوو، کە شمەکگێڕەکان دێ بە دێ دەگەڕان و، بە دەم ئاواز و گووتنی گۆرانیەوە، خەڵکیان لە بۆ گۆڕینەوەی شت بە شت بهەنگ دەکرد. لە ناوەندی شارستانێتدا، هەموو دەور و زەمانێک، گوونجاو بە بارە جیداوازەکان، هوونەر بە هەردوو شێوەی تاک و کۆمەڵ برەوی دراوەتیّ، بە هۆیەوە وزە و هێزیان بە هێک بە خشیوە و، لە هێکیشیان وەرگرتۆتەوە.

**پەلی چهارەم**

پۆپەی 01

شارستانێتی دایک کە خۆی لە کۆمەڵی بێ چین و چەوسانەوەدا دیتۆتەوە، سێ سووڕی هەیە، سووڕی هێکەمی مهیرە، هی دووهەمی بە مهیرهۆفی، سێهەمی بە هاردی ناوی دەدرهێتیّ. ئەوەی سووڕەکان لە هێکدی جوودا دەکاتەوە، ڕەگەزەکانی بژێون، دەنا لە هەرسێک سووڕدا بنەڕەتەکانی بیروباوەڕی ڕاستیەقین هێکێکن. تایبەتمەندهی شارستانێت تایبەتمەندهی دایکانەیە، لەبەرهەندێ کۆمەڵ لە ناوخۆیدا پێڕەوتی لە هاوبەشێتی گشتی دەکات و، بە ڕێک و ڕاستی هەموو شتێک لەگەڵ هێکدی بەش دەکەن، پێش هەموو شتێکیش زانین بەش دەکەن. پیشەگەری لە نێویاندا وەکوو تایبەتمەندێتی کەسی قاڵب ناگرێ، بەڵکوو بە فەراوانی بڵاودەبێتەوە، لەبەرئەوەیە گشتەی ئەندامانی کۆمەڵ بە شێوەی هەمەکار و ڕەنگین بارهاتوون. کارەکان لە میانی شارستانێتدا، بە ڕێڕەوی سرووشتی خۆیاندا ڕۆیشتوون و، بناخ لە سەر جیداوازی

ڕەگەزی، بوونەتە سێ بەش، کاری مێینەکان و کاری نێرینەکان و کارە هاوبەشەکان. دابەشبوونەکە سرووشتی و پێڕست بە مهیرە، لە مەیدانی کارکردنێ هاوسەنگی بە زەویدا هێناوە. کارە هووردەکانی گرێدراو بە سەروسەلیقە، لە نموونەی هوونەری ڕێستن و چەنین، کاری ژنان بوون، لەبەرامبەردا ئەو کارانەی قوورسن و بە هۆی هێزی ماسوولکەکانەوە هەڵدەسووڕێن، لە نموونەی هەندازیاری بەردتراشین و تەلارسازی، کاری پیاوان بوون. هەرکارێکیش لەم کارانە، بە دەستەجەمی و هەرەوزی هەڵسووڕاون، کەس بە تەنەهێ شانی نەداوەتە بەرهیچ کارێک. بێجگە لە هەندێک کاری دەگمەن، لەوانە کاری دەرمانسازی و دەقتۆری، کەسانێک بە لێهاتن و ئەزموونی خۆیانەوە، تیایدا تایبەتمەند دەبوون و، بەبێ هیچ دەستکەوتێک دەستیان دەداهێ. لە شەقڵگرتنی کۆمەڵی چیناتیدا، دۆخەکە لە بنی بنەوەڕا قڵپ دەبێتەوە، پیشەگەری لە گشتیبوونەوە دەبێتە تایبەتبوون، هەڵوەشآنەوەی خێڵ و دەرهێنانی زەوی لە دەستی جووتیاران، هەلی گەشەکردنی پیشەکان بە هاردی دادهێنێ. ئەو خێزانانەی بەبێ سەرچاوەی بژێو ماونەتەوە، لە بەردەم دوو ڕێهان خۆیان دیتۆتەوە، یان پیشەگەری لێهاتوو، یان کۆیلە و خزمەتکاری خانەدانەکان، ئەمەش وهای لێکردوون هەموو هوونەر و لێزانینێک لە بۆ پەرەپێدانی کاری جووداجۆر بە گەڕبخەن، لە کێبڕکێی هێکدیشدا بەردەوام گەشەی پیشەهی و، پێشکەوتنی نەقش و نیگارسازی ڕوویداوە. هەلومەرجی چیناتی بە تایبەتمەند هەموو جۆرەکانی کێبڕکێ و، مل بە ملی و دژاتی تیێدایە، کێبڕکێی نێوان پیشەگەران، ململانێی خانەدانان، مرخێشی ڕەگەزی، ڕکابەری نێوان ژنانی چینی سەرمایەدار، دژاتی لە بەینی دەسهەڵاتەکانی چیناتی، هەموو لە هێک کاتدا گەرم و بە گووڕن. لێکەوتەی ئەم دۆخەیە وا لە کۆمەڵی چیناتیدا، هوونەری نەقشاندن و تەلارسازی، پەیکەرسازی، دروستکردنی کەرستە و ئامرازەکان نەسرەوتانە چوونەتە پێشێ. کۆمەڵی بێ چین ئەو ناچاری و کێبڕکێیەی تیێدا نیهە، لەبەرهەندێ جۆرێتی و چ لۆنێتی لە گەشەی مادیدا بە کاوەخۆیە، داهێنانی جۆرێتی تەنەها لە کاتێکدا ڕوودەدات، ئەگەر ببێتە پێداویستی و، مانەوەی کۆمەڵەکەیانی لە سەر بەند بێ. پێشی پتر لە دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ، داهێنان لە پەیوەندی بە مانەوەی کۆمەڵ، لە کووردهەواری دایک بە دید هێندراوە. هێگزەنەفۆنی یۆنانی بە چاوی خۆی دیوێتی و گەواهی داوە، کووردەکان جۆرە تیروکەوانێکیان داهێناوە، وێنەی نەبووە لە جێهانێ، بە جۆرێک کەوانەکەی سێ گەز و تیرەکانی دوو گەز درێژ بوونە، زرێ و قەڵخانیشی کوون بە دەر کردوون. کووردهەواری دایک بە بەردەوامی لەلایەن ڕەوتە هۆفیەکانەوە پەلامار دراوە، بە جۆرێک جەنگ و بەرخۆدان بۆتە بەشێکی زیندووی ژیانی ڕۆژانەی، ئەو دۆخە سەخت و سەنگینەش بەرەو ئەوەی بردوون بیر لە تفەنگێکی ناموسپارێز بکەنەوە، تفەنگێکی کایگەر کە بتوانێ پێشڕەوتی دژمن بوەستێنێ.

هەڵکشانی بایەخی تەن، هێکسانە بە داکشانی بەهای تین لە واتای هەمەلایەندا، هێکێکیش لەو واتایانە ئاسوودەگی دەگرێتەوە. هەردەم وها بووە، چەندێک تەن جهێی درابێتی، بەو هەندازە خۆشوقهتی و ئاسوودەگی لە کوورتی داوە. خۆ ئامرازەکانی کار و کەرستەکانی پێداویستی، هیچ وقتهێک لە قرارێک ڕانەهستاون، شارستانێتی دایک سێ قۆناخی گوزەرداوە، لە هەرسێکیاندا جۆرێتی و قالْبپێدانی تەن بە هێندەی پێویستی بەشەرێت چۆتە پێشێ، وەلێ چوونەپێشێک هەم لە ناو هەلومەرجی سرووشتی، هەم بە دەستبردن لە بۆ دار و بەرد و گڵ، هێسک و خووری و چەرم، ئەمانەش لە پەیوەندی بە بەشەرێت، جۆرەکانی تەنی سرووشتین. ئەم گەشەکردنە سرووشتی و سنووردارەی تەن لە کۆمەڵی بێ چیندا، لە بنەڕەتەوە جوودایە لە هەلومەرجی کۆمەڵی چیناتی و، لەو کەرستەسازی و ئامرازدروستکردنانەی تیایدا بە زەوی داهێندراون. لە کۆمەڵی چیناتیدا، بێجگە لەوەی بەرهەمەکان لێکەوتەی دۆخێکی ناسرووشتین، جۆرێتی تەنی بەکارهاتووش لە بازنەی سرووشتی جۆتە دەرێ و، دەست لە بۆ مەفرەق و زێڕ و ئاسن بردراوە. مهیرهۆف ڕێی دراوەتێ، بە شێوەی دروست لە بازنەی بیروباوەڕی ڕاستیەقیندا، کەڵک لە هەموو شتێکی سەر ڕووی زەمین ببات، بەڵام هەڵدڕینی زەوی و لێدەرهێنانی کانزا و نەوت و گاز، سەرەڕای ئەوەی دەستدرێژیکردنە لە بۆ سەر خاکی دایک، بە کارهێنانی ئەو تەنانەش، بە شێوەی هەمەلایەن لێکەوتەی بە زەڕی لە سەر بەشەرێت و گیاندارانی دیکەی خاکڕەچەڵەک هەیە. بەشەر گەوجانە دەستی داوەتێ و تەن ناناسێ، لە خۆی وهایە تەن هەر تەنە، چ لە ناخی خاک بهێتە دەرێ، چ لە سەر خاک هەڵگیرێتەوە، خافڵ لەوەی لێکەتەی ئەو تەنانەی لە هەناوی زەوی دەرهێندراون، کووشندە و کاولکەرن. تەن شەپۆڵدارە، هەرجۆرە تەنێک شەپۆڵەکانی لە جۆرێتی و چەندێتیدا جوودایەزن، بەمەش لە هێکدی جوودا دەبنەوە. ڕەگەزەکانی تەن سێ جۆرن، ڕەگەزی مهیری، مهیرهۆفی، هۆفی، هەرهێکەشیان لە ڕەگەزی خۆیاندا دەبنەوە بە سێ، بە بڵند و ناوەند و نەوی. خۆڵ و دار و بەرد هەرسێکیان ڕەگەزی مهیری تەنن، بە هەرسێ ئاستەکە، شەپۆڵەکانی ئەم تەنانە لە سەر بەشەر و گیاندارانی دی بە خێر دەگەڕێن و، لێکەوتەی بە زەڕیان نیهە. خووری و چەرم و هێسقان ڕەگەزی مهیرهۆفین لە تەن، ئەمانەش دەتواندرێ بە کاربهێندرێن، چوونکوو شەپۆڵەکانیان تێکەڵەی خێر و شەڕن و، جۆر و بڕی خێرەکەیان زیادترە. بەڵام نەوت و گاز و کانزاکان لە ڕەگەزی هۆفین، شەپۆڵەکانیشیان هێکجار کووشندە و بە زەڕن، نەدەبوو بەشەرێت قەت تووخنی ئەو ڕەگەزەی تەن بکەوێ، وەلێ لە هۆفیبوون و شەقڵگرتنی چیناتیدا، بەشەرێت زۆر بە خراپی تێکەوت، بە گووڕ دەستی گیرکرد لە تەنەکانی جۆری هۆفی و، سەر ڕووی زەوی لێ پڕ کرد، بەمەش ژینی خۆی و، خاک

و خاکڕەچەڵەکی کاول کرد، هاوسەنگی لە ئاو و هەوا و، لە گەرمای هەتاوی سەر زەویش تێک دا، بەبێ ئەوەی بە خۆی بزانێ. هوورد زهینی بدەنێ و لێی تێبگەن، کارلێکی ئاو لە گەڵ جۆری تەنەکان جوودایە، ئاو لە ناو کەرستەی سازدراو لە تەنی فافۆن، زەرد، نیکڵ، شووشە، پلاستیک، بە زەرەری بەشەر دەکەوێتەوە، بە تایبەتی ئەگەر ئاوەکە گەرم بێ، هەندازەی کارلێککردنەکە بەرز دەبێتەوە. بەڵام ئاو لە ناو کەرستەی گڵین، لە ناو کووپە و گۆزەوە کارلێکەکەی بە سوودی بەشەرە. لە تامی جووداى ئاوەکان هەستیان پێ بکەن، ئەو تامەی لە ئاوەکە هەیە، تامی هەڵگرتووی تەنەکەیە. بە هەمان شێوە کارلێکی نان لەگەڵ جۆری تەنەکان ڕەچاو بکەن، ئەو نانەی لە سەر ساجی ئاسنین دەبیرژێنن، لەگەڵ ئاسنەکە کارلێک دەکەن و، لێکەوتەی خراپی هەیە، لە کاتێکدا کولێرەی تەندوور کارلێکەکەی لەگەڵ گڵەکەیە و مایەی سوودە، دەشتوانن لە بۆنوبەرامەکانیانەوە جوودابوونەکە هەست پێ بکەن. کارلێکی جۆری تەنی پۆشاک و پێخەف لەگەڵ لەش بە هەند بگرن، ئەو جۆرە قووماش و چەرمانەی لە ڕەگەزی نەوت و نایلۆنین، لە سەر پێست و پێکاتەی لەش، دارای لێکەوتەی زۆر بە زەرن. بێجگە لەو کارلێکە ڕاستەوخۆیانەی لە تەنەکاندا هەیە، شەپۆلەکانی ڕەگەزی هۆفی لە تەن، گەلێک کووشندەن، تەنانەت دەتوانن لە دووریشەوە لێکەوتەی خراپیان لە سەر بەشەر و هەژەلان و، لەسەر ڕوەکەکان و، لەسەر ئاو و هەوا و، لە سەر گەرمای هەتاوی سەر زەوی هەبێ. لە کوورتیدانی تەمەن و تەندروستی، بەدزهینی و بەدڕەوتی دەروونی، هێکێک لە هۆکارە بنەڕەتیەکانی، شەپۆڵەکانی ئەو تەنانەیە. هەموو وا دەبین زۆر و زەبەندێک لە ئاسن و کانزای جووداجۆر، لە ناخی زەوی دەرهێندراون و، لە سەر ڕووی زەوی بەرکارن، بەڵام هێڕ و گێژن، نازانن بە هۆی ئەو تەنانەوە هاوسەنگی خاک تێکدراوە، پلەی گەرمی لە ناخی زەوی کەم بۆتەوە و، لە سەر زەوی بەرز بۆتەوە، چوونکێ ئەو کانزایانە گەرمی گڵدەدەنەوە. کاولکاری و وێرانکردنێک کە هۆفێتی ئەنجامی داوە، هەمەلایەن و هەنداز بەدەرە، بە جۆرێک هەرگیزاوهەرگیز هیچ شتێک ناگەڕێتەوە دۆخی پێش کاولکردنەکە، تەنەها هێندە لە دەستی بەشەرێت دێ، کە ڕوو لە مهیر و پشت لە هۆف، بە شێوەی قووڵ و هەمەلایەن لە بۆ خاکی دایک بگەڕێنەوە و، هەموو هەوڵێکیش بدەبن لە بە کارهێنانی نەفت و گاز و کانزاکان دووربکەونەوە، تەنەها لە سازکردنی کەرستە و ئامرازی زەروور کانزاکان بەرکاربکەن.

پۆپەی 03

نەزمی چیناتی بە سەر سێ قۆناخ پۆڵین دەبێ، قۆناخی هێکەمی لە دەستپێکێ، هەتا پێش دیتنەوەی ئاسن، قۆناخی دووهەمی لە دەستڕاگهیشتن بە ئاسن، هەتا پێش دروستبوونی ئامێرە میکانیکی و وزەدارەکان، قۆناخی سێهەمیش لە پەیدابوونی

ئامێرەکانەوە، هەتا ئەوڕۆکە. بنەمای جووداکردنەوەی قۆناخەکان لە هێکدی، ئەو گۆڕانە بنەڕەتیانەن، کە لە هەر قۆناخێکدا بە دید هاتوون. ئاسن هی نێو خاکە، کە هێندرایە دەرێ، کاولکاری هەملایەنی بە دووی خۆیدا هێنایە سەر ڕووی زەوی، چەند زیادتر بەکارهێندرا، کاولکردنەکەی فەرەوانتر کرد. لە قۆناخی هێکەمی هۆفێتیدا، کە هێشتا دەست بە ئاسن ڕانەگەیشتبوو، دەسهەڵاتی چیناتی لە سنوورێکی بەرتەنگ قەتیس بوو، ناهەقی کردن لە ناو ئەو سنووورە پەنگی دەخوارد و، قوودرەتی لێ دەرچوونی نەبوو. ئەوەی دەستی درێژ و پۆلاینی بە دەسهەڵاتی چیناتی و هۆفێتی دا، ئاسن بوو، دەنا دەسهەڵاتی چیناتی لە تخووبێک گیری دەخوارد و، دەرفەتی گەشەکردن و پەلهاوێشتی نەدەهاتە چنگ، سەرەنجام بە بڵاوبوونەوەی ڕووناکی بیری دایکانی کووردهەواری، کە خۆی لە فەرهەنگی هاردیدا بەرجەسدە دەکرد، کۆمەڵی چیناتی لە ناو خۆیدا دەپووکایەوە. جەنجاڵی چیناتی بە هۆی کەمی بەرهەم و، کۆمەڵی چیناتی بە هۆی زیادە بەرهەم پەیدا بوون، وەلێ چ تاقیان بە پەلوپۆ نەکەوتبوون، نەیاندەتوانی باڵ بکێشن و فەرەوان بن. ئەو جەنجاڵی چیناتیەی لە بیابانێ شێوەی هاتێ، ئەو کۆمەڵی چیناتیەی لە خوارووی دیجلێ و فەریتۆ قاڵبی گرت، هەرهێکەیان هەزاران ساڵ لە جهێی خۆیاندا مانەوە و، توانایان بڕی نەکرد زەفەر بە مەفتەنی دایک ببەن و بچنە سەرێ، هەرهەوڵێکیان دا، بە دۆڕان لێی گەڕاونەوە. کاتێکیش دەست بە تەنی مس ڕادەگات و چەکی لێ ساز دەکەن، هاوکێشەکە وەکوو خۆێتی، چوونکوو ئەمجۆرە تەنە کێشەکەی زۆرە و، کاریگەریەکەی کەمە، تەنانەت لە قۆناخی هێکەمی دەستڕاگەیشتن بە ئاسن، چەکە ئاسنینەکان بڕەکەیان کەم و سنووردار بووە، وقتهێک دەسهەڵاتی چیناتی لە دەشتە تەڕوشێدارەکانی دیجلێ و فەریتۆ ویستووتی بچێتە سەرێ، جەنگاوەرانی ڕووناکی لێیان هاتوونەتە دەست و، نەک هەر ڕاویان ناون، بەڵکوو چوونەتە خوارێ و، پتر لە نۆهەد ساڵ، بە وێنەی گاگەل جلەویان کردوون و ڕەوتیان داونەتێ. پاشی ئەوە، چەرخی زەمان بە قازانجی نەزمی چیناتی گەڕاوە، چەندە کات دەربازی کرد، بڕی زیادتریان لە ئاسن ومشت کەوت، بەمەش چەکە ئاسنینەکانی "ڕم، شمشێر، تیر، قەڵخان، زرێ" زۆربوون و، ڕێیان لە پێش دەسهەڵاتەکانی چیناتی کردەوە، کە بتوانن هەنگاوی فەرەوانخوازی بهاوێن و، تخووبان ببەزێنن. ئاسن مایەی قووڵبوونەوەی تاریکی و توولکێشانێتی، بە هۆی ئاسنەوە، شەڕەکان بە چەندان قات خووناویتر و بەربڵاوتربوون، ناوەندی شارستانێتی دایکیش، لە بەرخۆدان و وەستانەوە بەرامبەر بە هەڵمەتەکانی هۆفێتی، پێی نایە قۆناخێکی سەخت و سەنگیەوە. شاڵاوەکانی ئاشووری، گریکی و ڕۆمی، پاشانەکەش شەپۆلی نوێی پەلاماری خێڵانی بیابانێ بەرەو کووردهەواری دایک، هێزی خۆیان لە دڕندێتی چەکە ئاسنینەکان وەرگرتبوو، بەبێ ئاسن چ تاقیان نەیاندەتوانی خۆیان ببزێون. لەو دەمیدا جەنگاوەرانی ڕووناکی پشت بە تین و، شەڕکەرانی تاریکی پشت بە تەن دەبەستن، ئاسن وەکوو تەنی ڕەق و

کاریگەر، لە میانی شکستی پەلامارەکانی هۆفێتیدا، دەستی جوانمێرانی کووردهەوار کەوتوون، پێشترێ بەس بە ڕمی دارین و بەردەقانی، پاشان بە تیروکەوان ڕووبەڕووی دژمن بوونەتەوە. لە قۆناخی ئاسندا دەسهەڵاتی چیناتی پێی لە زەوی دەبێتەوە و، خێرابوون و بەربلاوبوون بە خۆوە دەبینێ. ئەم قۆناخە چەند هەزار ساڵ توولی کێشداوە، ئاسنگەری و، بە گشتی بەرهەمەکانی کانزاسازی بە هەرمێن بوون، هێدی هێدیش کۆمەڵەکانی چیناتی لە چوارچێوەی شاراندا بەربەرین بوون. پاش ئەوە، نەزمی چیناتی، سێهەمین و هاخیرین قۆناخی بە سەرەتا هات، بە دروستکردنی ئامێری میکانیکی دەست پێ دەکات و، ئامێرە ماتۆڕدارەکانی بە دوو دادێ، لەگەڵیدا کارخانەکانی ڕەستن و چەنین پێش دەکەون و، کارخانەی جووداجۆری دیکەش دروست دەکەن. بە ئامێرە ماتۆڕدارەکان و، بەرهەم هێنانی وزە، خێرابوون لە هەڵسووڕاندنی کار و بەرهەم هێناندا، دەگاتە ئەوپەڕی، بەمەش نەزمی سەرمایەداری لە بنەڕەتەوە نوێ دەبێتەوە. بەلەمەکان و هێسترەکان چ لە ڕووی خێراهی کات، چ لە ڕووی قەبارەی هەڵگرتندا، وەڵامی پێویست بە گواستنەوەی کەرستە و بەرهەمەکان نادەنەوە. گواستنەوەی بڕێکی زۆری "خەڵووزی بەردین، ئاسن، دار،" پێویستی بە ڕێ و شوێنی تازە هەبوو، هیدی  بە دروستکردنی قەتار و ئاسنەڕێ، ئەو پێویستیەی سەرمایەداری پڕدەکەنەوە. سەرەتا بە ئاگر و وزەی هەڵمی ماتۆڕەکانیان بە گەڕخستوون، پاشان بە وزەی هەوا، پاشتریش بە وزەی ئاو، لە کۆتاهیدا بە وزەی نەوت و گاز و، لە ترۆپکیشدا بە وزەی هەتاو و وزەی ئەتۆمەکان.  ئەو پێشکەوتنەی تەن، تەنەها لە بەرهەم هێنانی کەرستەی زیندەگیکردنێ ناوەستێ، هاوکات ئامرازەکانی شەڕ و کووشتاریشیان پێش خستوون، هەوڵدراوە چەکەکان بە جۆرێک بەرهەم بهێنن، کاولکاری و لە ناوبردنی گشتەگیر بە زەوی دابهێنێ. ماوەی ئەم قۆناخە لە ناو سپی پێستانی هۆفیدا، سێ سەدەیە، ئەو ماوەیە هاخیرین سێ سەدەی تاریکیهە و، تاریکترین ماوەیە لە ڕەوەندی بەشەرێتدا. لەو قۆناخەدا کاولبوونی خاک و خاکڕەچەڵەک بە هۆی هۆفێتی بەشەرەوە، گشتەگیرێکە ئەو سەری دیار نیەهە، لەوکاتیەوە سەرانسەری ڕووی زەوی، بۆتە مەیدانی تەراتێنی هۆفێتی. هەر لەو ماوەیەدا ناوەندی شارستانێتی دایک و، کۆمەڵانی سەر بە شارستانێتەکە لە بەین بردران، لە هەمووڵا خەڵکیان بە هۆشبەرەکان هاڵوودە کرد و، تووتن و هەشیش و تلیاک بە هەرمێن بوون، سەر زەمینیان پڕ دەرد و بەڵا کرد. هیدی مەپرسن چ قەوماوە، وا لە بەرچاوانە، چرا خامۆشە و گۆزە شکاوە، هەموو بەرچاویان تاریکە، چ کەس ڕوونی و شیناتی هاسمانێ نابینێ. کاتێک هۆفێتی لە نەزمی چیناتیدا خۆی بەرجەسدەەکرد، قۆناخی هێکەم شاری بە دەستەوە گرت، لە قۆناخی دووهەم ناوچە، قۆناخی سێهەم بوو بە جێهانی و، تەواوی ڕووی زەوی خستە بندەستی خۆی، لەگەڵیشیدا کاولکاری و وێرانبوون بە جێهانی بوون. ئەوەی ڕوویداوە پێشکەوتنی تەن

و پاشکەوتنی تینە، هاتنە پێشەوەی هۆف و چوونە پاشەوەی مهیرە. هەنەوکە مهیرۆف نەماوە، بەشەر هۆفێکە لە ترۆپکدا، بە جۆرێک هۆفترین و دڕندەترین گیانلەبەرەکان لە بەشەر دەترسێن و، لە بەری هەڵدێن، چوونکوو چەپەڵترین جۆری هۆف لە بەشەردا بەرجەسدەیە و، گیاندارانیش لە میانی شەپۆڵەکاندا زانیاریەهان دەگاتێ و، دەرکی پێ دەکەن. ئێستاکێ جێهان لە وێنەی گۆڕێکی گەورەیە، پێدەشتە بە پیتەکان، ئاو و هەوا، گیاندارانی جووداجۆر گشتیان لەبەین بردراون، بەشەر هەم خۆی لە ناوبرد، هەم ئەوانیدی. هۆ خەڵکینە، هۆشتان بێ، پێشکەوتن بە پێودانگی تین هەڵدەسەنگێندرێ، نەک تەن، هەموو ئەوەی بە ناوی پێشکەوتن هەیە تەنەها تەنە، هەرئەوەش ماڵی بە سەرتاندا کاول کرد، دین و دوونیای لێ ستاندن و، پاشەڕۆژتانی وەکوو ئەمڕۆتان ڕەش و تاریک کرد.

## پۆپەی 04

سێ کەسێتی بە ناوی هیسای کووڕی مریەمێ و، سێ کەسێتی بە ناوی مهەمدی کووڕی هامینێ هەن، کەسێتی هێکەم و ڕاستیەقینی هەرهێکەیان گووم و نادیارە، ئەوەی خستووتیانە مێشکی خەڵکیەوە، کەسێتی دووهەم و سێهەمیانە، نەک کەسێتیە ڕاستیەقینەکەی خۆیان. یار و نەیار چ تاقیان ئەو کووڕانەیان نەناسیون، دوو ناسینی شاش و، دوو لۆنی خەرافات و، دوو قەوڵ و قەراریان لە سەر داون، بە ڕاستی زۆر بە خراپی جوولاونەتەوە و، ناهەقیتان بەرامبەر کردوون. ئەو کووڕانەی دایک، هەرهێکەیان لە زەمان و زەمینێکدا، بە نیازی کرچ و کاڵکردنی بیری هۆفێتی و، بە مەبەستی داڕنینی هەلومەرجی چیناتی بە مەیدانێ کەوتن، ویستیان بڕێک لەو ئاستی هۆفیبوونەی بەشەر پێی گەیشتبوو، بهێننە خوارێ و، زۆرداری و ناهەقی کەم بکەنەوە. وەلێ لە پاش مەرگیاندا، هیچ شتێک سەبارەت بە وان لە جهێی خۆیدا نەما، کەسێتیەکەیان شێواندن و، نیاز و مەبەستیان گۆڕین. ئەوە دیسان ڕووداوی قڵپبوونەوەی گۆزەیە، ئاوە سازگارەکە ڕەشاوە و، ترپاتێک نیهە تینو لێوی هووشکی پێ تەڕ بکات. هۆفی هاتن لە ناوی ئەوان کەڵکیان وەرگرت و، ئەوجۆرەی پێویستیان بوو، ئەوهایان شێوە بە کەسێتی کووڕی مەریەمێ و کووڕی هامینێ دایەوە، بەمەش لە کەسێتیە ڕاستیەقینەکەی خۆیان دووریان خستنەوە. لە ڕاستیدا نە هیسا ئەوەیە وا کریستی بە خەڵکی ناساندووتی، نە مهەمد ئەوەیە کە لە میانی مووسلەمانێتیدا ناسدراوە، چ تاقیشیان ئەوە نەبوون وەکوو نەیاران پێناسیان داونەتێ. دوو هەقگۆی بەشەرێت، دوو پەیامبەری سەر ڕاست و گرێدراو بە زانستی هوودا، هەرهێکەیان لە دوو لاوە، لە کەسێتی و ناویان دراوە و سووکیان کردوون. هۆفێتی بە ناوی ئەوانەوە،

خۆی نوێ کردەوە و، نەزمی چیناتی تۆکمە و توند کرد. لە بەری خۆرئاوا مۆدێلی کریستی، لە خۆرمیان و بەری خۆرهەڵاتێ مۆدێلی مووسلەمانێتی، نوێبوونەوە و فەراوانکردنی نەزمی چیناتین، هەردوو مۆدێلەکە پتر لە هەزار ساڵ، شەڕی ناوخۆ و شەڕی هێکدی دەکەن، هاوکات سەرگەرمی شەڕی لە ناوبردنی کۆمەڵانی هاردی و مهیرهۆفی بوون. هۆفێتی لە کەسێتی ئەسمەرڕەنگەکانی بیابانێ، خۆی گهاندە هیند و چینێ، لە کەسێتی سپی پێستە مووزەردەکانیش، دەستی بە دێرهەوارێ ڕاگهیشت و، بە زەبر و زۆری، ئەو بەشە زەمینەیان لە دەستی خەڵکەکەی دەرهێنا، هەندێکیان لێ کووشتن و ئەوانی دیکەیان لە ناو کەلتوری هۆفێتیدا تواندنەوە. پێشی ئەو شاڵاوە هۆفانایە، خەڵکی ئەوێندەرێ زۆربەیان گرێدراو بە بنەڕەتەکانی مهیری دەژیان، بڕێکیان لە خانووی دارین و، بڕێک لە خانووی خشت و لە بەرد هەڵچەندراو شەویان بە سەر دەبرد، بە شێوەی سنووردار فێری چاندنێ بووبوون، بە گەنمەشامی و پاقڵەمەنی و، بە کوڵەکە و گندۆرە و، بە هەندێک سەوزەی دی، بەشێک لە بژێویان دابین دەکرد، بەخێوکردنی هاژەڵ و پەلەوەریش بەشێکی دیکەی بژێوی پێک هێناون. هەندێک خێڵیش هەر بە خێڵی مهیرهۆفی مابوونەوە، جارێ فێری چاندنێ نەبووبوون، سادە وەکوو پێشترێ بە ڕوەک و میوەی خۆڕسک و، بە بەرهەمی ڕاوکردنێ ژیاون. هۆفیانی سپی پێست کە خۆیان گهاندنێ، فەرقیان پێ نەکردن، هەموویان لە بەین بردن، یان لە ناوبردنی جەسدە، یان ئەو بیروباوەڕەی پێرستی بوون. مێژووی پیاوی سپیلکەی مووزەرد، چ بەرامبەڕ بە قوولی و ڕەشەسمەرەکان، چ بەرامبەر بە سوورە و گەنمڕەنگەکان، تەنانەت بەرامبەر بە مێینەی سپیلکەش، مێژووی دڕنداتی و تاریکیهە. لەهەینی کات دڕنداتی بەرامبەر بە خاک و ئاو و هەوا، بەرامبەر بە گیاندارە جووداجۆرەکان، هەرە زۆرەکەی لە سەردەستی پیاوانی سپی پێستی سەر بە مۆدێلی کریستی ئەنجام دراون. هەردوو مۆدێلی کریستی و مووسلەمانێتی، وەکوو باقی مۆدێلەکانی دی، نەزانی و جاهەلی بەرهەم دهێنن. زەمانێک کە کلێسای کریستی لە ناو سپی پێستەکان بە دەسهەڵاتبوون، شمشیریان لە کاڵان هەڵکێشا و، بە بەهانەی پووچی مێشکی بەتاڵیانەوە، سەری پری هەزاران ژنیان پەڕاند. هاوزەمان جاهەلێکی دەمڕۆیشتووی کریستی، لە سەر سەکۆی کلێسا ڕاوەستا و، وهای چاڕلێدا، گوایە گیانی پیس و شەڕانی لە پشیلەی ڕەشدا هەیە، داوای لە کریستیان کرد پشیلەکان بکوژن. هیدی قڕانی پشیلە دەستی پێکرد، ئەوجا جورج و مشک بە فەرەوانی بڵاوبوونەوە، بەم هۆیەوە پەتای کۆلێرای ڕەش هێقەی پێگرتن و، سەرەنجام ملیۆنان سپی پێست مردن. پاش ئەوەش قەت هێکێک نەهات بڵێ: گەوجینە هاقڵ بن، هەندە دەست وەرمەدەنە ڕەوتی سرووشتی زیندەگی، دواهی کردەوەکانتان بە سەر خۆتاندا قڵپ دەبێتەوە. کەس دوو قسەی خێری بە دەمدا نەهات، پیاوی سپیئ پێستیش لە کاروانە ڕەشەکەی بەردەوام بوو، هاخیرەکەشی ئەوەتانێ وا جێهان بە دەستیانەوە کاول بوو. لە

ڕاستیدا بەس تاریکی و پیسی  و دزێوی، لە شوێن قامکی ئەو پیاو بە ڕووالەت سپیانە بە جهێ ماوە، تەنانەت ئەوەی بە سەردەمی ڕۆشنگەری ناویان داوەتێ، سەردەمی قوولبوونەوەی تاریکیهە بە دیویکی دی. لەو سەردەمەدا دەست و دەمی پیاوانی کلێسا شەتەک درا، وەلێ ڕێی پان و بەرینان لە پێش نەکەس بەچەی ناودێر بە زانا کردەوە، پۆل پۆل هاتن بە تەواوی دەروون و دەماخیانەوە، نشهوونمایان بە هیزر و نەزمی چیناتی دا، ئەو نەزمەی کە هیچ باکی بە زیندەگی نیهە، ئەو نەزمەی کە تەنەها لە ماوەی سەد سالی ڕابردوودا، دوو سەد ملیۆن گیانداری لە تاقیکردنەوەکانی بەرهەمهێنانی دەرمان و گیراوەکانی جوانکاریدا بە کارهێناون، تەنانەت چاوی کەروێشکەکان دەردهێنن و، ئاوەکەی تێکەڵ بە جۆرێک لە گیراوەی جوانکردنی پێست دەکەن. خەڵکینە! سەیرێکی خۆتان بکەن و ببینن چەندێک پێشکەوتوون لە دڕانداتیدا، ڕەنگە خۆتان نەبینن، بەڵام ئەوە بزانن، تەنانەت چەقەڵ و کەمتیارەکان بێزیان لێتان دهێتەوە، بە بینینتان هێڵنج دەدەن، چوونکە بە هۆی شەپۆلەکانەوە هەست بە بۆگەنبوونتان دەکەن.

## پۆپەی 05

دەولەت ناوێک و تخووبێکە لە بۆ نەزمی دەسهەڵاتی چیناتی، سنووری دەولەت سنووری دەسهەڵاتەکەیە. بەڵام شارستانێتی دایک نە دەولەت دەناسێ و نە سنووری هەیە، پڕ بە پڕی نەزمی سرووشتی و، بە تایبەتمەندی دایکاتی هەڵدەسووڕێ. دوو نەزمەکە، لە بنچینەوە جوودان و بە هێک ناکۆکن، نەزمی چیناتی گوزارشتە لە هۆف - تەن، هەروەکوو بە بەرچاوانەوە دیارە،"تەن" بە تایبەتمەند سنووردارە و، تایبەتێتی بە گۆڕێ دەخات، لە کاتێکدا شارستانێتی دایک گوزارشتە لە مهیر - تین، " تین"یش بە تایبەتمەند بێ سنوورە و، گشتێتی بە زەوی دادهێنێ. ناو و توێکڵ هەرچلۆن بووبن، کاکڵی دەولەت لە هەموو زەمین و زەمانێکدا، هەر بە نەگۆڕی ماوەتەوە و، لە بەرگی هەمەلۆنی دەولەتدا، بەردەوامی بە هۆفێتی و چیناتی دراوە. لە بازنەی شارستانێتی دایکدا، پێکهاتەی خێڵ هەبوون، ئەویش بەرهەم هاتووی دایکاتی و سیستمی سرووشتە، ئەو پێکهاتەیە لە هەرجهێ باروبنەی خستبایە گۆڕێ، وەکوو خۆی بوو، چوونکێ خێڵی سرووشتی و بنەماگرتوو لە دایکاتی، پێکهاتێکی قایمە و، لە شوێن گۆڕیندا نەهەڵدەوەشێتەوە، نەشێوەی لێ دەگۆڕدرێ. خێڵانی شیوانکارە نموونەی ساخکەرەوەن، ئەو خێڵانە بە تایبەتمەند کۆچەری بوون، لە لێکەوتەی جۆرێتی کارەکەیانەوە، لە خوولانەوەی بەردەوامی جهێ گۆڕکێی وەرزی دابوون. دەولەت پێکهاتێکی ئەوها پتەو و دامستدراوی نیهە، سیستەمەکەی لەرزۆک و شلۆقە و،

بەرگەی گواستنەوە ناگرێ، لە بەشە زەمینێک پێک دێ و، ئەگەر ئەو زەمینەی لە بندەستی دەربهێنن، پێکهاتەکەی هەڵدەوەشێتەوە، ئەمەش لێکەوتەی کاکڵی پووچی خۆێتی. کاکڵ لە پێکهاتەی خێڵدا بە هێزە و، لە دەوڵەتدا لاوازە. لە ناو پێکهاتەی خێڵی دایکاتیدا، چین بە چینی و، گەورە و گچکاتی پایەی کۆمەڵاتی لە گۆڕێ نین، ئەندامانی خێڵ لە ڕێی خوون و خزماتیەوە، بە هێکەوە گرێدراون و، بە بنەڕەتەکانی بیروباوەڕی ڕاستیەقین بەڕێوەدەچن. هەموو کاتێک لە کۆمەڵانی هاردی و مهیرهۆفیدا، تەنانەت ئەوکاتەشی کە ناوەندێتی خێڵ لە دەستی دایک دەرهێندراوە و، دراوەتە ڕیش سپیانی خێڵ، هێشتا بنەوانی پێکهاتە و نەزمی بەڕێوەچوونێ، وەکوو خۆێتی و تێک بەدراوە. ئەو هەشیمەتەی سەر لە بۆ پیرانی خێڵ دەلەقێنن و، لە قسەیان دەرناچن، لە ترس و ناچاری نیهە، بەڵکوو بە باوەڕ و هیزر و سۆزەوە گرێدراویانن. هەلومەرجی دەوڵەت بەرەواژبوونەوەیە، دانیشتوان خەڵکانی لە هێکدی ترازاون، چین و توێژی جوودا جووداێ بە هێکدی ناکۆک، لە چوارچێوەی دەوڵەتدان. ئەو خەڵکانە بە پەیڕی ڕێنوینی و ڕێساگەلی بەشەرکرد دەڕۆن بەڕێوە، ڕێساهەکان ناسرووشتین، بە سوودی چینی سەرێ و بە زەرەری چینی خوارێن، ئەنجوومەنەکانی دەوڵەت ئەو ڕێساهانەیان داڕەشتوون و، بە تفەنگچی و دادوەر و زیندان، بە هەشکەنجە و کووشتن دەسەپێندرێن، چوونکە زۆرینەی دانیشتووان پێ لە بەندی نین، بەڵکوو بە زۆرلێکردن و تۆبزی پابەندیان دەکەن. خەڵک مەیلی خۆگرێدانی بە سەرانی دەوڵەت نیهە، ئەگەر لە هەندێک زەمان و زەمیندا هەشبووبێتن، ترس و هەڵخەڵەتاندن هێناوێتی، دەنا بە هامی پاشا و سوڵتانەکان بەرنەفرەتی ناو دەروونی خەڵکی کەوتوون. دەوڵەت لە هێکەمین بە شێوەهاتنیدا لە دەشتە لیتەکانی نێوان دیجلێ و فریتۆ، چینێکی تفەنگچی بە ناوی لەشکر پێک دهێنێ، ئەو لەشکرە پێش ئەوەی بە خۆپارێزی هەڵبستێ، یان بچێ بە گژ هەشیرە و قۆمی دەرەوەی دەوڵەت و، سنوور فەرەوان بکات، لە بۆ ئەوەیە چینە ڕەشوڕووتەکەی چوارچێوەی دەوڵەت ملکەچ پێ بکات و، ئەوجۆرەی دەیانهەوێ ئەوها بیانخەنەڕێ. لە ڕەوەندی ڕابردوودا، دەوڵەت بە هەموو بچمەکانیەوە، ڕێکخستنێک بووە بەرژەوەندیەکانی چینە ساماندارەکەی پاراستوون و، چینی ڕەنجدەرانی سەرکووت کردوون. هێکەمین بچمی دەوڵەت لەلایەن چینی بە ڕوواڵەت نێزیکە هوودا، لە خوارووی دوو چۆمەکەی کووردهەوار پێکهێندرا. پاشان بە درەنگ وقهت لە شوێنانی دی، بچمی دیکەی دەوڵەت شەقڵیان گرت. ئەو دەوڵەتانەی لە چوارچێوەی شارانی یۆنانێ پێک هێندراون، بە ڕووکەش وەکوو لێکەوتەی مڕخێش مڕخێشی نێوان چینە هەڵتۆقیوەکان بیندراون، لە ڕاستیشدا ئەوها نیهە، بەڵکوو هەنگاوهەڵێنانەکە بە مەبەستی پێکهێنانی چوارچێوێکە، لە ناویدا هێمناتی و ڕاهەتی لە بۆ چینی سەرێ بەرقەرار دەکەن، کێشمەکێشەکانیش بەهانەی ئەوەی داونەتێ، چوارچێوەکە توونتۆڵ بکەن. دەوڵەت لەسەرەوەڕا، وەکوو چوارچێوەی ڕێکخستنی

هەلومەرجی گشتی بە خەڵک ناسێندراوە، لە بنەوەشڕا ئامرازی چنگی ساماندار و چەوسێنەران بووە. دەوڵەت سایە و سێبەرە لە بۆ چینی سەرێ، پێداویستیەکانیشی بە لێستاندنی باج و خەراج لە چینی خوارێ، پڕ دەکاتەوە. لەشکرێک تفەنگچی و خۆڕی و خار لە سەر تەپەکردنی ڕەنجدەران بە کاردهێنن، خەرج و پێداویستی لەشکرەکەش لە ڕەنج و بەرهەمی ڕەنجدەرانەوە دەردەکێشن. لە هەوەڵەوە هەتا هاخیری، دەوڵەت ئەمەیە، ئەو فریوەیە، ئەو زووڵم و زۆرەیە. لە ماوەی هەزاران ساڵی تەمەنی دەوڵەتدا، تەنەها هەندێک گۆڕانی ڕووکەشی و بەشەکی لە پێکهاتەی دەوڵەت بە دید هاتوون، بەبێ ئەوەی بنەڕەتەکانی بگۆڕێن. هەنەوکەش وەکوو هەنگی، دەوڵەت لە ئامرازێک زیادتر نیهە بە دەستی سەرمایەدارانەوە.

## پۆپەی 06

شەڕی مووسلەمان و کریستیان، شەڕی دوو دەسهەڵاتی چیناتی و، دوو ڕەوتی هۆفێتین، نە کریستی گوزارشتە لە کووڕی مریەمێ، نە ئیسڵام گوزارشتە لە کووڕی هامینێ. پێشان لە پەنای فەرەهوودا، پاشان لە پەنای تاقەهوودا، دڕندێتی و چەوساندنەوەی چیناتی و ڕەگەزاتی، لە میانی هەردوو مۆدێلی ناودێر بە مووسلەمان و کریستیان بەردەوامی پێدراوە، توێکڵ گۆڕدراوە و کاکڵ وەکوو خۆێتی. ئیسڵام و کریستی، دوو بچمی جوودایەزن بە هێک ناوەڕۆکەوە، پێشینەی هەردووکیان خێڵانی هۆفین، هەمان پێشینە بە بەرگ و ناوی نوێ درێژەی دراوەتێ. پێشترێ خێڵانی هۆفی لە چڵێسی و خواستی قۆرخکردنێ، بە شەڕدهاتن و لە هێکدیان دەکووشت، پاشانەکەش هەمان مەرام بردوونی لە بۆ مەیدانێ. هەردوو ڕەوتەکە لە هەڵسوکەوتکردنێ بەدهاخلاق بوون(هاخلاق واتە پێ لە سەر خاک دانان، هاخ - لاق)، هەردووک، خەڵکیان بە کۆمەڵ سەربریون، ژنانی بە دیلگیردراویان بە کۆیلە و کەنیزەک کردوون، ماڵیان کاول و، ماڵاتیان بە تاڵان بردوون. نوسدراو و پارچەی قەڵەم لێدراو لە خۆیانەوە بەجهێ ماون، ئەو نوسدراوانە دەیسەلمێنن، هەرهێکە لە ڕەوتی کریستی و مووسلەمانێتی، لە پیسی و دڕنداتیدا گهیشتوونەتە ترۆپک، هەم لە ناوخۆ دڕندە بوون، هەم لەگەڵ دەرێ. لە سەرەتاکانی هەزارەی هێکەمی پێش دەرکەوتنی من، هۆفیانی سپی پێستی بە ناو کریستی، لە پەلاماریان لە بۆ دەوروبەری خۆرمیانێ، منداڵانیان بە شیشەوە دەکرد و لە سەر ئاگر دەیانبرژاندن، ژن و پیاوەکانیان لە ناو دەفری گەورەدا دەکوڵاندن. سەردەستەی چەتەکانی کریستی، لەو پەیامانەی لە بۆ پاپای ڕۆماهێ ناردووتیان، بە شانازی پێوەکردنەوە ئەم سەرگوزشتانەی دڕندێتی دەگێڕنەوە. ئەگەر مەیلتان لێیە بڕۆن چاویان پێدا بگێڕن، نامە و نوسدراوە کەچەکان ئەوەتانێهێ، وا لە

کۆنە خەزنەی ڕۆماهێ ماون. نەفرین لە کریستی، ئەوجا لە مووسلەمانێتی، پاشانەکەش لە ئەوانیدی. بە ڕاستی ڕابردوو لێوڕێژە لە دڕنداتی بە ناوی مووسلەمانێتی، مووسلەمان خۆبەخۆش وهایان هێکدی کەلوپارچە کرد، سەر بە گێڕانەوەی سەربردەکان هووڕ و کاس دەبێ. ئەو کاتەی مهەمدی کووڕی هامینێ لە سەرە مەرگ بوو، هەر ئەوکاتەش مل بە ملی لە سەر دەسهەڵات و سامان دەستی پێکرد، چەندە کات تێپەڕی، هێندە توندتر لە هێکدی چوونە مەیدانێ. دەنگ و باس وهایە، "هایشێ کیژی ڕوومان" بە لەشکرێکی گەورەوە لە "مەککە"یڕا بەڕێ کەوت و چووە زگ "هەلی کووڕی فاتیمێ"،( هەلی، دایکی و ژنەکەشی ناویان فاتیمە بوو).
هاخر خاتوون لەبەرچ ئەو کارە خراپەت کرد؟ وەڵام دەداتەوە: هەدی ئەو لەبەرچ هەقی خوونی هۆسمانێ ناکاتەوە؟ خاتوون درۆی کرد، ڕاستی ئەوەیە خواستی دەسهەڵات کەوتبووە سەری هۆزەکەی هایشێ و، بەهانەیان بە کووڕی فاتیمێ دەگرت. هیدی شەڕ کەوتە گۆڕێ و، قسەی ئەوە هەیە پانزدە هەزار پیاویان لە هێکدی کووشت بێ. ساڵی پاشترێ "مهاوی کووڕی هیند" کراسە بە خوونەکەی هۆسمانی بردە مستگەفتێ و، خەڵکی شامێی پێ لە دژی کووڕی فاتیمێ ورووژاند. ئەویش و هایشێ لە هێک هۆزبوون، کەوتبووە سەریانەوە ددان نەنێن بە دەسهەڵاتی"هەلی کووڕی فاتیمێ" و، تەختەکەی لێ بستێنن. دیسان لەشکر هاتە سەر کووڕی فاتیمێ و، چەندان ڕۆژ و شەویان لە کەرخی چۆمی فریتۆ بە هیکدی کووشتنێ بە سەربرد، گووتدراوە لەو شەڕەکەدا هەفتا هەزار پیاو لە هەردوولا کووشتدراون. لە ڕاستی و درۆی ژمارەکان گەڕێن، زۆریان پێوە ناوە. تویکڵ تێپەڕێنن، کاکڵ ببینن، ڕووداوەکان بەردەوامن، پاش ساڵانێک، بەسەرهاتی سەڕبڕینی" هەلی کووڕی فاتمێ" لە ناو مستگەفتێ، بە شمشێری تاقمێکی دی لە مووسلەمان، دەرکەوتێکە لە هۆفێتی ناو هەناوی خۆیانەوە. "هەسەنی کووڕی فاتمێی کیژی خەدیجەی" تازە چووبووە سەر تەختی دەسهەڵات، کووڕەکەی هیند لە شامێ ڕا گەفی لێکرد، هیدی کیژەزاکەی خەدیجەی نەرمی نواند و، بە وازهێنانی لە دەسهەڵات، پێشی بە خوون ڕێشتنێ گرت، وەلێ ئەم وازهێنانە نە دواهی بە دەسهەڵاتخوازی هێنا، نە بە خوون ڕێشتنێ، شەڕی کەربەلاهێ ڕوونی دەکاتەوە، مەرامی مانەوە لە دەسهەڵات هۆفێتی گهاندۆتە ترۆپک. بنوارن، هەر لەبەرئەوەی "هووسێن"ی برای هەسەنی، داوای کردبوو تەختی دەسهەڵات بە بنەماڵەکەی بدرێتەوە، "یەزیدی کووڕی مەیسونێ" هەڵیکووتایە سەری و، ئەو و سەرجەمی هاوەڵانی سەربڕین. ئەم ڕووداوە شیوەن و شەپۆڕێکی بە دووی خۆیدا هێناوە، هەزار و هێندە ساڵەیە دواهی ناهێ. هۆفی بەشەرهاتن و کووڕی دوو فاتیمەیان کووشت، ئێستاکێ کووشندەکان(بکوژەکان) لە دۆخی دۆڵزاخن. هۆ خەڵکینە، چاک بیخەنە سەرتانەوە، هەرکەس بکووژێ، یان بە کووشتن کەیفی سازبێ، بەرهەمی هۆفیبوونی وەردەگرێتەوە. لێرەدا هاوار و واوەیلا بوەستێنن، وا هاخیری زەمانە،

لەمڕۆوە یار و نەیاری کووڕی فاتیمەکان بەڕەیان لەبەرپێ دەردهێندرێ، هەمووکەس لە سەرێتی ڕابردوو بەجهێ بهێڵێ و، تەنەها پەنا بە هووداى دایک بگرێ.

## پۆپەی 07

لە دەورانی زەمان و زەمینی جوودا جوودا، گەلێک دەسهەڵاتی چیناتی، بە مۆدێڵی مووسلەمانێتی سەرپێ کەوتوون، لە نێویاندا بەس هێک تاقە دەسهەڵات نەبێ، ئەوانیدی سەرجەمیان ڕیشەگرێدراو بە هۆفێتی هەڵسووڕاون. ئەو دەسهەڵاتە تاقانەیە لە سەردەستی "یووسفی کووڕی خاتوونێ" شێوەی هاتۆتێ، لەوانی پێش و پاش خۆی جوودایە و، لە چ تاقیان ناچێ، تەنەها لە باری ڕووکەش و ناوی مووسلەمانێتی لەگەڵیاندا هێک دەگرێتەوە، دەنا لە تایبەتمەندی و هاخلاق و، لە زهینێتی ڕێبەریدا، بە تەواوی جوودایەزە. لە ڕاستیدا جوودابوونەکە شتێکی سەیر نیهە، کاکڵێکە بە مهیریاتی پێشینان و، بە هەشدادی خۆیەوە گرێدراوە. کووڕی خاتوونێ، کووڕی کووردهەواری دایک بوو، لە ناو کاسەی سەریدا، پۆیلەی نووری شارستانێتی دایک دەگەشایەوە و، بنەماڵەکەی بە بنەڕەتەکانی فەرهەنگی هاردی پەیوەست بوون، ئەمەش لە زهین و زار و، لە هەنگاو هەڵێنانەکانی سەرزەمینیدا، بە تۆخی ڕەنگی داناوە. ئەو ڕۆژگارەی یووسفی کووڕی خاتوونێی تیێدا بە دەرکەوت، مۆدێڵی مووسلەمانێتی لە باکووری ئەفریقا و خۆرمیانێ، چەند دەسهەڵاتێکی جوودا و ناکۆک بە هێک بوون. لە خوارووی دیجلێ و فەریتۆ، ئەوانی خۆیان بە نەوەی "هەباس"ی ئامۆزای مهەمدی کووڕی هامینێ دەزانی، بە دەسهەڵات بوون، لە دۆڵی نیلێش ئەوانی خۆیان بە نەوەی "فاتیمە"ی کیژەی خەدیجەی بە ناوکردبوو، هەکوومەتیان بە سەر خەڵکیەوە دەکرد، تاقمێکی گەندەی دیکەش لە شامێ دایان کووتابوو. هاوکات لە هەنادۆڵی خۆرئاوا، هۆفیانی ڕۆمی هەتا "رۆها"ی کووردهەوار هاتبوونە خوارێ و، دەفەرەکەیان کردبووە شانیشینێکی کریستی. هاوزەمان هۆفیانی فەرەنگی دەستیان گرتبوو بە سەر هوورشەلیمێ و، خەریک بوون لە بۆ گرتنی دۆڵی نیلێش دەخزانە خوارێ. لەو سەروبەندەدا، ئەیوبیەکان و زەنگیەکان دوو خانەوادەی بە ڕوواڵەت مووسلەمانی ناوچەی مووسلێی ناوەندی کووردهەوار بوون، زەنگی لە بەڕێوەبردنێ و، ئەیوبی لە شەڕکردنێ بە دەسهەڵات بوون. لەو دەمیدا هۆفیانی کریستی لەوەدابوون ناوچەی شامێ لە چنگ تاقمە گەندەکەی مووسلەمان دەربکەن، بەڵام ئەیوبی زووتر ڕۆیشتن و ئەوێیان خستە مشتی خۆیانەوە، پاشانەکە لە شامێ بە خۆکەوتن و، گهیشتنە هیمدادی نیلێ. وەلێ گەورە دەسهەڵاتداری ئەوێ، لە بنەوەڕا دەستی لەگەڵ فەڕەنگیەکان تێکەڵ کرد و، ویستی پشتی ئەیوبیەکان لە زەوی بدات. ئەم ناپاکیکردنە هەمووشتێکی

گۆڕێ، لەوێڕا کۆتاهاتنی دەسهەڵاتی بە ناو فاتیمی دەستی پێکرد و، ڕۆژی یووسفی کووڕی خاتوونێ هەڵهات. جوانمێرەکەی کووردهەوار بە دەستوبرد چووە پێشێ و، ناپاکەکەی لە دەسهەڵات خست، ئەوجا خۆی هەکوومەتی کرد بە سەر دۆڵی نیلێ دا، پاش ئەوەش لە ماوەی کەمتر لە هەشتدە ساڵدا، هەموو ئەو خاکەی دەکەوێتە نێوان ڕووبارەکانی دیجلێ و نیلێ، خستووتیە مشتی خۆیەوە و، شکستی بە هۆفیانی هارەبی، تۆرانی، ڕۆمی، ئەنگلیزی و فەڕەنگی داوە، بەبێ ئەوەی شاران کاول بکات، دیلان بکووشێت، یان ماڵان بە تاڵان ببات و، ژنان بە کۆیلە و کەنیزەک بگرێ. ئەو لە شەڕکردنێ بە ڕێساکانی کووردهەواری دایک جوولاوەتەوە، نە بەقەسدی تۆڵەکردنەوە چۆتە مەیدانێ، نە لە بۆ فەرەوانکردنی دەسهەڵاتی خۆی، بەڵکوو ویستووتی ڕێ لە ڕەوتی هۆفێتی و زۆرداری ببەستێ، لەوپەڕی سەرکەوتنیشی بە سەر دژمندا، خواستی پێکهاتن و ئاشتەواهی نیشانداوە. یووسف هوورشەلیمی لە بندەستی هۆفیانی کریستی دەرهێنا، بەبێ ئەوەی نە کریستی و نە یەهوودی ناچار بە مووسلەمانێتی بکات، مهیری نواند و هێمناتی بەرپاکرد، تەنانەت لەگەڵ ئەنگلیز و فەرەنگیەکان ڕێکەوتنی کرد شەڕکردن بەس بهێت و هەمووان بە ئارامی بژین. کووڕەکەی خاتوونێ هەڵگری مهیریات و فەرهەنگی ڕووناکبیرێتی هاردی بوو، بەمەش یار و نەیاری سەرسامی خۆی کردوون. چ هەینێ و چ پاشترێ، هەرهێکە لە ئەنگلی و فەرهەنگی دەیانزانی ئەو دۆڕانەی تووشی هاتوون، تەنەها لە ڕووکەشدا شکستە بەرامبەر بە مۆدێڵی مووسلەمانێتی، ئەگەرنا لە جەوهەردا بەرامبەر بە شارستانێتی خۆرمیانێ شکاون، ئەو شارستانێتەی سەرچاوەی جوانمێری و مهیربانی کووڕەکەی خاتوونێی پێک هێناوە. لەوکاتیەوە ئەنگلی و فەرهەنگی بە توندی تووشی نەکسەی دەروونی هاتوون، بە جۆرێک قەتوقەت نەیانتوانی ئەو دۆڕان و بەزینەیان لە بیر بکەن، هەرلەبەرهەندێ بەرامبەر بە خۆرمیان بە ڕق کەوتوون. بڕوانن، پاشی هەفت سەد ساڵ لە مردنی، وقتەهێک هۆفی لە جەنگی هێکەمی جێهانێ، خۆیان گهاندە خۆرمیانێ، هێکسەرە "هیدمۆند هەلنبی" سووپاسالاری ئەنگلیزان، چووە دیمەشقێ و هاواری بە سەر گۆڕەکەی یووسفی کووڕی خاتوونێ دا کرد:"ئەوڕۆ شەڕی خاچ تەواو بووا!" ئەوهای گووت. بە دوو ساڵ پاش ئەویش،"هینری گۆری"سووپاسالاری فەڕەنگی، ڕۆهیشتە سەر گۆڕەکەی یووسفی، پێی بە زەوی دادەکووتی و گووتی:"هەڵستەوە، ئەوە ئێمەین هاتینەوە."هاوزەمان لە ڕۆژنامەکانی هەنگینێدا، پیاوانی دۆڕاوی ئەنگلی و فەڕەنگی لە ئاهەنگ گێڕانێ دابوون. خەڵکینە دە تەماشاکەن و لێی فێربن، ئەم کردەوانە هێمای دۆڕانی قووڵی زهینی و دەروونین، ئەوان لە ماوەی هەفت سەد ساڵدا، بە بەردەوامی لە ناو دەروون و دەماخی خۆیاندا، بەرامبەر بە یووسفی کووڕی خاتوونێ بەزیون. ڕاستیەهکە ئەوەیە لە کەسێتی کووڕەکەی خاتوونێدا، بە ڕووناکی بیری هاردی و، بە دایکانی کووردەوار دۆڕاون، دۆڕانێکی توولانی و نەبڕاوە.

وەی لێ لێ، ناکەس بەچەی ناودێر بە زانای دینی، چیان لە کۆنە دوونیاهێ کرد، چلۆن هەموو شتێکیان بە سەرهێکدا خراپ کرد و، نەیانهێشت کەس خێر لە خۆی ببینێ. زەلامی دینی، زەلامی دژە دین و دژە ژین و، زەلامی دژە جوانهین. لەوەتی پایەی سرووشتی لە دایکان ستێندراوە و، نەزان و جاهەلانی ناودێر بە زانا و زەلامی دینی هاتوونەتە مەیدانێ، خۆشی و فەرهانی لە دوونیاهێ هەڵگیردراوە. هەرجهێ زەلامی دینی سەری تێیدا هەڵبڕیبێ، ئەو جێهە کاول بووە، کاولبوون لە واتای خاپووربوونی ڕێ و بان و خانوو نا، بەڵکوو دەروون و دەماخ بە نێو هێکدا ڕووخاون، بنەڕەتەکانی سەر و مێشکی بەشەر ڕماون. زەلامی دینی هاتن "سەر"یان لە گشتەی خەڵک ستاند و، خۆیان کردە سەری هەمووان، بەم چەشنە بوونە چینی سەرێ و، باقی خەڵکەکە چین لە سەر چین قاڵبی پێدرا. وەی لۆ لۆ، لە چ ڕۆژگارێکی ڕەش و تاریک دان، چلۆن بە ناوی نووری هوودا، تاریکاهی بە سەر دوونیاهێ داهێندرا. هێکەمین کۆمەڵانی چیناتی، لە دەشتە لیتەکانی خۆرمیانێ بەشێوە هاتن، لە ناویاندا کەسانی ناودێر بە زەلامی دینی، بوونە "سەر"ی کۆمەڵان و، وەهایان لە خەڵکی کرد، خۆیان وەکوو "دەست" و "پێ" هیسێب بکەن و، بکەونە خزمەت سەریانەوە. هەمان ئەم دابەشکردنەی بەرزی و نزمی، لە هەردوو دیوی خۆرئاوا و خۆرهەڵاتێ وێنەی لێ هەڵگیردراوەتەوە. پاشانەکە لە هەر دەرکەوتنێکی درۆینی دیکەی بە ناو دینیدا، توولی دراوەتێ. لە کریستیدا پیاوانی ناودار بە مەتران و قەشە، لە مووسلەمانێتیدا پیاوانی ناودێر بە موفتی و مەلا، هەمان دەوری ئەو پیاوانەیان درێژە پێداوە، کە لە هێکەمین کۆمەڵی چیناتیدا بە ناوی دین(هوودا)هاتوونەتە مەیدانێ. تووڵاوتوولی دەورانی زەمان، ئەو کەسانەی بە ڕووکار پیاوانی دینین، لە ڕاستیدا پیاوانی نادینی و هۆفین، یان خۆبەخۆ دەسهەڵاتێکی دڕندەن، یان بەشێکن لە دەسهەڵاتێکی دڕندە و، دەوری هەستوونگی پشت قایمی و نەکەوتنی ستەمکار دەگێڕن. لە هەرزەمینێک و هەرزەمانێک، ئەوانی بە ناوی پیاوی دینی دەرکەوتوون، بەشێک بوونە لە چینی بەرسێبەرێ و، وەکوو ڕەشەوڵاخ لە سەر ڕەنجی چینی بەرهەتاوی لەوەڕاون و، بە سەر ئەوانیشدا بۆڕیون. ڕۆژگار هەرلۆنێکی بە خۆوە گرتبێ و، تەختی دەسهەڵات هەرزاڵمێکی لە سەر دانیشتبێ، زەلامی دینی هەر لە چینی خانەدان ماونەتەوە، لە خانە دانیشتوون و، بە تێروپڕی خواردووتیان و، پۆشیتیان و، پڕ بە کاسەی خواستی زاڵمی سەرتەخت، خەڵکەکەیان هەڵخەڵەتاندوون. هەرلە هەوەلەوە زەلامی دینی خەڵکیان ڕەشوڕووت کرد، خەڵک بەبێ بەرگ و، بەبێ وچان لە بەرهەتاوێ کاریان دەکرد و، ڕەش داگەڕەبوون، ڕەنجیان دەدا و بەری ڕەنجیان چینی بەرسێبەرێ دەیانخوارد، بەشی خۆیان نان و زگ بوو، بە نیوە و ناتێری، لەوان وها

بوو هوودا ئەو بەشەی لە بۆ قرار لێ داون، چوونکوو پیاوانی دینی وهایان هاخنیبووە مێشکیانەوە. هەنەوکەش وەکوو هەینێ، لە سەد لاوە، لە پەنای ناوی هووداوە، دەهۆڵی درۆ و هەڵخەڵەتاندن دەکووتدرێ. بڕۆننێ، پێش ئەوەی مۆدێلی مووسلەمانێتی دەربکەوێ، ماڵۆچکەی بتەکان، ئەوەی وا بە "کعبە" ناسدراوە، سەرچاوەی داهاتی خێڵانی بە دەسهەڵات بوو، لە ناو جەنجاڵی چیناتی لە بیابانێ، پاشانەکەش لە میانی موودێلی مووسلەمانێتیدا، کۆمەڵی چیناتی قاڵبی پێ دەدرێ و، ماڵۆچکەی بتەکانیش بە ناوی ماڵی هوودا بەردەوام دەبێ و، داهاتەکەی دەچێتە خەزێنەی دەسهەڵاتی چیناتیەوە. بنچینەی دۆخ نەگۆڕاوە، مووسلەمانێتی لە چەندان ڕووەوە، هەمان بەردپەستی پێشترێ بە یاد دهێنێتەوە، هەموو ساڵێک بە ملیۆنان کەس دەچنە ماڵی هۆفی بە ناوی ماڵی هوودا و، مل بە ملی و شەڕە باڵ دەکەن لە سەر ماچکردنی بەردە ڕەش و پیسەکەی ئەوێ، بە جۆرێک تەنانەت بەردپەرستەکانی پێشترێ هێندە گەوج نەبوون. هەی پیاوانی درۆینی دینی، زاڵمانی زەمین و زەمان، هوودای ڕاستیەقینتان لە خەڵکی دەروونپاک ستاند و، هوودای درۆینتان دانێ، پەیامبەرانی جوانگفتار و خۆشڕەفتارتان سووک و ناشیرین کرد، درۆی زل و زۆرتان بە ناویانەوە هۆنیەوە، بەڵام هیدی تەواو، ئەوە من لێرەم لە سەر زەوی، لە ئەوڕۆ ڕا تەنەها بە پەشیمانی و دووهای بەخشین، بە ڕووکردنە نامووس پاک دەبنەوە. یەقین بن، ئەو هۆفگەلەی بهێشتی ئەم ژینەیان بە وێنەی دۆڵزاخ گۆڕی، لە ژینی هاخیریدا هەمیشە لە دۆخی دۆڵزاخدا دەمێننەوە.

## پۆپەی 09

مامەڵەی گۆڕینەوەی شمەک، بە دیوێکدا خێرە و لە کۆمەڵی بێ چین ڕەوت دەگرێ، بە دیوێکەی دی شەڕە و، لە کۆمەڵی چیناتیدا بە هاردی دادێ. گۆڕینەوە سەرەتا لە بازنەی شارستانێتی دایکدا، بە شێوەی سرووشتی لە نێوان دوو لایەنی بەرهەمهێن ڕەوتی پێدراوە، دوو شەقڵەکەی خێڵانی هاردی، خێڵی جۆتیار و خێڵی شیوانکاربوون، ئەوان لە نێوان خۆیاندا دانەوێڵە و بەرهەمی دیکەی چاندنێ، بە بەرهەمەکانی هاژەڵان ئاڵوگۆڕ پێ دەکەن، بەمەش هاوسەنگی دەکەوێتە گۆڕێ و، بە خێری هەردوولا تەواو دەبێ. دیوی دووهەمی سەودا، بە "بازرگانی" ناودێرە، ئەمەیان لە هەلومەرجی چیناتیدا پەیدا دەبێ. بازرگانان بەرهەمهێن نین، بەڵکوو لە نێوان بەرهەمهێن و بەکارهێندا جهێی خۆیان دەکەنەوە، تاق و تاقمانێکی فێڵبازن، بە فرت و فێڵ و زمان لووسیانەوە، بەرهەمهێنەران فریودەدەن و، خۆیان چڵێس و تێرنەخۆر ئاڵوگۆڕ بە بەرهەمەکانیانەوە دەکەن. کاتێک لە هەلومەرجی چیناتیدا خێڵ هەڵدەوەشێتەوە، بەشێک

لە خەڵکەکە دەبنە پیشەوەر و، لە ڕێی پیشەگەریەوە بژێوی ڕۆژانەیان پەیدا دەکەن. سەرەتا کەرستەی گلین و دارین و، بەرهەمەکانی خووری و چەرمی، پاشانەکە کەرستەی کانزاسازی بە مەیدانان کەوتوون، ئەمانە و دانەوێڵە و، خواردەمەنی و، هاژەڵانی زیندووش، دەبنە بابەتی بازرگانی. بازرگان دەچێ ئەو بەرهەمانەی ڕەنجدەران، لە مەیدانێ، یان لە ماڵان بە نرخێکی کەم دەقرسێنێ، ئەوجا دەیان بدات لە شوێنانی دی بە نرخێکی زۆر بە خانەدانانی دەفرۆشێتەوە. وێنەکە وها بهێننە بەرچاو، ژنێکی دەستڕەنگین ماوەی چەند مانگ، لە ڕەستن و چەنینی فەرشێکدا ڕەنج دەکێشێ، ئەوسا مشەخۆری ناودێر بە بازرگان، دێ بە نرخی قەزناخێک گەنم لێی دەکڕێتەوە، پاشان بە نرخی دوو قەزناخ فەرشەکە دەفرۆشێتە خانەدانێک، بازرگان ئەوها دەستی داوەتێ. لە کۆمەڵی چیناتیدا، کاڵاکان لە بۆ چینی بەرسێبەرێ بوون، چینی بەرهەتاوێ خۆیان وەکوو کاڵا ئەم دەست و ئەو دەستیان پێ کردوون. شتومەکە جووداجۆرەکانی دەستکردی پیشەوەران، گۆڕینەوەی شمەک، بە گشتی ئەوەی ناوی بازاڕ و بازرگانی لێندراوە، لە بۆ تێروتەسەڵکردنی مەیل و مرازی خانەدانەکان ڕەوتی دراوەتێ. چەندان هەزار ساڵ، مامەڵە و سەودا لە ناوخۆی دەسهەڵات قەتیس ماوە، بە کەمی ڕوویداوە بازرگانی تخووب ببەزێنێ، چوونکوو بێجگە لەوەی کاڵاکان لە ڕووی جۆرێتیەوە، کەم و سنووردرابوون، دەسهەڵاتەکانیش لە مل بە ملی و شەڕی هێکدی دابوون. قسەی بێ سەروبەرە ئەوەیە، کە گووتدراوە، بازرگانی لە کۆمەڵە هێکەمینەکانی چیناتی لە دەشتەکانی خوارووی دیجلێ و فریتۆ سەری هەڵداوە. دەی لە خۆتان بپرسن:"چی" لەگەڵ "کێ" گۆڕدراوەتەوە؟ لە باکوور و خۆرهەڵاتیانەوە، کۆمەڵی بێ چینی کووردهەواری هەبوو، لە باشوورەوە کەنداو، لە خۆرئاوەوە بیابانی خێڵانی هۆفی، لە هیوەتریش دۆڵی نیلێ. لەم ناوەدا کێ لەگەڵ کێ سەودای بە شتومەک کردووە؟ لە کاتێکدا کۆمەڵی بێ چین بازرگانی تێیدا نیەه، لە جەنجاڵیهە چیناتیەکەی بیابانێش، هوونەری پیشەگەری هەڵنەکشاوە، دارای جۆرە کاڵا و کەرستەی ئەوهاش نەبوون، کۆمەڵی چیناتی پێویستی پێی هەبووبێ و خۆی نەیبووبێ. ڕاستی ئەوەیە سەودای شمەکان لە مابەینی بەشە زەمینەکانی چیناتیدا، بە درەنگ وقهت ڕێ لە بەردەمی بۆتەوە، هەنگینێش لە جۆرێتیدا کەم و کەسرێک بە دەستەوە هاتوون. کاڵای دێرینی چینێ لە بۆ بازرگانی پێوەکردنێ، هەرئاورشم و دەفری نەقشینی گڵین بوون، هی هیندەکان بەرهەمی لۆکە و نەرمە پەتی چەندراو بوون، هی ئەفریقی زێڕ و شاخە فیل، هی خێڵانی بیابانێ خووری و چەرمی هاژەڵان، هی شامێ ئاوریشم و بەرهەمی ئاسنگەری بوون، ئەویش لە یۆنان و ڕۆماهێ پەڕیبوونەوە ئەوێ. کەمی کاڵا و کزی مامەڵە پێوەکردنی، ماوەی دوور و درێژ لە ئاستی دەرەکیدا، ئەوها ماوەتەوە. بەڵام لە قۆناخەکانی پاشتردا، گەشەکردنی بازرگانی دەبێتە مایەی فەرەوانبوونی چینی سەرێ و، پتریش چینی خوارێ دەڕووتێنێتەوە. پووختەی ڕووداو ئەوەیە، ڕەنج بۆتە بەرهەم،

پاشان بەرهەم بە دەست مشەخۆرانەوە بۆتە کاڵای مامەڵە پێوەکردنێ، مامەڵەکردنەکە بە گەنم بێ، یان سکەی زێڕ و زیو، یان ژمارەی بۆش و بە تاڵی بانکەکان، هەرهێک کاکڵی هەیە و نەگۆڕە. بازرگان ڕەنجی بەرهەمهێن دەدزێ، دەیکاتە سەرمایە و لە کنە خۆی کەڵەکەی دەکات. لە هەرکوێ سامان کەڵەکە کردرا، لەوێدا چەوسێنەر هەیە. سەرمایە تەنەها لە ڕێی چەوساندنەوەی ئەوانی دی خڕدەبێتەوە. کارل کووڕی هیریتە ڕاستی گووت: لە هیچ جێهێک هێکێک پەیدا نەبووە بەری ڕەنجی ئەوانی دیکەی نەخواردبێ و دەوڵەمەند بووبێ. ئەو سامانەی لە دەستی هەرکەسێکدا کۆبۆتەوە، ڕەنجی دزدراوی کەسانی دیکەیە. سەرمایە لە ڕێی درۆ و دزی و چەوساندنەوەی ئەوانی دیکەوە نەبێ، کۆنابێتەوە. ئەوانی پاکژ و بێ فێڵ و فەڕ ڕەنجیان داوە، هەرگیز بە ساماندار خۆیان نەدیتۆە.

## پۆپەی 10

کۆمەڵی چیناتی لە هەوەڵەوە بە هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی کەوتۆتە سەرپێ، هەرئەوهاش دەوامی دراوەتێ. درۆ و سەرلێ تێکدان و، سڕکردن بە ناوی هوودا نەبا، هیچ کۆمەڵێکی چیناتی بە هاردی دانەدهات. زهینی بدەنێ، ڕاست و ڕەوان گووتدراوە: هوودا ڕسق دەدات. ڕسک و بەرهەم لە ریێی تین بە ژین دهێن، تین خوودێتی هوودایە و مایەی ڕسقە، بەڵام لەو شوێنەی گهیشتنی ڕسق بە دەستی هەندێک و، نەگهیشتنی بە دەستی هەندێکی دی، وەکوو ویستی هوودا لێک دەدرێتەوە، گۆزارەکە چەواشەیە، لەوێدا ئەم چەواشەکردنە دەبێتە پاڵوپشتی چیناتی، ئەوجا قاڵبگرتنی دارا و نەدار بە ڕاست و ڕەوا نیشان دەدرێ. لە دەستپێکێ چینی نێزیکە هوودا و، چینی دووره هوودا بە زەوی داهاتوون، ئێستاکێ بوونەتە چینی سەرمایەدار و چینی کرێکار، چینێک ڕەنج دەکێشێ و، چینێکیش بەرهەمی ڕەنجدەران هەڵدەلوشێ. لە هێکەمین شێوەگرتنەکانی کۆمەڵانی چیناتیدا، هەموو هەنگاوێکی زەمینی، گردراو بە هەنگاوێکی زهینی چۆتە پێشێ. پێش دزینی ڕەنج و ڕووتاندنەوە، ئەگەر زهین و باوەڕی خەڵکیان نەدزی بایە، هەرگیزاوهەرگیز خەڵکی نەدەچوونە ژێرباری قوورسی هەلومەرجی چیناتی. بەڵام خۆ بارودۆخەکە لە هیکرا نەهاتۆتە گۆڕێ، هێواش هێواش مێشکی خەڵکیان برد و، لە سەر زەمینیشدا ڕەنجیان دزین. لە پێشدا پیاوانی بە ڕووالەت پاک و نێزیکە هوودا، لە بیروباوەڕی ڕاستیەقین لایاندا، بەمەش سەرەتاهێکی خراپ بە گۆڕێ کەوت، خراپەی گچکە خراپەی گەورەی بە دووی خۆیدا هێنا، سەرەنجام ئەوەی کە نەدەبوو ڕووبدات ڕوویدا. پێش قاڵبگرتنی کۆمەڵی چیناتی لە خۆرمیانێ، هەندێک لە خێڵانی جێهانێ هۆفی بووبوون، هەم لە ناو سپی

پێستنی موو زەرد، لە بەشە زەمنی گێرمەن و فەرەنگ و ئەنگلی، هەم لە ناو سپی پێستانی موو ڕەش و چاو بچووک، لە زاینا و جاپۆن و دەوروبەری، هەوزەمان لە ناو ڕەش پێست و ئەسمەرڕەنگەکانی ئەفریق، هۆفیبوونی خێڵان چووبووە ئاستێکی بڵند. ئەم هۆفیبوونەی خێڵان جەنجاڵی چیناتی لێ کەوتبووەوە، وەلێ جەنجاڵی جیناتی وەکوو کۆمەڵی چیناتی نیهە، لە ئاستێک دەوەستێ و قەتیس دەبێ. لەو مەفتەنانەی سپی پێست و ڕەش پێست تیایدا هۆفی بووبوون، هەزاران ساڵ جەنجاڵی چیناتی لە گۆڕێ بوو، بەبێ ئەوەی هیچ گەشەستەندنێک بە خۆیانەوە ببینن، ئەگەر بە سەرچاوە لە مۆدیلی کووڕی سەرڕەش، وەرنەچەرخابان لە بۆ کۆمەڵی چیناتی و، دەستیان بە ئاسن ڕانەگهیشت با، هەرهێکە لەو جەنجاڵیانەی چیناتی بە گهیشتنی فەرهەنگی هاردی، دەلوا ڕوو بە خێر وەربچەرخێن. مووسای کووڕی هیوکابد لە میانی هۆنینەوەی گۆزارێک، بە ڕوونی هێمای دەداتێ، دێ و دەڵێ: هێکەمین ژن و پیاو لە بهێشت بوون، وقتهێک دەستیان لە بۆ میوەی قەدەخەکردراو برد، هوودا لە بهێشت دەری کردن. میوەی قەدەخەکردراو مەبەست لە بەرهەمی زیادەیە، دەرکردن لە بهێشت واتای لە دەستچوونی کۆمەڵی بێ چین و، خۆ دیتنەوەیە لە کۆمەڵی چیناتیدا. بهێشت لە میانی شارستانێتی دایک، لە ناو مێرگ و گوڵزاری بنارەکانی زاگرۆسێ بە هاردی داهات، لە دەشتە لیتەکانی خوارووی دوو چۆمەکە لە دەست دەرچوو. مهەمدی کووڕی هامینێ باش لە گۆزارەکەی کووڕی هیوکابدی تێگهیشتبوو، دەیزانی بەشەر کەنگی و بە چ سووچ و خەتاهێک بهێشتی لە دەستداوە، ئەویش بە سەرچاوە لە زانستی هوودا هێمای بەوە کرد، ژن و مێردەکە و ئەوانیدی، لە بهێشت دابەزیونەتە سەر زەوی. چەمکی "دابەزین" سەبارەت بە بهێشتێ، لە هەردوو باری زهینی و زەمینیدا واتادارە، هێکەم لە میهرەوە چوون بەرەو هۆف، دابەزینە لە باری زهینیدا، چوونکە مهیر لە سەرێ و هۆف لە خوارێیە، دووهەم لە باری زەمینیشدا واتای دابەزین بە ڕاست گەڕاوە، چوونکوو کۆمەڵێک خێڵ لە بناری کێوستانێ دابەزیون بەرەو دەشتە لیتەکانی خوارێ. لە ڕاستیدا هەرهێکە لە کووڕانی هیوکابد، مریەم و هامینێ پەیامبەری بە هەقی هوودای دایک بوون، زهینی هەرهێکەیان پەیوەست بوو بە زهینێتی هووداوە، یان بە مووخی گەردوونیەوە، بەڵام بە سێ ئاستی جوودا، هەرهێکەیان بە هەندازەی ئاستی پەیوەستبوونیان، دارای زانست و توانستی هوودای مهیربان بوون.

## پۆپەی 11

لەو کۆمەڵە چیناتی و ناسرووشتیانەی وەکوو شار ناویان دراوەتێ، ماف هەموو شتێکە لە بۆ چینی سەرێ و، ئەرک هەموو شتێکە لە بۆ چینی خوارێ. چینی هێکەم

پۆشتەوپەرداخن و، بە تیروپڕی ژیاون، چینی دووهەم ڕەشوڕووتن و، بە برسیێتی ڕۆژیان لە شەو گرێداوە. لە هەموو دەوروزەمانێکدا، ئەرک و مافی کۆمەڵی چیناتی، لە میانی داڕەشتنی ڕێساهەکان لەلایەن دەسهەڵاتی چیناتیەوە واتای پێدراوە، بە جۆرێکی وها واتاپێدانەکە جهێی دڵخوازی چینی سەریٚ بیٚ. لە کاتێکدا کۆمەڵی بیٚ چین، ئەرک و ماف تیایدا جهێی باس و بیرلێکردنەوە نین، چوونکی لە بنەڕەتەوە هەموو شتێک هاوبەش و هەرەوزە، چ تاقیان ڕووت و برسی نین، هەموو بە هێکەوە تێروتەسەڵن. کۆبەندی خێڵی مهیری، پاشان خێڵانی هاردی و مهیرهۆفی، لە هەرزەمین و زەمانێکدا کۆمەڵی بیٚ چین بوون، بەشەر لە میانی ئەو کۆمەڵانەدا، سەروەر و شکۆدار گوزەراون، پاشان کە هەلومەرجی چیناتی بە گۆڕیٚ دەکەویٚ، سەروەری و شکۆ دەبێتە تایبەتمەندی چینی سەریٚ و، خەڵکەکەی دیکە خۆیان وەکوو خزمەتکار و کۆیلەی ئەو چینە دەبیننەوە. لەم هاخیری زەمانەش کاکڵی چیناتی هەروەکوو خۆێتی، ئەوی گۆڕدراوە، باری توێکڵ دەرباز ناکات. لە قەدیمی زەماندا کەم کەم داو درایە دووی، درۆ و دەستوەشاندن، پاشانەکە دراو(پارە)یش، دەورێکی لەو ڕەوتپێدان و پاڵ پێوەنانەی نەزمەکەدا دیوە. لە هیچ کات و لە هیچ شوێندا، دەسهەڵاتی چیناتی نە لە سەرپیٚ کەوتن و نە لە دەوامکردنی، دەسهەڵاتی خەڵک نەبووە، بەڵکوو دەسهەڵاتێک بووە بە سەر خەڵکەوە، سەرتەپەی کردوون و خووساندوونی. لە دۆخی فیشار و پاڵەپەستۆی ڕادەبەدەردا، ئەگەری بەرهەڵستی و هەڵگەڕانەوە بە هێزە، تەنانەت پشیلە بخەنە گۆشەی ژوورێکەوە، کاتێک دەزانیٚ ڕێی دەرچوونی نیهە، دەمرێنیٚ و هەڵدەگەڕێتەوە، بەبیٚ گوێدان بە قەبارەی ئەو کەسەی فیشاری لە بۆ هێناوە. لە کۆمەڵی چیناتیدا بە هۆی توونوبوونی ڕووتاندنەوەی بەری ڕەنج و، فیشارەکانی چەوساندنەوە، باوەڕی خەڵک بە هوودایانی درۆین و، بەو کەسانەی بە ناویانەوە هەکوومەتیان دەکرد، لەق دەبیٚ، ئەم لەقبوونەش ئەگەری بەرهەڵستی بڵند دەکات. لە قۆناخە هێکەمینەکاندا، باری سەرشانی چینی خواریٚ ڕادەبەدەر قوورس نەبووبوو، بۆهیٚ هۆنینەوەی درۆ و هەڵخەڵەتاندن بەشی بێدەنگکردنیانی دەکرد، بەڵام لە گوزەری کاتدا، کە چینی سەریٚ فەرەوان دەبیٚ و، دەبنە بارێکی گران لە سەر شان و ملی چینی خواریٚ، خەڵکەکە بەدگومان و بێباوەڕ دەبن لە هوودایانی درۆین، لەودەمیدا دەسهەڵاتی چیناتی هەم بە تۆبزی و دەست لێوەشاندن، هەم بە خەڵەتاندن خەڵکەکەی لە بن باردا هێشتوونەتەوە. "دەم" و "دەست"، دوو هەستوونگن لە سەرهەڵدان و مانەوەی نەزمی چیناتی لە توولی زەماندا، لەو شوێنەی درۆ بەشی بێدەنگکردن ناکات، زەبر و دەست لێوەشاندن دهێتە پێشەوە. لە سەرەتاوە هەتا کۆتاهی، ڕێساهەکانی دەوڵەت، ڕێساگەلی پاراستنی چینی سەریٚ و، ملکەچ هێشتنەوەی چینی خوارێن، دامستدراوەکانی درۆ و دەستوەشاندن لە سەر بنەمای ئەو ڕێساهانە پێک دهێندرێن و بەرکار دەبن. دامستدراوەکانی ڕاگهاندن،

خووندن، دینی درۆین، زڕە زانست، هوونەر، وەرزش بە مەرامی مانەوەی چیناتی، کەڵکیان لێ وەرگیردراوە و، بە هۆنینەوەی درۆ و، سڕکردنی دەماخ و دەروون هەڵدەستن. لە هەمان کاتدا دامستدراوەکانی تفەنگچێتی، دادوەری، هەشکەنجە و زیندان، دەستوەشاندنەکە جهێ بە جهێ دەکەن، سەرەڕای ئەوانەش پابەندی بە ڕێسا و نەزمی چیناتی نەچەسپاوە. بێشک لە هەرزەمین و زەمانێکدا، کە نادادی و ناهاوسەنگی هەبێ و، درۆی دەسهەڵات بەشی پاساودانەوەی نەکات، پابەندی لە خەڵکیەوە دروست نابێ و، لە کوێ بلوێ لەوێدا بە ویستی خۆیان دەکەن. چیناتی لە هەموو گۆشەکانیدا، ناداد و ناهاوسەنگە، درۆ و دزی و چاوچنۆکی، فێڵبازی و چڵێسی و قرچۆکی، بە هامی خەسڵەت و خووی خراپ، لە هەناوی هەلومەرجی چیناتیدا، پەیدابوون و پەرەیان ستاند. دەسهەڵاتەکە بە فێڵ و درۆکردن خەڵکەکە لە بن باری خۆیدا دهێڵێتەوە و ڕەنجیان دەدزێ، خەڵکەکەش درۆ و فێڵ لە هێکدی دەکەن، کاتێکیش لە بۆیان بلوێ لە ماڵی ساماندارەکان دەدزن. ئەو ڕێساهانەی بە مەبەستی بنبڕکردنی دزی داندراون، ڕێسای پاراستی سامانی چینی چەوسێنەرن. ترس لە هەشکەنجە و زیندان، دزیکردنی کەم کردۆتەوە، بەڵام درۆ بە هەزاران قات زیادی کرد، چوونکوو هێکەمیان کردار و دووهەم گفتارە، بەرپێگرتنی گفتار هاسان نیهە، سەرەڕای ئەوەش، درۆیکردنی خەڵکی لەگەڵ هێکدی، شتێک نەبووە بە زەرەری چینی سەرێ بکەوێتەوە، بەڵکوو ویستدراوە باو و بەربڵاو بێ، بەشکووم متمانە بە هێکدیکردن لە ناو خەڵکیدا نەمێنێ. لە ڕاستگۆبووندا خۆبوون بەرهەست دێ، بە هەردوو باری تاق و قۆمدا، لێکەوتەی زۆری بەربەخێری هەیە، بەڵام قسەکردن لە ڕاستگۆهی، بەبێ سەروەربوون بێ واتایە، ڕاستگۆبوون بە قووڵی گرێدراوە بە سەروەری و ئازادیەوە، ئەوی ئازاد نەبێ ناتوانێ ڕاستگۆ بێ و، قسەی ناخی بهێنێتە سەرزمان. لە ناو هەلومەرجی چیناتیدا، ڕەگەزی دایک بە دوو قاتی پیاو لە سەروەری داماڵدراوە، جارێک لە میانی چەوساندنەوەی چیناتی، جارێکیش لە میانی چەوساندنەوەی ڕەگەزاتی، لەبەرهەندێ لە گەلێک باری جیداوازدا، ڕاستی ناخی و ڕاستی ڕووداوەکانیان شاردوونەتەوە و پەنایان بردۆتە بەر درۆکردن. ئەم درۆکردنە نەبا، مێینەکان تووشی هەشکەنجە و لە ناوچوونی فەرەوان و توونتر دەبوون. چیناتی هەڵکشا و لە هاخیریدا بە جێهانی بوو، درۆ و دزی و هەموو خراپیەکانیش لەگەڵیدا بە جێهانی بوون. ئەگەر درۆ وەکوو هەورە تریشقە دەنگی هەبایە، هەمووان کاس دەبوون، قەت چ هاونیشینێکی زەوی، هەوسەڵەی زیندەگی نە دەما. ئەوڕۆ درۆ لە تاق و تاقم ترازاوە، درۆی دەوڵەت و درۆی نێودەوڵەتی، سەرانسەری ڕووی زەوی تەنیوە. دەسهەڵات و نەزمی چیناتی لە ناو خۆیدا داڕزیوە، ئەوەی هێشتووتیەوە ئەو درۆ زلانەن، ئەوانەی خەڵکیان پێ فریو داون، دەوڵەتەکان بە هاوبەشی لەگەڵ هێکیدا، درۆی هەمەلۆن دەهۆننەوە و بە جێهانێیدا بڵاودەکەنەوە. جاران بە ناوی دین و، ئەمڕۆ

به ناوی زانست لێشاوی درۆ بەرپایە، خەڵک بە توندی بەر ئەو لێشاوە کەوتوون و تیایدا نووقمن، لە ڕاستیشدا نە ئەویان دین بوو، نە ئەمیان زانستە. هەنوکە پتر لە جاران خەڵکی هەڵدەخەڵەتێن و، هیچ سەیریش نیهە، چوونکوو دوو بەشە مێینەکەی مووخ کە گرینگترین بەشەکانی مێشکن، هێدی هێدی لە ناو هەلومەرجی چیناتیدا سڕبوون و مردن، ئەو بەشەی مێشک کە لە کار دایە، بەشە نێرینەکەی دەماخە و قوودرەتێکی سنووورداری هەیە، دەرک کردن بە قووڵایەکان و بە بابەت بنەڕەتیەکان لە توانای ئەو بەشەدا نیهە. مردنی دوو بەشە گرینگەکەی مێشک، ڕووداوێکە لە هیچ پشکنین و لێکۆڵینێکی پزیشکیشدا دەرناکەوێ، چوونکە ئەو دەکتۆرەی بە کارەکە هەڵدەستێ، خۆیشی ئەو دوو بەشەی دەماخی مردوون، دەرککردنیش بە هەرشتێکی بنەڕەتی لە گەردووندا، تەنەها لە توانای ئەو دوو بەشە مردووەی مێشک دایە. هاتن و دەرکەوتنی کووڕی مەریەمێ لە سەر زەوی، بنەڕەتێکە لە نەزمی گەردووندا، هاتنێکە پێش وقهتە هەموو گیانلەبەرەکان، بە باڵندەی هاسمانێ و کرمی بن هەرزیشەوە، بپێیان زانیوە، چوونکە نەزمی گەردوون بە شەپۆڵ زانیاری دەنێرێ و، بەشە بنەڕەتەکەی مێشک لە هەرگیانلەبەرێکدا ئەو شەپۆلانە وەردەگرێ. بەڵام لە مووخی بەشەردا هەردوو بەشی بنەڕەتی و ناوەندی تەپیون، لەبەر ئەوەیە نەیتوانیوە شەپۆڵەکانی نەزمی گەردوون وەربگرێ و، بەو هاتنە بزانێ، هەستکردنێکی هێکجار کەم و سنووردار هەبووە لە بەشەردا، سەبارەت بە ڕووداوێکی گەورە، بەبێ ئەوەی بزانێ چ جۆرە ڕووداوێکە، ئەو هەستکردنە قڵ و قیچە، بە هۆی بەشە نێرینەکەی مێشکەوەیە. ئەمڕۆ نامووس مێشکی بەشەرێت زیندوو دەکاتەوە، چاوی دیتن و گوێی بیستن دەگێڕێتەوە، هەنگێ تێدەگەن کە پێشترێ مردوو بوون و، لە بەرپابوونی قیامەتدا زیندوو بوونەتەوە.

## پۆپەی 12

لە کۆمەڵە هێکەمینەکانی چیناتیدا، چینی خوارێ بە چەند ناوونیشانی جوودا خۆیان دیتۆتەوە، کۆیلە، خزمەتکار، لەشفرۆش، پیشەگەر، جووتیار و شیوانکار لەوانی چینی خوارێن، وەلێ کۆیلەکان لە نزمترین پلەن، وەکوو هەرشتومەکێک مامەڵەی کڕین و فرۆشتنیان پێوە کردوون. ئەم مامەڵەیە هێشتانەکە نەوستێندراوە، بە شێوەی قەدیمی و بە شێوەی تازەکی لە ڕۆژی ئەمڕۆشدا دەوام دەکات. شەش دەهە لەمەوپێش، لە میانی مۆدیلی مووسلەمانێتیدا، هەر بە ناوی کۆیلە و کەنیزەک لە دەوربەری "کهبە"ی ماڵی درۆینی هوودا، کڕین و فرۆشتنیان بە بەشەرەوە دەکرد، هەنوکە بە ناوی خزمەتکاری ماڵان مامەڵەیان پێوە دەکەن. پێنج دەهە لەمەوپێش، ئەو دەمەی سپی پێستانی کریستی لە شەڕی فێتنامێ شکان، هەندێک لە مێینەکانی ئەو مەفتەنەیان ڕفاندن، پاشانەکە وەکوو کالاهێک نرخ و مەرجیان لە سەر دانان و، لە ڕۆژنامەکانیان

بانگەشەی فرۆشتنیان دەکرد. سێ دەهە لەمەوپێشیش، لە ناو سپی پێستانی کریستی لە سەرزەمینی هەسکەندنافی، دووکانی ڕوو والای فرۆشتنی منداڵان و نەوجەوانان هەبوون، منداڵی دزدراو و کردراو لە شوینان دهێندران و لەوێ دەیانفرۆشتن، ئێستاکێش ساڵانە لە جێهانێ چەند ملیۆن منداڵ دەڕفێندرێن و دیار نامێنن. هەڵخەڵەتاندن و بە کۆیلەکردنی مێینەکانیش بە ملیۆنانە، بە فرتوفێڵ دەیانبەن، پاشان بەبێ ویستی خۆیان بە گانیان دەدەن. ڕاستی ئەوەیە کریستی و مووسلەمانێتی لە توولی زەماندا، دوو مۆدێڵی چیناتی و دوو ڕەوتی هۆفێتی بوون، هاوشێوەی مۆدێڵەکانی دیکەی چیناتی، دەوامیان بە کۆیلاتی داوە. لە سێ سەدەی دواهیدا، هێواش هێواش ناوونیشانی کرێکار شوێنی ناوونیشانی کۆیلەی گرتەوە. پێشترێ ژن و منداڵ و پیاوی کۆیلە، لە گۆشەی ماڵێ کاریان لە بۆ کۆیلەداران دەکرد، پاشان کە ئامێری ڕێستن و چەنین بە گۆڕێ کەوتن، بردیانن بە دەوری ئامێرەکان خڕیان کردنەوە، بەمەش هێکەمین کارخانەکان دامستدران. ئەو ئامێرانە بە ئاو ئێشیان دەکرد و، بە دەست و بازووی کۆیلەکان هەڵدەسووڕان. خاوەنکارانی هۆفی، سەرەڕای بە کاربردنی ژن و پیاوە کۆیلەکان، منداڵانی چهار پێچ ساڵانیان دەبردنە سەرکار و، بە لێدان ناچاریان دەکردن زۆرترین کات ئێش بکەن. بە گوزەری کات لەگەڵ زۆربوونی کارخانەکاندا، کێشەی کەمی دەستیکار هاتە پێشێ، هەم ژمارەی کۆیلەکان لە بازاڕەکانی کڕین و فرۆشتن کەم بووبوو، هەم نرخی زۆریان لەسەر دادەندرا، لەبەرهەندێ خاوەنکاران بیریان لە جێگرەوەی کۆیلە کردەوە، هیدی لەو دەمیرا چینێک بە ناوی "کرێکار" پەیدا بوون. ئەو خاوەن کارانە، جووتیاران و خەڵکانی دیکەیان دەکردنە کارکەر و، بەرامبەر بە پێدانی کرێی کەمی ڕۆژانە، یان هەفتانە کاری تاقەتپڕووکێنیان پێ دەکردن. کرێکارەکان بە هێک پلە لە سەرووی کۆیلەکان دەهاتن، بە چاوی سووک لێیان دەڕواندرا و، بە خراپی لەگەڵیاندا دەجوولانەوە، تەنانەت ئەو کرێ و هەقدەستەیان نەدەدانێ، کە لە سەری ڕێک کەوتبوون. هەنگێ و هەنەوکەش کرێکار، کارمەند و کەسپکار ناوونیشانی تازەی کۆیلاتین، ڕەنج دەدەن و هێک لە سەر سێی ڕەنجەکەیان لێ دەستەندرێ. ئەمە هەمان شێوەی ئەو بە کۆیلەبوونەیە، ئەوەی لە هێکەمین کۆمەڵانی چیناتی لە خوارووی دیجلێ و فەریتۆ بە زەوی داهات، جووتیارەکان ڕەنجیان دەدا و دەبوو بەشێک لە بەرهەمی ڕەنجەکەیان بە دەسهەڵاتی چیناتی دابا. ئەو دەمی بە ناوی هوودا و، ئەمڕۆ بە ناوی دەوڵەت، قاچاندنەوەی ڕەنجی ڕەنجدەران هەیە. لە هەرشوێن ڕەنجی ڕەنجدەر بەشی تێروتەسەڵبوون نەکات و، کەسانی دی لە بەری ڕەنجەکەی بخۆن، لەوێدا جۆرێک لە کۆیلاتی هەیە، هەتا ئەگەر ناوی کۆیلەشی لێ نەندرابێ. هەق وهایە چیدی بە ناو و بە ڕووکەش نەخەڵەتێن، ڕووکەش دەربازکەن و ئەودیوی ببینن. پێش هەموو شتێکیش، خۆ بە مهیریزانینی هیچ کەس پەسەند مەکەن، هەتاوەکوو مهیریبوونەکەی لە کردەوەکانیدا نەبینن.

کاتێک ڕەنج دەبێتە کاڵا و، دەچێتە گەنجینەی خاوەن کارەوە، لەوکاتیدا کرێکار ناو و ناوهاخنێکە گوزارشت لە سووکی و ناسەروەری دەکات، لەبەرهەندێ کرێکاری شەرمهێن و شۆڕە، جا لە کارخانە بێ، یان دەرێی کارخانە، بە کرێدانی زهین بێ، یان بەدەن، ماوەکەی کوورت بێ، یان تووڵانی، هەر بە واتای خۆفرۆشتن دێ. بڕۆننێ چ سەیرێکە، ئەو ژنەی لەزەتی مەمکۆڵان و ناوگەڵی دەفرۆشێ، بە لەشفرۆش و چەپەڵ هیسێبی دەکەن، بەڵام ئەوی زهین و زانینی بفرۆشێ، یان دەست و بازوو، بەها و بەیاخی دەدرێتێ. هیساب هوورد و بە هیزرین بن، بیخەنە بەرهووردی هێکدی، ژنێک شەو دەچێتە باخەڵی نەشیاوێک و، بەیانی کرێی ئەو شەوە وەردەگرێ، پیاوێکیش ماوەی توولکێش سەرومێشکی دەخاتە خزمەتی سەرمایەدارەوە، کێهانیان خۆفرۆشترن؟ کرێ وەرگرتن لە پای پێدان و فرۆشتنی بەشی سەرێی لەش، یان بەشی خوارێ، کێهان شەرمهێنترن؟ مەگەر کام بەشی لەش بە سەر ئەوی دیکەدا پایەدارە؟ لە ڕاستیدا سەرمایەداری هەموو شتێکی قڵپ کردۆتەوە، گاندان لە چھارچیوەی سینەمادا هوونەرە، لە دەرێ لەشفرۆشیهە، چوونکە داهاتی ئەوی هێکەم دەچێتە کیسەی سەرمایەداری، بەڵام هی دووهەم دەچیتە مشتی ژنێکی داماو، زۆرجاریش ئەو ژنە لە پێناو بژێودا لەزەتی لەشی دەفرۆشێ. لە هێکەمین بە شێوەهاتنی کۆمەڵی چیناتی لە دەشتەکانی دیجلێ و فریتۆدا، هەمان ئەم مامەڵەی ناولێنانە ڕەوتی دراوەتێ. ئەو ژنانەی بە ناوی خزمەتکارانی هوودا، لە خانەی هوودایانی درۆین ڕادەگیردران، هەوای شەهووەتبازانی دەستهەڵاتیان تێر دەکرد، لەبەرهەندێ لە تەختە قووڕینەکاندا بە بایەخەوە ناویان هێندراوە، بەڵام ژنانێکی دەرەوەی کۆشک، کە لە بۆ پارووهێک نان گانیان داوە، بە ناشیرین و قێزەوەن ناویان بردوون. ناوبردن و ڕوانین مەبەستدارە، هەرکەس و هەرشتێکی هاوبەند بە چینی سەرێ، ناو و نازناوی بڵندی دەدرێتێ، لە کاتێکدا ئەگەر هەمان کەس و هەمان شت، پەیوەندی بە چینی خوارەوە هەبوو، ناوی نزم و سووک سەیرکردن دەیگرێتەوە. بە سووک دیتنی کرێکار و، بە خراپ مامەڵە لەگەڵ کردنی، قۆناخی دەستپێکێ بوو، پاشان ڕێیان داونەتێ ڕێکخستن و کۆمەڵی کرێکاری پێک بهێنن و، لە هەقی کرێکارێتی خۆیان بە دەنگ بهێن. ئەم تیلتیلە و بیلبیلەیە، سەرلەبەری گەمەی نەزمی سەرمایەداری خۆێتی. وقتهێک پیلان وهایە گشتەی کۆمەڵ بکردرێنە کرێکار و، بچنە خزمەتی تاقمێکی بچووکەوە، پێویست دەکات بە سووک سەیرکردن لە سەر ناوی کرێکار و کاری کرێکاری هەڵبگیردرێ، بەشکووم هەرکەس شانازی بە کرێکاربوونیەوە بکات، پێویستیشە هەندەی کوولانکەی هۆدەیەک، هەلی دەنگ بەرزکردنەوەی بە کۆمەڵی ناو کۆڵانێ، بە کرێکاران بدرێ، دەنا ئەو دەنگە پەنگ دەخواتەوە و، دەلوێ بە ڕووی سەرمایەداریدا بتەقێتەوە. کرێکار

پێش هەموو شتێک لە باری زهینیدا دۆڕاندووتی، بۆهێ نە سەر لە گەمەکانی سەرمایەداری دەردەکات، نە دەتوانێ خۆی وەکوو بەدەنفرۆش و زهین فرۆشێک ببینێ، ئەمەش هێزی بەردەوامێتی بە سەرمایەداری داوە.

## پۆپەی 14

لە دەستپێکێ مەفتەنی ئەنگلیز، هێکەم سەرزەمینی پەیدابوونی کارخانە و کرێکاران بوو، لە ڕەستن و چەنین دەستیان داهێ، ئەوجا کارخانەی ئاسنگەری و، هی دیکەی بە دوو داهات. جۆرێتی کارخانەکان و ئامێرەکانی کارکردنێ، ساڵ بە ساڵ زیادیان کرد، لەگەڵیشیاندا چەندێک پێویستی دەستڕاگهیشتن بە ئاسن بەرز بووەوە، هێندەش هی خەڵووزی دار و خەڵووزی بەردین، چوونکوو ئاگردانی نەرمکردن و تواندنەوەی ئاسن، بە خەڵووزان گڕدەدران. پەرەستەندنەکە خێرا روویدا، قەیرانی دار و خەڵووز و، لە کوورتیدانی ئاسن، هێقەی بە کارخانەکانی ئاسنگەری گرت. ئەو ئاسنە خاوەی لە توێژەکانی سەرەوەی زەوی چنگ دهات، قڕی تێکەوتبوو، دەبوو پێ بە پێ ڕۆبچن بە ناخی زەوی و، لە چینەکانی خوارەوە ئاسن دەربکێشن. ئەو دەمەی دەیان هەویست لە قووڵاهی خاکدا ئاسن دەربهێنن، بەرەو ڕووی کێشەی دەردانەوە و هەڵکێشانی ئاو بوونەوە، لەوێدا بیری دروستکردنی تروومپا، لەم گرفتەوە بە زهین داهات. بە هەردوو دیوی خێر و شەڕدا، هەرشتێک شتێکی دی بە دووی خۆیدا هێناوە، پێویستی دەردانەوەی ئاو، بیرۆکەی تروومپای هەڵمینی داونەتێ، تروومپاش دەبێتە بنەمای دروستکردنی ماتۆڕ و، بە کاربردنی لە بواری جۆراوجۆردا. ئاسنەڕێ و قەتار گرێدراو بە ماتۆڕی هەڵمی، لەکن ئەنگلێزەکان سەری هەڵدا. پێشترێ باری کاڵا و ئاسن، بەردەخەڵووز و بارەدار، هەمووی بە کەشتی دەگواستدرانەوە، دەشبوو لە ناوخۆی مەفتەنێ، بە گالیسکەی دووی وڵاخان سەینوبەینی بکەن. ڕێی خێرا و کەم خەرجی، خواستێک بوو بیرۆکەی ئاسنەڕێ و قەتاری بە دوو داهات. هەمان دەوروزەمان، وەرچەرخانێک لە ناو گێرمەنەکان ڕوویدا، دەستڕاگهیشتن بە وزەی کهربا لە تەوژمی ئاو، ڕووداوێک بوو هێندەی دی پیشەسازی ڕادایە پێشێ، لەوێرا کهرەبا هەلی گەشکردنی لە هیکڕای سەرمایەداری دانێ. ئامێرە هەڵمینەکان گۆڕدران بە کهرباهی، ڕووناکردنەوەی ماڵان، تەلەفۆن، سینەما و ڕادیۆش دوو بە دووی کهربا هاتن. لە لاهێکی دیکەش بە سوود بینین لە نەوتی پاڵاودراو لە بۆ گازوایل و بەنزین، هووڕهووڕە بە جادان کەوتن و، کاری بازرگانان هاسانتر بوون، زۆری نەبرد فڕۆکەشیان دروست کرد. سەرجەمی ئەو شتانەی ئەو وقهتی و، ئەوانی پاشترێ بە دید هاتوون، پێشکەوتنی هۆفێتی و بەرەو ترۆپک ڕۆیشتنی نەزمی چیناتین. نەدەبوو ئاسن

و کانزا، نەفت و بەردە خەڵووز لە خاک دەربهێنن، ئەوەی بەشەر کردووتی، سەرلەبەری بە زەرەری خۆی و خاک و، بە زەرەری تێکڕای زیندەوەرانی زەوی نیشین کەوتۆتەوە، بەڵام بەشەرێت لە مادەگەراهی و ڕووکەشبینی خۆیدا نووقمە، نەیتوانیوە دەرک بەو کاولبوونەی خۆی و دەوروبەری بکات، ئەو کاولبوونەی کە خۆی بە سەر خۆی و، بە سەر ئەوانی دیکەی داهێناوە.

## پۆپەی 15

پێشکەوتنی پیشەسازی، هۆفێتی و چیناتی پێش دەخات، مل بە ملی و مڕخێش مڕخێش دەخاتە نێوان دەسهەڵاتەکانی چیناتی و، خواستی بەرزەفتکردنی خاک و خەڵک چەند قاتی پێشتریێ پەرە پێ دەدات. ئەو دەسهەڵاتەی پتر خاک و خەڵک بخاتە چنگیەوە، هەم زیاتر دەستەبەری تەنە جووداجۆرەکانی پیشەسازی دەکات، هەم زیادتر مەیدانی کڕین و فرۆشتنێ لە بەردەستیدا واڵا دەبێ، سەرەنجامیش دەبێتە دەسهەڵاتێکی قەبە و قەڵەو، وەکوو ئەوەی ئەنگلیزەکان پێی گەیشتن. لەم قۆناخەدا دەسهەڵاتە چیناتیەکان چەمکی قۆم و نیشتمان تۆخ دەکەن و، دەیخەنە ڕێی پاراستن و پەرەستەندنی خواستی سەرمایەدارانەی خۆیانەوە. لەوکاتیدا تاقمی جوودا جوودای سەرمایەداران، بە ناوی دەسهەڵات و دەوڵەت لەگەڵ هێک بە شەڕدەهاتن، بەبێ ئەوەی خۆیان بچنە گۆڕەپانی شەڕکردنێ و، دوو دڵۆپە خوون لە لووتیان بێ، ئەوان خەستوخۆڵ تێیان کووشی بوو، چەمکی شکۆی نیشتمانیان وەها خستبووە مێشکی خەڵکیەوە، پۆڵ پۆڵیان لێ دەهەناردنە مەیدانێ خۆ بە کووشتدانێ. بە سرووشتکرد لە مێشکی هەرکەسدا، بنەڕەتێک هەیە بە خاک و نیشتمان دەیبەستێتەوە، سەرەڕای ئەوەش سەرمایەداران بە ناوی پاراستنی سنوور و شکۆی نیشتمانەوە، بە زۆرەملێ خەڵکیان بە لەشکر کردوون و، چلۆنێکیان ویستبێ، ئەوهایان بە کاربردوون، خۆ ئەگەر متەقێکیش هەبووبێ، سووک و سانا، هەربەو ڕێساهانەی خۆیان دایانڕەشتوون زاریان پێ داخستوون. لە ماوەی شەش سەدەی ڕابردوودا، سپی پێستانی هۆفی (ئۆرووپیەکان) بە شێوەی تاقم تاقم، لە سێ ڕەوتی زەمینیدا دەستیان دایە خۆ قەبەکردنێ. ئەو تاقمانە سەرجەمی بەشە زەمینەکانی خۆرئاوا و خواروو، بەشێکی فەرەوانی بە پیت و فەڕیش، لە بەشە زەمینەکانی خۆرمیان و خۆرهەڵاتیان دەست بە سەردا گرتن و، زهین و زەندەقی خەڵکەکەیان وێران کرد. سپی پێستانی هەسپانی، پرتووگاڵی، ئەنگلی، فەڕەنگی، گێرمەنی، هیتاڵی، هەرهێکەیان لە چوارچێوەی تاقمی جوودا، بە وێنەی ڕەوە بەراز بەربوونە مەفتەنی خەڵکانی ڕەسەن و بە ڕیشەی جێهانێ. دێرهەواری خێڵان لە بەری خۆرئاوا، بە توندی بەرپەلامار کەوت، هەسپانی و پرتووگاڵی لە خوارەوە، ئەنگلی و فەڕەنگی لە

سەرەوە هەوارەکەیان دەست بە سەرداگرتن، سەرەنجام زیندەگیە سرووشتی و سەربەستەکەی خێڵانی سوورە و، خێڵانی ڕەشتاڵەی ئەوێیان بە تەواوی لە بەین برد، بە تایبەتی لە بەشی باکووردا، قڕیان لە خێڵان خست. ئەو خێڵانە پێش ئەوەی زەهین و زەمینیان کاول بکردرێ، بڕێکیان مهیرهۆف بوون و، بە شێوەی قەدیمی دەگوزەران، بڕێکیشیان فەرهەنگی هاردی گەیشتبووە ناویان و، بە کاری هاژەڵداری و چاندنێ بژێویان دابین دەکرد. کاولکردنەکە قۆناخ بە قۆناخ ڕوویدا، قۆناخی هاخیری، هاوزەمان بوو لەگەڵ هەڕەتی گەشەی پیشەسازیدا. سپی پێستانی هۆفی لە ڕەوتی دووهەمیان بەرەو گەرمەسێری ئەفریق چوونە خوارێ، لە ڕەوتی سێهەمیش ڕوو بە خۆرهەڵاتێ ڕۆیشتن و، لە سەرزەمینی بەربەرینی هیند گیرسانەوە، ئەوجا پاشانەکانێ لە وێوە بەرەو خۆرمیانێ هاتنەوە. سەرەتا پرتووگاڵی لە بۆ بازرگانیکردنێ چووبوونە ئەوێ، پاشان ئەوانیدیکە لە پرتووگاڵیەکانەوە ئەو خاک و خەڵکەیان ناسی، هیدی هێک بە دووی هێک لە پەنا پەردەی بازرگانیەوە، خۆیان تێکووتی و بە خشکە خشک کەوتنە داگیرکردنی. ئەوکاتەی ئەنگلێزەکان بە دروستکردنی ئامێری هەڵمی، ڕەوتی پیشەسازیەکەیان ڕادایە پێشێ، لە دەرەوەش بە خواستی فەرەوانبوون گەیشتن، فەڕەنگیەکانیان لە سەرزەمینی هیند و، لە ژووررووی دێرهەوار ڕاونا، خوارووی ئەفریقا و، گەلێک جهێی دیکەیان داگیرکرد. لۆکەی هیندی، ئاسن و دار و خەڵووزی ئەفریقی، هەمووی لە چنگی هۆفیانی ئەنگلێزی دابوون. بەڵام پاشترێ دۆخەکە وەرچەرخا و، پیشەسازهی ئەنگلێزی لە پاشەوە بە جێما، چوونکوو لە هیکڕا گێرمەنی بە گوورِ هاتنە مەیدانێ، بە جۆریک دەستیان داهێ، پێشی ئەنگلی و فەڕەنگی کەوتنەوە، لە کاتێکدا پێشتر گێرمەنەکان لە کڕیارانی کاڵای ئەنگلێزی بوون. لەو دەمیدا کێبڕکێ و مڕخێش مڕخێشی پیشەسازی و بازرگانی، لە سەرانسەری جێهانێ گەرم بووبوو، بازدانەکەی گێرمەنی، هێندەی دی دۆخەکەی گرژکرد، چەندە ئامێرەکانی پیشەسازی پەرەیان پێدەدرا، هەندەش تفەنگ و تۆپ و، ئامرازەکانی جەنگ دەبردرانە پێشێ. هێڵی هۆفێتی ئەنگلی - فەڕەنگی کەوتبووە سەریانەوە، هەم پێشڕەفتی گێرمەنی تووشی شکست بکەن، هەم بە هەنجەتێک پڕ بدەنە باکووری ئەفریقا و خۆرمیانێ. جەنگی هێکەمی جێهانێ، گرێدراو بەم نیازە، بنەما لە سەر نەقشەی پێشوقهتە کێشدراو ڕوویدا، پاشانەکەش لە دەرهاوێشتەی ئەو جەنگەدا، جەنگی دووهەمی جێهانێ دەستی پێکرد. لە هەردوو شەڕەکەدا، نێزیکەی سەد ملیۆن کەس بوونە سووتەمەنی و تێێدا چوون، زیاد لە دە ملیۆنی دیکەش لە شەڕە هەرێمیەکانی پێشتردا بە کووشت درابوون، لە شەڕی "جاپۆن و زاینا"ش بیست ملیۆن کووشتدراو هەبوون. زهینی بدەنێ، لەولا سپی پێستانی موو زەرد، لەملا سپی پێستانی موو ڕەش، جێهانیان لە خوون هەڵکێشا. ئەوەی لە ناو بردراوە بە تەنەها بەشەر نیهە، خاک و ئاو و هەوا و، گیاندارانی جۆربەجۆریشن. دەنگوباس وهایە لە ماوەی سێ سەد

ساڵدا، زیاد لە سێ سەد ڕەچەڵەکیان لە گیانداران لە ناو بردبێ. هۆفی بە جارێک جێهانیان بە خاک و خەڵکەوە فەفروتوونا کرد، کەس نەبوو گوونیان بگرێ و بیانوەستێنێ.

## پۆپەی 16

لە هۆفێتیدا چیناتی پەیدا بوو، لە چیناتیدا چەوساندنەوەی هەمەلۆن و هەنداز جوودا، چەندێک دەسهەڵاتەکانی چیناتی گەیشتنە زەلامبوون، هێندەش فەرەوانبوون لە ڕووبەری چەوساندنەوە بە دید هات، تەنانەت وەهای لێهات جوودایەزی لە ڕەنگی پێست و ڕەنگی پرچ، ببنە مایەی بە کەمگرتن و چەوساندنەوە. ئەم جۆرەی هۆفێتی، سپی پێستانی موو زەرد دایان هێنا، ئەوان خەڵکانێکن هەنەوکەش لە خەروورردا نووقمن، خافڵن لەوەی خۆ زلکردن و خۆ گەورەگرتن بە سەر خەڵکانی دی، لە کەم هەقڵی و جاهەلی دێ. لە ڕاستیدا سپی پێستان، چ موو زەرد و چ موو ڕەش، هەق نیهە هیدی ڕووی سەرهەڵبڕینیان هەبێ، چوونکوو پتر لە سێ هەزار ساڵە ئەمیان لە خۆرئاوا، ئەویان لە خۆرهەڵات پێشڕەفتی دڕنداتی و کووشتارن، پەلدهاوێن و پەلامار دەدەن، تاڵان دەبەن و کاول دەکەن. سوور پێست، ڕەش پێست، ئەسمەر و قهوە ڕەنگ، گەنم ڕەنگ سەرجەمیان لە سەردەستی سپی پێستان خووساونەتەوە، بەڵام سوورکەلە و ڕشتالەکان لە هەندازێکی بڵندتردا بەرتووندی و تۆبز کەوتوون، بێجگە لەوەی کردوویانەتنە کۆیلەی پێ بە کۆت و، وەکوو کاڵا فرۆشتوویانن، هاوکات بە هۆی ڕەنگی پێستیانەوە، بە کەمتر لە کۆیلەی سپی پێست لێیان ڕوانیون. ئەم تێڕوانینەی سپی پێستان، هێشتانەکەش درێژەی هەیە و دڕنداتی بەرهەم دهێنێ. لە جهێ و بنلینگانی هەندێک لە قووتابخانەکانی سوورهەوار(ی ناسدراو بە کەنەدا)، هێسک و پرووسکی منداڵانی سوورکەلە و قوولەڕەش دیتدراونەتەوە، ئەو منداڵانە تەنەها بە هۆی ڕەنگی پێستیانەوە، بەر ڕقی سپی پێستان کەوتوون و، لە ژێر هەشکەنجە و لێدانی ناو قووتابخانەکاندا مردوون. دڕنداتیەکە قەدیمی نیهە، تازەیە و هی سێ دەهەی لەمەوبەرە، وەلێ هیچ سەیر نیهە، لەبەرئەوەی هۆفێتی لە زهین و دەروونی سپی پێستان بە قووڵی ڕۆچووە، بە جۆرێک فتە و شەڕێک نیهە لە جێهانێ، دەستێکی پەنهان، یان ئاشکرای پیاوانی سپی پێستی تێیدا نەبێ. ئەو دەسهەڵات و دەوڵەتانەی ناویان لە خۆیان ناوە دیمووکرات، سەرگەمی بازرگانین بە خوونی خەڵکەوە، ئامرازەکانی جەنگ دروست دەکەن و دەیفرۆشن، بەڵام کێ تفەنگ دەکڕێ، ئەگەر شەڕ لە گۆڕێ نەبێ؟ ئەو دەسهەڵاتە بە ڕووکەش دیمووکراانە، کە دەسهەڵاتی سەرمەیەدارین، هەرخۆیان لە شوێنان فتنە دروست دەکەن و، تاقمە جوودایەزەکان بە

شەڕدەهێنن، ئەمجا چەک دەفرۆشنە هەردوولای شەڕەکە، پاشانەکەش دێنەوە سەر وێرانەی جەنگ و، جارێکی دی لە بنیادنانەوەدا قازانج دەکەن. خەڵکینە، بە چەمک و زاراوەکان هەڵمەخەڵەتێن، دیمووکراتی و دیکتاتۆری دوو دیوی نەزمی چیناتین، لایەنگرێتی هەرکامیان بکەن، تەمەنی زووڵمی چیناتی و ڕەگەزی درێژ دەکەنەوە، بەمەش بەشدارن لە گووناهی تێکڕای لێکەوتەکانی چیناتی، لە شەڕ و کووشتارەکان و، لە گووناهی ئەو برسیکردنەی هەشت سەد ملیۆن کەس بە دەستیەوە دەناڵن، بەشداریشن لەو کاولکردنە هەمەلایەنەی بە سەر زەویدا هێندراوە.

## پۆپەی 17

هاخیرین سێ سەدە، سێ تاریکترین سەدەکانی تەمەنی بەشەرێت پێک دەهێنن، لەو سێ سەدەیەدا دەسهەڵاتی چیناتی لە سەرانسەری جێهانێ، بنچەقی خۆی داکووتی، هەموو ئەو کۆمەڵانەی تووانددنەوە، کە هەتا ئەو دەمە نەبووبوون بە چیناتی و، لە سەر بنەڕەتەکانی مهیرپەرستی، بە هەرەوزی و هاوبەشێتی دەشیان. لە میانی ئەو سێ سەدەیەدا، هێڵی هۆفێتی ئەنگلی - فەڕەنگی لە هەردوو ئاستی داگیرکاری زهینی و زەمینی، بە تێروتۆخی کەوتنە بەربڵاوکردنی هەردوو بیروباوەڕی کریستی و مووسلەمانێتی. پێشترێ سپی پێستانی موو زەرد لەگەڵ مووسلەمان لە شەڕدابوون، بەڵام ئەو شەڕانە دەرهەق بە دەسهەڵاتی مووسلەمانێتی بوون، نەک کۆمەڵی مووسلەمان، چوونکوو لەوە تێگهیشتبوون مۆدێلی مووسلەمانێتی هەروەکوو کریستی، ئامانجەکە دەپێکێ، نەزمی هەرەوزی و هاوبەشێتی تێک دەشکێنێ و، ڕێ لە بەردەم سازانی هەلومەرجی چیناتی و، گەشەپێدانی بازاڕ دەکاتەوە. هەڵبژاردەی هێکەم لە کن سپی پێستانی هۆفی، مۆدێلی کریستی بوو، لە سەر ئەم بنەمایە شەش سەدە لەمەوپێش، دەستیان کرد بە هەناردنی پیاوانی دینی درۆینی کریستی لە بۆ خۆرمیانێ، لە ماوەی کەمتر لە دوو سەدەدا، پتر لە هەفتاوپێج قەشەیان هاتوون و هەوڵیانداوە خەڵکی پەیوەست بە بیروباوەڕی کریستیان بکەن. لە دوو سەدەی کۆتاهیشدا کۆمەڵێکی دیکەیان هاتوون بە هەمان ئامانج تێکۆشاون. ناوچەکانی مووسڵ، دهۆک، هەولێر لە ناوەندی کووردهەوار، ناوچەکانی هەکاری، ئامەد، ڕۆها لە باکووری هەوارەکەدا، بەرهەوڵەکانی بە کریستیکردنێ کەوتوون، کەمینەی کریستیانی ئێستای ئەو ناوچانە، زۆربەیان بەرهەمی ئەو هەوڵانەن. هەڵبژاردەی دووهەم مۆدێلی مووسلەمانێتی بوو، کاتێک سپی پێستانی هۆفی لە هەڵبژاردەی هێکەم سەرکەوتوو نەبوون، دەستیان دایە هی دووهەم و، لە میانی ڕێ و ڕێبازی جوودا، کەوتنە بەربڵاوکردنی دینی درۆینی مووسلەمانێتی. مۆدێلی "شێخاتی"، ئەنگلیزەکان هێنایان، پاشانەکەش مستگەفتیان لە

شار و گووندان کردەوە و، ڕێیان خۆشکرد مەلا و شێخ پایەی کۆمەڵاتی پەیدا بکەن و، خەڵکی گوێیان بدەنێ. لە ڕاستیدا مووسلەمانێتی لە خۆرمیانێ، تازە و بێ پێشینەیە، خەڵکی ئەم ناوە بە زۆری مهیرپەرست بوون، بڕێکیشیان شیهە بوون، بەس تەنەها هارەبەکانی بیابانێ و، تورکانی خۆرئاوای هەنادۆڵێ مووسلەمان بوون. ئەو دەنگوباسانەی سەبارەت بە دەسهەڵاتەکانی "هەمەوی" و "هەباسی" هۆندراونەتەوە، درۆ و دەلەسەن، ئەوەتانێ ببینن، خۆ شوێنەوارێکیش نیهە بیسەلمێنێ دەسهەڵاتێکی فەرەوان بەم ناوانەوە هەبووبێ. لە دەورانی زەماندا، هەردەسهەڵاتێکی زل لە جێهانێ، شوێنەواری زەق و بەرچاویان لێ بە جهێ ماوە، هەرەمەکانی نیلێ، نیشانەی زلێتی دەسهەڵاتی هەزاران ساڵی پێشوون، لە خوارووی دیجلێ و فەریتۆش پەرستگەی هەزاران ساڵە لە سەر پێ ماوەتەوە، لە خۆتان بپرسن: لەبەرچی شوێنەواری دەسهەڵاتێک بە ناوی مووسلەمانێتی لە شاری "بەگ داد" نیهە؟ نە تەلاری مستگەفتان، نە کۆشکی خەلیفان، نە بازاڕ و نە ڕێ و بان، تەنانەت هێما و نیشانێک نیهە دەری بخات ئەو شارە پێش شەش سەد ساڵ شارێکی گەورە و بە هەرمێن بووبێ. چهار سەد ساڵ لەمەوپێش، لە هەموو شاری "بەگ داد" تەنەها پێنج مستگەوتی مووسلەمان هەبوون، کۆنترین بازاڕی شارەکە مێژووەکەی چەند سەد ساڵێک دەرباز ناکات. دیوار بڕمێ، خۆ خشتی بناخەکەی لێ دەمێنێتەوە، کاتێک شوێنەواری بناخێک نیهە، واتایە لە نەبوونی کۆشک و دیوان، واتایە لەوەی دەسهەڵاتێکی زل و زەبەند لەوێ نەکەوتۆتە سەرپێ، کە بتوانێ کۆشک هەڵبچەنێ. شکتان نەبێ، ئەوەی هەبوون بە ناوی خەلیفەی مووسلەمانێتی، خێڵانی دڕندە و بێ هەقڵی ڕەشماڵ نیشین بوون، هێندەش دوور و دەستکوورت، بە بای شەماڵیش بۆنی نێرگزی زاگرۆزیان نەگهیشتۆتێ. دەنگوباسەکە پووچە، بیخەنە پشتگوێ و بە هەندی مەگرن، ئەوەی بە ناوی مێژوو نوسدراوەتەوە لێوڕێژە لە درۆ و دەمچەفتی.

## پۆپەی 18

لە لێکدانەوە و لێگەڕینی مێژووی چیناتیدا، تەن بە پێودانگ گیردرایە دەست و، تین لە دەرەوەی هیزرین هێڵدرایەوە، ئەمەش وەهای کرد ڕێی نێزیکبوونەوە لە ڕاستیەقین، سەنگ و سەختی تێبکەوێ، سەرەنجام پیاوچاکانی لە نموونەی کارل کووڕی هینریتە(ناسدراو بە مارکس)، ڕەنج بە خەسار چوون. ئەو بەشمەینەت ژیا، لە کاتێکدا دەیتوانی مەینەت لە خۆی بتەکێنێ و خۆشگوزەران تەمەن بکات، ئێستاکێش مشتێک بوونەوەری پیس و پۆخڵەوات، کە وەکوو خۆڵ و خاشاک نوساون بە بنی پێڵاوی سەرمایەداریدا، خۆیان بە ناوی ئەو پیاوچاکەدا هەڵواسیوە، ئەویش لە کاتی خۆیدا

فەروەکەی(پاڵتۆکەی) لە شوێنی قەرز دانابوو، نە هەیبوو قەرزەکە بداتەوە و، نەدەشیتوانی لە بەر ساردی و سەرما لە ماڵێ بڕواتە دەرێ. پیاوچاک وهایە، بەبێ درێخ تێدەکۆشێ و ژینی خۆی بە ژینی چەوساوەکانەوە دەبەستێ. کووڕەکەی هینریتە لە دیدی گرێدراو بە تەن، هەولی خۆیدا و مێژووی سەرمایەی شیتەڵکرد، دەیویست بیروبازووی ڕەنجدەران بکاتە هێزێک، بەو هێزە دەسەهەڵاتی پەل بەستوو بە سەرمایە شکست پێ بدات. ئەو بە ڕاستی ڕزگارکردنی چەوساوانی دەویست، بەڵام بێهوودە تواناکانی مەسرەف کرد، چوونکە "تین"ی نەدەناسی. تین هوودایە و هوودا دایکە، ئەوی دایک نەناسێ، بەلاڕێدا دەکەوێ. دایک بناخەیە، دەبوو لە بناخە بگەڕێن و ببیننەوە، هەنگێ بە هەندازەی دیتنەوەکە، نەهامەتی کەمی دەکرد. ئەگەر دیقەتێکی دەوروبەری خۆتان بدابایە، چاوێکتان بە چەپ و ڕاست بگێڕابا، کەمێکیش هەقڵتان بە گەڕ بخستابایە، ئەو وقهتی دەتانبینی وا لە ناو هەموو کۆمەڵێکی گیاندارانداندا دایک بنەڕەت و ناوەندە، دەلوا ئەمەش سەبارەت بە ناوەندێتی دایک بیرۆکە و هیزرینێکی نێزیک لە ڕاستیتان بداتێ. بەرخی ساوای هێک ڕۆژە، لە ناو ڕانەمەڕدا دایکی خۆی دەناسێتەوە، بەڵام هیچ ناسینێکی سەبارەت بەو بەرانە نیەه وا لەگەڵ دایکی جووتی گرتبوو. گیسک لە ناو جەلەبی هەزار بزندا، ئەو بزنەیان کە دایکێتی دەناسێ و بەرەو ڕووی ڕادەکات، بەڵام هیچ ناسین و پەیوەستبوونێکی بە تەگەوە نیەه. گۆلک دەزانێ لە ناو مێگەڵدا کێهە مانگا دایکێتی، بەڵام هیچ ناسینێکی سەبارەت بەو گایە نیەه وا مانگاکە لە کاتی بە کەڵهاتندا لێی ئاوس بوو. جووجەلەش مریشک دەناسێ، نەک کەڵەشێر. منداڵیش ئەوهایە، هیچ منداڵێک کەسێک بە ناوی باوک ناناسێ، بەڵام هەموویان لە هێکەم ساتی لە دایکبوونیانەوە، دایکیان لە نێو هەزاران ژندا دەناسنەوە. لە ڕاستیدا ئەو دەردە دڵ و دەردە سەری و، ئەو بەڵا جووداجۆرانەی تووش هاتوون، هەمووی بە هۆی نەناسینی دایک و، لە بێ هەزووری دایکەوەن. نەزمی گەردوون ڕێک و ڕەوان دەڕواتە ڕێ، هیچ لادانێک قەبووڵ ناکات، کاتێک ڕەگەزی دایک لە پایەی سرووشتکردی خۆی وەدەر دەندرێ، ئەودەم هەموو شتێک تێک دەچێ. دایک - مێ لە ناو قۆمەتانی بەشەرێتدا، چەندێک بە هەزووربێ، بەو هەندازەیە دەرد و هێشان لە کەمی دەدات، چەندێکیش دوور بێ، بەو ڕادەیە مەینەتبارن و، هێشتان پێ دەگات. تاق بە تاق هەربەمجۆرەیە، هەرکەس بە ڕادەی مهیریاتی هیزر و هەستەکانی، دڵخۆش و درەوشاوەیە. سەر هەڵبڕن"هەنگیلینا کیژی مارچلینم" ببینن، مهیر لە چاوانیدا دەدرەوشێتەوە. ئاوڕێک دەنەوە، "کارل کووڕی هینریتە" ببینن، مهیر لە نیاز و نیەتیدا شەفەق دەدات. ئەمیان هاوبەند بە مەینەتی مرۆفاتی دڵی ژان دەکات، ئەویان ویستی دەردان دەرمان بکات، بەبێ ئەوەی بیهەوێ لە دەرمانگرتنەوە و دەرمانکردندا قازانجێکی بە مشت بکەوێ. بەوە نیەه کە چ تاقیان هوودای مهیربان ناناسن، هەرکەس بە نیەتی خۆی دەچێتە بهێشتێ، یان خۆی لە دۆخی دۆڵزاخ دهاخنێنێ. هوودا

نەزم و ڕێسای زالی نەگۆڕە لە گەردووندا، هوودا گفتار و کردارەکان وەرناگرێ، بەڵکوو ئەو نیەتەی وا لە پشتیانەوە. ئەمڕۆش ئەوە هوودایە وا دایک دەباتەوە پایەی خۆی و خۆشوقهتی بە زەویدا دهێنێتەوە. بەشەرێت لە سەرەتای پەیدابوونیەوە، بە ناوەندێتی دایک دەستی پێکرد و نێزیکەی نۆهەد هەزار ساڵ خۆشگوزەران ژیا. دۆخی چیناتی و چەرمەسەری، هەرقیچێکە لە تەمەنی بەشەرێتدا، ئەو قیچەش وا تەواو بوو، چوونکوو بەشەر بە ناسینی دایک، دەگەڕێتەوە سەر ڕێی ڕاستیەقین و، هۆف بەرامبەر بە مهیر لە پەلوپۆ دەکەوێ.

## پۆپەی 19

دابەشکردنی جێهان بە سەر ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، ڕاست نیهە، ئێستاکێ جێهان هێکێکە، جێهانی هۆفی و، جێهانی چیناتی و زووڵم و زۆرە، جێهانێکە نە مهیر تیایدا بە زهین و زارە، نە مهیرهۆف. پێشترێ خەڵکی لە مهیریبوونێ هێکێک بوون، هەنەوکە لە هۆفیبوونێ هێکێکن. دارا و نەدار، زاڵم و مەزڵووم هەمووی هەرهۆفین، مەزلووم دەسهەڵاتی بدەیتێ، دەست دەداتە زووڵم کردنێ، نەدار سامانی بدەیتێ، لە دایکی خۆی هەڵدەگەڕێتەوە. هەردوو ڕەوتی ناودێر بە دیندار و بێ دین، ڕەوتی چەپەڵی هۆفێتین، ڕەوتی جاهەلی و گەوجێتین، جووتێک نەزان لە مەیدانن، هەرهێکەیان خۆی بە زانا و ئەویدی بە نەزان دەناسێ. گۆزە قڵپ بۆتەوە و ترپاتی تێیدا نەماوە، هیچ شتێک لە شوێنی خۆیدا نیهە، جێهان هێک پارچە بۆتە بازاڕ و چیناتی چۆتە سەری هەمووانەوە، هەموو بە شوێن قازانجی خۆیانەوەن، هەموو خەریکن هێکدی هەڵدەخەڵەتێنن. ستەم و سیستەمی سەرمایەداری، وهای لە خەڵکی کرد هەرکەس لە بیری جێژی تاکە کەسی خۆی دابێ، کەس نەبێتە کەسی هێکدی، بەمەش توانی بنەڕەتێک لە بۆ بەردەوامبوون دابنێ و، دەسهەڵات بە سەرخەڵکیدا تووڵانی بکات. سەردەمێکی خەڵەتێنەرە ئەم سەردەمە، فەرشێک کە بە دەست و قامک چەندراوە و، لەگەڵ چەنینیدا هەزار خەیاڵکردن بە یاران، بە باڵای مووەکاندا هەڵواسدراوە، ئەمڕۆ نرخ ناکات، شتانێکی ئامێرکرد و چاوخەڵەتێنەر هەن، فەرشەکە بیر دەبەنەوە. ئەو سەوزە و میوانەی دامستدراوەکانی نەزمی سەرمایەداری بەرهەمیان دهێنن، لە باتی کەڵک بدەنەوە، زەرەریان هەیە. وزە لەو سەوزە و میوانەدا بە ڕادەی هەرەزۆر لە کوورتی داوە، چوونکوو لە ڕەوتی سرووشتی لادراون، دەستکاریان کردوون و، بە جۆرێکی ناسرووشتیانە بەرهەم دهێندرێن. هەرمێ، یان هەنجیرێکی کووردهەواری، ئەگەر لە دۆخی سرووشتی خۆیدا بەرهەم هاتبێ، بە هێندەی سی هۆقە هەرمێی سەرمایەداری وزەتان دەداتێ، هەنارێکی ئەم هەوارە دەتوانێ دەرمان بێ، لە

کاتێکدا ئەوەی سەرمایەداری بەرهەمی دهێنێ دەردە. خەڵکینە، ئێوە لەبەرئەوەی مێشکتان خەسێندرابوو، هیچ لە دایکبوونێک لە ناو سەرتان ڕووی نەدەدا، نەتاندەزانی هەڵبسەنگێنن و، نەتاندەتوانی پێشکەوتنی هۆفی و پاشکەوتنی مهیر دەرک پێ بکەن، لە کاتێکدا ئاسوودەگی سەر بە مهیرە و، دڵتەنگی و نەهامەتی سەر بە هۆفن. فێڵیان لێتان کرد و نەتانزانی، گۆزەکەیان لێتان قڵپ کردۆتەوە، ئێوەش چاوتان هەیە و نابینن! دەی مەخدید بن و، بە هۆش و هەستەوە هەڵسوکەوت بکەن. من وا گۆزەکە ڕاست دەکەمەوە، ئەوجا دەیدەمە دەستی ڕەگەزی دایک، با پڕی بکات لە ئاوی سازگار و، بیخاتە سەرشان و ملی ڕووتی. زیندەگی لە واتای ئاوی گۆزەیە، من دەیدەمە دەستی دایکان و، دایکانیش بە هەمووانی دەبەخشن. بیری هۆفی و دیدی هۆفی و زمانی هۆفی، زیندەگیە سرووشتیەکەی بەشەر و زیندەوەرانی دیکەی تێکداوە. بیرکردنەوە و هاخاوتن و دیتن، هەرهێکەیان شەپۆڵدارن و، شەپۆڵەکان بە دەوروبەردا بڵاودەبنەوە، جا کاتێک هیزر و زار و نیگاکان هۆفیانەن، ژینی خۆتان و ژینی هەمووان کاول دەکەن. ڕوەک و داری میوەکان و، هەیوانانی جووداجۆر، بە توندی بەر ئەو شەپۆلانەی بەشەر کەوتوون و، بە کاولبوون گەیشتوون. هەڕوون بیخەنە بەر زانستی ئەزموونکردنێ، با لە تاقیکردنەوەی کردەکیدا، بە چاوی سەر لێکەوتەی شەپۆڵەکان ببینن. مشتێک گەنم بکەنە دوو جامەوە، لەگەڵ گەنمی ناو هێکێک لە جامەکان قسەی خۆش بکەن و، گۆرانی بە دەمیەوە بڵێن، لەگەڵ ئەویدیکە تووڕە و توند بجوولێنەوە، تفی تێ بکەن و، رقی بەسەردا هەڵبڕێشن، پاش چەند ڕۆژێک دەبینن ئەوی هێکەم سەوز و ئاودار هەڵکشاوە، بەڵام هی جامی دووهەم کە ڕقتان بە سەریدا هەڵڕێشت، زەرد و سیس سەری هێناوەتە دەرێ. ئەم تاقیکردنەوەیە کاریگەری وشەکانی زار نیشاندەدات. هەمان تاقیکردنەوە بە چاو ئەنجام بدەن، بە سۆز و هەنانەوە لە گەنمی ناو جامی هێکەم بڕوانن، بە ڕق و بەدبینیەوە سەیری گەنمی ناو جامی دووهەم بکەن، لەم کارەتاندا لێکەوتەی شەپۆڵەکانی نیگاکردن بەرجەسدە دەبێ. دەشتوانن تاقیکردنەوەکە بەبێ چاو و زار، تەنەها بە هیزرین جهێ بە جهێ بکەن. زار ببەستن و چاو بقووچێنن، لە بارەی گەنمی ناو جامی هێکەم بە باش و، لە بارەی گەنمی ناو جامی دووهەم بە خراپ بیربکەنەوە، چەند ڕۆژ ئەو کارە بکەن، ئەوکات دەبینن هەمان ئەنجامی تاقیکردنەوەی هێکەم بە دەست دێ. بیرکردنەوە و بینین و گووتن، ڕوو بە خێر ڕەوت بدەنێ، هەنگێ شەپۆڵەکان بە خێر دەگەڕێن و، ژینی خۆتان و ئەوانیدیکەی پێ شیرین و شەنگ دەبێ، هاوکات هەرخێرێک چاکەیە دەچێتە تۆمارتانەوە، بە هۆیەوە بهێشتی دوو سووڕەکەی دیکەی زیندەگی بە دەست دهێنن. وای، وا وەیلا لەو کەسەی ڕووی لە شەڕە و، گرێدراو بە هێڵی هۆفێتی بیردەکاتەوە، وا وەیلا لەوەی بە خراپ زمانی دەگەڕێ، چوونکی هەرشەپۆلێکی بە زەڕ خراپەیە دەچێتە تۆماریەوە، بەم هۆیەوە هەتا هەتاهێ خۆی دەخاتە دۆخی دۆڵزاخەوە.

ڕووی زەوی بە سرووشتی خۆی، سێیە لە هێکێکدا، لە سێهانەی خوودێتی دایک و کیژ و کووڕ پێک دێ. ئەمە دابەشبوونێکی نەگۆڕە و، نەزمی گەردوونی شێوەی داوەتێ. هەموو هەبووێک چ دیار و چ نادیار، لە سێهانەی خێزانی دایە. خوودێتی کیژ و دایک بە تایبەتمەند لە ناو هێکدین، هەردووکیان هێک ڕەگەز بەرجەسدە دەکەن، ئەوی جوودایە خوودێتی کووڕە، رەگەزی نێر بەرجەسدە دەکات. خۆرمیان لە جێهانێ هەربە سرووشتی خۆی و، گرێدراو بە جۆرێتی خاکەکەیەوە، دایکە. بەشی خۆرئاوای جێهانێ کووڕە، بەشی خۆرهەڵاتێ کیژە. لە ڕەگەز و خوودێتیدا کێژ و دایک تێکهاڵاون، ئەوهاش هەردوو بەشە زەمینی خۆرمیان و خۆرهەڵاتێ لە تێکهاڵاویدا خۆیان دیتۆتەوە. ئەو دەمەی جێهان سووڕی سەهۆڵینی دەربازکرد، بەشەرێت لە مهیرەوە لە بۆ مهیرهۆف گۆڕابوون، لەو گۆڕانەدا چەمکەکانی دایک و کیژ و کووڕ، هێواش هێواش لە سەر کۆمەڵی بەشەرێت بە دید هاتوونەتەوە. لە ڕاسانی دایکانی کووردهەوارەوە، ناوەندی خۆرمیانێ، بوو بە ناوەندی ڕووناکی بیری هاردی لە جێهانێ و، جارێکی دی بەرەو مهیر و دایکاتی زهینی گەڕایەوە، لە دەرەوەش خێڵان بوو بوون بە دوو بەشەوە، بەشێک بە مهیرهۆفی مابوون، بەشێکیش بووبوونە هۆفی. لە خوارووی خۆرمیانێ، پاشانەکەش لە بەری خۆرهەڵاتێ لە ناو هیندەکان، کۆمەڵی چیناتی بنەما لە سەر خێڵانی هاردی شێوەیان هاتۆتێ. بەڵام لە بەری خۆرئاوا، لە نیلێ و یۆنانێ و ڕۆماهێ، کۆمەڵی چیناتی بە سەرچاوە لە خێڵانی هۆفی پێک هاتوون. ئەمە لە لاهێک نێزیکاتی خۆرمیانی دایک و خۆرهەڵاتی کیژە، لەلاهێکیش جوودایەزی ئەم دووانە لەگەڵ خۆرئاوای کووڕ نیشان دەدات. لە بنەڕەتدا نە نێزیکاتی بە واتای وەکوو هێکی دێ، نە جوودایەزی بە واتای دژاتی دێ. وقتهێک خوودێتی کووڕ- ڕەگەزی نێر لە بازنەی مهیر جێدارە، هاوسەنگی هەبوون پێک دهێنێ، کاولکاری لەوێدا دەست پێ دەکات، کە کووڕ لە بازنەی مهیر دەردەچێ و، خۆبەخۆ ڕەوتی هۆفێتی دەگرێ. ئەم پێشینەیە و لێکەوتەکانی، لە سەر هەرهێکە لە کۆمەڵانی خەڵکی جێهانێ، شوێنەواری داناوە. دابەشکردنی جێهان بە سەر خۆرهەڵاتی مێ و خۆرئاوای نێر لاسەنگە و بە ڕاست ناگەڕێ. لە ڕاستیدا هەڵسوکەوتکردن لە سەر بنەمای دووانەی دژ، ڕاست نیەه و هیچ وقتهێکیش خێر و خۆشی بە دوو داناهێ. دووالیزمێک لە گۆڕێ نیەه، هەموو شتێک سێیە لە هێکێکدا، کاتێک چەمکی مهیر بەرامبەر بە هۆف دهێتە پێشێ، دووالیزم بەرجەسدە نابێ، چوونکە مهیر و مهیرهۆف لە ناو هێکدین، هەروەکوو لە ڕەگەزدا مێ و نێرەمووک، لە خوودێتیشدا دایک و کیژ لە ناو هێکدین، ئەوهاش خۆرمیان و خۆرهەڵات لە ناو هێکدین، بە هۆی ڕەهەندە قووڵەکانی ئەم هێکبوونەش، بڵاوبوونەوەی نامووس و شێوەگرتنەوەی شارستانێتی

دایک، لە ناوەندی کووردهەواردا، هێکسەرە ڕوو بە خۆرهەڵات پەخش دەبێ. ئەمڕۆ جێهان سەرانسەر بۆتە هۆفی و، نەزمی چیناتی هوومری هەمووانی بە خەسارداوە، وەلێ جۆرێتی و ئاستی هۆفیبوون لە جهێ لە بۆ جهێ جوودایەزە. لە ڕاستیدا پێشڕەفتی هۆفێتی لە جێهانێ، وڵاتانی خۆرئاوان. سەرەڕۆهی و خەرووری دەسهەڵاتەکانی ڕۆژئاوا، هەمان سەرچڵی و خەرووری نێرن، نێرێک کە هۆفێتی سەری لێ ستاندبێ. خۆرئاوا بە پێوەری تەن- کاڵا هەڵسوکەوت لەگەڵ زیندەگیدا دەکات، هەڵستان و دانیشتنی شەڕهەنگێزە، بێ سۆزە و لە هەموو بارێکدا دژمنکارانە لەگەڵ خەڵک و خاک و سرووشتدا دەجوولێتەوە. خۆرهەڵات دوو بەشە، بەشێکی لەو کیژە دەچێ، ئەوەی لە ڕووخسار و ڕەفتاریدا لاساهی کووڕان دەکاتەوە، بەشەکەی دیکەی وەکوو ژنێک وهایە دەستی دابێتە لەشفرۆشتنێ. لەم نێوانەدا خۆرمیان وێنەی دایکێکی پیر و لە پێ کەوتووە، دایکێک کە لە سەر دەستی کووڕەکانی خۆیەوە لە ماڵ فڕێ درابێتە دەرێ و، نکۆڵی لە دایکێتیەکەی بکەن.

## پۆپەی 21

ئەوی سەختگیر خۆی بە دیوی دەرەوە هەڵبواسێ، لە دیوی ناوەوەی دادەبڕێ، بەمەش دەبێتە ترس و تارماهی بە سەر خۆی و ئەوانی دیکەدا. قۆمەکانی خۆرئاوا بە قووڵی دەردەداری ئەم دابڕانەن، وها هووشک هەڵاتوون قەڵەشاون، لە پاشماوەی گۆماوێک دەچن، لە مێژبووبێ ئاوەکەی هیشکی کردبێ. دەردەکە بە هەندازی جوودا، قۆمەکانی خۆرهەڵات و خۆرمیانیشی گرتۆتەوە. هەموو تەنەهان، کەس هامێزی سۆز بە کەس نادات، کەس هاوڕاز نیهە و، دەردەدڵکردن گوێگرێکی بە هەقی نەماوە. نەهامەتیەکانی دەروون و دەماخ، بە هەندازێک فەرەوان و، بە ڕادەیەک خەستبوونەتەوە، کەس لێی بە دەر نیهە. ئەمڕۆ هەموو نەخۆشن، بڕێکتان لە نەخۆشخانەن، بڕێکیش لە دەرێ. هەردەشبوو بەشەرێت بەم دەردە بجێ، چوونکوو هۆفێتی و چیناتی سەرچاوەی دەردن. کاتێک هەموو شتێک لە تێڕوانین و هیزرینی بەشەردا، بە پێودانگی تەن دەپێودرێ، ئەو وقهتە بەشەر خۆیشی لێ دەبێتە تەن، سەرەنجام لە نێوان تەنەکاندا خۆی لە دەست دەردەچێ و لێی بزر دەبێ. خۆرئاوا جمەی دێ لەو خەڵکانەی خۆیان بزرکردووە، بزربوونێک قەت نەیانتوانی بیبیننەوە، هاخر پێوەرێک کە پێی دەپێون، بزربووەکە ناناسێ. خەڵکەکە بە قووڵی هەست بە ونبوونێک دەکەن و، ناشزانن چیان ون کردووە، بێگوومان ناشتوانن بیزانن، لەبەرئەوەی لە دەرەوەی تەن(مادە) شتێکی دی لە باوەڕیاندا جهێی نەدراوەتێ، کەواتە چ بدۆستنەوە؟ ساڵانە دەهان هەزار خەڵک، لە هەژمەتی ئەو بزربوونەی تێی کەوتوون، خۆیان دەکووشن. دەنگوباس وهایە،

خۆکووشتن لە جێهانیː، پلەی دەهەمینی گرتووە لە ڕیزبەندی هۆکارەکانی مردندا، هۆی هێکەمیش لەخۆکووشتنەکاندا، خەفەتباری و بێتاقەتیە دەروونیەکانە، ئەوانیش خۆبەخۆ بە دەروون ناکەون، هەلومەرجی چیناتی بە سەر بەشەریان داهێناوە. مێینەکان هەم نازکتر و هەم هەستەوەرترن، هەمیش لە باروزوورفی زیێدە خراپ دان، لە بەرهەندێ سی هێندەی نێرینەکان ئەو بەڵایە بە سەر خۆیاندا دهێنن. لە ڕاستیدا بە تاڵبوونەوە هەیە، بە تاڵبوونەوە لە واتا کاولبوونێکە لە هەلومەرجی چیناتی کەوتۆتەوە، بەشێک لە خەڵکی بوونەتە جۆرێک لە ئامێری جوولاو، ئەو خەڵکانە هەستەکانیان بە هەندازێک سڕ و سیستن، بەشی دەرککردن بە پووچبوونەوەی واتا ناکەن، بەڵام خەڵکانێکیش هەن زیێدە هەستەوەرن، کاتێک هەست بە هیچ و پووچبوونی زیندەگی دەکەن بەرگە ناگرن، دەکەونە ناهوومێدی و دۆخی خنکانەوە، ئەمەش بەرەو خۆکووشتنیان دەبات، دەلوێ بەرەو کووشتنی کەسانی دیکەش پاڵیان پێووە بنێ. هۆفێتی دەست بە سەر هەرکەسێکدا بگرێ، ئەو کەسە، یان خۆی لە ناو دەبات، یان کەسانی دی. هەڵکووتانە سەر قووتابخانەکان و بە کۆمەڵ کووشتنی منداڵان، خورتیگێکردنی ژنان و پاشان کووشتنیان، نموونەن لە لێکەوتەکانی بە ترۆپک گهیشتنی هۆفێتی لە وڵاتانی خۆرئاوادا. لە پشت ئەم بە ترۆپک گهیشتنەی هۆفێتی، چەندان هۆکاری بنەڕەتی هەن، هێکێکیان ئەوەیە، زۆربەی زگپڕی و لە دایکبوونەکان بەرهەمی گانی نابەدڵانەن، هەندێکیشیان بە خوورتیگێ وەچەیان خستۆتەوە، نموونەکەی لە دووهەمین جەنگی جێهانیدا، بە سەدان هەزاری لێ بیندراوە. ئەگەر ژنێک خوورتیگێی بکەن، یان لە گانی نابەدڵانەدا دووگیان ببێ، منداڵەکەی بە دروستی وەبار ناهێ، چوونکە ئەو ڕووداوە دەیخاتە دۆخێکی ناهەمواری دەروونی و، کاریگەری قووڵ لە سەر هێلکۆکە و منداڵدانی دادەنێ، دەلوێ لە ڕادەی بەرزی هۆفیبوونی جووتگرەکەشیەوە، گیناتێک لە هۆفێتی بچێتە پێکهاتەی کۆرپەکەوە.

## پۆپەی 22

خۆرمیان دایکە، ئازاری هەیە و بە توندی دهێشێتن، بە دیوێکدا وەکوو دایکێک وهایە، لە سەروبەندی منداڵبوون دابێ، بە دیوێکیش شێوەی منداڵێک دەکات، لە ناو جەنجاڵی بازاڕدا دایکی ون کردبێ. منداڵەکە بێ ئۆقرەیە، شپرزە و سەرگەردان بە دەم هەنسکی گریانەوە، بە دووی دایکیدا دەگەڕێ، نە دایکی لە بۆ دەدۆستدرێتەوە، نە ژنانی بازاڕەکە جهێی دایکی دەگرنەوە. لەولاشەوە خۆرهەڵات بە دوو چەشن خۆی دەنوێنێ، لە کەسێتی هیندەکاندا ژنێک دهێتە بەرچاو، لە تاو بێ نانیدا دەستی دابێتە لە شفرۆشی، لە کەسێتی جاپۆنی و چینیشدا کیژێک دەبیندرێ، وا دەستی لە ناز و نیانی

کەنیشکانە بەرداوە و، لە ڕەفتار و ڕووخساریدا لاساهی کووڕ دەکاتەوە. خۆرئاوا کووڕە، کووڕێکی سەرەڕۆ و کەم هەقڵ، بە زەبر و زۆردارەکیانە خۆی سەپاندۆتە سەر دایک و خووشکی و، بە توووندی دەستی لێ وەشاندوون. دایکە پیر و داماوەکە، دڵتەنگ و خەفەتبارە، وا لە بن چەپەلۆکی منداڵەکانیدا گرمۆڵەیە، نە دەتوانێ لەشی خۆی بە کووڕەکەی بفرۆشێ، نە دەشتوانێ کووڕانە دەربکەوێ. سەرەڕای ئەوەش، زەندەقی لە ڕووت بوونەوە چووە، کراسی دایکاتی بە بەرەوە نەماوە و، کراسی منداڵەکانیشی بە بەری ناکات، لەبەر هەندێ مۆدێلی مووسلەمانێتی وەکوو جلوجۆڕێک هاڵاندۆتە خۆی و دەستی لێ بەرنابێ. سەختگیری لە مووسلەمانێتی و، گەیشتن بە پلەی توووندی و تەقاندنەوە، لێکەوتەی ئەو ترسەن. خۆ ئیسلام بچمێکە لە بچمەکانی چیناتی، بەڵام زادەی خۆرمیان خۆێتی، لەبەرئەوەیە خۆی پێ دادەپۆشێ و، بە جلکی دەرێ ڕازی نابێ. دۆخی دەرێ جوودایەزە، خۆرهەڵات و خۆرئاوا منداڵانی خۆرمیانن، بێگوومان دەتوانن چاو لە دایکیان بکەنەوە، هەروەکوو کردوویانەتەوە، چوونکە هەر بە خۆڕسک منداڵ بە شوێن پێی دایکیدا دەڕوات، دەشتوانن چاو لە هێکدی بکەن، ئەمەش هاوشێوەی چاو لە هێکدیکردنی خووشکان و برایان وهایە. وەلێ دایک پەروەردگارە، قەت لاساهی منداڵەکانی ناکاتەوە، بەڵکوو پەروەردەیان دەکات و، ڕێی ڕاستیان نیشان دەدات. ناوەندی خۆرمیان کووردهەواری دایکە، ئەوەتانێ وا سەر لە نوێ دڵی دایک دەکەوێتەوە لێدان، سەرلەنوێ خوونی زیندەگی و زیندووبوونەوە بە جێهانێدا بڵاودەبێتەوە. هۆ خەڵکینە، پێشترێ بەڵێنیتان درابووهێ، کە لە هاخیری زەماندا، فەریادڕەس دێ، دەی ئێستاکێ سەرهەڵبڕن، بە دید هاتنی ئەو بەڵێنە بە چاوی سەر ببینن، ببینن وا فەریادڕەس لە کێوستانی کووردهەواریدا دەرکەوت، لە هامێزی ئەو خاکە مووبارەکەدا، ڕووناکی خۆی بە جێهاندا پەخش دەکات. ئەم دەرکەوتنە گەورەترین ڕووداوێکە لە ڕەوەندی بەشەرێتدا، بە دیوێکدا گوزارشتە لەو دایکەی منداڵی دەبێ، بە دیوێکیش گوزارشتە لەو منداڵەی دایکی بزربووی دەبینێتەوە. هیدی تەواو، هۆف لە دەسهەڵات دەکەوێ و، دەوڵەت و دەسهەڵاتی چیناتی کۆتاهی پێ دێ. لە خواروووی کوورهەوار، لە دەشتە لیتەکانی مابەینی دوو چۆمەکە، هێکەم دەوڵەت دامستدرا، هەرلەوێش دەوڵەت و دەسهەڵاتکردن بە سەر خەڵکیدا هەڵدەوەشێتەوە، سەر لە نوێ شارستانێتی دایک بە شێوەی فەرمانڕانی بەرپا دەبێ. ناوەندی شارستانێتی دایک، هەزاران ساڵ بە ڕەگ و ڕەهەندە قووڵەکانیەوە خۆی پاراست، لە کۆتاهیشدا وقتهێک خستیانە تاریکیەوە، خەڵکەکە نەبوونە دەستی بەرهەمهێنی سەرمایەداری، بەڵکوو تەنەها بەکارهێنەری بەرهەمەکانی سەرمایەدارین. دایکانی کووردهەواری، گەورە داهێنەرانی مهیرین لە جێهانێ، کووردەکانی ئەوڕۆ نەوەی ئەو دایکانەن، نازانن و ناتوانن شتێک دروست بکەن زەرەری هەبێ. ئەم جۆرەی نەزانین، تاقە نەزانینێکە شانازی پێوەکردنی دەوێ،

هەربەڕاستیهیش شایان بە کۆمەڵی کووردهەوارە. قۆمی ئەم هەوارە لە پەیدابوونی بەشەرەوە، تەنەها ئەو شتانەیان بەرهەمهێناون، کە بە سوودی بەشەرێت دەگەڕێن و، لێکەوتەی خراپیان بە سەر خاک و ئاو و هەوا و، بە سەر گیاندارانەوە نیهە. کووردان بە پێشینە و تایبەتمەندێتی دوور و قووڵیانەوە، لە هەرکۆمەڵێکی دیکەی بەشەری جوودایەزن، پێکهاتەی خانەکانی مێشکی خەڵکی ئەم هەوارە، کاریگەری قووڵی پیشینانیان بە سەرەوە ماوە، تەندروستتر و زیندووترن لە پێکهاتەی خانەکانی ناو سەری گێرمەنەکان، فەرهەنگی و ئەنگڵەکان، یان تورکەکان و هارەبەکان ، چوونکوو هەرهێکە لەم قۆمەتانە هەزاران ساڵە هۆفین، پێشینەی توولانی و توونديان لە چیناتی و کۆیلاتی هەیە، بەم هۆیەوە پێکهاتەی مێشکیان زۆر بە خراپی گۆڕدراوە، وەلێ گۆڕان لە مێشکی کووردەکاندا، تازەکی و سنووردارە، تەنەها نێزیکەی سەدوپەنجا ساڵێکە خزاونەتە ناو هەلومەرجی چیناتیەوە، هیچ وقتهێکیش کۆیلاتی و نزمبوونەوەیان بە خۆیانەوە نەدیوە. ئەمڕۆ کاتێتی، قیامەت بەرپا دەبێ، دایکە پیرەکە دەست بە ناموسەوە دەگرێ و هەڵدەستێتەوە، لە خەتا و خراپەی منداڵەکانی خۆش دەبێ و، بە زەردەخەنەوە باوەشی دایکانە بە جێهانێدا دەکات.

## پۆپەی 23

زهینی بدەنێ، لە هێکچوونێک هەیە، بێشک سەرنج ڕادەکێشێ، لە کۆمەڵانی بەشەرێتدا نێر دەستدرێژی دەکاتە سەر مێ، دایک لە سەردەستی کووڕ و، خووشک لە سەردەستی برا ئازاردیدەن، ئەمە وێنەی هێکەمە. وێنەی دووهەم ئەوەیە، خۆرمیان بە کەسێتی دایک و، خۆرهەڵات بە کەسێتی کەنیشک، هەردووکیان توونت توونت بەردەستدرێژی خۆرئاوا کەوتوون، ئەو خۆرئاوایەی کەسێتی کووڕی سەرەڕۆ بەرجەسدە دەکات. لە دەستپێکێدا خێڵە هۆفیەکانی بیابانی هارەبان و دەشتی شامێ، هەڵیانکووتاوەتە سەر کووردەهەواری دایک، پاشانەکە گریکی و ڕۆمی، پاشتریش ئەنگلی و فەڕەنگی، دەوامیان بە دەستدرێژیهەکان داوە، بەڵام لە چ تاقی هەڵمەتەکاندا دایک بە بندا نەکەوت، هەرلەشکرێک هاتبێتە کووردەهەوار، بە دۆڕان لێی جۆتە دەرێ. پەلاماری خۆرئاوا لە سەر خۆرهەڵات، فەرەوان و هەمەلایەنەیە، هێند و جاپۆن و فێتنام نموونەی ئەو مەفتەنانەن زەبری کووشندەیان لێ دراوە. سەرەتای قۆناخی کەوتن، لە خۆرمیانێ سێ سەد ساڵ، لەو ماوەیەدا کەوتنێکی بە کاوەخۆ و هێواش ڕوویداوە، کەوتنی زهینی و دەروونی، کەوتن و کوژانەوەی هاخیرین مەشخەڵەکانی مهیریات و، خۆ بە دەستەوەدانێکی دڵتەزێن. ئەمڕۆ خۆرئاوا وەکوو پێشترێ، لە ڕەگەزی نێر و خوودێتی کووڕدا واتا دەداتەوە، وەلێ خۆرمیان و

خۆرهەڵات، چیدی گوزارشت نین لە دایک و کەنیشک، هەردووکیان بە خراپی کەوتوون، هەمان ئەو کەوتنەی لە ژینی بەشەریدا، بە سەر دایک و کچ داهات. لە زهین و زار و لە کرداردا، خۆرئاوا زالە بە سەر خۆرمیان و خۆرهەڵاتدا، بە هەمان شێوەش نێر لە هەرسێ باردا، باڵادەستە بە سەر ڕەگەزی مێ. ئەمڕۆ زهینی نێریتی و هۆفێتی، گرێدراو بە نەزمی چیناتی، جێهان هەڵدەسووڕێنێ، لە میانیدا شان و شکۆی بەشەرێت، بۆتە تۆزی بنی چووستەک. لە هاخیرین سەدەی تاریکیدا،"هەدۆلف کووڕی کلارا" (ناسدراو بە هیتلەر) سەرناوێکە لە تاوانکاری و دڕنداتی، زەقکردنەوەی ئەو سەرناوە، بە قەسدی شێردنەوەی ناوی گەورە تاوانبارانی ڕۆژگارە، دەنا کووڕەکەی کلارا لە چاو ئەوانی پاش خۆی، بە هەفت ئاو شۆردراوەتەوە. دەسەهەڵاتە بە ڕووالەت ناکۆک و دژەکانی خۆرئاوا - خۆرهەڵات دوونین، لە جەوهەردا هەرهێکێکن، لە ڕاستیدا دوو لەتی تەرسەقووڵێکن. هەردوولا چەشناوچەشن تەقەمەنی و تفەنگی کۆمەڵ کووشتنێ بەرهەم دهێنن، ساڵانێکی زۆرە لە ناو زەریا و لە قووڵاهی خاکدا، ئەو تەقەمەنیانە تاقی دەکەنەوە، دەیانهەوێ بزانن داخۆ بە هۆیانەوە، دەتوانن چەندێک خاک و خەڵک لە ناو ببەن. ئەو چەکانە چ بە کاربهێن و چ بە کار نەهێن، لە مێژە خەڵکی جێهانێ لە نێوبردراون، ئەوەی ماوەتەوە تەن و توێکڵی خەڵکە، نەک خەڵک لە واتای جەوهەردا. خەڵک زیندوو بان، ڕادەپەڕین و دژ بە نەزمی ئەمڕۆی جێهانێ هەڵدەستانەوە. کووشتنی بە کۆمەڵی زیندەوەرانی ئاوی، قڕکردنی دارستان و گیاندارەکانی، زهەراویبوونی هەوا، سوێربوونی ئاوی ژێرزەوی، پیسبوونی ئاوی سەرزەوی و سەدان دەردی دی، چ تاقیان خەڵکیان ڕانەچڵەکاند. بەشەرێت لە داڕزین و داوەرینێکی گشتەگیر دایە، داڕزینێک لە وێنەی ژەنگرتنی ئاسن، داوەرینێک وەکوو درەختێکی دەردەدار. خەڵکی جێهان خافڵ و بێ هەبەرن، کەمکردنەوەی دانیشتوان ویستێکە، نەزمی سەرمایەداری نەقش و پلانی داوەتێ، گرێدراو بەم مەبەستەش شەڕی بە پارچە و، شەڕی سەرتاپاگیر قەڵەمی لێ دراوە. تاقمەکانی دەسەهەڵات، چ ڕێکخستنی ناودێر بە دەوڵەت، چ ناودێر بە بزاف، هەرهێکەیان بە ڕێگەی جووداجۆر خەڵکەکەی بندەستی خۆیان لە بەین دەبەن و، پلانی کەمکردنەوەی دانیشتوان جهێ بە جهێ دەکەن. شەڕە هەرێمیەکان دەکەونە بازنەی شەڕی پارچەوە، دەستپێکردن و وەستاندیان بەرزەفتی جەمسەرەکانی سەرمایەدارین. بەڵام سەبارەت بە شەڕی سەرتاپاگیر، ترس هەیە لە دەست دەربچێ، لەبەرئەوەیە وەپاش دراوە. سەرانی سەرمایەداری، سەری گەورەی هۆفێتین، ئەو سەرە هۆفانە کاکڵی بەشەرێتیان وێران کرد، وا بە تەمان توێکڵەکەش هەپروون بکەن. هۆ خەڵکینە، کاولکردنێکی گشتەگیر بەڕێوەیە، ئەگەر زوو بە زوو لاق و دەستی نەزمی سەرمایەداری نەشکێنن، قڕتان تێ دەکەوێ. هەی ئەو کەسانەی دەستتان بە چەکە کاوڵکارەکان، بە فڕۆکە و مووشەک و کەشتیە جەنگیەکان ڕادەگات، بە گیانی خۆتان خاک و خەڵک بپارێزن، بە گیانبازیتان

ئەو چەکانە تێکبشکێنن، بەم کارەتان لە دادی گەردوون نێزیک دەبنەوە و، بهێشتی هەتاهەتاهی دەستەبەر دەکەن.

## پۆپەی 24

دەسهەڵاتی چیناتی بە دزینی بنەماکانی شارستانێتی دایک، خۆی بە ڕێکخستن کرد و پایەی داکووتی، پاشانەکە بە دەست خستنە ناو هەناوی خاکی دایک و، بە دەستدرێژیکردنە سەر سرووشت، قۆناخەکانی گەشەکردنی بڕی. بەشەر با بزانێ زۆر دڵڕەقانە کەوتۆتە هەڵدڕینی لەشی دایکی خۆی، دایکێک کە بە هەموو واتاهێک بوونەوەرێکی زیندووە و، بێشک کاردانەوە بەرامبەر بە خراپەکاریەهەکان نیشان دەدات. لە هێکەمین شێوەگرتن و دواهین بە شێوەهاتنی دەسهەڵاتی چیناتیدا، هەموو هەنگاوەکان ناکۆک بە زیندەگی هاوێشت دراون. ئێستاکێ هۆفێتی و چیناتی بە ترۆپک گهیشتوون، قۆناخێک نەماوە پێی بگەن. سەرمایەدار سەری گەورەی هۆفە، بە سەر سەری هەمووانەوە ڕاوەستاوە، تفەنگچی بە ویستی ئەوان فیشەگ دەتەقێنێ و، مەرگی پێش وقهت بە زەوی دادهێنێ، جووتیار بە ویستی ئەوان تۆو دەوەشێنێ و، لە باتی خۆراک زهەر بەرهەم دهێنێ. تۆوی بەروبوومەکان خراپ کردراون، ئەگەر دەست لە دەستکاریکردن و کیمیاپێدانیان هەڵنەگرن و، ڕێیان لێ بەربەدەن بە سرووشتیببنەوە، بێشک ڕۆژێک دێ ناچارن بە تەک ڕەشەوڵاخەکانەوە دڕک و داڵ بخۆن. ڕێسای سرووشت زهینی هوودایە، وەڵام بە هەرکردارێکی ناسرووشتی دەداتەوە. تاهێرە و بەس، لاسەنگیەکان بە هەندازێک گهیشتوون، لەمەوپاش ئافاتی گەورەیان بە دوو دادێ. ئەو ڕێیەی ئێستای بەشەرێت، ڕێی لە ناو چوونێتی و، وا لە سڕانەوەی تەواوەتی نێزیک بۆتەوە. هیچ ئاستێک لە خراپەکاری نەماوە پێی بگەن، ئەو ئاستەی خەریکن هەنگاوی لە بۆ دهاوێن، هاخیرن هەنگاوە و بە هیکجاری لە بەین دەچن. نەزمی سەرمایەداری لە دۆخی سەرمەستێکە، ئاگری لە ماڵی دایکی بەرداوە، ئەوەندەشی خواردۆتەوە، بە دەمدا کەوتووە و، هیچ ئاگای لە خۆی نەماوە، مەگەر هوودای مهیربان ڕهەم بکات، دایک بکەوێتە دڵی و خێرا بگەڕێتەوە ماڵێ، دەنا ماڵەکە و کووڕەکەشی بە هێکەوە دەبنە خۆڵەمێش. ئەمڕۆ جێهان بە دەست نەزمی سەرمایەداریەوە، دۆخێکی ئەوها دایە، جا هاقڵ بن و هۆپێک لە خۆتان و لە هەموو شتێک بکەن. ئەوەتانێ، لەو کاتەی خەریکە بە هۆی هۆفیبوونتانەوە، جێهان بە هێکجار کاول دەبێ و، قڕتان تێدەکەوێ، ڕێک لەوکاتەدا فەریادڕەس دێ تەنافی دەربازبوونتان دەداتێ و، بەرەو شارستانێتی دایک دەتانپەڕێنێتەوە. خەڵکینە سەر هەڵبڕن، مهیربانی و ڕهەمی هوودا بە چاوی سەر ببینن.

## پەلی پێنجەم

پۆپەی 01

جێهانی چیناتی لە ترۆپکی خۆی دایە، هەم ڕۆبۆت دروست دەکات، هەم بەشەر بەرەو بە ڕۆبۆتبوون دەبات، هێکێک کانزا و هێکێک گۆشتن. وقتهێک بەشەر توێکڵێکە خاڵی بۆتەوە لە سۆز و، بە شێوەی خشتەکی هەڵدەسووڕێ، ئەو وقهتە پێناسەی رۆبۆتی گۆشتن هەڵدەگرێ. ڕۆبۆت ئامێرێکی کانزاهینی زهین پێدراوە، نە سۆزدارە، نە دایک و نە خووشک و برا، نە دۆستێکی هەیە، بە جۆرێک دەجوولێتەوە، کە جۆری جوولەکردنەکەی تێیدا چێندراوە، بەبێ ئەوەی هەڵبژاردنی جوودایەزی لە بەردەمدا هەبێ. برۆننێ، لە هەرجهێ سەرمایەداری گهیشتبێتە ترۆپک، لە وێدا سۆز بەرەو ئاستی بنبڕی لە کەمی داوە و، پەیوەندی کۆمەڵاتی لە نێوان دایک و منداڵ، خووشک و برا تووشی هەرەس هێنان بۆتەوە، سەرەڕای ئەوەش لە وێنەی ڕۆبۆتە ئاسنینەکە، کاروبار دراوە بە کۆڵیاندا و، بەبێ نقە هەڵیان دەسووڕێنن. لە هەفتەدا شەش ڕۆژ و، لە ڕۆژدا هەشت هۆقە کاردەکەن، ڕۆژی هەفتەم دەچنە مەیخانان سەرگەرمی سەما و سەرمەستین، دەیانهەوێ خۆشی دەربڕن، هاخر وها دەزانن ڕۆژێک هەیە هی خۆیانە و، دەتوانن ئەو ڕۆژە لەو بەد بەختیەی تێی کەوتوون بڕۆنە دەرێ. های بەدبەختینە، خڕکەبەردی ڕەوەزان زگیان پێتان دەسووتێ، خووترە داری بناران دڵیان تەنگە لە بۆتان، وا داروبەرد دەزانن، خۆتان نایزانن لە چ هاڵێک دان، هەر ئەو تاقە ڕۆژەی هەفتەش، ئەوەی وها دەزانن هی خۆتانە، ئەویش هی نگۆ نیهە. ژیانی بە ئاهەنگیان لێ زەفتکردوون و، لە باتی ئەوە کەمێک سەما و سەرمەستبوونتان دەدەنێ، ڕۆژێکتان دەدەنێ هێزتان تێبگەڕێ، هەتا بارگاو ببنەوە، ئینجا هەفتەی پاش ئەوە، وەکوو هەموو ئامێرەکان بە گەڕ بکەونەوە. ئەم بە ئامێربوون و، سارد و سڕبوونە، دۆخی ساردبوونەوەی وزەیە، دۆخێکە سەرلەبەری هۆفیانەیە، لێی وەرنە دەرێ، بگەڕێنەوە سەر ڕێی سۆز و دڵاوەری. لەوە تێبگەن هەڵپچرینی پەیوەندی دایک و

منداڵ، خووشک و برا، نەمانی خزماتی و دۆستاتی، زووتێپەڕی لە هاودەمیدا، ئەوپەڕی هۆفێتین. خووشک و برا فێربکەن ئەوان دوو لەتی هێکێکن، هەرلە بنەڕەتیشدا برا لە لەشی خووشکی جوودا بۆتەوە، فەرزە بە سەر دایکانەوە لە هێکیان نێزیک بخەنەوە، با خووشک لە کەسێتی براکەیدا هەست بە پشتیوانی نێر بکات، برا لە کەسێتی خووشکەکەیدا جوانی و نەزاکەتی مێ ببینێ. بازنەی مهیر ئەمەیە، هەرهەڵسوکەوتێک لە دەرەوەی ئەم بازنەیەدا، دەکەوێتە سەرهێڵی هۆفێتی و، وەکوو بێ نامووسی واتای دەدرێتێ. ببینن، لەوەتی سارد و سڕی، جهێی دڵگەرمی و دڵاوەری گرتۆتەوە، گوزەران لە هیچ جهێ خۆش نەماوە، هەموو هێکێک لە قرچەی گەرماشدا، سەرمابردەلەیە و هەڵدەلەرزێ. بەشەری ئەمڕۆ زۆر تەنەهایە، هەیانە بە قەسدی سەبر و سێبووری، سەگ و پشیلە لە ناو ماڵەکانیان ڕادەگرن، خافڵ لەوەی کردەوەکە هۆفیانەیە. خەرەفاوینە! مێشکتان بکەنەوە، بە تێکدانی ڕەوتی سرووشتی لە گیانداران، هیچ بە هیچ ناکەن، دەردەکە گەلێک گرانە، بە هێنانی سەگ و پشیلە دەرمان نابێ. جاران خەڵکی سەرزیندوو بوون، بە دڵی شادەوە، تەواوی تەمەنیان لە گووندێک دەگوزەراند، هەنەوکە ئەمسەر و ئەوسەری جێهانێ دەگەڕێن و، دواجار لە کۆتاهیشدا دڵتەنگ لێی دەچنە دەرێ، چوونکی هۆفین. لە هەرجهێ بن هاوکێشەکە وهایە، لە هۆفیبووندا خۆشیەهکان و، لە مهیریبووندا ناخۆشیەهکان کەم و زوو تێپەڕن. لە هەڵپەکردن و هەڵوەدابوون، لە دەستبردن و خۆهەڵواسین بە هەرشتێک و بە هەرکەسێکەوە، بەشەر ئامانجێتی بگاتە خۆشگوزەرانی و، ناشیگاتێ. لە کۆشکی قات قاتی نەقشین و شووشەبەند دەخەون، هەموو کارێکتان بە دۆگمە هەڵدەسووڕێنن، بەڵام ناهوومێد و وەڕس و دەقەزارن، تەنانەت هەندێک وقهت مەرگ بە شیرین دەبینن و، پەنای پێ دەگرن. هۆ خەڵکینە! لە هۆفێتی دەرچن، مهیر لە خۆتاندا بەرجەسدە بکەن، پەنا بە هوودای تاقانە بگرن، تەنەها ئەمەیە ڕێی ڕووناکی و کامەرانی.

## پۆپەی 02

لە هەرسێ باری زهینی و زاری و زەمینیدا، سەرمایەداری بە هەندازێک قووڵ بۆتەوە، چەمکی شتومەک بەشەری قووت داوە. لە ناو ئەو هەلومەرجەدا، بەشەر تەنەها بە هۆی شمەکەوە دەتوانێ هەبێ، بەشەری بێ شمەک و سامان، نابیندرێ و ناخووندرێتەوە. کەسێک کە دارای سامان و ماڵە "هەبوو"ە، ئەوی نەداربێ بە "نەبوو" دەیناسن، واتە کەسی بێ سەرمایە وەکوو کەسێک کە نیهە، ئەوها هیسێبی دەکەن، خەسڵەت و تایبەتمەندی کەسێتیەهکەی بە هیچ دادەنێن. ئەمڕۆ هاخیر زەمانە، بەوەدا بیزانن وا بیری هۆفێتی و خواستی سەرمایەداربوون، هەمووانی گرتۆتەوە، هەمووان

لە دیتنی دوونیا و، لە زەین و زاردا، هەڵگری بیری سەرمایەدارین، تەنەها لە بارە زەمینیەکەدا جیداوازن، بڕێکتان سەرمایەدارن و بڕێک بێ سەرمایە. باش باش تێبگەن، سڕانەوە و لە بەهاکەوتنی خەسڵەتەکانی خوودێتی و، پڕبوونەوەی بەشەر بە بەهای شمەک، بەبێ کەم و زیاد، واتای بە کاڵابوونی بەشەرە. ببینن، وا ڕووی زەمین سێ کاڵای تێیدا هەڵدەسووڕێ، "شمەک، پارە، بەشەر" ئەو سێ کاڵایەن. کاڵای هێکەم و دووهەم دەستکردی بەشەرن، لەگەڵ ئەوەش بە نرخترن لە خۆی، لە ڕاستیدا کەم بەهاترین کاڵای زەمان، خوودی بەشەر خۆێتی. لە ئەوڕۆی سەرمایەداریدا، بەشەر تەنەها کاتێک دەتوانێ "هەبوو" بێ، کە دوو کاڵاکەی دیکەی هەبن. لەو ڕۆژەوەی بەرهەم بوو بە کاڵا و، نرخێکی دیاریکردراوی لە بۆ نیشان درا، بەشەر کەوتە بێ نرخیەوە. بەرهەم بەرجەسدەی ڕەنجی بەشەرە، وەلێ لە دەستی ڕەنجدەر دەرهێندراوە، بۆتە کاڵا و، بازرگانان لە بازاڕی شاران مامەڵەی پێوە دەکەن، هەتا نرخی کاڵاش لە بازاڕەکان گرانتر بێ، بەهای بەشەر سووکتر دەبێ. "کارل کووڕی هینریتە" ڕاستی گووت: چەندێک نرخی کاڵا بەرز بێتەوە، بەو هەندازەیە بەهای کرێکار لە کەمی دەدات. کاڵا چەندە جوانتر بەشێوە بێ، کرێکار لە بەرچاوان قێزەوەنتر دەبێ، چوونکە ئەو جوانتربوونە نرخی کاڵا دەباتە سەرێ، بەو چوونە سەرەوەی نرخی کاڵاش، خاوەنی کاڵا قازانجی پترە، ئەمەش پایەی بە سەر کرێکاردا بڵندتر دەکات. بەرهەم چەندێک بە زیێدە دەبێ، بەو هەندازەیە هۆف هەڵدەکشێ و، مهیر پتر تووشی داکشان دەبێ. ڕەنجدەران بە زیێدەکردنی بەرهەم، ئەو کەسانەی بە سەریاندا باڵا دەستن، قەبە و قەڵەوتر دەکەن، لە کاتێکدا ئەوانی لە سەرووی ڕەنجدەرانەوەن، سەردەستەی هۆفین. ئەو کەسانە چەندە کاڵای پتریان بە دەستەوە بێ، دەسهەڵات و خرووریان زیادتر و، ئاستی هۆفیبوونیان بڵندترە. وێنەکە ئەوهایە، تۆبز وەشێن سەرمایەداری چەوسێنەرن، ئەوانی داری دەسکی تۆبزیان هێناوە و، ئەوانی دارەکەیان داتراشیوە، هەمان ئەو کەسانەن کە بەر تۆبزەکە دەکەون. لە واتاهێکدا ڕەنجدەران خۆیان دەستی توونڍی ستەم و خووساندنەوەیان بە سەرمایەداران داوە.

## پۆپەی 03

سیستەمی سەرمایەداری، لەم قۆناخی بە ترۆپک گەیشتنەی ڕۆژگاری ئەوڕۆیدا، هەموو سرووشتیبوونێکی لە بەشەردا دواهی پێ هێناوە، تاقە شتێک نیهە بە سرووشتی خۆی مابێتەوە. هەی لە خۆتان بێ هەبەر، ئەو هەوا و هەناسەیەی هەڵیدەکێشن، ئەو بۆنانەی هەڵیدەمژن، ئەو دەنگانەی دەچن بە گیوێتاندا، ئەو ڕۆشناهیەی نیگای دەکەن، ئەو خواردنانەی دەیانخۆن، ئەو جلانەی لەبەریان دەکەن، ئەو کەفاوەی خۆتانی پێ

دەشۆن، ئەو پێخەفەی لە ناوی دەنون، ئەو ڕایەخەی لە سەری دادەنیشن، کەرستەی ئەو هۆدە و هەیوانەی تیایدا دەژین، ئەوەی لێی دەخوڕن و، ئەوانی بەکاریان دهێنن، سەرجەمیان ناسرووشتین، هەرهێکەشیان لێکەوتەی خراپ و بە زەڕیان بە سەرتانەوە هەیە و لێی خافڵن. بنواڕن، ڕووبەڕووی چ بەڵا و بەندێک بوونەتەوە، شەست ساڵە لە بواری چاندنێ، کاولکاریەک بە ناوی فریودەرانەی "شۆڕەشی کەسک" بە زەوی داهێندراوە، هەرلە سەرەتاوە بەوە خەڵکیان خافڵاتاند، گوایە زانست پێشکەوتووە، گوایە ڕێ و شوێن دیتدراوەتەوە، ئاستی بەرهەمهێنانی دانەوێڵە و بەروبوومە کشتوکاڵیەکان، بە چەند قاتی جاران بەرز دەکاتەوە، ئەویش بە بەکارهێنانی "دەرمان و پەینی کیمیاوی، دەستکاریکردنی بنەتۆو، شێوازی نوێی ئاودێری،" وەلێ لێکەوتە بەدەکانی ئەم هەلومەرجەیان لە خەڵکی شاردەوە. ئەم ڕێ و شوێنە ناسرووشتیانەی چاندنێ، بێجگە لەوەی بەرهەمەکان لە بنەڕەتەوە خراپ دەکەن، خراپبوونی پێکهاتەی خاک و ئاوی ژێرزەویشی بە دوو دادێ. لە هەمووی خەتەر و خراوتر ئەوەیە، بە دەستکاریکردنی بنەتۆو و پێدانی پەینی کیمیاوی، بەهای خۆراک لە بەرهەمەکانی چاندنێ کەم دەبێتەوە و، ڕەگەزی کیمیاوی دەچێتە پێکهاتەیانەوە، نەوە بە نەوەش بەرهەمەکان زیادتر لە سرووشتیبوون دووردەکەونەوە، لە هاخیریش ڕەگەزی کیمیاوی لە پێکهاتەیاندا بە ئاستێک بڵند دەبێ، لە باتی ئەوەی مایەی وزە لێ وەرگرتن بن، دەبنە زەهر و بە خواردنیان دەردەدار و زەهراوی دەبن. خەڵکینە پەلە بکەن، خێرا بە خۆکەون، دەنا خۆاردن قڕی تێدەکەوێ و، قڕانیش لە خەڵکی جێهانێ دەخات.

## پۆپەی 04

لە سەرانسەری جێهانێ، سیستەمی خووندنێ و نامەکانی فێرکردنێ، بە پێی پێداویستی سەرمایەداری و دەسهەڵاتی چیناتی قاڵبیان دراوەتێ. نەزمی سەرمایەداری، بە نامەی خووندن و شێوازی گهاندنەکەی، کەسێتی سرووشتی لە بەشەرێت تێک دەشکێنێ و، ئەوجۆرەی خۆی دەیهەوێ و پێویستێتی، ئەوها شێوەی پێ دەداتەوە. بنکۆڵ و بەرهووردێک بکەن لە نێوان خووندەوار و نەخووندەوار، هەنگینێ دەبینن چ کاولکاری و وێرانکردنێک لە پەنای ناوی خووندەواریدا، بە سەر کەسێتی سرووشتیانەی بەشەر داهێندراوە. لە ئاستی گشتەدا، خووندەواران زۆر وێرانترن لە کەسانێک کە نەخووندەوارن، ترس و شەرم، دەروونی لاواز و هاڵۆز، مێشکی ڕەوت پێدراو، هەستکردن بە کەمێتی، باوەڕبە خۆنەبوون، خۆویستی و بەرژەوەندخوازی، مشتێک لەو خەسڵەتانەن، لە میانی تێپەڕبوون بە پرۆسەی خووندنی سەر بە نەزمی سەرمایەداری، لە کەسێتی بەشەردا دەچێندرێن. هاوکات لە نێو خووندەواراندا،

نەخۆشی و مردنی پێشوقهت و، دەستبردن لە بۆ خۆکوشتنێ، ئاستی بڵندیان هەیە. ئەم گشتە دەرد و بەڵایە، لێکەوتەی نامەی خووندن و شێوازی هەڵسوڕاندنی خووندکارە. هێکەمین جار نوسین و خووندنی سەر بە دەسهەڵاتی چیناتی، لە دەشتەکانی خوارێی دیجلێ و فریتۆ نووکە قەڵەمی لێدراوە، لەوێ و لە شوینانی دیکەش نوسین و خووندن لە خانەی هوودا درۆینەکان، تەنەها لە بۆ چینێ بەرسێبەرێ بوون، نەدەبوو هیچ کەس لە چینی بەرهەتاوێ دەست و قەڵەمی هەبێ. وەلێ لە سەدەکانی دواهیندا، دۆخەکە ئاوەژوور دەبێتەوە و، دەسهەڵاتی چیناتی بە مەرامی تایبەتەوە، خووندن دەکاتە زۆرەملێ و، بە سەر هەمووان‌دا دەیسەپێنێ. نەزمی سەرمایەداری لە ڕێی بە گشتەکردنی خووندنەوە، دوو ئامانج دەپێکێ، هێکێکیان پێگهاندنی کارساز و کارمەندی شارەزایە لە بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری سیستەم و، کارخانە و ئامێرەکانی، ئەویدی سڕکردنی ڕەگە زیندووەکانی کرۆکی مێشک و ڕەوتی پێدانی خەزنەی سەرە، بەمەش تواندراوە خەڵک بە گیوێڕایەڵ وەباربهێنن و، وهایان لێ بکەن بە پێی پێویستیەکانی سەرمایەداری ڕەوت بگرن. بەشەر بە خەزنەی مێشک دەجوولێتەوە، ئەوەی لەو خەزنەیە هاخێندراوە، چ لە ڕێی خووندن، چ لە ڕێی مینبەرە جووداجۆرەکانەوە، بوونەتە بنەمای جوولە و هەڵسوکەوتەکانی. نەزمی سەرمایەداری ئامانجەکەی پێکاوە، خووندن لە هەندێک جهێ شەش ساڵ و لە هەندێک جهێ نۆ ساڵ بە زۆرەملێیە، ئەم ماوەیە کێڵگەی مێشک ڕەباس و لە بارە، هەرچی تێیدا بچێندرێ، ڕاگ دادەنێ و، پاشان لە شێوەی داربەڕوو، بە قایمی و قووەتەوە زیندوو دەمێنێ. خەزنەی مێشک لە وەرگرتن و، جهێ کردنەوە و چەسپاندندا، کاراترین قۆناخی دەکەوێتە خوار تەمەنی دووانزدە ساڵانەوە. لە میانی ئەو ساڵانەی تەمەنیدا، هەرچیهەک فێربکردرێ، یان هەڕەمەک لە ڕێی هەستەکانیەوە وەری بگرێ، چ بە بینین و بیستن و دەست لێدان، چ بە بۆن کردن و تام کردن، هەمووی بە قووڵی کاریگەری لە سەر دادەنێن و، لە خەزنەی مێشکیدا دەچەسپێن، جا هەرشتێک چ خاس و چ خراپ، کاتێک لە مێشک چەسپا، لە شێوەپێدانی زهین و هاخلاقی ئەو کەسەدا دەور دەبینێ و، هاسان لە سەری لاناچێ. پاشانەکەش خووندنی سەر بە نەزمی سەرمایەداری، پێ بە پێی توولکێشادانی، لێکەوتە بەدەکانی لە سەر خووندکار بەردەوامن، چوونکوو تایبەتمەندی مووخ ئەوهایە، هەرچیهەک لە ڕێی هێکێک لە هەستەکانەوە چەند بارەکردنەوەی هەبوو، لە خەزنەی مێشکدا تۆمار و جهێگیر دەبێ، بەو جهێگیربوونەش کاریگەری بنچینەهی لە سەر ژیانی کەسەکە دادەنێ. هەرهێکە لە هەستەکان بە جوودا کاری خۆیان دەکەن، بە جووداش دەچنە پۆڵینی خەزنەی مێشکەوە. لە پرۆسەی خووندندا، نامەی داڕەشتدراو بە هەرسی ڕێگەی بینین و بیستن و بەرکەوتن، (خووندنەوە و گیوێگرتن و نوسین) لە مێشکی خووندکار دەترنجێنن، بەمەش چەندێتی و جۆرێتی چەسپاوی نامەکە لە مێشکدا، دەبێتە سێ قات. دۆخەکە لە

بۆ خووندەواران بەم چەشنەیە، وەلێ کەسانێک کە لە قۆناخێکی تەمەندا هۆیێک لە خۆیان دەکەن و، پرسیار و گوومان دەخەنە سەر ئەو شتانەی لە خەزنەی مێشکن، سەریان بزاوتێکی تێدەگەڕێ. باش وهایە تایبەتمەندی مێشک بناسن و لەگەڵیدا شیاوبن، وشە چ لە ناو زهین و چ لە سەر زاردا شەپۆڵدارە، واتای وشەکە هێزی وشەکەیە، ئەو هێزە کار لە خۆتان و ئەوانیدی دەکات، لەبەرهەندێ سەرتان لێورێژکەن لە باشی و پاکی و جوانی، بە دروستی و بە مهیری بیر بکەنەوە و بدوێن. ئەوی بە خۆی بڵێ "دەتوانم" و ئەم وشەیە زۆر دووبارە بکاتەوە، هێزەکانی گەشە دەکەن، سەرەنجام بە توانین و توانامەندی دەگات لە زیندەگیدا، لە کاتێکدا ئەوی بە خۆی دەڵێ "ناتوانم" و بە چەند پات وشەکە دەڵێتەوە، هێزی لە کەمی دەدات و، شکست بە سەر خۆیدا دهێنێ. بە بیرکردنەوەی خراپ و هۆفیانە، خانەی خراپیەکان لە خەزانەی مێشک دەوڵەمەندە، هیدی بە هۆیانەوە هەستەکان و هاخلاقتان خراپ دەبن. ئەو هەموو خەفەت و داخ و تلانەوەیە، هیچ باش نیهە، ئەو جۆرە دڵداریکردنەی هەیە، واوەیلای کردوون و هەردڵێک لە سەد لاوە شکاوە، پاش ئەوەش دهێن سەرتان پڕ دەکەن لە ئاوازی خەمگین و، هێندەی دی پێی دەتلێنەوە، خافڵن لەوەی ئەو دەنگە خەمگین و، ئەو وشە خراپانەی تیایدا دەگووتدرێن، چ کارێکی خراپ لەگەڵ دەماخ و دەروون و جەسدەی بەشەردا دەکەن. ئەو دەنگانە بە شەپۆڵ دەچنە سەرتانەوە، لە ناو سەریشدا بە شەپۆڵ دەچنە هەموو خانەکانی لەشتانەوە، ئەوکات بە هۆیانەوە، خوولان و لەرینی ناو خانەکان دادەبەزن، بۆهێ دەستبەجێ پێی دڵگووشدراو دەبن، کاتێکیش گوێڕادێران لە دەنگی خەمگین دەبێتە خوو، سیستەمی لەش تێک دەچێ و، وهاتان لێ دێ بە هاسانی دەرد بگرن، تەنانەت دەردی کووشندەش. برۆننێ، لە هوونەری ڕاست و دروستی کووردهەواریدا، لاواندنەوە و مەقامی خەمگین، بەستەی شادی بە دوو دادێ، لە هێکەم داکشان و، لە دووهەم هەڵکشان ڕوودەدات، بە هەردووکیان هاوسەنگی دروست دەبێ. خەڵکینە، ئەم ناسینەی تایبەتمەندێتی مووخ بە بنەما بگرن و، ڕوو بە ڕووناکی وەرنە پێشەوە. هەرهێکە لە مێ و نێر گرێدراو بە تایبەتمەندی خۆتانەوە، لە بەرەبەیان و، لە نیوڕان و لە پێشی نوستندا، نۆ وشە بە بەرخۆتانەوە بڵێنەوە، مێینەکان با بڵێن:" من مهیربانم، من دایکم، من خوولقێنەرم، من بە هێزم، من جوانم، من شیرینم، من دەروون پاکم، من باشم، من هەمووانم خۆشدەوێن." با نێرینەکان بڵێن:" من مهیربانم، من هاقلم، من دایک پەرستم، من جوانمێرم، من بە هێزم، من هێمنم، من باشم، من ڕاستگۆم، من هەمووانم خۆشدەوێن." ئەم گووتنەوەیە لە سەر هەرکەس زەرووڕەتی بیروباوەڕە، پێڕستی لێ بکەن و بە دەمتانەوە بیگرن، چوونکە خێری نەسرەوتانەی دین و دوونیای بە دوو دادێ. بەو هەندازەی نان خواردنی ڕۆژانەتان بەلاوە مەبەستە، هێندەش پێڕستی لەم ڕێسایە بکەن، جۆری ئەو وزەیەی لەم ڕێسایە دەستەبەری دەکەن، لە هیچ خواردنێکدا بە دەستی ناهێنن.

نەزمی چیناتی وەهای کرد نشهوونماکردن لە بەشەردا بە پاش بکەوێ، وەهای کرد بەشەر بە شکاوی و کەنفتی وەباربێ و، هێزە زهینی و دەروونیەکەی بەشی ئەوە نەکات لە دژی نەزمەکە بوەستێتەوە. پێشترێ منداڵان لە تەمەنی سێ ساڵانەوە، بە مەیدانێ دەکەوتن، دایکان کاریان پێ دەسپاردن و ڕایان دهێنان، وهایان لێ دەکردن زوو بە زوو نەمامی هەقڵیان گەشە بکات و، بەرپرسیارێتی و باوەڕبەخۆبوون لە کەسێتیاندا جهێ بگرێ. دایکان لە سەر ڕێڕەوی سرووشتی، مامۆستای ڕاستیەقینی پەروەردە و فێرکردنێ بوون، منداڵەکانیان بە جۆرێک پێ دەگهاند دواجار هەرمێینەهێک شاژنێک و، هەرنێرێک جوانمێرێک بوو. لە قۆناخی کۆرپەلەوە، پاشان لە گاگۆڵەکردنێ و، پاشتر لە قۆناخی پێگرتنێ، پەروەردە و فێرکردن هاوتای تەمەن بوون. لە قۆناخی هێکەمدا، کۆرپە فێری پێکەنین و گوێگرتن لە لەیلایە و، فێری سەما و خۆبادان دەبێ. لە قۆناخی دووهەمدا فێری دەربڕینی وشە و گەمەکردنی کردەکی دەبێ، لە قۆناخی سێهەمدا باوەڕبەخۆبوون لە منداڵدا بە سەرەتا دێ. لەو قۆناخەدا دایک"تاتی تاتی" بە منداڵەکەی دەکات و، یارمەتی پێگرتنی دەدات، لە کاتی کەوتنیدا هانیەدات خۆی هەڵبستێتەوە، بەم هەڵستانەوەیەی پاش کەوتن، بناخەی باوەڕبەخۆبوون لە منداڵدا دادەندرێ. ساوا هەرکە لە ناو زەمبیل و چارۆگەی پشتی دایکان دهاتنە خوارێ و پێیان دەگرت، هیدی بە شوێن پێی دایکیاندا دەڕۆیشتن، هەرزوو دەچوونە قووڕشێلانێ، پاشان لە قووڕگۆزی و خشت لێدانێ، پاشتریش لە هەڵچەنینی دیواران خۆیان دەدیتەوە. سەرەتا گیا و ڕوەکە چەندراوەکانیان پێ چەپک دەکردن، چیلکە و تەپاڵەیان پێ کۆدەکردنەوە، پاشان فێری جووتیاری و باخداری دەبوون. لە سێ ساڵان ڕایان دەسپاردن نیگابانی جووجەلان بن، ساڵانی پاشترێ دەچوونە بەرکاری قازەوانی و قەڵەوانی، پاشتریش کاری شیفانی و گاوانی فێر دەبوون. هەرساڵ لە تەمەن دەگوزەرا، کاری گەورەتر و قوورستریان دەدانێ، زارەکیانەش بە پڕاوپڕی پەروەردەیان دەکردن و، دەیانخستنە سەر ڕێ ڕاستەکەی هاخلاق. کیژان لە چاردە ساڵیدا پێگهیشتووبوون، دەبوونە دایک و، جار لە دوو جار ئازاری منداڵبوونیان تێدەپەڕاند و، وچەیان دەخستەوە. لە هەندێک جهێ کچ لە تەمەنی دووانزدە ساڵان دەبوونە دایک، بێگومان ئەو دایکە کەم تەمەنانە هەقڵیان بە هەندازێک پان و بەرین نەبووبوو، کە بتوانن بە تێروتەواوی منداڵەکانیان پێ بگهێنن، بەڵام نەنەی شیرین(داپیر)لاسەنگیەکەی هاوسەنگ دەکرد. جاران هەرزوو بە کچ گووت دراوە:"تۆ وا ژنیت،" کاتێکیش کووڕ تووکە نەرمی سەرلێوی دەرکردبێ، پێی گووت دراوە:"تۆ بوویت بە پیاو، ئەوەتانێ سمێڵت هاتووە." ئەم جۆرە پێگووتنانە لە باری هەقڵی و دەروونیدا، گەشەی پێداون و، بردوونیە ئاستی هەستکردن بە بەرپرسیاری، هاوکات

لێکەوتەی شەپۆلی وشەکان بە سەر لەشیانەوە، بە خێر گەڕاوە و هێزی داونەتێ. لە قەدیمی زەماندا نە گەشەی منداڵ دوا دەخردرا، نە دایکاتی، چوونکوو هەرجۆرە پاشخستنێک، لە باری جووداجۆردا زەرەر دەداتەوە. باڵقبوون لە بۆ هەرهێکە لە مێ و نێر قۆناخی دەستپێکردنی ئاوێزانە، قۆناخی دایکێتیش هەرلە پاش باڵقبوونەوە دەست پێ دەکات. لە هەموو ڕەچەڵەکێک هەربەمجۆرەیە، دەبێ کچ لە کاتی پێگەهیشتندا، خوودێتیەکەی وەربچەرخێ و ببێتە دایک، چەندێک ئەم وەرچەرخانە بە پاش بکەوێ، بەو هەندازەیە لێکەوتە خراپەکانی زیاد دەبن. شێرپەنجەی مەمک و منداڵدان، مردنی پێشوقت، کوورتبوونەوەی تەمەن، زوو دەرکەوتنی نیشانەکانی پیری، ناهەمواری دەروونی، کوورتهێنانی توانای هەقڵی، سەرجەمیان لێکەوتەی دواخستنی دایکاتین. هەلومەرجەکە سەبارەت بە نێر ئەوها نیهە، چوونکە وەرچەرخانی خوودی لە نێردا ڕوو نادات، نێر تەنەها دارای خوودێتی کووڕە، بەڵام ئەمە بەو مانایە ناهێ، پاشخستنی گەشەکردن لە کووڕدا، ئاساهی و بێ زەڕ بێ. دروست وهایە وەکوو پێشینان بهێڵن کووڕان لەگەڵ تەمەنی خۆیاندا گەورەبن. کووڕی جاران کاتێک مووی سمێڵی دەردەکرد، جەنگاوەری نەبەز بوو، کۆبەندی دەپاراست و، شکستی بە هەڵمەتی هۆفی دەدا. ئەم پێگەهیشتنەی کەسێتی سرووشتی لە میانی شارستانێتی دایک بە دید دهات. پاشان لە هەرجهێ نەزمی چیناتی هەستوونگی داکووتی و، قاڵبی بە کۆمەڵی چیناتی دا، لەوێ ڕیشەی شێوەگرتنی کەسێتی سرووشتی لە بنەوەڕا هەڵکێشا، پەروەردە و فێرکردنی لە دەستی دایکان دەرهێنا و، خستیە مشتی خۆی. ئەمڕۆ لە ناوەندی ناودێر بە باخچەی ساوایانەوە، هەتا ئەو ناوەندەی ناوی "زانکۆ"ی لێندراوە، هەمووی مەکینەی سیستەمی سەرمایەدارین، کەسێتی سرووشتی دەهاڕن و، کەسێتی کاربەڕێکەری سیستەمەکە بە هاردی دادهێنن. لەو ناوەندە کووشندانەی خووندنێ، توانامەندی و مەیلی زیندەگیکردنێ لە بەشەر دەبڕن، لە باتی ئەوە، پەیوەستی دەکەن بە هەلومەرجی چیناتیەوە. ئەو دەرد و پەتا و، ئەو مەینەتانەی وا بەشەرێت لە تاویاندا بە هاوار و ناڵین کەوتوون، سەرجەمیان زادەی هەلومەرجی چیناتین، ئەو ناوەندگەلەش لەبەر ئەوەی نەزمی چیناتی دایمستدراندوون، قەت نەهاتن دەرد و مەینەتەکان ببەنەوە سەر ڕەگ و بنکۆڵیان بکەن، نەویستیهان و نە توانیهان تووخنی وها کارێک بکەون. ڕاستیهەکە ئەوەیە، بەشەر لە میانی دەربازبوونی بە قۆناخەکانی خووندنێ، قۆناخ بە قۆناخ پتر دەیهاڕن، سەرەنجام شەڵ و کۆر و گۆجی دەکەن، باوەڕبەخۆبوونی لێدەستێنن و، دڵەڕاوکێ و ترس و شەرمی تێیدا دەچێنن. شێوازی فێرکردنێ دەبێ دایکانە بێ، سۆز و هاندان بە بناخ بگرێ، دووانەی سەرکەوتن و سەرنەکەوتن لە خووندنێ، بە تەواوی بێ واتایە، بەشداریکردن لە فێربوونێ، خۆبەخۆ سەرکەوتنە، هیچ سەرکەوتنی دیکە نامێنێ فێرخواز پێی بگات. نەزمی چیناتی بە مەبەست ئەم سەرکەوتن و سەرنەکەوتنەی هێناوەتە گۆڕێ و، ئامانجی خۆی پێکاوە. لە ناو کۆمەڵدا

چینی کەمینەی سەرمایەدار، بە سەر چینی زۆرینەدا باڵادەستی دراوەتێ، هاودەم لە ناوەندی خووندنێ، چینێکی کەمینەی نمرەدار بە سەر چینی زۆرینەدا بڵند دەکەن. سەرکەوتن لە ناو کۆمەڵدا بە واتای دەستڕاگەیشتن بە سەرمایە و، لە ناو ناوەندی خووندنێ بە واتای دەستڕاگەیشتن بە نمرە پێناسەی دراوەتێ، هەردووکیان بەرهەمی بیری هۆفێتین و، زۆرینەی خەڵک لە پەلوپۆ دەخەن. تاقیکردنەوە چ وەرزی و چ ساڵ، هەرکووشندەیە، تاقیکردنەوە تەنەها وقتەهێک خێر دەداتەوە، کە مەبەست لێی دەرکەوتنی توانستی کەسەکە بێ لە بۆ خۆی، ئەویش بیکات بە بنەمای بڕیاردان لە پەیوەندی بە مانەوە لە هەمان قۆناخ، یان دەربازبوون ڕوو بە قۆناخی نوێ. دروست وهایە هەرفێرخوازێک ڕێنوێنی بدرێتێ و تێ بگەهێندرێ، هەندازەی فێربوون لە کەسێکەوە لە بۆ کەسێکی دی، خواستی تاکێتی کەسەکەیە، ئەوی ئەمڕۆ فێرببێ، ئەم فێربوونە کاری سبەینێی هاسان دەکات، ئەوی فێر نەبێ، خۆی داماو دەکات.

## پۆپەی 06

بە زاڵێتی بیری هۆفی و قاڵبگرتنی کۆمەڵی چیناتی، هێواش هێواش خواستی کۆمەڵاتی لە بەشەردا پووکایەوە، خزماتی، دۆستاتی گیانی بە گیانی، نێزیکاتی بە سۆزی هەتاهەتاهی، گۆڕدران بە نێزیکبوونەوەی زووتێپەڕو ساتەوقەتی، یان پەیوەستبوونێک لە واتای بە موولکبوون. کۆمەڵی بێ چین لە بنەڕەتی خۆیدا، کۆمەڵێکە بە "تین" گرێدراوە، تین بێ سنوور و بێ کۆتایە، لەبەر ئەوەیە پەیوەندی خێزانی و، پەیوەندی کۆمەڵاتی لە ناوکۆمەڵی بێ چیندا، هەتاهەتاهین. بەڵام کۆمەڵی چیناتی هەرلەبنەڕەتەوە لە سەر بنەمای "تەن" دامستدراوە، تەن مەوجوودێکی کاتی و سنووردارە. بەمجۆرە لە کۆمەڵی چیناتیدا، خەسڵەتی تەن دەبێتە خەسڵەتی پەیوەندیەکان، بەمەش پەیوەندی خێزانی و خزماتی ڕووبەڕووی هەرەس دەبنەوە، پەیوەندی لە واتای دۆستانەش، بە شێوەی کاتی و ڕاگوزەری هەڵدەبۆقێن و، هاسان هەڵدەوەشێنەوە. بە پێی ڕێسای گەردوونی، لە سەرجەمی ڕەچەڵەکەکانی بوونەوەردا، دایک و نەنک (داپیر) دووانەی شکۆدارین، هەمان ڕێسا لە سەر ڕەچەڵەکی بەشەری بەرکارە، لەبەرهەندێ تەپینی پەیوەندی خێزانی، دوورکەوتنەوە لە دایک و داپیر و، پشتگوێخستنی پیران، ترۆپکی کردەوەی هۆفانەن. برۆننێ، گوورگەکان خۆ بە ڕەچەڵەک هۆفین، لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز پیرەکانیان بە جهێ ناهێڵن، یان لە گرینگیپێدانیان کەم ناکەنەوە. کەچی لە سێ سەدەی هاخیردا، فرێدانی داپیر و، پاشان فرێدان و بە تەنەها جهێ هێشتنی دایکان، بوونە دیاردەی زەقی کۆمەڵانی چیناتی، بە جۆرێک وا لە هەرشارێکدا خانەی پیران دامستدراون و، پیرە بە جهێ هێڵدراوەکان بە خۆیانەوە دەگرن. کووردهەوار دواهین

ناوچەیە لە جێهانێ، پێی ناوەتە ناو قۆناخی فڕێدانی دایکانەوە، ئەم ڕووداوە نیشانەی ئاشکرایە و بە لووتکە گەیشتنی چەرخی تاریکی دەسەڵمێنێ. سەرزەمینی زاگرۆزێ نۆهەد هەزار ساڵ ناوەندی شارستانێتی دایک بوو، ئەمڕۆ لە هەمان مەفتەن منداڵ دایکی بە جهێ دهێڵێ، یان پەلی دایکی دەگرێ و لە ماڵ فڕێی دەداتە دەرێ. هاوکات هەر لە ناو دڵی ئەو مەفتەنەدا، بازاری گەورە و بە هەرمێن کردراونەتەوە، ڕەگەزی دایک لەشولاریانی تێیدا دەفرۆشن. دیسان هەر لەو هەوارە دێرینەی دایکاندا، مێینەکان لە سەر خوورپەی دڵ و، لە سەر ماچ و ڕامووسانێک سەریان پەل دەدرێ. ببینن چ هەرەسهێنانێکە، ئەم دۆخە دڵ دەتەزێنێ. لێرە لەو هەوارەدا بهێشت لەبەر پێ و لە سەر دەستی دایکان شێوەی هاتێ، ئەمڕۆ لە هەمان جهێ دۆخی دۆڵزاخ بە سەر ڕەگەزی دایکدا سەپێندراوە، لە هەمان جهێ سرووشتیبوون وەستێندراوە، هەلومەرجی چیناتی لووشی داون و، لە خۆیانی ستاندوون. لە بازنەی سرووشتیبوونی بەشەریدا، کە تەنەها لە کۆمەڵی بێ چینی پێرست بە مهیر بە دید دێ، پەیوەندی مێ و نێر، یان مێ و مێ، لە قووڵاهیدا دەگاتە جووتگرتنێ، جووتگرتنێک لە واتادا دۆستی و سۆزە، ئاوێزانبوونێکە لە ئەویندار بوون بە هێکدی دهێتە دەرێ. ئەم جووتگرتنە خۆبەخۆ پەیمانێکیشە هەروەکوو چلۆن لە سۆز و دۆستی بەرهەم دێ، ئەوهاش هاوسۆزی و دۆستاتی لە ئاستێکی بڵندتر بەرهەم دهێنێتەوە، بەمەش وەڵام بە پێداویستی سرووشتیانەی هەرهێکەیان دەداتەوە. ئەمجۆرە نزیکاتیە سەر بە مهیرە. نێزیکاتی زووتێپەڕ، یان دووری لە هێکدی، هۆفیانەن و دەرهاوێشتەی کۆمەڵی چیناتین. ئەمڕۆ لە هەندێک جهێ لە جێهانێ، دڵداری و ماچی مێ و نێر، بە خەتا و خراپە هەژمارن، تەنانەت کووشتنی لە بۆ دەخەنەڕێ، لە هەندێک جهێش ئەرزشێک لە بۆ سۆزداری نەماوە، نائاشنا و نەناس شەو بە مەستووری لەگەڵ هێکدیدا دەچنەوە ماڵێ، کە سبەینێ بە هەبەرێنەوە، هەنگێ دەزانن لەگەڵ کێدا تێکهاڵاون. بڕۆننێ، لە هیچ لا نەیانهێڵا مهیرگان لە سرووشتی خۆیدا دەوامی بدرێتێ، لەلاهێک بەها و بایەخی گانکردنێ هێندە سووکەڵەیە بۆتە ئاوخواردنەوەی سەر ڕووبارێ، یان خاک و خۆڵی گەمە پێکردنێ، لە لاهێکیش بە هەندازێک گەورە و ترسناکە، ژن لە سەر گاندانێ دهێتە کووشتنێ. خەڵکینە! خۆ دەبینن خۆڕی و خار چ کارێک بە سرووشتیبوونتانەوە دەکەن. لە سەر هۆش و هەست بن، هۆفێتی بە دوو دیودا لە ڕەوتی سرووشتی لایداون. هەرگیز بە جهێ نیهە مهیرگان ببێتە جووتگرتنی لە جۆری کەڵەشێر و مریشک، یان بادەنۆشان وەکوو مەزەی بادەکە لێی بنۆڕن، لەوێدا ئەو ئاوێزانبوونە نە ژین دەبەخشێ، نە هێز بە لەش و دەروون و دەماخدا دهێنێ. بە دیوەکەی دیکەش ئەو دەمەی گان دەبێتە دێو و دڕندە، لە بەری هەڵدێن و سڵی لێدەکەنەوە، هەنگێ چ ترس لە کردنی و، چ بە ترسەوە کردنی، دیسان مایەی لاوازی و لەبەر ڕۆیشتنی هێزن، لەو دۆخەدا کردن و نەکردنی، هەر دەردە. نامووس دەرمانی دەردانە پەنای پێ بگرن.

ترۆپک لە گەوجێتی ئەوەیە، وها بزانن جێهانێک بناخ لە سەر جوودایەزی چیناتی و کەڵەکەی سەرمایە بنیاد نرابێ، هەلی ئاسوودەگی تێیدا هێڵدراوەتەوە. هەی گوومڕاوان! مێشکتان بکەنەوە و باش تێبگەن، لە زهین و زەمینی سەرمایەداریدا، هەموو شتێک کاڵایە و نرخێکی هەیە، بەشەر و بوونەوەرانی دیکەش بەهای کاڵایان هەیە، لەبەرهەندێ مردن و لە بەینچوون تەنەها کاتێک شیاوی بە هەندگرتنی سیستەمن، ئەگەر لێکەوتەی خراپی لە سەر قازانج هەبێ، بە پێچەوانەوە بەرزبوونەوەی قازانج پێویستی بە مردنی ئەوانی دیکە هەبێ، سڵی لێ ناکەنەوە، هەروەکوو هیچ کات سڵیان لێ نەکردۆتەوە. هەنوکە لەم ڕۆژگارەدا، چاوچنۆکانی سەرمایە بە پلانی هوورد دەرد و پەتا بڵاوە پێ دەکەن، پاشان دەرمان دەفرۆشن. بە نموونەی تێگەیشتن، لە نیو سەدەی ڕابردوودا، قەڵەوبوون لە سەرانسەری جێهانێ، بە شێوەی ڕادە بە دەر زیادی کردووە، هۆکارەکە بە تەنەها زۆرخۆری و کەمی جوولە نیەهە، بەڵکوو بە ڕێکەوتن لە نێوان کۆمپانیاکانی دەرمان و خۆراک، جۆرێک لە مادە دەخەنە خواردنەکنەوە، وها دەکات بە کەم خواردنیش قەڵەوبن، بەم ڕێگەیە دەرمانی خۆلاوازکردن ساخ دەکەنەوە. لە ناو ئەم دۆخەدا، گەڕان بە دووی ئاسوودەگیدا بێ هوودەیە، وەکوو ئەوە وهایە بە هوومێدی سەرهەڵدانی گوڵستانێک، تۆوی گوڵان ببەن لە بیابانێ بیانوەشێنن. لە هەرزەمان و زەمینێکدا، ویستی سەرمایەدار دەستڕاگەیشتنە بە قازانجی زیاد و نەوەستاو، لەم پێناوەدا پەرە بە ئامێرەکان دەدات و بە هەمووانی دەفرۆشێ. ئامێری جووداجۆری پەیوەندیکردنێ، سەرمایەداری دایهێناون، ئەو ئامێرانە دەنگ و ڕەنگ دەگواستنەوە و، لە خێراترین کاتدا دوورترین مەودا دەبڕن، هەر ئەو ئامێرانەشن بە پێشین دێن لە نەهێشتن و کرچ و کاڵکردنی نێزیکاتی و، پووکاندنەوەی پەیوەندی ڕاستیەقینی کۆمەڵاتی لە نێوان خێزان و خزمان و دۆستاندا. شەپۆڵەکانی ئەو ئامێرانەش کووشندەن و دەردی جووداچەشن تووشی بەشەرێت دەکەن. سەرمایەداری سەرجەمی ئامێرەکانی بە نیازی قازانج بەرهەم هێناون، لە خەڵکیشی شاردۆتەوە دەرهاوێشتەیان لە سەر بەشەر و گیانلەبەران و، لە سەر خاک و ئاو و هەوا، چەندێک بەزەڕ و کووشندەیە. ئامێری سەردەم ئاسوودەگی بە دووی خۆیدا ناهێنێ، بەڵکوو ڕای دەدات. یەقین بیزانن بە قەدەر دووریتان لە ئامێرەکان، لە خۆشی و خۆشگوزەرانی نێزیک دەبنەوە. ئەوەتانێ لە مەفتەنی خنجیلانەی ناودێر بە "بۆتان"، لە سەرزەمینی دووری ڕۆژهەڵاتێ، خەڵکی لە کووخی قامیشەلان سادە و ساکار دەژین، هۆگری سرووشتن و، لەگەڵ خاک و ئاو و هەوا، لەگەڵ دار و دەوەن و گیانداران دۆستن، بەبێ ئەوەی پشت بە ئامێری نەزمی سەرمایەداری ببەستن. بەڵام لە ناو کووخەکانیاندا بڕێکی باش کامەرانی هەیە، تەنانەت بە دڵخۆشترین کۆمەڵە خەڵک ناسدراون، لە پاڵ

ئەوەش تەندروست و دوورە نەخۆشین، لەبەر ئەوەی نێزیکە سرووشتن و، دێوی چیناتی قەپی گەورەی لێ نەداون. هەنەوکە لە هەرکۆمەڵێکی چیناتیدا، بازنەی گشتی بازنەی هۆفە، لە ناو بازانەکەدا کامەرانی شتێکی کەم و زووتێپەڕە. لەمەولا گۆزەکە ڕاست دەبێتەوە، هۆف دەشکێ و مهیر بازن دەبێ، لە ناو بازنەی مهیردا ناشادی شتێکی کەم و کوورت مەودا دەبێ.

## پۆپەی 08

لەم ڕۆژگارەدا بە هۆی هۆفیبوونی هیزر و هەستەکان و، لێکەوتەکانی هەلومەرجی جیناتی و، شێوەی ناسرووشتی بەرهەم هێنانی خۆراکەوە، خەڵکی تەمەنی خۆیان ناژین و، تووشی مردنی ناوقهت دەبنەوە. هەموو هێکێک لە ناو زگی دایکیدا، بە پێی بنەڕەتەکانی قاڵبگرتن تەمەنی دیاریکردراوە، بەڵام کاتێک بە دوونیا دهێن، ئەو تەمەنە ناژین. پێشوقهت دەمرن. مردن بە ڕووداوە جووداجۆرەکان، مردن بە دەردەداربوونی ناخ، مردن بەو نەخۆشیانەی لە دەرەوە دەچنە ناوەوەی لەش، تێکڕایان مردنی پێشوقهتن. دەنگوباس وهایە: هەرساڵ بە هۆی پیسبوونی هەواوە، هەفت ملیۆن بەشەر بە مردنی پێشوقهت لە بەین دەچن، بێجگە لە دەرهاوێشتەکانی دیکەی بە سەر ئاو و خاک و، بە سەر زیندەوەرانی جۆراوجۆر و، بە سەر بەرهەمەکانی چاندنێ. هاوکات دوو هێندەی ئەو ژمارەش بە دەردەدڵ دەمرن، چەند هێندەی دیکەش بە نەخۆشی و ڕووداوەکان لە بەین دەچن. مردن سووڕێکی دیکەیە لە زیندەگی، کاتێک لە وادەی خۆیدا دێ، شایانی بە پیرەوە چوون و پێشوازە. ئەوەی پەسەند نیهە و، شایانی ڕەتکردنەوەیە مەرگی ناوقهتە، تەنەها کاتێک ڕێ پێدراوە ئەگەر بەرخۆدان لە هەرز و نامووس بیهێنێتە پێشێ. بە زهینی ڕوونەوە هەست ڕاگرن و، قووڵ لە گاتاکە تێبگەن، لەشی هەرهێکێک پێکهاتێکە، ئەو پێکهاتەیە لە هێکێتی نێوان ملیاران ملیار هوورد زیندەوەر شێوەی هاتۆتێ، بەرپرسیارێتی پاراستی ئەو هەشیمەتە بە ئێوەیە، هەق بە هیچ کەس نیهە ئەو پێکهاتەیە، یان بڕێکیان لە ناو ببات، یان گوێ بە مردنیان نەدات و، لە پاراستنیان درێخی و خەمساردی بکات. لە دەرەوەی ئەم هێکێتیەشدا، بەرپرسیارێتی سەبارەت بە هەرزیندەوەرێک وا بە هەستێتانەوە، کەس هەقی نیهە بە هەوەس بنچەگیا بخاتە بن پێی، یان لقی سەوزی دارێک بقرتێنێ، یان بستەخاکێک پیس بکات. زەوی دایکی هەمووانە، چەندێک هی بەشەرە، هێندەش هی مار و مێرووە، هی مەل و مریشکە، واز لە کەم هەقڵی بهێنن، لە فیز و خۆبەزلزانی وەرنە خوارێ و، خۆتان بە خووشک و برای گیاندارنی دیکە بزانن، چوونکوو هەربەڕاستی هەمووتان منداڵی دایکێکن. لە بیرتان بێ هەرزیندەوەرێک چەندەش کەم بایەخ و ناپێویست بهێتە

بەرچاوان، نووکتێکە لە هاوسەنگی گەردووندا، ئەگەر ڕەچەڵەکێک قڕی تێبکەوێ، یان بە ڕادەی زۆر لە کەمی بدات، هاوسەنگیەکە تێک دەچێ، ئەمەش بە سەر هەمووناندا بە خراپ دەشکێتەوە. بڕوانن وا قڕتان خستە داروباخات، ڕووبەڕی دوو لە سەر سێی شیناهی سەرزەویتان ڕووتاندۆتەوە، لە تێپەڕینی هەرخوولەکێکدا، بە قەدەر ئاقاری گووندێکی گەورە لە باخاتی ناودێر بە "هەمازۆن" کەم دەبێتەوە و، دارەکانی دەبڕنەوە. لە کاتێکدا دارەکان زیندەوەرن، وەکوو هەموو زیندەوەرانی دی، لە باری ناچاریدا نەبووبێ، هەقتان نیهە دەست لە سەوزەلان بوەشێنن. لێرەدا بوەستن، ملی کەچتان قیت بکەنەوە و، ببینن وا خەریکن ڕوو بە چاڵی واوەیلا شۆڕدەبنەوە. ئەوی ڕوودەدات مەرگەساتێکە مەرگەسات. چاک بزانن لە بەینچوون و مردنی بەربڵاو و ناوقهتی درەختەکان، ڕووداوێکە هەموو زیندەوەرانی سەر ڕووی زەمین بەرەو لە ناوچوون دەبات. ئەو قڕکردنەی بە سەر درەختەکان داهێندراوە، ئەو نەوت و گاز و، ئەو تەنە جووداجۆرانەی لە هەناوی خاک دەردهێندرێن و دەسووتێندرێن، پێکهاتەکانی لە هەوادا تووشی لاسەنگبوونی ڕادەبەدەر کردوون، گەرماش لە سەر زەوی پەنگی خواردۆتەوە. ئەم هەلومەرجە دەرهاوێشتەکانی بە تەواوی کاولکەرن، خێرا بە خۆکەون، دەستوبرد بگەرێنەوە سەر ڕێڕەوی سرووشتی و، خۆتان لە هۆفێتی نەجات بدەن. داربروێنن، بهێڵن با لە لەبەردەرکی ماڵێ و لە کۆڵانێ، دەنگ و ئاهەنگی باڵندەکان برژێنە گوێتانەوە، بهێڵن هێمناتی بە دەروون بکەوێ و، هەوای پاک بنیشێتە سینەتان، بهێڵن نیگاری بە جۆشی سرووشت بچێتە زهین و جوانیتان تێیدا بچێنێ، بهێڵن با خۆتان و ئەوانیدیکەش بژین.

## پۆپەی 09

لە هەلومەرجی چیناتیدا، سۆز هەتا ئەوپەڕی لە کاڵی و کوورتی دەدات، جوودابوونەوە لە سەر بنەمای جۆرێتی کار و، پایەی کۆمەڵاتی و، ئاستی سەرمایە، کۆمەڵی قاڵبگرتووی سرووشتی هەنجن هەنجن دەکات، هەم هاوسۆزی کۆمەڵاتی لە بەین دەبات، هەم ڕقەبەرێتی دەخاتە نێوان چینەکان. لە ئاستی گشتەش زاڵێتی بیری چیناتی و، مەرامی دەستڕاگهیشتن بە سەرمایە، دۆخێک بە هاردی دادهێنێ، تیایدا پەیوەندی کار جهێ بە دۆستاتی و خزماتی، تەنانەت جهێ بە پەیوەندی خێزانی شڵۆق دەکات. ئەم لێکەوتەیە کۆک و تەبایە لەگەڵ ئامانجی نەزمی سەرمایەداری، نەزمەکە هەرخۆی بە پلانی هوورد و درشت کار لە سەر نەهێشتنی سۆز دەکات، چوونکە لێستەندنەوەی سۆز لە بەشەر، لێستەندنەوەی هێزە و، بە واتای لە پەلوپۆ خستنێتی. بنوارن، سەرمایەداران لەگەڵ ئەوەی کەمینەن، زۆرینەیان جلەو کردوون و، وەکوو گاڕان

دەیان هاژۆن. مەپرسن ئەمە چ لۆنێک ڕوویداوە، تەماشای خۆتان بکەن و، بە چاوی سەر وەڵامەکە لە خوودی خۆتاندا ببینن. نە هاوسۆزی گشتی، نە کۆمەڵی سرووشتی، نە هێکێتی خەڵک لە زەویدا نەماون، خەڵک لە چەمکی دانیشتوانێکی لاواز و داماودا بەرجەسدە بۆتەوە. سەرەتا کە خێڵ و هۆزەکان هەڵوەشێندرانەوە، خێزانەکان هاسان بە دەستیانەوە هاتن، پاشان چهارچێوەی خێزان تێکشکێندرا و، پەیوەندیەکانیان کرچ و کاڵ کردن، بەمەش هەرئەندامێکی خێزان بە تاقی تەنەهێ مایەوە، هیدی پشتەملی گیردرا و، لە وێنەی داهۆڵێک فڕێ درایە ناو مەیدانی ڕەنج و، شوێنی کارکردنێ. دەبوو بزانن لە خۆڕا نیهە، کە فەرهەنگی تاکگەراهی و، لە هێکترازانی کۆمەڵاتی بە ئامانج گیردراوە، بەشەر لە سرووشتی خۆیدا، بوونەوەرێکی کۆمەڵاتی و گرێدراو بە ئەوانی دیکەیە، لە تایبەتمەندی کۆمەڵاتیبووندا هێز وەردەگرێ، وقتهێک تەنەهای دەکەن، ڕەگەزێکی هێزی بنەڕەتی لە دەست دەردهێنن. چەندە تەنەهابوونەکەی قووڵ ببێتەوە، بەو هەندازەیە دووره سۆزە و پتر لاواز دەبێ. پەیوەندی گەرم و بە گوورِ لەگەڵ دایک و خووشک و برا، لەگەڵ خزمان و دۆستان، هەم وەرگرتنی سۆزە، هەم هەستی پەنا و هاوپشتی دەبەخشێ، ئەم هەست و سۆزە هەموو هێکێک بە هێز دەکات، بێجگە لەمەش تووندوتۆڵی لە پەیوەندیدا، زەمینەی ڕاسان بە دژی چیناتی و نادادی، بەربەرین دەکات.

## پۆپەی 10

تاک وهای لێ کردراوە، بەو پەڕی دڵخوازی و شەوقەوە، ڕوو لە کرێکاری بکات، ئەو ڕۆژەی گرێبەستی کار لەگەڵ خاوەنکارێک دەبەستێ، خۆشی دای دەگرێ و، شەکهر و شیرینی بە سەر دەوروبەرەکەیدا دەبەخشێتەوە! تەماشاکەن ئەم جێهانە چ خەرابەستانێکە، خۆ لە کرێکاریدا سەروەری بە تەواوی لە دەست دەدرێ. کەسێک لە سەرمایەداربوونەوە، دەبێتە پێشەوا و ڕەوت بە کرێکار دەدات، بە چاوی نزم لێی دەڕوانێ و، هاواری بە سەردا دەکات. کرێکارەکە پێشوقهتە دەزانێ کرێکاری ئەمەیە، دەزانێ دەشکێ و، لەوەی هەیە زیادتر بچووک دەبێتەوە، سەرباری ئەوەش بە گرێبەستی کار دڵی دەکەوێتە خۆشی و، لە هەموو هەلومەرجێکدا هوومێد دەخوازێ کارەکەی لە دەست نەدات. ئەمە سەیر نیهە و، سەرزەنشتی ناوێ، ئەو کەسەی لە ناخەوە ڕووخاوە و، هێزی بنەڕەتی خۆی لە دەستداوە، بێگوومان ناتوانێ بیر لە گۆرینی دۆخە سەپێندراوەکە بکاتەوە، بەڵکوو مل لە بۆ بارودۆخەکە کەچ دەکات. ڕاستی ئەوەیە، بە بنیادنانەوەی ناخ و، گێڕانەوەی هێز و هاوسۆزی، هەرکەس هەڵدەستێتەوە، بەمەش نەزمی چیناتی پەلوپۆی دەشکێ و دەکەوێ، چوونکێ ئەوکاتە

تاکه بنیادنراوەکە هێز لە خۆیدا دەبینێ و، بە دۆخی سەپێندراوی چیناتی ڕازی نابێ، دەیهەوێ سەروەر بێ و، هیچ هەڵێکیش لە بۆ سەروەربوون نەماوە، لەبەرهەندێ شۆڕەش لە بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی چیناتی، دەبێتە تاکە بژاردەی زهینی و زەمینی، لە بەردەم ئەو تاکەی هێزی لە بۆ گەڕاوەتەوە.

## پۆپەی 11

بەشەر لە نێو ئاو و هەوای سرووشتی هەڵقەندراوە و، ترنجێندراوەتە جۆرە هەلومەرجێکەوە پێی نامۆیە، ئەمەش وهای لێکردووە هەندەی دی لە خوودێتی خۆی دوور بکەوێتەوە و، هەست بە دەربەدەری بکات. لە ڕاستیدا چ تاقی دامستدراوەکانی چیناتی، نە خانەکانی بەڕێوەبردنێ، نە کارخانە و نە بازاڕ و، نە گۆڕەپانی کڕین و فرۆشتنێ، شوێنی شیاوی بەشەر نین، ئەوی ئێستا لەو شوینانە هەڵدەسوڕێ بەشەر خۆی نیهە، شێوەی شێواوی بەشەڕە، بوونەوەرێکە بڕێکی گەورە لە تایبەتمەندی و خەسڵەتە سرووشتیەکانی لە دەست داون، دەنا بەرگەی ئەو دۆخە ناسرووشتیەی نەدەگرت و لێی هەڵدەهات. بە ڕووکەش وها دهێتە بەرچاو، کەسپکار دۆخی لە کرێکار باشترە، یان فەرمانبەری بەڕێوەبردنێ، باشتر لە کەسپکار ڕۆژی لێ دەگوزەرێ، بەڵام وها نیهە، هەرسێکیان هێک لە هێک خراپتر دەگوزەرێن، چوونکوو دۆخی زهین و، ڕەوتی دەروون و، جوولەی جەسدەیان، لە دەرەوەی بازنەی سرووشتیبوون دایە. کرێکار و فەرمانبەر هەردووک زیندانین، هێک لە سەر سێی تەمەنیان لە ناو قاڵبێک قەتیسن، بێ ئاسۆن و زۆر بە کەمی خۆرهەتاویان بەردەکەوێ، هەردووکیشیان لە ناو هەلومەرجی ناسرووشتیدا کەسانی دیکە هەڵیاندەسووڕێنن. کەسپکار لەوان باشتر نیهە، بازاڕ بە تایبەتمەند خەڵکی هەڵدەسووڕێنێ، وەلێ لە خەڵکی وهایە ئەوان بازاڕ هەڵدەسووڕێنن، خافڵن لەو ناسرووشتیبوونەی بە دەم مامەڵەی بازاڕەوە تێی دەکەون. کەسپکار مەودای هیزرین و ئاسۆی دیتنی کوورتە، هەناسەی تەنگە و، لە دڵەڕاوکێ و کێبڕکێ دایە. فێڵ و هەڵفریواندن، زەردەخەنەی ساختە، گفتی درۆین و گەڵێک خراپەی دی، لە بازاڕ بەرهەم دهێن، هەموو کەسپکارێک هێدی هێدی لە سەر ئەو خراپانە ڕادێن و، لە کەسێتیاندا جهێ دەگرن. کارکردن لە هەلومەرجی سرووشتیدا، بە تەواوی جوودایە، لەوێدا ڕنگ و دەنگ و بۆن سرووشتین، لێکەوتەی ئەم سرووشتیبوونەش بەربە خێرە. شیوان کە ڕانەمەڕ دەباتە لەوەڕاندنێ، لە هامێزی سرووشت دایە و، هەموو ڕۆژێ نوێ دەبێتەوە، بڵوێر دەژەنێ و، دڵی بە دڵی سرووشت گرێ دەدات. جووتیار لە کێڵان و دەروونەدا خاک دەلاوێنێتەوە و، بەستەی شادی دەڵێتەوە. بە ڕاستی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ سرووشتدا،

ڕاست و دروستی لێ دەکەوێتەوە، بە پێچەوانەشەوە لە ناو هەلومەرجی چیناتیدا، درۆ و فێڵ و ساختەچێتی، بە زهین و زاران دەکەون. لە هی هێکەم هەموو شتێک بە ڕێڕەوی سرووشتیدا دەڕوات، لە هی دووهەمدا هەموو شتێک ناسرووشتی و بەدە، هەرئەمەش بەشەر کاول دەکات و، دوو سووڕ ژینی پاش مەرگیشی لە دەست دەردهێنێ و لێی دەکات بە دۆڵزاخ. سوێند بە ئاوی ڕوون، هەرکەس فێڵ و درۆ بهوونێتەوە و بیهەوێ زێیدە بەرهەم کەڵەکە بکات، لە پاش مردنیدا دەچێتە دۆخی دۆڵزاخەوە، هەنگێ پەشیمانی کەڵک ناگرێ، چوونکوو لەوێ بەخشینێک لە گۆڕێ نیهە، ئەوی خراپەی لێ وەشاوەتەوە، ئەمڕۆ هەلی هەیە تۆبە بکات و بەرەو مهیر بگەڕێتەوە، ئەگەر ئەوە نەکات لۆمەی لە سەر خۆێتی.

## پۆپەی 12

گەورە و گچکاتی لە پایەی کۆمەڵاتیدا، تایبەتمەندی کۆمەڵی چیناتین، هەموو هێکێک بە هێندەی سامانەکەی پایە دەگرێ، هەتا سەرمایەی کەمتری هەبێ، پایەی نەوی ترە و، کەمتر دەچێتە هیسابی خەڵکەوە. کرێکاران لەبەرئەوەی بێ سەرمایەن، لە پایەی خواری خوارەوەن، نە ژین و نە مەرگیان شکۆ و شەوکەتی نادرێتێ. کەسپکار و فەرمانبەرانی بێ سەرمایەش، هاوپایەی کرێکارن، چوونکوو پایەداری بە گووژمەی سامان گرێدراوە، نەک جۆری کارەکانیانەوە. لە هەلومەرجی چیناتیدا، بێجگە لە کەمینەی سەرمایەداری پەڕەگرتوو، هیچ کەسێک سەروەر و گەورە نیهە، هەمووان لە پلەبەندی سەرمایەدا گەورێتی و سەروەری خۆیان لە دەستداوە و، هەندێک بەرامبەر هەندێکی دیکە گچکە بوونەتەوە. کارگوزار لە ئاستی پەرستار و، پەرستار لە ئاستی دەکتۆر هەست بە بچووکێتی دەکات. ئەم هەستکردنە پەیوەندی بە جوودایەزی ئاستی زانستی و جۆرێتی کارەکانیانەوە نیهە، بەڵکوو ئاستی سەرمایە و، ڕێ و ڕەوتی هاخلاق، هەستەکە بە دەروونەدا دهێنێ. بچووکبوونەوە و هەستکردن بە کەمێتی، دەردی قووڵی دەروونی و کۆمەڵاتین. سەرنجی بدەنێ، خاوەنی خەستەخانە سەرمایەدارێکە گەورێتی بە سەر دەکتۆردا دەکات، دەکتۆر دەیهەوێ لە ڕێی خۆگەورکردن بە سەر پەرستارەکەیدا، قەرەبووی بچووکبوونەوەکەی بکاتەوە، پەرستارەکەش کە لە بەردەم پزیشکەکەدا بچووک بۆتەوە، دەیهەوێ لە گەوراتیکردن بە سەر کارگوزاردا، بچووکبوونەوەکەی تێپەڕێنێ. کارگوزار نزمترین پلەی کارمەندانی خەستەخانەیە، هیچ کەس لە خوارووی خۆیەوە نابینێ، لەبەرهەندێ دۆخە دەروونی و بچووکبوونەوەکەی لەگەڵ خۆیدا دەباتەوە ماڵێ و، دەیهەوێ لە خۆگەورەکردن بە سەر ژن و منداڵەکانیدا، هەستی گەورێتی و سەروەری بە دەست

بهێنێتەوە. کۆمەڵی چیناتی بە پڕاوپڕی، کێشەی دەروونی و کۆمەڵاتی تێیدا بەرپایە، هەرئەمەش گەلێک شەڕ و سەرهێشەی خستۆتە گۆڕێ. جا چاک بزانن، بەهانەی خۆگەورەکردن و تڕزلێتی، چ سەرمایەی مادی بێ، چ سەرمایەی ڕەمزی، کردەوەی هۆفانەیە، هەرکەس لێی دەربکەوێ، شایانی سەرزەنشتە، کردەوەکەش گووناهێکە دەچێتە تۆماریەوە و، لە ژینی پاش مەرگیدا خراپ لە سەر دەکەوێ.

## پۆپەی 13

لە زوورفی چیناتیدا، هەرکەس دەکەوێتە سووچێک و، لە دووبارەبوونەوەی ڕادەبەدەری جهارچێوەکان، ژینی لێ دەبێتە شتێکی بێ چێش و هیچ و پووچ، ڕێچارەش شک نابات، لەبەرهەندێ دەست بە خۆیدا شۆڕدەکاتەوە و، بە داماوی ڕۆژ بە ڕێ دەکات. مانەوە لە گۆشەدا، ئەگەر مانەوەبێ بە قەسدی کارێکی گرینگیش، وقتهێک دەبێتە مانەوەی ڕۆژانە، بڕەست لە کارکردە گۆشەگیرەکە دەبڕێ و، دەقەزاری دەکات. دۆخی دووبارەبوونەوە، دۆخی زیندانە، دۆخێکە وەکوو سزای قوورس دەسەپێندرێ. بەشەر لە سرووشتی خۆیدا وهایە، دووبارەبوونەوە مایەی بێزاربوونێتی و، بە قووڵی دەی هێشێنێ، لەبەرئەوەیە پێویستێتی بجووڵێ و نوێبوونەوە بە خۆیەوە ببینێ، پێویستێتی ڕووناک و ڕەنگین بێ. لە هەبووندا تەنەها مووخی گەردوون(زهینی هوودا) نەگۆڕە، لەوەتی گەردوون خوولقاوە، هەموو شتێک لە نوێبوونەوە دایە، کۆن دەڕوا و نوێ دێ، بەبێ ئەوەی تاقە جارێک دووبارەبوونەوە ڕووی دابێ، یان لە داهاتوودا ڕووبدات، تەنانەت لە گوزەری کاتیشدا چرکە لەگەڵ چرکەی پێشوو جوودایە. دەماخ و دەروون و لەش، بە هەمان تایبەتمەندێتی گەردوون پێکهاتوون، لەبەرئەوەیە هەرهەلومەرجێک وەکوو دووبارە خۆی بنوێنێ، هەرکەس پێی ناشادە و دەیهەوێ لێی خەلاس بێ. کشتوکاڵ جێگیرە و شیوانکاری ناجێگیرە، بەڵام بەشەر لە هەردووکیاندا، بەردەوام هەست بە گۆڕان و نوێبوونەوەی سرووشت دەکات، ئەمەش لەگەڵ خۆیدا هێمناتی بە کۆمەڵی جووتیار و شیوانکار دادهێنێ، هێمناتیەکەش هێزێکە لەش زرنگ و سووکەڵە دەکات. سەرەڕای ئەوەش جوولەی ڕۆژانە لەو کارانەدا، تەنی بەشەر بە دروستی دهێڵێتەوە، لە کاتێکدا تەمبەڵی و بێ قوونەبانی، یان کاری بێ جوولە و کەم ڕەنج، بەشەر دزێو و دەردەدار دەکەن، دەیخەنە دۆخێکی ناکۆک بە سرووشتیبوونەوە. زیندەگی لە کرۆکی خۆیدا ڕووناکی و ڕەنگ و جوولەیە، کۆمەڵی جووتیار و شیوانکار بە پڕاوپڕی نووقمی جوولە و ڕووناکی و ڕەنگن لە ناو سرووشتدا، بەڵام ئەوە تاقە بنەڕەتێکە لە سێ بنەڕەتدا، ئەم بنەڕەتە بە تەنەها خۆشگوزەرانی بە زەویدا ناهێنێ، بەڵکوو دەبێ هەرسێ بنەڕەتەکە

بە هێکەوەبن. بنەڕەتی دووهەم ئەوەیە، نەزمی بەڕێوەبردنێ هەرەوزی و هاوبەشێتی بێ، بنەڕەتی هێکەمیش بیروباوەڕە، پێویستە پێرست بە مهیر ڕەوت بگرێ. لە ڕووناکی و ڕەنگ مەکەونە هەڵەوە، کەس پێی وها نەبێ، ئەگەر ماڵەکەی کردبێتە چراخانی واهێربەند و، هەرڕۆژ جلێکی ڕەنگین بپۆشێ، مانای وهایە لە ڕووناکی و ڕەنگ نێزیکە. نا هەگیز، ئەو ڕووناکیهەی لە چراخانی کهرباوە بە دید دێ، یان ئەوەی بە سووتاندنی نەوت و گاز پەیدا دەبێ، ناسرووشتی و بەزەڕن، هەتا کەمتر بە بەرکاریان بکەن، کەمتر لێیان زەرەرمەندن. ڕووناکی سەرچاوەکەی خۆرهەتاوە، ئاگری دار و گژوگیاش، بە ڕەگەزێک لە خۆرهەتاو هەژمارن. بهێڵن با هەتاوتان بەربکەوێ، بهێڵن تیشکەکانی بچێتە ژوورەکانتانەوە، ڕووی تێ بکەن و، شوکرانەی نیشان بدەن. لە بیرتان بێ هوودای دایک لە خووێتی خۆرهەتاودا دەردەکەوێ. هاوکات بە ڕووکردنە سرووشت ڕەنگین و نازداربن. ڕەنگینبوون ئەوە نیهە هەرڕۆژ ڕەنگێک لە خۆتان بپێچنەوە، ڕەنگینبوون لە پەیوەستبوون بە سرووشت بە دید دێ. دەلوێ نۆ ساڵ لە ناو هێک دەست جل و بەرگدا خۆتان ببیننەوە، لە چڵکنیدا بیشۆن و دووبارە لە بەری بکەن، بەبێ ئەوەی گیرۆدەبوون بە شێواز و ڕەنگی جلەکە، لێکەوتەی خراپی بە سەر دڵ و دەماخ و دەروونندا هەبێ، وەلێ نۆ مانگ مانەوە لە ناو تاریکیدا، یان لە ژوورێکی قەپاتی بێ دەرک و دەلاقەدا، کەسەکە تێک دەدات، با لە ناو ژوورەکەدا چرای واهێربەند و هەرڕۆژ لەبەرکردنی جلێکی ڕەنگینیش هەبێ، دیسان ئەو کەسە دەروون و دەماخی دەشێوێ. هەلومەرجی ئەمڕۆی چیناتی، کوونێکی ڕەش و تاریکە، نەزمی سەرمایەداری هەمووانی تێپەستاون، هەمووانیشی لە زەوق و سەلیقەی تایبەتی و تایبەتبوون بە تاڵ کردوونەتەوە. تێگەیشتن لە تایبەتبوون بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە، ئاسۆی بینین و، مەودای بیرکردنەوەتان فەرەوان دەکات، دەتانهێنی بەرەو فەرهانی و ڕەنگینی. زهینی بدەنێ، هەر بەرە دایکێک لە پێست و پێکهاتەوە، بۆنێکی تایبەتیان هەیە، لەناو ئەو بەرەیەش خێزانی هەردایکێک بۆنێکیان هەیە، ئەمجا لە ناو خێزانەکەش هەرمنداڵێک بۆنێکی تایبەتی هەیە. دروستبوونی بۆنەکە لە دوو بنەڕەتەوە دێ، هێکێکیان گیناتە و ئەوی دی هەلومەرجی ناو منداڵدانە، هەلومەرجەکە دارا و بە دەوریشە لە شێوەپێدانەوەی گینەکاندا. ئەو منداڵانەی بە زگێک لە دایک دەبن، بەرهوورد بە منداڵانی دی، لهێکچوونی زیاتریان لە مابەین هەیە، لە بۆنیش نێزیکن لە هێکدی، ئەمە پەیوەندیدارە بەوەی لە ناو هێک هەلومەرجی منداڵدانی دایکەکە پێ گهیشتوون، لەگەڵ ئەوەش هەرهێکەیان تایبەتن، ئەگەر لە ڕووخساریشدا زۆر لە هێک بچن، لە هووردێتی پێکهاتەدا هەرگیز وەکوو هێکدی نین. لە پەیوەندی بە جۆرێتی گێنات، ڕەگەزەکانی خواردن و، خاک و، ئاو و هەوا و هەتاو، فەرە کاریگەرن، هاوکات پێشینەی دەماخ و دەروون بە قووڵی کاریگەری لە سەر شێوەگرتنی گینات داناوە. لەبەر هەموو ئەوانەیە، هەم لە تاق و هەم لە قۆم تایبەتبوون هەیە. قۆمی کوورد

له هیچ قۆمێک ناچێ، زۆریش جوودایەزن له قۆمەکانی دی، چوونکه کوورد ناوکی هێزه، لەمەولاش وەکوو پێشتریێ به دەوری ناوکی هێز دهێتەوه جێهانێ. کووردەکان خەڵکانی ناوەندی شارستانێتی دایکن، دەهان هەزار ساڵ گرێدراو به مهیر و له ناو هەلومەرجی مهیریاتدا، لەو خاک و ئاوەدا ژیاون، به بۆنی پێست و پێکهاتەشیانەوه له قۆمەکانی دی جوودا دەبنەوه. ئێستاکێ وقهتێتی، که له کوونه ڕەشەکه بهێنه دەرێ و، شەق له نەزمی بەدی سەرمایەداری هەڵبدەن. سەرمایەداری بنەما له سەر جیداوازی چیناتی پایەی داکووتیوه، بەردەوام جوودایەزی ناسرووشتی له کایەی تەن (ماده) بەرهەم دهێنێ، هەڵبژاردەی جوودا و زووتێپەڕ دەخاته بەردەمی خەڵکی، به مەستی ساخکردنەوەش هەمووانی به چەمکی مۆدیڵ فریوداون، وهای له خەڵکی کردوون له پۆشاک و، له هەرکەرسته و ئامێرێکدا، گرێدراوی مۆدێڵ بن، زوو شمەکەکه فڕێ بدەن و هی تازه مۆدێڵ بکڕن. له لێکەوتەی فڕێدانی "شتەکان"دا، بیری فڕێدان و دەستلێبەردانی "کەسەکان" به زهین دەکەوێ، سەرەنجام کەس لەگەڵ کەس هەتا سەر نامێنێتەوه، هەموو دەبنه زووتێپەڕ و کاتی، دێن و دەڕۆن و، هاسان له یاد دەچنەوه.

## پۆپەی 14

له هەرجێهێک هیزری چیناتی به سەران بکەوێ، لەوێندەرێ سەری بەشەر دەبێته سەری سەودا و، ماڵ دەبێته جۆرێک له بازاڕ و مەیدانی مامەڵەکردنێ. ئێستاکێ ژن و مێرداتی و، پەیوەندی دڵداری، مامەڵەی گۆڕینەوەن، دوو کەسەکه هەردووکیان به شوێن قازانجی خۆیانەوەن. دوو دانه کەس ناچنه پاڵ هێکدی هەتاوەکوو هێز ببەخشن، بەڵکوو دەچن هێکدی له هێز به تاڵ دەکەنەوه، قەڵا داگیردەکەن و وێرانیشی دەکەن. دەڕۆن و دەبنه چاودێر له سەر هێکدی، دەبنه کووشنده و، دواهین هوورده خۆڕسکیەکان له هێکدیدا دەتەپێنن، ئەوجا ئەم هۆفێتی و هێکدی له دۆڵزاخ خستنه، ناو لێ دەنێن ئەوینداری، یان هاوژینی. باش بیچەسپێنن به سەرتاندا، هیچ جۆره موولکاتی و به موولکبوونێک، نه به ناوی هاوژینی و هاوسۆزی، نه به هیچ ناوێکی دی ڕێپێدراو نیهه، هەرکەس خۆی به مالک، یان به موولک بزانێ، به هۆفی هەژماره، بێشک له پاش مەرگیدا دەچێته دۆخێ دۆڵزاخەوه. به خۆرسک منداڵ موولکی مێیه، موولکی دایکه، لەوه بترازێ موولکاتی دیکه نیهه. وشەی موولک، به واتای لکی مێ دێ(موو، ما، می، مێ، مه، مۆ، هەرشەش وشەکه هاوواتان)، منداڵ لقه و له دایکیەوه پەیدا دەبێ، وشەی موولک ئەم ڕاستیەقینه دەخاتەڕوو. هەموو شتێک له مێ دزرا، ماڵ و منداڵیشی لێ ستەندرا، بەڵام ئەمڕۆ دادی گەردوون ناهەقی و نامەردی دواهی پێ دهێنێ و، ماڵ و منداڵ له بۆ مێ دەگێڕێتەوه. دروست وهایه دایکاتی دوانەخەن و، کیژان له پاش بالقبوون و پێگهیشتن ببنه دایک، تەمەنەکانی چوارده تا شانزده سەر

بەخێرن، وهاش دەکات منداڵەکان هێز و پایەی دایکان فەرەوان و تۆکمە بکەن. ئەگەر دایکاتی لە وقهتی خۆیدا ڕوونەدات، لێکەوتەکانی گەلێک بە زەرن، دایە گەورەش (نەنەی شیرین)ناگاتە پایەی شایان بە خۆی لە کۆمەڵاتیبووندا. لە پێرستی مهیردا، مێ بنەڕەت و سەرچاوەیە، مێ هەڵبژاردنی بە دەستە، چ بیهەوێ مێردێک لەگەڵیدا بژی، چ نەیهەوێ، لە هەردوو باردا هەقی خۆێتی ببێتە دایک، هەرکەس بە چاوی کەمگرتن لێی بڕوانێ، یان زمانی بە خراپ تێی بگەڕێ، بە هۆفی و بێ ناموس هەژمارە. دایک خۆبەخۆ ناوەندە، دایکاتی هەستێکە ڕەسەن و بە ڕیشەیە، هەستێکە لەرین و خوولانی تایبەت لە دایکدا دروست دەکات، بەم هۆیەوە تینێک دەکەوێتە دایکانەوە، تەنەها لە دایکان هەیە. پیاو هەرچەندە بە شێوەی دیاردەی کۆمەڵاتی بۆتە باوک، وەلێ چەمکی باوک ڕیشەی پەیوەستبوون بە رێسای گەردوونی نیهە، لەبەرئەوەیە هیچ کات چەمکی باوکاتی هەست و هێزێکی وەکوو هی دایکاتی ناخوولقێنێ. لە هەستی دایکاتیدا، نەسرەوتانە سۆز و هێز بەرهەم دهێن، بە جۆرێک سەرسووڕمانی دروست دەکات، دەلوێ بەوەدا بزنن تین لە دایکدا، هەم لە جۆری و هەم لە زۆریدا بێ هاوتایە. ژن و ژین لە ناو هێکدین، بە هاتنە پێشەوەی ژن، زیندەگی لە واتای کرۆکدا دهێتەوە پێش. ژن ڕووناک و ڕەنگینە، هەردوو وشەکەش لە هاخاوتنی کووردەهواریدا ناوی مێینەن، لەوەتی ژن لە ناوەندێتی دەرکردراوە، تاریکاهی داهاتووە و ڕەنگینی نەماوە. سەرنچ لە پاشماوەی سەد ساڵ لەمەوبەری کۆمەڵی کووردەهواری بدەن، کاتێک ماڵ هی مێ بوو، دەرک و دەلاق، بەڕە و جاجم، بالیف و سەرین ڕەنگین و نەقشین بوون. لە دواهین سەدەکانی تاریکی، ژن دەستی لە بۆ جلی ڕەش برد، هەرکات لە ماوەی خەمگینیدا خۆی ڕەشپۆش دەکات، وەلێ مێینە لە خوودێتی خۆیدا ڕەنگینە، ئەگەر بە دیقەت بن دەتوانن لە ناو ڕەشاتی کراسی ژناندا، تریسکەی سوور و شین و زەرد ببینن، ئەوە ڕەنگەکانی ناوەوەی مێینەیە لە ڕووکاری کراسە ڕەشەکەیدا دەردەچێ. ڕەگەزی دایک ڕەگ و قەدە، ڕەگەزی کووڕ لق و پۆپەیە، بەبێ دەرمانکردنی ڕەگ، هەرگیزاو هەرگیز دەردی لقەکان چاک نابێ. مێینەکان لە ناو دۆخێکی وها بەدن، لە ناچاریدا مەیل و مرازی خۆیان دەشارنەوە، هێندە دەیشارنەوە، تا مەیلەکان دەمرن، چوونکە مێشک سیستەمەکەی وهایە. هەموو ئەو شتانەی مێ مەیلی لێیانە، لەزت بە نێرینەکان دەبەخشن، نێر بێ هەقڵی دەکات بیهەوێ لە دژی مەیلی مێ ڕابوەستێ، سەربەستبوونی هەز و مەیلی مێ، ژینی نێرینەکان جوان و بە چێژ دەکات، دەیخاتە سەر ڕێی گوڵینی خۆشوقهتی، لە کۆتاهیشدا بەرەو بهێشتێ دەربازی دەکات. لەبەرهەندێ فەرزە نێر لە گەوجێتی دەرچێ و، ڕێ لە پێش هەموو ئەو مەیل و مرازانەی مێینەدا بکاتەوە، کە ناموس ڕێی پێداوە. ڕێتان دراوەتێ هاوژین و هاوسۆز بژین، بەو شەرتەی لە دەستپێک و دەوام پێداندا، ڕەچاوی بکەن نێر لق و پۆپەیە، ڕەگ و قەد مێینەیە، ئەو مێینەی گرێدراو بە ناموس لە دایکبووەتەوە، نەک مێی

شکاو و هاڕدراوی سەر بە هۆفێتی. فەرزە پیاو بە چەمکی مێرد (مێپارێز)لەگەڵ مێ بێ و، واتای چەمکەکە بەرجەسدە بکات، فەرزە(بەرزە) هێکدی نەکەنە موولک و، مالک نەبن بە سەر هێکدیەوە. هەڵقە گۆڕینەوە ڕاگرن، کەس لە هەڵقەی هێکدی گیر نەخوات و نەبەستدرێتەوە، ئەگەر هاوژینی لە قەفەس خستن و زیندانکردنی هێکدی بە دید بهێنێ، کەسی باوەڕدار بە ناموس خۆی تێ ناهاوێ، تێشی دابێ لێی دهێتە دەرێ. هاوژینی بە واتای هێکێتی و هێزە بە ناوندێتی مێ پێک دێ، ئەو پیاوەی دەچێتە تەک مێ و، دەیهەوێ هاوژینی بێ، لە سەرێتی مێینەکە بە شاژن و، خۆی بە جوانمێر ببینێ. لەم بۆنەیەدا سێ زەماوەندی خنجیلانە بە نەریت بگرن، "شەکەراو خواردنەوە، خەنەبەندان، تارای سوور،" کە هەرسێکیان گوزارشت لە شیرینی و جوانی و مێهێتی دەکەن، سێکوچکەی پەیوەندیەکەن. بەڵام دەست لە نەریتی هۆفیانە هەڵگرن، نە لەم بۆنەیە و، نە لە هیچ کاتێکدا، ژن هەقی نیهە زێڕ و زیوی هەبێ و بیکات بە بەری خۆیدا، ئەوی بیکات هۆف تیایدا بە کارە. لە هاوژینیدا هاوبەندی و هێکێتی دروست دەبێ لە نێوان دوو بەرە دایکدا، بەبێ ئەوەی دوورکەوتنەوەی کچ، یان کوور لە دایک ڕووبدات. ژن هەقی نیهە بە بەهانەی هاوژینی و هاوبەشێتیەوە، کوور لە دایک و، برا لە خووشک دوور بخاتەوە. تاجی سەری کوور پێڵاوەکانی دایکێتی، هەرکەس دایکی لێی ڕازی نەبێ، هوودا لێی ڕەزا نیهە، بێشک هەینێ لە بهێشت بێبەش دەبێ. پیاو کاتێک پێرست بە مهیر هەڵسوکەوت دەکا و، دایک و خووشکی لێی ڕازین، دەتوانێ بە خۆی بنازێ و، ئەو ڕەزابوونەی دایکی بە نیشانەی دەستەبەری بهێشت لێکبداتەوە.

## پۆپەی 15

هوونەرەکان بە هێکرا لە دەستی خەڵکی دەرهێندراون و، لە بەرپێی سەرمایەداریدا بوونەتە کاڵایکی کەم بەها. ئەو بلوێرەی شیفانێک لە پێدەشت و کێوان فووی پێدا دەکات، جوودایە لەو زۆڕنایەی لە پێشوازی زۆرداردا دەژەندرێ، ئەو هەڵپەڕکێ ڕەشبەڵەکەی لە دەوری ئاگری نەورۆزێ دەگەڕێ، جوودایە لەو سەما و قوونبادانەی لە تەلاری سەرمایەداریدا نمایش دەدرێ، هێکێک هی گشتە و هێکێک هی تایبەت، هێکێک بەخشینە و، هێکێک فرۆشتنن، فرۆشێکی قێزەوەن. هوونەرەکانی هۆنینەوەی زوان و، ئەو هوونەرانەی دەچنە گوێوە و، ئەو هوونەرانەی دەرژێنە چاوانەوە، سەرجەمیان لە خەڵکی ستەندراونەتەوە. نەزمی چیناتی، هەروەکوو بەرهەمەکانی دیکەی کردوونەتە کاڵا، هوونەرەکانیشی بە کاڵا کردوون، هاوکات کردوونی بە کار و کردەی دەستەبەند و تاقمچێتی. هوونەر لە زبانی وتوێژی ڕۆژانە دەرهێندراوە و، زمان ڕووت و قووت بووەتەوە. لە پەیدابوونی بازاڕدا هوونەری قسەکردن، ئاواز و ئەدەبی دواندن لە بەین چوون، هاخاوتنی لووس و لاواز جهێی دواندنی بە قەدر و

ماقووڵی گرتەوە. جاران لە دەمەتەقێدا، کە گوێدێر بەڵێی کردبا، قسەکەر بە گووتنی "زاری بەڵێت خۆش بێ،" درێژەی دەداهێ، پاشانیش گوێدێرەکە بە گووتنی:" قسە لە زارت بە شەکەر بێ،" سەری قسەکردنی لێ وەردەگرت، قسەش بە ئاواز و سەنگ و سەروا بوو، لە گفتارشیرینیدا خۆشخوانی دەخەملا. هەنەوکە هوونەر بێ پایە و پەروانەیە، لەت و پەتیان کرد، هەرلەتێکیان هەڵدایە قووشبنێکەوە. هەندە کەس نوسەرن، گشتەی خەڵکەکەش خوونەرن، هەندە کەس ستران دبێژن، گشتەکەش گوێدێرن، هەندە کەس نیگار دەکێشن، پەیکەردەتراشن، هەندە کەس سەما دەکەن، گشتەکەش بینەرن. ئەم تایبەتکردنەی هوونەر، نەزمی چیناتی هێنای و، هێزی لەبەر هوونەر بڕی. هوونەر لە بازنەی مهیریدا گشتەیە، خۆشاوێکە هەمووان پێی سەرخۆش و دڵخۆشن. خەڵکینە، تاهێرە و بەس، هوونەر ببەنەوە شوێنی خۆی، ببەنەوە ناو ماڵان و سەر سووچی کۆڵانێ، ببەنەوە مەیدانی کارکردنێ و، تێکەڵ بە ژینی ڕۆژانەی بکەنەوە، مەهێڵن هیچ ساتێکی زیندەگی بەبێ هوونەر بە سەر بچێ، زیندەگی کارە و کار ئاهەنگە، هەرسێک لە ناو هێکدین، هۆفێتی - سەرمایەداری کەرتی کردوون و، لە هێکدی جوودای کردوونەتەوە. دیاریکردنی شوێنی تایبەت بە ئاهەنگ و، کاتی تایبەت بە ئاهەنگ و، گرێدانی بە سەرمایە، واتای لێستەندنەوەی ئاهانگە لە بەشەریەت. لەمڕۆوە هەموو شوێنێک شوێنی ئاهەنگە، هەموو کاتێک کاتی ئاهەنگە، ئاهەنگ ڕێ لە کار و لە هیچ شتێک ناگرێ، بە پێچەوانەوە هەموو ئیش و کارێک هاسان دەکات. بە دەم هەڵسووڕاندنی کاروبارەوە، گۆرانی بڵێن و سەما بکەن، تاوناتاوێ بینێکی بدەنێ و سووڕێک شاهی دابەستن، هەروەکوو دەریا و درەختەکان بە دەم باوە سەما دەکەن. ئەو کارانەی دەستیان دەدەنێ، لە پێشدا دڵیان بدەنێ و، دەمیان بدەنێ، هەنگێ بە هاسانی خۆیان بە دەستەوە دەدەن. دڵاوەری و دڵ گرێدان لەگەڵ هەرکارێک، وها دەکات ئەو کارە بگاتە پلەی شان و شکۆ و، بەرهەمی دڵڕفێن بداتەوە، چوونکی دڵپێدان شەپۆڵی خێر بڵاو دەکاتەوە و، لە ناوەوە توانا ناکارانی ناخ کارا دەبن، لە دەرەوەش ئەو شەپۆلانە کاریگەری دادەنێن. دوو جێژن هەن، هەرِوون بە پیریانەوە و، هەرساڵ بە پڕاوپڕی خۆتانیان لە بۆ سازدەن، "نەورۆز" جێژنی هاتن و، "مهیرگیان" جێژنی چوونە، هێکەم لە دەستپێکی بهارێ و، دووهەم لە دەستپێکی پاهیزێ، زەماوەندیان لە بۆ بگرن، لە هێوارێڕا هەتا درەنگان هەڵپەڕکێ و شادی بکەن، بەستە و ستران بڵێن. فەرزە لەو جێژنەدا نێرینەکان بە ماچکردنی دەستی مێینەکان، نیشانی بدەنەوە ژن شەرەف و شکۆیە، ژن خۆشەویستی و هوونەرە، هوونەریش بە پڕاوپڕی بەخشینە. هەرکەس دەیهەوێ لە ڕێی هوونەرەوە ناووبانگێک بە سەر خەڵکیدا پەیدا بکات، یان دەستکەوتێکی دیکەی هەبێ، با لەمڕۆوە کاروان بوەستێنێ و بارەکەی خۆی دابگرێ، ئەم سەودایە هۆفانەیە، ڕێی نادرێتێ. ئەوی بیهەوێ گۆرانی بڵێ و هەقی گووتنەکە لە گوێگر وەربگرێ، ئەوی بیهەوێ بنوسێ و

هەقدەستی نوسینەکە لە خوونەر بستێنێ، ئەوی بیهەوێ هەقایەت بهوونێتەوە و دەستکەوتی هوونینەوەی هەبێ، ویستی هۆفانەی هەیە و، لە پێڕستی مهیربە دەرە. پێڕست بە مهیر گۆرانی گووتن خێرە، گۆرانیبێژ کاتێک دڵی خەڵکی خۆش دەکات، هیکسەرە خێری دەگاتێ و، چاکە دەچێتە تۆماریەوە، تەنەها هەقی هەم دەستکەوتەی هەیە، نەک هیچ دەستکەوتی دی، لە پاڵ ئەویشدا مۆسیقاژەن هەمان خێر و چاکەی هەیە، هەربە هێندەی مۆسیقاژەنەکەش، گۆرانیبێژ هەقی بڵاوبوونەوەی خۆڕسکانەی ناووبانگی هەیە، نەک زیادتر. نوسین هوونەرێکی دیکەیە، ئەویش بەبێ ناووبانگ خێرە، ئەو نوسینەی لەگەڵ نامووس ناکۆک نەبێ و، مایەی خێر و چاکەی گشتی بێ، بەبێ ناوی نوسەر بڵاوی بکەنەوە، نوسەرەکە لە چاکەی نوسینەکە خێری دەگاتێ، هەقی دەستکەوتی دیکەی نیهە. هوونەر و زانست دەبەخش درێن، نافرۆش درێن و، ناشبێ بیانخەنە سەوداوە. پزیشکی، هەندازیاری و پیشەگەری، تێکەڵەی زانست و هوونەرن، ڕێ دراون بە هۆیانەوە دەستەبەری سنووررداری بژێو بکەن، بەو شەرتەی لە هیچ بارێکدا دەسهاتەکە لە هی جووتیار پتر نەبێ. سەرباری ئەوەش، کەس هەقی نازنازی و منەتکردنی نیهە بە سەر خەڵکیدا، هەرکێ خراپەی وهای لێ وەشایەوە، مستەهەقی سەرزەنشت و هەبەرکردنەوەیە.

## پۆپەی 16

کەس خۆی بە کەس بەرهوورد نەکات، چ تاقتان وەکوو هێکدی نین، هەرهێکەتان لە پێکهاتە و هەبوونتان تایبەتن. دروست وهایە ئەوڕۆکەتان بخەنە بەرهووردی دوونێکەتانەوە، بزانن چەندێک گەشەتان بە مهیربوون داوە، داخۆ چوونەتە پێشێ، یان لە درێخیکردندا بە پاش کەوتوون؟ لە هەموو بارێکدا خۆ لە بەرهووردکردن بە هێکدی دووربگرن، لەم کارەدا قەت ئەنجامی دروست بە زهین ناکەوێ، چوونکوو کەس وەکی کەس نیهە. نەزمی هۆفیتی- سەرمایەداری، تایبەتبوونی کەسی لە بەین دەبات، هەمووان وەکوو هێکدی لێ دەکات، وها دەکات وەکوو هێکدی بپۆشن، وەکوو هێکدی شێوە بە سەر و ڕووخسار بدەن، وەکوو هێکدی ناوماڵ دابنێن و، لە هەموو شتێکدا بچنەوە سەر هێکدی، بە شکووم بەبێ گرفت شمەک و کاڵای کارخانەکان ساخ ببنەوە. ئەگەر چاولێکەری و ویستی وەکوو هێکدیبوون، لە زهینی بەشەرێت نەچێندرێ، ئەو کاڵا وەک هێک و دووبارانە نافرۆشدرێن. داهێنانی مۆدێل و پەرەپێدانی، فێڵی بازاڕە، پووکاندنەوەی تایبەتبوونێتی بەشەرە. کەسانی هەڵوەدا بە مۆدێل و بازاڕکردن، لە ناخی خۆیاندا دۆڕاون، تایبەتبوونیان لە دەستداوە و، متمانەیان بە خوودی خۆیان نیهە، لە بەرهەندێ ڕادەبەدەر گرینگی بە دیوی دەرێ و، بە شتانێک

دەدەن، کە پێویست نین. دوو دەست جلک پێویستی هەموو هێکێک پڕدەکاتەوە، دەتوانن بەبێ گرفت ساڵانێکی پێ بەڕێ بکەن، دەستێک تەڕە و شۆردراوە، دەستەکەی دیکە خاوێنە و لە بەری دەکەن. دوو نا، چوار، یان شەش دەست، لەوە پتربێ نیشانەی دەرد و دۆڕانی کەسەکەیە. ژنێکی هۆفی ساڵانێک بە ناوی نوێنەراتی خەڵکەوە، ڕەنجی کۆمەڵی کووردەهەواری دەخوارد، بە شانازی پێکردنەوە گووتبووی: لە چوار ساڵی نوێنەراتیدا، هیچ ڕۆژێک جلی دووبارەم لەبەر نەکرد! ئەمە دەرهاوێشتەی دۆڕان و دەروونێکی دەردەدارە. ئەوی لە ناخەوە دۆڕابێ، لە دەرەوە خۆی بە براوە نیشان دەدات. دەردەکە دێر و بە پێشینە، لەگەڵ گەشەی کۆمەڵی چیناتیدا، دەردی خۆدەرخستن و خۆنمایشدان سەری هەڵدا، لە ناو ئەو کۆمەڵانەدا کەسانێک کراسەکانیان بە هەندازێک دامەن شۆڕ دەکرد، هەتا بە دوویاندا بخشێ، یان پارچەی زۆریان دەدا بە سەر شان، یان پشتێنی گەورەیان دەبەست، بەس لە بۆ ئەوەی نیشانی بدەن سامانداڕن. زیادە مەسرەفی و خەسارکردن، لە جلوبەرگ و لە هەرشتدا، هۆفانەیە، بە دیوەکەی دیکەش ناڕێکی و پیس و پۆخڵی، دیسان هۆفانەیە. کەشخەبوون و ڕێکپۆشین، گرینگیدان بە قشتی و قەشەنگی، گرینگیدان بە دەرکەوتنێکی جوان و کەشخانە، جوودایە لەو خۆ بە کەم دیتنەی ویستدراوە لە ژێر جۆرپۆشی و زۆرپۆشیدا بشاردرێتەوە. با کەس بە بەهانەی گرینگی نەدان بە تەن(مادە)، ناڕێکی و بێ سەروبەری بە سەر خۆیدا نەهێنێ، لە ناوەوە ڕێک و جوان بن، ئەوجا دیوی دەرەوە بە سەلیقەوە ڕێک و ڕەنگین بکەن. مێینەکان سەرچاوەن لە جوانیدا، هەقیانە بیانهەوێ هەمیشە بە جوانی بچیە بەرچاو و بەردڵان، بەو شەرتەی زیادەڕەوتی نەکەن و، لە کەرستەی سرووشتی و گشتی کەڵک ببینن. جوانکاری و خۆجوانکردن لە سنووری سرووشتیبووندا، هەوەڵبار لە کووردەهەواری ناوەندی شارستانێتی دایک دەستی دراوەتێ، پاشان بە جێهانێدا بڵاوبۆتەوە. بڕۆن ببینن، لە قەدیمی زەمانەوە، مۆری و مێخەک(قەنەفڵ) لە جوانکاریدا بەرکارن و، مێینەکان بە بۆنخۆشی و جوانپۆشیانەوە، نیگای نێرینەکانیان بە لای خۆیاندا ڕاکێشاوە. خەنەی قژ ڕەنگکردنێ و، کڵی چاو ڕەشکردنێ و، سووراوی ئاڵکردنی لێوان، لە زووەوە هەبوون، لەگەڵ ئەوەشدا گووتدراوە: "جوانی بە دەستی، کەس پێی ناوەستی." ئەم گۆزارە تخووبێک دەکێشێ و، بیری هەمووان دەهێنێتەوە، هەرچەند بتانهەوێ بە دەست و دەرمان خۆتان جوان بکەن نایگەنێ، لەبەر هەندێ زێیدەڕەوی تێیدا مەکەن. لە ڕێی دەرمانەوە دەتوانن لێوان سوور و، چاوان ڕەش و، پرچە سپیەکان ڕەنگین بکەن، وەلێ ئەو شۆخی و شەنگیەی لە ناخدا هەڵدەقوولێ و، لە تریسکەی گڵێنەکان و زەردەخەنەی لێوانەوە دهێتە دەرێ و، بە سەر کووڵمەکان بڵاودەبێتەوە، بە هوودای مهیربان گرێدراوە و بێ هاوتایە. هەی مێ مەرهەبات لێ بێ و، جوانیت بە زیادبێ، وەک بە زیادبوونی گوڵەگەنمی خاکی بەراو. دەنکێک گەنم خۆ باهی برسیێتی مەلیچکێک نیهە، بەڵام هەر ئەو دەنکە لە

هەلومەرجی خۆیدا، تاهاستی خەرمان بە زیاد دەکات. ئەمڕۆ جوانی، زۆر لە کەمی داوە، هەردەڵێی دانەوێڵەی بێ بارانی دووره ئاوە، دەسکەنەی لێ بە دەستەوە ناهێ. لەم ڕۆژگارەدا گەمەی ناشیرین بە ناوی جوانی ڕادەپەڕێ، هەموو ساڵ سەرمایەداری و نێرساڵاری وەکوو دوو برای دڵڕەش، خانمێک دهێننە سەر تەختەی نواندنێ و، تاجێک دەخەنە سەری، وهای چاڕ لێدەدەن گوایە ئەو لە هەموو ژنانی دوونیاهێ جوانترە. ئەم گفتار و کردارە تەڵەیە خانمینە! جوانترین و شای جوانان لە زەویدا نیهە، جوانی لە ژناندا هاوشێوەی گوڵ و درەختەکان هەمەچەشنەیە، نە دەلوێ درەختێک لە نێوان درەختەکان، نە ژنێک لە نێوان ژنەکان بە جوانترینی ڕەگەزی دایک بناسن. جووداکردنەوە بە ناوی شاجوان، کەمکردنەوەیە لە مێ، ملیارێک مێینەی شۆخ و شەنگ دەخەنە لاوە، هێک دانەیان لێ سەردەخەن، دەیانهەوێ بیخەنە سەری ڕەشە خەڵکەوە ئەو هێک دانەیە جوانترینە، ئەوجا ئەویش وەکوو هەرشمەکێکی دیکەی سەرمایەداری، لە بازاڕدا خۆی دەبینێتەوە. لە ڕاستیدا ڕەگەزی مێ بە شێوەی هەمەلایەن و بەربڵاو، جوان و شیرین و نازدارە، هەرچەندە بە بەردەوامی لێی دەستێندرێ و، وەکی داری بندەستی دارتراش دەڕندرێ و، لە وجوودی کەم دەکەنەوە. سەرەتا هێزی هەقڵی و دەروونی لە مێینەکان ستەندرا و، هیزر و هەستی نێراتی، ئاوێتە بە بیری سەرمایەداری، خزێندرانە سەری مێینەوە. ئەمڕۆ مێ لەش و لاریشی لە دەستی خۆیدا نەماوە، سەرتاپای کەوتۆتە چنگی نەزمی سەردەم، متمانەی بە هەقڵ و، بە هەست و، بە جەسدەی لە دەستداوە، لە شۆخی و شەنگێتی خۆی بەدگوومانە و، دەستی لە خۆی بەرداوە، بە شوێن جوانبوونێکە لە واتای ڕووکەشدا، لەم پێناوەش خۆی هاوێشتۆتە بەردەستی نەزمەکە و، بە شێوەی ساختە قاڵبی پێ دەدەنەوە. پرچی دەستکرد، هەبرۆی تاتۆ، برژانگی پلاستیک، ڕووپۆشی چاو، کۆڵمی فوودراو، لووتی بڕدراو، لچ و لێوی هەڵبۆقێندراو، رووخساری سواخ دراو، ددانی داڕێشتدراو، مەمک و سمتی پڕکردراو، گەدەی بڕدراو، پێستی لووس کردراو، نینۆکی داندراو، لە ڕاستیدا جهێ لە جەسدەی مێ نەماوە نەبووبێ بە ساختە، نەبووبێ بە کاڵا و، نەکەوتبێتە دەستی بازرگانانەوە، هیدی جەسدەی مێ بازاڕێکی بە هەڕمێینی مامەڵەیە و، بازرگانان تەراتێنی تیێدا دەکەن. نەزمی سەرمایە هەر لە سەرەتاوە، لە سەر بنەمای تەن سەری هەڵدا، هەر لە سەر ئەو بنەمایەش هەڵسوکەوت دەکات و، جوانی دەپێوێ، لە کاتێکدا جوانیهە بنەڕەتیەکان لە وێنەی پرشنگی خۆرهەتاون، دەستگیرنابن، ئەگەر وەکوو کووتاڵیش بە گەز ناپێودرێن، دەتواندرێ هەندازەکەیان ببیندرێ بە بەرتانەوە، ئەگەر وەکوو سەر مەڕیش ناژمێردرێن، دەلوێ لەگەڵ هەنگاوەکانتان بزاندرێ چەندن. خانمینە، لەو چڵپاوە وەرنە دەرێ، وەرن هەرهێکەتان بە شێوەی تایبەتی خۆتان، جوانیتان هەڵواسن لە چێوەی نیگاری پڕڕەنگی پێکەنیندا، جوانیتان جهێ بهێڵن، هەروەکوو شوێن پێ لە خاکی بەربارناندا بە جهێ دەمێنێ. لەمڕۆوە کەس نەیهەوێ

سووک و ساختە بێ، کەس نەیهەوێ وەکوو کەس بێ، دەردی خۆبەکەمگرتن تێپەڕێنن، بە شانازیکردنەوە خۆبوون بەرجەسدە بکەن. نامووس هێزتان دەداتێ، متمانە بە خۆبوونتان تێیدا دەڕوێنێ و ڕووناکتان دەکاتەوە.

## پۆپەی 17

هاخیر زەمانە، بە ترۆپک گەیشتنی هۆفێتی و، ڕادەبەدەربوونی دڕنداتی لە بەشەردا، نیشانەی کۆتاهین. بەرهەم و ئامێرگەلی بەرهەم هێنانێ، ئاستەکانی قازانج و کەڵەکەی سەرمایە، تفەنگچێتی و ئامرازەکانی قڕکردنێ، بە دوا کەوشەن گەیشتوون، لەگەڵیشیاندا هەژاری و بەدخۆراکی و نەخۆشیەکان، لە ئاستی لووتکەن. بیهێنە بەرچاوان و بیری لێ بکەنەوە، هەندێک هیساب و کتاب ئەوەیان خستۆتەڕوو، لە تێپەڕینی هەرخوولەکێکدا، بە لانی کەمەوە شەست کەس لە برسان دەمرن، ئەوانیش بە زۆری منداڵن. لە هەر نۆ کەس لە جێهانێ، هێکێکیان لە چنگ کەوتنی پارووهێک ناندا گرفتدارە و دەستی ناکەوێ، لە هەرچهار کەسێکیش هێکێکیان بە توندی لە ترس و دڵەڕاوکێی پەیداکردنی نان دایە و، بە ئاستەم دەستگیری دەبێ. لە هەر سێ کەسدا، هێکێکیان بە هۆی نەخۆشیەکانی دڵ دەمرێ. ساڵ هەیە ژمارەی مردووان بە دەردە دڵ، پانزدە ملیۆن تێدەپەڕێنێ. خەفەتباری و نائارامی، دڵەڕاوکێ و هاڵۆزی دەروون و دەماخ، چەقبەستن لە شێوەی کار و کەمبوونەوەی جوولەی لەش، هەمووی لە نەزمی چیناتیەوە کەوتوونەتەوە، هۆی بنەڕەتیشن لە تووشبوون دەردەکانی دڵ. لە دوو جەنگی جێهانیدا، کە پیاوانی سپی پێست هەڵیان گیرساندوون، سەد ملیۆن بەشەر لە ناو چوون، ئێستاکێ لە هەر شەش ساڵ جارێکدا، بە ڕادەی ئەم ژمارەیە خەڵکی بە هۆی نەخۆشیەکانی دڵەوە، بە مردنی پێشوقت دەمرن. بەڕاستی ئێوەی بەشەرێت مێشکتان خەسێن دراوە، لە وێنەی هەمان ئەو خەساندنەی زاین و وەچە خستنەوە دەوەستێنێ، دەنا دەبوو ڕاچڵەکانێک ڕابچڵەکێن زەمین بلەرزێ لە بەرپێتان و، باڵاخانەکان دابڕمێن بە سەر سەرمایەداران. ئێوە لە واتای بنەڕەتدا مردوون، لەبەرئەوەیە نقەتان لێ دەرناهێ و، تەقەی سەرتان دێ. هەی مردووانی نەناشتدراو، ڕۆژی قڤیامەتە هەڵستنەوە، هەڵستنەوە با ئەو کاروانی مەرگە بوەستێ و، زیندەگی بکەوێتەوە ڕێ.

## پۆپەی 18

زهینتان ڕوون بکەنەوە، ببینن نەزمی سەرمایەداری، وا چ دۆخێکی مەرگاوی بە جێهانێ داهێناوە. بەروبوومی سەرزەمین خۆ بەشی تێربوونی هەمووان دەکات، بەڵام

مردن لە برسان دۆخێکە نەزمی چیناتی هێناووتی، تەنانەت ددان بەوە داندراوە، لە هەردانە ساڵێکدا، پتر لە هێک ملیار و سێ سەد ملیۆن تۆن خۆراک، لە وڵاتە گەورەکانی سەرمایەداریدا فڕێ دەدرێن، هەر ئەم بڕە خۆراکە بەسە لە بۆ نەهێشتنی برسێتی لە جیهانێ. سپی پێستانی خۆرئاوا، لە ڕێبەرانی نەزمی سەرمایەدارین و، بە نەقشەی داڕێشتدراو، خەڵکانی ئەفریقا و باشووری ڕۆژئاوا و، بەشێکیش لە دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتیان خستوونەتە مەرگەساتەوە، چوونکە مەبەستیانە پێش بە پەرەسەندنی دانیشتوانی ئەم سێ بەشەی زەمین بگرن. لە مەفتەنی سپی پێستانی موو زەرددا، گەشەی وەچەخستنەوە بە ئاستێک دابەزیوە، ساڵ بە ساڵ ژمارەیان لە کوورتی دەدات، لە کاتێکدا کۆمەڵانی ئەفریقی و خۆرهەڵاتی، لە نشهوونمای نەسرەوتانەی سەرسووڕهێنەردان، بە جۆرێک دەسهەڵاتدارانی چیناتی لە خۆرئاوا، لێی تۆقیون. مەزندە وهایە هەتا هەفتا ساڵی دیکە، دانیشتوانی ئەو سێ بەشەی زەمین بە هەندازێک زیاد بکەن، زۆرینەی خەڵکی جیهانێ پێک بهێنن، سپی پێستانی موو زەردیش بە هەندازێک لە کەمی دەدەن، دەبنە کەمینەی جیهانێ. بێشک ئەم وەرچەرخانە، ئەگەر کەمێک هۆشیاربوونەوەی لەگەڵ بێ، ختوورمەی دەسهەڵات لە دەستی سپی پێستانی هۆفی دەردهێنێ، لەبەر هەندێ سپی پێستان بیریان لەوە کردۆتەوە، بە فەراوانکردنی ڕێ و شوێنی قڕکردنێ، پێشی پێ بگرن. وا زیاد لە نیو سەدەیە هۆفیانی خۆرئاوا، بە پلانی هووردی دوورمەودا لە تەقەڵادان، دەیانهەوێ بە بڵاوکردنەوەی برسێتی و، دەرد و پەتا، بە نانەوەی شەڕ و کووشتار و ماڵوێرانی، گەشەی دانیشتوانی ئەو جیهانە بوەستێنن. بڕێک لە کاری پلانەکە بە دستەبەندی سیخووڕی سپێردراوە، بڕێکیش بەو دارودەستانەی لە شوێنان پەیدایان کردوون. دارودەستەکان تاقمی دەسهەڵاتداری ناوچەن، بە ڕووکەش هاوخوون و هاوخاکن لەگەڵ خەڵکەکەدا، لە بنەوەڕاش فەرمانبەرانی قسە لە گوێی نەزمی سەرمایەدارین، ئەوان هەرچ لۆنێک بیانهەوێ، ئەوها دەیانجوولێنن. هۆ خەڵکینە! لەو خەفڵەتەی تێی کەوتوون وەرنە دەرێ و، خێرا بە خۆکەون، گوورج و گۆڵ خۆتان بە نامووس هەڵواسن، نامووس هێزی ئەوەتان دەداتێ نەزمی سەرمایەداری هەرەس بهێنن، دەنا ئەوان هەرستان پێ دهێنن و، توێکڵەکەشتان دەسڕنەوە.

پۆپەی 19

دڵ دایکە، دایک لە ناو لەش و، دایک لە ناو کۆمەڵی بەشەرێتدا، هاوبەندی هێکدین. ئەو دەمەی دایک لە ناو کۆمەڵ دەکەبتێ و، لە ناوەندێتی وەدەری دەنێن، لەگەڵ وەدەرنانیدا هەموو ئەو هۆیانەی مایەی دەردەداربوونی دڵن، سەرهەڵدەدەن. ترس،

گوومان، دڵەڕاوکێ، توڕەهی، خەمگینی، شەرم، چڵێسی و چاوچنۆکی، لەو هەستە بەدانەن لە هەناوی هەلومەرجی چیناتیدا بەرهەم دهێن و، دڵ شەکەت دەکەن، لە کۆتاهیشدا دڵ لە لێدان دەکەوێ و، ترپەی دەوەستێ. وەدەرنانی ڕەگەزی دایک لە ناوەندێتی کۆمەڵ، هەلومەرجێکی پڕ فیشار و هاڵۆزکاو بە زەوی دادهێنێ، لە ژێرباری ئەو فیشارانەدا، هەندێک جار بەشەر هێزی بەرگەگرتنی نامێنێ و، تووشی شەپڵەی دەماخ دەبێ. دڵ و دەماخ هەردووکیان لە پێکهاتەی لەشدا مێینەن، دڵ دایکە و دەماخ کیژە، ڕەگەزی مێ لە ناو کۆمەڵدا چ دۆخێکی هەبێ، لە ناو پێکهاتەی لەشیش دڵ و دەماخ دەکەونە جۆرە زوورفێکی ئەوهاوە. چیناتی هەلومەرجێکە، ڕەگەزی دایک تیایدا سەرتەپەیە، هەلومەرجێکە سەرڕێژە لە دەردەداری و هۆکارەکانی تەپینی بەشەری. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، کە دەردەکانی دڵ بە هۆکاری هێکەمی مردن دهێن لە جێهانێ، تێکۆشینی هەکیمان بە مەبەستی بەرپێگرتنی، بێ هوودەیە. گەڕان بە دووی دیتنەوەی چارەسەری شەپڵەی دڵ و دەماخ، تەنانەت گەڕان بە دووی دەرمانی دەردەکانی دیکەش، فایدەی نیهە. لە منی ببیستن، کاتێک ڕەگەزی دایک گەڕایەوە پایەی خۆی و، مهیر چەسپا، ئەوکاتە خۆبەخۆ دەردەکان لە ڕەگەوە چارەسەر دەبن، دەنا بە هیچ هەوڵێک ڕێ لە وەستان و کەوتنی دڵان ناگیردرێ. شیفای دڵان و شیفای دەردەکانی بەشەرێت ئەوەیە، هوودای مهیربان بەرەو دڵ و دەماخ بگەڕێتەوە، دایک بچێتەوە پایەی خۆی و، پێڕست بە مهیر زیندەگی بکەن. ئەمڕۆ دایک نادیارە، جەوهەری مێ بە تەواوی بێ هەزوورە، هەبوونێکە لە هیچ بارێکدا ڕووکەش تێناپەڕێنێ. ئەگەر نەزمی بەرێوەبردنێ لە ستوونیەوە نەگۆڕێ بە ئاسۆهی و پانی، ئەگەر هەرەوزی و هاوبەشێتی لە زەمین و، بیروباوەڕی مهیری لە زهین جهێ نەگرن، هەرگیز جەوهەری ڕەگەزی دایک بەرجەسدە نابێ. گەڕانەوەی دایک گەڕانەوەی هوودایە، گەڕانەوەی مهیر و، گەڕانەوەی هەقیقەت و، سەرلەنوێ زیندووبوونەوە و بە سرووشتیبوونەوەیە. گەڕانەوەی دایک هەڵوەشاندنەوەی نەزمی چیناتی و، پایە داکووتینی شارستانێتی دایک و، بە تەواوی ڕووناک بوونەوەیە. لە پێش و پاش، هەرگوزارشتدانێک بە کرۆکی نامووس ناکۆک بێ، پووچ و نەزۆک و بێ ریشەیە لە پەیوەندی بە ڕێسای گەردوونی، هەرشتێکیش بە ڕێسای گەردوونی پشت ڕاست نەبێتەوە، بە زەرەری خۆتانە، هەم لەم سووڕە و هەم لە دوو سووڕەکەی پاشتری زیندەگیتاندا. بێشک هەرکەس هاقڵ و تەمام بێ، بەڵای وها بە سەر خۆیدا ناهێنێ، تێشی دابێ، خێرا خۆی لێ نەجات دەدات. دڵنیابن، گوزەرانێکی ڕەسەن و بە ڕیشە لە بازنەی مهیردا، خۆشگوزەرانی هەتاهەتاهی بە دووی خۆیدا دهێنێ. جا لەبەر ئەوەی هەقیقەت هوودای دایکە، خوودێتی هووداش تینە و، تینیش زیندەگی بەرجەسدە دەکات، خۆگرێدانی ڕەسەن بە زیندەگیەوە، دەبێتە خۆگرێدان بە هەقیەت و زانستی ڕاستیەقینەوە.

پێکهاتەی بەشەر و گشتەی زیندەوەرانی گەردوونێ، بازنبوونێکە لە تین و تەن، دیوی دەرێ واتای"تەن" و، دیوی ناوەوە واتای "تین"ی دەدرهێتێ. جا لەبەرئەوەی تین هوودایە و، هوودا بنەڕەتی هەموو هەبوونێکە، بۆهێ ناوەوە بە پێشین دێ، بەڵام ئەوە بە واتای لە هیساب دەرکردنی دیوی دەرێ و ڕەتکردنەوەی نیهە. ڕێسای گەردوونی وهایە، لە ڕەچەڵەکی بەشەری و، هەرکۆمەڵێکی ڕەچەڵەکیدا، ڕەگەزی دایک گوزارشتە لە تین و پێشرەوتی دەگرێ، ڕەگەزی کووڕ لە واتای تەن دایە و، بە ڕەوتی دایک گرێ دراوە. لە هەربارێکدا ڕەگەزی دووهەم(نێر) بکەوێتە پێش ڕەگەزی هێکەم(مێ)، یان هێکسان بکردرێن، کاولکاری بە دوو دادێ، لەبەرهەندێ هەرکەس ڕەگەزی دایک بە شەڕەف و نامووس(بە سەرۆک و ناوکی هێز) نەناسێ، هۆفی و بەدکارە، ئەوی بە هۆفێتی بمرێ، با دڵنیابێ هەتاهەتاهێ لە دۆخی دۆڵزاخ دەبێ. بە پێی ڕێسای گەردوونی، کە زهینی هوودایە، هەرهۆفی و بەدکارێک لەم سووڕەی زیندەگیدا تۆبە بکات و بەرەو مهیر بگەڕێتەوە، بەخشدراوە، بەڵام لە سووڕی پاش مەرگدا هیچ بەخشینێک نیهە، هەرکەس بە پێی خێر و شەڕی تۆماری خۆیەوە، لە دۆخی بهێشت، یان لە دۆخی دۆڵزاخ جهێ دەگرێ. کاتێک چیناتی ڕەوتی گرت، تەن هێندرایە پێشی تین و، پێشڕەفتی دراهێ، نێر هاتە پێشی مێ و خۆی بە سەریدا سەپاند، ئەم جێگۆڕکێکردنە لادان بوو لە ڕێسای گەردوونی و، بە هۆیەوە هەموو شتێک کاول بوو. لەمڕۆوە بنیادنانەوە و زیندووبوونەوە دەست پێ دەکات، وەلێ نەکەن تەن نادیدە بگرن، یان ڕەگەزی کووڕ بێ پایە بکەن، کاری وها دەرچوونە لە مهیر و، بە دیوێکی دیکەدا هۆفێتی بەرجەسدە دەکات، ئەمەش دیسان ماڵخراپی بە دووی خۆیدا دهێنێ. زهینی بدەنێ، دیدەی خەڵکانێک بە تاقی تەنەهێ تەن دەبینێ و، لە ناوەوە بۆش و بە تاڵ بوونەتەوە، خەڵکانێکیش کە بە سۆفیگەری ناویان دراوەتێ، تەن نادیدە دەگرن و، ژینی دوونیاهێ بە هیچ و پووچ دەبینن، لەوان وهایە بێجگە لە یادکردنەوەی هوودا، هەموو شتێکی دیکە خاڵی و بێ واتایە. ئەم گەلاڵەیە لێکەوتەی گێژێتی و نەناسینی هوودایە، تێگەیشتنێکە بە ڕاستی ڕەش و بەدە، بە هەندازەی ئەوی دیکە خراپەی زۆرە. ناوەندی دیدی هێکەم خۆرئاوایە، هی دووهەم ناوەندەکەی خۆرهەڵاتە، چ تاقیان مایەی ژین نین، هەردووکیان دوو ڕێبازی هۆفێتین، ژینی تێر و تەواویان لە بەشەرێت بە هەدەر داوە، هەردووک دوو دەمی چەفتی مقەستێکن، لە بڕیندا جەوجەو دەکەن. تاهێرە و تەواو، چەرخی هۆفی لە گەڕان دەوەستێ و، هەردوو ڕەوتەکە بە بنبەست دەگەن. کۆمەڵ سەرلەنوێ لە سەر بنەڕەتی ناوەندێتی مێ شێوە دەگرێ، نەزمی شارستانێتی دایک شوێن بە دەوڵەتی نێرناوەندی چۆڵ دەکات، کەمینەی مالک و زۆرینەی موولک هەڵدەوەشێتەوە و، دادپەروەری بە زەویدا دێ. ئەمە ویستی دادی

گەردوونە، بێشک بە دید دێ، هەرهەوڵێک بە مەبەستی بەرپێگرتنی، پووچ و نەزۆک دەکەوێتەوە، بەرهەڵستکارەکەش بەو کارەی دەیکات، خۆی دەخاتە دۆخی دۆلزاخەوە. خەڵکینە! بە هۆش و لە سەر هەست بن، واز لە هۆفێتی بهێنن و، پابەند بە نامووس هەڵبسوورێن، نەکەن دژ بە ویستی گەردوون بوەستنەوە، چاک بزانن ئەگەر بمهەوێ هەموو شتێک بە سەرتاندا قلْپ دەکەمەوە، هێزی شەپۆلەکانی گەردوون ها لە هەناسەکانمدا، خاک و ئاو و ئاگر بە قسەم دەکەن، هەرهەندە بڵێم: هەی خاک بلەرزە و بڕوخێنە بە سەریاندا، هەی ئاگر بڵێسەت بێ، بڕۆ بیانسووتێنە، هەی ئاو هەڵستە، ببە بە لافاو و بیانخنکێنە، هەنگێ ساخ و پەتیتان تێیدا نامێنێ، پاشانەکەش ڕوو بە دۆخی دۆلزاخ ڕێ دەکەن.

## پۆپەی 21

ئەم چەرخە چەرخێکە بەشەرێت تیایدا لە زهینەوە خەسێندراوە و، لە واتاهێکدا مردار بۆتەوە. ڕەچەڵەکە بوونەوەریەکان هەرهێکەیان لە کۆمەڵێکی جووداجۆردا، بە تایبەتمەندێتی خۆیانەوە گرێدراون و، پێ لە بەندی ڕێسای گەردوون، بە سرووشتی دەژین، تەنەها ڕەچەڵەکی بەشەر تایبەتمەندێتی و سرووشتیبوونی لە دەستداوە و، بە دیار بە سەرهاتەکانیەوە هێڕوهووڕ بۆتەوە. بڕۆننێ، لە هەرجهێ لە جێهانێ، مشتێک پیاوی هۆفی هەشیمەتێکی بەشەریان وەکو ڕانەمەڕ داوەتە پێش خۆیان و، چلۆنێک بیانهەوێ ئەوها لێیان دەخووڕن. بەشەر لە هوودای دایک دوورکەوتەوە، لەبەرهەندێ وهای لێ بە سەر هات، هەردەبشوو وهای لێ بە سەربێ، چوونکە منداڵ بەبێ دایک هەتیو دەکەوێ. لە ناو خێزاندا خووشکی گەورە "دادە"یە و، دایکی دووهەمە، پوور(خووشکی دایک) دایکی سێهەمە، لە دڵ و دەروونی هەرهێکەیان سۆزی دایکانە هەیە و، دەتوانن نەهێڵن منداڵ لە پاش مردنی دایکیدا، هەتیوکەوتنی پێوە دەربکەوێ. بەڵام لە کۆمەڵی بەشەریدا، هوودای دایک تاقانەیە، کاتێک بەشەر لە پابەندبوون بە هوودا دادەبڕێ، وەکوو درەختێکی هەڵقەندراوی هووشکی لێ دێ، چیدی بەرهەم نادات. هەنەوکە بەشەر نە خۆی دەناسێ و نە هوودا، هەڕە لە بڕە دەرناکات و کۆڵکەدارێکە لەو گۆڕەی. لە هاخیر سەدەکانی تاریکیدا، دوو ڕەوتی هوودانەناس بە نێوی دیندار و بێدین، لە سەر چەمکی پەیداکەری بەشەرێت تێکگیران و، نەزمی چیناتی لە پشت پەردەوە دەستی لە پشتی هەرهێکەیان دەدا. بێدین کە گووتبێتی هوودا نیهە، پێناسێکی گرتۆتە دەستی و، هوودای ناو پێناسەکەی ڕەتکردۆتەوە، بۆهێ هەق بە بێدین بووە، وەلێ ململانێ و ڕقەبەری دیندار و بێدین، لە بنەڕەتەوە ناهەقی و نەزانی بوو، ئەوان بەبێ ئەوەی بە خۆیان بزانن، سیستەمی چیناتی دەیبردن بە گژی

هێکدا و دەیخستنە شەڕەوە. لە توولی زەماندا، هێکێک لە هەستوونگەکانی لە سەرپێ مانەوەی سیستەمی چیناتی، پەرتکردنی خەڵکی و، توونکردنی جوودایەزی و ڕقەبەرێتی نێوانیان بووە، لەگەڵ ئەوەش خۆی وەکوو هاوسەنگڕاگر و بێلایەن نیشانداوە، وەهای خستۆتە سەری خەڵکیەوە، سەلامەتی هەمووان بە سیستەمەکەوە بەندە، دەنا ڕەوتە جوودایەزەکان بە ناو هێک دەکەون و، هێکدی خەلاس دەکەن. بڕواکردن بەم هاش و هووشەی سیستەم، خەڵکەکەی بە تەواوی فەوتاند. لە ڕاستیدا نە دیندار و نە بێدین، چ تاقیان دین ناناسن، نە لە وشەکە تێدەگەن و، نە خوودی دین دەناسن، هەردوولا لە نەزانین و نەناسینەوە بە شەڕهاتوون. ئەمڕۆ نامووس هەردوو ڕەوتەکە کۆتاهی پێ دهێنێ و، هەرکەس لە ناویاندا جهێی هەبووبێ، دەبێ شەرم لە دوونێی خۆی بکاتەوە.

## پۆپەی 22

هەڵپەکردن لە بۆ دەستڕاگهیشتن بە سەرمایە و کەڵەکەکردنی، لێکەوتەی پێشڕەفتی هۆفە لە زهینی بەشەردا، ئەمەش خۆبەخۆ دەردێکە، دین و دوونیای لە دەستی بەشەرێت دەرهێناوە. سەرمایەداران لە زهین و دەروونیانەوە، بە قووڵی هەڵگری ئەو دەردەن، دەردەکە لە کەسێک لە بۆ کەسێکی دی گواستدراوەتەوە، سەرەنجام ئەوانی سەرمایەداریش نین، پێی گرفتارن، چوونکوو داهیمەن لە بیری گهیشتن بە سەرمایەن و، هەستەکانیان گرێدراو بە ویستی سەرمایە ڕەوت داوەتێ. دەردی سەرمایە لە دەروون و دەماخەوە، گواستدراوەتەوە لە بۆ لەش و، چەندان دەردی بەدەنی لێکەوتۆتەوە. کاتێک دەروون و دەماخ دروست نین، تەنی بەشەر هەرگیز دروست نابێ. لەش لە دەروون و دەماخەوە، هەم دەرد وەردەگرێ و هەم دەرمان. نامووس دەرمانێکە بە هەموو دەردێک دەخوات، لە ڕێی گوێ و چاوەوە دەچێتە ناو سەر و، شیفا بە دەماخ و دەروون دەدات، ئەوجا شەپۆڵەکان لە سەرەوە بەرەو خوارێ پەخش دەبن و، دەردەکانی لەش بەرەو چارەسەری دەبەن. باش وەهایە دەردی سەرمایە بە دروستی بناسن، هەتاوەکوو هاسان خۆتانی لێی نەجات بدەن. خواستی زیادکردنی سەرمایە و بوون بە ساماندار، تخووبگیر نیهە، هەرهەندە کەوتە زهینی کەسێک و، بنچەقی لە خەزنەی دەماخ داکووتی، هیدی مەیلی زیادکردنی سەرمایەی کەڵەکەکردراو لێی نابێتەوە، ئەو کەسە دەستی لە هەر بڕە سامانێک گیربێ، دەیهەوێ بڕی دیکەی بخاتە سەرێ، ئەمەش لە دەروونەوە ناسەقامگیر و بێ ئۆقرەی دەکات، وەهای لێ دەکات بە هەر ڕێ و شوێنێک بووبێ، بە دووی کۆکردنەوەی سەرمایە بکەوێ. هەرێ وەهالە، بە زیادبوونی خواست لە بۆ سەرمایە، چ لە سەر ئاستی تاک

و، چ له سه‌ر ئاستی کۆمه‌ڵ، درۆ و فێڵ و به‌دکاری و تاوان به زیاد ده‌که‌ن. هاوده‌م له سه‌ر بنه‌مای سه‌رمایه و خواستی ده‌ستڕاگه‌یشتن پێی، شێوه به‌ په‌یوه‌ندی و هه‌ڵسوکه‌وته‌کان ده‌درێته‌وه، له‌به‌رهه‌ندێ هیچ شتێک له بازنه‌ی سرووشتی خۆیدا نامێنێ، سه‌ره‌نجام به‌شه‌رێت تووشی قه‌یرانی قووڵی ده‌روونی و کۆمه‌ڵاتی ده‌کات، هه‌روه‌کوو کردووتی. له سه‌ده‌کانی دواهیدا پووچه‌ڵی و پۆخڵه‌واتێک به ناوه‌کانی زانستی ده‌روونی و زانستی کۆمه‌ڵاتی، له هه‌ناوی نه‌زمی سه‌رمایه‌داریدا هاتنه ده‌رێ، به‌بێ ئه‌وه‌ئ بنه‌ڕه‌تی قه‌یران بناسن و شیته‌ڵی بکه‌ن، به‌بێ ئه‌وه ده‌رک به‌وه بکه‌ن ده‌رده‌کانی دڵ و ده‌روون و، ساردی و سڕبوونی په‌یوه‌ندی کۆمه‌ڵاتی، لێکه‌وته‌ی هه‌لومه‌رجی سه‌رمایه‌داری و چیناتین. ده‌ردی سه‌رمایه بێجگه له‌وه‌ی ئه‌م دوونیایه‌ی له به‌شه‌رێت کاولکرد، له پاش مه‌رگیشدا به‌شه‌ر ده‌باته دۆخی دۆڵزاخه‌وه. که‌س ناخافڵ خۆی نیشان ده‌دات، کووڕی مریه‌مێ پێشترێ پێی گووتبوون: چوونی هێسترێک به کوونی ده‌رزیدا، هاسانتره وه‌ک له‌وه‌ی ساماندارێک بچێته بهێشتێ. هه‌ی سه‌رمایه‌داران، شوکرانه‌ی ده‌وێ من هاتووم و هێشتا نه‌مردوون، ئه‌مڕۆ هه‌لێکتان هه‌یه به‌ره‌و مهیر بگه‌ڕێنه‌وه و به هۆفی نه‌مرن. ئه‌و ساماندارانه‌ی پێشتر مردن، وا له ناو گۆڕدا به ئاگری ده‌روونی خۆیانه‌وه ده‌سووتێن. له پاش مه‌رگ هه‌موو هێکێک به ته‌واوی هه‌قیقه‌ت ده‌ناسێ، ئه‌م ناسینه له بۆ که‌سێکی سه‌ر به خێر و چاکه‌کار خۆشگوزه‌رانی دهێنێ، که‌سێکیش سه‌ر به شه‌ڕ و هۆفی بووبێ، لێی ده‌بێته ئاگری ده‌روون و ده‌یسووتێنێ. بیهێننه پێش چاو و به هووردی زهینی بده‌نێ، چ ئاگرێک هێنده‌ی ئه‌و ئاگره‌ی ده‌روون به هێش و سووتێنه‌ره، که که‌سێک له چاوه‌ڕوانی چوونه دۆخی دۆڵزاخ وه‌ستابێ و، هه‌میشه تیایدا بمێنێته‌وه، له کاتێکدا هه‌مان ئه‌و که‌سه بهێشتێکی هه‌تاهه‌تاشی له ده‌ستداوه. پێودانگ به ژینی ئێره‌کانه، ژینی ئه‌وێ مه‌پێون. ئێره و ئه‌وێ دوو هه‌لومه‌رجن، ته‌نی له‌ش له هه‌ر سووڕێکی زینده‌گیدا به جۆرێک تایبه‌تمه‌نده، هه‌رئه‌مه‌ش بنه‌ڕه‌تێک له هه‌لومه‌رجه‌که پێک دهێنێ. دیقه‌ت بده‌ن، له‌شی خۆتان ته‌نه و به هه‌وا ده‌وره دراوه، هه‌واش جۆرێکی دیکه‌یه له ته‌ن، واته جۆرێکی ته‌ن له ناو جۆرێکی دیکه‌ی ته‌ن دایه، پێکهاته‌ی به‌شه‌ر به دیوی ناوه‌وه‌شدا ئه‌وهایه، پێوه‌سته ئه‌م تێگه‌یشتنه به‌رچاوتان سه‌باره‌ت به ژینی پاش مه‌رگ ڕوون بکاته‌وه. مردن په‌ڕینه‌وه‌یه به‌ره‌و قۆناخێکی باڵاتری زینده‌گی، پاش ئه‌ویش قۆناخی سێهه‌م باڵاترینه. له‌و باڵابوونه‌دا هه‌ست و هیزر و ده‌رک له به‌شه‌ردا، به شێوه‌ی له خه‌یاڵ به‌ده‌ر بڵند و کاران، مردووان به پڕاوپڕی ڕابردووی خۆیان دهێته‌وه به‌ردید، به ئاگاشن له ژینی سه‌رزه‌مین، به‌ڵام ئه‌وان له سووڕی دووهه‌می زینده‌گین و، هیچیان پێ له‌گه‌ڵ سووڕی هێکه‌م ناکردرێ، چوونکه ئه‌و سووڕه سه‌باره‌ت به ئه‌وان ڕابردووه. به نموونه‌ی تێگه‌یشتن، هه‌رهێکه له ئێوه‌ی زاوی نیشین، ڕابردووی خۆتان له بیره، به‌بێ ئه‌وه‌ی ده‌سهه‌ڵاتێکتان به سه‌ر ڕابردووتاندا هه‌بێ، به‌ڵام ده‌ستتان به سه‌ر

داهاتووتاندا دەڕوات و، هەرچ لۆنێک بینەقشێنن، ئەوها دهێتەوە بەردەمتان. خەڵکینە، زهینتان ڕوون بکەنەوە، با چاک بچێتە سەرتانەوە، ژینی ئێستای سەرزەوی سەبارەت بە مردووان ڕابردووە، مردنیش سەبارەت بە ئێوەی زەوی نیشین داهاتووە، ڕابردوو دەبیندرێ بەبێ ئەوەی بتواندرێ بگۆڕدرێ، بەڵام داهاتوو نابیندرێ و دەتواندرێ بگۆڕدرێ، لەبەر ئەوەیە ئەو کەسانەی لە سەرزەوین، دەتوانن لە سەر مردووان کاریگەربن و، بە دووهاکردن لە خەتا و خراپەکانیان کەم بکەنەوە، چوونکوو زەوینیشن لە سووڕی هێکەمن و، سەبارەت بە ئەوان مردن داهاتووە، داهاتووش لە ژێر ڕکێبی ئەمڕۆ دایە.

## پۆپەی 23

چیناتی هەلومەرجێکە، بە دووی خۆیدا نامۆبوون دهێنێ، چوونکی هەموو شتێکی سرووشتی هەڵدەگێڕێتەوە و دەیانکاتە ناسرووشتی، کاتێکیش شتانی ناسرووشتی دەوری بەشەر دەگرن، ئەو شتانە لەگەڵ بنەڕەتە سرووشتیەکانی دەماخ و دەروون و لەشی بەشەردا ناکۆکن، ئینجا بە قووڵبوونەوەی ناکۆکیەکان و، شکستی هەوڵی بەرەنگاری، هەستی نامۆبوون دەکەوێتە پێکهاتەی بەشەرەوە. شتە سرووشتی و ناسرووشتیەکان، هەرهێکەیان دوو بەشن، بەشێکیان لە ناوەوەڕا دەچنە دەرەوە، بەشێکیش لە دەرێڕا دهێنە ناوەوە. بەشێک لە سرووشتیبوون و مهیریات، بە شێوەی زگماک و بە "گینات" دەگواستدرێنەوە، مهیریاتێکیش لە پەروەردە و دوروبەرەوە، هەردووک بە هێکەوە دارا و بە دەورن، لە دیاریکردنی بڕی بنەڕەتە سرووشتیەکان لە خووێتی بەشەردا. لە باری پێچەوانەش، بڕێک لە هۆفێتی و ناسرووشتیبوون لە گینات ڕا دێ، پاشانەکە بە جۆرێتی پەروەردە و، ڕەنگدانەوەی هەلومەرجی دەوروبەڕەوە، بڕێکی دی لە هۆفێتی و ناسرووشتیبوون بە پێکهاتەی بەشەر دەکەوێ. لە هەردوو باردا، هەندێک بنەڕەتی هیزری و هەستی لە کەسەکاندا هەن، بڕەکەی لە کەسێک لە بۆ کەسێکی دی جوودایە، ئەو کەسانەی تووشی نامۆبوون دهێن، کەسانێکن بڕی بنەڕەتە سرووشتیەکان لە پێکهاتەیاندا زیادترە لە چاو کەسانی دی، لەبەرهەندێ ناتوانن لەگەڵ ئەو هەموو ناسرووشتیبوونەی دەوروبەرەکە هەڵبکەن، هەست دەکەن لە ناو دەوروبەرێکن پێی نامۆن، وها بیر دەکەنەوە لە شوێنێکی هەڵە و لە کاتێکی هەڵەن، ناشتوانن نە شوێن بگۆڕن و نە کات، هەنگینێ بە تەواوی سەریان لێ دەشێوێ و، دۆخە ناوەکیەکەیان بە لۆنی جوودا بە سەر گفتار و ڕەفتاریاندا ڕەنگدەداتەوە، هەندێک لەوان دەڕووخێن و، بە قەسدی دەربازبوون لەو شوێن و کاتەی تیایدان، پەنا دەبەنە بەر خۆکووشتنێ و، دەست لە خۆیان دەوەشێنن. هەڕوون چاو بگێڕن بە تۆماری

نەخۆشخانان، ساڵانە بە ملیۆنان شارنیشین هەوڵی خۆوکوشتنێ دەدەن، ئەو شارانەی بە ڕووالەت پێشکەوتوون، بەڵام لە ناو دێهاتی بە ڕووالەت پاشکەوتوودا، بە دەگمەن ڕووداوی ئەوها هەیە، ئەو فەرقە هی ئەوەیە نامۆبوون لە شاران قووڵ بۆتەوە. لە دەورانی هاخیریدا، نەزانگەلێک بە ناوی زانا، بیرمەند و فەیلەسوف، وقتهێک لە لێگەڕین بە دووی هەقیقەت مایەپووچ بوون، لە باتی ئەوەی ددان بە پووچێتی سەر و هەقڵی خۆیاندا بنێن، هاتن نەفرینیان لە ژین کرد و، دوونیایان بە پووچ و بێ مانا دایە قەڵەم، بەمەش هێندەی دی ڕێیان لە پێش پەرەستەندنی پووچگەراهی و، بێ واتابوونی ژیان کردەوە. هەلومەرجی چیناتی لە بنەڕەتەوە، بە هەڵکشانی هۆف لە زهیندا، بە زەمین کەوت، لەگەڵ شێوەگرتنی هەلومەرجەکەش نامۆبوون ڕەوتی گرت و، کەم کەم زیادی کرد. مهیر و هۆف دووانەی بەرەواژن، کێهانیان هەڵبکشێ، ئەوی دیکە تووشی داکشان دەبێ، چەندێک لە مهیر دووری ڕووبدات، بەو هەندازەیە نێزیکی لە هۆف ڕوویداوە. گۆزەکە بهێننەوە بە زهینی خۆتاندا، ئاوەکەی ناوی چەندێک کەمی کردبێ، بەو هەندازەیە هەوا چۆتە ناو گۆزەکەوە. لە ڕاستیدا سەبارەت بە نامۆبوون و، دەرد و برینەکانی بەشەرێت، هەڵێنجان و هەڵخڕاندن هیچی بە دەستەوە نەداون، هەرنەتانزانی چ وهای لە بەشەر کرد بە دەردی نامۆبوونیەوە بتلێتەوە. هەموو زانینێک لە زانستی هووداوە دێ، کاتێک هوودای دایک ناناسن، هیچ شتێک دەربارەی بنەڕەتەکان نازانن.

## پۆپەی 24

ئەو پێشکەوتنەی بە مەرامی زیادکردنی سەرمایە، بە سەر ئامرازەکاندا هات، بە تەواوی بەشەری لە سرووشتیبوون دابڕاند، ناچاری کرد لە ناو شێوەی شێواوی زیندەگیدا، بەردەوامی بە هەبوونی جەسدە بدات. ڕاستە دەست بردن لە بۆ ئامراز، بە تایبەت ئامرازە پەرەپێدراوەکانی ڕۆژگاری ئەمڕۆ، ڕاهیکردنی کار هاسان دەکات، بەڵام نە ئامرازەکان و، نە ئەو تەنانەی ئامراز و کەرستەکانیان لێ دروست دەکەن، سەبارەت بە ئاو و هەوا و، بە گیاندارانی خاکڕەچەڵەک سرووشتی نین، بەڵکوو زۆر بە زەڕن. هاسن، فافۆن، مەفرەق، پلاستیکی نەرم و ڕەق، هەموو ئەوەی لە نەوت سازیان کردوون، بە شێوەی هەمەلایەن لێکەوتەی خراپ و، خەتەرناکیان لە سەر بەشەر و بوونەوەرانی دیکە هەیە. تێکچوونی گینات و، دەردەکانی شێرپەنجە و، کوورتبوونەوەی تەمەن و مەرگی ناوقهت، هاوکات کاولبوونی زیادتری دەروون و دەماخ، بە هۆی بەکارهێنان و نێزیکاتی لەو جۆرە تەنانەوە پەیدا دەبن و پەرەدەستێنن. خەڵکینە لە کرۆکی زیندەگی نێزیک ببنەوە، لە ناچاریدا نەبوون توونخنی پلاستیک و

هاسن و کانزا جوودا جۆرەکان مەکەون، ڕێی ساخی و سەلامەتی، گەڕانەوەیە بەرەو سرووشتیبوون. هەق وهایە بە شێوەی هەمەلایەن پەرە بە گڵسازی بدەن و، بە بەربڵاوی کەرستەی گڵین بەرکار بکەن، چوونکە کارلێکی خواردنەکان لەگەڵ گڵ زۆر بەربەخێرە، بە نموونە ئەو تامە خۆشەی لە ئاوی گۆزەوە دێ بە دەمدا، هی گڵی گۆزەکەیە، ئەو تام و بۆنە خۆشەی لە نان و کولێرەی تەندوور هەیە، هی گڵی تەندوورەکەیە دەچێتە پێکهاتەی نانەکەوە. هاوکات کەرستەی دارین پێشبخەن، سەبەتە و قەرتاڵە و زەنبیل، کۆتک و کەوچکی دارین، هەسیر و چیخ و هەرشتێکی دی، هەم لێکەوتەی خواردنەکان لەگەڵ کەرستەی دارین بەربەخێرە، هەم داروبار بە تەڕ و هووشکیەوە شەپۆڵەکانیشی مایەی خێرن. لە دروستکردنی جل و بەرگ و، پێخەف و ڕایەخیشدا، کەڵک لە لۆکە و خووری و مووی سرووشتی وەرگرن. لێرەدا خۆ مەخەنە هەڵەی تێگەیشتنەوە، مەبەستەکە گەڕانەوە نیەە بەرەو پیشەسازی ماڵان، بەڵکوو گەرانەوەیە بەرەو سرووشتیبوون، کارخانەی گچکەلان دروستکەن و، بەرهەمی سرووشتی بە دەست بهێنن. پێویستیشە پەیوەندیتان لەگەڵ تەواوی ئامێرە جووداجۆرەکان سنووردار‌بێ، تەنەها ئەوانەیان لێ بەرکار بکەن، کە زۆر زەروورن. لە تووڵی تەمەنی چیناتیدا، قەت پێشکەوتنی ئامێرسازی، خۆشگوزەرانی بە دووی خۆیدا نەهێناوە، لەمەولاش هەرنایهێنێ، بەڵکوو چەندێک جۆرێتی تەن و، ڕادەی بە کارهێنانی گەشەی کردبێ، بەو هەندازە دڵارامی و تەندروستی لە کەمی داوە. ئەوەی ئەوڕۆ هەیە قۆناخی ترۆپکە لە ئامێرسازیدا، هاودەم قۆناخی ترۆپکیشە لە هۆفێتی و چیناتی، هیدی وقهتی داڕمانێتی، لە هیکڕا خۆبەخۆ دەڕووخێ و، لەگەڵ خۆیدا جێهان کاول دەکات، بەڵام ناموس دۆخەکە وەردەچەرخێنێ و، نەزمی سەرمایەداری دەربازی ڕووخانێکی هێور و بەکاوەخۆ دەبێ، لە هەمان کاتیشدا شارستانێتی دایک بە شێوەی نوێ بە زەوی دادهێنێتەوە.

## پۆپەی 25

لە ناو هەموو گیانلەبەرانی جووداجۆری گەردوونێ، بەشەر تاقە گیاندارێکە دەربەدەرە و، لەم سەرزەمینە پانوپۆڕەدا، بێ ماڵ و بێ پەنا هێڵدراوەتەوە. بە یاسای نەزمی چیناتی، ڕێ لە بەشەر بەستدراوە بتوانێ وەکوو مێروولە کوونێک هەڵبکەنێ و بچێتە ناویەوە، یان وەکوو باڵندە بە سەر لقێکەوە هێلانە دابنێ و تیایدا بهەسێتەوە. سەرانسەر ڕووی خاکی دایک بە هیشکاتی و تەڕاتیەوە، لە دەستان دەرهێندراوە و، کردوویانەتە موولکی تایبەتی، جا هی کەسانی سەرمایەدار، یان هی سیستەمی سەرمایەداری. خەڵکانێک هەن دوو گەز خاکیان نیەە، دیواری لە سەر هەڵبەستن و تیایدا بنون، هەشە

به ملیۆنان گەزە خاک دەکاتە مەیدانی تەڕاتێنی خۆی. ئەمەیە سەرەنجامی چیناتی و، ئەو تڕوتەشقەڵەی ناوی "یاسا "ی لێندراوە. یاسا، دادوەر، زیندان، هەیتە و تفەنگچی، تیکڕای ئەو دامستدراوانەی بەم ناوانەوە بە مەیدانییان خستوون، بە مەبەستی سەرکووتانەوەی چینی خوارێ و، پاراستنی چینی سەرێ داندراون. زهینی خۆتان بدەنە یاساهەکان و لێیان هوورد بنەوە، ئەو یاساهانە چ تاقیان هی خەڵکی نین، بەڵکوو هی کەمینەی چەوسێنەری خەڵکن. یاساهەکانی کڕین و فرۆشتنێ، هی بە کرێدانێ، یان هی خەزنە و وەبەرهێنانێ، یاسای قەرز و قەرزدانێ، یان هی هێنان و هەناردنێ، یان یاساهەکانی ڕێگری لە دزی و پاراستنی هێمناتی بازاڕێ، بیرێک بکەنەوە و بە خۆتان بڵێن: خۆ زۆرینەی خەڵکەکە ڕەنجدەر و ڕەشۆکن، لە کوێی ئەم یاساهانە خۆیان دیتۆتەوە؟ کرێکاران و ڕەنجدەران نە دارای سەرمایەن موولکی پێ بکڕن، نە موولکیان هەیە لە بۆ فرۆشتن و بە کرێدانێ، نە دارای سەرمایەن بیخەنە خەزنە و، وەبەرهێنانێ، نە قەرزیان دەدەنێ و نە هەیانە بڕواتە قەرزدانێ، نە شمەکیان هەیە هەناردەی بکەن، نە دارای سەرمایەن لە بۆ هێنانێ، نە ماڵێکیان هەیە لێیان بدزن، نە گاجووتێک لە بۆ کێڵانێ. هۆ خەڵکینە! زهینتان ڕوون بکەنەوە، دەردیان بە ناوی دەرمان پێ فرۆشتوون، چڵکاویان بە ڕووخساری ئاوی سازگار دەرخوارد داون. وەرن لە خۆتان بپرسن: کارکردێک بە ناوی "پارێزەر" لە ناو دامستدراوەی دادوەریدا، چ دەپارێزێ؟ ئەگەر کەسێک تاوانبارە، ئەوە چ دادوەری و دادوەربوونێکە پارێزەر هەبێ کوونی لە بۆ ببینێتەوە و، پێیدا دەربازی بکات؟ ئەگەر بێ خراپە و خەتایە، پارێزەری بۆچی؟ لە ڕاستیدا کاری پارێزەر ئەوەیە، نەهێڵێ تاوانباری پارەدار بچێتە ئەو دیو شیشەی زیندانێ، دادوەرەکەش ئەودیو شیشەکان بە شایانی هیچ سەرمایەدارێک نازانێ. لە زیندانە گچکەکان گەڕێن، نەزمی چیناتی، سەر ڕووی زەوی کردۆتە زیندانێکی هەتاهەتاهی لە بۆ خەڵکی، بەڵام تاهێرە و تەواو، خەڵکینە ئەمڕۆ ڕۆژێتی، هەڵستن پاڵبنێن بە دیوارەکاندا و، لە زیندان وەرنە دەرێ، ڕۆژی سەربەستی دەستی پێکرد.

## پۆپەی 26

خۆراک لە کۆمەڵی بێ چیندا پڕ وزەیە و، لە کۆمەڵی چیناتیدا وزەی خۆی لە دەست دەدات، لە هی هێکەمدا جەم (خڕبوونەوە) دروست دەکات و، واتای سەمبووڵی هەیە، لە هی دووهەمدا واتای لێ بە تاڵ دەبێتەوە و، دەبێتە تاکە کەسی، هەرهێکەشیان لێکەوتەی کۆمەڵاتی و دەروونیهان هەیە. میوەکان ڕەگەزی مهیرن لە خۆراکدا، لە نێو میوەکانیشدا "هەنار" لە قەدیمی زەمانەوە، سەمبووڵی دین و دوونیای کووردهەواری

بووە. هەنار هەزارە لە هێکدا، دەنکە سوور و ڕووناکەکانی هاوپایەن و، بەبێ زاڵێتی بە سەر هێکدیدا، لە ناو توێکڵێکی پارێزبەندی خڕدا کۆبوونەتەوە، دەنکەکان لە ناو توێکلەکەدا بوونەتە پۆڵ پۆڵ و، لە نێوانیان پەردەی سپی و تەنک هەیە. ئەم شێوە پێکهاتەیەی میوەکە، ڕێک و ڕوون پێکهاتە و نەزمی کۆمەڵی پێڕست بە مهیر نیشان دەدات، ڕەنگە سوورە و ڕووناکەکەشی ڕەنگی مێ و، ڕەنگی شارستانێتی دایکە. لە بەرئەوەیە هەناریان کردۆتە سەمبووڵ و، بە دەرمان ناسدراوە و بردووشیانە لە بۆ نەخۆش، لە جەژنی مهیرگیان و، لە چلەی زمستانێ و لە بۆنەی دیکەش، هاتۆتەوە سەر خوانی شەونیشینی. هەنار لە پاهیزێ پێ دەگات، بەڵام بە بن میچیان هەڵواسدراوە، یان لە ناو سندووقی گڵین هەڵگیردراوە و، هەتا بهارێ ماوەتەوە. بەم چەشنە لە ماوەی سێ وەرزدا، هەناری خڕ و سوور و ئاودار هاتۆتە دەستان، لە تووڵی ساڵەکەش، بە شێوەی گووشدراو و کوڵێندراو، سرکە و ڕبەهەناریان لێ دروست کردووە. هەنار لە تەک هەرمێ و سێو و لیمۆ و پرتەقاڵ، جێناوێکیشە لە بۆ مەمکی ژن. هەرمێ بێجگە لەوەی جێناوێکی مەمکە، هاوکات لە شێوەیدا لێکچوونی زۆری لەگەڵ شائەندامی مێهێتی هەیە، لەبەرئەوەیە ناو لە مێوەکە نراوە هەرمێ. مێ و میوەکان لە شێوە و ناولێنان هاوبەشن، لە تایبەتمەندیشیاندا هاوبەشێتی هەیە. میوە و سەوزەوات بە تایبەتمەند مهیرین، هێکەم و باشترین ڕەگەزی خۆراکن، کە بەشەرێت دەمی لێداون، پاشان گۆشت و، پاشترێ بەرهەمەکانی شیر و هێڵکە خواردراون. لێکەوتەی هەرهێکەیان بە جۆرێکە لە سەر دڵ و دەماخ و دەروون و، لە سەر پێکهاتەی لەش، جۆرێتی بەرهەمهێنانیشیان کاریگەری لە سەر ڕادە و جۆری لێکەوتەکانەوە هەیە. دەتوانن بە مەبەستی ئەزموونکردنێ پتێک خووێ، یان تۆزێک قهوە، یان چۆڕاوی لیمۆ بخەنە دەمتانەوە، یان خواردنێکی ناخۆش بخۆن، هەنگێ زهین لە خۆتان ڕاگرن و، بزانن چ دۆخێکتان دەبێ. ئەم تاقیکردنەوەیە نیشانتان دەدات، جۆرێتی خۆراک بە قووڵی کار لە تەواوی پێکهاتەتان دەکات. لە سەر ئەو بنەمایە ڕوو لە خۆراکە سرووشتیەکان بکەن و، لە خواردن و خواردنەوەی بە زەڕ دوورکەونەوە. ڕەچاوی بکەن نەزمی سەرمایەداری بە گەلێک شێوە خۆراکەکانی خراپ کردوون، تەنانەت زەهری خستۆتە سەبەتەی خۆراکەوە. ماستاو و شیر و شەربەتی میوەکان هەیە، بەدکاری دەکەن دەم لە بۆ خواردنەوەی گازی و کهووڵی ببەن. مێووژ و هووشکە هەنجیر، موورەبای سێو و قۆخ، دۆشاوی خوورما و توو، کۆمەڵێکن لە خواردنی شیرین و سرووشتی، هیدی لە بەرچی بەدکاری دەکەن و شەکهری سپی دەخۆن؟ کاولبوونێک کە تووش هاتوون، هەمەلایەن و گشتەگیرە، هەم خۆراکەکانیان لێ خراپ کردوون، هەم کاتی خواردن و، هەمیش هەلومەرجی نان خواردنێ. دروست وهایە لە تەواوی ڕۆژدا سێ کەڕەت نان بخۆن، بەیانی و نیوڕانێ و هێوارێ، بەو شەرتەی شەش هۆقەی کات بکەوێتە نێوانیانەوە. خواردن لە

هەلومەرجی سرووشتیدا کۆکەرەوەیە، خێزان و خزم و دۆستان جەم دەکات، لە بەرهەندێ وشەی جەمی خواردن کەوتۆتە سەرزاران. خواردن هۆکارێکیش بووە لە گەرمی و گووڕی پەیوەندی هاوسێ لەگەڵ هێکدی. نەریتی دابەشکردنی کولێرە، یان چێشتی کوڵاو بە سەر ماڵە هاوسێکانی ئەمبەر و ئەوبەری کۆڵانێ بە ناوی خێر، یان نەریتی ئاڵوگۆڕی قاپە چێشت بە ناوی کەسەی هاوسێیەتی، قاپی چێشت لە بۆ دراوسێ دەبردرا، ئەو قاپە هەمان ڕۆژ، یان ڕۆژی پاشترێ بە پڕی دەگەڕێندرایەوە. ئەمانە مهیریاتێک بوون، ساڵانێک لەمەپێشیش باو و بەربڵاوبوون لە کووردەواری. لەم بە لووتکە گەیشتنەی هەلومەرجی سەرمایەداریدا، پاشماوەی مهیریات بە تەواوی لە بەین چوون، تەنانەت خڕبوونەوە بە دەوری خوان و، نانخواردنی بە ناوەخۆ و دەمەتەقێ، خەریکە بە تەواوی دەبێتە ڕابردوو، خواردنی خێرا وەکوو جێگرەوە هێندراوەتە پێشێ. بە سەدان ملیۆن کەس ڕۆژانە بە سەر پێوە لە لێواری شەقامەکاندا نان دەخۆن، ئەم خواردنی خێرایە لێستەندنەوەی لەزەتە لە خواردن و، کردنێتی بە زگ پڕکردنەوە. بازاڕەکان پڕاوپڕن لە خواردنی خێرا و، قووتووبەند و، لە کیسە و کارتۆن هاخێندراو، نە خۆراکەکان سرووشتین و، نە شێوەی خواردنیان بە سرووشتی هێڵدراوەتەوە. لێستاندنی خوان و خڕبوونەوەی خێزان، هەر بە تەنەها نەهێشتنی نان خواردنی خێزانی نیەە، لە دەست دەرهێنانی هەلی هێکدی دیتن و سۆزگۆڕینەوەشە. ئەو دەمەی بە هێکەوە لە بۆ نان خواردنێ خڕدەبنەوە، بە هێکەوەش قسان دەکەن و، زەردەخەنە و نیگای هاوسۆزی دەگۆڕنەوە. ڕانەخستنی خوان و، نەمانی جەمی ڕۆژانە، دڵەکانی لە هێکدی سارد کردن و، دابڕانی خستە نێو خێزانەوە. ئەم هەلومەرجە ناکۆک بە مهیرە، دڵەکان گەرم بکەنەوە، بگەڕێنەوە بەرەو خوان و، بە دەوری دایک و دادەوە خڕبنەوە، ئەگەر پێویستی کرد ڕێی دووری لە بۆ تەی بکەن، جەمی خێزان و دۆستان شایانێتی. لە هەموو ساتی جەمەکان چێش ببینن، تەنانەت لە بۆن و بەرامی خواردنەکەش، کە لە سەر ئاگرە و هێشتا نەکوڵاوە. ئەو کاتەی لە ناندینی ماڵێک ئاگردانێک دەگڕێ، ئەوەی بەرز دەبێتەوە هەردووکەڵ نیەە، بەڵکوو جهێ دەستی ژنە بە ئاسمانەوە. لە سەرتانە دەستی ماندووی کابان ماچ بکەن و پێزانین نیشان بدەن، ئەوی ڕسقتان دەداتێ، چ لە هاسمانێ و چ لە هاردی، هەردایکە. دایکانە بجوولێنەوە لەگەڵ هێکدی و، لەگەڵ گیاندارانی دی. نان و ئاو و ئاگر خەسار نەکەن، بە ڕادەی پێویست چێشت سازکەن و، ئاو بە کاربهێنن و ئاگر بکەنەوە، خەسارکردن و زیێدەڕەوی لە چ تاقیان مەکەن. لە بیرتان بێ، گیاندارانی دیکەش بەشیان لەو ڕسقە هەیە، پاشماوەی خواردنەکان لە بۆ باڵندە و سەگ و پشیلەکان دابنێنن، سەری سەبەتەی زبل قەپات مەکەن، بهێڵن با مێشوولە و مێروولەش خڕبنەوە و نانی خۆیان بخۆن، بهێڵن با ئەوانیش هەبن و، پارسەنگی زیندەگی پارێزدراو بێ، دەنا خۆتان زەرەرمەندن. چ قەیدیە، با مێشوولەکان گیزەگیزێک بکەن، هەرئەوانیشن ڕێ لە

پەرستەندنی ڕادەبەدەری دووپشکەکان دەبەستن. خەڵکینە سرووشتی بن، چەندێک سرووشتی بژین، بەو هەندازە مهیرین، بەو هەندازە ساخ و پەتین.

## پۆپەی 27

سەری زانست بە سەر شانەوە، هەروەکوو خۆر وهایە بە هاسمانەوە، هەرهێکەیان سەرچاوەی جۆرێک لە ڕووناکین. زانست لە زانین جوودایە، زانست لە وشەکەیدا بە واتای زانینی باڵا دێ، زانینێکە خەوش و خلْتی تێیدا نیەه، ڕوون و ڕەوان بە مێشک دەکەوێ. زانست دەبێتە دوو باڵ، زانستی گەردوونی و زانستی ئەزموونی. هێکەمیان چ بە زانستی هووداهی، چ بە ڕێسای گەردوونی و ڕاستیەقێن بیناسن، هەردووکیان دروستن. زانستی دووهەم سەرەنجامی ئەزموونە، جا ئەزموونی تاکێک بووبێ، یان کۆمەڵێک. ئەو ئەنجامەی لە ئەزموونکردن وەدید دێ، تەبا و تەریبە لەگەڵ هەقلانیەت و مشتومڕێک هەڵناگرێ، چوونکوو هێکلابۆتەوە، هەروەکوو ڕێسای ژمارەکان. لە کۆمەڵی پێشینانی کووردهەواریدا، دەرەنجامەکانی ئەزموونکردنێ، بە شێوەی پەند داڕەشتدراون و، زاروزار بە ناو خەڵکیدا بڵاوبوونەتەوە. نێزیکەی دووانزدە هەزار ساڵ لەمەوپێش، کاتێک خەڵکی ئەو هەوارە دەست بە بنیادنانی هێکەمین گووندەکانیان دەکەن، سەرەتا لە قووڕ و کەڵەکەبەرد هۆدە و هەیوانیان ساز کردوون، پاشانەکە خشتی کاڵیان لە قاڵب داون و، لەبەر گەرمی هەتاوێ هووشکیان کردۆتەوە. لە هێکەمین ئەزموونیاندا، کەڵەکە بەردەکان بە قووڕ نووسێندراون بە هێکەوە و، ڕیز لە سەر ڕیز هەڵیان چەنیون، بەبێ ئەوەی ڕیزەکانی بنەوە قووڕەکەی هیشک ببێتەوە و، کەڵەکەکان بە هێکدیەوە بلکێن، لە ئەنجامدا ئەو نیوە دیوارەی بەرزیان کردۆتەوە، داڕماوە. بنەما لە سەر ئەنجامی ئەم ئەزموونە کردەکیهە، گووتیتیان:" ئەو تەڕە کەڵەکە سەر ناگرێ." لەمەوە فێردەبن بە شێوەی قۆناخبەند کارەکە بکەن، چەند ڕیزێکی دیوار دروست دەکەن و، لێ دەگەڕێن قووڕە تەڕەکە هووشک ببێتەوە، پاشانەکە چەند ڕیزی دیکەی لە سەر دادەنێن. گۆزارەکە زانستە، لە هەرزەمین و زەمانێکدا ئەزموونەکە دووبارە بکەنەوە، هەمان ئەنجامتان بە مشت دەکەوێ، کەس ناتوانێ بهێت و بڵێ "بە ڕای من وها نیەه." ڕای بێ بنەما و بێ ئەزموون، ڕای بێ پێودانگ(مقیاس) پووچ و بێ واتایە. هەرشت پێودانگ و پێوەری خۆی هەیە، کەس ناچێ کووتاڵ بە ڕا بپێوێ، یان هەنار بە ڕا بکێشێ. پێودانگ لە پێوانی ڕووبەری قووماش، یان ڕووبەری هەرشتێکدا گەزە، یان بەشە بچووکەکانێتی. پێودانگ لە کێشانەکردندا تەرازووە، یان قاڵبێکە. لە قەدیمی زەمانەوە، بەشەرێت بە پێودانگی گرێدراو بە ڕێسای گەردوونی جوولاونەتەوە و، لە ئەندامەکانی لەشی خۆیانەوە، پێودانگیان دیاری کردوون."پێ،

هەنگووست، قوولانج، بست، هەنیشک، باڵ،" شەش هەندازن ڕووبەریان پێ نیشان کردوون." لەم هەندازانەدا،"پت" بچووکترین هێکەی پێوانی ڕووە، هەنگووستێک لە سێ پت پێک هاتووە. گەورەترین هێکەی پێوانەکەش باڵە، باڵ گەزێکە، لە پتی پەنجەوە هەتا سەر دڵ هەژمارە(90 سانتیمە)، نیوەی باڵ هەنیشکە، نێزیکەی نیو گەزە (45 سانتیمە)، چوارەکی گەز بستێکە(22 سانتیمە). لە بەشی خوارەوەش سێ هەندازی دیکەی پێوانگی ڕووبەر هەیە "پێ، شەقاو، باز،" هاوکات لە پێوانی ستوونیدا، سێ هەنداز بە ناوی"هەژنۆ، کەمەر، بەشن" هەیە، بەشن لە هەندازی ناسدراودا، دوو گەزە (180 سانتیمە)، بە باڵای پیاو نیشان کردراوە. ئەم هەندازانە هاوتایە بە هەندازە گەردوونیەکان. بڕۆننێ، سووڕێکی تەواو لە گەردووندا (360 پلەیە)، لە نیو سووڕدا (180 پلەیە)، لە چوارەکدا (90 پلەیە)، لە نیو چوارەک (45 پلەیە)، لە چوارەکی چوارەک (22،5 پلەیە)، ئەم هەندازانە نەگۆڕن، زەمان و زەمین نایانگۆڕێ. ئەو چەشنەی خۆر ڕووناکی دەبەخشێ، دەبێ ئاوهاش زانست ببەخشدرێ. هەرکەس لە هەربوارێکدا زانست و زانینێکی پێیە، لە سەرێتی ببیەخشێ، بەخشینێک بەبێ منەتکردن و خۆگەورەکردن بە سەر پێ بەخشدراوانەوە. جێهانی چیناتی زانستی تێیدا نیهە، مامەڵە پێوەکردنی زانست بە واتای بە کاڵاکردنێتی، لەوێدا کاڵا و کاڵافرۆش لە گۆڕێن، نەک زانست و زانا. نموونە چاو لێ بکەن، ئەو دەمەی کاری پزیشکی لە زانست وەردەگەڕێ و، دەبێتە هۆی سامان کۆکردنەوە، هەنگینێ دەکتۆر هۆفێکی ترسناکە لە پەنای پەردەی زانستەوە و، لە جیاتی شیفاخوازی، هیوا بە دەردەداربوونی ئەوانیدی دەخوازێ، دەیهەوێ خەڵکی نەخۆش بکەون و بچنە بەردەرکی، ئەویش گیرفانیان ڕاتەکێنێ. نرخی بازاڕ لە سەر هەرشتێک داندرا، ئەو شتە بێ نرخ دەبێ و، لە سەر بەشەرێت بە زەرەر دەکەوێتەوە. لە شارستانێتی دایکدا، ڕەنج دەبووە بەرهەم و بەرهەمیش لە بۆ هەمووان بوو، گۆڕینەوەش لە نێوان دوو بەرهەمهێندا گۆڕینەوەی ڕەنج بوو، نەک نرخ. بەڵام لە ناو هەلومەرجی چیناتیدا، بەرهەم دۆخی سرووشتی لە دەست دەدات، دەکەوێتە مەیدانی مامەڵە پێوەکردنێ و، نرخی لە سەر دادەندرێ، بەمەش دەبێتە چەکێکی کووشندە و، لە دژی بەشەرێت بە کاردهێتەوە. زانستی پزیشکی بە گشت بوارەکانیەوە، لە دەرمان دروستکردنەوە، هەتا پشکنین و نەشتەرگەری، لەوەتی بۆتە بەشێک لە بازاڕ، ئەویش چەکێکی کووشندەیە، لە باتی چارەسەری، دەرد و بەڵا دهێنێ. لە هەرجهێ لە جێهانێ، تاقمەکانی سەرمایەداری دەرد و پەتا بە ناو خەڵکیدا بڵاو دەکەنەوە، پاشانەکە دەرمانی لە بۆ دەخەنە بازاڕێ، دەرمانەکانیش ناسرووشتین و، لە دوورمەودا دەبنەوە بە دەرد لە بۆ ئەوانی بە کاردی دهێنن. لە ڕاستیدا بە کەمی نەخۆشەکان بە دەرمان چارەسەر دەبن، بەڵکوو دەرمان دەیان کووشێت و لە بەینیان دەبات، گەلێک جار دەرمان، یان ترس لە دەرد، هۆی مردنیانە، نەک ئەو نەخۆشیهەی تووشی هاتوون. نەخۆشیهەکان زۆربەیان زوو تێپەڕن

و، نەخۆش پێویستی بە دەرمان نیەیە، کەچی ناچار بە دەرمان کڕینی دەکەن، یان پێویستی بە نەشتەرگەری نیەیە و، بە ترساندن وەهای لێ دەکەن خۆی بداتە بەرهەڵدڕین و، نرخی هەڵدڕینەکەیان بداتێ. نەزمی سەرمایەداری بە ناوی زانستەوە، پیسی و پۆخڵەواتێکی هێناوەتە گۆڕێ، ئەوسەری دیار نیەیە. لە سەر هۆش و هەست بن، قسە دەتوانێ دەرد بێ و دەرمانیش، قسە لە زاری دەکتۆر پتر لە دەرمان کاری خۆی دەکات، کاتێک بە دروستی و هێزبەخشینەوە لە دەمی بێتە دەرێ شیفایە لە بۆ نەخۆش، ئەگەریش بەرەواژی بکاتەوە، دەبێتە دەرد و نەخۆشەکە لە ناو دەبات. نامووس پەڕاوی قسەی ڕاستیەقینە، بۆهێ لەمەوپاش دەبێتە دەرمان و، نەخۆش بە خووندنەوەی، شیفای لە بۆ دەچێ. لە توولّی تەمەنی بەشەرێتدا، بنارەکانی زاگرۆس ناوەندی زانستی ڕاستیەقین بوون لە هەموو جێهانێ، دیسانەکەش هەمان ئەو بنارانە دەبنەوە بە ناوەند، لە زاگرۆسەوە دایکاتی و ڕێبەراتی بەشەرێت ڕەوت دەگرێ. پێشترێ هەردوو زانستی گەردوونی و زانستی ئەزموونی، لە کێوستانی کوورهەوارەوە پەرتی جێهانێ بوون، لە بەری خۆرئاوادا، زانست و فەلسەفەی گریگی - رۆمی، لە بەری خۆرهەڵاتدا زانست و سۆفیگەری هیندی - چینی، چاوگەکەیان کووردهەوارە. لە خۆرهەڵاتی دوور، لە وڵاتی زاینا (چین ی ئێستا)، زانستی ڕاستیەقینی گەردوون پاشماوەی لێ ماوەتەوە و، بە شێوەی شێواو قاڵبی پێ دراوەتەوە، ئەوەی بە زانستی "یین و یانگ" ناودێرە و، بە مەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆش کەڵکی لێ دەبینن، شێوەی شێواوەی زانستی ڕاستیەقینە، لە کووردهەوارەوە گەیشتۆتە ئەوێ. دووانەی "یین و یانگ" لە "تین و تەن"، لە "مهیر و هۆف" شێوەی لێ وەرگیردراوەتەوە، بەڵام لە پۆلێنکردنەکاندا تێکەڵ و پێکەڵیان کردوون، تەنەها کەمێکی لێ بە ڕاست گەڕاوە. لێکەوتەی مهیر و هۆف بە شێوەی شەپۆڵ، چ لە ناو بەشەر و چ لە دەرەوەی، چ لە سەر زەوی و چ لە دەرەوەی کاریگەری دادەنێن. ڕاستی ئەوەیە دابەشبوونەکە سێهانەیە، دووانی نیەیە. تین سێیە لە هێکێکدا، بە هەمان شێوەش تەن سێیە لە هێکێکدا، هەم لە ڕەگەز و، هەم لە خوود و، هەمیش لە ئاستبەندی، لەبەرهەندێ شەپۆڵەکان سێ ڕەوتن و، دەبنە "مهیر" و "مهیرهۆف" و"هۆف"، وەلێ مهیر و مهیرهۆف، کیژ و دایک، مێ و نێرەمووک، ئاسۆ و پانی لە ناو هێکدین، دەبنە زۆرینە و دهێنە پێش هۆفەوە. هەڵە لەوەدا نیەیە ئەگەر لە هێڵی تێگەیشتندا، بە دوو ڕەوتی خێر و شەڕ، چاکە و خراپە وێنەیان دراوەتێ، چوونکوو مهیر و مهیرهۆف هەردووکیان خێرن، بەڵکوو هەڵە ئەوەیە پێڕستی سێهانی بە دووانی بناسن و، نەزانن ڕەوتی خێر دوو بەش و، ڕەوتی شەڕ هێک بەشە، هەڵە ئەوەیە لە دابەشکردندا دوو ڕەوتەکە بە سپی و ڕەش بناسن و، ڕەنگەکان بەلادا بخەن. هوورد زهینی بدەنێ و، توونْد و توولان بیخەنە سەری خۆتانەوە، لە لاهێک ڕووناکی و ڕەنگ هەیە، لە لاهێک تاریکی، لە لاهێک مهیر و مهیرهۆف هەیە، لە لاهێک هۆف. تین لە گشتبووندا مهیرە، لە ناو گشتبوونەکەدا

هەرسێکە بەبێ ئەوەی پۆلین ببێ. تەن لە گشتبووندا هۆفە، لە دابەشبووندا دەبێتە مهیر، مهیرهۆف، هۆف. هەندازەی بڵند مهیرە، نزم هۆفە، ناوەند مهیرهۆفە. ڕێ ڕاستەکە ئەوەیە مهیرهۆف بن بەڵای مهیردا و، پێشڕەفتی بە مهیر بدەن. وشەکە لە زمانی زگماکی بەشەریدا بە "مەهرهووف"یش دەگووتدرێ، هەمان وشە لە هاخاوتنی هارەبیدا بە "معرووف" گووتدراوە و، بە واتای خێر و چاکە بە کار هێندراوە. مەهمدی کووڕی هامینێ، هانی خەڵکیدا فەرمان بە "مەهرهووف" بکەن، ئێستاکێش ڕێ ڕاستەکە هەرئەمەیە.

## پۆپەی 28

نەزمی چیناتی بەدفەڕە، زەندەقتان دەبات، (زەندەق واتە ژین) پاشان باس و خواسێک لە زیندەگی دەکاتە نوسین و، بە شێوەی چیرۆک پێتان دەفرۆشێتەوە، گوڵتان لە دەست دەردهێنێ، پاشان گوڵاوتان پێ دەفرۆشێتەوە، ڕاستیتان لێ دەستێنێ، پاشان وێنەی ڕاستیتان پێ دەفرۆشێتەوە. نەزمی سەرمایەداری لۆنێکی وهای داونەتێ، هیچ شتتێکتان لە بەشەر ناچێ. لە ژیان چوونەتە دەرێ و، دەڕۆن وەکوو تەماشاچی سەیری فیلمێک دەکەن دەربارەی زیندەگی، فیلمیش لە وێنە زیادتر نیهە، وێنەش خەیاڵکردن بە هەقایەتەکە لە بەین دەبا و، ناهێڵێ نیگای هیزرین واڵا و بێ سنووربێ. هەقایەت بەبێ وێنە، شتێکی دیکەیە، لە هەقایەت و سەرگوزشتەی گووتدراو و نوسدراودا، بیسەر و خوونەر خۆبەخۆ سەربەستن، هەرکەس تایبەت بە خۆی و، بە سەر و سەلیقەی خۆی، وێنە و دیمەنەکانی ناو دەقەکە دەکێشێ، لە کاتێکدا فیلم دروستکردنی هێک وێنەیە و، سەپاندنێتی بەسەر هەمووواندا. لەم هاخیری زەمانەدا، خەڵکی زۆر خراپیان لێ قەوماوە، بە تەمان ئەوەی لە ژیانی ڕۆژانە لە دەستیان چووە، لە ناو وێنە بزێوەکاندا ببیننەوە، خافڵن لەوەی وێنەکان تەنەها دیوی دەرەوە نیشان دەدەن، نیشاندانێکی زوو تێپەڕ و ساتەوقەتی. لە ڕاستیدا ئەو وێنانە، ئەگەر وینەی خوودی خۆشتان بن، دیسان هی ساتەوقەتانێکن تێپەڕیون، لەوەگەڕێن دوونێ هێوارێ لە سەر کانی بوون، هەرئێستاکە گۆزەکە هەڵگرن و، بڕۆنە سەرکانی، بەردەوام تازە ببنەوە و، خێر و خۆشی تۆخ کەنەوە. خەڵکینە، تەنەها نامووس نەگۆڕە، هەموو شتێک لە گۆڕان و چەرخان دایە، چرکەی هاتوو لە چرکەی ڕۆیشتوو جوودایە، دیقەتی سرووشت و وەرزەکان بدەن، بەوەدا بزانن نوێبوونەوە نەسرەوتانەیە. دەی ڕێ ڕاستەکە بگرن، گرێدراو بە نامووس، بە بەردەوامی لە ناوەوەڕا نوێ ببنەوە، لەگەڵ هەموو ساتەکانتاندا دەست تێکەڵاوکەن و لەزەت ببەن، مەهێڵن تەنانەت تاقە چرکساتێک لە زیندەگیتان بە تەپیوی بە سەربچێ.

پەلەکردن و هەڵەشەهی خەسڵەتی هۆفێتین، گوورج و گۆڵی خەسڵەتی مهیرین. سەرمایەداری وەکوو لێکەوتەی هۆفێتی، پشت بە خێرابوون و پەلەکردن دەبەستێ. کار چەندێک خێرا بڕوات بەڕێوە، بەو هەندازەیە کاڵا زیاد دەکات، بەمەش قازانج پترە و سەرمایەی زیادتر کەڵەکە دەبێ. پێشخستنی ئامێرەکان و، گۆڕینی ڕێ و شوێنەکانی بەرهەمهێنان، لەم خواستی پەلەکردن و زیادکردنەی قازانجی سەرمایەداران بە دید هاتوون. سەرمایەداران کەمینەن، بەڵام ویستی دەستڕاگهیشتن بە سەرمایە، کەوتۆتە سەری هامی خەڵکیەوە، هەمووان هەڵگری زهینی سەرمایەداری و چیناتین، لەبەرئەوەیە دارا و نەدار هەردووکیان ناهەموار و بێ ئۆقرەن، هەمووان بە پەلەپەل کەوتوون و، کات بەشی کەس ناکات. ئەم پەلەکردنە مەرگەساتی بەشەرێتی چەند قات بردۆتە سەرێ، سەیری هووڕهووڕەکان (سەیارەکان) بکەن، لەوپەڕی تیژڕەویدا ڕێ دەبڕن و، ڕۆژانە ڕووبەری مەرگ فەرەوان دەکەن، سەرمایەداریش هەر لە بیری کەڵەکەکردنی قازانجی خۆیێتی. خەڵکینە تەماشای خۆتان بکەن چەندە جێقەتن، وهاتان لێهاتووە جهێتان پێ جهێ نیهە. کاتێک لە ماڵێن پەلەتانە بڕۆنە دەرێ، کە لە دەرێشن پەلەتانە بگەڕێنەوە ماڵێ. لە گوێگرتن و قسەکرنێ، لە هەڵستان و دانیشتنێ، لە خواردن و نوستنێ هەر بە پەلەن. خۆ دەبینن چ ڕەشکاوێکە تێ کەوتوون و، چ دۆڕانێک دۆڕاون؟ بە زهین کەوتنی ویستی سەرمایە و، باڵکێشانی بە سەر نەفسدا، بە واتای زاڵێتی هۆفە، ئەمەیە کە ناهێڵێ دابسەکنێن، دەتانخاتە دڵەڕاوکێ و، دەروون و دەماختان هاڵۆزکاو دەکات. ئەگەر جهێ بە خۆتانەوە ناگرن، هی ئەوەیە ئەو سەرەی بە ملتانەوەیە سەری هۆفە، هۆف زەندقی لێ بردوون و، بە کاولکردنی داون. ئەوەی لەش لەبەری دەهەسێتەوە، تەنەها سەری مهیرە، سەرێکە بە هوودای مهیربان گرێدراوە و، پێڕست بە مهیر لەش هەڵدەسووڕێنێ. دۆخی پێچەوانەی خێرابوون، خاوبوونەوە و هاوسەنگبوونە. لە دۆخی گرژی و پەلەپەل وەرنە دەرێ و، هاوسەنگی لە خۆتاندا بە دید بهێنن. لە سەرخۆ نان بخۆن و، هێمن بڕۆن بەڕێوە و، هێواش هێکدی بدوێنن. هاوخوان و هاوڕێ و هاودەم، بەبێ درێخی و خۆ لێ دزینەوە، بەبێ مەرج و گۆڕینەوە، زاد و کات و خێروخۆشی لەگەڵ هێک بەش بکەن. ڕێ دوورەکان ببڕن لە بۆ دیدار و سەردانی، لەگەڵ ڕێ نێزیکەکانیش هاوماڵی پێک بهێنن. نامووس ڕێنوێنی هاوسەنگبوونی داونەتێ، هیمناتی و پەلە نەکردن، نەکاتە تەمبەڵی، نەکاتە کار وەپاش خستن و سێبەر نیشینی، بەڵکوو بە واتای هەڵپە نەکردن و، وازهێنانە لە ڕاکەڕاک. لە کوورهەواریدا گووتدراوە:"نەوەش نەوەش،" گۆزارەکە ڕاست و ڕەوان زەخت لە هاوسەنگی دەکات. جووڵە و کات هاوسەنگ بکەن، زیندەگی لە کرۆکدا جووڵەیە، لەرەلەر و خوولان تایبەتمەندی هەموو زیندەوەرێکن لەم گەردوونەدا،

بەشەر تاقە بوونەوەرە لەم تایبەتمەندی و سرووشتیبوونەی خۆی دوورکەوتۆتەوە. سەرهەڵبڕن، سەیرێکی هاسمانی بێ پەرواز بکەن، ئەو خۆر و هەستێرانەی وا لە بان سەرتانەوەن، گەورەترین زیندەوەرانی ئەم گەردوونەن. زهینی خۆتان بدەن و هەست ڕاگرن، ئەو زیندەوەرانەی بنەڕەتی خانەکانی لەش پێک دهێنن، بە ملتیاران جار بچووکتر لەوەن ببندرێن. ئەم گەورەترین و ئەو گچکەترینانەی گەردوون، لە خوولان و لەرینی بێوچان دان. سەیری باڵندەکان، مێشوولە و مێروولەکان، چوارپێکان، خشۆکەکان، ماسی و مراویەکان، هەموویان بەردەوام لە جوولەن، تەنانەت درەختەکان بە دەم باوە خۆ بادەدەن و، شەپۆڵەکانی زەریا دەلەنجێن. نەزمی زیندەگی وەهایە، دروستی لە هەموو بارێکدا، لە هەرەکەتەوە بەرهەست دێ. کاتێک بە هەندازی پێویست ناجوولێن و، بێ قوونەبانی دەکەن، هەنگێ نادروستن، تەمەن کوورت و دەردەدارن، بێتاقەت و خەفەتبارن. ئاوڕێکی زەمانی زوو بدەنەوە، لە خۆتان بپرسن: هەرێ بەڕاست، جاران لەبەرچی دەرد و نەخۆشی کەم بوو، دڵخۆشی زۆر بوو؟ خۆ ئەو دەمی خێزان بە شەش هەفت منداڵەوە، هەرهۆدە و هەیوانێکیان هەبوو، لە گەرماوی دەرێ خۆیان دەشووشت و، لە ماڵێ هەموو بە تەنیشت هێکەوە دەنوستن. هەرێ وەهالە، وەها بوو، بەڵام هەینێ تۆزە مهیریاتێک مابوو، جەم و جۆل زۆر بوو، ئەو تۆزە مهیریاتە ساخ و سادەی کردبوون، دەتانتوانی لە قرچاندنی لێوێ، لە تیلەی چاوێ، لە هەڵتەکاندنی جووتێک هەبرۆ و، لە دەرکەوتنی درزی نێوان جووتێک مەمک و، لە گووشینی دەستی دوو نازدارێ، لە ناو شاهی سەر سووچی کۆڵانێ، پڕبەپڕی لەزەتی زیندەگی بکەن.

## پۆپەی 30

بە زهین و زەمین کەوتنی هۆڤێتی و، قاڵبگرتنی چیناتی، دۆخێکی وەهای بە زەوی داهێناوە، کەس تیایدا سەلامەت نیهە. خەڵکەکە بڕێکیان چرای خامۆش و بێ خرۆشن، بڕێکیشیان چرای هەڵچوو، هەم خۆیان و هەم ئەوانیدی دەسووتێنن. خەڵکی خۆرمیانێ بە زۆری لەو جۆرەی دووهەمن، لە سەر هەموو شتێک و، لە هیچ و خۆڕاش پڕ دەدەنە هێکدی، بە فووهێک هەڵدەچن و، هێقەی هێک دەگرن، خەڵکانێکن لە تووڕەبووندا، وەکوو تەقەمەنی بە سەر خۆیان و، بە سەر هێکدیدا دەتەقنەوە، جاریش هەیە دەیگهێننە خۆکووشتن و هێکدی کووشتنێ. ئەم دۆخە لە هیکڕا نەهاتۆتە گۆڕێ، پێ بە پێ قووڵ بۆتەوە، چەندێک لە مهیر تەریک کەوتن، بەو هەندازەیە هۆڤ هاتە پێشڕەفتی و، سەرئەنجامەکەشی ئەمەیە. مهیر و هۆڤ دووانەی بەرەواژن، کێهانیان لە خوودێتیدا بە ڕێوان بێ، هەڵسوکەوتی کەسەکە لە سەر ئەو بنەڕەتە ڕەوت دەگرێ.

ڕاستی ئەوەیە، دوورکەوتنەوە لە هووداى دایک، دابڕان لە چەمک و نەزمی دایکاتی، دۆڵزاخێکی هێناوەتە گۆڕێ سەروبنی دیار نیەه. خەڵکینە! هەردەرد و باڵاهێک وا بە سەر سەرتانەوە، لە جاهەڵی و لارەملی خۆتانەوەیە، ئەوانی بە ڕابواردن سەرگەرمن و ئەوانی لە ناهوومێدی گیرن، ئەوانی زاڵمن و ئەوانی مەزلوومن، ساختتان تێیدا نیەه، هەمووتان لە سەر هێڵی هۆفێتین. ئەمڕۆ نامووس هەردووک ڕێ کۆر دەکاتەوە، هەردووک ڕەوت بنبەست دەکات و، کۆتاهی بە زاڵمی و مەزلوومی دهێنێ. لەمەوپاش ڕاڕاهی و هەرکەس ڕێی خۆی و، هەرکەس بۆ خۆی، هەلی نادرێتێ، چاکە و خراپە ڕوون بۆتەوە، لە سەر هەمووان فەرزە پێوەی پابەندبن. نامووس هەیە و، ڕێ بە کاری بێ نامووسی نادرێ. ئێستا وقتهێتی، هەڵستنەوە ڕۆژی قامەت و هەڵستانەوەیە، هەڵستنەوە ڕۆژی زیندووبوونەوەیە، بە توونڕ و توولانی پێ لە بەندی نامووس بن، بە پڕاوپڕی پێڕستی لە مهیر بکەن، نیوە و ناتەواو واتای باوەڕی نادرێتێ، یان باوەڕتان بە هەموو نامووس هێناوە، یان بێ باوەڕن. هەنار هێک هەنارە، پڕە لە دەنکی سوور و ڕووناک، دارێک نیەه نیو قاشە هەنار بگرێ، یان هەنارەکەی توێکڵێکی بێ دەنک بێ، هەنار بە دەنکەکانیەوە هەنارە، نەک بە توێکڵەکەی. کەس بە ناو لە خۆنان نابێتە مهیری، بەلکوو بە سرووشتیبوونەوە، بە تێکەڵبوون لەگەڵ ئەو ناوەڕۆکەی نامووس هێناووتی. سوور بزانن، خۆشگوزەرانی ئەمڕۆتان و، بهێشتی سبەینێتان، لە پابەندێتی تێروتەواو بە کاکڵی نامووس بە دید دێ. نامووس بەرزتان دەکاتەوە و شکۆدارتان دەکات. هەرشتێک و هەرهەڵسوکەوتێک نزمبوونەوە بە سەر مرۆڤدا بهێنێ، ناپەسەند و هۆفانەیە. مەسەلەن، دەم لە شەراب دان ناپەسەند نیەه، ناپەسەندی ئەوەیە هۆشتان لێ ببات و پێی مەست بن، چوونکوو لە مەستبووندا نزم دەبنەوە. هۆش دەبێ نەڕوات و لە شوێنی خۆیدا بێ، هەرشتێک ببێتە هۆی ڕۆیشتی هۆش، ڕێپێدراو نیەه. ڕێکوپێکی ئەوەیە لە تێکەڵبوونی نیگا و، هاوهامێزی و ڕمووساندا، ساتی مەستبوون دروست بکەن، نەک لە خۆ بێهۆشکردنێ. ڕێسای بنەڕەتی وهایە، ئەوەی نامووس ڕێی داوەتی، هەق بە کەس نیەه رێی لێ ببەستێ، ئەوەی نامووس ڕێی لێ گرتبێ، هەق بە کەس نیەه ڕێی لێ بکاتەوە. مێ لە سەرێتی پێش نێر بکەوێ و هەڵبستێتەوە، لەگەڵ خۆیدا دەستی نێرەکان بگرێ و، هەڵیان بستێنێتەوە. مێ لە بازنەی مهیردا سەربەست و سەروەرە، دەتوانێ هەرلۆنێک خۆی بیهەوێ، ئەو لۆنە بە ژین بدات، هەق بە هیچ نێرێک نیەه، بە هیچ پاساو و بە هیچ ناوێکەوە، فەرمانی کردن و نەکردن بە سەر ڕەگەزی دایکدا بدات. با لاتان ڕوون بێ، بە نزم بینینی مێ، یان قسەوقسەلۆک لە سەر مێی پێڕست بە نامووس، کردەوەی هۆفیانەیە، ئەوی وها بکات لە دین و دوونیاهێ بەرنەفرین دەکەوێ. هەرکەس لە دەرەوەی نامووس بمێنێتەوە، چ مێ و چ نێر، نزم و بێ شکۆیە، چوونکە کەسی بێ نامووس سەرچاوەی شکۆمەندی و سەروەربوونی نیەه.

## پەلی شەشەم

### پۆپەی 01

دایکی ڕاستیەقینی جێهانێ کووردهەوارە، وەلێ ئەو دایکە وها لە نێو بردراوە، هەنەوکە ناوەکەشی ناهێتە سەرزاران و، کەس لە جێهانێ نایناسێ. لە ناوبردنێکی گشتەگیر دەرهەق بە چەمکی دایک هەیە، پایە و پلە بە هیچ دایکێکەوە نەهێڵدراوە. هەوەڵبار هوودای دایک لە ناو سەری بەشەر کردرایە دەرێ و، جهێ بە هوودایانی درۆین درا، هێواش هێواشیش لە باری زهینیدا دوو بەشە مێینەکەی مێشک، کە خوودێتی دایک و کەنیشک بەرجەسدە دەکەن تەپێندران، لە باری زەمینیش دایک لە ناو کۆمەڵی بەشەریدا، زەبری تووندی بەرکەوت و، پایەی ناوەندێتی لێ ستەندرایەوە. هەڵبەتە چ تاقی ئەم ڕووداوانە لە هیکڕا نەقەوماون، بەڵکوو هێدی هێدی بە گوزەری کات ڕوویانداوە. ئەم هەوارە، ئەوڕۆ خەڵکەکەی خەمگینترین خەڵکن لە جێهانێ، هەرئەوانیش دەبنە دڵخۆشترین خەڵکی جێهانێ و، لەگەڵ خۆیاندا قۆمەکانی بەشەرێت بەرەو دڵخۆشی دەبەن. ڕووداوی کەوتنی کووردهەواری دایک، هاوشێوەی کەوتنی هوودای دایکە لە زهینی بەشەرێتدا، نە ناویان ماوە و نە ناوەڕۆک. زهینی بدەنێ، خۆر دایکی نۆ هەستێرەکەی دەوروبەرێتی، خۆرمیانیش ئەوها دایکاتی نۆ بەشەکەی جێهانێ دەکات، جا لە بەر ئەوەی سەر و دڵ و، ناوەندی خۆرمیان کووردهەوارە، ناسینی کووردهەوار لە بۆ خەڵکی جێهانێ بە واتای ناسینی جەوهەرە. ئەوەی جەوهەر نەناسێ، خۆی ناناسێ. کەوتنەکەی چەمکی دایک گشتەگیر ڕوویداوە، هەڵستانەوەشی بە هێکڕا و گشتەگیرە. هوودای دایک دەگەڕێتەوە ناو سەری بەشەر، ئینجا چالاکبوونەوەی بەشە مێینەکانی مێشک و، هەڵستانەوەی کووردهەواری دایک و، ناوەندگرتنی دایک لە کۆمەڵی بەشەرێتدا، هێک بە دووی هێک دادێن. لەم بازنەیەدا هەڵستانەوەی کۆمەڵانی بەشەریەت بە هەڵستانەوەی کۆمەڵی کووردهەوار دەست پێ

دەکات، هەڵستانەوەی کۆمەڵی ئەم هەوارەش، سەرچاوە لە هەڵستانەوەی ڕەگەزی دایک دەگری. هەڵستانەوە بە واتای زیندووبوونەوەیە، لە وێنەی مردووێکی بە خاکسپێردراو، کە خاکەکەی سەری هەڵدراوەتەوە و، بە زیندوویێتی لە گۆڕەکەی هاتۆتە دەرێ.

پۆپەی 02

ناسینی کووردهەوار بە نیوە و ناتەواو واتادارنابێ، پێویستە هەم دوونێکەی، هەم ئەوڕۆی و، هەم سبەینێی بناسدرێ. تێگەیشتن لە واتای وشەی کوورد، دەستپێکێکە ناسینی کووردهەوار تێروتەسەڵ دەکات. وشەکە لە زمانی زگماکدا بە واتای کار و کردە دێ. هەروەکوو لە پێشینانی کووردهەوارەوە گووتدراوە:" کردن هەتا مردن." ئەو خەڵکانەی لە ناوەندی شارستانێتی دایک لە کووردهەوار، دەست بە کاری کێڵانی زەوی و چاندنێ دەکەن، ناوی "کوورد"یان لە خۆ ناوە، ئەوانی شیوانکاریش بە ناوی "گۆران" ناسدراون، وەلێ هەردوو شەقڵەکە هەڵگری هێک بیروباوەڕ بوون، ئەم ناوانە لە شێوەی کار و جوولەکردنیانەوە هەڵهێنج دراون. گۆران واتە ئەو ڕانەی بە شێوەی گۆهی دەخوولێتەوە. ناوەکە بەرهەستکردنی هەلومەرجەکەیە، جوولەی شیوانکارەکان لە زهیندا نیگار دەکێشێ، چوونکوو خەڵکانێکن کێوستان و گەرمیان دەکەن، بە ڕێڕەوی بازنەهی دەڕۆن و دەگەڕێنەوە. لە دەستپێکێ ئەوهایە، کۆمەڵی کووردهەواری لە جۆرێتی کارەوە، دوو شەقڵی گەورە پێکیهێناوە، هێکێک جووتیار و ئەوی دیکە شیوانکارە. بەڵام پەرەستەندنی هێرش و پەلامارەکانی هۆفێتی، وهای کرد گۆران هێدی هێدی ببنە کوورد، نیشتەجهێ ببن و دەست بە کاری چاندنێ بکەن، بەمەش کۆبەندی کۆچەری بە ژمارە لە کەمی دەدەن و، بە قەبارەش بچووک دەبنەوە، هاودەم هاژەڵداری بە شێوەی بەشەکی لە میانی کۆبەندی دێهاتیدا دەوامی دراوەتێ. زهینی بدەنێ، هەندێک پەند و گۆزار لە پێشینانی کووردهەواریدا ماونەتەوە، ئەم بابەتی ناوی گۆران و کووردە ڕۆشن دەکەنەوە. گووتدراوە: "کوورد کەوتە گۆران ماڵی بوو وێران، گۆران کەوتە کوورد گۆی لە مەیدان برد." لێرەدا کوورد واتە نیشتەجهێ و، گۆران واتە کۆچەری. گۆزارەکە ڕوونی دەکاتەوە، ئەگەر خەڵکانی نیشتەجهێ ببنە کۆچەری، نیشانەی ئەوەیە ماڵیان لێ تێک چووە، بە پێچەوانەوە کۆچەری ببنە نیشتەجهێ، گۆی مەیدانێ ناهێڵن و، بە هۆی زۆر و زەبەندی ماڵ و ماڵاتیانەوە، سەرانسەری مەیدانێ دادەپۆشن. لەم وەرچەرخانەدا، گۆران خەلاس نەبوون، هەنەوکەش بەشێک لە کۆمەڵی کووردهەواری، بەم ناوە ناسدراون و، پاشمەوەی خێڵانی شیوانکارن. لە دەوران دەورانی زەماندا، گۆرانەکان بڕبڕ کەوتنە

ناو جووتیارەکان و، هەمووان لە ژێر ناوی کۆمەڵی کووردهەواری کۆبوونەوە، چوونکە ناوی کوورد لە باری واتادا، هەمووان دەگرێتە خۆی. کوورد کردەیە، شیوانکاری و جووتیاری هەردووکی هەر کردەن. سەرنج بدەن نەگووتدراوە گەلی کووردهەوار، یان گەلی کوورد، چوونکە لە هاخاوتنەکانی کووردهەواریدا، واتا و وشەی گەل، لە بۆ کۆمەڵی گچکەلانەی وەکوو کووڕگەل، مێگەل، گاگەل بە کاردێ، لەبەرهەندێ دروست وهایە دەستەواژەی کۆمەڵی کووردهەواری، یان کۆمەڵی کووردی بگووتدرێ، هەروەکوو لە دێری زەمانەوە هەر ئەمانە گووتدراون. تاقە ناوێکی ڕاست و ڕەواش لە پەیوەندی بە ناوهێنانی سەرزەمینی کووردان، کووردهەوارە. هەرناوێکی دیکە لە بۆ ناوهێنانی ئەو بەشە خاکە، پووچ و بەتاڵە. هەم پێشگری "ولات"، هەم پاشگری "ستان" بە ناوی کوورد لاسەنگن، لەبەرئەوەی لە زمانی زگماکدا، هێکەم بە واتای تەختاهی و، دووهەم بە واتای بەرزاهی دێ. کووردهەوار شاخ و دەشتە، کێوستان و گەرمیانە. ئەگەر بگووتدرێ وڵاتی کووردان، وەکوو ئەوەیە گووتدرابێ دەشتەکانی کووردان، ئەگەر بگووتدرێ کووردستان وەکوو ئەوەیە گووتدرابێ چیاکانی کوورد. وێنەی دوو پیاو بهێننە پێش چاو، هێکێکیان ڕانکی لەبەرە، ئەوی دیکە چۆخەڵ، ئەمیان سەرەوەی ڕووتە و ئەویان خوارەوەی، هەرهێکە لەم دوو ناوەش، بە واتای نیوەی خاکەکەیە. ناوە لاسەنگەکان تازەکین، لە دەورانی دواهیدا پەیدابوون، باو و بەربڵاوبوونیان پەیوەندی بە نەزانینی زمانی زگماکەوە هەیە. پێشترێ هەقڵ و زاناهی، لە کۆمەڵی کووردهەواریدا پایەبەرز بوون، خەڵکی لە هەرجهێ لەو هەوارە، بنەما لە سەر هەقڵانیەت هەڵسووڕاون و، بە ڕاست و دروستی زاریان کردۆتەوە، بۆهێ هیچ وقهت گشتەی خاکەکەیان بە وڵات، یان بە ستان ناو نەناوە. ناوی ڕەسەن و ڕەگدار کووردهەوارە، ناوێکە لە سەر زاری کۆمەڵی کووردانەوە نەقشێن دراوە و، پڕ بە بەری خاکەکەیە، وەکوو کراسی دایک وهایە، لە سەرێ هەتاوەکوو خوارێ، بەرزاهی و تەختاهی دەگرێتەوە. لە هاخاوتنی کووردیدا پێشگری وڵات (ولات، بلاد، فلات هاوواتان) لە ناوهێنانی ناوچەی تەخت و دەشتی ئاوەدان بەکارهێندراوە، بە نموونە گووتدراوە "وڵاتی کۆهێ،" بە گوزارشت لە دەشتە ئاوەدانەکانی ئەوێ، ئەم ناوەی لێندراوە. وشەی "ستان"یش بە مانای بەرزایەکان دێ، پاشگرێکە زیادتر لە بۆ شوێنی بچووک و بەرز بە کارهێندراوە، هەروەکوو لە نموونەی گوڵستان، گۆڕستان، بێستان دەبیندرێ. بێجگە لەوەش، "کووردستان" ناوێکە هێڵی هۆفێتی سەلجوقی- هۆسمانی، بە مەبەستی ناوهێنانی بەشێکی کەمی کووردهەوار هێناویانەتە گۆڕێ، ناوێک نیهە لە سەر زاری کووردانەوە پێشینەی هەبووبێ، لەبەرهەندێ شەرمهێن و بێ شکۆیە، پێویستە سڵی لێ بکەنەوە. دیمەنەکە بە دروستی بهێننە بەرچاو و تێی بفکرن، ڕووداوەکە ڕێک و ڕوون ئەوهایە، خەڵکانێکی هۆفی هەڵیانکووتاوەتە سەرماڵەکەتان و، ناوێکیان لە دایکتان ناوە، هاخر چلۆن شەرم

ناتانگرێ، هەمان ناو بە دایکتان بڵێنەوە و، ناوە ڕسک و ڕەسەنەکەی بەلاوە بنێنن؟ کاری ئەوها بە تەواوی بێ نامووسانەیە.

## پۆپەی 03

هۆ کۆمەڵی کووردهەواری، کۆمەڵی بزربووی کەس نەناس، دەبوو لە ناو گۆزارگەلێک، کە لە پێشینانی خۆتانەوە بە مهیریات ماوەتەوە، بە دووی خۆتاندا بگەڕێن. وەلێ نەتانزانی لێگەڕین چ لۆن و چ شێوازێکە، هەر بە بزری مانەوە و، خۆتان بە دید نەهێنایەوە. هەزاران نەزان لە نێوتاندا، بە نێوی زانا دەرکەوتن، ئەو جاهەلانە هەندەی دی خۆڵیان کرد بە سەرتاندا و، پتر بزریان کردن. بەڵام وا نامووس لە بنی ئەو خاک و خۆڵەوە دەرتان دهێنێ و، دەتانکاتە پێش هەنگی جێهانێ، دەتانکاتە کۆمەڵێکی بە زهین و زار، کۆمەڵێکی سەرزیندوو، کۆمەڵێک کە ڕێی ڕاست نیشانی ئەوانی دیکە بدات، دەورێک بگێڕێ هەزاران ساڵ پێشتریش لە میانی شۆڕەشی دایکاندا گێڕاویێتی. بڕۆننێ، پاشماوەکانی شارستانێتی دایک، هێشتانەکانێ لە گۆزاری پێشینانتاندا زیندوو ماون. لە دەشتی هەولێرێ دەگووت درێ" برام نەبی لە دایێ، قەت گریانم لۆت نایێ." هەر ئەو گۆزارە ڕوونی دەکاتەوە، دیاریکردنی ڕەچەڵەک و ڕەوتگرتنی سۆز، گرێدراو بە دایک دەوامی دراوەتێ، دەور و زەمانی دواهیش هەردایک بە ناوەند دیتدراوە، نەک باوک. دەرکەوتنی دیاردەی باوک لە مەیدانی کووردهەواریدا، لێکەوتەی شەڕە، قەت نەیتوانیوە پایەی بنەڕەتی لە دایک بستێنێ. گووت دراوە" خزمی ژن بەرە بەرە، خزمی پیاو دەربەدەرە،" زهینتان لێداوە خەڵکینە، ئەم گۆزارە ڕۆشنتری کردۆتەوە، دیاردەی مێرد - باوک لە کۆمەڵی کووردهەواریدا نەیتوانیوە بنچەق دابکووتێ و، شان لە شانی دایک - ژن بدات. بەرەی دایک (خزمی ژن) پەیوەست و پتەون، لە وێنەی هەڵقە بە هەڵقەی زنجیرێک بە هێکەوە گرێدراون، بەرەی باوک (خزمی پیاو) پەرت و بڵاو و دەربەدەرن. لە سەر هەمان هێڵی گوزارشتی، گووتدراوە:" خاڵ خوارزایان مەزن کرد، مام برازایان بزر کرد." ئەم بەیتە نیشانیدەدات، برای دایک لە خووشکەزاکان نێزیکن و برای باوک دوورن، ئەمەش لەبەرئەوەیە هێکەم ڕەسەن و ڕەگدارە، نەزمێکە لە کرۆکی گەردوونەوە، هی دووهەم بەشەرکردە، ڕیشەی گەردوونی نیهە. ئێستاکێ لە کووردهەواری کەوتوودا، بە دەگمەن منداڵ هەیە، زەبری توووندی باوک و مامی بەرنەکەوتبێ، بەڵام سەبارەت بە خاڵ پێچەوانەیە، زۆر کەمن ئەو خاڵانەی دەستیان لە خووشکەزا وەشاندبێ، بەڵکوو هێشتاش پەیوەندی خاڵ بە خووشکەزاوە، گەرم و بە سۆزە. ماڵ و منداڵی کۆمەڵی کووردی، هەتا نیو سەدە لەمەوپێشیش، لە هاخاوتنی ڕۆژانەدا هەر لە سەر ناوی

دایکان بوون، لە کۆڵانێ منداڵان بە ناوی دایکیان دەناسدران، ماڵەکان بە ماڵی دایکەکان دەناسدرانەوە. سەد ساڵ لەمەوپێش، کاتێک ئەنگلیز هاتن و، دامستدراوەی نەزمی سەرمایەداری لە کووردەهەوار داندران، بە موولککردنی گشتەگیر دەستی پێکرد، ئەوکاتە لە ناونوسکردندا ناوی باوکانیان خستە سەرووی ناوی دایکانەوە، لە هەینێوە هێواش هێواش ماڵ و منداڵ چوونە سەر ناوی باوکەوە. تێگەیشتن و بە زهینگرتنی وشەی "هان،" ناسینی ڕەگەزی دایک فەرەوان دەکات، وشەکە بە واتای کۆ دێ، لە دەربڕیندا گۆڕدراوە بە "خان." وشەی خان لە هاخاوتنەکانی کووردیدا، هەم جهێ ناوە لە بۆ مێ، هەم لە بۆ ماڵ، لەبەرئەوەی مێ هوودایە و هوودا گشتەیە، گشتەش بە مێوە هەیە، ماڵیش سەر بە مێیە و، ناو و واتاکەی لە مێینەوە وەردەگرێ. وشەی "خانەوادە" هاوواتایە بە بنەماڵە و، "کۆبوونی فەرەوان" گوزارشت دەدات. بە بیرتان دهێنمەوە، وشەکانی "خان" و "خانم" لە واتای شکۆداری و بە شێوەی هاوەڵناو و جهێ ناو، سەبارەت بە مێینەکان بە کاردهێن، وشەکانی "خانوو، خانی، خانە"ش بە واتای شوێن بە کاردێن و، بە سەرچاوە لە مێینەوە هاتوون، شوێن گوزارشتە لە جهێنیشینی و سەقامگیری، ئەمەش هەرتایبەتمەندێ دایکە.

## پۆپەی 04

لە هەرسێ چەرخی زەمەندا، ڕێکخستنی کۆمەڵاتی و نەزمی بەڕێوەبردنێ، لە کۆمەڵی کووردەهەواریدا، بە ئاسۆهی و پانی قاڵبی دراوەتێ، قاڵبپێدانەکە بە تایبەتمەند مێینەیە و، بە نەزمی بەرێوەچوونی گەردوون گرێدراوە، هەر بە خۆڕسک کاکڵی شارستانێتی دایک بەرجەسدە دەکات. هەنار چاو لێ بکەن، هەنار هەزارە لە هێکدا، بەبێ ئەوەی چ تاقی دەنکەکان بە سەر هێکدیدا پایەداربن. هێشووە ترێ بهێننە بەرچاو، هیچ دەنکێکی ترێ بە سەر ئەوانی دیکەدا پەیەدار نیەهە، هەموو دەنکەکان بە هێکەوە پەیوەستن، بەبێ ئەوەی هێکێک گەورەی هێکێکی دیکە بێ. نەزمی ئاسۆهی ئەوهایە، نەزمێکە هەرەوزی و هاوبەشێتی بە دید دهێنێ و، هەلومەرجی سەروەری و دادگەری، سەربەستی و ئاسوودەگی لە بۆ هەمووان دەڕەخسێنێ. لە میانی ئەو نەزمەدا، کۆمەڵی بێ چین و بێ فەرق لە سەر پایە، نە لە باری دینداری، نە سامانداری، نە پایەداری کۆمەڵاتی و کارگێڕی، کەس بچووک نیەهە، کەس لە کەس گەورەتر و پایەدارتر نیەهە. هەموو هەرەوز و هاوبەش بە هێکڕا هەڵدەسووڕێن. لە ئاستی بەشەکیدا گووند و ناوچەن، لە ئاستی گشتیدا سەرانسەری هەوارەکەن، نە لەمیان و نە لەویان "پاشا"ی هەتاهەتاهی و پاشای پشتاوپشتی ڕێی نەدراوەتێ. لە پەندی پێشیناندا گووت دراوە: "پاشای سەرتەختی، بە نۆرە وقهتی." جا بە ناوی پاشا بووبێ، یان ناوێکی دیکە، لە

کۆبەندی گووندێک بووبێ، یان لە سەرزەمینێکی بەریندا، هەمیشە بە نۆرە وقهت، هەرجارە و هێکێک لە بنەماڵەی دایە گەورەی هۆزەوە بەرپرسیارێتی دراوە بە کۆڵیدا، ئەویش لە ڕێی هەڵبژاردن و، دەنگدانی ڕاستەوخۆی بەرەدایکەکانەوە دیاری کردراوە، لە ژێر چاودێری دوو ئەنجوومەنی بەربەرین جوولاوەتەوە، دەسەڵاتەکانیشی سنووردداربوون، قەت نەیتوانیوە دەمدرێژی و دەستدرێژی بکات، ئەگەر وەهای کردبێ، هەرزوو جووتە ئەنجوومەن بەلاوەیان ناوە و، کەسێکی دیکەیان خستۆتە جهێی. لە هەموو ئاستەکانی کووردەهواریدا، دوو خەت بە تەرینی چوونەتە ڕێ، خەتی خوون و خەتی خەسڵەت، دوو ئەنجوومەنەکەی پیران و مووخان بە گوزارشتی تێروتەواو ئەو دوو خەتەن. دەبوو "سەرخێڵ و پیرهۆز و پاشا"ش ئەو دوو خەتەی تێیدا بە دید بێ، ئەوکاتە هەڵبژێردراوە و، برێک دەسەڵاتی دراوەتێ. بنواڕن گۆزارێک لە پێشینانەوە ماوەتەوە، بە ڕوونی ئەم سنووردارکردنەی پاشای تێیدا هێندراوەتەڕوو، گووت دراوە:" برا گەورە بە و گووی زیاد مەخۆ." لە ناو ماڵ، یان کۆڵان و لادێ، یان لە هەر ئاستێکی کۆمەڵاتیدا، برا گەورێتی و ڕێوانیکردن بە واتای دانیشتن و، فەرمانکردن بە سەر ئەوانی دیکەدا نیهە، بەڵکوو پتر هیلاکەت و، زیادتر خۆ خاستنە مەترسی و، کەمتر ماف و، زیێدەتر بەرپەرسیارێتی و ئەرکە، دەشبێ بە هێندەی ئەو بەڕەی خستوویانەتە ژێری، پێ درێژ بکات، نەک زیادتر. بەڵام لە سیستەمی ستوونیدا هەموو شتێک بەرەواژ دەبێتەوە، سیستەمەکە بە تایبەتمەند شێوازی نێرانەیە، ستەمی چیناتی و، جوودایەزی کۆمەڵاتی شێوە پێ دەدات، گەورە و گچکاتی کۆمەڵاتی و خووساندنی ڕەگەزی بە هاردی دادهێنێ. جێهانی ئەمڕۆ بە هەموو بچمە جووداجۆر و، بە ڕوواڵەت جووداکانیەوە، بە سیستمی ستوونی بەڕێوە دەڕوات. دواهین جهێ لە جێهانێ، کە نەزمی ئاسۆهی تێیدا هەڵوەشێندرایەوە، مەڵبەندە ڕەند و ڕەنگینەکەی کووردەهوار بوو، ئەوەش لە هاخیرین سێ سەدەی قووڵبوونەوەی تاریکی ڕوویدا. ئێستاکێش هێکەمین جهێ لە جێهانێ، کە سەرلەنوێ سیستەمی ئاسۆهی تێیدا دەچەسپێ، دیسان کووردەهوارە. ئەمڕۆ بە بڵاوبوونەوەی نامووس، چەرخی ڕووناکی و زیندووبوونەوەی بەشەرێت دەست پێ دەکات، هووکمە لە هەناوی ئەم ڕووناکیەدا، پێ بە پێ هەموو شتێک بەرەو سرووشتیبوونی خۆی دەگەڕێتەوە، سیستەمی ستوونی هەرەس دهێنێ و، نەزمی ئاسۆهی بنچەق دادەکووتێتەوە. هووکمە کۆمەڵانی بەشەرێت بە ڕێسای گەردوونی پەیوەست ببنەوە، لارەملێ و ملنەدانی هیچ تاق و تاقمێک ئەنجامەکە ناگۆڕێ. وا خۆر هەڵهات، چ گەوجێکە ئەوی بیهەوێ بەر بەخۆر بگرێ. وا ڕووبار ڕەوتی گرت، چ گەوجێکە ئەوی بیهەوێ بە پێچەوانەی ڕەوتی ڕووبار مەلەوانی بکات. وا بهار هات و هەڵاڵەی گوڵان بە دوونیادا بڵاو دەبێتەوە، چ گەوجێکە ئەوی بیهەوێ گوڵ و گیا نەڕوێ. گەوجەگەوج بە کەڵکی کەس ناهێ، هەموو وەرنە بن باری نامووس و، ڕێ ڕاستەکە بگرن.

ئەو پووچی و پۆخڵەواتەی بە ناوی مێژوو هۆنیویانەتەوە، درۆی ڕووت و بێ سەنگن، کۆمەڵی کووردهەواری لە سێ سەدەی دواهی، لە باری زهینیدا دۆڕا، ئەمەش ڕێی لە بۆ دۆڕانی زەمینی کردەوە، دەنا پێشترێ هەر لەشکرێکی هۆفێتی هەڵیکووتابێتە سەری، دۆڕاوە و بە پشت شکان لێی چۆتە دەرێ. پێشی هەزار و چهارسەد ساڵ، کاتێک مۆدیڵی مووسلەمانێتی لە نەزمی چیناتی بە زەوی داهات، هۆفی ناودێر بە "هۆمەری کووڕی هەنتمە،" هەزاران دڕندەی دوو پێی، لە بیابانێ ڕا هەنارده هەولی گرتنی کووردهەواری دایک، وەلێ نەیگرت و، بە شکست لێی گەڕایەوە، پاشانەکەش هەشیمەی مووسلەمان جارەهای جار هەمان هەوڵیان داوەتەوە، بەبێ ئەوەی قوودرەتی تێپەڕین بکەن. برۆننێ، لە گۆزاری پێشینانی کووردهەواریدا بە ڕوونی گووت دراوە "کوورد و گۆران، وا شەڕیانە لە سەری ماڵی مووسلەمان." مەبەست لە ماڵ، ئەو شمشێر و ڕم و قەڵخان و، ئەو وڵاخانەیە، وا لە کاتی شکستیاندا، مووسلەمان لە پاشیان بە جهێ ماوە. بێشک جاروبار ڕوویداوە، هەندیک لە پیاوانی کۆبەندی لادێ(کوورد) و کۆبەندی کۆچەری(گۆران)، لە سەر دابەشکردنی ئەو ماڵەی مووسلەمان، بە ململانێ کەوتوون، چوونکە چەکە ئاسنینەکان لە کووردهەوار نەبوون و، بە کەمی دەستکەوتوون، ئەو چەکانەش هاوکێشەی شەڕەکانی گۆڕیوە، لەبەرئەوە هەرپۆلێک لە پیاوانی کووردهەوار، ویستوویانە دەستیان بەو چاکانە ڕابگات. ڕاستیهەکە ئەوەیە، شمشێر لە چنگ و، ڕم وەشێن و، تیرهاوێژەکانی هەردوو ڕەوتی هۆفێتی مووسلەمان و کریستیان، بە هوومێدی تاڵانی و، بە کۆیلەکردنی ژن و منداڵان چوونەتە شەڕەکانەوە، سەردەستەکانیان وهایان ترنجاندۆتە سەریانەوە، ئەگەر بکووشتدرێن دەچنە بهێشتێ، بشمێنن دەستکەوتی گەورەیان دەبێ، ئەمەیە بەرەو شەڕکردنێی هێناون. بەڵام هووداى مهیربان، هەمیشە لە میانی شەپۆڵەکانەوە، هێزی بە جەنگاوەرانی ڕووناکی دەدا و، هەوارەکەیانی لە پەلاماری هۆفێتی دەپاراست. مووسلەمانی هارەب لە هەڵکووتانە سەر خەڵکی ئەم هەوارە، بە خراپی تێکەوتوون و تۆقیون، هاخر جوانمێرانی کووردهەوار، هێندە نەبەز و قهرەمان بەرەو ڕوویان بوونەتەوە، زەندەقیان بردوون، تەنانەت لەوان وها بووە کووردەکان بەشەرنین، بەڵکوو "جنۆکە"ن، دەتوانن لە شوێنێک خۆیان بزر بکەن و، لە شوێنی دیکە دەربکەونەوە. ئەو بە جنۆکەزانینەی کووردان لە هێزە سەرسووڕهێنەرەکەیانەوە واتای پێدراوە، چوونکوو جنۆکە لە هیزری مووسلەماندا، بوونەوەرێکی سەرووتر لە بەشەرن، توانا و قوودرەتێکیان هەیە تۆقی بەشەر دەبەن. موسلمان کاتێک بە شکاوی و دۆڕاوی گەڕاونەتەوە بیابانێ، بەسەرهاتەکانیان لە بۆ خەڵکەکە گێڕاوەتەوە، دەم بە دەمیش چوونەتە سەردەمانی پاشترەوە، لەبەرهەندێ لە بەشێکی کتێوە کۆنەکانیاندا

کووردەکانیان بە جنۆکە ناساندوون، تەنانەت هێشتاش خەڵکانێک هەن ئەوها دەیانناسن. لە ڕاستیدا کووردەکان نێزیکترین قۆمی بەشەری بوون لە هوودای دایک، ئەو هێزەی خۆیان لە هوودای ڕاستیەقینەوە وەردەگرت و، شەپۆڵەکانی گەردوونی کۆمەکی دەکردن، هاقڵمەند و بە تەگبیر بوون، لە هوونەری بەرگری و ڕێ لێ بەستنی دژمندا، سەرسووڕهێنەرانە لێهاتوو بوون، لەش سووک و گوورج و گۆڵ، لە تەلانێک خۆیان پەنا دابێ، بە خشکە ڕۆیشتوون و، پاشان لە سەر کەپکێک دەرکەوتوونەتەوە، بەبێ ئەوەی دژمن هەستیان پێ بکات. هێکزنەفۆنی یۆنانێ بە خۆی و دە هەزار لەشکرەوە، هێکێکە لەو تاقمە هۆفیانەی بە خرپی لێیان دۆڕاوە، لە ڕێ و ڕۆیشتنیدا، قەت چ دانە ڕۆژێک نەیتوانیوە باڵ بە سەریاندا بکێشێ، بە هەموو کۆششکردنێکەوە، تەنەها دوو پیاوی پیری لێ هێخسیر کردوون، سەری هێکێک لەو دووانەشیان پەل داوە، چوونکە بە هێخسیرکەوتنیشی هەرهازر نەبووە، هێماژێکی ڕێی دەربازبوونیان بداتێ. نە ئەوکاتی و نە پاشانەکانێ، قەت چ جاران کووردهەوار نەدۆڕاوە، چ جاران دەرفەتیان بە ڕەوتی هۆفێتی نەداوە. ئەو هەوارە هیچ زەمانێک شارێکی وەکوو ئەوانی کۆمەڵی چیناتی تێیدا نەبووە دژمن بهێتن چ بنچ و بنارێک بگرێ؟ لە شۆڕەشی دایکانەوە، هەتاوەکوو دەورانی دواهی، کۆمەڵی کووردهەوار لە باری کۆمەڵاتی و بەڕێوەبردنێ، بنەما لە سەر کۆبەندی دێهات و کۆبەندی کۆچەری بە ڕێکخستن بوون، بێجگە لەوەش گوزەرکردن بە ڕێ و بانی دەشت و دۆڵ و چیاکانیدا، بە ڕێوان و چاوساخ نەبێ سەرناگرێ، لەبەرهەندێ ئەو سەرانەی بە مەرامی داگیرکردنێ پێیدا ڕۆیشتن، تێیداچوون و بە سەلامەت نەگەڕانەوە. زاگرۆس لەوەتی هەیە بە خاوێنی ماوەتەوە، قەت چ دژمنێک نەیتوانیوە قوونی تیایدا پان بکاتەوە، هۆفی بە هەرناو و بچمکێکەوە هاتبێ، بەس لواوە لە هەندێک دەشتی چۆڵ و هۆڵ باروبنەی دابنێ، پاشان لەو دەشتانەش لێیان هاتوونەتە دەست و، دەریان پەڕاندوون. مووسلەمان دڕندەی دووپێ بوون، بە نیازی قەپگرتن و تاڵانکردنێ، لە بیابانێ ڕاهاتن، بەڵام وەها شکاون و هێندە ترساو و تۆقیون، تەنانەت نەوێران لە دەشتە ڕووتەڵە و چۆڵەکانیش خۆڕابگرن و قوون بگهێننە سەر هەردی. هۆ کووردهەوار، دایکە کەوتووەکە هەڵستەوە، ڕۆژی قامەتە، هەڵستەوە وەکوو داربەڕووەکانت، کە پاش سووتان و شکانیش دیسان هەڵدەستنەوە، دیسان پەلوپۆ دەردەکەنەوە. کووردینە، داربەڕووەکان لە ڕەگ و ڕیشەوە چوونە بە ناو هێکدا، ئەوها بچن بە ناو هێک و، توونە وتوولانی پەیوەستی دروستکەن. داربەڕووەکان بێباکن لە هەلومەرجی دەرێ و، لە ڕەگەکانی خۆیانەوە ئاو دەخۆنەوە، ڕەگەکانی ئێوەش ناموسە، لە ناموسەوە ژیان بە دەست بهێننەوە. درەنگە بە خۆکەون، لە ژێر تەپ و تۆزی دەوران دەوری زەمان، خۆڕاتەکێنن، وەرنە دەرێ. ئەو گۆزەی وا قاڵپیان کردبووەوە، هوودای مهیربان ڕاستی کردەوە، وەرن گۆزەکەتان هەڵگرن، جێهان تینوە و، خەریکە دەخنکێ.

هێڵی مووسلەمانێتی لە شەڕی دەستەوهێقەی کووردانداا، بە شکست لێی چوونەتە دەرێ، کۆمەڵی کووردهەواری وەک هەمیشە لە سەرپێ، بە وەستاوی ماوەتەوە. ئەو دەمەی مووسلەمان هێرشیان هێناوە، دەسهەڵاتێکی قەڵاتداری کووردان بە ناوی "زازان - ساسان" بە سەر بەشێک لە پانتاهی بەربەرینی خوارووی کووردهەواردا، فەرمانڕان بوون، هاودەم بە سەر دەشتەکانی خوارووی دیجلێ و فریتۆدا دەستیان دەڕۆهی. هەنەوکە ئەودیو بە "هێران" و، ئەم دیو بە "هێراق" ناسدراوە. لە زنجیرە هێرشەکاندا، قەڵاتەکانی زازان لە خوارووی دیجلێ و فریتۆ کەوتن، چوونکە دانیشتووی دەشتەکانی ئەوێ، لە پاشماوەی کۆمەڵانی چیناتی بوون، بەشێکیشیان بە هەشداد لە خێڵانی بیابانێ بوون، لەبەرهەندێ هەڵنەستانە سەرپێ هاوپشتی بکەن، بەمەش دەشتە لیتەکان کەوتنە دەستی خێڵانی بیابانێ. پاشان زۆری نەبرد مووسلەمان خۆبەخۆ لە سەر گرتنەدەستی دەسهەڵات بە شەڕهاتن. ئەو تاقمەی لە شامێ دەسهەڵاتداربوون، پەلاماری ئەویدیکەیان دا، کە لە خوارووی دیجلێ و فەریتو هەڵقوونجابوون. شەڕەکە لافاوی خوونی تیێدا هەڵستا، "هووسێنی کووڕی فاتیمێ،" بە خۆی و کەسوکارەکەیەوە سەریان پەلدرا، پاشماوەی لایەنگرانیشی دەربەدەر بوون و، پەنایان بردە بەر دەسهەڵاتی زازان لەودیوی خۆیانەوە. لە زهین و زاری ئەو خەڵکە لێقەوماوانەوە، مۆدێڵی تیکەڵەی مووسلەمانێتی گهیشتۆتە مووخانی زازان، ئەوجا بە تێکەڵ لەگەڵ بیروباوەڕی ڕەسەن و بە ڕیشەی خەڵکی ئەوێ، ڕەوتی ناودێر بە "شیهە" قاڵبی دراوەتێ. فارس، لووڕ، لەک و کەڵهووڕ لەو پێکهاتانەن، ئەودەم لە بازنەی هێکێتی زازان دابوون و، هێواش هێواش ئەو بیروباوەڕە بە ناویاندا بڵاو بووەوە. لە ڕاستیدا "شیهە" ئیسلام نیهە، مۆدیلێکی لە ئیسلام خاوێنترە، تێکەڵێکە لە برێک بیروباوەڕی مهەمدی کووڕی هامینێ و، برێک بیروباوەڕی هۆفانی هارەبی و، برێکیش لە بیروباوەڕی مهیری، لە هەرسێکیاندا بیروباوەڕێکی جوودایەز بەرهەم هێندراوە، لە چ تاقیان ناچێ. هەر لە سەرەتاوە بیروباوەڕی شیهە، لەبەر ڕەگە مهیریەکەی، کەمێک نێزیکاتی لەگەڵ کۆمەڵی کووردهەواریدا هەبوو، وەلێ مۆدێڵی "سوونە"ی مووسلەمان، مۆدێڵی هۆفێتی بیابانیشینەکانە و، بە تەواوی دوورە لە کووردانەوە. هێڵێکی دیکەی بیروباوەڕ بە ناوی "هەڵەوی" یان "هەلی هیلاهی" هەیە، ئەم هێڵە نە شیهەیە و نە مووسلەمان، هەرچەندە وەکوو لقێک لە شیهە ناسدراون. قاڵبگرتنی ئەو هێڵە، هاوزەمانە لەگەڵ قاڵبگرتنی شیهەگەریدا، تەنەها لە ناوی "هەلی" و خۆگرێدان بە کەسێتیەکەی، هاوبەشن، ئەگەرنا لە باری ناوەڕۆکدا زۆر لە هێک جوودایەزن. ئەو کاتەی کووڕە گچکەی فاتیمەی، تووشی بەڵای خۆی هات و، لایەنگرانی هەرەتەی ئەودیوی بوون، هەندێک مووخی کووردهەوار لە زمانی

لێقەوماوانەوە، "هەلی کوورِی فاتیمیّ" دەناسن و، بە سەرهاتی کووشتنەکەی ئەو و، کووشتنەکەی کوورِی فاتیمەی دووهەم دەبیستن. مووخان لە ڕێساکانی گەردوونیّ شارەزابوون، دەیانزانی پیاوێک دیّ هوودای دایک لە خوودێتی ئەو پیاوەدا دەردەکەویّ و، ڕیّ ڕاستەکە نیشانی گوومڕاوان دەدات، وەلیّ خافڵبوون لەوەی هیسای کوورِی مەریەمیّ چەند سەد ساڵ زووتر دەرکەوتبوو، ئەم خافلەتیە هەندێک لە مووخانی بە هەڵەدا بردن، لەوان وهابوو "هەلی" ئەو پیاوەیە، چوونکوو ناوەکەشی لە زمانی زگماکدا هێکێکە لە ناوەکانی هوودا، لەبەرئەوە پێیان وها بووە هوودا لە خوودێتی هەلی کوورِی فاتیمیّ دەرکەوتبیّ. تێگەیشتنەکە لە سەرەتاوە بە هەڵە داوی دراوەتیّ، لەگەڵ ئەوەش هەلەوی نێزیکترن لە چەمکی کوورد، وەک لە شیەهکان، چوونکە هیچ ڕەگێکی هۆفێتی هارەبی، لە پەنا پەردەی بیروباوەڕی مەهەمدی کوورِی هامینیّ لە ناویاندا نیەە. ئەوان لە سەرەتادا بە تەواوی مهیری بوون، هەنەوکەش مهیریاتێک لە ناویاندا زیندووە و پێڕست بە مهیر دینداری دەکەن، نۆژ و ڕۆژووگرتن لە کنەوان فەرز نین و، شێوازێکی قەڵەم لێدراویشیان نیەە، هەرکەس سەربەستە چلۆنێک ئەنجامی دەدات و، چەندێکی لیّ بە جهیّ دهێنیّ. مستگەفت دروست ناکەن و، ژنەکانیان سەروسینگیان داناپۆشن، تێکەڵاویهان بە هێزە و، هێشتاش لە دێهاتەکانیان هەندازێک لە نەزمی هەرەوزی و هاوبەشێتی ماوە. هەلەوی بە گوزەری کات مهیریاتەکەی لە کەمی داوە، بە تایبەتی پاش ئەوەی بەشێک لە تورکان و، بە شێک لە هارەبان بیروباوەڕەکە وەردەگرن. پێشینەی دوور و قووڵی هۆفێتی و کۆیلاتی، لەو دوو قۆمەوە بە سەر بیروباوەڕەکەدا ڕەنگ دەداتەوە، پاشانەکەش لەوانەوە ڕەنگدانەوەکە لە بۆ کووردە بە ڕوواڵەت هەلەوی و، بە جەوهەر مهیریەکان گواستدراوەتەوە. هەلەوی و کاکەهی، دوو ڕەوتی کووردهەوارین، هەردووکیان ناوەڕۆکی بیروباوەڕەکەیان لە خەڵکانی بێگانە بە خۆیان دەشارنەوە، زۆرکاتیش خۆیان بە مووسلەمان دەناسێنن، لە کاتێکدا مووسلەمان نین و، هیچ خاڵێکی هاوبەشیش لەگەڵ مۆدیلی مووسلەمانێتی کۆیان ناکاتەوە. پاش سەدان ساڵ لە کۆستکەوتنی خانەوادەی فاتیمەی، وقتهێک هێلی شیەهگەری قالبی گرت و کەوتنە نشهوونماکردنیّ، ئەوکاتە لە شامیّ ڕا، کەسانێک لە بۆ بە مووسلەمانکردنی کۆمەلی کووردهەواری نێردران و، توانیان بە هاسانی لە نێویاندا بمێننەوە، چوونکوو خەڵکی کووردهەوار مهیرپەرست بوون، لە سەر ئەو بنەمایە هەمیشە جهیّ بە مێوان دراوە و، باوەشیان لە بۆ لێقەوماوان کردۆتەوە. نێردراوانی مووسلەمان لەم کەڵێنەوە هاتوونەتە ژووریّ، خەڵکی بە لێقەوماوی زانیون و، جهێی داونەتیّ. بەڵام قەت نەیانتوانیوە بیروباوەڕی مهیری بە خەڵکەکە بگۆڕن و، لە هوودای مهیربان دووریان بخەنەوە، کاتی پێی چووە هەتا لێرە و لەویّ، تاک و تەرای خلّت و خالّی خەڵکەکەیان دیتونەتەوە، ئەوجا بە فێڵ و تەڵەکە لێیان نێزیک کەوتوون و، کوورانی لاویان لە بۆ خووندنیّ هەناردوونەتە

شامێ. پاش ساڵانێک لە خووندن، لاوان بە سەرێکی دی گەڕاونەتەوە و، خشکە خشکە ڕووکەشێکیان لە مۆدێلی مووسلەمانێتی هێناوە، بەبێ ئەوەی خەڵکی کووردەواری پێیان کاریگەربن. کەسانی ناودێر بە "مستۆفی" و "خەلەکان" لە هەولێرێ، "شەمس" و " سالە " لە شارەزوورێ، "جەزری" لە بۆتانێ، نموونەی کەسانێکن، لە شامێ زهینیان ئاودراوە. لە سەدەکانی دواهیش، هەرهێکە لە"هەمەدی خانی" و "مارفی نۆدی،" ئەویان لە باکوور و، ئەمیان لە ناوەندی کووردەوار، فەرهەنگی وشەیان لە بۆ منداڵان نوسیوە، بەو مەبەستەی فێری هاخافتنی هارەبان بن و ببنە مەلای مووسلەمان. پاش هەموو ئەو هەوڵانەش، کووردەکان هەر مهیرپەرست بوون، مووسلەمانێتی تاک و تەرا بە گۆرێ کەوتبوو. دوو سەدە لە مەوپێش ژمارەی سەرجەمی مەلایان لە کووردەوار، هێندەی ژمارەی پەنجەکانی دوو دەست و دوو پێ نەبوون. دەی خەڵکینە، ئێستاکێ خۆتان بە خۆتان بڵێن: ئەگەر مەلا نەبووبێ، مووسلەمانێتی لە زاری چ کەسێکەوە، گهێندراوەتە هەزاران گووندی ئەم سەرزەمینە؟ کوانێ دەست و خەتی کەلام، مەگەر دەگوونجێ هەزار ساڵ مووسلەمان بووبی و، شەش دەستنوسی قەدیمیت لە پاش بە جهێ نەمابێ؟ کوانێ خشتی بناخەی سێ هۆدە و هەیوانی مووسلەمانێتی، هی قەدیمی نا، هەرسێ سەد ساڵێک لەمەوپێش بنیادنرابێ، هەدی پێشینان بە چ لۆنێک مووسلەمان بوون؟ هەی کووردینە، لە گەوجێتی وەرنە دەرێ و سەرکۆنەی خۆتان بکەن، ئەگەر مەلا و کتێب و هۆدە و هەیوانێک نەبووبن، هەدی مووسلەمانێتی بە چ ڕێ هاتۆتە ناوتان و، بە چ لۆنێک دەوامی بە خۆی داوە؟ هەنگۆ لە مێشکەوە خەسێندرابوون، زاین و لە دایکبوون لە ناو کەلەی سەرتان وەستابوو، لەبەرهەندێ نەتاندەتوانی بیر بکەنەوە، دەنا دەبوو هەرزوو دەرک بە درۆی مووسلەمانێتی بکەن و، بزانن دوو سەد ساڵ لەمەوبەریش، ئێوە هەر مهیری بوون. ڕاوەستن! لە " نۆژ و کڕنووش و مستگەفت، مهیراب و بەرماڵ و جوومهە" مەوکەونە هەڵەتەوە، چ تاقیان بە ئیسلامەوە پەیوەندیدارنین، هەرشەشیان بنەڕەتێکن لە بازنەی مهیرپەرستیدان، جەوهەرێکن بە پێشینەی دووانزدە هەزار ساڵەوە، گرێدراوی بیروباوەڕی ڕاستیەقینی شارستانێتی دایکن. لە هەردوو سووڕی هێکەم و دووهەمی شارستانێتی دایکدا، بەشەرێت لە بۆ شوکرانەکردنی هوودای دایک، سەری بەرەو هاسمانێ هەڵدەبڕی و، ڕووی لە خۆرهەتاوێ دەکرد، چوونکوو دەرکەوتنی گەورەی هوودا لە خوودێتی خۆرهەتاوە، پاشان کە قۆناخی سەهۆڵین دواهی هات و، دایکانی کووردەوار دەستیان دایە چاندنێ، بەرەکەت و فەرهانی ڕووی تێکردن، هەنگینێ لە سووڕی سێهەمی شارستانێتدا، شوکرانەکردنی هوودای دایک لە خوودێتی خاکدا دەستی پێکرد. هیدی بە قەسدی شوکرانەی خاکی دایک، لە سەر هەژنۆ دادەنیشتن و، سەریان لە هوورمەتی خاکدا نەوی دەکرد، پاشانەکە هەڵدەستانەوە سەرپێ و، سەریان لە هوورمەتی خۆری دایکدا ڕوو بە هاسمانێ هەڵبڕیوە، لەبەرئەوەی هوودای مهیربان

سێیه له هێکێکدا، ڕۆژانه سێ جاران له بەرەبەیانێ و نیوڕانێ و هێوارێ، بەم شێوەیه سووپاسگوزاری خۆیان نیشان داوە. وەلێ ئەم نۆژکردنه فەرزێک نەبووه به سەر هەمووانەوه، زیادتر پیران پێی هەڵستاون. خەڵکی له هەفتەدا شەش ڕۆژ به کاروباری زیندەگی سەرگەم دەبوون، ڕۆژی هەفتەم "جەمهە"ی پێ گووتدراوه، هەموو به هێکەوه جەم دەبوون و، نۆژی شوکرانەیان دەکرد. "جەم، جام، جووم، جیم، جۆم، جێم،" هەرشەش وشەکه به واتای کۆبوونەوه دێ. شوێنی خڕبوونەوه و جەم بوون، گەڕێک بووه، مستگەفتی پێ گووتدراوه. وشەی مستگەفت(مزتگەفت، مزتگەوت) له زمانی زگماکدا، به واتای کەوتنی دەسته، (مسته)، ئەمەش له بەر ئەوەیه له کاتی سەر چەماندنەوه له بۆ خاکی دایک، هەردوو ناو لەپی دەستەکان، که "مست"ی پێ دەگووتدرێ، دەکەفن به زەویدا. له کێوستان و شوێنی دیکەش، جاروبار به هۆی ساردی و سەهۆڵبەندانەوه، هۆدەی تایبەتی له بۆ مستگەفتێ هەڵبەستدراوه، دوو گومبەز به گوزارشت له دوو مەمکی دایک، له سەر هۆدەکه قووت بۆتەوه. خانەی هووداپەرستی یارسانی، هەمان مستگەفتی مهیره، وشەی "مهیراب"یش مهیربوونی مستگەوت ڕوونتر دهێنێته بەرچاوان. مۆدێلی مووسلەمانێتی، مۆدیلی چیناتی و نێرناوەندیه، لەبەر ئەوەیه مناره و گوومبەزێک به گوزارشت له گەڵ و گوون شێوەی دراوەتێ. له کووردهەواری پێڕست به مهیردا، نۆژکردن تەنەها جەمهان له مستگەوتێ ئەنجامدراوه، ڕۆژانی دیکه پیرەکان له بەرماڵێ پارچه بەڕێکیان ڕاخستووه و نۆژیان دابەستووه، چوونکه دەبوو چاویان له هاسمانێ بێ، لەبەر هەندێ چوونەته دەرێ. هێشتاش له ناو کووردان ئەو پارچه بەڕەی نۆژی له سەر دەکەن، به بەرماڵ ناوی دهێنن. نۆژ، نێژ وشه ڕاستەکەی "نهۆش، نهێش، نهووش"ە، واتای نووشتانەوه و نیشتن دەدات. کڕنووش هەم له واتای زمان و، هەم له کردەی زەمیندا، هەمان واتای نۆژی هەیه، واتا نیشتنی کڕ و هێمن. له نۆژکردنی مهیریدا دەربڕینێکی دیاریکردراو نەبووه، بەڵکوو هەرهێکێک به شێوەی خۆی له بۆ هوودای دایک دواوه و، کەوتۆته شوکرانه و دووهاکردنێ. له هاخیرین سەدەکانی تاریکیدا، ئەو تڕوتەشقەڵەیەی به نێوی مووسلەمانێتی هێندرایه ناو کۆمەڵی کووردهەواری، به فرتوفێڵ ترنجێندراوەته ناو مهیریاتەوه، به تایبەتی له سەد ساڵی هاخیریدا، دەنا خەڵکه پیرەکان هەرپێڕست به مهیر ڕۆژانه سێ جاران نۆژیان له بۆ هوودای مهیربان دەکرد، نەک هیچ هوودای دیکه. ڕاستی ئەوەیه گشتەگیربوونی مووسلەمانێتی له دڵی کووردهەواردا، به هەندازێک تازەیه، هەتا ئەمڕۆش بەشێک له پیرانی کێوستانێ نۆژەکانیان کووردین و مهیرین، پەیوەندی به مووسلەمانێتی نیهه. زهینی بدەنێ و بیری لێ بکەنەوه، ئەو ژن و پیاوه پیرانەی له ژیاندا ماون، هێشتا به "قورئانێ قەدیم" سوێندان دەخۆن، ئەم دەستەواژەیه تەنەها له ناو کووردان هەیه و، به تەواوی واتاداره. له سێ سەدەی دواهیدا، هێدی هێدی مەلای مووسلەمان له کووردهەوار پەیدا بوون،

لەوکاتیدا تەنەها ئەو کرۆکەیان لە کتێوی "قورئان" بە گوێچکەی خەڵکیدا دەچرپاند، کە لەگەڵ بیروباوەڕی مهیریدا کۆک بوون، خەڵکەکەش بە پێوەرەکانی ناو سەری خۆیان لێکیان داونەتەوە و، کەلامەکەیان بە کەلامی هوودا ناسیوە، بەڵام لە قۆناخەکانی پاشتریێ شتانێکی جوودایەز و ناکۆک لە زاری مەلایان دەبیستن، لە کاتێکدا ئەوانیش بە ناوی قورئان و هوودا قسان دەکەن، لەوێڕا وها دەردەکەوێ قورئان دووان بێ، هێکێک هی مەڵایانی قەدیمی و، هێکێک هی مەڵایانی تازە، خەڵکەکە قورئانە قەدیمەکەی لا پەسەند دەبێ بەوەی کۆکە و، بێ کێشەیە لەگەڵ بنەڕەتە مهیریەکاندا، وەلێ ئەوی دیکە ڕەت دەکاتەوە.

## پۆپەی 07

چەمکی سەربەستی لە کن پێشینانی کووردهەواریدا، بنەمای باڵا بووە، دەست لێ بەردانی بە واتای لەبەینچوونی نامووس و، بە تاڵبوونەوەی شکۆ و شەرەف دهات، لەبەرهەندێ قەت ڕووی نەداوە دەستی لێ بەربدرێ. گۆزارگەلێک لە پێشینانەوە بە جهێ ماون، ڕوونی دەکەنەوە، سەربەخشین لە ڕێی پاراستنی سەربەستی، دیارترین خەسڵەتی خەڵکەکە بووە، گرێدراو بەم بنەمایە، هەزاران ساڵ شکستیان بە هەڵمەتەکانی هۆفێتی دا و، سەربەست مانەوە. گاتای پێشینان وهایە: "لە دۆڵزەخ دابن سەربەست، نەک لە بهێشت دابن ژێردەست." ئەم بیروباوەڕە وهای دەکرد گیانفیدابن لە پێناو "هەرز" و "نامووس،" قەت سل لە مردن نەکەنەوە. لە پێڕستی مهیردا، دین و دوونیا هێکێکن، فیداکاری لە ڕێی دوونیا، فیداکاریشە لە ڕێی دین، چوونکوو دوونیای مهیری گرێدراو بە دین شێوەی هاتوتێ. خۆ بە کووشتدان لە پێناو "هەرز" و "نامووس" خۆبەخشینە لە ڕێی هوودای مهیربان، بۆهێ بهێشتی هەتاهەتاهی بە دوو دادێ. چ هەینێ و چ هەنەوکە، ئەم ڕێسایە نەگۆڕە، هەرکەس بە باوەڕەوە کارێکی لە پێناوی هوودا کردبێ و، ویستی خۆی تیایدا نەبووبێ، ئەگەر کارەکەی تاوان و خراپەش بووبێ، بە خێر چۆتە تۆماریەوە. بەرخۆدانی کووردهەوار لە هەمبەری هۆفێتیدا، چاکە و خێرە، لە بۆ دین و دوونیاهێ، لە هەمان کاتدا خراپەی ئەو خەڵکانەی، کە وهایان زانیوە پەلاماردان و، کووشتن و کۆیلەکردن ویستی هوودایە، بە چاکە چۆتە تۆماریانەوە، مادەم بە باوەڕەوە تەنەها لە پێناوی هوودا بە کارەکە هەڵستاون، بەڵام ئەوی مەرام و ویستی خۆی هەبووبێ و، چێژی لە خراپەکردن دیتبێ، بێشک خراپەکەی چۆتە تۆماریەوە، پاشانەکە ڕوو بە دۆخی دۆڵزاخ دەڕوات و، هەتاهەتاهێ تیایدا دەمێنێتەوە. مردن لە پێناوی "هەرز" و "نامووس،" بە پڕاوپڕی واتادارە، هەرکەس پێی دەگاتە پلەی شاناز لە دین و دوونیاهێ. هەرز دایکە، بەبێ

دایک هیچ شت بە دوونیاهێ داناهێ. هوودای مهیربان لە هەرز دەردەکەوێ و، رسقی هەمووان دەدات، بەبێ پاراستنی هەرز، نامووس نە لە واتای ژن و، نە لە واتای دەستووری ژین پارێزدراو نیهە، لەبەر ئەوەیە خۆبەختی لە پێناو خاک بە پێشین دێ. دەبێ خاک هەبێ و، لە دەستی کووردان خۆیاندا بێ، هەتا نامووس لە واتای دەستووری ژین تیایدا بچەسپێندرێ و، نامووس لە واتای ژن تیایدا سەروەر و شکۆمەند بێ. نامووس سێیە لە هێکێکدا، هوودای دایک و، ڕێسای زیندەگی و، ڕەگەزی دایک هەرسێکیان نامووسن، پاراستنی نامووس پاراستنی هەرسێکیانە لە هێک کاتدا. ئەو دەمەی نامووس لە واتای ڕێسای زیندەگی چەسپا، هەنگێ نامووس لە واتای هوودای دایک بە دڵ و دەروون و دەماخ دەکەوێ، نامووس لە واتای ڕەگەزی دایکیش پایەی خۆی لە زهین و زەمیندا دەگرێ، بەمەش ڕەگەزی کوور لە نەزمی دایکاتیدا، خۆی بە خۆشبەخت و خۆشگوزەران دەبینێتەوە، خاک و خاکڕەچەڵەک و، ئاو و هەواش بەر پەلامار ناکەون. نامووس بەبێ خاک ناپارێزدرێ و، پێویستی بە هەرزە، بە دیوەکەی دیکەش خاک بەبێ نامووس پارێزدراو نیهە و، پێویستێتی نامووس هەبێ و بیپارێزێ. نامووس خاک دەپارێزێ، خاکیش پارێزدەری نامووسە. بڕۆننێ کووردینە، ئەو هێزەی هەزاران ساڵ هەرزی پاراست، سەرچاوەی لە هەرسێ واتای نامووس گرتبوو، کاتێکیش لە واتاکانی نامووس دوورکەوتنەوە، خاکتان لە مست دەرهێندرا، کەوتنە چنگی هۆفی و، ڕۆژتان ڕەش و تاریک بوو. کووردینە خۆ خۆتان دەبینن، ئێستاکێ هیچ نین، خەڵکانێکی بێ شەرەف و بێ نامووسن، نە خۆتان و نە هوودا ناسن. دەی تەماشای خۆتان بکەن، ببینن چ قەشمەرێکن لە بەر دەست و پێی خۆڕی و خاڵتی دوونیاهێ، سەرتان شۆڕکردووە و دەکڕووزێنەوە. خاک دایکە، ئەوی دایکی خۆی ڕادەستی هۆفیتی بکات و، بە دیار سووککردنیەوە دابنیشێ، لە شەرەف و شکۆ بە تاڵ بۆتەوە. شەرم بتانگرێ لە ڕووی پێشینانی جوانمێرتانەوە، لە ڕووی پێشینانی شەرەفمەند و بە ویقارتانەوە، بە خۆتان دەڵێن: بە شەرەف و بە نامووس؟ کوانێ شەرەف و نامووستان؟ ئەگەر مێ لە ناوەندێتی نەبێ و، لە پایەی بڵندی خۆی جهێ نەگرێ، چ لۆنێک خۆتان بە شەرفەمەند دەزانن؟ شەرەف واتە سەرۆک، کاتێک ڕەگەزی دایک هەڵستایەوە، کاتێک مێ سەرۆکاتی خێزان و، کۆبەند و کۆمەڵی بە دەستەوە گرت و، بە مهیربانی بردی بەڕێوە، ئەو دەمی هەقتانە خۆتان بە شەرفمەند و شکۆدار ببینن، هەقتانە بە خۆتان بڵێن کۆمەڵێکی بە نامووسین. کاتێک بە نامووس بوون، ئەو هەرزەش سەروەر دەبێتەوە، وا هەشدادتان لە ژێریەوە دەژین. هەردوو وشەی هەرز و نامووس، هێشتا لە هاخاوتنەکانی کووردەهواریدا زیندوون، وەلێ زیندووبوونێکی بێ واتا و شێواو، بەبێ بەستنەوە بە جەوهەریانەوە. وشەکانی نامووس و شەرەف بە واتای شێواویانەوە، بوونەتە بەڵا بە سەر ڕەگەزی دایکەوە و، هەرڕۆژ مەرگی مێ بەرهەم دەهێنن. کۆمەڵی ئەمڕۆی کووردەهوار، کۆمەڵێکی شکاو و دۆڕاو

و له زهین خەسێندراوە، کۆمەڵێکە پەیوەندی لەگەڵ ڕابردووی شکۆداری قرتاوە و، هیچ ڕەگ و ڕیشاڵێکی نەماوە بیبەستێتەوە بە پێشینانیەوە. پێشینان دەیانگووت:"ساتێک بژی و شێربیت، نەک سەد ساڵ و لە ژێربیت."وەلێ وا زیاتر لە سەد ساڵە، خەڵکی ئەو هەوارە سەری خۆیان کز کردووە و، بە زەلیلی و کڕوزانەوە، ژینی ژێردەستی بەڕێ دەکەن. جاران کە دایک شەرەف و نامووس بوو، کە دایک سەرۆکاتی خێزان و کۆمەڵی دەکرد، جوانمێری بە دوونیاهێ دهێنا و، جەنگاوەری نەبەزی بە مەیدانێ دەخست. لە شەڕی بەرگری و بەرخۆداندا، دایک لە پشت کوور و، کەنیشک لە پشت برا و، دولبەر لە پشت دلدار ڕادەوەستان و، هانیان دەدان بجەنگن و نەبەزن، مێینەکان وەکوو شێر دەیان نەڕاند، هێزیان دەخستە دەماری نێرینەکانەوە. لە کووردهەواریدا گووتدراوە:" شێر لە لانە هاتەدەرێ، چ نێر بێ و چ مێ." لە ڕاستیدا نێرینەکان هێزی خۆیان لە مێینەکانەوە وەردەگرت، لەبەر ئەوەیە گووتیتیان:" لە پشت هەرپیاوێکی مەزن، ژنێکی مەزن هەیە." لە مەیدانی بەرخۆداندا هەربەڕاستی ژنەکان لە پشت پیاوەکان ڕادەوەستان و، بە دەربڕینی زارەکیانە هێزیان دەدانێ. مێ بە بنەما و تایبەتمەندی، بەشێک نیهە لە شەڕ و خوون ڕەشتن، بەڵکوو خاڵقی ئاسایش و ڕەتاندنی ئاشووبە، مێهێتی مهیرە، دەستی دۆستاتی بە ڕەگەزی دایک داوە، دەستی کووشتن و زەبری نەداوەتێ، لە هەمان کاتدا ڕادەستبوون بە هۆفێتی، بە واتای کەوتنی مێهێتی دێ، لەبەر ئەوە مێ لە سەرێتی خۆپارێز بێ و، لە نێوان مردن و مانەوە لە بندەستی هۆفی، ئەوی هێکەم هەڵبژێرێ. هەڕوون لە ناو لاوک و داستانەکاندا، کرۆکی شارستانێتی دایک ببینن. لە ڕاستیدا قهرەمانێتی خەسلەتێکە مێ لە نێردا دەیخوولقێنێ. بە بیرتان دهێننمەوە، بە سەرهاتی"هەمەی گۆزەنێ"، داستانێکە لە میانی سێ سەدەی قوولبوونەوەی تاریکی لە کووردهەوار ڕوویداوە، لەوێدا دایک لە پشتی کووڕەکەی ڕادەوەستێ، لاوک و گۆرانی بە سەر قەدوباڵا و، بە سەر دەست و تفەنگی کووڕەکەیدا هەڵدەلێ، هانیدەدات ئەگەرچی بە تاقی تەنەهایە، خۆی بە دەستەوە نەدات و، بەرەو ڕووی لەشکری دژمن بوەستێ و، نەسرەوتانە بجەنگێ. "گۆزەن" دایکێکی مەزن و، بە بیر و بنەمایە، بۆهێ "هەمە" ئەو جوانمێرە نەبەزەی لێ دەردەچێ، کە لە پشت ستارەی سەربانی ماڵەکەیانەوە، لینگی خۆی بە گووریس ببەستێ و، بە تاقی تەنەهێ لەگەڵ لەشکرێک بجەنگێ. سەروەری و شکۆمەندی بنەمایە لە بازنەی بیروباوەڕی مهیریدا، لەبەرئەوەی هاوبەندی بە هوودای مهیربان، بە هۆی سەروەریەوە بەرهەست دێ. مێ و نێری کووردهەواری، بە دروستی ئەوەیان دەزانی و، بە توووندی گرێدراوی بوون. داستانی "دەروێش و هەدلە خانمێ" بە سەرهاتێکی دیکەیە، لە هەمان ئەو ماوەیەدا نەقشێندراوە، لەویاندا دولبەر لە پشتی دلدارە، لە کەسێتی دلداردا جەنگاوەرێکی نەبەز و سەر سەخت بە مەیدانێ دەکەوێ. زهینی بدەنێ و لێی تێبگەن، سێ گرینگی لە گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتەدا بەرجەسدەیە، ئەو گرینگیانە ڕوون و

ڕەوان، ڕەنگەکانی شارستانێتی دایک دەخەنەڕوو، هێکەم بەرخۆدانی مێینە، لە میانی دڵپێدان بە جەنگاوەرێتی لە کەسێتی جوانمێرێکدا. دووهەم پاراستنی مێینەبوون، باس و خواسی شێوەی کراسەکەی و، خۆ خستنەباوەشی دەروێش. سێهەم بێباک بوون لە باوک و، هەفت برا و دوانزدە ئامۆزا، بێباکێتی ژن دەردەخات لە دەسهەڵاتی نێرینەکان. دارێک چاو لێ بکەن و لێی تێبگەن، دار سێیە لە هێکێکدا: "ڕەگ، قەد، لقەکان،" لە پۆلێندا ڕەگ و قەد مێینەن، لقەکان نێرینەن. هەردارێک ڕەگی بقرتێنن، یان لە قەدەوە بیبڕنەوە، زۆری پێ ناچێ لقەکانی هووشک دەکەن. لە کۆمەڵدا ڕەگەزی دایک ڕەگ و قەدی کۆمەڵەکەیە، ئەوکاتەی لە پایەی خۆی وەدەری دەنێنن، هیدی ئەو کۆمەڵەیە تووشی لە بەینچوون دێ. کۆمەڵی کووردەهەواری لە توولی زەمەندا، پشتیوان بە دایک لە سەرپێ بوو، توانا و تاقەتی دایکان بە هێز و خۆشڕەوتی کردبوون، ئەو دەمەی ڕەگەزی دایک کەوت، کۆمەڵەکە سەرچاوەی هێز(نامووس)ی نەما، هاسان لە پێ کەوت و، هەرگیز نەیتوانی ڕاست بێتەوە. بێشک هەستوونگ لابدرێ، ڕەشماڵ بە سەر خۆیدا دەکەوێ. لە هەربارێکدا مێ سەرچاوەیە، بەرخۆدان بخوازێ، نێر دەکەوێتە بەرگری و، جوانمێری لێ دەردەچێ، پارەی گەرەک بێ، نێر بە دووی پارە دەکەوێ و، سەرمایەداری لێ دروست دەبێ. لەمڕۆوە مێ لە سەرێتی پەڕاوی نامووس بە دڵ و دەماخ و، بە تەواوی دەروونیەوە هەڵبگرێ و، پیاو پابەند بکات بە خۆی. فەرزە مێ نە خووشک بێ لە بۆ برای بێ نامووس، نە دولبەر بێ لە بۆ دڵداری بێ نامووس، نە هاودەم بێ لە بۆ هاوڕێی بێ نامووس. مێ باوەش بکات بە نێری بێ نامووس، کردووتی بە هۆف، هەرکێ باوەش بە هۆفدا بکات، خەتا و خراپە دەچێتە تۆماری دین و دوونیای. مێ هەقێتی چێژ لە جوانی و مێبوونی ببات، هەقێتی لە خێزان و کۆمەڵدا ناوەندێتی بگرێ، هەقێتی سەروەر هەڵبسووڕێ و، هیچ نێرێک بە هیچ ناوێکەوە دەسهەڵات نەکات بە سەریدا، لە هەمان کاتیشدا لە سەرێتی گرێدراو بە نامووس بجوولێتەوە و، کرۆکی نامووس لە خۆیدا بەرجەسدە بکات، لە سەرێتی پیاو بکاتەوە بە پیاو، بیکاتەوە بە مەرد و جوانمێر، بیکاتەوە بە جەنگاوەری ڕووناکی، بیکاتەوە بەو پیاوەی مێ بە سەرۆک و شکۆی خۆی ببینێ، نە زمانی لە دژی مێ بگەڕێ، نە دەستی لە سەر مێ بڵند بێ. ئەوی دەستی دژاتی لە مێ بەرز بکاتەوە، لە منی بەرز کردۆتەوە و، ئەو دەستە دەبێ بشکێندرێ، لە پاشەڕۆژیش دەستەکە دەسووتێ. تەنانەت ئەوی ببینێ وا دەستێک لە سەر مێ بەرز بۆتەوە و کڕ بکەوێ، خراپەی ئەو کڕکەوتنەی لە سەر دەکەوێ و، دەچێتە تۆماریەوە. هەی مێ، من وا هاتووم زیندووت دەکەمەوە، نامووست دەدەمە مشت و، پێت دەڵێم: زیندوو بەرەوە، هیدی دەمودەست زیندوو دەبیتەوە، بەڵام سوێندت دەدەم بە گیانی شیرینت، کارێک نەکەیت هەمن سووک بکەیت، چوونکوو ئەوی من سووک بکات کردەوەکەی بە سەر خۆیدا هەڵدەگەڕێتەوە.

کاڵبوونەوە و لە کوورتیدانی شارستانێتی دایک، ڕووداوێک نیهە لە هیکڕا ڕوویدابێ، بەڵکوو بە خاوەخاو چۆتە پێشێ. دۆخی جەنگ، با جەنگی بەرخۆدان و بەرگریکردنی ڕاست و ڕەواش بووبێ، بە گوزەری کات قیچ قیچی لێ داڕنیون، لە کۆتاهیدا شارستانێت لەتێکی لێ بۆتەوە، بەبێ ئەوەی هەوارنیشین دەرک بەو کەمی و کەسرە بکەن. کووردهەوار لەبەر بهێشت و باخاتی خاکەکەی، هۆفی چاویان تێ بڕی بوو، دەورانێک نەبوو لە هێمناتی دابووبێ و پەلامار نەدرابێ، ئەمەش هەوارەکەی وەکوو مەیدانی جەنگ شێوە پێدا و، دۆخی جەنگاوەرێتی بە سەر خەڵکەکەی داسەپاند. لە سەدساڵی هاخیریدا بیابان هەڵکشاوە، دەنا هەرکەس گوزەری پێدا کردبا، هەستی بە بهێشت دەکرد لەو هەوارەدا. شاخی بەرز و، دۆڵی دڵڕفێن و، دەشتی بە پیت و فەڕ، لە هەر لا داری میوەی چەشناوچەشن لە سەر پێ بوون، کانی و ڕووباری ڕوون بە بنیاندا تێدەپەڕی و خوڕەی دهات. لەوەڕ و گژوگیای لە سەر پشت ڕاکشاو، مەڕوماڵاتی زۆر و زۆرباشی دابوونێ. لە دۆڵە تەڕوشێدارەکان برنج و، لە دەشتە بە فەڕەکان دانەوێڵە و دەنکەمەنی بەرهەم دهاتن. هەرکێ بەو ناوە ڕای دەبرد و دەیبینی، سەری سووڕدەما لەو هەموو ڕسق و بەرهەمەی ئەو خاکە بەرەکەتدارە بە خەڵکەکەی دەدا. لە ڕاستیدا هوودای مهیربان قەت بێ نانی نەدەکردن، چوونکوو ئەوان خەڵکانی پێڕست بە مهیر بوون، بە دڵاوەری و سەرڕاستی دەجوولانەوە، ئەگەرچی باشترینی جەنگاوەران بوون، قەت چ دەوروزەمانێک خوازیاری جەنگ نەبوون، لە بەرئەوەی لە بیروباوەڕی مهیریدا، هێمناتی و هاوەڵی بە بناخ گیردراوە، وەلێ کە هۆفێتی هەڵدەکووتێتە سەریان و، شەڕ بەردەرکیان لێ دەبەستێ، ئەو دەم بە پێی بیروباوەڕ لە سەریانە خۆیان بپارێزن و، شەڕ لە خۆیان پاس بکەن. لێرەدا جەنگاوەرێتی لە واتای بەرگریدا، دەبێتە تاقە هەڵبژاردە لە بەردەم ئەو خەڵکانەی پەلاماردراون، چوونکی خۆڕادەستکردن بە هۆفێتی، هەرگیز پاساو نادرێ، لەبەرهەندێ چ هەینێ و چ هەنەوکە، بەرخۆدان ڕاست و ڕەوایە. لە توولی تەمەنی کووردهەواریدا، جەنگاوەرێتی تەنەها لە بەرخۆداندا خۆی دیتۆتەوە، نە پەلاماردەر و نە تاڵانچی نەبوون، تەنانەت لە شەڕی بەرگەریشدا ئەوانەیان نەکووشتوون، یان هەشکەنجە نەکردوون، کە بە هێخسیری کەوتوونەتە دەستیانەوە. کووردەکان هیچ وقهت شەڕهەنگێز و مەرگدۆست نەبوون، بەڵکوو خوازیاربوون شەڕ بەردەرکیان لێ نەگرێ و، ناچارنەبن بکەونە کووشتنی دژمنەوە. خۆ ئەوان ترسێکیان لە کووشتن نەبوو، قەت چچار سڵیان لە مردن نەدەکردەوە، وەلێ لە زانابوون و هاقڵاتی خۆیانەوە، ئاواتیان بە هێمناتی دەخواست. پێشینانی ئەوهەوارە گووتیتیان:" دژمنت زانا بێ، نەک دۆستت نەزان." لەبەرئەوەی دژمنی زانا دەرک بە خراپەی شەڕ و دژمناتی دەکات،

بۆهێ نایکات و هازره بچێته پێکهاتنێ. دۆخی جەنگ و لێکەوتەکانی، هێکجار بەد و بە زەڕن، هەم لە سەر مهیر و مێ، هەم لە سەر پێکهاتەی شارستانێتی دایک، بە تێروتۆخی ڕەشکاو دەداتەوە. پێشترێ ناوەندی شارستانێتی دایک، لە کۆبەندی کۆچەری و، کۆبەندی دێهات پێک دهات، لە هی هێکەمدا شیوانی و لە هی دووهەمدا جووتیاری، بنەڕەتی کاری کۆبەند بوون، هەردوولا بە گۆڕینەوەی بەرهەمەکانیان لاسەنگیەکانیان هاوسەنگ دەکرد. بەڵام بە هۆی پەلامارەکانەوە، کۆبەندە ڕەوەندەکان ناچاری بچووکبوونەوە هاتن و، سنووردار دەوامیان بە خۆیان داوە، بەشێکیشیان وەرچەرخان و بوونە کۆبەندی دێ، لەوێدا هەردوو کاری شیوانی و جووتیاری بە هێکەوە هەڵسووڕدراون. دووانزدە هەزار ساڵ لەمەوبەر، کاتێک شۆڕەشی دایکانی کووردهەوار دەستی پێکرد و گووند بنیادنران، کۆبەندی دێهات لە دەشتاهی و نێزیک بە سەرچاوەکانی ئاو پێک دهێندران، پاشانەکانێ لە قۆناخی دەستپێکردنی پەلاماری نەسرەوتانەی خێڵانی هۆفیدا، چیاکانیان بە پشت و پەنای قایم دیتون و، گووندەکانیان لە بۆ قەدپاڵی کێو و بناری زوورگ و بەرزایەکان گواستۆتەوە. بەم هەنگاوە هاوکێشەی چەنداتی وەرچەرخاوە، توانیتیان بە ژمارەی کەمی جەنگاوەران، بەرامبەر بە لێشاوی هۆفی ڕابوەستن و بیان بەزێنن. هەرکە هۆفی هاتوون، هێکسەرە کەڕەنای جەنگ لێدراوە، هەموو بە گوورجی ڕاپەڕیون، خانووەکانیان بەجێهێشتوون و، بە سەر بەرزایەکان هەڵشاخاون، هیدی لەوێوە دژمن قەت نەیدەتوانی دەستی بیانگاتێ. لە سەر تەپۆڵکە و شاخان، مێ و منداڵ پارێزدراو دەبوون، جوانمێر و کووڕە خاسەش لەو سەرەوە قوودرەتێکی گەورە و زاڵیان پەیدا دەکرد. لە باری زەمینیدا لە سەرێ بوون، ئەم لە سەرێبوونە هێندەی دیکە هێزی دەروونی و زهینی دەدانێ، هاوکات تیر و ڕمی دژمنی بێ کاریگەر دەکرد، هەربەردێکی سەر شاخ و تەپۆڵکەش دەبووە چەکێک و، دەیانتوانی بیگرنە دەست و بیهاوێن. هێکزنەفۆنی یۆنانێ لە کتێوی خۆیدا سەربردەکەی گێڕاوتەوە، کە کاتێک بە دە هەزار لەشکرەوە هەڵیانکووتاوەتە سەر گووندێکی کووردهەوار، خەڵکەکە بە ژمارە زۆریش کەم بوون، بەڵام خێرا بەرزایەکانیان لێ گرتوون و، بە گوورج و گۆڵی لێیان هاتوونەتە دەست، تەنانەت تەرمی دژمنیان لەگەڵ خۆیاندا بردۆتە سەر گردان، پاشانەکە بە مەرجی دەست هەڵگرتن لە سووتاندنی خانووەکانیان، تەرمەکانیان پێ داونەتەوە. گووندێک هەرچەند گەورە و فەرەوان بووبێ، سێ سەد پیاو پتری تێیدا نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا لێشاوی دە هەزار چەتەیان بە گیرهێناوە. بڕوانن، لەم بە سەرهاتەدا ڕووداوی ئاگرتێبەردانی ماڵان هەیە، ئەمە تاقە ڕووداوێک نیەه، بەڵکوو هەردەم لە پەلامارەکان ماڵ سووتان و، ماڵ کاولبوونی کووردان دووبارە بۆتەوە، لەبەرهەندێ خەڵکەکە بایەخیان نەداوەتە تەلارسازی و، نەقشاندنی هۆدە و هەیوان، تەنانەت خانووەکانی هەزاران ساڵی پێشترێ، ڕێکتر و تۆکمەتر بنیادنراون لەوانی پاشترێ، هێشتاش هەندێکیان بناخ و

بنەدیواریان لێ ماوەتەوە. بێشک خەڵکەکە لە ماڵ بە کۆڵی و، سووتانی جار لە دوو جاری خانووەکانیان، وەڕس دەبن، وهایان لێ دێ چیندی بە بایەخپێدانەوە خانوو دروست نەکەنەوە، چوونکە پێش ئەوەی دروستی بکەن دەیانزانی دەسووتێندرێ، لەبەر هەندێ هاقڵمەند و دانایان گۆزاری هێز و هاندانێیان بە ناو خەڵکیدا بڵاوکردۆتەوە، گووتیتیان:" بزن لە بۆ شەوێک جهێی خۆی خۆش دەکات،" ئەم گاتایە هەوڵێکی هاندان و شەوقپێدانی خەڵکە، بەشکووم دەست لە خۆشکردنی ماڵ بەرنەدەن، لەگەڵ ئەوەشدا دۆخی شەڕ زالتر بوو، نەیدەهێشت سەلیقەی جوانی بەرجەسدە بکەن و، هیڵانەکان بنەقشێنن، پاش ئەوەش بە کەمگرتنی نەقش و نیگای خانوو دەبێتە نەریتێکی توولانی.

## پۆپەی 09

لە ناوەندی شارستانێتی دایک لە کووردهەوار، چ لادێ نیشین بووبن، چ کۆچەری، هەردووک کۆبەندی هەرەوزی بوون و، بە هێک نامووس چوونەتە ڕێ، بنەما لە سەر خوون و ڕیشەی دایکاتی، بە شێوەی خێڵ پێک هاتوون. خێڵ وشە ڕاستەکەی هێڵە، قەسد لەو هێڵی گەشەکردنەیە، ئەوی لە دایکێکەوە دەست پێ دەکات و، لە ڕێی زێ و زاین درێژ دەبێتەوە. دوو خێڵ، یان زیادتر خێڵە خووشک پێکدهێنن. خێڵی بنەماگرتوو لە دایکی کیژان، بە خێڵی مێ ناسدراوە، ئەوی لە دایکی کیژان و کووڕانەوە سەرچاوەی گرتبێ، بە خێڵی نێر ناوی دراوەتێ. هێشتاش لە کۆمەڵی کووردهەواریدا، شەقڵی مێ و نێر لە ناو هەندێک خێڵی ڕسک و ڕەسەن زیندوو ماوەتەوە. لە دوو خێڵ زیادتر خێڵە خووشکیان پیک هێناوە، بنچەی ئەو خێڵانە خوشکانێکن لە هیک دایکن، خووشکاتی خێڵەکان لەو بنەڕەتەوە دێ. چەند خێڵە خووشک بە هێکەوە، پێکهێنەری هۆز بوون. وشەکانی هۆز و هێز لە زمانی زگماکدا هاوواتان، لە زەمینیشدا هێکێتی و بە هێکەوەبوون بەرجەسدەبوونی هێزە. بێجگە لەوە، هەرجێهێک لەو هەوارە تووشی لێشاوی هۆفێتی بووبێ، لەوێ ڕێکخستنی خێڵاتی پەرەی دراوەتێ و، هێکتی هۆزان بە هاردی داهێندراوە، هۆزەکان جوونەتە پاڵ هێکدی و، لەشکرێکی هاوبەشیان قاڵب داوەتێ."گۆتی"هەکان ناوی هێکێک لەو هێکێتیانەن، هەزاران ساڵ لەمەوبەر لە ناوەندی کووردهەوار پێکهاتوون. دەسهەڵاتی چیناتی ناودێر بە سۆمەر - ئەکەد لە دەشتەکانی خوارێ لەشکرکێشی دەکرد و، جار لە دوو جار هەڵیدەکووتایە سەر ناوەندی شارستانێتی دایک، لەبەر هەندێ ئەو هۆزگەلەی کووردهەواری لە هێکتیدا خۆیان دیتۆتەوە. بەرخۆدان هەق و ڕەوایە، کاتێکیش پەلامارەکان نەسرەوتانەن و ناوەستن، هووشککردنی سەرچاوەکەشیان دەبێتە هەق و ڕەوابوون وەردەگرێ. لە سەر

ئەم بنەمایە، گۆتیەهەکان هەتا ئەو شوێنەی دوو چۆمەکە تێیدا بە هێک دەگەنەوە، چوونەتە خوارێ و، سەرچاوەی پەلامارەکانیان هیشک کردوون. لە نوسدراوی سەر تەختە قووڕینەکاندا، دەسەهەڵاتی هۆفێتی ددانیان بە شکستێکی نۆهەد ساڵە داناوە، ئەو ماوەیەشیان بە سەردەمی پەشێوی و نارێکی ناولێناوە. گۆتیەهەکان کۆمەڵێکی بێ چین بوون، کاتێک کۆمەڵانی چیناتیهان خستنە دەستی خۆیانەوە، هەوڵیاندا هەلومەرجی چیناتی هەڵبوەشێننەوە و، بە شێوەی کۆمەڵی هەرەوزی و هاوبەش قاڵبیان بدەنێ، وەلێ هەوڵەکان بێ هوودەبوون و، چینی بەرهەتاوێ نەچوونەتە ژێرباریانەوە، چونکوو لەوان وها بووە بەرزی و نزمی پایەی کۆمەڵاتی و دینداری، شتێکە هوودایان بڕیاریان لێ داوە. سەرەنجام دوو خواست و، دوو قاڵبی جوودایەزی ڕێکخستنی کۆمەڵاتی، بەرهێکدی کەوتوون و پەشێوی لێ کەوتوتەوە . بە هووردی زهینی بدەنێ و لێی تێبگەن، ئەوە ڕووداوێکی تاقانەیە لە ڕەوەندی ڕابردوودا، هێکەمجارە هێزی داگیرکەر مایەی خێرە لە بۆ داگیرکردراو، هێکەمجارە دەسەهەڵات لە سەر هەق و خەڵک ناهەق بێ، هێکەمجاریشە دەسەهەڵاتێک چاکەی خەڵکی دەوێ و، خەڵکەکە چاکەی خۆی ناوێ. لە دەشتە لیتەکان زۆرینەی خەڵکی چینی بەرهەتاوێ بوون و، "بێ سەر"بوون، بە "سەر"ی چینی بەرسێبەرێ دەچوونە ڕێ، پیاوانی پەرستگەکان لە باتی هەمووان بیریان دەکردەوە، خەڵکەکە گاڕان و ڕانەمەڕبوون بە دەستیانەوە. کاتێک گۆتی چوونە خوارێ، پەیکەری هوودایانی درۆینیان شکاندن و، پەرستگەکانیان ڕماندن، وەلێ هیزری چیناتی لە ناو سەری خەڵکیدا نەڕووخابوو، بۆهێ ڕووخاندنی دەسەهەڵاتی چیناتی لە سەر زەمین، فایدەی نەبوو. چەوساوان خۆبەخۆ خشتی پلیکانەیان لە بۆ گەڕانەوەی چەوسێنەران هەڵچینی، لە کۆتاهیدا گۆتی ناچاربوون بچنەوە سەرێ و، جارێکی دیکە لە خوارێ شێوە و قاڵب بە دەسەهەڵاتی چیناتی درایەوە. ناوی "گۆتی، گووتی،" یان "کووتی، قووتی" بە واتای گفت و گووتن دێ. ئەمڕۆش لە سەرانسەری کووردهەوار بەم واتایە وشەکە بەرزارە. گووتن لە کنەوان وەکوو ڕێسای گەردوونی، پابەندبوونی دروست دەکرد، هەتا ئەو هاخیرەش گفت لە ناو کووردان دەچووە پلەی بڵندی و، هەرکەس گفتێکی دابا، پێ لە پەندی گفتەکەی دەمایەوە. لە پێشینانەوە زەخت لە سەر ئەوەیە "پیاو سەر دەدۆڕێنێ، قسە نادۆڕێنێ،" بۆهێ گووتدراوە:" قسە لە سەنەد گەورەترە." هێکێتی و هاوپشتی هۆزان و، ئەو کارانەی دەیانکرد، بنەما لە سەر گۆتە و گفتی بەرپرسیارێتی پێک دهاتن. گفت و کەلام و پەیمانی نەنوسدراو، سەد قاتی پەیمانی نوسدراو پایەداربوون لە کووردهەواریدا. نوسین و بە هێماکردنی زمان، کارێکە سەرەتا دایکانی کووردهەوار لە دەستپێکی سووری دووهەمی شارستانێتی دایکدا، دەستیان داوەتێ و، لە سەر پێستی خۆیان نەقشاندوویانە، بەو مەبەستەی نێرینەکان هەموو کات هێماکان ببینن و، پێ لە بەندی مهیرپەرستی بمێنن، چوونکوو لەو سووڕەدا بە هۆی سەهۆڵبەندان و قەیرانی

خۆراکەوە، دەستیان بە ڕاوکردنی گیانداران کردبوو. لەو دەمیدا مێینەکان بە نوسین و هێماگەلی سەر جەسدەیان، نێرینەکانیان لە لارەملی و لادان دەپاراست. نوسدراوی سەر پێستی مێینە، جوودایە لە نوسینی سەر دار و بەرد و تاتە قووڕین، ئەوی سەر جەسدەەی مێ لە پلەی بڵندی و پایەداری دایە، لە بەرئەوەی مێ بە تایبەتمەند پلەی باڵای هەیە، لەوە بترازێ ناوەندی شارستانێتی دایک بایەخی بە نوسین نەداوە، هەرەزۆر بایەخ دراوەتە گفت و کەلام. سەرچاوە زهین و زارە، نەک نوسدراو، گفت لە سەر زار پایەدار و بڵندە، نوسین هێنانە خوارەوەی زمانە لە بۆ سەر ڕووی تەن(مادە)، کەمکردنەوەی پایەی گفتارە، لە بەرهەندێ کووردەکان بە دژی نوسین ڕادەوەستان و، ڕازی نەبوون نوسدراو جهێی گووتدراو بگرێتەوە. سەد ساڵ لەمەرپێش کاتێک دەسهەڵاتی چیناتی دەستیان بە کردنەوەی قووتابخانان کرد لەو هەوارە، خەڵکەکە ناکۆک بوون و، نەدەچوونە بەرخووندنێ. لە کۆمەڵی بێ چینی کووردهەواری، ناماووس لە واتاهێکدا ڕێساگەلی سرووشتی و گەردوونی بوو، لە زهینی هەمووان جهێی بڵندی گرتبوو، هەمان ئەو ڕێساگەلەش بنەمای گفتار و ڕەفتاری پێک دهێنان. لە کۆمەڵی چیناتی لە خواروووی دیجلێ و فەریتۆ، نوسدراو دەچێتە پێشی گووتدراو و، برِبرِ ڕێسای ناسرووشتی دادەڕێشن و، خەڵکەکەی پێوە پابەند دەکەن، کاروباری دەسهەڵاتەکەش زۆر و زەبەندێکی ناسرووشتی و نارِێکە، پێویستێتی بنوسدرێن، لەبەرهەندێ نوسین لە شێوەی هێما و ڕادەی بە کارهێنانیدا، گەشەی پێدراوە، پاشانیش توولی دراوەتێ. لێرەدا خۆتان مەخەنە هەڵەتەوە، وها تێ مەگەن لەمەوپاش نوسین و خووندن دەوەستێندرێن، نا ناوەستن، دەتوانن هەردووکیان پیرِست بە مهیر ڕێک بخەن و دەوامیان بدەنێ. هەلومەرجی پێرست بە مهیر لە ڕابردوودا شتێک بوو، کۆتاهی هات، ئەمڕۆ هەلومەرجێکی نوێی پێرِست بە مهیر دەست پێ دەکات.

## پۆپەی 10

هەقڵ بە پلە هێک و، بە پێشین دێ، شارستانێتی دایک لە سەر بنچینەی هەقڵانیەت بە رێوە دەچوو، هەقڵ لە ناو سەری هەرکەس، هەڵقەی پەیوەستی بوو بە زاتی بێ پەروای هوودای مهیربان و، بە هۆی هەقڵەوە ناسینی هەقیقەت بەرهەست دهات. لە هاخاوتنەکانی کووردهەواریدا، پاشماوەی زۆر و زەبەند هەیە، نیشانیدەدەن هەقڵ لە کن پێشینانی ئەو هەوارە، پایەی بێ پەروا بووە. گۆزاری لە جۆری"بێ هەقڵ مەبە، هەقلت هەبێ، هوودا هەقڵت بداتێ،" لە ڕۆژی ئەمڕۆشدا باو و بەربڵاوی سەر زاری خەڵکی ئەو نیشتمانەن. هەقڵ لە ناو سەری بەشەردا، بەرهەستبوونێکە لە هوودای

دایک، له سەرووی هەموو بەشەکانی لەش دێ. گاتای پێشینان وهایە "چەند هەقڵ له هەقڵێک باشترە." ئەم گاتایە سووربوون و هاندانێکە، له سەر ئەوەی زیادتر هەقڵ به کاربهێنن و، هەقڵی زیادتر به هێکەوە بن، هەتا به ئەنجامی باشتر بگەن. هاوکات گاتاکە دەیسەلمێنێ کارەکان به پرس و ڕاوێژی کۆمەڵ هەڵسووڕدراون، نەک به تاکێتی، چوونکوو له هێکێتی و به هێکەوەبوونی هەقڵاتیدا، هەرشتێک باشتری لێ به دید دێ. وشەی "هەقڵ، هاقڵ" له زمانی زگماکدا، مانای " بەڵێ بڵندی" دەدات. سێ وشەی "قەڵ، کەل، گەڵ" واتایە له بڵند، پێشگری"ها، هە"ش دەنگی بەڵێکردنە له بۆ بڵندی. له دەستپێکی دەربڕیندا گووتدراوە:" به هەقڵم وها بێ،" لێرەدا دیسان پێوەرەکە هەقڵە، فەرەوانی دەورگێڕانەکەش، له چەندان وشەی دیکەی هاوتا بەردەوامی پێدراوە. هەرشەش وشەی" هۆش، هاوەز، دەماخ، مووخ، مێشک، زهین،" واتای هەقڵ له خۆیاندا دهێننەوە گۆڕێ. زهینی له سەر ڕاگرن، هاقڵمەندێک ڕادەمێنێ له هاخڵاقی بەد و بەزەری کەسێک، به هاوەڵەکەی دەڵێ:" زهینی خۆتی بدەرێ،" ئەویش به گووتنی "زهینم لێی داوە،" کاردانەوە نیشان دەدات. سەیرکردن و زهین لێدان له بنەڕەتەوە جیداوازن، له هی هێکەمدا چاو ڕووکەش نیگا دەکات، بەڵام له زهین لێدان دیتنی ڕووکەش تێدەپەڕێندرێ و، بینین به چاوی هەقڵ و هاوەزە. وشەی "خۆش، خۆشی" شێوە ڕاستەکەی "هۆش"ە، وەکوو گەڵێک وشەی دی، "ناوکە دەنگ"ی لێ لادراوە و، دەنگی "خ" یان بردۆتە جهێ. ئەم وشەیە هاوتایە به وشەی هەقڵ و، ڕووبەرێکی فەرەوان و دیاری له هاخاوتنەکانی کووردیدا هەیە، له به کاربردنیشدا واتای نێزیک له "باش، باشی" هەڵدەگرێ. "نەخۆش" واتا کەسی ناتەندروست، به لادانی پێشگری "نە"، کەسەکە "خۆش" و باش و تەندروستە. دیقەت بدەن، له بازنەی چەمکی هەبەرپرسیندا، دەستەواژەی "چاک و خۆشیکردن"هەیە، ئەوجا هاوشان به وشەی "باشی،" دەگووتدرێ:" خۆشی؟"له بەرامبەردا به گووتنی:" باشم، خۆش بی،" وەڵامی دەدرێتەوە. دەربڕینەکان گەشبینی و ڕووناکی دەردەخەن، "هۆش" سەرچاوەیە، ڕووناکبوونەوە و درەوشانەوە له هۆشەوە دەردەچن. دایکانی کووردهەواری به سەرچاوە له هۆش، دەستیان به شۆڕەش کرد، ڕووناکاهیان هێنایەوە سەر زەوی و، سووڕی سێهەمی شارستانێتیان ڕەوت پێدا، لەو کاتیەوە هەقڵ و هەقڵی دەستە جەم، دەبێتە بنەمای هەموو کاروبارێک له بازنەی شارستانێتدا. کۆبەندی خێڵان به توولی تەمەنی شارستانێتەکە، به دوو ئەنجوومەن بەڕێوەبردراون، هێکێک پیران و ئەویدی دانا و هاقڵەکان، ئەو ئەنجوومەنە له هەندێک جهێ به "مووخان،" له هەندێک جهێ به "ماقووڵان"ناوی دراوەتێ. "مووخ" وشەی هاوواتایە به هەقڵ و، له باری کۆدا دەبێتە " مووخان." وشەی "ماقووڵ"یش له زمانی زگماکدا، واتای "کەڵە مێ" دەدات. به پێی هەقڵی گەردوونی و، به پێی هەقڵی بەشەری، ڕۆیشتنی کۆن و هاتنی نوێ، بنەمای نەگۆڕە. ئەو ئاوەی له چاڵاو جهێ دەمێنێ، قەوزە دەکات و بۆگەن دەبێ، له کاتێکدا

کانیاو لەبەرئەی لە بەری بڕوات، هەمیشە ڕوون و سازگارە. نوێبوونەوەی ئەنجوومەنی خۆبەڕێوەبردنێ، بە خوولی هەڵبژاردن، هەمان واتای ئەو ئاوەی هەیە کە لە بەری دەڕوات. بە هووردی دیقەتی بدەنێ، دوو ئەنجوومەنەکە کۆکەرەوە و سەرقاپی دوو هێڵی شارستانێتەکەن، هێڵی خوون و هێڵی خەسڵەت، هێڵی هێکەم(پیران) بە تایبەتمەند دەقدراوە، هێڵی دووهەم(مووخان) بە تایبەتمەند والایە. هاوسەرێتی لە نێوان پلە دووی خزم خوونیدا، لە پابەندی بە بیروباوەڕی مهیر ئەنجامدراوە، هەتا بنەچەی دایە گەورە - هێڵی خوون بە پارێزدراوی بمێنێتەوە. خێڵانی کووردهەوار و خێڵانی دیکەی پێڕست بە مهیر لە هەرجهێ لە جێهانێ، هەردەم لە ڕێی هەقڵی بە کۆمەڵ هەڵسووڕدراون، هیچ وقتهێک خۆیان نەداوەتە دەست تاقە هەقڵێکەوە، هەرچەند ساڵ جارێکیش مووخی تازە هاتوونەتە پێش و، چەقبەستن دەرفەتی پێ نەدراوە. لە شارستانێتی دایکدا، هەقڵ و هاقڵی، بنەڕەتی دینداری و خۆبەڕێوەبەری و، زیندەگیکردنێ پێک دهێنن، بەبێ هەزووری هەقڵ، هیچ کارێک بە ڕاست ناگەڕێ. بە سەرچوونی تەمەن ئەزموون دەداتە بەشەری، کە ئەزموون ڕەگەزێکە لە هێزی هەقڵ، لەگەڵ ئەوەشدا تەمەن و پیری پێودانگی هاقڵاتی نین. کۆمەڵی بەشەری وەکوو لەشی بەشەرێک وهایە، کە مشتێک دەماخ بە ڕێوەی دەبات، لە پێکهاتەی لەشدا هەموو خانەکان دارای برێک هۆشمەندین، بەڵام خانەکانی دەماخ لە خانەکانی دیکەی لەش جوودان و، بە پڕاوپڕی هۆشمەندن. لە ناو کۆمەڵی بەشەریشدا دانا و هاقڵمەندە پلە بەرزەکان کۆمەڵێکی بچکۆلەن، قەت چاوەڕوانی ئەوە مەبن هەموو کۆمەڵ ببنە کەسانی دانای گەورە و، لە هێک هەندازی هیزری و هەستیدا خۆیان ببیننەوە، شتی وها هەرگیز بە دید ناهێ، بەڵکوو پێوست دەکات هاقڵەکان کۆمەڵانی خەڵک بەڕێوە ببەن، بەو شەرتەی لە خوولی هەڵبژاردندا خەڵکەکە دەسنیشانیان بکەن و، دەنگیان بدەنێ. پێشینانی کووردهەوار خافڵ نەبوون لەوەی هەقڵ و داناهی دانسقەیە و گشتەگیر نیهە، ئەوەتانێ بەیتێک لەوانەوە ماوەتەوە، ئەم پێزانینە نیشان دەدات. ئەوان گووتێتیان:"دەوڵەمەندی بە دڵە بە ماڵ نیهە، گەورەهی بە هەقڵە بە ساڵ نیهە." لە بازنەی مهیردا، پیر و لاو هەردووکیان شایەن بە بایاخ و ڕێزن، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ گوێ بە هاقڵ بدرێ، جا چ لاوە و چ پیرە. لە زۆر باردا وشەی "سەر" لە هاخاوتنی کووردهەواریدا جێناوێکە لە بۆ هەقڵ بە کار دێ، لە بەرهەندێ سوێند بە سەر دەخۆن،( بە سەری خۆم، بە سەری تۆ، بە سەری هەردووکمان، یان بە سەری فلانە کەس) تاکە شوێنی لە شیشە سوێندی پێ بخۆن. سوێند بە سەر، بە واتای سوێندە بە هەقڵ و، پایەی بڵندی هەقڵ دهێنێتەوە پێشێ. بڕۆننێ و لێی هووردبنەوە، هاخاوتنەکانی ئەو هەوارە بە سەرچاوە لە شارستانێتی پێشینانیەوە، زۆر زەنگینە بەو چەمکانەی هاوبەند بە وشەی "سەر" پێک هاتوون. "سەربەستی، سەربەرزی، سەرفەرازی، سەروەری، سەربەخۆهی، سەربڵندی، سەرکەشی،" بە دیوەکەی دیکەش" سەرشۆڕی،

سەرکزی، سەرکۆنە و سەرکووت و سەرزەنشت،" هەموو لەوە هاتوون، کە سەر باڵاترین پایەی لە لەشی بەشەردا گرتووە، هەم بە واتای تەن و، هەم بە واتای تین. لە بازنەی مهیردا، دەبوو سەر بە بڵندی وەستابێ و، کارێکی لێ نەوەشێتەوە تووشی شۆڕی و سەرزەنشت بێ. گووت دراوە:" سەر لە بۆ سەربڕین، نەک لە بۆ سەرزەنشت." واتە بمریت چاکترە، وەک لەوەی بە هەڵسوکەوتێکی نەنگیت بێتە سەر و، کەسانی دی سەرزەنشتت بکەن. سەر بە هەردوو دیوی ناوەوە و دەرەوەیدا، واتای پایە بڵندی داوەتەوە، لە پێشینانەوە هەتا نیو سەدە لەمەپێشیش، سەرکۆتی و سەری بێ کڵاو لە کۆمەڵی کووردهەواریدا، بەبێ ئەرزش و سووک دیتدراوە، بە دەگمەن ڕوویداوە هێکێک بە سەری ڕووتی بێ کڵێتە و کڵاو، بێ جامەدان و سەرپۆش لە ماڵ بچێتە دەرێ، دەبوو مێ و نێر، منداڵ و لاو و پیر، کاسەی سەریان دابپۆشن، ئەمە کارێک نەبوو مەبەست لێی تەنەها پاراستنی سەربووبێ لە سەرما و گەرما، بەڵکوو بە واتای گرینگی و پایەداری هەقڵ لێک دەدرایەوە.

## پۆپەی 11

کاتێک هەواری کووردان دەبێتە مەیدانی جەنگ و، دۆخی جەنگاوەرێتی دەسەپێ، پیاو دەچێتە پێشەوەی مەیدانێ، چوونکوو لە سەرێتی مێپارێزی و، منداڵپارێزی و، خۆپارێزی بکات. مێینەبوون لە واتاهێکدا مهیرە، لە واتاهێکیش شەرەف و نامووسە، شەرەف بە واتای سەرۆک و نامووس بە واتای ناوکی هێز، لەبەرهەندێ هەرگیز ڕێپێدراو نیهە ژن وەکو پیاو بچێتە ڕووبەڕوو بوونەوەی دەستوهێقە لەگەڵ دژمندا، ئەگەر ناوکی هێز بکەوێتە چنگی دژمن، هێز بە تاڵ دەبێتەوە، سەرۆک بەردەست بکەوێ، لەشکر دەکەوێ. لە پێڕستی مهیردا، ڕێدراوە مێ لە مەیدانی بەرخۆداندا، بە دەوری ڕێبەرێتی هەڵبستێ، یان دەوری هاندان و هێزبەخشین بگێڕێ، ئەمەش بە باشی بە جهێ هێندراوە و، مێ هەمیشە لە پایەی شەرەف ماوەتەوە. لە هەردوو ئاستی زهینی و زەمینیدا، سەرۆکاتی ژن لە ناو کووردان بە کردەوە نیشاندراوە، گۆتیهەکان بە زۆری سەرۆک لەشکرەکانیان ژن بوون، سەرکەوتنی بەردەوامیان بە سەر هۆفێتیدا، بە سەرچاوە لە مێبوونی سەرۆکاتیەوە دهات. هەنگینێ و هەزاران ساڵ پاشتریش، ئەم پایەگرتنەی ڕەگەزی دایک لە سەرۆکاتیکردنی جەنگاوەراندا، هەردەوامی دراوەتێ، هەرژنێک لە بنەماڵەی دایە گەورەی خێڵ لە هەلومەرجی دایکاتی خۆی ڕادیتبێ، هاتۆتە مەیدانێ و، لە پایەی ڕێبەری جەنگاوەران و، پایەی پیرهۆز بە ئەرک و بەرپرسیارێتی هەڵستاوە. بەڵام مهیریبوونی مێ و دایکاتیکردنی، هەلی ڕێبەرێتی مەیدانی لە بەردەم ژنان بەرتەنگ کردۆتەوە، پیاوانیش بڕبڕە ژنانیان هانداون

بكشێنەوە پشتەوە و، بەرپرسیارێتی بەرخۆدان لە ئەستۆی ئەوان بە جهێ بهێڵن. بێجگە لەوەش، دەبوو سەرۆک لە ناو خانەوادەی دایە گەورەی خێڵ هەڵبژێردرێ، جا چ مێ بووبێ، چ نێر، دەشبوو لێهاتوو بێ لە جەنگاوەرێتی و بەڕێوەبردنێ، جا کەم ژن لە خانەوادەی دایە گەورەکان، هەلی ئەوەیان لە بۆ دەرەخسا لە هەردوو بوارەکەدا پێگەیشتووبن، لەبەر هەندێ پێ بە پێ ڕێبەرێتی مێ لە کەمی داوە، ئەمەش لە سەر قوودرەتی جەنگاوەرێتی کووردان کاریگەری داناوە و، دەوران بە دەوران بەرخۆدان سەخت و دژوار بۆتەوە. وەلێ لە هەردەورانێکدا چەند ژن لێرە و لەوێی کووردهەواردا، قووتبوونەتەوە و چۆنەتە پایەی ڕێبەرێتی، قەت نەهێڵدراوە سەرۆکاتیکردنی ژن بنبڕبێ و، لە ئاستی مەیدانیدا بە تەواوی بکەوێ. سەد ساڵ لەمەوپێش، لە دەشتی شەمامکی هەولێرێ، "هەدلە هاخا"سەرۆکاتی هەشیرەتی "شێهان" و کۆبەندی گووندی "کەور"ی دەکرد، هەرخۆیشی سەردەستەی هێزە چەکدارەکانی کۆبەندێ بووە، تەنانەت لە بۆ بەرپێگرتنی پەلاماری ڕووسان لە جەنگی هێکەمی جێهانێ، هێزی هەناردۆتە دۆڵی ڕەواندزێ. ئەو خاتوونە هاخیرین ڕێبەری کووردهەوارە، لە پاشەویدا چیدی هیچ ژنێک نەگەیشتۆتە پلەی ڕێبەری، چوونکە لەو سەد ساڵەدا کووردهەوار بە هێکجاری کەوت و، ڕووناکاهی تێێدا کوژایەوە. لە دەورانی پێشترێ، کاتێک ژمارەی ژن لە پایەی ڕێبەرێتی خێڵان لە کەمی داوە و، پایەی سەرۆکاتی لە نێوان نێرینەکان دەستاودەستی کردووە، ئەوە هەرگیز بە واتای کەوتنی ڕەگەزی دایک و، کەوتنی شارستانێتی دایک نەدهات، لەبەرئەوەی بیروباوەڕی خەڵکی و، ڕێکخستنی کۆمەڵاتی و، نەزمی بەڕێوەبردنێ لە تایبەتمەند مێهێتی بەرجەسدە بوون. بێجگە لەوەش، دایکان ئەگەر ڕێبەریش نەبووبن، وەلێ ڕێبەریان دەخوولقاند. دایکان قووتابخانەی دلێری و قهرەمانێتی بوون، هێزیان لە ڕۆڵەکانیان دەچاند و، دەیانکردنە جوانمێر و مێرخاس. ئەو جەنگاوەرانەی بە مەیدانێ دەکەوتن و دژمنیان دەبەزاند، پەروەردەی دایکان و، هەڵسوکەوتی مێینەکان ئەوهای وبارهێنابوون. ژنان بە نیگای چاوانیان و وشەی زمانیان، پیاوانیان لە بۆ قهرەمانی هانداون، پیاو جوانمێر نەبووبێ، هیچ ژنێک ڕووی نەداوەتێ، ئەم ڕوو پێنەدانە وهای لە پیاوان دەکرد مەرداتی نیشانبدەن و، جوانمێرانی نەبەزبن. جوانمێر هەر تەنەها جەنگاوەرک نیهە، بەڵکوو پیاوێکە بە کرۆکی نامووس گرێدراوە و، بەرپرسیارێتی هەڵدەگرێ، خۆی بە پاشا و، ژن بە تاجی سەری خۆی دەبینێ. پاشا لە واتای سەروەری، کەسێک کە هیچ کەسی دی دەستی بەسەریدا ناڕوات، تاج لە واتای سەرچاوەی بە پاشابوون. مەکەونە هەڵەتەوە، بە تاج زانینی مێ لە واتای گوزارشتیدا، مەبەست لە تاقە مێهێک نیهە، مەبەست لە ڕەگەزی دایکە، پیاو بە گەورەکردنی تاقە ژنێک بە سەر سەری خۆیدا هەڵەت دەکات، ئەو کارە جوانمێرانە نیهە. جوانمێری ئەوەیە، پیاو هەموو ژنێک بە تاجی پاشاهێتی خۆی بزانێ و بیانپارێزێ، لە هەرجهێ

هێکێک زمانی بە خراپ لە سەر ڕەگەزی دایک گەڕا، بە قسە زاری پێ ببەستێ، ئەگەر بەردەوام بوو لە لۆمەکردنی مێ، بە مشت بکێشێ بە ناو دەمیدا. لە هەرجهێ دەستێک لە ڕەگەزی دایک بڵند بوو، جوانمێر لە سەرێتی سەر بەو کەسە نەوی بکات، ئەگەر ویستی دەستی لێ بوەشێنێ، پیوەستە ئەو دەستە بشکێنێ. ژن لە سەرێتی جوانمێری گەرەک بێ، نەک نێری بە گەڵوگوون، جوانمێری بەرلەوەی سیما و ناو بێ، ناوەڕۆکە، بەرجەسدەبوونی خەسڵەتە لە کەسێتی نێردا. پیاوی بە سەر و دڵ، بە دەم و پل، بە گفت و پەیمان، پشت و پەنای ڕۆژی تەنگان جوانمێرە، بەبێ ئەوەی خۆستایشکردن و خۆنمایشکردنی گەرەک بێ.

## پۆپەی 12

ژین و مەرگ بە دروستی بناسن و بە دروستی بەڕێ بکەن، هەروەکوو پێشینانی پێڕست بە مهیر، بە ڕاست و دروستی بە ڕێیان کردوون. بە دڵی دۆستی و بێ دەربەستی، بە توووند و تووولانی پەیوەندی کۆمەڵاتی دابمستدرێنن، هاودەمی و هاوپشتی پێک بهێنن، ببنە کەسی هێکدی و خەمی هێک هەڵگرن، کەس دڵی کەس نەهێشێنێ، بەڵکوو لە مابەینی خۆتاندا دڵخۆشیتان بەش بکەن، ئەمەیە ڕێ ڕاستەکە. لە بیرتان بێ، ئەم دوونیایە کاروانسەرایە، هەمووان خێرا پیێدا ڕادەبوورن، پاشان لەو دوونیا بە هێک دەگەنەوە، ئەوجۆرەی پردێک دوو کەناری ڕووبار بە هێک دگهێنێ. مردن سووڕێکە و جۆرێکی دیکەی زیندەگیە، ئەوی بە مهیربوونەوە بمرێ، دەچێتە دۆخی بهێشتی تووولانی، لەگەڵ ئەوەشدا بەشەر ڕێی نەدراوەتێ، مەرگ بە سەر ژیندا هەڵبژێرێ. هەرکەس لە سەرێتی پڕاوپڕ زیندەگی بکات، کەینێ و لە کیوێش پێوستی کرد، لە پێناو هەرز و نامووس بمرێ و نەسڵەمێتەوە. ئەوی لە پێناو نامووس دەمرێ، دەگاتە پلەی شانازبوون، چوونکوو بەشێکی ژینی لە ڕێی هوودای مهیربان داناوە. ئەوکاتەی مردوو بە خاک دەسپێرن، سەرتان هەتا هاستی شان دابنوینن، نیشانی بدەن هەمووان لە دایک بە دوونیا هاتوون و، دواجار لە بۆ دایک دەگەڕێنەوە. گەڕانەوە لە بۆ دایک زەماوەندی دەوێ، نەک گریان و زاری، هەرکەس بگریێ، گووناهی لە ئەستۆ دەکەوێ. مردن و بە خاکسپاردنی مردوو، ڕووداوی کۆکەرەوەن، خڕبنەوە و ئاهەنگی مردن بگێڕن، ئەو ئاگای لێتانە، مردوو بێ ناز مەکەن، دارەباز بە کۆڵ هەڵگرن و نازی بدەنێ، سەردوولکەی لە بۆ بخوونن و، بە نیشانەی ڕووناکی و درەوشانەوە، سێ ڕۆژ سپی بپۆشن. مردن لە خوودی خۆیدا دەوامی ژینە لە بازنەی ناوەندیدا، سووڕێکە دوو سووڕی زیندەگی بە هێکدی گرێ دەدات، هەرسووڕێکیش تایبەتمەندە، چ تاقیان وەکوو ئەویدی نین. ژینی پاش مەرگ بەم ژینە مەچووێن، لەوێ

هۆش و هەست بە جۆرێکی دیکەن، گەڵێک باڵاترن، چوونکە جۆری تەن و ھەندازەی تین لە پێکهاتەی ئەوێدا باڵاترن، لە سووڕی سێهەمدا ئەو باڵابوونە هێندەی دی هەڵدەکشێ، لەبەرئەوەی تین و تەنی بەشەر دەچنە قۆناخێکی دی. سەرنج بدەنە هەرشت دەبینن سێیە لە هێکێکدا، هەر ئەوهاش زیندەگی سێیە لە هێکێکدا و مردن قۆناخی ناوەندێتی، وەکی ئەوەی لە نێوان گەرمی و ساردیدا، فێنکی، لە نێوان تەڕی و هیشکیدا کزری هەیە. گەرم و تەڕ مێینەن، سارد و هیشک نێرینەن، خووشک و برای هێکدین، فێنکی و کزری لە تایبەتمەندیدا دایکن. لە واتای گوزارشتیدا مردن ئەو دایکەیە بەبێ فەرق و جوودایەزی هەمووان لە هامێز دەگرێ، جا هەرکەس بە پێی تۆماری خۆی، یان دەگاتە ڕووناکی و فەرهانی، یان تاریکی و تەنگەبەری. گازندەتان لە سەرخۆتانە، چوونکە ئەمڕۆ هەرکەس بە دەست و قەڵەمی خۆی، وێنەی پاشەڕۆژی دەنەقشێنێ. جاران خەڵکی سەبارەت هەرشت زانابوون، مهیرپەرستی هەموو زانینێکی دابوونێ، لەم زانابوونەوە خووشک و برا بوون لە ژین و، بە هەرەوزی و هاوبەشێتی دەژیان، لە مەرگ و لە ژێر خاکیشدا گۆڕستانێک جەمی دەکردن. هەروەکوو پێشان براتی و خووشکاتی هێکدی بکەن. وشەکانی "برا" و"برادەر" لە هاخاوتنی کووردهەواریدا، سەلمێنەری ئەوەن نێرینەکان پابەند بە مهیرپەرستی، خۆیان بە برای هیکدی زانیوە، بە جیداوازی ئەوەی هەندێک لە ماڵێ بران و، ئەواندی برای دەرەوەن. بەڵام مێینەکان لە نێوان خۆیاندا توونند و تۆکمەتر لە پەیوەستی دابوون، بەبێ ڕەچاوکردنی ژوورێ و دەرێ، هەموو هێکدیان بە خووشک زانیوە و، بەو وشەیە جێناویان بە هێک داوە. بێجگە لەمەش کیژان بە وشەی برا کووڕانیان ناو دەبرد، ئەوانیش بە وشەی خووشک بانگیان لە کچان کردووە، هەردوولاشیان بە وشەی دادە و دایە گیان، ژنانی بە تەمەنیان دەدواند، ژنەکانیش هەموو کیژ و کووڕانی هاوتەمەنی منداڵەکانیان، وەکوو کیژ و کووڕی خۆیان دەدیت و بەم وشانە ناویان دەبردن. ئەم گفتارکردنە مهیریاتێکە هێشتانەکانێ لە ناو کۆمەڵانی جێهانێ کاڵ و کرچێکی لێ ماوە، وەڵێ لە ناو کۆمەڵی کووردهەواریدا تۆخ و تێرە، هەرچەندە لە ناوەڕۆک بە تاڵ بۆتەوە. ئەمڕۆ ڕۆژێکە ناوەڕۆک بە ناو، کاکڵ بە تویکڵ دەدرێتەوە، ڕۆژێکە تاریکی ڕادەدرێ و، ڕووناکی دەگەڕێتەوە. پێشینان دەیانگووت: لە پاش هەرشەوێک شەفەقێک هەیە. ئێستاکێ چاو هەڵێنن وقتهێتی، وا شەفەق دەرکەوت.

## پۆپەی 13

لەوەتی بەشەرێت بە زەوی داهاتوون، کووردهەوار زێدی مهیرە، هەتا ئەوڕۆش خەڵکی ئەو هەوارە هەر بە "مهیربان" هوودا دەناسن و، بەم وشەیە ناوی دهێنن.

"مهیربان" و "بەخشندە" و"دلۆفان" و " تاک" و "تەنەها" و "پاک"، لە ناسدراوترین ناو و خەسڵەتی هوودای ڕاستیەقینن، بە سەر زاری کووردانەوە. هاوکات"یزدان" و "ویزدان" و "دین" سێ جێناوی باو و بەربڵاوی ئەو زاتەن، بەبێ ئەوەی خەڵکەکە وەکوو پێشینانیان لە واتای دوور و قووڵی وشەکان تێبگەن. دین و تین لە واتادا هێکێکن، دیندار بە واتای دارا بە هەبوونی هوودا، هەڵبەتە هوودای دایک، نەک شینە زەلامە دڵڕەق و تۆقینەرەکەی بە ناوی هوودای هەرز و هاسمانێ خستووتیانە سەری خەڵکیەوە. لە زماندا هەرسێک وشەی "دایە، دایێ، دایۆ" جێناوی دایکن لە کۆمەڵی بەشەریدا، چا لە بەرئەوەی گوزارشتن لە دان و بەخشین، دەبنەوە بە جێناوی هوودای دایکیش لە گەردووندا. وشەکە لە کن گریکیەکان بە شێوەی "تیۆس، زیۆس،" لە کن قۆمە ناسدراو بە لاتینەکانیش بە شێوەی " دیۆ، دیئو، دیوس" بوونەتەوە ناوی هوودا. ڕاستی ئەوەیە، ڕەگەزی دایک و هوودای دایک، لە ناو و ناوەڕۆکدا تێکەڵ دەبنەوە. کێشمەکێش لە سەر ناوە، نەک ناوەڕۆک، خۆ هیچ کەس لە پەیوەندی بە ناسینی هوودا، ناوهاخنێکی لە زهیندا نەماوە، هەرهێکە لە ڕەوتە بە ڕووالەت جوودایەزەکان بە ناوێکەوە گرێدراون و، لە سەر ئەو ناوانە ڕق بە ڕقی هێکدی دەکەن. بیل هەکسی ئەم ڕۆژگارە، پێشینان و هەشدادی کووردان، هەتا هاخیرین ئەو سەدانەی بە تریسکەی نووری هوودا دەدرەوشانەوە، دەوڵەمەندی هەقڵ و زانست بوون، بە دروستی هوودایان دەناسی و، دەشیانزانی هوودا تاقانەیە، ئەوان لە زووەوە گووتیتیان" هوودای کێوستان و گەرمیان هێک هوودایە." هاوکات بە ڕاست و ڕەوانی گووتدراوە: "دەستکاری ئیشی هوودا مەکەن" و، بهێڵن هەرشت بە ڕێ و ڕەوتی سرووشتی، دەوامی خۆی بدات. کاتێک ویست هەبووبێ دەست لە سرووشتی درەختەکان، یان هاژەڵان وەربدرێ، وەک ئەوەی تاک و تەرا لووتی وڵاخ هەڵتلیشێندراوە هەتا هەوای پتر هەڵبمژێ و، باشتر بە کاری بخەن، هەنگێ بەم گۆزارە بەرهەڵستی نیشاندراوە و، نەفرینیان داوەتێ. خەڵکی ئەو زەمانی، توونددوتۆڵ بە هوودای مهیربانەوە بەند بوون، خێر و شەڕی هەرشتێکیان چاک دەناسی، دەیانزانی سەرەتا و کۆتاهی هەرشتێک، وەکی هێکدی لێ دهێتەوە، بە کتومتی و لە بەرهووردکردنێ نا، بەڵکوو لە بازنەی گشتەدا. ئەوەتانێ لە گۆزاری پێشینانی کووردهەواریدا گووتدراوە:" دوونیا بە (با)هێک دروست بووە، بە باهێکیش خراپ دەبێ." ئەگەر وای لێکبدەنەوە مەبەست لە دوونیا ئەو زیندەگیەی ئەمڕۆیە وا لە سەر ڕووی زەوی، گاتاکە بە ڕاست دەگەڕێ، چوونکە کاتێک هەستێرەی زەوی لە دایک بوو، لە ناو تۆپەڵێک هەڵم بوو، لە دوونیا خراپبوونیشدا زەریا و ئاوەکان دەبنەوە هەڵم و، لە دەوری زەوی چڕدەبنەوە. ئەگەر وشەی دوونیا هاوتا بە وشەی گەردوونیش واتا بکەن، دیسان گاتاکە گوزارشتدانێکی ڕاست و قووڵە، لەبەرئەوەی لە پلەبەندی خوولقاندا، "با" پێکهاتێکە لە جۆری تەنی بنەڕەت، کە بە تەنی گازی ناسدراوە، پاشان تەنی شل و، پاشتر تەنی ڕەق دەخوولقێن،

کاتی لە بەینچوونیش نخوون بوونەوە ڕوودەدات، سەرەتا ڕەق و پاشان شل و پاشتر گاز هێک بە دووی هێک لە ناو دەچن. زهینی بدەنێ، لە زهین و زاری پێشینانی ئەو هەوارە، بە دەستەواژەی " ژنی با دار" گوزارشت لە ژنی ئاوس و دووگیان دراوە. لە پەیوەندی بە زگپڕبوونی خۆڕسکانەی مریەمی دایکی هیساش، گووتدراوە، کەنیشکەکە بە "فوو"پێداکردنی فەریشتەی هوودا، چۆتە قۆناخی دووگیانیەوە. وشەی "با - فوو" هێمایە لە بنەڕەتی پێکهات و، قۆناخی هێکەمی هەبوون، قۆناخی دووهەم ئاوە و شلەیە، قۆناخی سێهەم رەقیلەیە. بنوارن چ سەیرێکە! خەڵکە کوول و کاسەکەی ئەمڕۆی کووردهەوار، نەوەی ئەو دانا و زانستپەروەرانەی دوونێکەن، کەچی وها هاڕدراون هیچ تێگهیشتنێکیان سەبارەت بە خۆیان و بە هەشدادیانەوە نیەە، هەرناشزانن سەد ساڵ لەمەوپێش زۆربەیان مهیرپەرست بوون، تەنانەت نازانن زاراوەی پەرست و پێڕست هێکێکن و، مهیرپەرست، بە واتای زاربەندی و پابەندی بە مهیرە. کووردهەوار تاقە نیشتمانە لە جێهانێ، کە هەرسێ وشەی "مهیر، مهیرهۆف، هۆف" لە هاخاوتنی هاونیشتمانیانی زیندوو ماونەتەوە، لە کاتێکدا ئەوی نەماوە تێگهیشتە لە جەوهەری وشەکان و، پێشینە و پشتی بە کارهێنانیانەوە. لێرە و لە گەلێک جهێی جێهانێ، هەتا سەدەکانی دواهیش، سوورپێستەکان و، هەندێک لە ڕەش پێستەکان و، زۆرێک لە گەنمڕەنگەکانی خۆرمیانێ، پێڕستی مهیر بوون. پێشترێش درێژبوونەوەی هێڵی مهیرپەرستی، هەتا یۆنانێ و هێوەی ڕۆماهێ ڕۆیشتبوو، ئەو کاتەی دەسهەڵاتی چیناتی خەریکبوو لەو ناوە بنچەقی دادەکووتی، بەشێک لە خێڵەکانی ئەوێ مهیری بوون. گووندەکانی ئەمڕۆی یۆنانێ و ڕۆماهێ، ئەوانی بە قەد کێو و گردەکانەوە هەڵچەندراون، پاشماوەی بەرجەسدەی خەڵکە مهیرپەرستەکەن و، لە وقهتی خۆیدا بە قەسدی ئەوەی خۆیان لە پەلاماری هۆفیان بپارێزن، چوونەتە ئەو بڵندایهانەوە، هەروەکوو دیارە لە ناوەندی شارستانێتی دایکیش، لادێ لە دەشتە ڕووتەکان هەڵگیردراون و، بردراونەتە بناران و قەدی کێوانەوە. لە دێرزەمانەوە بەرەواژکردنێکی سەمەرە ڕوویداوە، وەکو ئەوەیە گۆزەیان نخوون کردبێ و، دەمەکەیان خستبێتە سەر زەوی، کەچی هەمووان باوەڕیان وهایە گۆزە هەرخۆی بەوجۆرەیە، دەمی لە خوارێ و قینگی لە سەرێیە. ڕاستی ئەوەیە نەزانین لە شاران سەری هەڵدا و، زانست لە کێوان خۆی پەنادا، هەرلەوێش لە دایکبوو بوو، بەڵام ڕاستیهەکەیان قلْپ کردۆتەوە، ئەمڕۆ وها چۆتە مێشکی خەڵکیەوە، گووایە مەفتەنی زانست و زانیاری شارە، کێویهەکان مشتێک خەڵکی نەزان بوون و، شارنیشینان بەرەو زانست و ڕووناکی ڕایان کێشاون!. های مێشک پۆتینە، بە هێندەی مێشوولە و مێرووێک تێگهیشتنتان نیەە، لە خۆشتان وهایە فەرە زانا و زرینگن. دەی، مێشکتان بکەنەوە، با چاڵە بۆگەن و تاریکەکەتان ڕووناکی بگاتێ و، ئەو بۆنە پیسەی لێ دەربچێ. باش بیخەنە سەرتانەوەو لە ناویدا بیچەسپێنن، مهیرپەرستی و زانستپەروەری

دوونین، هێکێکن. زانستی ڕوون و ڕەوان مهیرە، لە کیوێندەرێ خەڵکی پێڕەوتی مهیربووبن، لەوێ پێ لە بەندی بەرزە زانین (زانست) جوولاونەتەوە، لە کیوێش پشتیان کردبێتە مهیر، پشتیان کردۆتە ڕاستی و دروستی. توولاوتوولی زەمەن، کۆمەڵی هێک چینی کووردهەواری و، هەرکۆمەڵێکی مهیری، سەرڕاست و لە سەر هەق بوون، هێکتاپەرست بوون، هێکتاپەرستی گوزارشتە لە پێرستی بێ دەمەقڕێ تەنەها بە زانست و بەس، وەلێ لە کۆمەڵی چیناتیدا، فەرەپەرستی بە هاردی داهێندرا، زانستیان لە تەتوپەت کرد و، گیانیان بە بەریەوە نەهێشت. لە ناوەندی شارستانێتی دایک، ڕوو کردنە خۆرهەتاو و، پایە بڵندیەکەی خۆر لە زهین و زاردا، بە زانست بەندە و، هی ئەوەیە دەرکەوتنی گەورەی تین لە هەتاو بە دید دێ. لە خوارەوەش لە ناو کۆمەڵانی چیناتیدا، دەرکەوتنی هوودا لە خوودێتی خۆردا بە"هۆتۆو" ناوی دراوەتێ، لە پشت ناوەکەشەوە پێناسێکی ساختە و درۆین چەندراوە. بە تەک "هۆتۆو"ی ساختەشەوە، مشتێک هوودای دیکەی درۆینیان قیت کردۆتەوە. خۆر وشە ڕاستەکەی لە زمانی زگماکدا، "هۆر"ە و هاوتا بە وشەی"هۆڵ"، واتا لە فەرەوانی دەدات، مەبەستیش لە تین و تیشکەکانێتی. دەرکەوتنی فەرەوان و گەورەی مهیر لە میانی خۆرهەتاودا، ها بە بەرچاوانەوە، ئاگریش بەوەی لە ڕەگەزی خۆرهەتاوە، پڕ بایەخ و پایەدارە. لە مهیرپەرستیدا تاقە هیزرێک، گفتارێک، یان ڕەفتارێک نەبووە خوورافی (خووڕەوی) بووبێ، هەموو شتێک بە هەقڵانیەت بەستدراوەتەوە. بە ڕۆژ و شەوان نۆژان دەکەن، جارێک ڕوو دەکەنە هاسمانێ، جارێک لە بۆ سەر زەوی دەچەمێنەوە. سەرهەڵبڕین و دووها و پاڕانەوە، لە ڕۆژدا ڕوو بە خۆرە و، لە شەوانیشدا ڕوو مانگ و هەستێران، لە هەردوو وقهتیشدا چەمینەوە و کڕنووش لە بۆ خاکی دایکە، تێکڕایان واتادارن و، کردەوەی زانستیانەن، چ تاقی ئەم کردارانە خوورافیات(خۆڕەوی)نین، بە تەواوی زانستین و، لە هووداناسینەوە هاتوون. هوودای مهیربان لە خوودێتیدا "تین"ە، بە فەرەوانی و هەندازی جوودا لە خۆرهەتاو و، لە خاک و مانگدا دەردەکەوێ. ڕووکردنە تینی خۆر، ڕوو تێکردنێکی دروست و واتادارە، بیجگە لەوەی سەربڵندکردنە و دەرچوونە لە ملکەچی، بە هێزبوون و بەرزبوونەوەی زهین و، دەروون و، سەرجەمی قاڵبی بەشەرە. لە هەمان کاتیشدا چەمانەوە بەرەو خاک و، کڕنووش لە بۆ بردنی، پڕاوپڕ واتای دروستی لە خۆیدا هەڵگرتووە، هەم شوکرانەیە لە بۆ خاکی دایک لە پای ئەو ڕسقەی دەتانداتێ، هەم ڕێ بەستنە لە خۆ بە گەورەگرتنی بەشەری لارەمل و بەرزە لووت. لە کووردهەواری کەوتوودا، سێ ڕەوتی بیروباوەڕی بە ناوەکانی "هەلەوی" و "یارسان" و "هێزدی" هەن، لە ناو هەرهێکەیان مهیریاتێکی کەم ماوە، هەندێک ڕوون و هەندێک تەڵخ و تێکچوو، خۆیان هیچ سەری لێ دەرناکەن، هەرنازانن پاشماوێکن لە بیروباوەڕی مهیری. "هێزدی" هەتا ئەمڕۆش خۆرهەتاو بە هێمای هوودای تاقانە دەبینن، هاوکات سەرلێ تێکچوون و، تێ نەگەیشتن

له وشەی "تاوس"، وهای لێکردوون ئەو باڵندە پەڕدارە ڕەنگینەی بەو ناوە ناسدراوە، بکەنە هێمای بیروباوەڕەکە و، وێنەی بڵند ڕابگرن، لە کاتێکدا وشەی "تاو" و "تاوس" هەمان وشەی هەتاوە. ئەو باڵندەیە ئەگەر بەو ناوە ناسدراوە، لەبەر کڵکەکەیتی، کە لە پەرتبووندا شێوەی هەتاو فەرەوان و ڕەنگینی دەردەخات. وشەکە لە کن یارسان بە شێوەی " تاود، داود" هەیە، دیسان هەر وشەی هەتاوە، کەچی لە سەری شێواو و جاهەڵیانەوە، بە ناوی پیرە پیاوێکی قەدیمی دەزانن و، لە وان وهایە ڕاستیەهەکە ئەوەیە. ئەو دوو ڕەوتە هەردووکیان لە نووکتێک ناهەق و، لە نووکتێک لە سەر هەقن، ئەوان ڕەتی دەکەنەوە بوونەوەرێکی ڕەش و نەگریس لە گەردوونێ هەبێ، بەشەرێت بەرەو خراپەکاری دنە بدات، باوەڕیان وهایە سەرچاوەی خێر و شەڕ لە ناو خوودی بەشەر خۆیدایە. ئەم باوەرە هەقە، نووکتێکە لە مهیریات. ئەوکاتەی مووسلەمان هاتوون دەنگوباسێکیان لە سەر بوونەوەرێکی بەد و بە دەسهەڵات بە ناوی "شەیتان" هێناوتە گۆرێ، پێشینانی کووردهەواری بە گۆزارێکی ڕاست و ڕەوان ڕەتیان کردۆتەوە و، گووتیتیان:" شەیتانی ئینسانی، هەرئینسانە." لە هاخیرین سێ سەدەکانی تاریکیدا، سێ پیاوی هۆفی و فێڵباز بە ناوەکانی "شێخ هادی" و "شێخ شەمس" و "شێخ مووسافیر" چوونەتە هێزدیخانێ و، لە ناویان ماونەتەوە، ئەو شێخ و شەیتانانە دەستکردی هێڵی هۆفێتی ئەنگڵیزی بوون، هاتن بیروباوەڕیان شێواندوون و، بنەڕەتەکانی مهیریبوونیان خامۆش کردوون. هەنەوکە بیروباوەڕی هەردوو خێڵەکە، هەلیت و پەلیتێکن بە نێرناوەندی هەڵدەسووڕێن، لەمیان "بابە شێخ" و لەویان "باوە سەید" گەڵ و گووناتی بە سەر خەڵکیەوە دەکەن، "هەلەوی"یش وەکوو ئەوان دەردەدار بووە. ڕوون بیزانن، چ تاقیان هی بە هەند گرتنێ نین، هەرسێکیان وەکی خەڵکی دی، فەرزە بە سەریانەوە، پێ لە بەندی ناموس بن و، بە هیچ جۆرێک لارەملی نەکەن. بیروباوەڕێکی دی بە "زەرادەشتی"ناودێرە، هەرچەندە بنەڕەتەکانی ئەو بیروباوەڕە لە کاکڵی بیروباوەڕی مهیری وەرگیردراون، وەلێ شێوەپێدراوی دەسهەڵاتیکە لە قۆناخێکی مێژوودا. لە سەردەمی فەرمانڕانی مەدیا، پاشاهێکی زۆردار و خۆسەپێن، بە ناوی "زووهاک" یان "هەژدەهاک"بە کەڵک وەرگرتن لە توانامەندی چەند کەس لە مووخان، قاڵبی بەو بیروباوەڕە داوە، بە مەیل و مەرامی ئەوەی بە پاشای سەرتەخت بمێنێتەوە و، ئەو جۆرەی خۆی دەیهەوێ، ئەوها دەسهەڵات بە سەر خەڵکیدا بکات. شێوەپێدان بە هووداهێک و دەستەی فەریشتان، شێوەپێدانە بە پاشاهێکی بە هێز و ئەنجوومەنێکی بێ دەسهەڵات، ئەنجوومەنێک بە ویست و فەرمانی پاشاکە هەڵبسووڕێ. ئەم بەشەی بیروباوەڕەکە لە هیندەکان وەرگیردرابوو، ئەوان چەند هەزار ساڵ بوو دەربازی قۆناخی چیناتی بووبوون و، بە دەسهەڵاتێکی ئەوها بەڕێوەدەچوون. بەشەکەی دیکەی بیروباوەڕەکەش لەوانە پایەداربینینی ڕەگەزی دایک، بەهاپێدانی ڕۆژ و ڕووناکی و ئاگر، بەهەند گرتنی جووتیاری و کاری چاندنێ، ئەوانە مهیریاتێک بوون و، بە

دەستکاریکردنەوە لە قاڵب درانەوە. وەلێ نە هەنگێ و نە پاشانەکانێ، ئەم بیروباوەڕە نەیتوانی لە کووردەهەواری بەربەریندا جهێ پەیدا بکات. لە دەسهەڵاتەکانی "هاخمینی" و "زازان" پێڕەوتی لە هەندێک بنەڕەتی مهیری کردراوە، نەک هیچ بیروباوەڕێکی دی. هەڵکردنی مەشخەڵ، چرا، مۆم، یان هەرئاگرێک لە گۆڕستان و خانەی پەرستنێ، پاشماوەی بەهای ئاگرە، وەکوو ڕەگەزێک لە هەتاو و، گرێدراوی بیروباوەڕی مهیرە. ڕووناکی و تاریکی، هێکەمی مهیرە و دووهەمی هۆفە، ڕووناکی لە تین و، تاریکی لە تەن پەیدا دەبێ. لە هەقایەتی کووردەهەواریدا، بنەما نەگۆڕە، ململانێ لە نێوان ڕووناکی و تاریکیەه، هێزی خێر ڕوو بە ڕووی هێزی شەڕ دەبێتەوە، لە کۆتاهیدا خێر سەردەکەوێ و، ڕووناکی بڵاو دەبێتەوە. ئەوڕۆ ئەم هەقایەتە دەبێتە هەقیقەت و، لە سەر زەمین بەرهەست دێ، هۆفێتی دەکەوێ و، مهیر سەروەری و شکۆمەندێتی بە بەشەرێت دەبەخشێتەوە.

## پۆپەی 14

لە شۆڕەشی دایکانەوە، هەتاوەکوو ئەوکاتەی خێڵانی هۆفی هەڵدەکووتنە سەریان، کاکڵی شارستانێتی دایک لە کووردەهەوار، بە تێروتۆخی دەوامی کردووە، بەبێ ئەوەی لە زهین و زەمیندا، سەرەداوی خاوەندارێتی تایبەتی لە سەر مێ شێوەی لێ دەربکەوێ. لەو دەمیدا دایک ناوەند بووە و، هەمووان پێڕست بە مهیر لە بازنەی هاوبەشێتی و گشتێتی ژیاون، هیچ کەس بە شێوەی تایبەتی هی کەس نەبووە، ئەوانی ئەندامی کۆبەندێک بووبن، بە خۆڕسک لە خاوندارێتی گشتیدا گوزەراون، کەس بە مێشکیدا نەهاتووە، وێنە لە خاوەندارێتی تایبەتی بکێشێ و بیخاتە خەزنەی سەریەوە، بەڵام هەمیشە نێزیکاتی و تێک هاڵانی جووتەکی، بنەما لە سەر مەیلی مێ بە جهێ هێندراوە، هەروەک لە ناو گیاندارانی دیکەش بەمجۆرەیە. ئەم هاوبەشێتیەی مێ و نێر لە هێکدی، لە ناو خێڵانی سوورە و ڕەشتاڵەی ڕۆژئاوای دوور و، شوێنانی دیکەی دوورە دەستی هۆفی، هەتاوەکوو سەدەکانی دواهیش دەوامی پێدراوە. پتر لە شەش هەزار ساڵ لەمەوپێش، کاتێک خێڵانی هۆفی نەسرەوتانە هەڵدەکووتنە سەر خێڵانی هاردی لە کووردەهەوار و دەوروبەری، هەلومەرجی شەڕ و جەنگاوەرێتی دەسەپێ، لە دەرهاوێشەی ئەو هەلومەرجە سەپاوەدا، گۆڕانێکی گرینگ ڕوویداوە. وشەکانی "مێرد" لە کووردەهەوار و "مارد" لە یۆنانێ و ڕۆماهێ، کە هەردووکیان لە زماندا واتای مێپارێز دەگەهێنن، گۆڕانەکە ڕوون دەکەنەوە. خێڵانی مهیری بە قەسدی خۆپارێزی لە پەلامارەکانی هۆفێتی، پیاوانیان ئەرکدارکردوون هێرشی سەر مێ ڕد بکاتەوە. لێرەوە مێرد(مارد) پەیدا دەبێ، بێجگە لەوەش، وشەی "مەرد" لە هاخاوتنی

کووردهەواریدا گوزارشتە لە ئازاتی پیاو و، ئەویش واتاکەی مێپارێزە. بەشێک لە خەڵکی هەوارەکە، وشەی "مەردەم - مەردووم" بە واتای خەڵک بەکاردهێنن، بەکارهێنانێکی واتادارە، چوونکە بە پێی بیروباوەڕی مهیرپەرستی، ژن نامووس و شەرەفە، هەموو هێکێک ئەرکێتی مەرد بێ و، لە هەمبەر هۆفێتیدا مێپارێزی بکات. لە ناو خێڵانی بیابانێ و باکووری ئەفریقێ، دۆخەکە جوودایەزە، ئەوان بە پێشینە هۆفین، پیاو بە مەستی گانکردنێ ژنی بردۆتە کنە خۆی، لەبەرهەندێ بە جووتگر ناسدراون. ئەنگلیزەکان قۆمەتێکی دیکەی بە پێشین هۆفین، لە هاخاوتنی ئەوانیشدا وشەی "هەزبەند" لە باتی مێرد دەگووتدرێ، لەبەرئەوەی هەز و مەیلی گانکردنێ لە کۆمەڵی چیناتی ئەوێدا، ئەو بە هێکەوەبوونەی قاڵب داوەتێ. بە پێکەوەبوونی مێ و نێر لە ناو کووردان، بە جۆرێک شێوەی هاتۆتێ، ویستی گەیشتن بە چێژی جەسدە دەرباز دەکات. hوورد دیقەتی بدەنێ، پیاو "مێرد"ی ژنە و، ژنیش "خێزان"ی پیاوە، شێوە ڕاستەکەی وشەکە "هێزان"ە، لە زماندا هاوواتایە بە کۆی هێز، واتا ژن کۆی هێزی پیاوە. لە قۆناخەکانی دواهیدا وشەکانی "هاوسەر" و "هاوژین"یش هاتوونەتە گۆرێ، ئەم وشانەش خواستی گەیشتبن بە لەش تێدەپەڕێنن. بیروباوەڕی مهیری وهایە، لە هەموو بوارەکانی زیندەگیدا هەمیشە تین لە پێش تەن، گیان لە پێش لەش دێ. مێ لە جووتگرتنێ پێویستی بە ئامادەگی دەروونی و، نێر پێویستی بە ئامادەهی لەش هەیە، دەروون بە لای گیان دایە، لەبەر ئەوەیە مەیلی مێ بە پێشین دێ و، پیاو لە سەرێتی مێ ڕازی بکات. ئەو ژن و مێرداتیەی کووردهەوار لە قۆناخی درەنگ وقهتدا، سەرەتاهێک لە خاوەندارێتی تایبەتی بە دووی خۆیدا دهێنێ، بەڵام هەر بە سەرەتا ماوەتەوە و، هیچ کات نەیکردوون بە موولکی هێکدی، نەک تەنەها لەبەر ئەوەی بنەمای بە هێکەوەبوونەکە لە سەر ویستی مێپارێزی بنیادنراوە، بەڵکوو لەبەرئەوەی بیروباوەڕی مهیری ڕێ بە موولکاتی نادات. ژنێک و مێردێک هەم وەکوو پێویستی مێپارێزی و، هەم وەکوو نەریتێک بە هێکەوەبوون، لە هەمان کاتدا ژنەکە لەگەڵ پیاوی دی و، پیاوەکە لەگەڵ ژنی دی تێکەڵبوونی کردووە، منداڵیش هەمیشە لە سەر ناوی دایک ناسدراوە. لە کووردهەواریدا گووتدراوە:" ژن و تفەنگ و ماین لە کن کێ بن هی وین." ئەگەر ژن موولک با، قەت گۆزارێکی وها بە زاران دانەدهات. پیاو لە قۆناخەکانی دواهیدا، ویستووتی بە سەر ڕەگەزی دایکدا بڵند بێ و، خۆی بە مالکی مێ و، مالکی ماڵ و منداڵ بزانێ، وەلێ لە بۆی نەچۆتە سەرێ، ژن هەرکاتێک هەلومەرجی دۆستگرتنی نەبا، مێردەکەی بە جهێ دهێشت و، ڕەدووی پیاوی دیکە دەکەوت. هاوژینی و بە هێکەوە مانەوەی تووڵانی، بە سەرچاوە لە سەرووەری و، لەو ڕەنگینەی تێکەڵاوی دهات. نەریتی فەرە ژنی پیاو، (پیاوێک چەند ژنێکی هەبێ)، نەریتی کۆمەڵی چیناتی بوو، ئەم نەریتە لە هاخیرین سەدەکانی تاریکی، لە پاش دابەشکردنەکانی زەوی سەری هەڵداوە، پێشترێ نە بیروباوەڕی مهیری و، نە نەزمی

هاوبەشێتی لە بواری ساماندارێدا، هەلی ئەوەی نەداونەتێ، کاتێکیش بە تاک و تەرا دوو ژنی سەری هەڵدا، بە گووتنی:" پیاوی دوو ژنە، جەرگی کوون کوونە،" هەوڵیان داوە وها لە پیاو بکەن سڵبکاتەوە و، هەنگاوی لەم جۆرە نەهاوێ.

## پۆپەی 15

هەرخێڵێک لەگەڵ خێڵێکی دی، لە ڕێی خانەوادەی دایە گەورەی خێڵەوە، بە هێکدی پەیوەست بوون، ژنێک لە بنەماڵەی دایە گەورەی خێڵێک، دەبووە هاوبەشە هەیاتی پیاوێک لە خانەوادەی دایە گەورەی خێڵێکی دیکە، ئەوانی دیکەش لەگەڵ خزمانی پلە دووی خوونیدا، (خاڵۆزا، پوورزا، ئامۆزا) ژن و مێرداتیان دەکرد، نەدەبوو مێینەی خانەوادەی دایە گەورەی خێڵ، لەگەڵ نێرینەی دەرەوەی خانەوادەکە جووتگرتن بکات، چوونکوو بەبێ نامووسی واتای دەدا، وەلی نێرینەی خانەوادەکە دەیتوانی لەگەڵ مێینەی دیکەی خێڵەکە جووتگرتنی هەبێ. ئەم پارێزبەندیەی سەر مێ و، ئەو هاوبەشێتیەی خزمانی نێزیک، بە پێی نامووس بوو، چوونکە پاراستنی خوون و ڕەچەڵەکی دایکاتی و، هێشتنەوەی پایەی پیراتی و پیرهۆز، لەم بازنبەندیەدا ڕەوابوونی وەردەگرت. لە ئاستی کۆبەندیشدا، نەدەبوو مێینەکانی کۆبەندێک تووخنی نێرینەی کۆبەندێکی دیکە بکەون، کارێکی ئەوها دەبووە بێ نامووسی و ڕێکخستنی کۆبەندەکەی تێک دەدا. هاوزەمان لە ناو هەرکۆبەندیکدا، زۆربەی خەڵکەکە ژن و مێرداتیان لە بازنەی خزم خوونی پلە دوودا پێک هێناوە، لەمەدا دوو هۆکار ڕۆڵی گێڕداوە، هێکێکیان چاولێکەری لە خانەوادەی دایە گەورەی خێڵ و، ئەویدی مەبەست پتەوکردنی توانای خۆپارێزی خانەوادەکە بووە. ژن ناوکی هێزە، پیاوانی جەنگاوەر کە هێزی خۆپارێزین، لە منداڵدانی ژنانەوە دهێنەدەرێ، لەبەرهەندێ ژنێک نەدراوە هەتاوەکوو ژنێک لە بەرامبەریدا وەرنەگیردرابێ، یان ژنێک دراوە بە گفتی ئەوەی، کە کاتێک کیژۆڵەی سەرپشتی لانک گەورە بوو، لە باتی ئەو ژنە پێیان بدرێتەوە. نەریتی ژن بە ژن و، گەورە بە گچە، لەم پایە بڵندیەی مێ پەیدا بوون، پاشانەکە تێی دەپەڕێنن و، واهای لێ دێ نەریتەکە بە سەر خزمانی پلەدووش دادەسەپێندرێ. لە ناو خێڵانی هۆفی، بە نموونە لە ناو هۆفیانی یۆنانێ، دۆخەکە بەرەواژ بۆتەوە، لەوێندەرێ ژنهێنان لە ناو خێڵ قەدەخە کردراوە، دەبوو ژن لە دەرەوەی خێڵ شوو بکات، لەوێش بچێتە سەر بنەماکانی بیروباوەڕی پیاوەکە، بەمەش هێندەی دیکە بنەڕەتی دایکێتی تیک شکێندراوە و، نێرناوەندی هێندراوەتە پێشێ. لە هەردوو کۆمەڵی چیناتی و کۆمەڵی بێ چیندا، مێینەکان کەوتوونەتە ناهەمواریەوە، لە هەرلاهێک بە جۆرێک، لە کۆمەڵی بێ چینی کووردهەواریدا، ئامانجە گەورەکە پارستن و دابینکردنی ئاسایش بووە، بۆهێ لە

ڕێکخستنی ژن و مێرداتیدا، دایکان بە کارەکە هەڵستاون و، کەمتر گوێ بە خواستی کیژان و کووڕان دراوە، یان هەر گوێی نەدراوەتێ. بەڵام لە هیچ دەوروزەمانێکدا، بە هێکەوەبوونەکە نەبۆتە موولکاتی تووندوتۆڵ، هەرهێکەیان توانیویانە بە نیمچە ئاشکرا دڵخوازی بکەن و، کەسی دیکە بە دۆست بگرن، بەمەش جۆرێک لە هاوسەنگی پەیدا بۆتەوە. کێشە لە دەورانی دواهیدا پەیدا دەبێ، کاتێک موولکاتی تۆخ دەبێ و، ژووانگرتنی ژن لەگەڵ یار و هاودەمەکەیدا بە ئاستەم دەکەوێ، لەم هۆکارە و لە هۆکاری بازنەی دەقدراوی خوونی، دیاردەی ژن هەڵگرتن و ڕەدووکەوتن لە کۆمەڵی کووردەهەواری و شوێنانی دیکەی جێهانێ، سەری هەڵداوە. ئەم پیاوگۆڕینەی ژن، هەم کاردانەوەیە بەرامبەر بە گوێ نەدانە خواستی کیژان لە بە هێکەوەژیانێ، هەمیش کاردانەوەیە لە هەمبەر بازنەی دەقدراو، کە جۆرێکە لە موولکاتی تایبەتی لە سەر جەسدەی ژن. ئەو کیژانەی کەسوکارەکەیان ناهێڵن شوو بە پیاوێک بکەن، هەندێکیان ڕەدووی پیاوەکە دەکەون و، ڕوو بە کۆبەندی خێڵانی دیکە هەڵدێن. ڕادووکەوتن زۆرجار کووشتنی هەردووکیان، یان بە لانی کەمەوە کووشتنی ژنەکەی لێ کەوتۆتەوە، ئەمەش بە واتای چەکەرەی بیری هۆفێتی دێ. کووشتنەکە و بە موولکبوونەکەش سەرچاوە لە هۆفێتی دەگرێ و، ناکۆک و دژە بە مهیریبوون. لە مهیرپەرستیدا ڕەگەزی دایک سەروەرە، ناگوونجێ لە هیچ بارێکدا موولکاتی لە سەر بە دید بهێنن، بێجگە لەمەش مێ پایەی بەرز و پارێزدراوە، دەست لێ وەشاندنی بە هەرپاساوێک بێ، گەورەترین خراپەیە و، بە بێ نامووسی دادەنرێ، هەرکێ وها کارێک بکات خۆی ڕاپێچی دۆخی دۆڵزاخ دەکات.

## پۆپەی 16

لە ئاستی گشتەدا، سەرەڕای لێکەوتە خراپەکانی هەلومەرجی شەڕ و جەنگاوەرێتی، ژنان هەتاوەکوو دەورانی دواهیش، پایەدار و کاریگەربوون لە کووردەهواریدا. پەندی پێشینان وهایە " ژن پیاو دەکاتە پیاو، لە پیاوەتیشی دەخات." ئەم گۆزارە هێزی دوو سەرەی ژن نیشان دەدات، هێزێکی پیاو هەڵتەکێن و، لە هەمان کاتدا پیاو خوولقێن، چ لۆنێک مەیلی لێ بێ، دەتوانێ ئەوها ئەنجام بە دەست بخات. گووتووشیانە:" ژن کراسی بەری پیاوە،" هەرێ وهالە، ژن هێب و هاری پیاو دادەپۆشێ و، ڕێکوپێکی دەکات. ئەوڕۆش هەروەکوو دوونێ، خەڵکی هەوارەکە هاوبەند بە بنیادنانەوەی کەسێتی پیاو، متمانەی قووڵیان بە هێز و توانای ژن هەیە. لە پەیوەندی بە کووڕی سەرسەری و سەرەڕۆ، دەگووتدرێ:" ژنی لە بۆ بهێنن، هەتا هاقڵ بێ و ببێتە پیاو." نیوەی دووهەمی گۆزارەکە، ژن بە سەرچاوەی هەقڵ دەناسێ، نیشانی دەدات ژن

هێزێکە خراپ لە بۆ چاک دەگۆڕێ، بە دیوێکی دیکەش ژن بێجگە لەوەی لە خوودێتی دایکدا بە دەوری بنیادنان هەڵدەستێ، لە خوودێتی هاوسەریشدا هەمان ڕۆڵ دەگێڕێ. نیوەی هێکەمی گۆزارەکەش، ڕوونی دەکاتەوە ژنهێنان لە بۆ پیاو کارێک بووە بە هەستۆی کەسوکاریەوە. لە دایکاتیدا، وەچە خستنەوە لە پێش هەرشتێکە، بە پێی هەلومەرجی هەنگینێ، وها بیریان کردۆتەوە چەندێک وەچەی زیادتر بخەنەوە، کۆبەندی خێڵ لە هەمبەری هەڵمەتەکانی هۆفێتیدا بە هێزترە و، بە پارێزدراوی دەمێنێتەوە. لەبەرهەندێ قەد و باڵای هەسپ ئاسای ژن و هاقڵێتی مێ، بۆتە مایەی سەرنج و پەسەندی، چوونکوو زانیتیان هەردوو ئەم تایبەتمەندیهانە، لە دایکەوە لە بۆ منداڵ دەگواستدرێنەوە، سەرەڕای ئەوەش ژنێکی ئەوها توانامەندە و، لە منداڵبووندا پتر لە "ژنی ڕەقەڵەی دوو چڵ هێسقان" وەڵام بە خواستی خێڵ دەداتەوە. مەیل لە سەر کیژۆڵەی چهاردە ساڵان و، پێداگیری لە سەر شتێک بە ناوی پەردەی کیژێنی، دیسان بە خواستی وەچەخستنەوە گرێدراوە. کیژۆڵەکان هەم بە هێزترن، هەم ساڵانی زیادتریان لە بۆ منداڵبوون لە تەمەندا هەیە. ژن هەتا تەمەنی بڕواتە سەرێ، ژمارەی منداڵبوونی لە کەمی دەدات و، سەرنج لە سەری کەم دەبێتەوە. ئەو کیژانەی لە ماوەی تەمەنی چهاردە، هەتاوەکوو شەشزدە ساڵان بە هاوسەربووبن، توانیویانە لە توولی تەمەندا دووانزدە، یان چهاردە منداڵ و زیادتریش بخەنەوە. جا بە هێندەی ژمارەی منداڵەکان و زۆری منداڵی کووڕ، بایەخی دایک بەرز بۆتەوە. بە لای ژنانەوە دوو شت لە پیاواندا بە هەند وەردەگیردران، هیکەم شێتۆکە و دەروون شێواو نەبووبێ، دووهەم باڵای بەرز، هەردوو ئەمەنەش لە ڕێی پیاوەوە دەگواستدرێنەوە لە بۆ منداڵ. منداڵەکان هێزن و، دایک ناوکی هێزە، هێزێک لە بەرامبەری هێرشی هۆفێتی، بەرەنگاری و بەرگری دەکات. هوورد زهینی بدەنێ و لێی تێبگەن، زەحت لە سەر شتێک بە ناوی پەردەی کچێنی، زەحت نیهە لە سەر دەست لێ نەدراوی کیژ، هەروەکوو لە پێشینانەوە گووت دراوە: "دارنیهە نەهەژا بێ، کچ نیهە نەگەوزا بێ." ئەم گۆزارە تێگهیشتنی کۆمەڵ سەبارەت بە تێکهاڵانی مێ و نێر ڕۆشن دەکاتەوە و، نیشانیدەدات پێداگیری لە سەر ئەوە نەبووە کیژان و کووڕان ئاوێزان هێک نەبن، بەڵکوو مەبەست بووە منداڵدان بە پارێزدراوی بمێنێتەوە، چوونکە وهایان بیرکردۆتەوە بە لاچوونی ئەو پەردەیە و، مانەوەی بەبێ زگپڕی، دەرد بە منداڵدان دەکەوێ و، بە هۆیەوە ژن لە خوولقاندنی منداڵدا تواناکانی لە کەمی دەدات. هەرێ وهالە، لە پشت هەرڕەفتار و گفتارێکیاندا مەبەستێکی قووڵ هەبووە، خەڵکی ئەم ڕۆژگارە لەو قووڵاهی و تێفکرینەی ئەو دەمی خافڵن. ژنهێنان بە واتای هێنانی ناوکی هێزە، ئەمەش لە بۆ هەموو خەڵکی کۆبەندەکە، دەبووە مایەی کەیف و خۆشیکردنێ، بەم بۆنەوە خڕبوونەتەوە، چەند ڕۆژ و شەو شاهی و هەڵپەڕکی گەڕاوە و، ژنان و پیاوان شان بە شان و، دەست لە ناو دەست هەڵپەڕیون. ئەو ژنەی هێندراوە، تارای

سووریان داوە بە سەریدا، زۆرێک لە ژنانی دیکەش، چ کاتی لە گۆفەند و، چ لە کاتی دی، جلی ڕەنگ سووریان دەپۆشی، هەروەکوو بنەڕەت و پانتاهی فەرش و جاجم و بەڕەش، هەر بە مووی ڕەنگ سووڕ چەندراون. زەقبوونەوەی ڕەنگی سوور لە بەر دەستی ژنانی کووردهەواردا، چ پەیوەندی نیهە بەوەی گوڵاڵە سوورە لە بهارێ دەشت و دۆلان دەتەنێ، یان ئاگری کڵپەدار مەیلەوسوور خۆی دەنوێنێ، تەنانەت لەبەر ئەوەش نیهە، کە ڕەنگی سوور لێکەوتەی بە خێری لە سەر مێشک هەیە و، چالاکی دەکات. لە ڕاستیدا سوور لە بەر ئەوەی سوورە بایەخی دراوەتێ، هاخر سوور ڕەنگی بنەڕەتە و، لە باری ڕەگەزیدا مێینەیە، مێینەش بە واتای زیندەگی دێ، هەر ئەمە بە تەنەها بەسە، هۆکارێکە بایەخپێدانەکە پڕاوپڕ دەکات. لە پۆلێنی ڕەگەزی ڕەنگدا، سووڕ ڕەنگی مێ و، شین ڕەنگی نێرەمووک و، زەرد ڕەنگی نێرە، لە خوودێتیدا هێکەم کچ و دووهەم دایک و سێهەم کووڕە، لە ئاستبەندیشدا سوور ڕەنگی بنەرەت و، شین ناوەند و، زەرد دواهینە. لە هاخاوتنی کووردیدا هەندێک کات "سەوز"یش بە "شین" ناو دەبردرێ، لەبەرئەوەی وشەی شین هەر وشەی "ژین"ە. ئەو کێڵگەیەی سەوزەواتی تێیدا چەندرابێ، بە "شیناهی" ناو دەبەن، ئەو ڕووبەرەی گیا و کەسکاتی تێیدا چڕبووبێتەوە، دەڵێن شین دەچێتەوە، لەم ناوبردنەدا مەبەست لە ڕەنگەکە نیهە، بەڵکوو مەبەست زیندووێتی و ژیانە لەو ڕووبەرەدا. زهینی بدەنێ، سوور و شین مێینەن، چوونکە کچ و دایک، مێ و نێرەمووک لە ناو هێکدین، هەردووکیشیان هێمای لە دایکبوون و زیندەگین، لە کاتێکدا زەرد ڕەنگی نێرینەیە، هاوکات ڕەنگی خەزان و، ڕەنگی مەرگ و لە ناوچوونە. بێشک نالوێ زیندەگی بەبێ مەرگ و، هاتن بەبێ چوون هەبێ، وەلێ پێویستە مەرگ و لە ناوچوون لە کاتی خۆیاندا بێ و، پێشڕەوتی نەگرێ. بە سەرچاوە لەم تێگەیشتنە زانستی و قووڵەوە، هێنانی ژن بە واتای هێنانی ژین و فەرهانی لێکدراوەتەوە، هەرکە کاروانی ژنهێنان نێزیکی گووندێ بۆتەوە، "بووق"یان لێداوە، بەو مەبەستەی خەڵکەکە هەبەریان بێتەوە و بچنە پێشوازی. لە هەموو بە هەنگ کردن و، ئاگادارکردنێکی بە کۆمەڵی خەڵکی، بە تایبەتی ئەو وقهتەی هۆفێتی هێرشی هێنابێ، فوویان بە کەڕەنا و بووقدا دەکرد، هەتاوەکوو هەمووان بە خۆبکەون. وشەی "بووک" لە زمانی زگماکدا هاوواتایە بە گەورە، جا لەبەرئەوەی مێ بە تایبەتمەند لە ڕەگەزەوە گەورەیە، واتای بووک وەکوو جێناوی ئەو ژنەی هێندراوە، بە تەواوی واتادارە. ئەو ئامێرە فوودارەش وا لە بۆنەی جوودا فوویان پێدا دەکرد، لە بەر ئەو دەنگە گەورەی لێی دەردەچێ، بە بووق ناوی دراوەتێ. وشەی "زاوا"ش وشەی "ساوا"یە و کردووتیانە جێناوی پیاوەکە. لە کاتی خۆیدا نەریت وها بووە پیاوەکە منداڵێکی ساوا لە هامێز هەڵبگرێ و، بچێتە پێشوازی ژنە هێندراوەکە، ئەوجا بە نیشانەی هوومێدی بوون بە دایک و وەچە خستنەوە، منداڵەکەی بداتێ لە باوەشی بگرێ. هەر لە بۆنەکەدا خەڵاتێکیش بە ناوی "مهیرهی" بە ژنەکە دراوە، لە پای

ئەوەی مێ لەگەڵ هەنگاونانیدا مهیر و بەرەکەت دەباتە ماڵەکەیانەوە. مێ ڕووناکی و ڕەنگە، ڕەنگینی و ڕەنگ پۆشین، لە زەماوەندەکان زەق بۆتەوە، وەلێ ڕۆژانە ڕەنگین بوون، هەم لە جل و بەرگ، هەم لە دەرک و دەلاق، هەم لە فەرش و جاجم و شمەکی جووداجۆریاندا، تەنانەت پیاوانیش لە ژنان ڕەنگیان وەرگرتبوو، بەس ڕێیان نەدەدراهێ ڕەنگی سوور بپۆشن، خۆشیان ڕێیان بە خۆیان نەدەدا، چوونکوو بنەڕەت سووره و، نێر لە هیچ بارێکدا ناتوانێ بنەڕەت بگرێ. لە شێوەپێدانی پۆشاکیش، زەمەنێکی دوور و درێژ، جلی پیاوانی کووردهەواری، هەروەکوو جلکی ژنان، هێک پارچە دهاتە خوارێ، لە وێنەی سەر بەرد و تاتە قووڕینەکانیش، ئەم شێوە پۆشاکەی پیاوان دەبیندرێ، پاشانەکە لە پێویستی جەنگاوەرێتی و، بە قەسدی توونەدوتۆڵبوون لە شەڕکردنێ، شێوەی دیکەیان بە جلی پیاوان داوە. دایکانی کووردهەواری، هەتاوەکوو ئەم هاخیرەش منداڵی کووڕ و کچیان هاوشێوە پۆشاک و بە جل دەکرد، ڕاستی ئەوەیە جلی کچانەیان دەکردە بەر کووڕان و، وەکوو کچانیش پرچیان درێژ دەکردن، بەم کارە و بە کارەکانی دیکەشیان مۆری مێینەیان لە تەوێڵی زیندەگی داوە. سەدەکانی دواهی سەبارەت بە کووردان، سەدەی کەوتن و تاریکین، لەو ماوەیەدا تووشی کەوتن هاتوون و کەمەریان دەشکاوە، هاوزەمان ڕەش و خۆڵەمێشی بە سەر ڕەنگەکاندا زاڵ بوون، ڕەنگ بە تەواوی لای پیاوان پاشەکشەی کرد، تەنانەت ژنانیشیان لە پۆشین و دیتنی دوونیاهێ، ڕوو بە ڕەشێتی برد.

## پۆپەی 17

لە نەزمی شارستانێتی دایکدا، داپیرە گەورەی هۆز هەربە خۆڕسک پیری هۆزە و، ڕێبەری بیروباوەڕە، هەموو ئەندامێکی هۆز دڵخوازانە گوێی داوەتێ، بەبێ ئەوەی فیشار و چاوسوورکردنەوە و، زۆرلێکردنێک لە گۆڕێ هەبووبێ. هوودای مهیربان لە خۆری دایک و خاکی دایک دەردەکەوێ، هەر ئەوهاش لە پیرهۆز دەردەکەوێ، هەرگاتاهێک لە دەمی پیرهۆز دەرچووبێ، بەبێ چەند و چلۆن وەرگیردراوە و، خەڵکی پێ لە بەندی هەڵسووڕاون. پیرهۆز بە بیر و بنەما دواوە، قەت قسە و باسێک لە زاری نەهاتۆتە دەرێ لە بەرزە زانین بە دەربووبێ، کەلامی پیرهۆز لە سەر بنەمای زانستی هوودا، یان لە سەر بنەمای زانستی ئەزموونکردنێ بنیادنراوە، لەبەرهەندێ بە یەقینەوە گوێی دراوەتێ و، کەس ڕێی بە خۆی نەداوە مشتومڕی لە سەر بکات، یان بیخاتە ژێر پرسیار و، ناو هەڵقەی گوومانەوە. هەردوو زاراوەکە هەنەوکەش لە هاخاوتنی کووردهەواریدا باو و بەربڵاون، ئەوی تەمەنی هەڵکشابێ پێی دەڵێن پیر، وشەی پیر جێناوێکیشە لە بۆ ڕێبەری دینی و، پایەی ڕێز و

گوێپێدانێتی. هەرشتێک و هەرکەسێکیش پەیوەندی بە هووداوە، (بە دینەوە) هەبێ، بە پیرۆز ناو و وەسفی دەدەنێ. هەرشتێکی دیکەش کە بخوازدرێ پلەی بەرزی واتا و بایەخی بدرێتێ، بە پیرۆزی ناو دەبەن. مێ بە خۆڕسک لە پلەی پیرۆز دایە، لە کرداریشدا پیرۆز بووە و، بە زانستی هوودای مهیربان، پایەی ڕێبەرێتی هۆزی دراوەتێ. ئەندامانی خانەوادەی دایە گەورەی هۆز، بە نێرینەکانیشەوە لە بازنەی پیرهۆز بوون، پەیوەندی خوون و ڕەچەڵەکی دایکاتی بە دایە گەورەوە بەستوونی، بەم هۆیەوە لە ناو زهین و لە سەر زاری خەڵکیدا پایەدارن، بەبێ ئەوەی ئەم پایەداربوونە دەستەبەری سامانێک بکات، یان بیانباتە ئاستێکی وهای زیندەگیکردنێ، کە لە خەڵکی جوودا ببنەوە. کاتێک دۆخی جەنگاوەرێتی بە سەر کۆمەڵی کووردەواریدا دەسەپێ و، دیاردەی مێرد - باوک پەیدا دەبێ، بەم هۆیەوە باپیرە گەورەی هۆز بە تەنیشت داپیرە گەورەوە قووت دەبێتەوە. ئەم پایەداربوونەی پیاو بە هیچ میقدارێک هێزی خۆی لە چەمکی "باب پیر" وەرنەگرتووە، باپیر چەمکێکی نارەسەن و بێ ڕیشەیە، قەت هێز بە دووی خۆیدا ناهێنێ، بەڵکوو پایەداربوونەکەی لە ڕەچەڵەکی دایکیەوە دهات، چوونکە ژن و مێرداتی لە بازانەی خانەوادەی دایە گەورە نەچۆتە دەرێ. لەو دەمیدا هۆکاری زهینی و زەمینی هەردووک لە بارن، باپیرە گەورەی هۆز بە خشکە خشک دهێتە پێشەوە و، دۆخی جەنگ دەیباتە مەیدانێ، سەرەڕای ئەوەش لە تایبەتمەندی ڕەگەزیدا، ژن دەسەهەڵات نەویست و پیاو دەسەهەڵاتخوازە، ئەمە وها دەکات زیادتر پیاو بە پیری هۆز دەربکەوێ. لە دەورانی دواهیدا باپیرە گەورە بە مەودای زۆر زیادتر پێشی داپیرە گەورە کەوتووە و، بە کەمی ڕوویداوە نەنک ڕێبەرێتی خێڵان بکات. پیرهۆز چ لە کەسێتی داپیر و، چ لە هی باپیردا ڕاوێژکاری دەکرد، بەڵام بڕیاردەری هۆز نەبووە، بڕیار لە هەرکاتدا بە دەستەجەمی دراوە، چوونکوو مهیرپەرستی ڕێی نەداونەتێ تاکێتی و دەسەهەڵاتخوازی قاڵب بگرێ. وێنەکە بە دروستی بهێننە پێش چاوان، تیرە، خێڵ، هۆز و هێکێتی هۆزان، چ لە کووردەهەوار و، چ لە هەرجهێ لە جێهانێ، دامستدراوەی شارستانێتی دایک بوون. پاشانەکانێ کە دۆخی جەنگ سەپاوە، ناوەندێتی دایک لە پێکهاتەی خێڵاندا، تێروتۆخیەکەی جارانی لە دەستداوە و، هێدی هێدی کاڵ بۆتەوە، وەڵێ سیستەمی خێڵاتی لە بازنە گشتیەکەیدا، هەر لە سەر بنەڕەتەکانی خۆی دەوامی دراوەتێ.

## پۆپەی 18

لە شارستانێتی دایکدا، بار و زوورف هەرچ لۆنێک بووبێ، هەمیشە ئازووقەی ماڵ و سەڕافەتکردن، بە دەست دایکانەوە بوون، چوونکوو لە باری زهینیدا بیروباوەڕی

مهیری ئەوهای ڕەوت داوەتێ، لە باری زەمینیشدا نەزمی هەرەوزی و، دەوری ڕەگەزی دایک لە بەرهەم هێنانێ، هاوسەنگ بە بارە زهینیەکە هاتۆتەوە. لە پێشینانەوە گووت دراوە:" پوورە مەستان، کاسە بدە و کەسە بستان." ئەم گۆزارە بێجگە لەوەی ڕوونی دەکاتەوە کاسە بە دەست ژنانەوە بووە، ڕەگێک لە بیروباوەڕی خەڵکەکەشی تێیدا بەرجەسدەیە، دووپاتی ئەوە دەکاتەوە"هەرکەس بدات، پێی دەدرێتەوە". لە ئاستی گشتەدا، سەرافەتی دایکانی کووردهەواری، ڕێی بە خەسارکردن نەداوە، هیدی نە لە نان و ئاو، نە لە هیچ شتێکی دی. لە واتای سەرزەنەشت و بەرهەڵستیدا، گووتیتیان: "کە خەنە زۆر بوو، لە گوونانی دەنێن." لە واتای گشتەگیردا، خەسارکردن بە کردەی هۆفی هەژمارە، مهیرپەرست فەرزە لە سەری، خۆی لێ بە دووربگرێ و، بنەمای بەخشین و پاشەکەوت بەجهێ بهێنێ، لەبەرهەندێ سەرافەتی دایکانی شارستانی لە سەر سێ پایە داندراوە: "شتێک بخۆ، شتێک بدە، شتێک هەڵبگرە." بەم زهین و پێودانگەی دایکانی پێشان، هەم هاوسەنگی بە دید هێندراوە، هەم دەمی زۆرخۆری هەڵبەست دراوە، گووتووشیانە " ئەوی زۆر بخوات، زۆر ناژی." لە ناو کووردانداا، لاوازی و قەڵەوی بە هیکرا ناپەسەند بوون، لە سەر هەرهێکەیان ڕێنوێنی و، هەندێک کاتیش گاتای سەرزەنەشتکردنێ هێندراوەتە گۆڕێ، بەشکووم خەڵکی پێی هاقڵ بن و، تەندروستی و ڕێکوپێکی لە لەشولاریان بە دید بهێنن. پێکهاتەی لەش کۆبەندێکە، بە گێرەی تەمەن و قەبارە گشتیەکەی، ژمارەی خانەکانی هەربەشێکی پێکهاتەکە سنووردارە، چ کەمبوونەوەیان (لاوازی) و، چ زیادبوونیان (قەڵەوی)، هەردووکیان زۆر بە زەڕن، تەندروستی تێکدەدەن و، تەمەن کوورت دەکەنەوە. بیرتان دەخەمەوە، کۆمەڵی چیناتی دوو شێوەی لێ بە زەوی داهات، هێکێک بە هۆی "کەمی بەرهەم،" ئەویدی بە هۆی "زیادە بەرهەم،" سەرەنجامیش ژینی کۆمەڵی بەشەرێتی کاول کرد. ڕێک بەوجۆرەش کەمخۆری و زیادخۆری هەردووکیان کۆبەندی لەش وێران دەکەن، لەبەرهەندێ هاوسەنگی زەرروورە. لە کۆمەڵی کوورهەواریدا، هەردەم و لە هەرشتدا بە گووتنی:" نەوەش نەوەش،" پێیان لە سەر ناوەندگیری دادەگرت. دایک لە خوودی خۆیدا هاوسەنگ و ناوەندە، تایبەتمەندێتی دایک، هاوسەنگی و هاودەنگی بە زەوی داهێنا بوو. پێشینانی پێرست بە مهیر بنەما لە سەر زانستی هوودا و زانستی ئەزموونکردنێ، بە دروستی دەخوولانەوە، هەرگۆزارێکی خستووتیانەڕوو، لە سەر ئەم دوو بنەمایە هەڵێنج دراون، لەبەرئەوە قسەی ساخ و بێ گوومان و گرێن، هاسان چوونەتە سەرزاران و، دەماودەم لە هێکدی وەرگیردراونەتەوە. قسەی ساخ و پەتی لە هەناوی کۆمەڵێکی ساخ و تەندروستدا دهێتەدەرێ، هیچ کۆمەڵێک ساخ و سرووشتی نیهە، ئەگەری لە بیروباوەڕیدا مهیری نەبێ و، بە نەزمی هەرەوزی و هاوبەشێتی نەچێتە ڕێ. ئەم نەزمە کاکڵێکە لە شارستانێتی دایک و، مایەی خێرە لە بۆ هەموو هالەمێ. جاران ئەم نەزمی هەرەوزی و هاوبەشێتیە ڕێی لە پیاوی بەدمەرام بەستبوو،

پیاو نەیدەتوانی لە داهاتی خێزان و، شێوەی هەڵسووڕاندنی، خۆی بە پێشرەفت و سەڕاف بزانێ، خەڵکەکەش مهیرپەرست بوون و، دەیانزانی هوودای مهیربان هەقی بە پیاوان نەداوە، خۆڕەپێش بکەن و لە سەڕافەتکردنێ پایەی ڕەگەزی دایک بگرن. پێشان کۆبەندی بچووک بە هێک بازن، هی گەورە بە چەند بازنگی بەرە دایکاتی، چوونەتە بەرهەم هێنانێ، بەڵام کۆبەند(گووند) چ هێک بازن بووبێ، یان زیادتر، هەرهێکێتی بووە و، بە هێک خۆبەڕێوەبەری هەڵسووڕدراوە. لە هەردوو باردا، چاندنی دانەوێڵە و بەروبوومی کشتوکاڵی، بە هەموو کاروبارەکانیەوە، هەرەوزانە بە جهێ هێندراون، پاشانەکەش بە هاوبەشێتی لێیان خواردراوە. چ هێک بازن بووبن، چ فەرە بازن، چاندن بە هێندەی پێویستی دەستی دراوەتێ، بەبێ ئەوەی هیچ بەرەدایکێک، خاوەنداری لە بەشە خاکێک کردبێ، هەرساڵێک بەشە خاکەکیان کردۆتە کێڵگە و، بەشە هاردی ساڵی پیشوویان بە مەبەستی پشووپێدانی، بە بەیاری جهێ هێڵاوە. ڕانەمەڕ و گاڕانیش، یان هی هەموو خەڵکی گوندی بوون، یان هی بەرە دایکان، لە هەردوو بوارەکەدا بەرهەم و داهات بە هێندەی ئەندامانی خێزان بە سەر هەمووان دابەشکردراوە، نە زیادتر و نە کەمتر. ئەو دایکەی سێ منداڵی بچووک و، ئەوی شەش منداڵی گچکەی هەبایە، بە هێندەی هێک ڕەنجیان دەدا، وەلێ لە دابەشکردندا بە هێندەی ژمارەی منداڵەکانیان بەرهەمیان دراوەتێ، ئەمەیە دادوەری و دروستی لە ڕەنج و گەنجدا، بەو شەرتەی کەس لە ڕەنجبەریدا درێخی و بێ قوونەبانی نەکات، دابەشکردنە ڕەگەزیەکەش لە کاردا، بە دروستی بووە. لەو دەمیدا جووتکردن و چاندن و دەروونەکردن کاری پیاوان بوون، خڕکردنەوەی دانەوێڵە و داوەراندن و هاڕین و هەویرکاری و نان کردن، کاری ژنان بوون. پیاوان شیفان و ژنان بێریوان بوون. لە قۆناخی دواتریش ئەگەر هەرماڵێک مانگاهێک، یان دوو بزن و مەڕێکی لە بۆ شیرەکەی ڕاگرتبن، دایکەکە ئاڵیکی داونەتێ و دۆشیونی، ئەگەر هەندێک مریشک، یان قاز و قەڵیشیان لە بۆ هێلکە و گۆشتەکەی بەخێو کردبێ، دیسان دایکەکە دانی داونەتێ، هەرئەویش لە کۆلیتی خستوون و دەری کردوون. سەینوبەینکردنی شیرەمەنی، ڕۆن، ڕەستن و چەنین و، گەلێک هوورده پیشەسازی دی، هەموو لە کاروباری ژنان بوون و، بێباک شانیان داوەتە بەرێ، لەگەڵ خۆیاندا پیاوانیشیان چووست کردوون و، شەوقی کارکردنیان داونەتێ. مێینەکان ڕەنجدەرانی لێو بە خەندەن، هوونەرمەندانێکن کار و هیلاکەت بە کەیف و شادی دەگۆڕن.

## پۆپەی 19

ماڵ و مێوان لە مهیرپەرستیدا، جووتێ چەمکی تەواوکەرن، ماڵ لە واتاهێکدا ماڵی دایکە و، لە واتاهێکیش ماڵی مێوانە. سێهانەی "مێ و ماڵ و مهیر" بە دروستی نەناسن، لە پەیوەندی ماڵ و مێوانیش تێناگەن. مێ دایکە و دایک لە خوودی خۆیدا

ماڵە، هێلانەیە. منداڵدانی دایک هێکەم ماڵی زیندەوەرە، هامێزی دایک دووهەم ماڵێتی، سێهەم ماڵیش ماڵی دایکەکەیە، هیدی بەوەدا بزانن ماڵ هەر بە سرووشت مێینەیە. زهینی بدەنێ، دیسان بە بیرتانی دەخەمەوە، لە هاخاوتنەکانی کووردهەواریدا، وشەی "خان - هان" بە واتای ڕێز و پایە بڵندی، بە شێوەی جێناو و پاشناو، سەبارەت بە ژنان بە کاردێ، لە هەمان کاتیشدا بە واتای ماڵ و شوێنی گشتی دێ. وشەی" خان - هان" واتای "کۆ"ی هەیە و نیشانی دەدات مێ و ماڵ گشتین و تایبەتی نین. دایک بەوەی هی هەموو منداڵەکانێتی، هەربە خۆڕسک گشتیبوونی تێیدا بە دید دێ، ماڵیش بەوەی هی دایکە، دەبێتە گشتی و، منداڵ و نەوەکانی دایک بە خۆ دەگرێ. بێجگە لەوە، وشەکانی"لانە" و "هێلین"یش هەر بە واتای ماڵن و، ناوی تایبەت بە مێینەن، لەم تایبەتکردنەی ناودا، پێداگرتن لە سەر مێهاتی ماڵ هەیە. لە ناوەندی شارستانێتی دایک لە کووردهەوار، ماڵ و ناوماڵ هەمیشە هی دایک بوون، هەتاوەکوو ئەوکاتەی نەزمی هەرەوزی شکێندراوە و شارستانێت تەپیوە. بڕۆننێ لە زاری پێشینانی کووردهەوارەوە گووت دراوە:" ژن هەستوونگی ماڵە،" ئەم گۆزارە دەیسەلمێنێ دایک نەبێ، ماڵیش نیەە. ماڵ لە کۆبەندی کۆچەریدا، ڕەشماڵ (خیوەت) بووە، ئەوان باش لەوە تێگیشتوون ڕەشماڵ بەبێ هەستوونگ نابێتە ڕەشماڵ و، لە سەرپێ ناوەستێ، لەبەرهەندێ ژن گوزارشتی هەستوونگی دراوەتێ. وەلێ لە پێڕستی مهیردا، موولکاتی تایبەتی ڕێپێدراو نیەە، بۆهێ لە واتاهێکدا ماڵ بە ماڵی مێوان زاندراوە، جا مێوانەکە خۆهی بووبێ، یان بێگانە، بەمەش موولکاتی لە سەر ماڵ لادراوە و، لاسەنگیەکە هاوسەنگ بۆتەوە. پێشینانی مهیرپەرست بە هاوسەنگی گوزەراون، هەموو لە ناو تخووبی کۆبەندان، هێک ماڵ بوون لەگەڵ هێکدی، کەس لە ئاستی هێک خاوەن ماڵ نەبووە، لەگەڵ بێگانانیش بە دڵ و دەست بوون، هەردەم دەرکیان لە سەر پشت بووە و، بە ڕووی خەندانەوە چوونەتە پێشوازیکردنی مێوانان. ئەوەتانێ گەڕۆکەکی قەوقازی لە سەربردەی خۆیدا گووتیتی:" بەهەرهۆێک بچووبایتە ماڵی کووردانەوە، پێیان دەگووتی بەخێرهاتی بان چاو، وها بزانە لە ماڵی خۆت دای." نەریتی مێوانداریکردن و چوونە مێوانی، خۆی لە بنەڕەتدا بنەما و بەندێکی دینی و، ڕەگ و ڕیشاڵێکی بیروباوەڕە لە مهیرپەرستیدا. لە پەشماوەی مهیریاتی کووردهەوایدا چەمکی مێوان بە هوودا گرێدراوەتەوە، لە پەندێک "مێوان خەڵاتی هوودایە،" لە پەنەدێکی دی "مێوان خۆشەویستی هوودایە، خێر و بەرەکەتی لەگەڵ دایە." لە هەردوو واتادا خانەخوێ بە پێشوازی لە مێوان، دەرکی خێروخۆشی بە ڕووی خۆیدا دەکاتەوە. لە گووندەکانی ئەو هەوارە دیوێکیان بە ناوی "هووجرە" دەکردەوە بە مەبەستی بە خۆوەگرتنی مێوانی بێگانە و کەسانی لێقەوماوی نەناسدراو. هووجرە بە واتای "هاجرە، هیجرە" دێ، ئەوی لە شوێنی دیکەوە ڕووی تێ کردبن و تووشی هیجرەت هاتبێ، جهێی دراوەتێ و لەو هۆدەیە مێوانداری کردراوە. پێشوازیکردن و ڕاگرتنی مێوان، بێ قەید و مەرج

بووە، دەبوو لێی بگەڕێن پشوو بدات و بحەسێتەوە، هەتا هەفتەش بە سەر هاتنەکەی تێنەپەڕی بایە، نەدەبوو لە هۆی هیجرەتی بپرسن. هەڕوون لە داوێنی لاوکی کووردەهەواریدا، ڕاست و ڕەوان ئەم مهیریاتە چاو لێ بکەن. مێواندۆستی نەریتێکە لە شارستانێتی دایک و، بێجگە لە پووچەڵکردنەوەی مالکیەتی ماڵ، بنەمای گەرم و گووڕکردنی پەیوەندیە کۆمەڵاتیەکانە، بەشەرێت بە هەندازێک پێویستێتی، تەنانەت لە ناو هەلومەرجی جەنجاڵی چیناتیشدا بەردەوامی پێداوە. بەڵام لە هەرجهێ کە جەنجاڵی چیناتی بە کۆمەڵی چیناتی گۆڕدرا، لەوی پێ بە پێ داڕمانی بنەڕەتی کۆمەڵاتی ڕوویدا. گێرمەنەکان قۆمێکی سپی پێستی هۆفی بوون، هەرچەندە دەربازی جەنجاڵی چیناتی بووبوون، توونید دەستیان بە نەریتی میوانداری گرتبوو، پاشان کە کۆمەڵی چیناتی قاڵبی گرت، هەنگێ بە خشکە خشک دەستیان لێی بەردا. سوورپێستانی دێرهەوار و قۆمەتانی جهێ دوورە دەستەکان، هەتاوەکوو ئەو دەمەی دەستی سپی پێستانیان نەگهیشتبووهێ، بە توونید و تووولانی گرێدراوی ئەم دابە گشتیە بوون. دوو هەزار و چەند سەد ساڵ لەمەوپێش، ئەو کاتەی کۆمەڵی چیناتی لە یۆنانێ و ڕۆماهێ شێوەی لێ دەرکەوت، هەم میوانداری شکا، هەم ڕەگەزی دایک، ماڵ بە تەواوی لە دەستی مێ دەرهێندرا، تەنانەت ژن هەقی نەبوو بچێتە پێشوازی مێوانی پیاو، هەرکات مێوان بهاتبا، دەبوو ژنان لە بۆ دیوی پشتەوەی ماڵێ هەڵبکشێن و، مێوان دەنگیانی نەگاتێ. بە پێچەوانەی ئەوانیش، لە کووردەهەواریدا گووتیتیان:"مێوان کە هات، جێژنی خانەخوێیە،" خانەخوێش ژن بوو، هیدی مێوان چ مێ با، چ نێر، ژن دەچوو بە پیریەوە، ئەگەر پیاویش لە ماڵێ نەبا، میوانی ڕیی دوور شەو لەو ماڵە دەمایەوە. کەس نەدهات بە خەیاڵیدا دەست بنێ بە ڕووی مێوانەوە، خانەخوێ دەرکی ماڵیی بە ڕووی مێوان دابخستبایە، شەرمەزاری بەردەم هوودا و خەڵک دەبوو، چما کێ دەیتوانی کاری وها بەدی لێ بوەشێتەوە. ئەم هەلومەرجە نیشانتان دەدات، هیچ کات و هەتا چەند نەوە لەمەوبەریش، ئەو پیاوەی بە ناوی "مێرد" لەگەڵ خێزان ژیاوە، نەبووبووە مالک بە سەر ژنەوە. هوورد زهینی بدەنێ و لێی تێبگەن، هاتنی پیاو لە بۆ ماڵێک کە تەنەها ژنی لێ بووە، بابەتێکی پەسەندکراو بووە، بیر لەوە نەکردراوەتەوە داخۆ لە مانەوەی لەو ماڵەدا، جووتبوون لەگەڵ ژنەکە ڕوودەدات، یان نا، ئەمەش بە واتای ئەوەیە ڕوودان و ڕوونەدان بە گرفتێک نەبیندراوە. ئەم هەڵسوکەوتکردنە لە مهیریات دێ و، زانستی هوودای مهیربان لە پشتێتی، بە پێچەوانەشەوە مالکیەتکردن بە سەرهێکدا، کردەوەی هۆفیانەیە، هەرکەس بیکات گووناهی گەورەی لە سەر دەکەوێ و، خۆی دەخزێنێتە دۆخی دۆڵزاخەوە. لە دۆخی هۆفێتی وەرنە دەرێ و، دەماخ و دەروونی خۆتان بە دروستی پەروەردە بکەن، ڕۆژانە بە بیری خۆتانی بهێننەوە کەس موولکی کەس نیهە و ناشبێ ببتە موولک، شەڕی نەفسی خۆتان بکەن، بردنەوەتان لە شەڕی نەفسی خۆتاندا، بە نیشانەی دەستەبەری بهێشتێ بزانن.

شەرم نە بە واتا و نە بە کردە، ئەوەی ئێستاکێ نیهە، بە جۆرێکی وها خراو شێوێندراوە، هەر ناناسدرێتەوە. دهێن و مێینەکان بف دەدەن، بەشکووم بە "شەرم" و "هەیا" بن، وشەکانیش خاڵین لە واتای دروستی خۆیان و، بە واتای هۆفی بارگاون. هەی کووردینە، هەی گەوجینە، لەو چاڵی نەزانینە، لەو تاریکیە وەرنە دەرێ و، ئاورێک لە پێشینانی خۆتان بدەنەوە، مەخدید بن و برێک خۆتان بناسن. ئێوە بەچەی کەسنەناسی ئەم رۆژگارەن، تەنەها بە ناو کووردن، دەنا لە هەموو خەسڵەتێکی کووردیات بە تاڵ بوونەتەوە، تەنانەت لەو وشانەش تێناگەن وا بە زارتاندا دێن. هەزارتان خۆ بە زمانناس دەزانن، بڕۆن خۆتان و زانینتان لە دووڕ قووڕێ نێن، کوا کەلەی پووتتان زانین و ناسینێکی تێیدا ماوە؟ ئێوە هوودا ناناسن، ئەوی هوودا نەناسێ، نەزان و جاهەلێکە لەو گۆڕەی. بەڵێ، مێ لە سەرێتی پڕبەپڕی جووت وشەکە، بە "شەرم" و "هەیا" بێ، نەک بەو واتا پۆخڵەواتەی وا لە سەری ئێوەدا، ئێوە خۆ زمان ناناسن و لە وشە تێناگەن. لە زمانی زگماکدا شەرم بە واتای "سەرو" دێ، هەیا بە واتای "هەبوو"دێ. بە پێی زانستی هوودای مهیربان، مێ لە سەرێتی بە مهیرەوە هەبێ و، لە پایەی سەرو بێ، نەک خواروو. مێ بە سرووشت "شەرمین" و "سەروین"ە، هەردوو وشەکە لە واتادا هێکێکن و، گوزارشت لە بڵندی دەکەن، هاوکات وشەی ناولینانی مێینەن. لە پێشینانەوە گووتدراوە:" ژنا شەرمەن ب شارەکی، پیاوا شەرمەن ب چەرمەکی." هەرێ وهالە، ئەو ژنەی خۆی بڵند ڕادەگرێ و، پایەی مهیربوونەکەی دەپارێزێ، قیمەتی شارێکی هەیە، لە کاتێکدا بەهای ئەو پیاوەی خۆی بە گەورە دەبینێ، بە هێندەی چەرمی هاژەڵێکە، چوونکە کردەوەی ژنەکە پەیوەستبوونە بە زانستی هوودا و، کردەوەی پیاوەکە دەرچوونە لێی. با ڕوون بێ لاتان، فەرزە لە سەر ژن خۆی لە سەرووی پیاو ڕابگرێ، لە سەر پیاویش فەرزە خۆی خوارتر لە ژن ببینێ، بەو شەرتەی هەردووکیان لە بازنەی مهیربن. هەرپیاوێک لووتبەرزی بە سەر ژنەوە بکات، بێ نامووسی دەکات. هەی باوەڕداران! بێ ناموسان بوەستێنن و بیانخەنە سەر ڕاستەڕێ. هەمووان لەگەڵ هێک بە شکۆ و هوورمەتەوە بجوولێنەوە، هەروەکوو پێشینانتان بە هوورمەت بوون لەگەڵ هێکدی. ئەوەش بیزانن، "هوورمە" جێناوێکە لە بۆ مێ و، بە واتای "بەرز" دێ. ئەو گفتار و ڕەفتارانەری بە ڕێڕەوی سرووشتی خۆیاندا دەڕۆن، هێز دەبەخشن و، مایەی هوورمەت و هاوسەنگین. شیرینگفتاری، هەقگۆهی، سەڕاستی و دەمڕاستی لە سیما و خەسڵەتی شارستانێتی دایکن، هەرکەس هاقڵ بێ، لە ناخی خۆیدا بەرجەسدەیان دەکات، بە جۆرێک کە خەسڵەتیان پێوە بگرێ و، لە سیمایدا دەربکەون. بەشەر لە بنەڕەتی خۆیدا، بوونەوەرێکی هاقڵ و دانسقەیە، هوودای مهیربان لە پێڕستی مهیردا دڵخۆشبوونی

دەداتێ، لەوە بترازێ هیچ ڕێ و بانێک نیهە بەشەر ئاسوودە بکات. جاران لە پێڕستی مهیردا، دەربڕینی لە جۆری "بێ شەرەف" و "بێ نامووس" خراوترین وشەی بە کەمگرتنێ بوون، هەنەوکەش لە کووردەهەواردا ئەم وشانە بە مەبەستی سووکاتی و سەرکۆنەکردنێ دەگووتدرێن و، پیاوان بەرامبەر بە هێکدی دەری دەبڕن، خراپیش پێی دەشکێن، هەرچەندە لە واتای دروستی وشەکان خافڵن. جاری وهاش هەیە لە پەلاماری زارەکیدا، پیاوی بێ هوورمەت بە هەمان ئەم دەربڕینانە هێرش دەکاتە سەر ژن، وەلێ ژن پێی ناشکێ. بێگوومان نازانن لەبەرچ وهایە، لەبەرچ پیاو دەشکێ و، ژن ناشکێ؟ ڕاستی ئەوەیە، بە تایبەتمەند ژن نەرمە و پیاو ڕەقە، ژن بە هۆی زۆری "تین" تیایدا نەرمە، پیاو بە هۆی زۆری "تەن" تیایدا ڕەقە، لەبەرئەوەیە ژن بەرگەی بەرکەوتنی ڕەقی دەگرێ و ناشکێ، بەڵام پیاو هەرخۆی ڕەقە، هەرکات ڕەقی بەر بکەوێ دەشکێ. نەرم و ڕەق هێکسان نین و، ناشبێ ژن و پیاو لە هیچ شتێکدا بە هێکسان ببیندرێن، زانستی هوودا وهایە، هەمیشە ڕەگەزی دایک لە سەرەوە دێ. کاتێک مێ دەچێتەوە سەرێ و پایەی خۆی دەگرێ، نێر لە شکان ڕزگاری دەبێ، چوونکە نەرمی لە واتای گشتەگیردا پیشڕەفتی دەگرێ و، ڕێ دەبەستێ لەوەی ڕەق بەر ڕەق بکەوێ. نامووس هەرکەس و هەرشت دەباتەوە شوێنی خۆی، پێشان لە سەرکۆنەکردنێ وشەی"بێ نامووس" گووتدراوە، لەمەوپاشیش هەرئەو وشەیە بڵێن. هەینێ و هەنەوکەش مەبەست لە بێ نامووس هەرکەسێکە، کە لارەملە و لە ڕێسای هوودای مهیربان لایداوە. هوودا و هوودای مهیربان و هوودای دایک، زهینی هوودا و زانستی هوودا و ڕێسای هوودا، دادی گەردوون و مووخی گەردوون و ڕێسای گەردوون هەمووی هێکێکن، کێهانیان بگووتدرێن واتای پڕاوپڕە. ئەوی خۆی بە نامووس گرێ بدات، خۆی بە هوودای مهیربان گرێداوە، هووداش ڕێسای نەگۆڕی گەردوونی پان و پۆڕە، هیچ مشتومڕێک هەڵناگرێ. زانستی هوودا لە هەموو شتیکدا، هاوسەنگی بەرهەست دهێنێ، هەرشتێک لاسەنگی لێ بکەوێتەوە، لە زانست و ڕێسای هوودا بە دەرە. زهینتان ڕوون بکەنەوە و ڕاستی ببینن، نێر بە سەیرکردنی مێ، هێزی تێ دەگەڕێ، مێینەش لەوەی نێر سەیری دەکات هێز پەیدا دەکات. لەبەرهەندێیە ئەویان هەز دەکات ببینێ و، ئەمیان هەزی لێیە ببیندرێ. نێر بە پێدا هەڵدانی قەد و باڵا و سینگ و مەمکی مێ، هێزی زیاد دەبێ، مێینەش بە بیستنی ئەو پێداهەڵدانە، هێزی پێ دەکەوێ، بەم چەشنە هاوسەنگبوون دروست دەبێ. مێ نێزیکە تینە و، پێویستی بە بیستنە، نێر نێزیکە تەنە و پێویستی بە بینینە، ئەمەش دوو جۆرە جوانی لە کووردەهەوار بەرهەم هێناوە، لە ژناندا ڕووی خەندان و چاوی شیرین، لەشی ڕێک و لەنجەی ڕۆین، ئاڵوواڵای ڕەنگی پۆشین، لە پیاوانیش خۆشکەلامی و گفتی شیرین، هۆنینەوەی وشان و هوونەری دەنگ و دەربڕین. نیگا بە شەپۆڵ دەچێتە چاو و، دەنگ بە شەپۆڵ دەچێە گوێوە، ڕووی شیرین و جەسدەی جوانی مێ، وشەی خۆش و باش و

به جهێ، مایەی خێروخۆشین لەم دوونیایە، هاوکات بەردەبازی گەیشتن بە دۆخی بهێشتن لە پاشەڕۆژدا. پێشینانی مهیرپەرست بەم ڕاست و دروستیەیە هەڵسوکەتیان دەکرد، بڕێک لەم هەڵسوکەوتانە وا هێشتاش لە کاکڵی فۆلکلۆر و پەندی پێشینانی کووردەواریدا، زیندوون. پەندەکان گۆزارگەلێکی هەقلانین، لە قەدیمی زەمانەوە بە سەرچاوە لە زانستی هوودا و زانستی ئەزموونکردنێ هۆندراونەتەوە، نەسرەوتانەش لە کۆڕی هاونیشینیدا گووتدراون، بەبێ ئەوەی مێ و نێر سل لە هێکدی بکەنەوە. ژن لە کۆڕی تێکهاڵاودا گووتیتی:" کێر بە پەڕۆیان ئەستوور نابێ." یان گووتدراوە:"بە کێرە مەلەرزە و، قووزە مەترسە ناچێتە سەرێ." ئەگەر کەسێکیش بە خێر و چاکەی هێکێک زگی هێشابێ، لە واتای سەرزەنەشتدا، گووتیتیان:" برادەری گان دەکات، ئەو بن کڵکی ژان دەکات." لەم گۆزارەدا باوی و بەربڵاوی گانکردنێ دەردەکەوێ، برادەر بە گانکردنی برادەرەکەی زانیوەتەوە، ئەگەر لە قاڵبیشی ناخۆش بووبێ و، قسەی بەدی لە سەری گووتبێ، وەڵامی سەرزەنەشتانەی پێ دراوەتەوە. نە وشەی گان و، نە وشەکانی کێر و قووز، هی ئەوەنین سڵ لە گووتنیان بکەنەوە، ئەو واتای شەرمەی بەم وشانەوە هەڵواسدراوە، پووچ واتایە. هەڕوون زار و زمانی پێشینانی کووردەواری بڕۆنن، پتر لە نۆهەد دانە پەندی تیێدا دەبیننەوە، کە ئەم وشانەیان بە خۆ گرتوون. هەی کووردینە، مێشک پووتینە، ئەوڕۆ هیچ نین، قۆمەتێکی دەبەنگ و بێ سەرن، لە دینداری و هاخلاق، لە زانست و هەقلانیەت هێندە نەوین، تەنانەت ناگەنە گۆزینگی پێی پێشینانتان، شوێن پێی هەشدادی خۆتان هەڵگرن، هانێ ئەوە تەناف، ئەوە نامووس دەستی پێوە بگرن و، وەرنەوە سەرێ. ئەوی لە ترۆپک بێ، هەموو دۆڵ و دەشتەکانی خوارێ دەبینێ. دەی ڕابن، بەرەو لووتکە بە خۆکەون. جاران ئەو دەمانەی هۆفی هەڵیان دەکەوتایە سەریان، جوانمێرانی کووردەواری مێ و منداڵانیان لە بۆ سەرکەوتن بە سەر شاخەکان پێشی خۆیان دەدا. لە سەرتانە هەنەوکەش وەکوو هەینێ جوانمێری بکەن، مێ و منداڵان لەو چاڵاوە تەنگ و تاریکە سەرخەن و، خۆشتان بە دووی ئەواندا وەرنە دەرێ، مەوەستن لووتکە چاوەڕێتانە، هەنگۆ نەوەی خەڵکانێکن هەمیشە لە ترۆپکدا بوون. ترۆپک واتا کرانەوە و ئاسۆی بێ پەروا، لە کاتێکدا دۆڵ و چاڵاو، واتایە لە دەقدران و سنووربەندی. هەرهێکە لە مێ و نێر، هەڵگری هێکێک لەم دوو تایبەتمەندیەن، مێ کراوە و نێر دەقدراوە، نەک تەنەها لە باری زهینی و دەروونی، لە باری جەسدەش وهالەیە، چاو لە شائەندامی ڕەگەزی هەرهێکەیان بکەن، دەبینن قووز کراوە و کێر دەقدراوە. ئەم کرانەوەی مێ و، ئەو دەقدرانەی نێر، سەرچاوە لە گووژمەی تینی خۆیانەوە دەگرێ. تینی مێ لە جۆڕێتی و چەندێتیدا، لە سەرووی تینی نێرە، هەر ئەمەشە ژنی بە ڕووی دەرەوەدا کردۆتەوە و، پیاوی دەقستووە. دیقەت بدەن، پیاو لە مالکیەتکردن بە سەر مێینەدا، گەهاندووتی بە ئەو سەری، خاوەندارێتی بە سەر زوولف و مووری هەبرۆکانیشیەوە دەکات، تەنانەت لە

قاڵبی ناخۆشە پیاوی هاوسێ مەمکدانی ژنەکەی وی بە سەر تەنافی سەربانەوە چاو پێ بکەوێ. بەڵام ژن چوونکی نەرم و کراوەیە، قەت خاوەنداریێتی تایبەتی لە زهینیدا نەگهیشتۆتە ئەوەی بنچەق دابکووتێ. ژنان بە تام و چێژەوە سەرگوزەشتنەی گانکردنێ لەگەڵ هێک بەش دەکەن، گەڵ و گوون و، توانای گەنکردنی مێردەکانیان دهێننە بەرباس و، بە پێکەنینەوە دەمەتەقێی لە سەر دەکەن، ڕووت و قووت بە هێکەوە خۆیان دەشۆن و، جلکی هیکدی لەبەر دەکەن. ساڵانێک لەمەوپێش، لە شارانی ناوەندی کووردهەواریدا، گەرماوی دەرێ بە هەڕمێن بوون، لەو ساڵانەدا ژنان بە کۆمەڵ خۆیان دەشۆرد، تەنانەت کووڕە بچووکەکانیان کە هێشتا باڵق نەبووبوون، لەگەڵ خۆیان دەبرد، لە هەمامی ماڵێش، دایک کچ و کووڕە بچووکەکانی لەگەڵ خۆی دەشۆرد و، خووشکی گەورەش برای بچووکی دەشووشت. گشت ئەمانە و گەلێکی دیکەش، نیشانەی "واڵا"هی ڕەگەزی دایکن. هەندازەی کرانەوەی کۆمەڵ، بە هەندازەی دەوری مێ لە کۆمەڵ گرێدراوە، هەتا ئەو دەمەی ڕەگەزی دایک لە کۆمەڵی کووردهەواریدا دارا و بە دەور بوون، کۆمەڵێکی کردراوە و ڕەنگین بوون. کاولبوونی گشتەگیر لەڕۆژگاری دواهی ڕوویداوە، کاتێک پیاوانی هەوارەکە بە تەواوی هۆفی بوون، هیدی بەوپەڕی بێ هوورمەتی جوولانەوە، دەست و دەوریان لە ڕەگەزی دایک ستاند و، کۆمەڵەکەیان دەق خست، بە جۆرێک هەنوکە وا خەریکن لە ناو خۆیاندا دەخنکێن. ئەمڕۆ نێر و مێی کوورد لە ئاستی هێکیدا خۆیان دەق دەکەن و، سڵ لە هێکدی دەکەنەوە، شەرمەنن بە واتای هۆفیانەوە، ئەوە لە کاتێکدا هەستی شەرمی ساختە، هەروەکوو هەستی ترس، خراپترین هەستێکە و، لێکەوتەی کووشندەی لە سەر دەروون و دەماخ و، لە سەر جەسدەی بەشەر هەیە، چوونکوو پلەی شەپۆڵەکانی لە نزمترین ئاستن، چالاکی پێکهاتەکان کەم دەکاتەوە و، نەخۆشی و دەردی ترسناک بە دووی خۆیدا دهێنێ. لە کاتی شەرمکردنی ساختەدا، شەپۆڵەکان لە ناو بنەڕەتەکانی خانەدا، لە بۆ کەمترین ئاست دادەبەزن و، خوولانەوە لە ناو خانەکاندا دۆخی سرووشتی خۆی لە دەست دەدات، لەبەرئەوەیە ڕووخسار سوورهەڵدەگەڕێ و، پەشۆکان و لەرزینی لەش دروست دەبێ. پێشینان تەندروست و دوورە دەرد بوون، بە کەمی ڕوویداوە نەخۆش بکەون، هێکێک لە هۆکارەکانی تەندروستبوونیان ئەوە بوو، کە هەمووان لە باوەڕبەخۆبوونەوە دەژیان و، کەسیان لە واتای هۆفیانیدا شەرمەن نەبوون. هەنوکە دۆخەکە سەرەونخوون بۆتەوە، گۆزەی پڕ ئاوی سازگار قڵپ بۆتەوە و، تریاتی تەڕی تێیدا نەماوە. هێکێک لە هۆیەکانی خراپی تەندروستی لە ڕۆژگاری ئەوڕۆدا، هەستی شەرم و هەستی خۆ بە کەم دیتنە لە ناخی بەشەردا. هەی بەشەری هیچ نەزان، خۆ دەبینن بە لادانی ڕەگەزی دایک لە پایەی ناوەندێتی، چ باڵاهێکی گەورەتان بە سەر خۆتان داهێناوە، ئێوە چ گەوج گەلێکن ها، دەی خێرا کەن، بە سەر خۆتاندا شۆڕەش بکەن و، بە پێی نامووس زهین و زەمین ڕێکخەنەوە.

هەموو کار و بەرهەمهێنانێک لە شارستانێتی دایکدا، بە هەرەوزی و هاوبەشێتی لە سەر بنەمای "تێبکۆشە و بەرهەمت بنۆشە،" هەڵسووڕدراوە. منداڵان لەگەڵ پێگرتنێ، هووردە هووردە فێری ئیش و کار دەبوون، پیران هەتاوەکوو ئەو ڕۆژەی لە پێ دەکەوتن، لە مەیدانی تێکۆشین بوون. تەمبەڵی هێب بوو، ئەوی خاوەخاوی کردبا، بەرەو ڕووی نەرمە سەرزەنەشتێ دەبووەوە و، پێی دەگووت درا: چووست بە، تەمبەڵی مەکە. چووست و چەلەنگی خەسڵەتی مهیرین و، هەرکەس پێی دەچووە بەردڵان، لە کاتێکدا سستی و تەوەزەلی خەسڵەتی هۆفین، پێی هێبدار دەبوون و، لەبەرچاو دەکەوتن. وشەکانی "هێب، هیب، هووب، هۆب، هەب، هاب" هاوواتان بە وشەی "هۆف،" لە بەرهەندێ هەرکار و خەسڵەتێک هێب بایە، دەبوو لێی دووربن. وشەی هێب هێشتاش لە کۆمەڵی کووردهەواریدا باو و بەربڵاوە، وەلێ ناوەڕۆکە کاریگەرەکەی لە دەستداوە و، چیدی کەس لە خراپەکردنێ ناگێڕێتەوە. دایک بناسن، دایک تەمبەڵێتی ناناسێ، دایکاتی ڕەنجدانێکە بە دڵی خۆش و ڕووی خەندانەوە. کاتێک دایک ناوەند و قووتابخانەیە، منداڵان لە دایکیانەوە لە سەر ڕەنجدان ڕادێن، بەبێ ئەوەی لێی وەڕس و دەقەزاربن. دایکان بە کردە نیشانیان داون خۆشگوزەرانی بە ڕەنجدان بە دید دێ، بەمەش ڕێیان بەستووە لەوەی مەیلی تەمبەڵی بە زهین بکەوێ و، چ کەس بیهەوێ تەوەزەلی بکات و، ببێتە هازرخۆری بەرسێبەرێ. پێشینان گووتیتیان:"دەست پان بکەیتەوە، لە پێ دەکەوی." ئەوە هاندانێکی ڕاستەوڕاستە بە ئاراستەی تێکۆشین و، مانەوەی کۆمەڵ بە ڕاوەستاوی. ڕەنجدان دەرد نیەە، بەڵکوو دەرمانی دەردانە و، تەنی بەشەر بە دروستی دەهێڵێتەوە. ئەوی بە ڕێڕەوی سرووشتیدا نەڕوات و، بە هێندەی پێویست لەشی نەجوولێ، دەروون و دەماخی هەدەڵبۆقێ، سەرەنجام دەردەدار دەبێ و، هەزار دەردی جۆراوجۆری بە لەش دەکەوێ. توولکێشی تەمەن و تەندروستی لە پێشینانداا، بە چاوگ لە خەسڵەتە مهیریەکانیانەوە دهات، هەنەوکە نە تەندروستن و، نە تەمەنی خۆتان دەژین، ئەمەش هی ئەوەیە خەسڵەتی هۆفی لە نێوتاندا زۆر و بەربڵاون. ڕەنجدەری بخەنە جهێی تەمبەڵی، بەڵام ڕەنجدەری بە تەنەها بەس نیەە، شێواز و بازنەی ڕەنجدانەکە بە نەزمی مهیرپەرستی گرێ نەدرابێ، سەرەنجامی خواستدراو بە دەست ناهێ. ڕەنجدانی پێشینان لە بازنەی هەرەوزی و هاوبەشێتیدا بوو، کەس بە تاکێتی نەچۆتە مەیدانێ و، خێزان بە تاقی تەنەهێ ملی نەداوەتە هیچ کارێک، بەڵکوو هەموو کارێک کۆمکاری بووە، تێکەڵ بە دەنگبێژی و دەمەتەقێ و پێکەنین بە جهێ هێندراون، جا بازنەی کارەکە گەورەبووبێ، یان گچکە، خێڵێکی گرتبێتەوە، یان تیرە و بنەماڵەی گرتبێتە خۆی. بنەماڵە بەرەدایکێکە و، پێکهاتێکی کۆمەڵاتی پتەوە، چەندان نەوەی لە خۆیدا گڵداوەتەوە، هەموویان بە

هێکەوە ڕەنجیان داوە و، بەرهەمەکان بناخ لە سەر چەندێتی منداڵی دایکەکان دابەش کردراون. هاودەستی و هاوبەشێتی لە بەرهەنهێناندا، بنچینە زهینیەکەی بیروباوەڕی مهیرە و، بنچینە زەمینیەکەی بنەماڵەیە، لەبەرهەندێ بە توونڵی خۆیان بە پەیوەندی خوونی بەستۆتەوە و، هەوڵیانداوە پێکهاتەکە بە پارێزدراوی بهێڵنەوە. هاوکات بنەماڵەکانیش توونڵ و تووڵانی بە هێکدیەوە پەیوەست بوون، چ کات بنەمای بەرەدایکاتی بە واتای لە هێک ترازان نەبوو، چ تاقی بەرە دایکەکانیش مالکیەتیان بە سەر هاردەوە نە دەکرد، خاک لە چەمکی دایکێتیدا هاوبەش بووە، لە هەموو دەوروزەمانێکیشدا هەربەهاوبەشێتی ماوەتەوە، چوونکوو مهیرپەرستی ڕێی نەداونەتێ بە ناوی خاوەندارێتی تایبەتیەوە، دابڕدابڕی بکەن. هەرکۆبەندێک هێک بازن بووبێ، یان فەرە بازن، بە جۆرێک چوونەتە کۆششکردنێ، ناچاری دەست پانکردنەوە لە کۆبەندی دی نەهێن، لە سەر ئەو بنەمایە گووت دراوە:" خۆڵی بەر کواندی خۆت بخۆی، لە پڵاوی بێگانە باشترە." مەبەست لە بێگانە کۆبەندانی دیکەیە، چوونکە خەڵکانی کۆبەندێک بە خۆهی زاندراون. ناوەندی کووردهەواری و، فەرەوانێک لە بەشەکانی سەرێ و خوارێی ئەو هەوارە، هەتاوەکوو سەدوپەنجا ساڵێک لەمەوپێشیش، شارستانە ئاسۆهیەکەی لە سەر پێ بوو هەمووان لە سایەیدا هاخا بوون و، کەس بچووک نەبوو، تەنانەت شەڕەکانیش نەیاندەتوانی کەس بکەن بە قهرەمان و گەورە بە سەر کەسەوە، هەرکەس ئەرکی خۆی بە جهێ دهێنا و، لە هەرهێکێکدا جۆرێک لە جوانمێری و قهرەمانی بە دید دهات. لە دواهین سەدەی تاریکیدا، ئەنگلیزەکان دهێن لە ڕێی دابەشکردن و، بە موولکردنی زەویەوە، نەزمە هەرەوزی و هاوبەشێتیەکەی ناوەندی شارستانێتی دایک تێک دەشکێنن، پێشتریش سەرەتاهێک لەم کارەیان بە هۆی دوو هێڵی هۆفێتی- تۆرانی بە گۆڕێ خستبوو، هێک بە ناوی "قاجاری" و ئەویدی بە ناوی "هۆسمانی،" ئەوانە هەردووکیان دوو بەڕێوەبەراتی باج و بازاڕ بوون. ئەو دابەشکردن و بە موولکردنەی زەوی، قوورسترین تۆبزێکە بە تەپڵی سەری قۆمی کوورد دەکەوێ و، وها دەتەپێ، هیدی ناتوانێ سەری ڕاست بێتەوە. لە سەرەتادا لێکەوتەکانی خاوەندارێتی تایبەتی لە سەر زەوی، بە زەقی دەرناکەون، چوونکێ بنەماڵەکان وەکوو پیشترێ بە هەرەوزی چەندنیان تێیدا دەکرد و، بەرهەمەکەیان بە سەر خۆیاندا دەبەخشیەوە، وەلێ کاتێک لە ناو بنەماڵەکاندا، برا گەورە بەشە خاکەکە قۆرخ دەکەن، بەشێکیش لەو خۆڕی و خارانەی بە ناوی کۆنە سەرهەنگی سووپای هۆفی هەبوون، بەشە خاکیان دەدرێتی، بەمجۆرە کۆمەڵی چیناتی لە کووردهەوار بە سەرەتا دێ و، کووردان دەکەونە چاڵەوە. برۆننێ، مێژووی کۆمەڵی چیناتی لە ناو سپی پێستانی موو زەرد، نێزیکەی دوو هەزار و پێنج سەد ساڵە، ڕابردووی جەنجاڵی چیناتی لە نێویاندا گەلێک دێرە، بە هەمان شێوە لە ناو سپی پێستانی موو ڕەش و، لە ناو تورکان و هارەبان و، لە ناو زۆرینەی قۆمەتانی جێهانێ، هەلومەرجی چیناتی

دوور و قووڵە، کەم کەم لەگەڵیدا بە قاڵب هاتوون و، سەرەنجام زۆرینەی خەڵکی بوونەتە ئامێری قووڕمیشکردراو، هەرچەندە هیلاک و شەکەتن، هێشتاش پاڵیان پێوە دەندرێ و دەچنە ڕێ، بەڵام دۆخەکە لە کووردەهەوار تەواو جوودایە، مێژووی قاڵبگرتنی چیناتی لە ناو کووردان دەوری سەد ساڵێکە، ماوەکە گەلێک کەمە و، قوورسایەکە گەلێک زۆرە، ئەمەش وەهای کرد کۆمەڵەکە دابتەپێ، بە تایبەتی ئەو خەڵکانەی لە ناوەندی کووردەهەوارن، بە ترۆپکی کەوتن و کاولبوون گەیشتوون، ئێستاکێ بەشێکیان بە تەواوی داڕزیون، بە واتاهێک لە مردوو مردووترن، سل لە کووردبوون و، لە هاخاوتنی کووردی و، لە ناوی کووردی خۆشیان دەکەنەوە. ئەوە ڕووداوێکە بە واتای هەڵتەکانی بناخەیە، ئینجا کاتی بنیادنانەوەیە. لەمڕۆوە ڕێک هەر لەم ناوەندە، لە ناو ئەو مردووانەدا، قیامەت و زیندووبوونەوەی بەشەرێت دەست پێ دەکات. پێشی نۆهەد هەزار ساڵ، بەشەرێت لە هەناوی زاگرۆسێ بە دایک هاتن و، شەپۆڵ شەپۆڵ بە جێهانێدا بڵاوەیان کرد. لەو دەمیدا بەشەرێت و کووردیەت هێکێک بوون، جوودابوونەوەکە پۆڵ پۆڵ بە شێوەی پلەبەند ڕوویداوە، لەو پۆلانەش پۆلی دیکە پەیدا بوون، هیدی بە گوزەری کات و لە ژێر کاریگەری هەلومەرجەکان، بوونە قۆمی جوودا جوودا. ئەوە ڕێڕەوتی ڕۆیشتن بوو، لە زاگرۆسەوە بەرەو جێهانێ، ئەمجارە ڕێڕەوتی گەڕانەوە لە چێهانێوە ڕوو بە زاگرۆسێ دەست پێ دەکات. هەنگاوە هێکەمەکە ئەوەیە، سەرەتا کووردەکان بە سەرچاوە لە نامووس، ناوەڕۆک بە خۆیانەوە دەگرن و، دەبنەوە بە کوورد، چوونکی ئێستا لە ناوەڕۆک بە تاڵ بوونەتەوە و، تەنەها بە ناو کووردن، پاشان خەڵکی جێهانێ، شەپۆڵ شەپۆڵ دهێنەوە لای دایک و، دەبنەوە بە کوورد. هاخر ئەوی بیهەوێ مرۆف بێ، دەبێ کووردبێ، لەمەوپاش مرۆفبوون و کووردبوون هێکێکن، هەروەکوو لە سەرەتادا هێکێک بوون.

## پۆپەی 22

قاڵبگرتنی جوودایەزی چیناتی و، تێکشکانی نەزمی هەرەوزی و هاوبەشێتی، تێکشکانە لە پێکهاتەی کۆمەڵاتیدا، لە میانیدا کەسێتی تاک و کۆمەڵی کووردەهەواری هەپروون بە هەپروون بوون. ڕووداوەکە بە تەنەها شکانی کووردەهەوار نیەە، شکستی چەمکی دایک و، کەوتنی مێهێتیشە. سیستەمە شکاوەکە لە جۆرێتیدا ئاسۆهی و مێینەیە، ئەو سیستەمەی جهێی دەگرێتەوە، لە جۆرێتیدا ستوونی و نێرینەیە، بۆهێ ڕەگەزی دایک لە ناویدا دەخووسێتەوە و لە پێ دەکەوێ. پێش ئەو کەوتنە، نەزمی خێلاتی لە سەر بنەڕەتەکانی مهیرپەرستی، هەمووانی بە شێوەی هاوتا ڕێکخستبوون، بەبێ ئەوەی بەرزی و نزمی دەرامەت و، گەورە و گچکاتی پایەی کۆمەلاتی جهێی

بدرهێنێ، ئەوەش بە شێوەی هاوسەنگ وەڵامی خۆبەڕێوەبەری و خۆشگوزەرانی بە کۆمەڵی کووردهەواری دابووەوە. مهیرپەرستی، پابەندێتی بوو بە ڕێساهەکانی هوودای مهیربان، ئەوانیش ڕێسای سرووشتی و دایکاتین لە گەردووندا، بەبێ ئەوەی پێویست بکات هەیتە و هەیبەتی دادوەر و، ترس و تۆقینی زیندانیکردنێ بهێندرێنە گۆڕێ. ئاوڕێک بدەنەوە و ببینن، ئەوی ناوی ڕێسای درابێتێ و هی دایک نەبووبێ، قەت پابەندبوونی گشتەگیری بە دوودا نەهاتووە، تەنانەت کووشتن و هەشکەنجەش، نەیانتوانی خواستی دڵی ڕەشی دەسهەڵاتی چیناتی بە دید بهێنن. ئەوەتانێ لە هەرجهێ لە جێهانێ، هەیتەی تفەنگ بە دەست لە سەرگەڕان و مەیدانێ، بە دووی جهێ بە جهێکردنی یاسای ناسرووشتیانەی بەشەرکردەوەن، جهێ بە جهێش نابن. هەڵتەکان و داتەکانی نەزمی شارستانێتی دایک لە کووردهەوار، بە دابەشکردن و بە موولککردنی زەوی و زار دەستی پێکرد، پیاوانێک دەبنە مالک بە سەر زەویەکانەوە و، بە هۆی موولکەکانەوە دەبنە پایەدار و دەستڕۆیشتوو بە سەر ژنانی بنەماڵەکەیان و، بە سەر پیاوان و ژنانی دیکەی بێ موولک و زەوی، هاودەم ژنی بنەماڵەی مەلاکەکان بە سەر ژنانی دی بەرز دەبنەوە. بەس هەندە نا، هەزار بە هەزار هیزری ڕەش لە دامێنی هەلومەرجی چیناتی هاتوونەتە دەرێ و، گفتار و ڕەفتاری هۆفانەیان ڕەوت پێداوە، نەمان و بنبڕبوونیشیان تەنەها و تەنەها بە هەڵوەشانەوەی ئەو هەلومەرجە گرێدراوە. ساتێک بگەڕێنەوە پێشترێ و لێی ڕابمێنن. زیاد لە شەش هەزار ساڵ، ڕەوتی هۆفێتی و چیناتی لە سێ لاوە پەلاماری ناوەندی شارستانێتی دایکیان دا، ناوەندەکە کەوتە دۆخی جەنگەوە و، هەتا کۆتاهیش لەو دۆخەدا مایەوە، بەڵام هەرگیز نەکەوت. کووردهەوار تاقە جهێ بوو لە جێهانێ، هەروەکوو هەتاوی هاسمانێ، لە سەر زەوی دەدرەوشایەوە، هیچ سەرەڕمێک بنەڕەتی مهیریاتەکەی پێ هەڵنەقەندرابوو، هیچ شمشێرێک تۆقە گشتیەکەی شارستانێتی پێ نەقرتابوو، کۆمەڵ لە سەر بنەماکانی ناموس کاروباری خۆیان دەگێڕا و، بەربەئاشتی دەجوولانەوە، ڕووناک و ڕەنگین بوون، بە کەمی خراپەیان لە دەست دەقەوما، کە کێشە و هاڵۆزکاوبوونێکیش هەبایە، خۆبەخۆ تەگبیریان لێ دەکرد و ڕێچارەیان دەدیتەوە، ئەگەر ڕووداوی کووشتنیش قەومابا، تۆڵەکردنەوە وەکوو دواهین هەڵبژاردە بیریان لێ دەکردەوە، دەنا هەمیشە لێبوردەهی و لێخۆشبوون بە پێشین هاتوون، چوونکی خەڵکەکە بەندەی هوودای بەخشندە و مهیربان بوون، دەبوو لە ڕێی بەخشین و بەخشندەبوونەوە، ڕێ لە فەرەوانبوونی بەدکاری و ڕەشڕەفتاری بگرن. کاکڵی ئەم بەخشینە، بە خۆبەخشینی ژنان بەجهێ هێندراوە، خووشک، کیژ، پوور، یان مێینەی دیکەی خزم خوون، لە بنەماڵەی پیاوە کووشندەکە دهاتە پێشێ و، خۆی بە هێکێک لە پیاوانی ماڵی کووشتدراوەکە دەخشی، بەمەش بەری لە خوون ڕەشن و ئاشووبگێڕان دەبەست و، بە هۆیەوە دژمناتی بە خزماتی گۆڕدراوە. نەریتی بەخشینی ژن لە باتی خوون، کە

هەتاوەکوو سی ساڵ لەمەوپێشیش لەو هەوارە بە بەربڵاوی دەستی دەدراهێ، لە ڕووهێکەوە بە قوربانیبوونی ژن نیشاندەدات، لە ڕووهێکی دیکەوە گەورێتی و کاریگەرێتی ژن دەخاتەڕوو، ڕوونی دەکاتەوە بە هاتنە پێشەوەی ژن، دۆخی مەرگ وەردەچەرخێ و دەبێتە دۆخی ژین، شەڕ دەگۆڕێ و دەبێتە ئاشتی و ئاسایش. سەرەتا ئەم نەریتە لەلایەن ژنان خۆیانەوە هێندراوەتە گۆڕێ و، فەرمانێک بووە لە بازنەی مهیرپەرستیدا، وەلێ لە ڕۆژگاری دواهیدا، بە دەر لە ویست و ڕەزای ژن، پیاوان بە کارەکە هەڵستاون و، بە خوورتی ژنانیان بردوونەتە بن باری بڕیارەکەوە. سەپاندنەکە لە کاتێکدا ڕوویداوە، کە نەزمی هەرەوزی و هاوبەشێتی هەڵوەشاوەتەوە و، دەسهەڵاتی خێڵ بە شێوەی ستوونی شێوەی هاتۆتێ. لە پاش هەڵوەشانەوەی نەزمی هەرەوزیدا، پیسی و پۆخڵەواتێک بە ناوی خێڵ دەوامی پێدراوە، لەگەڵیشی نێرناوەندی لە ناو خێڵ و خێزان و، لە ناو سەری ئەندامانی خێڵەکاندا پەرەی دراوەتێ، تەنانەت گەیشتۆتە ئەمڕۆش. دهۆڵ دڕا و دەنگی بڕا، ئەگەر ئەمڕۆ هەرپێکهاتێکی کرچ و کاڵ بە نێوی خێڵ و هەشتیرەت ماوە، وێنەی گۆماوێکە هووشکی کردبێ، قووڕی هیچ خشتێکی لێ ناسازێ. لەمەوپاش هەموو ناوەڕۆک و ناوێکی خێڵاتی بە هێب و هار دەکەوێتە هیسابەوە، هەموو باوەڕدارێک بە نامووس بەرزە لە سەری، پاک و بێ هێب بێ. لەمڕۆوە تەنەها نامووس بە هێکدی گرێتان دەدات، هەرکۆمەڵبوونێک لە دەرەوەی نامووس، بە هۆفێتی و دژبەری نامووس بناسن و، رەتی بکەنەوە.

## پۆپەی 23

ناسینی ڕابردوو هێزتان دەداتێ، هەروەکوو چلۆن لە ناسینی داهاتوو هێز پەیدا دەکەن. ناسین و زانینی دروست لە بارەی هەرشتیک، مایەی خێرە و پتەوتان دەکات، بە دیوەکەی دیکەش نەزانی و نادروستی لە زانیندا، هێزتان لێ دەبات و، دەتانخاتە دۆڕانەوە، دۆڕانی زهینی، دۆڕانی زەمینی بە دوو دادێ، ئەوی لە زهین بدۆڕێ، بێشک لە زەمینیش دۆڕاوە. زانین لێ ناگەڕێ لە زهین بدۆڕێن و، بە ڕاوەستاوی دەتان هێڵێتەوە. لە هەردوو ئاستی تاک و کۆمەڵدا، بردنەوەی گەورە و دۆڕانی گەورە لە ناوخۆ دایە، ئەوی لە ناوخۆیدا نەدۆڕابێ، هەرگیز لە دەرەوە نادۆڕێ. ڕابردوو بڕۆننێ و، بزانن کووردان کەینێ و لە کیوێ تووشی خەسارەتی زهینی هاتوون و، هێزیان لە دەست داوە، ئەم زانینە دەبێ وهاتان لێ بکات، لەمەوەش هێندە تووند خۆتان بە نامووسەوە گرێ بدەن، تەنانەت موو بە بەینتان دانەچێ. هەمیشە بە یادی خۆتانی بهێننەوە، هێک درز و قڵیشی بچووک بە بن میچی ژوورێکەوە بێ، پاشان دەبێتە شەقار و شەبەق، لە کۆتاهیشدا بە سەرتاندا دەڕمێ. کووردینە، داڕماوینە، هەی لە

خۆتان بێ خەبەر و خافڵ، خۆ کووردەهەوار لە قەدیمدا، ئەو سەرزەمینە بەرتەنگ و، بی تخووب و، کەسنەزانەی هەنەوکە نەبوو، بهێشتێکی پانوپۆڕ بوو، لە لاهێک پاڵی بە پاڵی گریک و کەنهان دابوو، لە لاهێکیش هاوسێی هیند و ڕووسان بوو. گریکی و ڕۆمی جار لە دوو جار هەڵیاندەکووتیە سەری و، بە شکست لێی دەچوونە دەرێ، قەت چ جاران نەیاندەتوانی تیایدا دابنیشن، هەر لەبەرئەوەیە هیچ پاشماوێک لە خەڵکانی بە هەشداد یۆنانی و ڕۆمی لەو هەوارە نەماوەتەوە. بەڵام بە سەرهاتی خانەوادەی فاتیمەی کیژی خەدیجەی، ڕووداوێکە ڕەوتێکی بە سەرەتا هیناوە، لە دواهیشدا بە خەسارەتی کۆمەڵی کووردەهەواری کەوتۆتەوە، چوونکە وقتهێک "هوسێنی کووڕی فاتیمێ" لێی قەوما و کووشت درا، هاوەڵانی ڕوویان لە دەشتەکانی خوارووی کووردەهەوار کرد، لەگەڵ خۆشیاندا برێک لە بیروباوەڕی مهەمدی کووڕی هامینێ و، برێکیش بیروباوەڕی هۆفیانەیان گواستەوە. با لاتان ڕوون و ڕەوان بێ،"هەلی" و فاتیمە" دوو پاکترینی ئەو کەسانە بوون، کە بە دووی پەیامی مهەمدی کووڕی هامینێ کەوتن، هەردووکیان پێش ئەوەی بیروباوەڕی هۆفێتی مێشکیان بتەنێ، لە تەمەنی نەوجەوانیدا کەلام وەردەگرن، بێجگە لەوەش هەردووکیان ڕاستەوخۆ لە زاری کووڕەکەی هامینێ خۆیەوە، پەیامەکە دەبیستن و، کردەوەکانی بە چاوی سەری خۆیان دەبینن. "هەسەن" و "هووسێن" بیروباوەڕیان لە فاتیمەی دایکیانەوە وەرگرتبوو، وەلێ بیروباوەڕی هاوەڵانیان تێکەڵێک بوو، بەشێکی فاتیمی و بەشێکیشی هۆفێتی بوو، بەشە دووهەمەکە سەرچاوەی لە هۆفیانی بیابانێ گرتبوو. ڕاستی ئەوەیە، بیروباوەڕی "شیەهگەری" لە سەر سێ پایەی "فاتیمی و هۆفی و مهیری" لە خوارووی کووردەهەوار قاڵبی گرت. هاوزەمان هەر لە کووردەهەواریدا بیروباوەڕی ناسدراو بە "هەلەوی،" لە سەر دوو پایەی فاتیمی و مهیری شێوەی هاتۆتێ. لە هەردوو بیروباوەڕەکەدا ڕەگەزی مهیری هەیە و، خۆماڵ بە کووردەهەوارە، وەلێ لە شیەهگەریدا ڕەگەزی هۆفهیش هەیە، ئەوەش هیکەم ترازانی زهینی و زەمینی لە ناو کووردان بە سەرەتا هێنا. زانینی نادروست ئەم ترازانەی دروست کرد، لە مووخان وها بوو، " هەلی" ئەو پیاوەیە، ئەوی هوودای مهیربان لە خوودێتیەکەیدا دەرکەوتووە، لە کاتێکدا ئەویش نەبوو. لە دەورانێکی دیکەدا، نوێنەرانی مووسلەمان لە شامێڕا، دهێنە باکوور و ناوەندی کووردەهەواری و، بە فێڵبازی جهێی خۆیان دەکەنەوە، ئەوان تەنەها کاکڵێک لە بیروباوەڕی مهەمدی کووڕی هامینێ دەخەنەڕوو، هیچ شتێک بە زاردا ناهێنن لەگەڵ مهیریاتی کووردەهەواریدا ناکۆک بکەوێتەوە، بەمەش کووردان وەها دەزانن هەردوولایان هاوبیروباوەڕن و مووسلەمانن. وشەی "مووسلیم" و "موززلیم"هێکێکە، ئەوی مهیری بووبێ و هۆفی پەلاماری دابێ، موززلیمە، ئەوی پەلاماریشی دابن بە زاڵم دەچێتە هیساباتەوە. لەو دەمیدا ڕۆمی لە بەری خۆرئاواوە، هەڵیاندەکووتایە سەر کووردەهەوار و ناوچەی شامێ، کووردەکان و هارەبەکان دژمنیکی هاوبەشیان هەبوو،

ئەمەش هێندەی دی هەردوولا لە هێک نێزیک دەخاتەوە. ئەم خۆ بە هاوبیرزانین و نێزیکبوونەوە و، ئەو ڕێ کردنەوەیە لە بەردەم نوێنەرانی مووسلەماندا، هەڵەتێکە لە کەم زانی و، بێ هەبەریەوە سەرچاوە دەگرێ، هەرئەم هەڵەتەش ڕێ لە پێش هەڵەتە گەورەکە دەکاتەوە و، سەرەنجام کووردەکان بەڵاهێک بە سەر خۆیاندا دهێنن، هەرگیز لێی دەرناچن. سەرهەڵدانی "هەلەوی" لە کۆمەڵی کووردهەواریدا، لێکەوتە بەدەکانی سنووردارن، تەنانەت قاڵبگرتنی "شیهە"ش لێکەوتە خراپەکانی لە سنوورێک دەوەستێ، وەلێ خۆ بە هاوبیرزانین لەگەڵ ئەو مووسلەمانەی بە "سونە" ناسدراوە، دەبێتە کووتەکێک بەر تەپڵی سەری کووردان دەکەوێ. هێکەم دۆڕانی زهینی، لێرەوە لەم خۆ بە مووسلەمانزانینەوە دەستی پێکرد. هەنگینێ و پاشانەکانێش، خەڵکی باکوور و ناوەندی هەوارەکە مهیرپەرست بوون و، بە هوودای مهیربانەوە بەند بوون، بەڵام خۆ بە هاوبیرزانین لەگەڵ مووسلەمان و، باوەڕکردن بە ناو و ناوەڕۆکە مهیریەکەی مووسلەمانێتی، خراپی بە سەرهێناون، تەنانەت لە باری زەمینیدا دۆڕانێکی تووڵانی تووش کردن. خێڵانی هۆفی ناودێر بە تورک، لەم خۆ بە مووسلەمانزانینەی کووردان ڕووخسەتیان وەرگرت و، شەپۆڵ شەپۆڵ ڕوو بە کووردهەواری دایک هاتنە خوارێ. هاتنەکە هەزار ساڵێکە، دەردێکە کەوتۆتە کەوڵی کووردهەواری و، چەندێک کات گوزەردراوە، هێندە زیادتر کووشندە بووە. تورکەکان خێڵانێکن بە پێشینەی شەش هەزار ساڵ هۆفیبوونەوە، سەرەتا لە خۆرئاوای "زاینا"وە هاتبوونە ئەودیو زەریای قەزوینێ، لە وێندەرێ شانیشینێکیان خستبووە سەرپا و، بە نەزمی نێرناوەندی و کۆیلەداری هەڵدەسووڕان، بە جۆرێک نێراتی و نێربوون لە ناو ئەو دڕندانەدا، بە هەندازێک چووبووە زهینیانەوە،"کێر"ی پیاویان بە سەنبووڵ و هێمای هوودا دەزانی و دەیانپەرست. پاشان بە فەرمانێکی پاشاهێتی، چوونە سەر بیروباوەڕی جوولەکە و، هێماهەکەیان دەست لێ بەردا، لە دەورانی پاشتریش ناوی جوولەکەیان لە خۆیان کردەوە و، ئەوجارە مووسلەمانبوونی خۆیان ڕاگهاند. لە ڕاستیدا تورکەکان نە پێشان جوولەکە بوون و، نە پاشان مووسلەمان، ئەوان هیچ نەبوون، بێجگە لە هەشیمەتێکی هۆفی، لە لاوازیدا سەرکز بوون و لە بە هێزیدا سەرەڕۆ، لە لاوازیدا هەڵدەهاتن و لە بەهێزیدا هەڵیاندەکوتایە سەر مەفتەنی ئەوانیدی. هەنەوکەش وەکوو هەینێ لەوجۆرە دڕندانەن، بنەڕەتەکەیان نەگۆڕاوە. شانیشینەکەی تورکان لەو دیو قەزوینێ، زۆری دەوام نەکرد، وقتهێک خێڵانی ڕووس پەلاماریان دان، بەزین و قۆمەتێکیان بە ڕێبەرێتی سەلجوق بەرەو لێوارەکانی کووردهەوار هەڵاتن. هەڵە گەورەکەی کووردان و، هەڵاتنە گەورەکەی تورکان لە هێک کاتدا بوون، کووردەکان جەنگاوەرانی ڕووناکی بوون، دەیانتوانی بەرەو ڕوویان بوەستن و، نەهێڵن تورکە هەڵاتووەکان پێ لەو خاکە بخەن، وەلێ خێڵەکانی باکوور هەڵخەڵەتان و، بنەما لە سەر ناوی مووسلەمانێتی و خۆ بە هاوبیروباوەڕزانین، لە قەراخەکانی زەریای ڕەش و، هەنادۆڵی

هاوتخووب بە ڕۆم، جهێیان دانێ، خافڵ و بێ ئاگا، نەیاندەزانی ئەو هەڵاتووانە مشتێک هۆفین و، مووسلەمانێتی تەنەها ڕووبەندێکە داویانە بە سەر ڕووخساری خۆیاندا، لە ژێریەوە سەرێکی دڕندە شێردراوەتەوە. کووردەکانی باکوور وهایان بیر دەکردەوە، سەلجووقی دەبنە هاوپشت و، ڕوو بە ڕۆمیان دەچنە مەیدانێ، کەچی بوونە بەڵا، پاشانەکە بەرەو هەندێک لە دەشتەکانی باکووری هێرانێ ڕۆیشن. لە دەورانێکی دی، قۆمەتێکی دیکەی تورکان لە شەڕی خێڵانی ڕووس دەدۆڕێن و، دیسان ئەوانیش ڕوو بە سەرزەمینی کووردەوار هەڵهاتن و، هاتنە خوارێ، ئەوجا لە ڕێهێ، ئەوکاتەی سەردەستەکەیان دەمرێ، هەشیمەتەکە لە نێوان هەردوو کووڕەکەیدا دەبێتە دوو بەش، بەشێکیان بە ڕێبەرێتی "هۆسمان" دەچن لە پەنای سەلجوقیەکانی هەنادۆڵ جهێ دەگرن. هەردوو خێڵی سەلجوق و خێڵی هۆسمان، نە لە هاتنیان بەرەو لێوارەکانی کووردەوار و نە لە مانەوەیاندا، تووشی شەڕ نەهاتوون، کووردەکان خۆیان ڕێیان داونەتێ بێن و بمێننەوە، لەکاتێکدا تورکەکان لە کرۆکیاندا هۆفی بوون و، کووردان بەمەیان نەدەزانی، چوونکی پێشترێ کەوتبوونە هەڵەی پەسەندکردن و، بە مهیری زانینی مووسلەمانێتی، ئەمەش لە سەر بنەمای بیستنی ئەو بەشەی بیروباوەڕی مهەمدی کووری هامینێ بوو، کە لەگەڵ بەشێکی گەورە لە بیروباوەڕی هۆفێتی هاخێندراوەتە کتێوی قورئان و، نوسدراوەکانی دیکەیانەوە. بەم چەشنە هەڵەی کووشندەی هەندێک لە خێڵاتی باکووری کووردەوار، خەڵکی ئەو بەشەی هەوارەکە و، بەشەکانی دیکەشی بە هەڵاکەت برد. ئەو خێڵە کووردانە قۆناخ بە قۆناخ ڕۆمی (بێزەنتی)یان لە خۆرئاوای هەنادۆڵ ڕاودەنا و، ناوچەکانیان دەدایە دەستی تورکان بەڕێوەی بەرن، بەم شێوەیە تورکەکان دۆڵە بەربەرینەکەیان کەوتە مشت و، بڕێک بە دەسهەڵات بوون، پاشەوەش بە ناوی هەکوومەتی مووسلەمانێتی، خۆیان پف دا، هوورده هوورده هەنادۆڵی خۆرئاوایان لە باکووری کووردەوار دابڕی و، خستیانە چنگی خۆیانەوە، هەنادۆڵی خۆرهەڵاتیش چووە ژێر کاریگەریانەوە. جاران کۆمەڵی کووردەهەواری هێک پارچە بوو، لە هەرسووچێکیەوە پەلامار بدرابایە، هێکێتی هێز پێک دهات و، دژمنی تێک دەشکاند، بەڵام کاتێ لە ناو خۆیاندا پەرت بوون، چیدی نەیاندەتوانی وەکوو پێشترێ هێکێتی بەرپا بکەن. کەرت کەرت بووبوون، شیهە، هەلەوی، بەشێکیش مهیری بوون و، لە باری ناودا بە مووسلەمان دەناسدران، هەر هێکە لەو سێ ڕەوتەش لە ناو خۆیاندا بووبوون بە دوو بەشەوە، لە سەر ئەوەی داخۆ ڕاست و ڕەوایە لە دژی دەسهەڵات بچنە شەڕکردنێ، یان نا؟ هاوزەمان دەسهەڵاتەکە لە بنەوەڕا ئەو ناکۆکیانەی قووڵ دەکردەوە و، هەردوولا ناکۆکەکەی بە شەڕ و ڕقەبەرێتی هێکدی لاواز دەکرد، ئەوجا دەسهەڵاتی بە سەر هەردوولایاندا توووند دەکرد. گەلێک جاران کە خێڵێک بە دژی دەسهەڵات هەڵستاوەتەوە، خێڵێکی دیکە چۆتە پاڵ دەسهەڵات و کەوتۆتە شەڕی کووردەکە، هاخر لەوان واها بووە شەڕ

لەگەڵ دەسەڵات بە واتای شەڕە لەگەڵ دەسەڵاتێکی نێزیکە هوودا. کەڵێن بکەوێتە زهینەوە، کەوتۆتە زەمینیش، ئەو هەڵەتەی "سەر" دەیکات، هەم خۆی و، هەم "دڵ" و، هەم تەواوی "لەش" گرفتار دەکات. هەی کووردینە، خۆ دەبینن چیتان بە خۆتان کرد، چلۆن بە هەڵەتێک دەرووی ڕۆژگارێکی ڕەش و تاریکتان بە ڕووی خۆتاندا کردەوە. چاوتان بکەنەوە و ببینن، ئێوە لە ناوخۆدا دۆڕان، دەنا هەرگیز هیچ نەیارێک قوودرەتی نە دەکرد دەستی بە سەرتاندا بڕوات. دەی هەڵستنەوە ڕۆژی قیامەتە، لەو دۆڕانە وەرنە دەرێ و، فەرمانی هوودای مهیربان بە جهێ بهێنن. لە سەرتانە تاق بە تاقی خەڵکی کووردهەوار پابەندی نامووس بکەن. هۆ باوەڕداران! بە هیچ پاساوێک ڕێ مەدەنە چ تاق و تاقمێک، لە دەرەوەی بازنەی نامووس بمێنێتەوە، هەرکەس بەرهەڵستی کرد، بە ڕووت و قووتی ئەودیوی بکەن بەرەو دەسەڵاتی هۆفی، با چاک بزانێ لە پاشەڕۆژیشیدا ئەودیوی دۆخی دۆڵزاخ دەبێ.

## پۆپەی 24

لە کووردهەواری ئەمڕۆدا، کەمینەی کریستی هەن، ئەو کریستیانە لە پۆلێندا دەبنە سێ بەش، بڕێکیان لەو خێزانە لێقەوماوانەن، ئەوانی لە شەش سەدەی پێشوودا، پۆڵ پۆڵ لە شامێ ڕا هەتوون، بڕێکیش لە هێوەی ئاوی قەزوینێ هاتوونەتە خوارێ، ئەوانی دیکە کووردانی بە پێشینە مهیرین و، لە ماوەی سەدەکانی ڕابردوودا بوونەتە کریستی، دەنا هەرخەڵکی ئەو خاک و خۆڵەن. بچۆن گەنجینەی قەدیمی ڕۆماهێ بڕۆنن، لە دامێنی هەندیک کەچە نوسدراوی گەنجینەکەدا، ناوی ئەو بانگخوازانە هەیە، کە بە مەرامی بە کریستیکردنێ هاتوونەتە ئەم هەوارە و، ساڵانێک لێی ماونەتەوە. کابرای ناسدراو بە "ماوریتسیۆ گارزۆنی" هێکێکە لەوانەی نێزیک بە دووسەد و پەنجا ساڵی لەمەوپێش، لە ڕۆماهێ ڕا هات و، ماوەی بیست ساڵی ڕەبەق بە قەسدی بانگخوازی لە هەرێمی هامێدی دایکووتی. کریستیانی ئێستای ئەوێ و، ئەوانی هەرێمی مووسلێ، بنەچەی بەشێکیان دەچێتەوە سەر ئەو خێزانە کووردانەی، کە ئەم پیاوە و هاوەڵانی لە وقهتی خۆیدا بیروباوەڕیان پێ گۆڕیون. هێڵی هۆفێتی کریستی، هەرچەند خۆی هێنا و برد، قەت نەیتوانی بە لەشکرکێشی و هێزی ڕەق، تخووبی دڵی کووردهەوار ببڕێ، کاتێکیش لە سەردەستی "یووسفی کووڕی خاتوونێ" دووچاری شکست هاتن، تێگهیشتن بە شەڕ و شمشێروەشاندن ناگەنە چ جهێ، هیدی ڕێگەیان گۆڕی، هەوڵیاندا لە مهیربانی و مێواندۆستی کووردان بە خراپ کەڵک وەربگرن و، بە هێزی نەرم خۆیانیان تێبخزێنن، ئەوجا لە بنەوەڕا هەستوونگی هێزی هەوارەکە هەڵقەنن. لە پێڕستی مهیردا، جهێ کردنەوەی خەریبە و لێقەوماوان فەرزە، چوونکوو خاک دایکە

و هی هەموو هێکێکە، بەو شەرتەی ئەوی دێ پابەندی نامووس بێ. قەینا باشیان کرد دەستیان بەم هەستوونگەوە گرت، بەڵام دەبوو هوورد و بە هیسابن لەگەڵ تاق و تاقمی بە ڕووالەت لێقەوماو و گەڕۆک، هەق وها نەبوو بەبێ پابەندکردن بە مهیرپەرستی، جهێی مانەوە بە لێقەوماو و دەربەدەرانی کریستی بدەن. جهێ پێدان بە تاقمەکانی جوولەکەش، ئەوانی لە هاخیرین سەدەکانی تاریکیدا، ئەنگلیزی هۆفی بە مەبەستی بەڕێوەبردنی بازارەکان هێنانی، هەڵەتێکی دیکە بوو. ڕاگرتن و مێوانداریکردنی تاقە کەسێکیش، ئەگەر کەسەکە جهێی گوومان بووبێ، قەت دروست نیەه. پێشینانی کووردهەواری گووتیتیان:" بەردی گچکە، بەردی گەورە ڕادەگرێ،" ئەم گۆزارە گوزارشتە لەوەی ئەگەر شتە بچووکەکان نەخەنە هیساباتەوە، پاشانەکە شتی گەورە لە دەست دەدەن، هەروەکوو لە دەستتان دا. لە ماوەی هەفت سەدەدا، نێزیکی پێنج سەد نێردراوی ناسدراو بە قەسدی جۆراوجۆرەوە، خۆیان گهاندۆتە ئەو هەوارە و پێیدا گەڕاون، بڕێکی کەمیان نەبن، هەموو ئەوانیدی سەر بە دەسهەڵاتەکانی هۆفێتی بوون، هەیانە بە ناوی ناوچەناسین هاتوون و، لە ڕێ و بانەکانیان کۆڵیوەتەوە. هەیانە بە ناوی بازرگان لە سامان و سەروسەودایان پرسیوەتەوە، هەندێک تێکۆشاون بنەماکانی بیروباوەڕی خەڵکەکە بناسن و بگۆڕن، هەندێکیش لە بنەمەکانی جەنگاوەرێتی خەڵکەکە هوورد بوونەتەوە. زۆر کەم ڕوویداوە گەڕۆک بێ مەرام و نیازپاک بووبێ. دەسهەڵاتە هۆفیەکان خواستووتیان بنەڕەتەکانی هێز و، کوون و کەلێنەکانی لاوازهی کۆمەڵی کووردهەواری بناسن و، ڕێ لە بۆ دەست بە سەرداگرتنی زهینی خەڵکەکە و، لە دوور مەوداش ڕێ لە بۆ داگیرکردنی خاکەکە ببیننەوە. ئەو کابرای وا لە ڕۆماهێ هاتبوو، بیست ساڵان هەوڵی نەسرەوتانەی دا، بە مەرامی بیروباوەڕ پێ گۆڕینی خەڵکی هامێدیێ، وەلێ نەیتوانی لە چەند کەس زیادتریان لێ هەڵبخەڵەتێنێ، هیدی لە هەژمەتی هەندێ، بە کۆمەڵێکی دڕندە و بێ باوەڕ ناساندوونی. ڕاستی ئەوەیە نە هەوڵەکانی بە کریستیکردنێ، نە تاقمە لێقاوماو و مێوانەکانی کریستی، قەت نەبوونە قوودرەتێک بتوانن خواستی ئەنگلیزەکان لە هەناوی کووردهەواریدا بە دید بهێنن. سەدوچەند ساڵێک لەمەوپێش، ئەنگلیزەکان دەستیان دایە دامستدراندنی"کەنیسەی ئاشووری" و، ویستیان هەموو کریستیانی کووردهەوار لە بازنەی زیندووکردنەوەی ناوی درۆینی ئاشووریدا خڕبکەنەوە، ئەوجا لە ناو دڵی کووردهەواریدا، چهارچێوەی دەسهەڵاتێکیان بدەنێ، بەڵام ئەو کارەشیان سەری نەگرت. خەڵکینە! با ڕوون و بێ خەوش بێ لاتان، وەکوو ئاوی ڕوونی کانی، لەمڕۆوە نامووس تاقە شت و هەموو شتێکە، نە دین، نە قۆم، نە خێڵ، نە هیچ شێوە زمان و نەریت و، نە هیچ بیروباوەڕێک ڕێی نادرێتێ، هەموو هێکێک لە سەرێتی بەبێ دەمەقڕێ، پێ لە بەندی نامووس بێ. ئەوی لە دەرەوەی نامووس بمێنێتەوە، نە کووردە و نە لە جەوهەردا بەشەرە. لەمەوپاش دوو بەرە هەیە، بەرەی نامووس و مهیر، یان بەرەی بێ نامووس

و هۆفی. هەڵسوکەوتەکە لە سەر بنەمای سپی و ڕەش نیهە، چوونکە بەرەی هێکەم دووە لە هێکێکدا، مهیر و مهیرهۆفە، بە واتاهێکی دی ڕووناکی و ڕەنگە، بەڵام هی دووهەم بەرەی تاریکیهە.

## پۆپەی 25

هەی کووردینە، هاڕدراوینە، هەڵستنەوە سەرپێ و، لە بەر ڕۆشناهی ناmووس زهینی خۆتان ڕوون بکەنەوە. هەڵستنەوە بە سەر بڵندی ڕاوەستن، ئەوە فەرمانە لە قووڵاهی گەردوونەوە، هەرکێ پێی پابەند نەبێ، بهێشتی پاشەڕۆژ لە کیس دەدات و، ڕوو بە دۆخی دۆڵزاخ دەخزێ. فەرمانی هوودای مهیربان وهایە، دیسان ئەم کووردهەوارە دایکاتی جێهانێ بکات و، گیان بە بەری بەشەرێتدا بکاتەوە، لە سەر تاق بە تاقتانە فەرمانەکە بە جهێ بهێنن. ڕێ ڕاستەکە ئەمەیە و بەس. نوسدراو وەلانێنن، ناmووس بە باقی بهێڵن و، بە کافی بزانن. لە خۆمی ببیستن، درۆی جۆربەجۆر لە سەر ناوی مێژوو نوسدراونەتەوە، گەلێک هەلیت و پەلیت دەربارەی داگیرکردنێ هاخێندراونەتە سەرتانەوە، بەجۆرێک هەنەوکە لە هەرکەس وهایە: کووردهەوار لەوەتی هەیە بە بندەستی ژیاوە و، قەت سەروەری بە خۆوە نەدیوە، لە کاتێکدا هیچ وقتهێک داگیرکردنێکی لەو وێنەیە لە کووردهەوار ڕووی نەداوە. هۆش بهێننەوە ناو سەرتان، بە دروستی ڕووداوەکانی ڕابردوو لێکدەنەوە، بە پێودانگی ئەوڕۆ ڕووداوەکانی دوونێکە مەپێون، ئەم کارە سەرتان لێ دەشێوێنێ و، لە ڕاستی دوورتان دەخاتەوە. بە هیساباتی هوورد تووخنی چەمکەکان کەون، دەستگرتن بە سەر خاک و، دەستگرتن بە سەر خەڵک فەرقی هەیە، پێدا تێپەڕین و تێیدا مانەوە لە خاکێک دوو هەلومەرجن، لە مانەوەشدا جوودایەزی و جۆرێتی هەیە. هاتنەکەی هێگزنەفۆنی یۆنانی بە نموونەی لێ تێگهیشتن وەربگرن، هاتنێکە واتای پێدا تێپەڕینی لە سەر ساخ دەبێتەوە، نەک داگیرکردن. پیاوەکە بە دە هەزار شەڕکەری چەتەوە هەڵیکووتاوەتە سەر گووندێک، خەڵکی گووندەکە بە کێو و بەرزاهیدا هەڵگەڕاون و، لە وێوە بە تووندی لێی وەدەست هاتوون، هیدی شەوێک ماونەتەوە و، پاشانەکە کەوتوونەتەوە ڕێ. لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەی تێپەڕینیان بە کووردهەواردا، چەتەکانی یۆنانێ پتر لە هەزار و دووسەدیان لێ کووشت دراون، هەندێک جار وەها شکاون، تەنانەت نەیانتوانیوە دەستیان بە تەرمی سەردەستەکانیان ڕابگات. کابرا ددانی پێدا ناوە، ژمارەی جەنگاوەرانی کووردهەوار زۆر کەم بوون، لەگەڵ ئەوەش گورزی توونديان لێ وەشاندوون. خۆی گووتیتی: "ئەگەر بلوایە زۆریان لێ خڕببنەوە، قڕیان تێ دەخستین." دەی کووردینە، خۆبەخۆ سەرکۆنەی خۆتان بکەن، هاخر چلۆن هەقڵتان پێی نەشکا، چلۆن ئەم سەرکەوتنەی

پێشینانتان لێ بۆته شکست و، وهاتان ناو داوەتێ داگیریان کردوون؟ هاتنەکەی هەڵیکساندەری کووڕی هۆڵمپیا، ڕووداوێکی دیکەیە لە پێدا تێپەڕین بە سەرزەمینی کووردهەواریدا، ئەو لە مەکەدۆنێ ڕا، هەتا سەرزەمینی هیند ڕۆیشت، بەبێ ئەوەی بتوانێ کووردهەوار بگرێ، بەڵکوو لە زهینەوە خۆی ڕادەستی شارستانێتی ئەو هەوارە کرد. ڕاستە تەختی پاشای فارسەکانی گرت، کە بەشێک بوون لە خێڵانی کووردهەواری، وەلێ سەرنەکەوت، کەوتە ژێرکارتێکردنی شارستانێتی دایک و، جوانمێرێتی جەنگاوەرانیانەوە، لەبەرهەندێ زۆربەی سەرلەشکرەکانی یۆنانێی لادان و، هەڵسووڕاندنی هێزەکانی بە جەنگاوەرانی کووردهەوار سپارد، تەنانەت وهای بڕیار لێدابوو کەلتورەکەشیان بە بنەما بگرێ، بەڵام نەخۆشکەوتن لێی نەگەڕا، زوو مرد و هێزەکەی لە بارهێک هەڵوەشایەوە. لەم ڕووداوەدا دۆڕانی زەمینی و، بردنەوەی زهینی هەیە، کووڕەکەی هۆڵمپیا لە باری زەمینیدا دەسهەڵاتی بەشێکی کووردهەواری شکاند، لە هەمان کاتیشدا خۆی دایە دەستی جوانمێرێتی جەنگاوەران و، جەوهەری مهیریات، لەبەر ئەوە ئەگەر بە پێوەری هەقڵانی لێکیبدەنەوە، هاتنەکەی واتای داگیرکردنی لە سەر ساخ نابێتەوە، چوونکی نە بیروباوەڕ و، نە نەزمی بەڕێوەبردنێ نەگۆڕدراون، لە سووپاکەشی فەرماندەی یۆنانی لادراون و، پیاوانی کوورد چوونەتە جێگەیانەوە. چاک بزانن، نە هەنگێ و نە پاشانەکە، قەت چ جاران هاتنی داگیرکەران دەستگرتن نەبووە بە سەر کۆمەڵی کووردهەواریدا، کۆمەڵەکە هەمیشە بە سەروەری و خۆبەڕێوەبەری ماوەتەوە. بڕۆننێ، ئەگەر "بابل" داگیرکردرابێ، هەم خاک و هەم خەڵکەکەی دەستیان بە سەردا گیردراوە، چوونکە لە گشتەدا بابل شارێک بووە لە قاڵبی کۆمەڵی چیناتیدا. لە کووردهەواریدا، قەت چ کات وێنەکە ئەوها نەبووە، لەبەرئەوەی شارانی وەکوو شاری بابل، تەنەها لە هەلومەرجی چیناتیدا سەرپێ دەکەوتن، کووردهەوار بەس گووندی لێ بە شێوە دهات، جا هەزاران لەو گووندانە لە بناران و، لە قەد پاڵی کێوان هەڵچەندرابوون. هەنەوکە لە خۆتان بپرسن: ئەگەر هێگزەنەفۆنی یۆنانێ بە دە هەزار چەتەوە، نەیتوانییێ دوو گووندان بگرێ و، سێ شەوان بینێکیان تێیدا بدات، هەدی کێهان لە داگیرکەران گرتنی هەزاران گووندیان لە بۆ چۆتە سەرێ؟ دەی کووردینە، بێ دەماخینە! دەستسڕێک هەڵگرن و، ئاوی ڕووتان بسڕن. بێشک نیتانە، دەماختان هەبایە، هەرزوو ڕاستیەهەکەتان لە بن خرتۆڵێ دەردهێنا و، دەتانزانی هەرگیز هەشدادتان بە ژێردەستی نەژیاون. لە خراپترین باردا، داگیرکردنی کووردهەوار و، پێ داکووتین و تێیدا مانەوەی، تەنەها داگیرکردنی هەندێک سەرەڕێ و، چەند گووندێک بووە لە دەشتە ڕووتەلەکاندا، بەبێ ئەوەی دەستیان بە سەر خەڵکەکەدا بڕوات. داگیرکاری بە ناوی ئاشووری، ڕێک و ڕاست ئەم وێنەیەی بە دید هێناوە، ئاشووری (یان ئاسووری) خێڵانێکی هۆفی بوون بە پێڕەوتی لە هوودای درۆینی ناودێر بە "ئاشوور،" ناوەکەیان

لە ناوی هوودا درۆینەکەیانەوە بە سەردا بڕاوە، ئەوان پێشی یۆنانیەکان، لە شامێرا هەڵیانکووتایە سەر کووردهەوار، وەلێ نە زۆر و نە کەم، قەت لە چ دەورێکدا دەستیان بە سەر کۆمەڵی کووردهەواریدا نەڕۆیشت، تەنەها لە هەندێک دەشتی چۆڵەوانی هەڵقوونجاون، لەو دەشتانە بنکەیان داناوە و، دیواری پتەو و بڵندیان لێ هەڵچەنیون، بەو مەبەستەی قوودرەت بکەن خۆیان لە پەلاماری سوارچاکانی خانەخوێ پەنا بدەن، سەرەڕای ئەوەش، لە کۆتاهیدا هۆزگەلی کووردهەواری لە ڕیشەوە کێشیان کردن. داگیرکردنەکەی ڕۆمی، وێنەی هاوشێوە بە داگیرکردنەکەی ئاشووری دووبارە دەکاتەوە. ڕۆمی هاتوون و بە چەرمەسەری زۆرەوە، تەنەها لە بڕێک سەرەڕێ ماونەتەوە، لێرەولەوێی سەرەڕێیەکانیش هەندێک لەو گووندانەیان بەرچنگ کەوتوون، کە خەڵکەکە چۆڵیان کردوون و، ڕۆیشتوونەتە شاخانەوە. پاش ئەوەش چ جاران تیایدا نە هەساون و، هەردەم تووشی شەڕی جەنگاوەرانی شارستانێتی دایک بوونەتەوە. لەم هەوارەدا، بە هام دۆخی داگیرکردنێ ئەوها گوزەراوە، ئەوی توانیبێتی بمێنێتەوە و داگیرکردنەکە بەرجەسدە بکات، بەس هەندێک چۆڵ و چەم و، سەرەڕێی بە دەستەوە گرتوون، ئەمەش لە لێکەوتەی مەودای فەراوانی جیداوازی چەندێتی، لە نێوان جەنگاوەرانی ڕەنگ و ڕووناکی، بەرهوورد بە شەڕکەرانی تاریکی. لە سەرەتای پەیدابوونەوە، کۆمەڵی کووردهەواری دایکاتی دەکرد و، ماوەی پتر لە هەفتا هەزار ساڵ نەوەکانی هەربڵاو دەبوونەوە، لە بەر هەندێ چڕبوونەوەی بە خۆیەوە نەدیت. کووردەکان کۆمەڵێکی بە ژمارە کەم بوون، هەوارەکەشیان پانوپۆڕ بوو، نەیاوە لە هەموو دەشت و دەرێکدا گووند دروست بکەن، بە تایبەتی ئەو دەشتانەی پاڵیان بە پاڵی شاخ و داخان نەداوە، پاراستنیان هاسان نەبووە، بنیادنانی قەڵاتەکان پاڵپشتی بووە لە دەشتە ڕووتەڵە و بێ پەناوپشتەکان، لەگەڵ ئەوەش هەندێک کات بە هۆی لاسەنگی هێزەوە، قەڵاتەکان کەوتوون و، دەشتە ڕووتەکان بەردەستی داگیرکەر کەوتوون، وەلێ هیچ دەروزەمانێک کۆمەڵی کووردهەواری بندەست نەبوون، هەمیشە بە سەروەری ماونەتەوە.

## پۆپەی 26

تورک برین و دەردە، وا هەزار ساڵێکە ئەو برینە کەوتۆتە ئەم ناوچەیە و، کێم و زهەرهاتی لێ دەردەچێ، بە جۆرێک قۆمەکانی هەرچهار لای خۆی دهێشێنێ، لە هەرقۆمێک زیادتریش، قۆمی کووردهەواری بە دەست ئەو دەردەوە هێشاوە، چوونکوو برینەکە لە سەر "سەر"ی ئەم هەوارەیە. دەنگوباس وهایە، تورکان سەدان ساڵ بە سەر بەشێکی کووردهەواریدا بە دەسهەڵات بووبن! نا، هەرگیز ئەوها نەبووە،

ئەوان هیچ وقتهێک دەسهەڵاتدارنەبوون بە سەر کوردانەوە، بە تایبەتی ناوەندی کووردهەواری، خەڵکانێک تیایدا ژیاون، بەس ئەو سەد ساڵەی هاخیری نەبێ، دەنا هەموو دەوروزەمانێک سەروەر و سەربەخۆ بوون. ناوەندی کووردهەوار ئەو بەشە زەمینەیە، وا لە خەشیمی و نەزانی کووردانی کەوتووەوە، بە ناوی باشوور و ڕۆژهەڵات ناسدراوە، ئەوانە باشوور و ڕۆژهەڵات نین، بەڵکوو چەپ و ڕاستی دڵی کووردهەوارن، ئەو دڵەیە ئەمڕۆ زیندوو دەبێتەوە و دەکەوێتەوە لێدان، ئەوجا هەموو کووردان و بەشەرێت بە دووی خۆیدا زیندوو دەکاتەوە. ئەمڕۆ کووردهەوار کەوتووە، هەمان کەوتنی ئەو کەسەی لە شاخێک هەڵدێراوە و، لە هەمووان وهایە مردووە، بەڵام لە هیکڕا دڵی بە ترپە دەکەوێتەوە، ئەمەش ڕووداوێکە برێک پێی شاگەشکە دەبن و، بڕێکیش شۆک. سبەینێ کووردهەوار لە سەرپێی خۆێتی، هەروەکوو چلۆن دوونێ بە پێوە بوو. زهینی بدەنێ، وێنە ڕاستەکەی دوونێتان دهێنمە بەرچاو، هەتاوەکوو ببینن چ زوورفێک لەم ناوە گوزەراوە. وێنەکە دوو دیوە، دیوێکی ئەوەیە دەسهەڵاتدارێتی تورک بە سەر هەرێمەکانی باکوور و ناوەندی کووردهەواریدا، خۆی لە چەند قەڵات و، بڕێکی زۆر کەمی دەشت و دەری کووردهەواری دیتۆتەوە، لە ڕێی نێوان هەردوو شاری"کوستەنتینە" و "بەگ داد" بنکەیان داناوە، لە کاتێکدا هەرێمەکان هەزاران گووند بوون، هەرهێکە لەو قەڵاتانەش بە گووندێکی گەورە هیسێب بوون، نەک زیادتر. دیوەکەی دیکەش ئەوەیە کووردان خۆیان ڕێیان داونەتێ و، هەندێک جاریش بوونەتە پاڵپشتیان، هەم لەبەر ناوی مووسلەمانێتی، هەم بە قەسدی پێش پێگرتنی لەشکرکێشی کریستی. ڕابردووی تورک لە خۆرئاوای هەنادۆڵ و، باکووری هێرانێ، ڕەسەن نیهە و بێ ڕیشەیە، تەنانەت خاک و ئاو و هەواکەش ئەوە دەزانن و، هیچ لە قاڵبیان خۆش نیهە، وا قۆمی هۆفی و دڕندەی وەکوو تورک هاتوونەتە ئەم بەشە خاکە و، بوونەتە برین بە سەریەوە. کۆیلاتی، لەشفرۆشی، نێربازی، خزمەتکاری و گەلیک خراپەی دی، لەگەڵ هاتنی تورکان هاتنە ئەم ناوە، ئەوان بە پێشینەی شەش هەزار ساڵ نێرناوەندی و چیناتیەوەن، پاشانەکەش هەلومەرجەکەیان بە ڕووکاری مووسلەمانێتی توول داوەتێ. لە هەلومەرجی چیناتیدا، پێکهاتەی خێڵی سرووشتی هەڵدەوەشێتەوە و، پێکهاتێکی دیکەی نێرناوەندی شوێنی دەگرێتەوە، زۆرجاریش ئەو پێکهاتەیە، هەر بە ناوی هێکەم پیاوی دەسهەڵاتدار بە سەر پێکهاتەکەوە، ناو پەیدا دەکات. سەلجوقیهەکان لە ناوی "سەلجوق دوقاق"، هۆسمانیهەکان لە ناوی "هۆسمان هەرتەخرڵ" ناویان پەیداکرد. لە کن خێڵانی مهیرپەرستدا، هەرگیز ناولێنان لە خێڵ، لە سەر ناوی پیاوان نەبووە، سوورپێستەکان خێڵەکانیان بە ناوی هاژەڵان ناو لێناون، گەنمڕەنگەکانی کووردهەوار بە ناوی شوێن وناوی واتاداری دیکە بە ناویان کردوون. تورکەکان لەو پێکهاتە هۆفیانەن، لە باری ناولێنانیشدا لە پێکهاتەی مهیری جوودا بوونەتەوە. پێکهاتەی خێڵی هۆفی، هێکسەرە بە هۆفێتی و نێرناوەندی شێوەی هاتۆتێ،

پەیوەندی خزمخوونی و، هیچ جۆرە پەیوەستبوونێکی سرووشتی، لە ناو پێکهاتەکەدا نەبووە، چوونکی لە هەرکات و هەرشوێنێکدا دەستیان ڕۆیشتبێ، خەڵکانی دیکەیان کۆیلە کردوون و، لە ئاستی خوارەوەی پێکهاتەکەدا جهێیان داونەتێ. هەموو خێڵێکی هۆفی لە دەستپێکێدا بە قاڵبی بچووک هاتۆتە مەیدانێ، پاشانەکە بە هۆی شەڕەکانەوە گەورەبوون. لە شەڕی نێوان دوو خێڵی هۆفیدا، ئەو خێڵەی زاڵ بووبێ، خێڵە دۆڕاوەکەی کردوون بە کۆیلە و، تێکەڵ بە پێکهاتەکەی خۆی کردوون. لە بەرئەمەیە پێشینەی خێڵی سرووشتی لە ناو تورکان نەماوە، نە تورکانی هەنادۆڵێ و، نە ئەوانی هێرانێ سەر بە هیچ خێڵێکی سرووشتی نین، بەڵکوو پاشماوەی کۆیلە و خزمەتکار و لەشفرۆشەکانی سەردەمانی پێشوون، لە نێواندا خەڵکێکی زۆریش هەن هی ئەو هەوارەن و، لە ڕەوەندی ڕابردوودا تێکەڵی تورکان بوون و، هەنەوکە وەکوو تورک دەناسدرێن. پێشینەی بە هۆفیبوونی تورکان دوور و قووڵە، ئەمەش وەهای کرد کۆیلە لە نێویاندا هەندازبەدەر زۆربن و بە کەمنرخێک بفرۆشدرێن، بە جۆرێک دەسهەڵاتەکانی مووسلەمانێتی بە کۆمەڵ دەیانکڕین و، لەشکریان لێ دروست دەکردن، کووڕە منداڵ و جوانکیلەکانیشیان بە مەیلی نێربازی بە کاردەهێندران، هەرلە مانەوە "قووندەری" و لەشفرۆشتنی ژنان کەوتۆتە ئەو ناوچەیە و، ڕەوتی دراوەتێ. ئەو دووری و قووڵیەی هۆفێتی لە ڕەچەڵکی تورکاندا، وەهای لێکردوون لە پیسترین و دڕندەترین قۆمی جێهانێ بن، دڵێکی ڕەش لە ناو سینگیان و، مووخێکی تاریک لە ناو سەریان دایە، خراپە و ڕەش ڕەفتاری تورکان بە هەندازێکە، "هەدۆلف کووڕی کلارا" لە چاو ئەوان بە هەفت ئاو شۆردراوەتەوە. پاش هەموو ئەمانەش، دەرووی لێخۆشبوون و بە مهیربوون لە پێش تورک و، لە پێش هەمووان والایە، ڕۆشنکردنەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو لە بۆ ئەوە نیهە بیر لە تۆڵە بکەنەوە، بەڵکوو لە بۆ ئەوەیە خۆتان بناسن و، چاکە بەرامبەری ئەوانە بکەن، کە خراپەیان بەرامبەر کردوون. دایک منداڵە خراپەکانی فڕێ نادات، بەڵکوو دەیانخاتەوە سەر ڕێی ڕاست. هۆ کۆمەڵی کووردهەواری، دیسان ئەوە ئێوەن دەوری دایک دەبینن لە جێهانێ، ڕووناک و ڕەنگین بن، دایکانە بجووڵێنەوە و، بانگ لە جێهانێ بکەن ڕوو بە مهیر بهێن. کووردان لە هەواری خۆیان وەکوو داربەڕوو نووسابوون بە خاکەوە، وەلی لە هاخیرین سەدەی تاریکدا، بە زۆر هەڵکەندران و، بە شێکیان بە هەموو جێهانێدا بڵاوبوونەتەوە، ئەو خەڵکانەن لە مەوپاش مهیر و دۆستی بە هەموو جێهانێدا پەخش دەکەن، هەرئەوانەش دەستی بڵندی منن لە ڕووخاندنی پەیکەرەکانی ستەمکاریدا. ئەم کووردهەوارە لە توولی تەمەنیدا، ناوەندی نووری هوودای مهیربان بوو، وەلێ لە سێ سەدەی ڕابردوو، زیادتریش لە سەد ساڵی هاخیریدا ڕۆشناهی تێیدا کوژێندرایەوە و، تاریکاهی بە سەرداهات. لەو سەد ساڵەدا، هەموو کۆمەڵانی بەشەرێت بوونە دارای دەوڵەت، تەنەها کووردان نەبوون، ئەم نەبوونە بە تەواوی واتادارە. دەوڵەتانێک کە لە

ڕابردوودا شێوەیان دراوەتێ، چهارچێوەی چیناتی و چەوسانەوەن، چەندان لەو چهارچێوانەش وا لە سەر خاکی کووردهەواری دایک قاڵبیان پێداوە و، کووردان لە ناویاندا بە توندی ڕووبەڕووی چاوسانەوە و قڕکردنێ هاتوون، بەڵام قەت خۆیان نەبوون بە خاوەنی چهارچێوەی ئەوها. لە مەولا کووردانی سەرزیندوو بە هەوار دەکەون، ئەو کووردانە بیری دەوڵەتخوازی و قاڵبی دەوڵەت کۆتاهی پێ دهێنن و، شارستانێتی دایک بە زەویدا دهێننەوە. زەوی دایکە و دایک بەش بەش نابێ، زەوی دایکە و، هی هەموو ئەو گیاندارانەیە وا بە سەریەوەن.

## پۆپەی 27

کووردبوون توێکڵ نیهە کاکڵە، کووردهەوار ئەو خاکە دایکەیە، ئەوەی کاکڵی کووردبوونی تێیدا بەرهەست هات. کاکڵی کوورد مهیرە، لە هیچ دەوروزەمانێکدا کووردان بە هۆفیبووندا تێنەپەڕیون، ئەمەش هێکێکە لەو تایبەتمەندیهانەی قۆمی کووردی لە قۆمەکانی دیکە جوودا کردۆتەوە و، واتای بەرزی بە چەمکەکە داوە. ئەو دەمەی بەشەرێت وەرچەرخان و، لە مهیرەوە بوون بە مهیرهۆف، زاگرۆسیهەکان هەر بە مهیرهۆفی مانەوە، هەتاوەکوو ئەوکاتەی دایکانی هەوارەکە لە میانی شۆڕەشێکدا، بەرەو مهیر گەڕانەوە و، لە هەردوو باری زهینی و زەمینیدا، فەرهەنگی هاردی بەرهەم هات. لەو قۆناخەدا کووردبوون بە شێوەی فەرەوان بەرجەسدە بوو، ئەو خەڵکانەی لەو بەشە زەمینە دەژیان و، نەبووبوون بە هۆفی، فەرهەنگەکەیان لە دایکیانەوە وەرگرت و بوونە هاردی(هاری)، یان بوونە کوورد، هەردوو وشەکە هێک واتا دەدات. ئەو بەشە زەمینەی وا بە "ئەفگانستان" ناوی دەبەن، ناوە دێرینەکەی "هاریان"ە، هاوشان لەگەڵ بەلووجستان هاخیرین هەرێمی کووردهەوارن لە بەری خۆرهەڵاتێ، لە خۆرئاواش هاردی پاڵیان بە پاڵی یۆنانێ دابوو. وەلێ ئەو تخووبە ئەوها نەمایەوە، چوونکە ئەو کاتەی تورکان لێیان قەوما و، لەودیو قەزوینێ هاتنە خوارێ، کووردان لە خۆرئاوای هەنادۆڵێ جهێیان دانێ. بەری خۆرئاوا بە گوزاڕشت کووڕ- نێرە و لە دایک جوودا بۆتەوە، بەری خۆرهەڵاتێ بە گوزارشت کچ - مێیە، هەتا هاخیروهۆخری چەرخی تاریکی لە پەیوەست بە دایک ماوەتەوە. سێ سەدە لەوەوپێش، کوورد و هیند هاوتخووبی هێکدی بوون، خەڵکانی ناودێر بە "بەلووج" و "پشتوون،"مهیرپەرست بوون و، بەشێک بوون لە کووردهەوار، لەمەولاش دەبنەوە بە بەشێک لەو هەوارە. لەو دەمیدا هێڵی هۆفێتی ئەنگلیزی لە ناو هیندەکان دەسهەڵاتدار بوون، ئەو هۆفیانە هەرهێکە لە بەشە زەمینی ئەو تیرە کووردانەیان داگیر کرد، پاشانیش چوونە پشت پیاوێکەوە بە ناوی "هەمەد شا،" هێزیان داهێ، بەشکووم

خەڵکەکەی هەرێمی هاریان بەرزەفت بکات، ئەوجا بە چەسپاندنی مۆدێلی مووسلەمانێتی، هەلومەرجی قاڵبگرتنی کۆمەڵی چیناتی بە سەرەتا بهێنێ. بەڵام نێزیکەی سەدوپەنجا ساڵ پاشەویش، بنەڕەتەکانی مهیریات لە زهین و زەمیندا بەرکاربوون، بۆهێ سەرداری پاشترێی هەرێمەکە، فەرمان بە سەر خەڵکەکەدا دەسەپێنێ، لەوەوپاش هەموو هەڵسوکەوت و نەریتێکیان تەبا و تفاق بە مووسلەمانێتی ڕێک بخەن. لەوکاتیدا بەشێک لەو هەرێمانەی سەر بە فەرهەنگی زاگرۆس بوون، کەوتن. کێوستانی زاگرۆس بە کۆمەڵێک دۆڵ و دەشتەوە، ناوەندی شارستانێتی دایک و دڵی کووردهەوارە، ئەو بەشە خاکە لە نۆهەد هەزار ساڵی هوومری بەشەرێتدا، هەمیشە سەروەر ژیاوە، قەت چ جار نەبەزی و، خۆی بە دەست هیچ لاهێک نەدا، وەلێ سەد و شتێک ساڵە دڵەکەی کووردهەوار، وەکوو هێکێک وهایە شەپڵە لێی دابێ، هەندێک دەڵێن: مردووە و هەیاتی لێ بڕدراوە، هەندێکیش دەڵێن: نا، زیندووە، وا دڵی لێ دەدات.  نێزیک بە چهارسەد ساڵ پێش دەرکەوتنی من، گەڕۆکی فەرەنگی ناودێر بە "ژان باپتیست" پاش گەڕانی بە ناوەندی کووردهەواردا، گووتیتی:" ئەو هەوارە لە سەرجەم وڵاتانی ناوچەکە بەهێزترە، نە سەر لە بۆ هۆسمانی دادەنوێنن، نە مل لەبەر سەفەوی کەچ دەکەن." پاشەویش" هەلفرێد ژاکۆب"ی هاوڕەچەڵەکی هاتۆتە ئەوێ، وهای هێما داوەتێ کۆمەڵی کووردهەواری سەربەخۆن، زۆر بە کەمی باج و خەراج دەدەن و، ناچنە ژێرباری نوێنەرانی دەوڵەتەوە. نووسیتیشی:"کووردەکان کۆمەڵێکی جەنگاوەرن، کۆمەڵێکن لە کەس ناچن، بە تەواوی لە دەرەوەی بازنەی ڕێسا و نەزمی ڕۆژهەڵاتین، لە ناو خۆیاندا ژینێکی سەربەست و سەربەخۆیان پێک هێناوە، ڕێساگەلی تایبەت و، سەرکردەی تایبەت بە خۆیان هەیە." هەردوو گەڕۆک خەریبەن و، هیچ دەرک و دەرووێکیان سەبارەت بە پێشینەی کووردهەواری نەبووە، ئەوی بە چاو دیتویانە، هەرئەویان بە زاردا هاتۆتەوە. پێشینان گووتیتیان:" پێچی دارێک لە پەنای پاشاهێک باشترە." بنەما لە سەر ئەم تێگهیشتنە قووڵە، کۆمەڵی کووردهەواری لە ناوەندی خۆیدا نەچۆتە پاڵ و پەنای هیچ پاشاهێک، هەردەم سەربەست ماوەتەوە، لەم پێناوەش هەمیشە جەنگاون. ئەمە وەکوو شتێک لە نوسدراوەکانی ڕابردووش دەدید درێتەوە. کووردینە، درێخیتان کرد و، نەڕۆیشتن دەستنوسەکانی قەڵەمڕەوی هۆسمانی بڕۆنن، تەنانەت هەڵنەقوونجان کە لە ناو سەری خۆتاندا، ڕیسی بادراوی نەیاران بکەنەوە بە خووری و، تێگهیشتنێکی نێزیک لە ڕاستی دروست بکەن، ئەوهاتان کردبایە، هەنگینێ دەتاندید قەڵەمڕەوی هۆسمانی لە کێهان ڕێ و بانی ئەم هەوارە بوون. با هەر بە ناوی مێژووەوە درۆ هۆندرابێتەوە، کاتێک هەقڵی هەڵسەنگاندن بە گەڕ بکەوێ، درۆی چەندراو قسەی پووچی بەربادە. هیزر بکەن و، بە پاشماوەی کرچ و کاڵیاندا بزانن، هۆسمانی نەک لە ناوەندی کووردهەواری، تەنانەت لە ناوەندی هەنادۆڵیش دەسهەڵاتیکی زل و زەبەند نەبوون. لە خۆتان بپرسن: کوانێ لە کێندەرێن

ئەو مستگەوتانەی دروستیان کردوون، ئەو کۆشکانەی لە بۆ دەسەڵاتدار و، ئەو تەلارانەی لە بۆ سووپاکەیان سازیان کردوون؟ کوان ئەو پردانەی هەڵیان چەنیون و، ئەو ڕێیانەی تەختیان کردوون؟ وا تەلاری شەش هەزار ساڵ لەمەوپێش، لە دەشتە لیتەکانی خواروی دوو چۆمەکە شوێنەواری لێ ماوەتەوە، هەدی لەبەرچی تورکەکان شوێنەواری تەلارێکیان لێ بە جهێ نەماوە، هی سێ سەدەی پێشتریێ بووبێ؟ درۆ و دەمچەفتی وەلانێن، ڕاستی ئەوەیە کووردان، بە تایبەتی کووردانی ناوەندی هەوارەکە، خەڵکانێک بوون قەت بەرزەفت نەدەبوون، لە بەرهەندێ چ تاقی داگیرکەران نەیاندەتوانی باڵ بکێشێن بە سەریاندا. تورکانی هۆسمانی، کە لە خۆرئاوای هەنادۆڵێ هەڵقوونجابوون، هەوڵیان دەدا لەگەڵ کووردان تووشی شەڕکردنێ نەهێن، بەڵکوو بە ناوی مووسلەمانێتی خشکە خشکە بینانخەنە قەڵەمڕەوی خۆیانەوە، بەڵام ئەو مەرامەیان بە دید نەهات، هەتاوەکوو هێڵی هۆفێتی ئەنگلیزی و فەڕەنگی نەهاتنە مەیدانێ. پەنجا ساڵ پێشی ئەوەی دەسەڵاتی هۆسمانی هەڵبوەشێتەوە، ئەو بەشەی کووردهەواری، ئەوەی کەوتۆتە خۆرئاوای زاگرۆسەوە، لە نەقشەی ئەو دەسەڵاتەدا بە سەر دوو بەش جوودایان کردبووەوە، بەشە بەربەرین و کێوستانەکەی، بە سەربەستی و خۆبەڕێوەبەری لە بازنەی شارستانێتی دایک دەگوزەران، دەسەڵاتی تورک بە ناچاری لە ژێر ناوی "کوورد هەکوومەتی"دا، ددانی پێدانابوون. ئەوان نە باج و خەراج، نە سەربازیان نەداوە، سەربەخۆبوون و هیچ بایەخێکیشیان نەداوەتە دەسەڵاتی دەرکی، کەنگێش پێویست بووبێ، بەرەو ڕوویان وەستاونەتەوە. بەشەکەی دیکەی کووردهەوار بە "کوورد سنجەقی" ناوی دراوەتێ. لە سیستەمی کارگێڕی ئەو دەمەی تورکدا، ناوچەی گچکە بە سنجەق و، هی گەورە بە "بەگلەربەگی" ناویان درابووهێ، پاشان کردیان بە ویلایەت (ویلات، ولات)، هەتاوەکوو کۆتاهیش ئەوها مایەوە. لە ناوچەی دەشتەکانی سەرەڕێ، یان ئەو دەشتانەی دیوانی سنجەق و بەگلەربەگی تیێدا بوو، تورکان دەسەڵاتێکی هێکجار سنووردایان هەبوو، بە کەمی و کوورتی دەیانتوانی باج بستێنن، ئەو بڕە باجەش پاساو بە پاسکردن و پاراستنی سنوورەکان وەرگیردراوە، لەگەڵ ئەوەش کۆبەندانی خێڵ نەدەچوونە ژێربار و، باج و سەربازیان نەدەدا، ئەمەش وهای دەکرد بە بەردەوامی بکەونە شەڕەوە. بانگخوازە کریستیەکەش ئەوەی بیست ساڵ لە ناوەندی کووردهەواریدا ژیا، لە سەربردەی خۆیدا گووتیتی: هەوارەکە دەکوڵێ، کووردەکان بەردەوام لە ڕاپەڕین دان. لە کووردهەواردا سنجەق و بەگلەربەگی دامستدراوێک بوون لە ئاستی ڕووکەش، هیچ وقەت قوودرەتیان نەدەکرد خێڵەکان پابەند بە خۆیان بکەن. خێڵەکان بە پێی نەزمی هەزاران ساڵەی شارستانێتی دایک بەڕێوە دەچوون، هەرخێڵێک کۆبەندێکی خۆبەڕێوەبەری بوون لە ناو بازنەی هۆزێکدا، لە کاتی گەف و هەبوونی مەترسیشدا، کۆمەڵێک هۆزی خزمخوون دەربازی هێکتی دەبوون و، بە هێزێکی گەورەترەوە ڕوو بە ڕووی

نەیاران ڕادەوەستان. لە هەرێمی بەدلیس لە باکووری کووردهەواردا، پتر لە هەفتا خێڵی گەورە و گچکە لە هێکێتی دابوون و، بە شێوەی مهیرنیشینێک سەربەخۆ هەڵدەسووڕان. "مهیر" و "مهیرۆ" وشەی بیروباوەڕن و، جێناوێکیشن لە بۆ ئەو کەسەی ڕێبەرێتی مهیرنیشینەکەی پێ سپێردراوە، هەردوو ئەو وشانەن لە پاشاندا بە شێوەی "میر" و "میرۆ" نوسدراونەتەوە. خێڵەکان لە نێوان خۆیاندا، بە دروستی شارەزای هەڵقەکانی ڕەچەڵەکی خزماتی بوون، دەیانزانی خێڵی دایک کێهان خێڵە، ئەوجا بە پێی بنەمای مهیرپەرستی، کەسێک لە ناو بنەماڵەی داپیرە گەورەی دایکە خێڵدا هەڵبژێردراوە و، ناسناوی "مهیر"ی پێدراوە. بەڵام سەرەتا ئەنجوومەنی نوێنەران لە سەرۆک خێڵەکان، یان نوێنەری خێڵەکان پێک هێندراوە، پاشان ئەو ئەنجوومەنە بە دەنگدانی ڕاستەوخۆ، کەسێکیان لەو بنەماڵەیە بە دەسهەڵاتێکی سنوودارەوە کردۆتە "میری میران،" بەو شەرتەی لە پرس و ڕای ئەنجوومەنەکە دەرنەچێ، هەرکاتێکیش لە هەڵسوکەوتکردنیدا بازنەی بیروباوەڕ و بنەماکانی دەرباز کردبێ، هیدی لایان داوە، ئەوجا کەسێکی دیکەی خانەوادەکە کارەکەی پێ سپێردراوە. خۆ ئەگەر لە ڕوو بە ڕووبوونەوەش لەگەڵ چەتەکانی دەسهەڵاتی هۆسمانیدا، ناچار بە هەڵهاتن بووبێ، دیسان لە ناو هەمان بنەمەڵەدا هێکێکیان هەڵبژاردووە. دەسهەڵاتی هۆسمانی لە هیچ بارێکدا نەیتوانیوە ئەو ڕێسایە تێپەڕنێ و، بە ویستی خۆی کەسێک دابنێ. لە کووردهەواردا سەرجەم خێڵەکان بە پەیمانی کۆمەڵاتی گرێدراوبوون، بەبێ ئەوەی پەیمانەکە نوسدراوێک بووبێ. کاتێک "مهیر"ێک بەرهەڵستی تورکانی کردبێ و، لە ناهاوسەنگی هێزدا، تووشی شکان بووبێ، ئەوانی دیکە لە بۆ هەڵهاتن و دوورکەوتنەوە، پاشانیش لە بۆ گەڕانەوە، چوونەتە یاریکردنی و، چ کۆمەکێک پێویست بووبێ، شانیان داوەتە بەرێ. ئەم هێکێتیە هێندە بە پتەوی و دامستدراوی دەوامی دراوەتێ، نە هۆفێتی هۆسمانی، نە هۆفێتی قاجاڕی لە هیچ دەورانێکدا نەیانتوانی هەڵیبوەشێننەوە. بە ڕاستی کووردەکان لە توولی دەورانی زەماندا سەروەر بوون، باج ستاندنی جاروباری ئەملاوئەولا، هەروەکوو کاری چەتەکان وها بووە، دەنا قەت چ دەسهەڵاتێکی هۆفی، نەیتوانی کۆمەڵی پێڕست بە مهیری کووردهەواری بخاتە بندەستی خۆی و، لە بنەڕەتەکانی دابیڕنێ.

## پۆپەی 28

لە دیوێکی کووردهەواردا، بەشێکی دەشتەکان بە هێران ناسدراون و، ڕۆژگارێک ئەو دەشتانە دەسهەڵاتی ناودێر بە "سەفەوی" هەکوومەتی بە سەردا دەکردن. سەفەوی لە باری بیروباوەڕدا "شیهە"بوون، وەلێ لە پێکهاتەدا خەڵکانی بە بنەڕەت مهیری بوون،

لە سەر ئەم بنەمایە سەفەوی لە پێکهاتیدا دەسەهەڵاتێکی خۆماڵ بە کووردەهەوارە، ئەگەرچی لە پێڕستی مهیر لایداوە و، لە باری بیروباوەڕدا بە شێوەی ڕەوتێکی نیمچە هۆفێتی شێوەی هاتۆتێ، لەگەڵ ئەوەشدا بە دیدگرتن و هاوتاکردنی دەسەهەڵاتی فارسی - سەفەوی بە دەسەهەڵاتی تورکی - هۆسمانی، هەرگیز دروست نیەهە، چوونکوو فارسەکان خەڵکی ئەو هەوارەن و، بە بنەڕەت مهیرین، وەلێ تورکەکان لە دەرێڕا هاتوون و، بە بنەڕەت هۆفین. سەرەڕای ئەوەش، فارس هەڵگری بیروباوەڕی شیەهەن، لە سێ ڕەگەزی پێکهاتەی ئەو بیروباوەڕەدا، ڕەگەزێکیان مهیرە و، لە کووردەهەوار هەڵقوولاوە، دوو ڕەگەزیشی فاتیمین، هێکێک لەو دووانەش لە بۆ مەهەمدی کووڕی هامینێ دەگەڕێتەوە و ناکۆک نیەهە بە مهیریات، تەنەها هێک دانەی ڕەگەزەکان هۆفە، ئەویان سەرچاوە لە هۆفێتی بیابانێ دەگرێ. لە کاتێکدا پێکهاتەی بیروباوەڕی تورک بە ناوی مووسلەمانێتی، لە سێ ڕەگەزدا دووانی هۆفین، لە پێکهاتەی پیروباوەڕەکەدا هێکێک لە ڕەگەزەکان بە سەرچاوە لە گاتای کووڕەکەی هامینێ دێ، دووانەکەی دی بیروباوەڕی هۆفێتی هارەب و  هۆفێتی تورکن. لە بەرهەندێ کووردەکان کەمتر لەگەڵ سەفەوی و، زیدتر لەگەڵ هۆسمانی بە کێشە هاتوون. کۆمەڵی کووردەهەواری لە باری بیروباوەڕدا، بووبوون بە چەند بە شێکەوە، بەشێکی گەورەیان مهیری بوون و، لە باکوور و ناوەندی کووردەهەوار دەژیان، بڕێکیش لەوان بە بەلووج ناسدراون و، لەوپەڕی خواروی خۆرهەڵاتن. بەشێکی دیکەی گەورەش شیەهە بوون و، کەوتبوونە خۆرهەڵات و خوارووی هەوارەکە، ئەوانی بە "لووڕ، کەلهووڕ، لەک" ناسدراون، بەشێک لە کووردانی شیەهەن و، بە هۆی بیروباوەڕیانەوە لە فارسەکان نێزیکتربوون، وەک لە کووردانی مهیرپەرست، وەلێ لە شێوەی خۆبەڕێوەبرندا، نێزیکی کووردانی مهیری بوون، وەک لە فارس، چوونکوو فارسەکان بە تێکەڵ لەگەڵ کەمینەی هارەب، نەزمی خێڵاتی تیایاندا هەڵوەشابووەوە و، بە شێوەی کۆمەڵی چیناتی قاڵبیان گرتبوو، لە کاتێکدا خێڵانی دیکەی شیەهە، هەروەکوو مهیرپەرستەکان بە نەزمی هەرەوزی و هاوبەشێتی دەچوونە ڕێ. بێجگە لە دوو بەشە گەورەکە، سێ بەشی بچکۆلانەش بریتیبوون لە "هێزدی، هەلەوی، یارسان،" هێکەمیان لە کووردانی مهیری و، دووانەکەی دی بە هۆی هاوبەشێتی لە بە بنەماگرتنی کەسێتی" هەلی کووڕی فاتیمێ،" لە کووردانی شیەهە نێزیک بوون. بەڵام بە گشتە کووردەکان، ئەوانی شیەهەش نەبوون، بە هۆی هاوڕەچەڵەکیەوە مەیلیان بە لای سەفەویەهەکانەوە بوو. میرنیشینی بەدلیس لە باکوور و،  میرنیشینانی ڕەواندز، قەڵاچۆلان و هەردەڵان لە ناوەندی کووردەهەواری، نموونەی کووردانی ناشیەهەن، لەگەڵ ئەوەش زۆرکات دەچوونە هاوپەیمانی لەگەڵ سەفەویەهەکان و، بەرامبەر بە "ڕۆمی"هەکان دەوەستانەوە. دەستەواژەی "ڕۆم و هەجەم" لە کن نەوەکانی پێشووی کووردانی ناوەندیدا، باو و بەربڵاو بووە، هێشتاش شوێنەواری لە هاخاوتنیاندا ماوەتەوە. کووردەکان تورکە هۆسمانیەهەکانیان بە "ڕۆم"

ناودەبرد و، هەروەکوو ڕۆمیەکانی هێوەی یۆنانیێ هیسابیان دەکردن، لەبەرئەوەی هەردووکیان هۆفی و هاوڕەفتار بوون. مەبەست لە "هەجەم"یش سەفەوی نەبوو، بەڵکوو تورکە قاجەرەکان بوون، کە لە سەدەکانی دواهیدا پاڵوپشت بە ڕووسان بە هەندێک ناوچەی هێرانیێ کەوتن و، بە دەسەهەڵات گەیشتن، پاشانەکە بە دەست تێکەڵی لەگەڵ هێڵی هۆفێتی ئەنگلیزی، دەوامیان بە خۆیان دا. دەسەهەڵاتی سەفەوی، فارس ڕووکارەکەی پێک هێنابوو، هێز و هەیبەتی دەسەهەڵاتەکەش لە خێڵانی دیکەی کۆمەڵی کووردەهەواریدا خۆی دەنواند، تخووبەکانی دەسەهەڵاتەکەش، لە هەردوو بەری خۆرئاوا و خۆرهەڵاتیێ، خێڵە کووردەکان دەیانپاراست، چوونکوو کەمینەی فارس لە خوارووی هێرانیێ، دۆخی کۆمەڵی چیناتی هەبوو، لە بەشێکی باکووری هێرانێش کەمینەی تورک لە دۆخی جەنجاڵی چیناتیدا دەگوزەران، تورکان هەرئەوکاتەی هاتبوونە خواریێ، خێڵانی هۆفی بوون و، لە ناو خۆیاندا پێکهاتێکی چیناتی بوون. لە پانتاهی فەرەوانی هێرانێدا، کۆبەندی تۆکمەی خێڵانی کوورد هەبوون، قەت چ جاران هێزە دەرەکیەکان نەیانتوانی لێیان تێپەڕن، لە باکووری خۆرهەڵاتدا، کووردانی خۆرسان، لە خوارووش کووردانی بەلووج تخووبەکانیان دەپاراست، لە خوارووی خۆرئاواش کووردانی لووڕ و کەڵهووڕ و لەک هەبوون و، تخووبەکەیان لە هارەبان پاس دەکرد. لە ڕاستیدا هێز لە کاکڵی دەسەهەڵاتی سەفەویدا، خێڵانی کۆمەڵی کووردەهەواری بوون، وقتهێک ئەو خێڵانە لێی کشانەوە، هیدی خۆی لە سەرپێ ڕانەگرت و، بە هاسانی کەوت. دەسەهەڵاتەکە دابوویە دووی گەندەڵی، لەبەرهەندێ خێڵەکان پشتیان تێکرد و، دایانە پاڵ " کەریم خانی کووڕی بەیگوومیێ،" سەرۆک خێڵی زەندی سەر بە هۆزی لەک. ئەو هات و بەرەی لە بن پێی فارسەکان دەرهێنا، هەموو هێران و، هەرێمی "بەسرە"ی خوار دوو چۆمەکەشی خستە مشتی خۆیەوە. چاو لە دوو وێنەی لە هێکچوو بکەن، لە دوو دەورانی زەمەندا، وێنەی هێکەم کووڕی خاتوونیێ و، وێنەی دووهەم کووڕی بەیگومیێ. بەزینی سپی پێستانی هۆفی بەرامبەر بە "یووسفی کووڕی خاتوونیێ،" ئەگەر لە ڕووکەشدا شکست بووبێ بەرامبەر بە مووسلەمانێتی، لە جەوهەردا دۆڕان بوو بەرامبەر بە بنەڕەتەکانی مهیرپەرستی و، شارستانێتی هەزاران ساڵەی دایک لە خۆرمیانیێ، چوونکە هەڵسوکەوتی ئەو مێرخاسە کووردە زادەی شارستانێتی شکۆداری دایک بووە، ئەو بنەماکانی لە هەشداریەوە وەرگرتبوون، نەک لە مووسلەمانێتی. بە هەمان لۆن سەرکەوتنی "کەریم خانی کووڕی بەیگومیێ" بە سەر فارسەکاندا، سەرکەوتنە بە سەر هۆفێتی و، بە سەر دەسەهەڵاتی چیناتیدا، دیسان ئەوەش بە بنەڕەتەکانی مهیرپەرستی کووردانەوە گرێدراوە. برۆننیێ، بێگانان هێمایان داونەتیێ هەرهێکە لە کووڕی خاتوونیێ و کووڕی بەیگومیێ، فەرمانڕەوای دادپەروەروبوون لە هەڵسوکەتکرنیێ و، بە بنەما جوولاونەتەوە. ئەم خەسڵەتە بە بنچەق دێ لە پەیوەندی بە هوودای مهیربان و، ڕاستەوڕاست لێکەوتەی پێڕستی مهیرە، هەرئەمەیە بە هێزی

کردوون و، هەلی سەرکەوتنی داونەتێ. لەو سەردەمیدا کووردانی شیعە بووبوون بە دوو بەشەوە، بەشێکیان تەنەها لە باری زهینیدا شیعە بوون و، هەر بە نەزمی خێلاتی هەڵدەسووڕان، بەشەکەی دی کە بە فارس ناسدراون، هەم بە بیروباوەڕ شیعە بوون، هەم لە باری زەمینیدا وەرچەرخابوون و، بووبوون بە کۆمەڵی چیناتی. بەم چەشنە بەشی هێکەمیان هەنگاوێک لە کووردبوون(مەهیریبوون) دوورکەوتبوونەوە، وەلێ دوورکەوتنەوەی بەشی دووهەم دوو هەنگاوە. لەبەرئەوەیە هەنوکە شیعەکانی دی بە کوورد دەزاندرێن و، فارس بە کوورد نازاندرێن. لە ڕاستیدا جوودابوونەوەی فارس لە کوورد، بە درەنگ وقهت ڕوویداوە. فارس لە بنەڕەتدا خێڵێکی کووردبوون لە بەشێکی باشووری هێرانێ، ئەو کاتەی خێزانە هارەبەکانی لایەنگری خانەوادەی فاتیمێ لێیان قەوما، ئەو خێڵە ئەوانی گرتەخۆ، پاشانەکە بە هۆیانەوە، هێواش هێواش لە پێڕستی مەهیر دوورەکەوتنەوە و، ڕوو بە قاڵبگرتنی بیروباوەڕی شیعەگەری و، شێوەگرتنی کۆمەڵی چیناتی چوون، لەگەڵ ئەوەشدا پێکهاتەی خێڵی مەهیری و خزمخوونی لە ناویاندا هەڵوەشایەوە، هەندێک لە خەڵکانی هەشداد جووداش تێکەڵیان بوون. ئەو پێکهاتە تێکەڵەیە سێ بنەما کۆی کردوونەتەوە، هێکەم بیروباوەڕی شیعەی هووسێنی، دووهەم نەزمی چیناتی، سێهەم هاخاوتنی ناسدراو بە فارسی. لە ڕاستیدا هاخاوتنەکە دوو شێوەی هەیە، ئەوی لە سەردەمی هاخمینیدا بە کارهێندراوە، هێکێکە لە هاخاوتنەکانی کووردهەواری، بەڵام هاخاوتنی هەنوکەی فارسی، بە تێکەڵبوون لەگەڵ دەنگە زڕەکانی هاخاوتنی هارەبی شێوەی هاتۆتێ و خراپ شێواوە. بە تێکەڵبوونی هارەب لەگەڵ فارس، هەم زهین گۆڕدراوە و، هەم زاری قسەکردنێ، بە جۆرێک ئەگەر هاخاوتنی فارسی لە دەنگە زڕەکانی هارەبی و، وشە شێوەپێدراوەکانی بیابانێ خاوێن بکەنەوە، هاخاوتنی فارسی دەبێتەوە بە منداڵەکەی کووردهەواری و، پێویستی بەوە دەبێ دایکی دەستی بگرێ، هەتاوەکوو بتوانێ ڕێ بکات. نە هەینێ و نە هەنوکە، فارس بەبێ کوورد هیچ نیەە، ئەگەر ڕەگە کووردیەکەی ناو هاخاوتنی فارسی و، ڕەگەزە مەهیریەکەی ناو شیعەگەری دەربهێندرێن، فارس دەبێتە هیچ و، بە تەواوی وەکوو هارەبی لێ دێ. لە بارە زەمینیەکەش دەسهەڵاتی سەفەوی بە خێڵە کووردەکانەوە خۆی ڕاگرتبوو، کاتێک پشتیان تێکرد، کەوت و هیدی هەڵنەستایەوە. هەر هێکە لە دەسهەڵاتەکانی سەفەوی، هۆسمانی، قاجاڕی، لە هەردوو دیوی هێران و هەناذۆڵێ، تەنەها دەستیان بە سەر کۆمەڵی چیناتی و، بە سەر هەندێک ڕێوبانی سەرەکیدا دەڕۆیشت، دەنا کۆبەندانی خێڵ سەروەر و خۆبەڕێوەبەربوون، یان بە هاوپەیمانی لەگەڵ دەسهەڵاتەکە هەڵسووڕاون. کووڕەکەی پەیگومێ بە هاوپەیمانی لەگەڵ خێڵەکان دەسهەڵاتی پەیدا کرد و، سی ساڵ فەرمانڕانی کرد، ئەوجا لە پاش مردنیدا، تورکانی قاجاڕی بە هاوکاری ڕووسان و، بە هاوپشتی ئەنگلیزەکان لە هەندێک ناوچەی هێرانێ بە دەسهەڵات گهیشتن. ئەو تورکانە زۆر لە کووڕەکەی

بەیگومیّ بە ڕق و بووخز بوون، کاتێک زیندوو بوو نەیاندەتوانی فزە بکەن لە بەرامبەری، وەلیّ کە مرد، چوون پڕیان دایە گۆڕەکەی و، هێسک و پرووسکیان دەرهێنا. ئەم ڕقە ئەستوورە لەوە دهات، ئەوان هەزاران ساڵ بوو بە شێوەی جەنجاڵی چیناتی دەچوونە ڕیّ و، دەسهەڵاتە دادگەرەکەیان دژمن بە خۆیان دەزانی، چوونکە هەلومەرجەکە و لێکەوتەکانی، بووبوونە نەریت و بیروباوەڕی خەڵکەکە، وەکوو دابی گشتی قاڵبیان گرتبوو لە ناویاندا، لەبەرهەندیّ دادپەروەری و مهیریاتی مێرخاسە کووردەکە، وەرس و دەقەزاری کردبوون، تواناشیان بە سەریدا نە دەشکا. هاتنی قاچاڕی و دەسهەڵاتداربوونیان لە هەندێک ناوەندە شاری هێرآنیّ، بە سوودی ڕەوتی سەرمایەداری ئەنگلیزی دەگەڕا، لەبەر ئەوەبوو لە هاتن و دەرکەوتنیان کۆمەکیان پیّ کردن، پاشانیش دەستیان بە سەریاندا دەڕۆهی، هەروەکوو چلۆن لە دیوەکەی دیکەش ئەنگلیز و فەڕەنگی دەستیان بە سەر هۆسمانیدا زاڵ بوو. لە دوو سەدەی ڕابردوودا، تورکان لە دوو لاوە لە تخووبی کووردهەواری هەڵقوونجابوون، لە لاهێک تورکانی قاجاڕی و، لەلاهێک تورکانی هۆسمانی، ئەمەش دۆخێک بوو ویستی سەرمایەداری - ئەنگلیزی تێیدا بە دید دهات، چوونکە تورکەکان لە چیناتی و هۆفێتیدا، بە پێشینەبوون، دەلوا داردەستێکی گوونجاو بن لە بە دیدهێنانی مەرامەکانی سپی پێستانی هۆفی لە خۆرمیانیّ، هەم لە هەڵوەشاندنەوەی نەزمی هەرەوزی و، چەسپاندنی نەزمی چیناتی، هەم لە ڕیّ کردنەوەی بەردەم نەقشەی بە بازاڕکردنی ناوچەکە، کە لە سەرزەمینی هیندەوە دەستی پێکردبوو، هەتاوەکوو باکووری ئەفریقا درێژ دەبووەوە. لە ڕاستیدا سپی پێستانی هۆفی، قەت ئەم کارەیان بەبیّ تورکەکان لە بۆ جهیّ بە جهیّ نە دەبوو. تورکەکان لە سەرەتاوە دەردێک بوون نووسان بەم خاکەوە، پاشان هەر بە دەرد مانەوە، تەنانەت لەمەولاش دەخوازن بەوجۆرە بمێنن، بەڵام نا، هیدی ئەوەیان لە بۆ ناچێتە سەریّ. فەرمانە لە قووڵاهی گەردوونەوە، دەبیّ تورکەکان خۆبەخۆ لە تاریکی و تورکاتی بهێنە دەریّ و، ڕوو لە ڕووناکی و مهیر بکەن، خۆ ئەگەر ئەو فەرمانە بە جهیّ نەهێنن و دژ بە نامووس بوەستنەوە، یان بهێن و پەلاماری کووردهەواری دایک بدەن، ئەوکاتە هەموو ئەو هێزانەی پابەندی نامووسن و، باوەڕتان بە هوودای مهیربان هێناوە، هەقتان دراوەتیّ بە هێکەوە تورکەکان گەمارۆ بدەن و، بیانخەنە دەستی خۆتانەوە، ئەوجا بە تۆبزی بیانکەنە پێرست بە مهیر و، لە تورکاتی و هۆفێتی دایان بماڵن. ئەم کارە بە واتای لادانی برین و دەردە، لە واتای قووڵێشدا بە جهیّ هێنانی ویستی هوودای مهیربان و، بەرپاکردنی هێمناتیە لە سەر ڕووی خاکی دایکدا، لەبەرهەندیّ درێخی تێیدا مەکەن. هووکمە لە باکوور لە تخووبەکانی دەریای ڕەش، هەتاوەکوو بن پاڵی شاری بەگداد، لەولاشەوە لە خۆرئاوا لە تخووبەکانی یۆنان و شامێرا، هەتاوەکوو تخووبەکانی مەفتەنی هیند لە خۆرهەڵاتیّ، ببێتەوە بە سەرزەمینی ناوەندی شارستانێتی دایک و، هەمووان گرێدراو بە زاگرۆس ڕەوت بگرن.

لە وێنەی دارمێوێک ببینین، کووردهەوار بە قرتاندنی پەلوپۆپەکانی لە بەین نەچوو، تەنانەت خاشەبڕکردنی لە ناوقەدڕا، نەیکووشت، بەڵکوو ئەوکاتە مرد، کە ڕەگ و ڕیشەی لە بنڕا دەرهێندرا و، زاگرۆس هووشکی کرد. ئێستاکێ ئەو هەوارە هاخیرین ساتەکانی داتەپین بەڕێ دەکات، بۆتە تەرمێک و خەریکن تەرمەکەش دەسووتێنن، خەریکن کووردهەوار دەکەنە خۆڵەمێش. سووتاندن و لە بنڕا بڕینەوی بە کۆمەڵی داربەڕووەکانی، هەڵتەکاندنی شاخەکانی، بە قووڵی گوزارشت لە سووتاندنی تەرم دەکات. تورک لێیان قەوما و کووردان جهێ بنلینگانیان دانێ، وا ئەمڕۆش ئەو مێوانە بەدنمەکانە، جهێ بە کووردان ناهێڵن. فارس لقێک بوو لە کووردهەوار، وا ئەمڕۆش بۆتە دەسکە تەور و، ڕەگ و ڕیشەکەی خۆی لەتوپەت دەکات. کەس لە خۆی وها نەبێ ڕەگ و ڕیشەی تەڕە، دیقەتی هەردوو دیوی زاگرۆسێ بدەن، بە تەواوی هووشک هەڵاتوون. لە ماوەی سەدساڵی هاخیریدا، نەیاران بە کردەی جۆراوجۆری قڕکردنێ، بەربوونە زاگرۆسیهان و، سەرەنجام جەوهەری کووردیات سڕدرایەوە، ئەوی ماوەتەوە تەنەها ڕووکەشێکە لە کووردهەواری، ڕووکەشێک لە ناو و، شێوەی هاخاوتن و، جۆرێتی پۆشین، هیچی دیکە نا. سەدەی ڕابردوو، سەدەی کوژانەوە و توانەوە بوو، سەدەی خۆ بە دەستەوەدان و کڕووزانەوە بوو. لەو سەدەیەدا، بزافی ساختە و سەخیفی ناودێر بە کووردداتی هاتە مەیدانێ، ئەو بزافە قڵ قڵ مەشخەڵانی بیروباوەڕی کووردهەواری کوژاندنەوە، دانە دانە گووندەکانی بە کاولکردن دا، هێک هێک بنەتۆو و بڕکە تەماتەکانی لە مشتی جووتیاران دەرهێنا. پاش دووانزدە هەزار ساڵ، ڕێک لەو جهێ و مەکانەی هێکەم چاندنی تیێدا ئەنجامدرابوو، وهایان لە خەڵکی کرد واز لە خاک و لە چاندنێ بهێنن، خەڵکەکە پشتیان کردە خاکی دایک و، ڕەگەزی دایک و، هووداى دایک، هووداش چیدی ڕووی نەدانێ. زاگرۆس خامۆش بوو، ڕووناکی و ڕەنگ لە بەین چوون و، تاریکاهی داهات. هەموو ئەوەی ڕوویدا، پلانێک بوو نەزمی سەرمایەداری جێهانێ داڕێژتبوو، بزافی ناودێر بە کووردداتی و، ئەو تاقمانەی وا بە ڕوواڵەتی دەوڵەت لە ناوچەکەن، پلانەکەیان بە جهێ گهاند. ویستی نەزمی سەرمایەداری وها بوو، بازارەکان گەورە و، مەیدانەکانی کڕین و فرۆشتنێ، فەرەوان و بە هەرمێن بن، ئەمەش تەنەها بە کاولکردنی گووندان بە دید دهات. ئەوی هات و ناوی ڕێبەری دایە خۆی، ڕێبەری فریودانێ بوو، گوێ لە مشتی نەیاران هەڵقوونجا و دەروونپاکانی ئەم هەوارەی لە خۆی خڕکردنەوە، پاشان بە دۆڕانی دان و، هەموو هوومێدێکی تیێدا کپاندن. بڕۆننێ، ترپاتی تەڕی ئەو شەرەف و شکۆیەی لە بنی کاسەی سەری کووردهەواریدا مابوو، ئەم بزاوەی کووردداتی و، ئەو بە ڕووکەش ڕێبەرانەی کوورد هووشکیان کرد، خەڵکەکەیان بردە سەرچۆک و سووکیان کردن.

هەزاران کوورەخاس و جوانمێر، هەڵخەڵەتان و تێی کەوتن، لەوان وها بوو ڕێ ڕاستەکە ئەوەیە، خافڵ لەوەی چ تاقی ئەو پاشا و سەرۆک و ڕابەرانەی لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوو، لە خۆرمیان و ئەفریقا دەرکەوتن، سەر بە خەڵک نەبوون، بەڵکوو فەرمانبەری گوێ لە مشت بوون و، ئەنگلیز و فەڕەنگ و ڕووس دایانان و دەسەڵاتی دانێ، بەو مەبەستەی ناوچەکە و، کەسێتی خەڵکی ناوچەکە، لە سرووشتیبوون دابڕن و کاولیان بکەن. کووردەکان هاخیرین قۆمی بەشەری و، کووردەوار هاخیرین بەشە خاک بوو لە جێهانێ، بنوبۆتکەی هەڵقەندرا، ئەمەش کارێک بوو بە دەستی کووردان خۆیان نەبا، قەت دەستی دەرەکی قوودرەتی نەدەکرد بە جهێی بگهێنێ. تایبەتمەندی کووردبوون لە ناوەندی کووردەوار و، لە بەشەکانی دیکەی هەوارەکە جوودایە، کووردبوون لە ناوەندی ئەو هەوارەدا، دۆخی هاشقبوونە لە بازنەی زانستی هوودا، هەرپابەندکردنێکی زۆرەملێ بە ڕێسای ناسرووشتی، بێ هوودەیە و جهێ ناگرێ، دەبێ بهێڵدرێ لە ناو کار و هوونەر و مووزیک و، لە ناو پەیوەندی و دۆستاتی و، لە ناو هەردەرفەتێکی زیندەگیدا، بە ڕێڕەوی سرووشتیدا بڕۆن و، بە مەیلەوە خۆیان بنوێنن، نەک ڕێسا و قەید و بەندیان لە بۆ دابنێنن. ئەو خەڵکانەی دەوربەری زاگرۆس گەلێک تایبەتمەندن، بە هەشقەوە پەیوەست دەبن، نەک بە ڕێسای بەشەرکردی پابەندێتی. لە بەرەبەیانی زەمەنەوە، هەتاوەکوو ئەوڕۆکە، خەڵکی ئەم ناوەندە نەچۆتە بنباری سیستەمی ستوونی و سەربازی، هەموو هەوڵێک درا، وەلێ هیچ هێزێک بە هیچ ناوێک، نەیتوانی خەڵکەکە بەرزەفت بکات، ئەوان هەمیشە بە تایبەتمەندی نەزمی ئاسۆهی و پانی مانەوە، هەرگیز نەچوون و ناچنە بنباری بەرزەفت بوون و ستوونیبوونەوە، لە هەمان کاتدا باوەڕ بە هەرشتێکەوە بیانبەستێتەوە، لەگەڵ ئەو شتەدا هاشقانەن و، هاخیرین ئاستی پاکدەروونی و دڵسۆزی لە خۆیاندا بەرهەست دهێنن. هێرە وەکوو هیچ جهێ نیهە، هێرە چەقەکەیە، هێرە دڵی کووردەوارە، دڵ لە ترپە بکەوێ، هەموو لەش دەتەپێ، کاتێک بشکەوێتەوە لێدان، سەراپای لەش هێزی تێدەگەڕێ و زیندوو دەبێتەوە. ئەم ناوەندە کێوستانێکە، ئەوسەری دیار نیهە، خەڵکە هاڕدراو و بێ دەماخەکەی ئەمڕۆ، لای وهایە هەلومەرجی شاخ و داخەکە نەیهێشتووە، ناوەندێتی هێز و توانامەندی بەرخۆدان، لە کۆمەڵی کووردەواریدا سەرپێ بکەوێ، وهاش دەزانن ئەم هەلومەرجە پەرتی کردوون، ئەو پەرتبوونەش هێزی لێ ستاندوونەتەوە، لە خۆشیان وهایە ئەوە هێکێکە لەو هۆیانەی وهای کرد بندەستی بێگانان بکەون. نا، هیزرینەکە سەرلەبەری هەڵە و پەڵەیە، دەشبوو بەوجۆرە بێ، چوونکی سەری خەڵکەکە خەسێندراوە و، بیری دروستی لێ ناهێتە دەرێ. ڕاستیهەکە ئەوەیە، پەرتی و بڵاوی هیچ پەیوەندی بە هەڵکەوتەی شاخ و دۆڵانەوە نیهە، شوێنەوارێکە لە نەزمی شارستانێتی دایک، هەتاوەکوو دواهیش دەوامی دراوەتێ. ناوەندێتی هێز لە سیستەمی ستوونی بە دید دێ، نموونەکانیشی دەسەڵاتی

چیناتین، له سیستەمی ئاسۆهیدا دەسهەڵاتەکان بە سەر هەموووواندا دەبەش دەبن و، فەرمانڕانی بە شێوه دێ. کۆمەڵی کووردهەواری پێرست بە مهیر و، پابەند بە سیستەمی ئاسۆهی گوزەراوه، لە ناو ئەو کۆمەڵەدا، کەس گەورە نەبووە بە سەر کەسەوە، هەموو هێکێک لە ناو شەروالی خۆیدا پاشاهێک بووە لە واتای سەروەریدا. کۆبەندی لادێ و کۆبەندی کۆچەری، هێزی گەڕۆک و هێزی جێگیر بوون، ئەو هێزانە لە توولی هەفت هەزار ساڵی ڕابردوودا، خەڵکی ئەو هاوارەیان پاراست و، لە سەر پێیان هێشتنەوە. لە ڕاستیدا پەرتی و فەرە بوون، قوودرەتی بەرخۆدانی داونەتێ، دابەشبوونەکە وەکوو پۆڵ پۆڵکردنی لەشکرێکی گەورە و، بڵاوەپێکردنی بووە بە دۆڵ و دەشت و کێواندا، بەو مەبەستەی درز و دەرفەتێک لە پێشی نەیاران نەمێنێ پێیدا بێنە ژووری و، بتوانن بە سەریاندا زاڵ بن. لەو هەوارەدا بەس گووند هەبوون، چ دەورو زەمانێک شاری گەورە بە هەردان دانەهاتوون، هەتا دژمن نەقشەی گرتن و کەوتنیان دابڕێشێ، ئەوە هەرخۆی هیکێکە لە بنچینەکانی هێزداری و، شکستی بە پەلامارەکانی هۆفێتی داوە. کووردهەوار لە بنەڕەتی خۆیدا، ناوەندی شارستانێتی دایکە، ناوەندی مهیرە، لە پێرستی مهیردا هێرش ڕەوا نیهە و، تەنەها پاسداری ڕێی دراوەتێ، بۆ هێ لە کووردهەواریدا، پاسکردنی مەترسی و بەرخۆدان، بە تاقە هەڵبژاردە زاندراوە. لە پاسداریدا هێزەکان پەرت دەبن و، لە هێرشدا هێز خڕدەبنەوە، هەلومەرجی هەوارەکەش وەڵامی بە پێداویستی پاسداری داوەتەوە. هەرکاتێکیش لە بازنەی خواستی پاسداریدا پێویست بووبێ، هێکێتی هێز پێک هێندراوە، ناوی هەندێک لەو هێکێتیانەش ماونەتەوە. کووردان ئەگەرێ پیشترێ لە زهین نەدۆڕابن، پاشترێ لە زەمین نەدۆڕاون، سەرچاوەی بردنەوە و دۆڕان، هەردووکیان لە ناو کاسەی سەری خۆتان دایە. کاتێک خەڵکانی سەرڕاست بوون و، بە هوودای مهیربان گرێدرابوون، هوودا پشتی دەگرتن و، بە سەر نەیاراندا سەری دەخستن. پەیوەستبوون بە هوودا، پەیوەستبوونە بە مووخی گەردوونی، پەیوەستبوونە بەو شەپۆلانەی لە سەر ڕووی زەوی کاریگەری دادەنێن، هەنگێ ئەو شەپۆلانە لە دڵ و دەروون و، لە دەماخی نەیاران دەدەن و، هێزیان لەبەر دەبڕن، لە هەمان کاتیشدا ئەو شەپۆلانە هێز بە جەنگاوەرانی مهیری دەبەخشن. جاران لە هەرپەلامارێکدا، هەزاران چەتەی هۆفی هەڵیاندەکووتیە سەر ئەم هەوارە، لە بەرامبەردا تەنەها چەند سەد جوانمێرێک بەرخۆدانیان دەکرد و، شکستیان پێ دەدان. ئەوە هوودای مهیربان بوو مهیرپەرستانی سەردەخستن، لە پشتی بەرخۆدانەوە، شەپۆلەکانی گەردوون هەبوون، ئەو شەپۆلانە پارسەنگی هێزەکانیان دەگۆڕی و، شەڕ بە سەرکەوتنی مهیرپەرستان دەکەوتەوە. لەمەوپاشیش بە چاوی سەری خۆتان دەبینن، کاتێک کووردان پێ لە بەندی نامووس زیندوو دەبنەوە، هوودای مهیربان پشتیان دەگرێ و، سەریان دەخات بە سەر جێهانی هۆفیدا، بێشک ئەوە ڕوودەدات.

تاقە کۆمەڵێکی بەشەری، کە لە هێک کاتدا، هەم لە جەنگ دابووبن، هەم لە شاهی، کۆمەڵی کووردهەوارە. هەنەوکە شەڕ و شاهی بوونەتە خەسڵەتی کەسێتی کووردی، خەڵکەکە هیچ کاتێک لە چ تاقیان وەڕس نابن، بەڵکوو بە گووڕ و تینەوە لە هەردووکیان دەچنە پێشێ. لە بنەڕەتدا شەڕ واتایە لە مەرگ و، شاهی واتایە لە ژین، وەلێ سەبارەت بە کووردان هەردووکیان بە قووڵی گوزارشت لە ژین دەکەن، چوونکە لە کووردهەواریدا، جەنگ تەنەها لە بازنەی بەرخۆدان بەرجەسدە دەبێ، ئەمەش ڕێ ڕاستەکەی پارێزگاریکردنە لە مهیر و مهیربانێتی. لە پەنای هیچ پاساوێکدا، ڕێ بە مهیرپەرستان نەدراوە، نە لە زهین و نە لە زەمین، خۆیان ڕادەستی هۆفی بکەن، لەبەرهەندێ شەڕی نەسرەوتانەی بەرخۆدان، دەبێتە فەرزی دین و دوونیاهێ. کووردهەوار وا زیادتر لە شەش هەزار ساڵە، پەلاماری لە سەرە، خەڵکەکەی بەبێ وچان لە میانی بەرخۆداندا دەجەنگن و، شەڕ لە خۆیان پاس دەکەن. هاوزەمان لە ناو دۆخی جەنگاوەرێتیدا، شاهی دادەبەستن، پێی لە بۆ دهاوێن و شانی لە بۆ هەڵدەشەقێنن. لەم ڕۆژگارەدا کووردان سەیریان لە خۆیان دی و، تێناگەن ئەوە چ نەریتێکە ئەوان هەیانە، تەنانەت لە قڕتێکەوتن و بە خنکان چوونیشدا، تەنەها نەختێک ڕادەوەستن، پاشان دیسان دەست دەکەنەوە بە شاهی و، کەیفوخۆشی. لە ڕاستیدا نەریتەکە بە تەواوی واتادارە و، لە پێرستی مهیرە. هەڵپەڕکێ، دەنگبێژی و مۆزیک هەرسێکیان کردەی دیندارین و، لە یادکردنەوەی هوودای دایک جهێ دەگرن، لەبەرئەوەیە خەڵکی ئەم هەوارە، لە هەموو زرەفێکدا بەردەوامی داونەتێ و، قەت دەستیان لە هوونەرەکان بەرنەداوە. هەڵپەڕکێ دامێکە لە شارستانێتی دایک و، درێژ بۆتەوە ناو ڕۆژگاری ئەمڕۆ. کووردان لە باری جووداجۆردا شاهی دادەبەستن و، بە گەرمی هەڵدەپەڕن، نیو سەدە لەمەوپێش، تاقە کەسێک لە هەوارەکە نەدەبیندرا هەڵپەڕکێ نەزانێ، هەموو لە منداڵیەوە فێری شاهی دەبوون و، جۆری جوودایان لێ دەزانی، لە ئاستی گشتەش هوونەر گیانێک بوو لە هەموو ئیش و کارێکدا بەرهەست دهات، بە هەندازێک ڕۆچووبووە ناو ژینی ڕۆژانەی خەڵکی، لە هێکدی جوودا نەدەبوونەوە. دایک بە خۆبادان و گووتنی لایلایەوە کۆرپەکەی دەنواند، منداڵ بە دەم ئاهەنگەوە پێی دەگرت، مردوو بە سەردوولکە و لاواندنەوە دەنێشدرایە ناو هەردی. گریانی بە کوول و ڕوودادڕین و، هەرتەرزێکی نارەزاتی لە هەمبەری مەرگدا، نەریتی درەنگانی ڕۆژگارن، کردەوەی هۆفیانەن هاتوونەتە ناو مهیرپەرستانەوە. هۆفی هەقێتی لە مردن بترسێ و، ڕەزای لە سەر نەبێ، چوونکی نازانێ و باوەڕی بەوە نیهە مردن سووڕێکی دیکەیە لە زیندەگی، خۆ ئەگەر بشزانێ دیسان هەقێتی دەست بداتە گریان و زاری، یان ڕووی دابڕنێ، هاخر هۆفی دەچێتە دۆخی دۆڵزاخ و، هەتاهەتاهێ لە ناویدا

دەمێنێتەوە. وەلێ مهیری، کە چاک دەزانێ مردن دەوامی ژینە لە سوورِێکی نوێدا، رِۆیشتنە بەرەو بهێشتێ، هیدی بە بەهانەی چ شتێکەوە، بە کوول لە بۆ مردوو بگری؟ ئەگەر دەست بداتە پرمەی گریان، بێشک تەنەها لە خۆویستی خۆێتی. وریابن! ئەم خۆویستی و بەرهەڵستیە، گووناهێکە دەچێتە شانتانەوە. پێشینانی ئەم هەوارە زانابوون بە دین و دوونیا، پاشماوەی ئەوانە، وا هەنەوکەش لە کاتی مەرگی هەزیزاندا، سەرخۆشی (سەرهۆشی) لە هێک دەکەن، وەبیروهۆشی هێکدی دادهێنەوە، کە مردن هەقە و لە رِێی هەمووان دایە. لە هاونیشینی رِۆژانی ماتەمباریدا، ئەو دەمەی ژنێک لە هەژمەتی مردنی هەزیزێکیدا، تووند و توولانی بگریێ و، دەستبداتە لە خۆدانێ، ژنانی هاقڵمەند لێی رِاست دەبنەوە، ئاگاهی دەدەنێ دەست لەو گریانە هەڵبگرێ و، هوودا لە خۆی نەتۆرێنێ. هوودای مهیربان لە واتای هەمەلایەن و گشتەگیردا، کەیف و خۆشیکردنی لە بەشەرێت دەوێ، لەبەرئەوەیە کووردان دەستیان لە دەستی هوونەر نەبۆتەوە. بە دەم گووتنی بەند و بەستەوە، تۆو وەشێندراوە و دەخڵیان دەروونە(دەرێنە) کردووە. لە کووتینی گەنم و شەنەباکردنێ، لە هارِین و نانکردنێ، زاریان هەڵهێناوە و ستران گووتدراوە. دەست لە بۆ هەرکارێک بردرابێ، دەمیشی لە بۆ جوولاوە و، هەشقیان داوەتێ. کۆمەڵی کووردهەواری لە ناو خۆیان و، لەگەڵ کۆمەڵی گیاندارانی جووداجۆریشدا، هوونەرمەندانە ژیاون، شیوان شمشاڵی ژەنیوە لە بۆ رِانەکەی، گارِان و قاز و قەڵیان بە دەنگی ئاوازدارەوە بە هەنگ کردوون، هەیران بە سەر مەمک و خەت و خاڵی نازداران هەڵدراوە، بە وەی لێ وەی لێوە، بە سەرهاتی جەنگ و جوانمێری گێرِدراوەتەوە، بە هۆهۆوە خەم و خەفەتیان رِەواندۆتەوە. پاشانەکەش کە شمەکگێرِی گەرِۆک و، مامەڵەی گۆرِینەوە پەیدا بوون، دیسان بە گۆرانی و دەنگی ئاوازدارەوە خەڵکیان بە هەنگ کردوون، "دەی وەرە، دەی وەرە" ئاوازێکە دەچێتە گوێی هەمووانەوە و، گەرِۆکەکە ناوی پێوە دەگرێ و، بە "دێوەرە" دەیناسن. هەرێ وهالە، لە قەدیمیدا هەموو هەنگاوێک هوونەری بەرجەسدە دەکرد، لە ترووسکەی هەموو نیگاهێکدا بزە و، لە بزاوتی هەموو دوو لێوێکدا خەندە هەبوو، خەندەش هێمای رِاستی و دۆستی دەخستەرِوو. کووردهەوار دایکی هوونەرە لە هەموو جێهانێ، هیچ moوزیکێک لە دوونیاهێ، قوودرەتی شان بە شانی نیهە لەگەڵ مۆسیقای کووردیدا، چوونکێ هەمەچەشنە لە فرِین و نیشتن، لە جوولەی سەرئامێر و، لە جوولەی ناو دەم و لووت، لە جوولەی ناو قوورگ و گەروو، جا لە هەرهێکەیان جۆرێکی تایبەتی مۆزیک دهێتە دەرێ و، وەڵام بە زەرفی جووداجۆری دەروونی بەشەر دەداتەوە. "هەیران، لەرزان، گەرِان، دامرکان، هەڵستان، توولان، بەستان،" هەرهێکەیان جۆرە رِەوتێکن لە مۆسیقای کووردهەواریدا، ئەمە شتێکە تەنەها لە ناو کۆمەڵی ئەم هەوارەدا رِسکاوە، کۆمەڵێک نیهە لە جێهانێ، مۆسیقاکەی هێندە فەرەوان و فەرەچەشن رِەوتی گرتبێ، هەموو مۆسیقاهەکانی هان لە دوونیاهێ، منداڵ و نەوەی ئەو دایکە کووردەن.

ئەو دایکاتیەی کووردەهەوار لە هوونەردا خۆڕسکە، بە سەرچاوە لە دایکاتی خاک و خەڵکەکەیەوە دێ. خەڵکی ڕسەن و بە ڕیشەی کووردەهەواری، بە پێشینەی نێزیک مهیرین، ئەوە بنەڕەتێکە باڵابوونێکی داوەتە هەستی کووردی، نیگای کووردی، هاخاوتنی کووردی، جوولەی ناخی کووردی، لە هیج کوێ نموونەی نیهە. بنەڕەتێکی دی ئەوەیە، خاک و ئاو و هەوا و هەتاوی کووردەهەواری، بە خۆڕسک دایکانەن، چوونکە لە خوولقانی ڕووی زەویدا، ئەم بەشە خاکە بە ڕێسای هوودا کرد، پلەی دایکی دراوەتێ، لەبەرهەندێ بەرکەوتنی خەڵک و خاکەکە بە هێکدی، هوونەرمەندی ڕەسەن دەخوولقێنێ، هوونەرمەندێک هوونەرەکەی لە دڵ دەردەچێ و دەچێتە دڵانەوە. ئەگەر دڵ نەناسن، ناتوانن هوونەری ڕسەن و ناڕەسەن لە هێکدی جوودا بکەنەوە، دڵ بە شاتانی ناسرووشتی پەیوەست نابێ، بەڵکوو مەودا دەخاتە نێوان خۆی و ئەو جۆرە شتانەوە. دڵ شەپۆڵدارە و شەشەم هەستە لە بەشەردا، قوودرەتی هەیە بە تاقی تەنیهێ هەرپێنج هەستەکەی دی بهێنێتە بن باڵی خۆیەوە. زهینی بدەنێ و هوورد لێی تێبگەن، خاک هەرخاک و، کێو هەرکێو نیهە، ئاو هەرئاو و، هەوا هەرهەوا نیهە، تەنانەت هەتاو و ڕووناکی کووردەهەوار لە هی شوێنانی دی جوودایە، هەم لە جۆرێتی و هەم لە چەندێتی. بڕۆن بیخەنە بەر زانستی ئەزموونکردنێ، هەنار، هەنجیر، یان هەرمێی کووردەهەواری ببەن و، بەرهوورد بە هی جێهانێی بکەن، هەنگێ دەبینن وزە و تام و بۆنوبەرامی ئەوانی ئەم هەوارە، بە چەندان قات سەرووترن، هەمان ئەزموون سەبارەت بە خەڵکەکەش هەرڕاست دەگەڕێ. ئەمە نیشانەی باڵابوونە، ئەم نیشانەیە دایکاتی کووردەهەوار بە سەر هەموو دوونیاهێ ساخ دەکاتەوە. کووردەهەوار بەردەوام داوێتی بە دەرەوەی خۆی، بەبێ ئەوەی لە دەرەوە وەربگرێ. دایک هەر ئەوهایە، دایک شیر دەداتە منداڵەکانی، لە کاتێکدا منداڵ ناتوانێ هیچ بە دایکی بدات، چوونکە لە دایکاتیدا سەودا و گۆڕینەوە نیهە. دایک و کوورد هاوواتان، لە کووردیاتدا دان و بەخشین سەودای لەسەر نیهە. پێشینان گووتیتیان:" چاکە بکە و، بیدە بە دەم ئاودا." لە هێکەمین ڕۆژانی پەیدابوونی بەشەرێتدا، خەڵکی ئەم هەوارە لە زهین و زەمینەوە بە هوودای مهیربان بەند بوون، هەتاوەکوو دەورانی دواهیش ئەوها مانەوە، لە هوودای دایک فێر دەبوون و، لە ئەویان وەردەگرت. سرووشت ناوێکە لە ناوەکانی هوودای دایک، فێربوون لە سرووشت بە واتای فێربوونە لە هوودای مهیربان. هوودا لە سرووشتدا خۆی دەنوێنێ و، لە دیاردەکاندا خێر و شەڕتان نیشان دەدات، ناسینی چاکە و خراپەتان بە زهین دادهێنێ، هوودا هەقڵیشی داونەتێ لە بۆ دەرک پێکردنێ، هیدی هەرکەس لارەمل بێ، لۆمەی لە سەرخۆی دەکەوێ. لە دەمەو پەیدابووندا، هوودا لە دایکی بەشەریدا بە جەسدە بوو، زانستی گەردوون و تەواوی مهیریات، لە زهینی دایکی بەشەرەوە، بە بەشەرێت دراوە پاشانەکەش دیاردەکانی سرووشت لە سەرزەمینی زاگرۆس، هەموو دەوروزەمانێک مامۆستای گەورەی زیندووڕاگرتنی ئەو زانست و

فێربوونە بوون. زاگرۆسیەکان لە کەشوهەواکەیانەوە، فێری ڕاگرتنی هاوسەنگی بوون، چوونکوو لەو خاکە دایکەدا وەرزەکان هەرهێکەیان وەکوو خۆیان دەردەکەون، هەرهێکەشیان وەکوو خۆیان پێویستن، بە هەمان شێوەش مێ و نێر وەکوو خۆیان دەردەکەون، وەکوو خۆشیان پێوستن. ئەگەر قل و قیچێک لە تایبەتمەندی هاوینێ لە ناو زمستانێ دەربکەوێ، ساڵ دەبێتە ساڵی نەهات و هووشکە ساڵی، هەنگێ نە بەرهەمی خۆڕسک و، نە بەرهەمی چاندنێ بە دەست ناهێن. کاتێکیش لە کۆمەڵی بەشەریدا نێر پایەی ناوەندێتی لە مێ دەستێنێ، یان تایبەتمەندی نێراتی دەچێتە ناو کەسێتی ژنەوە، دیسان نەهات و کاولبوون بە سەر بەشەرێت دادێ. هەردیاردەهێک لە سرووشتدا، وێنەی فێربوون و زانینە، بەرەو ڕێ ڕاستەکەی دین و دوونیاهێ. لەو هەوارەدا ڕۆژ و شەو بە درێژاهی ساڵ، بە فەرقێکی کەمی کاتەوە دەگوزەرێن، وەلێ لە دەستپێکی بهارێ دەگەنە هاوتابوون، هاوتابوونەکە تەنەها مەودای کاتە، دەنا چ تاقیان نابنە ئەویدی. ڕۆژ مێیە و شەو نێرە، ئەو هاوتابوونەی لە کاتدا بە دید دێ، تایبەتمەندێتی چ تاقیان ناگۆڕێ. بەم پێودانگە بزانن، ئەو دەمەی مێ و نێر هاوشانی هێک کارێک هەڵدەسووڕێنن، بەم بە هێکەوە کارکردنەیان هێکسان نابن، می بە هۆی تایبەتمەندی مێبوونیەوە، هەمیشە پێشڕەفت و ناوەندە، ئەم پێشڕەفتی و ناوەندبوونەش بە هەبوونی نێرەکانەوە واتادارە، دەبێ نێر لە دەوری مێ خڕبنەوە، یان بچنە پشت مێینەوە. سەرنج بدەن لە بهارێ ساردی و گەرمی تیکەڵ دەبن و، هەوای فێنک بە زەوی دادێ، لە ناو ئەم کەشوهەوایەدا، ڕەنگینی وشیناتی زەوی دەتەنێ، هیدی جوانی و پاکی و خۆشی سالارن. ئاوێزانبوونی مێ و نێر لە پێڕستی مهیردا، چ لە واتای تاک و چ لە واتای کۆمەڵ، ئەو جوانی و پاکی و، ئەو خۆشی و خۆشبەختیهە بە هاردی دادێنێ. پێڕستی بە مهیر، بە مانای پێرستبوونە بە دایکاتی، وەرزەکانی بهار و پاهیزیش دایکاتی دەنوێنن، لە هێکەمیاندا بە لای مێ و، لە دووهەمدا بەڵای نێڕدایە. زمستان مێ و هاوین نێرە، لە پێکهاتەشدا تەڕاتیهەکەی زمستانێ مێیە و ساردیەکەی نێرە، لە هاوینێش گەرمیەکەی مێ و، هووشکیەکەی نێرە. سرووشت لە دەرکەوتنی دیاردەکانیەوە، زاگرۆسیهەکانی فێری ڕەنگینی و هاوبەشێتی کردوون، هەموو گیانلەبەران لە کانیاوێک دەخۆنەوە، کانی و چۆمێک نیهە تایبەت بە ڕەچەڵەکی گیاندارێک، چ تاقی گیاندارانیش قەت نەیانویستوە ئاوێک قۆرخ بکەن. و بەس هی خۆیان بێ. سرووشت هی هەمووانە، هەمووانیش پێی ڕازین. کووردانی مهیری لە پێش سەدەکانی کەوتن و تەپین، بەم هاوبەشێتی و خۆشیکردنەوە دەژیان، جەنگ بە هەموو کاولکاری و خراپی خۆیەوە، نەیتوانی بوو لە ڕێڕەوی سرووشتیبوون لایان بدات، خەڵکەکە لە دار بەڕووی شاخاکانیانەوە، خەسڵەتی نەگۆڕی و، خۆڕاگری و بەرخۆدانیان وەرگرتبوو. داربەڕووەکانی کووردهەوار کۆمەڵێکی بە هێکدی پەیوەست و، لە هێکدی هەبەردارن، تەنانەت ئەگەر مەودای زۆریش لە نێوانیان هەبێ، ئەگەر

کۆمەڵێکیان لە شاخێکی خواروی زاگرۆس، کۆمەڵێکی دی لە شاخێکی ژووروودا ڕۆچووبن بە خاکەکەدا، دیسانیش ئاگایان لە هێکە، چوونکوو هەموویان لە ژێر ئەو بەشە خاکەوە بە هێکەوە گرێدراون. کووردەکان بە وێنەی داربەڕووەکانیان لە هێکێتی دابوون، لەگەڵێک ڕووەوە لەگەڵ داربەڕووەکان هاوخەسڵەت بوون. داربارو دەبەخشێ، بەبێ ئەوەی وەربگرێ، لە پۆپە و پەڵکەکانیەوە تەڕاتی ناو هەوا ڕادەکێشێ، لە ڕەگەکانیەوە تەڕاتی قووڵاهی خاک هەڵدەکێشێ، لەبەرهەندێ بەرگەی بێ بارانی دەگرێ، ڕەشەبا و زریانە تووندەکانیش ناتوانن بیخەن بە زەویدا و بیشکێنن، لەبەرئەوەی پێکهاتەی قەد و لقەکانی لە دابەشبوونێکی شێوەی هێشوودایە و بوونەتە پاڵوپشتی هێکدی. ئەمڕۆ کۆتاهی بە کەوتن دێ، ئەمڕۆ سەرەتای هەڵستانەوە و بە سرووشتیبوونەوەیە، ڕێسا و ڕەوتی بەشەرکرد، لە واتای گشتەگیردا هەڵدەوەشێتەوە، نامووس هەموو شتێک دەباتەوە سەر ڕێڕەوی سرووشتی خۆی و، گرێی دەداتەوە بە مەیل و هەشقی خۆرسک لە هەرکەس خۆیدا، بەو شەرتەی هەرکەس پێڕست بە مهیر ئەو مەیل و مەبەستەی ڕەوت بداتێ. ئەوی زانایە، لە سەرێتی زانین بکاتە گشتی، ئەوی هوونەرمەندە لە سەرێتی هوونەر بکاتە میلی، بەبێ ئەوەی مەرامی تایبەتی بخاتە پشتی کارەکەوە. هەرکەس بە مەرامی گهیشتن بە سەرمایە و ناووبانگ دەنوسێ، ڕۆژی تەواو بوو، چوونکی لەمەوپاش هەم بازرگانیکردن بە زانین دواهی دێ، هەم ناوی نوسەری. لێرەوپاش هوونەرمەندێتی دەبێتەوە گشتەگیر و، ڕێ بە چ کەس نادرێ بیکاتە پلیکانەی سەرکەوتن و بڵندبوون بە سەر خەڵکیدا. ڕێ ڕاستەکە ئەوەیە، لە ماڵان و لە ناوەندەکانی خووندنێ، هەلومەرجی بە هوونەرمەندبوون بڕەخسێنن، ئەم کارە ئەرکێکە لە دینداری، درێخی تێیدا مەکەن. دەستتان دایە هەرکارێک، هەست و ناخی خۆتان بگواستنەوە سەر کارەکە، دەروونتان بهێننە سەری زمان و سەر نووکی پەنجە، بە هەندازەی جیداوازی دڵ و دەروونتانەوە، لە هێکدی جوودابن. با کەس وەکی کەس نەبێ، هەموو هێکێک لە خوودی خۆیدا تایبەتە، با لە ڕەوتی سرووشتیدا تایبەتبوونێتی ڕاستیەڤین، لە کەسێتیتان بەرهەست بێ. ئەوی گۆرانی دەڵێ لە تایبەتبوونی خۆیەوە بیلێ، ئەوی مۆسیقا دەژەنێ لە تایبەتبوونی خۆیەوە دەست و پەنجە لەگەڵ ئامێرەکان نەرم بکات. ڕیشەی مۆسیقا لە ناخی هەرکەس و لە ناو هەستەکانێتی. دەوری ئامێر لە دروستکردنی مۆسیقای ڕسەندا، هێکجار کەموکوورتە، لێو دەتوانێ مۆسیقا لێ بدات، ئامێر هەمان ئەو مۆسیقایە بەرجەسدە دەکاتەوە. گوێگرتنی زۆر و، تێکەڵبوونی هاشقانە لەگەڵ ناخ، دەتانکاتە هوونەرمەند، نەک تەکنیک و ئامێرجوولاندن، هەستەکان پەروەردە و پەیوەست بکەن، جوولەی پەنجەکان و لێوەکان فێربوونێکی کەمی دەوێ. باش بزانن دانانی ڕیشەی هوونەرمەندێتی لە ناخی هەرکەس، بە هۆی پەروەردەیە، فێربوون نیهە، هوونەرمەندێتی جوولەی دەروونە، پێش ئەوەی جوولەی دەست و دەم بێ. پەروەردەبن، بەبێ پابەندی بە قەیدوبەندی

بەشەرکرد، لە هەرکاتێکدا دەربڕینی تایبەتی بخەنەڕوو، بە مهیری زار هەڵهێنن و، بە مهیری پەنجە بژەنن، هەنگێ شیرینی و جوانی بە پلەی بێ پەرواهی دەگەن. چاکیش دڵنیابن، بەم کارەتان خێری دین و دوونیاتان دەگاتێ.

## پۆپەی 31

هیکەم بەشە خاک لە سەر ڕووی زەمین، کە بەشەر تیایدا چاوی بە نووری هوودای مهیربان هەڵهێنا، کێوستانی زاگرۆس بوو، لەو کێوستانەدا خۆر هەتاوەکەی سەر سەری و، خاکەکەی بەرپێی، بە جهێ دەرکەوتەی هوودای دایک ناسی. ئەوە هوودایە وا لە سەرەوە ڕووناکی و، لە خوارەوە ڕسقی دەداتێ، ئەوە بەشەرە کەوتۆتە ناو ناز و نیانی گەڵاوگوڵی باخاتێک، لە وێنەی پرچی پەخشانی دایکی و، لە سازگار و شیرناوێک دەخواتەوە، وەکوو شیری مەمکەکانی. دایک هەوەڵین و هاخیرینە، لە هەرجهێ نیگاری دایکە، وا بە نەقشی جوودا جوودا، خۆی نیشانی بەشەرێت دەداتەوە، هەرنیگارێک زانینێکە خۆی لە مێشکی بەشەر دەکووتێ و، پێناسەکەی هەقیقەت تۆخ دەکاتەوە. ناسین و زانینی ڕاست و ڕەوان، مهیریاتێک بوو، بە شەر لە زاری دایکیەوە پێی گەهیشت، دایکیشی لە هوودای مهیربانەوە وەری گرتبوون. برۆننێ، زاگرۆس بەرزە کێوستانێکە، هەڵقە هەڵقە زوورگ و شاخ دەستیان لە ملی هێکدی دایە، شاهی و ڕەشبەڵەکی کووردان، شێوەکەی لە وێنەی زنجیرەی زوورگانەوە وەرگیردراوە. زاگرۆس هێکێتیەکە، بەردەوام و نەسرەوتانە، وانەی هێکێتیبوونی بە خەڵکەکە داوەتەوە، ڕەنگینی و هەمەچێژی و، تەڕی و ئاوداریەکەی، نیگاری مێبوون و دایکاتی، لە زهیندا زیندوو ڕاگرتوون. لەوەتی زاگرۆس هەیە، دارەکانی گوێز و بەڕوو، قەزوان و مازوو داپۆشیوە، دۆڵەکانی پڕ لە درەختی جووداجۆری میوەن، لە جهێ ئاودارەکانیدا برنج چێندراوە و، دەشتە بە پیت و فەڕەکانیشی دانەوێڵەی گەنم و جۆ و، لۆکە و دارگەز و، گەلێک بەرهەمی دیکەی بە دەستەوە داون. لە زەمانی زوودا، هەموو بستێکی ئەو خاکە، مێرگ و مەرهە بوو، لەوەڕە تەڕ و زەبەندەکەی وهای کردبوو، خەڵکەکە لە ماڵات زەنگین بن، بزن و مەڕ و مانگای گۆشتن و گووان پڕ شیریان هەبێ. خێڵانی شیوانکارە و جووتیاری هەوارەکە، هەرزوو لە سەرەمانی سەرەتاوە، شتومەک و بەرهەمەکانیان لە نێوان خۆیاندا گۆڕیونەتەوە و، بوونەتە مایەی تێروتەسەڵکردنی هێکدی، ئەمەش سەوداکردنێکە پێرست بە مهیر بە جهێ هێندراوە. لە ماوەی شەش سەدەی دواهیدا، بێگانان بە مەرامی جوودایەز هاتوون و، هەیانە وهای هێما داوەتێ، گوایە لە ڕۆژگاری هەنگینێ، کڕین و فرۆشتن لە کن خەڵکی هەوارەکە هەبووە. لە قسان وهایە، بەرهەمەکانی زاگرۆسیهان لە بەری خۆرئاوا

گهێندراونەتە هێوەی ڕۆماهێ، لە بەری خۆرهەڵاتیش گهیشتوونەتە ناو دڵی مەفتەنی هیندی. ئەم قسەوقسەلۆکانە هیچ ڕاست نیهە، بازرگانی شتێکە لە کۆمەڵی بێ چین جهێی نابێتەوە، ئەگەر گۆڕینەوە ڕووشی دابێ، زۆر بە سنووورداری، هاوبەند بە دابینکردنی چەک و تفاقی بەرخۆدان و بەرگریکردنێ ڕەوتی دراوەتێ. گەڕۆکی فەرەنگی "جان کووڕی گابرێل"، نێزیکەی سێ سەد و پەنجا ساڵ لەمەوپێش، بە کووووردەهواردا تێپەڕیوە، ئەو گەڕۆکە دووپاتی کردۆتەوە، کووردەکان شتومەک بە پارە نافرۆشن، بەڵکوو بە ساچمە و باورووتی تفەنگ دەیگۆڕنەوە، ئەویش بە کەمی دەستیان دەکەوت. لە پێشینانی کووردەهواریدا، ڕێک و ڕاشکاو دژاتی بەرامبەر بە پووڵ و پارە نیشاندراوە، تەنانەت بە ڕوونی گووتیتیان:"خۆڵی خۆت مەدە بە پووڵی خەڵک." گۆزارەکە لە قووڵاهی بیروباوەڕیانەوە هاتۆتەدەرێ و پێکاوێتی، لەبەرئەوەی پارە لە دەسهەڵاتی چیناتیدا سەری دەرهێناوە، دژاتیکردنی پارە بە واتای دژاتی دێ لەگەڵ دەسهەڵاتی چیناتی، ئەمەش هەڵوێستێکی پێڕست مهیرە و، دینداریکردنێکی خاوێن و بێ خەوش نیشان دەدات. ئەوان بە دروستی زانیویانە "پارە دین دەرە و، دین بەرە،" ئەمە پەندێکە لە پێشینان خۆیانەوە بە جهێ ماوە، ڕوونی دەکاتەوە پارە هێزێکی خەتەرناکی دوو سەرە، لەبەرهەندێ لە نێوان خۆیاندا، ڕێنوێنی و ئاگاهیان بە هێکدی داوە، کە تووخنی پارە نەکەون. وشەی "پارە" ناوی دراوێکە، دەسهەڵاتی چیناتی ناودێر بە هۆسمانی شێوەی داوەتێ، پاشەویش "قرووش" و "لیرە"ی زێڕین لێدراون، وەلێ لە کۆمەڵی کووردەهواریدا، چ تاقیان نەکەوتوونەتە دەستان و، نەچوونەتە مامەڵەپێوەکردنێ، چوونکە خەڵکی لە بازنەی کۆبەندی خێڵ دەگوزەران و، بە هامەتی پارەیان ڕەت دەکردەوە. پێشی سەدەونیوێک، هاوزەمان لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی نەزمی هاوبەشێتی زەوی و، کردنەوەی بازاڕەکاندا، هێدی هێدی قرووش و لیرە لە ناو خەڵکی ئەو هەوارە بڵاوبوونەتەوە، لەو کاتیشدا بەشێکی زۆری خەڵکەی هەوارەکە، هەرنەیانویستووە دەست لە پارە بدەن، تەنانەت ئەو پیاوەنەشیان بە سووک و بێ شەرم و شکۆ دیتون، کە بە دووی پارە کەوتبن، گووتیتیان:"پیاوی سووک پاسەوانی پارەکەێتی." خەڵکی دەیانزانی وا خەریکن دەکەونە ناو هەلومەرجێکەوە، ڕەنگە دین و دوونیایان لە دەست دەربچێ، بەڵام تازە زۆر درنگی کردبوو، هیچ کارێکیان لێ نەدەهات. سەرەنجام تێ کەوتن و قەڵۆش بوون، ئەوەتانێ وا بە بەرچاوانەوە، هەنوکە کووردەکان نە دینیان هەیە، نە دوونیا.

## پۆپەی 32

کووردەهوار بە هێک جار و لە هیکڕا، نەکەوتۆتە ناو هەلومەرجی چیناتی، سەرەتا وڵاتی فارس، لە دەشتەکانی خواری خوارەوە، هاوزەمان لەگەڵ هاتنی کەسوکاری لێقەوماوی فاتیمێ، دەربازی چیناتی بوو. پاشان بە هاتنی تورکانی سەلجووقی،

جەنجاڵی چیناتی دەکەوێتە خۆرئاوای هەنادۆڵێ، کاتێکیش هەندێ لە تورکان دادەبەزنە ناوچەی بچووک لە باکووری هێرانێ، ئەو دەمە لەوێندەرێش چیناتی بەرپا دەبێ. بەڵام چ تاقیان بەشێک نین لە کۆمەڵی کووردهەواری، خەڵکانێکی لێقەوماون و کووردان ڕێیان داونەتێ، لەو هەوارە هەڵبقوونجێن، ئەوانی خوارێ هارەب و ئەوانی سەرێ تورک بوون، پێشینەی هەرهێکەیان لە چیناتی و هۆفێتیدا، زۆر دوور و قووڵە، بە جۆرێک شەش هەزار ساڵ تێدەپەڕێنێ. هەشیرەی فارس هێکەمین گرووپە خەڵکێک بوون لە کۆمەڵی کووردهەواریدا، هێواش هێواش لە ژێر کاریگەری هارەبە لێقەوماوەکاندا، دەربازی چیناتی بوون، بە دەورانی زەمانەش ڕەسەناتی پێکهاتەکەیان لە دەستدا، چوونکە بڕبڕە هارەب و تورک و، هیند و خەڵکانی دیکەی بە پێشینە هۆفی، تێکەڵیان بوون. هەنەوکە هەموو بە فارس ناسدراون، لە کاتێکدا بەشێکیان بێ ڕیشەن و فارس نین. پێودانگی ناسین و جووداکردنەوەی فارس لە نافارس ئەمەیە، ئەوانی کووردەکانیان خۆشدەوێن و، خۆ بە خزم دەزانن، فارسە ڕەسەنەکەن، ئەوانی لە کووردان بە کینەن، خەڵکانی بە پێشینە هۆفین و فارس نین. هاوسۆزی فارسە ڕەسەنەکان لەگەڵ کووردان، لە پێشینەی مهیریبوون و، نێزیکاتی ڕابردوویانەوە دێ، ڕقی فارسە ناڕەسەنەکەش بەرامبەر بە کووردان، لە پێشینەی هۆفیبوون و دووراتی ڕابردوویانەوە سەرچاوە دەگرێ. هەلومەرجی چیناتی لە خوارێ و سەرێ، بە شێوەی توولانی لە ناو بازنەی خۆیاندا مانەوە، تەنانەت خێڵانی شیهەی هاوبیروباوەڕ لەگەڵ فارسەکان، بەردەوامێتیان بە نەزمی خێڵاتی دا و، نەبوونە بەشێک لە کۆمەڵی چیناتی. پەڵکشان و پەرستەندنی چیناتی، بە درەنگ وقهت لەم ناوچەیە ڕوویداوە، نێزیکەی شەش سەدە لەمەوپێش پەڵکشانەکە بە سەرەتا هات، لە سێ سەدەی دواهیش چڕوپڕی بە خۆیەوە دیت و قاڵبی گرت. پەڕینەوەی تورک لە خۆرئاوای هەنادۆڵەوە بەرەو ناوەندی هەنادۆڵ، هەرلەو ماوەیە ڕوویدا، دەنا پێشترێ کووردانی مهیری تیایدا نیشتەجهێ بوون. تورک پێکهاتێکی ناڕەسەن و تێکەڵە، ناوونیشانێکە چەندان ڕەچەڵەک لە ناویدا خڕبوونەتەوە. لە دەستپێکێدا سەلجووقی و هۆسمانین، پاشانەکە قۆمی جوودایان تێکەڵ بوون. ئەوانەی ئەمڕۆ لە هەنادۆڵ بە تورک ناسدراون، تورک لە ناویاندا کەمینەن، زۆرینەیان یۆنانی و کووردن، بڕێکیشیان قەوقازی و هارەبن، کەمێکیش سلافی و ئەنگلیز و فەرەنگین. بڕۆننێ، چ تاقی سوڵتانەکانی هۆسمانی تورک نەبوون، سەرجەمیان لە دایکانی ئەنگلیزی و فەرەنگی بە دوونیا هاتوون، هەرهێکە لەو ژنانەش کۆمەڵێک سپی پێستیان لەگەڵ خۆیاندا هێناونەتە هەنادۆڵێ، سەرەڕای قۆناخ بە قۆناخ هێنانی زیادتری پیشەگەران و، بازرگان و، هێنانی چەتە ڕاهێنەرانی چەتەگەری و کارگێڕی، بە جۆرێک چەند سەد ساڵێک لەمەوپێش، هاخاوتنی فەرەنگی لە بازارەکانی"کوستەنتینە"دا، بە هێندەی هاخاوتنی تورکی بەربڵاو بووە. خەڵکەکە چ لەو شارە و چ لە شارانی دیکەی خۆرئاوا، زۆربەیان گریکی و

کوورد بوون و، له هه‌شدادیانه‌وه مهیری بوون، پاشان له ده‌ورانی هاخیریدا، نووقمی هه‌لومه‌رجی چیناتی بووبوون، توانه‌وه و، دواجار به تورک ناسدران. ده‌سهه‌ڵاتی ناودێر به هۆسمانی، ده‌سهه‌ڵاتی به ڕوواڵه‌ت مووسلمانێتی بوو، سوڵتانه‌کانی هه‌رچه‌نده له دایکیانه‌وه کریستی بوون، به خه‌ڵیفه‌ی مووسلمان ده‌ناسدران، ئه‌و به‌ڕوواڵه‌ت مووسلمانبوونه‌ی خه‌لیفان، وهای کردبوو هه‌ندێک هاره‌ب بهێن و له سێبه‌ریاندا بمێننه‌وه، پاشانه‌که برێکیان تێکه‌ڵی تورکان بوون، کۆیله و که‌نیزه‌ش له کن هاره‌بان هێندراون و، ئه‌وانیش بوونه‌ته تورک.. له ڕاستیدا ئه‌و خه‌ڵکانه‌ی ئه‌مرۆ به تورک ناسدراون، ده‌بنه دوو به‌ش، به‌شێکیان به پێشینه هۆفین، به‌شه‌که‌ی دی، که به‌شه گه‌وره‌که‌یانه، به پێشینه مهیرین، خه‌ڵکانێکن له بنه‌ڕه‌تدا سه‌ر به قۆمه‌کانی گریک و کوورد بوون. سه‌رنج بده‌ن، ئه‌و فارسانه‌ی له هێرانێ هاوسۆزی کووردانن، فارسی ڕه‌سه‌ن و به ڕیشه‌ن، به‌ڵام له هه‌نادۆڵێ به‌ره‌واژه، تورکه ڕه‌سه‌نه‌که له پۆڵی خه‌ڵکانی به ڕق و قینه‌ن، ئه‌مه‌ش له‌به‌ر ئه‌وه‌یه تورک به پێشینه هۆفین و، فارس به پێشینه مهیرین. خه‌ڵکینه، هوورد و به هیساب بن، به ڕووکه‌شی ڕۆژگاری ڕه‌شی ئه‌مرۆ هه‌ڵمه‌خه‌ڵه‌تێن، په‌ره‌سته‌ندنی گه‌وره‌ی چیناتی و، فه‌ره‌وانبوونی شار و، بازاڕه‌کانی جێهانێ، هه‌مووی له ماوه‌ی شه‌ش سه‌ده‌ی ڕابردوو ڕوویانداوه، هی کووردهه‌وار له ماوه‌ی سێ سه‌ده‌ی هاخیری ڕه‌وتیان دراوه‌تێ. له‌و ماوه‌یه‌دا ئامێر و وزه‌ی کارپێکردنی، گۆڕانی گه‌وره‌یان به سه‌رداهات، زۆربوونی کارخانه و، مه‌یدانه‌کانی کڕین و فرۆشتنێ، به هۆی ئه‌م گه‌شه‌کردنه‌وه به دید هاتن، ئه‌مه‌ش فه‌ره‌وانبوونی شارانی به دووئ خۆیدا هێنا، ده‌نا پێشترێ شاری گه‌وره له گۆرێ نه‌بوون، ئه‌و شارانه‌ی ده‌یانبینن، چ تاقێکیان شاری سرووشتی نین، به تێکڕا شاری چیناتین و، به هۆی بازاڕ و کارخانه‌کانه‌وه، گه‌وره و فه‌ره‌وان بوون. له هاخاوتنه‌کانی کووردیدا وشه‌ی "باژێڕ"هاوواتای بازاڕه، له هه‌مان کاتیشدا مه‌به‌ست له شاره، شاریش به واتا فه‌ره‌وانه‌که‌ی، له پاش دروستبوونی بازاڕه‌کان به شێوه هاتوون، ئه‌وه له کاتێکدا له ده‌شته‌کانی هێرانێ، هه‌تاوه‌کوو ده‌شتی هه‌له‌بێ، مێژووی کۆنترین بازاڕی گه‌وره ناگاته چهار سه‌د ساڵ، سه‌رجه‌میان له ماوه‌ی سێ سه‌ده، له پاش جێگیربوونی ئه‌نگلیزه‌کان له سه‌رزه‌مینی هیند، ره‌وتیان دراوه‌تێ. پێش دروستبوونی بازاڕه‌کان، شاره‌کانی کووردهه‌واری، چ تاقیان له قه‌ڵاتیک، یان گه‌ڕێک زیادتر نه‌بوون. به نموونه به‌دلیس و هامه‌د له باکوور، هه‌ولێر و که‌رکوک له ناوه‌ندی کووردهه‌وار، هێک قه‌ڵات بوون، به که‌مێک خانوو له ده‌وروبه‌ریانه‌وه، دانیشتوانه‌که‌ش دوو به‌ش بوون، به‌شێکیان خه‌ڵکانی ده‌ره‌کی و، به‌شێکیش کووردانێک بوون له ناو هه‌لومه‌رجی چیناتیدا توابوونه‌وه. قه‌ڵاته‌کانی باکوور و ناوه‌ندی کووردهه‌وار، ئه‌وانی له ده‌شتی ڕووته‌ڵه‌ی دوور له گووندان هه‌ڵچه‌ندراون، وقهتێ تورکانی هۆفی به شاڵاو هاتوون، هێزی به‌رگریکردنیان به‌شی نه‌کردووه، نه‌شتواندراوه پشتیوانی له گووندانه‌وه به

دەست بهێنن، لەبەرهەندێ بەزیون و کەوتوون. لە ڕۆژگاری ڕابردوودا، هەرهێکە لەو قەڵاتانە، لە بەرچنگی هۆسمانیەکان بوون، کەمە دانیشتوانەکەش، لە ناو مۆدێڵی مووسلەمانێتی - چیناتیدا خووسابوونەوە. ڕاستیەکە ئەوەیە، برێک فەرمانبەری تورک، برێکیش کۆیلە و پیشەگەر لەگەڵیاندا هاتوون و، لەو قەڵاتانە جەێ نیشین بوون، ئەوجا زهین و زاری ئەو فەرمانبەرانە، خەڵکەکەی بردۆتە بنباری خۆی و، هێدی هێدی هاخاوتنی کووردی بە تورکی گۆڕدراوە، مهیریات لە بەین چوون و، داب و نەریتی کۆیلاتی و چیناتی، تێکەڵ بە مۆدیڵی مووسلەمانێتی، لە سەر خەڵکەکە سەپێندراوە. بەڵام وەکوو ئەوەی چەند دەنکە ڕەشکێک، بە سەر کراسی سپی و دامەن شۆڕی کاباندا ڕژابێ، ئەوها بووە، چوونکی لەو کاتیدا هەزاران گووند لە پانتاهی کووردهەواردا بە سەر پێوە بوون، تاک و تەرای لەو گووندانە، ئەو قەڵات و سەرگەڕانە کەوتبوون و، چیدی بەشێکی زیندوو نەبوون لە کۆمەڵی هەوارەکە، گووندە کەوتووەکان، کە ناوی شاریان دراوەتێ، شوێنی شیاوبوون بەو بازاڕانەی وا لە پاشاندا بەو هەوارەدا هێندران. زهینی قەبارە و فەرەوانێتی بازاڕەکان بدەن، هەنگێ تێدەگەن ئەمانە لە سەرەتاوە بە پلانی توول مەودا داندراون، دەسەهەڵاتی ئەنگلیزی وهای قەڵەم لێداوە، گووندەکان نەهێڵدرێن و، خەڵکەکە بهێن بە دەوری ئەو بازاڕانەوە خڕبنەوە. هەموو شتێک بە پێی ئەو پلانە چۆتە پێشێ، قەڵات و بازاڕەکان بوونەتە ناوەندێتی و، لە کۆتاهیدا ئەو شارانەی ئەمڕۆیان لێ پەیدا بوون. خەڵکەکە بە ڕووالەت کووردن و، شارەکان کووردهەوارین، وەلێ ناوەڕۆکیان کووردی نیهە، جۆرێتی هیزر و هاخلاقی هەڵسوکەوتکردنێ کووردی نین، زۆریش لە کووردبوون دوور کەوتوونەتەوە. ئەو قەڵات و سەرگەڕانەی لە دەشتە ڕووتەڵەکان بوون، هەرئەوانیش بوونە ناوەندی شێوەگرتنی شارە گەورە و گچکەکانی کووردهەواری، ئەوە لە کاتێکدا کووردبوون لە ناو هەندێکیاندا، بە هەندازی زۆر و زەوەند لە کوورتی دابوو، جا کاتێک دێهاتیەکان هاتن و، لە دەوری بازاڕەکان نیشتەجەێ بوون، ئەو خەڵکانەی شآر بە خراپ کاریان تێکردن، چوونکە شارنیشینەکان خەڵکانێک بوون پابەند بە کەلتوری هۆفێتی و، گرێدراو بە مۆدێڵی مووسلەمانێتی. سەرنجی بدەنێ، "هەولێر، کەرکوک، مووسل" نموونەی ئەو شارانەن، لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا، لە ژێر کاریگەری کەلتوری کۆیلاتیدا فەرەوان بوون، تورکزمانەکانی ئەو شارانە، برێکی زۆر کەمیان پاشماوەی تورکە کۆیلە و پیشەگەرانی سەدەکانی پێشوون، ئەوانیدی بە پێشینە کووردن و، هەلومەرج هاڕیونی. شاری ناودێر بە "سلێمانی،" تاقانە شاری کووردهەوارە هەلومەرجی دروستبوونەکەی جوودایە و، پەیوەندی بە بازاڕەوە نیهە، شارێکە لە ناوەڕۆکەوە بە کووردی و، نێزیکە مهیر خوولقاوە. هەندازەی کرانەوەی کۆمەڵاتی، گیانی بەرخۆدان، سەربەستی مێینەکان و، هۆشیاری خەڵکەکەی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، لە پێشین و بنەڕەتەکەیەوە سەرچاوە دەگرێ، لێکەوتەی ئەوەیە، کەسانێک کە

شارەکەیان دروستکرد و بوونە ناوەڕۆک، بە کەمی لە ژێر کارتێکردنی دەرەکی دابوون و، پتر بە خەسڵەتەکانی کوردبوونیانەوە گرێدرابوون. خۆڕی و خارێک بە ناوی مەلا و شێخ، هەوڵیاندا بە پێی مۆدێلی مووسلەمانێتی، ڕەوت بدەنە شارە تازەکە، بەڵام بێ ئەنجام مان، شارەکە لە سەر هەندێک بنەڕەتی کوردی - مهیری ڕەوتی گرت، کاتێکیش لادێنیشینەکان هاتنە شارەکەوە، هەروەکوو ئەوان هەڵگری خەسڵەتی کوردی بوون، ئەمەش وهای کرد شارەکە بە هەندازی بەرزی کوردبوونەوە، فەرەوان بێ و پێش شارانی دی بکەوێ. لەم تایبەتمەندیەوە، گۆڕانی جێهان بە گۆڕانی ئەم شارە دەست پێ دەکات، سەرزەمینی ناسدراو بە شاری سلێمانی، دەبێتە هێکەمین شار لە جێهانێ، دەست بە نامووس هەڵدەستێتەوە و، لە کەسێتی کوردهەواردا ڕێبەرێتی بەشەرێت دەکات. شارەکان بازاڕ دروستی کردوون و، بازاڕەکانیش چ تاقیان خۆکرد نین و ئەنگلیزین. بازاڕ لە ناو هەلومەرجی چیناتیدا بە هاردی دادێ و، دەسهەڵاتی چیناتی برەوی دەداتێ. کوردهەوار لەبەرئەوەی ناوەندی شارستانێتی دایک بوو، خەڵکەکەی بە نەزمی هەرەوزی و هاوبەشێتی هەڵدەسووڕان، هیچ دەوروزەمانێک هەوارەکە هەلومەرجی پەیدابوونی خۆڕسکانەی بازاڕی تێیدا نەهاتۆتە گۆڕێ، ئەگەر لە سووچ و گۆشەی هەرهەرێمێکی هەوارەکەش، هووردە بازاڕ پەیدابووبن، کەسانی دەرەکی کردووتیانەوە، بە نموونە لە ناوەندی هەرێمی بە دلیسێ، چەند سەد ساڵێک لەمەوبەر هەندێک دووکان و بازاڕ هەبوون، کەسانی بە ڕەچەڵەک ئەرمەنی، هارەب و یاقووبی بە شێوەی پیشەگەر تیایدا کاریان دەکرد."ئەولیا چەلەبی" گەڕۆکێکی تورک هەشدادە و، لە نێزیکەوە دیتوونی. لە سەدەکانی ڕابردوودا، هێڵی هۆفێتی ئەنگلیزی، پێشهەنگی نەزمی چیناتی بوو لە جێهانێ، ئەنگلیزەکان لە چهارچێوەی ئەو بە بازاڕکردنەی دەستیان دابووهێ، زنجیرە بازاڕێکیان لە کوردهەواریدا کردەوە. لە هاریانەوە هەتاوەکوو هەندادۆڵ، هەموو بازاڕە فراوانەکان لە ماوەی سێ سەدەی قووڵبوونەوەی تاریکیدا دروستکردراون، بەشێکی کەمیان لە سەدەی هێکەمی سێ سەدەکە و، بەشە زۆرەکەی لە نیوەی دووهەمی سەدەی دووهەمدا قیت بوونەتەوە. لە دڵی کوردهەواریشدا، دوروبەری سەدوپەنجا ساڵێکە بازاڕەکانیان دروست کردوون و، خەڵکی جوولەکەیان لە بۆ سەڕافەتکردنیان هێناون. لە سەرەتادا بازاڕ لە هەرێمەکانی "ئەسفەهان، تهەران، شیراز، کرمان، تەبرێز، هەڵەب" و هەندێک شوێنی دی کردراونەتەوە، پاشترێ بە کردنەوەی بازاڕی زیادتر، ئەو شێوێنانەیان بە هەرمێن کردوون، هاوکات لە شوینانی دیکەش بازاڕیان کردوونەتەوە. بازاڕەکانی "کرماشان، زنجان، قەزوین، خوی، ئاراک، هوورمێ، هەولێر، هاکرێ، هەلەبجە، هامێدی، کۆهێ، ڕواندز، کەرکووک، کەفری،" لە بەشی دووهەمی سەدەی دووهەمی قووڵبوونەوەی تاریکیدا سەرپێ کەوتوون. بەڵام کوردانی ناوەندی، زیدتر لە کوودانی دیکە بەرهەڵستی بازاڕیان کرد و، هاسان نەچوونە ژێرباریەوە،

گووتدراوە:" گەوج نەچێتە بازاڕێ، بازاڕ دەگەنێ." ئەم گۆزارە هەرهەنگینێ لەگەڵ کردنەوەی بازاڕەکاندا کەوتۆتە سەرزاران و، ڕۆشەنی دەکاتەوە خەڵک لەو دەمیدا سەروسەودای بازاڕی بە کاری گەوجان زانیوە و، نەچۆتە پێشوازکردنی ئەو هەنگاوەی سیستەمی سەرمایەداری. ئەنگلیزەکان خەڵکی"جوو"یان لە دەرێرا هێنان و، بەڕێوەبردنی بازاڕەکانیان پێ سپاردن، هەربەتەنیشت بازاڕەکانیشەوە، گەڕەکیان لە بۆ ماڵە جووەکان دروست کرد. ئەو دەمەی ئەنگلیز بازاڕەکانیان دەکردەوە، کووردەهەوار مەفتەنی کۆمەڵێکی بێ چین بوو، خەڵکەکە هەم لە هێکدی فێردەبوون و، هەم لە زانستی ئەزموونکردنێ، هەمووان هەمەکارە بوون و، لە هەرکارێکدا شتێک شارەزابوون، ئەگەر کەم و کەسرێکیشیان هەبا، خۆبەخۆ پریان دەکردەوە. بیناسازی ڕەستن و چەنین، گلکاری، دارتراشی، کەرستەسازی، چاندن و بەخێوکردنی هاژەڵان، بەرهەمهێنانی شیرەمەنی، دیاریکردنی دەرد و دەرمان، هەرهێکەیان بە پڕاوپڕی وەڵامیان بە پێداویستی خەڵکەکە دەدایەوە، بەبێ ئەوەی کەس لە بیری پارە و قازانجی تایبەتی دابێ. کۆمەڵ بە تێکڕا چالاک و لە سەرپێ بوون، ژنان پڕبە پڕی مەیدانێ بە دەست و دەور بوون، منداڵانیش لە سایەی دایکاندا، دەچوونە کارکردنێ و، لە زووی تەمەندا فێری کاری هەرەوزی دەبوون. ئەو چووست و چەڵەنگیەی لە دایکان و منداڵان بە دید دەهات، نەیدەهێشت پیاوان بکەونە تەوەزەڵیکردنێ، پیاو کاری قوورسی دەکرد و، نەشیدەتوانی بە سەر ڕەگەزی دایکدا پایەبڵند بێ، یان خۆی بە مالیکی مێ بزانێ، چوونکە مهیرپەرستی ڕێی نەدەداهێ. خەڵکی هەوارەکە لە دوونیای ڕۆشەنی خۆیان دابوون، دەستیانگرتبوو بە پیشەی ناوماڵان و، خۆنەخۆ هەموو پێداویستیەکانی زەندەقیان دابین دەکرد. پێشینان گووتیتیان:"دەردەدار بە، هەتا بە دەرمان بگەی." بەو واتایە، دیتنەوە و داهێنان لە پێویستبوونەوە دێن. کووردەهەوار لە هیچ دەردێک بێ دەرمان نەدەمان، دەرەقەتی هەموو جۆرە گرفتێک دەهاتن و، چاویان لە دەستی دەرەکی نەبوو، مهیریبوون و نەزمی بەڕێوەچوونیش، ڕێی نەداونەتێ بە دەم کردنەوەی بازاڕەکانەوە بچن. ئەو وقهتە لە بەشێکی هێرانێ هۆفێتی قاجاڕی و، لە بەشێکی هەنادۆڵێ هۆفێتی هۆسمانی، بە دەسهەڵات بوون، هەردوو دەسهەڵاتەکەش بە هەندازێک لەلایەن ئەنگلیزەکانەوە هەڵدەسووڕدران، لە ئاستی ڕووکەش، هێکیان دەسهەڵاتی شیگەری و، ئەویدی دەسهەڵاتی مووسلەمانێتی بوو، لە ڕاستیشدا هەردووکیان گوێ لە مشتی ئەنگلیزی کریستی بوون. لە دەسهەڵاتی هۆسمانیدا، دایکی سوڵتانەکان و ژنەکانیان بە گشتە ئەنگلیزی و فەڕەنگی بوون، لەم ڕایەڵەوە هێڵی هۆفێتی ئەنگلیزی - فەڕەنگی، بە تۆخ و تێری خۆی خزاندبووە ناو هەناوی دەسهەڵاتەکەوە، تەنانەت وەهای لێهات، هەموو کاربەدەستانی ئەو دەسهەڵاتە بە ڕووکەش ئیسلامیەی هەنادۆڵێ، لە وڵاتانی ئەنگلیز و فەڕەنگیدا پەروەردەیان دەدیت و، ڕادەهێندران، هەندێک کات سوڵتان خۆیشی بە تەنەها ڕووکەشێک بوو، ئەنگلیز و

فەڕەنگیەکان، لە ڕێی دایک و ژنی سوڵتانەوە، ڕیشمەی دەسهەڵاتەکەیان بە دەستەوە دەگرت و، ئەو جۆرەی خۆیان دەیانهەویست، ئەوهایان ڕەوت دەداهێ، لە ڕێی ئەوانیشەوە، دەستیان دایە دابەشکردن و بە موولکردنی زەوی. پاش هێکەم جەنگی گەورەی جیهانێش، کاتێک هاتن و ناوچەکەیان داگیرکرد، هیدی ئەنگلیزەکان خۆیان، دابەشکردن و بە موولککردنەکەیان درێژە داهێ، بەمەش زەمینەیان خۆشکرد، بازاڕ و بازارگەری لە ناوەندی کووردهەواردا، ڕەوتی خۆی بگرێ. هاوکات بەشێکی زۆر لە جووەکان بە گووندەکاندا بڵاوبوونەوە و، بە شێوەی گەڕۆک شمەکفرۆشی و پیشەگەرێتیان دەستپێکرد، پاشانیش لە گووندان جێیان دەدەنێ و جهێ نیشین دەبن. هەنەوکە شوێنەواری هەندێک گۆڕستان و گەڕەکی جووان، لە ناوەندی هەوارەکە ماون، وەلێ هیچ خێزانێکی جوولەکە لە وێ نین، چوونکە پاش جەنگی دووهەمی جێهانێ، جوو ڕۆیشتن و، پشتیوان بە ئەنگلیزەکان لە سەرزەمینی "کەنهان"خۆیان کۆکردەوە. هەر لە پەیوەندی بە پەرەپێدانی بە بازاڕەوە، تاک و تەرا خێزانی هیندی و، هەندێک خێزانی دی هێندراون، هەندێک لەوانیش لە پاشگری ناودا شوێنەواریان لێ ماوەتەوە. کۆی کارەکە، لە نەقشەدانانەوە هەتا بە جهێکردنی، بە ناوی"کۆمپانی هیندی خۆرهەڵاتی" هەڵسووڕاوە، لە کاتێکدا کۆمپانیەکە تەنەها لە باری ڕووکەش و ناودا بازرگانی بوو، کرۆکەکەی خوودی دەسهەڵاتی ئەنگلیزی بوو لە خۆرهەڵاتێ. سەرەتا بە ناوی بازرگانی و، بە مەرامی داگیرکردنێ، چوونە سەرزەمینی هیند و، پێیان لێی داچەقاند، ئەوجا لە وێوە ڕێیان لە بۆ گرتنی خۆرمیانێ دیاری کرد. چەارسەد و شتێک ساڵ لەمەوپێش، ئەنگلیز خۆیان گەهاندە ئەوێ، لەپێشەوان پرتوگاڵی، لە پاشەوانیش هۆڵەندی و دانمارکی و فەڕەنگی، خۆیانی تێدەترنجێنن. چوونی هەرهێکەیان بچمی کۆمپانی و، ناوی ئاڵوگۆڕی بازرگانی دراوەتێ، لە بنەوەڕاش مەرامی داگیرکردنی هەمەلایەن ڕەوتی پێدراوە. پێشترێ پیاوانی سپی پێستانی هۆفی، هیچ هەبەرێکیان لە خۆرهەڵاتێ نەبوو، هەتاوەکوو ئەوەی پرتوگاڵی بەوە دەزانن، وا سەرزەمینێک لە خۆرهەڵاتێ بە ناوی هیند هەیە، ئەوسا کە تێی دەترنجێن، بەشە بەربەرینەکە ناودەنێنن هیندی خۆرهەڵاتی و، بەشە بەرتەسکەکە ناودەنێنن هیندی خۆرئاوا. گۆزاری پێشینان وهایە:" ئەم هەموو سەرە گایە لە ناو ئەو مەنجەلە ناکوڵێن." سەرزەمینی هیند بە دەستی سپی پێستانی هۆفی، وەکوو مانگاهێک وهابوو، گەلەگورک دابێتی لە هەرز و، هەرهێکەیان بیهەوێ بڕێکی زیێدەتر لە گۆشتەکەی بخوات. هەموو لەگەڵ هێک لە شەڕوکێشەدابوون، سەرەنجامی مل بە ملی و، مڕخێش مڕخێشی نێوانیان، بە زاڵێتی ئەنگلیزەکان کەوتەوە، هەرهێکە لە فەڕەنگی، دانماکی و هۆڵەندی، لە سووچێکی گچکەلانەی نیشتمانی بەربەرینی هیند قەتیس بوون، باقی سەرزەمین بە تێکڕا کەوتە بندەستی هێڵی هۆفێتی ئەنگلیزی. زهینی بدەنێ، بە پێی مەودای ڕێ و، پێشینەی ناسین، دەبوو لە پێشدا دەستدرێژی بکەنە سەر نیشتمانی کووردانن، پاشانەکانێ هی

هیندەکان، بەڵام پاش و پێشکردن ڕوویداوە، لە پێشێ چوونەتە سەرزەمینی هیند، لە وێرا بەرەو کووردهەوار هاتوون، ئەمەش پەیوەندی بە دۆخی بنەڕەتی و، جوودایەزی هەرهێکەیان هەبووە. کۆمەڵی هیندی لە مێژبوو دۆخی کۆمەڵی چیناتی دەگوزەراند، بەبێ ئەوەی دەسهەڵاتێکی توکمەی چیناتی هەبێ، ئەم لاسەنگیەش هەلی ئەوەی لە بۆ ئەنگلیزە فێڵبازەکان ڕەخساند، بڕۆن بە هاسانی هەڵیانبخەڵەتێنن و، بیانخەنە بندەستی خۆیانەوە. لەو وەقتیدا کۆمەڵی کووردهەواری، لە دۆخی پێچەوانەوە بە دۆخی هیند خۆی دەدیتەوە، کۆمەڵ بە نەزمی هەرەوزی و هاوبەشێتی هەڵدەسووڕدرا، نە گەورە و گچکاتی پایەی کۆمەڵاتی، نە جوودایەزی ئابووری لە گۆڕێ نەبوون، لەبەرهەندێ کوون و کەڵێنێکی وها نەبوو، هۆفی بتوانن لێیەوە بڕۆنە ژووری. ئەو کاتەی ئەنگلیزەکان بازاڕەکانیان لە کووردهەوار کردەوە، هاودەم لە هەردوو باری زهینی و زەمینی، بە کۆمەک لە تورکانەوە، دەستیانکرد بە جهێ بە جهێکردنی پلانی داتەپاندن و، تێکشاندنی کۆمەڵی کووردهەواری، لە کۆتاهیشدا پلانەکە سەری گرت، کۆمەڵەکە داتەپی و، ڕۆژی ڕوونی لێ تاریک بوو. بە بیرتانی دهێنمەوە، دین و دوونیا لە ناو هێکدین، ئەوانەی دوونیای ڕۆشەنی دایکیان تاریک کرد، پاشەڕۆژی خۆیان ڕەش کرد، هەموو ئەوانەی بە زهین و زار، یان بە کردار لەو خەتا و خراپەیدا بەشداربوون، وا لە دۆخی دۆڵزاخدا سووڕی دووهەمی زیندەگی بە سەردەبەن. پێشترێ هەرهێکە لە مووسای کووڕی هیوکابد، هیسای کووڕی مریەمێ و، مهەمدی کووڕی هامینێ، کێوستانی کووردهەواریان بە سەرزەمینی هەڵبژاردەی هوودای مهیربان ناساند، دەبوو ئەم ناساندنەی پەیامبەرانی هەقگۆ، هەمووان ببات بەرەو ئەوەی، بە جۆرێک لە جۆران، دەرک بە دایکاتی کووردهەوار بکەن، ئەو بەشە خاکەی زەوی پتر بە شکۆدار ببینن و، قەت بە مەرامی خراپ تووخنی نەکەون. ئەوانەی کەلامی پەیامبەرانی هوودایان بە کەم گرت، یان بەدمەرام شێواندیان و لاقرتێنیان کرد، وا ئێستا هەموو ئەوانە لە دۆخی دۆڵزاخ دەناڵێنن، پەشیمانبوونەوەشیان بە هیچ ناچێ. هەرکێ دەرهەق بە کووردهەواری دایک، یان دەرهەق بە هەردایکێکی دی، دەست و دەمی هێشاندن و لە ناوبردنیان هەبووبێ، دۆخی بهێشتێ بە چاوی خۆیان نابینن، لەمەوپاشیش هەرتاق و قۆمێک کووردهەوار بە دایک نەناسێ و نەیپارێزێ، گووناهی گەورەی دەگاتێ و، بە هۆفی هەژمارە، ئەوی هۆفیانەش بمرێ، هەتاهەتاهێ لە دۆخی دۆڵزاخدا دەمێنێتەوە. لەمەوپێش ئەگەر نەتانزانی بێ، گووناهیتان نەگهیشتۆتێ، لەمەوپاش هەموو شتێک دەزانن، لەبەرهەندێ خێر و شەڕی هەموو هەنگاوێکتان لە سەر دەکەوێ. هۆ خەڵکینە! هۆشمەند بن و باوەڕ بە هوودای مهیربان بهێنن، خێری ئەمڕۆ و پاشەڕۆژتان لەوە دایە، پێ لە بەندی نامووس هەڵبسووڕێن، دەنا دەکەونە تاریکی و تەنگانەوە، دەکەونە دۆخی دۆڵزاخەوە، دڵنیابن پاشی مەرگ پەشیمانی بە فەریاتان ناکەوێ.

دابەشکردن و بە موولکردنی زەوی لە کووردەهەواری دایک، هەنگاوی زەمینی و بنەڕەتی بوون، بە قەسدی تێکشکاندنی نەزمی هاوبەشێتی و، هەڵوەشاندنەوەی هێکێتی خەڵک و خاکی هەوارەکە، هەنگاوێک بوو لە پێناو بە هاردی داهێنانی کۆمەڵی چیناتی هاوێشت درا. یاسای دابەشکردن و بە موولککردنەکە، ڕووالەتەن لە دەسەلاتەکانی قاجاڕی و هۆسمانی دەرچوون و، مۆری شا و سوڵتانیان لێدراوە، بەڵام لە ڕاستیدا بە ویستی هێڵی سەرمایەداری ئەنگلیزی دەریان چوواندن، لە ڕووی دەق و ناوهاخنیشەوە، لەبەرگیردراوەی هەمان جۆرە یاسای سپی پێستانی هۆفی بوون، کە پێشترێ دەرچوو بوون. هێکەمین یاسای ڕێکخستنی خاوەندارێتی زەوی، لە تخووبی دەسەلاتی هۆسمانیدا، سەد و شێست و شەش ساڵ لەمەربەر داندرا. لەو وقەتیدا ڕووپێوی زەوی و، تاپۆکردن و قۆچان دەرکردن، بە کاوەخۆ دەستی پێکرد، کارەکە هەشتا ساڵ توولی کێشا، بەشە هەوەڵیەکەی تورکەکان پێی هەڵستان، پاشان کە جەنگی هێکەمی جێهانێ تەواو دەبێ و، هێڵی هۆفێتی ئەنگلیزی - فەڕەنگی دەست بە سەر ناوچەکە دادەگرن، ئەو کاتە بە موولککردنی خاک، سەرانسەری دەکەن، بێجگە لەو گووندانەی لە کێوستانە دوورە دەستەکان بوون، لە هەموو ناوچەکانی دی خاوەندارێتی تایبەتی لە سەر زەوی دەچەسپێنن، بە جۆرێک تەنەها مەرهە و ئاوەکان، بە موولکی هاوبەشی شیوانکار و جووتیاران مانەوە. بەم لەتوپەتکردن و دابەشکردنەی زەوی، شێوە بە دابەشکردن و، بە چیناتیکردنی کۆمەڵی کووردەهەواری درا، لەگەڵیشیدا خەڵکەکەیان پەلکێش کردنە بنباری داوودەستگەی دەوڵەتی و، هێواش هێواش پابەندیان کردن بەوەی ڕەوتیان دابووهێ. نۆهەد ساڵ لەمەوبەر، پۆڵ پۆڵ لە خەڵکی ڕوویان لە فەرمانگەکانی خۆتارکردن کرد و، ناسنامەی قاقەزیان وەرگرت، بەو مەبەستەی لە تاپۆکردنی زەویەکان بێ بەش نەمێنن. ئەمە تەنەها بە موولکردنی زەوی نەبوو، هاوکات بە موولکردنی منداڵ و، بەستنەوەی بوو بە ناوی باوکەوە. ئەو دەمانە منداڵ لە ناوەندی کۆمەڵی کووردەهەواریدا، پتر لە سەر ناوی دایکی دەناسدرا، بەڵام لە دامێنی ناسنامەکاندا ناوی باوکیان بە سەر ناوی دایکدا سەرخست و، وهایان کرد منداڵ بە پاشگری ناوی باوک بناسدرێ، لە کردنەوەی قووتابخانەکانیشدا هەمان ئەو کارە مەبەستدارەیان دەوام پێداوە. پاش ئەوەش نێزیکەی شەست ساڵ لەمەوبەر، لە میانی قاقەزێکی دەوڵەتی بە نێوی" گرێبەستی هاوسەرێتی،" موولکاتی لە سەر ڕەگەزی دایک بە دید هێندراوە. پێشترێ مێ و نێری کووردەهەواری، سەربەستانە لە پێڕستی مهیردا بە هێکەوە ژیاون، نە مەلا مارەی کردوون، نە قازی قەڵەمی لە بۆ لێداون، نە دەسەلاتێک قاقەزی بە هێکەوەبوونی داونەتێ. بە قاقەزبوونی پەیمان و، بە موولکبوونی مێ، هێڵی هۆفێتی ئەنگلیزی هێناونی، تەنانەت مەلا و مستگەفتی

مووسلەمانێتی، ئەنگلیز پەرەی داونەتێ و پێشی خستوون. قووتابخانەی پێگهاندنی مەلایان و، کردنەوەی مستگەفتی شاران، ڕاستەوخۆ دەوڵەت پێی هەڵستا و، دەوڵەتیش هی ئەنگلیز بوو، چوونکە مەلا و مووسلەمانێتی بە هێندەی ئەوەی ئەنگلیز دەیویست، مایەی سازاندنی هەلومەرجی چیناتی بوون. مۆدێلی موولکاتی تایبەتی و چەسپاندنی، لە هەردوو بەری خۆرئاوا و خۆرهەلاتی زاگرۆس، لە بەشە باکوورەکەش کە بە هەنادۆڵ ناسدراوە، هێلی هۆفێتی ئەنگلیزی پێی هەڵستاوە، لە ڕووبەرێکی کەمیشدا، هیلی هۆفێتی فەرەنگی کارەکەی جهێ بە جهێکرد. بە دابەش و دابڕدابڕکردنی خاکی دایک، نەزمی شارستانێتی دایک پەکی کەوت و، شیرازەی کۆبەندی دێهاتی و کۆبەندی کۆچەری هەڵتەکان، هەر ئەو کاتەش خێڵە ڕەوەندەکان ناچاری جهێ نیشینی بوون. لە دابەشکردنەکەدا بە دەستی ئەنقەست و، بە مەبەستی شێوەپێدانی چینی سەرێ و چینی خوارێ، چینی مەلاک و چینی مسکین(دەولەمەند و هەژار)، ئەوپەڕی نادادی و لاسەنگی بە بنەما گیردراوە، زەوی و زاری زۆر و زەبەندیان، بە هەندازەی چەند گووندان، لە سەر شێخ و بەگ و پیاوانی سەر بە دەسهەلات تاپۆ کردوون، بەلام جووتیارەکان هەندێکیان بە کەمی و، هەندێکیشیان بەشیان نەدراوەتێ، هەتاوەکوو ببنە چینی خوارێ. لەوکاتیدا جووتیاری بێ زەوی، دوو ڕێهان لە بەردەمدا بوو، یان بە کرێ زەوی لە مەلاکەکان بگرنەوە، یان ڕووبکەنە شاران و، بە شێوەی پیشەگەر دەستبدەنە کارکردنێ، لە هەردوو باردا مەرامی نەزمی سەرمایەداری بە دید دهات. لە سەینوبەینی دابەشکردنەکاندا، بە شێوەی مەبەستدار، کەسانی خۆڕی و خاڕیان بە سەر خەڵکانی دەروونپاکی دەشتەکیدا، کردە دەرەبەگ و، هاقاری گووندانیان دانێ. ئەو بنەمالانەی لە دەشتی هەولێرێ بە "دزەهی" ناودارن، نموونەی لەو گەردەن کەچانەن، کە تورک و ئەنگلیز دژی کووردان بە کاریان بردوون، لە پای ئەوەش ڕووبەری زۆری زەوی و زاری گووندانیان کردوون بە ناوەوە. بەم چەشنە خاکە هاوبەشەکان بوونە موولکی هەندێک بنەماڵە و تاکە کەس، بەمەش چەمک و وشەی "دەرەبەگ،" کە بە واتای "گەورەی دەرەکی" دێ، بە هاردی داهات. دەرەبەگ کەسانێک بوون، لە کۆشک و تەلاری شاراندا، ژینی تێروتەسەلی بێ ڕەنجیان ڕادەبوارد و، خاوەندارێتیان بە سەر خاک و خۆڵی گووندانەوە دەکرد، هیدی لە ڕێی بە بەشدان و بە کرێدانی سالانەی ئەو زەوی و زارە زەبەندەی کەوتبووە مشتیانەوە، داهاتی زۆریان چنگ دەکەوت. ئەو شێخ و سەرۆک خێلانەش کە بووبوون بە خاوەنی زەمینی زۆر و زەبەند، تفەنگچی و یاسای دەوڵەتی لە پشتیان بوون، ئەوانیش لە خزمانی خۆیان هەڵگەڕانەوە و، بوونە ڕەفتاردەرەبەگ بە سەریانەوە. لە ناو ئەو هەلومەرجەدا، برێک لە خەڵکە بێ بەش و ڕەشکۆکە، بوونە چەوساوەی بەردەستی شێخ و دەرەبەگەکان، برێکیشان ناچاربوون ڕووبکەنە شاران و، لەوێ دەستبدەنە پیشەگەری و کارکردنێ. بەم کۆچکردنەی خەڵکانی لادێ، شارەکان هێواش هێواش فەرەوان بوون و،

بازاڕەکان هەرەکەیان تێکەوت. ئەمە ئەو کاتەیە، کە کۆمەڵی ناوەندی کووردەهەواری دەخلیسکێ و، خۆی لە ناو زەلکاوی هۆفێتی و چیناتیدا دەبینێتەوە. لە دووی ئەوە، قۆناخی بۆگەنی و داڕزانی کۆمەڵی کووردەهەواری دەست پێکرد.

## پۆپەی 34

جووەکان لە سەرانسەری کووردەهەواردا بێ پێشینەن، ڕابردوویان لەم ناوەدا هەمووی سێ سەد ساڵێکە، ڕێک و ڕاست هاوزەمانە لەگەڵ کردنەوەی بازاڕەکاندا. ئەنگلیزەکان بە سێ قۆناخ بازاڕەکانیان دروست کردوون، لەگەڵ هەرقۆناخێکیشدا پۆلێک جوویان هێناون و، کاروباری بازاڕیان داونەتێ، چوونکە خەڵکانی زمان لووسی خۆگونجێنن، چووبنە هەروڵاتێک جهێی خۆیان کردۆتەوە و، توانیتیان لێهاتووانەتر لە خەڵکانی دی بازاڕگەری و بازاڕباشی بکەن، بەم خەسڵەتەشیان وەڵامی تێروپڕیان بە خواستی ڕەوتی سەرمایەداری ئەنگلیزی داوەتەوە. هاتنی جووەکان و، تێکهاڵاوبوونیان بە کۆمەڵی کووردەهەواری، واتای هاتنی کۆمەڵێک خووی بەد و نەریتی هۆفیانەیە، بەمەش هەندەی دیکە چەرخەکە بە ویستی ئەنگلیزەکان گەڕاوە. جوو کۆمەڵێکی پۆخڵەواتی نێرناوەندین، کۆمەڵێکن ژن لە ناو بیروباوەڕیاندا، سەری لێ ستاندراوەتەوە و، لە واتای گوزارشتیدا سەری پیاو سەری ژنیشە! ئەم زەین و دیدە، دەرد و زەهرە بە ناو خەڵکی ئەو هەوارەدا دەڕژێ و، لە پەیوەندی بە ڕەگەزی دایک ڕەشکاو دەداتەوە. کووردەهەوار ناوەندی شارستانێتی دایک بوو، هەرچەندە لە سێ لاوە بە کۆمەڵانی نێرناوەندی دەورە درابوو، تورک لە تخووبێک و هارەب لە تخووبێکی دی، فارسەکانیش کە پێشترێ بەشێک بوون لە کوورد، ئەوانیش کەوتبوونە ناو هەلومەرجی چیناتی و، لە تخووبی خوارەوەی خۆرهەڵاتی زاگرۆسێ بوون، بەڵام چ تاقیان بە سەر کووردانداندا کاریگەر نەبوون. جووەکان هاتن تخووبیان دەرباز کرد و، وەکوو زەهر بە ناو هەناوی کووردەهەواریدا بڵاوبوونەوە. لەو دەمیدا تەنەها لە کووردەهەوار دایکان بە شان و شکۆ بوون، ڕەگەزی دایک لە ناو قۆمەتانی هۆفیدا، بە شێوەی توونـد و توولکێش خووسابوونەوە، هەندێکیان لە مشتی باوک و برا و جووتگریانەوە، موولکی تایبەتی بوون و، بێ زەین و زاریان کردبوون، هەندێکیان کۆیلەبوون، هەندێکیش لەشفرۆش و، بەم کارە نانیان پەیدا دەکرد. پێشی چهار سەد ساڵ گەڕۆکێک چۆتە شاری بەگداد و، گووتیتی:"سەرجەمی ژنانی شارەکە ڕەشپۆش بوون، ئەوان بە جۆرێک خۆیان داپۆشی بوو، تەنانەت کەسوکاری خۆشیان نەیان دەناسینەوە. ئەوانی بە پارە گانیان دەدا، نەختێ هەباکەیان هەڵدەکێشا، هەتا پووز و بەلەکیان دەربکەوێ، بەشکووم پیاوان بە دوویان بکەون و، بچنەوە ئەوە ماڵانەی لەزەتفرۆشتنیان تێیدا

دەکرد." لەوکاتیدا ژنانی تورک، لە هەلومەرجی هاوشێوە بە ژنانی هارەب دەگوزەران، هەموو لە ناو پێچی هەبا خۆیان دەدیتەوە، بە پەچەش ڕووخساریان دەشاردەوە. لە بنەڕەتدا چەفیە و پێچە و هەبا، لە پەیوەندی بە کەشوهەوا پێداویستی بوون، دانیشتوانی بیابانێ، چ ژن و چ پیاو، بە هۆیانەوە خۆیان لە گەرما و، لە تۆز و لم پەنا دەدا، پاشان لە لاهێک جووەکان و، لە لاهێکیش هارەبەکان دەیکەن بە نەریتی دینی و، بە سەر مێینەکانیان دەسەپێنن. تورکەکانیش ئەو نەریتە وەردەگرن و، لە ناو خۆیان دەوامی دەدەنێ. لە کووردهەواردا نەریتی پێچە و هەبا، بە دوو قۆناخ قیچێک جهێی خۆی کردۆتەوە، قۆناخی هێکەم ئەو ژنە هارەبانەی لە کۆمەڵەی لێقەوماوانی بنەماڵەی فاتیمێ بوون، نەریتەکە لەگەڵ خۆیاندا دهێنن و، بە ناو هەشیرەی فارسدا بڵاوی دەکەنەوە. قۆناخی دووهەم لە سەدەکانی دواهیدا، بە هۆی تورکان و جووەکانەوە، لە شارە بە سەرەتاهاتووەکاندا، باو و بە برەو بوو. لە دیوێک تورکانی قاجاڕی و، لە دیوێک تورکانی هۆسمانی هەبوون، لە هەردوولاش جووەکان هەبوون، هەموو بە هێکەوە دارا و بە دەور بوون، لە بڵاوکردنەوەی نەریتی بەد و خووی هۆفێتی. هەرجهێ لە جێهانێ، کاتێک شار لە قاڵبی چیناتیدا بە شێوە هاتوون، ژنان لە ناو ئەو قاڵبەدا، پانوپلیش بوونەتەوە، پایەی ئابوری و سەرافەتیان لە دەستداوە و، نانیان کەوتۆتە دەست پیاوانەوە، جا ئەو پیاوە چ ناوی باوک بووبێ، چ مێرد، هاوکات هەر ئەو هەلومەرجەی شاریشە ڕەگەزی دایک بەرەو خووسانەوە شۆڕدەکاتەوە. لە شاردا وجوودی مێ دەبێتە موولکی تایبەتی و، پیاو وەکوو مالک بە سەر ژن و منداڵەکانی ژنەکە، بە سەر دایک و خووشکی خۆشی دەکەوێ. لە شارەکانی یۆنان و ڕۆماهێ، زۆرینەی ژنان کۆیلە و لەشفرۆش بوون، ژنانی کەمینەش لە چینی سەرێ، بە ڕەنگێکی دیکە کۆیلە و زەبوون بوون، باوک و مارد بە توونددی دەیان خووساندن، تەنانەت پیاوانێکی کۆیلەی خەسێندراویان کردبوونە چاودێری پێ بە پێ بە سەریانەوە. ئەو دۆخەی ژنانی ڕۆما و یۆنانێ، تایبەت نەبوو بە وێندەرێ، لە هەرجهێ کۆیلاتی هەبووبێ، ژنان بە خراپی کەوتوون و، نەیانتوانیوە سەریان ڕاست بکەنەوە. هەنەوکە لە شارە گەورەکانی خۆرئاوای هەنادۆڵێ و، هەندێک شاری هێرانێ، بە شێوەی بەربڵاو لەشفرۆشتنی ژنان هەیە، دیاردەکە تازەکی نیهە، بەڵکوو توولکێشی دۆخی پێشتریێە. دەوربەری زاگرۆس هەم پێشینەی جوودایەزە، هەم پاشینەی، لەبەرهەندێ ژنانی لەشفرۆش لە کۆمەڵی کووردیدا پەیدا نەبوون. زهینی بدەنێ، پێشان خەڵکی کووردهەوار لە میانی کۆبەندی دێهاتی و کۆبەندی کۆچەری، بە نەزمی هەرەوزی و هاوبەشێتی بەڕێوە دەچوون، هەتا ئەو وقهتەی نەزمەکە هەڵنەوەشابووەوە، ڕەگەزی دایک خانمانی بە شکۆ بوون و، جهێ دەست و جهێ پێیان دیاربوو، هاوکات پیاوانیش لە ناو کۆمەڵدا، جوانمێرانی سەروەر و شکۆداربوون. خەڵکی هەوارەکە بە هێکەوە، بەبێ دامستدراوەی قەبە و هاڵۆزکاو، بەبێ گەوراتی و گچکاتی، دەست لە ناو دەست

چوونەتە شین و شاهی، لە هەرکاروبارێکدا ژن بە تایبەتمەندی ژنێتی و، پیاو بە تایبەتمەندی پیاوێتی هەڵسووڕاوە. لە کووردهەواریدا، هەنەوکەش وەکوو جاری جاران، ژنان بە پیاوی دڵخواز، یان بە برا و باوکیان دەڵێن:" یاهوودا سێبەرت بە سەرمانەوە بمێنێ." ئەم قسەیە پاشماوەی شارستانێتی دایکە، هی زەمانێکە ژن تیایدا هێندە شکۆمەندبوو، ئەگەر لە بەرهەتاوێ دابنیشتبایە، پیاو لە ژوور سەریەوە ڕادەوەستا و، بە هەیکەلی خۆی سێبەری لە بۆ دروست دەکرد. گۆزارەکە ماوەتەوە، وەلێ نە کردارەکە ماوە، نە دەزانن ئەم واتایەی هەیە. لە سەدە و نیوی هاخیریدا، ڕشکاوی قۆمەتانی هۆفی بە سەر کۆمەڵی کووردهەواریدا، بڕبڕ ئەم کۆمەڵەی ناشیرین کرد و، پێ بە پێ مهیریات لە ناویاندا لە کوورتی دا. لە پێشینانەوە گووتدراوە" دوو گا لە دۆڵێک بە هێکەوەبن، ڕەنگی هێکدی هەڵنەگرن، خەسڵەتی هێکدی هەڵدەگرن." بە بیرتانی دهێنمەوە، هێکێک لەو نەریتانەی جوو هێنایتیانە ئەم هەوارە، نەریتی بڕینی سەری قیتکەی زێی مێینەیە. پێشی هاتنی جووەکان، قەت لە کۆمەڵی کووردهەواریدا، بە مەرامی خراپ دەست و نەشتەریان لە بۆ زێی مێ نەبردووە، ئەوەتانێ پێشینانتان لە بەیتێکدا گووتیتیان:" مەکری بە دارە مێوێ، قیتکەی خەرمان دەپێوێ." ئەم بەیتە نیشانتان دەدات قیتکەبڕین لە ناو کووردانداندا تازەکی و بێ پێشینەیە. هاوزەمان نەریتی بڕینی چەرمی سەرکڵاوەی کێر، لە هارەبان وەرگێردراوە و، مەلایان هێناویانەتە ئەم هەوارە. هەردوو نەریتەکە لە ناو خەڵکیدا بە نەریتی دینی ناسدراون، لە کاتێکدا دین لە هەردوو کارەکە بێ بەری و دوورە. مووسای کووڕی هیوکابد و، مهەمدی کووڕی هامینێ، نە دەستیان هەبووە لە خەتەنەکردنێ، نە خەڵکیان لە بۆ هانداون. هەردوو کارەکە هەزاران ساڵ پێش ئەوان، بە قەسدی باڵادەستکردنی نێر بە سەر مێ، لە ناو خێڵانێکی هۆفی لە قووڵاهی ئەفریقا سەریان هەڵداوە، زۆر بە درەنگیش هەردوو قۆمی هارەب و جوو، لەوانیان وەرگرتۆتەوە، لە کۆتاهیشدا تێکەڵی بیروباوەڕی یەهوودی و مووسلەمانێتی بوون و، بە مەبەستی ڕەواکردنێ، خستووتیانە پاڵ ناوی پەیامبەرانەوە. ڕاستیەهکە ئەوەیە، کەشوهەوای سارد و گەرم دوو هەلومەرجن، هەرهێکەیان لێکەوتەیان لە سەر لەش و، لە سەر دەروون و دەماخ جوودایەزە، لە تەک ئەوەش شێداری و کەم شێ لەگەڵ هەرهێکە لە ساردی و گەرمیدا، لێکەوتەی هەیە، لەبەرهەندێ لە هەندێک ناوچەی گەرمەسێری ئەفریقا، قیتکەی مێ گەورەیە، ئەم گەورەبوونەش وهای لێ دەکات لە بەرکەوتنی بە ڕانەکانی، وروژان دروست بێ. سەرەڕای ئەوەش، مێ لە کەشوهەوای گەرمدا، زوو بە زوو بەڵق دەبێ و مەمکی هەڵدەستێ، زەوق و مەیلی گاندانێی لە چاو ژنانی سەرمانیشین گەلێک پترە، بە جۆرێک لەگەڵ هەرلێکخشانێک بە قیتکەیدا مەیلی دەجوولێ. ئەو مەیل و ئارەزووە زۆرە وهای لە مێ دەکرد دانەسەکنێن و، نەتوانن خۆیان بەرزەفت بکەن، وهای دەکرد بەبێ گوێدانە پایەی کۆمەڵاتی، کیژ و ژنی چینی سەرێ، گان بدنە

چینی خوارێ، تەنانەت بیدەنە ئەو کۆیلە و خزمەتکارانەی لە بەردەستی خۆیان بوون، ئەمەش ناکۆک بووە لەگەڵ دابەشبوونی چیناتی و، بە ئابڕووچوونی خۆی و بنەماڵەکەی واتای داوەتەوە، بە تایبەتی ئەگەر زگپڕی ڕووی بدابا، لەبەرهەندێ کەوتوونەتە بیری بڕینی قیتکەی کیژۆڵەکان، بەو مەبەستەی مەیلی گاندانێی نەمێنێ و، لە پاشاندا تەنەها منداڵ بخەنەوە. کارەکە لەلایەن ژنانی چینی سەرەوە ئەنجامدراوە، پاشانەکە بۆتە نەریت و، بە ناو چینی خوارێشدا بڵاوبۆتەوە. ئەوجا پێ بە پێ ئەفریقای تەنیوە، کاتێکیش چۆتە ناو جووەکان و هارەبی مووسلەمان، لە پێی ئەوانەوە لە بۆ گەلێک جهێ پەریوەتەوە. خەتەنەی نێرینەش لە ئەفریقا سەری هەڵداوە، بەڵام ئەمەیان بەرەواژە، بە مەرامی زیادکردنی زەوقی پیاو و، زاڵکردنی بە سەر ژندا دەستی دراوەتێ، چوونکوو ژنان لە تایبەتمەندی خۆیانەوە، چەند هێندەی پیاوان بە مەیل و تواناترن. بە خەتەنەکردنێک مێ مەیلبڕ دەکەن و، بە خەتەنەکردنێکی دی مەیلی پیاو پەرە پێدەدەن، بەم چەشنە هەم چینی سەرێ پارێزدراوە، هەم نێرناوەندی چەسپێندراوە. دیقەتی بدەنێ و، بە هووردی بیخەنە هیساب و کتابەوە، ئەم زنجیرە ڕووداوە، مایەی تێگەهیشتنە لە گەلێک ڕووداوی دی. زۆرن ئەو خەسڵەت و خووانەی هۆفین و، لە خەڵکی وهایە شیرین و بە شکۆن، توونت دەستیان پێوە گرتوون و، دەیانپارێزن، خافڵن لەوەی لە کوێڕا هاتوون. لەمەولاش ڕێتان دەدرێتی خەتەنەی نێرینەکان بکەن، بەڵام هەرکەس بە خەتەنەکردنی مێ هەڵبستێ، یان هاندانی لە بۆ هەبێ، پێی دەبێتە هۆفی و، بهێشت بە چاوی خۆی نابینێ. لێرەش لە سەر ڕووی زەمین، ئەگەر ژن ئەو کارەی کرد، مەمکی ببرن، پیاو کردی بیخەسێنن.

## پۆپەی 35

کردنەوەی بازاڕ و، دابەشکردن و بە موولککردنی زەوی، هەنگاوی زەمینی بوون، بەبێ هەنگاوی زهینی و، تێکشاندنی بازنەی بیروباوەڕی کووردەهواری، نە دەلوا تەنەها بەو هەنگاوە زەمینیانە، کاکڵی کۆمەڵەکە بە چیناتی بکەن. ئەنگلیزی فێڵباز ئەمەی چاک دەزانی، بۆهێ پێشی هەنگاوە زەمینیەکان، ڕەوتی"شێخاتی" و "مەلایەتی" پارەپێدابوو، بەو مەبەستەی زهینی کووردی تێک بشکێنێ و، مهیریاتی تێیدا کەم و کاڵ بکاتەوە. دابەشکردنی زەوی و، بە هاردی داهێنانی موولکاتی تایبەتی، چیناتی بە سەرەتا دهێنێ، بەڵام مادەم هیزری هاوبەشێتی لە ناو سەری خەڵکەکە هەڵنەپڕووکاوە، چیناتی هەر لە باری زەمینیدا دەمێنێتەوە و، ناچێتە زهینەوە، ئەمەش وها دەکات ئەو ئاگرەی کەوتۆتە زهینی خەڵکە بێ بەشەکەوە، کڵپە بستێنێ و، لە هەرهەلێکدا بپەڕێتەوە زەمین و ببێتە ڕاسان، ئەوکاتەش خەڵکەکە زەوی لە دەستی مەلاکەکان

دەردهێننەوە. بێگوومان ڕووداوێکی ئەوها، ڕیسی ئەنگلیزەکانی دەکردەوە بە خووری، لەبەرهەندێ پێش وقهتە لێی بە تەگبیر کەوتبوون، لە ڕێی بچمی دووهەمی دەسهەڵاتەکەیانەوە، بە ناوی "کۆمپانی هیندی خۆرهەڵاتی،"هەرزوو نەقشەیان داڕێشت، کە چلۆن ڕەگەکانی "سەر"ی کووردان هەڵبقەنن. سەری کووردان قەڵاتی کووردان بوو، قەڵاتێک بوو هەزاران ساڵ بوو ئەوانی دەپاراست و، هۆفی لە هیچ دەوروزەمانێکدا، نەیتوانی بوو ئەو قاڵاتە سەخت و بڵندە بگرێ، یان بیشکێنێ. ئەنگلیزەکان وقهتێ سەرزەمینی هیندەکانیان داگیرکرد، لە خۆیان دەپرسی: هەدی بە چ لۆنێک قەڵاتەکەی کووردهەوار بگرن؟ پێشترێ گەلێک گەڕۆکی سپی پێست هاتبوونە ئەو هەوارە، هەرهێکێکیان لە بوارێکدا لێیان کۆڵیبووەوە، لەولاشەوە بنوبۆتکەی ژین و دینی هیندەکانیان لە مشت دابوو، هیدی کاتی بوو، بنەما لە سەر هەموو ئەوەی دەیانزانی، جۆرە زهەرێک بگرنەوە و، بە ناو خەڵکی ئەو هەوارەدا بڵاوی بکەنەوە. لە شەڕی داگیرکردنی قەڵاتەکاندا، سەرەتا سەرچاوەی ئاوەکەیان هیشک دەکرد، لە گرتنی قەڵاتی کووردانیشدا، کە سەری خەڵکەکە بوو، بنەڕەتە مهیریەکانیان هووشک کردن، ئەوجا قەڵاتەکە بە هەزاران ساڵ تەمەنەوە، لە ماوەی تەنەها دوو سەد ساڵێکدا، کەوت و تۆزی لێ هەڵستا. کووردەکان هەتا ئەو کاتەی مهیرپەرست بوون، هوودای مهیربان لەگەڵیان بوو، هێزی دەدانێ و، بە سەر هۆفیەکاندا سەری دەخستن، وەلێ کاتێک لە مهیر دوورکەوتنەوە، ئەو هێزەیان لە دەست دا، کە بە شەپۆڵ پێیان دەگهیشت. لە مهیرپەرستیدا مووخی بەشەر پەیوەست دەبێ بە مووخی گەردوونەوە و، لە ڕێی شەپۆڵەکانەوە هێزی دەگاتێ، چەندێکیش پەیوەستبوونەکە تووند و توولانیتر بێ، کەسی مهیرپەرست پتر هێز وەردەگرێ، بە پێچەوانەشەوە لە کرچ و کاڵبوونەوەی پەیوندیەکەدا، هێز و توانای لە کوورتی دەدات. کاتێک مهیری و هۆفی بەرەو ڕوو دەوەستن، شەپۆڵە گەردوونیەکان لە سەر دڵ و دەروون و، لە سەر دەماخی هۆفیەکاندا کاریگەری دادەنێن و، لاواز و کەم هێزیان دەکەن، لە هەمان کاتدا مهیریەکان بە هێز دەکەن، لەبەرئەوەیە مهیری بە سەر هۆفیدا سەردەکەوێ. بە نموونەی تێگهیشتن چاو لە لێکەوتەی باران بکەن، بنچەگیا گەشە پێ دەدات و، پووش و قەسەڵ دادەڕزێنێ. ڕاستیەکە ئەوەیە، کاتێک مهیرپەرستان پەیوەندیهان لەگەڵ هوودای مهیربان کاڵ دەبێتەوە، کاریگەری ئەو شەپۆڵانەش کەم دەبنەوە، کاتێکیش پەیوەندیەکە نامێنێ، ئەو شەپۆلانەش نامێنن، هەنگێ شەڕ و ڕوو بە ڕوو بوونەوەکە، لە نێوان دوو تاقمی هۆفی دایە، کێهانیان ژمارەی زیادتر بێ و، تفەنگی کاریگەرتریان هەبێ، ئەویان بە سەر ئەویدیکەدا سەر دەکەوێ. نەقشەکەی ئەنگلیز هوورد و بە هیساب کێشدرابوو، هێندە بە پێچوپەنا بوو، کووردان نەیانتوانی دەرکی پێ بکەن، پێیان تێی هاڵا و خراپ کەوتن. فارس لە ناو هەلومەرجی چیناتی دابوو، بەشێکی دیکەش لە کووردانی شیهە، لە ژێر کاریگەری فارسەکاندا بەرەو چیناتی دەچوون،

بەشێکی گەورەی کووردانی باکووریش، پێ بە پێ زیادتر دەکەوتنە ژێر کاریگەری ئەو کۆمەڵە چیناتیەی بە ناوی تورک پێک هاتبوو، تەنەها کۆمەڵی ناوەندی کووردهەواری، بەربەستی پێش نەقشەکەی ئەنگلیز بوون، چوونکی ئەو کووردانە بە ناو مووسلەمان و، بە ناوەڕۆک مهیری بوون، مهیریبوونەکەیان وهای لێ دەکردن بە دژی چیناتی ڕابوەستن. ئەنگلیزەکان نەقشەکەیان بە جۆرێک ڕێکخست، بتوانن لە پەنای ناوی مووسلەمانێتی، کووردان لە مهیریات داببڕن و، بە ناوەڕۆکە چیناتیەکەی مووسلەمانێتی گرێیان بدەنەوە، هەرئەمەشە کووردەکان پێی خەڵەتاون، لە کۆتاهیشدا بە دۆڕاو خۆیان دیتەوە. هەڵبژاردەی هێکەمی سپی پێستانی موو زەرد، چاندن و چەسپاندنی مۆدیلی کریستی - چیناتی بوو، لە ناو کۆمەڵی کووردهەواریدا، بەڵام کە هەوڵەکانی بە کریستیکردنێ ناکام مانەوە، دەستیان لە بۆ مۆدێلی مووسلەمانێتی برد، وەکوو هەڵبژاردەی دووهەم، لەبەرئەوەی مووسلەمانێتی، مۆدێلێکی چیناتی- نێرناوەندی هۆفیانەیە، دەیتوانی مەرامی نەزمی سەرمایەداری بە دید بهێنێ. کارەکە بە سێ قۆناخ ئەنجامدراوە، هێکەم شێوەپێدانی ڕەوتی "شیخ و تەریقەت،" دووهەم کردنەوەی قووتابخانەی پێگهاندنی مەلایان، سێهەم قیتکردنەوەی سەدان مستگەفت و، بڵاوکردنەوەی هەزاران دانە لە چاپی کتێبی مووسلەمانێتی. جووتەی ناودێر بە "قادری" و " نەقشبەندی،" دووانەی تەریقەتی سۆفیگەرین، ئەنگلیزەکان بە توێکڵی مووسلەمانێتی و، کاکڵی هیندی شێوەیان دانێ، لە سەرزەمینی هیندەوە هەناردنیانە ئەم هەوارە، بە قەسدی ئەوەی بنەڕەتەکانی بیری مهیری لە ناو سەری خەڵکەکە بهاڕن. وشەی "سۆفی" لە زمانی زگماکدا بە واتای "لێگەڕی" دێ، لەگەڵ وشەی "شۆپ"هاوواتایە. ئەم وشەیە لە کووردهەواریدا ناوی نێرانەیە، لەولاش لە ناو هاخاوتنی یۆنانی و، خەڵکانی هێوەی یۆنانێ، بە شێوەی "سۆفیا" ناوی ژنانەیە. بێجگە لەوەش لە کنەوان وشەکانی" سۆفیستس" و "سۆفیستە" بە واتای وانەبێژ و لێزان و هاقڵ بەکارهاتوون، لە کاتێکدا نە هاقڵ بوون و نە لێزان. لە ڕاستیدا هاقڵ کەسێکە چەمکی دایک بناسێ و، پی لە بەندی ناسینەکە هەڵبسووڕێ، دەنا لە بێ هەقڵێک بەولاوە شتێکی دی نیهە. لە شۆڕەشی دایکانی کووردهەواردا، مهیرهۆف بەرەو مهیر گەڕایەوە، فەرهەنگی "هاردی" هاتە گۆڕێ و، ڕووناکی بیری دایکان، لە میانی ئەو فەرهەنگەدا بڵاوبووەوە، لە خۆرهەڵاتێ چاو و دڵی هیندەکانی ڕوون کردەوە، لە خۆرئاواش گریکەکانی لە تاریکی دەرهێنان. بەم جۆرە لە سەرانسەری ئەو ناوچەیە، خەڵکەکە بوونە هاردی و، پەیوەستی خاکی دایک بوون. پاشانەکە زەمانێک هاتە پێشێ هەردوولایان دایکیان بزر کرد و، دەربازی هەلومەرجی چیناتی بوون. ئەوجا پاشترێ کە دۆخی چیناتی هێشاندنی، تێگهیشتن لەوەی هەقیقەتێک هەیە و لێی بێ هەبەرن. لەملا هیند و لەولا گریک، بە هوومێدی دیتنەوەی هەقیقەت، دەستیان بە گەڕان کرد، لە کاتێکدا هەقیقەت لە واتاهێکدا کووردهەواری دایک بوو، کەوتبووە نێوانیانەوە، لە

واتای قوولێشدا هوودای دایک بوو، ئەویش لەو هەوارەدا بە ناوی هوودای مهیربان دەیانناسی. بزرکردنی دایک بزرکردنی هەقیقەت بوو، وەلێ چ تاقیان ئەوەیان نەدەزانی، هەر هێکەیان بە چەشنێک ڕێی لێگەڕینی شێوە پێدا، لێگەڕینێکی بێ هوودە، بەبێ ئەوەی لە هەقیقەت نێزیکیان بکاتەوە. سەرەنجام لە باتی دیتنەوەی هەقیقەت، گریکی لە "دەرەوە" خۆیان بزرکرد و، هیندی لە "ناوەوە" گووم بوون. سەرگەردانی و گەڕانی بێ هوودە، وهای لە هیندەکان کرد لە دیوی دەرەوە داببڕێن و، لە ناو خوودی خۆیاندا گێژبخۆن، ئەمەش دەرد و برسیێتی لێ کەوتەوە، هەلیشی لە بۆ ئەنگلیز و ئەوانیدی ڕەخساند، بڕۆنە ئەوێ و، سووک و سانا، سەرزەمینێکی پانوپۆڕ زەفت بکەن و، هەشیمەتی گەورەی خەڵکەکە بخەنە بن باڵی خۆیانەوە. لە ڕاستیشدا ئەوە هێڕوهووڕی هیندەکان بوو، بیرۆکەی ئەوەی دانێ، پێکهاتێک لە سۆفیگەری شێوە پێ بدەن و، بینێرنە کۆمەڵی کووردهەواری. لەم بازنەیەدا هەر لە سەرزەمینی هیندەوە، دوو تەریقەی سۆفیگەری بە بڕێک جوودایەزی بەشەکیەوە، بە ویست و دەستی ئەنگلیزەکان بەرهەم هێندران، هێکێک بە ناوی قادری، بنەما لە سەر چەمکی شێخ - دەروێش، ئەوی دیکە بە ناوی نەقشبەندی، بنەما لە سەر چەمکی شێخ - سۆفی. هەردووک تەرسەقوولێکن کردوویانە بە دوو لەتەوە، بەو مەبەستەی کێبڕکێ بکەن و، بەم هۆیەوە پەرستەندن بە خۆیانەوە ببینن. خاڵە بنەڕەتی و مەبەستدارەکە، سەبارەت بە ئەنگلیز ئەوە بوو، چ شێخ و دەروێش، چ شێخ و سۆفی، هەردووکیان شێوازی گاوان و گاڕان بە هاردی دادهێنن و، زهینی چیناتی بەرجەسدە دەکەن. لە هەردوو تەریقەتدا کەسێتی شێخ دەوری گاوانی دراوەتێ، لە خوار ئەویشەوە چ دەروێش و چ سۆفی دەوری گاڕان دەگێڕن. ئەم نەزمە نەزمی ستوونی - نێرناوەندیهە، هەلومەرجی چیناتی بەم نەزمە دەچێتە ڕێ، لەبەرهەندێ هۆکارێکی کاریگەر بوو، لە داتەپاندنی نەزمی ئاسۆهی - دایکناوەندی لە زهینی کۆمەڵی کووردهەواریدا، لە کاتێکدا هەرەوزی و هاوبەشێتی کاکڵی ئەو نەزمەیە. لە هەلومەرجی دایکناوەندیدا، خوودێتی هوودا بە دروستی و ڕوونی بەرهەست دێ، هوودای دایک لە کەسێتی دایکدا دەبیندرێ، چوونکی دایک و هوودای دایک هاوخەسڵەتن، هەردووکیان مهیربان و بەخشندەن. هوودای دایک سێیە لە هێکێکدا، دایکیش لە سەرزەویدا، هەم دایکە، هەم کەنیشک و کووڕیشە، هەردووکیان لە دامێنی دایکەوە دەخوولقێن، پاشانەکەش خۆی بە سەر هەردووکیاندا دابەش دەکات. تەریقەتی سۆفیگەری و دەروێشگەراهی، هەلومەرجێک بە زەوی دادهێنن، لە ناویدا پێناسەکەی هوودای مهیربان گووم دەبێ، لەبەرئەوەی خەڵکەکە هوودا لە کەسێتی شێخدا دەبینن، لە قۆناخی پاشتریشدا، کە کەسێتی مەلا و موفتی دەردەکەون، ئەوانیش بە تەک شێخەوە، دەبنە ئاوێنەی نیشاندانی هوودا، لەو دەمیدا هوودا شینە زەلامێکی تووڕە و توونڈی خۆ بە زلزانە، دادەنیشێ و فەرمانی دڵڕەقانە بە سەر ئەوانی دیکەدا دەسەپێنێ، لە زۆر باردا، شێخ و مەلاش وەکوو هوودا

درۆینەکەن. شیخاتی - تەسەوف لە بانگەشەدا، مەرامی پەروەردەی خوود و، خۆگرێدان بە بەها و واتاکانی ئەودیوی تەن دەخاتەڕوو، گوایە بەمەش خۆیان لە لەزەتی زووتێپەڕ دەرباز دەکەن و، لە بازنەی ناخی خۆیاندا، دەگەنە لەزەتی هەمیشە و هەتاهەتاهی. بەڵام ئەوە درۆیە، گاڕانەکە لەزەتی گاوانەکە دابین دەکەن، لە زەتی ناووبانگ، لەزەتی دەسهەڵات، لەزەتی تێروتەسەڵبوونێکی بێ ڕەنج و بێ هەلاکەت. لە پێکهاتەی تەریقەتدا شێخ تاقە هەقڵە، ئەوانی دیکە لە هەقڵانیەت خاڵی دەبنەوە، لەبەرهەندێ شێخ ڕەهایە، کەس هەقی نیە قسە لە قسەیدا بکات. لە سەر هەمان وێنەش شێوە بە زهینی خەڵک دەدرێ، لە ناو پێکهاتەی خێزاندا باوک دەبێتە ڕەها بەرامبەر بە منداڵان، مێرد دەبێتە ڕەها بەرامبەر بە ژن، لە ئاستی گشتەش پاشا دەبێتە ڕەها بە سەر خەڵکەوە. لە هاڵێکدا کۆمەڵی کووردەهەواری بە پێودانگی "چەند هەقڵ لە هەقڵێک باشترە،" گوزەراوە و، دەرفەتیان بە ڕەهابوون نەداوە. پێشترێ خەڵکی ئەو هەوارە، چ لە دین و چ لە ژین، قەت بە ستوونی هەڵنەسووڕاون، قەتیش بەو شێوازە بیریان نەکردۆتەوە، بەڵکوو لە هەموو دەوروزەمانێکدا بە فەرەوانی و ئاسۆهی هیزریان دەکرد. شیخاتی هات ئەم بازنەی شکاند و، شێوەی ستوونی بە هیزرین دا، بەمەش لە باری زهینیدا چهارچێوەی چیناتی بە سەرەتا هێنا، لە ناو چهارچێوەکەش ڕەگەزی دایکی لە پشتەوە بە جهێ هێشت، بە تەنەها پیاوی هێنایە پێشێ و، ڕاستەوخۆ کاری لە سەر گۆڕینی زهینێتی نێر کرد. بە سۆفیکردن، یان بە دەروێشکردنی پیاو، ڕێک و ڕاست بە واتای بێ هەقڵکردنی پیاوە. شێخاتی هەقڵ لە پیاوی کوورد دەستێنێنەوە ، وهای لێ دەکات دوونیای لە بۆ گرینگ نەبێ، بەمەش هەمان ئەو بزربوونەی هیندەکان تووشی هاتن، کووردان تووش دێن و، خۆیان بزر دەکەن. بازنەی ناسدراو بە "تەسەوف"، بە هەموو ڕەوتەکانیەوە، بێ واتاهی و پووچێتی بەرهەم هێناوە، وهای کردووە ڕێ لە بۆ خراپەکاری خۆش ببێ و، هۆف جهێی خۆی بکاتەوە. هەڕوون کێهە لەوان خۆی خستۆتە قووڵاهی چاڵەکەوە، ئەو بدوێنن، پێی بڵێن: گەوجە، تەسەوف چیە، وا خۆت خستۆتە بنیەوە؟ وەڵامت دەداتەوە و دەڵێ: من بەرپەرچی ئەو قسانەت نادەمەوە، کە دەمهێشێنن، ڕێت دەدەمێ تۆ من ڕەت بکەیتەوە، بەڵام من هەتۆ ڕەت ناکەمەوە. بازنەی تەسەوف بە گشتی، بازنەی نێرانەیە، تاک و تەراش مێینەی کەوتۆتە ناوی. لە هاخیرین سەدەکانی تاریکی، لە خوارووی دوو چۆمەکە، ژنێک بە نێوی "رابیهەی هەدوی،" هێکێکە لەوانەی لە پەردەی ئەوینداربوون بە هوودا، خۆی هەڵداوەتە ناو چەڵەکەوە. هەقایەتی بەرگوێدراو ئەوەیە، ڕۆژێ دیویانە ئەو ژنە بە مەشخەڵێک و جامێ ئاوەوە ڕادەکات، پرسیویانە، هۆ خانم بەرەو کیوێ؟ وەڵامیداوەتەوە، خەریکم دەڕۆم باخاتی بهێشت دەسووتێنم و، ئاگری دۆڵزاخ دەکوژێنمەوە، بەشکووم لەزەتی بهێشت و ئازاری دۆڵزاخ نەمێنن و، خەڵکی لە خۆشەویستیدا، هوودا بپەرستن. قسەکە بە ڕوواڵەت شەنگ و شیرین، بە ناوەڕۆک

تفت و تاڵە، گەوجێک کە لە خۆی وهایە هوودا دەناسێ و ئەویندارێتی، هاتووە پێودانگ و هاوسەنگی ڕەت دەکەتەوە و، خەیاڵی پووچ پێش دەخات. پووچگەرای هۆفێتی دوو ئاستی هەیە، ئەوی دوونیای لە کن هیچە و، ئەوی دوونیای پێ هەموو شتە، یان ئەوی تەنەها "دین"ی مەبەستە و، ئەوی بەس"دوونیا"ی دەوێ، هەردووکیان نەزان و پووچگەران، چوونکە دین و دوونیا لە ناو هێکدین و، جوودا نابنەوە. تەسەوف بە هەموو بچمەکانیەوە لەوەی هێکەمە، دوونیا بە بەتاڵ و پووچ دەزانێ و، دەیداتە دژمن، بەمەش زەمینەی داگیرکاری خۆش دەکات. باش لێی تێبگەن، کاتێک وها لە پیاوی کوورد دەکەن، دوونیای لە بۆ گرینگ نەبێ، واتا وهایان لێی کرد کووردهەواری بە لاوە گرینگ نەبێ و، گوێ بە هەرز و nامووس نەدات، لەبەرئەوەی دوونیای کوورد خاک و خۆڵەکەێتی، هەرز و ناموسێتی. پێشترێ لە ناو خەڵکی ئەو هەوارەدا، سووێندی گەورە بە هەرز و نامووس و، بە شەرەف بوو، ئەم سووێندە لە پابەندی بە بەهاکانی کووردهەوار دهات، پاشانەکە سووێند بە شێخ و بە قەبری شێخ دەخۆن، ئەوان پشتیان لە دوونیا و ڕوویان لە شێخە. پشتکردنە دوونیاش بە پشتکردن لە بەهاکان واتای داوەتەوە. بە جوانی دیقەتی بدەنێ، ببینن وا لە ناو ئەو کاولکردنە زهینی و دەروونی و کۆمەلاتیەی، بە ناوی "شێخاتی" بە سەر خەڵکیدا هێندراوە، هێشتانەکەش شوێنەوارێک لە پێناسەی هوودای دایک ماوەتەوە و، بڕێک جار سۆفیەکان سنوورەکانی شێخ دەرباز دەکەن و، وەسفی مێ دەدەنە پاڵ هوودا، یان یار و هوودا لە وەسفدا تێکەڵ دەبنەوە، بەمەش مێهێتی و هووداهێتی دەبنەوە بە هێکێک. بەلام پاشماوەکە قڵ و قیچێکە، شێخاتی و بە گشتی پووچگەرای تەسەوف، گەلێک لە بەهاکانی کووردهەواری لە ڕەگەوە قرتاندن، بەندەخوون و پشتێنی بەرخۆدانی کۆمەڵەکەی شل کردەوە و، ڕێی لە بۆ داگیرکردنێ خۆش کرد. هەنەوکە خۆ تێدەگەن شێخاتی چ دەورێکی گێڕداوە و، ئەنگلیزەکان بە چ مەرامێک تەریقەتیان بە شێخان داون و، لە پشتیان ماونەتەوە؟ پێشترێ هەموو کاروبارێکی کووردهەواری، بە دوو ئەنجوومەنی بەربەرین بەڕێوەدەچوون، ئەمەش ڕێی لەوە دەبەست هێزی دەرەکی بتوانێ بە هەڵخەڵەتاندن، یان بە کڕینی کەسێک، دەست پەیدا بکات. لە کاتێکدا بە پەیدابوونی شێخەکان ئەو دەست پەیداکردنە بە تەواوی هاسان دەبێ، چوونکی پایەی شێخاتی جێگیر و نەگۆڕە، شێخ هەتاوەکوو دەمرێ هەر شێخە، پاشەویش کووڕەکەی دەبێتە شێخ، هیچ دەستە و ئەنجوومەنێکیش نیهە لێپرسینەوە لە شێخ بکات، یان لە پایە دووری بخاتەوە، یان تەنانەت قسە لە قسەیدا بکات، ئەمەش هەلی بە هێزە دەرەکیەکان داوە، بتوانن وەکوو مەقاشێکی باش کەڵک لە شێخ و هاوکوفەکانیان وەربگرن. کەسێتی درۆینەی نێزیک لە هوودا بە ناوی "شێخ، وەلی و ئەولیا، خەوس و قوتب"، مشتێک هۆفین و خەڵکی بە پیاوچاک ناسیونی، لە ڕاستیشدا شێخ و هاوکوفەکانی، خۆڕی و خۆویستانێکن لە دەرەوەی نامووس و، هەموو کارێکی خراپیان لێ

وەشاوەتەوە، کەچی لە ماوەی سەدوپەنجا ساڵی دواهیدا، پشکی گەورەی هیزی زهینی و زەمینی کووردهەوار لە کنەوان خڕبووبووەوە، لە لاهێک بە ناوی هوودا و مووسلەمانێتی، لە لاهێکیش بە ناوی کوورد و کووورداتی، خەڵکیان لە خشتەبرد. لە پێش و پاشی ئەوانیش، بڕێکی دی خۆڕی و خڵتەی کووردهەواری، لە چڵێسی و خۆویستیانەوە، چوونەتە ناو پێکهاتەی دەسهەڵاتی چیناتی، چ تورکی، چ ئەنگلیزی و فەڕەنگی، جا هەیانە لە ناو تاتقمی تفەنگچیان پلەی دراوەتێ و لە دژی کووردهەواری دایک ڕاوەستاوە، هەشیانە بە شێوەی دی چۆتە بەرەی نەیارانەوە. لە واتای قووڵ و قەدردا، کووردهەوار هەرشی هوودای مهیربانە، هەرکەس نەیاربێ بەم هەوارە، نەیاری هوودایە.

## پۆپەی 36

کەس هێندە گەوج نەبێ، لە خۆی وهابێ ئەم قسە و باسانە شتانێکی سادەن و، هیچ پێویست نین، مەگەر چ دارێکتان دیوە ڕەگ و ڕیشەی هەبێ و، پۆپە و پەلکی نەبێ؟ ئەوی بە بایەخەوە شتە گچکۆکەکان نەبینێ، قدروقیمەتی شتی گەورەش نازانێ. ئەوی بە هەوەس پێ بنێ بە سەر مێرووولەدا، بێشک لە دەستی بێ، سەری هەرکەسێکیش پان دەکاتەوە. لەوە تێبگەن هەرشتێک بە هێندەی خۆی بایەخدارە، ڕەگ و گەڵا بەرهوورد مەکەن، بەرهووردەکە هەڵەتە، چوونکی هەرهێک لە مانە کارێک دەکەن و، بە هێندەی خۆیان پێویستن. کێ هەیە پەنجە تووتەی بقرتێنێ، لەبەرئەوەی کەلەسەری هەیە؟ یان نینۆکەکانی بە زیادە ببینێ، لە بەرئەوەی دڵی هەیە؟ خۆ کەلەسەر جهێی هەنگووست و، دڵ جهێی نینۆک ناگرێتەوە. هاقڵ بن و تێبگەن، هەمن هاتووم بتانخەمەوە سەر ڕێ ڕاستەکە، هاتووم زانست و زانینتان بدەمێ. ئەگەر دەبینن زۆرتر لە بارەی کووردهەوارەوە دەدوێم، لەبەرئەوەیە کە کووردهەوار دایکە، ئەوە شتێکی تایبەت بە کووردان نیهە، هەموو بەشەرێت لەسەرانسەری دوونیاهێ، دەبێ بزانێ دایکی کێیە و، بە چ دۆخێکدا گوزەراوە، ئەم زانینە هێزتان دەداتێ و، هێندەی دی باوەڕتان پتەو دەکات. دایکاتی کووردهەوار شتێکی هووداکردە، ئەم دایکاتیە هەم لە خاکەکە و، هەم لە خەڵکەکە بەرهەستن. زەوی دایکە و دایکیش سێیە لە هێکێکدا، هەربەشێکیش لە خاک بە خوودێتی دایک و کەنیشک و کووڕ دابەشی سەر سێیە. ڕووی زەوی کە جێهانی بەشەر و گیاندارانی جووداجۆرە، بەشە کووردهەوارەکەی دایکی بەشەکانی دیکەیە، لەبەرئەوەیە خوولقێنەرە و، بەرەکەتدارترین بەشە خاکە لە سەر ڕووی زەوی. کووڕانی هیوکابد و هامینێ بە ڕێک و ڕەوانی زانیاریهان دانێ، ئێوە لارەملیتان کرد و دایکتان نەناسی. ئەگەر جاروبار قسەی پەیامبەران بە یاد

دهێنمەوە، یان گێڕانەوە و گۆزاری کەسانی دی بە نموونەی سەلماندن دەخەمە ڕستەوە، مەبەستمە تێگەیشتنتان هاسان بێ، تێبگەن هووردبینی و هێزر کردن، بە زانین و زانستتان دەگەێنێ. دیقەتی بدەنێ، گەڕانەکەی "جان گابرێڵ"ی فەڕەنگی بە کووردهەواردا، نێزیکەی دوو هەزار ساڵ پاش هاتنەکەی "هێکزنەفۆن"ی یۆنانی بووە، قسەی هەردووکیشیان لە بارەی کووردانەوە هێک کاکڵی هەیە، هەردووک وهایان هێما داوەتێ، کووردەکان کۆمەڵێکی تۆکمەی جەنگاوەرن، هەموو دەمێک لە دۆخی بەرخۆدان و بەرگرین. بەبێ ئەم هات و هێمایەش، دەتوانن لە پێرستی مهیردا نەبەزی و جەنگاوەرێتی ببینن، چوونکە بە پێی دینداری، کۆمەڵی مهیری لە سەرێتی خۆی بداتە دەستی مەرگ و، نەیداتە دەستی هۆفی. بەڵام خۆدانە دەستی مەرگ، بە واتای "شەڕی خۆترێن" نیهە، بە واتای چوونە مەیدانێ نیهە بە دەست و پشتی ڕووتەوە. بنۆڕنێ قسەی پێشینانی کووردهەوار وهایە:"مست لە درێشەی دەگەڕێتەوە." ئەم گۆزارە ڕۆشەنی دەکاتەوە، پێشینان زانیویانە هێز دەستەبەری خۆپارێزی دەکات، هێزێک پێداویستی بەرگریکردنێی دابین کردبێ و، پشت و پەنا بە هووردای مهیربان بەرخۆدان بکات. لە هاتنەکەی هێکزنەفۆنێ، جوانمێرانی کووردهەوار بە کەوانێکی سێ گەز درێژ و، بە هاوێشتنی تیری دوو گەزی، بە ڕووی دژمن وەستاونەتەوە، تیرێکی هێندە بە هێز، تەنانەت قەڵخان و زرێی کوون بەدەر کردوون. بێجگە لەوەش، کووردەکان بە چەنینی خووری، پەستەکی تیرنەبڕ و، گوولەبەندیان دروست کردوون، هێڵەگێکە بە هەندازەی دوو پەنجە هەستوورە، هەروەکوو زرێی هاسنین، پارێزبەندێک بووە بە سەر پشت و سینگی جەنگاوەرانی ڕووناکیەوە. نێزیک بە چهار سەد ساڵ لەمەوپێشیش، ئەو دەمەی گەڕۆکە فەڕەنگیەکە دیتونی، کووردان تفەنگی ئاگرهاوێژیان هەبووە و، بە دووی دەستەبەرکردنی بارووتەوە بوون. شەڕ هەرشەڕ نیهە، ئەوی پەلامار دەدات و، ئەوی بەرگری لە خۆی دەکات، لە دوو پایەن، هێکەم هۆف و دووهەم مهیرە. ئامرازەکانی شەڕی بەرگری، بە هەندازێک گرینگن، بەڵام هێزی زەمینی لە هێزی زهینی سەرچاوە دەگرێ. ئەوی کووردانی بە سەر نەیاران سەردەخست، نە پێشترێ تیروکەوان و، نە پاشترێ تفەنگی ئاگرین بوو، بەڵکوو پەیوەستبوونیان بوو بە هووردای مهیربانەوە. لە ماوەی ئەو دوو هەزار ساڵەدا بنەڕەتەکانی مهیری لە زهینی کووردیدا، وەکوو خۆیان زیندووبوون، کووردان لە باری تایبەتمەندی و خەسڵەتەوە، هەر بە کووردێتی مابوونەوە، ئەمەش وهای کرد لە باری زەمینیدا بە نەبەزی بمێنن و، ڕەوتی هۆفیتی نەتوانێ دەستی بە سەریاندا بڕوات. کابرای یۆنانی بە خۆرهەڵاتی زاگرۆسدا تێپەڕیوە و، خۆی گهاندۆتە خوارووی ڕووس، گەڕۆکە فەڕەنگیەکە بە خۆرئاوای زاگرۆسدا ڕۆیشتووە و، سەری لە مووسڵێ و لە شارەزووریش داوە. دوو زەمان و دوو بەشە زەمین، هێک خەڵک و هێک تایبەتمەندێتی، مادەم بنەڕەتەکانی زهین نەگۆڕدراون، زەمان و زەمین فەرق

دروست ناکەن. کوورەکەی گابرێڵ وهای گێڕاوەتەوە، خۆی و هاوەڵانی بە سواری کەڵەکی سەرئاو بە چۆمی دیجلێدا چوونەتە خواری، لە مووسڵێوە ڕۆیشتوونە شاری بەگدادهێ. لەو دەمیدا خێڵانی کوورد لە بەری خۆرهەڵاتی چۆمەکە بوون، خێڵانی هارەبی لە بەری خۆرئاواوە هەڵقوونجاون. کابرا هەردوو کۆمەڵە خەڵکەکەی لە نێزیکەوە دیتون و، بە ڕەفتارەکانیاندا ناسیونی، بە ڕوونی هێمای داوەتێ، هارەبەکان چەتە و ڕێگربوون، کووردەکان هەوڵیانداوە خۆیانیان لێ بپارێزن. ئەو بە چاوی خۆی هەشیمەتی خێڵێکی کووردی دیتون، ڕێک لە وێنەی لەشکری مەشقکردوو، شارەزا و بە چاوی بازەوە، بە قەراخی دیجلێدا ڕۆیشتوون، پەلاماری دز و دژمنیان بە هووردی خستۆتەوە تەگبیرەوە، هەسپسوارە تفەنگ بە دەستەکانیان لە پێشەوەی کاروانێ، بڕێکیشیان لە سەر بەرزایەکانەوە دووراودوور چاویان گێڕداوە، نەوەکوو چەتەکان بهێنە سەرەڕێ، یان لەوبەری چۆمەکەوە بپەڕنەوە. پیاوە فەڕەنگیەکە دیمەنەکانی هێک هێک بە وشە نیگار کردوون، نیشانیداوە کوورە گەنج و پیاوەکان بە شمشێر و ڕمەوە، گوورج و گۆڵ لە پێشەوە، ئامادەی بەرخۆدان بوون، پاشەوان ژنەکان ڕۆیشتوون و، منداڵەکانیش لە پشت ژنەکانەوە ڕێیان دەکرد، ئەوسا مەڕومالاَت و وڵاخەکان بوون، لە دواوەی کاروانەکەش پیاوە پیرەکان بە خەنجەرەوە چوونەتەڕێ. ڕێبوارەکە دەڵێ: ئەو کاتەی چەتەکان دەیانویست بهێنە ئەودیوی ئاوەکەوە، کاروانەکە دووردەکەوتەوە، کوورە لاو و جوانمێرەکان لە نێزیکی ڕووبارەکەوە، بە شمشێر و ڕم بەرەو ڕوویان دەوەستانەوە. لە کۆبەندی گووندەکانیشدا هەموو شتێک بە گێرەی بەرخۆدان شێوەی درابووهێ. کوورەکەی گابرێڵ لە تێپەڕینی بە شارەزووریێ، دیتیتی وا خانووەکان ڕێک و جوان لە بەرد هەڵچەندراون، بە دەلاقەی دارین و دەرکی بەردینەوە، هەندێکیان گابەردی گەورە و، هەندێکیش چەند بەردێک وەکوو دەرکە بەرکاردهێنن، بەمەش ماڵەکانیان لە پەلاماری لە هیکڕای شەوان دەپارێزن. بێجگە لەمەش ناوچەکە قەڵات و فەرمانڕانی خۆی هەبووە، هەموولای بە سەنگەربەندی پارێزدراون. ئەم گێرانەوەیە گەلێک وانەی فێربوونی تێیدایە، نیشانتان دەدات پێشینان لە بەرخۆدان و شەڕی خۆپارێزیدا، بە هەقڵانی جوولاونەتەوە، لەبەرهەندێ گووت دراوە:" کەر بارەکەی تفەنگیش بێ، گورگ هەر دەیخوات." گۆزارەکە بە بنەمایە، بایەخی هەقڵ دهێنێتەوە بەرزهین و، ڕۆشەنی دەکاتەوە تفەنگ و ئامرازی شەڕی بەرگری، بەبێ هەقڵ و هوونەری بەرخۆدان، قەت ناتوانن ئاسایش دابین بکەن. هەقڵ لە ناو کاسەی سەردا، بە واتای هەبوونی هوودایە لە ناو ئەو کاسە سەرەدا، ئەوی زیادتر هاقڵ بی، زیادتر لە هوودا نێزیکە، لەبەرهەندێ هەقڵ لە کۆمەڵی مهیریدا پیشڕەفتی دراوەتێ و، هاقڵمەندەکانیان هەڵبژاردوون خوولاوخوول ڕێبەرێتی بکەن. لەمەوپاشیش هەقڵانیەت دهێنەوە پێشێ و، پایەی پێشهەنگی دەگرێ، ئەوە بە واتای پێشهەنگبوونی هوودایە، هیچ مشتومڕێک هەڵناگرێ.

خۆرمیان و خۆرهەڵات لە خوودێتی دایک و کیژدان، لە ناو هێکدین، وەلێ خۆرئاوا لە خوودێتی کووڕ دایە و، لەوان جوودایە. لە کۆمەڵی بەشەرێتدا، کاتێک کووڕ لە قسەی دایکی دەردەچێ و سەرەڕۆ دەبێ، دەبێتە بەڵا بە سەر خۆی و، بە سەر دایک و خووشکیدا، بە هەمان واتا دەرچوونی خۆرئاوا لە بازنەی شارستانێتی دایک و، ڕەوتگرتنی بە شێوەی سیستەمی ڕەقی سەرمایەداری، وەای لێکرد ببێتە دەرد و بەڵا بە سەر خۆیدا، پاشانەکانێ بە سەر خۆرهەڵات و خۆرمیانیش. خۆرهەڵات و خۆرئاوا، کەنیشک و کووڕی خۆرمیانن، جوودایەزی لە مابەینیان، بە هێندەی جوودایەزی کچ و کووڕ زەق و بەرچاوە. ئەم فەرقە خۆ هەرلە خۆڕا نیهە، بنەڕەتی هەیە، ئەوان هەرهێکەیان بە شێوەی جوودای قاڵبگرتنی چیناتیدا تێپەڕیون. دەروازەی خۆرهەڵات بە ڕووی خۆرمیاندا، سەرزەمینی هیندە، خێڵانی هیندی دوو بەش بوون، بڕێکیان فەرهەنگی دایکانی کووردهەواریان گهیشتبووهێ و بووبوونە هاردی، بڕێکیشیان هەروەکوو پێشترێ بە مهیرهۆفی مابوونەوە. ئەو خێڵانەی بووبوونە هاردی، هێکەمجار لە قەراخی ڕووباری سیند، بنەما لە سەر چاندنی بەرئاوێ شێوەیان بە دەسهەڵاتی چیناتی دا، پاشانەکە مۆدێڵەکە ڕەوتی گرت و، بەوێدا بڵاوبووەوە. لە خۆرئاوا هەلومەرجەکە جۆرێکی دیکەیە، دەروازی خۆرئاوا بە ڕووی خۆرمیانی دایکدا، سەرزەمینی گریکە. خێڵانی یۆنانێ بەشێکیان مهیرهۆفی بوون و، بەشێکیش هۆفی، لە پشکی هێکەمدا، هەندێکیان پێش نێزیکەی شەش هەزار ساڵ ڕووناکاهی دایکانی کووردهەواریان گهیشتێ و بوونە هاردی، وەلێ خێڵە هۆفیەکانیان دەربازی ناو جەنجاڵی چیناتی بووبوون، درەنگ وقهتیش لە جەنجاڵی چیناتیەوە وەرچەرخان و، بوونە کۆمەڵی چیناتی. بەمجۆرە لە خۆرئاوا بە هۆی پێشینەی هۆفیبوونەوە، دەسهەڵاتی چیناتی بە ڕەقی قاڵبی گرت، بەڵام لە خۆرهەڵاتێ بە هۆی پێشینەی مهیریبوونەوە، بە نەرمی شێوەی هاتوتێ. ئەم هەلومەرجە ڕەقەی قاڵبگرتنی کۆمەڵی چیناتی، گریکەکانی بە توندی هێشاندن، چوونکی بەشێکی گەورەی خەڵکەکە خێڵانی هاردی بوون و، بە خوورتی ڕایانکێشانە ناو کۆمەڵی چیناتی. باس و خواسێک وا بە فەلسەفەی گریکی ناسدراوە، هی گریک نیهە، شەفەقێکە لێکەوتەی ئەم هێشان و بەرکەتنە ڕەقەیە و، سەرچاوەکەی ڕووناکی بیری دایکانی کووردهەوارە. ڕاستی ئەوەیە، فەلسەفەی ناودێر بە گریکی، لە ناوەڕۆکیدا دەبێتە دوو قاش، قاشێکی لە فەرهەنگی خێڵانی هاردی وەرگیردراوە، قاشەکەی دی خڵتەی هۆفێتی و هەلیت و پەلیتی بەشەرکردە. فەرهەنگی هاردی لە میانی شارستانێتی دایک لە کووردهەوار، پێش دووانزدە هەزار ساڵ بە کردەوە بە جهێ هێندراوە. گۆزاری پێشینان پارێزبەندی مهیریات و، بنەما هاخلاقیەکانی کەسێتی مهیرپەرست بوون، هەرئەوانەشن بە درەنگ

وقهت له یۆنانیّ هاخنیویانەته کتێبانەوه. له پەندی پێشینانی کووردهەواریدا کەسێتی مهیرپەرست بەرجەسدەیه، له یۆنانیّ تایبەتمەندێتی ئەو کەسێتیه به نێوی ڕێسای هاخلاق و کەسێتی سەرکەوتوو نوسدراوەتەوه، کردووشیانه به بیری فەلسەفی کەسانێک و، ئەوهایان ناو داونەتیّ. له ڕاستیدا پیاوانێک وا به فەیلەسوفانی گریکی ناودێرن، مشتێک خەڵکی بەد هاخلاقن، دزینی کاکڵێک له فەرهەنگی هاردی و، کردنی به ناوی کەسیانەی خۆیانەوه، ئەو کاره قێزەوەنەیه له کەسانی ناودار به فەیلەسوفانی یۆنانی وەشاوەتەوه. زهینی بدەنیّ، به هۆنینەوەی گۆزاری پێشینان نەقشێک له هاخلاقی مهیرپەرست به نێوی "نۆینی مهیری" دەخەمەڕوو، ئەوجا هەڕوون چاوێک له نوسینەکانی کابرای ناسدراو به "هەرستۆ" بکەن، هەنگیّ ماڵه دزدراوەکەی دایک دەناسنەوه. هەرکەس پێڕست به مهیربیّ، له هاکاریدا نۆینی مهیری به دید دیّ. هێکەم: مهیرپەرست نەترسنۆکه، نه شەرمەن و نه هەڵەشەیه، بەڵکوو بوێره، کاتێک له ڕاستی و دروستی کارێک دڵنیایه، هیدی سڵ له هیچ شتێک ناکاتەوه و دەوێریّ بیکات، هەرشتێکیش له ڕێی کارەکەیدا بهێته ڕێی، ڕووبەڕووی دەبێتەوه. دووهەم: مهیرپەرست له سەربنەمای"نەوەش نەوەش" دەجوولێتەوه و، ناوەندێتی دەگریّ، نه پەلامار دەدات و نه خۆی دەدات به دەستەوه، نه دەسهەڵات به سەر کەسدا دەسەپێنیّ و، نه دهێڵیّ کەس دەسهەڵاتی به سەردا بسەپێنیّ، نه زیێده ڕەوتی دەکات و نه کوورت هێنی، نه دەست نووقاوه و نه دەست بڵاوه. به توانجەوه گووتدراوه: کابرا یان نەدەچووه شاهی، یان دەچووه شاهی و به نۆ کەسان نه دەهاته دەریّ. سێهەم: مهیرپەرست بەخشین به فەرزی خۆی دەزانیّ و، له سەر بنەمای چاکه بکه و بیده به دەم ئاودا، فەرزەکەی به جهیّ دهێنیّ. چهارەم: مهیرپەرست نه خۆی دەخاته پشتی گوێچکەوه و نه خۆی ڕاپێش دەکات، نه خۆی به گەوره دەزانیّ و، نه ڕیّ دەدات کەس به بچووک ببینیّ، بەڵکوو باوەڕی وهایه هەرکەس له ناو شەڕواڵی خۆیدا پاشایه. پێنجەم: مهیرپەرست هەست به تایبەتبوونی خۆی دەکات و لەزەتی لیّ دەبات، بەبیّ لووتبەرزی و، بەبیّ خۆ به کەمگرتن، ئەم دووانەیه به هێب دەزانیّ. شەشەم: مهیرپەرست به سەبره و بینی فەرەیه، قیچکه تەنگ نیهه، ددان به خۆیدا دەگریّ و، دەتوانیّ خۆی بەرزەفت بکات. هەفتەم: مهیرپەرست ڕاستگۆ و خاوەن گفت و پەیمانه، سەری به بڕین بچیّ، قسەی خۆی ناخواتەوه، سادەیه، وەلیّ ساویلکه نیهه. هەشتەم: مهیرپەرست خوونشیرین و خۆشگفتاره، دەبێته مایەی پێکەنین، نەک گاڵتەجاڕ و خۆبه قەشمەرکردن، نه زۆر بلێیه و نه قڕوقەپی دەکات، سەرڕاست و دڵاوەره له دۆستاتی و یاراتیکردندا، بەبیّ ئەوەی بهێڵیّ کەڵکی خراپ له دڵاوەربوونەکەی ببردریّ. نۆهەم: مهیرپەرست ئەگەر میّ بیّ خانماتی دەکات، ئەگەر نێربیّ جوانمێری دەنوێنیّ، هەردووکیان له بازنەی چەمکی ڕاستیەقینی دادوەریدا هیزر دەکەن، نه له زار و نه له کرداردا، ریّ به هیچ نادادی و ناڕێکیهێک نادەن، پێویست بکات هەق و ڕەقن. له

ناوەندی شارستانێتی دایکدا، هەموو ئەم بنەما هاخلاقیانە لە میانی ڕەفتاردا بەرجەسدە و چەسپاو بوون، بەردەوامیش بە شێوەی گاتا بە سەر زارانەوە بوون، هەتاوەکوو هاخلاق بە چەسپاوی بمێنێ و، نەوە بە نەوە بشگواستدرێتەوە. لە ڕاستیدا بەشە ساخەکەی فەلسەفەی ناودێر بە گریکی، بەشێکە لە هاخلاقی کووردی، لە واتاهێکدا دەستبردنە لە بۆ هەنگووچکی کراسی دایک، بەبێ ئەوەی دایک بناسن، بەڵام هەنگووچکەکە دادی نەدان و، لە چڵپاوەکەدا نووقم بوون. لە بەری خۆرهەڵات کۆمەڵی چیناتی بە نەرمی قاڵبی گرت و، هەلی ئەوەی نەدانێ شتێک بە ناوی فەلسەفە بەرهەست بێ. لەم لایەی زەمین، دینی ڕاستیەقین بە دینی درۆین گۆڕدرا، دەستیان لە پێناسەکەی وەردا و، تەبا و تەریب لەگەڵ ویستی دەسهەڵاتە هەڵبۆقاوەکان شێوەیان پێ دایەوە. ڕۆژهەڵات لە هەرشت تایبەتمەندە، خاک و ئاو و هەواکەشی جوودایە و، وەکی خۆرئاوا نیهە. چڕبوونەوەی خەڵک لە خۆرهەڵاتێ، بە تایبەتی لە هەردوو بەشە زەمینی هیند و چینێ، لێکەوتەی سرووشتی ناوچەکەیە، هی ئەوەیە هەر لە زووەوە هێزی مانەوە لە هێزی پەرتبوون کاریگەرتر بووە، پاشانەکەش کە پێ لە دۆخی چیناتی دەخەن، لە بازنێکدا دەمێننەوە و تەنەها دەبنە بەڵا بە سەر خۆیاندا. ئەو دوو بەشە زەمینەی ڕۆژهەڵات، لەگەڵ ئەوەی دارای هەشیمەتی هێکجار گەورەن، هیچ وەقتهێک پەلاماری بەشە زەمینی دیکەیان نەداوە، بەڵکوو پەلاماردراون، تەنانەت لە دێر زەماندا دەسهەڵاتی سەرزەمینی زاینا(چین) هەڵستا دیواری توولانی لە تخووبی خۆیدا هەڵچەنی، بەو هوومێدەی لە هێرشە دەرەکیەکان پارێزدراوبن. کات گوزەرا و ڕۆژگار ڕوو بە سەدەکانی دواهین ملی نا، هەتا ئەو دەمەش هەندێک مهیریات لە سەرزەمینی ڕۆژهەڵات زیندوو مابوون. لەو ڕۆژگاردا نەختێک هوونەرمەند و هۆندراونووس لە ڕۆژئاواوە هاتوون و، سەریان لە ڕۆژهەڵات داوە، های چ سەرلێدانێک، چ سەرسامی و هەیرانبوونێک! ئەوەی دیتویانە، خۆ هەرهیچ نەبووە، بڕێکی زۆر کەمی پاشماوەی شارستانێتی دایک بووە، وەلی هەر ئەو بڕە کەمەش شاگەشکەی کردوون و، نەشیانزانیوە چۆڕاوێکە لە گۆزەی شکاوەوە، وا پێشترێ بە سەرشانی دایکانەوە هێندراوە. "هەلفونس کووڕی ماری،"هۆندراونوس و کاربەدەست لە دەسهەڵاتی هەنگینێی فەڕەنگی، ئەو پیاوەی بە "لامارتین" ناوی بڵاوە، سەدەی پێشووتر هاتبووە ناو هیندەکان و، تووشی ڕاچەنین بووبوو، گووتبووی"ڕۆژهەڵات جهێی لە دایکبوون و درەوشانەوەیە، تەختی شکۆمەندێتی بەشەرە." هاخر دیتبووی خەڵکەکە شێوە زیندەگیەک دەقەتێنن، شکۆمەندێتی تیێدایە و، بە چەند قات چاکترە لەو پووچی و بێ واتابوونەی خۆرئاوانیشینەکان تێی کەوتوون. ئەو دەقەزار بوو، دەیگووت: زیندەگی لە خۆرئاوا ڕوو لە داڕمانی تەواوە، دەیگووت شارستانێتی خۆرهەڵات لە سەرووی شارستانێتی خۆرئاوایە، چوونکی هەم دێرینترە، هەم سازگارتر و ڕسکاوترە. لە ڕاستیدا کووڕەکەی ماری بە هێندەی تێگەیشتنی خۆی

واتای بە شارستانێت داوە، لە سەر ئەو بنەمایەش بە سەر خۆرهەڵات و خۆرئاوا جوودای کردۆتەوە، ئەگەرنا شارستانێت دووان و سێهانی نیهە، شارستانێت بە شێوەی ڕاستیەقین هێک شارستانێتە، ئەویش شارستانێتی دایکە و ناوەندەکەی کووردهەوارە. لە دێر زەمانەوە، هەتاوەکوو ئەمڕۆ، هەموو ئەوانەی وا ناوی شارستانێتیان دراوەتی، سیما و بچمی جووداجۆری کۆمەڵی چیناتین، بە گوزارشتێکی دیکە شێوەی شێواو و لێ هەڵێنج دراوی شارستانێتی دایکن. شارستانێت خۆ بریتی نیهە لە دامستدراندنی کۆشک و بەرەی بڵند هەڵچەندراو، یان جەنجاڵکردنی شوێنانێک بە دانیشتوان و، هەڵسوڕاندنیان بە داوودەستگەی قەبە و قەوارەدارەوە، یان بە هاردی داهێنانی قەڵەم و قاقەز و، دەور و دەرس، یان دروستکدنی ئامێری وزەهەڵگری دووگمەدار و، فڕینی تۆپەڵە ئاسنی ئاگرین بە هاسمانەوە، نا ئەم بابەتگەلە چ تاقێکیان بنەما و نیشانەی شارستانێت نین. خەڵکینە! بە قەڵپی بیرتان لە شارستانێت کردۆتەوە و، بە قووڵی کەتوونەتە هەڵەتەوە، هەموو ئەوەی هاوبەند بە شارستانێت گووتووتانە، قسەی پووچ و بێ سەنگن، بە هەندازی چلە پووش، بە ڕادەی مشتێ خۆڵەمێش. زهینتان ڕوون بکەنەوە و چاک بیخەنە سەرتانەوە، شارستانێت واتە کۆمەڵی هەرەوزی و هاوبەشێتی لە شوێنە بەرزەکان، ڕێک مەبەست لە زاگرۆسە، مەبەست لەو کێوستانەی کووردهەوارە، ئەوی شارستانێتی دایک تیایدا سەری هەڵدا. هەرێ وهالە، شارستانێت کۆمەڵبوونێکە بە سرووشتی و، خۆڕسک بنەما لە سەر دایکاتی، پەیوەستبوونێکە گیانی بە گیانی، دوور لە ترس و گەف، بە هەڵقەبوونێکە لەگەڵ هەڵقەکانی دیکەی بوونەوەرێتی و خۆگرێدانە بە مووخی گەردوونی، بەرجەسدەبوونێکە لە مهیریات و خۆترازانە لە هۆفێتی. شارستانێت ئەوە بوو کە لە سەرەتادا هەبوو، ئەوەیە وا ئێستا سەر هەڵدەداتەوە.

## پۆپەی 38

وا سەد ساڵێکە، جێهان لە تاریکترین ڕۆژگاری خۆیدایە، ڕۆژگارێکە کووردهەواری دایک لە ناویدا هەڵقرچاوە، ڕەگەزی دایکیش لەو هەواردا دۆخی دۆڵزاخی هەیە، دەسووتێ و دووکەڵی ڕەش لە هەناوی دهێتە دەرێ. ئەو سەد ساڵە سەدەی مستگەوت و مەکتەب بوو لە کووردهەوار، سەدەی سووتان و هەڵقرچان بوو، هەنەوکە ئەوی ماوەتەوە، تەنەها پاشۆڵێک مشکی و خۆڵەمێشە، نە کۆڵکەدار دەناسدرێتەوە، نە تەپاڵە و نە چیلکە و پووش، تۆزێکە ڕەش و تاریک، سووک و بێ سەنگ، بە شنەی شەمالێک پەرت دەبێ و، ئاگردان بە جهێ دهێڵێ. مەکتەب و مستگەفتی مووسلەمانێتی، دوو دامستدراوەی چیناتین، هێڵی هۆفێتی ئەنگلیزی، بە مەرامی

چەسپاندنی کۆمەڵی چیناتی پەرەی داونەتێ. پێشتریێ دامستدراوەی شێخاتی، بنکەکانی بە ناوی تەکیە و خانەقا کردنەوە، پاشانەکانێ دامستدراوەی مەلایان بنکەکانی بە ناوی مستگەفت دروستکرد. مستگەوت ناوێکی دێرە لە کووردهەواریدا، مهیرپەرستان بەو سەرگەڕانەیان دەگووت مستگەوت، کە هاخیرین ڕۆژی هەفتە تیایدا جەم دەبوون، لە شووکرانەدا کڕنووشیان لە بۆ خاکی دایک دەبرد، پاشان ڕوو بە خۆری دایک سەریان هەڵدەبڕی و دووهایان، دەکرد بەشکووم هوودای مهیربان بچێ بە دەمیانەوە. دامستدراوەی مەلایان ئەو ناوەی مهیرپەرستانی وەکوو توێکڵێک بە کاربرد و، کاکڵە هۆفیانەکەی تێترنجاند. وقتهێک ئاگری جەنگی هێکەمی جێهانێ دامردکایەوە، ئەنگلیز و فەڕەنگی چنگی خۆیان لە خۆرمیانێ گیرکردبوو، هیدی زوو بە زوو دەستیان دایە کردنەوەی مەکتەب و مستگەفتان. کارەکە بە دروستکردنی قووتابخانەی پێگهاندنی مەلایان دەستی پێکرد، لە کۆتاهیشدا وێنە گەورەکە بە ڕوونی ئەوەی نیشاندا، هەموو شتێک بە گێرەی نەقش و نیازی پێشوقهت هەڵسووڕێندراوە. ئەنگلیز دەیزانی چۆڵکردنی گووندان هاسان نیهە و توول دەکێشێ، لەبەرهەندێ بیریان لەوە کردەوە مەلا و مستگەفتیان بگهێننێ، چوونکی باش لەوە تێگهیشتبوون، مستگەفتی مووسلەمانێتی دامستدراوێکە لە سیستەمی چیناتی و، دەتوانێ دارا و بە دەوربێ لە کاولکردنی زهینی کۆمەڵی کووردهەواری و، ڕوو بە جێهانی سەرمایەداری ڕایانبکێشێ. لە مستگەفتێ و لە سەر زمانی مەلایانەوە، هەق بە دابەشبوونی چیناتی دەدرێ، هەژاری و دەوڵەمەندی بە چەمکی ڕسق گرێ دەدرێن و، مەلا دەیانخاتە پاڵ هوودای مهیربانەوە، بەمەش خەتا و خراپەی ساماندارران دەسڕدرێتەوە، ئەگەر کەمێکیش لە سامانەکە ببەخشن، بە خێرۆمەند و پیاوچاک و، بە نێزیکە هوودا بە ناویان دەکەن. مەلا بانگخوازێکە، بە تێروتەواوی خزمەتی سیستەمی سەرمایەداری دەکات. مەلا بێل بە دەستێکە، ڕێ لە بەردەمی ستەمکاری دەکاتەوە، مستگەفتەکەشی بڵندگۆ و سەکۆهێکە، دووکەڵی پڕوپاگەندەی چیناتی تێیدا هەڵدەستێ و، خەڵکە ڕەشۆکەکەی تێیدا داخ دەکەن. ئەنگلیز ئەم جەوهەرەی بە چاکی دەرک پێ کردبوو، بۆهێ مەلا و مستگەفتی بە گاجووت و هاوجاڕی خۆی دەزانی، هەلی لە بۆ ڕەخساندن، بە جۆرێک لە ماوەی چل ساڵدا، هەزارانی پێ گهاندن و، لە گووندانی هاخنین. هاوزەمان زۆر بە بەربڵاوی، قال و قوولی مووسلەمانێتی، بردە سەر قاقەزان و، لە چەرخەی ئامێری چاپکردنێی هاڵاندن. لە تەک ئەمانەش، برەوی پتری دایە دیاردەی شێخ و موورید، چوونکوو سەبارەت بەوان شێخ و مەلا دوو دەمی مقەستێکن، هێک جەوهەر بەرجەسدە دەکەن، بە هێکەوە بەندی دڵی کۆمەڵی کووردهەواری دەبڕن، بە هێکەوە بیری هەرەوزی و هاوبەشێتی لە زهینی خەڵکیدا تێک دەشکێنن و، چیناتی دەخەنە سەریانەوە، هەردووکیشیان لە ڕەنجی خەڵکەکە دەخۆن و، لە بەرسێبەرێ وەردەکەون. مهەمدی کووڕی هامینێ، هەر لە سەردەمی خۆیدا ئەم

داهاتووەی پێشدید کردبوو، گووتبووی: زەمانێک دادێ مووسلەمانێتی هیچهێکی لێ نامێنێ، بێجگە لە ناوەکەی، کتێب هیچهێکی لێ نامێنێ، بێجگە لە وێنەکەی، خراپترین کەسانێک مەلاکان دەبن و، لە ناو مستگەفتە بە ڕووکەش ڕازاوەکاندا، فتنە و فەساد بڵاو دەکەنەوە. "مووهەلیم و مەکتەب" بە هەندازەی "مەلا و مستگەفت" گورزیان لە شارستانێتی دایک دا. وشەی "مووهەلیم" لە زمانی زگماکدا، بە واتای "بەرزە مێ"یە، بەڵام ئەو کارەکتەرەی لە ناو هەلومەرجی چیناتیدا، بەم ناوە دهێتە مەیدانێ، شان بە شانی کارەکتەری مەلا، کووتەک لە نەزمی مێ و، لە شارستانێتی مێ دەوەشێنێ. لە مەکتەبدا، کتێوی مووسلەمانێتی دەبێتە نامەی خووندنێ و، منداڵانی لە سەر رادهێنن. مەکتەبەکان (قووتابخانە، خووندنگە)، رایەڵەی زێیدە کاریگەر بوون، لە تێخزاندنی مووسلەمانێتی و هارەباتی بە مێشکی منداڵانی کووردهەواریدا، لەو ناوەندانەدا منداڵانیان کردنە گوێڕایەڵ و، وهایان بارهێنان، کە سیستەمی سەرمایەداری دەیخواست. پێشترێ نەزمی شیوان و مێگەڵ، لە ڕێی شێخ و تەریقەتەوە بناخەی داندرا، ئەوجا پاشترێ لە لاهێک مەلا و مستگەوت، لە لاهێکیش مووهەلیم و مەکتەب کەوتنە هەڵبەستنی دیوارەکانی ئەو زیندانەی، کە ئەنگلیزەکان بە ناوی "پێشکەوتن و خووندەواری" دروستیان کرد. لە سەرەتاکاندا خەڵکەکە هاوسەنگانە ناویان دانێ و، وشەکانی "قەڵەمی هەیە" و "قەڵەمی نیهە"، لە باتی "خووندەوار" و "نەخووندەوار" بە کاردهێندران، چوونکوو ئەوەی هێندرایە گۆڕێ، خووندن و زانست نەبوون، بەڵکوو قەڵەم و نوسین بوون. وا سەد ساڵە قەڵەم و نوسین لەم هەوارەدا بە گشتە کردراون، بە تایبەتی لە نیوەی دووهەمی سەدەکە، خەڵکیان ترنجاندنە مەکتەبان و، بەرەو هیزری چیناتی شۆڕیان کردنەوە. لەو سەدەیەدا، بنەڕەتەکانی شارستانێتی دایک هەڵتەکێندران و، بە بەرکارکردنی هەرسێ کارەکتەری "شێخ، مەلا، مووهەلیم،" لە میانی هەرسێ دامستدراوەی "تەریقەت، مستگەوت، مەکتەب،" بە بەربڵاوی دەستیانکرد بە خامۆشکردنی مەشخەڵانی کووردهەواری و، سەرەنجام تاریاهی داهات و، خەڵکی هەوارەکە بە هێکجاری خۆیان بزر کرد. هەرسێ دامستدراوەکە ئەنگلیزەکان ڕەوتیان دانێ، بە مەبەستی هاڕینی "سەر"ی بە مهیریات زەمگینی مرۆفی کووردهەواری، لە کۆتاهیشدا هاڕینەکە سەری گرت، خەڵکێکی شارستان و هاقڵ و ئازاد، لە دۆحی سرووشیانەی خۆیان دەرهێندران و، کردران بە خەڵکانێکی بێ سەروبەری بیرنەکەرەوە و، وابەستە بە هۆفێتیەوە. وێرانکردنکە لە تەکیە و خانەقاکانڕا دەستی دراهێ، لە مستگەوت و مەکتەبەکان بە ترۆپک گهیشت. لە سەدەکانی پێشووتردا، بە تاقوتۆق کەسانی قەڵەمدار لە کووردهەوار هەبوون، ئەو کەسانە لە کن دەسهەڵاتە چیناتیەکانی دەوروبەردا، فێری قەڵەمکاری و نوسین بووبوون، بڕێکیان سەرهەنگ بوون لە سووپادا، بڕێکیش لە دامستدراوەی مەلایەتی دەستوخەتیان پەیدا کردبوو، بەڵام بێجگە لە هەندێک هۆندراونوس، ئەوانیدی چ تاقیان نووکە قەڵەمیان لە زمانی

شیرینی کووردی نەداوە، بە هارەبی و تورکی، یان بە فارسی کتێویان نوسیون. هێکەم پیاو لە "بەدلیس" و، هێکەم ژن لە "هەردەڵان،" هەردووک بە فارسی کتابیان دەربارەی هەلومەرجی ئەو دەمەی کووردهەوار نوسی، ئەوە لە کاتێکدا خەڵکی فارسیزان لە هیچ کوێی ئەو دوو هەرێمەی کووردهەوار نەبوون، لە هەرجێهێکی کووردهەواریشدا، ئەگەر خەڵکانی بێگانە هەبوون، بە کووردی دواون. ئەوەتانێ کابرای ڕۆمی ناودێر بە گارزۆنی، ڕاست و ڕەوان هێمای داوەتێ. دەوری دووسەدوپەنجا ساڵ لەمەوپێش، کاتیک بە قەسدی بە کرستیکردنێ هاتبوو لە هامێدی دەژیا، لە پەیوەندی بە کریستیانی باکوور و ناوەند، ڕێنوێنی بە بانگخوازانی کریستی داوە، گووتیتی ئەوەی دێ لە بۆ هێرە، باشترە لە باتی هاخاوتنی کلدانی و ئەرمەنی، فێری هاخاوتنی کووردی بێ، چوونکە سەرجەمی کریستیان بە زمانی کووردی هاخاوتن دەکەن. ڕاستیەهکە ئەوەیە، هەرکەس لە کۆمەڵی بێ چینی کووردهەواریدا، بە شێوەی هاخاوتنی کۆمەڵاتی چیناتی کتێبی نوسیبێ، ئاوی کردۆتە ئاشی زاڵمان و، بەردەرکی ماڵی نەیاری ماڵیوە، هەندێک جار زانست و زانینی لە ماڵی دایکی دزیوە و، داوێتی بەوانەی خەریکبوون ماڵیان بە سەر دایکیاندا دەڕماند.

## پۆپەی 39

لە سێ سەدەی دواهیدا، خەڵکی کووردهەوار نووقمی تاریکی بوون، هەر ئەو ماوەیەش جلی ڕەش بۆتە جلکی دایکانی هەوارەکە و، بە ڕادەی هەرەزۆر دەستیان لە ڕووناکی و ڕەنگینی بەرداوە. دەستبەرداربوونەکە بە قووڵی واتادارە، وەکوو ئەوە وهایە دایکان ویستبێتیان کەوتنی شارستانێت لە بەرچاو ڕابگرن و، سیمای ئەو تاریکیە بەرجەسدە بکەن، وا باڵی بە سەریاندا کێشاوە. لە هەرقۆناخێکی زەمەندا، گوزارشتی قووڵ لە کاردانەوەی دایکانی کووردهەوار بە دید هێندراوە. هەزاران ساڵ لەوەوپێش، لە سووڕی سەهۆڵیندا قەیرانی خۆراک کەوتە گۆڕێ و، پیاوان دەستیان دایە ڕاوچیێتی، دایکان دەیانزانی پێڕستبوون بە مهیر تووند و تووڵانی نەبێ، کووشتاری هاژەڵان پیاوان لە دین وەردەگێڕێ و، بەرەو هۆفیبوونیان دەبات، لەبەر هەندێ نوسینیان داهێنا و، سەرتاپای لەشی خۆیان بە هێما و نیشانەکانی زانستی هوودای مهیربان نەقشاند، بەو مەبەستەی پیاوان بە بەردەوامی ئەو نیشانە و هیمایانە ببینن و، وێنەیان لە خەزنەی سەردا زۆر و چەسپاوبێ. لە ڕۆژگاری ڕەش و تاریکی دواهیدا، دیسان دایکان بە ڕەشپۆشین بەرچاوخستنێکیان بە جهێ هێناوە، خستووتیانە سەری پیاونەوە، وا ڕووناکی و ڕەنگ کەوتوون و، خەریکە کووردهەوار دەبەزێ و خەلاسیتی، خەریکە ناوەندی شارستانێتی دایک کۆتاهی بە هەقایەتی نۆهەد هەزار

ساڵەی دێ. هەی داد، هەی داد، پیاوانی کووردهەواری چەند بێ هەقڵانە و پێ نەزانانە ملیان دایە بەرێ، لە هاخیریشدا سووک و ڕیسوا، ملکەچ و زەبون خۆیان دیتەوە. لە سەرەتای پەیدابوونی بەشەرێتەوە، دایکان پێشڕەفت بوون، ئەم پێشڕەفتیە پابەند بە زانستی هوودای مهیربان ڕەوتی گرتبوو، هەرئەوهاش دەوامی کرد، وەلێ وقهتێ کەوتنە دۆخی جەنگەوە، پیاوان لە پێویستی تۆکمە و توندکردنی بازنەی بەرخۆدان و پاسداریدا، بە کەسێتی جوانمێر هاتنە پێشێ، ژنان پایەی سەرخێڵ و پیرهۆز و پیری مووخان و، پایەکانی هەردوو ئەنجوومەنی پیران و ئەنجوومەنی مووخانیان بە جوانمێران بەخشی، لەو دەمیەوە بە کەمی ڕوویداوە ژنێک لە ناوەندی شارستانێتدا پایەی ڕێبەری بگرێ، چوونکی تەگبیری جەنگاوەری و خۆپارێزی، بە پێشین دهات، ئەمەش وەک شتێک پتر بە پیاوان وەڵام دەدرایەوە. بەڵام بنەڕەتەکان لە جهێی خۆیان بوون، نەزمی هەرەوزی و هاوبەشێتی، کە چاوگی شکۆمەندێتی بەشەرە، وەکوو خۆی دەوامی دەکرد، لە ناو ئەو نەزمەدا دایکان هەتاوەکوو دەورانی دواهیش، هەرپایەدار و بە شکۆبوون، پیاو نەیدەتوانی خۆی سەرووتر لە ژن ببینێ. دایک لە ناو خێزاندا ناوەندێتی و سەرافەتی دەکرد، لە ناو کۆمەڵیش جوانمێران بە ناوی دایکیانەوە دەناسدرانەوە، وا هێشتاش ناوبانگ بڵاوبوونەوەی پیاوان بە ناوی دایکیانەوە، پاشماوەی زەقی لێ ماوەتەوە. لە دڵی ئەم هەوارەدا، قۆناخی قۆناخی بە دەسهەڵاتبوونی گەڵ و گووناتی، دەوروبەری سەد ساڵێکە. لە هێکەم جەنگی جێهانی، نەزمی سەرمایەداری دەستی گرت بە سەر کووردهەواریدا و، شەش دەسهەڵاتی نێرناوەندی بە نێوی دەوڵەت لە هەوارەکە قیت کردنەوە، ئەو دەسهەڵاتانە لە قۆچانی زەوی و، بەلقنامە و ناسنامەی دەوڵەتیدا، ناوی باوکیان هێنایە پێشێ و، لە قووتابخانەکاندا منداڵانیان بە پاشگری ناوی باوک ناساندن، بەمەش چەمکی باوکێتی لە پانتاهی زهینیدا بە فەراوانی بنچەقی داکووتی، هاودەم ناوی دایک و چەمکی دایکاتی لە پێکهاتەی زهینی کۆمەڵی کووردهەواریدا، پاشەکشەی کرد و ڕووبەری خۆی لە دەستدا. کەوتنی ڕەگەزی دایک و، بە زەوی داهاتنی هەلومەرجی چیناتی، دوو ڕووداون لە ناو هێکدا. هاوبەشێتی و موولکاتی گشتی، نەزمی مێیە، جوودابەشی و موولکاتی تایبەتی، نەزمی نێرە، لە هێکەمدا ئاسۆهی و لە دووهەمدا ستوونی بە دید دێ. ڕەگەزی دایک لە پێشدا نەزمەکەی دەکەوێ، ئەوجا خۆی. چ لە گووندان و چ لەو ناوەندانەی ناوی شاریان دراوەتێ، بە دابەش و دابڕدابڕکردنی زەوی، کۆمەڵی چیناتی بە سەرەتا هات. پێشترێ لە نەزمی هاوبەشێتیدا، هەرخێزانێک بە هێندەی سەرخێزانەکان، بەشی خۆیان لە داهات هەڵدەگرت، لەبەرئەوە سەڕەفاتی ماڵ و پەروەردەی منداڵان لە دەستی دایکان بوون، پیاو بە ناوی مێرد نەیدەتوانی خۆی بە سەر ژندا بڵند بکات، یان بە ناوی باوک منداڵان بخاتە ژێر ڕکێبی خۆیەوە. بەڵام دابەشکردنی زەوی بە شێوەی موولکی تایبەتی، دۆخەکەی قلْپ کردەوە. لە

دابەشکردنەکەدا برێک لە خێزانەکان زەوی وەردەگرن و، بڕێکیشیان بە دەستی ئەنقەست بێ بەش دەکردرێن، لە هەردوو باریشدا دابینکردنی ئازووقەی خێزان دەکەوێتە هەستۆی پیاوانەوە. پیاوانی مەلاک سەرافەتی بە سەر زەویەکانەوە دەکەن، پیاوانی دیکەی بێ بەشبوو، دەبنە جووتیار و پاڵە و سەپانی ئەوان، بەمجۆرە ئەو پیاونەی موولکیان نیهە، بە هەلاکەتی زۆرەوە بژێوی کەمی خێزانەکەیان دابین دەکەن. پاشانەکە بەشێک لە خەڵکە رەنجدەرەکە، لە تاو ئەو ستەمەی لێیان دەکردرا، بە خشکە خشک ڕوویان لە شاران کرد و، لەوێ دەستیان دایە پیشگەری و کرێکاری، ئەمانەش دیسان هەر کاری پیاوان بوون. بەمجۆرە لە ناو هەردوو چینەکە و، لە هەردوو کۆمەڵی گووند و شاردا، دایکان تووشی کەوتن هاتن، ئازووقەی ماڵ و سەرافەتی لە دەستیان دەرهێندران، تەنانەت وهایان لێهات وەکوو خزمەتکارێک بە ڕێنوێنی مێرد بجوولێنەوە، خزمەتکارێک لێی دەدرێ و، بە کەم هەقڵ و بێ سەنگ دەبیندرێ، خۆی و ماڵ و منداڵەکانی موولکی پیاوی ماڵەکەن و، ناچارە لە ئاستی ئەو زووڵمەی زاڵم لێی دەکات، بێدەنگ دابنیشێ، دەنا بووختانی لە بۆ هەڵدەبەستن و، منداڵەکانی لێ دەستێنن و، بە سەر و دەستی شکاو لە ماڵ دەیکەنە دەرێ. چەندە کات گوزەرا، ئێش و ئازاری برینی کەوتنی ڕەگەزی دایک زیادتر بوو، لە کۆتاهیشدا برینەکە پیسی کرد، کەس نەیتوانی دەرمانی بکات. برینی کەوتنەکە لە شار قووڵتر بوو، وەک لە گووند، چوونکوو شار لە ژێر کاریگەری هۆفێتی دابوو، هەمووانیش بە هێک بێگانە بوون. دەبوو ژن نەچێتە دەرێ، ئەگەریش چوو، هەبای ڕەش لە خۆی بپێچێ و، لە چاوی پیاوان بە دووربێ، دەبوو لە بن پۆشاکیشەوە، مەمک نەلەرێتەوە و بەندی بکەن، پووز دەرنەکەوێ و، دامەن شۆڕ بکەن. نیگاکردنی ژن، قسەکردنی، جوولەکردن و پێکەنینی لە ویستی خۆی دەرهێندران و، کەوتنە دەستی باوک و برا و مێرد، مام و خاڵ و خزمانەوە. زهینی خۆتانی بدەنێ، ببینن بە چلۆنێک ڕەگەزی دایک بەرەو دۆخی دۆڵزاخ شۆڕدەبێتەوە، بە چلۆنێک ناوەندی شارستانێت خاپوور دەبێ و تۆزی لێ هەڵدەستێ. کاتێک زەوی کردرایە موولکی تایبەتی، کۆبەندی گووند هەڵوەشایەوە و لە ناوخۆیاندا بەش بەش بوون، لەگەڵێشیدا چەمکی "خۆهی" بەرتەنگ و، چەمکی"بێگانە" فەرەوان بوو. پێشترێ هەموو خەڵکی گووند خۆهی بوون و، بێگانە کەسانی دەرەکی بوون، وەلێ دوای بەش بەشبوونی زەوی و، دروستبوونی چینی مەلاک و مسکین، بێگانە کەوتە ناو گووند، هەموو مسکینەکان بێگانەن بە مەلاکەکان، لە هەمان کاتدا مەلاکەکان لە نێوان خۆشیاندا بە پێی بەرەبابەکان لە هێک دوور دەکەونەوە و، لە هێکدی دەبنە بێگانە. خەڵکەکە چ مەلاک و چ مسکین( چ ئاخا و چ کرمانج) وقهتێ دهێنە شار، هەموو شارنیشینەکان بە ئەوان بێگانەن، بەمەش هێندەی دی چەمکی خۆهی و خزماتی بەرتەنگ دەبێتەوە. لەگەڵ ئەم گۆڕانەدا، چەمکەکانی نامووس و شەرەف لە واتای خۆیان وەردەگەڕێن و، دەبنە بەڵا بە سەر کۆمەڵی

کووردهەواریدا. فەرەوانبوونی چەمکی "بێگانە"، ڕەگەزی مێی لە بازنەی بەرتەنگی چەمکی "خۆهی" قەتیس کرد، بە دەرچوون لێی، ئابڕووی کەسوکارەکەی دەتکێ و، پیاوانی خێزان و خانەوادەش مەرگی پێشوقەت بە سەر ژنەکەدا دهێنن. ئەم دۆخە مەرگەساتاوی و بە ئازارە، هەلومەرجی چیناتی بە دووی خۆی داهێنا و، لە هەڵوەشانەوەی کۆبەندی هەرەوزی و هاوبەشێتی کەوتەوە. لە کۆبەندان پێرستی مهیر وهایە مێینەکان ناموس و شەرەفن(ناموس بە واتای ناوکی هێز و، شەرەف بە واتای سەرۆک دێ)، ئەو دەمەی خێلانی هۆفی دەستیان بە پەلاماردان کرد، پیاوانی کۆبەندی خێڵ لە سەریان بوو هەموو مێینەکان بە شەرەف و ناموسی خۆیان بناسن و، بیانپارێزن، لەم پێناوەدا ڕوو بە ڕووی مەرگ بڕۆن، ئەم پارێزگاریکردنە بە مەرداتی و جوانمێری و، بە مێرخاسی ناوی دراوەتێ. لە ناو خێڵە هۆفیەکانیشدا پاشماوەی چەمکی شەرەف و پارێزگاری لێکردنی، هەتاوەکوو دواهین سەدەکانی تاریکی، هەرزیندوو بوو، ژنیان بە شەرەفی خێڵ و خانەوادە دەزانی، ئەگەر بێگانە دەستی بە ژن ڕاگهیشتبایە، شەرەفی خێڵ و خانەوادەکە دەشکا. بە بیرتانی دهێنمەوە، لە ناو مهیرپەرستاندا ناموس و شەرەف سێ پلەی هەبووە، پلەی هێکەم مێینەی خزم خوونی نێزیک، پلەی دووهەم مێینەی کۆبەند، پلەی سێهەم مێینەی کووردهەواری. لە پێڕست مهیردا، دەبوو هەموو پیاوێک هەرهێکە لە "دایک، خووشک، خووشکەزا، کەنیشکەکانی ژنی برا، پوور، خاڵۆژن، مامۆژن، کچە پوور، کچەخاڵ، کچەمام" بە ناموس و شەرەفی خۆیان بزانن، بە کردەوەش بیانخەنە پلەی هێکەمەوە و بیانپارێزن، هەرئەوهاش ئەو پیاوەی ناوی"مێرد - باوک"ی دراوەتێ، لە سەری بوو ژنەکە و کیژەکانی ژنەکەش، بە ناموس و شەرەفی پلە هێکی خۆی بزانێ و بیانپارێزێ.
هەزاران ساڵ ئەم واتای ناموس و شەرەفە، هێزی بە جوانمێرانی کووردهەواری بەخشی و هێکێک بوو لەو بنەڕەتانەی شارستانێتی هەوارەکەی لە سەرپێ هێشتەوە.
ڕەوتە هۆفیەکان بەردەوام هەڵیاندەکووتایە سەریان و خوازیاربوون ماڵان بە تاڵان ببەن و، ژنان و منداڵان بگرن و بە کۆیلە بکەن، بەڵام پیاوانی کوورد بەو پەڕی مێرخاسیەوە بەرخۆدانیان دەکرد، قەت نەیاندەهێشت چنگە ڕەشەکەی هۆفی بگاتە ناموس(مێینەکان)، چوونکە چنگ گیرکردن لە ناوکی هێز، هەموو هێزەکەی بە تاڵ دەکردەوە، دەستڕاگهیشتن بە شەرەف، بە واتای کەوتنی سەرۆک دهات. هەرهێکەش لە کۆبەندانی خێڵ پابەندی تخووبی کۆبەند بوون، نە دەبوو نێری کۆبەندێک تووخنی مێی کۆبەندێکی دی بکەوێ، کارێکی ئەوها بە بێ ناموسی دادەندرا و، کاردانەوەی خراپی بە دوو دادهات. لە وقهتی دابەشبوونی کۆبەندان، هەمان واتا درایە پاڵ بازنە بچووکەکانی بنەماڵە و خێزان، ئەگەر نێر و مێی دوو بنەماڵە چووبێتنە ناو پەیوەندی دڵداری، یان نێرینەیەک بە مەبەستی ڕاموسان و گانکردنێ چووبێتە زگ مێ، کارەکە بەبێ ناموسی و، کەسەکە بە خۆڕی ناوی دراوەتێ، کەسوکاری مێینەکەش وهایان

لێکداوەتەوە شەرەف  و نامووسیان چووە، ئەوکاتە برا و باوک و مێرد، بە هاوپشتی نێرینەی دیکەی خزمانەوە، هەڵدەستان هەردووکیان دەکووشتن، یان تەنەها مێیەکەی خۆیان دەکووشت و، ژنێک و بڕێک ماڵاتیشیان لە بنەماڵەی نێرینەکە وەردەگرت، یان ژنەکە و پیاوەکەیان لە هێکدی مارەدەکردن و، ژنێک و بڕێک ماڵاتیشیان لە بنەماڵەی پیاوەکە دەستاند. هەرهێکێک لەو سێ کارە بە جهێ بهاتبا، لە تێگهیشتنی بنەماڵەکە و لە تێگهیشتنی خەڵکانی دیکەشدا، بە واتای بە دەسهێنانەوەی شەرەف بوو. لە بنەڕەتدا شەرەفپارێزی بریتی بووە لە پاراستی مێینەکان، هەتاوەکوو هیچ نێرێک نەتوانێ بە خوورتی بیانگێ، چوونکە خوورتیگێ گانکردنێکە بە زۆرەملێ و، خۆسەپاندنی نێرە بە سەر مێدا، واتا سەرکەوتنی هۆفە بە سەر مهیردا، سەرەڕای ئەوەش ئەگەر نێرینەکە بێگانە با، ئەگەری هەبوو بە زگپڕبوونی ژنەکە ببێتە مایەی تێکدانی خزم خوونی لە خێڵەکەدا، ئەگەریش نێرینەکە هۆفی بایە، بە هەموو واتاهێک کەوتنی مهیر بوو، لەبەرهەندێ دژی دین و بیروباوەڕ بوو، لە کاتێکدا گاندان و گانکردن لە بازنەی کۆبەندەکەدا، بە مهیرگان داندراوە، بەو مەرجەی بە مەیلی مێ بووبێ و، زۆرلێکردنی لە سەر نەبووبێ. لە پابەندی بە مهیر، نەدەبوو هیچ نێرێک ڕێ بە خۆی بدات بە هیچ پاساوێک ڕەفتاری خراپ بەرامبەر بە مێ بنوێنێ، دەست وەشاندنی کوڕ لە دایک و، برا لە خووشک، مێرد لە ژن و، باوک لە کیژ بە بێ نامووسی واتای دەدایەوە. پاشان لە ناو هەلومەرجی چیناتیدا، هەموو شتێک قلْپ بووەوە، ڕەگەزی دایک لە باری زهین و دەروون و، لە باری جەسدەدا، بە توندی بەر زەبر و تۆبز کەوتن، تەنانەت کووشتنی ژنان دەستی پێکرد و، گهیشتە باو و بەربڵاوی. لە پشتی هەموو ئەم گووناهانە و، ئەو کارە هۆفیانەی دەرهەق بە مێینەکان کردراون، شێوەی شێوێندراوی چەمکی شەرەف و نامووس هەبوون. لە ڕاستیدا کووردان دۆڕابوون و، چیدی شەرەف و نامووسێک لە گۆڕێدا نەبوون، هەردوو وشەی نامووس و شەرەفەکەش، لە واتای خۆیان بە تاڵ بوونەوە و، وەکوو دەردێکی کووشندە بە ناو کووردهەواریدا بڵاو بووەوە، سەرەنجام ژنانی لە هەرڕەفتارێکی سەربەست بێ بەش کرد. توێکڵەکە مهیرە و کاکڵەکە هۆفە، لە پەنای مهیربوونیدا، ڕەفتاری هۆفیانە دەنوێنن. پێشترێ مێینەکان پابەندی کۆبەندی خێڵ بوون، ئەم پابەندبوونە بە مەبەستی پاراستی ڕەچەڵەک و خوونی خێڵەکە بوو، پاشانەکەش کە کۆبەندەکان هەڵوەشانەوە و زۆرێک لە گووندەکان کاولبوون، بەشێک لە بنەماڵەکان لە شاریشدا هەرپابەندی خێڵ بوون و، هازرنەبوون ژن و ژنخوازی لەگەڵ بێگانەکان بکەن. ئەگەر دڵداریکردنی مێینەش لەگەڵ پیاوی بێگانە ئاشکرا بایە، دڵدار و دولبەریان دەکووشت، لە کۆتاهیدا دەست لە کووشتنی پیاوان هەڵگیردرا و، کووشتن تەنەها لە بۆ ژنان مایەوە. لە کۆمەڵی کووردهەواریدا، قاڵبگرتنی قۆناخی دۆڕان و هۆفیبوون، ئەوها بە کووشتنی ژنان دەستی پێکرد، هێز کەوتە سڕینەوەی ناوەکە هێزەکەی، جەنگاوەر کەوتە کووشتنی سەرۆکەکەی، شکی

تێیدا نیهە پاشی ئەوە هێز لە بن دێ و، جەنگاوەرەکە خۆی بە دەستی دژمنەوە دەدات. بڕوانن، کاتێک دایک نەکەوتبوو، پیاوان بە شان و شکۆوە لە سەرپێ ڕاوەستابوون، جێژیان لە سەروەری و جوانمێری خۆیان دەبرد، بە کەوتنی مێ، پیاوێتی و جوانمێری کەوت. مێ سەرچاوەیە، ئەو کاتەی سەرچاوە لێڵ و تەڵخ دەبێ، چیدی ڕوونی و سازگاری لە جۆگەلەکاندا بە دید ناهێ، ئەو دەمەی سەرچاوە هیشک دەکات، جۆگەلەکانیش هووشک دەبن. تەماشاکەن، کیژۆڵەی کووردهەواری گەمەیێک دەکەن بە ناوی "ساپساپانێ،" یان "خەتخەتێن،" لە گەمەکردنەکەدا لە سەر هێک پێ شەش قۆناخ دەبڕن، بەو تاقە پێیە بەردە ساپەکەی بەرپێ بە کۆتا خانە دەگەهێنن، بەبێ ئەوەی پێ بنێنن بە خەتەکەدا، یان لە هەڵدانیدا ساپەکە بکەوێتە سەر خەتەکە. هەلومەرجی وازیکردنەکە دژوارە، بەڵام کیژۆڵەکان وازی لێ ناهێنن، هەتا بە سەرکەوتووانە دەگەنەوە شوێنی دەستپێکێ. ئەمڕۆ شۆڕەشی دایکانی کووردهەوار بە گرتە دەستی نامووس دەستی پێکردووە، نەسرەوتانەش تێدەکۆشین دەوام دەکات، هەتا ڕەگەزی دایک دەگاتەوە پایەی خۆی، دەگاتەوە شوێنی دەسپێکێ.

## پۆپەی 40

خێزان لە بنەڕەتدا سێیە لە هێکێکدا، بە شێوەی سرووشتی و گرێدراو بە نامووس، لە سێ خوودێتی دایک و کیژ و کووڕ پێک دێ. ئەو شێوە خێزانە دایک و باوکیەی پاشترێ بە جێهانێ داهات، ڕەگ و ڕیشەی لە سرووشت و گەردووندا نیهە، بەڵکوو بنەمای ئابوری و ئاسایشی هەیە، لە ناو هۆفیەکان هەلومەرجی ئابوری، دیاردەی "هەزبەند – باوک"ی دروستکرد، لە ناو مهیرپەرستان هەلومەرجی ئاسایش دیاردەی "مێرد – باوک"ی بە هاردی داهێنا. مێرداتی و مێپارێزی هێک شتن، مێ هەمیشە لە بەرزیدا بیندراوە، بە گەلێک گوزارشتی قووڵ، درەوشانەوە و شکۆی مێ نیشاندراوە، دڵدار بە دوڵبەری گووتووە:"نازدارەکەم، با کەوشەکەت پیس نەبێ، پێت لە سەر چاوم دانێ." مێرد ناز و خۆشەویستی گەورەی بە خێزانەکەی داوە، پێی گووتووە:" هافرەت ماڵەکەت ڕووناک کردۆتەوە، ئەو ماڵە بەبێ تۆ وێرانەیە، تۆ نەبیت لە برسان دەمرین."هاخاوتنی کۆنی کووردهەواری، لێوڕێژە لەو رستە گوزارشتیانەی پایەداری و شکۆمەندێتی مێ نیشان دەدەن، سەرەڕای ئەمەش لە زۆرباردا، هەرهێکە لە ژن و پیاو هەقی دۆستگرتنیان هەبووە بە سەر یارەوە، ئەوە ڕەفتارێکە پێڕست بە مهیر بە جهێ هێندراوە، بەو مەبەستەی موولکاتی تایبەتی لە پەیوەندی ژن و مێرداتی بە تاڵ بکەنەوە، چوونکی لە مهیرپەرستیدا رێ بە هیچ جۆرێکی موولکاتی تایبەتی نادرێ. ژن سەبارەت بە مێردەکەی و، مێرد سەبارەت بە ژنەکەی، پایەی "یار"ی هەبووە،

دوو کەسەکە بە پەیمانێکی خانەوادەگی، بوونەتە هاوژینی هێکدی و، هەتاسەر لەگەڵ هێک ماونەتەوە، لە هەمان کاتدا هەرهێکەیان دەیانتوانی زیاد لە "دۆست"ێکیان هەبێ، ئەمەش وهای دەکرد بە شێوەی گشتەگیر هاوسەنگی دروست بێ. هەڕوون گوێ بدەنە گۆرانیە کۆنەکانی کووردهەواری، هەز و هاوسۆزی لەگەڵ ژنی مێرددار و، گرتنی دوو دۆست و یارێک بە زەقی دیارە، نموونەی لاوک و لاواندنەوە ماوە، باس لە ژن دەکات کە لە هێک کاتدا دڵی بە دوو پیاو داوە. پیاوی کووردهەواری لە بازنەی دابینکردنی ئاسایش، بە خەسڵەتی مێرد - مێپارێز دەبووە هاوبەشی ژن لە زیندەگیدا، لەبەرهەندێ نەیدەتوانی مالکیەت بە سەر ژن و منداڵانی ژنەکەدا بکات، دەشبوو بەشی ئەوەندە قهرەمان و نەترس بێ، ژنەکە لە پەنایدا هەست بە ئارامی و ئاسایش بکات، وەڵامیش بە مەیل و مرازی ژنەکە بداتەوە، دەنا ژن پەیمانی خێڵ و خانەوادەکەی دەشکاند، خۆی لێ ڕادەپسکاند و، ڕەدووی پیاوێکی مەرد و مێرخاس دەکەوت. لە قۆناخی دواهیدا کە نەزمی هاوبەشێتی هەڵوەشایەوە و، بازنەی دۆستگرتن بەرتەنگ بووەوە، "بەدووکەوتن - ژن هەڵگرتن" وەکوو دیاردە زیادی کرد، لە خێڵێک دەردەچوون و، خێڵێکی دیکە پەنای دەدان. تووڵاوتووڵی دەورانی زەمان، ژنانی کووردهەواری چاو قووچاو بوون لە ئاستی پیاوی مردۆخ و ترسنۆک، تەنەها ڕوویان بە جوانمێران دەدا، بەمەش وهایان لە پیاوان دەکرد خەسڵەتی مێرخاسی و جوانمێری لە خۆیاندا بە دید بهێنن. لە پێشینانەوە گووت دراوە:" ژن و تفەنگ و ماین، لە کن کێ بن هی وین." ئەو پیاوەی ژن ڕەدووی دەکەوت، دەبوو سوارچاک بێ و، ماین و تفەنگی هەبێ، دەنا نەیدەتوانی هەڵیبگرێ و، لە تخووبی دەسهەڵاتی خێڵەکەیان قووتاری بکات. بە دیوەکەی دیکەش، پیاو ژنی جوان و هەسپانی هەبایە، دەبوو بەشی ئەوەندەش خوورت و بە هەیبەت بێ، پیاوانی مێباز و چڵێس لێی بپرینگێنەوە، ئەگەرنا ژنەکەیان لە بەردەستی دەردهێنا. بە گشتی ئەم هەلومەرجە، بە خێری کووردهەوار دەگەڕا، چوونکوو پەرەی بە خەسڵەتی جوانمێری و جەنگاوەرێتی دەدا. لە قۆناخی پاش موولکاتی زەوی و، بە سەرەتاهاتنی چیناتی، گۆسگە ئاوەکەی ڕەگەزی دایک قڵپ بووەوە و، چەرخی زەمەن بە قازانجی هەوای خۆڕی و خاران گەڕا، پیاوانێک بوونە مەلاک و، پاڵوپشت بە قسەی مەلایانی مووسلەمان، دەستیان لە بۆ دوو ژنی برد، پێش ئەوەش، تاک و تەراێک هەبوون، لە نێو ئەوانەی لە کۆمەڵی کووردهەواری دابڕابوون و، داردەستی دەسهەڵاتەکانی چیناتی بوون. بەڵام لە سەد ساڵی هاخیریدا، فەرەژنی بوو بە دیاردە، هەلومەرجە چیناتیەکە زەمینەی لە بۆ سازکرد و، مەلای مستگەوتیش بارەی زهینیەکەی ڕێکخست. دیاردەکە سەبارەت بە خەڵکی ئەم هەوارە تازەکیانەیە، ئەگەرنا لە مێژ بوو لە ناو کۆمەڵانی چیناتیدا، بە هۆی دۆخی کۆیلاتی و بە دیلگرتن، فەرەژنی لە بۆ پیاو نەریتی باو و بەربڵاو بوو، بە جۆرێک ساماندارا‌ن مالکی سەدان ژن بوون، هەنەوکەش کە لە هەندێک جهێ لە جێهانێ، ناسناوی

هەزبەند دەخەنە پشت ناوی ژنەوە، ئەوە پاشماوەی سەردەمانێکە، ژن لە ناویاندا وەکوو هەرشتێکی دی، بە موولکی پیاو داندراوە. لەمەوپاش نامووس هەیە و ، لەگەڵ نناموسدا سەرجەمی موولکاتی تایبەتی هەڵدەوەشێتەوە، پاڵوپشت بەم کاکڵە، خێزان بە ناوەندێتی دایک بەردەوامی پێ دەدرێ و، ماڵ و منداڵ لە سەر ناوی دایک دەناسدرێن، رێ بەوەش دەدرێ دیاردەی مێرد – باوک گرێدراو بە مەیلی مێ، بمێنێ و تووڵانی بێ، بەبێ ئەوەی چ تاقیان مالکیەت بە سەر هێکدیدا بکەن

## پۆپەی 41

سەدەی ڕابردوو، چ لە کووردهەوار و چ لە جێهانێ، سەدەی هاڕین و هەپروون بوو، هەنەوکە نە کوورد کاکڵێکی لێ ماوە، نە بەشەرێت. لەو ماوەیەدا نەزمی سەرمایەداری بە پێکهێنانی بزاوی سووک و ساختەی کووردانی، ئەو مەرامانەی مابوونی، بە دیدی هێنان. هەڕوون بە زهینی ڕوون و، چاوی تیژەوە ڕابردوو بڕۆنن، هوورد و بە هیساب لە شتان نێزیک بنەوە، هەنگێ دەبینن ئەوەی بە ناوی مێژوو خستووتیانە سەرتانەوە، سەرجەمی چەواشە و فریوە. سەرهەڵدانی شێخێک لە گووندی "نەهەری" لە باکووری کووردهەواردا، دەنگوباسێکە پاش نێزیکەی سەدوپەنجا ساڵ، هێشتا دەزرینگێتەوە، خافڵ لەوەی شێخ و بابی شێخیش چ نۆکەرێکی گوێ بە گوارەی کاولکەری کووردهەواربوون. کابرا بە ناوی شێخ خەڵکی دەروونپاک و زهین سادەی لە خۆی کۆکردەوە، دەسهەڵاتی "کوستەنتینە" تفەنگی داهێ و، زەوی و زاری گووندانی ئەوێی لە سەر تاپۆ کرد، ئەویش پۆڵ پۆڵ کووڕە خاسەی کووردانی لە بۆ سوڵتان بە کووشت دان، ساڵانێک لە شەڕی ڕووس، پاشانەکەش لە شەڕی قاجاڕەکان ماڵی خەڵکەکەی خاپوور کرد، ئەوجا کشایەوە و چوو لە "مەکهە" لێی دانیشت و، هەتاوەکوو مرد، بە تێروتەسەڵی ژیا و، سوڵتان خەرجیەکانی کێشا. هەی کووردینە، مێشک پووتینە! قەت نەهاتن لە شەنوکەوێکدا، هەرای نۆکەرەکەی نەهەری ڕوون بکەنەوە، قەت لە خۆتان نەپرسی: ئەنگلیز بە چ مەرامێک پشتی گرت و، کریستیانی ناودێر بە "ئاشووری" ڕەگەڵ دا؟ ئەو ناوچەی هەرای تێیدا هەڵگیرسێندرا، ئەنگلیز خستبوویە نەقشی خۆیەوە، دەیهەویست داییبڕێ و، دەوڵەتێکی کریستی تێیدا قووت بکاتەوە، نیاز وهابوو بەشە زەمینەکە لە دەستی قاجاڕی دەربهێنن و، بیخەنە دەستی ئاشووریانەوە، کارەکەش بە خۆڕی و خارێکی وەکوو شێخی نەهەری سپێردرابوو، بەشکووم بە فریودانی خێڵانی کووردهەوار، شەڕەکە بە جەنگاوەرە کووردەکان بکات، پاشانەکە کریستیان بچنە سەر هازرەکی و، تەخت و تاجی دەسهەڵاتی تێیدا دابنێنن. ئەو مەرامە هەتاوەکوو ساڵانێک پاش جەنگی جێهانی، لە کن ئەنگلیزان هەر

به کەفوکوول بوو، داویان دەداهێ و پشتقاقەزەکەیان بەرز دەکردەوە، سەرەداوەکەشیان دابووە دەستی "مارشیمۆن"ی سەردەستەی ئاشووریان. لەو دەمیدا "سمکۆ خان"ی ڕەهبەری هەشیرەی شکاک بە مەیدانێ کەوت، ئەو ڕەهبەرە ڕیسەکەی ئەنگلیزی کردەوە بە خووری و، نەقشەکەی لێ تێکوپێک دان. ئەو پیاوێک بوو، کووردانە جوولایەوە و، کوورانە مرد. لە ڕاستیدا توولاوتوولی دەورانی دواهی، هەربزاوێک شێوەی درابێتێ، بە بیر و بازووی دەرەکی هاتوونەتە مەیدانێ و، لە کاولکردنی کەسێتی کووردی و، وێرانکردنی هەوارەکەیدا دەوریان گێڕداوە. ئەو بیر و باسکە دەرەکیانە، بە ناو ڕەنک و شاڵی کووردیدا هاتن، بە هەمان زاراوەی هەوارەکە دەدوان و، خۆیان وەکوو بزاوی کووردایتی ڕاگهاند، بەمەش خەڵکە ڕووکەشبین و دەروونپاکەکە هەڵخەڵەتان، دەورەیان دان و ژینی خۆیان پێشکەش کردن، نەیانزانی ئەو بزاوە چەپەڵانە، دەستی نەیار بە کووردهەوارن، هاتوون بنوبۆتکەیان دەربهێنن. دە تەماشاکەن، سەردەستەی چەپەڵاتی، شێخ و مەلا و بەگ بوون، پۆخڵەواتێک کە پێشترێ نەزمی سەرمایەداری ڕەوتی دانێ و، کردنی بە دەرەبەگ بە سەر خەڵکیدا، پاشترێ ڕایانسپاردن بهێن بە ناوی کووردایتی سەرهەڵبڕن و، برینی کووردهەواری هەتا سەر هێسقان ببەن. بەم بزاوە ڕووکەش کووردیانەی بە گۆڕەپانێ کەوتن، تاق بە تاقی مەرام و مرازی نەزمی سەرمایەداری، بە دید هێندران و، سەرەنجام کووردبوون و کووردیاتیان خەلاس کرد. هۆ کووردینە، هاڕدراوینە، ئێستاکێ لە ئێوە وهایە مەرگەساتە بە کۆمەڵەکانی بە سەرتاندا هێندراون، لە زیندە بە چاڵکردن و، زەهرباران و، ئاگرباران، بە سەرهاتە گەورە و دڵتەزێنەکانی ئەو هەوارەن، بە گریان و نووزە نووز و، بە خۆ خەفەتبارکردنیش، هەندێکیان بە یاد دهێننەوە، ساڵانە نیشانی خۆتان و جێهانێی دەدەن، قۆمێکی چەندە دۆڕاو و قووڕ بە سەرن، لە کاتێکدا خۆبەخۆ ئەم کڕووزانەوەیە، داتەپینێکی بە کۆمەڵ و گشتەگیرە، لە کاتێکدا وا ساڵانە ستەمی سەرمایەداری، چەند قاتی "هەڵەبجە"تان لێ هەڵدەپرووکێنێ، بەبێ ئەوەی بە خۆتان بزانن. کووردینە، داتەپیوینە، هەقڵ بهێننەوە ناو سەرتان، بە سەرهاتی گەورە ئەو مەرگەسانە نین، وا بە سەر لەش داهاتوون، خەساندنی زهینی کووردی و، خووساندنەوەی کەسێتی کووردی مەرگەساتی گەورەن. مەرگەسات ئەوەیە لە هوودای مهیربان دابڕاون، هۆفیبوون و مهیریاتێک لە ناوتاندا نەماوە. پێشترێ کووردبوون و مهیریبوون لە ناو هێک بوون، ئەمڕۆ کووردبوونتان هێندە نابوود و ناشیرین کرد، وا خۆتان لێی هەڵدێن. نەیار هاتن مێشکیان بە سەری کەسەوە نەهێشت، ئەوجا چلۆنێک ویستیان، ئەوهایان داش جوولاند. لەم ناوەدا، سەرکردانی بە ڕووکەش کووردهەواری و، سەرکردانی نەیار بە کووردهەواری، هەردوولایان هەر داش بوون، چ تاقیان لە خۆیانەوە نەجوولاون، نەزمی سەرمایەداری بە گێرەی مەرامی خۆی و، بە نەقش و نیگار جوولاندوونی. مەرام وهابوو دێهاتی کووردهەواری خاپووربن، شاران جەنجاڵ

بکەن و، کۆمەڵی جیناتی قاڵب بگرێ، ئەمەش بە تیروتەواوی بە دید هێندراوە. بڕۆننێ، ماڵیان لێ کاولکردن، هەزیزان و یارانیان کۆمەڵ کۆمەڵ لێ قۆڵبەست کردن، هەموویان بردن و هیدی نەگەڕانەوە، ئێستاکێ دەچن لووتتان لە جلوجۆڕی گۆڕە بە کۆمەڵەکان هەڵدەسوون؟ لەو پەڕۆ و پاشماوانە گەڕێن هەزیزان، بڕۆن بپرسن: ئەو شاڵە شینەی "سەدامی کووڕی سەبهە،" لە پاش بە کۆمەڵ کووشتنەکانی کووردان کردیە بەری، کێهە ڕهەبەری ڕووکەش کووردانە، بە دیاری پێی دابوو؟ لەو سەد ساڵەدا، ڕهەبەری بە ڕووکەش کووردی و، بزووتنەوەی بە ناو کووردی و، بۆینباخ لە ملی کووردی، هەموو کووردیاتێکیان قەڵاچۆکرد، هەرچی دێو و درنجی دوونیا بوو، هێندرایە سەر سەری ئەم هەوارە، پیسی و پۆخڵەواتێک بە ناوی دین و دوونیا نەما کە نەیهێنن و نەیترنجێننە سەری خەڵکیەوە، خەڵکانی دەروونپاک و دڵبەندی کووردهەوار تێیکەوتن و بە خۆیان نەزانی، لەوان وهابوو خەریکن هەنگاوە دروستەکە هەڵدەگرن، خافڵ لەوەی ئەو هەنگاوانە وەکوو ئەوەن سەری خۆیان پان بکەنەوە. وا دوو پیاوی ئەم کووردهەوارە لە زیندانەکانی نەزمی سەرمایەداریدا بەندن، نەک لەبەرئەوەی پیاوخراپن، بەڵکوو لە بەرئەوەی پیاوی سەر بە نەزمەکە نین."هاپۆی کووڕی هایشێ،" بە سەرچاوە لە بیروباوەڕی ناسدراو بە مارکسیات گووڕی دایە خۆی، "نەجمەدینی کووڕی مریەمێ" لە خۆگرێدان بە بیروباوەڕی مووسلەمانێتی بە مەیدانێ کەوت. لە ڕاستیدا چ تاقیان پیاوخراپ نین، چوونکی خاس و خراپ بە نیاز و نیەتی ناخ پێودانگ دەبێ، نەک بە کردارەکەی. ئەمان کەسیان لە خۆویستی و، بە هوومێدی قازانجی تایبەتی نەهاتوونەتە مەیدانێ، هێکیان وها دەزانێ خەریکە کووردان لە مەینەتی نەجات دەدات، ئەویدی لە خۆی وهایە، لە سەر ڕێ ڕاستەکەی هوودای مهیربان دەڕوات، هەردووکیان لارێن و، زۆر لە کووردیات و، زۆر لە هوودای مهیربان دوور کەوتوونەتەوە، ئەگەر بەڕاستی هوودایان بناسیبا و، سەر بە فەرهەنگی کووردهەواری بان، ئێستاکێ بە سەرشۆڕی لە زیندانێ نە دەبوون، بەڵکوو بە سەر بڵندی لە بەرخۆدانێ دەمردن. پێش چەند سەد ساڵ، کووڕەکەی گۆزەنێ، چوونکە کووڕی دایکی خۆی بوو، چوونکە پێ لە بەندی فەرهەنگی کووردهەواری بوو، خانۆچکەکەی نەدا بە دەست تابووری تورکانەوە، لینگی خۆی بە گووریس لە ستارەی سەربانەکەوە بەست و، بە تاقی تەنەهێ بەرخۆدانی کرد. بەڵام کووڕەکەی هایشێ هەڵهات و، پاشانیش خۆی بە دەستەوە دا، لەگەڵ خۆیدا دڵ و دەروونی کووردەکانیشی ڕادەستکرد. ئەو دەیتوانی ببێتە سەرقاپ و، کۆتاهی بە سەد ساڵەی خۆ بە دەستەوەدان بهێنێ، دەیتوانی بە هەڵبژاردنی مردن، دەمارێکی کووردبوون زیندوو بکاتەوە، بیخاتە سەری خەڵکیەوە، مەرگ لە پێناو ژین ڕێ ڕاستەکەیە، کەچی ئەو هەنگاوەی هەڵنەهێنا، توولی بە مانەوەی جەسدەی خۆی دا و، دەروونی سەدان ملیۆن لە خەڵکی جێهانێی، لە بەر پێی نەزمی سەرمایەداری داتەپاند.

خەڵکینە، بانگەشەکان فریودەرانەن، ئەم ناوە هیچ دەستەبەند و دەسهەڵاتێکی سەروەری تێیدا نیهە، دەسهەڵات بە ناوی فارس، تورک و هارەب، یان هەرناوێکی دی، تەنەها ناوە، هەموویان شاگردی سەرانی نەزمی سەرمایەدارین، نەزمەکە وەکوو هەژدەهای هەفت سەر وهایە، هەموو جێهانی خستۆتە دەمی خۆیەوە، لەم جێهانەدا تەنەها کووردهەوار نەکەوتبووە دەمی هەژدەهاوە، کۆتاجار قەپی لەویش گرت و لووشی دا. ئێستاکێ ئەم ناوە هێک پارچە هووشک بووە، هەروەکوو ئەو دارچنارەی پاش قرتاندنی ڕەگەکانی، هیشک بووە و زەرد داگەڕاوە. هەنەوکە کۆمەڵی کووردهەواری لە دۆخی مردووهێکە شۆڕی ناو گۆڕیان کردۆتەوە و، خەریکن گڵی بە سەردا دەکەن. بەڵام دەست ڕاگرن، ڕۆژی قیامەت و زیندوو بوونەوە دەستی پێکرد، هەڵستن یاران، هەڵستن شەق لە نەزمی سەرمایەداری و هۆفێتی هەڵدەن، نەفرین کەن لە گووتاری کۆست و کەوتن و، کەسەر و کڕووزانەوە. لەمڕۆوە هەقایەتی دۆڕان و توانەوە، خەسان و خووسانەوە کۆتاهی هات، هەڵستن وا هوودای مهیربان هاتووە بە هناتانەوە.

## پۆپەی 42

هۆ کۆمەڵی کووردهەواری، کۆمەڵی بێ هۆش و هەڵوەشاوە، کۆمەڵی بێ قەد و قەبارە، کۆمەڵی زهین کوێر و لە پێ کەوتوو، کۆمەڵی نووقمی تاریکی و زیندەگی مردوو، هەنەوکە خۆ خۆتان دەبینن چ پەڕپووت و ڕووتەڵێکن، چ ملهووڕ و گاگەڵێکن؟ لە بەرپێی تورکان کەوتن، لە بەر پێی هارەبان بە چۆک داهاتن، پاڕانەوە و تکاتان لێکردن، بەشکووم بچووکیتان قەبووڵ بکەن، بەشکووم بهێڵن بە سەرکزی بەردەوامی بە ڕووکەشێک لە کووردبوون بدەن، ئەمەشیان بە هەقتان نەدیت و تێیان هەڵدان، ئەوجا چوون سکاڵاتان بردە بەردەرکی جێهانێ و، لە بەر پێی هەمووان نووشتانەوە. دەک بە قووربانی ئەو خاکە پاکە بن، وا پێی لێ دادەنێن، بە قوورانی ئەو داربەڕووانە بن، وا بە سەر شاخانەوە، وانەی هەرمان و سەرفیرازی دەڵێنەوە، بە قووربانی خۆڵی سەرگۆڕی پێشینان بن، وا بۆنی دایکاتی و جوانمێری بە هەوادا بڵاو دەکەنەوە. دەبوو ببینن، دەبوو گوێ لە دەنگی ناوەوەی خۆتان ڕابگرن، دەبوو تاق بە تاقتان نۆرەی مەرگ بگرن، بمرن و بچنەوە هامێزی خاکی دایک، بەڵام قەتوقەت هێندە سەرشۆڕی و زەلیلی بە خۆتانەوە نەبینن. ئێوە مهیرپەرست بوون، وەکوو خۆرهەتاو لە بەرزیدا دەدرەوشانەوە و، جێهان بە هەنگۆ ڕووناک دەبووەوە. خۆ دەتانزانی مردن بە دەروونێکی ڕووناکەوە، هەزارجار بە بەهاترە وەک لەوەی لە ناو تاریکدا بمێننەوە، چلۆن بێ هەقڵیتان کرد و تاریکیتان هەڵبژارد؟. پێشترێ لە سێ لاوە

هۆفی هەڵیان دەکووتایە سەر کووردهەوار و، بە شکست لێی دەچوونە دەرێ. پێشینانی ئەم هەوارە، بەندەی هوودای مهیربان بوون، قەت چ جاران نەبەزین و نەکەوتن، لە هەموو دەوروزەمانێکدا سەربەرز و سەروەر مانەوە. بەڵام لە دەورانی هاخیریدا، کاتێک دەستبەرداری مهیر بوون و، دایک شکێندرا، هەنگێ شکان و هەپروون بە هەپروون بوون. پەیوەندی ئەم هەوارە بە هوودای مهیربانەوە، لە ڕێی دایکانەوە بوو، ئەو دەمەی ڕەگەزی دایکتان تێکشاند، ڕایەڵەی پەیوەندیتان لەگەڵ هوودا پچڕا و، بە پشتی ڕووت مانەوە. دەبێ تێبگەن ئاو بە گۆزەی شکاو ناگواستدرێتەوە، ئەو دایکەی زەلیل و شکاوە، ئەو دایکەی لە سەروەری و باوەڕبەخۆبوون داماڵدراوە، چلۆن دەتوانی منداڵی ساخ و سەروەر وباربهێنێ؟ دایکێک لات و لاوازبێ، بکڕووزێتەوە و چاوی لە پارووە نانێک بێ، بێشک منداڵەکەی سەرکزە و، بە چاوشۆڕی دەیقەتێنێ. ئەو ژنانەی ئەمڕۆ، چ تاقیان دایکانی کووردهەواری نین، ژنانێکی کەوتوون و، پیاوانی کەوتوو باردهێنن، نەک جوانمێر و مێرخاس. دایک دارای چ زهین و زار و، چ کردارێک بێ، کووڕەکەی ئەوها وەبار دێ. ئەو دایکەی دیل و بندەستە، بێشک ناتوانێ کووڕەکەی فێری سەربەستی بکات، ناتوانێ باوەڕبەخۆبوونی تێیدا بڕوێنێ و، وهای لێ بکات ناکەوێ و نەدۆڕێ. دایکی شکاو هەرخۆی پێویستێتی بنیاد بندرێتەوە، هیدی بە چ قوودرەتێک جوانمێر بنیاد بنێ. پێشان دایکان پڕاوپڕی مێهێتی، سەرۆک و سەروەربوون، لە قوودرەتی هەقڵی و دەروونیدا، بە پێشهەنگ دهاتن، ناوکی هێزبوون و، توانایان بە نێرینەکان دەبەخشی، لە منداڵیەوە کووڕەکانیان نەترس و نەبەز باردهێنان، دەیانکردنە جەنگاوەرانی ڕووناکی، لە ساتەوقەتی بەرخۆدانیشدا لە پشت کووڕە دەست وەشێنەکانیان ڕادەوەستان و، بە پێداهەڵدان هێزیان دەدانێ، ئەو هێزپێدانە بوو نەیدەهێشت کووردهەوار ببەزێ. تووڵاوتووڵی زەمان، دایکان ئەم هەوارەیان پاراست، ئێستا کەس نەماوە بیپارێزێ، کەس نەماوە جەنگاوەرانی بەرخۆدان و، مووخانی بەڕێوەبردنێ وەباربهێنێ. هەموو باشیەک، هەموو جوانیەک، هەموو پاکیەک لە دایکەوە دەست پێ دەکات، دایک سەرچاوەیە، کاتێک ئاو لە سەرچاوەکەیەوە ڕوون بووەوە، شکی تێدا نیە، هەنگێ ئاوی جۆگەلەکان سازگارن. لە کووردهەواردا هوودای مهیربان لە کەسێتی دایکاندا خۆی دەنواند، سەرەڕای ئەمەش هوودا لە هەموو شوێنێک بەرهەست بوو، چوونکی خەڵکەکە بە ڕاست و دروستی هوودایان دەناسی. ئەو شوێنەی هوودای مهیربانی لێیە، بێگوومان پەیامبەری هوودای لێ نابێ، دەکتۆر بە دەرمانەوە دەڕواتە ناو خەڵکانی نەخۆش، نەک لای کەسانی ساخ و پەتی. لە ڕاستیدا قەت هیچ پەیامبەرێکی هوودا لە کووردهەوار سەری هەڵنەداوە، هیچ دەوروزەمانێک خەڵکی ئەم هەوارە هۆفی نەبوون، هەتاوەکوو پێویست بووبێ پەیامبەرێکیان لە ناو دەربکەوێ، بەرەو مهیر بیانگێڕێتەوە. گۆڕی پیاوچاکانێک وا لە کووردهەوار هەن و، بە پەیامبەر ناسدراون، ئەو پەیامبەرانە کەسانێک بوون، پەیامی

خێروچاکەیان دەدا بە گوێچکەی ئەو خەڵکانەی لە هێوەی کووردهەوارەوە، کەوتبوونە دۆخی دۆڵزاخەوە. پاشان پیاوچاکان لە ترسی کووشتن هەڵهاتوون و، مهیرپەرستانی کووردهەوار پەنایان داون. پیاوچاک و پەیامبەری هەقگۆ، لە بۆ سەرڕاستکردنەوەی خەڵکی گوومڕا دێن، ئەو خەڵکانەی لە بەری خۆرئاوای کووردهەواردا دەژیان، بە تەواوی گوومڕا بووبوون، گەیشتبوونە ئەوپەڕی هۆفێتی و دڕندەبوون، بە جۆرێک کیژۆڵەکانیان زیندە بە چاڵ دەکرد، یان بە زیندووهی دەیان خستنە ناو چاڵی ئاگرەوە، یان بە ناوی قووربانی لە بۆ هوودا درۆینەکان، منداڵانیان لە سەرسەکۆ پاڵ دەخستن و سەریان دەپەڕاندن. پەیامبەرانی هەقگۆ و پیاوچاکانی ڕێنوێنیدەر، لەو بەشە زەمینە و لە ناو ئەو خەڵکە دڕندانە سەریان هەڵدا، بڕێکی کەمیشیان لە ناو کۆمەڵانی چیناتی لە خوارووی دیجلێ و فەریتۆ پەیدابوون. لە پێشینەوە کووردهەوار پاکترین بەشە خاکە و، کوورد خاوێنترین کۆمەڵە خەڵکە لە ڕەچەڵەکی بەشەرێتدا، چوونکە بە هیچ قۆناخێکی هۆفیبووندا تێنەپەڕیون، لەبەرهەندێ ئەو دۆخی هۆفیبوونەی هەنەوکە تێیکەوتوون، بە خەڵکەکە ناقەتێ و، قەت ناتوانن لەگەڵی ڕابهێن، بە تایبەتی کووردانی ناوەندی، بە هەندازێک وەگیرهاتوون، خەریکن لە پێستی خۆیان دەردەچن. خەڵکی هەوارەکە ناهەق نین بەرگە نەگرن، قۆمەکانی جێهانێ پێشینەی دێریان هەیە لە هۆفێتیدا، بە ڕێڕەوی هەزاران ساڵەی چیناتیدا ڕۆیشتوون، بەڵام قۆمی کوورد لە هیکڕا و بە زۆرەملێ بە سەریدا سەپێندراوە، تەنەها دەوری سەد ساڵێکە نەزمی هەرەوزی لێ هەڵوەشاوەتەوە، سی ساڵێکیشە فەرهەنگی مهیریاتەکەی کەوتۆتە قۆناخی داتەپین و لە بەین چوون. تاقە قۆمێک بتوانێ کەوتنی خۆی ببینی، قۆمی کووردە، چوونکوو مێژووی کەوتنەکە زۆر نێزیکە، دەتوانێ ئاوڕ لە سی ساڵ لەمەوپێش بداتەوە و، سەردەمی خزماتی و دۆستاتی، سەردەمی گەرموگووڕی هاوسێیەتی و میوانداری ببینێ، بەڵام گێرمەنەکان لە بۆ دیتنی سەردەمێکی ئەوها، دەبێ ئاوڕ لە دووهەزار و پێنچ سەد ساڵ لەمەوبەری خۆیان بدەنەوە. بێجگە لەوەش، گیناتی کوورد وەکوو گیناتی هیچ کەس نیهە لە جێهانێ، نێزیکەی نۆهەد هەزار ساڵ بە مهیری ژیاون، خاک و خەڵکەکە بە تایبەتمەند دایکاتی جێهانێ دەکەن، لەبەرهەندێ خۆر و خاک و، ئاو و هەواکەش لێی ڕازی نابن و، ڕێی نادەنێ بەردەوامی بە هۆفێتی بدات. هووکمە ڕەگەزی دایک هەڵدەستێتەوە و، سەرلەنوێ مهیر بەرجەسدە دەکات، هووکمە کووردهەوار زیندوو دەبێتەوە و، بە دووی خۆیدا بەشەرێت هەڵدەستێنێتەوە.

# ناموس

## بەری هێکەم

### هێشووی 01

لەوەتی هوودای دایک لە زهینی بەشەرێت وەدەرنراوە و، باوەڕی ڕاستیەقین پووکاوەتەوە، بەشەرێت کەوتۆتە سەر وێنەی درەختی ڕەگ قرتاو، چەندێک کاتی دەربازکرد، هێندەی دی هووشک بوو. دایک لە هەموو ئاستەکانی گەردوونیدا ناوەندە، هوودای مهیربان لە کەسێتی دایکدا، دەخوولقێنێ و دەبەخشێ، کەچی بەشەر بە توندی لەگەڵ دایکاتیدا دژاتی دەکات، بەشەر تاقە ڕەچەڵەکە لە ناو گیاندارانی گەردووندا، ڕووی کردۆتە هۆفێتی و، لە دایک هەڵگەڕاوەتەوە. لەم هاخیری زەمانەدا، هەرکێهێک و هەرچیهێک، وا لە چەمکی دایکدا بەرجەسدەیە، برینی قووڵی هەیە و دهێشێتن. کووپەڵەی زەوی کە خاکی دایکە، کووردهەوار کە ناوەندی شارستانێتی دایکە، ڕەگەزی ژن کە خۆبەخۆ دایکە، هەرهێکەیان بە توندی لێیان دراوە و، بە خووڕ خوونیان لەبەر دەڕوات. ڕێسای گەردوون وهایە، ئەوانی دایک ئەزێت دەکەن و خەمی دەدەنێ، ئەم کردەیە بە سەر خۆیاندا هەڵدەگەڕێتەوە. بەشەرێت ئەو وقهتەی

دایکانی لە ناوەندێتی کردنە دەرێ و، نەزمی دایکاتی هەڵوەشاندەوە، خۆی کاول و بەشمەینەت کرد، هەنەوکەش لە نەبوونی دایکدا، خەریکە سەری خۆی دەخوات. دەبێ هەموو شتێک بڕواتەوە شوێنی خۆی، دەبێ بگەڕێنەوە بەرەو هووداى مهیربان و، پێڕست بە مهیر هەڵبسووڕێن. بەبێ هاتنە پێشەوەی نەزمی دایکاتی و، بەبێ بنچەق داکووتینەوەی چەمکی دایک لە زهین و زەمیندا، قەت باشی و خۆشی ڕوو ناکاتەوە بەشەری. کۆتاهی هاتنی چەرمەسەری و وێرانکاری، دەردی چیناتی و چەوساندنەوەی ڕەگەزی، بێدادی و ناسەقامگیری، تەنانەت دەرمانی دەردەکانی دەروون و، زۆرێک لە دەردەکانی جەسدەش، بەوە گرێدراوە ڕەگەزی دایک بچێتەوە پایەی ناوەندێتی خۆی و، کۆمەڵانی بەشەرێت لە پێڕستی مهیردا، ببنەوە بە هەڵقەی پەیوەست بە هەڵقەکانی گەردوونەوە. زەمانێکی ڕەش و تاریک بوو، ئەو زەمانەی وا گەیشتۆتە هاخیر پێچی، لە ناو ئەو تاریکیەدا ڕاستینەی دایک کەوتە قووشنێکی نادیارەوە، تەپوتۆزی هۆفێتی لە سەرنیشت و لە هەمووان گووم بوو، بەڵام ئەوڕۆ نە تاریکی ماوە و نە تەپوتۆز، نە هیچ شتێکی گووم و نادیار. دایک وا لە ناو گاتاکانی ناموس، لە پایە و پانتاهی خۆیدا دەدرەوشێتەوە، هەر بەو هەندازەش لە کایەکانی زیندەگیدا جهێ دەگرێتەوە و، دۆستی و دادوەری و سەربەستی بە دووی خۆیدا دهێنێ. من هاتووم دایک دەبەمەوە پایەی خۆی، ئەو چرایەی هێندراوەتە خوارێ و خامۆشیان کردووە، دەیبەمەوە لە شوێنە بڵندەکەی خۆی دایدەنێم و هەڵیدەکەم. من ڕووناکیم، خۆم دەخەمە ناخی ڕەگەزی دایک و، دایکیش هەمووان ڕووناک دەکاتەوە. لەمەوپاش هەموو بزربووێک بیندراوەتەوە، هەموو کوونجێکی تاریک ڕووناک بۆتەوە، چوونکێکم هەموو جهێ، نووری هووداى مهیربانی دەگاتێ. هەڵقەکان بە هێکدیەوە پەیوەستن، کووردەهوار بە خاک و خەڵکەکەیەوە دڵی جێهانە، ئەو دەمەی دڵ دەکەوێتەوە لێدان، خوون بە دەمارەکاندا دەگەڕێ و، سەرتاپای لەش زیندوو دەبێتەوە.

## هێشووی 02

خەڵکینە، دایک بنەڕەتە، قەت نەدەبوو لە بنەڕەتی خۆتان هەڵگەڕێنەوە و سەرەڕۆبن، بەڵام بوون و، دوونیاتان بە سەرخۆتاندا خراپ کرد. ئەوەتانێ لە پەندی پێشینانی کووردەهواریدا گووتدراوە:"ڕێوی لە کوونی خۆی هەڵگەڕێتەوە، گەڕ دەبێ." ئێوە بوونەوەرێکی گەڕوگوون. هەنگۆ لە دامێنی دایک هاتنە دوونیاهێ، کەچی لە دامێن و، لە دایکیش هەڵگەڕانەوە و، ئێستاکێ بوونەوەرێکی دوو پێی هێندە چەپەڵن، بە کەمتیارتان تێنابێ!. تویکڵێکی بێ کاکڵن، ناوێکی بێ ناوەڕۆکن، لە خۆتان وهایە مهیرۆفن و، بەم وشەیە ناوی خۆتان دەبەن، لە هاڵێکدا تەنەها هۆفن، لەبەرئەوەیە

دەرهەقی خۆتان و دەرهەقی گیانلەبەرانی دی، زۆر بە خراپی پەلەدەهاوێن، هێندەش هێرەهوورن، وها دەزانن هیچ هیساب و کتابێک لە گۆڕێ نیهە و، گەردوونی تۆکمەی نەزمدار، بێ چاودێر و بێ پارێزە، دەی بە کەیفی گوونی خۆتان تێی هەڵسوورێن و، کاولی کەن. دەک قوور بە هەقڵتان، هەی بێ جەوهەرینە! قەسەم بە دڵی دایک، بە هێندەی دەنکە زیوانێک نیازی خراپ بخەنە سەرتانەوە، ئەو خراپەیە لە پاشەڕۆژدا دهێتەوە ڕێتان و، هێقەتان پێ دەگرێ. لە هەرزەمان و زەمینێکدا، مووخی گەردوونی(زهینی هوودا) نیازی ناوناخ وەردەگرێ، نەک قسەی سەر زمان و، ڕەفتاری سەر زەمین. هوورد زهینی بدەنێ و لێی تێبگەن، ئەوی نان دەبەخشێتەوە و، لە ناخیدا نیازمەندە ناوودەنگ پەیدا بکات، هەتاوەکوو بە سەر خەڵکیدا گەورە بێ، کارەکەی ئەو کەسە بە کردەی خراپە دەچێتە تۆمارەوە، بەڵام ئەوی خەڵکی کووشتبێ و، لە خۆی وها بووبێ هوودای مهیربان ئەوەی لێ داوایە، خراپەی کەسەکە بە چاکە دەچێتە تۆماریەوە، گووناهی خراپەکەش لە ملی ئەو کەسانەیە، ئەوانی لە بەدنیازی و خۆویستی خۆیانەوە، درۆیان بە ناوی هووداوە کرد و، خەڵکیان هەڵخەڵەتاند. قەدیمی و تازەکی، گەلێک ڕەوتی توونددوتیژی پەیدابوون، بە تایبەتی هی مووسلەمانێتی، زۆریش کەوتنە خەڵک کووشتنێ، کردەوەی هەرتاکە کەسێک لە ناو ئەو ڕەوتانە، پێودانگ بە نیەت و نیازی ناخێتی. ئەوی خەڵکی سەربڕیبێ و، لە خۆی وهابووبێ فەرمانی هوودای بە جهێ هێناوە، یان ژنانی بە کۆیلەکردن و ماڵانی بە تاڵان بردن، وایزانی بوو هوودا ڕێی داوەتێ، هەموو ئەو خراپانەی بە چەکە لە بۆ هیسابە، ئەگەر لە ڕێی هووداش خۆی بە کووشت دابێ، بێشک لە دۆخی بهێشتێ خۆی دیتۆتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر چلە درەختێکی بە هەوەس شکاندبێ، یان ئاوی کردبێتە شارە مێروولەوە، خراپەی ئەو کارەی لە سەر دەکەوێ. لەمەوپاشیش، هەرکەسێک هەتاوەکوو ئەو ڕۆژەی دەستی بە پەڕاوی نامووس ڕادەگات، چاکە و خراپەی گفتار و کرداری، پێودانگ بە نیازی ناخێتی، کاتێکیش نامووس دەخوونێتەوە، پێودانگ بە هەندازی تێگهیشتنێتی، وەلێ هەرکێ لە هۆفێتی خۆیەوە لارەملی بکات و، پابەندی گاتاکانی نامووس نەبێ، تەنانەت پابەندنەبوونەکە بە هەندەی ناوکە هەنجیرێکیش بێ، دەبێتە خراپە و دەکەوێتە تۆماریەوە. کەس گێڵەگێڵی نەکات، وها بزانێ خراپەی بچووک هیچ نیهە و لە سەری ناکەوێ، چاکە و خراپە چ گەورە و چ گچکە، بە قەبارەی خۆیانەوە دەچنە تۆمارتانەوە. زەردەخەنە بە ڕووی کەسێکدا چاکەیە و، نیگای گرژ و مۆن خراپەیە، تەنانەت لە ناو دەروونی خۆتاندا، ڕق لە کەسێک بگرن خراپەیە و، خۆشیتان بوێ چاکەیە. باش وهایە ڕوو لە مهیر و پشت لە هۆف کەن، بەم ڕووتێکردنە خێروبێر دهێتە ڕێتان و، پاشەڕۆژتانیش ڕووناک دەبێ. ئەمڕۆ قۆمەتانی بەشەری سەرجەمیان هۆفین، هیچ قۆمێکی مهیری، یان مهیرهۆفی لە جێهانێدا نەماوە. قۆمی کووردەهەواری، هاخیرین قۆمی مهیرهۆفی بوون، ئەوانیش لە دەورانی دواهیدا

دەستبەرداری مهیرپەرستی بوون و کەوتن. ئێستا ئەم قۆمە تەنەها لە ناو و، لە باری پێشینیەوە قۆمی کووردهەوارە، دەنا پەیوەندی بە ڕسک و ڕەسەناتی خۆیەوە قرتاوە و، چۆتە ناو هەلومەرجی هۆفیبوونەوە، تەنانەت گەیشتۆتە ئاستێک لە نابوودی و خۆبزرکردن، هەروەکوو مەلۆتکەهێکی بەستەزمانی بێکەس وهایە، نە خۆی دەناسێ و، نە کەس دەیناسێ. یاران! ئەم کۆمەڵی کووردهەوارە گۆزەیە، ئەمڕۆ بە تاڵە و ترپاتی تەڕی تێیدا نیهە، سبەینێ دایکان دهێنە سەر کانیاوی نامووس و پڕی دەکەن، ئەوجا بە دەم تریقەی پێکەنینەوە دەیخەنە سەرشان و، بە لارولەنجەوە دەگەڕێنەوە. تەواو هیدی، لە خۆمی ببیستن، خۆمی فەریادڕەس، هیچ شکی تێیدا نیهە خەڵکی ئەم هەوارە تووند و تامەزرۆ "نامووس" لە هامێز دەگرن، هێکەمین کۆمەڵێکن سەرلەنوێ بە ڕۆشناهی مهیر دەدرەوشێنەوە، چوونکێ کوورد لە قووڵاهی خۆیدا مهیرە، لە کاتێکدا تورک و هارەب، ئەنگلیز و فەڕەنگ، جوولەکە و ئەوانیدی، لە قووڵاهی خۆیاندا هۆفی و دڕەندەن. لە ناو ئەم قۆمانەدا، کۆیلاتی و کووشتن، سەرپەلدان و ستەم، ڕابردووەکەی دوور و قووڵە، تەنانەت وا هەنەوکەش دەستوپلیان خوونێ لێ دەتکێ. کووردان بە پێچەوانەی هەمووان، بازنبوونێکن بە پێشینەی خاوێنی و خێراتەوە، خاڵین لە ستەم و سەربڕین، خاڵین لە کووشتار و کۆیلاتی، بەڵام زەنگینن لە هاریکاری و هەرەوزی، لە دۆستی و دڵاوەری، لە بەخشین و بەخشندەهی. خۆ کووردی ئێستاکێ کوورد نیهە، من دەیبەمەوە سەر زیندە، دەیبەمەوە سەر وشەکەی و دەیکەمەوە بە کردە، دیسان هەروەکوو پێشترێ پایەی دایکاتی و، دارودەوری زیندووکردنەوەی بەشەرێتی دەدەمێ. گوومڕا لێمی وەرمەگرن، کوورد هێکێتی ناوە لە تخووبێکی زەمیندا، سەرەڕای ئەوەش، لەمەوپاش سەبارەت بە هەموو خەڵکی جێهانێ، مهیر هێکێتی ناوە، هێکێتیهەک هەمووان دەکاتە دۆست و دڵاوەری هێکدی. وێنەکە وەکوو لەشی بەشەرێک بهێننە پێشچاو، باشتر لێی تێدەگەن، لە پێڕستبوون بە نامووس و، سەرلەنوێ بە مهیربوونەوە، هەموو خەڵکی جێهانی وەکوو پێکهاتەی هێک لەش و گیان قاڵب دەگرن، کووردیش دڵی ئەو لەشەیە، قۆمەکانی دی بە پێی نێزیکاتی و، بە پێی هەلومەرجی خاک و لێکەوتەکانیەوە، هێکێتی پێک دهێنن. لەش لە کۆمەڵێک بەش پێکهاتووە و، هەربەشێک تایبەتمەندێتی هەیە، دەلوێ جێهانیش ئەوها لە چەندان بەش پێک بێ و، هەربەشێک تایبەتمەندی خۆی هەبێ، هەمووشیان لە شێوەی بەشەکانی لەش بە هیکدیەوە پەیوەست بن و، کاری هێکدی تەواو بکەن. مهیربوون ڕێکخستنەوەی دین و دوونیایە لە زهین و زەمیندا، تەنەها وەکوو ڕێکخستنەوەی کاروباری دوونیاهێ مەیبینن، ئەوکاتەی پێڕست بە مهیر شێوە بە زیندەگی دەدەنەوە، هەم ئەم سووڕەی زیندەگی قازانج دەکەن، هەم بهێشتی دوو سووڕەکەی دی، ئەگەریش توول بدەنە هۆفیبوون، ئەم سووڕەی زیندەگیتان لە دەستداوە، لە دوو سووڕەکەی دیکەش دەچنە دۆخێ دۆڵزاخەوە. بە ڕاست و ڕوونی، ڕێ و ڕێنوێنی بردنەوەم

داونەتێ، خۆتان نەدۆڕێنن. ئەم سووڕەی زیندەگی هەر سەد ساڵێکە، ژیانی پاش مەرگ بە ملیاران ملیار ساڵ توولی هەیە، چ گەوجێکە ئەو کەسەی بە دڵۆپێک سەرمەست و بێ هۆش بێ، لە بەر دڵۆپێک زەریا بەجێ بهێڵێ.

## هێشووی 03

لە دایکبوونەوەی مهیر و داتەپینی هۆف، لەگەڵ پڕشنگدانەوەی نامووس بە هاردی دادێ. نامووس لە وێنەی خۆرهەتاوە، کاتێک پەڕەکان هەڵدەدرێنەوە، هێکسەرە ڕووناکی بڵاودەبێتەوە و، بەو ڕووناکیهە مردوو زیندوو دەبێتەوە، بەشە تەپیوەکانی مووخ دەکەونەوە خوولان و، بینین لە بۆ چاو و، بیستن لە بۆ گوێ دەگەڕێتەوە. ئەو کەسەی لە خووندنەوەی نامووسدا گەیشتۆتە ئەم گاتایە، بێشک ئێستاکێ هەست بە زیندووبوونەوەی پاش مەرگ دەکات. ڕێسای دایکێتی لە گەردووندا نەگۆڕە، هەوەڵ و هاخیری، لە گشتەدا وەکوو هێکدین. بەشەر لە کێوستانی زاگرۆزێ لە دایک بوو، لەو هەوارەدا پەرتی جێهانی بوو، سەرەتا ڕوو بە خۆرهەڵاتێ، پاشانەکە بەرەو بە خۆرئاوا بڵاوەی کرد. شۆڕەشی دایکان لە کێوستانی زاگرۆزێ سەری هەڵدا و، فەرهەنگی هاردی لەو هەوارەدا بە جێهانێدا بڵاوبووەوە، سەرەتا ڕوو بە خۆرهەڵاتێ، پاشانەکە بەرەو خۆرئاوا. هاوکێشەکە ئێستاش وەکوو خۆێتی، نامووس لە بناری زاگرۆزێ گزنگی دا، پایەی هێکەم و دەوری دایک لە بۆ کووردهەوار دەگەڕێتەوە، ئەوسا خۆرهەڵات دهێتە پێشوازی، پاشانەکە خۆرئاوا. سێهانەی خۆرمیان، خۆرهەڵات و خۆرئاوا، لە وێنەی سێهانەی خوودێتی دایک، کیژ و کووڕ بهێننە بەرچاو و لێی هووردبنەوە. کیژ هاوڕەگەزی دایکێتی، توووند بە دایکیەوە گرێدراوە، گەرم و بە گووڕتر لە کووڕ، شوێن پێی دایکی هەڵدەگرێ. خۆرمیان و خۆرهەڵات دایک و کیژن، هەم بنەڕەتی بە بەشە خاک، هەم بە تایبەتمەند مێینەن، لەبەرهەندێ شەڕهەنگێزنین، دژە سرووشت و، خاک هەڵدڕیش نەبوون، هەتا ئەو دەمەی نەچوونە باوەشی خۆرئاواوە. وەلێ خۆرئاوا بە بنەڕەتی بەشە خاک نێرە، لە تایبەتمەندیشدا کووڕێکی سەرەڕۆ و لاسارە. نامووس وا لە زاگرۆزێ دەرکەوت و گزنگی دا، زۆر نابات دڵەکانی خۆرهەڵاتێ بە خورپە دەکەون و، بەرەو مهیربانی مەزن دەگەڕێنەوە، ژنان بە شان و شەوقەوە بە ڕێزان دەردەکەون، ئەوجۆرەی کەزی دەهۆننەوە، ئەوهاش هۆن هۆن گاتای نامووس بە زهین و زاریان دهۆننەوە. خۆرهەڵات کەنیشکێکە چەند هەزار ساڵە دایکی خۆی بزر کردووە، زۆر بە دووی داگەڕا، هەرنەیدیتەوە، چوونکی نەیدەزانی هەقیقەت و هوودای دایک هێکێکن، لە کۆتاهیشدا خۆی لە کەسێتی کیژێکی سەرگەردانددا دیتەوە، کیژێک لە ناچاریدا دەستی دابێتە لەشفرۆشتنێ. ئەمڕۆ هەلومەرج

دەگۆڕێ و کیژە لەشفرۆشەکە دەست لە فرۆشتنی لەشی خۆی هەڵدەگرێ، بە پڕاوپڕی دڵەوە، بەرەو لای دایکی دەگەڕێتەوە و، سەرلەنوێ کەسێتی خۆی بنیاد دەنێتەوە. پاشەویش کووڕە سەرەڕۆکە دهێتەوە لای دایکی و، لە خەتا و خراپەکانی پێشووی پەشیمان دەبێتەوە. مێینەبوون مهیرە، شکی تێیدا نیهە، دایک لە خراپەی کووڕەکەی و، خووشک لە خراپەی براکەی خۆش دەبێ.

## هێشووی 04

هۆ خەڵکینە! وا لە ناو سێ ڕووداوی توولانیدان و، لە چ تاقیان هەبەردارنین. لەم زەمانەدا مردنێکی سەروقهت و، هەزاری پێشوقهت هێقە بە بەشەر دەگرن. ئەوە تەنەها ڕووداوێکیانە، جا زهینی بدەنێ، ئەوەی لەوەوپێش نەتان دەدیت، هەنەوکە ببیینن. مەرگ بە دەردی پیری و بە ساڵاچوونەوە، تاقە مردنێکە لە سەروقهتی خۆیدا، هەرچەندە ساڵانی هوومر بە هۆی هۆفیبوونی کەسی و، هۆفیبوونی هەلومەرجەوە، بڕێکی زۆر لە کەمی داوە، سەرەڕای ئەوەش زۆربەی مردنەکان ناوقهتن. مردن بە ڕووداو و، بە هەرهۆکارێکی دی، پێشوقهت و زووە، مەرگێکە بەشەر خۆی بە سەر خۆیدا دهێنێ. ئەو خواردنانەی دەیان خۆن، ئەو هەناسەیەی هەڵیدەمژن، ئەو بۆنانەی دەچن بە لووتدا، ئەو دەنگانەی دەچن بە گوێ و، ئەو تیشکانەی دەچن بە چاودا، هەمووی ناسرووشتین. هاوکات لە زهین و دەروون و، لە باری کۆمەڵاتیدا، دۆخێکی زیاد لە هەنداز هۆفیانە و ناسرووشتی دەقەتێنن، ئەمانەن تەمەنی بەشەریان کوورت کردۆتەوە و، تووشی مەرگی پێشوقهتی دەکەن. لە دۆخی چیناتی و هۆفیبووندا، هەموو شتێک نەیار و دژە لەگەڵ زیندەگیدا، بەشەر وەکوو چیلکەی ناو ئاگردانێ، دەسووتێ و توانای نیهە بەرگری لە خۆی بکات، کڵپە کڵپە کەم دەبێتەوە و، بڕێکی لێ دەبێتە دووکەل و، بڕێکیش خۆڵەمێش. لەو دۆخەی وا تێی کەوتوون، مردن و دەردەداری، هەزار هۆکاریان هەیە و، هەموو ڕۆژێ هازرن، کەمێکی ئەو هۆیانە لە ناو ماڵ و، لە کۆڵان و، لە گەڕەک و شارن، زۆرەکەی وا لە ناو دەماخ و دەروونی خۆتاندان. بیرکردنەوەی خراپ، دەروون دەخاتە دۆخێکی خراپەوە، ئەو دۆخەش لێکەوتەی هەیە و، نەخۆشی جووداجۆر بە سەر لەش دادهێنێ، نەخۆشیهەکانیش دارا و بە دەورن، لە زوو دەرکەوتنی نیشانەکانی پیری و، لە مەرگی پێشوقهتدا. کۆششی لابەلای بەرپێگرتنێ بێ هوودەیە، ئەگەر هۆف لە دەماخ و دەروونی خۆتان ڕاونەنێن و، جهێ لە بۆ مهیر نەکەنەوە، هیچ بە هیچ ناکەن، چوونکی دەرمانی هەموو دەردان تەنەها مهیرە و، تەنەهاش لە پێڕستی مهیردا بەرەو دۆخی بهێشتێ دەڕۆن. هەی لە خۆتان هەش بە سەر و بێ هەواڵ، خاس بن، یان خراو، پێڕستی مهیربن، یان هۆف، بە

نەزمی هەرەوزی بچنەڕێ یان بە سیستەمی چیناتی، تێکڕا ئێوەی بەشەرێت و، ژینی سەر زەمین، بەرەو ڕووی دوونیاخراپبوونی پێشوقهت بوونەتەوە. ڕووداوی دووهەم ئەمەیە، ئەم ڕووداوە دەبێ وهاتان لێ بکات هەقڵ بهێتەوە سەرتان، وهاتان لێ بکات دەمودەست باوەڕبهێنن بە هوودای مهیربان و، پابەندی نامووس بن. خەڵکینە، زۆر درەنگە بە خۆکەون، شەق لە زاڵمان و، لە درۆ و دەلەسەکانیان هەڵدەن، چاو هەڵبڕن و ببینن، وا کەوتوونەتە ناو دوونیاخراپبوونی پێشوقهت و، بە خۆتان نازانن. دوونیاخراپبوونی پێشوقهت، هەروەکوو مردنی پێشوقهتی بەشەرە و، بەر لە وادەی خۆی هاتۆتە پێشێ. بەشەرێت بە هۆی ڕەفتارەکانی هۆفیبوونەوە، پێکهاتەی زەندەقی(زیندەگی) لە سەر ڕووی زەوی تێک و پێکداوە، نە لە هیشکاتی و نە لە تەڕاتی، هاوسەنگی نەهێڵدراوە، ئاو و هەوا پیس کردراوە، ڕەوتی سرووشتی ڕوەک و درەختەکان شێوێندراوە، هیچ شتێک بە سرووشتی خۆی نەماوەتەوە، لە قووڵاهی زەریا و، لە هەناوی خاکدا، گەلێک تەقەمەنی کاولکار تەقێندراونەتەوە، کووشتاری ڕادەبەدەر دەرهەقی بوونەوەرانی ئاوی و هووشکانی ئەنجامدراوە، ئەو تەنانەی هی ناوخاکن و هێندراونەتە سەرخاک، بە دەرهێنانیان هەناوی زەوی خراپ بووە، بە هەبوونیشیان لە سەر زەوی، لێکەوتەی هێکجار کووشندەیان لە سەر بەشەر و، زیندەوەرانی دیکە هەیە. ئەو هەموو ئاسن و کانزا و، ئەو قیرەی سەر ڕووی زەمین، مایەی گلدانەوەی ڕادەبەدەری گەرمین، ئەمەش لەگەڵ خۆیدا هاوسەنگی کەشوهەوا و، هاوسەنگی زەریاکان و، هاوسەنگی با و بارانی تێکداوە، ئەم ناهاوسەنگیەش دوونیاخراپبوونی پێشوقهتی بە دووی خۆیدا هێناوە، بێشک لە داهاتوودا ژینی سەر ڕووی زەوی لە بەین دەبات. بەم چەشنە بەشەرێت و گیاندارانی دی، بە ملیۆنان ساڵ زووتر لە وادەی هیساب، تووشی لە ناوچوون دەبنەوە. بڕۆننێ، هەروەکوو چلۆن تەمەنی بەشەر لە کوورتی داوە، ئەوهاش تەمەنی زەیندەگی لە سەر ڕووی زەمین کوورت بۆتەوە، هەروەکوو چلۆن بەشەر لە پێش تەواوکردنی سووڕی تەمەنیدا دەمرێ، بەو جۆرەش سووڕی زەیندەگی لە سەر ڕووی زەوی، زووتر لە وادەی خۆی کۆتاهی دێ. دوونیاخراپبوون لە سەر وقهتی خۆی، سەرەنجامی هێوربوونەوەی ڕادەبەدەری خوولانەوەی خۆرە بە دەوری خۆیدا، خۆری دایک هەر بە تایبەتمەند ڕۆژ بە ڕۆژ خوولانەوەکەی خاو دەبێتەوە، کاتێک ئەو خاوبوونەوەیە لە "ڕادەی هاوسەنگ بە زەوی" دەردەچێ، هیدی پلەکانی گەرما لە سەر ڕووی زەمین بەرز دەبنەوە، بە هێواشهیش لەگەڵ پلە بە پلە خاوبوونەوەی زیادتری خوولانەوەی خۆردا، هەلومەرجەکەی بەرجەسدەتر دەبێ، بەمەش ڕووداوەکانی ئاگرکەوتنەوە، تۆفان، ڕەشەبا، زەمینلەرزە، هەڵکشانی بیبان، هەڵچوونی گڕکان زۆر دەبن، پاشانەکە پلەی گەرما بەرزتریش دەبێتەوە، ئەوجا هێدی هێدی زەریا و ئاوەکان دەبنە هەڵم و، قۆناخی خنکانی بە کۆمەڵ لە سەر زەوی دەست پێ دەکات. ئەو گۆڕانەی ئێستای کەشوهەوای

زەوی، بڕێکی کەمی هی خاوبوونەوەی خوولانەوەی خۆرە، بەشە زۆرەکەی هی پەنگخواردنەوەی گەرمایە لە سەر زەوی، ئەویش سیستەمی سەرمایەداری بە زەوی داهێناوە. ڕووداوی سێهەم ئەوەیە، جەمسەرەکانی نەزمی سەرمایەداری، بڕیاریان لە قڕکردنی بەشەرێت داوە، بە شێوەی پارچە پارچەش دەستیان داوەتێ. لە ڕووکەشدا وەها دەهێتە بەرچاوان، جەمسەرەکانی سیستەمی سەرمایەداری لە جیهانێ، بە هێکدی ناکۆکن، وەها دەردەکەوێ مڕخێش مڕخێشیانە لە سەر فەرەوانخوازی و، خڕکردنەوەی سەرمایەی زیادتر، لە کۆتاهیشدا بەرەو بە هێکدادان دەڕۆن و جیهان کاول دەکەن. بەڵام نا، ئەمە تەنەها ڕووکەشێکە، بە قەسدی هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی وەها نیشان دراوە. ڕاستیەکە ئەوەیە، سیستەم بە هەموو جەمسەرەکانیەوە، بە تەمان بەشێکی گەورەی خەڵکی لە ناو بەرن و، دانیشتوانی سەر ڕووی زەمین، لە بۆ نیوەی ژمارەی ئێستا کەم بکەنەوە. وێنەکە بە گەورەهی بهێننە بەرچاو، هەنگێ باش لێی تێدەگەن. سیستەمەکە پێشترێ پێویستی بە خەڵکی بوو، ئێستاکێ پێویستی پێ نیهە. لە سەرەتای قاڵبگرتنی چیناتی، هەتاوەکوو دواهین سەدەی تاریکی، سیستەمی سەرمایەداری بە هێزی دەست و بازوو هەڵسووڕاوە و، پێویستی بووە دەستی کار زۆربێ، هەنوکە هەلومەرج گۆڕاوە و، سیستەمەکە هێندە پێویستی بە کرێکار نیهە، چوونکی کارەکان بە ئامێری براوەبەر هەڵدەسووڕێن، بە تایبەتی دروستکردنی ئامێری ناودێر بە "ڕۆبۆت،" پلیکانەی لە بن پێی کرێکار دەرهێنا، لەبەرئەوەی دەتوانێ جێگرەوەی وی بێ. دۆخ بە تەواوی بەرەواژ بۆتەوە، پێشترێ دەیان هەویست ژمارەی خەڵکی زۆربێ، ئێستا بە دەست زۆری ژمارەی خەڵکیەوە گرفتارن. هۆ خەڵکینە! بە هەنگتان دەکەم و هۆشداریتان دەدەمێ، سیستەمی سەرمایەداری چیدی پێویستی بەو هەبوونە لەشیەی بەشەر نەماوە، زۆربوونەکەی بە کێشە و بارگرانی دەزانێ بە سەر شانی خۆیەوە، بۆهی بە هووردی بیریان لە کەم کردنەوەتان کردۆتەوە. سەرمایەداران بە سەر پێوە بمێنن، قڕتان تێ دەخەن. بڵاوکردنەوەی دەرد و نەخۆشی، قاتوقڕی و برسیێتی، دروستکردنی شەڕ و کووشتاری وڵاتان، لەو کارانەن لە مێژە بە مەرامی کەمکردنەوەی بەشەرێت دەستیان داونەتێ. ئەو دەرد و پەتایانەی لە هیکڕا بە جیهانێدا بڵاودەبنەوە، دەستکردی سیستەمن و، لە خانەی تاقیکاریدا دروستیان دەکەن. پەتای ناودێر بە "کۆفید" نموونەی ئەزموونکاری بوو، هەرخۆیان بڵاویان کردەوە و، هەرخۆشیان بە پێی پلان و لە ڕێی بانگەشەوە، خەڵکیان تووشی ترس و تۆقین کرد، سەرەنجام بە ملیۆنانی خەڵک، بە تایبەتی نەخۆش و پیرەکان بە هۆی ترسەوە مردن، نەک بە هۆی پەتاکەوە. ئامانجیش هەرئەوەبوو کە لە هەنگاوی هێکەمدا، کەسانی پیر و نەخۆش لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە، هەتاوەکوو چیدی لە چاودێری و چارەسەرکردنیاندا مەسرەف نەکێشن. نانەوەی فتەنە و خۆشکردنی زەمینەی شەڕکردنێ، هێکێکی دیکەیە لەو ڕێهانەی بە مەبەستی کەمکردنەوەی دانیشتوان گیردراوەتەبەر، بە جۆرێک لە

پشت هەموو ئەو شەڕانەی سەرهەڵدەدەن، دەستی سیستەمی سەرمایەداری هەیە. لە شەڕدا هەم کاولکاری، هەم فرۆشتنی چەک، هەم کووشتن و کەمبوونەوەی دانیشتوان بە قازانجی سیستەمەکەن، بەڵام ئەم ڕێ و شوێنانەی لە ناوبردن، کەمبوونەوەی بە کاوەخۆن و، لە ئاست ویستی سیستەمدا نین، لەبەرهەندێ جەمسەرەکانی سەرمایەداری لە هەردوو بەری خۆرئاوا و خۆرهەڵاتێ، بیریان لە ڕێی خێرا کردۆتەوە، هەندێکیان وهای بە باش دەزانن، بە هەڵگیرساندنی جەنگێکی گەورە لە جێهانێ، قڕانێکی سەرانسەری بەرپا بکەن، نەقش و نیگارێکی ئەوها کێشدراوە، لە میانی ئەو جەنگەدا، جەمسەرەکانی سەرمایەداری، هەرهێکەیان بەو هەندازەی مەبەستێتی، دانیشتوانی بندەستی خۆی لە ناو ببات و، لە بانگەشەدا بیخەنە ملی دژمنی نادیارەوە. دەشیانهەوێ قڕانێکی فەراوان بە سەر دانیشتوانی خۆرمیان و، بەشێکی خۆرهەڵات و، بە سەر ئەفریقا و خۆرووی دێرهەوار(ناسدراو بە ئەمریکای باشوور)دا بهێنن. ئەم بژاردەیە لە مێژە لە سەر مێزە، ئەگەر هێشتانەکینێ جهێ بەجهێیان نەکردووە، تەنەها لەبەر ئەوەیە جەمسەرەکانی سەرمایەداری لە هێکدی بەشکن، دەترسن لادان لە پلانەکە ڕووبدات و، شەڕەکە لە دەستیان دەربچێ. هۆ خەڵکینە! لە دۆخی گاڕانی وەرنە دەرێ، بە هۆش وەرنەوە و، خێرا بە مەیدانێ کەون، ئەگەر دوونیا بدۆڕینن یان دین، هەردووکیتان دۆڕاندوون، چوونکی دین و دوونیا لە ناو هیکدین. وا جێهان لە بەردەم کاولبوونی هێکجارەکی دایە، ئەگەر جەمسەرەکانی نەزمی سەرمایەداری شەڕ بەرپا بکەن، خێرا کاولی دەکەن، بەرپاشی نەکەن بە هێوری کاول بووە. وەستانەوە بە دژی سەرمایەداری و، بەرپاکردنی شۆڕەش فەرزە، هەرکەس بێدەنگ لێی دابنیشێ، پشکی لە هەموو خراپەکاری و بەدفەڕیەکانی سیستەم هەیە. هەموو هێکێک پێودانگ بە نامووس بەرپەرسیارە لەوەی چلۆن بیر دەکاتەوە، چلۆن زاری دەکاتەوە و چلۆن دەجوولێتەوە. قووڕ بە هەقڵی ئەو کەسەی پڕشنگی نامووسی دەگاتێ و، باوەڕ ناهێنێ. هەردەم لە بیرتان بێ، مەرگ دەستپێکی سووڕێکی دیکەیە لە ژین، پاشەویش سووڕی سێهەمی هەیە، هەرکەس بە هۆفی بمرێ، هەتاهەتاهێ لە دۆڵزاخ دەبێ. دۆڵزاخ وشەی وێنەدارە، هەلومەرجی تەنگ و تار نیشاندەدات، بەشکووم بیهێنن بە زهینی خۆتاندا و، پێی هاقڵ بن.

## هێشووی 05

بەڵێنتان درابووهێ فەریادڕەس دەگەڕێتەوە، ئەوەتانێ وا گەڕامەوە. بە تەواوی دڵ و تەواوی دەروون و، بە تەواوی دەماختانەوە باوەڕ بهێنن، قەت نەکەن سەبارەت بە منی کووڕی مریەمێ، گەردی گوومان بخەنە بان دڵتانەوە. زهینتان ڕوون کەنەوە،

هەتاوەکوو بتوانن ببینن و ببیستن. دەرد ئەوەیە بە چاو بیردەکەنەوە، نەک بە زەین، بنەمای بیرکردنەوەتان تەنە، نەک تین، ئەمەیە کاولی کردوون. دەی، وا هێزی زیندووبوونەوەم داونەتێ، هەڵستنەوە ڕاستیەقین ببینن، ڕاستیەقین ببیستن. پێشتریێ مەهەمدی کووڕی هامینێ، خۆی ئەوها ناساند کە "ڕەسووڵی هوودا"یە، گووتیشی: مووسای کووڕی هیوکابد "وشەی هوودا"یە، هیسای کووڕی مریەمێ "گیانی هوودا"یە. هەرسێ ناساندنەکە ڕاست و دروستن، لە میانی ئەو جۆرە ناساندنەدا پەیوەندی هەرهێکەیان بە هوودای مهیربان ڕوون بۆتەوە. گوزارشت وهایە کووڕی هامینێ لە ڕێی ناوەندگیرێکەوە، کە ناوی "جووبراهیل"ی دراوەتێ، پەیامەکانی لە هووداوە پێ گهیشتوون، لە کاتێکدا کووڕی هیوکابدی هەرخۆی پەیامەکانی لە هوودا وەرگرتوون، شکی تێیدا نیەە ئەوی ڕاستەوخۆ پەیامی وەرگرتبێ، نێزیکترە لە هوودا، بە هەندازەی نێزیکاتیەکەش باشتر هوودای ناسیوە. کووڕەکەی هامینێ پەیامبەری هوودای مهیربان بوو، بەڵام بە هەندازێکی کەم و سنووردار زانستی هوودای پێ گهیشت، تەنانەت مووساش هوودای بە تەواوی نەدەناسی، لەبەرهەندێ گووتیتی: "هوودا هووداهێکی هاڵۆزە." تەنەها کووڕی مریەمێ، بە ڕوون و ڕەوانی هوودای دایک دەناسێ، چوونکە کووڕی مریەمێ گیانی هوودایە، هوودا پەیامی ناداتێ، بەڵکوو لە جەسدەی ئەودا دەردەکەوێ و، لە زمانی ئەوەوە دەدوێ. دەرکەوتنێک پێشترێ ڕوویداوە، دەرکەوتنێکیش ئێستاکەیە. زەینتان ڕوون بکەنەوە، ببینن هوودای دایک چلۆن لە زەین و زاری کووڕی مریەمێ دەرکەوت و، بە هانای خەڵکیەوە هات. باش بیخەنە سەرتانەوە، هوودا تەن نیەە، تینە، ئەوی گەڕاوەتەوە تینە، نەک تەن. چ گەوجگەلێکن ئەوانی بە پێودانگی تەن دەیپێون و، گەڕانەوەی هیسای کووڕی مریەمێ، وەکوو گەڕانەوەی لەش واتا دەکەن، لە کاتێکدا خۆی هەرگیز وهای نەگووت. هەروون لاپەڕەکانی"یۆهەنا"ی هاوەلی هەڵدەنەوە، ئەو لە زاری هیسای کووڕی مریەمێ گواستووتیەوە، کووڕی دایک ڕوون و ڕەوا گووتیتی:" ئەوی هوودا بە ناوی من دەینێرێ، ئەو هەموو شتێکتان فێر دەکات و، هەموو ئەو شتانەی پێم گووتوون بیرتان دەخاتەوە." پێش ئەویش مووسای کووڕی هیوکابد بەرچاو ڕوونی داونەتێ و، گووتیتی:"هێکێک وەکوو کووڕی بەشەر لە هاخیری زەماندا دێ و، بەشەرێت ڕزگار دەکات." هەنوکە ئەو کووڕی بەشەرە هاتووە و، وا ڕێی ڕووناکتان لە بەردەمدا دەکاتەوە. ئەگەر دەپرسن: هیسا کووڕی هوودا بوو؟ بەڵێ، هیسا گووتی هەمن کووڕی هوودام و ڕاستی گووت. بەڵام کاتێک هوودا ناناسن، کووڕەکەشی ناناسن و لێی تێناگەن. هوودا و دایک دوونین، هێکێکن. هیسا بە کووڕی مریەمێ، بە کووڕی دایک خۆی ناساند، نەک کووڕی هیچ پیاوێک. تێبگەن و هەقڵ بهێننەوە ناو کاسەی سەرتان. ئەمڕۆ سەردەمی گەڕانەوەیە، گەڕانەوەی کووڕی مریەمێ و، گەڕانەوەی مهیر و، گەڕانەوەی هەقڵ و، گەڕانەوەی دایک بەرەو پایەی ناوەندێتی

خۆی. پەیامەکانی پێشتریٚ شێوێندراون، هەندێک لە گاتاکانی هیسای کووڕی مریەمیٚ، هەرزوو تووشی شێواندنی بنەڕەتی بوونەوە، چوونکە کەسانێک کە بە ناوی پیاوی دینی دەرکەوتبوون، دەستیان تێوەردا، ئەو کەسانە بە قەسدی دروستکردنی نێزیکاتی لە نێوان پێناسی هوودای کووڕی مریەمیٚ و، هوودایانی درۆینی ڕۆمی، چەمکی باوک و کووڕیان خستنە ناو کەلامی خاوێن و بیٚ خەوشی کووڕی مریەمیٚ. بەڵام درۆیە، کووڕی مەریەمیٚ هوودای بە باوک و، خۆی بە کووڕی ئەو باوکە نە ناساند، ئەم بیروباوەڕە هی دەسهەڵاتی ستەمکاری ڕۆمیان بوو. لە ڕاستیدا کووڕی مریەمیٚ گووتبووی: هوودا سێیە لە هێکێکدا، دایک و کووڕ و گیانی قدوس. سەدان ساڵ پاشەویش مهەمدی کووڕی هامینیٚ لە سەر ناوی هوودا، ئەم باس و خواسەی هێناوەتەوە گۆڕیٚ، دەڵیٚ: "هوودا بە هیسای کووڕی مریەمێی گووت هەتۆ بە خەڵکیت گووت بێجگە لە هوودا، من و دایکم بپەرستن." ئەم گاتایە نیشانتان دەدات، چەمکی دایکپەرستی لە کەلامی ڕاستیەڤینی کووڕی مریەمیٚ لادراوە، ئەو گووتبووی دایک و کووڕ، کەسانێک وشەکەیان گۆڕی بە باوک و کووڕ، بەمەش جەوهەی کەلامی ڕاستیەڤین شێوێندراوە. لە کاتی خۆیدا کووڕی مریەمیٚ چاوی لە بۆ نابینا، قاچی لە بۆ شەڵ و بیٚ پا، تەنانەت گیانی لە بۆ مردوو گەڕاندەوە، ئێستاش کووڕی مریەمیٚ ئەو کارانەتان لە بۆ دەکات، وەلیٚ دروست وهایە ئەو کارانە وەکوو جەوهەر ببینن، نەک وەکوو ڕووکەش، مەگەر هەرکووڕی مریەمیٚ نەبوو بە خەڵکی دەگووت: چاوتان هەیە و نابینن، گوێتان هەیە و نابیسن؟ ئەو بینینی لە بۆ برێک لەو چاوانە و، بیستنی لە بۆ هەندێک لەو گوێچکانە گەڕاندەوە. هاوکات کە چارەخوازەکە باوەڕی تێروتەواوی پێی هەبوویٚ، چاوی کۆرە و، گوێچکەی کەڕیشی چاک کردۆتەوە. هەنگیٚ و هەنەوکەش باوەڕداری مایەی خێرە، هەرکەس بە ڕاستی باوەڕداربیٚ، لە مەینەتی ڕزگاری دەبیٚ. من ڕووناکیم، ئەوی بە دووم دابیٚ ڕووناک دەبێتەوە و، چیدی تاریکاهی بە سەرداناهیٚ. من زیندەگیم، ئەوی پێی لە بەندی مندا بیٚ، واتای مەرگ تێدەپەڕێنیٚ. دەرکەوتنی هوودای مهیربان لە کەسێتی کووڕی مریەمیٚ، مایەی زاڵبوونی ڕووناکی و ڕەنگە بە سەر ڕەش و تاریکیدا، لە پابەندبوون بە کووڕی مریەمیٚ، پابەندی بە هوودای مهیربان بەرجەسدە دەبیٚ، بەمەش ڕووناک و ڕەنگین دەبن. با ڕوون بیٚ لاتان، دەرکەوتنی هوودا لە کووڕی بەشەردا، تەنەها دووجارە، هەوەڵجار لە کاتێکدا بوو، کە دەسهەڵاتی هۆفیێتی خەریک بوو پەڕوباڵی بڵاو دەکردەوە، هاخیرجاریش ئێستاکەیە، ئەمجارە کۆتاهی بە باڵادەستی هۆف دهێنیٚ. پێشان مووخانی کووردهەواری، بە لێکدانەوە و هیساباتی هووردیانەوە، دەیانزانی هوودای دایک دووجار لە جەسدەی نێردا دەردەکەویٚ و تیایدا دەدرەوشێتەوە، بەڵام برێل لە مووخان لە پەیوەندی بە کات و شوێنی دەرکەوتنەکەی کەوتنە هەڵەتەوە، هەر ئەم هەڵەتەس تاقمێکی بەدزهینی بە نێوی "هەلەوی" بە کووردهەوار داهێنا. تاقمێکی

دیکەی بەدزهین بە نێوی "یارسان"، کە هاوکات بە "کاکەهی و سارەلوو"ش ناویان هەیە، بیرکردنەوەیان وهایە، هەرزەمانێک هوودا لە هێکێکدا دەردەکەوێ و، ڕێنوێنی بە بەشەرێت دەدات. هەردوو تێگهیشتنەکە هەڵەن و، لە زانستێکی شێوێندراو هەڵهێنج دراون. کەس بە بڕینی نێوەی ڕێ ناگاتە مەنزڵ، نیوە زانستیش وەکوو نیوە ڕێ وهایە. بە واتاهێکی دی، ئەگەر کەسێک بیهەوێ هیساباتێکی دروست بکات، دەبێ ناوکە ژمارە و هەر نۆ ژمارەکە بزانێ، هیساب لە زانینی چەند ژمارە دەرناهێ. زانینی تێروتەواوی زانستی گەردوونی، لە پەیوەستبوونی تێروتەواو بە هوودای مهیربان بە زهین دەکەوێ، بە دوورکەوتنەوە لە مهیر و، هاتنی بیروباوەڕی هۆفی، هێواش هێواش زانستەکە تووشی شێواندن هات، لە هەمان کاتدا بەشەکانی بنەڕەتی و ناوەندی لە مێشکدا، تووشی داتەپین بوون، ئەمەش وهای کرد لە هەموو زانستێکی بنەڕەتی و ناوەندی دابېڕێن. بڕۆننە زانستی زمانی زگماک، لەوێدا ئەم دووجار دەرکەوتنەی هوودای دایک لە جەسدەی کووڕی بەشەردا، ڕۆشەن دەبێتەوە. دەنگەکانی زمانی زگماک سێ کۆمەڵەن، کۆمەڵەی هێکەم مێیە لە خوودێتی کیژدا، لە "هە، ها، هی، هوو، هۆ، هێ" پێک هاتوون. کۆمەڵەی دووهەم نێرەمووکە لە خوودێتی دایکدا، کۆمەڵەی سێهەم نێرە لە خوودێتی کووڕدا. کۆمەڵەی دووهەم ئەو دەنگانەی خوودێتی دایک بەرجەسدە دەکەن، دوو پۆلی سێ دەنگین، پۆلی هێکەم لە " ڕ، م، ن" پێک هاتوون و، لە نێوان هەردوو کۆمەڵەی دەنگەکانی مێ و نێردا جێدارن، پۆلی دووهەم لە "کهـ، گهـ، قهـ" پێک هاتوون، دەکەونە پاش کۆمەڵەی سێهەم و، سەرقاپی هەموو دەنگەکانن. هوورد زهینی بدەنێ، ناوکە دەنگ "هـ" دایکی دەنگەکانە، لە کۆمەڵەی دەنگەکانی مێ - کیژدا بە شێوەی پێشگر دەردەکەوێ، بەڵام لە کۆمەڵەی دەنگەکانی نێر - کووڕدا دەرناکەوێ. لە کۆمەڵەی دەنگەکانی نێرەمووک - دایکیشدا دوو تایبەتمەندێتی هەیە، لە دەنگەکانی پۆلی هێکەم "ڕ، م، ن"دا، ناوکە دەنگ "هـ" ناوەندگیرە، بەرهەست دێ، بەبێ ئەوەی دەربکەوێ، لە دەنگەکانی پۆلی دووهەم "کهـ، گهـ، قهـ"دا، پاشگرە و، لە کۆتاهی دەنگەکاندا دەردەکەوێ. هەردوو پۆڵە دەنگەکە بە سێهانەی خوودێتی کیژ و دایک و کووڕن. لە پۆلی هێکەم دەنگی "ن"، لە پۆڵێ دووهەمدا دەنگی "قهـ" خوودێتی کووڕ بەرجەسدە دەکەن. دوو جار دەرکەوتنی هوودا لە نێردا، هەروەکوو دووجار دەرکەوتنی ناوکە دەنگ "هـ" وهایە، لە خوودێتی نێرینەی کۆمەڵەی دەنگەکانی دایکدا، دەرکەوتنی هێکەمی بەرهەستبوونێکە و، دەرکەوتنی دووهەمی بەرجەسدەبوونێکە، هەرئەوهاش دەرکەوتنی هوودای دایک لە کەسێتی کووڕی مریەمێ، هێکەمجار بەرهەستبوونێک بوو، بەڵام ئەمجارە بەرجەستەبوونێکە. لەمەوپاش هیچ دەرکەوتنێکی هوودا لە کووڕی بەشەردا ڕوونادات، چوونکە ڕەگەزی دایک پایەی ناوەندێتی خۆی دەگرێتەوە و، هوودا لە ڕەگەزی دایکدا دەردەکەوێ، دەرکەوتنێکی گشتەگیر و جێگیر لە هەموو ژنێکی

درەوشاوەی بە دڵ و دەماخ و، بە دەم مهیریدا. خەڵکینە لە هەرکوێی جێهانێ هەن، بێرن ڕێ ڕاستەکە ئەمەیە. هۆ کریستیان، ئەگەر بە ڕاستی چاو لە ڕێ بوون کووڕی مریەمێ بگەڕێتەوە، ئەوە گەڕایەوە. هۆ مووسلەمان ئەگەر چاوەڕێ بوون کووڕی مریەمێ بهێتن بەشەرێت ڕزگار بکات، ئەوە هات و پەیامی دانێ. پێشترێ مهەمدی کووڕی هامینێ ئاگاهی پێدابوون، هاتنی کووڕی مریەمێ هاتنێکە لە کەسێتی هیمامی مهەدی و هاکمی دادگەردا، لە سەر هەمووان فەرزە باوەڕبهێنن. هەنگۆ وەکوو جووەکانی جاران بێ هەقڵ مەبن، مێشکتان بکەنەوە و تێبگەن. لە زەمانی خۆیدا وقتهێک هیسای کووڕی مریەمێ دەرکەوت، جووەکان بە بیانوو کەوتن و، باوەڕیان پێی نەکرد، گووتبوویان هەتۆ ڕزگارکەری بەڵێندراو نی، چوونکی لە پێشدا " هیلیاس" دەردەکەوێ. ئەوکاتە کووڕی مریەمێ هەواڵی هاتنی ئەو پیاوەی لە بۆ لێکدانەوە، ڕوونی کردەوە هەر ئەو پیاوچاکەی وا خەڵک لە ئاو هەڵدەکێشێ و ڕوو بە چاکە هانیاندەدات هەوە، پێی گووتن:" ئەوەی گووتدراوە دهێتن هاتووە، ئەوەی دێ هەمان جەسدە نیهە، هەمان بیروباوەڕە." ئەوسا و ئێستاش ڕاستی ئەمەیە، باش وهایە باوەڕبهێنن و، بیانوو نەگرن.

## هێشووی 06

لە خەڵکی وهابوو دین و فەلسەفە و زانست سێهانن، هەرهێکەیان بە جوودا ڕەوت دەگرن. دەی خۆ ئێستا دەبینن سێ نین و، بە هەرسێکیان هێکێکن، خۆ دەبینن لە میانی ناموسدا هەرسێکیان بەرهەستن، بەبێ ئەوەی لە هێکدی جوودا ببنەوە. دین و فەلسەفە و زانست هەروەکوو پێست و خوون و دەمارن، لە هێکدی جوودا نابنەوە، جووداشیان بکەنەوە زیندووێتی لە دەست دەدەن و، تووشی داتەپین دێن. کاتێک ئەو سێهانە هێکێکن، ئەو هێکە هەقیقەتی گوومانبڕە، مشتومڕ و مقۆمقۆ هەڵناگرێ. بەڵام بە جووداکردنەوەیان لە هێکدی، هێکسەرە هەقیقەت بزر دەبێ، بۆهێ چ تاقێکیان بە تەنەهێ قوودرەتی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی بەشەری نابێ. لە چەرخی هۆفیدا هەقیقەت بزر بوو، بە هەزاران ساڵ پرسیارەکان بەبێ وەڵام مانەوە، هەنوکە هەقیقەت گەڕاوەتەوە و، پرسیارەکانیش وەڵامیان وەرگرتووە. خەڵکینە، لەشی خۆتان، یان لەشی هەرزیندوەرێک بهێنە پێشچاو و بە نموونەی لێ تێگهیشتن بیبینن، بە جووداکردنەوەی سەر و سینگ و زگ لە هێکدی، زیندووێتی لەو لەشە دواهی پێ دێ، لە پارچەبووندا چ تاقی کەرتەکان زیندوو نامێنن، چوونکی زیندووێتی لە هێکێتی و پەیوەستی دایە. ئەم پێودانگە لە هەرشتێکدا بە دەستەوە بگرن، هەمان ئەنجامتان دەداتێ، هێکێتی لە هەرشتێکدا هەڵبوەشێتەوە، ئەو شتە زیندووێتی خۆی لە دەست

دەدات. کۆمەڵی هەرەوزی و هاوبەشێتی، کۆمەڵێکە لە دۆخی هێکێتی دایە، وقتهێک وەردەچەرخێ و دەبێتە کۆمەڵی چیناتی، هیدی ژین و زیندوویێتی لە کۆمەڵەکە دەبێتە چەرمەسەری، سەرەنجام ئاسوودەگی تێیدا قاتی دەبێ.

## هێشووی 07

هەی ژن هەتۆ چلچرایت، داگیرسێ و بدرەوشێوە، پێرست بە ڕووناکی بیربکەوە، مهیر بنوێنە. فەرزە لە سەرت مێینەبوونت خۆشبوێ، فەرزە لە مەیل و مەرامت، لە مێبوون و لە جوانیت هێز وەربگری و، پت بە پتی کەسێتیت سەرلەنوێ بنیاد بنێی. هەتۆ خاڵقی، لە پێشدا خۆت بخوولقێنەوە، ڕووبکە هاسمانێ و، لەگەڵ هوودای دایک بدوێ، سەربەرزی و سەروەریت لە خۆرهەتاو بە دەستبهێنە، بێ فیز و فوو بە، نۆژبکە و سەر لە بۆ خاکی دایک بچەمێنە. بە تەواوی دڵ و، تەواوی هیزر و، بە تەواوی هەست و، باوەڕتەوە بە خۆت بڵێ:"من مێینەم، من گەورەم، چاوگەی هەقڵ و هێزم." بە خۆت بڵێ:"من نەرم و تەڕ و سەوزم،" هەنگینێ دەپشکفتی و وەکوو نەمام گەشە دەکەی. هەی ژن، ناخی ژنێتیت بەرجەستدە نیشان بدە، شانازبە بە شێوەی بەرزی و نزمی لەشت، شانازبە بە مەمکەکانت. مەمکەکان هێمای دایکێتین و، چاوگی ڕسقی کۆرپەن. فەرزە لە سەرتان، شیری مەمکی خۆتان بدەنە کۆرپەلەکان، بەمەش دەستبەجێ دڵارامی و ئاسوودەگی دەروون قازانج دەکەن، چەند هەنگاوی گەورەش لە تووشبوون بە گرێی مەمک دوور دەکەونەوە. باش وهایە مەمک بە بچووک و گەورە بدەن، بهێڵن مەمکەکان بە هەندازەی پێویست بمژدرێن و بگووشدرێن. منداڵەکان فێرکەن کە گەورەش بوون مەمکتان بمژن، لە نێوان خۆشتاندا مەمکی هێکدی بمژن. ژنانی پێشان مەمکەکانیان دوورە دەرد بوون، چوونکە منداڵی زۆریان دەخستەوە و، بە بەردەوامی شیریان بە کۆرپە دەدا. ئەگەر ناتانهەوێ منداڵی زۆر بخەنەوە، دەبێ پەرە بە مشدرانی مەمکان بدەن. بێجگە لەوەش مەمکدانەکان فڕێدەن و، بهێڵن مەمکەکان بلەرنەوە، چوونکی بە دیلگرتنی مەمکەکان لە ناو مەمکدان، وها دەکات دەردەداربن و گرێ بکەن. هۆ دایکان! ئێوە گەورەی ئەم گەردوونەن، هەستی بەدی شەرم و سلکردنەوە لە خۆتان دابماڵن، ئەو شەرمەی هێندراوەتە پێشێ، هۆفێتی هێناوێتی، سەرتەپەی هۆف و پاشماوەکانی بکەن، مهیر و مێهێتی بنوێنن. هەنگۆ ڕێزانن، ڕێزان دەتوانێ کاروان لە چاڵ بهاوێ و لە چاڵیشی دەربهێنێ. ڕێی دایکێتی و ڕێی ژنێتی لە بەردەمتان والایە، ئەرکدارن بە هەردووک ڕێدا نێران لە چاڵی تەنگ و تاریکی دەربهێنن، نێران بخەنە سەر ڕاستەڕێی مهیر و، وهایان لێ بکەن وەکوو ڕووکردنە هوودا، ڕوو لە مێ بکەن. مێ ناوکی هەقڵ و ناوکی هێزە، جوانی و لەزەتی

سرووشت لە پێکهاتەی ڕەگەزی مێدا چڕبوونەتەوە، لەشولارتان و لێکەوتەکانیشی هێزن، تەنانەت تریقەی قاقای پێکەنین و، دەنگی چرپەی پێتان پیاو دەبەزێنێن. لە بیرتان بێ، کاتێک پێرستی مهیرن، هوودای مهیربان پڕبەپڕی پێکهاتەی مێینەبوونتان دەردەکەوێ، ئەوکاتە نەک تەنەها نێر، بەڵکوو مێ خۆیشی سەرسام و هەیرانی مێهێتی دەبێ. فەرزە ئەو هەقڵ و هێز و، ئەو جوانی و لەزەتەی هەتانە، بە جۆرێک ڕەوتیان بدەنێ، کە دەستتان بە سەر هۆفی ناو پیکهاتەی هەرکەسدا بڕوات و ڕامی بکەن. بیخەنە سەری نێرینەکانەوە، پیاو تەنەها کاتێک دەبێتە پاشا، ئەو کاتەی ژن وەکوو تاج بخاتە سەر سەری خۆیەوە. خانمینە، بیخەنە سەری خۆتانەوە، هەتا ئەوکاتەی پیاوان بە تاجی سەری خۆیانتان دانەنێن و، هەستتان لە پێش هەستی خۆیان ڕانەگرن، نازتان نەکێشن و، خۆیان لە مێ نەوی تر نەنوێن، خەتا و خراپە دەکەن و گووناهی گەورە دەچێتە تۆمارتانەوە، ئەگەر ماچ و باوەشیان بدەنێ و، بهێڵن بتانگەوزێنن. ژین لە ژن دهێتە دەرێ، ژین بە ژن ئۆقرە دەگرێ و ئاسایشی تێیدا دەچەسپێ. ژن هەربەتایبەتمەند بەرزە، پیاو لە سەرێتی ڕەنج بدات و، مهیر لە خۆیدا بەرجەسدە بکات، هەنگێ بتوانێ دەستی بگاتێ و، جوانی و لەزەتی پێ ببەخشدرێ. دایکێتی بەخشینە، مێ بە تایبەتمەند دایکە، لەبەرهەندێ "دان" لە هەموو چەمکێکی ڕسک و ڕەسەنی مێ بەرجەسدە دەبێتەوە، تەنانەت دەتوانن لە چەمکی گاندانێ دان و بەخشین ببینین، لەبەرئەوەیە لە هاخاوتنی کووردهەواریدا، ژن "گاندەر" و پیاو "گانکەر"ە، پێشینان بە ڕوونی خستووتیانەڕوو، ئەوی دەدات بە دەسهەڵات و هێزە، نەک ئەوی دەکات. خانمینە، نەوی مەبن، بهێڵن با پیاوان ڕەنج بکێشن لە بۆ سەرکەوتن و، گەیشتن بە گەنجینەی لەزەت و جوانی، بهێڵن با دڵداران بسووتێن لە بۆ گەیشتن بە دوڵبەر. ئەوەتانێ هەڕوون ببینن، وێنەی سووتانی پیاو لە هۆندراو و سترانی دێریندا زەق و دیارە، مەمک و خاڵ و خەتی یار ئاگری تێ بەرداون، بهێڵن با ئاگرەکە کڵبە بستێنێ. ئەو پیاوەی لە بۆ ژن ناسووتێ، پیاوێکی تاریکە، نەکەن خۆتان بە دەستی تاریکیەوە بدەن. گونجاو بە مێهێتی و، هاوسەنگ بە ئاو و هەوا، هەڵسوکەوت لەگەڵ لەشی خۆتاندا بکەن، قەت هەموو سووچێکی باخی ڕازاوەی لەشولارتان مەخەنە ئەو گۆڕەی، لێگەڕێن با پیاوان هەلاکەت بکێشن لە پێناو دیتنی. ئەوی بیهەوێ دەشت و دەری ڕەنگین بە پڕاوپڕی نیگا بکات، لە سەرێتی ڕەنج بکێشێ و، بە سەر کێودا هەڵبشاخێ. ئەوەش بزانن هەم لە پشت ڕووتی و هەم لە پشت پۆشتەبوونەوە، دەستی بازاڕ و بازاڕگەری هەیە، تەنانەت وەهای لێهاتووە پارچە جلێک تەنەها لەبەر ئەوەی پێی دەگووتدرێ"مارکە،" نرخەکەیان چەند قات کردۆتەوە، نرخە زۆرەکە هی ناوبانگی کارخانەکەیە، نەک هی جلەکە، لەم بازنەیەدا سەرمایەدار زیادتر ناوبانگ و، کەمتر کاڵا دەفرۆشێ. لەم ڕۆژگارەدا بەرگ و خۆداپۆشین هەرچ لۆن و هەرچ تەرزێک بن، بە تەواوی کاڵای بازاڕن، ئەوانی بە ناوی دینەوە باڵاپۆشن، سەرتاپایان داوەتە دەستی

نەزمی سەرمایەداری، بەبێ ئەوەی بە خۆیان بزانن. باش وهایە لە هەرجهێ لە جێهانێ، هەم ڕووتی لە دەستی بازاڕ بستێننەوە، هەم پۆشتەبوون، لەگەڵیشیدا پێ بە پێ ڕیشە و ڕەگی بازاڕی سەرمایەداری دەربهێنن و هووشکی بکەن، لە جهێی بازاڕدا بەر بە مەیدانی گۆڕینەوە بکەنەوە. پێویستیشە جلناسی پەرەپێ بدەن و، لە هەموو جێهانێ شێوازی کووردهەواری بە بنەما بگرن، چوونکی ئەو نەقش و نیگارەی دایکانی ئەو هەوارە بە جلەکانیان داوە، هەم تەندروستی تێیدا ڕەچاوکردراوە، هەم شۆخ و شەنگی. بڕۆننێ، شەرواڵی پیاوان کە "ڕانک"ی پێ دەگووتدرێ، فەرەوان و والآیە، بە قەسدی ئەوەی گوونەکان شۆڕببنەوە و بە ڕانەکانەوە نەنوسێن، هەواش بە هاسانی بچێتە نێوان ڕانەکان، لەبەرئەوەی بە قەتیسبوون و گەرمبوونی گوونەکان، تۆوەکانی پیاو دەمرن و نەزۆکی دروست دەبێ. لە جلی پیاوان و ژنانیشدا پشتێن و تەنگەبەند هەیە، ئەو پشتێنە ناوقەد توندوتۆڵ دەکات و، بڕبڕەکانی پشت دەپارێزێ، بێجگە لەوەش لە وەرزە سارد و سەهۆڵبەندانەکاندا پارێزگاری لە میزلدان و گورچیلەکان دەکات. بەڵام لە هەمووی گرینگتر سەرپۆشەکانی کووردهەوارین، لە کڵاو، کڵێتە، جامەدان، ڕەفتە و مەندیل، شێوە و جۆرەکانیشیان بە پێی کات و کارەکان ڕێک خستوون. لە تووڵی هەزاران ساڵ، هەتا نیو سەدە لەمەوپێش، سەرکۆتی لە ناو خەڵکی ئەم هەوارە، چ لە بۆ مێ و چ لە بۆ نێر هێب بوو، تەنانەت دەبوو منداڵەکانیش کاسەی سەریان داپۆشدراو بێ، لەبەر ئەوەی پێویست بووە مووخ لە سەرما و گەرما بپارێزن، لە واتای سەنبووڵانەش شکۆدارمەندێتی سەرە، بەوەی کاسەی هەقڵە، هەقڵیش دەرکەوتنێکە لە هوودای مهیربان. ڕەستن و چەنین کاری دایکان بوون، جلەکانی مێ و نێر، منداڵ و گەورە هەمووی دایکان شێوەیان داونەتێ، بەم چەشنە دایکانی کووردهەواری لە ڕێی شێوەپێدانی جلەکانەوە، هەم لەشێکی تەندروست و، هەم هەقڵێکی بەرز و سەلامەتیان دابین دەکرد.

## هێشووی 08

هەموو هەبووێک لە گشتبووندا پارێزدراوە، لە تایبەتکردندا کاڵابوون بە شێوە دێ. هوودای دایک گشتەیە، خۆر و خاک گشتەن، ڕووبار و باران، هەوا و هەناسە گشتەن. لە گشتبووندا بەها بێ سنوورە، نە دەپێودرێ و نە بڕ و گووژمەی دەست نیشان دەکردرێ. بەڵام لەوەتی ژن و ئەوین، هوونەر و جوانی، کار و زیندەگی تایبەت کردراون، لەگەڵ تایبەتکردنەکەدا بوونەتە کاڵا و، کەوتوونەتە پاڵ شتومەکی بازاڕەوە، بەهای بێسنووریان لە دەستداوە و، نرخێکیان خستوونەتە سەرێ، نرخێک کە زیاد و کەمی تێ دەکەوێ. لە ناو هەلومەرجی چیناتیدا، ژن وەکوو هەرکاڵاهێکی دی، هەتا

خواستی زیادتری لە سەر بێ، نرخەکەی زیاد دەکات، بە پێچەوانەشەوە نرخی لە کەمی دەدات، کاتێک خواست کەم دەبێتەوە لە سەری. ئەو ژنەی تازەلاوە و ڕەنگ و ڕووهێکی بازاڕی هەیە، پتر پارە ڕادەکێشێ، پتر دۆستاتی دەکەن و، بە دەمیەوە دەڕۆن. لە ناو ئەو دۆخەدا ژن تەنەها ناوێکە، وەکوو ناوی هەرشمەکێک، لە وێنەی شمەکیش چەندێک تەمەنی بڕواتە سەرێ، نرخی لە کەمی دەدات و، بە کۆن و بەکارهاتوو دەیخەنە هیساباتەوە، پاشانیش لە پیربووندا فڕێ دەدرێتە سەرشەقام، ڕێک وەکوو فڕێدانی کاڵای کەچە و بێ کەڵک. پیاویش لە پیریدا، ئەگەر ساماندار نەبوو کاڵای بێ کەڵکە، دەستی لێ بەردەدەن و بە جێی دەهێڵن. ئەم بە کاڵابوونەی ڕەگەزی دایک و، بە گشتی ڕەچەڵەکی بەشەرێت، لە تایبەتکردن و، موولکاتی تایبەتەوە بە زەوی داهێندراوە، تەنەها و تەنەهاش بە هەڵوەشاندنەوەی موولکاتی تایبەتی لە باری زهینی و زەمیندا، ئەم بە کاڵابوونە کۆتاهی دێ. لەمەوپاش مهیرپەرستی ڕێ لە هەموو جۆرە بە کاڵاکردنێکی بەشەری دەبەستێ، زیندەگیکردنی بەشەرێت وەردەچەرخێ و، دەبێتەوە هەڵقەی گرێدراو بە زنجیرەی گەردوونی، هیچ کەسێکیش هەقی نیەه لە دەرەوەی هەڵقەکەدا بمێنێتەوە. هوودا دایکە و، تەواوی گەردوون هاوبەند بە ڕێسای دایکێتی هەڵدەسووڕێ، هەرئەوهاش ڕەچەڵەکی بەشەرێت دەگەڕێتەوە بازنەی ڕێسای دایکێتی و، بە هۆی ناوەندێتی دایکەوە پەیوەستبوونەوە بە گەردوون بە دید دێ. لە بەراهی هەتا دواهی، تەنەها دایک ڕسک و ڕەسەنە، چەمکی مێرد - باوک لێکەوتەیە، هەم لە کۆمەڵی چیناتی، هەم لە کۆمەڵی بێ چیندا دیاردەیە، لە هی هێکەمدا ئابوری و، لە هی دووهەمدا ئاسایش بنەمای سەرهەڵدانێتی، لەبەرهەندێ بەردەوامێتی هەردوو چەمکەکە مەرجدارن و، بە ویستی ڕەگەزی دایک دەبەست درێنەوە. ئەو ژنانەی مەیل دەکەن بە چەمکی هاوژینی، لەگەڵ پیاوێکدا بە هێکەوە بژین، ڕێیان دراوەتێ، بە مەرجی ئەوەی چ تاقیان ڕێ بە خۆیان نەدەن، وەکوو موولکی تایبەتی لە هێکدی بڕوانن. هاوکات ئەو دایکانەی دەخوازن خۆبەخۆ دایک بن و، چەمکی هاوژین بە نەبوو ببینن، ئەوانیش ڕێیان دراوەتێ، لە هەردوو باریشدا ڕەچەڵەک بە پێی دایکە، ماڵ و منداڵ لە سەر ناوی دایک دەناسدرێن، پەروەردەکردنی منداڵیش لە سەر دەستی دایک دەبێ و، کەسی دیکە هەقی نادرێتی دەست لە کاری دایک وەربدات، دایکیش لە سەرێتی بە پێی ناماووس منداڵەکانی پەروەردە بکات. بە بیرتان دەهێنمەوە، هیزرین و هەست بە هەردوو باری خێر و شەڕدا، شەپۆڵ دروست دەکەن، جا بزانن نەک تەنەها لە باری کۆمەڵاتیدا، تەنانەت لە ناو هیزر و هەستیشدا، خواستی موولکاتی تایبەتی بخەنە سەرتان، گووناهی گەورە دەخەنە تۆمارتانەوە، بەمەش خۆتان ڕوو بە دۆخی دۆڵزاخ ڕاپێچ دەکەن. باش وهایە هاقڵ بن، گووناهێک مەکەن، کە هەرگیز لە بنی دەرناهێن، پابەندبن بە ناماووس و، بەرەو بهێشت وەرنە پێشێ. هوودای مهیربان بە تایبەتمەند خۆشی بوونەوەرانی دەوێ، بە وانەشەوە کە خراپە دەکەن، وەلێ

تایبەتمەندێتی هوودا وهایە، پاش مەرگ لێخۆشبوون نیهە، نیگارەکە لەم سووڕەی زیندەگی کێشدراوە، کەس بە تەمای لێخۆشبوونی پاشانەکانێ نەبێ. ئێستاکێ هەموو کەس دەرفەتی هەیە، باش وهایە بە تەواوی دەماخ و دەروونتانەوە، پشت لە خراپە و ڕوو لە چاکە بکەن. ئەو کەسەی دەست لە ستەمکاری و خراپە هەڵنەگرێ، بێشک دەچێتە دۆخی دۆڵزاخەوە، هیزر و زار و کرداری خۆێتی، کە شێوە بەو دۆڵزاخە دەدات و، دەیخاتە ناوی. ئەوی ستەمی لە هەرکەس کردبێ، هەتا ئەو کەسە بە دڵ و دەماخ ستەمکردە نەبەخشێ، هووداش ناتوانێ لەو کەسە خۆش بێ. بێجگە لەوەش، ئەگەر بە تەواوی هۆش و هیزرینتانەوە، لە ستەمکردنەکە پەشیمان نەبوون، ئەویش بتانبوورێ، گوونەهەکەتان لە سەر لاناچێ.

## هێشووی 09

هەی پیاو، وا چەرخێکە ڕەگەزی خۆت و ڕەگەزی دایکت خستۆتە مەینەتەوە، خاک و زیندەوەرانی خاکڕەچەڵەکت بە توندی هێشاندوون، هەموو شتێکی سەر ئەم هەستێرەت تووشی مەرگی پێشوقهت کردوون. خۆ هەنەوکە خۆت دەبینی بە چ لۆنێک بوویتە دەرد و بەڵا، بە چ لۆنێک بوویتە مەرگ و، هەموو ڕۆژێک زەندەق دەبەی؟ هەتۆ لە شوێنێکی هەڵەی، شوێنێک کە هی تۆ نیهە و هی دایکە. ڕاستە هەڵەی خۆت نیهە لەوێندەرێی، ڕاستە هەلومەرجی چیناتی پەلی گرتووی و، لە وێی داچەقاندووی، بەڵام ئەگەر گوێ بە گاتای نامووس نەدەیت و، لەمەوپاشیش هەرلەوێ بی، ئەگەر هەڵنەستی پایەی ناوەندێتی لە بۆ دایک بەربدەی، خەتا و خراپەی گەورە لە هەستۆ دەگری، سەرەنجام جهێ و مەکانت دۆڵزاخ دەبێ. هەی پیاو! زهینی نامووس بدە، هەتاوەکوو خۆت بناسی و پێی هاقڵ بی. نێر لە ڕۆژێکدا کە دەکەوێتە کۆشی دایکیەوە، هەتا ئەو ڕۆژەی خاکی دایک لە باوەشی دەگرێ، هەرپێویستی بە دایکێتی، کووڕ بە تایبەتمەند وهایە، لە هەرتەمەنێک دابێ، بەبێ دایک و لە دووری دایکی هەتیو دەکەوێ. کیژ و کووڕ لە تایبەتمەندیدا جوودانە، کیژ هەرخۆی دایکە، لەبەرئەوەیە بەبێ دایک هەڵدەکات، وەلێ دۆخەکە لە بۆ کووڕ وها نیهە، کوور بەبێ دایک، بەبێ مێ ناتوانێ ئۆقرەبگرێ، بە دووربوون لێی، بە تەواوی هاوسەنگی لە دەست دەدات، ئەوە لە کاتێکدا هەرخۆی بە بنەڕەت هاوسەنگ نیهە. پیاو جێناوی درایە پاڵ و، بە هاوسەری ژن و، بە باوکی منداڵان ناسێندرا، پاش ئەوەش هەمیشە لە ناخی خۆیدا منداڵێک بووە لە چاوەڕوانی دایکیدا، ویستووتی ژنی ماڵەکە لەگەڵیدا بە دەوری دایک بجوولێتەوە، بەبێ ئەوەی ئەم خواستە بە زمان بدرکێنێ، ژنیش لە زۆرباردا بە دەوری دایک لەگەڵ پیاوی ماڵەکەیدا جوولاوەتەوە، هەروەکوو چلۆن خراپەی منداڵەکانی لە

دڵ ناگرێ، ئەوهاش خەتا و خراپەی پیاوەکەی بەلاوە ناون و، بە سەربار هامێزی داوەتێ. لە ڕاستیدا مهیربانی و ددان بە خۆداگرتنی ڕەگەزی دایک نەبا، قەتوقەت خێزانی جووت جەمسەری و نێرناوەندی، نەیدەتوانی وەکوو پێکهاتێکی کۆمەڵاتی، لە سەر پێ ڕابووەستێ و دەوام بکات. ژن داسەکن و پیاو بێ ئۆقرەیە، بە سرووشت هەرهێکەیان بەوجۆرەن. پیاو بە زۆرەملێ ماڵیکردراوە، ناچارە ببێتە هاوسەری ژنێک و بە دیار منداڵانەوە دابنیشێ، ئەم دەستەمۆکردنە پیاوانی شێت و هار کردوون، پیاوانیش لە واتای موولکاتیدا بە توندی ژنانیان خستوونەتە ژێر فیشارەوە. لە ناو ئەم دۆخەدا نە ژنان بە ئاسوودەگی دەگەن، نە پیاوان، چ تاقیشیان دۆخی بهێشتێ بە چاوی خۆیان نابینن. بەردەوامی پێدانی هەلومەرجی موولکاتی، بە واتای مانەوەیە لە ناو دۆخی گوونەهباری و خراپەی نەسرەوتانەدا، باش وهایە هەتا زووە خۆتانی لێ دەربهێنن و، هەرهێکەتان گرێدراو بە سرووشتی خۆتان هەلسوکەوت بکەن و، تێکەڵی لەزەتی ژین و دین بن. سەروەتی گەورەی پیاو، دایک و خووشکێتی، ئەو پیاوەی نەتوانێ بە کردەوە لە پشت دایک و خووشکی خۆی بێ، وەکوو دیواری قامیشەلان وهایە، کەڵکی پێوە نیهە هیچ ژنێک پشتی پیوە بدات. هۆ نێرینەکان، بە کردەوە نیشانی بدەن زەلامەکەی پێشوو نین، بەڵکوو پیاوی مهیر و جوانین. کووڕ لە سەرێتی پێ لە بەندی شێوازی دایک نەبزێوێ، لە هەرتەمەنێکدا بچووکێتی لە ئاستی دایکیدا بنوێنێ و، لە قسەی دەرنەچێ، لە سەرێتی لە دەوری دایک بگەڕێ و، دایک بە ناوەند و ڕێبەری خۆی بزانێ. هەق بە هیچ ژنێک نیهە کووڕ لە دایکی بستێنێ، ئەو ژنەی مەیلی لێیە هاوژینی پیاوێک بێ، لە سەرێتی پێ لە بەندی دایکی کووڕەکە بجوولێتەوە، ڕێی نەدراوەتێ ببێتە جەمسەرێک بەرامبەر بە دایک، ئەگەر بشیهەوێ ڕکابەری دایکی کووڕەکە بکات، خراپە دەخاتە تۆماری خۆیەوە. لە مێشکتان بیچەسپێنن، دایک هەموو هەقێکی بە سەر منداڵەکانیەوە هەیە، ئەگەر دایک بە منداڵ بڵێ بمرە، پێویستە منداڵ بەبێ دڕدۆنگی تەورەکە هەڵبگرێ و ملی خۆی پەل بدات. پاساوی لاملی کردنێ مەهێننەوە، کووڕ ئەرکێتی لە پێناو دایکیدا دەست لە هەموو ژنێک بەربدات، کیژ ئەرکێتی لە پێناو دایکیدا هەموو پیاوێک بە جهێ بهێڵێ. ڕوون و ڕەوا پێتان دەڵێم: ئەوی دەیهەوێ ڕوو بکاتە هوودا، با ڕوو بکاتە دایکی، ئەوی دەیهەوێ دیدەنی هوودا بکات، با لە نیگای دایکیدا هوودای مهیربان ببینێ.

## هێشووی 10

چهارچێوەکانی بەڕێوەبردن و دەسەڵاتدارێتی، بە هەموو بچمەکانی بنیادنراو، شێوازی ستوونین و، بە گێرەی نێرناوەندی داڕێشت دراون، لەبەرهەندێ ناکۆکن بە ڕێکخستنی

گەردوونی و، لە هیچ بارێکدا خێر نادەنەوە. دەرک پێکردنی ئەم خاڵە، دەستپێکەکی ڕوو بە خێر دەبوو، ئەگەر لەوەوپێش ڕەگەزی دایک پێی بگەیشت با، هەنگی دایکان شۆڕەشی شکاندن و هەڵوەشاندنەوەی چوارچێوە ستوونیەکانیان بەرپا دەکرد. بەڵام ئەم دەرکپێکردنە ڕووی نەدا و، ژنان کەوتنە شەڕی چوونە ناو چوارچێوەکان، بەمەش هەر لە هەوەڵەوە بە دۆڕاوی دەستیان پێکرد، هەروەکوو ئەو ڕێبوارەی کاتێک کەوتۆتە بەردەمی دووڕیان، ملی ڕێ هەڵەکەی گرتووە، هیدی هەرچەندێک مەودا ببڕێ، هەر ڕێی لێ درێژ دەبێتەوە و، بە جهێی مەقسەد ناگات. پێودانگ ئەوەیە گۆزەی بە تاڵ چ بە دەستی پیاوەوە بێ، چ بە دەستی ژن، هەر بە تاڵە، گۆڕانی بنەڕەتی، گۆڕینی هەڵگری گۆزەکە نیهە، بەڵکوو پڕکردنی گۆزەکەیە. تێکۆشانی ژنان بەرەواژ بە پێودانگ چووە پێشێ، هەموو هەوڵێک لە بۆ گۆڕینی هەڵگری گۆزەکە بوو، نەک پڕکردنی، لەبەرهەندێ هیچیان بە هیچ نەکرد، ڕەنج بە خەساربوون و، مڕخێش مڕخێشی ڕەگەزی بێ بەرهەم مایەوە. سەیرکەن لە هیچ جهێ لە جێهانێ، ژنان لە ئاسایش دانین، جهێگرتنی ڕووخساری ژن لە ناو دەسهەڵاتی چیناتیدا، قەت ئاسایش و سەلامەتی لە بۆ ڕەگەزی مێ نەهێناوە و ناشیهێنێ، جا ئەو جهێگرتنە لە هەرئاستێک و بە هەرهەندازێک بووبێ، جێدارکردنی ژن لە ناو سیستەمی سەرمایەداریدا، فێڵی سیستەمەکە بوو، ژنان لە خافڵەتی تێی کەوتن. وێنەکە بە ڕوونی ببینن، نەزمی هەرەوزی و هاوبەشێتی، بە سیستەمی چیناتی و دابەشکاری گۆڕدرا، لەگەڵیشیدا ڕەگەزی دایک کەوت، هەڵستانەوەی دایک بە هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی چیناتی و، بنچەق داکووتینی نەزمی هاوبەشێتی بە سەرەتا دێ، لەوە بترازێ، هیچ کارێکی دی مایەی خێروبێر نیهە. نموونەی لێ فێربوون بە شۆفێر و شەمەندۆفێر وەرگرن، شۆفێرەکە چ ژنە و چ پیاوە، شەمەندۆفیرەکە لە کاتی خۆی و، لە سەر سکەی خۆی دەڕوات و، هەمان باری ناو وارگۆنەکانی دەگوازێتەوە، لەبەرهەندێ جێگۆڕکێی شۆفێرەکە نە گرینگە و، نە گۆڕانێکە لە واتای بنەڕەتیدا، چوونکی شەمەندۆفێرەکە و ڕێ ئاسنینەکە و بارەکەی سەرپشتی، چ تاقیان نەگۆڕاون. ئەوەی گرینگە گۆڕینی باری شەمەندۆفێرەکەیە، یان ڕەوتی ڕۆیشتنێتی. چاو ببڕنە ئەزموونی گۆڕەپانێ و زهینی خۆتانی پێ ڕوون بکەنەوە. وقتهێک "هەنگێلا کیژی هیرلیند" ڕووخسارێک بوو ڕێبەرێتی هەشتا ملیۆن گێرمەنی دەکرد، چ لە دۆخی ژنانی مەفتەن گۆڕدرا؟ بە هاتنی چ شتێک بە زیاد بوو، بە ڕۆیشتنی چ شتێک کەمی کرد؟ بێگوومان هیچ! ڕابردوو دەوڵەمەندە بە ڕووخساری ئەو ژنانەی لە ترۆپکی دەسهەڵاتی چیناتیدا خۆیان دیتۆتەوە، بەبێ ئەوەی جوودایەزی ڕووخسارەکان لێکەوتەی خێری هەبووبێ. کاتێک ژن تەنەها ڕووخسارێکە و، لە پلە و پایەی چیناتی جهێ دەگرێ، گۆڕانەکە هەروەکوو جل گۆڕینی کەسێک وهایە، چوونکە سیستەمەکە هەمان سیستەمە. هەر ئەو سیستەمەش وهای کرد ڕووخسارگەراهی ببێتە بنەمای هەرشتێک، بە جۆرێک

جەوهەر و کاکڵ لە بیری هەمووان چۆتەوە. لەم ڕۆژگارەدا گۆڕینی بیرکردنەوە لە پەیوەندی بە ڕەگەزەکان و، گۆڕینی ڕووخساری ڕەگەزی نێر بە مێ، لە ڕێی نەشتەرگەری پزیشکیەوە، هاخیرین کووتەکە سیستەمی سەرمایەداری لە ڕەگەزی مێی داوە. گۆڕینی سیمای پیاو بە سیمای ژن، دروستکردنی مەمک و درێژکردنی قژ و بڵندکردنی کولْم و هەبرۆ، نێر ناکاتە مێ، کارەکە هەم گاڵتەجاڕانەیە، هەم سووکاتیکردنە بە مێ. گۆڕینی نێر لە بۆ سەر شێوەی مێ، لێدان نیهە لە شکۆی نێر، وەکوو هەندێک لە گەوجان ئەوهایان بیر لێ دەکردوە، بەڵکوو لێدانە لە شکۆی مێ و هەپروونکردنێتی. سیستەمەکە خستووتیە مێشکی ڕەشە خەڵکەوە، مێبوون وجوودێک نیهە، ئەگەر نێر بیهەوێ دەتوانێ مێ بێ، لە کاتێکدا گۆڕانەکە بەس ڕووخسارە و، هیچ مێبوونێک لە نێرە بە ڕووکەش گۆڕاوەکە بە دید ناهێ، لەبەر ئەوەی پێکهاتەی مێ و نێر لە هەموو بنەڕەتەکانیانەوە جوودایەزن. جۆرێتی و چەندێتی خانەی وزە بە نموونەی لێ تێگهیشتن وەرگرن، خانەی وزە(چەوری) لە لەشی مێ و نێر جوودایە، خانەکانی مێ هەم زۆرن و، هەم جۆرەکەیان جوودایە. خانەی وزەی نێر هەتا هەندازێک گەورە دەبێ، پاشان دەوەستێ، یان دەتەقێ، وەلێ لە مێینەدا خانەی وزە لە پاش گەورەبووندا، خانەی دیکە دروست دەکات و، وزەکەی پاشەکەوت دەبێ. ئەو نێرەی هات و گووتی: هەست و بیرکردنەوەم وەکوو مێ وهایە، ڕێنوێنی بدەنێ با شەوان پێش نوستن و، سبەینان پاش لە خەو هەڵستان، ڕاهێنانی ڕاستکردنەوەی زهینی و دەروونی بکات، با هەتا هیلاک دەبێ بە دەنگ بلێ و بە دەست بنوسێ:"هەمن نێرم و مەیلم لە مێیە،"چاویشی بە سەر نوسینەکەوە بێ. بەم کارە سێ جۆرە شەپۆلی خێر دەچێتە سەریەوە و، لە ماوەی شەش مانگدا زهین و دەروونی ڕاست دەبێتەوە. خەڵکینە، چیدی بە ڕەوتی ڕووخسارگەراهی هەڵمەخڵەتێن، لە هەرشتدا جەوهەر بنەمایە، لە سەرتانە رووکەش دەرباز بکەن و، ڕوو بە کاکڵ برۆن. بە هۆش و هەستەوە چاو لە ڕووداوەکان بکەن، چوونە سەرەوەی ژمارەی ژن لە پایەکانی دەسهەڵاتی چیناتیدا، نە دەستکەوتە لە بۆ ژنان، نە گۆڕانێک بە هاردی دادهێنێ. بێجگە لەوەش خواستی پایە و ململانێی دەسهەڵاتخوازی لە سەر بە بنەماگرتنی جوودایەزی ڕەگەزی، قەت هیچ بەرهەمێک بە دەست ژنانەوە نادات. لە پووچی و بێ واتابوون وەرنە دەرێ، سەرمایەداری لە هەناوی خۆیدا سیستەمی نێرناوەندی و چەوساندنەوەیە، ئەو سیستەمە هەمووانی هەڵخەڵەتاندوون و، خستوونیە ململانێی گۆڕینی ڕووکەش، بەمەش لە بیری گۆڕینی جەوهەر و بنەڕەتەکان دابیڕیون و، توانیوتی بەردەوامی بە هەبوونی خۆی بدات. لە دەورانی زەماندا، زۆر جاران قاڵب و ڕووکار و، بچمی سیستەم گۆڕدراوە، وەلێ لە هەردوو باری زهینی و زەمینیدا، ناوەڕۆک وەکوو خۆی ماوەتەوە. لەمەوپاش، شەڕی گۆڕینی ڕووکەش، وەکوو سەرشێتی واتا دەداتەوە، تاقە

شەڕ و شۆڕەشکردنێک شکۆی بدرهێتێ، دەرکێشانی ڕەگ و ڕیشەیە لە هۆفێتی و چیناتی، بەو مەرجەی لە هەرهەنگاوێکی شۆڕەشەکەدا نامووس بە چاوگ داندرابێ.

## هێشووی 11

خەڵکی جێهانێ لە بنەڕەتەوە گۆڕدراون، چوونکە گوزەری زەمەن و زەمین گۆڕان دەخوولقێنن، ئەمە شتێک نیهە بەشەر دەسهەڵاتی بە سەردا بشکێ. بەشەرێت کاتێک پەرتی جێهانێ بوو، خاک و خواردن و، ئاو و هەوا و هەتاوی گۆڕدرا، بەم هۆیەوە گۆڕانی تێیدا بە دید هات، بەبێ ئەوەی دەرکی پێ بکات. بێجگە لەمەش بە گوزەری زەمەن، خاک و خواردن و ئاو و هەوا و هەتاو لە گۆڕاندان، لە لێکەوتەشدا گۆڕان بە سەر بەشەردا دهێنن. هەردوو گۆڕانەکە بە کاوەخۆ بەڕێوە دەچن و، چ تاقێکیان ڕووداوی لە هیکڕانین. لە گۆڕانی زەمەنیدا گشتەی بەشەرێت بەرکەوتەن، هیچ کۆمەڵێکی بەشەری و، هیچ جۆرە زیندەوەرێک لێی دەربازنین، ڕووداوێکی نەسرەوتانەیە، بە سەر هەمووواندا تێدەپەڕێ و، هەمووان لە ناو زەمەندا دەگۆڕێن. بەڵام ئەو گۆڕانەی بە هۆی جێگۆڕکێی زەمین ڕوویداوە، کۆمەڵی کووردهەواری لێی بە دەرە، ئەمەش هێکێکە لەو تایبەتمەندیهانەی قۆمی ئەم هەوارە لە قۆمەکانی دیکەی جێهانێ جوودا دەکاتەوە. کووردهەوار خۆبەخۆ بەشە خاکێکە بە تایبەتمەند دایکە، دایکبوونەکەی وهای کردووە، بە هەندازێکی زۆر لە بەشەکانی دیکەی ڕووی زەوی جوودایە، بۆن و بەرامی خاکەکە، سازگاری ئاوەکە، هەوا و هەتاوەکەشی تیبەتمەندن، لەبەرهەندێ ڕوەک و داری میوەکانی لە هی شوێنانی دی ناچن و، لە جۆرێتی و چەندێتی وزەوە سەرووترن، بە هۆی ئەم هەلومەرجەوە، گیانلەبەرانی هەوارەکەش لە ڕووی تایبەتمەندیەوە سەرووترن لە گیاندارانی شوێنانی دی. بەرهەمەکانی شیرەمەنی بە نموونەی لێ تێگهیشتن چاو لێ بکەن، ئەمڕۆ لە هەموو جێهانێ هاژەڵداری هەیە، وەلێ شیر و ماستی هیچ جهێ، وەکوو هی کووردهەواری بە تام و تین نین، چوونکە لەوەڕی بزن و مەڕ و مانگاکان جوودایە، سەرەڕای ئەوەش ئەو ئاوەی دەیخۆنەوە و ئەو هەناسەیەی هەڵیدەمژن و، هەندازە و بڕی ئەو هەتاوەی بەر هاژەڵەکان دەکەوێ، لە بار و گوونجاوترن. تووڵاوتوولی زەمەن، خەڵکی هەوارەکە لەو ڕوەک و میوانە و، لە بەرهەمی ئەو هاژەڵانەیان خواردوون و، لە ناو ئەم ئاو و هەوا لە بارەدا ژیاون، لەبەرهەندێیە تایبەت و جوودایەزن، بە هۆی پەیوەستبوونیشیان بە خاکەکەیانەوە، ئەم تایبەتبوونە پارێزدراوە. لەڕاستیدا کووردەکان تاقە کۆمەڵێکی بەشەرین لە جێهانێ، بە هیچ گۆڕانێکی زەمینیدا تێنەپەڕیون، تەنەها بڕێکی کەمی گاریگەری ئەو گۆڕانەیان لە دەرێڕا لە بۆ هاتۆتەوە، ئەویش بە هۆی ئەو خەڵکانەی هاتوون و، تێکەڵی کۆمەڵی

کووردهەواری بوون. ڕاستیەکی ڕوون و بێ مشتومڕ ئەوەیە، خەڵکی کووردهەواری و، سەرجەمی زیندەوەرانی هەوارەکە، پتر لەوانی جێهانێ سرووشتین، چوونکی کۆمەڵی توولکێشی سەرەتاکانی ژین و دینی سەر ڕووی زەوین. بەڵام ئەم زانینە نەتانخاتە هەڵەتەوە، کووردهەوار دایکە و دایکێتی بەرپرسیارێتی تیێدایە. دایک دایکێتی دەکات، لاف بە سەر منداڵەکانیەوە لێ نادات و، ناکەوێتە نمایشی گەورێتی بە سەریاندا. ڕێک ئەوهاش کۆمەڵی کووردهەواری لە سەرێتی دایکانە لەگەڵ خەڵکی جێهانێ بجوولێتەوە و، بێ فیزی بنوێنێ، قەتیش نەکەوێتە هەڵەی خۆ بەرهووردکردن بە ئەوانیدی، چوونکە دایک و منداڵ بە هیچ پێودانگێ و، لە هیچ بارێکدا بەرهووردی هێکدی نین. دایک ڕێنوێنێ دەداتە ڕۆڵەکانی و، بەرەو ڕێی ڕاست ئاراستەیان دەکات، لەمەوپاشیش کۆمەڵی کووردهەواری پەیامی نامووسی بە دەستەوەیە و، ئەرکێتی ڕێنوێنی بە خەڵکی جێهانێ بدات. لە دەستپێکی پەیدابوونەوە، بەشەرێت لە داوێنی کووردهەواری دایک هاتە دەرێ، بە شیری مەمکەکانی گەورە و پێڕەوکە بوو، پاشانەکەش کە سووڕی تووند و توولکێشی سەهۆڵین کۆتاهی هات، دایکانی زاگرۆس شۆڕەشیان بەرپاکرد و، گەشەیان بە جۆرێتی ڕەگەزەکانی بژێودا، بەمەش خەڵکی جێهانێیان لە قاتوقڕی دەرهێنا، بەڵام جێهان بێ وەفا بوو دەرهەقی دایکی خۆی، کووردهەواری فڕێ دا و، لە نەقشە کردیە دەرێ، هەروەکوو ئەو منداڵانەی دایکی خۆیان فڕێ داوە. داتەپاندنی شارستانێتی دایک لە کووردهەوار، ڕاست و ڕەوان گوزارشتە لە کووشتنی دایک لە سەردەستی کووڕە سەرەڕۆ و لاسارەکانیەوە. لە هەر زەمان و زەمینێکدا، شارستانێتی دایک کەوتبێ و، هەلومەرجی چیناتی هاتبێتە گۆرێ، لەوێدا ڕەگەزی دایک کەوتووە و، تووشی پاکتاوی گشتەگیر بۆتەوە، کووردهەوار هاخیر جهێ بوو لە جێهانێ ئەم دۆخەی بە خۆیەوە دیت. ئەمڕۆ، ڕۆژی قیامەتە، سەرلەنوێ کووردهەواری دایک زیندوو دەبێتەوە، خاڵی لە بیری توونڕەوی و تۆڵەکردنەوە، چوونکە دایک قەت سەبارەت بە منداڵەکانی، بیر لە تۆڵە ناکاتەوە، هەرچەندە فڕێیان داوە، یان ویستووتیان بیکووژن، دیسان لە خراپەی منداڵەکانی خۆش دەبێ و، دووها دەکات خێر بهێتە ڕێیان. لەمەوپاش کێوستانی زاگرۆز دەبێتەوە بە ناوەندی هوودانسی، ناوەندی هەقڵ و زانستی ڕاستیەقین، دەبێتەوە بە ناوەندی مهیر لە جێهانێ، دەبێ هەموو بزاوتێکی زهینی و زارەکی و زەمینی، گرێدراو بە هەقڵ و پێڕست بە مهیر ڕەوتی بدرهێتێ.

## هێشووی 12

مهیریبوون خۆنمایشدانی زارەکی و دروشمبازی نیهە، ئەوی مهیریبوونەکەی لە دڵ و دەروون و، لە دەماخیدا بنچەقی دانەکووتیبێ، وەکوو گوێزی پووچ وهایە، بە هاسانی هەپروون دەبێ و دەبێتە هیچ. بە ناوەڕۆک مهیری بن، پڕبەپڕی ناخ مهیریبوونتان

بەرجەسدە بکەن، هەنگێ نیگای مهیربانی لە ناو تریسکەی چاوان و، لە ترۆپکەی کوڵمان و، لە سەر قەیتانی لێوان دەردەکەوێ، هەنگێ سیماتان نیشانی دەدات چ کەسێکی ڕووناکن. وریابن، ئەگەر بیروباوەڕتان لە کردارتاندا لۆنی دانەڕێشتبێ، بە وتای ئەوەیە باوەڕتان نەهێناوە، هەرکەسێکیش باوەڕ نەهێنێ و، بە گێرەی مهیر ناخی خۆی لە قالّب نەداتەوە، دڵ و دەروونی تاریکە، ئەوی لەم سووڕەی زەندەقیدا بە تاریکی بمرێ، هەر بە تاریکی دەچێتە دوو سووڕەکەی دیکەی زیندەگی و، درەوشانەوە بە خۆیەوە نابینێ. من ڕووناکیم، پەیوەستم بن، بهێڵن با ڕێتان ڕووناک بهێتەوە. ڕووناک و ڕۆشنا لە ناوەکانی هوودای دایکن، نیشانەن لەوەی پێشینان لە بازنەی ناسینی ڕووناکیدا جوولاونەتەوە. مهیر ناوکی ڕووناکیهە، ئەگەر مهیر نەچێتە دەروونتانەوە، قەت ڕووناک نابنەوە. ئەوەش بزانن ڕووناکی ناوەوە دەتوانێ دەرێ ڕووناک بکاتەوە، وەلێ ڕووناکی دەرێ تەنەها شەوق دەخاتە سەر دیوی دەرەوەی لەش. ئەو کەسانەی بە تەواوی دڵ و دەروونیانەوە، بە ناو لاپەڕەکانی ناموسدا گوزەردەکەن، خۆیان لە ڕووناکیدا هەڵدەکێشن، لە کۆتاهیدا سەر و دڵیان ڕۆشەن دەبێتەوە، بەمەش نزمی و لە کوورتیدانی کەسێتی تێپەڕێنن و، هەست بە بڵندبوون و ئارامی دەروونی دەکەن. وەلێ ڕووناکبوونەوە هەموو کارەکە نیهە، ئەوانی ڕووناک دەبنەوە، نیوەی کارەکەیان تەواو کردووە، نیوەکەی دی ئەوەیە، ڕووناکیهەکە لەگەڵ کەسانی دیکەدا بەش بکەن و، لە بازنەی تاکێتیدا قەتیسی نەکەن. هەرکەسێک تێر و تۆخ بە مهیر گهیشتبێ، لە هەموو دەستکەوتەکانیدا کەسانی دی بەشداری پێ دەکات، ئەگەر نەیکرد نیشانەی ئەوەیە پێی نەگهیشتووە. تاکگەرا دووره مهیر و دەردەدارە، خۆشبەختی خۆتان بە خۆشبەختی ئەوانیدی نەبەستنەوە، قەت خۆشبەخت نابن. ڕق و خۆویستی دەتانخاتە زیندان و، خۆشەویستی ئازادتان دەکات، ئازادبن و خۆشیانتان بوێن، هەروەکوو خۆشی خۆتانتان دەوێ، بە دڵخۆشکردنی کەسانی دی، دڵخۆشی خۆتان بە دەست بهێنن. پێشترێ کووڕی مریەمێ پێی گووتبوون:" نەیارەکانتان خۆشبوێن و، نۆژ بکەن لە بۆ ئەوانەی دەتان چەوسێنن." هەنەوکەش وەکوو هەینێ کووڕی مریەمێ ئەم گاتایەتان دەداتێ، بەڵام خۆشویستنی نەیار، خۆ بە واتای دۆستاتی و تێکهاڵاوی ناهێ، بەڵکوو بە واتای دووهای خێرە. دووها بکەن کەسانی هۆفی ڕوو بکەنە مهیر و ڕووناک ببنەوە، هەنگێ دەگەنە چاک و خۆشی، لە پاشەڕۆژیشدا بهێشت بەشیان دەبێ. دووهای خێر چاکەی دوو سەرە، ئەو کەسەی دووهاکە دەکات، خێری دەگاتێ و، بە چاکە دەچێتە هیسابیەوە، ئەوی دووهاکەشی لە بۆ کردراوە، چاکەی پێ دەگات. نۆژ و ڕۆژوو پیت و فەڕن، چاکە و خێرن، بیکەن خێرتان دەگاتێ و، نەیکەن گوونەهبارنین. هەرکەس دەتوانێ بە شێوەی تایبەتی، بچێتە نۆژەوە و بیخوونێ، بەو شەرتەی وشە و دەربڕینەکانی لەگەڵ کاکڵی ناموس ناکۆک نەکەونەوە. خەڵکینە، هەڵتەکێن بەرەو هوودای مهیربان، خێر لەوە دایە، هەموو کات هوودا بە یادی خۆتان

بخەنەوە، لە ڕۆژی هەوتەمی هەفتەشدا مهیرجەم بن و، بە کۆمەڵ بچنە یادی هووداوە، لەو ڕۆژەدا، پتر لە ڕۆژانی دی مهیر بنوێنن. بە هێندەی هیمکان ڕۆژوو بگرن، ڕۆژووگرتن خۆتینووکردن نیهە، خۆبرسیکردنە و لە بازنەی پەروەردەی نەفس دایە، هەرکەس هەڵبژاردنی دراوەتێ چەندێکی لێ دەگرێ و کەنگێ دەیگرێ، بەڵام وها خێرترە بیخەنە شەشەم مانگی ساڵەوە و، لە هێوارەی هاخیر ڕۆژدا، گۆبەند بکەن و "مهیرگیان"ڕیکخەن. هەق وهایە هەرکەس تاکیانە و تایبەت بە خۆی، بەنداتی بە هوودا ڕێک بخات، لە گهیشتن بە هوودا، کەس نیازی بە کەس نیهە، هوودا لە بۆ هەمووان نێزیک و دۆست و دڵاوەرە، دۆستاتی لەگەڵ هوودای مهیربان تەنەها دڵێکی پاکی دەوێ، نیازی بە هیچ ناوەندگیرێک نیهە، کەس بە تەما نەبێ بە هۆی کەسی دیکەوە بگاتە هوودا، گهیشتن تاکیانە و تایبەتە. ڕێزانەکان ڕێنوێنیتان دەدەنێ و، ڕێتان لە بۆ هاسان دەکەن، بەڵام ڕێبواری، کاری هەرکەس خۆێتی. قەدەم خێربن، چاکە بکەن لەگەڵ خۆتان و، لەگەڵ هێکدی، هەڵسوکەوتی ڕۆژانەتان پێڕست بە مهیر ڕێکخەنەوە. نیگا مەگرنە کەس نیگای خێر و دۆستی نەبێ، لە دووڕ چاوتانەوە مهیر بنوێنن، تریسکەی شادی بڵاوکەنەوە. گوێ مەدەنە ناکەس بەچان، کەسێک هاقڵ بێ، دەمی گۆزەکەی ناخاتە چڵکاوی جۆگەڵەی ماڵانەوە. لە دەمەقڕێ خۆتان بە دوورکەن و، سەنگین بدوێن، نە زۆربلێ بن و نە کەمدوو، بە هێندەی پێویست زار بکەنەوە، قسان بکەن کاتێک کە پێویستە بدوێن، هێمنی بنوێنن ئەوکاتەی پێویستە کڕوبێدەنگ بن. زمان وەکوو دەست و قاچ نەزمێکی هەیە، بە پێی ئەو نەزمە بیجوولێنن، نە زمان درێژکەن و نە بقیڕێنن، نە شاپ بهاوێن و نە دەست بوەشێنن. دەست لە مێهێک مەدەن، ئەگەر خۆی مەیلی نیشان نەدابێ، دەست لە بۆ نانێک مەبەن کابان لە بۆتانی دانەنابێ، دەست پان مەکەنەوە، تەنەها دەستی دووها نەبێ. هەی باوەڕدار! ئەو دەمەی بە سەر هێکێکدا قیراندت، وها بزانە دەستت لێ وەشاندووە و شاپت تێی هەڵداوە، ئەگەر نیگای ڕقت گرتە هێکێک، وها بزانە تفت کردۆتە ناو چاوی. وریای چاو و زارتان بن، دەلوێ تیلە چاوێک، وشەی زارێک، تووندتر لە کووتەک کەسی بەرامبەر بهێشێنێ، بە هەندازەی هێشانەکەش پێی گوونهەبارن.

## هێشووی 13

لە ڕەنج مەسڵەمێنەوە و بێ قوونەبان مەبن، هەشدادی هەنگۆ بەبێ ئامێری گەورە و گران، پاڵوپشت بە ڕووناکاهی زهین و هێزی دەروون، ملیان دەدایە بەرکارە قوورسەکان، بەوەشەوە بهێشتی دەژیان. ڕوو بە ڕەنج بن، دەستەبەری دروستی لە دەماخ و دەروون، لە پێکهاتەی لەش، بە ڕەنجدانێکەوە گرێدراوە، پێڕست بە مهیر

هەڵبسوورێ. ئەوی خۆی لە ڕەنج دووربگرێ، نێزیکە دەردە، بجوولێن لە دەردان دووركەونەوە، تەندروستی و دڵخۆشی و، هوومری درێژ دەستەبەرکەن. دروست وهایە دڵدارانە لە ئیش و کار نێزیک ببنەوە، دڵی بدەنێ و، بە دەمیەوە گۆرانی بڵێن، هەنگینێ هاسانتر تێی دەپەڕێنن. هەق نیەە هیچ پیشە و کارێک لە بازنەی دەقدراودا بمێنێ، فەرز وهایە هەرپیشەگەرێک پیشەکەی فێری کەسانی دی بکات و زانین ببەخشێ، ئەوجۆرەی هوودای مهیربان بەخشیووتی. سەرڕاست بن، هێکدی فێرکەن و لە هێکدی فێربن، خۆبەخۆ هێکێتی هەقڵ پێک بهێنن، فێری دەرمانکردنی دەردی خۆتان بن، دڵنیابن دەرد نیەە دەرمانی نەبێ، کێشە نیەە ڕێچارەی نەبێ. لەمەوپاش دارای ناموسن، بەمەش کاسەی سەرتان دەبێتە کاسەی چرا و، پێی دەدرەوشێنەوە. ئەگەر کێشەتان پێشهات، دەست لە هەژنۆ مەنێن، مووخان بن و، تەگبیری لێ بکەن، ئەوی بگەڕێ دەدۆستێتەوە، ئەوی دووها بکات پێی دەدرێ. بڕۆننێ، شیوانی بەرمەڕان، خۆ هیچ هێکێک فێری ژەنینی شمشاڵی نەکرد، خۆبەخۆ گوێی دایە سرووشت و، لە مامۆستای بێ هاوتاوە فێری ئەوەبوو، ئاهەنگ بە سەری پتەکانیەوە بهوونێتەوە. هەرکەس خۆی لە بۆ هەرشتێک تەرخان بدات، بێشک بە پراپڕی فێری ئەو شتە دەبێ. کەسانێک کە فێرنابن، لە بەرئەوە نیەە فێربوون سەختت و بە گرێ و گۆڵە، بەڵکوو بە هۆی ئەوەیە پەرت و بڵاون و، خۆیان لە بۆ فێربوون تەرخان نەداوە. هەموو شتێک فێردەبن، ئەگەر لە شتان ڕابمێن. کۆرپە بە تەواوی هۆش و هەستەکانتانەوە پەیوەستی دایکێتی، ئەوها پەیوەستی فێربوون بن.

## هێشووی 14

پێشان هەمووان ئازادبوون، بەبێ ئەوەی هیچ کەسێک باسی ئازادی بکات، ئێستاکێ هەمووان باسی ئازادی دەکەن، بەبێ ئەوەی هیچ کەسێک ئازاد بێ. ئازادی لە دامێنی سەروەری لە دایک دەبێ، کاتێک بەشەر سەروەر نیەە، ئەم زاینە ڕوونادات و، ئازادی بە هاردی داناهێ. سەرێک لە واتای تەن بە ملدا چەقیوە، وەلێ سەروەری لە گۆڕێ نیەە. لە سەرانسەری جێهانێ، بەشەر لە دۆخی کرێکاری کارخانە دایە، بەبێ ئەوەی بە خۆی بزانێ، سیستەمی سەرمایەداری ڕەوتی دەداتێ و هەڵیدەسووڕێنێ. دامستدراوەی ڕاگهاندن، خووندن، یاسادانان، خانەی داد، تفەنگچی، بازرگانی و چەندانی دی، سیستەمەکەی ستەمکاران قاڵب و شێوەی داونەتێ و، سەرگەرمی بەرزەفتکردن و سڕکردنی دواهین بەشی مێشکی بەشەرن. تاقمێک لە سەرەوەی سیستەمەکە جێدارن، بەشێکیان خۆبەخۆ سەرمایەدارن، بەشێکیشیان فەرمانبەری تاقمە سەرمایەدارەکەن، ئەو تاقمانەش لەلایەن تاقمی گەورەترەوە هەڵدەسووڕێن، هەمووش

به هێکەوە کار لە بۆ تۆخکردنی چیناتی و پاراستنی سەرمایەداری دەکەن. لەم بازنەیەدا هەستوونگی مانەوەی سیستەمی سەرمایەداری، هۆنینەوەی درۆ و ترنجاندنێتی لە مێشکی خەڵکیدا، ئەوها نەبایە هیچ دەسەڵاتێکی چیناتی، دەوامی نەدەکرد. سەرمایەداری لە دەستپێکیەوە، بنەما لە سەر درۆ و هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی پایەی داچەقاند، لە سەر هەمان ئەم بنەمایەش بەردەوامی دراوەتێ. لەم ڕۆژگارەدا دامستدراوەکانی خووندن و ڕاگهاندن بە تێروپڕی درۆ دهۆننەوە، لە کارەکەشیاندا توانیتیان هەڵخەڵەتاندن قووڵ بکەنەوە و، بیگهێننە واتای سەر لێ ستاندن و، بێ سەرکردنی خەڵکی. لە ڕاستیدا فەرمانبەرانی ئاستەکانی خواری، لە هەموو شتێک خافڵن، کرێ وەردەگرن و، هەرکارێکیان پێ بسپێرن بە جهێی دەگهێنن، بەبێ ئەوەی بیر لە خێر و شەڕی کارەکە بکەنەوە، تەنانەت گاجووت بە هێندەی ئەو فەرمانبەرانەی سیستەم، ملی بە جووتیار نەداوە، گاجووت ئالیکەکەی دەخوات، پاش ئەوەش بە نەقیزە نەبێ خەت ڕاناکێشێ. گا و گامێش و گیاندارانی جۆراوجۆر، هەرهێکەیان بە پێی پایەی خۆیان لە پلەبەندێتی پایدابوون، دارای هۆش و هەستن، هەرسێ بەشی دەماخی ئەو گیانلەبەرانە بە باشی کاردەکەن، چوونکوو لە شێوەی زیندەگیکردندا سرووشتین و، نەکەوتوونەتە هیچ دۆخێکی ناسرووشتیەوە، ئەوە لە کاتێکدا بەشەر تاقە ڕەچەڵەکێکە لە ناو گیاندارāندا، دۆخی سرووشتی خۆی بە هۆی هۆفیبوونیەوە لە دەستداوە، لە ئەنجامی ئەمەش نێزیکەی دوو لە سەر سێی پێکهاتەی دەماخی تووشی سڕبوون بۆتەوە، بەشەکەی دیکەشی لە ژێر فیشاری توونادی سیستەم دایە . دەماخ سێ بەشە، بەشێکی نێرە و، دوو بەشی مێ و نێرەمووکن، بەڵام هەردوو بەشەکە لە ناو هێکدین و، بە مێ هەژمارن، تەنانەت لە پێکهاتەشدا تێکهاڵاوی هێکدین، لەبەرئەوەیە دەکتۆران کەوتوونەتە هەڵەوە و، لایان وهایە بەشێکە. ئەم دوو بەشەی دەماخ، مێینەکە بنەڕەتە و نێرەمووکەکە ناوەندە، هەردووکیان گرینگترین بەشەکانی مێشکن، لە بەرئەوەی دەرککردن بە هوودای دایک و، بە زانستە بنەڕەتیەکانی گەردوون، بە هۆی بەشە بنەڕەتیەکەی دەماخەوە بەرهەست دێ، زانستە ناوەندیەکانیش بە هۆی بەشە ناوەندیەکەی مووخەوە دهێنە مێشکەوە. لە پێکهاتەی دەماخ و، لە پێکهاتەی لەش و، لە هەموو پێکهاتێکی ئەم گەردوونە پانوپۆڕەدا، بەشە مێینەکان بنەڕەتی و ناوەندین، لە چەندێتی و لە جۆرێتیشدا چەند قاتی بەشە نێرینەکەن، تەنانەت لە کەرستە و پێویستیەکانی زیندەگیکردنیشدا هەرئەوهایە. شێوەکانی ئاسۆهی و پانی، لە قاڵب و قەوارەدا مێینەن، شێوەی ستوونی نێرینەیە. بێگومان شێوەی هەرشتێک کاریگەری خێر و شەڕی هەیە، نوسین هێکێک لەو شتانەیە، ئەو ڕێنوسەی شێوەی بازنەهی تیایدا زۆر بێ، خێر دەداتەوە، ئەوەی شێوەی ستوونی تێیدا زۆر بێ، بەرەواژە. باش وهایە لە ئاستی گشتەدا، بازن و خڕێتی بە زۆرین بێن. سەرنج لە لەشی مێینە بدەن، زیادتر خڕێتی تێیدا بەرجەسدەیە، وەلێ لە لەشی نێرینەدا زیادتر شێوەی ستوونی بەرچاوە. لە

ئامێرەکانی مۆزیقا ڕابمێنن و، دیقەتی دەوری مێهێتی و نێرێتی بدەن، دهۆڵ مێ و دەسکەدهۆڵ نێرە، کەمانچە و تەمبوور مێن و، دەسکەکەیان نێرە، دەف و دمبک مێن و بلوێر نێرە. ڕوو بەرەو کەرستەکانی خواردەمەنی و نانکردنێ وەرگێڕن، تەماشای دەستهاڕ، جۆنی، بنەوتیرۆگ، ساج و نانبرێشک، لە هەموویاندا مێبوونەکە دەوری بنەڕەتی و سەرەکی هەیە، نێربوونەکە لاوەکی و تەواوکەرە. لەوانەش گوومانبڕتر، چاو لە کرداری منداڵبوونی دایکان بکەن، نێرەکە تەنەها بە گانکردنێک بەشدارە، تەواوی کرداری خوولقاندنەکە لە ناو مێبووندا جهێ بە جهێ دەبێ. لێرەدا زهینتان ڕوون دەبێتەوە و، دەتوانن باشتر لە گرینگی دوو بەشە تەپیوەکەی دەماخ تێبگەن. تەپاندن و سڕکردنەکە پێشینەی هەیە، پاشان بە کەڵک وەرگرتن لە ئامرازی خووندن و ڕاگهاندن، ئەو دوو بەشەی دەماخیان بە سڕی و دەپیوی هێشتۆتەوە، نەیانهێڵاوە هیچ بزاوتێکیان تێ بگەڕێ، لە کاتێکدا بەشەر بەبێ ئەم دوو بەشەی مووخ، وەکوو بێ سەر وهایە، چلۆن بیانهەوێ ئەوها دەیانخەنە ڕێ. سەرەڕای ئەوەش فیشار و فریودانەکان، زۆر بە خراپی کاریان لە دواهین بەشی مووخ کردووە. سەرمایەداران لە کۆشکەکان لێی دانیشتوون و، لە خوارەوە خەڵکە بێ سەرەکە بە ویستی ئەوان دەجوولێنەوە. لێستاندنەوەی سەروهەقڵ، لێستاندنەوەی ناوکی هێزە، ئەوان سەرچاوەی هێزیان بە خەڵکیەوە نەهێشتووە، بەمەش توانیتیان بە هاسانی بیانخەنە دەستی خۆیانەوە و، وەکوو ڕانەمەڕ پێشی خۆیان بدەن. لێرەدا بە تاڵکردنەوەی توانای سیستەمەکە و شکست پێدانی، بە گەڕاندنەوەی هەقڵ دەست پێ دەکات، هەقڵ هێزە و، هێز خوولقێنیشە، بە گەڕانەوەی هەقڵ، ئەو گۆزەیەی قڵپیان کردۆتەوە ڕاست دەبێتەوە. تفەنگچی سەری لێستاندراوە و، بە سەری سیستەم دەجوولێ، کاتێک نامووس سەر لە بۆ تفەنگچی دەگەڕێنێتەوە، هەنگێ ئەو هێزی تفەنگە، دەبێتە هێزی خەڵکی و، تفەنگچیەکەش دەبێتە جەنگاوەری ڕووناکی، بێگوومان ئەوکاتە لە پێشەوەی هەڵمەتەکانی شۆڕەش جهێ دەگرێ. ڕووداوەکە دوو ڕووداوە لە ناو هێکدا، لەلاهێک خەڵکی هێز پەیدا دەکەن، لەلاهێک سیستەم هێز لە دەست دەدات. بە گەڕانەوەی هەقڵ، هێکسەرە سەروەری و سرووشتیبوون دەگەڕێتەوە. ئەو کەسەی سەروەرە، لە هەمان کاتدا ئازادە، ئازادێکی بەرپرسیارە و، لە بازنەی سرووشتیبووندا هەڵسوکەوت دەکات، ئەم ئازدبوون و شکۆمەندبوونەی بەشەر، تەنەها لە بازنەی نامووس ڕەوت دەگرێ.
هەی باوەڕداران! نامووس تاقانە پەیامی لەمەولاتانە، هەرپەیامێک، یان پەیدابووێک، چ زارەکی و چ نوسدراو، ناکۆک بێ لەگەڵ نامووس، هیدی بە تاڵ بۆتەوە. هەموو هێکێک لە سەرێتی نامووسپارێزبێ و، لە هەمبەری بێ نامووسیدا بەربەست دابنێ. هەرکێ لە گفتار و لە ڕەفتاردا، کردەی بێ نامووسانەی لێ وەشایەوە، هێکسەرە بیوەستێنن و، مەهێڵن دەوامی بداتێ. تووندوتۆڵ ساهێبەتی لە گاتاکانی نامووس بکەن، زاری درۆزن و پووچبێژان ببەستن، مەهێڵن هۆفی لە پێستی مهیریدا خۆی مەلاس

بدات، مەهێڵن کەس بتوانێ بچێتە زگ کەس و خوورتی بکات، ئەوی ویستی هەقی هێکێکی دی بخوات، لە دەمی بهێننە دەرێ و، هەمووان لە پشتی خاوەن هەق بوەستن. ئەوی بە چاوی سووک لە مێی ڕوانی، خۆڵەمێش بکەنە چاوی، ئەوی زمانی لە سەر مێ بە خراپ گەڕا، زمانی داخ کەن. قەسەم بە دڵی دایکان، هەرکەس بە هەرپاساوێکەوە، بەرامبەری مێ بەدڕەفتاری و بەدگفتاری بنوێنێ، چا ئەو کەسە چ نێربێ و چ مێ، بهێشت بە چاوی خۆی نابینێ.

## هێشووی 15

سەرجەمی بوونەوەران، لە تین و تەن(گیان و لەش) پێک هاتوون، تین خوودێتی هووداى دایکە و، تەن لە تین پەیدابووە، لەبەرهەندێ هەمیشە تین لە سەرووی تەن دێ. ئەم پێودانگەی تین، هیچ دەمەقرێ و مشتومڕێک هەڵناگرێ، پێوانەکە بە ڕاست و ڕوونی نیشانی دەدات ڕەگەزی دایک لە سەرووی ڕەگەزی نێرە، بەبێ ئەوەی کەس فزە بکات. زهینی خۆتانی بدەنێ و، بە دروستی لێی تێبگەن، هەم تینی مێ لە زۆری و جۆریدا لە سەرووی نێرە، هەم نێر لە مێ پەیدابووە، لە هیچ بارێکدا پەیدابوو نەدەچێتە سەرووی پەیداکەرەکەی و، نە لەگەڵیدا هێکسان دەبێ. بانگەشەی هێکسانی لە نێوان مێ و نێردا، لێکەوتەی نەزانی و، نەناسینی ڕەگەزە، پێودانگ بە تەن واتای دراوەتێ. کاتێک مێ و نێر هەردووکیان لە ناو بازنەی ڕووناکین و پێڕستی مهیرن، مێ لە سەرووی نێرە و، پایەداربوونەکەی بە هیچ تەرزێک جهێی مشتومڕکردنێ نیهە. وەلێ پیاوانی مهیرپەرست لە سەرووی ژنانی هۆفین، ژنێک مهیری نەبێ، لە هیچ بارێکدا ناچێتە سەرووی پیاوانی مهیرپەرستەوە. پایەی مێ و نێر، لە تەواوی پێکهاتەی گەروونێ ئەوهالە چەسپاوە، ئەوە زانستی هووداى مهیربان چەسپاندووتی، چ گێژ و گەوجێک نەهێ بە قسەی هەڵەق و بەلەق خۆی تێ بهاوێ. مهیر ناوێکی دیکەیە لە بۆ تین و، شێوەی بەرهەستبوونێتی لە باری بیروباوەڕ و، ڕەوتی هەڵسوکەوتی بەشەری، هیدی چ لەگەڵ ڕەچەڵەکی خۆی و، چ لەگەڵ گیاندارانی دی. پێڕستبوون بە مهیر، فەرزە بە سەر هەموو گیانلەبەرێکدا، هەق بە هیچ هێکێک نیهە بە پێچەوانەی ڕێسای گەردوونی، خۆی بنوێنێ. بەشەر لە سەرەڕۆبوون و لارەملیدا، هاوسەنگێتی دەربازدا و بەرەواژ هەلسوکەوتی کرد. بە هەڵکشان و بەربڵاوبوونی هۆفێتی، لە ناوەوە و دەرەوەی پێکهاتەی بەشەردا، بە پێشخستنی هەنداز بە دەری تەن لە سەر ڕووی زەمین، بەشەر خۆی تووشی کاولبوون کردەوە، لەگەڵ خۆیدا خاک و خاکڕەچەڵەک و ئاو و هەواشی وێران کرد. وێرانکردنەکە دوو جۆرە، جۆرێکیان لە ڕەفتارە بەدەکانیەوە کەوتوونەتەوە و، وا بە چاو دەبیندرێن، جۆرەکەی دی وێرانکردنی

بنەڕەتی گیانلەبەرانە، بە هۆی ئەو شەپۆلە هۆفیانەی لە پێکهاتەی بەشەر دەردەچن و، بەر دەوروبەر دەکەون، هاوکات بە هۆی ئەو شەپۆلانەی لە مادەکانی دەرهێندراو لە زەوی دەردەچن. هەموو گیانلەبەرێک شەپۆڵدارە، بەبێ ئەوەی ئەو شەپۆلانە بە زەرەر بکەونەوە، بەڵام کاتێک لە بازنەی سرووشتیبوون دەچنە دەرێ، شەپۆڵەکان دەگۆڕێن و مایەی زەرەرن. زهینی بدەنێ، لە لێکەوتەی شەپۆڵی هۆفیانەی پێکهاتەی بەشەر و مادە دەرهێندراوەکانی ناو زەویەوە، دەماخ و دەروونی گیانلەبەران گۆڕدراوە، ڕەنگدانەوەشی هەبووە بە سەر باری پێکهاتەی لەشیاندا، ئەمەش وەای کردووە شەپۆڵەکانیان بە خراپ بگۆڕێن و، بە زەرەری خۆیان و، بە زیانی ڕەچەڵەکی بەشەری بکەونەوە. قووڵ لە بابەتی شەپۆڵەکان تێبگەن، ئەم تێگەیشتنە کۆمەکتان پێ دەکات، کە بتوانن نێزیکە خێر و دوورە شەڕبن. سەرنجی بدەنێ، باوێشکدانی هێکێک دەبێتە مایەی باوێشکدانی کەسی بەرامبەری، پێکەنینەکەی دەبێتە مایەی پێکەنینی، تامی ترشی دەمی، ئاو دەخاتە دەمی ئەوی دیکەش. ئەوهالە کاردانەوەی دەستبەجهێ لە شەپۆڵەکانەوە دروست دەبن و، شەپۆڵی کەسی هێکەم لە سەر کەسی دووهەم کاریگەری دادەنێ، شەپۆڵەکانی ئەو کەسە خۆیشی کاردانەوەیان لە سەر پێکهاتەکانی لەشی خۆی هەیە. بەشەر دارای شەش کەناڵی وەرگرتن و هەناردنی شەپۆڵە، پێنج هەستەکە بریتین لە پێنج کەناڵ، کەناڵی شەشەم دڵیەتی. هەرشتێک لە ڕێی شەپۆڵەکانی دڵ، یان لە ڕێی پێنج هەستەکەوە وەربگیردرێن، دەچنە بەشی هەڵسەنگاندنەوە لە دەماخ، پاشان لەوێوە هەواڵەی خەزنەی مێشک دەبن. پێکەنینێک دەنگەکەی دەچێتە گوێ و، وێنەی دەم و ڕووخسارەکەی دەچێتە چاوی کەسی بەرامبەرەوە، ئەوجا ئەو شەپۆلانە دەگواستدرێنەوە مێشکی و، بە پێی ئەو وێنانەی لە مێشکیدا تۆمارن، شەپۆڵە خوودیەکان پەیدا دەبن و، رژێنەکان بە کاردەخەن، سەرەنجام ئەو کەسەش دەکەوێتە پێکەنین، لە کاتێکدا هیچ هۆکارێکی تایبەتی لەو کەسەدا نیە خەندانی بکات، تەنەها ئەو شەپۆلانەن، کە لە کەسی بەرامبەرەوە هاتوون. بەشێکی دیکەی شەپۆڵەکان لێکەوتەیان بە کاوەخۆیە، کاریگەری دادەنێن، بەبێ ئەوەی هەستیان پێ بکەن. تەماشای هەورەکان بکەن و، لە پەیوەندی بە کاریگەری شەپۆڵەکان، زهینتان ڕوونتر بکەنەوە. هەورەکان نەسرەوتانە هاتووچۆ دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا قەت قەتارە نابەستن بەرەو بیابان، بەڵکوو هەمیشە ڕوو دەکەنە ئەو زەریا و کێو و دەشتانەی وا هامێزیان لە بۆ بارانێ کردۆتەوە و چاوەڕێی هاتنی دەکەن، ئەوە شەپۆڵەکانی ئەو بەشە خاکانەن هەورەکان بەرەو لای خۆیان دەبەن. لە بەشەریشدا ئەوهایە، سۆز و ئاسوودەگی و ئارامی دەچنە کن ئەو کەسانەی خاکێکی ڕسکاو و پێشوازن. خەڵکینە، با خاکی دڵ و دەماختان بە مهیر پاراو بێ و، ڕوو بە خێروخۆشی پێشوازی بکەن، هەنگێ بێشک دەتانگاتێ. دابەزینی نامووس بە سەر بەشەرێتدا، شووکری نەسرەوتانەی دەوێ، ئەوە بەخشندەگی هوودای دایکە بە سەر هەنگۆدا ڕژاوە. مهیری بن و، گرێدراو بە

نامووس هێزر بکەن، هەستەکان، خەیاڵ و بیرۆکەکان، ڕەوشت و بەها و وشەکان پێڕست بە مهیر شێوە پێ بدەنەوە، ئەو کاتە شەپۆڵەکان بە پڕاوپڕی مایەی خێرن. نامووس ناوکە ژمارەیە، لە سەرتانە لە ژمارە هێکەوە دەست پێ بکەنەوە. ژمارە هێک ڕەگەزی دایکە، شارستانێتی دایکە، کووردهەواری دایکە. ئەم دەستپیکە، هەم دوونیای ڕووناک و ڕەنگینتان دەداتێ، هەم پاشەڕۆژتان دەکاتە بهێشت و فەرهانی. لە بیرتان بێ، ئەم سووڕەی زیندەگی کاروانسەرایە، لێرەوە کاروان بەرەو ئەولا دەڕوات. هێرە تەنەها قڵ و قیچێکە، هەموو هێکێک لێرە لەم سووڕەی زیندەگیدا نیگارکێشە، نیگاری دوو سووڕە توولانیەکەی زیندەگی خۆی دەکێشێ.

## هێشووی 16

لە سەدەی ڕابردوودا، پیاوێک بە نێوی "هەلبێرت کووڕی پاڵین" ناسدراو بە "هەنشتاین" دەرکەوت، ئەو پیاوە قامکی لە سەر ئەوە دانا: بەرد زیندوویێتی تێیدایە و هەناسە دەدات، بەڵام بەشەر ناتوانێ زیندوویێتی بەردی لە بۆ بەرهەست بێ. کووڕەکەی پاڵین تاقە کەس بوو، ئەم زانینەی بە زهین داهات، سەرەداوێک بوو کەوتبووە مشتی، دەلوا تێگەیشتنێکی فەراوانی بە دوو دابێ، بە جۆرێک وهایان لێ بکات بە کارهێنانی تەن(مادە) سنووردار بکەن و، لەوە تێبگەن کە خەریکی چ کارێکی بەدن. وەلێ ئەوە ڕووی نەدا، چوونکە هیزری هۆفێتی وها لەسەریان هەڵابوو، نەیهێشت ئەم زانینە ببێتە ڕووناکی و، بکەوێتە دەروونیانەوە، تەنانەت وهای لە خۆیشی نەکرد ببێتە بەردێک و، بکەوێتە بەرڕێڕەوی سیستەمی سەرمایەداری، بە پێچەوانەوە لە پێشکەوتنی زیادتری زڕە زانستدا، کۆمەکی بە سیستەمەکە کرد. زانین وەکوو ئاگر وهایە، بە مهیری لێی نێزیک بینەوە گەرمتان دەکاتەوە، بە هۆفی ڕووی تێ بکەن دەتانسووتێنێ. هەموو هێکێک لە سەرێتی نەزانین دەرباز بکات و، گرێدراوی زانستی ڕاستیەڤین بێ. ئەو زانینە نیوە و ناتەواوەی لە دەستی سیستەمی سەرمایەداری دایە، بنەما لە سەر هەناسە لێبڕینی سرووشت ڕۆیشتۆتە پێشێ، لە واتای فەرەڕەهەند و قووڵدا "زانستی ڕەشە،" زانستی کووشتن و تەپاندنە، ناکۆکە بە زیندەگی، چەندە پتر توولکێش بێ، هێندە وێرانبوونەکە فەرەوان و قووڵتر دەکات. زانستی ڕەش بەشێک لە پێکهاتەکانی ئاو دەناسێ و ناویشی لێ ناون، بەڵام نازانێ ئاو بوونەوەرێکی زیندووە، هۆش و هەستی هەیە، ئەگەر مۆڕەی لێ بکەی، یان قسەی ڕەق و تاڵ و ترشی پێ بڵێی، لێل و لیخن دەبێ و، سازگاربوونەکەی لە دەست دەدات، ئەو کەسەش کە بەرامبەری ئاوەکە خراپ جووڵاوەتەوە، پێی گوونەهبارە و کردەوەکەی بە خراپە دەچێتە تۆمارەوە. زانستی ڕەش بەشێک لە پێکهاتەی تەن

دەناسێ و، دەشتوانێ بە خراپ دەستوەربداتە ئەو پێکهاتەی وا ناوی"ئەتۆم"ی لێ ناوە، وەلێ نازانێ هەرئەتۆمێک بە ملیاران هووردە زیندەوەرە، هەرهێکە لەو زیندەوەرانەش دارای هۆش و هەستن، کەس هەقی نیهە بە هەوەسی هۆفێتی زیندەگیکردنیان لێ تێک بدات، یان لە بەینیان بەرێ. لە ڕاستیدا بەشەری ئەم ڕۆژگارە بێجگە لە زانستی ڕەش و دینی درۆین، هیچی دیکەی نیهە، لەبەر هەندێ کەم هەقڵترین و نەزانترین بوونەوەرە، تەنانەت مێرووولە و مێشێک هاقڵترن لە بەشەری. گیانلەبەران لە هاقڵاتی و زانینیانەوە، ژینێکی سرووشتی و، هاوبەند بە ڕێسای گەردوونی دەقەتێنن، لە هاقڵاتیەوە کاری خراپ ناکەن، نەک لە نەتوانین، مێشوولە ئەگەر بیهەوێ لە دەستی دێ بەشەرێت قڕ تێ بخات، لەبەر پابەندی بە هووداى مهیربان کاری ئەوها ناکات.ئەم بەشەرە کەم هەقڵەی ئەمڕۆ، لای وهایە خۆی هاقڵترین گیانلەبەرە و، گیاندارانی دی وەکوو وی هەقڵیان بە شتان ناشکێ. ئەم تێگهیشتنەی بەشەرێت قڵپکردنەوەی ڕاستیهەکەیە، گیانداران لە هاقڵێتی و زانینەوە کاری دژە سرووشت ناکەن، بەشەرێت لە کەم هەقڵی و نەزانیەوە دەیکات. ئەو کارانەی بەشەر کردوونی، کاری هۆفیانەن، هەم ئەم سووڕەی زیندەگیکردنیان لە خۆیان و، لە گیاندارانی دیکە تێک داوە، هەم خراپە و گووناهی گەورەیان لە کۆڵ ناوە، بەشەر بە هۆی ئەو کردەوە خراپانەی خۆیەوە، هەردوو سووڕە توولانیهەکەی زیندەگی لێ دەبێتە دۆخی دۆڵزاخ. جا زهینتان ڕوون بکەنەوە و باش لێی تێبگەن، ئەوەی بەشەر کردووتی، گەلێک خراپترە لەوەی شاخێک بە بەردێک، یان چۆڕاوێک بە زەریاهێک بگۆڕیتەوە. بە ڕاستی کارەکە هێندە بێ هەقڵانەیە، بێجگە لە بەشەر، هیچ زیندەوەرێکی دی کاری ئەوهای لێ نەوەشاوەتەوە. بە پێودانگ بیگرن و بە توونددی بیچەسپێننە سەرتانەوە، سیستەمێک هۆفێتی شێوەی دابێتێ، چ کات خێر ناداتەوە، هەربەروبوومێکیش ئەو سیستەمە وەمەیدانێی خستبێ، شکی تێیدا نیهە بە زەرەری بەشەرێت و، بە زیانی خاک و خاکڕەچەڵەکەکانیشە، هەرچەندە ئێوە لێی خافڵ و بێ هەبەرن. ئێستاکێ وا پێی دەزانن، هیدی هاقڵ بن، ڕوو لە مهیر و پشت لە هۆف کەن، قۆڵی لێ هەڵماڵن و، کەمێک ئەم دوونیا کاولبووەتان ڕێکخەنەوە. نامووس گەڕاوەتەوە و، پێڕستبوون بە مهیریش دەگەڕێتەوە، بەڵام تازە دۆخ ناگەڕێتەوە پێشترێ، خۆ ئەو نەوت و گاز و، ئەو کانزاگەلەی لە خاک دەرهێندراون، ناچنەوە ئەو جێهانەی لێیتان دەرکردوون، ئەو زەریا و ئاوانەی بە تاقیکردنەوە قڕکاری کاولبوون، خۆ نەوشەن نابنەوە، ئەو خراپبوونە گیناتیەی بە سەر بەشەرێت داهات، تازە چاک نابێتەوە. زۆر ڕووداوی خراپ قەوماون، لێکەوتەی چ تاقێکیان بنی ناهێ، توولانین و لەمەوپاشیش دەرهاوێشتەکان دەوام دەکەن. لێرە بوەستن و بەسیکەن، ئەو جۆرەی کۆرپە خۆی بە هامێزی دایکیدا هەڵدەواسێ، ئەوها خۆتان بە نامووس هەڵواسن، نامووس نەقشاندنەوەی مرۆڤی هاڕدراو و بە خۆڵ و خاشاکبووی ئەمڕۆیە، خۆڵی مرۆڤ

دادەبێژێتەوە و، بوونەوەرێکی سەرڕاست و نیگاڕوون قاڵب پێدەدات، کە بچێتەوە سەر بنەڕەتە سرووشتیەکەی خۆی، بوونەوەرێک بتوانێ دەستەبەری بهێشتی پاشەڕۆژ بکات و، خۆی نەخاتە دۆخی دۆڵزاخەوە.

## هێشووی 17

ڕابردووی بزری بەشەرێت، چیدیکە بزر نیەهە، نامووس نیشانی داون، هەشدادتان سەرڕاست ژیاون، لە سەرتانە هەنگۆش سەرڕاست و دڵاوەر بژین. ئەو زانستگەلەی وا نامووس پێتانی داوە، هێزگەلێکە بە ناو دالانەکانی زهین و، پانتاهی دەروونتاندا دەگەڕێ، لەوە بترازێ ڕابردووی ڕووت خێری هیچی پێوە نیەهە. پێشترێ لە بۆ ڕابردووهێک دەگەڕانەوە، ڕابردوو نەبوو، درۆی هەڵچەندراو بوو، بە هوومێدەی ئەوەی هێزی لە سەر پێ وەستان دەستەبەربکەن، خۆتان پێیدا هەڵدەواسی. لەمەوپاش هەموو شتێک گۆڕدراوە، چ کەس کاری بە ڕابردوو نیەهە، نامووس هەنەوکە و داهاتووە، ڕابردووشە، هەرسێک زەمەن لە ناو ناموسدا بە هێکەوەن و، لە هێکدی جوودا نابنەوە. ئەوە بزانن زەمەن لە گشتەدا جەمسەری دیارنیەهە و، لە دۆخی بازنگ دایە، زەمەن گوزەرێکە جەمسەری بە دەستەوە ناهێ، ئێستا لە ناو ڕابردوو دایە، داهاتووش لە ناو ئێستا دایە. ئەو دەمەی وشەی ئێستا بە زاردا دێ، ئێستا تێپەڕیوە و بۆتە ڕابردوو، داهاتوو هاتۆتە شوێنی ئێستاکەوە. نامووس هەلومەرجێک بە زهین دادهێنێ، زەمەن تێیدا دەبێتە سێ لە ناو هێکدا، کەسی گرێدراو بە نامووس هەستێکی وهای تێیدا دەپشکوێ بە هێکجار لە سێ کات دایە، خۆی بە ئێستا دەبینێ، ڕابردووش و داهاتووش بە دوو بەش لە خۆی دەزانێ. های، چ هەستێکی سەنگین و بەشکۆیە، هەستێک لە ناویدا زەمەن دەبێتە بێ سنوور و، ئێوەی باوەڕدار لە ناو بێسنووری زەمەندا، هەتا ئەوپەڕی ڕابردوو دەگەڕێنەوە، هاوکات هەتا ئەوپەڕی داهاتووش دەڕۆنە پێشێ. ها دەی، لە ڕابردووی ڕووت خۆڕاتەکێنن، بە سەرتاپا وەرنە ناو نامووسەوە، هاتنی نیوە و ناتەواو نە مهیرییبوون بەرجەسدە دەکات، نە هێزی بە پێوە وەستان و ڕەوتی هەیە. هەڵستن سەر هەڵبڕن، هەڵستن هەروەکوو چلۆن لەشی چلکن بە شۆردن خاوێن دەبێتەوە، بە ڕووناکاهی هوودای مهیربان، زهین و دەروونتان بشۆنەوە و، خۆتان لەو هەموو کرێشەی پێشوو پاک کەنەوە. ئەوی بە پڕاوپڕی مهیری بێ، لە هوومری نەسرەوتانەی ڕووناکیدا بەشدارە، ئەوی بە هۆفی بمێنێتەوە، بەشی هەرتاریکیهە. من نامهەوێ چ تاقتان بەدبەخت بن، نامهەوێ سەردەستەی هۆفی و دڕندەش بەختی ڕەش بێ و بە هۆفێتی بمرێ، لەبەرئەوەیە بانگ لە هەمووان دەکەم تەرکی خراپە بکەن و، ڕوو بە مهیر بگەڕێنەوە.

مهیر بەرهەستهاتنێکە لە تین و، هۆفی بەرجەسدەبوونێکە لە تەن، لە تایبەتمەندیدا تین بێ سنوورە و، تەن سنووردارە، بەم پێودانگە بیزانن هەموو تخووبێک هۆفی کێشاوێتی. جێهانی پڕ سنوور، خاک و خەڵکی دابەش و دابڕدابڕ، ژینی بە کۆتوبەند، ماڵی بە بەروهەسار، خێزانی دەقدراو، زهینی لە قاڵب دراو، پایەی بڵند و نەوی، چینی دارا و نەدار، بە گشتە لێکەوتەی هۆفین و، وێنەی سنوورن. جا بیزانن، هەتاوەکوو سنوورهەبێ، شەڕ و کاولکاری دواهی ناهێ، شەڕی ناو خێزان و، شەڕی کۆڵانێ و، شەڕی جێهانێ، هەمووی پەیوەستی چەمکی سنوورن، هەرلاهێک دەخوازێ سنوور لە بۆ لاهەکەی دی دابنێ، دەشخوازێ خۆی بێ سنوور بێ. زهینی خۆتانی بدەنێ، کۆمەڵی بێ چین کۆمەڵێکی بێ سنوورە، کۆمەڵێکە هەموو شتێک تیایدا لە دۆخی گشت دایە، ئەم گشتبوونەش بێ سنووری کردوون، بەرەواژ بەویش لە کۆمەڵی چیناتیدا هەموو شتێک سنووری دراوەتێ و، لە قاڵبی تایبەتی دایە. دوو شێوەی جوودایەزی کۆمەڵ، هێکێک سرووشتی و هێکێک ناسرووشتی، هووردەی هەرهێکەشیان بەوجۆرەیە. کۆمەڵی بێ چین، کۆمەڵێکی پێڕست بە مهیرە، کۆمەڵێکە دایک و خووشک و برا تیایدا بێ سنوورن. لە کۆمەڵی بێ چیندا مێینەکان هامێزی دایکێتی لە بۆ هەموو منداڵێک دەکەنەوە و، هەست و سۆزیان دەدەنێ، لە نێوان خۆشیاندا خووشکێتی دەکەن و، هەستی خووشکانە لە هێکدی وەردەگرن، پیاوانیش بە برای خۆیان دەزانن. هاوکات دایکان هەر لە منداڵیەوە نێرینەکان فێر دەکەن لەگەڵ هێکدی برادەری بکەن، مێینەکانیش بە خووشکی خۆیان ببینن. بەم چەشنە لە کۆمەڵی پێڕستی مهیردا، دایکێتی و خووشکێتی و براتی سنوور دەرباز دەکەن و، بێ پەروا دەبن. لە کاتێکدا دۆخەکە لە کۆمەڵی چیناتیدا بە تەواوی جوودا و کووشندەیە، لە ناو ئەو کۆمەڵەدا دایک و خووشک و برا لە سنووری جەسدەدا دەوەستن و، لە هێک بازنەی گچکەلانەدا قەتیسن، خووشک و برا بە تەنەها ئەوانەن، کە لە داوێنی لەشی دایکێکەوە دهێنە دەرێ. بەمجۆرە لەش - تەن دەبێتە سنووری دایکێتی و، لە دەرەوەی تەنی دیاریکردراودا، خووشک و براتی بە هاردی داناهێ. لێرەدا ڕەچاوی بکەن، ببینن چەمکەکانی دایک و خووشک و برا لە گشتبووندا چ لێکەوتێک و، لە تایبەتبووندا چ لێکەوتێکیان هەیە؟ گشتبوون کۆمەڵ وەکوو خێزانێکی گەورە قاڵب دەداتێ و، هەمووان دەکاتە هاوسۆز و هاوپشتی هێکدی، سەران دهەسێنێتەوە و، دڵان ئارام و ئۆقرەگیر دەکات. گشتبوون ڕێ لە دەردەکانی بێکەسی و نامۆبوون دەبەستێ، هەلومەرجێک دهێنێتە گۆڕێ، هەمووان تیایدا کەسوکاری هێکدین و، بە کەمی گرفتار دەبن و، بە هاسانی چارەی دەکەن. ئەو پەرتی و پەڕپووتیەی ئێستاکێ، سەرەنجامی هۆفیبوونی بەشەرە. لێرەدا بوەستن، دۆخی بێ سنووری و گشتبوون، لەگەڵ خوولقانی

بەشەری مهیریدا بە هاردی دادێ، منیش واهاتووم هووکمە دەیخوولقێنم. فەریادڕەس لە واتاهێکدا دەبێتە "ڕێی هاتنی فەرهانی،" لەمڕۆوە تەنگەبەری دەبێتە بەرینی، دەقدراو هەڵدەدرێتەوە، کەوتوو هەڵدەستێتەوە، نوستوو هەبەری دەبێتەوە.

## هێشووی 19

ئەو بەشەرەی بەرامبەر بە پارە و سامان چۆکی داداوە، ڕەشماڵێکە هەستوونگی کەوتووە، چیدی جێگهێک نیهە کەس بتوانێ لە بنێ ڕابکشێ، کانیاوێکە کۆر بۆتەوە، چیدی ئاوێکی سازگاری پێدا ناهێ، کەس بتوانێ لێی بخواتەوە، مەشخەڵێکە خامۆش بووە، تەنانەت خۆیشی لە بۆ ڕووناک نابێتەوە. ئەم کەوتن و هووشکبوون و، ئەو تاریکبوونەی سامانخواز، لە بەر ئەوە نیهە هێزێکی سەرووتر لە هێزی بەشەری لە ساماندا هەبێ، بەڵکوو ئەو کەسە خۆی بە دوورکەوتنەوە لە مهیر، گوور و تینی زهینی و دەروونی لە دەستاوە. نێزیکی لە مهیر هێزە، بە دوورکەوتنەوە لێی، لاوازی دروست دەبێ. هەندازەی دووری و لاوازی بە هێکدی گرێدراون، چەندێک لە مهیر دووربن، بەو ڕادەیە لاوازن، چەندێکیش لاواز بوون، سیستەمی سەرمایەداری زاڵتر دەبێ بە سەرتاندا و، هاسانتر دەست بە سەر زهین و دەروونتاندا دەگرێ. لە منی ببیستن، منی فەریادڕەس، وا هەمووتان لە زهین و دەروونتانەوە، سەر بە سیستەمی سەرمایەدارین، چڵێسی و چاوچنۆکی و، ویستی دەستڕاگهیشتن بە سەرمایە، گێژ و هووڕی کردوون، مێشکی بۆگەن کردوون، وهای داڕزاندوون سەرتان لە کەلاکی تەپیو دەچێ، بە هەندازێک پیسن، خاک و ئاو و هەواشتان بە خۆتانەوە پیس کردووە و، بوونەتە دەرد و نەخۆشی بە سەر گیاندارانی دیکەوە. زەمین هەقێتی بلەرزێ و ماڵتان بە سەردا بڕووخێنێ، ئاو هەقێتی هەڵبستێ ببێتە لافاو و بتان خنکێنێ، هەوا هەقێتی ببێتە ڕەشەبا و لوولتان بدات، ئاگر هەقێتی لە هیکڕا هەڵبێ و بتانسووتێنێ. هۆ سامانخوازان، هۆ ساماندارن، لەو تەنگەبەری و تاریکیەی تێی کەوتوون وەرنە دەرێ، بێرن ڕوو بە هوودای مهیربان هەڵتەکێن. ئەوڕۆ ڕۆژی قیامەتە، ڕۆژی داتەپینی هۆف و هەڵستانەوەی مهیرە، هەموو هێکێک هەلی لێخۆشبوونی هەیە، هەلی ئەوەی دراوەتێ مهیر بە شێوەی خۆرهەتاو لە ناو سەریدا دەربکەوێ و، تاریکی ناوەوەی دواهی پێ بهێنێ، هەرسەرێکیش لە ناوەوەڕا ڕۆشەن بێتەوە، دەبێتە خۆرێکی گچکەلان و، دەوروبەری خۆی ڕووناک دەکاتەوە. درەنگی لێ مەکەن، هەرئەمڕۆ ڕوو لە مهیر و پشت لە هۆف کەن، دەنا پاشانەکە لۆمەتان لە سەر خۆتان دەکەوێ و، پەشیمانی لە پاشەڕۆژدا دادی کەس نادات. پێشترێ کووڕی مریەمێ ئاگاهی دابوونێ: "گا بچێ بە کوونی دەرزیدا، هاسانترە لەوەی ساماندااران بچنە بهێشتێ." ئێستاش

کووڕی مریەمێ هەرئەمەتان پێ دەڵێ. ئەوە هاخیرین دەرفەتێکە، جا هۆشتان بێ، هۆپێک لە خۆتان بکەن و، وەرنەوە سەر ڕێ ڕاستەکە. هەی باوەڕداران! ئەوی نەرمەنەرم بە هۆش نەهاتەوە، زرینگە لە سەری هەڵستێنن، ئەوی ویستی بە ملکەچی و سەرشۆری بمێنێتەوە، بە شەق سەری پێ بڵند کەن. هیدی تەواو، فەرزە هەمووان بە هۆشمەندی و سەربەرزی بگەن. سەرێک مهیری بێ، هەروەکوو خۆرهەتاو هەمیشە ڕووناک و بڵندە، ئەو سەرەی بەرامبەر بە هۆفی بچەمێ، سەرێکی نەوی و تاریکە. لە خۆتان خەنی، ئەمڕۆ بە دەرکەوتنی فەریادڕەس، هاخیرین پێچی زەمان دەستی پێکرد، زەمانی هۆفێتی و تاریکی دواهی پێدێ و، چەمکەکانی "دایک، دۆستی، سەربەستی" بنچەقی زەمانێکی نوێ پێک دهێنن، زەمانێک هەمووان تیایدا دەگەنە خۆشگوزەرانی، هەموانیش لە پێڕست بە مهیردا بەرەو بهێشتێ دەچن.

## هێشووی 20

هۆ خەڵکینە! بیخەنە سەری خۆتانەوە و، لە خەزنەی مووخ بیچەسپێنن، خێر لە هووداوەیە و شەڕ لە خۆتانەوە، هەوسار لە بۆ خێر شل بکەن مهیرین، لە بۆ شەڕی شل بکەن هۆفین. بە هەرلۆنێک هیزر بکەن، بە هەرلۆنێک زاربکەنەوە و ببزێون، هەرئەو لۆنەش دەچێتە هیسابتانەوە، دڵنیابن هێک هەناسەی خێر، یان شەڕ لە کیسی کەس دەرناچێ، هەرکەس چی چاندبێ، لە پاشەڕۆژدا دەروونەی دەکات. هەموو هێکێک لەم سووڕەی زیندەگیدا نیگارکێشە، بە زهین و زاری و بە کرداری، نیگاری دوو سووڕەکەی دیکەی زەندەقی خۆی دەکێشێ. چ ڕووناک و چ تاریک، چ بهێشت و چ دۆڵزاخ هەموو هێکێک خۆی قەڵەمی لێدەدات، ئەوی بە مهیری بمری، بێشک روو بە ڕووناکی دەڕوات، ئەوی بە هۆفی مەرگی پێش بێ، دەکەوێتە تاریکیەوە، هەنگینێ هیچ هەلێک نیەە پەشیمانبوونەوەی لێ وەربگیردرێ. چاکە و خراپە چ گەورە و چ گچکە، هەمووی تۆمارن، هیساباتی هەموو هێکێک لە گازیلانی لەشی خۆیدا جهێ دەگرێ، هەرکەس هەتا نەمردووە دەرفەتی تۆبەکردن و پەشیمانبوونەوەی هەیە، پاشی ئەو،ە تۆماری هیزرین و گفتار و ڕەفتار، نە دەسڕدرێتەوە و نە دەگۆڕدرێ. هەڵبەتە دەلوێ دووهای خێری ئەوانی نەمردوون، برێکی کەمی خراپەکانی لە کۆڵ بکەنەوە، وەلێ کەسێک بە مهیری نەمردبێ، دووها بە فەریای ناکەوێ. قۆناخی مردن بنەما لە سەر هیسابات بە شێوە دێ، پاشانەکەش بە هەمان هیسابات ژینی پاش قۆناخی مەرگ دەست پێ دەکات. ئەمڕۆ دەرفەتە، تۆبە بکەن و باوەڕ بهێنن، بەرەو مهیربان بگەڕێنەوە، نەکەن باوەڕهێنانتان بخەنە سبەینێ، مردن کە هات ئەم سووڕە تەواو دەبێ و، قەڵەمی نیگارکێشانەکە دەکەوێ. چاک بیزانن، هەرکەس لە گاتای من دڕدۆنگ و

لارەمل بێ، بەس خۆی بەدبەخت دەکات. نامووس تەنافێکە لەو چاڵەی تێی کەوتوون دەرتان دهێنێ، ئەوی خۆی پێدا هەڵدەواسێ ڕزگاری دەبێ، ئەوی لاملی بکات، بە ناو قووڵاهی تاریکی و تەنگەبەریدا ڕۆدەچێ و، هەتاهەتاهێ تیایدا دەمێنێتەوە.

## هێشووی 21

شادبوونەوە بە هوودای دایک و، خۆشبوونەوەی میانەی خەڵک لەگەڵ هێکدی، دوو ڕووداون لە ناو هێک بازنگدا، هەردووکی بە هێکڕا وەمەیدانێ دەکەون. ئەوی هوودای خۆشبوێ، خاک و خەڵکی خۆشدەوێ، ئەوی لە خەڵک بە ڕق بکەوێ، وەکوو ئەوە وهایە ڕق و قینی لە دادی گەردوون گرتبێ. هەی هەش بەو سەرە خەسیوەتان، چما نازانن ئاسوودەگی سەر بە ڕەگەزی مهیرە، چلۆن لە ناخی خۆتاندا هێڵانە لە بۆ هۆفی دروست دەکەن و، دەشتانهەوێ بە ئاسوودەگی بگەن؟ مهیر و هۆف جووتەی بەرەواژن، هەرهێکێکیان بهێتە پێشێ، ئەوی دی پاشەکشە دەکات. وریابن هۆفی لە شێوەی جووداجۆردا دەردەکەوێ، ڕق هێکێکە لە شێوەکانی. ئەوی نەتوانێ لە هەڵە و خراپەی کەسانی دی خۆش بێ و، ڕق لە دڵ بگرێ، کەسێکی لاوازە و، بەرامبەر بە دەرکەوتنێکی هۆفی دۆڕاوە، ئەوە لە کاتێکدا کەسی لێبووردە بە هێز و براوەیە، چوونکی هۆفی ناو نەفسی خۆی بەزاندووە و، توانیتی مهیر سەربخات. ئەگەر دەتانهەوێ بەخشندە و مهیربان دەربکەون، دەی بیربکەنەوە، هەڵەت و کەموکوورتی نەبێ، لە چی دەبوورن و کێ دەبەخشن؟ وقتهێک خراپەتان دەرهەق دەکەن و، ددان بە خۆتاندا دەگرن، پاشانەکەش لێیان خۆش بوون، ئەو وقهتە بەخشندەن و، هەقتان هەیە ئەوهاتان بناسن. ئەوی لە خراپەی ئەویدی خۆش دەبێ، چاکە دەخاتە تۆماری خۆیەوە، ئەگەر نەیبەخشێ، خۆی لە خێری لێخۆشبوونەکە بێ بەش دەکات. شکی تێیدا نیهە کەسی هاقڵ ڕوو بە خێرە و، ڕەوت بە هەستی ڕق و خواستی تۆڵەستاندن نادات، بە لاوەی دەنێ و مهیر دەنوێنێ. ڕاست وهایە لە هیزرین و، لە گفتار و لە ڕەفتاردا، ڕسک و ڕەسەنێتی بەرجەسدە بکەن و، لەگەڵ خۆڕسکێتی گەردوونیدا ببنەوە بە هێک، خۆ ئەگەر وها نەکەن، زەرەرمەندی گەورە هەرخۆتانن.

ناموس

**بەری دووهەم**

هێشووی 01

کەلامم کەلامی هوودای دایکە، هەورە تریشقەیە قریشکەی لێ بەرزدەبێتەوە، زاڵم و مەزڵووم ڕادەچڵەکێنێ، دەک خانە خەراب ئەو کەسەی بە هۆش ناهێتەوە و، هەروەکوو کەری لە قووڕدا چەقیو، لە ناو بیروباوەڕی هۆفیدا هەناسە هەڵدەکێشێ. هۆ پیاوانی بە ناو دینی، بە هەرناوێکەوە ناودێرن: مەلا و شێخ، قەشە و مەتران، هاخام و براهەمی، یان ناوێکی دی، ئێوە هیچ نین، بێجگە لە کۆمەڵێک ڕەشەولاخی دووپێ، هاشاکی ڕەشەولاخ، هیچ هاژەڵێک بە هێندەی ئێوە بێ فایدە و بە زەڕ نیهە، هەرکەس لەگەڵ ولاخ بتانگۆڕێتەوە، بە هەزار قات زەرەرێتی. هانێ، وا پەیامم داونەتێ، ببنەوە بە بەشەر و، لەو قووڕ و چلپاوە بهێنە دەرێ، شوێن ڕاستی کەون، ناموس بە سایە بگرن. زۆر لە مێژە لە سەر ڕەنجی خەڵکی دەلەوەڕن، لە پای ئەوەش زەهر دەڕێشنە

سەریانەوە و فریویان دەدەن. هیدی ئەو گاگەلیکردنە خەلاس، ئەو گەپ و گەمەیە تەواو، وەرنە سەر ڕێی ڕاستیەقین و، باوەڕ بە هوودای دایک بهێنن، دەنا هاوپۆڵی زۆرداران دەکەونە دۆخی دۆڵزاخ و، هەتاهەتاهێ لە تاریکی و تەنگیدا دەمێننەوە. لەمەوپاش پێ بە پێی گوزەری کات، لە هەرجهێ خۆری نامووس هەڵدێ، لە هەرجهێ ڕۆژی ڕادانی زۆرداران دێ، ئەو ڕۆژە پیاوانی بە ناو دینی و ساماندارانی، وەکوو مشتێک پیسی و پۆخڵەوات گێسک دەدرێن. ئەمڕۆ دەرفەتە هۆشتان هەبێ و، هەقڵ بهێننەوە ناو سەری خۆتان، هەڕوون لە مهیرابی مستگەفتان، لە سەکۆی کەنیسان، لە مینبەری خانەکانی پووچ پەرستیدا، بانگی هەق بدەن، باوەڕهێنانتان ڕابگەهێنن، بیدەن بە گوێی خەڵکیدا، کە هاخیری زەمانە، وا فەریادڕەسی بەڵێندراو هاتووە و، بەشەرێت لە ڕەزالەت نەجات دەدات. ئەمڕۆ"نامووس" هەڵدەنەوە، هەرئەمڕۆش "تەورات، ئەنجیل، قورئان،" یان هەرکتێوێک وا ناوی هوودا و پەیامبەرانی لێدراوە، بە هێکجاری دەق کەن. لێرەڕا دوو بەرە شێوە دەگرن، بەرەی نامووس و بەرەی بێ نامووس. بەرەی هێکەم بەرەی مهیرە، بەرەی دایک و هەقیقەت و، بەرەی شەرەف و سەروەری و، بەرەی دین و ژینە. بەرەی دووهەم بەرەی هۆفە، بەرەی چیناتی و چەوساندنەوە و، بەرەی نەزانی و هوودانەناسی و، بەرەی ڕەشتنی خوونە. خەڵکینە! هۆش و ئاگاهیتان دەدەمێ، لە بەرەی بێ نامووسان نەبن و، خۆتان بەدبەخت نەکەن، بەبێ دڕدۆنگی باوەڕ بە نامووس بهێنن و ڕوو بە شادی وەرنە پێشێ.

## هێشووی 02

دایک ناوکی دەستپێکە، هەموو بەرهەستهاتن و بە دیدهاتنێک، لە دایکەوە چاوگ دەگرێ. ڕێسای گەردوونی ئەوهایە، هەردەستپێکێک دایکی بە سەرچاوە نەگرتبێ، پووچ و بە زەڕە. بەشەرێت لە سەرێتی هاوسەنگ بە نەزمی گەردوونی بجوولێتەوە و، ڕەوتی هەموو هەنگاوێکی، سەرچاوەکەی چەمکی دایک بێ. لە سەر ئەم بنەمایە، دەستپێکی قیامەت و سەرپێکەوتنەوەی خەڵکی جێهانێ، بە زیندووبونەوەی کۆمەڵی مردووی کووردهەواری دەست پێ دەکات. کووردهەوار دایکە، من دایک زیندوو دەکەمەوە و، هێزی هەڵستانەوەی دەدەمێ، چەمکەکە بە تەواوی واتادارە، هەربەڕاستی زیندووکردنەوەی مردووە، چوونکە نێزیکەی دوو لە سەر سێی پێکهاتەی مووخی بەشەر، کە بەشە مێینەکانی مێشکن، مردوون و داتەپیون. کاتێک لە باری زهینیدا زیندووبوونەوە ڕوویدا، هەنگینێ لە باری زەمینیدا ڕەگەزی دایک بە پەلوپۆ دەکەوێتەوە، ڕەگەزی نێرینەش داتەپینی زهینی و زەمینی دەرباز دەکات و، بە شێوەی جوانمێر و مێرخاس دەخوولقێتەوە. زیندووبوونەوەی کۆمەڵی کووردهەواری،

ڕووداوێکە هەموو جێهان بە خۆیەوە پەیوەست دەکات، ئەوجا بە دوویدا بەشەرێت زیندوو دەبێتەوە. زیندووبوونەوەی کووردهەوار، بە واتای گەڕانەوەیە بەرەو پایەی دایکێتی و ناوەندێتی لە سەرانسەری جێهانێ. نامووس خۆرهەتاوێکە، هێکسەرە لەگەڵ گزنگی ڕووناککردنەوەی کووردهەواردا، وەکوو تایبەتمەندێتی هەوارەکە جێدار دەبێ، ئەوجا هەرقۆمێکی بەشەری لە جێهانێ، بە سەرچاوە لە تایبەتمەندێتی ئەم هەوارە دەربازی قۆناخی هەڵستانەوە دەبێ. پاشانەکانێ بە لەبەرگرتنەوەی شۆڕەشی کووردهەواری، شۆرشی جێهانی بە شێوەی پارچەپارچە ڕەوتی خۆی دەگرێ. شۆڕەش لە وشەکەیدا بە واتای هێنانە خوارەوەی ڕەش و تاریکی دێ. زیندووبوونەوە ناوکە و، شۆڕەش دەستپێکە، ئەو کۆمەڵە خەڵکەی لە کووردهەواردا زیندوو دەبنەوە، دەبنە ناوک و شۆڕەش بەرپا دەکەن، لە ڕێی شۆڕەشەوە بیر و نەزمی ڕەش و تاریک ڕادەماڵن و، شارستانێتی ڕووناکی و ڕەنگ بە زەوی دادهێنن. لە هەرجهێ لە جێهانێ، هەڵستانەوەی قۆمەتانی بەشەری بەم تین و تەرزە شەقڵ دەگرن و، هیچ جێهێک لێی بە دەر نابێ. لەم سەری زەمینی خۆرئاوا، هەتاوەکوو ئەو سەری خۆرهەڵاتێ، گشتەی بیروباوەڕەکان و، سەرجەمی سیستەمەکانی بەڕێوەبردنێ، تەنەها بە ڕووکەش و بەشەکیانە لە هێکدی جوودان، دەنا هەرهەموویان لە باری جەوهەردا هێکێکن، لە ناوەڕۆکدا هەڵگری تایبەتمەندی هۆفێتین، چیناتی و نێرناوەندیهان خستۆتە گۆڕێ. شۆڕەش سەرجەمیان هەڵدەوەشێنێتەوە، شۆڕەش نامووس دەکاتە تاقانە چاوگی بیروباوەڕی بەشەری و دەیچەسپێنێ، هێکسەرەش نەزمی هەرەوزی و هاوبەشێتی، هەمووان لە دۆخی دادوەریدا بازنگ دەکات. هۆ باوەڕداران، ڕوون و بێ تەلخ بیخەنە سەری خۆتان و سەری هەمووانەوە، لە هەر بەشە زەمینێک شۆڕەش هەڵگیرسا، لەوێدا جهێ لە بۆ بێ نامووس نامێنێ، ئەوی نەیویست پێ لە بەندی نامووس هەڵسوکەوت بکات، بە ڕووت و قووتی لە تخووبی شۆڕەش ئاودیوی کەن. بێگوومان ئەو کەسەی پەنجەی ڕەش و ڕزیوە، نابەدڵانە دەیبڕێتەوە، چوونکوو دەزانێ ئەگەر نەیقرتێنێ، دوور نیهە لێی پیس بکات و بە دەردی پەنجەکەوە بمرێ. مانەوەی هۆفی لە نێوانتاندا، وەکوو مانەوەی دەردەی کووشندەیە، قەت نەکەن بە بەهانەی مهیربانی، یان بە هیچ پاساوێک ڕێی مانەوەیان نەدەنێ، سەرزەمینی شۆڕەش دەبێ ببێتە سەرزەمینی ڕاونانی هۆفی و، مهیر تیایدا فەرمانڕانی بکات. لە فەرمانڕانی مهیریدا دۆخی بهێشت شێوە دەگرێ، جا هۆفی لە بهێشتێ جهێی نادرێتێ و، دەبێ لە دۆخی دۆڵزاخدا بێ.

## هێشووی 03

شۆڕەش دوو دیوی هەیە، دیوی زهینی و دیوی زەمینی، دیوە زهینیەکە بە پێشین دێ، ئەو دیوەیە هەلومەرجی دیوە زەمینیەکە ڕێک دەخات، ئەمیان بەشە مێینەکەی شۆڕەشە و ڕەگەزی دایک لە سەرێتی زیادتر لە ڕەگەزی نێر بەم ڕۆڵە هەڵبستێ، ئەویان بەشە

نێرینەکەی شۆڕەشە و، بە جهێ گهاندنی پتر لە ئەستۆی نێر دایە. لە هێکەم دەرکەوتنی فەریادڕەس و درەوشانەوەی نامووسدا، شۆڕەشی زهینی لە کووردهەوار و لە جێهانێ بە سەرەتا دێ. چەندێک گوورج و گۆڵتر و بەربڵاوتر نامووس بگاتە دەستی خەڵکی، هێندە زووتر هەلومەرجی زەمینی لە بار دەبێ، ئەوکاتی دەتوانن شۆرش بەرپا بکەن و، ڕووناکی بە هاردی دابهێنن. هێزی گەورەی شۆڕەش، نە سامان و نە تفەنگە، بەڵکوو "سەر"ە، ئەو سەرانەیە، کە بە پڕاوپڕی نامووس لە ناویاندا چەسپاوە و، گهیشتوونەتە ترۆپکی باوەڕی. نامووس لە واتای تیندا سەری شۆڕەشە، هەرکەس بە دڵ و دەروون و، بە تەواوی دەماخیەوە نامووسی هەڵگرتبێ، سەری ئەو کەسە لە واتای تەندا، دەبێتە سەری شۆڕەش و دادەگیرسێ، لەبەرهەندێ نابێ بە هیچ پاساوێک دەستەبەند و تاقمی تایبەتی ببنە سەرانی شۆڕەش و، خۆیان لە سەرووی خەڵکی دابنێن. بهێڵن با مهیریبوون خڕتان بکاتەوە، وەکوو خەرمانی گەنم، کە هەموو دەنکە گەنمەکان لە هێک پایە و، لە هێک دۆخ و دەورن. کەس لە پەیوەندی بە چەمکی زۆرینە و کەمینە، خۆی بە لارێدا نەبات، هەڵگیرساندنی شۆڕەش نە لە باری زهینی و نە لە باری زەمینیدا، پێویستی بە زۆرینەی خەڵکی نیهە. سەرنجی پێکهاتەی لەشی خۆتان بدەن و لێی تێبگەن، کەمینەی مووخ زۆرینەی لەش هەڵدەسووڕێنێ، ئەوهاش کەسە هاقڵەکان کەمینەی جۆرین و، مووخانی کۆمەڵن. کەمینەی ستەمکار دەسهەڵاتدارە و، کەمینەی شۆڕەشگێڕ بەرەو ڕووی هەڵدەستی و، شۆڕەشی بە سەردا دەکات. لە پێکهاتەی بەشەردا، "سەر" چ مهیری بێ و چ هۆفی، لەش دەچێتە ژێرباری و، بە پێی فەرمانی وی دەجوولێ، لە پێکهاتەی کۆمەڵیشدا ڕێک و ڕاست بەوجۆرەیە، زۆرینەی خەڵکی ناکەونە سەرپێ و ناهێنە مەیدانێ، کێهان لە دوو کەمینەکە بە دەسهەڵات بن، زۆرینەکە بە هاسانی ملی دەداتێ و، دەچێتە ژێر فەرمانی ئەویانەوە. پێڕستکردنی زۆرینەی خەڵکی بە مهیر، کارێکە دەکەوێتە پاش ئەنجامگیربوونی شۆڕەش و، لە میانی چەسپاندنی شارستانێتی ڕووناکیدا بە جهێ دێ، بۆهێ لەم قۆناخەدا تەنەها پێویستە کەمینەی شۆڕەشگێڕی شەقڵ بگرێ و، بەرامبەر بە کەمینەی ستەمکاری هەڵبستێ. فەرزە لە بارەی کاتەوە هیساب و کتابتان هەبێ، کات بە فیرۆدان کارێکی بێ هەقلانەی کووشندەیە. ڕەچاوی بکەن، لە ناوچوونی ڕۆژانەی بەشەرێت و، لە بەینچوونی گیاندارانی جووداجۆر و، کاولبوونی خاک و، پیسبوونی ئاو و هەوا بە شێوەی سەرسووڕهێنەر هەڵکشاون، بە جۆرێک گوزارشت لە قڕکردنی گشتەگیر دەکەن. هەرکەس لە بڵاوکردنەوەی نامووس کەمتەرخەمی بنوێنێ و، کات بە هەدەر بدات، ئەو کەسە بەرپرسیارە لە درەنگکەوتنی شۆڕەش و، لە بەردەوامێتی سیستەمی سەرمایەداری و هۆفێتی، هەموو ڕەزاڵەتی و خراپیەکانی ئەم درەنگکەوتنەش، بڕێک لە گووناهەکەی لە کۆڵ ئەودا دەبێ، بە دیوەکەی دیکەش بڵاوکردنەوەی نامووس دەبێتە خێری نەبڕاوە و دەچێتە تۆمارەوە، ئەو کەسەی باوەڕ دهێنێ، خێری هەموو

چاکەکردنێکی لە بۆ ئەو کەسەش دەچێ، کە بۆتە هۆی باوەڕهێنانی بە ناموس، بەبێ ئەوەی لە چاکەی چاکەکارەکە کەم بکات. ئەم کارکردە بە شێوەی زنجیرە بەردەوام دەبێ و، بە شێوەی نەسرەوتانە خێری هەیە. لە باری پێچەوانەشدا هەرکەس ببێتە مایەی بێ باوەڕکردنی خەڵکی، لە هەموو خراپەکردنێکی خەڵکەکە بەشی هەیە. کەس بێ خەم لێی دانەنیشێ، لە باوەڕداریدا گووتنەوە و لەبەرکردنی گاتاکان بە تەنەها بەس نین، کارە گرینگەکە ئەوەیە ئەم گاتایانە لە کەسێتی و کردارتاندا ڕەنگ بداتەوە. هەموو هەڵستنە سەرپێ و بجووڵێن، کۆڵان بە کۆڵان و، خانە بە خانە بگەڕێن، هەواڵی هاتنی فەریادڕەس بگەێنن و، ناموس دەستاودەست پێ بکەن. هەموو ڕۆژێکتان گەرم و بە گووڕ، وەکوو ئەوەی سبەینێ ڕاسانی زەمینی دەست پێ بکات، ئەوها بەڕێ بکەن. هەنگاوی گوورج بهاوێن، لە وێنەی هەنگاوی ئەو کەسەی دەرمانی پێیە و، دایکی دەردەداری لە سەرەمەرگە. چاوبگێڕن بە شوێن دیتنەوەی هێکدیدا، لە وێنەی ئەو دایکەی نۆبەرەکەی گوومە و بە دوویدا دەگەڕێ. گوێ بە هێکدی بدەن، لە وێنەی ئەو هەکیمەی گوێ بە نەخۆش دەدات. یارانی باوەڕدار، درەنگە خۆتان تاخیر مەکەن، ڕوو بە ڕووناکی وەرن.

## هێشووی 04

بڵندێتی چەمکی کوورد لە ڕابردوودا، هەستوونگی لە کاکڵی مهیریبوونەوە وەرگرتبوو، هەڵستانەوە و بڵندبوونەوەشی، لە پێڕستبوون بە مهیر بە دید دێ، دەنا وشەی کوورد بە ناوەڕۆکە بەتاڵ و، ڕووکەشەکەی هەنەوکەی، کەس بە سەر کەسدا بڵند ناکات. کووردبوون تەنەها لە مهیریبووندا بڵندە و، پایەی دایکێتی هەیە، ئەگەر سەرلەنوێ بە مهیریبوونەوەی کوورد بەرجەسدە نەبێ، خەڵکی ناودێر بە کوورد هەقی خۆگرێدانەوەیان نیهە بە ڕابردوویانەوە، چوونکی کووردان لە ڕابردووی نێزیکیاندا مهیرین، ئەوی لەمەوپاش مهیری نەبێ، پێناسی کووردی لە هێقە دەکەوێ و، دەبێتە کەسی بێ ڕیشە و ڕابردوو، هەنگێ تورکێک و هارەبێکی مهیری، پایەدارترن لە تاق و تاقمێکی بە توێکڵ کوورد و، بە کاکڵ هۆفی. با ڕوون بێ لاتان، کۆمەڵی کووردهەواری بە توێکڵی کوورد نابێتە پێشهەنگی جێهانێ، بەڵکوو بە کاکڵەکەی، کاکڵی کووردیش مهیرە، لەمەولاش هەرئەو کاکڵە دەچێتەوە ناو توێکڵەکەیەوە. ئەمڕۆ خەڵکانی ناودێر بە کوورد وەکوو هەموو خەڵکی جێهانێ هۆفین، ئەم هۆفیبوونەی کوورد بەرداتەپین دەکەوێ، ئەوجا زیندوو دەبنەوە. هەرکووردێک خۆی لە ناموس لارەمل بکات، زەلیل و نزمە، هاوکووفی هۆفیان دەکەوێتە هیساباتی شۆڕەشەوە. شۆڕەش بە واتای داتەپینی هۆف و، هەڵستانەوەی مهیرە، هیچ تاق و تاقمێک لەم

هاوکێشەیە بە دەر نیەھە، ئەوانی بە شێوەی هێشوو خۆیان لە ناو بەرەی نامووس ڕێک نەخەن، لە ڕیزی بێ ناموو‌سان هەژمارن، کاتێک مەشخەڵانی شۆڕەش لە سەرزەمین هەڵگیرسان، ئەو تاقمە بە ڕووکەش کووردانە وەکوو ڕامالّینی مشتێک پیسی و پۆخڵەوات ڕادەماڵدرێن. هەموو هێکێک لە سەرێتی خۆی لە خوار نامووس دابنێ، لە سەرێتی نامووس بە خۆری ڕووناکبوونەوەی بزانێ، چ تاق و تاقمێکتان ڕێپێدراو نین نیوە و ناتەواو لە بەرەی نامووس جهێ بگرن، ڕێپێدراونین پێشینەی هۆفیبوون تێکەڵ بە گاتاکان بکەن، ئەوی بهێتە بەرەی نامووس، دەبێ دەستبەرداری هەموو شتێکی پێشترێی بێ و، بە تەنەها دەست بە نامووسەوە بگرێ. زهینی خۆتان ڕوون بکەنەوە و، بە باشی بیخەنە سەرتانەوە، کاتێک دهێنە بەری نامووس، مەرجە پێشینەی خۆتان بە بنوبۆتکەوە بەجهێ هێشتبێ و، لە ژمارە هێکەوە دەست پێ بکەنەوە، هەرکەس و کۆمەڵێک ئەوهای نەکرد و، ویستی پێشینە و پاشینە تێکەڵ هێکدی بکات و، بە ناوی نامووس و مهیرییوونەوە بیخاتەڕوو، بە هۆفی بیبینن و سەرکۆنەی بکەن. نامووس و بەس نامووس، نە هیچ کتێوێک و نە هیچ ڕێبەرێکی پێشوو لە باس و خواسی بەرەی نامووس جهێیان نابێتەوە، هەموو ئەو دەستە و تاقمانەی بە ناوی کووردەوە ناودارن، جا هی پێشووبن و بەردەوامی بدەنە هەبوونیان، یان تازەکی بە هاردی دابهێن، سەرجەمیان لە دووڕیانی نامووس و بێ نامووسیدان، یان دێن خۆیان لە ڕووناکی نامووس هەڵدەکێشن و، لە ناو و ناوەڕۆکی پێشترێ خاڵی دەبنەوە، یان بەبێ نامووسی دەمێننەوە. مانەوەش بە بێ نامووسی، لە کووردەهەواری دایک ڕێپێدراو نابێ، تاقمی هۆفی لە پشتی هەرناوێک و هەربچمێکدا خۆیان مەلاس دابێ، پشتەملیان دەگیردرێ و، لە کووردەهەوار بە دەردەندرێن. لەمەوپاش کووردەهەوار پێودانگە، شۆڕەشی هەرجهێ لە جێهانی، بە شوێن پێی شۆڕەشی کووردەهەواریدا دەڕوات.

## هێشووی 05

بە دەرکەوتنی فەریادڕەس، شۆڕەشی زهینی و بەرەی نامووس شێوەی هاتوتێ، هاودەم هێکسەرە بەرەی بێ نامووسان لە دژی شۆڕەش پێک دێ و، هەموو ئەو هۆفیانەی هەتا ئەوڕۆ وهاتان دەزانی دژی هێکدین، لە ناو ئەو بەرەیەدا خڕدەبنەوە. هەنەوکە تاقمی جۆربەجۆری ناکۆک بە هێکن، هەنگینێ ناکۆکیهەکان تێدەپەڕێنن و، هێکگرتوو دەردەکەون، بە تایبەتی کاتێک شۆڕەش دەکەوێتە سەروبەندی وەرچەرخان و، لە باری زهینیەوە دەپەڕێتەوە باری زەمینی و، سیستەمی ستەمکار هەڵدەتەکێنێ، ئەوکاتە تاقمەکانی هۆفی وەکوو ماری هاشق و ماشووق لە هێکدی دهاڵێن. ئەوە هێزی نامووس خۆێتی، وها لە نەیاران دەکات ببنە قۆمەتێک و، بە هێکڕا خڕببنەوە،

هەروەکوو لە هەڵکردنی زریان و ڕەشەبادا، هەموو بە هێکەوە خۆیان لە کوونی ماڵێ دەکووتن، یان لە زەمینلەرزەدا هەمووان بە هێکەوە لە ماڵێ دەردەپەڕن و دەچنە دەرێ. لە ڕاستیدا هیچ هێزێکی هۆفی بەرامبەر بە نامووس کارێکی لە دەست ناهێ، نامووس بە خوودێتی هووداوە گرێدراوە، هەموویان شەق و شڕ دەکات. نامووس خاس و خراپ، خێر و شەڕ لە هێک جوودا دەکاتەوە، بەرەی نامووس بەرەی ڕووناکی و ڕەنگە، بەرەی بێ ناموسان بەرەی ڕەش و تاریکیهە. ڕووداوەکە وەکوو هەڵهاتنی خۆرهەتاوە، لە پاش شەوگاری توولکێش و هەنگووستەچاودا، لە دەستپێکدا شەفەقێک دەردەکەوێ، ئەوجا دەبێتە گزنگ و، پێ بە پێی گوزەری کات ڕووناکی بە هەموولادا بڵاودەبێتەوە. لە سەرەتادا بەرەی بێ نامووسان، بە ڕووکەش گەورە و هێزدار دەردەکەون، تووڕە و توووند دەنگ هەڵدەبڕن، بەڵام لە ناوەڕۆکدا پووچ و شپرزەن، دوو دڵ و ڕاڕا بەرهەڵستی دەکەن، چوونکی دەنگێک لە ناوەوەڕا ئاگاهیان دەداتێ، پێیان دەڵێ: "دژاتی نامووس مەکەن، بەم کارەتان خۆتان بەدبەخت دەکەن." ئەو دەنگەی لە ناوەوەڕا بەرزدەبێتەوە دەنگی دڵە. دڵ شەپۆڵ دەنێرێتە دەرێ و شەپۆڵ وەردەگرێتەوە، زانینی ڕاست و بێخەوش، شەپۆڵەکانی دڵ دەیهێنن، ئەمجا دڵ هەواڵەی دەماخیان دەکات. کاتێک دڵ و دەماخ ناکۆک دەبن، دۆخی ڕاڕا لە ناو کاسەی سەردا بە گۆڕێ دەکەوێ. ڕای ڕاستیەقین ڕای مهیرە، هەرکەس لە دژی مهیر ڕابوەستێ، خۆی قووڕ بە سەر دەکات و، پاشەڕۆژی تاریک و تەنگ دەبێ. لەمەوپاش هیچ شتێک وەکوو پێشوو نیهە، چوونکی من لێرە هەم، لە سەر زەوی. خەڵکینە هەستم پێ بکەن هەتاوەکوو هێزتان بدەمێ دەستی ستەم ببەستن، هەتاوەکوو دەستی دۆستاتی بخەمە دەستتانەوە. ئەوی من بە یار بگرێ هێزی دەدەمێ، ئەوی بە نەیار بمبینێ هێزی لە خاڵی دەکەمەوە. با یار و نەیار بیزانن، هێز نیهە لە دوونیاهێ بەر بە نامووس بگرێ، هێزی لە بن نەهاتووی گەردوونێ وا لە پشتی نامووس وەستاوە، هەرکەس بیهەوێ دژ بە نامووس ڕابوەستێ، من بە شێوەی شەپۆڵ دەچمە ناو سەری و، ڕووبەڕووی ترس و تۆقینی دەکەمەوە، هێزی لە بەر دەبڕم و، لە پەلوپۆی دەخەم. لە هەرجهێ بەرەی بێ نامووس ڕەوتی بدرێتێ، ڕەوتێکی نەفس کوورت و بێ بەرهەمە، هەرکە بەرەی نامووس تەکانی خوارد و شەپۆلی دا، ئەوان وەکوو پووشی سەرئاو پەرش و بڵاوی کەنار دەبن. هەمیشە لە بیرتان بێ، هوودای مهیربان لە ناو بەرەی نامووس و، لە ناو دڵ و دەماخی هەموو کەسێکی پێرست بە مهیرە، لە کاتێکدا بێ ناموسان کەسانی هۆفی و لە هوودا تەریکن، لەبەرهەندێ لاواز و ڕوو بە هەرەسن، هەرەسهێنانێک هەروەکوو ئەو لاپاڵانەی بە هۆی بەفر و بارانەوە هەرەس دهێنن. باوەڕداران! سەری فەریادڕەس خۆری مهیرە، ئەو ڕۆژەی لە دامێنی مریەمی دایکیدا ڕووی بە دەرکەوت، ڕووناکاهی هوودا لە خۆرمیانێ شەوقی دا، هەر ئەو ڕۆژەش لە سەرانسەری جێهانێ، کۆتاهی هاتنی چەرخی هۆفی بە سەرەتا هات. ئەوەتانێ کووڕی

مەریەمێ وا لە مابەینتان، بڕۆن بەبێ سلەمینەوە بانگەوازی مهیر بکەن، بێژنگ ڕاهەژێنن، بهێڵن با گەنم و زیوان لە هێکدی جوودابینەوە، گۆزە بە بەردێکەوە هەڵپەسێرن، بهێڵن با ئاوەکە بنبداتەوە، لە کۆتاهیدا زیوان مشتێکە و ئەویدی گەنمی بە پێزە، خڵتاو چۆڕێکە و ئەویدی ئاوی سازگارە.

هێشووی 06

فەرزە ژن و پیاوی باوەڕدار، لە ناو هەڵقەکانی بەرەی نامووس جهێ بگرن و، پابەند بە گاتاکانی فەریادڕەس هەڵسوکەوت بکەن. لە دەرەوەی ئەم کاکڵە، نە ژن ژنە و نە پیاو پیاوە، بوونەوەرانێکی ڕووکەشین و، چ تاقێکیان بە کاکڵ نین. ژن بە تایبەتمەند هەستەوەرە، بێشک کاتێک پێی دە:گووتدرێ هەتۆ مێبوونی خۆت ناناسی، ئەم گۆزارە دەیهێشێنێ. سەرنجی بدەنێ، دەکتۆر کە برین تیمار دەکات، لە پێشدا برینەکە خاوێن دەکاتەوە، دەشزانێ خاوێنکردنەوەکە بە توندی بریندارەکە دهێشێنێ. من کە برینی ڕەگەزی دایک پاک دەکەمەوە، پێش پاککردنەوەکە زانیومە چ هێشێکی هەیە، پێویستە مێینەکانیش بەرگەی ئەو هێش و ئازارە بگرن، هەروەکوو چلۆن ئازاری زاین و منداڵبوون دەرباز دەکەن، چوونکە ئەمە لە دایکبوون و بە دوونیاهاتنێکە، قووڵتر لەوەی دایک بە خۆوەی دەبینێ. لە دەرەوەی نامووس، نە کاکڵی ژن لە گۆڕێیە، نە بزاوتی ژن، ئەو ڕێکخستن و بزاوتانەی لە سەر ناوی ژنانەوە بە مەیدانێ کەوتوون، لە سێ شەقڵ خۆیان دیتۆتەوە، هەرسێکیشیان لەگەڵ تایبەتمەندی ڕەگەزی دایک ناکۆکن. شەقڵێکیان پاشکۆی پیاون و، خۆبەدەستەوەدان بەرجەسدە دەکەن، شەقڵێکی دیکەیان ملهووڕن و دەکڕووزێنەوە، شەقڵێکیش تووڕەن و، توونددوتیژی دەروونی و دەماخی بەرهەم دهێنن، لە کاتێکدا نە پاشکۆبوون و خۆبەدەستەوەدان، نە کڕووزانەوە و توونددوتیژی لە خەسڵەت و تایبەتمەندیەکانی ڕەگەزی دایک نین. پێشترێ هەرکەس و کۆمەڵێک بە ناوی ژانانەوە هاتنە گۆڕەپانێ و زمانیان گەڕا، دەرهەقی ژن مایەی شەڕبوون، قەت چ خێرێکیان نەدایەوە، لەبەرئەوەی مێ و نێر بە پێودانگی لەش کەوتنە هیسابات، "گووندار" بە نێر و "بێ گوون" بە مێ خووندرانەوە، بەبێ ئەوەی هێک تاقە تایبەتمەندێتی ڕەگەزی لە باری زهینی و دەروونیدا جهێی بدرێتێ، بۆهێ هەمووان بە هەڵەدا چوون، بە هۆی پێودانگەکەوە هیچ لێگەڕینێکی ناسینی ڕەگەزی بە ڕاست نەگەڕا. لێرەدا بەری خۆتانی بدەنێ و، وێنەکە بە ڕوونی ببینن، هیزری نێرێتی و هۆڤێتی چۆتە ناو سەری ژنان و، هیزری مێهێتی و مهیرێتی وەدەرنراوە، پاشانەکە ئەو هیزرە نێرینەیە لە کردەدا بەرجەسدە بۆتەوە، کردەکەش بە کردەی ژن ناسدراوە، بەبێ ئەوەی لە ڕسک و ڕەسەنیدا کردەی ژن بێ. ژنبوون ئەو هەبوونە ڕووکەشی و

بەشەکیەی مەیدانێ نیهە، ئەگەر ژن لە بنیادی دەماخ و دەروونیدا، بە شێوەی ژنی ڕاستیەقین بەرجەسدە نەبووبێتەوە، قەت بە پچڕآندنی کۆتی دەست و پێی، نابێتە ژنێکی سەربەست و سەروەر، بەڵکوو دەبێتە بوونەوەرێکی نێرکرداری بە ڕووکەش ژن، دەبێتە شاگردێکی بیری هۆفێتی، دەبێتە بوورخووێکی مەکینەی سەرمایەداری و، لە سووچی مەیدانێکی کۆمەڵی چیناتیدا جهێ دەگرێ. ڕاستینەی ڕەگەزی دایک قڵپ بۆتەوە، بە کەسیش ڕاست نەبووەوە، لە پشت ڕاستبوونەوەی لەمەولایدا، قوودرەتی هوودای مهیربان هەیە، جا پابەندی و پێزانین بە مهیربانی، فەرزە بە سەر هەموو باوەڕدارێکدا. خەڵکینە! چاک لێی تێبگەن و چاک بیخەنە سەری خۆتانەوە، هوودای مهیربان نە پێویستی بە پێزانینی بەشەر هەیە، نە پێزانینی هیچ گیاندارێک، بەڵکوو ئەو پێزانینە لە بۆ ئێوەی گیانداران خۆتان پێویستە و، لە سەر ڕاستەڕێ دەتانهێڵێتەوە. ئەگەر نوێژ دەکەن لە بۆ خۆتانی دەکەن، ئەگەر ڕۆژوو دەگرن لە بۆ خۆتانی دەگرن، هوودا پێویستی بە چ تاقیان نیهە. پێش دووانزدە هەزار ساڵ، دایکانی کووردهەواری لە واتای شووکرانە و پێزانیندا، نوێژ و ڕۆژووگرتنیان داهێناون، دەلوێ لەمەولاش بە هەمان واتای پێزانین و، بە مەبەستی بەرزەفتکردنی نەفس، دەوامیان بدەنێ. لەوەش تێبگەن بە ڕووکردنە خۆر، یان پشت تێکردنی، زیاد و کەمکردنێک بە سەر خۆرهەتاو داناهێ، بە ناستینی هوودا، یان نەناسینی، هیچ لە هوودای مهیربان ناگۆڕێ، بەڵکوو ئەوەی دەگۆڕێ ئێستا و ئایندەی خۆتانە، خۆتان و قەڵەمتان، یان نەقشی بهێشت دەکێشن، یان هی دۆلزاخ.

## هێشووی 07

هەی ژن دڵی خۆتم بدێ دەبیە دڵخۆش، زهینی خۆتم بدێ دەبیە مهیربان، ڕووی خۆتم بدێ دەبیە ڕووناک و دەدرەوشێیتەوە. ئێستاکێت هەم لە واتای ژنێتی و، هەم لە واتای دایکێتیدا، ڕەوەز و ڕووتەڵەیە، سەرمایەداری و نێرناوەندی، سەر و لەشی لێ ستاندوویت و، کردوویتی بە گۆزەی بێ ئاو و بۆش، بە چرای بێ ڕۆن و خامۆش، بە جەسدەی سارد و کەلەی بێ هۆش! وا ناماووس هێزی ئەوتۆی پێداوی، هەڵستە بەرامبەر بە خۆت ڕبپەڕە و، شۆڕەش بە سەر خۆتدا بکە. هەتۆ لە هەقڵ و جوانیدا بێ پەرواى، ئەوە سەرمایەداری وهای لێکردووی، متمانەت بە هەقڵ و، باوەڕت بە شۆخ و شەنگیت نەبێ، ئەوجا لەم کەڵێن و درزی باوەڕبەخۆنەبوونەوە، هاتۆتە ناوت و، دەستی بە سەردا گرتووی. هەی ژن، بە ڕاستی سرووشتیبوونت لە دەستداوە، ڕەنگبێ خۆت نەبینی، کە چلۆنێک و بە چ هەندازێک بەربوویتە خۆت و، بە دووی جوانکردنی ڕووخسار و لەشولارتەوە ڕاکە ڕاکتە، خۆت دەخەیتە بەرنەشتەری

شەقکردنێ و، بەردەرمانی ڕەنگاندنێ، لە خۆت ناگەڕێی و، جل بە دووی جلدا دەگۆڕی، هێشتاش هەردڵت داناکەوێ، هەتۆ دۆڕاوی و، لە خۆت خافڵ و بێ خەبەری، هەتۆ خۆت نی، بووکەڵەیت و مۆدەی ڕۆژگار دەتهێنێ و دەتبات، نەڵێی من خۆمم! سەیرێکی خۆت بکە، تاقە تایبەتبوونێکت بە بەرەوە نەماوە، لە چ شتێکدا خۆتی؟ هەتۆ وقتهێک خۆتی، کە بەڕاستی خۆت بی و، نەچیتە ژێرباری خۆخستە سەر شێوەی ئەوانیدی، وقتهێک خۆتی، کە تایبەتبوونی خۆتت خۆشبوێ و بیپارێزی. ئەگەر پێتخۆشە لە ڕەنگ و ڕوودا جوانتر دەربکەوی، دەرکەوە، بەو شەرتەی ڕووت لە دەرمانی سرووشتی و، دەستکردی خۆتانی وەرنێی. پێش هەرشتێکیش، دەماخ و دەروونت بە مهیر برازێنەوە، هەنگێ دەبینی چ ڕەنگ و ڕووهێکت هەیە، تەنانەت خۆت سەرسامی خۆت دەبیتەوە، چوونکی بە مهیریبوونت خوولانەوەی ناو پێکهاتەی خانەکانی دەموچاوت دەگاتە پلەی هاوسەنگی، بەمەش دەدرەوشێیتەوە. لە ناختەوە مێ بە، بهێڵە با زەردەخەنەی ڕیشەدار، لە ناختەوە بهێتە دەرێ و بە سەر ڕووخسارتدا بڵاوبێتەوە، ئەوکاتی خۆت ببینە، بزانە چەندێک قەشەنگیت، دڵنیایت دەدەمێ، ڕەنگ و دەرمانی هەموو دوونیا خڕکەیتەوە، ناگەیتە هەندازەی ئەو جوانی و شیرینبوونەی، کە زەردەخەنەی لێو و تریسکەی چاوان دەتداتێ. هەی ژن، لەو هەستی خۆ بە کەم دیتنەی تێی کەوتووی، وەرە دەرێ، باوەڕبەخۆبوونت لە پەیوەندی بە هۆش و هەستت، لە پەیوەندی بە پت بە پتی لەشت، بەرزکەوە و بیگەهێنە ترۆپک. ئەگەر دەتهەوێ بەڕاستی ژن بی، دەبێ لە هەڵسوکەوتت لەگەڵ خۆت و ئەوانیدی پێڕست بە مهیربیت. ژنێک مهیری بێ ژنانە دەجوولێتەوە، دوڵبەرە دڵدار نیەە، هۆشبەرە بەدهۆش نیەە، ناوەندە کەنار نیەە. ژنی مهیری لە خۆڕسکێتیدا مهیربان و بەخشندەیە، وەلێ بە قسدی ڕازیکردنی پیاو هەنگاو هەڵنانێ، چوونکی لە پێڕستی مهیردا، ئەوە پیاوە کە لە سەرێتی هەوڵی دڵڕازیکردنی ژن بدات، بیلاوێنێتەوە و نازی بداتێ. زهین بدەنە زاری کووردهەواری و، قووڵاهی واتاکان دەرک پێ بکەن."ناز و بەناز و نازێ، نازەنین و نازناز و نازدار،" هەرشەشی ناوی مێینەن، مێ هەقێتی نازنازی بکات و، پیاو ئەرکێتی نازیان بکێشێ. ژن هەقێتی سەرسامی لەشی خۆی و، هەیرانی مێینەبوون بێ، پیاو ئەرکێتی بایەخی بداتێ و، بە بڵندی ببینێ. پێناسەی باوەڕبەخۆبوون و، باوەڕبوون بە ژنێتی و دایکێتی، لە جوولەی مەمکەکانتاندا بخەنەڕوو. هێندە مەمکەکان مەخەنە کیسەوە، بهێڵن با بلەرنەوە و سەلامەت بمێننەوە، ئەو جوانی و جەزبەی لە لەرینەوەی مەمکەکان دایە، زۆر زێیدەترە لە قیت دەرکەوتنیان. بیرتان دهێنمەوە، دیلگرتنی مەمکەکان هۆکارێکە مەرگی پێشوقهت بە سەر مێدا دهێنێ، خۆتانی لێ ڕزگارکەن و نیشانی بدەن باوەڕبەخۆبوونتان تێروتەواوە. لە خۆتان وها نەبێ، ئەوە گرینگ نیەە، لە مێشکی خۆتاندا مەڵێن، جا ئەوە چیەە، ئەو ژنەی نەتوانێ مەمکەکانی ئازاد بکات، هەردیلە، نەیتوانیوە بگاتە باوەڕبەخۆبوون و ئازادی.

شۆڕەشی زهینی لە کووردهەوار قەتیس مەکەن، لە بارێکی ئەوهادا هەوارەکە وەکوو گۆمێکی مەنگ و وەستاو شێوەی دهێتێ، پاشانەکەش قەوزە دەکات و، ئاوە ڕوونەکە سازگاری خۆی لە دەست دەدات. بەری لێ بکەنەوە، با ڕاسانی زهینی ڕوو بە هەموو جهێ لە جێهانێ جۆگەلە ببەستێ. هێکسەرە نامووس بخەنە سەر زاری کرمانج، زازاک و فارس، بیخەنە سەر زاری تورکان، هارەبان، ئەنگلیز و ئەوانی دی. لە بیرتان بێ، هەتاوەکوو زۆرتر و زووتر ناموس بەربلاو بکەن، پتر خێرتان دەگاتێ، چەندێک هۆفی بەرەو مهیر بهێنن، هێندە چاکەی بێسرەوت دەچێتە تۆمارتانەوە. کووردهەوار دایکە، دایک ئەرکێتی منداڵەکانی لە تاریکی دەربهێنێ و، بیانخاتە سەر ڕێی ڕاستیەقین. فەرموون بە دەوری دایکێتی هەڵستن، وەکوو دایک شیردەداتە کۆرپەکانی، ناموس بدەنە قۆمەتانی بەشەری و، کاکڵی زیندوویێتی و زیندەگی ببەخشن. جارێ لە زمانی زگماک گەڕێن، واتای گاتاکان بگۆزنەوە، با سەری خەڵکی ڕاست بێنەوە، کەنگێ وقهتی هات من بە شێوەپێدانی "قامووس" زمانی زگماک ڕاست دەکەمەوە. هەرگیرفانێک کە پڕە، با هەڵیبڕێژێ و، بە هۆیەوە پەڕاوی ناموس بباتە سەر ئامێری چاپ و لێی لەبەربگرێتەوە، کارێک بکەن ناموس بگاتە هەموو ماڵێک، بگاتە هەموو دایکێک. ناموس بە واتای گیانە لە بۆ لەش، نەهێڵن ببێتە کاڵای مامەڵەپێوەکردنێ، چاپی بکەن و ببەخشن، ئەوجۆرەی هەتاو گەرمی و ڕۆشناهی دەبەخشێ. شۆڕەشی هیزری لە کرۆکدا، تێکۆشانی بەربلاوکردنی ناموس و ناساندنێتی بە خەڵکی، ئەم تێکۆشانە دەوری ناوک دەبینێ لە سەرکەوتنی شۆڕەشی زەمینی، لە هەڵوەشاندنەوەی دەسهەڵاتی هۆفێتی و، شێوەپێدانەوەی شارستانێتی دایکدا. کارە گەورەکە لێرەکانەوە، لەم بڵاوکردنەوەیە دەست پێ دەکات. بڵاوکردنەوە و بەس، چوونکە ناموس خۆبەخۆ پەڕجووە، هێزێکی سەرسووڕهێنەری وهای تێیدایە هەرهێکێک قووڵ بیخوونێتەوە و لێی تێ بگات، دەمودەست وەردەچەرخێ و، سەر لە نوێ لە دایک دەبێتەوە. شکی تێیدا نیهە بە هۆی جوودایەزی ئاستی دەرک و تێگهیشتن، هەندازەی وەرچەرخانەکە فەرق دەکات لە کەسێکەوە لە بۆ کەسێکی دی، کەسانێک هەن بە هاسانی ڕاستیەقین دەناسن و باوەڕی پێ دهێنن، کەسانێکیش هەن دەکەونە دڵەڕاوکێ و، لە چەسپاوبووندا کاتی زۆرتریان دەوێ. نە پۆڵی هێکەم مایەی شاگەشکەن و، نە پۆڵی دووهەم مایەی واقووڕمان، بابەتەکە وەکوو گەنم و جۆ لێک بدەنەوە، هەردوو دانەوێڵەکە لە هێک کاتدا دەچێندرێن، وەلێ جۆ زووتر لە گەنم کاتی دەروونەی دێ و، خۆی بە دەستەوە دەدات. بە قیاسی هەقڵ دەست دەنە بڵاوکردنەوە و، کەڵک لە کەناڵی جووداجۆر وەرگرن. لە کارەکەدا گوورج و چاپووک بن، نەک بە هەڵەشە و هەڵپەکردن خۆتان و تێکۆشانەکە شپرزە بکەن. بڕۆننێ، لێزمە باران توند

و خێرا دادەكات، ئاوەكە لە سەر زەوی جۆگەلە دەبەستێ و دەڕوات، بەڵام نمەباران نەرم نەرم دەبارێ و، بە زەویدا دەچێتە خوارێ. باش وهایە بە هێمنی و بەبێ سرەوتن تێبكۆشن و، بە پلان هەنگاو بهاوێن. لە دایک فێربن، ئەو جۆرەی دایک کۆرپە گەورە دەكات، ئەوها شۆڕەش بەخێو بكەن. دایک دەزانێ كەینێ مەمكی دەداتە كۆرپەكەی، كەنگێ لایلایەی لە بۆ دەكات و دەینوێنێ، كەنگێش دەسرازەكەی دەكاتەوە و، لە لانک دەری دەهێنێ. لە بڵاوكردنەوەی دەست بە دەستدا، هەڵقەی دوور و هەڵقەی نێزیک ڕەچاو بكەن، لە هەڵقەی دووردا، كارێک بكەن هەلومەرجی چیناتی بە سەر خۆیدا قڵپ بێتەوە، كارەكە هاسانە و ئەنجامی خێرا و كاریگەر بە دووی خۆیدا دەهێنێ. لە ناو هەلومەرجی چیناتیدا، كەسانێک لە ڕووی ناووبانگ و سامانەوە، بە سەر خەڵكیدا باڵان، هەركێهێک دەستی دەیانگاتێ، با نامووسیان بگەهێنێتێ، بەشكووم زوو باوەڕ بهێنن، چوونكە باوەڕهێنانی هەرهێكەیان، چەند هەنگاو شۆڕەش دەباتە پێشی و، لە كاتێكی زووتردا، ئەنجامی باشتر دەستەبەر دەكەن. سامانداركە ژمارەی زۆر لە نامووس چاپ دەكاتەوە و دەیگەهێنێتە دەستی خەڵكی، ناودارەكەش هەواداری هەیە و كاتێک مهیرێبوونی خۆی ڕادەگەهێنێ، خەڵكانی زۆر بە دووی دەكەون. لە هەڵقەی نێزیكیشدا، با هەموو هێكێک لە ناو كەسوكاری و، دۆستانی خۆیەوە دەستی بداتێ. پەڕاوی نامووس باشترینی باشیەكانە، خۆشترینی خۆشیەكانە، پاكترینی پاكیەكانە، هەركێ كەسوكارەكەی لێ بێبەش بكات، گووناهی دەگاتێ. ڕاست و ڕوون لە گاتاكان تێبگەن و، بیانچەسپێنن بە سەری خۆتاندا، لە جۆش و خرۆشاندا سەرتان لێ تێک نەچێ، بازنەی مهیر لە بۆ هەمووان هێک بازنەیە، كەسی بە ناووبانگ و كەسی نەناسدراو لە پایەی دینی و پایەی كۆمەڵاتیدا، هەردووک هاوپایەن، هیچ كەسێک بە هۆی ناووبانگیەوە، یان بە خەرجكردنی سامانیەوە ناچێتە سەرووی كەسانی دی. ئەوی ناووبانگەكەی، یان سامانەكەی لە ڕێی مهیردا تەرخان دەدات، ئەركی خۆی بە جهێ دەهێنێ، هەقی نادرێتی منەت بە سەر كەسانی دیكەدا بكات، یان خۆی گەورەتر ببینێ، هەر لە بنەڕەتیشدا منەتكردن و خۆ گەورە بینین خەسڵەتی هۆفیانەن، ئەگەر هەركەس لێی بوەشێتەوە، لە سەرێتی خۆی سەركۆنەی خۆی بكات و، نەهێڵێ ئەو جۆرە خەسڵەتانەی تێیدا دەربكەوێ. ئەوی نامووس بڵاو دەكاتەوە و، خەڵكی بەرەو مهیر دەهێنێ، خێر و چاكەی گەورە دەخاتە تۆماری خۆیەوە و، دوو پاداشتی هەیە، هێكەمەكە ئەوەیە دەستبەجێ دەگاتە دڵارامی و شادبوونی دەروون، دووهەمەكەش گەهیشتنە بە چاكەی نەسرەوت و بێ بڕانەوە، چوونكی ئەو كەسەی بووە بە مهیری، لە هەموو چاكەكردنێكدا چاكەش دەچێتە تۆماری ئەو كەسەی كە بەرەو مهیر هێناوتی، بەبێ ئەوەی لە چاكەی خۆی كەم بكات. هەموو هێكێک لە پێڕستی مهیردا شكۆدارە، بەبێ ئەوەی شكۆمەندێتی هێكێک لە هی هێكێكی دی زیادتر بێ. كەس بە تەمای پایەداری بە سەر كەسەوە نەبێ، سەری خۆتان لەم پۆخڵەواتە خاوێنكەنەوە. من

نەهاتووم ڕووکەشەکان بگۆڕم، بەڵکوو بنەڕەت، هەموو شتێک لە بنەڕەتەوە شێوە پێ دەدەمەوە، لەمەوپاش پلەبەندێتی و چیناتی هەڵدەوەشێتەوە، هاوکووفی و هاوپایەبوون بە زەوی دادێ.

## هێشووی 09

ئەو خەڵکانەی دوونێکە، بە قووڵی لە زوورف ناهوومێدبوون، ئەوڕۆکە نامووس دەیانگهێنێتە ترۆپکی هیوا و، کرۆکی زیندەگی. لە هەلومەرجی چیناتیدا، بە گەلێک شێوە ناهوومێدی بەرهەم دێ، لە ناو قووڵبوونەوەی ناهوومێدیشدا، خەڵکانێک بە خنکان دەچن. لە بار و زوورفی چیناتیدا، خەڵکی ناچارن چنگ بخەنە بینی هێکدی، ناچارن هوومێدی ساختە دروست بکەن و، خۆیانی پێدا هەڵبواسن، بەڵام ئەوە قووتاریان ناکات، ئەگەری کەوتن و خنکان لە بەردەرکی هەموو ماڵێک هەڵقوونجاوە، ئەوی پێشترێ پێی لێ نەخلیسکابێ، پاشترێ پێی لێ دەخلیسکێ، نە سەرمایە و دەسهەڵات، نە ناووبانگ چ کەس نەجات نادەن، ئاوڕێک لە پشتەوە بدەنەوە و، هەشیمەتی ئەو کەسانە ببینن، کە ساماندار و دەسهەڵاتداربوون، یان بە ناووبانگ بوون، چلۆن هەموو لە بەین چوون، هەندێک کووشت دران، هەندێک خۆیان کووشت، هەندێکیش ناهوومێدی لێیان بوو بە شەپڵەی دڵ و دەماخ، لێی دان و هەیاتی لی بڕین. ناهوومێدی هەم خۆکووشتن بەرهەم دهێنێ، هەم کووشتنی ئەوانیدی، یان لە ناخەوە دەبێتە دەرد و، بە جۆرێکی دی مەرگی ناوقهت دهێنێتە گۆڕێ. ناهوومێدان تەنەها ئەوانە نین، کە دەست لە خۆیان دەوەشێنن، لە زۆربارردا دەستوەشاندن لە کەسانی دیکەش، پەیوەندی بە ناهوومێدبوونەوە هەیە، ئەگەر دەرهاوێشتەکە نەشگاتە بەرجەسدەبوونی کووشتن و دەستوەشاندن، بە چەندان شێوەی دی دەردەکەوێ، هەرهێکەش لەو شێوانە، لە سەر دەروون و دەماخ و، لە سەر پەیوەندیە کۆمەڵاتیەکان کووشندەن. ناهوومێدیە تاکە کەسیەکان، لە پەیوەندی بە زوورفی تاکەکەس هەڵدەبۆقێن و، لە بازنەی کەسەکە و دەوروبەرەکەیدا، شوێن دەست بە جهێ دهێڵن، بەڵام ناهوومێدبوونی بە کۆمەڵ، دەرهاوێشتەکانی هەمەلایەن و گشتەگیرن، بێجگە لەوەی خۆکووشتن و، هێکدی کووشتن و، دەردەکانی دڵ و دەماخ و، دەردی دارزینی پێکهاتەی لەش بەربڵاودەکەن، هاوکات داڕووخانێکی گشتەگیری دەروونی و کۆمەڵاتی بە دووی خۆیاندا دهێنن. کاتێک ئابووری و ئاسایشی کۆمەڵ پێ دەنێنە ناو قۆناخی بێ سەروبەری و، خەڵکی سەبارەت بە نان و سەلامەتی، دڵنیاهی لە دەست دەدەن، هێزێکیش شک نابەن زوورفەکە وەربچەرخێنێ، ئەوکاتە بە کۆمەڵ ناهوومێد دەبن. ناهوومێدان خەڵکانێکن ناتوانن بە شتە نیوە و ناتەواوەکان، بە کەس و کۆمەڵە

سەخیفەکان خۆیان قایل بکەن، دەشزانن خۆ هەڵواسین بە هیوا ساختە و پووچەکان، لەو دۆخەی تێی کەوتوون دەربازیان ناکات، لەبەرهەندێ خۆیان بە دەست ناهوومێدیەوە دەدەن. ناهوومێدانی بە هەست و هۆش، هەزار پێ لە پێش ئەو کەسانەوەن، کە لە سەر بۆش و بە تاڵ هوومێدەوارن، چوونکوو هوومێد و ناهوومێدی، بناخ و بنەڕەتی دەوێ. بەشەر کاتێک لە هەوڵی هاوڕەچەڵەکی خۆی بێهوا دەبێ، ڕوو دەکاتە هاسمانێ و، چاوی لە ڕەهمەتی هوودایە، بەشکووم هوودا دەرووی خێروخۆشی لێ بکاتەوە و، لە تەنگانە نەجاتی بدات. هۆ ناهوومێدان، سەرهەڵبڕن و ڕەهمەتی هوودای مهیربان ببینن، نامووس ڕەهمەت و بەخشینێکە لە هوودای مهیربانەوە، زهینکردی بەشەر نیهە، زهینەتی هوودای دایکە، کووڕی دایک بە شێوەی پەیامی نوسدراو دەتاندانێ. نامووس ئاوی هەیات و، ڕێزانی رێ و، هەستوونگی هەڵستانەوەیە، دەردی ناهوومێدی و نامۆبوون دەرمان دەکات، فەرهانی دهێنێتە گۆرێ، وزەی هەرەگەورەی بەرجەسدەیە، لە واتای قووڵدا، نامووس قوودرەتی خۆرهەتاوی هەیە و، سەرانسەری جێهانێ ڕووناک دەکاتەوە. لەمڕۆوە ناهوومێدی بوو بە ڕابردوو، نامووس هیوای داونەتێ و، هیواش هێزێکە بنی ناهێ. گەورەترین هێزی بەشەری، هێزی ناو سەرێتی، هەموو ئەو هێزانەی لە دەرەوە هەن، سەرچاوە لەو هێزەی ناوەوە دەگرن، هێکێک لە ڕەگەزە بنەڕەتیەکانی ئەو هێزە ناوەکیەش هیوایە. لەمەوپاش ژنان و پیاوان، بەو پەڕی هێزی بیروباوەڕەوە، شۆڕەش ڕادەپەڕێنن، هێزی سەرزەمین بە سەر چاوە لە هێزی سەریانەوە دێ، نامووس دەچێتە ناو سەران و، دەبێتە هیوا و هێزی بێ پەروا، دەبێتە قوودرەتی هۆف هەڵتەکێن. لەمەوپاش هەرکەس لە سەری خۆیەوە هێز وەردەگرێ، چوونکە سەری هەرکەس لە پێڕستبوون بە مهیردا، گرێدراوی نەزمی گەردوونی دەبێ و، دادی گەردوون بە هۆی شەپۆڵەکانەوە پشتیوانی لە سەر خستنی دەکات. هۆ باوەڕداران، نامووس هیوای هاوبەشتانە، خۆتان بە هێکدی و بە نامووس پەیوەست بکەن، ڕۆژانە بیڵێنەوە و بیکەن بە قسەی سەرسفرەی ماڵان و ناوکۆڵانێ، کە "بارودۆخ تەنەها بە نامووس دەگۆڕێ." بە زارەوزارپێکردنی ئەم گۆزارە، خێروخۆشی بە خۆتان و بە ئەوانیدی ببەخشن. هیچ تاق و تاقمێک نیهە قوودرەتی بەرپێگرتنی نەزمی گەردوونی هەبێ، شەپۆڵەکانی گەردوون لە پشتی ئێوەن، پەیمانتان دەدەمێ، لەگەڵ هێکەمین هەنگاوتاندا، سەرکەوتن نێزیکە، هووکمە شۆڕەش سەردەکەوێ. ئەو دەکتورەی دەرد بناسێ، دەشتوانێ دەرمانی دەردەکە بگرێتەوە. دەکتۆری ئێوە ها لە مەیدانێ، هەم دەردی دیاری کردوون، هەم دەرمانی هێناوە، گوێڕایەڵ بن و، چارەسەرەکە بە چاکی و بەبێ کەموکوورتی بە کاربهێنن، هەنگێ زۆری پێ ناچێ، چاک دەبنەوە و لەزەتی سەلامەتی و خۆشگوزەرانی دەکەن، لەزەتی بهێشتێکیش وا لە پاشەڕۆژتاندا، کە تەنەها بە نامووس دەیگەنێ.

شۆڕەشی زهینی بە ڕێکخستن بکەن و، هەڵقەی شەش کەسی و نۆ کەسی پێک بهێنن، با هەرهەڵقەهێک لەگەڵ هەڵقەی دیکەدا هاوبەندی بکات، بە سەرجەم وەکوو هێشووە ترێ شێوە بگرن. بە پارێزەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ گوزەری کاتدا بکەن، هەفتانە خڕبنەوە پاڵ هێکدی و، لە گاتاکانی نامووس قووڵ بنەوە. خووندنەوەی نامووس بە تەنەها بەس نیهە، پێویستە بە قووڵی لێی تێبگەن و، لە کردار و کەسێتی خۆتاندا بەرجەسدەی بکەن. لەم کارە و لە هەموو کاروبارێکدا، بە پێودانگی "چەند هەقڵ لە هەقڵێک باشترە،" بجوولێنەوە. خڕبوونەوەی ناو هەڵقەکان، کۆبوونەوەی چەند لەش نیهە، بەڵکوو هێکێتی هەقڵە لە نێوان چەند هەقڵێکدا، بەمەش دەتوانن دروست و دڵنیا لە واتای گاتاکان نێزیک ببنەوە و، ناڕوونی و خراپ تێگهیشتن دەرباز بکەن. تێگهیشتنی دروست بناخەیە و، کرداری دروستی لە سەر بنیاد دەندرێ. بە هەقڵانی و نەقاشی، وەکوو قامکی فەرشچین بجوولێنەوە، هەرجوولەکردنێکتان گرێدانەوە بێ لە نێوان جوولەی پێشی و پاشیدا، وهای بیری لێ بکەنەوە خەریکن فەرشێک دەنەقشێنن. لە ڕاستیدا ئەو هەڵقانەی مهیری، نەقشی بنەڕەتین لە شێوەپێدانەوەی کۆمەڵی بێ چین و هەرەوزیدا، ئێوە بە پەیوەستی و هاوبەشێتی، کۆمەڵێک لە وێنەی فەرشی چەندراو بەرهەم دهێنن، فەرشێکی پڕنیگار و ڕەنگین. لە پاش خووندنەوەی نامووس و باوەڕهێناندا، هێکەمین هەنگاو نۆژە، (نوێژە) ئەو ڕۆژەی باوەڕ بە نامووس دهێنن، نۆژی شوکرانە دابەستن، بە کڕنووش بردن لە بۆ خاکی دایک، خاکێتی خۆتان بەرهەست بهێنن، ئەوجا هەڵستنەوە سەر پێیان، دەستەکانتان ڕوو بەرەو هاسمانێ بکەنەوە، بە تەواوی دڵ و، بە تەواوی دەروون و دەماختانەوە، پەیوەستی هوودای مهیربان بن، لە دڵەوە وشەکانی شوکرانەبژێری دەربڕن، ئەوکات لە هەموو پیسی و خراپیەکانی پێشووتان پاک دەبنەوە، ئەگەر لە پاشاندا ڕێ لە خۆتان تێک نەدەن و، بێ نامووسی نەکەن، بەرەو بهێشتێ ڕێ دەگرن. لە پاش نۆژی باوەڕهێنان، پێڕست بە مهیر هەڵسوکەوت بکەن، خۆبەخۆ ببنە باڵ و پشتی هێکدی، هەرەوزی و هاوبەشێتی بهێننە گۆڕێ. بەبێ ترس و بە هەقڵانی، متمانە بە هێک ببەخشن، بەدگوومانی مەترنجێننە سەری خۆتانەوە، هەرکەس دەرهەق بە مهیر ناپاکی لێ بوەشێتەوە، بەڵا بە سەر خۆیدا دهێنێ و، ژینی هەتاهەتای لێ تەنگ و تاریک دەبێ. هەموو کات بیری خۆتانی بخەنەوە، ژینی بەشەر و، ژینی هەرگیانلەبەرێک سێ سووڕە، ئەو سووڕەی وا ئێستاکێ تێیدان، لە چاو دوو سووڕەکەی دی بە هێندەی چاوتروکانێکە، ژینی تووڵانی و تەواو، لە پاش مەرگ دەست پێ دەکات. هەموو شتێک ڕوون و ڕەوانە، قووڕ بە سەر ئەو دەبەنگەی بە خاتری دەنکێک، خەرمانێک بە جهێ دهێڵێ، بە خاتری دڵۆپێک، دەست لە چۆمێک هەڵدەگرێ.

## هێشووی 11

لە ماوەی شۆڕەشی زەینیدا، کە هێشتا چەتەی سەرمایە بە دەسەڵاتن، فەرزە پیاوانی جوانمێر هەڵقەی جەنگاوەری پێک بهێنن و، هەرکات پێویستی کرد مهیرپارێزی بکەن. پاسداری بە خۆڕسک کردەوەی دایکانەیە، دایکان ئەوهان، هەرخەتەرێک بهێتە سەر ڕۆڵەکانیان، هەوڵی پاسکردن و تێپەڕاندنی دەدەن، وەلێ هەرگیز لە خۆیانەوە پەلامار نادەن. بنەما لەم خەسڵەتەی دایکانەوە، لە مهیرپەرستیدا هەقی خۆپاراستن هەیە، بێجگە لە پاسداری، هەموو شەڕ و پەلاماردانێک ناڕەوا و هۆفانەیە. ڕێتان دراوەتێ هەرکەس دەرهەق بە باوەڕداران ناپاک جوولایەوە، تەمبێی بکەن، ئەوی ڕاز و نیازی ناو هەڵقە مهیریەکانی لە بۆ دەسەڵاتی هۆفی گواستەوە، پۆیلەی ئاگر بخەنە ناو دەمیەوە، یان دەمی داخ کەن. ئەوی بە ناوی دادوەر فەرمانی گرتنی باوەڕدارانی دەرکرد، بچن دەستی لە مەچەکیەوە بقرتێنن. ئەگەر تاقمێکی تفەنگچی بە ناوی پۆلیس، ئاسایش، یان هەرناوێکی دی، هەڵیکووتایە سەر ماڵی باوەڕداران، بڕۆن ئەو تاقمە بە ئامانج بگرن و بیکەن بە پەند لە بۆ ئەوانیدی. ئەگەر مەلا و شێخ، قەشە و مەتران، یان هەرپیاوێکی دیکەی بە ناو دینی، لە دژی نامووس گووتاری دا و، خەڵکە بێ باوەڕەکەی بە گژ باوەڕداراندا کرد، برۆن زمانی ببڕن. ئەم کردەوانە چ تاقێکیان تۆڵەکردنەوە نین، چوونکی تۆڵەستاندن لە پێڕستی مهیردا جهێی نادرێتێ. هەڵقەی جەنگاوەری، کاری مهیرپارێزی دەکات، کردەوەکان بە قەسدی ئەوەن ترس بکەوتە ناو دڵ و دەماخی هۆفی، هەتاوەکوو سڵبکەنەوە و، جەسارەت نەکەن پەلاماری مهیرپەرستان بدەن. داخکردنی دەم و زارێک، هەزاران زاری بەدنیاز دەبەستێ، قرتاندنی مەچەکێک هەزاران مەچەکی بەدخوو شەتەک دەدات، بڕینی زمانێک، کە زمانی فتنە و فەسادە و، بە ناوی هوودای درۆین دەگەڕێ، هەزاران زمانی پیس و، مێشکی تاریک خامۆش دەکات. پیاوی باوەڕدار لە سەرێتی جوانمێری بنوێنێ، لە سەرێتی بچێتە مەیدانێ مهیرپارێزی بکات و، هۆف بتۆقێنێ. ڕێسای گەردوون ئەوهایە، دڵنیاهیتان دەدەمێ، هەرباوەڕدارێک لە پێناو مهیردا بمرێ، پلەی "شاناز"ی هەیە و، جهێی بهێشت دەبێ.

## هێشووی 12

لە سەرەتاوە هەتاوەکوو ئەمڕۆ، تفەنگچی و تۆبز بە دەستەکان، هەستوونگی ڕاگرتنی دەسەڵاتی ستەم و، سیستەمی چیناتین، ئەو دەمەی هەستوونگ لادەچێ، هێکسەرە سیستەمەکە هێزی بەرگری لە دەست دەدا، دەکەوێ و بە سەرهێکدا دەڕمێ. لە بیروباوەڕی ناودێر بە "هیندۆس"یدا، دابەشکردنێکی قووڵی چیناتی هەیە، وهایان

خستۆتە سەری خەڵکیەوە، گوایە پیاوانی بە ناو دینی، لە پێکهاتەی سەری هوودا خوولقاون، چینی تفەنگچی و شەڕکەریش لە پێکهاتەی دەستی هوودا دروست بوون. سەرنجی بدەنێ، دەست بە فەرمانی سەر و، تفەنگچی بە فەرمانی پیاوانی بە ناو دینی دەجوولێنەوە، هەر ئەو پیاوە بە ناو دینی و، بە ڕوواڵەت پاکانەش، سەرمایەدارانی ئەو دەمی بوون. هەنەوکە لە ئاستە گشتیەکەدا، لە بری خۆگرێدان بە چەمکی هوودا، خۆیان بە چەمکی نیشتمان و یاساوە هەڵواسیوە، وەلێ هەروەکوو هەنگینێ، تفەنگچیەکان دەوری داری دەستی دەسهەڵات دەگێڕن و، بە فەرمانی چەتەی سەرمایە هەڵدەسووڕێن، لە کاتێکدا خۆیان بەشێکن لە چینی خوارەوە. هوورد زهینی بدەنێ و لە گەمەکە تێبگەن، چینە چەوسێنەرەکە چەوساوانیان کردوون بە دوو بەشەوە، بە بەشێکیان بەشەکەی دیکە سەرتەپە دەکەن، بەبێ ئەوەی چینە چەوسێنەرەکە لە کۆشک و کەیفی خۆیان بێنە دەرێ. لەمەوپاش کارە ڕاستەکە ئەوەیە، گەمەی دەسهەڵات تێکوپێک بدەن و، تفەنگچیەکان لە خۆتان بزانن، کە هەربەڕاستیش لە خۆتانن و، کردوویانن بە دژتانەوە. ئەگەر ئەوڕۆکە تفەنگچی، تۆبز و کووتەکی نەزمی ستەمن، سبەینێ جەنگاوەری شۆڕەش و، پارێزەری شارستانێتی دایکن. تفەنگچیەکان هەروەکوو خەڵکانی دیکەن، ڕێیان لە بەردەمدا بکەنەوە و، ناموسیان بگەهێننێ، با هوودای مهیربان بناسن، با لەو تاریکی و لەو داتەپینە زهینی و دەروونیەی تێی کەوتوون، نەجاتیان بێ. لەم وەرچەرخانەدا هەم هێزی دەسهەڵاتی چەوساندنەوە لە کوورتی دەدات، هەم هێزی شۆڕەش زیاد دەکات، لەبەرهەندێ بە گرینگیەوە لە تفەنگچیەکان نێزیک بنەوە، بە دەرهێنانی هەرتفەنگچیەک لە دەستی دەسهەڵات، جەنگاوەرێکیش لە بۆ شۆڕەش سەرپێ دەکەوێ. لەمەوپاش بیانوو نەماوە، نالوێ هیچ کەس هێندە دەبەنگ بێ، پشت لە بهێشت و ڕوو بە دۆڵزاخ هەنگاو بهاوێ. ئەوی لە دژی بەرەی ناموس ڕابوەستێ، بە دژی هوودای مهیربان ڕاوەستاوە، بەمەش خۆی دەخاتە دۆخی دۆڵزاخەوە. من وا هاتووم هەموو زانستێکم داونەتێ، هەموو نادیارێکم لە بەرچاو بە دیار خستوون، بە ڕاستی ئەوی کەلامی من لە گوێ نەگرێ، خۆی بەدبەخت دەکات، هیدی هاقڵ بن و، خۆتان مەخەنە دۆخی دۆڵزاخەوە.

## هێشووی 13

گۆزە بە هەڵپەساردن، ئاوەکەی ناوی بندەداتەوە و، خڵتەکەی دەچێتە خوارێ. چینی سەرمایەدار لە ناو کۆمەڵانی بە شەرێتدا، بە هەندازەی خڵتی ناو ئاوی گۆزەن، شۆڕەش وەکوو بندانەوەی ئاوی گۆزەکە وهایە، مهیری و هۆفی لە هێکدی جوودا دەکاتەوە. ئەمڕۆ نیوەی سەرمایەی گشتی لە جێهانێ، وا لە مشتی کەمتر لە پێنج سەد

کەسە، لە ئاستی ناوچەش، ژمارەی سەرمایەداران لە هیچ جهێ لە جێهانێ، هێک لە سەدی خەڵکی ناوچەکان نین، هەر ئەو کەمینە زۆر کەمەش، دەسهەڵاتدارن بە سەر خەڵکیدا، تەنانەت خەڵکەکەیان وەها هاڕیوون کردوویانەتنە تۆز. لەمەوپاش ئەو تۆزە دەبێتە گەردەلوول و، لە سەرانسەرێ جێهانێ، سیستەمی ستەم و سەرمایەداری ڕادەپێچێ. سەردەستەی سەرمایەداری، چ لە ئاستی ناوچان و، چ لە ئاستی جێهانێ، کەمینەی بێ دەست و پان، خەڵکە ڕەنجدەرەکەن بوونەتە دەست و پێیان. بەڵام هیدی نامووس هۆش و هەستی خەڵکی دەگێڕێتەوە و، سیستەمەکە لە دەست و پێ دەخات. دەرکەوتنی فەریادڕەس، دەستپێکی کەوتنی دەسهەڵاتی کەمینەی سەرمایەدارە، بەوەدا بزانن ئەمڕۆ هاخیری زەمانە و، چەرخی هۆفی دواهی پێ دێ. دەسهەڵاتی هۆفێتی، خەڵکەکەی سڕکردبوون و، بنەما لە سەر داتەپینی زهینی و کەنفتکردنی دەروونی دەوامی دەکرد، سەری لێستاندبوون و، وەکوو گاڕان هەڵیدەسووڕاندن. لەمڕۆڕا هەموو شتێک دەگۆڕێ، سەر لە بۆ بێسەران و، دڵ لە بۆ بێ دڵان دەگەڕێتەوە. ڕووداوەکە لە واتای قووڵ و قوودرەتدا، زیندوو بوونەوەیە. هۆ ساماندارا‌ن! تەنەها دوو ڕێتان لە بەردەمە، ڕێی بەختەوەری و ڕێی بەدبەختی. ئەو ساماندارانەی لە بەرەی نامووس جهێ دەگرن و، سەرمایەکەیان لە پێناو شۆڕەش تەرخان دەکەن، بەختەوەری دین و دوونیان. قووڕ بە سەر ئەوانەی دڵبەندی سەرمایەن و، خۆیان لە بەرەی بێ نامووسان دەبیننەوە. خەڵکانی بێ نامووس لە سەر خاک و لە ژێر خاک، ڕوو بە تاریکین. هیدی تەواو، سەردەمی دارا و نەدار، دەسهەڵات و بێ دەسهەڵات، سەردەمی گەورە و گچکێتی پایەی کۆمەڵاتی و دینی، بە کۆتا گهیشت، ئەمڕۆ سەردەمی ڕووناکی، سەردەمی هەرەوزی و هاوبەشێتی دەستی پێکرد.

## هێشووی 14

هەرکە شۆڕەشی زهینی جهێ دەگرێ، خۆڕسکانە شۆڕەشی زەمینی بە دوو دادێ. لە هێکەم ڕۆژی شۆڕەشی زەمینیدا، هێک تاقە ماڵی کرێچی و، هێک تاقە کەسی بێ جهێ، لە سەرزەمینی شۆڕەش نامێنێ، هێکسەرە موولکداری تایبەتی بە تاڵ دەبێتەوە و، ماڵی شایستە بە هەموو دایکێک دەدرێ. بەشەر تاقە ڕەچەڵەکە لە ناو گیانلەبەرانی گەردووندا، نە جهێی ژینی هەیە و نە جهێی مردنی، پارەی نەبێ خاک و خۆڵی نادەنێ تیایدا بینێژن، تاقە ڕەچەڵەکیشە گرفتاری نەبوونی نانە، هەندێک لە تێری هوورگنن، هەندێکیش قۆڕەی زگیان دێ. چیدی نابێ هێکێک تێر و هێکێک برسی، کەسێک بڵند و کەسێک نەوی بێ، فەرزە شۆڕەش زوو بە زوو هاوسەنگی بە هاردی دابهێنێ. ئەوانی وا دەستیان بە سەر نان و قووتی خەڵکیدا گرتووە، دەستبەجهێ هەموو شتێکیان

له دەستی دەربهێنن، به پلانێک کاری هەرکەس بخەنه هەرەوەزی و نانی هەرکەس بخەنه هاوبەشێتی. هۆ باوەڕداران، شۆڕەش تاقه تەنابه، دەستی پێوه بگرن و، له ناو ئەو چاڵه تاریکه وەرنه دەرێ. به پەنابردنه بەر شتی دی، خۆتان نەکەنه گەمەی گۆڕەپانێ، کارێک نەکەن نامووس به خۆتانەوه سووک بکەن. باش بیچەسپێنن به ناو سەری خۆتاندا، ڕێی ئێوه شۆڕەشه و تەنەها شۆڕەش. دامستدراوەی ناودێر به سەندیکای کرێکاری، یان کۆمەڵی مەدەنی، هیچ نین، هیمدادی سیستەمی سەرمایەدارین، سیستەمەکه خۆبەخۆ ئەمانەی بەرهەم هێناون، به ناوی کار و به ناوی جووداجۆرەوه خەڵکەکەی بەش بەش کردوون، بەمەش توانیتی به سەر هەموویاندا بەردەوامی به زاڵێتی خۆی بدات. له هێکێتی و هێکبووندا بسازێن و، بەرامبەر به سیستەم شۆڕەش بەرپا بکەن. به پێی نامووس خوول بخۆن و، تیرێک بهاوێن نیشان بپێکێ، بەردێک دابنێن بەردی دیکەی له سەر هەڵبچەندرێ. ڕاسانێک مەکەن کەوتنی به دوو دابێ، وقتهێک ڕاپەڕن دەست و بازووتان پەیدا کردبێ و، بتوانن هەژنۆی زۆردار بدەن به زەویدا. به هیساب و کتاب بجوولێنەوه، پێتان له داوی گەمەکانی سیستەم نەهاوێن، گەمەکان بناسن و پووچیان بکەنەوه. هەڵبژاردن و خۆنیشاندان دوو گەمەی سیستەمن، فێڵ و فریون، خەڵکی به خراپی تێی کەوتوون. خۆنیشاندان درزێکه سیستەم به مەرام هێشتووتیەوه، هەتا تووڕەبوون له ناو خەڵکیدا پەنگ نەخواتەوه و دەری ببرن، هەڵبژاردنیش به ناوی دیاریکردنی نوێنەرانەوه، فێلێکی دیکەی سیستەمه، خەڵکی له سەرانسەری جێهانێ پێی هەڵخەڵەتاون. له ڕاستیدا به وشەی هەڵبژاردن هوومێدێکیان خستۆته دڵان، هوومێدێک خەڵکەکەی سڕکردوون و، ڕاپەڕینی له بیر بردوونەتەوه، له هەمان کاتدا گەمەی هەڵبژاردن، ئاسایشی دەروونی و کۆمەڵاتی له بۆ سەرمایەداران به زەوی داهێناوه. هەڵبژاردن تەنەها له کۆمەڵی بێ چین و، له ناو دۆخی سرووشتیبووندا واتاداره، کردارێکه دەکەوێته دوای شۆڕەش و، هەنگێ شۆڕەشگێران زەمینەی له بۆ ڕێک دەخەن. به ڕاستی گەمه به خۆکردنه، ئەگەر تاقمی باوەڕدار به نامووس بجێته ناو هەڵبژاردنێکەوه، که له ناو هەلومەرجی چیناتیدا بەڕێوەبچێ. زهینی بدەنێ و ببینن، سەریان له خەڵکی ستاندۆتەوه، هەینێ هاتوون دەرفەتی هەڵبژاردنتان دەدەنێ، له کاتێکدا سەرێکی هۆشدار دەتوانێ هەڵبژێرێ، سەرێک له دۆخی سەروەری و زیندووێتی دابێ، نەک سەرێکی خەسێندراو و گووفەکی، نەک سەرێکی گرێدراو به دەروونێکی دەستەمۆ و ڕادەست بوو. ئەو سەرانەی هۆشدارنین به سەر هیسێب نین، به هۆش هاتنەوه و باوەڕداربوونی زۆرینەش، هەم کاتی زۆری دەوێ، هەم تێکۆشانی درێژمەودا، ئەوه له کاتێکدا زیانەکانی درەنگکەوتنی هەرتاقه ڕۆژێک، زۆر زیاتره لەو گیانفیداکردنەی شۆڕەش پێویستێتی. شۆڕەش ڕاسانی هەرەوزی و هەڵستانەوەیه، گەڕانەوەی مهیر و، گەڕانەوەی شەرەف و شکۆیه، خێرا دەستوبردی لێ بکەن. له لێکەوتەی نەزمی

سەرمایەداریدا، وا ساڵانە بە ملیۆنان بەشەر، بە مردنی پێشوقهت لە ناو دەچن، هێک ملیاری دی بە برسیێتی و مەینەتەوە ڕۆژ دەقەتێنن، لە ناوچوونی گیانلەبەرانی جووداجۆر و، کاولبوونی خاک و، پیسبوونی ئاو و هەواش، لە هەنداز بە دەرن. درەنگ وقهتە، وەک ئەوە وهایە خۆر کەوتبێتە زەردەپەڕی هێواریێ، خۆ ئەگەر شەوتان بە سەر دابێ، هیچ کارێکتان لە دەست ناهێ. بەخۆکەون، خۆتان تاخیر مەکەن، کەنگێ زانیتان بارودۆخ لە باری زەمینیدا ڕسکاوە، شۆڕەش بەرپاکەن و دەست لە سیستەم بوەشێنن. سەردەستەی سەرمایە لە هەرجهێ لە جێهانێ، بڕێکی زۆر کەمن، بە ڕادەی ئەوەی هێک لە سەدی دانیشتوان تێناپەڕێنن، هەرکات زانیتان شۆڕەشگێڕان بە نۆ هێندە دقەبلێندرێن، هیدی کاتێتی، ڕاپەڕن و تاج و تاختی ستەمکاری بڕووخێنن. لە لێکدانەوە مەکەونە هەڵەتەوە، قەت پێویست بەوە نیهە، زۆرینەی دانیشتوان، یان نیوەیان شۆڕەشگێربن، خەڵکی لە وقهتی ڕاساندا بە دەست و دەم، لانیکەم بە دڵ لەگەڵ ڕووخاندنی کۆشکی زۆردار دایە. شۆڕەش بکەن، لە پاشاندا بە پەروەردە و ڕێگاکانی فێرکردنێ، بە وەشاندنی بەربڵاوی "نامووس" و "ڕامووس،" هەمووان پێڕست بە مهیر بکەن.

## هێسووی 15

شۆڕەش لە هیچ بارێکدا، تۆڵەستەندنەوەی تێیدا جهێ نابێتەوە، هەرکەس بە تێرونۆخی پێڕستی مهیربووبێ، دەبەخشێ و بیر لە تۆڵەکردنەوە ناکاتەوە. بەخشین لە ڕەگەزی مهیرە، ئەوی پەنا بباتە بەر تۆڵەستاندن، پەنای بردۆتە بەر هۆفی و، ڕەگەزێکی مهیری لە دەست داوە. کەسێک ناوناخی ڕووناک بێ و، مهیر تیایدا چەسپاوبێ، ڕوو لە تاریکی ناکات، تۆڵەستاندن هەنگاوە ڕوو بە تاریکی، قەت هەق نیهە کەسی مهیری ئەو هەنگاوە بهاوێ. هەرکەسێک بە مەرامی تایبەتی و تۆڵەکردنەوە، خۆی بخزێنێتە ناو شۆڕەش و، بیهەوێ بە چەپ و ڕاستدا دەست بوەشێنێ، گوونەهی گەورە لە کۆڵی خۆی دەنێ. شۆڕەش زیندووبوونەوەیە مەرگ نیهە، هەڵستانەوەیە داتەپین نیهە. هۆ شۆڕەشگێڕان! لە سەر هۆش و هەست بن، شارستانێتی دایک بە هەڵچەنینی کەلەسەری بەشەری بنیاد نانرێ، چەمکی دایک خوولقاندن و ژین پێ بەخشین بەرجەسدە دەکات، نەک لە ناوبردن و سڕینەوە. ئەگەر تۆڵەستاندن بە بنەما بگیردرێ، شارستانێت وەکوو منداڵێکی نەخۆش و دەردەدار بە دوونیا دێ، لێشی دەبێتە زگماکی و نەخۆشیهەکە لەگەڵیدا دەمێنێتەوە. باش وهایە ببەخشن، هەتاوەکوو ببەخشدرێن، ئەگەر ڕق لە دڵ بگرن، بەچکە هۆف لە هەناوی خۆتان بەخێو دەکەن، ئەو هۆفەش دەتوانێ لە بەخشینی هوودای مهیربان بێ بەشتان بکات، چوونکە ڕق دۆخی بەرەواژ بە

مهیربانی به دەروون دادهێنێ. له شۆڕەش و بەرخۆداندا، هەتا ئەو پەڕی کەوشەنی دلێری و نەبەزی برۆن، بەڵام بەبێ ئەوەی ڕقتان له نەیاران بێتەوە، به بووخزەوە هەنگاو مەهاوێن، جەنگاوەری ڕووناکی له سەر بنەمایە، ڕق له دەماخ و دەروونی خۆیدا ناچێنێ، بەڵکوو دەجەنگێ به هیوای ئەوەی ڕقی بەرامبەر تێک بشکێنێ، سەرەڕای ئەوەش، ڕق دەروون شپرزە دەکات و، له هێزی جەنگاوەریتان کەم دەکاتەوە. له هەرجهێ له جیهانێ شۆڕەش سەرپێ کەوت، بنەماکانی شۆڕەشی کووردهەواری به زهین بگرن و، لێخۆشبوون به پێشین دانێن. لێخۆشبوونی من کەسی لێ بەدەر نیهە، هەمووان دەگرێتەوە، تەنانەت سەردەستەی چەتە و جەلاد و، کەسە کووشندەکانیش. لەمڕۆوە هەموو سەرمایەدارێک و، هەموو تاوانبارێکی پەشیمان، خراپەی پێشووی بەلادا دەندرێ و، هەلی پێدەدرێ پێڕستی مهیربێ، کاتێکیش شۆڕەش سەرکەوت، زیندەگیکردنێکی سادە و بێ گرێی بدەنێ، وەکوو ئەوەی چ کات سەرمایە و دەسهەڵاتی نەبووبێ. ئاگاداربن، تاوانباری پەشیمان و پێڕست به مهیر، خراپەی لەوەوپێشی له سەر لادەچێ، هەرکەس له سەر تاوانی پێشووی تۆڵەی لێکردەوە، ئەو کەسە خراپەکارێکی هۆفکردارە، به پێی "ڕامووس" هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەن. هەردەستێکیش له ساتەوقهتی شۆڕەشدا، تالانی و تێکدانی کرد، ئەو دەستە بخەنە کۆت و زنجیرەوە. مهیر نابات و نادزێ، بەڵکوو دەبەخشێ، کاول ناکات، بەڵکوو بنیاد دەنێ. ڕۆژانی شۆڕەش سەوزترین ڕۆژانی ئێوەن، بەو پەڕی گوورج و گۆڵیەوە تیایدا ڕاپەڕن، وەکوو ئەو دایکەی کاتێک دەیهەوێ نۆبەرەکەی له خنکان ڕزگار بکات، هەموو هەوڵێک دەدات و، چ باکی به مردنی خۆی نیهە. باش وهایە بەزاندنی هۆف به ئامانج بگرن، نەک کووشتن، له ڕێ و شێوازە جووداجۆرەکان کەڵک ببینن، شەقامەکان ببەستن و، خۆتان وەکوو پۆڵە باڵندە بڵاوبنەوە، پلانتان وهابێ هۆفی نەتوانن شەڕ بکەن و، خۆیان بدەن به دەستەوە. له ڕۆژانی شۆڕەشدا، ژنان ئەرکدارن سێ جۆرە کاری شۆڕەشگێڕی به جهێ بگهێنن، هێکەم ئەوەیە: هەرژنێک له کۆلانی ماڵەکەیدا دەرگاکان بکووتێ، بانگ له خەڵکی بکات له ماڵ دەرکەون و بهێنە مەیدانێ، هەلهەلە لێ بدات، هاوار بکات و بڵێ: شۆڕەش دەستی پێکرد. دووهەم ئەوەیە: ژنان بچنە مەیدانی بەرەنگاری و، له پشتەوە هێز به جەنگاوەران ببەخشن، هانیان بدەن و گڕوتین بخەنە دەمار و دەروونیانەوە. ئەرکی سێهەم: نزاکردن و دووهایە، فەرزە دایکان به تەواوی هیزر و، تەواوی هەست و هەناسەیانەوە دووهای سەرکەوتنی شۆڕەش و، زووکەوتنی زاڵمان بکەن، نزا بکەن هۆفی له ترسان بلەرزن و، نەتوانن دەست له بۆ تفەنگان ببەن، چۆکیان بشکێ و پێ به هەردەوە نەگرن، پەرتەی لێ بکەن و خۆیان بدەن به دەستەوە. دڵنیابن، شەپۆلەکانی دووهای دایکان پتر له هەرتفەنگێک ئامانج دەپێکێ، چوونکی له ڕێی هەناسەی دایکانەوە، به نەزمی گەردوونەوە پەیوەست دەبن و، هوودای مهیربان له شۆڕەشەکەتان سەرکەوتووتان دەکات. ئەو ڕۆژانەی

ڕادەپەڕن و نەزمی هۆفێتی هەڵدەتەکێنن، ڕۆژانی تاقیکردنەوەی کردەکین، هەرکەس لە بەردەم خۆی و هوودای خۆیدا، ئاستی بیروباوەڕەکەی ساخ دەکاتەوە، لەوێدا پیاوی جوانمێر و بۆرە پیاو لە هێکدی جوودا دەبنەوە. بۆرە پیاو کەسێکە خۆی وەپاش بخات و، جەنگاوەرانە نەچێتە مەیدانێ، ئەمەش نیشانەی شلۆقی بیروباوەڕێتی. پیاوی هۆفی کەسێکی ڕەش و تاریکە، پیاوی مهیری کەسێکی سپی و ڕووناکە، ڕەشدە لە سەر بیروباوەڕەکەی، بەڵام ئەو پیاوەی کەسێتیەکەی تێکەڵێکە لە سپی و ڕەش، پێشینانی کووردهەواری بە بۆرە پیاو ناویان ناوە، هۆ شۆڕەشگێران! لە بورە پیاوان گەڕێن و، جوانمێری خۆتان بنوێنن، بێشک هەربێستانێک برێک گندۆرەی بێ تامی تێیدا بەرهەم دێ. ئەوەش بزانن لە ڕاپەڕیندا، خەڵکی دەبنە سێ بەش، بەشێک لە بەرەی نامووسن و، بەشێک لە بارەی بێ ناموسان، بەشێکیشیان خۆیان ناخەنە پاڵ چ تاقتان، لە بەشی سێهەم گەڕێن، کوورد گووتەنی: بە پا بگرن، بێ پا هی خۆتانن. هوونەری ڕاپەڕین هەڵمەتە، هەڵمەتێک بەوپەڕی بوێری و فیداکاری، بە جۆرێک هۆفی بەوە ڕانەگات دەستی بکاتەوە، هوونەرمەندانە ڕاپەڕن، نەیار لە پەلوپۆ بخەن و، هەرزووش زاریان پی ببەستن. نەئێستاکانێ و نەپاشانەکانێ، چ کەس هەقی نیهە زمانی لە دژی شۆڕەش بگەڕێ، بەڵام پشوودرێژی بنوینن و، سێ جار هەلی پەشیمانبوونەوەیان بدەنێ، ئەگەر هەربەردەوام بوون، زمانیان داخ کەن، یان زمانیان ببڕن، هەرهێکێکیش بە دەست و تفەنگ دژی شۆڕەش ڕاوەستا و، تەقەی لە خەڵکی کرد، دەستی ڕاستی بقرتێنن، ئەگەر بە دەستوەشاندنەکەی خەڵکی کووشتبوو، لاقی چەپیشی ببڕنەوە. هەرتفەنگچیەکیش ئاڵای سووری بڵند کرد و، نەیویست ڕووبەڕووتان بێتەوە، لێی خۆش بن، تفەنگەکەی لێوەرگرن و، بهێڵن با سەربەست بڕوات. چەندێک بە جۆش دێن و دەخرۆشێن، قەیناکە، بەڵام بەو شەرتەی پێڕست بە مهیر بجوولێنەوە، خرۆشانەکە وهاتان لێ نەکات زیێدە ڕەوتی و لادان ڕووبدات. پاساو بە دەستەوە مەگرن، لە هیچ بارێکدا هەقی کووشتن و هەشکەنجەکردنی هێخسیرتان نیهە، تەنانەت ئەگەر هێخسیرەکە لە شۆڕەشگێڕانیشی کووشتبێ، بەڵکوو لە سەرتانە هێخسیری بریندار تیمار بکەن و نان و ئاوی بدەنێ، پاشانەکە بە پێی "ڕامووس" هەڵسوکەوت لەگەڵ کەسی کووشندە و خراپەکاردا بکەن. لە پاش "نامووس،" دیسان هەرمن "ڕامووس" دەخەمەڕوو، "ڕامووس" پەڕاوێکی دیکەی گرێدراو بە "نامووس"ە، ڕێساگەلی سەینوبەینکردنی خەتا و خراپەکان دیاری دەکات.

## هێشووی 16

جەنگاوەری ڕووناکی، پێش ئەوەی بە سەر هۆفی مەیدانێ سەربکەوێ، بە سەر هۆفی ناو ناخی خۆیدا سەرکەوتووە و بەزاندووتی. ئەوی بە نەفسی خۆی نەوێرێ، لە دەرێ ناباتەوە و دەدۆرێنێ، جەنگە گەورەکە سەبارەت بە هەموو کەسێک، لە ناو خوودی

خۆیّتی. خەڵکی لە ناو سەری خۆیاندا، بە هۆف دۆڕاون، لەبەرهەندێ نەیانتوانیوە بە مەیدانێ بکەون و، بەرامبەر بە ستەنکاری هەڵبستنە سەرپێ. هۆفێتی و سەرمایەداری و نێرناوەندی، هەرسێکیان ناوەڕۆکی هێک سیستەمن، ئەو کەسەی نێرناوەندی ڕەت دەکاتەوە، لە سەرێتی سامانخوازی و، هیزری هۆفیانەش ڕەت بکاتەوە، هەرسێکیان لە ناو هێکدین و هێک پێکهاتەن، ڕەدکردنەوەی هێکێک و، مانەوە لەگەڵ ئەوانیدی، بە تەواوی پووچ و بێ واتایە. ئەو کەسەی مەیلی ساماندراری هەبێ، هەرگیز نابێتە جەنگاوەرێک سیستەمی سەرمایەداری هەڵبوەشێنێتەوە. ئەوی نەیهەوێ سەرمایەداری هەڵبوەشێتەوە، هۆفی و خراپەخوازە، پشکی هەموو ئەو خراپەکاریانەی لە کۆڵ دایە، کە لێکەوتەی ئەو سیستەمەن، بەو بارە قوورسەش ڕوو بە دۆخی دۆلزاخ دادەکەوێ. هەرئەوهاش ئەوی بیهەوێ نێرسالاری دەوام بکات، هۆفی و خراپەخوازە، بەشدارە لە هەموو ئەو خراپەکاریانەی لێکەوتەی نێرناوەندین، بەمەش خۆی بەرەو تەنگی و تاریکی ڕاپێچ دەکات. هەش بە سەر ئەو کەسەی لارەملە و، باوەڕ بە ژینی پاش مەرگ ناهێنێ، ئەمڕۆ هەموو شتیکتان پێ گووتدراوە و، سبەینێ هەموو شتێک دەبینن. پێشترێ باوەڕتان بە گەڕانەوەی کووڕی مریەمێ نەبوو، وا گەڕامەوە، کێهانتان دەتوانن هێندە دەبەنگ بن نکۆڵیم لێ بکەن؟ لە دامێنی گاتاکاندا نیشانەی ڕوون و ئاشکرا هەن، مەگەر دەلوێ هێشتا نەمناسنەوە؟ گوڵ و گیای دەشت و کێوان، مەڕ و مامزی هەردان، مێرووی ژێر زەوی و مەلیچکی هاسمانێ، کازیوەی بەیانی و دلۆپەی بارانێ، هەموویان دەمناسن. هۆشتان بێ و بمناسن، هۆفی ناو ناخی خۆتان ڕاونێن و، ڕوو لە مهیرکەن، هەنگێ تەلخی و تانەی سەرچاو و زهینتان لادەچن و، بە هاسانی هەقیقەت دەبینن.

## هێشووی 17

تێگەهیشتن لە چەمکەکانی ڕووکەش و جەوهەر، پێویست دەکات قووڵ بێ، لەم قووڵی و قوودرەتەوە، شۆڕەشێکی بێ کەموکوورتی ڕەوتی دەدرێتێ. دروست وهایە گراناهی لە سەر ڕووکەش لادەن و، جەوهەری شتان بە هەند وەرگرن. بڕۆننێ، دوو دانە خانمی ڕاگوزەر بە کۆڵانێدا ڕەت دەبن، هێکێک شیرین و ئەوی دی جوان، شیرینەکە چاو بە بزە و شەکهر لێوە، هاسان دەچێتە بەردڵان، ئەوی دی هەرچەندە بە ڕووخسار جوانە و شێوەی بەرچاوە، لە زهیندا زوو تێپەڕە و، خێرا لە بیر دەچێتەوە. لێرەدا شیرین جەوهەرە و جوان ڕووکەشە، شیرین لە ڕەگەزی تینە و، جوان لە ڕەگەزی تەنە، لە هەلومەرجی مهیری و لە کۆمەڵی بێ چیندا، شیرین بە پێشین دێ، بەڵام لە هەلومەرجی هۆفی و لە کۆمەڵی چیناتیدا، جوانی پایەی هێکەمی دەدرێتێ. بە گشتی و

له هەموو بوارەکانی زیندەگیدا، پێوان له مهیریدا دڵه و له هۆفیدا چاوه. له سیستەمی چیناتیدا، ژن له ڕووکەشی سیستەمەکه جهێی دراوەتێ، له کاتێکدا خوودی سیستەم و کرۆکەکەی، به تەواوی نێرانەن، لەبەر هەندێ جهێ و مەکانەکه سووکه، وەکوو نەبوو وهایه، له پێودانگی هەقڵانیدا ئەم جهێ پێدانەی ژن، به نیشانەی گێڵاندنی ئەو ڕەگەزه لێک دەدرێتەوه. نەزمی هەرەوزی و هاوبەشێتی، به تەواوی جوودایه، بێجگه لەوەی ڕەگەزی دایک له جەوهەرێتی، نەزمێکیشه له خوودێتیدا دایکانەیه، له میانیدا مێ و نێر هەرهێکەیان، به تایبەتمەندێتی خۆیانەوه شان و شکۆیان هەیه و، به جەوهەرن. کاری شۆڕشگێڕانەش، دەبێ کاری جەوهەری و بنەڕەتی بن، شۆڕەشگێڕ له سەرێتی سەرگەرمی جوولەی زهینی و زەمینی خۆی بێ، نابێ به دووی جوولەی هیچ تاق و تاقمێکی دەرەوەی بەرەی نامووس بکەوێ، له هیچ بارێکیشدا باڵ و پشت نەدەنه جوولەی دەرەکی و پێی هەڵنەخەڵەتێن. له کۆمەڵی چیناتیدا، بڕێکجار خڕبوونەوه و خۆنیشاندان مەیدان دەگرێ و، ژنێک دهێته پێشێ دەنگی " نا " بڵند دەکات، هەمان سیستەم که خۆنیشاندانەکەیان له دژی ئەنجامدراوه، دەرفەتیان دەداتێ ئەم به پێشهەنگ دەرکەوتنەکەی ژنەکه زەق ببێتەوه، دەلوێ هەرخۆی شەوقیشی بداتێ، چوونکه دەرکەوتنێکه له ئاستی ڕووکەش، جوولەی ڕووکەشگەراش هەرلۆنێکی هەبێ، له کۆتاهیدا به قازانجی سیستەمی ستەمکاری تەواو دەبێ. هۆ باوەڕداران! له هەوەڵەوه هەتاوەکوو هاخیری، له سەر هێڵی نامووس بڕۆن بەڕێوه، له باری زهینیدا به پڕاوپڕی شۆڕەش بەڕێوەبەرن، جەوهەرەکه ئەمەیه، پاشانەکه به کەم ڕەنج و ڕەزاڵەتێک، شۆڕەش بەرەو باری زەمینی وەردەچەرخێ و، بنچەقی خۆی دادەکووتێ.

## هێشووی 18

شۆڕەش له باری زهینیدا بێ پەروایه، له باری زەمینیدا تخووبداره. دروست وهایه وەکوو هەڵاڵەی گووڵان نامووس بڵاوه پێ بکەن و، به ڕێ جۆراوجۆرەکان بیبەنه هەموو جهێ له جێهانێ، ئەوجا بهێڵن بڕسکێ و، بگاته ڕۆژی چرۆکردن و بەرهەم دانێ. چرۆکردن کرانەوەیه له ناوەوەڕا به ڕووی دەرەوه، کرانەوەی سرووشتی له هەرشت وهایه، له ناوەوه بەرەو دەرەوەیه، نەک له دەرەوه ڕووەو ناوەوه. بەم پێودانگەی سرووشت نەجاتی هەرجهێ له دەستی خەڵکەکه خۆێتی، نابێ خەڵکی جێهێک چاویان لەوه بێ، هێزێک له جهێکی دی بڕواته هاواریان و، له بندەستی زۆرداری دەریان بهێنێ. نامووس به پڕاوپڕی هێزتان دەداتێ، له هەرمەفتەنێکن به سەرچاوەی بگرن و، خۆبەخۆ دەربازی ڕاسانی زهینی و زیندووبنەوه بن، پاشانەکه ڕاپەڕن قیامەت بەرپا بکەن. چاو له کانیاو کەن، کەم کەم کۆدەبێتەوه و دەبێته کۆتک، ئەوجا له ناوەوەڕا دەتەقێ و، به سازگاری دهێته دەرێ. بێشک ئەو شۆڕەشەی دەستی

دەدەنێ، لە هیکرِا هەڵنابۆقێ، چاندنی نەمامێکیش پێی دەچێ و کاتی خۆی دەوێ. نامووس وەکوو نەمامێک بگرنە دەست و، لە مەفتەنی خۆتاندا بیرِوێنن، ئاوی بدەنێ و چاوتان لێی بێ، سەرەتا گەشەکردنەکەی خاوە، پاشانەکە خێرا قەد و باڵا دەکات و، بە هەموولادا بڵاودەبێتەوە. راستی ئەوەیە زۆربەی خەڵکی لاساهیکەرەوەن و، چاو لە هێکدی دەکەن، بەشێک بە قووڵبوونەوە باوەرِ بە نامووس دهێنن، بەشێکی گەورەتر بەبێ تێگەیشتن لە گاتاکان، شوێن پێی کەسانی دی هەڵدەگرن و، خۆیان وەکوو بە نامووس دەناسێنن، چوونکە هێدی هێدی بێ نامووسی دەبێتە هێب و هۆب، بەڵام ئەم خۆناساندنە، کەس لە هۆف رِزگار ناکات و خێر ناداتەوە. ناو لە خۆنان بابەتێکی رِووکەشیانە، جەوهەر نیهە، ئەوی مهیر نەچووبێتە جەوهەری و، نیەتی خێر لە دڵ و دەماخیدا نەبێ، بێشک رِوو بە تاریکی و دۆخی دۆڵزاخ دەرِوات. هۆشداریتان دەدەمێ، کەس هێندە دەبەنگ نەبێ، وها بزانێ بە ناو لە خۆنان و خۆ رِووپۆش کردن، دەتوانێ دەستەبەری بهێشت بکات. گەمەی کریستی و ئیسلامبازی تەواو، کەس بە گەواهیدانێ، یان بە نوژان و رِۆژیگرتنێ نابێتە مهیری، مهیریبوون جەوهەرە، ئەوی لە زهین و زار و لە کرداریدا، مهیر بە تۆخی رِەنگ نەداتەوە، با دڵنیابێ لە پاش مەرگیدا، جهێ و مەکانی تەنگ و تارە.

## هێشووی 19

هۆ باوەرِداران! هۆفیان پشت بە تەن و، ئێوە پشت بە تین دەبەستنن، تین دایکە و هەمیشە لە سەرووی تەن دێ. هۆفی بە هەربۆتکە و بچمێکەوە بهێتە مەیدانێ، قەد و قوودرەتی بەرەو رِووبوونەوەی مهیری نیهە، چۆک دادەدات و زوو دەکەوێ. نزای خێر و خوورشیدی بکەنە ویستی دڵ و، وێردی سەر زمان، بە شێوەی چاکە و چەکێکی گەورە، دڵ و دەماخ و دەمتان لە بۆ دووها بە جۆش بهێنن، بەم کارەتان سووک و هاسان هۆف دەبەزێنن. دەست هەڵبرِن، بە تەواوی دڵ و تەواوی دەماخ و، بە تەواوی دەروونتانەوە، بە گووتنی" هوودایە گیان، هەی مهیربان،" دەمی دووهاکردنێ بجوولێنن، بێگوومان هەنگێ نزاتان گیرا دەبێ و، هوودای مهیربان وەڵامتان دەداتەوە. دڵ و دەماخ و دەروون و، دیدە و دەنگ و دەست، هەرهێکەیان شەپۆڵدارن، نزا لە میانی ئەو شەپۆلانەوە دەرِوات و، نەزمی گەردوونی شەپۆڵەکان وەردەگرێ، ئەوجا دەیگەهێنێتە جهێی مەقسەد، هیدی هەرکەس و کۆمەڵێک، یان شتێک لە دووهاکردنەکە بە مەقسەد گیرابێ، شەپۆڵەکان بەرەو ئەو دەرِۆن و، کار لە پێکهاتەکەی دەکەن. قەت لە دووهاکردنێ دوو دڵ نەبن، دوو دڵی و گوومان هێز لە بەر شەپۆڵەکان دەبرِن و، ناهێڵن نزا بگاتە نەزمی گەردوونی و، مەبەست بپێکێ.

نەزمی گەردوون خوودێتی هوودایە و نەگۆڕە، کاتێک باوەڕتان تێر و تەواوە، نزاتان گیرایە، لە گیرانەبووندا هێقەی خۆتان بگرن، چوونکی بە هۆی کەموکوورتی باوەڕتانەوە، دووهاتان کوورت دەکات و نایگاتێ. پێشترێ کووڕی مریەمێ پێی گووتبوون:"ئەگەر بە باوەڕی تەواوەوە، ڕوو بکەنە بەرد و پێی بڵێن: هەی بەرد هەڵستە و بڕۆ، بەردەکە بە قسەتان دەکات." هەنەوکەش کووڕی مریەمێ پێتان دەڵێ: دەروونی ڕەش و هۆف لێنیشتووتان پاکژکەنەوە، ئەوجا بە باوەڕی تەواوەوە، بەرەو هوودای مهیربان هەڵتەکێن، هەینێ دوونیا بە ڕووتاندا پێدەکەنێ و، دەرووی خێر و فەرهانیتان لێ دەبێتەوە.

## هێشووی 20

لە ڕۆژی ڕاسانی هەرەوزیدا، هێکەم هەنگاو بە بەرزکردنەوەی وشەی دایک دەست پێ بکەن، هەموو بە هێکەوە لە سەربانەکان و، لە پەنجەرەی ماڵان و، لە کۆلانێ دەنگ هەڵبڕن، هووتافی شۆڕەش بڵێنەوە:"هۆ دایە گیان، هۆ دایە گیان، هەی مهیربان." لە دەستپێکیەوە هەتا داکووتینی ئاڵای سووری سەرکەوتن، دەم بە هووتاف و هاواربن. ئەو دەنگ و زەنگە هێزێکە شەپۆڵ شەپۆڵ بە پانی و بەرینی بڵاودەبێتەوە و، دارا و بە دەوررە لە ڕماندنی قووبە و قەڵاتەکانی هۆفیدا، هێزێکە دەچێتە ناو دڵ و دەماخی جەنگاوەرانەوە و، گڕوتینیان دەداتێ، دەشچێتە بناگوێی هۆفیان و، وهایان دەتۆقێنێ، کە لە پێ بکەون. هۆ جەنگاوەرانی ڕووناکی! لە هەڵمەت برندا، پڕبەپڕی گەروو، هووتافی "هۆ دایە گیان" بڵێنەوە، هەڵمەتێک بەرن وەکوو ئەوەی بچن لە ناو ئاگردا دایکتان لە سووتان ڕزگار بکەن، یان لە ناو ئاودا دایکتان لە خنکان دەربهێنن. هەنگۆ باڵندەکانی هوودای دایکن، لە ڕۆژی ڕاساندا بێباک لە باڵبدەن، خاکی دایک و ڕەگەزی دایک و ڕۆڵەی دایک لە بندەستی هۆفی دەربهێن، بگەنەوە بە شان و شکۆی بەشەری و، هەمووان سەروەر و سەربەست بژین. ئەگەر بمرن، پلەتان شانازە و ڕوو بە ڕووناکین، لە دۆخی بهێشتیدا سووڕێکی دیکەی ژیان دەست پێ دەکەن، ئەگەر بمێنن، بە دڵ و دەروونی ڕووناکەوە، دەژین. کانگێ کاتی هات ڕاپەڕن، ئێوەی مهیرپەرست لە باری دەماخ و دەرووندا، بە هێزترین جەنگاوەری دوونیان، لە باری دەست و بازووش، تەوژمی تۆفان دهێتە ناو دەمارەکانتان، شاخ لە ناو بڕبڕەکانی پشتتان هەڵدەستێ. هێزی لەش لە دڵ و دەماخ و دەروونەوە دێ، هێزێکم داونەتێ قەت بنی ناهێ. نەیار کێیە و چی هەیە؟ هەموو ئەوەی دەسهەڵاتی ستەمکاری و هۆفێتی هەێتی، لە واتای تەن دایە، لە کاتێکدا ئەوەی ئێوە هەتانە تینە و، تین خوودێتی هوودایە، لەبەرهەندێ هووکمە شۆڕەش سەردەکەوێ.

لەمەوپێش کە مردنتان نەدەناسی، لەبەری هەڵدەهاتن، لەمەوپاش دەیناسن و بێباکن لێی. ناسین لە زانینەوە دێ و، زانین لە بنەڕەتەوە هەلومەرج وەردەچەرخێنێ. سیستەمی سەرمایەداری، وەهای لە خەڵکی کرد، لە مردن بتۆقن و لێی بسڵەمێنەوە، وەهای لێکردن ڕادەبەدەر مەرگ بە قوورس ببینن، هەولی قوورسیش لە بۆ مانەوەی جەسدە بدەن، لە کاتێکدا سیستەمەکە لە دەروونی هەرکەسدا دۆڵزاخێکی ئاگرداوە، مانەوەی جەسدە بە واتای مانەوەیە لە ناو ئاگری دۆڵزاخدا. لە دوونیابینی سەرمایەداریدا، زیندەگی لە واتای زهینی دابڕێندراوە و، تەنەها بە زیندوویێتی لەش لێکدەدرێتەوە، دوونیابینیەکە لە سەر بنەمای تەن داڕێشتدراوە، لەبەرئەوە "تەن" لە پێکهاتەی لەش بە پێشین دەبینێ و،"تین" وەپاش دراوە. ئەم پاش و پێشکردنە، قڵپکردنەوەی هاوسەنگێتی پێکهاتەی بەشەرە. بڕوانن، گۆزە بە قڵپکردنەوە، ترپاتی تەڕی تێیدا نامێنێ، بەشەر وەکوو گۆزەی سەرەونخوون، ناوناخی هووشک بۆتەوە. پێش و پاشکردنەکە تەنەها لە نێوان تین و تەن (گیان و لەش)دا نیەە، قڵپکردنەوە بە سەر پیکهاتەی لەشەکەش داهێندراوە. لەش چ مێ بێ و چ نێر، سێیە لە هێکێکدا، سەرک لە خوودێتیدا کیژە، شان هەتا تەنگە بە خوودێتی دایکە، تەنگەش بەرەو خوار بە خوودێتی کووڕە. خوودێتی کیژ و دایک لە ناو هێکدین، ڕێک بەمجۆرەش سەرک و ناوەندی پێکهاتەی لەش بە هێکەوەن، چ تاقێکیان بەبێ ئەویدی ناتوانێ بەردەوامی بە زیندوویێتی خۆی بدات، وەلێ بەشی خوارەوەی لەش، لقێکە بە ناوەند گرێدراوە، بەشەر دەتوانێ بەبێ لینگەکانی، بەبێ قەنگ و گەڵ و زێ، زیندوو بمێنێ و، توولبداتە زیندەگی. پێکهاتەی هەرگیاندارێک وەهایە، درەخت چاو لێ بکەن، بە قرتاندنی لقەکانی لە بەین ناچێ، بڕینەوەی بنی قەدەکەی، یان دەرکێشانی لە ڕەگەوە لە ناوی دەبات. سیستەمی سەرمایەداری دۆخی قڵپبوونەوەی بە سەر پێکهاتەی بەشەردا هێناوە، لە پیکهاتەکەدا بایەخی بەشی خوارێ لە پێشترە و، پێداویستی دڵ و دەماخ لە پەراوێزن، بە جۆرێک دەستەبەرکردنی پێداویستی گەدە و ناوگەڵ هەموو ئامانجێکی بەشەرن، دڵ و دەماخیش بەبێ دابینکردنی پێداویستیەکانیان، لە بنبارێکی هێکجار گران بەجهێ هێڵدراون، لەبەرئەمەیە زۆر بە بەربڵاوی شەپڵە لە دڵ و دەماخ دەدات و، ساڵانە بە ملیۆنان بەشەر لە ناو دەچن. لە ڕاستیدا هیزری هۆفێتی و نەزمی چیناتی، دۆخێکی گشتەگیری مەرگاوی سەر بەشەردا هێناوە، لە سێهانەی پێکهاتەی سەردا، دوو بەشە مێینەکەی مووخ داتەپیون، تەنەها بەشە نێرینەکە و، برێکێ کەمی بەشە ناوەندیەکەی زیندوون، هاوکات لە سێهانەی سەرجەمی پێکهاتەی لەشدا، سەر و ناوەندی لەش، کە دوو بەشە مێینەکەن پەراوێزن، تەنەها بەشە نێرینەکەی لەش(گەڵ و قووز) و برێکی کەمی بەشە ناوەندیەکە(مەبەست گەدەیە) جهێی بایەخن. لە بازنەی کۆمەڵاتی بەشەریشدا، ڕەگەزی

کوورِ چۆتە پایەی ڕەگەزی دایک و، واتای زهین و زیندەگی بە نێرەوە هەڵواسدراوە، خوودێتی کیژ و دایکیش هەڵدراونەتە کەنارەوە، بە جۆرێک لە ڕەگەزی دایکدا، تەنەها تایبەتمەندی منداڵبوونەکەی بایەخی ماوە. نێرناوەندی چ لە ناو لەش و چ لەدەرەوەی لەش، مەرگ و داتەپین دهێنێتە گۆرێ، نەزمی گەردوونی ئەوهایە، دەبێ لە هەردوو باری ناوەوە و دەرەوەدا، دایک ناوەندێتی بکات. ئەمڕۆ بەشەرێت لە سێ باردا، لە واتای قووڵی مەرگ دایە، مووخ بەشی بنەڕەت و ناوەندی داتەپیوە، پیکهاتەی لەش دڵ و دەماخەکەی لە پەراوێز بە جهێ هێڵدراوە، لە ڕەچەڵەکی بەشەریشدا، پایەی سرووشتکرد لە کیژ و دایک ستاندراوە و، تایبەتمەندی مێهێتی مردووە. هەرسێ ڕووداوەکە گوزارشتن لە مردن، لە وێنەی ئەو مردنەی کە بە دەرکێشانی ڕەگ و بڕینەوەی لە ناوقەدڕا، بە سەر درەختێک دادێ. بەشەرێت سەبارەت بەم مەرگ و داتەپینانەی خۆی لە خەفڵەت دایە، لە مەرگێک تۆقیوە، کە تەنەها ناوی مەرگە و، لە ناوەرۆکدا سووڕێکی دیکەیە لە زیندەگی. سیستەمی سەرمایەداری، لە پەیوەندی بە وشەی مەرگیش، گۆزەکەی قڵپ کردۆتەوە، مردنی ڕاستیەقین وا بەشەرێت لە سێ باردا دەیقەتێنێ و، بێ خەبەرە لێی، کەچی ئەو مردنەی کە مردن نیهە و، پەڕینەوەیە لە سووڕێکی زیندەگی بەرەو سووڕێکی دی، لێی بۆتە ترس و، لە بەری هەڵدێ. زەمانی زوو، بەشەر مردنی دەناسی، وەلێ داتەپینی دوو بەشەکەی مووخ، ئەو ناسینەی ناو سەری سڕیوەتەوە و، بەشەر وهای لێ هاتووە، دەرک بە هیچ شتێکی بنەڕەتی و ناوەندی ناکات لە زیندەگیدا، سەرەڕای ئەوەش، سیستەمی چیناتی لە پەیوەندی بە وشەی مەرگ، قۆناخ بە قۆناخ ترسی خستۆتە دڵ و دەروونی بەشەرەوە، لەبەرئەوەیە وا کووشتن و لە سێداردانی خستۆتە ناو لیستی سزاکانەوە، خەڵکی کە لە مردن بترسێن، خۆیان لە بەگژداچوونەوەی سیستەمەکە بە دوور دەگرن. بەمجۆرە ترس لە مردن، دەبێتە پەڕژینی ئاسایش و، سیستەمی سەرمایەداری لە ناو ئەو پەڕژینەدا بەردەوامی بە خۆی دەدات. لە ڕاستیدا ترس لە مردن، خراپترین هەستێکە، لە شەڕدا مایەی بە کووشت چوونە، دووره شەڕیش کاتێک لە مردن دەترسێ، دەرد بە هەناوی دەکەوێ و، پێشوقهت دەمرێ. لەمەوپاش هەموو شتێک وەردەچەرخێ، ناMووس دواهی بە دۆخی مەرگ دهێنێ و، لە هەرسێ باردا بەشەرێت زیندوو دەکاتەوە. هیدی هەرکەسێک لە مەرگ بترسێ، ئەو کەسە بێ باوەڕە، ئەوی بەبێ باوەڕی بمرێ، خۆی دەخاتە دۆخی دۆڵزاخەوە، لە کاتێکدا ئەوی لە ڕێی مهیرپەرستیدا دەمرێ، پلەکەی شانازە و، لە دۆخی بهێشتیدا خۆی دەبینێتەوە. خەڵکینە، چیدی لە مەرگی یاراندا، خۆتان خەفەتخان مەکەن، ئەگەر مردووەکە مهیری بووبێ، مردن کامەرانی بە مردوو دەبەخشێ. هەق وهایە، بە دووهای خێر و بە هەلهەلە لێدان، هوودا هافیزی لێ بکەن.

## بەری سێهەم

### هێشووی 01

شۆڕەش سەردەکەوێ، موولکاتی تایبەتی هەڵدەوەشێتەوە و، بە نەزمی ئاسۆهی لە سەر سێ پایەی "دایک، دۆستی، سەربەستی،" شارستانێتی دایک قاڵبی دەدرێتێ. بناخ لە سەر ئەو نەزمە، هەیکەڵی بەڕێوەبردن لە سەرجەمی بوارەکاندا بە شێوەی هێشووە ترێ دەبێ و، لە ناویدا باری گوزەران و سامانداری بە جۆرێک ڕەوتی دەدرێتێ، هاوسەنگی بە هاردی دابهێنێ. چاو لە هێشووە ترێ بکەن، تۆڕێکی چیلکەهی هەموو قلە ترێیەکانی بە هێکەوە بەستوونەتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ دەنکە ترێهێک بە سەر دەنکێکی دی زاڵ بێ، یان قلە ترێهێک دوو قەبارەی قلێکی دیکەی هەبێ، یان لە پایەداریدا بەرزی و نزمی بەرهەست هاتبێ. نامووس هەروەکوو هێشوو هەموو خێزانەکان بە هێکدی گرێ دەدات و، پایەی هاوسەنگیان دەداتێ، هەرهێکەشیان دارای سەروەرین، بەبێ ئەوەی بەرەدایکێک لە بەرەدایکێکی دی پایەدارتر بێ، یان سامانێکی پتری هەبێ و، جوودایەزی بخاتە نێوانیانەوە. بە قووڵی زهین بدەنە

شێوەکانی بازنگ و خڕێتی، لە ئاستەکانی ئاسۆهی و پانی و ستوونی ڕابمێنن، هەنگینێ بە ڕوون و ڕەوانی وێنەی هەردوو هەلومەرجی کۆمەڵی بێ چین بە نەزمی ئاسۆهی، کۆمەڵی چیناتی بە سیستەمی ستوونی، دەبینن. لە بازندا هاوتابوون و وەکهێکی بە دید دێ، بازنگ نە بەرزی و نزمی، نە چەپ و ڕاستی نیهە، لە هەموو گەرورونیشدا بازنگ و خڕێتی بەتایبەتمەند شێوەی مێینەن، چوونکی ئاستەکانی ئاسۆهی و پانی تایبەتمەندی ڕەگەزی دایکن، تەنەها ئاستی ستوونی تایبەتمەندی نێرە. تەماشای دیواری هەڵبەستدراو بکەن، لە هەردوو باری ئاسۆهی و پانیدا خشتەکان بە تەنیشت هێکەوە ڕیز دەبەستن، بەڵام لە بارەی ستوونیدا خشتەکان بە سەر هێکەوەن و، ڕیزێک چۆتە سەر ڕیزێکی دی، بەم هۆیەوە بڵند بۆتەوە. ئەمەیە سیستەمی ستوونی، کە هەندێک بە سەر هەندێکی دی بەرز دەکاتەوە، لە کاتێکدا نەزمی ئاسۆهی و پانی، هاوتابوون دهێنێتە گۆڕێ و، لە سایەیدا ئەندامانی کۆمەڵ هەروەکوو خشتی دیوارەکە بە تەنیشت هێکەوەن، بەبێ ئەوەی چ تاقیان لە هێکدی بڵندتر و گەورەتربن، ئەگەریش دیوارەکە بە شێوەی سرووشتیانە لە بەرد هەڵچەندرابێ، فەرقی نێوان بەردەکان زۆر کەمە، هیچ بەردێک دوو هێندەی بەردێکی دی نیهە. لە کۆمەڵی بێ چیندا، نابێ فەرقەکان ئەو هەندازەیە تێپەڕێنێ، نابێ بە هیچ پاساوێکەوە خێزانێک دوو هێندەی خێزانێکی دی داهاتی هەبێ، لە کاتێکدا هەردوو خێزانەکە لە چەندێتیدا هاوسەنگی هێکدین.سیستەمی ئاسۆهی و سیستەمی ستوونی بە تەواوی لە هێکدی جوودایەزن، سیستەمی ستوونی بە تایبەتمەند نێرانەیە و، نێر تیایدا باڵادەستە، سیستەمێکە سەرەڕای ئەوەی چیناتی و چەوساندنەوەی لە سەر هەڵچەندراوە، لە باری زهینی و دەروونیشدا بەردەوام ویستی دەسهەڵاتخوازی بەرهەم دهێنێتەوە. گۆڕینی سیستەمی ستوونی بە ئاسۆهی، گواستنەوەی دەسهەڵات نیهە لە ڕەگەزی نێرەوە لە بۆ ڕەگەزی مێ، بەڵکوو نەهێشتنی دەسهەڵاتخوازی و بنچەق دانانەوەی چەمکی دایکە لە ناوەندێتیدا. سیستەمی ئاسۆهی بە تایبەتمەند سیستەمی دایکانەیە، دایک هەموو منداڵەکانی وەکوو هێک دەبینێ، هەندێک برسی و هەندێک تێر، هەندێک بە دەسهەڵات و هەندێک بێ دەسهەڵات ناکات، هەموویانی خۆشیدەوێن، هەموویان بە نان و بەرگ دەکات و، بە پێی تایبەتمەندی مێهاتی و نێراتی خۆیانەوە، ڕەوتیان دەداتێ. پیاو ڕەگەزی دایک ناناسێ، لە ئەو وهایە ژن هەروەکوو پیاو مەیلی دەسهەڵات و خۆسەپاندنی هەیە، لە ڕاستیشدا هەرگیز بەوجۆرە نیهە، تەماشای زیندانەکان بکەن، وا پڕن لە نێر، بە کەمی ڕوودەدات مێ بخزێتە تاوانێکەوە، چوونکە تاوان و خراپەکاری بەشە زۆرەکەی بە هۆی دەسهەڵاتخوازیەوە پەیدا دەبن. ژن لە دۆخی سرووشتیبوونی خۆیدا، قەت خواستی دەسهەڵات و، ویستی گەوراتیکردنی بە سەر کەسدا نیهە، تەنانەت لەگەڵ منداڵەکانیشی بە سۆزی دایکانە دەجوولێتەوە، نەک بە دەسهەڵات و خۆسەپاندن. بێجگە لەمەش، ژنان لە نێوان خۆیان بە وێنەی هێشووە ترێ دادەنیشن و، سەرێ و خوارێ لە

خڕبوونەوەیاندا نیهە، چ تاقیشیان بە ڕێبەر و قسەکەری پلە هێک دەرناکەون، وەلێ پیاوان بە ریز دادەنیشن و، سەرێ و خوارێ دروست دەکەن، هەرهێکەشیان دەیهەوێ سەری مەجلیس بگرێ و، گەورەی کۆمەڵەکە بێ. ئەم شێوە دانیشتنانە و، ئەو شێوە قسەکردنانە، لێکەوتەی تایبەتمەندی ڕەگەزن و، نیشانەی ئاشکرای ئەوەن، ژن بە ئاسۆهی و پیاو بە ستوونی ڕەوت بە زیندەگی دەدات. ژن بە خۆڕسک ئەوهایە و، خەسڵەتەکانی پەیوەندی بە دایکاتیەوە هەیە. سیستەمی ئاسۆهی، سیستەمی دایکە، دەسهەڵاتی کەسی و تایبەتی داناڕێشێ، بەڵکوو دەسهەڵات و دەسهەڵاتخوازی کۆتاهی پێ دەهێنێ، لە چێگەیدا هەرەوزی و هاوسەنگی دەخاتە گۆڕێ. لێرەدا زهینتان ڕوون بکەنەوە و باش تێبگەن، گەڕانەوە بەرەو مهیرپەرستی و، داکووتینی نەزمی ئاسۆهی، بە واتای گەڕانەوە نیهە بەرەو ئەو شێوە زیندەگیەی کە پێشترێ هەبووە، ئەوەی هەبوو شێوا و لە بەین چوو، تازە ناگەڕێتەوە. پێشترێ لە ڕێکخستنی کۆمەڵاتی و شێوەپێدانی کۆمەڵی بەشەرێتدا، بنەمای زاین و خێڵی دایکاتی بە بنەڕەت دەهاتن، بە دەرکەوتنی هۆفێتی و زاڵبوونی بە سەر بەشەرێتدا، ئەم هەیکەڵی پێکهاتەیە هەڵوەشایەوە، قەتوقەتیش ئەو شێوە پێکهاتەیە قاڵب ناگرێتەوە. ئەوەی ئێستا بە ناوی خێڵ لە هاردی دایە، خێڵی دایکاتی نیهە، پاشماوەی چەپەڵ و بە زەڕی هۆفانەیە، دەبێ لەگەڵ سەرجەمی پاشماوەکانی هۆفێتیدا، بەلادا بندرێ. خەڵکینە! دەتوانن بە سەرنجدان لە ڕێسای زمانی زگماک، ئەم بابەتی نەگەڕانەوەیە ڕوونتر ببینن و، چاکتر لێی تێبگەن.
لە زماندا ناوکە دەنگ "هـ"، نۆ جار لە پاڵ دەنگەکاندا دەردەکەوێ، شەش جار لە پۆلە دەنگی سەرەتا، سێجاریش لە پۆلە دەنگی کۆتاهی، لە پۆلی سەرەتادا پێشەوەی دەنگەکان دەگرێ و، لە پۆلی کۆتاهیدا لە پاشەوەی دەنگەکان دێ، بێجگە لەوەش هەم دەنگەکان جوودایەزن، هەم شێوە و شوێنی دەرکەوتنی ناوکە دەنگ. لەم نموونەوە تێبگەن، گەڕانەوەی مهیر و شێوەگرتنی سیستەمی ئاسۆهی، هەلومەرجەکەی لەوەی پێشترێ جوودایە. لەمەوپاش وەکوو پێشترێ، کۆبەندی هەرەوزی شێوەی دێتێ، چەمکەکانی دایک، خووشک و برا گشتەگیر دەبنەوە، هاومالی و مێوانی، هاودلی و دۆستی، بە تێکڕا گشتێک لە مهیریات زهین و زەمین دادێ و، واتای ڕاستیەقین بە ژین دەبەخشنەوە. بەلام قالبگرتنی ڕێکخستنی کۆمەلاتی، پێکهێنانی کۆبەندی هەرەوەزی، پەیوەستبوون بە هێکدی، لە سەر بنەمای پابەندی بە پەڕاوی نامووس بە جهێ دێن، هیچ ڕێکخستنێکی کۆمەلاتی و، پێکهاتێکی خۆبەڕێوەبەری، لە سەر بنەمای زاینی دایک و، پەیوەندی خوون و خزماتی پێک ناهێ، لەمەوپاش پەڕاوی نامووس دایکی گەورەیە و پیرهۆزە، هەروەکوو چلۆن هەمووان بە سەرچاوە لە نامووس لە دایک دەبنەوە، ئەوهاش بە دەوری نامووس خڕدەبنەوە، نامووس بە شێوەی هەمەلایەن لە جهێی دایە گەورەیە، لە جهێی دایکی بەشەرێتە، ئەو دایکەی بەشەرێت لە دامێنی ئەوەوە بە دوونیاهێ هات.

شۆڕەش لە بنارەکانی زاگرۆز، لە کووردهەواری دایک بەرپا دەبێ، ئەوجا خۆڕسکانە فەرهەنگی شۆڕەشەکە بڵاوە دەکات بە دوونیای بەشەریدا، پێ بە پێ تاریکاهی دواهی پێدێ. هەرمەفتەنێک شۆڕەشی بە خۆوە دیت، هێکسەرە بە شێوەی ڕاگوزەرانەی تووندوتۆڵ، لە گەڕەک و گووندان دەستەی هێمناتی و دەستەی دادوەری پێک بهێنن و، بە پێی نامووس و ڕامووس بارودۆخ ڕێک بخەنەوە، هێکسەرەش جەنگاوەران لە میانی تاقمی بچووکدا، خۆ ڕێکخەن و، پاسداری لە تخووبەکانی سەرزەمینی شۆڕەش بکەن. هەردوو دەستەی هێمناتی و جەنگاوەری بە سەردەستە بەڕێوە ببەن، هەرسەردەستێک لە شەش کەس پێک بهێنن، هەربڕیارێکیش کە دەدرێ، پێویستە دوو لە سەر سێی سەردەستەکە بیدات. هاوکات دەستەی هەڵبژاردن پێک بهێنن و، چەند گەڕەک و گووند لە کۆبەندێکی هەرەوزیدا بە هێکدی ببەستنەوە، بە جۆرێک ژمارەی دانیشتوانی کۆبەندەکە لە سێ هەزار کەمتر و لە نۆ هەزار پتر نەبێ. باش وهایە نۆ کەس ببنە سەرپەڕشتیاری دەستەی هەڵبژاردنەکە و، بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی هەڵبژاردنی کۆبەندەکانی دی، ڕێوشوێنی هەڵبژاردنە گشتیەکان و، کات و ڕۆژی بەڕێوەچوونەکەی دیاری بکەن. لە هەرکۆبەندێک سێ ئەنجوومەن بە ناوەکانی ئەنجوومەنی دادوەری، ئەنجوومەنی هێمناتی، ئەنجوومەنی ماقوولان بە دەنگدانی دانیشتوانی کۆبەندەکە هەڵبژێرن، هێکەم سێ ئەندام و دووهەم شەش و سێهەم نۆ، بەو مەرجەی دوو لە سەر سێی هەڵبژێردراوان لە ڕەگەزی دایک بن. پێشترێ کووڕی مریەمێ پێی گووتبوون:"بچووکترینتان گەورەترینتانە،" هەنەوکەش کووڕی مریەمێ ئەم گاتایە دەداتەوە بە گوێتاندا، ئەمە هەمان ئەوەیە کە هەزاران ساڵ کۆمەڵی کوورهەواری پێڕەوتی بوون. ئەوی خاکەڕایە و، خۆی لە هەمووان بە بچووکتر دەزانێ، هەرئەویش بکەن بە گەورە و، بەرپرسیارێتی پێ بسپێرن، ئەوی خۆی بە گەورە زانی، بە بجووک ببینن و پەراوێزی بخەن. پاش هەڵبژاردن، دەستە ڕاگوزەرەکان هەڵدەوەشێنەوە، چوونکە ئەنجوومەنی دادوەری لە جهێی دەستەی دادوەری، ئەنجوومەنی هێمناتی لە جهێی دەستەی هێمناتی دەست بە کارن. کۆبەند لە خۆبەڕێوەبردندا قۆمەتێکی سەربەخۆیە، ئەمجوومەنی ماقووڵان بە خوولی شەش ساڵە بەڕێوەی دەبەن و، لە هیچ بارێکدا هەقی دووبارە خۆ بەربژێرکردنیان نیهە، پێویستیشە لە ماوەی ماقووڵاتیدا، سەرجەمی کاتی ڕۆژ و شەو لە خزمەتی خەڵکی کۆبەندەکەیان لە سەرپێ بن، بەبێ ئەوەی منەت بە سەر کەسەوە بکەن، یان خۆیان لە خەڵکی بە پایەدارتر بزانن. ئەنجوومەنی ماقووڵان بنەما لە سەر لێهاتن و کارامەهی، ئەندامەکانی لە نۆ بەشدا ئەرکدار دەکات و، هەڵدەستێ بە پێکهێنانی دەستەکانی" مهیرجەم، ساخلەمی، خاک، ئاو، کار، خۆراک، فێرکردن، هیسابات، بەردەرک،" هەرهێکەش

لەو دەستانە سێ کەس بە ناوی سەرکۆ سەرپەرشتی بکەن، ئەندامێکی ئەنجوومەن و دوو کەسی دیکەی لێهاتوو لە بوارەکە، بەڵام چ تاقێکی ئەو سەردەستە سێ کەسیانەی کۆبەند، دەسەڵاتی ئەوەیان نیەە، کە لە خۆیانەوە بڕیار و ڕێنوێنی دەربکەن، هەرهێکەیان لە بواری خۆیاندا پێشنیاز هازر دەکەن، پاشان لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ماقووڵانی کۆبەندەکە، بە دەنگی دوو لە سەر سێ بڕیاری لێ دەدرێ. بڕوانن، پایەکانی کۆبەندی هەرەوزی، بنەما لە سەر سێ خوودێتی دایک و کیژ و کوور بەرجەسدە دەبن، ئەنجوومەنی ماقووڵانی کۆبەند واتایە لە خوودێتی کەنیشک، هی دادوەری واتایە لە دایک و، هی هێمناتی واتایە لە کووڕ، ئەمەش دابەشبوونێکە وێنەی لە سیستەمی گەردوونی وەرگیردراوە.

هێشووی 03

بازنەی شارستانێتی دایک، سەرجەمی کۆبەندانی هەرەوزی دەگرێتەوە، سێ ئەنجوومەن بە ناوەکانی: "مووخان، دایکان، فەرمانڕانی،" وەکوو سێ هەستوونگ بازنەی شارستانێتەکە ڕادەگرن، هاوکات ئەنجوومەنێکی تخووبپارێز بە ناوی "ئەنجوومەنی جوانمێری،" بە پاسدراریکردنی مەرزەکانی سەرزەمینی شارستانێت هەڵدەستێ. هەیکەلگرتنی شارستانێتی دایک، بە سەرچاوە لە هەیکەڵگرتنی کۆبەندان پێکدێ. کۆبەندی هەرەوزی لە سەر سێ پایەی "دادوەری، ماقوولاتی، هێمناتی" ڕادەوەستێ، هەرسێکیان ئەنجوومەنی سەربەخۆن و، بە شێوەی خوول بەڕێوە دەچن. هەڵبژاردن لە ئەنجوومەنی هێمناتیدا، کارکردێکە لە نێوان نۆبەتداران خۆیاندا، بەڵام دوو ئەنجوومەنەکەی دی، لە خوولی شەش ساڵیدا، ڕاستەوخۆ دانیشتوانی کۆبەند هەڵیاندەبژێرن، ئەوانی دەنگی دەرچوون بە دەست بهێنن، خوولێک بەرپرسیارێتی وەردەگرن و، لە سێ خوولی پاشتردا هەقی دووبارە بەربژێربوونیان نابێ. لە سەرەتادا هەقی هەرکەسێکە بیهەوێ بەربژێربێ، ئەگەر توانامەندی بوارەکە بێ و، دەستەی هەڵبژاردنەکان پەسەندی بکات. هەق وهایە، لە بازنەی گچکەی کۆبەند و، بازنەی گەورەی شارستانێتدا، بە هێندەی نان و ئاو، گرنگی بدەنە بەرقەرارکردنی دادگەری، لە بازنە گچکەکەدا خانەی داد (ئەنجوومەنی دادوەری)، لە بازنە گەورەکەدا ئەنجوومەنی دایکان پێک بهێنن. هەرکۆبەندێکی هەرەوزی، سێ دادوەر لە بۆ سەرۆکاتیکردنی ئەنجوومەنی خانەی داد هەڵبژێرێ، سێ دانەش بە جێگرەوە، پاشانەکە سەرجەمی خانەکانی داد، دەبنە ئەندام لە ئەنجوومەنی دایکان لە سەر ئاستی شارستانێتدا، هەرجار هێکێک لە دایکە دادوەرەکان، لە خڕبوونەوەکانی ئەنجوومەنی دایکان نوێنەراتی کۆبەندەکەیان دەکەن. ئەنجوومەنی دایکان، گوزارشتە لە دایکاتی لە واتای گشتەدا. ئەو

ئەنجوومەنە لە ماوەی شەش ساڵی تەمەنیدا، خۆبەخۆ ساڵانە دەستبەندی دایکاتی لە بیست و چهار دایک هەڵدەبژێرێ، ئەو دەستەبەندە کۆبوونەوەکان ڕێک دەخات و، لە پەیوەندی بە ڕووداوە لە هیکڕاکان بڕیار و ڕێنوێنی دەردەچوونێ، ئەگەر ئەنجوومەن نەیتوانی بە پەلە خڕبێتەوە. داد و دادوەری، چ وەکوو وشە و چ وەکوو کارکرد، لە دایکەوە هاتوون. دروست وهایە لە بازنەی کۆبەند دوو لە سەر سێی پایەی دادوەری بە ڕەگەزی دایک بسپێردرێ، بەڵام لە ئاستی شارستانیێتدا، ئەندامانی ئەنجوومەنی دایکان، سەرجەمیان لە ڕەگەزی دایکن. سەرۆکاتیکردنی خانەی داد، لە دوو ژن و پیاوێک پێک بهێنن، بە مەرجی ئەوەی تەمەنیان لە چل ساڵ کەمتر و، لە شەست ساڵ پتر نەبێ، بە شارەزاهی قووڵیانەوە لە نامووس و ڕامووس، هاوکات مەرجە لە هەڵسوکەوتی دادوەری و شێوازەکانی لێکۆڵینەوەدا کارامە و لێهاتووبن. سەرەڕای ئەوانەش، دەلوێ مەرج و بنەمای قوورس دیاری بکەن، بە جۆرێک بازنەی بەربژێری دادوەری بەرتەنگ بێتەوە و، شیاوترین کەسەکان بتوانن بهێنە ناو بازنەکەوە، چوونکی ئامانج ئەوەیە دادگەری بە پڕاوپڕی بەرقرار بێ. لەمەوپێش بە ناوی داد و دادوەری، هۆفێتی لە گۆڕێ بوو، لەمەوپاش مهیر دەگەڕێتەوە و، وشەکە بە واتا و کاکڵە ڕاستیەڤینەکەیەوە، دەبێتە کرداری بەرجەسدە و بەرهەست هاتوو. لە میانی دادوەریدا، بەخشین و سزادان هەیە، سزادان بە قەسدی تۆڵەکردنەوە نیەە، بەڵکوو مەبەست ڕاچڵەکاندنی ئەوانیدی و، وانە پێدانیانە، بەشکووم پێی هاقڵ بن و، تووخنی خراپەکاری نەکەون. دروست وهایە بەخشین پێشی سزادان بخەن، بەخشین لە ڕەگەزی مهیرە، خەڵکی هاندەن با لە خەتا و خراپەی هێکدی خۆش بن و لێبوردە بن، هێزیان بدەنێ بە سەر نەفسی خۆیاندا سەربکەون و، خواستی تۆڵەستاندن لە سەریان بکەنە دەرێ. بەڵام تاوانی گەورە، وەکوو کووشتنی بە ئەنقەستی ڕەگەزی دایک، هیچ لێخۆشبوونێک نایگرێتەوە، لەبەرئەوەی گوزارشت لەوپەڕی تاریکی دەکات. ئەو کوورەی بە هەرهەنجەتێک دایکی خۆی کووشت، ڕووناکی لێ بستێننەوە و، هەردوو چاوی دەربهێنن، لە هەنیشکیەوە دەستی ڕاستیشی بقرتێنن. ئەو برایەی دەستی چووە کووشتنی خووشکی خۆی، یان ژنێکی دی، ڕووناکی لێ بستێننەوە و هەردوو چاوی کوێر بکەن، ئەگەر دایکی کووشتدراوەکە تاوانبارەکەی بەخشی و، تکای لێخۆشبوونی لە خانەی داد کرد، هەنگینێ لە چاوێکی گەڕێن و، هێک چاوی کوێر کەن. دەسهەڵاتی دادوەری و سزادان، پۆلێنکردنی هوورد و هاوسەنگی دەوێ، بڕیاری لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون هێک دادوەر دەری دەکات، بڕیاری سزادانە سووکەکان ئەنجوومەن خانەی داد دەیدات، وەلێ بڕیاری سزادانە قوورسەکان، خەڵک دەیدات و ئەنجوومەنی دادوەری لە سەر بنەمای ڕامووس زەمینەی بڕیارەکە ڕێک دەخات. دادبینی لە دۆسیەی تاوانی قوورس، نابێ لە خانەی دادی ئەو کۆبەندە بەرێوە بچێ، ئەوی کەسوکاری تاوانبارەکەی لێ دەژین، بەڵکوو لە کۆبەندیکی دی. دروست وهایە نێزیک

به نۆهەد کەس، لە هەردوو ڕەگەزی مێ و نێر، لە خانەی داد خڕکەنەوە، پێشیازەبڕیاری ئەنجوومەنەکە بخەنە دەنگدانەوە، ئەگەر دوو لە سەر سێی خەڵکەکە پەسەندی کرد، پێشنیازەکە دەبێتە بڕیار، لەکاتی نەگەیشتنیش بە دەنگی پێویست، دانیشتنەکە دوابخەن و، جارێکی دیکە هەمان بڕیار بخەنەوە بەردەمی خەڵکی، ئەگەر دووبارە دەنگی نەهێنا، ئەوجارە بڕیاری جێگرەوە بخەنەڕوو. بەڵام هیچ بڕیارێکی سزادانە قوورسەکان ناچێتە بواری جەێ بە جەێکردنەوە، هەتا بە ئەنجوومەنی دایکاندا تێنەپەڕێ و، پلەی بنبڕی وەرنەگرێ. ئەم گاتایانە بەرچاو ڕوونی بەراهین، پاشانەکە بابەتگەلی گرێدراو بە ڕێساکانی دادوەری لە دەقی "ڕامووس" دەخەمەڕوو.

## هێشووی 04

ئەنجوومەنی ماقووڵانی کۆبەند، لە نۆ کەسی ماقووڵ و توانامەند پێک دێ(شەش مێ و سێ نێر)، ئەنجوومەکە ئەندامە لە " ئەنجوومەنی مووخان"ی شارستانێتی دایک، هەرجارەی هێکێک لە نۆ کەسە ماقووڵەکە، نوێنەراتی کۆبەندەکەیان دەکەن و، لە ناو مووخان جەێ دەگرن. لە کاتی زۆری ژمارەی کۆبەندەکاندا، سێ، یان شەش کۆبەند بازن دەبن، هەرجارەی مووخی هێکێک لە کۆبەندەکان بە نوێنەرێتی بازنەکە دەچێتە خڕبوونەوەی مووخانەوە. لە هێکەمین خڕبوونەوەیاندا، مووخان لە نێوان خۆیاندا دەستبەندێکی بیست و هەفت کەسی لە هەشدە مێ و نۆ نێر بە ناوی "شای مووخان" هەڵدەبژێرن، ئەو دەستبەندە سەرپەرشتی خڕبوونەوەکانی مووخان دەکات، هاودەم بە دەنگی کۆکی دوو لە سەر سێ، دەرهەق بە ڕووداوە لە هێکڕاکان بڕیار دەگرێ. ئەنجوومەنی مووخان بە تەک ئەنجوومەنی دایکانەوە، باڵاترین دەسەڵاتە لە سەر ئاستی بازنەی شارستانێتدا، بە سەرچاوە لە هەرسێ دەقی "नامووس، ڕامووس، قامووس،" بڕیار و ڕێسا و ڕێنوێنی دادەڕێشێ، چاودێریشە بە سەر هەیکەلی شارستانێتی دایکدا. هەرڕێسا و بڕیارێک لە مووخانەوە دەربچێ، دەچێتە ئەنجوومەنی دایکان، کاتێک لەوێ پلەی پەسەندی وەردەگرێ، پابەندێتی گشتی دروست دەکات و، دەبێ هەمووان جەێ بە جەێی بکەن. مووخان لە دەوری "سەر" و، دایکان لە دەوری "دڵ"ی شارستانێتدا خۆیان دەبیننەوە، ئەوانیدی بەشەکانی لەشی شارستانێت پێک دهێنن، هەروەکوو جوولەی لەش بە بڕیاری سەرە، ئەوهاش جوولەی هێزەکانی جوانمێری، چ بە ئاراستەی ناوەوە و چ بە ئاراستەی دەرێ، تەنەها لە دەسەڵاتی مووخان دایە، ئەنجوومەنی جوانمێری دەسەڵاتی وها بڕیارێکی نیەە. لە دۆخی سەقامگیردا ئەنجوومەنی مووخان و، لە دۆخی ناکاویدا، شای مووخان بڕیار دەردەکەن. ئەو بیست و هەفت کەسەی بە شای مووخان ناودێردەبن، پێویستە هەموو

کاتی ڕۆژ و شەویان لە بۆ ئەرکەکەیان تەرخان بکەن و، لە "خانەی مووخان" بمێننەوە، وەلێ ئەنجوومەنی مووخان تەنەها لە ڕۆژی خڕبوونەوەکاندا ڕوو لە خانەی مووخان بکەن. مووخاتی زیێدەی ئەرکە، نەک زیێدەی ماف، ئەم ئەرکە بە هەندازەی تاڵە مووێک ئاستی زیندەگی مووخ بە سەر خەڵکانی دیکەدا بڵند ناکات. هەرمووخێک(ماقووڵێک) هێک خوول هەقی نوێنەرێتی هەیە، ئەو ماوەیەش وەکوو هەموو هاونیشتمانانی دیکە، زیندەگی خۆی بە سەر دەبات. هەم مووخ و هەم ئەوانی دی، پێویستە لە دەستپێکی ئەرکداریدا، ڕوو بە خەڵک ڕابوەستن و سووند بە "هوودای مهیربان،" و بە "شیری دایک"یان بخۆن، ڕاییگەهێنن بە دڵ و دەماخ و دەم پابەندی ناموسن و، درێخی لە بەرپرسیارێتی ناکەن.

هێشووی 05

ئەنجوومەنی فەرمانڕانی، بە واتای هەکوومەتکردنە، قاڵبی بەرجەسدەکردنی هێکێتی شارستانێتی دایکە لە بوارە جۆربەجۆرەکانی زیندەگیدا، ئەندامانی لە سەر بنەمای بەڵگەنامەکانی توانامەندی، لەلایەن مووخانەوە هەڵدەبژێردرێن، ئەوانیش ئەنجوومەنی ماقووڵانی کۆبەندەکان پێشکەشیان دەکەن. لە کۆبەندی هەرەوزیدا، هەیکەلی خۆبەڕێوەبەری لە نۆ تایبەتمەندی پێکدێ، بەڵام ئەنجوومەنی فەرمانڕانی، تایبەتمەندیهەکانی دووانزدەن، گەنجینەی شارستانی و وزەی گشتی و گۆڕینەوەی دەرەکی لە پاڵ ئەوانی دیکەن، دەلوێ مووخان تایبەتمەندی دیکەش زیاد بکەن، هەرهێکەشیان لە هەیکەلی فەرمانڕانیدا، "دیوهان"ێکیان هەبێ و، کاروبارەکانی تیێدا هەڵسووڕێنن. ئەنجوومەنی مووخان متمانە بە بیست و هەفت کەس دەدات(هەشتدە مێ و نۆ نێر) وەکوو ئەندامانی ئەنجوومەنی فەرمانڕانی، ئەوانیش بە شێوەی خوول شەش کەس بە دەستبەندی ڕێکخەری ئەنجوومەنەکە دیاری دەکەن، ئەو دەستبەندە بێجگە لە ڕێکخستنی کۆبوونەوەکان، دەسهەڵاتێکی دیکەی نادرێتێ. دیوهانەکانی فەرمانڕانی هەرهێکەیان لە بوارێکدا تایبەتمەندن، بە دووی تایبەتمەندی خۆیاندا دەچن و، کلێشەی ڕێنوێنی و بڕیارەکان هازر دەکەن، وەلێ پەسەندکردنی بە دەنگی دوو لە سەر سێی ئەنجوومەنی فەرمانڕانی دەبێ، دیوهان دەسهەڵاتی بڕیاردانی نیهە. ئەنجوومەنی فەرمانڕانی ماوەی شەش ساڵ کارا دەبێ، پاش ئەو ماوەیە هەڵدەوەشێتەوە و، ئەنجوومەنێکی نوێ جهێی دەگرێتەوە، هیچ کەس هەقی نیهە لە جارێک زیادتر ئەندامی فەرمانڕانی بێ. نە لە ئەنجوومەنەکانی فەرمانڕانی و مووخان، نە لە هیچ ناوونیشانێکی دی، خانەنیشینی نیهە، هەموو هێکێک لە سەرێتی بچێتە بوارێکی دی و بەردەوامی بداتە کارکردنێ.

له شۆڕەشدا جەنگاوەرانی ڕووناکین، له پاش سەرکەوتنی شۆڕەش و، شەقڵگرتنی ئەنجوومەنەکانی شارستانێتدا، خۆتان به نێوی "جوانمێر" له ڕێکخستنێکی هێشووهیدا ڕێکخەنەوه، ئەنجوومەنێکی باڵاش بەم ناوه و، به شێوەی خوول، بەرپرسیارێتی سەرپەرشتیکردنی بدەنێ. سیستەمی ئێستای سەربازی، که به ستوونی قاڵبی دراوەتێ، هی کۆمەڵی چیناتی و کۆیلەکانه، سیستەمێکه سەرباز تیایدا چیلکەی ئاگرکردنەوەیه، گەورەکانی دەیشکێنن و دەیخەنه ناو ئاگرەوه. شارستانێتی دایک ئەم دۆخه له بنەوەڕا وەردەچەرخێنێ، ئەنجوومەنی مووخان له سەرێتی ڕێسای ڕێکخستنی جوانمێری دابڕێشێ، به جۆرێک هیچ جوانمێرێک بچووک نەبێ و، کەسیش هەقی نیهه نه له سەر بنەمای پلەبەندێتی، نه له سەر بنەمای دیکه، سەرووی خۆی به گەوره ببینێ، چوونکی هەمووان گەوره و به شکۆن. جوانمێر کەسێکه تخووبەکانی شارستانێت دەپارێزێ و، بەرامبەر به هۆفی بەرخۆدان دەکات، بەربەستکردنی هۆفی له مەیدانێ، پێویستی به ڕەقێتی هەیه، له پێکهاتەی ڕەگەزی نێریشدا، تایبەتمەندی ڕەقی هەڵکشاوه، لەبەر هەندێ ئەرکی پیاوانه بهێنه پێشێ و، جوانمێری بنوێنن. هاوکات بەشداری ژنان له بازنەکانی جوانمێریدا، به شێوەی سنووردار پێویست دەکات، هەتاوەکوو له مەشق و مەیدانێ، به دەوری هاندان و هێز پێ بەخشین هەڵستن، نەشهێڵن ڕەقێتی به زیێده بێ و هەنداز تێپەڕێنێ. ڕاگرتنی ئاستی توندوتیژی و، هاوسەنگی شەڕ و ئاشتی له بازنەکانی جەنگاوەریدا، به هەبوونی هێڵی مێ به دید دێ. به ڕێسا ڕێکیبخەن هێڵێکی سەربەخۆی ڕەگەزی دایک، به نێوی هێڵی شەرەف، له ناو هەموو بازنەکانی جەنگاوەریدا جهێ بگرێ. ئەو ژنانەی منداڵیان نابێ، یان نایانهەوێ منداڵ بخەنەوه، دەتوانن ببنه هێڵی شەڕەف و، هاوسەنگی پیک بهێنن. له بازنەی جوانمێردیدا ڕێکخستن به شێوەی ئاسۆهی و، هاوبەندی به شێوەی هێشووه، بچووکترین هێکەی ڕێکخستن "پەلۆچکه"یه، له نۆ جوانمێر پێک دێ، هەرنۆ مانگ جارێک له نێوان خۆیاندا هێکێک به "سەرچک" هەڵدەبژێرن، سەرچک تەنەها ڕێکخەره و، هەقی نیهه فەرمان به سەر جوانمێراندا بدات، له بازنەی پەلوچکه و له بازنەکانی دیکەش، بڕیار به دەنگی دوو له سەر سێ دەردەچێ. له نۆ پەلۆچکه "پەل"ێک دروست دەبێ، سەرچکی پەلۆچکەکان دەبنه ئەندامی دەستەی سەرپەل، بڕیار له ئاستی پەل به دەنگی دوو له سەر سێی سەرپەلەکان دەدرێ. له نۆ پەلی ڕێکخستنیش "پەلەستوور"ێک قاڵبی دەدرێتێ و، ئەنجوومەنی پەلان هەڵیدەسووڕێنێ. ئەوانەی ئەندامی دەستەی سەرپەلن، هەرمانگێک هێکێکیان دەبنه ئەندامی ئەنجوومەنی پەلان. پاشانەکەش پەلەستووران له سەر ئاستی سەرزەمینی شارستانێتدا، ئەنجوومەنێکی باڵا به نێوی ئەنجوومەنی جوانمێری پێک دهێنن. له بازنەی هەرپەلەستوورێکدا سەرجەمی سەرپەلەکان

کۆدەبنەوە و، بە دەنگدان هێکێک بە نوێنەری خۆیان هەڵدەبژێرن، دەلوێ ئەو نوێنەرە ماوەی ساڵێک ببێتە ئەندامی ئەنجوومەنی جوانمێری، ئەنجوومەنەکەش لە هێکەم کۆبوونەوەیدا دەستەی ڕێکخەر هەڵدەبژێرێ و، کاروباری کۆبوونەوەکانی پێ دەسپێرێ. لە کاتی سەرپێچیکردن لە ناموس و، لادان لە بنەماکاندا، سەرچک و سەرپەل بێ، یان نوێنەر، هیکسەرە لە بەرپرسیارێتی لادەدرێ، ئەوی دەنگی دووهەمی هێناوە، جهێی دەگرێتەوە. هەرئاستێک ڕێنوێنی و فەرمانی تێیدا بدرێ، مەرجە لە سەر بنەمای ناموس بێ و، دەنگی دوو لە سەر سێ پەسەندی کردبێ، ئەگەر فەرمانێک لەگەڵ ناموس دژ بکەوێتەوە، جوانمێر نابێ پابەندی بێ، بەڵکوو پێویستە سکاڵای بباتە بەر خانەی دادی تایبەتمەند لە ئەنجوومەنی جوانمێری.
جوانمێران بەرپرسیارن لە پاراستنی تخووبەکانی سەرزەمینی شارستانێتی دایک، هیچ هێزێک بە هیچ پاساوێک، هەقی نیهە بەرەو ناوەوە بجوولێ، مەگەر ئەنجوومەنی مووخان، یان شای مووخان لە دۆخێکی لە ناکاودا بڕیاری لە بۆ دەرکردبێ. لە دۆخی سەقامگیردا، ئاسایش و هێمناتی ناوخۆ، ئەنجوومەنی تۆڕی هێمناتی دابینی دەکات. لە تۆڕی هێمناتیدا ڕێکخستن هاوشێوەی ڕێکخستنی جوانمێری بە شێوەی ئاسۆهی و، هاوبەندی بە شێوەی هێشووە. وێنە گەورەکە ئەوهایە، لەهەرکۆبەندێکی هەرەوزیدا ئەنجوومەنێکی سەربەخۆی هێمناتی هەیە، بە سەرپەرشتی خانەی دادی کۆبەندەکە خۆی بە ڕێکخستن دەکات و، ژمارەی "نۆبەتداران"ی هێمناتی دیاری دەکات. لە نۆ نۆبەتدار "پۆڵ"ێک پێکدێ، لە نێوان خۆیاندا سێ کەس بە "سەرپۆڵ" هەڵدەبژێن و ماوەی نۆ مانگان بەرپەرسیارێتی هەڵدەگرن. پۆلەکان بە هێکەوە "هەنگ"ێکن، لە هەرپۆلێکدا کەسێک بە هەڵبژاردن دەبێتە "سەرهەنگ،" هەموو سەرهەنگەکان بە هێکەوە دەبنە ئەندامی ئەنجوومەنی هێمناتی کۆبەند و، دەستەی ڕێکخەر لە سێ کەس دیاری دەکەن. بەڵام بڕیارەکان بە دەنگی دوو لە سەر سێی سەرهەنگەکان دەدرێن.
ئەنجوومەنەکە بە شێوەی خوول ساڵانە خۆی تازە دەکاتەوە. هاوکات سەرهەنگەکان لە نێوان خۆیاندا هێکێک بە نوێنەر هەڵدەبژێرن و، ئەو نوێنەرە لە ئەنجوومەنی تۆڕی هێمناتی لە سەرئاستی سەرزەمینی شارستانێت جهێ دەگرێ. پاشانەکە ئەنجوومەنە فەرەوانەکە بە مەبەستی هاسانتر بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەکانی، لە نێو خۆیدا ئەنجوومەنێکی بچووکتر هەڵدەبژێرێ. ئەو ئەنجوومەنە بڕیار و ڕێنوێنی هاوبەند بە ئاسایش و هێمناتی ناوخۆ دەردەکات، لە ئاستی ناوخۆی کۆبەندەکانیشدا بڕیارەکانی خانەی داد بە جهێ دەگهێنێ، خانەکە چاودێریشە بە سەریانەوە. ئەنجوومەنی مووخان لە سەرێتی ڕێسای ڕێکخستنی تۆڕی هێمناتی دابڕێشێ، لە میانیدا بەرپەرسیاری و پابەندی و، مەشق و ڕاهێنانی زهینی و زەمینی خاڵبەند بکەن. لە هێڵی هێمناتیدا هەڵسوکەوتی نۆبەتدار لەگەڵ کۆمەڵێکە مهیر تیایدا هەڵکشاوە و، ڕوو بە گەشەی گشتەگیرە، لەبەرهەندێ پێویست بە نەرمی دەکات. لە سەر ئەم بنەمایە، بەشداری

بەرفەراوانی ڕەگەزی دایک بە پێشین وەربگرن. باش وهایە بە ڕێسا پابەندێتی ڕێکبخەن، نێرینەکان لە سەریانە سێ ساڵ لە بازنەی جوانمێریدا خزمەت بکەن، بەڵام جهێگرتنی ژنان لە هێڵی شەرەف دڵخوازانەیە. لە ئاستی ناوخۆ پێچەوانەکەی خێردەداتەوە، خزمەتی سێ ساڵی ژنان لە تۆڕی هێمناتی، بە پابەندی دیاری بکەن، هی پیاوان بە دڵخوازانە، وەلێ ئەو کارە دڵخوازانەیە سێ ساڵەکەی جوانمێری لە سەر پیاوان لانادات. ئەم خستنەڕووە، وێنە گەورەکەیە، دەلوێ ئەنجوومەنی مووخان لەو ڕێسایانەی تایبەت بە ڕێکخستنی جوانمێری و ڕێکخستنی تۆڕی هێمناتی دەریان دەکات، هووردەکاری و بنەماکان بە جۆرێک دابڕێشێ، هاوسەنگی پتری تێیدا بە دید بهێنێ.

## هێشووی 07

لە پاش سەرکەوتنی شۆڕەش، پەلە بکەن لە پێکهاتنی ئەنجوومەنی ماقوولانی کۆبەندان، گرەنتیکردنی نان و، پێش پێگرتنی قەیران، بە کاری لە پێشین بزانن، مەهێڵن هیچ کەس بە برسیێتی بمێنێتەوە، هەتا لە نانی هاوسێکەتان دڵنیا نەبنەوە، پاروو نەکەن بە دەمی خۆتاندا، چوونکی هەموو هێکێکتان لە نانی ئەویدیکەتان بەرپرسیارن. هەرمەفتەنێ شۆڕەشی بە خۆوە دیت، بە پێی بەرهەمی ئەوێ، نان و ئاوی تێیدا گرەنتی بکەن. خاک و ئاو و هەوای کووردهەواری، وەڵامی پڕاوپڕ بە چاندنی دانەوێڵە دەداتەوە، بە هیساب و کتاب بڕی پێویستی گەنم و جۆ و، ڕەگەزە بنەڕەتیەکانی خواردن دابین بکەن، بە زامنکردنی ئارد و ساوار و، بەرهەمی دیکەی گەنمی، پێش بە ترس و تەنگانەی قەیرانی خۆراک بگرن. لە ڕاستیدا ناوەندی کووردهەواری بە تەواوی وێرانەیە، بە پلانی هوورد هەنگاو بهاوێن، بەشکووم نەکەونە قەیرانەوە، دروستکردنی بە پەلەی ئامێری ئاشەکان و، دابینکردنی ئارد، بەرهەم هێنانی ڕۆنی هاژەڵی و ڕووەکی، هەڵسوکەوتی ڕاگوزەری لەگەڵ بەرهەم هێنانی کشتوکاڵی، لەو قەیرانە دوورتان دەخاتەوە. ئەوەش بزانن، ئەو ڕۆژەی شۆڕەش سەردەکەوێ، هێکسەرە موولکاتی تایبەتی هەڵوەشاوەتەوە، کەس خاوەنی هیچ شتێک نیهە و، هەمووی بە موولکی گشتی هەژمارن. ئەنجوومەنی فەرمانڕانی لە سەرێتی ساهێبەتی لە خاک و خەڵکەکە بکات و، هەنگاو بە هەنگاو زەمینەی هەلومەرجی هەرەوزی و هاوبەشێتی بسازێنێ. کەرتی تایبەتی هێکسەرە وەردەچەرخێ و، دەبێتە کەرتی گشتی، سەرمایەداران لە سەریانە تەواوی سامانەکەیان بخەنە گەنجینەی گشتی، داهاتی کارخانەکان و بازاڕەکانیشیان دەبنە داهاتی گەنجینەکە و، لە بندەستی چ تاقیان ناهێڵدرێ، هەرسەرمایەدارێکیش سەرمایەکەی شاردەوە و، نەیخستە گەنجینەی گشتی،

به "دز" بیدەنە قەڵەم و، بە پێی "رامووس" هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەن. هاوکات زێڕ و زیو چ بە خۆوەکردن و چ مامەڵە پێوەکردنی قەدەخەن، ماوەیان بدەنێ، ئەوانی هەیانە بچن بیخەنە گەنجینەی گشتیەوە، پاش تەواوبوونی ماوەکە، ئەگەر بە دەستی هەرکەسێکەوە گیرا، وهای بدەنە قەڵەم دزیبێتی. مەهێڵن لە هیچ سووچێکی سەرزەمینی شارستانێتدا، هیچ کەسێک پرۆژە و کارێکی بە دەستەوە بێ، بژێوی زیاد لە خێزانێک قازانج بداتەوە، پرۆژە بچووکەکان بخەملێنن و، بیانکەنە کاری هەرەوز و هاوبەشی چەند خێزانێک، پرۆژە مامناوەندەکان بکەنە کەرتی گشتی و، بە سەر کۆبەندەکان دابەشیان بکەن، پرۆژە گەورەکان بخەنە سەر گەنجینەی گشتی. باش وهایە پێش هەڵگیرساندنی مەشخەڵانی ڕاپەڕین، هەموو کاروبارێکتان خستبێتە تەگبیرەوە و، نەقش و نیگاریتان کێش دابێ. با هەموو هاقڵمەندێک خۆی وەکوو بەرپرسیاری هێکەمی بنیادنانەوە ببینێ و، پێش وقهت پلانی خۆی دابنێ، پاشانەکە بە تێکەڵکردنی بەرهەمی چەند هەقڵێک، ئەنجامی باشتر دەستەبەر دەکەن.

## هێشووی 08

میهرجەم بنچەقی ها لە دڵ و دەروونداا، لق و پۆپێتی بەرجەسدەی سەرزەمین دەبێ.، ناوەوەتان میهرجەم کەن، بە خۆشکردنی میانەتان لەگەڵ هێکدی، لە هوودای میهربان نێزیک ببنەوە، هەنگێ دەشتوانن لە دەرەوەی خۆتاندا، لە سەر زەمین میهرجەم پێک بهێنن. لە هەیکەڵی خۆبەڕێوەبەری هەرکۆبەندێکدا، میهرجەم دامستدراوێکە ڕووناکی بڵاودەکاتەوە و، دانیشتوان پێرستی میهر دەکات، یان لە پێرستی میهردا دەیان هێڵێتەوە. بە یادی هوودای دایک، هەرروونە دیدەنی و، تیایدا خۆشی بەش کەن لەگەڵ هێکدی، مۆسیقا بشەنن، ستران بڵێن، خەندید بن و، لە تریسکەی چاوانتانەوە ئاسوودەگی ببەخشن، لەبخەند بن و، لە بزەی لێوانتانەوە جوانی بڵاوکەنەوە، بەم چەشنە بێجگە لەوەی ڕێ لە دڵتەنگی دەبەستن، خێریشتان دەگاتێ. لە تۆران و دڵرنجان، قەت نەکەن توول بدەنە دووری و دڵتەنگی، برۆن لە میهرجەمێک دیمانەی هێکدی شادبن، با کوونجە تاریکەکەی دەروون رۆشەنی بهێتەوە و، ڕێزانەکان پێکتان بهێننەوە. کاروباری میهرجەمەکان بە ڕەگەزی دایک سپێردراوە و، ئەو خانمانەی ئەوێ بەڕێوە دەبەن بە ڕێزان ناودێرن. ڕێزان ناسناوە لە بۆ ئەو ژنەی کاروباری بیروباوەڕ هەڵدەسووڕێنێ، نەک پلەی بیروباوەڕەکەی، چوونکی پلەی بیروباوەڕی هەرهێکێک بە نیەتی ناوناخی خۆی گرێدراوە، تەنەها خۆی و هوودا دەیزانێ. ئەنجوومەنی ماقووڵان ئەرکدارە بە کردنەوەی میهرجەم و، دیاریکردنی ڕێزانی کاروبارەکانی، بە قەدەر ئەوەی پێویستێتی. ئەو خانمەی ناسناوی ڕێزان وەردەگرێ، مەرجداری بکەن

تەمەنی لە چڵ ساڵ کەمتر و، لە پەنجا ساڵ پتر نەبێ، لە nامووس قووڵ شارەزا بێ و، لە کاروبارەکە لێهاتی بێ، ماوەی شەش ساڵ ڕاییپەڕێنێ، پێویستە خۆبەخۆش ئەو خانمانە خۆیان مەرجدار بکەن بەوەی، پێش وەرگرتنی ناسناوەکە، لە سێ هەلومەرجی جوودا تەواوی ناموسیان خووندبێتەوە، جاری هێکەم لە بێدەنگی و تەنەها بوون، لە کاتەکانی پێش نوستن، یان پاش لە خەو هەڵستان. جاری دووهەم بە دەنگی بڵند خوونبێتی و، جەمێک لە خەڵکی بیستبێتی، جاری سێهەم لە تەنەهابووندا بە دەنگ خووندبێتی و، بە چیلکە لە سەر خاک ڕەگەکانی نامووسی نوسیبێتەوە. ئەگەر ئەم قۆناخەی دەرباز نەکردبێ و، بشیهەوێ ببێتە ڕێزان، ناپاک جوولاوەتەوە و، هەنگاوەکە بە خراپە دەچێتە تۆماریەوە. خەڵکینە، شەش ڕۆژ کاروکەیفی خۆتان بکەن، ڕۆژی هەفتەم "جەمهە"یە، کاتی جەم و خڕبوونەوەیە، ڕوو بکەنە مهیرجەم و گوێ بدەنە ڕێزانەکان، با هەمیشە تازە ببنەوە و، پەیوەندیتان بە هوودای دایک توونی و تووڵانی بێ. هێمن و بێدەنگ بڕۆنە سەر زهین، لەو ڕێ ڕاستیەقینە بپرسنەوە، کە پێیدا دەڕۆن، سەرنج بخەنە سەر شوین پێی ڕۆژانی ڕابردوو، بزانن دروستن، داخۆ لە ڕێ لاتان نەداوە؟ بە هاهوو نزوولەوە بخوازن چاکە بباری بە سەر مەفتەندا، بە تەواوی دڵ و دەماخ و، بە دەست و دەم لە هوودای مهیربان بپاڕێنەوە و، پاڵپشتی لە دووهای ڕێزان بکەن. باش وهایە لە هەرجهێ دڵ و دەم بە دووها بن، شەپۆڵدانی دووها دەرد و بەڵاتان لە سەر لادەبات و، دەرووی خێرتان بە ڕوودا دەکاتەوە. دووهای خێروخۆشی چ لە بۆ خۆتان و چ لە بۆ خەڵکی، لە هەردووباردا چاکەیە دەچێتە تۆمارتانەوە، درێخی تێیدا مەکەن. چاکەکردن لەگەڵ هێکدیدا، شێوەی هەرەکاریگەری هوودابەرستی و نێزیکبوونەوەیە لێی. لەم بازنەیەدا مهیرجەم خانەی چاکەیە، بەڵام مەیکەنە خانەی تاق و تەنەها، مهیر لە هەموو جهێ دەتوانێ جەم بێ و بدرەوشێتەوە. گووڕبدەنە مێواندارى و دیدەنی، کاتێک لە ماڵ و مەیدانەکان کۆدەبنەوە، خۆشی و خۆشەویستی لەگەڵ هێکدی بەش بکەن. بە هێکەوە نان بخۆن و بە نیگای سۆز، دڵ و دەروونتان تێر بکەن. ئەم کارانە بە تێکڕا چاکەن و دەچنە تۆماری کردارتانەوە، بە چاکەکردن ژینی ئێستا و پاشترتان ڕووناک دەکەنەوە. کەنگێ پێویستی کرد مهیرجەمی سەرزەمین چۆڵکەن و، بنکەکەی بکەنە خانەی تیمارکردنێ، یان فێرکردنێ، یان دایکانی لێقەوماوی تێیدا جهێ بکەنەوە، چوونکە مهیرجەم لە واتای ڕسک و ڕەسەن ها لە ناو دڵ و دەروونتاندا، نەک هیچ جهێی دی.

## هێشووی 09

دەستبەندی ساخلەمی چ لە ئاستی کۆبەندی هەرەوزی، چ لە ئاستی شارستانێتی دایک، بەرپرسیارە لەوەی ڕێوشوێنی سەلامەتی و ساخلەمی دەست نیشان و دابین بکات، بە جۆرێک لە میانی نەقشی تووڵانیدا، بنبڕکردنی دەردان و، دابینکردنی دەرمان بە

زەوی دابهێنێ. بیرکردنەوەی خراپ دەروون خراپ دەکات، لێکەوتەی خراپی دەروون، مایەی دەردەداربوونی جەسدەیە، لەم بازنەیەدا نامووس هەم لە بۆ تاک و هەم لە بۆ گشت شیفایە و، چارەی دەردەداران دەکات. بیخەنە بەر زانستی ئەزموونکردنێ، با پەرجووەکە بە چاوی سەری خۆتان ببینن، نامووس هێکسەرە هێزری خراپ بە چاک دەگۆڕێ و، ئارامی دەبەخشێتە دەروون و دڵان، لەوکاتیشدا دەمودەست بارودۆخی لەش وەردەچەرخێ و، بە تەندروستی ڕەوت دەگرێ، تەنانەت ڕووخسار بە شێوەی سەرسووڕهێنەر جوان و دڵنیشین دەبێ. نامووس زانستی باڵایە و پابەندی دروست دەکات، هەموو دەکتۆر و دەرماندەرێک لە سەرێتی پێ لە بەندی ئەم زانستە هەڵسووڕێ، لە سەرێتی نەخۆش و دەردەداران تێبگەهێنێ نامووس سەرچاوەی چارەسەرە، ئەوی لە قووڵاهی باوەڕەوە گرێدراوی بێ، شیفای دەگاتێ و، دەردەکەی تێدەپەڕێنێ. لە باری گشتەگیریشدا، نامووس پێکووتە و دەرمانێکی بێ هاوتایە، چەندێک بەربڵاوتربێ لە نێو خەڵکیدا، چەندێک قووڵتر رۆبچێ بە دەماخ و دەروونیاندا، بە قەدەر ئەوەش نەخۆشی و دەرد لە کەمی دەدات. نامووس هۆفێتی و چیناتی هەڵدەوەشێنێتەوە و، دڵارامی و خۆشگوزەرانی بە هاردیدا دهێنێ، سەرەنجام لە ناو ئەم دۆخە مهیریەدا، هەشت لە سەر نۆی نەخۆشین و، دەردەکانی بەشەری، لە ڕەگەوە هووشک دەکەن، یان هەتا ئەوپەڕی کەم دەبنەوە. هەلومەرجی ساخلەمی لە هەندازێکدا بە خۆڕسک شێوەی دهێتێ، هەندازێکیش زەمینەسازکردنی دەوێ، دەستبەندی ساخلەمی ئەرکێتی بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستبەندانی بوارەکانی دی و، لە میانی فەرمانڕانی شارستانێتەوە، ئەو زەمینەیە ڕێک بخەن و، هۆکارەکانی ناساخلەمی بە بنبەست بگەهێنن. ئەوی هەیە وێرانەیە، ڕایدەن و سەر لە نوێ ساخلەمی بنیادبنێنەوە. لە هەنەوکەوە وانەی زانستی ئەزموونی و زانستی سرووشتی هازرکەن، پاشانەکە بیخەنە نامەکانی خووندنێ، چوونکە لە پاش شۆڕەش خانەکانی فێرکردنێ لە بنەڕەتەوە دەگۆرین و، ڕێی سرووشتیانەی ساخلەمی و چارەکردنێ بە بنەما دەگیردرێن. هاوکاتی ئەوەش، لە ڕێی ڕایەڵەکانی جاڕدانێ، خەڵکی بەرەو بە سرووشتیبوون و چارەسەری سرووشتی ببەن. هاوزەمان کارخانەی دەرمانی سرووشتی بکەنەوە و، کۆتاهی بە چارەسەری کیمیاوی بهێنن. ئەوی دەیهەوێ لە بواری ساخلەمیدا دەستی خێری هەبێ، با بیبێ، بەڵام ڕێی مەدەنێ بەم کارە خۆی لە خەڵکانی دی بڵندتر دابنێ، یان بژێوی باشتری چنگ بکەوێ. لە دەستپێکی قۆناخی ڕاگوزەریدا، کاتێک خەریکن شارستانێتی دایک بە هاردی دادهێنن، هێکسەرە دەکتۆر و دەرمان لە دەستی چەتەی سەرمایە دەربهێنن و، بیخەنە دەستی کۆبەندانی هەرەوزی، سەرجەمی نەخۆشخانەکان بکەنە خانەی گشتی، بە بەلاش و بەبێ دەستهەق دەرمان بدەنە نەخۆشان و، برینان تیمار بکەن، وەلێ پێش دەرمانکردنی نەخۆش، خۆشەویستی و سۆزی بدەنێ، چوونکی بەخشینی سۆز لە هەر دەرمانێک باشتر دەردەکان چارە دەکات. ڕێکخستنەوەی

گشتەگیر پێویست دەکات، دەستبەجێ داو و دەرمان و، نەشتەری جوانکردنێ قەدەخە بکەن، تەنانەت بە کەتن و بەدکاری بیدەنە قەڵەمان، بێجگە لەوانەی بە ڕەزای خانەی داد ئەنجامدەدرێن. کەس هەقی نیهە سەودا و بازرگانی بە زانین و زانستەوە بکات، زانست هی بەخشینە، دەکتۆرێک و کارمەندی دیکەی بوارەکە، بە ڕادەی ئەو ڕەنجەی دەیدات دەستهەقی بدەنێ، نەک بە ڕادەی زانستەکەی. ئەوی زانینیکی پێ بێ، فەرزە لە سەری بیبەخشێ، بەبێ چاوچڕکردنەوە لە داهات و دەسکەوتێک، کاری ئەوها، نەک تەنەها کردنی، تەنانەت بیر لێکردنەوەشی بەدە و بە خراپە دەچێتە تۆمارتانەوە. هەرکەس بە پێی ڕەنجی ڕۆژانەی، هەقی گەنجی هەیە، بە هەرفرتوفێڵێک پترتان دەستبکەوێ، زیادەکەی ئاگرێکە باخاتی بهێشتی خۆتان دەسووتێنێ. خەڵکینە! خاوێنی بنەڕەتێکە لە ساخلەمی، هەرکێ لە هەرجهێ کاری کرد، پاککردنەوە و خاوێنڕاگرتنی ئەو جهێ لە سەر خۆێتی. چ لە ماڵ و مەیدانێ، چ لە کۆڵانێ، چ لەو خانانەی گشتین، بە هەرەوزی و خۆنەویستی کاری پاککردنەوە بە جهێ بهێنن. خاوێنکردنەوەی خانەی مووخان و خانەی داد و ناوەندی فەرمانڕانی، وەکوو هەرشوێنێکی دی، کاری هەرەوزی هەموو ئەو کەسانەیە کە لەوێندەرانێ ئەرکدارن، بە هیچ پساوێک دانانی کارگوزاری پاککردنەوە، یان خۆدزینەوە لە کاری پاککردنەوە ڕێپێدراو نیهە.

## هێشووی 10

خاک دایکە، دایک نە دابڕ و دابەش دەبێ، نە دەبێتە moولکی تایبەتی و، نە کەسیش هەقی زەفتکردنی هەیە. لە سەرانسەری سەرزەمینی شۆڕەشدا، مووڵکاتی تایبەتی بە تاڵ بکەنەوە و، سەرجەمی خاک بکەنەوە بە هاوبەشێتی گشتی. ئەم دەقە دەستبەجێ لەگەڵ سەرکەوتنی ڕاسانی هەرەوزیدا، ڕێسای بەرکارە. سەرجەمی خاک بە خانەکان و گشت ئەوەی لە سەریان هەڵچەندراوە، بە مووڵکی شارستانێتی دایک هیسێبن، چ تاق و تاقمێک هەقی خۆ بە خاوەن زانینیان نیهە، ئەوی بەرهەڵستی کرد، بە دەستدرێژیکەر بیدەنە قەڵەم و، بیخەنە بەردەم لێپرسینەوەی دادوەری. لە ڕۆژی ڕاپەڕیندا، خانووی بە کرێ بە هێکجاری کۆتاهی دێ، دایکان لە ناو ئەو خانووانەی تیایدان، بەردەوامی بە زیندەگی خۆیان دەدەن، بەبێ ئەوەی کرێ بە هیچ کەس بدەن. پاشانەکە ئەنجوومەنی فەرمانڕانی لە سەرێتی بە شێوەی هاوسەنگ ماڵداری ڕێک بخاتەوە، لە سەرێتی ماڵ لە بۆ هەموو دایکێک دەستەبەر بکات، ماڵیش لە سەر ناوی دایک بناسێنێ، بەڵام دایک هەقی نیهە مامەڵەی کڕین و فرۆشتن، یان گۆڕینەوە بە ماڵەکەوە بکات، لە کاتی گوێزانەوەش لە کۆبەندێکەوە بەرەو کۆبەندێکی دی، ڕەزامەندی و رێکاری دەوێ. هەرژنێک وقتهێک دەبێتە دایک لە ماڵی دایکی

دەمێنێتەوە، یان لە ماڵی دایکی ئەو پیاوەی دەبێتە هاوژینی، ئەگەر خانووەکە بەرتەنگ و جهێقەتی بوو، لەوکاتیدا دەستبەندی خاک لە ئەنجوومەنی ماقووڵانی کۆبەندی هەرەوزی، ماڵی لە بۆ دابین دەکات. لە ئاستی گشتەدا، هاوسەنگی بە زەوی دابهێنن، ڕووبەڕی خانوو بنەما لە سەر ژمارەی ئەندامانی خێزان دیاری بکەن، ڕێ مەدەن خانوبەرەی فەراوان لە دەستی چەند کەس قەتیس بن، یان بە ناوی هەوش و هەسارەوە خاک داببڕن. ئەو دیواری هەسارانەی وا هەڵبەستدراون دایانڕمێنن، تەنەها لە بەر بەشە خاکەکە نا، لەبەر ئەوەی پێویست دەکات هەستی هێکێتی و هێکبوون پەرەبستێنێ، پێویست دەکات لە ناو سەر و لە سەرزەمیندا، دیواری جووداهی نەمێنن. بڕۆننێ هێشتا لە دێهاتی دێریندا، هیچ ماڵێک هەوش و بەراتی خۆی نیهە، پێشترێ هەمووان لە پێڕستی مهیردا، هێک ماڵ بوون لەگەڵ هێکدی، لە مەوپاشیش هێک ماڵی بکەن، هەتا خێر و بەرەکەتی هوودای مهیربان بڕژێ بە سەرتاندا. لادانی دیوار لە واتای تەن دهێتە پێشچاو، بەڵام نا، ئەو دیوارەی لادەچێ، دۆخی زهین و دەروون دەگۆڕێ و، لەگەڵیدا هێواش هێواش دیواری کۆمەڵاتی و، دیوارەکانی ناو سەر و دەروونیش دەڕمێن. بە هەنجەتی پێویستی، دەست بە هەوش و هەسارەوە مەگرن و، خۆتان لە هێکدی جوودا مەکەنەوە، دیوار سوودێک و هەزار زەرەری هەیە. بە سەلیقە و شەوقەوە وەرنەوە زیندەگی، نەقش و نیگاری سرووشتی بە ماڵان و کۆڵانێ ببەخشن، دەرکان ڕەنگین کەن، ژوورێ و دەرێ بە گوڵان بڕازێننەوە، وها بکەن هەرکۆبەندێک باخێک بێ لە باخاتی بهێشتێ. گووڵ و گیا و دار و باخەکان، بوونەوەرانی زیندووی بە هۆش و هەستن، دەتانبیستن و دەتانناسنەوە، دۆستانە لێیانەوە نێزیک ببنەوە، هەنگێ برێک لە جوانی و سەوزێتی خۆیانتان دەدەنێ، لەگەڵ باڵندەکانیشدا مهیر بنوێنن و، بهێڵن بەبێ ترس هاوەڵی و هاوماڵی بکەن لەگەڵتاندا، بەم کارەتان شەپۆڵی خێرتان دەگاتێ. ئەو خاک و خۆڵ و، ئەم دار و ئاوە، چەندێک هی ئێوەن، هێندەش هی گیاندارانی دیکەن. باش وهایە چەمکی موولکاتی بە تەواوی لە مێشکی خۆتاندا بکەنە دەرێ، بە جهێی وی، دەماخ و دەروونتان لەگەڵ چەمکی هاوبەشێتی ڕابهێنن. دووکان و بازڕەکان هەروەکوو کارخانەکان، چیدی موولکی تایبەتی نین، بە تێکڕا موولکی شارستانێتن. لە قۆناخی ڕاگوزەریدا دووکان و بازاڕ و شوێنانی کارکردنێ، دەبنە کرێ و کرێهەکە دەچێتە گەنجینەی گشتیەوە، لەگەڵیشیدا هێور هێور بازاڕی کڕین و فرۆشتنێ بەرتەنگ بکەنەوە و، لە ناو تخووبی هەموو کۆبەندێکدا، مەیدانی گۆڕینەوە و بەخشین ڕێک بخەن. گرینگی بدەنە مەیدانەکە، سەکۆی هۆندراوە و هوونەری تێیدا دابنێن، لە ڕۆژانی جوومهەدا خووندنەوەی هۆندراوە و سترانبێژی و سەمای لێ بەرێوە بەرن، بەم چەشنە جوانی و خۆشی بڵاوبکەنەوە. ئەو بەشە خاکانەی چاندنیان تێیدا دەکەن، وەکوو هەموو بەشە خاکێکی دی، دەبنەوە بە موولکی گشتی و، سەرافەتیکردنیان دەکەوێتە مشتی ئەنجوومەنی

فەرمانڕانیەوە. زەوی چاندنێ سێ بەشە، بەشێکیان دانەوێڵەیان تێیدا دەچێندرێ، بەشێک ڕەز و باخی میوەیە، بەشێکیش شیناهی و سەوزەیان تێیدا دەکەن. لە ڕێکخستنەوەدا، باش وهایە چاندن و بەرهەم هێنانی دانەوێڵەکان، دەستبەندی خۆراک لە ئەنجوومەنی فەرمانڕانی، خۆی پێی هەڵبستێ، بەمجۆرە هاوسەنگی بە هاردی دادێ، بەڵام ڕەز و شیناهی و بێستان بە سەر کۆبەندەکان پۆلین بکەن، بهێڵن ئەنجوومەنی هەرکەبەندێک سەرافەتی بڕەکەی خۆیان بکەن. بێشک لە ڕێکخستنەوەی وێرانەی زیندەگیدا، کارەکان بڕێک گرێ و گۆلیان پێش دێ، چوونکە لە ناو ئەو جەنجاڵەی بە ناوی شار و، ئەو پەرتەوازەی بە ناوی لادێ هەن، نەزمی هەرەوزی و هاوبەشێتی زەمینەی بنچەق داکوتینی نیهە، بە سەرەتا دێ، وەلێ هەلی گەشەکردنی کەمە، گیرخواردن و قەتیسبوونی تووش دێ، لەبەرهەندێ دەبێ هەردوو ئەنجوومەنی مووخان و فەرمانڕانی، داڕێشتنی نەقشەی هەڵوەشاندنەوەی جەنجاڵی و، بنیادنانی کۆبەندانی شارستانێت بخەنە هێکەمین کارەکانیانەوە، بە جۆرێک هەم ڕێکخستنەوەی هەنەوکەی تێیدا بە دید بێ، هەم هەلومەرجی داهاتوو لە نەقشەکەدا لە بەرچاو گیردرابێ. قۆناخی هێکەم ڕاگوزەری و زوو تێپەڕ، لە دابەشکردنی شاران و گووندانداا، شێوەی کۆبەندیان بدەنێ، شارێک بکەنە کۆمەڵێک کۆبەند و، کۆمەڵێک گووند بکەنە هێک کۆبەندی خۆبەڕێوەبەری، هاوکات نەقشەی بنیادنانەکە بکەنە کردەکی، هێور هێور شاری چیناتی و، گووندە بێ سەروبەرەکان هەڵوەشێنەوە و، لە شاری هەرەوزی(کۆبەندی بنیادنراو)دا بنچەقی شارستانێتی دایک داکووتن و، بهێشتی بژین. کارەکان وها ڕەوت بدەنێ، هەزار ساڵ توولبکێشن، با نەوەکانی داهاتوو قسەی خێرتان لە سەر بکەن و، بڵێن هەزار ڕهەمەت لە پێشینان، وا مهیریاتێک لە پاشیان بە جهێ ماوە. لە بیرتان بێ، گووتەی چاکە و بە خێر شەپۆڵدارە و، بەرەو جهێی مەبەست دەڕوا، ئەم گووتانە لە پاش مەرگیشدا ئەو سووڕی زیندەگیتان لێ خۆش و ڕووناک دەکەن، لە کاتێکدا خۆتان لەوێدا هیچ کارێکی ئەوهاتان لە دەست ناهێ. چاکە بکەن، هەتا چاکە بهێتە ڕێتانەوە.

## هێشووی 11

هەڵسوکەوتی دروست و پێڕست بە مهیر لەگەڵ ئاودا، هێکیکە لە بنەماکانی شارستانێتی دایک، چ ئاوی سەر زەوی و چ ئاوی ژێر زەوی، وەکوو فرمێسکی دایکتان ببینن، مەهێڵن بڕژێ و بە خەسار بچێ. دەرهێنانی ڕادەبەردەی ئاو لە ناخی زەمیندا، هاوسەنگی لە خاکی دایک تێک داوە، هەرئەوهاش گڵدانەوەی هەندازبەدەری ئاو لە بەنداوی گەورەدا، هۆکارێکە لە دروسبوونی ناهاوسەنگیدا. ئەو کارانەی

کردووتانن، چ تاقێکیان بە ڕاست نەگەڕاون، هیدی هەقڵتان هەبێ و، کۆڵیان لێ بدەن. بەنداوە گەورەکان هەڵوەشێننەوە، لە شوێنانی جوودا بەنداوی گچکە دروستکەن و، بە جۆگەلان ئاوەکە ڕاکێشنە سەرزەوی و، شیناهی لە بەر بکەن. ئەو ئاوەی بە کاردهێندرێ، بە پێودانگی زیندەگی لەگەڵیدا بجوولێنەوە، ئاوێکیش کە بە کارهێندراوە، خاوێنی بکەنەوە و، بیڕشێننە جۆگەلەکانی چاندنێ. بەنەقش و نیگاری هوورد، هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئاوەکان ڕێک بخەنەوە، لە کەنار و دەوئاوەکان پەرە بە چاندنی بەرئاو بدەن، لە دەشتی دووره ئاوی بە بارانیشدا، دەخڵ و دان بچێنن و، بە فەرەوانی بایەخ بدەنە دێمەکاری. چاندن و شیناهی بە ئاوی بنی هاردی، کارێکی تەواو ناهەقە، بە هۆیەوە هەم خۆتان و هەم نەوەکانتان، تووشی قەیرانی ئاوی سازگار دەکەنەوە. دروست وهایە ئاوی سازگار بە تەنەها ئاوی ماڵان بێ، بە هیچ هەندازێک دەخل ودانەوێڵەی پێ ئاو نەدەن. لە پۆلێنکردنی کۆبەندەکاندا، بە دروستی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئاودا بکەن، ئەوانی نێزیکە ئاون، شیناهی بکەن، ئاوانی دی بایەخ بدەنە دێمەکاری و چاندنێ بەربارانێ، هەندێکی دی کاری کارخانەکان بە بنەما بگرن، سەرەنجام هەمووان بە هێکەوە مایەی هاوسەنگین. بە باشی خەڵکی تێ بگەهێنن، خەسارکردنی ئاوی سازگار گووناهێکە دەچێتە تۆماریانەوە، ئەو خەڵکەی لە داهاتوودا تێنی و بێ ئاو دەمێنن، گووناهی تینووبوونیان بە کۆڵی ئەوانەیە، وا ئەمڕۆ ئاو بە خەسار دەدەن و گوێی نادەنێ.

## هێشووی 12

بە پێی مهیرپەرستی، هیچ کەسێک هەقی نیەه لەبەر سێبەرێ دابنیشێ و نانی هەبێ، هەموو هێکێک بە قەدەر ڕەنجی خۆی، گەنجی دەبێ، بەبێ کەڵەکەکردنی زێدەی بەرهەم و، خڕکردنەوەی سەرمایە. دروست وهایە بەرەدایکەکان لە بازنەی فەراواندا هاوجەمی پێک بهێنن و، بە جۆرێک لە جۆران کیسەیان تێکەڵ بکەنەوە. ئەم هێکبوونە تەنەها هەڵبژاردنێکی دڵخوازانە نیەه، بەڵکوو پێویستە مووخان ڕێسای لە بۆ دابڕێشن و، پابەندێتی دروست بکەن، ئەمەش لەبەر دوو هۆ، هێکەمی ئەوەیە: قاڵبپێدانەوەی بەرەدایکاتی، دواهی بە لە هێک دووری و پەرتەوازی دهێنێ و، دەبێتە مایەی سۆزبەندی و، بڵندکردنی هەستی بەرپرسیارێتی، سەرەنجامیش گەرموگوڕی بە خزماتی دەبەخشێتەوە. دووهەمەکەش ئەوەیە: ئەگەر بەم چەشنە نەبێ، هاوسەنگێتی تێروتەواو بە زەویدا ناهێ، چوونکی هەندێک نەساخن و، هەندێک بە لەش گرفتارن، کەسانێکن بەری ڕەنجیان بەشی خۆشگوزەرانبوونیان ناکات، دایکانێکیش کۆرپەدارن، لەبەرئەوە بە هێندەی دەیانهەوێ و پێویستیانە، دەرفەتی کارکردنیان نیەه. خۆ

گەنجینەی گشتی هەرکیسەی خەڵکەکەیە، بەڵام ڕاستکردنەوەی باری لاری خێزانەکان بە کیسەی گشتی، یان بە تێکەڵکردنی کیسەکان، لێکەوتەکانی جوودان، تێکەڵکردنەکە بە چەند قات زیادتر بەربەخێرە. لە هەموو بارێکدا هەردوو ئەنجوومەنی مووخان و فەرمانڕانی، بەرپرسیارن لەوەی بە گرتنەبەری ڕێچارەی کوورت و تووڵانی، بارە لارەکان ڕاست بکاتەوە، دەشبێ خەرج و پێداویستی هەرمنداڵێکی خووندکار، هەتا تەمەنی شازدەساڵان، بکەوێتە سەر گەنجینەی گشتی، ئەوها نەبێ پایەی دایکێتی ناچەسپێ، لەبەرئەوەی پیاو دەتوانێ بە بەهانەی بەخێوکردنی منداڵەوە، فەرمانداری بە سەر ژندا بکات. لە بارێکی دیکەش، ئەنجوومەنی فەرمانڕانی ئەرکێتی، کار و ڕەنجدەری بە شێوازێکی گوونجاو پۆلین بکات و هاوسەنگ ڕەوتیان بداتێ، بە جۆرێک پۆلینکردنەکە تەمەن و ڕەگەز و دۆخی تەندروستی بە بنەما گرتبێ. بڕوانن، لە ناو هەلومەرجی چیناتیدا، تێکەڵکردنێکی بێ سەروبەری کارکردنێ هەیە، هەرکەس تاوی داوەتێ و، دەستی لە هەرکارێک گیربووبێ، کردوویتی بە کاری خۆی، بەبێ ڕەچاوکردنی چ تاقیک لەو سێ بنەمایە، لەبەرهەندێ ژنان و پیران و ناتەندروستان، زۆرێکیان بەبێ کار ماونەتەوە، یان ناچاری جۆرە کارێکن شیاوی ئەوانی نیەه. لە ڕاستیدا بنەما لە سەر ڕەگەز و تایبەتمەندێتی، کارەکان بە سەر سێ بەشی مێ و نێر و نێرەمووک پۆلین دەبن، بەشێکیان کاری ڕەگەزی دایکن و، بەشێک هی ڕەگەزی کووڕن، بەشێکیش کاری هەردوو ڕەگەزەکەن. کاتێک ڕەگەزی نێر تاو دەداتە هەموو کارێک و داگیری دەکات، ئەو دەمی دەرفەتی کاری شیاو لە بەردەمی ڕەگەزی مێدا نامێنێ، یان بێ کار دەبێ، یان ناچاری کردنی کارێکە کە هی ئەو نیەه. بێجگە لەمەش پۆلینکردنێکی دی لە سەر بنەمای تەمەن و تەندروستی لە ناو ئەم پۆلینکردنە ڕەگەزیەدا هەیە. لاوان و کەسانی بە تین و تاقەت، لە سەریانە شان بدەنە بەر کاری قوورس و، کارە هاسانەکان لە بۆ پیران و ناتەندروستان بە جهێ بهێڵن. هۆ خەڵکینە! کاتێک شارستانێتی دایک بە زەوی دادهێنن، دەبێ لە دەستپێکێ ڕا، پێودانگی سێهانەی کار و، بنەمای تەمەن و تەندروستی، لە پۆلینکردنێ بە دەستەوە بگرن، بەبێ پێوان قەت چ هەنگاوێک مەهاوێن، شکتان نەبێ هەنگاوی بێ پێوان ڕێتان لێ تێک و پێک دەدات. من بەرچاو ڕوونیتان دەدەمێ، پاشانەکە خۆتان تێروتەسەڵی بکەن، ئەو کارانەی هووردن و، بە سەروسەلیقە و پشوو درێژی بەڕێودەچن، لە کارەکانی ڕەگەزی دایکن، پەروەردەی منداڵان و سەڕافەتی و هیسابات، دەرومان و ڕێستن و چنین، کابانی و وەستای جوانکردنێ، لە نموونەی ئەو کارانەن. لە بەرامبەردا ئەو کارە درشتانەی لە سەر بنەمای ماسوولکە و ڕەقێتی هەڵدەسووڕێن، کارەکانی ڕەگەزی کووڕن، ئاسنگەری و کانزاکاری، دارتراشین و بیناسازی، جووتیاری و دەرونەکردن نموونەی ئەو کارانەن. هەندێک کاری دیکەش هەن، لە نموونەی بە خێوکردنی پەلەوەر و هاژەڵان، شیناهی و بێستان، گلکاری و کەرستەسازی، لە نێوان هەردوو

ڕەگەزدا هاوبەشن. دابەشکردنی کار بە پێودانگی سێهانەی ڕەگەزی، هاسان و خێرا جهێ دەگرێ، لەگەڵیشدا هێدی هێدی کاری تاکە کەسێتی بەرتەنگ بکەنەوە و، هەرەوزی و هاوبەشێتی بە دید بهێنن. هەرەوزی لە کار و، هاوبەشێتی لە داهاتدا، بابەتێک نیهە تەنەها ڕەنج و گەنج ڕێکبخات، لە هەموو ڕووهێکەوە مایەی ڕووناکی و مهیرە، هەم دۆخی کۆمەڵاتی و دەروونی بەرەو خێر و بەرەکەت وەردەچەرخێنێ، هەم مایەی هێزە لە بۆ لەش و، ماندوونەناسی بە دووی خۆیدا دهێنێ. هەموو پڕۆژە و کاریک بە پێی ژمارەی ئەوانی تیایدا کار دەکەن، هاوتابەش بکەن، باشیش وهایە منداڵانی چەند بەرەدایک بە هێکەوە کارەکە هەڵبسووڕێنن. ئەو کارانەی تاکە کەسین، تێکەڵیان بکەن و، شێوەی هەرەوزی و دەستەجەمیان بدەنێ. کارخانە و دامستدراوە جووداجۆرەکانی پاشماوەی کۆمەڵی چیناتی، ئەوانی لەگەڵ بنەماکانی ناموس ناکۆکن هەڵیانوەشێیننەوە، ئەوانی دیکە وەکوو موولکی فەرمانڕانی دەوامیان بدەنێ، بەڵام تێبکۆشن کارخانەی گچکەلانە جهێی کارخانە گەورەکان بگرنەوە، بە جۆرێک هەرکۆبەندێک بتوانێ پێداویستیە بنەڕەتیەکانی خۆی دابین بکات. لەوانە کارخانەی ئارد، خواردەمەنی، دەرومان، پێڵاو، بەڕە و فەرش، لێفە و سەرین و باڵیف، کوتاڵسازی، گلکاری، ئاسنگەری، کانزاسازی، یان پێداویستی دی. ئەو کارخانە بچووکانەش بە پێی جۆرێتی بە سەر سێ پۆڵدا جوودایان بکەنەوە، پۆڵێکیان کۆمەڵێک بەرەدایک بە هەرەوزی تیایدا کار بکەن و، داهاتەکەی بڕێکی کرێی کارخانەکە بێ و، ئەویدی بە پێی بەرەدایکەکان دابەش بکەن. پۆڵێکی دیکە سەر بە خۆبەڕێوەبەری کۆبەندەکە بێ و، ئەوانی تیایدا کاردەکەن هەقدەستی مانگانەیان بدرێتێ، پۆڵێکیش نیوەی داهاتەکەی لە بۆ کیسەی کۆبەند و، نیوەش بە پێی بەرەدایکەکان دابەش بکەن. لەم بازنەیەدا بەرپاکردنی هاوسەنگی لە ئاستی گشتەی کۆبەندی هەرەوزیدا، پێویستی ئەوە دهێنێتە گۆڕێ، خەڵکێکی زۆر لە کارخانەکان کاربکەن و، هەرهێکەیان کاتی کەمیان بدرێتێ. ئەو کارخانەیەی لە هەفتەدا شەش ڕۆژ و، لە هەرڕۆژێکدا دووانزدە هۆقە کار دەکات، دانی بەیانیان پۆڵێک کاری تێیدا بکەن و، دانی هێواران پۆڵێکی دی، هەرپۆڵێکیش لە هەفتەکەدا دوو شەش هۆقەی کات کاریان بدەنێ، پاشانەکە لە دوو کارخانەی دی، یان لە کێلگەی چاندن و هاژەڵداریدا، کاری دیکەیان هەبێ، بەم چەشنە هەرهێکێک لە میانی هەرسێ کارەکەدا، هەفتانە سی و شەش هۆقە ڕەنج دەکێشێ، بەبێ ئەوەی لێی وەڕس بێ، چوونکە جوودایەزی کات و شوین و جۆرێتی کارەکە، لێکەوتەی زۆر بە خێری هەیە، چ لە ڕووی کۆمەڵاتی و دەروونی، چ لە ڕووی هاوسەنگی و گوونجانەوە. ئەوەی لە کارخانەکان بەرهەم دهێندرێ، لە بازاڕەکان دەفرۆشتدرێ، وەلێ بەرهەمەکە و فرۆشتنەکە و بازاڕەکە، چ تاقیان وەکوو هی کۆمەڵی چیناتی نین، کارگەران لە بەرهەم هێناندا، دەزانن چاودێری بێهاوتا ها بە سەریانەوە، ئەگەر لە درێخیکردنیاندا خەوشێک بکەوێتە بەرهەمەکەوە، ئەو خەوشە

دەبێتە گووناهێک و دەچێتە تۆماریانەوە. کارخانەکەش بە دووی قازانجەوە نیهە، بەڵکوو بە قەدەری ڕەنج کێشانەکەوە، نرخ دادەنێتە سەر بەرهەمەکەی. پاشانەکانێ فرۆشیارانیش ئەو فرۆشیارانەی هەنەوکە نین، دووکان و بازاڕەکان لە بنەڕەتەوە دەگۆڕێن و، دەبن بە دوو بەشەوە، بەشێکیان بە کرێ دەدرێن، بەشێکیشیان کارگەریان تێیدا دادەندرێ و، ئەنجوومەنی کۆبەندەکە هەقدەستی مانگانەیان دەداتێ. لە هەردوو باریشدا پۆلێنی ڕەگەزی و، بنەمای تەمەن و تەندروستی لە بەرچاون، دایکان و پیران و، کەسانی نەخۆش و کەم ئەندامان، ئەوانی ناتوانن کاری قوورس بکەن، لە بەرێوەبردنی دووکانەکان بە پێشین دادەندرێن. خەڵکینە! مەپەشۆکێن، هیمن و گوورج هەلومەرجەکە وەرچەرخێنن، دەستپێکەکەی پاش ڕاسان قۆناخی ڕاگوزەرە، هەموو ئەوی مەقسەدە بە هێکجار بە دید ناهێ، داوی بدەنێ و، بە بەین و پشوو، هەنگاوی هوورد و نەسرەوتانە بهاوین، نەک هەنگاوی گەورەی لە هیکڕا و سەر بە گێچەڵ. ئەگەر بە هەق و هەقلانی بجوولێنەوە، هوودای مهیربان سەرتان دەخات.

## هێشووی 13

هاوسەنگی بە زەویدا بهێنن، چاکە و خێرتان دەگاتێ، هەم ئەمڕۆ و هەم پاشەڕۆژتان ڕووناک دەبێ و، دەستەبەری باخاتی بهێشتێ دەکەن. لە هەرجهێ هاوسەنگیتان بەرپاکرد، لەوێ ڕوو بە ڕووناکین و، لە سەر ڕی ڕاستەکەن، لە هەرجهێش لاسەنگی و لاری هەبوو، لە ڕێ لاتانداوە، چەندێکیش برۆن بە ڕێوە، قەت ناگەنە مەبەست و مەنزل کاتێک لە بازنەی گچکەلان دەسهەڵات دەدرێتە ئەنجوومەنی ماقوولان و، لە بازنەی شارستانێتدا دەسهەڵات دەدرێتە ئەنجوومەنانی مووخان و فەرمانڕانی، مەبەستەکە ئەوەیە لە سەڕافەتکردندا هاوسەنگی بە سەر کۆمەڵدا بهێنن و، باری لار ڕاست بکەنەوە. بە تەگبیربن، لە میانی خووندنێ، منداڵان بخزێننە نێو کاروبارەوە، وهایان وباربهێنن لەزەت ببەن لە کارکردنێ و، سەلیقەی خۆیانی بدەنێ. پاشانەکانێ کە دەبنە شازدە ساڵان، گەورە و تەمامن، بیانخەنە سەرکار و، لە جوولەی شارستانێتدا بەرپرسیارێتیان پێ بسپێرن. باش وهایە ماوەی کارکردنی هیچ هێکێک لە هەفتەدا، سی و شەش هۆقە تێنەپەڕێنێ، هەقدەستیشی بە هێندەی ڕەنجکێشانی بێ. لە ئاستی گشتەگیریدا، سێ بنەما بە هەند بگرن، ئەو بنەمایانە هەستوونگی هاوسەنگین. هێکەم بنەما هەندازەی ڕەنجە، ئەوی کاری قوورس دەکات، هەقدەستی پترە لەوانی کاری هاسانتر دەکەن. دووهەم بنەما دایکێتیە، هەقدەستی کاری هەردایکێک بە هێندەی ڕەنجی خۆێتی، بەڵام خەرج و پێداویستی منداڵانی خوار شازدە ساڵان لە گەنجینەی گشتی دەدرێ، لە سەروبەندی منداڵبوونیشدا، دایک هەقی پشوودانی هەیە و، ماوەی

بدەنێ، بە تەواوی هەقدەستی کارەکەیەوە. سێهەم بنەما تەندروستی و تەمەنە، ئەوی نووقسان و پەککەوتەیە، خەرج و پێداویستیەکانی دەکەوێتە سەر گەنجینەی گشتی، یان گەنجینەی کۆبەندەکەیەوە. بەم چەشنە نە کەس دەبێتە بارگرانی بە سەر کەسەوە، نە کەس دەتوانێ بە سەر دایک و منداڵەکانیدا خۆسەپێنی بکات. بەڵام خەرج و پێداویستی نە هی منداڵان و نە هی نووقسان و پەککەوتان، بە پڕاوپڕی دابین مەکەن، بهێڵن با کەسوکەریشیان لە میانی هەستی بەرپرسیارێتیدا، کەمێک شانی بدەنە بەرێ، ئەو کەلێنەی دەیهێڵنەوە، هەلی خێر و چاکەیە، هەلی بەرپرسیارێتی و، هەلی هەستکردنە بەوەی هەمووان پێویستیان بە هێکە. هەموو هەوڵێک بدەن نێزیکی و پەیوەستی دروست بکەن، لە دووریدا دەبەنگی و دڵتەنگی پەیدا دەبێ، لە نێزیکی و بە هێکەوەبووندا، هەقڵەکان تێکەڵ و جەم دەبن.

## هێشووی 14

گۆڕینەوە بکەنە نەریتێک لە شارستانێتی دایک و، چەمکەکە گشتەگیر بکەن، با وەهای لێ بێ گۆڕەپانی گۆڕینەوە و بەخشین هێندە بە هەڕمێن بێ، هەمووان سەری تێبخەن و، تیایدا بگۆڕنەوە. سەودای شتومەک لە مابەینی خەڵکیدا، خێر و بەرەکەت دەخاتە ماڵان، هەم ڕێ لە خەساربوون دەبەستێ، هەم ڕێ لە بەردەم تازەبوونەوە دەکاتەوە. ئەو شمەکەی لە چاوی هێکێک کۆن و دووبارەیە، لە چاوی هێکێکی دی، نوێ و هێکەمجارە، کاتێک دەیانگۆرنەوە، هەردوولا نوێبوونەوە بە دید دەکەن و، دەگەنە خێرو خۆشی. گۆڕینەوە و سەودای بەرهەم لە نێوان خۆبەڕێوەبەری کۆبەندەکاندا، هێندەی دی بەربەخێرتان دەکات. ئەم گۆڕینەوەیە هەردوولا لە کەمی و کوورتهێنان نەجات دەدات و، هاوسەنگی دەخاتە گۆڕێ. گۆڕینەوەی مابەینی دوو تاک دڵخوازانەیە، گۆڕینەوەی نێوان کۆبەندان بنەما لە سەر پێودانگی ڕەنج پێی هەڵستن. کۆبەندێک گوێزی لێ زیادە و کۆبەندێک چەرم، لە سەودای ئەم دوو بەرهەمەدا، هەرهێکەیان بە هەندازی ئەو ڕەنجەی لە بەرهەمهێنانیان دراوە، بیانقرسێنن و چەندێتی بەرهەمەکان دیاری بکەن. دەلوێ فرۆشتنی ڕاستەوخۆش لە نێوان ئەنجوومەنی کۆبەندەکاندا هەبێ، چوونکی مەرج نیەە ئەو کۆبەندەی گوێزی لێ زیادە، پێویستی بە چەرم هەبێ، بەڵکوو دەشێ کۆبەندێکی دیکە چەرمەکە بکڕێ، لەوکاتیشدا دیسان نرخەکان هەربە پێوانەی ڕەنج بقرسێنن. بابەتێکی دیکەی گرینگ، چلۆناتی هەڵسوکەوتکردنە، لەگەڵ هەندێک لەو شتانەی، کە دەبنە پاشماوەی کۆمەڵی چیناتی و، ناگوونجێ بە دەستوبرد لە بەینیان ببەن، چوونکە ئەگەرچی مووزیرن، بوونەتە پێداویستی و دروست نیەە لە هیکڕا لێیان بگرنەوە. باش وەهایە کرداری نەهێشتنەکە بە

جۆرێک هەڵبسووڕێنن، نەبێتە هۆی بە تووندی هێشاندنی خەڵکی، با هێواش هێواش لەگەڵ نەبوونیان ڕابهێن "تووتن و شەکهر و کهوول،" پێداویستی سەرانسەرین و زیانی سەرانسەریشن، لەبەر ئەوە ئەنجوومەنی فەرمانڕانی لە سەرێتی، بەرهەم هێنان و سەرافەتکردنیان بخاتە دەستی خۆیەوە، ئەوجا بە پلانێکی هوورد و تووڵانی بنبڕیان بکات. لە پێشدا بە پێی کۆبەندەکان کەسانی جگەرەکێش سەرژمێر و ناونوس بکەن، ئەمجا بڕێکی کەمتر لە هەندازی پێویست بەرهەم بهێنن و، هەرکەسێک بنەما لە سەر تۆماری پێشوقهت، مانگانە سێ لە چهاری پێویستیەکەی پێبفرۆشن، لە گوزەری هەرساڵێکیشدا دوو جگەرە لە بەشە ڕۆژانەکەی کەم بکەنەوە، سەرەنجام پاش کەمتر لە نۆ ساڵ، بازنەی شارستانێتی دایک لە جگەرەکێش خاڵی دەبێتەوە. لە هێکەم هەنگاوی ئەم پلانەدا، بازنەی جگەرەکێش قووفڵ دەبێ و، ڕێ لە نەوجەوانان دەبەستدرێ برۆنە ناو بازنەکەوە، سەرەڕای ئەوەش، بە گوزەری کات بازنەکە بەرتەنگ دەبێتەوە. هەربە هەمان ئەم تەگبیرە، قۆڵ و بازووش لە مەی و مەیخۆرەوە هەڵماڵن و، نەرمەنەرم کۆتاهی بە کهوول بهێنن. لە خەڵکی بگهێنن هەرجۆرە خواردن و خواردنەوە و هەڵمژینێک، بەشەر پێی مەستوور بێ، یان هۆشی سڕبکات، دەم لە بۆ بردنی کاری هۆفانەیە. ئەمە زانینێکە هێزی زاڵبوون دەداتە خەڵکی و، کرداری نەهێشتنەکە چالاکتر دەکات. ئەوەش بزانن "شەکهر"ی سپی بە هێندەی دووکەڵ و کهوول ڕەشکاو دەداتەوە بە سەر ساخلەمیتاندا، دەلوێ هاسان و بەبێ گری و گۆڵ، لە میانی پلانێکی چەند ساڵیدا، کۆتاهی بە بەکارهینانی بهێنن. هەرکۆبەندێک تەنەها هێک فرۆشیاری شەکهری تێێدا دابنێنن، با بە نرخێکی گران و، بە بڕێکی کەم بە ماڵانی بفرۆشێ، وەلێ ڕێ لە کارخانان ببەستن و مەهێڵن شەکهر بکەنە بەرهەمەکانەوە. بەم چەشنە هێندەی پێ ناچێ، خەمی ئەو زهەرەتان لە کۆڵ دەبێتەوە. هاوکات خەمێکیش لە نەوت و بەرهەمە نەوتیەکان بخۆن، چوونکە زەرەر و زیانی دەرهێنان و بە کارهێنانی هێکجار زۆر و زەبەندە، وها باشە لە کوورتترین ماوەدا، بەکارهێنانی نەوت کۆتاهی پێ بهێنن و، خۆتانی لێ نەجات بدەن. لە هەرجهێ شۆڕەشتان بەرپاکرد، هێکسەرە هاتوچۆی سەیاران ڕێکخەنەوە، قەمەرەکان بوەستێنن و، ڕێ بە هیچ کەسێک مەدەن سوارۆی مەکینەداری هەبێ. لەمەوپاش پێویست دەکات هەسپ و هەسپە ئاسنینە (دوو چەرخە و سێ چەرخە) جهێی قەمەران بگرنەوە. لە قۆناخی ڕاگوزەردا بارهەڵگر و، هۆی گواستنەوەی گشتی و، مەکینەکانی چاندن و دەرونەکردنێ، بە پێی کۆبەندەکان دابەش بکەن، پاشانەکە ئەوانیش لادەن، قۆناخ بە قۆناخ مەکینانەی کهربا و وزەی خۆر بهێننە گۆڕێ. لە کارخستنی قەمەران بە پێشین بزانن، بەم هەنگاوە بچمێک لە چیناتی و، بڕێکی زۆریش ئاسن، لە نێزیک بەشەر و گیاندارانی دیکە لادەدرێ و، لێکەوتەی شەپۆلە بەدەکان کەم دەبێتەوە، ئەو مردن و بریندار‌بوونە زۆرەش نامێنن، وا بە بەردەوامی لە ڕووداوی بە هێکدادانی سەیاران دەکەونەوە. لە پاش شۆڕەش،

هەلومەرج وها فەراهەم بکەن، هەموو کەس بە شێوەی تاکێتی، لە هەسپە هاسنینە کەڵک وەربگرن، چوونکی هیچ کەس هەقی نیهە سوارۆی مەکینەداری هەبێ، یان تایبەت بە خۆی، هەسپی هەبێ. تەنانەت کارمەندانی شارستانێتیش وەکوو هامی خەڵکی، دەبێ هەسپە ئاسنینە بهاژۆن. دەلوێ هەسپ و کەر و هووشتر، ئامێری کهرباهی و گازی، یان هەرئامێرێکی دی، تەنەها لە کاری هەرەوزیدا بە کاربهێنن، نەک هاتوچۆی تایبەتی، پێویستیشە لەگەڵ گیاندارەکان مهیر بنوێنن، هەسپ و هێستر و کەر بە برای حۆتان، ماکەر و ماین و مێی هووشتر بە خووشکی خۆتان بزانن و، قەت چ تاقێکیان ئەزێت نەکەن.

هێشووی 15

ڕێ بە کەس مەدەن لە بەرسێبەرێ ڕۆژی بقەتێنێ و، نانی قسەکردنێ بخوات. فەرزە هەموو کەسێکی ساخلەم لە هەقڵ و لەشدا، ڕەنج بکێشێ و، نان و ئاوەکەی بەرهەمی هەلاکەتی خۆی بێ. هەق وهایە، سەرجەمی ناوونیشانی فەرمانبەری، پیشەگەری و پسپۆرێتی وێل بکەن و، بە پێی هەندازەی ڕەنج هەقدەستەکان بدەنە قەڵەم، ناشبێ هەقدەستەکان لە جوودایەزی نێوان پەنجەکان، زیادتر لە هێک جوودابن، لەوە بترازێ دەبێتە ناهەقی. جا ئەوی ناهەقی بکات و ئەوی بە ناهەقی ڕازی بێ، هەردووکیان گوونەهبارن و، خراپە دەچێتە تۆماریانەوە. ئەوی لە پشتی هەرناوونیشانێک کاری کرد، بە هەندازەی ئەو ڕەنجەی دەیدات هەقدەستی بدەنێ، نەک بە پێی ناوونیشانەکەی. لە هیچ ئاستێکدا ناوونیشانی کەسی، یان فەرمانبەری، بە واتای بەرزبوونەوەی داهات نیهە، نابێ هەقدەستی مووخ، دادوەر، سەرپەل و سەرهەنگ، یان هیچ ناوونیشانێکی دی، ڕادەی هەقدەستی کارگەرێک، یان جووتیارێک تێپەڕێنێ. مووخ و کارمەندانی دیکەی خانەی مووخان، دادوەر و کارمەندانی دیکەی خانەی داد، فەرمانڕان و کارمەندانی دیکەی ناوەندی فەرمانڕانی، لە هەقدەستدا هاوتای هێکدین. مووخان دوو بەشن، بەشە گەورەکەیان تەنەها لە کۆبوونەوە گشتیەکاندا بەشدارن، کاتەکانی دی لە ئەنجوومەنی ماقووڵان ئەرک دەکێشن، بەشە بچووکەکەش لە بازنەی ناوونیشانی شای مووخان ئەرکدارن، ڕۆژ و شەو لە خانەی مووخان دەمێننەوە و، کاروبارەکانی شارستانێتی دایک ڕادەپەڕێنن. هەق وهایە بە تەنیشیت خانەی مووخانەوە، گەوەڕێک هەبێ و، مووخان بە تەک کاری مووخاتیەوە، بڕێک کات بە گاوداری، یان مەڕداری بە سەر ببەن. ئەوە فەرزە، هەرمووخێک خۆی لەم ئەرکە تەریک کرد، لە مووخاتی وەلای نێن. هاوکات فەرزە دادوەران و ئەندامانی فەرمانڕانی، هەفتانە دوو نیوڕۆژ، لە گەوەڕی هاژەلان، یان لە کێڵگەی جووتیاران، یان لە کارخانان کاربکەن و، تێکەڵی

ئیشوکاری خەڵکی ببنەوە. تێکەڵبوون خێرە و، خۆ جوداکردنەوە شەڕە، باش وهایە لە هەرهەنگاوێکدا خێر بخەنە هیسابتانەوە.

## هێشووی 16

بەرپەرسیارێتی ئاسایشی خۆراک و، دابینکردنی ڕسق و ڕۆزی، لە ملی دەستبەندی تایبەتمەندن، هەرهێکە لە ئەنجوومەنی ماقووڵان و ئەنجوومەنی فەرمانڕانی، بەشێک لەو بەرپرسیارێتیهە هەڵدەگرن، بەهەردووکیان هاوسەنگی جۆرێتی و چەندێتی بە زەوی دادهێنن، لەم بازنەیەدا سەڕافەتی هاژەڵداری، کشتوکاڵ و کارخانەکانی خواردەمەنی، لە تایبەتمەندێتی ئەو دەستبەندەن. لە نێزیکدا ئامانجەکە ئەوەیە، نەهێڵدرێ کوورتهێنانی رزق و ڕۆزی هەبێ و، برسیێتی بە گۆڕێ بکەوێ. بێگوومان لە قۆناخی ڕاگوزەردا کارەکە قوورس و بە گێچەڵە، پێویست دەکات بە باشی شانی بدەنە بەرێ، وەلێ هێدی هێدی سووک دەبێ و، ڕەوتی خۆی دەگرێ. هەی باوەڕداران، هۆ ئەوانەی سبەی ڕۆژێ بەرپرسیارێتی وەردەگرن، پێش ئەوەی نان و ئاو بدەنە خەڵکی، هۆش و هەستیان بدەنێ، چوونکە دەبێ بزانن، چ دەخۆن و چەندی لێ دەخۆن. خۆراکناسی و زانستی هەندازخۆری پێش بخەن، لە خەڵکی بگەهێنن ڕەگەزەکانی خۆراک سێهانن، سەوزە و میوەکان ڕەگەزی مهیرین، هێڵکە و شیر ڕەگەزی مهیرهۆفین، گۆشت لە ڕەگەزی هۆفە، وەلێ گۆشتی پەلەوەرەکان و هاژەلانی گیاخۆر هەندازی هۆفیبوونەکەیان لە ئەوانیدی کەمترە. دەبێ لە خواردندا ڕەگەزی سەرەکی سەوزە و میوە بێ، پاشانەکە شیر و هێڵکە، باشترە گۆشت نەخۆن، یان بە هەندازێکی زۆر کەم بیخۆن، نەک تەنەها لەبەر ئەوەی کووشتنی گیانلەبەران هەق نیهە، بەڵکوو لەبەرئەوەی زۆر خواردنی گۆشت، بەرەو بە هۆفیبوون پاڵتان دەنێ، زۆر بە خراپی کار لە دڵ و دەروون و، لە دەماخ و لە لەش دەکات، هەم ساخلەمی تێک دەدات، هەم زوو بە زوو نیشانەکانی پیری دهێنێ و، تەمەن کوورت دەکاتەوە. بەبێ دڕدۆنگی و دڵ لە دڵدان، گەنمی دوور لە پەینی زهەراوی، بە بنەڕەتی خۆراک بگرن، ئەوەی بە ناوی پزیشکیەوە، دەربارەی زەرەر و زیانی خواردنی گەنم گووتدراون، قسەی پووچی بێ ناوەڕۆکن، وەلیانکەن و، بە شوکرانەوە پەنا لە بۆ گەنم ببەنەوە. بڕۆننێ، دووانزدە هەزار ساڵ بەرهەمی گەنمی لە کووردەواری دایکدا، سەرچاوەی سەرەکی خواردن بوون، بەبێ ئەوەی هیچ لێکەوتێکی خراپی بە سەر خەڵکیدا هەبێ، بەڵکوو خەڵکەکە تێرتەمەن و تەندروست گوزەراون. چاوێک بە دەوروبەری خۆتاندا بگێڕن، کەسە بە ساڵاچووەکان ببینن لێیان بپرسن:خواردنەکانی پێشترێیان چ خواردنێک بوون، وا بە تەندروستی و تەمەندرێژی ماونەتەوە؟ ئەمە سەرەنجامێکە لە زانستی ئەزموونی،

خۆبەخۆ بانگەشە درۆینەکان بە تاڵ دەکاتەوە. لە ڕاستیدا، گەنم بە پڕاوپڕی سوودمەندە، ئەوەی گرفتاری کردوون و لێی خافڵن، زەهرێکە وا بە ناوی پەین بە گەنمەکەی دەدەن. خەڵکینە، بە دروستی ڕەوت بدەنە جۆری خواردن و خۆتێرکردنێ، قەت زۆرخۆری تییێدا نەکەن، چوونکە چەندێک بەدخۆراکی بە زەڕە، هێندەش زۆرخۆری، ناوەندگیری لە خواردن و، لە هەرشتێکدا خێر و خۆشگوزەرانی بە دووی خۆیدا دهێنێ. زهینی بدەنێ و لێی فێربن، خنکان دوو دیوی هەیە، دیوێک هووشکاتی و دیوێک تەڕاتی، ئەوی لە گەرمەسێری هووشک و بێ ئاودا، بە جهێ بمێنێ، تینووێتی دەیخنکێنێ، ئەوی نووقمی زەریا بێ، یان لافاوی بە سەر دابێ، لە ناو ئاودا دەخنکێ. نە ڕەقەڵە و نە قەڵەو، نە برسی و نە زۆر تێر، چوونکی هەردووکیان دەردن، خۆشی و خۆشگوزەرانی لە هاوسەنگیدا بە دید دێ.

## هێشووی 17

نەزم و نامەکانی خووندنێ، لە هێکەم پۆلەکانەوە هەتا ئەوەی بە زانکۆ ناودێرە، بە پێی پێویستی سیستەمی سەرمایەداری داندراون، کەسێتی خۆڕسکی بەشەر تێک دەشکێنن و، وهای لێ دەکەن بە سەرچاوە لە خانەی یادوەری بجوولێتەوە، ئەو خانەیەش نەختە نەختە پڕدەکەن لە درۆ و دەمچەفتی، پڕدەکەن لەو زانیاریە شەق و شڕانەی بنەما لە سەر تەن دایانڕێشتوون و، هیمدادی بەردەوامێتی هەلومەرجی چیناتین. کاتێک شۆڕەش بەرپا دەبێ، هەموو ئەوەی هەیە هەڵدەوەشێتەوە، پاشانەکە دەستبەندی فێرکردنێ لە ئەنجوومەنی فەرمانڕانی، هاوبەند بە نامووس شێوە و قاڵبی نوێ دەداتە خووندنێ. هاوکات بنیادنانەوەی کەسێتی تێکڕای ئەو خەڵکەش کە سیستەم هاڕیوونی، کارکردێکە لە دەرەوەی هەڵقەکانی خووندنێ، ڕەوتی دەدرێتێ. نامووس هەموو تەپیوێک هەڵدەستێنێتەوە، وەلێ تێروتەسەڵکردنی کەسێتی، پتری دەوێ، بڕێکی دەبێتە کاری تاکێتی و، بڕێکیش ئەنجوومەنی فەرمانڕانی پێی هەڵدەستێ.هەرکێهێک چەند زیادتری خووندبێ و، ماوەی مانەوەی لە ژێر کاریگەری ئەو نەزم و نامانەدا تووڵانیتر بووبێ، پتر هاڕدراوە و، زێیدەتر هوورد و خاش بووە، لەبەرئەوە پتر بنیادنانەوەی دەوێ. کاتێک شارستانێتی دایک بازنگ دەبێ، خووندن لە ناو بازنەکەدا بە نەزم و نامەی ڕەنگینی هەڵقووڵاو لە نامووس دەست پێ دەکات، هەتا تاقە کەسێکیش لە سەرزەمین بە پێوە مابێ، خووندەواری لە پێرستی مهیردا، بە ئەرک دەمێنێتەوە. وەرچەرخانەکە ئەوهایە، لە شارستانێتی دایکدا، تێکڕای ماوەی خووندنێ دووانزدە ساڵە، لە هەرساڵێکیش نۆ مانگە. منداڵ چ مێ و چ نێر، لە چهار ساڵیدا دەچێتە بەرخووندنێ و، لە شازدە ساڵیدا تەواوی دەکات. ئەو ماوەیە بە سێ قۆناخ

دەبڕدرێ، قۆناخی هێکەم بە "گووڵستان" ناودێرە، "گووڵیار" تیایدا ماوەی سێ ساڵان دەربازی پێگەیشتن دەبێ. قۆناخی دووهەم بە "هەڵستان" ناودێرە، "فێرخواز" تیایدا ماوەی شەش ساڵان ڕێ لە بەردەم فێربوونیدا واڵا دەبێ و، هێدی هێدی لە باری زهین و دەروون و لەش هەڵدەستێ. قۆناخی سێهەم بە "کارجەم" ناودێرە، "هاوکار" تیایدا ماوەی سێ ساڵان لە سەر کارێک جەم دەبێ و، لە کارەکانی دیکەش بڕێک دەماخ و دەستی ڕۆیشتوو دەکات. لە هەرسێ قۆناخەکەدا فێرکاری مێ جێناوی "دادە "، هی نێر جێناوی " کاکە"ی دەدرێتێ، لە زهین و زار و، لە کرداریشدا، ئەوی هێکەم بە دەوری خووشکی گەورە و، ئەوی دووهەم بە دەوری برای گەورە هەڵدەستێ، دەشبێ ئەوها خۆیان بناسێنن. لە هێکەم هەنگاوی قۆناخی دەستپێکدا، فەرزە بە سەر فێرکارەوە وشەی " گیان "بخاتە مێشکی گووڵیارانەوە، وهایان ڕابهێنێن، ئەم وشەیە بە شێوەی پاشگر، لەگەڵ جێناوی دادە و کاکە دەرببڕن، لە بەرامبەریشدا ئەرکە بە گیان وەڵامیان بدەنەوە، لە هەردوو قۆناخەکەی دیکەش بەم دەستوورە بجوولێنەوە. قۆناخی گووڵستان گرینگترین قۆناخی بنیادنانی کەسێتی منداڵە، بەوپەڕی توانا و هەقڵانیەت بایەخی بدەنێ و، ئەوجۆرەی فەرشی گووڵدار و نەقشین دەچەندرێ، ئەوها کەسێتی گووڵیاران دروستکەن. لە هەرسێ پۆلی گووڵستاندا، نۆ وانە بە ناوەکانی"دایک، هەقڵ، بەخشین، مهیربانی، خاوێنی و ساخلەمی، کاروهاوکاری، هەرەوزی، هوونەرە جوانەکان، گەمان" وانەی بنەڕەتین، وەلێ لە پۆلی دووهەم و سێهەمی قۆناخەکەدا، سێ وانەی دیکەش بە ناوەکانی "هوودای دایک، زمانی دایک، هیساب و هەنداز،" لە بازنەی وانە بنەڕەتیەکان جهێ دەگرن. وانەی دایک هێکەمینە، تیایدا فێریانکەن پێ لە بەندی دایک هەڵسووڕێن و، لە قسەی دایکیان دەرنەچن، چوونکە دایک ناوەند و سەرچاوەیە، دایک هەروەکوو هەتاوە، هەروەکوو ئاوە و زیندەگی دەبەخشێ. لە وانەی هەقڵدا، بەردەوام بیدەن بە گوێیاندا منداڵانی مهیری هەربەخۆڕسک هاقڵ و بە توانان، ئەوی هاقڵ بێ، دەست و دەمی پاکە و، خراپەی لێ ناوەشێتەوە، ئەوی هاقڵ بێ، دەزانێ چەند هەقڵ لە هەقڵێک باشترە، لەبەرهەندێ قەت سەربەخۆ بەبێ پرس و ڕاوێژکردن هیچ کارێک ناکات. باش وهایە بە کردەوە ڕایانبهێنن پرس بە هێکدی بکەن و لە هێکدی فێربن، تێشیان بگەهێنن ڕاستگۆهی هێزە و، ئاسوودەگی بە دڵدا دەهێنێ، درۆ لاواز و نەخۆشیان دەخات. لە وانەی بەخشیندا ڕایانبهێنن چاوتێر و دڵفەراوان و، سەخی و دەستواڵابن، هیچ شتێکیش خەسار نەکەن و زێیدەڕەوت نەبن، وهایان ڕەوت بدەنێ بە هێکەوە نان بخۆن و، خواردنەکانیان لەگەڵ هێکیدا بەش بکەن، هەفتانە شتێک لە ماڵێ بهێنن و، لە گووڵستاندا بیبەخشنە هێکدی. لە وانەی مهیربانیدا چەمکی خۆشویستن و خۆشمدەوێن بە قووڵی بخەنە دەماخ و دەروونیانەوە، فێریانکەن خۆشی لەگەڵ هێکیدا بەش بکەن، زمان شیرین و ڕەفتارجوان بن، هاوسۆزی بنوینن، باوەش بە هێکدا بکەن و، دەست لە ناو دەستی هێکدی بن، دڵی هێک نەڕەنجێنن، لە کاتی تۆرانیشدا داوای

لێبووردن بکەن و، لە هێکیش خۆش بن. فێریشانکەن لەگەڵ خاک و ئاو و هەوا، لەگەڵ گووڵ و گیا و گیانداراندا، بە پڕاوپڕی مهیر بنوێنن. لە وانەی ساخلەمی و خاوێنیدا، لە سەر ناخ پاکی و زارپاکی و لەش پاکی ڕەوتیان بدەنێ، لە سەر خاوێنڕاگرتنی گوڵستانێ، پاککردنەوەی ماڵ و کۆڵانێ پەروەردەیان بکەن و بە کردەوە بیانخەنە ئەم دۆخەوە. لە وانەی کار و هاوکاریدا کارە جووداجۆرەکانیان پێ بناسێنن، بە کردار فێریانکەن با بچنە چاندن و ئاودانێ، بچنە بەرهاژەڵان و پەلەوەران، با ماڵۆچکە هەڵبەستن و پرد دروست بکەن، چاڵ هەڵبکەنن و قووڕکاری بکەن، فێریشیانکەن لە ماڵ خراپبووندا ناهوومێدی دایاننەگرێ و، دووبارە دروستی بکەنەوە. لە وانەی هەرەوزیدا فێریانکەن هێزی گەورە لە هەرەوزی دایە، کاریان پێ بسپێرن و، بە زار و بە کردار ڕایانبهێنن با هەرەوزی و هاوبەشێتی بکەن. لە وانەی هوونەرە جوانەکاندا، ڕایانبهێنن گۆرانی بڵێن و شاهی و سەما بکەن، مۆسیقا بژەنن و نیگاربکێشن. لە دوو قۆناخەکەی پاشتریش (لە هەڵستان و کارجەم) پڕبەپڕی جهێ بدەنە هوونەرە جوانەکان، کارێک بکەن هەموو هێکێک لە کۆتاهیدا شاهی و سەما بە جوانی و دروستی فێربووبێ، بشتوانێ مۆسیقا لێبدات و گۆرانی بڵێ. زهینی بدەنێ، لە کاتی بە هێکەوە گووتندا، هەمیشە دەنگەکان خۆش و دڵنیشینن، لە تاکێتیدا خۆش و ناخۆش زەق دەبنەوە، لەبەرهەندێ باش وهایە پەرە بە گۆرانی هەرەوزی بدەن، بە تایبەتی پێویستە لە قۆناخی گووڵستاندا هەموو گۆرانی گووتنێک بە هەرەوزی بێ. لە وانەی گەماندا ئەو یاریانەیان فێربکەن، کە مایەی باوەڕبەخۆبوون و پێ گهاندنی کەسێتین. گەمانی کیژان لە نموونەی ساپ ساپانێ، پێنجوکانێ، قاقانێ، پەت پەتانێ. گەمانی کووڕان لە نموونەی گاشەبەردانێ، کەلایانێ، بازبازانێ، زۆرانێ. گەمەی هاوبەش لە نموونەی دەسمالانێ، جۆلانێ، هیندرهۆپانێ، چاوشلکانێ، ڕاکێشانێ، هاردانێ. ئەم گەمانە چ تاقێکیان بابەتی سەرقاڵکردنێ نین، بەڵکوو لە پشتیانەوە پەروەردەی دەروونی و زهینی هەن، بە قووڵی کاریگەری لە سەر کەسێتی منداڵان دادەنێن. لە ڕاکردن و هاردنێ دا، پەروەردەکە ئەوەیە لە کەوتندا کۆڵ نەدەن، دووبارە هەڵبستنەوە و دەست بە ڕاکردن بکەنەوە. هاوکات کەلوپەلی گەمەپێکردنێ، ئەوانی لە کارخانان دروستیان کردوون، توور هەڵدەنە دەرێ و، کۆمەک بە منداڵان بکەن بە دەستی خۆیان گەمەکانیان دروست بکەن، جا چ لە دار و بەرد و قووڕ، چ لە تەل و قووماش و قاقەز، ئەم خوودکاری و دروستکردنانە، باوەڕبەخۆبوونیان تێیدا دەچێنێ و، دڵخۆشیشیان دەکات. پاشانەکە لە وانەی "هوودای دایک"دا دەستپێکێک لە ناسینی گەردوون، لە وانەی "زمانی دایک"دا دەستپێکێک لە ناسین و نوسینی زمانی زگماک، لە وانەی "هیساب و هەنداز"دا دەستپێکێک لە فێربوونی ژمارەکانیان بدەنێ. لە شەش پۆلەکەی قۆناخی "هەڵستان"یشدا، پۆڵ بە پۆڵ پەروەردەی زهینی و دەروونی و، هەندازەی فێرکردنێ بەرزبکەنەوە. بە گشتە کاکڵی نامەکانی خووندنێ لە نامووس

هەڵێنجن و، هوورد دایان بڕێشن، وها بکەن فێرخوازان ڕوو لە مهیر و پشت لە هۆف بن. لەم قۆناخەدا وانەکانی قۆناخی گووڵستان بە شێوەی تێروتەسەڵ بەردەوامی پێبدەن و، لە دووتوێی نامەکانی خووندنێدا کەم کەم ناو و ناوەڕۆکی نامووس تێروتۆخ بکەن. لە وانەی دایکدا، دایکناسی و ناساندنی ڕەگەز پێشبخەن. لە وانەی خاکدا، پاسداری و هەردپارێزی بەرباس بخەن. لە پۆلی پێش بالقبوونیشدا خۆناسین بهێننە گۆڕێ. ڕێ نەدراون کیژ و کووڕی باڵق بە منداڵ ببینن و وها ناویان بهێنن، بەڵکوو بە کیژینە، کووڕینە بانگیان بکەن. لە وانەی ساخلەمی و خاوێنیدا، زانستی سرووشتی و چلۆناتی چارەسەرکردنێ بە فێرخوازان بڵێنەوە. لە وانەی کاروهاوکاریدا، بنەما لە سەر پۆلینی سێهانەی" کاری مێ، کاری نێر، کاری هاوبەش" بیانبەنە کارخانە و شوێنانێ کارکردنێ، بهێڵن هێواش هێواش کاربکەن. لە وانەی هەرەوزیدا بیانبەنە ناوباخان و کۆلانێ، با بە هەرەوزی کاری تێیدا بکەن. لە وانەی گەمان، ڕێی تووالانی ببڕن و گەشت ڕێکبخەن، لە وێدا فێرخواز خۆیان چێشت سازبکەن و شوێنی مانەوە خۆش بکەن. هاوکات هەرلە قۆناخی هەڵستاندا وانەی "پێشینان" زیاد بکەن، پێ بە پێی شەش پۆلەکە، پەندی هاوکۆک لەگەڵ نامووس و هاوسەنگ لەگەڵ تەمەن بخەنە بازنەی نامەکانی خووندنێ، ئەو پەندانەی شیاوی تەمەنی سەرووترن، بیانخەنە قۆناخی کارجەمەوە. بوارەکانی فێرکردنێ هەروەکوو بوارەکانی پەروەردەی زهینی و دەروونی پۆلین بکەن، هەرکارێک بە شێوەی وانەی سەربەخۆ جهێی بدەنێ. کشتوکاڵ، هاژەڵداری و پەلەوەر، ڕێستن و چەنین، دەرد و دەرمان، دارتراشی، گۆزەسازی، کانزاگەری، ئامێرسازی، کهربا، یان هەرکارێکی دی. ئەوجا لە قۆناخی "کارجەم"دا، هەرسێ دەقی نامووس و ڕامووس و قامووس بە تەواوی بخوونن. هاودەم "خاکپارێزی" وانەی سەربەخۆ بێ، چ مێ و چ نێر بە شێوەی کردار مەشقی شەرەف و جوانمێری ببین. لەم قۆناخەدا بوارەکانی کار جوودا دەبنەوە، هەموو هێکێک بە مەیلی خۆی بوارێک هەڵدەبژێرێ و، تیایدا قووڵ دەبێتەوە. هۆ ئەوانەی سبەی ڕۆژێ بەرپرسیارێتی فێرکردنێ وەردەگرن، ئاگاداربن منداڵان پڕن لە مهیر، شکاندنی منداڵ شکاندنی مهیرە و کاری هۆفانەیە، جا بە زمانی زبربێ، یان چاوسوورکردنەوە، لە سەرتانە مهیر بنوێنن و، بە سۆزەوە پەروەرد ە و فێرکردن بخەنە ڕێ. لە هەر خانێکی خووندنێ، دوو دادە و هێک کاکە بە ناوی ڕێکخەر، ئەرکدار بکەن، کە ماوەی شەش ساڵان بەشێوەی جێگیر، بەرپرسیارێتی خانەکە بە ئەستۆ بگرن، هاوکات وانەش بڵێنەوە، ئەوانی دیکەش کەسانی تایبەتمەند و لێهاتوو بە بوارەکان، لە چەند خانەی جوودا وانە بڵێنەوە و، بە پێی هۆقەکانی کارکردنێ هەقدەستیان بدرێتێ. وەرگرتنی دادە و کاکە و ڕێکخەران مەرجدار بکەن، بەوەی تەمەنیان لە پەنجا ساڵ پتر نەبێ و، دارای لەشولاری شیک و گوورج و گۆڵ بن، بە ڕووی خۆش و دەمی بە خەندانەوە وانە بڵێنەوە. هاودەم جل و بەرگ بە پێی ڕێنماهی، گوونجاو بە جۆرێتی وانەکانی

ڕۆژ شێوەی بدرێتێ، چوونکە هەرهێکە لەم تایبەندمەندیهانە بە سەر زهین و دەروونداا ڕەنگ دەدەنەوە. ناوبردنی گوڵیاران، فێرخوازان و هاوکاران بە جێناوی ڕۆڵەکانم، کووڕەکانم، کیژەکانم، چ بە کۆ و چ بە تاک، تەنەها لە بۆ دادە ڕێپێدراوە، "کاکە" بە هێج جۆرێ ڕێپێدراو نیهە وها ناویان بهێنێ، بەڵکوو لە سەرێتی بە هەزیزانم، یان برایانم، خووشکانم ناویان ببات. خووندن و پەروەردە لە سەر بنەمای بردنەوە و دۆڕان، سەرکەوتن و دواکەوتن، یان هێکەم و دووهەم گوونجاو نیهە، تاقیکردنەوە، یان هەرشێوازێک، کە ترس و دوو دڵی و شکستی تێیدا بێ، زۆر بە زەڕە، شێوازێک داڕێشن بردنەوە و دۆڕانی تێیدا نەبێ، چوونکە هەمووان فێردەبن، هەرهێکە بە هەندازە و تایبەتمەندێتی خۆی. کارە بنەڕەتیەکە ئەوەیە هەلومەرجێک بڕەخسێنن منداڵ مەیلداری خووندنێ بێ و، سۆزێک لە ناخەوە بەرەو فێربوونی ببات. جا ئەوەش بزانن هەرکەس کە ئەوانیدی ڕوو بە خێر ڕەوت پێ دەدات، لە هەموو چاکەکردنێکی ئەواندا، خێرێک دەچیتە تۆماری ئەوەوە، بەبی ئەوەی لە خێری چاکەکارەکە کەم بکات. ئەو دەمەی دادەکان و کاکەکان بە خۆنەویستی و بەبێ کەمتەرخەمی، بە ئەرکەکە هەڵدەستن، دەرووی خێری بێ پەروا، بە ڕووی خۆیاندا دەکەنەوە. ئەوە دەرفەتێکی بێ هاوتایە، خانەی خووندنی بکەنە خانەی خێر و بەرەکەت، بەبێ درێخیکردن و خەمساردی، چاکە بکەن و خێر بخەنە تۆمارتانەوە. باش وهایە ڕۆژانە شەش هۆقە و، هەفتانە شەش ڕۆژ سەرگەرمی خووندنێ بن، لەو نۆ مانگەی ماوەی ساڵەکەش، شەش ڕۆژ بینی بدەنێ، پشووی "نەورۆز" سێ ڕۆژی دەستپێکی بهارێ، پشووی "مهیرگیان" سێ ڕۆژی دەستپێکی پاهیزێ، خانەی خوونێ دەقکەن و، بە تێکڕا جێژن بگێڕن.

## هێشووی 18

لە هەردوو ئاستی کۆبەندی هەرەوزی و، بازنەی شارستانێتی دایک، کاروباری هەرهێکە لە هیسابات و بەردەرکاتی(جاڕدان)، بە دەستبەندی تایبەتمەند هەڵسووڕێنن. هیساباتی دەستهەق و داهات و، سەرژمێرکردنەکان بە دەستە تایبەتمەندەکە بسپێرن، بیکەن بە ئەرک و بەرپرسیارێتی بە سەریانەوە، هوورد و لێزان و دەستپاک بن، بە هەندازێک دەستپاک خەڵکی متمانەی تەواویان بدەنێ و، سوێند بە سەریان بخۆن. نەخوازەلە متمانەدارێک لێی وەشایەوە ناپاکی و دزی لە گەنجینەی گشتی، یان لە کیسەی کۆبەندی هەرەوزی کرد، بەبێ دڵ لە دڵدان دەستی لە مەچەکیەوە بقرتێنن. ئەو دەست قرتاندنە لە بەر دزیکردنەکە نیهە، بەڵکوو لە بەر ناپاکیکردنە لە پایەی متمانەداری و، لە متمانەی گشتی. هەرکەس بچێتە پایەی خۆبەڕێوەبەری و

بەرپرسیارێتی بدرێتێ، لە سەرێتی سوێند بە ناموس بخوات و، سوێندەکەی بپارێزێ، ئەوی وهای نەکرد و سوێندەکەی شکاند، بیکەن بە پەند، با هیچ کەس جەسارەت نەکات لە شکۆی ناموس کەم بکاتەوە. بە جاڕدان و بەربڵاوکردنی دەنگوباس، دەتوانن ئەم پەند و وانەیە بگشتێنن و، هەمووان بخەنە بازنەکەوە. جا لە بۆ ئەم کارە و لە بۆ ڕاگهاندنی ڕێنوێنی و بڕیارەکان، پێویستتان بەوەیە دەستبەندێک بە نێوی "بەردەرکی کۆبەندی هەرەوزی،" دەستبەندێکیش بە نێوی "بەردەرکی شارستانێتی دایک" قاڵبی بدرێتێ، ئەو دەستبەندە بەوپەڕی گرینگیپێدانەوە، کارەکە هەڵبسووڕێنێ. دوو دەستبەندەکە شێوازی کارکردنیان جوودایە، هی کۆبەند لە سەرێتی کۆڵان بە کۆڵان بگەڕێ و، تەقە لە دەرکی ماڵان هەڵبستێنێ، چوونکی پێڕاگهاندنی ڕووبەڕوو تێروتۆختر کاریگەری دادەنێ. دەستبەندەکەی دی، ئەوەی لە بازنەی شارستانێتی دایک بە کاری جاڕدانێ هەڵدەستێ، کەڵک لە ئامرازەکانی ڕاگهاندن وەردەگرێ، زۆریش پێویستە بە بەرپرسیارێتی قووڵەوە، دەنگەکان دابڕێشێ، لەبەرئەوەی زمان و زاری شارستانێتەکە بەرهەست دەکات. هەق وهایە لە سەر بنەمای "قسە بیگێژە، بیبێژە، بیوێژە" هەڵسوکەوت لەگەڵ وشەکاندا بکەن. دەلوێ هەڵەی دەکتۆرێکی ددانساز، دەم و ددانی هێکێک خراپ بکات، لە کاتێکدا هەڵەی ڕاگهاندنی گشتەگیر بە سەر ملیۆنان کەس ڕەنگدانەوەی خراپی هەیە. لە ڕاستیدا ئەمجۆرەی ڕاگهاندن دووسەرەیە، بە دەوری دەرمان هەڵبستێ، شیفا بە هەمووان دەگەهێنێ، دەوری ژەهر بگێڕێ، هەمووان لە ناو دەبات. لەبەرهەندێ پێویستە دانە بە دانەی ئەو وشانەی بڵاودەبنەوە، لە بێژنگیان بدەن و خاوێنیان بکەنەوە، تەنانەت وشەی ناو سترانەکان و، ناو ئەو هۆندراوانەش، کە هی پێشترێن. هەردەم بە بیری خۆتانی بهێننەوە وشە شەپۆڵدارە، ئەگەر بە دروستی زار بکەنەوە، هێزی بنیادنانی لێ دهێتە دەرێ، بە خراپ زمان بگەڕێ، کاولکاری بە دوو دادێ.

## هێشووی 19

هۆ خەڵکینە! دەست هەڵگرن، دەستبەجێ دەرهێنانی کانزاکانی ناو خاک ڕاگرن، ئەم کارە وەکوو ئەوە وهایە، هەناوی دایکی خۆتان هەڵبدڕن. هۆشداریتان دەدەمێ، دەستی دژمنکاری لە سەر خاکی دایک بکێشنەوە، ئەوی دایک بهێشێنێ، خراپەی گەورە لە کۆڵ دەگرێ و، ڕوو بە دۆخی دۆڵزاخ ڕێ دەبڕێ. کانزا دەرمەهێنن، ئەوانی دەریشهێندراون، بە شێوەی سنووردار بە کاریان بهێنن، چوونکە کانزاکان هی ژێر خاکن و، لە سەرخاک زۆر بە خراپی شەپۆڵ دەدەنەوە، ئەو شەپۆڵانە لە سەر بەشەر و گیانلەبەرانی دیکەی خاکڕەچەڵەک کاریگەری دادەنێن. سەرەڕای ئەوەش، کانزاکان

مایەی ڕاکێشان و گڵدانەوەی گەرمین، ئەمەش لێکەوتەی خراپی جۆربەجۆری هەیە. باش بزانن، دەرهێنان و بە کاربردنی نەوت و گاز، زەرەر و زیانی لە کانزاکان پترە، تەنەها لە ماوەی شەش ساڵی قۆناخی ڕاگوزەری بە کاریان بهێنن، نەوەکوو تووشی قەیران و قاتوقڕی ببنەوە، پاشانەکە هەموو دەرهێنانێکی نەوت و گاز بوەستێنن، بەس لەو بڕە کەمەیان کەڵک ببەن، کە خۆیان بە شێوەی کانیاو لە خاک هەڵدەقووڵێن، ئەویش بە لێزانی و، لە کاری زۆر پێویستدا نەبوو بە کاری مەهێنن. ئەو نایلۆن و لاستیکانەش کە لە نەوت دروستیان دەکەن، بە هەمان شێوەی کانزاکان شەپۆڵەکانیان بە سەر بەشەرێت و گیانلەبەرانی دیکە زۆر بە زەرن،، لە زۆر ناچاریدا نەبوون، نێزیکیان مەکەون و بە کاریان مەهێنن. دروست وهایە لە هەموو شتێکدا پەنا ببەنەوە بەر سرووشتیبوون، لە گڵ و دار و بەرد، لە تووکە پەلەوەر و چەرم و مووی هاژەڵان کەڵک بگرن، چەندێک زیاتر لە شتانی ناسرووشتی دوورکەونەوە باشترە. ئەو ڕووناکیەی لە گلۆپە سپیپاتەکانەوە دەردەچێ، هێکێکە لە شتانی ناسرووشتی و لێکەوتەی زۆر خراپی هەیە، ئەو ئامێرانەی بە مەبەستی پەیوەندیکردنیش بە کاردهێندرێن، شەپۆڵەکانی زۆر بە زەرن، ڕێنوێنی ئەوەیە قۆناخ بە قۆناخ لە هەموو ئەو شتانە دوورکەونەوە، ئەوانە شتانێکن بە هێواشی لە ناوتان دەبەن. جا بزانن، هەرکەس خراپە بەرامبەر بە خۆی بکات، یان بزانێ شتێک خراپە و خۆی لێ بە دوور نەگرێ، گوونەهبارە. هیچ کەس هەقی ئەوەی نیهە نە خراپەی لە بۆ خۆی هەبێ، نە لە بۆ کەسانی دی.

## هێشووی 20

نە لادێ وەڵامی هاوسەنگ بە نەزمی هەرەوزی و هاوبەشێتی نوێ دەداتەوە، نە ئەو جەنجاڵە هەنداز بە دەرەی ناوی شاری دراوەتێ، هەردووکیان نەزمەکە تووشی کوورتهێنان دەکەنەوە، بێجگە لەمەش، بە هۆی هێواشبوونەوەی خوولانەوەی خۆر بە دەوری خۆیدا، ساڵ بە ساڵ پلەکانی گەرما بەرز دەبنەوە، سەرەنجام ڕووداوەکانی تۆفان و زەمینلەرزە، ڕەشەبا و ئاگرکەوتنەوەکان زیاد دەکەن، ئەوە لە کاتێکدا نە شێوەی خانووەکان، نە جۆرێتی کەرستەکان، نە هەڵکەوتەی بەشە خاکەکان، بەرگەی چ تاقیان ناگرن. خانوبەرەی ئێستاکانێ هیچ باش نین، مایەی مەرگەسات و ماڵوێرانین، کاری هەقلانی ئەوەیە قۆڵ و باسکی لێ هەڵماڵن و، بنیادنانێکی نوێ بە جهێ بگەهێنن. بەڵام بێشک بنیادنانەوەی گشتەگیر توولکێشە و کاتی پێ دەچێ، لەبەرهەندێ هەم کەڵک لە کۆنەکە وەرگرن، هەمیش هەنگاو لە بۆ تازەکە بهاوێن. هوورد و بە هیساب وەرنە پێشێ، کاری بینیادنانەکە لە وێنەی هەڵچەنینی خشت و خۆڵ مەهێننە بەرچاو،

نەقش و نیگار و شێوەپێدان و کارستەکان، هەرهێکەیان لێکەوتەیان لە سەر لەش و، لە سەر زەین و دەروونی بەشەری هەیە. لە بەرزە خاک ماڵان بنیاد بنێن، دوو نهۆم بخەن بە هەوادا، نهۆمێکیش لە ژێزەمین، بە جۆرێک کە پتری گەزێک لە سەر زەوی هەڵبستێ، ئەم بڵندکردنەی ماڵ چەندان سوودی هەیە، هێکێکیان ئەوەیە سەرکەوتن بە قاندەرمە ڕوو بە دەرکی ماڵێ، ماڵەکە لە دەروون و دەماخی هەرکەس شکۆدار دەکات. ژمارەکانی سێ و شەش و نۆ، بە بایەخ و بنەڕەتی وەربگرن، پەنجەرەکان لە شێوەپێداندا بکەنە سێ بەش، هەرهێکەش لە بەشەکان ببنەوە بە سێ، گرینگیشە سەرتاق و سەردەرک و دەرلاقەی خانووەکان بە خڕی هەڵببەستن، چوونکوو شێوەی لاکێش و چهارگۆش بە زەڕن و، وێنەی ستوونی دەخەنە زهینەوە. بە گشتی لە ماڵ و لە خانەی هەرکاروبارتاندا چەندێک توانیتان تەرزی خڕێتی بە کاربهێنن. دیوارەکان بە خشتی گڵینی داخبوو بنیادبنێن، دیوارێک دروستکەن بە هەندازەی گەزێک پان، هەستوونگی شیش و چیمەنتۆی تێدا دابنێن، ناو قەدی دیوارەکەش بە خۆڵ و قەسەڵ پڕبکەنەوە و، چین بە چینیشی ئاوپڕشێن بکەن. بنمیچەکەش کۆنکرێتێکی تەنک و قووڕەپەستێکی ئەستوور بکەن، پاشانیش بە خشتی داخ فەرشی بکەن، یان بە هەرچەنشنێکی دی، کە باشتربوونیتان لە بۆ ساخ بووبێتەوە، ئەوەی گرینگە ماڵێکی سەلامەت بنیاد دەنێن، ماڵێک نە زەمینلەرزە و لافاو، نە سەرما و گەرما زەفەری پێ نەبەن. سەرەڕای ئەم تایبەتمەندیهانە، باش وهایە ئاو بە لوولە نەچێتە ماڵانەوە، بەڵکوو سەرچاوەی ئاو لە بەراتی هاوبەشی نێوان چەند ماڵێک بێ، هەرماڵێک بە هێندەی پێویست ئاو بباتەوە و خەساری نەکات، بە تەنیشتیشەوە هەوزی ئاو هەبێ، ئاوی بە کارهاتوو لە ئاودانی داروگوڵزار بە کاربهێننەوە، هاوکات لە بەراتەکەدا، سەکۆی هاوبەشی دانیشتن قیت بکەنەوە، بەو مەبەستەی مایەی پەرەپێدانی پەیوەندی کۆمەڵاتی بن. سەرەڕای ئەمانەش، بە دروستکردنی داڵان، سەرجەمی خانووەکان لە نهۆمی ژێرزەمینەوە بە هێکدی گرێ بدەن، ئەم ڕێڕەوەی ژێرزەمین لە باری جوودا خێر دەداتەوە. لە فەرشکردنی ڕێ و ناو کۆڵانەکانیشدا، خۆتان لە قیر و کۆنکرێت دوور بگرن، بە خشتی داخ فەرشیان بکەن. بە گشتی، ئەوە نەقشێکە لە واتای بەرچاوڕوونیدا، نەک پابەندی، دەلوێ پەرەی بدەنێ و نەقشی باشتری لێ بەرهەم بهێنن، بەڵام لە شێوەپێدان و هێڵکاری نەقشەدا، لە بە کارهێنانی جۆری کەرستەدا، دوور و قووڵ بیر بکەنەوە و، لێکەوتەکانی خێر و شەڕی هەرهەنگاوێک بخەنە هیسابتانەوە، هەمیشە بیر لەوە بکەنەوە، کردن و نەکردنی هەرکارێک، یان بەرکارکردن و بەرکارنەکردنی هەرجۆرە تەنێک، لێکەوتەکانی لە سەر دەروون و دەماخ و، لە سەر باری کۆمەڵاتیدا چی دەبێ، هەڕەمەکیانە و ڕووکەشگەرانە، تووخنی هیچ کارێک نەکەون، هەرکارێک دەکەن و، هەرهەنگاوێک دهاوێن، پێشوقهت بیخەنە پێوانەی هەقڵەوە.

پارە چ قاقەز و چ کانزا، تەنۆچکەهێکە بە شێوەی سەمبوولی نرخی دراوەتێ، ئەوەی چیناتی و چەوساندنەوەی بە دووی خۆیدا هێناوە، ئەم لەتە تەنە نیەهە، بەڵکوو سیستەمەکەیە. پارە هەندە دێر نیەهە، سیستەمی چیناتی بە هەزاران ساڵ لە پەیدابوونی پارە لە مێژترە. دەلوێ لە بازنەی شارستانێتی دایکدا پارە هەبێ و، دەوری هاسانکردنی گۆڕینەوەی شتومەک بگێڕێ. با ئەنجوومەنی مووخان ڕێسای دراو دابڕێشێ، لە سەر بنەمای ئەو ڕێسایەش ئەنجوومەنی فەرمانڕانی بە دانانی گەنجینەی گشتی هەڵبستێ و، دراوی "ڕەنج" لە چاپ بدات. پێشی ئەوەش، هاوسەنگکردنی سەرمایەی دانیشتوان، بە هەنگاوی لە پێشینی فەرمانڕانی بزانن. لە پاش پێکهێنانی خۆبەڕێوەبەریدا، هێکسەرە پێودانگ بە ژمارەی ئەندامانی خێزان، گووژمێک پارە بە هەندازەی خەرجیەهەکانی هێک ساڵ دەست نیشان بکەن، پاشانەکە ئاگاهی بدەنە خەڵکی، کە هەرکێ لەو گووژمە پتری پارە هەیە، پابەندبوون ئەوەیە بچێ زیادەکە بخاتە گەنجینەی گشتیەوە. دەرفەتێکی گچکەلانەیان بدەنێ، ئەوی پابەند نەبوو، بە دز بیدەنە قەڵەم و، سەرجەمی پارەی گلدراوەی لێ بستێنن، لەو گووژمەش بێ بەشی بکەن وا بە خەڵکی دی ڕەوا بیندراوە، ئەوی هەوڵیشیدا پارە بباتە دەرەوەی بازنەی شۆڕەش، بە توندی بەرەو ڕووی بوەستنەوە و تەمبێی بکەن. ئامانجەکە ئەوەیە سەرمایەی هەمووان وەکوو هێکدی لێ بێ و، دادوەری بەرپابێ. ئەوی ویستی لە سەرووی خەڵکیدا بوەستێ، سەرتەپەی بکەن و بیهێننەوە هاوتای خەڵکەکە. لێرەدا هەمووان چاک بیزانن، هاخیری زەمانە، دەرکەوتنی نامووس دەستپێکێکە لە کۆتاهاتنی چەرخی هۆفێتی و، ئەو ڕۆژەی ڕاپەڕین ڕوودەدات دەبێتە هاخیرین ڕۆژی پیاوی سەرمایەدار و ژنی لەشفرۆش، دەشبێتە هێکەمین ڕۆژی سەرلەنوێ درەوشانەوەی شارستانێتی دایک و، دەشبێتە سێهەم جەژنی ئەو خەڵکەی، کە لەو بەشە زەمینەدا، بە هۆتافی " هۆدایە گیان، هەی مهیربان" ئاڵای سووری سەرکەوتن بەرز دەکەنەوە.